# دیوانی

# شێرکۆ بێکەس

# دیوانی

# شێرکۆ بێکەس

**بەرگی یەکەم**

**1980-1968**

**کوردستان ـ** 2006

# پێشەکی

هەر وەکوو لە پێشەکی بـەرگی یەکـەمی ئـەم دیوانـەدا ئامـاژەم بـۆ کردبـوو، ئەبوایـە ئـەم بەرگـەیان ــ دووەم ــ لـەجێی بـەرگی یەکـەم بوایـەو پێـشتر چـاپبکرایە و یەکـەمجار ئـەمیان بکەوتایە بەردەستی خوێنەران. دیارە ئەمەیش لەبەر ئەوەی کـە زنجیرە سـاڵڕۆژی نووسـین و لەدایکبوونی ئەو شیعرانە بۆ سەردەمی زووتر ئەگەڕێنەوە و لە هەمان کاتیشدا بۆ جۆگەکانی دوای خۆیان سەرچاوەن.

من بەو هیوایەی ئەو کۆمەڵە شیعرەم دەستگیرببێتەوە کە لە کاتی خۆیـدا نەکەوتنـە نێـو دیـوانی یەکـەم "تریفـەی هەڵبەسـت"ەوە، تـا لـەم چـاپە تازەیـەدا سـەرلەنوێ بیانخەمـەوە خانەکانی مێژینەی خۆیان، ئیتر لەم دوورەوە هەر چاو لە ڕێ بووم و هـەر ئـەم بەتەمابوونـە بێ هودەیەش بووە هۆی ئەوەی ئەم پاش و پێشکەوتنە نەگونجاوە ڕووبدات بە هـەرحاڵ هـیچ کام لەو شیعرانەم دەست نەکەوتنەوە. ئەمە لـە کاتێکـدا ئـەزانم و دڵنیـام کـە ئـەو بەرهەمانـە وەك: زمان و بەهرەو هونەری شیعریش بێ پێز و هـەرزەو کـاڵ و کرچن و ڕەنگـە بـە چـەند پلەیەکیش لە خوار شیعرەکانی "تریفەی هەڵبەست"ەوەبـن، بـەڵام لـە سـەرەتای ڕێیـەکی بـە هەڵـەت و دوورودرێــژدا، لــە بــواری لێکۆڵینــەوەدا، نیــشانە ئــەبوون بــۆ گــاگۆڵکێی پــێش پێڕەوکەبوون و هەستانە سەرپێ.

لەلایەکی تریشەوە من پێم وایـە: سـەرجەمی بەرهـەم، وەك سـەرجەم وێنـەکانی ئـەلبوومی ژیانی هەر یەکێکمان وایە ـ ئەگەر بلوێ ــ پێویـستە لەیەکـەمین وێنـەی دوای لەدایکبوونـەوە تـا دوا وێنەی تەمەن بگرێتەخۆی. جا ئیتر با لە چاوی ئەمرۆیشمانەوە، تەماشاکردنی هەنـدێ لـەو وێنانــە: شــێوەوڕەنگ و ڕوویــان، تــاریکیی و ڕووناکییــان، هەڵوێــستیان، لەبــەر دڵ و مێــشکی ئێستەمان پەسەند و شیرینیش نەبن. بەکورتی مەبەستم لە هەنگاوەکانی سەرەتایە. لە شیعری

دوای سەر لە هێلکە جووقاندنە، لەو هەڵبەستانەیە کە لە کۆتایی پەنجاکان و شەستەکاندا، لەڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکانی وەك: (ژین، هەتاو، ڕۆژی نوێ، ڕاپەڕین، نەورۆز)دا بڵاوکراونەتەوە. هەروەها پێویستە سەرنجیش بۆ ئەوە ڕابکێشم: کە ئەم سەرجەمی بەرهەمانە ئەو پەخشانە شیعرانەیشیان نەکەوتۆتە ناو کە لەسەرەتای حەفتاکانداو لە گەرمەی بزووتنەوەی نوێخوازی "ڕوانگە"دا لەڕۆژنامەی "هاوکاری"دا بڵاوم ئەکردنەوە.

هەڵبەت دوای ئەزموونێکی ئەدەبیی تا ڕادەیەك دوورودرێژ و هەمە چەشن و هەمە ڕەنگیش، من بۆ خۆم گەیشتوومەتە ئەو سەرئەنجامەی: زۆرم وتووەو لەم زۆر وتنەیشدا، "بۆرە شیعر"م کەم نین و خۆ ئەگەر وەك ئاکامی دوایی، وەك گەوهەری هونەری شیعر و بەخشین و تێپەڕاندن و ئەفراندن، "کۆمەڵە شیعرێکیشم" بۆ بمێنێتەوە ئەوا تا لە ژیاندابم مایەی بەختیاریمە و دوای مردنیش نیشانەی ئاسوودەیی گیانم ئەبێ.

نازانم، ئەو کاتەی بمەوێ پێشەکیی بۆ کارێکی ئەدەبی خۆم بنووسم، تووشی دلگوشینێکی بەردەوام ئەبم، قەڵەمی نێو پەنجەکانم هەر وەکو پەتێکی تێوە ئاڵابێ زۆر بەگران ئەبزوێ و وشەیش گرانتر و دژوارتر ڕێگای خۆی ئەدۆزێتەوە. بارە و هەندێجار بە ناچاریش بێ پێویستە هەڵیبگرم و لەهەمان کاتیشدا حەز ئەکەم و خواخوامە لە نزیکترین دەرفەتدا لەکۆڵ خۆمی بکەمەوە. بەهەر حاڵ ئەم پێشەکییە بە نیازی لێدوان و باسکردنی تاقیکردنەوەی ئەدەبی خۆم نانووسم. ئەوەی بەلامەوە جێی بایەخێکی تایبەتییە و پێویستە خوێنەران و شیعر دۆستانی لێ ئاگاداربکەمەوە، ئەو چەند پەراوێزە تازانەن کە کەوتوونەتە ئەم چاپە نوێیەوە و لە چاپی یەکەمی ئەو دیوانانەدا پەنجەم بۆ ڕانەکێشابوون، جا یان بە هۆی بیرچوون، یان کەمتەرخەمی و بەسەردا تێپەڕین یاخود غەفڵەتەوە بووبێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لە هەندێ بۆنەو چاوپێکەوتنی ئەدەبیی و باسکردنی تاقیکردنەوەی شیعری خۆمدا، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەربارەیان نەدوابم. لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی ئەم کاری چاپکردنەوە تازەیە هەر لەبەر لاپەڕەی چاپکراوە کۆنەکان و دەقەکانی ئەوسادا بە ئەنجام دراوە، بۆیە لەڕووی "ڕێنووس"و "خاڵبەندیی"یەوە، تەنانەت دوای چاوپێداگێڕانەوەیش، هێشتا هەر بە شێوەی پێویست و دروست، کۆك و یەکگرتوو دەرنەچووە. تەنانەت من بۆ خۆم وەك سەرنجم داوە، جاری واهەیە هەر لە نێو یەك دەقی

بەرهەمێکی خۆیدا، هەندێ وشە، بە دوو جۆر ڕێنووس ئەنووسم، ئەم خەوشەیش نەك هەر لەنووسینی مندا، بەڵکو لە بەرهەمی زۆربەی زۆری نووسەرانی کورددا بەرچاو ئەکەون.

بالێرەدا ئەوەیش ڕوون بکەمەوە: کە لە هەردوو دیوانی "من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ" و "کازیوە"دا، لە دەقی کۆمەڵێك لەو شیعرانەدا، یان لەسەر دێڕی پێشکەش کردنیاندا، خوێنەر چاوی بە گەلێ ناوی وڵاتانی ئەم دنیایە و قوربانییەکانیان ئەکەوێ. بەڵام ڕەنگە "هەندێکیان" لەگەڵ ئەوەیشدا پەرێزیان پاکە و نابنە خەوش بۆ شیعرەکان و لەرۆژگاری خۆیاندا دەنگدانەوەی کارەساتەکان بوون. بەڵام ئەشێ لە ئەمڕۆدا بۆ ئێمە "ئەوەندە" لەبەر دڵ گرنگ و پەسند نەبن، یان ناو هێنانیان پێداویستیەکی هونەریی تێدا نەبێ و لە (زیاد) بچن!. ئەوەی ڕاستیی بێ لەکاتی خۆیشیدا ئەمەیان هەستی من بووە، بەڵام چ لە دەرفەتی یەکەم بڵاوکردنەوەیاندا و چ دواتریش کە دراون بە (ڕەقابە)، وام بە چاك زانیوە لەڕێگەی ئەو ناوو پێشکەش کردنانەوە. قەیاغی پەرینەوە بۆ شیعرەکانیتر دروستبکەم، تا ئەگەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش بووە، ئەوەی ئەمەوێ بیگەیەنم و لەهەمان کاتیشدا وەك وتم ئەو ڕەمزانە پاك بن و شیعرەکانیش لەچەقۆی سەربڕینی سانسۆر قوتاربن، بەڵێ هەندێجار ئەم لارێیانە زیان بەلایەنە هونەریەکە ئەگەیەنن، بەبارێکی تردا مەبەستەکان زەق ئەکەنەوە، من لەم چاپە تازەیەشدا هەروام پێ چاك بوو، وەك خۆیان چۆن بوون، بێ دەستکاری و لابردن، بیانهێڵمەوە. خوێنەریش خۆی بۆ خۆی ئەتوانێ لەکاتی لێوردبوونەوەدا ئەو "ناوانە" لەناوەکانی دیکە هەڵاوێرێ.

بەگوێرەی ساڵی دەرچوون و چاپکردنیان، ئەو دیوانانەی لەم بەرگەدا سەرلەنوێ چاپکراونەتەوە، ئەمانەن:

1-تریفەی هەڵبەست، چاپی یەکەم/ 1968. یەکەمین کۆمەڵە شیعرمە. بە یارمەتی کاك فەهمی قەفتان و لە چاپخانەی "سلمان الأعظمي" لە بەغدا چاپکراوە بریتییە لە (168) لاپەڕەی قەوارە بچووك 16 × 11 سم هونەرمەند (کاك قادری مەلا محەمەد) وێنەی بەرگەکەی کێشاوە. دوو هەزار دانەی لێ چاپکراوە نرخی (180) فلس بووە.

2-کەژاوەی گریان، چاپی یەکەم/ 1969. بریتییە لە (144) لاپەڕەی قەوارە بچووك 15 × 11سم لە چاپخانەی (کامەرانیی) لە سلێمانی چاپکراوە. هونەرمەند

(کاك حەمەی فەرەج) وێنەی بەرگەکەی کێشاوە. هەزارو پێنج سەد دانەی لێچاپکراوە. نرخی (160) فلس بووە.

3-من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ. چاپی یەکەم/ 1974. بریتییە لە (214) لاپەڕە. 19 × 14.5 سم لە بلاوکراوەکانی وەزارەتی ڕاگەیاندن (بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی کوردی) لە بەغدا. لە چاپخانەی "الحکومە" چاپکراوە. هونەرمەند (ئازاد ئەحمەد) وێنەی بەرگەکەی کێشاوە.

4-کازیوە. شیعری پۆستەر. چاپی یەکەم/ 1978. بریتییە لە (179) لاپەڕە 19 × 15 سم یەکێتیی نووسەرانی کورد و کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی / مەڵبەندی گشتیی لە سلێمانی یارمەتییان داوە بۆ لەچاپدانی. لەچاپخانەی "زانکۆ"ی سلێمانی چاپکراوە. تابلۆی بەرگ و تابلۆکانی ناوەوە قەڵەمکێشیی هونەرمەندی ناسراو (ئیسماعیل خەیات) بوون. نووسینەوەو خۆشنووسیی و دەرهێنانی هونەریی کاك (شەهاب عوسمان) بووە. پێنج هەزار دانەی لێچاپکراوە. نرخی (650) فلس بووە.

5-دوو سرودی کێویی. قەسیدەی درێژ. چاپی یەکەم / 1980. بریتییە لە (88) لاپەڕە. 20.5 × 14سم. لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی "ئاسۆ / الطلیعة" یە لە کەرکوك. لە چاپخانەی "الأدیب" لە بەغدا چاپکراوە. نەخشەی بەرگ و قەڵەمکێشییەکانی ناوەوەی لەلایەن هونەرمەند (عەلی مەندەلاوی)یەوە کراون. پێنج هەزار دانەی لێ چاپکراوە. نرخی (500) فلس بووە.

لەکۆتاییدا ئەمەوێ ئەوەیش بڵێم: خۆ ئەگەر بۆم بلوایە و لەسەرجەمی ئەم بەرهەمانەدا دەست نیشانی ئەوڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییانەم بکردایە کە بۆ یەکەمجار شیعرەکانیان تێدا بلاوکراوەتەوە ئەوە بێگومان کارێکی پوختتر و تەواوترمان ئەخستە بەردەست. بەلام لەم دەربەدەری و دوور وڵاتیی و دووره دەستییەدا. ئەوە چۆن بلوێ؟.. پێم وابێ ناهەقم ناگرن.

شێرکۆ بێکەس
مایسی/ 1991
ستۆکهۆڵم.

# تریفەی هەڵبەست

1968

پێشکەش بۆ بەگیانی نەمری "بێکەس"

# هۆنراوەکانم

هۆنراوەکانم پەپوولەن
بەشوێن وشەی دڵا ئەفڕن
گەرا ، لە ناو گیانا ئەخەن
لە دەروونا ، وچان ئەگرن.

★

ئاوێنەی پرشنگی ئاسۆن
گزنگی دەمەو بەیانن .
شەونمی سەر پێڵوی چرۆن
شنەی هەواری کوێستانن

★

چاویان شینە وەکو ساماڵ
وەك ئەستێرە ئەجریوێنن.
دڵیان پاکە وەکوو منداڵ
بۆ تەنیایی، خەم ڕەوێنن .

★

مانگە شەوی ناو خەیاڵن
بریسکەی بەفری سەر لووتکەن.
نێرگزی نەورۆزی ساڵن
وردو درشت، دڵخۆش ئەکەن

★

زەردەی ئێوارەی بەهارن .
کزەی شەماڵی هاوینن .
وردە شەپۆلی روبارن .
تریفەی سەر گۆمی شینن .

★

پشکۆی ئاگری زستانن
هێشوی سەرلقی ناو رەزن.
هاژەی چەمی دارستانن
پەلکە زێڕینەی پاییزن

★

هاودەمی جوانی پەرستن .
کامی گیانی خۆشەویستین .
تەزووی حەزی هۆش‌و هەست .
لەلانەی ئاواتا ئەژین .

★

هەڵبەستەکانم باوەڕن
نائومێدی‌و خەم ئەنێژن
رێی تاریکیی ژیان ئەبڕن

بۆ ئازادیی ، خوێن ئەڕێژن .

★

مەشخەڵی دەست جەنگاوەرن

بەڵێنی رێی کۆڵنەدانن

لوولەی تفەنگی سەنگەرن

سرودی دەم شەهیدانن .

★

ناڵەی دەرونی هەژارن

کسپەی دایکی سك سووتاون

بازووی کوردی کرێکارن

هۆرەی دوای جووتی جوتیارن .

★

گەلێ جاریش، پەستن، ئەگرین

هۆن هۆن فرمێسك هەڵئەڕێژن

گوڵی گەشاوە پێش وەرین

بەدەستی خەفەت ، ئەنێژن

★

یان بڵێسەو کڵپەو گڕی

گیانی خۆ بەختکەرانن

هۆنراوەکانم ، هۆگری

چاو و دەمی کچی جوانن

★

قژی زەردو کوڵمی گەشن
تامی ماچو چرپەی رازن
لێوی قووتو نیگای رەشن
خۆزگەی یارو لەنجەی نازن .

★

هەڵبەستەکانم ، سنووریان
نییەو سەربەست یەنو ئەچن
هەموو دونیا ، هەموو ژیان
لە باوەشی خۆیان ئەگرن .

بەغدا
حوزەیرانی/ 1968

# دیاریی ئەم جارە

بۆ "ن" ی خۆشەویست

لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەم
چی بێ دیاری سەردانەوەم؟ !
بۆ ئەمجارە
بۆ نەورۆزی ئەم بەهارە
چی پەسەندی یادگارە؟!
چی بۆ بەرم؟
بۆ ئەو یارە
زۆر نازدارە؟!
پاش گەیشتن
چی بێ دیاریی پێشکەش کردن؟
چی بێ گوڵی دڵ و دەستم
بۆ تاقانەی خۆشەویستم؟!

★

کوڕ و کچی جووت دەزگیران
دەستیان لە ناو دەستی یەکا
گوڵی خۆشەویستیی ژیان
ئەکەن بەبەرۆکی یەکا .
سەرچاوەی دڵ بەختیارن
بۆ ئاواتی بەیەك گەیشتن
دڵ خومارن
ئاوی باخی گیان ئەدێرن
ئەم بۆ بووکیی ، ئەو زاوایی
دیاری یەکتر هەڵ ئەبژێرن.

★

لە شەقامی رازاوەدا
چاوی دوو دڵ ، سەرنج ئەدا
ورد ئەگەڕێ
تا دیاریی یار هەڵ بژێرێ .
کۆگا جوانە
هۆڵی خاوێن ، فراوانە
بابەتی ئەتەکێتی تازە
جێگەی نازە
بەشی زۆری بۆ کچانە
بۆ کوڕی دوور لە دڵخوازە
بۆ دڵداری وەك من غەریب

بانگکەرێکی دەم بەڕازە

★

ئەم کۆگایە
جێی سەر پەڕی لەبەر چاوە
ناوی "بووکی" لە خۆی ناوە .
بابزانم دیاریی بووکی
ئێسك سووکی
منی تیایە
ئەم کۆگایە؟
لە بۆفییەی شووشە بەنگا
لەناو تاقی رەنگاو رەنگا
لە رووی جامخانەی قەشەنگا
دیاریی جوانە و خۆ دەرئەخەن
بە تایبەتی بانگم ئەکەن !.

★

ئەو ملوانکەیە پێم ئەڵێ:
بۆ گەردنی گەلێ جوانم
زۆر دەمێکە، من پەسەندی
دەست و دڵی دڵدارانم
ئەم سەفەرە
بۆ یارەکەت من هەڵگرە
من نییانم !

من قەدری گەردنی بەرزی
چاك ئەزانم.
ئەو موستیلەیەش بانگ ئەکا
وەرە بۆ لام
بۆ تۆ تەنها منم مەرام
بۆ پەنجەی جوان و ناسکی
یارانی تر هەر من لوام
لە پێش چاوی جوانی ئەبم
هاودەمێکی گیانی ئەبم
تۆ دڵدارێکی هەژاری
نرخم هەرزانە، بمکڕە.
من هەڵ گرە!.

★

ئەو گوڵ ئەستێرەی سەرسنگە
لە دوورەوە چاو دائەگرێ
ئەڵێ: چیت کرد کات درەنگە
خاوەنەکەم هەڵم ئەگرێ
دەستم بەرێ.
لە من جوانتر ئەبێ کێ بێ ؟
بەس بگەڕێ
بۆ شوێنێکم، جێ نزرگەی
گشت دڵدارە

ناونیشانم، شوێن وجێگەی
لەوانی تر، زۆرتر دیارە.

★

دڵ پێی وتن :
گرانە لام پەسەند کردن
ئێوە شایەن بە یارم نین
بە دڵخوازی ، نازدارم نین
ئەبێ چی بێ لە دنیادا
بۆ جوانی ئەو بێتە کڕین
کام شت نرخی زۆر گرانە
بۆ خۆشەویستیم هەرزانە .

★

لەسەر ڕێگەی ، گەڕانەوەم
جانتا ، ئامادەی سەفەرم
چی بێ دیاریی ، سەردانەوەم؟
چی بۆ بەرم؟
بۆ ئەمجارە
چی پەسەندی یادگارە ؟
بۆ ئەمجارە:
ئەم هەڵبەستە
پێشکەش بێ بەو خۆشەویستە !.

بەغدا/1967

# باوكی شەهیدم

-1-

بابە! تاسەی، بینینەوە، بۆ تۆ پەرۆش بوو
ئارامی دڵ، لەناو یادا، ونو خامۆش بوو
چاوەڕوانیی، زیاتر خەمی، تۆی بۆ ئەهێنام
بزەی خۆشیی، لێم تۆرابوو، نەئەهاتە لام
پەپوولەی خەم، لەسەر پەڕەی، دڵی ژاکاوم
قەتیس مابوو، وەك فرمێسكی، بێدەنگی چاوم
لەو رۆژەوە، كە تۆ چەكت، كردبۆوە شانت
چەكی تۆڵەی، رێی سەربەرزیی، بۆ نیشتمانت
لەو رۆژەوە، ئیتر منیش، بڕام لەگەشە
ئەو گەشەیەی، كە باوكێتیی، وا لەباوەشە!
بەڵام بابە، ئەمزانی بۆچ، وێڵی كێوانی
لەبەر چییە؟ كە ئاوارەی، خۆشیی ژیانی!
ئێستەش بیرمە، ئەو شەوانەی، كە دائەنیشتین
هەتا درەنگ، وەنەوز چاوی، بەخەو ئەگرتین!

پێت ئەوتین: من خولْقاوم بۆ نیشتمانم
شانازییە لەو رێیەدا بەختیی کەم گیانم
ئێستەش بیرمە کە رووی دەمت لەدایکم کرد
کە پێت ئەووت: من منالْم گۆش ئەکەم بۆ کورد!
هەر ئەوساکە، من ئەمزانی، کەوا نیشتمان
لەناو گیانتا، لەناو بیرتا، ئەژی تا نەمان
بابە کاتێ، رۆشتیت مالْ ئاواییت کرد لێمان
هەرگیز یادی، ئا ئەو شەوە، ناچێ لەبیرمان
هەمومان بووین، وردیلەکان، بەسەرنجی چاو
ڕووی پرسیاری، بێ قسەیان، لەدلا جێماو
نە ئەفامین، کە تۆی باوکیان، لەسەر ڕۆشتنی
بۆ ئەو شوێنەی، کە ئامادەی، خۆ تیا کووشتنی.
ئێستەش بیرمە، دەستت هێنا، بەسەر سەرمانا
بەتاسەوە، ماچی دواییت، کرد لەگەلْمانا
ئینجا وتت: کۆرپەلەکان، رۆلْەکانی من
گەرچی پەستم، جێتان دێلْم، بەلاْم وا دوژمن
هاتۆتە سەر، جێ نزرگەی، نیشتیمانەکەم
بێ شەرمییە، بۆی نەجەنگم، لەترسا راکەم!

-2-

ئەی بابە گیان، پاش رۆشتنت، تاسەی بیرکردن
هەمووومانی، هێنایە سەر، بۆ لای تۆی بردن:

بەڵام ترس، لەداگیرکەر، لەدەوری شارا
ئەو ئاواتەی کپ کردەوە لەگیانی تارا.
جار جار نامەت، تاریکاریی، لا ئەدا لەدڵ
خەمی دەروون، ئەتوایەوە، بۆ بەهاری گوڵ.
شنەی وشەی، نامەکانت، فێنکایی هیوای:
ئەدا بەگیان، لەو دوورەوە، کە سەربەست ئەدوای.
نامەت بڕا.. دیسانەوە، پاییزی پڕ خەم
رووی کردەوە، ژیانەکەی، خێزانی ماتەم
بەبێئارام، کەوتینەوە، دەریای دڵ تەنگی
هەزار پرسیار، لەشوێن ئەنجام، بۆ تۆ ئەجەنگی
هەواڵەکان، پەڕەژاکاو، سیس‌و وەریبوون
مەلی خۆزگەی، نەوبەهاریان، لەسەر تەریبوون!
لەدواجارا، بەئەنجامی، هەواڵ گەیشتین
ئەو هەواڵەی، فرمێسکی زۆر، شەوی پێ رشتین!
بابە! تاسەو سۆزی گەرم‌و گوڕی جارانت:
ئەوەی مابێ یادگارە وەك نامەکانت.
سەرنجی یاد، لەرابوردوو، مایەی ژیانمە
بیرەوەریی، تروسکایی، ئێستەی گیانمە!
خەیاڵی تۆ، هەتاکوو بێ، زۆرتر ئەمدوێنێ
بەو داخەوە، بەو یادەوە، شەوان ئەمنوێنێ.
ئەی بابە گیان، هەرچەند ژیان، وەها ناخۆش بێ
کە شەوو رۆژ، ئەم ئازارەی، ئێمەی لەکۆش بێ

بەڵام مادام، مردنەکەت، جێی شانازییە
بۆ ئەم خاکە، بۆ نیشتمان، بۆ سەربەرزییە!
مادام خوێنت، رژانە سەر، سەنگەری ناموس
بووی بەمۆمێ، کە بسوتێی، بۆ رێی چارەنوس
بۆ ئەو رێیەی، کە کاروانی، شەبەقی ئاوات
مژدەی رۆژی سەرفرازیی بەم کوردە بدات!
مادام مردی بۆ ئەوەی گەل بژیو سەربەست بێ
نیشتمانت سەربەخۆ بێ، نەوەك ژێردەست بێ
شانازیمە تۆ باوکمی شەهیدی کوردی
بۆ باوەڕی کوردایەتی بەمەردی مردی!.

-3-

هەرچەند ژیان، وا شەوەزەنگ، تاریكو رەش بێ
لەپرشنگی، خۆری رووناك وەها بێبەش بێ
هەرچەند خەوی نەسرەوتنم دوورو درێژ بێ
هەورازی خەم زۆر لەئێستەم سەختر و لێژ بێ
بەڵام مادام، لاوی مەردی، ئەم نیشتمانە
قاڵ بووی بیری شۆڕشگێڕیی تفەنگ لەشانە
راپەڕیوە، یەکگرتووە، گیان لەسەر دەستە
جەنگاوەرە، دڵ نەترسە، خاوەنی هەستە
مادام خوێنی لا هەرزانە بۆ رێی سەربەستیی
سەر شۆڕ ناکا بۆ ژیانی دیلیو ژێردەستیی

هەرگیز نامرێ، هەر ئەگاتە، رۆژی ئازادیی
دەستی هیوای، ئەکاتە مل، بەهاری شادیی
ئەی بابە گیان، من دڵنیام، لەوەی سبەینێ
کە ئەم کوردە، تۆڵەی زۆری وەك تۆ ئەسێنێ
من دڵنیام شەوەزەنگی ئەمشەو نامێنێ
تیشکی خۆری رۆژی رووناك چاو هەڵ ئەهێنێ
من دڵنیام، کۆتو زنجیر، هەر ئەپچڕێنین
قەڵای رەشی ئەژدەهاکیی، هەر ئەڕوخێنین.
من دڵنیام وردیلەکان رەشو رووتی کورد
ئەوەی زۆردار لەباوەشی دایكو باوکی کرد
سبەی پۆشتەن وەك فریشتەی شادی سپیو جوان
تێرو تەسەل گۆرانیی خۆش ئەڵێن بۆ ژیان
من دڵنیام کە هەر ئەبێ شەومان بەسەر چێ
گەل دوژمنی داگیرکەری بخاتە ژێر پێ
ئەوسا بابە، رووسووریی هەر، بۆ شەهیدانە
بۆ کاروانی سەربەخۆیی رێی تێکۆشانە
بابە جێگەت تۆ ناو دڵە، نەك گۆڕی تەنگە
ناوت نەخشی، تۆمارێکە، کە بەخوێن رەنگە
تۆ هاوڕێی ئەو گیانانەی کە هەرگیز نامرن
هەزاران ساڵ بێتو بڕوا، گەردی کۆن ناگرن
تۆ هەڵگری ئەو مەشخەڵەی کە مەردایەتی
هەڵی گیرسان بۆ باوەڕی رێی کوردایەتی

تۆ نەبەردی، تۆ ئەو کەسەی کە داگیرکەران
هاتنە سەرت بەتۆپو تانك بەبۆمبا باران
بەجێت نەهێشت سەنگەرەکەت هەڵیان نەکەنیت
لەگەڵ مردن دەستەو یێخە مەردانە جەنگیت
دەسا بابە پێڵوی چاوی نووستنت لێك نێ
نەتەوەکەت رووسوورانە ناوت ئەهێنێ
پشت لەدوای پشت بەرۆشنایی باوەڕی ئێوە
نەوەی تازە بەو گیانەوە ئەچێ بەرێوە!

سلێمانی/1963

# سێ هەڵبەستی تینوو

-1-

شەوگار تاڵە، دەروون پەستە
ئەستێرەکان.. کزوو زەردن
خەم لای ژیان خۆشەویستە
شیعرم کەوتە ئەشك رشتن.
پایز لەگیانا میوانە
بەهار گەڵای سەوزی وەریی
داری یادم ئەرخەوانە
بۆیە ئەمشەو بەکوڵ ئەگریی.
ئەستێرەیەك سووك چرپانی
بەگوێی دڵی کاسو وڕدا
وتی: چیتە پەرێشانی؟
وا گیان ئەکەی بەناو گڕدا؟
بەنوزەیەك وەرامەکەی
پچڕ.. پچڕ. هاتە دەرێ

وتی: دیار نییە نامەکەی
دەنگی خۆشی، ناگاتە گوێ.

-2-

وتیان: نێرگز بەم چلەیە؟
وتم: نامەی یارم پێیە
وتیان: شەماڵ بەم قرچەیە؟
وتم: بزەی ئەو کچەیە.
وتیان: خونچە بەم خەزانە؟
وتم: سەرچاوە هەر گیانە.
لێیان پرسیم: ئەندازەی دڵ
بۆ ئەو چەندە خۆشەویستیی؟
وتم: ئایا پەپوولەو گوڵ
قەت ئەمەیان لەیەك پرسی؟!
لێیان پرسیم: شیعرەکانی
باخی ئەمساڵت رەنگینە.
وتم: چونکە چاوەکانی
مانگەشەوی بەر نووسینە.

-3-

هەمووی تەنها وشەیەکە
ئەژی لەناو ناخی گیانا

بەڵام شنەی گەشەیەکە
باوەش ئەکا بەژیانا.
پیتەکانی شەشی وردن
شەپۆلن بۆ شیعری تازەم
یان شەش تەلی خۆشی کردن
بۆ مۆسیقای پڕ ئاوازەم.
شەش جگەرگۆشەی ئازیزن
شەش منالی ئێسك سووکن
لەناو باخچەیەکا ریزن
لەسەر زمان خۆش‌و سووکن.
لەگەڵیانا ئەژیم، ئەڕۆم
پێ ئەکەنن ، خەم ئەخۆن بۆم !

★ ★ ★

بەبێ ئەوان، نووسین لاڵە
پەخشان، چێژی تفت‌و تاڵە
بەبێ‌ئەوان، ئەم دیوانەم
بەرهەمێکی کرچ‌و کاڵە!.

بەغدا/ 1967

# بڕوام

ڕێگای بیرم، بەناو هەزار، داوی باریکا
ئەڕوا، بەرەو، خۆری ئاسۆی، ئامانجی روونم
چاوی تیژی، کوردایەتیم، لەرێی تاریکا
چراوگی رۆژ، ئەداتە دەست، دەستی دەرچوونم.

★ ★ ★

هێزی ئەژنۆی، شل نەبوونی، تێکۆشانەکەم
هەوراز لەدوای، هەورازی سەخت، ئەشکێنێ ئەبڕێ
بەرەو لووتکەی، هیوای گەورەی، نیشتمانەکەم
لەناو گەل دا، یەکەم ریزی، سەرکەوتن ئەگرێ.

بەغدا/1967

## یاخیبوون

تەمەن بەهاری پاراوە

خوێن گەرمو گەش:

قوڵپ ئەدا، زەوقی هەستاوە

ئەندامی لەش

هەمووی چاوە

★ ★ ★

کوڵمو لێوی، پڕ دەم، بۆ ماچ

هاواری بێدەنگی لەشن.

بەڵام سەد داخ

ئارەزووی برسی بێبەشن.

★ ★ ★

سەرنج تینوو، تینووی کوڕە!

ناخی دەروون، جێگەی گڕە

سەرنج شێتی، تەماشایە

رێگاگرە.. بەرەڵایە!

★ ★ ★

سەرنج تینووی کوڕی قۆزە...

وەکوو مناڵ:

ئالۆشی لەش زۆر گڕۆزە

ماخۆلانەو دابـین ناکرێ

شەقام هەمووی بەخۆی ناگرێ!

★ ★ ★

قژ.. کورتییەکەی، کوڕانییە

ئەتکێتێکی شەڕانییە..

سپێتی پشت ملی ناسك:

چێشکەی ماچی دوراودوورە

تامی خۆزگەی بەرەو ژوورە!

★ ★ ★

مەمك سرکە..

ساوای سنگی دەم بەوڕکە!

مەمك هارەو کراس ئەدڕێ!

جەرگی پیاوی پیریش ئەبڕێ!

★ ★ ★

یاخیبوونی سەدەی نوێیە

مینیجۆبی.. ژوور ئەژنۆیە..

مینیجۆبە.. کراس کورتە

گەرمای لەشی نیوەڕۆیە..

هەناسەی کوڕ لەگەڵ ئاخا

بۆ مینیجۆب چی دەرناخا!

بەغدا/1968

# نەوەی نوێ

ئەو منداڵەی، چاوی لەناو، ئاگردا پشکووت
دەنگی گوللە، گوێی بیستنی، زاخاو دایەوە
پێی هەڵسانی، لەبزماری، ئەشکەنجە هەڵ نووت
خوێنی ڕژاو، بەژیانیا، هەڵ پژایەوە.

سبەینێ ئەو، گڕی لەشی، گڕ سووتێن ئەبێ
گوللەی بیری، گوللەی دوژمن، سارد ئەکاتەوە
خۆی بەپێی خۆی، پێ بەنووکی، بزمارا ئەنێ
بەڵێ ئەمرۆم، سبەی نەوەی، وا ئەخاتەوە.

بەغدا/1967

# پەیامی وون بوو

ژیان: هێشتا کرچو کاڵ بوو
زمانی ئەیگرتو لاڵ بوو.
گەردوون: تەمەنی مناڵ بوو.
خۆر: تازە چاوی ئەپشکووت.
مرۆڤ: تازە بیری ئەبزووت
پێغەمبەرانی خوانادوو..
ژمارەیان ئێجگار کەم بوو.
ئاسمانو ئەستێرەو دەریا
چیاو درەختو گژوگیا
تازە ئەبوونو ئەخولقان
بەسروشتەوە ئەلکان.
زەمین.. هێشتا
هالاّو لەلەشی هەڵ ئەستا!
کە -ئاوێستا-
لەئاسۆی بیری زەردەشتا
بۆ کورد هەڵهات.
کە پەیامی.. ئاهورامزدا

لەلوتکەوە بانگی هەڵ دا
بۆ گشت دنیا
بوو بەئاوات!.

★ ★ ★

تا کورد خاوەن ئاوێستا بوو
خۆریشی لەژێر دەستا بوو.
هەتاکوو چرای ئاوێستا..
دائەگیرسا
بەرچاوی بیرمان رووناك بوو
سەرچاوەی دەرونـمان پاك بوو
بەڵام کە ئاوێستا.. برا
دزراو گۆڕرا
بەنینۆکی رقو کینە
وشەی پیرۆزی لـێ رنـرا
مۆری بێگانەی پیانـرا
رووناکیمان کەوتە کزیی
بەربووینەوە.. بەرەو نزمی
کە لەدەسـمان چوو.. ئاوێستا
دەمو دڵو بیرمان بەسترا
لەوساکەوە هەتا ئێستا!.

بەغدا/1967

# تەنیا

تەنیا هەر چرای دەس کوردایەتیی
شەوی خاکەکەم روون ئەکاتەوە.
بەتەنیا بازووی رێی مەردایەتی
تەوقی گەردنم -لێك ئەکاتەوە-.

بەغدا/1967

# دار ئەرخەوان

لەیادێتی سلەیمانی
بەسەرهاتی ئەرخەوانی
گردی سەیوان
جێنزرگەی باپیرانی
ئاریانی
مەردی ژیان.
لەیادێتی کە چۆن تەوری
زوڵم و جەوری
دەستی تاوان
چۆن سەربازی داگیرکەری
عوسمانییەکان
کەوتنەدەوری..
گردی سەیوان
بۆ بڕینی دارئەرخەوان
ئەرخەوانی گیانی یاران.

لەبیرێتی کە پۆستاڵی
جەندرمەکان
پێ شێلی کرد چەند مناڵی
گڕو گاڵی
ساوای ژیان.
لەبیرێتی کە چۆن دوژمن
وەك شێتو هار
کەوتنە شاڵاوی پەلامار
بۆ خوێن رشتن
تاڵان کردن
لە لادێ و شار!.
لقی سووتاوی ئەرخەوان
بوو بەتانەی خەمی کوردان
لەسەر چاوان.
رەش بوو ئاسمان
بەدووکەڵی دار ئەرخەوان
بەڵام کاتێ کە بەهاری
لادێ و شاری
کەوتنە گەشەو بووژانەوە
داری روتەڵ روانەوە
وەکوو جاران
سەوز بۆوە ئەرخەوانی

**سەر گومەزەکەی بابانی**

**گردی سەیوان**

**ئەوساکە دوژمن پێی زانی**

**رەگی ئەو دار ئەرخەوانە**

**بنجی قووڵی وەك ژیانە!**

سلێمانی/ 1962

# گیانە

-1-

گیانە.. مەترسە، وا شەوی
پڕ ترسو لەرز
باری نەوی..
لەلووتکەی بەرز.
ئۆردووی بەسامی تاریکیی
وا خەریکی
گیانەڵاوە
لەگشت لاوە.
وا خەریکە زەبرو زەنگی
شەوەزەنگی..
هەڕەشەی زۆر
بتوێتەوە بەتیشکی خۆر.
هەوری تۆفانو بەناڵە
کەڕو لاڵە

لەئاستی خۆری رووناکا
وا ڕائەکا.
گیانە.. سبەی کە رۆژ بۆوە
لەئاسۆوە
ژیان خاکی
بە ڕووناکیی
بەیانی گەش
گرتە باوەش.
رەوایەوە.. دەنگی بەسام
بەبای ئارام
بوژایەوە گوڵی ناکام.
گیانە.. ئەوساکە ئەبینی
کەوا ژینی سەرفرازیی
تەنیا بۆ تیشکی ئاسۆیە
بۆ منە گیانە.. بۆ تۆیە
ئەوەی بەخەو ئەمانبینیی..
هاتۆتەدی:
کام لوتکە زۆر بەرزە.. گیانە
بۆ دڵ ئەیکەین بە هێلانە
لە ناخی گیان‌و هەستەوە
قوربانی ئاسۆی روون ئەبین
هەتا مابین بە بەستەوە

گۆرانی "خۆر" ئەڵێین بۆ ژین.

-2-

گیانە.. وتیان: "ئەم بەهارە
جوێ لە پارە
پاری بێدەنگ
شوومی وشکانیو بێئاویی
پاری دڵ تەنگ
وون بێ ناویی
دوا بڕاوی".
هەموو وتیان: ئەم بەهارە
دەروون خۆشیی لێوە دیارە
بەهاری نیازو ئاواتە
بووکی ئاوەدانیو هاتە
فریشتەی بەختو هیوایە
خۆشیی هەموومانی تیایە
ئەوی دوورە لەم بەهارە
عومری تارە.
بەڵام گیانە.. ئەم بەهارە
دڵی منی لێ بێزارە
هەرچەند ئەکەمو ئەکۆشم

**خۆشیی خەڵکی لێ نانۆشم.**
**دڵی منو دڵی ئەوان**
**دوورن وەك ئاسمانو ڕێسمان.**
**مادام "بێ تۆم" ئەم بەهارە**
**من هەر "وشكیم" لێوە دیارە.**
**بەهاری پار بوو كە خۆشیی**
**خۆشەویستی بە من نۆشیی**
**بۆیە تەنیا بەهاری پار**
**ئەكەم بەدیاریی یادگار.**
**چونكە لای من گوڵی بەهار**
**لەو شوێنەیە لێیەتی یار.**

سلێمانی/ 1962

# تاسەی هیوام

ئەی دەروونی ناو گێژاوی دەریای دڵ تەنگیی
ئەی کسپەکەی، خەم خۆرەوەی، دنیای بێدەنگیی
ئەی ئاوارەی، گۆشەگیری، گۆشەی کۆنی خەم
ئەی تارمایی، بێتروسکەی تاساوی ماتەم
تاکەی هەروا لەبەر دەرگای ماڵی مەینەتا
دەستەوئەژنۆ دائەنیشی، لەگەڵ خەفەتا؟
تاکەی تەمەن ئەبەیتە ناو، وەرزی وشکەوە
تاکەی هیوام ئەخەیتە ناو، داوی شکەوە؟
تاکەی لەشوێن کەلاوەکەی پەپووی ناسۆریی
جێنیشتەبی، تاکەی بەرگی، پایز ناگۆڕی؟
دە پێم بڵێ، ئەی دەم بەقفڵی ژەنگ داخراو
ئەی دڵ تینوو، شنەی زەردەخەنە لێ تۆراو!
دە پێم بڵێ بۆچ لەئاستی، پرسیاری ڕوونا
گرژ ئەکەی روو، لەژێر هەوری، پەستی زەبوونا؟
دە پێم بڵێ، بۆچ هەر ئەبێ، رووخساری ژیان

لەچوارچێوەی، تەنگووتارا، پێم بدەی نیشان؟
بۆچ هەر ئەبێ، دەستی لەرزۆك، بۆ چەنەی ماتی
سەرنجی وێڵ، بگرمە رێی، رەش‌و نەهاتیی؟
بۆچ هەر ئەبێ، لەچاوی خەم، فرمێسك هەڵڕێژم
ئەم تەمەنەم وا بەکاڵی بۆ تۆ بنێژم؟
هەتا شل بوو ئەژنۆی مەراق رۆیشتی‌و گەڕای
کام قوژبنی، ژیان تاریك بوو تیایا خزای
کام ئاوازە، ناکام‌و پەست بوو گوێت بۆ راگرت
کام هەواڵ کە پەڕەی ژاکاو بوو رێگەت پێگرت
کام دڵ کە قاڵی ئەندێشە بوو پەنات بۆ برد
چەند پایزی، کوێرەوەریت، بینی و بەڕێ کرد
چەند دراوسێی کۆن و تازەی هاودەردت ناسی
چەند رۆژگارت بە تەنافی شەوا هەڵواسی
چەند گوڵاڵەی نەوبەهاری ئاواتت وەران
چەندە بزەی دڵنیایت لە ژیان تەران
چەند ئاهەنگت ، هەروا گۆڕێوە بۆ تەنیایی
چەند هەڵوێستی شادمانیت دا بە خۆڕایی
دەپێم بڵێ ئەی دەرونی خەڵوەتی ناکام
چاو بەستراوی رێگە وون بوو واق وڕی سەرسام
ئەی لەپاشا کوا بەرهەمی تەمەن کوا ئەنجام
کوا گەنجێتی ؟ کوانێ گەشەی شادی بۆ هیوام
کوانێ بەری تۆوی ساڵی چێنراوی رۆشتوم ؟

**کوا تریفەی مانگی عومری ئێستاکە ون بووم !**
**کوا ڕۆژانی هەرزەکاریی گوڕی جارانم ؟**
**کوا خوێن گەرمیی و تین و جۆشی دەمارەکانم ؟**
**کوا پاشە ڕۆژ بە پرشنگی ئاوات ڕوناك بوو ؟**
**دەپێم بڵێ ئەو سەردەمە بوونی تۆ چی بوو ؟**
**غەیرەز بەوەی بە پاچی خەم گردی ژیانم**
**هەڵکەنی تیا گۆڕستانی مردووی ڕۆژانم**
**دەبا ئیتر ئەی دەرونی پیرەمێردی خەم**
**ڕوو وەرگێڕی بۆ بەهاری لاوێتی تاسەم**
**دەبا ئیتر ئەو چەند ڕۆژەی ماوە لە تەمەن**
**بەشەرابی بەختیاری خۆیان سەرخۆش کەن !**
**دەبا ئیتر بیبڕیتەوە ناڵەی ناسۆریی**
**ئەم زستانەم بە نەورۆزی تازە بگۆڕی !**

سلێمانی /1964

## وێنەکەی

تاسەی دووریی ، بەشەماڵی ، ئارامیٚ ڕەوایەوە
هەوری سەردڵ ، بە پرشنگی ، خۆری مژدە توایەوە
چاوی تاریك ، ژووری پەستی ، ماڵی تەنیا و غەریبیم
دەرگای عومری شادمانی و خۆزگەی بۆ کرایەوە :
کەوێنەکەی خۆشەویستم
گەیشتە دەستم .

بەغدا / 1968

# ئەشكەوتەكەی "سەردێمان"

پار ئەم وەختە ئەشكەوتەكەی "سەردێمان"
گرتبووینییە .. باوەشی گەرمی هیوا
هەریەكەمان وەكو مۆمێ بۆ ژیان
ئەتواینەوە لە ناو تاریكی شەوا .

★

چەن دڵێك بووین لەشینایی ئاسمانا
وەك ئەستێرە بۆیەك ئەجریواینەوە
بە دوای گوڵی ئازادی نیشتمانا
وەك پەپولەی هیلاك ئەسوڕاینەوە.

★

سك هەڵگوشین ، گەروی وشكی تینوێتی
قاچی پڕ خوێن ، رەنگی زەرد ، لێوی بە بار
ورەی بە گیان بەرنەئەدا ، لاوێتیی ..
ئەیوت : زستان ئەبێ چۆك دا بۆ بەهار .

★

هەوری رەشی بێگانەی سەر کێوی ژین
کردی بەتۆف رژایە سەر زەوی سوور
بەڵام کلێپەی ئاگری بیر راپەڕین..
نەورۆزی کرد بەمژدەی ئێمە لەدوور.

★

-مامە رووتە- "1" ی پیرەمێردی سەرسپی
مێخی هێزی لەدڵمانا ئەچەقان
تەنها ئەو بوو نەهێنیی ئێمەی ئەدی
هەر ئەویش بوو تا سەر بسووتێ بۆمان.

★

لەگەڵ خۆرا بەیانیان هەڵئەهاتین
ملی رێگەی هەورازی ژینمان ئەگرت
جێ پێی شەهید تا سەر لوتکەی ئەبردین
لەوێش گیانیان دەستیان لەملمان ئەکرد.

★

دەستمان لەناو دەستی تۆڵەی جوتیارا
پشتمان بەپشت کێوەکانی بەرزەوە
تۆوی دڵمان لەگەڵ برسیو هەژارا
ئەکردە ناو بنجو بێخی ئەرزەوە.

★

پار ئەم وەختە ئەشکەوتەکەی "سەردێمان"
ئاگردانی پڕ لەپشکۆی دەروون بوو

پایزی زەرد بەخۆری باوەڕی گیان
لەبەر چاومان بەهاری ڕۆژی ڕوون بوو

★

چاوی هەڵگورد لەپارێزی ئێشکا بوو
بۆ ئەوانەی جەرگی شەویان شەق ئەکرد
کوردایەتی ڕێگەی لەناو مێشکا بوو
زامی سەر سنگ گوڵی ئاڵی شەبەق بوو.

★

ئەشکەوتەکەی "سەردێمان" ی هاوڕێ
ڕەگی عومری لەم دنیایە قووڵترە
درەختی ئەو بەری خوێناویی ئەگرێ
دەروونی ئەو، بورکانێکی ئاگرە.

★

نەوەی کوردم لەسەنگەری ژینا
دەستەو یێخە لەگەڵ مردن شەڕ ئەکا
هەڵۆی تۆڵەی لەناو چەقی مەیدانا
مۆری بەڵێن بەخوێنی جەرگ تەڕ ئەکا

★

ئێستاش ئەوا ئەشکەوتەکە خامۆشە
جاڵجاڵۆکەی یادگاری ماڵ ئەکا

**ساوای خەوی، پار ئەم وەختەی لەکۆشە**
**چاوەڕوانی بەهاری نوێی ساڵ ئەکا**

★

**ئەی ئەشکەوتی دەنگەوەرەی دەنگی کورد**
**ئێمە لەسەر بەڵێنی پار مابووین**
**پەڕەی گوڵمان بەرەنگی روو سوور نەکرد**
**دڵ وەك ساماڵ، رووسپیش وەك هەتاوین.**

بەغدا/1967

"سەردێمان" ناوی ئەشکەوتێکەو "مامە ڕووتە" یش چیایەو هەردووکیان لەناوچەی باڵەکن.

# چەپکە هەڵبەست

تا پەست نەبی، تا تەنیاییت، دڵ نەکا دەربەست
کە زستان هات، دەستێ بەرە، بۆ دیوانەکەم
من ئەوساکە، نەسرینەکەم، لەچەپکێ هەڵبەست
کام گوڵ جوانە، بۆ ژوورەکەت، پێشکەشی ئەکەم

بەغدا/1968

# گۆران

"بەیادی بیرەوەری چوار ساڵەی کۆچکردنییەوە"

1-**لەمردنیا:**

**هەتاو رەنگی هەڵبزرکا**
**بوو بەگرە شنەی هەوار.**
**خوێن لەچاوی ئاسۆ تکا**
**رژایە سەر گۆنەی بەهار.**

★

**جریوەی شیعری پرشنگدار**
**زەرد هەڵگەڕا کەوتەلەرزین.**
**پەپوولەی ئێسك سووکی یار**
**بەسەر گوڵا کەوتە گرین.**

★

**بزەی مانگەشەوی ئاسمان**
**لەسەر بەفری لووتکە تەرا..**
**دەنگی قاسپەی بەرەو کوێستان**

بۆ گەرمیان رووی وەرگێڕا

★

نێرگز چاوی سپی سوور کرد
درِك چەقی لە وەنەوشە
با.. گوڵاوی دەم هەنگی برد
کەوتە هەنسك گەرووی وشە.

★

گەشەی شەونمی بەربەیان
لەسەر گەڵای خەم توایەوە.
قژی فریشتەی شیعری جوان
لە ئەرخەوان ئاڵایەوە.

★

تەرزەی ژێر دەوەنو بنچك
ئارەقی کرد بەجێگەی گڵ.
باران نمەی تاسەی تك تك
ئەبارانە سەر پۆپەی چڵ.

★

کرِێوەی زستانی هەواڵ
هێلانەی بولبولی شێوان
هەوری رەشی رووگرژو تاڵ
بەسەر ساماڵا ئەیگرمان.

## 2-لەیادیا:

لەپەپولەی ناو باخەوە
بۆ گولاڵەی کەژو نزار
لەهەنگە زەردەی شاخەوە
بۆ سەر گەڵاو بۆ گوێ رووبار

★

لەجوانانی بێناوەوە!
بۆ شۆخو شەنگی دەرکەوتوو
لەوەنەوشەی خزاوەوە
بۆ گوڵە باخی سەرکەوتوو

★

لەقژی زەردی خاوەوە
بۆ سەر لێوی ئەرخەوانیی
لەسەر کوڵمی گەشاوەوە
بۆ چاوی شینی ئاسمانیی

★

بەگوێی یەکا ئەچرپێنن
شیعری "گۆران" ئەخوێننەوە
لەو وشانە ملوانکەی ژین
بۆ کردگار ئەهۆننەوە.

بەغدا/1967

# ئێوارەی غەمگین

خۆرنشینی ئاسۆی بەهار
لەخوێناویی ئاوابوونا
وردە وردە ئەچێتە خوار
کلێپەی دوایی لەدەروونا
ئەسوتێنێ بۆ شەوی تار.
ئەڵێ: بوونی ئەم دنیایە
وەکوو تیشکم ئەتوێتەوە
کام شەوقی جوانی رووی دنیایە
وەك هەناسەم ئەبڕێتەوە.
کام بەهار زۆر شۆخ و شەنگ
کام ئاواتی دڵ قەشەنگە
کام دنیا پڕ لەخۆشییە
دوور لەڕەنگی ڕەش پۆشییە
ئەبڕێتەوە، ئاوا ئەبێ
رۆژی لەناو شەوا ئەبێ

★

ئێوارەیە دنیای جوانیی

وەكو ساوایەكی دڵ پاك
بزەی مژدەی سەر لێوانی
ئارامە بۆ گیانی رووناك.
منیش تەنیام لە قەدپاڵێ
سەرنجم ونی ئاسۆیە
دڵی پڕم.. وەك منالێ
خەیاڵی وا لەشوێن تۆیە.
دەروون بەئاخی ناكامیی
پەستە وەك سەیوانی ماتەم
سروشت باوەشی ئارامی
گرتۆتەوە بۆ ئەم كاتەم.
ئەرخەوانی گیانی پەستم
دڵنیایی دڵم ئەكا
لەنێرگزی بیرو هەستم
هۆنراوە بۆ تۆ رێك ئەخا.
هەزاران یادی رابردوو
لەناو بیرما یەنو ئەچن
وەك ئەستێرەی رێی ون كردوو
لەهەوری خەمما ون ئەبن.
دە ئەی ئێوارەی خۆرنشین!
مەڵبەندی تاسەی تەنیایی
ئەی جێنزرگەی ماتەمین

لەخۆر بکە ماڵ ئاوایی!
منیش وەك تۆ لە ئاسمانی
نائومێدی دڵا وێڵم
وەك تۆ بەهاری ژیانی
تەمەن کورتیی جێئەهێڵم.

سلێمانی/1962

# تەنیایی

شیرینەکەم! ژووری تەنیام
ئەمشەو بۆ غەریبیم ئەگری
چرپای خەم لێنیشتوی جێگام
خامۆشیی وا لەچوار دەوری.

★

چاوەڕوانیی کورسی چۆڵم
تۆوی بێزاری ئەچێنێ
گلۆپی کزی ناو هۆڵم
فرمێسك بەبێدەنگ ئەڕژێنێ!

★

پەنجەرەکان، خۆڵی رۆژان:
لەسەر شووشەی چاویان بارە
شیرینەکەم ئەمشەو ژیان
وەك ماڵەکەم چۆڵو تارە.

★

**وێنەی پارم لێوی گاڵتە:**

**لەئێستام هەڵئەقورتێنێ**

**گڕی خەیاڵ بۆ ئەو کاتە**

**جەرگی ئەمشەو ئەسووتێنێ.**

★

**شیرینەکەم.. ژووری تەنیام**

**ئەمشەو بۆ غەریبیم ئەگری**

**چرپای خەم لێنیشتوی جێگام**

**تەنیایی وا لەچوار دەوری.**

بەغدا/1967

# منداڵە سووتاوەکە

-1-

ئەی مناڵانی خۆشەویست!

هەواڵێکی غەمگینم بیست

دڵی پڕ کردم لەتاسە

پێی هەڵکێشام زۆر هەناسە.

بزەی سەر لێوی تۆرانم

خەمی هێنا بەمیوانم

تەرانی گەشەی دەروونم

لێڵی کرد سەرچاوەی روونم

هەستی بەزەیی جوڵانم

هۆشی شیعری خرۆشانم

لێوی رقی پێ کرۆشتم

فرمێسکی گەلێ پێ رشتم.

ئەی منداڵانی خۆشەویست

هەواڵێکی غەمگینم بیست.

ئەی منالآن گوێ گرن لێم
ئەو هەواڵەتان پێ بلێم:
بەڵام من ئەمەوێ لێتان
کە گردبوونەوە هەمووتان
یەك لەلای یەك بیلێنەوە.
لەگەڕەکا بیگێڕنەوە
لەبیرتان قەت نەچێتەوە
لەدەروونتان نەبێتەوە
ئەی منداڵانی خۆشەویست
وا پێتان ئەڵێم کە چیم بیست:

-2-

گوندێ هەبوو لەپاڵ شاخا
لەناو کۆشی رەزو باخا
ئەوەندە جوان بوو کە جوانیی
دنیا بوو بوو بەمیوانی
ئەم دێیە چەندە بچوك بوو
سەد ئەوەندە ئێسکی سووك بوو
لەکەژاوەی خەوی خۆشیی
بەهەشتا بادەی ئەنۆشیی
بووکێ بوو کەوا کردگار
خواست بووی بۆ زاوای بەهار.

مژدەیەك بوو کە بەختی خۆش
وەکوو ساوا ئەیگریتە کۆش.
ئارامێ بوو کە بەگیانی
نۆش کرا بوو شادمانی.
ئاوازەیەك بوو گەرووی ژین
هێنابوویە سەر هەڵقوڵین.
پەپوولەیەك بوو، دڵنییا
لەباخچەی نیازا ئەژییا
بزەی لێوێ بوو کە سروشت
گوڵاوی نازی پێ ئەڕشت.

-3-

رۆژێ لەکاتێکا ژیان
تازە خەریك بوو، بۆ بەیان
بتروکێنێ پێڵوی چاوی
بۆ گزنگی نوێی هەتاویی.
تازە خەریك بوو بەمەستی
سەرخۆش بێ بۆ خۆشەویستیی
گۆرانی بڵێ بۆ ژیان
بۆ رووناکی ئاسۆی بەیان
وەکو جارانی ئاوازە..
بگاتە گوێی دنیای تازە

لەپڕ خۆرپەیەك كوتوپڕ
بوو بەهەناسەی ساردو سڕ
لەپڕ شاڵاوی گورگی ڕەش
تارمایی خستە ئاسۆی گەش
كەڵبەی گیر كرد لەتەوقی سەر
رانەمەڕی دێی دایە بەر
كەوتنە لوورە بۆ پەلامار
رۆژی دێ بوو بەشەوی تار
ئاوی روونی كانیی لێڵ بوو
بەدوای خەمی دێدا وێڵ بوو
لقی درەخت شكایەوە
تازە چرۆ.. پووكایەوە
دوكەڵی رەشی قەترانیی
هەڵسا لەشوێنی وێرانیی
ئاسمانی سەر وەك شەوەزەنگ
رەش داگیرسا ماتو دڵتەنگ
جووجەڵەی وردی كولانە
كەوتنە ژێر ئەو كەڵبەو دانە
خوێناوی ناو ژووری روخاو
جۆگەلەی بەست وەكو پەنگاو
ئەی منداڵانی خۆشەویست
ئەم دێیە فرمێسكی زۆر ڕشت!

ئەوی جێما لەوێرانە
منالێ بوو سێ سالانە
باوکی لەسالێ زیاترە
دەروونی پڕ لەئاگرە
دەمێکە ئەو وا بەرێوە
دوورە لەئاوایی دێ وە
کە ئەمانی جێهێشت.. تەنیا
ئیتر رووی کردە سەر چیا
بۆ ڕاوی گورگی دڕندە
ئەو گورگانەی کە بەم گوندە
دەمێکە تینووی خوێناون
برسی ناوەختی شالاون
لەو گورگانەی زۆر هەڵبڕی
ورگی گەلێکی هەڵدڕی.

-4-

گەرووی گڕی شالاو هێنەر
تەشەنەی کرد بۆ دەشتو دەر
دارستانی چڕی ناو دێ
تا بێ ئاگر لەخۆی ئەگرێ
پووشی دەوری ئاوی لیخن
ئەڵقەی پشکۆی چۆتە گەردن.

منالێ تەنیا جێماوی تەنیا
چاوێکی هەروا لەچیا
بەڵام بێ سوود چاوەڕوانیی
ئەوا گڕ شاڵاوی هانیی
مندالی تەنیای بەسەزمان
کەوتە هاوار، کەوتە گریان
چاوی ئەگێڕا.. ئەترسا
تۆزێ ئەڕۆشتو ئەوەستا
ناسیاوێ نەبو بیگاتێ
پەلی رزگاربوونی باتێ
کەوتە بەر جەزرەبەی سزا
پشکۆ بەلەشیا ئەچزا
بەهەنسکی قوڵپی گریان
هاواری کرد لە گورگەکان:
"من منالم دەرم بێنن
توخوا ئەگەر بمسوتێنن"
بەڵام گورگی کۆنە دوژمن
گوێی نەدایە هاوار کردن
زانی منالی ئەم دێیە
گۆشی کام باوەڕو جێیە!
قرچە قرچی پێستی سووتاو
دلی بەردی ئەکرد بە ئاو

سووتا منالّو رەش بۆوە
پێست لەئێسقانی جویَ بۆوە.

-5-

ئەی منداڵانی خۆشەویست
ئەم دێیە سەرشۆڕی نەویست.
لەوپەڕ لە لوتکەی شاخەوە
لەدەروونی پڕ داخەوە
لەلانەی شێری دڕەوە
لەدارستانی چڕەوە
لەپەنا دارو بەردەوە
هاتنە دەرێ خەنجەر بەدەست
لەدەوری دێ ئەڵقەیان بەست
بەکینەیەکی سەختەوە
گوڕی تۆڵەیان بەستەوە
خستیانە سەر دەس دڵو گیان
خوێنی لەشیان کەوتە جمان
وتیان: یا ژین یا مردن
بۆ گورگی رەش لەناوبردن
وتیان: گورگی رەش مەحاڵە
خوێنی ون بێ ئەو منالە
وتیان: رۆڵەی ئەم دێو خاکە

لەهەڕەشەتان بێ باکە

بەهەڵمەتی چاو نەترسە

لەمردن هەرگیز نەپرسە

ئەی منداڵانی خۆشەویست

ئەم دێیە سەرشۆڕی نەویست.

ئەی مناڵانی خۆشەویست

دنیا ئەم بەسەرهاتەی بیست

بیستیان دێیە بەبازووی خۆی

کەوتۆتە جەنگی ڕۆژی نوێی

ئەی مناڵانی کوردزمان

دەنگی ئەو مناڵەی بیستتان

نەکەن لەبیری بەرنەوە

لەدڵتانی دوورخەنەوە

هاوڕێیەکتانە.. ژیان

کردی بەتۆماری داستان

بوو بەسرودێ کە ئاوات

بانگی سەربەرزی تیا بدات

هەتا بێ گڕی خۆش ئەبێ

بڵێسەکەی بەجۆش ئەبێ

دەریای دنیای بکەیتە سەر

بەکڵپەیە ئاگری هەر

ڕوناکی ئەدا بەژیان

بە ئاسۆی ئاواتی بەیان
بەم وڵاتەی کە سەربەرزی
بەخوێن کڕیو قەت نەبەزی
ئەی منداڵانی خۆشەویست
بۆم گێڕانەوە کە چیم بیست.

سلێمانی
کانوونی دووەمی/ 1962

# دوو گۆرانی

-1-

گیانه.. ژیانی تەنیایی
لە تۆ جیایی
منی ماتەم
ئەوەندە پەستو ناکامە
کە رووناکیی لێ حەرامە
غەیرەز بەخەم
کە بیکاتە دەروونەوە
بەهەناسەی زەبوونەوە
مەیی تاسەم
تاسەی ناوەختی
بێ بەختی
ئەم ژیانە ماتو کاسەم
کە بەئاستەم
رووناکیی لێ بەدی ناکەم
منی ماتەم.

گیانە.. تەنیایی ناخۆشە
ئەشك نۆشە
وەك رەش پۆشی
دڵ خامۆشی
مردووئازیز
لەپێکەنین فەرامۆشە.
گیانە.. پایز
خۆ ئەزانی
کە وەختێ بارەش خەزانی
گەڵاکانی ئەوەرێنێ
مەلی هێلانەی ئارامی
بەکینەوە ئەتەرێنێ،
ئەوسا ژیانی ناکامی
چەند پەست ئەبێ
دەربەست ئەبێ
خۆ ئەزانی
کە پایز گەڵارێزانی
چەند ستەمە
چەند دڵ تەنگی
شەوەزەنگی
دەستی خەمە
ئاوا منیش وەکو پایز
تەنیایی گەڵارێزانمە

مادام لەتۆ دوورم ئازیز
ژیانی پایز ژیانمە.

-2-

گیانە.. وتیان: ئەم دنیایە
هەرچی تیایە
لەئەنجاما ئەبڕێنەوە
بەبێ ئاژاوە.. بەبێدەنگ
بەرەو گۆڕی تاریك و تەنگ
ئەکرێنەوە.
وتیان: ئەنجام هەر مردنە.
روو لەوە و دنیا کردنە
بۆ هەموو کەسێ نەمانە
ئەم ژیانە
ئایا بڕوا بکەم گیانە
بۆ منو تۆش هەر نەمانە
وەك ئەنجامی ئەو خەڵکانە؟!

سلێمانی/ 1959

# وەرام

لەکۆتایی نامەکەتا
لەنامەکەی ئەمجارەتا
گیانە.. ئەڵێی:
من بەقەت چەند، خۆشم ئەوێی؟
ئازیزەکەم، وەك چۆن بەهار
ئاسمانی شینی خۆش ئەوێ
یان پەپوولەی هەردەو نزار
هەنگی دڵدار
گوڵ باخی، ژینی خۆش ئەوێ
شیلەی شیرینی خۆش ئەوێ
خۆشم ئەوێی.
یان چۆن بەفری چیای کوێستان
کانیی روونی، ناو دارستان
تریفەی مانگیان، خۆش ئەوێ
گزنگی خۆریان، خۆش ئەوێ

خۆشم ئەوێی!

ئازیزەکەم، ئەوەندەی خۆتت، خۆش ئەویَ

خۆم خۆشم ئەویَ!

خۆشم ئەوێی.

بەغدا/ ئایاری/ 1968

# شیعرەکانم

پەپولەی، هەستی ناسکی، باڵ نەخشینی شیعرەکانم
لەسەر لێوی، هیوای گەشی، ئەم ژینە ئەنیشێتەوە
دەزووی تیشکی، وردی پەنجەی، ئەفسووناویی بیرەکانم
تریفەی مانگ، لەژێر هەوری، گوومانا ئەبینێتەوە.

★

کیژی سۆزی، وشەکانم، لەناو چیمەنی ئاواتا
بەدەم بەستەی ئاهەنگەوە، گیان شاد ئەکەن، هەڵئەپەڕن
سواری بڕوای، قسەکانم، لەناو مەیدانی خەباتا
ڕێی دەربازبوون، لەناپاکان، لەدوژمنانی گەل ئەگرن.

بەغدا/1967

# شارەکەم★

ئەی شارەکەی گلێنەی چاو
بزەی لێوی هەڵقرچاوم!
ئەی بەهاری بەبێ هەتاو!
دایکی زۆر جار، سك سووتاوم.
پرسیم: هەواڵ..؟
وتیان: هاوینی بێشەماڵ.
وتم: توخوا ژیانەکەی؟
وتیان: تەڵخە ئاسمانەکەی.
پرسیم: ئەی چێژی نانەکەی؟
وتیان: وەك گاڵ.
تامێکی تاڵ.
وتم: منداڵەکان چۆنن؟
وتیان: هەموو گرژو مۆنن!
وتم: ئەی باشە گەورەکان؟
وتیان: هەموو وەك کەڕو لاڵ،

بەدەس یەکتری ئەدوێنن
خەم ئەچێنن
دڵ ئاوارە.
پرسیم: ئەی گردەکەی یارە؟
وتیان: دڕکی تیا ئەڕوێنن.
وتم: ئەی توخوا ئەرخەوان؟
وتیان: هەر بەسەوزی سووتان.
باشە.. گۆیژە؟
وتیان: ئەو هەر زوخاو رێژە.
ئەی سەرچنار ؟
وتیان: لیخنە ئاوەکەی
پرسیم: ئەی باخی بەختیار؟
وتیان: بڵێ بووکی خەمبار.
باشە. سەیوان؟!
وتیان: ئەو رێکە لەگەڵمان
ئەی شارەکەی نۆی حوزەیران!
تۆ سەیوانی، یان سەیوان تۆی؟!
ئەی دوانزە مانگ گەڵارێزان
تاکەی جەرگی بەهار ئەخۆی..؟!
ئەی شارەکەی ناو گۆمی خوێن
راستە ئەڵێن:
لەناو دڵتا چقڵ ئەڕوێن؟!

ڕاستە ئەڵێن:
کۆڵەوژی.. سوتاوو ڕەش؟!
ئەنرێتە ناو چاوانی گەش؟!
ئەی شارەکەی چقڵ سووتێن
دەنگ بڵاوە، ڕاستە ئەڵێن؟.
جارچییەکی.. دەس بەپیلان؟.
کەوتۆتە ناو جادەو کۆڵان
وەك قەلی ڕەش ئەقیرێنێ
منالی خەلق ئەترسێنێ؟
شوومەو نەگریس
چاوێکی کوێرەو ئەشەلێ
زەویی خراپە ئەکێڵێ
بنێشتی قسەی دەمی پیس
ئەجوێتەوە؟.
دار بەتەری ئەبرێتەوە..؟
دەغڵی سووتاو ئەدورێتەوە..؟!
گۆپکەی چرۆ هەڵئەکوڵێ؟
هەر کاتێ ئەو بانگی هەڵ دا
ئافرەت .. دەرگا.. خر.. دائەخا؟
منالً یاری بەجێ دێڵێ؟
بەشوومە جار..
چۆڵ ئەبێ شار؟

ئەو.. ناشیانە.. بەکورد ئەڵێ:
من ئاوی چاکە ئەدێرم
ئێوە نابێ بڵێن کوێرم
نابێ بڵێن من ئەشەلم
بۆ کوێش چووم  وەرن لەگەڵم
ئەی شارەکەی بەخەم تەلبەنگ!
هەڵۆی دڵتەنگ
بیستم ئەڵێن: تاقمێ شێت
ماوەیەکە لێت پەیا بوون
زۆر گەوجانە  ئەیانەوێت
شاخی گۆیژەو پیرەمەگرون
بنێن لەبار
بۆ بەرەو خوار
ئەی شارەکەی ئارام نەگر!
کەی لەکەی عارت ویستووە؟
ئەی چاوگی خوێنو ئاگر!
کەی ناپیاوت پەرستووە.
شارەکەم تاکەی بێدەنگی!
هەڵکە ڕەشەبای دەروونت
ڕاپێچیکە جارچیو "دەنگی"
نیشانم بە ئاسۆی روونت..!

سلێمانی/ 1963

*دەقـی یەکـەمی ئـەم شـیعرە بـۆ یەکـەم جـار لەرۆژنامـەی "برایەتی"داو لە ساڵی 1968دا بلاوکرایەوە.. ئەوکاتـە خۆیـشم لـەو رۆژنامەیـەدا کـارم ئـەکرد. نـاوەڕۆکی شـیعرەکە سەرزەنـشتێکی توندوتیـژی هەڵوێـستی سیاسـی کۆمـەڵی مەکتـەبی سیاسـی ئەوکاتـە ئەکات کە لەساڵی 1964-دا لە قیادەی بارزانیی جیابوونـەوەو دواتـر بارەگایەکی خۆیان بردە بەکرەجۆ.

دوای بلاوکردنـەوەی ئـەم شـیعرە، لەسـەردانەوەیەکی سـلێمانیدا لەلایـەن ئـەو کۆمەڵـەوە گـیرامو بۆمـاوەی دە رۆژێ لەبـەکرەجۆ بەندکرام.

دواتـر هـەر لەهـەمان سـاڵدا واتـە لـە 1968دا کـە "تریفـەی هەڵبەست"م دا بەرەقابە، چەند بڕگەیـەکی ئـەم شیعرە لابـراو سـاڵی 1968-ەکەیش کرا بە 1963. بەداخەوە ئەو نوسخەیەی رۆژنامەی "برایەتی"م لەبەردەستا نەبو تا دەقی تـەواوی قەسـیدەکە بخەمـەوە پێش چاو. بەر لەئێستەیش لـەکتێبی "رووبـەڕوو لەسێبەری چیادا" ئامـادەکردنی: بێـستونو لـەبلاوکراوەکانی یـەکێتی نووسـەرانی کوردستان- 1985دا/ ئاماژەم بۆ بەسەرهاتی ئەم شیعرەو هەڵوێـستی خۆم کردبوو.

**ش. ب** 1991.

# بووکی ناکام

کسپەی یادێکە بۆ جوانەمەرگ "ڕوناك زوهدی"

تا دوێنێ بوو تۆش نێرگزی، چەپکی بەهار بووی
لەباوەشی نەورۆزا وەك گوڵاڵە دیاربووی
بەسەر ژینا شنەت ئەهات، تەڕو پاراوبووی
لەئاسۆدا وەك گزنگی چاوی هەتاو بووی
تا دوێنێ بوو، زەردەخەی لێوی ژیان بووی
وەك تریفەی مانگەشەوی ئارامی گیان بووی
تا دوێنێ بوو، تۆ روناك بووی ئەدرەوشایتەوە
وەك ئەستێرە ورشەت ئەهات ئەجریوایتەوە
لەسامانی گەنجێتیتا، شەوقی بەیان بووی
لەگەڵ بەختی بووکێنیا دەس لەملان بووی
تا دوێنێ بوو ، ئەی جوانی شۆخ ، ئەی بووکی ناکام
لەکەژاوەی خەوی خۆشا، گرتبووت ئارام
بەسەر فەرشی ناو چیمەنی نازا ئەگەڕای
لەگوڵزاری جوانێتییا شاگوڵ ئەبینرای

بەڵام هەیهات! لەچاو گووم بووی، لەگەشە کەوتی
بەژاکاوی، بووکی ناکام لەخاکا زەوتی
لەپێش تۆشا زۆر هیوای گەش بێ سەرو شوێن بوو
گەلێ خونچەی نەپشکووتوو خڵتانی خوێن بوو
بەدوای تۆشا، کاروانی کۆچ ، ئێمەش هەڵ ئەگرێ
قاپی ژینمان، بەکلیلی مردن دائەخرێ
ئەوەی ئەمڕۆ پێی ناز ئەنێ بەسەر زەمینا
سبەی لەناو زەمینایە وا لە ڕزینا
ئیتر فرمێسك چەند بڕێژرێ، چەند هاوار بکرێ
بەپێڵوی چاو خاکی گوڵکۆت لەسەر بماڵرێ
جارێکی تر کێ ئەتبینێ وەك ڕۆژانی زوو
بشنێیتەوە، بۆ ژیانی حەزوو ئارەزوو
جارجار نەبێ لەخەیاڵا یادگاری تۆ
دێتو ئەڕوا بۆ خەزانی نەوبەهاری تۆ
هەر ئەوەندەش لەدەست من دێ لەچاوی شیعرم
هۆن هۆن فرمێسك هەڵڕێژمو هەرگیز نەیسڕم.

بەغدا/1967

# بێ تۆ

**وەك چۆن ئاسمان، بێئەستێرە، یان بەهار بێ گوڵ**
**ئەم کوێر ئەبێ و ئەو جوانەمەرگ، ئەچێتە ژێر گڵ!**
**بێچاوی تۆش، چاوی شیعرم، کوێرەو رێ نەبین**
**بێ لێوی تۆ، ئازیزەکەم، بەهارو گوڵ.. چین؟!.**

بەغدا/ 1967

# بۆ چاوە شینەکانی

شیعری شیرین
بۆ چاوی شین
گەلێ پرسیاری هێشتەوە
بەبێ وەرام
ئەوەی نەدا بەدەستەوە
تەواو بێ لام
وەکو مەرام.
ئێستاش هۆنراوەی مەبەستم
ئەوەی نەگەیاندە دەستم
کە من ویستم
چاو شینەکەی خۆشەویستم.
لەسەر جێی داخ
بەبێ خەویی
شەوگاری ئاخ
وەك زۆر شەوی: فریشتەی شیعری "مەولەوی"
چاوانم پڕ

لەئەشکی خوڕ
ئەڕژانە سەر
پەڕەی دەفتەر
هەتاوەکو شیعرێ دانێم
مۆری چاوی شینی پیا نێم.
ناخی دەروون
مات یان زەبوون
لەبەر بارەگای شیعردا
زۆرجار وەنەوزی وای ئەدا
کە تا ژیان
مژدەی بەیان
دیاریی نەکا!
فریشتەی شەو
دێڕێ شیعر
بۆ چاوی ئەو
بە من نەدا
هەتاوەکو شیعرێ دانێم
مۆری چاوی شینی پیانێم.
ئەم لام ئەکرد
پەنام بۆ خوای جوانی ئەبرد
بۆ قوبەی شینایی ئاسمان
دنیای ئیلهامی لای ئەوان
بۆ تریفەی مانگی ساماڵ
بارەگای ئەشقی هەزار ساڵ

پەنام ئەبرد
بۆ ئەستێرە
شیعرم بۆ بێنێتە ئێرە
هەتاوەکو شیعرێ دانێم
مۆری چاوی شینی پیا نێم
نە من نە ئەستێرەی شیرین
نە ئەفسوونی پەنهانی ژین
نەمان توانی بۆ چاوی شین
شیعرێ بەدیاری بنێرین!

★

شیعری شیرین
بۆ چاوی شین
لەهەڵبەستی منا ئەژین.

سلێمانی/1962

# زەردەخەنە لە فرمێسکا

-1-

گیانە بیستم ، کەپرسیبوت چۆنە ئێستا
لە گەڵ ژینا ؟ لەگەڵ دانانی هەڵبەستا ؟
وەك خۆی ماوە ، شێوە و رەنگی ، یان گۆڕاوە ؟
دەنگی وەك ئەوسا زوڵاڵە یان خنکاوە ؟

★

وەکو جاران قسەکانی هەر زیندووە ؟
یان ساردو سڕ وەك دەم و دەسی مردووە ؟
بەتەرازووی عەقڵی دوێنێ خەڵك سەنگ ئەکا ؟
بە شوێن هەتاو ، یاخود سێبەرا ، ڕا ئەکا ؟

★

وەکو جاران ، زۆر گەورە ناو ، وا ئەناسێ ؟
یان ئەو بەرگەی ، بیری کۆنی ، خۆی .. گۆڕیوە ؟
بە واتەیان ، تەناف بۆ مل ، هەڵئەواسێ ؟
یان زۆر ملی ، لەو تەنافە ، .... دابڕیوە ؟

★

توخوا ئێستەش وەکوو جاران دڵی تەڕە؟
یان گوڵاڵەی بەهارەکەی هەڵوەریوە؟
وەکوو جاران، پێش برسێتیی، لەسەر، سەرە ؟
یان لەژەنگی ناو کۆمەڵا، دڵ رزیوە؟

★

وەکوو ئەوسا کە ئەمناسیی.. گیانی گەشە ؟
یان دەماری، هەستی سڕەو، بەنجی خەوە؟
نانی ژینی، نانی سپی، یاخود رەشە؟
رەنجی شانی بۆ رووناکیی یان بۆ شەوە؟

★

ئەڵێن پشتی، جیڕی دوێنێی، ئەمڕۆ لەژێر
باری قورسی، نەبونیدا، کۆماوەیە؟
ئەڵێن دۆستی، زۆری دوێنیی، بۆ چاو بگێڕ
تاكو تەراش لەچاوی ئەو شاراوەیە

★

ئەڵێن ئەمڕۆ، بەدارشەقی، رێی بێکەسیی
لاشەی سستی وەکوو پەڕۆی هەڵگرتووە
توخوا راستە مۆمی دڵو داری دەسی
لەتاریکی شەوی عومریا ون کردووە؟

-2-

وەرامەکان، لەقەفەزی، سینەی یادا
وەك بولبولی، هیلاکی خەو، کز هەڵنیشتون

پرسیارەکان لەتینوێتی، سەر ڕێگادا
زۆریان لەناوچوونو خنکان، زۆریان مردوون.

★

گیانە هەرچەند، شیعرم لەناو، تەمی خەما
پەل ئەکوتی، ڕێگەی وونە، بەڵام بۆ تۆ
بەرەو ساماڵ، ڕێگە ئەبڕێ، تەم لائەدا
دەمی وەرام، گەر "گۆ"یش نەکا، بۆت دێتە گۆ.

★

گیانە ڕاستە ئەم چەند ساڵە دەستی ئازار
دەفی پەڕەی لاوێتیمی ژاکاندووە
چاوی تیری پڕ لەشەوقی پارو پێرار
ئەمڕۆ کزەو جوانیی لەخۆی تۆراندووە!

★

ڕاستە پەنجەی، ناسۆر لەسەر کێلی بەختم
هەڵبەستێکی چارەنووسی وشکی نووسیی
ڕاستە ڕێگای، بیستو حەوتی، عومری سەختم
بەهارێکی، بەختیاری، تا سەر نەدی

★

بەڵام گیانە، دەنگی ئەمڕۆم، زیاد لەدوێنێ
زوڵاڵ ترەو، بەناو ژیانا، باڵ ئەگرێ
قسەی زیندووم، تا دڵی مردوش ئەدوێنێ
شنەی وشەی تا فرمێسکی ناو چاو ئەسڕێ.

★

ڕێ ون ئەکەم، خۆم ون ئەکەم، بەڵام گیانە
هەرگیز خۆری سەرفرازیی کورد ون ناکەم
ژیان لای من، بەرەو هیوا، کۆڵ نەدانە
گەر وا نەبێ، بەدڵ خواستی، مردن ئەکەم.

★

گیانە دوێنێ کە ئەتناسیم وەك مناڵ بووم
گرێی دەستم، ئەخستە ناو، دانو ناو دەم
ئەو سەردەمە، ساوای بیری، گڕو گاڵ بووم
نەم ئەزانی، ئەڵقەی فرسەت، چۆن لەدەس کەم.

★

ئەو سەردەمە، ناڵەی برسیم، ئەهاتە گوێ
چاوم ئەکەوت بەفرمێسکی چاوی ئازار
پەلی کوێرم ئەگرت ئەمبرد هەتا سەر ڕێ
ئەشمنوسی بمرێ زستان بژی بەهار!

★

بەڵام گیانە، ئەوسا منیش، پۆشتە وەك تۆ
لەسەر تێریی، باسی برسێتیم بۆت ئەکرد
قسەی جوانم ئەخستە گیرفانی درۆ
لەژێرەوەش ئاڵای ریام پێ هەڵئەکرد.

★

راستە ئەوسا ژیان وەکوو دڵی ساوا
ئاسمانەکەی، بێگەردبوو، پاك بوو ساماڵ بوو
بەڵام گیانە، رێگای مێشکمان لەچاوا

بۆ ڕێبواری، بەنگ کێشی خەوو خەیاڵ بوو.

★

باوەشی ناز هیوای دڵی ڕائەژەنیم
تاریکەشەو کێوێکی ترسی بەسام بوو
لەکام تەقە، زۆر بچووکە، ڕائەچەنیم
دڵ ناسکو بیر کاڵو کرچو نەفام بوو.

★

ئەسپی خەیاڵ لەژێر لێفەی گەرمی شەوا
بۆکام دنیا ئێجگار دوورە ئەو ئەیبردم
حەزی دەروون، چی بویستایە بۆی ئەلوا
لەگەڵ تۆشا، دەسی پێ لەمل ئەکردم.

★

بەڵام ئەمڕۆ ئەو ئازارەی من ئەیچێژم
ئازارێکە، بەختیاریی، تیا ئەبینم
ئەو چاوانەی، کە فرمێسکی، پێ ئەڕێژم
چاوێکە تۆوی پیاوەتی تیا ئەچێنم.

★

لەژیانی تفتی ئەمڕۆی کزرو دێما
سبەینێی تەڕو پاراوی کورد ئەبینم
لەهەورازی، سەختو ئارەقی سەر ڕێما
دوائەنجامی سەرفرازی مەرد ئەبینم.

★

لەهەر ئاخێکی ناو سنگی پڕ لەسوێما!

هەزار کسپەی جەرگی کۆرپەی کورد ئەبیسم
لەناو هەموو هەنسکێکی قوڕگی خۆما
دەنگی قرچەی، دڵی دارو بەرد ئەبیسم.

★

ئەو زەوییەی ئەمڕۆ وشکەو گاسنی خەم
ناخی دەروونی، بەدانی، رق ئەکێڵێ
ئەو کۆترەی ئەمڕۆ لەبەر بارانو تەم
بێچوی هێلانەی ئارامی جێ ئەهێڵێ.

★

سبەی زەوی، لەهەر بستێکیا کانییەك
وەکوو چاوی، قرژاڵی روون.. هەڵ ئەقوڵێ
هەر کۆترەی بەخوێندنی گۆرانییەك
بەستەی ژیانی ئازادی بۆ گەل ئەڵێ.

★

بەڵێ گیانە لەتاریکی شەوی رەش دا
چاوم خۆری ناو شەبەقی ژین ئەبینێ
لەگریانی ناو ئازاری زامی لەش دا
ئومێد، دیاریی، پێکەنینم، بۆ ئەهێنێ

★

لەپایزی لێوی وشکا لەخەزانا
زەردەخەنەی بەهاری دڵ ئەبینم من
لەباوەشی بەفرو زوقما، لەزستانا
چەپکە نێرگز، یاخود نەورۆز، ئەبینم من.

لەناو هەر قەترە خوێنێکی لێ رژاوما
گوڵی باخچەی ئازادییەك ئەبینم من
لەهەر گوڵە گەنمێکی لێ سووتاوما
سبەی خەرمانی شادییەك ئەبینم من.

بەغدا/ تەمووزی/ 1967

# نزای درەخت*

بڕای مرۆڤ، منی درەخت، هەتاکوو ئەمرم
بەری خۆشیی‌و بەختیاریی بۆ ئێوە ئەگرم؛
بۆ هەر وەرزێ، بۆ هەر پلەی تەمەنێ کە دێ
جۆرێ تام‌و جۆرێ سوودی خۆمتان ئەدەمێ
لەکرێوەو سەرماو سۆڵەی سەختی زستانا
کەڵەپشکۆی، ئاگردانم، لەناو ماڵانا
تینی گەرمام، کڵپەی گڕی زوقم رەوێنم
بۆ چیرۆکی داپیرە گیان هەرخۆم هەوێنم
هەر منیشم، ئاگری نەورۆز دائەگیرسێنم
مژدەی بەهار، بەگوێتانا زوو ئەچرپێنم
لەژێر سایەی دڵنیایی مندایە دڵدار
سکاڵاکەی هەڵ ئەرێژێ بێترسی بەدکار
بۆ دیلانێی، منداڵانتان، پەت لەمل ئەخەم
لەگەڵیانا یەم‌و ئەچم دڵخۆشیان ئەکەم
خۆشەویستی کوڕی لادێو، کیژی ناو شارم

چەپکی دڵخواز، مایەی شادی خاڵەی جوتیارم
قرچەی گەرماش، سێبەرێکم، رێی هەتاو ئەگرم
ئارەقی پاش، هیلاك بوونی، ماندوێتی ئەسڕم
من کۆڵەکەی خانوو بەرەی، ژووری ژیانتم
گوڵی دەستو، دەرگای کونجتو، چرای گیانتم
تا تەورەکەت جیٚدەستەکەی، تا کەشتیت منم!
کە بوویت لانکم، کە مردیشیت، تەختەی شتنتم
قەڵەمی بیر، گالۆکی شوان، مێزی خوێندنم
بۆ شەوگاری پشوودانت، تەختی نووستنم!
نزای منیش، پاڕانەوەی ڕوو لەئێوەنان
هەر ئەوەیە هەڵی مەبڕن بۆم دەستی تاوان
مەیبڕنەوە، چڵو لقو پۆپم، مەشکێنن
توخوا ئەگەر، گەشەی ژینم، لیٚ بشێوێنن!

بەغدا/ 1968

★وەرگـێراوە. بڕوانــە گۆڤـاری (گــزنگ) ژمــارە (6-7)ی ســاڵی 1985ی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی کـەرکوك‌و ئـەو ئاگاداریـیـەی کە لـەم گۆڤـارەدا بـڵاوم کـردەوە. ناونیـشان‌و بیرۆکـەو وێنـەکانی ئـەم شـیعرەم لەسـاڵی 1968دا لـەهاوڕێم چـیرۆکنووس "ك.م" بیـست‌و وەرگـرت‌و دواتـر مـن کـردم بەشـیعر. مـن ویـستم لەچـاپی یەکەمـدا ئاماژە بـۆ ئـەم وەرگرتنـە بکـەم، بـەڵام ئـەو بەلایـەوە وا بـوو کـە ئـەم بەرهەمە بووە بەشتێکی تر. بەرهەمەکـەیش لەئەسڵدا وەرگێـڕدراوە. هەرچەند ئەبوایە من هەر ئاماژەم بۆ بکردایە.

دواتــریش ئــەو نــاوی دانەرەکـەی‌و شـوێنی بڵاوکردنــەوەی بــیر چـووبۆوە. وەختـێ ویـستم شـیعرەکانم کۆبکەمـەوە. ئـەو ئاگاداریـیـەم لەگۆڤاری ناوبراودا بڵاوکردەوە هەر لەوێدا داوام لەخوێنەران کردبـوو هــەر زانیاریــەکیان دەربــارەی شــیعری "نــزای درەخــت" و نــاوی نووســەرەکەی‌و شـوێنی بڵاوبوونــەوەی –بەهــەر زمانــێ- دەســکەوت ئاگادارم بکەنـەوە. بـەڵام هـیچ وەرامـێکم دەست نەکەوتـەوە. گۆڤـاری گزنگ جگە لـەوەی کـە بەبـەربڵاوی لەناوچـە ئازادەکانـدا بڵاوئـەبۆوە نوسخەی زۆریشی لـێ ئەگەیشتەوە نێو شارەکانی کوردستان. من ئەمە بەکەمتەرخـەمی خـۆم ئـەزانم. بەهـەرحاڵ شـیعری "نـزای درەخـت" ئەگەرچی لەبۆتەیەکی تردا قاڵ بۆتەوە. بەڵام من وەرمگرتووە خۆش بەختانەیش هەر خۆیشم یەکەم کەس بووم باسم کردووە .

**ش.ب** 1991

# مامۆستام گۆران

ئەی جێنزرگەی یارانی خامۆش
میری شاعیران نەکەی فەرامۆش
ئەی ئەرخەوانی ئازیزی سەیوان
ئاخۆ ئەزانی کێت بۆتە میوان؟
میوانی تازەت تەرمی "گۆران"ە
گەوهەری دنیای شیعری کوردانە
شا بەستەی گیانی تازە هەڵبەستە
زیندووی ئەدەبی چرا بەدەستە
ئاوازی لێوی فریشتەی ژینە
خواوەندی وەسفی جوانو شیرینە
تریفەی هەستی مانگی نەورۆزە
لوتکەی هونەری بەرزو پیرۆزە
گیانی مەولەوی سەدەی ئێستایە
پەنجەی نەخشاوی وردی هیوایە
قیبلەی ئارامگای تاسەی دڵدارە

باڵا ئاوێنەی دڵی بەهارە.

★

گۆران ئەبینم: لەناو جوانییا
ئەژی لەئاسۆی دەم بەیانییا
لەگۆمی مەنگو لەخۆرنشینا
لەقژی زەردو لەچاوی شینا
لەلوتکەی سپیو نزاری چڕا
لەهاژەی چەمو قەڵبەزەی خوڕا
لەباڵای بەرزی زۆر شۆخو شەنگا
لەدۆڵی کپی ماتو بێدەنگا
لەبای خەزانو پایزی زەردا
لەباڵەفڕێی پەپوولەی هەردا
لەناو هێلانەی سۆزی بولبولا
لەدەمی خونچەی سەر پۆپەی چڵا
لەناو جریوەی ئەستێرەی دوورا
لەرەنگی ئاڵو پەمەییو سوورا
لەبەرزیی کێوی سەر کەشکەڵانا
لە، لەرانەوەی پەڕەی گوڵانا
لەنیگای مەستی ئافرەتی جوانا
سیاچەمانەی لای هەورامانا
لەعەتری بۆنو بەرامەی باخا
لەدارو بەردی رێی قەرەداخا

**لەو جوانیانەدا کە وەك وەنەوشە**

**لەبەر چاوانا وون‌و خامۆشە.**

★

**کەژاوەی شیعری بەهاری گۆران**

**رووناکە وەکوو ئاسۆی بەر بەیان**

**هەتاکوو جوانی بژی‌و بمێنێ**

**گوڵاوی شیعری ئەو ئەپرژێنێ.**

سلێمانی/1962

# گەڕانەوە

**شیرینەکەم، سبەی ئەڕۆم، بەجێت ئەهێڵم**
**ڕێگای دووری گەڕانەوەی ناسۆر ئەکێڵم**
**ئاخی خۆزگەی، یادگاری، کورت.. هەڵئەکێشم**
**فرمێسکی دڵ، لەناو شەوی، پەستما ئەنێژم**
**ئەڕۆم بەرەو، شاری بێدڵ، شاری بێ بەهار!**
**چاوەڕێمە، ژووری تەنیای دۆستی گرفتار**
**چاوەڕێمە، ماڵی بێتۆی، چۆڵو هۆڵی دڵ**
**چاوەڕێمە، ئاسۆی بێخۆر، تەمەنی بێگوڵ**
**چەند ڕۆژێ بوون، وەك پەپوولە، کورت بوو تەمەنیان**
**نەسرینەکەم، ماڵ ئاوابێ، خەوێ بوو دیمان!**

سلێمانی/1968

# لەباوەشی جوانییا

دەمەو ئێوارەی خۆرنشین
دوا عومری پایزی غەمگین
هەنگاوی خەمی تەنیایی
ملی پێنام بەئەسپایی:
بەرەو جێیە کە خامۆشیی
دنیای گرتبێتە کۆشیی
بەرەو جێیە کە بێدەنگیی
تیایا بژی بۆ دڵ تەنگیی
پەستیو ئێوارەی خۆرنشین
لەدەروونی منا ئەژین.
ئەم دیمەنی خۆرنشینە
لەناو گیانما جێ نشینە.
پەڵەی هەوری سوور هەڵگەڕاو
بەدوا تیشکی خاوی هەتاو
وەکوو تارای بووکی لادێ
رووی ناز بەئاسۆدا ئەنێ
دەم ئەنێتە دەمی جوانیی:
لەناو رەزو چەمو کانیی

ریزە شاخی دووری شین کار
تەمەنێکن بۆ کردگار.
ئاسمانی سەر لوتکەی بەفرین
وەك کەژاوەی بووکی سەر زین
چاوی هیوا هەڵئەهێنێ
دیوی دنیای دڵ ئەبینێ.
تاك تاك درەختی رووتاوە
لق نووشتاوی بۆ ناو ئاوە.
گۆڕستانی گردی ئەو بەر
نیوەی هەتاو نیوەی سێبەر.
دووکەڵی لادێی بن بنار
پێچ ئەخوا بۆ گەرووی نزار.
لەدوور رێبواری ماندووی رێ
بەلەش کفتیی هەنگاو ئەنێ.
باخی نزیك قەراغی شار
ئەمساڵیش وەك پارو پێرار
وشكو برنگیی تیا دیارە
چاوەڕێی ئاوی بەهارە.
کڵاوی زەردی خۆرنشین
لەسەر لووتکەی بەرز چەسپین.
پێچەوانەی تیشکی هەتاو
شکایە ناو جۆگەلەی ئاو.
تەمومژی بەری گۆیژە
پەرژینی دۆڵو رێی لێژە.
گردی زۆرو بەرزیو نشێو

سواری یەك بوون تا سەری کێو.
پێدەشت لەسەرنجی چاوا
زەردە بەتیشکی رۆژئاوا
گەڵای ئاڵتون رەنگی وەریو
خزانە ناو قوڵایی شیو.
گوومەزی سەر گردی یارە
وەك پیرۆزەی یادگارە،
کە لە پەنجەی دەستی یادا
بریقە بۆ ژیان ئەدا.
وەك ریزە پلپلەی زێڕین
تاكو تەرا یان چین بەچین،
گڵۆپی تازە هەڵگیرساو
لەشارا وا دێتە پێش چاو.
پەپوولەی سەرچڵی تەنیا
بەسەرنجی چاوی وریا
ئەگەڕێ بۆ خۆشەویستێ
دڵی لەگەڵا ببەستێ
لەلانەی خۆزگەدا ساتێ
گوڵاوی ناودەمی باتێ
لەناو جوانی سروشتا هەر
سەری ئارام بنێتە سەر
ئەو دنیایەی وەك فریشتە
میوانی کۆشکی بەهەشتە.

سلێمانی/ 1961

# کەی بێ؟

گیانە.. کەی بێ، تارای سەری، ئاوات لابەرم؟
ئەم تەمەنەم، لەئاراما، دڵی بسرەوێ
توخوا گیانە، کەی بێ دەستی، بەهارێ بگرم؟
وەکوو ساواش، لەناو کۆشکی، شادما بخەوێ؟

★

گیانە.. کەی بێ، کە تاریکیی، ئەم شەوە تاڵەم
بەپرشنگی، خۆری بەیان، روناك بێتەوە؟!
گیانە.. کەی بێ تەمومژی، پەستی ئەمساڵەم؟!
بەئومێدی، بەتۆ گەیین، بڕەوێتەوە؟!

بەغدا/1968

# وشەی پشکۆ

دیاریی نەورۆزی 1967

لەباتی نێرگز چەپکە هەڵبەستی
سۆزی دەروونم ئەکەم بەدیاریی
بۆ ئەو کەسانەی کە خۆشەویستیی
گیانیان ئەبەخشن بەکوردەواریی

★

لەباتی ئاگر بەپشکۆی وشەی
زمانم، نەورۆز هەڵئەگیرسێنم
لەباتی درەخت ئەم شەوە رەشەی
ناکۆکیی کوردی تیا ئەسووتێنم.

★

ئەو درِكو چقڵەی ئەمساڵ چەقینە
پەڕەی گوڵاڵەی جەژنی نەورۆزم
ئەو فرمێسکانەی ئەمساڵ پەڕینە
چاوی هەزاران کوردی دڵسۆزم

★

ئەو هەنسکانەی لەقوڕگی شاخا
پەنگیان خواردەوە بوون بەهەڵمی خەم
ئەو ساوایانەی لەکۆشی داخا.
مەمکی بێشیریان خرایە سەر دەم

★

گووناهیان ئەستۆی ئەوانە ئەگرێ
کە بوونە زستان بۆ نەورۆزەکەم
دەستێ فرمێسکی ئازارم ناسڕێ
سووربووبێ بەخوێن، خوێنی هۆزەکەم.

★

بەڵام کام ناپاك توانی شاڵاوی،
پڵنگی تۆڵەم رابوەستێنێ.
یان کام ئەژدەهاك توانی گەرداوی
دەریای هەڵچوونم تیا بسرەوێنێ.

★

تا لووتکەی سپی، رێچکەی قەترە خوێن.
رژاوە بەرێی دیاری خەباتا
بۆیە گوڵاڵەم لەوێدا ئەڕوێن
تا دیار بن لەناو باخی ئاواتا.

★

ئاگری کەژی جەژنی شانازیی
بەفوارەی خوێنم خۆش بووە ئەمڕۆ

بۆیە ئاوازی بەستەی ئازادیی
بەهەزاران دڵ نۆش بووە ئەمڕۆ

★

چەکووشی مەلاس لەدەستی زبرا
چیرۆکی هێزی ئەو برسیانەیە
لەش ئەتوێننەوە لەناو ئاگرا
"کاوە"م نموونەی ئەو داستانەیە.

★

کاوەی سەردەستەی چەوساوەی مێژووم
ئەو بانگەی کە دای لەلووتکەی بەرزا
بۆ نەوەی کوردی ئەمڕۆو داهاتووم
دەنگ ئەداتەوە لەگەڵ نەورۆزا.

★

رەش‌و رووتی کورد ئارەقی رەنجیان
کردە سەر زەوی تینووی وڵاتم
ئەوسا دروێنەی سەختی تێکۆشان
بوو بەخەرمانی بەرهەمی مارتم

بەغدا/1967

# لەگەڵ "نالیی"دا

**پەریی شیعرم لە من بێزارە بێتۆ**
**ژیان رۆژی وەکوو شەو تارە بێ تۆ**
**تۆبەی دڵەو لەدوور هاوارە بێ تۆ**
**نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ**
**نەچم شەرت بێ هەتا ئەو خوارە بێ تۆ**

بەغدا/1967

# شەقامی کچان

چاوی برسیم، لەشەقامی بەغدای کچانا
هەموو رۆژێ ڕێبوارێکە وا لەسووتانا
هەتا ئەژنۆ شل ئەبێتو تا هیلاك ئەبم
منی تەنیا، منی بێ کچ، هەر دێمو دەچم.
شەقام هەمووی، ئەم بەرو ئەوبەر، لەسەر تا خواری
بەردەم کۆگای، ناو پێشانگای، وردە بازاڕی
هەر کچانەو، هەر جوانییەو هەر بۆنی خۆشە
هەر لەزەتی چاوو گیانەو بەتەمەن نۆشە
چاوی برسیی، هارو هاجی، تەماشا کردن
گلاراوی تێئەکەوێ، بۆ پڕ پیاکردن.
هەتا ئەژنۆ شل ئەبێتو تا هیلاك ئەبم
منی تەنیا، منی بێ کچ، هەر دێمو دەچم.
تاوێ  ویقار لەرۆشتنی وردا ئەنوێنم
تاوێ شەرمو تاوێ سەر لەخۆم ئەشێوێنم
تاوێکی تر بەتەماشای بیانووی موغازە

**رائەوەستم روو لەو کچەی کە راستیی نیازە**
**هەر هەنگاوێ هەر ئاوڕێ مایەی خەفەتێ**
**هەر بینینی شۆخێکی جوان بۆ من عەزرەتێ**
**هەر بۆنێکی عەتری قژی، هەر چرپەی دەنگێ**
**هەر نازێکی کچی چواردەو، زڕەی بازنگێ**
**هەر ترپەی پێ گوێ لێ بوونێ، هەر پێکەنینێ**
**هەر سەرنجێ لەسواربوونو لەدابەزینێ**
**هەر چوونە سەر پێپلیکەیەك بۆ ڤاتێکی تر**
**هەر ڤاچ لەسەر ڤاچ دانانێ، هەر پوزێکی پڕ**
**هەر بینیی کراسێکی ژوور ئەژنۆی ناسك**
**هەر رانێکی گۆشتنی ناو تەنوورەی تەسك**
**هەر مەمکێکی گردو ڤووتی بەکیسە سەغڵەت**
**هەر پشتێکی نیوە رووتی شۆخی کەڵەگەت.**
**هەر گۆی مەمکێ کە ماچ ئەکا شیفۆنێکی کاڵ**
**یان جاروبار لەرەی دێتو ئەبینرێ بەحاڵ**
**هەر بینینی دەست بردنێ بۆ ڤژ رێك خستن**
**یان نازێکی تووڕەبوونی لێو هەڵڤورتاندن**
**هەر بینینی رەوتێکی گورج، لەشێکی جرپن**
**هەر بینینی پێستێکی ئاڵ ، کوڵمێکی خرپن**
**هەر بینینی پشتی رانێ، کەوا شنەی با**
**لەرێکەوتا کراسەکەی لەسەر لا ئەبا.**
**یان بینینی درزی مەمکێ، کەوا بەئەنقەست**

تۆزێ زیاتر دەرخراوەو دایناپۆشێ دەست
بینینی هەر بەر سکێکی لەجلا چەسپاو
یان لاسکی کیسەی مەمکی لەشان داخزاو!
یان ئەو شلکەی رانە نەرمەی، سەرنجی خێرا
بەدیی ئەکا لەناو "تاکسی"و جێی سەرەو ژێرا
یان ئەو چرچەی کە دامێنی دوای کورتی کراس
تێی ئەکەوێو زیاد هەڵ ئەچێ لەشوێن دەسی قارس
یان ئەو قژەی بەتەرتیبی تازە داهێنراو
رۆژێ خاوەو رۆژێ لوولو جار جار پەشۆکاو
یان ئەو گوڵەی لەمابێنی درزی مەمك دا،
دانراوەو، چاو، چاوشارکێی لەگەڵدا ئەکا
یان پشتێنی بەکەمەری باریك، تۆزێ شل
یان قەراغی ژێر کراسی درێژتر لەجل
یان بینینی ئەو برژانگەی لەپاش چاوڕشتن
لەناو ریزا یەك یەك دیارن لەچاو رەشتڕن.
یان بینینی ملوانکەیەك کە موورووی دوایی
شۆڕەو ماچی مەمك ئەکا زۆر بەئەسپایی.
یان بینینی جوانی بەردەم ئاوێنەی کۆگا
کە بۆ تاوێ سەرنج ئەداو لەخۆی تێناگا.
یان بینینی ئەو نازدارەی لەپڕ ئەوەستێ،
تا گۆرەوی شلی.. هەڵکاو لە ڕان بیبەستێ.
بینینی هەر زنجیرێکی خوارووی لای کەمەر

کەوا لەبەر، پەلە، نیوەی نەبراوەتە سەر
دەری ئەخا ئەو ئەتەکەی کە ئۆقرەی لاویی
ئەخاتە ناو خەیاڵێکی پەرژین ئاگراویی
یان بینینی ئەو لا مەمکەی کە چۆڵیی بن باڵ
دەری ئەخا بۆ سەرنجی هەوەسی خەیاڵ.
یان بینینی ئەو ئەڵقەیەی شۆخی ئێسك سووك
دەری ئەخا.. تا بزانیت ئەو بووە بەبووك.
یان بینیی تیلەی چاوێ بەپارێز روانین
یان بینینی لێوێکی قوت.. تەڕ بۆ هەڵمژین.
یان بینینی دوگمەیەکی سەر سنگ ترازاو
کە لێ بوردن داوا ئەکا لەمەمکی تۆراو.
یان بینینی موستیلەیەك یاقووتەکەی سوور
لەپەنجەدا پرشنگ ئەدا بۆ لاوێکی دوور.
یان بینینی ئەو رەفتەیەی لەرەنگی جلە
قژ ئەبەستێو گوڵی گرێی تا شانو ملە.
بەتەلەفون.. قسەی بێدەنگ.. قاقای ئەو جوانە
کە نایبیسی لەبەر شووشەی کۆگای جامخانە
یان بینینی تێکەڵ بوونی پلو پێی رۆیشتن
لەوکاتەدا کە خێرایە بۆ زوو گەیشتن.
یان گوارەیەك تۆزێ شۆڕەو، کە لەئاوڕدا
خۆی هەڵئەسوێ لەلاجانگو سەر لەکوڵم ئەدا.
ئەمانە گشت هەموو وەکوو ئاگرو پووشوو

گڕی لاویی بەر ئەدەنە ئارەزووی تینوو
لەتەوقی سەر هەتاوەکو کەڵەموستی پێ
هەر موچڕکو تەزووی حەزە تیا یەتو ئەچێ.
هەتا ئەژنۆ شل ئەبێتو تا هیلاك ئەبم
منی تەنیا، منی بێ کچ، هەر دێمو دەچم
چاوی برسیم لە شەقامی بەغدای کچانا
هەموو ڕۆژێ ڕێبوارێکە وا لەسووتانا.

بەغدا/ ئابی/ 1967

# هەڵبەست

هەڵبەست کلووی، وشەی سپی، ناو ئەو بەفرەیە
بەبێ‌چرکە، ئەنیشێتە، سەر هاوینی گیان
یاخود بزەی، مانگەشەوی، دەم تریفەیە
کە هەر چوار وەرز، ئەدا لەرووی شەپۆلی ژیان.

بەغدا/ 1968

# شەوانی نائومێدی

ئەمشەو ماتیی
وەك ئۆردویەکی شکاوی
لە تینوێتیا خنکاوی
رێی نەهاتیی.
یان وەك سیمای ئەو ئافرەتەی
بێچارەنوسو نەگبەتەی، بە ڕۆژئاوا
لەناکاوا
لەخورپەدا
شوومێ هەواڵی پێ ئەدا
ئەڵێ: ئەوا
تەرمی کۆرپە تاقانەکەت،
گلێنەی هەردوو چاوەکەت،
گەیشتە جێ
بکەوە ڕێ!.
ئەمشەو ماتیی

وەك ئەو رۆژەی قڕوقاتیی
هەموو دنیا بگرێتەوە
زەردەخەنەی لێوی ژیان
بەیەكجاری ببڕێتەوە
جامی ئومێدی دڵو گیان
سەرەو نخون بكرێتەوە
ئاوا ماتیی
منی تەنیای گۆشەگیری
بۆ نەهاتی
تەمەن كاڵی
دەروون پیری
ژیان تاڵی،
گرتۆتەوە!!
ئاوا ماتیی
هەموو كاتێ
لەسەیوانی
پەرێشانی
گیانی منا ئەباتە سەر
وەكوو -ئەختەر-
چۆن پایزی
ماتو زیزی
پەشۆكاوی

ترووسکەی خۆش لێ بڕاوی
ئومێدو خۆزگە تاساوی
بۆ ساتێکیش نەکردە خەو،
ئاوا ماتیی، ماتیی ئەمشەو
منی تەنیای هێشتۆتەوە!

★

دە ئەی شەوی
بەبێ خەوی
منی ماتەم
ئەو ئاوازەی
پڕ لە رازەی
لەسەر دەمتە، مەیبڕەوە
چونکە تاسەم،
لەباوەشی خەما کفتە
وەك هەناسەم.
دە ئەی شەوی
مەرگی نەوی
گوڵی عومرم
قوڵپی دەروونی زۆر پڕم
جێم نەهێڵی
نەکەی رۆژم لێببێتەوە
من ئەمەوێ لەژێر باڵی

بێسامالّی

تاسه نۆشی،

تۆی بەئازار

هەتا ماوم بمێنمەوە

دەم بەهاوار

ببمە هاوڕێ و هاودەمی

ڕێگەی خەمی تۆی گرفتار!

من ئەمەوێ لەگەڵتا بم

لەتەکتابم

لەتاریکیی دەرونتا بم!

لەناو گیانی زەبوونتا بم!

توخوا نەکەی جێم بهێڵی:

دەبا تاریکیی ئەمشەوم

داپۆشێ ڕووناکی سبەی.

دەبا پرسەی گوڵی نەوم

خۆش کا شینی ئاخو کسپەی.

دەبا فرمێسکی چاوانی

نائومێدیی تێر بڕێژم.

دەبا دڵم لەسەیوانی

جوانەمەرگیدا بنێژم.

توخوا نەکەی جێم بهێڵی:

من ئەمەوێ لەگەڵتا بم

لەتەكتابم

لەتاریكی دەروونتابم

لەناو گیانی زەبوونتابم!

سلێمانی/ 1961

# دوو وێنه

بەیانیی دییم، وەکوو بەهار، سەرلقی ئاڵ بوو
بۆ نەورۆزی، مژدەی ژیان، نێرگزی ساڵ بوو
گەشەی گیانی، لەباوەشی، دایکی شادییا
وەك جریوەی، دەم ئەستێرەی، خۆشی ساماڵ بوو!

★

بەیانی دییم، بزەی لێوی، وەکوو مانگەشەو
سەر رومەتی، گۆمی شینی، هیوای ماچ ئەکرد
جوانی سروشت، دنیا هەمووی، بۆ شۆخێتیی ئەو
لەبەر پێیا، دامابوونو، سوجدەیان ئەبرد!

★

ئێوارەش دییم، وەکوو پایز، کزو زەبوون بوو
لەشی جوانی، خۆراکی دڕك، بۆ زەبری بەرد بوو
بزەی لێوو، گەشەی گیانو، ئاواتی دەروون
نمێ فرمێسك، ئاخێکی قووڵ، رەنگێکی زەرد بوو!

بەغدا/ 1967

# كە تۆم ناسیی

پەری خەیاڵی هەمیشەم
خوای دڵداری تازە پیشەم
خولیای گەرمی هەرزەکارییم
تاقانەی بەری دڵدارییم
فریشتەی ژیانی تازەم
گۆرانی خۆشی ئاوازەم.

★

تەمی خەمی بەری چاوم،
وون بووی ناو دڵداری ناوم؛
رۆژانی ئەوسای رابردووم
دڵی بێهەستی وەك مردووم
گۆشەگیریی و گیانی تەنگم
سەراپا ژینی بێدەنگم
کە تۆم ناسی لێم بەدەربوون
وەك نەمدیبن لێم بەسەرچوون
کە تۆم ناسی سۆزی گیانم

سارێژی کرد زامی ژانم.

که تۆم ناسی ئاشی بەختم

کەوتەوە گەڕی خۆش وەختم

هەوری ناسۆرم توایەوە

عومرم لەنوێ نووسرایەوە

پەری خەیاڵی هەمیشەم

خوای دڵداری تازەپیشەم.

سلێمانی/1958

# ئـەو

دیسان خەیاڵی دووی پەریی نیگار
ماخۆڵانێتی جێ بەخۆی ناگرێ
دڵی نەسرەوتی هەمیشە لای یار
گلاراوێتی دابین ناکرێ
وەختە تەق بکا.. ئارەزووی بزێو
بۆ ماچی خونچەی تەڕی سووری لێو.
دەمێکە دڵەی لاسارو وڕکن
ئارامو ئۆقرەی لـێ هەڵگیراوە
ئا لەو رۆژەوە کە سەرنجی من
لەبەژنو بالآی ئەو حەپەساوە
لەگۆنای گەشی ئاڵو قوڵپنی
لەچاوی رەشی کەمێ شەرمنی
لەدەستو پەنجەی رێكو خرپنی
لەلارولەنجەی لەشی جرپنی!
لەپاوو پوزی سپیو گۆشتنی

لەنازو نووزی زوو پێگەیشتنی.

★

کە هەر یەکەیان وەك پیانۆ، کەمان
جۆرێ ئاوازەن بۆ شیعری تازە
بۆ ئەو دیوانەی کە بووکی نیاز
ئیلهامی خۆزگەی دەستەی دڵخوازە

سلێمانی/1959

# کچی خەیاڵ

گیانە: کچەکەی خەیاڵی
جگەرگۆشەی خۆشەویستییم
ئازیز! تریفەی ساماڵی
مانگی تەنیا جوان پەرستیم
بووکی ناو کەژاوەی نیازی،
بەهاری خۆزگەی مرادم
جێ نزرگەی رازو خوازی
داستانی عومری فەرهادم.
نەغمەی رەوانی بەستەکەی
جوانی ئافرەتو دڵداریی
تەلی تاری هەڵبەستەکەی
ئاوازی منی غەمباریی
هاودەمی شەوی تەنیایی
ئەم دڵە وێڵو سەرسامەم
رابەری رێگەی ئاوایی

ئەم ژینە پەستو ناکامەم.
هۆگری وێردی زمانی
بەحەزی وەختو ناوەختم
پرشنگی ئاسۆی بەیانی
هەڵهاتووی باوەشی بەختم.
گۆرانیی عومری شیرینی
بەخرۆشی "بیست ساڵانەم"!
لای لایەی وڕكو گرینی
دڵی نەختێ مناڵانەم
نەشئەی پڕ لە جۆشی گیانی
تینووی عەزرەتی ئارەزووم
گەشەی بەهاری ژیانی
رۆژانی ئێستەو رابوردووم.

سلێمانی/ 1960

# بەینێکە

بەینێکە خولیای حەزو ئارەزووم
سەرگەرمی کۆڕی بەزمو ئاهەنگە
نەشئەی ئارامی دەروونی تینووم
وەکوو تریفەی سەر گۆمی مەنگە.

★

بەینێکە تیشکی ئاسۆیە گیانم
ئەگرێتە باوەش زۆر لەسەرخۆیە
وەکوو منداڵیی خەوی جارانم
هەمو ساتێکی پڕ لەئۆخەیە.

★

دڵەی خامۆشو تاریکی دوێنێم
رووناکە ئەمڕۆ وەکو بەهارە
هەنگاو بۆ بەرزی سەر لوتکە ئەنێم
ناژی لەدڵما ناوی پەژارە.

سلێمانی/1962

# هێشتا لەپشتی باوکا بووین

بەبۆنەی راپەڕینەکەی "6"ی ئەیلولی "1930"

بۆ هاوتەمەنەکانم، پێشکەشە..

ئەوسا ئێمە هێشتا لەناو پشتی باوکا بووین
لەدەرروونی غەیبو دنیای چاوتاریکا بووین
نە دەسو دڵ، نە تام نە بۆ، نە رەنگ نە هەواڵ
نە دەنگو سەنگ، نە ناونیشان، نەخەو نەخەیاڵ
هیچیان نەبووین، کە بروسکەی گیانی کوردستان
لەناو شەوا رۆژی روونی نوێی دائەگیرسان
هیچیان نەبووین کە ئەم کوردە قۆناغ بە قۆناغ
سووری ئەکرد سەنگەری ناو سنگی شاخو داخ
کە "ئەیلول"ی گیان بڵێسەی بەردەرکی سەرا
تەرمی رۆڵەی لەسەر دەستی هیوا ئەگێڕا
کە راپەڕین بۆ ئازادیی سکی ئەسووتان
کە بازووی ژین کۆتی مەرگی سەرشۆڕیی ئەشکان
کە فوارەی خوێن لەشی خاکی تینووی سوور ئەکرد
کە تاریکیی لەژێر چنگی هەڵمەتا ئەمرد

که هاواری، کاروانی ڕێی، ڕوو لەلووتکەی بەرز
لەناخەوە لەشی دنیای ئەهێنایە لەرز
که تریفەی مانگەشەوی پاش ڕۆژی کوشتار
بەهێمنی ئەنیشتە سەر خامۆشی ناو شار
که "پیرەمێرد" کلێپەی شیعری لەسەر یارە دا
لەدرکەزی رق و کینەی دوژمن بەرئەدا
که "بێکەس"ی بیر ڕووناکی نەبەردو ئازا
پشکۆی شیعری بەناو دڵی ڕەشا ئەچزا
ئێمەو باوکیش، هێشتا لەناو، پشتی ژینا بووین
لەدەروونی، ونی دنیاو، ڕێی نەبینا بووین
که ئەرخەوان، لەناو بەفرا، چاوی بەهاری
هەڵئەهێنا، بۆ شەهیدی، ناو کوردەواریی
که خۆری دەم.. زامی شەبەق لەکەژو هەردا
لەخوێن چەپکی گوڵی ئەکرد، بەیەخەی کورددا.

بەغدا/ 1967

# بـــيرته؟

بيرته! ورد ورد، بەگوێ چەمی، کەف چڕێندا ئەڕۆشتین
ورده شەپۆل، بەئەسپایی، قاچی رووتی ئەشتین؟
لەبەر هاژەو، خوڕەی ئاوی، گوێ کپ کەری قەڵبەزە
لەرازی دڵ، لەقسەی یەك، زۆرجار نەئەگەیشتین؟

★

بیرته بەدوای، پەپولەدا، رامان ئەکرد دوو بەدوو
تا یەکێکمان، لێ ئەگرتن، هەناسەمان سوار ئەبوو؟
وەکوو منداڵ، ئاوپرژێنی، لەشی یەکترمان ئەکرد
بەتەڕبوونـمان، پێئەکەنین، قەت تاقەتمان نەئەچوو؟

★

ئەی لەبیرته، بۆ دزینی، بەرسیلەی مزرو هەنار
دزه دزەی، رۆشتنمان بوو، بۆ پەنا داری حەشار؟
من خەریکی، کردنەوه بووم، کاتێ زانیم خاوەن رەز
بەدارەوه دوامان کەوتو، هەڵی بڕین سەرو خوار؟

★

ئەی لەبیرتە، لەرێبازا، کە هەڵنووتیتو کەوتی
دەسم دایتێ، چاوت داگرت!، بەباوەش هەڵم گرتی؟
نشێوێ بوو، کەس دیارنەبوو، خێرا فرسەتەم هێنا
لەناو دەمت، هەتا توانیم، ماچێکی گەرمم کردی؟!

بەغدا/1968

# کـــاتـــێ

**کاتێ پرشنگی سەرنجی نیگات**
**دنیای ئارامی لێ ورووژانم**
**کاتێ کە لەنجەی پڕ لەمۆسیقات**
**تەزووی ئارەزووی خستە سەر گیانم**
**زانیم کە ژینی دوێنێی بێتۆیی**
**تەمەنی لاوییم بێهوودە رۆیی**
**زانیم کە بێ تۆ ئا ئەم ژیانە**
**ئاخە، کسپەیە، ناسۆرە، ژانە.**

سلێمانی/ 1962

# دڵداریی جاران

ژیانەوەی چەند وێنەیەکی شیرینی کۆنە

-1-

پاش نیوەڕۆ، پاش ڕەنجدانی
گێرمەو کێشەی ڕۆژی فەرمان
پاش وچانی..
سەواو مامەڵەی سەر دوکان
خۆشە گەڕان..
بەناو کۆڵانی گەڕەکی
"سەرچیمەنا" تا "حاجی حان"
بۆ چاوبڕکێ لەگەڵ کچان
بۆ بینینی ئافرەتی جوان.

★

لەناو سنووقی بۆراقا
لەناو تاقا
رانکوچۆغەی تازەی جەژن
هاتەدەر بۆ لەبەرکردن.
کلاش.. بەچنینی وردی
هی هەورامانە دەس کردی

لەپىَكرا،

تەواوى كرد: جلى كوردى.

★

ئاوێنەى چەسپى ناو ديوار

چەسپێكى نزمى گێڕو خوار

بەشانەى تەختە.. هەشت نۆ جار

بەنوشتاوەيى بۆى وەستا

رۆنێكى زۆر لەناو مستا

سەرى لەبەردا داهێنرا

دەست ماندوو بوون

تا تاقەت چوون

خۆ رێك خرا.

★

لەبەر خۆوە بەستەى "هەى نار"

ورتە ورتێتى لەسەر زار

ئينجا.. قەتار..

بۆ پشوودان..

گۆڕيى بە "نازى چاوبازان".

★

بەپۆزێكى هەڵوێستەوە

بۆ بەر دەرگا

سێوە لاسور بەدەستەوە

بۆ سەر رێگا

ياريى لەسەر دەس پىَئەكا

باوەو وایە
مەعنای تیایە:
نیشانەی کوڵمی جوانانە
هی کچەکەی کانێسکانە.

★

بەکۆڵانا وەرەو بڕۆ
وای دەرئەخا ئیشی هەیە
بەڵام درۆ
بۆ بینینی ئەو کچەیە
کە دەمێکە شێتی بووە
لەدەستەی هەموو جوانانا
لەناو کیژی کانێسکانا
تەنیا ئەو بەدڵیا چووە.

★

تا شل ئەبێ هێزی ئەژنۆ
وەرەو بڕۆ..
سەر ئەشێوێ.. یەتو ئەچێ
هەنگاوی خوارو خێچ ئەنێ..
داپیرەی زیتی تەشی رێس
لەبەر قاپی چاوی لێیە..
پێئەکەنێ..
ئەڵێ "کوڕم ئەو کۆڵانە.. کوا دەرئەچێ!"
تەریق بوونەوەی پاشەو پاش
ئارەق بەناوچەوان ئەگرێ.

-2-

هێشتا عەسرە.. گەڕەك كڕە
خەڵك نووستووی تێرو پڕە
بۆ كچانی زیندانی ماڵ
زیندانی ساڵ
فرسەتێكە بێنە دەرێ
بۆ ناو كۆڵان
بۆ گسك دان
بەر دەرگای ماڵ خاوێن ئەكەن
دوو سێ جار، ئاوڕشێن ئەكەن
بەڵام مەبەست یار بینینە..
بزەی لێوێكی شیرینە.

★

هەتا دڵنیایی تەواو
لەناو دڵا ئارام نەگرێ
هەتا تیشكی سەرنجی چاو
ناخی دەروون تا بن نەبڕێ
هەتا تەواو لەدەس بڕین
نەكرێ نەفرین..
هەتا راستیی نیازێكی پاك
دیاریی نەدا
كچ دڵی خۆی بەكوڕ نادا!.

بەڵام کاتێ دەرکەوت خواستی
پاکە وەکوو نیازی ڕاستی..
ئەوسا.. ئیتر..
بەرقاپی گر..
چاوەڕوانە..
بۆ بینینی ئێوارانێ
ئیشارەتێ.. سەرنج دانێ
کچی دڵخواز پەرێشانە.

★

ئینجا ئیتر پەپوولەی دڵ
چۆن ڕازی دڵ
بگەیەنێ بەسوورە گوڵ
چۆن بیدوێنێ؟ چۆن پێی بگا؟
کەی بێ قسەی لەگەڵ بکا؟
بەکاغەز یان لەبەر دەرگا؟
کەس دیار نەبێ
هەلی هەڵکەوت بەکاربێنێ
ئەم هەڵوێستە زۆر گرانە
خەڵکیش زۆریان دوو زمانە
چاکتروایە بەنامەیە
سکاڵاکەی هەڵبڕێژێ
هەر دووراو دوور لەخەیاڵا!
خونچەی لێوی هەڵبمژێ.

-3-

لەسەر كاغەزێ تایبەتیی
كە لایەق بێ بەیاری جوان
كوێرە خەتی
حوجرەی جاران
كەمتر وشەی كوردی پەتی
بەڵام رەوان
قسەی ساكار
هەڵئەبژێرێ بۆ مەتحی یار.
دەست پێ ئەكا.. ئەڵی "گیانم
هەناوم، رۆحی رەوانم
هێزی ئەژنۆم
بینایی هەردوو چاوانم
پەرێشانم..
بەو پەنجانە..
سارێژی كە زامی ژانم"
وشەی دووبارەی لەیەك چوو
ئێجگار زوو زوو
دێڕی شاشی نارێك و پێك
ئەخەنە ڕوو..
لەگەڵ نووسینی دێڕێكا
پیاچوونەوە بەسەر یەكا
دڵداری یەكەم جارێتی

یەکەم کچی بەهارێتی
بۆیە دوودڵە لەشێوەی
جۆری نووسین.
بۆ نازەنین.
تا چەند جارێ
تا شێوەیەك دڵی ئەگرێ
کاغەز ئەدڕێ
دیسانەوە لەنووکەوە
سەری دێڕی یەکەم ئەگرێ
یەك لەسەر یەك
لەشیعری زۆر
لەفۆلکلۆر..
بۆ وێنە وەك:
"سەر کە سەر ڕانم
ڕەگی حەیاتم
لەقەبرەکەشا
هەر بەتەماتم"
ئینجا نیشانە پێویستە
بۆ پێکانی ئەمی هەژار
دڵ بریندار
بەتیری ئەو خۆشەویستە
با بیکێشێ:
وێنەی دڵێ تیر تێ چەقیو
ئەمپەڕ هەتا ئەوپەڕ سمیو

لەدامێنا خوێن تکە تك
لێی ئەبارێ..
دێتە خوارێ..
هێشتا نیشانەیەك ماوە
بۆ گلێنەی ئەو دوو چاوە
چۆن دەری خا کە سووتاوە؟!
بەئاگری جگەرەی دەست
لەچەند لاوە
کاغەزی یاری خۆشەویست
کون کون ئەکا
پەرێشانیی دڵی دەربەست
ئاشکرایەو دەری ئەخا.

⋆

بەر لە کاغەز پێچانەوەش
لەو عەترانەش
کەوا ئێجگار بۆنیان تیژە:
ئەیدا لەنامەی یارەکەی
هەتا بۆنی بەهارەکەی
بکا، شۆخە نازدارەکەی.

-4-

دنیای ئارامی ئەوساکە
ئەت وت بەهاری رووناکە
خەڵکی دڵیان وەك بەفر بوو

سپی‌و بێگەرد
ڕق‌و کینە نالێم نەبوو.
بەڵام کەم بوو
درەنگیی بۆ شەوی نەبوو
شەوی شادیی خەوی نەبوو.

★

وەرز هاوینە..
تریفەی مانگ لەسەر سەربان
چرای کۆڕی دانیشتنە
لەپاڵ چیغا
سکاڵای دڵ هەڵڕشتنە
دەستەی کچان
بەدانیشتن یاخود چیچکان
ئەڵقەی خۆیانیان بەستووە
دیوی کۆڵانیان گرتووە

★

وا تاقمێ لەگەڵ کوڕی..
کۆڵان.. گری
دڵدار هاتن
سەر بەرەوخوار..
بەرەو بەر دەرگای ماڵی یار.
یەن‌و ئەچن..
تا بەر کەلاوەی ئەوبەری
بەرامبەری

کچان ئەگرن
بەدەم گۆرانی و بەستەوە
دەنگ هەڵئەبڕن
هەتا کیژی چاوڕەش هەست کا
حەز لەدەنگی خۆشەویست کا!

★

تینوێتی نیگای گرفتار
وا لەلای یار
بۆ ئەم کاتە
بۆ ئەو مەرام
قسەی بێدەنگ ئیشارەتە.
ئەوا نازدار
دەست بۆ سەرو قژی ئەبا
واتە.. سەلام
لەدڵخوازەکەی خۆی ئەکا!.

★

کەی ئەم ئەبێ بەبووکی ئەو؟!
کەی دێتەدی خەیاڵو خەو؟!
کەی بێ تەمەن، خۆزگەی مەرام،
نەکا ناکام؟!
چۆن پێی بگا؟!
تکاو نزا لای کێ بکا؟!
نزا لای شەخسی پیرانە
گەورەی مردووی گۆڕستانە!

که نزیکی بارەگاکەی
تەنیای "بینایی چاوانە".

★

بۆ تۆ لەدوور ..
هاتووم لەوپەڕی شارەوە
سەرت بدەم:
ئەی "پیرمە سوور"
بۆ حاسڵ بونی نیازی خۆم
ماچت ئەکەم
خۆڵت ئەخۆم
توخوا ئەگەر ئاواتی دڵ
نابەمە گڵ؟
ئەگەر ئەم نیازەم سەر ئەگرێ
با ئەم بەردە بچووکەی دەست
کێلی پیرۆزی تۆ بگرێ!

★

پاڕانەوەی دوورو درێژ..
نزا هەڵڕێژ
لەدەوری گۆڕ..
بەسەزمانە.. بڕوای وایە
کلیلی بەختی دڵداری
لەوێ دایە!

بەغدا/ حوزەیرانی/ 1968

# کــه منداڵ بووم

بیرەوەرییە رابوردووە شیرینەکان ، ئەم چەند وێنەیەیان
بەشیعر پێ کێشام، یادگارە بۆ لەبیر نەچوونەوەیان.

**1-گەڕەك:**

**قاپی تەختەی دوو دەروازە**
**هەر تاکێ، نەخشی جیاوازە**
**دوو ئەڵقەڕێزی بەدەس قورس**
**گۆپکەی زۆری ئاسنو مس.**
**بۆ چاوەزار**
**بۆ تەماشای دیاری رێبوار**
**بەسەر دیواری دەرگاوە**
**ناڵێکی زل داکوتراوە**
**مورووی شینی تێخراوە.**

★

**گوێسەبانەی نزمی نیشتوو**
**درەختی ناو حەوشەی هەڵچوو.**
**کۆلانی تەنگ..**
**پەنجەرەی شووشە رەنگاورەنگ.**
**دووکانی دەرگا لەسەر ماڵ**

نەخشی خەت خەتێنی منالْ.
سەکۆی درێژی ناو دالآن
ئاوڕشێنی رێی بەر مالآن.
مێوی سەر حەوزی بن فێنك
هێشووی پڕ چنگ.
گۆزەی ژێر سێبەری.. تەزیو
تۆوی هەلۆەریو
هێلانەی سەر پێشی هەیوان
بۆ کۆتری نەشیملەو جوان
تاشە بەفری پێشی دووکان
چیخو مانگەشەوی سەربان.

★

ژووری گەورە، کەللەگی ناو
چاك سواغ دراو
بەچوار دەورا رەفەی درێژ
چینیو کاشی لەسەر ریزە
بەرمالْی نوێژ
هەلۆاسراوە، زۆر ئازیزە.
مەوجی سەرنوێنی هەلْچنراو.
سەماوەری زەردی وارشاو.
تاقی قوولْی، زۆری دیوار.
بالآ ئاوێنەی بەرەو خوار.

★

بالْەخانەی پێش تەختە بەنگ

سەوزو سوور رەنگ
بەچاو تۆزێ خوارو لاسەنگ
بەسەر حەوشەی ناو گەڕەکا،
ئەڕوانێتو کەشخە ئەکا!.

★

پاشماوەی کۆنە گۆڕستان،
تاك تاك کێلی بەدەرەوە
مەرقەدی شەخس ، ئاین پیران
بەیداخی سەوز بەسەرەوە.
شەویش مۆمێکی داگیرساو
لای کێلی ژوور سەر دانراو
دەوری مەرقەد رووناك ئەکا
نیزا بۆ پیاوی چاك ئەکا.

★

یان لەکەلاوەی چەپەکا
کە زۆرن لەناو گەڕەکا
دیمەنی شەڕە کەڵەشێر،
لەگەڵ یەکا
تا خوێن لەپۆپنە ئەتکا
تا یەکێکیان ئەکەوتە ژێر
تا لەتكو تاس ئەچۆوە
ئێوارەمان درەنگ ئەکرد،
چێشتەکانمان سارد ئەبۆوە.

★

2-**شایی:**

**رۆژی شایی، هەر بەیانیی**
**بەردەم دەرگا، ناو کۆڵانی**
**سەر ، سەربانی**
**ماڵی بووکێ یان هی زاوا**
**بەگشت ماڵی گەڕەك ئاوا**
**پڕ ئەبوو لە، جل زەردو سوور**
**لەمیوانی گەڕەکی دوور**
**لەمناڵە ورتکەی گڕۆز.**
**لەلاوی قۆز.**
**لەژنانو کچی گەڕەك.**
**لەبۆنی خۆش.**
**لەدەس گێڕی وردەفرۆش**
**کە قارس ئەبون بەناخوونەك!.**

★

**وا دەس بەردانی پیاوانە**
**نۆبەی هەڵپەڕكێی ژنانە**
**بۆ لای سەر گوێسەبانە**
**کاتی گەرمەی سەرنج دانە!**
**سووراوی زۆر، سپیاوی خەست**
**خەنەی قاچو، بازنی دەست**
**کەوای تاقە، چەفتەی سوورمە**
**ورشەی دەسماڵی، تێل قرمە..**
**هاڕەی خشڵی زۆری خواسراو**

چاوی بەکل ئێجگار ڕێژراو
لەرزەی  ئاشق بەنگو کرمەك
ورشەو پرشەی کراسی خامەك
مێخەك بەنگی تا ناوك شۆڕ
پانی بەرزی رەنگ مەیلەو مۆر
گۆبەرۆکی سوخمەی گوڵ گوڵ
لەگوڵ هێرۆ، ملوانکەی مل

★

جووڵە جووڵی، کابرای شایەر
بەدەس، بەسەر
پیاهەڵدانی بێ سەرووبەر
دزە دزەی ئێمەی مناڵ
بۆ بەستنی لکی دەسماڵ
تا ببینین..
تا پێکەنین..
بەو ئەنجامەی کە دەس بەردان
دەسماڵی لەیەك ئەئالان!.

★

3-**نان خواردن:**
مەنجەڵی گەورەی زنجیردار
بەچەند ژنێ ئەهاتە خوار..
پڕە مەنجەڵو لێوان لێو..
تێکە یاپراخی گەلامێو

غەڵبەی قسە، بانگی مناڵ
تەقە تەقی قاپی بەتاڵ
بەرنەکەوتن، بۆڵەو خوتە!
لەمریشكو لەپشیلە،
کشەو ختە!
دەوریی فڕان،
بۆ قوژبنی کەس پێ نەزان
گریانی مناڵ، نووکە نووك.
جێگەی سەغڵەت حەوشەی بچوك.
لەدەر.. لەقوژبنێکی کەلاوە
لەبەر سووری ئەو هەتاوە
چەند سواڵکەرێ برسیو داماو
سەریان بەیەکەوە ناوە
لەسەر یاپراخی هەڵوەشاو!.

★

4-**بووك بردن:**

لەژوورەوە بووك رێك ئەخەن
ئەڵێن قەیرێکی تر ئەیبەن
وا هاتە دەر
تارا بەسەر
تارا: رەنگی ئەرخەوانیی
بووکیش: پەریی کوردستانیی
شەرم لەناو چاوی گەشا،

جوانی وا لەناو باوەشا.
تکەی ئارەقی سەر گۆنا
قەترەی شەونمە لەخوێنا!.
دوو پەری دەستیان گرتووە
کەمێ پێش خۆیان خستووە
وەکوو بەهار..
رازاوەیە بووکی نازدار
نەشمیلەو جوان
وەکوو کچی شیعری "گۆران".

★

بۆ تەماشای بووکێ کردن
پاڵەپەستۆیەو ڕەت بردن
جێگە تا بێ ، تەنگ تر ئەبێ
سەربانو دەر پڕتر ئەبێ
دەنگی غەڵبەو زووڕناو دەهۆڵ
ئەگاتە چۆڵ!
هەنگاوی ورد، نەرمە رۆشتن
وەستانی زۆر، ئارەق رشتن
ئەوا بەرەو ماڵی زاوا
شاییو بووك پێکەوە ئەڕوا
هەر لەپاش هەشت نۆ هەنگاوێ
نووچ دانێکی کەم ، بۆ تاوێ
ئاوێنەی چوارچێوە تەختە
جیازیی بەختە

پشت لەخەڵكیی، روو  لەبووكە
دیمەنێكە ئێسك سووكە.

★

ماڵی ناو كۆڵانی سەر رێ
بۆ سەیر هاتوونە دەرێ..
خۆزگەی كچی شو نەكردوو
بەكزەوە مل لار گرتوو.
لەسەرنجی چاوا دیارە
روو هێمنە
بەڵام دەروون بێقەرارە!
گۆمی ئارەزووی بێ بنە.
چرپەی كوڕان بەگوێی یەكا
نەهێنی قسە دەرئەخا!
لەپڕێكا پێكەنینێ،
نەهێنی دەرئەپەڕێنێ.
مناڵە ورتكەی بێشوومار
وەك گەڵای دار
هەتاكوو بن..
زۆرتر ئەبن..
نە بۆ بووكەو نە بۆ جوانیی
نە بۆ هەڵپەڕكێو گۆرانیی
نە بۆ خۆشیی زەماوەنگە
نە بۆ كیژی شۆخو شەنگە
وا شوێن كەوتوون

لەپێشەوە پێ هەڵگرتوون
بۆ نوقڵی ترشو شیرینە
بۆ ماجوومی ناو قەد شینە!
بۆ نۆكو خورماو حەڵوایە
كە ناو بەناو عانەی تیایە!!

★

5-**كۆتایی:**

شایی هەردوولا لەیەك دا
تێكەڵ بوونو لەیەكیان دا
زاوای مل قوتی پشتێن پان
چاوەڕوانە لەسەر ، سەربان
ریشی زبرو سەر، تاشراوە
خۆشۆراوە..
جامانەی تازە بەستراوە.
كە بووك گەیشتە بەردەرگا
سمێڵی رەش ، بزە ئەكا!.
بەقامیشێ..
تۆزێ قایم، كە نەیەشێ
بەسەری بووكا ئەكێشێ.
گوڵدان، گوڵاو ئەپرژێنێ!.
نوقڵ منداڵ ئەوروژێنێ
كوڕو كچی حەزلێ كردوو
فرسەتە بۆیان دوو بەدوو!

**ورده ورده گەرمەی ئاهەنگ**
**لەگەڵ تاریکایی هاتنـدا**
**سارد ئەبۆوە بۆ کۆتایی**
**لەگەڵ دەرگا داخستنـدا**
**شەوی خامۆش، ماڵ ئاوایی**
**ئەکرد لەگەڕەك و شایی.**

بەغدا/ ئابی/ 1967

# کەژاوەی گریان

1969

پێشکەشە بە دایکانی شەهیدانی دڵ گریاو و سک سوتاوی وڵاتەکەم

**ش. بێکەس**

## کەژاوەی گریان

*لەسەنگەری زستانی سەختی تێکۆشانی کوردایەتیدا نەهاتە دەرەوە. تا سییەکانی کەوتنە رزین. بەرەو وڵاتی رۆژئاوا بەپیر هیوای چاك بوونەوە چوو. پاش چوار ساڵ نامەیەکم بۆ هات نووسرابوو: "لەتیف"ی هاورێتان مردو لە "کاوتنگا" ناشتمان. "کەژاوەی گریان" کەژاوەی هۆنراوەی دواجاری ماڵ ئاوایی من بوو.. لە "لەتیف"ی شەهید!.*

-1-

**لەگۆڕستانی "کاوتنگا"***
**زستانی ژین..**
**هەزاران خۆزگەی نێژراوی**
**ئاواتی دڵ نەترووکاوی**
**وا لە سنگا!**
**لەپاش بارین**
**پەپوولەی کلووی بەفری، بەر**
**مانگەشەوی رێ رۆشنکەر**
**کپ نیشتە سەر**

لاشەی زەمین
لەسەرمادا
گەڵای بەر تریفەی زیوین
هەڵئەلەرزین.
بۆ هەواڵی، تازەی ئەمشەو
ئەستێرەکان کەوتنە پرسین
لەتاقە رێبواری هاتوو.
بۆ لای مردوو
سەگی حەسحەس کەوتنە، وەڕین!

★

پیرەمێردێ، بەبازوو لاو
بەرەو "کاوتنگ"
گوڕی خێرای، دا بەهەنگاو
رێچکەی بەفری، ساردی شکان
دەستی نایە، بینی زستان
گۆڕ هەڵکەنە.
پاچی خستە، سەر نەڕەی شان.

★

پاسەوانەکەی.. گۆڕستان،
باوێشکی دا.. خەواڵوو بوو
چاوی بەزۆر لەخەو هەستان
زنجیری دەرگای راپسکان
ـ شەوباش
ئەمجارەیان کێیە مردوو؟!

ـ"غەریبێکە ئەڵێن کوردە".

ـ هەر ئەوەندە؟

ـ کورد.. نازانیی؟

ـ "ئا، ئەو گەلەی، لەرۆژهەڵات

بەقوربانیی سووری ئەکات

زەویی خەبات

ڕۆژی لەناو شەوا هەڵکرد!

سەری بۆ زۆردار شۆڕ نەکرد

لەکرێوەدا.. نێرگزیان

چاوی نەورۆز.. هەڵئەهێنێ!

لەمردنا.. ژین ئەبینێ!

ـ ئەیان ناسم..

من هەڵگری، شوێن پێی هەموو

هەواڵێك و دەنگ‌وباسم

باسی گەلان.

باشە چۆن مرد؟

پیر یان لاو بوو؟

-دەردێکی سەختی گرتبوو

چاری نەبوو..

لەدواییشا لەژێر دەستی

دکتۆرەکانا.. دەرنەچوو

شیك بوو.. لاوبوو،

-ئای نەگبەتی..

-رێم کە.. با، زوو

گۆڕەکەی ئەمیش هەڵکەنم
بۆ سکی سبەینێی خێزان
چەند "مارکێکی" تر بسەنم..
-بیرم نەبوو!
-ها.. چی..؟
-ناوی چی بوو؟
-ناوی.. ناوی لەتیف عەلی..

★

چووە ژوریَ
بۆ شوێن گۆڕیَ
سەیرێکی کرد
بەپەلە، قۆڵی لیَ هەڵکرد
لەژێرداری چنارێکا..
لەچەپەکیَ، کەنارێکا،
پاچی، تا ژوور سەر هەڵبڕیی
تەکانی کاری دایە خۆ..
نەسرەوت.. نەسرەوت،
تا جەرگی زەوی هەڵدڕیی
ئینجا ووتی:
-کوردەکە.. ئەمەش ماڵی تۆ!

★

تریفەی مانگ، بۆ یەکەم جار،
دای لەگۆڕێکی تازەتر..
دەمی نایە دەمی ئازار

سەهۆڵی خەم بوو بەئاگر!

★

لە "میونخ"دا..
لاویَ ، لەسەر چرپایەکی ئازار،
بەبێ هاوار
دوا هەناسەی ژیان ئەدا..
لەپاش ئەوەی، دەمی مقەست
بەهەردوو دەست
کەوتە بڕین، بڕینی "سیی"
لەپاش ئەوەی "دابەشیان کرد،
لەشووشەدا"*
بەبێدەنگ.. مرد!

★

هۆڵی گەورەی خەستەخانە
ماڵی ئازار.. ماڵی ژانە
هاوڕێی نەخۆشی دەستە ڕاست
وەك دەستە چەپ، گریانی هات
ئەوەندەی وت: ئای داخەکەم
بەخت بۆی نەهات
سستەری خوشکی چەند ساڵە
خوشکی برین ساڕێژ کردن!
بەناسۆری ئەم هەواڵە
گۆنای ئاڵی، زەردیی لێ نیشت
تارماییەك.. بەرچاوی گرت..

یەك دوو دڵۆپ، فرمێسکی ڕشت،
چووە.. سەر جێگای خامۆشی
لەسەر لێوار تۆزێ دانیشت
بەلایەکی .. بەتانییەکە
بۆ ئێجگاری
سەری "شەهید"ی داپۆشیی!.

★

دوور لەیاران..
دوور لەبرا، دوور لە خوشکی
دوور لە دایکەکەی کوردستان
دوور لە دراوسێ و ناسیاوی
هەموو گەڕەکی "حاجی حان"
دوور لەسەیوان..
تەرمی، غەریبێ هەڵگیرا
بەرەو کاوتنگ
بەڕێ کرا.

★

لەباتی خوشك، باوك، برا
لەباتی من، لەباتی گشت
هاوبیرانی نەتەوەیی
لەباتی چرای "کوردستان"
چاوی "نەبەز" فرمێسکی ڕشت
شانی نەبەز، لەتەرمەکەی،

شەهید نەوی

لەرێگادا بەرەو کاوتنگ

خەیاڵ: ئاوڕی دایەوە

لەگەڵ هەنسکی گریانا

ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە:

★

سەردەمێك بوو، باخ بێ گوڵ بوو

درەخت، بەبێ لق و چڵ بوو!

خانووی زستان، بێ ئاگر بوو

ژوور بێبنمیچ!

زەوی بێئاو، دایك بێ کوڕ بو!

کچ بەبێ قژ، قژ  بێ سەر بوو!

ئاوابوون بێ زەردەپەڕ بوو

مەمك بێ شیر، رەز بێ بەر بوو

کۆتر بێ باڵ، باڵ بێ پەڕ بوو

ماسیی بێ چەم، چەم بێ ئاو بوو

شارو گوندی کوردستانم

بێ هەتاو بوو!

بێ هەور، هاوین باران بوو

چاو بێ فرمێسك، پڕ گریان بوو!

★

لەو تاریکایی چاو نەبینەی

لەزامی ئەو، ناو برینەی
ڕێگای ترسا
چرای باوەڕێ داگیرسا
هەڵهات.. خۆری ناو شەوەزەنگ
گەشتر لەخۆری ئاوێستا.

★

لەبریندا پشکووت هەزار،
گوڵی بەهار
لەفرمێسکا، دەرکەوت شنەی
زەردەخەنەی هیوای نازدار.

★

لەناو خوێنا، وەکوو بەیان
شەفەق دەرکەوت..
لەگۆڕەوە، دەنگی ژیان
هاتو سەرکەوت.

★

لەشیوەنی سك سووتاوا..
لەکسپەی جەرگی ئەنجنی
هەڵقرچاوا..
ژێردەستیی ماتو خامۆش بوو،
ئاهەنگی ئازادیی خۆش بوو!

★

لەئاگری بۆردوومانا..

لەسووتانا..

لە کاتی دروێنەی لەشی

شەهیدانا:

گەڵای پایزمان سەوزبوون

کانیی وشکمان ژیانەوە

چاو پڕ لە سۆز

مردووەکانمان، هەستانەوە

بوو بەنەورۆز.

لە پەلەپیتکەی تفەنگ دا

لەتینویەتی ناو سەنگەرا

لەبۆنی.. barووتی شەڕا

هەوای ئازادیمان مژی

لەناو جەنگ دا

چارەنووسی، مانەوەمان

دا بەژیان

بۆ سەرفرازیی نیشتمان.

★

لەناو کفنی شەهیدانا

لەناو زامی کوژراوانا

ئاڵامان دیی

کەوتنە.. شنە

بەسەر لووتکەی شاخەکانا.

-2-

زستانی ساڵی شەستو سێ

سەخت کەوتە ڕێ.

تاریکە شەوی داگیرکەر

چاونەبینە،

دڵ ڕەشێکی پڕ لەقینە

دەستی دوژمن.. نەپارێزە

سەری منداڵ، سکی ئافرەت

هەڵی ئەگرێ ،

هەڵی ئەدڕێ ،

سەری نێزە.

کرێوەیە... سەختە زستان

چاو لێك نانێ،

تۆقی ئاسمان.

دار بەستویەتی، بەرد بەستویەتی

ئەم وڵاتە

بەستەڵەکی خەم گرتویەتی!

★

شەهید وتی:

نەنگییە بۆ من دابنیشم

ئەم تاریکە شەوە ئەبڕم

ڕەگی مردن.. هەڵئەکێشم
کوردایەتی بانگم ئەکا..
ڕێگە ئەگرم.

★

وتی: ئەمجارە بەگوللە
لەبری قەڵەم
بانگ.. هەڵئەدەم
چارەنووسم..
لەناوچەوانی ژیانا
لەهەورازی کۆڵ نەدانا
وا ئەنووسم.

★

وتی: گفت ئەکەم، بەکردار
خەو بەهەڵسان،
ڕۆشتن هەتاکوو نەوەستان.
دەستی ڕەنجم، ئەنێمە دەست
کوردی جوتیارو کرێکار.

★

خوشکی پێی وت: ساردە دنیا
"وەی" ئەبارێ، بێ ئامانە
ئەم زستانە..
بەستویەتی کەژ، هەرد، دۆڵ، چیا

هەر تۆمان هەی

هەر تۆ تەنیا.

-پێش ڕۆشتن، ئەمە ئەزانم

من بەتەنیا هی ئێوە نیم

پێش ئێوە، هی کوردستانم.

★

هاتەدەرێ، لەناو جێگا

کەوتە ڕێگا

بڕیی هەورازو بێشەی چڕ.

بەسنگ دڕیی

شاخی بەفر

سەنگەر.. ناسیی

چ کوڕێکە

دوژمن، ناسیی

بۆ گیانی ئەو، چ گڕێکە

لەگەڵ برسیی

باوەڕ تێرا

یەکیان ناسیی

ڕووناکییان، بەتاریکیی

ناو شەوەزەنگا.. هەڵگێڕا

نائومێدییان.. بەداری

وشکەوەبودا.. هەڵواسیی!

★

ڕۆی نەوەستا
بەفر.. باریی
ڕێگە.. بەسترا !
هەناسەی سواری "ماوەت"ی
بردە "پێنجوین"
لەشی نەخۆش و شەکەتی
گەیاندە دەوری "خانەقین".

★

هەر نەوەستا
ئەیویست.. پشتی
مەرگ لەئەرز، با.
هەتا سەرنج، بەرپێی نەدیی.
ڕەشێنەی چاو، بوو بەسپیی.
هەتاکوو "سیی"
لەناوەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ
وەك "چۆغەکەی" لەدەرەوە
ئەویش.. رزیی!

★

دایکی نەبوو، خوشکی پێی ووت،
ئێمەش هەموو:
هیوا مەبڕە..
با دووریش بێ، ڕێی وولاتی
پڕ.. ئاواتی..

چاك بوونەوەی، زانست بگرە
لەویّ دەرمانی ئەم دەردە
رەنگە زەردە
دەس ئەكەویّ
تەنها لەویّ!.

★

ئەو "جانتایە"ی "ماوەت"ی، دی
رێی شاخو كێوی سەختی، دی
بست بەبستی
ولآتی راپەڕیوی دی..
ئەوا لەگەڵ خاوەنەكەی
"سیی" پڕ.. ئاخا
خۆیان كرد.. بەشاری خۆشی
ناو "میونیخا"!

★

لەپاش چوار ساڵ
لەپاش، گینگڵی ئازاری
جێی بێداریی
شەوانی تاڵ.
"سی" هەوای ژینی وەرنەگرت
كۆشش كرا، نەژیانەوە
پڵێتەی چرای بیّ نەوت
كەوتە پرتەی كوژانەوە.

★

**ڕۆژێ هەواڵ، بەبێتەرم**
**لە "کاوتنگا"وە.. پەشۆکاو**
**ڕەنگ بزڕکاو..**
**بەرەو شاری.. سلێمانی،**
**تەرمی بێلاشەو فرمێسکی**
**بۆ من هانیی.**

ئەیلولی/ 1968

*ناوی نەخۆشخانەو لەهەمان کاتدا گۆڕستانێکە لەئەڵەمانیای ڕۆژئاواداو لەشاری "میۆنیخ".

* –دابەشیان کرد لەشووشەدا: نیوە دێڕێکی شاعیری گەورەی عیراق "بدر شاکر السیاب"ە. لەکاتی خۆیدا بیرم چووە ئاماژەی بۆ بکەم. بەڵام لەکتێبی "ڕووبەڕوو لەسێبەری چیا"دا لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد/ ئامادەکردنی بێستون/ زنجیرە "29" ساڵی 1985 لەلاپەڕە (169)دا دەربارەی شوێن پەنجەی دیاری ئەم وێنانە دوا بووم.

**ش.ب** 1991

# دوا تروسکە

هەر ئاورێ ، ئەدەمەوە، بۆ دواوەی تەمەن
هەر سەرنجێ، لەرابووردووی، پێشینم ئەگرم
تاریکییەو، دەس لە ملی، ژیانم ئەکەن
لەناخەوە، فرمێسکی خوێن، بۆ چاو سەر ئەخەن!
تەمو مژە.. کوێرە رێگای، بەرەو هەڵدێرە،
تارماییە.. ئاسمانێکی.. سەربەرەو ژێرە.
دووکەڵ، پەپوو، گوڵی سووتاو
شەوی پایز، خۆری خنکاو!
مەلی تینوو، باڵی شکاو
گەرووی خۆزگە، دەنگی تاساو.

★

ئەی بابە گیان، ئەی ئەو نازەی، باوەشم نەدی
کە منالییم، لەئارامیا، خەوی بسرەوێ
ئەی بابە گیان، ئەی ئەو گوڵەی، بۆنم نەکردی
بەیانیم بوو، کە ژاکایتو، جوانەمەرگ مردی.
هەر پاش بینین، ئەشکی کۆستی، گەرمت پێ رشتم

بەتەنیایی، لەناو چۆڵی.. ژینا جێت هێشتم
هەتیو، بێناز، ئاوارەبوون
نانی سووتاوی، تێر نەبوون
زستانی شەو، کسپەی دەروون
لەرزەی بزەی، لێوی زەبوون.

★

ئەوە دایکم، رەش پۆشەکەی، ماڵی خامۆشیی
خەزانی بەخت، لەبەهارا، کردی بەپایز.
ئەوە دایکم، دایکی ناسۆر، بێوەژن کۆشیی
ئەوە گریان، گریانی زۆر ، کڕووزە نۆشیی.
ئەوەش خوشکان "فریشتە" کەی بەهەشتی ماتەم
ئەوەش گوڵە، "گەزیزە" کەی، بچکۆلانەی خەم.
لێفەی کون کون، چلەی زستان
پشکۆی کوژاوەی، ئاگردان.
وڕێنەی شەو، خەو بزڕکان
بۆ بابەگیان، بۆ بابەگیان.

★

ئینجا لاویی، فام کردنەوەی، پڕ دڕکی ئازار
گرێ کوێرەی، دەم هەژاری، خەیاڵی ئاڵۆز
داڵدەی ساردی.. دەربەدەریی، جێگۆڕکێ هەزار
خەوی پچڕ ، شەقامی چۆڵ، دوا ڕۆژی نادیار
حەزی دەس کورت، گیرفانی چۆڵ، خۆ حەپس کردن
بەڕووی ماندووی. بەختی کفتا، قاپی داخستن.

قاچی پڕ خوێن، چاوەڕوانیی
باری ئازار، پەرێشانیی
گێرمەو کێشەی، نان گرانیی
ئەشکەنجەی دوای.. راستیی زانیی
★
ئەوە یەکەم، کچی سەر ڕێی، بەهاری گەشتم
خۆشەویستی وەك سایەڤەی، بێگەردو پاکم
بۆ ئاڵتوونی، ساردی بەرۆك، زوو بەجێی هێشتم
تا بەدرۆش، فرمێسکێکی، بۆ هەڵنەڕشتم.
ئینجا دووهەم، هەر کە زانیی، من بێ ئیش کەوتووم
کەوتە بیانوو.. پێگرتنم، "تێریی" دایە ڕووم.
نێرگز بۆ ژێر، پێی تەفرەدان
دڕك بۆ دەرون.. تێ وەردان
بڕوا فرۆشتن.. بەهەرزان.
بەهار بۆ ناو.. گەڵاڕێزان!
★
ئێستەش ئەگەر، شیرینەکەم، هیوایە مابێ
چاوی گیانم: تێ بڕیبێ، خۆمی پێ ژیر کەم
ئەوەی مابێو، دوا تروسکەی، مۆمێکی تیا بێ
دوا هەناسەی، چارەنووسی، لاویمیی لابێ
خۆشەویستیی دڵی تۆیە، پرشنگی چاوتە
بەر بەرۆچکەی، پاش بارانم، وەفای هەتاوتە!
مەیبڕە لێم، با ژیانم

**ئارامیٚ با، بەگریانم**

**هەڵ بیٚ، خۆری، دوای زستانم**

**بۆ چاوم، دەروونم، گیانم.**

شوباتی 1968

# بەیانیی بێ خۆر!

-1-

ڕێگادووره، بەرچاو لێڵه
ئاسۆی گیانم بەدوای تیشکی
خۆری هەواڵێکا.. وێڵه.
خەیاڵ: ڕێبوارێکی ماندووی
لەش کەنەفتی،
خەم داگرتووی،
بیابانی مابێن.. کێڵه.

★

ڕێگا.. دووره
تاریکیی ئەم شەوەی پایز
دنیایەکی بێسنووره.
پشکۆی لەشم، قرچەی تاسەم
گڕەی هاوینی هەناسەم.
چاوەڕوانی

شەماڵێکی بەرەو ژوورە!.

★

ڕێگا.. تارە

ساڵ: بەبێ وەرزی بەهارە

قۆناغ ونە

خۆزگەی دەروونیش هەزارە.

پرسیارکردن.. بێوەرامە

فرمێسکی چاوی.. نێرگزم

چەند دڵۆپێکی ناکامە

وا نیوەشەو، لەسەر سنگی

ماڵیی خامۆشیی‌و بێدەنگی،

چۆکی دادا،

قوڵپی هەڵ دا..

بۆ تەنیایی، شەو بەسامە

★

هەواڵ نەهات..

شەماڵ نەهات

وا بەیانیشە خۆری من

هەر هەڵ نەهات!.

-2-

شیرینەکەم!

زستانی دڵ، وەك ژوورەکەم

وەك پێخەفێ ساردو سڕم
وەكوو كوورەی بێ ئاگرم
تەنیاو پەستە..
دوور لەسامالّ و هەتاوی
بەهاری تۆی خۆشەویستە.

★

ئاگری دەم جگەرەكەم..
لاپەڕەی یادی رابوردوو..
ئەسووتێنێ
دووكەلّ لەدلّ، ئەورووژێنێ
تا تەمەن بكا، بەسووتوو!

★

هەتا پەڕەی كتێبەكان..
وەك رەنگی خۆم هەلّ بزڕكاو
وەك چاوی خۆم
وشەی چاویان
پڕ لەگریان
لەناو گەرووی شەوا خنكاو!

★

كەی كۆتایی، ئەم شەوە دێ؟!
كەی فرمێسكی.. چاوی ئازار،
پێلّووی سەر خەوێ لێك ئەنێ

کەی دەرئەکەوێ.. کەژاوەی،
بووکی بەهار..؟
کەی رەهێڵەی زستانەکەم،
ئەوەستێ و خۆش ئەکاتەوە؟!
ئاسۆم پرشنگ ئەداتەوە؟!
کەی توخوا کەی.. ئازیزەکەم،
خونچەی خۆزگەم ئەکرێتەوە،
ئەم دوورییە. لەنزیکیی
بەیانێکا.. ئەبڕێتەوە..؟
تا پێت بگەم!
کەی توخوا کەی ئازیزەکەم؟

★

هەواڵ نەهات
شەماڵ نەهات
لەبەیانییشا.. خۆری من
هەر هەڵ نەهات!.

کانوونی دووهەمی/ 1968

# مەلا هیندی*

رۆژانێ بوو..
خەفەت.. شوێنی حەسانەوەی
لامان نەبوو
ژیان.. گرێی، لێك دانەوەی،
بۆ داهاتوو
وەكوو ئێستا
لەتەمەنی خەم نەئەدا!
چاومان وەكوو چاوی ئەمڕۆ
نەبڕیبووە.. ڕێگای دەسخەڕۆ
بەرامبەر یەكتر پیس نەبوو.
دەستمان، نە ئەنایە دەستیی،
تەفرەو درۆ
رۆژانێ بوو.. خۆشەویستیی
پڕ بەدڵ بوو
دنیایەك بوو، هەمووی گوڵ بوو
چقڵی ناكۆكیو دەس بڕین

بۆ ژێر گڵ  بوو.

★

ئەی منالّیی! ئەی بەهەشتی

خەوی گەشتی

هەتا مردن یەك جار بینین!

ئاوڕ لەتۆ.. ئەدەمەوە،

عومری شیرین.

هەر ئاوڕێ.. بەهەڵبەستێ

کە وێنەتی.. تیا راوەستێ

یادی پاکت.. دەکەمەوە

ئێستای تەمومژی تەمەن

بۆ سامالّت.. دەبەمەوە!

★

هاودەمەکانی منالّیی

شەش حەوت سالّیی

لەبیریانە.. خەوی جاران.

پێکەنینی.. هەر چوار وەرزی،

دڵو ڕومان.

لەبیریانە، دنیای گەڕەکی

حاجی حان!.

★

پیرەمێردی.. لاواز.. باریك

ڕەش داگیرساو

چاوی وەکوو دوکانەکەی،
نووتەك، تاریك
ژین بێ هەتاو
دوور لەتێریی
دوور لەشادیی
پێیان ئەوت: مەلا هیندی.
چەند رەفەیەك، لەتەختەی شڕ
لەتەپ و تۆز، لەخۆڵا، پڕ
داکەوتبوون، لێك ترازاو
وەکوو مەلا خۆی، بێهەناو
باسی خەمیان.. بۆ ئەکردی
باسی تەمەنی.. هەڵقرچاو،
چیرۆکەکەی.. مەلا هیندی.

★

دوو پشیلەی، سەرزل، گوربە
بۆ مشکی، رسق پیسکەری،
ناو دوکانەکەی، بەهەڵپە
نەئەسرەوتن
لەراوی مشکی، دوژمن بە مەلا!
نەئەکەوتن
بۆ پشوودانیش دوو بەدوو
لەسەر، رانی

لەڕی، مەلا، لێی ئەخەوتن.

★

چەند تەبەقێ ، سەبەتەیەك.
لەگەڵ کۆنە بەرچنەیەك.
گۆزە سوورێکی مل شکاو.
یەك دوو قوولێنەی داتەکاو
بۆ شەوگاری تا درەنگیش،
فانۆزێکی کز هەڵکراو.

★

نە چاو، نە منداڵ، نە خێزان
نە دەنگی دایەو بابە گیان
هیچی نەبوو..
تا فرمێسکیش وەختی گریان!.

★

بەئارەقی ڕەنج بەکوێریی
هیلاك ماندوو
هەورازی ئەم ژینەی ئەبڕیی.
گۆچانەکەی.. چاوساغی بوو
ڕێی برسێتی پێ دەرئەکرد
دەستی سواڵو پاڕانەوەی،
بۆ هیچ کەسێ درێژ نەکرد

★

ئێمەی منالّ، ڕێبواری بووین
بەیانیان زوو.. کڕیاری بووین
لەبیرتانە؟ ئێمەی فێڵ زان
بۆ مەلا هیندی بەسەزمان
جار بەجاریش،
دەرزی یەك بووین، بۆ ئازاردان!.
لەبیرتانە؟ کە ناو بەناو
عانەی گیرفان
ئەبوو.. تەواو
ڕۆژانەکەمان.. خەرج ئەکرد،
ئەوسا ڕێگەی فێڵمان ئەگرت.
باشە چی بکەین؟
هەتا بگەین:
بەو مێوژە، بەو حەڵوایە..
بەو ماجوومیو بەو خوورمایە!
گڕی نەوسمان تێبەر ئەبوو
لەباتی.. پارە میکلمان
یان عانەی سوور، کە نەئەچوو
ئەدا بەمەلای بەسەزمان.
هەتا بەم فێڵەشی زانین
بەگۆچان تێی ئەسرەوانین!
★

**سالْ هاتو رۆی، مەلا هیندی**
**مەرگ راپێچی کردوو.. بردی**
**پاش گەورە بون.**
**ئێمەش لەیەکتر دابڕاین،**
**ئێستا هەریەك، لەشوێنێکاین**
**هەریەك وێڵی دوای خەمێکین!**
**یەك لەیەکتری بێئاگاین!**
**"گەر بەئاگاش بین ناکۆکین"**

★

**ئەی سامالْیی**
**دلْو دەروونی منالْیی!**
**بێ پاکیی تۆ..**
**عەقڵی تەمەنی گەورەیی،**
**چەند پیرییش بێ**
**زمانی راست، نایەتە گۆ!.**

تشرینی یەکەمی 1968

*پیرەمێردێکی کوێری دوکاندار بوو لەگەڕەکی پیرمەسوور، لەکاتی منالْیمانا

# نامەیەك

بۆ هاوڕێی شاعیرم کاك ج. شارباژێری

ئەی "پارچەی جگەرم" برام
بەبێ‌ئەوەی، خۆت بێیتە لام
پرسیارم گەیشتە وەرام
کە کردمەوە.. دیوانەکەت
لەم دوورەوە..
دیم پایزی ژیانەکەت.
لەزستانی هۆنراوەتا..
دیم بارانی گریانەکەت.
دیم ئەو ناخەی،
پڕ لە ئاخەی،
هەزار گوڵی تیا سووتاوە
خۆر لەناو شەویا خنکاوە.
دیم ئەو کچەی بەقژی سەر
هەڵواسراوە..
دیم ئەو پەپوولانەی کەوا،

باڵی فڕینیان بەستراوە.
دیم، براکەم، ئەو بەهارەی
لەنەورۆزدا، بێهەتاوە.

★

لەدایکی شیعرەوە.. برام!
بەبێ ئەوەی خۆت بێیتە لام،
تا بمدوێنی..
بینی تینووم، نا بەبینی
گۆمی سکاڵاکەی تۆوە،
ئازاری خۆم لەبیرچۆوە.
سەرنجێ بە لە "تریفە"
دڵنیام کە تۆش ئەمبینیی
وەك خۆت تەنیام!
ئای براکەی دوێنێو ئێستام
لەم دوورەوە..
چەند بۆت گریام!

تشرینی دووهەمی/ 1968

# "بێکەس"ی زیندوو

وەکوو ئێستا..
وەکوو ئەمڕۆی تاریكو تاڵ
پێش نۆزدە ساڵ،
فرمێسکی چاوی وەك پشکۆی،
شاری هەڵەبجەی پڕ سزا
بەسەر گۆنەی خەما رژا
وەکوو ئێستا..
دەستو پەنجەی بەئاگریی
هەواڵێکی جگەر بڕی،
ترا.. چزا.
بۆ ماڵ ئاوایی، مامۆستا
هەڵەبجە وەك زستان گریا
وەك دایکی سك سووتاو گریا
گریان.. گریان،
"باخی میر" و "گوڵان" گریان

بۆ مامۆستا.
وەك قوتابی ئێمەی منالّ
هەور گریا.. سامالّ گریا،
بۆ مامۆستا.
مات بوو، زەنگی قوتابخانە
کپ بوو، دەنگی قوتابخانە.
زەرد بوو، رەنگی قوتابخانە.
وەکوو ئێستا
تەختەی رەشی خوێندن گریا
وشەی گەشی خوێندن گریا
"زەلّم" گریا "هاوار" گریا.
باخی "عەبابەیلێ" گریا
گیانی "ئەحمەد موختار" گریا.

*

رۆژی هەژدە..
مانگی دوانزەی چلو هەشتە،
تۆفو باران
رەهێلّەی خوڕی بێ وچان
فرمێسکی چاویان درشتە.
وەك هەلّەبجە، وەکوو ئاسمان!
لەهەژدەی مانگی دوانزەدا
لەپایزی ئەو رۆژەدا

لەژوورێکی، ناوماڵ.. رووتەی
کرێ گرتەی
سەر ماڵانا
لەژوورێکی هەژاریی دا،
مرد "بێکەس"ی بیر دەوڵەمەند
مرد "بێکەس"ی شەیدای وەتەن
وەستا.. ئەو دڵەی، ئاگریی
کورد پەروەری تێبەر بوو بوو.
شکا.. ئەو زمانەی وێردی
ئازادیی ئەخوێند بەکوردیی.
نیشت.. ئەو چاوەی کە رووناکیی
خۆشەویستیی، " ئەرشتە سەر"
پەڕەی هونەر.
شل بوو.. ئەو پەنجەیەی جاران،
کە لەچاوی زۆر دوژمنی
وەکوو "ئەدمۆنس"ی ئەچەقان.
شل بوو، ئەو مەچەکو دەستەی،
تا رۆژێ بوو لەزیندانا
لەزیندانی تێکۆشانا
ئەڵقەی زنجیری ئەپسان
تەختی دوژمنی ئەلەرزان.

★

سامانی دوای کۆچ کردنی
ماڵی دنیای دوای مردنی
بۆ هەتیوو بەجێ هێشتنی،
کە ئێمە بووین
جزدانێ بوو
خاڵیو پەتیی
گیرفانێ بوو
پڕ لەقەرزاریو نەگبەتی!

★

بەڵام سامانی باوەڕی
دوای مردنی
بۆ نەتەوە جێهێشتنی
کە ئێوە بوون.
کە ئێمەش بووین،
دنیایەکە: لە نەبەزین
ژیانێکە: بۆ ئازادیی
لەراپەڕین.
تەمەنێکە: بۆ ئەم کوردە،
پڕ لەخەباتی ئاگرین.
دیوانێکە: پڕ بەهاری
شیعری شیرین.

مارتی/ 1967

# زستانی تەمەن

چاوی زستان، بێوەنەوزە، پێڵووی ئارامی لێك نانێ*
شەستە باران، هەزار بەهار، نادا بەکوڵی گریانێ
شەوی تاریك، وەها چۆکی، لەسەر سنگی شار داداوە
لەسەیوانی، هەر ماڵێکا، دار ئەرخەوانێ رواوە.

★

هەوری رێ گر، لەهەتاوی، خۆری نەورۆزی هیوا
وەکوو خەفەت، جەرگ‌و دڵی، ساماڵی ئاسمان ئەخوا!
گێژەڵووکەی، تیژ هەڵکردووی، وڵاتی تەمەن ناسۆر
لەگەڵ خۆیدا، هەزاران دڵ، راپێچی مردن ئەکا.

★

کرێوەکەی، چلەی مەینەت، ساڵی بێبەهاری شار
نەبڕایەوە، وەك شەوانی، دەروونی پڕ لەهاوار
نەبڕایەوە، دەنگی قرچەی، دایکی جەرگ هەڵقرچاو
نەبڕایەوە، کسپەی هەواڵ، هەنسکی گەرووی ئازار.

★

چاوی زستان ، وەکوو چاوی ، خەڵکەکەی ئێرە وایە
ئەو باران و ، ئەم فرمێسکی ، خوێنینی دڵی تیایە
ئەی وڵاتی ، کوێرەوەریی ، ووڵاتی ناو شەوەزەنگ !
وەکوو ئێمە ، بەباڵای تۆش ، بڕاوە ئەم سزایە .

★

ئەی گۆڕستان، ئەی گۆڕهەڵکەن، ئێمەش لەشەوی گیانا
هەموو رۆژێ ، گۆڕهەڵکەنین، لەسەیوانی ژیانا
ئەی پایزی، نائومێدیی، بەر لەوەی وەرزی تۆ بێ
وەرزی ئێمە، زۆر دەمێکە، وا لەگریەو خەزانا!

شوباتی 1969

* ئەم چوارینەیە لەگەڵ ئەوانی تردا کێشی جیاوازە.

# زیندووی، مردوو!

"دوژمنت نیم چونکه پێت پێناکەنم،
دۆستتم بۆیە ئەتگرێنمو راستیت لێ ناشارمەوە".

دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
مێژوو ئەڵێ لەدایك بووین!.
دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
زرپو زیندووین!
بەلاّم هێشتا، باوێشك ئەدەین
هێشتا نووستووین.
هێشتا تەواو، تێر خەو نەبووین
هێشتا ئەنووین.
دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
لەخەڵك بوردوین!
لەخۆمان هەرگیز نەبوردووین.
دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە،
وەك ئێستە واین
یەك نەگرتووین!.

لەوکاتەوە، چەك هەڵگرتووین
بەڵام هێشتا سەرنەکەوتووین.
کەچی ئەڵێین: هەر سەرکەوتووین.
ئەڵێین: ئێمە هەر نەمردووین!.

★

هەر لێرەوە.. تا وڵاتی
بەرینی "چین"
بەنۆکەریی، گەڕاین رۆشتین
بەئاواتی
سەرکەوتنی
بێگانە گەلێ گەیشتین:
لەخوێنی خۆمان بۆ ڕشتن..
لەرۆڵەی خۆمان بۆ کوشتن
تا توانیمان قسەی زۆری
مەراییمان.. بۆ هەڵبەستن
سەمامان کرد، بۆمان رستن.
وتیان: ئادەی دنیا بگرن
ئەوە پارە!
وتمان: باشە!
وتیان: بمرن، ئەوە پارە
وتمان: باشە
وتیان: ماڵی یەکتر ببڕن
لەناو یەکا، یەك سەربڕن

ورگیی یەکتریی هەڵدڕن
ئەوە پارە..
وتمان: باشە!.
★
دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
پێمان ئەڵێن:
بەرد بن.. داربن
ئەڵقە لەگوێو خزمەتکار بن
مەڕ بن. مار بن
ئادەی ئینجا شێت بن.. هار بن
ئەڵێین: باشە!
★
بتی دارو بەردمان پەرست
تاجی هەزار، شای بێگانەی
خوێنەخوێمان
داناو پەرست
چەند پێڵاوی دوژمنانی..
تازەو کۆنمان،
جووت کرد، پەرست
ئەممان پەرست، ئەومان پەرست!
دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
تەنها هەر خۆمان نەپەرست!.
دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە..

دێین‌و دەڕۆین
وەك شێت ئەخۆین..
سەرمان ڤاڵە.
چەنە ئەدەین، هەڵئەپەڕین
سەرچۆپیی، نۆکەریی ئەگرین
کەچی دەستی، کردەوەمان
هەر بەتاڵە..
گفتمان.. لاڵە!.

★

دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
مەشکەی دوژمنمان ئەژەنین،
چونکە شڵقەی زل‌و خۆشە.
بەهی خۆشمان پێئەکەنین!

★

ئەوەی گیانی رسوا نەکرد..
رۆیی‌و زوو مرد.
ئەوەی کرنووشی نامەردیی
نەبرد.. زوو مرد!
وەکوو ئێستا..
دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
ئەوەی پیاو بوو لەناومان برد!

★

بۆ شاردنەوەی نەنگیی خۆمان

دەلاقەی گەورەی، درۆمان
بۆ ئەوەی خۆمان تەفرە دەین
وەك لەوەو بەر هیچمان نەكرد!
هەر هیچ نەكەین..
هاتین گەڕاین..
كەوتینە دووی گزیو فزیی
لەقوژبنی مێژووی كۆن دا
خوێندەوارمان.. كەوتنە دزی
دزیكردن.. لەشانازیی
كەسانی تر، مایەو مووری گەلانی تر.
هەموو دنیایان كرد بەكورد!
پێغەمبەرانیان كرد بەكورد!
هەتا ئادەمو حەواشیان
هەر كرد بەكورد.!
نەیان پرسی:
ئەی بۆچی كورد..
دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
بۆ خۆی، هیچی بەهیچ نەكرد؟!

مارتی/ 1969

# ئەستۆی ورد

"پێی بزانین یان نەزانین،
هەمووما‌ن لەچاندنو درو‌ێنەکردنی خراپەدا بەشدارین.."

**سەرماو سۆڵەی، ئەم زستانەی**
**لەکۆنەوە تیایا ئەژین**
**دیوەخانی.. ئەو قسانەی**
**وەکو بنێشتی جیڕو تاڵ**
**تا هیلاك بوون، بەدەم ئەیجووین**
**ئینجا بەدەست،**
**دەستی ئەنقەست**
**بۆ پێکەنین**
**یەك لەیەکتری هەڵئەسووین.**

★

**دیوەخانی.. ئەو باسانەی،**
**بۆ سەرزەنشت، دوور لەشەرمە.**
**دیوەخانی، ئەو شەوانەی،**

وا چەند ساڵە..

بەشەوچەرەی، خواردنی یەك!

پڕ و گەرمە!.

★

قورو لیتەی، ئەو زەلکاوەی..

لەپەو ڕوو هەموو تێی کەوتووین

گێژی ئەو تۆفو گەرداوەی

بۆ نەمان.. راپێچی کردووین.

دیوەخانی ئەو گورگانەی

لەپێستی مەڕا ئەنوێنن

سەوای ئەو ناو.. جامبازانەی..

لەتاریکایی ئەشکەوتا

ئابڕووی ئێمە ئەدۆڕێنن!.

★

کۆڕی ئەو دزو جەردانەی

لەدەوری شێخ، ویرد ئەخوێنن!

لەپاڵ قۆڵو دەس بڕینا

ناوی خواو راستیی ئەهێنن.

دیوەخانی.. ئەو میرانەی

بەتەلیسمی.. تەفرە خواردن

خۆیانو ئێمە ئەنوێنن.

★

هەمووی لەئەستۆی گشتمانە
ئەستۆی وردمان!
هەمووی نزمیی رەوشتمانە
ئەوەی کردمان!.

★

ئەو چنگانەی لەناو خوێنا،
خوێنی یەکا رەنگمان کردن!.
ئەو دەمانەی، لەجوێندا
لەخۆمانا..
شلمان کردن،
لەبەر چاوی دوژمنانا،
حەیای یەکترمان پێ بردن.
یەخەی یەکترمان پێگرتن
سەرماو سۆڵەی، ئەم زستانەی
کە بەردەوام تیایا ئەژین
ئەو بۆشایی.. سەرشێوانەی
کە چەند ساڵە..
بێ سەروبن!
تیایا دێینو، تیایا ئەچین!
ئەو پرسیارەی،
بێوەرامەی!
کە تێی ناگەین..

چییەو لەبەرچی وا ئەکەین؟
ئەو فرمێسکی سکاڵایەی،
بۆ یەکتری هەڵئەڕێژین
دەستەو ئەژنۆ دائەنیشین
بەسەر سنگمانا، ئەکێشین
ئاخ هەتا بن.. هەڵئەکێشین!
ئەم نۆکەریی‌و مسکێنییەی
کە بەخۆ ڕەوانەی ئەبینین
ئەم ژیانەی بە ڕسوایی
تیا ئەبیسین، تیا ئەبینین
هەمووی لەئەستۆی گشتمانە
ئەستۆی وردمان
هەمووی نزمیی رەوشتمانە
ئەوەی کردمان!.

مارتی/ 1969

# لەگۆڤارێكی بێگانەدا*

## 1-چەك

لەوتاری گۆڤارێكی.. دوور وڵاتا
لەناو دێڕی ئازادبوونی دوای خەباتا
لەبەهاری، باخچەی گوڵی، بەر ئاواتا
لەسەر لاپەڕەی یەكەمین
بەگەورەیی، وا نووسرابوو:
-چۆن سەركەوتین؟-
ئینجا ئەڵێ: پێش ئەوەی، بەلەش راپەڕین
ئێمە بەگیان راپەڕی بووین
یان بەر لەوەی، سەنگەر بگرین،
ئێمەی زیندوو.
خوێنمان، لەناو لەپی دەستا هەڵگرتبوو.
بەر لەوەی سەنگەر هەڵكەنین،
سەنگەری باوەڕمان هەبوو
لەناو گیانا، لەناو بیرا، زۆر لەوەوبەر

ئامادە هەڵمان کەندبوو
ئەو چەکەیش.. هەڵمان گرتبوو:
هەر ئاسنی، ساردو سڕی، بێگیان نەبو
مردوو نەبوو
هەر گوللەیەك، قاڵ کراوی، باوەڕێ بوو
لەناو کوورەی، ژیانمانا..
وشەی پشکۆی، نە کوژاوەی، ئاگرێ بوو.
هەر چەك نەبوو..
چەكو بیرو زمانو دڵ هەمووی یەك بوو.

## 2-سەرکردە

سەرکردەمان، وەکوو خاکی، ئێمەی تینوو
ئەویش تینووی سەربەستیی بوو.
لەگەڵ برسییا، برسی بوو..
وەك زستانمان، ئەویش مات بوو.
وەك بەهارمان، ئەویش گیانی پڕ ئاوات بوو
سەرکردەمان: وێنەی لەناو، فرمێسکا بوو
کاتی گریان،
لەدڵۆپی، خوێنیندا بوو، کاتی رژان
دەنگی لەناو لاوانەوەی.. دایکانا بوو،
کاتی، جەرگ هەڵکڕووزان!.
دەستی لەناو، دەستی کاری، جوتیارا بوو

کاتی کێڵان.
سەرکردەمان: بڕوای وەکوو:
خۆر ڕووناك بوو.
وەك دەروونی ڕەش‌و ڕووتی. ئەم وڵاتە
سادەو پاك بوو.
سەرکردەمان: چاوی وەکوو، ئەم کێوانە
بەرامبەر دوژمن سامناك بوو.
بڕواو چەك‌و سەرکردەمان.. لەگەڵ یەکا
لەباوەشی، چارەنووسی، سەنگەرێکا
بۆ ڕزگاری، کەوتنە جەنگین.
هەتا خوێنی سەرکردەمان.. بەسەر چەکا
ڕژاو.. تکا،
وا سەرکەوتین!

نیسانی/ 1969

*ناوونیشانی هەڵبەستەکە خۆی وەهایە.. واتە "ترجمە" کراو نییەو لەزادەی بیری شاعیر خۆیەتی.

# من لێرەدا..

-1-

پێیان ووتم: لەگۆرانیی، هۆنراوەتا
لەناو باخی گوڵی وشەی، گەشاوەتا
هیچمان نەبیست. هەتا ئێستا
هیچمان نەدیی..
نە بۆ: بێشەی، چڕی "ڤێتنام"، کە ئەسووتێ
کە گڕ ئەگرێ بۆ ئازادیی.
نەبۆ: قامچی، دەستی زوڵمی، پیاوی سپی
کە پشتی رەش.. ئەکا بەخوێن!
نە بۆ: کۆنغۆ، کە داسی دەستی، نامەردیی
بەهاری سەوز، لەو ناوەدا، ئەکا دروێن!.

★

من لێرەدا..
هەر گوڵێکم، بەخوێنی خۆم، ئاودابێ
یان بەستەیەك، بۆ سەربەستیی

بەم کوردەما هەڵدابێ!

یان هەڵبەستێ، بۆ ژێردەستیی.

وتبێتم، مژدەی رووناکیی تیا بێ.

بۆ گشت لایەك..

چراوگێکن، بەتاریکیی،ئەدەن درِ.

گوڵ و بەستەن، بۆ گەلانی، راپەڕیوی تر!

-2-

من لێرەدا لەدڵتەنگیی، بەهارا

لەهاواری، زامی قووڵی، ئازارا

لەفرمێسکی، چاوی دایکی، کوردانا

لەسرودی، کوردایەتی مەردانا

لەناو کلێپەی، شەوسوتێنی ئاگرا

لەشەقامی چۆڵ و هۆڵی ناو شارا

یان لەدەغڵی، بۆمبا کێڵی، جوتیارا

لەرووخساری، بزرِکاوی، منالا

یان لەپەرِەی هەڵقرچاوی، هەوالا

یان لەخوودەی ئاسنینی سەربازا

یان لەمۆرِەی چاوی دوژمن بەرازا!

"گشت گەلێکی، سەربەردەباز، ئەبینم

هەموو دنیای، ئازادیخواز، ئەبینم"

نیسانی/ 1969

# سەرسام مەبە★

"ئەوەندە بەدرۆ خۆمان هەڵبەین ملمان ئەشکێ،
ئەوەندەش بێ بارو دووڕوو بین هیچ رێگەیەکی راست نامان گرێتە خۆ.."

-1-

نامەی ماندووی، دوور وڵاتت
چاو پڕ لە فرمێسکی پرسیار
سیمای دێڕی کش‌و ماتت
وەك وەرینی گوڵی بەهار
وەك رێبواری هەناسەسوار
وەکوو کۆتری باڵ شکاو
وەك نێرگزی چاوی تۆراو،
وەك گوڵاڵەی هەڵبزڕکاو
وەك چۆلەکەی، لەدوور هاتووی،
تینو بۆ ئاو..
وەك سەرنجی ئەو مناڵەی
لەدایکی ون ئەبێ .. سەرسام!
کاکی برام..

ئاوا نامەی هیلاکی تۆ
وشەی دڵی خەمناکی تۆ
گەیشتە لام.

★

لێم ئەپرسیت..
خەریکی چیت؟!
دەنگو باسو هەواڵ چۆنە؟.
باخی ژیانی ساڵ چۆنە؟
گەورە چۆنە؟ مناڵ چۆنە؟
شاری خۆشەویستی.. نەگبەت
توخوا چۆنە؟.
دایکی لاوانەوەو مەینەت
توخوا چۆنە؟.
لێم ئەپرسیت:
چی ئەبینیت؟
چی ئەبیسیت؟
لەزۆرو کەم تا بە سووسە!
بۆم بنووسە
با زۆریش بن..
پرسیاری من..
گۆمی تکاو چاوەڕوانیم
مەشڵەقێنە.

وشەی سەربەست
چۆن دێتەدەر بیدرکێنە
توخوا لەناو گەرووی ترسا
یان بەئەنقەست
مەیخنکێنە
دوور وڵاتی هەشت نۆ ساڵم
تاسەی دووریم.. مەڕەنجێنە!.

-2-

کاکی برا!.
وەك تۆ ویستت
زمانی قەڵەم نەی وێرا
سەربەست سکاڵا هەڵڕێژێ
ناچار کرا، زیندە بەچاڵ
گەلێ وشەی پەپوولەی ئاڵ
گەلێ زەردەخەنەی وەرام
پەستو ناکام
لەناو گریانا بنێژێ
وەك وەرزی ساڵ.
ناچار کرا
گەلێ جریوەی ئەستێرەی
شینی سامال

گەلێ تریفەی ئاواتی،
مانگی خەیاڵ
زۆر هۆنراوەی وەك خۆر روناك
گەلێ بزەی پێکەنینی،
پڕ لەگەشەی وەك ساوا پاك
بکا بەژێر هەوری تاڵی
بیرچوونەوەی، ژیانەوە،
بەژێر باڵی
شەوی تەنیای گریانەوە!
سەرسام مەبە. ئەگەر بڵێم:
چاوی زستان
لەجێی باران
لەجێی مژدەی پەڵەدانی
ناو دەغڵو دان..
نمەی خوێنی لێ ئەبارێ
خوێنی گریان!.
سەرسام مەبە. ئەگەر بڵێم:
بەفر.. سوورە!
وەکوو رەنگی دار ئەرخەوان،
وەکوو بەرگی بەری لەشی
شەهیدانی، بێ ناونیشان
وەك گوڵاڵەی گۆنا گەشی

دەشتو دەری گشت نیشتمان.
دڵ تەنگ مەبە.. ئەگەر بڵێم:
مرد.. بەهاری خۆشەویستیی
جاری جاران
مرد.. بەهەشتی
مرد.. رەوشتی
پیرۆزی باوو باپیران!
سرە.. دەماری.. پیاوەتی
کۆنی کوردان.

★

سەرسام مەبە، ئەگەر بڵێم:
لەلای ئێمە
بەهار وەرزی گوڵ وەرینە
خۆر هەڵاتمان خۆر نشینە.
خۆزگەمان بەرەو دێرینە.
دڵ تەنگ مەبە
خەم هاودەمە
تانوپۆی ژینی تەنیوە.
خۆشی دەمێکە تەریوە
ئەوەی بەکوڵ نەگریابێ،
لەلای ئێمە، مانای وایە پێکەنیوە..

★

سەرسام مەبە، ئەگەر بڵێم:
لەلای ئێمە..
لەباتی گوڵ دڕك ئەڕوێن
سەرسام مەبە، ئەگەر بڵێن:
پێنەکەنی.. ئەگەر بڵێن:
لەلای ئێمە..
لەجێی مایین.. ئێستر ئەزێن!.
سەرسام مەبە، ئەگەر وتیان:
لەلای ئێمە نرخی ژیان
نرخی تەمەن، ڕۆشنایی گیان
لە تۆڵەکە.. هەرزان ترە
یان لە پووشکە.. ئاسان ترە
سەرسام مەبە.. ئەگەر وتم:
گیان کێشانی.. خوا نەماوە
مردنی.. ئەوسا نەماوە..
بۆ سەر بڕین، بۆ هەڵکێشان
ملی زەڕنە قووتەو جوجکێ!
ئەستوورترە.. لەهی ئینسان!.

★

لای ئێوە، پێشکەوتن باوە
بەرەو بەرزیی ڕۆشتن باوە
تامی شادی چێشتن باوە

گەشتی ئاسمان کردن باوە
کاکی برا.. لەلای ئێمەش
لەناو یەکا کوشتن باوە
بەدەستی یەك ناشتن باوە
تاوانو خوێن ڕشتن باوە

★

سەرسام مەبە، ئەگەر بڵێم:
لەلای ئێمە
ڕێوی شێرە
چەقەڵ بەسەر شێرا نێرە!
مشك، پشیلە ڕاو ئەنێ
داڵ، بەهەڵۆ پێئەکەنێ
کوێر: چاوساغە، چاوساغ: کوێرە!
سەرسام مەبە، ئەگەر بڵێم:
قاژوو جوانە!.
دەنگی خوێندنەکەی خۆشە
قەل سپیو سۆڵ
ڕابەری شەوی کاروانە
ژیشك، نیان!
لەش نەرمو نۆڵ!
مار بەوەفا، بێچووە کۆتری،
لا میوانە.

جگەرسۆزە، بەسەزمانە!
زەردە واڵە..
هەنگی گوڵاو دور هەڵگری
گوڵی کێویی دارستانە.
چزووی.. دووپشك
بۆ گاڵتەیە.. جێگەی گازی
پاکەدەمی، وەکوو نیازی

- 3-

سەرسام مەبە، ئەگەر بڵێم،
سەر بامەدە.. ئەگەر بڵێم
لەلای ئێمە
هاڕەی چەپڵە، چەپڵەی هەزار
چەپڵەی نووستو، چەپڵەی بێزار!
گرمە گرمی هەوری هاوار
زستان، پایز، هاوین، بەهار
دائەکاتە، سەر گوندو شار
مەیـمورنی، سەر شانۆ ئەڵێ
تەشی ڕێسی درۆ ئەڵێ..
خێوی ناو کێوی ڕەش ئەڵێ
بێگانەی دەستەمۆ ئەڵێ
ئەو هەر ئەڵێ..

لەدواشەوە، قوڕگی نووساو

گاگەلی، تێر لەوەڕ، تێر ئاو!

پەیتا پەیتا ئەڵێن بەڵێ

فەرمایشتە، ڕێ وا ئەبێ.

جامبازی تۆین.

لەپشت تۆوە، هەتا مردن.

بەگوڕ ئەڕۆین

با چاو بەرەوژێر بێ، چییە؟

با لەشی تۆ گێڕ بێ چییە؟

گەڕ بێ چییە؟

با گوێی بیستن کەڕ بێ، چییە؟

پێمان ئەڵێن

پاشەڵ پیسین.. ئینجا چییە؟

چاوچڵێسین، ئینجا چییە؟

سەماکەرین، تەشی ڕێسین

ئینجا چییە؟.

ئابڕوو ئەگەر تکا، چییە؟

شەرم ئەگەر شکا، چییە؟

پێرێ سووربووین، ئەمڕۆ شینین

ئینجا، چییە؟!

چۆن لوا خۆمان ئەگۆڕین.

ئینجا چییە؟.

**سبەی لای، گورگە شابۆرین.**

**بەو ناوەڕین.**

**ئینجا چییە؟!**

**نە دۆستمان هەیە، نە دوژمن!**

**نە حەز ئەکەین، لەژێر کەوتن!**

**نە سەرکەوتن!**

**ئینجا، چییە؟!**

**ئینجا چیە؟!**

1969-1959

*سەرچاوەی بیرکردنەوە، لەدەربڕینی ئەم هەڵبەستە بۆ شەش حەوت ساڵ زیاتر لەمەوبەر ئەگەڕێتەوەو چ پەیوەندییەکی بەرووداوەکانی ئەمڕۆوە نییە.

# یادداشتی هەفتەیەك*

"لەهەموو پاشاگەردانییەك ستەمتر پاشاگەردانی رەوشتە"

**شەممە :**

شەو وەك ئازار
كۆتایی نالێنی نەهات
هێشتا باران.. لەچاوی شار
لەچاوی شەو.. هەر ئەبارێ
وەكوو گریان
گریانی ئێمەی بێوچان
خۆر هەڵنەهات
تێپەڕی كات

*

لەگەڵ خەما هاتمە دەرێ
بینیم: تەرمی كۆڵانە ڕێ
تەرمی شەقام..
مەیتی .. دەرگای ماڵە هاوسێ
مەیتی.. گەڕەك

هەموو بۆنی.. خوێنیان لـێ دێ
لەگەڵ خەما، هاتمە دەرێ
دیم دراوسێی.. تەنیشتماڵم
دیم هاوڕێی.. کۆنەساڵم،
لەبەر دەرگا.. لەسەرمانا
یاخود بڵێم.. لەترسانا!
هەڵئەلەرزی..
وتم: چیتە؟!
وتی: ئەمشەو هاتنە سەرم
لەخەودا بووم دەوریان گرتم
ماڵەکەیان، تالآن کردم.
هیچیان نەهێشت،
تا ئاگری ژووریان بردم.
تا ملوانکەی، کچەکەمیان
لەمل داکەند.
تا سەعاتی ژنەکەشمیان
لەدەست، داکەند.
وا قەیناکا، تالآن کردن
بەلآم بەهەر پێنـج شەشێکیان!
تێریان لـێدام، ئینجا رۆشتن!.

**یەکشەممە :**

نیوەڕۆیەو رۆژ گیراوە
لە دەرگەزێن، لە کانێسکان،

لەسەرشەقام، لەحاجیحان،
لەگشت لاوە.
تەقەو ڕیزی دەمانچەیە،
تەقەی تفەنگ،
هاوارەو دەنگ،
چی رووی داوە؟!
ڕاکردنە سەر بەرەوژوور
سەر بەرەوخوار!
چی قەوماوە؟.
وتیان: لەناو چەقی بازاڕ
چوار کوژراوە..
چوار زامدارە. خوێن رژاوە!
گەرمە تاوان.
وتم: ئەو کوژراوانە کێن ؟
وتیان: بران!

**دووشەممە :**

ڕۆژ درەنگە..
ژیان وێنەی شەوەزەنگە.
لەناو شاخا، لەناو شارا
لەسەر مێزی قوتابخانە..
لەسەر دوکان.. لەبازاڕا
لەماڵانا.. لەچایخانە

تا لەکاتی.. نان خواردنا
لەناو پاسا،
لەرێی هاتوچۆ کردنا..
لەوەستانا، لەرۆشتنا
لەکاتی.. مردوو ناشتنا
لەنوێژی خواپەرستنا
لەدێڕی نامەنووسینا
لەفرۆشتن.. لەکڕینا!
لەسەر دیوار، لەکۆڵانا
هەتا لەناو، کۆڕی یاریی
منداڵانا:
کوردایەتی: زامدار ئەکەین
برایەتی: کوشتار ئەکەین
بەڵام دوژمنی خوێنەخۆێ
چاوروونو بەختیار ئەکەین!.

**سێشەممە :**
لەگەڵ دڵی تەنگو تارا
لەگەڵ هەنگاوی ئازارا
هاتمەدەرێ
گەڕام بەناو، هەموو شارا
ویستم ڕووناکیی ببینم..
ویستم هەتاوی دڵ پاکیی

گیان ببینم..
ویستم نێرگزی نەورۆزی،
خۆشی بۆن کەم.
ویستم خەفەت فەرامۆش کەم،
لەمانەم هیچ بەدی نەکرد!
ئەوەی کە دیم، هەر زستان بوو
هەر چلەی چاوی گریان بوو
هەر هەور بوو، هەر تاوان بوو
ئەوەی کە دیم: هەر جاران بوو!
خوێنی رژاوی زۆرم دی..
دڵی تاساوی زۆرم دی..
گوڵی سووتاوی زۆرم دی..
لەوانەم ئێجگار بەدی کرد
گەڕام، رۆشتم، سوڕامەوە..
دیسانەوە..
لەگەڵ دڵی تەنگ‌و تارا
لەگەڵ هەنگاوی ئازارا
گەڕامەوە..

**چوارشەممە:**

لەلای ئێمە هەر زستانە
تەمەن.. گەڵای دوای خەزانە
بەڵام بەهاری رازاوەی،
هەر چوار وەرزی ناحەزانە.

دوژمنان.. سەرچۆپی ئەگرن
دەست بەرنادەن
لەسەر لاشەی براکوژیی
لەسەر دڵمان.. هەڵئەپەڕن
لەگیانمانا.. ئەلەوەڕن
چۆنیان بوێ ، چۆن حەز بکەن
پێمان ئەکەن..
گوڵی ویژدانمان لێئەکڕن!
لەخوێنی یەك تێرمان ئەکەن
گلێنەی چاومان.. لێئەکڕن
کوێرمان ئەکەن..
خۆشەویستیمان.. لێئەکڕن
ژێردەستیمان.. پێ ئەفرۆشن!
زۆر بەهەرزان لێیان ئەکڕین
لەمەش زیاتر..
لەسەر لاشەی براکانمان..
لەگەڵیانا.. هەڵئەپەڕین،
ئەگەر گریان..
لەوان زیاتر بەکوڵ ئەگرین!.

**پێنجشەممە :**

نە بامان دیوە.. نە باران
لەچوار لاوە.. بووك بردنە
گەرمە کۆڕی.. شایی‌و لۆغان

گەرمە ئاهەنگی بێشەرمیی
دوای تەفرەدان!
لەگشت لاوە.. بووك بردنە
ئەم بەزمانە،
بەزمی خۆشیی ژێرکەوتنە.
لەقە فرتێی پێش مردنە.
نە بامان دیوە.. نە باران
با گەرمی کەین "پرسەی ئاهەنگ"!
بەچەقەنە.. بەقاقای زل
بەخۆبادان!

**هەینی:**
لەگەڵ خەما هاتمە دەرێ
گەڕام بۆ یەکێ پێم بڵێ
هۆی ئەم دیلیو رسوا بوونە
ئەبێ چی بێ؟
گەڕام بۆ یەکێ پێم بڵێ
گەلێ گەڕام..
بۆ شوێن وەرام..
لەنەوەی خۆم، کەسم نەدی!
هەتا پیرێکی ریش سپی..
هی دەوری زوو..
لەقەراغی شار.. تووشم بوو

که لێم پرسی..
ووتی: کوڕم
"پاشاگەردانیی.. ڕەوشتە"
"گەڵاڕێزانی.. ڕەوشتە"

مارتی/ 1969

*لەگۆڤاری "الـشعر 69"ی ژمـارە یـەك دا کـە لەناوەڕاسـتی مـانگی مایـسدا کەوتە بـازاڕەوە، لـە لاپـەڕە "30"ی دا هۆنراوەیـەکی شـاعیری عـەرەبی (خالـد الخـشان) بڵاوکراوەتـەوە، ئێـسکی ئـەم هۆنراوەیـە لـەرووی ژمـاردنی رۆژەکـانی هەفتەوە، تەواو لەم هۆنراوەیەی مـن ئەچـێت، "جـا بۆئـەوەی ئـەم لەیـەك چـونە گومـان پەیـدا نـەکات" حـەزم کـرد خوێنــەران بـزانن، "کـە بـەرواری دانـانی هۆنراوەکەی من بۆ سەرەتای مانگی مارت ئەگەڕێتەوە" هەروەکوو لەکاتی خۆیـدا یەك لەدوای یەك بۆ مامۆستایان "هەردی، کاکەی فەلاح، دیلان"م خوێندۆتـەوەو ئاگادارن.

# گوڵی زستان

ئەڵێن: بۆ گریان؟ دیاریی ئەمجارەی
گوڵی ژاکاوی ناو ئەم بەهارەی،
دڵ خەفەتبارەی،
هۆنراوەکانتە.. هیوامان ئەوێ
وەڕس بووین، ئیتر. تاکوو کەی زستان؟!
دەبا رووناکیی شەبەقیی بەیان،
لەئاسۆی "وشەی" گیانا دەرکەوێ.
تاکوو کەی گریان؟
ئاوێنەی تەمی بەرچاوت.. بسڕە.
وەك کۆرپە، هیوای تاقانەی ژیان
لەباوەش بگرە.
ئەگەر ئەشمری
لەناو بەهاری، ئاواتا بمرە!
وەڕس بووین. ئیتر. هیوامان ئەوێ.
وتم: گەلێ جار لەناو گریانا
یاخود لەباخچەی ماتی زستانا

گوڵی زۆر جوانتر، لەگوڵی بەهار
ئەڕوێو ئەپشکوێ.
پێم ووتن: زۆرجار
فرمێسکی.. ئازار
لەپێکەنینی، سەرزاریی زیاتر
بزەی ئومێدی تیا دەرئەکەوێ!

نیسانی/ 1969

# ئازاری راچڵەكین

لەخەوما بوو، شاعیرێكی، دەوری كۆنم دی
لەشوێنێكا، وەك بیابان، كاكی بەكاكیی
كاتێ نزیك كەوتمەوە لێی، بینیم وا ئەگری
بەدەستی خەم، بەدەستی دڵ، فرمێسكی ئەسڕی!
وتی ئەگەر، شیعرەكانم، لەلاتان ماوە،
وەكوو جاران، هەتا ئەمڕۆ، هەر نەفەوتاوە
پێیان بڵێ، نەی خوێندنەوە، بییاندڕێنن
كۆی كەنەوە، هەر بەیەك جار، بییان سووتێنن
ئەوەی ئەوسا، من ووتوومە، لێی پەشیمانم
ئاوەژووە، بەرگی بەری، هەڵبەستەكانم
گەر لەبری ئەو گوڵانەی، بۆ خۆتەفرەدان
هەڵم ئەدا بۆ سەر سەری، بەناو قارەمان
گەر لەبری، ئەو هەڵدانەی، بۆ ختووكەی فیز
هەڵم ئەدا، شێرو رێویم، ئەخستە یەك ریز
گەر لەبری، ئەو گوڵانە، دڕك بونایە!
هەتاكوو بن، لەپێستی هەست، بچەقاندنایە!

دۆست بوومایە ، قسەی رەقم ، پڕ بەمشت بوایە
پێکەنینی، شیعرەکانم، سەرزەنشت بوایە
چقڵی ووشەم، بۆ ئازاری، راچڵەکین بوایە
گرمەی هەورم، بۆ برووسکەی، راپەڕین بوایە
ئێوەش ئەمڕۆ، وەها دیلی، تەفرە نەئەبوون
وا لەهیچە، لەسکتانا، گەورە نەئەبوون!.

نیسانی/ 1969

# داربەڕوو

-1-

پێش هەزار پشت، ڕۆژانی زوو
کاتێ هێشتا.. تازە نەوەی،
یەکەمی کورد.. لەدایك ئەبوو.
کاتێ تازە.. منداڵی بیر،
لەناو شاخا، پێی گرتبوو
پێش هەزار پشت، ئەگێڕنەوە
عومری مێژوو
چیرۆکی پیرە داربەڕوو.
ئەهێننەوە،
لەداستانی دەماودەما
لەزستانا
لەماڵانی کوردستانا
بەم شێوەیە، ئەی خوێندنەوە:
ئەڵێن: ئەوسا زوو، ئێجگار زوو
نزیکی ئێستەی هەورامان
دارێك هەبوو..

داری بەڕوو
پێیان ئەوت: داری ژیان
داری زیندوو.
ئەوەندە.. بڕوای بەخۆی بوو
ئەوەندە.. هێزی تیا هەبوو.
بەگژ.. دەریای ساما ئەچوو
بەگژ .. ڕەشەبادا .. ئەچوو
هێندە.. گەڵاو لقی پڕبوو
سێبەری بۆ خۆر کردبوو
ئەو سەردەمە، داری بەڕوو
لەژێرەوە، ڕەگی قووڵی،
لەسەر پشتی "گاو ماسی" یەکە
داکووتی بوو!
لەپۆپەوە، لقی بەرزی
تا "حەوت تەبەقە" هەڵچوو بوو
لەوکاتەدا داری بەڕوو
بەو جۆرە بوو.

-2-

ژیان ڕاناوەستێ.. ئەڕوات
بەچاو بەبیر بەگیان ئەڕوات
ژین ناسرەوێ..
دواناکەوێ، پێش ئەکەوێ
چنگ نانەیەك

بەدەست بێ، یان،
بەبیر  بەچەك..
بەهێز ئەبێ لاواز بخوات
هەتا ئەمڕۆ
ئەم دنیایە هەروا ئەڕوات!.

★

دارەکەمان.. داری بەڕوو
پاش یەك دوو پشت،
بنی رۆ چوو
پۆپەی بەرزی، بۆ نزمی نیشت!
گەڵای وەری.
مەلی ژیانو ئاواتی
لەسەر تەڕیی.
دوژمن لقو، چڵی بڕیی
لەناو خۆشیا،
کرم تێی دا..
مێرووله کەوتە خواردنیو
کون کردنیی
قەڤ ئەستوور، کەوتە رزین
بەلادا هات..
لەسەر لاشەی پڕ لەبرین
دوژمنان کەوتنە هەڵپەڕین!.

★

بەهێز ئەبێ..بێهێز.. بخوات
مێژوو ئەڵێ.. ژین وا ئەڕوات.

★

داری بەڕووی، مانو ژیان
گەڵای وەری
لقی نەوی..
قەڤی گەورەی
کون بوو رزی،
بەلاداهات، کەوتە زەوی.
بوو بەزستان
ڕقی.. تەوری،
دەستی تاوان
کەرت کەرتی کرد،
دایان گیرسان،
پێیان گەرم کرد، دیوەخان!
لەدەوری، گڕی ئاگردان
گڕی داری بەڕووی سووتاو
ئەڵقەیان بەست، داگیرکەران
بوو بەئاهەنگ
تا ماندووبوون، تا شەو درەنگ
هەتا داری بەڕووی سووتاو
گڕی سووری، کوژایەوە..
دوا پشکۆی، دامرکایەوە.

-3-

دنیا لەجووڵە ناکەوێ

بیر ناسرەوێ .

بەڵام مێژوو هاوار ئەکات

لەوکاتەوە داری بەڕوو

بنی رۆچوو.

هەتا ئێستا هاوار ئەکات

پێمان ئەڵێ:

هەر بەهێزە لاواز ئەخوات

ژین وا ئەڕوات.

★

بەڵام مەترسن، مەشڵەژێن!

هەرچەندە.. کەم،

چاو ئەی بینێ

تررووسکەیەك بەدی ئەکەم!

لەکۆنەوە هەتا ئێستا

ناوی ئاواتی لێ ئەنێن..

بەدیی ئەکەم!.

داری بەڕوو، بنی رۆچوو

قەدی ڕزی، لقی فەوتا

لەشی سووتا!

دووکەڵ لەناو سکی هەستا

مەڵێن سەیرە، بەڵام هێشتا

بەڕوو، ماوە!!

مەڵێن سەیرە، گیانی بەڕوو
نەفەوتاوە!
ڕەگی قووڵی بنجو بێخی
بەڕوو، ماوە.
هیوا ماوە!
بەرەو ئاوی بن ئەبزوێ
بەڵام رەگی تینوو ئەڵی:
من لەئێوە خوێنم ئەوێ
چرای بیری روونم ئەوێ
چاوم ئەوێ، گیانم ئەوێ
هەستم ئەوێ..
مێکشم ئەوێ، دەستم ئەوێ.
کە داتانمێ:
ئەوسا بەرەو بەرزی بۆ سەر
رێگا ئەبڕم!
جەرگی بەردو ئاسن ئەبڕم
سەر دێنمەدەر!
وەك جارانم، جارانی زووم
ئەڕوێمەوە..
دیسانەوە.. ئەژێمەوە.
هیوا لە باوەشم ئەگرم
سروودی "هێز" ئەڵێمەوە
مەلی ژیان، دێنەوە لام
لەسەر پۆپەی، چڵو لقم

ئەخوێندنەوە
زوو بێ و درەنگ
مەل دێنەوە..
ئەوسا پۆل پۆل ئەکەونە ڕێ
بۆ کام درەخت، شوێنی دوورە
وەك من جەرگی، زەوی سوورە
داستانی دار بەڕووی زیندووی
هیوا گرتووی،
ئەم وڵاتە.. ئەگێڕنەوە.
زوو بێ و درەنگ.
من هەر ئەبێ ، بژێمەوە
ئەژێمەوە.. ئەژێمەوە!

مایسی/ 1969

# من تینوێتیم بەگڕ ئەشكێ

1974

# گینگڵ

بۆ هاوڕێم "حسەین عارف"

**بۆت ئەگەڕێم و نیوەشەو لەناو بێژەنگی گومانی ساتەکانیا،**
**سوڕم ئەدا.. بیرەکانم: ئەمبێژنەوە.**
**سوڕم ئەداولەچۆڵێکا کەئاو:خەوی ئاسمانێکە نەزۆك،**
**جێم ئەهێڵێ. قاچەکانم: ئەمگێڕنەوە**
***جێم ئەهێڵێ و خێڵی ترسی جێنیشتە لەناو قوڕگی نەهەنگا،***
**ئەمدۆزنەوە. دەستەکانم: ئەمڕننەوە**
**ئەمدۆزنەوەو بەستوونی یەك بەیەکی دەوارەکانی تاوانا،**
**ئەمبەستنەوە. لەشم لە سەرم ون ئەبێ**
***سەرم کتێبێکی کۆنە لەناو تاقی مێژوویەکا دانراوە.***
**تۆزی شپرزەیی ئەیخوا- سەر لەسەر سەر هەڵچنراوە-**
**خەتەکانیان داون.. ئەلکێن بەقاچی جاڵجاڵۆکەی ڕۆژەکانا**
**لەشم خوانێکە لەژووری نەوسەکانما راخراوە.**
**بۆت ئەگەڕێم و نیوەشەو هەرێمێکە بێدەنگیی داگیری ئەکا**
***خەوە خۆری ئەم هەرێمەی خەساندووە**
**خەو بکوژن.. خەو لەم هەرێمەدا دەرکەن!.**

بۆت ئەگەڕێم‌و نیوەشەو ڕەو بەشیعرەکانم ئەکات..
ڕەوێك.. سنووری نەخشەکان ئەسڕێتەوە.
ڕەوێك.. زەمانی بەستۆتە پشتی هەنگاو.
گەشتێك.. "جێگا" لەکۆڵ ئەکات.
بۆت ئەگەڕێم‌و شێوەی تۆم نەبینیوە..
بۆت ئەگەڕێم‌و ئەبینم: زەریاکانیش لێم تێناگەن
"من مەبەستم لەزەریایەو ئێوە ئەڵێن لێت تێناگەین"[1]
*دە ڕایژەنن، ئەو ئازارانە ڕاژەنن کە هەوێنی،
گینگڵ دانی شاعیرێکن نەهێنییەکان ئەیپشکنن.
نەهێنییەکان چنگی شەنن، لێکدانەوەم لەوەرزێکا بەبا ئەدەن
کە هێشتاکو گوڵەگەنم نازانێ ئەو بۆچی ئەڕۆێ!.
*کە هێشتا چاوم نازانێ- تەماشای- بۆچی ئەکوژرێ!*
بۆچی ئەمرم؟! بۆچی ئەستێرەکان نامرن!.
بۆت ئەگەڕێم‌و تەماشام بەسێدارەی نیوەشەودا هەڵواسراوە.
بۆت ئەگەڕێم‌و
لەپرسەی بوونی خۆما لەبەر نەهێنیت هەڵئەسم.
نەهێنییەکان بیابانن.. مێشکم لـمی تینوویانە
لەم چۆڵەدا کاروانی پرسیار ڕێچکەیان،
رووەو کارێزەو نایگەنێ
رابەرەکان هاتن.. ون بوون.. پرسیاریان کرد
یەك لەدوای یەك چۆڕانەوەو بوونە هاڵاوێ لەقوبەی،
ناو تەلیسمی پرسی تردا.
"سەرم بالیفی گەردوونەو هەموو شەوێ

دەرزی ئاژنی خۆی ئەکات.
هەموو شەوێ کۆچێ ئەکاو ناگاتە جێ.
هەموو شەوێ لەبەردەمی دادگایەکا،
بڕیارێکی هەڵهاتووە!"
بۆت ئەگەڕێم و نیوەشەو خەرەندێکە [2] دەس ئەنێتە بینی وشەم.
بۆت ئەگەڕێم ونیوەشەوتابوتێکە جیهانێتیا راکشاوە
"تاریکیی پاچێکی رەشە بناغەی کۆشکی گومانم ئەداتەوە،
لەتاریکیدا.. نامەی رۆژ ئەخوێنمەوە"
بۆت ئەگەڕێم ئەی کیشوەری چاوی ون بووی خۆشەویستیم
ئەی ئەستێرەی خوانشینی نەدۆزراوە.
وا لەم شەوەدا "گلگامش" دێتە سەر باڵی سیمرخی داستانەکەم
جارێکی تر ئەفڕێتەوەو ئەم کەڕەتە گومان ئەکات لە "ئەنکیدۆ"
ئەم کەڕەتە هەڵۆی چاوی ئەودیو ئاسمان بەدیی ئەکا.
گومان ئەکا!
گومان ئەکا!
گومان ئەکا!
★کێ ئەڵێ "ئۆدیب" رەوانەی دۆزەخ کراو پەشیمانە؟
کێ،کێناڵێ داوێنی دایکی،بەچڕنوکی جرجی شەهوەت،
کە ئەڕنی، نەی ئەناسی؟!
★ ئەی کێ ناڵێ.. ئەی کێ ئەڵێ.. ئەی کێ ناڵێ؟!
★لەگەڵ بانگی مەلای مزگەوتی سەلجووقا
بەیانی بوو.. کە ئالۆشێ لەهێلانەی،
ئارەزووی ژووری حەرەمی- خەلیفەدا-

سەری لەرەحما ئەجوقا.
⋆هاوڕێکەم سەرەك هۆزێکی شاریی بوو
هەموو رۆژێ لەگوزەری بانقەکانا،
بەکڵاو دیناری ئەگرت!
"هەیە کاڵەو پێتاوی بۆ لەپێ ئەکاو ناشیگرێ"
هاوڕێکەم هەموو شەوێ کاژێکی تازەی دەرئەداو،
پێستێکی کەی لەبەر ئەکرد
بۆ بەیانیش لە وانەکانی "مارکسا"
بەرماڵەکەی "مـحەمەد"ی ئەکردە کۆڵ.
جاڕی ئەدا:
کە "یەهودا" بێ گوناهەو،
"مەسیح" سەر، سەری خۆی نەبوو!
⋆ئەی کێ ئەڵی.. ئەی کێ ناڵێ.. ئەی کێ ئەڵێ؟!
بۆت ئەگەڕێم‌و نیوەشەو واشەیەکە لەسەر لاکی رۆژەکانم هەڵئەنیشێ.
بۆت ئەگەڕێم‌و گالیسکەی ئەم شەوەزەنگە سەرەو لێژ:
ترسی کۆیلەم.. بەدوای خۆیدا ڕائەکێشی.
ترسی کۆیلەم.. زامەکانی بەبێ تفرن* و ناهێڵێ
ئازارەکان لەناو پێخەفی پشوودا بێ‌خەم بنوون.
"چۆن ئەهێڵێ ئەم شانۆیە تابلۆکان بشارێتەوە
چۆن ئەهێڵێ مێژووی ئەکتەر لەژێر دەمامکی "مەکبەثا"
وەك "مەم" بدوێ..
چۆن ئەهێڵێ گیای هەناسەی "دەیدەمونە"،
لەزەلکاوی سییەکانی پیرێژنی فەرهاد کوژەی،

رقا بڕوێ.. چۆن ئەهێڵێ"

٭دەمامکەکان هەڵبەنەوە ئەم شانۆیە هەرەس دێنێ.

دەمامکەکان هەڵبەنەوە ئەم شانۆیە هەرەس دێنێ.

بۆت ئەگەڕێم و نیوەشەو گۆڕهەڵکەنی شاری خەوە.

بۆت ئەگەڕێم و گومانم ئەسپ سوارێکە هاتووە.. ئامادەبێ

لەژوانی یەك ناسینی لەدایك بوون و مردنما..

ئەسپ سوارێکە هاتووەو نەهاتووە..

سمکۆڵ ئەکاو دابین ئەبێ، دابین ئەبێ و سمکۆڵ ئەکا.

جڵەو ئەگرێ و جڵەو ناگرێ!

بۆت ئەگەڕێم و گومانم تەورداسێکە درەختیساڵەکانم،

ئەکا بەچەند کەرتێکەوە:

لەکەرتێکا: وا ئەتبینیم چاوت بۆتە یانەی هەموو سەرخۆشەکان

مەمکت بۆتە قوبەی هەموو مزگەوتەکان.

لەکەرتێکا وائەتبینم قاسەیەکی و کلیلەکەت ناتکاتەوە،

ناتکاتەوە تا بەڵێنی چەند لیرەیەکی پێنەدەی.

وا ئەتبینم خەنجەرەکەی "پرۆتۆس"ی و،

دەساو دەس دنیا تەی ئەکەی!

"گومان ئەکەم، گومان ئەکەم"

٭ئەی نابینی رووبارەکان هەڵساونەتە سەرپێ و بانگی،

بیابان ئەکەن کە لێیان بخۆنەوە.

ئەی نابینی کە شاخ بەدوای بەفری لێدزراویا وێڵە.

ئەی نابینی باڵندەکان بەکۆمەڵ مانیان گرتووە،

لەنیشتنەوە.

درەختەکان لەسەوز بوون.
ئەی نابینی بروسکەکان لەناو چاوی هەورەکانا،
تەرمی باران بەشانی خۆر ئەگوێزنەوە!
لەدووکەڵا زەردەخەنەی نەمامەکان ئەدۆزنەوە.
ئەی نابینی؟ ئەی نابینی؟
پەنجەی بێدەس لەناو فێستیڤاڵی خوێنا شمشاڵ بۆ مردن ئەژەنێ
ئەی نابینی:
ئەم گەردەلوولە چۆن زەریا ڕائەژەنێ!
"گومان ئەکەم.. گومان ئەکەم"
*ئەی نابینی هەر دەرگایەك لەرووی تیشکێکی ئاوارەو،
راونراودا.. بکرێتەوە.. تەورەکان چۆن مۆری ئەکەن!
ئەی نابینی هەر نامەیەك بۆ بارانو نانو گوڵی،
یار بنووسرێ.. مقەستەکان چی لێئەکەن!
ئەی نابینی هەر نیگایەك بڕوانێتە ئەودیوی سنووری بینینی
سوژنەکان،چی لێئەکەن
ئەی نابینی ..ئەی نابیسی:
هەر "زمانێك" لەنگەری قسە لەگوێچکەی،
دیوەخانی شاردا نەگرێ، گوێزانەکان چی لێئەکەن!
"ویستم ئەوە لەزەریایەك بگەیەنم
گەر جۆگەکان نەبن.. ناژی
-خنکاندمی-
ویستم ئەوە لەبروسکە بگەیەنم
گەر هەورەکان نەبن.. ناژی

-سوتاندمی-"
-تۆ کێی.. تۆ کێی؟
-هەتاوێکم بەبێ ئاسۆ!
-دەرکراوی؟
-لەوکاتەوە دڵنیایم بەستۆتەوەو لەسەرە ڕێی،
گشت کەسێکدا، نیشانەی کاسە سەرێکی نوێم داناوە!.
-چۆن هەڵئەکەی؟
-نان بەبێشەرمی ناوچەوان نابرژێنم.
-منت دیوە؟
-کە مردنم لەلێواری ترسا بینی.
-ناوت چییە؟
-ناوت چییە؟
بۆت ئەگەڕێمو ئەمشەوە لەوێرانەی زەمینێکا ڕەنگی گومان،
بەچوار دەوری ئاینزاکانا ئەڕێژێ.
دەنگی گومان ئەدا بەگوێی ئەو سەرانەدا کە لەشیان
سەر ئاوی- ئاموون- کەوتووە.
"بەرد هەیەو ئاو نییە.. ئاو هەیەو بەرد نییە
گەر لێرەدا ئاو هەبوایە ئەوەستاین ئەمانخواردەوە"*
بۆت ئەگەڕێم ئەی کیشوەری چاوە وێڵو ون بۆکانی خۆشەویستیم
ئەی ئەستێرەی خوانشینی نەدۆزراوە!
ئاسۆم بەرێ.
*ئاسۆ هەیە؟!
-کە چاوی خۆم ئەکەمە کوانووی بڵێسەی نەهێنییەکان

کاتێ "سووتان" بەرزم ئەکاتەوە بۆ لای،
ئێشی مەرگی سوێ بوونەوە..
-چی ئەبینی.. چی نابینی؟
-ئاوێنەکان تیشك دانەوە خوار ئەکەن
ئاوێنەکان ناچنە بەردەمی رووخسارێ ، چاوەکانی
خرابنە دۆزەخەوە.
ئاوێنەکان بێ —ئاوێنە، ناخەنە ڕوو
ئاوێنەکان درۆ لەگەڵ هەتاو ئەکەن
لەنیوەشەودا نابینن.
1-ئاوێنەیەکی شارەکەم ئەو دەمو چاوەی شاردەوە
کە یاسای مەیتخانەکەی بەخوێنی دەمی مۆر ئەکرد،
ئاوێنەکە: رەنگی زەردی ئەخواردەوە.
2-کە "پیکاسۆ" کەوتە ئاڵتوونماڵیی کردن
لەئاوێنەی تابلۆکانیا خۆی ئەبینی:
میرێکە سواری فڕۆکەی پارە بووە
-دراوسێکەی وێنەکێشێ بوو کە بانقی،
خوێنی پاریس، هەفتەی جارێ
بەچەند فرەنگێ چەکێکی ئەدایە دەس
لەجێی خوێنی هەڵهێنجراوی!.
3-بڕوانامە ئەگۆڕنەوەو لەشەوێکا ئاوس ئەبن
ئەوەی ئەبێت نیوەی مارەو نیوەی ئینسان.
4-کاروان کوژە کە کاروانەکان ئەکوژێ
لەپرسەشیانا فرمێسکەو دائەنیشێ.

5-ڕێك ئەکەویی؟!

چاو بە گەنم

خورما بەگازی ژەهراویی

توتن بەکۆشکی سەرەتا یان کۆتایی

ڕێك ئەکەویی

6-کە نانیان کوشت ئەبوایە هۆزی گڕ بچن

بەپیر داسی بێدەستەوە.

کە ئاویان کوشت ئەبوایە هۆزی دارستان

هەڵسن.. بچن

بەپیر گەرووی زەردەشتەوە!.

7-کوللە لە ئەشقی چاوی گوڵەگەنمە

گەرا لەهێلانەی برسێتیدا ئەخا؟

ئەو دڵدارە؟!

8-ئەی نیشتمانی خۆڵەمێش! گەر تۆ ئاگردانی شەوبی

خۆشەویستیی من پەنگرە*

گەر تۆ قوڕگی گڕەی هاواری تینوو بی

منیش تاسەم ئاوی سوولە*

ئەی نیشتمانی خۆڵەمێش!

*دەمامکەکان هەڵبەنەوە ئەم شانۆیە هەرەس دێنێ!.

ئەی کێ ئەڵێ.. ئەی کێ ناڵێ.. ئەی کێ ئەڵێ؟!

ئەی کێ ئەڵێ.. ئەی کێ ناڵێ.. ئەی کێ ئەڵێ؟!

ئەی کێ ئەڵێ.. ئەی کێ ناڵێ.. ئەی کێ ئەڵێ؟!

بۆت ئەگەڕێم و ڕووتەنیی ئەم زەمینە مێروو لەناو،

شارە گومانی تەمەنما ئەوروژێنێ
بۆت ئەگەڕێمو چاوی خۆم بەدوای برژانگیا ئاوارەی،
گریانی ناو پێڵویەتی..
"لەم شەوەدا وەردیانی بەندیخانەی هەناسەکان،
بەپۆستاڵی گوێزانەوە بەسەر ڕاڕەوی ناو سنگما،
دێنو دەڕۆن.
لەم شەوەدا ئازارەکانم لەپشتی هاوارەکانم بەستووە"
⋆چاوت گومان لەبینینی ئەکات.
با لێرەوە سەرەتایەك لەگلۆڵەی یاخیبوونم بەرەلاکەم،
بەرەڵلابە ئەی ئەو بازەی باڵەکانت لەئەستێرکی،
ژانی رۆژگارم وەرئەدەی..
بەرەڵلابەو بەدەنوکی تیشکەکانت چاوی ئەم شەوە دەربێنە!.
⋆گوێچکەت گومان لەبیستنی ئەکات .
-بۆ کوێ بڕۆم چاوەکانم ئاسمانێکیان هەلگرتووە
پڕن لەتەرمی ئەستێرە.
بۆ کوێ بڕۆم کە سەرم شوێنم نەکەوێ
بۆ کوێ بڕۆم کە ئاسۆکان-هەڵفڕینیان،
لەباڵ قەدەغەکردبێ.. بۆ کوێ بڕۆم؟
لەشت گومان لەهەستانی ئەکا
بۆت ئەگەڕێمو نیوەشەو تونێلێکە شەمەندەفەری بێداریم،
هەڵئەلوشێ.
بۆت ئەگەڕێمو نیوەشەو قرژاڵێکە،

**خۆی لەبنجی وشەکانم ئاڵاندوەو،**
**هەتاوی گشت حەرفەکانم هەڵئەمژێ!.**
**بۆت ئەگەڕێم‌و نیوەشەو لەناو بێژنگی گومانی ساتەکانیا،**
**سوڕم ئەدا، سوڕم ئەداو لەچۆڵێکا کە ئاو: خەوی،**
**ئاسمانێکە نەزۆك جێم ئەهێڵێ، جێم ئەهێڵێ‌و خێڵی،**
**ترسی جێ نیشتە لەناو قوڕگی نەهەنگدا ئەمدۆزنەوە،**
**ئەمدۆزنەوەو بەستوونی یەك بەیەكی دەوارەكانی تاوانا،**
**ئەمبەستنەوەو سەرم لەلەشم ون ئەبێ.**
**بۆت ئەگەڕێم ئەی کیشوەری چاوە وێڵ و ونبۆکانی خۆشەویستیم**
**ئەی زەمینی خوانشینی نەدۆزراوە..**
**بۆت ئەگەڕێم**
**بۆت ئەگەڕێم**
**بۆت ئەگەڕێم..**

1–سان جۆن پێرس لەچامەی –زەریا–وە.
2–خەرەندە: دوو دیواری دەربەندێکی تەنگی هەڵچووی هەزار بەهەزارە کە لەژێرەوە ئاوی پێدا بڕوات "ڕەواندز".
*تفر: قەتماغە.
*ت.س. ئەلیوت لەچامەی –وێرانە خاك–وە.
*پەنگر: پشکۆ
*سوول: ئەو جۆگە ئاوەی بەراستەشاخێکی سەختا دێتە خوارەوە.

# جارێکی تر "سمکۆ" ناچێتەوە سەر خوانی مردن!

*بەهۆرەی تفەنگی کاروانی بن بنار لوتکەکان:
ئەستێرەی پشکۆیان
رژانە ناو چاوی بەیانی بەفرەوە.
چەمەکان.. بەرزە پێ هەڵسانو هەڵگیرسان.
ئەسپەکان.. لەبێشەی ئاگردا.. ئاو دران.
هۆرەیە.. وا "شوکاك" رەشەبا زین ئەکات
بەقاچی گەردەلوول،
ئاوزەنگی لافاوی باڵ گرتوو.. لێ ئەدات!.
هۆرەیە.. هۆرەیە
ئەشکەوتی گوێی شاخی.. بە مسی تاریکیی.. ئاخنراو
وا بەربوو کەوتە بەر
تەوژمی رووباری خۆرەتاو.
هۆرەیە.. وا "شوکاك" رەشەبا زین ئەکات
بەقاچی گەردەلوول.. ئاوزەنگی،

لافاوی باڵ گرتوو.. لێ ئەدات.
⋆ڕەگ ئەبێ چۆغەی ژان لەبەر کات
بۆئەوەی لەبەردا گوڵ بڕوێ.
ئاو ئەبێ خۆی تاڵ کات، بۆئەوەی
پەلو پۆی تینوویەتی.. خۆر بگرێ!
⋆سەیرم کەن! بە ڕمی نیوەڕۆی داخ کراو لەدەستما
چۆن سەری مردنی ئەم شەوە.. هەڵئەگرم.
سەیرم کەن! ئەمجارە بەیداخی
مەرگی خۆم.. هەڵئەبڕم
مل ئەنێم.. بەرێگەی دۆزەخا بۆ بەهەشت
مل ئەنێم
غار ئەکەم، کلکی غار
کلافەی چەخماخەی.. سەرپشتی کێوانە.
غار ئەکەم.. دەشتەکان لەگەڵما غار ئەکەن
غار ئەکەم.. سوپاکان لەبەرما.. بار ئەکەن!
کە ئازار تاو ئەدەم.. لەدواوە برینم تۆز ئەکا!
کە جڵەو بۆ هۆرە شل ئەکەم..
لەڕێگای .. "قەتار"دا
ڕێبواری هەناسەی حەیرانو لاوکم.. پێ ئەگا
بمبینن! من مانگی دزراوی،
ئاسمانی کوردستان.. دێنمەوە.
بمبینن! من کۆتری تۆراوی ،

چاوانی دەزگیران . دێنمەوە
سەیرم کەن ئەزانن.. تەونێکم: تۆڵەتان چنیومی.
سەیرم کەن تێئەگەن.. پرسێکم: وەرامتان بینیومی
⋆رەگ ئەبێ چۆغەی ژان لەبەر کات
بۆئەوەی لەبەردا گوڵ بڕوێ..
ئەی سوارەی پێشەنگی کاروانی برووسکە!
بەر لەوەی تاو بدەی بەئازار.. پرس کە
پرس کە.. لەو دەنگەی لەگەرووی مێژوودا.. پێکراوە
پرس کە.. لەو ئاوەی لەئاوا خنکاوە.
پرس کە.. لەو گڕەی لەگڕا سووتاوە.
⋆من.. چەمی "خوڕ خوڕە"م کردووە بەدەمی،
دەربەندی "قوتور"دا
هەواری "چاریە"م لەگۆمی ورمێدا.. هەڵداوە
هەیاسەی "زۆزان"م لەپشتی سەقزا.. بەستووە
لە سابلاخ شاییمەو.. دەستم لە.. سنە دا.. گرتووە!
دیواری ئاوێنەی ئەو خوێنەم:
کە قژی نەورۆزی لەبەردا داهێنام
پەنجەرەی برینی.. ئەو ژووری خورشیدەم،
کە نامەی فرمێسکی.. خاوەری بۆ هێنام.
سەیرم کەن! ئەزانن: چۆن تاوێر لەلوتکەی چیادا،
ئەوەستێ و ناکەوێ
سەیرم کەن.. تێئەگەن.. چۆن ڕووبار،

لەكۆشی وەنەوزا.. شەكەتەو ناخەوێ.
★ڕەگ ئەبێ چۆغەی ژان لەبەر كات
بۆئەوەی لەبەردا گوڵ بڕوێ!.
ئەی سمكۆی پێشەنگی كاروانی برووسكە
بوەستەو.. سڵ بكە:
"تاران"ی پشیلە، خۆی لەكام شانو مل هەڵئەسوێ؟
پایتەختی پشیلە، نایەتە سەر رانی گوندی تۆ!
چڕنوكێك.. دوو چڕنوك.. دە چڕنوك!
★نێڵە نێڵ.. نزارێك لەسنگما سوتانی لرفەی دێ
ئەی پووشووی پێدەشتی خەمەكان دە بیگرن!
هاژە هاژ.. لافاوێ لەسەرما هەواڵی گرمەی دێ
ئەی پردی بەربەستی ئێسكەكان.. مەیگرن!
سەیرم كەن.. وا هەورە تریشقەی ،
ژێر سمی ئەسپەكەم ..
سامناكیی ..ئەڕوێنێ.
سەیریكەن..ئەوا شا بەیداخی سەرسپی،
بەپیری بەیداخی سورمەوە.. ئەهێنێ.
سەیرم كەن.. من ماسی گۆمێكم.. تۆڕ ئەگرم!.
سەیرم كەن.. ئەزانن چۆن برین.. تیغ ئەبڕێ!.
سەیرم كەن.. تێئەگەن چۆن گریان.. گوڵ ئەگرێ!.
تینووبووم.. ئاو گەڕا بەشوێنماو
هاتە لام.

هەویری نانێ بووم..
ئاگر خۆی گرتمیو پێوەی دام!.
★ئەی سمکۆی پێشەنگی کاروانی برووسکە
سڵ بکە.. سڵ بکە.. سڵ بکە!
چڕنوکێك.. دە چڕنوك.. سەد چڕنوك
مەچۆرە.. سەر خوانێ کە مردن لەسەرای
"شنۆ"دا.. رای ئەخا.
مەچۆرە.. سەرخوانێ.. کەوچکی قاپی خۆی
داغ ئەکا!.
ئەی سمکۆی پێشەنگی کاروانی برووسکە
میوانی.. خوانێکی.. کە نانی ژەهراویی،
ئێشکچی ژووریێتیو وەستاوە
مەچۆرە ئەوماڵەی.. کە شێوی تاوانی
لەسەری براودا لێناوە.
مەچۆرە.. بەر کەڵبەی تفەنگێ قۆناغی خۆی بخوات.
مەچۆرە.. سەربانێك جنێو بە: بناغەی خۆی بدات.
مەچۆرە، سەر فەرشی، گومانێ
کە سەرهەنگ لەسەرای مردنی شنۆدا
ڕای ئەخات.
ئەی سمکۆی پێشەنگی کاروانی برووسکە
سڵ بکە.. سڵ بکە.. سڵ بکە!
★تا "شنۆ" جێ دێڵم

ڕێ ئەدەم.. چەکەکان: سەرەو خوار بەشانی کڕبوونا،

هەڵواسن!

تا شنۆ.. جێدێڵم..

ڕێ ئەدەم.. زامەکان.. چەقۆکان بناسن!

★ئەی سوارەی پێشەنگی کاروانی برووسکە!.

ڕێ مەدە.. سڵ بکە.. ڕێ مەدە.. سڵ بکە!.

چڕنوکێك.. دە چڕنوك.. سەد چڕنوك!!

★بەهۆرەی کەژاوەی گریانی بن بنار.. لوتکەکان:

قەتارەی فرمێسکیان

ڕژانە ناو چاوی حەیرانی شەوەوە.

چەمەکان نووستنو لافاوی لاوکەکان: نیشتنەوە.

ئەسپەکان: جڵەوی حیلەیان

بەمێخی تارانا.. بەستنەوە.

ئاوزەنگی: جۆلانەی مانگێکی کوژراوە.

قاچەکان بەسکی ژانێکا.. ئەنووسێن

کە نێزە لەناویا سەرچۆپی کێشاوە.

هۆرەیە.. بە ڕیزە، وا سەری هەڵکەنراو،

بەپردی "شنۆ"دا..

گڵۆپی خوێنێکن.. بەرۆژیش ئەسوتێن.

سەیریکەن.. ئەزانن بۆ چاوی کارێزی هەڵبەستم

لێڵ بووە.

سەیری کەن.. تێئەگەن.. بۆ هۆرەو قەتارو حەیرانو لاوکم

وێڵ بووە!

# تۆ هەوریتو ئەتبارێنم

لەسۆراخی کانییەکا.. زەریاکانم لەخۆم تۆران.
لەسۆراخی بارانێکا.. سامالّی ئاسمانم تۆران.
لەسۆراخی منالێکا. گەورە گەورەکانم تۆران.
بۆ پریشکێکی چاوی تۆ
ڕقی شەوەزەنگم هەستان.
بۆ سرووەیەکی دەنگی تۆ
رەشەبای مەرگم وروژان.
لەبەر.. هۆزی قوتیلکەی تۆ
دڵی چەند کارگەی چلچرام لەخۆم رەنجان.
لەسەر.. کوختی گریانی تۆ
قاقای کۆشکی پێکەنینم پێدا رژا.
لەسەر حەسیری ژێر لەشی زستانی تۆ
بەهاری ئۆرتەی ژێر پاشام هات بەگژا.
کوردستانم!
لەناو نیگای خۆرنشینی هەژارەوە تۆ ئەبینم.
لەمانگی داسی گیراوی جوتیارەوە تۆ ئەبینم.

کوردستانم!
ئەوە هەورازی ژانی من پیا سەرکەوە.
ئەوە پەیژەی باڵای کەنەفتی شیعری من
پیا سەرکەوە!
ئەوە.. ئەوە سەهۆڵ بەندانی ئاوێنەی،
لەرزلێهاتووی چاوەکانم.. تیا دەرکەوە
ئەوە پێوەندی رۆژانی بەندکراوم
پەراسووی سنگی شەوگاری بەندیخانەی پێبپێوە
"ب ی د ر و ر ە وە"
بیدرورەوە. ئەو برینەی بەدارشەقی خامەکانم
قۆناغی شەختەی دەربەندی سامەکانی تۆی بڕیوە.
ئەو برینەی ئێشەکانم شاباش ئەکاو،
لەزەماوەندی پەیکوڵی ئاخەکانما هەڵپەڕیوە.
ئەو برینەی کارێز کەنو کارێزیشە
ئەو برینەی رێبواریشو رێبازیشە.
کوردستانم!
تۆ تاسەی ماچی خەوێکیو لێوەکانم ئەتهێننە دی!
کوردستانم!
تۆ هەوریتو ئەتبارێنم
تۆ کێڵگەیتو منیش پەڵەی،
دەنگی سەوزت تێدا ئەدەم.
تۆ شانۆیەکی هەتاویو منیش پەردەی،

سێبەر.. لەسەر، داستانەکانت لائەدەم.
تۆ.. منیتو.. منیش لەگەڵ،
هەنگاوەکانی سەرنجما ئەتگەڕێنم.
نیشتمانم!
لەپایتەختی سێدارەدا.. لاشەکانم
بوون بەسنەوبەری گڕو بەرەو ئاسمانی خوێن هەڵچوون.
بوون بەکۆڵەکەی باروتی سەر ژیلەمۆی،
ئەو شەقامانەی مێژوویان تەقانەوە.
بوون بەرێگای ئەو رێبوارە چەقۆیانەی
برینی نوستوی زیندانیان هەستانەوە.
هەریەکەیان بوونە سەرلقێ لە ڕیزی
لەشکری خەنجەری رقماو روانەوە.
بەهەموویان بوون بەقەیاغێ لەناو زێی،
شەوەکانماو بەرەبەیانیان پەڕانەوە.
رقەکانم.. تەنینەوە
وەکو بێشەی شێرپەنجەیەك
بەناو لەشی تاریکیا تەنینەوە
بە پایتەختی سێدارەدا تەنینەوە.
نیشتمانم!
لەناو هۆڵی دادگای سەری ئەژدەهادا
دادپرسەکان..
مردنیان کردە چاویلکەو سەیریان کردم.

دادپرسەکان.. لەقەفەزی ئێسکی دەرهێنراوی خۆما
ڕایان گرتم.
تەرازۆکە.. زریکەی خاکی سەنگ ئەکرد
تەرازۆکە.. بەخۆڵەمێش،
دووکەڵی مافی ئەکێشا!
لەو هۆڵەدا قوربانییەکانی "سییارە"
ئاڵای چاوی "دێریاسین"یان لەسەر گردی،
شانی سووری "مای لای" هەڵکرد
کۆدەتایەکیان بەرپاکرد.
-تاریك و ڕوون-
ئێستگەی گەروومیان کردەوە
بەیانی ژمارە یەکی سەدەی بیستیان
تیا.. خوێندەوە.

⋆

نیشتمانم!
خۆشەویستیت باڵدارێکە بەباڵی زامەکانی من ئەفڕێ.
دارمێوێکە بۆڵی گلێنەی شەوانی شیعرم ئەگرێ.
خۆشەویستیت هەژارێکە نانی خەمەکانم ئەخوات.
سروودێکە بەرگی نۆتەی سەنگەرەکان لەبەر ئەکات.
لوتکەیەکە کلاوزەڕی شەفەقی یار لەسەر ئەکات.
خۆشەویستیت رەشماڵێکە کە ئازارە کۆچەرەکان
لەسەر سنگی "فەیلێکانم" هەڵیان داوە

**فوراتێکە لەکانیی لەشی —حسێن-ی**

**کەژەکانما.. هەڵئەقوڵێ**

**خۆشەویستیت منالێکە "وان" بوویەتی‌و،**

**مەهاباد مەمکی ئەداتێ!**

**خۆشەویستیت قوڵنگێکە وا بەدەستی بوومەلەرزەی**

**فەرهادە رەشەکانەوەو هەڵگیرساوە.**

**خۆشەویستیم لاولاوێکە لەبلێسەو بەدیواری**

**تاریکیتا.. هەڵگەڕاوە.**

**دەزگیرانم!**

**بانگت ئەکەم دامگیرسێنەو بەتەیمانی دەوری گوندی**

**سووتاوی سنگ‌و مەمکتا هەڵم واسە!**

**بانگت ئەکەم دامگیرسێنەو بمدە لەو قژەی تەنیایی**

**لەبەر ئاوێنەی شەپۆلتا دای ئەهێنێ.**

**بانگت ئەکەم.. بانگ کردنم تۆوی چەخماخە ئەڕوێنێ.**

**بانگ کردنم.. هەورە سوورەی کفنەکانەو**

**بەسەر مەرگا ئەگرمێنێ.**

**بانگ کردنم.. ساوای ماچێکی پشکۆیەو،**

**خۆی بەسنگی دایکەکەی بابە گوڕگوڕدا ئەنووسێنێ.**

**دەزگیرانم!**

**نیگام دەستەو گوڵی گۆرانیی لەباخی،**

**تیشکەکانت ئەکاتەوەو ئەیخاتە ناو،**

**گوڵدانەکانی بووکێنی شەبەقتەوە.**

نیگام دەستەو بازنی گزنگ ئەکاتە
مەچەکی ئەرخەوانتەوە.
نیگام "شام"ەو مەولانەی تیا وەنەوز ئەدا .
من مەولانە دەمو چاومەو شار چەمۆڵە!.
ناگوێزمەوە.. من ئەمەوێ چەمۆڵەکان
لەسەر بەردە نوێژی ناوچەوانم بڕوێن
شمشێرەکان ئاهەنگ لەلەشما بگێڕن
ناگوێزمەوە.. من ئەمەوێ لەگەڵ تەتەری گوللەدا،
ڕاسپاردەی هەژارانم پێ بسپێرن.
نیشتمانم!
زەردەپەڕت گریانێکە لەسەر چیای پێڵوم ئەنوێ‌و
لەئەستێرکی خەوەکانما کەزیی فرمێسك شانە ئەکات.
زەردەپەڕت ئاڵتونێکە شاخەکان لە خۆری ئەکرن
شاخەکان ئەیدەن لەسەری پێکەنینە کوژراوەکان.
نیشتمانم!
-من زەردەپەڕتم خۆش ئەوێ-
چونکە سیمای هەژارەکان ئەکاتە بەر قەڵەمەکەم.
چونکە گوللەی پێشمەرگەکان ئەخاتە بەر هەڵبەستەکەم.
نیشتمانم! چاوم لێتە:
دێیتە دەرێ و بەپلیکانەی گوێزانی رۆژ ژمێرتا
رووەو ڕوانگەی هەتاوت هەڵ ئەکشێی
چاوم لێتە دووکەڵێکی‌و لەدووکەڵ کێشی زەمانی

کارگەکانی نەقلّیاتی
گوێزانەوەی کاسەسەرا
دێیتە دەرێ و.. هەڵئەقرچێی
چاوم لێتە کتێبێکیو بۆ پیتی یاخیت ئەگەڕێن
بیدۆزنەوەو تەقەڵ لەناو چاوی هەڵدەن
چاوم لێتە کتێبێکیو پەڕەکانت تاتەشۆری
ئەو خامانەن مەشخەڵی نووکیان هەڵئەکەن.
چاوم لێتەو گوێشم لێتە..
حەریقێکی.. لەشەقامی حەپەساوی
شاری ترسا.. ئەزیرێنی
حەریقێکی.. بۆری ئاوی ئاگرکوژێنەوەش ئەسوتێنی.
چاوم لێتەو گوێشم لێتە:
ئوتومبیلێکی ئیسعافیو لەدایك بوونو مردنت
بەیەکەوە سوارکردووە.
ئوتومبێلێکی ئیسعافیو شۆفێری خوێنی حوزەیران،
لێت ئەخوڕێتو "کۆیەو غەززە"ت بەیەکەوە هەلگرتووە!.
نیشتمانم!
شەستو یەك بوو.. لەژێر کەپری هۆنراوەیەکی برسییما
کە سێبەری بۆ وشە ماندۆکان ئەکرد
دانیشتبووین بەیەکەوە بازیانمان
بەرەو رووی بەردەقارەمان ئەکردەوە
دانیشتبووین بەلێنێکمان بیری یەکترئەخستەوە

که دابوومان بەچیرۆکە شەهیدەکان

که دابوومان بەسامالّە گیراوەکان

ڕووت تێکردم.. پیتەکانم کەوتنە لەرزین

نەڕەکانت لەسەر ترسم دائەبەزین

لەناو دەمما زمانم سەرسمی ئەدا

شەرم چاومی بەبەرپێما دائەکوتا:

که پێت وتم: هەرد تووڕەیەو بەدانی بەرد

لێوی کەندەڵانەکانی خۆی ئەکرۆژێ.

ووتم ها سەرم بیکه به بنەو بنکەو قوللەی ئەوێ .

وتت: مێژووم بورکانێکەو پەنگی لەناو،

گۆمی سالّما خواردۆتەوەو هەناسەی ڕێی نییە دەرچێ

وتم: ها.. خۆڵەمێشی بارووتی هەزار سالّەی

ئێسقانەکانی ئەم کوردەو سییتم بەرێ!.

وتت.. هانێو بەیەکەوە تەقاینەوە.

لەو ڕۆژەوە.. خۆرمان کردۆتە بارەگای هۆنراوەکان.

لەو رۆژەوە.. مانگمان کردۆتە جۆلانەی کوژراوەکان.

★

دەزگیرانم!

لێمت ون کەن.. لێم ون نابی.. هەناسەم شوێن "با"ت ئەکەوێ

وشەی لاوم شوێن کچی ناوت ئەکەوێ!

نیشتمانم

لێمت ون کەن.. لێم وون نابی.. ئەتدۆزمەوە

لەهاواری دەمی قڵیشی دەستو پێی رووتەکانا. ئەتدۆزمەوە
لەهێلانەی کۆنەشاخی کۆترە کێوی داخکراودا.. ئەتدۆزمەوە
لەنامەخانەی گریاوی "کەنەفانی"و "جەمال عیرفان"ا ئەتدۆزمەوە
لەگەڕەکی زنجەکانی "واشنتۆن"ی؛ نزیك خانووە،
قوڕەکانی سلێمانیو تەنیشت ماڵی "بابەکری" ناو خەرتوما،
ئەتدۆزمەوە.

بینەرانم!
ڕێم کەن قوڵینەی سەرسەری چیرۆکەکەم
خۆری جەرگی هەزار پیرێژنی تیایە.
ڕێم کەن.. ڕێم کەن!
رێم کەن.. پۆستەی ئەسپی گڕی بەتاوهاتووی گۆڤارەکەم
نامەو بروسکەی نەهێنیی نیشتمانی خوێنی تیایە
بینەرانم!
ئەگەر نەخشەی ناوچەوانم..
رێی تەماشاتانی ون کرد.. بیسڕنەوە.
گوێگرانم!
ئەگەر ڕەزی دەنگەکانم
هێشووی بیستنتانی نەگرت.. بیبڕنەوە.
خوێنەرانم!
ئەگەر کەشتیی حەرفەکانم،
تاریکایی پەڕانەوە.. بیخنکێنن.
گەر دیواری شیعرەکانم

لەبەر خەزنەی پاشاکانا نووشتایەوە
بیڕوخێنن.. بیڕوخێنن
بینەرانم.. گوێگرانم.. خوێنەرانم!.

# من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ

ئاوم.. ئاوم
ئاوی تینووم..
سەرچاوەکەم لەدەمی شەوێکی، سوێردا
هەڵئەقوڵێ
جێ پێی شەپۆلی خنکاوی
خۆی هەڵئەگرێ.
ئاوی تینووم..
ڕووباری ئاواتی ماندووی روەو زەریا..
-سەرهەلگرتووم-
بەژێر پردی شەهیدی نۆ ساڵەو
سبەینێدا.. تێئەپەڕم
ڕۆخی خوێناویی خۆم ئەسڕم.
ئاوی تینووم
هەتا سەر بەرەو خوار بڕۆم
تا دەمو چاوی غەریبیم
لەرێگەی دوورترا بشۆم

لەتینیوێتیم ئەخورێتەوەو.. خۆم هەر تینووم!
هەتا درێژتر بمەوە..
هەتا باوەش بۆ داهاتووم بگرمەوە،
بواری ترسم.. لەچاوی مەلەوانە پیرەکانا
قوڵتر ئەبێ..
هاژەی گەرووم.. لەگوێی کەشتیەوانە
کوڕەکانا.. بەگوڕترو خوڕتر ئەبێ.
ئاوی تینووم..
جۆگەیەکم.. لەکەنارما خەم شین ئەبێ
ئازار ئەڕوێو گوڵ دەرئەکا
چڵ تاجی گڕ لەسەر ئەکا
خوێن بولبولەو بۆی ئەخوێنێ.
ئاوی تینووم..
خم خۆرکی خوێی زامەکانم.. ئەمخواتەوە!.
پێستی قڵیشاوی دێمی
لەشی وەرزی ساڵەکانم .. ئەمخواتەوە .
من .. فرمێسکم .. چاوەکانم ئەخواتەوە !.
من.. گریانم.. پێکەنینم ئەخواتەوە!.
گۆمی بێدەنگیم.. هاواری چەمەکانم ئەخواتەوە!.
پرسەکانی حوزەیرانم،
جەژنەکانی مانگی مارتم ئەخواتەوە!
ئاوی تینووم..
من.. تینوێتیم ئەمخواتەوە

شپرزەییم.. دڵنیاییم هەڵئەمژێ.
هەناسەم.. سییم هەڵئەمژێ.
برینەکانم.. جێی ساغم سارێژ ئەکەن.
زیندانەکانم: ڕووناکی هەڵئەهێنجن
گوناهەکانم.. نوێژ ئەکەن.
شەوەکانم رۆژو ئەگرن!.
-ئاوی تینووم-
نانی برسییم! هەژارەکان تێرم ئەکەن
خۆری دیلم،
دیلەکان ئازادم ئەکەن.
کرێ گرتەم.. لەخانووی تاپۆکراوی
پشتاوپشتی شاری خۆما..
من نەدیدەو نەناسیاوم،
لەناو هۆزو کەس‌وکاری.. دیاری خۆما.
چاوم.. لەباخی زستانا پشکوتووە.
لەدارستانی ئازارا پێم گرتووە
دارەوانێکم.. بەداری سێدارەما
بەپەتی بەر قەنارەما..
بەمردنما.. هەڵئەگەڕێم.
شاخەوانێکم.. بەشاخی ژانەکانما،
هەڵئەزنێم.
من.. تینوێتیم ئەمخواتەوە..
من.. تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ..

بۆیە هاتووم.
بەسواری ئەسپی رەشەبای شیعر هاتووم
هاتووم.. هاتووم
ئاگردانی —ساردەوەبووم-
بۆ پشکۆی هۆنراوە هاتووم.
تۆوی وشەم.. بۆ لای کێڵگەی بیرم هاتووم.
لق‌و پۆپم.. بۆ لای رەگ‌و ریشەم هاتووم.
-لەش-م: بۆ لای سەرم هاتووم.
ئاوێنەم.. بۆ سەیری شێوەی
شێواو و وێڵی خۆم هاتووم.
نامەیەکم بەرێی پۆستەی خەما هاتووم.
بەناونیشانی شەهیدێك کە گۆڕەکەی
هەتا ئێستاش لەگۆڕهەڵکەن رائەپەڕێ.
بەناونیشانی شەهیدێك کە گۆڕەکەی
ئەبێتەوە بەسەنگەرێ.
کە چەکەکەی
ئەچێتەوە دەس دروێنەی جەنگاوەرێ.
بەناونیشانی شەهیدێك کە کفنەکەی
مێرگەو.. گوڵاڵەی نەورۆزی لەسەر ئەڕوێ
نامەیەکم.. خوێن نوسیومی
دەستی گوللە.. هەڵی گرتووم.
برووسکە.. پێچاومێتێوە
لەگەڵ هەوری بارانێکی سوورا هاتووم.

نامەیەکم.. لەبەندیخانەی گیرفانی نامەبەردا
هێشتا بەندەم.
نەگەیشتم.. بەیارەکەم.. نەگەیشتم.
لەوساکەوە.. بەتەنیا هەر:
زەرفەکەم.. ئەمخوێنێتەوە.
لەوساکەوە.. چاو لەمستم
تابلۆیەکم.. لەسنووری چوارچێوەکەم
دەرباز ئەبم.
رەنگەکانم.. ناگرمە خۆ.
شووشەی ڕووپۆشم ئەشکێنم.
ئەم روخسارەم ئەسڕمەوە
من.. سەر لەنوێ
-بەنەوەی نوێ-
ڕەنگەکانم ئەگرمەوە.
شەقامێکم.. لەقەراغی خۆم بێزارم.
خەنجەرێکم.. لەکێلانی خۆم بێزارم.
هەڵبەستێکم.. لەزمانو رێزمانی خۆم بێزارم
ئاوی تینووم..
بەشوێن شەپۆلی خنکاوی خۆما هاتووم.
چرایەکم.. بەشوێن گڕی خۆما هاتووم.
لەگەڵ پەپوولەی فرمێسکی سەرکارێزی،
چاوی ئاڵی.. بەرەبەیانی ئاسۆدا
کەوتوومە ڕێ.

لەگەڵ کۆتری ، دەنگی سپی بریندار‌ی
"پیکاسۆ"دا کەوتوومە ڕێ.
لەگەڵ دووکەڵی هەواڵو.. بۆکڕوزیی
جەرگی سووتاوی سابلاخا کەوتوومە ڕێ.
بەفڕۆکەی سەنگەری —بارزانیی- هاتووم.
لەفڕگەی خوێنی —ڤێتناما- ئەنیشمەوە.
لەماڵی شیعری کۆچەری
"مەحمود دەروێش"دا ئیتر ئەبم بەمیوان
-جیکۆر- ئەکەم بەدەزگیران.
دەس لەگەڵ —بایرۆن-دا ئەگرم.
لەشایی خوێنی —لۆرکا-دا هەڵئەپەڕم.
بەژێر پردی ئێسکی شەهیدی نۆ ساڵەو،
سبەینێدا.. تێئەپەڕم.
ڕۆخی خوێناوی خۆم ئەسڕم .
ئاوی تینووم..
-بابە گوڕگوڕ بەگوڕ هاتووم-
من تینوێتیم بەگڕئەشکێ
بۆیە هاتووم.
وەرە.. ئەی گڕ
وەرە.. شەختەی قوڕگی گەلیی ترسەکانمان
بتوێنەوە.
رووپۆشی سەر دەمو چاوی ئاوەژوومان
بسوتێنە.

تاریکییمان بخوێنەوە.
گڵۆپی مەمکی کوژاوەی دایکەکانمان
هەڵگیرسێنە.
پشکۆی نووستووی ژێر خۆڵەمێشی مێژوومان
هەڵبسێنە
وەرە.. ئەی گڕ
خۆشەویستیی.. تاڵمان بەرێ
شانەی هەنگوینمان لەگەڵای
داری ژاڵەو —بیدا- بەرێ.
چەپکە گوڵمان لەئینجانەی دڕکا بەرێ.
پێکەنینمان لەناو شاری  رقا.. بەرێ.
وەرە ئەی گڕ!
وەرن.. ئەی شاعیرانی گڕ..
وەرن.
ئێشکی چاوی ناو ژیلەمۆی ساڵی تازەی
شیعر بگرن!
ئێشکی وشەی،
نەزاوی ناو —مناڵدانی-
بیری سبەینێتان بگرن.
وەرن..
ئەی شاعیرانی گڕ وەرن!
سەرچۆپی لەگەڵ بڵێسەی زەماوەندی
زاوای ناو دۆزەخا بگرن.

وەرن لەبەر:
مانگەشەوی هەڵهاتوو لەناو پەنجەرەی
کۆشکی هەورا
کە پۆپەشمینی تریفەی زەردی داوە
بەسەر گڵکۆی بووکی بەفرا
شیعر دانێن.
وەرن لەبەر:
کڵپەی بێشکەی ساواکانی گوندەکانا
لەبەردەمی هەتاوی کلاورۆژنەی،
ماتو پەستی، ناو زیندانی بەندەکانا
شیعر بڵێن.
وەرن لەبەر:
میکرۆفۆنی سەری، بەنیزە هەڵگیراوی "ڤێت کۆنگو"ی
پێشمەرگەدا.. شیعرەکانتان بخوێننەوە
وەرن.. لەکۆڕی دڵدارە برسیەکاندا
لەژێر کەپری بێ سێبەری ماندووەکاندا
تێچریکێنن
چەخماخە بن، بگرمێنن
لێزمەی بارانی شۆڕشێ ببارێنن!.
ئاوی تینووم..
ئەو چیرۆکەم، بارانی بەهار دایناوم.
لافاو.. لەشاری خنکاوا ناوی ناوم.
ئاوارەکانی سەرزەمین
بۆ یەکتریم ئەگێڕنەوە.

ئاوی تینووم..
هیوایەکم مەترسیم پێش خۆم خستووە.
بێداریم.. بۆتە رابەرم
لەهەر شوێنێ شەهیدەکان بمخۆنەوە
لەهەر شوێنێ کە "چوارچرا"و،
"قامشلی"و "وان"ێکی.. لێ بێ!
لەهەر جێیەك وەکو ئێرە:
گڕ .. تیماری برین بکات
برین.. بەپیر زەردەخەنەی،
هەڵپڕوکاوەوە بچێ!
لەهەر جێیەك:
قوربانیی.. بەشوێن چەقۆدا راسپێرێ
دەغڵ.. لەدووی داس بگەڕێ
مل.. بەشوێن پەتی سێدارەو
قەنارەی خۆیدا بنێرێ.
لەهەر جێیەك.. قەڵەم ببێتە منارەو
پێشمەرگە بانگی تیا بدا
لەهەر جێیەك.. سپێری خۆر
دەستی بڕاوی.. —گیڤارا-ی هەق هەڵبــڕێ.
لەهەر شوێنێ.. مردن: بمرێ!.
ئاوی تینووم..
فوارەی خوێنی مێژووی هەڵچووم.
ئەوەتەی هەم.. لەتینوێتیم ئەخورێتەوەو
خۆم هەر. تینووم.

-داری بەڕووم-

**هەزار تەورم خستە گریان**

**من بەپێوە.. من بەڕێوە**

**ئەبێ بمرم ئەی: تەورەکان!.**

**ئاوی تینووم..**

**نەورۆزێکم.. هێشتاکوو نەکراومەتەوە**

**نێرگزێکم هەتاکوو ئێستە نەڕواوم**

**بەفرێکم نەتواومەتەوە**

**پرسەیەکم.. هەڵنەساوم!**

**جۆگەیەکم.. لەکەنارما خەم شین ئەبێ**

**ئازار.. ئەڕوێ و گوڵ دەرئەکا**

**چڵ.. تاجی گڕ لەسەر ئەکا**

**خوێن بولبولەو بۆی ئەخوێنێ!.**

*ئەم هۆنراوەیە لە "22"ی مارتی 1972دا لەشاری کەرکوکو لەیەکەم میهرەجانی شیعری کوردیدا خوێنرایەوە.

# دەنگو ڕێگایەکی کەڕ

بۆ هەڵبەستو هەڵۆ

-بابە.. بابە!
-بانگم ئەکەن! لەودیو دیواری بیستنی
گوێی شەوەوە.. بانگم ئەکەن.
لەودیو دەرگای تەمومژی
دانەخراوی ناو خەوەوە.. بانگم ئەکەن.
-بابە.. بابە!
-بەدیم ئەکەن.. لەودیو، سووتانی بینینی
ڕێگەی ماندووی چاویانەوە.. بەدییم ئەکەن.
لەو دیو .. سنووری دەنگەوە
لەودیو.. روخساری رەنگەوە
بانگم ئەکەن.. بەدییم ئەکەن.
ماچیان ئەکەم.. ماچەکانم: وا لێوم ئەهێننە گریان
ماچیان ئەکەم.. ماچەکانم:
بەدەمی خۆما ئەچزێن .

2

ماچەکانم  وەکوو بەفرێ، لەبەر هەتاوی دوورییا
پێش گەیشتن ئەتوێنەوە.
-بابە.. بابە!.
-بانگم ئەکەن.. دەستی دەنگیان،
بەناو ڕێگەیەکی کەڕا.. درێژ ئەبێ
بەدییم ئەکەن. چۆلەکەی چاوی فڕینیان
لەهێلانەی ناوچەوانی غەریبیما.. هەڵئەنیشن.
لەسەر تارمەی باڵەخانەی.. ناو خەیاڵما
وچان ئەگرن.
دەنووك لەدانەوێڵەی ڕژاوی
پیتەکانی شیعرم ئەدەن.
-بابە.. بابە.
-ڕۆڵەکانم..
لەمابێنی ئێوەو.. خاکا
من ترسێکم.. خۆشەویستیی راوم ئەنێ
هاوارێکم.. کەس نامبیسێ
لەمابێنی ئێوەو خاکا.. گومانێکم
لەدڵنیاییدا خنکام
چیتان ئەوێ ڕۆڵەکانم؟!
-بابە.. بابە:
وەرە.. وەرە دەس بەسەری
سبەینێماندا بهێنە.

-لەمابێنی دەنگی ئێوەو. سبەینیٚدا
سەرە گێژەی هەنگاوەکان،
لەکۆلانی دەرنەچوودا.. یەخەم ئەگرن.
لەمابێنی دەنگی ئێوەو.. سبەینیٚدا،
کوشتن.. ئەگاتە ژیانم!
لەمابێنی ئێوەو خاکا.. رۆڵەکانم
خۆم بەقاچی شەمشەمە کوێرەی رێکەوتا
هەڵواسیوە.
لەمابێنی ئێوەو.. خاکا
نیوەشەوێکم.. نەبەیان نە ئێوارەم
نەناسیوە!
لەمابێنی دەنگی ئێوەو.. سبەینیٚدا
من وێڵێکم.. رێگاکانم لەگەڵ خۆما ون کردووە.
من ئاخێکم.. جێگەی سنگم گواستۆتەوە
بۆ پێدەشتی هەژارەکان..
چیتان ئەوێ.. وردیلەکان؟
-بابە.. بابە.. تۆمان ئەوێ 28
تۆمان ئەوێ.. کەی دێیتەوە؟
-کەی دێمەوە؟ کە زامی "بابە پێشمەرگە"
لەدەرگای بەربەیانی دا
کە کۆتری باڵ کراوی شاخەکانمان فڕینەوە
من دێمەوە.

کەی دێمەوە؟.. کە ماچی بابە گیڤارا
لەسەر گۆنەتان سەوز بوو.
من دێمەوە.
کەی دێمەوە؟.. کە کارژۆڵەکانی "سەقز"
ئاویان لە "وان"دا خواردەوە
من دێمەوە.. من دێمەوە کاتێ منالی —ڕەشەکان-
لەناو بەفری، گەرمیانی سەرزەمینا
یاریان کرد
من دێمەوە.. کاتێ "عیسا" بۆ لای مۆمی
کوژاوەی ناو کلێسەکان.. گەڕایەوە..
من دێمەوە.. من دێمەوە.. وردیلەکان
کاتێ.. باوکە دزراوەکان.. دۆزرانەوە.
کاتێ.. تەرمە بێناوەکان.. هێنرانەوە.
من دێمەوە وردیلەکان..
کاتێ.. دڵۆپە خوێنی پچڕاوەی ژێر سەردابە تاریکەکان
لە دەزووی پرشنگی خۆرا.. کرانەوە.
بۆ ملوانکەی ملی دایکی شەهیدەکان.. هۆنرانەوە.
من دێمەوە رۆڵەکانم.
-بابە.. بابە.. لەکوێ ئەنووی؟
خەومان نییە!
*"بنوو بەخۆشی هەتا بەیانیی
خەوی ژێر پەردەی پاکی یەزدانیی

گریانی چیته.. تۆ چی ئەزانی
تۆ تازە خونچەی باخی ژیانی
رۆڵە لای لایە شێرکۆ لای لایە
یاخوا شێرانە بێیتە ناو کایە"*
-بابە.. بابە.. گریانم دێ!.

★

"ئەگەر وەك باوکە حەسرەت،
دیدەکەت زەهرت بچێژایە،
زەمان گەردی ئەمەلتی گشت
بەدەم باوە ببێژایە..
هەقت بوو بێوچان بگریت،
بەسەر تاوانی باوکیما.
بەحر.. پڕ کەیت لە تف بیدەیت،
بەناوچەوانی باوکیما"*
-بابە.. بابە.. پێمان ئەڵێن:
باوکتان چییە؟..
-باوکتان!.. باوکتان! ئارەقی ناوچەوانێکە بەلاجانگی
ڕۆژەکانا.. دێتە خوارێ.
پێچکەیە.. لەنووستنیشدا خول ئەخوا
باوکتان دەرمانێکە دەردی.. تێکەڵ ئەکرێ.
خەمەکانی.. وەك هەجیجیی
کۆڵێکەو دنیا ئەگەڕێ.

باوکتان.. ردێنی قەرزێکە، قەت تاشینی تەواو نابێ!
باوکتان.. باوکتان
جگەرەیەکە.. بەلێوی هەڵبەستێکی بێکار ـ ەوە
گیرفانی بەتاڵ.. ئەیکێشی.
خوێ ئاوێکە.. زامەکانی خۆی ئەیچێژێ.
باوکتان.. پیاڵەی "مامە خەمە"ی چایچییەکە
هەموو "مامەیارە"یەك پێی ئەخواتەوە.
رۆڵەکانم!.. باوکتان ڤیری سەرشەقامی،
یەق دراوەی، هاوینی، خوار ئەفریقایە
پرتەقاڵێکی یافایە
هەر بەدارەوە مژراوە.
٭-"کە جوانکیلەو کە مناڵ بووم
گوڵ ماڵم بو..
کانیی.. دەریاچەی ساڵم بوو
گوڵ بوو بەزام
کانیش بەتینوێتی لەلام"٭
-بابە.. بابە.
-بانگم ئەکەن، لەودیو دیواری بیستنی..
گوێی شەوەوە.. بانگم ئەکەن
بەدییم ئەکەن.. لەودیو سووتانی بینینی
رێگەی ماندووی چاویانەوە. بەدییم ئەکەن
لەودیو سنووری دەنگەوە

**لەودیو روخساری رەنگەوە**

**بانگم ئەکەن.. بەدییم ئەکەن..**

**-بابە.. بابە.. بابە.. بابە..** 29

*پارچەیەکە لەشیعری —شێرکۆ لای لایە—ی بێکەس.

*پارچەیەکە لەشیعری —بۆ هیوا—ی گۆران.

**پارچەیەك لەشیعری —کە منالّ بووم—ی شاعیری فەلەستینی مەحمود دەرویش.*

# خوێنە کۆلا

کورد.. دووکەڵو دووکەڵکێشی
چوار کارگەیە..
"خوێنە کۆلا" دروست ئەکەن
خوێنە کۆلا..
لەئەنجومەنی ئاشتییا ئەخورێتەوە!
"ئاخ.. زەمانی خوێنە کۆلا
کێ قوڕ ئەدا بەدەروازەی کارگەکانتا؟!"

# مایكۆڤسكی

-1-

گوێ گرن لێم! دەنگم ئەپرژێنمە چاڵی.. چاوتانەوە
مۆمی چاوتان.. لەدەنگما دائەگیرسێنم.
تاریكییتان.. ئەخۆمەوە.
تەنیایەكم.. شۆستەی شەقامی نیوەشەو
لەمۆسكۆدا.. دەرم ئەكات.
چەق بەستنتان.. راوم ئەنێت.
بێجێیتان.. داڵدەم ئەدات.
تەنیایەكم.. هەمووتانم.

-2-

گوێ گرن لێم.. گوێ گرتنتان وەك رەشەبا هەڵم ئەكات.
گوێ گرتنتان.. روانینێكەو وشەكانم بەدیی ئەكات.
وشەكانم.. سەرمایانە
سەرمایانەو هەڵناڵەرزێن.
-گوێ گرن لێم.. هەر وەك گوێ لەزەریا ئەگرن-

تەنیایەکم.. شەوەکانتان.. پەنجەرەن بۆ شیعرەکانم
ئەیانکەمەوەو هەناسەی
ئەستێرەکانتان هەڵەمژم.
تەنیایەکم.. "پاریس" لەدڵما ون بووە
تەنیایەکم.. هەمووتانم.

-3-

تەماشام کەن.. تەواو نابم:
ئەکولێم.. هەڵمم
کە ساردبوومەوە.. بارانم
لەبەینی هەڵمو بارینا..
لەدایك بوون.. شیعرەکانم!.

-4-

من ئەمەویٚ -مەحاڵ- بگرم
دەرگا لەسەر —گومان- داخەم.

-5-

ئەمجارەیان.. گەشتێك ئەکەم..
تەنیاتان کات
لەگەڵ شەوێکا.. کۆچ ئەکەم
خەوتان.. لێخات.

# بەغدا

بەغدا.. قفڵێکە داخراو
کلیلەکەی لەگیرفانی
دڵدارێکی ون بودایە.
بەغدا.. نانێکی سووتاوە
لەناو قورگی برسییەکاندا.. هاوار ئەکات.
بەغدا.. بەغدا.. هەسانێکە بێ چەقۆیە
چەقۆیەکە بێهەسانە. 2
گەرداوێکە خەولێکەوتوو
پانکەیەکە.. بێ.. -پەروانە-

★

لەسکی ماسیی دیجلەدا
ماسیی -سیروان- ئەبینمەوە!

# بێ کۆتایی

گوێم گرت لە.. شاخ
باسی زەریای بۆ ئەکردم.
زەریا.. پەخشانی پێدەشتی
خوێندەوە بۆم.
سروشت.. داستانی هۆنراوەی
سەر شانۆی ئادەمیزادی پێنیشاندام!
کاتێکیش گوێم لەزەمین گرت!
باسی "گەردون"ی بۆ کردم!
نەهێنییەکان: رایان ژەنیم
وەك منالْ خەویان لێخستم!
ئەی سنووری بێ کۆتایی
کەی ئەتگەمێ؟!

# مامە خەمە

مامە خەمە.. قسەی گڕە
کۆڕی پیاوە خەساوەکان.. ئەسوتێنێ.
رستەکانی.. تەور داسە
نێرگەی زمانە لووسەکان.. ئەبڕێتەوە!
مامە خەمە... برینێکە
لەسەر چەقۆ دائەنیشێ.
پێخەفێکە:
شەهیدەکان لەسەر سنگی رائەکشێن! 2
مامە خەمە: کتێبێکە،
چاوی شار.. ئەخوێنێتەوە
زنجیرێکە.. بەندیخانە پێوەند ئەکات
مامە خەمە.. ئەجەلێکە:
بەرەو مەترسیی رائەکات!

# دووگ

رێگەی سپی: چاوەکانی لەناو دڵی خوادا هەڵدێن
ئەی رێبواری رێگەی سپی! شەیتانەکان:
جەواڵیان پڕ لەخورمایە..
رێگای سپیش.. تێشووی نییە!
ئازار ئەخۆی؟ یاخود خورما؟
-ئەمانەوێ رێگەی سپی، قاچی قوڕاویی نەگرێتە
تەمەنی خۆی..
دەمو چاوی هەرگیز نەشوا!
ئەمانەوێ.. پێمان بڵێن: شەیتان یان خوا؟
ئەمانەوێ پێمان بڵێن: هەق پێڵاوێکە تاکەوتاك لەدەم بکرێ؟!
-راستەوانە.. چەپی نییە
چەپەوانە.. راستی نییە
-تاکی ون بو.. وا لەقاچی مێژوودایە!.
-رێگەی سپی وا لەناو دڵی خوادایە
ئەی رێبواری رێگەی سپی! شەیتانەکان:

هەقی "ڤیتۆ" بەپەراسوی برسییەکاندا هەڵئەواسن!

جامبازەکان: دووگیان ئەوێ لەهەر کوێ بێ.

-رۆژگارێکە.. دەرمانخانە دەرد ئەچێنێ

ناڵبەندەکان.. دان ئەکێشن!

رۆژگارێکە.. مامە "تەکتیک" ئەزانێ چۆن،

بەچینگاڵی چێشتخانەی بەرژەوەندێکان!

هەڵمان ئەگرێ‌و دامان ئەگرێ!. 3

-دووگیان ئەوێ لەهەر کوێ بێ

-ڤێتنام.. سیلان.. فەلەستین یان:

بەنگلادیش‌و کوردستان.

دووگیان ئەوێ..

-ئەمانەوێ.. پێمان بڵێن خوا یان شەیتان!!

# شتنەوەو.. ناوچەوانم

-1-

ئەیشواتەوە.. چۆڕاوگەی سەربانی لێژی ساڵەکانم

-دیواری ژووری قوڕینیی

بێگوێسوانەی کرێچێتیم ئەشواتەوە

ئەیشواتەوە.. ئاوی مردووشۆری کوڵاو:

تاقی پێشوازیی.. زیندۆکان ئەشواتەوە.

دروشمە بەرئاوەژۆکان.. ئەشواتەوە.

"ئەم سەردەمە.. گەرماوێکە:

پاکەکان.. پیس ئەکاتەوەو پیسەکان پاك ئەکاتەوە"

ئەم گلۆفن.. لەسەر سەکۆی کۆنکرێتی سوپاگەیەکی دەرسیما

ئەم گلۆفن.. ئەم گلۆفن

هەڵم ئەخەن بەتەنافی راکێشراوی

سەر ئاسمانێکی کون بوودا، لەسابلاخا

هەڵم ئەخەن

"فڕۆکەکان..

فڕۆکە -دەنگ بەزێنەکان-
فڕۆکە چاو قوت دەرەکان
ئاسمانی راستییان کون کرد
-تا خوای لێ کەوتە خوارەوە-."

★

لەدەرسیما.. ئەمگلۆفن
لەسابلاخا.. هەڵم ئەخەن.
"لە.. تەشتی ئەم سەدەیەدا
سپی رەنگ.. رەنگ ئەداتەوە!"

-2-

ناوچەوانم کێلگەیەکە
گاسنەکانی سەردەمی "ناپاڵم"ە.. کێلاوێتی
خوێن تۆوێکە.. تیا ئەچێنرێ.
دەغڵ سوورە، داسی برسییم
گەروویەکە دروێنەی برسێتیی ئەکات.
خەرمان سوورە..
شەن.. چنگێکە.. بێنینۆکە.. داخ کراوەو
زامەکانم بەبا ئەکات.
جەنجەڕی شەو.. ڕۆژەکانی ناوچەوانم
گێرە ئەکات.
ناوچەوانم —لاکێشێکە-

لەناو —بازنەی- زەمینی گێژو وڕا
دێتو ئەچێ!
ناوچەوانم.. بەرەیەکە:
لەبەر پێی پۆستاڵەکانا راخراوە.
ناوچەوانم. پەنجەرەکەی دانەخراوە
دزەکان پیا دێنە ژووری!
خەتەکانی ناوچەوانم.. رێی ئاسنی ڤیتارێکە
ئێستگەی حەسانەوەی نییە!
ناوچەوانم.. ناوچەوانم.. نوێنێکە
شکاویشەو داگیرساوە!.

# هۆزی گڕ

ڕای پەڕانم..
دەنگی غارکردنی، ئەسپێ، ڕای پەڕاندم
کە سوارەکەی پێی لەئاوزەنگیی ڕەشەبای
شەوێکا بو.. ترسی ئەدوان
*"توولەی ڕاوچییەکانی ژیان
ئاسکی چاوم.. ڕاوئەنێن"
ڕای پەڕانم.
دەستی کڵپەی، هۆزی گڕێ، ڕای پەڕانم
کە: دەموچاوی ڕووناکیی تیا ئەسووتا
لەسووتانا.. ژان چێژێ بوو،
تامی —مردن-ی تیا ئەکرا!
*"ئەوە منم.. ئەوەش هەموو ڕێ وێڵەکان،
ئەچینەوە سەر.. دووڕیان:
دڵنیایی.. یان.. نەسرەوتن"
ڕایپەڕانم..

هاژەی چەمێ، رای پەڕانم
لەسەرچاوە یاخی ئەبوو
ئەڕژایە ناو دۆڵێکەوە.. وشكو برنگ
وشكو برنگ وەك دەمی بەر سەنگەرەكان
وەك ئەو —داد-ەی لەتەرازووی پشت دادگادا،
-هەڵواسراوە-!
دادێ.. لەبەر چنگی هێزا گرمۆڵەیە
دادێ.. خاچی وا لەكۆڵا..
دادێ.. دادێ.. پێڵاوێكە:
وا لەپێی بەرازەكانی ناو دارستانی ڤێتناما
★"ئەوە منو ئەوەش دڵداری فەلەستین.
دڵدارانی یار رفێنراو:
داد بەرینە بەر كام دادگا؟
ئابڕو لەكام جۆگەو چەما بشۆینەوە؟
دووڕیانەو نابێ بەسێ
سوتاندن، یان.. خۆ سوتان"
هەڵی سانم..
دادپەروەریی. هەڵی سانم!
گەردەلوولێك.. رای پەڕانم:
كە بێ "سەرەتا" هەڵئەكات!
كە بێلوورە ئەچێتە ناو، گەڕەكەكانی مەرگەوە..
گەردەلوولێك.،. هەڵیسانم:

شەهیدەکان تیا خول ئەخۆن

★"ئەوە منو ئەوەش خوێنەکەی –کەنفانی-

دوو ئاوانە.. نابێ بەسێ

پەڕینەوە.. یان.. خنکاندن"

هەڵی سانم:

برووسکەی چاوێکی کوڵڕاو.. هەڵی سانم

کە نامناسێ و کە نایناسم!

رایپەڕانم:

بێدەنگییەك.. رایپەڕانم

کە –لافاو-ی تیا ئەخنکا!

# سەرچۆپییەك لەسووتانا

دەرگای بەهەشتی "گاتاکان".. داخراوە

دۆزەخ: ئەدوێ

ئاگر: ئەڕوێ

دەرگای بەهەشتی "گاتاکان".. مۆرکراوە.

بەمۆخی سووری –مەزدە-کان.. مۆرکراوە.

شەیتان.. لەپێخەفی خوادا ئەنوێ

ئەژدیها.. بەری سەرچاوەی گوندەکەمانی گرتووە

⋆"کێ ئەتوانێ ئاو ئازاد کا؟

کێ ئەتوانێ مردن لەپێش وەختا بانگ کا؟

کێ ئەتوانێ..

کێ.."

دەرگای بەهەشتی گاتاکان.. داخراوە

دەمی کوللە وا لەچاوی هەموو گوڵە گەنمێك دا!

هەتاو.. پشتی کۆماوەیە

لەژێر باری تاریکییا کۆماوەیە،

لەچاوی کلاورِۆژنەی برینەکانی خۆیەوە،
ئەڕوانێتە –خاکی شەهید-
ئەڕوانێتە.. مانگی کوژراو
ئەڕوانێتە .. مەمکی بڕڕاو
ئەڕوا..
⋆"هەتاوی کۆماوە تەنیا لەناو،
ئاسۆی خوێندا ئەبێ پشتی راست بێتەوە"
دەرگای بەهەشتی گاتاکان.. داخراوە
کێ بەناو دۆزەخا ئەڕوا؟
کێ ئاگر ئەکا بەچەپك،
ئەیخاتە سەر زامەکانمان؟
کێ "خۆر" ئەکاتەوە بەری رۆژەکانمان
کێ.. کێ؟
دەرگای بەهەشتی گاتاکان داخراوە
رِق.. دیوارێکە بناغەی لەگۆڕدایە.
رِق.. خواردنی بتەکانە.
شار.. پاسەوانێکە هەتا 3
دەفتەری چاو ئەپشکنێ.
شار.. دایکێکە
شیری منداڵەکانی خۆی.. ئەڕژێنێ!.
مەچەکێکە.. پەنجەکانی خۆی راوئەنێ!
شار.. چاوێکە

گلێنەی خۆی دەرئەهێنێ.
مزگەوتێکە.. منارەی خۆی ئەڕوخێنێ
*"کێیە.. هەنگاوی ئاوارەی "مەولانە" کۆبکاتەوە؟
جارێکی تر،
هەناسەکانی بژمێرێ..
کێیە؟ کێیە؟ .."
-لەچاویا بوو.. کە هەوریان کوشت!
-لەدڵمانا.. هیچ نەباری!
زەمین: شایی.. لەناو پرسەی شەوەکانی
خۆیدا.. گێڕا
-ئەی کاتێ بارانیان بەند کرد؟
-لافاو لەبیری ئێمەدا بۆ هەڵنەسا؟
بۆ.. هەڵ نە..
دەرگای بەهەشتی گاتاکان داخراوە
لق‌و پۆپی درەختی زڕ.. سێبەر بۆ تەمەنی کوێری
هاوینەکانی.. خاك.. ئەکات
-خاکی شەهید چاوەڕوانە-
چاوەڕوانە.. کەمەری وەرزەکانی ئەو خۆری پیاکەن!
چاوەڕوانە.. رووبارەکان هەڵگیرسێنن!
ئاگر.. بکەنە ژێری داری زڕو
-چاوتان رم بێ‌و بەمردنا بیچەقێنن-
بانگی کەن بۆ: ئاهەنگی ناو بەستەڵەکێ

هاوین خۆی تیا فێنك بكاتەوە..
★"كاتێ هاوین دڵی فێنك ئەبێتەوە
شەهیدەكان.. تینوێتییان شكێنرا بێ"
-پادشاكان- لەهێڵەكدا ئاو بۆ بۆرەپیاو ئەهێنن.
بەگوێی كەڕدا ئەچرپێنن.
سوڵتانەكان.. چاویان وا لەناو ورگایەو
ورگی یەكتر ئەدەمێنن..
★"ئەی سەردەمی هەور كوشتن
باران بڕان.. لەئاسمانی خوێندا هەیە؟
ئەی سەردەمی هێڵەكو ئاو
تینووین، خوێنیش ئەخۆینەوە!
ئەی سەدەی گەنمی ژەهراویی
برسێتیی كوا لێ بوردنی لەلا هەیە!"
دەرگای بەهەشتی گاتاكان.. داخراوە
ترس: كۆڵانەو خۆی لەشارەوە پێچاوە
دڵدارەكان پیایدا ئەڕۆن.
دڵدارەكان: بەنیوەشەو بەرەبەیان هەڵئەسێنن.
دەرگای بەهەشتی گاتاكان ئەكەنەوە:
لەساماڵا.. ئەگرمێنن.
بەهار لەناو پایزدا ئەڕوێنن.
بۆ گوڵی زستان ئەخوێنن.
★"مامە خەمەم.. رەشەبای ئازاری وێڵە،

فوو بەگەرووی دەنگما ئەکات.

لەسەر بانی هەموو ماڵێکی.. شەهیدا،

وەکوو ئاڵا.. هەڵم ئەکات

-مامە خەمەم.. چاوەڕوانم:

بۆئەوەی من سووتاندنم

ڕۆشنی کات

جێگە پێی، ڕێی

سەرکەوتنم

چاوەڕوانم بۆئەوەی من کفنی بەرم:

سوور ببێ بۆ:

دەستی سەر چۆپی گرتنم-"

# بەنگلادیش

-1-

دوورپیانی چاومان.. لەناو:

دڵێکا یەکیگرتەوە

قوربانێکان ڕێبواری بوون.

لەشەوێکا یەکمان ناسیی

تاریکیی قسەی ئەکوشتین..

لەشەوێکا.. ئەستێرەکان ڕفێنرابوون

یەکمان ناسیی، لەکاتێکا

-مردن خۆی بەژین ئەناسیی.

3

-2-

لەیەك ئەچین:

بەرگی ئازاری هەردووکمان.

بەقەد یەکن:

بەژنی خوێنمان.

وەکوو یەك وان، تەختی ئاڵی ناوچەوانمان.

دووانەیەکین:

بەیەك سکی برسیو تینوو لەدایکبووین.

-3-

لەشاییتا.. شەهیدێکم هەڵئەپەڕم.

لەسارێژ بوونی برینتا.. من درەختێکی گریانم:

بەری —بزە- بۆ تۆ ئەگرم!

# مۆرو.. ناوچەوانە ڕەشەکان

تۆ لەکوێ بووی؟ کە ڕێگاکان دڵیان لەمشتی قۆناغی
مردنا بوو، دائەگیرسان، ئەچوونە ناو:
ئەمستەچاوی تاریکیی داستانەوە، ئەتوانەوە
ئەتوانەوە.. ئەمردنو ئەژیانەوە!
"پوازەکان لەسەر لقی درەختەکان سەما ئەکەن
ئەستێرەکان ئەخرێنە ناو زەلکاوەوە"
تۆ لەکوێ بووی کە نان لەدەما ئەگریا.. ئەیقریشکان؟
تۆ لەکوێ بووی کە برینە ڕێبوارەکان
ڕێچکەی کاروانێ بوون.. ماندوو
بەهەورازو گردی خوێدا هەڵئەگەڕان؟!
"کۆترەکانت لەناو خودەی ئاسنینی سەربازێکا،
هەڵئەنیشتن.
توولە مار دانی ژەهراویی بۆ ئەڕشتن"
*کوا کوڕەکەم دزیوتانە بمدەنەوە!
* . . . . .

⋆کوا مێردەکەم؟

⋆بارمتەیە لەجێی بڕنەوێ کە راوی یەکانەکانی پێ ئەکرێ!

⋆کوا شیعرەکانم؟

⋆لەدادگادا شایەتێکە مۆری کوشتنی پێئەکرێ!

تۆ لەکوێ بووی کە جوتیارە بێجووتەکان لەبانیژەی،

سەری گوندی سەربڕاودا، تۆویان ئەکرد

بەکێڵگەکانی خوێنەوە؟!.

رووتەڵەکان بەگڕ خۆیان دائەپۆشیی

تۆ لەکوێ بووی کە مامزی چاوی کێویی دڵخوازەکەم

تانجییەکانی "مشیرئاغا" راویان ئەنا!

"بەغدا.. دەڵەدێوێ بوو ئەوساکە

لەناو لنگیا خۆت حەشاردا

تۆ لەوێ بووی؟!"

# نەخشەیەکی هەڵنەواسراو

لەدەرگام دا شەو گۆمێ بوو چرای دەنگی تیا ئەخنکا.

لەدەرگام دا.. چاوەڕوانیم:

لەناو ئەڵقەڕێزی دەستما مەیی

شێوەم لەسەر دیوارەکان شین بوو.. رووا.

لەدەرگام دا

لەدەرگام دا

ناوم دڵۆپێ وشە بوو

چەمی فەرهەنگە زەردەکان قووتیان ئەدا.

وەرام.. پرسیارێکی دز بوو.. بەدار تەلی

سەرشەقامی شیعرەکانما هەڵئەگەڕا.

لەدەرگام دا.. لەدەرگای کوردستانم دا

شەو گۆمێ بوو چرای چاوی تیا ئەخنکا.

*کێ لەماڵە؟

حوزەیرانی سلەیمانی پشکۆیەکە لەئاگردانی زستانی،

سەقزدا ئەگەشێتەوە!.

دەرسیم چیرۆکی شەوانەی

هەندرێن ئەگێڕێتەوە!.

*کێ لەماڵە؟

نێزەی سایگۆن پاسەوانی کۆشکی زێڕینی تارانە.

سەری قودس وا بەلەشی سابلاخەوە.

"نومێری" جووتێ پۆستاڵی بزمار ڕێژە

سوپاگاکانی ئەنقەرە لەپێی ئەکەن.

شام شمشێرێکە پاکستان هەسانێتی.

*کێ لەماڵە؟

گلێنەکان کاتێ ئەکرێن بەپەتەوە

تەزبیحێکن ئەکرێنە مل قەزافی ئەم جیهانەوە

لەدەرگام دا.. شەو گۆمێکە.. خنکاوەکان ئەیخۆنەوە

لەدەرگام دا.. لەدەرگای سەرسنگی خۆم دا:

کێ لەماڵە؟

کێ لەماڵە؟

# کێلگەی قوڕگێکی کێڵراو!

بۆ مەحمود دەروێش

دۆزیمەوە!
پێناسەکەت، لەگیرفانی هەڵبەستێکی بێ داڵدەدا
کە زستان ئەدا بەخۆیداو.. برسێتی ئەکا بەسەرین.
تەنیا ئەنوێ، لەژێر چەتری.. پینەکراوی شەوێکا
کە تاریکیی هەڵی ئەدات
تەنیا ئەنوێو خەو ئەبینێ:
"چۆلەکەکان.. لەبەر پەنجەرەی هەتاوا.. باڵەفڕێ،
بۆ زەیتوونی چاوی یافای ڕێژراو ئەکەن
مێرگەکانی "بەنی عامر" لەجۆگەی گەردنی خۆردا
شەپۆل ئەدەن..
لەناو کلافەی هەورەوە.. تاڵی ڕەنگاورەنگی باران،
قژی لیمۆکان ئەبەستن بەسەرنجی ئەستێرەوە!.
بەڕێوەیە ..
کەژاوەیەك بەڕێوەیە گریان گۆرانیی تیا ئەڵێ



3

گریان شمشاڵێکە ناسك، شوانی بزە.. فووی پیا ئەکات"
دۆزیمەوە..
پێناسەکەت "سەرحانێکە" لەواگۆنی،
شەمەندەفەری.. ئازارا
جارێك.. دەستگێڕی رۆژنامەی زامەکانە.
جارێك.. هەواڵی خنکاوی ئیستگەکانە.
جارێکی تر.. ئەیبینمەوە.. "مەوالێکە"
لەگەڵ رووباری ئوردنا سەر بەرەو خوار ئەبێتەوە..
لەکێلگەی قوڕگی کێڵراوی ناو "جەلیلا"
بەدوای بارانا ئەگەڕێ
مەوالێکە.. پاسەوانەکان ئەیگرن.. ئەیخەنە ناو:
قەفەزی ئاڵتونی شاوەو.. زامدار ئەبێ.
پێناسەکەت.. گوێزانێکە
"سعود" ریشی پێئەتاشێ!
خاولییەکە.. شاژن لەشی خۆی پێئەسڕێ
سەرم، سەرت: قەنەفەیەکە لەهۆڵی بانقەکانا دانراوە
"فیشی" یاسا ورگنەکان دێن لەسەری دائەنیشن!.
پێناسەکەت..
ناوی تۆی لەسەر نووسراوەو وێنەی منی پیانراوە
کاتێ.. بزمار بەسەر سنگی هۆنراوەتا دائەکوتن،
هۆنراوەی من خوێنی لێ دێ!.
دۆزیمەوە.. نیشتمانت:

ماسییەکە لەناو تۆڕی زەریای سپی ناوەڕاستا

گەرا.. لەدەمی قولاپی مەرگا ئەخات.

کەشتییەکە، بێ بەندەرە،

خنکاوی بیست ساڵ بار ئەکات.

تەنیا ئەنوێ.. لەژێر چەتری.. پینەکراوی شەوێکا،

کە تاریکیی هەڵی ئەدات

تەنیا ئەنوێ و خەو نابینێ:

"بەڕێوەیە، واشەی چاوی لەئاسمانی قوڕقوشمەوە بڕیوەتە،

زەرنەقووتەی ناو هێلانەی بێدەرگاکان. واشەی چاوی قولاپێکە،

تۆڕی شەو فڕێئەداتە ناو روباری هەتاوەوە تا -دەنگ- بگرێ.

ئەفڕێو ئەفڕێ  باڵی مسی شەڕی گێتیی سێهەمینی هەڵگرتووە. 32

بەدەنووکی ئاسنینا ئاڵای رایخی چوارەمی هەڵکردووەو دوکەڵێکە،

ژەنگ خواردوێتی. ماری دووکەڵ، پێچ لەسکی دارستانی رقا ئەخوا.

ماری دووکەڵ بەفیکەی گڕ لەکونی زیندانی مەرگا دێتە دەرێ"

ئەی.. هاوڕێ

دۆزیمەوەو نەمدۆزێوە.. پێناسەکەت.

# بڕیاری گولله

جێت ئەهێڵم و بمناسه
هەنگاوێکم لەهەڵنووتانی پێمەوە ڕێگەی چاوم
ئەدۆزمەوە.
جێت ئەهێڵم و بمبینه کڵپەیەکم لەناو بەفرا
ئەسپی گەردەلوول زین ئەکەم
لەجۆگەی تیشکه دیلەکان ئەخۆمەوە.
جێت ئەهێڵم و ئەمجاره،
درەختێکم ئەبزوێم و لەگەڵ خۆما،
ڕەگی وشه لەزەمینه ڕووتەکانا دائەکوتم.
جێت ئەهێڵم و بزانه،
گووللەیەکم خوێنی بێناو تەقاندوومی
گولله ئاوڕ ناداتەوە.. جێت ئەهێڵم!.

# که.. بووم

لەدایك بووم..
لەگەڵ هەڵکەندنی هەموو، گۆڕەکانی
سەرزەمینی بێئاسمانا لەدایك بووم.
لەناو گەڕەکی گوللەدا لەدایك بووم
لەژووری پۆستاڵی یەکێك لەژەندرمەی
هیتلەرو مۆسۆلۆنیدا.. لەدایك بووم.
لەدایك بووم..
کاتێ کارێزە روونەکان.. نەوتی رەشیان
ئەکرایە ناو، چاویان ئەبوو
بەدووکەڵکێش..
پێستی لەشیان،
بەتەپڵەکی جگەرەی -ئیڤابراون-!
*کاتێ.. خواکان لەناو هێلکە شەیتانۆکەی،
گوێ بەندەری بێ زەریادا، سەریان
لەشەودا ئەجوقان.

کاتێ.. رووبار راوەستابوو!.
دڵنیایی، لەئێوارەی بەیانیانا، دەس کێشێکی
ئاسنینی لەدەستا بوو!.
لەپرسەی ئاسایشا بوو.. لەدایکبووم.
مەمکی بێگوێ دایکێکی بێشیرم مژی
بێشکەم: تەندووری دەبابەی شکاوی سەر،
تەلبەندێکی ئەوروپا بوو.
دۆعای سەرقۆچکەکەم.. نزای
ناو دەستەکانی پاپا بوو
لەدایك بووم.. لەگەڵ دایکما
هەموو دنیاش زەیستان بوو
باوکم لەبەر قوتیلکەیەکی بێنەوتا
هەڵبەستێکی
شەهیدکراوی.. دائەنا!
خزمەکانم.. حەزیان ئەکرد:
لەچروتەکەی مستەر "چەرچڵ" بکێشن
چاویلکەیەك لەچاو بکەن لەچاویلکەی
"رۆزفلت" بچێ!
لەدایك بووم.. لەگەڵ بۆمبای ئەتۆم دا بوو
لەدایك بووم.
مامانەکەم. پیرێژنی فەرهاد کوژ بوو
بەری دەستی.. تووکی مێژووی.. لێهاتبوو

مێردەکەشی.. –گۆڕهەڵکەنی- ئەهرەمەن بوو

★

لەدایك بووم..

کاتێ کە ''لۆرکا'' کوژرا بوو

''مەحمود دەروێش'' تازە زمانی پڕا بوو!

# ونبوون

لەئەشکەوتی.. هەزارمێردا، کاسەسەرێکی باپیران
لەدوای گریان بەسەر تەرمی یادگارا کەوتە دووان:
چاوی ئاگر.. کاتێ کوێربوو.. کە ئاگردان
داری تەڕی لەدەروونی خۆیا سووتان
شارە دووکەڵی.. لەچرای
گیان.. وروژان.
لەو شەوەوە لەوڵاتی.. خۆڵەمێشا
لە کەشتیی وشەی خنکاوا
وێڵین.. بەشوێن پشکۆی چاوا.
بەدوای نەورۆزی دەنگێکی هەڵگیرساوا.
بەشوێن سروودی.. مەلێکی،
بەر هێلانەی.. پۆپەی درەختی هەتاوا.
ئەگەڕێین بۆ.. سیمای ونی هەزار ساڵە
بۆ پەیامی بێرابەرمان
بۆ دروشمو ناونیشانی دڵی خۆمان
بۆ پەنجەمان..
بۆ رەنگ.. بۆ دەنگ.. بۆ شێوەمان
بۆ کیشوەری بێنەخشەمان!

# خەمێکی سوور

براکانم!

لەناو شاری زامەکانما.. وشەکانم،

نمەن..

نمەی بارانێکی تینوو.

بارانی ژانی هەورێکی سەرهەڵگرتو.

بارانی خەمێکی سووری..

گڕ.. تێبەربوو..

ورد.. ورد لەگەڵ:

فرمێسکی دەنگی "قەتار"ی ئاوارەما دێنەخوارێ

ورد..

ورد..

بەسەر..،

تاڵی زەردەی، قژی "لاوك"و "حەیران"ی،

"مەمو زین"ی پەشۆکاوی ئێوارەما.. دێنە خوارێ.

کێلەکانی یادگاری خەوی دوێنێی

وڵاتی بێ زەردەخەنەم ئەشۆنەوە

لەتینوێتیم ئەخۆنەوە!

براکانم!

لەکاروانی زامەکانما.. هەمووتانم

هێنایە ناو:

ژووری گلێنەی چاومەوە

هەمووتانم هێنایە.. ناو،

"حوزەیران"ی هەناومەوە

لەسەر سنگی تاتەشۆری ترسەکانم

ریزم کردن.

لەگەڵ تاریمایی مردنا

وێنەم گرتن

بەپلیکانەی ئازاری ناو دەرونما

بۆ هەورەبانی ناو تەمی سەری ماندووم

سەرم خستن

براکانم!

من دووکەڵی ئێسکی سووتێنراوی ئێوەم.

من دووکەڵی ئێسکی سووتێنراوی ئێوەم.

براکانم!.

# شەش وێنەی نەگیراو

-1-

لەناو سەرما.. کارگەی وشە شپرزەکان
کارگەی بیرە یاخییەکان
تابوتی شەو.. دروست ئەکەن
بۆ تەرمی رۆژە.. مردوەکان.
تەم.. ئەکەنە بەری درەختی سەر رێگا
نەزۆکەکان..
کڵپەی خوێنی دەمو چاویان
ئاگردانە بێتینەکان ئەسوتێنێ
تاریکایی.. ئەتۆقێنێ.

-2- 32

خۆشەویستم!
یەکەم رێبوار من بووم بەرێی چاوەکانتا
تێشووی دڵم بەستە پشتم.
گلێنەم لەناو دڕکەزی ترسا رووان.
گوڵی خوێنم دا لەقژی بەربەیانت.

گوارەی تیشکم کردە گوێچکەی،
خۆری ماتی ئێوارانت.
شیرینەکەم!
وا رێبوارە بێگلێنە تێرەکانی سەر رێی چاوت
ئەیانەوێ جێ پێکانی سوارەی وشەم بسڕنەوە
هەتاو.. لەمەمکی درەختی
شیعرەکانم.. ببڕنەوە.
گەوجن.. گەوجن.. ئەیانەوێ
دەنگ لەگەرووم بدزنەوە
سەرنج لەچاوی داهاتووم.. بدزنەوە
شیرینەکەم!.

-3-

لەدووترین ئەستێرەدا
کە نایبینم..
خۆم.. ئەبینم!

-4-

تەپڵی نوستوو
تەپڵی خاکە دیلەکانی زیندانی ناو:
ئەم دنیایە
بەلێدانی دوو دەستی بەندو وەردیان
دەنگی نایە..
-وەکوو من دەنگی نایە-

ئەی بەندیەکان: من دەستێکم بۆ هێناون
هەر بەو دەستە تەپڵی نوستوو
رائەچڵەکێ..
هەر بەو دەستە.. پەیکانی خۆر
دڵی —زینانتان- ئەپێکێ
ئەویش دەستە بڕڕاوەکەی:
دەستی چەپی گیڤارایە!

-5-

دە ساڵ.. دە ساڵە بەرداشی لمی نەوسن
داربەڕووی لەشم ئەهاڕێ
دە ساڵە من
پێستی گووراو..
بۆ ئاردی بەر ئاشی خوێناو ئەگرمەوە
کە دایانمێ
کە کردمەوە
سوتووی ئاردی لەشی داربەڕۆکەی خۆم بوو.

-6- 3

لەو رۆژەدا.. کە راستیی لەناو تەندووری
شارەکەما.. کۆڵەوژ بوو..
لەو کاتەدا کە قوڕگی گوڵبێنە بۆ نان..
دووکەڵ مژ بوو..
لەو رۆژەدا:

هەر پیاوانی بێوەژن بوون.. ریزیان ئەگرت
خۆیان لەمێژووی سۆزانیی
مارە ئەکرد!

# لەئاوێنەی درز بردوودا

-1-

لەئاوێنەی درزبردوی وەرزەکانی ئەم شارەدا
دەمو چاوی هەڵەوگەڕاو..
دەمو چاوی ژێر سێبەری داری زڕی بێرەنگو ئاو
دەمو چاوی —سەر پێنەماو-
زمان.. لەپڕیشکی خوێنی منی سووتاو
دەرئەکێشن..
زمان.. ئەکەن بە کەرەتە
تا پێڵاوی بەرازەکەی حوزەیرانی پێهەڵکێشن.

-2-

لەئاوێنەی درزبردووی چاوەکانما
لەخم خۆرکی.. ژانی مێژووی دێڕەکانما
گەڵای پیتە وەریوەکان.. ئەخزێنە:
ناو کێلانی خەنجەری ژەنگ گرتوومەوە
ئەو خەنجەرەی —ناوکی- لەدایك بوونی بۆ بڕییم
ئەو خەنجەرەی خوێنی کڕییم!

-3-

لەئاوێنەی درزبردووی، رۆژەکانی:
وڵاتی کەڕەواڵەما

لەسەردەمی چاخی کوێری
پڕچزوی شارە زەردەواڵەما
لەفەرهەنگی روتو قووتی بەر دڵۆپەی ئەمجارەما؛
ئەبینم جۆگە بەرەوژوور گەڕایەوە.
بەفر لەچلەی زستانو سەرمادا بوو کە توایەوە
ئەبینم نان دوای پێوەدان..
ئەبێتەوە بەهەویری ژێر پێی شێلان!
ئەبینم خوێن دوای هەڵگیرسان
ئەبێتەوە بەدووکەڵی ژێر مەنجەڵی نەوسنەکان!

-4-

ئەمجارەیان لەدرزەکانی ئاوێنەی بیرمانەوە
شاگردەکانی –خەلیفەی- خوالێخۆش بوو..
بەهایوهوو.
بەدەم ویردی دەسنوێژەوە.. هاتنە دەرێ
پەڕیینەوە..
بەسمێڵی بادراوی هەمومانا پەڕیینەوە
بەجامانەی لار بەستراوی هەمووومانا پەڕیینەوە.

-5-

لەئاوێنەی درز بردووی ئەم شارەدا
"یەك دەمو چاو".. ئەبێ بەدووان!
ئەبن بەسێ.. ئەبن.. ئەبن.. هەتاکوو سەر:
لەئاوێنەکەش تێك ئەچێ.

# دڵداری ناو شارێکی مردوو*

دڵدارەکان!
دڵدارانی چاوی وشەی.. باخی ئاگری هۆنراوە.
دڵدارانی.. گوڵی بارانی وەریوی
درەختی خۆری رووتاوە.
دڵدارانی نۆ ساڵی ناو وەرزی خوێنی
ئەم-خاکە شەهیدکراوە-
دڵدارەکان!
دڵدارانی چرای زامی.. ناو چیرۆکە کوژراوەکان
دڵدارانی ماچی تینوی ناو شەپۆلە خنکاوەکان
دڵدارێکم:
دڵدارێکم لەبەهەشتی خۆشەویستیما ئەسوتێم.
دڵدارێکم بەدۆزەخی ناوی خۆما..
بەسەر ئەستێرەی کشاوی چاوی خۆما
هەنگاو ئەنێم.
دڵدارێکم گۆرانیی بۆ:
گەردەلوولی بەهاری ناو ئازار ئەڵێم.
دڵدارێکم.. ئاوێستاکەم یاخیبوونە.

دڵدارێکم.. ژوان بۆ یار
لە ژێر ئاسۆی ئەرخەوانیی نۆی حوزەیرانا دائەنێم
تارای گڕی، بابەگوڕگوڕ، ئەدەم بەسەر:
بووکی ناکامی نەورۆزداو
بۆ مارەیی خوێن ئەگەڕێم.
دڵدارێکم.. بەردەکەی "سیزیف" لەسەر شان
بەتووله ڕێی سەر هەورازی
سەدەی بیستا هەڵئەگەڕێم
لەتاریکیی شپرزەییم، لەبرووسکەی
هەوری ژانم
بارانی سوور، دڵۆپی گڕ..
بەسەر دورگەی بیابانی،
بەفرکوژدا.. ئەبارێنم!
دڵدارێکم.. بەشانەی پەنجەی سووتاوم
قژی مێژووی هەڵپڕواو.. دائەهێنم.
شاعیرێکم.. ئەسپی خەوێکی بێ جڵەو
هەڵی گرتووم.
پەیژەی ناسۆری شارێکی بێ کۆتایی
بۆ سەرەتای ون بوونی خۆم.. سەری خستووم.
شاعیرێکم.. بەدوای قاچی پیتەکانما
تەرمی خنکاوی غەریبم رائەکێشم
گۆڕ لەناو گۆڕا ئەنێژم!
من غەریبی بەر ئاوێنەی ئەو ژوورەم
تیا لەدایك بووم.

من غەریبی ئەو ڕێو بانەم،
کە پشتوێنی یادی بەستووم!
من ئاوارەی بیابانی دەنگی خۆمم
من لە بیرچووی
نەخشەی شێوەو ڕەنگی خۆمم.
من ئاوارەی ئەو کیشوەرەم:
ڕۆژ ژمێری ڕۆژەکانی ون کردووە
ناونیشانی ماڵەکانی ون کردووە.
من ئاوارەی وڵاتێکم:
شارەکانی.. بێ پەنجەرەن
شەوەکانی.. بێ ئەستێرەن
ڕێگەکانی..
قەیتانی پێڵاوی بیری گرێ کوێرەن.
من ئاوارەی وڵاتێکم جادووگەریی:
لەئەشکەوتی یاساکانیا
لەگەراجی.. پاسەکانیا
لەگیرفانی جانتای پارەی.. شینو سووری پیاوەکانیا
لەکیسەی مەمکی لاستیکی ژنەکانیا
لەمنارەی درۆکانیا:
پێشمەرگەی وشە.. ئەکوژن
قەڵەمە جەنگاوەرەکان.. ئەخنکێنن
مێشکی "کاوە" ئەپژێنن
"ژان دارك"ی ڕستە یاخییەکان.. ئەسووتێنن.

*

دڵدارەکان!
دڵدارانی حیلەی ئەسپە ئاوارەکەی،
دەربەندی خوێنی بازیان.
دڵدارانی خۆری زامی.. هەڵهاتووی سەنگەری ئاسۆی
سنگی بەرزان.
جادووگەرانی سەر شانۆی سیحربازیی
ئێستەش هەروەك جارانی ناو
ئەشکەوتی کۆن
گڕی ئەفسانە قووت ئەدەن.
مارو دوپشكو شەوگەردی تۆپیو ئەخۆن.
نووشتە لە "ئەپۆلۆ" ئەکەن!
ئێستەش هەروەك جارانی ناو
ئەشکەوتی کۆن..
خەو بەکۆپانی "جەجاڵی" دنیای چۆڵەوە ئەبینن!
دەرزیی لەیەخەی جنۆکەی
گرانەتای منداڵ ئەدەن
موو.. بۆ دێوی گردی رەشو
حەوت قوللەی قاف ئەپڕوزێنن
مەنجەنیق بۆ:
"گالیلۆ"ی زانست دائەخەن!

⋆

دڵدارەکان!
دڵدارانی.. تریفەی چاوی خانزادی مانگی خنکاو
دڵدارانی.. لێوی تیشکی.. پشکۆی ئاگردانی هەتاو

کاتێ.. لەپشتەوە، پێکرام
کاتێ لەسەر بەرماڵەکەی —حەللاج-
نوێژم بۆ کورد ئەکرد، کوژرام.
ئەوسا ناوم:
میری گەورەی ڕەواندز بوو
ئەوسا.. چاوم
ئەوسا بیری بەهەنگاوم..
سوژنێ بوو..
شاڵی ئاسمانی لەت لەتی
چۆغەی زەمینی لەت لەتی
کوردستانی بەیەکەوە ئەدوورێوە
سوژنێ بوو..
تەقەڵی قرچۆکی جبەی
خەلیفەکەی ئەستەمووڵی هەڵئەوەشان.
ئەوسا لەژێر سمی تاوی، ئەسپەکەما
بەغای —والیی- ئەیزریکان
"بابی عالیی".. گرێ ژنەی قاچەکانی
لەچاڵی مەرگا.. لەرزۆك بوو
تاقەکانی کۆشکی -یڵدز-
بۆ شیوەکانی ڕەواندز
لەسەر چۆك بوو!.
پێکرام.. لەپشتەوە.. پێکرام
هەر بەو تیغە ژەنگاوییەی
کە "بەدرخان"ی پێکوژرا.. منیش کوژرام.

تیغی جاڕی شەیتانی سەر منارەکان
تیغی زمانی ماری سەر:
بەردەنوێژی مزگەوتەکان
خنکام.. لەدووکەڵی فەتوای ناو مێزەری
توونی بابای.. پیلانەکەی،
"مەلای خەتێ"دا بوو خنکام
سووتام.. لەگێژاوی گڕی دەمی ئەژدیهای حەوت سەری
"مەلای خەتێ"دا بوو.. سووتام
دڵدارەکان!
ئێوەش هەموو لەگەڵ منا،
پێکران.. خنکان.
ئێوەش هەموو لەگەڵ منا،
سووتان.. کوژران.
دڵدارەکان!
دڵدارانی حیلەی ئەسپە ئاوارەکەی،
دەربەندی خوێنی بازیان.
دڵدارانی.. خۆری زامی هەڵهاتووی سەنگەری ئاسۆی
سنگی بەرزان.
ئەوا.. دیسان
گەڕانەوە..
کولله کوێرە بێ باڵەکان.. گەڕانەوە
ژیانەوە..
تووڵەمارە سەرسپێکان.. ژیانەوە
ڕووانەوە..

کەڵبەکانی مەلای خەتێ.. رووانەوە
دڵدارەکان..
ئەمجارەیان.. شارەکەمان، سەری نایە
سەر ڕانی شەو
دەستی گۆجی،
کردەملی کێلی مردووی سەیوانی خەو
گەڕەکەکان:
ئیستگەی بانگی مەرگەوەڕی قاژووی ماڵ بوون.
کۆڵانەکان:
دارەمەیتی لاشەی ئەفسانەی جەجاڵ بوون.
گلۆپەکان:
خنکاوی ناو تەمی چوخمی جنۆکە بوون.
نامەخانەو کتێبەکان:
کەشتیی پرسەی، گوێ بەندەری
وشە سەربڕڕاوەکان بوون.
شیرینەکان،
فەرهادەکان،
کوشتەی دەستی.. پیرێژنی،
جادووگەری چەرخو فەلەکی شەیتان بوون!
*
دڵدارەکان!
دڵدارانی.. ئەو گریانەی زەردەخەی تیا ئەپشکوێ.
دڵدارانی.. ئەو شەوانەی گوڵی شەبەقی تیا ئەڕوێ.
ئەمجارەیان.. لەشارەکەی خەزانی ناو حوزەیرانا

لەگوومەزی خەمو ژانا
لەکەژاوەی چرای بیری:
"جەودەتو جەمال عیرفانا"
نەوەکانی مەلای خەتێ
شاگردەکانی بەتلیسی..
چقڵی پەنجەی گوڵ کوژەیان
ئەکرد بەچاوی ژیانا..
بەچاوی هەڵبەستی سەوزی:
"حەمدیو بێکەس و گۆرانا"..
ئەمجارەیان.. قەڵەمەکان
قەڵەمە ترسنۆکەکان
قەڵەمە نووك جنۆکەکان..
لەشەقامی کەڕو لاڵی شارەکەما
کلکی ترسیان کلاّفە کرد!
کەوتنە چینە،
لەکەلاوەی خێوەکانا کەوتنە چینە
بەدەلاقەی دەرگای برینی تەمەنی،
سارێژنەبووی لەشی کوردا..
کەوتنە دادرroونی پینە!
ئەمجارەیان.. لەشەقامی کەڕولاڵی شارەکەما
-رۆشنبیران-
بەکلاّوەکەی "سحری جن" زۆریان گیران!
جێیانهێشتین.. وەك پێکی خاڵیی سەر مێزی
شەوی سووریان.. جێیانهێشتین.

جێیانهێشتین.. لەدارستانی شمشێرو،
زرگی چڕی.. شەلو کوێری نەپارێزا
جێیانهێشتین..
لەتۆڕی چنگی قرژاڵی دزەکانا.. جێیانهێشتین
جێیانهێشتین کە بینییان:
وشەکانمان..
ناکەین بەدەنکە تەزبیحی سەر بەرماڵی جادووگەران
رستەکانمان..
ناکەین بەڕیزە گوڵۆنکەی مشکیی سەری ریاکەران.
جێیانهێشتین.. وەکو ئیمزای کوژاوەی سەر،
پاکەتی خاڵیی گیرفانیان.. جێیانهێشتین.
وەك چاویلکەی زەڕە بینی..
شکاوی پاروپێراریان.. جێیانهێشتین.
جێیانهیشتین کە زانیان:
"ئاگرە سوورە..
گڕ لەدەوری ئێمە ئەخواو
لەوان دوورە"..
جێیانهێشتین کە زانییان:
قاچی دینار..
لەرێی ئاشەبەتەندورێ
کار وا بڕوا
ئەکەوێتە هەنگەشەلێ!.

*

دڵدارەکان!
دڵدارانی ئەو چراوگەی لەخوێنی شەوی "حاجی"یا
کڵپەی ئەکرد..
دڵدارانی ئەو شەبەقەی لەپێڵووی چاوی کۆیەدا
جێ پێی "مەولانەی" هەڵئەگرت
دڵدارانی ئەم خامانەی لە "هەندرین"ی وشەدا
شەهید کران!
بەسێدارەی حوزەیران و چوارچرای شەوا هەڵخران
دڵدارێکم.. بەسەر دەمی پردی گوێزانی ئازاری
شارەکەما.. دێم و ئەڕۆم
چاوم.. لەگۆمی رووناکیی..
وەرزی پێنجەمیندا ئەشۆم.
دڵدارێکم.. دڵم گۆپکەی مشتۆی سەر ئەو:
خەنجەرەیە.. سوارەکەی بەردەقارەمان
دایە دەس سوارەکەی بەرزان
دڵدارێکم.. ژوان بۆ یار
لەژێر ئاسۆی ئەرخەوانیی..
نۆی حوزەیرانا دائەنێم
تارای گڕی بابەگوڕگوڕ ئەدەم بەسەر:
بووکی ناکامی کەرکووکا
بۆ مارەیی خوێن ئەگەڕێم!

*ئـەم هۆنراوەیـە لـەرۆژانی بەسـتنی کـۆنگرەی دووەمـی یـەکێتیی نووسـەرانی کـوردا لەهـەولێر خوێنرایـەوە، دوا بـەدوای هێرشـی کۆنەپەرسـتانەو خۆشـاردنەوەی قەڵەمـە ترسنۆکەکان.

# برووسکەی سروودێکی زامدار

-1-

لەگەرووتانا رەشەبای سلەیمانین

لەسەر سنگتان تاشەبەردی

ئاگری داغین.

لەچاوتانا..

شالاوی بابەگورِ گورِین.

لەدلْتانا..

سەهۆڵبەندانی سابلاخین.

لێتان.. لێتان نابینەوە

وەك چۆن هەڵۆ لەنێچیری نابێتەوە.

وەك تۆرِ

چۆن لەماسی نابێتەوە.

وەك ئاگر چۆن؛

لەکاو پووشو نابێتەوە

کاوە.. لەچارەنووسی ئەژدەهاك

گۆرِ.. لەمردوو

لافاو لەهێزی رامالْین،

سەرکەوتنمان.. لەهەندرێن نابێتەوە
لێتان.. لێتان نابینەوە.

-2-

جێ ناهێڵین..
جریوەی ئاڵی ئەستێرەی زامەکانمان.. جێ ناهێڵین.
پەنجەرەی ژووری گریاوی ماڵەکانمان.. جێناهێڵین.
کەوی.. دەنگمان
بەفری –رەنگمان.. جێناهێڵین
وەك چاو.. بینین
وەك رەگ.. زەمین
وەك کات.. سەعات
وەك هاژە.. چەم
وەك زمان.. دەم.. جێناهێڵن
ئێمەش خاکی سك سووتاومان..
پیتی داخ کراوی ناومان..
جێناهێڵین!
جێناهێڵین!
جێناهێڵین!

# ببــورن

کیژۆڵەکان!
لەبەر ئاوێنەی دیوانی ئەمجارەما.. شانەی شیعرم
زەردەپەڕو شەوی قژتان داناهێنێ.
دەمی وشەم.. لەجۆگەی روونی گەردنتان ناخواتەوە.
پەنجەی خامەم
پەنجەرەی پشتو کەمەرتان ناکاتەوە.
قۆپچەی دەرگای سوخمەکانتان.. ناترازێنێ
دەستی چاوم
کەروێشکی سرکی مەمکتان.. راناهێنێ
پەپوولەی چرپەی سەرلێوی باڵ لەرزیوم..
بۆ سەر شووڵی —تەزووی سووری ماچەکانتان،
هەڵنافرێت
کزەبای دەنگی.. ئاسمانی بێ سروەتم
هەوری لەشی ئارەزووتان.. نابارێنێ!
شیرینەکان.. ببوورن لێم.. ئەمجارەیان:
نە ملوانکەو نە موستیلەو نە گوڵ ئەستێرەی سەر سنگتان
دەست ناکەوێ
ئەمجارەیان.. کیژۆڵەکان!
لە "شەقامی خوێن"و "ئاوێنەی ئاگردا"..
چاوتان بەخۆتان ئەکەوێ

# پەڵكەرەنگینەی هۆنراوەیەك

-1-

ئەو كتێبەی شەیتان لەرۆژی یەكەمی هەفتەكەدا

لەچاوی سووری ئەستێرە شینەكەدا

بۆ ئادەمی ئەگرتەوە

كتێبێ بوو: نەهێنیی بەهەشتی لەخوا

نەشاردەوە..

دارسێوی نەكرد بەژاڵە

لەكانیی ناو دەمو مەمكی روونی "حەوای"

نەخواردەوە

بەڵام.. ئەنجام ریسواش كرا!

-2-

لەگەڵ بوونما.. گەرای مردنیشم پێ بوو

رێی گۆڕەكەم:

لەبێشكەوە چاوم لێبوو

ئەمرم بۆ ئەوەی ببمەوە

جارێكی تر بۆ ناو لانكەی

-بوون- بچمەوە!.

-3-

باران.. لەژانی بەخشینی هەور دایە
گەنم.. لەزامی هاوینی زەوی دایە
سەربەستی لە: کفنی مەرگی شەهیدایە
وشەش لای من:
لەراچەنینی ئازاری راستیدایە.

-4-

لەسەر بانی.. دەممانەوە
دەزووی چاومان،
بەپشتاوپشت،
بۆ کۆلارەی درۆکانمان.. بەرەڵڵا کرد
دەزوو.. پچڕا
کۆللارەمان.. لەسەر توتڕك گیرسایەوە
دەمو دانیشمان لەحەوشەی
خەڵکی ترا.. هێنایەوە.

-5-

وتیان: پلەی تەرمۆمەتری
گەرمای شاری سلەیمانی
لەسەرمانا..
لەناو خانەی سفرا ئەگریی.
بەتەنیا من لەو کاتەدا.
لەناو ژووری مەمکەکانیا

گەرمام.. بۆ خانەی سەدهەمی
تەرمۆمەتری لەشم ئەفڕێ.

-6-

ناونیشانمان:
شاری: پارە.
گەڕەك: دەهۆڵ.
شەقام: تەڵە.
کار: مامۆستای وانەی هەڵە.
قوتابخانە: باوکی درۆ.
ئارەزوو: پاشقول لێگرتن،
لەگەڵ ریا گۆڕینەوە
تەمەن: بەقەد منارەکە.
تەلەفونمان بەهۆی "بەددالەی" کەڕەوە
ناوی تەواو: شەممەی کوڕی یەك شەممەی.. دووی
سێی.. چواری. پێنجی.. "هەینی"یە!

-7-

یاسا.. وایە
"سەرۆکی دەوڵەتێ بمرێ..
بەیداخ هەتاکوو نیوەی دار.. دائەگیرێ،
گیانە.. کە تۆش پایتەختی خۆشەویستیی من
جێئەهێڵی..

بەیداخی.. هەڵبەستەکانم..
نەك تا نیوەی داری دڵی چاوەڕوانیی
هەر تەواو گرمۆڵە ئەکرێ.

-8-

نیشتمانی وشەکانم غەریبییە
ئاڵای: شێوەو ڕەنگی نییە
ڕێگەی: خوێنی هەڵگیرساوە
شاخەکانی: کاسەی سەری شەهیدانە
پەساپۆرتی: ڕەشە بایە
سەربازەکانی: قەڵەمی برسێتییە
بەرگی بەری: چۆغەی ئاگرو سەرمایە
خۆشەویستی: سەرچاوەیە
سنووری: ناو دڵی خوایە
وەرزەکانی: هەمووی ناوی حوزەیرانە!

# لەدورگەی خەوی زڕاوی شاعیرێکا

### 1- پەستیی:

پەستم..
پەستم وەك كێڵگەیەك.. هەور
زیاد لەجارێ
بەسەر سەریا تێبپەڕێ،
تێبپەڕێتو نەبارێ!.
پەستم..
پەستم وەك ئەو قومە ئاوەی لەسەنگەرا،
رژاو.. نەگەیشتە دەمی،
پێشمەرگەیەك.. شەهیدكرا.
پەستم وەكوو سەرچاوەیەك: لیخن كرێ.
وەك مەچەكی هۆنراوەیەك
زنجیر.. كرێ
پەستم وەك ئەو پێكەنینەی:
كە داگیركەرم ئەیگرێ.

پەستم.. پەستم
وەك سەعات پێنجی ئێوارەی
بیست‌و نۆی مانگی "نۆ" پەستم!

### 2-مانگ:

دوای گەشتەكەی "ئەرمسترۆنگ"یش
مانگ.. هەر یارو دڵخوازمە
ئەمجارەیان: یارێ.. نییە
گێلۆكە بێ و نەخوێندەوار
ئەمجارەیان: شۆخ‌و شەنگ‌و رۆشنبیرە
مانگی نازدار.

### 3-لەیەك كاتا:

لەیەك كاتا
خۆم تیغم‌و خۆشم بڕین.
دەردم وەك چۆن دەرمانیشم.
پێكەنینم.. هەرواش گرین.
لەیەك كاتا

### 4-دەنگ:

دەنگم ئەسپێكی گلاوی گردی رەشە
پێی لە ئاوزەنگی هاواری،

خۆی گیراوه.
دەنگم.. گۆمێکە، کە پردی
سەدەی بەنگێشی بیستەمی
تیا خنکاوە.

5-**چارەنووس:**
چارەنووسم.. لەو دۆزەخی خوێنەدایە
لەو بڵێسەی شەوەدایە:
زیاتر.. ڕەگی بوونی ئێستام بسوتێنێ
زیاتر.. پێستی تەپڵی درۆی
دەهۆڵ ژەنی پرسەی ئارام.. بسوتێنێ
چارەنووسم.. چاوەڕوانی نێزەیەکە:
سەری "نوستنم" هەڵگرێ
چاوەڕوانی لافاوێکە..
باڵەخانەی سەرشەقامی شاری مردووم
لەگەڵ هاژەی خۆیدا.. بەرێ

6-**کەڵەشێرە بێ پۆپنەکان:**
لەسەر دیواری بێ دەرگای شاری نووستووی،
نیوەڕوانا..
لەوڵاتی، دەمی مێشك.. ڕۆژوانا
لەمەزاتخانەی دەسو چاو فرۆشانا

لەپایتەختی مردوانا:
کەڵەشێرە بێپۆپنەکان.. ئەقوقێنن.
بەسەر پارەی کرێکەوتوا.. ئەقوقێنن.
بەسەر چاڵی جەرگی هەزار،
"پیرەمێردو پیرێژنا".. ئەقوقێنن.
بەسەر قژی درەختی سەر،
شەقامی پرسەی، رنراوا، ئەقوقێنن.
لەبەر ئاوێنەی بێپشتی،..
جیوە مردووی، کرێنراوا.. ئەقوقێنن.
کەڵەشێرە بێپۆپنەکان:
بەسەر "گارینی" ئێمەدا..
ئەقوقێنن!.

# بۆ بارزانیی

خۆشمان ئەوێی
بەقەد ڕقی شمشێری ناو چاوی ئەوان
خۆشمان ئەوێی.
بەقەد پیتی داخ لەدڵی ناو ڕۆژنامە،
زەردەکانی ئەوساو ئەمڕۆ. خۆشمان ئەوێی.
بەقەد کینەی گوللە تۆپو،
کوێرە بۆمبای فڕۆکەیان.. خۆشمان ئەوێی.
بەقەد بێشەڵانی بوغزی سەری سونگی،
سوپاکانیان.. خۆشمان ئەوێی.
بەقەد ناڵەی تەقینەوەی "تی، ئێن، تی" ناو،
جانتاکانیان.. خۆشمان ئەوێی.
بەقەد داوی پیلانی ژێر مێزەرو جبەی پێراریان
خۆشمان ئەوێی.
بەقەد.. بەقەد
ژمارەی چاوی جاسوسی سەروخوارو
ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوایان.. خۆشمان ئەوێی
چەندیان "ناوەکەت" خۆش ناوێ.. خۆشمان ئەوێی

ئەمانەوێی
وەك گولله بۆ چەكەكانمان.. ئەمانەوێی.
وەك چەك بۆ پێشمەرگەكانمان.. ئەمانەوێی.
وەكوو پێشمەرگە بۆ كەژو كێوەكانمان.. ئەمانەوێی.
وەك باران بۆ كێڵگەكانمان
ئەمانەوێی.
هەر بۆ "مەرگ"ە نامانەوێی،
ئەی بارزانیی!.

★

خۆشم ئەوێی!
ئەوەندەی برسیی نانی خۆش ئەوێ
ئەوەندەی تینوو ئاوی خۆش ئەوێ.. خۆشم ئەوێی
خۆشم ویستی..
لەكاتێكا.. قەڵەمەكەم،
بەگەڕەكی ڕستەكانما.. راوئەنرا
خۆشم ویستی. لەرۆژێكا بەنیوەڕۆ،
خۆشەویستیت لەشەقامی شارەكەما.. سەرئەبڕڕا ،
لەرۆژێكا.. كاسەی سەرم بەدروشمە
ڕەشەكانا هەڵئەواسرا.
لەكاتێكا.. قسەكانم لەناو دەمما دەس بەسەر بوون.
خۆشم ویستی لەشەوێكا بەنیوەشەو،
خۆشەویستیت.. قەدەغەبوو،
ناوهێنانت پشكۆیەك بوو زمانی شیعری تازەمی،
پێ داخ ئەكرا.

خۆشم ویستی لەکاتێکا خۆشەویستیم
خەرمانێ بوو.. ئەسوتێنرا
سووتانێ بوو.. ئەسوتێنرا.

*

لەکاتێکا کتێبخانەی چاوەکانم ئەپشکنرا
بۆت ئەگەڕان.. بینییانی:
چیرۆکێکی دەماودەم لوتکەی شاخەکان ئەتگێڕنەوە.
لقو پۆپی درەختەکان بەگۆرانیی ئەتلێنەوە.
بینییانی:
تابلۆیەکیت گڕ ئەتکێشێو خانەقین ئەتکا بەسنگی
کەرکووکەوە..
بینییانی.. لەناو چاوی منالانی گوندەکانا.. بینییانی
لەرەشەبای هەردەکانا.. بینییانی
لەلافاوی چەمەکانا.. بینییانی.
ئەی بارزانیی!

*

ئەی بارزانیی لەگەڵتاین چۆن بنار لەگەڵ
لوتکەدایە.
لەگەڵتاین چۆن چاوت لەگەڵ سەرنجتایە.
هەناسەت لەگەڵ سییتایە.
دەنگت لەگەڵ گەروتایە.
لەگەڵتاین چۆن خەنجەرەکەت لەگەڵتایە
ئەی بارزانیی!.

*هـەر دوا بـەدوای ئـەو پیلانـە دزێـوو بەنەفرەتـەی کـە رژێمـی تاوانکـەران بـۆ لـەناوبردنی خوالــێخۆش بـوو "بـارزانیی" گێڕایـان. هێـشتا بـۆنی بـارووتی ئـەم رووداوە نـەڕەویبۆوە، یـەك دوو کۆپلـەی ئـەم شـیعرەم نووسـییو بـەکوردیو بەعەرەبیش بڵاوبوونەوە. ئەوەی من لەم شیعرەدا دەرم بڕیوە، هەر ئـەو ئـەوینو رقو خۆزگەو ئومێدانە بون کە لەدەرونو گیانی زۆربـەی زۆری کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردستانداو لەو سەردەمەدا پـەنگیان خواردبـۆوە. شـیعریش ئاوێنـەی رۆژگـاری خۆیەتی.

دواتـر ئـەو شـیعرو هەڵوێـستانە بـۆ خـۆم مایـەی دوورخـستنەوەو دەربـەدەرییو دەردەســـەریی بـــوون. ســـاڵانی دواتـــر هەنـــدێ شـــیعری دوای هەرەســـیی "1975"یـشم، هــەر رەنگدانــەوەی بـاری دەرونیــیو فیکریــی ئــەو ســاتانەی گەلەکەم بـون، ڕاسـتیی شـیعرم لەگـەڵ راسـتیی ئەوانـداو چەوتیـشم هـەر لەگـەڵ چـەوتیی ئەوانـدا بـووە!، خۆشەویـستییو رقـی هەڵبەسـتم، لەسەرچـاوەی دڵـی ئەوانـەوە هـەڵقوڵیوەو هـەڵ ئـەقوڵێو هـەر گیـانی ئـەوانیش پێوانـەن بـۆ هـەموو سەردەمێك.

**ش. ب** 1991

# دیوارو دەنگی خوێن

(تابلۆیەکی گفتو گۆی هۆنراوەیی سەر شانۆیە)

"دیمەن: جێگای بەندیخانەیە، کات شەوە، سێ ژووری زیندانیی لەڕیز یەکەوە دیارن، لەناو هەر زیندانێکا بەندێك، بەکۆتو زنجیرەوە، لەهاتوچۆکردن دایە، لەبەردەمی هەر ژوورێکیشا یاساولێکی چەتەوڵی ڕووگرژو مۆن ڕاوەستاوە.

**بەندی یەکەم:**

چیرۆکی من.. لەگەڵ چیرۆکی زەمینا
لەگەڵ.. پشکوتنی چاوی ساوای ژینا
لەگەڵ.. گرمەی ژانی هەورا..
لەگەڵ مژدەی،
تۆفو ڕەهێڵەی بارینا..
لەگەڵ یەکەم چاوترووکەی،
وەرزی ناسۆرو ئازارا
لەگەڵ شاڵاوی ئاگرا
لەگەڵ لوورەی ڕەشەبادا
دەست پێ ئەکا!.
"وچان"

برووسکە بووم.. بۆ شەوەزەنگ.
گەروو بووم بۆ هاوارو دەنگ.
تاریکیی بووم بۆ سەر تاوان.
زەردەخەنە بووم بۆ ژیان.
(وچان)

وشەی ناو پەیامی بیرم.. گەشاوە بوو
خۆری ئالام.. شەکاوە بوو
کێوی هێزم.. لەهەنگاوی بزووتنا
بوومە لەرزەی ڕاچەنین بوو..
ناوچەوانم لەئارەقی ڕەنج ڕشتنا
جۆگەی بۆ تینوو هەڵئەبەست.
گردی خەرمانی بۆ برسی دروست ئەکرد..
بەهەشتێکی ئەدایە دەست.
وابووم.. لەدێرینا.. وابووم.

**یاساوڵی یەکەم:**

بەڵام ڕووناکیی دێرینی خەوی ڕۆشتوو..
خۆشیی بەهەشتی ڕابردوو
خەرمانی ناو خەیاڵی.. زوو
شکۆی مردوو..
تروسکەیەك ناخەنە ناو زیندانتەوە.
تنۆکێ ئاو ناکەنە ناو ،

دەمی وشکی ژیانتەوە.

بزەیەك نادەن.. بەلێوی پڕ شیوەنت.

وس.. بێدەنگ بە

وس.. وس.. وس بە!

**بەندی یەکەم:**

دڵنیابە..

هەتا زامی لەشی مێژووم جێی قوڵتر بێ

هەتا کسپەی پڕ زریکەی،

قایمتر بێ..

هەتا شەوگار درێژتر بێ

-ڕۆژ- خۆشەویستر ئەبێ لام..

بێدەنگ نابم!

**بەندی دووەم:**

" لەدیواری ژووری بەندی یەکەم ئەدات":

بێ هودەیە.. بێ هودەیە.. گوێت لە منە

ئەوەی ووتت کاتی بیستنی بەسەرچوو

بەداخەوە.. شوورەی مابێن

دیواری ڕەشی مردنە

گوێت لە منە؟..

بەر لە دیوار..

بەر لە پۆلای هاوار خنکێن

بەر لەوەی لەش کوت کوت کرێ

ئەم قسانەت بکردایە..

گوێت لە منە؟

شوورەی مابێن.. دیواری ڕەشی مردنە..

ئەوەی ووتت کاتی بیستنی بەسەرچوو!..

برام.. بنوو

من وا ئەنووم!.

**یاساوڵی دووەم:**

ئەگەر چاوی بینین.. لێك نێی.. بسرەوی تۆ

گوێت بە تاریکیی ئەم شەوە بئاخنی

کڕنووش بۆ دیواری مابێن بەری

بیرکردنەوە لە بەیانیی فەرامۆش کەی،

پاداشتی تۆ.. لە منەوە

زنجیرێکە ئەیکەمەوە

هەتا زووتر چاوی مێشکت بکەیتە خەو

زووتر زنجیر ئەکەمەوە..

لە بەندی شەو!.

**بەندی دووەم:**

وتم.. ئەنووم

دەس ئەکەمە ملی خەوێ ڕەنگاوڕەنگ بێ

گۆمی سرەوتی زۆر مەنگ بێ
وتم.. ئەنووم
ئەنووم.. ئەنووم!.
(پاڵ ئەکەوێ)

**بەندی سێیەم:**

"لەدیواری ژووری بەندی دووەم ئەدات":
منیش چاوم.. لە باوێشکی ناو وەنەوزا
وا ئەخنکێ
کەشتیی بیرم.. لەناو مێشکێکی کەنەفتا
وردە.. وردە بەرەو بنی
نائومێدیی.. هەڵئەخلیسکێ.
کێ ئەتوانێ.. بەگژ دیواری مردنا،
ئیتر بچێ؟.. کێ ئەتوانێ؟
بڕیارم دا.. منیش بنووم
ئای کە ماندووم
منیش.. ئەنووم!.

**یاساوڵی سێیەم:**

هەر تەنیا خەو ئەسپی هیوات بۆ زین ئەکا
بۆ کوێت بوێ.. ئەتفڕێنێ
هەر تەنیا داسی تیژی ئەو
دڕکی خەفەتو پەژارەت دروێن ئەکا

چیت لێ بوێ
بۆت ئەهێنێ.
هەموو شتێ لەناو ئەوا.. بێ ڕەنج ئەخورێ
تا داری زڕیش.. بەر.. ئەگرێ
خەو.. هەر تەنیا خەوە کە گوێ
لە تۆ بگرێ.
ئەگەر شوێن ئەو ئەسپە کەوتی
بە پشتی ڕووت هەڵی گرتی
ئەگەر دیوار پرخەی بیستی
ئەگەر شەوگار خۆشی ویستی
ئەوا منیش چەند ئەڵقەیەك لە زنجیرت،
ئەترازێنم!.

**بەندی سێیەم:**

ماندووم.. ئەنووم
ووتم.. ئەنووم
شەڕ لەگەڵ ئەم دیوارەدا بە من ناکرێ
تاشە بەردی ئەم گێچەڵە،
بۆ سەر لوتکە بەمن نابرێ
ئای کە ماندووم..
دیوار گوێت لێبێ.. وا ئەنووم!
(پاڵ ئەکەوێ)

**بەندی یەکەم:**

"بەشپرزەییەوە"

نەکەن.. نەکەن

نەکەن بڕوا بە ئەفسانەی شەوەزەنگی

پەپوو.. بکەن.

نەکەن لەگەڵ ئەهرەمەنا بنوون

نەکەن دەس تێکەڵی خوێنی،

فریشتەکەی ئاوێستا کەن

نەکەن.. هەتاو لە دەروونی،

هیوا دەرکەن

نەکەن.. نەکەن!

**یاساوڵی دووەم:**

"بە پێکەنینەوە"

شەقەی قامچی لەسەر پشتی ئەنجنی تۆ،

قوڕگی ئازاری نانوسێ

ئامانجی ڕێگەی ونی تۆ

لاڵە.. ئیتر چۆن ئەپرسێ!

هاواری تۆ.. مێشکی خەوتو.. هەڵناسێنێ.

دڵی دیواری ئەم بەینە نالەرزێنێ.

بنوو وەکوو ئەوان نوستن.

بنوو هەتا ماری دیوار.

نەکەوتۆتە فیشکە کردن.. بنوو.. بنوو!.

مرد ئاوێستای مێژووی ڕزیو
مرد دەنگی تۆ
کوژایەوە خۆری پێشو

**بەندی یەکەم:**

خۆرێکیتر.. دەنگێکیتر.. هەڵدەهێنم
دیسانەوە لەنووکەوە دەست پێ ئەکەم
گەڵای کۆنی درەختی پیر ئەوەرێنم.
هەر لە زەویی ئاویستاکەی لەوەوبەرا،
دیسانەوە.. خوێن ئەچێنم
خوێنی تازە.
ئەوسا.. ئەوسا
تۆوی خوێنم.. گوڵەگەنمی.. بەیان ئەگرێ
زامی زەوییم.. دەغڵی مژدەی تیا سەوز ئەبێ
هەوری ئاسمانی شۆڕشم
بەتاو لێزمەی بارانی خوڕ،
دڵۆپی گڕ
بەسەر شەوی دێمی تینووی چاوەڕوانما،
ئەبارێنێ و
ئەبێ بە شایی شەهیدان!

**یاساوڵی دووەم:**

لەلای ئێمە مۆتەکەی خەو،

چۆكی لەسەر سنگی بەندی شەو.. داداوە
ئاسمانی دیوار بێ هەورە.. پێئەکەنێ
دەس بەسەری کاس و وڕی
شاخی نوستوودا ئەهێنێ
لەلای ئێمە.. چەمی سروشت.. بێ لافاوە
قەڵبەزەکان وەك گۆم مەنگن
کلاورۆژنەی دەربەندەکان بێ هەتاون
پەلکەزێڕینە بێ ڕەنگن!.

**یاساولی سێیەم:**

لەلای منیش، جاڵجاڵۆکەی ناو گوێی، کەڕبوون
لەشاری نوستوو. لە مێشکی
خەساو.. بەربوون!
لەلای ئێمە نەك هەر نوستوون
بەڵکو دنیای دارەمەیتی
زیندووی.. مردوون!
لەناویانا.. ڕێچکەی مێرولەی ناکۆکی
بۆ شیرینیی خوێنی ڕژاوی یەکتری
هەڵپە ئەکەن..
چاوی یەکتری ئەدزن..
ماڵەکانیان.. بە گلگەچی خوێنی یەکتریی
سواغ ئەدەن!

بەندی یەکەم:

"بەتوندی لە دیواری مابێن ئەدات"؛

نەکەن.. نەکەن

دەس لە تۆڵەی گلێنەی خنکاو هەڵگرن

نەکەن دەس لە لقی داری بەڕووی

بەیان.. بەربەن

نەکەن فرمێسك لەبەرچاوی

دیواری ڕەشا هەڵڕێژن

نەکەن.. گۆرانیی ڕووناکیی

لە سنگی خەما.. بنێژن!

(وچان)

"لە دوای ئەوەی هیچ دەنگێك نابیسێ و دەس لەهیوای وەرام دانەوەی ئەودیو دیوارەکان ئەشوات.. بەکزیەوە":

دەنگیان لەناو خەوا خنکا

بیریان بە دیواری ڕەشا.. لکا

چرای چاویان پڕ بوو لەئاو

یاساوڵی سێیەم:

کەواتە ئیتر ئاسنی سارد کوتانە،

ئەم قسانە.

کەواتە ئەم کۆڵی تاریکییە

بۆ هەڵئەگری؟

دەستت بەردە.. لە دەرگای "بیر"

لەژێر سایەی دیوارا بە
بژی وەك دیوار ئەیەوێ
وەك شەوی ئازار ئەیەوێ.

**بەندی یەکەم:**

تا ئاسنی سارد کوتانیش.. بزووتنە.
ئاو ڕاوەستا.. ڕائەوەستم!
ئەڕۆم بەسەر شەوا ئەڕۆم
بەسەر مەیتی خەوا ئەڕۆم..
ئەژیم.. وەك-هەسان-ئەیەوێ
ئەژیم.. هەتاکوو ـ نووستنو شەو ـ ئەنوێنم
"دوای پشوویەك: بێدەنگیی ئەو دیو دیوارەکانی بیر ئەکەوێتەوە":
نووستن. خوێنیان ساردەو مەییو
نووستن.. باخی گیانیان.. وەریو
نووستن.. خوایان فەرامۆش کرد.. هەتا تاوان
-هەتاکوو بت تا بتەوان-
شاری سپی فریشتەکان.. قەلاچۆکەن.
تا لە دەوری دۆزەخەکەی پیرەشەیتان،
بەزم خۆش کەن..
تا لەدووکەلا ئەستێرەی دەمو چاوی،
منالْ.. ون کەن!
(وچان)

کە.. خامۆشیی کەوتە زەنگ لێدانی مردن
ژیایەوە: وەرزی زڕی بت پەرستن
هەنگاو.. لەناو قسەی ساردا،
بەستیو چەقی
نائومێدیی.. لە گشت لاوە،
سەری گریانی دەرهێنا
خەم: ڕاچڵەکی
کە مەرگەوەڕ بەسەر "مەم" دا
بەسەر  گوڵی "زین"دا زاڵ بوو
کە ڕێبواری ئاوارەبووی دەروونی چۆڵ
نەهاتەوە.. بێ هەواڵ بوو.
دیوارەکان.. بتەوانی دیوارەکان
لای ئەهریمەن-مێخ-یان هێنا
مێخی تاوان..
لەسەر سنگی مەزدەی یەزدان
لەسەرچاوەی وشەی شیعری
زەردەشتەکان..
لەسەر مەمکی دایکی کۆرپەی،
فریشتەکان.. دایان چەقان.
"هەڵمی خوێنی.. ئەم دنیایە
هێشتا چاوەڕێی سەرمایە"

**یاساوڵی یەکەم:**

هەتاکو دیوار تێت بگا:
بگری بەسەر تەرمی مێژووی جوانەمەرگا
بەسەر درەختی سوتاوا
بەسەر یادی-ئاویستاکەی-
داڕوخاوا!
بگری.. بگری هەتا نووستن
سواری ئەسپی ورەت ئەبێ
بگری هەتا چەقۆ لەناو خوێنی گەرما
بۆ خەوی قووڵ.. شەکەت ئەبێ!
(وچان)
تا کوێرە ڕێی ئەم بوردنەش نەگیراوە
تا دەرفەتی کڕنووش بردن..
-بۆ بت ماوە-
تا شارە زەردەواڵەکەی هەر سێ دیوار
نەوروژاوە
زووکە.. زووکە
ملی ئاگر، بۆ ناو زەلکاوی بەزینت..
شۆڕکەو.. کەچ کە!

**یاساوڵی دووەم:**

بۆ ئەوەی دیواری یەکەم دڵنیابێ

هەتاو.. لای ئێمە بەزیوە.
بەندەکانم نەك هەر خەوێ،
هەزار خەوی خۆشیان دیوە.
پرخەی مێشك، لەناو بەندیخانەی منا
نەك هەر گۆڕێ، گۆڕستانی هەڵکەنیوە!.

**یاساوڵی سێیەم:**

بۆ ئەوەی دیواری دووەم بێگومان کەم..
لای من پرسەی خەوی دیلی
لە سێبەری بیرچوونەوەی ناونیشانا
لە قەفی کۆتو زنجیری بەندەکانا:
بەدیی.. ئەکەم.
بۆ ئەوەی ترسی سبەینێ بخنکێنم
چاویانم کرد بە خەڵوزان
ڕوناکییم تیا کوژاننەوە!.

**یاساوڵی یەکەم:**

دیوارەکان چارەنووسیان لە خەتێکا..
لە ئەڵقەی گرێی پەتێکا..
لە ئاهەنگی.. دۆزەخێکا..
بە یەك ئەگا!
یەك بڕبڕەی شەوەزەنگن
ئەگەر درزێ جێی کردەوە بۆ دڵۆپە

لەناو شانی یەکێکیانا..

دڵنیابن هەمان —درزە-

لەناو شانی هەموویانا

(وچان)

کەواتە ئەی بتەوانی دیوارەکان

چاوی دیواری هەر سێکمان

هەر یەك چاوە..

با ئەو چاوە بە پەرژینی چەقۆ بگرین!.

**یاساوڵی دووەم:**

چۆنی بگرین؟

**یاساوڵی سێیەم:**

چۆن بیگرین؟

**یاساوڵی یەکەم:**

لەدەماری بەندەکانمان داو ئەچنین

یەك ئێشکی دیواری یەکتر،

بۆ یەك ئەگریین!

من ئازارت بە خوێنی گوڵێ ئەشکێنم

تۆ بە مۆخی-مۆمێ- هی من

ئەو چاوێکم.. بۆ بنکەن کا،

من دروێنەی سەرپەڕاندن.. تێگەیشتن؟

**یاساوڵی دووەم:**

تێگەیشتین..واتە هەموو

بۆ ڕاوی خوێنی سوور ئەچین!

**یاساوڵی سێیەم:**

دیوار ئەڵێ: بەوە ئەژیین!.

(وچان)

**بەندی یەکەم:**

"بەگەرمی ئەکەوێتە لێدانی دیوارو، لێو کرۆشتنی ڕق":

هەستن.. هەستن.. هەستن.. تاوان

وا دەم ئەژەنێتە دڵتان

هەستن.. هەستن.. فریاکەون

فریای خوێنی ژیان کەون

فریای تیشکی خۆری گیراو!

فریای.. باران

فریای.. نوزەی دەغڵی سوتاو

هەستن.. هەستن ئەوا تاوان

-جلی زەردەشت لەبەر ئەکا-!

هەستن .. دیوار بڕوخێنن

هەستن.. هەستن.. خوا ڕزگار کەن!.

**بەندی دووەم:**

"ورده ورده ئەکەوێتە جوڵانەوەو چاو ئەکاتەوە":

لە گوێی وڕێنەی.. ناو خەوی بزڕکاوما

لەدەروونی بن سێدارەی هەڵتوتاوما..

دەنگ ئەبیسم ئەڵێ.. دیوار
ئەڵێ شوورەی بەردی ئازار.. بڕوخێنن
مۆتەکەی خەو.. بسوتێنن.
کام هەوری دەنگ بوو.. گرمانی؟
بەگژ دیوارا چۆن بچین؟
بت چۆن بگرین؟

**بەندی سێیەم:**

گوێی خەواڵوم، پەردەی کاسی لەرایەوە.
زامی چاوم.. بە ڕوناکیی.. کزایەوە.
ئاسۆگەی دەنگ.. لە تاریکیی،
زیندانا.. زرنگایەوە.
دەنگ ئەبیسم.. دەنگی زیندوو
دەنگی ئەو دیو دیوارەکان
دەنگی.. ئەستێرە سوورەکان
بەڵام! دیوار چۆن ئەڕوخێ؟
بت چۆن ئەشکێ؟
بەکام پەیژەدا سەرکەوین؟
قەڵای بتەوان چۆن بگرین؟

**بەندی دووەم:**

کام هەوری دەنگ بوو.. گرمانی؟
بەگژ دیوارا چۆن بچین؟

**بەندی سێیەم:**

بت چۆن ئەشکێ؟

دیواری ڕەش چۆن ئەڕوخێ؟

**یاساوڵی یەکەم:**

"بەتەوسەوە":

بەشیری خەو.. بت بشکێنن

لە نوستنا بە پرخەی —بیر-

دیواری ڕەش.. بڕوخێنن!

**یاساوڵی دووەم:**

دیوارەکان چاویان.. یەکە

هێزی دەسو قاچیان.. یەکە

شەوەزەنگی دڵیان.. یەکە

چنگی خوێناوییان.. یەکە

**یاساوڵی سێیەم:**

دیوارەکان.. بۆ ئەهرەمەن

لەیەك کاتا کڕنووش ئەبەن

شوێن دەنگی خنکاو مەکەون

بە دوای ئاگری دۆزەخا چۆن ڕائەکەن؟

مەکەن.. پەنجەی سوتاو.. بۆ بت ڕامەکێشن

وەرن.. بژین

لەگەڵ دیواری ئەزەلدا وەرن بژین!

**بەندی یەکەم:**

هەستن، هەستن، هەستنە سەرپێ
بەدوای پەیامی ون بوودا بکەونەڕێ.
بیدۆزنەوە.. هەتا پەیام نەدۆزنەوە
لەڕوخانی.. دیواری ڕەش.. مەپرسنەوە!

**بەندی دووەم:**

بۆ کوێ بڕۆین؟
لەکام شوێنا بۆی بگەڕێین؟

**بەندی سێیەم:**

شەوگار دەروونی تاریکە، چۆن بگەڕێین
بۆ کوێ بڕۆین؟

**بەندی یەکەم:**

لەسامالّی چاوی ڕوونی مندالآنا..
بۆی بگەڕێن.
لەباخی سنگی سوتاوی ئافرەتانا
بۆی بگەڕێن.
لەو شوێنەدا بۆی بگەڕێن کە برسێتی
تیایا.. ئەگری.
لەو شوێنەدا.. کە درەختی

سەوز.. وەریی.
لەو جێیەدا.. وشەی پاکی.. لێ هەڵواسرا
پێغەمبەری.. چاك پەرستی،
تێدا.. کوژرا
لەو شوێنەدا.. بۆی بگەڕێن.. خۆشەویستی
تیایا.. ئەژی!.
(وچان)

لەکام لاوە هاوارو دەنگی خوێنتان بیست
چرای ئالآی مەزدەتان دیی
بەرەو ئەوێ
بکەونە ڕێ.

**بەندی دووەمو سێیەم بەیەك دەنگ:**

خوێن دەنگی کوا گوێمان لێی بێ؟

**بەندی یەکەم:**

دەنگی ئەنجامی سەرکەوتن، دەنگی بەهار
دەنگی تریفەی ئاسایش
دەنگی خۆری مژدەی هاتوو.
دەنگی ڕووخاندنی دیوار:
وا لە گەروی سووری ئەوا
وا لە گرمەی هەوری ئەوا

وا لەچاوی ئاڵی ئەوا

وا لە لرفەی گڕی ئەوا

**بەندی دووەم و سێیەم بەیەك دەنگ:**

چۆن بیناسین؟ چۆن بیبیسین؟

**بەندی یەكەم:**

مەنوونەوە، ئاوی سارد بكەن بەخەودا

چقڵ بكەن بەگلێنەی زەرووی شەودا

پێبكەنن بە ئازاری زامی لەشتان.

پواز بكەن بە.. كۆتەرە

خۆشەویستی.. بەناونیشان

ڕێ بە بەڵێنی نەوەستان!

**یاساوڵی یەكەم:**

گەر ئەمجارە، دیوار لە خۆ بووروژێنن

ئەنجام.. چوار مێخە كێشانە

**یاساوڵی دووەم:**

لەسەر پشكۆ ڕاوەستانە!

**یاساوڵی سێیەم:**

درۆێنەیە.. درۆێنەیە!

**بەندی دووەم:**

گوێ گرن لێم:

نانوومەوە.. بەشوێن پەیاما ئەگەڕێم

خۆم بەدەنگی خوێن ئەناسم
نانوومەوە..
شەو.. بە درەختی هەتاوا،
هەڵئەواسم،
نانوومەوە جارێکی تر..
نانوومەوە!

**بەندی سێیەم:**

منیش هەڵساومەتە سەرپێ
نانوومەوە تا دیوار کرمەڕێز نەبێ
تا خەم گریانی نەوەرێ!.
نانوومەوە..

**بەندی یەکەم:**

ئەی هاوبیران..
هاوبیرانی ئەودیو دیوار
لەگەڵ دەنگی خوێن بیستنا
لەگەڵ پەیمانی ڕۆشتنا
لەبیرتان بێ چاڵە نەوسەکانی نەوت
نەوتی.. باڵا
نەتان خەنە هەڵدێرەوە لە بیرتان بێ
لەبیرتان بێ!

**بەندی دووەم:**

مێشەکانی سەر چاڵە نەوت

ورووکاون..
لەناو یەکا لەیەکتری ورووژاون
ڕەش ئەچنەوە..
نەوس داوی بۆ ناونەتەوە،
لەبیرمانە!

**بەندی سێیەم:**

تێگەیشتووین، هێزی دیوار، لەگەڵ بتا
لەگەڵ بازووی بتەوانا
لەگەڵ کەڵبەی ژەهراویی پیرە شەیتانا،
وان لەهێزی جانەوەری چاڵی نەوتا
تێگەیشتووین لە بیرمانە!

**بەندی یەکەم:**

دەسا ئیتر بەرەوپیری هاواری خوێن
بەرەو چرای ژیان.. ژاوێن
بەرەو بانگی زەوی بزوێن
بەرەو دیوار ڕاماڵ کردن
بەرەو بەرەو بەرەو مردن،
هەتا بژین.
(وچان )

"مۆسیقایەکی مارشی سوپایی لێ ئەدرێ، یاساوڵەکان ئەشڵەژێن، گوێیان ئەگرن، هەرسێکیان خۆیان ئەخزێننە پاڵ

یەکـەوە، بەنـدەکان ئەکەونـە جموجـۆڵو بزووتنـەوە، کـۆتو زنجیری دەستو پێیان ئەپچڕێنن.."

**بەندی یەکەم:**

**لای منەوە.. خوێن وروژا**
**لای منەوە.. زەویی مێژوو**
**ناخی هەژا**
**لای منەوە.. مردن بەزیی!.**

**بەندی دووەم:**

**لای منەوە.. بتی تاوان.. تەختی لەرزیی**
**دەنگی خوێن دێ.. دەنگی بەسام**
**دەنگی پێکەنینی ئەنجام**
**لای منەوە.. هاواری خوێن**
**گوێی شەیتانی شەڕی کەڕ کرد**
**لای منەوە ڕەشەبای خوێن**
**ئالآی هەڵکرد.**
**لای منەوە چاڵە کوێرەکانی نەوت**
**نەوسیان.. تیا مرد!**

**بەندی سێیەم:**

**دەنگ دێ.. دەنگ دێ.. دەنگی خوێنە**
**دەنگی کەللەی بت پڕێنە..**
**لای منەوە داری زڕی هەزار ساڵە**
**ژیایەوە..**

لای منەوە زەردەشت دیسان

جارێکیتر هەڵسایەوە..

لای منەوە بوو بە باران!.

بارانی ژین.

*"هەرسێ یاساوڵەکە.. بە پەلەپروزێ دەرباز ئەبن، بەندەکان دیوارەکان ئەروخێنن هەرسێکیان باوەشی یەکگرتنەوە بەیەکدا ئەکەنەوە، لەم کاتەدا خۆر هەڵدێت.*

**-پەردە داکشا-**

# لەژێرەوە

لەژێر کەشتیی شارەکەما
لەژێر مێزەری گەورەیا
لەناو قوببەی منارەیا
رۆژی هەزار بەچکە ڕێویی
چاو زییت ئەزێن
ڕۆژی.. هەزار
ڕۆژی.. ملیۆن
سوێندو بەڵێن..
بە تەنافی بەنەخوێنی ئابڕویەوە..
هەڵئەواسرێن!

# دزيين

لێیان دزیم.. ڕەنگی تابلۆی زامەکانی،

هەڵبەستەکانیان.. لێ دزیم.

لێتان دزیم.. گلێنەی چاوی سامالّی،

منالّەکانتان.. لێ دزیم.

هەناسەی سنگی شەقاری،

سنگتان دزیم.

دەستان.. دزیم

قاچتان.. دزیم

هەتا.. گۆڕو.. هەتا.. کفنی؛

شەهیدەکانیشتان.. دزیم.

# "24" سەعات

1-**شەو:**

لەدوای تەقە.. دوای کوشتنی
هیوای گیانی برایەتیی
دوای خواردنەوەی خوێنی دڵی
دایکی بڕوای.. کوردایەتی.
لەدوای خەوی،
پڕ وڕێنەی هەڵبزڕکاو.
لەدوای شەوی،
بێ ئارامی.. دڵ هەڵتوتاو
لەناو پێخەفی ناسۆرا
لەبەیانیی بەبێ خۆرا..
وەکوو دوێنێی لەش ساردو سڕ
وەکوو هەموو ڕۆژێکی.. تر
زستانی چاو.. بکەرەوە
لاپەڕەیەك لەتەمەنی
سوتاوی کە.. هەڵبەرەوە!.

### 2-فەرمان:

لەفەرمانا بۆ نانی تاڵ
نانی ڕەشە خێزانی ماڵ
یەخەی گێرمەو کێشە بگرە..
بکەوەرە.. چەنەی بەتاڵ
وشەی سواو بنووسەوە
بنێشتی قسەی تفتو تاڵ..
هەر وەکوو خۆی.. بجورەوە،
ساڵ لەدوای ساڵ!

### 3-چایخانە:

سەعات ژمێر.. ورد ورد ئەڕوات
تەمەن.. لەگەڵ خۆیدا ئەبات
پیاو.. لەسەر کورسیی تەمەڵیی
هەموو گیانی باوێشك ئەدات
ڕەفتار.. دووشەشی تۆپیوە
قسە.. زیتو ڕاپەڕیوە
بینین.. چاوی کوتو کوێرە..
دەس.. دەنکی تەزبیح ژمێرە
خەیاڵ.. ئازاو.. پۆشتەو.. تێرە!.
وا باڵی گرت.. سەعات فڕیی
نیوەی ڕێگای زەویو مانگی،

دووری بڕی..
بەڵام هێشتا لەلای  ئێمە
-کوڕی ئەزنیفو دۆمینە-
بە شوێن چەند خاڵێکی بەختا
دۆش دامێنە!

**4- ڕۆژنامە :**

ڕووی لاپەڕەی زەردی نەخۆش
چاوی قسەی پڕ فرمێسکە..
دایکی هەواڵەکان.. ڕەش پۆش
خەم.. سەرپشکە.

★

خوێنی دێڕی ڕژاوی کورد
جۆگەلەی کرد،
بەسەر ناوچەوانی باسا
واتێکەڵ بو.. لەگەڵ گۆمی
-خوێنی لاوسو ڤێتناما- 3

★

ڕووی لاپەڕەی سوری خوێنین..
وشەی دڵیان پڕ لە سۆزە
لەپاش کوشتن.. هێشتا ئەژین
مەشخەڵی دەسیان.. نەورۆزە.

★

وێنەی- زیندوی-خوێن مژەکان،
چاوشۆڕی دامێنی پەڕن.
وێنەی-مردوی —شەهیدەکان
سەیری ئاسمانی.. بەرز ئەکەن.

# ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك

-1-

هەورازی قووچ.. چاوی زاتمان:
ئەترسێنێ.
ڕێگەماری.. شەوی دوژمن
بەسەرمانا ئەفیشکێنێ.
یەکەم هەنگاوی بەرەو ژوور
بۆ لوتکەی بەرز، بۆ لوتکەی دوور
ئەژنۆی ڕۆشتن.. ئەلەرزێنێ.
بەڵام ئەڕۆین.. چونکە ئەسپی،
شەهیدانی لوتکەی بێ سوار،
بەسەرمانا.. ئەحیلێنێ!

-2-

پێمان ڕووتە.. درِكو داڵە
دەممان وەك گەڵای داری "بی"،
تفتو تاڵە..

بەلاّم ئەڕۆین. چونکە ئامانج:
تێشووی هەر چوار وەرزی ساڵە.

-3-

وەك دلۆپەین:
لە ئاسنیشا دائەدەین
بە تکەی ئارامی باوەڕ،
پشتی ژێر دەستی کون ئەکەین!.

-4-

جێگە زامی قووڵ.. کوانووە
خوێن.. مەشخەڵی گڕ گرتووە
تا ئەو زامو خوێنە هەبن
شاخ.. پێدەشتە بۆ سەرکەوتن!.

-5-

لەسەر "صەلیبی" کوردستان
لەبەر چاوی هەموو جیهان
ڕۆژی دەیان مەسیحی کورد:
ئەکرێن بە قوربانی ژیان.

-6-

مافی مرۆڤ.. درۆیەك بوو
ڕۆژێ لە ڕۆژان لەدەمی:

هەڵوەریوی..
مێژوو.. دەرچوو

-7-

لە دوای ساڵێ..
بێ تەل.. هەواڵێکی دامێ
ووتی: دوێنێ بەیەك بۆمبا
ماڵەکەتیان سەرنگون کرد
کەست نەما!
ووتم: کەواتە هەر بژی
ئەنجومەنی بەرزی ئاشتی!

-8-

لە ئەشکەوتا.. پرسەم دانا
بۆ ئەوانەی تا گۆڕیشیان،
نییە لەناو کوردستانا!

-9-

تەنیا لە لوولەی تفەنگ دا
ئازادیی چاوی هەڵدێنێ..
هەق بانگ ئەدا.
تەنیا هەر لەئاستی چەکا
داگیرکەر ملی کەچ ئەکا!

-10-

ئەمڕۆ بەیانیی کە لەمسەر

کەوتینە ڕێ بەرەو سەنگەر

ژمارەمان ئەگەیشتە

سی.. جەنگاوەر

کاتێ ئێوارە خۆرنشین

بۆ: دابەزین

بەرەو بنکە گەڕاینەوە

کە دانیشتین خۆمان ژمارد

دە.. ماینەوە!

-11-

من شاعیر نیم..

بەڵام ئەگەر.. لێیان پرسیم

کام هۆنراوە پەسەند ئەکەی..

ئەڵێم ئەوەی:

لەسەر لێوی وشەکانی زەردەخەنەی مناڵانی

ڕووتو قووتی کوردی تیایە

ئەو هۆنراوەیەم خۆش ئەوێ:

وەك پێشمەرگەی تینوو.. وایە!

-12-

لە نامەی ماندوی شارەوە

لە دەنگی کەسو کارەوە

گوڵی هەواڵی پچوڕکاو
دێڕی گریاو..
گەیشتە لام
نۆی حوزەیرانی شەستو سێ
بوو بە نەورۆزی میللەتێ!

-13-

ئەوەی ئەپرسێ ئێمە چین؟
چۆن بەسەر پلەی مردنا..
بۆ سەربەستیی سەرئەکەوین؟
ئەوەی حەزئەکا بزانێ..
بۆ.. نابەزین؟
با پرسیار کا.. لە "هەندرێن"!

-14-

ئەمشەو نۆرەی ئێشك گرتن
هاتە سەر من..
ئەستێرە.. ویستی بمنوێنێ
بێ هوودە بوو
کە بەرەبەیان تەماشام کرد
ئەو.. نوستبوو!

-15-

لەنهێنیی.. شاراوەدا
تەرمی داگیرکەر ئەبینین:
لەناو نامەی پێچراوەدا.

-16-

دەنگو باسی ئیستگەی جیهان
بەپەلە ئەمەی ڕاگەیان:
کە.. گیڤارا
بە دەسڕێژێ کەوتو کوژرا
بۆ وەرامی ئەم هەواڵە
کە چاومان بۆ کەژ هەڵبڕی
هەر گیڤارای پێشمەرگە بوو:
بە دوژمنان پێئەکەنی!

-17-

لەگوندێکی سەرە ڕێدا
کاروانی زستانی ماندو
بۆ شەو لای دا
کاتی.. نوستن
ماڵە جوتیاری.. هەژاری
خانە خوێ کەم

تەنیا لێفەیەکیان هەبوو
ئەویشیان بە زۆر دا بە من!

-18-

میلی رادیۆی ڕۆژانی زوو
بۆ هەواڵی کورد تینوو.. بوو
بەڵام ئیستە بۆ هەر لایە:
ڕووی وەرگێڕێ
چاو ببڕێتە هەر جێگایە
دەنگی.. نەڕەی ڕاپەڕینی
ئەوی تیایە..

-19-

لەناو گۆڤارێکی کۆنا
وێنەیەکم کەوتە بەر چاو..
لێی نوسرابو: لەم ڕۆژەدا
لە گۆڕەپانی چوارچرا
لەسابلاخا!
چوار هەڵخرا.

-20-

ئەم بەیانییە.. خۆرم دی
بۆ دوا ڕۆژی نەوەی هاتوو:
پێئەکەنی!.

# نێرگزی زستان

له دووره ڕێگای مێژووا
له لاپەڕەی ڕابردووا
تاسەم کردی: گیانی" خانیی "
شەهیدێکی: وشەی بڕوام.
"مەم"ێکی ناو سلێمانی.
هیوایەکم دڵ پڕ له زام،
بۆ یادی نەورۆزی ئەمساڵ
هاتوومە لات.. بەمیوانیی
ئەوەش چەپکێ.. نێرگز.. دیاریی.
ئەی عاشقی گەورەی جوانیی!.
-ئەی "مەم" ی شاعیری ماندوو
ئەی فرمێسکی نەوەی هاتوو
مژدەت هانیی..!
بەڵام ئێستەش گیانی خانی
وەکوو ئەوسا هەر زامدارە
له زستانی ساڵا.. ئەژی.

-بەڵام من ووتم: بەهارە

ئەوە نێرگز کەنیشانەی،

زەردەخەنەی کردگارە..

ئەوە گەڵا.. کە پۆیلانەی،

بووکی نەورۆزی نازدارە

تۆ گوێ بگرە.. ئەوە هاژەی

سەر قەڵبەزەی

خوڕەی پێکەنینی ئاوە.

تۆ گوێ بگرە: ئەوە دەنگی

قریوەی سەرچۆپیی لاوە.

ئەوە " زین " ە گوڵ ئەچنێ.

ئەوە "مەم " تێی ئاڵاوە.

-بەڵام ژیان بێ هەتاوە..

دڵ بێ خۆرە.

"مەرگەوەڕی ".. شەڕ هەر ماوە

-گوێی بیستنم زرەنگەی دێ

خانی دەروێشی جوانی بوو

چۆن وا ئەڵێ!

-بەهار جوانە.. بەڵام کاتێ

زەوی دایکی.. سەرفراز بێ

ئاوی ئازاد بوونی.. باتێ!

دەسی دڕكو داڵ.. نەیگاتێ

چاو بەرەو ژێری "بن" نەبێ
بۆ ئاسمانی سەر بڕوانێ.
من ئەمەوێ جوانی بەهار
لە هەڵپەڕکێی کوردستانا
دەستی ئازادیی کورد بگرێ
لەناو نەورۆزی ژیانا.
ئەو نێرگزەم ناوێ دەستی
کوردی کۆیلە.. بۆم بچێنێ
ئەم جەژنەم ناوێ.. ژێر دەستیی
پێ بە پەڕەی یادیا بنێ!
-کەواتە چەپکە نێرگزی
دیاریی جەژنم لێ وەرناگری
ماندوویەتی بوو.. بە خەڵاتم
بەڕێی گەڕانەوەی دوورا
بڕۆمەوە.. وەك چۆن هاتم!
-مەرگەوەڕی.. شەڕ بکوژن
خۆری گیراو.. بەرەڵاکەن
ئەوسا.. بیکەن
بەهەڵپەڕکێو بەزمی جەژن
ئەوسا بڵێن: ئەم نێرگزە
شایەنی ڕۆژی نەورۆزە!.

# دیدەنیی

بۆ هاوڕێی شاعیرم ع. پەشێو

**خانزاد:**

**هاتووم.. لەگەڵ سێبەری پەڵە هەوری سەر،**
**-گۆیژە-ی بێ بارانا هاتووم.**
**هاتووم.. لەگەڵ مەلی دەنگی برینداری**
**هەڵبەستی گۆرانا هاتووم.**
**لەگەڵ ڕەشەبای ئازاری،**
**مێژووی ئەرخەوانا هاتووم.**
**هاتووم.. هاتووم بۆ دیدەنیی چاوی،**
**شەو تێزاوی..**
**بۆ لای قژی ناو خەزانی ئاڵۆزکاوی،**
**-خانزاد- هاتووم.**
**ماچێ.. لەو فرمێسکەی پێئەکەنێ.. ماچێ**
**ماچێ.. لەو گۆنەی خەزانەی،**
**خونچە ئەپشکوێنێ ماچێ.**
**ماچێ لەبەفراو بۆ گڕی وشەی تینووم**
**هاتووم لەگەڵ سێبەری پەڵە هەوری سەر،**

گۆیژەی بێ بارانا هاتووم.

هاتووم.. بۆ ئەو ماچە هاتووم.

**قەلا :**

لەدامێنا کاتێ ئەسپی مێژووم ڕاگرت.

بەسەر پەیژەی تەماشاما.. دڵم سەرخست!

کەوتە گەڕان.. کەوتە پرسیار

کەوتە هاوار!

بەدوای موغێکی زەردەشتا کە بیدوێنێ

کە بەگڕی چاوی قەلا ئەهرەمەنی،

ناو شەوەزەنگ بسوتێنێ!

موغێ.. دەروونی ئاوارەی زۆری وەك من

بەچرای ڕۆحی ئاویستە بگەیەنێ.

موغێ.. بەئازاری وەرزی ژیانەوەم بناسێنێ!

موغێ.. لەبەرگی ڕەشی سەدەی بیستەما

لەبەری سەدەی نەفرەتا،

ئەم بەرگی-عارە-بدرێنێ!

هاوار خنکا.. موغ دیار نەبوو.

گڕی چاوی قەلا کوانێ؟

دەنگی بارانو ڕەهێڵەی

قەلا کوانێ؟

کوانێ چاوی خانزاد کوانێ؟

کوا هەتاوی.. سنگی کوانێ؟

وەرام.. نەبوو

وەرام.. نەبوو

وەرام.. نەبوو!

# وەرزی پێنجەم

تاوان.. تاوان!

کاتێ بێشەی چڕی تاوان،

دەس ئەنێتە بینی ژیان.

چنگ ئەخاتە.. جەرگی ئاسۆی

بەرەبەیان.

دەریای.. ئاگر

بەرئەداتە خەرمانی ڕەنج

سامالّ.. ئەمرێ.

گەنم.. گیانی هەڵئەقرچێ

زەمین.. بۆ تنۆکێ باران

بۆ.. دڵۆپێ

شەپۆڕ.. ئەکا

ئاسایش چاوی کوێر ئەبێ

شەڕ.. تینویەتی بە خوێن ئەشکێ.

ماری سەرشانی سەدەی نوێ

لەمێشکی هیوا تێر ئەبێ.

کاتێ.. ئاسمان

کاتێ.. هەموو فریشتەکان

ئاژەڵ.. باڵدار

بەرگی یاخی بوونی ئازار.. لەبەرئەکەن

ڕوو وەرئەگێڕن لە یەزدان.

کاتێ.. گۆرانیی شارەکەم،

ئەبێ بە لاوکی گریان.

کاتێ.. لەشی داربەڕۆکەم

ئەبێ بە سووتووی وێرانە.

درەختی شەو..

پەلی تاریکیی ئەهاوێ.

کاتێ ئەهرەمەنی نوستوو

لەدەنگی وشەی دیل کراو

لەهاواری.. ڕووناکی ناو،

خۆری زیندان.. ڕائەچڵەکێ!

دەس ئەداتە.. خەنجەری خوێن

هەتاوی دڵ زامدار ئەکا

هەنگاوی مەزدە ئەپێکێ.

کاتێ.. کە ساڵ

هەرچوار وەرزەکەی ئەوەرێ

دەنگیان.. ئەمرێ

ڕەنگیان.. ئەمرێ

بەر.. بە تەنیا هێشوی مەرگی،

سەرجەم ئەگرێ.

کاتێ.. ئەهرەمەن بۆ ئەنجام

بۆ کۆتایی.. پێئەکەنێ!

لەو کاتەدا.. دیسانەوە

جارێکی تر

وەرزێکی تر

وەرزی.. پێنجەم

بۆ.. زەردەشتێکی کەی دووەم

بۆ مرۆڤی وەك فریشتە..

دێتەوە.. ناو

جارێکی.. تر

-مەزدەی-ژیان، مەزدەی هەتاو

ئەژێتەوە..

ئەژێتەوە..

ئەژێتەوە..

# بەرێزینە

**پەنجەی ئاگری هۆنراوە.. درێژ ئەکەم،**

**بۆ چاوی سەربەرەوژێری ناو شارەکەم.**

**بۆ چاوی دیلی شەوەزەنگ..**

**چاوی بێ سپێنەی چنۆك**

**ئەو چاوانەی ڕووناکیی ناو دڵیان فرۆشت**

**ئەو چاوانەی دوای هەڵکۆڵین،**

**بۆ تاریکیی هاتنە سەرچۆك.**

**پەنجەی ئاگری هۆنراوە درێژ ئەکەم.**

**من بە ئاگر زامی ناسۆر سارێژ ئەکەم!**

**بەرێزەکان!**

**بەرێزە خانەدانەکان..**

**چیتان کرد بۆ وشەی برسیی**

**-قانع، بێکەس، دڵدار، گۆران؟-**

**چیتان کردە بەر زستانی،**

**ڕووتو قووتی ژینی ئەوان؟**

**چەپڵەی گەرمی بیرەوەری؟!**

ناونیشانی شەقامەکان؟!

بەرێزینە!

لەناو گۆڕی ژیانا بوو،

بێکەس.. ووتی:

پەیکەری ئاڵتونی دوای خۆم

ئەدەم بە نانێکی ئێستا!

نان.. نان

هەر تەنیا نان

بەرێزەکان!.

# هۆرەیەك

"لەنیوە ڕۆی دوێنێ شەوا"
لەو جێیەدا کە مەهابادی شەهیدی.. لێهەڵخرا.
کە "تاران"ی بێ بارانی.. خستە گریان.
لەسەر ئەو-بەردە- دانیشتم،
بەرلەچاوی من چاوی ئەو
چراکانی سەر سێدارەی تەڕ کردبوو.
ئەو پەنجەرەی یادگارەم بەرامبەر بوو:
لێواری ئاخی.. ئەکرۆشتم
ئەو کێڵگانەم بەدی ئەکرد
کەبۆ-گەنم-، چینەیان لەناو کەلاوەی،
مەرگا.. ئەکرد!
لقو پۆپی درەختێکم بەچاو ئەژمارد،
هێشوی بەفری لەسەر سەری بیرەوەری ڕا گرتبوو
لرفەی گڕی وەکوو ئاڵا هەڵکردبوو.
لەو جێیەدا جوتیارێ بووە هاوڕێم.. بێ زەویی بوو
هۆرەی دەنگی.. دیل کراوبوو

بڕیارمان دا.. لەیەك كاتا،

ئەو دروشمانەی.. ئاوەژوو

كراونەتە بەر زامەكانی تەمەنمان.. بیسوتێنین.

ئەو گلێنەی چاوانە بهێنینەوە

كەبۆ چاوەزار كراون بەسەر دەرگای،

كۆشكی بەرزا!.

ئەو سەعاتانە.. بشكێنن،

یاخی نابن، لەمەچەكێ، پێشكەوتنیان پێ ئەكوژرێ!

یاخی نابن، لەوەستانێ، سەربەستییان پێ ئەكوژرێ!

# ملیۆنەهاو بەڵام..!

گسکی زمانی درێژمان
دەمی گەرمی خۆ هەڵکێشمان
چەنەی شل کرد!
لە جێگەی پیس، پاکی ماڵیی
خۆی سڵ نەکرد.
شەرمی.. شکا
ئابڕوی.. تکا
بو بە پەنگی پسانی گشت
بەڵام دەستی چەقاوەسوی
لەبێ عاریی
شەرمەزاریی
هەر.. هەڵنەگرت!

⋆

وەکوو دڵی پڕ لە ڕشکمان
کرمیش دایە چاوی مێشکمان.
وەکوو دەزوو

دەماری هەستمان.. قرچۆك بوو
کەوتە.. ڕزین.
گیانمان چڵێس.. چاو چنۆك بوو
کەوتە.. دزین.
کەچی ئەوساش هەر نەکەوتین
لەخۆ هەڵدان!
لەخۆی.. درۆی بەزل زانین!.

★

بەدەستی یەك.. پیاوەتیمان
سڕکرد.. خەسان!
هەتا.. کەوتین
تا بۆی نوستین،
بووین بە ژنی داگیرکەران
ئۆباڵیشمان خستە ملی،
دوور.. لەخۆمان!.
کەچی هێشتا گسکی زمان
-گسکی نۆکەریی‌و تەفرەدان-
هەر درێژە
درێژترە لەهی جاران.
هاتن ووتیان: با بنووسین
خوێندەوارانە بنووسین
کورد چەند ئەبێ؟ چەند ملیۆنین؟

ئەویان ووتی: دابەشی کەین
لێشی دەرکەین
هێشتا بیستین
ئەوی ترمان شارەزابوو
مامۆستا بوو..
تۆماری گەورەی خوێندنی
دوای ئەوروپای
لە باخەڵو لە دەستا بوو
"خۆی گرژ کرد ووتی: چۆن کورد
بیست ملیۆنە.. ئەگەر نەبین
شەستیش ئەبین
بۆچی دۆمین.. بۆ ئێمە چین؟!"
هێنای بردی.. کۆی کردەوە
کۆشی حسابی خەیاڵی،
بۆ گرتەوە.. تا بووین بە "سی"
دوای منجەمنج.. کردی بە چل
ووتی: هەق نابەمە ژێر گڵ
ئاوی درۆ ناخۆمەوە..
ئەی کوردی هیندو پاکستان
ئەرمەنستان.. بلوجستان!
چۆن چۆنی لەبیر بەرمەوە
لەم لاوە.. دوو

لەولاوە.. هەشت
تا خەیاڵی سەرخۆش‌و مەست
ژمارەکەی کردین بە شەست!

★

بیست ملیۆنین
بەڵام داخەکەم نانوێنین،
"سفر" ئەنوێنین!
ملیۆنەهاین! بەڵام بەردێ
بەیەکەوە نابزوێنین!
ملیۆنەهاین!
بەڵام وەك ئاردی ناو دڕکی،
بەر ڕەشەباین.
ملیۆنەهاین..
بەڵام-دوو-مان
بەیەکترەوە نەلکاین.
ملیۆنەهاین..
بەڵام خاوەنی ملیۆنێ
دڵ‌و ڕێگاین.
ملیۆنەهاین..
بەڵام هەموو.. هەر سەرکردەو
قارەمان‌و زاناو ئازاین.
ملیۆنەهاین..

بەڵام ئەوەتەی ئێمە هەین

دیلو ڕیسواین!.

ملیۆنەها.. ملیۆنەها..

بەڵام داخەکەم مامۆستا

هەتا.. ئێستا

بێ جێو ڕێگاین.. لەیەك ونین

ملیۆنەهاینو مژدەبێ

کەچی هیچ نین!.

*لەکاتی خوێندنەوەدا، لەهەندێ شوێندا دان بەپیتی (کافەکان)دا نانرێت.

# هەنگاوی سەرنجم

لەگەڵ هەنگاوی سەرنجا، بەسەر شەقامی دێڕی ناو،
تۆماری شاری مێژوودا..
بەناو کەلاوەی لاپەڕەی
چۆڵو هۆڵی ڕابووردووا..
لەگەڵ ئەسپی بێ جڵەوی، سوار مردوودا
گەڕامەوە بەرەو دواوە بۆ دوور ڕۆشتم
بە پەیژەی خەوا سەرکەوتم..
تا بە پەیکەری تارمایی، ژێر سێبەری
شانازیی نەخۆش.. گەیشتم:
-سەلاحەدین..
ئەو خەنجەرەی لەهەڵمەتی داوەشانا
لەسەر دڵی کێلانەکەی خۆی هەڵچەقی
گۆی مەمکی دایکی خۆی بڕیی
ئەو هەڵۆیەی لەسەرابی.. لما.. خنکا
ئەو بەیاخەی ڕەنگی سوری:
بەسەر ڕوو زەردییا.. تکا

-سەڵاحەدین..

ئاگرێ بوو لەسەر لوتکە کرایەوەو

لەزەریادا کوژایەوە.

هەتاوێ بوو. لەسەر بەفر لەدایك بوو

بەڵام لەناو چنگی گڕەی

سەحرای دۆزەخا توایەوە!.

# وێنەیەك

نەك هەر خۆمان
بگرە هەتاكو سروشتی
ئاوی، شاخی، تا.. درەختی
ناو نیشتمان
ئێمە چۆنین لەگەڵ یەكا
ئەوانیش وان!

★

ڕووبارەكان..
كاتێ بە دەریاو گۆم ئەگەن
تف لەسەرچاوەی خۆ ئەكەن!
درەختەكان
فەرشی سێبەر: بۆ دڕكو داڵ
بۆ چقڵی ناحەز.. ڕائەخەن

★

شاخیش: سەری گردەكانی
بنارو یاڵ نزمەكانی..

بەردەمی خۆی پڕ خوێن ئەکا.

داسی گردیش: دارستانی

ڕەنجی تەنیشت.. دروێن ئەکا.

*

هەور ڕقی لە هەتاوە..

هەتاویش: سێبەری بچوك ئەسوتێنێ

ئاویش.. لەئاوا خنکاوە!

# بۆ نەورۆزی 1970

ئەی فریشتەی ناو کەژاوەی
باوەڕی پیرۆز!.
چەپکێ شیعرت، پێشکەش ئەکەم
بۆ یادی نەورۆز.
لەجێی نێرگز
لەجێی گوڵی،
کوردستانەکەم
وشەی سۆزو خۆشەویستیی بە قژتا ئەکەم.
بە هۆنراوەی ڕەنگاوڕەنگی،
دەروون‌و هەستم
پرچی بووکی، ئاهەنگەکەی
ئێستات ئەبەستم.
بە هاواری
تۆقێنەری کاوەی ناو دەنگم،
لەگەڵ ماری ئەژدەهاکی ژینتا،
ئەجەنگم.

بە پریشکی پشکۆی بیرو
تینی ناو خوێنم:
ئاگری جەژنی بیرەوەریت دائەگیرسێنم.
بە نووسینی وەك گزنگی،
ئاسۆی بەیانیی
بۆت ئەچنم.. تارای سەری
ڕەنگ ئەرخەوانیی.
بە تریفەی مانگەشەوی ئاسمانی تاسەم
ماچی گۆنەی گوڵاڵەکەی
کەژانت ئەکەم.
بە "مەم"ی ناو وتەی ئەشقی
پەڵکە زێڕینەم
دەس لە ملی "زین"ی شۆخی،
کێوانت ئەکەم.
لە بەفراوی ناو خەیاڵی،
ڕنۆی لوتکەما
تنۆك.. تنۆك قومی خۆزگەت
ئەکەم بە دەما.
لە شەونمی خونچەی دڵی
گەشاوەی تازەم،
لە شەماڵی شنەی گیانو چۆپی ئاوازەم،
لەهەڵپەڕکێی،

ڕەشبەڵەکی بەستەی دەس گرتووم،
کامەرانییم بۆ هێناوی
بۆ لای تۆ هاتووم
ئەی فریشتەی ئاسایش‌و مژدەی سەرکەوتن
منی بولبول،
بۆت ئەخوێنم هەتاکو مردن!

⋆

ئەی فریشتە تا دوێنێ بوو
هەڵبەستەکانم:
دڵیان تەنگ بوو.. وەکوو گەرووی
پڕ لەگریانم،
لە قەفەزی تاریکییا خامۆش‌و مات بوون
دوور لە خۆزگەی،
بەهارێکی نیازو ئاوات بوون.
بە دیار شەوی درێژەوە چیچکەیان ئەبەست
تەرمی خەمی مردووی دڵیان
ئەخستە سەر دەست.
وەکوو ساوای شیر لێ بڕاو،
شەوگار نەنوستوو
دەمی وشکیان ئەگێڕا بۆ
گۆی مەمکی مردوو.
وەکو بێچوی چۆلەکەی ناو:

هێلانەی جێماو
باڵەفڕێی هیوایان بوو.. بۆ،
تنۆکێ ئاو.
وشەی چڵیان.. وەکوو گەڵای
پایز ئەوەریی
هەوری چاویان. ڕێی لە خۆری
پێکەنین ئەبڕیی،
تریفەکەی مانگی بیریان تەماوی‌و لێڵ بوو
بەرەبەیان بە دوای شەوی،
تاریکا وێڵ بوو!
کەشتیی بەختیان ڕوو لە گێژی
سەختی گەرداو بوو!
وەرزی ساڵیان دنیایەکی بەبێ هەتاو بوو
تادوێنێ بوو.. نەورۆزەکەت:
دیلی زستان بوو.
چەپکە نێرگز.. جێگەی ژێر پێی ڕق‌و تاوان بوو.
تا دوێنێ بوو.. زەردەخەنەت:
نوقمی گریان بوو.
کۆڕی ماڵان
بۆ پرچ ڕنین.. بۆ سنگ کوتان بوو.
بەهارەکەت خڵتانی خوێن
جەستەی زامدار بوو

چرپای ئارام: پەیکوڵی خەم.. درکی ئازار بوو!

★

بەڵام پەری

ئەی فریشتەی ئازادیی ژیان!

خۆت ئەزانی فرمێسکی چاو.. هەنسکی گریان

چەند بڕژێن.. چەندە قوڵپی،

ناسۆر هەڵبدەن

ئەنجام ئەبێ سەر بۆ شادیی بەهار،

شۆڕبکەن

ئەبێ تیشکی خۆری هیوا

چاوی هەڵبێنێ

بولبولی ناو باخی نەورۆز بەستەی بخوێنێ.

ئەبێ لە جێی:

خوێنی ڕژاو. لە جێی قوربانیی

گوڵ سەر دەرکا، بشنێتەوە، بۆ کوردستانی.

ئەبێ لە جێی زڕەی کۆتو..

زنجیری زیندان

زەنگی مژدەی ئازادی گەل،

دەس کا بە لێدان!.

ئەبێ لە جێی

دەغڵی سووتاو.. لە جێی وێرانیی

خەرمانی ژین، بەرزبێتەوە، بۆ کامەرانیی.

ئەبێ لە شوێن:
بۆردوومانی هەر زەوی کێڵێ
کانییەکی سەرفرازیی بۆ کورد هەڵقوڵێ.
دە ئەی گیانی..
شەهیدانی نەورۆزی زیندوو
سووتەمەنی ڕاستەڤینەی نۆساڵی ڕۆشتو
ئەی ئەوانەی،
لەگەڵ مردن، لەگەڵ ئازارا
لەگەڵ سوپای شەوەزەنگی تاریكو تارا
لەگەڵ ساڵی برسێتییا
لەگەڵ تۆفانا..
لەگەڵ ئاگر، لەگەڵ بەفر، لەگەڵ زەمانا
کەوتنە جەنگین..
هەتا نەوەی ئەم کوردە شاد بێ
مەلی هیوای لە قەفەزی
دیلیی ئازاد بێ!
مردن.. هەتا خاکی کاوە..
بەری سەوز بێ!
سەری ڕۆڵەی وەکوو شاخی سەرکەش بەرز بێ!.
دە ئەی گیانی،
شەهیدانی ئەو ڕێ پیرۆزە
ئێوەن گڕی بیرەوەری ئا ئەم نەورۆزە

ئێوەن بزەی ئەم ڕۆژەتان
خستە سەر لێومان
ئێوەن مافی چەپکە گوڵتان بەخشیوە پێمان!
بۆیە کوردیش:
پشت لە دوای پشت وەك سوێندو بەڵێن
جێگەی یادتان لەناو چاوو دڵا دائەنێن!
ئەی فریشتەی
ناو کەژاوەی سایەقەو سامالْ
پێبکەنە بۆ ئاهەنگی نەورۆزی ئەمسالْ
فژی زەردی،
دوای مژدانەی خۆشیی داهێنە
لە ئاوێنەی ناو سروشتا جوانیت بنوێنە
با گوێی دڵم
بە تریفەی پێکەنینی تۆ
بەگۆرانیی پڕ لە بەستەو هەڵپەڕینی تۆ
با دەروونم..
ناخی هەستم.. قوڵایی گیانم
بەری چاوم، ئاسۆی بیرم، وەرزی ژیانم
وەك بەهاری سەرفرازیت
وەك هەردی ڕەنگین
وەك قەدپاڵی کەژی چڕی دارستان بەرین
وەکوو وردە شەپۆلی ناو کانیی بن بنار

وەك خوێندنی
کەوی لوتکەی "هەزار بەهەزار"!
وەکوو مێرگی
بەر گزنگی.. خۆری هەڵهاتوو
وەك پەپوولەی زەردو سوری تازە باڵ گرتوو
وەك شەماڵی،
پڕ گوڵاوی.. فێنکی هەوار
وەك بریسکەی سەر سەوزەگیای شەونمی بنار!
باوەش بکەن:
بە بەهاری شادیی ژیانا
لەگەڵ هەموو —خێزانێکی-ناو نیشتمانا
دەبا ئیتر ئەی فریشتەی
کەژاوەی شیرین
ئێمەش هەموو.. بۆ یەکێتیی یەکتری بژین
دەبا ئیتر گریانی چاو
خۆش بکاتەوە.
زەردەخەنەی هەتاوی ڕوو
شەوق بداتەوە!
دەبا ئیتر پەپووی شوومی شەڕ دەربەدەرکەین
کۆتری سپی خۆشەویستیی
سەرچاوو، سەرخەین
دەبا ئیتر چاوی کینەو

ناکۆکیی کوێرکەین!
ڕەش‌و ڕووتی ئاوارە بووی کورد پۆشتەو تێرکەین.
دەبا ئیتر چرای ژیان،
چرای زانیاری، ڕۆشنی کات
تاریکە ڕێی ناو کوردەواری.
دەبا ئیتر هەنگی کاری،
شانەی هەنگوین بین
پەپوولەی سەر گوڵەباخی گفتی شیرین بین.
دەبا ئیتر لاوانەوەی:
سك سووتاو بەس بێ
دەنگی قرچەی، جەرگی خوشکی
هەڵقرچاو.. بەس بێ
بەرگی ڕەشی پرسەی دایکی
کوڕ کوژراو.. بەس بێ
دەنگ‌و باسی جوانەمەرگی خوێن ڕژاو بەس بێ
خورپەی دڵ‌و ئاخی سینەی
مەینەتیی.. بەس بێ
-دەبا ئیتر برایەتی‌و یەکێتی کەس بێ-*
دەبا ئیتر ژیان هەمووی:
وەکوو.. بەهار بێ
گوڵاڵەکەی دڵنیایی پڕ لادێ‌و شار بێ
ئەی فریشتەی

ناو کەژاوەی باوەڕی پیرۆز

چەپکە شیعری، خۆم بۆ هێنای، بۆ یادی نەورۆز.

ئەی فریشتەی ئاسایش‌و مژدەی سەرکەوتن

منی بولبول

بۆت ئەخوێنم.. هەتاکو مردن.

*لەڕووی فۆرمی ئەم هەڵبەستەوە، ئەمجارەیان وام پەسەند کرد، کەکێش‌و ئاهەنگی تێکڕای هۆنراوەکە، بخەمە سەر شێوەی تازەو لەیەک دەقیی ڕزگاریان بکەم، هەر وەکو خۆی کێشەکان نەهێڵمەوەو ئاڵو گۆڕێکیان پێ بکەم.

**ش.ب**

*ئەم بەیتەو بەیتەکانی پێشتریش، پەیوەندییان بە شەڕی براکوژی ناو کورد خۆیەوە هەیەو مەبەست یەکێتیی گشت دڵسۆزانی مەسەلەی نەتەوایەتیمانە.

# بیرت ئەکەین

کاتێ پەپوولەی تەماشام، باڵەفڕێی لەناو باخی
وشەی ڕەنگاوڕەنگا ئەکرد.
لەسەر چڵی درەختی دێڕ، لێوی تاسەو، دەمی چاوی
بۆ کوڵمی هۆنراوە ئەبرد
کاتێ تازە، خامەی کۆرپەی زمان گرتووم،
ئاسۆی بیری چاو پشکوتوم،
لەناو تریفەی خەیاڵا
لەناو لانکەی دەسرازەی شینی.. ساماڵا،
پێڵوی حەزی بۆ جریوەی ئەستێرەی بەهرە ئەتروکان
کاتێ.. تازە، بەڕستەی پەلکەزێڕینەم
پرچی کیژی پیتەکانم ئەهۆنیەوە
مووروم.. لە ئاونگی بەیان،
لە تەرزەی فرمێسکی سپی، پەریی ئاسمان
بۆ ملوانکەی گەردنی ئەو
لەسەر پەڕەی نێرگزی خۆر.. ئەچنیەوە
کاتێ.. تازە، شەپۆلی ناو لەرەی دەنگم

باوەشی ئەکرد بە ڕۆحی تینووی گیانا
مەلی هەناسەی تەریوم وێڵ بوو بەدووی
لق و پۆپی درەختێکی نوێی ژیانا
کۆتریی چاوم.. هەڵفڕی
پەپوولەی تەماشام.. گەڕا
گەڕا.. گەڕا
باخی وشەی ناو دیوانی گەلێ بڕی
بە سێبەرو هەتاوی ناو، وەرزی دڵی
گەلێ شاعیرا تێپەڕی
بەڵام هیچیان بە نەرمەبای خۆشەویستیی
فرمێسکی پشکۆی دەروونی.. ئەمیان نەسڕی
هیچیان.. شەوی، ناو بێشکەی تەنیاییی و خەمی
ژووری ئەمیان.. ڕانەژەنی
هیچیان.. لە پرشنگی شەبەق، گوڵێکی نوێی
نەبینراویان.. بۆ نەچنی
هیچیان.. لەناو گرمەی هەوری وشەی کوردا
دەنگێکی تریان.. بە گوێچکەی
ئەو نەناسی!
هیچیان بە ڕەنگی تازەتر.. وێنەیەکیان
بەژووری چاوو سەرنجیا، هەڵنەواسی
تا گەیشتە.. ئەو بەهەشتەی لە کەژاوەی
بەر تاڤگەی یادگارا

گوڵی وشەی نوێی هەڵبەستی
ئەكرد بە قژی بەهارا..
تا گەیشتە.. ناو ئەو خەوە ڕەنگاوڕەنگەی
سروشت بەشانەی سەوزە گیا
بەپرشنگی بریسكەی سەر بەفری چیا،
سەری كچی، هۆنراوەی نوێی، دائەهێنا
تا گەیشتە.. ئەو فرمێسكەی لەناو پێڵوی
ـ ئاوازی ماتی هونەرا ـ
بەشوێن بزەی هەتاوی ڕووی وشەی سەربەستا.. ئەگەڕا.
تا گەیشتە.. لای ئاهەنگی ئەو دەنگانەی:
كە نابیسرێن..
تا گەیشتە.. لای گوڵزاری ئەو ڕەنگانەی:
كە نابینرێن..
تا گەیشتە سەر ڕوانگەی چاوی-گۆران-
چاوی وشە، چاوی ژیان.

★

بیرت ئەكەین.. لەگەڵ فرمێسكی لاوكی
چاوی شمشاڵی "دەروێشا".. بیرت ئەكەین.
یادت ئەكەین.. لەگەڵ هاواری خوێنی ناو:
تۆڵەی گەرووی هەڵۆ بەگا.. یادت ئەكەین.
لەگەڵ "پەپوولەی نیازی گفتو گۆی"..
سەر لێوی قژ زەردی شۆخا..

**تاسەت ئەکەین.**
**لەگەڵ بۆی مەمکی ناو درزی،**
**سوخمەی نازداری گوڵ ڕەنگا،**
**لەگەڵ "بووکی تانجەرۆی ناو،**
**دۆشەکی سەوزی" سروشتا.. بیرت ئەکەین.**
**لەگەڵ "ماسیی ڕۆحی" چاوی**
**بنی گۆمی مەنگو شینا..**
**لەگەڵ " هێرۆی سەر لق ئاڵی**
**زاڵ بەسەر دڕکی زەمینا" یادت ئەکەین**
**لەگەڵ دەنگی " کنالەیل" و داروبەردی**
**هەورامانا..**
**لەگەڵ "بەفری بەرهەتاوو" ئۆرکستراکەی**
**مۆسکۆی جوانا..**
**بەیەکەوە.. لەگەڵ گازی کەلەبچەی دەستی سەربەستی**
**ڕێی.. زیندانا**
**بەیەکەوە.. لەگەڵ گڕی هەزار ساڵەی**
**سەر کێوانا..**
**بەیەکەوە لەگەڵ کانیی بەر تریفەی**
**مانگەشەوی هاوینانا.. تاسەت ئەکەین**
**بەیەکەوە لەگەڵ پەریی.. قژ پەشێوی**
**ژوور سەری گۆڕی بێکەسا..**
**یادت ئەکەین.. تاسەت ئەکەین.. بیرت ئەکەین.**

*ئەم شیعرە لەو کۆڕەدا خوێندرایەوە، کە یەکێتیی نووسەرانی کورد لەبەغدا، پێکی هێنابوو، بۆ یادو بیرەوەریی شاعیری نەمر گۆران .

# دوو گۆرانی تەواو نەکراو

-1-

ئەشێ گەڵای وشەکانم، کاڵ بنەوە

ڕەنگیان تێك چێ

زەرد هەلگەڕێن.. یان بشوەرێن.

ئەشێ.. لقی سەوزی بەر ڕەشەبای شیعرەکانم

بەسەر خەما بچەمنەوە،

ئەشێ.. بشکێن

ئەشێ.. بکرێن:

بە هەوێنی گڕی  زۆردار

ئەشێ.. لە کوورەی مردنا

ببن بە کۆتەرەی ئازار

بە قرچەی ئێش..

لە کۆتاییشا.. بەچنگێ

لە خۆڵەمێش..

ئەشێ.. ئەشێ

بەڵام ئەوەی بە ڕەشەبای دورگە ناکرێ

ئەوەی ناشێ:

ڕەگو ڕیشەی بیرەکانمە..

-2-

ڕەنگە جریوەی ئەستێرەی چاوی لاوییم

لە چنگی هەوری گریانا

لە لمی.. تینووی ئاسمانا

ببێ بە تنۆکێ ئازار.. بتوێتەوە

لە بیری شەوی دڵداریم بچێتەوە

ڕەنگە.. کەژاوەی تریفەی

مانگی زیوین

بووکی دێرین

لەبەر شەپۆلی گەرداوا

چرای بینایی بخنکێ .

بەرەو بنی نائومێدیی هەڵخلیسکێ

ڕەنگە ئیتر.. ئەشێ ئیتر

جارێکیتر..

بەفراوی شاخ.. نەخواتەوە

دەرگا لە خەیاڵی وشەی،

نیوەشەوم نەکاتەوە

ئەشێ.. ئەشێ

بەڵام ئەوەی نە بە گەرداو

نە بە هەوری ڕەشی دورگەی

بیابانی کینە هەستاو

نە بە هەزاران بێژنگی،

تەفرەی دەسیاو..

هەرگیز.. ناکرێ

ئەوەی ناشێ؛

تیشکی خۆری ڕاپەڕینمە..

# بابە گوڕ گوڕ

هەڵبەستەکانم.. جۆگەن.
چاوەکانت..
سەرچاوەن.
دەستم
پەلو پۆو لقە.
ژیانت.. ڕەگو ڕیشەن.

★

بۆ ئالآی.. بلێسەکەت
مەچەکی لاوی
مێژووم.
بۆ ئاسۆی.. سەنگەرەکەت
خۆری خوێنی
هەڵهاتووم.

★

بە پێشمەرگەی.. ڕەشەبام،
کوورەت.. ئەگەشێنمەوە.

به بروسکەی
هەوری زام
شەوت.. ئەڕەوێنمەوە.
⋆
دەنگم..
لەناو دڵتایە.
ناوم..
وا لە شێوەتا.
هەناسەم.. لەسنگتایە
هەنگاوم
لە ڕێگەتا.

# ئاوڕدانەوەیەك بەرەو منالّیی

-1-

لەکاتێکدا کە منداڵ بووم

دەستی چەپم حەزی ئەکرد

وەك دەستی منداڵی پۆشتەی

دراوسێمان

سەعاتێکی تیابێ ئەویش.

وڕکم ئەگرت

دایکم ناچار گازی ئەگرت

لەمەچەکم

بەجێگەی-دان-

سەعاتێکی بۆ ئەکردم

ئای.. کەدڵخۆشی ئەکردم!.

-2-

لەکاتێکدا کەمنداڵ بووم

واتەی کامەرانیی لای من

لەوەدابوو: لەحەماما

بەسەر پەشتەماڵی جاما
فوو بەکەفی سابووناکەم
گلۆپێکی سەوزو سووری،
لێ دروست کەم!.

-3-

لەکاتێکدا کەمنداڵ بووم
لەزستانا لەبەر تینی ئاگردانا
دائەنیشتم
سەرنجم ئەدا لەپشکۆی،
گەشاوەو ئاڵ
وام حەز ئەکرد، منی منداڵ
بچمە ناو پشکۆکانەوە..
دابنیشم.. بیکەم بەماڵ!

-4-

کەمنداڵ بووم.. زۆر ئێوارە
ئەیان ناردم..
-لە ماڵی پوورە مەنیجە-
ترشیات بکڕم
کام تام لەو تامە خۆشتر بوو
لەدوای ئاوڕ،

لەپێچی تەنگی کۆڵانا
کاتێ یەك دوو قوومی خێرام
ئەدا لە ترشیاتی ناو جام!

-5-

لەکاتێکدا کەمنداڵ بووم
خۆشەویستیی لام ئەوە بوو:
شەوی جەژن
تابەیانیی.. چاو هەڵدێنم
لەگەڵ خۆما.. دەس لەملان
پێڵاوی تازە بنوێنم!

-6-

کەگەورە بووم دەستی چەپم
زۆر سەعاتی ڕاستەقینەی،
جوانی.. بینیی
بەڵام هیچیان وەك سەعاتی
جێگەدانی، دایکم.. لەسەر قۆڵو دەستم
وەها دڵخۆشیان نەکردم.
کەگەورە بووم
هیچ چل چراو گڵۆپێکی ژوورەکانم
وەك گڵۆپی کەفی سابوون

پێکەنینیان.. پێ نەگرتم.
کەگەورە بووم
هیچ گرێکی زۆپای ئێستام
نەکردە ماڵو تیا بژیم.
کەگەورە بووم هیچ خواردنێ
تامی ئەو قومە ترشیاتەی پێ نەبەخشیم.
کە گەورە بووم
هیچ کراسو بۆینباخو قاتێکی نوێم
نەهێنایەوە ژێر جێگەوە
وەکوو پێڵاوەکەی جەژن
تا بەیانیی چاو هەڵدێنم
لەگەڵ خۆما بیان نوێنم
هیچیان.. هیچیان!

## چوار تێبینی:

1–ئەو هۆنراوانەی لەم بەرگەدا کۆبوونەتـەوە، زۆربـەی ئـەو بەرهەمانـەن کـە لەدوای–کەژاوەی گریان–ەوە نووسیومنو بـڵاوم کردوونەتـەوە، واتـە: لـەکۆتایی "1969"وە تا ئەیلولی 1973، هـەروەك لـەزنجیرە ڕیزکردنێکـی پێـچەوانەدا–لەئێستاوە بۆ ئەوسا– هەر کۆمەڵە شـیعرەی بـە پێـی لـەدایك بوونیـان، ئەوانـەی بینراونو ئەوانەی نەشبینراون، دەستنیشان کراون.

2–لەبەرئەوەی هەر هۆنراوەیەك، لەم هۆنراوانە، بەزادەی بیرو هەستو هۆشی خۆمیان ئەزانمو پەیوەندیەکی بنەڕەتیان بەچۆنیەتی پێشکەوتنو ڕێڕەوی

هونەریمەوە هەیە، لای خۆمەوە، وام پەسەندکرد، تەنانەت ئەو ـ هەندە ـ هۆنراوانەی کەڕەنگە ئەمڕۆ لەبەر دڵی ئەدەبیم گران بن‌و خۆشیشم نەوێن، نەیان خەمە پشت گوێ.

3–لەکاتی دووبارە نووسینەوەی چەند هۆنراوەیەکدا، لەم لاو لەولا، کەمێك دەست کاریم کردوونەوە، چ بەلابردن‌و چ بەسەرخستن‌و بەجۆرێك کە لەسەمتی هونەری خۆیان دەرنەچن، هەروا ئەو بەرهەمانەی لەژێر ناونیشانی "پەخشانی نوێ"دا نووسیومن‌و لەکاتی خۆیدا، هەندێکیانم بڵاوکردۆتەوە، وام بەچاك زانی کە لەدوارۆژدا، لەبەرگێکی تایبەتیدا چاپیان بکەم.

4–لەشیعری "وێنەیەك" رووبارەکان کاتێ بەدەریاو گۆم ئەگەن تف لەسەرچاوەی..." بەپێویستی ئەزانم لێرەدا دەست نیشانی ئەوە بکەم کە ئەم وێنەیە، جێ پەنجەی وێنەیەکی شیعری "حمید سعید"ی پێوە دیارە، لە لەیەکچوونێکی ئاوەژودا، هەروەکو چۆن ئەم جۆرە لێکچوونانە لە "سێ وێنەی" هەرسێ هۆنراوەی "مامە خەمە"و "بێ کۆتاییی"دا لەکەشی ئوسلوبی هونەری "ئەدۆنیس"و "بروسکەیەکی زامدار"دا لەهی "مەحمود دەروێش" نزیکمان ئەخاتەوە، هەروەکو لە کاتی خۆشیدا، لە چاوپێکەوتنێکا لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوکاری ئەمەم روون کردبۆوە.

**ش. بێکەس**
1974

# خەونەکانی "ئەستێ" گیانتان بۆ ناگێڕمەوە*

**سەرەتا**

**لە ڕۆژدا بوو**

**دەست بازیم لەگەڵ تیشکا کرد**

**کە شەو داهات**

**پەنجەکانم داگیرسان و**

**ئەم شیعرانەم بۆ "ئەستێ" گیان**

**لەبەر دانان:**

## 1-نهێنیی خەونەکان

**٭ئەو خەونانەی تۆ لەسەرما ئەیانبینیی:**

**بۆ بەیانیی ئەبنە درەخت و لەکەنار**

**شیعرێکی تازەما ئەڕوێن.**

**ئیتر ئەوسا پەنجەکانم**

**خۆیان لەلەپی هەردوو دەست ئەکەنەوەو**

**لەسەر چڵۆکی تەماشات ئەنیشنەوە.**

ئەی "ئەستێ" گیان خەونەکانت بۆ هیچ کەسێ ناگێڕمەوە
ئەو شەوانەی ئەمبزڕکاند
ژوورەکەم پڕ بوون لە تووتی
هەرچیم ئەوت ئەوان دوای من
بەدەنووك هەڵیان دەگرتو
ڕویان ئەکردە بەردەمی "شێخاڵە" [1]وە.
ئەی ئەستێ گیان
خەونەکانت بۆ هیچ کەسێ ناگێڕمەوە
لەنهێنیی خەونەکانتا من باڵندەی "باران بڕە" [2]م
تا بەتاوتر ببارێیتو هەتا خوڕتر دابکەیتە
سەر زەمینی ئەشقی ئاگرگرتووی سەرم
چاکتر باڵم پێ ئەگریتو.. تیژتر چاوم
پێ ئەبڕێتە کازیوەی [3] گۆی مەمکەکانت
"باران بڕە"م حەزم وا لە ڕەهێڵەیە
ڕەهێڵە .. دژی وەنەوزی کێڵگەکانەو
ڕێگە بۆ ڕەگ شۆڕبوونەوە ئەکاتەوە
ڕەهێڵە .. چنگی چەخماخەو بروسکەیە
کاولاشەکان [4].. ڕائەماڵێو پۆستەبەری
نامەی هەموو ڕووبارێکە.
منی "فەرخ"ی بەفر سواری زۆزان بم یان
"قەیس"ی دۆرگە سواری عەرەب.
بۆ بێ دەنگی؟ من پێم وتی:

خەونەکانت بۆ هیچ کەسێ ناگێڕمەوە
زمانی ئەو وشانەشم چزاندووە بە پەنگردا [5]
کەنهێنیی هەورەکانیان
لەلای ڕەشەبا ئەدرکان.
خاتوون ئەستێ، خاتوونێ گیان!
داربەڕووەکان
هێشتا لەزگی کەژدا بوون
حەزیان لە بەفرو با ئەکرد.
بەفروبا.. نەیان ئەزانی!.
کارێزەکان هێشتا لەزگی تاریکیو
غەیبدا بوون
حەزیان لەتریفەی مانگو هەتاو ئەکرد
نەتریفەو نەهەتاو نەیان ئەزانی.
شمشاڵ هێشتا.. قامیشێکی،
نێو قامیشەڵانی.. بێ گەروو بوو وەختێ:
حەزی لە "حەیران" ێ ئەکرد
حەیران بۆ خۆی نەی ئەزانی
منی "فەرخ" یش لەناو زگی دایکمدا بووم
حەزم لە "ئەستێ" گیان دەکرد
ئەستێ بۆ خۆی نەی ئەزانی!
"کاتێ دایکم ڕائەکشاو.. بێ دەنگ ئەبوو
لەناو زگیدا.. من هەر بیرم

لەئەستێ خان ئەکردەوە
هەدادانم [6].. پەپولەی ناو
شوشە بەندێکی گیراو بوو
تلم ئەداو.. ئەبوو بەگینگڵی دایکم
من ئەو ژانە پچووکە بووم.. هەرچی ژانی
گەورە گەورەی ئەستێ خانە:
لەخۆمدا جێم ئەکردنەوەو
ئەستێ خانیش.. نەی ئەزانی".

## 2-نیزا

لەهێلانەی کونە شاخی سوێسکەکانا
زەڕنەقوتەی هێلکەیەکی هەڵ نەهاتوو
ئەی وت:
"زرێبار" ئاگای لێ نییەو من دڵداریم
جگە لە خۆم، بێتو شووکات بەکەسی تر
پەڕوو باڵم لێ ناڕوێنو تووتڕکەکان
ئەئاڵێنە خەوەکانم
کە تێم ئالآن-شەوکوێر-ئەبم
ئەی وتەوە:
"زرێبار" ئاگای لێ نیەو
من لەناو ئەشقی بەرینیا
ئەو مەندییەم، هەرچی ماسی بنی هەیە

قووڵایی ژانەکانی من ئەخوێننەوە.
هەرچی درەختی کەناری سەر ئەو هەیە
لەئێستەوە-هەڵفڕین-م، ئەنووسنەوە.
ئەی وتەوە:
هەر ئەوەندەی سەرم جووقا
نیزا ئەبەمە لای ئاسمان؛
باوکم بمرێ.. دایکم بمرێ
ئەوسا ئیتر، ئەگریم.. ئەگریم
زێی بچووك دێ.. بەڵام ژیرم ناکاتەوە.
زێی گەورە دێ.. ئەویش ژیرم ناکاتەوە.
جۆگە.. جۆگە.. ئەستێرك.. ئەستێرك
گۆم بەگۆمو ڕوبار.. ڕوبار
ئەمگەڕێنن.
*کێ بێ ژیری بکاتەوە؟!
*کەزرێبار لە باوەشی سەوزی خۆیدا،
هەڵیگرتم..
کەدەمم نا بەسنگیەوە.. بێ دەنگ ئەبم
ژیر دەبمەوە.. ئەوسا ئیتر
زرێبار هەر بۆ خۆم دەبێو
کەس نایخوازێ!
*ئەی هەرچی "شیرین"و "لەیلا" و
"جولێت" ەکانی دنیایە..

(خاتوون ئەستێ نازانێ ئەمن حەزی لێ دەکەم
مێردی بکا ئەمن ئاوارە دەبم
بەڵام نیزایە دەکەم، ئەوشەوە دایکم بمرێ
سبحەینێ بابم بمرێ
کەس نەبێ  بەخێوم بکا
ئیلا.. خاتوون ئەستێ نەبێ
تا نەیەڵم کەس بیخوازێ)
*ئەی ئەستێ گیان بۆ بێ دەنگی؟
جارێکی تر خەونەکانت ناگێڕمەوە..
بۆ بێ دەنگی؟
ئامۆزا گیان.. دەڕامژەنە
گەواڵەی هەوری.. ناو لانکەی سەری ماندووی
من ڕاژەنە!
دە ڕامژەنە ئامۆزا گیان
دەڕامژەنە!

## 3-ئەوین.. ئەوین

شەو بوو کرمێکی ئاوریشمین
ئەی وت:
خۆزگەم وایە: هەرچی پێی ئەوترێ درەخت
خەو گران بن
هەر تەنیا دار هەنار نەبێ

من ناتوانم چیتر لەناو قۆزاخەم دا

ئارام بگرم

دێمە دەرێو ئەچمە پاڵ"هەنار" خانەوە

باڵندەکان نیزام بگرن:

خەو بباریێ.

کە خەو بارِیی

خۆی لەقۆزاخە دەرهێنا

بەچنگە کڕێ.. هەلگەڕا.. هەر هەلگەڕا

چقڵەکانی چەواشە کرد

هەتا چووە ناو مەمکۆڵەی "هەنار"ەوە

هەنار وتی:

کرمە گەڕە ئێ وا هاتی

چیت لەدەست دێ؟

وتی: بۆچی وائەزانی بەکەڵەگەتیو بەرزیە!

وتی: ئەی بە چیِیە؟

وتی: بە "ئەوین"ە ئەوین!.

وتی: فڕێت دەمە خوارێ!

وتی: ئەتەوێ بەقەد تۆ کەڵەگەت بم؟

وتی: ئەگەر درۆ ناکەی.. کوا؟

وتی: وەرە ئەوین وەرە

ئەوین.. ئەوین

هەر کە کرمی ئاوریشمینی عاشق کشا

**به چەند قەدێك ئاڵایە باڵای هەنارو**

**تێشی پەڕان**

**تا سوورە چنار باوەشی پێدا کردوو**

**تێر ماچی کرد**

**★بۆ بێ دەنگی؟ ئەی ئەستێ گیان،**

**بۆ بێ دەنگی؟**

**ئەو خەونانەی تۆ لە، سەرما، ئەیانبینی:**

**بۆ بەیانیی:**

**ئەبنە درەختو لە ڕۆخی**

**شیعرێکی تازەما ئەڕوێن**

**ئیتر ئەوسا پەنجەکانم:**

**خۆیان لە لەپی هەردوو دەست ئەکەنەوە،**

**لەسەر چلۆکی تەماشات ئەنیشنەوە**

**ئەی ئەستێ گیان خەونەکانت ناگێڕمەوە**

**بۆ بێ دەنگی؟!**

**بۆ بێ دەنگی؟!**

1975

## تێبینی :

*ئەم شیعرە بۆ یەکەم جار لەژمارەیەکی تایبەتیی دیوانی هەڵبژاردەی گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان" داو لە ساڵی 1975دا بڵاوکرایەوە، لەبەرئەوەی لەکاتی چاپکردنی بەرگی یەکەمی ئەم دیوانەدا شیعرەکەم لانەبوو بۆ ئەوەی لەدیوانی "ڕەنگاڵە"دا ڕیزی خۆی بگرێ بۆیە لەم بەرگەدا سەربەخۆ چاپکردنەوەیەم بەپێویست زانی.

**ش. ب.** 1991

*ئـەم قەسـیدەیە لەناوەڕۆکـدا بـە "بـەیت"ی "شـێخ فـەرەج و خـاتوون ئەستێ"ی فۆلکلۆری موتووربـە کـراوەو، لەکلاورۆژنـەی ئـەوەوە تیـشکی وەرگرتووە، بڕوانە "تحفەی مظفریة" بەزمانی کـوردی مـوکریی کردگـاری ئۆسکارمان، بەشی دووەم، 1975.

(1) شێخاڵە: ناحەزو دڕکـی خۆشەویـستیی نێـوان" فـەرەج و ئەسـتێ" ، بڕوانە سەرچاوەی پێشوو.

(2) بـاران بـڕە: باڵندەیەکـە لەپەڕەسـێلکە گـەورەترو لـەکاتی شەسـتە بارانا حەز بەفڕین ئەکا.

(3) کازیوە: تاریکو ڕوونی بەیانیان.

(4) کاولاش: وێرانە، کەلاوە.

(5) پەنگر: پشکۆ.

(6) هەدادان: ئارام گرتن.

مـن لێـرەدا" ئەسـتێ"م بـە (یـا)ی کـراوە بـەکار هێنـاوە، بـەو جـۆرەی لەناوچەی سلێمانیدا ئەوترێ.

# کازیوه

1978

# بـــالآ

ئازارێکی بالآ بەرزم
بۆ ئەوەی بچمە سەرشانی،
خەمێکی تر.
تەنیا بەسەر هەڵبڕینێ
برین لەکوێ بێ ئەیبینم
هەژار لە کوێ بێ ئەمبینێ.

# هەنگوین

بۆ نالیی

"نالیی" پرسی:
- هەنگوین چ ڕۆژێ پەیدابوو؟
"مەمو زین" پێکەوە وتیان:
-هەنگوین
ئەو ڕۆژە پەیدابوو
کە " شانە"ی دەمی دوو دڵدار
هەنگی"ماچ"یان.. بەخێو کردوو
لەلادێوە..
ناردیانە شار!.

# هەڵوەرین

ئەو گوڵەی دابووت لەقژت
نیگامی کرد بە پەپولەو
بەئاسمانی "هۆڵ"دا فڕی،
هەتا لەسەری نیشتەوە.
کە کردتەوەو،
پێشکەش یەکێکی ترت کرد
لەوساتەدا
ئەی گوڵ پەری!
لە نێوانی پەنجەکانتا
پەپوولەی چاوم هەڵوەری.

# تەوقە کردن

قەڵەمی "زنجی"یەك لەسەر
کۆشکی سپی.. ڕاوەستابوو
هاواری کرد:
کە برووسکە تەوقە لەگەڵ
هەورا ئەکا
کێڵگەکان هەڵئەسنە سەرپێو،
دروشمی "باران" هەڵئەگرن
کە کێڵگەکان تەوقە لەگەڵ:
بارانو ڕووباردا ئەکەن
ڕووتو برسیی ڕاست ئەبنەوەو،
داوای نانو پۆشاك.. ئەکەن
منیش هەرچەند وشەکانم
تەوقە لەگەڵ: دەنگما ئەکەن
شیعرەکانم ڕاست ئەبنەوەو:
داوای سەربەستیم لێ ئەکەن.

# کۆبوونەوە

لەئەمریکای خواروودا
شەو بەدزیی مەخفەرەوە
چەند سنووریٚ کۆبوونەوە..
بڕیاریاندا کە یەکتریی
بسڕنەوە!
پەساپۆرتی بەرباخەڵی شارو گوندی
ئەم دنیایە.. وەرگرنەوە
وەختیٚ هەستان.. لەناکاودا
پایتەختەکان هاتن دایان
بەسەریاندا
بەریان نەدان
تا هەر "یەکێك" یان کرد
بە دوان
بە سیان
کە بەریان دان
پەساپۆرتیان دا بەخۆشیان!.

# نوشتانەوە

گوڵاڵەیەك
بۆ توتڕکێ نوشتایەوە
دەستی ماچ کرد!
کە لێبۆوەو.. هەستایەوە
ڕەنگی سووری ڕژابووە بەر:
پێی توتڕكو
هەتا مردن
بەداخی ڕەنگی زەردەوە
تلایەوە!.

# قووڵ بوونەوە*

کەجۆگەیەك تینوو ئەکەیت
دڵی ڕووبارێ ئەشکێنی.
کە تیشکێ بگریو بەندی کەی
خۆرەتاو لەخۆت زیز ئەکەی
خۆ ئەگەر خۆر، بریندار کەی
خوێن لەخۆت ئەکەی بە دوژمن
ئەوەی کە خوێنی ڕووناکییش
ئەبێتە دوژمنی ژینی
تاریکیی شەوێك ئەیکوژێ!.

*بۆ دووەم جار کەمێك دەستکاری کراوەتەوە.

# جۆگە

لەناو هۆڵێکی "نیویۆرك" دا
مێشکی کورتە چیرۆکێکی
"ڕەش" یان.. پژان
خوێنی دەنگی "گفتو گۆ" کان
بەشانو ملی شانۆدا
هاتنە خوارێو،
جۆگەیان بەست
کاتێ پۆلیسەکان ویستیان
کەلەپچەیان بکەنە دەست
جۆگەکان باڵیان لێ ڕواو،
ئەمجارەیان:
بوون بە: هەڵبەست.

# پەنجەرە

که قۆڵم کرد بە قۆڵی "هەورا" و
چووین بە پیر ئاسمانەوە..
لە پەنجەرەی
بارانەوە
چاومان لێبوو:
هەرچی کوللەی سەر زەمینە
هەڵاتن و.. گەڕانەوە!

# خشڵ

دێرزەمانێ.. گێڕایەوە:
شیعرێ خۆی بارکرد لە خشڵی
ژنی سوڵتان
ڕۆژ ڕۆی.. ڕۆژ هات
کاتێ کە ژنی سوڵتان مرد
لەسەر فەرمایشتی سوڵتان:
ژن و،
خشڵ و،
شیعرەکەیان
پێکەوە ناشت!.

# بازن

گیانە.. لەیلا!

گزنگ بیری هاویشتمە ناو

گۆمێکەوە.

کاتێ لەوسەر گەڕایەوە..

ڕستە بازنەی سەر ئاوی بۆ هێنابووم.

ئەوا منیش

بۆ پشتێنی

کەمەری تۆم هێنایەوە.

# ڕەگ

"بۆ کەمال جونبلات"

ئەو مەلانەی بە ئاسمانەوە ئەکوژرێن
گەر ئەستێرەو پەڵە هەورو
"با" و هەتاویش
تاوانکەران بەدی نەکەن
"ئاسۆ"ش گوێی خۆی کەڕکا لێیان
شاخ و ئاویش لەبیریان کەن
هتدد.. هتدد...
تاقە درەختێ هەر ئەبێ بیانبینێ و
ناویان لەسەر
ڕەگەکانی خۆی بنووسێ!.

# ژان

ئەو ژانانەی چنگە گڵێ
لەسەر کاسەی لەدایك بوون
بەدوو دەنك
گەنم‌و جۆوە.. ئەیانگرێ
هەرگیز..
گینگڵ‌و ئازاری
کەمتر نییە
لەو دایکەی ژان
بەسەر منالّەوە ئەگرێ!

# قەڵەم

قەڵەمێ سەری خۆی هەڵگرت
هیچ دەفتەرو هیچ کاغەزێ
نەیان زانی
رووی لە کوێ کرد
چونکە ویستیان دای بدەنو
خۆی بە خۆی بکوژێننەوە!.
چونکە ویستیان وا بنووسێ
هەر بەتەنیا سوڵتانەکان
بیخوێننەوە!

# زيندان

له "كۆنغۆ" دا..
ڕۆژێ  زیندانێ لەقەڵای
خۆی یاخی بوو
لەکردنەوەی دەرگاکانی خۆی مانی گرت
داوای ڕوخانی خۆی ئەکرد!
باستیلەکان کۆبوونەوە.. زیندانیان گرت
خۆیان بەخۆیدا هەڵواسیی
وتیان بڵێ
کێ ئەناسیی؟!
زیندان بەرگەی ئەو ئازارە
سەختەی نەگرت
ناچار بوو "ئیعتڕافی" کرد..
بەدەستی خۆی
ناوی ملیۆنەها کەسی
بۆ باستیلی دادگا نووسیی!

# ئەڵقەڕێز

ئەڵقەڕێزی
یەك.. یەك
ئە.. ڵ.. قە.. ی
لەشی پ.. سا.. ن
خۆی لەدەرگایەك ڕاپسكان
چونكە ئەو دەستەی هاتبوو
بە ئەم، لەدەرگاكە بدا..
ئەو دەستە بوو..
چوو بووە خوێنی
"كەمال عدوان"

# بەفر

هەژارینە!
خۆشەویستیی ئێوە بەفرێکە چوار وەرزە
ئەبارێت‌و باڵای شیعرم سپی ئەکات
چۆن ئەهێڵم گەردێ بیگرێ
ئاسمانتانم لێ بتۆرێ
چۆن ئەهێڵم تۆزی ڕقێ
لێی بنیشێ، ناوچەوانم
لەسەر هەڵگوردی ناو دڵتان
دابگرێت‌و گرمۆڵەی کات
لەو بەفرەدا نەبێ ناژیم
لەو بەفرەیشدا نەبێ نامرم!.

# وەرز

سەرەتای وەرز
برینێکیان، وەکوو کڵاو
کردە سەری
دڕکەزییەك
کۆتایی وەرز
بینییان ئەوەی کەچقڵو دڕکو داڵە
لەبژوێنی
بەر هەتاوی پاشە ڕۆژدا
هەموو بونەتە:
گوڵاڵە!

# خۆشەویستیی

گوێم نا بەدڵی خاکەوە
باسی دڵداری بارانو خۆی بۆ کردم.
گوێم نا بەدڵی ئاوەوە
باسی خۆشەویستیی خۆیو
سەرچاوەکانی بۆ کردم.
گوێم نا بەدڵی دارەوە
باسی خۆشەویستیی خۆیو
گەڵاکانی بۆ ئەکردم.
کەگوێشم نا
بەدڵی خۆشەویستیی خۆیەوە، ئەوسا:
باسی سەربەستیی بۆ کردم!

# کاروان کوژە

بۆ "نەسرین"

ئەستێرەیەك چاوی داگرت

شوێنی کەوتم

ئەو هەر ڕۆیشتو منیش ڕۆیشتم

بۆم ڕاوەستا

لەپاڵ

دیواری پەڵە هەورێکدا

بۆم ڕاوەستا

کاتێ دەمم بردە پێشێ.. ماچی بکەم

برووسکەیەك هاتو پەردەی

نەهێنیی لەسەر لابردین

دڵی هەرچی

کاروان کوژەی دڵدارانە

پێی خۆش کردین!

# شای وشە

ئەگەر "پرشنگ" بکەیتە بەر
من بەسەریا
"مانگ"ی هەیاسەو پشتێنی " شەپۆل"ێکت
بۆ ئەبەستم.
ئەگەر تاجی گوڵ ئەستێرەی
هەڵبەستێکم بکەیتە سەر
من ئەبمە. شای وشەی جوانیو،
لەسەر تەختی هەوری بەر پەلکەزێڕینە
ڕائەوەستم!

# مەل

خۆڵو دۆیان کرد بەسەری
باخچەیەکی "ئەسمەرە"داو
بەپشتاو پشت
گوڵەکانیان
سواری پشتی چقڵەکان کرد.
دارەکانیان "دارستانو شاربەدەرکرد"
هەردوو چاوی ئاویان کوێر کرد.
لەبەر ئەوەی مەلەکانی ئەو باخچەیە
بەیەکەوە هەڵئەفڕینو، قۆڵ لەقۆڵدا
بۆ جێ ژوان.. ئەڕۆیشتن
پێکیشەوە لەمەیدانی گەورەی شاردا
بەمنداڵان ئەگەیشتن
لەبەر ئەوەی مەلەکانی ئەو باخچەیە
ئەچوونە سەر.. هەورەبانی
ماڵی پاشا ئەیان خوێندو،
هەڵئەنیشتن!

# سەفەر

وشەکانم خستە ناو جانتای
سەرمەوەو، سەفەرم کرد
لەپایتەختێکا دابەزیم
جوانیی هێنا بەپیرمەوەو
ئاخ‌و ئۆفی لێ وەرگرتم.
کاتێ دووواین..
نەئەو هیچ لەمن تێگەیشت
نەمنیش هیچ.. لەو گەیشتم
"سەر"م کردەوە.. سێ وشەم
لێ دەرهێنا:
"فیز"م نارد، تا
خەمەکانم ورد کاتەوە
وەك چۆن ڕۆیشت.. وایش هاتەوە
-کەس تێم ناگات!
"تووڕەیی"م نارد..

باسی مێژووی سەرم بکات

هاتەوە.. پەست

-کەس تێم ناگات!

ئەمجارە "خۆشەویستی"م نارد

کەهاتەوە لەگەڵ خۆیا

"زمان"ی شاری هێنابوو

کە لەبەر دەمما هەڵیڕشت

هەرچیم ئەویست لەناویا بوو.

# پێوانه

مێژوو هاتو باڵای خۆی گرت
بەباڵای خەمەکانی تۆ..
خەمەکانت یەك دوو قولانج
درێژتر بوون!
کەزەریاش ویستی قوڵایی
زامی خۆیو تۆ بپێوێ
هاواری کردو
خەریك بوو
ئەو لەناو تۆدا
بخنکێ!

# سووتان

بەپێپلیکانەی ترسدا..
تاریکیی هەر وەکوو دزێ
بۆ دەروونم شۆڕ ئەبۆوە..
کاتێ گەیشتە ناو دڵم
ویستی.. دەستی
ڕابکێشێ
لەپڕێکدا
خۆشەویستیم داگیرسان
تاریکیی‌و ترسم تیا سووتان.

# له جامخانه‌یه‌ك دا

له‌ناو جامخانه‌ی شارێكی "ئاسیا"دا
جارێك.. كتێبێ هه‌ستایه‌
سه‌رپێ‌و ڕووی كرده‌ گوێزانێ
وتی: ئێسته‌ تۆ ئه‌توانی بمدڕێنی
به‌ڵام ئه‌ی چۆن ده‌نگم له‌ناو
گه‌رووی قه‌ڵه‌می دنیادا
ده‌رئه‌هێنی!
ئه‌ی ئه‌وسا چۆن
ئه‌مدڕێنی؟!.

# فورات

"فورات" زۆرجار بە کۆکە کۆك
دێتو لەلام دائەنیشێ..
دەس بە شەپۆلی ڕیشیا ئەهێنێو ئەڵێ:
-شیعر بڵێ
ئەوەی هەتا سەر بمێنێ
ئاوی دڵمو ئەو شیعرانەن
کە هەژاران لەبیر ناکەن.

# جۆلانه

دوولقی، دوو
دارگوێز سووك سووك
جۆلانەیەکیان بەنۆبە
ڕائەژەنی
منداڵەکەیش لەناو کەژاوەی خەوێکی
ڕەنگاوڕەنگا.. پێئەکەنی
لقە پیرەکەیان وتی:
تۆ باوکی ئەمت ئەناسی؟
لقە لاوەکەیان سەری
بیرچوونەوەی بۆ ڕاوەشان
لقە پیرەکە هەناسەو،
ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا
وتی: باوکی ئەو پیاوە بوو
پار زستانێ
ئالێرەوە

بۆ گوندەکەیان ئەچۆوە..

لەو وەختەدا من لەبەر هەرەسی بەفرا

هاوارم لێ بەرز بۆوە..

گەیشتە لام، بەڵام سەد داخ

هەتاکوو منی دەرهێنا

خۆی ڕەق بۆوە

# ڕاپەڕین

بەرەو ڕووی مەشخەڵانێ چووم
دەمو چاوم.. بوو بە کوانووی
ئەو چیرۆکەی
لەسەرمادا.. هەڵئەلەرزی.
بەرەو ڕووی هاژەو، شەتاوی
زەریایەك چووم
هەر دوو دەستم بوون بە جۆگەی
ئەو تابلۆیەی
لەتینوواندا.. هەڵئەوەری.
کە بەرەو ڕووی
برسێتیش چووم
دەروونم بوو بەمەیدانی
سووری دنیاو..
ڕەشو ڕووتیی تیا ڕاپەڕی.

# بۆ کچە تایپ ڕایتەرەکە

ئەی کچی جوان!
چاوم لێیە:
ڕیزە تۆوی.. حەرفی سەر "چاپ"
لەژێر لێدانی دلۆپی پەنجەکانتا
هێڵ.. هێڵ.. ئەبن
بە گوڵە بەڕۆژەی ڕستەو
لەگەڵ هەتاوی نیگاتا
ئەسوڕێنەوەو ئەگەڕێن.
ئەی کچی جوان! منیش هاتووم
مشتێ حەرفی
نەهاتە ساڵی شیعری خۆم
بۆ هێناوی
لای من نەڕوان
ئەیدەم بە تۆ
هەتا بەنەرمە بارانی

سەری پەنجەت
ڕووو لە تاڵە تیشکەکانی هەردوو چاوت
ببن بە گوڵی شەست پەڕو
بیانخەیتە سەر مێزەکەت!

# ژووان

کچە شوانێ
ئەچوو بۆ جێگەی ژوانێ
لەڕێگە چڵە نێرگزێ
وتی: جوانێ
تکا ناکەی لەمەمانێ
دەستم بگرێو بمبات بۆ لای
کوڕە شوانێ.
مەمکی قوتی تورتو سپی
سەری لە باخی کراسی.. کرێشەوە
بردە دەرێ
وتی: وەرە
بەڵام با گوند پێی نەزانێ.
ڕۆژی دوایی-نێرگزە جار-
خۆشەویستیی کچە شوانی
کرد بە چەپكو
لەگەڵ دەنگی "مامڵێ"دا
ناردی بۆ شار!

# پوولەکە

یەکەم جار بوو
کە درەختێکی مەل کوژراو
بەسەر ڕووبارێکدا بگری
لەو ڕۆژەوە..
بۆ یادگاری نەمریی
ڕووبار فرمێسکی درەختی
لێکداو.. کردی
بە پوولەکەی
پشتی ماسیی!

# دایك

لەنێوان دوو باخدا نووستم
خەوی سەوزو سوورم بینیی.
لەنێوان دوو ئەستێرەدا
خۆم مەڵاس دا
چەپکێ لەنەهێنیی شەوم
بۆ "بیر" چنیی
بەنێوان دوو چەمدا ڕۆیشتم هاژەو شەپۆل
بوونە هاوڕێم.
سەرم خستە نێوانی دوو دڵدارەوە..
تاڵە مووە سپییەکانی سەروقژم
وردە.. وردە
ڕەش بوونەوە!
لەنێوانی دوو دایکیشدا
کەدانیشتم
بەدیداری گەورەترین خۆشەویستیی
ئەم سەر زەمینە گەیشتم.

# ژوور

تیشکێ لە چنگی فولاپێ

خۆی دەرباز کرد

ڕایکرد.. لەڕێ

پێی لەبزمارێ هەڵنووتا

تیشکەکە کەوت.. سەری شکا

هەڵسایەوە

دەرگای ژوورەکەی "کەنفانی" کرابۆوە

بەخوێنەوە خۆی پێدا کرد

کە "أم سعد"

چرای ژوورەکەی داگیرسان

یەکە

یەکە

چیرۆکەکان:

سوور هەڵگەڕان!.

# کورسیی

"بۆ کەمال ناسر"

ئەو کورسییەی شاعیرەکەیان
لەسەر کوشت.
شایەتێك بوو
هێندە ژیا..
تامەرگی جەللادی بینیو،
تا ئازادیی
لەسەر دانیشت!

# لووتکە

چوومە سەر لووتکەی حەسارۆست
پیرەمەگرون.. کەوتە ژێر پێی
پەڵە هەورێ
لەسەر لووتکەی پیرەمەگرون
"سەفین"م دی وەکوو منداڵ
بەدامێنی بەفری ئەودا هەڵئەگەڕێ.
کەچووشمە سەر لوتکەی "وشە"
سەرنجی بن بنارم دا
حەسارۆستو پیرەمەگرون
هێند بچووك بوون
زوو.. زوو لەچاوم
ون ئەبوون!

# تاکە درەخت

ئەی لەیلاکەم!
لەم ساتەدا کەدەرگای ژوورەکەم لەسەر
ئاوارەییم پێوە ئەدەم.
وا هەست ئەکەم
لەو درەختە تاکە ئەچم
دوور.. دوور
لەجێیەك.. ڕووتەنا
دارستانی.. جێ هێشتبێ
دارستان. جێیان هێشتبێ
ئەویش هەرچی خەمو ئاخی دارستانە لەنیگایدا..
بەتەنیا هەڵیگرتبێ
ئەی لەیلاکەم، لەم ساتەدا
وا هەست ئەکەم
ئەو درەختەم!

## ناونیشان

**به وشەم وت بچۆ بۆ لای**

**ئەو خەیاڵە کەڵەگەتە و**

**پێی بڵێ با:**

**گوڵە هێرۆی سەر لق ئاڵی**

**شیعرم بەرزتر کاتەوە!**

**وشە وتی:**

**ئەی ناونیشان؟!**

**پێی بڵێ بەو.. ناونیشانەی**

**دوێنێ لەدوای بانگی شێوان**

**وشەی سەوزی "پۆشکین"ی دا،**

**لەبەرۆکی ئەستێرەکان!**

# پایتەختی گڕ

ئێستا لەوێ..
بەتەوقیتی پایتەختی گڕ
چرکەو دەقیقە ژمێری
سەعاتی خوێن
لەناو لەشی خۆڵەمێشیی
"ئەسمەرە"دا
کاتی لەدایك بوونی دوای مەرگ
نیشان ئەدا..
"ئەریتیریا" باڵندەیەکی ڕەنگ سوورە
بەرەو ئەستێرە سەوزەکان
باڵی سەنگەری گرتووەو
هەڵفڕینی بەرەو ژوورە.

# شاییەك

لە "شیللی"دا
قەنارەیەك.. پێئەكەنی
كاتێ بینیی:
كچە قوربانییەكەی سەر ئەو
وەك جلی سپی بووكێنیی
كفنەكەی خۆی لەبەر ئەكاو
لەهەڵپەڕكێو شایی مەرگا
دەستی "نیرۆدا" بەرنادا!.

# ئیستگە

ئێوارە بوو
بیرم کردیو لەنێوانی دوو لووتکەوە
پرچەکانت دایە دەستم
لەهەورێکی ئاوارەوە ئالأندمن،
باران لەناویا نوستبوو.
کەباران چاوی کردەوە
پرچەکانت برووسکەی داو
دڵم باریی!
بیرم کردیو بووم بە مەلێك
کلێپەم بەستە باڵەکانم
لەبواری تەمە قووڵەکانم ئەدا
تا هاتمە لات
لەو سەرەوە بەسووتانما خۆت هەڵواسیو،
هاتیتەوە ناو کازیوەی هەژارەکان
بیرم کردیو لەئێوارە غەمگینەوە
من تەنیاییم بۆتە ئیستگەی
دابەزینی غەریبەکان!

# شیش

"بۆ ناظم حیکمەت"

لەکارگەی ئاسنگەرێکدا
چەند شیشێکی مەچەك ئەستوور
هەستانە پیان
هەڕەشەیان کرد لەگیرەو،
مۆڕ بوونەوە.. لە ئاگردان
وەختێ بیستیان:
ئەیانەوێ لەپەنجەرەی
کتێبخانەی گشتییەوە
بیانگۆڕن
بیانکەن بە:
دەرگای زیندانی داخراو
لەسەر مانگی،
شیعری گیراو!.

# گەشتی پشکۆ

لە "عکا"وە دار زەیتونێ
بانگی ئەدا:
جێ پێی پشکۆم
بەسەر لەشی مێژوومەوە
هاوارێکە، دەنگی خوێنی لێ ئەتکێو
دائەداتە سەر ئێستاکەم!
ئەی پشکۆکان!
گەشتی ئێوە.. لەئازاری وەرزەکاندا
نامەیەکە شاخ ئەینوسێو
ڕووبارەکان ئەیخوێننەوە.
ئەی پشکۆکان!
گەشانەوەی ئێوە لەناو
سەری گەورەی ڕەشەبادا
مژدەیەکە.. بەفرێکی نوێ
بەکەوێکی دوور وڵاتی ئەگەیەنێ
مژدەیەکە.. گریان ئەکات بەگوڵاوو
بەسەر سەری منداڵانی
گوندەکانما.. ئەیپرژێنێ!

# لاواندنەوەیەك

بۆ "لەتیف حامد"

لەکازیوەی
سنگی شاخدا
پۆلە ئاخێ هەڵفڕینو،
کونی شمشاڵی شوانێکیان
کردە هێلانە بۆ لاوك
کاتێ لاوك ڕژایە ناو
دارستانو دەربەندەوە
"لەتیف" هاتو پڕ بە مشتی نشێوەکان
گریانی چاوی درەختی
لەگەڵما کۆئەکردەوە!

# ڕاسپاردە

بۆ "جوانێکی موکریانی"

تێئەپەڕیم..
پەڵکە گیای زەردی قژی جوانێکی موکریانی
هەڵئەلەرزیو، بانگی گەڵایەکی کردم:
ئەڕۆیتەوە؟
توخوا ئەگەر لانەدەیتو
لەبری من
تێر.. تێر.. لەو زنەی
چاوی "هێمن"ە
نەخۆیتەوە!

# شمشاڵ

بۆ "ح. زیرەك"

شمشاڵێك.. مرد
ئاوازەکانی چوونە سەر مەزارەکەی
کەسەیریان کرد:
لقو پۆپی دارتووەکان
بوونەتە "خاوکەر"ی سەوزو
باڵندەکانیش بەگوڵی
دار ئەرخەوان!

# ئەسپ

ئەسپێك خۆی دا لەگێژەنێ

گێژەن وتی: ئەگەر هاتو پەڕیتەوە

چیت ئەدەنێ؟!

ئەسپ وتی: سوارێك لە پاشكۆی خۆیەوە،

خەمی دارستان هەڵبگرێو،

بەدەم هۆرەی ڕەشەباوە

پێبكەنێ!

# چاویلکە

شەو چاوی خامەی کز کردم
خامەم بردە
لای ڕووناکیی چاوەکانت
تەماشای کرد
چاویلکەیەکی بۆ نووسیی
کاتێ خامەم چاویلکەکەی
کردە چاوی
وشەی خەمو ژانەکانی
گەورەتر کرد!

# هەنسك

گریانێ بۆی گێڕامەوە:
هەر دەوارێ هەنسکی ئەو
هەڵیداون.
ئیستە بوونە
هۆبە، بۆ ئەو:
نیگا شلوێو ئاوارانەی
لەدەمو چاوی دنیادا
ڕاونراون!

# کۆچ

لەکۆچدا بووم

ئاوێکم بینیی ئەگریا

لام داو.. وتم :

بۆچی ئەگریت؟!

وتی: ڕووبارێ بووم پێش تۆ

هاتن لێیان شکاندمەوە..

لێیان بڕیم..

بۆیە ئەگریم!

# هەڵکورمان

وەك باڵندە
کاتێ خەمم خۆی کڕ ئەکاو،
لەسەر برژانگی هەڵبەستم
هەڵئەکورمێ
لەو ساتەدا لەناو کۆچی
بێدەنگیدا
گێتییەکم:
زەریاو
ڕەشەباو
برووسکەم
تێدا ئەنوێ.

# کارەسات

"لۆرکا" وتی:
دوێنێ وشەیەکیان کوشتم
لەپرسەدا
لەگەڵ هەموو شیعرەکانما
بۆی دانیشتم
ئەمڕۆش بۆ ئەو وشە
کوژراوەی من
هەرچی وشەی جوانو پاکی
ناو دنیایەو،
ئەو کارەساتەی بیستووە
هەموو یەك.. یەك
بۆینباخی،
ڕەشی خەمیان
بۆ بەستووە!

## تۆراندن

پێ بزانم.. یان نەزانم

کەپارچە کاغەزێکی سپی ئەدڕێنم

وشەیەکی هێشتا "نەزاوی" ناو سەری:

قەڵەمەکەم.. ئەگرییێنم.

پێ بزانم.. یان نەزانم

قەڵەمیشم.. کە وشەیەك لەبار ئەبات

پارچە کاغەزێکی سپیم

لەژوانی

شیعرێکی چاو نەپشکوتوم.. ئەتۆرێنم!

# چڵ

ئەڕۆیشتم
چڵێ دەستی کردە ملی
چیرۆکێکم
چاوەڕێم کرد.. هەتا لەیەکتر بوونەوە
وەختێ بینیم چیرۆکەکەم
بووە بە پۆلە هوزارو،
چڵ بە: خامەم!

## سڕینەوە

باڵندەیەك.. "هەڵفڕین" ی
لەباڵەكانی كردەوەو بڕیاریدا
بە باخ بڵێ: نەشنێتەوە.
چونكە زانیی ئاسۆ ڕەنگی
ئەرخەوانیی خۆی داوەتە
دەستی تەمێ
بیسڕێتەوە!

# چەند مشتە حەرفێ

چاوم لێبوو، هەڵبەستێکی "گارسیا لۆرکا"
هەستایە پیان
بەرامبەری.. پەخشانێکی "غەسان" هاتو
لەیەك کاتدا.. لەناوەڕاستی "غەرناتە"و،
"قودسا" هەردوو
توند.. توند یەکتریان ڕاوەشان..
کە تێکەڵ بوونو هەڵڕژان
مشتێ حەرفیان بوون بەچەكو نارنجۆكو،
خۆیان هاویشتە ناو دەستی
شۆڕشگێڕان
مشتێکی تریان بوون بە نان
مشتی دواییش بوون بە گوڵو،
خۆیان دا، لە:
سنگو مەمکی
ئۆخژنی کچی دەزگیران!.

# دەرزی / کاریکاتێر

تەپڵی سکێ خۆی هەڵماڵی‌و
بەفیکەیەك..
باڵەکانی وەك عەلەشیش گیف کردەوە.
سك فووی کردە خۆیی‌و ئاوسا
ئاوسا.. ئاوسا
هەتا بەرپێی خۆی شاردەوە
لەوساتەدا
دەرزییەکی نوستوو هەستا
کەڕاوەستا
سك فش بۆوە..
عەلەشیشیش بەفیکەی ناو
هەموو دنیا
جارێکی تر.. گیف نەبۆوە.

# ڕابەر

درەختێکی "ڕۆدیسیا"ی
ماتو مەلول
بەشارێکی پێست ڕەشی وت:
ولاتەکەم
کە "خەم" ڕێی کەوتە گەڕەکی گریانی تۆ
ئەو چاوێ بوو
هیچ فرمێسکێ نەی ئەناسی
گەڕیدەیەك بوو نەخشەکان
بەسەردانیان نەئەزانی
لات مایەوەو تۆ ناوبانگت بە ئەو دەرکرد
تۆ بووی یەك یەك
بە نەخشەکانی وەك خۆتت
ئەناساندو.. لەپێشیەوە
ئەڕۆیشتیو،
چرای بەردەمیت هەڵئەکرد!

# نـــــــاو

بۆ "لەیلا قاسم"

گۆمێ شووی کرد بە ئاسۆیەك

لەباوەشی

سێیەم وەرزا

لەناو شەبەقی

دەم کەلا

کچێکیان بوو.. بۆ ناو گەڕان

هەرچی شاخە، کۆبوونەوە

هەرچی باڵندەو درەختە، گرد بوونەوەو

بە هەموویان

کچەکەیان ناونا: لەیلا.

# لافاو

لافاو بەماسیگری وت:
هۆی توورە بونی لێشاوم
گەلێك زۆرە
بەڵام هۆی هەرە گەورەیان
لەبەر سەربەستیی ماسییەو
دژی تۆڕە!

# ليره

قەڵەمێكی لاتو لەوار
لەكوختی وشەیەكێوە
چاوی لێبوو:
لیرەیەكیان بەرەو گوڵێ خل كردەوە
گوڵ تینووی بوو.. لیرە ووتی:
ئەو ڕەنگە سوورەتم بەیتێ
جۆگەیەك ئاوت ئەدەمێ!
دواییش ئەتبەم جێت لەباخی
شووشە بەندا بۆ ڕائەخەم.
گوڵە وتی: شووت پێناكەم.
لیرە وتی: بۆ هەر تۆ هەی؟!
گوڵی تینوو ئێجگار زۆرن
ئەوتان نا.. ئەم!
قەڵەمەكە چاوی لێبوو

ملی بەلارەوە گرتووی گوڵە
وردە. وردە ئەشکایەوە
قەڵەمەکە هەستایە پیان
هەڵبەستێکی دایە پڕمەو قوڵپی گریان
گریاو گریا
لەو گریانە پەرداخێ فرمێسکی پڕ کرد
بەپێی پەتیو بەسەر دڕکا
بۆ گوڵەی برد!

# گاورباغی/ 1946

مقەستێك بوو
لەناو باخی هەژاراندا
بەبێ پەروا
گەڵاو گوڵی دەقرتاندو
بەدیلیی ئەیبردن بۆ "شا"
شا، پایپێکی سەر زل بوو
قاچی ئەنایە سەر قاچو،
"ڕەنج"ی چەوساوەی "ئەکێشا"
ڕۆژێ "خەم"ە نەوتاویەکان
کاسەی پڕیان لێی ئەڕژا.
لەسەر ڕێگەی گاورباغی
مقەستیان گرت
گەڵاو گوڵیان لێ سەندەوەو
داخی دڵی باخیان پێڕشت
پایپ.. لەڕقدا ئاگرەکەی
نا بەلەشی گەڕەکەوە
گەڕەك سووتا

بەڵام پایپ هەر بەو ئاگرەی کە نایەوە
خوێنی گڕدا
خوێنی ڕەنجی گڕتێبەربوو
هەتا ئەهات گەورە ئەبوو
بەیانییەك.. گاورباغی مقەستی دی
لچو لێوی هەڵپاچراوەو
بەدیار لاشەی پایپەوە
خوڕ.. خوڕ.. ئەگریی!

# تــۆ

باوەشم کرد بە بەیاندا
هەردوو دەستم بوون بەشەقامی گزنگ‌و
چاوەکانی تۆیان پیا ڕۆی.
ماچی ناودەمی کەژم کرد
لێوەکانم بوون بەکانیی‌و
چرپەکانتی لە بنا بریسکایەوە.
سەرم خستە سەر ڕانی شەو
خەوەکانم بون بەئاوێنەی هەڵبەست‌و،
باڵای جوانی تۆیان تیا دی
خۆشەویستیی تۆیان تیا دی.

# خەو

له بازاڕدا..

كولێرەیەك وەنەوزی داو،

له كۆپانەكەی "بله"ی حەماڵدا..

خەوی لێكەوت..

لەخەویا خۆی دی، بۆتەوە

بە هەویرو..

بە زۆر بۆ "میر" ئەیكەنەوە..

ئەو ساتەی ویستیان

پێوەی دەن

گریاو لەترسا داچڵەكی

"بله" هاتەوەو كولێرە گریاوەكە

چاوی سڕیو بۆی پێكەنی

وتی: ئۆخەی تۆ ئەمخۆیتو

خەوەكەیشم،

نایەتە دی!

# له دارستانێكدا

تاریك داهات، شێرێ له لانه‌كه‌ی خۆیدا
بیری كرده‌وه.. چۆن سبه‌ی
په‌لاماری پڵنگه‌كه‌ی هاوسێی بدا؟
پڵنگه‌كه‌ش بیری ئه‌كرده‌وه كه‌چۆن،
به‌یانیی ڕێوی بگووریٚو كه‌وڵی بكا؟
ڕێویش بیری ئه‌كرده‌وه
چۆن بگاته هێلانه‌ی ئه‌و كونه شاخه‌و
زه‌رنه‌قوته‌ی كۆتر بخوا؟
كۆتریش بیری كرده‌وه
چۆن ئه‌توانیٚ؟!
ڕاوچیو
باڵنده‌و
ئاژه‌ڵی
ناو دارستان هه‌موو یه‌ك خا؟!
چۆن ئه‌توانیٚ؟!

*بۆ جاری دووه‌م كه‌مێك ده‌ستكارییم كردۆته‌وه

# پۆل

لەناو پۆلدا
کلۆ تەباشیرێ هەستا.
ڕووی کردە ڕیزە کورسیەکان
وتی ئەبم بە مامۆستا!.
کورسییەك دەستی هەڵبڕی
وتی: پرسێ،
وانەکەمان لەچی ئەدوێ؟!
تەباشیرەکە بۆی نووسین
-مێژووی برین-
"دێریاسین" چووە سەر تەختەو،
دیوارەکان کەوتنە گریان
پەنجەرە کەوتە خوێندنەوەی ڕووبارەکان
برین گەورە بوو.. گەورە بوو
تا پۆلی خوێندن لەناویا
بوو بە کەشتیو
چارۆکەی خوێنینی هەڵدا
مامۆستاش بوو.. بە "مانگێك"و
لەسەرەوە، ڕێی شەفەقی
نیشان ئەدا!

# سووتوو

بەسووتووی وشەی شیعرێکی
سوتێنراوم
برینی سەر سنگو مەمکی
"مانگ"ێکم.. ئەبرژاندەوە
کە مانگ زەردەخەنە گرتی
سووتووی شیعرە سووتاوەکەم
بوو بە گوڵە لاولاوێكو،
خۆی لە بەژنی
پەخشانێکی ئاوارە بووم
ئاڵاندەوە.

# دەنکێ شقارتە

دەنکێ شقارتەی داگیرساو

چنگ لەسەرشان

تاریکایی بێشەی ڕاونا

کەچی هەر ئەو:

دەنکە شقارتەیەش

گەڕایەوەو:

بێشەی سووتان!

## له ڕەگەوە

لەناو چاوی منداڵێکی "هاڤانا"وە
برسێتیی دەستی ڕاکێشا
بۆ سەر شەقامێکی گشتیی
یەکەم ڕێبوار:
دڵدارێ هات. هەرچی فرمێسکێکی پێبوو
هەمووی دایەو، ڕۆی تێپەڕی!
دووەم ڕێبوار:
بازرگانێ دوونانی گەرمی بۆ کڕیو
دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی!
سێیەم ڕێبوار:
چیرۆك نووسێ.. چیرۆکێکی
ئێجگار تووڕەی لەسەر نووسیی
چوارەم ڕێبوار:
کرێکارێ هاتو نەڕۆی
تا شەقامو شارو دنیای
چەوسانەوەی بۆ نەگۆڕی!

# گەرا

ئەو گۆمەی چیرۆك نووسەكەی
تیا خنكێنرا!
چاوی بەناو بنیا گێڕا
كە ورد بۆوە:
ڕوانیی ئەو شوێنەی
قەڵەمی تیا نوستووە
ماسییە سوورەی دایك.. گەرای
هەزاران كورتە چیرۆكی..
تیا خستووە!

# ڕێگایەك

له بێشەی "پۆلیڤیا"دا
ڕێگەیەك سەری لێ شێوا
لەبری ئەوەی بچێتەوە
سەر گوندەكەی
خۆی كرد بەناو ئەو شارەدا
كە دەمێك بوو وێڵ بوو بەدووی
سەری ئەمدا.
ئەگەرچی شاریش نوستبوو
بەڵام ڕێگە.. ڕێگەی گەڕانەوەی نەما
ناچار بوو خۆی بۆ خۆی وەستا
هەتاكوو شار
لەخەو هەستا!

# چەقۆ

لە "بێروت" دا
چەقۆیەك قورگێکی فڕان
لەبەر ئەوەی:
لەئاهەنگی خوێنی ئەودا
دانەنیشتو
نەبووە هەسان!

# 3 پرسیار

"خالید" ماتە "نیل" لائەداو ئەچێتە لای:

-ئەی هەژاری بچکۆلانە

تۆ ئەزانی

ئەم زەرنەقووتەی  وشانە

بخەیتە ناو ڕستەیەكو،

بۆیان بكەیت بە هێلانە؟!

1-ئەهرام

2-ڕەشەبا

3-فیرعەون

"خالید سەرێكی بۆ خوران، ئینجا وتی":

1-ئەهرام بەكەس هەڵناگیرێ

2-ڕەشەبا ناچەمێتەوە..

بۆ سێیەمیش

خالید.. بەو كلكی ماسییەی

قولاپ كوشتی

لەدەفتەری لی بەردەم

"نیل"دا نوسیی:

شەپۆل

فیرعەون

ئەسڕێتەوە!

# خالیدو گۆڤارێك

خالید.. وتی:
ئەو گۆڤارە
زێی خنکاوی من نابینێ
کەچی حەرفی فرمێسکی ڕەش
بەم ڕۆژگارە..
تێزاوەتە پەڕەی چاوی
بۆ شەپۆلێکی خنکاوی
دوورە ئاوی
ئەو.. ڕووبارە!

# دیسانەوە خالید

خالید.. کۆمەڵە شیعرێ ئەناسێ
لەگەڵیاندا یاریی ئەکات
بەشانو ملو قژیاندا
هەڵئەگەڕێو دائەگەڕێ
"سیانیان" ناوی:
"شەوقیو بارودیو حافظ"یان
لێنراوە..
ئەوانی تر هەر هەموویان
"ئەحمەد فوئاد نەجم" یان ناوە!
خالید.. ناوی
گەلێ خۆراك ئەزانێتو لەبەرێتی
ئەشتوانێ لەسەر دیواری
ژوورەکەیان بیاننووسێ
لەبەر کتێبی مەکتەبیش،

هەندێکیان.. بشکا بە وێنەو
بیانکێشێ..
بەڵام خالید هەموو ڕۆژێ
تەنیا هەر پاقلەی کوڵاویان
ڕاستەقینە ئەبینێت‌و،
بەرامبەری دائەنیشێ!

# شەوارە

ئەو چرایە بۆچی گڕی،
لەخۆی بەرداو.. دامردەوە؟!
ئەو جوانەمەرگە شەو نەبوو
نەچێ بەگژ تاریکی داو.. هەڵێنەبڕێ
چۆن ڕووناکیی خۆی ئەکوژێ؟!
شاخێك وتی:
-من بینیم "ئاغا"ی ماڵەکەی
نیوەشەوێ
لەملەوە.. هەڵێگرتو
بردی.. ڕایگرت
بەرامبەری پۆلە مەلێ
بۆ عەشقی شەوق
مەلی شەیدا
خۆیان هاویشتە بەر چرا

چەقۆی "ئاغا"ی فێرە بڕین
یەکە یەکە سەری بڕین
پەنجەرەی ژوورەکەیش وتی:
-لەماڵەوە.. کە ئاغا نووست
من گوێم لێ بوو
چرای چاو کز
بەخۆی ئەوت:
"منی هێنا ڕاوی تاریکیی بۆ بکەم
چۆن بژیمو جارێکی تر
دڵدارانی درەختو ئاو
بەشەوارەی
مردن بخەم!"

# ساماڵ

ماوەیەك بوو، بوو بووم
بەئاشنای
بارانو بەفرو تەرزە
بێزار بوومو خۆزگەم ئەخواست
بگەمە لای دیداری سەوز!
گەیشتم.. هەر ماوەیەك بوو
وەڕس بوومو
خەوم بەسروەی ژێر کەپرو
هێشوی دارمێوەوە بینی
خەو هاتە دی
ماوەیەك بوو.. بێزار بوومو
حەزم ئەکرد گەڵاڕێزان دامپۆشێتو
گوێ لە لاواندنەوەی خەزان بگرم
وەڕس بوومو ماوەیەك بوو

بەڵام کاتێ گەیشتمە لای خۆشەویستیت

ئەی کچی جوان

سامالّی کرد.. بێزاریمو

تۆش بویتە هەموو:

وەرزەکان!

# مــار

كڵپەیەك فووی
لەئاگرەكەی خۆی ئەكرد تا:
خامۆشیكات
چونكە بینیی
مارێكی سڕ
دێتو ئەیەوێت لەپاڵیا
پەپكە بخوات!.

## پرچ

"با" گلەیی لە پرچەکانی "کاڵێ" کرد
چونکە خۆیان بەستۆتەوەو
ناچن لەگەڵیا هەڵپەڕن!
پرچە دڵ تەنگەکان وتیان:
-هەتا پەنجەکانی "کاکل"
خۆیان نەئاڵێننە ئێمە
لەگەڵ کەسدا هەڵناپەڕین!
-گەر توورە بووم
گەر ئەو پەنجانە هەڵوەرین؟!
پرچە گریاوەکان وتیان:
-خۆمان ئەبڕین!

# کەمەند

له "ئۆراس"دا
دێوێ ویستی کێوێ بگرێ
کەمەندەکانی خۆی هەڵدا
بەرد پێکەنی
کەمەندی ڕاکێشایەوە
خرچەیەك هات
کەمەند خرێی کلۆری ناو
دەمی ڕەشی ئەشکەوتێ بوو،
هەڵیکێشا!

# کەشتیی

"خەم"ێکی دارتاشی عەرەب
پارچە.. پارچە
ئازاری خۆی پێکەوە ناو
کەشتییەکی لێ دروست کرد
ئەو ڕۆژەی ئەم ویستی هەتاو
هەڵبگرێتو ڕۆشنی کات
بەرچاوی ئاو
شمشێری "شا"ی گەیشتە سەر
کەشتییان برد
لەدەریاچەی "حوزەیران"دا
ژووری نوستنی شاژنیان
لەسەر بارکرد!

# 2\1 و 3\2

کاتێ زەوی بۆ جوتیار نابێ

سپینداری
کەسەپانەکەی نەخۆش کەوت
دەستی لەهەڵپەڕکێ بەرداو
کز کز لەژوور سەریا وەستا
سەپانەکەی چاوی سپی بووی، هەڵبڕی
-ڕەنگە دواجاربێ بتبینم
کە کۆچم کرد "2\1"ت
بیرم ئەکات؟!
-جێت ناهێڵم لەگەڵتا دێم
سەپانەکە بزەیەکی وەریو گرتی
-بەڵام "3\2" دڕە
ئەتفرێنێ!
کەسەپان مرد
سپیندارە غەمگینەکە

بەدزی "2\3"و.. "3\2"ی خۆی بڕیوەو
کردی بە سنووقی تەرمی سەپانەکەو
لەگەڵیا چووە گۆڕەوە!

# پەلکە گیا

قۆڵ لەقۆڵدا.. تەپو نمی بارانەکە
بەخەتێکی ئاڵی درشت
لەشەقامی پایزێکدا
خۆرنشینی ئەنووسیەوەو
بەدەم نوسینەوە ئەی وت:
-پەڵکە گیاکان.. هەڵلەرزینیان
سەمایەکە
پێشکەش نیگای دڵدارانی
دنیای ئەکەن
مەڕۆن جارێ
پەڵکە گیاکان ئەیانەوێ بەر لەمردن
گوێیان بنێن
بەگۆپکەی دڵی ئێوەوەو،
ئینجا بمرن!

# هێشوو

لە ڕەزی
چەند جار سووتاوی لەشی خۆمدا
هێشوویەکی بەجێماوم.. هەموو ڕۆژێ
بەسووتانما.. هەڵئەڕوانم
هەموو ڕۆژێ ئەی کچی جوان!
چاوەڕوانم..
بێیتو لەهەڵواسینی
تەنیاییم کەیتەوە
بێیتو بەلێو
دەنک
دەنک
سووك.. سووك.. سووك
لەغەریبیم بکەیتەوە
لەناو گوڵدانی مەمکتا بموەرێنی

بەڵام ئازاری گوێ سووکم

هەڵنەسێنیی

ژانم خەبەر نەکەیتەوە..

ئەی کچی جوان تۆ ئەتوانی ئاوا بێیتو

بمکەیتەوە؟

# ڕۆمان

ئەی لەیلاکەم
ئەو ڕۆمانەی کە دامیتیو،
دوای خوێندنەوەی هێناتەوە
کەخستمەوە کتێبخانە بچکۆلەکەم
هەموو کورتە چیرۆکەکان
دەوریان گرتو، ئەویش کەوتە
گێڕانەوەی ئەو باسانەی، لەسەیرانی
چەند ڕۆژەیدا لەگەڵ چاوتا
کردبوونی
پێی ئەوتن:
ئەو شیرینە.. حەز لەخوێندنەوەی چیرۆکی
کەڵەگەتی وەك من ئەکا
چیرۆکی کورت سەیر ناکا
دوای ماوەیەك، تەماشام کرد

هەموو کورتە چیرۆکەکان

لەبەرخاتری چاوەکانت

یەکە.. یەکە

بوونە.. ڕۆمان!.

# بەندیخانە

سەرنج بدە
لەئەستێرەکەی "داود"دا
شەش بەندیخانەی سێ گۆشە
لەناوەندیا
مانگێکی
دایکی عەرەبی
تیا ڕەش پۆشە
سەرنج بدەن!

# گوێ گرتن

باش گوێ بگرە!
ئەو وژە وژەی لێرەوە تۆ ئەیبیسی
ئەوە نەڕەی تووڕە بوونی بێشەیەکە
ڕێگە نادا..
تەورەکان بچنە ناویەوە.. پێکا ئەدەن
باش گوێ بگرە!
ئەو گرمە گرمەی لێرەوە تۆ ئەیبیسی
ئەوە حیلەی ڕەوە هەورێکە ڕێ نادەن
خێڵی کوللە، زینیان بکەن
پێکا ئەدەن.
باش گوێ بگرە!
ئەو لرخە لرخەی لێرەوە تۆ ئەیبیسی
ئەوە دەنگی شیعرێکی "سەمیح قاسم"ە
بۆیە ئەمرێ
ڕێگەی نەدا
پشت بکاتە بێشەو هەورو
دامێنی خێڵی مردنو تەور بگرێ!

# شوشەیەك مەرەكەب

شووشەیەك مەرەكەبی سەوز
لەسەر ڕەفەی
ژوورێكی "سانتیاگۆ"وە
خۆی خستە خوار
دوای ناشتنی
كاغەزێكیان لەقوتۆكەیدا دۆزیەوە
لێی نوسیبو:
"بۆیە خۆم كوشت
چونكە بەزۆر
پاندانێ خۆی لەمن پڕكرد
هەتا گەڕەكێ لە وشە
باڵندەكانی "نیرۆدا"م
بدا بە گرت"

## دياريی

كە تيشكت گرتو پێت نووسی
خۆر دێتەلاتو بەدياريی
كتێبێكت.. پێشكەش ئەكا.
كە شەپۆليشت خوێندەوە
ئاو دێو جوانترين ڕووباری
كچی خۆيت پێشكەش ئەكا.
كە ئەوينی هەزارانيش لەناو دڵتا
هەڵگيرسێنی
پاشەڕۆژ دێو بەختياريی
ئەم زەمينەت.. پێشكەش ئەكا.

# کتێبە هەژارەکان

بۆ "گۆرکی"

لەئەرشیفی نامەخانەی دوا قەیسەرا

هەرچی کتێبە هەژارو برسیەکان بوون.. کەوتنە جووڵە

لە ڕیزی خۆیان یاخی بوون

هەموو چونە یەك ڕیزەوە..

گرد بوونەوەو، پەڕەی سەریان نا بە سەری

یەکترەوە..

بوومەلەرزەی خۆپیشاندان

سەروو ژێری نامەخانەی گەورەی لەرزان

کتێبێکی کورتەبنەی سەر ڕووتاوەی پێشەوایان

هەڵبڕیە سەر قەڵان دۆشکان

هاواری کرد:

"داوائەکەین بخرێینە پێش چاوی کێڵگەو ڕووبارەکان

داوائەکەین کارگەکان بمانخوێننەوە

بدرێینە دەس سنەوبەرو هەتاوەکان"
لەوبەرەوە هەرچی کتێبە ورگنەی بۆرژوا بوو
لەسەر ڕەفەی بەرزیانەوە.. کەوتنە تەقە
سەدان کتێبی ڕووتو قووت
خلّتانی خوێنی دێڕیان بوون
بەڵام هێرش نەبڕایەوە
تا دوا ڕەفەی بەرزگیراو
ئاڵای وشەی سەوزو سوریش
کەوتە شنەو شەکایەوە!

# بیرکەوتنەوە

باڵندەکان هەر لەبەر شینایی ئاسمان
نیە.. ئەفڕن.
سەرچاوەکان.. بەتەنیا هەر
لەبەر هاژەی ڕووبارەکان.. هەڵناقوڵێن.
درەختەکان هەر لەبەر جوانی لق‌و پۆپ
سێبەر ناکەن.
بەفر هەر لەبەر زستان‌و شێرە بەفرینە ناباریێ.
ئەسپ بەتەنیا هەر لەبەر:
ئاوزەنگی لێدانی سوارو.. جڵەوی شل
ناداتە غار
"با" یش هەر لەبەر لەرینەوەی
دارستانەکان هەڵ ناکات
تۆیش ئەم دیوانە بەتەنیا
لەبەر ناوی "شێرکۆ بێکەس"
پەسەند ناکەی!

# سوارێك

له "ڤێتنام"دا
شاخێك هەناسەی هەڵكیشاو
چەمی شەوێكی هەڵمژی.
وەختێ هەناسەی
دایەوە..
لەدەمیەوە
خۆر سوارێك بوو هاتە دەرێ‌و
لەناو بەیانیی،
دەروونی
"هۆشی منە"دا.. دابەزی!.

# پرسو ئورزەكان

بۆ "خواروی لوبنان"

هەرچی درەختێ پێم ئەگا، داوای "با"م لێئەكاتەوە
-با.. لەكوێیە؟!
-ڕەنگە ئێستە لەئەشكەوتێكدا نوستبێو،
پارچە هەورێكی نەباری
دابێ بەسەر سەری خۆیدا!
-ڕەنگە خەو بەو هەورانەوە ببینێ كە
دەریان كردو نەیان هێشت بێتەوە ماڵێ
ڕەنگە نەنوستبێو چاوی
بڕیبێتە دارستانە پەڕیوەكان
"كە چۆلەكەیەك ئەكوژرێ
دارستانێ خەم دای ئەگرێ"
-بۆچی ئێوە گەڵای وەریو، بە فرمێسكی
وشكەوە بووی ئەو نازانن؟!

-"با" لەکوێیە؟!

-"با"یەك ئەمرێ

"با"یەکی تر لەدایك ئەبێو هەڵ ئەکا

-بۆچی ئێوە تەمو مژی سەر "ئورزەکان"

بە هاڵاوی  پیش خواردنەوەی

سییەکانی "با" نازانن؟!

## سەما

کە دیم شەو ڕستێ ئەستێرەی
ڕەنگاوڕەنگی
لە کەمەری خۆی بەستبوو
خەیاڵەکانم باوەشیان پێداکردوو
کەوتنە سەما
کە بەرەبەیان دەستیان لەیەکتری بەردا
قەڵەمەکەم کچێکی بوو
وەك هەتاوی بەر گورگەزێ
لەشی تەڕی
پەلکەزێڕینەی گرتبوو!

# کلیل

لەهەندەران

بەسەرهاتێك.. کلیلێکی

ون بووی.. گریان!

وەختێ بۆ ئەو نەگەڕانو

بەزۆر دەرگای

شاریان.. شکان!

# کولله

کولله سەرکەوتە سەرشانی دووکەڵێك و
لەسەر سنگی شەوی نوسیی:
"هاتو چۆی باران
لەمەودوا قەدەغەیە"
هەور سەرکەوتە سەرشانی
لوتکەکانو
وەرامی خۆی
بە بروسکەو ڕەهێڵەوە
لەئاسمانی بەربەیان دا..
بۆ ئەو.. نووسیی!.

# کەمانچە

مەدالیيای کەمانێکی بچکۆلانەت

دابوو لە سنگ

کە هاتو چۆت

بەبەردەمی مندا ئەکرد

گوێم لێئەبوو:

کەمان ئەکەوتە لێدانو

ئەشمبینی.. مەمکەکانت

ورد

ورد

سەمایان بۆ ئەکرد!

# سەعات

که دێم بۆ لات
سەعات لەدەستی زەماندا
دەرباز ئەبێ و
خۆی "پێش" ئەخات
کەدانیشتین
سەعات لەدەستی زەماندا
مەڵاس ئەبێ و
خۆی "دوا" ئەخات!.

# مەرگم

ئێستە مەرگم.. هەموو شەوێ
جارێ.. دووجار
بە سەردان دێو شان ئەداتە سەر شانی
خەونەکانم
ئێستە مەرگم سێبەرێکە
هەموو ڕۆژێ
هەنگاوەکانم ئەژمێرێو
ئەمپشکنێو ئەگەڕێ بۆ:
تازەترین ناونیشانم!

# پەیکەر

ئەو ڕۆژە دێت
هەرچی گڵۆپی دنیایە
مان بگرێتو دانەگیرسێت
لەبەرئەوەی:
ئەوەتەی هەن
چاوی خۆیان لەسەر سەری
هەزاران پەیکەری دنیا..
هەڵکردووەو
کەچی تەنیا پەیکەرێکیان
بۆ "ئەدیسۆن" نەکردووە!

# بۆ شانۆگەرییەکی شۆخ

هەر کە پەردە کرایەوە
شانۆیەك خۆی کرد بە فڕگە
چاو.. چاو لەسەری نیشتەوە.
دوای دوا پەردەیش
چاو.. چاو ئەیخستنە فڕۆکەی
چەپڵە ڕێزانی خۆیەوەو
ئەیبردنەوە!

# واگۆن

من ئەزانم هەرچەند بڕۆین
بەیەك ناگەین
وەك دوو هێڵی
شەمەندەفەر وەهاین هەردوو
بەیەك ناگەین
بەڵام گیانە ئەگەر لایش دەین
واگۆنی دڵ وەر ئەگەڕێ
ئەوسا ئەزانیی.. چەند نامەو
شووشە عەترو
چەند ژوانو، چەندە ماچی
خۆشەویستی هەردووكمانی
تێدا ئەمرێ؟!

# چەتر

هەبوو.. نەبوو
وشەیەك بوو
چەتری نەبوو
لەباراندا بیناسیایەو.. نەیناسیایە
ئەخزایە پاڵ
وشە چەتر بەدەستەكان
بوو بە تۆفان
چەتری نەكڕی
كاتێ كڕیی
بوو بەوەرزی
باران بڕان!.

# بلیت

ئەی کچی جوان
ئەو بلیتەی لەپاسەکەدا بۆت بڕیم
کەدابەزیت
سەرنجم دا:
یەکە.. یەکە ژمارەکانی لەدەسما
سەر دەردێنن.. سەوز ئەبن
گوڵ دەر ئەکەن
گوڵەکانیش لەگەڵ جووڵەی
پەنجەکانما
دێنە لەنجە
لە دوا ئێستگەش کە دابەزیم ئەی کچی جوان
کاتێ ئاوڕم دایەوە
پاسەکەیشمان بۆتە باخچە!

# پرس

به "داس"م وت:
لەبەرچی وا کۆم بویتەوە؟
وتی:
لەدروێنەدا وام لێهات.
کە بە "هەڵەکۆك"یشم وت
تۆ بۆچی وا تەمەن کورتی؟
وتی بۆچی لەدوای بەفر
ژیان تامی تیا ئەمێنیٚ؟!
کە بە "تاق.. تاق کەرە"یشم وت
تۆ بۆ نانووی؟!
وتی نەوەك دڵدارەکان
وابزانن.. ئێشکیان ناگرم!
بەدوا هۆنراوەی خۆیشم وت:
ئەی تۆ بۆچی ئاوا گڕت تێبەر بووە؟!
وتی نەبادا "قەقنەس"یش
وابزانیٚ.. هەژارەکان بیٚ هاودەمن!

# ئاشنایەتی

نەبووم بە ئاشنای درەختو،
باڵندەیەك نەیدووانم
هەتا سەرم نەدایە دەس
هەوری تووڕەو
نەیبارانم!
نەشبووم بەهۆرەی ڕووبارو
شەپۆلیش نەیدووانم
هەتا دڵم نەدایە دەس
خۆشەویستیی هەژاران و
نەیسووتانم!

# شەمەندەفەر

شەمەندەفەر.. فیشکەی کردوو
هێڵی ئاسنی هەڵلووشی
لەسەر چرپای یەکەم واگۆن
"صەك"ێك بەپاڵ کەوتنەوە
بیری لەوە ئەکردەوە:
"دەرگای پۆڵای، قایم لەسەر
ڕەنجە پاكو غەمگینەکانی "شیکاغۆ"
داخستوە!"
لەسەر کورسی دووەم واگۆن
شیعرێك چوو بووە سەر چیچکانو
بیری لەوە ئەکردەوە:
"کەی ئەگاتەوە ناو دڵی یارەکەیو
ئیتر نایەتە دەرەوە!"
لەسەر ئەرزی سێیەم واگۆن
کلیلە کرێکارەکە
ئەی وت: "ئەگەم

بەر لە "صەك"و دەرگای
پۆلا ئەكەمەوە
خەم.. بەر ئەدەم
كەشیعریش خۆی كرد بەدڵی دەزگیراندا
لەم دیوەوە.. خۆم دەرگایان
كلیل ئەدەم"!

# برسێتییەکی کۆچەر

بە دارخورمای بەر ژوورەکەم
وت: کەسەرنجم بەسەرتا
هەڵئەگەڕێت
ئەڕوشێتو زامدار ئەبێ!.
پەلێکی هاتە ژورەوە:
-لەپێشدا یەکەم دارخورماش
وەکوو چنار
بەژنو باڵای سافو لووس بوو
بەڵام ڕۆژێ
برسێتییەکی کۆچەریی
گرنج.. گرنج
کەهێشووی گەییوی بینی
باوەشی زبری پێدا کرد
چووە سەرێ
کەهاتە خوار
هەموو بەژنی دارخوورماکەیش
بوو بە پلەی
گرێ.. گرێ!

# خەڵۆز

بۆ ئازارەکانی "نەجیبە" ی خوشكو هاوڕێ

لەشەوانی کرێوەدا
دێڕێ شیعرم.. جێی هێشتمو
خۆی کرد بەناو کوورەی دڵی "شاژن"ێکدا
بانگم لێکرد: نەڕۆی.. نەکەی!
گوێی خۆی کەڕ کرد!
کە دەستیان بڕیو دەریان کرد
تاریكو ڕوون، سەرکز، زەبوون
گەڕایەوە..
سەرنجم دا..
بوو بوو بە کڵۆ خەڵووزێ
بەندم کردو، کە شەو داهات
ئاگرێکم لێکردەوە
نامەیەکی، لەسەرمادا گرمۆڵەبووی
لەقەفەزەوە هەڵاتووی
ئەوینی-نەجیبە خان-م
لەبەردا گەرم کردەوە!

# کڵاو

تۆ بینیوتە!
کاتێ بەدەم فڕینەوە
کەپۆلە کڵاوکوڕەیەك
بەتەرمی گوڵێ یان چڵێ
ئەگەن
هەتا تەرم تێپەڕئەبێ
ئەوەستن‌و بۆ ڕێزی خەم
کڵاوەکانیان دائەگرن؟!
ئەی بینیوتە
کە بەڕوویەك بۆ کەوێکی
کوژراو ئەگری
کڵاوەکەی دائەگرێت‌و،
فرمێسکەکانی پێئەسڕێ؟!
بەڵام لەژوورەکەی مندا

هەموو جارێ کە هەواڵی
بەڕوویەکی جوانەمەرگو،
کڵاوکووڕەیەکی خنکاو
ئەگاتە لام
بە بێدەنگیی
پاندانەکەم
کڵاوەکەی لەسەر ئەکاو
ئینجا ئەگری!

# بازۆڕی*

سووره چنارێك ئەیپرسیی:
-ئەم شۆڕه "بی"یه لەبەرچی
سەری خستۆته ناو کۆشی
ئەو چەمەوەو.. هەڵینابڕێ؟!
کەوێك وتی:
-هێشتا قیت بوو
هەموو جارێ بازۆڕییەك
ئەهاتو ئەچووه سەر سەری
بەچرپە هەواڵی دنیای ئەو بەر چەمی،
پێ ئەگەیان.
ئێوارەیەك.. بازۆڕییەکە
مژدەی پێبوو.. کەنیشتەوه
واشەیەك خۆی پێداکێشا
کەوتە خوارێ

شۆڕەبی بۆی نوشتایەوە

دەریبێنێ..

دەستی نەگەیشتێ.. نووقم بوو

ئیتر لەوساوە ئەم سەری

وا لەناو کۆشی چەم دایەو

بۆی ئەگەڕێ!

*بازۆڕی.. جۆرە باڵندەیەکی ڕەنگاوڕەنگە لەشێوەی چۆلەکەدا.

## سەریین /1967

لەناو جێوە
بەر لە نووستن
هەڵبەستێکم و.. گۆرانیەکی "پۆڵ ڕۆپسن"
سەرینەکانیان گۆڕیەوە
ئەو پانتۆڵی "تۆم"ە قولەی
بێ ئیش و کار بوو بە بالیف و سەرینی
ئەم شەرواڵەکەی "مامە ڕووتە"ی بیتوێنی
بۆ بەیانیی
کۆترەکانی "بیتوێن" دییان
گۆرانییەکانی "پۆڵ ڕۆپسن"
شەدەی گوڵ گوڵیان بەستووەو
تێ ئەچریکێنن لەحەیران
بۆ بەیانیی
لەبەردەمی ماڵە تەنەکەکەی "تۆم"دا

بینیان وا: مامە ڕووتەیش
شەپقەی شیعرێکی بێ ئیشی
لەسەردایەو
ئەویش بووە:
بە: قولە ڕەش!

# دوو دەنکە ترێ

ئیحای ئەم شیعرە لە قسەیەکی بێکەسی شاعیرەوە هاتووە.

لەباخچەکەی ماڵی "لاس"دا
گوڵێکی سوورم کردەوە
لەبەردەرگا
"خەزاڵ" م دی
داوای کردو
دام لەقژی
لە "مەڵکەندی"
مامە یارەی هەژارم دی
خۆم پشکنی
هیچم پێ نەبوو. بیدەمێ
لەدوو دەنکە ترێ ڕەشکەی
گەییوو زیاتر..
کە بیلبیلەی چاوانم بوون!

# فێرکردن

"جەمیلە" پرچی درێژی.. ڕازەکانی
"جەزائیر"ی ئەهۆنیەوەو، پێشی ئەوت:
نیشتمانم
ئەگەر دەستی ڕاستیان بڕیم
چەپ فێرئەکەم
بۆ ئەوەی ناوت بنوسیَ.
چەپیان بڕیم ئەوا پەنجەی
قاچەکانم.. ڕائەهێنم.
بۆ ئەوەی ناوت بنوسیَ
دوای چوارپەلی بڕاوەیشم
بەهاوار ناوت ئەنووسم
کە هاوار مرد.. من سەرنجم فێرکردووە
کە چۆن ناوت لەناو چاوی
بیمو ترسی جەللادەکانی ژوور سەرما
هەڵبکەنیَ
نیشتمانم!

## چەند سەرنجێك

*ئـەم پۆسـتـەرە شـیعرانەی لـەم دیوانـەدان لـەنێوان سـاڵانی 1975–1978دا، نووسراون.

*چۆنیەتی ڕیزبوونو پاشو پێش خستنی ئەم پۆستەرە شیعرانە پەیوەندییان بە دەرهێنانی هونەری دیوانەكەوە هەیە، نەك بەكاتی دانانیانەوە.

*من لەلای خۆمەوە، بۆ یەكـەم جـار لـە ڕۆژنامـەی –هاوكـاری–ژمـارە "281"ی ڕۆژی 1975/8/30دا بەناونیـــشانی "دە پۆســـتەر لـــە پێـــشانگەی شـــیعرێكی كۆچـــەر"دا ئـــەو زاراوەیـــەم بـــەكار هێنـــاوەو نموونـــەی ئـــەم جـــۆرە شـــیعرانەم بڵاوكردەوە.

**ش . بێكەس** 1978

# دوو سرودی کێوی

1980

لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە

دڵ ڕەنــگــە بێ بــە ئـــاوو بـــەچـاوا بکـا عبور

**نالی**

# کۆچ

★ سەرت بەخشیی بەرەشەباو ئەویش کردی:

بە ساباتی ئەو لووتکانەی

بەسەر پێدەشتی ئاوێنەی دڵدارانا

ئەیان ڕوانی

نەتئەزانی؟!

نەتئەزانی.. سەرت گەواڵە هەورێکە

ژانی ڕەهێڵەو.. کوڕژنی [1] برووسکەکان ڕایئەژەنێ؟

نەتئەزانی .. ئەبێ بچیتە تاریکیی

چاوانتەوەو.. گریانی خۆت داگیرسێنێ؟!

وا تۆی ئەویست!

"پەری" بەتەنیا شەونمی بزەی لێوی مانگە شەوو

دڵۆپی گۆی ورشەداری مەمکێ نییە..

مژینی دەمی ئارەزووت دامرکێنێ!

پەری.. بەتەنیا قەڵبەزەی

لەشێك نییە..

بینی پیاوەتی پێوەنێی..

بیخۆیتەوەو.. بیخۆیتەوە..

تا تێر ئەبیو لەسەر گازی پشت بکەویو
بڵێی: ئۆخەی حەسامەوەو
ئەستێرەیەکم دڵنیا لەجریوەی
داهاتووومو خەو ئەبینم..
ئەستێرەمو.. ئەبمە بازنێ لەدەستی
-پەری خان-دا و.. بڵێی:
وەرزی فریشتەیەو..
کۆتایی هات.. ڕشانەوەی سەرزەمینم
نەء.. پەری خان.. تریفەکەی ئەشبێ بەگڕ
نەشبێ بەگڕ.. ئەتسوتێنێ!
ئەتسوتێنێو.. خۆڵەمێشی ئێسقانیشت
ئەدا بەدەم زریانەوە..
نەء.. پەری خان.. ئەشبێ بە خاچو پیاوەتیت
بە بزماری پەنجەکانی
لەسەر سنگی دائەکوتێ!
بۆ.. پەری خان.. فەرهاد زۆرە..
بەڵام کێیە ئەژنۆ بە بێستون دا ئەداو،
ڕووی ئاو بەرەو
ئەو زەویانە وەرئەگێڕێ
کە مێرووڵەی وێرانە خاك.. تێیان ئەدا؟!
*لەم دەمەدا.. هاوێرکردن [2].. لەنێوانی
شەو خۆیو.. تاریکەشەودا.. چاوی ئەوێ

چاوێ دەزووی تەماشاکەی،
بکا بەدەرزیی هەنگاوی ئەو ڕێیەوە..
کە ئێش تەقەڵی دەروونی تێ هەڵئەدا
ئێش ئەتوانێ داڵدەت بدا..
ئێش.. ئەزانێ ماڵی بەربەیان لەکوێیە
ملی کام ڕێگایان ئەگریو چ گێژەنێ،
ئەپێچیتە ناو دەروونی شەکەتتەوەو،
بەربینی قوربانیت لەکام قولاپ
گیر ئەکەیتو.. بەکام تەوریان،
شپرزەییت.. ئەبڕێتەوە؟!
★وا پەری خان بەرەو زەنوێر[3] لەکەژاوەی
بەهارێکدا.. کەوتۆتە ڕێ
هەرچی باخە لەگەڵیایە.
هەرچی دار بەڕووی کەژانە
مەنزڵ..
مەنزڵ..
لەگەڵ ئەودا.. ڕەگەکانیان ئەگوێزنەوە.
ئەرخەوانێ نەما خۆی نەکا بەچەتری
سەر سەری ئەو
بەتارای ئەو.
ڕووبارەکان لەپێشیانەوە "سیروان"ەو
شوێن پێی کەژاوە هەڵئەگرن.

شەپۆلەكان. ئاوێنەی پێش دەمی بووكن
سیمای هەزار سەرچاوەیان هەڵگرتووە..
پەری خان.. ڕۆی.. دوو ئاوانیش.. لەگەڵیایە
وا گوێم.. لێیە..
لەهەڵپەڕكێی شایی بەفرا
لەسەرچۆپی گوڵاڵەدا..
لەكۆڕی سەمای ـ بالیێی ـ پشكۆكاندا
لەنێوانی ماچی گوڵو هەڵوەرینی
گە
ڵا
كاندا..
لەنێوانی هاژەی دڵو ڕۆخی تەنیای ئێوارانیدا
یەك.. یەك ئەڵێن
*پەری خان.. ڕۆی
"كانی"م.. لەمن ئەخواتەوەو
لەسپێنەی بنی مندا
ڕەنگی زیوینی ئەو هەڵدێ
لەنێوان مەمانی ئەودا.. هەڵئەقوڵێم..
هەڵقوڵێنم. شوێن مژینی دەمی فەرهادەكەی ئەوە
كە وشك بووم
وشك ئەبێ.
پەری خان.. ڕۆی.. ڕۆیشتنی من چارەنووسەو

وا لە مابێنی مەماندا هەڵئەقوڵێ
⋆من باڵندەی سەر درەختی
لەشی سەوزی
پەری خان بووم
لەسەر لێوی
هێلانەی-دەنگ-م دروست کرد
کە لەنجەی کرد
من باڵم گرت
پەری خان ڕۆی.. نەڕۆم ئیتر
هەڵفڕینم.. خۆی لە باڵم ئەکاتەوە..
خۆشەویستیی
هێلانەکەم جێ ئەهێڵێ
نەڕۆم.. نابێ بنیشمەوە!.
⋆پەری خان ڕۆی.. بنار ڕووت بوو.
⋆بۆچی ئەڕواو.. ڕاناوەستێ،
هەتا توێژاڵی برینی گوڵەکانی دێنەوەیەك
دەبا نەڕواو پشوویەك بات!.
⋆پەری خان ڕۆی.. من گوێم لێ بوو
تارماییەك..
کە لەشێوەی دووپشکێکی باڵدارا بوو
کە لەشێوەی کوللەیەکی ئاگرینیی
شاخدارا بوو

وای پێ ئەوت:

*ئەبێ فەرهادەکەت من بم

ئەویش نەبم! لەدوو مەمك

مەمکێ بۆ من

لەدوو ماچدا.. ماچێ بۆ من

*پەری خان ڕۆی.. کۆچی پەری بۆ ئەوە بوو

هەردوو مەمکیو.. دوو ماچەکەی

بۆ فەرهاد بێ!.

*بیرکەرەوە.. پەڕەی شەپۆل

لەکتێبی زەریای سەرەتا.. هەڵبەرەوە

ئەمە کۆچی چیاکانەو.. دەمو چاوی "پەری خان"یش

ئاسمانێکە

باڵدارێکە

ڕووبارێکە..

ناونیشانی هەمووتانی لەبینینیا هەڵگرتووە..

ئەیباو ئەیبا

هەتا ئەیدا بەدەم گڤەی زریانەوە

ئێستە زریان لەناو دەنگیا

یەك لەدوای یەك

ناوی هەموو خنکاوەکان ئەنووسێتو

ئەینێ بە ناوچەوانی خۆرەوە.

*تۆ ئامادەی کەبخنکێی تاپەری خان

هەردوو مەمکیو.. دوو ماچەکەی

بۆ فەرهاد بێ؟!

........................................

..........................................

..........................................

*سەرت

بەخشیی بە ڕەشەباو،

شەو سوارێك بوو

لە پاشکۆی تاریکیی خۆیدا هەڵیگرتی:

*لەسەر پشتی ئەسپی قەترانیی ئەم شەوە

کۆچو باری هەرچی دڵداری ڕەوەندە دابەستراوە.

گۆرانیەك لەسەر زاری

لقو پۆپە

دەنگدانەوەی لەئاسۆدا

لەناو سینەی چەمەکاندا

ئەبنە چیرۆك.. ئەبنە داستان:

"کۆچی یارمان.. کۆچی سووری هەڵاڵەیە

کۆچی بەفری فریشتەیە..

بەهارەو.. خێڵ بەرەو ژوورە

خێڵ: چرایە

چرا: چاوی داگیرساوی

ژوور سەری پەری لەیلایە..

خێڵ ئێمەینو.. ئەم دنیایەش بۆ لەیلایە

تۆیش چیت ئەوێ؟!
٭ئێوەم.. ئەوێ
من هاتووم‌و نانی شەوم
تێشووی ڕێگەی پەری خانە
من هاتووم‌و ئازاری خۆم ڕائەخەم‌و،
تەمی تەنیایی‌و هەژارییم..
ئەدەم بەسەری بڵندی پەری خان دا.
من تارای ئەوم لەتاڵی دەنگێ چنی
کەهاواری نێرگزەجاڕ
لەئاوایی ئاگرەوە.. بۆی هێنابووم
فێری کردم:
بەمشت لەرزەی بومەلەرزە
دەربێنم‌و بیکەم بەقوڕگی هەژاراندا:
هەژارینە!
کۆچی ئێوە.. سەرقافڵەی برسێتی بن
لەگەڵتانم.
کۆچی ئێوە.. بارگەی خەمی
زەردو سووری تیا بخەن‌و
دەستی درەختی بێ ئاوی تێدا بگرن
لەگەڵتانم..
خۆشەویستییم: لەکازیوەی هۆرەتانا
سەردەردێنێ‌و.. ئەبێ بە پەڵەی

گەنم‌و جۆی ئارەق کردووی لەشی ئێوە.
گوڵە گەنمی هەرچی  وشەی ناو دەفتەری چاومە
لەهیلاکیی بازووتانا سەوز ئەبێ.
ئێوە چاون
ئەچنە ناو چاوی منەوە.
هەژارییینە
لەهەرلایەك ڕەگ‌و ڕیشەی ئێوەم بینی
سەرم لە پاڵیا داکووتی
لەهەر شوێنێ
شەپۆلتان دا.. کەنارتان بووم.
کەناریش بوون.. شەپۆلتان بووم.
*من کەهاتم
باران نەنووست‌و نەنووستم
-من نانووم‌و خەوئەبینم-
باران
نەنووست‌و
نەنووستم.
باران لێوی نمەی
نا بە گۆنەی
هەڵبەستێکی  ئاوارەوە
کەتینوێتی ئەیهۆنێوەو..
برسێتیی من.. ئەیخوێندەوە

"هەموو خوێندنەوەی بارانێ
ئاسمانی بینینی ئەوێ
هەوو نووسینی هەتاوێ
گینگڵی شەوی درێژو
ڕێبوارانی سەر زمانی
ناو دەمی نەهەنگی ئەوێ.
★"کۆچی زریان.. لەوکاتەوە دەستی پێکرد
کەجۆگەلە. لەسەرچاوەو
ڕووبار لەزەریا یاخی بوو..
کۆچی زریان.. لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد..
کە شمشێری بروسکەکان
ئەچوون بەگژ هەوری تاڵداو
داوای چاوی جوانی گەلاوێژیان ئەکرد!"
باران نەنووستو نەنووستم
-من ئەشنووم‌و خەو نابینم-
باران.. دایکرد
وشەم.. دایکرد
با.. هەڵیکرد
سەرم.. دایە
سەرم خستە سەر ڕەوەزی [4]
بەپێوە وەستاوی سەر شاخ
ڕەوەز.. بەرزەو.. تەماشای دامێنی سووری،

پەری خانی، شیرین ئەکات
دامێنی سوور. خۆی هەڵناکات
کاتێ ئەڕوا.. ئەستێرەکان لەدوایەوە
لاوک ئەڵێن
کاتێ ئەڕوا.. برینەکان
لەڕەشبەڵەکی تێکەڵی
نێوان گوڵو خۆڵەمێشدا
هەڵئەپەڕن!.
*هۆ.. پەری خان
باران ئەزانێ.. بارینم
لەناو خێوەتی شەوگاری غەریبیما
چۆن دائەکات؟!
ئەو ئەزانێ.. چیم پێ ئەڵێو.. چی پێ ئەڵێم!
ئەو ئەزانێ
من لەکام پەڵە هەورەوە..
برووسکەی خۆم بۆ هێناوە.
ئەو ئەزانێ .. هەڵمی ئاخەکانی سنگم
لەکام بەرزاییدا بەستی
ئەو ئەزانێ.. لەسەر لێواری پەنجەرەی
کام خەونەوە
کۆتری سیمای منداڵەکان بۆم ئەخوێنن!
"دەستیان وەکوو پەلکە گیای سەر

کەناری ئاوێکی خەمناك
درێژ ئەکەن
چۆن ئەمگەنیٚ؟!
*دایە ئەبێ جارێکیتر بە سك هەڵمبگریتەوە!
لەدایك بوونی ئەمجارەم
ئەبێ دوێنێت لەبار بەرێت.
دایە حەزئەکەم.. زیندووبم
بە زیندوویی
لاوانەوەتم گوێ لێ بێ!.
لاوانەوەت.. ئەو باڵندەی گریانەیە
بەدەنووك لەناو پێڵومدا.
دەنك.. دەنك..
فرمێسکەکان هەڵئەگرێتو،
ورد.. ورد.. چینەی پشکنینی..
لەنەهێنیی ناوەوەم دا.. ئەگەڕێتو
ژانەکان.. ئەدۆزێتەوە..
لاوانەوەت.. قوڵپی تەنیاییم سەرئەخا
بۆ سەر نیگای ئەم سەدەیە.
لاوانەوەت.. بەخۆیەوە ئەمنووسێنێو
بەرم ناداو.. بەری نادەم
تا ئاوێتەی ناو قوڵپی یەکتری ئەبین
هەتا ئەمرین!.

با گوێم لێ بێت.. لاوانەوەت:
وەك منداڵیم..
سەرم ئەخاتە سەر ڕانی
خۆشەویستیی بێ کۆتاییت.
وەك منداڵیم.. وەنەوز لەناو کۆشتا ئەدەم
توخوا.. دایە بملاوێنە لای لایەکەت بگێڕەوە..
بملاوێنە.. بملاوێنە
تەماشاکە: کە ئاو ئەڕوات
پەلی هەموو درەختەکان
شۆڕن بۆ ماچ!.
دە ماچم کە.. من ئاوی تۆم
ئاوی تۆ نیم؟!
ئەی من تاڵی ئەو ڕنووی قژەت نیم
کە هەواری بێکەسییەو
خوریی تەشیی زەمانێکە
زام ئەیرێسێو.. ئەیکا بە پەردەی
سەر چرپای بووکی ناکام؟!
تەشیت بادە.. ئەوە سەری گلۆڵەی ژانەکەم
لێت ون نەبم..
*تەماشاکەو. بمبینەوە..
لەو هەورە دام.. کە منداڵیی لێ ئەبارێ
لەو هەورە دام.. کەپەری خان

سواری کەژاوەکەی بووەو..
بە ئاوزەنگی چەخماخەکان
ئەدا لە بن سکی ئەسپ‌و.. نێسکە [5] ئەکاو
هێندە نابات
لەبازنەی ئەم زەمانە دەرئەپەڕێ‌و
ئەڵێ: کاتی.. غاری
دەنگ‌و بڵێسەو.. شەپۆلە
کاتی غارە.. غارە.. غارە..
*دەس بەرنەدەی هەڵەمووتە [6]
دەس بەرنەدەی هەوراز ڕووتە
ئەم هەورازە.. بەرازێکە
شفرەکانی خۆی چاندووە
ڕێ شفرەیە.
بەتەنیا ئەم توولەڕێیە جێگەی غارە
دەس بەرنەدەی
مەڵاس.. مەڵاس.. جیڕ بەرەوە
دەس بەرنەدەی!
*کێ ئەزانێ جارێکی تر ئەتبینمەوە؟!
جارێکی تر دەنگم سەر ئەکاتەوە سەر
سەری کاسی گوێگرتنت؟!
لەم وەرزەدا.. کە خێڵ بەرەو زەنوێر ئەڕوا
لەم وەرزەدا.. کەهەناسەم

سیروان لەگەڵ خۆیدا ئەیبا
ئەیبا وەکوو ئەو چڵانەی
بەشوێن لق و پۆپدا ئەگریین!
ئەیبا وەکوو.. ئەو چۆلەکە خنکاوانەی
نە خوێندیانو نە تەماشای دنیایان کرد!
کێ ئەزانێ ئەتبینمەوە؟!
تا لە زنەی [7] نیگاکانت بخۆمەوەو بڵێم ئۆخەی،
ون نەبوویتو گەڕایتەوە
ئەزانی بۆ؟!
من دایکتم
هەر ئاوی کانیی چاوی تۆ لای من ئاوە
هەر خۆشەویستیی شاری تۆ
لای من خۆشەویستیی ناوە.
*کە جێم هێشتووی
بۆ ئەوەیە جێت نەهێڵم!.
کەی وا نەبووم
باران..
نانوێو
منیش نانووم
کەی وا نەبووم؟!
"شوێنەواری دارستانێکی سووتاوەو پەل ئەکوتێ
بۆ درەختی یادەکانی

هەر لەوێدا.. گریان گەڵای ئەو یادانە
لەبەر ترووسکەی ساباتی شەوگارێکدا..
ئەشواتەوە..
کە من شایەتی کوژراوو نە کوژراویم"..
ئێوە ئەڵێن: بیرکەرەوە.
منیش ئەڵێم: بیرکەنەوە.
باران نەنووستو.. نەنووستم.
کاتێ هاتیو لەگەڵ خۆتا ئەو شەوانەت هێنایەوە
کە پێکەوە لەبن سێبەری ئاواتی درەختێکدا..
لەگەڵ هەژاری دنیادا دائەنیشتین..
خەو.. ڕەنگاوڕەنگ.. لەدڵمانا یاریی ئەکرد.
ئەمانبینی: بەفری سەوزیان تیا ئەباریی
ئەمانبینی: با.. ڕەنگدارە
شینە، مۆرە..
لەیەك کاتا.. ئەمانبینی:
دیجلە.. چاومان ئەخواتەوەو
زرێباریش گوێ ڕائەگرێ.
لەیەك کاتدا.. هەتاو بووینو سێبەریش بووین
لەیەك کاتدا.. پێکەنینو گریانیش بووین.
باران
نەنووستو نەنووستم.
شەوگار ڕۆژ بوو.. ڕۆژیش شەوگار..

باران ئەیوت:

⋆بۆ ئەوەی گوڵە گەنمێك

لەناو لەشی هەتاوەوە..

سەر دەربێنێو دەستی تانگۆی

شەماڵ بگرێو پێبکەنێ

ئەبێ جارێك لەناو هەڵما

تووانەوەی خۆم ببینمو

جارێکی تر لەبارینما.. ژیانەوە!

منیش ئەم وت:

⋆من لەتۆوە فێربووم کە چۆن

مەرگم بکەمە پێپلیکەو

داهاتوومی پیا سەربخەم!.

باران نەنووستو نەنووستم

کاتێ هاتیو.. خەوەکانت.. خەوەکانم

ڕەوانەوە..

هەر دەنکی ڕەنگێ کەوتە ژێر

پێڵاوێکی ئاسنەوە..

کوژانەوە.. خەونەکانمان.. وەك گوڵ ئەستێرە

ساتێ بوو..

کوژانەوە..

کاتێ هاتیو لەگەڵ خۆتا

وێنەی شیرینت بۆ هێنام

شیرین وایە؟!

شیرین تەنیا یەك شیرینە

شیرین وایە؟!

تۆ بیبینە.. ئەم شیرینە.. دەستەكانی

لێ

بۆ

تە

وە..

چاوەكانی لەگەڵ پێڵووی:

جو

ێ

بۆ

تە

وە.

تۆ بیبینە لێوی نافڕێو ناگاتە من؟!

كوا شیرینە؟!

⋆فەرهاد شیرینی وات ئەوێ؟!

⋆فەرهاد ڕووبارێكت ئەوێ

درەختی خۆی بخنكێنێ؟!

⋆فەرهاد.. باڵدارێكت ئەوێ

هێلانەی خۆی بشێوێنێو

ڕازی بێ بەوەی كە نەفڕێ؟!

سەرم بەخشیی بە بارانو ئەویش کردی
بە لافاوێو ڕژانییە ئەو
دۆڵو هەردو کەژانەوە..
کە نەهەنگیان تیا قووت ئەدا
باران نەنووستو
نەنووستم.
سەرم.. سەنگەرێ بوو ئەفڕیو
لەگەڵ-با-دا بەڕێئەکەوت.
ئەوسا پڕم کرد بەدڵماو هاویشتمە ناو:
لافاوەوە..
*لافاو.. بیبە
ئەو ناهێڵێ وەنەوز بدەی
لافاو.. بیبە
ئەو ناهێڵێ سەری فەرهادکوژ، بنرێ بە:
لەشی سپی شیرینەوە..
*شەو سوارێك بوو..
لە پاشکۆی تاریکیی خۆیدا سواری کردم
من مردمو من نەمردم!
*دەس بەرنەدەی
کاتی غارکردنی مەرگە
دەس بەرنەدەی
ئالێرەوە.. شاری مردن وەك دووریشە،

نزیکیشە!

دەس بەرنەدەی!

⋆ لەتەنووری گێژەندامو ئەم سەدەیە

گێژم ئەدا.

⋆ لەگێژەندا.. هەڵوێستی خۆت بدۆزەوە

⋆ ئەم گێژەنە.. سووڕانەوەی

ترسە بە دەوری مردندا..

لەم جێیەدا.. کەشتێکەی نووح

سەربەرەوژێر ئەبێتەوە..

لەم جێیەدا

ئاو.. هەناسە

لەسنگی خنکاودا ئەدا

کەی "سوندباد" گەیشتۆتە ئەم گێژەنە

کەی؟! کەی؟!

"بەلێواری مەرگی مندا پیاسە ئەکەن

وا ئەخنکێم.. ئەمبینن‌و بەڵام باسی

خنکاو ئەکەن

دەرم بێنن! پیاسەی ئەو سەر تەواوناکەن

من ئەخنکێم..

دەرم بێنن! دەرم بێنن!"

⋆کێ هەناسەی هیچ خنکاوێ هەڵئەمژێ؟!

ئەی هاواری خنکاوەکان

کێ دێ لەئێوە بپرسێ
ئەمە زمانی، خنکانی
ئەستێرەیەو، شایی زەلکاو
*ئەمە سەردەمی کۆچی ڕووبارو پەری خانە
ئەی پەری خان!
هەردوو دەستم.. سەوڵی
ناو کەشتیی ڕەوەندی
نیگای تۆیە..
لەنیگاتا من خەڵوەتم..
لەنیگاتا من گۆرانیی
ئەو ڕەزانەم هێشووی وەرزی
بەخشندەیی زەمین ئەگرن.
ئەی پەریخان! زەمین تۆیتو
تۆ زەمینی.
ئەی پەری خان! لێم گەڕێ با:
سەمای مردن لەسەر ئەو لووتکانە بکەم
کە بەترس داپۆشراون.
لێم گەڕێ با.. ئەم کلێپەیە
لەئۆپەرێتی.. سووتانا
دەس بکاتە ملی جەڕاوی ناو پەتم.
لێم گەڕێ با:
لەسەر شانۆی پەراسووی خۆم

حاڵم لێ بێو،
به گڕەوە.. بچمه ناو دڵی یەزدانو،
ئەو ڕاستییە.. بدۆزمەوە
که لەخولیای،
نەسرەوتی ناو سەرما ئەژی
لێم گەڕێ با.. هەموو جارێ
لەدایك بوونێکی تازە
مەرگی تازە
ببینمو ببیسمو خۆر لەدورگەی
نەهێنیدا.. بێنمەدەرێو
نەخشەیەکی تر بۆ گیانم بکێشمەوە!
"کەئەچمە ناو مردوانەوەو ڕائەوەستم
قەنارەکان ڕائەکەنو پەتەکانیش
ئیتر خۆیان گرمۆڵەی لای
بەرپێم ئەکەن
کەئەچمە ناو مردنەوەو سەرنج ئەدەم
بەچاوی خۆم..
لەدایك بوونی-نەهێنیی-تۆ ئەبینم.
خوا ئەبینم:
دێتو یەك.. یەك
دڵی هەموو ئەستێرەکان ئەخاتە ناو
لەپی دەستم".

کەی وا نەبووم.

باران نانویٚو

منیش نانووم.

باران خۆی کرد بە دەروونما، لەناو بیرما زەمین هەستایە

سەر پیانو بانگی لێکرد. بێشەی چڕی ڕوانینی من،

شاری نەدۆزراوەی تیایە، من دڵدارم، ئەی پەری خان.

من دڵدارم، درەختەکانی ناو گیانت ئەنووسمەوە.

کەژەکانی ناو بیناییت ئەخوێنمەوە، دەتۆش گیانە!

بمنووسەوەو بمخوێنەوە، لەسەر لەشی هەر گەڵایەك،

کە ئەوەریٚو کە ناوەریٚ، بمخوێنەوەو بمنووسەوە.

⋆لەکەیەوە تۆ "سیزیف"ی و ئەم جیهانەش

بەردەکەتە؟!

لەکەیەوە تۆ "زۆربا"یتو بوومەلەرزەیش

سەماکەتە؟! (8)

بیرت نایە! هەروەك مردن بیری نایە

لەکویٚ بووە؟!

بیرت نایە هەروەکوو ئاو بیری نایە

بۆ یەکەم جار

ژانی بەکام ئۆقیانووسو

زەریاوە.. گرت؟!

⋆بیرم نایە.. بەڵام ئەوەندە ئەزانم

بەیەکەوە من سیزیفو زۆرباو مەرگو

ئۆقیانووسم!.

باران نەنووستو..

نەنووستم.

نیسان هاتو گوڵی چاوی گوندەکانو شارەکانی

دا لەیەخەی مێژووی زەمین.

لەکۆتایی ڕۆژەکانی نیساندا بوو

چووم بەپیری ئەو جۆگەیەوە. لە لێڵیی

دەمو چاویا..

ئەم سوێسکە کوژراوانەی بەرەو کەناریّ ڕائەدا

کە گۆڕیچەی یادگاری

گریانم بوون.

بەیانییەك.. لەکۆتایی ڕۆژەکانی نیساندا بوو

شەوەزەنگیّ

لەناو دەمی

ئەژدیهاوە

کەوتە خواریّ.

بەیانی بوو.. خۆر ئاوا بوو

*هات.. هات.. هات

بوومەلەرزە- ڤیژە- ئاگر- دوکەڵو- خوێن-

نیاز، خۆڵەمێش.

ئەی نیسانی گوڵی ڕەش پۆش چیت لێکردم!

*سەرت بەخشیی بە ڕەشەباو

چوویته ناو چاوی مەرگەوەو،
چرای گریانت داگیرسان.
چرای گریان
ڕەنگی شەوقی
لەمانگی کوژراو وەرئەگرێ.
تۆ لەبەریا.. دابنیشەو
"لۆرکا" بێنە تەنیشتەوەو،
ئەوسا وەك،
دوو جووتە سەروو
هەڵچن.. هەڵچن. هەڵچن.. بڕۆن
هەتاکوو مانگ
لەباوەشی شیعر ئەگرن!
باران نەنووستو نەنووستم
ئەم زریانە لە "گلگامش"ی [9] کاروانیا
قاڕەی تۆفان ناونووس ئەکات.
دەرگای داستانو ئەفسانە..
لەسەر "ئەنکیدۆ"ی هاوڕێی ئەکاتەوە.
⭑تۆش "پیرەکەو زەریا [10] کە.. بە!
⭑پەڕینەوە.. لەم تۆفانە
پردێکی چەخماخەی ئەوی!
⭑تۆش "بوراق" [11] بە!
"بووم بە بوراقی پەیامی سووتاوەکان، بووم بەپیرەو

بەزەریاکەی، ناو ڕۆمانی کۆچی ئەمجارەی پەری خان.
کێوەکانم لەناو وڕەی خۆمدا مت کرد. کێوەکانم،
بەسەر وشەمدا هەڵگەڕان. لەنێرینەی ترسا ژیام.
من زمانی خەنجەرێ بووم خوێنی کێلانەکەی خۆمم ئەلستەوەو
هەموو ڕۆژێ چاوەڕوانی،
هاتنی کفنی خۆم ئەکرد، هەموو شەوێ چاوەڕوانی
تەورداسی بڕینەوەی خۆمم ئەکرد.
*بڕۆ.. بڕۆ.. تا ئەگەیتە دوو ڕیانێ
یەکەمیان بەدەستە ڕاستا.. ڕێگەی هاتە
تۆ.. مەیگرە..
ملی چەپیان بگرەو بڕۆو بەری مەدە
تا ئەگەیتە کانیو ئاوێ.. لێی لامەدە.
بڕۆ.. بڕۆ.. دەشتێکی دەرزییت دێتە ڕێ
تۆ هەر بڕۆ.. بەرەو دوا نەگەڕێیتەوە
تۆ هەر بڕۆ.. تا ئەگەیتە بەر ئەشکەوتێ
بچۆ.. ژوورێ
لەنیوەیدا.. خۆت مەڵاس دە.
کە تەماشات کرد ئەبینی:
لە کەناری ڕووبارێکدا.. دەڵە دێوێ لێی نوستووە
مەمکێکی داوە بەم شانیاو
مەمکێکی تر بە ئەو شانیا
هیچ دەنگ مەکە.

ئاوی ڕەش دێت.. هیچ دەنگ مەکە

ئاوی زەرد دێت.. هیچ دەنگ مەکە

ئاوی سەوز دێت.. هیچ دەنگ مەکە

کە ئاوی سوور هات بچۆرە

پشت سەریەوە

ترست نەبێ، شمشێرەکەت هەڵبکێشە

تا ئەتوانی.. دەست هەڵبڕە

دەست هەڵبڕە..

بەرەو کاژەلاکی سەری

دایوەشێنە..

دایوەشێنە..

*ئاوی ڕەش هات

ئاوی زەرد هات

ئاوی سەوز هات

بەڵام ئاوی سوور هەر نەهات

بۆچی نەهات؟!

بۆچی نەهات؟!

*بۆ ئەوەی ئاوی سوور بێتو شمشێرەکەت بوەشێنی

ئەبێ سەرچاوە، لەخوێنا هەڵقوڵێنی

بەدەماری ڕەنگەکاندا شۆڕبیتەوەو

لەناو خۆرێکی تازەدا سەر دەربێنی.

بۆ ئەوەی ئاوی سوور بێتو شمشێرەکەت بوەشێنی

ئەبێ لەشی مەرگو ژیان

بەیەکەوە ڕاوەشێنی!

"دایە.. دایە!من ئیستاکە دووکەڵێکم

لەشوێن برینی خۆمەوە هەڵئەستمو بەو دووکەڵە

شەدەی سەری ئەم لووتکانەت بۆ ئەبەستم.

دایە! ئێستە چادر منەو من چادرم

خۆم هەڵئەدەم

لەناو کرێوەی.. خەمی سەر دەموچاوی

هەژاراندا خۆم هەڵئەدەم.

هەڵم ئەدا، لەسەر ئازاری پاڵکەوتووی

پێدەشتی زام هەڵم ئەدا!

چادر.. چادر.. چادر..

شارە مێرووولەی دەرکراو..

هێلانە بۆ پەڕەسێلکەی باڵ کراوو دەنووك کراو.

چادر.. چادر.. لانە بۆ کەروێشکی گیراو.

چادر.. چادر

دەرزیی سەرما- پەراسووی سیل- کۆشی بەفر-

نانی گریاو- سیمای وەریو- چاوی مردن-

گۆڕستانێ..

*سەرت بەخشیی بە بارانو،

چوویتە ناو دەنگی خوێنەوەو..

شەو سوارێك بوو.. لەپاشکۆی ڕەشەبای خۆیدا

هەڵیگرتی

نەتئەزانی چۆن ئەمردی؟

نەتئەزانی.. کە: کەوانیو ڕاکێشانت،

بۆ.. پ.. چڕای.. نی.. ژێی

گازەرەی پشتی خۆرە.

ڕاکێشانت بۆ بردنەوەی گرەوەکەی

تیر هاوێژە!..

ئەی نازانی تۆ کەوانیت؟!

ئەی نازانی کە حەوت ساڵ بوویت

باوکت کەوانێکی تر بوو

بۆ تیر هاوێژ؟

ئەی نازانی.. ئەی نازانی

تۆ کەوانی؟!

کەی وانەبووم

باران نانوێو،

منیش نانووم..

ئەی "پەری خان"ی وڵاتی خۆڵەمێشو گوڵەباخم

تۆ دڵخوازی هەمووومانیو، هەمووومان تۆین.

تۆ باسکی ئەو قەڵەمانەی..

باوەش ئەکەن بە بانگەوازی دوا ڕۆژدا

تۆ دڵخوازی فەرهادێکی

لە بیابانی مێژوودا..

لەبەر داكردنی تەورا..
بەژێر لێزمەی تێزابو بەسەر دڕكەزی مردندا
باز ئەداتو بۆ ئەو كارێزە ئەگەڕێ
كە گڕی تینوێتی.. مەلی، مەمكەكانتی
تیا بشكێنێ.
ئەی "پەری خان"ی ولاٌتی خۆلەمێشو گولەباخم
ئێمە بەتەنیا هەر نیگای تۆ شك ئەبەین
خۆت لەناو گێژی تۆفاندا وەستاویتو چاوت لێیە:
دلدارەكانت.. دەرئەكەن
دەرمان ئەكەنو ژێرپێیان
بە قەراغی دەمو چاوو لووتمان ئەسڕن.
*میز ئەكەنە ناو پشتملو دەستمانەوە..
*بە میز "فەرهاد"یان لەسەر كارتۆنە شووشەی
بەتاڵی، ویسكێكانیان.. بۆ ئەنووسین، ئا!
*لەقەراغی ڕێو بانیشا لە چوارچێوەی
قوڕو لیتەو، تۆزو خۆڵی
توێتاكانیان.. ئەگرتین!
ئەی "پەری خان"! ئەمانەوێ خۆشەویستیت
وەكوو نان ببەخشینەوە.
وەكوو منداڵ بیگرینە كۆڵ.
وەكوو گوڵ بیكەین بە چەپك.
وەك شیعر بیخوێنینەوە

★گوێیان بە لۆکەی تاریکیی ئەئاخنن

تف ئەکەنە ناوچەوانی

نان‌و منداڵ.

گوڵ کوێر ئەکەن.

قاچی شیعر ئەبڕنەوە.

چاوت لێیە: جێگەی زمان ئەگوێزنەوەو

مۆری ئەکەن.

★ئەیانەوێ.. ئەوان بەتەنیا مۆخی کادانیان

بۆ خەڵك ئەوێ.

★ئەیانەوێ.. ئەوان بەتەنیا چاوی شووشەیان

بۆ خەڵك ئەوێ.

پاسەوانن، بەڵام نوستوون.

پاسەوانتن‌و ئەتدزن

پاسەوانن‌و کچێنیت لەسەر مێزیان

جۆکەرێکەو

پاسەوانتن‌و...

★چاوی خۆتەو ئەبێ بڵێی چاوم نیە

گیانی خۆتەو ئەبێ بڵێی گیانم نییە!

ئەی پەری خان

باران نەنووستو

نەنووستم..

بەڵام چبکەم.. پێت نەگەیشتم؟!

سەرم بەخشیی بە بارانو شەو سوارێك بوو

لەپاشکۆی ڕەشەبای خۆیدا سواری کردم

بەڵام چبکەم

پێت نەگەیشتم.. چبکەم!.. چبکەم!

ئەی پەری خان!

بەیانییەك.. کاتێ هەستام

کاتێ زانیم. کاتێ ڕوانیم

- لەوبەرەوە -

خۆشەویستیت بۆتە شووشەی

"ئاب جۆ"یەکی خاڵیو دواتر لەسەر سەری

فەرهادەکەت.. بەنیشانە ئەینێنەوە..

تەق

تەق

تەق

تەق

ئەینێنەوە.. ئەیشکێنن

ئەیشکێنن.. ئەینێنەوە.

ئەی پەری خان!

بەیانییەك.. کاتێ ڕوانیم.. کاتێ زانیم

خۆشەویستیت

بۆتە تەپڵەکی جگەرەو

نێرگەلەی بەردەمی ئەوان

قوڵپ

قوڵپ

قوڵپ.. ئەیمژنەوە..

بەیانیەك.. کاتێ هەستام.. کاتێ ڕوانیم

-لەمبەرەوە-

خۆشەویستیت.. بۆتە قاسەو فرۆشگایەك

بەکلیلی.

جومگەی فەرهادێکی کوژراو

لێی نیشتوون و.. ئەیکەنەوە..

فڕان

فڕان

فڕان

فڕان..

ئەی پەری خان!، باران.. نەنووستو نەنووستم.

بەڵام چبکەم پێت نەگەیشتم!

کاتێ هەستام.. لەژێر سمی ئەو ئەسپەدام

کەسواری بووم

کاتێ ڕوانیم.. لەبەردەمما

ئەستێرەی ناو خەونەکانم

پەلکە گیای سەر پەنجەکانم

بەدوای یەکدا..

وا: هە.. ڵ.. وە.. رین..

کاتێ زانیم.. ملم لەژێر هەرەسی لەشمایە
لاشەم لەژێر دنیادایە
داو.. داو.. داو!.
کاتێ زانیم.. هەردوو دەستم
جێم ئەهێڵن..
هەردوو قاچم.. جوێ ئەبنەوە..
دانەکانم.. بوونە مشار
نێرگەی پشتم ئەبڕنەوە.
لەولامەوە..پێچکەی سەرم ئەڕواو ئەڕواو..
بەسکما خل ئەبێتەوە..
لەم لاوە.. زمانی خۆم ئەمنووسێتو
لەولاوە.. ئەمـ سـ ڕ ێـ تە وە
هەرەس
هەرەس
هەرەس
هەرەسێکە هەرەس ئەکا بەژێرەوە
هەرەسێکە هەر دێتو دێتو دێت
نابڕێتەوە..
نابڕێتەوە..
*ڕاکە.. ڕاکە.. ڕاکە
سێبەری خۆت بگرەرەوە!.
*چاوی خۆتەو ئەبێ بلێی چاوم نییە..

٭ئاوی ڕەش هات.. ئاوی زەرد هات..
بەڵام ئاوی سوور هەر نەهات
بۆچی نەهات؟!
بۆچی نەهات؟!
٭بابە کوانێ دەستەکانت بۆ جێت هێشتن؟!
بابە ئێمە ئەچین بۆ کوێ؟!
بابە بۆچی دایکم ئەگری؟!
٭بۆچی؟! بۆچی؟! بۆچی؟!
٭لەدواساڵدا
فەرهادێکی کوژراو وتی:
لەبەرئەوەی "هەرەم" ەکە لەسەر نووكو
سەربەرەوژێر دانرابوو
هەرەس وابوو، زەویش
بنکەو ڕەگی ئەویست
تۆفانەکەش زەریاوانی
چەند خوایەك بوون
خۆفۆی گەورە
خۆفۆی
بچووك
خۆفۆی
قڕە
٭داریۆشیش دەنگو سەری لێ دزیبووین

بۆیە کاتێ هەرەم ڕووخا
نەهەنگەکانی داستانو دەر داستانی
ئەم سەدەیە کۆبوونەوەو
تۆفانەکەیان هەڵمژی.
کێش مایەوە
چیش مایەوە
چوون بە ناخدا
چوون بە ناخدا
تەڵە.. تەڵە..
داو.. داو.. داو!.
*شێت بووم.. شێت بووم
*کێ ئەزانێ جارێکیتر ئەتبینمەوە..
تا لەزنەی نیگاکانت بخۆمەوەو
بڵێم ئۆخەی نەمردیتو
گەڕایتەوە؟! ئەزانی بۆ؟!
چونکە هەر ئاوی کانیی چاوی تۆ
لای من ئاوە..
چونکە هەر خۆشەویستیی شاری تۆ.
لای من خۆشەویستیی ناوە.
باران نەنووستو نەنووستم
لەسێهەم ڕۆژی پرسەما
لەشارێکدا، کە هی خۆم بوو هی خۆم نەبوو

من مەزاتی..
کفنو تاتەشۆرو
دارەمەیتو کێلەکانی خۆمم ئەکرد..
پڕ بە دەمی ژوورەکانو هۆڵەکانی
"کۆشکی سپی" هاوارم کرد:
"وەرن بیکڕن.. بەچارەکە مایە.. بیکڕن
وەرن.. کاکە.. وەرن.. بیکڕن:
ئەوە جاجم، لێفەو دۆشەك،
کومبارێك و پرێمزێ
ئەوە چوار قاپو مەنجەڵێ
ئەوە لانکە..
ئەوە.. کڵاوو جامانە..
ئەوە.. شیعر.. سێ دیوانی شێرکۆ بێکەس
وەرن کاکە.. وەرن.. بیکڕن"
*کاکە ئەمە لەچی ئەدوێت؟!
*ئاگر.. زریان
*وێڵێکە بابە وێڵێکە!
*ئەوە قۆری.. ئەوە کڵاوو جامانە.. ئەوە.
*تۆ ئەوان بەرە "شەمێران" دوایی خۆم دێم..
ئەی قاسەکەت بارکردووە؟!
*ئەی خاکەکەم.. خاکی پەریی
بۆ لەمەو دوا، گەر پێشانگەی

تابلۆکانی خۆم کردەوە..
خۆ تێم ئەگەیت؟
خۆ پێم نالێی: ڕەنگەکانت.. وشەکانت
خنکاوی ناو تەمو مژن،
نازانین.. چاویان تیا دەرکەین.
ئەی شارەکەم.. شاری پەری
من تێت ئەگەم.. تۆش تێم بگە
دوای ئەم کۆچەو.. ئەو زریانە
پێمەکەنە.. ئەگەر تابلۆیەکم وابێت:
"لەدەرەوە.. بێ چوارچێوە
لایەکی کەوتۆتە خوارێ
بزمارێکی تێلا شێوەش بەسەر دڵیا داکوتراوە
لەناوەوە: ڕەش.. ڕەش.. ڕەش
سەری سەگێك وا بە لەشی بزنێکەوە
سەری بزنێ وا بە لەشی ئەسپێکەوە..
لەپی دەستێکی بێ پەنجە.
کێوێك لەسەری نووستووە!.
لە گۆشەی دەستە ڕاستیشدا
مشکێك بەڵام مشکی ڕاستیی
بە قرتەقرت
ڕەنگی تابلۆو.. تابلۆ ئەخوات"
ئەی پەری خان! تۆ چەپکە قژی دەسکەنەی هەڵکێشراوتم بدەرێ

تا لەگوڵدانی گریانا هەڵیبگرم. بمخەرە ناو دۆزەختەوە
تا خەڵاتی سووتاندنم، بکەم بە بەرۆکی مەرگا.
ئێستا بێ بینایی ئەڕۆم، پەل کوتانم لێدانی سەوڵە لە گۆمی،
هەڵمژراودا.
ئەی پەری خان!.
باران نەنووستو نەنووستم
بەڵام چبکەم پێت نەگەیشتم..
ئەی پەری خان
یەك.. یەك یەخەی
نەخشە گەورە گەورەکانی دنیام گرتو
هاوارم کرد:
پەری خانی هەموو دنیا بە فەرهادی خۆیان گەیین
ئەی پەری خانی من بۆچی پێی نەگەیی؟!
ڤیژاندم بەسەر هەموو جیهاندا..
لەبێژنگی ڤیژەمەوە
دەستو پەنجەی وردیلەکان
کەوتنە خوارێ..
ڕاست بوونەوەو چوون بە چاوی
ئەو پەیکەرەی
لەبەر دەروازەی " نیویۆرك"دا
شانو ملی سوڵتانەکان ئەشێلێتو
بەم دەست گڕی هەڵگرتووەو

بەو دەستی تر
خۆڵی ئێسکی دڵدارەکانی سەربەستیی
پێدا ئەکات.
هاوارم کردو.. لەشەوی هاوارمەوە..
ڕیز.. ڕیز..
مێخی هەموو چادرەکان هاتنە دەرێو
خۆیان بە سنگی شانۆی گشت
والییەکانی ئەم گێتییەدا داکوتی.
بەڵام پەری! ئەمە سەدەی بێدەنگ بوونە
لەسەربڕینی، باڵندەی بێهێلانە.
باران نەنووستو.. نەنووستم
بەڵام چبکەم.. ئەی پەری خان
پێت نەگەیشتم.
گەڕامەوە..
هاتمەوە سەر ماڵی چۆڵی ژانەکانم،
وەکوو کراس من گینگڵیان لەبەرئەکەم.
لەگەڵ ئێشدا وەکوو ئاشقەو ماشقە
تێك ئاڵاوین.
لەگەڵ خەمو تەنیاییدا.. بەکەناری خۆرنشیندا
پیاسە ئەکەین
لێك تێر نابین
ئەو گۆرانیی-کۆچی یارم کۆچی سوورە-م بۆ ئەڵێتو

ئەوسا منیش دوا هۆنراوەی پایزی ناو..
چاوانی هەڵوەریوی تۆی
لەسەرخۆ بۆ ئەخوێنمەوە:
گەڵای تەماشات بۆ وەریو کەوتە ناو مشتی هەناسەی
تەزیومەوە، سینەم چاڵە خەزانێ بوو، لێوان لێو بوو.
لەو ئاخانەی وەکوو بێچووە چۆلەکەی بەر دەنکە تەرزە
خزابوونە پاڵ یەکتریو هەڵلەرزینیان، وەکوو دەسماڵی پوولەکەی
کلووی بەفر، ئەدا بەشانی درەختە ڕوتەکاندا..
پەری ناوت وشەیەك بوو.. بەڵام زمان تیا ون ئەبوو.
جارێکی تر لەکوێت بێنمەوە دەم بنێم بە ڕووناکیی گەردنتەوە
لەکوێت بێنمەوە تا واشەی شەوی ڕەشم، لەبەر پێما
سەربڕیتو، ناوچەوانی داگیرکراوم دیسانەوە هەڵکەیتەوە.
پەری ناوت یەك وشە بوو
بەڵام هەرچی فەرهەنگی شاخو پێدەشتە
لەنیگاتا نەخشەی ڕێ نومایی‌و هیوای
بیناییان ئەدۆزێوە..
گەڵای سەرنجت بۆ وەریو کەوتە ناو هەناسەمەوە؟!
من هەناسەم ئیستە سووتووی پەراسووی خۆم
بە با ئەکات، ئەی لەیلاکەم! ئیستە ناخم
پەڕەسێلکەی وشەیەکە بێهێلانە
نزم ئەفڕێ، بەرسنگی خۆی
بە ڕوومەتی گوڵاڵەکان سوور ئەکاتو

لەئاوێنەی نامۆییدا خۆی ئەبینێ
لەناو باوەشی گریاندا..
گوێ بۆ دەنگی خۆی ڕائەگرێ.
گەڵای سەرنجت بۆ وەریو کەوتە ناو مشتی هەناسەی
تەزیومەوە، تۆ گۆرانیی ڕەنگاوڕەنگی خەوی کەژ بووی
پرچت ڕێژنەی بارانێ بوو
بەشانو ملی شەبەقا شۆڕئەبۆوەو
لەسەر کەمەری بنارە چاو سەوزەکان
ئۆقرەی ئەگرت.
ئەی پەری گیان!
جارێکی تر.. لەکوێت بێنمەوە بۆ ئەوەی
بمپرژێنی لە لەشی خۆت، هەر وەکوو گوڵ ئەستێرەیەك
بمدەی لە بەفرو تریفەی مەمکەکانت.
لەکوێت بێنمەوە بۆ ئەوەی:
ساتێکیش بێ.. سەرخەو لە دەنگتا بشکێنم
ساتێکیش بێ.. لەناو ماچتا
من بە باڵی گڕتێبەربووی قەقنەسی لێو
خۆڵەمێشی ئێسکی ئیستەم داگیرسێنم..
گەڵای سەرنجت بۆ وەریو
کەوتە ناو مشتی هەناسەی تەزیومەوە؟!
لەلاپەڕەی بیرەوەری دەفتەرەکانی پایزدا..
جێگە دێڕێ نابینێوە..

تا هەڵوەرینی نوێ تری تیا بنووسێت
گەڵای تەماشات بۆ وەرێو
کەوتە ناو چاڵە خەزانی سینەمەوە؟!
باران
نەنووستو.. نەنووستم
ئەو ئەبارێو.. من ئەبارم
بەئاگامو.. ئەو ئەبارێو
من سەر ئێڵی کۆچ کردنم
بەرەو گەرمێن.
ئەی پەری خان! هەمووی کۆچە
چیئەبینم هەمووی کۆچەو
لەغەریبیمدا بار ئەخەن
لەنامۆیی چاوما ئەژین.
خەوەکانم ئەی پەری خان! خەونەکانم،
لەخەویشما هەموو شەوێ:
"بە هەردوو دەست خێرا.. خێرا..
هەر سەری تاڵەمووی ڕەشەو ئەیانگرم
بەناو دەمما لەقوڕگمەوە کێشیان ئەکەم
کێشیان ئەکەم، بەڵام ئەوسەریان دیار نییە
نایان گەمێ
ئەپچڕێنو.. دیسانەوە دەست پێئەکەم
تەواو نابن، ئەپچڕێنو دەریان دێنم

ئەپچڕێنو.. کێشیان ئەکەم..
ئەوسەری تاڵەموو ونە.. نایانگەمێ"
ئەی پەری خان لەئیستەمدا..
ساتێ نییە.. چرکەیەك.. یان دەقیقەیەك
هەزاران ساڵ تیایا ئەژیم.
لەئیستەدا.. گۆشەیەکی سەرم نییە
چەند قاڕەیەك لە خولیادا
پەنابەری سۆزی نەبێو
تیایدا نەگریم.
ئەی پەری خان من نامۆییم
زەمانی بێ کۆتاییە.
باران نەنووستو..
نەنوستم..
باران باریو منیش بارییم
باریمو کۆچی لێ خوڕین بەرەو گەرمێن
سواری دەمی شمشێرێکی تیژی کردووم
من مردووم و من نەمردووم..
ئەوا هاتووم..
کلووی بەفری دەمو چاوم
لەسەر پشکۆ ببارێنم
کۆچی یارمان کۆچی ڕێی سووری ڕووبارە
هاوینەو خێڵ

بەرەو خوارە.

ئەی پەری گیان!

لەئیستەدا.. من بەتەنیا شەوم هەیە

کەئەچمە لای، کەدێتە لام

شەوم هەیە

شەو کۆچی هۆزی خامۆشیی

لەناو دڵە تەنیاکاندا.. بەڕێ ئەکات.

لەسەر قەدی درەختەکان

تاریکیی.. ئەنووسێتەوە.

داڵدەی ئەو مەلانە ئەدات

کە خوێندنیان لە قوڕگ کردوونەتەوە..

ئەی پەری خان! شەوم هەیە

کە ئەو دادێ

دارخورماکان.. یەکە.. یەکە

بە ئەسپایی.

ئەپەڕنەوە.. ئەوبەر کەنار

ئەپەڕنەوەو.. لەو سەرەوە

"فورات" دێنن بۆ دیدەنیم

بۆ ژوورەکەم.

کە "فورات" دێت

شیعرەکانم ئەبنە "مەشحوف"و (12) گۆرانیی

"ڕێلو حەمەد"م (13) بۆ ئەڵێن.

که فورات دێت.. وەکوو "هەڵۆ"
سەرئەکاتە سەر سەری غەریبیی منو،
ئەگریو ئەگریو
هەواڵی "سیروان" ئەپرسێ!.
ئەی پەری خان که فورات دێت
من چاو ئەنێم بە دووربینی برینیەوە
سەرچاوەی ئێشی ئەبینم
دێتە پێشێ، زۆر نزیکە
وا ئەیبینم: سەرچاوەی ئێش
لەناو شاخدا مێژووی دوورم
هەڵئەهێنجێو.. ئەیکاتە ناو ئیستامەوە
کە چاو ئەنێم بە دووربینی برینیەوە
لەدەروونیا
لاشەی ڕووباری خنکاوی تر ئەبینم
لەناو بنیا..
بنی فورات تابووتی قوڕەو هەزاران
گوڵی کوژراوی تیا نوستوون.
بنی فورات.. هەزار سەوڵی
دەستو بازووی. بەجێماوی
دڵدارانی ئاوی تیایە
ئەی پەری خان!
هەموو شەوێ که فورات دێتە دیدەنیم

حیکایەتی ماسی چاوی
بەزۆر لەئاو دەرهێنراوی
تۆی بۆ ئەکەم
گوێم بۆ ئەگرێ
کە من ئەگریم.. ئەویش ئەگریو
ئەگریو ئەگریو..
هەتا وەنەوز لە شەپۆلی پێڵوەکانیا
ئەیباتەوە..
هەتا لەناو گیانما ئەنوێ!
ئەی پەری خان!
وا فورات نووست
وا باران نووست
تەنانەت وا ژوورەکەم نووست
پێخەفم نووست.
بەڵام پەری
ئەی "پەری خان"ی وڵاتی
خۆڵەمێشو گوڵەباخم
من نەنووستم
من نەنووستم
من نەنووستم!.

حوزەیرانی/ 1975

## پەراوێزەکان

(1) کورِژن: حیلەی ئەسپ.

(2) هاوێرکردن: لێك جیاکردنەوەی دایكو بێچو.

(3) زەنوێر: کوێستان.

(4) ڕەوەز: دانە بەردی بەسەریەکەوەی شاخ.

(5) تێسکە: سمکۆڵ کردن .

(6) هەڵەمووت: پلەی خزو سەختی شاخ.

(7) زنە: کانی زۆر بچووك.

(8) زۆرباو سەما: ئیشارەتە بۆ ڕۆمانە بەناوبانگەکەی کازانتزاکیی یۆنانی.

(9) گلگامیشو ئەنکیدۆ: داستانە مەزنەکەی وڵاتی سۆمەر . ئەنکیدۆ هاوڕێی خۆشەویستی گلگامش.

(10) پیرەمێردو زەریا: ئیشارەتە بۆ ڕۆمانە بەناوبانگەکەی "ئەرنست هەمنگوای"

(11) بوراق: ئەسپی ئەفسانەیی یە.

(12) مەشحوف: جۆرە بەلەمێکی تایبەتییە کە لەناوچە زۆنگاوەکانی خوارووی عیراقدا بەکارئەهێنرێ.

(13) ڕێلو حەمەد: ئیشارەتە بۆ گۆرانی "ڕێلو حەمەد"ی میللی لەخوارووی عیراق

# برایمۆك‌و

# گۆرانی بەفر ومندالْییم

عیشق ئاگرێکە، بەربوە هەر کەس دەبێ بە کەس

گەر ڕۆژە ڕەش وەکوو شەوە بێ، بوو بە شەوچراغ

**مەحوی**

پێشکەشە بە

هاوڕێی شاعیر کاک ئەنوەر قادر محەمەد

تەوێڵی شاخ لاپەڕەی بەردیینی سەرتە.. ڕووم لەوێیە
ئەو گەوانەی [1] کە باڕێزەو [2] ڕنۆ بەفر، تۆفی شیعرو
کڕێوەی ئەم زەمانەیان لێ نووسیوە، ئەیخوێندمەوە

ئەیخوێندمەوەو بەڵام سەرنج لەسەر شەختەی هەڵئەخلیسکێ.
دوو دڵ مەبە، چاوم هێشتا لەبنارتا پێڕەوکەیە.
خۆی بە لقی دارگوێزەکانی دامێنت ئەگرێتەوە..
سەرم ناخەی؟ هەتاکوو وردتر بمەوە لەو تەوێڵە
سەرسامتر ئەبێ گلێنە، وەك بینی ئاو هەڵئەلەرزێ.
ڕووم لە تۆیە، بەفر ئەنوێ؟! ئەمەوێ بچمە ناو نیگای
ئەو هەورەوە هەموو ڕۆژێ خۆی لە کاکوڵو پەرچەمی
خاتوو پەری ئەئاڵێنێو بۆ برایمۆك (3) ئەتوێتەوە..
بچمە ناوی بەگوڵی —شۆڕانێ (4) ئەگەم، پەڕەی دڵی
ماچ ئەکەمو ماچت ئەکەم، کوانێ دەستت، سەرم ناخەی؟!
من ئەزانم تۆ برووسکەی کێویت دەستەمۆو ماڵی کرد
تەم ناتگرێ، ڕامەمێنە، ئەی تۆ لەتۆفان نەبوویتو
چەمە گوولەی مەرگەوەڕت یخ نەدا بۆ دەنگی خانی؟!
ڕووم لەتۆیە.. ڕووم پرسیارە، خۆشەویستیت وەرامێکی
باڵ نەخشینە کە ئەسوتێت ئینجا ئەفڕێو ئارام ئەگرێ.
ڕامەمێنە.. ڕوخسارم دەمامك نییە فەرهادێکی
درۆزنە خۆی لە شەوی لۆچەکانیا حەشار دابێ
مانگێکە سەوز لەناو زەردەی دەمو چاوی ئاوتا ئەنوێ
ئەو گەوانەی کە بارێزەو ڕنۆ بەفر لێی نووسیون
ئەیخوێندمەوە، بەڵام سەرنج لەسەر شەختەی هەڵئەخلیسکێ
سەرم ناخەی؟! هەتاکوو وردتر بمەوە لەو تەوێڵە
سەرسامتر ئەبێ گلێنەو وەك بینی ئاو هەڵئەلەرزێ.

ڕامەمێنە!
دەمە تەشویۆ نووکە پاچی
هەزار-فەرهادی دەمامك-
شکان.. پەڕیین
بەڵام تەڵزمێ لەحەرفی ناوچەوانی
تۆ نەبۆوە..
تەوێڵ بشکێت
سەر ئەنەوێت
تەماشاکەن: خۆشەویستیی
منو پەری چەند زەریایەکی بەرینە
هەموو دنیا جۆگەی ژانی لێ هەڵئەگریۆ
هێشتا پڕە..
تەماشاکەن.. ئەوینێکی چەند بەرینە!.

★

کوانێ دەستت سەرم ناخەی؟!
مانگی ئاڵی دڵداریمو مانگی سەوزی
هەژارەکان، ئەیانەوێ لەناو بەفرا
ئاهەنگێ بۆ:
"پەری خان"ی تازە بووكو
"برایمۆك"ی تازە زاوای تۆ بگێڕن
دەست لەگەردن لووتکە بکەن.
ئای لەو وەرزەی

خەم لە دەستی دۆی درەختا
هەڵئەپەڕێو ڕیشی سپی خانیو.. بەفر
بەیەکەوە ئەستێرەی سەوزو سوور ئەگرن.

★

پەری خان. حەیرانی ئەوت
ڕووی لە تۆ بوو:
تێی چریکان
شەوێك عەشقێکی ئاوارەت
بە بیابانی دڵێکدا تێپەڕئەبوو
عەشق سەرخەوێکی شکان
کە ڕۆژ بۆوە، لەو جێیەدا
خەون بووبوو، بە کانیاو
مەل درەختی خۆی دۆزیەوە
درەختیش بوو بە نیشانەی
ئەو عەشقانەی خۆیان لە ڕێی
چاوی بەفری تۆدا سووتان.

★

برایمۆك..
دەستی نایە.. بن گوێی لاوك
تێی چریکان:
بەفر نانوێ
بنووستایە

کوێرەکانیی
ئەژیایەوە؟!
بنووستایە
کوێستان ئەبوو
بە هەواری قاسپەی سووری؟!
بنوستایە..
ڕووبارەکان نەئەخنکان؟!
★
برایمۆك.. چاوی لێبوو..
بەفر ئەباری‌و لەبەر گڕێکی دزراودا
درزێك ماری دەروونی خۆی دەرهێنابوو
هەتا گەرمی بکاتەوە..
ڕیز.. ڕیز.. کلوو هاتنە خوارێ
ئەگەیشتن.. نەئەگەیشتن
ئەتوانەوە..
هەزاران کلوو بوون بە ئاو
تا ئاگریان کوژانەوە!
★
تەوێڵی شاخ لاپەڕەی بەردینیی سەرتە، ڕووم لەوێیە
ئەو سرووده سپیانەی ئەو لەناو دەنگما ئەیبارێنێ
کە خۆرەتاوی شیعرێکم لێیان ئەدا، ئەبنە هەڵمی
توانەوەی خۆشەویستیم‌و بە خەرەندی قووڵی ناخما
هاژە ئەکەن، چاو بگێڕن، لە کەفچەڕێنی شەتاوی

ئەرخەوانیی ناو-زەڵمدا، هێرۆی عەشقم ئەبیننەوە
چاوبگێڕن، لە سامناکیی دارستانە تووڕەکاندا..
ڕەگی قووڵی ئێشی خانیی‌و حاجی کۆیەم ئەدۆزنەوە
زەنگی کاروانی سەربەفرە، ڕێ ئەکات‌و گوێ ڕاگرن
دەربەندەکان هاوار ئەکەن" ئەمە ڕێچکەی گوڵ ئەستێرەی
شیعرەکانن تێپەڕئەبن،کوڕی شەختەن، کچی باران‌و ڕەهێڵەن"
زرنگەی ئەم لە دەربەنداو خرمەی ئەویش لەژێر قاچی
خێڵی گرِدا، پۆلە کەوی لاپاڵەکان هەڵئەفڕێنن
کە هەڵفڕین، قاسپەش ئەفڕێ‌و هۆزی دڵدار
بەیەکەوە سەر بۆ سامانی تەوێڵی تۆ هەڵئەبڕن
بەفرانبارە.. میر دەڵێ: "بەو مانگی کانونێ
بەو چلووی زستانێ، دەبێ بڕۆی، دەرت ئەکەم
لەولاتێ، برایم دەڵێ: لەخۆم بێ ئیختیارێ
لێم بگەڕێ.. هەتا نەورۆزێ‌و بەهارێ
ئەتۆ گولێك بووی.. گول.. لەوانەی نەفرینە
خاتوو پەری خان دەڵێ: برایم لە کنم زستانێ سەختە
مردن بۆ تۆیە.. خەم بۆ منی ماڵ وێرانێ (5)
بەفران بارەو لەم مانگەدا..
چیا ئاشنای ئەو ئەوینە سەوزانەیە
مل بە تۆفانەوە ئەنێن
لەم مانگەدا شاخ ئەیەوێ
کوڕەکانی خۆی بناسێ

ڕەشایی هەرچی ڕەوەزو ملەو کاوانێکی هەیە
لەسەهۆڵو زوقم ئەگرێ
کە کڕێوەی نارده دەرێ
بانگیان ئەکات
نیشانەیان بۆ دائەکات
کێ پێشتر هەڵیبگرێتو بیبات بیدا
لە کێلەکەی "برایمۆك"
پەری خانی کچی بەفر.. ئەو ئەیخوازێو
لە نەورۆزدا.. بووك ئەباتە
هۆبەی دەمی گوڵانەوە!

★

برایمۆك زیندوو بۆوەو.. ئەمجارەیان بوو بە شاعیر
شەو زەریایەکی سپییەو.. ئێجگار مەنگە
لەودیوەوە.. بەفر ئەبارێ، لەم دیوەوە
توێژاڵێ تەم بۆتە تانە، لەسەر چاوی پەنجەرەکە
لەودیوەوە، گڕی دووری-هەیبەت سوڵتان-
وەکوو چاوی پشیلەکەی ئەمدیوی ناو تاریکایی،
بنی هەیوان، بریسکەی دێت، لەودیوەوە
درەختەکان کۆماوەی ژێر لەشی بەفرن
لەم دیوەوە-حاجی قادر- گڕی چاوی خۆشتر کردوو
هەستایە پیان، ئازارێکەو پیاسە ئەکات، بە لەپی دەست
تانەی سڕی، ئەو دیو هاتە ئەم دیوەوە، لەگەڵ بەفرا

چاو لە چاوی خۆشەویستیی پەری خان گیان ناتروکێنن
بێدەنگییەك بوو بە شیعر
بەفر وتی:
-تۆ نانویت‌و منیش نانووم
من دڵدارێکم دوژمن دار
چاوێ لێکنێم
تەوێڵی بەرزم دائەنێم
ئەی تۆ بۆچی ؟!
حاجی وتی:
-من ئێشکچی یارەکەتم، لەو ڕۆژەوە، ئەو پێی وتم
بەفر دڵی داوە بەمن، لەوکاتەوە شیعرم چرای
داگیرساوی سەر تەوێڵتەو هەتا ئەمرم
خۆشەویستیت لە کاروانی
ئەم دەروونە کۆچەرەدا
پێشەنگێکەو لە دوایەوە.. مەنزڵ.. مەنزڵ
ڕێی سووتانی لەگەڵ ئەبرم.
شەو گۆمێکی سپی‌و مەنگە، حاجیش باڵایەکی سوورە
لەناو ئەودا دێت‌و ئەچێ، زامی دڵی ئەتروکێنێ.
ئازارێکەو بەچوار مشقی دانیشتووە قەڵەمێکەو
لە گیرفانی"کۆیە" دایە، پرتەی چراو لێدانی دڵی وشەکان
لەیەك وەختا لەسەر ڕانی کەوتنە سەما
ئەگەر منم لە فیراقیان کزەم لە جەرگەوە دێ

ئەگەر دڵە وەکوو جەرگم دەڵێی ئەوا سووتا (6)

هەناسەی بەیتێکی تازە بوو بە هاڵاو

ڕۆیی‌و خۆی نووسان بە چاوی پەنجەرەوە..

توێژاڵی تەم هەردوو دیوی لەیەکتری دابڕیوە..

لەودیو بەفر هەر ئەباری‌و ئەنیشێتە سەر زەمینی

بەخشندە دەست، لەم دیو قەڵەم بەژن‌و باڵای

خەمەکانی کورد ئەپێوێ، بەناویا شۆڕ ئەبێتەوە..

لەودیو ترووسکە دوورەکەی هەیبەت سوڵتان

کز بوو

کز تر

کوژایەوە

بەفر نەنووست.. لەم دیویش چاو، چاوی حاجی برایمۆك

ئەویش نەنووست

بەفر لەودیو.. وشە لەم دیو

بەیەکەوە ئەبارێن‌و، گشت ئەندامی

لەشی سروودی ئەم خاکە شیرینەیان

سپی ئەکرد!

★

ئەوا ئیستەیش شەختە ڕێیە

دەریاچە بەستی‌و ڕێوییەك (7)

پێش کاروان کەوت

لەناو ئاوێنەی سەهۆڵ دا

سەری ئەسپە کەحیلەکان گەورەترن

باڵای دڵدار.. بڵندترن..

سەلکەڕێشمو.. ڕەختو.. قەڵپۆز

لەناو ئەودا.. زۆر جوانترن

تەقەی سمو.. پڕمەو.. کوڕژن

هۆبەهۆو.. هاواری خێڵی برایمۆك

دارستانی ئەو دەنگانەن، تێکڕژاون

بەفر ئەبارێ، کلوو پەپوولەی وەریوی

سەر ڕدێنو سمێڵ بابڕی کوڕگەلن

تارمایی میر کەوتۆتە دووی جێ پێو جێ سم

ڕێوی بەسەر سڵێکی کرد..

ڕێوی کلکی ترسی بزواند..

ئا لێرەدا. سنگی سەهۆڵ قڵێشاوە.

گەڕایەوە..

کاروان ڕۆیشت

تارمایی هات.. شریخەیەك.. دووانو سیانو..

بوومەلەرزەی قرمەژنو.. هەرەسی دوور

تا ئاسمانیش هەوری لۆکەی

خستە ناو کونە گوێیەوە..

برایمۆك.. نەگەیشتەجێ

ماچو مووچی .. گوڵو بەفرە

گوڵو بەفر.. تابلۆیەکیان لەناو سەری

مندا نەخشان

ڕەشەبا هات.. بردی‌و لەسەر

تەوێڵی شاخ شەکانیەوە

بەفر تارای گرتۆتەوە

بەفر ناوی پەری خانە

لەناو ئاوێنەی سەهۆڵدا..

ڕەنگی سپی‌و.. ئەرخەوانیی

هەڵئەلەرزن‌و لەرزینیان

سەمای سروودی ناو گەرووی کێوەکانە

بەفر ئەبارێ

برایمۆك.. پاڵکەوتووەو..

ڕووی لە دوندە

برایمۆك.. خەو ئەبینێ‌و.

نەشنووستووە.

★

ئەمجارەیان برایمۆك ئەبێ بە من:

منداڵ بووم‌و بەیانییەك چاوی سەرسامیم هەڵگلۆفت

ئەوا ڕیز.. ڕیز.. هێمن.. هێمن..

ئاسمان شتێکی زۆر سپی ڕۆئەکاتە حەوشەکەمان..

هاوارم کرد: "دایە.. وەرە شەکر باریی"

"ئەوە بەفرە.. کوڕم.. بەفرە"..

-دایە بەفر ؟ ئەم میوانە تازەیە من یەکەم جارە کە ئەیبینم،

"دایه جوانه"..
ئەچوومە بەر پەنجەرەکە، کلووم ئەژمارد..
یەك.. دوو.. سێ.. دە.. پانزە.. نەئەژمێرران،
خەیاڵە بچکۆلانەکەم باڵی ئەگرت:
"بەفر فرمێسکی فریشتەی هەورەکانە، وەکوو دایکم
ئەویش ئەگری، فرمێسکی پەریو فریشتە تەواو نابن،
بەفر لەو لۆکەیەش ئەچێت
کە هەللاجەکەی ئەو ڕۆژە..
بۆ ئێمەی شی ئەکردەوە..
خوا هەللاجێکی گەورەیە"
خەیاڵە بچکۆلانەکەم گەورە ئەبوو:
"دنیا پاڵتۆیەکی سپی زۆر ئەستووری لەبەردایە
شەو سپییە، بەفر قژی منداڵانیش وەك باپیرە
سپی ئەکات، گەڕەکەکەمان سپییە، هەمووشتێ
هەر سپییە..
بەڵام کراسەکەی دایکم
ئاخ.. بەتەنیا هەر ئەو ڕەشە!"
لەگێژی ڕێشکەو پێشکەدا.. چاوەکانم
وەك بەربینی چۆلەکەی بن گوێسوانەکان
ماندوو ئەبوون
بەفر خەوی لێ ئەخستم،
شەوێکی تر..

هۆ دایە خان.. بەفر چیرۆکێکی سپی ئاودامانە
بیکەرە بەر ئەم شەوانە..
دایە خان گیان! گوێت لێ نییە
وا ئەسپەکەی "برایمۆك"
لەبەر ماڵی "پەری خان"دا.. ئەحیلێنێ؟
خرمە خرمی تەرزەی چاوی.. خاتوو پەری
لاواندنەوەی گوێ بانیژەو سەر سەربانە؟!
هۆ دایە خان.. داپیرە گیان
کەڵە پشکۆی ناو ئاگردان
چاوی سووریان تێبڕیوین
مێوژە ڕەشکە.. لەگەڵ ڕێی نەهاتا.. خۆشە
دەست پێ ناکەی.. هەبوو.. نەبوو..
دەست پێ ناکەی..؟!
تەماشاکە.. بەفر هاتۆتە ژوورەوە..
گوێ ڕاگرێت.. بۆ بەیتی خۆی‌و هەڵەکۆك
تەماشاکە.. وردیلەکان
گوێ قووت.. گوێ قووت
چۆن بۆت هاتوونەتە سەر چۆك
دایە خان گیان.. دامەچڵەکێ
ئەوە بەڕوون‌و ئەتەقن
هۆ دایەخان.. داپیرە گیان!
بەفر، بەڕوو، کەڵەپشکۆ

نەبن.. چیرۆکەکەت

زۆر زوو ئەمریٚ!.

★

ئەمجارەیان برایمۆك شاعیرێکی دوور وڵاتە

زامەکان ئەنووسێتەوە، ڕووی لەتۆیە:

سلەیمانی کچی بەفر، دەزگیرانی وشەی سەوزە

ئەی هۆنراوە کەڵەگەتە چاو ڕەشەکەم!

ڕووم تێ نەکەی،

ڕازەکانم لەناو چاوتا دانەگیرسێن

ڕوو وەرگێڕی.. تاریك ئەبم

بەفران بارەو.. لەم دەمەدا.. خۆشەویستیم

سەهۆڵە ڕێی شوانی خەمتە..

بەفران بارەو کۆڵۆانەکەت

ئەرخەوانێکی مل بەکوێن

لەناو دڵما گرتوێتییەوە!.

ئەوا هاتن پۆلە کەوباڕی ئەزمڕت

بۆ دیدەنی شیعرێکی من.. ئەوا هاتن

ئەوا منیش سنەوبەرێکم خستەڕێ،

بۆ پێشوازیی.. وا گەیشتن

وا هاتنە ژووری ژوورەوەی

ناو ئەم سنگە شەقارەی من.

ئەی پەری خان!

عەشقت بەفرەو.. دڵم کوێستان

لەهەر کوێ بم.. لە هەر کوێ بی

نە تۆ ئەچیتەوەو، نە دڵ

لە کلووت جیا ئەبێتەوە!

1979-1976

## پەراوێزەکان

(1)گەوە: بەرزیو نزمی لاپاڵو ڕەوەزی شاخەکان.

(2) بارێزە: باران بارین بە باوە.

(3)برایمـۆك: بـەیتێکی میللـی کـۆنی کـوردەواریو داسـتانێکی پـڕ لـە کارەسـاتە، برایمۆکی هەژارو ڕووتەڵە حەز لە(پەری خان) کچی میر دەکاتو عاشقی یەکدی ئەبن، کە میر بەم دڵدارییە دەزانێ لە شەوێکی تـۆفـو کرێـوەدا برایمـۆك دەرئـەکاو ناهێڵـێ ئـەو شـەوە ڕۆژ بکاتـەوە، مـن لـەم بەیتـەدا بەتـەنیا –کارەسـاتی دەرکردنەکـەی برایمۆك–م گرتووەو کردوومەتە هەوێنی قەسیدەکە، بۆ ئەوەی خوێنەر بە چاکی ئەم بەیتە بەسەر بکاتەوە، با بڕوانێتە "تحفەی مظفریە" بـەرگی یەکـەم ل 369–389 لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، کرداری ئۆسکارمان، پێشەکیو ساخکردنەوەو هێنانەوە سەر ڕێنوسی کوردی (هێمنی موکریانی) –بەغدا 1975.

(4) گوڵی شۆڕانێ: لەکۆتایی بەیتی "لاسو خـەزاڵ"دا، خـەزاڵ داوای ئـەو گوڵـە لـە لاس دەکات، ئەو گوڵەش بەتەنیا هەر لەعەممان چنگ دەکەوێت، ئاگری عەشق سـەر بە لاس هەڵدەگرێو ئەڕواو بەهەر دەردی سەریو ئەشکەنجەیەك ئەبێت ئـەو گوڵـەی چـنگ دەکـەوێ، بـەڵام بـەر لـەوەی بگاتـە لای خـەزاڵ، لەڕێگـە ئەکەوێتـە داوی پیلانێکەوەو ئەپێکرێو زامدار ئەبێو ئـەمرێ، بڕوانـە هـەمان سەرچـاوەی پێـشوو ل 334–368.

(5) "مـیر دەڵـێ بـەو مـانگی کانوونـێ.. بەچـلووی... " ئـەم گفتوگۆیـە لـەدەقی بەیتەکەوە وەرگیراون، بڕوانە هەمان سەرچاوەی رابردوو.

(6) " ئەگەر منم لەفیراقیان کزەم... " بەیتە شیعرێکی حاجی قادری کۆیی یە.

(7) "دەریاچە بەستی و ڕێوییـەك " ئـەم تابلۆیـە پەیوەنـدی بـە تاقیکردنەوەیـەکی کۆنی کوردەوارییەوە هەیە ،کاتێ لەزستاندا گۆمەکان ئەیبەسـتنو کـاروان ئەیـەوێ بەسەریاندا بڕوات، یەکەم جار ڕێوییەك پێش خۆیان ئەخەن، لەبـەر ئـەوەی ڕێویەکـە گوێی سووکترەو زووتر هەست بەوە ئـەکات ئەگـەر سـەهۆڵ بەندانەکـە بتلیـسێتەوە، ئەوسا ئەسڵەمێتەوەو کاروان ئاگادار ئەکات.

# ناوەڕۆك


پێشەکی ........................................ 5
تریفەی هەڵبەست ........................................ 9
هۆنراوەکانم ........................................ 11
دیاریی ئەم جارە ........................................ 15
باوکی شەهیدم ........................................ 20
سێ هەڵبەستی تینوو ........................................ 26
بڕوام ........................................ 29
یاخیبوون ........................................ 30
نەوەی نوێ ........................................ 32
پەیامی وونبوو ........................................ 33
تەنیا ........................................ 35
دار ئەرخەوان ........................................ 36
گیانە ........................................ 39
تاسەی هیوام ........................................ 43
وێنەکەی ........................................ 46
ئەشکەوتەکەی "سەردێمان" ........................................ 47
چەپکە هەڵبەست ........................................ 51
گۆران ........................................ 52
ئێوارەی غەمگین ........................................ 55
تەنیایی ........................................ 58
منداڵە سووتاوەکە ........................................ 60
دوو گۆرانی ........................................ 69
وەرام ........................................ 72

شیعرەکانم ........ 74
شارەکەم ........ 75
بووکی ناکام ........ 80
بێ تۆ ........ 82
بۆ چاوە شینەکانی ........ 83
زەردەخەنە لە فرمێسکا ........ 86
نزای درەخت ........ 93
مامۆستام گۆران ........ 96
گەڕانەوە ........ 99
لە باوەشی جوانییا ........ 100
کەی بێ؟ ........ 103
وشەی پشکۆ ........ 104
لەگەڵ "نالیی"دا ........ 107
شەقامی کچان ........ 108
هەڵبەست ........ 113
شەوانی نائومێدی ........ 114
دوو وێنە ........ 119
کە تۆم ناسیی ........ 120
ئەو ........ 122
کچی خەیاڵ ........ 124
بەینێکە ........ 126
هێشتا لە پشتی باوکا بووین ........ 127
بیرتە؟ ........ 129
کاتێ ........ 131
دڵداریی جاران ........ 132
کە منداڵ بووم ........ 143
کەژاوەی گریان ........ 153
کەژاوەی گریان ........ 155
دوا تروسکە ........ 170
بەیانیی بێ خۆر! ........ 174
مەلا هیندی ........ 178
نامەیەك ........ 184
"بێکەس"ی زیندوو ........ 186

زستانی تەمەن ........ 190
زیندووی، مردوو! ........ 192
ئەستۆی ورد ........ 197
لە گۆڤارێکی بێگانەدا ........ 201
من لێرەدا ........ 204
سەرسام مەبە ........ 206
یادداشتی هەفتەیەک ........ 216
گوڵی زستان ........ 224
ئازاری ڕاچڵەکین ........ 226
داربەڕوو ........ 228
من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ ........ 235
گینگڵ ........ 237
جارێکی تر "سمکۆ" ناچێتەوە سەر خوانی مردن! ........ 248
تۆ هەوریت و ئەتبارێنم ........ 254
من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ ........ 264
دەنگ و ڕێگایەکی کەڕ ........ 274
خوێنە کۆلا ........ 281
مایکۆڤسکی ........ 282
بەغدا ........ 284
بێ کۆتایی ........ 285
مامە خەمە ........ 286
دووگ ........ 287
شتنەوەو.. ناوچەوانم ........ 289
هۆزی گڕ ........ 292
سەرچۆپییەک لە سووتانا ........ 295
بەنگلادیش ........ 300
مۆرو.. ناوچەوانە ڕەشەکان ........ 302
نەخشەیەکی هەڵنەواسراو ........ 304
کێڵگەی قوڕگێکی کێڵراو! ........ 306
بڕیاری گولله ........ 309
کە.. بووم ........ 310
ونبوون ........ 313
خەمێکی سوور ........ 314

| | |
|---|---|
| شەش وێنەی نەگیراو ........ | 316 |
| لە ئاوێنەی درز بردوودا ........ | 320 |
| دڵداری ناو شارێکی مردوو ........ | 322 |
| برووسکەی سرووودێکی زامدار ........ | 332 |
| ببورن ........ | 334 |
| پەڵکە ڕەنگینەی هۆنراوەیەک ........ | 335 |
| لە دورگەی خەوی زڕاوی شاعیرێکا ........ | 339 |
| بۆ بارزانیی ........ | 343 |
| دیوارو دەنگی خوێن ........ | 347 |
| لەژێرەوە ........ | 372 |
| دزیین ........ | 373 |
| "24" سەعات ........ | 374 |
| ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک ........ | 378 |
| نێرگزی زستان ........ | 385 |
| دیدەنیی ........ | 388 |
| وەرزی پێنجەم ........ | 391 |
| بەرێزینە ........ | 394 |
| هۆرەیەک ........ | 396 |
| ملیۆنەهاو بەلاَم ..! ........ | 398 |
| هەنگاوی سەرنجم ........ | 403 |
| وێنەیەک ........ | 405 |
| بۆ نەورۆزی 1970 ........ | 407 |
| بیرت ئەکەین ........ | 417 |
| دوو گۆرانی تەواو نەکراو ........ | 421 |
| بابە گوڕگوڕ ........ | 424 |
| ئاوڕدانەوەیەک بەرەو منالیی ........ | 426 |
| خەونەکانی "ئەستێ"گیانتان بۆ ناگێڕمەوە ........ | 431 |
| کازیوە ........ | 441 |
| بالاَ ........ | 443 |
| هەنگوین ........ | 444 |
| هەلوەرین ........ | 445 |
| تەوقەکردن ........ | 446 |
| کۆبوونەوە ........ | 447 |

نوشتانەوە ........ 448
قووڵ بوونەوە ........ 449
جۆگە ........ 450
پەنجەرە ........ 451
خشڵ ........ 452
بازن ........ 453
ڕەگ ........ 454
ژان ........ 455
قەڵەم ........ 456
زیندان ........ 457
ئەڵقەڕێز ........ 458
بەفر ........ 459
وەرز ........ 460
خۆشەویستیی ........ 461
کاروان کوژە ........ 462
شای وشە ........ 463
مەل ........ 464
سەفەر ........ 465
پێوانە ........ 467
سووتان ........ 468
لە جامخانەیەك دا ........ 469
فورات ........ 470
جۆلانە ........ 471
ڕاپەڕین ........ 473
بۆ کچە تایپ ڕایتەرەکە ........ 474
ژووان ........ 476
پوولەکە ........ 477
دایك ........ 478
ژوور ........ 479
کورسیی ........ 480
لووتکە ........ 481
تاکە درەخت ........ 482
ناونیشان ........ 483

پایتەختی گڕ ........ 484
شاییەك ........ 485
ئیستگە ........ 486
شیش ........ 487
گەشتی پشكۆ ........ 488
لاواندنەوەیەك ........ 489
ڕاسپاردە ........ 490
شمشاڵ ........ 491
ئەسپ ........ 492
چاویلكە ........ 493
هەنسك ........ 494
كۆچ ........ 495
هەڵكورمان ........ 496
كارەسات ........ 497
تۆراندن ........ 498
چڵ ........ 499
سڕینەوە ........ 500
چەند مشتە حەرفێ ........ 501
دەرزی / كاریكاتێر ........ 502
ڕابەر ........ 503
ناو ........ 504
لافاو ........ 505
لیرە ........ 506
گاورباغی / 1946 ........ 508
تۆ ........ 510
خەو ........ 511
لە دارستانێكدا ........ 512
پۆل ........ 513
سووتوو ........ 514
دەنكێ شقارتە ........ 515
لەڕەگەوە ........ 516
گەرا ........ 517
ڕێگایەك ........ 518

چەقۆ ........ 519
3 پرسیار ........ 520
خالید و گۆڤارێك ........ 522
دیسانەوە خالید ........ 523
شەوارە ........ 525
سامالّ ........ 527
مار ........ 529
پرچ ........ 530
کەمەند ........ 531
کەشتیی ........ 532
1\2 و 2\3 ........ 533
پەلکە گیا ........ 535
هێشوو ........ 536
ڕۆمان ........ 538
بەندیخانە ........ 540
گویّ گرتن ........ 541
شوشەیەك مەرەکەب ........ 542
دیاریی ........ 543
کتێبە هەژارەکان ........ 544
بیرکەوتنەوە ........ 546
سوارێك ........ 547
پرس و ئورزەکان ........ 548
سەما ........ 550
کلیل ........ 551
کوللە ........ 552
کەمانچە ........ 553
سەعات ........ 554
مەرگم ........ 555
پەیکەر ........ 556
بۆ شانۆگەرییەکی شۆخ ........ 557
واگۆن ........ 558
چەتر ........ 559
بلیت ........ 560

پرس ........ 561
ئاشنایەتی ........ 562
شەمەندەفەر ........ 563
برسێتییەکی کۆچەر ........ 565
خەڵوز ........ 566
کڵاو ........ 567
بازۆڕی ........ 569
سەریین/ 1967 ........ 571
دوو دەنکە ترێ ........ 573
فێرکردن ........ 574
دوو سرودی کێوی ........ 577
کۆچ ........ 579
برایمۆك و گۆرانی بەفر و منداڵیم ........ 627

# دیوانی

# شێرکۆ بێکەس

# دیوانی

# شێرکۆ بێکەس

**بەرگی دووەم**

**1974 ـ 1986**

**کوردستان ـ** 2006

# پێشەکی

لـە بـەهاری سـاڵی 1985دا، ئـەو كاتـەی لـە گـەرووی سـەوزی بـە خـوڕە و هـاژەی دەربەندەكـەی (بەرگـەڵو)دا، لـە خـاكی پێـی داگیركـەر نـەدیوو لـە سـێبەری چـیای پـڕ چریكەی هەڵۆی پێشمەرگەدا ئەژیام، وەك دڵی شیعرو هەستی نادیاری ئەودیو تـەمێكی چـڕ، خەبــەری ئــەوەم بــداتێ كــە ئــەمجارەیان ڕێگــای چارەنووســی كۆچــكردنێكی دوورودرێژم لەبەرە و ئومێدی گەڕانەوە و شادبوونەوەی سەربەرزانە و ڕووسوورانە بـە دنیای شـارو جـارێكی دی بـە تێروتەسـەلی و بـەرفراوانی چاپكردنەوە و بڵاوكردنـەوەی بەرهەمەكانم، لە تروسكەی مۆمێ كزتـرە و هـەر تـەنها خـەونێكی شـەوانەی بزركـاوە و ئەم شەوەزەنگەی كوردستان بەژاروژەنگەو ئەخایێنێ، چرپەی لە نە نیدییـەوە هـاتووی ئەو خەبەرە ئەفسوناوییە وائەهاتە گـوێی زرنگاوەی نێـو ژووری تـەنیاییم. بۆیـە گـەلێ جـار خـەیاڵم دوور دوور ئـەفڕی و بـەدەم پرسـی خۆزگەیـەكی هەڵقرچـاوەوە بـە خـۆم ئـەوت"ئـاخۆ كـەی ئـەو دەرفەتـەم بـۆ هەڵكـەوێ و بتـوانم لەهەلومـەرجێكی گونجـاودا بەسەریەكەوە یان لە چەند بەرگێكدا بەرهەمەكانم چاپ بكەم؟". بەرهەمی پەرشوبڵاو لـە خێزانـی دابـڕاوو دووركەوتـە لەیـەك و ئـاوارەبوو ئەچـن!، بـە تایبـەت دوای ئـەوەی بەشێكی ئەو بەرهەمانە، تێكەڵ وپێكەڵ، لە پەڕەكاغەز و دەفتـەری چـرچ و لـۆچ بـووی گرمۆڵـە بـوودا هەریەكـەو لـە قوژبنێكـدا گیرسـابوونەوە، ئـەم خۆزگەیـە لـە شـاخەوە سەرچاوەی گرت. هەڵبەت ئەو بزووتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبییە شێلگیرەی كـە هـەر لـە ساڵانی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلولەوە، لەو شاخ وداخانەدا و لـە كونـە ئەشكەوتدا لـە دایكبوو بوو، لـەنێو چـەقەنە بـەردا پێڕەوكە بووبـوو. بەتایبـەت لـە دوای هاتنەكایـەی (یـەكێتی نووسـەرانی كوردسـتان) و تـا ئەوكاتـەی منـیش ڕوومكـردەوە چـیاو بـووم بـە شـاگردی ئـەو یەكێتییـەو نزیكـەی دووسـاڵ شـەرەفی هاوبەشـیكردن و بەشـداریم لـەو

بزوتنەوەیەدا پێبڕاو تا دواتریش و تا ئەو ڕۆژگارانەی کە گازی ژەهراوی و چەکی کیمیاویی لەو مەڵبەندە ئازادکراوانەدا تەنگی بە ژیان و هەناسەدان هەڵچنی، تا ئەو سەردەمەیش و تا ئیستەیش و بەردەوام. مەشخەڵی هەڵکراوی ئەو بزووتنەوەیە شان بەشانی هەڵمەت و شەڕی چارەنووسی پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکان، بەخشندەو بەرفراوان، هەر لەگەشەکردن و تیشکدانەوە و تەنینەوەدایە، چاپخانەکانی نێو ئەو لێرەوار و کەژوهەردانە، خۆیان بۆ خۆیان شۆڕشێکی تری بەرەنگاربوونەوەیان هەڵگیرساندبوو. ڕیزە نامیلکەو کتێبی ئەدەبی، فەرهەنگی، مێژوویی، وەرگێڕدراو، هەر لە شیعرو کورتە چیرۆك و ڕۆمان و بابەتی ڕەخنەوە تا ئەگاتە سەربابەتە جۆربەجۆرەکانی تری کولتور بەگشتی، شایەتی بەڵگە نەویستن بۆ شان و شکۆی پیرۆزی ئەو بزووتنەوەیە. هەر لە گەرمەی جۆش و خرۆشی ئەو بزووتنەوەیەدابوو، کە چەند جارێك ئەو شیعرانەی پەیوەندییان بە ئەدەبی بەرەنگاربوونەوە و سەروەریەکانی جیهانی پێشمەرگایەتیەوە هەیە، چ ئەوانەی لەشار نوسیبومن و بە نەهێنیی بلاوببوونەوە و چ ئەوانەی لە شاخ و لەنزیك سەنگەرەکانەوە لە دایك بووبوون، لەو چاپخانە خۆشەویستانەدا، لە چاپدران ولە ئەشکەوتە نسرمەکاندا سەریان لە هێلکەی وشە جووقاو، لە ڕەوەزەکاندا پێیانگرت و تا دواتر چوونە بەر هەتاوی پێدەشتەکان و سەرئەنجام خۆیانکرد بە هەناو و دڵ و هەگبەی هەزاران پێشمەرگەی گەرمێن و کوێستانی گەلە قارەمانەکەمدا، هەر لە بەهاری ئەو ساڵەیشدابوو، کە لە گۆڤاری(گزنگ)ی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان/ لقی کەرکوکدا کە ئەویش یەکێکبوو لەو ئەستێرانەی لەسەر (دابان) چاوی هەڵهێنابوو، لەوێدابوو، ئاگاداریەکم بلاوکردەوە، کە تیایدا بۆ یەکەم جار نیازی لە چاپدانەوەی بەرهەمەکانم بە خوێنەران ڕاگەیاندبوو، تکایشم لە شیعر دۆستان کردبوو، کە ئەگەر هەندێ لەو شیعرانەی لای خۆم نین- ئاماژەم بۆ کردبوون- و لای ئەوان پارێزراون و بەر لە دیوانی یەکەمم لە چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی ئەو سەردەمانەدا بلاوبوونەتەوە، بۆم بنێرن تا بتوانم لە دەرفەتێکدا بێ کەمو کووڕی و بەسەریەکەوە چاپیان بکەمەوە. بەلام ئیتر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زریانی پێشمەرگایەتی توندوتیژتر ئەبۆوەو، بەرەنگاربوونەوەی

ئەژدەهاك تووشترو، شالاوی درندانەی ئاسمان و زەوی بەربلاوترو شێتگیرانەتر ئەبوون. بۆیــە هــەل و مــەرجی هاتنــەدی ئــەو پرۆژەیــە نەرەخــساو خەونەکــە نەهاتــەدی و پەرەکاغــەزی هەناســە ســاردم خــستەوەباوڵ. لــە کۆتــایی ســاڵی 1986دا، بەدەســت پێشکەری و پێشنیاری دڵسۆزانەی ڕێبەرانی پێشمەرگە و ویستی خۆیشم ڕێی هاتنە دەرەوەم بەرەو ئەوروپا گرتەبەر، ئیتر لە ژیانی دوور وڵاتیدا تا بوویشمە پەناهێنەدەی وڵاتی سوید ئەو حەزو خۆزگەی لە چاپدانەوەی بەرهەمانەم بووە خولیایەکی ڕۆژانە و لــە وڵاتــی تریــشەوە داواکــاریی بــەردەوامی شــیعر دۆســتانی کــوردی ئــاوارەی وڵاتــەکانی ئەوروپا و هەروەها هەل و مەرجی لەبار بۆ یارمەتی و دەست گیرۆیی لە چاپدانیان لەم وڵاتەدا، گورجتریان کردمەوە بۆ ئەوەی بکەومە کۆکردنەوەو پێداچوونەوە و ڕێکخستن و ئامــادەکردنی شــیعرەکان تــا لــە نــزیکترین دەرفەتــدا بیانخەمــە بەردەســت. هەڵبــەت بەرلــەمن ئــەوە وتــراوە کــە هــەر شــاعیرێ تــا بەســەر بــژی و وەك ئــەڵێن لــە بــازاڕی مەرگدانــەبێ، نــاتوانین نــاوی ســەرجەم و کۆتــایی لــە چــاپکراوەکانی بنــێین، بــەپێی مەزەنەی بۆچونێکیش پرۆژەی لە چاپدانی ئەم بەرهەمانە کە بە ناونیشانی (دیوانی شێرکۆ بێکەس) چاپ ئەکرێن، تەواوی ئەو شیعرو چیرۆکە شیعرو شانۆنامە چاپکراوو چاپ نەکراوانە ئەگرێتەوە، کە لە دیوانی (تریفەی هەڵبەست)ەوە 1968 تا کۆتایی 1988 و چەند شیعرێکی سەرەتای ساڵی1989 نوسیومن. بەڵام ئەوەی شایانی باسە و پێویستە هەر زۆر سەرنجی خوێنەری بۆ ڕابکێشم و ئاگاداری بکەم، ئەوەیە: کە پاش و پێــشکەوتنێ کەوتۆتــە زنجــیرەی لــە چــاپدانی ئــەم پرۆژەیــەوە، کــە پێویــستی بــە ڕوونکردنەوەیەکی خێرا هەیە. واتە بە دەستووری باوو چاوەڕوانکراو ئەبوایە بەشی یەکەمی ئەم دیوانە، لە یەکەمین کۆمەڵە شیعری چاپکراوەوە کە(تریفەی هەڵبەست)ە دەستی پێبکردایە. بەکورتی لە شیعرەکانی قۆناغی یەکەم و سەرەتاوە بەرەو ئیستە بهاتایە، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك، کە لەپێش هەموویانەوە، دەست گیرنەبوونی ئەو کۆمەڵـە شـیعرەبوو-وەك پێـشتر بـاسمکرد- کـە لـەکاتی خۆیـدا نەچـونەتە نـاو دیـوانی یەکەمەوە و هەر چاو لەرێی گەیشتنیان بووم و نەبوون، ئەویش بۆ ئەوەی ڕەنگ و ڕووی نەخشەیەکی ڕونترو ئاشکراترو تەواوتری سەرەتای دەستپێکردن و زەمینەی

ڕسکانی بەهرەی شیعرم بخەمە پێش چاوی خوێنەران و بەتایبەتی ئەو ڕەخنەگرانەی ئەگەر مەبەستیان بێ لەسەر یەکەمین سەرهەڵدان و پشکوتنی ئەو بەهرەیە بنووسن. بەڵام بەداخەوە هەوڵێکی زۆرم داو چنگم نەکەوتن و تا نووسینی ئەم پێشەکیەش بەهیوای دەستکەوتنیان هەر چاوەڕوانم سا بەشکوو پێم بگەن و بیانخەمە سەر شیعرەکانی (تریفەی هەڵبەست) کە ئەچنە بەرگی دووەمی ئەم دیوانەوە، ئەمە جگەلەوەی لای خۆیشمەوە وام بەباشترزانی کە مادەم ئەو بەرهەمانەی تا ساڵی 1984 لە شارداو بەچاپی ڕێکوپێکتر و لەبەر بڵاوترین ناوچەکانی کوردستانی خوارو داو بە ژمارەی زۆرتریش کەوتوونەتە بەردەستی خوێنەران و کەم و زۆریش لەسەریان نوسراوە، هەرچۆنێك بێ ئەوان بەختیان لەو کۆمەڵە شیعرانە چاکترە کە تا ئیستە وەك دیوانی سەربەخۆ چاپنەکراون. یان ئەگەر چەند بەشێکیان لەو شاخ و کێوانە چاپکرابن، لەبەر بارودۆخی دژوار و ئاڵۆزی کوردستان و مەترسیی هەڵگرتن و پاراستنیان ڕەنگە فەوتابن و بەبەراوردیش لەگەڵ دیوانە چاپکراوەکانی پێشووتردا، ئەمان لە سنورێکی تەسکتردا بڵاوبوونەتەوە، جا لەبەر ئەو هۆیانە بڕیارمدا کە لە یەکەمین دەرفەتی هەڵکەوتوودا، ئەم شیعرانە چاپ بکەم و لەم سەرە گرتنی ڕێزەدا ئەمان پێشبخەم و بۆ جاری داهاتویش بگەڕێمەوە سەر ئەوانی تر. ئیستەیش بەرلەوەی یەکە یەکە دەستنیشانی ئەو دیوانانە بکەم کە ئەم بەشەیان پێك هێناوە، بە پێویستی ئەزانم سەبارەت بەو شیعرانەی کە لە کاتی خۆیاندا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە ئەوە بڵێم: لەبەر ئەوەی لەکاتی خستنەسەر دەفتەر و نوسینەوەیاندا ناو و ساڵرۆژی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەم تۆمار نەکردبوو، لێرەو لەم دوور وڵاتیەیش دەرفەتی دەسکەوتنیان ستەم بوو، بۆیە نەمتوانیوە وەك پێویست ئاماژە بۆ یەکەمین سەرچاوەی چاپ بوونیان بکەم، بەڵام ئەگەر بۆ جاری دووەم و لەم چاپەدا هەر ئاڵوگۆڕێکی هونەرییان بەسەردا هاتبێت، یان تێبینی و ڕوونکردنەوەیەکی پێویست هاتبێتە پێشێ، ئەوا با کەمیش بووبن، لە پەراوێزداو لە جێی خۆیاندا خراونەتە پێش چاو. ئەمە جگەلەوەی هەوڵمداوە لەکاتی چاوپێداگێڕانەوە و سەرپەرشتیکردنی تێکڕای بەرهەمەکاندا بە چاپکراوو چاپنەکراوەوە، لەم بەرگەو

لەبەرگەکانی تریشدا، ئەو هەڵانەیش ڕاست بکەمەوە کە لەم لاو لەولا کەوتوونەتە نێو شیعرەکانەوە، جا چ بەهۆی هەڵەی چاپەکانی پێشووترەوە بووبن، یان بەهۆی بەسەرداتێپەڕبوون و غەفڵەتی خۆمەوە، بۆ نموونە وەك تێکچوونی کێشی نێو بەیتە شیعرێ لەناو قەسیدەیەکدا، یان پاش و پێشکەوتنی دوو ووشە کە ڕەنگە مانای ڕستەکەی گۆڕیبێت. ئەگەرچی دڵنیایشم ئەم جۆرە هەڵانە ئەکەونە بەرهەمی هەموو شاعیرێکەوە. باخی شاعیریش بێ خەوش نابێت.

بۆ ڕێبەریکردن و ڕوونکردنەوەو ئاگاداری زیاتری خوێنەریش، بەپێویستمزانی هەر بە هەمان ڕیزی زنجیرەی چاپبوونیان، دەست نیشانی ئەو دیوان و کۆمەڵە شیعرانە بکەم کە لەم بەرگەدا کۆبوونەتەوە:

1ـ دیوانی ڕەنگاڵە: ئەم کۆمەڵە شیعرە بەر لە ئیستە وەك دیوانێکی سەربەخۆ چاپنەکراوە. بەشی زۆری ئەم هۆنراوانە لەکاتی خۆیاندا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی وەك: (هاوکاری، بەیان، برایی، نووسەری کورد، پاشکۆی عیراق، کاروان)دا، لە نێوان ساڵانی 1974 – 1984دا بلاوکراونەتەوە. هەڵبەتە کۆمەڵێکیشیان بۆ یەکەم جارە لەم دیوانەدا چاپئەکرێن و بەر لە ئێستە لە هیچ شوێنێکدا بڵاونەکراونەتەوە. هەڵبـژاردنی ناوی(ڕەنگاڵە)یش – کەخۆی باڵندەیەکی بچووکی ڕەنگاوڕەنگە- هەر لەم هەمە ڕەنگی و ساڵی جیاجیاو ئاوازە هەمە جۆرانەی ناو ئەم دیوانەوە هاتووە و دوای ورد بوونەوەیش وام بە چاکزانی بەپێی لێکچوونی جۆری بابەت و ئاشنایەتی و نزیکی هەر تاقمە شیعرێ لەگەڵ یەکتردا- نەك بەپێی زنجیرەی ساڵڕۆژی نوسینییان- بیانکەم بە چەند بەشێکەوە و هەر بەشەیش ناونیشانی تایبەتی خۆی بۆ دابنێم.

2ـ دیوانی داستانی هەڵۆی سوور: بریتییە لە یەك قەسیدەی درێژو لە شێوەی هێشویەکدا لە چەندین دەنکە بەش پێکهاتووە، بەڵام هەر هەموو دەنکەکان ڕواوو سەوزبووی سەریەك لاسکن، یان وەك پەڕی پانکەیەك چەندین پەڕن و بەڵام یەك تەوەر ئەیانسوڕێنێتەوە. ئەم قەسیدەیە لە شاری سلێمانی و لە مانگی ئەیلولی 1981دا دەستکراوە بە نووسینی و لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا تەواوبووە، ئەم قەسیدەیە لەگەڵ قەسیدەی(کۆچ)دا، کە لە هاوینی ساڵی 1975دا لە مەنفاو لە

ناحیــەی بەغــدادی نوســراوە و دواتــر لــە دیــوانی (دوو ســروودی کێــوی)دا لــە ســاڵی 1980دا چاپکراوە، وەك دووسەری پردێك، یەك یەکتری تەواوئەکەن، ئـەم قەسـیدەیە بـۆ یەکـەم جـار لـە سـاڵی 1984دا و لـەناو شۆڕشـدا، لەلایـەن(یـەکێتیی نووسـەرانی کـورد)ەوە بڵاوکرایـەوە و بـۆ جـاری دووەمـیش لـە سـاڵی1986دا دیـسان هـەر لـەناو شۆڕشدا لـە دیـوانی(هـەڵۆ)دا، وەك زنجیـرەی ژمـارە(41)ی بڵاوکـراوەی هـەمان یـەکێتی چاپکرایەوە. ئەوەی شایانی باسە، هاوڕێی ئەدیب کاك(سامی شـۆڕش)یـش پێـشەکیەکی دوور و درێژی بۆ ئەم چاپەیان نوسیبوو.

3. دیوانی کەشکۆڵی پێشمەرگە: لە ئەسڵدا ئەم دیوانە هەر بە هـەمان ناونیـشان لـە سـێ بـەش پێکهـاتووە، کـە جیـا بـە جیـاو یـەك لـە دوای یـەك لـە سـاڵانی 1985 – 1986دا لە چاپخانەکانی نێو شۆڕشدا چاپکراون، بەشی یەکەمی ئـەم کۆمەڵـە شـیعرە لە نێوان ساڵانی 1980 – 1984دا لە شاردا نوسـراون و بـە نـاوی نـەهێنی و ڕێگـەی نـــەهێنی گەیەندراونەتـــە نێـــو ســـەنگەرەکانی پێـــشمەرگە و لـــەڕادیۆی شۆڕشـــەوە خوێندراونەتـەوە. بـۆ جـاری دووەمـیش هەرسـێ بەشـەکە لـەناو دیـوانی (هـەڵۆ)دا لـە بڵاوکراوەکـــانی یـــەکێتیی نووســـەرانی کوردســـتان، زنجـــیرەی (41)، ســـەر لـــەنوێ چـاپکراونەتەوە. هەڵبـەت خوێنـەری زیـرەکیش ئـەبێ ئـەوە بزانێـت کـە شـیعرەکانی کەشکۆڵی پێشمەرگە بەر لە هەمووکەس بۆ خودی پێشمەرگە و دنیای ئـەوان نوسـراون و لـە تاقیکردنـەوەی ئەوانـەوە سەرچاوەیان گرتـووە. لـە پلـەی یەکەمیـشدا بزوانـدن و چێژ لێ وەرگرتنی ئەوانم لا مەبەست بووە. هـەر لەبـەر ئەمـەیش (هەنـدێ جـار) خـۆم بەدەستی خۆم، لە پێناوی چارەنووسە گەورەکەدا، قوربانیم بە هەندێ لایەنی ستاتیکی جوانکاری داوەو ساکارانە نا بەڵام سادەتر دامڕشتوون. بەلای منـەوە لـەو سـەردەمانەدا، لەم مەیدانەی پێشمەرگەدا، هونەری شیعریش، هەر ئەوەی داوائەکرد.

4. دیوانی ئاوێنە بچکۆلەکان: ئەم دیوانە تەرخانکراوە بۆ کورتە شیعرەکان، کـە لـە بنەڕەتـدا درێـژەدان و گەشـەپێکردنی هـەمان تاقیکردنـەوەی پۆسـتەرە شـیعری دیـوانی (کازیوە)ی چاپکراوی ساڵی1978 ن، بـەر لـەم چاپە تـەنها (40) شـیعریان لـە ساڵی 1986داو لـەناو شۆڕشـدا بـە هـەمان ناونیـشان (ئاوێنـە پـچکۆلەکان) لـە چـاپدراون و

بڵاوبوونەتــەوە. . ئــیتر بــاقی شــیعرەکانی تــر، کــە هەنــدێکیان هــەر لــە کوردســتان نوسراون و کۆمـەڵێکی تریـشیان لـە دەرەوەی وڵات، تـا ئیـستە لـە دیـوانێکی سـەربەخۆدا چاپنەکراون، هەڵبژاردەیەکیـشیان لـە گۆڤـارە کوردیـەکانی ئـەوروپادا لـە نێـوان ساڵانی 1987 – 1988دا بڵاوبوونەتــەوە. زۆربەشــیان بــۆ یەکــەمجارە لــەم دیوانــەدا بەرچاوئەکەون. ئەوەی شایانی باسە، هەڵبژاردەیـەك لـەم کورتـە شـیعرانە و هـەر بـەو ناونیـشانە وەرگێڕاونەتـە سـەر زمانـەکانی عـەرەبی و ئیتـاڵی و سـویدی و فەرەنـسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی کە هەندێکیان چاپکراون و کەوتونەتە بازاڕەوە و ئەوانی تریشیان لەبەردەم کارتیاکردن و ئامادەکردندان بۆ لە چاپدان.

5ـ دیوانی شایی شەهید: بریتییە لە کۆمەڵە قەسیدەیەك کە بەر لە ئێستە وەك دیوانێکی سەربەخۆ چاپ و بڵاونەبۆتەوە، چەند شیعرێکیان لە کوردستان و ئەوانی تریشیان لە دەرەوەی وڵات نوسراون. چەند دانەیەکیشیان لە نێو شۆڕش و لە گۆڤارە کوردییەکانی ئەوروپادا بڵاوبوونەتەوە.

6ـ دیوانی تەم توومان: دوا دیوانی ئەم بەرگەیە و بریتییە لە دوو قەسیدەی درێژ تەم(تووومان) و (ژەهر) ئەمەی دواییان دوا قەسیدەی ئەم بەرگەیەو لە بەهاری 1989دا نوسراوە، قەسیدەی(تەم تووومان)یش لە کۆتایی ساڵی 1988دا نوسراوە و پێشکەشی هاوڕێم شەهید(ئازاد هەورامی)م کردووە کە لە ساڵانی 1985 – 1986دا و لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لە نزیکەوە یەکترمان ناسی و چەندین یادگاری شیرین و تاڵی شەوو ڕۆژی بەیەکەوەبوونی نێو شۆڕش و ئەو شاخ وداخانە ڕیشاڵی گیان و دڵی بەیەکەوە بەستین و دوای شەهید بوونیشی هەر ئەو خۆشەویستیە بووە هەوێن و گریانی بێ دەنگی ئەم قەسیدەیە.

★ ★ ★

ئیستەیش لە پاشکۆی ئەم پێشەکیەدا ئەمەوێ دەقی تەواوی ئەو وتەیەم بخەمە پێش چاو کە بۆ یەکەمجار لە کۆڕە گەورەکەی ستۆکهۆڵمدا، لە ڕۆژی 1987/8/8دا، لە هۆڵی (فولکێت هویس)، لەبەردەم سەدان کوردی ئاوارە و دووروڵاتدا و دواتریش لە زۆربەی ئێوارە کۆڕەکانی وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپادا خوێندمەوە. بەڵام پێویستە

ئاماژەیش بۆ ئەوە بکەم، کە لە مشت وماڵو بژارکردن و دوا چاوپێداگێڕانەوە و داڕشتنەوەدا، قەڵەمی لێ زیادکردن و بڕینی هونەریم تێخستۆتەوە. بەڵام بەگشتی هەیکەلی وتەکەو هێڵی مەبەستەکان و زەمینەی کات و شوێن و ڕووداو و بیرو بۆچوونەکانی ئەو وەختەم وەك خۆیان هێشتۆتەوە.

دیارە هۆی هەڵبژاردن و چاپکردنی ئەم وتەیەش لێرەدا جگەلەوەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە بەشێکی زۆری شیعرەکانی ئەم دیوانەوە هەیە (بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی بۆ پێشمەرگە و شەهیدانی پێشمەرگە و نەبەردە خوێناویەکان وتراون) لە هەمان کاتیشدا لە زۆر بڕگەی ئەم پەخشانە وتارەدا باری سەرنجی ئەدەبی و فیکری خۆم بە کورتی دەربڕیوە. جا ئەگەرچی ئەم وتەیە بەر لە کارەساتە گەورە و مەرگ چێنەکانی ساڵی 1988 و دواتر نوسراوە، بەڵام هەر کوردستانی لەت و پەتکراو ڕوانگەی قەڵەمەکەی بووە. لە لایەکی تریشەوە، ئەم نووسینە یەکەمین یادگاری وتارێکە کە دوای ئاوارەبوون و دوور وڵاتیم لە دایکبووە و حەزئەکەم لە گەورەترین ئەلبومی دیوانی خۆمدا بیپارێزم و لەتەك شیعرەکانمدا بۆ نەوەی کوردی دواڕۆژی جێبێڵم. لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی وتەکە لە ئەسڵدا بۆ(خوێندنەوە و گوێگرتن) نوسراوە، دواتریش هەروام لاپەسەندبوو ڕووی دەم و دووکردنە خەڵکی لە وتارەکەدا چۆن بووە بەوجۆرە دایڕێژمەوە.

★ ★ ★

خوشك و برا ئازیزەکانم!

هاوڕێیانی خۆشەویست!

لە کوردستانی شۆڕش و هەڵۆ سوورەکاندا، لە شەوی خاکێکی هەمیشە ژان گرتوو بە برووسکەو ڕەهێڵەوە، لە گلۆربوونەوەی کەستەکە بەفری تەمەنی ڕوو لە لێژایی و داچوونی خۆمدا، بۆ جاری سێهەم، سێهەم شەقژن و هەڵفڕین، منی عاشقی وەك (مەم و وەلی) سەوداسەر و ڕۆح گلاراو، هۆش و گۆش ئاوێزان بووی، لە دەورگەڕاوی، بەژن و باڵا سەوزی ئەو خاکە دەزگیرانە شیرینە، وەك قەڵەمێکی دیکەی وشە لە کردار موتوربە کردووی (یەکێتیی نووسەرانی کوردستان)، ڕووی هەڵوێستم کردەوە شاخی

قیبلـه و پـشت و پـەنا، لای ئـەو بـازە بەلـەش ڕووتەڵـە و بـەگیان تێروتەسـەلانەی، کـە لـەدوای کەسـیرەبوونی هـەر چـوارپەلی ئەسـپەکەی ئـەیلول و هەرەسـی هیـوا بـەژێرەوە کـردووی مانگـە شـوومەکەی (مـارت)ەوە، تائـەمڕۆ، لەبـەر مەتـەڕێزی هەرەپێـشەوەی ڕووبەڕووبوونەوە و چنگ نانە چنگی مەرگدا، لەسەر دەمـە خەنجەری لوتکەوە بـانگی ئازادی ئەدەن و بە دەستی دەمار دەرپـەڕیوی بـاوەڕ، کوورەی ئـاگری ڕاپـەڕین و زەمـین جۆشـدانێ ئـەدەمێنن، کـە خـوێن سـووتەمەنی و گیـانی ئـاڵو واڵا دەسـتە بـەرێتی. ئـەو کوڕانــەی کێـوی سەرکەشــن و جڵەونــەکراون. ئــەو ئەفـسانە ڕاسـتیانەی لەبـەر ڕقـی ئەستوور و دڕکاویی پەلامار و شالاّوی بەکەڵبە جیڕی داگیرکـەردا وەك مـاهی و ڕەوەزی هەزار بە هەزار عاسین و لە گەردەلوولی هەڵمەتیاندا مەحاڵیش یخ ئەدەن! ئەو کون لـە جەرگدا نەبووانەی کە دەستە لە دوای دەستە لە مرندا ژین و لە هەڵوەریندا گەشانەوە و لە سووتان و هەڵقرچانیاندا شەفەقی بەربەیان بۆ ئایندە ئـەهێنن. ئـەو چـراوگانەی لە تاریکستانی چاو چاو نەبینی دوای هەرەسەوە، لە کۆت و پێوەندی شەختە و پـشکۆی لـە دەسـت و قـاچ ئـاڵاوی زیندانـەوە، لەبـەر ئەڵقـەی شـۆڕەوەبووی پـەتی سـێدارەو ژێـر بوردومــانی دۆزەخ ئاســاوە، لــە دنیــای بــەژەنگ و ژاری دەم داپــچڕیوی برســێتی و تینوێتییەوە، چاویان هەڵهێناوە و کەوتوونە ڕێ و ئەوەتا ئێستەیش هـەر چیاو دونـدی کەڵ ملن و هەر حەسارۆست و شاهۆو ئارارات و پیرەمەگرونن، ئەوەتا ئەگەرچـی دنیـای چاوچنۆك و کـەڕولاڵ و بـۆنی دەم نـەوتاویی، جیهانی بـە گفتـار پێغەمبـەر و بـەکردار سۆزانی، لە ئاستی داستانی قارەمانانـەی ئەفسانە ئاسای پێشمەرگە و چـڕە دووکـەڵ و بۆکڕوزی ئەم کوردە تەنیایەدا، چاو بنوقێنێ و بە مسی بەرژەوەندی گوێچکە تەپەکانی خۆی بئاخنێ، لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوەتا ئەو بروسکەو زریانانە، مێـژوو ئـەخولقێنن، لـە هەناوی خوێن وڕەنـج و ئارەقەی زەنگۆڵ زەنگۆڵی ڕێگایانـەوە، گوڵ ئەسـتێرە دائـەبارێ ئــەوەتا لەگــەڵ قڕکــەرترین چــەکی نەهــەنگی ڕژێمێکــی تــا بینــە قاقــا لــە خــوێن هەڵکێشراوی کورددا خۆرن و ئەجەنگن، بـە کڵپـەی جەسـتەو بڵێـسەی خۆیـان تـاریکیی ڕائـەماڵن، نرکەیـشیان هـەر زوڵاڵ و زەنگـی دەسـتە و پەلیـشیان پـڕ بـە گـوێی هـەموو کوردستان ئەزرنگێتـەوە. مـن لـە کوردسـتانی ئـەو پێشمەرگانەوە هـاتووم و پریاسکەی

چوار وەرزی شیعریشم بەرلەوەی لە: شام و فلۆرەنسە و ڤینیسیا و تۆرینۆ و ستۆکهۆڵم کردبێتەوە، پێشتر، لە مەرگەو سیروان و سەرگەڵو و بەرگەڵو و گاپیلۆن و یاخسەمەر و دۆڵی جافەتی دا کردۆتەوە، نۆبەرەی بەشی زۆری ئەم میوەی شیعرانەیشم بەر لە ئێوە ئەو پێشمەرگانە کردوویانە، دەم شیرینکردن و ئافەرین و ئۆخەی گیان و زەردەخەنەی چاوی ئەوانیشم لە هەموو خەڵاتێکی تری ناو ئەم دنیایە لەلا بە نرختر و پیرۆزتر و گەورەترە!. من لەو مەڵبەندانەوە هاتووم کە لە کوردستانی خوارودا، لە ڕێڕەوی بەهەڵمەت و ئازاری درێژی شۆڕشی نوێدا، لە نێو هەموو تێکۆشەراندا، لە نێو هەموو شۆڕشگێڕاندا، لەنێو هەموو کەڵەمێرداندا، ڕووباری خوێنیان لە هەمووان بە خوڕتر و بەردەوام ترو ژمارەی کەڵەمێردی سەر بڕاویشیان لە هەمووان زۆرتر و پەتی سێدارە و قەنارەیشیان لە هەمووان درێژتر بووە! لەوێوە هاتووم.. باوەشێك لەو شیعرانەم بۆ هێناون کە بۆن و بەرامەی خاکی موقەدەس و گوڵی کێوی و ئارەقەی بەرگی خاکییان لێ دێ. بە دەمارە دەرپەڕیوەکانی پشتی دەست و قاچیاندا خوێنی شەهیدان ئەگەڕێ. لە باڵا ئاوێنەی: وێنەو، ڕستەو، زەماوەندی وشەکانیاندا، چاوی خەماوی و ملی بەلارەوە گرتووی منداڵانی پەرەوازە و، بەژنی درەختی بە پێوە هەڵپروکاو و، گوڵاڵە سوورەی سیس بووی گۆنەی کچی دەزگیران کوژراو و، لەنجەی کۆتری سپی بە دووکەڵ ڕەش بوویان تیا ئەبینرێ. ئەو شیعرانەی لە کۆچی گەرمێن و کوێستانی بەرەو ژوور و بەرەو خواردا هەناسەی پێدەشتەکانی گەرمێنیان بە هەناسەی ساردی کوێستان و زەنویرەکان موتوربە کردووە، ئەو شیعرانەی کە لە هەگبە و کۆڵەپشتی پێشمەرگە لاواز و ڕەقەڵە لە ئاسك چووەکانی تیپەکاندا، هەر بە تەنیشت ڕیزە فیشەکەوە هەڵگیراون و ئەم سەرو ئەوسەری نەبەردە دوور و نزیکەکانیان کردووە و گەلێ جاریش هەر لە پاڵ ئەواندا زامدار و شەهیدبوون و پێکەوە خوێنیان چۆڕاوەتەوە بن دەوەن و بنچك و سەر تاشە بەرد و جۆگەلە ئاوەکان. ئەو گۆرانیانەی لە چریکەی دەنگ هەڵبڕینیاندا سنوورە مێردەزمەکان ئەبەزێنن و لەیەککاتدا وەك تریفەی مانگە شەوێکی هاوینی دەم بەشنە، زیو پرژێنی قژی دیاربەکر و باڵای سابلاخ و چاوی هەولێر بەیەکەوە ئەکەن. لەیەککاتدا پەنجەرەی هەتاوی ناودڵی یەڵماس گۆناو نەجۆو ئاوارە و

سـولّتانی و لـەیلا قاسـم و شـەهاب ئەخەنـە سەرپـشت. هـەر لەیـەك ساتیـشدا، لەیـەك چاوتروکانیشدا، پۆلە چۆلەکەکانیان دەنـووك لـە زرێبـار و سـیروان و وان وەرئـەدەن و بەیـەك دەنگیش بۆ عەشقی شـیعری خـانی و نـالی و وەفـایی ئـەخوێنن و لەیـەك کاتیـشدا سەرچۆپی شایی یەکگرتن و تەبایی و ئاشت بوونەوەی گەرمی کوردستانیی لە ئەتروش و مێرگەسوور و زاخۆ و بامەڕنێ یوسفی و دۆڵی جافەتی دائەگرن!.

ئەم چارەنووسی خۆشەویستییە پیرۆز و مەزنە وەك هەڵگورد و ئاگری داغ و شاهۆن، نە گازی ژەهراوی هەڵگورد ئەخنکێنێ و نە زیندانی ئەویشیان ئاگریداغی پێ ڕاپێچئەکرێ و نە پەتی سێدارەکانی ئەولایش ئەگاتە ملی شاهۆ!.

## هاوڕێیانی خۆشەویست:

ئالەم ڕۆژگارە ئەموستە چاوو، ژیانە بە هەڵەت و دژوارەی ئێمەدا، شیعر ئەبێ چۆنبێ؟ ئەم هونەرە ناسك و گرانە، ناسك وەك باڵی پەپوولە و گران وەك داگیرکردنی دڵی شۆڕشگێڕ!، هونەرێکی وا.. چۆن ئەتوانێ لە نێوان شەڕی چارەنووسی خۆر و شەوەزەنگدا، لە نێوان هەستی تایبەتی شاعیر و دارستانی هەست و ئاوات و خۆزگەی خەڵکدا، لە نێوان فەننی وردەکاری، وردەکارییەك بەوێنەی کاری هەنگ و کرمی ئاوریشم و لەم لای ترەوە سروشت و پێداویستیەکانی ڕۆژانەدا، تەوەر و چەقی ڕاستەقینە بدۆزێتەوە؟! شیعر نە قسەو هەڵبەستنی ساکارە و نە دروشمی زەقی بانگەشەو و هاواروجاڕ. نە گرێ کوێرە و نە مەتەڵی هەزار پێی بە پێچ و پەنای وشەگرفت. شیعری ڕاستەقینە وەك ڕاستیی ئاسانەو هەر وەك ڕاستیش گرانە. کوتومت لە خۆشەویستی ئەچێ کە نەچووە قولایی ناخەوە، وەك گوڵ گوارە گوێچکە دەروونی نەسمی، کە لە ژێ و تەلی هەست و نەستی گوێ گرو خوێنەری نەداو نەیبزواندن و گەلاکانی درەختی دڵی نەلەرانەوە، زەردەخەنە، یان، فرمێسکیان نەزاندە کالانەی چاو.. کە دڵدار و دڵخوازی پەیدانەکرد نابن بە شیعر با بە زاخاوی زێڕیش بنوسرێتەوە و یان با سەدان خێڵی ڕەخنەگریشیان لە پشتەوە بێت!.

زەردەخەنەی جوانی منداڵ و ئازایەتی پێشمەرگە.

بریسك و هووڕی نیگای دڵدارو پەلکە زێڕینە.

بۆن و هالاّوی نانی گەرم و گەورەیی شەهید.

چۆن بەبێ هیچ ڕاسپاردە و ڤیزەو تکایەك خۆیان ئەکەن بە ناخداو دەزوولەی تەزوو بە جەستەدا دێنن و لەسەرسامی خۆیان هەڵمان ئەکێشن، شیعری ڕاستەقینە و ڕەسەنیش، شیعری پاك و جوانیش، کۆن بن یان تازە، هەروان. لەم لای تریشەوە، ئەو شیعرەی، ئەو هونەرەی لە دڵی گەلەکەی خۆیدا نەژی هەرگیز لە دڵی هیچ گەلێکی دیکەدا ناژی.

## هاوڕێیانی خۆشەویست:

وەکوو گوڵە بەڕۆژەو خۆر، وەك هەنگ و گوڵان، دوێنێ و ئەمڕۆیش خۆشەویستیی‌و چاوی پێشمەرگەی ولاّتەکەم لەکوێ بووبێ شیعری منیش خۆی بۆ ئەوێ کوتاوە وەك چۆن ناتوانم لەدەست و پەنجە و سیما و دەنگ و ڕەنگم لە وێنە هەمەڕەنگەکانی نێو ئەلبومی منداڵی و ڕابوردووی خۆم پەشیمان بم و گازەرەیان لێ بکێشم و نکوڵییان لێ بکەم هەروایش لە هیچ شیعر و گۆرانی و هەڵوێستێکی خۆم پەشیمان نیم، ئەوانە منن، بە نشێوو هەڵدێر و بەرزایی و نوچدان و سەرکەوتن و هەڵەو لاوازی و بەهێزی و گەوجێتی و ژیریمەوە، بە بەرهەمی کالوکرچ و گەییومەوە، وەك وتویانە شاخیش بێ دەراڵ و کەندەلاّن و شیو نییە، بەلاّم هەر لە سەرەتای ڕێگاو، با هەنگاوەکانم تێکەڵ و پێکەڵیشبووبن، هەرچی گۆرانییەکم وتبێ، گەروو هەر گەرووی خۆمبووە، یەزدانی خواست و داواکاریی هەر لە ناخی خۆمدابووە، یەکەمین سەرچاوەی هەڵقوڵینی هەموو شیعرێکم بەئاوی تاڵ و شیرینەوە لە قەناعەتی هونەرمەندانەی خۆم و ئینجا ڕەنگدانەوەی خواست و حەز و ئاوات و خۆزگەی گەلەکەمەوە لرفەی کردوە. من وەك شاعیرێ ئەو خۆشەویستییەی گیانم کەمەند کێشئەکات. هزرو هەست و نەستم ئەسوتێنێ و ئاگری عەشقی تێبەرئەدات، لاوك و حەیرانی دڵدارانەی خۆمی بۆ ئەڵێم هەزار ڕەقیبیش بەسەرمەوە وەستابێ! جا بۆ گوڵێك بێ، یان کچێ، یان ڕووبارێ، یان کۆمەڵێ.. گرنگ ئەوەیە خۆم سەرپشکی هەڵبژاردن بم و سەربەستانەش لە شەقەی باڵبدەم و دڵدارە شەیداکەم و پەروانە گڕتێبەربووەکەو هەروایشبووم! شاعیری ڕاستەقینە و دانەتاشراو، نە بە تکاو نە بە زۆر دروست ناکرێ. شاعیری وەزیفە و داتاشراو شیعرەکانی بە مردوویی لە دایکئەبن. من دوێنێ و ئەمڕۆیش بەر لەوەی ئەم کۆمەڵ یان ئەو ڕێکخراو، ڕەنگی زەمینەی

حیزبایەتییان ڕشتبێ. من خاوەنی باخی شیعری خۆم بووم. تەنانەت ئەوبراو هاوڕێ خۆشەویستانەی کە من بڕوام پێیانەو بە دۆستی نزیك و هاوبیری خۆمیان ئەزانم، ئەوان بەر لە کەسانی تر، بڕوایان وابووە، کە ئاسۆیەکی فراوان جێگەی خوێندنی کەوی شیعری منە نەك هیچ قەفەزێ!. بەڵێ من هەموو کوردستان و ئینجا هەموو جیهانیش بە شوێن گەشت و ئاسمانی فڕینی شیعری خۆم و دەنگی خۆم و هەستی بێ سنووری خۆم ئەزانم. خۆ خۆشەویستیی لە پێشی سلێمانی کە خۆم ڕسکاوی ئەوێم، بۆ هەرگیز لە ئەووین و خۆشەویستیی مەهاباد یان دیاربەکر کەل ئەکات و کەم ئەکاتەوە؟! بێگومان ئەڵێم (نەء) و جا ئەگەر ئێوەش ئەو خەڵاتە هەرە مەزنەم پێڕەواببینن، ئەوا من خۆم بە شاعیری هەموو گەلی کورد، بە شاعیری شۆڕش و پێشمەرگە و گوڵ و منداڵی کرمانجی خوارو کرمانجی سەرو، بە شاعیری کوردستانی دایك ئەزانم!. ئەمڕۆ و دوێنێش، لایەنگیری و دۆستایەتیم لەگەڵ هەر حیزبێکی ڕزگاریخوازو شۆڕشگێڕی کوردستاندا، هۆگربوون و ئاشنایەتی زیاتری (بەشێك) لەو شیعرانەی کە سەرچاوەیان لە قەناعەتی سیاسی و ئەزموونی ژیانی پێشمەرگایەتی خۆمەوە گرتووە و هەندێجار داشکانەوەی باڵی فڕینیان بە لایەکدا لەبەرچاوتربێ، ئەمە هەرگیز مانای پاساودانەوەی هەڵەو هەندێ هەڵوێستیی بەلای منەوە نا دروستی سیاسی ئەوان ناگەیێنێ، تەنانەت بیروبۆچوونی دوو پێشمەرگەی یەك ڕێگەش کوتومت و لە هەموو سەرێکەوە یەکانگیرو جووت و کۆك نین، ئا لەم ڕوانگەیەشەوە، وەك لۆرکای شاعیری شەهیدی ئیسپانیایش وتەنی"ئەوانەی ئەیانەوێ زیانم پێبگەیەنن و ئازارم بدەن، وەختێ خۆیان بەفیڕۆئەدەن، چونکە من هەر یەکسەر چزەو کسپەی ئەو ئازارانەم بیرئەچێتەوەو بە پێکەنینەوە بەرەو ڕوویان ئەچم".

### هاوڕێیانی خۆشەویست:

ئێمەی کوردی ئاوارە و پەرەوازەی دوورە وڵات، ئا لەم وەرچەرخانە مێژووییە ناسکەی ئەمڕۆدا، لەم سەردەمە تووشەدا، لێرەیش و لە هەموو کونجێکی دەربەدەریی نێو ئەم جیهانە ئاڵۆزەدا، چارەنووسی ژیان و بزوتن و دوا ڕۆژی خۆمان و دڵنیایی و زەردەخەنەی منداڵ و نەوەکانمان بە بزووتنەوەی ئازادی خوازانە و شۆڕشی ڕزگاری و سەربەخۆیی ئەو جوامێرانەوە بەستراوە کە ئیستە و ئا لەم ساتەدا بە کۆمەڵ ئەبنە

سوتماکی نەورۆزی ئازادی ناو سەنگەرە سەرتاسەرەکانی هەموو کوردستان. دە با ئێمەیش بە گفتار و کردار، بە دەنگ و قەڵەم داکۆکییان بکەین و بچین بە پیر کاروانی خۆری ئەوان و بانگی هەقی ئەوانەوە، ئەی ئێمە کوڕ و براو هاوڕێ و کچ و خوشکی ئەوان نین و هەر هەموویشمان لە داوێنی پاکی کوردستان نەکەوتووینەتە خوارەوە؟!

## هاوڕێیانی خۆشەویست:

ئەو دەسکە گوڵە شیعرانەی لەم ئێوارە کۆڕەدا ئەیانخەمە ناو گوڵدانی بەردەمتانەوە، گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ و هەڵبژاردەی باخەکانی چەندین ساڵی شەونخونی و گینگڵ و ڕەنج و هیواو سەرکەوتن و ژێرکەوتن و گریان و بزەی ڕابوردومن. لە هەر باخەو چەپکێ. لە شارەوە بۆ شاخ و لە شاخەوە بۆ ئێرە و تا دوا گوڵە شیعرێ کە لە ستۆکهۆڵمدا خونچەی کردبێ و گەشابێتەوە. لە شیعری وەك سیروان هەناسە درێژەوە تا ئەگاتە شیعری وەك گردۆڵکەکانی کەرکوکم کورتە باڵاً. لە گۆرانیی دەم و چاو خۆڵایی و پێ پەتی منداڵییەوە، بۆ سرودی ڕاپەڕین و دەنگی گڕی گەورەبوون، لە چاوی ڕەشی کچە کوردێکی دڵخوازی شوانکارەوە، بۆ دنیای ئازادی و شۆڕش و شۆڕشگێڕانی هەر هەموو دنیا. لە چوخمە تاریك و نوتەکەکانی دوای هەرەسەوە، بۆ لای تروسکەو شەوقی چاوی ئەو مۆمانەی لەسەر تاشەبەرد و نێو ئەشکەوتە نسرم و شێدارەکانی (قەندیل)ی سپی پۆشدا داگیرسانەوە. لە ئاوی تینووەوە بۆ شایی شەهید، لە سۆز و ئەوینی دڵداریی و سروشتی ڕەنگین و تەڕوپاراوی وڵاتەکەمانەوە، بۆ کاولاشی بە سوتماك کراوی دێهاتو کسپەی ڕاگوێزان و دەربەدەری و ئاوارەبوون و هەوای ژەهراویی...

**ستۆکهۆڵم** 1989/8/12

# ڕەنگاڵە

1974

من بۆیە ئەنووسم ، چونکە نووسین، بەداخەوە !، تەنها سەنەدی تێکۆشانمە. کریت و تورکیا ، خێرو شەڕ، ڕوناکیی و تاریکیی، هەمیشە و بەردەوام لەقوڵایی ناخمدا لەململانێ و زۆرانبازیدان. مەبەستیشم لەنووسین، ئەو مەبەستەی لەسەرەتادا درکم پێ نەکردبوو،لەدواییدا تێی گەیشتم ، ئەوەیە : چۆن بتوانم یارمەتی کریت بدەم، یارمەتی خێرو ڕوناکیی تا لەم جەنگەیدا سەرکەوێت. لە نووسینیشدا ئامانجی من ئەوە نییە بەجوانیی بگەم بەڵکوو بەسەرفرازیی.

**ڕۆمان نووس و شاعیری گەورەی یۆنان نیکۆس کازانتزاکیس**
**لەکتێبی "ڕێگای گریکۆ" و بەرگی((1))و((2))ی بیرەوەریەکانی**

# دەفتەری

# گەشت و خۆشەویستیی

# گۆرانییەکی ڕەنگاو ڕەنگ

منالْینە !
شەوێك گوێم لێبوو بەچرپە ،
بەفر
بەتریفەی ئەوت :
گیانە چرای
چاوەکانت
زیاتر هەڵکە !
گەر تۆ نەبی
هەور ئەمهێنێتە گریان
هەور دەرکە
کراسی پوولەکەی کلووی من لەبەرکە
با ئەستێرەی نیگاکانی "خاتووزین" ی
بەر پەنجەرە
لێم زیز نەبێ
خەوی ڕەنگاو ڕەنگ لەباخی
خەیاڵەکەی "کاکە مەم" دا

بەهەناسەی

هەڵوەرینی

پایز نەبێ !

★ ★ ★

مناڵینە !

بەیانییەك بینیم گوڵێ

قژی لەبەر

ئاوێنەی وردە شەپۆلی

جۆگەیەكدا دائەهێنێ

گوێم گرت ئەڵێ :

ئاوی ژینم !

گۆنەم ئاڵ كە

گەردنم پڕ

خەت و خاڵ كە

گەلای پرچم بهۆنەوە

ئەزانی بۆ ؟

تا پەرەم شەوق باتەوە.

با پەپولەی یار نەتۆرێ و

بەناكامی بڕواتەوە !

گەرتۆ نەبی

دڕك زۆرم بۆ ئەهێنێ

بەپەنجەی ڕق

ئەموەرێنیٚ !

* * *

منالّینه !

نیوەڕۆیەك سەرنجم دا

واكێلگەیەك

بەدەنگی بەرز "تۆو" بانگ ئەكا

ئەلێ وەرە و لەناو دلّی

شەقار شەقارما سەوز بە

ئەلێ وەرەو لە برینما سەردەربێنە

بەلاّم هەر بەمەرجیٚ دوایی

لەباوەشتا

كامەرانیم

بۆ بهێنە !

* * *

منالّینە ! ئێوارە بوو ،

بەفرو تریفە پێكەوە

گەیشتنە لام

ئێوارە بوو

گولّ وشەپۆل و پەپوولە

تۆو و كێلّگە

هاتنە قسە

وتیان ئێمە وا دووبەدوو

کەوتینە ڕوو

تۆ ئەڵێی چی ؟!

وتم : بۆ ئەوەی کە بەفر

جوانتر بێ لەوەی کە هەیە

تریفە زۆر دڵگیرتربێ

پەپولە زۆر ئێسك سووکتر

تۆوی کێڵگە

زیاد بەپیت تر

بۆ ئەوەی من

یەکە

یەکە

زیاتر.. زیاتر

زۆرتر.. زۆرتر

خۆشم بوێن و لە ژووری شیعرەکانما

بتانکەم بەمیوانی خۆم

بتاندەم لەبەرۆکی وشەی نازداری

ژیانی خۆم

بەئێجگاری

پەسەندتان کەم

هەر کاتێ بێ

منداڵانی ئەم دنیایە و

منداڵانی وڵاتەکەم

هەرگیز چاویان
لە شەقەی باڵی کۆترەکەی
ئاشتی نەبڕێ ،
سەربەست بن و
پێکەنینیان درەختێ بێ
هێشوی چاوی بێ گریان و
میوەی ڕەزی خۆزگە بگرێ.
مناڵینە !
نەکەن بڕۆن !
لەگەڵما بن
هەرکاتێ ئێوە دێن بۆلام
منیش شیعری
ڕەنگاو ڕەنگی
وەکوو خەوی
ئێوەم بۆ دێ !.

بەغدادی : 1976ـ 1977

# کاڵێ

لەبیرمە زۆر جار کە بەفر
وەك میوانی درەنگ وەخت
ئەهات و سووك
ئەیدا لەشووشەی
پەنجەرەی شیعرەکانم
بانگی ئەکرد :
"بیکەرەوە !
لەدوور ڕا هاتووم ودیاریم
بەرچنە وشەی نەوازەی
ڕەزێکن قەت
دەنووکی کەو لێی نەداون ! "
لەبیرمە کە بەرچنەکەم وەرئەگرت و
ئەمخستە سەر ڕەفەی چاوم
ئەویش ئەی وت :
"ئەمێنمەوە لەبەردەمتا ڕائەوەستم
هەتا نیگام ئەخەمە ناونیگاتەوە"

ـ ئەی کاڵێ گیان!
هەرگیز لەبەفری میوانی
درەنگ وەختی نازداری تۆ
من تێر نابم!
ئەی کاڵێ گیان!
وەرەو لەگەڵ
دەستی خۆتا بەفر بێنە
من حەز ئەکەم گەر تواشمەوە
لەگەڵ بەفرا بتوێمەوە
ئەی کاڵێ گیان!

بەغدادی –1975

# شەقام

بیرم ناچێ ئەو شەقامەی
ئێوارەیەك بانگی کردین
داوای پیاسەی چەند سەعاتێکی لێ کردین
بیرم ناچێ.
لەو سەرەوە
کەتەنیا خۆم گەڕامەوە
سەرنجم دا :شەقام بوو بوو بەهەردووکمان.
لەشوێن چرپەت
چرۆ سەری دەرئەهێنا.
لەشوێن تاسەم
شەوقی گڵۆپ
ڕێژنەی قژی بارانێکی
زۆر لەسەرخۆ دائەهێنا.
لەوجێ یەدا
کەپێکەنیت
زنەی ئاوازێکی ڕووناك

هەڵ ئەقولاڵ!

لەو جێ یەشدا

دەستم گرتی

بینیم لاولاوێ بە   باڵای فوارەیەکدا

هەڵ ئەزنا!

لەو جێ یەشدا

لەو جێ یەشدا

ماچم کردی

بینیم هەرچی دەم ولێوی

دڵدارانە بوونەتە هەنگ

بۆمژینی ئەو "شانە" یەی

کەماچەکەی من وتۆی کرد

بە هەنگوینی ئەم جیهانە!

بیرم ناچێ ئەو شەقامەی

ئێوارەیەك بانگی کردین

داوای پیاسەی

چەند سەعاتێکی لێ کردین

بیرم ناچێ

چۆن بیرم چێ؟!

بەغدادی –1975

# بروسكەیەك

بۆ ئیسپانیا —مەدرید—
شەقامی بیكاسۆ
گارسیا لۆركا

نیشتمانم كەشیعرەكانتی خستە ناو
كازیوەی چاو* دڵی ئیسپانیای بینی
وەك یاقوتێكی بەر هەتاو *
لەپەنجەتا ئەجریوێنێ *
لەجریوەش چەپكە بزە ئەچنێت و بەسەر لێوی
منداڵانی ناو دنیادا ئەیبارێنی* هاوڕێم لۆركا !
كوردستانم لەپەڵە خوێنی "ڤیزاردا * سواڵەی
ناو خوێنی زێڕینی كرد بەدیاری وختیە باوەش
ژانەكانم  هاوڕێم لۆركا!* لەم ساتەدا كوردستانم
لەجیاتی  ماچی دیدەنی و
سەردانی خۆی * شیعری
منت پێشكەش ئەكا.

كوردستان
سلێمانی شەقامی كەنەفانی
هاوڕێت : گۆران

# لەیەکەم سەفەردا

ـ 1ـ

وەختێ خۆم و جانتای سەوزی
مارکەی سەر پشتێن "موسلاّوی "
لەئەستەموولْ
کەدابەزین و ڕاوەستاین
لەدرەخت وبنچکێکی لا ڕێ ئەچووین
هەردووکمان هەر :
قژ خۆلاّویی
شان وملی تەپ و تۆزاوی.

* * *

وادوو ڕۆژە
لەلای ئەم شارە چاوشینە
لامان داوە
کەهەر ئەلْێی
شۆڕەژنێکە کراس سەوز

ڕاکشاوە.
بالیفی ژێر سەری کەژە و
قاچی سپیش لەبسفۆڕدا
وەك مەڕمەڕی بەرهەتاوە.
ئەم شارە برۆی پەیوەستی
سەرچاوانی شین و ڕەشی
هەر دوو شۆخی
ئەوروپایە وئاسیایە
کەئەیبینی و تێ ئەپەڕێ :
جارێك قۆڵ ڕووت وکراس کورت
جارێکی دی کراسێکی ئاودامانی
لەبەردایە.

★ ★ ★

وادوو ڕۆژە چاوی نامۆم
هەر وەکوو دوو کۆترە شینکە
هەتا ئێستا باڵ بەسترابن.
گرێی باڵیانم کردەوە و
ئەوەتا وا دەمێ بۆ سەر
گومەزی شین وخلیسکی
بریقەدار هەڵ ئەفڕن و
دەمێکی تر قژو بسکی
"منەوەر"ی ئەستەمولی

ئەکەن بەهێلانەی شیعر و
ئارامیێکی تێدا ئەگرن.

* * *

کەبەلای دیواری کۆنی مەڕمەڕینی
مزگەوتێکی کلاّو قووچدا گوزەر ئەکەم
بۆنی کەواو سەڵتەو ، بۆنی
پشتێنەکە وکلاّوەکەی نالی ئەکەم.
کەدەس ئەدەم
لەمۆردی پەرژینی باخێ
دەسم بۆنی ڕیشی ئەگرێ.
کەشەپۆلی سەرهەلگرتوو ،
پەڕەی گوڵی هەڵپچورکاو ،
دووکەڵی هەر دووکەڵ کێشێ ،
کەمندالأنی هەژاری
وەك کارژۆڵەی پەرەوازە
خەوتوو لەبن سێبەری پرد
چەتری پاسدا
بەدی ئەکەم
من بۆن ئەکەم
بۆنی بۆکڕوزی شیعری
ئاوارە بووی "نالی" ئەکەم!!

* * *

ئیسته بەناو گۆڕستانی "ئوسکۆدار" دا
ئەگەڕێم و چاوم وەکوو هەلاڵەی سیس.
چڵی مل کەوتوو بەلادا.
هەڵهێناوەی هەنگاوی خاوی پەستم ،
بەناو دارستانی سپی بەردە کێلدا ،
ورد  ورد ئەمبا.
گەورەم نالی !
ئەی "نارەوەنە" تەنیاکەی
هەڵکەنراوی خانەقاکەی
سلێمانی !
تۆ لە کوێدا
چڵ و چێوی ڕاکشاوی ؟!
موریدێکی شیعری خۆتم
هۆرەیەکی "خاك وخۆڵ " تم
هاتووم بۆلات.
گەورەم نالی !
ئەی "تانجەرۆ"ی سەرگەردان و
"سیروان " ی وێڵ
شارێك گۆڕو بێشەیەك کێل
لەکام گۆڕدا
تۆ ئێسقانی
ڕاکشاوی ؟!

گۆڕت بزر
بزر وەکوو ساڵ وڕۆژی
لەدایك بوونی هەزاران
منداڵانی نیشتمانم.
بزر وەکوو زۆر قەڵەمی
فڕێنراوی ناو گیرفانی شارەکانم.
بزر..بزر
وەك گۆرانی ودەنگی خۆش و
چریکەکەی "ئەحەی ناسر"
گەورەم نالی !
نەك گۆڕی تۆ
هەتا ئیستەش ئەم دنیایە
زۆری تیایە
زۆری تیایە
کەنازانن کوردستان خۆی
زامی گەورەی لەکوێدایە ؟!

ـ 2ـ

لە گوێ بسفۆڕ هەردوو دەستم
خستۆتە بەر پشتێنەکەم
خۆم بەتەنیا
وەك دار لیمۆیەکی زەردبووی

سەر پەڕ گرتوو
ڕاوەستاوم
"با" یەك بزێو خێرا خێرا
دێ و هێشتاکە دەستی تەڕە
بۆینباخم ڕائەکێشێ و
قژیش ئەخاتە سەرچاوم.
ئەم بایە گەڵێ لاسارە
واز ناهێنێ وناڕواتەوە ،
دێ ودەستی وشك بۆتەوە
دێ وبەبەر چاوی خۆرەوە
توند بالآم ڕائەوەشێنێ و
لیمۆی خەمم دائەڕنێ و
ئەیدا بەدەم بسفۆڕەوە.

★ ★ ★

تاکوێ بڕکات
"نەورەسە" کەی نزم فڕی
عاشقی ئاو پیا هەڵپڕژاو
تاکوێ بڕوات
بەقەڵەمباز ، بەنەرمە غار
ئەسپی شەپۆل : یاڵ سپی وبژ، کەفەڵ شینی
جڵەو بەربووی سەربەرەو خوار.
بەدوایاندا

یەکە

یەکە

من خەیاڵم وەکوو هەتاو
ئەیانگاتێ وجێشیان دێڵێ.
یان هەر وەکوو پەڵە هەورێ
ژان بەبارانەوە بگرێ
بەسەریاندا دێت وئەڕوا
ئەڕوات ودێ
تائەو ئەزێ و
تائەوان تاقەتیان ئەچێ.
یان ناو بەناو
هەر سێبەریان بۆئەکات و
وەڕس نابێ و
بەدیاریانەوە ئەوەستێ.
وەکو شاعیر بەدیار وشەوە
زەوی بەدیار پرووشەوە
چرا بەدیار
عاشقێکی بێدارەوە
هەژاران بەدیار کارەوە.
منیش ئیستا
هەنگێکم و شیلەی لێوی
ئەم بسفۆڕە باڵی گرتووم

هەرچەند ئەمەوێ هەڵفڕم
هەڵنافڕم وهەتا ئیستە
لەجێگەی خۆم
هیچ نەبزووتووم !

* * *

لەگوێ بسفۆڕ دانیشتووم و
قۆڵی کراس هەتا ئانیشك
پانتۆڵ تا ئەژنۆ هەڵکراو
هەردوو قاچم
خستۆتە ناو
ئاوی تەنکاو
ئیستە لە "تیتڕواسك" ئەچم !
تیتڕواسکێ نامۆو بێجووت
چەند ڕۆژێکە
هەرخۆی و خۆی
بەسێبەری کەنارێکی دەس تەزیوا
بەهەتاوی بەستێنێکی
ئارەقی لاجانگ نەسڕیوا
هەرخۆی وخۆی نامۆو بێجووت
بەسەر ڕۆخی داوێن تەڕا
نزم.. نزم، بەقەد باڵای
خەمی نەمام

هەڵئەفڕێت و ئینجا بەرز
لەناو تەمی
نیوە داپۆشیوی شاخا
ون ئەبێت و لەدواییدا
هەرخۆیو خۆی نامۆو بێجووت
ئەگاتە لای بەفری نووستووی
سەر هەڵەمووت !..

* * *

لەگوێ بسفۆڕ ڕاکشاوم
هەردوو دەستم لەژێر سەردا
ئیستە ئەڵێی هێرۆیەکی
سەرلق سپیم
لەدوورەوە ئاو هێناومێو
ئاولایداوم.
وەکو هێلکە شەیتانۆکەی سەر لم
چاوم نووقاو.
وەك شۆڕەبی دانەویی
گوێ گرتوو لەگۆرانیی ئاو
گوێم گرتووە :
ئەڵێی هاژە ناوم دێنێ
کەنار لایلایەم بۆ ئەکا
گەرداوی دوور بانگم ئەکا.

سەر هەڵ ئەبڕم
تۆزێکی تر هەڵ ئەسم وبەم ڕۆخەدا
ڕێگەی  ئاونگاویی ئەگرم.
ئەڕۆم هەورازی سەر بەگوڵ
دەشتی  قژ  زەرد
گردۆڵکەی هەردی ڕووت و قووت
هەمووی ئەبڕم
ئەڕۆم.. ئەچم
لەکۆڵ کێشی پاپۆڕەکان
لەبێ کاری بەندەرەکان
پرسیار ئەکەم.
ئەڕۆم "شەفیقی تۆڕنەچی " ئەبینمەوە
لێی ئەپرسم،
تا بەلەمە سەوڵ سوورە
چاوشینەکەی "نازم حیکمەت"
ئەدۆزمەوە وسواری ئەبم.
ئەوسا ئیتر هەردوو سەوڵم
ئەبن بەدوو باڵی درێژ
ئەمبەنە لای  شەپۆلی دوور
ئەمبەنە لای ئەوگەرداوەی
بانگی کردم
ئەمبەنە لای ماسیگرێ

کەهەر وەکوو خۆم تەنیایە
بەڵام ئاواتی چاو سەوزی
وەکوو بسفۆڕ لە دڵیایە

# پایزە نامەیەك

وەرەوە بابەجووت بڕۆین
خۆرنشینە وشەقامی چۆڵ
خەمێکی زەردی کشاوە
چاوەڕێی پیاسەی ئێمەیە ،
ئێوارەی ڕەنگ.. هەڵبزڕکاو
لەئاوێنەی ئەم پایزە درەنگەدا
ئەڵێی دەم وچاوی خۆمە
دەم و چاوی پێش حەوت ساڵم
ئەوساتانەی
کەجێت هێشتم :
" دەم وچاوم کانییەکی
ساف و ڕوون بوو
کەتوڕەبوونت هەڵیکرد
بووی بەگەرداو
لێڵت کردم ! "
ئەی شیعرە هەڵفریوەکەم

وەرەوە با  یەکە یەکە
شەقامەکان تەی  کەینەوە
ئەوشەقامە درێژانەی
وەك بێداری وشەونخوونی
ئێمە وان و تەواو نابن.
وەرەوە با  سەر کەینەوە
بەباوەشی باخچەکاندا
ئەوباخانەی گەڵاّی داریان
وەك ڕازەکانی دڵی من
چڕ و پڕن
ناژمێررێن و تەواو نابن.
وەرەوە بابەجووت بڕۆین
بیّ دەنگ وەکوو ئاونگی سەر
پەڕەی چاوم.
وەرەوە بابەجووت بڕۆین
گلەییمان زۆر لە سەرە
گلەیی ئەو ڕوبارانەی
بەلایاندا تێپەڕین و
سەرمان لەشەپۆلیان نەدا.
گلەیی ئەو درەختانەی
بەلایاندا تێپەڕین و
سەرمان لە سێبەریان نەدا.

گلەیمان زۆر لە  سەرە
وەرەوە بابەجووت بڕۆین
خۆر ماویەتی هەورازێکی تریش ببڕێ  !
★ ★ ★
خۆر نشین ئیستە تارایە
تارای پەنجەرەی مالأن و
سەر گومەز ودرەختەکان.
وا ئێستە خۆر لەئەستێرك و گۆمەکاندا
ئەڵێی تاوسێکی خڕی داگیرساوە ،
پەلکە ڕەنگینەی ئاگری  سەر ڕووی ئاوە.
وەرەوە با بەجووت بڕۆین
من ئەمەوێ ئەو تارایە
لەپەنجەرە وسەرگومەز و درەختەکان
بکەمەوەو بیدەم بەسەر سەری تۆدا
من ئەمەوێ
تۆ شاژنی ئەرخەوانیی
خۆرنشین بی و
منیش وشەی گڕ تێ بەربووی
ئەم دیدارە.
★ ★ ★
وەرەوە با بەجووت بڕۆین
دیوانێکی تازەم هەیە

بەدەم ڕێوە
بۆڵە وشەی شیرینی ئەکەم بەدەمتا
حەرفی زەرد وسوور سەوزی
ئەدەم لەقژو بەرۆکت
ڕستەی شینت ئەکەمە مل.
وەرەوە بابەجووت بڕۆین
ئەوەتا خۆر
گەیشتۆتە سەر دوا هەوراز
هاکا لەپڕ بازێکی داو خۆی هەڵدایە [1]
باوەشی شەو.
نەهاتی تابە جووت بڕۆین
شیعرم شەوی بەسەردا هات.
نەهاتی تابەجووت بڕۆین
نەهاتی تابەجووت.
نەهاتی تا.
نەهاتی.
نە.

(1) وێنەی قەسیدەیەکی ئەلیوتە 1982.

# دوو دەنگ

## 1ـ فریشتەی دەنگی سپی

بیلێ وبا ڕوخساری گرەی هاتووم بەسەر
ئەم ژیلەمۆی سەفەرەدا
بخەمە بەر
ئەوپڕوشە وكزە بایەی
كە لە كوێستانی دەنگتەوە
ورد
ورد
ورد
ورد
دێنە خوارێ.
بیلێ و باگوێم  پڕ بەبیستن
بۆنی ئەو باخانە بكات
كە لەتاڤگەی گەرووتەوە
ئاواز پرژێنی من ئەكەن.

بیلێ و با تاوڵی تاسەم لەم کۆچەدا
لەبەر کارێزی فێنکی دەنگتا بخەم.
ماندووم ئەی دەنگی سپی فریشتەی ،
لەلای بەفری کاوانەوە هاتوو
ماندووم.. ماندووم
توخوا ئەگەر لەسەر دەستی خۆرنشینی ئاخەکانت
هەڵم نەگری !
توخوا ئەگەر لەکەژاوەی پێڵوی هەوری نیگاکانتا
هەڵم نەگری !
ماندووم.. ماندووم، ئەزانی چۆن؟
ماندووم وەك هەناسەی سواری ئەو چلاَنەی
کە "با" لەکەناری چەمدا
سەریان ئەکا بەناو ئاودا و
دەریان دێنێ ودیسانەوە
ئەیانکاتەوە بەئاودا !
ماندووم ، وەك ئەو شەقامانەی
کەڕێبواری
سوارە وپیادەیان لەسەر ناڕەوێتەوە.
ئەی فریشتەی دەنگی سپی !
لەسەر باڵی ئاوریشمینی ،
لەسەر باڵی هەناسەکەت
هەڵم ئەگری ؟

ئەوائیستە ، خۆم ئەبینم لەدوورترین ئەستێرەدا
ئەجریوێنم !
لە دوورترین ئەستێرەدا گوڵی ناو خەو ئەکەمەوەو
ئەیدەم لەقژی لەیلاکەم
خۆم ئەبینم هێواش هێواش لەسەر شانۆی
سپی و بەرزی هەوری خەیاڵ
سەما لەگەڵ گیانتا ئەکەم.
" بایرۆن ! تەنیام وتەنیای هەر گەڕیدەی
ناو سرووشتەو ، پەنابەری دارستانە کپەکانە.
پوشکین ! تەنیام وتەنیایی تۆش هاتوەو
ئیستە بەجووت لەسەر درەختی گریانی
من ئەخوێنن "
ئەی فریشتەی دەنگی سپی !
بیلێو با ڕوخساری گڕەی هاتووم بەسەر
ئەم ژیلەمۆی سەفەرەدا بخەمە بەر
ئەو پڕوشە وکزە بایەی
کەلەکوێستانی دەنگتەوە
ورد
ورد
ورد
ورد
دێنە خوارێ وئینجا منیش لەگەڵیاندا

ئەتویَ

مەوە

ئەت

و

یَ

م

ە

و

ە.

## 2ـ کوڕ ژنی ئەسپی برووسکە

نێرودا وای بەشیللی وت :

لەبەرئەوەی

جیَ ژوانی دلْداریم وسیَبەری بن

ئەوسەروانەی کەسەرت تیا ئەنیَمەوە..

لەبەر ئەوەی

تۆ ڕنوی ڤژی تاریکی و

لقی دەستی لاوازو لەرزۆکی دایکمی و

لەبەر ئەوەی

تۆ چۆلەکەی بالْکراوی

سانتیاگۆیت ونافڕی !

لەبەر ئەوەی لەناو نیگای

کتێبی ماندووی هەژارو برسیەکاندا
تۆ فرمێسکێکی قەدەغە ودەرکراوی !
نیشتمانم !
بۆیە کاتێ بانگم ئەکەی
ئەبم بەئەسپی برووسکە ولەتاریکیتا تاو ئەدەم
بۆیە کاتێ بانگم ئەکەی
ئەبم بەنان
بەئاو
ئەبم  بەباڵ و بە هەتاو
نیشتمانم !.

ئابی –1975

# پڵنگ و پەیکەر

بۆ" هێمن"

لە گیانەڵاوی ئێوارەی ڕۆژێکتا بوو
گەیشتمە لات.
برینەکانم هەرلەبەر دەرگاتەوە
خۆیان هاویشتە باوەشی ڕووبارەکەت
ئەویش هێواش گرتنیەوە و
بەدەم ماچی ئازارەوە
بردنیە شار :
ئەمە تۆی من لەناو خەوی
چەند ساڵەما
هەموو شەوێ ئەمبینیت و
دەستم ئەخستە کەمەرت
بەیەکەوە سەمامان بۆ :
باران ، لوتکە ، هەتاو ئەکرد !
ئەمە منم ''گۆیژە'' م بۆ تۆ هێناوەتە

پالێ " زاوا –بووك" !
کەشەو داهات
بەدووقۆڵی سەرئەخەنە سەر شانمان و
ئێمەش ورد ورد لەبەرخۆوە
ئەو سرودەیان بۆ ئەڵێین
کەیەکەم جار لێرەپشکووت !
بمگەڕێنە !
نەشارەزای گەڵێ شاری
چاوی خۆمم
لەدڵی خۆمدا ون ئەبم !
ـ کوا چوارچرا ؟!
ترسێ نیگای تروکانی
پەنجەی ئاوڕت خستە سەر
بێدەنگی یەك.. وەکوو کلووی
بەفرێکی مات
لە با پێچی ڕوخسارماندا
تروشکەی کرد !
کەڕاوەستاین مێژوومان دی
پاشەو پاش ئەگەڕایەوە ،
ڕۆژمێرێکی داینە دەست
لە خۆر نشین هەڵکێشرابوو !
ـ کەواتە من حەوت ساڵان بووم

کەتۆ "بوویت " ولێرەدا  بوو
خۆرت هێناو
ئەتدا لەبەرۆکی "سابلاخ"
لێرەدا بوو شانۆیەکت لەگوڵاڵە
دروست کردو ئەستێرەت پیاهەڵئەواسی.
شایی نێرگز لەناو بەفرا
ئەیخایاند و ،چراخانی مۆمی پەنجەی
داگیرساوی درەختەکان
ئۆپەرێتی ڕووناکی بوون.
ـ کەواتە من حەوت ساڵان بووم.
بەستەڵەکی بێ دەنگیمان
وەختێ شکان
کەچەند زەرنەقوتەی ئاخێ
سەریان لەناو سنگمانەوە هێنایە  دەر
بەبێ ئەوەی پێبزانین لەدڵۆپی
ئاونگی ناو
ئەستێرکەکانی پێڵۆیان ئەخواردەوە  !
وتت : بەڵام ئیستە لەژێر
هەردوو قاچی پەیکەردا شار
پڵنگێکە ئەژنۆ شکاو.
تۆ بڕوانە ! چۆن لەنێوان
هەر دە پەنجەی پەیکەرەوە

هەتا ئەمڕۆش خوێنی هەڵۆ کوژراوەکان
دێنە خوارێ ولەچەقی گشت ڕێگەیەکدا
وەرزێکی نوێ ناو نووس ئەکەن !
تۆ بڕوانە ! "محەمەد" چۆن
لەناو نەڕەی شێرەکانی
هەرچوار گۆشەی باخچەکەوە
دێتە دەرێو هەتائیستەیش
پەیکەرەکە ئەتۆقێنێ !
گەڕاین.. گەڕاین
لەپێچی هەر شەقامێکت وکۆلانێکتا
گەلا.. گەلا
سەرنجەکانم ئەوەرین.
ناسیاوم و نەناسیاوم :
جلەکانم ، جامانەکەم هەندێ وشەم
پێناسێ بوون ئەیانکردمە
کۆڵی دایکی خۆشەویستیت.
ئەیانبینیم کوێرە کانیم
لەناو کاولاشی دڵیاندا
سەر لەنوێ ئەتەقاندەوە
ـ قوربانت بین
سەرنویشتمان وا لەدەستی ئێوەدایە
توخوا باشین ؟!

قوربانت بين !

گەڕاين.. گەڕاين

كچەكانت پۆلە گوڵ بوون

لەچارشێوی ڕەنگاو ڕەنگدا هەڵ ئەفڕين و

لەسەر لقی هەردوو دەستی هەڵ لەرزيوم

ئەنيشتنەوە..

چرای مەمكيان ئەدا لەشەختەی ڕوخساری

وەريوی من

ـ توخوا خەڵكی سلێمانيت ؟!

بريا.. بريا

سلێمانيم بديتايە !

ئەی كچی جوان لەبەر برياو خۆزگەی تۆيە

سەرم داوە بەوشاخانەو

لەبەر بۆ كروزی جەرگی تۆيە ، كەمن

گيانم كردۆتە چراوگی دارستان وئەشكەوتەكان

لەبەر ئەو ئێسكە سووكەتە

ڕەنگم پەڕيوی ناو تەمی

سەر مالأنی سلێمانی و سەر ئێرەيە

ئەی كچی جوان !

لەگيانەلأوی ئێوارەی ڕۆژێكتا بوو

گەيشتمە لات

برينەكانم هەر لەبەر دەرگاتەوە

خۆیان هاویشتە باوەشی ڕووبارەکەت
ئەویش هێواش گرتنیەوەو
بەدەم ماچی ئازارەوە
بردنیە شار !

1976

# ڕەشەبا

ـ 1ـ

به "کەنفانی" م  وت :
وشەی باڵندەت لەبێشەی چڕی
ئەندێشەتەوە هاتۆتە دەرێ و
ئەوا ئێستاکە هەموو ئاسمان و
دەنگی هەتاوی تازە هەڵهاتووی
وڵاتی خۆری بەستۆتە باڵی و
لەچاوی خۆیدا
هەرچی سەرنجی شەپۆلەکانە
کۆی کردۆتەوە.
جێگایەك نییە
کەجێی قەوارەی کۆچی وشەی تۆی
تێدا بێتەوە
زەمانێك نییە
کەخۆشەویستی وشەی شەهیدتی

لەبیرچێتەوە !
وشەی باڵندەت لەسەر درەختی
نامۆیی هەژار
هێلانە ئەکاو لەسەر چڵی گڕ ئەنیشێتەوە.
کاتێکیش وشەی باڵندەت ئەفڕێ
سنورێك نییە لەهەڵفڕینیا
نەیسڕێتەوە !
ئەویش پێی وتم :
وشەی باڵندەم ئاوابێ ئیتر
چۆن ماڵیی ئەکرێ و ئەگیرێتەوە.
چۆن ماڵیی ئەکرێ وئەگیرێتەوە!

ـ 2ـ

لەناو شریخەی چەخماخەدا بوو
کەتۆوی دەنگم
کرد بەسەر کێڵگەی تەمی وشەوە
کاتێکیش وەرزی سەرهەڵدانی ئەو
هات بەپیرمەوە
بینیم پەڵە دەنگ
لەتەماشاتا سەوز ئەکاتەوە.
لەتەماشاتا جۆگەلەی ڕستەم
ئاوێنەیەکە

لەبنی روونیا ئەتخوێنێتەوە.
لەتەماشاتا هەر برژانگێکت
ئەبێتە نووکی خامەی شاعیرێ و
لەسەر لاپەڕەی پێڵوی چاوانت
وەك هەزار هەڵبەست
ئەمنووسێتەوەو ئەمنووسێتەوە.

ـ 3ـ

بەربەیان گریا
کاتێ گوێ ی لێبوو
وا ڕەشەبایەك لەلەپی دەستی
زبر وتوڕەیا
گوڵی وشەیەك هەڵ ئەوەرێنێ و
بەرەو گۆڕیچکەی باپێچی ئەبا.
گریان پێ کەنی
کاتێ کەبینی
فرمێسکی وشەی
بەدڵی بەردا ئەچێتە خوارێ و
چرای ژوور سەری
چیا هەڵ ئەکا !

1975

# شـــاخ

بەناو مێژووی تەما ،ئاور ،سەرنجی خۆی
سواری ئەسپی
چەخماخەیەکی تیژ ئەکات ،
ئەسپی چاوێ
کە وەرزە جوانەمەرگەکان
جڵەو بۆ —تاوی — شل ئەکەن !.
زۆردەمێکە ئائەم ئەسپە
ڕێی مەرگ ئەبڕێ
تا ناوچەوان خۆرێکی سووری تیا هەڵبێ.
هەتا بفڕێ دائەگیرسێ وتیشك ئەهاوێ.
ڕامەوەستە
تا ماندووبوون هەناسەی ڕێگە سوار ئەکات
ـ ئەم کێوانە ئەیانەوێ
بومەلەرزە ڕایان ژەنێ.
ئەیانەوێ خۆشەویستی ومەرگ

بەگەردوونیان بناسێنن
پشکۆ لەشەختەی سنگیانا دەربهێنن.
ئەیانەوێ لووتکە نەگری و دنیا بەبارانێ تەڕ بێ
کــەئەستێرە کوژراوەکان جێ پێ ی بەهاری هەلگرن.
ئەم کێوانە ئەیانەوێ
پرشنگ لەئاسۆدا بگرن
ـ نیشانەیە : گوللە سوارەو
برین : مەڵبەندێکە ئاگر
لەچوار دەوری
ئەم نەخشەیە ئەکاتەوە.
نیشانەیە : ئەم نەخشەیە سەری جەنگەڵە داوێکە
توناوتوونە
ـ بیرتان نایە ! مانگی کوژراو کەهەڵنەهات
چ کۆتەڵێ ئەگێڕدرا بۆ ئاسمانەکەم ؟
ئەم نەخشەیە گوندەکانی
لە شەوەزەنگا رزیون
لەناو ئۆردوگای دوکەڵا
ئاگردانی چاوی ئێوەی شاردۆتەوە.
نیشانەیە : ئەم نەخشەیە سەری جەنگەڵە داوێکە
هەزار داوی خستۆتەوە.
ـ بەئاگابن نەخشەکەتان
کەنیزەکێ بەماچێکی دوای نیوە شەو

لەسەر مەمکی تاپۆی نەکات !
بەئاگابن نەخشەکەتان لەپێشوازی
خەلیفە دا
خۆی ڕانەخات !
ـ نیشانەیە: هەمووبڕینەوەی دارێك
باڵندەکان فێر ئەکات چۆن
هێلانەکان بگوێزنەوە و
لەگەڵ ئازاردا کۆچ بکەن.
بێ دەنگییان ئەچەقانە چاوی یادمان.
بیرتان نایە ! یەکێ نەبوو لەژوور سەری
تەرمی پەیمانی "سیڤەر" دا
ڕمی دەنگی داچەقێنێ
بیرتان نایە ؟
ـ نیشانەیە هەموو هەڵکەندنی دارێ
باڵندەکان فێرئەکات چۆن
بەباڵ بێچوو بگوێزنەوە بۆ کونە شاخ
فێریان ئەکات کەنیشتنەوە
چاوی ڕاوچی
لەتان وپۆی پیلانەکاندا ببینن !
ـ کەهەڵفڕین
ئاوڕ لەو لقە بەنەوە.
نیشانەیە لق شکاوە

لق پوازی چوارەمینی
داتاشراوە !
ـ ئەم شاخانە "گەزنەفون "ی
کۆن ونوێیان
خستۆتە ناوئەشکەوتەوە و
دەمی ئەشکەوتیان بەتەرمی شەهیدەکانم بەستووە !
پشوو نادا
چەك زمانی کێڵگەی ئەو جوتیارانە ئەزانێ
کەهەوارو
دیوەخانی بەگ تێی ناگا.
barووتی گڕ لەزەمینی گیانا ئەڕوێ.
چەك لەگەڵ مردندا ئەدوێ.
چیتان ئەوێ ؟ !
کەگوێتان نا ، کەگوێمان نا
بەدەلاقەی دەرگای برینی شارەوە
چیمان ئەبیست ؟
ـ لەکێلانی خەمەکانی ئەم شارەدا
وشە ئەبێتە خەنجەر و
ئەکرێن بەقەدی شیعرەوە.
وشە ئەڕوا وئەگاتە شاخ
وشە ئەبێ بەباو بۆران
ئەبێ بەشەوبۆ بۆ قژی

مانگی کوژراوی دەزگیران.

چی ئەبیستن ؟!

چی ئەبینن ؟!

ـ لەناو گەڕەکی گریانی هەژارانا

ئاخێکمان دی

سەریان ئەبڕی

ئاخ بوو بەگوڵ

لەشاخ ڕووا

ئاخ بوو بە کەو

بۆ لای بەفری

یار هەڵ فڕی.

چیتان ئەوێ ؟!

ـ کەو نەخرێتە ناو قەفەزی پایتەختەوە

گوڵ نەڕنرێ و نەبرێ بۆ میر.

ـ ئەم کێوانە لەسەر پشتیان

کاسە سەری دێوی ڕەشی

چاخەکانیان هەڵ چنیوە.

پشوو نادا

ئەسپی خوێنی ئەم شاخانە

لەو ڕۆژەوە ئەحیلێنن

کەهۆگری غار کردنن لەدۆزەخدا

لەوڕۆژەوە ئەحیلێنن ، پشوو نادەن

تەماشاکەن
تیشکی زامدار ئەوا بەشانی ئاسۆدا
بەرەو ژوورە.
شەقاوی دەنگ
بنکەی بیستن
لەگوێ ی ساڵدا ئەکاتەوە و ،
لەژوورەکانی کۆشکی "ڕەشید " دا ئەگرمێنن.
بارانی دەنگ
پەڵە لەسنگی سەنگەری
دە ساڵەدا
ئەداو بەتاو
دائەکاتە سەر شانۆی خوێن
ـ ئەزانن بۆ هەوری ئێمە
قەت بارانی لەبار ناچێ ؟
ـ هەژارەکان ڕەنگیان تێکەڵ
بەهەوری تینوو کردووە.
هەژارەکان ناونیشانی شاخەکانیان
لەسەر روومەتی برسێتی هەڵکەندووە.
هەژارەکان ئالأی دڵی
ئایندەیان لە ئێستەوە
هەڵکردووە .
پشوو نادا

ئەمە ڕێگەی ئەو چاوانەن گلێنەیان
لەقۆناغی مەرگا تۆو کرد
بەئەژنۆ مۆری بەردەمی ترسیان نەکرد.
پشوو نادا
ئەسپی خوێنی ئەم شاخانە
لەو ڕۆژەوە ئەحیلێنێ
کە ئەستێرەی قوربانیی خۆی
لەگۆمی سەنگەردا دیوە.
لەو ڕۆژەوە  هەوری حیلەی ئەگرمێنێ
کەخۆی بەتۆفانی سەدەی ،
مردن بەپێوە ناسیوە.

1974/2/6

ئەم شیعرە لەپێداچونەوەدا بۆ دووەمجار دەستکاری کراوەتەوە و هەندێ
ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە.

# گەشتێك

یەك شەمەیە..
جادەكانی ڕوو لەباخی "هیرۆ سترۆ "
جووت جووت  دڵدار هەڵ ئەفڕێنن
بۆ ئاهەنگی  دوای نیوەڕۆ.
"هیرۆ سترۆ" ی شاژنی گشت
باخچەكانی نێو "بۆ خارست"
لەچوار لاوە
دەرگای سەوزی میوانداری
وا لەسەر پشت.
دارستانی  سنەوبەری
نیوە هەتاو
نیوە سێبەر.
شەوقانەوەی فوارەی ئاوی
بەر تیشكی خۆر
چیمەنی تەڕ.

دەنگی باندی  مۆسیقایەك
شەپۆلی "با" ڕای ئەژەنێ ،
جارێك وەكوو بگری وایە و
جارێكی تر پێ ئەكەنێ ،
تەزووی فێنك
بەدەروون و گیاندا دێنن
ئەتدەنە دەم خۆزگەی فڕین
باڵ پێ گرتن.
بەسەر شەقامی بەرد ڕێژدا
جێ.. جێ.. تەڕی باراناویی
هێدی.. هێدی وا ئەڕۆم و
ڕووم كردۆتە گۆمی چاوی.
هەڵڕوانینی  ڕۆژهەڵاتیم بۆ دەورو پشت
هەنگاوی خاو
ئاوڕی زۆر، حەپەسان و
شان لەشان دان
ئێستی ناكاو !
ـ ئەی فریشتەی بوخارستی
ببورە لێم
یەكەم جارە
كەوی عومرم
خۆی لەقەفەز دەرباز بكاو

ئازاد بفڕم.
لەم گەشتەدا چاوی برسیم
لەچەند شۆخی نازدار ببڕم ؟!
بەکامێرام لێرەو لەوێ
چەند دیمەنی شیرین بگرم ؟!
هەر ئەڕۆم و "هیرۆ سترۆ"
قۆڵی شیعری لەقۆڵمایە
هەر ئەڕۆم و بۆنی کچ و
شەقامی گوڵ دوایی نایە .
لەم پێچەدا پەیکەرەکەی
سەری "گۆرکی " ئەموەستێنێ
وا شەماڵێك بۆنی بزەی
سمێڵی ئەو بۆ من دێنێ .
لەوپێچەیشدا "مایکۆفسکی"
تەوێڵ پانی ، قژ ئاڵۆزکاو
لەسەر سەکۆی کۆنکرێتی ی
ڕاوەستاوە
ڕوو لەهەتاو .
لەناوەندا "ئیمنیسکی"
دەستی چەپی بۆ هەوارێ
ڕاکێشاوە
کە سەربەستیی

ڕەشماڵی خۆی تیا هەڵداوە .
ئیمینیسکی !
ئەی لووتکەکەی
مانگی شیعر لەسەر کردوو .
ئەی بەخۆڵی ڕۆمانیا
چاوی وشەو بەهرە ڕشتوو .
بابەر لەوەی تێپەڕم و
"هیرۆ سترۆ " بەجێ بێڵم
سەری شیعری بچووکی خۆم
لەبەر دەمتا دانەوێنم .

1980

# کفن دز – ئەکتەر

هەناسەدان لەناو سنگی ولاٌتێکدا
کە سییەکانی بەبارووت داگرنەوە !
چی بەسەردێ ؟!
ـ ئەمە ڕاهێنانی مەرگە ، کاتێ کەخاك
ژان بەدووانەی
شەوی بوومەلەرزەو بورکانەوە ئەگرێ !
ـ هەناسەی تۆم کەهەڵمژی
نمەی بارانی بینینم
ڕژانە سەر
گۆنەی پایزێ و سەوز بووم .
هەناسەدان لەناو سنگی ولاٌتێکدا
کە سییەکانی بەبارووت داگرنەوە
ڕاهێنانی مەرگە ودەستەمۆکردنی بەوری ترسە
لەبێشەلاٌنی ئاگردا .
هەناسەدان لەنیشتمانی دووکەڵدا
گەشکردنەوەی پشکۆکانی

ژێر ئێسکێکە

هەڵقرچانی :

بانگ کردنە لەبارەشێ

چنگی لوورەی بخاتە ناو

بەستەڵەکی مێژووەوە

لافاوی نووستوو هەستێنێ !

ـ هەناسەتم کەهەڵمژی

ڕەنگم بوو بەدەنگی هەڵۆو

لەناو هەوارا دای چەقانم

ڕەنگم لەدەنگتا گرتەوە

بیرکەرەوە : لەوگەشتانەی ، لەوسەفەرە درێژانەی

کردمان ونەگەڕاینەوە ..

ماڵ ئاوابێ ! گریان لە ناو

دەربەندەکاندا بەستوێتی !

ماڵ ئاوابێ ! دایکم ئەڕوانێتە مەرگم

بەر لەوەی هێشتا مردبم

ماڵ ئاوابێ ! هاتی و برسێتیت هێناوە بەپیرمەوە

ماچم کردی و ماچت کردم

ـ لەم ناوەدا

دۆزەخ لەبەهەشت چووز ئەکرێ !

لەم ناوەدا پرۆژەکان لە ـ خوێن ـ ەوە

وزەی ڕوناکی وەرئەگرن .

کامە شەهید پرسیوێتی
ئەو چەقۆیە سەرم ئەبڕێ ؟!
کام قوربانی هات و وتی :
مەرجی مردنم بۆ دانێن !
لەم ناوەدا ، هۆزی مەرگ هەڵبژاردن،جێنیشتەیە .
لەم ناوەدا تەنها بەفر فریشتەیە .
هەناسەدان لەناو سنگی ولاٌتێکدا
کە سییەکانی بەبارووت داگرنەوە
خۆر چی لێدێ ؟
ئەمە وەرزی
پەڕینەوەی تیشکە بەسەر شوورەی هەموو نێزەکاندا و
گرتنە باوەشی لوتکەیە .
پەڕینەوەی برسێتیەیە .
گوێ بگرن ! نان لەناو خەوا هاوار ئەکاو
هەژارەکان هەڵ ئەسێنێ .
مەیگۆڕنەوە ! ئێوە هاتوون دەم و چاوتان
لەکفن دزە کۆنەکان بسەننەوە
مەیگۆڕنەوە ! ئێوە هاتوون گۆڕی دنیای
تاوانەکان یەکە .. یەکە هەڵبەنەوە .

ـ 2 ـ

لە"بیافرا " ی ناو "سینا "دا

کەدەسکەنەی قژیان کردی

هەرچی دڵداری دنیایە

بێ قژ بینیم .

ئەی دڵدارە بێ قژەکان

قژی خۆتان ئەوێتەوە ؟!

یان بارۆکەی دەلاڵەکان لەسەر ئەکەن ؟!

یان سەرتاشخانەی سۆزانیی ژێردەواری

سفر تاشی

"101"ی ئەم جیهانە

لەبیرئەکەن ؟!

سە رەتای 1974

ئەم شیعرەش بۆ جاری دووەم و لەکۆتایی هەمان ساڵدا کەمێك گۆڕانی بەسەردا هاتووەو دەسکاری کراوەتەوە .

# بەهارە شیعرێك

وەكوو درەختێكی تەنیای
بەر زەردە پەڕ
لەپاڵ دەوەنی گردێكدا
ڕاوەستاوم
سەرو مل و تا ناو قەدم
لەبەر هەتاو
قاچ و قول و تا ژوورئەژنۆ
نوقمی سێبەر .
بەرامبەرم :
كێوی بەردیینی گەردن لووس
وەك دیواری شووشەی شین باو
ڕێك هەڵكشاو
كەگلێنەم ئەفڕێ بۆلای
وەك سەرنجم هەڵبخلیسكێ
چاو ئەتروكێ  وكزە بایەك
كالانە پڕ ئەكا لەئاو .
لەم لاشەوە تەم ومژێ
وەك قژی خاو
بەدەم "با"وە

دێت وئەچێ وجارێك ئەچێتە سەرلەشی
بەفری نووستوو دای ئەپۆشێ و
جارێکی تر وەکوو هەڵبێ
بەرەو دواوە
بەرەو دۆڵی ئەودیوی شاخ
مل ئەنێت و بەهێواشی دائەگەڕێ .
لەو لایشەوە لووتکەی تیژی
شێوە خەنجەر .
پەڵە هەورێکی سمیوە و
چەتری سپی
هەڵداوە لەسەر تەوقە سەر .
لەبناردا و لەسەر ڕووبار
کەشەوقی ئاوێنەی ئاوی
چەپکە پرشنگ
ئەدا لەپەڵکە گیای دەشتی
ڕاکشاوی تەختی کەنار .
پۆلە ماسیگرەی سپی
سپی وەکوو گوڵی چوالە
باڵ وەر ئەدەن لەتەنکاو و
تنۆکی سارد ئەپرژێنن
لەدەم وچاوی هەلاڵە .
بەلای ڕاستدا پەڵە چنار

لەجۆگەدا ڤاچی تەزیو
لەرەلەر و خشە خشی گەلاْی گوارەی
وەك ختووكەی  لامل بدا
دائەچڵەكێ و پێ ئەكەنێ ولەنجە ئەكا
چڵی بەرزی گەردانە زیو .
بەلای چەپدا :
ڕێگەی نسرمی ناو دەربەند
ئەم بەر .. ئەو بەر
هەتا ئێستەش  دەست و پەنجەی
دارستانی شین هەلگەڕاو .. لەگۆ كەوتوو
بنچك لە ژێر بەفرا خەوتوو
كەسەرنجی زیاد لێ بگرم
من لێرەوە لەسەرماندا
وەك شۆڕەبی هەڵ  ئەلەرزیم .
ئێوارەیەو خۆرنشینە و هەر وەستاوم
لەوساكەوە پەیكەرێكی بلوز شینم
هەردوو دەستم لەگیرفاندا و نەجولاْوم .
ئەوا ئێستەیش
لەدامێنی زەردو سوری ئەم گردەدا
تۆ ئەبینم ئەی كچی  جوان  !
كراس وكەواى پوولەكەت  ،
نێرگزی ڤژ ،

بریسك و هوڕ

بریق و باق

وەك گزنگ و دەنكە تەرزە

وەك پوولەكەی پشتی ماسی

گۆمی زۆر ڕوون ،

وەك پزیزكی ئاگری شوانی

بەقەد پاڵەوە سووتاوم ،

وەك دڵۆپی هەڵپرژاوی

سەر قەڵبەزە

هەزار تیشكی

ڕەنگاو ڕەنگ ئەدەن لەچاوم .

گەرای سەدان شیعری بچووك

لەناو ناخی مندا ئەخەن .

بەئەسپایی و بەژێی دڵم

زۆر مۆسیقای دەنگ سیحراوی

نەبیستراوم بۆ لێ ئەدەن .

ئەی شۆڕە كچ !

ئەبێ چی جوانتر بێ لەتۆ ؟

مەگەر تۆزێكی تر وەختێ

كەتاریكی بەپەلەپەل

بۆ ئێرە دێ

من ئەڕۆم و

ئەو لەجێگەم  دائەنیشێ .

وەختێ لەگەڵ

دەنگی سەوزی "خالقی" دا

سوار ئەبم و

بەرەو شار ئەگەڕێمەوە

وەختێ لەپڕ

لەسەر ملەی تاسڵوجەوە

لەودیو جامی تاکسییەوە

"سلێمانی" م دەرئەکەوێ

مەگەر هەر ئەو لەم شەوەدا

لەو دوورەوە

شەپۆلی درەوشانەوەی چاوەکانی

تیشکی مرواری بەردەمی

هەڵڕێژراوی

وەك کراس و کەوای بەرت

پوولەکە چن  ..

مەگەر هەر ئەو

وەك تۆ جوان بێ و  بگاتە تۆ و

بەهەر دووکتان شیعری جوانیش

بدەن بەمن  .

بەهاری 1984

# لەسۆفیادا

ـ 1ـ

ئەوا ئێستەیش
گەیشتینە بەردەمی سۆفیای سەوز
کەهەر وەکوو سنەوبەری تیتك تەڕی دوای باران
خاوێن ..خاوێن, لەش برۆنزیی،بریقەی دێ و
لەودوورەوە زەردەی بزە
ئەدا لەدەم وچاومان.

★ ★ ★

لەپەنجەرەی واگۆنەوە سەروملی دەرهاتووم
ئەڵێی هێشووی بەردەمی ڕەشەبایە
هەردوو چاوم نیوە نووقاو ئاو تێزاو
دنیا ئەفڕێ و کەم خایەنە ئەم پەلەی تەماشایە .

★ ★ ★

لەجۆلانەی ناو بالقۆنی سەر نهۆمی بەرزەوە
وەکوو لەشم خەیاڵم ڕائەژەنم ..

بۆبەرەو خوار ، بۆبەرەو ژوور ڕوانینم
دێت و ئەچێ و
ئەوەی خەڵکی نایبینێ من ئەیبینم .

* * *

کچ بەچەپك زەردوسوور
شەقامەکان گوڵدانن
ئەوە بۆیە ئەمجارەیان شیعری سپی هاوینەم
بۆن خۆشترین عەتری وشەی
گوڵزاری ناو دیوانن !

* * *

ئەی کچانی لەش کەروێشکیی نەرم ونۆڵ !
لەبەر هەتاو پێستی شان ولامل تانیوەی قۆڵ
وەکوو ڕەنگی قەیسی گەیوو لێ هاتوو
من ئەمزانی ئێوە کوشتەی
تیشکی خۆری بەتاون ،
بۆیە منیش هەتاوی سووری هەڵبەستی
خۆرهەلاتیم لەچاودا بۆ هێناون .
ئەی کچانی پۆشاك سادەی نێو باخچە !
من بۆپووزیخڕو قەڵەو،لەرەی مەمك وگوڵمە گۆشتی بەرچەنە
بۆ پیرۆزەی چاوی شین وزەردەخەنەی بەشنە
بۆ پل و پێی پچکۆلانە و سەری پەنجەی وەك گێلاس
بۆ گەردنی یەك قولانجی و لووتی قنجی یۆنانی

شاعیرێکم  شیعری کێویی بۆنکەرم
بۆکوێ بڕۆن من لەوشوێنە ئامادەو
جارێ سێبەر  ، جارێ سروە و
هەندێ جاریش  پەیکەرم .

* * *

ئەی سۆفیای  قشتیلانەی هەمیشە ڕەنگ حەمامیی
پەساپۆرتم پۆلیسەکەی بەرباخەڵ !
ئەڵێ ئەبێ بەجێت بێڵم ، بڕۆم بۆ ڕۆژی دوایی .
ئەوائێستەیش ئەی سۆفیای ڕۆح شیرین
باپێش ئەوەی هەردوودەستی  دۆعا خوازییم هەڵبڕم
ڕووبکەمە ئارامگاکەی  "دیمترۆف"
تالەوێدا منیش وەکوو هەزاران
خەڵکی دنیای ئازادیخواز ڕیز بگرم  .

ـ 2ـ

وەك کشتەکی هەزار مووڕووی ڕەنگاو ڕەنگ
چەتری سەر سەر لەبەر هەتاو
ڕیز بەستووە و کشاوە
ڕوەو دوامالٚ ، جێ نزرگەی دیمترۆف
هەنگاو وردە ، بەوچانە و وەستان زۆر
مەگەر کۆکە یان پژمینێکی  ناوەخت
بیشلەقێنێ گۆمی مەکسی

ئاپوورەی خەڵکی بەر خۆر !

* * *

پاسەوانی قۆزی بەردەم ئارامگا

دەس لەسەر چەك هەر ئەڵێی بووە بە بەرد

تروكەی چاو ، بزاوتنێکی نیگا

مشەمشێ ، هەناسەیەك ، لەرزینێ

نابیسی و بەدی ناکەی

چەند بوەستێ و چەند بڕوانی و سەیرکەی !

گۆشت و خوێنە ؟ یان مۆمیای بێ گیانە

دوا ڕۆیشتنیش ئەم دوو شتە

لە لات جێگەی گومانە !

* * *

کە سەر ئەکەی بە ڕاڕەوی

نیوە ڕووناکی نزما

وەکوو خەوبێ ترسێك گیانت دائەگرێ

ڕیزی باریك هەتاکوو زیاتر بتبا

هەیبەتی شوێن ، قوببەی بەسام ، ڕێی مەڕمەڕ

مەشخەڵی سەرگاردی وەستاو لە سوچدا

خورپە خورپی سەعاتی دڵ خێرا تر ، گورجتر ئەکا !

* * *

هەر خولێك و بەلای چەپا سەر سووڕا

لەسەر چرپای ناو شووشە بەند

"دیمترۆف" لەسەر پشت ڕاکشاوە
چەپکە گوڵ لەژوور سەرا
هەتا سەرسنگ داپۆشراو
دەستێکی دەرهێناوە
ئەڵێی بۆ سەر خەوێکە و ئێستە چاوی لێك ناوە !

* * *

ئەی پڵنگی سورو سپی ڕاکشاو !
بەپەیژەی دەنگی تۆدا
بولگاریا سەرکەوتە
سەر دوا پلەو دەستیشی
گەییە مانگی ئازادی
ئەی گۆرانیی هەژاران !
هەر بەڕاکشانەوە
تۆی ڕووباری بەهاژە
ڕۆژ نییە لێرەو لەویٚ
هەزاران هەزار شەپۆل
هەڵنەسێنیتە سەر پیٚ !

بەرگەڵو –1985

# لەبۆدابست دا

ـ 1ـ

لەدوای شەوێك ، خەوی پچڕ پچڕی زڕاو
لووره لووری شەمەندەفەر ،
بەنووزەی درێژ .
زیکە زیکی پێچکە وفیشکەی
لەپڕو ناکاو .
شەقە شەقی دەرگایەکی
دووری دانەخراو .
دوای شەوێکی دەم بەباوێشك
تۆزێ گێژو وێژ ..
وەختێ تازە
هەتاو : کراسی ئەرخەوانیی
ئەکردە بەر :
"بودابست " ی دەمە و بەیانی .
لەناو ئیستگەی پووره هەنگدا
منیش دابەزیم ..

شوێن : گوڵجاڕی ئەو خەونەبوو

پێش چەند ساڵێ دیم .

* * *

سەرنجی لووس وەکوو ماسی

لەدەست دەرپەڕیو ،

خۆی هەڵدایە

"دانووب "ەوە

ناو ڕووباری زیو .

باڵای شیعرم هەر لەڕێوە

خۆی تیا نوقم کرد .

خەیاڵ تۆڕ بوو

هەزار تیشکی

ڕەنگاو ڕەنگی گرت .

لەسەر پردی مەڕمەڕ ڕەش بووی

دێرینەی تاق تاق

بریسکەی دێ

پایتەختەکەی

ڤژ گوڵە مێلاق .

* * *

ـ 2ـ

بۆ کوێ بڕۆم نامۆیی کورد

ئەڵێ‌ی سێبەرمە

نیگاکانی پێڵوی تەڕی

پەڕەی دەفتەرمە .

بۆ کوێ بڕۆم کوردستانم

هەر لەگەڵ دایە

لێرەیش —سیروان —

لەهاواری

ناو ـ دانووب — دایە !.

دانووب ! هاتم لە کەنارتا

برین بسرەوێ

لەجۆلانەی

ناوشەپۆلتا

خەوی لێکەوێ .

هاتم خەمی دارستانم

تۆزێ بە بادەم

بەسەر سنگتا

بازبدەم و

وەك منالٚ ڕاکەم .

کەچی خۆشیت

تا بە لووزەو

بێتە گیانمەوە

ئاو سەر ئەکا لە پەنجەرەی

هەردوو چاومەوە .

چونکە دانووب ،شاییت بۆ من
عومری دوو ڕۆژە
بەلاّم عومری شەونخونیم ..
ئێجگار درێژە .
★ ★ ★
ئەی "جولیتا " !
کچی دانووب !
بەرگی بەر ساکار
پێست تەنکی ، توێکلّ ناسك
هەناری ئاودار.
سپێنە ڕوون
لاسکی پرچ ، وەك پەلکی چنوور
ئاسکی مالّیی ، سلّ نەکردووی
ناو هۆلّ و ناوژوور .
سەرسام مەبە !
مەلی نامۆی ئەم دەم وچاوە
بالّی ئەویش
وەك ولاّتم
توند توند بەستراوە .
با لاملیش لەشەپۆلی
گەردنت هەلّسوێ
بەلاّم چی بکەم

خەم گرتوێتی و
بزە نایگرێ ،
من ئەزانم تۆو  بۆدابست
لەدانووبەوە
زۆر پەنجەرەی
شیعری جوانتان
بۆمن کردەوە
لەبەر تاوی بارانتانا
درەختی بەژنم
بەو چەند ڕۆژە
گەڵای تازەی
وشەی بۆ گرتم .
ئەی پاساری !
جریوەی تۆ ! زمانی ئەوین
کوێرەکانی  بەهرەی وشکی
خستمە هەڵقوڵین
بەڵام جوانێ کچی دانووب
ڕێگەی سبەینێ
ئەمباتەوە بۆ وڵاتی
خەم تیا نشینێ
ئەمباتەوە بۆ ئەوشوێنەی
گوڵ تیا ئەکوژرێ

کچ لەنسێی هەژاریدا
سیس ئەبێ ئەمرێ .
ئەڕۆمەوەو یادگارتان
ئەکەم بەسەرین
بۆشەوانی
تەنیاییم و
دنیای خەو بینین .

بەرگەڵو 1986/2/17

# دەفتەری

# گۆرانییە غەمگینەکان

دەروونم خاڵییە وەك نەی دەناڵێ

هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ !

**نالی**

# کۆست و چرا

ئەی گۆڕ هەڵکەن! ئێستەیش هەرئازاری ئەدەی؟.
کەدوا تەلەبەردی داناو یەکەم خاکەنازە گڵی
هەڵدایە سەر چاوەکانی
گوڵە گەنم فرمێسکی سپی هەڵ رشت و
ئەوچنارەی دڵمان لەسەر هەڵکەنیبوو
پڕ بەدەمی هەزارەها گەڵای وەریو زریکانی .
کەناشتیانی
لەژوور سەرت ڕاوەستابووم
" با" لەلانکەی تەمێکی ئەرخەوانیدا
بەهەردوو دەست تەرمەکەتی ڕائەژەنی !
ستونێك بووم لەودارستانی ئەوینەی
دەوریان دابووی
ـ باچراکە هەر داگیرسێ ونیشانەبێ بۆ گۆڕەکەی .
باچراکە هەر داگیرسێ و فووی لێ نەکەین .
ئەم چرایە لەدوورەوە
ئەستێرەی هیوا پرژێنە و ئەمانبینێ .

* باچراكه هەر داگیرسێ و نیشانەبێ بۆ گۆڕەكەی !
ـ باخەكەمان ناناسمەوە
گوڵە هێرۆی ڕەش هەڵگەڕاو
ملی كەچی  خستۆتە سەر شانی دایكێ
ئەگریجەكانی ئاڵاوون لەتوتڕكێ وبەری نادەن .
ئەگریجەكانی ئاڵاوون
لە چەند كێڵێكی  ناو دڵی و سەما ئەكات !
ـ شانۆی خەڵوز چۆن بەژنی هەتاو ڕەش ئەكات ؟ !
ـ تەنیا باڵندەیەك مابێت هەر قاژووە
چاوتان لێیە ئەوەتا وا باڵەكانی
لەو پەڵە هەورانە ئەسوێ هێشتا سپین !
ئەوەتا وا دەنوك لەو پەنجانە ئەگرێ
كە تائێستە نەبوونەتە كۆڵەوژی  پیرێژنە دۆزەخێكە !
ـ شانۆی خەڵووز چۆن بەژنی هەتاو ڕەش ئەكات  ؟!
گەرووی دەربەند
تا تەنگتر بێت
"با" لەناویا
تیژ تر ئەڕوات و هەڵ ئەكات !.
كەناشتیانی
لەژوور سەرتا ڕۆژمێری
زەردەپەڕم ئەخوێندەوە
چۆن لێم ون  بووی ؟!

ئەوسا هاتی و دەستی پرسیارەکەت گرتم
بەڕێو بانی تەمی ئاڵدا ئەتبردمەوە
دەنگی خۆمت ئەدایەوە بەگوێی خۆمدا
ئەتبردمەوە !
" ناتوانم لێت جیاببمەوە ، ئەمە عەشقەو
سەر بەگیانی سووتاوی شیعرم هەڵ ئەگرێ .
لەناو ئەودا ئەتوێمەوە
لەتوانەوەم دا پێت ئەگەم !
ئەبارێم وپەڵە لەناو ڕۆحتا ئەدەم .
ئەمە عەشقە و من ماچی خوا
بەلێوی مەرگی خۆم ئەکەم
ناتوانم لێت جیابمەوە "
هەردەکانم خستە بن هەنگڵی ژانم، سەرکەوتم و درەختەکان،
لەبەر دەمما گڕی عەشقیان لەخۆیان و چەم بەر ئەدا.
"ئاو" بوو بەنووروو بەدیدەی "مەولەوی" یەکانما هەڵپڕژا.
بانگی پۆلە ئەستێرەی کاروانی دوورم ئەکرد. ئەهاتن و
یەك یەك ماچی، ئەوڕووبارەیان ئەکردم،
کەلەتەختی ناوچەوانما
ڕێگەی گەرمێن و کوێستانی ئەگرتە بەر.
ناتوانم لێت جیابمەوە
داگیرساوم
"داگیرسان"م بەستۆتە پشت

بەهەر کویٚ یەکدا ڕەت ئەبم
ڕووناکی – دا ئەمەزریٚنم –!
ـ کەڕووناکی و ڕەنگی زەردی هەژارەکان
تیٚکەڵ ئەبن
دوو ئاوانیٚ دروست ئەبیٚ
نائومیٚدی تیا ئەخنکیٚ .
ـ من بەسەردانیٚك نەهاتووم هەر گولاٚڵەت
لەپەرچەمی کچی تابلۆکانم بدەم .
هەر سەوزە گیاتم خۆش بویٚ و
بۆن بەهەناسەی میٚخەکی کەنار گەردنتەوە بکەم !
" سەرەتا بوو خۆم هەڵکیٚشا
لەدوو ئاوانی عەشقی تۆ
کەهاتمە دەر
لەشم هیٚشووی
سورە گزنگی گرتبوو
لەبەستیٚنی گۆمەکانتا
شەپۆلم پیٚچایە سەرو
بیرم لەکام شویٚنتا قووڵ بوو
شۆڕ ئەبۆوە و باوەشی ئەکرد بەترسی
تووش هاتووتا "
ـ ئەی گۆڕ هەڵکەن! ئیٚستەش هەر ئازاری ئەدەی ؟!
کەناشتیانی

لەژوور سەرت ڕاوەستابووم
باڵندەکانیش  هێلانەی چەند ساڵەیان
تێك دایەوەو لەچاو ون بوون ،
ـ من ئەمبینین گریان باڵی
فڕینیان بوو
ـ ئێمە کۆست ناوکی ژیانی بۆ بڕیوین
نەو، لەشم، گیانم،هێشووی سوورە گزنگی
گرتووەو ، چاو
لەقاژوو زۆر زۆر بەرزتر
ئەفڕێ و دیارە .
شانۆی خەڵووز چۆن بەژنی هەتاو ڕەش ئەکات!
گەرووی دەربەند
تا تەنگتر بێت
"با" لەناویا
تیژ تر ئەڕوات و هەڵ ئەکات

1978

# پۆلە ئاوازێکی کۆچ کردوو

"ئـەم شـیعرە لەچـلەی چـوار هونەرمەنـدە بـچکۆلە گـەورەکانی کوردســتاندا و لــەهۆڵی نەقابــەی کرێکــارانی ســلێمانی لەلایــەن شاعیرەوە خوێنرایەوە ."

کەمن هاتم
ئێوە کەستان لێرە نەبوون
کەمانچەیەك ناسیمێوە زانیی ماتم
هێواش هێواش
لەجێگەی خۆیەوە هەستا
هات لە تەنیشتی ڕاستمەوە
هەڵتروشکا
بێخشپە ، سووك
دەستی بە گیرفانی دیوانێکما گێڕا
چوار سوێسکە شیعری غەمگینی
لێ دەرهێنا .

* * *

کەمن هاتم
ئێوە کەستان لێرە نەبوون

"ئۆ كۆردوێن "ێ بەدییكردم
ناسیمێوە،
زانی منم ئەو ئاوازەی
بۆ یەكەم جار
فێرم كرد چۆن دەستی قاسپە و
شەماڵ بگرێ و
بچێت بۆلای نێرگزە جار .
هات لەلای چەپمەوە دانیشت
دەستی بەگیرفانی "لاوك"ێكما گێڕا
چوار نۆتەی قژ ڕەش و زەردی
چاوگەش چاوگەشی دەرهێنا

* * *

كەمن هاتم
ئێوە كەستان لێرە نەبوون
شمشاڵێكی لەڕو لاواز
هێدی .. هێدی
بەدەم ڕێوە
فووی بەزامەكانیا ئەكرد
جارێك سەری
بۆ ئەستێرە كشاوەكانی هەڵ ئەبڕی و
جارێكی تر كڕنووشی بۆ
خوڕە و هاژەی ڕووبار ئەبرد .

گەیشتە لام ، سوڕایەوە
لەپشت سەرمەوە ڕاوەستا
پەڕە پەڕە "حەیران " ێکی
کۆچەریمی هەڵدایەوە ..
بەژێر ڕەشماڵی ئاخێکما چاوی گێڕا
دەستی بردوو
چوار گمەی کۆترە باریکەی
هەناوی "دەروێش عەبدوڵڵا" ی لێ دەرهێنا!

* * *

کەمن هاتم
ئێوە کەستان لێرە نەبوون
تەماشام کرد لەو بەرەوە
ـ باڵەبانێ ـ
لەجۆلانەی خاوکەرێکدا
ئازاری کلووە بەفرەکان ڕای ئەژەنێ !
ئەویش هات و لەبەر دەمما
تروشکەی کرد
دەستی بەناو سنگما گێڕا
چوار هەناسەی ساردو بەسوێ ی
گۆرانیەکانی "مامڵێ" ی لێ دەرهێنا
هەستان بڕۆن !
چوار برژانگی تەڕم وتیان

**ئەو شیعرو نۆتەو ئاخانە**
**بۆ کوێ ئەبەن ؟!**
**لەگەڵ کرووزەی پەڵکە گیا و**
**وردەماسی و کارژۆلە دا**
**هەرچواریان پێکەوە وتیان:**
**ئەی شاعیرە خەمبارەکە !**
**کەئازیزان گرد بوونەوە و**
**هەموو هاتن**
**کەخەم لەسەر کورسی دانیشت**
**کەبێ دەنگیی سەر ڕوخساری ورد و درشت**
**وەك سێبەری درەختێکی حەپەساوی**
**دوای لق بڕینەوەی لێ هات !**
**ئەوساکە تۆ**
**لەزمانی گۆپکە و تەلی دڵمانەوە**
**پێیان بڵێ :**
**بۆ لەمەو دواو هەتا نووزەمان لێوە بێ**
**دەنگ وڕەنگ و**
**سیماو پەنجەی**
**" کارزان ، ڕێبوار ، ئازاد ، فەرمان "**
**لەگەڵ لێدانی ئێمەدا  هەموو جارێ**
**ئەبن بەپۆلە ئاوازی سورو سپی و**
**لەدەرونی ئەم شارەوە**

دێنە دەرێ

باڵ ئەگرن و بەرەو لوتکەی

کێوەکانی گشت کوردستان

ئەکەونە ڕێ !.

مایسی ـ 1978

# فورات وچەند گۆرانییەکی غەمگین

بۆ "سەعدی یوسف "

## 1ـ ماسیگرە تەنیاکە

لەئاوی بەر زەردەپەڕ دا
بەلەمەکەی لەدوورەوە
سینییەکی درێژ کۆلەی
لووت تیژی لێوار زێڕینە .
لەناکاودا  وەك بخلیسکێ
وەك قووت بچێ
لەلێژایی شەپۆلێکدا
دائەچێت و،لەپڕیشدا
وەك هەڵیدەن
سەرفوڕات ئەکەوێتەوە  .
ئەی ماسیگرە تەنیاکە !
تۆ لەنێوان شەپۆلی تووڕە و هێمندا
خەمێکی تەمەن درێژی
منیش لێرە لەکەناردا

دار خوورمایەکی تەریکی کورتە بالاَم .
تۆزێکی تر کەتاریکیی چڕتر بۆوە
درەنگانیێ کەتۆ نووستی
ئەوسا خەمی تۆیش و فورات
بەجووت ئەفڕن ودێن بۆ لام .

## 2ـ مامزی ماندوو

پەنجەکانی "با"، بزێون
قژی بۆ دواوە ئەفڕێنن
پەنجەکانی "با"، نماوین
ئاونگ لەچاوی ئەزێنن .
لەفوراتەوە دێتەوە چاوم لیێ یە :
بەپەڵە پەڵەی هەتاوی
دارستانی دارخورما دا
بەلارە لار ، تیێ ئەپەڕیێ
نیوەی لەشی لەسێبەردا و
نیوەکەی تر
تیشکی لەسەر هەڵ ئەپەڕیێ .
بەرِێوەیە،
لارە.. لارە
لەمامزی ماندوو ئەچیێ
هەردوو دەستی سەتڵ گرتووی

شل ئەبێت و بۆ چەند ساتێ
وچان ئەگرێ .
ئێستەکە ڕێك بەرامبەرم
ڕاوەستاوە
ئەڵێ ی گوڵە هێرۆی سووری
دڵۆپ لەڕوو هەڵپڕژاوە .
ئەی ژنە دڵ غەمگینەکەم !
ئەوینی تۆ و ئاوی فورات
نەبوونایە
هەرگیز .. هەرگیز
من ئەم شیعرەم
بۆ نەئەهات.

## 3ـ هاوڕێی بچووك

"حسون" منداڵێکە لاواز
باریك ، سەر خڕ
وەك مارماسی فورات وایە
ڕەنگی وەك خورمای خەستەوی
چاوی وەکوو ترێ ڕەشکە !
"حسون" ئەی هاوڕێ ی بچووك !
ڕووی خۆڵاویی خۆتم تێکە
تەماشامکە

تۆ لەچاوتا
خەمی ئێجگار
گەورە گەورەی تیایە !.

## 4ـ شەوی حکایەت

وەك ئافرەتێکی زراو چوو
"با " ڕا ئەکاو ئەزریکێنێ
قژی درەخت ئاڵۆزکاوە .
شەپۆل چاوی ئەنوقێنێ .
لە ئاسمانی خۆڵە مێشیی سەر فوراتا
وەکوو لۆکە
شی ئەبنەوە پەڵە هەور و
وەکوو پەڕی کۆتری سپی
باڵ کراوی فڕکە کردوو
بلاّو .. بلاّو
دێنە بەر چاو
ئێستە دڵم
وەك هەنارێکی گوشراوە .
ئەمشەو لەبەر تەنیا زۆپای
ژوورەکەمدا،
بەرامبەر دایکە پیرەکەم
دائەنیشم،

چاو ئەبڕمە چاوی کزی.
ئەمشەو شەوی حکایەتە
"لاس وخەزاڵ " میوانمانن
گوێم بۆ دایکم ڕاگرتووە:
کە"لاس " ئەدوێ
کە "لاس " ئەڕوا
دۆڵ بەدۆڵ و
ڕەوەز .. ڕەوەز
من لەگەڵیام.
وەختێ وەنەوز لەناو چاوما
ئەکەوێتە باڵە فڕێ
هێشتا فورات ئەناڵێنێ و
لەولایشەوە
"لاس " هەر ئەڕواو ڕێگە ئەبڕێ.

## 5ـ دراوسێ

"أم سعد " دراوسێمانە
وەك دووکەڵکێش
تەمەنی ئەو ڕەش داگەڕاو
دەم وچاوی
نانی سووتاو.
بالأی لەلقە دار خورمای

وشکەوە بووی
پەنا تەندوورەکەی ئەچێ .
ناسۆرێکە وئازا ئەژی
هەر یەك شتن
دەست و پل و کۆڵە وژی .
وەکوو ڕۆژگاری بیابان
ئەمیش لەبەر کڵپە و گڕا
سیمای داخە .
وەکوو شەوگاری بیابان
ئەمیش قسەی خۆش و فێنك
وەکوو سروەی ڕەزوباخە .
وەك ناعورەکەی ئەوبەرمان
چۆن خول ئەخواو
قەت ناسرەوێ
ئەم "أم سعد " ە یش
ئازارێکە بەپێوەیە و
کەس نازانێ
چ وەخت ئەنوێ!

## 6ـ لەکەناردا

لەناو پەنجەرەی هەورەوە
مانگ وا سەری دەرهێناوە

هێدی .. هێدی

زیو پرژێنی فورات ئەکا

تاڵە تیشکی هەڵ لەرزیوی

بنی ڕووبار

وەك گەردانەن

وەك پلپلەن

گوڵ و گوارەن .

وەك ژنەکەم ، شەوێکە : مات .

کز دانیشتووین

لەسەر لمی هێشتا گەرمی

گوێ کەناریش

کچە گەورە چاو ڕەشەکەم

دوانزە ساڵان

تریفە ئەیدا لەقژی

کڵاو زەڕی ئەکاتە سەر .

بەچیچکانەوە خەریکە

یەکە .. یەکە

هێلکەی تەڕی شەیتانۆکە

ئەچنێتەوە

ئەوەتا وا

کچە گەورە چاوڕەشەکەم

لەبەر خۆوە

وەکو چەپکە گوڵێ ژاکاو

گۆرانی یەك ئەدا بەدەم فوراتەوە:

"هۆکوردستان ! ..هۆ ژیانم !"

من و دایکی لەیەك کاتا

بەیەکەوە سەر هەڵئەبڕین

بەبێ ئەوەی پێ بزانین

بێ دەنگ .. ئەگرین !

1982

# هاودەم

ئێوارەت باش! ئەی "فورات"ی
لەشاخەوە بەڕێ کەوتووی
هەناسە سوار.
ئەی دایکی ئەگریجە تەڕی .کۆڵوانە! تەم.
ئەی پشتی دەست دەماراویی
شینو دیاری هەردوو کەنار.
ئەی هاوڕێی شڵەژاوی خوارو خێچ ڕۆی
دەمێ تیژو
دەمێ هێواش
ئێوارەت باش!

★ ★ ★

تۆ نەبی چۆن.. من ئەم ژەنگی بێزاری یە
کە سەعاتی ژینی گرتووم لێم بێتەوە؟!
هەر تۆی تەنیا لەم مەڵبەندە تەریکەدا
بێمە لاتو گوێم لێ بگریو لەباوەشتا
لەناو جۆلانەی شەپۆلی بێ سرەوتتا

وەك كوڕی خۆت
دەس بەقژی بژما بێنیو
شپرزەییم ڕا بژەنی.
منیش لە سەر خۆو بەچرپە
ئاخو داخی
شیعری خۆمت بۆ هەڵڕێژم
لە قوڵاییو نسێی سنگتا
گڕەی هەناسەم بنێژم.
تۆ نەبی چۆن من ئەم ژەنگی بێزارییە
کەسەعاتی ژینی گرتوم لێم بێتەوە؟!
هەر تۆی تەنیا لەم بەستێنە خامۆشەدا
ئەی هاودەمە شیرینەکەم!
من دڵم پێت بکرێتەوە.

★ ★ ★

لەبەر دەممای چاوم لێتە
وەك لەسەر لا ڕاکشابی
دەستێکت وا لەژێر سەرتاو
ئانیشکت خستۆتە سەر لم.
شەپۆلی نیگات پرشە پرش
تیشکێکی زەرد ئەدەن لە من.
منیش لەسێبەری کرِی
دار هەنجیری گەڵا پانا

که هەتاوی تین تیا نەماو
بە پێ دزکێ بە باڵایدا هەڵ ئەزنێ
ئینجا وەك سەرەتاتکێ
لەناو پەنجەرەی چڵانا
ناو بەناوێ
دەرئەکەوێو دەرناکەوێ
من لەوێدا بەچوار مشقی دانیشتوومو
خەیاڵیشم وردە وردە
وەك خۆری ئیستەی باکوورت
پشکۆ ئاسا
لەناو تۆ دا نقوم ئەبێ.

★ ★ ★

دوور لەیاران
دوور لەوڵاتی گوڵ عومەر
ڕۆژانی ڕەنگ خۆڵەمێشیم تێ ئەپەڕن
پەرت پەرت وەکو دوکەڵی سەر
ماڵانی دێی لای ئێواران.
پەستیی وەکوو قەوزەیەکی
مەڵاسی لینج
گیانی گرتووم.
ئازارێکی گرنج.. گرنج
وەك گرنجیی بەژنی ڕەقەڵەی دار خورما

دڵنیاییم ئەڕوشێنێ‌و
چرۆی هەستم زامدار ئەکا!
گەلێ خەونم
وەکوو ماسیی لە ئاو کراو
هێشتا چاویان زەقەیان دێ‌و
بەڵام خنکاو!
ئەم ڕۆژانە وەکوو ژاڵە
لەناو زاری عومری مندا
تامیان تاڵە.
بەڵام ئەی ئازیزانی دوور!
ئەی هاوەڵە شیرینەکان
لەهەر کوێ هەن
یادتان وەکوو سێبەرەکەم
لەگەڵمایە..
نامەو وێنەی ڕەنگاوڕەنگتان
لەناو گیرفانی دڵمایە.
خۆشەویستی‌و تاسەی دیداری ون بووتان
دیوانی شیعری تازەمەو
لەناو دەفتەری ناخمایە.
★ ★ ★
شەوباش! شەوباش!
تۆ شەو کوێر نیت

ئەی دایکی نامۆیی‌و سەفەر.
ئەی هاوڕێ
ئەی فوراتی بەناو تاریکیا ڕاکەر.
گەرچی ئیستاکە تەماشام
وەکوو مەلێکی باڵ شکاو
ناگاتە لات
تا مل هەڵسوێ لە ژێر چەنەو
ماچت بکات.
بەڵام هاژەت وەکوو دەنگی
مێژووی بەسام
وەکو دەنگدانەوەی دەربەندی
کپی لەبەر شەوقی مانگەشەودا سەرسام
زوڵاڵ.. زوڵاڵ
ئەگاتە لام
ئەی هاوڕێی قەت نەنووستوو!
من خەوم دێ‌و
ئەچمەوە لای ماڵی چۆڵ‌و
ژووری تەنیای هەناسە سارد
تا سبەینێ لەم ئاستەدا
بەیەکتری ئەگەینەوە
ئەی هاودەمی تاق‌و تەنیای

غەریبیی من

شەوێکی شاد!

1984

# چەپگەرد

ئەو ڕۆژەی تۆ
دڵت وەکوو
کانیی گوندێکی چۆڵکراو..
یان پەلو پۆی درەختێکی
بەپێوە گڕ تێبەردراو
یان چۆلەکە باوکەیەکی، زەڕنەقووتە
لەهێلانەدا سەر بڕاو..
یان وەك چاوانی باخانی
(باوەمەردە)و قلیاسانی
ئەو ساتانەی
لەسەرە ڕێدا بۆ نالیو کۆچی نالی
وەك ژنانی سلێمانی
وەکوو ئەرخەوانی سەیوان
هەموو گەڵای قژیان ڕنیو
وەك (تانجەرۆ) بەکوڵ گریان.
ئەو ڕۆژە تۆ

دڵت وابوو
ئەو ڕۆژە تۆ
باوکی هەموو خەمی شار بووی.
هۆرەی گریانی قەرەداخ
لانکەی ژانی
قەت نەسرەوتی
داروبەردی سەرچنار بووی.
ئەی هاوڕێی فەرهەنگی خەم!
لەناو پەرژینی تەمەوە
تارماییمو چاوم لێ یە..
چ ڕۆژێکی وەیشوومەیە
چەپگەردی کۆست ئائەمەیە!
ئەی شاعیری
گەورە کچی شیعری قژ زەرد
جوانەمەرگ بوو!
گەردەلوولی "وەی" ئەمەیە.
ئەی هاوڕێی ئەژنۆ شکاو!
شارۆچکەکەت زۆر بچووکە
کەچی کراسی خوێناوی "کەژاڵ" ی تۆ
لەم ساتەدا!
بە بەری دنیاش گەورەیە!.
ئەی شاعیری فەرهەنگی خەم!

ئەو ڕۆژە تۆ دڵت وابوو
هەر هەمان ڕۆژ منیش وێڵی
دوای شیعرێ بووم
بەژنی وەکوو بەژنی خەمت
کەڵەگەت بێ
وەکوو ژاڵەی بەر پەنجەرەی
ژوری داخراوی کەژاڵ
هەموو شەوێ
چاوی گوڵیان
بەفرمێسکی درشت مەست ئەبێ.
شیعرێ.. شیعرێ
وەك چاوەڕوانی ئاوێنەو
شانەی قژیو
جانتای دەستی
وەك چاوەڕوانیی لاپەڕەی
هێشتا سپی ناو دەفتەری.
وەك تاسەی چاکەتی شینی.
وەك تەنورەی خۆڵەمێشیی
بەرگی سێ ساڵی خوێندنی .
شیعرێ.. شیعرێ
وەك تاسەی قەڵەم بۆ پەنجەی
وەك گوڵەباخ بۆ ئەگریجەی.

وەك چرپاكەی بۆ خەوتنی
وەك شەوقی هەیوانو ناو هۆڵ
چاوەڕوانیی جادەی بەر ماڵ
زەنگی دەرگا..
بۆ هاتنەوەی، دابەزینو گەیشتنی.
شیعرێ، زریكەی تاڵە مووی
قژ ڕاكێشان!
ڕەنگی شینو ڕەنگی مۆری
جێگە داری شانو قۆڵو ڕانی تیابێ.
ڕەنگی پەڕیوی وەك لیمۆی
سیسو گوشراو.
زەردەخەنەی كارتی دەرچون.دوا پرتەی مۆمێ كوژاوە.
دوا هەناسەی ئاسكێ سپی.
شیعرێ ورشەو پرشەی سوورمەی
سەر تەرمەكەی ئەوی تیابێ.
بەڵام ببوورە هاوڕێم
هاوڕێی سەیوان!
ئەی هاوڕێ ی قۆڵ بە قۆڵی
كۆستا كردوو!
ئەی هاوڕێی لەسێ ڕۆژا
ڕیشو سمێڵ
كاكۆڵی قژ

گوڵی سپی گریاو.. گرتوو.
ئەی پەیژەی خەمی بانیژەی
پله شکاوی حوزەیران!
ئەی ڕەشە ڕێحانەی وشەی
سەرمەزاری گشت "کەژاڵ"و
گشت دڵدارێکی کوردستان.
ببوورە لێم بۆ ئەو شیعرە
ئێجگار گەڕام
بۆ هەر شوێنێ کەژاڵ چوو بوو
هەر جێیە بۆنی گوڵە زەرد
ئەو قژەی ئەوی گرتبوو.
منیش بۆی چووم
بۆ ئەو شیعرە گەلێ گەڕام :
لەپاسی هەژدە نەفەری ڕێی هەولێردا
سەر کورسیەکان
ژێر کورسیەکان
ورد ورد گەڕام .
کۆگاکانی دەوری "قەڵا"
ناو جامخانە، سەر ڕەفەکان
ناو مشتی قوتوی ملوانکە
ژێر نقێمی موستیلەکان
هەمووی گەڕام

بەرباخەڵو کلۆری گیرفانی هەموو
درەختێکی
شەقامی خڕی "شەست مەتری"
پۆل بەپۆلو
هۆڵ بەهۆڵی
زانکۆی زیزی
هەمووی گەڕام
کووچە بەکوچەی چیرۆكو
باخ بە باخی ناو هۆنراوەی.
کتێبخانەکەی "حەیدەری"
هەمووی گەڕام..
لێرەش گەڕام
ژێر چەتری پاسی سەرچنارـ سلێمانی
بست بە بستی کەناری ئاو
ژێر پردەکەی، مۆلگەی ماسی.
دوورو نزیك
ماڵ بە ماڵی دەستە خوشکی
هەمووی گەڕام
ناو ئۆرزدی، سەر شانۆکان
شەقامەکان، کاوە، مەولەوی، تووی‌مەلیك
پیادەڕەوی تەنگ‌و نزمی
دڵ نسرمی

ناو قەیسەری
هەمووی گەڕام.
بەڵام ببورە هاوڕێم
هاوڕێی سەیوان!
ئەی قەڵەمەکەی گوڵ بەدەم!.
ئەی هەڵبەستە پشتێن ڕەشە
ڕیش هاتووەکەی
وڵاتی خەم!.
ببوورە لێم هەرچەند گەڕام
من ئەو شیعرەم نەدۆزێوە
باڵای خەمی بەقەد باڵای
ئەم کۆستەی تۆ کەڵەگەت بێ
وەك "کەژاڵ"ی گڵ بردوشمان
پەری یەکی شۆخو شەنگ بێ.

*لەکۆستی جوانەمەرگ بوونی "کەژاڵ"ی کچی
هاوڕێی شاعیرم حەسیب قەرەداغیدا وتراوە.

# دەفتەری

# سۆزو سووتانی گیان

ئەوەندەی ڕۆحی مەئیوس‌و مەلول تاریك ئەكا دنیا

ئەوەندەیش نوور لە ڕۆحی شادەوە ئەڕژێ بەسەر سەریا

گۆران

# دۆزەخ

ئەو دۆزەخەی خۆشەویستیت
بۆ ئەم دڵەی داخستووە
تیایدا ئەژیم‌و گشت ساتێ سووتاندنم
لەئاوێنەی بڵێسەدا
عەشقێکە: باڵی نور ئەگرێ‌و
خوا دێنێتە پێش چاوانی
ژیانەوەی دوای مردنم!
دۆزەخەکەت دەرگایەکی
لەسەر ئەم ڕۆحە ڕەوەندەم کردۆتەوە
بەهەشت لەوێوە دەستی سەوز درێژ ئەکاو
ئەمفڕێنێ و
ئەمباتە ناو هەڵهاتنی سۆزی تۆوە.
"کەسۆزی تۆ ئەمگرێنێ
هەر دوو گلێنەم هەتاویان
تێ ئەکەوێ‌و توانەوەی من لەناو تۆدا
ئەبێ بە گوڵ خەندەرانێ‌و پێ ئەکەنێ"

ئاخ! لەبەر چی من بەبێ ئەو
هەڵقرچانو سوتاندنەی
لەیەك كاتدا
ئەموەرێنیو ئەمرِوێنی!
تاوێك چییە هەڵناكەمو قەت ناتوانم
ئارام بكەم بە سەرینی
ئا ئەم سەرە گێژەنەی خۆم؟!
ئەی دۆزەخی خۆشەویستیم!
واز لەم ئازارە مەهێنە
ئەو وەرزەی تۆی تیا نەبینم
خوایش نابینم!
شیعری بێ خوا
لەو چەمە مردوانە ئەچن
كەئاو ڕوویان تێ ناكاتو
هەرگیز هەور بەسەریاندا ناگرمێنێ!
ئەی دۆزەخی ژیانەوەم!
واز لەم سەرەی من مەهێنە!
هەڵیگرەو هەموو شەوێ
فرِێی دەرە ناو خۆتەوە..
لەناو تۆدا پێغەمبەرە شاعیرەكان
ئەڵقەی نەمریی بەدەوری
فریشتە گیان سپیەكاندا ئەبەستنو

فێرم ئەکەن چۆن لەکوانووی

یەك وشەدا

دەیان "مانا" داگیرسێنم!

ڕامکێشە ناو لرفەی کڵپەی ئەوانەوە

تابسوتێم ڕوناکترم

هەتا ئازار تێم بئاڵێ

عاشقێکی گەورەترم.

1979

# قەقنەس

دیدەنیم کە
وام لەبەر ژووری دوا شیعرا ڕاوەستاوم.
چرە دووکەڵی پێچ خواردووی
وەرزە نامۆی ئەم خەڵوەتەم
پەپکە مارن
لەژیلەمۆی ناو قەفەزی سنگما نەبێت
ئۆقرە ناگرن!
دیدەنیم کە!
وەرەو سەرێ بکێشە ئەو تەمەی بێزار بوونم
لەتەونی ئەم دووریەدا
هەڵی ئەپێچێتە گیانم
لوول، لوولم ئەداو
ئەمدا بەدەم ڕوبارێکی سەرکێشەوە
"ڕووبارەکە جڵەوی خۆی
بەدەس زەمانەوە پچڕان
ئەو هەر ئەوەندە ئەزانێ کە ئیستەکە

بخنکێنیٚو دەربەس نییە"
دیدەنیم کە
شانی ڕازم داداوەتە سەر لێواری
تاکە پەنجەرەی نیگای تۆ
من لەوێوە بازی تەماشام ئەنێرمە
سەر سەرەڕێی چاوەڕوانیت
بەم ڕۆژگارە
من ژانێکی کێویلەمو بەکەژی چاوەڕوانیتا
ئەچمە سەریٚو دێمە خواریٚ
دێمە خواریٚو ئەچمە سەریٚ
بەم شەوگارە
کەشتییەکم وەڕس بوونم ئەمپچڕێنیٚو
شەپۆلی وێڵ
ئەمدا بەنووکی تەڵزمە تیژەکانی
ڕۆخی ئازاری دنیادا.
چاوەڕوانتم
"باز ئەڕواتو کەدێتەوە
چاوەکانی لم خواردونی
تۆ ئەزانی لی تینوو هەتا ئیستە
چەند ئاسۆگەی خنکاندووە؟!
چەند هەناسەی دڵدارانی وەك "مەولانە"ی
کردووە بەژێر گردۆڵکەکانی خۆیەوە؟"

مەولانە نیم

بپرسە مەولانە دێتو

ئەو شارەزای کونو قوژبنی ئازارو

ولاتانی خۆڵەمێشو هەڵوەرینە.

باسنگی خۆیت نیشاندات

جا ببینە:

چ کیشوەرێ جێگەی لەناویا بۆتەوە!

ـ چاوت ئەپەڕێتە پشتی سەرت ـ

ئەو، لە گەشتی بێدەنگیی ناو هەڵقرچانیا

خوا هاوڕێی ڕێو بانی بوو

ئەو، بازێ بوو دوو پرشنگی

لەچاوی خوا کردبۆوەو پێ یان ئەفڕی.

قەقنەسێ بوو

بەرز ئەبۆوەو.. بەرز ئەبۆوەو

هەتا لەشی لەئاتەشگەی

دەروونی یەزدان بەر ئەدا.

لەو سەرەوە لەگەڵ بەفری ڕۆحی ئەودا

کلووی فریشتەی سپی بوو

ئەهاتەوە بۆ سەر زەمین.

ئەی من چیبکەم؟!

مەولانە نیم

فریشتە نیمو

قەقنەس نیم.

باڵەکانی من بەگڕی دۆزەخی لەشم ئەسووتێن.

ـ گیانم ئەوێـ

تەنیا دڵۆپی ئارامی مەولانە بکەیتە گەرووم

بەسە بۆ ئەوەی کە بچمە کۆڵی غەریبو

بەسە بۆ ئەوەی جڵەوی زریان کەمو

کێشی کەم هەتا بەردەمت!

مەولانە نیمو چاو لەخوا نەتروکێنم تا ئەسووتێم

مەولانە نیمو بەکوێریی بچم دەسی چاو ساغەکان بگرم

بیانبەمە بەر بارەگای

نهێنییەکانی مردنو هەرگیز سڵیش نەکەمەوە

ئەو بە بیابانی ئەوت:

ـ وا ئەزانی تینووم ئەکەیت؟

ئەی نازانی من دەم ئەنێم بە پلووسکی

نووریێکەوە، لەسەرچاوەی دڵی خواوە هەڵ ئەقوڵێ؟

وا ئەزانی کلاورۆژنەی خەڵوەتەکەی هیندستانم

لێ ئەگریتو نازانی من

لەهەر کوێ بم، ڕۆژ لەوێیە!

گوڵە بەڕۆژەیە عەشقم

لەگەڵ چاوی پاکی یاردا

پشکۆیە

ئەسورێتەوە

پێت ناگیرێ!

دیدەنیم کە

پزیزکێکی ئەو پشکۆیەم بۆ بهێنە.

ئەی مەولانە!

تۆ ئەوەندە لەبنی کانیی دڵی خوا ورد بوویتەوە

هەتا چاوت لەکالانەی هاتنە دەرێو بوون بە ماسیی

تۆ ئەوەندە گوێت بۆ بانگی دەغڵی برسیو

سۆزی هەژارانی ڕەوەند ڕاگرت،

تابیستنت بوون بەبینین!

ـ کوا مەولانە؟!

گۆمی لیخن دوورگەیەکی خۆی نوقم کرد

کەڕوون بۆوە لەداخاندا لێوی ڕۆخی

خۆی بۆ کرۆشت.

ئیستەش کە ئاو هاژە ئەکات

گوێی لێ بگرە ئەوە گریانە بۆ دوورگەیەو

باسی ئەکات!

دیدەنیم کە!

ئەم هاوارە

بێدەنگەی من، چۆن ئەبیسی؟!

کە وەڕس بوون ئەئاڵێتە دیدەکانم

لێڵیان ئەکات!

ئیتر سەرنج ماسییەکانی بنی ڕۆحی

**تۆ نابینیێ**

**خوام لێ دوور ئەکەوێتەوە!**

**ـ بۆ ئەوەی لەخوا نزیك بیتەوە**

**لەدووریتا سەودا سەری سووتانی بەر**

**چراکەی بە..**

**بۆیە سامناکیی دارستان**

**لەچڕیدا خۆی مات داوە.**

**هەتا هەتاو بە برینداریی بیگاتێ.**

**بۆیە بیابانیش ئاوی ئاوارە کردووە**

**هەتا تینوو بەخنکاویی خۆی بیگاتێ..**

**دیدەنیم کە**

**چاوەڕوانتم!**

بەغدادی –هاوینی 1976

# کڵپە

بۆ ئەوەی تاقە گەڵایەك بخوێنمەوە
دارستانێك ئەنووسمەوە!
خۆت ئەزانی نە ئەچوویتە ناو ئەستێرکی
چاوی تاقە شیعرێکمەوە
گەر گەرداوم نەناسیایەو، زێو ڕوبارم
بەسەر کێوی، خەمە سەختو خزەکانما
سەر نەخستایە سەر ملەی ڕووتو تینوو.
چ سۆزێکە ئاڵاوەتە
ئەم سەرە دەروێشەی منو
"حاڵ"ە کانی وەکوو ناوم
دوای مردنیش لێم نابنەوە.
ئەم لرفەلرفی سووتانە حەیرانێکە
کڵپە ئەکاو بانیژەی عەشقت جێ یەتی
کڵپەی هاوار چنگ لەچنگی
ئەم زامانەم ناکاتەوە

هەتا هەڵیان نەگیرسێنیٚ!

تۆ بینیوتە چۆن سەری شەو

لەناو کۆشی تاریکیدا

وەك پشکۆ گەش ئەبێتەوە؟!

من بینیومە، بەڵام بۆ دەمم گۆ ناکا

بیگێڕمەوە؟!

* * *

بۆیە توانیم ڕێگە دەرکەم

ئەو بەیانییەی چاوی تۆم ئەخوێندەوە

من لەشەوی ڕابوردودا

مراویەکانی —نهێنیـ م

لەبنی قووڵ وشەیەك دەرهێنا بوو

هەستت نەکرد؟! کەبیناییم خوێندیتەوە

چاوت تەڕ بوو!

هەستت نەکرد کە لەناو گلێنەتەوە

پۆلە وشە دێنە دەرێو

لەسەر کاغەزی بەردەمم ئەنیشنەوەو

ئەبنە شیعرو کڵپە ئەکەن؟!

بۆیە توانیم قسە لەگەڵ

باوبۆراندا بکەم چونکە

هەورە بروسکەم پێچابوو لەسەرمەوەو

ناڵەو گرمەم

خستبووە ناو هەناومەوە.

ئەی نەهاتیو خۆت لەگۆمەکەی ناو سنگم

هەڵنەکێشا؟

ئەی کەهاتیتە دەرەوە

لەشت گوڵە ئەرخەوانی نەگرتبوو؟

⋆ ⋆ ⋆

بۆ ئەوەی گوڵ ئەرخەوانێ بخوێنمەوە

ڕەگەکانی ئەنووسمەوە.

ئای چیم لێ دێ

هەتا ئەگەمە لای ڕەگێو

نهێنی تاقە یەك گەڵای

ناو سەریم بۆ ئەدرکێنێ

ئای چیم لێ دێ!

1980

# گێژەنگ ـ سووتان

کەدێیت گەرداو لەگەڵ خۆتدا ئەهێنیتو
منیش کەنارێکم کە شەو
لەناو تەنیاییما ئەزێ
ـ چۆن بتوانم شەپۆلەکان ئاگادار کەم؟!
ـ داوـ ئاسمانت لێ نەدزێ
چیم لەدەست دێ؟!
ئەم پەنجانە لەژیلەمۆی سەردەمێکدا
کەوتوونە ڕێ
ئازار ئەدەن بەکۆڵی وشەی سوتاواو
وشەش وەکوو هەژارەکان
نانو ئاویان لەمن ئەوێ.
چۆن بتوانم بگەمە جێ!
هەموو ڕێیەك ئەچێتەوە سەر "بانە" یەك
پاسەوانی چاڵ بۆ ڕوناکی قوربانییە
کۆچەرەکان هەڵ ئەکەنێ..

دامەچڵەکێ!
کەدێیت نیگات پەڵە هەورێکە لەپاشکۆی
ئەسپی شیعرێکی کوژراواو
لەبەر دەمی تەرمی نیرۆدای
سەدەدا دائەبەزێ
دامەچڵەکێ!
ئەی نازانی کێ ئەستێرە لەچیاکانت ئەدزێ؟!
ئەی نازانی کێیە لەسەرمای ناو چاوی منداڵانتا
هەڵ ئەلەرزێ؟!
ئاخ بۆ دەسێ وێنەت لەسەر
لیرەی سوڵتان نە نەخشێنێ!
ئاخ بۆ ناخێ ئاوی شەرمی خۆشەویستیت
لەتاجی شا نەپرژێنێ.
ئاخ بۆ چاوم کەئەتبینێتو ناتبینێ
ئاخ بۆ چاوم کە
ئاخ بۆ..
ئاخ!

* * *

گەر خۆشەویستیت ئەیەوێ
لەگەڵ ئاودا بەیەکترمان بناسێنێ
لەکەناردا لێت ون ئەبم..
پێی بڵێ با بمخاتە ناو گێژەنگەوە

سوڕانەوە لەگێژەنگدا ناموەستێنێ!
گەر خۆشەویستیت ئەیەوێ
بە مردنم بناسێنێ
لەپێخەفدا لێت ون ئەبم
پێی بڵێ با لە هەستاندا بمسوتێنێ
ئەی نازانی سووتان
هەستان ئەوروژێنێ؟!
ئەی نازانی؟!
ئەی!

1975

# سۆز

ـ 1ـ

دڵت هەرێمێکی ساردەو
دوورگەیەکی تاریكو دوور
بەم شەوە من: ڕێم کەوتۆتە
ناو ئەم دارستانی بەفرەو
بەرەو لای تۆ
ئەم کوێستانی نامۆییەم
گرتۆتە بەر.
هەنگاو
هەنگاو
بەسەر لەشی
ڕەشو سپی ڕمووزنی
ئەم شەوەدا تێئەپەڕم.
هیچ دیار نییە
نەگڕی چاوانی ژوور و
نە ترووسکەی چرای بەر ماڵ

هیچ دیار نییە..
تەنها هەر خۆم
پشكۆی سووری
ناو ئەم بەفرو شەختەڵانەم
"با"ی هەڵكردووی
گڤە تەزیو
ئەمگەشێنێتەوەو.. ئەڕۆم.
قیبلەنمام ئەو سۆزەیە
كە لەكۆچی عەشقی تۆدا
خوا پێی بەخشیم.
"ئەی خوای ڕەوەندە نامۆكان
ئەی كۆچەرە مەزنەكەی
سەر قافڵەی خەمی یاران
پەنجەی نوورت ئاماژەكەو
بیخەرە سەر ناوچەوانی
هەرێمی سارد.
فڕی ئەستێرە گرتووی خۆت
بئاڵێنە لەم شەووەوە
با هەڵگیرسێ
دوورگەی تەریكو، چراخان
ڕووناكی كا هەیوانو ژوور
ماڵی تاریك".

ـ 2 ـ

بەدوای کۆچتا
من شیعرێکی لانەوازی
ڕەش‌و ڕووت بووم
لەباوەشتا هەڵ ئەلەرزیم.
ساوا بووم‌و دار بەدەستیش!
بەدوای کۆچتا
من شۆڕەبی غەمگینی سەر
کەنارت بووم
کە ئەگریام هاژەت لەگەڵما ئەگریا.
ئەبووین بەیەك.
هەموو گۆپکەکانم چاو بوون
ئەوەی من دیم
چاوی مەولانە دیوێتی‌و
کەسی دی نا!
گەڵاکانم هەمووی گوێ بوون
ئەوەی بیستم
هەر گوێی مەولانە بیستوێتی‌و
کەسی دی نا!
بەدوای کۆچتا
هەر ئەستێرەی نیگا تەڕ بوو
هۆن هۆن جریوەیان ئەڕشت!

لەئاسماندا
من جریوەی چاوم ئەسڕیو
لەزەویشدا
شوێن پێی هەتاوم هەڵئەگرت!
ئەی کۆچەرە مەزنەکەی
سەر قافڵەی خەمی یاران
چاو هی خۆتە
ناخ هی خۆتە
لەناو تۆدا من ئیستاکە
گوڵ خەندەرانی بەیانیم
تۆ بڕوانە
زەردەخەنەم بەڵام ئەگریم!

ـ 3ـ

بە سۆزی تۆوە بانگ ئەدەم
من تەنیامو کاروانیشم
زیندانیمو ئازادیشم
باڵدار نیمو لەناو هەورام
تەنها ساتێ
جێ نزرگەی خۆشەویستیی
تۆم جێ نەهێشت
کەچی دنیاش
هەمووی گەڕام.

ـ 4ـ

ئەی کۆچەرە مەزنەکەی
سەرقافلەی خەمی یاران
تا ئەوینت ئابلۆقەی گیانی نەدابووم
سەربەست نەبووم!
تا لەچاوتا نوقم نەبووم
باران لەدلما دای نەکرد.
تا نەچوومە مەشخەلانی ناو ڕۆحتەوە
نەبوومە تیشك
تا بۆی هەناسەتم نەکرد
نەبوومە "با"و هەلم نەکرد!
کە لێوم نا بەسەرچاوەی بنارتەوە
بومە شەپۆلی نەسرەوتی
بن بێ قەرار.
کە چریکەت ڕای چەنانم
بوومەلەرزەم خستە پێش خۆم.
لەو دەمەوە
حالْ گرتوومی‌و
وەك ئاگری بەر زریانێ
لە لووتکەتا
پەل‌و پۆی کلْپە ئەهاوم
بۆ دێ بەدێ

بۆ شار بەشار.

لەو دەمەوە

من تەوێڵی ئەم گەردوونە

ئەخوێنمەوە.

لەو دەمەوە

من بوومەتە شاری گەورەی

عیشقو ئازار.

1980

# داستانی هەڵۆی سوور

1984

ئادەمیزاد قەت بۆ ئەوە نەخوڵقاوە تا ببەزێ!.

ئەشێ مرۆڤ تێك بشكێنرێ بەڵام هەرگیز نابەزێنرێ.

**ئێرنیست هیمنگوای**

**لەڕۆمانی "پیرەمێردو زەریا"وە**

ـ 1ـ

هەور تەتەرێکە خێرا و مژدەی سەوزی

ئەم بارانە ئەدا بەتۆ

بچۆ بەری

بچۆ بەریو

لەخۆشیاندا تێر تێر بگری!

زۆر دەمێك بوو، ئاسۆ وەکوو

شاعیرێکی تەنیای چاوشین

ئانیشکی دادا بووە سەرکەل

غەمگین.. غەمگین،

بەر پەنجەرەی چاوەڕوانی گەڕانەوەی

باڵندەی وشەی گرتبوو

بەیانیان زوو

ژانی نەنووستووی ئەو، ئەبوو:

بەنامۆیەکی گەڕیدەی سەر هەلگرتووی

شاخو دۆڵی

ولاتی تەم

ولاتی خۆی

لەئەنگۆرەشدا، هەناسەی

ئەبوو بە کزە بایەکی

باوەشێنکەر

بۆ ئاگردانی برینی پڕ لەپشکۆی

سەرنجی وێڵ ئەفڕیو ئەڕۆی

لەو سەرەوە، برژانگی تەڕ ئەهاتەوە

هیچ دیار نەبوو کپو خامۆش

هیچ دیار نەبوو کپ.

هیچ دیار نەبوو

هیچ!

* * *

باڵندەکان لەکۆچدا بوون

ڕێگە ونو، کۆچ بێ وادە

هەتاو: لەتەما خنکابوو

زەریا: کاروانی قووت دابوو

هەوار: دووکەڵ، وشە: نمەی

نەباریو بوو.

چاوی شاعیر دوو ئەستێرەی

خۆڵەمێشیی، لەناو سەردا

قەتیس ماو بوون.

دەستی شاعیر دوو لقی وشکی
دارێکی لەدارستان بەجێ ماو بوون
یاری شاعیر،
دوو سوێسکە مەمکی سپیلکەی
لەبناردا سەر بڕاو بوون.

* * *

زمان دەمی گوێزانێ بوو
ڕوومەتی ئارامو ئۆقرەی،
کچی خۆری قاش قاش ئەکرد
دڵۆپی سوور تکایە سەر:
شەوی تەمەن
بووکە بە بارانەی خوێنین باڵای تۆ بوو
هەژاری گوند، هەژاری شار
کۆڵان.. کۆڵان..تەلان.. تەلان
ئەیان گەڕان.
ئەی باڵا ئاوێنەی گوڵین!
تۆ ئەرۆشتیو چاوم لێ بوو
هەنگاو، هەنگاو لەدواتەوە
مێژوویەکی تازە ئەڕوا !

* * *

ڕایان کرد و ماڵیان چۆڵ کرد
ڕایان کردو ئاگریان بەردایە بێشکە

بێشکە گریاو بوو بەزوخاڵ
ڕووباریان کوشت.
ڕایان کردو ماڵیان چۆڵ کرد
ئابڕوو مەلێکی سپی بوو
خستیانە ناو
قەفەزی سنگی فەرهادێو
هەڵیان گرتو بردیان بۆ شا
ئابڕوو سەر پۆشی کێوان بوو
دایان بەسەر تەرمەکەمداو
بردیان بۆ شا
دوای قاقایەك کە "شا" سەرێکی هەڵبڕی
مەلی هێنایە دەرەوەو
لەبەر قاچی شا بانوو دا سەری بڕی
ئەمجارەیان دانەوێوەو
بەسەر پۆشیش
پێڵاوەکانی پێی سڕی!
★ ★ ★
ئەوەتا وا
لەپرسەی ڕوبارو شاخا
شایی مەرگو برسێتیەیە
کات: کوللەیە
چاوی کێڵگەو چرا ئەخوا

ئەوەتا وا
کوردستانم بەلەمێکی سەرگەردانە
ڕوەو گێژو گەرداو ئەڕوا

★ ★ ★

وەرن گوێ لەخوێنم بگرن
تاوانەکان بنووسنەوە
چۆن ئەژمێردرێن؟!
وەرنە سەر منارەی دەنگم‌و
"قەڵای دم دم" ێکی تازە
بخوێننەوە.
کێ ئەتوانێ گوێی بۆ بگرێ؟!
کەژ کچێکی بسك سەوزی
لەش زێڕینی چواردە ساڵ بوو
بەزیندوویی
ئەیان پەستایە گۆڕەوەو
پڕ بەدەربەند، ئەیزریکان.

★ ★ ★

وا دووبارە هەر هەمان تۆڕ
گرتمیەوە
تۆ ئاوڕێ بدەرەوە
چۆن تۆڕێکە:
وردە ماسی قەتیس ئەکاو

گەورە ماسیش سووكو باریك

لێوەی ئەچێتە دەرەوە.

* * *

ئێوەی ئەی گەورە پیاوینە

پیاوانی دز

پیاوانی پووت

چاومان لێ یە:

لەناو لنگی تارانەوە سەر دەردێنن

لەگەڵ خۆتاندا وەك جانتای،

ڕەشی دەستتان

ئوتێل.. ئوتێل

شەقام.. شەقام

ڕوو زەردیتان ئەگەڕێنن

ئێوە ئەی گەورە پیاوینە

پیاوانی پووت

چاومان لێ یە

بەڕیز جامانە دائەگرن

دای ئەگرنو پەردە كوڵلەی دەوری چرپای

سۆزانییەكانی تارانی پێ ئەگێڕن!

من ئەو شاعیرە ناسكەی

ڕابردوو نیم

هەرچی گوڵێ كە هەڵوەری

تێر بۆی بگریم!

* * *

ئەم بەیانییە تەرمەکەی

دوێنێی خۆم ناشت!

ـ 2ـ

ـ "آغا بیا"

ـ بۆچی لێرەین؟!

دەریاچەکەی سەرووی "ورمێ"

ئاسمانێکی دابەزیوو بوو.

پەڕەسێلکەی هیلاکی چاو

نەگەیشتە هیچ لایەکیو ئەهاتەوە

لەخوێ ئاودا، برینەکان، بەبێ ئەوەی فێریان بکەن

ئەیان زانی چۆن دەستی خوێن ئەبزوێنن

بەبێ ئەوەی فێریان بکەن،

ئەیان زانی بەکام زمان خەمی دەریاچە ئەدوێنن

ـ ئەی دەریاچە ناسیاوە نەناسیاوەکە, ئەمانبینی؟

ئێمە دۆستو کەسو کاری،

"گەلاوێژ"ێکین کاروانمان ون کردووە.

ـ "آغا بیا"

ـ "ئێمە لە کوێین"؟

لەبەستێندا ئێمە لم بووین

وێڵ بوون لەدەنگی "گوگوش"دا
دەستی بەسەر سەری نەرمی،
ئاسکی دڵماندا ئەهێنا
بەڵام جەخار! دەرزی هەموو قەوانەکان
لەبرژانگی هەڵکێشراوی خۆمان بوون و
خاتوو گوگوش
بەدێوەجامەی زەردو سوری ئاوازەکان
ڕاوی ئاسکەکەی ئەکردین.
جەخار! جەخار!
لەبەستێندا ئێمە لم بووین
بچووکترین منداڵی "شا"
بەچیلکەیەك:
"پایان"ی لەسەر ئەنووسین!
ـ قوربانتان بین، ئاگاداربن؟
ـ ئێرە کوێیە؟
شەقامەکان ڕیزە تابوتێکی ڕەش بوون
سەرەکانیان کرا بۆوە
لەناویاندا ـ موعینیـ یەکان ڕاکشابوون
کەبەسەریاندا ئەڕۆشتین
دەرلنگی
شەرواڵە کانیان ئەگرتین
"ئەوە چۆن بوو نەئەمردین"؟

ـ ئێره کوێیه؟
سەرەتا بوو: پەیکەری باوكو کوڕەکە دەم بەخەندە
لەسەر سەکۆ هاتنە خوارێو پێشمان کەوتن
جانتاکانیان بۆ هەڵگرتین
له ئوتێلی ـ ئاریان ـ دا
کام ژوور پۆشتەو ڕازاوە بوو
بۆیان گرتین
ـ سوپاس، سوپاس!
وەختێ ئەوان گەڕانەوە سەر سەکۆکە
کۆنە زامێکی مەهاباد زۆر بەپەلە هاتە لامان
ـ دەخیلتان بم چاوم لێ بوو
که باوکەکه چاوی له کوڕەکه داگرت
دووسێ کەڕەت چاوی داگرت
دەخیلتان بم چاوم لێ بوو
دەخیلتان بم!
ـ ئێره کوێیه؟
کۆتایی بوو، پەیکەری کوڕو باوکەکه دانەبەزین
پشت لەئێمەو ڕوو لەپیاوە پووتەکانمان
هەڵ ئەپەڕین
کوژراو بووین و هاوارمان کرد
کوژراو بووینو ئەمانبینی:
ـ ئەوه مێزەره سپیەکەی" محەمەدە"

بۆتە دەسماڵی سەرچۆپی
مەرگێکی سووری دووبارەی
بەهاری شار
ئەوە چۆغەی موعینییە،
بەسەر ئەسپی "قودسی"یەوە
دەوران ئەکاو
جارێکی تر
ئەیجۆشێنێ کۆتەڵی شار!.

⋆ ⋆ ⋆

ئەی تفەنگەکەی "موعینی"
تەنها ئەو وەختە ببوورە
لەپیاو کوژان
گەر توانیان جارێکی تر
"موعینیت" بۆ بهێنینەوە
بتکاتە شان.

⋆ ⋆ ⋆

بەدڵدارانی شەم بڵێن
حەریقێ بەربۆتە دڵم
هەر کە ئەدوێم
ئەبێ بە وەرزی ژیلەمۆو پشکۆ بارین
بە دڵدارانی شەم بڵێن
لەبەر بۆنو بۆکروزی جەرگی منە

باخان چاویان پڕ ئەبێ لە ئاوو، کەژان
هەموو وەکوو دایکم ئەگرین.
بەدڵدارانی شەم بڵێن
با بە دەرونما هەڵگەڕێن
بەڵام هێواش، نەبا پەیژەی
ئێسکم بشکێ
وا ئەکەوم!
بەدڵدارانی شەم بڵێن
با دەس بەنە پەلی شەمو
لەناو دڵما دەری بێنن
دەری بێنن
با بسووتێم ئەو نەسوتێ!

★ ★ ★

خۆ ئەمبینن!
من سووتاومو لەسەر تەختی ناوچەوانم
گوڵان ئەڕوێن
ئەی دڵدارە ئاوارەکان!
تەماشاکەن
وردبنەوە کام گوڵ، شەوقی چاوەکانی
ئەگاتە شەوقی چاوانی،
گوڵاڵەی خوێن.

ـ 3 ـ

هەرێزی شەو بە لەشتا ئەتەنێتەوە
تۆ خاکێکی بەبڕشتی
هەموو وەرزێ
هەر یەكو سەد گوڵە ژانی تازە ئەبڕی
هەرێزی شەو بە لەشتا ئەتەنێتەوە
تۆ پردێکی ڕەشپۆشیتو
بەم ڕۆژگارە
خەمی سووری ئەم شاخانە
بەسەرتا ئەپەڕێتەوە.

★ ★ ★

لەم شەوەدا درەختەکان بیناییان:
وەکوو شوشەی چرایەکی دووکەڵ خواردوو،
نابینێتو هەر کەهەنگاو هەڵ ئەهێنن
بەسەر یەکدا ئەکەونو پەل ئەکوتن
هەر تەڵەزمەو ئەچێ بەچاوی گەڵادا
دارستانێ هەمووی کوێرە!
لەسەر ترۆپکی شاخەوە
کەشوانەکە دائەگەڕاو
قۆڵی ئەکرد بەقۆڵی گۆرانییەکانیا
گاڵۆکەکەی ئەکرد بەسەرینی دەستی
ئەوسا ئیتر دارستانی دار بەڕووەکان

هەڵ ئەپەڕن، ئەیان زانی،
هیچ ڕووبارێ شەپۆلی لێ نەمردوەو
هیچ دڕکێکیش نەیوێراوە
سەر بکێشێتەماڵی هیچ گوڵێکەوە
ئیتر هەتا گۆرانی شوان
کڵاوی قوچی لاوك‌و حەیرانەکەی،
لارتر لەسەر سەری کەژو
گردۆڵکەکان دابنایە
سەمای بەفرو قەڵبەزەکان
باوەشیان ئەکرد بە ملی کوردستانداو
گەنج ئەبۆوە ئەم دنیایە.

⋆ ⋆ ⋆

لەم شەوەدا بەرانە کێویی شاخی خۆی لێ بۆتە تەوق
ئەوەتا گشت پێ دەشتەکان وەك ڕانە مەڕ ئەبڕنەوە
شانەی هەنگ‌و هێلانەکان
بۆ دورگەی مەرگ ئەگوێزنەوە.

⋆ ⋆ ⋆

ئەسپەکان چۆڕ چۆڕەی فرمێسکیان
کەوتە بن سمەکان
تەوێڵیان وەك ئاڵای جێ ماوی ئۆردویەك،
لەغاردا جێ هێشت‌و کەوتنە ژێر لەوە.
ئەسپەکان حیلەیان لەقوڕگیان جوێ بۆوە

مێخەکان سواریان بوون
بڕوانە ئاوزەنگی چۆن لەپاڵ ئاخوڕدا
بۆ قاچی سوار ئەگری!
"ئەسپەکان زریانی تووڕە بوون
لەبەر پێی زەمیندا مەحاڵیان یخ ئەدا"

★ ★ ★

تۆ گوێ هەڵخە بابزانم
کوروزانەوەی گەنمو ئەم زەمینە
چۆن لەیەك جیا ئەکەیتەوە؟
ناڵەی پەلکە گیاو ئەو شیعرە
بەچیدا ئەناسیتەوە؟
تۆ گوێ هەڵخەو من پێت بڵێم: گوێت لە چیە!

★ ★ ★

لەسەرانسەری وشەدا بزوتنەوە قەدەغە بوو.
حەرفێکی زۆر خرانە ناو خودەکانی ئۆردوگاوە.
زەردیان گرت
سووریان کوشت
شین هەر بەپرچی خۆی هەڵواسرا
سەوز ئاوارەی وڵاتی گریان کرا
لەسەرانسەری تابلۆ ـ وشەدا
بوو بەپرسە!

★ ★ ★

کە گۆڕیچەی گوڵەکانیان هەڵدایەوە
تیایاندا بوو نەژاکا بوو
چاوم لێ بوو بولبولێ بۆ
تەرمی گوڵێك ئەگەڕا
کەدۆزییەوە پێ یان وت: چۆن ناسیتەوە؟
ئەم ناونیشانەی هەڵدا:
گوڵ ئەستێرەی سلێمانی دابوو لەسەر
مانگی پاوانەی سابلاخی لەقاچدا بوو
کراسی گۆمە شینەکەی وانو ورمێی ئەکردە بەر.

* * *

ئێوە بڵێن
ئەو پۆستەیەی کەخوێنی خۆم ناردبێتی
نەیگەیێنم؟
ئاوێنەیەك سیمای شاخو هەردەکانم
لێ بگۆڕێ
نەیشکێنم؟

ـ 4 ـ

وا ئیستاکە
فوراتو دڵم دراوسێن
ئەو سترانێکی غەمگینەو
شەپۆلی کەنار ئەی ژەنێو

دڵیشم ژوورێکە تاریك

تاریك وەکوو گوندی قەندیل.

شەوانێکە

خەم چاوی خەمی تەنیشتی تیا نابینێ

من لە ناو  خەڵوەتی "مەی"دا

هەموو شەوێ، دائەگیرسێم

پێك چرایەو ئەیخەمە شوێن نەهێنیەکان

ملی خەیاڵ.. بەرەو گەردوونی ناوەوەی

گیانم ئەنێم..

کە پێك هۆشم ئەخواتەوە

ئەستێرەکان ڕام ئەژەنن..

کە پێك سەرم لەم نەخشەیە ئەکاتەوە

بەدوای یەکدا خەونەکانم

لەسەر مێزی  وەنەوزدەری

بەردەمی دوای

نیوە شەوم دائەبەزن.

ئەتوێمەوە

ئەی گیانی من.. خۆت ئەزانی شەوانێکە

خەم چاوی خەمی تەنیشتی تیا نابینێ

شەوانێکە رایەڵی ئازارەکانی

بێ سنوورو کۆتاییە

من مەستێکی بێقاچم و

شوێن کەوتووی دوای تەرمی خۆمم
نارۆمەوە
گلێنەکەم خۆت ئەزانی
ماڵم هەیە هەتاکوو من بڕۆمەوە؟
شەوانێکە بەتەنیا پێك
مەگەر ئازارم سڕ بکاو
لەسەر ڕانت تەنها تاوێ
گێژەنی ناو سەری ماندووم بسرەوێنێ
فریشتەکەم  بێنە ڕانت
من ئەمەوێ ئیستە بنووم
من ئەمەوێ ئیستە..
من ئەمەوێ..
من..
م..

★ ★ ★

سەرنج ڕووا
بۆ نەهاتی؟
تا هیچ نەبێ گوێیەك بگری،
لەو لاوکەی کە ئیستەکە
لە شمشاڵی شوانێکەوە
لەقەدپاڵی بێ دار بەڕووی کەژەکاندا،
ئاوازە ئێش لەسنگمەوە هەڵ ئەمژێو

ئەیڕێژێتە ناو سەنگەرە چۆڵەکانی فەرهادەوە
ـ نە فەرهاد دیارەو نەشیرین ـ
بۆ نەهاتی؟
من ئەترسم وام لێ بکەی کە وەرزەکان
بە چوار دەستە تەرمی غەریبیم هەڵ گرن
هەڵیگرنو ئێوارەیەك.. بەخۆرنشین
خۆیان بکەن بە ناو گیانی ماتی تۆدا
من ئەترسم لەو ساتەدا
بەفر ڕێگەی دڵدارانی  شارەکەمی گرتبێتو
کەس دیار نەبێ
زوقمو سەرما دەستو پەنجەی
درەختی لەگۆ خستبێ
مەلو باڵندە دیار نەبێ
نیگام ڕووا
بۆ نەهاتی؟
وابووم بەهەڵمی سەر فورات
بۆ نەهاتی؟
⋆ ⋆ ⋆
ئارام هەورێکە بەپێچ و ژارو ژەنگە
بارانی تیا بەند کراوە
هێلانە چۆڵەکەی دڵی باوکێتی من
زەردە مارێ وا لەناویا

باڵی فڕینم بەستراوە
دێمەوە لات؟
ئەی "هەڵۆ" گیان دێمەوە لات؟
دەستەکانم دوو لقی وشکی درەختی
تینووی لەشمن
لەکەناری دوورگەی لمدا ئەبنە زوخاڵ
نەهاتە ساڵە هەڵۆ گیان نەهاتە ساڵ!
شارە مێرووڵەی قلێشی بەردەمی من
داویانەتە چاوی ئاوو دەری دێنن
تاریکستانە هەڵۆ گیان تاریکستان
بەسەر سەرما ئەی هەڵۆ گیان
داڵەکان خوولە خولیانەو لەئێستەوە چاوەڕوانی
دەم بەیەکدادانم ئەکەن
ئەیانبینم.. نزم ئەفڕن
ئەیانبینم.. دێنە خوارێ
چۆن بتگەمێ ئەی هەڵۆ گیان چۆن بتگەمێ
ڕێگەکانی نێوان منو چاوانی تۆ
بەدارستانی نێزە تەنراون
ڕێگەکانی نێوان منو گۆیژە
چەقۆن چەقۆ!
دە روخساری گریاناویی خۆتم تێکە
با ئەم شیعرەم پەڵەی خەمێکی تر بدات

من ئەزانم هەر کلۆڵی‌و

شیعرت بۆ بەجێ ئەهێڵم

ـ وەك باپیرەت بۆی جێ هێشتم ـ

نەهاتە ساڵە

هەڵۆ گیان

نەهاتە ساڵ.

من نازانم ئەی هەڵۆ گیان

دێمەوە لات،

دێمەوە لات؟

★ ★ ★

سلێمانی گەڕەکی ئەزمڕ ـ ژمارەی خانوو 224

دایە!

دایە!

کوڕەکەت ئێستە قەفنەسەو

لەمەخفەرێکدا ئەسوتێ

کوڕەکەت زامێکە وێڵ‌و

بەم ڕۆژگارە

لەگوێ فورات

دەس بەپرچی خەما دێنێ‌و

سەر کولمەکانی ماچ ئەکات.

دایە! فورات هاوڕێمە

نامۆیی من ئەخواتەوە
شەو دێ بۆ لام
لەتەکمەوە لەسەر چرپا شکاوەکەم
ڕائەکشێ
ئای کە دڵم ئەداتەوە
تا درەنگان، تا نەزانێ
باڵە فڕێی خەو لەچاوما خاو بۆتەوە
جێم ناهێڵێ‌و ناڕواتەوە
دایە! فورات دەرگای دڵی،
پەنجەرەی سەر شەپۆلەکان
هەر بۆ غەریبە وێڵەکان ئەکاتەوە
ئەو کە ئەڕوات
ئاوڕ لەوان ئەداتەوە.
دایە!
دایە!
مادام فورات لەگەڵمایە
مەراق مەخۆ
وابزانە خۆتم لایە!
دایە توخوا لەبیرت بێ
کەچوویتە لای گۆیژەو ئەزمڕ
پێیان بڵێ
شێرکۆ ئەڵێ!

بۆ ئەو شیعرەی پێیان وتم
داومەتە دەست شەپۆلەکان
بیبەن، بیگەیێنە" سیروان"
لەبێ دەنگیی نیوە شەودا
لەوکاتەدا..
کەمانگ شەوقی چراکەی دەستی خۆش ئەکاو
بە کۆڵانی پەڵە هەورا تێ ئەپەڕێ
لەو بەرزەوە
ئیستێك ئەکاو
سەرنج لەگوندێکی سوتاو ئەگرێ
لەوکاتەدا با گوێ هەڵخەن
گوێیان لەو هەڵبەستەم ئەبێ!
تێبینیەك:
پێ یان بڵێ
بەتایبەتی
فورات سڵاویان لێ ئەکا!!.

* * *

ئەمرۆ فوراتم ڕوون بینی
تێ ئەپەڕیو ئەی وت: کاکە
نە ڕنو بەفری کوێستانان ئەچێتەوەو
نە ئاوی من ئەبڕێتەوە!

ـ 5ـ

لەو ڕۆژەوە کە شاخو داخ دارستانی بەریان دڕیو
وەکوو کۆمەڵی چەتەوڵ لەبەردەمی شیرەکاندا ڕووت بونەوە
پاڕانەوەو کەوتنە سەر چۆك، لەو ڕۆژەوە ڕەوەز گریا.
کەژان قژیان دەسکەنە کرد، بەپۆل هەڵۆ سەریان هەلگرت.
سەنگەرەکان ڕایان ئەکرد. قەڵەم ملی وشەکانی خۆی
ئەقرتان. شەپۆل هاواری ئەکردو ئەیقریشکان. لەو
ڕۆژەوە کە کانیەکان، لێڵایی چاویان داهاتو کوێر
بوونەوە. قولاپەکان یەکە یەکە ماسی گیانی
گۆمەکانیان  دەرئەهێناو هەڵیان ئەدڕین.
وەردو کێڵگە بوبوون بەئوردوگای کوللە
گرد بەگۆڕستانی  کوللە. تفەنگەکان سەر
بەرەو خوار هەڵ ئەچنران. هەتا ئەکران
بەهەرەمی دیوەخانی والیو سوڵتان.
لەو ڕۆژەوە ئیتر ترس
ئەم زەمینەی تەلبەند کرد و
بێ دەنگی بوو بە پێشڕەو و
یاسای ژیان
لەو ڕۆژەوە! چرا مردوو
بارگەی هەڵدا تاریکستان!

* * *

لەو دەمەدا

پیاوانی خوێنو هەتاو دز.
پیاوانی پووت
پیاوانی بیر عەمارە پۆ
لەناو لنگی سۆزانییەکانی تاراندا
لاسلکییان بۆ یەك ئەکرد،
شفرەی هەرەسیان حەل ئەکرد.
لەو دەمەدا
لەسەر شەقامی "پەهلەوی"
لە"خانەدا"
چاومان لێ بوو
جرتیان بۆ "هەندرێن" لێداو
کێریان نیشانی "زۆزك"دا!
٭ ٭ ٭
لەیەك کاتدا
دوو شاعیر بووم لەناو خۆمدا
لەو ڕۆژەوە
دەستکێشێکی ئاسنینم لەدەست کردو
دەستم بەناو دڵما ڕادا
گەڕام.. گەڕام
هەتا ملی شاعیرە خۆش بڕواکەم گرت
هەڵم کێشاو دوور تورم دا.
٭ ٭ ٭

ئەو شییرەی دەستی پەڕاندم

فێری کردم

شیعرەکانم

بکەم بە شییر!

* * *

هاوڕێکەم!

بۆت نووسیبووم

بە کێوەکانی شیعرەکەت

بڵێ، بۆچی

پەستن... ئەگرین؟

بۆ نازانی

ئەی هاوڕێ؟!

ئەو کێوەی هەڵۆی تیا نەبوو

پێ ناکەنێ!

* * *

هاوڕێکەم!

ئەمڕۆ دار خورمایەك وتی:

با بیابان جێ نیشتەم بێ

کە خۆشەویستی ڕەگی خۆی

بەئازارا شۆڕ کردەوەو

گەیاندیە ئاو

باڵندە خۆی پەیدا ئەبێ و بۆم ئەخوێنێ

"با" خۆی دێتو ئەمدوێنێ

* * *

هاوڕێکەم!

بۆ لات سەیرە؟

زۆر جار سیاسەت پیاوێکە کەتەو ورگن

شەپقە لەسەر

پیرەو بەڵام گەنج ئەنوێنێ

ئەم کابرایە

ئەفەندیەو سەر ڕووتاوەو

جانتا بەدەس

سەد گیرفانی بۆ جلەکانی کردووە

هەرچی زمانە پێی ئەدوێو

ناویشی:

ـ بەرژەوەندی ـ یە!!

* * *

هاوڕێکەم؟

ئەوەتا وا

سنورەکان بوون بە گاسن

بەسەر کێلگەی لەشی مندا

دێنو ئەچن

وەرە پشتم هەڵبەرەوە

چی ئەبینی

ـ چۆن نازانم!
نەخشەیەکی کوردستانی
ئەنجن.. ئەنجن.

ـ 6ـ

هەفتەو هەفتە
بەغدا ئیزگەی دابەزینی نامۆییتە
تۆ "نەورەسێکی" ئاوارەیت خۆت لەدیجلە هەڵئەکێشی
دیجلە خەمێکی ڕەوانە
دڵت ئەدەی بەدەمیەوە
سەرت ئەخەیتە ژێر باڵی،
شەپۆلێوەو خەو ئەبینی:
ئەچیتەوە کۆنە هەوار
سەرنج ئەدەی ئەوا"بڵباس"
بەملەدا دا ئەگەڕێ
ئەگاتە پەلکە ڕەنگینەو تیا ون ئەبێ
دێتە دەرێو جلەکانی زەردو سورە
لەسەر لووتکەش تفەنگەکان
سەریان لەگەڵ هەوری ئاڵدا ـ یەکانگییرە
بەڕاکردن
بەهەورازدا هەڵئەگەڕێی
بەدەم هەناسە بڕکێوە

سەر ئەکێشیتە ناو هۆبەی ڕەوەندەوە
لێو: گزنگی بزە ئەگرێ
ئەم تاوڵە هەڵ ئەبژێرێ
"کاڵێ" ی چاو ڕەش ئەبینیتو
دائەنەوی و سووك سووك
ئەچێتە ژورەوە
بەبێ قسە..
ئاگری لەگەڵدا خۆش ئەکەی
وردە وردە
سەرت ئەبەیتە پێشەوەو
بۆنی مێخەك بەنگی سینەو
گوڵاوی نێو مەمەی ئەکەی
چاو دائەگریو
چاو دائەگرێ
ئەسپە مارۆی بەردەم دەوار
ئەحیلێنێ
زەنگی دەروونتان لێ ئەدا
دێیتە دەرێو لەمێخەکەی ئەکەیتەوە
خۆت هەڵ ئەدەیتە سەر پشتیو
"کاڵێ" فەقیانە هەڵ ئەکاو
لەسەر لا دێتە بەر دەمتو
بەپێ دەشتی سەوزو وەردا

ئەدەیتە غار
ئەو سەر ئەنێ بە دڵتەوەو
تۆش دڵێکی بن بێ  قەرار
ئەسپە مارۆ، ئەسپی داستان
باڵ ئەگرێتو ئەفڕێو ئەچێتە سەر لوتکەی
"سەکری سەکران"

* * *

هەفتەو هەفتە
بەغدا ئیزگەی دابەزینی نامۆییتە
زامەکانت گوڵە ژاڵەن
ئەیانکەی بە چەپكو لەسەر:
مەزاری یادی کۆچ کردوو دایان ئەنێی
بە دیاریەوە دەستت ئەخەیتە ژێر چەنەی
بیرەوەریو
لەبەر خۆوە.. شیعر ئەڵێی

* * *

هەفتەو هەفتە
بەغدا ئیزگەی دابەزینی نامۆییتە
تۆ تەنیایتو.. تەنیایت وەك:
جوانووییەکی لە رەوگە دابڕاو وایە
بە چوار دەورا کورژن ئەکاو
ڕەوگە ونە!

کوا هاودەمێ ئەم ئازارەت ڕابژەنێ؟
بەغدا گلۆڵەیەك دەزووی ئاڵۆزکاوە
وەك وەڕس بوونی تۆ وایە.
ئای لەو تەونی بێزاری یەی
لەم نامۆیی یە ئاڵاوە
کوانێ کچێ شپرزەییت ڕابژەنێ؟
گوێی بۆ بگری
ئەو گۆرانیی ئاوارەکان بۆ تۆ بڵێو
تۆش بێ دەنگو تەنها جار جار
چاوی تەڕی بۆ هەڵبڕی.
گولاڵە خان!
گولاڵە!
گولاڵە!

* * *

شەقامی"سەعدون" سەعات چوار
سەعات پێنج
سەعات شەش
شەشو نیو
خەمێکم گەش

* * *

لەتەکتامو بێ دەنگ ئەڕۆین
لەنێوانی هەردوکماندا

تەنها پەنجەی تێك ئالاوی
دەستمان ئەدوێن
من ئازارە زەرد باوەكەی
"بەغدادی" نیم
لەئیستەدا
خەمێکم گەش، خەمێکم سەوز
لەتەکتام‌و بێ دەنگ ئەڕۆین
کەتۆم خۆش ویست
خۆم لەلا خۆشەویستر بوو.
بێ دەنگ ئەڕۆین
ئەم بێ دەنگییە.. هاوارە
ئەم بێ دەنگییە.. تەنیاییم ئەشڵەقێنێ
ئەم بێ دەنگییە.. لەسەرخۆ ئەمسوتێنێ
لەتەکتام‌و واهەست ئەکەم
یەکەم جارە سەرنج لەم دنیایە ئەدەم
یەکەم جارە هەست بەخورپەی خێرای دڵو،
بوونی جەستەو هەناسەی سنگی خۆم ئەکەم
یەکەم جارە کە ڕەنگەکان بەدی ئەکەم:
درەختەکان سەوز ترن
گوڵە باخەکان سوورترن
رێبوارەکان زۆر جوان ترن
ئەو کۆشکانە بەرزترو

شەقامەکان درێژ ترن!

★ ★ ★

ئەی شاعیرە ئاوارەکە
سەرت نوقمی ناو قژی کە
لەبن تاڵە قژەکانتا نیگاکانت بکەرەوە،
وەك چۆن لەبنی ڕووبار دا هەڵیان دێنی.
لەوێ وردە ماسی ڕەنگین
لێرەش خەونی ڕەنگاوڕەنگی
عەشق ئەبینی.
ئەی شاعیرە بێ ماڵەکە!
پەنجەرەی سەر مەمکەکانی بکەرەوە
سەرت بخەرە ناو سنگو بەرۆکێوە
بۆنی ئارامێ هەڵ مژە
بۆنی هیوایەك هەڵ مژە
کەتەنها هەر لەناو سنگی
بێوە ژنەکەی دایکتدا هەڵت مژی

★ ★ ★

گوڵاڵە گیان!
ئەو عەشقەی تۆ هەتاوێ بوو
خۆی کرد بەناو تەمو مژی گیانی مندا
بووم بەساماڵو پێ کەنیم.
عەشقی تۆ بوو

رووی گرژو مۆنی ڕۆژانی —بەغدادیمیـ
ڕوون کردەوە
بووم بە لاولاوو بە بالآی
خۆشەویستیدا هەلْزنیم.
عەشقەکەی تۆ
دەستی وشەی پەرەوازەو وێلّی گرتم
ئەوان بێ پەناو دالْدە بوون
جێت لەدلْتا بۆ کردنەوە،

★ ★ ★

نائومێدیی بەستەلْەکەو شاخی شەختەی
پاچو پێ مەڕە نایبڕێ، ناکرێتەوە
عەشقی پیرۆز بەخێرهاتی!
وەختێ لەچاوما هەلْهاتی
تەماشاکەن!
ئەوەتا واشاخی شەختە بەرەبەرە
ئەکرێتەوەو ئەتوێتەوە.

ـ 7ـ

گیانم قەوزەیەك گرتبووی
وەکوو چنگی قرژالْ وابوو
نەم ئەتوانی بچمە ناوی‌و پەل بهاوم
نەم ئەبینیت

تۆ لەتەنکاوا ناژیتو فێری ناخیت
تۆ مرواریت
ئەم وت تازە ناتدۆزمەوە
ئەم وت.. هەرگیز جارێکی تر
لەو زنەی نیگا ڕوونانەت ناخۆمەوە
ئەم دیواری شەوە زەنگە
چۆن ئەڕووخێ؟!
سی ساڵی تر؟ چل ساڵی تر؟!
ئەم وت، هەواری خۆڵەمێش
چۆن ئەبێتەوە بە ئاگر!
چاویلکەکەم قەترانی بوو،
بەفریش وەکوو پەڵە خوێنی وشکەوە بووی
سەر ڕانكو چۆغە شینکیەکەم
ڕەش، ڕەش ئەینواند
گیانم قەوزەی وەڕس بوونێ
تێی ئاڵابوو
دایکم ئەیویست بە نینۆکە تیژەکانی
بیڕنێتو ئاسوودەم کات
من حەوزێکی پڕ گومانی
لیخن بوومو
ئەویش ئەیویست دەرم بدات!
★ ★ ★

لەسەر سنگت تۆپی ئاسنە شەوانی دورە وڵات
ڕائەکشایت، چاوت ئەبڕیە: وێنە دێرینەکەی دایکت
ئەتویست بچیتە چاوێوە. ئەتویست لەناو قژیا بنووی
ژێر چەنەکەیت ماچ ئەکرد
لە پڕێکدا، وەك تارمایی
دەستێك ئەهات
دەستی جانەوەرێ، تووکن.
درێژ ئەبوو، چوار چێوەی وێنەکەی ئەشکان.
سەرپێچەکەی. سرکەییەکەی، کلاوەکەی
دا ئەگرتو دەسماڵەکەی ئەکردەوەو
لەبەر چاوی تۆ ئەیسوتان.
ڕائەپەڕیت
وەك شێتو هار دەرئەپەڕیتە دەرەوەو
لەکەنار دا دائەنیشتیو
لەگەڵ فوراتدا ئەگریایت!

* * *

ساڵی داڵە کەر خۆرەیە
پۆل.. پۆل ئەفڕن
ئەنیشنەوەو
دەنووك لە چاوی شاخ ئەگرن.
ئای شاخی تانە لەسەر چاو
شاخو داخی هەڵۆ کوژراو

هەتا ئیستەش

ئازارێکی چەند بەسامی!

⋆ ⋆ ⋆

هەتا برین قووڵ بێتەوە

مەرگی چەقۆ نزیکترە

تا بەخشینی گیان کەمتر بێ

ڕێگەی خۆرەتاو دوورترە!

⋆ ⋆ ⋆

ئەوەی هەتاوی ناسیوە

وڵاتی تاریکیی دیوە

ـ 8ـ

درەنگە.. درەنگە.. درەنگە.. درەنگە..

زۆر درەنگە

مێژوو ڕووی ئەکردە خوێنو وای پێ ئەوت.

ڕێو بانەکان ڕوویان ئەکردە ڕێبوارو

وایان ئەوت

ئابڕوو ئەبوو بەئافرەتێ قژ ئاڵۆزکاو

بەرۆك دڕاو..

یەخەی شارو گوندی ئەگرت، ئەوەی ئەوت.

وشەکان ڕوویان ئەکردە قەڵەمەکان

وایان ئەوت.

منداڵەكان ڕوویان ئەكردە گەورەكان
وایان ئەوت:
درەنگە.. درەنگە.. درەنگە.. درەنگە..
زۆر درەنگە

* * *

شورەی چینو هەرەمو كۆشكەكەی بابل
یەكەم جار تەنها بەردێك بوو
بناغەیان
ئەو شاخەوانەی یەكەم جار
سەركەوتە سەر لوتكەی ئەڤرست
چۆكی دادا بەو چیایە
ئەویش تەنها بە یەك هەنگاو
دەستی پێ كرد.
هاوڕێكەم!
كانیەكانی وڵاتەكەم خۆشەویستن
لەهەموویان خۆشەویستر
ئەو كانیەی
تینوێتی زۆری شكاندووم.
باخەكانی وڵاتەكەم خۆشەویستن
خۆشەویستر لەهەموویان
ئەو باخچەیەی
بەری زۆرتر بۆ گەیاندووم.

مامۆستایانی وڵاتم خۆشەویستن

لەهەموویان خۆشەویستر

ئەو مامۆستایەی یەکەم جار

فێری یەکەم حەرفی کردووم.

هاوڕێکەم!

شەهیدانی وڵاتەکەم تێکڕا هەموو خۆشەویستن

لەهەموویان خۆشەویستر

ئەو شەهیدانەی یەکەم جار

ترسی مەرگیان

بۆ بەزاندوم!

* * *

ترس ژوورێکە داخراو

بەچرپە باسی هەتاوی تێدا ئەکرێ

ترس پۆڕێکی غەمگینی هەڵکورماوە

وەکوو باڵیـ کناچەـ یان هەڵکێشاوە

کێرد بە بێ کییف ئەگەڕێتو سەر بەدەرگای

هەموو برینێکدا ئەکات.

سەر ئەکەوێتە سەر کەژو، هەوار، هەوار

بۆ بەرەو خوار ڕاپێچ ئەکات.

کێرد ڤینێکی ڕەشی تیژە

زمانی کوردی ئەبڕێتو

گوڵ لە باخچەو دەغڵ لەکێڵگە دەرئەکات.

"مامه یاره" لەگۆڕ ئەهێنێتە دەرێو
ـ عەگالێکێـ لەسەر ئەکات.
کێرد ڤینێکی پەند خوراوەی دەمێ ساڵە
وا بەربووە
ئەڕوا ئەڕواو ڕائەماڵێو
ئێسكو پروسکی "مەولەوی"و
دار بەڕۆکان بەیەکەوە ڕائەماڵێ.

* * *

ترس ژوورێکە داخراو
بەچرپە باسی هەتاوی تێدا ئەکرێ
چرپە ئەڵێ:
لەم بەینەدا. چەند هەڵۆیەك. ڕەنگە شێت بن
چوونەوە شاخ. ئەم هەڵۆیانە لەڕەنگو
شێوەی باڵو
دەنووکیاندا. لەهەڵۆکانی تر ناچن. ئەمان سوورن
ئەوان بۆر بوون
وەك ئەفسانەن: دەر ئەکەونو ون ئەبن.
ون ئەبنو دەر ئەکەون. تینوویان بوو
لەئەستێرکی چاوی یەکتر ئەخۆنەوە.
برسی یان بوو گۆشتی ڕانی خۆیان ئەخۆن
بە ڕۆژ ئەنوون بەشەو ئەڕۆن
لەناو کونە گورگەکاندا ڕائەکشێن

پێشبڕکێ لەگەڵ شەپۆل‌و "با"دا ئەکەن
لووتکە لەژێر باڵیانایە.
ئەڵێن:
ئەم هەڵۆ سوورانە. لەسەر پشکۆ کڕ ئەکەون
بروسکەیان لەناو هەورا دەرهێناوەو
خستویانەتە دەروونی خۆیانەوە
ئەڵێن:
ئەم هەڵۆ سوورانە بەشەوی زریان‌و بەفر
هێلانەیان ئەگوێزنەوە.
لەسەر لوتکەش نەبێ نامرن.
بەچکەکانیان لەناو گەردەلوولدا نەبێ قەت باڵ ناگرن
دۆستی هەموو بنچکێکن.
ئەڵێن:
ئەم هەڵۆ سورانە
ئەگەر ڕێ یان کەوتە گوندێ، تەنها مەلە هەژارەکان
لەزمان‌و هەڵفڕینی ئەوان ئەگەن
ئەم هەڵۆیانە زۆر سەیرن.
نان بۆ مەلە هەژارەکان ئەکەنەوەو نانیان ناخۆن
ئەم هەڵۆیانە ئەفسانەن
لەشەپۆلدا گەرا ئەخەن
چرپە ئەڵێن: ماوەیەکە شاخی قەندیل
لەناو هەموو شاخەکاندا

بەتەنها ئەو پێ ئەکەنێ
بینیویانە: چیتی هەورێکیگوڵ گوڵیی
"سەر" بەستێتی
بینیویانەو خۆی وتویەتی
بۆیە ئاوا دڵی خۆشە
چونکە هەڵۆی سووری داستان میوانێتی!

* * *

ترس وەکوو گرێ قوڵفەی پەتێکی شلە لە ملدا
دەنگ هەڵبڕی گرێ ئەچێتەوە یەكو مل دائەبڕێ.
چرپە ئەڵێن: کێردی ڕاوچی
قاقا بە هەڵۆ سوورەکان پێ ئەکەنێ
چرپە ئەڵێن: گوێ یان لێ بووە وتوێتی:
جارێکی تر گەر بیست هەڵۆ
چوونەوە ناو دڵی شاخو
بەژێر هەوری منا فڕین
جارێکی تر گەر بیست هەڵۆ
نزارێکیان کرد بە دۆستو
دەربەندێکیان کرد بە ئاشنا
ئەوسا ئەبێ منی چەقۆ
خۆم لەسەر تاوێرە بەردێ بشکێنمو
نەیبینمەوە پێ کەنینی کەژو چیا!

* * *

هاوڕێکەم، شاعیر نییە، مامۆستای سەرەتایی یە
بیست ساڵە حەرف ئەچێنێ.
هەموو ڕۆژێ پەنجەرەیەك،
لەسەر دڵێکی بچکۆلە ئەکاتەوە.
بیست ساڵە دێراوی رستەی ناو دڕك و داڵ،
ناو بەردەڵان، بە پەنجە هەڵ ئەداتەوە.
هەموو ڕۆژێ لە تاریکیی هەڵ ئەنوتێ و واز ناهێنێ
هەموو ڕۆژێ بەسەر ڕێگەی تەباشیرا
دێت و ئەچێ و تۆز چاویلکەکەی ئەخوات و
واز ناهێنێ.
هاوڕێکەم، شاعیر نییە
بەڵام ـ کانی ـ ئەو حەرفانەی
لای شاعیرە، ئەم ئەچێتە ناویانەوە.
خشتی وشە دەرئەهێنێ و ڕیزیان ئەکا.
ژووری ڕوناك و چلچرا لەو وشانە دروست ئەکا.
هاوڕێکەم هەفتەو هەفتە
نامەیەکی قژ تۆزاویم بۆ ئەنێرێ
هاوڕێکەم بەناو خەم و پێکەنیندا چاو ئەگێڕێ
هەرچی بینی بۆم ئەنووسێ
هەناسەی گۆیژە ئەخاتە ناو نامەوەو بۆم ئەنێرێ
ئاونگی چاوی تانجەرۆم بۆ ئەنێرێ
دەنگ و ڕەنگی هەڵۆکانم بۆ ئەنێرێ

هاوڕێکەم شاعیر نییە، مامۆستایە
بەلاّم لەشیعر جوانتریش، لەدڵیایە !

★ ★ ★

هاوڕێکەم
نامەیەکی بۆ ناردبووم
هەفتەیەك بوو
هێشتا چاوی،
وشەی تەڕ بوو
بۆی نووسیبووم:
بەرە بەیانێکی پایز لە پایتەختا
ئەو کاتەی سەرەتای ڕێچکەی،
خۆڵەمێشیی، کرێکارە خەماوێکان
لەشەقامو گۆڕەپاندا
بەرە بەرە دەر ئەکەوتن
ئەو کاتەی یەکەم نەورەسی دیجلە ئەفڕیٚو
شەپۆلەکان چاو هەڵ ئەبڕن
لەو کاتەدا
فەرمان درا
سێ هەڵۆی سوورمان سەربڕن!

★ ★ ★

دیجلە وتی: مەیانکوژن [2]
شەپۆلم وا لە دڵیانا

نەورەس وتی: مەیانکوژن
فڕینم وا لەگیانیانا
ـ سەروـ وتی: مەیانکوژن
سەوزیم لەناو چاویانایە
هەور وتی: مەیانکوژن
گرمەم لەناو دەنگیانایە
مێژووش وتی: مەیانکوژن
ڕێگەم لەناو سەریانایە
سەریان بڕین

* * *

بەڵام هەتا سەریان بڕین
هەر بەرز ئەفڕین
هەڵۆ لەئاسمانا نەبێ نامرێ
لەسەر سێدارەی خۆی نەبێ
لەنگەر ناگرێ

* * *

ئەو ڕۆژەی کێرد لە پایتەختا
سێ هەڵۆی کوشت
لە "قەندیل"دا
بیست باڵی گرت!.

* * *

ئاسمان ئەڵێ ئەستێرەیەکم کوێر ئەکەن

له قوبەما دەی تر هەڵدێن
زەمین ئەڵێ درەختێکم ئەبڕنەوە
لەبێشەمدا دەی تر ئەڕوێن
تۆش سەرچاوە!
کانیەکت لێ وشك ئەکەن
لەبنارتا دەیانی تر هەڵ ئەقوڵێن
⋆ ⋆ ⋆
ساڵی: کتێب
ساڵی: ئافرەت
ساڵی: منداڵ.
ئەی نوێنەری کۆمەڵانی
گشت نەتەوە یەکگرتووەکان!
لێرە له ساڵی کتێبدا
قەڵەمیان کوشت.
لێرە له ساڵی ئافرەتدا
منداڵیان کوشت.
لێرە لەساڵی منداڵدا
دایکانیان کوشت.
لێرە ئەمساڵ وەکوو پارە
پار: پێرار.
لێرە ساڵ هەر یەك ناوی هەیە
ساڵی: زیندانو سێدارە!.
⋆ ⋆ ⋆

چوومە پایتەخت
هەواڵی شیعرو چیرۆكو شانۆم پرسی
ـ پەیكەرە دیواریـ بەرزی
هونەرمەندیٚ
شەهیدەكەی هاتە قسەو
وتی: كە لێرەوە ڕەت بوون
من خۆم دیمن
تاك.. تاك نەبیٚ
هەموویان وان
لەسەر خوانی
كۆشكی سوڵتان!

★ ★ ★

ئەو نووسینەی
شەهید چەمۆڵەی لیٚ ئەنیٚ
ـ دوا ڕۆژـ لەدۆزەخی خۆیدا
ئەیسووتێنیٚ!

★ ★ ★

هاوڕێكەم بۆی نووسیبووم:
ئەمڕۆ دوو قەڵەمی شەهید
سەر خوێناویی
گەیشتنەوەو هاتنەوە شار
باخێكی زۆر

باخی گشتی، باخچەکانی بەختیاریو، ناو سەرچنار
گردێکی زۆر شاخێکی زۆر
مامە یارە، سەیوان، ئەزمڕ، پیرەمەگروون
هەموو بەرەو پیریان ئەچوون
هەمان ڕۆژیش
لەسەر شانۆیەکی مل کەچ
چەند قەڵەمێکی چاو حیزی
ناوبانگ زڕاو
قەڵەمەکانی گیرفانی"موشیری حەمەی سلێمان"
"راپۆرت"یان ئەدا لە بەردەقارەمانو
دەستیان ئەخستە ناو دەستی
"فرایزەر"و
ئەکەوتنە پێشی"سیکەکان"

ـ 9ـ

ئەو ڕۆژانەی
کە یەکەمین پۆلە هەڵۆ
بەدارستانی ئاگردا ڕەت ئەبوونو
دڕیان ئەدا بەدیواری نێزەو چەقۆ
ئەو ڕۆژانەی بە باڵی سوور
پەڵە هەوریان خوێناویی کرد
لە تاریکیی شارو گوندا
چرای چاوی خۆیان هەڵکرد

ئەو ڕۆژانە:
پیاوانی پووت
کەڵەشێرە بەزیوەکان
لەهەندەران
زاریان بۆ بەختی نەهاتی کورد هەڵ ئەدا!
لەسەر مەسەلەی ڕەوای کورد!
لەناو یەکدا
چەڵە مشکێنەیان ئەکرد
گەر تاقەتیشیان بچوایە
یەکی مێشکوژێکیان پێ بوو
مێشیان ئەکوشت!

* * *

هاوڕێکەم
بۆی نووسیبووم
هاتن.. بردیان
وتیان تەنها دەقیقەیەك
دایکی لەبەر دەرگاکەدا هەڵتروشکا
دەقیقەیەك بوو بەمانگێ
بوو بە ساڵێ
دەقیقەیەك بوو بەحەوت ساڵ
دوێ ئێوارە
لەگەڵ خەڵكو خوای گەڕەكدا

دایكیمان ناشت!

* * *

لەهاوڕێكەم نەگەڕان

هەتا ڕۆژێ دەمو چاویان

خستە بەر دەس پەیكەرتاشێ

بۆ ئەوەی تێكی باتەوەو

سەر لەنوێ بیتاشێتەوە

هاوڕێكەم!

دەمو چاوی خۆی لە تەشوێ

ڕاپسكانو

چووە پاڵ هەڵۆ سوورەكان!

ـ 10ـ

دیواری ترسو بێ دەنگی درزێكی گەورەی تێ بووە.

نەك كوولەكە ئێستە بانگ لە كێو دا ئەدرێ.

نەدوان نە سیان نە چوار

سێدارەكان بەڕیز ئەچنە ناو مەرگەوەو پێ ئەكەنن

ئیستە پایتەخت كارگەی مەرگەو شارێكە شووم

بە یەكسانیی، گریان بەسەر

ئافرەتانو منداڵانی كوردستانا دابەش ئەكات

ئیستە پایتەخت، هەموو، هەموو بەیانیانێ

دەستو پلی خوێناویی خۆی

لەناو دیجلەدا ئەشواتو
دیجلەش هەر تفی لێ ئەکات!
دیواری ترس‌و بێ دەنگی درزێکی گەورەی تێ بووە
هاژە چۆن لەناو گەرووی شەپۆلدا دەر ئەهێنرێ؟!
کێ ئەتوانێ گڤەو لوورە لەناو دەروونی زریاندا
هەڵبکەنێ؟!
کێرد چەند رۆچێ ئەوەندەی تر
بەرەو ژوورتر خوێن هەڵ ئەچێ
دیواری ترس‌و بێ دەنگیی قڵێشاوە
خوێن چرایەو داگیرساوە.

* * *

ئەی هەڵۆی سوور!
هەڵۆکانی داستانی نوێی کوردستانم
لەسێبەری باڵتانایە
ئەژین، ئەڕۆن دەنگ هەڵ ئەبڕن
شیعرەکانم!

* * *

ئەی هەڵۆی سوور!
هەڵۆکانی داستانی نوێی ئەم شاخانە
کەهاتنەوە:
خەمی زەردی ئەم دەشتانە شین بوونەوە
ئەو گۆمانەی شەوان درەنگ،

مانگی گریاو سەری ئەخستە پەنجەرەی،
بێ تروسکەی دڵیانەوە.
ڕوون بوونەوە.
لقی درەخت گۆپکەی بزەی دەرکردەوە
شاخ تەوێڵی گرمۆڵە بووی
لەبناردا هەڵگرتەوەو..
لەهەورا هەڵیکردەوە!

* * *

ئەی هەڵۆکانی داستانی ئەم شاخانە
ڕۆژانێ بوو
کوردستانم کەشتیەکی بەرەڵڵای ناو
گەرداوێکی ڕەشو تووش بوو
ئێوە چوونو جارێکیتر گرتتانەوە.

* * *

من خەریك بووم
لەتینوێتیدا بخنکێم
کە بارانتان بۆ باراندم
من ترس رۆحی ئەکێشام
کە هیواتان لەناو گیاندا بۆ ڕواندم
من خەریك بوو.. نەهەنگەکانی تاریکی
قووتم بدەن
وەختێ چراتان بۆ ناردم

ئەی باران‌و هیواو چرا
ئەی سێ برا
مادەم ئەو جارە نەمردم
هەرگیز نامرم!.

* * *

کە کێرد پۆلە هەڵۆی بینی
سوور ئەچنەوە
بەسەر دەمی تیژی ئەودا
بەرەو گزنگ ئەپەڕنەوە
کە کێرد زانی بەچکە هەڵۆی
تر، باڵ ئەگرن
خەوی زڕا
کێردەکانی ئەم لاو ئەولای کۆکردەوە
کێردی سێ لا
لەسەر هەسانێکی تازە
دەمی خۆیان تیژ کردەوە
کەوتنە ڕێگا
کاروانی هەڵۆی بەرەو ژوور
بەشوێن ئاگردا ئەگەڕێ
هەڵ ئەلەرزێ
کاروانی هەڵۆی بەرەو ژوور
بەفر ئەخوات‌و لەناو بەفرا هەڵ ئەکوڕمێ

قینی سێ لا
گوێزانێکی سێگۆشە بوو
پیلانێکی سێگۆشە بوو
ئەوەتا وا
پیلانی سێ گۆشە ئەڕوا
توند ناوقەدی هەکار ئەگرێ
دوپشکی سێ چزو ئەڕوا
ئەدا بە لەشی هەڵۆوە.
پیلان پۆشتەو پیلان تێرە
هەڵۆ ڕووتەو، هەڵۆ برسیی
بەڵام پیلان سەری شۆڕەو
هەڵۆ سەرکەشی سەربەستی
ئەوەتا وا
سێ گۆشەی کێرد
کڵاوو مشکی خێڵەکیی ناو"هەکاری" لەسەر ناوە
خێڵ: خەنجەرێکی کرمانجی شەل و کوێرە
خێڵ: بێ "سەرە"و پشیلەیەکی کێویەوە
چڕنوکەکانی هی خۆی نین
خێڵ: مێژوویەکی نووستووەو
بەرازێکی زامدار کراو.
کاروانی هەڵۆی بەرەو ژوور
جۆگە خوێنێکی مەییوە لەسەر سنووری

برسێتیو تەم

خێڵو شاڵاو

شاخی بەفرو

تەلبەندی داو.

★ ★ ★

هەڵۆ لە لوتکەدا نەبێ نامرێ

بەر لە دوا کۆچ

باڵ لە خوێنی خۆی وەرنەداو

ئاسمان نەگرێتە باوەشی

ئۆقرە ناگرێ!

★ ★ ★

ئەی لاوکی هەڵۆی سووری

ناوچەی هەکار

گوێمان لەسۆزی برینتە

چەندە قووڵەو چەند بەرینە!

ئەی کێوی داستانی هەڵۆی

سووری هەکار!

چاومان لەخوێنی ڕژاوی،

کڵپە سەندووی

سەری لووتکەی ئاگرینتە

چەند بەتینە!

★ ★ ★

پەندی ڕێگەی

کۆچی بەرەو ژووری هەڵۆ

بۆ هەڵفڕینی سبەینێ

لەژێر باڵدا

بوو بە پشکۆ

⋆ ⋆ ⋆

هاوڕێکەم

بۆی نووسیبووم:

کەم کەس زانی هەر هەمان ڕۆژ

ـ ئەوـ زەردە پەڕ لە"هەکار"دا

شەهید کرا

کەم کەس زانی هەر هەمان ڕۆژ

بانگی شێوان

لەدالآنی مەخفەرێکی بیاباندا

"گوڵە"ی ژنی ژانی گرتو

کوڕێکی بوو

کەم کەس زانی.

کەم کەس.

کەم!

⋆ ⋆ ⋆

ئەی شاعیرە بێدارەکە

لەگەڵ شاخدا تۆیش بێداری

چاوت وەکوو چاوی هەڵۆ

ئاسمانی بەرین ئەپێوێ
ڕێگەکان ئەخوێنێتەوە
لە هەڵدێرانی دوێنێیەوە
سەرکەوتنی لوتکە فێر بووی
شیعرەکانت شاخەوانن
بەسەر پلەی خزو لووسدا هەڵ ئەگەڕێن.
شیعرەکانت پێستی دەستو پلو قاچو قولە ناسکەکەی
دوێنێی خۆیان وەکوو کاژێ فڕێ داوە.
ئەی شاعیرە خەم خۆرەکە
تۆ بێداریتو ئەمشەوت
پڕ لە ڕەهێڵەو بارانی سووری شیعرە.

* * *

پۆلە هەڵۆ سوور ئەچنەوە
گوڵجارێکە ئاسمانەکەم
ئەم شەو شیعر
لەوە ناچێ خۆش کاتەوە
لەوە ناچێ ئەم هەواری
سەرە شەیدایەم جێ بێڵێ.
من ئەمەوێ پشوویەك بەم
ئەو، ساوایەو جگەرگۆشەو
خۆی هەڵ ئەداتە سەر سنگم
سنگم نواڵەی وشەیە.

من ئەمەوێ پەنا بگرم
ئەو بە باوە ئەبارێتو
دێتە بەرۆكو سنگمەوە.
سنگم خاكی ئەم عەشقەیە.
من ئەمەوێ جگەرەیەك داگیرسێنم
ئەو ئاگرێ لە ناو ناخما ئەكاتەوەو
بەماڵەوە ئەمسووتێنێ!
ئەمشەو شیعر
لەوە ناچێ خۆش كاتەوە
ئەی ڕێژنەی شیعری بەتاو!
داكەو داكە
چاوی هەورت قەت لێك نەنێی
داكەو داكە
وام لە ـ بەر ـ تا، غەرقم بكەی
غەرقم نەكەی ناگەمە قوڵایی عەشقت
غەرقم نەكەی نە تۆو نەخواو نە كوردستان
نەخەونی شەپۆلو گێژەن.. هیچ نابینم
غەرقم نەكەی!
چاوم لە ناو هاژەتایە
شمشێری سووری برووسكەی
شیعری ئەمشەو!
ـ لێم دە ـ بۆ ئەوەی ئەم لەشە

**ببێ بە یەك پارچە كڵپە**

**وشە نەچێتە كڵپەوە داناگیرسێ**

**دەنگی هەڵۆی سوور نابیسێ**

**ئەی چەخماخەی شیعری ئەمشەو**

**لەناو خۆتا بمتوێنەوە**

**تا بتوانم بتنووسمەوەو بتخوێنمەوە**

**ئەمشەو شیعر لەوە ناچێ**

**خۆش كاتەوە**

**ئەو ئەبارێو هەر ئەبارێو**

**من داستانی هەڵۆی سووری**

**ئەم شاخانە ئەخوێنمەوە.**

**ئەمشەوشیعر لەوە ناچێ**

**خۆش كاتەوە**

**هەور تەتەرێكە خێراو مژدەی سەوزی**

**ئەم بارانە ئەدا بە تۆ**

**بچۆ بەری**

**بچۆ بەریو**

**لەخۆشیاندا تێر تێر بگری!**

تشرینی یەكەمی/ 1981

* لەبەهاری 1987 دا و لەشام، لەكۆمەڵە شیعرێكی وەرگێڕدراوی شاعیری بەناوبانگی یۆنانی "ڕیتسۆس"دا هەندێ وێنەم بەرچاو كەوت كەجۆرە لێكچونێكیان لەگەڵ وێنەكانی ئەم پارچەیەدا هەبوو، دوو خەیاڵی شاعیرانە بۆ یەك بۆچوونو دەربڕینی هاوبەش، نووسینی ئەم تێبینییەم بەپێویست زانی.

# کەشکۆڵی پێشمەرگە

1985

کاتێ مشتەکۆڵەیان بەرز ئەکەنەوە
مژدەی خۆر هەڵهاتن ئەدەن
کاتێ بزە ئەیانگرێ
لەناو دەغلی ڕیشیانەوە
بەپۆل پەڕەسێلکە ئەفڕێ.
وەختێ ئەنوون، کاتێ خەویان لێ ئەکەوێ
لەگیرفانی بەتاڵو کون کونیانەوە
ئەستێران ئەکەونە خوارێ.
وەختێکیش کەشەهید ئەبن
ژیان بەتەپڵو ئالآوە
بەگردۆڵکەو یالەکاندا هەڵ ئەگەڕێ! .

شاعیری گەورەی یۆنان
یانیس ڕیتسۆس

# کلیل

ئەم کەشکۆڵە
سادە ئەدوێ، وەکوو ڕاستیی.
وەکوو هەژارانی وڵات.
گوڵە شیعری نایلۆن نییە،
بێ بۆن نییە.
لووت بەرز نییەو
بەسەرکەسدا،
فیز لێ نادات،
وەکوو قسەی پڕ گرفتو،
وەك باڵقۆنی کۆشکەکانی،
چینی سەرووی بە دەسەڵات!.
ئەم کەشکۆڵە:
ساکارە وەك گوڵی کێویی
وەك کچی خانووە قوڕەکان.
ڕوونە وەکوو چاوی قرژاڵ

جوانە وەکوو:
ڕیشە سپیەکەی مەولەوی
بێگەردیش وەك:
بەفری لووتکەو
دڵی منداڵ.
⋆ ⋆ ⋆
ئەم کەشکۆڵە
وەك هەگبەی پێشمەرگە وایە
نانە وردەو،
تاك تاك گوللەو،
لەتە ئاوێنەی شکاوو،
نامەو نوقڵو،
ڕادیۆیەکی،
خشەخشکەریشی تیایە!
⋆ ⋆ ⋆
ئەم کەشکۆڵە
وەکوو دڵی
پێشمەرگەکانی کۆمەڵە
شاخی ورەی بەرزی تیایە.
گێژەڵووکەی ڕقی پیرۆز.
ئارامی مەنگ.
خەونی شەهید.

کۆچی بێ دەنگ.

گەڕانەوەی هەڵۆی تیایە!

⋆ ⋆ ⋆

ئەی پێشمەرگەکانی  کۆمەڵە!

ئەم قەڵەمە..

بۆیە باڵی لێ ڕوواوە

ئاسمانی ئێوەی بەدییکرد.

ئەم قەڵەمە

بۆیە دەنووك سوورە چونکە:

سەری کێشایە پەنجەرەی زامتانەوە.

بۆیە وا بەکوڵ ئەخوێنێ

لەبەر ئەوەی:

لەسەر مەچەکتان نیشتەوەو

چووە ناو گەرووتانەوە.

⋆ ⋆ ⋆

ئەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی،

ناو ژووری چاو

ناو ژووری دڵ.

ئەم شاعیرە لاتەی خۆتان

هەر ئەم کەشکۆڵەی شك ئەبرد

گەر ڕازی بن

بیکا بە توێشووی ڕێگەتان

بەدیاری تان

وەکوو نانو

وەك چەپکە گوڵ.

ئەگەر ئەمیش بەختی سەوزی

مژدانە بێ

بچێتە ناو هەگبەکەتان

بچێتە لای گوللەو نوقڵو

بەر تەماشای ئاوێنەتان

ئەگەر ئەمیشتان خۆش بوێ

لەتەکتاندا

بێتو بڕواو

هەڵسێو بنوێ.

چەکەکانتان بانگی بکەن

ماچی بکەن.

ئەوا منی شاعیری لات

هەموو ڕۆژێ باڵای شیعرم

بەرەو ژوورتر هەڵ ئەچێتو

ئەبم بەشای،

هەژارانی هەموو وڵات.

1982

*لەرۆژگارە تاریكو نووتەكەكانی دوای هەرەسی (1975)دا، نـاوی "كۆمەڵـە"و پێـشمەرگە هـەڵۆكانی، یـان نـاوی "شۆڕشگێڕان"و قوربانییەكانی بەر لەوەی لەدڵو دەروونی خەڵكیدا پێناسەیەكی حیزبی دیاری بكەن، داستانو مەلحەمەی ژیانـەوەو هیـواو خـەونی مێژوویـەكی نـوێ بـوون، لـەو سەردەمانەدا، لەپەلەپیتكەی ئەو پێشمەرگە تاكو تەرایانەدا، كەدرپیان بەشەوەزەنگی دوای هەرەس دابوو، نەك هەر گیانی تاقمێكی سیاسی، بەڵكوو گیانی هەموو كوردێكی شۆڕشگێڕیان لەگەڵدا بوو ئەو ناوانە ئەبوون بەناوی عیشقو ئازادیو ئەوینیكوردستان. دەیان شەهیدی وەك شەهابو ئەنوەرو جەعفەرو ئارامو جەمالو شەماڵو عەلی عەسكەریو خالیدو عەزۆو.. هتدو بووبوونە ویردی سەر زمانی هەموو دڵدارانی شۆڕشی ڕزگاری، هەر لەسەرچاوەی ئەم عیشقەیشەوەیە كە گەلێ جۆگەی سووری ئەم كەشكۆڵە هەڵقوڵیون.

ش. ب

# له شەوێکدا

شەو بوو هەر پێشمەرگەو بەفر
بەبناری شاخەوە بوون
کەبەفر نوست
ئەوان ورد ورد هاتنە خوارێ
لەچوار لاوە هاتنە خوارێ.

* * *

شەو بوو لەبەر دەرکی سەرا
تەنها چەن سەگێکی خوێڕیو
دوو پیکابی زەرد ئەبینرا.

* * *

شەو بوو قرمەژنی گولله
گویێ گەڕەكو گۆڕەپانو
"سەرا"ی کەڕ کرد
بارانی گڕ بەخوڕ دایکرد.

* * *

لەچوار لاوە دەست ڕێژو تەقە بلاّوە
لەژوورەوە، لەکونی کونی ژوورەوەی،
چەند ماڵێکدا
خائینەکان، وەکوو جرجی زراو تۆقیو
وەك توتەڵەی بەر بارانی،
لەسەرمادا لەش هەڵ لەرزیو
خۆیان لەناو ئاودەست خانەو
ژێر زێرابدا حەشار داوە
لەچوار لاوە
دەست ڕێژو تەقە بلاّوە.

* * *

لە "داروّغا"
پێشمەرگەکان وەك ڕەوەیەك
ـ بەور ـ ی چاو تیژ
شارەزای کۆلاّنو گەڕەك
بست بەبستی
دابەش بوونو ئەوسا هەر بۆ
پەنگو عیبرەت
کلکی چەند جاشێکیان بڕی!

* * *

لە "ئازادی"
دوو پیکابی زەرد، وەکو عار

زەرد وەك سیمای "هێتلەرەكەی"
شاری بەغدا
ڤین.. باركردوو
چەند تەنێك تاوان هەڵگرتوو
دوو یەكانەی زامدار بوونو،
تیژ ئەهاتن
لەناكاودا، لەپێچپێكدا
هەڵۆی سووریان بۆ دەرپەڕی
لولەی سەرشانی گڕ هاوێژ
دۆزەخێكی بۆ داخستن
تیا توانەوەو
فریای دابەزین نەكەوتن.

* * *

هەر ئەو شەوە لەكانێسكان
پێشمەرگەیەكی حەڤدە ساڵ
لەبنكە دا ناویان نابوو
ـ هەژاری زاڵـ
باریكەلەو، لەش سووكەڵە
وەكوو ئاسك
چاوشین وەكوو ڤوبەی ساماڵ
گەردی خەمێ لەڕووی نیشتوو
وەك باخی گوندێكی چۆڵ بوو

لەو شەوەدا.. دەمێ خێراو دەمێ هێواش
جارێك قیتو..
هەندێ جاریش بە كۆمە كۆم
ئەچوە پێشێ
تا بگاتە سەر بەنگەڵەی دوژمنانو
بەنارنجۆك دایان بێژێ.

* * *

لەناكاودا —هەژاری زاڵـ
كەوتە ناو تەلبەندی بۆسەی دوژمنانو،
بە ئەڵقەیەك دەوری گیرا
ـ هەژاری زاڵـ برووسكە بوو، هاتە دەستو
لەگورگە كلاو ڕەشەكان
چواری خستو.
لەدواییدا شەهید كرا.
هەر ئەو شەوە،
بێژنگی لاشەی بەپشتی
زیلێكەوە، لەقاچەوە، گرێ درا
بەسەر بەردو دڕكو داڵدا
بە لیتاودا، بەقوڕاودا.
ڕایان كێشا.
هەر ئەو شەوە.. لەشی سووری
لەسەر تەختی مەیتخانە فڕێ درا

دوژمن وتی:
چەتەیەکە بێ ناونیشان
بێ دایكو باوك
بێ کەسو کار
بۆ بەیانی کە خۆر هەڵهات
بینییان وا:
لەبەردەمی مەیتخانەی ئەم شارەدا
کۆمەڵ.. کۆمەڵ
دەیان دایکی عەبا بەسەر،
کوڕ لە کێوان
ڕەش ئەچنەوە
بەبێ دەنگیش پاڵەپەستۆو پەلەیانە
هاتوون تەرمی، ئەو هەڵۆیە ببینن‌و
بزانن کوڕی کامیانە؟!

1981

# ماڵ ئاوایی

هەورازی کوورِ: پشتی شاخێکی بە عومرە
بۆ پێشمەرگە دانەویوە
ئێوارەیە
ڕێچکەو ڕیزی یەك لەدوای یەك
بەرەو بناری ئەودیو
دەنگ: هەر پرمەی
وڵاخێکەو، وردە بەردو زیخی ژێر پێ
بێ دەنگ.. بێ دەنگ
بەسەر پەیژەی دانە بەردا
ئەم کاروانە کرِوماتە سەر ئەکەوێ
بەسەر پشتی وڵاخەکەی پێشەنگەوە
تەرمی شەهید
دوو دەستی شۆڕ بەرەو زەوی
ـ هۆ بنچکی قژ خۆڵاویی
ئەمە زامێکی تازەیەو لێ ی نەکەوی.

ئێوارەیە.

خۆر وێنە کێشێکە لاواز

دەستی دوا  تیشك درێژ ئەکاو

بە ئاستەمێ

زەردە.. ڕەنگێ

ئەدا لە لوولەی تفەنگو

یاڵی خوێناویی وڵاخو

ئینجا ئیتر چاو لێك ئەنێ

ـ هۆ شەماڵی تۆزێ بزێو!

پەلە مەکەو ئاگات لێ بێ

ئەمە زامێکی تازەیەو

با کاکۆڵو قژی ڕەشی نە ئاڵۆزکێ

ئێوارەیە

وا لوتکە.. چەتری هەورێکی زۆر بەنزمی

لەسەر سەری خۆی هەڵ داوە

ـ هۆ لوتکەی بەرز!

ئەوا ئیستە ئەگەنە لات

مل هەڵبڕەو بەو هەورە تەنیایە بڵێ

کە گەیشتنە سێبەرەکەی

نمە.. نمە.. با بباری

مل هەڵبڕەو سووك پیێ بڵێ

شەهیدێکیان لەگەڵدایە

ئەڕواتەوە بۆ دێکەی خۆی
لەوێ ئەنوێ
سووك پێی بڵێ
شەهیدێکە زۆر تینویەتیو ئاوی ئەوێ.

1982

# گۆرانیەکی داواکراو

دوانزە ساڵەو هەموو ڕۆژێ
لەم وڵاتە غەمگینە دا
ڕژێمی خوێنو سێدارە
دایکێ، خوشکێ
لە پرچەوە هەڵئەگرێتو
لەڕەنگی ڕەشی پرسەیان هەڵ ئەکێشێ.
تەماشاکەن: بەرگیان شەوەو
ئەستێرەی سەری بڕڕاوی
براکانیان، باوکیان، مێردیان
لەسەر سنگیان ئەجریوێنن.
تەماشاکەن: ئەو سەرانە
چاو لە چاوی
شۆڕشگێڕان ناتروکێنن.
پێش دوانزە ساڵ
ڕەشپۆشەکان ئەژمێردرانو

هەر ئەوەندەی
لقو چڵی درەختێکی ڕووتاوە بوون
ئەژمێردرانو هەر ئەوەندەی:
دەرگاو پەنجەرەی گوندێکی
شاخ نشینی چەوساوە بوون.
ئەی ئیستاکە چی ئەژمێری؟!
یەکە یەکە سنەوبەری
"سوارەتووکەی" چاوهەڵوەریو
چۆن ئەژمێری؟!
یەکە یەکە
ئەشکەوتی ناو شاخو کێوی
هەتاو نەدیو چۆن ئەژمێری؟!
دوانزە ساڵەو هەموو ڕۆژێ
ڕژێمی مەرگ
گوڵێك، مانگێك
شیعرێکی تازە ئەکوژێ.
دوانزە ساڵەو هەموو ڕۆژێ
ئەم وڵاتە غەمگینەمان
لەپرسەی کانییەك، گردێك
باخچەیەکیا دائەنیشێ
ئەی وڵاتە غەمگینەکەم چاو هەڵبڕە:
گزنگ لە بزەی کازیوەی

ئەو لێوانەت هەرگیز مەبڕە
تەماشاکە: لەم شەوەدا
خوێنی شەهید
بارانی تووش
دەشتی گولاڵە ئەڕوێنن.
تەماشاکە: هیوا بولبولێکی سەوزەو
ئەفڕێو لەسەر چەکی شانی
پێشمەرگەکان بۆت ئەخوێنێ.
ئەی وڵاتە غەمگینەکەم:
فاشستەکان
کە درەختێکت سەر ئەبڕن
دارستانێ لە خۆیان ئەکەن بەدوژمن.
کە کانیەکت ئەکوژن
زۆریان لەتینووان‌دا ئەمرن.
ئەی وڵاتە غەمگینەکەم:
تۆ گوێ بگرە
وا هەڵۆی سوور
چریکەیان پڕ بە ئاسمانی فڕینە
گۆرانییان باڵی تیشکی ئاگرینە.
ئەوا پۆل پۆل
لەدەوری سەری تۆ ئەخولێنەوە
ئەم سرووده ئەڵێنەوە:

وەك سبەینێ ئەو ڕۆژە دێ
دایكو خوشكە ڕەشپۆشەكان
ببن بە باخی زەردو سوور
پەلكە ڕەنگینە لە بەركەن
ئەو ڕۆژە دێ
كانیو گوڵو شیعری جوانیش
هەرگیز نەمرێ.

1981

# كام ڕێبوار

باشە کەستان هەتا ئیستە
لەتوولە ڕێو
هەورازە ڕێو
شەقامە ڕێتان پرسیوە:
چ ڕێبوارێ
ساڵ دوانزەی مانگ
وەك ئەستێرە
وەك باڵندە وەکوو هەور
چاوی لەتانو پۆتانە؟!
چ ڕێبوارێ
وەکوو درەخت
وەك تاشە بەرد
وەك مێرگو وەرد
ئەتاندوێنێو لەگەڵتانە؟
من لەتیپی پەنجاویەکم

له "جەولە" بووم
لەم سەر هەناسەی بەفرم برد
بۆ گەرمیان
لەو سەر گڕەم هێنایەوە
بۆ ڕێواسی قاچ تەزیوی
گەورەی کوێستان.
بەهەر لایەکدا تێ پەڕیم
بەهەر ڕێگەیەك گەیشتم
ئەوەم پرسی:
تووله ڕێ یەك بۆرەقنە
کشاو، پێچ خواردوو هەتا سەر
پلەی مله
لەپێچپێکدا وای پێ وتم:
ـ ئەو ڕێبوارە ئێجگار ئێجگار،
خۆشەویستە
کە ڕۆژانە بەسەرمانا
ئەڕواتو دێ
ئاو ڕاوەستێ، ڕاناوەستێ
بەتەقەڵی گەورەی هەنگاو
دەشت بە شاخو
شاخ بە دەشتەوە ئەدوورێ.
دیسانەوە ڕێ یەکی تر

هەورازە ڕێ
ڕێ یەکی تر
شەقامە ڕێ
هەموو وتیان:
ـ لە هەمووتان خۆشەویستر
ڕێبوارێکە
کە بست بە بست
ئەماننناسێ
نەهێنیی ئەو
لای ئێمەیە
ئەو ڕێبوارەش
هەر تەتەری پێشمەرگەیە!

★ ★ ★

ئەی تەتەری هاوڕێی "با"
ئەی هاوڕێی گەرماو سەرما.
تۆ یەکێکیو هەموومانی.
تۆ هەموومانیو یەکێکی.
لەم سەر، لەو سەر
تۆ پۆستەی ڕازو نەهێنی
هەموومانت لەمشتایە
شیرینو تاڵ.
سۆزی دایک

تاسەی برا

خۆزگەی خوشكو

شەوقی پرسی ژنو منداڵ.

بۆنی خۆشی دەزگیرانمان بۆ ئەهێنێ

ماچەكانمان لەگەڵ خۆتا ئەبەیتەوە

شیعری هێشتا قژ خوێناویی

ناو زیندانمان بۆ ئەهێنیو

لەم سەر نامەی،

باخێكی ئازاد كراومان ئەبەیتەوە.

ئەی تەتەری هاوڕێی ئاو!

هاوڕێی  سێبەر هاوڕێی هەتاو!

تۆ هەمووومانیو یەكێكی

تۆ یەكێكیو هەمووومانی،

تۆ ئەو كەسەی من بزانم

وەك هەر بەپێوە ژیاوی

ئەبێ هەر بەپێوەش بمری.

# لەبەر تەندورێكدا

زستان بێ، تۆ
وەكوو زۆپای ژوورەكانمان
هەر سووتاوی.
هاوین بێ، تۆ
وەكوو بیابانی خواروو
پڕووكاوی.
بەم ڕۆژگارە:
تۆ وەك شیشی سوورەوە بووی
ناو كورەكەی
ئاسنگەری
گەر بچیتە بەر شەماڵێ
وەك ئەو شیشەو بخرێتە ئاو
گۆشتو ئێسقان،
چزە كردووی
بە هاڵاوی،

لەسەد لاوە لەشت کانیی:
کانی ئارەق:
ئارەقی شین
ئارەقی مۆر
گەرم.. گەرم
دەر ئەداتو کەچی تۆ هەر
لەبەر دەمی کڵپە کردووی
زمان ئاڵی،
تەندوورێکدا ڕاوەستاوی.
ئەی نانەوای ئەم مەڵبەندە
ئەی هاوڕێی
ڕیش ئارداویی
ئەی برژانگو تووکی سەر سنگ
هەڵکڕوزاو
وەك باخەکەی:
"دێ" ی ئەوبەری ڕاپێچ کراو.
ئەی نانەوای ئەم مەڵبەندە
ئەی هاوڕێی،
پێش هەمووومان لەخەو هەستاو!
بابێ نانی
گەرمی قەراغ زیاتر برژاو
بابێ نانی دەس سووتێنەر

جار جار پشکۆ پێوە نوساو
ئەی هاوڕێ!
ئەم کۆمەڵەمان زوو تێرکە
پەلەمانە، ڕاییمان کە
ئەی هاوڕێی ڕیش ئارداویی
ڕێ یەکی دوورمان لەبەرە
کێ ئەزانێ جارێکی دی
کاممان دێتەوە بۆ ئێرە؟!

# پەڕەسێلکەیەك

هەفتەیەکە
ڕووتو قووت هەڵیان واسیوە
چاوی ئاوساو، سەری کەوتۆتە سەر شانی.
پێست توێخێکی داماڵراوە
کە ئەیبینی:
ئەڵێی کەروێشکێکی لەڕی،
تازە لە قولاپ دراوە
پەڵە خوێنی سەر کۆنکرێت
دلۆپ.. دلۆپ
لەدیواریش هەڵپژاوە.
هەفتەیەکە..
ئەو دڵە بچکۆلانەیە
کەهەر.. پڕ بەمشتێ ئەبێ
لۆکەیەکەو ئازاری مۆر
ئازاری شین هەڵ ئەمژێ

ئەو دڵە بچکۆلانەیە
سەعاتێکی جەڕەس دارە
هەتاکو ژان قوڕمیش کات
ئەو زەنگێکی خەبەر دارە.
هەفتەیەکە
ڕووتو قووت هەڵیان واسیوە.
ئەو نەهێنیانەی لە لای بوو
بەستیە باڵی پەڕەسێلکەی دڵی و،
دڵیش بەرەو ئەو شاخانە هەڵفڕیوە.
ئەوا ئیستا
لەش ساردو سڕ
ساردو سڕ وەك
تاشێ بەفر
ئەوا ئیستا
لەمابێنی مەرگو ژیندا..
لە پەنجەرە بچکۆلەکەی ئەو بەرەوە
چاوی لێڵ بووی سەرنج ئەدا
ئەوا ئیستا بەیانییە
خۆرێکی تازە هەڵهاتو
ئەمیش هێواش
چاوی لێك نا!

# هەرەس

لەبیرتانە؟!
ساڵی هەرەستان لەبیرە؟!
لەبیرتانە؟!
ئەو بەیانییەی کە هەستاین..
چاومان گڵۆفت
سەیرمان کرد:
شاخەکان: تفمان لێ ئەکەن؟
دارستان: پشتمان تێ ئەکەن؟
گوند، چەمۆڵەمان لێ ئەنێ؟
شاریش پێمان پێ ئەکەنێ؟
لەبیرتانە؟!
چەکەکانمان بەسەرماندا
چۆن ئەگریان؟
پاڕانەوە
داوێنیان گرتین کە نەڕۆین.

لەبیرتانە؟

بەزۆر.. بەزۆر

دەسمان بەستن

دەممان بەستن

لە "مەخفەر"و "پادگاکان"دا

یەك.. یەك

گۆڕمان بۆ هەڵکەندن؟!

لەبیرتانە؟

لەدوای هەرەس

پەنجە: لەقەڵەم ئەترسا

برۆ: لەبرژانگ ئەترسا

دەستی چەپ لە

دەستی ڕاستو

هەنگاو لە ڕێگە ئەترسا؟!

لەبیرتانە؟

لەدوای هەرەس

ئەو سەردەمە

کە پڵنگان چوونەوە شاخ.

وەختێ بزە

کەوتەوە سەر لێویی قەندیل؟

بانگی سەفین

گەیشتەوە گوێی قەرەداغ.

لەبیرتانە؟!

ئەو سەردەمە

لەدوای هەرەس

کەس نەبوو کەس

جگە لە هەڵۆی کۆمەڵە؟

لەبیرتانە؟!

1982

# سێوەکەی دڵ

بۆ شەهید جەمالی عەلی باپیر

ئەگەر لەچیاتان پرسی:
"جەمال" کێیە؟
لووتکەی خۆیتان
نیشان ئەدا!.
ئەگەر لە ڕووبارتان پرسی:
"جەمال" کێیە؟
ئەڵێ گوێ لە خوڕەو هاژەم بگرن!
ئەگەر لەباخانتان پرسی:
"جەمال" کێیە؟
ئەڵێن: بۆنی
گوڵباخی سەر،
چڵانمان کەن!
ئەگەر لەڕووتەو هەژاری
ئەم کوردستانەش ئەپرسن:
"جەمال" کێیە؟

هەموو تێکڕا
دەستی چەپیان
ئەخەنە سەر:
سێوەکەی دڵ!

1981

## شیعری کاریکاتێر

بەیانی بوو لە "کانێسکان"
بەچاوی خۆم:
"قەعقاع"م دی
بروسکەیەو شاڵاو ئەبا..
ئازا.. ئازا
هەر خۆی ئازا
دێتە پێشێ
قژی کچێکی قوتابی
سیانزە ساڵان ڕا ئەکێشێ!
ـ هەلهولە.. هەلهولە.. هەلهولە..
نیوەڕۆ بوو لەناو قەیسەری نەقیب دا
بەچاوی خۆم:
"سەعدی کوڕی وەقاص"م دی
تیر لە چاوی یەوە ئەباری
لە بازاڕی مانگرتودا

قفڵی دوکانێکی شکان

چوە ژورێ

ئازا.. ئازا..

وەختێ لەوسەر هاتە دەرێ

ئارەقی زۆری ڕشتبوو

بەم دەست چەند تەبەقێ هێلکەو

بەو دەستی تر چەکەکەی خۆی

هەڵگرتبوو

ـ هەلهولە.. هەلهولە.. هەلهولە!

# هێلانه

چەند ڕۆژێکە
جوتێ کۆتر.. کۆترە شینکە
تاقی پەنجەرەی هەوایی ژورەکەمیان
تەنیا ژوریماڵەکەمیان
لەو دیوەوە..
کردۆتە  هێلانە بۆ خۆ
بە یەکەوە ئەگمێنن
بەدەنوك ئەدەن لە شوشە
وەك حەز بکەن بماندوێنن.
ئەیانبینم:
چاوی بادەمی زەرد باویان
ئەبڕنە چاوی خەمگینم
بەماڵی نوێی
پشت لە گڤەی بەر ڕەشەبا
بەختیارن
نە تینوو، نە برسیانە

مل له باڵی یەك هەڵئەسوون
باڵە فڕێی خۆشییانه.
ئەی جووته کۆتره شینکەکه!
من نازانم له کام مەڵبەندەوه هاتوون؟
کام ڕێگای دوورتان بڕیوه
ئاوارەو هێلانەتان لێ شێواوه؟
چیتان دیوه؟!
من نازانم! بەڵام ئەی داخ
ئەی جووته کۆتره شینکەکه
ئەی داخ.. ئەی داخ
تەمەنی ئەم شادیەتان
ئێجگار کورته
ئەی جووته کۆتره شینکەکه
ئەی نابینن دەمو چاوم
ئەڵێی کانیەکه وشكو
پەستیم هەورەو دایپۆشیوه
ئەی نابینن دڵم ئەڵێی
شەمامەیەکی گوشراوەو
نیگای تەڕی خۆی نەسڕیوه
ئەی جووته کۆتره شینکەکه
باڵ لێك مەدەن.. مەگمێنن
بەیانی دێن

نازیەكان دێن، ئەم گەڕەكە
ژورەكەمو ژورەكەتان
ئەڕوخێنن!

*ئـەم شـیعرە لـە ڕۆژانێكـدا وتـراوە كـە ڕژێمـی خـوێنو سـێدارە كەوتـە ڕوخاندنی هەندێ لە گەڕەكە میللییەكانو ئاوارە كردنـی سـەدان خێزانـی كوردو دەربەدەر كردنیان.

# گریان

ـ ئەو دارستانە بۆ ئەگری؟!
ـ ڕەنگە درەختێکی گەنجی لێ مردبێ.
ـ ڕەنگە زریانی دوێنێ شەو
کچە چنارێکی شۆخی فڕاندبێ.
ـ ڕەنگە هەواڵی کوشتنی
پۆلە مەلێکی عاشقی
خۆی بیستبێ!
ـ ئەو.. ئەزانێ
لەسبەینیەوە بە تەنها
جێ ئەمێنێ
وەختێ گوندی خۆشەویستی
هەزار ساڵەی
لە لووتکەوە
بۆ بەرەوخوار دائەگیرێ!

1980

# نیشانه

لەدوای "مەسیح"

خاچ بوو بەنیشانەی دییان

ـ ئەی بۆ شەهیدی کوردستان؟!

ـ من نیشانەو

مەدالییای

سێدارەیەك دروست ئەكەم

هەتا یەك یەك

بیدەن لە یەخەو بەرۆكتان.

1980

# دەرمان

بۆ شەهید دوکتۆر بەختیار

من خۆم پزیشکم.
بۆ تیماری زام
دەرمانی هەزار
برینی لەشی
دەردەدارم کرد
بەڵام بۆ زامە قووڵەکەی لەشی
ئەم کوردستانە
دەرمانی چەك‌و فیشەکم هەڵگرت.

1980

# گەردەلوول

شیعری سرود

برواینە!

تەماشاکەن

لەو پێ دەشتانەی خوارەوە

هەتا چاوی چەکمان بڕکات

گەردەلوولی سووری ئێمە

چۆن هەڵ ئەکات؟

تەماشاکەن

لە گێژەنی تووڕەبوونیا

لەگەڵ خۆیدا

دوژمن تا کوێ ڕاپێچ ئەکات؟

گەردەلوولە.. گەردەلوولە

گەردەلوولی گەرمیانە.

تەماشاکەن:

لەو پێ دەشتانەی خوارەوە

بە دێهاتو بە شارەوە

له "سەرقەلا" وە تا "دوبز"
له "دوز" ەوە هەتا "هەكز"
ئەم شمشێرە سوورەی شۆڕش
چۆن ئامادە
لەڕووی مەرگا هەڵكێشراوە.
گەردەلوولە.. گەردەلوولە
گەردەلوولی گەرمیانە
براینە!
تەماشاكەن
لەو پێ دەشتانەی خوارەوە
كە وەك لەپی دەستی ڕەنجدەر
هەڵقرچاون
كەوەك قاچو قوولی ڕووتی هەژار
قلێشاون
تەماشاكەن:
چ ئاگرێ بەربۆتە شەوی ئەو ناوە
چ دۆزەخێ بۆ داگیركەر داخراوە
گەردەلوولە گەردەلوولە
گەردەلوولی گەرمیانە.

1982

# لێبووك

**شیعرێكی لێبووكی پایتەخت**
**لە دیواری كوردستانی**
**نووسی: بەهەشت.**
**كە شەو داهات**
**كە خەو پەنجەرەی چاوانی**
**شاری داخست.**
**ئەوسا ئیتر**
**بەدەم ڕێوە**
**پرچەكانی "سنەوبەر"و**
**ڕیشە درێژەكەی "سیروان"**
**تێك ئاڵانو**
**ئەو بەهەشتەیان سڕیوە!!**

1982

*لێبووك: موهەریچ

# بووكە سەماكەرە

شاعیرێكی بستە باڵای
دەرباری شا
شیعری بووكە سەماكەرەی
تەمەن كورت بوو
زۆر كەم ژیا
هەر كە سوڵتان هەستایە پیان
هۆڵی جێ هێشت چووە دەرێ
هەر ئەوەندەی:
تا ڕادیۆكەمان بێ دەنگ كرد
تەلەفزیۆنمان بێ ڕەنگ كرد
ڕۆژنامەمان كرد بەسفرە
ئیتر شیعری بستە باڵاش
بوو بە ـنەبووـ
هەردەمو دەست.
ڕۆحی دەرچوو.

1982

# پیاو

بۆ جگەرگۆشەی شەهیدە قارەمانەکان،

بۆ منداڵانی کوردستان دیاریو یادگارە

مامۆستایەك بەناو پۆلدا

ئەهات. ئەچوو

باریکەلەو غەمگین وەکوو

جوانوویەکی لە ڕەو وون بوو.

ئەهات.. ئەچوو

مەکۆی ژان بوو.

دەمو چاوی:

لە "مانگ "ی تازە گیر خواردووی

ناو تەمێکی ئەستوور ئەچوو

هەر هاتو چوو

مەکۆیەکی بێ ئارام بوو

هەر هاتو چوو

بەسەرنجی وێڵیا دیار بوو

خەیاڵی ئەو

وەك گەواڵە هەوری دەم "با"
بۆ شوێنێکی دوور فڕی بوو.
هەر هاتو چوو
لە چۆلەکەی
هێلانە لێ شێواو، ئەچوو.
لە پڕێکدا
ئیستێکی کرد
دەستی بۆ بەر باخەڵی برد
چاویلکەکەی کردە چاوی
تا چرکەیەك تاس بردیەوە
لە دوایدا
هێدی
هێدی
ئەم شیعرەی بۆ پۆل خوێندەوە:
منداڵینە!
پێش چەند ساڵێك
پیاوێك هەبوو
تەماشاکەن:
تاکوێ دەستم هەڵبڕیوە
وا کەڵەگەت!
ناوشانی پان، مل بەرزو کەڵ.
لەش پڵنگیی.

ڕەوت گورجو گۆڵ.
ماسوولکەی ڕان
وەك بەرد پتەو
ماسوولکەی قۆڵ.
ڕەنگی چاوی
مەیلەو سەوزی بریقەدار،
هەر وەك گۆمی بەرهەتاوی،
ڕوون تا بن دیار.
بزەی تەڕی وەکوو باڵی
پەپوولەیەك ئاونگاوی
هەرگیز وەنەوشەی سمێڵە
باریکەکەی جێ نەئەهێشت.
جار جار توڕە
وەك ڕەشەبا.
ناو بەناویش وەکوو شنە
زۆر لەسەرخۆ.
هەندێ جاریش گاڵتەکانی
پەردە دڕی دەم بە قاقا
قسەکانی خۆشو شیرین
هەر وەك گەزۆ.
⋆ ⋆ ⋆
مناڵینە!

ئێوە کەستان هەر نەبوو بوون
کە ئەو پیاوە
کوڕی شاخو کوڕی بەفرو
پێش مەرگە بوو
ئێوە کەستان هەر نەبوو بوون
کە ئەو پیاوە
پڵنگێکی کوردستانی،
ناو لێرەوارو بێشە بوو
بازی باڵ سووری بەچنگی
سەر سەفینو
سەر هەلگوردو
سەگرمە بوو.
مناڵینە!
چەمو ڕووبار خۆشیان ئەویست
شەوان درەنگ
بە هاژە ئەیانکردە خەو.
شەماڵ هێواش بە لەپی دەست،
ئارەقەی ناوچاوی ئەسڕی.
درەختەکان:
بە پۆپشمینی سێبەریان
کە پاڵ ئەکەوت
باڵای بەرزیان دائەپۆشی.

نمەی باران‌و منداڵان
خۆشیان ئەویست
گوڵ بارانی قژیان ئەکرد.
هەژارەکان خۆشیان ئەویست
ئەو خەمی ئەکردنە کۆڵو
ئەمانیش گشت دەست لە ملان
ماچیان ئەکرد.

* * *

مناڵینە!
ئێوە بووبوون، کە ڕۆژێکیان
نیوەڕۆ بوو
کوردستانمان تاریك داهات.
نەهەنگێ هات
چیای قووت دا
بەردی کرۆشت
ڕووبارەکانی هەڵلووشی
مناڵینە!
کۆست بوو، کۆست بوو کۆستی نەهات!
مناڵینە!
چیمان لێ هات
چیمان لێ هات!

* * *

منالّینه!

با بیّ ینه‌وه سه‌ر ئه‌و پیاوه‌ی

له‌و ده‌مه‌دا

دلّی لیمۆیه‌کی زه‌رد بوو

لیمۆش خاکی کوردستان بوو

کوردستانیش سیس‌و گوشراو

* * *

منالّینه!

کیّ بیّ.. کیّ بیّ؟!

سواری ئه‌سپه‌شیّکه‌ی خۆی بیّ.

له ئاوزه‌نگی تیّته‌قیّنیّ

کیّ بویّریّ؟

درِ به تاریکی‌و به‌ترسی

ئه‌ژده‌هاکی تازه بدات؟!

کیّ بیّ برِوات؟!

بچیّ راوی نه‌هه‌نگ بکات

ئاو بۆ شارو گوندی تینووی

ئیّمه به‌ردات؟

کیّ بیّ برِوات؟!

* * *

منالّینه!

ئه‌و سوارانه سوار بوونه‌وه

ئەسپەکانیان نەفرۆشتبوو
دڵیان نەدا بوو بە کرێ
کلیلی دەربەندو شاخیان
بەجێ نەهێشت بۆ هیچ دزێ.
ئەو سوارانە سوار بوونەوە
شەوی درێژ نەیخەواندن
تاریکە ڕێ نەیگلاندن.

⋆ ⋆ ⋆

سوار بوونەوە
وا بەرەو ژوور
جڵەویان سووڕانو، ڕوویان
کردەوە هەواری خاڵی.
ئەوا حیلەو چەپۆکانی
ئەسپی یاڵ بژ
شریخەی ناڵی گڕ هاوێژ
بەدەم هۆرەو قەتارەوە
سەر ئەکەون.
یەکەم جارە خۆیان ئەکەن،
بە دەربەندا
یەکەم جارە نەهەنگ لە خەوی خۆشی دوای،
هەرەس ئەکەن!
لە تاریکیی چاو نەبیندا

لەو دەمەدا
سەرو ملی ئەو سوارانە
كۆمەڵێ مۆمی كافووریی داگیرساو بوون
هەر كە تررووسكە دای لە كەژ
درەخت زەردەخەنە گرتی.
هەر كە تررووسكە دای لە ئاو
شەپۆل گوڵی دا لە قژی.
هەر كە تررووسكە دای لەماڵ
خەمی هەژاران پێكەنی.

★ ★ ★

منالێنە!
ئەو .. ڕۆژانە
ئەو.. پیاوانە
ئەو.. سەردەمە
ئەو.. چەند كەسە
وەك دارەڕای
ژووری سەپانێكی لادێ
وەك ئەو وانانەی ئەیخوێنن
ئەتژماردن..
یەكو دووانو سیانو چوارو..
وەك پەنجەكانی مام ڕۆستەم،
باخەوانی قوتابخانە

لە دوو دەستا دوو پەنجەش کەم!
منالێنە!
بەلاّم ئەو چەند پەنجەو دلّە
ئەو سەردەمە
دلّو پەنجەی
ملیۆنان بوون
ئەو چاوانە
چاوی هەموو
پارچەیەکی کوردستان بوون.

* * *

منالێنە!
ڕۆژ هاتو چوو
بەرە بەرە چاوی نوستوو
خۆیان لەدەس خەو ڕاپسکان
مۆمی زیاتر
لەسەر دوندو
ناو ئەشکەوتو
تاشە بەردەکان داگیرسان
منالێنە!
ئەو ڕۆژگارە.. تالّ بوو.. تالّ بوو
هەر ئێجگار تالّ
کونە گورگو

کوونە ورچو
کلۆری دار
ئەکران بە ژوور، ئەکران بەماڵ.

★ ★ ★

مناڵینە!
ئەوانەی تەپلەی ئاسنیان
لەسەردایە
ئەوانەی بەرگی کوشتنیان
لەبەردایە.
دەستیان ئەخستە سەر دەمی
زنەو کانیی
زنەو کانیش وەکوو منداڵ
وەکوو ئێوەی چاو گەش چاو گەش
لە دوای یەکدوو شڵپەو نووزە
لە ژێر دەستیاندا ئەترسان
لە ژێر دەستیاندا ئەخنکان
ئەچوونە سەر:
پیرە داری باپیرەی دێ
پیرە داری قەد کۆماوەی
سەر لق لەرزۆک،
ڕدێن درێژ
شاپڵیتەیان ئەخستە ناو

هەناوێوە
هەتا ئەبوو بە خۆڵەمێش.
شەو درەنگان
ئەچوونە سەر:
ماڵی شیعرو ماڵی چیرۆك
ماڵی "بێکەس" ماڵی "بلە"
ماڵی هەر خامەیەك بەرگی،
"سمکۆ"و "شێخ" یان بپۆشیایە
هەر قەڵەمێ فەقیانەکەو،
جامانەکەی "مامەیارە" ی ببەستایە
بەپەیژەدا
بۆ سەر سەربان سەرئەکەوتن
ئەچوونە خوار
لەناو جێدا ئەیانگرتن
لەدواوە دەستیان ئەبەستن
بەپەرۆ چاویان ئەبەستن
ئیتر ئەبران
لەپێچێکدا
لەدۆڵێکدا
لەگۆمێکدا
دوایی سەرەونگون ئەکران.

* * *

مناڵینە!
ئەو.. ڕۆژانە
ئەو.. پیاوانە
ئەو.. سەردەمە
ئەو.. چەند کەسە
ڕووتەڵە بوون وەکوو شاخی "مامەڕووتە"
وەکو "قانع".
سکیان وەك جامی فافۆنی تێك قوپاو بوو
تینووشیان بوو
وەك"هەڕوتە"
بەسێو چوارێکو.. یەك تفەنگ
بەسێو چوارێکو.. لێفەیەك
بەسێو چوارێکو.. خەپلەیەك
بەڵام بە هەمووشیان یەك دەنگ!
مناڵینە!
ئەو.. ڕۆژانە
ئەو.. پیاوانە
ئاگریان بۆ ئاگردانی
ساردەوەبووی کێوان ئەویست
ئاگر نەبوو.
تفەنگ داوای گوللەی ئەکرد
گولله نەبوو.

قۆڕەی سك داوای لەتێ نان،
زیادی ئەکرد
لەت کوا هەبوو!
منالێنە
هیچیان نەبوو
هیچیان نەبوو
تەنها هەر خۆشەویستیو باوەڕو
چاوی گەشی ئێوەیان بوو!
منالێنە!
بابێینەوە سەر ئەو پیاوەی
بەدوای چاوی کوردستاندا
بەشوێن پشکۆو گوللەو ناندا
هەر ڕۆشتو ڕۆشت
مامزی سرك،
شوور و،
بەران
ماندوو بوون، ئەو
ماندوو نەبوو
دەمێ ئەبوو
بە "ڕەشەبا"
دەمێکی دی
بە برووسکە.

ئینجا ئەتدی پەلەوەرە
بۆتە قولنگ
بۆتە شاهۆ
جارێکی تر ئەتبینیەوە
شوانی گوندو ڕانە مەڕە.
گردی دڕکو دالی بڕی
شاخی قەلو دالی بڕی
خێلگەی کەڕو لالی بڕی
هەتا دواجار
کوڕی شوانکار
وەك قولنگی بال بریندار
گەیشتە ناو توونی بابای
ناوچەی هەکار.

* * *

منالێنە!
ئەو.. سەردەمە
دۆستێ وتی:
هەر بگەنە مالی ئێمە
ئاگردانمان پڕ پشکۆیە
پشکۆ بەرن
کۆشی ژوورو
گیرفانی تاقو هەیوانمان

پڕ گوللەیە

گوللە بەرن

نانمان هەتاکوو لای بن میچ هەڵچنیوە

هەر نان بەرن.

منالێنە!

ئەفسوس.. ئەفسوس

دۆستی سالووس

کە چووینە بەر ئاگردانی

خۆڵەمێشمان کرد بەسەری

درۆکانیا

بەڵێن بوو بوو:

بە جرجێکی

بۆدڕ و پیس

ئەگەڕا بە شوێن کونێکدا

خۆی حەشاردا.

* * *

منالێنە!

هیچ لە ئێوە ناشارمەوە

بۆ بەڵێنە بێ قاچەکەی

خانەخوێی دۆست

لەدواییدا

چەکەکانمان

خامەکانمان

هەموو لێوی خۆیان کرۆشت.

★ ★ ★

منالێنە!

وا قولنگی باڵ خوێناویی

باڵ لە بەفری نواباریو، ئەخشێنێ

لە کێڵگەی سەهۆڵ بەندانندا

خوێن ئەڕوێنێ.

ئەستێرەی سوور

کەمێ ئەفڕێتو ئەکەوێ.

مانگی زامدار

تۆزێ هەڵدێو

لە دوایشدا

ڕەنگ زەرد.. ڕەنگ زەرد

لە نوێنی هەورا ئەخەوێ.

★ ★ ★

زامەکانی ئەستێرەی سوور

تینوویانە

چاو بۆ کانیەك ئەگێڕن

کوڕەکانی خاکی زامدار

برسییانە

بۆ بنچکێ،

گژوگیایەك.. چاو ئەگێڕن.

مناڵینه!

له هەکارا

له هەکاری تارومارا

گوڵه گەنمەکانی شۆڕش

لەبرساندا زۆریان مردن.

جۆگەکانمان لەتینوانا

زۆریان مردن

مناڵینه!

ئەوا هاتن

نزیکو دوور به لووره لوور

گورگەکانی هەکار هاتن

لەو دیو.. لەم دیو

به ڕەو هاتن

به ئەڵقەیەك دەوری مانگی

زامداریان گرت.

ئەوا ئیستا مانگ گیراوه

ئەوا ئیستا ئەستێرەی سوور

دەم بەستراوو

دەست بەستراوه،

لەسەر پشتی گورگێکی ڕەش

برینی شەتەك دراوه.

* * *

منالێنه!

کوشتیان!

کوشتیان!

وەختێ کوشتیان

سەعات هەشتی بەیانی بوو

تەمو مژ ئەرخەوانی بوو

وەختێ کوشتیان:

خونچەیەك تازە ئەپشکووت.

پاسارییەك تازە.. تازە

خەریکی باڵەفڕێ بوو.

ماسیەکی بن گۆم، تازە

گەرای ئەخست.

کارژۆڵەیەك تازە ئەبزووت.

منداڵی چەند شەهیدێکمان

دارە دارە

تازە تازە

پێ یان ئەگرت.

وەختێ کوشتیان

سەعات هەشتی بەیانی بوو

تەمو مژ ئەرخەوانی بوو

هەر هەمان سات

لە کەرکوکدا

یەکەم جار بوو کیژۆڵەیەك
لە پۆلی یەك
پەنجەی خرپنی هەڵبڕێ
یەکەم جار بوو
فێر بێ ناوی،
"عەلی" باوکە پێشمەرگەکەی
لەسەر تەختەی ڕەش بنووسێ!
مناڵینە وەختێ کوشتیان
سەعات هەشتی بەیانی بوو
تەمو مژ ئەرخەوانی بوو
کە ئەویان کوشت
هەر هەمان سات
"مەرگەوەرێك" زیندو بۆوەو
دەستی گوڵ کوژانی، گوشی.
"مەلای خەتێ" یەك هاتەوەو
بەپێی پەتیو سەری قۆتی
سەرکەوتەوە سەر منارە!!
مناڵینە
کە ئەویان کوشت
"موشیرێکی" تر هاتەوەو
دەرگای دەربەندی بۆ پیاوکوژ
خستە سەر پشت

که ئەویان کوشت
سەعات هەشتی بەیانی بوو
تەم‌و مژ ئەرخەوانی بوو
ئەو وەختەی کەوت:
چاوی سەوزی
گەڵایەکی سەوز ماچی کرد.
قژی ڕەشی
وەنەوشەیەك خۆی تێئاڵان.
کانیی خوێنی
ڕەگێ دەمی خۆی پێوەناو،
هەڵیمژی.
مناڵینە
لە هەکارا
لە هەکاری تارو مارا
هەتا ئیستەش لەو دۆڵەدا
ئەویان تیا کوشت
لووتکەیەکی سەر بە هەور
کە سەعات هەشتی بەیانیی،
ئەو ڕۆژە "عەلی" بینیبوو
هەتا ئیستەش
بەردەوام هەر ئەناڵێنێ.
بەردەوام هەر ژانەکانی

لەلانکەی بەردیینی دڵیا
ڕائەژەنێ.
ئەو درەختانەی کە سەعات،
هەشتی بەیانی ئەو ڕۆژە
"عەلی عەسکەری" یان دیبوو
هەتا ئیستەش چاویان تەڕە
هەتا ئیستەش گەڵای بسکیان،
ئاڵۆزکاوە.
بە شانەی "با"
کاکۆڵیان دانەهێناوە.
مناڵینە!
لەو ڕۆژەوە هەموو سەعات،
هەشتی بەیانییەك تاقە کوکوختیەك
لەسەر درەختێکی نزیك
هەڵئەنیشێ
گۆرانییەکی زۆر غەمگین
غەمگین تر لە:
"خاڵەی ڕێبوار"
غەمگین تر لە:
"هۆرەو قەتار"
بۆ ئەو ئەڵێ و
ئینجا بە باڵ، بەپەڕەی باڵ

چاوی ئەسڕێو
لەدواییدا
بۆ دوور ئەفڕێ!
مناڵینە
هەر بەتەنها دڵدارەکان چاویان لێ یە:
لەو ڕۆژەوە هەموو سەعات
هەشتی بەیانی یەك.. "مەم"ێك
زۆر کوتو پڕ
لەو شوێنەدا پەیدا ئەبێ
بۆ "زین" چەپکێ
لەگوڵاڵەی سووری چاو ڕەش
ئەچنێتو ئیتر لە چاوان ون ئەبێ؟!

* * *

جوتیارێکم ئەم زەوی یە:
وەك بەری دەستم ئەناسم.
ئاسمان: وەکوو دەمو چاوم.
ڕووەك: وەك سمێڵو ڕیشم.
ئەزانم کەی
زەوی ئەزێ؟!
ئەزانم کەی
هەور ئەمرێ
کەی ئەستێرە،

بە بووك ئەبرێ!
باران کەی منداڵی ئەبێ؟
گێژەڵووکە:
کام کڵاوی گرد ئەفڕێنێ؟
دارستان کەی،
قاچەکانی ئەجوڵێنێ؟
مناڵینە!
بۆیە ئەڵێم:
هەوری خوێنی "عەلی"و "خالید"
چاوی ئەستێرە سوورەکان
بەڕیز هەموو.
دڵی "مانگ"ە کوژراوەکان
وەکوو "عەزۆ"
بەڕیز هەموو.
دەنگی خەرمانانی برسی
دەنگی کانیاوی تینوو
بەڕیز هەموو.
لە هەکاردا
لە هەکاری تارو ماردا
کە چەخماخەیان دایەوە
کە گرماندیان
کە دایان کرد

کە داڕژان
ئینجا پەڵەی تەواوی دا
وەرزی سووری ئەمجارەمان.

1982

# شەماڵ

با پاساریی یان کەویش بم
هەموو شاخێ من ناناسێ.
با دارستان یان کەژیش بم
هەموو "با" یەك ڕامناژەنێ.
با سەرچاوە، یان بەفریش بم
هەموو مەلێ خۆ نەیدیوم!
با ماسیش بم
هەموو گۆمێك
ئاشنای مەلەو مۆلگەم نییە. 2
با شیعرێکی عاشقیش بم
هەموو "وەلی"و
هەموو مەمێك
چاویان لە گریانی وشە و
پێکەنینی بەستەم نییە.
من "شەماڵ"م نەبینیوە
قەت دوو بەدوو

چاوی‌و چاوم
بەیەکەوە دانەنیشتوون.
دەستم قسەی
لەگەڵ دەستیا نەکردووە.
وەکوو تەرزەو وەکوو گڕە
قەت پێکەوە نەبینراوین
ئەو کەڵی ناو شاخان بووەو
منیش شیعرێکی شارنشین.
ئەو سەرچاوەی زەڵم بوەو
منیش شەقامێکی غەمگین.
من نازانم ئەو چاوانە..
ڕەنگیان وەکوو:
کراسی دایکی شەهیدان؟!
وەکوو سەروو سنەوبەری
چنارۆك‌و هەیبەت سوڵتان؟!
وەکوو کێڵگەی گوندی "باخ"و؟!
دەشتی ئەولای "کانی وەتمان"؟!
من نازانم ڕەنگیان چۆن بوو
تەنها ئەوەندە ئەزانم
ئەو چاوانە..
وەختێ لەسەر دوندی قەندیل
بوون بەچرا.

تازە یەکەم ڕەوە ئەسپی
سووری ئێمە
بە تاریکیی کوردستاندا هەڵ ئەگەڕا.
تازە یەکەم هۆرەی خوێنی
حوزەیرانی ئەو هەوارە
ئەبوو بە لاوکی ڕێگەی
بەرەو پیرچوونی سێدارە.
ئەو چاوانە
وەختێ لەسەر دوندی قەندیل
بوون بەچرا
لەو کاتەدا
چاوانی پیاوی کەرەجو
پاڵەوانانی هەلاتوو
ئەو چاوانە:
تۆپی بلیارد
دەنکە تەزبیح
پاژنە هەڵکێش
موورووی ملی گەماڵی شا
گوڵی خوێناویی سەر سنگی
پێڵاوەکەی شا بانوو بوون
لە تارانا!

★ ★ ★

من "شەماڵ"م نەبینیوە
وەك چۆن "قودسی"و
گۆمی وانو
دوکتۆر فوئادو "قامیشلی"م نەبینیوە؟!
من نازانم کەڵەگەت بوو؟!
باڵای بەقەد،
باڵای هەناری گوڵکردووی گوێ تانجەرۆ؟!
هێرۆی ئاڵی ڕێی قەرەداغ؟!
بەقەد بەرزیی
لەسەر یەکی
هەردوو چەکی
"عەلیو خالید"
بوو؟! نەئەبوو؟!
من نازانم باڵای کورت بوو؟!
وەکوو باڵای
بڕنەوی کورت؟
وەکوو "ڕەنجبەر"؟!
وەکوو "ئارام"؟!
وەك دەروازەی نزمو نەویی
ماڵە هەژارانی لادێ؟!
من نازانم لەڕ بوو وەکوو
ئاسکە کێویی؟!

یان بەخۆ بوو وەکوو "شەهاب "؟!
من نازانم
من هەر ئەوەندە ئەزانم
ئەو بالآیە..
وەختێ لەسەر دوندی قەندیل
بوو بە تارای سوورمەچنی
کەژاوەکەی شۆڕشی نوێو
شەکایەوە..
وەختێ ئەو کردی بە زریان
وەختێ ئەو مردنی تۆقان
بەژنی پیاوانی ناو کەرەج
بەژنی پیاوانی هەڵاتوو..
نزم نزم..
بستە بالآ
سەری کەسیان
خۆی نەئەدا..
لەقەراغی جزمەکەی شا!
* * *
ئەوەی "شەماڵ" ی وەکوو من
قەت نەدیوە..
با بەیانیان ئەویش لەگەڵ
تیشکا هەستێ

لە گەردنی ئەو كێوانە
لە بەژنی تەڕی دارستان
لە چاوی چەمو قەڵبەزە
وردبێتەوە
دڵنیابێ
وەكوو باڵا
وەكوو نیگا
وەگوو بڕوا
وا بزانێ ئەو ئەبینێو
ئەوی دیوە.

سلێمانی/ 1983

# میوان

بۆ شاعیری شەهید "جەمیل ڕەنجبەر"

نیوەشەو هەندێ جار کە شیعر
ئەمباتە ناو دنیای سیحراویی خۆیەوە
ئەمخاتە سەر باڵی خەیاڵی دوورە فڕ
ئەوساتە سامالْ بێ یان زریان
باران بێ یان بەفر
ئەبینم.. گوێم لێ یە:
وا دەرگای حەوشەمان
جیڕەیەك ئەکاتو تۆزێکی ئەترازێ
ئەبینم.. بێ خشپە، لەسەر لا
چاو زیتێ
قژنێ، ڕیشنێ
بالآ کورت
هەناسە سواربوویەك
هەروەکوو مامزێ پێکرابێو ڕاونراو
بەپەلە خۆی ئەکا بە ماڵدا

دوو پشكۆی بیلبیلەی
بەدەوری حەوشەدا ئەگێڕێ
ئاوڕێ.. دوو ئاوڕ
ئەوساكە بەرەو ژوور
هەنگاوی خێراتر هەڵئەگرێ
ئەگاتە بەردەمی پەنجەرەی ژوورەكەم
ئەوەستێ
بە پەنجە چەند جارێك لەسەریەك
لێی ئەدا:
ـ تەق. تەق. تەقـ
بەئەنقەست دووجاریش
لەسەریەك ئەكۆكێ..
" تێئەگەم خۆیەتی:
"جەمیل" ە
لە دوور را هاتووە
ماندووە
ئەزانم:
لەم ناوە بەتایبەت لایداوە
بۆئەوەی سەردانی من بكا!"
ئەشلەژێم، خەریكە پەنجەرەم لێ ئەبێ بە دەرگا
سەرسمێك ئەدەمو پێ خاوس ڕا ئەكەم
هەر لەبەر هەیواندا

باوەشی پیا ئەکەم
هەر وەکوو دوو لقی
دوو داری ڕاستو چەپ تێك ئالاو
من سەرم ئەخەمە سەر شانی ڕاستی ئەو
ئەو سەری ئەخاتە سەر شانی ڕاستی من
نە جارێ  نە دووجار نە دەجار
تۆبڵێ هەزارجار
پەلاسی ناودەمی
ئاوێنەی تەوێڵی
گەردنی ڕەنگ لیمۆی ماچ ئەکەم
گولاڵەی برینی سەرسنگی ماچ ئەکەم
ئەو وەختەی کە دەستمان لێك بەردا
بەرامبەر یەکتری دانیشتین
لە بالا ئاوێنەی  دیواردا
تەماشای خۆم ئەکەم.. ئەبینم
سەرسنگم سوور بووە
ڕوخسارم سوور بووە
ژوورەکەم سوور بووە
بۆن ئەکەم
دەستوپل  بۆنی گرت
بۆنی گوڵ، بۆنی خاك، بۆنی گیا
جل بۆنی بارووتو قژ  قەوزەی ڕوبارو

ژوور بۆنی گۆگردی

ئەشکەوتی ناو چیا

* * *

سەرەتا بێدەنگیی خوێنێکەو ئەمگرێ

سامێکەو زمانم ئەبەستێ..

ئەو کاتەی چنگی خوێن بەریدام ..

هەڵئەستم:

چایەك‌و پەرداخێ ئاو دێنم

هالاوی چایەکەو هالاوی هەناسەی

تەمێکە بۆ: کەمێ

لەڕووومان ئەنیشێ.

ـ جەمیل گیان لاواز بووی

لاوازی

وەك کۆترە باریکە

وەك وەلی دێوانە

وەك قەڵەم.

بەیەك بین ئاوەکە هەڵئەدا

چایەکەی بەردەمی تێك ئەدا

قومێکی لێ ئەداو دەستی چەپ

ئەخاتە سەرشانم:

ـ لاواز بووم؟!

شاخ‌و داخ چاوەکەم! شاخ‌و داخ

شاخ خاکەو شەم دایکەو

من وەلی دێوانەو
من کۆترە باریکەی "کۆمەڵە"و
بۆ پەنجەی زارۆڵی هەژاران،
من قەڵەم.
پاش تۆزێ دەست ئەبا
لە پزووی شەرواڵدا
چوکلێتە نامەیەك
دەردێنێو ئەمداتێ
بەدەنگێ، وەك وژەی دارستان بمدوێنێ
وەك شەپۆل، هاژەی دوور
بمگاتێو بمدوێنێ
پێم ئەڵێ:
ـ دوێنێ شەو کە دیمن سێ قۆڵی
"شەهابو جەعفەرو ئەنوەر" بوون
هەرسێکیان لەسەر ئەرز چوارمشقی
لەدەوری ئاگری بە کڵپەی
ماڵێکی کۆچەردا دانیشتن.
هەر لەوێ، هەر لەبەر ڕوناکیی ئاگردا
بە نۆرە هەر یەکەو دێڕێکی نامەکەی
بۆ کیژ و .. بۆ کوڕی
قوتابی پێشمەرگەی شار نووسی.

* * *

سەعاتێ زیاترە لە چاویام
تەماشای خۆر ئەکەم.
سەعاتێ زیاترە لەدڵیام
گوێ ئەگرم لە خوێنو سەر ئەنێم
بە سنگی خاکەوە.
سەعاتێ زیاترە من ئەوم , ئەو منە
من پرسیار
ئەو وەرام
ـ جەمیل گیان بێدەنگی  دە بدوێ؟
ـ مەنزڵم.. بڵاوە.
هەر ئەمشەو من ئەبێ پێیەکم لێرە بێو
ئەویتر لە —بۆکان ـ
هەر ئەمشەو من ئەبێ
بە سواری ئەسپە ڕەش
دەمامك هەڵبەستوو
خۆم بکەم بە "قەڵای هەولێر"داو
هەر ئەمشەو سەریش بەم
لە "مەم"ی هەژاری ناو "بۆتان"
وا "جەمیل" بە پێوە وەستاوە
بەژن سوور
هەر ئەڵێی هەناری گوڵ کردووی
گوێ ئاوە

به ژوور دا چەند جارێك دێو ئەچێ
ئیستێكو لەبەردەم دۆلابی
ـ "سەردەمێ دۆلابی حاجەتی موبەقو،
ئیستاكە كتێبا"ـ ئەوەستێ.
ئەوەتا دانەویو لەخانەی دووەمدا
سەروو خوار ورد گەڕا دەستی برد
دیوانی "بێ كەس"ی دەرهێنا
هەر وەكوو یەكەم جار
مەلۆتكەی جگەری تاقانەی هەڵبگرێ
بەو جۆرە هەڵیگرت
لەسەرخۆش چاوانو ڕوومەتی
دیوانی هەڵمژیو ماچی كرد.
ـ بۆ ئەڕۆی ئەی ئاسكە سوورەكە
بۆ ئەڕۆی!
بۆ ئەڕۆی ئەی مانگی
كاكۆڵ ئاڵ بۆ ئەڕۆی؟!
بەم شەوە بۆ ئەڕۆی
بارانەو ڕەهێڵە
دە توخوا هەر ئەشڕۆی
گولاڵەی زامێكی سەرسینگت
لەلای من جێبێڵە.
ـ بەنگ نابێ عەشقێكی ڕەوەندەو

بە تەنیا لە ماڵێ لانادا
بەنگ نابێ خەمێکی کێویی یەو
بەتەنیا لە شاخێ لانادا.
پێخاوس بە دوایدا ڕائەکەم
نایگەمێ.. تیشکێکەو.. نایگەمێ
ـ بارانەو ڕەهێڵە
تەڕ ئەبی ـ جەمیل ـ گیان
تەڕ ئەبی!
وا ئیستە گەیشتە بەر دەرگا
ئیستێك‌و بۆ ساتێ ڕاوەستا.
ئاوڕی دایەوە، سەرێکی هەڵبڕی
مانگی سوور لە شەوی
ڕەشپۆشدا پێکەنی
ئەوساکە دەستی برد،
لەپەنا دیواردا
چەترەکەی هەڵگرتم
بێ خشپە، لەسەر لا
بە درزی کراوەی دەرگادا
تێپەڕی‌و..
بەتەنیا جێیهێشتم!.

1983

# ڕووبار

دڵنیابن! شیعر خوێنمە
ڕەنگە بۆ پەستیی شاژنێك
بۆ دڵ تەنگی پادشایەك
بۆ ترسی دوای خەو زڕانی
کچە میرو شازادەیەك
بە دڵۆپێ چەند دڵۆپێ
زەردەخەنەی خوێنی شیعرم
وەکوو سامالّ
دڵی پاشا ڕوون کەمەوە.
وەکوو هەتاو
پەستیی شاژن ڕابماڵم
وەك گوڵە باخ
ترسی شازادەی نەنووستوو
گەشکەمەوە..
بەڵام هەر ئەوەندەی جارێ
چووم و خوێنی شیعرم دانێ
دڵنیابن لەو ساتەوە

وشەم.. ئەمرێ.

ڕستەم.. ئەمرێ،

بەستەم.. ئەمرێ.

کەچی هەمان خوێنی شیعرم

بەم ڕۆژگارە

ڕووبارێکەو هەژاری کورد

برینی لەشی پێشمەرگە

کیژی پێ پەتی ناو کێڵگە

یەکە.. یەکە

هەر جۆگەیەو لێی هەڵ ئەگرن.

کەچی تا بێت:

مێوی بیرم هێشووی وشەی

زیاتر ئەگرێ.

باڵی بەستەم، بڵندو بەرز

ئەفڕێو ئەفڕێ.

دڵنیابن! شیعر خوێنمە.

دڵنیابن ئەو ڕووبارە

مادەم سەرچاوەکەی "سەر"ی

ئەم گەلەیە

نە کەم ئەکاو

نە وشك ئەکاو

نە ئەشمرێ!

1983

# چەند چوارینەیەك

شیعری سرود

"بۆ شەهیدانی قڕگە"

ئەو شەوەی قڕگە بوو بە گۆمی خوێن
بناری گۆیژەم سوور سوور هەلگەڕا
شاری هەڵمەتو قوربانیو بەڵێن
بزە لە لێوی سەدساڵەی بڕا.

* * *

لە جێی هەر قەترە خوێنێکی ڕژاو
تۆڵەی یەك بە دە ئەسێنینەوە
لە جێی هەر گوڵە باخێکی سووتاو
تۆوی هەزاران ئەچێنینەوە

* * *

ئەوان هێشوویەك ئەستێرەی شین بوون
بۆ دواڕۆژی کورد ئەجریوانەوە
ئەوانیش کێردی نامەردیو ڤین بوون
بۆ سەربڕینیان ئەبریسکانەوە.

* * *

بەڕێگەی خۆردا بەرەو سەرکەوتن
کاروانی سووری ئەم کوردستانەین
ئێمەی نەترساو لەشەوی مردن
هەر ئەبێ ئالآی سەربەستی هەڵکەین

1983

# شەهید

شەهید: نەمرە وەکوو شاخ
وەکوو بەفر، وەکوو درەخت
وەکوو بەهارو گوڵەباخ.
شەهید ئاوە
تینوێتی زەوی ئەشکێنێ.
پەنجەو دەستە
ئازاری خاك ڕائەژەنێ.
سۆمای چاوە
کام دوا ڕۆژ دوورە ئەیبینێ.
شەهید باڵای
بەقەد باڵای کوردستانە
دڵی ئازادیو بەیداخی
لووتکەی هەڵۆێستی
ئینسانە.

1983

# چەند کورتە شیعرێ

## 1ـ دوێنێو ئەمڕۆ

وەکوو هەتاو"زین" لەکوێ بێ
سێبەری "مەم" لەوێ بووە.
زەردەخەنەی گوڵ لە کوێ بێ
ماچی هەنگی خۆشەویستیی لەوێ بووە.
مانگی ئازادیی کوردستان لەکوێ بووبێ.
خەرمانەی خوێنی شەهیدان لەوێ بووە.
دوێنێو ئەمڕۆش
سەنگەری سووری پێشمەرگە
هەڵمەتی هەڵۆی هەرێمو کەرتو بنکە
لە کوێ بووبێ
شیعری منیش
وەك نارنجۆك
وەکوو گوللە
لەوێ بووە.

## 2ـ دەنگدانەوە

ئەی خەڵكینە
ئەگەر دوێنێ
هەڵبەستێكم بوو بێ بە گوڵ
من دابێتم لە بەرۆك‌و یەخەی كەسێ
ئێوە خۆتان ئاوی شیعرو گوڵتان داوم
ئێوە خۆتان خۆشەویستتان نیشانداوم
ئەگەر ڕۆژێ
من گۆرانیم و سروودم
بووبێ بە ئاگرەكەی نەورۆز،
بەمەشخەڵ‌و لە سەربان‌و
هەیوانتانا هەڵگیرسابێ.
ئێوە خۆتان شەپۆلی دەنگ‌و ئاوازی
هەڵچووی من بوون.
ئێوە خۆتان خۆشتان كردووم.
ئێوە مێژوو بوون.. من سەردەم.
ئێوە تیشك‌و من ئاوێنە.
ئێوە ڕێگاو منیش هاودەم.
ئەگەر ئەمڕۆش
شیعرێكی من بووبێ بە تیر
نیشان: هەژاری ئەم گەلە ناوێتیەوە
كەوانم: دەربەندی شاخە.

بۆیە شیعرم
پڕ بە هەموو کوردستانم
هاوار ئەکا:
من دەنگدانەوەی دەروون‌و
زەنگی هەست‌و
خورپەی دڵی
گەلەکەمم.

## 3ـ ئەسپی ئەیلول

چواردە نەورۆز
تەمەنی ئەسپی شۆڕشی
ئەیلولم بوو.
لە نەورۆزێکدا خەنجەرمان
بە چاوی ڕاستیا داچەقان.
نەورۆزێکی تر هاتین‌و
کلکمان بڕی.
ئەسپی یەك چاو
لە نەورۆزی حەفتاوسێدا
حیلەی: گڤەی دەم زریان بوو
یاڵی: ئاڵای سەوزو سووری
لووتکەکانی کوردستان بوو.
بەڵام نەورۆزی حەفتاوپێنج

نەك هەر چاوی
نەك هەر كلكی
نەك چوارپەلی
لەبەردەمی گشت دنیادا
هەر گۆشاوگۆش
سەرمان بڕی!

1981

# دووڕیان

گەر بە دەنووک کۆتری سپی
گەڵا زەیتونی بۆ هێنام.
ئەگەر کوردستان پێ کەنی
ئازادیی لەسەر لوتکەوە
خۆی نیشاندام
شەهید وتی: من دڵنیام
ڕووبار وتی: ڕوونە ڕێگام
درەخت وتی: نەڕنراوە قەدو باڵام.
شەقامی شار
کانیی لادێ
لەبەر ئاوێنەی ئاسۆدا
گوڵە باخیان دا لەقژی
بووکی ئاشتیی.
ئەوسا منیش بۆ هێلانەی
کۆتری سپی
تەنها هەر دڵم شك ئەبەم

پێشکەشی کەم
ئەی سەربەستی!
ئەگینا نەو کوردستانم
ئەگینا نەو شەهیدانم
نەو. نەو. نەو. نەو
چەك هەر چەکە
شان هەر شانە
کوردستان هەر کوردستانە
سەنگەریش هەر
هەمان سەنگەر
* * *
لە ئیستەدا
لە نێوانی ئاشتیو شەڕدا
من زامنی تفەنگێکی داخراوم
لە نێوانی گوڵو گڕدا
من مەلێکی هەڵکوڕماوم
ئەگەر دەرگا لەسەر دەنگم
پێوەدرێ
گەر ئازادیم باڵی بکرێ
لە ئاسمانی کوردستاندا
سەربەست نەفڕێ
چرکەیەکەو:
من زامنێکی کراوەی

تفەنگێکی تەقێنراوم

من ڕەشەبام

من برووسکەم

من لافاوم.

* * *

وەکوو زریان پشوو ئەدەم

بەڵام نانووم

وەکوو هەڵۆ هەڵ ئەنیشم

بەڵام لووتکە قەت بەرنادەم

دەستیان هێنا تەوقە ئەکەم

بەڵام دەستم قەت نافرۆشم.

وەك نارنجۆك لەسەر کەمەر

دائەنیشم

بەڵام هەرگیز..

لێوی بێ دەنگی ناکرۆژم.

وەك چۆن هاژەی

چەمو.. کەنار.

باڵندەو.. دار

جووتە دڵدار

لە یەکتری وەڕس نابن.

منی قوربانییش لە شۆڕش

لە عەشقی خاك

لەخاکی یار

وەڕس نابم.

* * *

وەکوو سیروان ماندوو نابێ
ماندوو نەبووم
وەك چۆن پێ دەشتی گەرمیان
لەبەر هەتاو بێزار نابێ
بێزار نەبووم
من ئەو داستانە گەورەیەم
دوای ئاشبەتاڵ
لەدایك بووم.

* * *

ئەوسا کە چەکی هەڵاتوو
لە کڕنووشداو لەسەر چۆك بوون
من ژمارەم پەنجەکانی
هەردوو دەست بوون
هەندێ پەنجەش
بێ نینۆك بوون.
بەڵام ئیستە زەریایەکم.. نزارێکم
ژمارەی گەڵاو شەپۆلم دوایی نایە
من ئەو نەورۆزە پیرۆزەم
کڵپەی گیانی ئەم میللەتەم لە گەڵدایە.

1984

# بانگ

"با"ی ئەوین لە "ماردین"
کە تۆوی لاوکێ ئەفڕێنێ
شاخەوشاخ
دێ بە دێی بادینان ئەیهێنێ
بۆ ئەوەی:
لەوەردی حەیرانی سۆرانا بیچێنێ.
"با"ی ئەوین کە لەسەر ئارارات هەڵئەکا
پاڵ ئەنێ بە هەوری گەردنی چیاوە
بەرەوخوار
ئەیداتە پێش خۆیی‌و بە پرتاو ڕائەکا
ئەیەوێ زۆر زووتر
بگاتە سەر "کەلار"
تاوەکو تینوێتی گەرمەسێر بشکێنێو
لەسەر ئەو بەخوڕەم دابکا.
"با"ی ئەوین، کە لەسەر مەزاری
گوڵ گوڵی مەم‌و زین

فوو ئەکا بە کونی شمشاڵی "خانی"دا
ئەوساکە هەر شیعرەو باڵ ئەگرن
هەرداو هەرد.. دۆڵاو دۆڵ
بە پۆل دێن
تا زووتر بگەنە ئاسمانی "خاكو خۆڵ"
ڕەشبەڵەك دەسبگرن لە دڵی "نالی"دا.
کە لە "وان"  بای ئەوین
شەهیدێ ئەبینێ ناوەستێ
دەس ئەباو
لە قژوکاکۆڵی قوربانیی کرمانجم
لە باخچەی خۆرەتار
گوڵی خوێن ئەچنێو
لەوێوە بە باوەش
بۆ ماڵە پێشمەرگەی
ناو "کۆیە"ی ئەهێنێ.

* * *

ئەی خاکی جنراوم!
گوێم لێتە بانگ ئەکەی
گوێم لێتە زریانی ئازاریو هەڵ ئەکەی!
ئەی هەکار!
ئەی سەری خوێناوی کوردستان!
من بازووی لەشی تۆم، تەوێڵتم

چاو.. چاوە
گلێنەی ڕاستت بم، چەپت بم
چاو.. چاوە
هەردووکمان دووباڵی مەلێکین.
دوو سەری یەك پردی چەمێکین.
دوو برۆی پەیوەستی، ڕوخساریٚ.
دوو ڕوخی  ڕووباریٚ.
ئەی باکوور!
باکووری هەناسەی "بەتلیسی"
ئەی بەفری گرگرتووی
سەر سنوور
ئەو وەختەی لەوێوە بزماریٚ
بە سنگتا داکوتن
لێرەوە! خوێن لەبەر
شارەکەی من ئەڕوا!
گەر پرچی ڕەزێکت لەوێوە هەڵکێشن
لێرەوە زریکەی شەپۆلی سیروانم
سەر ئەکا
ئەی باکوور!
باکووری سێدارەو زیندانی مانگی ئاڵ
ئەی "مەمۆ"، ئەی "چەتۆ"ی
داستانی برسێتیو نانی تاڵ.

ئەو وەختەی کەلەپچەی ئەستەموول،
کەلەپچەی ڕژێمی گورگە بۆر
دەستو پێی گۆرانیی
"دەرسیم"ت ئەبەستێ
ئازادیت ئەداتە بەر سوونگی
درەختی باخانت ئەکوژێ
ئەستێرەت سەر ئەبڕێ
ئەو وەختە! نە ئیستە
باکووری برینم!
باکووری ناوچەوان بە بەفر داپۆشراو
ئەی مێژووی سك سووتاو!
لە نێوان لوتکەوە
دەستی سەوز درێژکە..
جڵەوی ئەسپەکەی شۆڕشی "حسەین"و
"عەزۆ"تم لێ بگرە
هاوارکە:
پڕ بەدەم ئەشکەوتو ناو گەلیت هاوارکە:
ڕێم بدەن.. ڕێم بدەن!
کاروانی چرامو بەرێوەم
هیوام و بەپێوەم
هاوارکە! لەبرای ـ ئەزبەنی ـ و پێی بڵێ:
من هاتووم بۆ ئەوەی

خوێن بدەم بە کەژی ڕەنگ زەردو
بە پەیژەی لاشەما
ئازادیی سۆرانو بادینان
پێکەوە سەرکەوێ.

* * *

وەختێتی!
پێشمەرگەی کوردستان وەختێتی..
ئەم خاکە ئەنجنو زامدارە
هەر سێ شت خواستێتی:
یەکەمیان: یەکێتی!
دووەمیان: یەکێتی!
سێهەمیش: یەکێتی!
وەختێتی!
مەفرەزە.. مەفرەزە..
وا ئێمە خۆمان بەست
وا ئێمە دوو هەزار، چوار هەزار
دە هەزار دەستمان کرد
بەیەك دەست.
وا ئیستە بەپێوەین
ئامادە. ئامادە. ئامادە.
ئامادەین وەك ئەوسای
سەر ڕێگەی داستانی"بێتواتە"

ئەی ڕیزی مەشخەڵان

کوڕانی‌ـ کۆمەڵە‌ـ !

مەسافە. مەسافە. مەسافە!

وەك ڕێچکە پشکۆکەی

ئەوساکەی

ناو شەوی "ئاڵوەتان"

ئامادە.. ئامادە.. ئامادە..

مەسافە.. مەسافە.. مەسافە

* * *

ئەی باکوور

باکوری برینم

ئەی مانگی گییراوی ناو چنگی تاریکیی

بادینان! ئەی لانکەی سترانی دێرینم

هۆ برای زازۆیی‌و کرمانجم

من وادێم ڕێ مەگرن لە کلێپەی

نەورۆزی ئامانجم

ڕێ مەگرن لە چەپکی گوڵ سپی

ئاشتیی من

ڕێ مەگرن لە تەوقەی ئەوینی

دەستی من!

ئەوەتا وا گورگی سەرکەوشەن

گورگی بۆز.. گورگی ڕەش

بێ کڵاو، کڵاودار، ڕیشنیان
لۆزیان لە خوێنی ڕژاومان وەرئەدەن
بە هەڵپەی کەڵبەی تیژ. قەپاڵیان،
ماسولکەی لاڕان‌و سەرشانمان ئەپچڕن
گورگن‌و ناپرسن
بۆ ئەوان گۆشت گۆشتە
سۆران بێ‌و بادینان
کورد کوردە!
ئەی برای زازۆیی‌و کرمانجم
وا هاتووم ڕێ مەگرە لەتیشکی
ئاوات‌و ئامانجم
من هاتووم لە گۆڕی هەڵدێرو نشێوتا
مۆتەکەی سەرسنگی ناکۆکیی بنێژم!
من هاتووم برینی دەربەند و
لوتکەی شاخ سارێژم
من هاتوم بەیداخی بەفرینی
خۆزگەمت بۆ هەڵکەم.
ئەی برای زازۆیی‌و کرمانجم
من تیرەو، ئەم‌و ئەو، تاکە کەس ناناسم
فەرهادم ئەم ڕەنجە هەر لەبەر
"شیرین"ی ڕەنجدەران ئەکێشم
من تەنها بۆ چاوی کوردستان

دێوانەم، عاشقم، دەروێشم!

* * *

ئەی برای، سەنگەر جیا

ئەی برای ئەودیوی

دیواری من نەبین

وەرەوە سەنگەرێك هەڵكەنین

سەنگەرێك بەو پاچە هەڵكەنین

كە پاچی"چیمەنو "حەسار"م

هەڵیان كەند.

سەنگەرێك تا ئیستە ئەسووتێو

دوا جاریش

بەخوێنی "سەی كەریم" گڕی سەند.

براكەم! گەر چەمێك

لەمپەڕ بێو لێكمانكا

سەدان چەم، زێو ڕووبار

بانگ ئەكەن: یەكگرین!

براكەم!

گەر دەشتێك دڕكو داڵ لێكمانكا

سەد دەشتی گوڵجاڕی ئەم خاكە

بانگ ئەكەن: یەكگرین.

براكەم!

گەر ئاشتیم گوڵی گرت

گوڵێکی گوڵدانی چاوم بە
ژێ یەکی کەمانی مژدەم بە
گەر دەنگی سەربەستیم هەڵیکرد
باڵێکی گۆرانیو بەستەم بە
گەر گڕیش کەوتەوە
براکەم! وەرەوە
پێکەوە گڕبگرین
پێکەوە لە شایی خوێناویی شۆڕشدا
دەستبگرین

1984

# کوڕی بابه گوڕگوڕ

ڕێگه چۆڵکەن.. هەستنه سەرپێ!
وا ئەسپێکی سپیی یاڵ سوور
له پێدەشتی کەرکوکەوه
ئەحیلێنێ‌و بۆ ئێره دێ!
ئەی ئەسپەکەی تەوێڵ مارۆی گەرمیانم!
ئەوەی بەفرو
گڕو شەپۆلی ناسیبێ،
ئەوەی شمشێری برووسکەو
باو بۆرانی کێوی دیبێ
تۆ ئەناسێ!.
ئەی ڕەشەبای له پاشکۆدا خۆر سوار کردوو!
ئەوەی جارێ
گوڵاڵه سوورەی چاو ڕەشی
ـ ڕەحیم ئاوا ـ و
منداڵانی سەر قۆچکەتاشی "لەیلان"و

کێلگەی برسی ـ دوزـ ی دیبێ
تۆ ئەناسێ!

* * *

کۆبنەوەو هەستنە سەرپێ
سەر هەڵبڕن!
بازێك شەلاڵی خوێناوەو
تۆزێکی تر
بەم ناوەدا تێ ئەپەڕێ!
ڕوەو قەندیل
بەسەر هەورازی شەختەدا
نزم ئەفڕێ
هەتا ئەگاتە سەر لوتکەو
ئەچێ لەوێ
لە پەڵە خوێنی "نازم" دا
بە هێواشی ڕائەکشێ

* * *

ڕێگە چۆڵکەن.. هەستنە سەر پێ!
زریان: گڤەی ون کردوەو بۆی ئەگەڕێ.
گەرمیان کوورەی کاوەیەو جۆشدراوە
تەماشاکەن:
هەرچی گردۆڵکەی پێدەشتی لەش جنراوە
وەکو دایکانی ولاتم

بنچکی ڤژو ئەگریجەی گژو گیایان
له ملیاندا ئالۆزکاوه!

* * *

مامه ڕیشه!
ئەی پڵنگی چنگ بەگڕی گەرمیانم!
بەیتی تازەی توحفەی ئەمڕۆی کوردستانم
له ماڵانی گوند به گوندی هەڵقرچاوا
تۆ قوتیلەکەی بەر هەیوانی.
داسی درویێنەو، هەتاوی
سەربانیژەی زستانانی.
مانگه شەوی. هێشوی ڕەزی.
هاژەی چەمو
وژه وژی دارستانی.
ئاگری شوانی.
وەکو باران
وەکو کانیی
وەك دەغڵو دان
خۆشەویستی.
تۆ کوڕی بابەگوڕگوڕی
داستانێکی سەدەی بیستی!.

1984

# مزگێنیی

بۆ هاوڕێم  عومەرعەبدوڵڵا

دەساڵ بوو. هەوری سەر "دابان"م
ژانێکی گیر خواردووی نەبار بوو.
وەك کچی دەزگیران دیل کراو
بناری دابڕاو لە لوتکەم:
خەمێکی بێ دەنگ‌و
مەلێکی بێ جووت‌و بێ یار بوو.
دەساڵ بوو درەختی گەردانەی شەدەڵەم
بەیانیان، نیوەڕوان، ئێواران
کە نیگای گەلایان 3
بەرەو ژوور هەڵ ئەبڕی
بەتەنها گەردنی خوێناویی چیایان ئەبینی
هەر تەنها پێوەنی
هەورازی یەخسیرو
دەست‌و پێی ڕێ ڕێ بووی
کەژانی چاو سەوزیان ئەبینی.
دە ساڵ بوو، دە قفڵی ژەنگ گرتوو

له زاری هەتاوی سەر بەفر
له قوڕگی ئەشکەوتو
له دەمی شەپۆلی ڕووبارم درابوو.
دە ساڵ بوو بە کوللەی بەعسییان
چواردەوری خەرمانەی ترۆپكو
گوڵجاڕی ئەوینم گیرابوو
یاساغ بوو هەللاجم
پێکەنێ و دەسبەرێ
بۆ قژی ناو ڕەزی سورداشم
یاساغ بوو.. کەژاوەی تریفەی سەر دابان
داگەڕێو بچێتە ژوانی
کانیاوی مێرگەپانـ .
یاساغ بوو.. قەدەغە.. یاساغ بوو
سەرگەڵوم گۆرانی بڵێتو شەدەڵەم گوێ بگرێ
یاساغ بوو وەك شیعرم، گوڵی سوور
باڵاکاو پێ بگرێ!
دە ساڵ بوو. دە ساڵ بوو. دە ساڵ بوو
ئەم دڵە هەنارەم
بە چنگی ڕەبایە ئەگوشرا
دە ساڵ بوو، نواڵەی ئەم سنگەش
پێ خوستی پۆستاڵ بوو

* * *

فەرمانی شەهیدە، درەختی ڕێ ووتی:
کوڕانی مەڵبەندی یەك‌و دوو. ها.. دەستم
فەرمانی شەهیدەو شاخ وتی:
کوڕانی یەکێتی.. سەرکەونە سەر پشتم!
وا ئەڕۆن! سێ ڕێچکەن، بەبێ دەنگ
دیواری نیوەشەو کون ئەکەن.
وا ئەڕۆن! سپاردەی باڵندەی کوژراوو
کارێزی خنکاوی کوردستان
بۆلای خۆر سەر ئەخەن!
سەرکەون! بەرد وتی: من هێزی قاچتانم!
سەرکەون! با وتی: من وزەی دەستانم!
سەرکەون ! باز وتی : من تیژیی چاوتانم
سەرکەون! نان وتی: من توێشوی ڕێتانم!
سەرکەون! سەرکەون!
گەل وتی: من ورەی ناوگیان‌و
من گوللەی چەکتانم.

* * *

چوار سەعات! چوار سەدە، چوار نەوەی داهاتوو
ئەبێتە سرودی سەردەمی.
چوار سەعات! خوێنی من، خوێنی خاك
داستانی دابان‌و هەللاجی
پێشمەرگەی ئەنووسی.

ئەی دنیای کەڕو لاڵ! ئەزانم نامبیسی.
بەڵام من گەلێکم
تا دوێنێ شۆڕشم پزیزك بوو
ئەمڕۆکە بلێسەم
وا هاتووم بە سنگی ڕووتەوە
بۆ گوڵی ئازادیم،
ژێر لوغمو ناو لوولەی تفەنگو تانكو تۆپ ئەگەڕێم.
عەشقێکم بەبێ دەنگ ئەسووتێم
تا ئەمرم
گۆرانی بۆ بەفرو
بۆ گوڵو هەژاری کورد ئەڵێم.

* * *

دوژمنان!
لای ئێمە خوێنی دڵ وەك ئاوی مەعدەنیی
سەر مێزی بەردەمتان نافرۆشرێ!
لای ئێمە خوێن، هەورەو بارانە،
خۆی بۆ خۆی ئەبارێو دائەکا.
لای ئێمە ئازایی ناکڕرێ!
زریانەو خۆی بۆ خۆی هەڵ ئەکا.
لای ئێمە "نۆطە"ی سنگ بۆ خەڵات
وەك سۆمای هەردوو چاو
هەر گوڵی کێویەو

هەر ماچی هەژاری
دێ سووتاو!

★ ★ ★

مزگێنیی!
دەوەنی گرمۆڵەو خەمباری سەر "دابان".. مزگێنیی
مزگێنیی! ئەی کانیی لاپاڵی لێڵ کراو،
ڕوون بەوەو، مزگێنیی
مزگێنیی! شۆڕەبی گریاوی هێشتاکە چاو تەڕی،
شەدەڵە! هەڵسەوە.. مزگێنیی.
پێکەنە! ئەی وردە شەپۆلی
ناو جۆگەی ترساوی بێ خوڕە
وەرەوە کەناری ئەمبەرو مەترسە!
ئەی هەللاج!
ماچیکە! ئەو بەفرەی ئیستاکە بەسەرتا ئەبارێ
پێکەنەو بۆ سورداش بە دوو دەست
گوڵی خوێن هەڵبڕە.
کێ وتی چەکی من نووستووە؟!
کێ وتی نێرگزی چاوانی شەهیدم بیر چووە؟!
کێ وتی.. با"دابان" بدوێنێ!
با دەشتی دامێنو با ڤیری سەر جادەی
لێرەوە تا "دوکان" ببینێ!

★ ★ ★

من ئەمویست لە هێرۆی گوڵ سپی
کراست بۆ بدوورم کوردستان!
ئەی سورداش ئەی بوکە سوورەکەی
پار نەورۆز.
خۆ زانیت! تا سەیران
سێبەری بن داری کۆتەڵو تابین بوو،
سەرچۆپیی ئەوینت من ئەمگرت.
ئیستاکەش ئەی سورداش،
کە کۆتریان سەر بڕیم
کە ڕقم گڕی گرت
هەر هەمان عاشقم
سەیرکە، ئەم جارە
سەرچۆپیی نەورۆزت
بە خوێنم ئەگێڕم!

* * *

پێشمەرگە!
تۆ خورپەی ئەم دڵە شەیدایەی هەڵبەستمی
تۆ خامەی تۆ پەنجەی بزوێنی دەستمی
ئیستاکە کێم هەیە تۆ نەبی
کەسم تۆی
بەستەم تۆی
هەستم تۆی

تۆ نەبی شیعری من وەك پۆڕی خوراوە.
تۆ نەبی چیرۆکم وەك مەلی بێ دانو بێ ئاوە.
تۆ نەبی شانۆی من ئەبێتە تابووتی ئەکتەرم.
تۆ نەبی ژێو تەلی کەمانم پچڕاوە!
پێشمەرگە.. پێشمەرگە!
ئەگەر تۆ ئەتەوێ هۆنراوەم..
وەك دەغڵی پاش باران
خەیاڵم کەروێشکەی تیا بکا!
ئەگەر تۆ ئەتەوێ دیوانم
وەك لوتکەی باوەشی خۆرنشین
زەردو سوور هەڵگەڕێو
باوەشت پیا بکا!
ئەگەر تۆ ئەتەوێ هەناسەت، هەنگاوت،
برسێتیت، بخەمە ناو دوو توێی ڕستەوە
بۆ ڕێوبان بیانکەم
بەهاودەم
بیاندەم
لەیەخەی کەژو چەم
ئەگەر تۆ ئەتەوێ کەشکۆڵم
بکەیتە سەرینت
ئەمبەرو ئەوبەری سەر دێڕم
ببێتە دووربینت.

وا منیش ئەمەوێ داستانی دابان‌و

هەللاجی زۆرترم گوێ لێ بێ

تا منیش هەڵبەستی سبەینێم

ببێتە قەنناص‌و

سەردڵی شاعیری دەرباری داگیرکەر

بپێکێ!

سێروان 1985/2/21

# ڕوانین

لەپەنجەرەی چاو خەوالّووی ـ ژوور ـ مەوە
وەك بالّندەی بەر هێلانەی حەپەساو!
سەرنج ئەدەم لە "ئاسۆس"ی
برۆو برژانگ، ڕدێن سپی
ناوشان پانی، مل باریکی.. هەلّکشاو!

⋆ ⋆ ⋆

لەسەر کاوان"با" ی بزێو و پەلەکەر
هەللاجێکی شێتۆکەیەو تووڕەیە
شی کردنەوەی لۆکەی بەفری لەو.. کەلە
دەنگی چەکەی ناو بەناوی
درنگەیەو دمەیە
"درنگ، درنگ. دم. دم. دم"
بۆ بەرەو خوار وەك بخلیسکێ
بە چرکەیەك ئەگاتە گوێم، لێرەیە.

⋆ ⋆ ⋆

پەڵە هەوریش، کولنجەی بەر
دارستانی کاکۆڵو قژ ئاڵۆزکاو
هێشتا تەڕەو لێی ئەتکێ
دڵۆپی ساردی بەفراو.

* * *

لە گوێ چەمیش، لەشی درەخت
بێ کراسن، ڕووتو قووت
لەسەرەوە بە ئەڵقاوئەڵق ڕاوەستاون
سەیریان ئەکەن شاخی هاوسێی کڵاو قووچ.
لە سەرماندا گۆپکەی لێویان
گۆ ناکاتو ئەلەرزن
تۆزێکی تر ئەم نسێیە
ئەم سێبەرە جێدێڵن
هەر کە گزنگ گرێی زوقمی
دەستو پلو قاچو قوولی کردنەوە
ئیتر ئەوسا..
یەکە یەکە بۆ بەر هەتاو ڕیز ئەگرن.

* * *

پێشمەرگەیەك، هەگبە بەکۆڵ، ڕیش هاتوو
تیسکەی تفەنگ، سمۆرەیە، ڕەوتی گورج
بە باریکە ڕێگەی گردا شانەوشان
بەپاژنەی پێ بەفری شەوێ خرچە خرچ

ئەشكێنێتو ئەچێتەوە بۆ "سێروان"
ئەی پێشمەرگە! ئەی هاوڕێی برسێتیی!
لەپێش مندا "گۆران" وتی: تەبیعەت
هەرگیز هەرگیز بێ رووناکیی ئەنوێنێ
ئەگەر ئازیز زەردەخەنەی شیرینی
وەکوو گوڵاو بەسەردا نەپرژێنێ.
منیش ئەڵێم ئەی پێشمەرگە!
ئەی هاوڕێی هەژاریی
کوردستانم، قەڵەمەکەم، یارەکەم
نە بەختیار، نە سەربەرزن، نە جوانن
بێ چەکی تۆ.. ئەی هاوڕێی ئازادیی!.

سێروان 1985/3/3

# هەڵگوردی "پ . م"

ڕێی هەکارە
ڕەشایی هەر.. ڕیزی پێشمەرگەی وەریوی
ناو کرێوەو بەفرانبارە
قەدو باڵای ئەم دڵدارە هەژارانە
بوون بە ئاوێنەی سەهۆڵو،
مەمکی بڕاوی شیرینو خاتوو زینی
کوردستانیان تێدا دیارە.
ڕێی هەکارەو ئەمان نانن
نان لە برسا بەلادا دێ.
ڕێی هەکارەو ئەمان ئاون
ئاو تینوێتیو وا ئەخنکێ.
ڕیز ئەوەرێ بەڵام ئەڕواتو ناوەستێ
هەر هەورازەو هەر ڕەوەزەو هەر قوتکەیە
بە خێڵی مەرگ
ڕێ تەنراون
هەر لادێ یەو هەر شارۆچکەو هەر پەنایە
بەهەزار داوی باریکی تەڵەی سنوور

ورد چنراون.

★ ★ ★

ڕێی هەکارەو
لەناو بەفرا ڕیزە هێشوو
دەنك.. دەنك.. هەڵ ئەوەرێن
وەك دەوروپشت
وەکوو سروشت
چاویش تەنیا سپێنەیە!
دەنگ: بەستوێتیو
تەنها ڕێگەش، ئەم ڕێ یەیە.

★ ★ ★

لەناو ڕیزدا حەوتەم دڵدار
لاواز ئەڵێی تووڵە بی یە
ناوچەوان پان، برۆ تەنك
کەوانی یە.
وەکوو بەهێ ڕەنگی زەردە
چاوەکانی دوو وەنەوشەی
ڕەشو سیسە
سمێڵیشی قەترانی یە.
گوپەکانی تێك قووپاوە.
وەك پەلگە گیا لێوی باریك،
پێڵوی کەمێك هەڵئاوساوە!
ئەم "پ.م"ی شاخو هەردە

لەشار ناوی محەمەد بوو، نانەوا بو
بەڵام وەختێ کە حەسارۆست
وتی وەرەو بوو بە دۆستی
لەبەر خاتری چاوی جوانی
لەبەر دڵی مێرگی سەوزو دارستانی
ناوی گۆڕی
ئەم دڵداری شاخو هەردە
ئیستە وا بۆ ساڵێ ئەچێ
ناوی تازەی ئەو "هەڵگورد"ە

* * *

ڕێی هەکارە..
ڕەشایی هەر.. ڕیزی پێشمەرگەی وەریوی
ناو کرێوەو بەفرانبارە
وا "هەڵگورد" یش وەك قوڵنگی
بەر شەوارە
چاوی ڕێشکەو پێشکە ئەکا
سەری وەك بێژەنگ ئەسووڕێ.
هەڵگورد ئاسکی لاق زامدارە
تەکانێك ئەداو ئەچەقێ.
هەناسە بڕکێی کەوی سنگ
باڵ لێك ئەداتو هەڵئافڕێ.
چۆلەکەی دڵ بەئاستەمێ

نووزەی لێ دێ.
هەڵگورد وەکوو شەپۆلێکی
هیلاك.. ماندوو
چۆن ناگاتە ئەوبەر ئاوو
لەنیوەی ڕێگەدا ئەمرێ.
ئیستە هەڵگورد باڵای چرای
وردە وردە بەلادا دێ
ئیستە هەڵگورد لەسەر بەفر
نەمامێکی بێ پەل‌و پۆو
ڕاکشاوەو
بەتەنها چاوی ئەبینێ!

* * *

ڕێی هەکارە
ڕەشایی هەر لە دوورەوە
پادگایەکی سەر سنووری قوللە دیارە
ڕیزی برسیی.. ڕیزی دڵدارانی ماندوو
گەڕانەوە سەر هەڵگوردی نیوە مردوو
وتیان: ئەژیت،
ئەو پادگایە
ئاگری تیایە.. نانی تیایە
هەڵت ئەگرین هەتا نزیك
دەرگای ئەوێ

بۆچی بمریت ئەی هاوڕێ؟
هەلگورد بزەیەك بە ئاستەم
کەوتە سەر لێوی لەرزۆکی
ئینجا وتی:
ـ براینە! بەجێم بێڵن
لەم بەفرەدا بەجێم بێڵن
من لێرەدا ئەڕوێمەوە
ساڵێکی دی سەردانم کەن
ئەمبینن چۆن بە پێوەمو ئەشنێمەوە
ئێوە ڕێگەی کەڵ ژیانتان نیشانداوم
لووتکەمو ناچەمێمەوە!.
برایینە بەجێم بێڵن.
ئەگەر بەهارێ هاتنەوە
ئەمبینن من
گڕی نەورۆزی ئەم یاڵەم.
ئەگەر هاوینێ هاتنەوە
ئەمبینن من
دەغڵی بەپیتی ئەو ساڵەم
برایینە!
مەوەستن ڕێگە تەواوکەن
من با نەگەم، ئێوە بگەن.

* * *

بەفر ئەبارێ

ڕیز.. ڕیز.. ڕیز.. ڕیز

بەسەر لەشی ساردوو سڕی

ئەم دڵدارە تەنیایەدا

بەفر ئەبارێ.

پەنجەی کلوو چاوی ئەم عاشقەی لێك ناو

هەر بۆ ئەوەی سەرمای نەبێ

ئەوا ئیستە

توێژاڵ.. توێژاڵ

دای ئەپۆشێ.

ئەوا ئیستە

هەر بۆ ئەوەی ئەم دڵدارەی لێ زیز نەبێ.

بەتەواوی گرتیە کۆشی.

بەفر ئەبارێو کڕێوەیەو

ئێستە جێگەی ئەم هەڵگوردە

ژووری هەناوی جۆش خواردووی

کوردستانو دڵی کوردە.

سێروان 1985/2/8

# کــــەڵ

بۆ هاوڕێی شەهید عبدالخالق معروف

لەهەر کوێوە بڕوانیتە پاردەی قەڵا
هەر قەڵایە
لەکام لاوە سەر هەڵبڕی
گوڵەبەڕۆژەی چاوی ئەو ئەتبینێت‌و
هەنگاوهەنگاو لەگەڵتایە.
کێ ئەتوانێ خۆی لە نیگای بەرزە تیشکی
هەڵگورد ونکا؟!
کێ ئەتوانێ بەفرو باران لە زستان‌و
گوڵ لە نیسان قەدەغەکا؟!
ئەتوانن هەورێك بکوژن.
خوێنی شلێرێك بڕێژن.
ئەتوانن دەستی دار گوێزێ ببڕنەوە
قاچی کتێبێ بشکێنن
چوار مێخەی شیعرێ بکێشن.
بەڵام شیعرێ حیلەی ئەسپێکی ڕەسەن بێ

شیعرێ بژیو
بۆنو بەرامەی قەڵەمی ڕاستیی لێ بێ
هەورێ بزێو کوڕو کچی
ڕەهێڵەی ئاسمانی ببێ
هەرگیز بەوان دروست نابێ.
لە دەروونی ئەهرەمەندا گوڵ ناپشکوێ.
لەسەر تەوری جەللادەکان
کۆتری هونەر هەڵنانیشێ
لەسەر کورسی سوڵتانەکان
دادپەروەریی دانانیشێ.
چۆن لەچاڵە خەڵووزاندا
هێرۆی سپی سەر دەردێنێ
چۆن بایەقوش بۆ ئارامو دڵنیایی
درەختو ڕووبار ئەخوێنێ؟!
ئەوەی هەرگیز
هەرگیز.. هەرگیز
دەنووکی داڵەکەرخۆرەی بەعسییانو
تووله مارە سەر سپیەکانی مزگەوتی
مەلای خەتێ
قەت نایگەنێ
ڕەگی دارگوێزی ژیانی ئەم گەلەیە
هەورە تریشقەی سەنگەرو

قەڵای سووری
هەزاران "عبدالخالق"ی پێشمەرگەیە.

* * *

ئەم كوردستانە، كوانووە
كەڵە پشكۆی قەت لێ نابڕێ
گەر پەنگری هاوارێكی ئەو دامركێ
دەیان پەنجەو قەڵەمی تر
ئاگر ئەگرێ!
ئەی دوژمنانی ڕوناكیی!
هەتا دوێنێ عبدالخالق چرایەك بوو
چەند شەقامێ لەسەر سەریان هەڵیان ئەكرد
كتێبێ بوو
یەك دوو شارێ ئەیخوێندەوە..
بەڵام ئەمڕۆ عبدالخالق
شەقام نییە
دێو شار نییە
ڕێبوار نییە
گوڵ ئەستێرەی زامی ئەوی
لەسنگو بەرۆك نەدابێ
ماڵێ نییە لەم وڵاتە غەمگینەدا
ڕێی ماڵی وشەی نەزانێ.
ئیستە هەموو كوردستانم

وەکوو چاوەکانی قەڵا
بەکتێبە خوێناویەکەی
نیسانی ئەوا ئەڕوانێ

* * *

میری شەهیدانی هەولێر!
ئەی حەیرانی سووتە مەڕۆی
برین بگێڕ!
ئەی هاوڕێی بەهرە ڕەنگین.
گوڵ خەندەرانی پێکەنین.
لە هەواری قەندیلەکەی ناو دڵمانا
سنەوبەری چوار وەرز سەوزی.
تۆ سروەکەی سەری ڕەشی.
تۆ ئەنتێنی هەرە بەرزی
سەر چیای ئیزگەی شۆڕشی
تۆ بڵندگۆی
دەنگدانەوەی دڵی ئێمەی
رادیۆی ناو دەستی پێشمەرگەی
ئەو ڕیکۆردەرەی
هەموو ڕۆژێ سروودەکەی
شۆڕشی نوێمان لێ ئەدەی
پەیتا.. پەیتا
ئاگردانی پشکۆی خۆتو

نەوەی پشکۆی ئەم کوردستانە

خۆش ئەکەی!

سێروان 1985/4/10

# گوڵ باران

هێشا شیعرم بەهارانە گوڵ بارانی
باڵای شارباژێڕی ئەکرد.
لەتەوقە سەری چوارتاوە
دائەنەوی و
کڕنووشی بۆ سورکێو ئەبرد!
بە کلوچکی پەنجەی دابان
وەکو هەللاج
هێواش.. ورد.. ورد
چاوی ئەستێرەی سیوەیل و گمۆی ئەڕشت!
هێندە نەبوو
تازە پیری شەوکێڵ ئەچوو
تاجی خوێنی "عەلی و سالار"
بنێتە سەر سەری کەوتوو.
هەر دوێنێ بوو
لەتیرێژی برینەکانی گۆیژەوە

دایکی سەروقژ خوێناویی
سلێمانیم ئەدی.. ئەی وت:
لەئاگردامو ئەسووتێم
ئەشسوتێمو گۆرانی بۆ
کوڕی ئەو کێوانە ئەڵێم.
هێندە نەبوو
شیعرەکانم لەقەترە خوێنی "زینانە"
ملوانکەیان ئەهۆنیەوە بۆ گەردنی
دڵداری کەڵی شیروانە.
هێندە نەبوو.. قەرەچووغم
لەبەر ئاوێنەی پێ دەشتا
ڕائەوەستاو گوڵەباخی سەرکەوتنی
لەپەرچەمی مەخمور ئەدا.
هێندە نەبوو
بەتەشوێی ڕقی پیرۆزم
دۆڵەڕەقەم
وا داتاشی
تا بوو بە تابووتی قوڵی
مەرگی پواز.. مەرگی ستەم.
ئەوا ئەمڕۆش
وەکوو دوێنێم
وەکوو ئیستەم

لە دۆڵی ئاکۆیانەوە
ئەبمە مانگی
خوێنی سەر کۆڕەكو هەڵدێم
ئەبمە دڵۆپە بارانو
سەر بەزامی ئەرخەوانیی
تینووی "مەحمود"ەوە ئەنێم.
ئەمجارەیان من پاشاکۆرەی پێشمەرگەم
هاتوومەوەو
سنگی ئەسپم ناوە بە سنگی قەڵاوەو
ڕووەو ڕەواندز بانگ ئەدەم.
ئەمجارەیان
هەرچی کەژی لەش جنراوە
هەرچی کانیی دەم بەستراوە
هەرچی هەوری سك سووتاوە
لەتەکمانو بەرەو خۆرەتاو، تاو ئەدەم
بەمارەیی خوێنی خانزادی کوردستان.
ئەی سەربەستیی بە تۆ ئەگەم!

* * *

ئەی گەلەکەم! ئەی سرروودی
ڕیز بەستووی ڕیزی ئازادیی
شۆڕشەکەت لە خۆت ئەچێ!
شیعرم نەبیست.. شیعرم نەدی

ئەی شۆڕە شۆڕشی هەژار
شۆڕشێکی دیکە هەبێ
وەك لەشی تۆ.. وەك کەپرەکەم
وەك گیرفانم.. ڕووتەڵە بێ!
تۆ دارگوێزێکی بە تەنیا
هەر خۆت بۆ خۆت سێبەر ئەکەی
تەنیا.. تەنیا
وەکوو دایکم‌و ژوورەکەی
وەك ئەو ژوورەو
تاقە قەنەفە شڕەکەی!.

* * *

کوردستانم
ئەی دڵی چوار کەرت کراوم!
هەر وەکوو چۆن شیعرم نەیبیست
شیعرم نەیدی
دڵێ هەبێ
وەك چۆلەکەی گوندەکانم
وەك دڵی تۆ بێ هێلانەو
کەچی ئاوایش لەبەر نێزەی
ڕەشەبای هەر چوار وەرزدا
هێشتا مابێ‌و بژی‌و بفڕێ‌و
وەك قەڵەمم

بە پێیشەوە ڕاوەستابێ.

* * *

ئەی گەلەکەم!

هەرچی گێلاسی شیعرمە

بیگوشمە ناو دەرونتەوە

بەقەدەر خوێنی شەهیدێك!

گۆنات سوور هەڵناگەڕێنێ!

هەرچی ڕووباری شیعریشمە

بیخەمە سەر دەشتی لەشت

بەقەدەر خوێنی شەهیدێك

تینوێتی ڕێگەت ناشکێنێ!

ئەی شەهیدانی وڵاتم!

هەرچی وشەی جوانو نازداریشم هەیە

هەڵیان چنم.. چەند بەرزبن

هەر لە خوار ئەژنۆتانەوەن

بۆیە ئەڵێم

چاکتر وایە ئێوەیان دی

سەر دابخەن!

بەرگەڵو 1985/7/11

# نەفرەت

دوو سەنگەرە
دوو تفەنگە.. دوو ڕابەرە
دوو مردنو دوو ژیانە.
یەکەم: ئازادیی لە کوێ بێ
ئەم سێبەری باڵای ئەوە
باڵندەی دڵی هەژاران بۆ کوێ بفڕێ
ئەم ئاسمانی ئەو دڵەیە
ئەم هێلانەی ئەو مەلەیە
قۆڵ بەقۆڵی خەمی جۆگەو شاخا ئەکا
لەگەڵ باراندا دائەکا
بۆ سەربەستیی گوڵەگەنم
شەوانە ئەم
ئێشکی کێڵگەی نووستوو ئەگرێ.
ڕۆژانە ئەم
داسی ڕەنجە
ئارەقەی زەوی ئەڕێژێ

ـ کەم ئەژی بەڵام کەڵ ئەژیـ
وەختێ ئەمرێ
دارستانی گەل ئەینێژێ.
دووەم: وەکوو ئەمیستاکە
تابووت تاشی ئازادییە
گەرووی ڕزگاری لە کوێ بێ
ئەو دەمی نێزەو سونگییە
من هیچ ناڵێم
ئەوە لەشی کوردستانم
خۆت بیبینە
پەنجەرەی گەورەی چوار تاکی سەر برینە!
ئەوە باڵی مەلەکانم
ئەوە گوڵی باخچەکانم
ئەوەی نییە
هەڵفڕینە
ئەوەی نییە
گەشانەوەو پێکەنینە!
من هیچ ناڵێم.. ئەمیستاکە
تەماشاکە:
لەنیشتمانی دەغڵدا.. نان چۆن ئەمرێ!
لەنیشتمانی نەوتدا.. چاوی چرام چەندە کزە.
تلێپەی پرتەقاڵی گوشراو

ئەوە وێنەی ئەو دڵەیە.

کۆتەی قەساب

ئەوە لەشی ئازادیخواز.

تۆپەوانەو دەمی گیڕە

ئەوە کەللەی مەمو زینی ئەم گەلەیە.

دوو سەنگەرە

ئەوەی لە دووەم سەنگەرا

ڕەنگ بۆ مەرگی خاك ئەڕێژێ

وەختێ ئەمرێ

دارستانی ڕووتەو هەژار

لە زەلکاوا ئەو ئەنێژێ!

★ ★ ★

دوو سەنگەرە

دوو تفەنگە.. دوو ڕابەرە

دوو مردنو.. دوو ژیانە

وا تفت کردە برینی کوردستانو

وا جێت هێشتم..

وا مەمکی دایکی خۆت بڕیو

وا ڕۆیشتی

بەڵێ تەنها یەك هەنگاوە

یەك تەوقەیە

بەڵام ئەو تەوقەو هەنگاوە

پلووسکی ئابڕووی تکاوە.
وا ڕۆیشتی
دەستیشت خستە ناو دەستی
دووەم سەنگەر
ئەوساش وەکوو کەڵەشێری
بەزیوی پۆپنە خوێناویی
لەسەر دارو پەردووی ماڵی
ڕووخاوی خۆت هەڵئەنیشی
لەو ساتەوە.. تۆ ئەو گسکەی
ئەبێ لەسەر
تەنەکەی خۆڵ  دابنیشی!.
ڕۆیشتیتەوە!
تۆ ئیستەکە ئەو خڕکە بەردە گڕوێیەی
لە بنارم بوویتەتەوەو
جنێو بە لوتکەی خۆت ئەدەی!
ئەو خەنجەرە ژەنگاوی یەی
لە کێلانی خۆت ڕائەکەی.
تۆ ئەو چەکەی
قۆناغی خۆت ئەسوتێنیو
سکی ژنی خۆت داغ ئەکەی.
تۆ ئەو کەسەی
کفنی سوری هاوڕێ یەکەی

خۆت فڕانو.. ڕۆیشتیتەوە
هەرچی زامی لەشمان هەیە
وەکوو بەتانی شەهیدان پێچاتەوەو
ڕۆیشتیتەوە!
تەسلیم بە کێردی سەر ملی
باوکو برای خۆت بوویتەوە.
یەك هەنگاو بوو
بەڵام حەیای تیا تەواو بوو.
یەك تەوقە بوو
بەڵام هەزاران پەنجەی قرتاوی
منداڵانی کوردستانی
لەگەڵدا بوو.
ڕۆشتیتەوە!
هەر پردێك بوو پەڕیتەوە
شەو دانەهات
کە پرد گڵاویی لەشی خۆی
لەبەر شەتاوی ڕووباردا
دەرئەکردو، ئەشتەوە.
یەك هەنگاو بوو
بەڵام ئەو چەکەی تا دوێنێ
مل کەڵ بوو وەك
دوندی بەرزەك

ئیسته وەکوو خۆت گوێی تەپە
ئیسته پەنجەو پەلەپیتکە
لەرزۆك.. لەرزۆك
ئیسته تفەنگی ترسنۆك
ئەویش وەك خۆت
چۆته سەر چۆك.

* * *

یەك تەوقە بوو
ئیتر ناوت بوو بە جامێکی بن ڕەش‌و
ماڵ بە ماڵ زرنگایەوە
لە ڕۆژێکدا ناوی پێشووت
لەسەر قەدی دار بەڕوەکەم.. پووکایەوە.
ئیتر وەك گۆڕەوی چڵکن.. دڕاو
وەك کەفاوی دوای ڕیش تاشین
وەکوو "دای . بی"!
تۆ تووڕ درایت‌و تۆ ڕێژرای!
ڕۆشتیتەوەو دوای تۆ مەقەر
دارو بەردی هاتنە قسەو
وتیان: نەفرەت!
پێخەفەکەت
کەس تیا نانوێ‌و ئەڵێ: نەفرەت.
تووڵە ڕێی ئەوبەر گردەکە

گەڵا گەڵای درەختەکە

هاژە هاژی ڕووبارەکە

بناری کێو تا لووتکەکە

خۆڵو تۆزی پێدەشتەکە

مەڵبەندو تیپ

مەفرەزەو کەرت

نەك کەڕەتێ هەزار کەڕەت

هەموو ئەڵێن: حاشا.. حاشا

حاشا لەوەی

لەو وشەیەی.. لەو گوللەیەی

شیری مەمکی شاخیان فرۆشت

سەری گوڵەباخیان بڕی

چاوی درەختیان هەڵکۆڵی

نەفرەت

نەفرەت

نەفرەت

بەرگەلو 1985/7/12

## ئــــارام

ئەوە بۆچی ئەم ئێوارەیە "تەنگی سەر"
ئەڵێی ژنێکی پرچ زەردی گۆنە ئاڵەو
دەستی ناوەتە ژێر چەنەی کەڵو
غەمگین.. غەمگین ئەڕوانێتە
گەواڵە هەوری چاو تەڕی ملەی ئەوبەر؟
ئەوە بۆچی ئەم ئێوارەیە "با"ی کەژان
زۆر تووڕەیەو قژی "دێ لێژە"و "مێوڵێ"ی
جووتە خوشك ڕائەکێشێو وا بە پرتاو
خۆی بەدەرگای لەسەر پشتی
هەردوو دەربەندا ئەکاتو
دەس ئەکاتە ملی تەنها تاقە یاری گەڵاڕێزان؟
ئەوە بۆچی ئەم ئێوارەیە کراسی
بەری هەموو درەختەکان
بەری بەندەن. بەری بنار، بەری ڕووبار
لەیەك ئەچنو وەك یەکن؟!
ئەوە بۆچی ئەم ئێوارەیە نانو گوڵ

له وڵاتی هەژارانا سەریان ناوە بە یەکەوەو
بەڕێ کەوتوون
ڕیز ڕیز هەموو
چرای سوورن‌و
بەرەو ئەم مەڵبەندە هاتوون؟!
ئەوە بۆچی وەك قەڵەمێ لەسەر کاغەز بەجێ مابێ‌و
شاعیرەکەیان کوشتبێ‌و
ژوورەکەیان لەسەر شیعر داخستبێ
ئیستە ئاوا ئەم کێڵگانەش
ئەم گوندانەش
ئەم خەڵکانەش
وەکوو ئەشکەوت
دڵ‌و دەروون تارو مارن؟
وەك دارستانی دار بڕاو.. بێزارو پەست؟
وەکوو ڕقی شەپۆلی دوای بەگیر هێنان
هەوری دەم‌و چاو بە سامن
بێ ـ ئارام ـ ن؟!

⋆ ⋆ ⋆

هەرەس هات‌و ئەسپی ئەیلولی داپۆشی
کەشتیەوان‌و کەشتیی گەورەی
بۆ ناو سکی خۆی هەڵلوشی.
هەرەس هات‌و هاژەی چەمی حەفتاو پێنجی

لەقوڕگی گەلیو نشێوو هەردا بڕیی.
ئەو لوتکانەی لە هەورا بوون
چوونە ژێر باڵی داڵەوە
مۆمیّ نەما
یەکیّ نەما
بچیّ بە پیر کوردستانی ئازارەوە!
پلەی پەیژە هەمووی شکا.
هەر بەشانی خۆمانەوە
تا دوا چەکیش
ئەتك کرا.
وڵاتە دەستگیرانەکەم
ڕووتو قووت بوو
بە بەر چاوی خۆمانەوە
دەس بۆ قوتکەی مەمکی ئەبرا!

* * *

دنیا عەبایەکی ڕەشی گرتبۆوە
وەختیّ چراوگەکەی سەری ئارام.
گوڵ ئەستێرەی سەری ئارام
رانكو چۆغە شڕۆڵەکەی بەری ئارام
دەرکەوتنو لە ڕەوەزی کەلانەوە
شاسوارەکەم چووە سەریّ
تا بگاتە ئەو دالآنەی

بارانی سووری شۆڕشیان
تیا ئەبارێ!
* * *
با سەیوان کورتە باڵاش بێ
بەڵام لە هەناوی ئەودا
دەیان هەڵگورد سەر دەردێنێ.
کانیی هەیە کونی چاوی زۆر بچووکە
بەڵام بەتەنها تینوێتی
بێشەیەکی چڕ ئەشکێنێ.
خۆ بولبولیش زۆر بچووکە
کەچی دەنگی دڵی کەژێك ئەبزوێنێ.
گەنمە قەندەهاری چۆنە
ئارام وابوو.
وەك سەوزە گیای شەونماویی بەهارانیش
زمانی خۆش، دڵێکی تەڕ
بە لەشو لار بچکۆلە بوو
لاوازو لەڕ
بەڵام بە بیر، بەگیان، بەکار
شاخی بەرزو هەنگی شانەو
خۆشەویستی ئەم گەلە بوو.
دەرگای سنگی
وەکوو کتێبخانەی گشتی

لەسەر پشتو كراوە بوو
بێ گرێو گۆڵ، ژینی سادە
وەك كاسەی دۆ، كەوچكی دار، شانەی تەختە.
ڕووح سووك، موو ڕەش، زیتو هێواش
دوو دانی پێش
نێوانیان شاش
نیگای كزو چاویلكەدار
بەڵام ڕێی مێشكی پڕشنگدار.
ئارام.. ئارام
ئەوەندەی داسی دروێنەی گەرمیانم
بە ئارام بوو
لەگەڵ دوژمنی هەتاوو هەژاریشدا
چەكوشێكی زۆر بەسام بوو.

* * *

ئەوسا سەردەم وەكوو گوێزان دەمی تیژ بوو
دەرزی تۆو بوو ئەكرا بەكێڵگەی برینی
ئەم خاكەوە..
هەموو بستە ڕێو قوتكەیەك
ڕم.. بازنەی چواردەوری بوو
هەموو هەنگاوو چرپەیەك
سێدارەیەك چاوەڕێی بوو.
لەناو شاردا مردن پۆلیسی شەقام بوو

لەسەر هەموو دووڕیانێك ڕاوەستا بوو.
لەناو دێ دا مردن پەپووی وێرانە بوو
لەسەر کۆتەرەی سوتماکی دارو پەردووم هەڵکورمابوو.
وەختێ ئارام گۆمێکی مەنگی بچووکی کوردستان بوو.
بەغدا لافاوێ بوو چاو سوور
پانو پۆڕ بەقەد عێراق بوو
وەختێ ئارام دەمانچەیەك بوو زۆر کەڕەت
جووتەی ئەکرد!
بەغدا بەیەك دەست دەبابەو
دەیان فڕۆکەی هەڵ ئەگرت.
وەختێ ئەو سیامەندی چاو کزی "خەج"و
هەژاران بوو
سیامەندە پێشمەرگەکان
وەکوو پەپوو سلێمانکە
کەوی سپی
شوورو بەور
ناوبەناوێ، تاكو تەرا، یەکە یەکە
دەرئەکەوتن.
ئەو شەوگارانەی کە ئارام
تاق تاقکەرەی
داری زەردو قەرەداغ بوو
نەك درەختێكو دوو درەخت

قۆپیش خەوی لێ کەوتبوو!

* * *

ئەو ساڵانەی ڕۆژەکانی
وەکوو دەمی تەورو مشار
بڕندە بوون
ئەو ساڵانە لەناو بێژنگی خۆیاندا
هەر خەریکی تەتەڵە بوون
زۆر هاتو چوون
بەڵام کامیان وەکوو ئارام
توانی ئازار هەڵبمژێ
توانی بە پێوە بوەستێ
هەبوو.. زوو تلیسایەوە
هەشبوو، وەکوو ئەم شاخانە
هەر مایەوە.

* * *

ئەم بەیانییە "تەنگی سەر"
بۆنی مەرگی تازەی لێ دێ
چوار دەوریـ دێـ
داڵ گرتوویێتی
وا قیڕەیان ئەگاتە گوێ.
ئەم بەیانییە تەنگی سەر
لە پۆڕێکی گیڕاو ئەچێ
لەناو چنگی داوو تۆڕدا

هەر زیقەی دێ.
سات لەدوای سات
ڕەنگی شاخو
ڕەنگی باخو
ڕەنگی ماڵان.. هەڵئەبزرکێ!
ئەوە تەقەی قاچی مەرگە
تا بێ تەقەی گەورەترەو
وردە وردە بۆ ئێرە دێ.
ئەوە زەنگی دەستی مەرگە
کە لێ ئەدرێ
دارو دیوار
ماڵو منداڵ
مەڕو بزن
ڕەشە وڵاخ
هەموو شتێ.. ئەپەشۆکێ
ئەوە تەقەی قاچی مەرگە
ئەوە زەنگی دەستی مەرگە
لەناو دێ دا تەنها ئارام
بیری گەشو دڵی مەنگە.

★ ★ ★

زەمان وەکوو کیسەڵ وابوو
سەعات بە وێنەی مێروولە تێ ئەپەڕی

ئارام وتی:

"لەبەر من با

داڵ "دێ" نەخوا

ئەچمە دەرێ"

ئەمەی وتو بەناو تەلبەندی چەقۆدا

کەلەبەرێك، کە تەنها هەر تفەنگێکو

لەشی وەك ئەمی پیا بچێ

چووە دەرێ.

پشت لە داڵو

ڕوو لەو ئەشکەوتە تازەیەی

کە هەر ئەمشەو

ناوی نەهێنیی لێ ئەنێ

ئەوا ئیستە

ڕێگە ئەبڕێ.

* * *

بەدییان کرد

چاوی داڵی سەر قەرەوڵ

وەختێ پەلەپیتکەی جووڵان

ئاگر فڕیو

لەو دوورەوە

باڵی هەڵۆی سووری شکان!

* * *

داڵ "عاصی" بوو

بەسەر سەری ئارامەوە ئەخولایەوە

دەمی برین وەك گوڵەباخ

ئازاریٚ بوو ئەکرایەوە.

برین مابوو.. برین ویستی

هەر بەپەنجە گەورەی قاچی

تفەنگ بێنێتەوە قسە.

داڵ ئەمجارە

دەنووکی گوللەی لە سنگی

ئارام چەقان

بۆ ئێجگاری چاوی لێك نا

ئەو مرۆڤەی

دوای مردنیش

تەمەنێکی نوێی خستە سەر

عومری ژیان!

* * *

ئەی تەنگی سەر!

لەم یادەدا قەڵەمەکەم

کراسی سووری شیعرێکی

ئاو دامانت ئەکاتە بەر.

هەموو شەویٚ

لەناو خەونی فرمێسکاویی ژوورەکەمدا

خۆم ئەبینم
وا بوم بەکۆترە شینکەیەك
لەگەڵ هەوری ئاڵدا ئەفڕم
هەتاکوو ئەچمە سەر "دابان"
لەوێشەوە بەرەو "کەتوو"
ئینجا شەق ژن باڵ لێك ئەدەم
بەرەو کۆڕەك و ئاکۆیان
نزم بەدەم فڕینەوە..
لەهەر لایەو دوو سێ گوڵێ
هەتا ئەبن بە چەپکێ
ئەیبەستمە باڵ.
بەرز بەرز ئەفڕمەوە
هەوری پێش خۆم ئەگرمەوە
هەر خۆم تەنیام
ئەی تەنگی سەر ئەگەمەلات
ئەوسا لەسەر ئەو مەزارە
ئەنیشمەوە.. ئیتر ئارام
دێتە دەرێ و ئەگاتە لام
عەینەکەکەی دائەگرێت و
دەست ئەخاتە ناو دەستمەوەو
چەپکە گوڵم لێ وەرئەگرێ و
لە دواییشدا

**ئەم لاو ئەولای**

**ئەم شیعرانەشم ماچ ئەکات.**

بەرگەڵو 1985/7/19

# تاجی خوێناویی

بۆ هاوڕێم هاشمی کەریمی

ئەی گوێچکیلەی ڕاستی.. دڵم!
ئەی پەنجەرەی ڕۆژهەڵاتی زامەکانم
ئەی کوردستانی ئێرانم!
لە وڵاتی جبەی ڕەشا
سیامەند بوو شیعری تازەم
گەڕا بە شوێن چاوی خەجا
شیعری شەیدای باڵای "ورمێ"
ویستی دەستی
گوڵێ بگرێ
ئازادانە پێ بکەنێ!
ویستی دەم بنێتە دەمی،
کانییەك ڕوون، گەش هەڵقوڵێ
زۆری پرسیی
هەموو گەڕاو زەردەخەنەی هیچی نەدی!
خەجم مانگە

مانگی گیراوی زیندانی ناو ئێرانه.
خەجم
وەکوو سێوه لاسوورەکەی باخی "بۆکان"
ملی لارەو چاو پڕ لەئاو
وەکوو ـ زاوابووك ـ ی سابلاخ
هەنیه ڕنراو.. قژ ئاڵۆزکاو.
ئیسته گوڵان
وەك ڕوومەتی ڕەنگ پەڕیوی
منداڵانی هەموو ئێران
پەستو سیسو بێ تریقەن
چاوەڕوانی بارانێکی
تازه ئەکەن.
ئیسته کانییم
وەکوو نیگای کیژەکانی
شاری سنه
لێڵو پێڵن
ڕوون نابنەوه، تا ئەو ڕۆژەی
کوندەپەپووی مێزەر بەسەر
ئەم وڵاته جێ ئەهێڵن
* * *
ئەی پارچەیەك له جگەرم!
ئەی تاجی خوێناویی سەرم!
هەرچی جبەی ئاخوندەیه کۆی کەنەوه

وەكوو پەردەی شەوی تاریك بیگرنەوە
لە "خانە"وە
هەتا سەقز
بیدەن بەسەر لەشی تۆدا
چرای برینی شەهیدان ناشارنەوە،
بەر لە زریانم ناگرن
من درەختی ئەم ژیانەم
تۆ لەولاوە من ئەبڕیتو
لەولای دیكە من دێمەوە
ئازارێكم چەشەی تەور
تا بمبڕێ من سەر لەنوێ
بنچ قایمتر ئەڕوێمەوە
ئەی ئاو كوژان !
هەرچی تاڵە مووی ڕیشێكی ئاخووندەیە
بەیەكەوە گرێی بدەن
وەكوو گوریس
لە "بانە"وە
هەتا سەردەشت
درێژ درێژی كەنەوە
ئەوساش دەمی هۆنراوەمو
تفەنگەكەم نابەستنەوە!

* * *

ئەی چەکەکەی شانی ڕاستم!
پاردەی قەڵای خۆرهەڵاتم!
پشتاو پشتی زنجیرەی "شا"
لە "کۆڕش"ەوە هەتا قاجار
هەموو ڕۆژێ گوڵیان ئەکوشت
خوێنی کەژو هەردیان ئەڕشت
بەڵام دوا جار
گوڵ نەفەوتا
کەژ هەر نەمرد
ئەوەی کە مرد شا، سوڵتان بوو
ئەوەی، ژیا ئەوەی هەر ما
کوردستان بوو!

⋆ ⋆ ⋆

ئەی سەنگەری پڕ هەتاوی ڕۆژهەڵاتم!
گوڵاڵەی سنگی شیرین و
مەشخەڵی دەستی فەرهادم
مەلا وتی: تەلیسماوییم.
دیوارێکی گوللەبەندی زۆر ڕقاوییم.
بەڵام سبەی نا دووسبەی
کە سێڵاوی پەنگ خوراوەی نیشتمانم
ڕژایە سەر
سەر شەقام و گۆڕەپانم.

ئەوسا ئێران
جبەی ڕەشی خۆی دائەدڕێ.
ئەوسا ئیتر بەخەج ئەگەم
بە منداڵو گوڵو کانیی،
لێو بە خەندە هەمووی ئەگەم
ئەوساش تاریکیی ئەزانێ
گەر تەلیسمێ هەبێو نەشکێ
هەبێو نەمرێ
هیچ نەیبڕێ
بەتەنها هەر خۆری گەلە
دڵی گەلە
هێزی گەلە!

1985/7/15

# بەیـــــــان

گوندێك هەیە
ڕووتەڵەیە.
کۆتری سپی دەمو چاوی
باڵکراوی ژێر پەچەیە.
لە دوورەوە
ئەڵێی خاڵێکی بچوکە بە لاملی
ـ مەریوانــی باشوورەوە.
زۆر دەمێکە لەم گوندەدا
هەر برسێتیی جێ نیشتەیە
ئاو تینوێتیو
"با" هەناسەی کسپەکەرەو
ڕێبوارێکی بە پەلەیە.
بۆ باڵندە هەژارەکان:
خەم بەتەنها تیا شین ئەبێ
ئەگەر گوڵێکی تیا بڕوێ
ئەویش لێوی بێ خەندەیە.

وەکوو خانووە تەنەکەکان

وەکوو دوکانی سەر کۆڵان

وەکوو کۆڵکێشی ناو سنە

لەناو ئاپوورەی ئێراندا

لەژاوە ژاوی ژیاندا

ئەم گوندە پشت چەماوەیەش

ناونیشانو جێگەی ونە.

* * *

لەم گوندەدا پێش چەند ساڵێ

کیژێ هەبوو

وەك هەرمێ کێویلە وابوو

وەك کارژۆڵەی قاچ قوڕاویی

هەڵئەبەزیو دائەبەزی.

قژی ئەتوت ڕێحانەیە

لەش سپیو سۆڵ وەك مراویی

چاوی وەکوو ترێ ڕەشکە

بۆن خۆش وەکوو پونگەی گوێ ئاو

سرك.. سرك

وەکوو ئاسك.

بەڵام لەناو خەڵۆزانی هزرا

وەك قوتیلکەی ڕەش داگەڕاو

ئازاری بوو پرتە پرتکەر

شەو تا بەیانیی ئەسووتا.
مۆڕەی خەنجەر
تیلەی چاوی بە غەزەبی
باوك. برا. خزم. ئاشنا
هەموو ڕۆژێ ئەم گوڵەیان ئەژاکانو
وەکوو کەروێشکی ترساوی دەرکی لانە
ناوە ناوە سەر دەرهێنەر
ئەیانکردەوە بە کوندا.

⋆ ⋆ ⋆

ئەم کیژەمان وەکوو چاوی
بیری زیت بوو.
گشت شەوگارێ
لەژێر لێفەی کون کونەوە
بەقەد ژمارەی ئەستێرەی
شەوی هاوینانی ناو دێ
هەنگی پرسیار لەناو سەریا
ئەوروژانو
تا بەربەیان
نەیان ئەهێشت چاو لێك بنێ!
ئەم بۆ ئەژی؟ ئەو بۆ ئەمرێ؟
ڕەنج بۆ ئەخورێ؟
ئەم بۆ دیلە؟ چۆن ڕاپەڕێ؟

بۆچی ژن‌و مانگا زەردە
بۆچی ئەم‌و مامرە کونج
لە ماڵەوە، لای پیاوی دێ
ڕێزیان وەك یەك لێ ئەگیرێ؟

★ ★ ★

ئیستە ئێران
وەکوو جبەی ئاخوندەکان، ڕەش ئەنوێنێ
تاران پایتەختی سێدارەو
مزگەوتێکی گەورەی مەرگە.
قیڕەی مەلای قەلەڕەشکە
لەسەر منارەی هەزار ساڵ پێش ئێستاوە
بانگ بۆ تاریکیی ئەداتو
لە میحرابی بەر قاچیشدا خوێنی ئازادیی ڕژاوە.
پەنجەرەی بەر هەتاوی بیر
کلاوڕۆژنەی هەموو تیشکێ
بەڕیشی تۆپزیی ئاخوون.. ئاخنراوە.
ئیستە ئێرانی ئاخوندە
پاپۆڕێکەو پڕ لەتاوان
خوێن بارکردوو
ڕووی کردۆتە قیبلەی جادوو
بایەوانی ئەم پاپۆڕە کەتەو زلە
چارۆکەی عەباو مێزەرە.

ئیسته ئێران بەقەد هەموو

دەنکە تەزبیحێکی دەستو نزای مەلا

بەقەد ژمارەی دەم ویردی ناوی "الله"

لەڕۆژێکدا

لەسەر تاتەشۆری جەنگو

لەتابووتی شارو گوندا

کە چاوی پرسە ئەگێڕێ

هێندە خوشکی

هێندە دایکی

هێندە ڕۆڵەی سەر بڕراوی

خۆی ئەژمێرێ!

* * *

ئەوەتا وائیستە هەردوو

کەڵەگای شەڕ

کەڵەگای سەر کوردستانم

کەڵەگای سەر دەغڵو دانی هەژارانم.

لەناو پەرژینی کۆتانی

بە چەقۆ دەور گیراودا

لەبازنەی داخراوی بێ ڕێگادا

شاخ خوێناویی

پشت خوێناویی

ڕم لە قەپرغە هەڵچەقاو

یەکتر دێنن یەکتر دەبەن
لمۆز شکاو.
ئەوەتا وا جەرگی پارە پارەی گەلم
ئەڵێی بێژنگی بەر خۆرە
چۆڕەی خوێنم
چۆڕاوگەیەو
دنیا شۆڕە!.

* * *

ملی ئازادیو ملی شاخ وەکوو یەکن
قەت کەچ نابن
هاوڕێکەم!
ئەم ئێرانە کەڵەگەتە قاچ شکاوە
هاتە لامو لای منەوە بۆ یەکەم جار
پەیژەم بۆ کرد
تا سەرکەوێتە سەربانی
ئەو زامانەی
بەسەر حەوشەی
هەردوو لاماندا ئەیڕوانی.
یەکەم جار من پاچم دایە
یەکەم چەك من کردمە شانی
یەکەم جاریش من ماچم کرد
من برا بووم برای ڕاستیی

هەر بەم پشتە زامدارەی خۆم
یەکەم شەهیدیم گرتە کۆڵ.
ئەی کوردستانی موقەددەس!
ئەی لەیەك کاتا دایەنی
ئازاری خۆت
ئازاری خەڵك.
ئەی ئاواتی پەرەوازەم!
لەیەك وەختا
تۆ پەنایتو پەناهێندە.
تۆ زامیشیو دەرمانیشی.
تۆ شەوگاریو ڕۆژگاریشی
تۆ قوربانییو ژیانیشی.

⋆ ⋆ ⋆

کچە هەناری لادێیی
باڵای کرد و وا پێگەیی.
ماکەوەکەی خاڵ لە ملم
کەوتە چینە
لەسەر گڵە سووری دڵم!
ئیستە کەنیشکی ئەو دێیە
دێتو ئەڕواو قسەی پێیە
قسەکانی لەلای هەندێ
وەك شەمامە هەڵئەگیرێو

ناوبەناوێ بۆنیان ئەکرێ!.
لەلای زۆربەش ئەو قسانە
وەکوو درِك لەبنی پێ هەڵئەچەقین
بۆ پەزی نەریتو دابی، کۆنە ساڵە
بە زیان بوون
بۆ ئەوەی ژن وەکوو ماین
وەك نێرگەلە
وەکو دەڵەك
سەیر نەکرێ
نەژیو نەمرێ
ئەو قسانە لەناو دێداو لەلای مەلا
وەك تلیاكو گۆشتی بەراز
قاچاخ کرا!
⋆ ⋆ ⋆
ئێران زەریایەك بوو ئەکولا.
بەرامبەر شەوی ئاخوندە
بێشەلانی مەشخەڵ بەسەر راوەستابوون
ئاگر مەوجی ئەدایەوە..
توورە بوونی دارستانی رووتەو هەژار
لە ئیمامی تەوری ریشدار
هەتا ئەهات هەڵی ئەکرد
هەتا ئەهات زیادی ئەکرد!

بەرە بەرە ئاگرە سوورە
ئەتەنیەوە..
بەسەر پردی کوردستاندا
هەر شیرین بوو هەر فەرهاد بوو
ئەپەڕیەوە..
ئەمجارەیان کچ هەر گوڵی
پێخە نەبوو
هەر خەزاڵی لەش‌و لاروو
سێوی بەردەستی لاس نەبوو.
گوڵدانێکی ناوماڵ نەبوو.
ئەمجارەیان شیرین هەبوو،
قوڵنگ بە دەس
ئەمجارەیان خەزاڵ هەبوو
لە سەنگەرا
ئەچۆوە بەگژ  ئاگرا.

* * *

بەیان، بەیان، بەیان
لەناو ئەشکەوتی شێداری
خۆر نەدیوی دڵی خەڵکا،
ئەو پرشنگ بوو هەردوو چاوی.
لەناو گوندا
دەنگی ئەدایەوە ناوی:

بەیان، بەیان، بەیان
لەو ڕۆژەوە کە شانە هەنگی پێشمەرگە
دەوروبەری ئەو گوندەیان کرد بە شیلە
ئیتر هەر هەنگ بوو نێرو مێ
بەسەریەوە ئەنیشتنەوە!
لەو کاتەوە ئیتر "بەیان"
وەك پەڕەسێلکەی دڵداری
زەوی وباران .
وەك کەنیسمەی باڵ ڕەنگاوڕەنگ
تینوو بۆ خوێندنێ سەربەست.
وەك سوێسکەی عاشقی بەرد،
وەك قەقنەسی عاشقی گڕ
لەسەر درەختی ناو "دێ" وە
ڕۆی.. هەڵفڕی
هێلانەکەی خۆی گواستەوە
بۆ سەنگەری
ئەو مەچەكو تفەنگانەی
لەناویاندا هەر بەتەنها
ترس ئەگری!
لەپەنجەرەی هەتاوەوە
چووە دڵی هەژاری ڕەنج
سووتاوەوە.

لەناو کەوانەی داسەوە
خۆی هەڵدایە باوەش زەوی.
بوو بە پێڵووی چاوی گەنم.
بوو بە پەنجەی دارو درەخت.
بوو بە دێراو بوو بەجۆگە.
ئینجا چووە لای تفەنگێ
کە لەسەر ئاسۆی دوا ڕۆژم
رزگاری ئاو.. رزگاری خاك
لوولەی ئەو بەگڕ ئەینووسێ!

* * *

منداڵی دێ وەکوو نوقڵی ترش‌و شیرین
"بەیان" یان لا خۆشەویست بوو
هەموو جارێ کچانی دێ
وەکوو چرا
لە دەوری کۆئەبوونەوە
ڕازی نەهێنیی ناو دڵیان
لا هەڵئەڕشت
لە دواییدا یەکە یەکە
بۆ هەندێ بەرز، هەندێ چرپە
ڕێی ڕۆشنی دیاری ئەکرد.
لای دڵانی سادەو ساکار
وەك سەرچاوە وەك سەوزە گیا

بەیان چەندە خۆشەویست بوو
لای سك تێرو مل هووڕی "دێ"یش
جێی توانجو
جێی پلارو
جێگەی تانەو
سەرزەنشت بوو.

* * *

لەئیستەوە ئیتر بەیان ئەو کچەیە
تاریکیی ماڵ،
شەوی درێژی کۆیلەیی،
وەکوو پرچی زیادو تەمەڵ
هەمووی ئەبڕێ!
شێری مێیەو لەناو لانەی
ئازادەوە دێتە دەرێ.
وەکوو چیام سەر هەڵئەبڕێ.
لێشاوێکەو ئەو دیواری
نامۆییە ڕائەماڵێ
کە دەمێکە، زۆر دەمێکە
لەم کوردستانە دیلەدا
بەر لەتیشکی نیوەی خۆرم
نیوەی حەقیقەتم ئەگرێ.
لەئیستەوە ئیتر بەیان

ئەو بیرە شاربەدەر ئەکا
کە ژن ئەبێ
هەر لەسەر جێو هەر لەماڵدا
بژیو بمرێ.
نەء وا بەیان
وەك باوبۆران
شاخ ئەسپێتیو سواری ئەبێ.
بەسەر "زین"ی بەفرینەوە
ئاوزەنگی ئەدا لە سکی بن بناروو
گزنگ ئەکا بە چەپكو
بۆمان دێنێ!.
لە ئیستەوە ئیتر بەیان ئەو کچەیە
چەك بەدەستو شەرواڵێکی لەپێ دایەو
پێشمەرگەیە.
⋆ ⋆ ⋆
ئەی ژنانی وڵاتە قژ سووتاوەکەم!
بەیان زەنگە
گوێی لێ بگرن!
بەیان دەسترێژی ئازادیی
ناو ئێوەیە
سەر هەڵبڕن.
بەیان دەمی ئەو پاچەیە

شەوە زەنگتان ئەڕوخێنێ
دەنگ هەڵبڕن.
بەیان ئەو دارو خشتەیە
دنیای تازە پێك ئەهێنێ
چاو هەڵبڕن.
بەیان لوولەی ئەو چەکەیە
مەرگ ئەمرێنێ
کوان؟! ڕاپەڕن!

⋆ ⋆ ⋆

بەر لە ئێوە ئەی بەیانو ئەی کچانی
ئەودیو ژوورم
ئەی دڵخوازانی ڕووناکیی!
ئەی ئەوانەی بۆ یەکەم جار
بەر لە کۆرپەو ساوای خۆتان
لەناو گێژەنگی ئاگردا
شیری مەمتان
کردە ناو دەمی ئازادیی.
بەر لەئێوە
ئەی کچانی سەنگەری سوور!
هەر ملوانکەم ئەکردە مل کچی شیعرم
هەر مێخەك بەنگو کرمەکم
ئەهێنا بۆ کچی شیعرم

هەر سووراوم ئەدا لەگۆنەو ڕوومەتی
کچی شیعرم
بەڵام وەختێ ئێوە هاتن
وەك برووسکە،
داتان لە هەواری شیعرم.
لەو رۆژەوە ئیتر منیش:
چەکم خستۆتە سەر شانی کچی شیعرم
فیشەك لغم هێناوە بۆ کچی شیعرم
بەرگی خاکیم کردۆتە بەر کچی شیعرم
کاسکێتێکم کردۆتە سەر کچی شیعرم.

* * *

ئیستە بەیان هەر هاوڕێی گوندێ نییە
بەتەنها هەر مەریوانم
شارۆچکە خنجیلانەکەی
سەر شەقامی دڵی نییە.
ئیستە ئێرانو کوردستان
شاخو پێدەشت
ڕووبارو باخ
کارگەو کێڵگە
لەدەواری ئەو دڵەدا
هەموو جێگەیان بۆتەوەو
هێشتا جێگەش زیادی هەیە!

ئیستەش بەیان بۆ چاوی کزی هەژاران.. چاویلکەیە.
ئەگەر ئەوان مەرەزەبن.. ئەم جۆگەیە.
گەر ئەوان پەڕە کاغەز بن.. ئەم وشەیە.
ئەگەر ئەوان چاپخانە بن.. ئەم پەنجەیە.
گەر ئەوان چەكو تفەنگ بن.. ئەم گوللەیە.
ئیستە بەیان هەموو شەوێ
لەنۆرەدا ئەستێرەیەو ئێشك ئەگرێ
ئامادە باش!.
بۆتە ئاشنای بۆتە خزمی زۆر نزیکی
ئەو کتێبانەی کە هەر وەك لایتەکەی
دەستی، شەوان
ڕێگای بەر پێی ئەدۆزنەوە
هەتا فیکری هەڵ نەنووتێ
لەو قۆرتانەی
بیبەن بەرەو قاچ خلیسکان!
⋆ ⋆ ⋆
بەر لە چەند ساڵ لە ناو گوندا کەمێ نەبێ
قۆخی دڵیان ئەگۆڕێوە لەگەڵ بەیان
ئیتر هەموو قسەی ئەویان
بە زەردەواڵەو بەکوللەو
بە چزووی دووپشك ئەزانی
بۆیە وتیان

ئەم کچەمان
ئاوەکییە بەم گوندەمان.
بۆیە مزگەوت بانگی هەڵدا
ئەوو شەیتان
لەیەك بەرگان.
بەڵام بەیان بەقەدەر شاری کرماشان
دڵی گەورەو فراوان بوو
بەڵام بەیان لەتینوێتی ئەم گوندەدا
هەر باران بوو
لە سووتانی ئەم گوندەدا
ڕیزە سەتڵی،
ئاوی ئاگر کوژێنەوەی سەر ماڵان بوو.
لەزامداریی ئەم گوندەدا
ماشینە شێوە سپێکەی
خاچی سووری ناو ئێران بوو.
بۆیە ئیتر وردە وردە
کەمی ناو دێ
بوون بە زۆربە!
★ ★ ★
ئەوا ئیستە بەیان لەژێر دار توویەکدا
لەسەر بەردێ دانیشتووە
لای خۆیەوە چەکەکەی هەڵپەساردووە
هەر لەسەر ڕان

هێور هێور
نامەیەکی دوورو درێژ
ئەنووسێ بۆ ماڵی خۆیان!
★ ★ ★
نامە گەیشتە دایكو باوك
وەكوو گۆنە نامەش تەڕ بوو
لە پێشدا هەواڵ سرپە بوو
وەك كزە با بێ گڤە بوو
ئیتر ماڵان
جووت جووت یاخود یەکە یەکە
ئەهاتن بۆ نامەی بەیان
ئەهاتن بۆ هەواڵێکی
کچە سەربەستی پێشمەرگە!
نامە وەکوو گوڵە زەردی
دەم عەتر ڕێژ
وەك بۆنی مۆردی سەرەڕێ
گەیشتە لووتی هەموو دێ
نامە وەکوو یەك پەرداخ ئاو
بۆ زۆر تینوو
چۆن دەستاو دەستی پێ ئەکرێ
چۆن ئەگەڕێ
ئاوایش نامەی پەڵە پەڵە

بەفرمێسك تەڕ
نامەی بەیان
لەدوو ڕۆژدا وەکوو نامەی
کۆن بووی گیرفان
چرچ کەوتە دەم‌و چاوی
لەشی ڕێ ڕێ.
ئیتر ئەوەندەی نەما بوو
تەواو بدڕێ.
که هەواڵ بوو بە ڕەشەبا
لەبەر ماڵدا
خەڵکی وەستان بە قەتارە.
که ئاوێنەی نامەی بەیان
شەوقی تیژی دا لەچاوی
حەپەساوی سەر منارە
ئەوسا مەلای مزگەوتی دێ
وەك قەلەموونی شڵەژاو
بە ناچاری ئیتر هەستاو
بە دەنگی خۆی
لەبڵندگۆی مزگەوتەوە..
نامەی "بەیان"ی پێشمەرگەی
بۆ خەڵك‌و خوای گوند خوێندەوە!
* * *

وا دەستەیەك

بەرگ خاكیی، خوێن قوڵپ دەر

شانو لامل ئارەقاویی

لەهەرەتی ژیانداندو

جیایان ناكەیتەوە لەیەك.

بەهەنگاوی گورج تەكاندەر

یەك لەدوای یەك

ڕەوە ئەسپێكی كێوینو

ڕێی مەرگی سوور ئەگرنە بەر.

بە پێدەشتی سوژن ڕێژدا ئەدەنە غار

چەمی سەركەش جڵەو ئەكەن

چۆك بە دەربەندو هەورازو

كلكەی سەر چیادا ئەدەن

تفەنگی شان، كۆڵی پشتیان، قۆناغ قۆناغ

ئەبەن هەتا جێگەی پرسیار، جێگەی سۆراغ

بە هەر كوێیەكدا ڕەت ئەبن

زەردەخەنە ئەچێ بە پیر لێویانەوە

سوورە گوڵ بەرەو بەرۆكیان

نان بۆ پشتێنەكەی پشتیان

هەژارانیش بۆ ناو دڵیان!

* * *

پادگانی سەر ئەو ملەیە

بۆته دوومەڵی سەرشانی ئەم ناوچەیە
لەدیمەندا وەك مڵەیە.
دەستەی دڵداری چاو تینوو
پەنجەی تۆڵەی سەر تفەنگیان بە پەلەیە
هەر ئەوەندەی چاو بتروکێ
لەپرێکدا دەست ڕێژ وەکوو
بارانو هەورە تریشقە
بەسەر بەرازی پادگاندا دائەبارێ
شریخەی چەك.. ناڵەو گرمە
بۆ سەعاتێ دوو سەعاتێ
ژیان لە مڵە تاڵ ئەکەن
لەچەند لاوە بەرازی خیش زامدار ئەکەن.

⋆ ⋆ ⋆

ئیستە دەستە لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەن
بەرەو بنکەی لێوە هاتوو..
ماندوو.. ماندوو..
وەك دوا شەپۆلی کەناری لە گوڕ کەوتوو
تینوو.. تینوو.
وەك قلێشی لەشی زەوی گەرما بردوو.
دوو بریندارى ناودەستە
یەکێ بە شەلە شەل ئەڕواو
ئەویتریان سەرشان پێکراو

خوێنی قاچو ئەو سەرشانە
هەتا ئیستەش تکە تکە
دائەدەنە سەر جامانە!
کانیو ئاوو سێبەری کڕ
بوون بە ئیزگەی حەسانەوەی
پشکۆو ئاگر
لەوێ کە خۆیان کردەوە،
بۆ کزە با.
دەمیان خستە دەمی کانیی.
ئەوسا دەرکەوت
قژ درێژێك
سنگ بەرزێکیان
سەر دەستەیە
ئەویش "بەیان"ی برووسکەی
ئەم گەلەیە!

⋆ ⋆ ⋆

بەیان وابوو
برایمۆکی هەژارانی ئەم وڵاتە.. یاری ئەو بوو
دەستێ کورتەكو شەرواڵی کوردی شڕۆڵ
بەرگی بووکێنییەکەی ئەو بوو..
ڕیزە فیشەکی ناو قەدی.. هەیاسەکەی پشتی ئەو بوو.
ئەستێرە سووری پێنج گۆشە.. ملوانکەکەی ملی ئەو بوو.

قوڵفی نارنجۆکی دەستیی.. موستیلەکەی پەنجەی ئەو بوو.
خۆڵو باروت.. بۆنو پۆدرەی لەشی ئەو بوو.
بەیان وابوو
ئەو سێبەری باڵای بیری کەڵەگەت بوو
چاوی گەشی منداڵانی لە دڵدا بوو
ئەو دەنگدانەوەی هاواری سەربەستیی بوو
مێژووی نزیك، مێژووی دووری لەگەڵدا بوو
بەیان وابوو.
کچە پێشمەرگەی سەعاتو دوو سەعاتی
ناو چیمەنو سەیران نەبوو.
دە بینووسە!
بە مەرەکەبی ئەو خوێنەی شەهید دایمێو
وا لە شووشەی چاوی مندا
دە بینووسە!
چەند مەزنە
بەیان ڕابەری کۆمەڵێ برووسکە بوو
ئەوان پیاوو هەر ئەو کچ بوو!

* * *

بەڵام کەی بووە شیعری من
بێ ئاخو داخ شەوێك بنوون؟
کەی بووە کەی لەدوای ماچی هەموو گوڵێك
بە زماندا هەڵنەچەقێ دڕکێك، چقڵێك؟

کەی بووە کەی لەناو ماڵی شیعری خۆمدا
لەیەك ژووردا
وشەو وشەی دایك باوکێ
دووانەی نووکێ
دووانەی سکێ
لەخانەوادەی یەك ئازار
لێرەو لەوێ
لەبەر چاوی تیغی گەورەی لەسەر ملم
لەبەر چاوی شیری گەورەی
ڕاوەستاو لەسەر سەرم
ئەو خوێنی ئەم
ئەم خوێنی ئەو
نەکەنە کاسەی ڕۆژگارو
لەپرسەدا نەیگێڕن بۆ هەموو گەلم؟!

* * *

هەزار ساڵەو هەتا ئەمڕۆ
تەورەکان هەر کوردستانم ئەبڕنەوە
لەت لەت لەت لەت.. لەتم ئەکەن
کەچی منی لەتە برین
لەتەکەی تری خۆم ئەخۆم
کەچی منی ئازارو ژان
بەسەر جەستەی ئازارەکەی ترما ئەڕۆم

من ئەو برینە گەورەیەم
ئەبمە چەقۆو دیسانەوە
هەمان برین کەرت کەرت ئەکەم
ئەو کەرتانەش دیسانەوە
ئەبنە چەقۆی تازە ترو
ئازارەکەم وردتر وردتر
وردتر ئەکەم!

* * *

گەر دوو زامی لەشی باخێك
دەس لەملی ئازارەکانی یەك نەکەن
چۆن برینی گوڵی باخچەی
دنیای دوورتر سارێژ ئەکەن؟
گەر دوو کەناری ڕووبارێك
باڵی فڕینی باڵندەی یەکتر بکەن
بۆ باڵندەی زەریای دوورتر
چۆن هێلانە دروست ئەکەن؟!
گەر دوو ئاگر
گەر سێ ئاگر
گەر چوار ئاگر
هەموو نەبن بەئاگرێ
بەکڵپەیەك
گڕ لەدیوی هەژارخۆری ئەم کوردستانە بەرنەدەن

چۆن هەژاری ئەم دنیایە
چۆن ڕووباری ئەم دنیایە
چۆن باڵندەی ئەم دنیایە
لەچنگی دێوی گەورەتر قوتار ئەکەن؟!

⋆ ⋆ ⋆

لێرەو لەوێ
تەور تەورە
لێرەو لەوێ
خوێن یەك خوێنە
تەماشاکەن
نەخشەی گوڵینی ئەم لەشە
ماڵی گەڕەکی قوربانیی
یەکە. یەکە
ژووری زامی نەجۆو ئاوارەو سوڵتانی
ژووری برینی شەماڵو مامە ڕیشە
وەکوو ماڵیان
دەرگای دڵیان لەسەر یەکە.

⋆ ⋆ ⋆

ئەو وەختەی چاوی بازێکی لای موعینیم
هەڵ ئەکۆڵن
سۆمای چاوی هەڵۆیەکی لای سوڵتانیم
تاریك دایەت!.

ئەوكاتەی دەمی شیعرێکی من ئەبەستن
تۆ هەناسەت بۆ نادرێ.
ئەو دەمەی "بەیان" ئەکوژرێ
یەکە یەکە لەیەك وەختا لای هەمووومان
خۆرێ، مانگێ، گوڵێ ئەمرێ
بەیان، بەیان، بەیان
ئەو تفەنگەی دەستەکەی تری خۆم کوشتی
ئەو شیعرەی هەر قەڵەمەکەی خۆم بوو کوشتی
ئەو شەپۆلەی ڕووبارەکەی خۆم خنکاندی
ئەو درەختەی بروسکەی خۆم سەری بڕی
بەیان، بەیان، بەیان

⋆ ⋆ ⋆

هەتا دوێنێ "دێ" کەی بەیان
ناونیشانو شوێنی بەیان
بزر بوو وەك مرواری ناو بنی زەریا
بەڵام ئەمڕۆ دێ کەی بەیان
"بەرقڕوی" لای مەریوانم
بوو بەهەموو نەخشەی ئێران
بوو بەچاوانی کوردستان
بەیان، بەیان، بەیان
ئیتر بەیان هەر بەتەنها
دار گێلاسی مەریوانو ئێران نییە

کانی سنەو بۆکان نیە
ئەمڕۆو سبەینێو داهاتووش
ئیتر بەیان کیژۆڵەکەی دایە گەورەی کوردستانە
ئیتر بەیان لە ئیستەوە
ئەستێرە سوورە گەشەکەی
هەژارانی گشت جیهانە!.

بەرگەلو 1985/7/18

# شایی شەهید

1985

# قیبلەنما

کوردستانم برینێکە، برین: لقی داربەڕووە.
واز لەو برینەم بهێنن، لێی گەڕێن با
پەڵو پۆی سووری بهاوێ‌و
سێبەر بۆ ئازادیم بکا!.
من هەر چاوی دارستانی گڕتێبەربووی
خۆم شك ئەبەم
ئێشکم بگرێ.
من هەر خوێنی لەبەر ڕۆیشتوی ئەم شاخانەی
خۆم شك ئەبەم
هەڵگیرسێت‌و پێشم کەوێ!.
واز لەم برینەم بهێنن
زەریام شەوەو، قیبلەنمای ملم مۆمە
بایەوانی ئەم کەشتیەیش هەر چارۆکەی سەری خۆمە
هەر خۆم.. هەر خۆم.. هەر خۆم
من خوا نیم‌و ئەوەتەی هەم هەر تەنیام‌و

کوردستانیش باوەشی عەشقی دایکێکە
وەکوو مێژووم سك سووتاوەو چاوەڕێمە!.
⋆ ⋆ ⋆
واز لەم برینەم بهێنن
چەشەی چەقۆ، چەشەی پشکۆ، چەشەی خوێ یە
ئەم برینە!.
پەنجەرەیە، ئەستێرەیە، ئەسپی سووری غار کردنمە
ئەم برینە.
هەر ئەو بە تەنیا شك ئەبەم
لەجێی ئاڵا ئەوەم هەیە
من هەڵیکەم!.
هەر ئەو برینە شك ئەبەم
بۆیە جارێك چەتری ڕەهێڵەی سەر سەرمەو
هەڵی ئەدەم.
جارێکی تر دەمی ئەستێرکی چاوانمەو
بەری ئەدەم!.
هەر ئەو برینە شك ئەبەم.
هەر ئەو خوێنە:
فرۆکەمە
دەبابەمە
بازۆکامە
کاتیۆشامە..

له ئاتشگەی مەرگی سووری خۆمدا تەنها
من هەر سوجدە بۆ ئەو ئەبەم!.

* * *

کێ دەنگی کرد؟! کێ هاتە سەر تەرمی کانییم؟!
لەناو مێژووی هەڵقرچاوما
کێ بوو قومێ ئاوی کرد بە دەمی
سنەوبەری سەربڕراوما؟!
کە ڕووباری لەشیان کوشتم
کام ئۆقیانوس خۆی گرژ کرد؟
پردی کام جێ دەسی گرتم؟
کە هەرمێی مەمکیان هەڵکەندم
کە شەمامەی دڵیان گوشیم
ڕەشەبای کام لا هەڵیکرد؟
کێ ورتەی کرد؟
کێ؟ کێ؟ کێ؟
کە پرچی ڕەزیان هەڵکێشام
کە چاوی گوڵیان دەرهێنام
وەکوو ئاغزە جگەرە
توێکڵە شووتی
پێیان پیا نام!
کورسی کام پایتەختو یاسا
لەقەی بۆ کرد؟

کێ دەنگی کرد؟

مووی سمێڵی کام ڕژێم بوو

جووڵەی بۆ کرد؟

تووکە سەری کام گەورە پیاو

تووکە بەری کام گەورە ژن

بۆ من بزووت؟!

هەر دوو لایان

هەر سێ لایان

هەر چوار لایان

یەك لەدوای یەك،

هەرچی هەستا بە خوێنی من دەس نوێژی گرت

بە خوێنی من ڕۆژووی شکان

خوێنی منی دا بە نەوت!

یەك لە دوای یەك

هەرچی هەستا کاسە سەرمی کرد بە تەپڵەك

هەرچی هەستا چەرمی سکمی

کرد بە جانتای دیبلۆماسیو

ئینجا سرەوت!

هەرچی هەستا ئێسکی منی کرد بە پەیژەو

بە پێپلیکەو

خۆی پیا سەرکەوت!.

لە بازاڕی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا

کۆیلەی پێست سپی بووم و
من بۆ کێ نەبووم بە دەسکەوت؟
کێ گۆشتی کوت کوت کراوی
ئەم لەشەی منی بەر نەکەوت؟!

* * *

کوردستانم برینێکە، برین مانگە
واز لەو برینەم بهێنن
با لە کەلی ئەوینەوە
گەش گەش هەڵبێ.
با گەورەبێ، با تریفەی پەل بهاوێ.
بەرەو باکووری ئازارم
بەرەو باشووری شەوگارم.
دەبا هەڵچێ، برین هەڵچێ
وەکوو سوورە چنار هەڵچێ
وەکوو لاولاو با لە قەفی زنجیرمەوە
خۆی بپێچێ
هەر ئەو برینە شلك ئەبەم پەنجەرەم بێ
کلاو ڕۆژنەی ئەم سەرەم بێ.
نەوتی چرای لەشیان دزیم.
من چیم هەیە لە دووکەڵی شیعر زیاتر!.
قژی کەژو هەردیان بڕیم
من چیم هەیە لەئاگرو کڵپە زیاتر!.

ئاوی سەرچاوەیان کوشتم
دارو درەختیان کوێر کردم
لە کوختەکەی دڵی خۆیشما کرێچی بووم
دەریانکردم!.
پشیلە بووم.. بۆ بەرەو خوار
خستمیانە گوێنیەوەو سەریان بەستم.
مەیمون بووم‌و ورچ بووم‌و پەتا بووم‌و
لەوێش دەوریان بە دڕکەزی‌و تەلبەند گرتم.
من چیم هەیە لەپەتی سێدارە زیاتر
لە ئۆردوگای دیل بەولاوە
لە ژمارەی شەهید زیاتر؟!
من چیم هەیە؟
من هەر ئەو خوێنە شك ئەبەم
کە سوراویی لێوی بەردو
گۆنەی پەلکە گیای پێ بکەم!
من هەر ئەوینێ شك ئەبەم
ڕقی پیرۆز ئەخاتە بەر
پەلە پیتکەی تفەنگەکەم!.
من ئەو برینە شك ئەبەم.
برین مانگەو برین ئاگر
من چیم هەیە لە خوێن زیاتر؟!

بەرگەڵو 1986/2/20

# شایی شەهید

مەپرسن چۆن؟
کە دڵ ئەبێ بە سوێسکەو "سلێمانی" بە هێلانەی
ئیتر شیعریش ئاسمانێکەو پۆل پۆل وشەی
سەوزو سووری تێدا ئەفڕێ!
مەپرسن چۆن؟ کە ئەم سەرە گڕگرتوەیش
ئەبێ بەپەڵە هەورێکی نزمو نەویی سەر "ئەزمڕ"و
بەدەم گینگڵی ژانەوە، گرمەگرم
بۆ بەرەوخوار دائەگەڕێ
بەسەر شەقامو ماڵاندا دائەبارێ
ئیتر شیعریش سەرچاوەیەکەو قوڵپەقوڵپ
لەم بناری چاوانەوە هەڵ ئەقوڵێ!
مەپرسن چۆن؟ گەر خەم نەبێ بە بروسکە
گەر ئەوینی وەنەوشەیی چاوی ئێوە،
نەبێ بە ڕێگاو تروسکە
چرۆی ئەم زامی شیعرانەم

لەم بەستەڵەکی سنگەدا
چۆن ئەپشکویٚ؟!
دەنگ چۆن ئەبیٚ بە ڕەشەباو
شەپۆل چۆن لە گیانما ئەنویٚ؟!
مەپرسن چۆن؟
نەء.. مەپرسن!
ئیستە لای من
هەموو ڕۆژیٚ
لە نیٚوان چاوانی "گۆیژە"و
گەردنی "پیرەمەگرون"دا
خۆشەویستیم: کۆترەشینکەی پیٚشمەرگەیەو
نامەی دوا شەهیدی پیٚیەو
شەقژەنیٚتی دیٚتو ئەچیٚ
مەپرسن چۆن؟!
ئیستە لای من
هەموو شەویٚ
خۆشەویستیی "سلیٚمانی"
مانگی سوورەو
لەناو بەفری شیعرەکانما
ورد ورد هەڵدیٚ!
مەپرسن چۆن؟ نەء.. مەپرسن
شاعیر وەکوو پەڕەسیٚلکەی کۆچەر وایە

هەرچەند وەرزێ بۆ "شەم"ی یار ئەجریوێنێو
ئیتر ئەویش ئاوازێکەو چاو لێك ئەنێ!
مەپرسن چۆن؟!
داستانی پێشمەرگە ئەڵێ:
رێی سیامەند بۆ لای خەجێ
بەناو گەرووی زۆر نەهەنگ دا تێ ئەپەڕێ
وەرزی عاشق سواری وەکوو
"فەرخ" و"مەم"و "مامەڕیشە"و "نەجۆ"ی ئەوێ!
ڕەنگە باڵی زۆر هۆنراوە
زۆر گۆرانیی
لەم زستانەدا هەڵوەرێن.
ڕەنگە قژی زۆر ئەرخەوان
زۆر شۆڕەبی
وەکوو پرچی کچی شارم
بەم کرێوەیە داڕنرێن.
ڕەنگە زۆر چناری عیشقی هەڵچووی
بەردەم وەك حوجرەکەی "نالی"
هەر بەپێوە هەڵپڕوکێن!
ڕەنگە مەمکی زۆر "حەبیبە"م
بەم دیواری شەوگارەدا دابکوترێن.
ڕەنگە زۆر گەڕەکی دڵم
ماڵی چاوم

ژووری دەروون‌و هەناوم
کاولاش.. کاولاش..، تەخت کرێن!
ڕەنگە.. ڕەنگە.. ڕەنگە
بەڵام نیگای "گڵەزەردە"
چرایەکە وا بەدەستی شەهیدەوە
دووسەد ساڵە
ماڵەوماڵ ئەکاو ئەگەڕێ
دووسەد ساڵە
ئەم چرایە نە پێڵوی گڕی ئەتروکێ‌و
نە کز ئەبێ‌و
نە ئەشمرێ!

* * *

حەڤدەی "کانون"
لە گیانەڵاوی پایزدا، پێش دواکۆچی باڵندەی پار
بەیانیەکی خۆرەتاو، بەیانییەك، ڕوومەتی گەش، وەکوو منداڵ،
پێئەکەنی‌و سوورمەی شەوقی ئەدا لە شاری بن بنار.
بەیانییەکی خۆرەتاو، کزەبای سارد، وەکوو تەرزە
هەناسەی گردی سەیوان بوو
وەکوو هەموو بەیانییەك
ئەمڕۆیش شارم، شاژنێکی شڵەژاوی نیگەران بوو
تاوانی حل بەڵەك.. بەڵەك
لەسەر پیادەڕەوی شەقام

له پێشوازی ئەو ڕۆژەدا
دەستیان ئەکردە مل سونگیو
تاقیان لێئەدا بۆ مەرگ
تاوانی جل بەڵەك بەڵەك
دەست لەسەر چەك
لەشی شیعریان ئەپشکنیو
گوڵیان ئەخستە ژێرپێیان.
بەیانیەکی خۆرەتاو
بەسەر شمشێری شەقامدا
یەك یەك، دوو دوو، قوتابیان
وەکوو قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ
هەنگاوی خێرای وشە بوون
هەنگ بوون ئەفڕین
بەرەو شانەی پۆلی مەکتەب!

⋆ ⋆ ⋆

مانگی پژانو هەڵوەرین،
حەڤدەی کانون، بەیانیەکی خۆرەتاو
لەژێر زەمینی شێداری بن شارەوە
لە زیندانی خونخوارەوە
سێ جوانویان هێنایە دەر
سێ جوانوی تۆڕ
له مێخ یاخی

چاو ئاگرین
پشت داخ کراو
یاڵ خوێناویی
لەناو تەندووری تانکێکدا
سەر بەرەوژوور
ئەیانبردن بۆ سەربڕین.

⋆ ⋆ ⋆

مانگی پژانو هەڵوەرین، حەڤدەی کانون،
لەڕۆژێکی خۆرەتاودا
لەبەردەمی مەکتەبێکی حەپەساودا
لەپاڵ دیوارێکی نزما، ڕایانگرتن
ئەرخەوان بوون
روویان کردە "پیرەمەگرون"
سێ ئاسك بوون
سێ ئاسکی "سلێمانی"
سێ جوانوی وەرزی قوربانیی.
سێ گۆرانیی.
سێ دارنەمام.
"سەردار" لقی دارچواله بوو
یەکەم بەهار بوو گوڵ بگرێ
"هیوا".. ئەتوت کانیەکەو پێ ئەکەنێ
"ئارام".. بێچوە هەڵۆی چاوتیژ

ئەيویست بەر لەوەی پەڕ دەرکا
بەرەو حەسارۆست هەڵفڕێ!
لە پاڵ دیوارێکی نزما ڕایانگرتن
شریخەیەك‌و دووان‌و سیان‌و چوارو دە
تفەنگ.. خۆرەتاو ئەکوژێ!
تفەنگ.. خوێنی گوڵەگەنم
بەسەر شەقامدا ئەڕێژێ!
تفەنگ.. چاوی ڕۆشنبیری هەڵئەکۆڵێ
تفەنگ.. تفەنگ
سێ پەڵە خوێن، سێ کێڵگەی سوور
لەژێر سێ داری ئەلکتریکی بەر مەکتەبا
بۆ گڵۆپ‌و بۆ ڕێبواران بەجێ دێڵێ!.

★ ★ ★

حەڤدەی کانون، بەیانیەکی خۆرەتاو،
لە گیانەڵاوی پایزدا
بەر لەوەی ساڵ پاڵتۆی زستانە لەبەرکاو
گۆچانەکەی هەڵگرێت‌و دەستی لەرزۆك هەڵبڕێت‌و
بە ئێجگاری ماڵ ئاوایی لەم دنیایە هەمووی بکا.
بە سیانزە ڕۆژ، پێش ئەوەی ژیان هەمدیسان
ساڵێکی تر مارە بکا!
لەو ڕۆژەدا، شاخەکانمان، لە لوتکەوە
بەرەو مێژوو

بازیان هەڵدا
تا بزانن کێن ئەوانەی لەو ساڵەدا
لەوڵاتی شەهیداندا
ئەبن بە خۆر
ئەبن بە مانگ
ئەبن بە شا.

* * *

حەڤدەی کانون، بەیانیەکی خۆرەتاو
لەگەڵ دەنگی باڵەبانی چیای سووردا
لەگەڵ هۆرەی خاکو خۆڵی شارەزووردا
دەم بە گوڵو لێو بەخەندە
"سلێمانی" سێ زاوای خۆی کردە پەردە!.
حەڤدەی کانون، بەیانیەکی خۆرەتاو، لەناکاودا
لەبەردەمی مەکتەبێکی حەپەساودا
لەبەردەمی مەکتەبێکی قژ ژاکاودا
شایی سێ زاوای ئێمە بوو
ڕەشبەڵەکی شەهیدان بوو
ئاهەنگی عیشقو سووتان بوو
لەناو یارانی قوربانیی ئەم شارەدا
لەو رۆژەدا کێت نەئەدی!
لەو رۆژەدا کوردستانم چاوی گێڕا
لە ئاپورەی زەماوەندا

ئەوەی لە دووسەد ساڵەوە خوێنی دایەو
خۆی پێبەخشی
لەوێ ئەیدی!

★ ★ ★

حەڤدەی کانون، بەیانیەکی خۆرەتاو،
زەماوەندێکی گەورەبوو
شایی سێ کوڕی ئێمە بوو
زاوا سیان بوون
بووك سیان نەبوون، سێ گوڵاڵەی شەرمن نەبوون
سێ ڕێواسی قاچ خەناویی کەلیخانی کوێستان نەبوون
ئەوان سێ زاوای جل سوور بوون
بووك سیان نەبوون، سێ کیژۆڵەی
سێ ناسکۆڵەی وەکوو هەرمێ کراس سپی
سێ وەنەوشەی سوخمە شینو
سێ ماکەوی خاڵدار نەبوون.
زاوا سیان بوون، بووك سیان نەبوون
بووك هەر هەموو کچەکانی سلێمانیو کوردستان بوون!
بووك هەر هەموو کەنیشکەکانی گەرمێنو
کیژی زۆزانو کوێستان بوون.
ئەوان سێ زاوای ئەسپ سوار
سێ زریان بوون
بەڵام یارو دەزگیرانی گوڵ بەدەستیان

هەزاران خەجو شیرینو پەری خان بوون!.
ئەوان سێ شاخی زاوا بوون
بووك سیان نەبوون
ڕوبار.. بووك بوو
بەفر.. بووك بوو
باخچە ..بووك بوو
شیعر.. بووك بوو
لەو ڕۆژەدا ئەوان زاواو
کوردستانم تازە بووك بوو!.

* * *

مەپرسن چۆن؟ کە شیعر ئەبێ بە دڵدارو
"سلێمانی" بەجێ ژوان!
ئیتر منیش چاوەڕوانیم درەختێکەو
لەسەر شەقامو کۆڵانو بەرماڵانی ئەو شارەدا
ئاگر ئەگرێ!
مەپرسن چۆن؟! نەء.. مەپرسن
ئیستا لەناو "سەرچنار"ی ئەم دڵەدا
زەماوەندی شەهید گەرمە
ڕەشبەڵەکە، سێ پێییە، شێخانییە
ئەم ئاهەنگە
نە حەوت شەوە نە حەوت ڕۆژە
تا مایینی ئازادی بووك نەگاتە جێ

مانگ بۆ زاوام دانەبەزێ
ئەم شاییە دوایی نییە!
زەماوەندی شەهید گەرمە
هەموو ڕۆژێ
هەموو شەوێ
شیعرێکم برا زاوایەو
تارا خوێنەو
دەسەسڕی سەرچۆپی کێش
کڵپەی سەرمە!.

بەرگەڵو 1986/2/12

*لەحەڤدەی کانونی دووەمی 1985دا ـ ڕژێمی وەحشی عیراق ــ لەناو شاری سلێمانیداو بەبەرچاوی خەڵکەوە سێ لاوی کوردی گوللەباران کرد. ئەم قەسیدەیە بۆ ئەوان وتراوەو بۆ یەکەم جاریش لە ئیزگەی "دەنگی گەلی کوردستان"ەوە بەدەنگی خۆم پێشکەشی ئەو شەهیدانەم کردو خوێندمەوە.

# تەڤینەوە

ئەوە، چرکە چرکی سەعاتی خوێنی چاڵمەی
کامە گوندی سەربڕراوە.. ئەگاتە گوێم؟!
ئەوە، زریکەی کام دارستانی بێوەژنەو
ڤیژەی کام کچە شەپۆلی ڕاونراوە
لەودیو چەپەری تەمەوە
ئەگەنە گوێم؟!
ئەوە هەنسکی کام کانیو پەلکە گیایە؟!
ئەوە گمە گمی کۆتری دڵی دایکە؟!
یان شەقە شەقی پەنجەرەی کام ئازاری
ڕوو لە بایە
یاخو نووزەی گوڵە گەنمێکی خاکە؟!
ئەگاتە گوێم؟!
بەم کازیوەی بەیانییە
هیچ پەڵەهەورێ مردووە؟!هەتامنیش زەردهەڵگەڕێم
هیچ باخێ جوانەمەرگ بووە ؟!هەتا منیش هەڵبوەرێم

هیچ شیعرێ گڕی گرتووه؟! هەتا منیش هەڵبقرچێم

بەم کازیوەی بەیانییە

کە خێروشەڕ

وەك دوو ئەسپی ڕەش‌و سپی

هێشتا لە مێخی تاریکیی نەکراونەوە،

بەرنەدراون

کێیە ئەگری؟!

بە شمشاڵی کام برینە

ئەم درەختە قژنانە وەکوو دەروێش

ئازاری گیان ڕا ئەژەنن؟!

لە کەناری فرمێسکاویی کام ئاسۆوە

خەم هەڵئەفڕێ؟!

لە شەقامی چۆڵ‌و هۆڵی کام شارەوە؟!

لەپەنجەرەی ڕەنگ پەمەیی کامماڵەوە؟!

شەهید ئەبێ بە ڕەشەباو 6

دەنگ هەڵئەبڕێ؟!

بەم کازیوەی بەیانییە

نینۆك‌و چنگی کام بازە

وەکوو ئەڵماس شووشەی بەژنم ئەبڕێتەوە؟

تووتڕکی کام دەنگ‌و باسە

ڕوومەتی خەوی نارنجیم ئەڕوشێنێ؟

بەم کازیوەی بەیانییە

کام هەواڵی دارەوانە
چۆتە سەرلقی گێلاسی لەشی سوورم و
دەنك.. دەنك، ئەموەرێنێ؟

★ ★ ★

ئاسمان وتی:
ئەوە زەوییە وا ئەزێ.
زەمین وتی:
ئەوە شاخە ئەڵێی مایینی ئاوسەو
ژان بە جوانووی شۆڕشەوە ئەگرێ.
شۆڕش وتی:
ئەوە خاکە ئەحیلێنێ.
ئەوە ئاوە ئەڤیژێنێ.
ئەوە شەقامە وەك دەستم ئەبزوێت و
وەکوو سەرم ئەگرمێنێ.
ئەوە خەمە نەوتاویەکەی ناو کەرکووکە
بۆتە شاپڵێتەی پێشمەرگەو
ـ شارە ڕقی ـ تیپەکانم ئەوروژێنێ.
شاخەو ئەزێ و بێشەی ئەبێ.
خوێنەو ئەزێ و مێژووی ئەبێ.
هەموو ساڵێ لەم وەرزەدا
لەم کازیوەی بەیانەدا
بوومەلەرزەی بابەگوڕگوڕ

کوڕی وەکوو "مامە ڕیشە"و "دارا"ی ئەبێ
هەموو ساڵێ لەم وەرزەدا
لەم کازیوەی بەیانەدا..
ـ ڕەحیم ئاواو ئیمام قاسم ـ
=دوو زاوای کەواو سەڵتە لەبەری ڕەشتاڵەن‌و
جرید بازی‌و ئەڵڵاوەیسی‌و قەتاریانەو
بەدەم قریوەی خوێنەوە
بووکیان ئەوێ!

* * *

هاتم بۆلات جۆگەیەك بووم شوێنت کەوتم
لامداو خۆمدا بەدەم ڕوبارتەوە
ڕووبار کردمیە قەڵبەزەو
قەڵبەزە کردمیە تاڤگەو
لە چاوتەوە ڕژامە ناو هەناوتەوە
لەوساکەوە بەژنی شیعرم
بەقەد تاڤگەکەی "بێ خاڵ" کەڵەگەتە.
لەو ساکەوە کە بڕبڕەی پشتی شیعرم
بووە بە شاخ
قەڵەمم بۆتە پێشمەرگە
من‌و چیای ئاسنگەران
ئاسنین‌و دەسمان چەك‌و
چەکمان دەسە.

* * *

هاتم بۆلات وەك پاساری، وەكوو نالیی
عاشقێكی ڕووتەڵە بووم
تەنیا بووم‌و تەنیا نەبووم
ئەوەی پێم بوو.. ئەوەی هێنام
هەندێ گۆرانیی سەر شانۆی دەم بەستراوو
هەندێ گوڵدانی ناو هۆڵی بێ هەتاوو
هەندێ شیعری بۆینباخی ڕەش لەمل‌و
شەقامی عەینەك لەچاو بوو.
لەو ڕۆژەوە گەیشتمە لات
شیعرم وەكوو شاخی بالآت
وەك چاوی چەكی سەر لوتكە
بەرز ئەڕوانێ
گۆرانیم شاهۆی كۆسارتەو
پڕ بە گەرووی دەربەند، گەلییت
شەقژنێتی‌و ئەچریكێنێ
نەك گوڵدانێ
هەرچی دەشتتە
هەرچی هەردتە
هەرچی دۆڵتە.. گوڵدانمن
چاوی تیژی هەڵۆكانت
ئیستە چاومن.
لەو ڕۆژەوە گەیشتمە لات

گوڵە مێلاقەیە شیعر و
گزنگی دەمەو بەیانییش
وێنەکێشێکی قژ زەردەو
بە فڵچەی خۆر
سەر سنگی ئەسپم سوور ئەکات.
* * *
عاشقێکی ڕوتەڵە بووم تەنیا بووم‌و تەنیا نەبووم
ئەرخەوانم.. بەڕێگاوەم
کتێبخانەم.. بە ڕێگاوەم
بە ڕێگاوەم وەکوو گوڵجاڕی سەرترۆپك، تەوێڵم سوور.
لە ئەشکەنجەدا پشکووتووم
لای بوتڵ‌و پانکەو کێبڵ‌و
ئوتوی کارەباوە هاتووم!.
پەڵە پەڵەی
لەشی شین‌و لەشی مۆری ڕەنگ کراوم
جاجمی ماڵە ڕەوەندە
نیگاری گوڵی سێ گۆشەو..
نیگاری گوڵی چوار گۆشەی
بەڕە کۆنی ماڵە کوردە
من ئیستاکە:
بەم برینە شینانەوە
بەم برینە مۆرانەوە

له دار شاتووی تەکێنراوی لاڕێ ئەچم.

بەڕێگاوەم: دارستانی شیرو شمشێر

دەشتی دەرزی، گردی پشکۆ، گۆمی ئاگر

ئیستگەکانی ڕێو بانم بوون..

من چیم هەبوو

چیم پێ نەبوو

بەتەنها هەر

خۆشەویستیت توێشوی پشتو

خۆشەویستیت گورزی دەستو

خۆشەویستیت بۆ تەنگانەی.. هەڵکڕوزاو،

تاڵە مۆکەی گیرفانم بوو.

کاڵەو پێتاو: چەرمی ڕقی جیڕو تووڕەی

هەنگاوم بوو.

بەرە ژان.. منداڵ ئەهێنێ.

هەوری تاڵ.. باران ئەهێنێ.

ڕێی نەهاتیش، هات ئەهێنێ.

بە ڕێگاوەم ڕێگەی نەهات ڕێی گەردەلوول

ڕێی باوبۆران ڕێی دڵدارە..

بەڕێگاوەم یاڵی ئەسپی خوێن تێوەچووم

ناونیشانمەو بریقەی دێ

ناونیشانمەو ئەشنێتەوەو

بەڕێوەمو گەرمەی غارە.

* * *

هاتم بۆلات عەشق سەری کۆچ کردنی پێ هەلگرتم
هەروەکوو چۆن عەشقی گەرمیانو کوێستان
سەر بە باڵندە هەڵ ئەگرن.
لێژایی خاك.. بە شەپۆلو
غار بە ئەسپو
"با" بەهەورو
نان بە برسیو
گولاو بە هەنگ
سەری شەیدا بوون هەڵ ئەگرن.
هاتم بۆ لات عەشق سەری کۆچکردنی پێ هەلگرتم
دوو ڕیانی مەرگو ژین بوو
هاتمو قەڵای مێردانی شەوێکی تووش
کرێوەی مەرگی سپی بوو
تۆفی وەرزی پێنجەمین بوو
بارێزەی کێویی ئەوین بوو
بەرد کەوتبوە دانە چۆقەو
کێو پەنجەی پێو
با دەستەکانی تەزیبوو.
تۆفی وەرزی سەربەستی بوو.
خاك دایك بوو بەکۆڵەوژی سوتماکی دەستەکانی، پرچی سپی ئەڕنیەوە،
شارو شارۆچکەو دێهاتم وەك
ئاوێنەی گەورەو بچووك

لەدڵما وردوخاش ئەكران.
پیرەدارو نەونەمام بوون لەڕەگەوە
بە ڕیشاڵی ناو خوێنمەوە هەڵئەكێشران.
كۆڵانو شەقام مار بوونو
لە گەردنمەوە ئەئالاّن. قەف قەف قەف قەف
تێم ئەئالاّن. بە پشتێنەكەی پشتی خۆم لەقاچەوە لەباسكەوە لەملەوە
شیعرەكانم هەڵئەواسران. بەغدای مشار.
بەغدای تەوری "أبوطبرة"
ڕۆژێ نەبوو. شەوێ نەبوو. ساتێ نەبوو. دارچناری وشەیەكم
پەراسویەكی زمانم
نێرگەیەكی كۆنە مێژووم. تازە مێژووم.
كرِكرِ كرِكرِ.. نەبرِێتەوە
"بەدرەو جەسان" دوو ئاسكی چاو خەواڵووی مێرگەكانی پێ دەشتم بوون.
چییان لێهات؟!
بۆ كام ژەمی میوانێكی شازادەبوو؟!
بۆ قاوەڵتی كام جەنەراڵ؟ كام پاشا بوو؟
سەربرِرانو كەوڵ كران؟
"كفری"م كۆتری پەرِ لەپێی باوە شاسوار،
بووبە پارووی نەرمە قووتی واشەی بەغدا.
شەنگار، خانەقین، شێخانم،
هەناری مزرو مێخۆش بوون،
لیمۆی ترشولالەنگی بوون.

مەمکی پڕتەقاڵی شەم بوون.
یەك لەدوای یەك بۆ شەربەتی بەردەم سوڵتان،
هەتا تڵپەی خوێنی منو ساوای منو خاکیان تیابوو
گوشران. گوشران. گوشران
هاتم بۆلات. هاتو نەهات دووریان بوو
هاتمو قەڵای مێردانی شەوێکی تووش
ڕێی نەهاتی کوڕی زریانو بەفرم بوو
تۆیش پەری خانی گیرخواردوی
قوللەی قافو وڵاتی دێوو درنج بووی
ڕەنگت نەبوو.. من هەر زریکەم ئەبیستی
دەڵەدێوی گردی ڕەشم بۆ ئەکوشتی
بەسەر ئاوی شینو زەردو سوورو مۆردا
یەك لە دوای یەك
ئەڕۆشتمو پردی عەشقم بۆ ئەبەستی.

* * *

هاتم بۆلات لەیەك وەختا وەرزی ڕاپەڕینی خاکو
جمانو هەڵسانی شیعرو تەقینەوەی کانیاوو
شۆڕشی بەفرو باران بوو
لەیەك کاتدا وەرزی تووڕەبوونی کێڵگەو
هەڵپژانەوەی قەڵەمو گێژەڵووکەی خوێنی جادەو
پەنگ خواردنەوەی ئازیزان بوو.
لەیەك دەمدا پێکدادانی زامو چەقۆو

قوربانیی‌و پەت‌و سێدارەو بەندیخانەو تیشکی خۆربوو
دوو دوو وەرزی زۆرانبازیی
نێوان مەزدەو ئەهرەمەن بوو!
ڕەش‌و سپی
تاریك‌و ڕوون
پێشمەرگەو جاش
شیعری مەردو شیعری نامەرد، جنگ نانە جنگ، پێکدادان بوو
بۆ شیعری مەرد.. وەکوو ئیستەو وەکوو دوێنێ
کێرد لەسەر مل پاسەوان بوو.
سوڵتانی کۆشك دەست بەشمشێری زێڕین بوو
لە کەژاوەی ئاوریشمیندا
لەناو هۆڵی ئاوێنە بەندی نگیندا
شیعری خەساوی لێو کوتراو.. دەوریان ئەگرت
جادووگەر بوون سیحرباز بوون لەبەر دەمیا
ئاردی شیعریان ئەکرد بە کۆتری تەقلەباز
کۆتریان ئەکرد بە کەروێشك‌و
کەروێشکیان بۆ ئەکرد بە باز.
لە پایتەختی شیعری قووتوی بەعسیاندا
مەگەر دەگمەن تاك‌و تەرا
کام شاعیر ما.. ئەتکی دیوانی خۆی نەکا!
کام شاعیر ما.. کچی شیعری مەربەدی خۆی
لەیەکانەی ئەم ڕژێمە مارە نەکا!

کام شاعیر ما.. لەتەنەکەی ئەو شیعرانە
قەعدەیەك بۆ منداڵو نەوەی سوڵتان
دروست نەکا!.
ئەی خەزاڵی وشەی سپی.. وشەی ڕووسور!
دووڕیان بوو.. دووڕیانی هەڵگیرسانو کوژانەوە
هاتم بۆلات..
ئەی خەزاڵی شیعری سەرلق نەچەماوە
ئەی شیعری تۆڕ!
ئەوە منم ئەوە "لاس"ی دێوانەتە
تەماشام کە
لەڕەشەبای ئەو ڕۆژەدا
نەك هەر دەستم بە کڵاوی قەڵەممەوە نەگرت
نەك هەر دەنگم قوماتەی ناو ژووری ترسی
چەند شیعرێکی دوودڵ نەکرد..
نەك هەر نەبووم بە شاعیرێ
وەك سمۆرەی کلۆرەدار.. سمێڵ لەرزیوو.
بچمە کونو سڵ کەمەوە لە سێبەرو
لەترپەی پێو کۆکەی ڕێبوار.
نەك هەر نەبووم
بە ستوونی سەر جادەیەك.
یان بە سنووقی پۆستەیەك.
یان بە کورسی چایخانەیەك.

**نەء! درِم دا بە زەمانی قەمەو سونگی**

**هاتمو یەخەی ڕەشەبای شەوگاری تووشم بۆ گرتی**

**هاتمو گوللەی گڕداربوو وشەی یاخیم..**

**چراخانی ناو کەشکۆڵی**

**شیعری سوورم بۆ هەڵکردی.**

**وەکوو شەپقەی یاسای درۆی ئەم ڕژێمە**

**وەك بێرییەی ئەم ڕژێمە**

**وەك بارۆکەی سەرە کەچەڵو گەڕەکەی**

**ئۆتۆنۆمی ئەم ڕژێمە**

**قەڵەم کڵاوی هەر تووڕدا..**

**دەنگم بەردا. دەنگ هاژە بوو. دەنگ گڤە بوو**

**دەنگدانەوەم بوو بە دەنگی**

**سەر شەقامو**

**ناو بازاڕو**

**ناو ئەشکەوتو**

**گەوەی چیا.**

* * *

**ئیستە وەرزی زەنگ لێدانی شیعری مەردە.**

**وەختی خرۆشانی پوورە گوللەو**

**پوورە وشەی شار و هەردە.**

**ئیستە سەردەمی جۆشدانی کوورەی خوێنو کوانووی لەشە.**

**وەرزی گۆپاڵە بارانە. وەرزی ڕووبەڕوو بوونەوەی**

چاوی ئێمەو چاوی گەشی شەهیدانە.
وەرزی نارنجۆکی شیعرو
تەقینەوەی دینامێتی حەرفی فەرهەنگو زمانە.
ئەی خەزاڵی کراسو کەوا خوێناویی
قژ هەڵکەنراو!
لەم زەمانە بێ عارەدا
لەم زەمانە بێ بنەدا
لەسەردەمی ئەم تەتەرو ئەم بەربەرو فیرعەونەدا..
لەسەردەمی سەربڕینی
نانو گوڵو کانیو ساوای
کوردستانی سەر صەلیبو قەنارەدا
لەم وەیشوومەی جیهانەدا..
ئەگەر شیعر وەك ڕەشەبای سلێمانی تیژ هەڵنەکا.. شیعر نییە.
شیعر نەبێ بە "دابان"و بە "زینانە" .. شیعر نییە.
شیعر نەبێ بە ئار.بی.جیو بەمەفرەزەی حەرفو وشەو
نەچێتە سەر مۆڵگەکانی جاش قەڵەمو
سەر ڕەبایەی شیعری سوڵتان.. شیعر نییە.
ئەم وڵاتی خۆڵەمێشە
ئەم نیشتمانی ئازارە
"مامەڕیشە"ی شیعری ئەوێ
نەجۆی چیرۆكو سوڵتانی شانۆ نامەو
"کابان"ی گۆرانیی ئەوێ.

شاراو خەرمانی زمانم وا گڕ ئەیخوا
شیعری بەر مانگە شەو چێکا؟!
خانزادی دایك
خانزادی یار
خەجی لادێ
شیرینی شار
لەسەردابی قادسیەیەی ئەم شەوەدا
بون بە دۆشەکی ئیسفەنجی ژێر قەعقاعو
پەشتەماڵو خاولی حەمام
پاڵەوانی چیرۆك چێکا؟!
شانۆ سووتا ئەکتەر چێکا؟! جووڵە کوژرا
دەرهێنەری شانۆ چێکا؟!
دوو ڕیانەو نابێ بە سێ
کە ئاویان کوشت ماسی شیعر بۆ کوێ ئەچێ؟!
کە دارستان ئاگری گرت.. داری بێ لایەن کامەیە
تا نەسووتێ؟!
دووڕیانەو نابێ بە سێ..
وەکوو پێشمەرگە ئیستاکە وەختی شەهید بوونی شیعرە
بۆچی باڵای کامە شیعر؟!
بۆچی نیگای کامە شیعر؟!
لە باڵای ئەو شەهیدانە
سەوزترو بەرزترو یان جوانترە؟!

وەکوو خائین ئیستە وەختی کوشتنی شیعری خائینە.
بە ڕێگاوەم، ئیستە هەڕەتی جۆشدانی خاكو خۆڵە
خوێن ڕابەرە
بوومەلەرزەی بەرەژانی قەندیلێکی تازە ترە
بەڕێگاوەم، شیعر لێرە بۆتە چیاو
ئیستاکە ناوی "کۆڕەنگە"و
وشە بە وشەم سەنگەرە
ئەی خەزاڵی وشەی ڕوو سوور
گەر شیعر بۆتۆ نەسوتێ
بۆچی شیعرە؟!

1986/7/23

*یەکەمین دەقی تەواوی ئەم قەسیدەیە لە هاوینی 1986 دا لە ڕادیۆی "دەنگی گەلی کوردستان"ەوە خوێندرایەوە ,دواتر لەکاتی چاوپێداگێڕانەوەدا هەندێ کۆپلەی کەوتەوە بەر مۆنتاج کردنەوەی هونەریی و بەو شێوەیە ئیستە لەچاپ دراوە.

# سەفەری ئەوین و شۆڕش

کاتێ ڕۆیشتم، چاوی ـ کانون ـ

هێواش.. هێواش

شەقامی هەینیی ڕۆژێکی خۆی تەڕ ئەکرد.

ڕۆژیش پالتۆی سامێکی گەورەو ئەستووری

لەبەر بەیانیی خۆی ئەکرد.

شپرزەییم.. وەك بنسکە سابوونێکی

لووس وەهابوو

لەناو لەپی دەستی عومرا دەرئەپەڕی و

خۆی نەئەگرت.

ترسێکی سارد

وەك ئەو ڕۆژە

لەهەناوما هەڵئەلەرزی.

ترس گەرمی نەبۆوە تا،

لەدواییدا

بە ئەوینت دامنەپۆشی!.

★ ★ ★

که من ڕۆیشتم، ئاسمان پرووشەی خەمێکی
تازەی ئەکرد.
وەکوو گەڕەك
وەکوو ماڵم.. وەکوو ژوورم
"با"یش بێدەنگ بوو.
وەکوو دەستم لە گیرفانما
چۆلەکەی دڵت نوستبوو.
خەوی خۆڵەمیشیی تاریكو ڕوون
لە ڕوخساری ئاگردانی ساردەوە بووی
تۆ نیشتبوو.
که من ڕۆیشتم.

* * *

ئەبێ بڕۆم
ڕێگەی سەفەرم درێژە..
درێژ بەقەد خەمی کوردستانو کەزیی ڕەشتو
هەموو پرچی عاشقانی ئەم دنیایە.
درێژ بەقەدەر خەیاڵی نامۆکانو بێ کارانی ئەم دنیایە.
ئەبێ بڕۆمو پێت نەڵێم ماڵ ئاوابێ.
ئەمە سەفەری عەشقێکە تەواو نابێ
ئەمە سەفەری ئەوینو کۆچی باڵندەی شۆڕشە
ئەم سەفەرە:
شەمەندەفەری برینەو

هەزاران ئیستگەی سواربوونو دابەزینی لە ڕێدایەو
جانتای نییە!
دەمێ تەرزەو دەمێ پشکۆو دەمێ زریان
لەسەر لەشی هەڵئەدەنو جلی نییە!
ئەبێ بڕۆمو پێت نەڵێم ماڵ ئاوابێ!
زەمانی لێك دابڕینی:
پەنجەو دەستو
چاوو بڕۆو
دەمو لێوە، زەمانی لێك دابڕینی ئازیزانە!
تۆیش وەکوو شیعرم ئازیز بووی
تۆ شیعرمو شیعریش تۆ بووی
هەردووکتانم بەجێ هێشتو پێم نەوتن بۆ کوێ ئەچم!
تۆم لە ناو خەوی پەمەیی ئەو ڕۆژەتا
بەجێ هێشتو
شیعریش لەناو تاقی برینێکی شارا.
لێم ببوورن
ئەفسوسو ئاخ
لێم ببوورن.
گومان کرمی ئەم سەردەمە کرمێیەیە.
گومان مەکۆی تەونی سەری، قەت نەسرەوتی
ئەم ڕۆژگارو سەدەیەیە
لێم ببوورن.

ئەفسوس‌و ئاخ..

شیعرمان دی وشەو حەرفی خۆی لە کونی زیندان توندکرد.

شیعرمان دی دەمامکی هەڵئەبەست‌و پێش چەقۆی،

سانسۆر ئەکەوت‌و ژمارەی خانووی ڕستەی خۆی

بۆ نەیاران دیاریی ئەکرد!

لێم ببوورن.. ئەفسوس‌و ئاخ!

ئازیزمان دی خۆی لەناو دڵی ئازیزدا حەشار دابوو

کەچی ئەویان دڵی بردوو خستییە ناو مشتی چەقۆوە

ئەفسوس‌و ئاخ!.

★ ★ ★

وتم: عەشق هەڵگیرسانی بەژنی بەرزی

لەکۆچێکی درێژدایە.

سۆمای چاوی خۆشەویستیی

لەوڵاتی تاروماری ڕێگەدایە.

فڕینی گیانی فریشتەیش

لەشەقەی باڵی سۆزدایە.

وتم نابم بە زەریا گەر

شەپۆل نەکەم بە سەرینم.

نابم بە شاخ ئەگەر بنار

قاچم نەبێ

نابم بە باخ گەر باڵندە

ئاشنام نەبێ

نابم بە وڵاتی ئەوین

گەر پایتەختم..

ئازارێکی ئاوەدانو گەورە نەبێ

بۆیە ڕۆیشتم!.

* * *

هەرچەند شێوەی دوورە یادت

ناوبەناوێ

پەناهێندەی ساتە وەختی

هەرێمی خەوی زڕاومە.

بەڵام ئیستە نەڕەنگی تۆو نەڕەنگی خاك

لەیەکتر جوێ ناکەمەوە

شێوە تێکەڵ

دەنگتان تێکەڵ

وەکوو ئاوی دووئاوانێ.

هەرچەند چاوی دوورە یادت

ناوبەناوێ پەناهێندەی ئاوێنەی خەونی نێو چاومە

بەڵام ئیستە نە چاوی تۆو

نە گوڵێکی چیای ژوورسەر

نە باڵای تۆو نە درەختێ

نە بزەی تۆو نە گزنگێ

لەیەکتر جوێ ناکەمەوە.

بۆنتان تێکەڵ

خوێنتان تێکەڵ
من نازانم تۆ لە خاکدا توایتەوە
یان خاك لە تۆدا توایەوە؟!
من نازانم؟!
دوورکەوتمەوەو نزیکیشم
وەکوو هەوری سەرکێوانو خەونەکانی منداڵیمان
دوورکەوتمەوەو نزیکیشم
وەکوو خوێنی کۆنو تازەی شەهیدانمان
ئیستە لەناو تەنووری زامو سەفەردام
کەشتیەکم لە گێژەنی مێژوودا ئەخولێمەوە
سەوڵم بازووی هەتاوێکە
قەت شل نابێو
بە دەوری چاوی تۆو چاوی
ئەم خاکەدا ئەخولێمەوە..
بچمە هەرکوێ هەر نیشتەجێی خۆشەویستیی
سەوزی ئێوەم
بچمە هەرکوێ هەر باڵندەی هێلانەکەی
عەشقی ئێوەم.
چارەنووسی ئەم سەفەرەم
چارەنووسی سنەوبەرو شیعرتانە
چارەنووسی ئەم کەشتیەم
چارەنووسی بەندەرتانە.

گەرهاتمەوە خەونی شەهیدو منداڵی ئەهێنمەوە
گەر هاتمەوە خاك دێتەوە، یار دێتەوە،
گوڵ دێتەوە.
ئەوسایش ئەم سەفەرە ئەبێ
بە بەیتی عیشقی ئازادیی كوردستانو
بست بەبستی
ئەم جیهانە گشت ئەگەڕێ.

بەرگەڵو 1986/7/7

## سۆراخ

به دارستانێکدا ڕەت بووم
سنەوبەرێ هاتە سەر ڕێم
هەواڵی هەوری لێ پرسیم
وتم بەڕێوەیە بۆلات
سەعات نابێ لای لووتکە دیم.
زۆر نەڕۆیشتم
چڵە گوێزێ یەخەی گرتم
وتی نازانی گزە با بۆ کوێ چووە؟!
دوو ڕۆژێکە من نەمدیوە..
وتم لای بەفر نووستووە
خۆم لەوێ دیم.
چەند هەنگاوێکیترم نا
دار زەیتونێکی ڕەشتاڵە
دەستەکانی بۆ هەڵبڕیم
وتی: تکایە بوەستە!

قومریەکی گەردن شینی چریکە خۆشت نەدیوە؟!
وتم: ها.. ها لەو قەدپاڵە
چۆتە دڵی شوانێکەوە
هێندەش نابێ کە کردوێتی بە هێلانە.
کە لەو ڕەت بووم
شۆڕەبییەك پەرچەمی سەرچاوی لاداو
وتی ماسیە پانکەیەکی کراس پوولەکە لەبەری
کەمێ جرپنت نەدیوە؟!
وتم.. ئا.. ئا.. ناسیمەوە
ئالەو باخچەیەی سەرەوە
لەبەلەمی گەڵا هەنجیرێکی پاندا
من خۆم دیمن
دەمی خستبووە ناو دەمی
ماسیە سوورەی ئەو گۆمەوە.
لەو تێپەڕیم
دارگێلاسێ هاتە سەر چەقی ڕێگەم‌و
وتی ئەرێ تاق تاقکەرەی عاشق
ئیستە گیرۆدەی کام عەشقەو
لەکام گەڕەکی ئەوین‌و
لەکام لایە؟!
چرپەیەکم بە گوێدا کرد
دەستێکم کرد بە گیرفانی بەر باخەڵما

تازەترین ناونیشانی ئەوم دایە.
کە دارستانم بەجێهێشت دوورکەوتمەوە
تەورێکم دی بەڕاکردن قاچ قوڕاویی،
هەناسە سوار , بەرەو ڕووم هات
کە منی دی وەستاو وتی:
چەند درەختێکی یاخی بووم لێ وون بووە
زۆر گەڕاوم
ئەم باخ ئەو باخ
ئەم ماڵ ئەو ماڵ
تۆ نەتدیون؟!
هەر ئەوساتە بڕیارم دا
ببم بە کوێر
ببم بە کەڕ
ببم بە لاڵ!

# ئاگر

زستان لە گیانەڵادا بوو

لەدوا پێخەفی ئێوارەی، ناو فوراتا ڕاکشابوو.

کە تاریك بوو، لەبەر دەرگایماڵەوەدا

"میرۆ" ئاگرێکی کردەوە

بیست سی پۆستاڵ

چوونە سەری‌و

دووکەڵێکیان بۆ هێشتنەوە!.

میرۆ هەستاو ئاگری بردە ناو حەوشەوە

دووسێ بۆری مل هوڕ مل هوڕ

دەمیان بەردایە سەر حەوشەو

ئاگرەکەیان کوژاندەوە.

میرۆ ئاگری بردە سەربان

لەخوارەوە

سەد خاکەناز قۆڵیان هەڵکرد

خۆڵیان هەڵدایە سەرەوەو

ئاگرەکەیان کوژاندەوە.
میرۆ ئاگری بردە ژووریّ، کونی ژووریّ
سەد پاچ زیاتر
یەس، یەم، یەس، یەم!
دەوری گەڕەك‌و ماڵیان گرت
میرۆی ماسی بە تۆڕ گیراو
بە قژ کێشیان کردە دەریّ
یەس، یەم، یەس، یەم
سەد پاچ زیاتر بۆ سەرەوە
ژووریان ڕووخان
ماڵیان ڕووخان
ئاگرەکەیان کوژاندەوە.
سیّ زستانی تر مردن‌و میرۆ مابوو
زیندان گڕی عەشقی میرۆی
پیّ کپ‌و خەفە نەکرابوو.
ئەمجارەیان میرۆ ئاگری
بردە خوێنی
شاروشارۆچکەو گوندەوە
ئاگری بردە ژووری دڵی
زۆر خەج‌و سیامەندەوە.
لەبەردەمی ئەژدەهاکدا
دڵی میرۆیان دەرهێنا!

بەڵام ئاگر ئەم کەڕەتە وا کەوتەوە:
پۆستاڵ سووتاو
ئاو ئەسووتاو
خۆڵ ئەسووتاو
پاچ ئەسووتا
ئەو هەر ڕێگەی لەبەردەمی
چەکوشێکی زۆر گەورەدا، ئەکردەوە!

ستۆکهۆڵم 1988/2/15

# دەرگا داخراوەکان

عومرێکی دوورو درێژە
درێژ.. درێژ هێندەی پرچی
سپی داپیرەکەی مێژووم.
هێندەی کۆڵانانی تەنگی
خەمی شارۆچکەو نێو شارم.
کە بیدەیتە دەم یەکتری.
عومرێکی درێژ.. درێژ
لێرەو لەوێ
لەم لاو.. لەولا
من سکاڵای ڕاستیی بوومو
من مەزبەتەی سزاو هاوار
عومرێکی درێژ.. درێژ
زامەکانم بە شەلەشەل
ڕازەکانم بە پێی پەتیو سەری قۆتی
تەمتەمەنو ئەخولێنەوە.

ئەم کۆشك ئەو کۆشك، قاپیو قاپی
بە خواجە بێداری مشتم
یەك بەیەك ئەقڵێشێننەوە!
لەم لاو.. لەو لا
من لەوەختو لە ناوەختا
لە دەروازەی ئەم جیهانە هەموویم دا
لە دەرگای سوور
لە دەرگای سەوز
دەرگای سپی
لە پەنجەرەی کۆنگرەی شین
کۆنگرەی مۆر..
ڕەنگدار، بێ ڕەنگ، هەموویم دا
بەلاشیپانی ئەوەوە
بە شووشەی چاوی ئەمەوە
هەزار جار لەپی خوێناویی 6
قیژەو زریکەی خۆم پیانان
لەشەقامی سیڤەرەوە پیاچومەوە
تا مەزاتخانەی خوێنەکەم لە لۆزان دا
پیاچوومەوە
بەڕیز لێم دان
لە چەپەوە، لە ڕاستەوە
لە دەرگای ناوەڕاستەوە

پیاچوومەوە
بەڕیز لێم دان!
بە هەردوو دەستی بڕاوی
دیجلەو فوراتەکەم لێم دان!
بە هەردووقاچی بڕاوی
کرمانجێکی ژوورو لێم دان
بە کەللەی سەری بڕاوی
کرمانجێکی خوارو لێم دان
لێم دان.. لێم دان!
برینێکی دارەوان بووم
برینێکی شاخەوان بووم
بە دیواری گوێزانیاندا هەڵ ئەزنام
لەسەر دیوارەوە بەمشت.. بە هەردوو مشت
هەر بیلبیلەو هەر گلێنەی هەڵکۆڵراوی
شارو گوند بوو.. بۆم هەڵڕشتن.
وەك دروشمێ لەسەر سەرم
پێستی سووتاوی کون کونی
کێلگەو منداڵانو گوڵی
ئەم وڵاتە هەڵقرچاوەم بۆ هەڵکردن.
ڤیژەم ڕووا
بوو بە دارستانی ئازار.
خوێنم بەستی، بوو بە زرێباری دنیا

بەردی لاڕێ..
کەوتە قسەو هاتە سەر ڕێو
هەنگاوی نا!
ئینجا درەخت لەسەر قاچێ، هەنگە شەلێ
ڕای ئەکردوو بەسەر خوێنا بازی ئەدا
وردە.. وردە
بۆکroوزم گەییە لووتی
مانگی دەسکردوو کەپووی خوا
کەچی ئەوسایش
درزێ نەکەوتە دەروازەو
درزێ نەکەوتە پەنجەرەو
لەو سەرەوە، لەم سەرەوە
لەم باڵقۆنو لەو تارمەو نهۆمەوە
نە قژنێ، نە سەر ڕووتاوەو ورگنێ
بەلا چاوێ
بۆ تەماشایەك.. ئاوڕێ..
سەرێکیان خوارنەکردەوە
ملێکیان لار نەکردەوە..
ئای لەم دنیا سۆزانییە!
بەلای ئێسکی گڕ گرتومدا چەند تێپەڕیو
بە تەنافی قەنارەمدا دەرپێکەی خۆیشی هەڵنەخست!
ئای لەم دنیا سۆزانییە

تا کۆمەڵەی دۆستی ئاژەڵ.. مافی حەیوان
تا ئەوانیش لە کۆنگرەو لەسەر لیستەی
حەپە حەپو مڕەمڕوو زیکەزیکی ناو خۆیاندا..
هەقی سەگو هەقی مشكو
هەقی پشیلەو ئاژەڵی.. کوردستانیان
ناونووس نەکرد..
تا ئەوانیش باسیان نەکردا!.

# ڕاهاتن

ملم وتی:
زۆر دوور نییە، هەر پێرێ بوو
لەگەڵ پەتی سێدارەدا ڕاهاتم‌و
تا وام لێهات
بەر لەوەی ئەو شۆڕبێتەوە
من لە پێشدا ڕام ئەکێشاو یەخەم ئەگرت
من لە پێشدا خۆم هەڵئەداو
ئەچوومە ناو ئەڵقەیەوە.
تا وای لێهات
ڕۆژ لەدوای ڕۆژ
ژووری ئیعدام هەر وەکوو گورگێکی دڕ
دەستەمۆ کرد.
تا وای لێهات
وەك وەردییان
پەت بێزار بوو.

وەك پۆلیسی دوای نیوەشەو
پەت شەكەت بوو.
تا وای لێهات، بەرە، بەرە
ئەو لە پێش مندا ئەنووستو
شەو درەنگان
من ئەچوومە سەر دارەكەی
هەڵم ئەسان، ئەم وت: وەرە!.
زۆر دوور نییە، هەر پێرێ بوو
لە پێشدا ئازار كێردێكی
زۆر دەم تیژ بوو
لەبەر دەستیا كەروێشك بوومو ئەمزریكان!.
لە دواییشدا وردە وردە
بە خوێنی خۆم كولم كردوو
ئینجا من خستمە باوێشك دان!.
بۆ ناونیشان:
ئەوە هەموو ژێر زەمینو قاوشێكی "ئەبوغرێب"
ئەوە هەموو سەردابێكی توونی بابای
بەغدای تاوان.
لەوەیش زیاتر
ئەوە "موسڵ"و گردێ ورەی كەڵ ملەكان!.
زەویم وتی:
زۆر نزیكە هەر دوێنێ بوو

لەگەڵ ناڵەو گرمەی ڕەشی
ناپاڵم دا ڕاهاتمەو
وەکوو نەهەنگی برسێتیی
وەکوو بیرونی تینویەتی
سامی ئەو دێوەیشم شکان!.
ئەویش منم:
ئەوە.. دەنگم.
ئەوە.. ڕەنگم.
ئەوە.. باڵای دەنگو باسم.
ئەوە.. گوێچکەی سووکی شاخم.
تەماشام کە:
نە گوێی دارستانم کەڕ بوو.
نە ڕووبارم زراوی چوو.
نە سەنگەرم لەرز گرتی.
لەدواییشدا
لاشەی بۆمبا
بۆ منداڵانی زۆر گوندی بێ خەندەی من
بوون بە ئەسپی گەمەو یاریی.
مێژوم ئەڵێ:
بۆ ئەمڕۆکەیش
لەگەڵ ئەم ژەهرەدا ڕادێم
ڕادێم.. ڕادێم

وەكوو ئاسمانو وەك چیا
هەوا.. منم
ئەو لە مندا ئەتوێتەوەو
چەند پێچ بخواتو سەركەوێ
چنگی ناگاتە گەردنم.
كە گوڵێكم هەڵئەوەرێ.
گوڵێكی ترم ئەپشكوێ.
ژێیەكی دەنگم ئەپچڕێ
ژێیەكی تر ئەبەستمەوە.
وەكوو پێرێو دوێنێو ئیستە
گفتێكەو داومە بە گوڵو بە منداڵو
بەو بەفری خۆشەویستی یە
ئەوەی لەگەڵیا ڕانەیەم
ڕام نەهێنێو قەت ڕانەیەم
هەر یەك شتە:
ئەویش تەنها ژێردەستییە!.

1977

# سلاو گوڵە کێویلەکانی شۆڕش سلاو!

وا ئەمساڵیش بە فەرەنجیو پەستەکەوە، ملپێچ لەمل
گالۆك بەدەس، لە زەردومای شاخانەوە
پیرە زستان
دەراڵ، دەراڵ، گەوە، گەوە
دائەگەڕێو دێ بۆ لاتان.
لە ئیستەوە بە هەڵلەرزینی ڕووبار
پەنجەی گۆنەکردووی داروو
کۆکە کۆکی "با"دا دیارە
ئەمساڵ بەفر وای تەمایە
ئەو کەوتنەی لێی کەوت ئیتر،
ئەو شانەی دایدایە سەرتان
تا نەورۆز هەڵینەسێنێ
بەری نەدا بەر پەنجەرەی کورتە بالای ژوورەکانتان.

* * *

سێبەرتانمو لە لایشتان نیم

بەڵام کۆترە شینکەی چاوم
بەدەم قوڵپەقوڵپی گمەی سۆراخەوە
باڵی تەڕی لە لاملتان هەڵئەسوێت و ئەتانبینێ:
لەم وەرزەدا
بەرلەوەی بوولێڵ بازداتە ناو دەربەندو
جۆلآی شەوبێ و تەونی تاریکیی بچنێ
ئەتانبینێ:
دوو دوو سێ سێ
هەردوو دەستتان لەناو گیرفانی شەرواڵداو
شان کووڕ کردوو
قژ بژ، قژ بژ.
تیاشیاندایە بە قەدەر نیوەی قەڵەمێ، ڕیشی هاتوو
دێن و ئەچن
بە تیزماڵکی جێگەی پیاسەی
سەر سەربانی پەستراوەدا
کە بەهاریش گیای لێ ناڕوێ
دێن و ئەچن. دێن و ئەچن.
لەو ئێوارە وەختانەدا
کە لای ئێوە هەتاو زووتر جێ چۆڵ ئەکا
بۆ سێبەر و
لە ڕەوەزی ئەوبەرەوە
ناوبەناوێ چاوشارکێتان لەگەڵ ئەکا.

لەو ئێوارە وەختانەدا
دێنو ئەچن، دێنو ئەچن
وەك بەرگی بەر یەك ئازاری ڕەنگ خاكینو
بەڵام وەك گوڵی خەندەران
قۆڵتان لە قۆڵی یەكدایەو پێئەكەنن.
دێنو ئەچنو لەناو ڕاڕەوی قسەدا:
"بەشە نەوتو ئاردو نیسكو نۆكی مەقەڕ
گڵەبانو مۆرەی ئاو دز.. مەترە نایلۆن
بۆری شكاو.. سۆندەی تەقیو
هتدو.. هتدو.. هتدو..
لەزۆر شوێندا یەخەی پیاسەتان بەر نادەن
سەری سۆراخو مشوری هەبوو نەبووی
ئەمساڵیشتان پێ بائەدەن..
ئاوەڕۆی دەنگتان ئەگۆڕن
دێنو ئەچنو لەپڕێكدا ئەوەستنو بێ دەنگ ئەبن
زیت زیت زیت زیت
بۆ فڕەی دوور گوێی ڕاهاتوو هەڵئەخەنو
لەیەك ساتدا بەیەكەوە
بەرەو ئاسمانی پایزەی خۆڵەمیشیی
لەپی دەستێك ئەكەن بەچەتری تەماشاو
سەر هەڵئەبڕن!

★ ★ ★

ـ ئێرە ئیستگەی
"دەنگی گەلی کوردستان"ە
سڵاو! سڵاو! سڵاو!
ئەی ئاریەلەکانی لوتکە
ئەی شەپۆلەکانی ئاسمان
سڵاو! سڵاو!
ئەی ڕادیۆکەی سەر ڕەفەی چاو
ئەی بانگی ڕۆژی دووجارەی
سەر منارەی باڵای شەهید
سڵاو! سڵاو!
من دەنگتانم‌و لەلایشتان نیم
گوێچکەم لێرەیەو بیستنم لەلاتانە:
هەموو ڕۆژێ قریوەی سەرچۆپی هەواڵ
حیلەی ڕەوە ئەسپی "پ.م"
لەناو ژووری تەنیایمدا
مێژوون‌و دەنگ ئەدەنەوە
چەخماخەن‌و تاریکایی ئەم نامۆیی‌و غەریبییەم
وەك بەفری بەر لایتی دەستی شەوانتان
ڕووناك.. ڕووناك ئەکەنەوە!
لەم دوورەوە گەواڵە هەوری پایزەم
دەنگی زریانی لای ئێوە
بەرەو باشوور ئەمدەنە بەر گڤەی خۆیان

هەموو ڕۆژێ بەتلاوتل ئەمبەنەوە
هەتا ئاسمانی "بەرگەڵو" لەسەر ئەوێ
لەتاواندا وەکوو لۆکە شی ئەبمەوە
ئەبمە هەزار.. هەزار.. هەزار
پەپوولە پایزەی سپیو ئەوسا ئیتر
گوێسەبانەی ژوورەکانتان، تەلی ئاریەل،
تەنافی جل، هێواش هێواش.. ئەمگرنەوە
سڵاو! سڵاو! سڵاو!
ئەی گوڵە گەنمی قەڵەمو
ئەی کاغەزی کێڵگەی هەتاو.
ئەی ستۆدیۆ ڕوتەڵەکەی
کومباری شێدار لەبەرم
ئەی ڕیکۆردی هەوراز بڕی
هەموو ڕۆژێکی ناو سەرم
سڵاو! سڵاو!
من دەنگتانمو لە لایشتان نیم
چاوم لێرەیەو بینینم لە لاتانە:
وا ژوور، بە ژوور، هەیوان، هەیوان
سەربان، سەربان، وەك کۆترەکان
نیگاکانم لەو کلی خاكو خۆڵەدا چینەیانە.
لاتان نیمو بەڵام چاوم هەر لێتانە:
وا ئەنگۆرە فلچەی پانی تاریکیی گرت بەدەستەوە

خێرا، خێرا بە لاشانا هەڵئەگەڕێو

پلە پلەی شاخ ڕەش ئەکا!

ئەوا ئیستە ڤڕەی ماتۆڕ، تەپە تەپی،

گڵۆپی زەرد باو هەڵئەکا بۆ پشووی کەمی شەوانە

لاشتان نیمو گوێم لێتانە:

ـ "چیمان هەیە؟! خەفەر کێیە؟!"

بەچوار دەوری مەنجەڵێکدا، لێواری کەل،

سەرقاپ قوپاو

دووکەڵ خواردوو

برسی.. برسی

خۆتان نانن.. بەڵام برسیی

بەیەکدا دێن.. تارماییںو جاربەجارێ

کڵپەی لەپڕ

دەمو چاوتان ئەداتە بەر

شەوقێکی کزی نارنجی

لەناکاودا دووسێ هاوار

ئەبنە دەنگی ـ گڕ ـ ی مەقەڕ

ـ "وەرن بۆ نان!

وەرن بۆ نان"

ـ دیسانەوە نۆکی نەکڵۆك

لەسەر سفرەی درێژکۆلەی قەد ڕێ ڕێ بوو

دوو دوو، دوو دوو

بەرامبەر یەك

وەك "مظلي" ئەمانخاتە سەر لاقێكو

سەر ڕووتاوەی هاوڕێشمان، سەرووگرتوو

چەندین ساڵە ئازارێکی قۆشمەیەو

دیسانەوە وەکوو دوێنێو وەکوو پێرێو،

بەسەر پێرێ

بۆ ئەم نۆکەیش

یەك دوو نوکتەی تازەی پێ یە!

⋆ ⋆ ⋆

ئەوا ئیستەیش ئەتانبینم:

زیاتر لە نیوەی شەویشتان هەڵهێنجاوەو

سەعات.. سەعات

ئەیکەنە ناو ئەستێرکەکانی نیگاوە

هەر بێدارن

ئەتانبینم بەچوار مشقی لەسەر بەتانیە سەوزەکان

دانیشتوونو قەڵەمیشتان بە ڕێگەکانی کاغەزا

لەسەر مێزی نزمی بەردەم

تیپی مەڵبەندی وشەنو

هەر ئەڕۆنو هەر ڕێبوارن.

⋆ ⋆ ⋆

سڵاو! ئەستێرەکانی شاخو داخ! سڵاو!

سڵاو! گوڵە کێویەکانی شۆڕش! سڵاو!

لەتەم تومانی ئەم وەرزە دژوارەدا

ئێوە ڕیزە چرای چاوی ئایندەن‌و

یەك.. یەك.. لەسەر

تاشەبەردو، لقی بەرزو، تاڤگەدا، هەڵکراون!.

لەبەردەمی چەپۆکانی ئەم سەردەمە چەمووشەدا

ئێوە شاسواری ئێمەن‌و

کەڵ مل.. کەڵ مل.. وەکوو لوتکە ڕاوەستاون!

ئێوە ئەی گوڵە جەرگینە

ئەی جەرگ کون تیا نەبوەکان!

خاك لە هەنگاوتاندا ئەژی

ئاو لە هەناوتاندا ئەژی

دەنگ لە گەرووتاندا ئەژی

ئێوە مەرگ ڕام ئەکەن‌و

کوردستانیش لەناو سەنگەرتاندا ئەژی.

ئێوە لە ئەژدیهاکەی بەرگرتووی سەرچاوەوە

هێندە نزیك کەوتوونەوە

ئەمۆستتان ئەچێ بە چاویا

هەموو ڕۆژێ، بەسەر ڕەگی ملیا ئەڕۆن‌و دێنەوە

شەوێ نیە بۆ ناونیشان گوێی بڕڕاوی بەچکە دێوێ

بەچکە نەهەنگ‌و درنجێ.. نەهێننەوە

چی ما! چی ما! چی ما ئیتر

تا بۆ ژەهریش

ئێوە دەرگای هەناسەتان ئاواڵەیە.
بەڵام لێرە! لێرە! لێرە!
لای ئەوانەی فاڵی خەیاڵ
لە فنجانی ئەوروپادا ئەگرنەوە
لەگەڵ تەوقیتی "بگ بن"دا
لەسەر بورجی "ئیڤڵ"ەوە
بۆنی "شێخ وەسان" ئەکەنو
هەر لەوێوە..
ڕۆژژمێری خوێنو دووکەڵی ساڵانتان ئەخوێننەوە!
لێرە! لێرە! لێرە
لای ئەوانەی لە تەمەنی ئەژدیهاوە
لە ئاگرە سوورە دوورنو
کراسی بەری دەفتەریان چرچ نەبووەو
دەقی پانتۆڵی قەڵەمیان نەژاکاوە
ئەوان لێرەوە شمشێری دارینەیان
بۆ ئەژدیها هەڵئەکێشنو
وەکوو گاوس بەسەر شیعری پێشمەرگەما
گیڤ ئەبنەوە!!
بیرتان ئەکەم، بیری مێوژە ڕەشکەی چاوتان.
بیرتان ئەکەم.
بیرتان ئەکەم، بیری نانە قەیسی قسەی خۆشتان؟ بیرتان ئەکەم.
بیرتان ئەکەم، وەختە شیعری بەر مەمکانەی

لە مەمكی خاك دابڕڕاوم سوێی بێتەوە!.
ئا لەم تەندووری كۆچەدا
وەختە، وەختە باڵام ببێ بە كۆڵەوژ
وەختە چاوم لە كالانەی جوێ بێتەوە
بۆ من ئیستە
ژانەو ژانەو ژانە
وا قەڵەم لەسەر تەوقیسەر ئەخولێتەوە
قوڵ، قوڵ، قوڵ، قوڵ
هەموو شەوێ بە نووكی خۆی
یادگارێ هەڵئەكەنێو ئەوینێكی ئەكولێتەوە
هۆ! هۆ! هۆ! ئەی نیشتمان
خۆ گوێت لێمە!
بەو چاوانەت، بە ئەوینت، بە ئازارت
لە ئیستەدا
بە تەنافی تەماشای تەڕی منەوە، هەموو شەوێ
تك، تك، تك، تك
بەسەر قەڵەمی بێدارما
خوێنی شەهیدێكی تازەت ئەتكێتەوە!.

ستۆكهۆڵم 1987/10/17

# ئەسپێکی سوور

بۆ شەهید د.جەعفەری شەفیعی

ئەمجارەیان! کۆمای خەمێکی گیان بە سۆی،
پۆرگ کردووی.. ئەم پایزە درەنگ وەختە
بەژنی سی ساڵەی شیعرمی،
وەك پشتی کوردستانو کۆست، چەمانەوە!
چ تەوژمی ئازارێ بوو، وا لە گەرووی شاخانەوە هاتو
وا بە لووزەو
ڕژایە ژووری تەنیاییو هەناومەوە.
لە ترووکەی چاوێکدا بوو،
ترووکەی چاوی گەڵایەك
ترووکەی چاوی وشەیەك
بەرەو گێژەنی نوقم بوون لوولی دامو
لوولی دامو
وەك بەردی بن متی کردم.
کوێرە هەواڵ مۆتەکەیەکی ئاسن بوو

هەناسەی لەبەرکێشو سەروای ڕەوانم،
گرتو بڕی لەنجەی دێڕو،
شەقژنیو شەو ئاهەنگی،وەك باڵی چۆلەکەی
لە کەڕەسیسەدا، کەسیرە بوو
وەکوو پەنجەی سەرما بردووی
گوڵێ، قەڵەمێ، گزنگێ،
منداڵێکی لانەوازەی نێو کڕێوە، لە جووڵە خست.
بە دیواری بەرامبەرمەوە، سەرنجم
بوو بە بزماری داکوتراو.
ئەم مامە خەمەی قەڵەمەم
هەر بە پێوە لەئەستێرکی
فرمێسکەکانی خۆیدا، نوقم..، ئەوق بوو
تۆ ئەوق بوونی تریفەی مانگە شەوو
گۆمێکی مەکسی باوەشی زەردی خەزان
بهێنەرە پێش چاوی خۆت، ئاوەها بوو!
تۆ قولنگێکی پێکراوو لەنگەری باڵی شکاوی
بهێنەرە پێش چاوی خۆت، ئاوەها بوو!
ترسام.. ترسام
نەموێرا شیعر بکەمە بەر چیای "ئاسنگەران"ی
ئا ئەم کۆستە.
من ئەمزانی بەبەری ئەو تەنگ ئەبنو،
لە قۆڵ تێهەڵکێشانی "با" سرێشکی ساردی ئەو،

لەبەر گێڵەی کەلەپۆی خۆرنشینی ئەودا
چۆغەی ڕەشم، شیتاڵ شیتاڵ ئەبیٚو دواییش
ڕەوەزی ژوور هۆبەکانی ئەودیو "چۆخماخ".
کیژۆڵە ڕەنگ پەڕیوەکان،
وەکوو "بەیان"
کارژۆڵە، ماسی، گوڵ خونچە
دایکانی، سك، وەك نانی سووتاوی "بۆکان"
لچم لێهەڵئەقورتێنن‌و پێم ئەڵێن:
کوا ئەم چاوی شیعرە بەقەد
چاوی ئەو خوێنەی ئەو گەش بوو؟!
کوا ئەم سۆزی نێو دێڕانە
ئەم زەماوەندی سووتانە
هێندەی ئەو پشکۆی کسپەیە
بە چزە چزو دووکەڵ‌و بۆکروز بوو؟!
کەی بەژنی ڕەشپۆشی کورتە باڵای ئا ئەم،
قەڵەمە ئەگاتە ئا ئەو کاجی زامە؟!
چۆن خەرمانی ئەرخەوانیی
ئێمە بە کیلەی شیعری تۆ، دیٚو ئەپێوریٚ.
دە لالۆ.. لالۆ.. لالۆ.. هەستەوە!
تۆ زریانی‌و سواری ئەسپە شێکەت بەوە.
هەستەوە! بە بەن سامۆتەی زینەوە
تفەنگەکەت.. قەڵەمەکەت

گوارەی سووری گوێچکەی مێژوون
هێشتا هەر ئەلەرێنەوە
دە.. هەستەوە
دە لالۆ.. لالۆ.. لالۆ.. هەستەوە.
هەموو هاتوین بەسەر سەری ئەم هەوارە نوێیەتەوە
وەك شۆڕابەی برژانگ هەڵوەریوی پایز
گڵمتکی ئاڵهەلگەڕاوی سەر مەزارەکەت ماچ ئەکەین
دە لالۆ.. لالۆ.. هەستەوە.
بەفر بیستی، ها لەدوور ڕا لە شاخەوە
بەرەو "ژیلوان" کلوو، کلوو وا کەوتنە ڕێ.
گوڵان بیستیان، ها لە دوور ڕا
لە هەولێرو سابلاخەوە
لە قامیشلیو بۆتانەوە، بەرەو گوڵدانی دڵەکەت
چەپك.. چەپك وا کەوتنە ڕێ
دە لالۆ.. لالۆ.. هەستەوە!.

* * *

تەمو مژ بوو، ئەم دەست ئەو دەستی نەئەدی
تاریك.. تاریك وەکوو گلێنەی نابینا.
لە گوێی کێودا ترسو بیم ئەزرنگانەوە.
ژەنگو ژاری دوای هەرەس بوو.
خم خۆرکی لینجی هەڵلووشەر
هەتا گوێچکە

ئەسپی ئەیلولی قووت دابوو.
شمشێری "شا"و فیرعەونەکەی کۆشکی بەغدا
بە ڕاستو چەپ بەچەپو ڕاست
یەك لەدوای یەك:
ملی سنەوبەرو سەروو
ملی بەڕوو، بازووی گوێزو
پەنجەکانی گوڵە گەنمیان ئەپەڕاند.
ئەژدیهاکەی تەمووز پارووی نەرمە قووتی
هەر ژەمێکی، جەستەی نەرمی ئاسکێ بوو
نان ئەگریا.
ئاو لە کەناری بێزار بوو.
ئەو سەر وەختە تاریك نووتەك، نووتەك تاریك.
لە چوار لاوە دۆڵپای پایتەخت
کەڵبەی جیڕیان لە ژیانمان گیر کردبوو.
شەوە زەنگ بوو شەوە زەنگ بوو
چل مۆمی تروسکە کزمان لە "قەندیل"دا،
ئەسووتانو کەوەختێکیش تەواو ئەبوون،
هەر بە مێویی بنی خۆیان
جارێکی ترو سەر لەنوێ
خۆیان ئەکردەوە بە مۆم
دیسان هەڵئەگیرسانەوە.
ئێمە چل گوڵەگەنم بووین،

لەچل بەرددا سەوز بووبووین.
یەك گۆرانیو چل گەروو بووین.
ماوڵێکمان هەبوو دەم کەل
بەو ماوڵە لە کێوی مەحاڵ ئەنەویین.
لە چیای ترس ئەنەویین
خۆمان چلو حەڤدە تفەنگی خانە بڕ
حەڤدە دەستی پەنجە نوقسان
سنگیشمان ئەنا بە سنگی بەغدای میكو ڕاجیمەوە
ئا لەو دووڕیانی بوونو نەبوونەدا
لەو گێژەنەو لەو دەمەدا
ئەم دارتووە، لقو پۆپ هاوێژو سێبەر کرەی ئەمرۆ
ئەو دەمە هەر بنچکێکی بستە بالأی قژ خۆلاویی لا تەریك بوو.
ئەسپی چوار پەل ئاگرینی ئەمرۆ
ئەسپی کورڕن وەك بروسکەو تیسکەی تفەنگ
یالْ ڕەشەبا.
ئەو سەردەمە جوانوویەك بوو مێژووك، مێژووك
تازە زاوا بوو لەرزۆك، لەرزۆك.
لەو دەمەدا لەناو، قورگی نەهەنگەکەی (ساواك)ەوە
بەسەر دەمی گوێزانی تیژی سنووری مێردەزمەو دەڵە دێودا
بەناو هەزاران داوی باریکی جاڵ جاڵۆکەی ترسو بیمدا
ڕوەو "قەندیل" بەرەو لای ئەو بازو هەڵۆ ڕەنگ سوورانەی
لە دەراڵو گەوەی شەختەو کونە گورگو

کلۆری دارودرەختا هەوای ڕەشیان وەرئەگرتو
هەناسەیان ئەدایەوە.
ئا لەو دەمەوە لەو وەختەدا
مرۆڤێکی گەنم ڕەنگی
لە پیاوی داستان چووی پێشین
دیدە پشکۆ
مل کەڵی تەوێڵ پرشنگدار
لێو بە گوڵی بزە پشکووت
بۆنو بەرامەی خاكو خۆڵ
لەبەرگی شرۆڵەی هاتوو.
ئەهاتو ملەو هەورازی بە پلەو کووڕی یەك بەیەك
لەبەر هەنگاویا تەخت ئەکرد
بەکۆڵەپشتی نوردۆنانی مالانی
سنەو، سەقز، سابلاخەوە
بە هەگبەی توێشەبەرەی ئازیزانەوە
وەکوو "مەم"و "برایمۆك"
سەرئەکەوتو سەرئەکەوتو سەرئەکەوت
تا لەسەر پەیژەی ڕەوەزی دانەبەردی سەری "قەندیل"
سەری ورە
سەری چرا
ئەگەیشتە لای هەڵۆی برسی
پریاسکەی چل جووتە چاو تێبڕاوی ئەکردەوە

ئەو وەختەی بۆی هەڵئەڕشتن
ئەبوو بە جەژنی داروبەرد
ئەبوو بە ئاهەنگی ئەشکەوت
بە زەماوەندی کۆساران
تفەنگی بێفیشەك دانمان لەسەر یەك قاچ
ئەکەوتنە سەماو هەڵپەڕین
ئەو سەردەمە پوورەهەنگی نێو شارەکان
مێرووولەی سووری ژێر زەوی
بە چرپەی ئەو دیوی دیوار
ئەو دیوی کون.
دوکتۆر جەعفەریان ناونابوو دوکتۆر عەزیز
لەناو نەهاتە ساڵانەوە
ئێمە دڵۆپی بارانی ئەومان ناسی.
ئێمە زەوی پێست قڵێشاو
ئەو، ساڵاوی بەهارە بوو.
بۆ چیلکەو پووش‌و پەڵاشی سەر سەهۆڵمان
بۆ وشەی گۆنەکردوومان
ئەو بەردە ئەستێی ئاگرکەرەوەی بەردەم
ئەشکەوتی تەمەن بوو.
ئێمە برین ئەو هەتوان بوو.
لەو دەمەوە وەك دوو ئاوان
گیانمان تێکەڵ بەیەکتر بوو

لەو ڕۆژەوە بووین بە برۆیەکی پەیوەست
بە دوو جەمسەری یەك پردو
سیامەندێکی عاشقی خەجی شۆڕش.
دە لالۆ.. لالۆ.. لالۆ. هەستەوە
سواری ئەسپە شێکەت بەوە
دە هەستەوە ئەستێران جڵەوت ئەگرن
ئارەقەی زەنگوڵ زەنگوڵی
لا مل‌و نێو چاوت ئەسڕن.
دە لالۆ.. لالۆ.. لالۆ.. هەستەوە
هێشتا زووبوو.. زووبوو.. زوو
وادەی ئەم کۆچە کوا هەبوو؟
دە لالۆ.. لالۆ.. هەستەوە
سواری ئەسپە شێکەت بەوە.

* * *

ئەو کاتەی شیعریشم وەك خۆم
بەن کاڵەی کاڵەو پێتاوی عەشقی بەستو
شاخی هەڵۆکانی کردە قیبلەو ڕووگە
لەوێ لەیەکەم سەفەری پەڵکە ڕەنگینەی شیعردا
بەژێر ڕێژنەو لێزمەو شەوی گۆپاڵە باراندا
کە بەخۆم‌و هەگبەی بە شیعر ئاوسی
بەشان تەکە تەککەرمەوە
ڕوومان کردە هۆبەی دەوارە شێدارە،

له نایلۆن گیراوەکانی ئێوەی عاشقی ئازادی.
بەر لەوەی کە پەنجەکانمان یەك بناسن
ناوەکەت  وەك گیزەگیزی شلْخە هەنگی دەم بە شیلە
لەشانەکانی نێو سەرما گڕی ئەخوارد
"د.جەعفەر.. د.جەعفەر"
چاوەکانم بنەبانی دەوارەکەت بۆ ئەگەڕا
کەچی تۆ وەك بەورێ بێدەنگ
لەلا پانکێکی نەپندی خوارەوەدا
هێور.. تروشکەت کردبوو.
دەرلنگی شەڕواڵ تا ئەژنۆ قوڕاویی
یەخەی کراسێ چرچو لۆچ
ڕەنگ پێ نەماو
دوو نیگای ژێر
چاویلکەیەك زەڕەبیندار
ئەتوت ڕەشەڕێحانەی مل
بەلارەوە گرتووی دوای شەستەبارانی.
لەوەرزێرێکی لای سنەو سەقز ئەچوویت،
هەر وەکوو ڕاستیی ساکارو
وەکوو منداڵانی بۆکان تۆ سادەبووی.
تۆ هەر لەو گوڵانەت ئەکرد
کە لەهەناوی بەردەوە سەر دەردێنن،
بەبێ گوڵدانو شووشەبەند

بێ بانگەشە، لەژێی دەزوولەی گیان ئەدەن
لەویشەوە بۆ هەورەبانی ڕەشێنەی
گلێنەمان پێهەڵ ئەگرن.
وەختێ هاتیتە لامەوەو دەستت لەسەر شانم دانا.
ڕووی بەخەندە هەلگەڕاوی،
وەك هێرۆ ئاڵت.. تێ کردم
منیش گوێم نا بە گوێچکەی وشەی دانارو ڕەوانتەوە
قسەکانت وەك گەنمی قەندەهاری،
بە پێزو وەك گوڵەمێخەك بۆن خۆش بۆن خۆش.
وەکوو دڵی هەژارانیش بێ گرێو گۆڵ.
کە وەختێکیش، دواتر، دەرگای
قەفەزی سنگم کردەوە
پۆلە شیعرێکم بەرەڵڵای ژێر دەوار کرد
ئەوساکە تۆیش بە گیانێکی قوڵپ دەری سەر ڕێژەوە
بووی بە مزگێنی باڵ گرتوو
باوەشی سۆزت پیاکردم
گەرم.. گەرم.. ماچت کردم.
ئەی کلاوە قوچەکەی بەڕووی هەژاران
ئەو باوەشەت کوانووی بەکەڵە پشکۆیەو
لە ڕۆحما سارد نابێتەوە
ماچەکانیش چڵە کاجی هەمیشە سەوزی چواروەرزەی
ڕواوی ناو یادگارمن وەکوو بەهار بیرناچنەوە.

دەلالۆ.. لالۆ.. لالۆ.. وەرەوە
سەربەرەوە.. وا وەرەوە
سواری ئەسپە شێکەت بەوە
هۆ بە هۆیەو زایەڵەیە
ڕێ بەندانو بەفرانبارە
شیعر چلوورە فرمێسکی هەموومانەو
تا "ئازادی"ش وەك بۆکانە نازدارەکەت
شۆڕەژنێکی غەمبارە!.
دە لالۆ.. لالۆ.. هەستەوە
سواری ئەسپە شێکەت بەوە.

* * *

ئەمڕۆ "چۆخماخ"، لانەی پڵنگە چنگو پەل
بە چەخماخەکانی ئێمە.
لە مانگی گیراو ئەچێتو تارو مارە.
خاك بە هەنیسکەوە سەری
درەختی خۆی هەڵئەکەنێ.
لووتکە چاو تەڕو مل بەکوێن.
دەمو لێوی یارانی شاخ
هەر لەو گەڵا وەریوانە ئەچن کە "با"،
کە کزە بای ئەم پایزە درەنگ وەختە
بەرەو گۆڕیچکەی دوا عومری خۆی ئەیانبا
کپ بوونێکە هەر بەتەنها ئازار
ئالەم دۆڵە کزو خامۆشەدا
ئەبزوێو ئەزرنگێتەوە.

ئەم بەر، ئەوبەر، ڕیزە تفەنگی چاو تەڕی
پێشمەرگەکان، وەك هەڵاڵەی ڕوومەت شەقار
بە درێژایی هەناسەی ڕێگاوبانو
بەدرێژایی گریانو
بەدرێژایی خەمی سوور
هەر وەکوو لەقۆناغەوە ڕوابن
وا بوونەتە دوو تەیمانی دەوری سەری ئەم
کۆتەڵە وروژاوە.
بڕوانن‌و وردبنەوە
لە چۆخماخە بچکۆلانەو ڕووتەڵەکەی ئێمەدایە
کە زرێبار ئەڕژێتە سیروانەوە.
شاهۆی ئەوین
مل لەژێر چەنەی پیرەمەگرون هەڵئەسوێ
سابلاخیش بۆن ئەنێ بە بۆی
هەناسەکەی هەولێرەوە.
چەکمان چۆغەی کەرکوك بەسەر
ڕانکی هیوای کرماشاندا لەبەرئەکات.
بەسێ ڕیز فیشەك لغەوە
ئێشك گری شەوانەی ئەم خاکی دایکەن
تۆ بڕوانە ئەوەتا وا
بەدەم هاواری خوێنەوە سوجدە ئەبەن.

★ ★ ★

له بیری بەقوڕە ڕەش چووی
ڕابردوویەکی دێزماندا.
ئەو وەختانەی کە ڕۆژگارمان سیخوڕ بوون
بەسەرسەعاتی ترساوی شەوگارمانەوە.
وەختێ بەخەنەبەندانی خوێنی یەکتر،
چل چرای شایی‌و لۆغانی
ئێرەو ئەوێو ئەولای ترمان،
بۆ پایتەختە سمێڵ قیتەکان سوور ئەکرد.
لەو دەمەدا کە لەبەر پێی شاو سوڵتاندا،
وەك زەردەمار،دوپشك، بەیەکمانەوە ئەداو ئەمردین،
بەڵام ئیستە لە کۆتەڵی
ئەم هەموو جەعفەرانەدا.
لە پەنجەرەی ئەو خوێنە ڕووناکانەوە،
یەك ئاسۆگەی سورمان هەیە.
کۆست لە دوای کۆست
خوێن لە دوای خوێن
هەر هەموومان ئەچینەوە،
سەر ئەو شا ڕێگەو شەقامەی
باخەوباخ‌و تەلان تەلان
ئەمانباتەوە ناو دڵە داگیرساوەکەی کوردستان.
ئەمڕۆ "چۆخماخ"ی دوا یانەی ئەم جەعفەرە
بوو بە هەموو نیشتمان!.

تۆیش ئەی شەهیدی کەڵەگەت،

وەکوو نەخشەی وڵاتەکەم!.

ئەی خاجی ڕەنجو لاوکی دەم ئازادیی!.

گڵ مەیل بڕی تۆ نییە.

گڵ بەخوێنی ئێوە هەناسە ئەداتو

دەمی برینەکانی ئێوە کارێزی ژیانێتی.

ئەوەتا پێشمەرگەیەکی شێونەکردوو

بە پلەی خزی تاریکی ئەم شەوەدا هەڵئەگەڕێو ئەڵێو ئەڵێ:

لە پەلە پیتکەی تفەنگمای.

نووسەرێکی وشە شەهید

دوای نیوەشەوێکی خامۆش

قەڵەمەکەی ڕووی دەمت تێئەکاو ئەڵێ:

لەناو بیلبیلەی حەرفمای

دایکێکی خەم دەستەمۆکەر

لە ژوورێکدا، تەنها وەك خوا!.

بێ چرای مێرد، بێچرای کوڕ

ئەویش ئەڵێ:

تۆ ستوونی ئەم دەوارەو

کۆڵەکەی بەر هەیوانمانی.

منداڵە چۆلەکەکانیش، پەڕوباڵ تەڕ

ڕووی دەمی خونچەی خۆیانت تێئەکەنو

وات پێئەڵێن:

**لەم زستانەوە ئیتر تۆ**
**شەوانە چیرۆکی ئێمەی.**
**بۆ منیش تۆ ئەو شیعرە هەرە نازدارەی**
**کە هێشتاکە نەمنوسیوی!.**
**دە لالۆ.. لالۆ.. هەستەوە**
**سواری ئەسپە شێکەت بەوە.**
**ڕێ بەندانو بەفرانبارە**
**هۆبە هۆیەو زایەڵەیە**
**کوا وەختی بوو**
**ئا ئەم کۆچە بێ وادەیە؟**
**دە لالۆ.. لالۆ.. لالۆ.. هەستەوە**
**سواری ئەسپە شێکەت بەوە**
**چاوەڕوانین دە هەستەوە!.**

ستۆکهۆڵم/ 1987

*ئەم بەرهەمەم بۆ یەکەم جار لە شێوەی شیعرو پەخشانە شیعرێکی تێکەڵدا بێ سەردێڕ لە چلەی شەهید د.جەعفەری شەفیعی دا لەستۆکهۆڵم خوێندەوە، دواتریش لەگۆڤاری "پێشەنگ"ی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری ــ کوردستان ــ دا ژمارە "7"ی ئوکتوبەری/1988دا بە سەردێڕی "کوا وەختی بوو" جگەلە بەشێکی –بڵاوکرابۆوە– بۆ ئەم چاپەیش لەڕووی فۆڕمی هونەرییەوە لەئاهەنگی شیعرم نزیکترکردەوەو ئەم ناونیشانەیشم بۆ دانا.

# تاڤگەی زیندانیی

وەك چۆن ئەستێرە ئەكشێ كەوانەیی،
تاج پرشنگدار،
چاو ئاگرین، گەردن زیوین، تیژ وەكوو عەشق
كوتو پریش وەك مەرگە سات.
تۆیش بەو جۆرە لە شەوێكی مانگ كوژراودا
لە شەوێكی بەژنو باڵا هەڵقرچاودا
لە وڵاتی خۆڵەمێشو لەژێر قوببەی
مێژوویەكی بریندارو زەمینێكی كۆت كراودا،
ئاوا كشایت
زەرد.. زەرد، كشایت.
ئاڵ.. ئاڵ، پژایت.
لە كاوانی ئەوینەوە وەكوو بەفراو چۆڕایتەوە،
ملی كەژو هەردی بڕڕاو
مەچەكی بەرد، پلوسكت بوون،
وردە وردە بویتە ڕووبار.

وەکوو خوێنت ڕوون بوویتەوە، سوور هەڵگەڕایت
کڵپە، لە تۆی ئەخواردەوە،
خۆشەویستیت ئەستێرکێکی بەخشندە بوو،
لێی ئەڕژا، خۆشەویستیت،
گەڵا.. گەڵا سەوز هەڵگەڕا.
خۆشەویستیت، دارستان بوو، تەماشات چڕ.
ئازارەکانت دارەوان، وەك سمۆرە
بەسەر قەدی گرێ گرێی
ڕەش‌و سپی شەوو ڕۆژتا هەڵئەگەڕان.
ماندوو نەبوویت، خۆت ڕێگە بوویت.
نەخشە نەبوو بتگرێتە چوارچێوەی خۆی
تۆ خۆت نەخشەو، خۆت چوارچێوەو
ئەودیو، ئەودیو، چوارچێوە بوویت.

* * *

لەو دەمەدا
باڵات باڵەبانی خوا بوو،
ناتی بە لێوی کێوەوە
بە فووی زریان‌و ڕەشەبا گڕ گرتیتی‌و
بووی بەئاواز، بووی بە لەنجە،
بووی بەسەمای بەفرو هەتاو.
دار بەڕووەکان پەنجەی خوا بوون.
ڕەوەزەکان کەللەسەرو شانی خوا بوون.

کە ئەیژەنیت:

دەمێ ئەبوویتە شەپۆلو باڵت ئەگرت.

دەمێ ئەبوویتە بارانو خوڕ دات ئەکرد.

دەمێکی تر ئەبووی بە زاری ئەشکەوتو

وەك "هەزارمێرد"

لە دوێنێوە بەرەو ئیستە

بانگی هەزار هەزار ساڵت ئەکرد.

تۆ ئەو دەمە ئەسپی قەترانیی

سەرکێشو جڵەوبەربووی،

"لاس"ی وێڵی دوای "خەزاڵ"ی مانگە شەو بووی.

خەزاڵ گییرخواردووی

ناو تەمی قوللەی قاف بوو.دێوی سپی و ,

دێوی ڕەش و درنجەکان ,ئەویان بە قەفی سمێڵو،

کۆتی بسكو قرژاڵی چنگ بەستبۆوە، یارەکەی تۆ،

وەك باوبۆران، ئەیزریکان، وەکوو هەور ئەیقریشکان.

ئەو تاڤگەی زیندانیی بوو، پرشنگی دیل،

هەوای کۆتو پێوەند کراو،

قوربانیی بوو.

* * *

هەر ئەبوایە سەری ئەو عەشقە هەلگری.

تۆ ئەو سەرە هی خۆت نەبوو.

سەری دارو سەری بەردو سەری ئاو بوو.

هەر ئەبوایە بچیتەوە هەواری گوڵو خۆڵەمێش.
ئەو هەوارە هەر هی تۆ بوو.
هەر ئەبوایە بە ژیلەمۆی عەشقی خەزاڵ،
داپلۆخایە پێستی ڕۆژگاری تەمەنتو
هەڵقرچایە، ئەوینی سەر ژیلەمۆکەی بەهاری ساڵ.
هەر ئەبوایە بۆ سێهەم جار کفنەکەت لەبەر کەیتەوە.
داوە ژانی چیاکانت بە تەشی دوند هەڵکەیتەوە.
وەکوو شەهید چاو ببڕیتە
گزنگی خوێن.
گورج بیتەوە
ڤیت بیتەوە
لاو بیتەوە
کاژی هەرەس فڕێ دەیتو بەدەم لاوکی سوورەوە،
بڕۆیتەوە لای تاشەبەرد، لای بەردە قارەمانەکان
لای "داس"ی دەس زەردو ماهیی دەربەندەکان!.
وا نەبوایە ئەوین ئەیبەست، سترانەکانت لاڵ ئەبوون.
کچی حەیران، سوارەی لاوك،
دەست بەرداری ژانت ئەبوون.
ئەی ئەوساکە تۆ چیت ئەکرد؟
لەکام بنارو کام دەشتا؟
غارت ئەکرد؟ لەبەر دەمتاو لەپاشکۆتا
کێت هەڵئەگرت؟

چیت هەڵئەگرت؟ چ هۆبەیەك ئەیانکردی بە میوانی،
"سیامەند"و کام "خەج" چاوی نێرگزی خۆی،
ئەدا لەبەرۆکی والآی قەڵەمەکەت؟
لەگەڵ وشەی قوربانیتا
چۆن ڕووبەڕووی ئەبوویتەوە؟
مەچەکی بڕاوی "خانی"ت بۆ کوێ ئەبرد؟
لەکام گۆڕستانی شیعرا ئەتشاردەوە؟
هەر ئەبوایە ببی بە گڤەو بە گەرداو.
هەر ئەبوایە مۆتەکەی ترس دەستەمۆکەیت.
هەر ئەبوایە ملی ڕێی ئاگرو پشکۆی،
وەرزی عەشقی ترسو بیمت بگرتایە.
لە ئاوی ڕەشت بدایە.
یان ئەبوایە وەکوو بنچك گرمۆڵەبیت
وەك ماری سڕ پەپکە بخۆی.
حیلەی ئەسپت،
باڕژنی مامزی "خەج"ت،
وەکوو سەرت
لەناو قەڵای ئەژدەهاکدا بەند کردایە
ئەی چیت ئەکرد؟!

⋆ ⋆ ⋆

لەبەرچاوت کەلەپچەیان کردە بازووی هەورو هەتاو.
ئاویان خنکان.

پەنجەی شنەبایان قرتان.
لەبەردەمتا گۆشاوگۆش شیعریان سەربڕی.
ڕیشی "مەولەوی" یان سووتان!.
من بۆ ئەوەی کۆت نەکرێتە پێی درەختو،
گوڵەگەنم لە بار کێڵگەو زەوی نەچێ!.
من بۆ ئەوەی جۆگە نەبێ بە کۆیلەو،
باران نەمرێو گیا پێ بگرێ!.
خۆم لەناو تۆدا توانەوە گەیشتمە لات.
ئەی ئەوینی شاخو داخو عەشقی فەرهاد،
هەر ئەبوایە من بێمە لات!.

1988

# توانەوە

سەعات دووی دوای نیوە شەوە
وەکوو هەورێکی ژان گرتوو.
وەك ماینی حیلە کردووی
جوانوو ون بوو.
ئیستە ئاوا
شڵەژاوو وەکوو دایکم خەم لێ نیشتوو.
بەم ناوەختە.
لە نسێی ژووری تەنیایی‌و غەریبیما
شیعرێ هاتووە بمنوسێ‌و
لەدواییدا بمخاتە بەر باخەڵیەوەو
لەگەڵ خۆیدا دوور دوور بمبا.
سەعات دووی دوای نیوە شەوە
شیعری چاو ڕەش، بەسەر سەرمەوە وەستاوە
ئەو هەر ئەڵێی ڕەشە ڕێحانەی هەڵچووەو
چاوی منیش، ئەڵێی کانیی،

گوندی تازە ڕاگوێزراوە.
سەعات دووی دوای نیوە شەوە
من خەوم دێو ئەو ئەیەوێ هەر بمنووسێ
درێژ ئەبمو ئەو ئەیەوێ هەستمە سەرپێ
کاغەزێکم خۆم لوول داوەو ئەو ئەیەوێ بمکاتەوە
چاو لێك ئەنێم.. ئەو ئەیەوێ
بچمە ناو هەردوو چاوێوە.
من پێی ئەڵێم:
کوڵلەی نامۆییو غەریبیی
بەم ڕۆژگارە
بەم شەوگارە
گوڵە گەنمی گیانم ئەخوا
وەختێکی تر سەر بەرەوە.
ئەو پێم ئەڵێ:
تا نەبارێم نارۆمەوە
هەتا قەد قەد نەتکەمەوە نارۆمەوە.
ئەو هەر ئەڵێو من بێدەنگم
ئەو ئەڵێ دەی من ئەڵێم نا.
ڕاماو ڕاما
وەکوو دووکەڵی جگەرەم
لە پەنجەرەوە چووە دەر
کە هاتەوە دەستی شۆخێکی گرتبوو

ئەتووت بەفرو گوڵەزەردە
لەسەر یەکەم کورسی بەرامبەرم داینا
وتی: ئیستا
هەر وتم نا
سەعات سێی دوای نیوە شەوە
وەك یەکەم جار چۆن هاتبوو
ئیستەیش ئاوا بەسەر سەرمەوە وەستاوە
نە ئەو ئەڕوی، نە من ئەمویست هەڵمسێنیٚ.
ئیتر خەو هێندەی نەمابوو وەکوو منداڵ بمفرێنیٚ.
لە پڕێکدا چریکانی
ئەو کاتەی پێڵوم هەڵبڕی
بینیم شیعری چاو ڕەشی شاخ
بەر ئاوێنەی خەیاڵی ژوورمی گرتووە
جامانەیەکی خوێناویی
دوا شەهیدمانی بەستووە
وتی: ئیستا؟
ئیتر هەر ئەو هەستانە بوو
من سەنگەرو ئەو نمەی خوێن.
من دەشتو ئەو دەنکە تەرزە
ئیتر هەر ئەو داچڵەکینو هەستانە بوو
قەد قەد گیانم بۆ کردەوە
هەر نووسیمیو هەر نووسیمی

باریو باری تا ڕۆژ بۆوە
من نەمزانی ئیتر دوایی
ئەو لەناو مندا تواوبۆوە
یان من لەودا تواوبوومەوە؟!

ستۆکهۆڵم1987/9/17

## سوتماك

ئاسمانێکی: خۆڵەمێشیی.

شەقامێکی: وەنەوشەیی.

تەنیایم: زەرد.

ئاوارەییم: تارمایی پەرت.

هەواڵ: ڕەش.. ڕەش!

ئەی شین پۆشی کەمانچە ژەن،

ئەی گوڵی یەخە، پەمەیی!.

وا لێرەوە:

لە سێبەری قژ تەنکی، سەوزی کاڵی،

ئەم دار لیمۆ گۆشەگیرو تەریکەوە

خۆم‌و خەمی ئەرخەوانیم، ڕاوەستاوین

ملمان لارو

لەپۆپەوە تا بەری پێ

زەنگوڵ.. زەنگوڵ

خۆرنشینمان لێ ئەتەکێ!.

کزکزو مات

کڕکڕو مات

هەر بەپێوە، لە گۆشەی نیوە ڕوناکی

ئەم جێیەوە

خۆمو خەمی ئەرخەوانیم،

پەردەی ئاڵی گوێمان ناوە

بە پەنجەرەی، بەر هەناسەی،

ئەو "ژێ"یەوە کە بەجووڵەی بێ سرەوتی

سەری پەنجەی بلوورینت،

ئاوازێکی تەلیسماویی،

باڵ زیوینی، لێ هەڵئەسێ!.

ئەی شین پۆشی کەمانچە ژەن!

ئەی رۆح سپی!.

بۆ ئەم ئێوارە کسپەیەم.

بۆ چزەچزی هەواڵی، 6

تازەی ئەم شیعرە بە سوێیەم.

بۆ یاڵی ئاگر تێ بەربووی،

جوانووی ئائەم کۆچە نوێیەم،

هاوڕێم بە!

بمخەرە ناو کزە کزی هەڵقرچاوی کەمانتەوە.

وەکوو پەپوولە پایزە،

بمدە بەدەم بای زایەڵەی هەڵوەرینو پژانتەوە!.

خەون بکە بە ڕێ بینم.

شەپۆل بکە بە سەرینم.

هەور بە چرپای برینم.

دوور دوور بمبە، بمبەرەوە

بۆ وڵاتی ساڵ دوانزە چاو، فرمێسکاویی.

بۆ لای درەختی مل بە کوێن.

بۆ لای بەفری پرچ خوێناویی.

هاوڕێم بە!

بمبەرەوە، بمفرێنە

وەکوو هێشووی سەرما بردوو

لەژێر کەپری ئاخەکانتا،

دەنك.. دەنك.. بموەرێنە!.

دەدەی توخوا بمبەرەوە!

لێرە پەرەی ڕۆژمێرێکی دڕاوە ئەم تەمەنە!

بەدیوارو بە بنمیچی دەروونی خەڵکی ئێرەوە،

ئەوین گڵۆپی سووتاوە!,

زەریا.. تینوو

لەم بیابانی ڕۆحەدا، ئاو خنکاوە!.

هاوڕێم بە!.

شەقام.. شەقام

پێش تۆ گەڕام

تاق تافکەرەی چاوی تەڕم

چووە بەر هەر پەنجەرەیەك، هەڵیانفڕان!.
لەم چۆڵەوانی ڕۆحەدا، یەکێ نەبوو، کەسێ نەبوو
لا کاتەوەو ئاوڕ لە کڵپەم باتەوەو
گوێیە بگرێو بێتە زمان!.
هاوار! هاوار!
لە کوێیە رۆح، لەکوێیە دەم، لە کوێیە گوێ؟!
ئەی کۆستی نوێ!
خۆ من ئەسپێکیشم نەبوو
تاوەك هاوڕێکەی "چیخۆف"
بچمە لایی‌و هەر هیچ نەبێ،
ئەو گوێ لە شیوەنم بگرێ!.
دەدەی توخوا
لەسەر باڵی نەغمەیەکی گریاناویت بمبەرەوە
بمبەرەوە ئەی شین پۆشی کەمانچە ژەن
قژ قەترانیی!.
دیارە کە تۆیش هەر وەکوو من
درەختێکی گۆرانیت‌و لەبەستەی خۆت هەڵکەنراوی!.
دیارە کە تۆیش هەر "ئاخ" ێکی کۆچەریت‌و
وەکوو شیعری هەجیجیی من
لەم وێستگەوە بۆ ئەو وێستگە
لەم فڕگەوە بۆ ئەو فڕگە
پایز بەکۆڵ، هەڵوەریوی‌و، ڕاونراوی!.

ئەی شین پۆشی کەمانچە ژەن، بمبەرەوە
هەواڵی نیگا بە شەونم وای پێ وتم:
ئیستە لەوێ
لەناو تابووتی نارنجیی خۆرنشینی شارەکەمدا
چل.. منداڵم.
چل.. جگەرم.
هەشتا.. چاوم.
هەشتا.. گوێچکەم.
هەشت سەد پەنجەی،
هەردوو دەستو هەر دوو قاچم
بەیەکەوە هەڵئەوەرێن!.
پێکیشەوە بەجاجمی خەزانێکی ئەم پایزەم
هێواش.. هێواش، دا ئەپۆشرێن.
ئەی شین پۆشی کەمانچە ژەن، بمبەرەوە
وەکوو هەناسەی منو تۆ
لەشاری خەم نزیك نزیکم کەرەوە.
ئیستە لەوێ گەڕەك هەواڵم ئەپرسێ!.
شەقام چاوم بۆ ئەگێڕێ!.
کۆڵان بەدوامدا ئەگەڕێ!.
کۆستی تەتەر، بەهەردوو دەست
لەدەروازەی ماڵە کۆنەکەمان ئەدا.
ئیستە لەوێ سەیوانەکەم

چل نێرگزی شەهیدیتر ئەدا لەسەر.
چل کراسی هەڵاڵەی تر ئەکاتە بەر.
چل جووت گوارەی گوڵەباخم ئەکاتە گوێ.
لەسەر چل قووببەی هەیاسەی،
چل نقێمی سوور دائەنێ.
لەسەر سەری چل ئەرخەوان
چل چرا دائەگیرسێنێ.
چل مۆمی تر ئەسووتێنێ.
ئیستە لەوێ سەیوانەکەم
چل سوێسکە، چل چۆلەکەی
باخچەی خوێنم
لە یەکەم شەوی باوەشیا ئەخەوێنێ!.
ئاسمانێکی: خۆڵەمێشیی.
شەقامێکی: وەنەوشەیی.
تەنیایم: زەرد.
ئاوارەییم: تارمایی پەرت.
هەواڵ: ڕەش.. ڕەش!
ئێوارەیش: شین، وەك بەرگی تۆ
ئەی شین پۆشی کەمانچە ژەن!.
شیوەنیشم: مۆر وەك جەستەی
ئەو چل ئاسکەو
ئەو چل کۆترەن!.

ده لۆ لۆ لۆ

لەمنی وشە سوتماکێ

لەمنی قەڵەم غەمناکێ.

ده لێ لێ لێ

لەمنی شیعر خەزانێ

لەمنی دیوان وێرانێ!!.

ستۆکهۆڵم 1988/3/3

# دیدەنی

بۆ شەهید فوئاد سوڵتانی

وەکوو نێرگز ساڵی جاریَ
بەسەردانیَ
ئەو دێتەوە
بە زرێباردا دێتەوە
خەونەو لەپڕ پەیدا ئەبیَ
ئەگاتە جیَو ورد چاوێکمان پیا ئەگێڕیَ.
لەو وەختەدا
ئێمە ئەڵێی دارستانی بنارینو
ئەویش لە لوتکەی سەر ئەچیَ.
وەکوو ساڵانی ڕابوردوو
دیسانەوە ئێمە هەموو
وەك ڕەنگو ڕوو
مۆرانەی ساڵ یەك یەك بەڕەی
پێستی خواردوین

گلۆڵە بەنی قژیشی یەك یەك خواردوین
عومری خواردوین
تیاشماندایە
لەنێوانی دوو سەردانو
سێ سەردانی كاك"فوئاد"دا
سەعاتی دڵی ژەنگ ئەگرێ
وەك بورغوی كۆن بیری ئەسوێ
ئەبێ بە قەڵەمی زڕو
لە حەرفو وشە دائەبڕێ
ئەبێ بە هەوری نەزۆكو
یەك دڵۆپ بارانی نابێ!
وەكوو كەفە ژیلكەی سەر ئاو
هەر ساتێكەو ئیتر ئەوسا بزر ئەبێ.
ساڵی جارێ ئەو دێتەوە
بەڵام ئەوكاتەی دێتەوە
چۆنمان دیبوو
هەر وەكو خۆی
سەعاتی دڵی وەكوو خۆی
قەدو ڕەگی
پێستو بەرگی
هەر وەكوو خۆی
بیری، قژی، عومری، چاوی

دەنگی، ڕەنگی، سمێڵەکەی هەر وەکوو خۆی!
ساڵی جارێ ئەو دێتەوە
لەناکاوێکدا.. دێتەوە
ئێمە هەموو، هەر هەموومان
شەپۆلمان‌و کەفە ژیلکەیش
بارانمان‌و شێرە کوللەیش
هەر لەدوور ڕا بە سێبەریا بەدیئەکەن ئەیناسنەوە
بەڵام کاک"فوئاد" بە تەنها
ئەو.. بەتەنها
هەموو ساڵێ
لەسەرانسەری نەخشەدا
دوو تاقممان ئەبینێت‌و
دوو تاقممان ئەناسێت‌و
یەك یەك دەستیان ئەگوشێت‌و
لەگەڵیاندا ئەدوێ‌و ئەخواو پێئەکەنێ‌و
ئەڕوات‌و دێ..
ئەوانەی وەختی خۆی نەیدیبوون‌وئیستە لێرەن
ئەوانەیشمان کە وەکوو ئەو
ماونەتەوەو، هەر بروسکەی خێرای ڕێگەن!

# تەم توومان

1985

یاران بە رشییەن جە زێد وە زامن

گرد تەفرەقە بین چون خەیاڵ من.

**مەولەوی**

# تەم تoومان

"بۆ هاوڕێم، شەهید ئازاد هەورامی"

ئەو ڕۆژەی شاخ، بێواز بێواز، لەبەر هەیوانی تەمەوە
سەروملی خوێناویی خۆی بۆ لەقانی!
لارە لارە، بەدەم کزەبای چرپەوە
نەهێنیی شەوی پێشمەرگەی لا درکانی!
کێ ئەیزانی؟! وەختێ هاتی
چ زوو هاتی!
دوای تۆفان بوو، گەردەلوولی ترسو بیمو،
تەم توومان بوو.
هێشتا زریکەی زەمینو قیژەی درەخت
وەك زریکەی هەڵدێراوی دایکانی گوند،
دایکانی شار لە "سەر" دا ئەزرنگانەوە!
وەکوو منداڵ هێشتا کانیی
ئەوقی ترسی بنی خۆی بوو!
دەربەند، ئەشکەوت، مەزار، باخچە

وەکوو.. گەورە، وەکوو ئێمە
گینگڵ.. گینگڵ
لە گێژەنی دووکەڵێکی پێچ خواردوودا ئەتلانەوە!
وەختێ هاتی پیرە دار بەرووی شان شکاو،
هەناوکلۆر چاوانی کزی خۆرەتاو، ڕێی حەپەساو
لەسەر ملەو قەدپاڵەوە، سەرسام.. سەرسام
بە باڵای تۆی بچکۆلەدا ئەیانڕوانی!
کێ ئەیزانی
وەختێ هاتی.
کە گەیشتی
تۆ کە جوانووی مێژوویەکی
تازە تازە یاڵ دەرکردووی
ئاگرەکەی باباگوڕگوڕ بووی، زۆر بچووك بووی
تۆ ئەو دەمە
گەر خۆت گرمۆڵە کردایە
لەبەرچنە گەورەکاندا جێت ئەبۆوە!
تۆ ئەو کاتە
لە "دوانزەتیر" هەرتۆزێ هەڵکشاوتر بووی.
زۆر بچووك بووی.
وەختێ هاتی، تۆ ئەتتوانی
گەر مۆتەکە ئابلۆوقەت بات
لە سندووقێکی بۆراقدا، خۆت حەشاردەی، دابنیشی!

باریك.. باریك

وەك سەمەلی گوڵەگەنم.

هێور.. هێور

وەكوو كانیی.

كە تۆ هاتی، دوای تۆفان بوو، تەم تووما بوو.

یەكەم زستان لەسەر بەفری نوا باریوی پێدەشتو

بن بنارو گەوەی كوێستان، تاكو تەرا

چەند شوێن پێیەك بە دوای یەكدا

جێ پێی دۆڵپای نەهەنگەكەی

دوای نەورۆزیان هەلگرتبوو!

جێ پێكەی تۆیش گچكە.. گچكە

لەسەر بەفری نوا باریو.. بەرەو لوتكە

بلاو.. بلاو.. لێرەو لەوێ، دەركەوتبوو!

وەختێ هاتیتو گەیشتی

هەر یەكەم شەو

دەربەند"باسەڕە" پێی وتی:

ـ ئای چاوەكەم چ زوو هاتی

بەخێر هاتی!

* * *

ڕێ بردییتیو تۆیش ڕێگەت برد.

مەنزڵ .. مەنزڵ.

ئاو ئەوەندەی تۆی تینوو بوو.

نان ئەوەندەی تۆی برسی بوو.
لەدوای هەموو گەردەلوول‌و وەیشوومەیەك
وەكوو هیوا باڵات ئەكرد.
لەدوای هەموو كەڕە سیسەو بەفرانباریێ
ئازار بوویت‌و گەڵات ئەكرد.
لەدوای هەموو ئاژاوتن‌و غاركردنیێ،
لەدوای هەموو چوڕچوڕەی ئارەق كردنیێ
ڕام تر ئەبووی
یاڵت چڕتر
گەردنت ڕێك‌و بڵند تر
شانەی هەنگوینی بیریشت شیرینترو
پڕتر.. پڕتر
تا ڕێژنەی ئازار بەسەر
بەژنی تۆدا بباریایە
وەكوو شاخ‌و
وەك ڕانك‌و چۆغەكەی بەرت
ورەت كرژتر ئەبۆوەو ڕەگت جیڕتر.

* * *

ڕێ بردییتی‌و تۆیش ڕێگەت برد
هەندێ جار ئەو ئەیگەیاندی‌و
هەندێ جاریش تۆ بەسەر دیواری بەردا
سەرت ئەخست!.

ڕێ بردییتیو تۆیش ڕێگەت برد!
شەوی عاشقان درێژە
وەکو پرچی درێژو ڕەشی کوردستان
وەك هەناسەی بۆن نەوتاویی شەوی کەرکوك
وەك ڕیزە تابووتی شەهید
وەکوو پەتی سێدارەمان
شەوی عاشقان درێژە!.
ڕێ بردییتیو تۆیش ڕێگەت برد، کێلگە.. کێلگە
برین.. برین.. هەوراز.. هەوراز
هەر ئەڕۆیشتیو
بەهەردوو دەست
عەشقی ئەم خاکەت تۆو ئەکرد!
لەوەیشوومەکەی "هەکار"دا
تۆ لەپێش "با"وە ئەڕۆیشتی
پێش تەمەنی خۆت ئەکەوتی
لەدەراڵی کێوەکاندا،
لەبا پێچو لەبەر گێڵەی گەورەکاندا
ڕۆژی چەند جارێ بە مردن خۆی ئەگەیشتی!
لەدەوەنی قاچ تەزیوی "هەکار"ەوە
بووی بەداری "چەرماوەند"و
تۆ ئاوەها پێگەیشتی!
بەرد تۆی ناسیی، ئەو وەختەی کردت بە سەرین!

شەختە بە تەختەبەندی جێو
خووژە، گژوگیا، بەری تاڵ،
بە بابۆڵەی خوانی بەفرین.
شەوی عاشقان درێژە! "سیامەند"بووی
پشووی "سیروان" لەسنگتا بوو
تریفەی چاوی غەمباری منداڵانی ئەم وڵاتە
لە چاوتا بوو
تۆ زریانی ئەم مێژووە لەدەنگتا بوو.
شەوی عاشقان درێژە، تۆی سیامەند
ڕۆژانە هەر، شەوانە هەر
ڕێگەی "خەج"ی
لە خاچ دراوی عەشقێکی کوردستانیی
لەسەرتا بوو!

⋆ ⋆ ⋆

ئەو گەردوگوڵی بەیانەیش،
کە "سەگرمە"ت لەخەو هەستان
تۆ دڵنیاو، بەڵام گزنگ، دڕدۆنگ.. دڕدۆنگ
دوورونزیك شوێنت کەوتو لە گەڵتا هات.
ئەو ڕۆژەی تۆ تیشك بوویتو
لەجادەی ڤیر پەڕیتەوەو
لەگەڵ خۆتدا "کەرکوك"ت برد بۆ لای "ناوزەنگ".
ئەو ڕۆژە تۆ بوبووی بە ئەسپێکی سپی

کوڕژنو حیلەت ئەگەیشتە گوێی "هەورامان"
تۆ ئەو ڕۆژە لەدۆزەخی ترسو بیمو
لەناو نەخشەی ئەوق بووندا
چنگ لەسەر شان مەترسیو مەرگت ڕاوئەناو
بووبووی بە کوڕی نێو داستان.

* * *

ـ ڕۆژباش.. کاکە ئازاد.. ڕۆژباش!
چاوت لێمە؟! گوێت لە منە؟!
لەدڵۆپی ڕوونو گەرمی چاوانی غەریبیمەوە
لەو پەنجەرە تەڕانەوە، وەك تیشکی دوای تەمێکی چڕ
سەرنج ئەدەم..
من لێرەوە، لەسەرچاوەی گریانێکی
ئەرخەوانیی بێدەنگەوە
بناوانی شیعری مەنگم وەکوو "نالی" هەڵبەستووە!
چاوت لێمە؟! گوێت گرتووە؟!
کاڵەو پێتاوت ئەبەستم، عەشقی زیوینت زین ئەکەم
بەم تەمەدا دێمەوە لات.. ڕێ دەرئەکەم
وەکوو جاران، لەوسایش لاوتر، ئەتبینمەوە.
ئەچینەوە دامێنی ڕیزە چیاکەی "چەرماوەند"و
لەسێبەری دارگوێزێکی کاکۆڵ پڕدا
وەك دوو ئاسك.. دوو پەلەوەر
تینوو.. تینوو.. چاوپڕتیشك بەیەکتری ئەگەینەوە.

ـ ئێوارەت باش.. کاکە ئازاد.. ئێوارەت باش!
لەبەرچاوی ئاوێنەمدا، وەك دوێنێ بێ،
وەك ئێستە بێئەوا ئێوارە وەختێکی
ژێر کەپرەکەی "کانی توو"ە
بۆنی خۆرنشینی سروشت،
بۆنی ئەوین، بۆنی هاوین
وەك بەرامەی میوەی باخی گەیشتووە.
ئەڵقەیەکین وەك گۆی بازن
دەوری عاشقی خاکمان داوە
وەك پوورە هەنگ، هەنگی قسە بەیەکدادێ
بۆ دوا بروسکەو دوا شەڕو دوایین شەهید
تا ماوەیەك وەك بەردی بن گۆم مت ئەبین.
هەتا "دلێر".. ڕێواسەکەی کەلی "پ.م"
مامە خەمەی شاخو چیا
کوڕی ئازار!
بە دەنکە قسەی هەناری ترشو مێخۆش
سەرە وشەو بنە وشەی هەندێ جار پس!.
ئاو ئەزێنێتە دەممانو ئەمانخاتە کەفەزگو
ئەوسا ئیتر پێکەنینمان وەك باڵندەی نزیك لوتکە
ئەویش ئەفڕێ.
وەك گێلاسی سەرکانیەکە، ڕوومەتی تۆ
بەو قسانە

لەهەمووومان ئاڵتر ئاڵتر هەڵ ئەگەڕێ!.

* * *

ـ شەوباش.. کاکە ئازاد.. شەوباش!

وەکوو "قەندیل" تۆی لەبیرە! لەبیرم دێ

بۆ یەکەم جار "مانگ"ی شیعر

لەسەربانی هاوینێکدا

لەبەر چرای تریفەیدا

هەردووکمانی بەیەك ناسان

تا کازیوە بە بادەی وشەی سەوزوسور

مەستی کردین.

بۆ یەکەم جار خۆشەویستیی شیعر

لەئاهەنگی دەنگی تۆدا

لەگەڵ "با"دا وەك دوو خونچە

چاومانی خستە هەڵپەڕین.

لەیەك کاتدا:

تۆ چەك بوویتو تۆ گوڵ بوویتو تۆ گۆرانیی.

لەیەك کاتدا:

سەرت سەری ئاسکە کێوی

چنگەکانت هی هەڵۆ بوون

دڵیشت کۆترێکی سپی!.

لەیەك کاتدا

تۆ باز بوویتو گیانی پەپوولەت تێدا بوو.

زریان بوویتو شنەی شەماڵت تێدا بوو.

تۆ بە باڵا دارچواڵە بووی

کەچی لقت بەڕووی ئەگرت.

تۆ شارەکەی کەرکوك بوویتو

کەچی بەفری هەورامانت، تیا ئەباری!

★ ★ ★

ـ ڕۆژباش.. کاکە ئازاد.. ڕۆژباش!

ـ بیرتان ئەکەم! ئەمشەو لەوێن شیعر بێنمو

بێم بۆ لاتان؟

چاوەکانت وەك دوو زنە

قوڵپیان ئەدا بە ئاوەڕۆی زەردەخەنە.

مەچەك تووکن، دەستت ئەخستە سەرشانم

پێت ئەوتم:

ـ شیعر چاوە

شیعر ئاوە

ئای کە تینووین بۆ بینینیو بۆ بیستنی

ئەو دیداری ئەستێرانە.

خۆتو شیعر بەخێرهاتن

سەرچاو هاتن!

★ ★ ★

هەر کە سێبەر وەك تەتەرێکی بەپەلە،

لەپڕێکدائەهاتە ناو دەربەندەوەو

بەقەڵەمباز جێی خۆی ئەگرت

لەپێش شارداو لەپێش گوندا
چرای بە ئێمە هەڵ ئەکرد..
تۆزێ زووتر! هەگبەکەم ئەدا بە شاندا
وەکوو کەستەك بەڵام قورس
سەربەرەوخوار ئەبوومەوە
لەپێچپێکدا گەرووی دەربەند،
وەك پێچی چەم، قووتی ئەدام
شیعرو خەیاڵ، وردە وردە
وەك پرووشەی دەم بارێزە، ئەیانبردم
ئەو وەختەی سەرم هەڵ ئەبڕی،
دێی "چالاوا"ی وشكو تینوو
بەو سەرەوە وەك لە خاچی شاخ درابێ
یان پشتاوپشت ڕاونرابێ، وا ئەیبینم:
خزاوەتە دەراڵی بەرز هەرچۆن بڕۆم تێم ئەڕوانێ.
هەردوو دەستم لەبەر کەلەکەو پشتێنداوهەناسە سوار
ئەبووم بە لقە داری "بی"و سەرئەکەوتم
لەوێ هێشتا گوڵی هەتاو زەرد نەبووەو
بەرد هەر گەرمە.
پشتێن شلو شەکەت شەکەت،
شلە شاریی، ئەگەیشتم
هەتا لەسەر تاشەبەردی بەردەمی دێ
ڕوو لە بەفری سەرهەڵەمووت

جگەرەکەم پێ ئەکردو دائەنیشتم!

* * *

وا دەرکەوتن.. گوڵە جەرگە پێشمەرگەکان..
وا دەرکەوتن
تاك تاك جووت جووت
ڕەوە ئەسپی ئەم دۆڵەنو وا دەرکەوتن
وەك هەڵاڵە
ڕووگەش ڕووگەش
یەکە یەکە لەپەنجەرەی چاویانەوە
ئەیانخستمە پشتیەوانی دڵیانەوە.

* * *

ـ ئەی گوڵە جەرگی پێشمەرگە ئێوارەت باش!
ئێوارەت باش.. کاکە ئازاد.. ئێوارەت باش!
شەوی شیعرو پێشمەرگەیە
شەوی جریوەی وشەیە.
لەداڵانێکی درێژی لایەك بە نایلۆن گیراودا
بەدوو ڕیزی ئەمبەر ئەوبەر بەرامبەر یەك
بە چوار مشقی گوێ قوت گوێ قوت دائەنیشتن.
شەوقی تیژو ئێجگار سپی،
لۆکسی سەر تەنەکەیەك
سێبەری سەرو ملمانو لوولەی چەکیان
بەدیواری ئەو بەرەوە

چەند کەڕەتێ گەورە ئەکرد.
دوو ڕیزە چاوی کێوی بوون زیتو ورد ورد
لە چاوەڕوانیی کەشکۆڵی هەگبەکەمدا
لەچاوەڕوانیی بارانی هەگبەکەمدا
تروکەی خۆیان مت ئەکرد!
دوو ڕیزە چاوی کێویی بوون
لە بریسکەی گلێنەدا، لە تەمومژی سیمادا
نەخشەی ئەنجنو پایزی دەم بەبزەی
کوردستانت بەدی ئەکرد!

⋆ ⋆ ⋆

کە وەختێکیش شیعرم ئەفڕی
دڵی تۆ یەکەم دڵیان بوو
ئەبوو بە شینایی ئاسمان.
چاوم لێ بوو:
لە هەڵقرچانی وشەدا: هەڵ ئەقرچایت.
لە داچڵەکینی وشەدا: دائەچڵەکیت.
لە شەهید بوونی وشەدا: چاوت ئەسڕی.
لە گاڵتەوگەپی وشەدا: پێئەکەنیت.
شەوی شیعرو پێشمەرگەیە، وەکوو پ.م
شیعرم ئەڕۆی.. ڕەوەز.. ڕەوەز
دۆڵ بەدۆڵو لوتکە لوتکەو پێ دەشت پێ دەشت
وەکوو ئەوان شیعر خۆی ئەکرد بە شاردا

وەکوو ئەوان لە کەمیندا شەهید ئەبوون..
بۆیە ئیستەیش لەدیواندا
شیعرم هەیە وەکوو پ.م دەستێکی بڕڕاوەتەوە
شیعرم هەیە وەکوو پ.م قاچێکی بڕڕاوەتەوە
شیعرم هەیە وەکوو پ.م چاوێکیانی لەدەست داوە!.
هەر دانیشتوویتو هەر شیعر ئەجریوێنیّ.
درەنگانیّ کە وەختێکیش
لەسەفەری دوورودرێژ ئەهاتنەوە
هێدی.. هێدی.. ئەنیشتنەوە
چاوم لیّ بوو
ئەو چاوانە
یەکەم چاو بوون
بۆیان ئەبوون بە هێلانە!

★ ★ ★

لەکۆچدا بووم، کە "با"ی ژەهراوی پەیدا بوو.
ڕەنگو ڕووی ئاسمانی گۆڕی،
دارستانوچیاکانی ڕشانەوە.
لەویّ نەبووم کە گەردەلوولی کیمیای بۆندار،
بیّ بۆن بە لوورە لوور
لەبەغداوە بەرەو هەناسەی کوردستان،
هەڵیکردوو هەرێم هەرێم هاتە سەرتان.
لە کۆچدا بووم، کە"شێخ وەسان" بۆ یەکەم جار..

پیرە گوندی ڕیش سپی من، باپیرەی من
خۆیی‌و سەد نەوەی زیاتری، کوڕو کچی
خۆیی‌و سەد جۆگە زیاتری، لق‌و چڵی
فریای قسەیەك نەکەوتن.
فریای خوڕەیەك نەکەوتن.
فریای لەرەیەك نەکەوتن.
بەڵام چۆن بوون ئاوا کەوتن، ئاوایش نووستن!
لەکۆچدا بووم، قاچم ڕەگ بوو لای ئێوە بوو،
سەرم لێرە.
لە کۆچدا بووم، تۆ لەوێ بووی،
کە "هەڵەبجە" شاری چاوم.
هەنارەکەی سەرلقی دڵ، گوڵەزەردی دەشتی ڕەنگم.
زەڵمی دەنگم. هەڵەبجەکەی خاتوو عەنبەری مەولەوی.
ژنە شۆخی خەزێم لە لووتی شارەزوور.
دایکی "نالیی"
خنکاو نەگەیشتمە سەر سەری!
ئەوڕۆژانە لەوێ نەبووم، ئێوە هۆرە بوون،
لەوێ بوون.ئێوە "گوڵان" بوون
لەوێ بوون "شنروێ" بوون‌و لەوێ بوون.
ئێوە هەناسەی سینەتان
هەوای ژوورتان
هەوای دەرتان

لێتان بووبوون بە خوێنە خوێی شەوەی مەرگو
کەچی تا بەرد، هەتاکوو دار
هەتاکوو ئاو، لە پاڵتاندا شەهید نەبوون
هەر نەبزوتن!
لەسەفەری ئا ئەم عەشقە مەزنەدا
لە سووتانو هەڵقرچانی ئەم فەرهادو شیرینەدا
لەسەفەری ڕێی نەهاتی ئەم تۆفانو
باوبۆرانو ڕۆژمێری کۆچانەدا
ئا لەم ڕەشەبای ژەهرەدا
ئەی گوڵە جەرگی پێشمەرگە!
دوانزەساڵە لەکوێ نەبوون؟!
کە وەختێ بەرد لەسەرمادا ڕەق ئەبۆوە
تۆ لەوێ بوویتو بەهار بوو.
ئەی سەمتوورە ئێسك سووکە دەنگخۆشەکە
ئەی باڵەبانی هەورامیی!
وەختێ ڕووبار لە ترساندا بەرەودوا ئەگەڕایەوە
هەر لەوێ بوویتو بەرەوپێش، بەرەو زەریا،
تۆ ئەڕۆیشتی!
وەختێ خۆرەی نائومێدیی ڕۆژانە زۆر دڵی ئەخوارد
تۆ شەوانە
کرمی ئاوریشمی قۆزاخەی هیوا بوویتو
هەر لەوێ بووی.

له خەریتەی ترس‌و ژەهرا
لە چوار وەرزەی کۆست باراندا
تۆ پێم بڵێ! ئەی عاشقە چاو ڕەشەکە
لەکوێ نەبووی؟!
ئەی عاشقانی هاوڕێ
دەپێم بڵێن
لەکوێ نەبوون؟!

★ ★ ★

ـ شەوباش کاکە ئازاد شەوباش!
تۆ پێم بڵێ! توخوا ئیستەیش
لەشەوانی مانگە شەوی کەژوهەردا
کە تەنیایی دەستت ئەنێتە ژێر چەناگەی بیرەوەری‌و
وەختێ خەیاڵ بەقەد سێبەری شاخەکان گەورە ئەبێ.
درەنگانێ کە دەشت‌و دەر ئەبن بە مافووری زیوو
درەنگانێ کە خشەخشی گەڵایەك،
بەتاریکیی حەشار نادرێ‌و ئەگاتە گوێ.
درەنگانێ کە مانگ وەکوو شاژنێکی ئەگریجە زەرد
بە پلیکەی کێوەکاندا هێدی هێدی دێتە خوارێ‌و
لەسەر شەختە بەندی ڕنوو ڕائەکشێ.
درەنگانێ کە بەهەتوانی تریفە برینی خاك
ئارامێکی تێ ئەگەڕێ‌وکەمێ چاو لێك ئەنێ!
تۆ ئەو کاتە، وەکوو ئەوسا،

وەکوو شەوانی "هەرمێلە"
بە جووت لەگەڵ "تارە" کەتدا دێنە دەرێ؟!
ـ شەوی تۆیش باش! وشەی نامۆ!
ئەی هاوڕێ!
چیت پێ بڵێم!
لەو ڕۆژەوە کە دوو بە دوو
بۆ دوا ماچی ماڵ ئاوایی
باوەشمان کرد بە یەکتِرداو ئەوسا ئیتر چرۆی چاومان
چەند پەپوولەیەك فرمێسکیان لێ هەڵفڕی!.
لەو ڕۆژەوە کە تۆ بەرەو پایزە ڕێگەی غەریببیی
ڕۆشتیو وەکوو چڵە داری
شەپۆل شەپۆل ئاوی شیعرو
زەمانێکی تووش بردیتی!
لەو ڕۆژەوە ئەی هاوڕێ!
هەتا ئیستە
سەعات لەدوای سەعات ئێرە
چرکە لە دوای چرکە ئێرە
وەك ئاسمانی، کۆستی داری، کۆستی بەردی
کۆستی ئاوی، هەتاکوو بێ
گەورە گەورەو گەورە ئەبێ!
ئەو ئاسمانەی کەتۆ دیبووت پڕ جریوە
ئیستە خەزانی ئەستێرەو گەلاڕێزانی تریفە

سەرانسەری داپۆشیوە.
"مانگ"ی شیعرت
وەك هەڵەبجە
بێوەژنێكی ڕەشپۆشی گۆنەو پەنجە هەڵوەریوە!
چیت پێ بڵێم!
دوای تۆ سەردەمی ژەهر بوو!
سەردەمی "با" ی كیمیایی‌و
شەهیدانی بێ زام‌و خوێن.
ـ بیستم گۆیژەی سلێمانی‌و ئاگری
بابە گوڕگوڕت بردبووە لای شیعری خانیی
بیستم شاخی هەورامانت
گەیاندبوو بە بادینان.
بیستم لەگەڵ "مەم"ی ئەوێ
دوو گەرووتان كردبووە یەك
دوو سەنگەرتان كردبووە یەك
دوو تفەنگتان كردبووە یەك
خەونی دێرینەی ـ لاوك‌و حەیران ـ ی ئەم
وڵاتەتان هێنابووە دی!
ـ تەنها زەردەخەنەی لێوی
ئەم ڕۆژەمان هەر ئەوەیە!
تەنهاترووسكەی چاوانی
ئەم شەوەمان هەر ئەوەیە!

ـ ئەم تەم‌و مژە ئەستوورە

تاریکە، تاریکە، تاریکە!

ـ بەڵام خۆت سەرمان ئەناسی

ئاگردانی چ ئاگرێکە

هەتاکوو مۆمی پەنجەیەك لەم تەمەدا داگیرسابێ

هەتا کونی هەناسەیەك ئا لەم ئاسمانەدا مابێ

ئێمە لێرەین

خۆتۆ خۆت چاومان ئەناسی.

هەر ڕێگەکانی "قەندیل"ین

تا بن بەردێ

تا جێ گۆڕێ

لێرە هەبێ، ئێمە لێرەین!

* * *

ـ ڕۆژباش داروبەردی وڵات ڕۆژباش!

شەوباش ئەی "مانگ"ی شەهیدم شەوباش!

کلاوکورەیەکم نامۆ! بۆ هەڵەبجە، بۆ بادینان،

بۆ ئەو، بۆ تۆ

لەم کۆتەڵ‌و کۆستانەدا.. ئا لەم ژەهر بارانەدا،

من لێرەوە

لە باڵەفڕێی گریانێ بەوەولاتر چیم لەدەست دێ!

تەماشاکەن! قەڵەمم برژانگی تەڕو

گەرووی وشەکانم نووساو،

من لێرەوە، لەهۆنینەوەی پرچی خەم بەولاوەتر،
لەلاواندنەوەی شەوانەی خەو زڕاوم بەولاوەتر
چیم لەدەست دێ.
ئەوە هەر دوو نیگاکانم
وەك دووكانیی بناری تۆن.
ئەوە سەرم هەر وەكوو پەڵە هەورێكی ئاسمانی تۆن.
من لێرەوە
لەخەو بینین، لە ئاوڕدانەوەی ئەسرین
لەپەنگ خواردنەوەی هەنسكم بەولاوەتر
چیم لەدەست دێ.
لەم بیابانی گیانەدا
لێرە كێ گوێ لەشیعر ئەگرێ!
نەك هەر نەهەنگە گەورەكان
لەناو دنیای ڕەوشت لەگرێ ژەنەچووی
شەرواڵ كەسیفی ئەمڕۆدا.. لێرەو لەوێ
لە جیهانی ئاڵو گۆڕی نەوتو خوێندا.. لەم لاو لەو لا
كێ گوێ لەقیژەو زریكەی مێژووم ئەگرێ.
ئەم دنیایە هەمووی قەپاتمەی زل هێزەو
كێ گوێ لە هەڵەبجە ئەگرێ!
نەك هەر نەهەنگە گەورەكان
لە جیهانی سوزەنكاویی ئەمڕۆدا
هەتا برینی ژێر چەقۆی وەك خۆم هەیە

لێرەو لەوێ
شێوەی ئازارو فرمێسکمان لەیەك ئەچێ
پشتی ڕێ ڕێ بووی هەردووکمان لەیەك ئەچێ
ئەویش وەك من ئاوازێکی ئاوارەیەو
بۆ عەشقی خاك.. بۆ عەشقی ئاو
شیعری وەك قەقنەس ئەسووتێ.
کەچی.. کەچی.. کەچی
کە دێتە سەر سووتانی من
بۆ ناوهێنانێکی شاری شەهیدی من
وەك کیسەڵ ملی ئەباتە قاوغەوەو
ئەبێ بە کورسیەکەی ژێریو
بێ دەنگ.. بێ دەنگ.. بێ دەنگ ئەبێ!

* * *

ـ بەیانیت باش کاکە ئازاد بەیانیت باش!
ئەی ئیستاکە لەگەڵ پایزی عاشقی ئەم کوردەدا
دوا مەنزڵت بردۆتە کام تازە هەوار؟!
ئەی برینە ڕەوەندەکە!
بەم باڕێزەو بەفرانبارە، لە کام هۆبەی ئەوینی تۆ؟
لە دەوری کام کڵپەی ئاگر
وەك هەڵۆی تەڕ ڕاوەستاویو
هاڵاو لەبەژنت هەڵ ئەسێ؟!
لە "لێوژە"یت

یان لە دوندی "کونەکۆتر"؟
لەگەڵ کۆڵە پشتو تارو چەکەکەتا
شۆڕشت بردۆتە کام شاخ؟
ئیستە لەکوێ؟ لەپەنا کام گاشە بەردا
ڕواویتو بووی بە گێلاخ !
کام ڕەنگی پەڵکە ڕەنگینەی
سەروبەستی چیاکانی؟
سەوزی؟
زەردی؟
نارنجیت یان هەر سوورێکی ئاودامانی؟!
ئەبێ ئیستە تۆ چنوری کام کاروانی هەورامان بی؟
بووبی بە کام کۆترە شینکەی سەر پلەی بەرز؟
ئەبێ ئیستا لەبەر بەرۆچکەی هەتاوی
گوێ ئاواندا
لەگەڵ کام شەهیدا بدوێی؟
لەگەڵ کامیان دانیشتبی؟
لەم تەمو مژە چڕەدا
لەم شەوە تارومارەدا
من ئەزانم تۆ ئیستاکە
لایتی دەستی پێشمەرگەی گەرمیانی!
من ئەزانم تۆ بەیانیان زوو شەبەقی لە کەرکوکدا
کولێرەی گەرمی سەردەستی

دایکێکی تازە ڕەشپۆشی!
ئێوارانیش تۆ تیرێژی
لاکسی تیشکی مژدەیەکی
شاقوڵی بەرەو زیندانی!
من ئەزانم تۆ ئیستاکە نیگای قەڵەمی
سەر ڕێگەی گوڵ ئەستێرەی شیعری شاری!
وا گوێم لێیە
ئەی برینە ڕەوەندەکە
لەدەربەندا بووی بە قاسپە
لە ناو چەمدا بووی بە هاژە
لە زیندانا بووی بە چرپە
لە بێشەدا بووی بە وژە!
بۆت ناگەڕێم,
ئەی درەختە ڕەوەندەکە، بۆت ناگەڕێم!
کە تۆ هاتی
تەم توومان بوو، دوای تۆفان بوو
کە تۆ هاتی، وەختێ گەیشتیتە قۆپی
وەختێ یەکەم داربەڕومان بەخێرهاتنی لێ کردی
تۆ ئەو دەمە
زۆر بچووك بووی
لە "دوانزە تیر" هەر تۆزێ هەڵکشاوتر بووی.
بەڵام وەختێ ئەی ئەوینە ڕەوەندەکە

باڵت گرتو" کونەکۆتر"ت بەجێ هێشت

قۆڵ لەقۆڵدا

بەجووت لەگەڵ پەری خانی مێژوماندا

تیژڕەو ڕۆشتی!

چاوم لێ بوو، کە ئەمجارە

بەبەرزایی

سنەوبەرێ دوو سنەوبەر

تۆ لە "قەندیل" بەرزتر بووی!.

بۆت ناگەڕێم، بۆ بگەڕێم؟! کەتۆ ئیستە

هەر ئەوەندەی:

دووریی نێوان فرمێسكو ژووری گلێنەم

دووریی نێوان قەڵەمو سەرلقی پەنجەم

دووریی نێوان سیەکانمو هەناسەم

لەمن دووربی!

بۆ بگەڕێم؟! بۆت ناگەڕێم!

ئەی عاشقە نەمرەکە!

ستۆکهۆڵم 1988/12/20

## ژەهر

ـ 1ـ

بەرەو کوێ ڕەو ئەکاو؟ بەرەو کوێ مل ئەنێ

کاروانی ئەم گریەو کۆتەڵە؟!

ئەم کۆستە لە کوێدا تروشکە ئەکاتو؟

لە کوێدا سەر ئەنێ بە سەری وەرزێکی ترەوە

ئەم کلێپەو دووکەڵە؟!

مارت وایە! مانگێکە فەرهاد کوژ!.

مانگێکە لە چاڵی سەرڕێژی" سیو یەکەی"

ڕۆژگارو شەوگاری سینەیدا

زوخاوی هەر هەموو ساڵەکەی تێدایە!.

ـ دووچاوی بایەقوش

لەچاوی پەنجەرەی ئەم مانگە ناتروکێ!

ـ ئەی پەپووی هەڵنیشتووی

سەر بەختی کۆتەرەو سوتماکم هەڵفڕە

هەڵفڕەو هیچ نەبێ بۆ ساتێ کاولاشی

ئەم لەشە زوخاڵەم جێ بێڵە!

ـ مانگی شووم: هێلانەی داری زڕ وڵاتیو

هەوای کوێر هاودەمی‌و
خۆڵەمێش بەرووبووم.
مانگی شووم.
مانگی شووم.
مانگی شووم.

* * *

سەرەتای هەتاوبوو، سەرەتای پێکەنین
بەیانیی دەستی خۆی وەك دایکم
دایە دەست برینم!
سەرەتای گزنگ بوو، سەرەتای پشکوتن
کێوەکان لە قژو لە ڕیشی "مەولەوی"
تاجێکیان بۆ چنیم، کردمە سەر برینم.
بووکێنیی بەهاربوو
بووکێنیی گۆرانیی
بووکێنیی هەموو شت
ئەوەندەو لە پڕدا، گرمەیەك، دووکەڵێ.
ئەوەندەو بۆنێك‌و کپ بوونێ.
ئەوەندەو هەموو شت بوون بە بەرد.
ئەوەندەو خوا لاڵ بوو.
ئەوەندەو مێژوویەك لاربۆوەو لەسەردەم
کەوتە سەر زەمینی شەهیدم!.
ـ ئەوێریی؟ لەبەردەم ئەم تەرمی "خەزاڵ"ی خۆرەدا

بوەستیو سەیری کەیت؟!
چاوی تۆیش وەك چاوی "کاکە لاس" نامەیێ؟
ئەوێریی لەبەردەم ئەم تەرمی شارەدا
بوەستیو سەیری کەیت؟!
وەکوو ئەو ڕەق نابێ باڵای تۆیش؟!
ئەوێریی تەماشای مێژووکەیت
کەوتبێو چاوی زەق؟ ئەوێریی؟
زات ئەکەیت بچیتە کیشوەری مەرگەوە؟
زات ئەکەیت باوەشی پێدا کەیت؟
ـ ئەلەرزم.. ئەلەرزم.. ئەلەرزم!
ناوێرم بڕوانمە ئەو نووره شەهیدەی
کە لەسەر تەوێڵی "مەولەوی" کەوتووەو
دووچاوی کۆچێکی بێ وادەم تێ ئەبڕێ!
ئەلەرزم.. ئەلەرزم!
من بوومەلەرزەی خاك.. گرتوومیو
وەکوو حاڵ، عەشقی ئەو ئەمگرێ!

* * *

ئەم هەموو کۆستانە لە کوێدا دابنێم؟
گلۆڵەی ئەم هەموو ژانانە لە چیدا هەڵگرم؟
ئەم زەنگی زریکەو ڤیژانە بەرمە کوێ؟
پلێڵەی ئەم هەموو فرمێسکە؟
گەردانەی ئەم هەموو هەنیسکە

به چیدا هەڵواسم؟
من بەچی بەستەکی ئەم هەموو ژانانە شەتەك دەم؟
جانتای شاخ سیخناخە!
بوخچەی هەرد نایگرێ!
پریاسکەی پێ دەشتیش شیتاڵە!
لەکوێدا دایان نێم؟ سەیرکە:
ئەم هەموو بارانە کوژراوە.
ئەم هەموو شەپۆلە خنکاوە.
ئەم هەموو ئەستێرە پژاوە.
لەکوێدا بنێژم؟
چ خوایەك دەست دێنێو ئەم سەرە بڕراوەم هەڵگرێو
بیخاتە کۆشیەوەو، ڕەگ بە ڕەگ،
خوێن بە خوێن , ژێ بە ژێ بیدوێنێ؟!
ـ دێوەکان ئەمجارەیش خۆرێکی دایکمیان لەبار برد!.
دێوەکان ئەمجارە لە فڕگەی هەر هەموو دنیاوە
لە فڕگەی نەوتەوە.. لە فڕگەی سنگمەوە
فڕینو هاتنو بارانی
دۆزەخیان بەسەردا بارانم.
هاتنو تاعوونی هەوایان بەردایە ئاسمانم.
هەناسەی سینەمیان کلیل دا
بە ژەهر سواغیان دا.
دێوەکان!

دێوەکان!

دێوەکان!

ـ تا هەوا نەبوو بوو بە کێڵگەی ژەهراویی ئاسمانم.

هەتا ئەو نەچووبووە هەناسەی پێ دەشتو چیاوە.

هەتاکوو دێوەکان ئاسمانی کیمیای

خۆیانیان ڕانەگواست بۆ سەرمن،

هەناسەی خنکاومیان نەدابوو بە بەغدا

تا سەری خۆیانیان بۆ نەکرد بە کارگە.

تفەنگی تاکە باڵ، سەنگەری بە پێوە وەستاوم

ئازایی ئەم خوێنە بێکەسەم

هەموو ڕۆژ لەو چیاو دۆڵەدا

وەك چەقەڵ مردنیان ڕاوئەنا!

ـ کە زەمین ئەکوژرێ!

کە ئاسمان ئەکوژرێ!

ـ ئەڵێی چی؟ ئەی عەشقی سەرگەردان..

ئەڵێی چی؟! چۆن زەویی ئەکوژرێ؟

سكوزای ئاسمان چۆن لە بوونی پرشنگو

ئەستێرەی تازەتر ئەکەوێ؟

بایەقووش! مانگی شووم!.

ترسی تۆ

لە تەمە گومانی بەرچاوتا

لێڵو پێڵ، وێنەیان ئەکێشێ

ئاورێ بەرەوە:
ئەوەتا دوای ژەهریش تاك.. تاكە
سمۆرەی سەرداران دێنەوەو
لەبەردا، خەمی‌تر ئەپشکوێ!.

ـ 2 ـ

گۆڕستانی ئەم مێژووە
دارستانی بەردەکێلی، بێشەی فرمێسكو هەناسەی
قەت ئەمەندە چڕ نەبووە.
بە درێژایی ئازارو بە پانایی دەربەدەری‌و
بە ئەستووری چەوسانەوەو بە قوڵایی نائومێدیی
قەت ئەوەندە ئەم نەخشەیە
ئەم سیما پەراگەندەیە
چاوی کزو جەستەی ئاوا سڕ نەبووە.
ئەم مەلانە
قەت ئەوەندە
باڵی ئاسمانیان نەکراوە.
ئەم ئەسپانە
قەت ئەوەندە کوڕژنیان زیندان نەکراوە.
ئەم بەردانە
قەت ئەوەندە
پێی نەیاریان پیا نەنراوە.

ڕێ نەبوو. پرد نەبوو. دەس نەبوو. کون نەبوو.
نەفریشتەو نەپەریو نە ئاهورامزداو
نەخواکانیی کۆنو تازە.. هیچیان نەبوون
هەرخۆمو خۆم
خۆمو دارو خۆم بەردو
خۆمو ژانو خۆشەویستیم.
ـ ئەبوایە هەر شیری لوتکەم
لە کێلانی ئەم زامانە هەڵکێشایە.
بەردم وتی:
من نامەوێ بە چیچکانەوە وردم کەن.
ئاوم ئەی وت:
من نامەوێ بە نوستوویی سەرم ببڕن.
باڵدارەکانم ئەیان وت:
نامانەوێ بە هەڵکوڕماویی ڕاومان کەن.
چەکەکانیشم ئەیان وت:
ئێمەیش نامانەوێ سەربەرەوخوار بژین.
ـ ئەم چیرۆکە:
بەر لە زاووزێ کردنی ژەهر
بەر لەدڵ تێکەڵهاتنی هەورو ئاسمان
بەر لە بۆنکردنی چیا.
بەر لەوەی کە:
کفن دزانی "مەولەوی"

مناره كورته باڵاكان
زۆڵه گولله..
به مردوویی بازنی دەستو موستیلەی
"عەنبەر خاتوون" دابکەنن.
به مردوویی نقێمی چاوی هەڵەبجه دەربهێنن.
به مردوویی لاقەی مانگی کوژراو بکەن!.
ئەو چیرۆکه خوێناو خوێن ئەگێڕرایەوه
ئەو داستانه ژان بەژان ئەنوسرایەوه.

* * *

خوێن شایەتمه: ئاو شایەتمه، نان شایەتمه:
سەنگەرەکەم له پێش خۆمدا شەهید ئەبوو
ڕام نەئەکرد.
تفەنگەکەم، مەتارەکەم له پێش خۆمدا
له تینۆتیدا ئەخنکان.
ڕام نەئەکرد.
نانەوردەی بن گیرفانم له پێش خۆمدا
له برسانا ئەمردنو ڕام نەئەکرد.

* * *

قیمەکێشی سەر ئەم لەشه هەر که زانیی
من خەریکم ئەو کول ئەکەم!.
سێدارەکەم، کاتێ زانیی
من خەریکم ئەیخنکێنم!.

پێوەندەکەم کاتێ زانیی من خەریکم
پێوەندی کەم!.
زیندانەکەم، وەختێ زانی، من خەریکم
ئەو حەپس کەم!.
جەللادەکەم وەختێ زانیی:
زام لە دوای زام
سەنگەر لەدوای سەنگەر وەکوو:
لاسکی لاولاو خێرا خێرا باڵا ئەکەم.
دڵۆپ دڵۆپ وەکوو تێزاب دائەدەمو کونی ئەکەم.
بووم بە گڕو بست لە دوای بست
بەناو لەشیا ئەتەنمەوە.
وەختێ زانیی:
شەقام شەقام، کۆڵان کۆڵانو ماڵ بەماڵ
بووم بە گڵۆپ
بووم بە چەترو، بووم بە گەنمو
بووم بە بێشکەو
شیری منداڵ.
ئەوسا ئیتر هەوای ژەهراوی قەرز کرد.
لە عەمباری دێوەکاندا
ئاسمانی پێش چل ساڵێکی
"هێرۆشیما"ی کڕیو.. بار کرد
نەفەس.. نەفەس

لەسەر سەرم
بەرەڵڵای کرد.
خەزانی بەرد
خەزانی ئاو
خەزانی گیان.. دەستیان پێکرد!

* * *

ئەمە سەرەتاو کۆتایی مێژوویەکیتری شاخ بوو
ئەمە دۆزەخێکی دیکەی
عەشقی شیرینو فەرهاد بوو.
ئەمە پەندی وەرچەرخانەوەی ڕووبار بوو
جارێکی تر بۆ سەرچاوە
ئەمە پەندی گەڕانەوەی هەزاران هەنگاوی دوێ بوو
بۆ سەرەتای ڕێیەکی تر
ئەمە پەندی  کوژانەوەی ئاگرێ بوو
بۆ دیسان هەڵگیرسانەوەی
زۆر ئاگرو مەشخەڵی تر.
ـ ئەی تۆ چیت کرد؟!
ـ ئەگەر هەموو خواوەندەکان
بەخۆیانو باوبۆرانو خۆریانەوە
بە ئەسپی باڵداریانەوە
لە بەیانیی ئەو ڕۆژەدا
لە "شێخ وەسانان" بوونایە

چۆن زۆرانیان لەگەڵ هەوای زەردا ئەگرت؟
چۆن باوەشیان بەناوقەدی ژەهرا ئەکرد؟!
ـ ئەگەر هەموو پێغەمبەران
پێشمەرگەی ئێمە بوونایە
لەبەیانیی ئەو ڕۆژەدا
لە "هەڵەبجە"و "گەلی بازێ"دا بوونایە
چییان ئەکرد؟
ـ وتمان: کرم. وتمان: کوللە. وتمان: چەقەڵ!.
ـ قەدی ئەم دار گوێزە پیرەی خاکم
لق‌و پەلی، گەڵای چڕی
بەبێ کرم‌و پواز ئەبن؟!
ئەم دەغڵ و دانی مێژووە
دەشتی ئەم لەشە تینووە
بەرگی بەری ئەم شاخانە
چۆن بێ کوللەو بێ مۆرانەو خۆرە ئەبن!
گوێ چەمی ئەم شۆڕشە دووردرێژە
کەلاوەی ئەم ئازارە داڕوخاوانە
قامیشەڵانی ئەم هەموو کارەساتە
چۆن بێ چەقەڵ، چۆن بێ پەپوو
چۆن بێ مارومێرو ئەبن!
ئەو کرمە هاووڵاتیانە
ئەو کوللە هاوزمانانە

ئەو چەقەڵە هاوڕەگەزو هاوخوێنانە!
لە داری تری دنیادا
لە دەغڵی مێژووی دنیادا
لە چەمی خوێنی دنیادا
بە ژمارە
لە کرمی دارگوێزەکەی من
لە کوللەی دەغڵی مێژووی من
لە چەقەڵێ ناوچەمی من
زیاتر بووبن، کەمتر نەبوون.

* * *

گەر گیرفانی نەوتت هەیە.
گەر گیرفانی گازت هەیە.
با جرج بی
با مشك بی
با کرم بی
وەك سابرێنە شێخەکانی دوورگەی عەرەب
ئەتوانی سمێڵیشێری هەموو دنیا بۆخۆت بکڕی
گەر گیرفانی نەوتت هەیە
گەر گیرفانی گازت هەیە
لەجێی خۆتەوە ئەتوانی دەست بەریتو
لەسەر ئاڵای ڕۆژئاواوە
ئەستێرە داگریو بیکڕی.

خۆت نەچیتو بە تەلەفۆن
لەناو سەری ڕۆژهەڵاتدا
چەند ژوورت ویست، بەکرێی بگری.
گەر گیرفانی نەوتت هەیە
گەر گیرفانی گازت هەیە
ئەتوانی قوڕگی "ماو" بکڕی
پێکەنینی "کاسترۆ" بکڕی
دەستو پەنجەی "میتران" بکڕی
هەر دوو مەمکی "تاتشەر" بکڕی!

* * *

ئەوینی ئێمەو سەربەستی.
سەری ئێمەو ئەم بەردانە.
نێوان ئێمەو ئەم ژانانە.
پەیوەندیمان لەگەڵ هەورا
خۆزگەمان لەگەڵ بارانا.
هاتوچۆمان لەگەڵ هەموو ئازارێکی نێو جیهانا
لە زووەوە کەوتوونە ڕێ
لە زووەوە ئەم مێژووە ڕائەهێنین.
لە زووەوە سنگی ئێمەو سەری سونگی یەك ئەناسین.
گوللەتۆپو کاسەی سەرمان
پەتی سێدارەو گەردنمان یەك ئەناسن.
لە (میك)ی بیستویەکەوە، زۆر بەرزتر

شەهیدانمان، حەزیان بە فڕینی گیانی
بەرەو ئازادیی کردووە.
لە بۆمبای فسفۆڕیەوە
ئەم ئەستێرەی برینانە
بەردەوام ئەدرەوشێنەوە.
لە بۆمبای "عنقودی" یەوە
ئەم خاکە هەر هێشوو، هێشوو شەهید ئەگرێ.
لە بۆمبای" ناپاڵم"ەوە، ئەم عەشقە
هەر قووڵم ئەکاو ئاوی تازەم لێدەردێنێ.

* * *

ئەم زەمینە باڵۆنێکە لای دێوە سیحربازەکان.
بیانەوێ فوو ئەکەنە دەشتەکانیو ئەیئاوسێنن.
نەیانەوێ کێوانی فش ئەکەنەوە!.
بیانەوێ دەمامکێ ئەکەنە سەر گوێدرێژێو
ئەیکەن بە ئەسپ
نەیانەوێ ئەسپێ ئەکەن بە گوێ درێژ.
بیانەوێ تف ئەکەنە جۆگەی وشكو
ئەیکەن بە زێ.
نەیانەوێ ڕوباریش وشك ئەکەنەوە
هتدد.. هتدد.. هتدد.
ئەم زەمینە باڵۆنێکە لای دێوە سیحربازەکان
ئەم دێوانە

گیرفانیان قیبلەنمایە
قیبلەنما ئەگەڕێنو وەرئەچەرخێن
لەهەرکوێ بن ڕوو ئەکەنە قیبلەی خۆیان
ڕوو ئەکەنە بانقو بازاڕ
چاو ئەبڕنە چاوی زێڕو
دەس ئەکەنە ملی دینار
قیبلەنما ڕووی لە کوێ بێ، داد لەوێیە
ماف لەوێیە، چارەنووسی عەردوو ئاسمان
هەر لەوێیە!
با ئەو دادە لەسەر کورسی ئێسکی مێژووم دانیشتبێ.
با ئەو مافە بە ڕمی خۆی کەللەسەرمی هەڵگرتبێ.
با ئەوبانقە سەرچاوەکەی خوێنی من بێ.
ئەو بازاڕە چاوی منو پەنجەی منو
هەناسەمی تیا بفرۆشرێ.
ئەو مەزاتەیش شاخو بەهارو بارانو
هەتاومی تیا مەزات کرێ!.
ـ چاوەڕوانی دابەزینی کام خواوەندو
هەڵکردنی کام زریانی ژەهر کوژی
ئەفسانە بین؟!
چاوەڕوانی موجیزەی کام فریشتە بین؟!
پاڵکەوینو چاوەڕوانی
کفنو گۆڕو دارەمەیتی

ئاینده کەین؟
لەناو ئەشکەوتی گریاندا بە دیار تەرمی
خۆمانەوە هەڵتروشکێین؟!
بۆ کوێ بڕۆین؟!
ـ سەرمان ، سەرمان، سەرمان، سەرمان!
ئەبێ ئەم سەرە گەنیوە، لەخۆمان دووربخەینەوە
بیگۆڕین و سەرێکی نوێی لەجێ دانێین.
ئەبێ خێرا
ئەم قۆریە ڕزیوەی سەرمان فڕێ بدەین
چیتر کەڵکی بەکارهێنانی نەماوە.
ئائەم کاڵەکە تەپیوە
ئەبێ هەتا دەستمان ئەگات تووڕی هەڵدەین
چیتر سوودی تیا نەماوە.
ئەبێ ئەم سەرە، ئەم گلۆپە سوتاوە داگرین و
وای فڕێ دەین، لە دوایدا
وردە شووشەکانی. نەچن بەپێی منداڵەکانماندا!.
ئەبێ ئەم سەرە بگۆڕین
ئەبێ هەر خۆیشمان بیگۆڕین.
سەرێکی نوێی لەجێ دانێین.
سەرێکی پاك، ڕوو لەهەتاو،
هەزار پەنجەرەی تێدابێ.
سەرێ هەموو کانی و زەریاو درەختێکی

کوردستانو ئەم جیهانەی لەناودابێ.
سەرێ وەکوو حەوزێکی ڕوون
با هەزاران جۆرە ماسیی
ڕەنگاوڕەنگی لەناودابێ.
سەرێ هەموو مۆمێکی تیا داگیرسێنین.
سەرێ هەموو گوڵێکی تێدا بڕوێنین.
سەرێ تەنها نەیکەین بە مەشجەبی تفەنگ
بەتاوسی لەخۆبایی.
سەرمان، سەرمان، سەرمان، سەرمان
ئەبێ ئەم سەرە بگۆڕین، سەرێکی نوێی لەجێدانێین.

بەهاری/1989

# ئاوێنە بچکۆلەکان

1986

گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە
کە لە ژێر سێبەری توتڕکا خامۆش
**گۆران**

# خۆرنشین

ئێوارەو
دڵۆپ
دڵۆپ
ئەتکێمە سەر خۆرنشینی
غەریبیی خۆم..
ئەی خۆرنشین!
مەڕۆ! چونکە
تا سبەینێ
هەتا ئێوارە.. دێیتەوە
بەشوێن تۆدا وشەکانم
یەك
یەك
ئەگرین
ئەی خۆرنشین!.

1975

# پاش وەخت

درەنگ.. درەنگ.. تێگەیشتم
من دەمێك بوو وەك "كاربۆن"ی
ژێر قسەكانی تۆ وابووم
هەرـ دەركردنەوەـ م لەسەربووا
درەنگ.. درەنگ ئەوەم زانی
ئەو ڕووەی تۆ ئەتدا بەمن
وەك پولی پۆستەیەك وابوو
لەخەڵكی كەت ئەكردەوەو
ئەدنا لەمن
درەنگ.. درەنگ.. تێگەیشتما

1975

# ناسین

وەك كتێبێ تۆم هەڵبژارد
كە گرتمی بە دەستمەوەو
كەوتمە هەڵدانەوەی ناخت
یەك.. یەك
پەڕەی دڵتم ژمارد
ئەوسا زانیم كتێبێ بووی
نەك لەشوێنێكو دوو شوێندا
لە دەیان شوێندا پەڕیبووی!

1975

# خەنجەر

ئەزانم بەفر کوژەکان!
خۆشەویستیی ئێوەم بۆ ئەکەن بە خەنجەر
تا لە کێلانی گەروومی هەڵچەقێنن
بەڵام ئەوسایش
من مشتووی ئەو
خەنجەرەتان ماچ ئەکەمو
ئینجا چاوم لەناو بەفری
ئەوینتانا ئەچێتە خەو!

1975

# مقەست

لەناو شارەکەی "مەم"ی بۆتاندا
لەچەقی ڕێگەی دێرپێکدا.. ڕۆژێ
وشەیەك کەوتو
نەیتوانی بفڕێ!
وەختێ مقەستێ هاتو دەنووکی
مەلی حەرفێکی دەنگخۆشی ئەوی
لەبندا قرتان!
رۆژهاتو ڕۆیی‌و هەر هەمان مقەست
لەژێر هەرەسی کتێبدا تاسا
چونکە دەمێ بوو
لافاوی ڕقی
هەزاران ووشەی
لەخۆی هەڵئەستان!

1976

# دوا ووشه

ئەگەر "با" شنەی هەناسەکانی
لەسنگی بڕیو
دەمو چاوی خۆی
لە ڕێبوارانی دنیا شاردەوە!
ئەگەر "ئاو" چاوی شەپۆلی لێکناو
لە نیوەی ڕێدا
ماندوو بوو وەستاو
بەرەو سەرچاوەی دیسان هاتەوە.
ئەگەر "باڵندە"
باڵی کلیل کرد
ویستی فڕینی وەك دەزوو لەسەر
دەنووكو ملی هەڵبکاتەوە
ئەگەر درەختێ
زەمینی جێ هێشت.
ئەگەر بارانیش
ئەو بڕیارەی دا

له وەرزی خۆیدا دانەکاتەوە..
بڕیار بێ منیش
سەری وشەی خۆم هەڵبکەنم‌و
نەهێڵم شیعرم دەم بکاتەوە!

1977

# پەند

زۆر شت هەن، ژەنگ هەڵدێنن‌و
بیر ئەچنەوەو
دواییش ئەمرن
وەکوو تاج‌و
سەوڵەجان‌و
تەختی ژێر پێی پادشاکان!
زۆر شتی تری دنیاش هەن
نارزێن‌و
بیر ناچنەوەو
هەرگیز نامرن
وەکوو شەپقەو
گۆچانەکەو
پێڵاوەکەی
"شارڵی شاپڵن"

1978

# 27 جار

بۆ "بێکەس"ی باوکو نیشتمان پەروەر

ئەگێڕنەوە..
ئەڵێن هەموو ساڵێ جارێك
بە ئاسمانی گردەکەی "مامەیارە"وە
خەڵکی هەڵۆیەك ئەبینن
بەرز.. بەرز ئەفڕێ
بیستو حەوت جار خول ئەخواتو
ئەوسا لەسەر
کارێزەکەی "وەستا شەریف"
لەنگەر ئەگرێ
دیسانەوە بیستو حەوت جار
باڵەکانی لەیەك ئەداو
گوێیان لێیە شتێك ئەڵێ..
ئەگێڕنەوە..
ئەڵێن هەموو ساڵێ جارێك
بەدامێنی گردەکەی مامەیارەوە

چاويان لێيه: جرجێكی ڕەش
له كونێكی تاريكەوه
بيستو حەوت جار سەر دەردێنێو
چاوی هەڵۆ ئەيكاتەوه
بەناو كونداو
ئەيتۆقێنێ
خەڵكی ئەڵێن: هەڵۆی پيرۆز
ڕۆحی بەفرينی "بێكەس"ەو
جرجيش "ئەدمۆنز"

1978

# مشار

مشارێك.. دوو
دەسكی هەبوو
دوو دارکەنی ماڵی ئیمام
دەستیان دایەو
کەوتنە وێزەی پیرە داریٚ
وەختیٚ درەخت
بەلادا هات
بەدەم ڕێوە
لەسەر مشار کردیانە شەڕ!
هەر بەپێوە
ئەم دەسکێکیو ئەو دەسکێکی
ڕائەکێشا
هەتا ناوقەدی یەکتریان
پیٚ بڕێوە.

ئەیلولی/ 1979

# ســـــەر

لەپەنجەرەی ژوورێکەوە
کچێکی جوان..
لە پەرژینی باخێکەوە
باوەشێ گوڵ..
لە گیرفانی
کراسەکەی منیشەوە
قەڵەمەکەم
سەریان هێنایە دەرەوە
کچەکە بۆ
دڵخوازەکەی
گوڵەکان بۆ
منداڵەکان
قەڵەمەکەیشم بۆ شیعرێ
تا پێکەوە
وێنەی هەر هەموویان بگرێ!

1979

# تاریکی

لەئێراندا
"مۆنالیزا"ی
تابلۆی هونەرمەندێ گریا
وەختێ ئیمام
بەزۆر پەچەی پێگرتەوەو
جبەکەی خۆی
دا بە سەریا!

تشرینی یەکەمی/ 1979

# وێنەیەك

چوار منداڵی..
تورك‌و فارس‌و
عەرەب‌و كورد
بەهەر چواریان
وێنەی پیاوێكیان دروست كرد
یەكەم: سەری
دووەم: دەستی
سێیەم: لەشی‌و قاچەكانی
چوارەم: چەكی
كردە شانی!

تشرینی دووەمی 1979

# هاوڕێ

سەرەتای هەموو پایزێ
وەختێ پۆل پۆل ئەو مەلانەی
بەدوای عەشقی گەرمەسێردا
ڕووەو باشوور کۆچ ئەکەنو
جێمان دێڵن.
ئەو.. رۆژانە
لەناو باخچەی ئاژەڵەکانی باکوردا
سەرنج بدەن.
ئەبینن وا ئاوەڵی ئەو باڵندانە
زیندانیەکان
زیزو ماتن
چاوی بەفرمێسك هەڵئەبڕن
لە عەزرەتا سنگی خۆیان
بە باشووری
هێلانەو شیشی قەفەزی

باخچەکەوە ئەنووسێنن.
ئەو.. ڕۆژانە
گوێ ڕابگرن گوێتان لێیە
ئەو ئاوەڵە زیندانیانە
بەبێ وچان بۆ درەختی
گەرمە سێری دوور ئەخوێنن!

1980

# هەڵۆێست

سێبەری گەڵای دارتوویەك.. كشایەوە
وەختێ زانی ئەو ڕێبوارەی
وا بە پەلە خۆی ئەكوتێ
بۆ پشوودان لە سایەی دا
لە هەڵدێرەكەی ئەو دیودا
دوو سێ نەمامی سەربڕی!
مانگ تریفەی كوژانەوە
وەختێ زانی لەبەر ئەودا
تۆڕ بۆ گرتنی گزنگی
سبەی بەیانیی ئەچنرێ!
كلیلێ خۆی
لەكونی قفلا عاسی كرد
كە هەستی كرد ئەیانەوێ
چرایەك بێننە دەرەوە..
بیخنكێنن!

ڕێگایەك پاسدارەکانی
یەك.. یەك، وێڵ کرد
وەختێ زانی ئەچن بۆ ئەوێ
باخچەیەك، بە دیل بگرن
نامەیەکیش خۆی لەزەرفەکەیدا
دڕان
وەختێ زانی
هەواڵی ـ ئیعدام کردنی ـ
هەڵبەستێکی لەناودایە
بۆ مەهابادی لەیلایە!

1980/5/30

## شایەت

کوشتیان..
"با" هاتو "بەدلە"کەی
لەبەر داکەند.
باران: شتی.
ڕووبار: بردی.
باخچە: ناشتی.
لەماڵەوە کە بەدلەکەیان هەڵواسی
"خەم"ە وردیلەکان دەستیان
بەگیرفانەکاندا گێڕا
گیرفانی یەکەم.. پێی وتن:
ئەوە پێنج شەش
"تمەن"ی ئەمڕۆی خوێن مژراو
گیرفانی دووەم پێی وتن:
ئەوە قوڵێ
جگەرەی قامیشی کوردیی.

گیرفانی سێیەم قیژاندیو
وتی: ئەوەیش
دوا وێنەی پەتی سێدارەو
ملی "قازی"!

حوزەیرانی/ 1980

# مانگو زەریا

زووتر.. زووتر
ئەم "مانگ"ە نا
مانگێکی تر هەبوو جوانتر
دەمو چاوی ئێجگار گەشتر
ئاو شێتی بوو، ئاو شەیدای بوو
هەموو شەوێ لە کەناردا
ئەهات ئەچوو بەتەمای بوو!
بەڵام مانگ لەو لووتەلابوو
زەریا ویستی بەفێڵ بیگرێ.
شەپۆل هەرچەند خۆی هەڵبڕی
دەمی نەگەیشتە ڕوومەتی.
مانگ بە ئەنقەست نازی ئەکرد
بۆ چاوشارکێ لەژێر چوخمەکانی هەورا
خۆی ون ئەکرد!
هەتا جارێ بەسەفەرێ
مانگ کۆچی کرد بۆ بیابان

تا چەند شەوێ نەهاتەوە
کە هاتەوە، تەپو تۆزو خۆڵی قاقر
لە دەمو چاوی نیشتبوو
تریفەی قژی خۆڵاویی
پۆشاکی زیوینی بەری
گەرد لێ نیشتوو.
ئەو کاتەی مانگ گەڕایەوە
ئاو نوستبوو.
مانگ بڕیاریدا خۆی بشوا
بە پەلە پەل
جلەکانی بەری داکەند
ڕووەو زەریا هەنگاوی نا
شڵەژا بوو
مانگ پێی لەسەر بەردێ دانا
بەرد زۆر لووس بوو
شڵپەیەك هات
مانگ خلیسکا
مانگ نوقم بوو.
زەریا وەك شێتو هار هەستا
بۆ مانگ گەڕا
سەری کردوو خواری کردوو
دەستی بەناو بنیا گێڕا

هەر چووە سەر

هەر هاتە خوار

مانگ هەر نەبوو

لەو شەوەوە هەڵچوونو داچوونی زەریا

لەدایك بوو!

# بەشكردن

ئێمە برسێتیمان بەشكرد
بۆ ئەوەی وەكوو یەك بخۆین.
ڕووتو قووتیمان دابەشكرد
بۆ ئەوەی وەك یەك بپۆشین.
ئێمە خوێنیشمان دابەشكرد
بۆ ئەوەی وەكوو یەك بمرین.
بەڵام ئەو وەختەی كە ترس
ئابڵووقەی داین
هاتە سەر ئەوەی برسێتیی بەین بە تێری
لای گەنم كوژ
ڕووتو قووتی بە پۆشتەیی لای كفن دز
خوێنمان بە بانقی مەركەزیی.
هەر هەندێكمان بڕیان پیاكرد.
بۆ یەكەم جار یەكسانیمان بۆ یەك نەویست
بۆ یەكەم جار وەك یەك نەبووین
لە مەیاندا، وەك یەك نەژیاین!.

1988

# ئازادی

لەناو هەناوی هەورەوە
مژدەی سەوز دائەباری
لەناو چاوی کانییەوە
ئاوی ژیان هەڵئەقوڵی
لەناو دەروونی شاخەوە
مەلی بەربەیان هەڵئەفڕی
لەناو برینی کێڵگەوە
گوڵەگەنم ئەهاتەدەر.
لەناو لوولەی چەکیشەوە
ڕێی ئازادیی!

1985

# خـــاك

دەستم برد بۆ چڵی دارێ
لەتاو ئازار لق داچڵەکی
کە دەستم برد بۆ لقەکە
ناوقەدی دار
کەوتە هاوار
کە باوەشم کرد بە قەد دا
خاك لەریەوە لەژێر پێم دا
بەرد ناڵاندی.
ئەمجارەیان کە دانەوییم
خۆڵم هەلگرت
گشت کوردستان زریکانی.

1985

# چریکە

بەیانی زوو کە هەتاو هات

لووتکەکانی لەخەوهەستان،

لەو کاتەدا من دەمێك بوو

مەلی شیعرێکی نەنووستووم

لە لووتکەوە هاتبۆوەو

بەبێ وچان

لەسەر بەفری

پەڕە کاغەزی بەردەمم

ئەیچریکان!

1985

# ئـــازار

ئەی ژنی تەنیاو غەمگینم
ئارامییشت وەکوو قژە خورماییەکەت
درێژ درێژ بکەرەوە
وەك هەر چواریان دڵو باوەش
بۆ هەژارییش بگرەرەوە
من ئەزانم چ شەوێکەو
دەرگا لەسەر نائومێدیی مەکەرەوە
لەگەڵ فرمێسك هەرگیز نەدوێن
دەبا ئازار بەردی ڕق بێ‌و
ئێوەش , ئەو پێنج گوڵە جوانەی
لەسەر تەوقەسەری ئەڕوێن!

1985

# نـــاپـــاك

هاوینێ بو، نیوه شەوێ

لەکەژێکدا داره بەنێ

که مانگ لەودیو کەل ئاوابوو

بەپێ دزکێ

خۆی دزیەوه

خۆی تەنیا بوو

نەیهێشت لقێ

یان ڕێبوارێ

کەس ببینێ

دارەبەنی چاوبەرەوژێر

پەنای بردە ماڵە تەورێ

تەور کردی بەپاسەوان

هەتا ئێشکی کۆشکی بگرێ

ڕۆژێ زستان

پیرە تەور زۆر سەرمای بوو

دارەبەنی لەت لەت کردوو

فڕێی دایە ناو ئاگردان.

1985

# قوربانیی

سێڵاوێ هات
تا گەیشتە پۆپەی دارێ
بە پۆپەوە هێلانەیەك بەجێ مابوو
دووسێ زەرِنەقووتەی تیا بوو
درەخت بەسنگ
شەرِی لەگەڵ ئاودا ئەکرد
هەرخۆی راگرت
هەتا ئێوارە داهاتو
دایکی بێچووەکان هاتەوە
وەختێ خنکا
ئەو دوا بێچوی ئەگواستەوە!

1985

# ئاوێنە

ئەو ئاوێنەیە کە شەهید
قژی لەبەر دائەهێنا
ئەویش گیرا
ئاوێنەی دیل
نەیزانی چۆن خۆی دەربازکا
ڕۆژێ تاوان لەگوێ چەمێ
ڕیشی تاشی
ئاوێنە سەری هەڵبڕی
"با" یەك ئەهات
یەکدوو چرپەی لەگەڵدا کرد
با خێراتر هەنگاوی نا
تا پاڵێکی بەمەوە نا
ئاوێنە خل بۆوە بۆ چەم
ئاو نەوەستا شەپۆل بردی
بۆ ئەو شوێنەی
چلەی شەهیدیان ئەگێڕا!

1985

# بڕیار

یەکەم دەرس
چوار ئەفەندی ڕەشتاڵەو دێز
هاتن "سیروان"یان دایە پێش
سیروان بوو بە بەردی بن گۆم
نەهاتەوە
جێگەکەی چۆڵ..
وەرزێکی تر یەکەم دەرس
کە مامۆستا هاتە ژووریَ
تەماشای کرد
پۆل کشومات
کە ئاوڕێکی دایەوە
لەسەر تەختەی ڕەش نوسرابوو:
ئەی مامۆستا
ئێمە ئیتر هەر هەموومان
لە ئیستەوە بووین بە "سیروان".

1985

# ئەنجام

ئەو زیندانەی
"مانگ" یان تیا کوشت
خۆر هات گرتی!
ئەو ڕووبارەی جۆگەی قووتدا
ئەویش زەریا
هەڵیلووشی!

1985

# ژیانم

دوو شت کەم خایەنە بزەی
دەم‌و لێویان
وان لەپێش چاو
خۆشیی من
خۆشیی پەپوولە
دوو شت خێرایە هەڵچوونیان
بە بڕشتە گەورە بوونیان
وان لە پێش چاو
باڵای خەمم
باڵای لاولاو.

1985

# عاشق

یەکەم جار بوو قامیشەڵان
قامیشێکی عاشقی خۆی لێ یاخی بێ
ئەم عاشقە باریکەلە ڕەنگ زەردەمان
دڵی بە "با"ی وەشتا چووبوو
قامیشەڵان وتیان نابێ و نەیاندایە
عاشقی شێتی بێ هەناو
وتی: ئەو تەنها لە لایە
ئێوەش هەمووتان لە لایە
ئەوەش دڵم!
قامیشەڵانی ڕق هەڵساو
بۆ سزادانی دڵداری چاو بە شەونم!
دار کونکەرەیان بۆ بانگ کرد
دارکونکەرەی دەنووک زۆر تیژ
پێنج شەش کونی کردە دڵو
لەشی قامیش

لەو ڕۆژەوە ئەو عاشقە
بوو بە شمشاڵ
لەو ڕۆژەوە زامی دڵدار
بە پەنجەی با
دێتە قسەو
گۆرانی بۆ دنیا ئەڵێ
هەتا ئیستا.

1985

# چەك

بۆ ئەوەی شاخ دڵی خۆش بێ.
درەختەكان بە "با" یان وت:
وەكوو شمشاڵ بیانژەنێ.
بۆ ئەوەی باخ وەڕس نەبێ
مەل بە چەم و ڕووباری وت
شەپۆل دەس گرێو پێ كەنێ.
هەتا شیعریش ئازاد بفڕێ
خاك بە چەكی پێشمەرگەی وت
گڕ لەم شەوگارە بەربداو
لە باوەشی خۆردا بمرێ!

1985

# پەستیی

وەکوو کەشتیی بن کون تێبوو
تەماشای ئەم
دڵەم ئەکەم
هەر ئاو ئەچێتە ناوێوەو
ئاو دەر ئەدەم
هەتا جامێ لە خەمی کۆن هەڵئەهێنجم
جامێکیتر، خەمی تازە لەجێیەتی
ئا ئەم کەشتیە شپرزەیە
نە ئەوەتا نوقم ببێ
نە ئەوەتایش لەم گەرداوی شەوگارەدا
لە ڕۆخێکدا لەنگەر بگرێ!

1985

# خۆشەویستیی

ولآت زۆرە لە کوردستان
شۆخ و شەنگ تر
خوێن گەرمتر
ولآت زۆرە لە کوردستان
چاوی گەشتر
ئێسك سوکتر
ولآت زۆرە لە کوردستان
قسە خۆشتر
دەس ڕەنگینتر
بەلآم ئەی کوردستانەکەم!
ولآت نییە هەرگیز لە تۆ
خۆشەویستر!

1985

# سەنگەر

هاوڕێکەم!
"تۆو"ێ گوێ ناگرێ لە کێلگە
ئەگەر سینەی خۆی نەداتێ
کێلگەش گوێ ناگرێ لە هەورێ
بۆی نەبارێ.
هەوریش گوێ ناگرێ لە "با"یەك
نەیگێڕێتو ڕای نەژەنێ
"با"یش گوێ ناگرێ لە دەربەندێ
گڤەگڤی نەوروژێنێ..
دەربەندیش گوێ لە شاخ ناگرێ
ئەم لاو ئەولای قایم نەگرێ!
هاوڕێکەم!
شاخیش بۆ گوێ لەتۆ بگرێ
گەر سەنگەری شەهیدێکیت پێ لێ نەدرێ!

1985

# گفتوگۆ

سلەیمانی وتی ئەگەر
ئیستە"شەهاب"م بژیایە
ڕەنگی گۆیژەم ئاڵتر ئەبوو.
کەرکوك وتی ئەگەر ئیستە
منیش"ئەنوەر"م بمایە
چاوی "بابە"م تیژتر ئەبوو.
هەولێر وتی ئەگەر ئیستە
منیش"ڕەنجبەر"م بژیایە
گوێچکەی قەڵام سوکتر ئەبوو.
کۆیە وتی ئەگەر ئیستە
منیش"جەعفەر"م بژیایە
چنارۆکم شەنگتر ئەبوو.
بادینانیش وتی ئەگەر
منیش"عەزۆ"کەم بمایە
ئیستە بێشەم چڕتر ئەبوو.

له دواییدا کوردستانم هەڵیدایە
وتی ئەگەر ئەوان هەموو بمانایە
من باڵام چۆن بکردایە؟!
ئەم ئاگرە چۆن لە گیانما
هەڵگیرسایە؟!

1985

# هێلانە

کۆمۆنیست نیم
بەڵام زۆر جار چاوم لێ یە
یەکە یەکە
هەندێ وشەی دایکەو باوکەم
وەك چۆلەکە
کە هێلانەی شەوگارێکیان لێ ئەشێوێ
هەڵئەفڕنو ئەیانەوێ
ئەو شەوانە
کاسکێتەکەی لینین بکەن
بە هێلانە!

1985

# ڕێگا

**ڕۆژێ زەمین بورکانی بوو**
**بورکانیش کوردستانی بوو**
**کوردستانیش کوڕی وەکوو**
**ئاراراتی لێ کەوتەوە..**
**ئاراراتیش کوردی لێ بوو**
**کوردیش دووانەی چەوسانەوەو تێکۆشانی**
**بەیەك سك بوو**
**لەو دووانەیەش**
**ڕێگای وەکوو"یلّماز گۆنای"لەدایك بوو.**

1985

# شۆڕش

شاخ وتی شۆڕش ڕووباره
جارێ تیژو جارێ خاوو
هەندێ جاریش بێ بواره.
ڕوبار وتی شۆڕش شاخه
جارێ لووتکەو جارێ گەورەو
هەندێ جاریش بن بناره.
درەخت وتی شۆڕش وەکوو دارستانه
جارێ ڕووتەو جارێ وشکەو
هەندێ جاریش چڕستانه.
ئەمجارەیان زەمین وتی:
ده بڵێن شۆڕش ژیانه
وەك سەری من چۆن بەدەوری
چاوی خۆردا ئەخولێتەوه
سەری ئەویش وا بەدەوری
چاوی گەلدا ئەخولێتەوەو
ئەوەی له کەسمان ڕوونەدا
نەوەستانه!.

1985

# شەونخوونی

لەو شەوەدا
لەو دۆڵەدا
چراکان کوژابوونەوە
تاقە چرایەك ئەسووتا
ئەویش چرای شاعیرێ بوو
بە دیار برینی نەنووستووی
شیعرێکەوە دانیشتبوو!

1985

# کوێر

بەرخۆلەکە
دوای گرمەیەك
دوای ڕۆشتنی فڕۆکەکە
دەمی گێڕا
نە گوانی بۆ بینرایەوەو
نە ڕانی بۆ دۆزرایەوەو
نە چووشەوە سەر ئاوەکە!

1985

# پێڵوو

که مانگ هەڵهات
یەکەم چەپکە تریفەی خۆی
پێشکەش بە لووتکەی بەرز کرد
لەپەناوە
کانییەك چاوی تێ بڕیو
داوای یەك ماچی لێ ئەکرد
لەبەر پەنجەرەی ژوورێکدا
نامەی دڵدارێکی بێدار
تکای مانەوەی لێ ئەکرد
لەپڕێکدا کە ئاوا بوو
چوون بۆی گەڕان
سەیریان کرد مانگ
لەناو شیعرێکدا نوستووە
خەمی کانیو نامەو لوتکەی
لە پێڵویدا هەڵگرتووە.

1985

# میرات

کە کەو ئەمرێ
دوای خۆی بۆ شاخ
چەند قاسپەیەك بەجێ دێڵێ.
کە هەنگ ئەمرێ
دوای خۆی بۆ باخ
هەندێ ماچی شیرین شیرین
بەجێ دێڵێ.
کە وەختێکیش تاوس ئەمرێ
دوای خۆی هەندێ تێلی ڕەنگین
بۆ ناو گوڵدان
بەجێ دێڵێ.
کە وەختێکیش ئاسك ئەمرێ
دوای خۆی مسك بەجێ دێڵێ.
هەرکاتێکیش کە من مردم
دوای خۆم بۆ ئێوەو کوردستان
هەندێ شیعری
نازدارو جوان
بەجێ دێڵم.

# هیوا

ئەگەر ئەوینت باران بێ
وا لەبەریا ڕاوەستاوم.
ئەگەر ئەوینت ئاگر بێ
وا لەناویا هەڵکوڕماوم.
ئەی ئەوینی کوردستانم
شیعرم ئەڵێ:
تا باران و ئاگر مابێ
منیش ماوم!

1985

# بەرزبوونەوە

بەرزیی باڵام
سەدو حەفتاو نۆ سانتیمە
گەڕام.. هەرچی
لاپەڕەی ڕوو زەردی ناحەزانە
کۆمکردنەوە..
سەفتەیەك بوو.. هەر بە پێوە
چوومە سەری..
ڕوو لە "دابان"
کە ڕاوەستام
وەختێ بینیم:
ئەمجارەیان
بووم بە سەدو هەشتا سانتیم!!

1985

# زەبر

لای من ئەمڕۆ
کەللەی شیعرو سەری بزمار
وەکوو یەکن
کاتێ هەردوو نووکی تیژیان
قووڵ ڕۆئەچن..
لەسەر ئەویا زەبری ئازار
لەسەر ئەمیش زەبری چەکوش
دەس دائەگرن.

# یاخی بوون

ئەی زمانە شیرینەکەم!
لێم ببورە
بۆیەکەم جار بە گوێت ناکەم!
بۆ یەکەم جار لەفەرهەنگت یاخی ئەبم
بۆ یەکەم جار تۆ وەك تینوو
بە شوێن مندا ڕائەکەیتو
منیش سەراب
ئەگەر ئەمجارە شیعرێکم کوڕێکی بوو
من ناوی لێ ئەنێم "شەهاب"!.

# بێشكه

كە لاشەی ساردی چوارچرا
وەكوو هێشووی سەرما بردوو
لە سێدارە كرانەوە
دار.. بەجێ ما
هەژارانی سابڵاخ بردیان
زستانیش بوو نەیان سووتان
سەرمایشیان بوو نەیان سووتان
لەو دارانە.. لەو تەختانە
چوار بێشكەی سووریان دروست كرد
لەو ڕۆژەوە هەتا ئەمڕۆ
ئەو لانكانە
هەر ئەگەڕێن
ئەم ماڵ.. ئەو ماڵ
ئەم دەست ئەو دەست
وەریان ئەگرن
ئەی نابینی هەزاران قازی محەمەد
لەسەر لوتكە وەستاونو
چەك هەڵئەبڕن؟!

# ساڵی تازە

ئەو کێڵگەیەی، ماچ بارانی ساڵی پارم
سەوزی نەکرد. ئەمساڵ ئەیکەم
هەورێ وای وت.
ئەو گوڵە جوانەی پار نەمدا لە ئەگریجەم
ئەمساڵ ئەیدەم.. باخێ وای وت.
ئەو درەختە شۆخو شەنگەی
پار لە تەکیا هەڵنەپەڕیم
ئەمساڵ بۆ خۆم دەستی ئەگرم
شەماڵ وای وت.
ئەو تاجی گڕی نەورۆزەی پار کردمە سەر
بچوکتر ئەبێ لەتاجی ساڵی تازەم
لوتکە وای وت.
ئەو جۆگانەی پار چاوبڕکێم لەگەڵ کردن
ئەمساڵ ئەچمە خوازبێنیان
گۆمێ وای وت.

ئەو ئاسۆیەی پار تیا نەفڕیم
ئەمساڵ ئەبێ بە جێی گەشتم
مەلێ وای وت.
ئەو حەرفە چاو ڕەشانەی پار نەم ئەناسین
ئەمساڵ وەکوو ڕستە بازن
ئەیانکەمە هەردوو دەستم
کیژۆڵەیەکیش وای ئەوت.
ئەو دەنکە گەنمەی ساڵی پار نەمگەیاندە
ناو شارەکەم
ئەبێ ئەمساڵ بیگەیێنم
مێرولەیەکیش وای ئەوت.
ئەو گێژەنەی پار خۆم لێداو گەڕامەوە
لەساڵی نوێدا ئەیبڕم
ئەسپێك وای وت.
مۆمەکانی هەر دوانزە پەنجەی ئەمساڵم
شەوقی هیوایان گەشترە لە هی پارم
سینیی سەر مێزەکەش وای وت.
ئەو شیعرە سرکە کێوییەی وەکوو ئاسك
پار نەمتوانی دەستەمۆی کەم
پار نەمتوانی لەگەڵ چاوما ڕای بهێنم
ساڵی تازە ماڵیی ئەکەم
ساڵی تازە ئەیخەمە ناو هەورەبانی

کەشکۆڵەوەو

لەباخەڵما ئەیخەوێنم

دوای هەموویان منیش وام وت!.

# بەفر

منداڵ بووم‌و سەرەتا بوو
خۆشەویستیت
تۆپەڵە بەفرێ بوو بچووك
بەقەد تۆپێ.
ڕۆژ هات‌و چوو..
سەرنج ئەدەم:
هەتا تەمەن بەرەو لێژایی مل بنێ
تۆپەڵە بەفری ئەوینیش خول ئەخوات‌و
دائەگەڕێ‌و
گەورە ئەبێ.
ڕۆژێکیش دێ
ئەی وڵاتە سپیکەلە غەمگینەکەم!
کە قورسایی کێوی بەفر
بەم دڵە بچکۆلانەیە
هەڵنەگیرێ‌و
هەر بەدەستی خۆشەویستیی
تۆ بکوژرێ!!

# چاو

شیعرم وەکوو زنجیرە شاخ، لوتکە.. لوتکە
هەتا بەرەو ژوور بێتەوە
بەفری ئەوین دایئەپۆشیٚو
لەبەر تەماشای گزنگما
سپی.. سپی ئەچێتەوە.
بەرەو باکوور
شیعرم هەڵمی زامەکانی گەرمەسێری کۆچکردووە
کەژاوەی بووکێنیی هەورەو 4
مانگی سووری، دوا شەهیدی
سلێمانی تیا نووستوە.
بەرەو باکوور
شیعرم ئەڕوا
گڕە و ئەڕوا
خەمەو ئەڕوا
تا لەسەر "وان" لائەداو ئەچەمێتەوە

بەسەر پەنجەرەی نارنجی بەربەیاندا
دا ئەبارێو
لەچاوەکانی "دەرسیم"دا ئەتوێتەوە.
چاوی شیعرم
چاوی دایکم
چاوی دەرسیم
ئەو جۆگەلە رۆشنانەن
سەرچاوەیان وا لەناو دڵی بەفرایەو
بەفریش عەشقێکە ئەبەدیو
نابڕێتەوە!

# قۆخ

لەبەر ئەوەی چاوەکانم
دوو دەنکە هەڵووژەی ڕەش بوون
وەختێ کەتۆ داوات کردن
یەکێکیانم دایە دەستتو
ئەویترم بۆ خۆم هەڵگرت!
ئەی کچەکە!
بەڵام دڵم هەر قۆخێکە
هەر یەکێکە
ئەی نازانی
ئەویش زووتر
لەبەرەبەیانی تەمەندا
کوردستانم پڕی پیاکرد
ئەو فڕانی
تۆ بزانە بەشت نادا!.

# گۆڕەوی

لەدەرەوە
سەرمای کانوون
دەمی "با"ی لەگۆ خستووە.
لەژوورەوە
خۆی بەتەنیا دانیشتووە.
لاڵو پاڵ وەك بەرخو کاوڕ
منداڵ نووستوون.
مێردیش ئەوە چەند ساڵێکە
زریانێکەو
شوێن عەشقی چیا کەوتووە.
خۆی بە تەنیا دانیشتووە
ئەڵێی شۆڕەبی پایزەو
سەری بۆ کۆش داخستووە.
هەر ئەچنێتو ئەچنێ
ڕاسپاردەی

گۆڕەویە پووزەوانەکەی

نیوەشەوێ تەواو ئەبێ

داخ! نازانێ، ئاخ! نازانێ

کاتێ گۆڕەوی ئەگاتێ

ئەو هەر تاکی چەپی ئەوێ!.

## پرسیارو وەرام

ـ تۆ بینیوتە درەخت بگریو هاوار بکا؟
ـ من بینیومە چونکە لە تەنیشت منەوە
چەمێکیان کوشت
چونکە لەنزیك منەوە
گریان لەیالی "با"ش بەردا!
ـ ئەی بینیوتە وشە ببێ بە خەلووزوو
کتێب سەری ببڕێتو
تەباشیریش خۆی ڕەشپۆش کا؟
ـ من بینیومە چونکە لە تەنیشت منەوە
قوتابخانەی گوندێکیان کوشت
چونکە لەنزیك منەوە
قەڵەمێکیان کرد بە پەتا!
ـ ئەی بینیوتە بەرد پێکەنێ؟
لەخۆشیاندا کەژ هەڵپەڕێ؟
شەقام بڕواتو بگەڕێو

لەناو شارا سەما بکا؟!

ـ ئەی چۆن هەموو بینیومانە

وەختێ قەندیل

یەکەم کوڕی پێشمەرگەی بوو

وەختێ باڵای چەك داگیرسا!.

# مەودا

شیعری تۆ هەر تاقە ژوورێ
جێ ژوانی ئەوینێتی
شیعری تۆ هەر پەنجەرەیەك
ئاسۆی هەموو تێڕوانینێتی
شیعری تۆ هەر کورسیو مێزێ
هەموو گێتیو گەردونێتی
بۆیە شیعرت تەنگەنەفەس..
کورتە بنەو
هەرچەند مەترێ
مەودای هەموو فڕینێتی!

1985

# مردن

که گەڵایەك مرد.. حەرفێکم لێ مرد.
کە کانییەك مرد.. وشەیەکم مرد.
کە باخچەیەك مرد.. ڕستەیەکم مرد.
بەڵام ئەی کیژی
تەمەن دەساڵەی
گوندی "هەڵەدن"
وەختێ تۆ کوژرای
دە شیعرم مردن!

1985

# خۆزگە

هەموو شەوێ
بەقەڵەمەکەی خۆم ئەڵێم:
ئەگەر گڵۆپی شیعری تۆ
هەر بەخوێنی شەهیدی نوێ
دابگیرسێ!
دەبا ئەوسا
ئەو خۆزگەیەم بۆ بێتە دی:
دەست بشکێو
تەمەن کورت بێ.
دەبا ئەوسا
چش لە تۆ بێ
خەڵك بژیو
شیعر بمرێ!

1985

# ناونیشان

نە ناوی شار، نە گەڕەكو نە شەقامو
نە ژمارەی تەلەفۆنو نە سنووقی
پۆستەم هەیە!
كەچی نامەی سەوزی ئەوین
نزیكو دوور
هەموو ڕۆژێ بەڕێوەیە.
چونكە شیعرم خۆی پۆستەچی خۆشەویستیو
ئەدرەسیشم دڵی دیاری
پێشمەرگەیە!

1985

# زێوە

ڤڕەیەك دوور، نزیك.. نزیك
دووسێ نالە.
دەشتێك.. دووكەڵ.
ئۆردوگایەك.. ڤیژەو هاوار.
حەرف.. حەرف
سەد"ئەلفو بێ"ی كوردیی كوژراو.
وشە.. وشە
سەد" ئەلفو بێ"ی "دارا"ی بێ سەر
"دارا"ی بێ قاچ.
ڕستە.. ڕستە
سەد"ئەلفو بێ"ی "دار"ی قژ سوور
"دار"ی گوڵان لەبار براو.
سەد"ئەلفو بێ"ی "زارا"ی لە كەمەردا قرتاو.
پەڕە.. پەڕە
سەد"ئەلفو بێ"ی "بابە"و "دایە"ی

لەش کۆتەرە.
سەد"تۆپ"ی چاو دەرپۆقیوو
سەد بووکە شووشەی سەربڕڕاو.
ڤڕەیەك دوور، دوور، دوور، دوورتر
پایتەختی ئەژدیهایەكو
جیهانێکی کەڕەواڵە!.

تشرینی دووەمی/ 1986

# جوانوو

بۆ شەهید فەرهاد

جوانوویەك بوو
وەكوو شەفەق حیلەی سوورو
وەكوو كولوو گیانی سپی.
نەترسو بیم ڕەنگی حیلەی سووری گۆڕیو
نە دووكەڵی پایتەختێكیش گیانی سپی.
سنورەكان هەرچەندیان كرد ڕامیان نەكرد.
سوڵتانەكان هەرچەندیان كرد ڕامیان نەكرد.
كەچی زارۆكی كوردستان
كامیان وەك قامیش لاوازو
كامیان ئێجگار برسیو ڕووت بوو
ئەیان توانی، لە ترۆپكی هەڵەمووتدا
بە ئاماژەیەك ڕایگرن..
خۆ بە یاڵدا هەڵواسنو
باڵی فڕینی پێ بگرن.
جوانوویەك بوو، چوارپەل ئاگر

دابین نەبوو، وەکوو عاشق
وەکوو قوڵنگەکەی فەرهاد.
تەنها ئەو وەختە دابین بوو
کە لەسمکۆڵانی چیاو وەرزی گرِدا
بە بڵێسەی، دەستو پلی، خۆیەوە بوو!

تشرینی دووەمی/ 1986

# ئابڵۆقەدان

لەنێو ئەم شاخ‌و داخەدا
ئەوا بۆ دوو ساڵێ ئەچێ
هەر چواردەورم بە خۆشەویستیی گیراوە
هەر چوار دەورم بە خۆشەویستیی تەنراوە
ئەمە تاقە ئابڵۆقەدانێکە، گیانم
حەز بکا چڕتر بێتەوەو
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ
زیاتر لێی نزیك بێتەوە!
ئەمە تاقە ئابڵۆقەدانێکە هەتا
بازنەکەی بێتەوە یەك
هەتا زیاتر بخاێنێ
ئازاد ترم!.
ئەمە تەنها ئابڵۆقەدانێکە کە من
ئاواتمە لێی دەرباز نەبم!.

1986

# چادر

ئەم چادرانە، سەروگەردنو لاقی لە جەستە
ڕاونراومانن.
ئەم چادرانە، پێستی گووراوی، لە نامۆییدا، هەڵدراومانن.
ئەم چادرانە، سەرئەکەم بەژێر هەر یەکێکیاندا:
گوندێك ئەبینم، بە چیچکانەوە، کز دانیشتووەو
کرِ، تێم ئەڕوانێ.
پیرە درەختێ، بەتانیی لەکۆڵ، هەڵئەلەرزێتو
زەق، تێم ئەڕوانێ.
چاوم لێیانە لەژێر چادردا
جۆگەلەو ڕووبار، لەسەرپشت کەوتوون
دووکەڵیان داوە بەسەر خۆیانداو هەر چاویان دیارە
گوێشم لێیانە، وەك ڕەزوکێڵگە، هەڵئەقرچێن ونالەناڵیانە
گوڵە گەنمەکان، وەکو کارژۆڵە تازە زاوەکان
بێ هەناو لاواز، کۆماونەتەوەو
سەریان خستۆتە کۆشی یەکەوەو، وەکو پەلکەگیا

وەکوو وردەبەرد، ئەکڕوزێنەوەو، نرکەنرکیانە.
چاوم لێیانە، مامرەکانیش، بۆ گەڕانەوەی
جووجەڵەکانیان، لەتاریکیدا هەر خول ئەخۆنو گارەگاریانە.
ئەم چادرانە، سەروگەردنو لاقی لە جەستە
ڕاونراومانن.
ئەم چادرانە، ماڵە برینی
هۆبە بەهۆبەی شیعرەکانمانن.

ئێران/ 1986

# دەسەڵات

کام کونە دەرزی بیرۆکە
زۆر بچووکە
بە تاریکیش من ئەتوانم
دەزووی شیعریان پێوە بکەم.
کامە خەیاڵ ئێجگار لووسە
من ئەتوانم هەر بەدەستی
ڕووتی ڕستە
بیگرم وەکوو ئەم پێنووسە.
کام حوتی دەریا گەورەیە،
من ئەتوانم لە پەرداخێ وشەی پڕدا
جێی کەمەوە.
بەڵام ئەوەی نە لەدڵماو نە لەشیعرا
هەرگیز جێیان نابێتەوە
درۆی گەورە
یان بچووکە!

1986

# قۆپچە

ئەم شاخە وا هەڵکەوتووە
ئەڵێی پیاوێکی درێژەو،
ساڵ دوانزەی مانگ سەرمایەتیو،
پاڵتۆیەکی خۆڵەمێشی ئاودامانی،
تەسکی لەبەر خۆی کردووە.
پاڵتۆکەیشی بە چوار قۆپچەی
گا بەردی زل داخستووە.
ئەم شاخە واهەڵکەوتووە.
ئەمڕۆ شەبەق بۆردومان بوو
من هەر خەمی ئەو پیاوەم بوو
دواتر کە سەرنجم دایە
وەك خۆی چۆن بوو
هەر بەپێوە ڕاوەستابوو
تەنها یەك قۆپچەی پاڵتۆکەی
لەشوێنی خۆی ترازا بوو.

1986

# خواست

وەختێ گەرداو داوا ئەکاو،
شەپۆل هەڵئەسێتە سەرپێ!.
هەموو جارێ ئەو بەرزەوپێ ڕاوەستانە
ئەو.. هەڵسانە
بۆ یادی گیانی ئاوێکە، کانییەکە، شەهید بووبێ.
وەختێ ئاسۆ داوا ئەکاو،
باڵندە بۆ ساتەوەختێ لەنگەر ئەگرێ
بە ئاسمانەوە ئەوەستێ.
هەموو جارێ، ئەو لەنگەرە، ئەو وەستانە
بۆ یادی گیانی گوڵێکە، گەڵایەکە، شەهید بووبێ.
وەختێ خاکیش داوا لە هەموومان ئەکا
وەکوو درەخت دەقیقەیەك ڕابوەستین
هەموو جارێ ئەو بەرزەپێ ڕاوەستانە
لەبەر خاتری نیگای کانیو،
بەردەنوێژی ناوچەوانی شەهیدێکە.

هەموو جارێ لەناو چرکەی دەقیقەدا

وا هەست ئەکەم

سەعاتی خوێنی شەهیدی کەشکۆڵەکانم لێئەدا!.

کێ بوو پرسی:

ئەم شیعرانەی تۆ چەند ئەژین؟

چەند عومریانە؟

من خۆم ناڵێم، شەپۆل‌و گوڵ‌و مەل ئەڵێن:

بەقەد یادی هەرجارێکی بەردەوامی

ئیستەو بەیانی‌و داهاتووی

ئەو.. دەقیقە، ڕاوەستانە!

شام/ شوباتی/1987

# پرسە

بارانێ مرد
هەتا سێ ڕۆژ
زەویی پرسەیەکی گەورەی
لە کێڵگەیەکدا بۆ دانا.
ئەوەی کە لەم پرسەیەدا
لەهەمووان زۆرتر گریاو
هەڵقرچانی لەبەرچاوبوو:
باڵندەی باخی گوندێکی ڕاگوێزراو بوو.

1988

# شەڕ

زریان دوو داری دا بەشەڕ
دارەکان کەوتنە دەسکەنەی قژی یەکتر
دەستیان خستە خوێنی گەڵاو چڵی یەکتر.
تا ئەو وەختەی درەنگانێ
هەتاو هاتو بەربەیانێ
هەردووکیانی ئاشت کردەوە.
بەڵام سەد داخ! ئەوەی لەو وەرزەدا تیاچوو
بەری کوژراوی سەر عەردی
هەردووکیان بوو!

ئیتالیا/1987

# پاییز

ئەمرۆ پایز باری کردوو ئێرەی جێهێشت
کە چوومە شوێن هەواری چۆڵ
"ئاخ"ێکی لێ بەجێ مابوو!.
ئاخم هێنایە ماڵەوە.
ئەم"ئاخ"ە وەك بە تایبەتی
پایز بۆ منی دورووبێ
پڕ بە بەری شیعرێکم بوو!.

شام/1987

# نەهێنیی

"تۆو"ی گوڵێکم خستە ژێر
سانسۆری هەردوو چاومەوە
ویستم لە نهێنیی بوونو
یەکەم سەرهەڵدانی بگەم.
بەجێم نەهێشت
بەڵام شەوێك نازانم چۆن وەنەوزم دا!
کەچی ئەو لەو وەنەوزەدا
نەهێنییەکەی سەری هەڵدا.

شام/1987

# له ئەنگۆرەیەكدا

"با"و "ئاو" لەسەر مانگ شەڕیان بوو.
ئەنگۆرەیەك:
له گۆمێكدا، ئاو بوو به ئاوێنه بۆ مانگ
مانگ ئەو شەوە خۆی گۆڕیبوو
هاتو ویستی لەبەر گۆم دا
ئارایشت كا و قژ داهێنێ
له پڕێكدا
له دوورەوە به گڤه گڤ
"با"ی تووڕە هات
ئاوێنەكەی وردو خاش كردا.

ئیتالیا/1987

# جریوه

نیوه شەوی هاوینێ بوو
لەسەر سەرم، دوو ئەستێرەی
سەر هەڵەمووت
بۆ یەکتر ئەخنینەوەو
چەپك.. چەپك
جریوەیان ئەگرتە یەك.
ئەوەی ژوورتر
چاوم لێبوو، دەستی کەمێ تەتەڵەی کرد
جریوەیەکی کەوتە سەر جێگەکەمو
چاوی شیعرێکی من پشکووت!.

شام/1987

# له تووڕەبوونێك دا

ڕۆژێ چاكەت بە قۆپچەی سەر قۆڵی خۆی وت:
ـ تۆیش نەبی من لەبەر ئەكرێم.
تۆیش نەبی من
هەر سەرما گل ئەدەمەوە.
تۆیش نەبی من، هەر چاكەتم!.
ـ تۆیش نەبی ئەم پیاوە ئەژی.
"گوێم لێ بوو ڕۆژێ دڵیشم
وای، بە ڕیخۆڵە كوێرەم وت."
منیش ئەڵێم:
ـ ببیو نەبی
تۆیش ئەو ڕیخۆڵە كوێرەیەو
قۆپچەی سەر قۆڵی چاكەتمی!.

1987

# شەكردان

پیاڵەیەكی پشتێن زەڕلی، هەر بە پێوە
لەناو سویزگیەكەدا پرسیی:
ـ ئەو شەكردانە لەبەرچی
فرمێسكی سپی ئەڕێژێ؟
چەندین ساڵە لەم ماڵەدا
دڵشاد.. دڵشاد
دێتو ئەچێ.
گشت ڕۆژێكیش كەوچك.. كەوچك
زەردەخەنەی شیرینیمان پێ ئەبەخشێ!.
یەكەم جارە بگریو پەست بێ
بۆ؟ لەبەرچی؟
خوێدانە دەم هەراشەكە هەڵیدایە:
ـ چونكە ئەمڕۆ
شەكردانێكی دیكەیان بەسەرهێنا!
ـ سەد مەخابن!

ئەی باشە ئەم چی لێ ئەکەن؟!

ـ خۆ نایکوژن!

وا بڕیارە ئیتر بیکەن بە ئاڵەت دان!

1987

# جوانترین گوڵ

لەبەر هەیوانی هەورەوە
کە خۆر دەرکەوتو پێکەنی.
ئیتر پایتەختەکەی بەفر لەخۆشیاندا
بەسەر شەقامی هەتاودا بەپێی پەتی
ڕای ئەکردوو پارچە پارچە
بەرگی بەری دائەکەنی!
لەو ڕۆژەدا پێشبڕکێ بوو
پێشبڕکێی جوانترین گوڵ بوو
ستۆکهۆڵم
بۆ ئەم ئاهەنگی هەتاوە.
کام گوڵەیان هەڵ ئەبژێرێ‌و
لەبەر ئاوێنەی ڕوباردا
ئەیدا لە ئەگریجەو قژی؟!
کام گوڵەیان؟
هی کام باخچە؟! هی کام دوورگە؟!

هی کام کۆگا؟! هی کام ماڵو
کام پێشانگە؟!
دوورگە وتی: گوڵی کەنار ئاوی زۆرم
ئەو .. یەکەمە !
مەیدان وتی : گوڵی بەر پرشەی فوارەکەم
ئەو.. یەکەمە!
نهۆم وتی: گوڵی ئینجانەی باڵقۆنی هەرە بەرزم
ئەو.. یەکەمە!
لەبەر بەرۆچکەی هەتاوا
پێشبڕکێ بوو
پێشبڕکێی جوانترین گوڵ بوو
ئەی کێ ئەبێتە سەرپشکی هەڵبژاردن؟!
جووتێ کۆتر
دوو دار زەیتونو دوو منداڵ
لە دالآنێکی نارنجیی خۆرنشیندا
کۆبوونەوەو بڕیاریان داو ڕایانگەیان
ئەو گوڵانەی لە باوەشی ئەم شارەدا
لەوان جوانتر هەرگیز نەبێ
ئەو گوڵانەن
لەسەر شۆسەی "سڤێ ڤێگن"
خراونەتە
سەر خوێنەکەی "ئۆڵف پاڵمێ"!

# سوار

ئەو وەختەی هەرەس کپ بۆوە
بەفر چۆوە
لە دۆڵەکەدا سوارەکەو ئەسپە ڕەشی
نەورۆزی پاریان دۆزیەوە
سوار وەکوو خۆی
قیت دانیشتوو
سمێڵی ڕەش، سەروکڵاو، فەقیانەکەی
دەستی تووکن جڵەو گرتوو
ئەسپ وەك خۆی
یاڵی بژی، کەفەڵی پان، زین، ئاوزەنگی
بەڵام نەئەو ئەیحیلانو
نە ئەمیشیان هۆ بەهۆی بوو!

# جەژنێك

هەوری لای ئێمە لە هەوری
هیچ ئاسمانێکی تر ناچێ
کە دائەکاتو ئەبارێ
لە چوار لاوە ئاوی چاوانی ئەدزرێ.
خاکی ئێمە لە هیچ خاکێکی تر ناچێ
خۆی یەك دڵەو هەموو ڕۆژێ بە چوار خاجدا دائەکوترێ.
دایکی ئێمە لە هیچ دایکێکی تر ناچێ
لەیەك ساتدا سکی ئەو چوار جار ئەسوتێ.
یەك کەسمان چوار جار ئەکوژرێ.
بۆیە ڕۆژێ لەئاهەنگی
ئەم خوێنەدا
چوار جەژن ئەکەین بە جەژنێ!

## پێکەوە

ئێوارەیەك
کوێرێكو کەڕێكو لاڵێك
هەتاوەکوو چەند سەعاتێك
لەسەر کورسی نێو باخچەیەك
قنجو قیتو لێو بەبزە دانیشتبوون.
کوێرەکە: بەچاوی کەڕەکە ئەیبینیو
کەڕەکە: بەگوێچکەی لاڵەکە ئەیبیستو
لاڵەکەیش: بەجووڵانەوەی دەمو لێوی
هەردووکیاندا تێ ئەگەیی.
هەرسێکیان بەیەکەوەو لەیەك کاتدا
بۆنی گوڵەکانیان ئەکردا.

شام/1987

# تاقە شایەت

دوو جادەی، لێکدراو: خاجێکە.
هاڵاوی پەڵەیەك گەرمە خوێن:
تاوانی، تازەی نێو شارێکە.
شایەتیش:
هەر تاقە چۆلەکەی هەڵنیشتووی
سەر داری باخێکە.
شایەتێ: کە هەرگیز بانگ ناکرێ
بۆ بەردەم" مەحکەمە"!.

1987

# ئینجانە

چاوت.. ئاوو
دەستەکانت "با"و، ئەوینت
تۆوی گوڵی هۆنراوەمە.
ئەی کچەکە!
ئەوەی هەمەو بۆم هێناوی‌و
لەبەردەمتا ڕامگرتووە:
تاقە ئینجانەکەی "سەر"مە!.

شام/1987

# کتێب

بۆ "حسين مروه"

**ئەو درەختەی**
**حەفتاوحەوت پەلی درێژی لێ بووبۆوە**
**ئەمڕۆ وتی:**
**دوای تەقینەوەی ناپاڵم**
**گوێچکەی چەپم نابیسێت‌و**
**ئێستە کەڕە!.**
**تۆ پێم بڵێ:**
**باوەڕناکەم تەقینەوەی لەو گەورەتر**
**لەو بە سامتر**
**هەرگیز هەبێ!.**
**ئەو ڕووبارەی**
**حەفتاوحەوت جۆگە لەجەستەی جوێ بووبۆوە**
**ئەمڕۆ وتی:**
**تەقینەوەی ئەو دینامێتەی کە ملی**
**حەفتاوحەوت شەپۆلی پەڕاند**
**ناڵەو گرمەی**

له گشت دەنگێ بەرزترە!
ئەو "موخەیەم"ەی کە هەر خۆی
بەدەستی خۆی
لەحەفتاو حەوت سانیەدا
حەفتاوحەوت کۆتری جگەری
خۆی ناشتبوو
ئەمڕۆ وتی:
نەء . زریکەی مەمکە بڕاوەکانی من لە گشت ناڵەو
دەنگێکی تر بەرزترە!
لەدواییدا کتێبخانەی "گەل"ێك وتی:
گەورەترو گەورەتر زۆر بڵندتر
لەو دەنگانە هەمووی تێکڕاو هەمووی زیاتر
ناڵەو گرمەو تەقینەوەی
دەنگی دەمانچەیەکی بێدەنگ بوو
کە هەر دوێنێ
کتێبێکی لەبەرگی هەتاو گیراوی..
کتێبێکی تەمەن حەفتاوحەوت، لاپەڕە
سەوزی جوانی پڕشنگداری
منی کوشتو..
گوێی جیهانی هەموو کەڕ کرد!

شام/1987

# دەرسێك

ـ مامۆستا گیان
لە جوگرافیای ناو دڵما بزر ئەبم!
من نازانم.. شاری بامەڕنی
چەند پلە
لە ڕۆخی زەریاوە بەرزە!
بە پێوانەی پێ، گەز، مەتر
هەڵچووترین لوتکەو دوندی
ناوی چییەو چەند بڵندە؟
ـ باشە لەوێ کام درەختە
باریکەلەو پێست تەنكو چاوی سەوزە؟!
سورترین گوڵی کێویلەی چی پێ ئەڵێن؟!
ـ مامۆستا گیان!
من ناوی گوڵو درەختو
باڵندەم بۆ لەبەر ناکرێن
دەنگو ڕەنگو
بۆنو چریکەو شەقەی باڵ

له قەفەزی توولْ شکاوی
سنگی مندا حەپس ناکرێن!
ـ ئەی کام لاوك ئەی کام ستران؟
عاشق لەویّ
ئەیکا بە گوارە بە بازن
بە مێخەك بەند
بۆ دەزگیران؟!
ـ هەر نایزانم
ـ نازانم. نازانم.. نازانم
ئەی قوتابیە گێلۆکەکە
چی ئەزانی
چۆن دەرئەچی!
ـ مامۆستا گیان
هەتا ئیستا
من چاوی بامەڕنی خۆمم نەبینیوە
لەبارەی ئەو کەڵەکێویە عاسییەوە
تەنها هەر یەك شت ئەزانم!
ـ ئەی قوتابیە گێلۆکەکە
بیڵیّ چییە؟
ـ لە ڕۆخی زەریاو ئاوەوە لەو بەرزتر
لە هەڵچوترین لوتکەی بڵندتر
لە سنەوبەری سەوزتر

له شا لاوکی بەسۆزتر

له سوورترین گوڵی سوورتر

له....

ـ تورەم مەکه

ئەی قوتابیه گێلۆکەکه

بیڵێ چییه؟!

ـ مامۆستا گیان!

کۆتری سەرو

لقه لاوازەکەی لەشو

لاوکو سترانی گیانو

گوڵی خوێنی "یوسفی"یه!.

# مووتوربه

پایزێکی درەنگ وەخت
لە کاغەزێکی بەردەمما
شەتڵی تەنیایی خۆمم ڕووان
دواتر کاغەز وەنەوشەی گرت.
پایزێکی درەنگ وەخت
تۆوی یادی چاوی هەموو ئازیزانم
کرد بە مێزی بەردەممەوە..
مێزیش گوڵە بەڕۆژەی گرت.
بەڵام وەختێ
تەنیایمو یادی ئێوەم
بە قەترەیەك خوێنی شەهید موتوربە کرد
گشت ماڵەکەم گوڵاڵەی گرت!.

# کۆتەڵ

خانوویەك ژورێکی لێ مرد

له پرسەدا چاوی گێڕا

بۆ ژوورەکانی دراوسێ

ئەوەی نەیدی

ئەوەی نەهات

لەناو دڵی پەنجەرەیدا بوو بەگرێ!

گەڕەکێ ماڵێکی کوژرا

له پرسەدا چاوی گێڕا

بۆ ڕێو بانو،

بۆ گەڕەکی ئەم لاو ئەولا

ئەوی نەیدی

ئەوی نەهات

لەناو دڵی بەرهەیوانو سەرکۆڵانو

گۆڕەپانیا بوو به گرێ!

ئاخر خۆ من کوردستانم

لەیەك تروكەی چاوا بوو
پێنج هەزار كانیی لێ كوژرا
پێنج هەزار رەزی لێ خنكا
پێنج هەزار شیعری لێ كوژرا
پێنج، پێنج، پێنج، پێنج،..
وا شەش مانگە لە پرسەدایە مەولەویم
دار بەدارم گوێ هەڵئەخا
بەرد بە بەردم سۆراخ ئەكاو
شاخ بە شاخم چاو ئەگێڕێ
ئەوەی دووكەڵی جەرگمی ناسیو نەهات
ئەوەی نەمدی
چۆن لەبەر چاوی ئەم مێژوە سك سوتاوەم
ڕەش، ڕەش، ڕەش، ڕەش
داناگەڕێ!

# کسپە

تا قەڵەمەکەمماڵی بوو
تەختەبەندی قەڵەم دانو بۆ خۆی ژووری گیرفانی بوو
ئەگەر شەوێ ڕێکەوتایە
نەچوایەوەو
لە هەواری ئازیزێکدا میوان بوایە
تاقە شەوێ سەرینەکەی خۆی نەبوایە
تاقە شەوێ دۆشەکەکەی خۆی نەبوایە
لێفەکەی خۆی بەسەری خۆیدا نەدایە
لەسەرلا ڕووی نەکردایە
ئەو دیوارەی لەپاڵیایە!..
ئەبوایە هەر گینگڵی بێو تلی بایە!
ـ دایە خەوم لێ زڕاوە
خەوم نایە!
ـ ڕۆڵە ئەوە ئەمشەو جێگەت
لێ گۆڕاوە

پێخەفەکەت هی خۆت نییە
رۆڵە بنوو ئارامت بێ
هەر یەك شەوەو کۆتایی دێ!
ـ هۆ.. هۆ.. دایە!
ئەوە لە کوێی؟!
لە کوێی ؟ لە کوێی ؟
وا ئاوی ڕەش هەڵئەقوڵێن
ئەم دوو چاوە
ئیستە نەك خەو
من ژیانم لێ زڕاوە
تاقە شەوێ  نییە دایە!
دوو سێ شەوێ نییە دایە!
هەزاران شەو نییە دایە!
جێ گۆڕینێ نییە دایە..
من ژیانم لێ زڕاوە!
ـ رۆڵە نەوەك هەر لێفەکەت
ئاسمانیشت لێ گۆڕاوە!
رۆڵە نەوەك هەر سەرینو دۆشەکەکەت
زەمینیشت لێ گۆڕاوە!
رۆڵە نەك من
زوبانیشت لێ گۆڕاوە!
رۆڵە بنوو.. بنوو.. بنوو!

**من ئەزانم**

**نیشتمانت لێ گۆڕاوە!!.**

ستۆکهۆڵم 1987/9/23

# كۆتەرە

ئەو شەوەی لە "شێخ وەسانا"
بووم بە زوخاڵو كۆتەرە
بۆ سبەینێ ڕۆژنامەكانی ئەوروپا
پەڕە.. پەڕە
لێم بوونە شەمشەمەكوێرە!
هەر ئەو شەوەیش
دوورتر لەمن
بەگڕی مۆمی كڵێسە
دوو تاڵەمووی ڕیشی قەشە
هەڵكڕوزا
بۆ سبەینێ ڕۆژنامەكانی ئەوروپا
لەمانشێتەوە بۆ داوێن
یەكە.. یەكە
بۆ كڕوزیان لێ هەڵئەستا!.

1988

# چل چرا

**من پێکەوە بە هەر دوو دەست**

**تەلی گەرمو تەلی ساردی**

**خۆشەویستیم گرتووە**

**بۆیە لەشم خۆی بۆتە وزەی کارەباو**

**لەم شەوەدا**

**چل چرای ئەم هەموو شیعرەی**

**لەسەر سەرت هەڵکردووە!.**

1987

# سارێژكردنەوە

ئەگەر سروەیەكی ئەزمەڕ
بێ بۆ ئێرەو بگاتە لام
یەك شەو گلبخواتەوە لای، ژوری تەنیام
سەرێ بكێشێتە سنگم
كە ڕۆیشتەوەو گەیشتەوە
ئەو دیارە
دڵنیام ئەبێ بە گڕەو لرفە ئەكاو
ئەیسوتێنێ دەمو چاوو
دەستو پلی
"وێڵەدەرەو مامە یارە"!
دەبا نەیەت!
توخوا نەیەت!
ئەوان هەموو ڕۆژ ئەسوتێن
بۆچی شوێنی ساغیان ماوە!
دەبا لێرەو دوور لە چاویان

هێواش هێواش خۆم بسووتێم
خۆ خۆڵەمێشی ئەم لەشە
گەر بەرنەوە
پەنجەرەیەكو دووانی ئەوان
ڕومەتێكو دووانی ئەوان
كەمێ سارێژ ئەكەنەوە
من ژیاوم بۆ ئەو كەمە
نامبەنەوە؟!

1987

# دەنکە تۆو

ملیۆنان بووین
پیرە دارو
نەونەمامو
دەنکە تۆو بووین.
لەناو خودەی ئەنقەرەوە
شەبەیخوونێ هاتن.. هاتن
هەڵیانکێشاین
هەڵیانگرتین
دوور بردیانین!.
لەرێ ملی زۆر پیرەدار لار بوونەوە.
لەسەرمادا زۆر نەونەمام ڕۆحیان دەرچوو
ڕەق بوونەوە.
تۆوێکی زۆر هەربوون بەژێر دەستو پێوە
بزربوونو بیرچوونەوە!.
وەك چەمی هاوین تەنك بووین.
وەك باڵندەی دەمەوپایز کەم بووینەوە.

چووینە خانەی هەزارەوە
تۆومان تیا بوو "با" هەڵیگرت
"با" بردیەوە
گەیشتەوە چیای تینوو.
لەناو بەرددا خۆی شاردەوە
یەکەم باران
دووەم باران
سێهەم باران، ڕوایەوە.
ئەوا ئیستە دیسانەوە جەنگەڵێکین
ملیۆنانین
دەنکە تۆوین
نەونەمامین
پیرەدارین
خودەی کۆن مرد!
ئەی خودەی نوێ!
دەستی سونگیت بۆ ناوەتە ژێر چەناگەت!
ئەتوانیت بمان بەیتەوە!
بەڵام ئاخر من ئەزانم
تۆیش ئەزانیت
تا دەنکە تۆوێ بمێنێ بۆ باوباران
ئەم جەنگەڵە نابڕێتەوە!

ستۆکهۆڵم 1987/9/20

# ئاماژە

لەواگۆنی نامۆیی دا

سێ قەڵەم بووین

پێك گەیشتین

لە دوای ئەوەی، وشەکانمان

باوەشیان کرد بەیەکتردا

زامەکانمان یەکیان ماچ کرد

یەك کابینەیش بوو بە قەڵەم دانی ئێمەو

تیا  دانیشتین

⋆ شیلی.

⋆ فەلەستین.

⋆ کوردستان.

لەناو سەنگەری هەواڵو ناڵەوگرمەی دەنگو باسدا

هاتینە سەر سێ ڕیانی

ژمارەی قۆچی قوربانیی

شیلی لەسەر

پشتی بلیتەکەی نووسی:
هەزاران هەزار قوربانیی
فەلەستینیش لیستەی ئامارێکی پێ بوو
لەو ژمارەیەی تێپەڕان.
من ژمارەم بۆ نەنووسین
لیستەیشم بۆ دەرنەهێنان !
لە پەنجەرەی واگۆنەوە
بە ئاماژەی پەنجەکانم
لق و پۆپ و گەڵاوچڵی
بێشەیەکم پێ نیشاندان

تشرینی یەکەم 1987

# ورتەورتێ

ئێوارە بوو، "حەمە بچکۆل" ی بۆیاخچی
سەری ماندووی داخستبوو!
لە سوچێکی گۆڕەپانە گەورەکەدا
لەناوەندی دڵی "شام"دا
لەسەر کورسیە نزمەکەی خۆی دانیشتبوو.
پەیتا.. پەیتا
وەکوو فڵچەی نێوان دەستی
جەستەی لەڕی ڕائەژەنی.
"حەمە بچکۆل"ی ئاوارە، لەبەرخۆوە
بەورتەورت، ئەمەی ئەوت:
ـ تۆ بازرگان، قاچت دانێ!
تۆ مامۆستا، قاچت دانێ!
تۆ پارێزەر، قاچت دانێ!
ئەفسەر، سەرباز، جاسووس، جەللاد!
کوڕی باشو.. هەرچیو پەرچی!

هەر هەمووتان

یەك لە دوای یەك

قاچتان دانێن!.

کەس نەماوە

هەر خوا ماوە!

لەوەو دنیا، دڵنیام ئەویش ئەنێرێ

ئەنێرێ بە شوێن کوردێکدا ,

پێڵاوەکەی بۆ بۆیاخکا

ڕەنگە ئەو کوردەیش هەر من بم!

ئای دایە گیان!

ئەوە ئەبێ پێڵاوی خوا چەند گەورەبێ؟

ژمارە چەند لەپێ بکا؟!

ئای دایە گیان!

ئەی بۆ پارە؟

خوا چەند ئەدا

ئەبێ چەند با؟!

شام ـ مارتی/1987

# ژماردن

ئەگەر توانیت، یەکە، یەکە
گەڵای ئەو باخە بژمێری.
ئەگەر توانیت هەرچی ماسیی
گچکەو گەورەی
ئەو ڕووبارەی بەبەر دەمتا تێئەپەڕێ
ڕیز ژمێرکەی!
ئەگەر توانیت لە وەرزی کۆچی باڵندەی
بەرەوژوورو، بەرەوخواردا
بەرەوخوارو، بەرەوژوردا
یەکە، یەکە
مەلو باڵندە بژمێری.
ئەوا منیش بەڵێن ئەدەم
یەکە، یەکە
هەرچی قوربانیی ئەم خاکی،
کوردستانە شیرینەیە
بۆت بژمێرم!.

شام شوباتی/1987

# پیانۆ

جارێ بەڕێز
پۆلێ پەڕەسێلکەی دڵی
شاعیرانی هەر پێنج قارەی
ئەم دنیایە هەڵفڕینو
زۆر لەسەرخۆ
چوونە ناو سنووقێکەوە
لە دواییدا
ئەو سنووقە
بوو بە "پیانۆ"!

شام/1987

# کرنوش

نیوەشەو بوو
فیکر لەسەر تەختی وشەی
هەژار دانیشت.
بەرەبەیان
چاومان لێبوو
پاشا کڕنووشی ئەبرد بۆ:
هەڵبەستی جوان.

شام/1987

# میواندارییی

میوانداریی بارانم کرد
بۆ ژوورەکەم.
وەختێ کە ڕۆی
گوڵێکی بۆ بەجێ هێشتم.
میوانداری هەتاوم کرد
بۆ ژوورەکەم
وەختێ کە ڕۆی
ئاوێنەیەکی بچکۆلەی بۆ جێ هێشتم.
میوانداریی درەختم کرد
بۆ ژوورەکەم
کاتێ کەڕۆی
شانەیەکی بۆ جێ هێشتم.
بەڵام وەختێ ئەی کچی جوان!
تۆ بوویتە میوانی ژوورم
کاتێ ڕۆیشتی

لەگەڵ خۆتدا
گوڵو ئاوێنەو شانەت برد
بەڵام دوای خۆت
شیعرێکی ئێجگار نازدارت
بۆ جێ هێشتم.

شام/1987

# چاوپێکەوتنێکی ئەدەبی

ئەم بەیانییە بە پەلە
"کڵاوکوورە"ی ڕۆژنامە نووس
کڵاوەکەی کردە سەری و
چوو چنارێکی شاعیری هاوسێی بینی.
کڵاوکوورەی ڕۆژنامەنووس
تەنها یەك پرسیاری لێ کرد:
ـ چۆن و کەی و بۆ ئەنووسی؟
چنار وەك خۆی ڕابژەنێ وابوو.
تۆزێ مات بوو، لە دواییدا کەمێ جوڵاو
ئینجا وتی:
ـ زستانان بیر ئەکەمەوەو هیچ نانووسم!.
لەسەرەتای بەهارەوە وشەکانم
گۆپکە، گۆپکە، سەر هەڵئەدەن،
هەتا ئەبن بە هەڵبەستی چڵ و گەڵا.
لە هاویندا بیرکردنەوەم باڵا ئەکات.

وەك ئەزانن لە كۆتایی پایزیشدا
چاپ ئەكرێنو خەزانیش دابەشیان ئەكات!.
بە قەڵەمی سەوزیش نەبێ، من نانووسم.
بەدەم" سەما" یشەوە نەبێ
هیچ شیعرێكم ناخوێنمەوە!.
بۆ ئەنووسم؟!
ئەوەی ڕاستی بێ بۆ ئەوەی
دنیای ئەوین ڕوناكتربێو ئاو زۆرتربێ
هەرچی باڵندەی عاشقە خۆشیان بوێم
ئەم دارو بەردەیش تێم بگەن!

1988

# نەنکم

ئەم درەختانە، هەندێکیان، ڕەگەکانیان
درێژ درێژ بوونەتەوە، تیایاندایە
لەعەردەوە دەرپەڕیون‌و بوون بەڕێگاو
بوون بە سەکۆ.
نازانم بۆ؟
هەموو جارێ وەختێ هەنگاوی تەماشام
ئەیانگاتێ‌و بەسەریاندا ئەپەڕنەوە:
ئەو ڕەگانە، بۆ؟ نازانم..
دەماری شین‌و درێژی دەرپەڕیوی
پشتی دەستی، نەنکمم بیر ئەخەنەوە؟
نازانم بۆ؟

1988

# پاڵتۆ

ئەم پاڵتۆ کۆنە گیرفانی بەر باخەڵی‌و
ئەم لاو ئەولای
چەندین ساڵی گرمۆڵە بوو.
چەندین یادی هەڵوەریویان لەناودایە.
هەر کە دەستیان پیا ئەگێڕم
وا هەست ئەکەم
دەستم بەردەستی خاوەنی پێشووتری
پەنجەم بەر پەنجەی ڕابوردووی تر ئەکەوێ!.
کێ ئەزانێ؟!
دیسان کە من فرۆشتمەوە
کام دەستی تر بەر دەستەکانم ئەکەون؟!
کام پەنجەی تر پەنجەی یادی هەڵوەریوم
لەو گیرفانە کۆنانەدا
ئەدۆزنەوە؟!

1987

# خەڵات

تەماشاكە!

یەك مەڵبەندو

كەچی لەجێیەك بارانەو

جێیەكی تر ئێجگار وشكە!

ـ ئەوە هەور، لەم وەرزەدا، خەڵاتی ئاو

تەنها بەو زەویانە ئەدا

كە پار نەبوون بە ئوردوگای

ڕەوە كوللەو

ملیان نەدا!.

1988

# گەڕانەوە

پۆلەکەمان لێی کۆبۆوە
ئەم سوێسکەیە سبەینێ
لەمەنفاوە، ئەچێتەوە، بۆ هێلانەکەی وڵاتی.
سوێسکەکە باڵەکانی کردبۆوەو سەمای ئەکرد
ـ ڕەنگە سەرتان لێ بەمەوە
هیچتان ناوێ؟!
هەموو بەیەك دەنگ پێمان وت:
ـ فڕینێکی سەلامەتو
سڵاویشمان بگەیەنە بە سەربەستیی

1989

# کلێته

هەندێ قوتکە
بەفر زووتر کلێتەیان بۆ ئەچنێ.
ئەو کلێتەیەی دوێنێ شەو کردیە سەری
ئەو قوتکەیەی بەرامبەرم
بەرەبەیان
ڕەشەبا هات هەڵیوەشاندەوەو داو.. داو
لەقاچی شاخەوەی ئاڵان!.

1988

# تەنها یەکێکمان

ئێوارە بوو
بەتەنها هەر فریای سەر دەرکردن کەوتین.
وەك ئەو بارانەی ئەباریی
ئەبوایە ئێمەیش نەوەستین.
ڕیزێ فرمێسك بووین ئەڕۆیشتین.
ڕێچکەی دووکەڵی پەرت پەرتی
گوندێك بووینو بەشاخێکدا سەرئەکەوتین.
هەموو تەڕ تەڕ، چۆڕاوگە بووین.
لووتمان پلوسکی سەرمان بوو
ڤاچیش جۆگەلەی لەشمان بوو.
منداڵەکان: پەڕەسێلکەو
ژنەکانمان:دارودرەختی پایزەو
پیرەکانیشمان : لە ئەسپی شەکەت ئەچوون.
هەموو تەڕ، تەڕ، چۆڕاوگە بووین.
تەنها هەر یەکێکمان نەبێ

که لەژێر چەترەکەی خۆیدا

یەك دڵۆپ باران لێی نەداو

لەهەموویشمان ئارام تربوو

ئەویش منداڵی ژێر چەتری

چەرمی سکی ژنەکەم بوو!.

1988

## ئەم شاخە

ئا ئەو شاخە
پیرەمێردە مل باریکە
بەم ڕۆژگارە، بەو سەرەوە، هەر خەریکی
خوێندنەوەی: گردو ڕوبارو کێڵگەو دەشتە!.
هەورێ وتی:
ـ من ئەزانم ئەم سەر ڕووتاوەی ڕیشنە
چەند شیعری بەفروبارانو زریانو خۆری لەبەرە.
من ئەزانم چەند کورتە چیرۆکی جۆگەو،
چەند ڕۆمانی ڕووباری دورودرێژی خوێندۆتەوە
ئا ئەم شاخە پیرەمێردە مل باریکە
مەیبینە وا کزۆڵەیە، بیری تیژە.
لە بیرێتی بە چ ڕۆژێ ئاو ژانی گرت
بە ڕووباری نۆبەرەوە!
لە بیرێتی وەختێ ئاگر پێ ڕەوکە بوو.
ئا ئەم شاخە پیرەمێردە مل باریکە

من ئەزانم چەند دارستانی قاموسو
چەند پەڵکە گیای وشەی هەیە
ئا ئەم شاخە پیرەمێردە مل باریکە!.

1988

# لەبیرەوەرییەکانی "دارمێوێك"ەوە

لەناو دەفتەری ڕەزێکدا
دار مێویٚ ئەم یادداشتانەی نووسیبۆوە:
ـ وا هەڵ ئەدەم!
ئەمڕۆ من بووم بە بەرسیلە.
هەر سەعاتیٚ بەر لە ئیستە
بەدزە دزەو ماتەمات
دوو منداڵی چەتون هاتن
دایانمە بەر گڵمتكو بەرد.
ئاخ! چەندم لیٚ هەڵوەریە عەردا!
منداڵەکان، بە خویٚی سەر لەپی دەستەوە
بە مڵچە مڵچ لیٚیان خواردم
هەتاکوو دانیان ئاڵ بۆوە.
بەڵام ئاخر خۆمن ناهەقیشیان ناگرم!
من ترشمو، ئاو زانە دەم،
لەو دوورەوە
سویٚ ئەکاتە ناو دڵەوە.

عافێتیان بم!

ـ ئیسته من قژم پرتره‌و بوم به‌ترێ

ئه‌مڕۆ له‌ نزیك منه‌وه‌

بوو به‌ شه‌ڕێ نه‌بێته‌وه‌!

له‌ عه‌سره‌وه‌ تا ئێوارێ، شه‌ڕ خایاندی

له‌ دوای شه‌ڕیش پێشمه‌رگه‌یه‌کی زامدارم

له‌ژێر گه‌ڵامدا شارده‌وه‌.

له‌ ژێریشه‌وه‌ ده‌ستم برد

یه‌ك دوو هێشووم له‌ سنگی خۆم بۆ کرده‌وه‌و

دامه‌ ده‌ستی!.

ـ ڕنیویانم، به‌ڵام له‌ناو کونه‌ به‌ردا

چه‌ندین هێشووی فلیقاوه‌م

بوون به‌ باده‌.

دوێ ئێواره‌، شاهۆیه‌ك بوو به‌ میوانم

له‌ئاوی ئاڵی خواردمه‌وه‌

هێنده‌ی نه‌برد شاهۆ مه‌ست بوو

سه‌رخۆش.. سه‌رخۆش

نه‌ له‌سه‌ر قاچ، نه‌ له‌سه‌ر کلك خۆی نه‌ئه‌گرت!

ئیتر به‌ده‌م خواردنه‌وه‌وه‌، تا دره‌نگان

هه‌تاکوو نووست

"شاهۆ" هه‌ر شیعری "بێکه‌س"ی

بۆ من‌و ڕەز ئەخوێندەوە!.
ـ بەفر ئەباریٚ‌و بووم بە مێوژ
کراومەتە ناو قاپەوەو
لەبەردەمدا دانراوم.
داپیرەیەکی قژ سپی
زارۆکانیش بەچوار دەورا.
وەك تامی من
حیکایەتی ئەمشەو خۆشە.
کە داپیرەیش گەیشتە سەر:
"هاتمەوە هیچیان نەدامیٚ"
لەناو بنی توورەکەدا
منیش هیچی وام نەمابوو
هەتا بخوریٚ!.

1988

# بوخچە

ڕۆژێ هەنگ بوو بە هاوڕێم.
شەوێ قەڵەمەکەم نەنووست
هەتا شیلەی شیعرێکی تازەی نەدامێ.
ڕۆژێ کرمی ئاوریشمێکم بوو بە ئاشنا
شەوێ ئاوریشمی خەیاڵم
قەد.. قەد
خۆی لە وشەمەوە پێچا.
ڕۆژێ کۆترێ بوو بە دۆستم
شەوێ ئەوینێکی سپی
هاتە لامو
چەپکێ تیشکی دایە دەستم.
ڕۆژێکی تر گوڵەگەنم بوو بە ئاشنام
شەوێ تیرۆکی قەڵەمم ناسکە نانی
وشەی ئاڵی بۆ کردمەوەو هەتا دوایی
لەسەر سەبەتەی دەفتەرم هەڵمچنی.

بەڵام وەختێ کە هەژارانی کوردستان

بوونە هاوڕێم

شیلەو ئاوریشمو تیشکو نانم هەر هەموو

خستە بوخچەی دەروونەوەو

ئەو بوخچەیەشم دا بەوان!

1988

# خائین

شەوەزەنگێ گردێکی گڕوێی تەفرەدا
ـ هەر تۆ بیکە! بەڵێن، وات لێئەکەم سەرت
خۆی با لەسەری حەسارۆست!
بەر لەوەی ڕۆژ ببێتەوە
شەوەزەنگ گردەکەی کڕی.
گرد بە پاچەکۆڵەی دەستی
چەندین قارچکی ژەهراویی
خۆی هەڵکەنی.
لەدۆڵێکدا هەمووی گوشیو
کردیە جامی بەردێکەوەو
لەبەردەمی هەڵۆیەکی زۆر تینوودا
جامی دانا!.

1988

# خەم

مانگی نەورۆز سکی پڕبوو بەئاگرێ
کە ئاگر بوو "با" ڕای ژەندو
کە گەورە بوو چیا خواستیو
شەویان لێبوو
وەختێ شەویش باڵای کردوو
بوو بە شانزە
گریان خواستیو هەر ئەو ڕۆژە
سەعات یانزە
یانزە.. یانزە
خەمێکیان بوو
قژ ڕەش، چاو ڕەش.
گەورە.. گەورە
ئەوەندەی شاری هەڵەبجە!

1988

# یەکەم دەنگو دوادەنگ

دەقیقەیەك، نیو دەقیقە، چەند چرکەیەك
بەر لە یانزە
ئاسمان وەك گیانی "مەولەوی" سافو ڕوون بوو
وەك ئەسپەکەی "ئەحمەد موختار"
لە بژوێنی شارەزووردا
جوانووی بەهار بە کوڕژن بوو
گردی "گوڵان"
گوڵ ئەستێرەی شەمی شیعری
ئەدا لە قژ
وەکو گۆران
دەقیقەیەك، نیو دەقیقە، چەند چرکەیەك
بەر لەیانزە
لەژێر بنمیچی ژورێکی، بێ هەناوی، هەڵەبجەدا
خێزانێ بوون، دایکەو باوکەو زەڕنەقووتە
چەند چرکەیەك بەر لە یانزە

دایك بێشكەی ڕائەژەندو
ساوا بزەیەك ئەیگرتو
باوك گوێی لە كاسێتێ ئەگرتو
پاڵ كەوتبوو.
بوو بەیانزە
گرمەیەكو دووانو سیانو
دووكەڵێك و وەكو دڵی كوڕی "عۆجە"
هەوا مردوو
ئاسمان مردوو
بەهار مردوو
دایكەو باوكەو زەڕنەقووتە
لە یانزەدا
لەژێر بنمیچی ژوورێكی بێ هەناوی هەڵەبجەدا
بوون بەسێ بەردە پەیكەری
باوەش كردوو بە یەكتردا!
لەدوای یانزە
شار كۆترێكی خنكاو بوو، ملی لەژێر باڵەكانیا
نە گمەی ئەو، نە جریوەیەك نە جووكە
نەچرپەیەك
نەزیقەیەك
نە مشەیەك، نە هەناسە
لەدوای یانزە

تەنها دەنگێ، چریكەیەك، لەو شارەدا

كە ئەگەیشتە گوێچكەی چیاو

بەناو ژەهرا

سەوڵی ژیانی لێ ئەدا

تەنها دەنگێ

لەدوای یانزە

دەنگی كاسێتی ڕیكۆردی ژوورەكە بوو

كە سروودی چەكو پێشمەرگەی لێ ئەدا!.

# دەریاچە

بەڕێوە بووین..
ئەو شەوە تیروتوانجی
زۆرمان گرتە پیرە زستان!
پێمان وت تۆ هەتا ئیستا
هەر بەدەستی کڕێوەی خۆت
بەپاچو پێ مەڕەی "سەرما"ت
چەندین گۆڕە بەفری قوڵت بۆ هەڵکەندوین
لەهەناوی بەستەڵەکتا زۆرت ناشتووین.
ئەو نەی وت: نا!
بەڕێوە بووین، ئەو شەوەیان
ئێمە لە باهۆزی زستان تووڕە تر بووین.
نەمان ئەهێشت دەم کاتەوە:
پێمان وت تۆ خێرت نییە!
پێمان وت تۆ چارە ڕەشی!
پێمان وت تۆ بەدی، شوومی
تۆ.. تۆ.. تۆ!

ئەمجارەیان ئەو وتی: نا!
نیوەشەوبوو، ئەچوینە سەر سەربازگەیەك.
ماسیی ئەندێشەو خەیاڵمان
هەر لەلای دەریاچەکە بوو
"چۆنی لێدەین؟! چۆنی ببڕین؟!"
پێشتر دوو بەلەممان هەبوو
بەڵام کوڕانی "بنی عاص "
لەگەڵ ڕەزەکەی ئەوبەردا
ئەوانیشیان سووتاندبوو!.
بەڕێوە بووین، ماسیی ئەندێشەو خەیاڵمان
هەر لەلای دەریاچەکەبوو
هەر ئەویش تاقە ڕێگەبوو
وەختێ گەیشتینە کەنار
زستان سمێڵێکی باداو
زەردەخەنەی تەوسێ گرتیو
ئینجا وتی:
ـ لە کرێوەشما خێر هەیە!
تەماشاکەن:
بەدەریاچەم وت بیبەستێو
ببێ بە ڕێگای سەهۆڵو
ببێ بە مەیدانی شەختە.
چۆنم پێ وت ئەوەتا بوو.

دە دەی ئیستەیش فەرموون بێ ترس

یەکە.. یەکە

بپەڕنەوەو

بگەنە ئەو شوێن مەبەستە!.

1988

# له پاسێکدا

هێشتا پاسه ڤژ زەردەکه هەر وەستاوه
یەکه یەکه سەرئەکەون
هەر کورسیەکەی تەنیشتی من
تاقه کورسیه ڤژ ڕەشەکەی تەنیشتی من
هەتا ئیسته
هەر ئەو چۆڵه.
هێشتا پاسه ڤژ زەردەکه هەر وەستاوه
سەرئەکەونو ڕووناکەنه
تاقه کورسیه ڤژ ڕەشەکەی تەنیشتی من
وەستاونو نایانەوێ بچنه لای ئەو
بۆنێکم کرد
بۆنی ناخۆشی لێ نایەت
سەرخۆش نییەو
بەردەوامیش بزەیەکی لەسەر لێوە!.
هێشتا پاسه ڤژ زەردەکه هەر وەستاوه

تاكو تەرا سەرئەكەون

ئەوا ئیستا تاقە كورسیە

قژ ڕەشەكەی تەنیشتی من

هەروەكوو خۆم

قژ ڕەشێكی لەسەر دانیشت

پاسەكەیش ڕۆیشت!

ئەڵمانیا/1988

# گەلی بازێ

زووتر ئەگەر ڕەشەبایەك
لە گەلیەکەی "عەلی بەگ"ی بپرسیایە
ئەرێ چاوم! من پەلەمەو
تۆ نازانی "گەلی بازێ" لە کوێدایە؟!.
ئیتر دوایی ئەو ئەبوایە
سەعاتێ دەفتەری بەردوو
کۆنە باوڵی ئەشکەوتو
ژێر سەرینی هەردەکانی بگەڕایە
تا ئەدرەسی گەلی بازێی ئەدۆزیەوەو
تا ئەیدایە!.
زووتر ئەگەر باڵدارێکی عاشقی وەك
تاق تاقکەرە
بەلای "گەلی زاوێتە" دا تێپەڕبوایەو
بیپرسیایە:
ئەرێ گیانە! تۆ نازانی

گەلی بازێ، لەکام لایە؟!

ئەو ئەبوایە

عەینەکی گەڵا سنەوبەر لەچاوکاتو

بەرباخەڵی تەڕی کەژان بگەڕێتو

یەکە.. یەکە

ژێر دۆسییەی گڵەسووری

کێڵگەکانی هەڵباتەوە

تا ئەدرەس بدۆزێتەوەو

بیداتە دەست تاق تاقکەرە!.

لەمەو پێشتر

ئەگەر بەرانە کێویەك

بەتەنیشت "گەلی بەدران" دا تێپەڕبوایەو

بیپرسیایە:

ئەرێ قوربان!

ئەرێ بەدران!

من ڕێگەم بزر کردووە

تۆ نازانی گەلی بازێ کوێ کەوتووە؟!

ئەو ئەبوایە

جارێ تۆزێ سەری بخوراندایەو

ئینجا سەعاتێ گیرفانی شەڕواڵەکەی "مامە ڕووتە"

بگەڕایەو

چەکمەجەی پلە پلەی کێو، ڕاکێشێتو

هەر بەئەنقەست

دووسێ چرپە بەگوێی "سەردێمان" دا بکاو

ئەوسا ئەدرەسی باتە دەست!

بەڵام ئیستە

نەك هەر "گەلی عەلی بەگ"و

نەك هەر "زاوێتە"و نەك "بەدران"

هەرچی گەلیی کوردستانە

هەرچی دەربەندو ئەشکەوتە

وەختێ پۆستەی شەهیدانیان بۆ ئەنێردرێ

وەختێ نامەی سنەوبەرو

فرمێسکی "ئەحمەدی خانی"و

تاڵە قژی سەری "زین"و

عەشقی "مەم"یان بۆ ئەنێردرێ

لەهەر کوێوە

با ئەوەندەی "نەگەزاکی"و "شێخ وەسان"یش

لەیەك دووربن

لەهەرکوێوە

با ئەوەندەی "هەڵەبجە"یش و "هێرۆشیما"یش

لەیەك دووربن!

لەهەر کوێوە.. لەهەر کێوە بۆیان بچێ

پێیان ناگات

ئەگەر بەهۆی

**ناونیشانی "گەلی بازێ"وە نەبێتو**

**ناوی ئەویان لێ نەنووسرێ!**

1988

# پرشنگەکان

ئەم چارەنووسە، بەتەنها
هەر لەسەر تەوێڵی سەنگەر نەنووسراوە.
ئەم ڕێگایە بەتەنها هەر
ناچێتەوە سەر وڵاتی گڕو باڕووت.
باخەکانی ئەم ئەوینە بەتەنها هەر
یەك جۆر گوڵیان، تیا ناپشکوێ.
ئەم ئەسپەمان هەر بۆ غاری شەڕگە ناوێ.
ئەم دەستانە هەر بۆ تفەنگ دروست نەبوون.
خۆ بیرمان هەر تاقە کلیلێکی نییە.
ئەم کوردستانە بەتەنها هەر ژان
بەیەك جۆر ڕووەكو
دارو درەختەوە ناگرێ.
باڵای ئازادی بەتەنها
هەر بە باڵای چەك ناپێورێ.
چەرم هەر فیشەك لغی لێ دروست ناکرێ.

سەربەستیی هەر بەیەك زمان قسە ناكاو
هەر یەك جۆر بەرگ ناپۆشیٚو
یەك كڵاویش لەسەر ناكات.
ئەم زەریایە هەر یەك جۆر كەشتیی نایبڕیٚ.
خۆ هەر بەتەنهایش سەفینو گۆیژە شاخ نین.
هەر "بێكەس"و "حاجی قادر" پێشمەرگەنین.
با، ئەتوانین، لەیەك كاتدا، سەرمان بكەین
بە هێلانەی شیعرو نۆتەو،
یان بە سنووقە فیشەكیش.
با، ئەتوانین، دەستمان بكەین، بە جۆگەلەو
بەدەسرازەو، بە برووسكەو بە شمشێریش.
ئەم وشانەیش ئەتەقێنرێن.
ئەم فلْچانەیش ئەكرێن بە تیر.
بۆ؟ ئەتوانین، لەیەك كاتدا، پەنجەكانمان
پێشكەشی پیانۆو كەمانو گوللەو گوڵ كەین.
ئەتوانین گەروومان بكەین، بەدەربەندوو
دەنگمان بكەین بەرەشەبا
ئەتوانین چاوێكمان بكەین، بە چراوگی ناو ئەشكەوتو
ئەویتریان بە ئەستێرەی شانۆكانی هەموو دنیا!.

ستۆكهۆڵم 1988

# تونێل

لەژێر زەویی تەنگەنەفەسی ئەم ڕۆحە کون کونەدا
سەعاتەکانی غەریبیم
واگۆنی لەیەك بەستراون.
هەموو ڕۆژێ ئەرۆنو دێن، دێنو ئەرۆن
لەوێستگەی چاوەڕوانیدا
لەوێستگەی ماڵ ئاواییدا
دەرگای نەسرەوتیان بێ وچان:
ئەمکەنەوەو پێوەم ئەدەن
پێوەم ئەدەن ئەمکەنەوەو
یەك ئازارم دابەزێ
سەد ئازارم سەرئەکەون.
چ تونێلێکی درێژە ئەم غوربەتە، بۆ کوێم ئەبات؟!
وا چراوگی ئەم چاوانە کەوتوونەتە پرتەپرتو
بەڵام ئەو هەر، ئەمبات، ئەمبات
ئەمبات..!

1988

# گۆڕران

هەمان باخچە.

هەمان درەخت.

هەمان کورسی.

بەڵام نە هەمان باخەوان.

نەهەمان گەڵاو لقو پۆپ.

نەهەمان عاشقو دڵدار!.

1988

# شوێنەون

پێت ناگیرێم
وەکوو زریان منماڵێکی
دیارم نییە.
وەکوو هەتاو من پەنجەرەو
دوو پەنجەرەو،
سێ پەنجەرەی،
ئاسۆیەکو
چیایەکو
هەوارێکی دیارم نییە.
من مێژوویەکی کۆچەریم
زەمانم داوە بە کۆڵماو
هۆبە.. هۆبە
لەگەڵ خۆمدا ئەیگەڕێنم.
کڵپەو گڕێکی کۆچەریم
ئاگردانم لە گیانمایەو

ئاسۆ.. ئاسۆ
لەگەڵ بادا ئەیگەڕێنم.
ڕووبارە خوێنی کۆچەریم
شەپۆلم وا لە دەنگمایەو
ئاواز.. ئاواز
لەگەڵ هەورا ئەیگەڕێنم.
من شۆڕشێکی کۆچەریم
ـ جێگەـ م خستۆتە مشتمەوەو
برین.. برین
لەگەڵ چەکمان ئەیگەڕێنم.
من.. مەقەڕو
وەرزی ساڵو
ئیستگەو سروودو گۆرانیم
هەمووی لە هەگبەی پشتمایەو
هیوا.. هیوا
لەگەڵ عەشقی ئازادیدا
کەژ بەکەژ ئەیانگەڕێنم.
پێت ناگیرێم.
ئیستە لێرەم
لێرە تۆوی ناو قەندیلی شەختەو بەفرم
بەڵام سبەی لە گەرمیان سنەوبەرم.
دوێنێ دەواری گڤەی خۆم

لەولا هەڵدا
ئەمڕۆ لەم لا
سوورە بەڕووی سەرکێویێکی بەرزترم.
باران ماچی
هەر شوێنێکی خاکمی کرد
منیش لەوێم.
تاریکی تۆ لە هەر کوێ بێ
من لەو شوێنە پێ ئەبم و دائەگیرسێم.
پێت ناگیرێم.. وردە.. وردە
من مردنتم.
ئەو وەختەی تۆیش پێ ئەکەنیو
وا ئەزانی لەناو چنگتام
من هەر زووتر
ئەبمە مووروی غەیبی تیشکو
ون ئەبمو
لێت بزرم.

ستۆکهۆڵم 1988/4/1

# فڕین

له سه‌ره‌وه مانگه شه‌وێ باوێشكی دا
له خواره‌وه كانییه‌ك نووست!.
له‌وبه‌ره‌وه لوتكه‌ی  شاخێ باوێشكی دا
له‌م به‌ره‌وه نزارێك نووست!.
كه سه‌نگه‌ریش له‌ولامه‌وه باوێشكی دا
له گیرفاندا قه‌ڵه‌مم نووست!.
گرمه‌ی هه‌ور مانگه شه‌وی داچڵه‌كان‌و
كانیی هه‌ستا
زریان لوتكه‌ی ڕاوه‌شان‌و
نزار ڕا بوو
كه پێشمه‌رگه‌یش دیسان سه‌نگه‌ری گرته‌وه
خستیه‌وه سه‌رپێ تفه‌نگی
قه‌ڵه‌می منیش ڕاپه‌ڕی‌و
هه‌ڵۆی شیعرم به‌رز به‌رز فڕی!

1988

# سۆما

لەکۆشکێکدا چەپکە گوڵێ
بە گوڵدانە زێرینەکەی خۆی، ئەمەی وت:
تا دوێنێ بوو
هەتا لەو دەشتودەرە بووم
تا گەدا بۆنی ئەکردم
گەڵایش چەتری سەوزی دەستی
بەر بارانو هەتاوم بوو
لە باڵندەو درەختەوە تا باو بەفر
ئاشناو ڕۆشناو هاوڕێم بوون
تاقانەی خۆشەویستیی بووم
ماچم گوڵاوی ناودەمی ژیانم بوو.
لە دوێنێوە کە هاتوومە
ناو باوەشی کۆشکی تۆوە
لووتی پاشا بۆنی عومرم هەڵئەمژێ
خۆم ئەبینم وا ئیستاکە

من بوومەتە چوکڵێ چقڵێ

کە سۆمای چاوی بەهاری

خۆی ئەکوژێ!

1988

# دوو پیاو

ژێر زەمینێك‌و دوو پیاوو
پانکەیەك‌و ئەسکەملێ
یەکەم پیاویان:
پێشتروو زوو
ژێر زەمینەکەو پانکەکەو کورسییەکەیشی
بەدەستی خۆی خولْقاندبوو.
ژێرزەمین بۆ عەمباری ئارد.
پانکە بۆ فێنك کردنەوەی ڕەنجی هاوین.
کورسیەکەیش بۆ پشوودانی وشەی هیلاك.
دووەم پیاویان:
هەر بە پەلە
ژێر زەمینەکەی بەتاڵ کرد
ئەسکەملی کرد بە پلە
یەکەم پیاوی لە هۆش خۆچوو
خستە سەروو
لەوێشەوە

ملی کرد بە:

پانکەکەوە!

1988

# جوانترین دیاری

لەو کەژەدا
لەو کازیوەی بەیانەدا
یادی جەژنی لەدایك بوونی نێرگز بوو
دیاریی هاتوو
لە ئاسمانو لەعەردەوە
لەبەردەم کچی قژ زەرددا
تا ئێوارە
هەر ڕیز ئەکرا.
ئەوەی نێرگز هەتا ئیستە بیری مابێ
لەبەر دڵی
سێ دیارییان جوانترین بوو:
کڵاوە قوچەکەی بەڕوو.
ملوانکەکەی خاڵ خاڵۆکە.
پۆپەشمینێکیش کە پێشتر.
کرمی ئاوریشمێکی عاشق
بە چوار زستان بۆی چنیبوو
لەناو ژووری "ئینفیرادی" زیندانەوە
بۆی ناردبوو!.

1988

# سيحرباز

نە بووزیمو نە هیندۆسیو نەسیحرباز
نە ئارد ئەکەم بە کۆترو
نە کۆتریش ئەکەم بە ئارد
نە ئەتوانم چەوەندەریش..
ئا لەم عەردەدا دەربێنم
نە چاویشتان تەفرە ئەدەم
نە کەسیشتان بە خەوتنی موگناتیسیی ئەخەوێنم!
ئەوە سەرم خۆ ئەیبینن؟!
هەموو ڕۆژێ وەك سەلکەتوور نایپەڕێنن؟!
ئەوە دەستم خۆ ئەیبینن
هەموو ڕۆژێ وەکوو ڤامیش نایقرتێنن؟!
هەموو ڕۆژێ.. کوت کوت.. پل پل
نام کەن بە شیشی سوڵتانو خەلیفەوە؟!
خۆ ئەشبینن؟!
ئەوە سەرم ئەڵێی قەڵاکەی هەولێرەو

وا لەجێی خۆی
خۆ ئەشبینن؟! دەستەکانم
دوو ڕیانی کفریو دووزن
هەر لە جێی خۆن
سیحرباز نیم بەڵام من ڕۆژی چەند جارێ
چاوی کوڵراوم هەڵئەگرم ئەیچێنمەوە
قاچی پەڕیوم هەڵئەگرم ئەیڕوێنمەوە
سیحرباز نیم جەللادەکەم سیحربازە
ئەو جادووگەرەی یەك جارەو
هەر کە سەریم دایە دەستتان
ئەوسا ئیتر.. ببڕای ببڕ
نەخۆیو سیحر، نە سەری
جارێکی دی نایەنەوە!

# بیرچوون

لەسەر مێزەکە بیرت چوون
بەهێواشی وەك دەس بەرم
بۆ دوو کۆتری سپی نوستوو
هەڵم گرتن.
لە دەرەوە چنگ لەسەرشان
با کلۆ بەفری ڕاو ئەنا
جەستەی باریکە شەقامی هەڵ ئەلەرزان.
هەر خۆم تەنیا
ملیوانی خەیاڵە گەرمو گوڕەکەم بۆ هەڵبڕیو
کەوتمە ڕێگا
ـ ئەی کچەکە!
بەڵام هەتاکوو ژوورەکەم
پەنجەکانت لە دەستما بوون
تا نوستیشم دەستەکانت لە ملما بوون
ئای کچەکە!
یەکە.. یەکە

هەر دە پەنجەیشم هەڵوەرێن

بیرم ناچێ

شەوی جووتە دەسکێشەکە!

# شۆڕبوونەوە

بەناو قەدی درەختێکدا شۆڕبوومەوە
لەویٚ ژانی ڕەگم دێوە
کە بەقولایی ڕەگیشدا شۆبوومەوە
لەویٚ ژانی ئاوم دێوە
کە بەقوولایی ئاویشدا شۆڕبوومەوە
لەویٚ ژانی خاکم دێوە
کە بەقولایی ژان خۆیدا شۆڕبوومەوە
دنیای هەژاریم بینێوە!

# یـــاد

لەئاگردا کە داری تەڕ خوڕخوڕ ئەگری
ئەوە یادی ئەو دەزگیرانی هەتاوەی
ئەکاتەوە
لەژوانی پایزێکی درەنگ وەختا پێی نەگەیی
وەختێ باران هاتو بەفر
بەژنی ڕووتەڵەی داپۆشی.
ئەوە بۆ ئەو یادی دەزگیرانی هەتاوەیە
عەشقی ناکامی کەف ئەکاو
بەکوڵ ئەگری!

# لێره

لێره، مەنفا لەدوای مەنفا
ساڵ له دوای ساڵ
تاڵ لەدوای تاڵ،
ڤژی سۆزی ڕۆژهەڵاتیی
ڤژی وەفا
لەسەر شۆستەی کۆنکرێتیی
نامۆییمان هەڵئەوەرین!
چ کارەساتێکه برا!
ئێمه بەرەو:
"گیان ڕووتانەوه" مل ئەنێین!

# خۆشەویستیت

خۆشەویستیت لە "با" ئەچێ
وەختێ بمەوێ داگیرسێم
دێتو ئەمکوژێنێتەوە.
خۆشەویستیت لە "با" ئەچێ
کە دایشگیرسام
دێتو ئەمگەشێنێتەوە.

ستۆکهۆڵم 1988/3/8

# بیرەوەری

لەبیرم دێ
بۆ یەکەم جار
سەربانو چیغو کچێكو مانگە شەوێ
شەمامەی خاڵ خاڵی بەهرەو
شیعریان دامێ
بانگی شێوان :
پەیژە بردمیە لای سەربان
سەربان بردمیە لای هاوین
هاوین چیغێکی بۆ گێڕاین
چیغیش مانگی تیا دابەزی
مانگیش لەسەر بەستەکەنوێن
چرای چاوی خۆی بۆ داناین
لەچیغی دراوسێشەوە
کچێکی جوان، دەس خەناویی
دووسێ ناوساجی بۆ هێناین!.

1988

# یەکەم منداڵ

بەشیری مەمکی شاخێکم
لەناو لانکەی پشکۆیەکدا،
وشەیەکم پەروەردە کرد
کە گەورە بوو
لە ئاهەنگی نەورۆزێکدا
لەگەڵ چەکێکی قژ سووردا
یەکیان ناسیی
تفەنگ خواستیو
خوێنیشم کردی بە شاییی!.

# تەختەبەند

ئەو تریفەی مانگە شەوەی،
کە شیعرێکم دابووی لە قژی درێژت،
دەستم بردوو
بە هێواشی لێم کردەوە.
ئەو شەپۆلەی کە چیرۆکێکی زۆر کورتم
وەکوو پشتێن لە کەمەرتی ئالأندبوو
دەستم بردوو
بە هێواشی لێم کردەوە..
ئەو کراسی ئاودامانەی ڕۆمانێکم
کردیە بەرت
دەستم بردوو
هێدی.. هێدی
ئەویشم لەبەر داکەندی.
شا ژنی جوان!
بەتەنها هەر ئەو تەختەبەندەم هێشتەوە

**كە شانۆیەكم كردبووی**

**بە چرپای خەوی هەردووكمان.**

ستۆكهۆڵم 1988/3/7

# زیندانی گەڕۆك

لەم کۆچەدا
ئەمە هەموو نیشتمانە:
چوار دەنکە ترێی هەڵوەریو،
لەناو دڵماو
دڵیش زیندانی گەڕۆکەو
شار بەشاری ئەم جیهانەیش
وەردیانە!.

ستۆکهۆڵم 1988/2/25

# تۆ

که لێرەوە

چاوی تەنیایم ئەبڕمە چاوی یادت

ئیستەم لەناو دوێنێی تۆدا

وەك خۆرنشینی پایزێ

وردە وردە نوقم ئەبێ.

هەموو جارێ بیرم ئەچێ

غوربەتی لەسەر ئاگرم

داگرم تاکو نەسووتێ!.

وەختێ لەلای تۆ دێمەوە

کالانەی چاو پڕ دووکەڵەو

دڵۆپ.. دڵۆپ

ئەوینێکی بە هاڵاوی، لێ ئەڕژێ!.

ستۆکهۆڵم 1988/2/25

# سەروپێچ

من کلاّوو سەروپێچیَ
مشکیەكو جامانەیەك
فێریان کردم:
چۆن خۆم لەدەوری سەری ئەم
شاخو کێوانە بگێڕم.
فێریان کردم
یەکەم وانەی عەشقی لوتکە
لەلای سەری، خاوەنی ئەوان، بخوێنم!.
من کلاّوو سەرو پێچیَ
مشکیەكو جامانەیەك
فێریان کردم
وەختێ سەرم ئەخەنە ناو قەفەزەوە
من تفەنگی بالاّبمو لەسەر پێ بم.
ئەزانن کام سەروپێچو کلاّو ئەلێم؟!
ئەو کلاّوو سەروپێچەی

ئەو جامانەو ئەو مشکییەی
کە شێخ لەناو قەفەزەوە
وەك تفێکی ئێجگار گەورە
کردیە سیماو
گرتیە تاجی ئینگلتەرە!

ستۆکهۆڵم 1988/2/24

# کۆست

لەبەیانیی ئەو کۆستەدا
دەستو مەچەکو بازوومان
وەك خۆی مابوو
بەڵام سارد، سارد
بەڵام سڕ، سڕ
وەکوو پێمانەوە نەبێ وابوو.
لە بەیانیی ئەو کۆستەدا
قوڕگو مەڵاشوومان مابوو
بەڵام دەنگمان وەکوو گوللەی چەکەکانمان
ئەویش هاواری چرووکو
ژێی پسا بوو!.
دەسمان، دەنگمان، لە چی ئەچوو؟!
من خوێنی خۆم گرتبوومی
نەمزانی بڵێم وەکوو چی؟!
دایکم وتی:

ـ وەکوو لوولەی یەخسیرو زنجیرکراوی
تۆپەکانی وەستا ڕەجەب!

ستۆکهۆڵم 1988/2/24

## دوو پەیکەر

لەبرۆنزی سەعاتەکانی ڕۆژگارو
لە ئاسنی شەوی درێژ!
مێژووی پەیکەرتاشی ئێمەیش
هەر لەسەر سەکۆی دوێنێ بوو
بۆ مۆزەخانەی سبەینێ
دوو پەیکەری بۆ داتاشین:
یەکەم پەیکەر: ئەحەی کوڕنو!
دووەم پەیکەر: مەلای خەتێ!
لەکۆڵێندا نەیشێواندن
کوڕنوو وەك خۆی
خەتێ وەك خۆی
باڵا باڵاو، چاو هەر چاوو
لوت هەر لوتو، برۆ.. برۆ!
تەنها ئاڵو گۆڕێ نەبێ
پێڵاوەکەی ئەمی کردە سەری ئەوو

میٚزەرەکەی
ئەویشی بۆ قاچی ئەمیان
کرد بە پێڵاو!

ستۆکهۆڵم 1988/2/23

# ژیان

هەر کوتو مت
وەکوو سوڵتان
شێری باخچەی "بابی عالی"
ئەویش گەڕبوو
نەڕەی نووساو
گوێی تەپ کردوو
مێژوو خواردی!.
هەر کوتو مت
وەك "فرایزەر"ی هیندستان
پڵنگەکەی جەنەراڵی
دوورگەی ڕێوی
ئەویش گەڕ بوو
گەرووی نووساو
گوێی تەپ کردو
مێژوو خواردی!

لەجێی سوڵتانو جەنەراڵ
لەجێی ئەو شێرو پڵنگە
ئەوەی ژیا
ئەوەی ئەژی
گوێ درێژەکەی "نالی"یەو
ئەویتر بزنەکەی "غاندی"

ستۆکهۆڵم 1988/2/22

# جودایی

ئەگەر لەناو شیعرەکانما
گوڵ دەراوێژنە دەرەوە
لەچوار وەرز، وەرزێکم ئەمرێ.
ئەگەر یار بێننە دەرەوە
دووانم ئەمرن .
ئەگەر نان بێننەدەرەوە
سیانم ئەمرن.
گەر ئازادیی بێننە دەرێ
سالّم ئەمرێو خۆیشم ئەمرم.

ستۆکهۆڵم 1988/2/20

# یادداشت

گوڵ یادداشتی خۆی نووسیەوە
نیوەی یادداشت
لەسەر نیگای جوانی ئاو بوو.
ئاو یادداشتی خۆی نووسیەوە
نیوەی یادداشت
لەسەر بەژنی شۆخو شەنگی دارستان بوو.
دارستانیش کە یادداشتی خۆی نووسیەوە
نیوەی یادداشت
لەسەر خاکی دەزگیران بوو.
کە خاکیشم یادداشتەکانی نووسیەوە
هەموو یادداشت
تێکڕای یادداشت
لەسەر دایکی میهرەبانی ئازادیی بوو!

ستۆکهۆڵم 1988/2/19

# تەماشاكردن

هەموو پایزێ ئەیبینم، ئەو ئەشكەوتە
چاوێكی ناوە بە كونی دەروازەی ئەو دەربەندەوە
چاو هەڵنابڕێ.
لەوێوە بە: دزییەوە
تەماشای لەشی نەرمۆڵەو سپیو سۆڵی
ئەو دار هەرمێیانە ئەكات
كە ڕووتو قووت ڕاوەستاونو
یەكە.. یەكە
خۆیان داوەتە بەر پرشەی تاڤگەكە!.

1989

# بەخیل

درەختێکی تریان وتی:
ـ ئەم داربییە چەند بەخیلە
ڕێی لێ گرتووین، ڕێگە نادا
ئەیەوێ هەر خۆی بە تەنها
دەم بخاتە دەمی کانیی
تاقە کانیی ئەم دۆڵەوە.
چەند بێ هەستە!
ئاخر خۆ ئێمەیش درەختین
تینوومانەو
لەکەیەوە ڕاوەستاوین!

1989

# وەسێت

لقی دارێ وەسێتی کرد هەر وەختێ مرد
بیکەن بە بێشکەی منداڵێ.
بێشکە وەسێتی کرد کە مرد
بیکەن بە پنەی بەردەمی
ڕیزە چادر و دەوارێ.
پنە وەسێتی کرد کە مرد
بیکەن بە کورسی بۆ چرای
ماڵە فەقیرو هەژارێ.
کورسی وەسێتی کرد کە مرد
بیکەن بە سەری مەرکانەی
ئاوی کەرکوکی غەمبارێ.
"سەر"یش وەسێتی کرد کە مرد
بیکەن بە چوارچێوەی وێنەی
"بادینان"ی بە ئازارێ.
ئەویش وەسێتی کرد کە مرد

بیکەن بە سنگی دیواری

جلی پێشمەرگەی نێو شارێ.

سنگیش وەسێتی کرد کە مرد

بیکەن بە شانەی دڵدارێ.

شانەیش وەسێتی کرد کە مرد

بیسوتێنن و لە دواییدا

خۆڵەمێشی بکەن بە سەر

گوڵکۆی قژی منداڵێکی هەڵەبجەدا!.

1989

# ناو

هەبوون.. نەبوون
دوو ئاسکی عاشق هەبوون.
شەوێك، شەوی مانگە شەوێ
لە مێرگی بەر تریفەدا پاڵ کەوتبوون
باسێ لێرەو باسێ لەوێ
کە هاتنە سەر خۆشەویستیی
وتیان: با هەر یەکەو "ناوی"
یارەکەی خۆی بۆ یادگار
لەسەر شتێ هەڵبکەنێ.
بابزانین ناوی کاممان
لەدوای خۆمان هەر ئەمێنێ و
وەك ئەستێرە ئەجریوێنێ؟!
یەکەمیان چووە لای کەوێ
کەویش لەسەر تاشەبەردێ
بە چەند مانگێ
ناوی یارەکەی بۆ هەڵکەند.

بۆ هەق دەسیش، کە لێبۆوە
ئاسکی دڵدار: پڕ بە کڵاوی بەڕوویەك
مسکی دایە!.
ڕۆژ هاتو چوو.
بەردی بەر بارانو بەفر
لەشی تێك چوو
شوێنی هەڵکۆڵێن ساف بۆوە
"ناو" چووەوە.
ئەویتریان
چووە لای حاجی لەق لەقێ
لەبەر دەمیا خۆی پاڵ خستو
لەچەند جێوە
لەسەر پێستی ئەم دڵدارە
بە دەنووکە درێژەکەی
ناوی یارە شیرینەکەی
بە خاڵ کوتی.
کە لێبۆوە، ئەمیشیان هەر لەجێی هەق دەس
پڕ بە گوپی خونچە گوڵێ، مسکی دایە.
ڕۆژ هاتو چوو
ئاسکی عاشق، ڕۆژێ کوژرا..
دوای مردنیش، کە گوروویان
پێستەکەیان بەقەد دیواردا هەڵواسی

**ناوی کوتراو، خاڵ خاڵی شین**

**هەر مابۆوەو هەر ئەژیاو ئەیجریوان!.**

1988

# وەکوو یەك

ئەم گۆمەیش حەپس کراوە! ئەی نازانن؟
ئەم شەپۆلە بەندکراوانەیش هەر وەکوو
کوڕەکانی ئێمەی ئەودیو دیوارەکانی زیندانن!
تۆزێکی تر، وەردیانی ئەم سەددەیەیش
کە دەرگاکانی کردەوە
تەماشاکەن! چۆن شەپۆلەکانی ئەمدیو
ڕائەکەنو
باوەش ئەکەن بە ملی ئاوی ئەودیودا
بیبینن چۆن ماسی ئەمدیو
دەم ئەبەنو
ماچی ماسیی چاوگریاوی ئەودیوئەکەن!
لێرەیش ئەمڕۆ "مواجەهە"ی شەپۆلە زیندانیەکانو
درەختی دوورو نزیکی کەسو کاری
پەشۆکاوو چاوەڕوانە.
هەر تەواو وەکوو ڕۆژانی "مواجەهە"ی

شەپۆلی یەك لە دوای یەكی
دڵی دایكو كوڕەكانمان.
وەكوو ماچی ئاوی تینووی
ئێمەو ڕۆخی گیانی سەوزی كوڕەكانمان!

1989

# لەوڵاتی مندا

لە وڵاتی مندا
ڕۆژنامە بە لاڵی لەدایك ئەبێ.
لە وڵاتی مندا
ڕادیۆ بە کەڕیی لەدایك ئەبێ.
لە وڵاتی مندا
تەلەفزیۆن بە کوێری لەدایك ئەبێ.
ئەوانەی لە وڵاتی منیشدا بیانەوێ
ئەوانە بە ساغی لەدایك بن:
لاڵیان ئەکەنو ئەیانکوژن.
کەڕیان ئەکەنو ئەیانکوژن.
کوێریان ئەکەنو ئەیانکوژن.
لە وڵاتی مندا!.

# سەرتاش

ئەو کەژانە دەمێکە قژ ئەهێڵنەوە
ئەم هاوینە هێندە درێژ بووبوونەوە
لەوەختی سەماکردنا، لە عەرد ئەخشان!
ئەوا ئیستەیش، لە پەنجەرەی ئەم ژوورەوە
چاوم لێیە:
پایز بە پێوە وەستاوەو
وەك سەرتاشێکی ڕەقەڵەی پەنجە درێژ
خێرا خێرا بە مقەستی تیژی "کانوون"
پرچی زەردی کەژان ئەبڕێ
ناوبەناویش "با"ی شاگرد دێو
بە خاولیەکەی.. لە پشتەوە
تووکەسەری پشت ملی کەژ ئەتەکێنێو
ئەیانخاتە ئەو چەمەوە!.

1989

# خاڵبەندی ئۆردوگاكان

ـ كە "دێڕەكانت" ڕیز ئەبن، لەچی ئەچن؟

ـ لە تەنافی هەڵخراوی ئۆردوگاكان.

ـ ئەی كە وەختێ "وشەكانت" پڕكەیت لەخەم، لەچی ئەچن؟

ـ لەتەنەكەی ئاوی سەرشانی كچانی ئۆردوگاكان.

ـ ئەی ئەو وەختەی "حەرفەكانت" چاویان تەڕە؟

ـ لەچاوی نانی گریاوی ئۆردوگاكان.

ـ ئەی كە وەختێ "وێرگوڵ" بەینی دوو وشەو

ڕستەیەكت خۆی لوول ئەدا، لەچی ئەچێ؟

ـ لە پشتی كۆماوەی پیری ئۆردوگاكان.

ـ ئەی "نوختەی" دوای ڕستەكانت لەچی ئەچن؟

ـ لەتۆپی پەڕۆی منداڵی ئۆردوگاكان.

ـ ئەی كە نیشانەی "سەرسوڕمان" ئەچەقێنن‌و

لەجێی خۆدا چاوەكانیان ئەبڵەق ئەبن، لەچی ئەچن؟

ـ لەستوونی بەردەم هەموو دەوارەكان.

ـ ئەی نیشانەی "پرسەكانت" كە دێڕ ئەكەن

بەشەقامی دڵەڕاوکێ، لەچی ئەچن؟

ـ لە سەروملی دایکانی ئۆردوگاکان.

ـ ئەی "کەوانەی" ئەم لاوئەولای مەبەستێکت لەچی ئەچن؟

ـ لەدوو ساجی ساردوسڕی بەرامبەر یەك هەڵپەسێردراو.

ئەی ئەم هەمموو دووبارەکردنەوە بێ تامانەی

وشەی "ئۆردوگاکان"ی ئەم شیعرەت لەچی ئەچن؟

ـ هەر لە دووبارەبوونەوەی

تامی تاڵی گشت ژەمێکی ئۆردوگاکان!.

1989

# خواست

شفرەی سەختی دڕەندەیەکی کێوییان دائەتاشی
لێیان پرسیی:
تۆ حەز ئەکەی بتکەین بە چی؟
شفرە وتی: حەز ئەکەم ببم بە دەسکی
کێردو چەقۆ!.
شاخی جوانی ئاسکێکیان دا ئەتاشی
وتیان: ئەی تۆ؟
وتی: من حەز ئەکەم بمکەن
بە کلوێچکی چاوی جوانان!.
لقی دار گوێزێکی پیریان دائەتاشی
وتیان: ئەی تۆ؟
وتی: من حەز ئەکەم بمکەن
بە گۆچانی دەستی پیران.
گا بەردێکی کوردستانیان هەڵئەکۆڵی
لێیان پرسی:

**ئەی باشە تۆ؟**

**تۆ حەز ئەکەی ببی بەچی؟**

**وتی: من ئەمەوێ بمکەن**

**بە پەیکەرێ بۆ ئازادیی.**

1989

# دەنكە زیخێ

تاڵە قژی کچێکی جوان
لەسەر شانم بەجێ مابوو
لەدواییدا تاڵە قژم
کرد بە پەتی دیلانێ بۆ؛
هەڵبەستێکی پێنج شەشساڵم.
دەنکە زیخێکی کوردستان
لەکەیەوە؟ چۆن؟ نازانم!
پەڕیبووە لۆچی گیرفانی چاکەتێکم
ئەمڕۆ ڕێکەوت دۆزیمەوە
دەرم هێناو ماچم کردو
کردم بە بەردی کەعبەی گشت
شیعرەکانم!.

1989

# پەردە

ئەو دارسێوو دار هەنارە
لەو گوێ چەمە، ئەمڕۆ ڕووت بوون
ڕووتو قووت بوون
کە باوەشیان کرد بەیەکدا.
کیژۆڵەسێو زوو هەستی کرد
لەوبەرەوە، دارەبەنێکی دەس تووکن
بە دووربینی ئەو ڕەوەزە
لەپەناوە
زوو زوو تەماشایان ئەکا.
بۆیە هەستاو بە ڕقەوە
پەردەی تەمی گوێ چەمەکەی دادایەوە!.

1989

# ژیشك

شەڕبوو، ئەوەندەی نەمابوو
لەو چیایە
ئەو گورگە بۆرە بگیرێ
بەڵام ژیشك فریای کەوت‌و
هەزاران تیری پشتی خۆی
بەقەرز دایە!

1989

# پەڕینەوە

ـ ئەیانبینن؟
ئەو ڕووەکە خشۆکانەی
کە هەر سنگە خشکێیانەو پەل ئەکوتن؟!
ـ ئەوە قوربانیی ئەوینی سەردەمێکن
لە زینداندا بە دڕکەزی
کوێریان کردن!
ـ "لاولاو" یەکێکە لەوانە.
ئەی نابینن.. لەهیچ شوێنێ، ئەو ناتوانێ
خۆی بەتەنیا، هەلگەڕێو بپەڕێتەوە..
گەر پەنجەرەو دارودیوار دەستی نەگرن!

1989

# لەدوا ساتدا

دوورگە وەختی خۆی ئەو عەردە "لاوان"ە بوون
کە عاشقی چاوی شینی زەریا بووبوون
لەپشتەوە هەردوو دەستیان بەسترابۆوەو
ڕێیان نەبوو خۆیان لەو چاوە هەڵکێشن.
تا ئەو ڕۆژەی لە لەشی خۆیان یاخی بوون
تا ئەو کاتەی خۆیان لەدەست خاك ڕاپسکان.
نیمچە دوورگەیش هەروەها بوو
بەڵام کە ئەوان یاخی بوون، کە ڕایان کرد
هەڵنوتانو لەپەو ڕوو کەوتنە زەریاوەو
نەیان توانی هەموو جەستەی خۆ دەربازکەن
لە دوا ساتدا
خاك فریاکەوت قاچی گرتن!.

1989

# مانەوە

چوومە لای زەریاو پێی وتم:
بە قولاپو بە تۆڕ بوایە
لەمێژەوە.. من ئەبوایە
نەك هەر ماسی گیانی شینم
گەرای عومریشم نەمایە!
چوومە لای بێشەو پێی وتم:
بە خەیاڵی تەور بوایە
من ئەبوایە
تاقە چڵێ لەم لەشەمدا
سەوز نەبوایە.
ئەی زەریاو بێشەی هاوڕێ!
هەتا ماسی گیانی شینی تۆ بمێنێ
تا چڵی سەوزی لەشی تۆیش باڵا بکا
ماسی چاوو
دارستانی ئەم گەلەی منیش ئەمێنێ!.

# شار

ئەمڕۆ تەنها هەر لەنێوان دووسەعاتا
لەناو سنگی شارەکەمدا
پەنجا ڕووباریان خنکاندم
قودس وای وت!.
ئەمڕۆ تەنها هەر لەماوەی یەك سەعاتدا
لەناو سەری شارەکەمدا
سەد ئەستێرەیان سەر بڕیم
مانگی شیعرێکی ئاسمانی سانتیاگۆیش وای پێ وتم!
ئەمڕۆ تەنها هەر لەماوەی نیو سەعاتا
لەسەر بەردی ڕەشی پشتم
مێشکی زۆر گوڵیان پژاندم
ئەسپێکی ڕەشی باشووری ئەفریقایش وای پێ وتم!.
برایینە!
تەنها جیاوازی نێوانمان
ئەوەیە، من..
شارەکەیان وەها کوشتم،
دەقیقەیش هەستی پێ نەکرد!!

# باڵا

بۆ شەهیدێكو دووانو سیانو چوار
ئەوسا من هەردوو چاوانم
وەكوو "نالی"
ئەكردە دوو جۆگەو ڕووبار
من ئەوساكە
بۆ ماڵێكو بۆ گوندێكو بۆ باخچەیەكی جوانەمەرگ
ئەم تاقە دڵەم ئەكردە
پەڵە هەورێكی پایزە
ئەی ئێستاكە بۆ پێنج هەزار
چۆن بتوانم دوو چاو بكەم بە پێنج هەزار گۆمو زەریا
دوو دەست بكەم بە پێنج هەزار كۆڵەوژی ڕەش هەڵگەڕاو
دڵێ بكەم بە پێنج هەزار پەڵە هەور
قوڕگێ بكەم بە پێنج هەزار گەرووی تاساو
من ئەزانم ئا ئەم ژانە
وشەم ئەباتە گڵەوەو

هەرگیز پەنجە

لاواندنەوەی چەند درێژ بێ

ناگاتە باڵای هەڵەبجە!

# هەڵەبجە

چواردەی مانگ بوو
لەسەر گۆیژە، با قەڵەمەکەی فڕاندم
کە دۆزیمەوەو پێم نووسی
پۆل پۆل فڕین وشەکانم.
پانزەی مانگ بوو
"سیروان" قەڵەمەکەی بردم
وەختێ گرتمەوەو پێم نووسی
بوون بەماسی شیعرەکانم
شانزەی مانگ بوو!
ئاخ شانزەی مانگ!
کە شارەزوور قەڵەمەکەی لێ وەرگرتم
وەختێ دایمەوە بنووسم
وەك هەڵەبجە
وشك بووبوون پەنجەکانم!

# پەڕەشووت

منیش خەیاڵم فڕگەیە.
منیش شیعرم فڕۆکەیە.
منیش وشەی پەڕەشووتداری خۆم هەیە:
"ڕەنگە پەڕەشووتەکانیان،
هەندێ جار فرمێسکی خۆم بن.
ڕەنگە پەڕەشووتەکانیان، زۆر جاری تر
گوڵۆنکەکانی کۆڵوانەی دایکی تۆ بن.
ڕەنگە پێڵوی منداڵانی "هەڵەبجە"بن.
ڕەنگە مەمکی کچەکانی "وەسانان"بن.
ڕەنگە کڵاوو جامانەی شەهیدان بن".
هەموو جارێ ئەیانبەمە
ژوور وڵاتی هەوروباران
خۆیان هەڵئەدەنە خوارێو پەڕەشووتیان ئەکەنەوە
حەرف، حەرف ئەنیشنەوە.
هەموو جارێ وشەی پەڕەشووتداری من
عەردێکی نوێ

**ئەستێرەی نوێ**

**لە گەردوونی هۆنراوەدا ئەدۆزنەوە!.**

1989

# چیرۆکی جزدانێ!

جزدانێکی ڕەشتاڵە وای گێڕایەوە:

هەبووم.. نەبووم

من وەختی خۆی

پێستی تەوێڵی شێرێ بووم.

ڕۆژێ فیشەکێ سمیمیو شێرم کوژرا!.

دوو دەست، چوار دەست

دە دەست هاتن

گورووویانم

خۆشیان کردم

ڕەنگیان کردم.

سەفتە.. سەفتە

لەگەڵ هەزار پێستەی تردا

وچان.. وچان

هەڵتەك.. هەڵتەك

سواری پاپۆڕو

واگۆن‌و
لۆریی بارهەڵگریان کردم.
هەتا لەناو گرمەگرمی کارگەیەکدا دایان گرتم
دواتر کردیانم بە جزدان.
دوور بردیانم
هەر دوای لەدایك بوون یەکسەر
فرۆشتیانم.
من بەر وڵاتی کورد کەوتم
لە شارێکدا
کە شاخ سەرو درەخت لەش‌و
چەم قاچی بوو
ڕەفەی دوکانێکی بچووك بوو بە ماڵم.
ڕۆژێ پیاوێکی گردەڵەی دەم‌و چاو کونج
بانگیان ئەکرد: "فایەق بێکەس"!.
لای دایە لام
منی کڕی‌و هەڵیگرتم
هەتا نزیکەی دەساڵێ من لە باخەڵیا ژیام‌و
من لەباخەڵیا ئەنووستم.
من جزدانێکی لاواز بووم
بێ غەبغەبە
بەتاڵ
بەتاڵ

هەر چوار ژوورەکەی گیرفانم.
ڕۆژێ نەمدی قەڵەوبم‌و ورگم هەبێ
ڕۆژێ نەمدی وەك جزدانەکەی دراوسێ
بەدەم مۆڵە دینارەوە پێبکەنم!
بەڵام دووجار
لەسەر پێستی ئەم تەمەنە
شێر پەنجەمۆری بۆ کردم
یەکەم شێرم یادی نەڕەو
زامی بێشەو
دووەمیشیان دوای خۆی تەنها
تەنها.. تەنها
شەش پەنجاییو
دوا هەڵبەستی بۆ ئازادیی
تیا جێهێشتم!.

1989

# بەراورد

سەعاتی دوانزەی نیوە شەو
تەواوو ڕێك
وەك كوردوخەم
دوومیلی جووت.
سەعاتی دوانزەی نیوەشەو
وەك خەیاڵم
سەرمێزێكی پاكو ڕووناك.
بیست جگەرەو
تەنها یەك كلیلی وشە.
دوای سەعات یەك
دوو میلی لەیەك دابڕڕاو
وەكو من و چاوی وڵات
دوای سەعات دوو
وەكوو ئاوارەو دەربەدەر
كاغەز، قەڵەم، شتومەكی

سەر مێزێکی پەرش‌و بڵاو.

دوای سەعات سێ

تەپڵەکێ فلتەرو سووتووی قەڵاچن‌و

ژوورێ دووکەڵ.

لەولایشەوە

شاعیرێکی خەو لێ کەوتوو

بەڵام شیعرێکی بە خەبەر!.

1989

# بۆن

لەناو باخی کریستاڵی کۆگای بۆندا
هەنگە زەردەی عاشق بووم‌و
سەد خولم خوارد.
نمە نمەی زەردو سووری
زۆر بارانی
هەوری عەترم
پرژانە سەر قۆڵی چاکەت.
قژی دەیان شووشەی کورت‌و کەڵەگەتم
گەیاندە لووت.
بەڵام هیچیان
بۆنی لەشی هاوینانتیان
لێوە نەهات!.
بەڵام هەر نەمدۆزیتەوە
ئەی خۆشترین بۆنی دنیا!
ئەی بۆنی گڵە سوورەکەی

دوای ئاوڕشێنی بەرماڵی
هاوینانی
ئەوسای گەڕەکی "حاجی حان"!.

1989

# ناوەڕۆك


پێشەكی ........ 5
ڕەنگاڵە ........ 19
دەفتەری گەشت و خۆشەویستیی ........ 21
گۆرانییەكی ڕەنگاو ڕەنگ ........ 23
كاڵێ ........ 28
شەقام ........ 30
بروسكەیەك ........ 32
لە یەكەم سەفەردا ........ 33
پایزە نامەیەك ........ 44
دوو دەنگ ........ 48
پڵنگ و پەیكەر ........ 53
ڕەشەبا ........ 59
شاخ ........ 62
گەشتێك ........ 69
كفن دز — ئەكتەر ........ 73
بەهارە شیعرێك ........ 77
لەسۆفیادا ........ 82
لە بۆدابست دا ........ 87
دەفتەری گۆرانییە غەمگینەكان ........ 93
كۆست و چرا ........ 95
پۆلە ئاوازێكی كۆچ كردوو ........ 100
فورات و چەند گۆرانییەكی غەمگین ........ 105
هاودەم ........ 113
چەپگەرد ........ 119
دەفتەری سۆز و سووتانی گیان ........ 127
دۆزەخ ........ 129
قەقنەس ........ 132
كلڵپە ........ 138

| | |
|---|---|
| گێژەنگ – سووتان | 141 |
| سۆز | 144 |
| داستانی هەڵۆی سوور | 151 |
| داستانی هەڵۆی سوور | 153 |
| کەشکۆڵی پێشمەرگە | 211 |
| کلیل | 213 |
| لەشەوێکدا | 218 |
|ماڵئاوایی | 223 |
| گۆرانییەکی داواکراو | 226 |
| کام ڕێبوار | 230 |
| لەبەر تەندورێکدا | 234 |
| پەرەسێلکەیەک | 237 |
| هەرەس | 239 |
| سێوەکەی دڵ | 242 |
| شیعری کاریکاتێر | 244 |
| هێلانە | 246 |
| گریان | 249 |
| نیشانە | 250 |
| دەرمان | 251 |
| گەردەلوول | 252 |
| لێبووک | 254 |
| بووکە سەماکەرە | 255 |
| پیاو | 256 |
| شەماڵ | 280 |
| میوان | 286 |
| ڕووبار | 294 |
| چەند چوارینەیەک | 296 |
| شەهید | 298 |
| چەند کورتە شیعرێ | 299 |
| دووڕیان | 303 |
| بانگ | 307 |
| کوڕی بابە گوڕگوڕ | 316 |
| مزگێنیی | 319 |
| ڕوانین | 327 |
| هەڵگوردی "پ. م" | 330 |
| کەڵ | 336 |
| گوڵ باران | 341 |

نەفرەت ........ 346
ئارام ........ 353
تاجی خوێناوی ........ 365
بەیان ........ 370
شایی شەهید ........ 399
قیبلەنما ........ 401
شایی شەهید ........ 407
تەقینەوە ........ 418
سەفەری ئەوین و شۆڕش ........ 434
سۆراخ ........ 441
ئاگر ........ 444
دەرگا داخراوەکان ........ 447
ڕاهاتن ........ 452
سڵاو گوڵە کێویلەکانی شۆڕش سڵاو! ........ 456
ئەسپێکی سوور ........ 466
تاڤگەی زیندانیی ........ 482
توانەوە ........ 488
سوتماك ........ 492
دیدەنی ........ 499
تەم توومان ........ 503
تەم توومان ........ 505
ژەهر ........ 530
ئاوێنە بچکۆلەکان ........ 547
خۆرنشین ........ 549
پاش وەخت ........ 550
ناسین ........ 551
خەنجەر ........ 552
مقەست ........ 553
دوا ووشە ........ 554
پەند ........ 556
27 جار ........ 557
مشار ........ 559
سەر ........ 560
تاریکی ........ 561
وێنەیەك ........ 562
هاوڕێ ........ 563
هەڵوێست ........ 565

| | |
|---|---|
| شايەت | 567 |
| مانگ و زەریا | 569 |
| بەشکردن | 572 |
| ئازادی | 573 |
| خاك | 574 |
| چریکە | 575 |
| ئازار | 576 |
| ناپاك | 577 |
| قوربانیی | 578 |
| ئاوێنە | 579 |
| بڕیار | 580 |
| ئەنجام | 581 |
| ژیانم | 582 |
| عاشق | 583 |
| چەك | 585 |
| پەستیی | 586 |
| خۆشەویستی | 587 |
| سەنگەر | 588 |
| گفتوگۆ | 589 |
| هێلانە | 591 |
| ڕێگا | 592 |
| شۆڕش | 593 |
| شەونخوونی | 594 |
| کوێر | 595 |
| پێڵو | 596 |
| میرات | 597 |
| هیوا | 598 |
| بەرزبوونەوە | 599 |
| زەبر | 600 |
| یاخی بوون | 601 |
| بێشکە | 602 |
| ساڵی تازە | 603 |
| بەفر | 606 |
| چاو | 607 |
| قۆخ | 609 |
| گۆرەوی | 610 |
| پرسیارو وەرام | 612 |

| | |
|---|---|
| مەودا | 614 |
| مردن | 615 |
| خۆزگە | 616 |
| ناونیشان | 617 |
| زێوە | 618 |
| جوانوو | 620 |
| ئابلۆقەدان | 622 |
| چادر | 623 |
| دەسەڵات | 625 |
| قۆپچە | 626 |
| خواست | 627 |
| پرسە | 629 |
| شەڕ | 630 |
| پاییز | 631 |
| نەهێنیی | 632 |
| لە ئەنگۆرەیەکدا | 633 |
| جریوە | 634 |
| لە توورەبوونێکدا | 635 |
| شەکردان | 636 |
| جوانترین گوڵ | 638 |
| سوار | 640 |
| جەژنێك | 641 |
| پێکەوە | 642 |
| تاقە شایەت | 643 |
| ئینجانە | 644 |
| کتێب | 645 |
| دەرسێك | 647 |
| مووتوربە | 650 |
| کۆتەڵ | 651 |
| کسپە | 653 |
| کۆتەرە | 656 |
| چلچرا | 657 |
| سارێژکردنەوە | 658 |
| دەنکە تۆو | 660 |
| ئاماژە | 662 |
| ورتەورتێ | 664 |
| ژماردن | 666 |

پیانۆ ........ 667
کڕنوش ........ 668
میوانداریی ........ 669
چاوپێکەوتنێکی ئەدەبی ........ 671
نەنکم ........ 673
پاڵتۆ ........ 674
خەڵات ........ 675
گەڕانەوە ........ 676
کلێتە ........ 677
تەنها یەکێکمان ........ 678
ئەم شاخە ........ 680
لە بیرەوەرییەکانی "دارمێوێك"ەوە ........ 682
بوخچە ........ 685
خائین ........ 687
خەم ........ 688
یەکەم دەنگ و دوادەنگ ........ 689
دەریاچە ........ 692
لەپاسێکدا ........ 695
گەلی بازێ ........ 697
پرشنگەکان ........ 701
تونێل ........ 703
گۆڕران ........ 704
شوێنەون ........ 705
فڕین ........ 708
سۆما ........ 709
دوو پیاو ........ 711
جوانترین دیاری ........ 713
سیحرباز ........ 714
بیرچوون ........ 716
شۆڕبوونەوە ........ 718
یاد ........ 719
لێرە ........ 720
خۆشەویستیت ........ 721
بیرەوەری ........ 722
یەکەم منداڵ ........ 723
تەختە بەند ........ 724
زیندانی گەڕۆك ........ 726

| | |
|---|---|
| تۆ ........ | 727 |
| سەروپێچ ........ | 728 |
| کۆست ........ | 730 |
| دووپەیکەر ........ | 732 |
| ژیان ........ | 734 |
| جودایی ........ | 736 |
| یادداشت ........ | 737 |
| تەماشاکردن ........ | 738 |
| بەخیل ........ | 739 |
| وەسێت ........ | 740 |
| ناو ........ | 742 |
| وەکوو یەك ........ | 745 |
| لەولاتی مندا ........ | 747 |
| سەرتاش ........ | 748 |
| خاڵبەندی ئۆردوگاکان ........ | 749 |
| خواست ........ | 751 |
| دەنکە زیخێ ........ | 753 |
| پەردە ........ | 754 |
| ژیشك ........ | 755 |
| پەڕینەوە ........ | 756 |
| لەدوا ساتدا ........ | 757 |
| مانەوە ........ | 758 |
| شار ........ | 759 |
| بالا ........ | 760 |
| هەڵەبجە ........ | 762 |
| پەرەشووت ........ | 763 |
| چیرۆکی جزدانێ ! ........ | 765 |
| بەراورد ........ | 768 |
| بۆن ........ | 770 |

# دیوانی

# شێرکۆ بێکەس

# دیوانی

# شێرکۆ بێکەس

**بەرگی سێیەم**

**1971 ـ 1993**

**کوردستان ـ** 2006

# کاوەی ئاسنگەر

داستانێکی هۆنراوەیی سەر شانۆیە لە "9" تابلۆدا

1971

# پێشەکی و لێکۆڵینەوە

د. ئیحسان فوئاد

پاش بلاّوکردنەوەی دوو کۆمەڵە هۆنراوە "تریفەی هەڵبەست"و "کەژاوەی گریان " لاوی شاعیر (شێرکۆ بێکەس)، لە ڕەوی پێگەیشتنی بەهرەی هەڵچوویا،دەستی بردووە بۆ کارێکی گەلێك گرنگ کە نوسینی ئەم داستانە هۆنراوەییە "کاوەی ئاسنگەر". ئەڵێم گرنگ، چونکە وەك ئاشکرایە نووسینی بەرهەمی شانۆیی نیشانەی چەشنە پێشکەوتنێکە لە ئەدەبی هەر نەتەوەیەکدا، کە لەلای ئێمە هێشتا وەکوو زۆر کزە، لەلایەکی کەش، ئەم بەرهەمە بەتەنها چیرۆکێکی شانۆیی نییە، بەڵکوو داستانێکی مێژوویی یە کە بەستراوە بەسەردەمێکی دێرینی نەتەوەکەمانەوە لەهەڵوێستێکی تایبەتیدا، کە تا ئەمڕۆ لە خوێن و هەستی نەتەوایەتیمانا هەر لە قوڵپدان و خورپە و بزووتنەوە و ژیانەوەدایە، جگە لەوەی کە ئەم بەسەرهاتە ئەفساناوییە میللییە لەقاڵبی هۆنراوەدا داڕێژراوە، ئەمانە هەمووی چەشنە نرخێك و بەهایەکی تایبەتی ئەدەن بەم بەرهەمە.

وەکو لە گەلێ شوێنی ئەم بەرهەمەدا دەر ئەکەوێت، لاوی شاعیر ویستوێتی هەروا لەخۆیەوە دەست نەداتە ئەم کارە گرنگە، بەڵکوو چەشنە رەنج و ماندووبونێکی لە پێناودا بدات، کە مایەی ڕەزامەندی بێت لای ئەدەبپەروەرانی وڵاتەکەمان، جارێ هەر لەسەرەتای کارەکەوە دەرئەکەوێ لە هەڵبژاردنی ناوەکانا، رووی کردۆتە مێژووی دێرینی رۆژهەلاّت و لەو سەرچاوانەوە هەڵی هێنجاون کە پەیوەندییان بەم مێژووە کۆنەی ڕۆژهەلاّتەوە هەیە، لەوانەیە ئەم ناوانە لە سەرەتادا سەرنج ڕانەکێشن، بەلاّم لە دەنگ و ئاواز و کارکردنیانا "لەگوێی خوێندەوارانا" بەتایبەتی لە لای ئەوانەی لەمێژووی کۆن شارەزان، مۆرکی شارستانیەتی "2000" ساڵ لەمەوبەری پێوە دیارە، ئەدیب و نووسەرەکانی جیهان، کەدێنە سەر بەسەرهات و چیرۆکی کۆن، تێکرا دوو ڕێگا ئەگرن: یان ئەیانەوێت کوت و مت بچنە ناو ئەو کۆنەوە و گیانیانی تیایا بتوێنەوە بۆ ئەوەی نەخشەیەکی وردی ڕابردوو لە چیرۆکا بخەنە بەر چاو. وەك یادکردنەوەیەك بیرێکی ئەوسامان بخەنەوە، لەمانە بۆ نمونە چیرۆکەکانی

چیرۆکنووسی سکۆتلەندی والتەر سکۆت "1771-1832"ی بە ناو بانگ، یا وەکوو هەوێنی باسەکە وەرئەگرن و لە باری سەرنجی ئەو سەردەمەی ژیانیانەوە شتێکی تایبەتی لێ دروست ئەکەن کە نە بە تەواوی کۆنە و نە تازە بەڵکوو تێکەڵاویەکی فەلسەفیە لە ناوەڕۆکێکی وا نوێدا کە لەوانەیە بیری ئەمرۆشت بخاتەوە بەرچاو، وەکوو پیەسەکانی "جۆرج برناردشۆ" بۆ نموونە لەم چەشنە بەرهەمانەدا نیازی نووسەر یا هونەر زیاتر دەرخستنی فەلسەفەی تایبەتی خۆیەتی دەربارەی ژیان و ڕووداوەکانی ئەو چەرخەی تیادا ئەژی و ئەو باسە مێژوویییەی باسی ئەکات تەنها ئەبێت بە هەوێنێك بۆ بەرهەمەکەی. داستانەکەی "شێرکۆ " لەم بابەتەیە.

نووسینی بەرهەمی شانۆیی یا " دراما" ئەگەر چی لە ئەدەبی نەتەوایەتیمانا تەمەنی لە "20-30"ساڵێك تێپەڕ ناکات، بەلاَم لە ئەدەبی جیهانییا لە "2500"ساڵ زیاترە، و لە سەردەمێکی دێرینەوە شوێنی بایەخ پێدان و لێکۆڵینەوەیە، " ئەرستۆ" بە لایەوە چیرۆکی شانۆیی بەتایبەتی "کارەسات "[1] لەمێژوو نووسینەوە لایەنی هونەر و فەلسەفەی تیادا زۆرترە، چونکە باسی بە سەرهاتێ ناکات وەك چۆن ڕووی داوە، بەڵکوو لە وێنەیەکی نموونەییدا "مثالی"داوە لەبەرگێکی نیگارکێشیدا ئەیخاتە بەر چاو، خۆ کە بێینە سەر جۆرەکانی هۆنراوە[2] دراما و هونەری دراما لەسەروو هەموویانەوەیە، چونکە دانەرەکەی باسی خۆی ناکات بەڵکوو لەسەر زمانی پاڵەوانە جیاوازەکانی بەرهەمەکەیەوە دێتە ناوەوە، بۆ ئەوەش پێویستە زۆر وورد و زۆر بەتوانا بێت لە تێگەیشتنی کەسانی بەرهەمەکەی و ئەو هەڵوێستانەی تیایا ئەجووڵێنەوە بچێتە ناخیانەوە و بگرە بتوێتەوە لەناویانا! ئەمە پاڵی بەهەندێك ڕەخنەگری جیهانەوە ناوە کە دراما لایان پێوانە بێت بۆ پێوانی بەهرەی نووسەران و شاعیران و بایەخ نادەن بەجۆرەکانی تری هۆنراوە، وەك هۆنراوەی "لیریك" بۆ نموونە ــ لەگەڵ ئەوەش کە"لیریك" ویژدانی سەرچاوەیەکی زۆر دەوڵەمەندە ــ بەلای ئەمانەوە دراما لووتکەی هونەرە، کە لەبەردەمیا جۆرەکانی تری هۆنراوە کز ئەنوێنێ[3].

لەدرامادا ـ شانۆ وەك ئاشکرایە ــ دەورێکی سەرەکی هەیە، چونکە ڕاستی بە توند و تۆڵی بەستراوە بە بەرهەمەکەوە و نووسەر ئەبێت حسابی خۆی بۆ بکات. هەروەها ئەبێت حسابێکی زۆر باشیش بۆ تەماشاکەران بکات، ڕستەکانی وا بێت کەهەستیان بەتەواوی بجوڵێنێ. چیرۆکەکەی وا دابڕێژرێت کەبۆشایی و کەلەبەری تیادا نەبێت و یەکێتی ڕووداوەکانی سفت و ڕێك لەتەك یەکدا ڕیز بکات، بۆ ئەوانەی تەماشای بەرهەمەکەی ئەکەن هەمیشە لەهەڵچوون و وورووژاندنا بن و وا سەیری بەرهەمەکە بکەن کە ڕاستییەکە لەپێش چاویانا دووبارە ئەبێتەوە، نەك چیرۆکێکی

دروست کراوە و بۆ وەخت بردنە سەر نووسراوەتەوە. جارێ بەر لەهەموو شتێك با لەگەڵ خوێنەدەوارانا، سەرنجێ بدەینە وشەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی چونکە بەرهەمەکە لە چوارچێوەی هۆنراوەدا دانراوە، لە هۆنراوەشدا ئەم لایەنە لە هەموو لایەنێکی تر گرنگترە، بەلای منەوە، تێکڕا وشەکان بەهێز و بە پێزن، جم و جۆڵ و ورشە و پرشەی شیعریان تیا ئەدرەوشێتەوە، گەرمی ڕاز و گفتوگۆی ژیانیان کراوەتە بەر!، بەهێزترین ڕەوشتی دراما هەڵچوون و وروژان و وەرچەرخاندن و گۆڕینی کردەوەکانە لەلایەکی ترەوە بۆ لایەکی تر، ئەمەش نابێت ئەگەر وشەکان گیانی ئەم لایەنەیان نەکرێت بەبەرا، ئەم دێڕانەی خوارەوە کەم و زۆر بەو شێوەیەی باسمان کرد داڕێژراون:

قسەی مێشکم بۆ کەسێکە
بتی بێ گیان ورد و خاش کا!
سەری تەفرە بپەڕێنێ
چۆك بەژێر دەستیی دابدا
پشتی قەدەر بنەوێنێ
ئەگەر ئاسمان
ئەگەر زەوی
ئەگەر دەریا
بەربەستی بن، ئەو کۆڵ نەدا:

ئەم داڕشتنە بەهێزە بە تایبەتی لە گفتوگۆی کاوەدا، کە لە گەڵ شوێنی بەرهەمەکەدا زۆر بەئاشکرا دیارە، بۆ نموونە لە وەرامدانەوەی بۆ "کاروون و کاردۆخ و مادیا" کە ئەیانەوێت لەقسەهاندەرەکانی کاوە تێبگەن، بزانن مەبەستی چییە؟ــ لە هەڵوێستی گوێزانەوەدا لەبیر کردنەوە بۆ ئیش کردن، لە گوومانەوە بۆ بڕوا:

**کاردۆخ:** پشتمان کێیە؟
**مادیا:** چیمان پێیە؟
**کاردا:** قۆناغ کوێیە؟
هەموو ڕۆژێ من ئاسنی،
ڕەق و پتەو ئەشکێنمەوە
ئەیکەم بە ئاو ئەیتوێنمەوە...

ڕووئەکاتە کاردا و میدیا:

ئێوەش جەرگی عەرد هەڵ ئەدڕن

تاشە بەردی ئەم کێوانە...

بەشانی ڕەنج ئەگوێزنەوە...هتد

تا لە پاشانا ئەڵێت:

ئیتر ئێمە چۆن ناتوانین

تەختی زۆردار سەرنگون کەین

ئێمە وا بین

چۆن ناتوانین،

دیلیی و ژێر دەستی زەبوون کەین!

ئەم رستانە کە بەرگی گەشی درامای پێوەدیارە، لە قسەی هاوڕێکانی کاوەشدا دەرئەکەوێت، کاتێ بڕوای تەواوی پێئەهێنن. هەروەها لەگفت و گۆی ئەژدەهاکیشا کە ڕق و کینەی خۆی دەرئەبڕێ، یا کە لە تەنگانەدایە یا کەئەترسێ بۆ نموونە لە گفت و گۆیا لەگەڵ تارمایی مردنا:

ئەوە تاجم ئەوە تەختم

ئەوە خەزنەی زێڕ و بەختم

هەمووی بۆ تۆ تەنها نەمرم...

خۆ بەتایبەتی لە کاتی ڕق و کینەیا، گفت و گۆکانی ئەژدەهاك لەگەڵ بەردەستەکانیدا، ڕوون کردنەوەی ئەو بارە نەفسییەیە کە پێدا ئەڕوات:

کۆیلە دیلە.. کۆیلە بەندە..

کۆیلە تاکوو مردن عەبدە!

مادام وایە.. پێیان بڵێ..

تا لافاوی خوێن هەڵ ئەسێ

هەتا بەکۆمەڵ غەرق ئەبن

با بکوژن.. هەر بکوژن

دەست نەپارێز.. دەست هەڵ نەگرن

وەك دروێنە.. درووێنەکەن!

ئەوسا ئیتر.. ڕامەوەستن

بیکەنەوە دەرگای ئاسن
با شێری برسی دەرپەڕن
شالاّو بەرن.. لەش ئەنجن کەن
ئێسك و پروسك.. تێك بشكێنن
دوایی بەم ژاوەیە بێنن!

ئەم ڕقە هێندە بێ سنوورە، کە ئەژدەهاکی وا لێ کردووە لەگەڵ شێرە برسییەکانیشدا بکەوێتە قسەکردن و بە گەرمی هانیان بدا بۆ تێکشکاندنی شۆڕشگێڕەکان:

ئادەی! ئادەی با شالاّوی
چنگی ڕقتان پڕ ئازار بێ
ئادەی! ئادەی با خوێناوی
کۆیلە و عەبد.. بە ڕووبار بێ
ئادەی.. ئادەی با کەڵبەتان
کەڵبەی ناو دەمی برسیتان
کەڵبەی لە ئەڵماس تیژترتان
ئێسك و پروسك وەك خۆڵ وردکا!

لە کاتی تووڕە بوونیدا هێندەی ڕستەی ئەژدەهاك گەلێ درامی و شاعیرانەیە، وەك ئەم نموونەیە:

وەك ژن خزاونەتە پاڵ من
شایستەن بۆ ئەتك کردن
ئەتانەوێ.. بەقسەی زل
ترسنۆکیی ئارایشت کەن!

ئەم بەهێزی دراما پۆشییە لەو کاتانەشدا دەرئەکەوێت کە ئەژدەهاك هەست بەوە ئەکات کە لە مەترسییەکی گەورەدایە و هەموو دەسەلاّتی لە ئاوابوونایە و بەتەنها ڕووبەڕووی چارەنووسی ترسناکی مەرگ وەستاوە:

کوا دڵۆپێ.. فرمێسك ڕشتن
کوا ئاخێکی گەرم.. ناشتن
کوا بەزەیی سەر ڕوخسارێ
کوا تکایە؟.. کوا هاوارێ؟

کوانیٚ ئەو دەستانەی.. ئەڵێن

بۆ تەنگانە درێژ ئەکرێن..!

لە دووا تابلۆی داستانەکەدا، کاتێ کاوە پاش شکاندنی سوپای زۆرداریی بە ناو گۆمی خوێناودا ئەکا بەژوورا و هەڵمەت ئەباتە سەری، فەرمایشتەکەی ئەژدەهاکی بەتەنها ماوەی شڵەژاوی دڵ پڕ لە ترس و ڤیین. بۆ کوشتنی کاوە بەراستی وەستایانە دارێژراوە، ئەوەندەی هەموو ڤیین و ترس و پەژارەی ئەژدەهاك بەهێزە.

**کاوە:** زاڵم وا شەو باری نەویی

وا ڕووناکی دنیای پڕ کرد

وا کاروانی ئازادی کورد

بە بەهاری هیوا گەیی..

زاڵم تۆ بۆ کویٚ دەر ئەچی؟

**ئەژدەهاك:** " ڕوو ئەکاتە هەردوو پاسەوانەکە "

ئەنجن! ئەنجن! لەتلەتی کەن

وەك سەگی خوێڕی پەتی کەن!

لە چیرۆکی شانۆییدا، جگە لەو هێز و وردی و سۆزە گەرمەی کە بەتایبەتی لە کاتی گۆڕین و وەرچەرخانی کردارەکانا لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر پێویستە ــ وەك لە بەشێ لەو نموونانەی لەمەوبەر خستمانە ڕوو دەرکەوت ـ جگە لەمە یەکیەتی ڕووداو ڕەوشتێکی گرنگی ترە، یەکێتی ڕووداو چییە؟ دانانی مەبەستێکی ئاشکرا و ڕوونە کە ئەبێت هەموو تابلۆ و پەردەکانی داستانەکە بە دەوریا بسوورێتەوە، واتە نابێت لادانێکی وای تێدا بێت بەرەو باسێکی وا کە تەماشاکەران دوور بخاتەوە لەم مەبەستە گشتییە و سۆزی گەرم و گوڕی و هەڵچوونی کردارەکانیان بڕەوێنێتەوە، ئەبێت هەر هەڵوێست و هەر تابلۆ و هەر بەشێکی تابلۆ و سفت و ڕێك و پێك و گونجاو بن، وە هەموویان بەشێکی تەواوکەر بن بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر بۆ کرداری سەرەکی یا مەبەستە سەرەکییەکەی نووسەر لەو بەرهەمەدا، ئەم لایەنە بێ پێگەیشتنێکی تەواوی باسەکە لە مێشکی نووسەرەکەدا، بێ عارەق ڕشتن و ڕەنج دان و ئازار چێشتن "معاناه" لە گەڵیا ـ بەتەواوی نایەتە دی، لە هونەری ئەدەبدا، بەم ڕەوشتە ئەتوانین بڵێین چڕی‌وپڕی هەڵوێستەکان ــ کورتی و وردی لە شیکردنەوە و ڕونکردنەوەیانا. بەرهەمەکەی " شێرکۆ بێکەس" لەم داڕشتنەدا گەلێ مەرجی یەکێتی کرداری تیادایە، تابلۆی یەکەم پێشکەش کردنێکی سەرنج ڕاکێشی سەرتاپای داستانەکەیە کە ناشتنی قوربانیەکانی

ئەژدەهاکە، تابلۆی دووهەم دەرخستنی قوولی... تابلۆی سێهەم پێچەوانە یان ناکۆکە ــ بۆ دەرخستنی بێ هەستی و درندەیی و بێ فڕی زۆرداری ـ شایی و هەڵپەرکێ لەسەر مێشکی پژاو و خوێنی ڕژاوی لاوانی ولات، ئەم سێ تابلۆیە ئەتوانین دابنێین بە پێشەکییەك ــ واتە دەست پێشخەرییە بۆ دەرکەوتنی کاوە، تابلۆی چوارەم: سەرەتای هەڵچوون و پێگەیشتنی کردارەکانە: دەرکەوتنی کاوەیە، پاڵەوانی سەرەکی داستانەکە ــ هاتنە پێشەوەی کاوە لە کۆتایی ئەم تابلۆیەدا، قسەکانی بەرگی تەواوی بەسۆز و چڕی و هەڵچوونی درامای تیادا ڕەنگ ئەداتەوە، برووسکەی ئیمانی تیا شەوق ئەداتەوە:

**کاوە:** بەڵێن بێ... بتی ئەفسانەی
دیلی و ڕیسوایی بشکێنم
تەخت و تاراجی ژێر دەستی
لە بنەوە هەڵ تەکێنم
قەلا و زیندانی ئەژدەهاك
بڕوخێنم...
بەڵێن بێ... کۆشکی تاوانی
لەگەڵ خۆیدا بسووتێنم
سەری ئەم تاریکە شەوە بنەوێنم... هتد

بێ ئەم بڕوا و بێ ئەم هێز و گەرمییە، بەم ڕستانە نە ئەوترا ڕستەی هاتنە پێشەوەی کاوە. تابلۆی پێنجەم: دەرخستنی دەروونی ئەژدەهاکە و خۆ بایی بوونی و مەترسیەتی لە ئەنجام: مردن... ئەم تابلۆیە: کە ئەکەوێتە ناوەڕاستی چیرۆکەکەوە ئاسۆیەکی زۆر فراوانی هەیە ـ بەتەنها سەیرکەر لە ئەژدەهاك و گفت و گۆی لەگەڵ تارمایی مردنا دەرناخات، بەڵکوو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەرنج و بیرکردنەوەی سەیرکەر گەلێ دوورتر لەگەڵ خۆیدا ئەبات، لە تابلۆی شەشەمەوە وەرچەرخانە بەرەو سەر ئەنجام و گۆڕینی کردارەکان، ئیتر بەخێرایی ئەڕۆن بەرەو هەڵچوون و تەواو بوون ــ یەکێتی ڕووداو ــ لە ناوەڕاستی هەموو هەڵچوون و وروژاندنی بەسەرهاتەکانایە، کە ئامادە کردنی شۆڕشە و هەڵمەت بردنە بۆ سەر ئەژدەهاك، لە تابلۆی حەوتەما: کە ئەژدەهاك باسی خەوە سامناکەکەی خۆی ئەگێڕێتەوە بۆ جادووگەرەکەی... ئەتوانین بڵێین لە چوارچێوەیەکی درامی و نەفسی بەهێزدا سەرەتای کۆتایی دەستنیشان کراوە، دروستکردنی "چەکووشی هێز و بڕوا" لە تابلۆی هەشتەمە کە

چەکی ڕزگاری و دروشمی شۆڕشە، هەڵوێستێکە کە شایانی بایەخ پێدان و سەرنج ڕاکێشانە؛ بۆیە وشەکانی کاوە کە گەرمی و سۆزی لێ ئەڕژێ لە جێگای خۆیدایە:

ئەی چەکووشی هێز و بڕوا

نیشانەی ڕەنج و توانا

دۆستت زۆرە

جێگەت سەر گلێنەی چاوە

بەڵام هێشتا

تینوێتی زاخاوی دوایی...

ئەبێ هەر بەخوێن بشکێنی

خوێنی ناپاك...

خوێنی تاوانی ئەژدەهاك... (ت. حەوتەم)

کۆتایی تابلۆی هەشتەم، واتە پێش ئەوەی دوا تابلۆی داستانەکە دەس پێ بکات، پێش هەڵسان و شۆڕش و خوێن ڕشتن: بڕوا بەهێزی هەق و سوور بوون لە سەری، لەلایەن کاوە و هاوبیرەکانیەوە لە بەرزترین سۆز و گەرمترین سروودا بەرز ئەبێتەوە:

سوێندە، سوێندی کوردپەرستی

سوێندی سەر شۆڕی نەویستی

سوێندی بڕوا و خۆشەویستی

سوێندی لە خۆ داماڵیینی،

بەرگی نۆکەری و ژێر دەستی

سوێندە... سوێندی کورد پەرستی

سوێندە... بۆ خۆری سەربەستی

سوێندە... ئەیلێینەوە

سوێندە... کە ناگەڕێینەوە...

سوێندە بەو خوێنانەی ڕژان...

بوون بەچراوگی ڕێی ژیان

سوێندە بەو سکانەی سووتان

سوێندە بە فرمێسکی دایکان...

سوێندە بەو زەردەخەنانەی،

لەسەر لێوی کۆرپە کوژران

سوێندە هەموو ئەیلێینەوە

سوێندە کە نا گەڕێینەوە... هتد

ئـەتوانرێ لـەو دێڕانـەی کـاوە بـۆ چەکوشـەکەی ئـەیڵێ لـەم سـرووده گەرمـە، دوو پارچـە گۆرانیی پڕ لە سۆز و گەرمییان لێ دروووست بکـرێ، بەرهەمەکـەی پـێ ڕەنگـاوڕەنگ بکـرێ، بـۆ ئەوەی سەرنـج ڕاکێشێت و بخرێتە بەر چاو. " شێرکۆ " ئەوەشی بیر نەچووە کـە لـە کارەکـەیا وەك بەرهەمێکی شانۆیی " دراما" شـانۆ دەورێکـی مـەزن ئـەگێڕێ، چونکە تاکـە شـوێنی جـێ بەجێ کردنی کردارەکانە، نووسەری ئەم جۆرە بەرهەمانـە پێویـستە بـزانن چـۆن ئـەم شـوێنە بچکۆلانەیە واتە شانۆ، کە لـە چـەند مـەترێك تێپـەڕ ناکـات بـەکار بهێنێـت بـۆ بـەهێز کردنـی بەسەرهاتەکانی بەرهەمەکەی ـ و بۆ ئەوەی مـاوە بـدات کـە خـەیاڵی تەماشـاکەران بجوڵێنن و بیانخاتـە جیهـانی تایبـەتی چیرۆکەکەیەوە، ئەمـەش لام وایـە بەهرەیـەکی نوانـدنی "تمثیلـی" ئەوێت چونکە ماوە کورتە، دیمەنـەکان بـە پەنجـەی دەست ئـەژمێررێن، هـەتا ڕسـتەکان پـڕ و کورت و کاریگەر بن و ئەوەندەی بەناڕاستەوخۆ بە سەلماندن شت بخرێتـە بـەر چـاو، ئەوەنـدە نووسەرەکە سەرکەوتووتر ئەبێت، لەو هونەرە شانۆییانەی لەم داسـتانەدا " شـێرکۆ " بـەکاری هێنـاوە، تـابلۆی بـێ دەنگـە، ئەمـەیان جگـە لـەوەی کـە هەمـەڕەنگی و چەشـنە گـۆڕین و سەرنجڕاکێشانێك ئەدات بە کارەکە، وەختیش کورتر ئەکاتـەوە، بـۆ نموونـە لـە کۆتـایی تـابلۆی هەشتەما لەباتی ئەوەی بێت گفت و گۆ کردن و چۆنیتی پلانی ڕاپەڕین دابنێت، بە بزوتنـەوە و نزیـك بوونـەوە لـە یـەك و ئیـشارەت کردنـی بـێ دەنـگ، وێنـەی دوا خـۆ ئامادەکردنیـان بـۆ ڕاپەڕین ئەخاتە بەر چاو. لەم تابلۆ بێ دەنگانەدا بەتایبەتی تابلۆی درووست کردنی چەکوشی ئـازادی و ڕاپـەڕین، بایـەخێکی شـانۆگەری تایبـەتی هەیـە چەشـنە هێـز و گوڕێـك ئـەدا بەداستانەکە. ئەمـە ئاوڕدانەوەیـەکی هونـەری جوانـە و توانـای نوسـەرەکەیمان بـۆ دەرئـەخات لەهونەری شانۆدا، کە زیاتر بەسەلماندن و جووڵانەوە و بزووتنـەوەی ئیحائی کردارەکان ڕوون ئەکاتـەوە، بـێ گومـان ئـەم گۆڕینـە لەنیـشاندانی هەنـدێ دیمەنـدا بەشـێوەیەکی بـێ دەنـگ داستانەکە لای تەماشاکەران زیاتر سەرنج ڕاکێش ئەکات.

ئاوڕدانەوەیـەکی هونـەریی تـر، هـەوڵ و کنـەی بەشـدار بـوونی جـەمهووری تەماشـاکەرانە لەهێندێ دیمەنی بەرهەمەکەدا، بۆنموونە لەکۆتایی تابلۆی شەشەمدا، کاوەی جەرگ هەڵقرچاو بە کوشتنی حەوت ڕۆڵەی جگەر گۆشەی خۆی، بەم جۆرە دێتە پێشەوە:

**کاوە:** ئەمە حەوت کوڕ

حەوت كارەساتی جەرگ بڕ
ئەمە حەوت كوڕ
ئارام ئیتر
چۆن ئەتوانێ..لەمە زیاتر
خۆی ڕابگرێ
تۆڵە..دان بەخۆیدا بگرێ
لەمەزیاتر چۆن ئەتوانێ..
ـ پشویەك ـ

لەپاش..دوا كوڕ
لە پاش گوردۆ
چیم ما ئیتر، "روو ئەكاتە دانیشتوان "
ئێوە بڵێن..چیم ما.. ئیتر!

ئەم ڕووكردنە لە جمهووری تەماشاكەران، چەشنە هانگاوێكی تازە كردنەوەیە لە شانۆی كوردیدا و ئەبێتە هۆی ئەوەی كە سەیر كەر زیاتر چێژ لە بەرهەمەكە وەرگرێ و زیاتر خەیاڵی ڕائەكێشێ بۆ لای خۆی. كاك شێركۆ چیرۆكە شانۆییەكەی لە هەمان كاتیشا بە داستان ناو ئەبات، داستان ــ لە ئەدەبی جیهانیا چیرۆكێكی هۆنراوەی دوور و درێژە كە باسی شەڕوشۆڕێكی گەورە و قارەمانییەتەكەی لە ئەندازە بەدەر ئەكات و تێكەڵە بە ئەفسانە، بە زۆریی باسی ڕووداوێك ئەكات كە بەستراوە بە خەبات لە پێناوی پاراستنی سەربەستی و شەرەفی نەتەوایەتی میللەتێكەوە و ئامانجە پیرۆزەكانی لە سەدەیەكا و ئەو قەبارە و ڕەوشت و خووەی بوویەتی و خەباتی خوێناوی لە پێناوی مانەوە و پاراستنیا. داستان بەتایبەتی لە وەختێكی دێرین ئەدوێ و هەوێنی باسەكانی ئەگەڕێتەوە بۆ بەربەیانی مێژووی میللەتان " وەك ئەلیازە و ئۆدیسای هۆمیرۆس و شانامەی فیردۆسی ". بەهۆی ئەوەی بەستراوە بەم مێژوە دێرینە ئادەمیزادەوە، ئەو قارەمانێتییەی لە داستانا هەیە تا ڕادەیەكی زۆر بەستراوە بە ئەفسانە و خوا و فریشتانەوە كە دەستیان لە دەستی ئادەمیزادایە لەم قارەمانێتییە ڕادە بەدەرەی كە ئەینوێنێ. لە بەرهەمەكەی "شێركۆ " دا ئەم لایەنە فەرامۆش نەكراوە، لە سێ

پەردەی یەکەمدا، هێزی فریشتەکان ئەو قیبلەیەیە کە ئازار دراوەکانی ئەژدەهاکی خوێنڕێژ پەنای بۆ ئەبەن و لێیان ئەپاڕێنەوە و داوای یارمەتیان لێ ئەکات:

**زێمری:** ئارامی گشت فریشتەکان...

تووڵ ئەکێشی... خوا هەر وایە

تۆڵەی درەنگ ئەکاتەوە... یا:

ئەی " ئەنانای " ئەستێرە و مانگ

ئەی خواوەندی هەموو ئاسمان

کوا مژدە و بانگ

وەرە خوارێ...

لە نزیکەوە...ببینە..

لەم خاکە...چۆن خوێن ئەبارێ

خۆت ببینە کە ئەهرەمەن

چۆن لە دۆڵی کینە و ڕقا

دڵ ئەهاڕێ...گوڵ ئەهاڕێ

تا لە کاتی نائومێدی و ڕەش بینیشدا خوا و فریشتەکان هەر ناو ئەبرێن و سکاڵایان بۆ ئەکرێ:

**زاماوە:** بڕوام... بە ئاسمان نەماوە

بڕوام... بە " سمکان " نەماوە

لە کوێن؟ لە کوێن؟

ئەمانە تا تابلۆی چوارەم، کە وەك دەست پێشەکییەکە بۆ چیرۆکەکە لە قسەکانی زێمری و زاماوا، لە گفت و گۆی کاسە سەرەکانا، لە قسەی مادیای جوتیار و کاروونا " شوانی ئاژەڵەکان " لە قسەکانی کاردای جوتیارا، هەمووی دووبارە ئەبنەوە، ئەوەندە هەیە کە هێزی خوا و فریشتەکان و تێکڕا بەرگی ئەفسانای خراوەتە پلانی پشتەوە لەم بەرهەمەدا و بەشدارییان تەنها لە دەرخستنی هەندێ بیر و بڕوا دایە ئەویش لە دوورەوە، بێ ئەوەی بەرگی ڕاستی جووڵانەوە بگرنە خۆ، وەك لە داستانا باوە، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی کە، لە دەرکەوتنی کاوەوە ئەم لایەنە ـ واتا بەشداریی خوا و فریشتەکان ـ بەرەو کزی ئەڕوات و دراما پۆشی زاڵ ئەبێت و بەرگی داستانی ئەکرێت بە قوربانی چونکە لێرەوە بەولاوە، ئیتر هێز و بڕوا و کاری کاوە جێگای فریشتەکان ئەگرێتەوە، بۆ؟ چونکە بڕوای نییە بەم فریشتانە:

**کاوە:** چاك بزانن.. قەت یەك نابێ
قەت یەك ناگرێ
خوای من و تۆ...
هینی زۆردار
فریشتەیەك کە ئەژدەهاك بیپەرستێ
ئەینێمە خاك... ت. سێهەم

کەواتە هێزی کاوە لە ناو دڵی خۆیدایە، لە بڕوای خۆیدایە، بۆیە وا بە توندی هێرش ئەبات و ئەیەوێت لە هاوڕێکانی بگەیێنێ.. کە دادیان نادەن! ئەمە خۆی یەکێکە لە لایەنە داهێنەرەکانی ئەم هونەرەی شێرکۆ، داستان + دراما.

**کاردۆخ:** .... لە زەنگ ئەدەین
ئەبین بە با و تۆف و باران
بە بروسکە، بەچەخماخەی
تیژی ئاسمان
بۆ داگیرکەر ئەبین بە ژان
ژانی مردن
ژانی تەفر و توونا کردن ت. شەشەم

**کاوە:** ئەم تۆفانەی کە هەستاوە
چی خۆی لەبەر دەما ئەگرێ
ئەم لێشاوە
کام تاریکی... ڕاناماڵێ
ئەم تۆفانە... مردن لووشە
چ زۆرداری هەڵ نالوشێ
ئەم.. لافاوە..ترسناکە
چۆن قەلای ڕەش داناپۆشێ ت. هەشتەم

لەم قسانە بەکارهێنانی هێزی سرووشت لەم زمانە خواستەمەنیەدا "استعارة" تا ڕادەیەك کەوتۆتە بەر شەپۆلی داستانەوە، ئەگەر چی خوا و فریشتەکانیش فەرامۆش کراون و

خنكێنراون. له دوا تابلۆشدا دیسانەوه له قسەی پاسەوانەکانی ئەژدەهاکا بەرگی داستان بەدی ئەکرێت، که باسی هێز و هێرشی نەبەزانەی شۆڕشگێڕەکان ئەکەن:

گەورەکانم.. شتێك هەیە
تێی نەگەیشتووم ناوی چیه؟
جادووی گیانی نەهێنیه
یاخود چاوی تەلیسماوی
فریشتەکانی ئاسمانە
یان هێزی دەستی خواکانە
له ناو دەروونی ئەوانا...
دێت و ئەچێ
تینی ئاگریان ئەداتێ
ترسی مردنیان دەر ئەکا
شەڕیان له گەڵیا پێ ئەکا... ت. نۆهەم

له بەرهەمی شانۆییدا " دراما" جگە له مۆرکی هۆنراوەی ویژدانی " واتە لیریك یان گۆرانی " هونەری داڕشتنی چیرۆکیش گەڵێ گرنگە واتە چۆن پێویستە ڕستەکان پڕ بن له هەست و خەست داڕێژرابن له سۆزدا، له هەمان کاتیشا پێویستە لایەنی هونەری له چۆنیەتی خستنە بەرچاوی ڕووداوەکانا، یا لایەنی چیرۆکنووسی فەرامۆش نەکرێت، پێویستە زنجیرەی ڕووداوەکان بە "منطق"و شێوەیەك ئەقڵ بیگرێت و پەسەند بێ بەسترابێ بەیەکەوە و له ناو گێژاوی ئەو ناکۆکییەدا که هەوێنی بەرهەمەکەیە، ڕووداوەکان یەك بە دوای یەکا هووشیارانە ڕیز کرابن و لاوازی تێدا نەبینرێ وەك هەموو چیرۆکێکی سەرکەوتوو، لەم بەرهەمەدا دەست پێشەکییەکی وەستایانە داڕێژراوە، که ورده ورده تەماشاکەر ڕائەکێشێت بۆ ناو گەرمەی باسەکە و چمکێکی بەسەرهاتەکەی ئەرژێنێتە ناو دەروونەوە، بۆ ئەوەی له پاشاندا وەڵامی بداتەوە، پێشکەش کردنی کارەساتەکان که دوانیان هی کوڕی کاوەیە،بە شێوەیەکی کاریگەر و زوڵم و زەبر و زەنگی ئەژدەهاکمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە، وە لایەنی بەزەیی و هاوبەشی خەم و پەژارەمان تیا ئەجوڵێنێ:

حەوت برا بووین
پێکەوە زنجیر کرابووین
شەشمان بۆ مار بووین بە خۆراك
تا چاك بێتەوە ئەژدەهاك... تابلۆی یەکەم

هەروەها پێش دەرکەوتنی کاوەش، دەست پێشەکییەکی بەرە بـەرەیی"تـدریجی" کـراوە بـۆ دەرخستنی بێ کەڵکی فریشتە و خوایەکان لە گفت و گۆی زێمری و زاماوای گۆڕ هەڵکەندا، لـە گفـت و گـۆی کاسـە سـەرەکانا هەسـت بـە جـۆرە بێـزاری و گومانێـك ئـەکرێ کـە لـە پاشـانا لـە دەرکەوتنی کاوەوە پێ ئەگات:

**زاماوا:** بڕوام بە ئاسمان نەماوە

بڕوام بە " سمكان " نەماوە

لە کوێن؟... لە کوێن؟...هتد

وەرامـی ئـەم گومـان و پرسـیارە، لـە دواییـدا لـە دەرکـەوتنی کـاوەوە پـێ ئـەگات، کـاتێ کـە دەسەڵاتی فریشتە و خوایەکان پووچ ئەکاتەوە:

فریشتەیەك کە ئەژدەهاك بیپەرستێ

ئەینێمە خاك... ت. سێهەم

وەختێکی باش هەڵبـژێراوە بـۆ دەرکـەوتنی کـاوە، کـە بەتـەواوەتی ڕەنگـی درامـای گرتۆتـە خۆی، لە کاتێکا ئەم دەر ئەکەوێت کە وڵات برسـی و خـەڵك چەوسـاوە و بێـزارە، دەشـت و دەر وشـکە و زەردە لەبـەر بـێ بـارانی، بۆیـە قسەکانی کـاوە زوو جـێ بـۆ خـۆی ئەکاتـەوە لـە دڵ و دەروونی میللەتا، لـە مـەنگی و بـێ دەنگـی کـاوەدا، پـێش ئـەوەی بکەوێتـە قسە کـردن وردی و شـارەزاییەك ئـەبینرێ، چـونکە خـەم و پـەژارەی ئـەم دیمـەنی بـێ دەنگـی کاوەیـە دیمـەنێکی پەسەند و واقیعیەچونکە وەك شکسپیر ئەڵێت: "خەمی گەورە... بێ دەنگە ". لە گوێزانەوەی گیانی یاخی بوون و ڕاپەڕین لە کاوەوە بۆ هاوڕێکانی ماوەیەکی باش دانراوە و ئەم لایەنگیریـە هەروا وەکوو شتێکی ساکاری کوت و پڕ نەدراوە بەدەستەوە، چونکە ئـەژدەهاکێ کـە دەسـەڵاتی تێکـەڵ بـە دەسـەڵاتی ئەهرەمـەن و فریـشتە و خـوای سـەردەمەکەی بێت سام و شـکۆی وا بـە ئاسانی لە دڵی میللەتا لانابرێت، لە بەر ئەوە لە لایـەن هونـەری چیرۆکەوە ئـەم تابلۆیانـە زۆر پێویـستن تـا دێنـە سـەر بڕواکـردن بـە ڕێـی کـاوەوە یـەکێکی وەك کـاردۆخی سـاکاری ئاشـەوان ئەڵێت:

لە سەر لووتکەی بەرز... بانگ ئەدەین

گەل لە زۆردار ئەوروژێنین

لە زەنگ ئەدەین... تا

ئەبین بە با و تۆف و باران... ت. شەشەم

له بەرهەمەکەدا، گەلێ شوێنی کە هەیە مایەی شارەزا بوون و وردیبە لە هونـەری چیرۆکا، لەمانە ئامادە بـوونی دوور و درێـژی کـاوە بـۆ ئـەو ڕۆژە سـەختەی بەرامبـەر ئـەژدەهاك ئـەبێ بجـەنگێ وەك دروسـت کردنـی تـیر و ڕم و شـاردنەوەی لـە گەنجینـەی تایبەتیـدا، یـا بەشـداری هێندێ پاسەوانی کۆشکی ئەژدەهاك بەدزییەوە، یان کوشتنی کارون هاوڕێی بە وەفای کـاوە کـە گوێزانەوەیەکی پێویستە بە سەیرکەر، چونکە سەرکەوتن ئەگەر هیچ زیـانێکی نەخرێتـە بـەر چاو، بەتایبەتی لە هەڵوێستێکی وا سەختا نە بـە ڕاسـت ئـەژمێرێت و نـە چـێژ و لـەزەت ئـەدا بەسەیر کەران. دیسان لە هێرشی گەورەی شۆڕشگێڕانا ـ کە بە سـەر لاکـا، لاکـی یـەکا، هـەنگاو ئەنێن دێنە پێشێ ـ لە نیگار کێشانی کوشتار و خوێن ڕژانا،لەمانەدا هـەمووی، شـێرکۆ وردی و "منطقی"چیرۆك نوسێك بـەکار ئـەهێنێ، کوشـتنی " گۆتـۆ" سـەرکردەی لەشـکری ئـەژدەهاك، کـراوە بـە نیـشانەی چارەنووسـی مـەرگی نزیکـی ئـەژدەهاك کـە بـە دوایـا تەنانـەت بـە قـسەی پاسەواناکانیشا بۆ ئەژدەهاك هێزی میللەت بە تەواوی خۆی ئەنوێنێ:

شوورە لە دوای شورە ڕما
قوللەی قەلاّ داگیر کرا.. تا
.. وەکوو ئاوی کانی
لە هەموو بستە ئەرزێکا
هەڵ ئەقوڵێن..
بڕوایان وەکوو هەورازی
پلەی سەختی کێوی بەرزی
ولاّت وایە داگیر ناکرێ
تیشکی چاویان، وەکوو تیشکی
خۆر وایە بەدەس ناگیرێ!

مانەوەی ئەژدەهاك بـە تـەنیاو بـێ پـشتیوان لـە کـاتی تەنگانـەدا، شـڵەژانی پاسـەوانەکان و تێکـەڵ و پێکـەڵی قـسەکانیان نیگـار کێـشانێکی واقعیـە کـە لـە "منطقـی "چیرۆکنووسـێکەوە نەخشەی کێشراوە..

گەورەم ئەنجام نووتەك تارە
سەر دەرکەین ماڵ بێ پرسیارە

ئەو ئەژدەهاکەی لە کاتی زەبـر و زۆریـا وەك خوایـەك تەماشـا کـراوە، ئەمڕۆکـە لـە مەترسـیدایە تەنانەت نۆکەرە هەرە نزیکەکانیشی ڕووی لێ وەر ئەگێڕن، چونکە لە دووڕیانی هات و نەهاتایە:

**ئەژدەهاك:** بەڵام كاتێ كە دەسەڵات
كەوتە سەر ڕێی هات و نەهات
هەموو شت پشتم تێ ئەكات
هەتا ئێوەش، هەتا ئێوەش
ڕووی نۆكەری وەر ئەگێڕن..هتد

پەلاماری ئەژدەهاكی دڵ پڕ لە داخ و ترس و شڵەژاوی بۆ سەر خەزنـەدار و لۆلـۆی دۆسـتی نزیكی، كوشتنی هـەردووكیان و گـەڵ شـوێنی تـری دوا پـەردە، بـە وردەكارییـەكی شـارەزاییانە ئەتوانین دانێین لە دوا تابلۆی بەرهەمەكەدا. لە دوا بەشی ئەم تابلۆیەدا: واتا هاتنە ژوورەوەی كاوە لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی خرووشاوی میللەتا، شەڕە سـەختەكەی لەگـەڵ ئـەژدەهاكا ــ كـە ئەگـەر سـەخت نەبوایـە نـە ئـەبوو بەلایـەنی باشـی ــ هاتنـە ژوورەوەی گـوردۆی كـوڕی و هاوڕێكانی، دوا قسەكانی كاوە كە بەدەنگێكی زوڵاڵەوە لە ناوەڕاسـتیانا باسـی ئـەم ڕۆژە ئـەكات، تێكەڵاوییەكی گونجاوە لە هونەری چیرۆك و شانۆگەریدا، كە دوا پەردە ئەڕازێنێتـەوە. شـێركۆ هەوڵێكی بەجێشی داوە بۆ ئەوەی بەرهەمەكانی ژیانی ساكاری سرووشت و كۆمەڵی كوردەواری تیا ڕەنگ بداتەوە.. كە بێتە سەر باسی "تـاڵی" باسـی ژاڵـە ئـەكات، كـە باسـی ژووانـی دڵـدار و دڵخـوازان بكـات ئـەوەی بـیری ناچـێ كـە لـە ژێـر سایەی لق و پـۆپی دار بەڕوویـەكا یـەكتریان دیدەنی كردبێ، لە باسی هات و چۆی هاوپەیمانەكانی كاوەدا بـۆ مـاڵی كـاوە، ڕایـەخیان لبـادە و خواردنەوەیان ماسـتاوە و خواردنیـان دەسـتەوارەیە نانـە. لەمـە گـرنگتر.. سـوود وەرگرتنـە لـە سامانی قسەی نەستەق و فەلسەفی و فۆلكلۆری كوردیەوە.. ئاسۆی هونەری ئـەم بەرهەمـە زۆر بە بایەخ تر بووە، بەو موتووربە كردنەی بە هێندێ لێكدانەوە و بیری كوردایەتی، كورد ئـەڵێ "دار پـوازی لـە خـۆی نـەبێ نـا قڵێـشێ " ئەمـە لـە زۆر كۆشـشی میللـەتی كـوردا، هـۆی سەرنەكەوتنی بووە، بۆیە هەموو كوردێ بە باشی تێی ئەگات، كاوەش لەم بەرهەمەدا كـە قسە ئەكات ئەڵێ:

دوژمن ستەمە بتوانێ
ڕیشەی بڕوا دەر بكێشێ
تەنیا پواز!پواز نەبێ
داری ئەم جارە ناقڵێشێ

لە شوێنێكی كەشدا ئەڵێ:

كورد قوربانی مەردانە بێ

بۆچی ئەنجام بۆ پارسێکی

بێگانە بێ..

تەنانەت لۆلۆی وەزیری ئەژدەهاکیش، بۆ دڵخۆش دانەوەی ئەژدەهاك هەر پەنا ئەباتە بەر ئەم ڕێگایە بۆ لە ناو بردنی شۆڕشەکەی کاوە ئەوە دەر ئەخات کە لە ناو کۆمەڵی ڕەش و ڕووت و قووتا:

گەلێ ویژدانمان کڕیوە

بە نەهێنی زۆر پوازی

ناکۆکیمان داتاشیوە

بەرهەمەکە لە گەلێ شوێنی کەدا فەلسەفەی پەندی پێشینیانی لە شوێنی خۆیدا بە کار هێناوە " کاسە پڕ بوو لێی ئەڕژێ، هەزاران جار مار گەستە بووین ".. هتد...هێندێ لەم قسە وردانەی ناو کوردەواری بۆتە مایەی ئیلهامێ بۆ شێرکۆ، کە لە بەرگێکی فەلسەفی جوانا لە شوێنی خۆیدا بەکاری هێناوە و ئاسۆی بەرهەمەکەی فراوانتر کردووە پێی:

کاری پێچەوانەی ژیان

دەستووری ئاوەژووی دنیا

وا ئەسووڕێ.. ژان لە دوای ژان

لە نا وەختا.. هەمووی یەك خا

ڕێکەوت، بەخت، چی پێ ئەڵێن،

ناو لێ ئەنێن

کاتێ هاتن.. بۆ ناخۆشی،

یاخود خۆشی بە کۆمەڵ دێن [4]

وەنەبێت، شێرکۆ مێشکی هەر کراوە بێت بۆ فەلسەفەی کوردەواری، بە تایبەتی کە بەرهەمەکەی بەرگێکی عەسری پۆشیوە و خۆی ئەڵێ " زمان و لێکدانەوەی ئەم سەدەیەن " بۆیە سوودیشی لە بیر و باوەڕ و فەلسەفەی دەرەوەش وەرگرتووە، لە شوێنێکی ئەم بەرهەمەدا، مەنگی پێش گەردەلوول " هدوء قبل العاصفة"بەم شێوە جوانە خستۆتە بەر چاو لە سەر زمانی کاوە:

لە پێش گەردا و هەڵکردنا

لە پێش شەپۆلی مردنا

دەریا ماتە.. ئاسمان شینە

ئەوەی بێ خەم بێ زەمینە

لە بێ دەنگی وا بترسە!

لە پێش گەرداو هەڵکردنا..

یا لە قسەکانی مارکس و مانیفستۆی 1848وە ئەم بیرەی وەرگرتوە لە سەر زمـانی کـاوەو کاردا ئەیڵێتەوە:

**کاوە:** ڕاستە.. ڕاستە

ڕێگای ئەم هەڵمەتە سەختە

بەلاّم ئەوەی ئەیدۆڕێنین

هەر پێوەندە.. هەر زنجیرە

هەر کۆتی قاچ و گەردنە

بە تەنیا تەوقی مردنە..

ئەمانــە هــەمووی، نرخــی ئــەدەبی و شــانۆیی بــەرز تــر ئەکەنــەوە و بەســەرهاتی کــاوە بەشێوەیەکی قووڵتر و دڵگیر تر ئەخاتە بەر چاو و لە ڕاستەوخۆیی سادە و ساکار ئـەیپارێزێ [5].ئـەوەی لایـەنی چیرۆکنووسـی و درامیـی بەرهەمەکـەی تـا ڕادەیـەك بـاش بـەهێز کـردوە، شیکردنەوەی " نەفسی " پاڵەوانەکانە لە کاتی گفت و گۆ کردنیانـا، لـە پـەردەی یەکـەما، لـە کـاتی نائومێـدی و ناشـتنی قوربانیـەکانی ئـەژدەهاکا، بـۆ نموونـە ئـەم ئـاوازەی زامـاوا ئـەیڵێ، نەخشەکێشانێکی نەفسی وردە بۆ باری ناخۆشی ولاّت:

پەپوو ئەڵێ.. ئەم ولاّتە

لە ژێر باڵما.. کش و ماتە

ئەژدەهاك.. ئاوازی منە

مێشك بۆ ماری سەر شانی

هیواو خۆزگە و نیازی منە

شوێنم " ماشۆی " لای مردنە

ئەم ولاّتە.. تاپۆی منە

تاپۆی منە.. تاپۆی منە..!

نووسەر ئەوەنـدەی لـە قسەکانی کـاوەدا، گـەرم و گوڕی شۆڕشگێڕیمان ئەخاتـە بـەر چـاو، ئەوەندەش لە قسەکانی ئـەژدەهاکا، وێنەیـەکی نەفسی واقیعـی دڵ و دەروونـی و لـە خـۆ بـایی

بـوونی لێكدانـەوە و تـرس و مـەراقیمان ئەخاتـە بـەر چـاو، لای ئـەژدەهاك وەك هـەموو زۆردارێك.. مردن بەشی هەژار، برسی و خەڵكی لاوازە و بۆ ئەو نییە:

نەخۆش ئەمرێ.. هەژار ئەمرێ

لاواز و دەردەدار ئەمرێ

برسی ئەمرێ

من چۆن ئەمرم.. هتد

لـە قـسەكانی ئـەژدەهاكا، مـردن وەك دوژمنێكـی گـەورەی ئـادەمیزاد و ژیـان تێكـرا، لـە پـەرچ دانەوەیەك و ڕوو بەڕوو وەستانێكی فەلسەفییدا خراوەتـە بەرچاو و گـەلێ لـەوە قـووڵ تـرە كـە تـەنها پەیوەنـدی بـە ئەژدەهاكـەوە هـەبێت، بـە تایبـەتی ئـەم ڕوو بـەڕوو وەسـتانە و مـەراق و شـڵەژانە لـە قسەكانی تارمایی مردنا خۆی ئەنوێنێ و ئەم پرسیار و گوومانە ئەخاتە سـەر بـێ كـەڵكی ژیـان.. بـەم هەموو ڕەنج و ئەزێتەوە كە كۆتاییەكەی بۆ هەموو بێ جیاوازی چاڵی ڕەشی مردن بێ، ناتوانین بەمە بڵێین یاخی بوون و "رفض"، بەڵام ئەتوانین پێی بڵێین هەنگاوی بەرەو ئەم لایانە:

ئادەمیزاد لە دایك ئەبێ

ورده ورده بۆ گەورە بوون..

هەنگاو ئەنێ...

ئارەقی ڕەنج و تەقەللای

زۆر ئەڕێژێ..

چاو ئەبڕێتە بەرزی هیوا

دەست ئەكوتێ

قاچ ئەكوتێ

شان ئەكوتێ

دێت و ئەچێ

بە بێ سرەوتن ئەڕەتێ

بۆ نان، بۆ منداڵ، بۆ ژیان

ئەكەوێتە گەرمە و كێشە

بۆ تەمەنێ

كەمی خۆشە،

زۆری ئێشە

له ئەنجاما دێ بۆلای من

منی مردن!

خـەوە ترسـناکەکەی ئـەژدەهاك، دیـسان شـیکردنەوەیەکی نەفـسی گـەلێ جوانـە وەك پـێش بینیەك بەر لە کارەسات و لەو پارچە سەرکەوتووانەیە کە بەرهەمەکەی پێ ئەڕازێنێتەوە:

له خەوما بوو..

له جێگەی گوڵ.. دڕکم ئەچنی

دەست و پەنجەم خوێناوی بوو

بەری دنیا تەماوی بوو

دارم ئەدی هەر بە سەوزی وشکی ئەکرد

قەلاّم، کۆشکم، چۆڵ و هۆڵ بوو

گڕی ئەگرت

ئەم ویست هاوار بکەم بڵێم

ساڵ لەمەو بەرەوە لەم خەباتەدا فاڵ بووە و سەر لە نوێ ژیاوەتەوە، بۆیە نایەوێ جارێکی کە کورد مارانگەستە بێ.بۆ ئەوەی:

دنیای خەم و نا ئومێدی

پڕ لە هیوای چەپکە گوڵ کەین

ئالآی سپی خۆشەویستی

لە ناو گیانا بۆ یەك هەڵ کەین..

تەنانەت کاتێك"کارون"ی شوان، لە لایەن ژێـر دەسـتەکانی ئەژدەهاکـەوە ئـەکوژرێت، کـاوە وەك شۆڕشگێڕێکی خاوەن تاقی کردنەوە و بیر و باوەڕ دێتە پێشەوە و نایەڵێ هاوپەیمانـەکانی ورە بەر بدەن:

با دەستی خەم..

نەخەینە ژێر چەنەی دامان

نە زۆر نە کەم

هەڵێ نەدەین، بە دوژمنان

پێمان شاد بن

با ئەم کۆستە ڕەشەی مردن

بۆ ڕووناکیی سبەی هاتن

تینمان باتێ بۆ پێشەوە

بۆ سەرکەوتن..هتد

لەلای کاوە "کۆستی وەها سەربەستی خۆشەویست ئەکا" ئەم گیانی شۆڕشگێڕییەئەمەندە بە هێزە، لە قسەکانی پشتکۆی هاوڕێی کوڕەکەی کاوە "گوردۆ" شا خۆی ئەنوێنێ:

**پشتکۆ:** لە چاوی برسی و هەژارا

خۆمم بینی

لە گەردەلوولی ئازارا

لە گەڵیانا شەوم بڕی

لە خۆشەویستی ئەوانا

بەهەشتم دی

کاوەم ناسی

گوردۆم ناسی

بیری ئازادیم دۆزیەوە

خۆم پێناسی..

ئەم کاوە تایبەتییەی کاك شێرکۆ، تەنانەت نایەوێ ئەگەر شۆڕشیش سەرکەوت، " فەرمیدون " بکرێت بە پاشا، چونکە نایەوێت لە ئەنجامی قوربانییەکی زۆری کورددا، پێی ببێت بە پاشا، واتە ئەگەر چی لە ڕووخسارا کاوەکەی دوێنێیە، لەم لادانەی شێرکۆدا لە سەرچاوەکانی داستانی کاوە، بەتایبەتی لە شانامەی فیردەوسی، لایەنی داهێنەرانەی توانایمان بۆ دەرئەکەوێت، ئەمەش هۆیەکە بۆ سەرکەوتنی لەم بەرهەمەدا، چونکە لەوانەیە خۆ بەستنەوە بە تێکستێکی دیاریکراو، ڕێی هەناسەدانی ئازادی شاعیرێك بگرێ ئەگەر لە گەڵیا بەتەواوی نەجووڵێ و نەبزوێ، لەکاتێکا لێرەدا لە بەرگێکی خۆماڵی و بەهێزدا جڵەوی بۆ ئیلهامی تایبەتی خۆی شل کردووە، بێ ئەوەی زنجیرەی خەیاڵ و بەهرەی خۆی بەم جۆرە بەستنەوەیە بێ پێز بکات. لە گەڵ ئەم هەموو لایەنە باشانەشدا، لە بەرهەمەکەی شێرکۆدا هەندێ کەم و کوڕی هەیە کەخستنە پێش چاوی بە پێویست ئەزانم ئەگەر چی من مەبەستم لەم پێشەکییەدا دەرخستنی ڕووی چاکەی کارەکە بووە، لە خوێندنەوەی کارەکەدا تووشی هێندێ ڕستەی لاواز بووم لە نموونەی:

**زاماوا:** کاوەی باوکیشتان هەرماوە؟

**زێمری:** ڕاستە جارێ، ئەویش ماوە.

که بێ پێز و بێ بەشن لە گیانی دراما و شانۆ.. یان:

**یەکەم:** تۆ ڕاوەستە!

لە قسەم هەڵ مەدەرێ.. لە سەر خۆبە!

کە ڕستەی ساکاری وتارێکی سادەیە، نەك هی بەرهەمی شانۆیی، بێ گومان لە بەرهەمێکی وا دوور و درێژدا، پلەی هەڵچوونی "انفعال"ی شاعیر وەك یەك نابێ.. کە دێتە ئەو شوێنانەی تاقی کردنەوەی خۆی، ئەو دیمەنانەی ئەو شوێنانە بینویێتی و تیا ژیاوە وەك باسی " زۆرداری و کردەوەکانی " سۆزی هۆنراوەکانی بەرز ئەبێتەوە و بەهێز تر ئەبێت، بەلاَم لەو شوێنانەی کە تەنها بە چاوی خەیاڵ دیمەنەکانی دروست ئەکات " وەك باسی فریشتە و خوا و ڕووی ئەفساناوی " جار و بار هەندێ دێری لاواز و کەم و کوڕییەکی لە ڕووی هونەرییەوە تیادا ئەبینین، ئەمە شتێکی ئاساییە بۆ ئەم چەشنە بەرهەمانە. لە گفت و گۆیەکدا، کاوە وەك لە خۆ بردوویەکی ڕاست و ئازا قسە ئەکات و ئەڵێت:

ئەم وڵاتە پڕ لە دەنگ کەم
بەدەستی خۆم کفنی مردن
لەبەر خۆم کەم

ئەم کفن لەبەر کردنە ئەو مانایەی شاعیر ئەیەوێت بەتەواوی نایدات بە دەستەوە، باشتر وابوو بە شێوەیەکی کە دەربڕێ، کە ئەم گیانە ئامادە بووە بۆ لە خۆ بووردن و خەبات و قوربانیی گشتی بخستایە بەر چاو. لە لایەکی تریشدا کاتێ ئەژدەهاك باسی مردن ئەکات بەترس و مەراقەوە ئەڵێت:

.. ئەڵێم.. ئەگەر.. هات و مردم
ڕووتەیەك..،
هەژارێکی پیس و چڵکن
هەڵم ئەگرن..
وەك پەڕۆیەك فڕێم ئەدەن. . .

ئەم خەیاڵ و لێکدانەوەیە لە گەڵ زلی و گەورەیی و زەبر و زۆری پادشایەکی وەك ئەژدەهاکا ڕێك ناکەوێ، " شا " یا تەنانەت سەرکردەیەکیش بەم جۆرە نانێژرێ، لە لایەکی تردا کە باسی هوزار ئەکات ئەڵێت:

لە شەقەی باڵی بەرز ئەدەن
بۆ سەرەتای دیاری بەهار

بەستە ئەڵێن..

هوزار وەك باڵندەیەك بە كۆمەڵ بـەم چەشـنە نـاخوێنێ، ڕاسـترە بـەتاك نـاوی بهێنـرێ، هـەروەها ئەژدەهاك، كە خەوەكەی خۆی بۆ " مۆدۆن " ی جادوو گەر ئەگێڕێتەوە ئەڵێ:

لە خەوما بوو.. نەك بە ڕاستی

لە جێگەی گوڵ... هتد

بەكار هێنانی وشەی " بەڕاستی " هیـچ پێویست نیـە، چونكە كـە لـە سـەرەتاوە وتـی"لـە خـەوما بوو" دیارە و ڕوونە كە لە ڕاستیدا نییەئەمە لەوە ئەكات بڵێیت:

بە پێوە بووم، نەك دانیشتوو!

وەختێ ئەم نەفی كردنە ڕاستە، كە دەمەتەقێیەك لە سەر شتێ بێ و كە دوو ڕای لە سـەر بـێ، یـا بۆ چەسپاندنی ڕاستییەك كە بە پێچەوانەوە خەڵكی تێی گەیشتبێ واتە بۆ " تأكید". دیسان لە پـاش درووست كردنی چەكووشەكەی، كاوە ئەڵێت:

ئەم چەكووشە!

یان چەكووشێك ئەبێت ناوی

ئەچێتە ناو ناوی زیندوو

باسی ئەكەن نەوەی هاتوو... هتد.

ئەم پێش بینییەی "كاوە " تۆزێ سەر ئەكات، ئەڵێی پێشەكی ئەزانێ چۆن ئەچێتە مێـژووەوە و ئەمڕۆ چۆن ناوی چەكووشـەكەی ئـەهێنرێت. ئـەژدەهاك لـە دیـاری كردنـی چۆنیەتی سـزای "یـاخی بووەكانا "ئەڵێت:

من وام ئەوێ

كەم بكوژرێ

بەڵام پاشماوە دەست بەستە

گشت بگیرێ

لە دوایی دا كۆمەڵ.. كۆمەڵ

بۆ ناو دەریا فڕێیان دەن

بە خۆراكی ماسییان كەن!

ناو هێنانی " دەریا" بەلای منەوە لە جێی خۆیدا نییە، چونكە كوردستان وڵاتێكی بـێ دەریایـە و ئەم دیمەنە لای جەمهوری سـەیر كـەران، كـە زۆربـەیان دەریایـان نـەدیوە، خـەیاڵێكی جوڵێنـەر نییـە،

**ئەمە بەتایبەتی لەگەڵ دەربڕینی داستانەکەدا لە چوارچێوەیەکی نوێ و "عەصری" دا ڕێك ناکەوێ. لە بارەی تابلۆکانەوە، ئەو کاتەی ئەی خایێنێ، تەنها پاش ئەوەی لە سەر شانۆ ئەم بەرهەمە پێشکەش ئەکرێت، ئەتوانرێت بە تەواوی بزانین کە ئایا بەرهەمەکە لەم بارەیەوە پەسەندە یان نا؟..**

**بەلاّم ئەتوانم بلّێم کەنەختێ ئەو وەختەی ئەی خایێنێ، درێژ تـرە لـە پێویـست، کـات بایـەخێکی گەورەی هەیە لە سەرکەوتنی هەموو بەرهەمێکی شانۆییدا، تێکڕا باشـترە کـە لـە دوو سـەعات و نیـو زیاتر نـەخایێنێ، بەلاّم ئەم لایەنە پێویستی سەرشانی یەکەمی دەرهێنەر "مخرج"ە چونکە ئـەتوانرێ بەپێی پێویستی کورتتر یان درێژ تر بکرێتەوە، لەو بڕوایەدام کە ئەگەر تابلۆکان لـە نـۆوە بکـەین بـە حەوت، بۆ سەر شانۆ و ئەم کورت کردنەوەیە لە چوار تابلۆی یەکەمدا بێ، کە "دەست پێشەکییە" بـە لێـك دانیـان، بـە باشـی ئـەتوانرێت، ئـەم بەرهەمـە لـە شـێوەیەکی زۆر سـەرکەوتوودا، لـە سـەر شـانۆ دەربهێنرێت، لە بەر ئەوەی وەکوو وتم ئەمە پێویستی سەر شانی دەرهێنەرە، بە پێویستی نازانم لەمە زیـاتر لـە سـەری بڕۆم،ئەوەنـدە هەیـە کـە بـەلای منـەوە، ئـەو تابلۆیانـەی کـە بـە هـۆی کـزی توانـای شانۆگەریمانەوە، ناتوانرێت وەك چۆن نووسراوە، دەربهێنرێت باشتر وایە لابرێـت، نـەك بەشـێوەیەکی نیوە و نیوە چڵ بخرێتە سەر شانۆ. ئەتوانم بەو پەڕی دڵنیاییەوە بلّێم، کە شێرکۆ لەم کارەدا هونەری کردووە، شایانی ئەوەیـە کـەپڕ بـە دڵ پیرۆزبـایی لێ بکـەم، بـێ ئـەوەی کـە ئەوەشـم لـە بـیر بـچێ کـە ماچێکی گەرم و گوڕی "هەڵبەست"ی کچۆڵەشی بکەم، لە بریتی باوکی!**

**بەغدا**

( 21 )**ی تشرینی دووەم** 1970

## پەراوێزەکان:

(1): کارەسات مەبەست تراجیدیایە **"Tragedy"**

(2): تا سەرەتای سەدەی بیستەم بەشی زۆر نووسەرانی دراما لـە چـوار چـێوەی هـۆنراوەدا بەرهەمـەکانیان دەربڕیوە.

(3): بـۆ نموونـە مۆنتـسیکۆی فەرەنـسی "1689 –1755" بـە لایـەوە ئەوانـەی درامـا ئەنووسـنەوە سەرکردەی شاعیرەکانن و جەڵەوگیری هەستن، لە کاتێکا بـە چـاوی بـێ بایەخییـەوە سـەیری هـۆنراوەی " لیریك" ئەکات." نامە فارسییەکان –پاریس – 1729 ".

(4): نەگبەتی خۆشە، قۆرتی ناخۆشە، یا بەڕە لای تەنکییەوە ئەدڕێ.

(5): لێرە بەولاوە ناچار بووم لێکۆڵینەوەکەم کورتر بکەمـەوە، چـونکە بـاس کردنـی هـەموو ئـەو شـوێنانەی سەرنجی ڕاکێشام بۆ پێشەکییەك ناشێ‌و زیاتر کەرەستەی لێکۆڵینەوەیەکی ترە کە بە جیا بلاّو بکرێتەوە.

# کەسانی ناو ئەم داستانە

| | |
|---|---|
| ئەژدەهاك: | شا |
| گۆتۆ: | سەرکردەی لەشکری ئەژدەهاك |
| لۆلۆ: | وەزیری ئەژدەهاك |
| لاسیراب: | جارچی کۆشکی ئەژدەهاك |
| مۆدۆن: | جادووگەر |
| کاوە: | ئاسنگەر |
| گوردۆ: | کوڕی کاوە |
| سارا: | ژنی کاوە |
| پشتکۆ: | هاوڕێی گوردۆ |
| زێمری: | گۆڕهەڵکەن |
| زاماوە: | گۆڕهەڵکەن |
| کاردا: | جوتیار |
| مادیا: | جوتیار |
| کارون: | شوانی ئاژەڵەکان |
| کاردوخ: | ئاشەوان |

لەگەڵ: خەزنەداری ئەژدەهاك، کۆمەڵانی خەڵك، تارمایی مردن، دەنگی سێ کاسە سەر، سێ تارمایی مردوو، سێ ڕێبوار، پاسەوانەکانی ژووری ئەژدەهاك، سەربازێك، میللەت.

جێگا: کوردستان

کات: (600) ساڵ پێش میلاد.

## تێ بینی:

1–ناوی زۆربەی پاڵەوانەکانی ئەم داستانە، لە ناو ئەو ناوانەدا هەڵبژێرراون کە لە کۆندا... لە نەتەوەی کورد و ناوچەکانی نراون.

2– کێشی هەموو هۆنراوەکانی ئەم داستانە تێکڕا (کێشی پەنجە)ی "4+4"ن و بڕگەکانی بەم جۆرە ئەژمێررێن:

---- ----

یان نیوەی

----

3– چۆنیەتی پەیوەندی بە سەرهاتەکانی ناو ئەم داستانە لە ڕووی مێژوییەوە، تەنها پەیوەندی خۆ بەستنەوەیە بە ئەفسانەکەیەوە بەو شێوەیەی لە ناو کوردەواریدا بلاّوە، ئەگینا وەکی تر هەمووی لە زادەی بیری هونەر خۆیەتی و جۆری لێکدانەوە و زمانی قسەکردن تێکڕا لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئەتوانین بڵێین " لێکدانەوە و زمانی " ئەم سەدەیەیە.

4–ئەم بەرهەمە لە بەر دەستی خوێنەری خۆشەویستایە، سەرەتای دەسپێکردنی ئەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵی 1969 و تەواوکردنی لەکۆتایی هەمان ساڵا، نەك 1971، ئەمە جگە لەوەی شوێنی هەندێ تابلۆکانی ئەم داستانە و لە نێوان گفتوگۆی پاڵەوانەکانا... دەربڕینی ساکار و سادە هەن... کە زیاتر خۆم ویستومن بەم جۆرە بمێننەوە، بە تایبەتی کە بەرهەمەکە بۆ سەر شانۆ ئامادە کراوە، لە لایەکی تریشەوە هەر بەو جۆرەی لە کاتی خۆیدا نووسیبووم، هێشتمەوە و هیچ دەستکاریەکم تیا نەکرد... ویستم ئەم بەرهەمە بخەمە بەرچاو.

5– ئەم بەرهەمە، نیاز وایە،لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا لە لایەن تیپی تەمسیلی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردییەوە، لە شانۆ بخرێتە سەر شانۆ، دوای ئەوەی کە دەرهێنەر " مخرج"، چاو بە سەرتاپای تابلۆکان هەموویدا ئەگێڕێتەوە.

6– ئەبێ لێرەشدا، لەدڵەوە سوپاسی گەرم و گوڕی، هاوڕێیانی خۆشەویست وئەدیب کاك "جلال میرزا کریم " فەرمانبەر لە وەزارەتی ڕاگەیاندن و کاك "کمال رؤوف محەمەد " بکەم کەلە جێ بەجێ کردنی یاریدەدان و یارمەتیدا بۆ چاپ کردنی ئەم داستانە لەلایەن وەزارەتی ناوبراوەوە، دڵسۆزانە کۆششیان بۆ کردم.

**ش. بێکەس**

ئەو خـوا و فریـشتانەی لـەم داسـتانەدا ناویـان هـاتووە، سەرچـاوەکانیان داسـتانەکانی کـۆنی ڕۆژهەلآت و بە تایبەتی ئەفسانەکانی دەوری سۆمەرییەکانە(1).

| | |
|---|---|
| **ئەهرەمەن:** | **خوای شەڕ.** |
| **ئانانا:** | **فریشتەی ئاسمان.** |
| **نانا:** | **خوای مانگ لە ئوور.** |
| **نیتی:** | **پاسەوانی جیهانی تاریکی ژێر زەمین.** |
| **ئینکی:** | **خوای جادووگەریو حیکمەتو دروستکەری دنیا.** |
| **ئۆتۆ:** | **خوای ڕۆژ.** |
| **نامۆ:** | **خوای دەریا.** |
| **ئانلیل:** | **لە هەموو فریشتەکان گەورەترو خوای خۆشی و فەڕوویبیت.** |
| **ئاشنان:** | **خوای کشت و کاڵ و دەغڵ و دان.** |
| **لەهار:** | **خوای ئاژەڵ.** |
| **سمکان:** | **خوای شاخ و کێو و خاوەن دەسەلآت.** |
| **ماشۆ:** | **ئەو ڕیزە شاخانەن کە ئاوی مردنیان لێیە.** |
| **زوو:** | **کوشندەترین باڵندە،بەپێی ئەفسانەکانی ئەو سەردەمە.** |

(1): داستانەکانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست و ولآتـی ڕافـدەین نووسـینی زانـای بـەناوبانگی ئینگلیـزی "صـموئیل هنـری هـووك" **Samuel Henry Hooke** مامۆسـتای خوێنـدنی داسـتانە کۆنـەکان لـە زانکـۆی " لنـدن " دا گـۆڕینی بـۆ عـەرەبی یوسـف داود عبـدالقادر چـاپخانەی دار الجمهوریه 1968.

# تابلۆی یەکەم

"جێگا گۆڕستانێکە و مانگە شەوێکی خۆش، زێمری و زاماوا خەریکی گۆڕ هەڵکەندنن".

**زێمری:** "دوای ئەوەی پشویەك ئەداتو ماوەیەك لەمانگ ورد ئەبێتەوە ".

**تریفەی مانگ، زەردەخەنەی،**

**لێوی وشکی پڕ لە تەوسە**

**پێڵوی قورسی پڕ وەنەوزە**

**تەماشای کەی...**

**هەر بەڕەنگی زەردیا دیارە**

**ئەڵێی مردووی سەد ساڵەیە!**

**زاماوا:**

**سەیر نییە، ئەویش پارچەی**

**دەروونی ئەم وڵاتەیە...**

**بە دوای خەما ئاوارەیە...**

**چرای کزی، شەوە زەنگی،**

**ئەم خاکەیە.**

**ـ پشوویەك ـ**

**زێمری:**

**باشە تاکەی ئەم بەڵایە**

**مۆتەکەی ڕەشی سەر سنگ بێ؟**

**زاماوا:**

له مانگ پرسه!

بۆ بێ دەنگ بێ

له بەرچی نایەته قسه؟...

**زێمری:**

ئەویش وەك ئێمه وەڕسه!

**زاماوا:**

ئەی قوربانیمان نەدایه...

ورد و درشت

نەمان پەرست

تا ڕزگار بین لەم بەلاّیه!

**زێمری:**

ئارامی گشت فریشتەکان

توول ئەکێشی.. خوا هەر وایه!

تۆڵەی درەنگ ئەکاتەوه...

**زاماوا:** "بەتەوسەوه "

جارێ هەر پیش ئەخواتەوه

" به ڕقەوه ":

بڕوام به ئاسمان نەماوه

بڕوام به "سمکان" نەماوه

له کوێن؟... له کوێن؟...

زێمری:

قاو بلاّوه خەڵکی ئەڵێن

کوێر بووه چاوی ئەهرەمەن

زاماوا:

درۆ ئەکەن، درۆ ئەکەن

چاو... زیندووه

نەمردوه...

ئەی نابینی هەموو ڕۆژێ

چەند ئەکوژێ، چەند ئەنێژێ!

زێمری:

وام بیست، دوێنێ شەو لە خەوا

" زوو" فرسەتی لێ هێناوه

لە ناکاوا...

بە دەنووك چاوی کۆڵیوه

بە چنگ جەرگی هەڵ دڕیوه

لە پاشانا هەڵ فڕیوه

تا لای " سمکان " نەوەستاوه

زاماوا:

تۆ بێ ئاگای "زوو" کوژراوه

من پێم وتی

بڕوام بە سمکان نەماوه

هیچی نەکرد

ئێمە خۆمان تەفرە داوە!

**ـ پشوویەکی کورت ـ**

بۆ وا خاوی، دەی هەڵکەنە

دەس بزوێنە

بەس بێ چەنە

**زێمری:**

تۆش نۆرەت دێ

ئەهرەمەن قورتومت بگرێ

**زاماوا:**

ئەمترسێنی

دەبا بیگرێ

**ـ پشوویەك ـ**

" لەدوای لێدانی مۆسیقایەکی ترسناك، سێ کاسە سەر لە ژێرەوە بەرز ئەبنەوە، زێمری و زاماوا ڕا ئەچڵەکن و ئەشڵەژێن"

**کاسە سەری یەکەم:**

بەس چەنە بەن، دەی هەڵکەنن.

**کاسە سەری دووهەم:**

ئێوە دۆستن یان دوژمنن؟

**کاسە سەری سێهەم:**

گۆڕ هەڵکەنی ئەهرەمەنن.

"هەردوو گۆڕ هەڵکەنەکە هەڵ ئەسنە سەر پێ و نزیکی کاسە سەرەکان ئەکەونەوە"

**زاماوا:**

مەڕۆن، مەڕۆن، چەند پرسیارێ

ئەم پێم ئەڵێ...

سمکان تۆڵە ئەکاتەوە

لە دەروونی پیس و ناپاك

لەماری شانی ئەژدەهاك

**زێمری:**

من وا ئەڵێم، بەڵێ وایە

هەر ئەو تۆڵە ئەکاتەوە

هەر ئەو لە سەرمان لا ئەبا،

ئەم بەلایە...

**کاسە سەری یەکەم :**

پرسیارتان کرد لە ڕەشەبا؟

لە مانگ، لە ئەستێرە، دەریا؟

**زاماوا:**

نەما پرسیاری لێ نەکەین

دالدەی خۆمانی بۆ نەبەین!

**کاسە سەری دووهەم:**

ئەی لە پاشدا، لە ئەنجاما؟

**کاسە سەری سێهەم:**

چارەنووسی ئێوە چی بوو؟

**زاماوا:**

وەرام نەبوو!

**زێمری:**

وەرام نەبوو!

**- پشوویەك -**

**كاسە سەری یەكەم:**

خۆتان زیندوون

پرسیار لە مردوو بۆ ئەكەن!

**كاسە سەری دووهەم:**

پشت لە یەكتری هەڵ مەكەن

خەرمانی یەك مەسووتێنن!

**كاسە سەری سێهەم:**

بە وەرامی ئەنجام ئەگەن!

"هەردوو گۆڕ هەڵكەنەكە بە گوێی یەكدا ئەچرپێنن، زاماوا ڕوو ئەكاتە كاسەسەری یەكەم ":

**زاماوا:**

شێوەت ئەكەم..

بەڵام تەواو ناتناسمەوە..

تۆ...

**كاسە سەری یەكەم:**

من ئەتناسم

هەموو جارێ یادت ئەكەم!

ئێستا بیرت ئەخەمەوە..

من دراوسێیەکی خۆتانم

کوڕە گەورەکەی "ئانانم"..

مێشکم دەرخواردی مارەکەی

نەوسنی ئەژدەهاك درا

وام لێ کرا!

چەند تاوان بوو!

وام لێ کرا!

**زاماوا:**

ئا..ڕاست ئەکەی

پار زستان بوو..

**زێمری:**

ئەمیش وەکو هەزارەها،

بێ تاوان بوو

**ـ پشوویەك ـ**

"زێمری ڕوو ئەکاتە کاسەسەری دووهەم وسێهەم ولێیان ئەچێتە پێشەوە "ئەی ئێوە کێن؟

"کاسە سەری یەکەم و دووهەم بە یەك دەنگ ":

کوڕی کاوەین

حەوت برا بووین

پێکەوە زنجیر کرا بووین

شەشمان بۆ مار بووین بە خۆراك

تا چاك بێتەوە ئەژدەهاك

بەڵام بێ سوود، مار تا ئەهات

نەوسن و برسی تر ئەبوو

بۆ مێشکی تر هارتر ئەبوو

ئێستاش ئێمە:

تەنها یەك برامان ماوە

**زاماوا:**

کاوەی باوکیشتان هەر ماوە؟!

**زێمری:**

ڕاستە جارێ ئەویش ماوە!

**ـ پشوویەك ـ**

"زاماوا ڕوو ئەکاتە کاسە سەرەکان"

**زاماوا:**

خەڵکی مێشکی سەریان بردووم

هێندە پرسیاریان لێ کردووم

ئەبێ وەرام لای ئێوە بێ

بەڵام ڕوو شکێنم مەکەن

لە پرسیارەکەم ڕامەکەن

"هەر سێ کاسەسەرەکە بە یەك دەنگ":

فەرموو بڵێ..

ئەگەر وەرام لای ئێمە بێ

ڕاست پێت ئەڵێین

چونکە دوژمنی خوێنەخوێی

ڕیا و درۆین..

زاماوا:

لەدوای مردن..

زیندوو بونەوەمان هەیە؟

جارێکی تر..

هاتنەوەمان ئیتر هەیە؟

یان قسەیە!!

"هەرسێکیان بە یەك دەنگ"

بە خەڵك بڵێن ژیانەوە..

هەستانەوە..

جارێکی تر..راستە هەیە..

بەڵام تەنها ئەو کاتەیە..

کە ئەژدەهاك

ئەنێنە خاك!

"هەر سێ کاسە سەرەکە ون ئەبن"

ـ پشوویەك و سەرسام بوونێك ـ

زاماوا:

نیوە شەوە..چەندمان هەڵ کەن؟

زێمری:

هەر تەنها دەن!

زاماوا:

هێزم برِا... هێزم برِا..

**زێمری:**

بەس چەنە بە، هەر هەڵکەنە!

ئەمە خواستی ئەهرەمەنە...

**ـ پشوویەك لەگەڵ هەڵکەندندا ـ**

"سێ ڕێبوار دێنە ژوورەوە و، دیارە لە ڕێگایەکی دورەوە هاتوون، بە لای گۆڕ هەڵکەنەکاندا تێ ئەپەڕن، پێش تێپەڕ بوون، کاتێ ئەگەنە لایان":

**ڕێبواری یەکەم:**

سمکان هێز و تینتان باتێ..

**ڕێبواری دووهەم:**

ئینکی چاوی دڵتان باتێ

**ڕێبواری سێهەم:**

ئانلیل فەڕ و پیتتان باتێ.

" زاماوا و زێمری بە یەك دەنگ "

ماری نەوسن نەتان گاتێ!

**زێمری:**

لە کوێ هاتوون بۆ کوێ ئەچن؟!

**ڕێبوارێکیان:**

لە لای پیرە مەگروونەوە..

بۆ لای پیری ڕاو تەدبیری

گەورەی ئێرە کەوتووینە ڕێ

زاماوا:

" ماشۆ" ڕێگەتان پێنەگرێ!

"تێ ئەپەڕن، یەکێکیان ئەگەڕێتەوە، بە دەنگێکی نزم ڕوو ئەکاتە هەردوو گۆڕ هەڵکەنەکە":

ڕێبوار:

ماری سەر شان هەر زیندووە؟

ئەژدەهاك ئەڵێن هیلاکە؟

ئەهرەمەن لە پێ کەوتووە؟

زێمری: "بە گاڵتە پێکردنەوە"

درۆی گەورەیان کردووە..

ئەژدەهاك زرپ و زیندوە!

مار چوار سەری زیاد کردووە..!

" ڕێبوارەکە بە پەلە ئەچێتە دەرەوە "

**ـ پشوویەك ـ**

" هەردوو گۆڕ هەڵکەنەکە دەست لە ئیش هەڵ ئەگرن، چاو ئەبڕنە ئاسمان".

زاماوا:

تۆ بڕوانە چۆن.. ئەستێرە

چاویان بڕیوەتە ئێرە!

زێمری:

نەهێنی ئێرە ئەزانن..

**زاماوا:**

" نانا " ماته..

هەر بێ دەنگە

بەڵام ئێجگار شۆخ و شەنگە..

چاوی پڕ تیشکی ئاواته...

**زێمری:**

ئەی "ئەنانی" ئەستێرە و مانگ

ئەی خواوەندی هەموو ئاسمان

کوا مژدە و بانگ؟

وەرە خوارێ،

لەم نزیکەوە ببینە...

لەم خاکەدا خوێن ئەبارێ

خۆت ببینە کە ئەهرەمەن

چۆن لە دۆڵی کینە و ڕقا..

دڵ ئەهاڕێ، گوڵ ئەهاڕێ

وەرە خوارێ،خۆت ببینە...

**زاماوا:**

من پێم وتی:

هەتا ئەناناش کەڕ بووە..

**زێمری:**

تۆ تێ ناگەی..

ئەویش دڵی پڕ برینە..

شین ئەگێڕێ..

بۆ ئەفسانەی ئەم زەمینە!

ـ پشوویەك ـ

" زاماوا بە گۆرانیەوە بە ئاوازێکی ماتەمین "

پەپوو ئەڵێ.! ئەم وڵاتە

لە ژێر باڵما، کش و ماتە..

ئەم وڵاتە سەر تا خواری

چیاو پێ دەشت و ڕووباری

کەلاوەی وەیشومەی منە..

هەمووی تاپۆی خەمی منە..

ئەهرەمەن دۆستی دێرینمە

ـ پشوویەك ـ

ئەژدەهاك ئاوازی منە

مێشك بۆ ماری سەرشانی

هیوا و خۆزگە و نیازی منە

شوێنم، ماشۆی لای مردنە

ئەم وڵاتە تاپۆی منە

تاپۆی منە، تاپۆی منە

# تابلۆی دووهەم

"هەر هەمان گۆڕستانە، گۆڕهەڵکەنەکان ڕۆیشتوون، شانۆ تاریکتر ئەبێت، لە گەڵ مۆسیقایەکی ترسناکا، سێ مردوو هەڵ ئەسن ماوەیەك بە بێ دەنگی هات و چۆ ئەکەن، بە سێ کوچکەیی دائەنیشن یەکێکیان ڕوو ئەکاتە دووانەکەی تر":

**یەکەم:**

ئەمشەو نۆرەی گێڕانەوەی
بەسەرهات و ژیانەوەی
چیرۆکی ڕابووردوی منە!

**دووهەم:**

سەر گروشتەی پێش مردنە!

**سێهەم:**

ناخۆش نییە باس کردنی،
ئەو ڕۆژانەی لەکیس چووە،

**دووهەم:**

بەلاَم هەتاکو خۆر..
نەکەوتووە!

**سێهەم:**

تا گۆڕ هەڵکەن، نەهاتووە

ئادەی بڵێ

بڵێ.. بڵێ

" لێی ئەچنە پێشەوە و دەست ئەکا بە گێڕانەوە"

**یەکەم:**

پێش کوشتنم من جوتیار بووم

زەوی ڕەقم، ئەکرد بە ئاو

بازووم ئەستوور، هەرزەکار بووم

تا ئێوارە زەردە هەتاو..

تا تاریکیی....

جووتم ئەکرد، هەتا ژیان

بە پیتتر کەم

تا برسێتی قات و قڕ کەم!

نەمرێ ئینسان

تاکوو "ئاشنان"

دڵ خۆشتر کەم

ئارەقی رەنج، توانای شان

تێکەڵ بە زەویی وشك بوو

بێ پشوودان

هەتا زەمینم سەوز کرد...

تۆو بوو بە نان

گوێتان لێیە

**دووهەم:**

بلێ.. بلێ.. گوێمان لێیە..

" لەم کاتەدا مردوویەکی تر لەولاوە ئەڕوات، بێ ئەوەی تەماشای ئەمان بکات "

**سێهەم:**

ئەوە کێیە؟

**مردووی ڕێبوار:**

خۆمانین پێرێ شەو هاتووم

تازە مردووم!

**یەکەم:**

بەخێر هاتی.. دنیا چۆنە؟

**مردووی ڕێبوار:**

دنیا چۆن بێ قڕووقاتی... "ئەڕواتە دەرەوە "

**ـ پشوویەك ـ**

**دووهەم:**

ئێ دەی بلێ گوێمان لێیە!

**سێهەم:** "لە گەڵ هەناسە یەکا"

دنیا چییە؟

**یەکەم:**

کچێك بوو، دراوسێمان بوو

حەزم لێ کرد...

**دووهەم:**

ئێ.. ئێ.. جوان بوو؟

یەکەم:

وەکوو فریشتەی ئاسمان بوو...ئانانا بوو...

سێهەم:

داوات نەکرد؟

لە دوای ئەوەی حەزت لێکرد؟

یەکەم:

تۆ... ڕاوەستە:

لە قسەما هەڵ مەدەرێ...

لە سەر خۆبە...

"دەست ڕادەکێشێ"

ئەو بەڕووەی لەوبەر دیارە

شوێن بینینی من و یار بوو

لە ژێر سایەی لق و پۆپیا

دائەنیشتین..

زستان لە لامان بەهار بوو...

دوور... لە چاوی

کەسانی بەدوو... بەدکاربووین

ئا لەوێدا... خەممان ئەکوشت

جار بەجاریش...

سکالاّ و ڕازمان هەڵ ئەڕشت..

لە ئەنجام دا...

گەنمم دانێ.. کچیان دامێ

**دووهەم:**

ئێ... ئێ...

پیرۆزیش بێ!

پیرۆزیش بێ!

**یەکەم:**

قسە مەکەن گوێتان لێبێ!

بەڵام ئەهرەمەن پێم شاد بوو

نەگەیشتم.. بە یارەکەم!

**دووهەم:**

ئای داخەکەم!

**سێهەم:**

ئای داخەکەم!

**یەکەم:**

لە پڕ شەوێ قۆڵیان بەستم

چاویان بەستم

لە زیندانێکی... تاریکا...

تونگیان کردم

لە پاش دوو ڕۆژ، بە خۆراکی

ئەژدەهاکی...

شەڕیان کردم

سەریان بڕیم

هەرچەند هاواری ئاشنانوو،

ئانانم.. کرد.. بێ هودە بوو

دڵی خوای شەڕ نەرم نەبوو..

**دووهەم:**

ڕۆی لە دەست چوو..

**سێهەم:**

ئەو ژیانە... ڕۆی لە دەست چوو..

"یەکەمیان هەڵئەسێتە سەر پێ و تۆزێ بە بێدەنگی ڕائەوەستێ و ئەڵێت":

**یەکەم:**

بەڵام ئەوساش کە زیندوو بووین!

وەکوو ئێستا هەر مردوو بووین!

**دووهەم:**

چۆن... چۆن.. ئادەی بیلێرەوە.

**یەکەم:**

لە دەس دەرچوو...

من شاخی بەردم کون ئەکرد..

لە زەوی ڕەق..

کانی ڕوونم هەڵ ئەقولاڵن

بە پشت تاشە بەردی گەورەم

ئەگواستەوە..

بنی دار بەڕووم ئەجووڵان

چنگم ئەنایە بینی گورگ

تا ئەمخنکان...

تا بەم دەستە..

پۆشتەم ئەکردەوە.. ژیان

**سێهەم:**

ئینجا باشە چیت مەبەست؟!

**یەکەم:**

خواکان هیچیان دەنگیان نەکرد..

ئەژدەهاك وەك خۆی مایەوە

تاکوو ئەشهات

ماری زۆردار ئەژیایەوە!

"هەردووکیان بە یەکەوە"

پێمان بڵێ چیت مەبەستە!

**یەکەم:**

نەمتوانی ئەژدەهاك بگرم

لە باتی ئەو سەرم ببڕێ

سەری ببڕم..

**دووهەم:**

قسەی بێ جێ و بێ ڕێ مەکە!

ئەمە هەر کاری خواکانە...

ئەژدەهاك لای ئەهرەمەنە

کوا ئەمە ئیشی ئینسانە؟

**سێهەم:** "تەماشایەکی ئەملا و ئەولا ئەکات، بە ترسێکەوە ئەڵێت":

کات درەنگ بوو..

وەختی هەڵهاتنی خۆرە

هاوڕێمان شەوە زەنگ بوو..

کات درەنگ بوو...

هاکا دنیا ڕۆشن بووەوە

دۆست و دوژمن لێك جوێ بووەوە...

چاکتر وایە... بلاّوەکەین

جارێکی تر بەیەك ئەگەین

تا لە شەوی داهاتوودا...

"هەرسێکیان ون ئەبن، شانۆکە ڕووناك ئەکرێتەوە"

# تابلۆی سێهەم

"جێگا سەرەڕێگایەکی قەڵەباڵغە، خەڵك لە هات و چۆکردندا، جارچیی کۆشکی ئەژدەهاك دێتە ژوورەوە و لە سەر شوێنێکی بەرز ڕائەوەستێ چەند کەسێکی لە دەور کۆ ئەبێتەوە"

**جارچی:**

مژدە و بانگە...
بانگی ئەمڕۆ بۆ ئاهەنگە
بۆ هەڵپەڕکێ و زەماوەنگە
کۆڕ گەرم کەن بۆ گۆرانی
بەفووی شمشاڵ، بەسەمای خۆش
دەروونی کێو بهێننە جۆش
مەست بن، شەراب بخۆنەوە
بخۆنەوە بە خۆڕایی..
ڕازاوەیە خوانی شاهی
خۆ پۆشتە کەن..
ئەمڕۆ جلی جوان لە بەر کەن

**گوێ گرێك:** "بە تەوسەوە ڕوو ئەکاتە کۆمەڵەکە"..

بە قسەی بکەن...
خۆتان مەست کەن...

**جارڕچی:** ـ بەتوڕەییەوە ـ

لە قسەما... قسە مەکەن!

کەس نابێ گرژ، ڕوو ناخۆش بێ

**گوێ گرێك:** "بە تەوس و گاڵتەوە"

قەلیش ئەبێ دەنگی خۆش بێ!...

**جارڕچی:** "بە توڕەییەوە "

هەڵ مەدەنێ، گوێ ڕاگرن!

**ـ پشوویەك ـ**

هەر ئاهەنگ بێ

دەنگی زوڕنا یان دەهۆڵ بێ

بخۆنەوە بە خۆڕایی

ڕازاوەیە خوانی شایی

مژدە و بانگە

بۆ سەمایە، بۆ گۆرانی

هەموو بڵێن...

پایەدار بێ تەختی شاهی

"کەس وەرام ناداتەوە" ئەمجارە بەتووڕەییەوە:

هەموو بڵێن

پایەدار بێ تەختی شاهی

"کۆمەڵەکە بە کزییەوە"

پایەدار بێ تەختی شاهی

**جاڕچی:**

ئەوەی وتم

ئەمرە.. ئەمری پادشایی

پاشای گەورەمان ئەژدەهاك

بۆ سێهەم جار ژنی هانی

مژدە و بانگە...

خواستی گەورەی ئەژدەهاکە

ئەمڕۆ سەری کەسی ناوێ

ئەمڕۆ قوربانی بەخشیوە

بەرگی بووردنی پۆشیوە

کۆڕی سەیران، ڕازاوەکەن

نزای درێژ بوونی تەمەن

بۆ پاشا کەن!

بخۆنەوە...

**گوێ گرێك:**

تا ئەتوانن

**جاڕچی:**

بەستە بلێن

**گوێ گرێك:**

تا بزانن!

**جاڕچی:**

سەما بکەن، سەما بکەن

ڕوو گرژ مەکەن

ئەژدەهاك سێبەری خوایە

**گوێ گرێك:**

پێتان ئەڵێ بیپەرستن!!

**جارچی:**

هەتا مردن لە سوجدەدا

**گوێ گرێك:**

بۆی بۆستن!

**جارچی:**

بلیتی بەهەشت لای ئەوە!

**گوێ گرێك:**

فریشتەکان، کەنیزەکی

کۆشکی ئەون!

**گوێ گرێکی تر:**

لەبەر پێی ئەودا ئەخەون!

**جارچی:**

ئەوەی وتی، ئەوەی ویستی

نا گەڕێتەوە دێتە دی

باران...

**بەکۆمەڵ:**

باران

**جاڕچی:**

ساماڵ

**بە کۆمەڵ:**

ساماڵ

**جاڕچی:**

ژیان

**بە کۆمەڵ:**

ژیان

**گوێ گرێك:**

مردن

**جاڕچی:**

مردن!!

**ـ پشوویەك ـ**

چەنە بازی بەس بێ دەنگ بن...

**ـ پشوویەك ـ**

مژدە و بانگە، مژدە و بانگە

هەموو شتێ پێ ئەکەنێ

بروسکە هەور ڕاو ئەنێ

ساماڵ پشتی هەور ئەشکێنێ

خوڕەی ڕووبار...

خوڕە و هاڕەی پێکەنینە

**گوێ گرێك:**

ئەمڕۆ هەتا تامی ژاڵە

شیرینە وەکوو هەنگوینە!

**جاڕچی:**

چونکە پاشا، پاشای گەورەی

ئەم زەمینە!

ژن ئەهێنێ...

**گوێ گرێك:**

هەتا مردووش پێ ئەکەنێ

بخۆنەوە...

**جاڕچی:**

بخۆنەوە بە خۆڕایی

شەرابی خەست، بخۆنەوە

سەرخۆش مەست بن

**گوێ گرێك:**

پێتان ئەڵێ بێ دەربەست بن!

بخۆنەوە!

"دێتە خوارەوە بە دەم چوونە دەرەوەوە"

با هەر درێژ بێ تەمەنی

شا...ئەژدەهاك

پایەدار بێ، پایەدار بێ

تەختی بزورگی ئەژدەهاك

"کۆمەڵەکە بلاوەی لێ ئەکەن، شانۆ چۆڵ ئەبێ".

# تابلۆی چوارهەم

"جێگا لـە هـەمان شـوێنی ڕابـردوو ئەچـێ وچـەپەکترە، کـاردا و میـدیا و کـارون هەریەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز جیاوازلە یـەکتر پاڵکـەوتوون و دانیـشتوون "ــ کـارون هەڵئەسێتە سەر پێو بەکزییەکەوە ئەپاڕێتەوە ئەڵێت: ـ

**کارون:**

ئەی "لە هاری"بە چنگ و دەس
فریای ئاژەڵی خەڵك کەوە...
خەڵکی بێکەس
خۆت نیشان بە، دەربکەوە!
ئاهەنگی چی!
لە ناو شاخا، لە پێدەشتا
لە پارەوە هەتا ئێستا
ئاژەڵی لەڕی سك برسی
بۆ لەوەڕی سەوز ئەگەڕێ
نەك تامی کرد
تا نەشی دی!

ـ پشوویەك ـ

**ماديا:**

ئاهەنگی چی!

**کاردا:**

ئاهەنگی چی!

**کارون:**

کۆڕی ناو زەماوەنگی چی

دەمی قڵیشی سەر زەوی

وەکوو دەمی...ئێمە وشکە...

گیانی تینوو...

درەخت مردوو...

لە جێگەی بەر، لق و پۆپی،

وشکەوە بوو...

تینوێتی و برسێتی ئەگرێ

ئاهەنگی چی...

**ماديا:**

کۆڕی ناو زەماوەنگی چی...

**کارون:**

ئەی لە هاری...خێر و بێری

پڕ لە شادی

ئەمساڵ بارانمان هەر نەدی

باران... باران

**کاردا:**

چاوەڕوانین هەر نەباری!

باران... باران...

**مادیا:**

با داکاتە سەرمان...بە تاو

با دڵ... با گیان...

بیخواتەوە...

**کارون:**

با ژیان تازە کاتەوە!

" کاوە دێتە ژوورەوە، چەند هەنگاوێك دوور لێیان ئەوەستێ، گوێ ئەگرێ"

**ـ پشوویەك ـ**

**کارون:**

باران بۆ کێڵگە و دەغڵ و دان!

بۆ لەوەڕگەی سەوزی کوێستان

باران... بۆ نان

**کاردا:**

چاوەڕوانین هەر نابارێ!

بۆ نابارێ؟...

**کارون:**

ئەی لە هاری بە دەسەڵات

دەنگت نەبو، دەنگت نەهات

فریای ئاژەڵ

فریای مێگەل

فریای شوان و جوتیار کەوە

فریای سکی هەژار کەوە!

**مادیا:** "ڕوو ئەکاتە کارون "

پەنا بەرن بۆ لای " ئانلیل "

دروست کەری دنیا ئەوە

مایەی فەڕو و پیتی ژیان

تەنیا ئەوە!

چرای ڕووناکی ژین ئەوە!

باران... بارین

بەدەس ئەوە...

**کاردا:**

قڕە و بڕە و چەنەی ناوێ

ژیان خەوە...

ئەنجام تاریکایی شەوە

باران بباریێ و نەباریێ

مردن ڕێگەمان پێ ئەگرێ

" نیتی " بۆ خوانی ئەژدەهاك

سەرمان ئەبڕێ....

**ـ پشوویەك ـ**

پێتان ئەڵێم... سەرتان سووك كەن

کۆڵ بە دنیاوە هەڵ مەگرن
ئەمڕۆ و سبەی، زوو بێ و درەنگ
ئەبێ بمرن

**کارون:**

نامرین ئەگەر ماری سەرشان
ماری دەم خوێناوی تاوان
بەلأی ژیان
تێر بخوا داوای دڵ نەکا...
لە خواردنەوەی خوێن بێزار بێ

**ـ پشوویەك ـ**

دوژمنی گەورەمان مارە
کە مار نەما... یان تێری خوارد...
هەموو کەسێ بەختیارە!

**مادیا:**

دیارە.. شێتی
ئەگینا کەی ماری برسی
ماری زۆردار...
تێر لەمێشك و لە دڵ ئەخوا؟!

**ـ پشوویەك ـ**

قرچەی گەرما، ڕۆژانی سارد
هاتن و چون...
هەزار  بەهار

خلّتانی خوێنی خۆیان بوون...
بەلاّم ماری نەوسن و هار...
تێری نەخوارد!

**کاردا:**

قرەی ناوێ
چەنەی خۆتان بۆ شل ئەکەن؟
تووشمان مەکەن!
خواستی فریشتەکان وایە
قرەی ناوێ

" تەماشای کاوە ئەکات "

کاوە بەردە دەنگی نایە.

**کارون:**

وای تێ مەگەن،
لە دلاّ زیت و وریایە!

**کاردا:**

ئاسنگەرە...
ئەم لە دەروونا ئەسووتێ
وەکوو ئێوە ئاسنی سارد
بە قسەی بێ جێ ناکوتێ!

**کارون:**

بە قسەی تۆ...
گوێی دڵی خۆیمان.. ناداتێ

**مادیا:**

بێ دەربەستە:

ماتە.. پەستە

**کارون:**

لە پارەوە هەتا ئێستە

شەش قوربانی ڕێکی داوە

ناهەقی نییە کە پەستە!

**مادیا:**

ناهەقی نییە کە پەستە!

**کاردا:**

قڕەی ناوێ، وا باشترە

هەر بێدەنگ بێ

ئەم ئاگرە...

بە من و ئەو دانامرکێ!

ئەو چاك ئەکا...

قسە... ناکا...

**مادیا:**

وتم بەردە دەنگی نایە!

**کارون:** "لە دوور دەنگی دەهۆڵ و زوڕنایە، کارون گوێی بۆ شل ئەکات"...

دەنگی دەهۆڵ و زوڕنایە

**کاوە:** "پاش ئەوەی لێیان دێتە پێشەوە "

دەنگی ڕسوایی ئێوەیە..

زورِنای مەرایی ئێوەیە

**کارون:**

هی ئێمەیە؟!!

**کاردا:**

ئەو رسواییە.. کامەیە؟

**مادیا:** "بەتەوسەوە"

دەنگ و باسی لای کاوەیە!

**کاوە:**

ئەوەی ئەیڵێم بۆ کەسێکە

بۆ یەکێکە...

مێشکی دیلی زۆردار نەبێ

دڵی لە ناو داوی شەوا

وەك مردوو گرفتار نەبێ

ئەوەی ئەیڵێم بۆ کەسێکە

کوێلەی خەم و ئازار نەبێ

پێ شێلی ڕۆژگار نەبێ!

"پشوویەك، هەموویان لێی دێنە پێشەوە"

قسەی دڵم بۆ یەکێکە

کڵپەی ئاگری هەردوو چاوی

تاریکی ڕووناك ناکاتەوە

ترسنۆکی بسووتێنێ

نەنگی ناوچەوانی پێشووی

به خوێنی خۆی بشواتەوە
نرکەی گەرووی ڕاپەرینی
شێرو پڵنگ بتۆقێنێ
**ـ پشوویەك ـ**
قسەی مێشکم بۆ کەسێکە
بتی بێ گیان
ورد و خاش کا
سەری تەفرە بپەڕێنێ
چۆك بە ژێر دەستی دابدا
پشتی قەدەر بنەوێنێ
ئەگەر ئاسمان
ئەگەر زەوی
گەر ڕەشەبا
ئەگەر دەریا
بەربەستی بن، ئەو کۆڵ نەدا
دامێنی سکاڵا نەگرێ
هەرگیز بەدەستی زەبوونیی
فرمێسکی تەنگانە نەسڕێ!
**ـ پشوویەك ـ**

**کارون:**

ئەم قسانە دەستی مژدەن
باوەش بەژیانما ئەکەن

**کاردا:**

تاریکیی بڕوام ڕائەدەن

**مادیا:**

دڵ و دەروونم تێی ئەگەن

**ـ پشوویەك ـ**

**کاوە:** "لەسەر قسە کردن ئەڕوات"

قسەی گیانم بۆ کەسێکە

بەهار لە ناو دەروونیا بێ

خۆر لە دڵیا هەڵ هاتبێ

لە جێی گریان، هیوای تیابێ

ئەوەی وتی: وەك بروسکە

وەك تیشکی رۆژ...

هەوری ڕەشی دیلی کون کا

شەبەقی سوورو دڵ یەك خا

هەر هەنگاوێ هەڵی دێنێ،

بۆ دنیایەك تازە تر بێ

بۆ ئامانجێك،

لەوەی پێشوی زۆر گەشتر بێ

هەر هەڵمەتێ بۆ سەر مردن!

لە هەڵمەتی ڕابردووی تر،

گەرم تر بێ،

ئەوەی مەبەستمە، گوێ بگرێ

ئەو کەسەیە...

ئەچێ بە گژی مردنا...

ئەم لە پێشا یەخەی ئەگرێ

ـ پشوویەك ـ

ڕێگای ئازار ئەگرێ و ئەبڕێ

ئەو کەسەیە، خڵتەی درۆی

ئەفسانەکان ڕائەماڵێ

بیری تاریکی دەسخەڕۆی

فریشتەکان.. ڕائەماڵێ

**کارون:**

ئەمە مەڵێ!!

**مادیا:**

پەلە... مەکە!

**کاردا:**

تەواوی کە!

**کارون:**

مەبەست زیاتر، ڕۆشنترکە!

**کاوە:**

هەر زوو وتم

قسەی دڵم، بۆ کەسێکە

بیر... ڕوناك بێ

نەك بیر دیلی

ئەژدەهاك بێ

نانا، ئانلیل، لەهار، سمكان

فریشتەكان...

نیشانم بەن.. ڕێگەو شوێنیان

دڵیان، چاویان، گیانیان، دەستیان

نیشانم بەن!

ئەژدەهاكیش.. هاوار ئەكا

ئەڵێ سمكان

ئەڵێ لەهار

ئەڵێ ئاشنان

ئەڵێ.. ئۆتۆ

چاك بزانن، قەت یەك نابێ

قەت یەك ناگرێ..

خوای من و تۆ و

هینی زۆردار.

فریشتەیەك كە ئەژدەهاك

بیپەرستێ...

ئەینێمە خاك!!

**كارون:**

تۆ وا بڵێ

**كاردا:**

تۆ بێ دەنگ بە، با ئەو بڵێ

**ماديا:**

با ئەو بڵێ

**كاوە:**

داوا ئەكەن، باران داكات

داوائەكەن، ئاوەدانیی

ژیان خۆش كات

زۆر دەمێكە، ئەم داوایە

بەری خۆزگەی بەرەڵایە

نەتان پرسی، كوانێ ئەنجام؟

چی بۆ كردن فریشتەكان؟

چی كرد ئانلیل چی كرد سمكان؟

تەنها باران...

تینویەتی ئێمە ناشكێنێ

بەتەنیا نان...

برسێتی ئێمە ناشكێنێ

**كارون:**

گوایە... چیە؟!

**كاردا:**

چیتر.. نییە!

**مادیا:**

ئاو تینوێتیمان ئەشکێنێ

نان برسێتیمان ئەشکێنێ

چیتر هەیە..!

" کاردوخ دێتە ژوورەوە "

"کاوە لە سەر قسەکردن ئەڕوات"

دەمتان قفڵی لێ دراوە

دەمێ کە ژەنگ ڕزانوێتی!

مێشکتان زنجیر کراوە...

مێشکی دوژمن خەسانوێتی

دڵتان هەستی تیا نەماوە

وشەی قسەتان سواوە

لە کاری ڕۆشتن کەوتووە

دەروونتان کرم تێی داوە

پیاوەتیتان تیا مردوە!

بە دەستی یەك، خۆشەویستیی...و

برایەتیتان ناشتووە!

ـ پشوویەك ـ

خۆ سەردەمێ باران هەبوو

نانی زۆری هەرزان هەبوو

بەڵام ئەوەی کە من ئەیڵێم...

ئەوساش نەبوو!

**کاردوخ:**

بەرداش نەبوو؟!!

**کارون:** "روو ئەکاتە کاردوخ "

تۆ بێ دەنگ بە، ئێستە هاتی...

**کاردا:**

پێمان بڵێ چی تر نەبوو!

**مادیا:**

تەواوی کە،... چی تر نەبوو!

**کاوە:**

ئەوەتەی هەین...

هەر ژێر دەست بووین

ئەوەی ئەیڵێم سەربەستی یە

ڕێگای ڕۆیشتنی ڕاستی یە

خۆری بەتینی بڕوایە

بەهاری سەوزی هیوایە...

سەرفرازی دڵ و چاوە...

خەرمانی ڕۆژی شادی یە

گەردن بەرزیی، ئازادیە

ـ پشوویەك ـ

ژیان تەنیا سەربەستی یە

**کارون:**

وەك تۆ ئەڵێی

بڕوا بەفریشتە نەکەین

بایەخ بە هیچ خوایەك نەدەین

ئەی ئەو بەهەشتەی، تۆ ئەیلێی

چۆن پێی بگەین؟!

**کاردوخ:**

پشتمان کێیە؟

**مادیا:**

چیمان پێیە؟

**کاردا:**

قۆناخ کوێیە؟

**کاوە:**

هەموو ڕۆژێ من ئاسنی،

ڕەق و پتەو ئەشکێنمەوە

ئەیکەم بە ئاو ئەیتوێنمەوە

"ڕوو ئەکاتە کارداو مادیا "

ئێوەش جەرگی عەرد هەڵ ئەدڕن

تاشە بەردی ئەم کێوانە

بەشانی ڕەنج ئەگوێزنەوە

هەڵی ئەگرن.

"ڕوئەکاتە کارون"

تۆش شەڕ لەگەڵ گورگا ئەکەی

بەشوێن مردنا ڕائەکەی

"ڕوو ئەکاتە کاردوخ"

تۆش بەرداشی ئاش ئەگێڕی

ئارەق تێکەڵ بە جۆ ئەکەی

بە ماندوێتی ژین ئەوێری

ـ پشوویەك ـ

ئیتر ئێمە چۆن ناتوانین

تەختی زۆردار سەر نگون کەین:

ئێمە وا بین

چۆن ناتوانین

دیلی و ژێر دەستیی زەبوون کەین

ـ پشوویەك ـ

"ڕوو ئەکاتە کاردوخ":

تۆ پێم ئەڵێی... پشتمان کێیە؟!

فریشتەکان؟ خوا زۆرەکان!

نەء...خۆمانین

خۆمان پشتین

خۆمان خاوەن بازو و مشتین

هەر خۆشمانین...

چارەنووسین!

ئەم بازووانە... بازووی هێزە

کەللە پژێنی..دوژمنە

بەزێنەری،..

دێوو درنجی مردنە!

ئەم بازوانە..

هاورێی کۆنی سەرکەوتنە!

" روو ئەکاتە مادیا"

تۆش پێم ئەڵێی...چیمان پێیە...

ئەوەی لەلای من و تۆیە!

لای ئەژدەهاك دەس ناکەوێ

چیمان پێیە؟...

بڕوای گیان و بیرمان...پێیە

خۆرمان..پێیە...

هێزی شاخ و کێومان پێیە

هەقمان..پێیە

"ڕوو ئەکاتە کاردا"

تۆش پێم ئەڵێی قۆناغ کوێیە؟

قۆناغ قەلاَی ئەژدەهاکە

هاڕینی سەری ناپاکە

"بەسەر سوڕمانەوە هەمویان بەیەك جار"

مەبەست سەری ئەژدەهاکە؟!

ـ پشوویەك ـ

**کاوە:**

بەڵێ ئەژدەهاکە

سەری... زۆردار

سەری بەلاَ، سەری خوێنخوار!

تا ئەو سەرە لە ناوا بێ
پرسەی ژیان تەواو نابێ
قەت نای بینن
سەر فرازیی وەرزی بەهار
"هەموویان پێکەوە: "
ئەی سەری مار؟!

**کاوە:**

ئەفسانەیە وەکوو لە هار
وەکوو ئۆتۆ وەکوو سمکان
بیانووی...زۆردار،
بۆ چاو بەستە، ماری سەر شان!
کامتان شانی ئەژدەهاکتان
بینیوە هەتا بزانن!
ڕاستە ماری چوار سەری شان؟

**ـ پشوویەك ـ**

ئەژدەهاك...مار
مار...خۆیەتی
سەری بەلاّ
سەری ئازار هەر خۆیەتی...
ژەهری مردن هەر خۆیەتی
کفنی مردن هەر خۆیەتی

هەتا ئەهرەمەن خۆیەتی!

ـ پشوویەك ـ

**كارون:**

بەڵام ڕێی سەركەوتن سەختە!

**مادیا:**

قسەی كاوە نەخشی بەردە!

قسەی دەروونێكی ڕاستە.

**كاردا:**

ئەوەی ئێمە ئەی دۆڕێنین

تەنها هەر كۆت و پێوەندە

**كاردوخ:**

با تۆوی ئەم گفت و پەندە

لەناخی دڵابچێنین

**كارون:**

منیش هاتوم...

لەگەڵتانا ڕێگە گرتووم

"گوردۆ بە هەنسكە بڕكێ دێتە ژوورەوە"ـ

بابە...هاتوم...پێتان بڵێم

خوێنمژەكانی ئەژدەهاك

پاشای زۆردار...

وورووژاون...

هەر چاوێکیان کردووە بە چوار!

ڕق هەستان!

ئەپشکنن...بۆ ئەوانە،

چاو هەڵ ئەخەن

نەچوون بۆ کۆڕی زەماوەنگ

دوورن لە هەڵپەڕکێ و ئاهەنگ

**کاوە:** "ڕوو ئەکاتە کاردا و مادیا و کاردۆخ و کارون"

ئێوە بڕۆن خۆتان دەرکەن

بەڵام بەڵێنی سبەینێ

لە یاد نەکەن..

"کاوە و گوردۆ، دێنە پێش شانۆوە"

**گوردۆ:**

بابە زوو کە تا نەهاتوون

تا گورگەکان...پەیدا نەبوون.

بابە...زووکە

**کاوە:** "بە توڕەیی و توندو تیژییەوە"

بەڵێن بێ بتی ئەفسانەی

دیلی و ڕسوایی بشکێنم

تەخت و تاراجی ژێر دەستیی

لەبنەوە هەڵ تەکێنم

قەڵاو زیندانی ئەژدەهاك

بڕوخێنم...

بەڵێن بێ کۆشکی تاوانی..

لەگەڵ خۆیدا بسووتێنم!

سەری ئەم تاریکە شەوە

بنەوێنم...

خۆری سەربەستی و ئازادیی

بە دەستی خەبات هەڵ بێنم!

**گوردۆ:**

بابە...زووکە!

**کاوە:**

ڕزگاریی بە خوێن گوڵ ڕەنگ کەم

سەر شۆڕی تا سەر بە پەنگ کەم

لە زەنگ بدەم

من زراوی مردن بەرم

من ڕاوی نێم

ئەم وڵاتە پڕ لە دەنگ کەم...

بە دەستی خۆم کفنی مردن!

لەبەر خۆم کەم.

هەتا ئاڵای سەرفرازیی

ئەم میللەتە،...

لەسەر لووتکەی بەرز هەڵ ئەکەم

"لەگەڵ چوونە دەرەوەدا"

لەسەر لووتکەی بەرز هەڵ ئەکەم

## تابلۆی پێنجەم

"جێگا ژووری ڕازاوەی شاهانەی ئەژدەهاکە، لەسەر تەختەکەی دانیشتووە، گەلێ جۆر میوە و بابەتی خواردەمەنی جیاوازی لەبەردەما دانراوە "

ئەژدەهاك بەتەنیا لەبەر خۆیەوە...

ئەم دنیایە، وەك کەنیزەك

لەبەر پێما... ڕاکشاوە!

ئەم زەمینە... پان و پۆڕەی!!

لەبەردەمما ڕاخراوە!

ئەم هەموو مەردوومە زۆرەی،

وەك مێرووله،

لەبەر چاوم دێن و ئەچن

هەتا ئەمرن...

دەست لەسەرسنگی کڕنووشی

بۆم ئەوەستن!

ئەلێم ئەم ژیانە هەمووی...

وائەزانم...

هەر بۆ خۆم دروست کراوە!

بۆ من... تەنیا بۆ من دانراوە

ـ پشوویەك ـ

ئەڵێین بەهەشتی ئەستێرە
قەشەنگترە لە هی ئێرە
بڕوا ناکەم!
ئەڵێن چیت ویست لەویٚ هەیە!
چیت داوا کرد!
لە بەر دەمتا ئامادەیە!
وەکوو ئەڵێن:
ئەوە بەهەشتی ئەوێیە!
ئەگەر واش بیٚ ئینجا چییە!
سەیر نییە!
لێرەش هەیە، لای من هەیە
ئەڵێی خواردن لە بەر کردن!
ئەوە هەزار جۆرە چەشن...
ئەڵێی ئافرەت، بۆ ڕابواردن
هەڵبژێرە!
نەشمیلە بێت، یان کەڵەگەت
جرپن بیٚ، یان هێمن بیٚ دەنگ
سوور و سپی، یان گەنم رەنگ
هەڵ بژێرە!
بڕوا ناکەم بە هەشتی...
دووری ئەستێرە
بگاتە بە هەشتی ئێرە!!

بڕوا ناکەم!

ـ پشوویەك ـ

شەراب، سەما، کانی ئاڵتوون

هەر لێرە هەن، هەر لێرەش بوون

ـ پشوویەك ـ

"لە دوای قەیرێ بیرکردنەوە و دەست بە دەستا دان"

بەڵام... بەڵام... ئەم مردنە

تێکی داوە...

ئەم مردنە ئێسك قورسە

تارمایی هەر لە بەر چاوە...

بە تەنیا ئەو... لەبەر دەمما

ڕەپ وەستاوە...

هەر تەنیا ئەو: داوای بووردن

لە من ناکا...

هەر تەنیا ئەو، کڕنووش نابا...

ـ پشوویەك ـ

" زۆرتر بیر ئەکاتەوە و زیاتر ئەشڵەژێت "

مردن... مردن... واتە چاوم

ئەنووقێ و ئیتر نابینێ...

ڕووناکی ئیتر... نابینێ

کەس نابینێ، ڕەنگ نابینێ

ژنی شۆخ و شەنگ نابینێ

هیچ نابینیٚ!

هەموو شتیٚ تاریك ئەبیٚ

تاریك وەك شەوە زەنگ ئەبیٚ!

هیچ نابینیٚ، هیچ نابینیٚ

**ـ پشوویەك ـ**

دڵم لە لیٚدان ئەكەویٚ...

گویٚم كپ ئەبیٚ... هیچ نابیسم

نە قسەی خۆش، نە سۆز و ساز..

نە گۆرانیی كچی دەنگ خۆش

نە دەنگ و باس!

نە خوڕەی ئاو، نە خویٚندنی

باڵندەی چیا و دارستان..

نە پیٚكەنینی.. شۆخی جوان

هیچ نابیسم... هیچ نابیسم...

كاتیٚ... مردم..

ئەڵیٚم ئەگەر هات و مردم!!

ڕووتەیەك.. یان

هەژاریٚكی.. پیس و چڵكن

هەڵم ئەگریٚ

وەك پەڕۆیەك...

فڕیٚم... ئەدەن..

ئینجا... ئینجا..

خۆڵ بەسەر لاشەما ئەکەن!

پاش چەند ڕۆژێ...

مار لە گەردنم ئەئاڵێ

ورد... ورد ئەمخۆن!

ـ پشوویەك ـ

ستەمە... چۆن... ئەم ئەنجامە؟

هەزار ساڵیش تەمەنم بێ...

هێشتا کەمە...

ئەم ئەنجامە؟... زۆر ستەمە..

زۆر ستەمە!!

ـ پشوویەك ـ

"لە گەڵ قاقای پێکەنینیدا"

بەڵام بۆچی ئەبێ بمرم

بە هێز.. بە زۆر،

مردن ئەگرم!

لە زیندانا تونگی ئەکەم

من چۆن ئەمرم!

نەخۆش... ئەمرێ

هەژار... ئەمرێ

لاواز و دەردەدار ئەمرێ

برسیی ئەمرێ

بێ دەرەتان، بێکەس ئەمرێ

**من چۆن ئەمرم**

**ـ پشوویەك ـ**

**"مۆسیقایەکی ترسێنەر لێ ئەدرێ و تارمایی مردن دێتە ژوورەوە، لەپاش ئەوەی ئەژدەهاك چاوی پێی ئەکەوێ ئەشڵەژێ و لە بەر خۆیەوە":**

**ڕاستی نییە... خەو ئەبینم**

**با ڕۆژیش بێ...**

**لە تارمایی شەو ئەبینم...**

**با ڕاستیش بێ...**

**ئەژدەهاك لە چی ترساوە!**

**کێ لە بەریا نە لەرزاوە!**

**ئەم جانەوەرە " نیتی " یە**

**پاسەوانی مەینەتیە...**

**با ئەویش بێ!**

**ئەژدەهاك لە کێ ترساوە!**

**"دەنگ هەڵئەبڕێ.. دەست بۆ تارماییەکە درێژ ئەکات"**

**کێیە؟ کێیە؟**

**بۆ ئەژدەهاك کڕنووش نابا**

**وا بێ دەربەست ڕاوەستاوە؟!**

**کێیە؟ کێیە؟**

**تارمایی مردن:**

**دۆستم... دۆستم**

**هانێ... دەستم**

**" دەست بۆ ئەژدەهاك درێژ ئەکات"**

**ئەژدەهاك:**

دەست بۆ یەكێ درێژ ناكەم

تا نەی ناسم

تا تێی نەگەم!

**تارمایی مردن:**

چاك ئەمناسی

من نەناسی!

كێ ئەناسی؟

**ئەژدەهاك:**

تۆم نەدیوە!

**تارمایی مردن:**

لە ژیانا، لە دنیادا

كێ بەتەنیا

كڕنووش بۆ ئەژدەهاك نابا

لە بەردەمیا نە لەرزیوە

من ئەو كەسەم!

من ئەنجام و چارە نووسم!

هەر ئەم بینی...

**ئەژدەهاك:**

وتت دۆستم!

**تارمایی مردن:**

دۆستیشم و خۆشەویستم!

**ئەژدەهاك:**

" ئانليل " لە خەوا پێی وتووم

ئەوەی بۆ تۆ كڕنووش نابا...

تێی گەیشتووم!

هەر مردنە...

تۆ مردنی؟!

بەلأم... بزانە... ئەژدەهاك

ناترسێنی...

**تارمایی مردن:**

من میوانی دۆستی خۆمم

دلگیر نابم!

هەر سەرێ تۆ سەری ئەبڕی

بە دیاری بۆمی ئەنێری

هەر ئاواتێ تۆ ئەی كوژی

هەر بەهارێ تۆ ئەی نێژی

هەر خوێنێ تازە بیڕێژی

خواستی منە

ڕاگرتنی دڵی منە!

**ئەژدەهاك:**

تێ گەیشتم بۆچی دۆستی

لە كڕنوشا بۆم ناوەستی!

بەلأم ناتوانی زمانی...

من ببەستی!
لە گوێ بخەی!
تۆ مردنی! ناوت هەیە!
بەڵام دەنگ و ڕەنگت نییە!
وەك من ژیانت تیا نییە!
**تارمایی مردن:**
لە گەڵ تۆدا...
شەڕ کردن لای من نەنگییە!!
من میوانی دۆستی خۆمم

**ئەژدەهاك:**
وتت ئەنجام چارە نووسم
بۆ منیشە...
گەر... دۆستتم؟!
**تارمایی مردن:**
ئادەمیزاد لە دایك ئەبێ
وردە... وردە بۆ گەورە بوون
هەنگاو ئەنێ!
دێتە کۆڕی ژیانەوە...
ئەرك ئەکێشێ!
ئارەق و ڕەنج و تەقەلای
زۆر ئەڕێژێ...

چاو ئەبڕێتە... بەرزی هیوا

دەست... ئەکوتێ

قاچ... ئەکوتێ

شان... ئەکوتێ

دێت و ئەچێ

بە بێ سرەوتن، ئەڕەتێ!

بۆ نان، بۆ منالّ، بۆ ژیان..

ئەکەوێتە گەرمەو کێشە...

بۆ تەمەنێ...

کەمی خۆشە، زۆری ئێشە!

لە ئەنجاما... دێ بۆ لای من...

منی مردن!

**ئەژدەهاك:**

چارەنووسی منیش وایە!

یاخود جیایە...؟

**تارمایی مردن:**

من پێم وتی...

تۆ تارمایی گیانی منی...

دۆستی گەورەی....

ئەهرەمەنی

خۆت مردنی

بەلاّم ئەمری!

**ئەژدەهاك:** "بە شپرزەییەوە"

نابێ بمرم... ئەژدەهاکم

نابێ بمرم... نابێ بمرم!

وەك ئەم خەڵکە، تێی گەیشتووە

زەننەقیان بۆ لە من چووە؟

چیم کردوە!

**تارمایی مردن:** ئەوەی ئەیکەم... سووك کردنی

باری ئازاری سەر شانە!

لە بێخەوە هەڵکەندنی...

داری کرمۆڵی ژیانە!

ڕزگار کردنی ئینسانە...

ئەوەی ئەیکەم...

لە سەر.. داوای...

سکاڵای دەمی خۆیانە!!

**ئەژدەهاك:** "بە مەراییەوە"

هەر چۆنێك بێ، ئێمە دۆستین

پشت بە یەکتری ئەبەستین

چاکتر وایە ڕێك بکەوین!

با ناحەز پێمان خۆش نەبێ!

لێك نەکەوین...

تۆ بۆ من و من بۆ تۆ بم

چیت ویست ئەیکەم...

بەڵام نەمرم!

**تـارمایی مردن:**

بەڵێن نادەم

خواستی وا لە ئەستۆ ناگرم!

**ئەژدەهاك:**

هەر چیم هەیە بۆ تۆو نەمرم!

**تـارمایی مردن:**

خواستی وا لە ئەستۆ ناگرم!

**ئەژدەهاك:**

ئەوە قەڵام، ئەوە کۆشکم

تەنها نەمرم!

**تـارمایی مردن:**

خواستی وا لە ئەستۆ ناگرم!

**ئەژدەهاك:** "تاجەکەی لە سەری دائەگرێ"

ئەوە تاجم، ئەوە تەختم

ئەوە خەزنەی زێڕ و بەختم

هەموی بۆ تۆو... تەنها نەمرم

**تـارمایی مردن:**

تۆش هەر ئەمریت!

**ئەژدەهاك:**

ئەوە ژنی تازە و جوانم

بەخشی بە تۆ و تەنها نەمرم

**تـارمايى مردن:**

**تۆش هەر ئەمريت!**

" ئەژدەهاك دەست ئەكات بە هاوار كردن و تارمايى مردن ون ئەبێت".

# تابلۆی شەشەم

"جێگا ژوورێکی ماڵی کاوەیە، کاوە لەچاوەڕوانیکردندایە، بە ژوورەکەدا هاتو چۆ ئەکات"

گوردۆ دێتە ژوورەوە:

**گوردۆ:**

زۆر ڕاوەستام کەسیان دیارنین

کەسیان نەهات...

**کاوە:**

ئاخۆ بزانە گیری چین

کوڕم... هەردێن

نای شکێنن... گفت و بەڵێن

پاسەوانی بەر دەرگابە

بە ئاگابە...

ئەبێ هەر بێن

" گوردۆ ئەچێتە دەرەوە"

**کاوە:**

کاسە پڕ بوو لێی ئەڕژێ

کاسەی ڕق و داخمان پڕە

بائەم ڕقە، بائەم ئاگرە

لە داگیرکەر هەڵبپرژێ
بە گڕ زۆردارانا بچێ
دەستی خوێناویان بگرێ
لەشیان بگرێ
کۆشکی پڕ تاوانیان بگرێ
- پشوویەك -
زۆر دەمێکە ئێسکی ڕەنجمان
مێشکی ڕۆڵە و جوان و گەنجمان
خۆراکی خوانی دوژمنە
زۆر دەمێکە ئەم وڵاتە
وەك گۆڕستان...
دایکی نەگبەتی و مردنە...
زۆر دەمێکە ئەم وڵاتە
چیا و کەژی
وەك خەڵکەکەی، پەست و ماتە
زۆر دەمێکە چاوەڕوانی
بەهارێکی فەڕو و هاتە
- پشوویەك -
پاڕانەوەی ڕوو لە ئاسمان
پاڕانەوەی دەستە و ئەژنۆ
سکاڵا بۆ فریشتەکان
تەفرەی ژیانی دەسخەڕۆ

فرمێسکی چاو، هەناسەی سارد
هەموو بەشێ بوون لەدرۆ
بێسوود، بێداد
هەر ماینەوە ژێر دەستە بووین
نەك جار و دوو...
هەزار جار ماران گەستە بووین
**ـ پشوویەك ـ**

بۆ گەیشتن...
بەئازادی، بەسەرکەوتن!
ئەبێ باجی خوێنی دڵ بەین
دەست بکەینە ملی مردن!
دنیای خەم و نائومێدی
پڕ لە هیوای چەپکە گوڵ کەین!
ئاڵای سپی خۆشەویستی
لە ناو گیانا، بۆ یەك هەڵکەین
بۆ سەر کۆشکی ئەژدەهاکیش...
ڕەشەبا بین
گەردەلوول بین، هەموو هەڵ کەین
**ـ پشوویەك ـ**
" گوردۆ دێتە ژوورەوە "...

**گوردۆ:**
بابە... ئەوا یەکە یەکە

دیارن... هاتن

**کاوە:**

بەخێر هاتن.

"ڕوو ئەکاتە گوردۆ "

ئادەی ئەو لبادەش داخە...

"لبادێك دائەخات "

**گوردۆ:**

چاوەڕوانی... فەرمایشتم!

لە گەڵتانا من دانیشم

یاخود بڕۆم؟

**کاوە:**

چاوی بەدی پەناو پاسار

نەهێن گرن...

بۆ ئەژدەهاك

ئێشکی پارێزی پێوەدان

لە ناکاوا لە پیاو... ئەگرن!

واچاکترە!

بەر دەرگای پاراستن بگرە

پاسەوانی سەربەستی بە!

**گوردۆ:**

سەر لە پێناوا، ئامادەم

چیت وت بیکەم

"بەرەو دەرەوە ئەڕوات کاوە بانگی ئەکاتەوە "

**کاوە:**

بیرم نەبوو...

دایکت کوانێ لە ماڵ نییە؟

**گوردۆ:**

بەیانی زوو..

هێشتا هەتاو نەکەوتبوو

ئاگام لێ بوو

ئامادە بوو، بچێ بۆ سەر

گڵکۆ و گۆڕی براکانم

" گوردۆ ئەچێتە دەرەوە "

**ـ پشوویەك ـ**

" کاردا و مادیا و کاردوخ یەك لە دوای یەك یەنە ژوورەوە "

ـ سڵاو

ـ سڵاو

ـ سڵاو

**کاوە:**

بەخێرهاتن سەر هەردوو چاو...

دڵتان روو کرد..

گیانتان خۆش کرد...

ماڵی منتان

ئاوەدان کرد!

"دائەنیشن"

**ـ پشوویەك ـ**

**کاوە:**

سەگەکانی کۆشکی زۆردار

وەك شێت و هار...

دوێنێ کەوتوونەتە بازاڕ

دەست نە پارێز...

دروێنەی لەشیان کردووە!

بە ڕم کاسەی سەری زۆریان،

هەڵ گرتووە!

**مادیا:**

چ هەواڵێکتان بیستووە؟

**کاردۆخ:**

هەر پاشایەك، وەك ئەژدەهاك

وڵات وڵاتی خۆی نەبێ

تاجی دزراو بکاتە سەر

**کاردا:**

تەخت... فڕێنەر

ئەبێ وابێ

**کاوە:**

لەوەش زیاتر،

بۆیە کینەو ڕقی زۆرە،

شمڵی شوومی هەرا و شەڕە!

خوێناو خۆرە،

چونکە زڕە

وەجاخ کوێرە!

**مادیا:**

کاوە پێکای، سەرنج وردە

**کاردۆخ:**

فەرمایشتەکەی پەسەندە

**کاردا:**

داری زڕ و بێبەر ناژی

ئەبێ بمرێ

بە لادابێ

زوو بێ و درەنگ

" گوردۆ دێتە ژوورەوە"

**گوردۆ:**

بابە.. دایکم گەڕایەوە...

لە سەر قەبران

لە دوای گریان

لە پاش شیوەن و لە خۆدان

**مادیا:**

بە تەنیا دایکی تۆ نییە

سك سووتاو بێ

کوڕ کوژراو بێ

جەرگی لە سەر، پشکۆی خەفەت

هەڵ فرچاو بێ

بە تەنیا دایکی تۆ نییە

**کاوە:** "ڕوو ئەکاتە گوردۆ"

کوڕم بڕۆ پاسەوانی

بەر دەرگابە

بە ئاگا بە

**گوردۆ:**

بەڵێ... بابە

" ئەچێتە دەرەوە "

" سارا، دایکی گوردۆ، دێتە ژورەوە، میوانەکان لە بەری هەڵئەستن "

**سارا:**

هەموو لایەك بەخێرهاتن

سەر ڕۆح، سەر دڵ، سەر چاو هاتن

هەموو لایەك بە خێرهاتن

**مادیا:**

گوردۆت نەمرێ

سەر فراز بی

ئیتر ناسۆر پێخەت نەگرێ

شیوەن بەس بێ!

ئاسمان سەبووریت باتەوە!

**کاردا:**

چاکان... ئەجرت بداتەوە

نەترس، تۆڵەت بکاتەوە

**کاردۆخ:**

هەموو ئەمرین

ئەم ڕێگایە ئەبێ ببڕین

ئاسمان، سەبووریت باتەوە!

**سارا:**

فەرموون... فەرموون

دابنیشن

"دا ئەنیشنەوە"

" لە سەر قسە کردن ئەڕوات"

کوڕتان نەمرێ

لە ماری سەر شان بە دوور بن!

فریشتەکان...

دەست بە باڵتانەوە بگرێ

هی هەمووان!

**کاوە:**

برسیمانە، نیوەڕۆیە

هیچمان هەیە...

**سارا:**

ئەوەی هەیە، نانو دۆیە!

**کاوە:**

بۆمان بێنە!

" دایکی گوردۆ ڕووئەکاتە میوانەکان "

بەخێرهاتن، سەر چاو هاتن

" ئەچێتە دەرەوە "

**کاوە:** "بە تەوسەوە، مەبەستی لە قسەکانی سارایە"

فریشتەکان... ڕزگارمان کەن

ڕزگار نابین

ئەفسانەکان، ڕابەرمان بن

خراپتر بین

چاکتر نابین

ـ پشوویەك ـ

**مادیا:**

دووانمان ماون، ئامادە بن

بۆ نەهاتن

**کاردۆخ:**

نایەن وتیان:

گەشتێ بۆ ناو چیا ئەکەن

گەر سەریش بەن

ئەبن بە سییان

**کاوە:**

مانای چی سییان؟

**کاردا:**

گاڵتەیە... یان...

**کاردۆخ:**

گاڵتە نییە، پێتان ئەڵێم

چۆن بوون بە سییان!

**کاوە:**

ئەوە... دووانیان

گۆڕ هەڵکەنی ئەژدەهاکن!

دڵنیاین لێیان کە پاکن

بەڵام سێهەم!

ئەبێ کێ بێ من نایناسم؟

**کاردۆخ:**

من ئەیناسم!

پاسەوانی کۆشك و قەڵای

پڕ لە بەڵای

ئەژدەهاکە!

**کاوە:**

ئەژدەهاکە؟!

**مادیا:**

ئەژدەهاکە؟!

**کاردا:**

پاسەوانی

کۆشکی زۆردار و ناپاکە؟!

**کاردوخ:**

پەلە مەکەن، پەلە مەکەن

لە سەر خۆ بن

لە خۆتانەوە هەڵ مەچن

بەڵێ... بەڵێ

قەڵا و کۆشکی

ئەژدەهاکە!

بەڵام... مەردە

دروست... ڕاستە

کوڕی چاکە

**کاوە:**

کوڕی چاکە؟ ئامادەیە.

بێت بۆ مردن

**کاردوخ:**

چاوەڕوانی ئەو هەلەیە!

**کاوە:**

مادام وایە...

ئەو ئەگەر بێت

سەر چاومان بێت

ماڵ بە هاتنی ئاوایە!

**مادیا:**

ئەمە وایە!

**کاردا:**

**خۆشەویستی هەمووانی**

**پێ ڕەوایە!**

**مادام وایە...**

**ـ پشوویەك ـ**

**"سارا دێتە ژوورەوە، کاسە دۆیەکی گەورەی بە دەستەوەیە لەگەڵ دەستەوارەیەك ناندا، کاوە لێی وەرئەگرێو لەبەر دەمی میوانەکاندا دای ئەنێت"**

**سارا:**

**ئێوە میوانی ناوەخت بوون**

**گلەیی لە سەر خۆتانە،**

**کە بێ بەخت بوون**

**کاوە:**

**فەرموون... فەرموون**

**"دەست ئەکەن بە خواردن، پشوویەك ئەخایەنێت"**

**"گوردۆ بە پەلە دێتە ژوورەوە ڕوو ئەکاتە هەمووان"**

**گوردۆ:**

**ڕێبوارێکی ناسیاوم دی**

**بەرەو گردی سەروو ئەچوو،**

**شپرزە بوو، شڵەژا بوو،**

**کە لێم پرسی**

**چرپانی بە گوێما وتی:**

**لە بەندەکانی ناو زیندان**

**بەیانی زوو...**

شەش حەوتێکیان، هەڵواسیوە...

یەکێکیان کوڕی ئەو بووە!

لە گەڵ قسەدا فرمێسکی،

بۆم هەڵ ئەڕشت

بەدەم گریانەوە و ڕۆیشت

**کاوە:**

کوڕو ئەم شەوە هەر ئەبێ

بەسەر بچێ...

درەنگ بێ و زوو...

تۆ ئێشکی بەر دەرگا بگرە!

پاسەوان بە...

بە ئاگابە...

**گوردۆ:**

بەڵێ... بابە

نەك پاسەوان

بڵێ... بمرە

"ئەیەوێ بچێتە دەرەوە کاوە بانگی ئەکاتەوە "

**کاوە:**

کوڕم... گوردۆ

ئەم بەردەستانەش... هەلگرە

"گوردۆ بەردەستەکان هەڵ ئەگرێ و لە گەڵ خۆیدا ئەیانباتە دەرەوە"

**ـ پشوویەك ـ**

" تابلۆی بێ دەنگ هەموویان لە یەکتر نزیك ئەبنەوە، بە بێ دەنگی لە ناو خۆیانا دەست ئەکەن بە گفتو گۆ، لە ڕێی بزوتنەوەوە جووڵانەوەی دەست و دەم و چاویانەوە ئەوە دەر ئەکەوێ کە خەریکی دانانی پیلانی ڕاپەڕینن. ئەم هەڵوێستی بێ دەنگییە، تابلۆیەکی تایبەتییە و نیشانەی ئیش کردنی نهێنی و وریا بوونەوەیە، ماوەیەك ئەخایێنێت"

کاوە قۆناغی بێ دەنگی ئەشکێنێ و هەڵ ئەسێتە سەر پێ و ئەڵێت:

**کاوە:** "بە دڵنیایی و بڕوایەکی بە هێزەوە"

ئینجا، ئیتر قسەی زەمان
لەگەڵ قسەی دلا یەك کەوت
ئینجا ئیتر، دڵنیایی
خۆری بڕوای تەواو بەرکەوت
لە ئێستاوە، ڕۆژی هەستان
بەسەر دیلێتیا سەر کەوت
لە ئێستاوە، پاشە ڕۆژی
رووناکیمان هات و دەرکەوت

ـ پشوویەك ـ

خڵتەی درۆی ئەفسانەکان
تا دوێنێ مێشکی گرتبووین
نیزای ڕوو لە فریشتەکان
دەستی کردەوەی بەستبووین!
تا دوێنێ بوو لە کەژاوەی
جادووی دوژمنا نووستبوین!

ـ پشوویەك ـ

**کاردوخ:**

وا هەستاوین
گیانمان لەسەر لەپی دەستا
سەریش تا سەر لە پێناوین!

**مادیا:**

بڕیارمان تێکەڵ بە خوێنە
خوێنمان ئاوێتەی بڕوایە
بڕوامان وەك خۆر ڕووناکە
بەهاری ئاواتی تیایە،
ئەنجام سەری ئەژدەهاکە

**کاردا:**

ئەنجام... پاکە
ئەمرین بۆ ئەوەی دەغڵ و دان!
بە پیت تر بێ
شیری ناو دنکی پڕ تر بێ
ئەمرین بۆ ئەوەی کە ژیان
بۆ نەوەی هاتوو خۆشتر بێ
ئەمرین... بۆ ئەوەی کە منداڵ
بزەی لێوی بژی و نەمرێ
لە کۆشی گەرمی دایکێتی
ئیتر نەکرێ!

کاوه:

ئەگەر مردین بەلەش ئەمرین
بۆیە ماڵ ئاوایی ناکەین
بۆیە ناگرین...
بۆیە فرمێسکی زەبوونی
هەرگیز ناسڕین...
ئەگەر مردین
ئەگەر لەم ڕێیەدا کوژراین...
لە پاش خۆمان...ئەمان بینن
بە گیان دەست لە ملتان ئەکەین
ئەژین لە ناو دەروونتانا
لە ناو بیلبیلەی چاوتانا
لە دەنگتانا...
لە هەڵبەست و وتارتانا...
لە پایزو بەهارتانا
ئێمە ئەژین لە گەڵتانا!

کاردوخ:

لە زەنگ ئەدەین
دەماری سڕ ئەبزوێنین
لە سەر لووتکەی بەرز، بانگ ئەدەین
گەل لە زۆردار ئەوروژێنین!
کوورەی ژیان ئەجۆشێنین

ئەم دنیایە ئەخرۆشێنین
لە زەنگ ئەدەین
ئەبین بە با و تۆف و باران!
بە برووسکە، بە چەخماخەی
تیژی ئاسمان!
بۆ داگیرکەر، ئەبین بە ژان
ژانی مردن!
ژانی تەفر و تونا کردن!

**مادیا:**

پێشمان وتن، پشتمان کێیە؟
پشتمان کێوی ئاگرینە
بڕوای زیندووی ڕاپەڕینە
مەچەکی گشت هەژارێکی،
ترسناکە!

**کاردا:**

پشتمان هەموودوژمنێکی
ئەژدەهاکە!

**گوردۆ:** "گوردۆ دێتە ژوورەوە"
بابە شوانی ئاژەڵەکان
بەڕێوەیە هات بۆ لاتان!

**کاوە:**

هەر خۆیەتی؟

**گوردۆ:**

به تاقی تەنیا، خۆیەتی

" گوردۆ ئەچێتە دەرێ "

" کارون دێتە ژوورەوە "

**کارون:**

درەنگ... هاتووم

خۆم ئەزانم کە دوا کەوتووم

بەڵام، بێ دەنگ

دەستەوەستان،

دانەنیشتووم!

**کاوە:**

چیت کردووە؟

**مەردۆخ:**

چیت بیستووە؟

**کارون:**

ئەو دیوی شاخ هەموو پڕن

لە سەر تێزی ڕاپەڕینن

داخ لە دڵن

چاوەڕوانی دەرفەتێکن

چاوەڕوانی فەرمایشتی،

ڕابەرێکن!

**ماديا:**

ئارام بگرن!

**كاردا:**

ئارام بگرن!

**كارون:**

ئارام ناگرن!

لەمە زیاتر خۆڕاناگرن!

ئێجگار پڕن...

**كاوە:**

بڕیارمان دا!

**كارون:**

چی بوو... بڕیار؟!

**كاوە:**

هەڵمەت بۆسەر قەڵای زۆردار

**ماديا:**

هاتنەدیی بڕیار نزیکە؟!

**كارون:**

چ ڕۆژێکە، چ کاتێکە!

**كاردا:**

زۆر نزیکە!

**کاروخ:**

زۆر نزیکە!

**کارون:**

مژدەم بەنێ چ کاتێکە؟

**کاوە:**

لەگەڵ مردنی زستانا

کاتێ پشتی سەرما ئەشکێ

لە کوێستانا...

کاتێ گۆپکەی درەختەکان!

سەر دەرئەکەن!

کاتێ هەردو دەشت و نزار

بەرگی مژدەی، سەوزی ژیان

لەبەر ئەکەن!

کاتێ هوزار...

لە ئاسۆیەکی بەرینا،

لە شەقەی باڵی بەرز ئەدەن...

بۆ سەرەتای دیاری بەهار!

بەستە ئەڵێن...

**کاوە:**

چەندی ماوە بەری ئازار؟

چەند ڕۆژی تر...

پێ ئەنێینە وەرزی بەهار؟

**كاردوخ:**

هەر تەنها چوار

چوار رۆژی تر!

**مادیا:**

یا ئەوەتا ئەمساڵ بەهار

بەهاری سەرکەوتن ئەبێ

**کاردا:**

یان ئەوەتا مردن ئەبێ!

**کارون:**

مەبەست ژیانە یان مردن!

**ـ پشوویەك ـ**

کاری ڕاپەڕینتان بەش کرد!
ئەی من چیبکەم؟!

**کاوە:**

چمکی ئازایی و پیاوەتی
بە لادا کە!
بچۆرەوە بۆ شاخ و کێو
خەڵك هۆشیار کە
نووستو هەمووی، خەبەردار کە!

**کارون:**

جێگای یەکگرتنەوە کوێیە؟

**کاوە:**

کاردۆخ پێت ئەڵێ کە کوێیە

**كاردوخ:**

پێش ڕۆشتنت، خۆم ئەتبینم!

**كارون:**

وا من ئەڕۆم لە زەنگ ئەدەم

لە سەر لووتكەكان بانگ ئەدەم

بانگی ئازادی و جەنگ ئەدەم

**كاوە:**

بە سەركەوتن!

**كاردوخ:**

بەسەركەوتن!

**ماديا:**

بە سەركەوتن!

**كاردا:**

تا كاتی بە يەك گەيشتن!

"كارون ئەچێتە دەرەوە"

**ـ پشوويەك ـ**

**ماديا:**

ڕۆژ درەنگ بوو ئێمەش بڕۆین

**كاردا:**

وا... چاكترە

**كاوە:**

پەلە مەكەن!

هێشتا زوو بوو...

**کاردا:**

کات درەنگ بوو...

**مەردوخ:**

هەستن بڕۆین... یەك لە دوای یەك

" هەڵ ئەسن و یەك لە دوای یەك ئەچنە دەرەوە "

" کاوە ماوەیەك بە بێ دەنگ هات و چۆ ئەکات "

لە دواییدا لە بەر خۆیەوە:

**کاوە:**

ڕاستە... ڕاستە

ڕێگەی ئەم هەڵمەتە سەختە

بەڵام ئەوەی ئەیدۆڕێنین...

هەر پێوەندە، هەر زنجیرە!

هەر کۆتی قاچ و گەردنە!

بە تەنیا تەوقی مردنە!

**ـ پشوویەك ـ**

" پشتکۆی هاوڕێی گوردۆ بە پرتاو خۆی ئەکات بە ژوورا "

**پشتکۆ:**

ئاگام لێ بوو

سێ چوار سەربازی ئەژدەهاك

گوردۆیان گرت

پێوەندیان کرد

بۆ زیندانی تاریکیان برد!

**کاوه:** "ئەشڵەژێ و لە پشتکۆ ئەچێتە پێشەوە و ئەڵێت"

کەی... کەی چۆن بوو...

گوردۆ تا ئیستە لێرە بوو

**پشتکۆ:**

وەکو وتم چاوم لێ بوو

لە پاش ئەوەی دەست بەستیان کرد

لە پاش ئەوەی تێریان لێدا

پێوەندیان کرد!

**کاوە:**

خۆ نەیان کوشت...؟!!

خوێنت نەدی؟!

**پشتکۆ:**

ئەوەی کە دیم هەر ئەوە بوو

کە پێم وتی!

"کاوە لە تاوا ئەکەوێتە لێو کرۆشتن، تەواو شپرزە ئەبێت، پشتکۆ قەیرێك ئەوەستێ و ئەچێتە دەرەوە"

"کاوە دێتە پێشی شانۆوە".

**کاوە:**

ئەمە حەوت کوڕ

حەوت کارەساتی جەرگ بڕ

ئەمە حەوت کوڕ!

ئارام ئیتر

چۆن ئەتوانێ... لەمە زیاتر

خۆی ڕابگرێ

تۆڵە، دان بەخۆیدا بگرێ

لەمە زیاتر، چۆن ئەتوانێ...

ـ پشوویەك ـ

لە پاش دوا کوڕ

لە پاش گوردۆ

چیم ما ئیتر

" روو ئەکاتە دانیشتوان "

ئێوە بڵێن... چیم ما ئیتر؟!

ـ پشوویەك ـ

بۆ سارێژی حەوت برینم

بۆ سارێژی هەزار زامی

دەم بە هاواری دێرینم

هێرش ئەبەم... لە گەڵ " گەل " ا

ڕائەچڵەکم...

ئەچمە گەرووی نەهەنگەوە...

تەنها... چەکم

چەکی بڕوای نەبەزینە

تەنها... ڕێگە... ڕاپەڕینە

ئامانج... سەری ئەژدەهاکە

بەم مستانە ئەیپژێنم

ئامانج... کۆتی دیلێتییە

دای ئەماڵم.. ئەیپچڕێنم!

# تابلۆی حەوتەم

"جێگـا ژووری ئەژدەهاکـەو لـە سـەر تەختەکـەی دانیـشتووەو دوو پاسـەوان لـە پشتیەوە ڕاوەستاون وجادووگەریش لە بەردەمیا نووشتاوەتەوە"

**" مۆدۆن " ی جادووگەر:**

گەورەم هاتووم،سەر لە ڕێتم

قوربانی خۆڵی بەرپێتم...

فەرمایشتت لە سەر سەرم

فەرموو بڵێ و من نۆکەرم

**ئەژدەهاك:**

ئەوەی ئەیڵێم، ڕاست پێم بڵێ!

**مۆدۆن:**

بەڵێ گەورەم، فەرموو بڵێ

**ئەژدەهاك:**

درۆ کردن،

لە گەڵ منا، واتە مردن،

مل هەڵکێشان، سەر پەڕاندن

تێ گەیشتی!

مۆدۆن:

تۆ بمێنی و پایەدار بی
بۆ ئێمە گەورەو و سەردار بی
هیچمان ناوێ...
سەرمان ناوێ، ماڵمان ناوێ
تەنها هەر تۆ شکۆدار بی...

ئەژدەهاک:

خەوم دیوە!

مۆدۆن:

خەو هی تۆ بێ، فریشتەکان
ئینکی... سمکان
دڵنیام چۆنیان نووسیوە
فەرموو... قوربان

"ئەژدەهاك هەڵ ئەسێت و دەس ئەکا بە گێڕانەوە"

ئەژدەهاک:

لە خەوما بوو، نەك بە ڕاستی
لە جێگەی گوڵ، دڕکم ئەچنی
دەست و پەنجەم، خوێناوی بوو
بەری دنیا تەماوی بوو...
دارم ئەدی، هەر بە سەوزی
وشکی ئەکرد!
قەلاَم، کۆشکم، چۆڵ و هۆڵ بوو

گڕی ئەگرت

ئەمویست هاوار بکەم...بڵێم...

بەڵام دەنگم دەر نەئەهات

ڕەوەگورگ ئەهاتنە سەر ڕێم...

خۆر گیرابوو هەڵ نەئەهات

لە ناکاوا شتێکی ڕەش،

جانەوەرێ، هاتە خوارێ

دەستی دامێ... فڕانمی

توونگ گرتمی...

تا ئاسمانی سەر بردمی!

ـ پشوویەك ـ

بەڵام خەو بوو

کاتێ چاوم کردەوە، کات:

نیوە شەو بوو...

ـ پشوویەك ـ

تۆ ئەڵێی چی... بۆ ئەم خەوە؟!

ڕاست پێم بڵێ

"جادووگەر پاش بیرکردنەوە"

**مۆدۆن:**

گەورەی دنیا، پاشای جیهان

سێبەری گشت فریشتەکان

خەوتان مایەی خۆش بەختییە

نیشانەی بەرزی سەرتانە

دوور لە تەنگانەو سەختییە

لێك دانەوەی بە دڵتانە...

**ئەژدەهاك:**

چۆن بە دڵمە؟...

**مۆدۆن:**

گوڵ لە خەودا ئەبێ بە دڕك

دڕکیش بە گوڵ!

خوێن ئاشتیە!

ئاشتی ناو دڵ!

تەم: ڕووناکی و ئاوەدانی

گڕ:قوربانی

گورگ: هێزە بۆ سەرکەوتن

یان نەمردن!!

خۆر لە خەوتا کە هەڵ نەهات

مژدەیەکە بۆ ژیانێکی

پڕ فەڕوو هات!!

**ئەژدەهاك:**

باشە... باشە

ئەی ئەو جانەوەرە ڕەشە

بۆ باس ناکەی فڕانمی

تونگ گرتمی...

هەڵی گرتم، تا ئاسمانی،
سەر بردمی؟!!
جادووگەری چاو پڕ لە فێڵ...
ڕاست پێم بڵێ...
ڕاست پێم بڵێ...

**مۆدۆن:**

بەڵێ... بەڵێ
گەورەم... بەڵێ
ئەو جانەوەرە ڕەنگ ڕەشە
فریشتەی هەموو ئاسمانە!
هەر چەند ڕەشە!
بەڵام لە دەروون و دڵا
ڕووناک...گەشە!
هەرچەند بە ڕوو ترسناکە
بەڵام مژدەی ئاسایشە
ئاسایش بۆ،
ژیانی تۆ، بۆ تاجی تۆ
بۆ تەختی تۆ!

**ـ پشوویەك ـ**

فڕاندنیش... بەرەو ئاسمان
مانای ئاواتە بۆ ژیان
وەرگرتنی مژدەیەکە

یان هاتنە دی خۆزگەیەکە
زۆر دەمێکە
شای گەورەمان، پەرۆشێتی
خولیای دەروون و هۆشێتی!

**ئەژدەهاك:** "بە پەلە"

زوو پێم بڵێ
کام مژدەیە؟
کام خۆزگەیە؟
زوو پێم بڵێ...

**مۆدۆن:**

داری زرت ئەژێتەوە
پەل ئەهاوێ، ئەڕوێتەوە!
بەری هیوا و ئاوات ئەگرێ
پاشای گەورەمان ئەژدەهاك
کوڕی ئەبێ!!

**ئەژدەهاك:** "بەسەر سوڕمان و خۆشیەوە "

کوڕم ئەبێ؟
کوڕم ئەبێ؟

**مۆدۆن:** "بە دڵنیاییەوە"

بەڵێ گەورەم هەرگیز ساڵێ
وەرناگەڕێ
کوڕت ئەبێ

**ئەژدەهاك:** "بە پێکەنینەوە... ڕوو ئەکاتە یەکێك لە پاسەوانەکان "

**بڕۆ بڵێن ... با خەزنەدار**

**لە بەردەمما ئامادە بێ**

**هەر ئێستە بێ**

**" پاسەوانەکە بە پەلە ئەچێتە دەرەوە "**

**ـ پشوویەك ـ**

**" خەزنەدار و پاسەوانەکە دێنە ژوورەوە، خەزنەدار ئەنووشتێتەوە "...**

**خەزنەدار:**

**قوربان... هاتووم سەر لە ڕێتم...**

**ئەژدەهاك:**

**گوێ بگرە لێم:**

**لە گەڵ خۆتا...**

**جادووگەری ڕاستگۆ بەرە**

**ڕێزی بگرە**

**بە پارسەنگی قورسایی خۆی**

**زێڕی بەرێ...**

**هەر ئیستاکە، دوا نەکەوێ!**

**خەزنەدار:**

**بەڵێ گەورەم... بەڵێ گەورەم...**

**"لە گەڵ جادووگەرا ئەچێتە دەرەوە"**

**ئەژدەهاك:** "لەبەر خۆیەوە"

**کوڕم... ئەبێ**

ئەژدەهاکی بچووك ئەبێ

کوڕم ئەبێ

گرێی دڵی دەیان ساڵم

ئەکرێتەوە...

داری زڕم ئەژێتەوە

کوڕم ئەبێ

ئەژدەهاکی بچووك ئەبێ!

"پاسەوانێك دێتە ژوورەوە و ئە نوشتێتەوە"

**پاسەوان:**

گەورەم،گۆتۆی سەر لە شکری

ئازا و نەبەرد، گەیشتە جێ

ئامادەیە و ئەو ئەیەوێ

بێتە بەر تەختی بزورگتان

بێتە لاتان...

**ئەژدەهاك:**

با خێرا بێ

"پاسەوانەکە ئەچێتە دەرەوە گۆتۆی سەرکردە دێتە ژوورەوە"

" ئەنووشتێتەوە "

**گۆتۆ:**

دەست لە سەر سنگ، کڕنووش بردوو

ئامادە بو...

لە بەر دەمی شای گەورەدا...

راوەستام... تا فەرمانی
بنێمە سەر هەر دوو چاوم
خۆمی بۆ بکەم بە قووربانی

**ئەژدەهاك:**

گۆتۆی ئازا خۆشیت هانی!
تۆ بڕبڕەی پشتی منی،
گەورەی گشت سەرکردەکانی
تۆ جێی بڕوای ئەژدەهاکی
پشتیوانی قەلاّ و کۆشکی

**گۆتۆ:**

گیان لە سەر دەست چاوەڕوانم
سەر بەردە بازی فەرمانم...
فەرمانێ بۆ مردنیش بێ
من بە ئاهەنگی ئەزانم!

**ئەژدەهاك:**

لەلای گۆتۆ، دەنگ و باسی
چەتە و یاخی،
ناو شاخەکان چۆن چۆنییە؟
هەواڵ چییە!

**گۆتۆ:**

هەواڵ مژدەی سەرکەوتنە
ڕێ لە یاخی بوو گرتنە..

تیرەكانمان...
پەیكانی سەر ڕمەكانمان!
نە خواری كرد، نە سەری كرد
یەك یەك نیشانەی تەواوی،
خۆیانیان گرت
لە یاخی بوو زۆریان كوژران
بە دەست بەستەش گەلێ گیران
ئەژدەهاك:
هێناو تانن...
لە گەڵ خۆتان؟!
گۆتۆ:
لە زیندانان!
ئەژدەهاك:
لە چەتەكان...
هیچیان ماون، هیچیان دەرچوون؟

گۆتۆ:
هەر ئەوەندەی پەنجەی دەستن
ئەو كەمەشیان تەفروو توونان!
پشت بە یەكتر نابەستن
لە دوای گەڕانەوەم، داومان
ناوەتەوە... بیان گرن

**ئەژدەهاك:**

لە ئەنجاما چی ترتان کرد؟!

**گۆتۆ:**

دڵنیا بووین.. گەڕاینەوە

خۆمان سەرکەوتووماینەوە!

**ئەژدەهاك:**

ئەی ژمارەی کوژراوی تۆ؟

گیراوی تۆ؟

**گۆتۆ:**

کوژراوی من، تەنها دە بوون

گیراو... نەبوون!

" ئـەژدەهاك هـەڵ ئەسـێتە سـەر پـێ، کـەمێ هـات و چـۆ ئـەکات، دوایـی بـە تووڕەییەوە ئەڵێت:"

**ئەژدەهاك:**

دڵم خەریکە لە گۆتۆش،

کرمێ ئەبێ...

من وام نەویست، من وام ناوێ

هەموو... هەموو...

ترسنۆك بون!

سەرکردەی ئازا پێم ئەڵێ!!

لە یاخی بوو هەندێ دەرچوون

لێشیان کووشتوون!!

واتە... ماون... نەفەوتاون!

کەچی پێم ئەڵێ... سەرکەوتوون!

چۆن سەرکەوتوون؟!

چەند سەگێکی خوێڕی کێوان

گۆتۆی سەرکردەمیان بەزان!

چاك سەرکەوتوون!!

**گۆتۆ:**

گەورەم، نەبەزیوین، بەڵام...

**ئەژدەهاك:**

بەڵێ... بەزین

من وا ئەڵێم... ئێوە بەزین

ئێوە هەموو... ترسنۆکن!

ئێوە ڕێوین!

ـ بەڵام ـ ی چی!

لە شکرێکی هەزار کەسی!

لەش زرێ پۆش،

تێر و پۆشتە...

هەندێ برسی!

لێی بکوژێ!

واتە... بەزی!

**گۆتۆ:**

گەورەم، وتم، ئەوەی ماون

بە ڕێگەوەن ڕوو لە داون

هەر ئەوەندەی پەنجەی دەستن!

هاکا... کەوتن

هاکا... لەبرسانا مردن!

**ئەژدەهاك:**

هەر وا ئەبێ درۆ کردن!

**گۆتۆ:**

بەڵێن ئەدەم بە شای گەورە

گەورەی لەشکر

بەڵێنی پیاو

تەنها ماوەی دە ڕۆژی تر!

مۆڵەتم با...

ڕێگەی گەشتێکی ترم با...

برینی کۆن سارێژ ئەکەم

لە یاخی بوو... ئەوەی ماوە

یەك... یەك

وەك... سەگ

لە بەرپێتا... ڕایان ئەگرم

پەتیان ئەکەم...

پاشای گەورەم، داوا ئەکەم

مۆڵەتم بە...

**ئەژدەهاك:**

دە ڕۆژ زۆرە...

مۆڵەتی من هەفتەیەکە!

- پشوویەك -

"لە سەر قسە کردن ئەڕوات"

بەڵام بەزەیی پێشێل کە!

ڕق... بڕوێنە...

خۆشەویستی دروێنەکە!

دەغڵ و دانیان...

خۆیان و ماڵ و منداڵیان...

بەیەکەوە... بسووتێنە...

من وام ئەوێ!

**گۆتۆ:**

بەڵێن ئەدەم

شای گەورەمان چۆنی ئەوێ

من وا بکەم!

**ئەژدەهاك:**

سبەی بەر لەوەی خۆر هەڵبێ...

بارەگای شەڕ ئامادە بێ

بۆ کەوتنە ڕێ...

دوای هەفتەیەك، تاقە یەکێ،

لەو یاخی بووانە...نەمێنێ...

من وام ئەوێ

**گۆتۆ:**

بەڵێن ئەدەم بە شای گەورە

یان وا ئەبێ، یان ئەم سەرە

بۆ خاك ئەبێ

**ئەژدەهاك:**

من وام ئەوێ!

**گۆتۆ:** "لە دوای قەیرێ ڕاوەستان بە ترسەوە"

بەڵام شای گەورە ئەزانێ

کلك...ناتوانێ

بێ سەری مار لە ناوا بێ!

سەر تیا بچێ!

هەموو شتێ دا ئەمرکێ!

هیچ نامێنێ!

**ئەژدەهاك:**

ئا بەو شێوەیە ڕسوا بوون...

دەر بە دەر بوون

خۆی کوشتنە...

تازە ژیانی فەرەیدوون

هەر مردنە...

لەگەڵ ئەوەشدا گەڕانمان

بۆ شوێنی ئەو...

بۆ خوێنی ئەو!

هەر لە دووی سۆراخ کردنە

دەس هەڵ ناگرین!

**گۆتۆ:**

جێگەی ونە...ڕێگەی ونە

**ئەژدەهاك:**

چارەنووسی هەر مردنە

**ـ پشوویەك ـ**

بەڵام نیازی ئەبێ چی بێ

بە هیوای چی...

ئەخوا و ئەژی...

من تێ ناگەم... تۆ ئەڵێی چی؟!

**گۆتۆ:**

ئەیەوێ کڵاوی با بردووی

بگرێتەوە؟

ئەیەوێ خەوی ڕابردووی

دوێنێی مردووی

تاجی ون بووی

تەخت و بەختی لە دەست دەرچووی

بۆ بێتەوە...

لە پاش ڕزین... داری هیوای

بەرگرێ و بشنێتەوە...

جارێکی تر بژێتەوە

**ئەژدەهاك:**

مەحاڵە... بیبینێتەوە...
ئەبێ تا ماوە فەرەیدوون
بەو داخەوە بتلێتەوە!

**ـ پشوویەك ـ**

" لە سەر قسە کردن ئەڕوات "

دوا هەواڵی... نهێنی زان
وای ڕاگەیان...
کە فەرەیدوون...
وا لە ناوچەی پیرەمەگروون...
چاوەڕوانین...
دڵنیا بین
ئەوسا خۆمان ئامادە کەین
لە ناکاوا... بە سەریا بەین

**ـ پشوویەك ـ**

بەڵام کە گرتم، نای کوژم!
ئەیکەم بە پەنگ...
بە دنیادا ئەیگەڕێنم...
ئا لێرەدا... لەم شوێنەدا...
شا فەرەیدوون...
وەکوو مەیموون...
بۆ گاڵتە... هەڵ ئەپەڕێنم!

**گۆتۆ:**

ڕسوا بوونی پیلانێکە
هەر ساتێکی مردنێکە

**ـ پشوویەك ـ**

سەرم بەرز و گەورەم ئەکەی
ئەگەر گۆتۆی جگەر سۆزتان
بۆ گرتنی بە ڕێ بکەی!
مایەی شانازی ژیانمە!
کاری وەها بە من بکەی...

**ئەژدەهاك:**

پەلە ناکەین... بە هێمنی
داو ئەچنین بۆ گرتنی
تۆ... بەیانی
بۆ گەشتی تەمێ کردنی
دوا جاری یاخی بوو... بڕۆ
من هەر ئەوەم ئەوێ لە تۆ!

**گۆتۆ:**

پاشای گەورە... دڵنیابێ
بەڵێنی ئەمجارەی گۆتۆ
ڕوو ڕەش... نابێ

**ئەژدەهاك:**

من هەر ئەوەم ئەویٚ لە تۆ

**ـ پشوویەك ـ**

تۆش بزانە چارەنووسی

ڕەش یان سپی!

بۆ من و تۆ...

وەك یەك وایە... بە تەنیا نین

لە یەك جیا نین

**گۆتۆ:**

چارەنووسی ڕەش گۆڕ ئەکەین

بە دەستی هێز!

دەرگای نووشوستی مۆر ئەکەین

دوژمنی تەختی ئەژدەهاك

سەرشۆڕ ئەکەین!

**ئەژدەهاك:**

گەر وا نەکەین

گوناه ئەکەین

**ـ پشوویەك ـ**

"پاسەوانی بەر دەرگا دێتە ژوورەوەو ئەنووشتێتەوە"

**پاسەوان:**

لۆلۆی وەزیری دەستە ڕاست!

لۆلۆی خزم و جگەر سۆزتان

داوا ئەکات
بێتە بەر تەختی بزورگتان
بێتە لاتان..

**ئەژدەهاك:**

با ئێستا بێ
با خێرا بێ!
" پاسەوان ئەچێتە دەرەوە "
" لە سەر قسە کردن ئەڕوات "
سەری ماری سڕ بووی بێ تین
لە گیانەلاّوی مەرگ دایە...
هەرگیز ناگاتەوە هاوین!

**گۆتۆ:**

زستانی سەختی بێ ئامان
بەستەڵەکی چیا و کوێستان
ڕەحم ناکەن!
ڕێگەی پیاوی کەوتوو نادەن!
"لۆلۆی وەزیر دێتە ژوورەوە و ئەنووشتێتەوە"

**لۆلۆ:**

ڕۆژی... ڕووناك...
دڵی... ڕووناك
شا ئەژدەهاك...

لۆلۆ لە بەر تەختی ئەوا!

دەست لەسەر سنگ ڕاوەستاوە

کڕنووش ئەبا!

چاوەڕوانی فەرمایشتی!

گەورەی ئەکا...

**ئەژدەهاک:** "ڕوو ئەکاتە گۆتۆ "

خۆشیم داوایە بۆ لۆلۆ

**گۆتۆ:**

پشت و هێزی کۆشکە لۆلۆ!

"ڕوو ئەکاتە لۆلۆ"

**ئەژدەهاک:**

دەنگ و باسی لای تۆ چییە؟

**لۆلۆ:**

ئەوەی هەشبێ!

شایەنی باس کردن نییە!

بێ بایەخن!

**ئەژدەهاک:**

ئەگەر بایەخیشی نەبێ...

تۆ هەر بیڵێ...

**لۆلۆ:**

ناحەزانی کۆشکی پاشا

چەند برسی و گێرەشێوێنێ

ڕۆژی... دوێنێ...

له ناو خه‌ڵکا...

كه‌وتبوونه قاو داخستن

قسه‌ی بێ جێ و بێ ڕێ كردن...

دوای پشكنین...

هه‌شت نۆ ده‌یه‌كمان لێ گرتن

ئێستا له زیندانا به‌ندن!

**ئه‌ژده‌هاك:**

نه‌تان كوشتن؟!

**لۆلۆ:**

په‌له ناكه‌ین... هه‌تا ئازار

هه‌تا زه‌بری قامچی و دار

نهێنیان ئه‌خاته ڕوو...

ئه‌وساش... كووشتن!

خه‌ڵاتیانه بۆ زوو مردن!

**ئه‌ژده‌هاك:**

زۆر به‌دڵمه... زۆر به جێیه!

**گۆتۆ:**

پیلانێكی ورد و نوێیه...

گه‌وره‌م... لۆلۆ...

عه‌قڵی دانای كۆشكی تۆیه...

**ئه‌ژده‌هاك:** "ڕوو ئه‌كاته لۆلۆ"

وتت قسەی بێ جێ و بێ ڕێ ئەکەن

قاو دا ئەخەن...

خەڵك هان ئەدەن...

قاو... وەکوو چی؟!

چیان ئەوێ؟!

**لۆلۆ:** "لە پاش دوو دڵی و سڵەمینەوەیەك"

گەورەم ئەڵێن

وەکوو... ئەڵێن!

نانیان... ئەوێ

لابردنی باجیان ئەوێ

**ئەژدەهاك:** "بە گاڵتەوە"

تاجیان ناوێ؟!!

ـ پشوویەك ـ

**گۆتۆ:**

زیندان و مردنیان ئەوێ

**ئەژدەهاك:** "بەڕقەوە"

ئەیان... ناسم!

ماڵ بە ماڵ ئەیان سووتێنم

یەك بە یەك هەڵیان ئەواسم!

چیم لێ کردوون؟

دەستم گرتوون؟!

برسییانە...

پێیان بڵێ

کێ تا ئەمڕۆ لە برسا مرد؟!

ـ پشوویەک ـ

**گۆتۆ:**

گەورەم تا خۆم

هەتا لەشکری سبەینێم

ئامادەکەم، ڕێم کە، بڕۆم!

**ئەژدەهاک:**

تۆ... سەربەستی...

ئەڕۆی... بڕۆ...

بەڵام بە دڵ چاوەڕوانین

مژدەی سەرکەوتنی گۆتۆ

زوو وەرگرین...

**لۆلۆ:**

هەتا ئێمەش ئامادە بین

پاش هاتنەوە، پاش سەرکەوتن

ئاهەنگی خۆشی بگێڕین

چاوەڕوانین...

**گۆتۆ:**

پاشای گەورە، لۆلۆی دانا

لە ئێستاوە،دڵنیا بن

کە سەر کەوتن

وا له دەست و هێزی منا!

"گۆتۆ ئەنووشتێتەوە و ئەچێتە دەرەوە"

ـ پشوویەك ـ

"ئەژدەهاك ماوەیەك بە بێ دەنگی هات و چۆ ئەكات"

**ئەژدەهاك:**

کێن ئەوانەی گرتووتانن؟!

**لۆلۆ:**

چەند... کەسێکی

دۆست بە کوشتن و تاوانن!

**ئەژدەهاك:**

ناوم... ئەوێ!

ناو... نازانن؟!

**لۆلۆ:** "پاش تۆزێ بیرکردنەوە"

ئەوەی بیرمە!

یەکێکیان ناوی گوردۆیە

کوڕی کاوەی ئاسنگەرە!

**ئەژدەهاك:**

گوردۆ... گوردۆ

وەچەی شەڕە!

لە نەژادی خێزانێکی دەربەدەرە!

**لۆلۆ:**

لە پارەوە هەتا ئەمڕۆ

له کوڕانی کاوه... شەشیان
گیران... کوژران
بەڵام دیاره... عاریان نەنا،
وەك خۆیان وان!

**ئەژدەهاك:**

تەنیا... کوشتن!
ڕێگایە بۆ تەمێ کردن!
دوا وەچەی شەڕ
ئەمشەو ئەبێ لە ناو بەرن
کاوەش بگرن!

**لۆلۆ:**

گەورەم ئەگەر کاوەش بگرین
ئەبێ ئیتر دۆش دامێنین!

**ئەژدەهاك:** "بەسەرسوڕمانەوە"

دۆش دامێنین؟!!

**لۆلۆ:**

بەڵێ... گەورەم
تەنیا ئاسنگەر بزانێ
یان بتوانێ
کە تیر و ڕم
دروست بکا... هەر کاوەیە
ئەو ئاسنگەری شارەزای!

ئەم ناوەیە!

چۆنی بگرین؟!

**ئەژدەهاك:** "پاش قەیرێ ڕاوەستان"

گەر ئەو نەما پەك ئەكەوێ؟!

**لۆلۆ:**

هۆمان هەر ئەبێ تێی كەوێ!

بەڵێ...گەورەم

گەر ئەو نەبێ...

دڵنیام لەوەی پەكمان ئەكەوێ...

دا ئەمێنین!

**ئەژدەهاك:**

كەواتە جارێ ناچارین

چاو بپۆشین

**لۆلۆ:**

بەڵێ... گەورەم...

پێویست ئەكا... كاوە نەگرین

چاكتر وایە....ئارام بگرین

وەكوو فەرمووت، چاو بپۆشین!

**ئەژدەهاك:** "لە پاش قەیرێ بیر كردنەوە"

مادام وایە...

جارێ گوردۆش هەر مەكوژن!

با هەر بەندی ناو زیندان بێ!

لەشی خۆراکی لێدان بێ

لە ناو بردنی... هەڵگرن...

بۆ ئەوکاتەی پێتان ئەڵێم...

هەتاکوو خۆم قسە ئەکەم!

**لۆلۆ:**

بەڵێ گەورەم!

تۆ چۆن ئەڵێیت من وا ئەکەم!

**ـ پشوویەک ـ**

"پاسەوانی بەر دەرگا دێتە ژوورەوە و ئەنووشتێتەوە"

**پاسەوان:**

گەورەم... پاشا

شاژن پیاوێکی ناردووە

بە پەلە ڕای سپاردووە!

داوات ئەکا...

**ئەژدەهاک:** "هەڵ ئەسێت و بە شپرزەییەوە"

بە پەلە داوای من ئەکا؟!

**پاسەوان:**

بەڵێ... گەورەم... داوات ئەکا

" بە شڵەژاوییەوە ئەژدەهاک و لە دوایەوە لۆلۆ و پاسەوان ئەچنە دەرەوە"

# تابلۆی هەشتەم

"جێگا دوکانەکەی کاوەی ئاسنگەرە، کات بەیانییەکی زووە، "پشتکۆی" هاوڕێی گوردۆ، لە دوای گرتنی گوردۆ بۆتە شاگردی کاوە، تازە دوکانەکەی کردۆتەوە و خەریکی ڕێکخستنی کەرەسەی ئیشە، پاش ماوەیەك بێ دەنگی، بە دەنگی بەرز لە بەر خۆیەوە ئەڵێت:"

لە گەڵ دڵی شێت و وێڵما
هەرد و دۆڵ و لووتکە نەما
نەیپێوم و پیا نەگەڕێم
تا دەوەن و دارێ نەما
نەمناسن و نەزانن کێم!
هەتا ئەژنۆ شل بوو گەڕام
تا سنوورێك، خەیاڵ ئەیدی
گەڕام...ڕۆشتم
بەڵام ئەنجام... نەگەیشتم...
بەو دنیایەی کە من ویستم

**ـ پشوویەك ـ**

سەردەمێکی تر هات و چوو
هەر ئاوارە، هیلاك.. وێڵ بووم

به دووی ئاراما.. شەوکێڵ بووم
سەر هەلگرتوو..
لە ناو باوەشی سروشتا
ئەگەڕام بە شوێن بەهەشتا
بەڵام ئەنجام تێگەیشتم
کە لەوێشدا خۆمم نەدی..
خۆم نەناسی!
- پشوویەك -
سەردەمێکی تری تەمەن
بۆ خوای دادپەروەری گەڕام
تا لەدیلی ڕزگارم کەن..
تا بگەمە ڕۆژی ئەنجام
کڕنووشم برد!
مانگم پەرست، خۆرم پەرست
دەریام پەرست، گڕم پەرست
بەڵام ئەنجام هەر وێڵیی بوو
هەر تاریکی، هەر دیلی بوو
- پشوویەك -
سەردەمێکی تر چاوی یار
باڵای شۆخ و شەنگی نازدار
ئاواتم بوون، خولیای گیان بوون
هەوێنی هەموو ژیان بوون

بەڵام ئەنجام... نەگەیشتم
بەو هیوایەی کە من ویستم
ـ پشوویەك ـ
بەڵام لە گەڕان نەکەوتم
ورەی ئاواتم بەر نەدا!
هەتا بە ئارام گەیشتم
تاکوو کۆڵم بە دیلی دا
تا وێڵ بوونم بە قۆناغی
ئاوەدانیی ڕێگە گەیاند!
هەتا نا ئومێدی و ئاخی..
سەر گەردانیم لە دڵا مرد!
ـ پشوویەك ـ
بیری ئازادیم دۆزییەوە..
خۆم پێ ناسی..
خۆی پێ ناسیم!
ڕوناکترین ڕێم بینییەوە..
سەرکەوتنی ژینم تیا دی..
زانی من کێم!
لە کوورەیا خۆم توانەوە
تا لەگەڵیا ژیامەوە...
ـ پشوویەك ـ
لە ئینسانی دەور و پشتما

له چوار دەورما!
له چاوی برسی و هەژارا!
خۆمم بینی..
له گەردەلوولی ئازارا...
له گەڵیانا شەوم بڕی
له خۆشەویستی ئەوانا...
بەهەشتم دی
کاوەم ناسی، گوردۆم ناسی!
کوردم ناسی!

**ـ پشوویەك ـ**

"کاوه به جلی کارەوە دێته ژوورەوە"

**کاوە:**

جێگەی گوردۆم...
قەت ون نابێ...
هەتا پشتکۆم...
لەگەڵا بێ!
هەتا لەم چیا و کەژەدا!
تاقه کوردێ سەر بەرز مابێ
ڕێم ڕووناکه...
ئەو... گوردۆیه...
خاکیش دایك و بڕواش باوکه

پشتی ڕاپەڕینم ئەگرن!

**پشتکۆ:**

نەك هەر تەنها بۆ ئیش کردن

وەك شاگردی ئاسنگەرێ

وەکوو شاگردی باوەڕێ...

لەگەڵ تۆدام هەتا مردن

**کاوە:**

شاگردانی ڕێی سەربەستی،

ئەو لەشکرەن!

چۆك بە ژێردەستی، دا ئەدەن

بۆ سبەینێی بەختیاریش

بەهاری ئاوات و مژدەن

ـ پشوویەك ـ

**پشتکۆ:**

گشت... شاگردان...

هەموو... مەردان!

تینووین... تینووی... ڕۆژی هەستان

چاوەڕوانی.. بانگێ... ئەکەین

هەتا بە خوێن...

گڕی سەرفرازی خۆش کەین

**کاوە:** "پاش فەیرێ بیرکردنەوە"

ناگاتەوە... ڕۆژێکی تر

یان ئەوەتا... کڵپەی ئاگر
بۆ سەرکەوتن... بەسەر شەوا
ئەکەینەوە...
یان ئەوەتا... ئەبێ ئیتر!
نەڵێین پیاوین...

**پشتکۆ:** "بە خۆشییەکەوە، نزیکی کاوە ئەکەوێتەوە "
ئەی من... وەستا!
منیش خوێنم... گیانم... دڵم
وا لەبەر و لەپی دەستما
منیش ئامادەم بجەنگم،
لەگەڵ تاریکی و مردنا...
ئەی من... وەستا!
ئەی من چی بکەم... لەگەڵتانا

**کاوە:**
گوێم... لێ بگرە:
هەر ساتێ من کەوتمە ڕۆشتن!
شوێن پێی هەنگاوم هەڵگرە
یان پێکەوە دەست ئەکەینە،
ملی مردن...
یان سەرکەوتن
ـ پشوویەك ـ

**پشتکۆ:**

به دوای وەستای خۆشەویستا

به دوای تیشکی سەربەستیتا

به شوێن پێی ئازادی ویستا

چەندن ژمارەی ئەوانەی،

سووتەمەنی ئاگری جەژنن؟!

**کاوە:**

هەزارانن!

**پشتکۆ:**

تەنها، خەڵکی پێدەشت، شارن؟!

**کاوە:**

له شارەوە هەتا لووتکەی،

هەتا پلەی سەختی کێوان

تا نزاری چڕ و بێشەی

ساردی کوێستان!

**پشتکۆ:** "له دوای بێ دەنگییەك"

بەڵام... وەستا!

ئەمرۆ ژیان سارد و سڕە

جووڵە کەمە... دنیا کڕە...

دەنگ نابیسم... له هیچ لایەك

تا شەقەی باڵی... باڵندە!

هەتا جووڵە و شنەی بایەك

**کاوە:**

**لە پێش گەرداو هەڵکردنا...**

**لە پێش شەپۆلی مردنا!**

**دەریا ماتە، ئاسمان شینە**

**ئەوەی بێ خەم بێ زەمینە!**

**لە بێ دەنگی وا بترسە!**

**لە پێش گەرداو هەڵکردنا!**

**پشتکۆ:** "لە دوای کەمێ بیر کردنەوە"

**ئەوەی ویستم...**

**ئێستا بە دڵ تێگەیشتم...**

**ـ پشوویەك ـ**

"لە سەر قسە کردن ئەڕوات"

**باشە... بازاڕی ئیش کردن**

**ئەمڕۆ بۆ کێ؟**

**ئەکەوێتە قۆڵ کوتاندن**

**کوورە بۆ کێ ئەدەمێنین؟**

**ئارەق بۆ... چی... ئەڕژێنین؟**

**بۆ داس.. یان بۆ تیر و کەوان؟**

**بۆ بێڵ... بۆ پاچ؟**

**یان بۆ نووکی تیژی پەیکان؟!**

**کاوە:**

**هیچ... کامێکیان!**

**پشتکۆ:**

چی تر ماوە!

**کاوە:**

چەکوش ماوە!

هێزی دەستی هێرش ماوە

**پشتکۆ:**

کەواتە ئێستە ئیش ئەکەین؟!

**کاوە:**

هەتاکوو مردن ئیش ئەکەین...

ئیستاش ئەبێ،

چەکوش فریای دەستی بڕوای

ڕاپەڕینی هەڵمەت بخەین!

پەلە... بکەین

پێش چێشت هەنگاو

ئاسن لە بووتەی کوورەدا،

ئەکەین بە ئاو...

هەتا چەکوش دێتە بەرهەم

دەست هەڵ ناگرین!

**پشتکۆ:**

ئارەقی ماندوێتی ناسڕین

دەست هەڵ ناگرین

هەتا چەکوش دێتە بەرهەم

وچان نادەین

چەکوش فریای دەستی بڕوای

هەڵمەت ئەخەین!

وەستا... لەگەڵتا... ئامادەم!

بەڵێن ئەدەم...

بەڵێنی پیاو کە نەسرەوم!

هەتا چەکوش دێتە بەرهەم...

من ئەوەندە تێگەیشتووم!

بۆ ئامانجی گەل ئیش ئەکەم...

لە خۆبوردووم!

**کاوە:**

ئەم چەکوشە!

یان چەکوشێك ئەبێت ناوی

ئەچێتە ناو، ناوی زیندوو

پشت لە دوای پشت بۆ شانازی

باسی ئەکەن نەوەی هاتوو

یان ئەوەتا ئەمیش ناوی،

کوێرەوە بووی مێژوو... ئەبێ،

وون و مردوو!

**ـ پشوویەك ـ**

"لە تابلۆیەکی بێ دەنگیدا کە ماوەیەك ئەخایێنێت دەست ئەکەن بە ئیش کردنێکی بێ وچان و ئارەق ڕشتنێکی سەختی ماندوو بون بۆ دروست کردنی چەکوشی ئازادی و ڕاپەڕین"

"دوای لێبوونــەوە و دروســت کردنــی چەکوشــەکە، بــەدەم هەناسەســواربوونی ماندوێتییـەوە " کـاوە " چەکوشـەکە ئـەگرێت بـە دەسـتەوە و لێـی ورد ئەبێتـەوە و " پشتکۆ " ش لە کاوە نزیك ئەبێتەوە و چاوەڕوانی ئەوە ئەکات کە چی ئەڵێت"

**کاوە:** "لەگەڵ چەکوشەکەیەتی"

مایەی ڕەنجی بێ پشوودان

تۆم بۆ ئەم دەستانە خوڵقان

ئەم دەستانە، کە قڵێشیان

دەمیان بۆ تۆ کردۆتەوە...

تا تۆڵەیان... لە زۆرداران...

بکەیتەوە...

مایەی ژیانی تێکۆشان

تۆم بۆ ئەم دەستانە خوڵقان:

تینیان بەرێ، گوڕیان بەرێ

هێزی شاخ و داخیان بەرێ

تا بتوانن هەڵت گرن

بۆ ئامانجی ڕووناکە ڕێ،

هەڵت بڕن

- پشوویەك -

مایەی تەقەللای بێ وچان

مایەی ڕەنجی بێ پشوودان

تۆ لە کوورەی ئاگری سوورا

ژیانت کرا بە بەرا

دوای توانەوە لە ئازارا،
لە دایك بووی
ئێمەش وەك تۆ...
ئەوە گوردۆ... ئەوە پشتکۆ...
وەکوو هەموو ڕەنجدەرانێ
ئازار چاوی کردووینەوە
دەی ئەی دۆستی چەوسانەوە
با پێکەوە بگەینە جێ...
جێگە لووتکەی ژیانەوە...
**- پشوویەك -**

ئەی چەکوشی هێز و بڕوا
نیشانەی ڕەنج و توانا...
دۆستت زۆرە،
جێگەت سەر گلێنەی چاوە...
بەلاّم هێشتا،
تینوێتی زاخاوت ماوە،
تینوێتی زاخاوی دوایی
ئەبێ هەر بە خوێن بشکێنی
خوێنی... ناپاك
خوێنی تاوانی ئەژدەهاك
**- پشوویەك -**

**پشتکۆ:**

وەستا... ئارام، لە ناو گیانا
گەردی وەڕس بوونی لێ نیشت
چاوەڕوانی دوور و درێژ...
وا ئۆقرەی کوشت
کەچی هیچ دەنگێکم نەبیست!

**کاوە:**

من پێم ووتی
یان ئەوەتا شەوەزەنگی
ئەمشەو ئەبێ بە چراخان
یان ئەوەتا هەر تاریکیی
مردن ئەبێ وەك گۆڕستان!

ـ پشوویەك ـ

"کاوە لە سەر قسە کردن ئەڕوات، دوای کەمێ بیرکردنەوە ڕوو ئەکاتە پشتکۆ"...

گوێم لێ بگرە
هەر ئێستاکە پێ هەڵگرە
بڕۆ هەتا دووڕیانی
ئەو دیوی گرد،
چاو هەڵ بخە،چاوێکی ورد
هەر کاروانێکت بەدی کرد
پێشەنگەکەی " سوور " چووەوە
بێ ڕاوەستان

وەرامەکەم بۆ بێنەوە...

زوو وەرەوە

**پشتکۆ:**

سەر لە پێناوا ئامادەم

چیت وت بیکەم

" بە پەلە ئەچێتە دەرەوە "

" کاوە بە دەم هات و چۆ کردنەوە "؛

دوژمن ستەمە بتوانێ

ڕیشەی بڕوا دەربکێشێ

تەنیا پواز... پواز نەبێ

داری ئەمجارە ناقڵێشێ

من دڵنیام کاروان پاکە

دوور لە کەسانی ناپاکە...

بەڵام گومان ئالەم کاتە

هەبێ باشە، هەبێ چاکە

**ـ پشوویەك ـ**

"ڕوو ئەکاتە دانیشتوان"

گەر سەرکەوتین... تاج بۆ کێ بێ؟

لە بیرتان بێ

ـ بەڵام قسەی خۆمان بێ ـ

هەموو ئەڵێین بۆ فەرەیدوون

هەر من ناڵێم با بۆ ئەو بێ...

دیارە لێم ئەپرسن بۆچی!
ئەی بۆ کێ بێ؟
بیر و بڕوای من وا ئەڵێ
- بۆ کوردێ بێ -
خوێن بڕێژن، کورد قوربانی
مەردانە بێ،
بۆچی ئەنجام بۆ "پارسێکی"،
بێگانە بێ...
با هەڵوێستیش دۆستانە بێ
من وائەڵێم لە بیرتان بێ!

"کاردای جوتیار بە ماتیەوە دێتە ژوورەوە و پێش ئەوەی قسە بکات، کاوە بەرەو ڕووی ئەچێت و ئەڵێت":

**کاوە:**

هیچتان نەبیست؟
چی ترتان کرد؟
پێت نەوتن کەی ئەجووڵێین،
بەرەو جێگەی گفت و بەڵێن
" کاردا ماتی دایگرتووەو وەرام ناداتەوە، کاوە لە سەر قسە کردن ئەڕوات":
بێ وەرامی، وەکو شتێ... گرفتاری
وا ئەتبینم...
بە ڕەنگ و ڕووتا پەست دیاری
چی ڕووی داوە؟ چی پێم بڵێ!

ڕاست پێم بڵێ!

" کاردا ئەم جارەش هەر وەرام ناداتەوە "

**کاوە:**

وا... تەقم...کرد...

وا... شەقم... برد

چی رووی داوە...مەیشارەوە

چی... پێم بڵێ؟

**کاردا :** "بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە "

چیت پێ بڵێم...

دەنگ و باسی جەرگ و دڵ بڕ؟

هەواڵی کۆستی کوت و پڕ؟

چیت پێ بڵێم...

**کاوە:** "بە شڵەژاوییەوە بەرۆکی کاردا ئەگرێ و ڕای ئەوەشێنێ"

هەواڵی مەرگە؟! کۆستی کێ؟

زوو پێم بڵێ وا شەقم برد

**کاردا :**

کاروون... کاروون

کارونمان... مرد!!

**کاوە:** "دەستی بەر ئەبێتەوە و تەواو سست ئەبێت و ئەچێتە ئەو لاوە بە دەنگێکی پڕ لە تاسەوە ئەڵێت":

کارونمان مرد!کارونمان مرد؟

بانگدەری شاخ و کێومان مرد؟

" پاش تۆزیك بیر كردنەوە، لە پڕێكا... بە خێراییەوە بە دەنگێكی بەرزەوە لە كاردا ئەچێتە پێشەوە و ئەڵێت":

بەلاّم نەت وت

كارون چۆن مرد؟

كوژرا؟ گیرا؟ نەخۆشی گرت؟

كارون چۆن مرد؟

**كاردا:**

دوێنێ... دوێنێ

لەو پەڕی زێ،

زێی گەورەدێ.

كات دەمەو... نیوەڕۆ ئەبێ...

لە گەڵ سییانی ترا ئەبێ

لە ناكاوا... تووشی... بۆسەی،

زوو نراوەی.." گۆتۆ" ئەبێ

لە دوا شەڕێكی بێ پشوو،

كارون و دوانیان ئەكوژرێ...

تەنیا یەكێكیان دەر ئەچێ!

بە دزەڕێ... ئەویش هەڵدێ!

پێش ڤەیرێ بوو... گەیشتە جێ!

ئەو هەواڵە شوومەی دامێ!

**كاوە:**

خەم لە دەروونەوە ئالاّ!

کۆستی کارون...

داخی گەورەی نا بە دڵا

بەڵام پێم مەڵێ کارون مرد!

مردن..

واتە بیرچوونەوە

ئاوا بوون و لێبوونەوە!

بەڵام هەرگیز ئازادیخواز

لە بیری گەل نەچوونەوە!

مردنی وا:ـ ژیانەوە،

ڕاپەڕین و هەستانەوە

دروست ئەکا!

کۆستی وەها: " سەربەستی

خۆشەویست... ئەکا "

ـ پشوویەك ـ

کاردای بە جەرگ... با دەستی خەم

نەخەینە ژێر چەنەی دامان

نە زۆر نە کەم

هەڵی نەدەین بە دوژمنان،

پێمان شاد بن

با ئەم کۆستە ڕەشەی مردن

بۆ ڕووناکی سبەی هاتن

تینمان باتێ... بۆ پێشەوە،

بۆ سەرکەوتن...

**کاردا:** "دوای ئەوەی پشوویەك ئەدات و تۆزێ دێتەوە هۆش خۆ و قسەکانی کاوە کاری تێ ئەکەن ئەڵێت":

چی بڕیار بوو... بە جێ هێنرا

قسەی بەڵێن... بە کردەوە!

بە ڕێ کرا!

گفتی زمان و گفتی دڵ،

مەردانە هەمووی یەك خرا!

**کاوە:**

گشت ئامادەن؟

**کاردا:**

چاوەڕوانی تەقینەوەن!

**کاوە:**

ئەی چاوی پیس... چاوی دوژمن؟!

**کاردا:**

هەموو ونن!

گشت لە شکری بووك بردنن!

**کاوە:**

بووك بردنن؟!

**کاردا:**

لە دوێنێوە... کۆشك... ژاوەی دێ

لۆلۆ خەریکە بۆ "مزداك" ژن ئەهێنێ!

**کاوە:**

ئەم ڕێکەوتە...

بۆ تۆڵەی داخ لە دڵ بەختە!

ئەم هەڵکەوتە!

زێڕی وەختە!

**کاردا:**

ئەبێ... بڕۆم... چاوی دوایی

بە ناو ڕیزا... بگێڕمەوە...

تا وەرامی دڵنیایی

بە تەواوی ئەهێنمەوە!

**کاوە:**

چاوەڕوانم...ئەمێنمەوە!

"کاردا ئەچێتە دەرەوە "

**ـ پشوویەك ـ**

"پشتکۆ بەپەلە خۆی ئەکات بەژوورا، پێش ئەوەی قسە بکات کاوە ئەڵێت":

**کاوە:**

ئادەی... بڵێ...

هەواڵ چی بوو؟ مژدەم بەرێ!

**پشتکۆ:**

وا کاروانێ...

لە دوورەوە...لە دوورە ڕێ

دیارە بۆ ئێرە مل ئەنێ!

بریسکەی سووری پێشەنگی!

درەوشەی دێ...

دەنگی...زەنگی...

ئەگاتە گوێ!

**کاوە:**

هەر ئەوەندەی پێشەنگی سوور!

کاروانی ماندووی دوورە ڕێ

بگاتە... جێ!

ئەوسا ئەزانیت...چی ئەبێ!

چی ئەقەومێ!

**پشتکۆ:**

ئەبێ کاروان نیشانە بێ...

نەهێنی ئەم...هەستانە بێ!!

**ـ پشوویەك ـ**

"تابلۆی بێ دەنگ:ـ مادیا دێتە ژوورەوە، ئەچێتە پاڵ کاوەوە و دەست ئەکات بەچرپە چرپ لەگەڵیا، ئەڕواتە دەرەوە، دوای ئەو کاردۆخ دێتە ژوورەوە، دیسانەوە ئەمیش ئەچرپێنێ بە گوێی کاوەدا، ئەچێتە دەرەوە، ئنجا دوا بەدوای ئەمیش زێمریو زاماوا دێنە ژوورەوە ئەمانیش هەمان جوولاْنەوەی ڕابردوودووبارە ئەکەنەوەو ئەچنە دەرەوە. لەم تابلۆیەدا شانۆ وەك پورەهەنگی بزوتنەوەی لێ دێ، مەبەست لەم تابلۆیەش نیشانەی دوا ئامادە بوونە بۆ ڕاپەڕین".

"قاوغی بێ دەنگی تابلۆی ڕابردوو، بە دەنگ و هەراو غەڵبەی خرۆشاو و ڕاپەڕینی میللەت ئەشکێت، تا بێت وردە وردە دەنگەکە نزیکتر ئەبێتەوەو گەورەتر ئەبیسترێت، لەم کاتەدا ئەوەی لەسەر شانۆیە " کاوەو پشتکۆ "ن... پشتکۆ بەخوێن گەرمیەوە ڕوو ئەکاتە کاوەی وەستای و ئەڵێت":

**پشتكۆ:** "گوێ هەڵ ئەخات"

دەنگ ئەبیسم...وەستا...دەنگە

دەنگی خرۆشاوی خەڵکە؟

گرمەی هەورە؟ یان چەخماخەی،

ئاسمان سوتێنی برووسکە؟

وژە وژی ڕەشەبایە؟

یان گەرداوی ناو دەریایە؟

دەنگ... ئەبیسم... دەنگە

**کاوە:**

کوڕم منیش چاك گوێم لێیە

ئەوە گرمە و ناڵەی هەوری،

دەنگی خەڵکە

ئەوە چەخماخە و بروسکەی!

هاوبیرانی من و تۆیە

کوڕم منیش چاك گوێم لێیە!

**پشتكۆ:**

وەستا... دەنگێکی...بەسامە

کوانێ دەنگی خەڵك وایە؟!

**کاوە:**

کوڕم...میللەت... کە برسی بوو

تینووی ڕۆژی سەربەستی بوو

داخ لە دڵی ژێر دەستی بوو

دەنگی وایە!

**پشتکۆ:**

وەستا...ئەم دەنگە...تاکوو بێ

بۆ نزیکی لای ئێمە دێ...

**کاوە:**

گیانمان بە پیریەوە ئەچێ!

**پشتکۆ:**

کەواتە بۆچی ناجوولێین؟

دەستەوەستان ڕاوەستاوین؟

**کاوە:**

کوڕم... بە بەڵێنی... ئەوان...

ئێمە چاوەڕوان کراوین!

نەوەستاوین

**پشتکۆ:**

وەستا... ئەی چەك: شمشێر...قەڵغان

تیر و کەوان

چی هەلگرین؟... بە دەستی ڕووت!

بچینە وێزەی دوژمنان؟

**کاوە:**

لە زەخیرەی چەکی دوژمن

کە هەر خۆم دروستم کردن!

ساڵ زیاترە...لە بەرەوە!

بە نەهێنی ئەدزمەوە!!
هەر بەو ڕم و تیرەی خۆیان،
خۆیان ئەبێ بکوژمەوە!

**پشتکۆ:**

ئەی ئەوانەی وان بەڕێوە،
چیان پێیە؟...

**کاوە:**

چی بە دەستەوە هاتبێ!
ئەگەر بەرد بێ، ئەگەر دار بێ
هەڵ گیراوە!

**پشتکۆ:**

ئەی من...وەستا... چی هەڵ گرم؟
ڕمێ... شمشێرێ... هیچ ماوە؟

**کاوە:**

ئامادەیە... هەڵپەسێرراوە!

**پشتکۆ:**

لە کوێ؟ لە کوێ دانراوە؟!

**کاوە:**

لە گەنجینەی ژێر دوکانا
لە جێی دوژمن پێ نەزانا، دانراوە!

**پشتکۆ:**

وەستا...دەبا... دەریان بێنم

بە سنگمەوە... بە دڵمەوە

وەك كۆرپە... بیان نووسێنم...

یەك لە سەر یەك ماچیان بكەم!

**كاوە:**

دەریان بێنە!...

بە شێنەیی بیان هێنە...

ئا... لێرەوە... بچۆ خوارێ!

بن میچ نزمە، سەرت نەشكێ!

دای نەوێنە!...

"پشتكۆ لەو جێگایەوە ئەچێتە خوارەوە كە كاوە بۆی دەست نیشان ئەكات، دەنگی خەڵكەكە زیاتر نزیك ئەكەوێتەوە... كاوە لە بەر خۆیەوە":

**كاوە:**

ئەم تۆفانەی كەهەستاوە

چی خۆی لە بەر دەما ئەگرێ!

ئەم... لێشاوە

كام تاریكی... ڕانامالێ؟

ئەم تۆفانە... مردن لووشە

چ زۆردارێ هەڵ نالووشێ!

ئەم لافاوە... ترسناكە!

چۆن قەلای ڕەش داناپۆشێ!

**ـ پشوویەك ـ**

"پـــشتكۆ" بـــه باوەشـــێ ڕم و تـــیر و شمـــشێر و كەرەســـەی ئەوســـای جەنگـــەوە سەرئەكەوێتەوە،دایان ئەنێت و ڕوو ئەكاتە كاوە و ئەڵێت:

**پشتكۆ:**

وا هێنامن نامنە سەر دڵ

وەستا... بڵێ... چی هەڵگرم؟

چیم ئەدەنێ؟

**كاوە:**

هەركامێكیان دەستیان بەیتێ

بەرامبەر دوژمن وەك یەكن

دەمی شمشێر... تیر و كەوان

سەری چەكوش... یان نووكی ڕم...

**پشتكۆ:**

ڕم... هەڵ ئەگرم

" ڕمێك هەڵ ئەگرێ "

"دەنگی خرۆشاوی خەڵكەكە هـەر لـەنزیك بوونەوەدایـە، كارداو مادیـا دێنـە ژوورەوە"

**كاردا:**

دۆزەخی... گەلی... خرۆشاو

كوورەی غەزەبی داخراو!

كەوتوونە ڕێ... بەرەو كۆشكی،

شای حەپەساو.

**مادیا:**

هەزارانن... لە سەر دەستیان

گیانیان، دڵیان، هەڵ گرتووە،

یان سەربەستی یان مردنیان

بۆ ئەنجام... هەڵ بژاردووە

"کاوە دەست ئەکات بەخۆکۆکردنەوە، بەرکۆشەکەی ئەکات بە سەری ڕمێکەوە، چەکوشەکەی هەڵ ئەگرێت، کاردا و مادیاش لەو چەکانەی دانراون هەر یەکەیان بابەتێك هەڵ ئەگرێت"

**پشتکۆ:**

ئەی پاسەوانانی کۆشکی،

زیندە بە زۆر بەچاڵ کردن

دەور و بەریان نەگرتووە؟!

**کاردا:**

چواردەوری کۆشکیان تەنیوە

لە سەر ئاگری ترس ئەژین!!

**کاوە:** "ڕوو ئەکاتە هەموویان"

وا ئەم بەر کۆشە لە سەر ڕم،

ڕمی تۆڵە سێن.. هەڵ ئەگرم...

یان ئەبێتە ئاڵای ژیان

یان بە کفنی سووری گۆڕم

"کاردوخ و زێمری و زاماوا هەرسێکیان بە پەلە دێنە ژوورەوە"

**کاردۆخ:**

کاتی قسە نەما... هیوا،

چاوەڕوانی کردەوەیە

خوێن لە ئێمە داوا ئەکا!

زێمری:

پەلە ئەکا، بانگمان ئەکا

زاماوا:

داوای یەکێتیمان ئەکا...

کاوە:

وا سوێند ئەخۆین...

دوای سوێند ئەڕۆین!!

"هەموویان لەیەکتر نزیك ئەبنەوە. دەستیان بەچەکەکانیانەوە بەرز ئەکەنەوەو لەیەکیەوە ئەئالێنن، دەنگی خرۆشاوی خەڵکیش هەر لەزیاد بووندایە. "کاوە" سوێندەکان ئەخواو ئەوانیش بەکۆمەڵ ئەیسێننەوە..."

سوێندە، سوێندی کورد پەرستی

سوێندی سەرشۆڕی نەویستی

سوێندی بڕوا و خۆشەویستی...

سوێندی لە خۆ... داماڵینی،

بەرگی نۆکەری و ژێر دەستی

سوێندە، سوێندی کورد پەرستی

سوێندە بۆ خۆری سەربەستی

★★★

سوێندە هەموو ئەیڵێینەوە

سوێندە کە ناگەڕێینەوە

★★★

سوێندە بەو خوێنانەی ڕژان

بوون بە چراوکی ڕێی ژیان
سوێندە بەو سکانەی سووتان
سوێندە بە فرمێسکی دایکان
سوێندە بەو زەردەخەنانەی،
لە سەر لێوی کۆرپە کوژران.

★★★

سوێندە هەموو ئەیلێینەوە
سوێندە کە ناگەڕێینەوە

★★★

سوێندە ئەیخۆین بەو زمانەی
بوونی کوردی پێ پژاوە
سوێندە ئەیخۆین بەو وڵاتەی
کوردستانی دایکی ناوە:
بە شاخ و داخ و ڕووباری
بە بێشەی چڕ و نزاری
بە هەموو مشتە خۆڵێکی...
بە ئاو و بەرد و داری

★★★

سوێندە هەموو ئەیلێینەوە
سوێندە کە ناگەڕێینەوە

★★★

سوێندە بە ڕم بە تیر... چەکوش

به مەچەکی هەڵگرانی
سوێندە بە مەشخەڵی شۆڕش
بە کڵپە و گڕی سووتانی
سوێندە هەموو ئەیلێینەوە
سوێندە کە ناگەڕێینەوە

"بەدەم وتنـەوەی ئـەم بەیتـەی دواییـەوە لەگـەڵ پـەردە داکشاندا ئەچـنە دەرەوەو لەهەمان کاتا دەنگی خرۆشاوی خەڵکەکە تەواو شانۆ پڕ ئەکاتەوە"

# تابلۆی نۆهەم

"جێگا کۆشکی ئەژدەهاکەو ژووری شاهانەی، کات دەمە و ئێوارە، ئـەژدەهاك خۆیـو لۆلـۆ و خەزنــەدارو هــەموو دەســتو پێوەنــدەکانی و پاســەوانەکانی کۆبوونەتــەوە، شـڵەژاونو شـپرزەن، دەنــگو هــەرای خرۆشـاو و ڕاپــەڕیوی میللــەت ئەبیــسن، لـەو پەنجەرەیەوە کە بەسەر ڕووکاری دەرەوەدا ئـەڕوانێ، ئـەژدەهاك تەماشـا ئـەکاتو پـشتی لە دانیشتوانە، وەزیرو دەستو پەیوەندیش لە شپرزەییدا هەر بە یەکا دێن. "...

**ئەژدەهاك:** "لە دوای وەرچەرخانەوە و ماوەیەك بە پەلە هاتوچۆ کردن"

گاگەل برسین، گاگەل زۆرن

سەر بە قۆچی تووڕە و مۆرن

گاگەل مل لە چەقۆ ئەسوون!

ئاگری ئەجەل هەڵی گرتوون:

وا بەرەو کۆشکی من هاتوون

**ـ پشوویەك ـ**

دەنگی سەگەل، بەزم و ڕەزمی

ئاهەنگی ئەمشەوی کۆشکی

لێ شێواندم!

تا خەیاڵی مەست بوونیشی،

لێ تەراندم!...

" پاسەوانێك دێتە ژوورەوە و ئەنوشتێتەوە "

**پاسەوان:**

**گەورەم... مژدە!**

**ئەوا لاکی دەیان ڕووتە**

**لە ناو چەقی ڕێدا کەوتوون**

**خڵتانی خوێنی خۆیان بوون**

**ئەژدەهاك:** "بە تووڕەییەوە "

**دەیان، دەیان، بڵێ سەدان**

**یان هەزاران...**

**سەگ ڕاناگرم، بۆ قوروسکان!**

" پاسەوانەکە ئەچێتە دەرەوە "

" پاش تۆزێ بیرکردنەوە "

**ـ پشوویەك ـ**

**بەڵام هەزاریش بەڵایە**

**هەندێ ناخۆشیی لە دوایە**

" ڕوو ئەکاتە هەموویان "

**ئەزانن بۆ؟!**

" ڕوو ئەکاتە لۆلۆ "

**تۆ پێم بڵێ.. تۆ...تۆ...لۆلۆ!**

**لۆلۆ:** "بە شڵەژاوییەوە"

**گەورەم... چونکە... چونکە "ئۆتۆ "**

**ئەیان بەخشێ بە تەختی تۆ!**

**ئەژدەهاك:** "بە گاڵتە پێ کردنەوە"

به عەقڵی تۆ!

"پشوویەك لە سەر قسە كردن ئەڕوات"

ئەی تۆ چی ئەڵێیت خەزنەدار

بۆچی بە بەڵای بزانم لاكی هەزار؟!

**خەزنەدار:** "بە شڵەژاوییەوە"

چونكە... چونكە...بەزەیی شا

ئەجووڵێ بۆ دەردو سزا!

**ئەژدەهاك:**

نەء...نەء... هەموو ئەبزرِكێنن

هەموو قسە ئەدۆڕێنن!

"پشوویەك و دوای قەیرێ هاتوچۆ كردن ڕوو ئەكاتە هەموویان"

ئەزانن بۆ؟.

لاكی هەزارانم ناوێ!

چونكە سبەی كە ڕۆژ هەڵهات

دنیا تۆزێ گەرم داهات

بۆگەن ئەكەن!!

دەروو ناوی كۆشكی جوانم!

لەو بۆنە پیسە پڕ ئەكەن

ـ سەرداری كۆشك بێ سەر ئەكەن ـ

**ـ پشوویەك ـ**

ئەزانن من چۆنم ئەوێ!

من وام ئەوێ:

کەم.. بکوژرێ

بەڵام.. پاشماوە.. دەست بەستە!

گشت بگیرێ

لە دواییدا... کۆمەڵ...کۆمەڵ!

بۆ ناو دەریا فڕێیان دەن

بە خۆراکی ماسییان کەن!

من وام ئەوێ

**لۆلۆ:**

پاشای گەورە...چ...خواستی بێ

خوا و فریشتەش ئەوەی ئەوێ!!

**خەزنەدار:**

فەرمایشتە... قسەی بەجێ،

پیلانی ڕاست هەر وا ئەبێ؟

**ـ پشوویەك ـ**

**ئەژدەهاك:**

ئادەی... ئێستا!

ئا بزانن... گاگەل... هێشتا!

قۆچ لێ ئەدەن!

یان ماندوو بوون و برسێتیی!

کۆڵی شکستی پێ داون!

"دوو پاسەوان بە پەلە ئەچنە دەرەوە بۆ تاقیب کردن"

"لە دوای پشوویەك، ئەژدەهاك لە سەر قسە کردن ئەڕوات"

کۆیله... کۆیله... کێ بیستوویەتی

کێ دیویێتی... هەتا ئەمڕۆ!

زمانی قسەی بێتە گۆ!

کۆیله... کۆیله... کێ بیستوویێتی!؛

سەربەست... بڕوا

سەربەست... بخوا

کۆیله... دیله... کۆیله... بەندە

کۆیله تاکوو مردن عەبدە!

" دوو پاسەوانەکە دێنە ژوورەوە و ئەنووشتێنەوە "

**یەکەمیان:**

گەورەم...ڕەش و ڕووتی... برسیی

وەك گەلاّی دار لێ کوژراون

بەلاّم ئەوانەی کە ماون

بەسەر لاکا، لاکی یەکا...

هەنگاو ئەنێن... دێنە پێشێ!

**دووەمیان:**

گەورەم...زۆرن...بێ شومارن

وەك شێت هاری پەلامارن

سلّ ناکەنەوە... لە مردن!

**ئەژدەهاك:** " بە تووڕەییەوە "

مادام وایە... پێیان بلّێ

تا لافاوی خوێن هەلّ ئەسێ

هەتا بە كۆمەڵ غەرق ئەبن

با بكوژن... هەر بكوژن!

دەست نەپارێز..دەست هەڵنەگرن

وەك دروێنە، دروێنە كەن

داڵ برسێتی.. چاوەڕوانی،

لاكی كۆیلەی مردوو ئەكەن

" پاسەوانەكان ئەچنە دەرەوە "

**ـ پشوویەك ـ**

ئەژدەهاك ئەچێتەوە لای ئەو پەنجەرەیەی بەسەر ڕووكاری دەرەوەدا ئەڕوانێت پاش قەیرێ تەماشاكردن ئەڵێت:

ژیان پەندە... پەند وەر ئەگرم

پەند لە ڕۆژانی ڕابردوو...

بڵێن... چی كەم؟!..

بۆ ئەمجارە بۆ داهاتوو

زمان هەمووی ئەسووتێنم

لاڵم ئەوێ!

ژیانیان ڕیشەكێش ئەكەم!

بڵێن: چی كەم؟..

وەك ولاخ ئەیانخەسێنم

پیاوم ناوێ!

دیلم ئەوێ..

دیلم ئەوێ!!

**لۆلۆ:**

**گەورەم هەر تۆ دڵتەنگ مەبە**

**چیت بوێ ئێمە وا ئەکەین**

**بۆ ئەم جارە.. کەس دەرناکەین!**

**هەتا دوا یەك ڕسوا نەکەین**

**خەزنەدار:**

**هەر تەنیا.. شا.. دەربەست نەبێ**

**چۆن بڵێ ئێمە وا ئەکەین**

**ـ پشوویەك ـ**

**"لە پاش کەمێ هاتوچۆ کردن بەتووڕەییەوە ئەژدەهاك وەرئەگەڕێتەوەو ئەڵێت":**

**ئەژدەهاك:**

**چیم بۆ ئەکەن.. چیم پێ ئەڵێن**

**قسەی زلی ژووری گەرم**

**درۆی زەقی نەبووی بەڵێن..**

**کۆشکم پیاوی وەك ئێوەی بوو،**

**بۆیە عەبد هاتنە سەرم!**

**ـ پشوویەك ـ**

**کە ئەمپرسی، چۆنە هەواڵ؟**

**هەور بوایە، تۆفان بووایە**

**لە منتان ئەکرد بە ساماڵ!**

**دەستی " وایە "!**

به ڕۆژ هەفتە و مانگ و ساڵ
لە سەر سنگتان ڕاوەستا بوو
هەموو شتێ هەر تەواو بوو!

**لۆلۆ:**

گەورەم.. هەرچەند...سەرزەنشتی
ئێوەی سەردار.. وەکوو بەرد بێ
لای من گوڵێکە تێم ئەگری..
بەرزییم زیاتر پێ ئەبەخشێ

**خەزنەدار:**

توانج و سەرزەنشتی شا
چاوی هۆشمان ئەکاتەوە!
ڕوومان زیاتر سپی ئەکا!

**لۆلۆ:**

پاشای پایەدار بزانێ
لە کۆمەڵی ڕەش و ڕووتا
لە ناو دنیای ڕووت و قووتا!
گەلێ ویژدانمان کڕیوە!
بە نهێنی... زۆر پوازی
ناکۆکیمان داتاشیوە!

**ئەژدەهاک:**

باشە.. ئەنجام؟
من ئەنجامم ئەوێ ئەنجام؟..

**لۆلۆ:**

کرمی پواز..کە داری خوارد

لە ناوەوە پووتی ئەکا!

بە چاو ئەڵێی قەت ناکەوێ،

کە خۆی نواند..

بەڵام لە پڕ کاتێ بینیت

بەلادا هات!

**خەزنەدار:**

کاتێ بەلادا هات..ئەمرێ

ئیتر ئەنجامی سەرکەوتن!

داوێن لە تەختی شا ئەسوێ!

**ئەژدەهاک:**

"ئەچێتەوە لای پەنجەرەکە و گوێ هەڵئەخات و ئەگەڕێتەوە ئەڵێت:"

وشەی سەربەستیم.. دێتە گوێ

سەربەستی بۆ ژیانی کێ؟!

بۆ ئەوانەی خۆم کڕیومن؟

هەر بە دیلی بوون و دیومن؟

بۆ کۆیلە؟.. یان بۆ سەپان؟

**ـ پشوویەك ـ**

"ئەو پاسەوانەی لەوەوبەر چووە دەرەوە، بە پەلە دێتە ژوورەوە و ئەنووشتێتەوە و ئەڵێت":

**پاسەوان:**

گەورەم وەکوو شەستەباران

تیر ئەبارێ.. بۆ سەر سەری،

بۆ سەر دڵی گوناهکاران!
بەڵام گەورەم دەریای ئاگر
تا بێ شەپۆلی گەورەتر
ئەکا بە گڕ کۆشکی بەرزا
لەم کاتەشا.. هەواڵێکیش،
هات و بەسەر، سەر گلێنەی..
چاوی هەموومانا چزا!

**ئەژدەهاك:**

ئەی چاو کوندەپەپوو.. دیارە
ئەو هەواڵەی کە بە تۆ بێ
زریکەی ئێش و ئازارە..
بەڵام.. بیڵێ!!

**پاسەوان:**

بەزامەوە..
زامی خوێنی لەبەر ئەڕوا
گۆتۆی سەرکردە هاتەوە
بەڵام.. هیوا..
لە چاویا کوژاوەتەوە!!

**ئەژدەهاك:**

چۆن ئەبێ چۆن؟ کوا لە کوێیە؟
ئەوەی هەمبێ هەر گۆتۆیە..
هەر گۆتۆیە، هەر گۆتۆیە!!

**پاسەوان:**

لەبەر دەستی حەکیمانا

لەبەینی مان و نەمانا

لاشەی خوێناویی کەوتووە!

لەش بێ جووڵە.. چاو نووستووە!..

ئەپارێینەوە.. لە " ئۆتۆ "

هەڵسێتەوە سەرپێ گۆتۆ

**لۆلۆ:**

هەواڵێکە.. بۆکوڕووزی

جەرگی هەڵقرچاوی هانیی

هەواڵێکە.. گەلاڕێزی

بەهاری تاساوی هانیی

**خەزنەدار:**

هەواڵی.. ژاکاوی هانیی

تەمی بەری چاوی هانیی

ئەپارێینەوە لە " ئۆتۆ "

لە " ئانانا "، "ئینکی "، "نامۆ "

هەڵسێتەوە، چاك بێتەوە

سەرکردەی پاڵەوان.. گۆتۆ

**ئەژدەهاك:** "بە تاسەیەکی بە کوڵ و پڕ لە ناسۆرەوە "

کاری پێچەوانەی ژیان

دەستووری ئاوەژووی دنیا!

وا ئەسورێ ژان لە دوای ژان
لە ناوەختا، هەمووی یەکخا،
ڕێکەوت،بەخت،چی پێ ئەڵێن،
ناو لێ ئەنێن!
کاتێ هاتن بۆ ناخۆشیی،
یا خود خۆشیی، بە کۆمەڵ دێن!

**لۆلۆ:**

پاشای گەورە... بە دوای ژانا
ژانی کرێوەی زستانا!
گوڵی بەهار لە دایك ئەبێ
لە باخچەی کۆشکی شاهانا!!

**ئەژدەهاك:** "ڕوو ئەکاتە ئەو پاسەوانەی هەواڵی بریندار کردنی گۆتۆی هێناوە"

بڕۆ هەواڵم بۆ بێنە
سۆراخ زوو زوو بە ئەنجام دە!
تا بزانم گۆتۆ چۆنە؟
"خەریکە بڕواتە دەرەوە بانگی ئەکاتەوە"
ڕاسپێرە.. با.. لاسیراب
لە بەردەمما ئامادە بێ
هەر ئێستە بێ...
دوا نەکەوێ

**پاسەوان:**

بەڵێ گەورەم هەر ئێستە دێ!

"ئەچێتە دەرەوە"

**ئەژدەهاك:** "لە دوای ماوەیەك بێ دەنگی و هات و چۆ كردن و بیر كردنەوە ئەڵێت":

**دەربەدەری، داڵدە نەبوون**
**زۆران لە گەڵ مەرگا ئەگرێ..**
**كەواتە ئێستە فەرەیدوون**
**وەك سەگ بە كۆشكم ئەوەڕێ**
**سەرچۆپی كێشی ناو گاگەل!**
**ئەبێ ئەو بێ!**
**مەرگ هێنایەوە ئێرە!**
**با بەخێر بێ!**

**لۆلۆ:**

**گەورەم..كێ ناڵێ... ئا ئێستا**
**لە خوێنی خۆیدا ناگەوزێ**
**لە مەیدانی بەر كۆشكتا**

**خەزنەدار:**

**وەكوو چەقەڵی ترسنۆك**
**بۆ مریشكی ناو ئاوایی**
**چۆن بە دزە دێتە سەر چۆك**
**بە فێڵ... فێرە!**
**وایش فەرەیدوون بە نهێنی**
**مەرگ هێنایەوە ئێرە..**

**ئەژدەهاك:**

ئەوا.. ڕۆژێك.. نەء...هەفتەیەك

بە برسێتی وا مانەوە،

بەرگەیان گرت.. ئەی دوای ئەوە؟

ئەبێ چی بکەن؟ بۆ کوێ ئەڕۆن؟

ئەبێ لاکی یەکتر بخۆن

ئەی دوای ئەوە؟. ئەبێ بمرن..

یا ئەوەتا کۆیلە بن..

وەکوو جاران.. هەتا مردن!

کڕنوش بردن!

"لاسیراب"ی جاڕچی کۆشك دێتە ژوورەوە و ئەنووشتێتەوە"

**لاسیراب:**

پاشای گەورە.. ئەوا هاتووم

لە بەر تەختی بزورگتانا!

کڕنوش بردووم!

سەرم وا لە پێناوتانا!

**ئەژدەهاك:**

دەنگ زل، لاسیرابی جاڕچی

باش بوو هاتی

ئەزانی چی؟

**لاسیراب:**

فەرموو.. قوربان.. هەرچی بڵێی

ژیانیشمی..ئەخەمە.. ڕێی!

**ئەژدەهاك:**

ئا.. کەواتە.. گوێم لێ بگرە

زۆر لە جاران وریاتر بە

خۆت ئەزانی هەندێ برسی

ئەمشەو تۆزێ دڵیان گرتووم

چاکتر وایە جاڕێ بدەی..

کە قەیناکا لێیان بووردووم

تا بلاّوەیان پێ بکەی..

خۆت ئەزانی..

زەوی تێر بوو، خوێن ناچێژێ

پێیان بڵێ.. با لەمە زیاتر نەڕێژرێ!!

**لۆلۆ:**

قسەی شای گەورە پەسەندە.

**خەزنەدار:**

گەوهەر و یاقووتی پەندە.

**لاسیراب:** "بە ترسەوە":

بەلاّم گەورەم پاشای مەزن

برسی زۆرن!

یەك دوو هەزار زیاتر ئەبن

گوێم لێ ناگرن..

با دەنگیشم گڕوو زل بێ..

لە چاویاندا...

وەکوو فوویەك وایە تەنیا

بیکەی بەناو ڕەشەبادا!

**ئەژدەهاك:** "بە تووڕەییەوە لە لاسیراب ئەچێتە پێشەوە"

وا دیارە بەر لەوەی بچیت

زۆر حەز ئەکەیت لێرە بمریت!!

**لاسیراب:** "بە ترسەوە"

بەڵێ.. گەورەم.. ئەوا ئەڕۆم...

پەشیمانم ئەوا ئەڕۆم

"بە شڵەژاوییەوە ئەچێتە دەرەوە"

**ئەژدەهاك:** "دوای کەمێ هاتوچۆ کردن"

هەرکاتێ تەوقی عەبد شکا

پێیان لە پێوەند ترازا

کەوتنە ئەوەی شیر هەڵکێشن

مانای وایە زەنگ لێ درا

زەنگێ پێم ئەڵێ: ئەژدەهاك

وریابەرەوە ڕاچڵەکە!

دەستی زەبروزەنگ شل مەکە!

هەناسەیەك لە دەست مەدە

تەخت و بەختت بپارێزە!

خوێن بڕێژە...

ئەگینا..ئەنجام..ستەمە!

زۆر ستەمە... زۆر ستەمە!

**لۆلۆ:**

بەڵام گەورەم، قەڵات سەختە

کێ ئەتوانێ بگاتە.. ئەم،

تاج و تەختە!؟

کێ ئەتوانێ دڕ بە شوورەی،

کۆشکی بەرز و بەردین بدات؟

کێ ئەتوانێ؟..کێ شەڕ لەگەڵ،

سێبەری خواکانا ئەکات؟

**خەزنەدار:**

هەتا ئەمڕۆ ژین وا ئەڵێ:

تاج نانەوێ، شا ناکەوێ

**ئەژدەهاك:**

ئەمە ڕاستە، ئەبێ وابێ!

بەڵام هەر کاتێ دەستی دیل

گەیشتە ڕم، گەیشتە تیر

مانای وایە: زەنگ لێ درا

**ـ پشوویەك ـ**

"پاسەوانێك بە پەلە و شڵەژاو، دێتە ژوورەوە"

گەورەم وا لافاوی هەستاو

لافاوی خەڵکی خرۆشاو!

شوورای یەکەمینی ڕادا!

لە جێی خۆی تلیسایەوە!

هەرچەند کرا،

تەوژمی ڕق بەربەست نەکرا!

**ئەژدەهاك:** "بە شپرزەییەوە ڕوو ئەکاتە هەموویان"

من پێم وتن.. زەنگ لێ درا..

فریا کەون... من پێم وتن..

**لۆلۆ:** "ڕوو ئەکاتە پاسەوانەکە "

ئێوە جێتان قەلاٌی سەختە

سەنگەری شەڕتان قایمە!

ئێوەی پڕچەك تیرو و پۆشتە

چۆن ئەبەزن؟ چۆن ئەهێڵن!

کۆیلە شوورەی بەرزی کۆشك!

داگیرکەن و بڕوخێنن..

**خەزنەدار:**

یان ئەوەتا ئێوەش لە گەڵ...

کۆیلەدا دەست تێکەڵن..

یان ئەوەتا ترسنۆکن..

سەنگەریان بۆ بەجێ دێڵن!

**ئەژدەهاك:**

ئەبێ وابێ، دەست تێکەڵن

ئەم قسەیە ئەسەلمێنم..

لە ژێرەوە هەبێ و نەبێ...

دەست تێکەڵن..

ئەم قسەیە ئەسەلمێنم!!

**پاسەوان:**

گەورەکانم.. نمەکی..شا

کوێرمان ئەکا.. گۆجمان ئەکا!

گەر بێت و پشتی لێ هەڵکەین

لە گەڵ عەبدا دەست تێکەڵ کەین

بەڵام.. بەڵام.. گەورەکانم

شتێك هەیە دەستی بەستووین

چاوی گرتووین..

ئێمە جێمان.. قەڵایەکە..

سەخت و کون بڕ..

ئێمە.....

**ئەژدەهاك:** "قسەکانی پێ ئەبڕێت"..

ئەی چۆن ئیتر..

تۆ پێم ئەڵێی بەربەست ناکرێ!

ئەی چۆن ئیتر!..؟..

**پاسەوان:**

گەورەکانم.. شتێك هەیە..

تێی نەگەشتووم.. ناوی چییە؟..

جادووی گیانی نەهێنییە؟..
یاخود چاوی تەلیسماوی..
فریشتەکانی ئاسمانە!..
یان هێزی دەستی خواکانە
لەناو دەروونی ئەوانا!..
دێت و ئەچێ..
تینی ئاگریان ئەداتێ
هێزی بڕوایان ئەداتێ
ترسی مردنیان دەر ئەکا!
شەڕیان لەگەڵدا پێ ئەکا!
گەورەکانم.. شتێك هەیە
لە چاویانا... تیشك ئەهاوێ!
لە گیانیانا.. گڕێك هەیە..
ئەستێرەی پڕیشك ئەهاوێ!
گەورەکانم: ئەو پڕیشکە..
گڕوو.. تیشکە!..
لە چاوی ئێمەدا نییە..
لە گیانی ئێمەدا نییە..

**ئەژدەهاك:**

ئەم قسانە بۆ من مەکە..
ئەمە ڕێی خۆ تەفرەدانە..
قسەی پیاوی ترسنۆکە!

"له پاش ماوەیەك هاتوچۆ كردن و بیر كردنەوە ڕوویان تێئەكا"

**بیهێننە بەرچاوی خۆتان:**

**ماوەیەك بێ دووروو درێژ**

**شێر برسیی بێ**

**پلێ گۆشت چییە.. نەیدیبێ!**

**چاوی سووری.. لە تاوانا،**

**دەرپەڕیو بێ، ئارام نەگرێ**

**قەپاڵ لە شیشی ئاسنی،**

**قەفەز بگرێ**

**بیهێننە بەر چاوی خۆتان**

**لەو شێرانە..بەربنە ناو**

**كۆمەڵی ڕووتەی خرۆشاو**

**ئەبێ چی بكەن؟..**

**ئەبێ لاشە چۆن ئەنجن كەن!؟**

**چۆن بیپچڕن، چۆنی وردكەن..؟**

**بیهێننە بەر چاوی خۆتان!**

**لۆلۆ:**

**دیمەنێكە موچوڕكەی ترس**

**دێنێ بەسەر تاپای لەشا**

**دیمەنێكە لە خەویشا**

**مایەی زەنەق چوونی عەبدە!**

**پاشای گەورەم**

ئەم بیرە، بیرێکی وردە

هەڵی چاکە، داوا ئەکەم

شێری برسی.. ئێستا بەردە!

**خەزنەدار:**

هەر شێری برسی ئەزانێ

چۆن کۆیلە و عەبد بخوا!

هەر شالاَوی ئەو ئەتوانێ..

درِ بە دوژمنانی کۆشك بدا!!

هەڵی چاکە، با خوانی وا

پێشکەشی شێری برسی بێ

با تێر بخوا!!

**ئەژدەهاك:** "ڕوو ئەکاتە پاسەوانەکە"

کەواتە تۆ.. بڕۆ ئێستا

چاوەڕوانبە تا "لاسیراب"

جارِ بۆ تەمێی دوایی ئەدا..

ئەگەر هاتوو.. لە دوای ئەوەش..

ئەو فسانە دادی نەدا!

ئەوسا ئیتر.. ڕامەوەستە

بیکەنەوە.. دەرگای ئاسن!

با شێری برسیی دەرپەڕن!..

شالاَو بەرن.. لەش ئەنجن کەن

ئێسك و پروسك تێك بشکێنن

دوایی بەم ژاوەیە بێنن!!

**پاسەوان:**

بەڵێ گەورەم... فەرماییشتتان

لە سەرسەرمان!

" ئەڕواتە دەرەوە "

**ئەژدەهاك:** "دوای هاتوچۆ کردنو بیرکردنەوە ڕوو ئەکاتە لۆلۆو خەزنەدار"

زەردەواڵە، کە ورووژان

بە دەست یەك یەك چزوو ناکرێن

بۆت ناگیرێن..

بەڵام کە شا پلێتەی سووتان

خرایە ناو کونی شاریان

ئیتر تەواو دا ئەمرکێن!

**ـ پشوویەك ـ**

جوتیار، ئاسنگەر، ئاشەوان

زمانیان گرت.. بوون بە ئینسان!

لە من هەستان؟!..

"ئەو پاسەوانەی لەوەوبەر هەواڵی بریندار بوونی گۆتۆی هێنا بوو، دێتە ژوورەوە، بە شپرزەییەوە ئەڵێت":

**پاسەوان:**

گەورەم.. پاشا..کۆستی ناوەخت

کۆستی جگەربڕمان وا کەوت!

زام خوێنی نەگیرسایەوە

دوا تروسکەی چاوی گۆتۆ..

بەتەواوی کوژایەوە!

"دوای قەیرێ ڕاوەستان ئەنوشتێتەوە و ئەچێتە دەرێ "

**ئەژدەهاك:** "لە دوای حەپەسان، بە نائومێدییەوە ئەڵێت"

گۆتۆم!گۆتۆی سەرکردەم مرد؟!

پارێزەری تاجەکەم مرد؟..

گۆتۆم...گۆتۆم... گۆتۆم چۆن مرد؟..

**لۆلۆ:**

کۆستێکە زل، ڕۆژێکە شووم

هەواڵێکە گڕەی دۆزەخ...

ئەدا لە ڕووم

ئەنجامێکە کە دەسەڵات

ناتوانێ قسەی تیا بکات!

**خەزنەدار:**

بۆ ئەم هەواڵی ناسۆرە

وەکوو گڕی دارستانێ

چۆن بسووتێ..

خەمی گیانم ئا بەوجۆرە

کڵپە ئەکا وا ئەسووتێ!

**ئەژدەهاك:**

هەتاکوو گۆتۆ زیندوو بوو

مردن لە کۆشکی من دوور بوو

بەڵام ئێستا کە گۆتۆم مرد!

تارمایی ترس پەیدا بوو

ڕوو شاراوەی ئاشکرا بوو

هەست بە بوونی،دەنگ و ڕەنگی

جووڵە و بزووتنەوەی ئەکەم..

ـ پشوویەك ـ

بەڵام بواری ترس نادەم

بێتە پێشێ.. من ئەبێ دەست

دەستی تێ سرەواندن پێشخەم!

**لۆلۆ:**

ئەژدەهاکی گەورە ئەبێ

بەسەر مردنا سەرکەوێ!

**خەزنەدار:**

ژین هەتا ئێستا وا ئەڵێ

شا ناکەوێ..تاج ناکەوێ!

**ئەژدەهاك:** "لە دوای ئەوەی دەنگی نەڕەی شێری برسی بەڕەڵا بوو بە ئاشکرا ئەبیسێت:

ئادەی.. ئادەی..با شاڵاوی

چنگی ڕفتان..پڕ ئازار بێ

ئادەی.. ئادەی.. با خوێناوی

کۆیلەکان بە ڕووبار بێ

ئادەی.. ئادەی.. با کەڵبەتان..

کەڵبەی لە ئەڵماس تیژترتان!

**کەڵبەی ناو دەمی برسیتان**

**ئێسك و پروسك وەك خۆڵ ورد کا!**

**ئادەی.. ئادەی.. با کەڵبەتان..**

**وەك کینەی ئەژدەهاك وابێ**

**ئادەی.. ئادەی.. ئادەی..ئادەی!!**

**ـ پشوویەك ـ**

**لۆلۆ:**

**گەورەم هەرچەند ئەمشەو ئازار**

**بوو بە گرێی دڵی هەزار**

**بەڵام چاوەڕێین بەربەیان**

**مژدە بێنێ وەکوو بەهار**

**بڵێ:سەرکەوت ئەژدەهاکی،**

**پاشای جیهان**

**خەزنەدار:**

**چاوەڕوانین تا خۆر هەڵدێ**

**تا ئەم شەوە کۆتایی دێ**

**ئەژدەهاك:**

**چاوەڕوانی، ئێشك گرتن**

**کەی ئەنجامن!بۆ برینی،**

**ئازاری شەو سارێژ کردن**

**چاوەڕوانیی، چاوەڕوانیی**

کۆتایی بە کام شەو هانی

ـ پشوویەك ـ

"پاسەوانێك بە شەڵەژاوی دێتە ژوورەوە "

**پاسەوان:**

گەورەم دۆزەخی داخراو

دۆزەخی خەڵکی خرۆشاو

قیامەتی.. دڵ پڕ لە قین

نە شوورەی بەرد..بەرگەی ئەگرێ

نە قەڵای دەرگا ئاسنین

**ئەژدەهاك:**

ئەی شێری دڕ، شێری برسی

قولاپی چنگی داماڵیین

کەڵبەی ژەهرین؟

**پاسەوان:**

دادیان نەدا، هەر زوو بەزین!

**لۆلۆ:**

ئەی ئێوە چین؟

**پاسەوان:**

گەورەکانم بێ هودە بوو

هەرچی ڕەنجێ ئێمە دامان

چاری نەبوو..

بەر بەست نەکران!!

**ئەژدەهاك:**

گەیشتنە کوێ؟ئەنجام چی بوو؟

**پاسەوان:**

شوورە لەدوای شوورە ڕما

قوللەی قەلاّ داگیرکرا!

زیندان ڕووخا..

بەندی گیراو..سەربەست کرا!

گەورەکانم هەر بەکۆمەڵ

لێیان ئەخەین!لێ ئەکوژین

بەلاّم وەکوو ئاوی کانی،

لە هەموو بستە ئەرزێکا..

هەڵئەقوولێن!

شتێك نییە چاریان بکات

بڕوایان وەکوو هەورازی،

پلەی سەختی کێوی بەرزی

ولاّت وایە!داگیر ناکرێ!

تیشکی چاویان! وەکوو تیشکی

خۆر وایە بە دەست ناگیرێ

**ـ پشوویەك ـ**

هاکا.. شەپۆلی.. ترسناك

گەیشتە ژووری ئەژدەهاك

گەورەم.. ئەنجام:نووتەك،تارە

سەر دەرکەین ماڵ بێ پرسیارە؟

"ئەچێتە دەرەوە"

**ئەژدەهاک:**

من ڕاناکەم.. تا شیرەکەم

لە پێش مردنا ماچ نەکەم!

کوا شیرەکەم؟

"پاسەوانێك شیرەکەی بۆ ئەهێنێ"

**لۆلۆ:**

با بەر لەوەی دەستی برسی

بمانگاتێ..خۆ دەرباز کەین

خۆزگەی ناحەز نەیەتە دی

سەری پاشا سەرفراز کەین؟..

چونکە گەورەم مانەوەی وا

بەرەو شەوەزەنگمان ئەبا..

لەگەڵ مەرگا چۆن شەڕ ئەکرێ

دەست چۆن پشکۆی ئاگر ئەگرێ؟..

**خەزنەدار:**

گەورەم..پاشا..خۆدەرکردن

واتا بۆ ئێمە سەرکەوتن..

**ئەژدەهاک:** "بەتەوس و پێکەنینەوە "

کاتێ هێزم لە دەستا بێ

من چی بڵێم.. هەمووشتێ..

ئەڵێ ئەبێ.. ئەبێ وابێ
هەتا سروشت.. ئاسمان.. دەریا
پرشنگی خۆر..لووتکەی چیا
کڕنووش ئەبەن
سەر شۆڕ ئەکەن..
لە بەردەمما..لە بەر پێما!

ـ پشوویەك ـ

بەڵام کاتێ کە دەسەڵات
کەوتە سەر ڕێی هات و نەهات
ڕێکەوت کەوتە پشت هەڵکردن
هەموو شت پشتم تێ ئەکات..
هەتا ئێوەش.. هەتا ئێوەش
ڕووی نۆکەریی وەر ئەگێڕن
ڕێم لێ ئەگرن!

ـ پشوویەك ـ

بەڵام هەر وا بە ئاسانیی
ڕێگەی مەترسیی دەرناکەن
چۆن ئەیەڵم پەشیمانیی
بە پەنجە گەستنێ دەرخەن
چۆن ئەیەڵم دوای مردنم
بژین وەکوو جاری جاران
بۆ نوشوستی و ژێرکەوتنم

هەر من بکەن بە ناونیشان
چۆن ئەیەڵم کەچڕنووکی
ئێوەی بیّ وەفای پشیلە!
پێستی شاهانەم دارِنیّ
چۆن ئەیەڵم دڵی سپڵە
دوای مردنم پیّ بکەنیّ
ـ پشوویەك ـ
وەك ژن خزاونەتە پاڵ من
شایستەن بۆ ئەتك کردن..
ئەتانەویّ بەقسەی زل
ترسنۆکیی ئارایشت کەن
ڕێگە نادەم.. چۆن ئەیەڵم..
بە ئاسانی وا پشت هەڵکەن
ـ پشوویەك ـ
"سەربازێکی لەش خوێناویی بە شپرزەییەوە خۆی ئەکا بە ژوورا "
**پاسەوان:**
ئومێد نەما.. وا قەلاّ و کۆشك
بۆ یاخی بوو هاتنە سەر چۆك
ئەو شوێنەی ڕووناکیی تیایە
تەنیا هەر ژووری پاشایە
داگیرسێنی.. ئەم ئاگرە
سەرکردەی ئەم ڕێی بەلاّیە

گەورەم.. کاوەی ئاسنگەرە

" ئەچێتە دەرەوە "

**ئەژدەهاك:** "ڕوو ئەکاتە لۆلۆ و خەزنەدار"

دەست بە زاخا کردن وایە

تەفرە و مل شکاندن وایە

وتم کاوە وەچەی شەڕە

سەر پەڕاندن بەو ڕەوایە

وتیان: ئەمە پەلەی تیایە!

دەستتان بڕیم..کوێرتان کردم

بە ڕێی مردنتانا بردم

ئێستەش ئەتانەوێ ڕاکەن..

دڵنیابن قەت ڕا ناکەن

"ئەژدەهاك شیرەکەی هەڵ ئەکێشێ و بەدەم ئەم قسانەی خوارەوە لۆلۆ و خەزنەدار ئەکوژێت "

با بیچێژن ئەو ژاراوەی

خۆتان کردتانە کاسەوە

با کڤەی بێ ئەو خوێناوەی

خۆتان لێتان ئەخواردەوە!

" هەردووکیان ئەکەون و ئەمرن "

"دوای لێدانی مۆسیقایەکی تایبەتی و پشوویەك کە ماوەیەك ئەخایەنێت، ئەژدەهاك لە بەر خۆیەوە:

**ئەژدەهاك:**

تەنیام.. تەنیام..مامەوە خۆم

ئەی خۆم ئەبێ بۆ کوێ بڕۆم؟
ڕێی شەوی مەرگ ترسناکە
هەموو شتێ.. هەردوژمنی
ئەژدەهاکە!..
چاوم لێیە..چەم.. چیا.. هەرد
چاوم لێیە تا دار و بەرد
تا.. تاجەکەم.. تا..تەختەکەم
تا کەلوپەلی ژوورەکەم!
منیان ناوێ لێم بێزارن
بۆ مردنم..چاوەنواڕن
ـ پشوویەك ـ

کوا دڵۆپێ فرمێسك ڕشتن
کوا ئاخێکی گەرم ناشتن!
کوا بەزەیی سەر ڕوخسارێ
کوا..تکایە؟کوا هاوارێ؟
کوانێ ئەو دەستانەی ئەڵێن
بۆ تەنگانە درێژ ئەکرێن
نایانبینم..هەموو ون بوون
هەموو وەك ئەمانە مردن "مەبەستی لۆلۆ و خەزنەدارە"

ـ پشوویەك ـ

"لەم کاتەدا و لـە گـەڵ بەرزبوونـەوەی دەنگـی خرۆشـاوی میللەتـدا کـاوەی ئاسـنگەر خۆی ئەکات بە ژوورا و پڕ بە دەنگ ئەڵێت":

**کاوە:**

زاڵم.. وا شەو باری نەویی

وا رووناکیی دنیای پڕ کرد

وا کاروانی ئازادیی کورد

بە، بەهاری هیوای گەیی

زاڵم.. تۆ بۆ کوێ دەرئەچی؟

**ئەژدەهاك:** "ڕوو ئەکاتە هەردوو پاسەوانەکە "

ئەنجن..ئەنجن..لەتلەتی کەن

وەك سەگی خوێڕی پەتی کەن!

"کاوە لەگەڵ هەردوو پاسەوانەکەدا ئەکەوێتە شەڕەوەو بەدەم شەڕ کردنەوە":

**کاوە:**

بۆ کێ ژیان..؟بۆ کێ ئەمرن

بۆ کێ؟ڕێ بە میللەت ئەگرن؟

ئەی دیلەکانی تاریکیی؟

کوێرە ڕێگا

ئەنجام بۆ هەڵدێرتان ئەبا!

"لـە ئـەنجامی شـەڕدا کـاوە هـەردوو پاسـەوانەکە ئـەکوژێت و لـە ئـەژدەهاك ئەچـێتە پێشەوە و ئەڵێت":

**کاوە:**

هەر..ڕوو بەڕووی سڵ نەکردن

شیری تۆڵە هەڵ ئەکێشین

له پشتەوە دەستی کوشتن

وەك ترسنۆك ناوەشێنین!

**ئەژدەهاك:**

کێیە بتوانێ ئەژدەهاك

لە ناوبەرێ..یان..بیکوژێ

کێ زات ئەکا..کێ ئەوێرێ

ڕێی لێ بگرێ؟!

**کاوە:**

منم ئەوکەسەی ئەژدەهاك

ماری ناو دەروونی ناپاك

لە ناو ئەبا

منم خوێنی ئەڕژێنم

منم مێشکی ئەپژێنم!

"دەست ئەکەن بەشەڕ، کاوە بەدەم شەڕەوە لە سەر قسە کردن ئەڕوات":

ئەی جانەوەر

ئەی تارمایی ئەهرەمەنی

تاریکی و شەڕ

دالْدەت نییە، چۆن دەرئەچی

بۆ کوێ ئەچی؟.

چوار دەوری قەلاْت ئاگرە

مەبزوورەوە دەست هەلْبڕە!

**ئەژدەهاك:**

ئەژدەهاك و دەس هەڵبڕین
ئەگەر ئاسمان ئەگەر زەمین
لە یەك بدەن.. من نابینن
دەست بەستە بم
كڕنووش بۆ عەبدی خۆم بەرم

"ئەكەونــە شــەڕێكی ســەختەوە، چــەند جارێــك كــاوە ئەكەوێتــە مەترســیی لەناوچوونەوە، تا لەئەنجامدا ئەژدەهاك ماندوێتی تەنگی پێ هەڵ ئەچنێ و ئەوسا كاوە بە چەكووشەكەی كە هەر لەسەرەتاوە بە دەستی چەپ هەڵی گرتووە، هەڵ ئەكوتێتە سەر ئەژدەهاكو مێشكی ئەپژێنێ، لەم كاتەدا گوردۆی كوڕی بە پڕتاو دێتو باوەش ئەكات بەكاوەی باوكیا، دوای ماوەیەك ئینجا، پشتكۆ. كاردا. مادیا. كاردۆخ. زێمری. زاماو. یەك لەدوای یەك دێنە ژوورەوەو كاوە لەناوەڕاستیانا بەدەنگێكی زوڵاڵەوە ئەڵێت":

**كاوە:**

بە لاشەی كوردی قوربانیی
بە خۆری بیبر، وا زستانی
تەنگ و تارمان كرد بە بەهار
بە خوێنی دڵ..بە ئارەقی
چەوسانەوەی ئێش و ئازار
خۆمان لە دەست شەو راپسكان..
كەوتینە ڕێ!
تەوقی دیلێتیمان پسان..
هەڵمەتمان بردا!..

به بازووی قاڵی تێکۆشان:
پشتی تاوان،
پشتی ئەژدەهاکمان شکان
با ئەم ڕۆژە جەژنی گەل بێ..
جەژنی ژیان
جەژنی کوردە چەوساوەکان
با ئاگری ئەم نەورۆزە
لە سەر لووتکەی بەرزی وڵات
هەتا هەتایە بسووتێ
بڵێسەکەی هاوار بکات:
بڵێ: نەوەی ئادەمیزاد..
کورد بوو یەکەم ڕاپەڕینی
شۆڕشی سوور بەرپا بکات

کۆتایی

# ئاسك

شانۆگەرییەكی شیعرییە لە (5) تابلۆدا
1978

کەلـەپور بناغـەی ئـەم شـانۆگەرییەی داوەتـەوەو لەکلاورۆژنـەی بەیتـە میللـی فۆلکلۆرییەکانیـــەوە تیـــشکی وەرگرتـــووە لـــەکوورەی ئەوانـــدا قـــالّ کراوەتـــەوە. ئاوڕدانەوەیەکە لەسەردەمە تاریکەکانی رابردووی دوور.

ئەوکارەسـاتو بەسـەرهاتانەی لـەواقیعی تـاڵی رۆژانـەی ژیـانی ئەوسـای دڵدارانـدا لـەنێوان خێـرو شـەڕدا لەچنگاوشـبوونی یـەکترو زۆرانبازییـەکی سـەختدا بـوون. رووداوەکـان لەسـنوری کـاتو وەخـتی ئـەو سـەردەمانەدا ماونەتـەوەو بـەلای رابـردووی نزیکو ئێستەماندا نەهاتوون.

## کەسەکانی ئەم شانۆگەرییە

| | |
|---|---|
| 1- پیرۆت: | شوانەی گوند |
| 2- مام وسوو: | رەزەوان |
| 3- بایز: | کوێخا |
| 4- سوارە: | هاوڕێی پیرۆت |
| 5- خاوەر: | کچی کوێخاو دڵخوازی پیرۆت |
| 6- هەمین: | ژنی کوێخا بایز |
| 7- پیربالّ: | ئاشەوان |
| 8- باپیر: | بەتەمەنترین پیاوی گوند |
| 9- مەمەند: | کوڕەزای باپیرە، مناڵی یەکەم |
| 10- زۆراب: | کوڕەزای باپیرە، مناڵی دووەم |
| 11- حەمە: | قەتار چی |

لەگەڵ:

ئا =کۆرسی سەرەکی

ب =کۆرسی منالاّن

ج =حیکایەتخوان

د =دەرهێنەر

هەروەها: کۆمەڵەخەڵکێ، رێبوارێ، چەند دەنگێ.

# تابلۆی یەکەم

دەرهێنـەری شـانۆگەرییەکە: "لەگـەڵ دەسـت پێکردنـدا، بـاڕژنی ئاسـکێ ئەبیـسترێ، بـێ دەنگی، پەردە بەئاستەم ئەکرێتەوەو دەرهێنەر دێتە پێشدەمی شانۆکەو رووئەکاتە بینەران:

میوانە خۆشەویستەکان، شەوتان رووناك
چاوتان رووناك..
بەخێرهاتن بۆ بینینی ئەو چیرۆکەی
لەم ساتەوە
وشەکانی ئەبزوێن‌و ئەبنە تابلۆو
ئەبنە ئەکتەر..
تا تەماشای وردی ئێوە لە سەرە ڕێی،
بەسەرهات‌و.. ناوگێژەنی کارەساتا،
ڕاگرێت‌و.. بیکا بەسەرپشك‌و رابەر

★★★

میوانە خۆشەویستەکان
من تەنیا بۆ ئەوە هاتم..
دیدەنیتان لەماڵی ئەم شانۆیەدا
وەك ماڵانی کوردەواری
بخەمە سەر دیدەکانمان
من پێش بینینتان ناکەوم

"ئاسك" چیەو چۆنەو بۆچی؟!
ئەتانەوێ و ناتانەوێ؟!
ڕقتان لێ بێو خۆشتان بوێ
من نادوێمو شانۆکەمان:
باخۆی بدوێ
میوانە خۆشەویستەکان من ئەڕۆم
لەگەڵ "ئاسك" جێتان دێڵم
دیسانەوە.. شەوتان ڕووناك
دڵتان ڕووناك. "ئەڕوات"

"پەردەکە بەتەواوی ئەکرێتەوە حیکایەتخوان، لەجێگەی بۆ تەرخان کراوی خۆیدا ئەبینرێ، لەم دیمەنەدا، دیوی ناوەوەو بنەبانی شانۆکەو، ڕووناکی بەتەنیا لە بەژنی حیکایەت خوان ئەدرێو بەپێی هەموو بزوتنەوەیەکیشی چەپکە تیشکەکە لەگەڵیا ئەڕوات".

**حیکایە تخوان:**

هەبو.. نەبو.. دێرزەمانێ
کاتێ باپیرە گەورەمان
تینو تاوی بازۆکانی ئەچوون بەگژ
تاوێرەبەردی چیادا
کاتێ هێشتا خوێنی لاویی ئاگرێ بوو
لەلەشیانداو
چۆکی بەتۆفو وەیشومەی:
گەوەی شاخەکان دا

سەردەمێ بوو.. ژیان ئاوا بەرپێکانی
رۆشن نەبوون
پەنجەرەی بیر.. لەسەر وشە داخراو بوو
نسێی زانین.. بەستەڵەکی بێ هەتاو بوو
لەورۆژەدا.. هۆشیش وەکوو فوتیلەکان
کز ئەسووتا
نەی ئەتوانی تاریکایی ناو دارستان
ڕووناك بکا
هەژارەکان لەناو گەرووی،
مەرگو ژاندا
پارووی گریاویان قووت ئەدا
تا گزنگیان ئەخستە ناو:
دوای ئێوارەی ئەموستە چاو
رەنجیان ئەداو.. رەنجیان ئەدا

٭٭٭

لەودەمەدا..
پەندی پیران.. ڕازەڕاوێ بوو
یاسا لەناو ئەودا ئەزا
گرێ کوێرەی گیروگرفت
ئەدرایە دەس خۆشەویستی بیکاتەوە
تاکوو گفتار.. لەئاوێنەی رۆژگاردا..
شەوقی چاکە بداتەوە..

رۆشنی کات بەپێی کردار

★★★

هەبوو.. نەبوو لەودەمەدا

گوندێ هەبوو

پێیان ئەوت: گوندی ((خەزان))

لەبناری چیایەکدا.. راکشابوو

سەری لەناو نزارێکداو،

قاچەکانی لەناو شەپۆلی تورەبووی،

چەمێکدابوو..

چیا هەزار بەهەزار و سەختو سەرکەش

گەلیی تەنگی

پلەی خزی

ملەی بەرزی

ئەشکەوتی قوولو زەبەندی

جەنگەڵیو.. دارودەوەندی

موچرکی ترسو سامیان، تیا:

نشیمەن بوو

★★★

پایزێ هات.. سەرمای چیا

داروباری رووت کردەوە

چەم.. هەڵ لەرزی

شوانەی گوندی مل نوقم بووی

ناو فەرەنجی..
دەستی سەر گاڵۆکی تەزیی
خەڵکی خەزان..
بەر لەهێرشی ناکاوی تووشی زستان
کەوتنە خۆیان "تاریکی، ئەڕوات"

"شانۆ رووناك ئەبێتەوە، دیمەن گوندەکەیەو شوانی گوند (پیرۆت)ەو، بەقەد پاڵی چیاوەیەو پاڵی داوە بە گابەردێکەوەو خەریکی شمشاڵ لێدانە، هەر دوای چەند ساتێ، بەبێزارییەوە، شمشاڵەکەی ئەکاتەوە بەبەر پشتێنەکەیداو هەڵئەستێتە سەرپێو ئەکەوێتە هاتووچۆکردن، ئینجا لەبەر خۆیەوە ئەڵێ":

**پیرۆت:**

چوار ساڵ..چوار ساڵ.. چۆن تەواو بێ؟!
ئەی کێ ئەڵێ تەواویش بێ..
ئەو.. ئەمداتێ
ئەی کێ ناڵێ هەموو ڕەنجم بەبا نادا
ئەی کێ ناڵێ؟!
- وچان -
وەك دلێ.. ئەم دێیە دڵم لەو کرمێیە
- وچان -
خوێنی ئەکەمە کاسەوە
چۆنی نادا؟!
واجارێ سێ. ساڵێم پسان

خوا گەورەیە.. خوا.. خوا

- وچان -

نە ء. ناتوانێ.. گوندی خەزان

گەورەو بچوك.. لەو بەڵێنە ئاگادارن

ئاشناو ڕۆشنا.. لەگەڵ مندان

نە ء. ناتوانێ!

- وچان -

ئاخ شوانکاریی.. ئاخ تەنیایی

هەرخۆم، بێکەس، خوایە.. خوایە

بۆ نەتدامێ تەنیا خوشکێ

گەروابوایە..

ئێستە من وا کوێرەوەریم

ئەم شاخو ئەوشاخ ئەگێڕا؟

- وچان -

ماڵم ئەبێ؟!

ئەبمە خاوەن چەند سەرمەڕێ؟!

خۆم بۆ خۆم شوانێتی ئەکەم؟

تەم لەسەر چاوم لائەبەم؟

"بێ دەنگی، زەردەخەنەیەك ئەیگرێ، گوڕو تینێکی دێتەوە بەبەردا".

بەڵام لەبەر چاوە جوانەکانی خاوەر

چۆن دەربەست بێم؟

چۆن بهێڵم.. کەبێزاری دڵ کوێرم کاو،

ترس لەگیانم بنیشێ
دەربەست نایەم.. ئەهێنێ گەر
چاوەڕوانیم.. دەساڵی تر توول بکێشێ
دەربەست نایەم،
دەربەست نایەم!
- وچان -
مەلای دێ
ئەودنیا دیدەیە
راست ئەکا.. پێم ئەڵێ:
کوڕم ئارام
ئارامی (ئەیوب)ت هەبێ.
- وچان -
مەلام دی پێی ئەڵێم
قوربان تۆ.. هەر ئەڵێی.. ئارامی (ئەیوب)و..
پێم ناڵێی.. کام ئەیوب؟! لەکوێ؟!
پێی ئەڵێم: حەز ئەکەم بزانم
ئەو.. چەند ساڵ.. ئارامی گرتبوو
ئەویش هەر وەکوو من
حەزی لە:
خاوەرێ کردبوو
- وچان -
"مام وسوی رەزەوان دێتە ژوورەوە، ئەگاتە لای پیرۆت، سڵاو دەکاو لەتەکیەوە دائەنیشێ"

**پیرۆت:**

وەی سەرچاو مام وسوو

ونی.. ون.. ناتبینم

قسەتم ئەوەندە پێخۆشە

وەك تینوو وەهام بۆی

پێم نالێی.. تۆ لەکوێی؟

**وسوو:**

پیرۆت گیان.. نازانی

ئیش‌و کار هێندە زۆرە

لەبن دێ؟!

خوا ئاگای لێیەتی

سرەوتم هەر نییە!

**پیرۆت:**

راست ئەکەیت.. ئەزانم خۆت تەنیاو،

رەزەکەش..

**وسوو:** "قسەکەی پێ ئەبڕێ"

مەپرسە.. ئەوەتەی هەستاوم

من هەر داو دائەنێم بۆ رێوی

ئەزانی.. چی ئەکەن بەو رەزەم

مەپرسە.. ئەم سەرەم چەند قاڵە

وەڵڵاهی نازانم چی ئەکەم!

پیرۆت:

پێم بڵێ.. ئەمرۆکە.. هیچت گرت؟!

پێوە بوون؟!

مام وسوو.. گوێ بگرە

ئەمجارە چەندت گرت.. هی منن

وتت چی؟!

وسوو:

دوێنێ چوار پێوە بوون

چاویان وەك

پشکۆی ناو.. ئاگردان

زیتە زیت

بریسك‌و هۆڕیان بوو

پێش وەخت.. من قەولم پێدابوو

ناردمن بۆ کوێخا

"بەپێکەنینەوە"

دیارییەك بۆ ماڵی کوێخا بێ

ئەی دیاریی تۆش نییە؟!

پیرۆت: "مام وسوو دێتە پێشەوە"

مام وسوو.. گوێ بگرە

تو خوا گەر گوێ نەگری..

گێژاوی ناو سەرم..هەتا بێ

تورە تر..دەروونم لوول ئەدا..

**وسوو:**

**گوێم لێته..گوێم لێته**

**ئەزانم چی ئەڵێی**

**باس..باسی خاوەره..وانییه؟!**

**سەیر ئەبێ..نەیزانم.. گێژاوی ئەوسەره**

**لەکوێدا..ئەبێته..تەنووره!**

**پیرۆت:**

**مام وسوو..پێش پێی تۆ**

**لەدڵما وام ئەوت:**

**تۆ بڵێی کە کوێخا..دوای ئەوەی**

**چوارساڵەم تەواو کرد**

**بەڵێنی بشکێنێو.. خاوەرم نەداتێ**

**تۆ بڵێی ئەوەندە ناپیاو بێ!**

**ئەڵێی چی.. مام وسوو.. ئەڵێی چی؟!**

**وسوو:**

**تۆ قسەی سەیر ئەکەیت**

**چۆن نایدا؟!**

**هەرچەندە.. نەگریسەو.. چاوچنۆك**

**شتی وا.. چۆن ئەکا**

**ئەی دەستی لەبەردەم مەلادا..**

**نەخستە سەر قۆرئان**

**پەڕو باڵ دەرئەکا**

ڕوو ڕەشی بەردەرگای خوا ئەبێ
چۆن شتی وا ئەکا
تۆش نەڵێی بێکەسم.. ئێمەچین؟! پیرۆت گیان
بادڵت ختورەی وانەکا!
ماڵ خراپ.. ئای کەتۆش.. وەسواسی

**پیرۆت:**

ئەڵێم.. ئێ.. دنیایە..
دنیای واش.. تائێستە.. سووڕانی
بەدڵی وەك پیاوی کوێخایە

**وسوو:**

لەسەر خوا.. تۆ جارێ
هێشتاکە.. لەکوێتە!
سێ ساڵیت بڕیوەو.. چواری تر.. هەر ڕێتە
بڵێی: چی ناچاری ئارامت بڕوێنی
ناوچەوان وای هێنا
خوا نەیکرد خوشکێکیت بداتێو،
تاوەکوو ئەم خەڵکە تۆش بیدەی بەژنێ

**- وچان -**

ئەزانم: شوانکارییو شاخ نشین
گرانەو.. نانەکەی هەتاکوو دێتە چنگ
ئازاری.. وەك هەویر ئەتشێلێ
بەڵام تۆش هێشتاکە هەرەتی لاویتەو

خۆ مادەم خاوەریش دڵی خۆی بەپاکی
پێداوی..
کێی تره.. گاسنی بتوانێ.. دڵی ئەو بکێڵێ!
- وچان -

**پیرۆت:**

مام وسوو.. ئەی توخوا.. خاوەر چۆن،
کچێکه.. تۆ بڵێ هەروەکو ئاسکه موبارەك وانییه؟!
بۆ پاکیو بۆ جوانیش لەو ناکات؟
نازانم.. مام وسوو.. ئەڵێی چی..
دڵی من بێ هیچیان هەڵ ناکات!

**وسوو:**

ئۆباڵی.. قسەی خۆم بەگەردن
کچی وا.. رووسورو، داوێنی وەها پاك،
دەگمەنه.. وتومه.. تامردن
دەی ڕۆڵه.. ئاسکه موبارەك پیرۆزیی خۆی بدا
بەبەختی هەردووکتان
هۆ پیرۆت نیزای من گیرایه
ئاسکه موبارەك.. پشت هەڵگا.. لەهەرکەس
خوا بەڵای لێ ئەدا
ئەوەتەی ئەو هەیەو ئەم دێیه
خێر بەسەر پیاوچاکا.. ئەبارێو،
دەروونمان بێ قۆرتو گرێیه!

**پیرۆت:**

مام وسوو.. دەی توخوا

بەو دەنگە شیرینەت.. شتێکم لەبەیتی

ئاسکە موبارەك بۆ نالێی

نازانم.. لەوبەیتە تێر نابم

تامابم!

**وسوو:**

بەیتێکی درێژە.. ئەو جارەش پێم وتی

چەند جارێ ئەم گوندی خەزانەو

ئەم خەڵکەی..

پاراست لە، فەوتانو مردنو نغرۆ بوون..

چی بڵێم؟!

**پیرۆت:**

دەی توخوا، با دڵم هێندەی تر

بسوتێو بڵێسەی باوەش کا

بەو دەنگە خۆشەتا.. دەی توخوا

**وسوو:** "وسوو دەست دەخاتە پەناگوێیو تێ ئەچریکێنێ"

بۆ بەیتی ئاسك، ئاسکە موبارەك.. گوێ بکەن بەدڵ

دڵ بکەن بەگوێ، ئاسك فریشتەی لای خواوەندە

لەئاسمانەوە هاتۆتە ناو دێ. هەور سەرێتی،

هەتاو رەنگێتی، ئەستێرە چاوی، هاژە دەنگێتی،

هەژاران خوێنی، بەفر سەرینی، لەکوێ گوڵ بڕوێ،

لەویٚ ئەیبینی، بۆ بەیتی ئاسك، عاشقان بابێن
وەکو خۆر هەڵبێن، سەودایەو سەودا، سۆزی
ئەم بەیتە، پەنجەی گزنگەو، گڕ لەتاریکی خەزان،
بەرئەدا، خەزان ئەزانیٚ چۆن لەباوەشی درەختی
خۆیدا ئەو هەڵ ئەگرێتو لەکام روباری
ئەوینی پاکیا، دەم ئەنێتە دەم، ئاسۆی برینی..
"بیٚ دەنگ ئەبیٚ ڕووئەکاتەوە پیرۆت"
پیرۆت گیان.. ئەوەندەی بۆ ئەمرۆ
درەنگمەو، رەزەکەم تەنیایە
"هەڵئەستێتە سەر پیٚ"

**پیرۆت:**

مام وسوو.. پێم وتی:
تینوێتیم لەو بەیتە قەت ناشکیٚ
بەر لەوەی کەبڕۆی.. پرسیاریٚ
ئاسکە موبارەك.. پێش وەخت،
هەست ئەکا؟!

**وسوو:**

هەست ئەکا.. پێش وەخت.. هەست ئەکا
کەچی دیٚو رووئەدا:
دێتە ناو گوندەوە ماڵەو ماڵ ئەکاتو،
بارەبار.. بەچوار پەل
وەك لەسەر ژیلەمۆ وەستا بیٚ
جیٚ ناگریٚ بەخۆیو باز ئەداو رائەکا

ئیتر گوند ئەزانێ بەڵایەك بەڕێوە،

مل ئەنێ.. بۆ خەزان.

**پیرۆت:**

ژیانی ئەم دێیە.. مام وسوو

لەچاوی ئەودایە

بڕواکە.. مام وسوو.. ئەو نەبێ

کوێرایی خەڵك دایە!

"زۆراب بەپڕتاو بەرەو لای هەردووکیان دێتو لەدوورەوە هاوار ئەکات"

**زۆراب:**

هۆ.. مام وسوو.. هۆ مام وسوو

تەڵەکانت تەقین و دوو،

رێوی چاو زیتیان گرتووە

یەکێکیانیش هەژگێکی بە:

کلکی خۆیەوە بەستووە

**پیرۆت:**

خۆ ئەمجارە.. دیارین بۆ من

نەیانبەخشی

**وسوو:** "بەپەلە ئەڕواتو بەدەم ڕێوە ئەڵێ"

ئای مام ڕێوی

خۆی نەئەچوو.. بەکونەوە

کەچی هەژگێکی بەکلکی

فێڵی خۆیەوە بەستبوو

ئای مام رێوی!

وای مام رێوی!

**ـ تاریکایی ـ**

# تابلۆی دووەم

"شانۆ ڕووناك ئەكرێتەوە، كۆرس بەگۆرانیەوە، ئەم شیعرە ئەڵێن، پێ بە پێی ئەو ئاوازەی دانراوە، دەرهێنەر هەڵس‌و كەوتیان ڕێك ئەخات، شوێنەكانیان دیاری ئەكات"

**كۆرس:**

ڕۆژ ئەڕۆی.. شەو ئەڕۆی
پیرۆتی هەڵقرچاو لەكونی شمشاڵدا
ئاوازی عەشقێكی لەزامدا باڵگرتووی،
بۆ خاوەر لێ ئەدا.

**تاك لەناو كۆرسەوە:**

ئاسكی پیرۆزیش ئەیزانی
ئەو عەشقەی كوڕە شوان هەتابێ
لەڕەزی ناو دڵی خاوەردا
هێشوی گڕ بەپەلكی خوێنەوە جێ دێڵێ

**كۆرس:**

كوڕە شوان بەڕێگەی بریندا
ڕەنجی خۆی كێش ئەكرد بۆ كوێخا
بەومەرجەی قڕانێ وەرنەگرێ‌و،

دوای حەوت ساڵ خاوەری پێ بدا.

**تاك لەناو کۆرسەوە:**

ڕۆژ ئەڕۆی.. شەو ئەڕۆی
ئاسکی ئەوینی ناو گیانی کوڕە شوان
هەناسەی ڕۆژگاری ئەژماردو،
فرمێسکی لەرووی شەو ئەپژان.

**- تاریکی -**

"ڕووناکی، حیکایەتخوان دێتەوە سەر شانۆ"

**حیکایەتخوان:** "لەناو چەپکەتیشکێکدا"

پایز هەر لەقژی درەختی ئەڕنیو،
ئەیدایە.. دەستی چەم
چەم ئەڕۆی.. دەسکەنەی ئەو قژەی
بەزەریا دورەکان ئەگەیان
پایز هەر لەگوندی خەزاندا
دەواری کزەبای بەفرینی هەڵ ئەداو،
کزەباش.. هەناسەی ئاسكو شوانەکەی
سەرچیای
بەدەستی ڕەشەبا سورەکان ئەگەیان.

**- وچان -**

هەواڵی.. ئاسکە موبارەك
گەیشتە خوار پێ دەشت
هەواڵی ئەوینی خاوەرو کوڕە شوان

تا ئەهات..

پەل‌و پۆی بەدەوری ئاوایی‌و

گشت لادا ئەهاویشت

مام وسووی رەزەوان چەند رۆژێ

پێش ئێستە..

لەسەر رێی راوکردن بەکوێخا.. گەیشت

پیرۆتی دڵداری هاتەوە بەبیردا

بەڵێنی خستەوە بیر کوێخا

وای پێ وت: "ئەڕوات"

"هەمووشانۆکە رووناك ئەکرێتەوە، دیمەن سەرە رێیە،

مام وسوو بەکوێخا ئەگات"

**وسوو:**

ماندوو نەبی.. کوێخا بایز.. ماندوو نەبی

دەس رەنگین بی‌و.. نێچیرت قەڵەو بێ..

**کوێخا:**

ئەی بەرخورداربی.. مام وسوو

ئەی تۆ چۆنی؟ رێوییەکانت لەچیدان؟

**وسوو:**

نابڕێنەوە.. کوێخا بایز.. نابڕێنەوە

بەڵام منیش چاك قڕم تێ خستوون

گەر وانەکەم.. بڕوا بکە

وێرانی ئەکەن رەزەکەم.

**کوێخا:**

بیرم نەبوو:

ئەمساڵ چەندت گرتووە بۆ حەیوانەکان؟.

**وسوو:**

وەڵڵا کوێخا.. دوو "دێم" لەپار

زیاترەو هێشتا هەر دڵم

دانامرکێ!

**کوێخا:**

بۆ مام وسوو بۆ؟!

**وسوو:**

کوێخا بایز.. ئەترسم زستانی ئەمساڵ

سەختترو دژوارتر بێ لەهی پار

**کوێخا:**

نا.. مام وسوو.. مەقرێنە!

**وسوو:**

کوێخا گوێ بەینێ باشترە

زستان وەك مار بێ ئامانە

**کوێخا:**

تۆ وازبێنە لەم قسانە

من دووڕۆژە چاو ئەگێڕم

بۆ ئاسکەکەو.. نایبینمەوە

دییار نەماوە!

**وسوو:**

کوێخا بایز: خوانەکا.. خوانەکا دیار نەبێ

من بەردەوام هەر ئەیبینم

بەڵام ئەوە چەند رۆژێکە خوی داوەتە

بەر ئەشکەوتی میری میران

لەوەرگەی ئەوناوە بژوێنە

"کەمێك بێ دەنگ ئەبێتو لائەداتە سەر باسێکی تر"

کوێخا بایز.. وابزانم.. لەوکاتەوە

کەپیرۆتت کردۆتە شوان

گورگ پارێزی لەرانەمەڕ

لێ تێك چووەو،

ئەمساڵ لەکوێ لەگەڵ ساڵان

**کوێخا:**

راستە وایە: بەڵام پیرۆت ماوەیەکە

زیاد لەجاران.. خوی داوەتە

شمشاڵ لێدان

ئەترسم غافڵ بێو مەڕەکان

زیانیان لێ کەوێ.

**وسوو:**

نەئیشەڵڵا.. پیرۆت زیتەو ئاگام لێیە

سەر بە سەر

وەك چاوی خۆی ئەیپارێزێ ڕانەمەڕ

کوێخا بایز جگە لەوەش،

ئەو بەڵێنی بەتۆ داوەو

تۆش بەڵێن بەو

**کوێخا:**

لەبەڵێنم پەشیمان نیم

بەڵام من هەر زوو وتومە

ئەبێ ئەویش شوانکارییەکەی وەها بکا

من ڕازیکا

جارێ هێشتا ئەویش چوار ساڵ

ڕێی لەبەرەو.. خوا ئەزانێ چیمان لێ دێ!

*"بەدەنگێکی نزم"*

من حەزناکەم.. واحەز ئەکەم

تۆ پێی بڵێ..

خۆ هەرچەندە هیچ نەبووە

بەڵام ئەویش با ئەوەندە لەملاو لەولا

بەڵای قسەمان لێ لادا

خۆت ئەزانی دنیا دیدەی

هێشتا پیرۆت لەکوێیەتیو چی کردووە!

"(پیربالْ)ی ئاشەوان لەوبەرەوە ئەڕوات، کوێخا بانگی ئەکات"

**کوێخا:**

هۆ.. هۆ.. پیربالْ

لاده ئێره

**پیربالْ:** "دوایی ئەگاتە لایان"

فەرمووو کوێخا منت بانگ کرد؟!

مام وسوو گیان.. حالْو ئەحوالْ

شوکر باشی.. "لائەکاتەوە"

**وسوو:**

خوا دەس بەباڵتەوە بگرێ

**کوێخا:**

ئەوە بۆ کوێ وا بەپەلە

خۆ ئاشەکە باش ئەگەڕێ؟

**پیربالْ:**

وەڵڵا کوێخا.. سا ئیتر وابەلەقەلەق

ئێمەش لەگەڵ پیرە ئاشدا کوتاومانە

ئەوە وتیان کاروان لەشار هاتۆتەوە

ئەچم حەمەی سەر قەتارچی ببینم.. تا..

**کوێخا:** "قسەکەی پێ ئەبڕێت"

حەمە؟! حەمە بۆچی

**پیربالْ:**

بەخوا.. ئاوا بەر لەمانگێك

پارەم دایە.. ئەگەر هاتو ڕێی کەوتە شار

متو مووروووم بۆ بهێنێ

**وسوو:** "بەسەر سوڕمانەوە"

متو مووروو؟!

**کوێخا:**

متو مووروو؟ تۆ متو موورووت بۆ چییە؟!

کچت هەیە! بۆ پیرێژن؟!

ئەی خۆ ناشێ

تازە سمێڵ قیت کەیتەوەو..

خۆتمان لێ کەیت بەکوڕێکی چواردەساڵ

مرخ لەژن خۆش کەیتەوە

**پیربال:**

نەوەڵڵا.. بابە.. منو ژن

مەیموون خۆی لەخۆیدا جوان نەبوو

بەڵام ئاوڵەشی دەردا

نەبابە..نە.. پیرێژنیش تازە لەڕێی

چیدا ماوە! "بیر ئەکاتەوە"

**وسوو:**

ئەی کەواتە متو مووروو

ئا.. ئا.. زانیم.. زانیم "بیر ئەکاتەوە"

**کوێخا:**

چیت زانی.. ها؟!

**پیربال:**

راستێکەی ئەوەیە.. من نەزرم لەسەر بوو

متو مووروو بهۆنمەوەو.. بیکەمە مل

ئاسکە موبارەك.. ئێستاکە زانیتان؟!

**وسوو:**

من وتم ئەیزانم

تابڵێی نەزرێکی پیرۆزو پەسەندە

**کوێخا:**

بێقەزابی.. وتم ئاخۆ

راسپاردەی چیت کردووە

متو مووروو لەگەردنی ئاسك بکرێو نەکرێ ئەبێ

جێگەی کام شتت بۆ بگرێ

هەی ماڵ شێواو.. راسپاردەی

پوشێ خورمات بکردایە.. چاکتر نەبوو

ئێمەش یەك دوو دەنکمان بەرکەوتایە

چاکتر نەبوو.. هەی ماڵ شێواو!

**وسوو:**

نەء! کوێخا.. نەء! چۆن وا ئەڵێی

ئەو دیارییەی بۆ ئاسکە موبارەك بێ

موفەڕکێکە ئەبێ لەسەرسەر راگیرێو،

ماچیش بکرێ

تۆزێ وەفا.. کوێخا بایز.. توزێ وەفا

**کوێخا:**

دیسانەوە هاتینەوە سەر ئاسکەکە

چەند نەگبەتین..

بەسە.. بەسە وا باشترە
ئەم باسە بگۆڕین
ماڵتان شێوێ لەبیرتان بردمەوە
من ویستم چی بڵێم

**پیربالّ:**

کوێخا دەی.. ئێ.. فەرموو
هیچ کارت بوو؟

**کوێخا:**

سبەی شەوێ.. نۆبە دەستاڕ
بۆ ماڵی ئێمەیەو
هەموو شت ئامادەو
چاوەڕێین کچ گەل‌و کوڕ گەلی ئاوایی
بگەنە لامان‌و دەس پێ بکا دەستاڕ هێڕی
تۆ.. مام وسوو.. مەنیج گورجەو
تۆش پیربالّ گیان.. هەرلەڕێوە
حەمەی دارکەن ئاگادارکە
بیری نەچێ.. خۆی بێ
یاخود سوارەی ئەولامان بۆ بنێرێ
لەدوای ئێمەش نۆبە دەستاڕ لەکوێی تربێ
بانگ هەڵدێرین
ماڵ لەدوای ماڵ ئەیرەخسێنین

چاوەکەمن.. بیرتان نەچێ

**پیربال:**

کوێخا بایز.. هەموو ساڵێ وانەبووە؟!

بیرمان ناچێ

**وسوو:**

منیش مەنیجو گوڵچینتان بۆ ئەنێرم

**ـ تاریکی ـ**

# تابلۆی سێیەم

"ڕوناکی کۆرس"

**کۆرس:**

پایزەو لێواری دێی خەزان
وەك کوڵمی خاوەری گوڵ گرتووی
بەر سەرما ئەلەرزن
قژی ڕەش شۆڕەبی ناو چەمی شەوانە

**کوڕێکیان:**

جووتە مەم.. دووبێچوە کەروێشکی،
سپیلکەی ڕەزەکەی مام وسوون
لەخشپەی سەر پەنجەی کێویلەی
کوڕە شوان ئەترسن

**کۆرس:**

پایزەو ئاسکەکەی سەرچیا
چیرۆکی میوانی ناو هەموو
ژوورێکی ماڵانە
کوژەکەی گۆشەدار لەملیا
ئەستێرەی ناو خەوی دێرینی ئاسمانە

پایزەو وەك گشت ساڵ

وا ئەمشەو کچو کوڕ، دڵداران

لەماڵی کوێخادا

دوو بەدوو قسەی دڵ لەترسی پێ زانین

ون ئەکەن لەهاڕەی دەستاڕدا

**کوڕێکیان:**

ئای ئەمشەو بۆ گیانی کوڕە شوان

ئەبێ چۆن لە عەشقی خاوەردا

گڕ بگرێ تا.. هەڵسان

**کچێکیان:**

ئای ئەمشەو بۆ خاوەر

ئەبێ چۆن ئارەزووی چاو ببڕێ

لەسنگی تووکنی کوڕە شوان

**کۆرس:**

دڵداران ئەزانن کە ئەمشەو

لای کوێخاو کوێخا ژن.. هەر هاڕین مەبەستە

نازانن کە دەستی دڵداران

شل نابێ و جێ ژوان

بۆ ئەوین هەر کوێ بێ بەهەشتە.

**ـ تاریکی ـ**

"شوێن بەشەوقی فوتیلکەیەك ڕووناك بۆتەوە، دیمەن ژوورێکی ماڵی کوێخایە، نۆبە دەستاڕهێڕی ئەوانە، پیرۆتو خاوەریش ئەم شەوەیان بۆ ڕەخساوەو لەسەر یەك

دەستاڕن‌و بەرامبەری یەك دانیشتوون، لەم دیمەنەدا، ئەتوانرێ، پیرۆت‌و خاوەر دوو دەستاڕهێڕی تر نیشان بدرێ‌و ئەوانی تریشیان لەڕێگەی دەنگەوەبناسرێن".

**دەنگی کوێخا:**

کوڕینە.. قوربانی دەست‌و مەچەکەی،

ئێوەبم.. بهاڕن

بهاڕن.. مەسرەون

هەتاکو دوا دەنکی ناو جەواڵ ورد ئەبێ

کوڕینە قوربانی بازووتان

بهاڕن دەرفەتە

کوا ئەمشەو بۆ خەوە!

با دڵی کوێخاتان ڕازیکەن

ساڵێکەو ئەم شەوە

دەرفەتە

**پیرۆت:** "هەربەدەم هاڕینەوە"

دەرفەتە.. خاوەر گیان.. دەرفەتە

ئەو چاوە ڕەشانەت هەڵبڕەو

بڕوانە.. سووتانی ناودڵم..

بمدوێنە.. خاوەرگیان.. بمدوێنە

هۆ گیانم.. هۆ ژینم.. هۆ گوڵم

**دەنگی کوێخاژن:**

کچینە.. قوربانی ئەو شان‌و باڵەتان

شان‌و باڵ نەڕزێ

گوڵینە.. قوربانی ئەو پەلکە ناسکەی
پەنجەتان، کە ئەمشەو والەگەڵ
هاڕیندا ئەلەرزێ
کچینە.. دەی دڵی کوێخاژن ڕازیکەن
کچینە مرادتان حاسڵ بێو،
بەهیوای خۆ بگەن

**خاوەر:**

ئاخ خۆزگە هەموو کەس بەمراد ئەگەیی
ئاخ خۆزگە هیچ گوڵێ ژاکانی نە ئەدی

**پیرۆت:**

خاوەر گیان.. بەهیوای.. هیوام ڕۆشنە
شوانکاریم ئازاری چەند زۆربێ
لەبەر تۆ خاوەر گیان.. لەبەر تۆ
لەلای من وەك خۆشاو چێشتنە..
پشت بەخوا هەر ئەبێ ساڵانی بەردەمم
تەخت کەم
ئاکامیش خاوەر گیان..
پێت بگەم.. پێت بگەم

**خاوەر:**

ئای پیرۆت کەچوار ساڵ
ڕێگەکەی درێژەو، هەر شەوەی
چقڵێکەو.. لە ئارام ئەچەقن

ئای پیرۆت.. چۆن بڕواو بەسەر چێ

چۆن پیرۆت؟!

**پیرۆت:**

خاوەر گیان.. قەت نەکەی

تو خوا گەر بهێڵی.. دڵی خۆت

تاریك کەی.. "ئاورێك ئەداتەوەو دەس ئەخاتە سەر دەستی"

**خاوەر:**

وامەکە.. ئەترسم

نەك چاویان لێمان بێ

"پیرۆت کە دەنگی کوێخا ئەبیستێ دەستی لەسەر دەستی خاوەر لائەبا"

**دەنگی کوێخا:**

قوربانی چاوتانم

هۆ کوڕگەل.. سست نەبن.. بهاڕن

بەتەمای مەچەك‌و قۆڵتانم

**پیرۆت:**

بەتەمای هاتنت.. خاوەر گیان

دوێنێکە لەناو ڕەز هەتاکوو درەنگان

تا "مشتاغ" هەڵگرتن

چاوانم لەسەر ڕێی نەتروکان

ئەی بۆچی خاوەر گیان دیار نەبووی

خۆ باوکت لەڕاو بوو؟!

**خاوەر:**

**لەدوورەوە.. لەدەشتەوە**

**میوانمان هاتبوو**

**بەڵام من.. هەر دڵم.. لەلات بوو**

**دەنگی کوێخا ژن:**

**ئەی دەستە کچانی ڕووسوورو پاکی دێ**

**کوێخا ژن لەدەوری ئەو شانو قۆڵەتان**

**بگەڕێ..**

**سست مەبن.. بهاڕن**

**کوێخاژن زەنگیانەو مووررووتان**

**بۆ بەینی مێخەکبەند ئەداتێ**

**پیرۆت:**

**ئەمجارە.. خاوەر گیان.. ئەمجارە**

**هەر بچمە کاروانو بگەمە قەیسەری**

**من مووررووی مەرجانتان بۆ دێنم!**

**کام گوارەی شۆڕابەو موستیلەی بەورشەی،**

**جوان هەیە من ئەوەت بۆ دێنم**

**خاوەر:** "بەسەر سوورمانەوە، دەس لەدەستاڕەکە بەر ئەدا"

**وتت چی؟! من مووررووی مەرجانتان**

**بۆ دێنم..**

**من چەندم.. هەر خۆم نیم؟!**

**پیرۆت:** "بەپێکەنینەوە"

خاوەر گیان هەردووکتان!

**خاوەر:**

هەردووکمان؟! ئای پیرۆت ئەڵێی چی؟!

**پیرۆت:** "بەپێکەنینەوە"

خاوەر گیان.. تۆ ئەوی‌و ئەویش تۆ

هەردووکتان بۆ دڵی کوڕە شوان

خوێنێکن، خاوەر گیان!

**خاوەر:**

نازانم.. نازانم ئەڵێی چی.. نازانم

تۆ گاڵتەم پێ ئەکەیت؟!

**پیرۆت:**

نە بەخوا.. بەو چاوە جوانانە

ڕاست ئەکەم هەردووکتان!

**خاوەر:** "بەتووڕە بوونەوە"

سا بەخوا لێرەوە هەڵ ئەستم

پێم نەڵێی؟!

**پیرۆت:**

پەست مەبە.. گیانی من.. پەست مەبە

کچانی ناو خەزان لەلایەك

خاوەریش بەتەنها لەلایەك

لای ئەوان دەروونی براییم داناوە

لەلای تۆش هەناوی ئەوینم داناوە
تۆ نەبی چیم داوە.. لەو ژینەی،
هەموو ڕۆژ تاڵاوی بەقوڕگما کراوە..   "بەپێکەنینەوە"
پەست مەبە.. کە وتم هەردوکتان
ئەویتر ئاسکەکەی پیرۆزی چیایە
ئەی توخوا خاوەر گیان، ملوانکەش
وەکوو تۆ.. لەو نایە؟!

**خاوەر:** "دوای دڵنیابوون"
دە پیرۆت وا بڵێ.. وابڵێ
ئەو ئاسکە پیرۆزە
نەوەك هەر بەمووروو هەق وایە
ملوانکەی بۆ بکرێ
هەق وایە خەڵکی دێ
- سەرکەلەی – زێڕینی بۆ بکڕێ

**پیرۆت:**
من ناڵێم.. خاوەر گیان.. من ناڵێم
هەر بچمە کاروانو بگەمە قەیسەریی..
"قسەکەی تەواو ناکات کە کوێخا بانگ ئەکات"

**دەنگی کوێخا:**
کوڕینە.. کچینە.. بهاڕن
هێشتاکە جەواڵمان هەر پڕن

هۆ سواره.. هۆ مەنیج

چەند "کۆتك" هاڕاوه؟!

**دەنگی سواره:**

کوێخا گیان.. وچانمان نەداوه

هێند نەبێ.. ئارەقمان سڕیوه

ئەوەندەی حەز ئەکەی

ئەوەندەش کۆتکمان هاڕیوه

**دەنگی کوێخا:**

با بازووی دەستاڕهێڕ هەر خۆش بێ

قوربانی چاوتان بم بهاڕن

سست مەبن، سست مەبن

وامن و کوێخا ژن خەریکی ترێی ناو،

قولێنەو بەرچنەین

هەر دەستمان بەتاڵ بێ

سەرێکتان لێ ئەدەین

- وچان -

**پیرۆت:**

خەو.. سەیره..

ئەزانی خاوەر گیان.. دوێ شەو لەخەوما

چیم بینی؟!

**خاوەر:**

خوا بەخێری بگێڕێ

**پیرۆت:**

له شوێنێ وەك لەوبەر سیروان بەم ئاوەها

تۆ بووك بوویت بەسواری هاتیت و،

دامگرتی

كە تارام لەسەر سەر لابردی

خاوەر گیان! خاڵەكەی سەرگۆنەت

لەپڕ بوو بەهەنگ و هەڵفڕی

خەو سەیرە.. خاڵ بفڕێ.. خەو سەیرە

دوای ئەوە خاوەر گیان..

**خاوەر:** "قسەی پێ ئەبڕێ"

خەبەرت.. بووەوە؟!

**پیرۆت:**

نا.. نا.. نا لە خەوما

ئینجا هەر ئەوەندەی پێ نەچوو

ئاسمانی سەر سەرمان ئەیگرمان

ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو،

بەفرێكی.. سوور باری

خەو سەیرە.. بەفری سوور.. خەو سەیرە

دوای ئەوەش خاوەر گیان..

**خاوەر:**

ئەمیشیان لەخەودا؟!

**پیرۆت:**

ئا.. ئا.. ئا.. دوای ئەوەش لە خەوما
توترکێ ئاڵابوو لەسنگم
چەندم کرد کەبەدەس ڕایکێشم
توترك بەرنەبوو لەسنگم
لەپڕدا داچڵەکیم. کە هەستام
ئەزانی چیم بینی.. ئەزانی
"قاقا دەست ئەکا بەپێکەنین"
ئەبینم.. بەڕاستی
وامشکێ هاتۆتە سەرسنگم
"پێکەوە دەست ئەکەن بەپێکەنین"

- وچان -

**خاوەر:**

تۆ مەلاش ببینە..
خەونامەی مەلای ڕەش هەرنییە..
ئەوەندە پیرۆزە..
خێر ئەبێ
لەخەوا.. خاڵ بفڕێو،
بەفری سوور بباریێ

- وچان -

**دەنگی کوێخا:**

هۆ.. پیرۆت

**پیرۆت:** "وەك داچڵەكێ"

هۆ بەڵێ.. هۆبەڵێ

**دەنگی کوێخا:**

ئەوەبۆ.. بێ دەنگی، دەستاڕهێڕ

با تاقەت پەیداکەن

با نەڵێن لەنۆبەی ئەواندا

کۆڕ سارد بوو..

حەیرانێ.. دەی پیرۆت.. حەیرانێ

**دەنگێ:**

بەساقەی چاوت بم

ئا.. ئا.. دەی حەیرانێ

**پیرۆت:**

بەچاوان کوێخا گیان بەچاوان

هەر ئێستە، تۆو حەیران؟!

**خاوەر:** "بەدەم زەردەخەنەوە"

بەدڵی.. خۆت بیڵێ

ئەوەبێ.. جارەکە.. لەناو ڕەز

بۆت وتم!

**پیرۆت:** "ئامادە ئەبێو دەست ئەکا بەوتنی ئەم حەیرانە، کەکوتو مت وتەکانی لەحەیرانی ئەسڵییەوە وەرگیراوە"

"حەیران.. حەیرانە.. حەیرانی لێ دێ

بەژنی نازدار حەیرانێم.. چەندە بڵندە،

کەمەرەی لێ دێ

دەستی من دامێنی ئەوان وەستاو وەستاکاران بێ

کەمەرەیەکی درووست بکەن بۆ نازدار حەیرانێ

نەگرن بەگازێ لێ نەدەن بەچەکوچێ

لەسەر دەستی خۆیان دابنێن لەمابەینی عەردو عاسمانان

بەڵکە باری تەعالا.. بەقودرەتی خۆی

دادەڕژێنێ کەمەرێ، ئەوجا نازدار حەیرانەکەی من

شلك.. شلك.. تەنك.. تەنك

بیبەستێو پێی بێتەوە جێ ژوانێ

کچ وتی: گەلی دەستە خوشکان ئەنگۆ خەبەرێکی لۆ من

بدەنە کوڕەتیم.. حەیرانێ.. بمگاتێ

داخوازیکەری من هاتینە بابێکی گەلێ بێ دینم هەیە

زۆر دەترسم بمداتن

کوڕەتیم حەیرانێ دڵێ: ئەنگۆ جوابێکی بدەنە

نازدار حەیرانێ، سەبرێکم لێ بگرێ

شەرت بێ لەو بەندەی دەربێنم

یان بەماڵی دنیایە

یان بە زەبری خەنجەرێ"

"هەر کە کوڕە شوان لەوتنی حەیرانەکە ئەبێتەوە یەك دوو دەنگ لەم لاو لەو لاوە بەرز دەبنەوە".

**دەنگی یەکەم:**

ئەی دەنگت نەڕزێ.. کوڕەشوان

بۆ خۆتو حەیرانت..

بەهیوای خۆت بگەیت

کوێر نەبێ چاوانت

**دەنگی دووەم:**

ئەی دەم خۆش

ئەی هەزار ڕەحمەتیش

لەگۆڕی مردووت بێ

وەك ئاوا دەمارت بزواندین

**دەنگی کوێخا:**

هەی دەم خۆش.. هەی دەم خۆش

ئاوەها.. با تینی ماسولکەی دەستاڕهێڕ

گوڕ بدا.. بە جەستەو سست نەبێ

**خاوەر:** "بەدڵێکی خۆشەوە"

قەت دەنگت نەڕزێ

هەمووی هەربۆمن بوو

وانییە؟!

**پیرۆت:**

خاوەر گیان.. تاچاوتان.. دیاربێ لێم

تۆو ئاسکە موبارەك

من دەنگم وەك سەرم بڵندە

تۆ بڵێو هەر بڵێ

ئەوینمان نەڕزێ.. خاوەرگیان

ئەوینمان

- وچان -

"پیرۆت.. بەوردی ئەڕوانێتە چاوو گەردنو سنگو مەمکی خاوەرو دەست ئەخاتە سەر دەستی".

**خاوەر:**

بۆ وەها ئەڕوانی

ئەڵێی قەت نەتدیتووم

**پیرۆت:**

ئاخ خۆزگە ئێستاکە

ناو باخو ڕەز بووایە

ئەوساکە ئەمزانی!

**خاوەر:**

لەبەرچی؟!

**پیرۆت:**

تێر.. تێر.. تێر

ئەو خاڵو گەردنەم ئەمژی

**خاوەر:** "بەشەرم کردنەوە"

سووک.. سووک.. سووک بدوێ

نەء نەء نەء ئەڵێی چی؟!

- وچان -

**پیرۆت:** "بەدەنگێکی بەرز بانگ ئەکات"

هۆ.. سوارە.. سوارەگیان

**دەنگی سوارە:**

پیرۆت گیان.. ئەڵێی چی؟!

**پیرۆت:**

خۆ بیرت نەچووە.. وەختێتی

چارێکی ئەو ئێسك گرانەم بۆ ناکەی

هەتا کەی؟! وەختێتی

**دەنگی سوارە:**

لەمنت نەکەوێ.. لەبیرچوون!

ڕاوەستە بزانە هەناسەی لێ نابڕم

بۆ هەر تۆی پەرێشان؟!

تۆ ئاگات لێم نییە.. پارچەیەك ئاگرم

**پیرۆت:**

چوزانم؟! وتم نەك لەبیری کردبێ

**دەنگی سوارە:**

دەرفەتەو.. دەرفەتیش زۆر تەنگە

دەستو برد..

**پیرۆت:**

کەیە.. کەی؟!

**دەنگی سوارە:**

دوای چوار پێنج مشت هاڕین

ئەڵێی چی؟!

**پیرۆت:**

**زۆرچاكه.. زۆر چاكه**

**چاوەڕێم.. خێراكه..**

**خاوەر:** "تێ ناگات"

**چیتانه تۆو سواره**

**ئەڵێن چی؟!**

**ئەو ئێسك گرانه.. كێیه.. كێ؟!**

**پیرۆت:** "بەدەنگێكی نزمو سەر ئەباته پێشترەوە"

**خاوەرگیان.. ئەڵێین چی!**

**حەز ئەكەین هەر قەیرێ**

**تاریكی دەرفەت با..**

"لەم كاتەدا، شتێك ئەگیرێته قوتیلكەكەو ئەكوژێتەوەو شانۆ تاریك ئەبێ"

**دەنگی خاوەر لەتاریكیدا:**

**ئەمەندەش فێڵ بازی؟!**

# تابلۆی چوارەم

"شانۆ ڕوناك ئەكرێتەوە، كۆرس ئامادەیە"

**كۆرس:**

ئەو تۆزە دەرفەتەی تاریكی
دای بەژوور بۆ دڵدار
نەیداوە هەزاران قوتیلەو نەیداوە،
هەتاوی زۆر ڕۆژگار
لە ماڵی كوێخادا
هەتاكوو بەربەیان پرچی خۆی شانە كرد
كچو كوڕ نیگایان وەكوو مۆم
لەبەر دڵ ڕائەگرت

**تاك لەناو كۆرسەوە:**

ئەو شەوە شەوێ بوو بۆ دڵخواز
ئەبێتە خەیاڵێ كەزۆر جار
پێش مردن بەسەردان بیكاتە هەوارێ
بۆ ئاخی یادگار

**کۆرس:**

ئەی شەوی کۆتایی پایزی
گرمۆڵەی بەر سەرما
باگڕی عەشقەکەی
پیرۆزت و خاوەرت پیا بدەین
بەر لەوەی کە بمری

- تاریکی -

"ڕووناکی، حیکایەتخوان دێتەوە سەر شانۆ"

**حیکایەتخوان:**

خەریکە بەسەرچێ عومری وەرز
درەختی تێك ڕژاو
وادەستیان لێك بەردا
بارانە پایزەی کەم دەوام
بەبۆنی خۆڵەوە.. دڵۆپی درشتی
وەك گوڵاو هەڵپرژا
باڵندەی کێویلە.. لەکونی شاخەوە
گوێی ترسی.. بۆ هاژەی
چەمی خوڕ هەڵئەخا
دووچاوی بچکۆلەی
لەئاستی باوبژا
ئەتروکێ و ئەنووقێ و.. سەری خۆی

لەپەڕی ناو باڵدا ون ئەکا

- وچان -

ئێستاکە.. جێ کۆڕی هەرەوەز خاڵییە،
چۆڵە وەك سەر سەکۆی بەر ماڵان
گەڵاکان.. سەمایان لەسەر ئاو
سڵاوی دوا کۆچە
کە ئەیکا لەخەڵکی دێی خەزان

- وچان -

ئاسکەکەی خەزانیش بەبازی ئەم بەرد و بەردی
سەر چیای، ڕاوکەری وێڵ ئەکرد
بەلەرەی ناو بارەی
هەتاکوو ئێستەکەش.. ئەو بانگی
ئازیزو دڵداری خێڵ ئەکا
ملوانکەی بەر سنگی زۆرترن لەدوێنێ
ماچکەری خاڵی سەرتەوێڵی.. تاکو بێ
لەڕیزی چرتردا
ئەڕۆن و ئەچنە پێش
بۆ ئەوەی خوێن بەنو،
ماچێکیان بەر کەوێ

- وچان -

تا دوێنێ وا ئەڕۆی.. ئاسایی ژیانی دێی خەزان
وا ئەمڕۆش هەواڵی وەك بوومەلەرزەیەك

ئەم گوندەی لەبەر یەك هەڵ تەكان

هەواڵی.. دەروونی خەڵكی دێی

لەبنجو بێخەوە.. ڕاچەنان..

- تاریكی -

"شانۆ ڕووناك ئەكرێتەوە، دیمەن ناو ئاواییە، پیرۆت بەپرتاو و شپرزەییەكی زۆرەوە خۆی ئەكا بەناو گونداو، هاوار ئەكات".

**پیرۆت:**

هۆ.. هۆ.. هۆ.. ئاوایی

هۆ كوێخا.. مام وسوو

پیا بگەن.. پیا بگەن

زوو.. زوو.. زوو

"لەبەر خۆیەوەو بەدەنگێكی نزمی پڕ لەداخو گریاناوی".

ستەمە.. ستەمەو جەخاریش

چۆن وابوو؟! سەرەتای زستانێ دیاریدا

ئەو دڵەی گوڵێكی تیا ڕوابێ

بەبێ ئەو ناتوانێ هەڵ بكا

ستەمەو.. نازانم چۆن چۆنی گەیشتە

ئەو جێیە؟! نازانم.. نازانم

- وچان -

گەلێ جار.. چاوی ئەو.. مەڕانەم بینیووە

كە چەقۆ ئەبینین، قەت بەقەد

چاوی ئەم.. كڵپەم واتیا نەدین

خوایە گیان.. قودرەتت.. بخەكار.. قودرەتت

ناتوانێ.. ناتوانێ.. ناتوانێ

ـ وچان، هاوار ئەکاتەوە ـ

هۆ کوێخا.. مام وسوو

هۆ سوارە.. وان لەکوێ

وان لەکوێ؟!

"کوێخاو مام وسوو کۆمەڵە خەڵکێ بەپەلە دێن و ئەگەنە لای"

**کوێخا:** "بەپەشۆکاوییەوە"

خێرە.. خێر! چی بووە؟! چی بوو؟!

چی ڕویدا؟!

**مام وسوو:** "بەشپرزەییەکی زۆرەوە"

خوا هاوار.. خێر بێ خێر.. چی بووە

**پیرۆت:** "بەنائومێدییەوە"

چی نەبێ!

**وسوو:**

بۆ.. بۆ؟!

**پیرۆت:**

فریای کەون.. فریای ئاسکە موبارەك

فریای کەون.. فریا..

**هەموویان بەیەك دەنگ:**

بۆچی.. بۆ؟!

**پیرۆت:**

وا لەسەر ترۆپکی ڕەوەزدا

عاسییەو.. گیر.. گیری خواردووە
ئەی گوێتان لەبارەو ناڵینی ئەو نییە؟!
چۆن گوێتان لێ نییە؟!

**کوێخا:**

ترۆپکی کام ڕەوەز؟!
کام ڕەوەز؟!

**پیرۆت:**

ترۆپکی ڕەوەزی قەلەڕەش
هەموویان بەیەك دەنگ:
ترۆپکی ڕەوەزی قەلەڕەش
"کۆمەڵە خەڵکەکە بڵاو ئەبنەوە بۆ هەواڵ گەیاندن"

**وسوو:**

دەك کوێربم! لەویانە؟!
لەهەرجێ گیربوایەو،
ترۆپکی ڕەوەزی قەلەڕەش نەبووایە،
هەر ئەوێ نەبووایە

**کوێخا:**

هەر ئەوێ نەبووایە
قسەی هەر لێ ئەکرا
هەوڵێکی بۆ ئەدرا..
هەر ئەوێ نەبووایە

**پیرۆت:**

ستەمە.. ستەمەو جەخاریش
دووربەدوور هەتاکوو درەنگان
هەرچاوم تێ بڕیو نیزام کرد
بارژنی بەرد ئەکا بەئاو و
چاوانی بوونەتە دوو کڵپە ئەسووتێن
ئا.. ئا.. ئا.. ئەسووتێن
لەتاوا خەریکە باڵ بگرێ
بەڵام چۆن باڵ ئەگرێ.. بێ باڵە.. بێ باڵە

**وسوو:**

دەك کوێربم بەتەنیا باڵندە
ئەتوانێ لەو جێیە فوتاربێ
بەتەنیا باڵندە.. ئەی داخی گرانم

**کوێخا:** "بێ بایەخانەو بەساردییەکەوە"

پێش سێ ساڵ بزنێکم ڕێی کەوتە
هەمان شوێن.. ڕەوەزی قەلەڕەش

**پیرۆت:** "قسەکەی پێ ئەبڕێ"

ئێ.. ئێ.. ئەی.. ئەنجامی.. ئەی دوایی؟!

**کوێخا:**

چی ئەکەیت؟ دەسەڵات کە نەبێ
هەڵدێرراوەو بۆ خەرەند کەوتە خوار

**پیرۆت:**

ستەمە.. ستەمە.. مام وسوو
بەڵام ئەم ئاسکەو ئاسکەموبارەك
ئەم بەڵا لادەری گشت دێیە

**وسوو:**

ئەو نەبێ.. ئاوایی چۆن بژی؟!

**کوێخا:**

تۆ نەتوت.. چۆنت دی؟
چۆن زانیت؟!

**پیرۆت:**

چۆن زانیم؟! من لەپاڵ گابەردە شینەدا
کەدوایین بژوێنی ئەمساڵە
تروشکەم کردبوو، ڕانەمەڕ لەولاوە
لەوەرگەی.. بۆ خۆش بوو مڕبووبوون
لەناکاو.. بارڕژنی ئاسکەکە.. هاتەگوێ
داچڵەکیم..
بارڕژنێ.. لەبارەی جارانی نەئەچوو
بارڕژنێ.. لەقیژە و زریکەی ژن ئەچوو
کەچووم و دوور بەدوور سەیرم کرد
زانیم چی قەوماوە.. مامەوە.. مامەوە
بێ هودە.. ئەویش هەر زریکەی لێ ئەدا
"سوارە بەشڵەژاوییەوە دێتە ژوورەوە"

**سواره:**

داخ.. داخ.. داخ

چۆن ڕاسته؟! ترۆپكی ڕەوەزی قەلەڕەش؟!

لەكوێی تر گیربوایەو هەر ئەوێ نەبووایە

هەواڵی وەها شووم قەت خەزان بیستوێتی؟!

**كوێخا:**

ئەو وەهای لەچارە نووسراوە

دەسەڵات كەنەبوو..

**وسوو:** "قسەكەی پێ ئەبڕێ"

ئەو نەبێ چۆن بژین

بینایم خەریكە لێڵ ئەبێ

بەر پێی نابینم

مەرگی خۆم ئەوێت و،

مەرگی ئەو نەبینم!

**سواره:** "وەك شتێكی بیر بكەوێتەوە"

بۆ لێرە ئەبڵەق بووین؟

بابچین بیبینین

بابچین بزانین

**كوێخا:**

ئارەزووی خۆتانە!

**وسوو:**

نە ء.. ئەچین

**پیرۆت:**

ئا.. سوارە ڕاست ئەکات
بابڕۆین.. بابڕۆین
بیبینین.
**ـ ئەچنە دەرەوە، تاریکی ـ**

"ڕوناکی، حیکایەتخوان دێتەوە سەر شانۆ"

**حیکایەتخوان:**

بینیتانو گوێتان لێ بوو
هەواڵەکە نەك وەك بەردێ
وەك کەندەڵانێ بڕوخێ و،
بکەوێتە.. گۆمی ناخی خەزانەوە
ئاوەها بۆ..
کارەساتی ئەم هەواڵە..
ماڵ بەماڵی ناو خەزانی
هەژان و، دێ
دایگرت.. تەمێ
ـ وچان ـ
بۆ ئەوەی بزانن.. ترۆپکی ڕەوەزی قەلەڕەش
چەند تووشەو.. کام ترسی چارەنووس
چاوەڕێی ئاسکی پیرۆزی.. گیرخواردووی.. ئەوێیە
کارەسات.. چەند گەورە دژوارە
با گوێمان لەقسەی پیرترین مرۆڤی خەزان بێ
چی ئەڵێ.. چۆن ئەدوێ دەربارەی

ئەو خەم و ئازارە

**ـ ئەڕوات، تاریکی ـ**

"شانۆ ڕوناك ئەبێتەوە، جێگە ژوورێکی گوندی ئەو سەردەمەیە، - باپیر - کە پیرەمێردێکی ئێجگار باسالآچووە لەگەڵ هەردو کوڕەزاکەیدا دانیشتوون، خەمبارن"

**مەمەند، مناڵی یەکەم:**

باپیرە.. تۆ دیوتە؟ تۆ چوویتە

سەر لووتکەی ڕەوەزی قەلەڕەش؟!

**باپیر:**

مەمەند.. باوکەکەم

دوور بەدوور.. من دیوومە

بەڵام چۆن..

کوڕەکەم.. هیچ کەسێ ناتوانێ بچێتە سەر لووتکەی

زۆر گران.. بشگەنە.. نزیکی

ترۆپکی ڕەوەزی قەلەڕەش

هەر باڵدار ئەتوانێ هەر باڵدار..

**زۆراب، مناڵی دووەم:** "قسەکەی پێ ئەبڕێ"

باپیرە.. ئەی ئاسکەموبارەك

چۆن چووە؟!

**باپیر:**

زۆرابە.. کوڕەکەم

باڵندە.. ئەچێتو دێشتەوە

هاتنەوە.. گرنگە.. هاتنەوە

بەرانە کێوییەکان.. ئاسکەکان

کام ڕێگە باریکە پیا ئەڕۆن

ئەتوانن بگەنە سەر هەموو ترۆپکێ

بەڵام.. کە..                "کۆکەیەك ئەیگرێ"

**مەمەند:**

باپیرە.. بەڵام چی؟!

**باپیر:**

بەرخەکەم.. مەمەند گیان

ڕەوەزیش تا ڕەوەز کەوتووە

ترۆپکی ڕەوەزی وا هەیە

وەك سەری قەلەڕەش

ئەیگەنێ..بەڵام بۆ هاتنەوە

ناتوانن بێنەوە

گیرئەخۆن وەك ئاسکە موبارەك

گیر ئەخۆن.. داخەکەم.

**زۆراب:**

ئاخر بۆ باپیرە؟!

**باپیر:**

کوڕەکەم. باوکەکەم، لەم سەریان

کە ئەچن بەقەدەر یەك جێ سم

ڕێ هەیە پیا ئەڕۆن

ـ حاڵی بووی بەرخەکەم ـ

لەو سەریان گەر ڕەوەز تەواو بوو
بواری تیا نەما وەرچەرخێن، بسوڕێن
ئەوساکە.. گیر ئەخۆن
وەرچەرخان.. بۆ جێ سم.. لەو سەریان
ئەی نابێ هیچ نەبێ لەسمێك
بواری زیاتر بات، هەتاکوو بسووڕێو بێشتەوە
وانییە باوکەکەم؟!

**مەمەند:**

باپیرە.. دوای ئەوەی
نەیتوانی وەرچەرخێ
دوای ئەوە؟!

**باپیر:**

دوای ئەوە لە هەڵدێرەوە بۆ خوارێ
بۆ خەرەند
هەتا چاو بیبینێ قووڵ قووڵ وتاریکە
بیرێکە.. لەنێوان دوو شاخا
گەر بڕۆن ئەکەونە خوارەوە!
وەرچەرخێن.. دیسان هەر
ئەکەونە خوارەوە!

**زۆراب:**

ئەی چیبکەن؟! باپیرە
ئەی چیبکەین؟!

**باپیر:**

لەجێگەی خۆیاندا.. ئەوەستن.. نابزوێن

تەنیا هەر بارەبار ئەکەن‌و هیچی تر

حاڵی بوون؟!

**مەمەند:**

حاڵی بووین.. باپیرە.. حاڵی بووین

بەڵام بۆ باپیرە ئەچنە سەر

لووتکەی وا..

هەموو جار هەر ئەچن؟!

**زۆراب:**

لەبەرچی باپیرە؟! خۆ ئاسکەموبارەك

لەوەو پێش نەچۆتە شوێنێکی عاسی

ئەی ئێستە بۆ چووە؟!

**باپیر:**

باوانم، هەمووجار هەر ناچن

تووش ئەبن.. تووش ئەبن

**هەردووکیان بەیەك دەنگ:**

لەبەر چی؟

**باپیر:**

کەکاتێ پایزان

دارو بار ڕووت ئەبن

بەردی شاخ وداخ

ئەکەونە بەر چاوان سەر تا بن
پەرژینی سروشتی حەشارو لانەکان
بەجارێ ئەووەرێن
جانەوەر.. دەعباکان.. زۆر ئەبن
بۆ نێچیر ئەگەڕێن
ئەوکاتە کەئاسکێ کەوتە بەر
تەماشای دڕندە
دڕندە بۆی ئەچێو ئەو هەڵدێ
ناچارەو هەر هەڵدێ
ئەوساکە لە تاوا ڕێیەکی وا ئەگرێ
کەتاسەر دڕندە نەتوانێ
دووی کەوێ.
حاڵی بوون؟
- وچان -

**مەمەند:**

ئەی باشە باپیرە لە ترسا
وائەدا لە باڕژن
ئەترسێ؟

**باپیر:**

ئا کوڕم ئەترسێو هاوارمان بۆ دێنێ

**زۆراب:**

چی ئەڵێ؟

**باپیر:**

بانگ ئەکا
لەم جێیەم قوتارکەن
لەم جێیە خەڵکینە.
**ـ وچان، تاریکی ـ**

"شانۆ ڕوناك ئەبێتەوە، شوێن ناو ئاواییە، کوێخاو مام سووو پیرۆتو سوارە هەموویان بەکۆمەڵ دەگەڕێنەوەو ئەمجارەیان پیرباڵیشیان لەگەڵە"

**سوارە:**

هەرئەبێ دڕندە.. سائیتر چۆن بووە
دیارە هەر.. ویستویەتی.. کەبیخوا
بەم دەردەی بردووە
جا ئیتر گیانی خۆی لێبۆتە تەوقێك و،
خستویەتییە سەر ڕەوەز
ئاخ ئاسکە موبارەك
داخی تۆ چەند گەورەو گرانە

**کوێخا:** "بەساردو سڕییەوە"

قودرەتی تەنیا خوا ئەتوانێ
ئەو ئاسکە قوتارکا
ئەگینا مەحاڵە.. بینیتان لە کوێیە!

**پیرۆت:**

کەبارژن لێ ئەدا.. وەختەمن
لە جێی خۆم گڕبگرم
ڕوانیتان چاوی چۆن بڕیبووە نێو چاومان

لەتاوا.. زمانی گرتووە

**پیربالّ:**

چۆن سەری.. ئاوەها.. لیّ تیّك چووە؟!

پرسیّكە وەك چەقۆ

چەقیوە لە دلّم

**وسوو:**

مام پیربالّ.. تۆ دنیا دیدەیتو ئەزانی

كەدەعبای ئەم وەختە چەند برسین

چەند دڕبن.. هیّندەی تر.. دڕئەبن

نەجیّگەی لەوەڕەو.. نەجیّگەی هیچ شتیّ

بەتەنیا هەر جیّگەی ترسو بیم

ناچاریو بیّكەسی.. پیربالّ گیان

**سوارە:**

ڕۆژیّكە ئیّجگار شووم

ئاخ خۆزگە كویّریّتیم ئەبینیو

نەمدیایە ئەم وەختە

نەمدیایە كە ئاسكە موبارەك

وای لیّ دیّ

نەتوانیّ ببزویّ

**كویّخا:** "بەگومانەوە"

مام وسوو.. هەر ئەبیّ دڕندە

بەم دەردەی بردبیّ؟!

**وسوو:**

قسەی سەیر

چ ملەو ڕێگەیەك.. تەنانەت هیچ بەردێ

نییە ئەو شارەزای نەبووبێ..

قسەی وا.. هەر نەكرێ باشترە

**پیرۆت:**

بزنەكان ئەزانن ڕێی ڕەوەز،

كامەیەو نایگرن..

ئەی چۆن.. چۆن ئاسكە موبارەك

ئەیگرێ..

ئەو كاتە قسەی وا ڕاست ئەبوو

بەچیا نوێ بووایەو.. ئەو كاتە ئەمان وت

ڕەنگ وایە..

كەسەری لە ڕێگە دەركردن شێوابێ

**سوارە:**

كارەكە هەر كاری دەعبایەو هیچی تر

ئێستاكەش بە ئێمە چی ئەكرێ؟!

**وسوو:**

ئەزانن.. هەمووتان.. ئەزانن

كەئاسكە موبارەك دێرینەو،

دەمێكە لە سای ئەوەوە..

خەڵك خوای ئەم دێیە

هەر خێریان بەسەرا باریوە

لەچاوی ئەوەوە.. دەروونیان بەخەڵکی

دوای خەزان ناسیووە

کێ هەیە نکوڵی لێ بکا؟

**پیربال:**

کێ هەیە؟! ئاشکرا

وەکو خۆر.. شتێکە لەبەرچاو

**پیرۆت:**

کەئاسکە موبارەك.. دڵ تەنگ بوو

دێکەمان دڵ تەنگە

تەنگانەی کەتووش هات

تەنگانە ئەبینین

**کوێخا:**

شتەکە هەر لەدەس خوا دایە

بەئێمە چی ئەکرێ!

**وسوو:**

کارەسات ئەوەیە..کەئاسکە موبارەك

نەمێنێ هیچ شتێ نامێنێ

ئەو تەنیا یەکێکەو.. قەت نابێ بەدوو

لەدوای ئەو خەزان، ئەم خەڵکە

وەك نەبن وەهایە

هەر تەنیا بارکردن ئەمێنێو هیچی تر

بارکردن.. لەخەزان

یان.. شەیتان دالْدەدان

**پیربالْ:**

مەلای دێ.. ئەڵێ چی!

دیار نەبوو.. نایبینم

**کوێخا:**

لەلای بووم.. کەوتووەو نەخۆشە

ئەفەرموێ.. شتەکە هەرلەدەس خوادایە

لێ گەڕێن باشترە!

**پیرۆت:**

چۆن چۆنی لێی گەڕێین؟!

**وسوو:**

هەرتەنیا بارکردن ئەمێنێ‌و هیچی تر

**پیرۆت:**

ئەی چی بکەین؟!

**سوارە:**

ئەی هەروا.. بوەستین هیچ نەکەین

بارڕژنی ببیسن

واکێوی کرد بەئاو

**کوێخا:**

چی ئەکەیت؟! ئەتەوێ چی بکەیت

باڵ ئەگری یان ئەفڕی!

**پیرۆت:**

شتێ بێ هەر شتێ کەبکرێ

**پیربالْ:**

هیچ ئەکرێ؟!

**وسوو:**

چۆن ناکرێ!

وابارەو هاتووەو لەم ڕۆژە

تەنگانەی تاریکتر کوا بووە

ئێستاکەش هەمووتان والێرەن

زانیمان کە ئاسکە موبارەك عاسییە،

ترۆپکی ڕەوەزی قەلەڕەش جێیەتی

زانیشمان هەر ئەبێ دڕندە

بەم دەردەی بردبێ

بەڵام ئەی نەجولێین!

**کوێخا:**

مام وسوو.. لەڕێی خوا بەرەو کوێ

ئەجولێی.. باڵندە ئەگاتە ئەو جێیە

باڵندەی؟!

چی ئەکەی چار نییە

**پیرۆت:**

بمرەو نەبینم بار ئەکەم لەخەزان

ئەوە مەرگەو.. نەك رۆشتن

**پیربال:**

**بارکردن.. ستەمە**

**وسوو:**

**زۆر ڕاستە..**

**هەموو ڕاستە..**

**هەموو شت لەدەستی خودایە**

**بەڵام خواش تا ئێستە**

**دڵ تەنگە**

**کەئاسکە موبارەك عاسییە**

**تا ئەویش دڵ تەنگە**

**ـ وچان ـ**

**(ـ باپیر ـ ی خەمە) شم بینیوە..**

**پرسو رام بەویش کرد**

**ئەویش هەر تاووتوێی بەکێشەی گران کرد**

**گوێ بگرن:**

**دڵنیام کەس نییە.. بگاتە ترۆپکی ڕەوەزی قەلەڕەش**

**گوێ بگرن، شاخەوان چاونەترس**

**ئەوانەی کە رۆحیان ئەخەنە ناو مشتو سەر دەستیان**

**ئەتوانن بەقۆناغ.. دوای ئەوەی قولاپە**

**لەکاڵەو پێتاوی تایبەتی گیر ئەکەن**

**دوای ئەوەی کەدەستیان**

**بەئەڵقەی گوریس بۆ هاویشتن رام ئەکەن**

سووك سووكە ئەتوانن بچنە پێش
بگەنە نزيكی
لەوێوە ئەڵقەكە بهاون بیخەنە ناو ملی
ئەو شوێنەی من ئەیڵێم شاخەوان بیگاتێ
گەر بگات.. هەر گوریس هاوێژی دوورە لێی
ئەمەشیان هەروەها ئاسانو سووك نییە..
گرانەو زۆر گرانە
- وچان -

"هەموو مات ئەبن"

**كوێخا:**

لەڕێی خوا.. مام وسوو.. چی ئەڵێی
بۆ خەڵك بەكوشت چێ
ئەمەی تۆ باست كرد لەوزەی كێ دایە
هەر پێیەك بترازێ
مەرگە.. مەرگ
كێئەوەی پێ ئەكرێ
ئەم خەتەی تۆ كێشات
مەگەر شێت رووی تێ كات
یان ئەوەی بەدەوری مردندا گڕ ئەخوات

**وسوو:**

ئا.. كوێخا، ئا.. ئەبێ.. بۆ ئاسكە موبارەك

ئەوانە بێنە پێش

بەدەوری مردندا گڕ ئەخۆن

**پیربال:**

ئەمەشیان.. ستەمە

**پیرۆت:**

ستەمە.. بەڵام ئەی نازانن

کەژیان دوای ئاسك

ئەویشیان مردنە.

**سوارە:**

بەڕاستی مردنە

**پیربال:**

مام وسوو.. ئەو پیاوە لەکوێوە بهێنین

بۆ ئەوەی ئەمەی تۆ ئەفەرمووی

بیکاتو هەناسەی ڕەحەتی هەڵکێشین

**وسوو:**

کەس نایە.. پیربالگیان.. کەس نایە

ئەو.. پیاوە هەر ئێمەین

کردمان وا ئەیکەینو نەشمان کرد

چاوەڕێی کەس مەکەن

کەس نایە

**ـ وچان، لەسەر قسەکردن بەردەوامە ـ**

مەگەڕێن بۆ ڕێی تر..

ڕێگەکە تەنیا هەر یەك ڕێیە

جێگەکەش یەك جێیە

وا ئێمە لێرەین و ئەویشە لەوێیە

نە ئێمە باڵ ئەگرین.. نە ئەویش

هەتا زووش بەفریای بکەوین

درەنگە.. چی ئەڵێن؟

**- وچان -**

"هەموو بێ دەنگ ئەبن، لەم کاتەدا، یەکێك خۆی ئەکابەژووردا و ڕوو ئەکاتە هەموویان"

وادیارە ئاگاتان لێ نییە

پێش تۆزێ

مەلای دێ

ئێوە خۆش.

"هەموو تەماشای یەکتری ئەکەن، تاریکی".

# تابلۆی پێنجەم

"ڕووناکی، حیکایەتخوان دێتەوە سەر شانۆ".

**حیکایەتخوان:**

هەواڵی مردنی مەلای دێ
خەمێ بوو..
هەر زۆر زوو
لەخەمە گەورەکەی ئاسکدا
توایەوە، ونیش بوو
خەڵکی دێ کێشەی ناو دەرامەت.
خۆیانیان بیر چۆوە
کەمو زۆر ئالآن لە:
پەژارەی ئەمڕۆوە
کەوتنە ناو گێژەنی ڕووباری سەرکێشو،
کارەسات خستنیە بەردەمی مەترسیی،
بەسەرهات.
بۆ ئاسک نەجاتدان
تەنیا ڕێی شك بردوو
ئەو ڕێگە تووشەیە، دیاریی کرد مام وسوو
چۆن ڕێیەك؟! لەهەموو بستێکا

مەرگ وەك پاسەوان

وەستاوەو چاوەڕێی نێچیرە بۆ قووت دان

وائێستەش كوڕە شوان

لەنێوان دوو دەمی بەرداشدا

بۆ ئاسكو بۆ خاوەر

زامێكە فوارەی خوێن هەڵ ئەدا "ئەڕوات"

"رووناكی، قەد پاڵی چیایە، كوڕە شوان تەنیایەو شپرزەیی بەروخسارو هەموو بزووتنەوەیەكیەوە دیارە، بیر ئەكاتەوەو پەشێوە، كۆمەڵێ منالی گوندیش دێنو ئەم گۆرانییەی بۆ ئەڵێن، ئەویش وەك لەناو ئەو وڕیو كاسێتی و شپرزەییەی خۆیدا ئەم دیمەنە وەك خەوێ ببینێ وەهایە".

**كۆرسی كوڕو كچی منالان:**

هۆ پیرۆت ئەی شوانەی بەرچاو روون

واچیا بەرد بەردو دار داری،

هاواری تۆئەكا.

وانیگای هەژاران وەك تەیری هەڵكوڕماو،

تەماشای تۆ ئەكەن.

بەیتی دڵ بەبازوو و جەرگی

نەترسا هەڵ ئەدەن

**كچێكیان:**

كچانی سەركانیە لێڵەكەی ئێستای دێ

ئاوێنەو شانەیان

خستۆتە كەنارو ژاكاوە بریقەی

ئەو قژە رەشەیان

**کوڕێکیان:**

جێ ژوان گوارەی گوێو،
موستیلەی ناو پەنجەی
یارانی تیا وەری
جرجەکان بەکۆمەڵ خاکی سەر
گڵکۆیان هەڵدڕی

**هەموویان:**

هۆ پیرۆت ئەی شوانەی دەروون پاك
ئاسکەکەی سەر چیا
پێش هەموو عەشقێك تۆی ناسیو،
وائێستە ئەو بانگی تۆ ئەکا
هۆ پیرۆت منالان دیلانێی
جۆلانەی ناو لقی
دار گوێزیان لێت ئەوێ
هۆ پیرۆت منالان ئاسکەکەی
ئازیزی خەزانیان لێت ئەوێ

**کچێکیان:**

کچانی دێ ئەڵێن:
بەهارێ بێتەوە لەگەڵ کوڕ
ناچینە ڕێواسان
هەتاکوو نەزانین وا پیرۆت

ئاسکەکەی داگرتو خستیە سەر:

نەڕەی شان

**کوڕێکیان:**

باپیرەی دەست لەرزیو

سنگ لەسەر گۆچانی

بەهەر حاڵ راوەستاو

ئەڵێ: کەی کوڕە شوان ئەڕواتو،

پێش مردن بیبینم بەدوو چاو

**هەموویان:**

هۆپیرۆت ئەی کوڕی بەفرو با

دڵداری کارێزو، مانگی ئاڵ

لەسینەی دایکانا کەی مژدە ئەڕوێنی

تا بمرێ درك و داڵ

هۆ پیرۆت ئەی شوانەی عاشقو،

بەرچاو روون

وا چیا بەرد بەردو

درداری

هاواری ئەوینی تۆ ئەکا "ئەچنە دەرەوە"

**پیرۆت:**

"وڕوکاسو ماندووە، داهێزراوانە هەڵ ئەستێتە سەر پێ، بەپەشۆکاویەوە"

ئاخ خاوەر چاوانت ئاخ خاوەر

ئاخ ئاسك چاوانت ئاخ ئاسك

"بێ دەنگ ئەبێ، ئەم دەنگانەی دێتە گوێ"

**دەنگی یەکەم:**

گێژەنی مردنە.. ڕاپێچت ئەکاو،
بەرەو بن..
لەمیاندا هاتنەوە هەر نییە
خۆ ڕوانیت لەکوێیە!
ترۆپکێ هەر باڵدار ئەیگاتێو دێشتەوە
وەکوو قەل قەلەڕەش
ناوی خۆی وا بەسەر خۆیەوە
بەقسەی مام وسوو مەکەوە داوەوە
ئەو فێرە هەر تەڵە دابنێ
ئاسکێکە بوو نەبوو بەتۆ چی؟!
ئەی خاوەر لەبیرت چۆتەوە ئەیخاوەر
ئەی ڕەنجی تا ئێستەت؟
ئازاری شوان کاریت لەبیر چۆتەوە؟!
چەند ساڵێ ئارامو.. خاوەر هەر.. بۆ خۆتە
بیهێنە پێش چاوت ئەو سنگو،
ئەو مەمکو گەردنە
بیهێنە پێش چاوت ئەو رانو،
ئەو پووزە گۆشتنە..
ئەو لێوە گەرمانە.. مژینی دوو بەدوو

کەئاگر بەر ئەدەن

لەپووشوی ئارەزو.

ئەی ماچی لاملی سپیو سۆڵ،

ژێر چەنەی خرپنی.

چی هەیە بگاتە ئەو تامەی ئەداتێ

لەباوەش گرتنی.

بەڵێنەو کوێخا قەت.. بەڵێنی ناشکێنێ

واز لەتۆ چۆن دێنێ!

ڕێگەکەت هەر ڕێگەی نەهاتە

ڕێیەکە هەر بەحاڵ

پێت لەسەر بترازێ

ئەزانی چیت لێ دێ؟!

خۆ تۆزی بەرەودوای کاروانت بینیوە

ئەبیتە ئەو تۆزەو با ئەتبا.. با.. با.. با

بیزانە

**پیرۆت:** "بەشپرزەییەوە"

ئەزانم.. ئەزانم.. ئەزانم

ئاخ خاوەر چاوانت ئاخ خاوەر

ئاخ ئاسك چاوانت، ئاخ ئاسك

لەنێوان شەپۆلی دووچاوی ئێوەدا

وەك پوشو پەڵاشی

ئیستەکەی سەر چەمم

**دەنگی دووەم:**

لەچاوی خاوەردا

بەتەنیا کوڕە شوان ئەسوتێ

لەچاوی ئاسکدا

خاوەرو شوانیش‌و هەموو دێ،

هۆ پیرۆت کەئاسک نەمێنێ

تۆو خاوەر

لەکوێدا دای ئەنێن دڵداری‌و،

سەودای سەر؟!

کەئاسک هەڵدێرا بۆ خەرەند

چۆن پەنجە،

ئەتوانێ شمشاڵت بۆ بگرێ‌و،

کلاّوت چۆن قنجە؟!

**دەنگی یەکەم:**

تۆز ڤاڵێ پێت لەسەر،

ملەی بەرز.. بترازێ

هۆ پیرۆت ئەزانی

ئەزانی چیت لێ دێ؟!

**دەنگی دووەم:**

ئەزانی.. هۆ پیرۆت

ئەزانی دوای ئاسك

تەنانەت ژیانیش نامێنێ

بۆ بنچك!

- وچان -

**پیرۆت:**

ئاخ ئاسك چاوانت ئاخ ئاسك

ئاخ خاوەر چاوانت ئاخ خاوەر!!

- وچان -

**دەنگی یەكەم:**

ئەڵێی چی؟!نەهێڵی

مام وسوو..تەڵەكەی

لەدڵتا بتەقێ

پێت ئەڵێم هۆ شوانە

قەت نەكەی

بەو فێڵە بڕواكەی!

**دەنگی دووەم:**

ئەو كاتە چاوانت ڕۆشنە و،

بێ گێژاو ناو سەرت

كە ئاسك دابگری و،

بیخەیتە باوەشی خاوەرت

**دەنگی یەكەم:**

هەر بەحاڵ پێت لەسەر پلەی خز بترازێ

**دەنگی دووەم:**

لەچاوی ئاسكدا خاوەر و شوانیش و هەموو دێ

**دەنگی یەکەم:**

هەر بەحاڵ پێت لەسەر پلەی خز..

**دەنگی دووەم:**

لەچاوی ئاسکدا خاوەر و شوانیش و...

**دەنگی یەکەم:**

هەر بەحاڵ پێت لەسەر...

**دەنگی دووەم:**

لەچاوی ئاسکدا...

**دەنگی یەکەم:**

هەر بەحاڵ...

**دەنگی دووەم:**

لەچاوی...

**- وچان -**

"پیرۆت لە پۆپەی هەڵچوون و پەشۆکاوی و شپرزەییدایە، دەنگەکان وایان لێکردووە،خستوویانەتە گێژاوی زۆرانبازییەکی دەروونییگران و دژوارەوە".

**پیرۆت:** " کاسە و،لەبەر خۆیەوە "

هەر بەحاڵ پێت لەسەر پلەی خز بترازێ

**- وچان -**

"لەم کاتەدا سوارە دێتە ژوورەوە و لەپشت پیرۆتەوە ئەوەستێ"

**پیرۆت:** "هەر لەبەر خۆیەوە "

لەچاوی خاوەردا...

بەتەنیا کوڕە شوان ئەسوتێ

لەچاوی ئاسکدا

خاوەر و شوانیش و هەموو دێ

**ـ وچان ـ**

**سوارە:**

ئەوە چیتە پیرۆت گیان!

**پیرۆت:** "لەدەنگی سوارە دائەچڵەکێ و ڕووی تێ ئەکا و وەك بەو بڵێ ".

کە ئاسك هەڵدێررا بۆ خەرەند

چۆن پەنجە،

ئەتوانێ شمشاڵت بۆ بگرێ و،

کلاّوت چۆن قنجە؟!

**سوارە:**

ئەڵێی چی؟!

چیتە پیرۆت؟

**پیرۆت:** "بەدڵنیایی و بڕواوە "

سوارە گیان من ئەڕۆم

ناتوانم دانیشم و ئاسکی دێ

ئاوەها عاسی بێ و،

لەزامی دێرینما بارەی بێ

**ـ ئەچنە دەرەوە، تاریکی ـ**

"ڕووناکی،کۆرس دێتەوە سەر شانۆ "

**کۆرس:**

کورە شوان

پیرۆتی شارەزای یەك بەیەك

بن دار و بن بەردی سەر چیا
بەرەو ڕووی هەڵەموت
کەوتە ڕێ و،
گوریسی لەناو قەد شەتەك دا
گەرداوی دوو دڵی لە سەریا نیشتەوە و
سامالّی سەوداکەی
پڕشنگی ڕژانە شەبەقی ڕێی ئالّی

**تاك لەناو کۆرسەوە:**

ئەوینی خاوەریش لەگیانیا
وەك چرای بەر هەنگاو
ئەڕۆشت و، لەکۆچی مەترسی و،
سامداریا داگیرساو.

**کۆرس:**

ئەڕوات و ئەزانێ کە ڕەنگە
دوا جار بێ خاوەری ببینێ
ئەڕوات و ئەزانێ
کە ڕەنگە دوا جار بێ
چاوانی ببینێ.

**تاك لە ناو کۆرسەوە:**

کوڕە شوان چۆن بانگی
منالاّن کپ ئەکاو،
لە دلّیا بێ وەرام ئەینێژێ

ئەو ئارام چۆن ئەگرێ

ببینێ، وا تەوری

" کوێخا " ی ڕق

دار بەڕووی چیاکەی ئەکوژێ

**کۆرس:**

چۆن ئەگات؟!چی ئەکات؟!

ئەی خاوەر؟!

چوونە سەر، هاتنە خوار؟

لەدێدا..ڕۆشتنی کوڕە شوان

بوو بە وێرد لەسەر زار

**ـ تاریکی ـ**

"هەر دوابەدوای چوونە دەرەوەی کۆرسی سەرەکی، ئەم دیمەنانە یەك لە دوای یەك و بێ ڕەوینەوە نیشان ئەدرێن"

## دیمەنی یەکەم:

" جێگە سەرە ڕێی کاروانە "

**حەمەی قەتارچی:** "بانگی ڕێبوارێ ئەکات"

هۆ برا..هۆ برا.. بێ زەحمەت

تۆ مەڕۆ..پرسیارێ!

**ڕێبوارەکە :** "دووای ئەوەی ئەگاتە لای"

فەرموو..کاکە..فەرموو

**حەمەی قەتار چی:**

کاکە گیان.. لەکوێوە هاتوویت و

بەرەو کوێ؟!

**ڕێبوار:**

لە گوندی خەزان و چیاوە..هاتووم و،

بەرەو شار مل ئەنێم

برا..بۆ؟!

**حەمە :**

تکایە..هەواڵی خەزانمان پێ ناڵێی

مانگێکە لێی دوورین

وەك ئەڵێن شێواوە..

نازانین..ڕاستە..یان؟!

**ڕێبوار:**

تابڵێی شێواوە..ئەوەتا نامبینی

ئەمەوێ لەگێچەڵ قوتاربم

**حەمە :**

چاك ئەکەی!

کە واتە دەنگ و باس..

وەك چۆنم بیستبوو.. وەهایە

ئەی باشە کوێخا هەر:

لەوێیە؟!

**ڕێبوار:**

تا ئێستە لەوێ یە

ئەگەر چی. دڵنیام..بار ئەکا!

**حەمە :**

ماڵ زۆرن..کۆچ بکەن

جێ بێڵن..دێی خەزان؟!

**ڕێبوار:**

ئەیانوت..چەند ماڵێ

چاوەڕێی کاروانن

تا خەزان جێ بێڵن..

**حەمە :**"بە پێکەنینەوە ".

زۆرباشە..

خوات لەگەڵ کاکە گیان..خوات لەگەڵ

"ڕێبوارەکە تێ ئەپەڕێ "

**حەمە :** "ئەکەوێتە پێش کاروانەکە و لەبەر خۆیەوە ئەڵێت".

دەرفەتە و..ڕێکەوتی وەها چاك

دەگمەنە، پەلەکەم باشترە

هیچ نەبێ بۆ ئەو سەر چەند ماڵێ

بار ئەکەم.

ناوەختە هەر چەندێ داواکەم

ئەمدەنێ،لەڕۆژی وەهادا

کێ سەری مامەڵەی ئەپرژێ

پەلەکەم باشترە..دەرفەتە..

لێ خورِن..دەرفەتە

ـ ئەڕۆن، تاریکی ـ

## دیمەنی دووەم:

"ماڵی کوێخایە، کوێخا و کوێخاژن بەرامبەری یەك دانیشتون، "خاوەر"یش کز و غەمبارە لەگۆشەیەکدا هەڵتروشکاوە"

**کوێخا:**

خوا غەزەب لە بەندەی خۆی بگرێ

وای لێ دێ..

شێت بووە..ئەگینا کەس بووە

شاڵاو بۆ ترۆپکی ڕەوەزی

وابەرێ!

بەڕێگەی مردنیا مل بنێ

تۆ دیوتە هیچ کەسێ

ئەوەندە نەگبەت بێ و، چارەڕەش!

**کوێخاژن:**

ئەوەتەی..ئەم ئاسکە گیر بووە

ئەم خەڵکە..نە، نووستن..

نە، خواردن..نە..پشوو

هەر هیچی نەماوە...

کوێ ئەچی باس باسی ئەمەیە

دواییشی نایەت و بسرەوین.

**کوێخا:**

دە بڵێ ئاخر تۆ چیت دابوو لەم بەزمە
ئەوا خوا نانێکی شوانێتی دابویتێ
ئەتخوارد و سەری خۆت کز ئەگرت
نەگبەتی ڕووی کردە هەر کەسێ
وای لێ دێ..

**کوێخاژن:**

پیاوەکە!شوانی چی
تا شمشاڵ لێدانی هەبووایە
مەڕی چی و بزنی چی!
تۆ بڕۆ و بڕوانە..
پەراسوی یەك یەكیان بژمێرە
شوانی چی؟!

**کوێخا:**

ئەم ئاسکە بوو بەچی
نان ئەدا..ئاو ئەدا
نەگبەتی..نەگبەتی

**کوێخاژن:**

بەسەری خۆیان و باوکیشیان
تاماون نایبینن ئەو ئاسکە بێتەوە
کوڕەشوان دای ئەگرێ..

**کوێخا:**

پێم وتن..ئەڵێی چی..پێم وتن

فیت فیتی وسووە

کە یەکێ خوا عەقڵی نەدایە

هەر..وایە!

**کوێخا ژن:** "بەدەنگێکی نزم"

سەر باقی گشت داخێ

ناوی ئەم کچەشمان..وازڕا..بەوەوە

ئەمەشیان داخێکە..

سەرباقی گشت داخێ

**کوێخا:**

خەم مەخۆ..بێشتەوە..تەگبیرم کردوە

چیم داوە لەگێچەڵ

لێرە نا..لەولای تر..

**کوێخاژن:**

ئەی چییە؟!

بۆچی خوا هەر ئێرەی داناوە

خەزان نا..جێگەی تر

"لەپڕێکدا،خاوەر بە توڕە بوونەوە هەڵ ئەسێتە سەرپێ و ڕوویان تێ ئەکا و بەقوڕگێکی پڕ لە گریانەوە ئەڵێ":

**خاوەر:**

**کێ ئەڕوا..بابڕوا..بشمرم**

**هەر خەزان جێگەمە.**

**"کوێخا بۆی هەڵ ئەسێ و، شانۆ تاریك ئەبێ"**

## دیمەنی سێیەم:

**"لەپاڵ درەختی باخێکدا مام وسوو و سوارە ئەدوێن و،مەمەندیش خۆی لەپەنا بەردێکا شاردۆتەوە و بەدزییەوە گوێیان لێ ئەگرێ"**

**سوارە:**

**هەر ئەڵێی وام لەسەر ئاگرێ**

**ـ دانیشتوم ـ**

**مام وسوو بڕوانە کە.. دڵم هەر وا لەلای**

**ئەوەتەی ڕۆیشتووە بەشەویش نەنووستوم**

**هەر پێیەك دائەنێ هەست ئەکەم لەگەڵیام**

**وسوو:**

**هەتا بن دار "باوی" ئەو پەڕی کەژەسوور**

**لەگەڵیا ڕۆشتم و..**

**خۆی زۆری لێ کردم کە چیتر**

**لەگەڵیا ڕێ نەکەم..نیازم بوو هەتاکوو**

**"کروسکی " بەر گردە چۆلەکە..هەر بڕۆم**

**خۆی نەی هێشت**

**بەڕاستیش هەناسەم سوار بوو بوو**

سواره:

گلەییت لێ ناکرێ، پیرێتی و ئەو ڕێیە!

وسوو:

بڵێم چی ئەو تین و تەوژمەی
جارانم نەماوە..
داخەکەم..بۆ گوڕی لاوێتیم

سواره:

مام وسوو..چۆنت دی؟!بەپێ بوو؟!
ئەی ورەی ناو دڵی؟ئەی زاتی؟
هەر وا بوو وەك من دیم،
پێش ڕۆیشتن؟!

وسوو:

هەر ئەتوت: بەرانە کێوییە..
بۆ زاتیش کون نەبوو لەجەرگیا

سواره:

تۆ بڵێی بێتەوە و..
چاوانی خەزانیش ڕۆشن کا
ئەم خەڵکە لەچنگی ئەم خەمە
دەربێنێ؟

وسوو:

لەسەر خوا..ڕێگەیە و لەبەرە
هاتەوە شایی دڵ بۆگوندی خەزانە

گەر مردیش وەك عاشق ئەمرێت و،
بۆ ئاسکەموبارەك گشت مەرگێ
ئەبێتە چراوگی و هەڵ ئەکرێ
لە دڵی ئاسماندا،
بۆ خاوەر..بۆ ئاسکەموبارەك
رێگەیە و لەبەرە، ئەو نەگات
بەدوایدا..ناهێڵێن..کە جێ پێی بزربێ
یەکێ تر..دووانی تر..ڕێگەیە و لەبەرە

**سوارە:**

مام وسوو..یەکێکم لەوانە
منیش وەك کوڕە شوان عاشقم!
لەدڵما..ئەو جووتە چاوانە

**وسوو:**

بۆ ئاسکەموبارەك..بۆ یەزدان
من نا..تۆ..تۆ نا..من

**سوارە:**

مام وسوو ئەوەندەی بۆ پیرۆت
خەیاڵم پەشێوە..
ئەوەندە و زیاتریش بۆ خاوەر
ئەزانی پلووسکی گریانی..
وەك "فاتە "پێی وتم

لەچۆڕە ناکەوێ
مام وسوو..سەودای سەر
سەودای سەر!!

**وسوو:**

هەڤێتی سەفەری وا گران
بۆ دڵی دەزگیران..
هەر مایەی ئەندێشە وجەخارە
کوڕی خۆم..دڵداری
خەندەشە و ئازارە

**سوارە:**

چ کاتێ هەواڵی ئەزانین؟

**وسوو:**

دامناوە..سبەینێ لەسەری "هەڵۆ"وە
بەوردی سەرنج بەم
بزانم کوڕە شوان
هەتا کوێی بڕیوە
ـ وچان،مەمەند ئەڕوات ـ

**سوارە:**

پێکەوە، منیش دێم.
ـ وچان ـ

"لەم کاتەدا، "پیربالّ" بەپەلە خۆی ئەکا بەژووردا و بە پەشۆکاوییەوە ڕوویان تێ ئەکا"

**پیربالّ:**

**کوێخا خاوەری**

**زامدار کرد!** "بەپەلە ئەچنە دەرەوە،تاریکی"

## دیمەنی چوارەم:

" بەر دەرگای ماڵی "باپیر"ە، زۆراب یاری ئەکات،مەمەند بەڕاکردن ئەگاتە لای و هەناسەی سوار بوو "

**مەمەند:**

**ئەزانی.. ئەزانی.. مام وسوو**

**پێش تۆزێ.. چی ئەوت.. چی ئەوت**

**بەسوارە.. ئەزانی**

**زۆراب:**

**درۆزن.. لەکوێوە گوێت لێ بوو**

**دەباشە.. چییان وت!**

**مەمەند:**

**بۆ ئەڵێی درۆزن**

**بەو خوایە.. گوێم لێ بوو**

**لەپەنای بەردێکا.. من خۆمم مات دابوو**

**ئەوانیش ئەزانی لە کوێدا**

**هەر لە لای باخەکەی "ڕێحانە" ڕەشەوە**

**وەڵڵاهی.. هەر لەولای..**

**زۆراب:** "قسەکەی پێ ئەبڕێت"

دەی باشە.. دەی باشە

مام وسوو.. چی ئەوت..

**مەمەند:**

پێی ئەوت..پیرۆتی بینیوە

پێی ئەوت.. هەر وەکوو بەرانە کێویەك

ڕێی ئەکرد..

پێی ئەوت.. هەر هیچ.. هیچ.. ناترسێ

**زۆراب:**

لە دەعباش.. لەخێویش؟

**مەمەند:**

لە هیچ شت.. لە هیچ شت

**زۆراب:**

ئەی باشە.. ئەیان وت

کەی پیرۆت دێتەوە؟

**مەمەند:**

نەء، بەلاّم گوێم لێ بوو..مام وسوو

پێی ئەوت بەیانی ئەچمە سەر هەڵەموت

لەوێوە تەماشای ڕێ ئەکەم

بزانم.. بزانم.. کە پیرۆت هەتا کوێی

بڕیوە، ئا.. ئا.. بیریشم کەوتەوە

پێی ئەوت.. با پیرۆت بشمرێ

چونکێکم ئەمرێ بۆ.. ئاسکەموبارەك
بۆ دوایی ڕۆحەکەی ئەبێ بە ئەستێرە
وای ئەوت.. مام وسوو.. وایئەوت

**زۆراب:**

ئێ..ئێ..ئێ

**مەمەند:**

تەواو بوو، هەر ئەوەم گوێ لێبوو.

**- وچان -**

**زۆراب:**

شتێکت پێ بڵێم بەقسەی من ئەکەیت؟

**مەمەند:**

چۆن چۆنی؟دەیبیڵێ

**زۆراب:**

سبەینێ..باپیرە نەزانێ
پێش ئەوەی مام وسوو هەڵبستێ
ئەچینە سەر ڕێگای
هەر کەهات پێی ئەڵێین:
مام وسوو ئێمەیش دێین لەگەڵتا
ئێمەیش دێین

**مەمەند:**

ئای لەوە!
ئینجا چۆن ئەتوانین

بەشاخا هەلگەڕێین

خۆ ئێمەش منالێن!

**زۆراب:**

کەرەشین ئەبەین و هەتا چەند توانیمان

هەر ئەڕۆین..هەر ئەڕۆین

دوایی کە هیلاك بوین

سوار ئەبین..باشە..ها؟

**مەمەند:**

ئا..باشە..بەلاّم با باپیرە نەزانێ

بزانێ ناهێڵێ..منیش زۆر..

زۆر زۆریش حەز ئەکەم

دووریش بێ..تەماشای

پیرۆت کەم.

**زۆراب:**

دە..باشە

بەیانی..هەر زۆر زوو

من هەڵت ئەستێنم.

من نانووم.

ـ تاریکی ـ

## دیمەنی پێنجەم:

"شانۆ ڕووناك ئەبێتەوە،بێ ئەوەی دەسکاری هیچ دیكۆڕێكی دیمـەنی لەوەوبـەر كرابـێ، هەرچی ئەكتەرەكانی ناو ئەم شانۆ گەرییەشە ڕیزبوون،دەرهێنەر وەك یەكەم جار لەدەست پێكردنی یەكەم تابلۆدا دیمان، دێتەوە بەردەمی شانۆكە و ڕوو ئەكاتەوە بینەران"

**دەرهێنەر:**

میوانە خۆشەویستەكانم
ئا بەم جۆرە..شانۆگەریی
" ئاسك " تان دی و،ئابەو جۆرەش
كۆتایی هات..
گەر ئەپرسن
منیش وەك ئێوە نازانم
پیرۆت ئاسكەموبارەكی..بۆ داگیرا؟
گەڕایەوە؟چی بەسەر هات؟
لەگەڵ خاوەر بەیەكتری شادبوونەوە؟
یاخود لەملەی بەرزەوە
بەرەو خەرەند،هەڵدێرا و كەوتە خوارەوە؟
منیش وەك ئێوە نازانم!
ئەمجارەشیان تەنیا من بۆ ئەوە هاتم
لەبەر دەرگای

ماڵی ئا ئەم شانۆیەدا..ڕاوەستام و،

ماڵ ئاواییتان لێ بکەم

بەلاّم بەر لەوەی بڕۆن و بەڕێتان کەم

ماوەم بەنێ

یەك یەك ناوی ڕاستەقینە و،

ئەکتەرەکانی " ئاسك "تان

پێشکەش بکەم...

"یەکە یەکە دەست ئەکا بە پێشکەش کردنی هەموو ئەکتەرەکان"

**ـ بێ دەنگی ـ**

"بارژنی ئاسکەکە ئەبیسرێتەوە،تاریکی"

- کۆتایی -

# ڕووبار

چیرۆکە شیعر

1984

# ڕووبار

شاعیرانی ولاَتەکەم!
بۆچی خۆتان لەناو تەنها
دەوارێکی هۆبەی شیعرا
قەتیس ئەکەن؟!
بۆ لەیەك ئاواز ئەخوێنن؟!
بۆ تۆوی گوڵێك ئەچێنن؟!
چاوی شیعر..کوێ نابینێ؟!
گوێچکەی شیعر..چی نابیستێ!
خەیاڵ کوا سنووری هەیە!
بەهرە کوا ڕێی دووری هەیە
بڕوا بکەن!
ئا ئەم دڵە بچکۆلەیە
کە ئەوەندەی هەرمێیەکە
نەك سەر زەمین
گەردوون جێگەی تیا بۆتەوە و
زمانیشم تەنها نووکی
بەگێنگڵی قەڵەمێکە!

1984

# کوڕی زەریا

بۆ صەمەدی بیهرەنگی

لەشەوێکدا کە تەم و مژ
وەك دەم و چاوی "ڕەزاشا"
لەتاراندا گرژ و مۆن بوو
ئەو "خۆر و شێر و شمشێرە"ی
بە ئالأوە لکێنراون
بێزار بوون و بەپێ دزکێ
پشتیان بۆ یەکتری دانا و
هاتنە خوارێ.
شمشێرەکە خۆی هەڵدا بۆ ناو مشتی خۆر
خۆریش سواری کۆڵی شێر بوو
کەوتنە ڕێگا
لە شەقام و مەیدان و کۆڵانی شاردا
ئەگەڕان بۆ ناو نیشانێ
ـ بۆ کوێ ئەچن؟!
دەنگەکە وەك هاژە وابوو
خۆر ئیستێکی کردوو وتی:

ـ تۆ کێی؟!
ـ کوڕی ڕووبار و زریانم
منم "صەمەدی بیهرەنگی "[1]
خۆر ناسێوە
بۆی پێکەنی
هەردوو دەستی بۆ درێژ کرد
ـ ئەمە تیشکێکی خنکاومە و
لە زەریاوە هاتۆتەوە
شمشێرەکە بە دەنگێکی
تیژ و باریك هەڵیدایە:
ـ ویستیان تۆ بەمن بکوژن!
بمکردایە بەرگیان لە زێڕ بۆ ئەکردم
بەڵام نەمکرد..
چونکە ئەمزانی ڕۆژێ دێ
ئەمکەیت بەناوونیشان و
تابلۆ بۆ کورتە چیرۆکێ.
پیرە شێری دڕ نەڕاندی:
ـ تاکوو ئەمڕۆش ئەو چیرۆکەی
ناوی منی تیا هێناوە
پۆلیسەکان لێی ئەترسن
چونکە کەدەستی ئەدەنێ
چیرۆکەکە هەڵمەت ئەباو.

بەسەریاندا ئەنەڕێنێ
صەمەد مات بوو
بەدەنگێکی ئێجگار هێدی
دواو وتی:
ـ بۆ کوێ ئەچن؟!
وا ئەزانن سەردەمی سەگی پۆلیسی
بۆنی خۆر و شێر و شمشێر و ئاو ناکات؟!
بۆ کوێ ئەچن؟!
کە خۆر گڕی چاوانی خۆی
هاویشتە ناو دوو گلێنەی
چاوەکانی صەمەدەوە
ئەوسا وتی:
ـ لەبەر ئەوەی چاوی وشەت
لەچاوانی
منداڵە لانەوازەکان ناتروکێنی
لەبەر ئەوەی هەورە بروسکەت هاویشتە
دڵیانەوە و هەتا ئێستەش
لەناویانا دێیت و دەچیت!
بۆ سوار نابی لەگەڵماندا و
من بخەیتە گیانێکەوە بمباتەوە
بۆ ئاسمانێ
خۆری تیا زیندانی نەکرێ!

شمشێر سەری گوڵ و باخچە نەپەڕێنێ!
شێر ئاسکە بێکەسەکان نەترسێنێ!
صەمەد سوار بوو
لەپاشکۆی خۆرەوە سوار بوو
بردنی و هەر
بردنی تا گەیاندنیە:
ئەو گوندانەی شانی ساڵیان
داداوەتە سەر قەراغی
مەرگی دەغڵ و کێڵگەکانیان
ئەو شارانەی قفڵ لە قوڕگیان دراوە
ئەو گەڕەکانەی دەرامەت لەناویاندا
بە دارشەق هات و چۆ ئەکات
ئەو ژوورانەی گەر بە ڕێکەوت
تووتکەکانی "شابانوی "ی شۆخ
بە لایاندا تێ بپەڕن
لووتیان ئەگرن
ئەو..ئەو..ئەو..ئەو!
صەمەدی ماندوو ئارەقی ناو چاوانی
بەگوڵ ئەستێرەیەك سڕی و ئینجا وتی:
ـ ئەمێننەوە؟!
یان ئەچنەوە بۆ ناو ئالآ؟!
ئەوەی دیتان هەورەکانی

ناو دڵ و سەری ئێرانە.
یەکەم جار خۆر
وتی:
ـ تۆ خۆت لەهەر کوێم دائەنێی
دام بنێ یان،
ئەمدەیتە دەستی هەرکەسێ
صەمەد خۆری هەڵگرت و بردی تاکوو دای
بە نووسەرێ
کە داستانی تیربارانی
وڵاتی خوێن و هەتاوی ئەنووسێوە و
برسیشی بوو
نووسەرەکەش خۆرەکەی خستە دڵێوە و
دڵیشی دا بە هەژاران!
* * *
کە صەمەد هاتەوە
ڕوانی شێر توورەیە
شێر وتی:
هەر شوێنێ مەترسیی
لێ ئەکرێ لەوێ بم
بێ سوارم بەبێ سوار ڕام مەگرە.
صەمەد ڕۆی..هاتەوە
سوارێکی لەگەڵ بوو

کەڵەگەت، مەچەك پڕسنگ تووکن
سوارەکە ڕاستەوخۆ چووە سەر
کۆڵی شێر
"سەرەتا نەمناسی سوار کێیە
نەمدیبوو برینی
هێندم بیست کە ڕۆشتن
شێرەکە پێی ئەوت:"موعینی "[2]
هەر شمشێر مایەوە بێ ئارام
بەدەنگە تیژەکەی خۆی وتی:
ـ من دیاریم بۆ کام پیاو؟!
چ دەستێ ئەمگرێ؟!
ـ دەستی من!
منداڵێك ئەمەی وت هەشت نۆ ساڵ
ـ لەکوێوە تۆ هاتووی لە کوێوە؟!
ـ لەدنیای چیرۆکی
صەمەدی بیهرەنگی و
ناو چاوی ئەوەوە
من هاتووم!
ـ ئەی ناوت؟!
ئەی تۆ کێی؟!
ـ خەسرەوم!![3]
بیهرەنگی ماچی کرد

شمشێر خۆی هاویشته
ناو مشتی بچکۆلەی خەسرەو و
پێکەوە چوونە ناو دەربەندوو
ئەشکەوتی کێوەکان.
بەتەنیا بیهرەنگی مایەوە
کە زەریا بانگی کرد
لەسەر خۆ پێی هەلگرت
بیهرەنگی چوەوە ناو ئاو و
لە ئاودا
کازێوەی بەیانی
ئێرانی بەدی کرد.

تشرینی یەکەمی 1979

# له ڕاکشانێکدا

نیوه شەو بوو
ناو نیشانی دوا هۆنراوەم هەڵیسانم:
ـ گەر ئەتەوێ
خەوی شیعرت لێ نەزڕێ.
هەستە و سەرم ئاسودەکە.
ـ چیتە؟!
ـ وشەکانت
هەندێکیان وڕکیان گرتووە!
ـ لەچی؟!
ـ بیانبینە!
"با " هات
گڤەیەکی کردوو وتی:
ـ ئەو دارستان و دەربەند و پێ دەشتانەی
لەم شیعرەدا تۆ منت تێ فڕێداون
هێندە بەلەشی من تەنگن
هەر کە هەڵم کرد ئەزانم
له بەرما ئەدڕێن و ئەوسا...

ـ ئەی چیت ئەوێ؟!
ـ ئەڕۆمەوە بۆ دەربەندوو
دارستان و پێ دەشتە ڕاستەقینەکان
لەم دێڕانەدا هەڵناکەم!
ئەگەر منیشت خۆش ئەوێ
ئەتوانیت بێیت دیدەنیم کەیت.
کە " با " ڕۆیشت
"کەو " هات و وتی:
ـ ژوورەکانی ناو شیعرەکەت
چەندە جوان و ڕازاوەش بن
هەر بە قاقەزیان ئەزانم
بەفر دەست نەکاتە ملم
من ناخوێنم!
ـ ئەی ئەوە نییە وا بەفرم
بۆ باراندووی؟!
ـ ئەو بەفرەی تۆ باراندووتە
کە ماچی ئەکەم نابزوێ!
پەیکەرێکی سپییەو من
دڵی خۆم نادەم بە پەیکەر!
کەو هەڵفڕی و ڕووبار وتی:
ـ تا لێرە بم درەختەکان سەوز نابن
کێڵگەکانیش ئەوەندەی تر تینوو ئەبن.

ـ ئەی ئەوە نییە درەختم
بۆ ڕواندوویت و
کێڵگەشم بۆ دروست کردوویت؟!
ـ من ئەتناسم
تۆ چەند شاعیرێکی ڕاڕای
هەر ئەوەندەی
دڵت کرمێ بوو لە شیعرێ
ئەوسا بە نووکە قەڵەمێ
دارەکانت لە بنەوە هەڵ ئەکەنێ
کێڵگەکانت ئەسڕێتەوە..

* * *

" با "..ڕۆی
"کەو"..ڕۆی
ڕووبار ڕۆیشت و
ناو نیشانی شیعرەکەش ڕۆی
بەتەنیا وشەی "خەم" نەبێ
جێی نەهێشتم و
بەجووتە ڕاکشاینەوە.

1978

# داستانی مامەیارە

دڵدارانی چیای "بۆتان "
بەدەم شنەی "لاوك"ەوە
ئەی گێڕنەوە:
هەموو ساڵێ: مانگی گوڵان
دەمەو عەسری ڕۆژێکی سەوز
بۆ چەند ساتێ
چاویان لێیە:وا کاکە مەم
لە کەژاوەی
هەورێکی سپی نزمەوە
بە هێواشی
دێتە خوارێ و،
لەناو خەرمانەی گوڵاڵەی ترۆپکێکدا
ڕائەوەستێ
چاو ئەگێڕێ..
هاتۆتەوە و.. چاو بۆ "خاتوو زین "ئەگێڕێ.
دڵدارانی چیای "شاهۆ"
بەدەم شەپۆلی "هۆرە"وە

ئەیگێڕنەوە:
هەموو ساڵێ لەڕێ بەندانی زستانا
بەیانی ڕۆژێکی سپی
بۆ چەند ساتێ:
چاویان لێیە "برایمۆك"هاتۆتەوە و
لەژێر تاقی پەلکە ڕەنگینەی سەر بەفر و،
لەبەر پەنجەرەی هەتاوی گورگەزێدا
ڕاوەستاوە و
چاوەڕوانی دەرکەوتنی "پەریخان"ە.
دڵدارانی شاخی"گۆیژە"ش..
بەدەم قاسپەی "قەتارە"وە
ئەیگێڕنەوە:
هەموو ساڵێ لەمانگی گەلاڕێزاندا
لەخۆرنشینی ڕۆژێکی خەماویدا
چاویان لێیە:
مامەیارە[4].. ئەسپ سوارێکی غەمگینە و هاتۆتەوە
چاو ئەگێڕێ
چاوی پڕ پرسیار ئەگێڕێ و بە نەرمەغار
سەروخواری "سیروان"ئەکا.
مەکۆی خولیای
هەر وەك چمکی،
مشکییە ڕەشەکەی ئەو سەرە بێ سرەوتەی

**دێت و ئەچێ**

**وەکوو سیروان خۆی کردبێ بە هەناویا**

**لە نێرینەی ئازارێکی بێ بواردا.**

**شەپۆلی عەشقی هەڵ ئەچێ**

**بەرە..بەرە**

**خولیاکان ئەبن بە پلە و،**

**دانە بەردی خزی "بەمۆ"و**

**بە سەریاندا هەڵ ئەگەڕێ**

**لەو..بەرزەوە**

**مامەیارە، ئەسوتێت و چاو..ئەگێڕێ**

**مامەیارە، جێ ژوانە کۆنەکانی بەدی ناکا و،**

**دوو سێ دڵۆپ فرمێسکی ڕوون**

**دێنە قسەو**

**لە پاش تۆزێ**

**لەناو چاڵی چەناگەیدا وشك ئەبنەوە**

**لە پڕێکدا:**

**مامەیارە، لە پڕمە و حیلەی ئەسپەشێی**

**شەلاڵ بە عارەقی شین و مۆری ڕێگە**

**دائەچڵەکێ:**

**ـ چ کارەساتێکی چڕە**

**چۆن بتبینم؟!**

**لەم تەمەدا**

نه لق چاوی وا له "پەله" و
نه پەل گەلاّی خۆی ئەبینیّ
چ کارەساتێکی چڕە!
شەپۆل زریکەی شەپۆلی،
تەنیشتی خۆی نابیستیّ و،
ڕۆژ سەعاتی خۆی ون ئەکا.
منیش خەمێکی ڕیش سپیم
له مابێنی "ئەسکی کۆیه و شارەزوور"دا
سەری بڕاوی ڕۆڵەی خۆم
لەگەڵ خۆمدا ئەگێڕم و..
له چاوانی ئەبڵەق بوویان
ورد ئەبمەوە.
" ئەو چاوانە:
گولاّڵەی هەڵپچورکاویان.. له بندایه
ئەستێرەو مانگی کوژراویان.. له بندایه
تەرمی حەیران و لاوکیان.. له بندایه"
ماچیان ئەکەم
دەست به قژیاندا ئەهێنم
یەکە..یەکە..ئەیان دوێنم
ئای که عومرێکی درێژە
من سەری سەودای، بڕراوی
کوڕ و کچی خۆم ئەدوێنم

چیم لێ ئەکەن؟!

زۆر ستەمە..دار بە داری

دارستانێ هەمووی بگری و،

تۆش نەتوانی

فرمێسکی چاوی گەلایەك چییە بیسڕی!

زۆر ستەمە

لەم هەوارە چۆڵانەدا

بژیت و گوێت

لە کۆتەڵی بێ کۆتایی و لاوانەوەی،

کەژ و کێو بێت

مەرگ: داڵێکی باڵ ڕەشی ڕمووزنە

چاوم لێیە:

باڵ لە خوێنی،

لەبەر ڕۆشتووی گوندەکانم

وەر ئەدات و،ئەقیڕێنێ و

بانگی نەهاتە ساڵ ئەدات

چ کارەساتێکی چڕە

چۆن بتبینم؟!

ـ مامەیارە،ئەسپ سوارێکی تووڕەیە و

هاتۆتەوە..

بەرەو هەر مەڵبەندێ ئەچێ

خوێن جلەوی لێ وەرئەگرێ

ڕوو ئەکاتە هەر تەلانێ
پەپوویەك دێ و
لەسەر قەڵپۆزی زینەکەی
هەڵ ئەکورمێ
لەناو تەم دا
حیلەی ئەسپەشێ..هاوارە
مامەیارە:فەقیانەکانی هەڵ ئەکاو
یەك دوو ئاوزەنگی لێ ئەدا.
وەکوو نەورۆز هەڵ ئەگیرسێ و
ئەچریکێنێ:کێ دڵدارە؟!
ـ هۆ مامەیارە..هۆ مامە
ئەو داڵە "نەجیب پاشا "یە
ئەو بەردە کێلەش لەسەری هەڵنیشتووە
جێ نزرگەی
دوا خەوی "ئەحمەد پاشا"یە
ـ"نەجیب پاشای"ی سەر لەشکری
سوڵتان کە هات
دەستی نایە بینی گوڵ و
نانی کوێر کرد
بە "ڕم" سەری
وشەی نالی و کوردی هەڵگرت
لە دووکەڵدا "کۆیە"ی خنکان

چ کارەساتێکی چڕ بوو!

ـ بیگێڕنەوە!

بەرە بەیان لەسەر سنگی ئەسکی کۆیەی

ئەرخەوانیی.قریوەی سوارەی بابان و،

حیلەی ئەسپ و گرمەی تۆپی مامەیارە لە دەربەند و

شیو و دۆڵی سام لێ نیشتووی خەواڵودا ڕژانە ناو

ڕیز بە ڕیزی شڵەژاوی تورکانەوە. دەنگدانەوەی

ناڵەی ئەشکەوت. گێژەڵووکەی ژێر سمی ئەسپی

سەرکێش و بریسك و هوڕی شمشێری بە هەسانی

ڕق تیژ کراو، درێژەیان دا بە جەنگی شەووهەتاو.

نەجیب پاشا هەر وەکوو داڵە کەرخۆرە لەسەر

گردێ هەڵنیشتبوو،لەخەم خۆرکی ڤینی کوردا

فەرمانەکانی ئەچەڤین. ترسیش وەکوو دارکونکەرە

دڵی ئەخوارد. لەو ساتەدا مامەیارە هەڵۆیەکی

بەرزە فڕی چاو گڕدار بوو. بەسەر سەری ئەو

داڵەوە گڕی ئەخوارد. داڵ تۆقیبوو. هەڵفڕینی

بیرچووبۆوە. ڤیڕەی گەیاندە ئەستەمبوڵ.

فێستەکانی بابی عالی گردبوونەوە. فریای کەوتن

ڕەنگی پیلانێکیان بۆ ڕشت پیلانی دوو سەر

وای ئەوت:

1- سوڵتان باوکە
دڵی باوکیش
لە بەفری "پیرەمەگرون "ی
قەڵەم ڕەوی بابانەکان سپیترە
لە بەخشیندا
دەستی سوڵتان
لە مێرگەکانی "شلێر"و
دەشتی "بیتوێن "سەوز ترە!
سوڵتان فەرمووی:
لە ناوەڕاستی مەیداندا
دەوارێکی سپی هەڵدەن
سەر بەرەو خوار ڕم و شمشێر هەڵبواسن
خوا بخەنە ناوەندەوە
لەجێی ئالاّ..قورئان هەڵکەن

2- لە بیرتان بێ
پواز چوو بۆ کوێ دوای کەون
"لییرە "سیحرە و..بریقەکەی
ئاوی چاوی کەڵەسواری بابان ئەبات
"لییرە"سیحرە و..بیان دەنێ
کە وەریان گرت
ئەبنە تووڵە و دوا ئەکەون

**ـ گڕی پیلان،وەك لە وشكە پووشی دەشتی،**
**هاوینێكی درەنگ بەربێ**
**هەتا ئەهات لەئۆردووی سوارەی بەباندا**
**ئەتەنێوە..**
**لەناو چاڵی كونە ڤینی**
**چەند دڵێكدا..**
**هەر پس مامی "ئەحمەد پاشا"**
**ئاسكی وەفایان سەر بڕی**
**خوێنی بەڵێن،تك تك بەڕیش و سمێڵی**
**ڕوو زەردانا هاتە خوارێ**
**مەشخەڵانی هەڵمەتی سوار دامردەوە**
**تۆپەكانی مامەیارەش**
**ئەو...ڕۆژانە**
**لەبەر سێبەری دەواردا**
**خەویان لێ كەوت**
**چ كارەساتێكی چڕ بوو!**
**ـ داڵ پشووی دا. داڵ تێری خوارد. داڵ كەوتەوە**
**بەرزە فڕی. داڵ بەنینۆك ئەرزی ئەدڕی.**
**شەڕی بە ڕەشەبا ئەفرۆشت. لیرەی ڕۆ كرد.**
**خەزنەداری ئەحمەد پاشا كورتە بنەی دڵ دڕكەزی**
**كە لیرەی دی چاوی چنۆكی داپچڕی لە بەردەمی**
**ئاوێنەدا خۆی ئەبینی بۆتە پاشا كلاّوومشكی**

فرێ داو فێستی سووری کرده سەری له بەردەمی
ئاوێنەدا قاقا به سوارەی بەبان و مامه یارەوه
شاخ و داخ و دێی سك سووتاو پێ ئەکەنێ له بەردەمی
ئاوێنەدا خۆی ئەبینی ڕاوەستاوه و لەبەر پێ یدا
بەچۆکدا دێ: سلێمانی چ کارەساتێکی چڕ بوو
- ڕۆژێکی تر،تاریك و ڕوون
لەسەر سنگی "ئەسکی کۆیەی "ئەرخەوانیی
سوارەی سوڵتان
وەك باوبۆران
وەك برووسکەی پێش ڕێژنەی
هەورێکی تاڵ
وەکوو لوورەی ڕەوه گورگێ
دڕیان به گەوه و لووتکەدا
هاتنه پێشێ..
وەکوو مافوور
دەشتەکانیان پێچایەوه..
کڵپەی ناو دەمی ئەژدیهای دەشتی کۆیه
ئاسنی تیا ئەتوایەوه.
سام: لافاو بوو
لەناو سامدا
هەربەتەنیا مامەیارە
ورەیەکی داگیرساو بوو.

ـ ئەی مامەیارەی بەتەنیا
جێ ماو لەناو ژیلەمۆدا
وا سوارەی تورك
گەیشتنە سەر تۆپەكانت
زامی باسك و دەفەی شانت
زنەی خوێنیان گەش و ڕوونە
گوڵە باخ لەسەر فەقیانەت
ئەنەخشێنن
چاومان لێیە:
لەسەر چۆپی مەرگی خۆتا
بەرامبەر خۆر هەڵیان ئەبڕی
كە خۆر و خوێن ئەگەن بە یەك
باڵات ئەبێتە ئاوێنە و
شەوقێكی سوور ئەداتەوە لەچاوی كەژ
ئەی مامەیارە..تۆ ئێستە
بەو گردەوە..
دار ئەرخەوانێكی تەنیای
دێیت و ئەچی و..
مردن بە باڵای ژیانی
لووتكە ئەبڕی!
ـ تا چاو بڕكا ئۆردووی كوللە زەرد ئەچنەوە.
ڕەش ئەچنەوە. توركی كوللە ژیان هەر بە كاڵێی

ئەخۆن. ئالآی سولّتان ئاسمانێکی خوێناوییە
"مانگ"ی خۆی ئەتك کردووە.تا چاو بڕکا پەل و پۆی
ڕەش داگەڕاوی داری سووتاو تەرمی کێلگە و دەغلّ و
دانیان هەلگرتووە.
ـ سولّتان: دەس نوێژی بەخوێنی ساوایانی
کورد شتووە.ژنی سولّتان بەکل چێوکی
زوخالّی ئێسکی "حەبیبە"و "شەم" ی شەیدا
ئەو چاوانەی خۆی ڕشتووە.چ کارەساتێکی چڕە
ـ زامەکانی لەشی یارە
دەم و لێون
ئەو وەختەی تۆپ ئەگرمێنیّ
نم..نم..نم..نم
ئەبارێتە سەر خۆلّەمێش
گولّ لە ئاگردا ئەپشکویّ
چ وەرزێکی
نەبیستراو و نەبینراوە
"کیّ کەی دی
خەزان:گولآن بڕوێنیّ"
ـ هاتنە سەری زەوی و ئاسمان وەك دوو بەرداش
لەبەر چاوی ئەخولانەوە و ئەسکی کۆیەیان ئەهاڕی.
درەختی کەژ سەر بەرە و خوار ئەبوونەوە و بە قژ خۆیان
هەلّ ئەواسی.ڕۆژ ئاوا ئەچووە ڕۆژ هەلآت.لووتکەکان

بەسەر بناردا ئەشکانەوە. "بەور"ی زامدار ئەینرکان و ڕاکشا بوو.ژەندرمەکان بەچوار دەوریا سونگییەکانیان کردە ئەڵقە. ئەڵقە لە دیلی بریندار ئەسڵەمێوە. هەنگاوێك و دوو هەنگاو و هەتا ئەهات ئەڵقەی سونگی بازنێ بوو تەسك ئەبۆوە.لەپڕێکدا:بیست دەستی ڕەش درێژ بوون و دایان بەسەر بارگیرێکدا و بە چوار لانەی ڕقێکی ئەستوور و زبر شەتەکیان دا. بارگیر رووی کردە خێوەتی نەجیب پاشا

ـ یارەی زامدار

یارەی دڵدار

گوریس لەزام شەتەك دراو

بەسەر پشتی ولاّخەوە

ڕێ ئەکات و،

وردە..وردەش

کزەبایەك، بە شێنەیی

لە باشوورەوە هەڵئەکات

کزە با دێ و

بە چرپە باسی تاوانی

خەزنەدار و خزم و خوێشی

ناپاك ئەکات.

کزەبا دێ و..

بە چرپە باسی ئازایی

مامەیارەی..فەقیانە سوور
بۆ گولاڵە زیندۆكانی
لارێ ئەكات.
ولاخ ئەڕوات.. بە هەورازا
دیلی زامدار.. بۆ بەردەمی
خێوەتی پاشا سەر ئەخات.
ـ لەسەر دەیان ئەستوونی زیو
قوبەی ئاوریشمینی خێوەت
هەڵدرابوو.
خۆر بەو دیو ملەدا..داگەڕابوو
لە ناوەوە:
جێگەی حەریری ڕەنگاو ڕەنگ
لەسەر دۆشەك و سەر كورسی
ئەڵقە بەستووی
ناو دیوە خان..ڕاخرابوو
بە دیواری بەرەو ژوردا
پێستی پڵنگ و دەڵەك و
وێنەی سوڵتان..هەڵواسرابوو
"كوڕی پاشای بەر چلچراش"
لەناو قاقای پێكەنین و
جامی بادەی ئەستەمبوڵدا
وەك گێلاس سوور هەلگەڕابوو

لەناو پەرداخی زێڕینی

بەردەمی نەجیب پاشادا

چەپکێ گوڵی

کێوی کۆیە،دانرابوو

لەو شەوەدا

ئەو گوڵانە

چەند چاوێکی لێڵ و پێڵی

نامۆ بوون و

بەبێ دەنگیی

ئەگریان بۆ:مامەیارە!

ـ کە ڕۆژ بۆوە هێشتا دووکەڵی هەناسەی

پێ دەشت و شاخ، دوور و..نزیك. لە ئاسمانێکی

خامۆشی ڕەنگ مسیندا پێچپێیان ئەخوارد. ئەسکی کۆیە

شەهیدێ بوو لە کفنی زەردەگیا و پووشی سەر

تابووتی لاشەیەوە هێشتا خوێنی لەبەر ئەڕۆی

بۆنی مردن و بارووت و لاکی ئەسپ و پارچە پەڕۆ و

کۆتەرە دار. ئەگەیشتنە لووتی گوندی دوورەبنار

کە خۆر هەڵهات وەکو ئەویش بۆ یەکەم جار

چاو لە کۆیەدا هەڵبێنێ، لە نێوانی هەردوو کەلدا

نامۆیەکی حەپەساو بوو. ڕەنگی ئاسۆ وەك روخساری

شۆڕە ژنێکی سیلگرتوو زەردێکی هەڵ بزرکاو بوو.

نەجیب پاشای پەڕ بەسەری سنگ بە نیشانەی

زێڕینی سوڵتان نەخشاو، طاوسێ بوو فیزی بایی و
ڕەنگاو ڕەنگی گیڤ کردوە. لە خێوەت هاتە دەرەوە
باستۆنی یاقووت بە سەری بەرامبەری "هەیبەت سوڵتان"
ڕائەوەشان. بە کلکی باستۆن یەك دوو جار تەقەی
لە چەرمی چەکمەکەی قاچی هەستان،بۆڵەیەك و فەرمانی
داو ژەندرمەکان وەك زەردەواڵە ورژان، هێندەی نەبرد
دەموو چاوی مامەیارە تووڕە؛وەکوو گێژەنی ئاو.
لەناو پەڵە قەمەیەکدا هاتە بەر چاو. وردە وردە
دەم و چاوی ناو قەفەزی سونگی و قەمە بە ئازار قاڵ
هاتە پێشێ تا گەیشتە بەردەمی داڵ
ـ کەواتە تۆی مامەیارە؟!
ـ بەڵێ منم..مامەیارە.
ـ چ شەیتانێ..
چوو بووە بن کلێشەی تۆوە؟!
چ جرجێکی کافرستان
دەروونی تۆی هەڵ ئەکۆڵی
چۆن بە تەنیا ئەچووی بەگژ
گەرداوی بەحری سوڵتان و
بێشەلانی.. بلێسەدا؟!
ـ دەروونێ شەیتانی تیایە
گوڵ و نان و ئاو بکوژێ
ـ تەنیا نەبووم

من دار بەڕووی کەژەکان و،
شیعری "نالی"م لەگەڵدا بوو
تەنیا نەبووم
من ڕۆحی سپی مەولانەم
لە تەکدا بوو
من هەڤێ بووم، خۆم.. خۆم
لە پشتەوە پێکا
من سەر تۆپچی.. ئۆردووی خۆم بووم
پێم وترابوو
چارە نووست:
بە زنجیری
تۆپەکانتەوە بەستراوە
من ئەو زنجیرەم بەرنەدا
ـ ئەی ئێستاکە؟!
ـ ئێستە دیلم
من..مردنم
زۆر جار ڕاوناوە تا ئێرە
ڕامەوەستن
ئەوە شمشێری دەستتان و..
ها.. ئەوەش تەختی گەردنم.
ـ دوژمنی ئازا..ناکوژم.
ـ بیبەنەوە ـ

ـ ئەی مامەیارە
ئەی کڵپەی ناو قەفەزی
شەوی ئێستە
دامەمرکێ
کە چاوانت لرفە ئەکەن
بە پشتاوپشت..
تاریکی بۆ دواوە هەڵدێ
دامەمرکێ
کە چاوانت گڕ ئەسێنن
داڵ هەست ئەکا
پەڕو باڵی ئەسوتێت و
نێزەی ترسێ.. لە بێخەوە
پێکەنینی دوێنێ شەوی
هەڵ ئەکەنێ.
ئەی مامەیارە.. تۆ ورەت
گێژاوێکی ترسناکە و..
خێوەتەکەی نەجیب پاشای
تیا ئەخنکێ..
ئەی مامەیارە..تۆ ئێشی و
کەچی چرای حەیرانی سوور
لەسەر سەری خۆت هەڵ ئەکەی!
ـ کاروانی شەو کاروانی ڕۆژ ڕەویان کردوو،

ورده وردەش ئازار: زامی لەشی دیلی
مامە یارەی بەجێ ئەهێشت. گۆشتە و زوونی
کۆنە برین بەسەر پێستی ڕەنگ کێلگەوە
نەخشەیەکی بچکۆلە بوو لە خاك و خۆڵی بێژراوو
لە گردۆڵکە و باخ و ڕەزی سوتێنراوی میرنشینی
بابان ئەچوو کاروانی ڕۆژ کاروانی شەو کۆچیان
کردوو جارێك دووجار داڵ لە دڵی خۆیدا وتی:
"ئەگەر سەرکێشی وەك یارەم
لەگەڵدا بێ..
من بۆ سوڵتان
چین و ماچین
ئاسمان ئەگرم
چیاکانی هیمالایای بۆ سەر ئەبڕم"
ـ بەڵام یارە
برینێکی عاسی و گیرە
زامی خاك و زامی لەشی
نەدا بە پارە و بە لیرە
بۆ بابی عالی و بۆ سوڵتان
"پیرەمەگرون "ی سەری خۆی
دانەنەوان!
ـ ئەی چیت ئەوێ؟
ـ تەنها یەك شت

ـ چییه بیلێ:
ـ ڕێگەم بدەی.. جارێکی تر
هەوای گۆیژە هەڵمژمەوە و
دەس کەمەوە.. ملی ئەزمڕ
ڕێگەم بدەی.. جارێکیتر
سلێمانی.. ببینمەوە و
وەك منداڵێ.. لە باوەشی
"پیرمەسووردا" ئارام بگرم
ڕێگەم بدەی
قومێ لەو ئاوەی سەرچنار
بخۆمەوە و
ئینجا بمرم!
ـ مامەیارە گەڕایەوە
ئێستە شاری سلێمانی،
بێوەژنێکی ڕەشپۆشە
لەژێر دارە غەمبارەکەی
" شێخ هەباسە"
کۆتەرەی ئەژنۆی ناوە بە کوانووی
سینەیەوە
پرچی شەو ئەهۆنێتەوە
چ کۆتەڵێکی بەسامە
مامەیارە:ئەسپی بێ سوار

بەچوار دەوریا ئەگێڕێت و..
ڕانك و چۆغەی
خوێنکیی. ،
شەهیدی داوە بەپشتی
ڕووتی ئەسپاو
سمکۆلآن و حیلەی ئەسپیش
لە هاژەی شین و شەپۆڕدا
تێکەڵی سیروان ئەبنەوە
چ کارەساتێکی چڕە
چۆن بتبینین؟!
ـ ساڵ هات و ڕۆی
بەلآم خۆری کوردستانی
لەئاسمانی خوێندا..گیراو
هەر بەر نەبوو
تابووتی شەوی ڕیز بەستوو
هەوەڵی بوو، دوایی نەبوو
ئیستە یارە
پیرە مێردێکە کۆڵەوژ،
لەگەڵ هەموو بەبادانی
دووکەڵێکدا
ژیلەمۆی تەندووری ناخی
تێك هەڵ ئەدا.

لەگەڵ هەموو ئاوڕێکدا
قوڵپی گریانێکی تازە
لە ئەسپی کۆیەی سنگێوە
سەرهەڵ ئەدا.
ئێستە یارە،
ژانێکی پشت کۆماوەیە
یادێکی گۆچان بەدەستە و هەناسەسوار
بە کۆڵان و بازاڕ و شەقامی شاردا
سووڕ ئەخوات و،
سەری بڕاوی ڕۆڵەی خۆی
لەگەڵ خۆیدا ئەگێڕێت و
لەچاوانی ئەبڵەق بوویان
ڕائەمێنێ
لەپڕێکدا
مامەیارە لەبەر دەرگای مزگەوتەکەی مەولانەدا
ئێستێك ئەکاو ئەچێتە سەر سەکۆیەك و ڕووی هەتاوی
خۆی ئەکاتە نسێی دەروونی ئەو خەڵکەو پێیان
ئەڵێ:
ـ بانگتان ئەکەم
لەم شوێنەوە
تاشەبەردی هاواری خۆم
فڕێ ئەدەمە ناو گۆمی

مەنگ و کپی.. دڵتانەوە
ئەم بێدەنگییە نەکوژن
ئەتان کوژێ
ئەو دەڵە دێوە سەر نەبڕن
سەرتان ئەبڕێ
ئا..ئەم تەمە ڕانەماڵن
خواش ون ئەکەن
لق ئەبێ چاوی لە پەل و..
پەلیش گەڵای خۆی ببینێ
- من مردووم و ئێوە زیندوو-
یەك جێ بێڵن
سەد جاری تر
"ئەسکی کۆیە"ئەژێتەوە
لە جیاتی خەمی یارەیەك ئەبێ خەمی هەزار یارە
لە دەورتان کۆبێتەوە.
گوێ ڕابگرن
هەر خوا نامرێ، وەسێت ئەکەم:
من نامەوێ بە مردووییش هاوسێی گۆڕی
خەزنەدار و ناپاکانی ئەسکی کۆیەی شاخ فرۆش بم.
من لە سەیواندا مەنێژن ئەوان لەوێن.
جیامکەنەوە هەربەتەنیا لەسنگی گردی گولاڵن دا
بمشارنەوە.
- ڕۆژ هات و ڕۆی بەیانییەك لەبەهاردا

گردی گولاَن مامەیارەی لەباخی سنگیا شاردەوە
گردی گولاَن چنارێکی هاتە قسەو بەدەم شنەی
"با" وە ووتی: لە ئێستەوە لەبەر پیرۆزیی
ئەم پیرە وا ناوی خۆم لەم هەوارە ئەکەمەوە و
ناوی ئەنێین گردی یارە
ـ ئەی مامەیارە
ئەی مێژووی گڕمۆڵە بووی
کونجی ئازار
لە خۆرنشینی چاوانتا
کازیوە ئەخوێنێتەوە
لە کۆنە زامی لەشتەوە
هەتا ئێستەش
بۆنی barووت دێتە لووتمان
حیلەی ئەسپەشێکەی تۆیە
هەموو ڕۆژێ
لەو.. بەرزەوە
بەسەرماندا ئەحیلێنێ و
بانگمان ئەکات.
ـ ئەوا ئەمڕۆش
مامەیارە.. ئەسپ سوارێکی زۆر قۆزە و
هاتۆتەوە..
لەسەر لووتکەی پیرەمەگرون ڕاوەستاوە و
هاوار ئەکات
ئەم بێ دەنگییە نەکوژن

ئەتانکوژێ
ئەو دەڵە دێوە سەرنەبڕن

سەرتان ئەبڕێ
ئا ئەم تەمە ڕانەماڵن
خواش ون ئەکەن
لق ئەبێ چاوی لەپەل و
پەلیش گەڵای خۆی ببینێ
مامەیارە..ئەسپ سوارێکی تووڕەیە و
هاتۆتەوە..
بەرەو هەر مەڵبەندێ ئەچێ
خوێن جڵەوی لێ وەرئەگرێ
لەناو تەمدا
حیلەی ئەسپەشێ:هاوارە
مامەیارە..فەقیانەی سوور
هەڵ ئەکات و
یەك دوو ئاوزەنگی لێ ئەداو
وەکوو نەورۆز
هەڵ ئەگیرسێ و،
ئەچریکێنێ:
کێ دڵدارە و
کێ دڵدارە؟!

سلێمانی
مایسی 1980

# بەیتی ئاگر

"چیرۆکە شیعر بۆ نەورۆز"

ـ ساڵ نییە، پەل و پۆی، درەختی گڕگرتوو
چراخان لە کەژ و دەربەندا هەڵ نەکا.
ساڵ نییە ئەو گڕە چیرۆکێ بۆ عەشقی
کاوەیەك نەنووسێ و
بۆ مەرگی زوحاکێ
دۆزەخێ دانەخا.
ساڵ نییە.. ئەو گڕە ماڵ بە ماڵ نەگەڕێ و
دەستی یاد بە سەری،
نەورۆزدا نەهێنێ
ساڵ نییە.. پشکۆی ئەو.. ئەژدیها کوێر نەکا و،
تاریکی ڕاو نەنێ.
ئەم "بەیت"ی(5) ئاگرە، پشتاوپشت،
دەماودەم هاتووە
هەر جارەی بە ئێسکی،
کوڕێك و کچێکی "ئاسنگەر"
بڵێسەی خۆش بووە

دەئێستەش گوێ بگرە

بۆ بەیتێك لەم بەیتی دێرینی ئاگرە:

* * *

سەردەمێك بوو

دنیای تاریك و نووتەك

وەك ئەشكەوتی

قوولْ و نسرمی بەسام

چۆكی ڕەشی دادابوە سەر:

گوند و شار و

ڕەز و دێبەر و شەقام..

گوڵە گەنمی چاو بەسەوزیی هەڵكۆڵراو

كوژراوی ناو برسێتی و قات و قڕ بوو

ماڵی هەژار

لە خەم سیخناخ

كوانووی هەژار

بێ پشكۆ و سارد و سڕ بوو

هەر دەستەیەك.. لەدابەستەی ئەستەموولْ

كۆشكیان پڕ و.. ورگیان پڕ و

بەدەماغ.

ناو ماڵیان پۆشتەو پەرداخ.

ئەو سەردەمە.. نەهەنگەكان

نەهەنگی والی و سوڵتان

بەسەرچاوە و.. بەر ڕووباری،
ئاوی ژینی کوردستانیان گرتبوو
ژەندرمەکان: مۆتەکەی ترس
سواری سنگ و سواری دەنگ و..
دەس بە نێزە سەرشەقام و
ناو کۆلانیان گرتبوو
ئەوەی دەنگی لەبەر دەمی
ژەندرمەدا هەڵبڕیایە
ئەوەی لە سەگی سوڵتانیش یاخی بووایە
ئەوەی دەستی بۆ خەنجەری،
بەرپشتێنی ببردایە..
زوو لە چینی ناو دیواریان گرتبوو.

* * *

ئەو دەمە، زستانی، شەوێکیان
وەیشوومە و بەفرانبار
زریانی بەلوورە ئاسمانی تاریکی،
لوول ئەدا و لە گڤەی پڕتاوی
مێگەلی پەڵە هەور
ئەترسا و رای ئەکرد
بەرە و ژوور بەرە و خوار
سەری خۆی هەڵ ئەگرت.
وژەی ناو دارستان

ڕێ و بانی چۆڵ و هۆڵ
کەناری زێی هەڵچوو
لێشاوی ملگرتوو
بەرە و ناو شیو و دۆڵ
خەرەندەی بەهاژە و توڕەبووی
کەف کردووی بێ سروشتی
ترساو بوون
ئەو شەوە "ڕەواندز":
ژنێکی غەمگین بوو
لە نوێنی شەختەدا نووستبوو
ئەو شەوە.. لەژووری ماڵێکی
قوڕینی بن میچ و گوێسەوانە نزمدا
قوتیلەکەی بەدووکەڵ،
تەواو ڕەش.. داگەڕاو،
ئەسووتا و شەوقێکی زەردباوی
ئەدا لە ڕوخساری غەمگینی
دوو برای "پیربال و کاکە لاو"
دوو برای وەرزێری پێستی لەش
وەك بەڕووی ناو ئاگر هەڵقرچاو
دوو برای بەرچاو ڕوون،
کاغەزنووس بەحەرفی حوجرەکەی
لای.. مەلا.

دوو برای داخ لەدڵ
بۆ تۆڵەی باوکێکی بەدەستی،
ژەندرمە تاسێ ڕۆژ،
لەچەقی مەیداندا
سەرەو خوار.. هەڵواسراو.
ئەو شەوە.. جووت برا
بەڵێن و بڕیاری
دوو کاری زۆر گەورە و،
سامناکیان بەیەك دا:

★ ★ ★

ـ مانگێکی تر، زستان وەکوو، پیرە مێردێ
دەم و دانی ئەکەوێت و..
سەری لە گوێ قەبر ئەلەرزی
مانگێکی تر سەرما ئەمرێ
گوڵی کێویی
بەلاسکی پەنجە سەوزەکەی
بەفر لەسەر خۆی لا ئەداو،
دوور و نزیك
چاو لە شوانی گوند دائەگرێ
بەهار دێت و لەدەرگای
حەوشەمان ئەدا و
ئەگری و ئەڵێ

کێ بێ گڕی کوژاوەی چاوەکانی من
هەڵکاتەوە و تاسەر لووتکەی دەسم بگرێ؟!
کێ بێ نەورۆزی زیندانیم،
ئازاد بکا و
بە دەنگی بەرز
لاوکی سوورم بۆ بڵێ؟
ئەی گڕی جەژنە سەوزەکەم
بەڵێن ئەدەم من ئەو کەسەم
مانگێکی تر لەسەر بانێژەی ماڵەکەم
ئەتکەمەوە و لەبەر چاوی:
ژەندرمەکان
کڵپەت ئەگەێنمە ئاسمان.
ـ یاخی بوونە لەتاریکیی
خەنجەر کالان بەجێ دێڵێ
شەختەی بێدەنگیی ئەشکێنم
ئەو وەختەی تۆ
ئاگر ئەکەیت بەگژ شەوا
منیش ئەچم..بێ ترس ئەچم
لەسەر قەدە ئەستوورەکەی
سوورە چناری گۆڕەپان
بەکوێرە و خەتی ـ دەس خەتم ـ
بەگەورەیی ناوی ـ کاوە ـ و

وێنەی چەکوشەکەی دەستی
ئەنەخشێنم
دەور و بەری سوورەچنار
وەك ڕۆژ ڕووناك ئەکەمەوە
بە هاواری کاوە و نەورۆز
ئەم سەر هەتا ئەوسەری شار
ئەخرۆشێنم

* * *

ئەو مانگە تێ پەڕی و زستان مرد
دوو برای دەرون پڕ
لەسەر تێز چاوەڕوان
گفتاریان شەقاوی هەڵهێنا
بۆ بڕیار ئەنجام دان.
ئەو ساتەی..زەردە پەڕ،
لەهەوری مەیلەوئاڵ
کەژاوەی ئێوارەی بۆ جوانیی
کرد بەماڵ.
ئەوساتەی ناو باخ و بێشەلان
بەدوا تیشك،
سەر لق و گەلایان هەزاران ڕەنگیان گرت
ئەو ساتەی.. ئاوێتەی ڕووباری
لەدوور دیار

بریقەی بەشەوقی ڕێك ئەیدا
لەچاوی بن بنار
ئەوساتە..کاکە لاو
لە حەوشە لەهەیوان
لەچیلکە و چەوێڵ و بڕەدار چی هەبوو،
بەباوەش سەری خست بۆ سەربان
لیژنەدار لەسەریەك
ئەوەندەی باڵای خۆی
کۆمەڵ بوو..
بۆ ئاگر تێ بەردان بنەوەی پووشوو بوو
لەسەر چۆك دانیشت و،
پزیزکی "بەردەستێ"
پووشووی گرت
تەنێوە..تەنێوە..تاسەرێ
بڵێسەی بەلرفە و بەشاڵاو
چناری ئاگر بوو
تا ئەهات بەرە و ژوور،
هەڵ ئەچوو.
خرۆشا ناو شاروو..
هەر، سەربوو.
لە دەرگا و پەنجەرەی ماڵەوە..
هاتنەدەر.. دەنگە دەنگ

چی ڕویدا؟ چی قەوما؟
شڵەقا گۆمی مەنگ
وەك لاولاو
ئاگری نەورۆزی کاکەلاو
لە شاردا دەست نەما سەرنجی،
لە بالآی نەئاڵێ
وەك پشکۆش
دڵێکی ڕەش نەما
بەچزەی ئازاری،
تا سەر ئێسك کونکەری،
تل نەداو نەناڵێ.

★ ★ ★

لەولاش پیربالْ وەك سمۆرە
بەقەدی لووسی چناردا هەڵگەڕابوو
لەسەر لقێکی دووفاقە هەڵکورمابوو
بە کوێرە خەتی ـ حوجرەی کۆن ـ
بە حەرفی گەورە و خوار و خێچ
نووسی: کاوە
نووسی: نەورۆز
لە پاڵیدا وێنەی چەکوشێکی کێشا.
بە دیمەن ئێجگار ناقۆڵاْ
بەکوێرە خەت بوو بەئالاْ..

کەهاتە خوار.. ئەمیش لەسەر:
سەکۆ گەورەکەی گۆڕەپان
بەرامبەری باڵە خانەی تەختە بەندی
جێگرەکەی والی و سوڵتان
داروباری کۆ کردەوە
ئاگرێکی وەك ئاگرەکەی
کاکەلاوی لێ کردەوە
کاتێ بەدەم کزەی باوە
کە شەوقی ئاڵی کلێپەدار
ئەیدا لە بالآی بزورگی سوورە چنار
ناوی نەورۆز.. ناوی کاوە
وەك مانگی ناو پەڵە هەور
جارە ناجار..
ون ئەبوون و دەر ئەکەوتن
بەسەر پەیژەی بلێسەدا
بۆ کوشتنی تاریکە شەو سەر ئەکەوتن

★ ★ ★

شار ڕاچڵەکی
کۆلآن.. کۆلآن.. گەڕەك.. گەڕەك
دەرگای حەوشەی خڕ داخراو
کەوتنە سەر پشت
هاتنە دەرێ ورد و درشت

وەك گۆمی مەنگ
خەڵکێکی زۆری حەپەسا و
لەدەوری ماڵی کاکەلاو
لەدەوری سوورە چنار و،
سەکۆی گەورە
ئەڵقەیان بەست.. خڕ بوونەوە
چاوێکیان کرد بەچوار چاو و
ورد بوونەوە..
هەر سەر بوو ئەنرا بە سەری
تەنیشتەوە..
چرپەی پەنا گوێی نەهێنیی
سەر سوڕهێنەر
لەم پەڕەوە هەتا ئەو پەڕ
یەکە.. یەکە.. ئەڕۆیشت و..
ئەگەیشتەوە..
دوو ئاگرەکەی
جووتە برا
لەژووری دڵی تاریکی
ئەو خەڵکەدا.
بوون بەچرا.
★ ★ ★
ئەم هەواڵە گڕ گرتووە
وەختێ فڕی و خۆی کرد بەناو

سەراو قشڵەی ژەندرمەدا.
ڕاڕەو و داڵانی تاق، تاق...
دوور و درێژ
پێکدا ئەهات.. جمەی ئەهات
تەقەی پاژنەی خێرای پۆستاڵ،
بن بزمار ڕێژ
جیڕە جیڕی دەرگای ژوور و
قرە قڕ و.. کۆکە کۆك و..
بانگ کردن و "جنێودانی "
کوردی و تورکی و..
شڵە ژان و سەرسم دان و ژاوە ژاویان
لە گێژەنی ترس و بیمدا
بۆ خوێن ڕشتن
پەنگی ڕقیان ئەخواردەوە

٭ ٭ ٭

لە بنەبانی داڵانی سەرەوەشدا
لەژوورێکی فراوانی بن میچ بەرزی
پڕ قەنەفە و پڕ فەرشدا
لەسەر کورسیەکی کەتەی
پاڵ پشت و دەسك نەرمدا..
ڕوو لەپەنجەرەی بەپەردەی،
ئەتڵەسی سەوز داپۆشراو

نزيك كوورەی ناو ديواری
بەحالّ گڕ لەپشكۆ هەستاو..
جێگرەكەی والی و سولّتان
پەپاغ لەسەر
برۆ پڕی.. لچ ئەستووری..
دان ئالّتوونی.. ڕوخسار ترشاو..
دانیشتبوو.
لەناوەڕاستی ژووریشدا
سەرەك ژەندرمەی ورگ زل
چوار پەل قەوی.. كەللە بەران
ڕاوەستابوو..
نقەو هەناسەی لەسنگی،
خۆی بڕیبوو
گوێی بۆ فەرمانی سەركردەی
دەم كەف كردوو
ڕاگرتبوو..
ـ تۆ پێم بلّێ لەكەیەوە
بۆرە پیاوی ئەم شارە
وایان لێ هات لەفەرمانی
"بابی عالی" یاخی بن؟!
چۆن توانیان.. چۆن ئەوێرن
وابێ باك..

دەست بۆ مشتووی
خەنجەری تۆڵە بەرن؟
ئەی ئێوە چین..
بەردن.. دارن..
بتن.. کەرن.. بارگیرن؟
ئەوەتا وا ئاگرپەست
نەوەی شەیتان.. دز.. جەردە
بەئاشکرا بەر دەروازە و،
ڕێی سەرامان پێ ئەگرن!
ئاگر و دووکەڵ ئەکەن بەگژ
پەڕە و حەرفی قوڕئاندا
شێر هەڵ ئەبڕن
لەڕووی پایەو..
تەخت و بەختی سوڵتاندا!
گوێم لێ بگرە!تاچوار مێخەی
ئاگر پەرست نەکێشن
من نامەوێ جارێکی تر
دوور و نزیك بمبینن!!
⋆ ⋆ ⋆
هەر ئەو شەوە ژەندرمەکان
وەکوو کوللە، وەك واشە
دوو دوو..سێ سێ

دەس بەسونگی، بەپڕتاو
ڕژانە ناو گۆڕەپان و سەرشەقام
ڕێگەی پردوو باخ و چەم و
دەوری شار و قوتکەی بەرز و
یالّیان گرت..
هەر ئەو شەوە..هێشتا گڕی
ئاگرەکەی جووت برا
لەسەر بان و گۆڕەپاندا ئەسووتا
کەگەیشتن فێ گرتوانە،
شێت و هار
بەپێ لەقە.. بەسەتڵە ئاو
گڕی ئاگرو.. بڵێسەیان
تەواو دامرکاندەوە..
بەدەم نووکە شەقی قین و..
بوغز و.. جنێو دانەوە.
پەرش و بلاّو..
سەرە بزوتك.. کەڵە پشکۆ.
لەجێی کڵپە.. دووکەڵی ڕەش
پێچاو پێچ!
سەری خەم و نوشوستی خۆی
هەڵ ئەگرت..
دەنگ و باسی دوو ئاگرەکە و

جوت برای
بۆهەوری سەر ئاسۆی دوور و
بەهەواری کۆچەرەکان..
ئەگەیاند
هەر ئەو شەوە..لەپشتەوە
باڵی جووت برا.. بەستران
بەدەم زرمەی شەق و دۆنکی و..
تێلاّوە..
لەش خوێناوی بۆ زیندانی،
شەوەزەنگ بران.
بەفەرمانی پەپاغ لەسەر
جاڕچی هات و
جاڕی ئەدا؛
ماڵی پیربالّ و کاکەلاو لەگەلّ ئەرزا تەخت کرا.
شوێنەواریان کرد بە کولانە بۆ سەگ و
تووله و تانجی ماڵی پاشا.
هەر ئەو شەوە.. بە تەورداس
کەوتنە وێزەی سووره چنار
لەڕەگەوە دەریان کێشا
لەت لەتیان کرد
کۆمەڵ.. کۆمەڵ
بەشان بردیان

بۆ دارەڕای تەویلەی نوێی
قشڵەو سەرا
هەر ئەوشەوە درەنگانێ
بەفەرمانی پەپاغ لەسەر
جاڕچی پەپو هاتەوە دەر
ئەمجارەیان جاڕێکی دا
چزە و کسپەی لەدەروونی
عاشقانی ئاگر هەستان
کە ئەیقیڕان:
جووتە برا..
لەدار دران!
⋆ ⋆ ⋆
بەیانی کەشاری گریاوی
قژ ئاڵۆز..
ئەستێرکی خوێنینی..
چاوانی هەڵ هێنا
دوو سەری،
بڕڕاوی خۆی بینی.
بەیانی کە هەتاو ڕێی کەوتە
ناو شار و
چووە سەر سەکۆکەی گۆڕەپان
لەناکاو کەوت بەسەر،

دوو لاشەی عاشقی پڕشنگیاو،

زۆر گریا!

ئەوەتا وا ئێستە

بە دەرگای سەراوە

پیربالْ و کاکەلاو

دوو جەستە و دوولاشەی

سارد و سڕ چوون بەفرن

بەلاّم بۆ جەژنەکەی دلْداران

دوو گیانی سەوزن و

دوو هەلْۆی ئاگرن.

ئەوەتا وا ئێستە شەمالْ هەلْیکرد

بەپەنجە ئەسپایی

کاکۆلْیان لا ئەدا و..

تەوێلْیان ماچ ئەکا

ئەوەتا بەچرپە بۆ گەلاّی درەخت و

بۆمەل و بۆ شەپۆل

مەرگی سوور باس ئەکا

ئەڕوات و سەر ئەکا بەهۆبەی

ڕەوەندا..

ئاگریان خۆش ئەکاو هەوالْی

شارەکەی دوو برای،

نەورۆزیان پێ ئەلْێ..

ئەڕوات و جارە جارە چنارێ
ڕای ئەگرێ
شەماڵە و ئەم بۆنی کاکۆڵی
ئەوانی لێوە دێ
ئەوەتا وا ئێستە هەورێکی
زۆر چڕی هێناوە
ئەم هەورە..لەدوور ڕا
هاتووە و ماندووە..
ئەم هەورە گێنگڵی
ژانێکی بەتاوە..
ئەم هەورە.. لەگڕی ئاگرەکەی
جووت برا.. کەوتەوە
لەو.. زاوە
هاتووە و بۆ دوا جار برایان ببینێ
هاتووە بۆ دوا جار دەمی عەشق،
بنێتە ناو دەمیان
ئەوەتا وا شوانی نوقم بووی.
تا ئەژنۆ لە گیادا
بەرە و ژوور ئەڕوات و
قۆڵی کردووە بەقەفی
گۆچانی سەر شاندا..
هەنگاوی خەماویی

وەردی تەڕ ئەشێلێ
ئەو ئەڕوا و پەلکە گیای بەر باران،
لاسک جیڕ،دێتەوە شوێنی خۆی،
بێ ئەوەی نیشانەی ڕێگەیەك جێ بهێلێ.
ئەوەتا ورد ئەڕوا و
گۆرانی بارانە، بۆ کۆچی سوور ئەلێ.
"باران بارانە،هۆرەی بارانە
هۆرە بۆ کۆچی سووری یارانە
باران بارانە شەستە بارانە
چاوی ئەو کەژە زنەی گریانە
باران بارانە ڕیزە بەڕیزە
ئەوەتا چاومان وا لە ئازیزە
باران بارانە نەرمە بارانە
کۆچی بێ وادەی سووری یارانە،

* * *

ڕۆژ هات و چوو
کارەساتی جەژنی کوژراو
سیمای پیربالّ و کاکەلاو
ون نەئەبوون لەخەیالّدا و..
جێیان نەهێشت سۆمایی چاو
لەناو ژووردا
لە هەیوان و حەوشەدا

ئەبینران ئەهاتن ئەچوون.
لەکێڵگەدا
تۆویان ئەچاند..
ئاوی جۆگەیان هەڵ ئەگرت
لەگەڵ منداڵی گەڕەکدا..
ڕایان ئەکرد..بازیان ئەدا..پێ ئەکەنین.
شەوی هاوین
لەنێو پەل و نێوان گەڵای درەختەوە
مانگ..دەم و چاوی ئەوان بوو
لێو بەخەندە.. دەر ئەکەوتن.
شەوی پایزیش.. لەخەونی
ئاشنا و ڕۆشنا و هاوڕێدا.
گەلێ جار ئەبوون بە دوو مەل
باڵیان سوور و
بەر سنگ سەوز و
لەسەر بەفری دووره لووتکەی،
بەر زەردەپەڕ.. هەڵ ئەنیشتن.
* * *
ئەگەر چی ئەو ساڵە
هەڕەشەی ئاگر و ئاسنی ژەندرمە
بەپەت و مێخ کێشان
بەزمان لە بندا بڕین و..

بەسونگی و بەقەمە
مۆتەکەی ژیانی سەرسنگی
خەڵکی بوون؟
تاقیبی بەردەوام..
چیتان کرد؟ لەکوێ بوون؟!
بۆچی، چۆن؟
ئەگەرچی هەندێ کەس..
بۆ پاشا بوون بەورچ،
بەمەیمون.. بەسەگی چوارچاو و
لەشەودا.. خۆیان کرد..
بەخێوو.. جنۆکە.. بە درنج
بەلاّم ڕێی هەتاوی
پیربالّ و کاکەلاو..
ئەو زەنگەی پار نەورۆز،
لێیان دا.
تاریکی نەیتوانی قووتی داو،
هەڕەشە نەیتوانی کپی کا!

★ ★ ★

بەرداشی سالّ سوڕا
وا نەورۆز خەریکە جارێ تر
سەر بات و بێتەوە
نزیکە.. کراسی گولاّلە لەبەرکا

نزیکە دەسماڵی وەنەوشە،
بەشانیا بدات و
کلاّوی نێرگزو گەزیزە،
لەسەرکا..
نزیکە و بە سەردان
جووت برا دێنەوە
ماڵ بەماڵ ئەگەڕێن تا جەژن،
ئەڕوات و ئەوساکە،
ناوەستن.. ئەچنەوە!

* * *

بەدوو ڕۆژ پێش ئەوەی
کە نەورۆز بێتەوە..
لەشاردا..ماڵە و ماڵ..
بانگێکی نەهێنیی.. دەماغ و
دەمامك.. هەڵبەستوو.. ئەگەڕا
بانگ وەکوو هەرێز وپەڵە هەور
تەنیوە..
بانگ ئەی وت:
بۆ ئەوەی کە نەورۆز
بڵێسەی بەرزتر بێتەوە و..نەکوژرێ
با چاوگی ئەو گڕە "بیرمان "بێ
بۆ ئەوەی درەختێ کە ناوی کاوەی

لەسەر بێ و بمێنێ.. با ڕەگی ئەو دارە
بنـج بەستی.. دڵمان بێ..
بۆ ئەوەی.. کە گیانی پیربال و کاکەلاو
شاد بکەین
باهەموو.. هەر هەموو
ببینە هەزاران پیربال و کاکەلاو
تا بچین بە باوەش
هەتاو و نان و گوڵ بێنین و
بیدەین بە، هەژاری ڕەنـج خوراو.
کەژاوەی ئێوارەی نەورۆزی
سەوز هات
هێشتا خۆر چەند ڕمێ
بەرزتر لە کەنار خۆرنشین،
وەك دەمی تەندووری ئەسووتا
شار کڕ بوو. بێ دەنگی گۆمێك بوو
زۆر سامناك
هەر کە خۆر یەك دوو ڕم
چووە خوار
ئەنگۆرە (6)دەرکەوت و تاریکیی،
حوچێ بوو بازی داو بەگوڕ هات.
ئەو ساتە بێ دەنگی تەقێوە..
لەناکاو..لەجیاتی دوو ئاگر

هەزاران ئەستێرەی ئاگرو،
مانگ لە سەر،سەربانی
شار هەڵهات..
بانێژەی ماڵ نەما..
هەورەبان.. سەرقەڵا.. سەرگومەز
گۆڕەپان.. ناوکۆڵان.. گردەکەی سەر قەبران،
قوتکەکان.. نزم و بەرز..
شوێن نەما
کە کڵپەی ئەم ئاگرە پیرۆزە
بۆی نەبێ.. بەچرا
لەشاردا.. قەدێکی درەخت و دار نەما
گەورەبێ.. یان پچووك
باریك بێ.. یان ئەستوور
چنار و.. دارەبەن.. دار بەڕوو
دار مازوو
شۆڕە بی.. گوێز و توو..
بەنووسین.. یان وەکوو نیشانە
بۆ کاوە... بۆ نەورۆز
نەبێ بەو مژدەیەی
پێش وەخت نێرگزی
ئەم ڕۆژەی میوانە!
جائیتر.. پاشا و بەگ

ژەندرمە.. چی ئەکەن؟ کێ ئەگرن؟
چەند ئاگر خامۆشکەن؟
چەند درەخت لەبندا هەڵکەنن؟
ئەوەتا وا لەپاڵ هەزاران ئاگردا
هەزاران پیربالْ و کاکەلاو
ئەو ئاگری نەورۆزە خۆش ئەکا.

# داستانی بەردەقارەمان (7)

"بۆ مامۆستاو هاوڕێی خۆشەویست،
زانای مێژوونووس د. کەمال مەزهەر پێشکەشە".

- 1 -

ئیستە شەوە لە سەر شانی لووتکەی "سێ کەوان "
وەك شاژنێ ڕۆنیشتووە
"مانگ" ی حوزەیران.
سەرو قژی بە چارشێوی هەورێکی تەنگ،
داپۆشیوە و بریسکەی دێ،
ڕووی زیوینی وەك ئاونگ
شێوەی سوخمەی پوولەکەچن ورشە و پرشەدار
بەهەیاسە و قوبەی ڕوونی ئاسمانەوە،
ئەستێران هەزار.
لە ئاوێنەی تریفەدا دەشتی بازیان
پێ ئەکەنێ و دەرئەکەوێ دانی سپی،
جۆگەکەی " کانی شەیتان "
پیرەمەگروون پیرەمێردی قژ بەفرینی،
دەروون تەم گرتوو

چاوی لووتکەی بڕیوەتە پاشەڕۆژی،
هێشتا نەهاتوو.
دارستانی سنەوبەری بەفیز و لووت بەرز،
لەژوور شانی لاپاڵەوە،
ئەڕوانێتە ئەرز.
دارهەناری سوراوکردووی،
دەم پڕ لە شیلە
قۆڵ و باسکی سپی و سۆڵی،
هەرمێ کێویلە..
لەم شەوەدا بەدەم کزەی بای باشوور و،
بەفرەوە هاتوو،
دێن و ئەچن لەجۆلانەی،
شەماڵدا ئارام گرتوو.
بۆنی شەوی هاوینانی نزیکی باخچە
مۆردی پەرژین،گوڵە زەردو،ڕەشەرێحانە
بۆ نووستنی درەنگانێ خەونی پڕ گولاّو
ئەپرژێنن لەوەنەوزی،
کەروێشکەی ناوچاو.
ئاگری شوانی سەردووره شاخ،
سووورباو کە هەڵدێ
دەمێ گەش گەش
دەمێکی تر

کز کز ئەسووتێ.
زیکە زیکی سیسرکی ناو،
کێڵگە و وەرد و شیو
بارە بار و،
حیلەی ئەسپ و loorە لووری
سەگی لۆز بەرامبەر مانگ هەڵبڕیو..
ئەو دەنگانەن لەگەڵ غەڵبە و
هۆ بەهۆی ناو لەشکردا
لەدوورەوە ئەگەنە گوێ و،
وەك ژاوە ژاو
تێکەڵ ئەبن لەناو یەکتردا
* * *
ڕواڵەتە ئەم جوانییە،
دوور کوژەی سروشت.
دێوجامەیە..
بزەی مانگ و سەمای بەفروو
سیحری هەڵەمووت!.[8]
تا سەر نەکەیت بەماڵانی،
بن میچ نەویی
گوندی برسیدا
تێکەڵ نەبی لەگەڵ ناڵەی ڕەزو وباخ و
ژانی زەویدا.

تا گویٚ نەگری لەدڵی شاخ

لەزامی داران

بەدەستی خۆت دەس نەخەیتە

سەر تەویٚڵی "تا"ڵیٚ هاتووی

کەژووکۆساران

قەت ناگەیتە قوڵایی ناخ..

نایخوێنیتەوە..

لەتەنکاوا قەت مرواری دڵی مێژوو

نادۆزێتەوە.

* * *

شەو درەنگە وا خەریکە

ڕەشەبایەك هەڵبکا

"با " دەم تیژە و وژەی باڵی

لەشمشێری

وەشێنراوی ڕووت ئەکا.

شەو درەنگە لەبەردەم و،

لەلاشانی ڕاست و چەپی

"دەربەندە وشکا"[(9)]

پانزە ڕۆژە..

هۆبە..هۆبە،لەشکری شێخ

بنە و بارگەی خستووە.

پانزە ڕۆژە..

له ته‌ختایی،به‌رده‌لانا
تا ژوور ئه‌ژنۆ
سه‌نگه‌ریان هه‌ڵکه‌ندووه‌.
مله‌ی شاخ و قوتکه‌ی سه‌ره ڕێ
به‌چوار ده‌ورا گیراوه‌
هیچ ده‌رناچێ له‌باڵنده به‌ولاوه‌!

★ ★ ★

پانزه ڕۆژه کوڕانی هۆز، یه‌که یه‌که‌ی،
به‌خۆ و که‌ڵه‌گه‌ت
چاپوك سواروو که‌لله ڕه‌ق و سمێڵ بابڕ
موو ڕه‌ش و موو زه‌رد
ده‌ستیان له‌سه‌ر مشتووی خه‌نجه‌ر
چاویش وه‌کوو چاوی بازی
نێچیر ڕاوکردوو،
پانزه ڕۆژه کوڕانی هۆز ئێشك گری
ده‌ربه‌ندن و
سه‌ر و ڕیش هاتوو.
وه‌ك پڵنگی دڕك له‌قاچ هه‌ڵ چه‌قیوی
ناو بێشه‌و لانه
بێ ئارامن،دێن و ده‌چن،چیا ئه‌بڕن
ئه‌م دیو..ئه‌ودیوی
بۆ دێ به‌دێ بانگ ئه‌ده‌ن و

هان ئەدەن و
وان لە پارێزدا.
هەر هەموویان
بەدوای شێخی،
سوارەی ماوزەڕ لەشانکردوودا
بەدوای شێخی شیر هەڵکێشاو
لەڕووی ئینگلیزدا
هەر هەموویان سوێند خۆرن و
دائەنەون..لەم خاك و خۆڵە،
پڕ بەمشتێ هەڵ ئەگرن و ماچی ئەکەن
بۆ ڕۆژی تۆڵە.

ـ 2 ـ

ئەم دەربەندی بازیانە
کە بەوێنەی ژمارە "7"
هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان،
هەڵبڕیوە
لەدنیای کۆن و تازەدا
چاوانی ئەو چی نەدیوە؟!
ئەم دەربەندی بازیانە
تەنها دەروازەی بەردینی
ئەم مەڵبەندەی کوردستانە

ئەوەی زووتر..
چنگی گیر بوولەم گەرووە
ئەوەی زووتر..
ئەم دەروازەیەی پێوەدا
ئیتر شاخ و ئەم دیوی شاخ
بۆ خۆی بووە.

٭ ٭ ٭

بۆ کڕوزی جەرگ و خاکی،
دوای شەڕ هێشتا،
بۆنی لەلووتا هەرمابوو،
ئەو وەختەی لاکی عوسمانی
لەنێوانی گورگەکاندا لەت لەت کرا
کوردستان و..
ئەم مەڵبەندەی سلێمانی
بەگورگە چاوشینی دوورگەی،
ئینگلیز بڕا،
گورگی چاوشین نەوت بۆنکەر
بە زەردەخەنەی ژەهراوی
جێی خۆ خۆشکەر،
گورگی چاوشین نیوەی ڕێویی
ماندووی هەورازەکەی شەڕ بوو
تا هیلاکی لەش دەرئەچێ

باحوكمدار لە مەڵبەندا
کەڵەکێوی هەر کێو خۆی بێ!

★ ★ ★

گورگی دوورگەی لۆز درێژ،
تا هیندستان
وای ئەگەیان:
ئیدی گوایا شوانی مەڕوو
شوانی ماف بوو
هەر کە تاریکیش دائەهات
ئیدی گورگی لۆز درێژ
تا هیندستان
کلکی خۆی ئەکرد بەگۆچان
بەگۆچانیش مەڕو وماف و
کلووروو نەختینەی دنیای
بۆ خۆی ئەفڕان.

★ ★ ★

حوکمڕانی کەڵ بانگی دا:
گورگ هەر گورگە
شوانی هەڤەو..
حەقیش پارووی دوورگەی دوورە!
چاوشینە یاخود چاو زەردە
گورگ هەر گورگە

لەندەنییە و ئەستەموولی
گوێچکەی خوارە یاخود قوتە
گورگ هەر گورگە
ئەم مەڵبەندە
بۆ ڕاست.. ڕاستە
بۆمەند.. مەندە
بۆکێرد.. کێردە
حوکمداری کەڵ بانگی دا:
ـ گوێزی پووچە،
بەڵێنی شای دوورگەی درۆ.
میوەجاتێکی گلارن
گفتەکانی مستەر "ویلسن"
پێکەنینەکەی "مێجەرسۆن"،
شمشێرێکە و دەم بە خەندە،
ژەهرە و شیرین.
ئاگاداربن
ئەو وەختەی دەستتان ئەگوشن
هەر لە پەنجەکانتان پواز،
دائەتاشن.
هەتا ئێستە
ئارامیی ئێمە گۆیژە بوو
گۆیژەش "ئەیوب"

ئەوا ئەیوب کراسەکەی،
خۆی دائەدڕێ.
هەتا ئێستە:
دڵمان جامێکی گەورە بوو
گەورە بە قەد
گوومەزەکەی سەر "کاك ئەحمەد"
ئەوا جامیش لێی ئەڕژێ.
قولاپ.. قولاپ
ئەو ئەزانێ ماسی لە چ،
گۆمێکدایە
خەنجەر.. خەنجەر
ئەو ئەزانێ حەقی خوراو
لە گیرفانی کام کەس دایە!

* * *

شەو درەنگە
ڕەشەبا نووست.
ئەم مەڵبەندە
لە ناوەڕاستی شاخاندا
ئاسکی دەشتێکە گیر خواردوو
هەر بارەی دێ
بۆ بژوێنی هەژارانی
ئەم مەڵبەندە

چاو ئەگێڕێ.
هەژارانی ئەم مەڵبەندە
وەك زەعفەران
ڕەنگیان زەردە
قاچ و قۆڵیان باریك باریك
وەکوو قامیش
دەست و پلیان وەك زەوی دێم
قڵیش..قڵیش
لەسنگی داچەقاوەوە
مەمکی ژنان
وەکوو کۆترە شینەکەی مردوو
تەکەیان دێ..
منداڵانی ئەم مەڵبەندە
زۆر کەمیان لێ گەورە ئەبێ.
ئەم مەڵبەندە
کە بارانی پەڵەی تێر ئاو ئەخواتەوە
کە دەغڵ و دان و مەرەزە باڵا ئەکەن
کەروێشکەی "با" لەناویاندا
قونە قون ئەکەن..ڕانەکەن
دنیایەکی بەبڕشتە
بەڵام.. بەرهەم
بۆکەم.. زۆرە

بۆ زۆر..كەمە
تەنها یەك ژەم
بۆ چەندان.. دەم
بۆ یەك دەمیش
دە دوانزە ژەم!.

ـ 3 ـ

شەو درەنگە
ڕەشەبا نووست.
وەك بترسێ هەور هەڵات.
ئیتر مانگیش
زێڕە تریفەی خاوی خۆی
لەسەر بەفری گەردنی شاخ
بەمشت هەڵڕشت.
شەو درەنگە
لە هۆبەیەكی لەشكرا
لەسەر پەڕا
لەژێر دەوارێكی سپی
كەنار گرا
وەك شێری توورە "شێخ مەحموود"
دێت و ئەچێ..

دەستی ڕاست لەبەر پشتێنا
پەنجەی نەسرەوتی دەستی چەپ،
دەنکی تەزبیحێکی ئەبلەق،
دێنێ و دەبا.
ناو بەناویش..
لەبەر ستوونی دەوارا ڕا ئەوەستێ
لەکلاّوی پیرەمەگروون
تریفە چن
ڕائەمێنێ
لەدڵیا خۆی بەخۆی ئەڵێ:
"کە سەربەست و حوڕ نەژیام
جەننەتیش بێ وێرانەیە
سەروەت و ماڵ، دەشت و چیام
موڵکی سرفی بێگانەیە. "
وەك شێری تووڕە "شێخ مەحموود"
بەسەر لبادێکی سپی و ڕەشدا
دێت و ئەچێ
بالاّی وەك قەدی دارگوێزی،
تۆکمە و پتەو.
جۆشی پیاوەتی وەك جۆش و گوڕەی بەهار.
سەروو پێچ، مشکی و جامانەی
تێکەڵ کراو

قۆڵ فەقیانەی،
تێوە پێچراو.
باڵە پەڕەسێلکەی سمێڵ
تۆزێ ئەستوور
ڕەش قەترانی.
دوو برۆی مانگرتوو لەسەر
جووتێ چاوی بریسکەدار
وەکووپشکۆ.
بەرگی بەری مراخانی.
پشتێنیش هەر مشکییەکی
ڕەش، خەت سپی.
خەنجەری قەد، دەبانێکی
مشتو مەیلەو زەردێکی کاڵ
لەشاخی بەران داتاشراو.
فیشەکدانی
ڕاست و چەپی
سەر سنگی پان
خانەی پڕ لە فیشەك کراو.
کلاّشی پێ هەورامانی!

⋆ ⋆ ⋆

شەوە درەنگە، بەلاّم بازی ئەم مەڵبەندە
بەشەو چاوی ناچێتە خەو

ئەو.. دێ و ئەچێ
لەم لاشەوە
"تایەری فەرخە "و" سەی حەسەن "
ڕاوەستاون
دوو ستوونن جووڵە ناکەن.
دوو سەر سامن
هەر وەك لە "بەمۆ"ڕامابن.
سەی حەسەنی کورتە بنە
مامی شێخ خۆی.
ڕیش تۆپزی
دەم و چاوی شەڕەنگێزیی
ئازای کون لە جەرگا نەبوو
هەر دەڕوانێ و چاوەڕوانە.
تایەری فەرخەی موو زەردی
چەناگە چاڵ
لووت بەرانی و برۆ ئەستوور
کوڕی قۆشمەی سلێمانی
هەر دەڕوانێ و چاوەڕوانە.
لەدوای ئیستێ
شێخ وەرچەرخا و
ڕووی تێ کردن:
ـ لەپاش هەڵمەتی "تاسڵووجەو"

شەڕەکانی بەسەر پێرێی
لای "شیوە سوور"
کە هەیبەتی "میجەرسۆن"مان
وەك جەڕەی گۆن
تێدا شکان
لووتی بەرزیمان دا لەعەرد
فیزی زلیمان دا لەبەرد
هەواڵ وایە لەموسڵەوە
هێزی هەژدەمی "فرایزەر"
کەڵەشێری لە خۆبایی
"جەنەڕاڵ"ی
چقە دەرکردووی سەر سپی
بەرەو مەڵبەند کەوتۆتە ڕێ
دەربەند بگرێ
هەر بۆ ئەوە بانگم کردن
ئەم هەواڵە بەلەشکرو
دێهاتەکان ڕاگەیەنن.
سەی حەسەن وەك:
لەسەر ئاگر ڕاوەستابێ
بێ ئارام بوو

هەڵێدایە:

ـ قوربان!گەرووی ئەم دەربەندە
بەدیواری لەشی خۆمان هەڵ ئەچنین
قوربان! کوڕەی لەشکر
دەستەی شەستتیر تەقینەکان
سوارەی "دزڵی"
ئامادە بۆ:
شەڕی دەستەو یەخەی مەیدان!
تایەری فەرخەش لەسەرخۆ
بەدەنگێکی نزم وتی:
ـ قوربان!ئەگەرچی "فرایزەر"
سەری لەناو کەرکووکدا بێ و
کلکی لە پردێ تۆز ئەکا
پیادەی "سیك و گورگە"ی ڕەشمار
لەشارە مێروولە ئەچن
لە چاو لەشکری ئێمەدا
سەد بەهەزار.
بەلآم دەربەند گەروویەکی هێندە قووڵە
زۆر فرایزەری قووت داوە
گەلێ چقەی پیرەلۆکەی وەکوو ئەوی
تیا خنکاوە!

ـ 4 ـ

بەقەلآی "چەمچەماڵ"ەوە

قشڵەی بەردینی

چوار قوللەی

ئێسك گران

وەك بەرازی لۆز بۆری

شفرە سپی

ددانی جیڕ ئەكاتەوە و

ئەڕوانێتە ڕێی بازیان.

سەر قەڵاو دامێنی قەڵا

جمەیان دێ.

لەشكری هەژدەی فرایزەر وەك بارگیری،

لەناو خۆڵەمێشدا گەوزاو

لەموسڵەوە بەڕێ كەوتووی

لەتەپو تۆزدا نوقم بووی

چاو دیار نەماو

لە دوای چەند شەو و چەند ڕۆژێ

گەیشتە جێ.

★ ★ ★

لە قشڵەدا

لە هۆدەیەكی گەورەدا:

تەختی خشت ڕێژی مەیلەو سوور

كەوانی تاقی پەنجەرە

برۆ پەیوەست

سەر یەکانگیر.
دیوار سپی وەك چوڕەی شیر
قەنەفەی قەبەی بەرگ قەیفەی
ئەم بەرو ئەوبەر ڕیز بەستوو:
مێزی لەدار گوێز کراوی،
سەروو گرتوو.
شووشەی گرنج،
خانە خانەی مەرەکەب دان.
لەسەر ڕەفەش،
دوو سێ گوڵدان.
لەسەر کورسی ئەو دیوی مێز
"جەنەڕاڵ"ی سەر دانەویو،
زۆر قووڵ، ورد ورد
ئەڕوانێتە نەخشەی مەڵبەند.
لەسەر کورسی ئەم دیوی مێز
"موشیری حەمەی سلێمان "
بەگزادەیەکی هەمەوەند
چاوانی زیت..
زۆرقنج وقیت
دانیشتووە و
بەپێشەوە
لەمابێندا

لیڤیەکی کورد، زمانزان
ڕاوەستاوە و
بووە بە پردی نێوانیان
★ ★ ★
فرایزەر پیاوێکە درێژ
ڕەقەڵەیە وەکوو تانجی.
قاچەکانی وەکوو قاچی
شینە شاهۆ.
قژی..خوری.
ڕەنگی پێستیش سوور و سپی
★ ★ ★
پێش مووسڵ
فرایزەر ڕمێکی باریکی
نووك تیژ بوو
لەمەمکی ڕەشتاڵەی بێ شیری
هیندستان چەقی بوو
پێش چەند ساڵ
فرایزەر لە بەنگاڵ

گورگێکی ڕەقەڵەی سوورفل بوو
ئەچووە سەر سەربانی
ماڵانی بێ دیوار ئەی لووران

ئەچووە سەر ڕێ و بانی
ئاوایی و..
منداڵی "دێ "ی ئەفڕان.
پێش چەند ساڵ فرایزەر
لاوێکی ئەفسەری بچووك بوو
ئەو وەختە گەورە بوو
ساڵ بەساڵ
کە بەسەر پلیکەی سەرانی
بڕڕاوی زنجیدا سەر ئەکەوت
تابووە
"جەنەراڵ "
پێش ئێرە کوللە بوو
چاوانی گەنم و جۆی
زۆر خاکی دەرهێنا.
پێش ئێرە سیسارکە کەچەڵەی
ئاسمانی بێ هەور و باران بوو
باڵندەی سەر بەستیی
ڕاو ئەنا.

ـ 5 ـ

دوای ئەوەی تایەری لاوازو
حەسەنی گردەڵە

ئیزنیان خواست لەشێخ و لەدەوار هاتنە دەر.

ئەو..حەلە

تازە خۆر

بەکاوخۆ بەشانی گۆیژەدا سەر ئەکەوت

تازە خۆر پەنجەرەی زێڕینی نێونیگای

هەڵ ئەبڕی.

تازە مەل لە ئاسۆی ڕۆژێکی تازەدا

هەڵ ئەفڕی

پێ دەشتیش شۆخێ بوو

پێست زیوین ڕاکشاو

پاو پوزی خستبووە ناو جۆگەی بەر هەتاو.

ئیدی هەر بێ وەستان بەپەلە

سوار بوون و هەر یەکەی بۆ قۆڵێ

ئاو زەنگی تێ تەقێن

ئەسپەکان باڵیان گرت

دوو کۆمەڵ..

تایەریان جڵەوی بەرەو ژوور وەرگێڕا

حەسەنیش بەرە و خوار وەرچەرخا

ئەڕۆن و بانگی شێخ

وەك تۆوی دەغڵ و دان

لە دڵی دێ بەدێی

مەڵبەندا ئەچێنن

ئەڕۆن و بانگی شێخ
وەك شەتڵی گوڵە باخ
لەسنگی شەقاری مەڵبەندا
ئەڕوێنن.

★ ★ ★

ئەو دەمە
وەك چاڵی خەڵووزان
وەك کووچە و ناو چوخمی شەوگاران.
تاریك و نووتەك بوو بیروهۆش
زۆر کەم بوون
چراوگی دەس وشەی
ڕێگە و بان.
بیری کۆن وەك قفڵی ژەنگ گرتوو
لەسەر دڵ درابوو
خەیاڵی پڕ و پووچ وەك ڕەشمار
بەقەف قەف
لە ملی کوردستان ئالا بوو.
هەژاران ڕیشۆڵەی بێ دان و
تەزیوی بەر سەرما و
ناو داوی ڕاوکەر بوون
جوتیاران کەروێشکی ترساوی
ناوکێڵگەی

لەلانە بەدەر بوون
ئەو دەمە
لانەی شێخ
لای چەپی لای ڕاستی
چوار دەوری
بەورچی دەف ژەن و
مەیموونی سەماکەر گیرابوون.
هەرا بوو
ئیدی هەر ورچ بوو
ئەهات و فووی ئەکرد
لەمۆمی تاك تاكی مەڵبەندی داگیرساو
ئیدی هەر مەیموون بوو ئەهات و
مێزەری قازێتی ئەبەست و
ئەبوو بە:
سەر پشکی حەق خوراو!

★ ★ ★

باڵای شێخ لەو چوخمە
تاریك و نووتەکەی ئەوسادا
درەختی پەل و پۆ گرگرتووی
ڕێ وبانی خاکی بوو
ئەڕۆیشت و ئەسووتا
دەنگی شێخ، چریکەی

له مێژووی خامۆشی ئەوسادا
نزاری له خەوی کەنار چەم..ڕاچڵەکان
دەستی برد کاکۆڵی چیای گرت..ڕای تەکان.
دەستی برد لاشانی هەردی گرت..ڕای وەشان
دەنگی شێخ، چریکەی:
چووە بن پەناگوێی فورات و
ڕای پەڕان.

ـ 6 ـ

"موشیر" بەر لەیەك دوو ساڵێ
لەپایزێکی درەنگدا بە سەردانێ
وەك چەقەڵێکی زراوچووی‌گوێچکە تەپیو
بۆ پاکانە چوو بۆ لای شێخ
دیوەخانی شێخ ئەو ساتە
پووره هەنگ بوو،جمەی ئەهات
لەدوای ئەوەی چەقەڵ دەستی
شێخی ماچ کرد
شێخ ڕووی تێ کرد
ـ موشیر! من، تۆ و کولله و زەروو
تۆ و گورگی بۆر، تۆ و دالاش و کونه پەپوو
وەکوو یەك تەماشا ئەکەم!
بەدەست تۆوە نان و ئاوی برسی و تینووی

ئەو ناوچەیە هەمووی ئەگرین!
کاروانی ئەو ڕێگە و بانە
بە دەست تۆوە
وەکوو درەختی ڕنراویان
لێ هاتووە
بەدەست تۆوە هەر نامووسە و
ئەزریکێنێ و زەوتی ئەکەی
ئەی مڵەی پیس!
تۆ چی ناکەی؟!

* * *

ئیتر لەو ڕۆژەوە کە شێخ
لەبەر چاوی سەرەك هۆزو
سەر خێڵەکان
موشیر ئاغای ئاوا شکان
لەو ڕۆژەوە
ئەویش ڕقێکی لێ هەڵ گرت
گەورە بەقەد:
شاخی دەربەندی بازیان.

* * *

دەمەو عەسرە
هێشتا هەواڵی چەمچەماڵ
ئەڵێی هەناسەی ئاگرە.

ئاسمان ڕەنگی:
خۆڵە مێشییەکی تێرە.
تا چاو بڕکا گردۆڵکەی زۆر
ڕەنگ سوور و بۆر
وەکوو قارچکی هەڵتۆقیو
نزیك نزیك..بڵاو بڵاو
لەپێ دەشتا،دێنە بەرچاو.
لەقشڵەدا
لەژێر سێبەری دار مێو و
دار تووی هەڵچووی گوێ حەوزەکەی
ناو حەوشەدا
جەنەراڵ و چەند ئەفسەرێ
دەستیان خستۆتە پشت قنگیان
وەك کۆمەڵێ طاوسی گیف
تێل(10) ڕەنگاو ڕەنگ
پیاسە ئەکەن،دێن و ئەچن
ناو بەناو ئەیکەن بەغەڵبەو
ناو بە ناویش کڕو بێدەنگ
بەهەشت نۆ هەنگاو لە دواوە
کوڵە نانی..
لە ژێر کەوای قۆڵ فشۆڵدا
پشتێنی پانی بەستووە

موشیرە و دوایان کەوتووە
موشیر چاوی وەکوو ڕێویی
زەرد و زیتە.
کابرایەکە چەناگەی کوڵ
گوێچکەی ڕەپە، قنج و قیتە.
پەڕەی لووتی تۆزێ خوار و.
تەوێڵ قۆقز
دەنگێکی گڕ تۆزێ نووساو.
جەنەڕاڵ دیارە خەیاڵی
بۆ ئەودیو دەربەند ڕۆیشتووە
نەخشەی ناوچەی
لوول لەدەستا هەڵگرتووە
لە ناکاودا
گورگە چاوشین ئیستێك ئەکا
بەپەنجە بانگی موشیری
گوێ قوت ئەکا..
بەتەکانێ ئەگاتە لای
فرایزەر هێواش لەسەرخۆ
هەر لەسەر لێواری سەکۆ
نەخشەی مەڵبەند ئەکاتەوە
موشیر خۆی دائەنەوێنێ
سەیرێ ئەکا

لێی تێ ئەگا و لێی تێ ناگا
فرایزەر پەنجە ئەخاتە
سەر ڕێی شوێنێ
ناوی بە گوێی سووکی مشکا
ئەچرپێنێ
موشیر سەری ئەلەقێنێ
جەنەڕاڵیش پێ ئەکەنێ.
ئاوڕێکی سەرکەوتوانە
لە ئەفسەری دەورو پشتی ئەداتەوە.
دوای چنینی تۆڕی تەگبیر
دەست ئەبات و
دەمانچە پەڕەبێلەکەی
لەقەدی خۆی ئەکاتەوە
پێشکەشی ئەکا بەموشیر
ئینجا ئەڵێ:
ـ هەتا ئێستەش
"شێخ مەحموود" وەکوو دڕندەی
کێویی وایە
توڕە و سرکە
ئەمانەوێ ماڵی بکەین ماڵیی نابێ
ئێمە تێ ناگەین چی ئەوێ؟!
بووین بە پردو

له زەریاوە شارستانیمان گەیاندە
دەیان وڵات
هەرگیز..هەرگیز رێگە نادەین
ئەو ئاژاوە بەرپا بکات!!

- 7 -

لەشکری هەژدەی فرایزەر
وەك مێروولەی ڕەش و سووری
دەشتی تینوو
بەدوای یەکدا ڕێچکە بەستوو.
تەقە تەقی
ئەسپی عەرەبانە کێشکەر.
پڕمەی وڵاخی بارە بەر.
ڤڕە ڤڕی وەڕسکەری،
پاسی تەختەی
تۆپ لە دواوە پێوە بەستراو
شەستتیری لەسەر دامەزراو
تاك..تاك هۆڕنی قەمەرە
سندووقی تەختەی فیشەکی
سەرمۆر کراو
زۆر هەڵ چنراو.

چەك و جبەخانەی فرە..
پیادەی قڕە،
هەناسەسوار، بۆڵەبۆڵكەر
دووسێ فڕۆكەی باڵ درێژ
پەیتا..پەیتا
بەسەر هێزدا هات و چۆكەر.
هاواری ئەفسەری سوارەی
ئەمر دەركەر.
گڕەی تەنووری حوزەیران
لەش سوتێنەر.
هەورازە ڕێی پڕووكێنەر:
لەشكری هەژدەی فرایزەر
قۆناغ..قۆناغ
ڕێگە ئەبڕێ و دێتەپێشێ.
ئەم نەهەنگە تۆزاوییە
كلك درێژە
دەمی گەورەی داپچڕیوە
وا هاتووە
شاخ قووت بداو
دەربەند بگرێ!

* * *

پێش گەردوگۆڵی بەیان بوو

پێش کازیوە
تاریکی زیاتر لە ڕوونی
ڕەش لەسپی.
لە ئەستێرەی
قوبەی چاو خەواڵوو زیاتر.
لەسەر زەوی
نەچاوی باڵندەی نامۆ
نەهی لووتکە
نەهی چرۆ
هێشتاکە هەڵنەهاتبوون
هێشتا بژوێن ودارستان
هەر لە خەوی سەوزیانا بوون
هەڵنەسابوون.
هێشتا زەوی
لێو قلێشاو
خەوی بەئاوەوە ئەدی
هەڵنەسابوو.
لەو کاتەدا
بە شاخی ئەودیو دەربەندا
بەسەر ملەی ڕەوەزێکدا
کە هەر بزنە کێوی و بەران
هەر باڵندە گۆشت خۆرەکان

پێی ئەزانن و نازانن.
ڕێیەك: کە چیای دایك خۆی
لێی ون ئەبێ و
شەماڵ ناچێتەوە سەری
ڕێیەك: لووتکە سەروو بنی
لەیەکتر جوێ ناکاتەوە
هەور نایەتەوە بیری.
ڕێیەك:چاوان بزر ئەکا.
وەك قومقومۆکە ڕەنگی خۆی
تێکەڵ بە ڕەنگی وەرز ئەکا
ڕێیەك:بەفر بەخەیاڵیا
نەهاتووە
هەتاو کەم ڕێی تێ کەوتووە
وائێستاکە بەو ڕێیەدا
موشیر وەك پشیلە کێوی
دان ڕیچ
لەش جیڕ
چنگ گیر ئەکاو
هەڵ ئەگەڕێ و هەڵ ئەگەڕێ
لەدواشەوە
ڕێچکە کوللەی
"سیك و گورگە" (11)

جیٚ پێی پشیله هەڵ ئەگرن
ورده ورده سەر ئەکەون
وەختیٚ موشیر
گەیشته سەر
دوند [12]و قوتکه
ئەوسا وەکوو قەله ڕەشکه
باڵەکانی خۆی کردەوه
پڕ بەسنگی
هەوای ڕقێکی هەڵمژی.
که داگەڕاو چووه خواریٚ
تازه هەتاو
پەنجەی گزنگی خۆی ئەدا
لەقژی بەفری سپی و خاو

ـ 8 ـ

هۆ به هۆیه. قرمه قرمه.
گرمه گرمه. قریوەیه.
لەشکری شێخ
وا لەناو داوی ئاسنی فرایزەرا
لەشکری شێخ
وا لەنێوان دوو دارستانی ئاگرا
پیاوەکانی ئەم لەشکره گیرخواردووه

ئەسپەکانی ئەم لەشکرە ڕام نەبووە
وەکوو دەیان ماسی گچکە و گەورە گەورە
کەوتوونە ناو تۆڕی فێڵی
ئاڵقە وردی موشیرەوە
تۆڕ بەسەر شاخدا کشاوە
تۆڕ بە زەویدا خشاوە
پان و پۆڕ و مل درێژە
تۆڕ سەرێکی لەو دیو دەربەند
ئەوی تری لە تاسلۆوجە
تەپە تەپە. ناڵە ناڵە.
پرمە پرمە. شریخەیە.
ئەم لەشکرە پڵنگێکە و لەتاوانا
چۆتە سەر کلك
بەدەوری خۆیدا خول ئەخوا
ئەزریکێنێ و زریکەکەی
دار و بەردی ئەم دەربەندە ئەلەرزێنێ
ئەزریکێنێ و شالاو ئەباو هەردوو چاوی
گڕ پرژێنی
ڕقی سوور دائەگیرسێنێ.
لەتۆڕایە و ئەودیوی تۆڕ ئەتۆقێنێ!

* * *

وەکوو نیوەڕۆی حوزەیران

شەڕیش گەرمە.
مەتەرێزی ئەملاو ئەولای
شانی چیا
قرمەژنیان گوێی دەربەندی
کەڕ کردووە.
شەستتیرەکان لەبێژنگی
دەشت و دەرا
کوژراوەکان ئەبێژنەوە.
جانبێزار و پێنج تیرەکان
بەگوللەی تاك
هەر کە دەرکەوت
کاسەی سەریان هەڵگرتووە.
یەك لەسەر یەك
گوللەتۆپی لەو دیو دەربەندەوە هاتووی
لەناکاو گرمە کردوودا
گێژەڵووکەی دووکەڵ و گڕ
بەچوار دەورا دروست ئەکا:
دەستی ئەسپێ
قاچی ناو دەمەر قۆپانێ(13)
ملێ، سەری
وەك خڕکە بەرد،یان بنچکێ
پەیتا..پەیتا

لەگەڵ خۆیدا

ئەبا و ئەبا.

★ ★ ★

تاوی غارە. تەپ و تۆزە

حیلەی ئەسپ.. سوارگلانە.

تەپڵی بازە و لێدراوە

شێخ هەستاوە

ئەوەتا لەسەر خوانی زین

چرایەکی بەر ڕەشەبای داگیرساوە.

چەپۆکانی ئەسپەڕەشی

تەوێڵ مارۆی کەفەڵ پانی

لەسەر کلکە و

سنگی بەکلێپەوە ناوە.

ئەوەتا لەسەر خوانی زین

هۆرەیەتی

هۆرە ئەبێ بەسۆزی خاك

بەکرووزەی سلەیمانی

بەهەناسەی شیعری "ناری " (14)

هۆرە ئەبێ بەزامەکانی "شێخ سەعی" و

ئەسپەڕەشەیش هەر تاو ئەدا.

یاڵی درێژ و خاو ئەفڕێ

کەدێتەوە ئەمجارەیان شەپۆل ئەدا

ئەفڕێتەوە و ئەمجارەیان
لکی فەقیانە ماچ ئەکا
تەپلَی بازە [15] و لێدراوە
شێر کەوتۆتە ناو تۆڕەوەو حەپەساوە
بەلاّم هێشتا ئەنەڕێنیّ
بەلاّم هێشتا
گورگی چاوشینی ئەودیو تۆڕ
ئەتۆقێنیّ!.

⋆ ⋆ ⋆

"سیك و گورگە "ی باریك باریك
ڕەنگە تیژ وەکوو دەلووبیبەر
دەم و چاویان تاریك تاریك
وەك شەوەزەنگ
وەکوو لەقلەق
قاچ ڕووت..قاچ ڕووت.
بەرپشتێنیان پڕ لە قەمە
پڕ قەدارە
وەگوو ژیژك.
بەڕیز هەردێن، بەڕیز هەر دێن
ئەکەون و بەلادا دێن
ڕیز چۆڵ ئەبیّ
دیسانەوە ڕیزێکی تر

وەکوو ڕمی ڕەش و درێژ
ئەیکەنەوە:
بەهەڵ بەزین و دابەزین،
بەلووره لورێ وەك وەڕین
شمشێری تیژ یەك قولانج پان
بەدەستەوە قورس و گران
هەڵکێشراوە
لەبەر هەتاوا بریسکەی وشك کەری ئاوی چاوە.

★ ★ ★

نیوە ڕۆیەکی درەنگی حوزەیرانە
وەك کزەبا
تەقە کزە.
ناو بەناوە
یانزەتیر و حسکە و ماوزەڕ [16]
لەسەنگەرا
توێشووی گریان پێ نەماوە.
ئەوا ئیتر:
تێك ڕژانە، هەڵپژانە،هەڵدێرانە
سوار ئەگلێ،سوار،ئەپەڕێ
تەپ و تۆزی خاکی تووڕە
ئاسمانی بێ ڕەنگ دائەگرێ

حیله حیل و ناڵه ناڵ و گرمه گرم و
وشەی کوردی و وشەی هیندی
تێکەڵ بەژاوەژاوێکی.
گەورە ئەبێ
نێزە سەر ئەکا بەسکا
خەنجەر بۆ ناو دڵ ڕائەکا
فیچقەی خوێنی فوارە بەستوو
لەدەم و چاو، لەقەدارە (17)
لەزین و یاڵ
لە ئاوزەنگی لە مەتارە
هەڵ ئەپرژێ
دار سوور بووە
بەرد سوور بووە
لاڵ و پاڵە
ئەو لەسەر پشت
ئەم لەسەر دەم
قاچی بێ سەر
سەری بێ قاچە و کەوتووە.
★ ★ ★
هەر لەلاشانی دەربەندا
سوارەی ئەسپی ڕەش تاو ئەدا
هەڵمەتە یان ڕەشەبایە؟
یاخود شێرێکی باڵدارە؟

بروسکەیە یاخود غارە؟
ئەوە لکی فەقیانەیە
یاخود بەفری هەڵفڕیوی
سەر چیایە؟!
ئەوە پرمەی ئەسپەڕەشە
یاهەناسەی گەرمی سینەی
گردەکانی سەر ڕێگایە؟
ئەوە هۆرەیە و قەتارە؟
یاخود چریکەی هۆمایە؟
هەر لەلاشانی دەربەندا
لەهەڵمەتا
"کاجنیس"ێکی نەوەی مەغۆل
خۆ مت کردوو
لە پاڵ قەدی دار توویەکدا
ئەسپەڕەشی
لەگەڵ جاسوسی تفەنگدا
تەواو جووت کرد
کە پەنجەی نا
بەپەلە پیتکەدا ئیتر
ئەسپ گلا!
گلا!!
گلا!!

گلا!!

★ ★ ★

ئەسپەڕەش لەدوای حیلەیە
یاڵ بڕو کەفەڵ خۆڵاوی
هەڵسایەوە
وەك بزانێ
ئاورێکی
لەسواری گلاو دایەوە
نزیك گابەردێکی بن بۆش
شێر لەسەر تەنیشت کەوتبوو.
لە دوو لاوە باز زامدارە
لەدوو لاوە دوو کانیی خوێن
هەڵ ئەقوڵێن.
لە دوو لاوە دوو خونچەی سوور
وا ئەپشکوێن
لەدوو لاوە دوو زاری سوور
لەگەڵ ئەسپە ڕەشدا ئەدوێن
نزیك گابەردێکی بن بۆش
سوارێك و ئەسپەکەی تەنیا
سوار زامدارە و
جڵەوی ئەسپیش بەرەڵلاّ
نزیك گابەردێکی بن بۆش

بەجڵەوی شۆڕی ئەسپا

سوارەی زامدار خۆی هەڵواسی

لەسەر سك و بەخشە خش

ئەسپ ئەیبا.

تابەردەمی گابەرد ئەیبا

★ ★ ★

ئێستە ئەسپەڕەش بەتەنیا،

هەرخۆیەتی

کورڕژن ئەکا و سوار دیار نییە.

چاوانی وەکوو دوو گوڵە

ژاڵەی تەڕی بەر بارانە

کورڕژن ئەکا و شێخ دیار نییە

گوێچکەکانی

ئێستە وەکوو

دووگەڵاً چناری سیسی،

هەڵوەریوی پایزانە.

ئێستە یاڵ و ئێستە کلکی

بوونە توتڕك و دڕکەزی

حوزەیرانی ئەم دەشتانە.

کورڕژن ئەکا و شێخ دیار نییە.

ئێستە ئەسپەڕەش بەتەنیا،

هەر خۆیەتی

نامۆی لەوەرگەی خۆیەتی
وێڵی وڵاتی خۆیەتی
کوڕژن ئەکا و شێخ دیار نییە.
★ ★ ★
ئەوا حەمەی یاوەری شێخ
شان خوێناوی
وەکوو بەرانێکی پێکراو
هەناسە سوار
وەك هەناسەی
سنگی پۆڕێکی بریندار.
چاوی ترساو
وەك دوو هەڵماتی قاوەیی
شەوق پێ نەماو
بەهەر چوار لادا ئەگێڕێ.
بن بەرد بن بەرد بەپێ دزکێ
لەئەسپەڕەش دێتە پێشێ
وائەزانێ شێخ نەماوە
ئاخێکی قوڵ پڕ بەسینەی،
خۆی و سینەی
ئەسپی بێ سوار هەڵ ئەکێشێ.
لەئەسپەڕەش دێتە پێشێ.
جڵەوەکەی ڕائەکێشێ.

تا ئەیباتە پەنا بەردێ
هەر چۆنێك بێ
سواری ئەبێ و
بۆی دەرئەچێ!

- 9 -

ئێستە دەربەند، دەشتی دەربەند
ژنێکی قژ دوکەلاوی
سك سووتاوی ڕاکشاوە
چەتری ڕەشی گەواڵەهەوری نەباری
لەسەر سەری خۆی هەڵداوە
ئێستە مەیدان، مەیدانی شەڕ
بۆ کڕووزی جەرگی کوردستانی لێ دێ
ئێستە ئاسمانەکەی مەڵبەند،
هەر مانگی خوێنی تیا هەڵدێ
تەماشاکە:
کوڕی جوانە مەرگی شاخ و
ئەم پێ دەشتانە ببینە.
لەم عەردەدا پەنجا دار سنەوبەر نووستوون
لەم دەشتەدا پەنجا ئەستێرە پاڵ کەوتوون.
پەنجا گۆرانیی وەریون

پەنجا گوڵە گەنم مردوون
پەنجا جۆگەی سوور مەییون
لەناویاندا
تایەری فەرخە و سەی حەسەن
بەرامبەر یەك
وەك ڕەزی سووتاوی دووشاخ
درێژ بوون و
هەر تەماشای یەکتر ئەکەن.

## ـ 10 ـ

لە تانکێکدا
فرایزەری چاو بەدووربین پێ ئەکەنێ و
دەستی ڕاست ئەدا بە پشتی
موشیرئاغای هەمەوەندا.
تانك هات و هات
کە گەیشتە گەرووی دەربەند
دووربینی لە چاو کردەوە
بەسنگیا شۆڕی کردەوە لەتانکەوە
سەرێکی کێشایە دەرێ
وا ئێستاکە گورگی چاو شین
چاو بەشاخی

دەست هەڵبڕیوی یەخسیر و
تەختی تەوێڵی شکاوی،
پێ دەشتەکاندا ئەگێڕێ.
ئینجا ڕووی کردە موشیر و
وتی:
ـ شێخم ئەوێ!
تانك هات و هات
وەختێ لەدەربەند ئاوا بوو
بەم دیودا هات
جەنەڕاڵی پیرە دالاش
بەسەر هاتێکی دێرینەی
لەناو هەوری خەیاڵەوە،
بەبیردا هات:
" هێشتا مەسیح
وەك گوڵی سپی دار هەرمێ
نەپشکووتوو بوو، چاوانی.
لەو دەمەدا خاکی یۆنان
دایکێ بوو سەری لە هەوراو
چرای دەستی
هۆش هەڵکردووی
بەسەر دنیادا ئەیڕوانی
کوڕی وەکوو "لەئونیداس"ی بەشیری

مەمكی پڕی گۆش كردبوو.
كوڕەكانی تەڕلانی دەوری سەری بوون
ئەویش هێلانەی ناو دلآن
كوڕەكانی دیوارەشاخی دەوری بوون
ئەویش خەرمان
ئەو ڕۆژانە
خونكار نەبوو دەستی بگاتە دامێنی
كراسە سەوزەكەی یۆنان
یان كێ هەبوو كە بوێرێ
تەنها گوڵێ بكاتەوە
لەقژی خاوی ناو باخان.
هێشتا مەسیح
وەك گەواڵەهەوری سپی
نەچوو بووە ناو ئاسمانەوە
ئەو بەفرێكی نەباریو بوو.
كە لەشكری
لۆز ڕەشی پارسی ئێران
وەك بەرازێكی یەكانە
بەئاراراتا وەرچەرخاوە
ڕووی شفرەی خۆی،
كردە یۆنان
لەمەڵبەندی "تەساليا" ی،

کاکۆڵ سپی گۆنا ئاڵدا
بەراز گەیشتە بەردەرگای
داخراوی دەربەندەکەی " تەرمۆپیل" [18]
"لەئونیداس "پشتی پانی
نا بەدەرگای دەربەندەوە
"لەئونیاس"ئەچووە چاوی بەرازەوە
هەڕەشەی مەرگی لێ ئەکرد
شاخی بەسەردا ئەڕووخان.
هەر ئەوەندە و ئیتر بەراز
وەك کەوتبێتە زەلکاوی
خەم خۆرکێکی [19] قوت دەرەوە
چەقی و هەر سەری با ئەدا
بەلاّم "ئەفیالت"..
بەلاّم "ئەفیالت"ی سپارتی
کوڕی رەشی "تەسالیا"ی
چیا...فرۆش
باران...فرۆش
هەتاو..فرۆش
ڕێوی مەڵبەند. بەڵەدی ڕێ
نەویی لە گوێچکەی بەراز و
دەری هێنا
کەوتە پێش و بە ڕێیەکدا

کەخوای "ئۆڵمپ"یش نەیزانێ
کردنی بەودیو دەربەندا.
جەنەڕاڵی پیرە قاژوو
لەو بیری خەیاڵە قووڵەی تێی کەوتبوو
کەهاتە دەر
یەکسەر سەیرێکی "فیاڵت "ی
کوڕی ڕەشی کوردانی کرد
ئەوسا ئیتر
بزەیەکی زەرد وەك چزووی
زەردەزیڕە
بزەیەکی ناخ هەڵکەنە،
ڕەش وەکوو مێش
وەکوو گەنە
لەلێوی نیشت.
ئینجا دوور بینی سەرسنگی هەڵگرتەوە
نای بە چاویەوە و وتیەوە:
ـ شێخم ئەوێ.
٭ ٭ ٭
ئەوا ئێستە
سەرقاپی تانك هەڵبڕاوە
دەمی تەندووری ئاسنین بەرەڵلایە
سووك سووك ئەڕوا

لەم ساتەدا

چەند بالأیەکی کەم نەبێ

هەموو شتێ بۆ فرایزەر لەسەر چۆکە

لەم ساتەدا

چەند لاقێکی زۆر کەم نەبێ

هەموو شتێ لەبەر دەمی فرایزەردا

قاچ لەرزۆکە!

تانك هەر ئەڕوا

سووك سووك ئەڕوا

ئەوا ئێستا

تانك ڕاوەستا

سەریان لە تەندوور دەرهێنا

هاتنە خوارێ

لەبەر دەستە ڕاستەوە

بۆ چڕووکی دەشت و لەش و

قژ و یالّ و خوێن تێکەڵە.

لەپێشەوە

موشیر ئەڕوات و بۆن ئەکا

خاوەن تەڵە

کوڕی ڕەشی ئەم دەربەندە

بەبۆن جێ پێی شێخ هەلّ ئەگرێ

لووت لەسەر زەوی هەڵنابڕێ

هەتا ئەگاتە بن گابەرد
لەپڕێکدا دا ئەچڵەکێ
چەند هەنگاوێ
دێتە دواوە و ئەقیژێنێ و
دەست بۆ فرایزەر هەڵ ئەبڕێ
ئینجا ئەڵێ
ـ شێخت ئەوێ؟!!

ـ 11 ـ

بۆ سبەینێ، بۆ بەیانی
هەر کە یەکەم چەپکە گزنگ
لەکەلەوە
هەڵفڕی و خۆی هەڵدایە ناو،
سیروانەوە.
"بەمۆ" خۆی بینی لە ئاوا.
لەو کاتەدا
بە کەناری داوێن تەڕا
وەك پەڵە هەورێکی سپی
شوانێك و ڕانە مەڕەکەی
بەرەو بژوێن دائەگەڕان
لە دوو ئاوان

شوانەی عاشق لەسەر بەردێ
ڕوو لەهەتاو
تێی چریکان
لەبەیتێکی تێچریکان
تا ئەوساتە
بەرگوێی سیروان
بەرگوێی بەمۆ نەکەوتبوو
هەر کەبیستیان
ڕەوەز شێت بوو
کەژان خۆیان ڕائەوەشان
بەیت بوو..بەیتی بازیان
بۆ شێخی بەردە قارەمان

⋆ ⋆ ⋆

بۆ سبەینێ، بۆ بەیانی
هەر کە یەکەم شەقژنی مەل
گەلاّیان خەبەر کردەوە
نزم..نزم هەڵفڕین و
باڵیان وەردا لە "زرێبار"
لە کێڵگەکەی ئەو بەرەوە
خاڵەی جوتیار
خۆ هەڵکردووی دەس قوڕاوی
سەری بۆ "شاهۆ" هەڵبڕی

له هۆرەیەك تێی چریكان
تا ئەوساتە
نە زرێبار و نە شاهۆ
بەر گوێی سووكیان نەكەوتبوو
هەر كە بیستیان
شەپۆل لای دایە بەستێن و
دەمی خوڕەی خۆی توند گرت و
هاژەی بڕی
شاهۆش درەختی باوەشی،
ڕائەژەنی
هۆرە بوو هۆرەی سۆزتكێن
بۆ بازیان
بۆ شێخی بەردە قارەمان

* * *

بۆ سبەینێ، بۆ بەیانی
هەر كە یەكەم پەڵە هەوری
وێڵ و نامۆ
گۆزەی خاڵیی خستە سەر شان
چوو بۆ باران
وەختێ گەیشتە سەر سەری
گۆمەكەی "وان".
بۆ بەلەمێك تاق و تەنیا

چەتری سێبەری خۆی هەڵدا.
ماسیگری گوپ قووپاوی
شەڕواڵ دڕاو
وەختێ تۆڕەکەی کردەوە و
بەهەردوو دەست
توند حەوای دا
بۆ ناو ئاو و
بۆ ئەو بەختەی کە ئەو ئەیویست
ئیدی لەپڕ
لە لاوکێ تێی چریکان
تا ئەو ساتە
نەهەوری سەر،
نەماسی بن،
بەر گوێی هیچیان نەکەوتبوو
هەر کە بیستیان
لەتاوانا هەوری نامۆ
گۆزەی پڕی لەدەست بەربوو
فرمێسکی هاوینەی دارِشت
پۆلە ماسی جووت جووت هاتن
ناو تۆڕی لەدەنگ نزیکیان،
کرد بە مۆلگە بۆ گوێ گرتن
لاوك بۆ لاوکی جۆشدان

بۆ بازیان
بۆ شێخی بەردە قارەمان.

ـ 12 ـ

لە دوای پتریش لە شەست ساڵ
لە شارێکی بالاْ سووری
بەفر لەتەوێڵ نیشتووا
لە شارێکی دووسەد ساڵەی نەنووستووا
لەگەڕەکێکی دەست و قاچ قلێشاوا
لە خانوویەکی سەرپەڕی کورتە باڵای
بێ هەناوا
لەناو ژوورێکی یەك چاوا
لەشەوێکی قژ سپیدا
شاعیرێکی ئەم سەردەمە
بەچوار مشقی دانیشتووە و بالیفەکەی
لەسەر ڕانی خۆی داناوە
لەگەڵ وشەدا ڕێ ئەگرێ
لەگەڵ وشەدا ڕێ ئەبڕێ
بۆ بازیان
بۆ شێخی بەردە قارەمان
داستانێکی نوێ ئەنووسێ

نیسانی 1983
سلێمانی

## پەراوێزەکان:

1–صەمەدی بیهرەنگی:نووسەری ئازادیخوازی ئازەربایجانی ئێرانی. زۆربەی بەرهەمەکانی بۆ هۆشیار کردنەوەی منداڵان تەرخان کردبوو. بەشێوەیەکی تراژیدیانەو لە زروفێکی نادیاردا کۆتایی بەژیانی هات. ئەم چیرۆکە شیعرە بۆ یەکەم جار لە ژمارە "31"ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی "1979"ی رۆژنامەی "عێراق "ی کوردیدا بڵاو کرایەوە. بۆ دوا جار لە چەند شوێنێکدا دەستکارییەکی کەمی شێوازەکەی کراوەتەوە.

2–موعینی: سلێمانی موعینی: لەڕابەرە ئازادیخوازەکانی کوردستانی ئێران بوو. شەهیدێکی قارەمانی نەتەوەکەمانە.

3–خەسرەو:خوسرەوی روزبە سەرکردەیەکی تێکۆشەر و ڕابەرێکی سیاسی بەناوبانگی ئێرانە. لە سەردەمی ڕژێمی شای ئێراندا لە سێدارە درا.

4–مامەیارە: داستانی ئازایەتی و ورە بەرنەدانی مامە یارەی قارەمان لەساڵانی دوای حوکمدارانی بابانەکاندا لەگەرمەی جەنگیندا دژی داگیرکەرە عوسمانییەکان لەو نیشانە هەرە دیار و گەشانەیە کە لە مێژووی گەلەکەماندا بیر ناچێتەوە و جێی شانازیی نەوە لەدوای نەوەمانە.

ئەمە وەك حەقیقەتێکی مێژوویی و کارەساتێکی تراژیدیانەی ڕاستەقینە. بەڵام بەداخەوە ئەوەی لەم بارەیەوە هەتا ئێستە نووسراوە و خراوەتە بەردەست لەچەند لاپەڕەیەك تێ ناپەڕن و گەلێ پرسیاری بێ وەرامیش لەدوای خۆیانەوە جێ ئەهێڵێ. منیش هەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو چەند لاپەڕەیەوە ئەم چیرۆکە شیعرەم نووسی..دەقی تەواوی ئەم بەرهەمە بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان " دا ژمارەی تایبەتی بە شانۆ و چیرۆك بڵاوکراوەتەوە.

5–بەیتی ئاگر: ڕووداوەکانی ناو ئەم چیرۆکە شیعرییەو بەسەرهاتەکانی لەزادەی خەیاڵ و بیری شاعیرن..دەقی ئەم چیرۆکە شیعرییە بۆ یەکەم جار لە ژمارە "579"ی رۆژنامەی هاوکاری ژمارەی تایبەتی نەورۆزی 1981 دا بلاو کرایەوە. دوای ئەوە بۆ جاری دووەم بەتەواوی لە گۆڤاری نووسەری کوردا لەژمارەی "8" ی خولی دووەمی حوزەیرانی1982دا بڵاوکرایەوە.

6–ئەنگۆرە:سەرەتای تاریکی شەو.

7–داسـتانی بـەردەقارەمان: سەرچـاوەی ئـەم چـیرۆکە شـیعرییەو ئـەو کارەسـاتانەی لەشـەڕی دەربەندی بازیاندا ڕوویانداوە و کراون بەهەوێنی ئەم بەرهەمـە لـە "یادداشـت"ەکـانی مامۆسـتای نـەمر ڕەفیق حیلمییەوە وەرگیراون. دەقی تـەواوی ئـەم چـیرۆکە شـیعرییە بۆیەکـەم جـار لـەژمارە "11"ی گۆڤاری "کاروان" دا بلاّو کراوەتەوە.

8–هەڵەمووت:شاخی هەزار بە هەزار و پلەی سەختی نێو کێوان

9–دەربەندەوشك: ناوی کۆنی دەربەندی بازیان.

10–تێل ڕەنگاو ڕەنگ:پەڕی طاوس.

11–سیك و گورگە و کاجنیس:ئەو سـەربازە بـەکرێ گیراوانـە بـوون کـە داگیرکـەرە ئینگلیزەکـان بەزۆری لە هندستانەوە بەرە و ڕۆژهەلاّت هێنابوونی.

12– دوند: لوتکە

13–دەمەرقۆپان: شەڕوالّی مەیدانی جەنگ.

14–ناری: ناری شاعیر.

15–تەپلّی باز:تەپلّی مەیدانی شەڕ

16–یانزەتیرو حسك و ماوزەڕ: ئەوتفەنگانەی لەو سەردەمەدا بەکار ئەهێنران.

17–قەدارە: قەمەی بچووکی بەر قەدوپشتێن.

18–تەرموپێل:دەربەندی تەرموپێل لەتەسالیای یۆنان.

19–خم خۆرك: زەوی بەزەلکاوی قووتدەر.

# داڵ

چیرۆکە شیعر
1987

"عاشوور حەمدان " لەولاّتی لم و عوجاجەوە هات و
ئێستە دانیشتووی ولاّتی گوێز و بەفرە
بەر لە ئێستە

ـ صەریفەیەك ـ کە وەك دانی کلۆر وابوو
حەسیر ڕزیو، وەك تەڵەی مشك
تەنگەبەر و درێژکۆلە
ماڵی ئەوبوو، ماڵ ڕووتەڵە
دە ساڵ پێشتر..
عاشوور پۆلیسی بادیەی ڕۆژئاوا بوو
وەك دەشتی کاکی بەکاکی
تەپوتۆز عومری قوتدابوو،
دە ساڵ پێشتر..
تەڵەی "عەفلەق" لەویٚ لەناو
قوللەی مەخفەرێکدا گرتی
عاشوور بوو بە پێچکەی موسەلەحەی ڕژێم
بەبەر چاوی فوراتەوە..
گەلێ قەتێی خۆشەویستی بیابانی
لەژێر خۆیدا پان کردەوە..
بۆ بەغدای تۆڕ
بوو بە بازی دەستەمۆی "شێخ" ی ڕژێم و
گەلێ باڵندەی هەلاٚتووی ژێر زەمینی
لەسەر سنور ئەگرتەوە..
ڕۆژ لەدوای ڕۆژ
ئیتر عاشوور بوو بەدەسکێش
بوو بە کیفی درۆی دوو دەم

بوو بە کێرد و خەڵکیش نێچیر
بوو بە "نەصیر"
بوو بە "عاگول"
بوو بە چاوی تەوری ئەمن
بوو بە "ڕەفیق"
بوو بە گوێچکەی دارو دیواروو بوو بەمار.

⋆ ⋆ ⋆

لەمەقەڕی دالآشێکی نێو شارەوە
هاوینێکیان دەمەو عەسرێ
دنیا مەنجەڵە ڤیرێ بوو
ئەکولاڵو یەڤی ئەدایەوە..
زۆر بەپەلە هەواڵێکی پێخاوسی خۆهەڵکردوو
وەك ڕەشەبا
لەبەر ماڵەکەی عاشووردا
لی لوول داو
وتی: ڕەفیق تۆیان ئەوێ

⋆ ⋆ ⋆

هۆڵە داڵی پۆشتەی ناو شار
بەچەند تاقمێ موبێلەی، ڕەنگینی نەرم و نۆڵەوە
بێ لەعاشوور،پێنج شەش دالآشی قەڵەوی
لەدەوری مێزی شوشەبەند کۆکردەوە..
گەورە دالآشی بیابان سەرکەچەڵە

یەکەم داڵ بوو هاتە قسە:

ـ ڕەفیق عاشوور!

پەیامی ئێمە و شمشێری باپیرانمان هەر یەك شتە

هەر یەك ئالاّ و هەر یەك مشتە

مشتی نەمر!پەیام هەڵگر

هەوا لە کوێ بێ لەوێیە

دەشت لە کوێ بێ ئەو لەوێیە

شاخ لەکوێ بێ ئەو لەوێیە

ئەم جیهانە هەویرێ بوو عەرەب شێلای

کردی بەنان..

خۆر کوێر ئەبوو ئەگەر ئێمە نەبووینایە

ئاو ئەکوژرا ئەگەر ئێمە نەبووینایە

ڕەفیق عاشوور!

ئەسپی پەیام نزیك و دوور

بۆ هەرلایەك ئێمە بەرێ

ئێمە سوارین! ڕەفیق عاشوور.

لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی

ئەم خەریتەی شمشێرەدا

لەگوێچکەی بەحری سوورەوە

هەتا قوڕگی شاخی پشتکۆ

گوڵە گەنمێ لە کوێ ڕوا

ڕکاعەتێ لە کوێ کرا

کلۆ بەفرێ لە کێ باری
ساوایەك لە کوێ ناو نرا
لەم خەریتەی شمشێرەدا
هەر بە تەنها عەرەب هەیە و
کەسی تر نا!
ڕەفیق عاشوور!
شیمال.. سەرە.
دەمێ ساڵە لەم سەرەدا
ڕشك گەرای خۆی خستووە
پیلانێ پەپکەی خواردووە
کوڕی شمشێر
کوڕی قورئان..ئەبێ بڕوا
بچێتەوە سەر بەردەنوێژی باپیران
بچێتەوە لای گیانی "أبا عبیدە"
بڕواتەوە و سەر لەڕشك پاکاتەوە
بڕواتەوە و لەوێ بژی.
ڕەفیق عاشوور!
لەشیمالی خۆشەویستدا
بووکی سپی شارۆچکەیەك چاوەڕێتە
لەمڕۆ بەدواوە باوەشی ئەو بووکەمان
شوێن و جێتە
حیزب شمشێرەو تۆ دەستی

بابزانین ئەو شمشێرە
لە چەند لاوە ئەوەشێنی.
ڕەفیق عاشوور!
ئەمە دەنگی فرمانێکە شمشێرئاسا
کە لەکیف هاتە دەرەوە
ناچێتەوە ناو کیف هەتا
خۆی سوور نەکا!
لەو ساتەدا
عاشوور بوتڵێکی خاڵیی بوو
کەوتبووە ناو گێژاوەوە
لەمابێنی سارد و گەرما
بەرز و نزما
سەر و بندا
ئەهات..ئەچوو
هەڵچوون بۆ بەرەو ژوور ئەیبرد
داچوون وەکوو بەربوونەوە
خەیاڵی کەرت و پەرت ئەکرد
ئەویان بە پەیژەی تکریتا بۆناو کۆشکی بلورینی
پلەو پایە سەری ئەخست
ئەمیان سامی شاخ و داخ بوو
لەناو دەروونێکی ساردا
خلبوونەوەی تاشە بەردی

ڕووەو ناخ بوو.
عاشور دوای ئەوەی کە قوڕگی
لەبەلْغی ترس پاککردنەوە
ئینجا وتی:
ـ لەبەر دەمی ئەم فەرمانی شمشێرەدا
گۆچانین و کەمەی ملمان
تەواو کەچە
لەبەر دەمی ئەم فرمانی شمشێرەدا
کێ ئەتوانێ کڕنووش نەبا
بەڵێ! ئەڕۆم
هەر هەفتەیەك مۆڵەتم بەن
تا ئەگەمە ئەو بووکەی خۆم.
داڵێکی تری چاو زەردیان
لەگەڵ قاقایەکی بەرزا هەڵیدایە
- ڕەفیق عاشوور!
ئەڵێن ژنی ئەو شاخانە گەرچی بەفرن
بەلاّم بەفری گەرم و نەرمن.
ڕەفیق عاشوور!
وا تۆ ئەچی
شیمال سێ شتی شیرینە
هەنگوین و گوێز و ئافرەتی!!
قاقای بەرزی درێژخایەن

پلیکانەی دەنگدانەوەی یەك لەسەر یەکی ناو هۆڵ بوو
داڵ بەکەیف و دەور و بەریش
وەك دەروونی ئەو وڵاتە
کش و مات و چۆڵ و هۆڵ بوو.
کاتی هەستان
داڵە گەورەی سەرکەچەڵە
چەکمەجەی مێزی ڕاکێشا و
فایلێکی لێ دەرهێنا
بەخەتێکی درشتی سوور
لێی نووسرا بوو!
کاری تازەی "عاشوور حمدان"

★ ★ ★

مانگێك ئەبوو عاشووری مێشە سەگانە
گەیشتبووە ناو شارۆچکەی چاو بەگریان
مانگێك ئەبوو گەنەی بەعسی
بەلاملی ئەو کەوەوە نیشتبۆوە
کاتێ یەکەم نامەی نووسی:
هاوڕێیان!
ماچ و سەلام
من ئێستاکە
لەباوەشی بەهەشتێکی بچکۆلە دام
بەڵام ئەوەی وەکوو قەوزە

وەکوو خڵتە..
ئەم ماوەیە دڵی گرتووم
تاشە بەردی..
ئەم زمانە ڕەق و تەق و نەگریسەیە
زمانێکە جیوەی وشەی
لەناو گەروودا بەنگ نابێ و
ڕستەی خێرای ئەڵێی لەشی مارمێلکەیە،.
مەسعودی باشی بۆ چووە
ئەمە قسەی مرۆیە یان
جووکە جووکی بەچکە دێو وجنۆکەیە
هاوڕێیان!
پێویستە بەم نەخشەیەدا بچینەوە
وەکوو سەری گوندی یاخی
بەشمشێری زمانی خوا،..
ئەم زمانەش ببڕینەوە!
هاوڕێیان!
دوێنێ ددانی زۆر ناوی
لەق و کلۆری ناو دەمی
ئەم ناوچەیەمان هەڵکێشا
لەشوێن ئەوان..
تاقمی نوێمان بۆ کردن.
وەکوو منداڵی تازە بوو

دیسانەوە ناومان لێ نان: ـ
گەڕەکێکمان دا بە "سەعد"
یەکێکی تر بە "قوتەیبە"
مەیدانێکمان کردە بەری حەوتی نیسان
ڕاستە شەقامی شارۆچکە
شمشێرێکی دەسك سەوز بوو
دامانە دەس کوڕی "شیبان"
بۆسوارە گەورەکەی یەرموك.
باخچەیەکمان بۆ کرد بەبووك.
هاوڕێیان!
هەردوێنێش بوو لانەی چەتەی
بیست گوندی تر..
بوون بەخۆراکی نیوەڕۆی
سکی ئاگر..
لە شاخەوە لە دەربەندی عاسییەوە
بۆ بەرەوخوار دامان گرتن
ئاژەڵ بوون و..
میوەی گەنیوی ڕەز بوون و..
چەندین زیلمان لێ پڕکردن.
هاوڕێیان
ئێستە شەوە لەبەر پەنجەرەی ژوورەوە
ڕاوەستاوم

سەرنج ئەدەم لەم دنیایە
ئاگری ئێمەش لە دوورەوە
ئەسوتێت و ئەجریوێنێ و
ئەڵێی ملوانکەی فسفۆڕی
گەردن و سنگی چیایە.

* * *

کە عاشوور هات
لەحوشترێکی لەڕ ئەچوو
ملی درێژ
لاقی باریك
چاوەکانی بەقولاّچوو..
کەعاشوور هات باری سووکی
سەر دووگی خست
تا چەند ڕۆژێ ماڵی نەبوو
لە مەقەڕی دالاّش ئەنووست
دوای هەفتەیەك بردیانە سەر
ماڵێکی دەرگا داخراو
ماڵێکی دەرگا مۆرکراو
ماڵی ـ ئازاد ـ
کوڕی کێوی دەردەست نەکراو..
وەختێ دەرگای ماڵیان شکان
عاشوور بۆخۆی ڕاوەستابوو

بەچوار دەورا وەك ئەڵقەیەك
ڕمی چەقیو..
چەك بەدەستی چاو گۆمی خوێن
دەوریان دابوو..
وەختێ دەرگایماڵیان شكان
عاشوور بۆخۆی چووە ژوورێ
سەرنجی دا
ماڵ حازرە
ماڵ پۆشتەیە
وەك ئەو وەختە جێ هێڵرابێ
جگە لەتۆز و گەردێكی لەڕوو نیشتووی
ڕەنگ خەماویی
سەرشت و مەك
هەموو شتێ لەبەر دەستاو ئامادەیە
هەموو شتێ..هەموو شتێ
فەرش. پەتوو. سەرین. دۆشەك
كەنتۆر. دۆڵاب. قاپ و قاچاغ
هەموو شتێ..هەموو شتێ
بووكە شوشەی بزە گرتووی
چاوشینی سەر قەنەفەیەك..
عەسكەرێكی ڕەشاش بەدەس
سەر و سیما گرژ كردوو

قاچی ڕاستی بۆ پێشەوە..هێرش بردوو..
بەرگی بەری بەڵەك بەڵەك..
عاشوور ئەڕوا و چاو ئەگێڕێ
ئەمجارەیان لەبەر دیواری ژوورێکدا
ئیستێك ئەکا و ڕائەوەستێ
وێنەیەکی جام تێ گیراو
چوار چێوە شین
وێنەی ئازاد و ژنەکەی
عاشوور تۆزێ خۆی هەڵ ئەبڕێ
لەئاستی دەم و چاویاندا..بە لەپی دەست
تۆز و گەردی سەر جام ئەسڕێ
ئازاد ڕوونتر دەرئەکەوێ
ژن شەرمنۆك
بەلاّم ئازاد چاوگەش چاوگەش
پێ ئەکەنێ..
عاشوور کەمێ ڕائەمێنێ
لەو ساتەدا،
واهەست ئەکا،
ترسێکی دوور..تارماییەك لەئازاد چوو
ڕاوی ئەنێ..
لەپڕێکدا دەست ئەداتە وێنەی دیوار
دای ئەگرێت و ئەیشکێنێ

لەو ژوورەیان دێتە دەرێ
ئەڕوا لەسەر کورسی دالآن
دائەنیشێ..
دەم و لووتی ئەبنە بۆڕیی
دووکەڵ کێش و..
جگەرەی بیستەم ئەکێشێ..
ئەمجارەیان دەست ئەداتە
عەسکەرەکە و
قوڕمیشەکەی بائەدات و بائەدات و
بەرامبەر بووکە شووشەکە قنج دای ئەنێ
ڕەشاش چوار پێنج ڕیز ئەکات و
بووکە شووشە چاو شینەکە ئەکەوێت و
ئەوسا عاشوور پێ ئەکەنێ و
ماڵ جێ دێڵێ.

⋆ ⋆ ⋆

ئێستە عاشوور حوشترێکە قەڵەو و ورگن
بەرازێکە شفرە ئاسن
ئێستە عاشوور لەم مەڵبەندەی کوردستاندا
قولاپی شادی گرتنە
لەناو گۆمی سەعاتەکانی ڕۆژگاردا
لەناو گۆمی سەعاتەکانی شەوگاردا
ماسی ڕۆحی زەردو سووری خەڵك ئەگرێ

ئێستە عاشوور لەم مەڵبەندەی کوردستاندا
بەقەد گوڵە ژاڵەی زامی لەشی "یافا"
لەناو بانقی خوێنی مندا پارەی هەیە
هەزار جار هێندەی بەیداخی "فەلەستین"و
فۆتەی سەری دایکانی ماڵە شەهیدی
گەڕەکێکی ڕەشپۆشی قودس
مەترە زەوی و عەردی هەیە
بەقەد هەر شەش
گۆشەی ئەستێرەکەی داوود
مەدالیاو نۆتەی کوردکوشتنی هەیە.
ئێستە عاشوور
"وەحدە"ی دەمی قیمە کێشی سەر جەستەمە
"حوریە"ی چەقۆی شۆفلە و پێچکەی مەرگی بلدۆزەرە
ئیشتراکیەت لای عاشوور..دابەش کردنی هەژاری و
برینی جەور و ستەمە.
ئەمڕۆ عاشوور هاوڕێی عاشوور حیزبی عاشوور
شەوان درەنگ کە پەتی سێدارە ئەنوێ
لەسەردابی ئەشکەنجەما کۆ ئەبنەوە..
چەکمەجەی عومری زیندانیم ڕائەکێشن
تەسکەرەی منداڵ و گەورەم دەرئەهێنن
گەورە گچکە ئەکەنەوە
گچکە گەورە ئەکەنەوە

سیانزە بۆ بیست

هەشتا بۆ چل..

تا، بەیانیی کە ڕۆژ بۆوە

بەپلیکانەی قانوندا

سەریان خەن و

پەتی مەرگیان بکەنە مل.

* * *

تا چەك سەری هەڵنەبڕیبوو

هەتا خاك ڕانەپەڕیبوو

تا قەندیل هەڵۆی نەدیبوو

وشە گوللەی نەناسیبوو

شمشێرەكەی دەستی عاشوور وەك ڕەشەبا

بێ ترس و تەنیا ئەگەڕا

شمشێرەكەی دەستی عاشوور

لەكام شوێندا بیویستایە

شەقام بووایە

ڕووناك بووایە

تاریك بووایە

دائەگەڕاو هەڵ ئەگەڕا

وژەی ئەهات..

هەڵ ئەسووڕا.

عاشوور كەڵەگای ڕۆژگار بوو

لێرە و لەوێ هەر سوار ئەبوو
سواری سەرو سواری مل و
سواری شار و سواری گوند و
سواری چیاو ڕووبار ئەبوو.
تا ئەو وەختەی ئیتر تفەنگ
چاوی گڵۆفت
جوڵاو هەستاو کەوتە سەر پێ
چیا ملی قوت کردەوە
شەقام دەستی ڕاوەشان و
قەڵەم وشەی کۆکردەوە..
ئەوسا ئیتر بەرە بەرە
شمشێرەکەی دەستی عاشوور
بوو بە ڕەقە
کە شەو ئەهات
ملی ئەبردەوە دواوە بۆ ناو قاوغ
بە ڕۆژ ئەهاتەوە دەرێ
تاوای لێ هات
شمشێرەکەی دەستی عاشوور
لەسێبەری کیفەکەی خۆیشی بترسێ.

⋆ ⋆ ⋆

شەوە شەوی چاو چاو نەبین
تەپ و نمی باران بارین

هاژەی ناو دۆڵ و کەف چڕین
خوڕەی شەتاو
بواری چەمی زۆر هەستاو..
شەوە شەوی چاوچاو نەبین
مەفرەزەیەك..یەك لە دوای یەك
بەهەنگاوێ یان دوو هەنگاو
سەری لووت و پەڕەی گوێچکە
سڕ و تەزیو..
مەفرەزەیەك..هەرئێوارە بەڕێ کەوتوو
تیایاندایە شێو نەکردوو
یەك لەدوای یەك
بە هەنگاوێ یان دوو هەنگاو
بەمشەمما چەك داپۆشراو.
ناو بەناوێ
شەوقی خێرای لایتی دەست
بۆ بەردەم و بۆ ڕاست و چەپ
کە تیشکی تیژی ئەهاوێ
لەئاوێنەی شەوقی تەڕا
لاسکی بارانی ڕەنگ زیوین
چەند ڕێزێکی دەرئەکەوێ.
بەرگی بەر تەڕ شڵپەیان دێ.
لەگەڵ دووان و قسەدا

پچڕ پچڕ
وەکو لوولەی کتڕی کولاو
دەم هەلاوی لێ هەڵ ئەسێ
پێلاوی لاستیك گرژ بوو
ئاو تێی ئەچێ و
شلقە شلق
سەری پەنجەی تیا ئەتەزێ.
قوڕی دەشتی سپی باوی
لەکەتیرە و لەسرێش چوو
وەکوو بنێشت هەنگاو ئەگرێ
جار بەجاریش تۆ ئەڕۆیت و
لە دواتەوە،.
تاکێ پێلاو جێ ئەمێنێ.
شەڕواڵ دەرلنگ قوڕاویی
دەس گۆ ناکا و
هەناسەی سنگی نوقمبووش
چۆلەکەیەکە خنکاو و دەم داپچڕیو
سەر دەردێنێ..
لەناکاویش لەبەر دەمتا
هەورازێکی کووڕی رووتەن دەرئەکەوێ
ئای لەو وەختەدا گوێت لێ بێ..
هەر ئەشرۆن و لەبەر خۆوە

جنێوی چۆن بە زستان و قوڕ و لیتە و
دایکی پێڵاوی لاستیك و
عاشوور ئەدرێ!
شەوە شەوی چاو چاو نەبین
مەفرەزەی کەنەفت ئەگاتە
شوێنی مەبەست..
بڵاو..بڵاو..دوو سێ کەمین دائەمەزرێ
دەنگی بەرز و لایت لێدان
وەکوو کێشانی جگەرە
لەناویەکدا
هەڕەشەیان زۆر لێ ئەکرێ.

* * *

شارۆچکەی گڵۆپ هەڵکراو
لەو بەرزەوە کە ئەبینرێ
ئەڵێی ئەستێرکی پڕشنگە
یان مرواری هەڵڕژاوە
بریسکەی دێ.
ئێستە زۆری وەکوو ئازاد
کە چەناگەی خەیاڵی مەنگ
ئەخەنە سەر لوولەی تفەنگ
لەو دوورەوە هەناسە بۆ
شار و ماڵ و یادگاری تالان کراو

هەڵ ئەکێشن..
ئەزانن چۆن تۆزێکی تر..
ئەبن بە گەرداوی ئاگر دائەگەڕێن
ئەزانن چۆن تۆزێکی تر..
لە شاری شەقام کوژراوا ئەوەستن و
میلی تۆڵە ڕائەکێشن.
شەوە شەوی چاوچاو نەبین
لەم ساتەدا شۆڕش ڕەنگی نارنجییە
گوللەی گڕدار وا ئەنووسێ.
لەم کاتەدا بەرگی بەری شۆڕش ئاڵە
برینی لەشی پێشمەرگە وا ئەنووسێ.
لەم ساتەدا شۆڕش تەوقەی مزگێنییە
هەلاّتنی داڵ وا ئەڵێ..
لەم ساتەدا شۆڕش تاریکیی ڕاونانە
دیلکردنی شمشێرەکەی دەستی عاشووریش
وائەڵێ:
سەری کۆلاّن ئەتوت دەمی پرێمزە و داگیرساوە..
دەوری فولکە کەمینێکی کون بڕ..مەحکەم..
وەکوو پشتێنی ئاسنین دەوری داوە..
خوارتر بۆسەیەکی چەپەك
وەك نانەچەورەی ناو تەڵە
هەر بۆ ڕاکێشانی نێچیر دانراوە..

دەست ڕێژ. گیزە. ترپە ترپ. گرمە گرم
ئینجا سامێکی بێ دەنگیی
لە پڕێکدا کوژانەوەی گڵۆپ هەموو
تاریکیەك بەسەردا دێ
تاریکترە لە تاریکیی
وەکوو خۆیان تەقەی شڵەژاوی دوژمن
سەر ئەکەن و خوار ئەکەن و گوللەی وێڵن
وا لە ژێڵڵاوە.. پیکابێ
لووت بەرز ڕەنگ زەردی مەغاویر
دوو ڕیزی پشت لە یەکتری
عەسکەری ڕەش ڕەش وەکوو قیر
دانیشتوون و لوولەی چەکیان
بۆ ڕاست و چەپ ڕوو لە دەرێ
پیکاب وەکوو تیسکەی تفەنگ
دەرئەچێت و ڕوو لەسەرێ
لەدوایشەوە لاندرۆڤەرێ
نەء بوون بە دووان
نەء بوون بە سیان
گیزەیەك و تێ ئەپەڕن..ناو سیخناخ و تێك ترنجاو..
لەتیژیدا سەرنج فریایان ناکەوێ
پیکاب دێت و دێت و دێت و
بۆسەی یەکەم کڕ ئەبێت و

دووەم بە ئەنقەست ئەنوێت و
سێهەم هەرچی ناڵە و گرمەی مەفرەزەیە
بەجولانی چەند پەنجەیە،
شالاوێکن ڕوو ئەکەنە ئەو جێگەیە و
ئیتر پیکاب
وەکوو شەقام بە قاچی خۆی
تێی هەڵدات و بەحەوادا فڕێی دات و
دێوی باڵداری ئاگری تێ بەر بدات
هەڵ ئەگیرسێ و
هەڵ ئەقرچێ و
هەڵ ئەبەزێ و
دائەبەزێ و
لووتی شکاو وەرئەگێڕێ و
دووکەڵ ئەیخوات..
پیکاب هێشتا بەحەواوە
ئەزریکێنێ..
کە لەدواوە ئەوانی تر
هەویری لەشی یەکتریان
لەناو بۆدیا شێلاوە،
بەنزین و خوێن و گریس و گۆشت و لاستیك
ئێسك و ئاسن
بوون بە شتێ

شتەیش ناوی لێ نەنراوە.
لەم شەقامەو لەم شەوەدا
لەم شارۆچکە بچووکەدا
ئێستە ڕژێم ماڵۆسێکی سەر بڕاوە.
ئێستە شمشێرە کولەکەی دەستی عاشوور
تەختەیەکی قڵێشاوە
بانگی کشانەوەی ئێمەش ئیستە
وەختێتی و هیچی نەماوە.

* * *

بەیانی بوو سەری سەعات
بێ سیمی ناو کونە ئەشکەوت
بێ سیمی ناو دارستان و هەردوو پێ دەشت
زمان و گوێ ی سەنگەر بوون و
ئەیانبیست و دەنگیان ئەهات
وەکوو نانی گەرمی تەنوور
هەواڵی تازەی نەبەردیان
بۆ یەك ئەنارد
بەیانی بوو سەری سەعات
بێ سیمەکان بەزیکە زیك
بە پەلەپەل
زەمانیان کورت ئەکردەوە
وەکوو ئاریەڵ

ڕێگای دووریش بەڕێی نزیك
بەیانی بوو سەری سەعات:
دنیا سارد سارد
ـ شەپۆل. شەپۆل. هەڵۆ!
وەکوو هاواری بنی بیر
دەنگ زۆر کزە
ـ شەپۆل. شەپۆل.هەڵۆ!
دوو دابەزە.
ـ هەڵۆ. هەڵۆ. شەپۆل!
ـ ئێستە باشە
ـ دەی چیت هەیە؟!
ـ بروسکەیەکی پەلەیە..
ـ من ئامادەم
بەردەوام بە
ـ دەبنوسە.
ئیتر برووسکەکەی هەڵۆ وەکوو گوڵاو لەسێبەرەوە بۆ هەتاو
هەرچی هەنگی دور و نزیکی بێ سیمی ناو شۆڕشە..
بە گیزە گیز دەوری ئەدەن
بە ژاوە ژاو گێژی ئەدەن
سەرە ڕێی خەتی لێ ئەگرن
هەندێ تەواو
هەندێکی تریش ناتەواو

گۆی هەواڵی تازە ئەمژن

ئیتر بروسکەکەی هەڵۆ لەناو شەش حەوت دێڕی شاشا

ژووری هەواڵ دروست ئەکا..

ژوورێ بۆ زیانی دوژمن

کوژراو. زامدار

ژوورێ بۆ دیل

ناویان ئەبات..

دەرگایان لەسەر دائەخات.

ژووری دەسکەوت. چەك و فیشەك

چەکی گەورە برا گەورەن

لەپێشەوە ناویان ئەبات..

ئەمجارەیان لەناو ژووری

دیلەکاندا..

داڵی گیراوی کزو مات

ـ عاشوور حەمدان ـ

نێچیرێکی قەڵەویانە

بۆیە بێ سیم

پەیتا..پەیتا

ناوی ئەبات.

هەواڵ ژوور بە ژوور ئەگەڕێ

هەتا دوا ژووری برووسکە

ژوورێکی ڕەنگ ئەرخەوانیی

دەرگای والاّ و
پەنجەرەی دانەخستووە
ئەو ژوورەی چاوی شەهیدی
تازەمانی
تیا نووستووە
ـ هەلۆ. هەلۆ. شەپۆل!
ـ شەپۆل. شەپۆل. هەلۆ!
ـ بەردەوام بە
کاکە لای منەوە تەواو
سەری سەعات سەر بەرەوە
ئەگەر هەواڵی تازە هات
ئامادە بە.
ـ ئەرێ جەو لای ئێوە چۆنە؟!
ـ لە شەوێوە بەفر ئەبارێ
هەتا ئێستە
سێ جار سەربانمان ماڵیوە..
ـ ئەی لای ئێوە..
حاڵی ئێوە و پیرە زستان؟!
ـ هەر بارانە و بەلاّم لافاو
ڕێی ئێمە و گوندی بڕیوە..
ئیشێ..کارێ؟!
ـ هەر خۆشیتان

ـ خوا حافیزبێ.

بەفرە و باران. لەوێ بەفرە و لێرە باران. لەولا گڕە.
لەملا کزە. لەناو نەخشەی پێشمەرگەدا. سەرما و گەرما،
تەرزە و پشکۆ، سەریان ناوە بەیەکەوە، وەرز ئەگۆڕن ـ
ساڵ ئەگۆڕن. دنیای کۆن هەڵ ئەگێڕنەوە. لەناو بەفرا
خوێن ئەڕوێنن، لەناو خوێنا، تەرزە و بەفر ئەتوێننەوە
کێڵگەی برسێتی ئەکێڵن. دەغڵی ئازاری یەك بە دە ئەدروونەوە
بەفرەو باران، بەفریش پێشمەرگەی سروشتە.
پێشمەرگەی شۆڕش‌و
سروشت لەم وەرزەدا قۆڵیان لەقۆڵدا و پێکەوە ڕێگەکانی
داڵ ئەبەستن چنگەکانیان لەگۆ ئەخەن
باڵەکانیان ئەبەستنەوە.
بەفرەو باران.ئەوەتا واعاشوور حەمدان
دالاشی ڕەشی باڵ شکاو
بووە بە فاقەی پێشمەرگە و سروشتەوە دەردەست کراو.
شمشێرەکەی زەلیل زەلیل. پاڕانەوەی داماو داماو.داڵی گیراو
داڵی ناوسك پڕ لە بێچوە چۆلەکەی کورد پێش خراوە و ڕەت
ئەبات‌و هەنگاو هەنگاو ئەژنۆی ئەشکێ
ئێستە عاشوور پەیامێکە
کەسیرە بوو. دروشمێکە قاچ‌و قول‌و دەست‌و پەنجە سەرمابردوو.
مەگەر هەر تەنها بینی ئاو لەم کاتەدا وەکووعاشوور
لەترساندا هەڵبلەرزێ.

ڕێ درێژە. وەکوو مێژووی پڕ ئەشکەنجە. ڕێ درێژە.
چەقەنە بەرد. هەڵەت هەڵەت. هەرشەقاوێك داڵ ئەڕوات و
شەقاوێکی تر ئەکەوێ بۆ بەرەو ژوور. دوا پلەی دوند،
چاوی کوژاوە هەڵ ئەبڕێ. لەپشتەوە لوولەی تفەنگەکەی
ئازاد ئەکاتەوە سەر قەپرغەی هەڵی ئەبڕێ،ئەیخاتەوە سەر
تووڵە ڕێ. وەکوو ئاوێنەی تەم گرتوو چاوی عاشوور تارمایی
ئازاد ئەبینێ. ئازاد ئەچێتە بەردەمی هەڵ ئەتروشکێ،
ئەمجارەیان کە پشوودان بەلەپی دەست ئاوێنەی
چاوی تەم گرتووی
عاشوور ئەسڕێ ئەوسا ئیتر نەك وێنەکەی، بەڵکو ئازاد،
خوێنی،گۆشتی،خۆی ئەبینێ،دەنگی ئازاد.
قاقای پێکەنینی ئازاد،
خۆی ئەبیسێ ئەمجارەیان داڵ ئەتاسێ و
تارمایی مەرگ دەس
بەخەنجەر لەسەر سەری ڕائەوەستێ
پاش چەند ڕۆژێ داڵ ڕیش
هاتووە. پانتۆڵ دڕاو. وەك گیسکێکی لەڕو لاواز ئەگاتە جێ.

* * *

شەوی کلێپە و هەڵمەتەکە. عاشوور خۆی کرد
بەنەخۆش و نەچووە دەرێ.
شمشێری لە کون خزاوبوو. لەکەنتۆردا پشیلە بوو
خۆی مات دابوو.

کۆمەڵێ جاش ڕەنگ پێ نەماو، هەناسە سوار،
چوونەماڵی وتیان
ڕەفیق وەرە دەرێ فریا کەوە،وا مەقەڕ و وێنەی
سوڵتان و شارۆچکە بەیەکەوە گڕ ئەسێنێ.
داڵی ناچار هاتە دەرێ
دوا لاندرۆڤەر ڕاوەستاوەو سواری ئەبێ. دەس لەسەر دڵ ئەکەونە ڕێ
وەختێ عاشوور دۆزەخی پێش خۆی ئەبینێ
زارەتریك ئەحەپەسێ
هەر بە پەنجە فرمان ئەدا و شۆفێر بەرەو
دوا سوکانی وەرئەگێڕێ
بۆسەی یەکەم ئامادەیە و دەرئەپەڕێ و
وەك نێچیری چاو بە وەنەوز ئەیانگرێ.

* * *

هەر ئەو شەوەی چنگی هەڵۆی خۆ کزو کرد
داڵی فڕان..
لەدۆڵێکی قەراغ شاردا. کڕ،نەپندی
کەمەفرەزە خڕ بوونەوە..
گیرفان..گیرفان
جلی بەری عاشوور و دیلەکان گەڕان
یەکە بەیەکە و جیا بەجیا
چییان تیا بوو بەدەست نیشان
بەژماردن دەریانهێنان

لەسەر مێزی تاشە بەردێ
وەکوو بڵێی
بۆ ئەوان دروست کرا بێ
دایان ئەنان
لەودەمەدا باران خۆشی کردبۆوە
لەوە ئەچوو ئەمجارەیان بای بەفر بێ
هەر بەپێوە
لەبەر شەوقی ئەم لاو ئەولای چەند لایتێ
ئازاد لە شتی ناو گیرفان ورد ئەبۆوە
تا سەر ئەنجام،
لەبەر باخەڵی عاشوور دا
ڕۆژ ژمێرێکی بچکۆلەی قادسیەو
هەندێ کاغەزیان دەرهێنا
حەسحەسی تیشکی ڕووناکیی
بەسەر ڕیز بەڕیزدا گەڕا
ناو بەناوێ سەرنج زیاتر
لەسەر هەندێ دێڕ ئەوەستا
ئەوسا ئازاد لەبەر خۆوە
ورتە ورتێکی لێ ئەهات
دەم و چاوی گرژ ئەکرد و
سەرێکیشی بۆ بائەدا
لەدواییدا

ئەوانەی گلیان دانەوە
پێناسەکان،ڕۆژ ژمێرێ،چەند کاغەزێ و
چوار دەستکێش بوون
وێنە و نامەی زۆر تایبەتیش
بۆ گیرفانی دیلی هێشتا هەر وڕ و کاس
گەڕانەوە.

⋆ ⋆ ⋆

لەیاداشتە نەهێنییەکەی بەرباخەڵی عاشووردا
وەکوو لاشەی سەر ئاو کەوتووی دوای تاوان.
ئێستە تەرمی شیعری بزر. زامی گیراو ئەبینینەوە.
ئێستە گۆڕی وەرزی کوژراو.دەنگی خنکاو ئەدۆزینەوە
ئێستە دەرکەوت ژێر زەمینی
ڕۆژ ژمێرەکەی عاشوور.
کام پیلانی پەپکەخواردووی لەخۆیدا حەشارداوە.
ئێستە دەرکەوت کە قەنارەی نەهێنیی
لە یاداشتی بەرباخەڵی عاشووردا
بۆ چەند تیشکی سەوزی هیوای پاشەڕۆژ هەڵخراوە.
لەیاداشتی بەرباخەڵی عاشووردا.
زۆڵە یاسای ئۆتۆنۆمی ئەم حوکمە
ئافرەتێکە بۆ کامێرای تەلەفیزیۆنی درۆ
داوێن پاکە و سپی پۆشە و فریشتە
دوای کامێراش هەرزان هەرزان

ئەیفرۆشێ ئابڕوی تکاو. ئەو لەشە.
لەسەردابە نەهێنییەکەی
بەرباخەڵی عاشووردا
چەند ڕۆژێکمان
لە گیرفانی ئەو یادداشتە دەرهێنا: ـ
⋆بەپێی بەڵێنێکی زووترکەپێی دابووم
پێش هەفتەیەك ژنەکەی (ن)
کاسێتێکی مێردەکەی خۆی لەناو سنگیا شاردبۆوە و
بۆی هێنابووم
وەختێ گوێم گرت لەوە ئەچوو
وەختی مەست بوون قسە بکات
لەشوێنێکدا (ن) وا ئەڵێ:
ئەم شەڕە بۆ؟!
ئەم شەڕە وەك گۆشتی مردووی
بۆگەن کردووی لێ هاتووە
ئەم شەڕە بۆ؟!
لەبەر کورسی و لەبەر چاوی
تاقە کەسێ!؟
حەوت ساڵ ئەبێ،.
(ن) هاوڕێی ئەم سەفەرە درێژەیە
دوێنێ (ن) مان هەر بەدەستی
ژنەکەی خۆی دەرمان خوارد کرد

ئەمڕۆش بە مارشی عەسکەری و
کۆڕەویێکی زۆر گەورەوە
تاقەراغ شار،،تەرمەکەیمان
بەرەو "حلە"
ڕەوانە کرد!
⋆چەند ڕاپۆرتێکی نزیکی ئەم لاو ئەولای
بوون بە چرای
تاقیب کەرمان
زۆردەمێك بوو لە کوڕەکەی
وەستا حەسەن بە گومان بووین
ئەمڕۆ لە جەژنی سوپادا
قەزاو قەدەر
زیلێك شێلای!
⋆ئەمیشیان قسەی نەستەقە
سەگ هەر سەگە
کورد هەر کوردە
"فرسان "ە یان "موخەریب"ە
⋆ئەمڕۆ نامەم بۆ (ص)ی ئامۆزام نووسی
(ص) لەبەسرەیە و عەسکەرە
بۆم نووسیوە: فریاکەوە
خۆزگەیەکت ئەهێنمەدی
ئەڵێی بەهەشتی ناو خەوە

پارچەیەك عەرد..چوار سەد مەتری
باوەشت بۆ ئەگرێتەوە..
دە هەزاریش پارەی بەخشیش
ئەو هاتووە بە پیرتەوە
فریاکەوە..
ئای بۆ عەرەبێ کە خێرا
بێت و لەجێی ماڵە کوردێ
لە شاری گەوهەری ڕەشدا
خانووی تازە بنیات بنێ!
*ئاخ! ئاخ!
هەر ئەمجارە
هەر لەم شەڕە ببینەوە
شەرتە ناوی بەفر لەبیر
ئەم شاخانە بەرینەوە
ئاخ..ئاخ!هەر ئەمجارە.
*دوێنێ شەوێ
چوار موخەریب بە چوار چەك و
دووی زیادەوە
خۆیان دایە دەست مەخفەرێ
خۆم چووم دیمن
ئەتوت گەماڵی چڵکنن
بەلاّم سەیرە

بۆچی هەتا لای ئەوانن
کۆ لەمەرگ ناکەنەوە
کەچی کە دێنە لای ئێمە
ئەڵێی تانجی ترسنۆکن!!
* ئەمڕۆ ماندووین
لە شەبەقەوە خەریکی
ڕاگوێزانی چوار پێنج گوندین
من و ناصر
حەوت سەعات ئەبێ بەپێوەین
زۆر شەکەتین
هەتا ئێستەش وڕ و کاسی
تەقینەوەی دینامێتین
* ئەمڕۆ (ا) و (س) مان بانگ کرد
ئەم دوو قەلەباچکە کوردە
تەمەنی ماڵی کردنیان
ئێستە لەچوار ساڵ زیاترە..
پێمان وتن: قەلەباچکە بەڕێزەکان
ئێوە ئەبنە زمان و گوێی گەلی کوردمان
بۆ ئەم دەورەی داهاتووە
ئەبێ خۆتان هەڵبژێرن
لەمڕۆیشەوە وا بزانن
دوو ئەندامی ئەنجومەنن.

٭لەبەغداوە ئەمڕۆ لاشەی
دوو موخەڕیبی گیراویان
هێنایەوە بۆ شارۆچکە
لەبازاڕدا چپە چپە
ئابلۆقەی ماڵەکانمان دان
باوکی هەردووکیانمان بانگ کرد
پێمان وتن..باش گوێ بگرن
ئەوەی لەگەڵ ئێمە نییە
گەر وا بمرێ پرسەی نییە
دەرگا داخەن!
گریانیشتان قەدەغەیە.
٭وەك دیبوویان:
موخەڕیبێکی خڕپلەی دەماغ کردوو
ئەمڕۆ سەعات سێی عەسر بوو
لەمەیدانی گەورەی شاردا
ڕەفیق (ناصر سلیمان ) ی
دایە بەر ڕیزی دەمانچە و
یەکسەر کوشتی
وەکو مورووی غەیب وەهابوو
کەس نەیزانی بۆکوێش دەرچوو!
٭دوێ نیوە شەو
بەپێی نەخشە و تۆڕێکی ورد

کەس و کاری نزیکەی بیست موخەڕیبمان
وەکوو مریشك و جووجەڵە
لەخەودا گرت.
٭ئەمڕۆ ست "شەرمن"م بانگ کرد
شەرمن بەرپرسی یەکێتی ئافرەتانە
پێم وت: بۆ خۆشی ئەفسەرە ئازاکانی
ئەم عێراقە
لە ئەندامان وەك گوڵ بژێر
بۆ ئاهەنگی قادسییەی سووری ئەمشەو
چەپکێ کچی ڕەنگاو ڕەنگی زۆر ناسکمان
لە گوڵدانی یەکێتیدا بۆ بنێرێ!!

٭ ٭ ٭

داڵ غەڕڕابوو. وەختێ ئەفڕی
وەختێ هەندێ پەڵە هەوری نزمی لەژێر
پێیدا ئەدی. وای ئەزانی هەموو لووتکە و
هەموو هەورێ سەر دائەخا و بەچۆکدا دێ
لەبەر فیڕەی لەخۆبایی..
داڵ غەڕڕابوو ئاسمانی گەورەی نەئەدی
وای ئەزانی زەمان ئەپێچێتە باڵی
هەتاکوو سەر..لەسەر ڕۆژان کڕ ئەکەوێ
هەتاکوو سەر.. بڵند ئەفڕێ و
سەر بەرەو خوار نابێتەوە بەرەو دۆڵی

نزم و نەوی..

★ ★ ★

بەر لەدایك بوونی عیسا

ڕەنگە هەر لەم دەربەندەدا بووبێ

حەوت شەو..حەوت ڕۆژ

ترس چاوی " گەزنەفون" و

سوارەی یۆنانی قوتدابێ.

ڕەنگە هەر لەم دەربەندەدا بووبێ.

حەوت شەو حەوت ڕۆژ

تیری درێژی ڕم ئاسا

بەر لە دایك بوونی عیسا

ئەم دیو ئەو دیو

زرێ پۆشی كون كردبێ و

وەك نیشانەی مێژووی ئێمە

لەسەر دڵی ستەمی كۆن هەڵچەقیبێ.

لەو ڕەوەز و لەو دوندەوە

بەفر كوژیان هەڵدێرابێ

ڕەنگە هەر لەم دەربەندەدا بووبێ.

لەئەشكەوتێكی ئێرەدا

لەو ئاستەدا..لەم ئاستەدا

بەپۆل داڵی باڵ شكاویان

بەند كردبێ!

ڕەنگە هەر لەم دەربەندەدا بووبێ.

★ ★ ★

ئێستە سەعات دەی بەیانی
ڕۆژی هەینی..هەشتی هەشتی
هەشتاو شەشە
لەژێر کەپرەکەی خۆمەوە
لەنێوان لقی دارگوێزی گوێ چەمەوە
هەر لە هەمان دەربەندەوە
لەسەرەوە..
بەتوولە ڕێی ئەوبەرەوە
ڕێچکەیەك دالْی گیراوی چەماوەی ژێر
کۆڵە خۆڵ و خشت ئەبینم..
عاشووریشیان لە پێشەوە
ڕێچکەیەك دالْ
تەنها بازێك لەپشتەوە
گڵ..ئەکێشن..بەرد ئەکێشن
دار..ئەکێشن
بۆ خەستەخانەی ئەو هەڵۆ زامدارانەی
بەباڵی خوێناوی شۆڕش
شیعرێکی نوێم بۆ ئەنووسن.

بەرگەڵو
1986 / 8 / 8

# دەربەندی پەپوولە

1991

هەموو ڕۆژێ لە تاو هیجرانی ئەمساڵ
تەمەننای مردنی پێراره بێ تۆ!

نالیی

غەریبیی غوربەتی کردم بە ئەوطان
سەراپا ئەرزی لێکردووومە زیندان!

حاجی قادری کۆیی

دوور جە قامەتت قیامەت خێزان
هیجرەت شەرارەی جەهەنەم بێزان!

مەولانە خالیدی نەقشبەندی

دڵۆپ، دڵۆپ باران: گوڵ ئەنووسێتەوەو
نمە نمەیش چاوانم تۆ!.
چ ساڵاوێکی[1] نامۆیی و چ ژانێکی بەخشندەیە

[1] ساڵاو: ساڵێك ئاوی زۆربێ.

وا لەسەرخۆ

بەرد بە بەردی

کێوی سەرم ئەپشکوێنن

لق بە لق و چڵ بە چڵی

دەست و پەنجەی وشکەڵاتووم

شین ئەکەن و وەك باویلکە[2]

ئەمدەن بە دەم باڕێزەکەی ئەوینتەوەو

لەشەختە بەندانی گیانتا، ئەمڕسکێنن.

گڤە، گڤە "با" پێدەشتت ئەخوێنێتەوەو

نەفەس نەفەس هەناسەیشم: باڵاکەی تۆ

چ گەردەلوولێکی سەوزەو

چ ئەسپێکی ئەفسانەیی باڵدارە وا

لەم کۆتایی دنیایەوە

بە پرتاو دێ و هەڵم ئەگرێ و ئەمفڕێنێ و

دوور دوور ئەمبا

بەرەو هۆبەی ئارانی[3] تۆ.

کلوو، کلوو بەفر گوێ بۆ چیا ڕائەدێرێ و

وشە وشەیش هۆنراوەی من بۆ سۆزی تۆ

---

[2] باویلکە: گیایەکی تووك سپییە لە پایزاندا با بڵاوی ئەکاتەوە.

[3] ئاران: جێی زستانەی کۆچەران.

چ بەفرانبارێکی زەردە و
چ کرێوەی حیکایەتێ بەم ناوەختەو
لە ئاویلکەی[4] ئەم ڕۆژەدا
وەك عەشقەکەی "برایمۆك"
پێدەشت پێدەشت و کۆ بە کۆ
بە ڕێگەی مەرگی سپیدا
ئەمخاتە ڕێ بەرەو لای تۆ

★

سەفەرە
سەفەرە
سەفەر.
سەفەری ئازاری زگماك و سەفەری
درەختی بێ دالْدە و بێرێتەی[5] زامانی گەڕیدەو
تەدارەك ڕێك ئەخەم!.
ساواقە[6]
ساواقە
ساواق!.
ساواقی سالأنەی بەهاری بێوڵەت
ساواقی بورجی "مارت".

---

[4] ئاویلکە: وەختی گیانداران.
[5] بێرێتە: سەمای بەکۆمەڵ.
[6] ساواق: سەرماو سۆڵەی سەختی دژوار.

شەپۆڕی باهۆزە و شیوەنی گوڵانەو
تەدارەك ڕێك ئەخەم
تەدارەك: لە ئەسپی کەللە سەر گڕگرتوی ڕەوەندم
ئەو وەختەی ژان لەسەر بەرد ئەڕوێ.
تەدارەك لە حیلەی برووسکەی ئەم هەورە سوورانە
ئەو دەمەی کە باران شیعرێکی سەوزتر ئەنووسێ..
لە جوانووی ئەم خەمە بزێوە سپیانە
ئەو وەختەی کە لانکە و بنچك و
دەوەنیش غار ئەکەن.
تەدارەك لە تەختی کەژاوەی زریکەی فەریادی
ئەم هەموو فریشتە ڕەندانە
ئەو وەختەی خوا ئەوقەو
مردنیش سەرسامە!.
لەگوارە و پلێپلەو سلسلەی زایەلەم
ئەو دەمەی کە شایی گریانە.
تەدارەك لە تارای ئەم شیعرەو
گەردانەی ئەم تەمە
ئەو وەختەی کە مەرگم بووکمە و
کەژەهریش شاباشی جیهانە!.

ئێوارە.. دوای بانگی برینتان من ئەگەم.. ئێوارە.
ئێوارە.. دوای شێوی گریاوتان لاتانم.. ئێوارە.

**که هاتم**

**مۆمێکم له قوللەی حەزرەتی "نالیی"دا بۆ هەڵکەن**

**با ملی دارێ بێ**

**یان پەنجەی نێرگزێ**

**یان قژی وەنەوشە.**

**زامێکم له دوندی "کەکۆن"[7]ی "حاجی"دا بۆ پێکەن**

**با سەری بڕڕاوی شیعرێ بێ**

**یان مەمکی "وەسانان"[8]**

**یان باڵای هەڵەبجە.**

**دوای بانگی برینتان من ئەگەم**

**که هاتم**

**له بەردەم دەروازەی هەناسەی ساردتانا**

**تاقێکم بۆ لێدەن**

**شیاوی شای خەم بێ و ئەم تاجی غوربەتە**

**شیاوی ڕیشەکەی "خەندان"[9] و**

**شیاوی هەیبەتی "جەلادەت"[10].**

**تاقێکم بۆ لێدەن:**

**بەخونچەی ئەو هەموو فرمێسکەی هەتانە.**

**به گەڵای ئەو هەموو ئاخانەی لاتانە.**

---

[7] کەکۆن: گردێکه له ڕۆژئاوای ڕاسته کۆیەی جاران.

[8] وەسانان: گوندی "شێخ وەسانان"ی هەرێمی هەولێر لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ژەهرباران کرا.

[9] خەندان: (شەریف پاشا سەعید خەندان) نوێنەری کورد له کۆنگرەی ئاشتی له پاریس ساڵی 1919ز.

[10] جەلادەت: جەلادەت بەدرخان و ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیری بەناوبانگی کورد.

بەژاڵەی ئەو هەموو کسپانەی پێتانە.
تاقێکم بۆ لێدەن
بە نەخشی باڵندەی ئەو قوڕە سوورانەی هەتانە و
لە گڵکۆی ئازیزان بە ئاوی نێو نیگا شێلاتان.
تاقێکم بۆ لێدەن
بەخشتی ئازاری چوار گۆشەی
ئەو هەموو پرسانەی دای ئەنێن.
تاقێ بێ لە شێوەی مێزەری "مەولەوی"
تۆزێ قووچ.
تاقێ بێ وەك پشتی کۆماوەی
خەڵوەتی "مەولانە"[11]

تاکوو دێم، ئەو گوڵە سپیانە مەنێژن
بوەستن! بەلانکەی مێژوویان مەسپێرن
با لەسەر سەوزەگیای لەشی هەرد
لەسەر پشت پاڵکەون
با لەسەر باسکی ئاو ڕاکشێن.
با لەسەر شانی "با" هەڵکوڕمێن.
ئاسمانی چاویشیان دامەخەن
هیچ پەڵە هەورێکی سەرشاخیان

[11] مەولانە: "مەولانە خالیدی شارەزووریی نەقشبەندی" 1773–1826، ڕێبەرێکی گەورەی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا.

پیا مەدەن، هەتا دێم
مەیکەنە تارومار
خۆزگەمە بۆ دواجار
تەماشام بە پرژەی گوڵاویان تەڕ بکەم.
خۆزگەمە بۆ دواجار
شنەیان بگرمە باوەشم.
یەك بە یەك دەم خەمە ناو دەمی حەسرەتیان
ناکامیی سینەیان هەڵمژم
وەك دایك و
باران و
شەمامە
بۆنیان کەم.
یەك بە یەك دەست بێنم
بە تیشك و تیرێژی قژیانداو
موو بە موو ماچیان کەم.
تاکوو دێم، ئەو "مانگ"ە زەردانە مەنێژن
بوەستن! هەتاکوو تریفەی غەریبیی خۆم دێنم
ڕاوەستن! هەتاکوو ئەگەم و
خەرمانەی هەڵبەستم
ئەکەمە پشتێنی ناو قەدیان.
خۆزگەمە بۆ دواجار
دەست کەمە قەڵبەزەی گەردنی هەموویان

یەك بە یەك خەمانیان ڕاژەنم
یەك بە یەك بە بەژنی دار لیمۆی ژەهراویی
مارتیاندا هەڵژنێم
یەك بە یەك سەرخەمە ناو سنگ و بەرۆکی بەفرینیان
یەك بە یەك کڕنووشیان بۆ بەرم
یەك بە یەك فوو بکەم
بە کونی زامیاندا و
شمشاڵی باڵایان لێ بدەم:
(حەیران.. حەیرانە.. ئەوە "سەحەر"ە
ئەوە چاوی هەڵوەریوی سەحەرە.
ئەوە خەزانی باڵای سەحەرە.
ئەوە دەنکە ملوانکەی خەونەکانی سەحەرە.
ئەوە دەست و ئەوە پەنجە و ئەوە مەمکی
بەجێماوی سەحەرە.
ئەوە قیژەی ڕواوی سەحەرە
ئەوە خۆڵەمێشی ماڵە بابی سەحەرە
حەیران حەیرانەو
خەنە بەندانەو
ئامان ئامانەو
باڵا ڕێزانە..)

لا وەکە! تەماشا!

ئەم مێرگی غوربەتە ئازاری چەند سەوزە
چەند تەڕ و پاراوە ئالوزی[12] گوڵ گوڵیی
ئەم مێژووی وڵاتی حەسرەتە.
لا وەکە! بڕوانە!

دوندی ئاخ لە سینەی بوولێڵی ئێمەدا
هەڵکشاو، سەر بە گوڵ، چەند بەرزە
ئاورێ.. تەماشا!
سەقەمی[13] کۆچنامەی دڵداران
لە گیانی عاشقدا: گڕەیە.
گینگڵیان: ئارام و
وێڵ بوونیان: ڕێگەیە.
تەماشا! ڕیزە ژان
زنجیرە سەماکی[14] کۆتەڵمان
یەك بە یەك چۆن بەسەر پێدەشتی
سۆزماندا
ئەڕوانن!
بڕوانە! سووتانیان: سەمایە و فڕینەو
پەل و پۆی گریانیان: شۆڕابەی[15] بەستەیە.

[12] ئالوز: خەم، حەسرەت، ئەشکەنجە.
[13] سەقەم: تۆف و کڕێوەو سەرمای تووش.
[14] سەماك: ئێجگار بڵندو بەرز.
[15] شۆڕابە: لقی شۆڕی درەخت تازەوی.

ئەوەیان: فەنەری گەردنی "نالیی"یە لە شەوی
"بسفۆر"دا[16] ئەسووتێ و جەستەی ئاو ئاڵ ئەکات.
بە باڵای قەسیدە قوڵایی ئەپێوێ و لە بنی گێژاودا
چارۆگەی خەیاڵی هەڵئەدا. لە سامی گێژەندا و
لەوێدا بۆ ساتێ پەیتووکەی[17] گومانی ئەسرەوێ. لەوێدا
ئەم گەرای ڕەنگاڵە بۆ ماسیی باڵداری شیعری خۆی
دائەنێ. لەوێدا ئەم خەونی زەرد و سوور بە چاوی
خاکەوە ئەبینێ. ئەخنکێ و ناخنکێ و لەوێدا دەست ئەباو
مرواریی دڵی خوا دەردێنێ. ئەخنکێ و ناخنکێ و
لەوێدا ئەم تۆوی هەتاو و هۆنراوە ئەچێنێ. هەر خۆی و
گەمیەکەی. هەر خۆی و سەفەری ئاوی ڕەش.
هەر خۆی و سەوڵەکەی قەڵەمی و هەر خۆی و خەمی
گەش. پێشەنگە و پێش هۆرەی شەپۆلی بێ وڵات
کەوتووە. پێش وشەی سەرگەردان کەوتووە.
نامۆیی سەراپای تەڕ بووە.
بەلەمی بێ کەنار
تەنیایی ئەئاژوێ و
باخی ئاو
گوڵ قژی "حەبیبە"ی گرتووە.
بە پێلە[18] تینویەتی عەشقی ئەو، سەرئەکا!.

---

[16] بسفۆر: دەریای بسفۆر.
[17] پەیتووکە: چۆلەکەی بچووکی تیژباڵ و خێرا.
[18] بەپێل: شەپۆلدار.

به شەوقە تاریکیی ڕێ و بانی وشەی ئەو، ڕێ ئەکا.
سەرپەڵە[19] پایزەی ئەم کۆچەی
ڕواوی سەر بەردی هەڵکەنراو
هەلاڵەی فرمێسکی گوێ "زەڵم"ەو
گۆرانیی بەفرێکی "شنروێ"ی[20] هەڵقرچاو.
ئاڤزینی[21] خولیاکەی ئەسپێکە سپی بۆر:
ئارامی: سمکۆڵەو
کورژنی: هێوریی و
دووریێتیی: نزیك و
قیبلەکەی: "خاك و خۆڵ"

"ئەستەموولّ" ئەیبینێ و نازانێ چ گۆمێ
وا لە ژێر کلاوی ئەم پیاوە
ڕیش ڕەشە ڕێحانە و بەفرەدا.
هەموو ڕۆژ ئەیبینێ و نازانێ
چ بێشەو نزارێ وان لەناو
دەربەندی ئەو سینە تەنگەدا.
کۆتریی سەر قوببە و منارە ئەیبینن نازانن
چ باڵی فڕینێ وا لە ناو ئاسمانی

---

[19] سەرپەڵە: وەختی بارانی پاییزە.
[20] شنروێ: چیای شنروێ، ئەکەوێتە باکووری شاری هەڵەبجەوە.
[21] ئاڤزین: بڵندایی نێرینەی ئاو.

ئەو گیانە شینەدا.
کەلەپۆی[22] خۆرنشین ئەیبینێ و نازانێ
چ پشکۆ و ژیلەمۆ و ئاگرێ وان لەناو
ئاتەشگەی ئەم شیعرە ئاوارە و وێڵەدا.
باران و ڕەهێڵە ئەیگاتێ و نازانێ،
چ ناڵەو چ ژان و ژمژیە[23] و گرمەیەك
وان لەناو ئەو هەوری دەروونە قووڵەدا
هەژاران ئەیبینن نازانن
چ نووزەی نانێك و چ لاڵەی ئاوێك و
چ سەرمای تەمەنێ وان لە ناو
کوختەکەی هەناوی
ئەم مامە پیرەدا!.
عاشقان بەلایدا ئەڕۆن و نازانن
چ لەنجەی خەمێك و
چ کانیی نیگایەك
وان لەناو کازیوەی ئەو چاوە تیژەدا
ئەوەیشیان: "مەولانە"ی هەتاوی نیوەڕۆی شەوانە.
تاڤگەی بێ دەنگی دڵی خوا و کۆڵ کێشی گریانە.
بە هاوین بارانی "هیندستان" لە چاویا دائەکاو، بە زستان
لە ڕۆحیا قرچە قرچ "شارەزوور" سووتانە. هەموو ڕۆژ

---

[22] کەلەپۆ: ئەو کەلەی خۆری لێ ئاوا ئەبێ.

[23] ژمژیە: جوڵان و بزوتنەوە.

شەبەقیی "بەرەدا"ی[24] موریدی کاکۆڵ سەوز،
بە دزیی منارەی ئەمەویی شامەوە، لە دەفری[25]
سۆزێکدا شەپۆلی نوورێکی یەزدانیی هەڵ ئەگرێ و
ئەیبا بۆ: "سیروان"ی مەولانە.
شەوانە، شۆڕەبی کەناری گۆمی خواو
ڕۆژانە، نانێکی ناوچەوان سوتاوی ڕەنج دانە.
ئەم.. بەڕووی شاخێکە هەموو ڕۆژ بەپێی خۆی
ئەچێتە ناو ژووری پەنگر و کڵپەوە
هەتاکوو بسووتێ و هەڵقرچێ
پڕۆپۆی[26] "وەجد"ەکەی چڕترە.
ئەم.. کێوی بەفرێکە خۆی بۆ خۆی
ئەچێتە بەردەمی خۆری هەق
هەتاکوو دڵۆپی توانەوەی زۆرتربێ
ئەستێرکی ئەوینی ئاسمانی پڕترە.
شەوانە، تا دۆزەخ بۆ لەشی دابخاو
بپرووکێ و هەڵوەرێ و دووکەڵ کات
ڕۆژانە، بەرچاوی ئەم زامە ڕوونتر و
بەهەشتی گیانی ئەم شەنگترە.
"مەولانە"ی سەمەندەر[27]

---

[24] بەرەدا: ڕووباری بەرەدای شام.
[25] دەفر: قاپ، حاجەت.
[26] پڕۆپۆ: لقوپۆپ.
[27] سەمەندەر: باڵندەی ئەفسانەیی.

ئەو قورەی لە مشکیی لەشی خۆی
بەردەوام ئەیشێلێ
هەموو ڕۆژ ئەیکاتە گوڵدانێ
بۆ گوڵی عەشقی خوا و
لەتاڤی پرشنگی ژوور سەردا دای ئەنێ.

(سێ وتەی پیرۆزی نێو ڕۆژژمێرێکی نەبینراوی "مەولانە")
**یەکەم:**
عاشقێ خرایە ئاگرەوە
بەڵام تا
گیانی پاك گەیشتە ئاسمان و دڵی خوا
ئەو بە ژێی بلێسە بەردەوام
هەر "تار"ی ئەوینی لێ ئەدا!.
**دووەم:**
ئەتوانیت ڕوانینت بڕوێنی و سەوزیش بێ
بەو مەرجەی کە درەخت
ببێتە دڵدارت!.
**سێیەم:**
دەرچوونم بۆ نەبوو
عەشقی تۆ دەوری دام
من ئیستا لە نەخشەی تازەتا
دوورگەی تۆم!.

ئەوەیشیان: "حاجی" یەکەی درەختی زەنگ بە دەست.
شمشاڵی لالێوی مێژووی شاخ. شەوو ڕۆژ بە گوڵە
حاجیلەی، دیدەی خۆی، گلۆنکەی کوڵوانەی
یادێکی نارنجی بۆ "کۆیە" ئەچنێ و باڕژنی کاژۆلەی
موو ڕەشی خەمیشی هەر لەلای "کەکۆن" و لە دەوری
ڕەشماڵە. ئەم: شیعری کردووە بە: هەتوان.
بە: کلیل. بە: خەنجەر. هونەری کردووە،
بە: دەغڵ و بە: بانگدان.
ئەم.. وشەو گوڵاو و هاوار و گزنگی ئاوێتەی
یەکتری کردووە. کردوونی بە شتێ نەبینراو. نەبیستراو.
بۆن نەکراو.
ئەم.. شیعری کردۆتە پڵنگ و لەم بێشەی ترسەدا،
بە چڕنووك لە قەدی تاریکیی ئەنووسێ.
ئەوەتا نیشتمان لە چاویا بریسکەی دڵۆپی
ئەلف و بێی بێ ئەنوا[28] و بێ ماڵە.
نیشتمان لە "سەر"یا هەر بەردە مۆرەکەی،
گیرفانی شوانێکی عاشقی "خەجێ"یە. نیشتمان
لە دەنگیا خوێندنی کەوێك و تریقەی دوو کیژی
دیلانێی مابێنی دوو داری ناو دێیە.
نیشتمان لە گوێیدا زرنگەی پاوانەی

[28] بێ ئەنوا: بێ جێگا، بێ دەرەتان.

جوانێکی ئەوێیە!.
بە بەردە ئەستیەکەی سەری خۆی هەموو شەو
لە هۆدەی گریاودا، یادێکی پەمەیی و شیعرێکی
زەردی خۆی پێکەوە هەڵئەکات. ئاوی چاو
وەك ئاوی شەربەکەی "حیجاز"ی، ژەکێکە
هەموو ڕۆژ غەریبیی ئەینۆشێ. ڕۆژانە لە حیجاز
هەڵمێکە و شەوانە لە ولآت گۆمێکە و ئەیبەستێ.

لەوێڕا گەر سەری بەردێکی
"چنارۆك" بشکێنن،
لێرەڕا ئەم دەستی کسپەیەك
هەڵئەبڕێ بۆ سەری.
لەوێڕا گەر چەوێ لە بینی کانییەك بگیرێ
لێرەڕا ئەم شیعری قرخەیەك ئەکات و
دەست ئەبا بۆ قوڕگی.
لەوێڕا گەر بەچکە ئاوازێ هەڵفڕێ
لێرەڕا ئەم ئەبێ بە ئاسمان.
لەوێڕا گەر ئەوین
سەعاتی ژوانی دیاری کرد
لێرەڕا ئەم ئەبێ
بەدار و سێبەر و پەناگەی جێ ژوان.
لەوساوە، ئەوەتەی کە ڕیشی پەپوولە پایزەی

لەبنە توتڕكی غەریبیی ئالاوە
ئەوەتەی ئەستەموولٚ نسێیە و هەتاوی نیشتمان
لەم شیعرەی نەداوە،
ئەوەتەی شەپۆلی ئەم ئاوە باڵ شینە فڕیوە
باخەكان بە دوایدا ئەگەڕێن.
ئەوەتەی ئەم هەورە ڕۆیشتووە
شاخەكان بە دوایدا ئەگەڕێن.
ئەوەتەی ئەم "هەیبەت سوڵتان"ە[29] كۆچەرە
كوردستان شپرزە و چاو لەڕێ و هەر ئەڵێ،
ئاخۆ كەی ئەم خۆرەم دێتەوە؟!

(پەندە شیعرێكی بلاونەكراوەی "حاجی" وەختی خۆی
لە ئەستەموولٚ لە پیرە بەردێكی ڕیش سەوزم وەرگرت)

ئەم بەردە گەر بازووی ئەوەندە ئەستوور و
دڵیشی ئەوەندە سەخت و ڕەق نەبوایە
تا ئیستا ڕەشەبا هەزار جار تلاوتل بردبووی.
ئەو بەردەیش گەر دڵی زۆر ناسك نەبوایە
ئاخر چۆن بە تۆوی دەم "با"یەك
ئەقلێشا سەرسنگی؟!

---

[29] هەیبەت سوڵتان: ڕیزە چیایەكە لە ڕۆژهەلاتی شاری كۆیە.

## II

به تیری عەشقی بەرد
زامدارە و گرفتار
ئەم مێژووە عاشقەم.
بۆ خاتری چاوی بەرد
هەموو جار خۆرنشین ئەپۆشێ و
بەکەوڵی سوورەوە
ئەگاتە بەردەمی قاپیی مەرگ.

لەخێڵی ئاوەوە پشتاو پشت
زاووزێی ئەم نەوەی ڕووبارە و چەمانە
هاتوون و، تا سەر من، تا ئیستەیش
تینویەتی سەرچاوەی عەشقیانە.
ئەز چیتان بۆ باسکەم؟
کام خوێنتان بۆ باسکەم؟
کام ئاختان نیشاندەم؟
لە کوێوە بێمە ناو زریکەو قیژەوە؟
لە ڕیزی وەریندا لە پێشدا چ ڕەنگێ پێش بخەم؟
لەم چرای دەنگانە لە پێشدا چ دەنگێ هەڵبکەم؟

درێژە دووکەڵی ئەم بێشە غەمناکە
وەك بەژنی نەخشەکەم.
درێژە فرمێسکی ئەم شاخ و داخانە

له دیجله و فوراتیش درێژتر.
درێژه کرووزەی پەلکه گیا
تا چاوی برینم بڕ ئەکا.
درێژه هاواری کۆڵان و شەقامی ئەم لەشه
تا لای خوا.
درێژه ئازاری ئەلف و بێم
لێرەوه هەتاکوو لای "خانیی".
درێژه، درێژه، درێژه.. غەریبیم
له هێڵی ئاسنی ئەوروپا درێژتر.
نازانم ئەز چیتان بۆ باسکەم؟
نازانم ئەزچیتان
نازانم ئەز
نازانم
نا.

وا دیسان خەنجەره و به "با"وه ئەبارێ.
ڕەهێڵەی نەشتەره.
شادەمار له ملی ئەم کێوه زلەدا
کون بووەو خوێن لەبەر
ئەشکەوتی برینی بەرد ئەڕوا.
وا دیسان چەقۆیه و به "با"وه ئەبارێ
"با" سەرم ئەبات و

گیانیشم بە دوایدا ئەگەڕێ.
-پێویست بوو، شاخ بێتە، دەشتایی گیانتەوە.
پێویست بوو کڵاوی هەوری ئەو لە سەرکەیت.
ئەبوایە تان و پۆی پەنجەی تۆ و لاسکی گژوگیا و
فەقیانەی دایکت و تەناف سێدارە تێك ئاڵێن.
پێویست بوو بە قەڵەم سەنگەریش لە شیعرا هەڵکەنی.
ئەبوایە خوێ و برین وەك عەشقی وەلی و شەم،
وەك سەری مەسیح و تاجی دڕك، پێکەوە ڕابێنێ.
پێویست بوو ئەو کاتەی شڵپەی خوێن لە ڕۆخی
لەشەوە، ئەگەیشتە گوێی مێژوو، لەو زەریا
سوورەدا، ئەبوایە چارۆگەی بەلەمی دەنگی خۆت
هەڵبکەی. چی ئەکەی؟ ئەو کاتەی کە مردن
سەربازی دەوڵەت بێ و تۆیش لە کێو، درەختی
قەڵەم بی؟ چی ئەکەی ئەو وەختەی کە شانۆت
پەنگربێ و گوێ گرت تفەنگ بێ؟
ـ هەر ئەبوو، وابکەی، هۆنراوە
بە نووکی بڵێسە بنووسی و
دۆزەخیش بۆ ترس و بێ دەنگیت دابخەی!
ـ بەردەوام هەر تەورە و بە "با"وە ئەبارێ.
بەردەوام لافاوی شمشێرە و هێرشی بیابان.

★

ـ ئەمە پرچی بەجێماوی قەسیدەیە؟

یان کاکۆڵی خەونی گوندێ؟
ئەمە ئاوێنەی شکاوی هەتاوێکە
یان هی کچێ؟
ئەی ئەم ڕووبارە کوژراوە
یاری دەشت بوو یان هی کوڕێ؟
ئەی ئەم قیژە هەڵوەریوە
قیژەی دایکمە یان درەختێ؟
ئەی ئەمەیان گۆی مەمکە یان دەنکە گێلاس؟
ئەمە پشیلەی سووتاوە یان ساواکەم؟
ئەی ئەمەیان سەری باوکمە یان گوڵبێنەی تەندوورەکە؟
ئەمانە باڵی وەریووی پەریەکانن یان کۆترەکان؟
ئەی ئەمانە گلێنەمن یان دەنکە زەیتوون و ترێ؟
نازانم ئەز چۆنیان لە یەکتر جیاوەکەم؟
نازانم ئەز چۆنیان لە یەکتر
نازانم ئەز چۆنیان..
نازانم ئەز..
نازانم..
نا..

★

ـ وا مێژوو جۆلانەی شەهیدە.
هەموو شەو بە هێشوو "مانگ"ی سەوز
لە بەفری ناو سەرتا هەڵدێن و

له پڕیش لەو دیوی گولاڵەی خەونەوە
ون ئەبن.
ون ئەبن بۆ ئەوەی بێنەوە
وێڵ ئەبن بۆ ئەوەی بگەنە دڵی خواو
لەوێدا بڕوێن و بشنەوێن.

-هەموو ڕۆژ چاوێکم ئەکشێ.
هەموو ڕۆژ دەستێکم کۆچ ئەکا و جێم دێڵێ.
هەموو شەو من عەردی خەمێکی بەیارم و
ڕۆژانەیش تینویەتی شەهیدێ ئەمکێڵێ.

هاتووم "با" فێرم کات،
چۆن ڕووبار ڕاژەنم.
هاتووم بەرد فێرم کات
لەسەر ئەو چۆن بڕوێم.
هاتووم ڕەگ فێرم کات
لەکوێوە بگەمە دڵی خاك.
هاتووم گوڵ فێرم کات
شیعر چۆن جوان ئەبێ.
هاتووم مەل فێرم کات
تەماشام چۆن بفڕێ؟
من هاتووم بۆ ئەوەی ئەم ئاگرە گەورەیەی

ئەوینی نیشتمان تێم بەربێ.
من لێرە، لەناو ئەم، ئەوینە چڕەدا
دڵنیام وەك ڕاستیی.
من لێرە، لەناو ئەم، دەربەندی دووکەڵ و ترسەدا
ئاسوودەم وەك سەمای ئازادیی.

هەموو جار بێ ئەوەی لە دەرگای وشەم بات
هەورێ دێ
خۆی ئەکا بە ژوورما و گۆرانیی ڤژ تەڕم بۆ دێنێ
بێ ژوان
بەبێ پرس
هەموو ڕۆژ
شەپۆلێ، دووان و سیان،
بە هەگبەی پرشنگ و گوڵەوە
ئەگەنە سێبەری بەرگێلەم[30]
ناڕۆن تا من نەکەن بە مێرگی هۆنراوەو
بە گۆمی ئەستێرەیش ژوورەکەم.
دار بەڕوو دێ بۆ لام
ڕەگی خۆی ئەبەستێ بە ڕەگی قاچمەوە.
گابەرد دێ و هێزی خۆی
بەدیاریی بۆ پشتم ئەهێنێ.

[30] بەرگێلە: هەیوانی بەردەم شاخ و ڕەوەزو ئەشکەوت.

لوتكه دێ و باڵای خۆی
ئەخاته سەر باڵام.
ئاشنامن فرمێسكە پایزەی غەریبان
ئەوانیش بە سواری كزەبای
ئێواران دێن بۆ لام.

لێرەم و بای خەونم
زەمانێ تۆو ئەكات
كە هێشتا زەمینی لەدایك نەبووە.
لێرەم و ڕوانینم
كەناری دوا ڕۆژێ سەوز ئەكات
كە هێشتا بارانی لەدایك نەبووە.
ئەم خەونە
پەنجەرەی ئایندەی مێژووە.
من چاوم:
پێش تیشكی ئەمڕۆكە و
بیستنم:
پێش دەنگی ئیستاكە كەوتووە.
دۆزەخی ئەندێشەم
گوڵی وای تیا ئەڕوێ
كە هێشتا ئەم عەردە
بە چاوان نەیدیوە.

من دیدەی پێغەمبەر
ئەوەتا لە دیدەی هەڵبەستما
هەر بۆیە نەهێنیی دڵی خوا و
گەردوونم بینیوە!
-شاخ لە شاخێتیی ئەکەوێ
ئەگەر ڕەنگێك دابینیکاو
یان بە زریانێك بسرەوێ.
ئاو لە ئاوێتیی ئەکەوێ
گەر گێژەنێ دابینیکاو
یان بە گەرداوێك بسرەوێ.
دار لە دارێتیی ئەکەوێ
ئەگەر وەرزێ دابینیکا و
یان بە بارانێك بسرەوێ
من ئەو هەڵبەستەم خۆش ئەوێ
نە قۆناغێك
نەسنوورێك
نەجێگەیەك
خەونەکانی دابین نەکاو
ئازاریشی قەت نەسرەوێ!.

ـ ئەی "شاخ"م!
ئەی پەندی بەردینیی پێشینان!

ئەی ملی پڵنگی بە خوێنم خەت خەت و
بە عیشقم داگیرساو!
داستانی سروشتی هەموو کات
بەرامبەر ژوورەکەم خرۆشاو.
لێرەم و ئەمەویٚ وەك ڕکت[31]
تێکەڵی بناری مێژووت و ناو هەستی جۆشخواردووی
بەندەن و بەردت بم.
لێرەم و ئەمەویٚ وەکو "با"ی یاخی بووت
بمخەیتە سەرشانی ڕەوەزت و، وەك پەلکی
درەختی هیوایشت بمدەیتە دەست هەتاو!.
قوتابی ئاسۆتم
هەمیشە خوێندنەوەی فەرهەنگی
گژوگیای سینەی تۆم
کردووە بە ڕێگا بۆ چاوم.
ئەشکەوتت بە ژووری خوێندنی کێویم و
لوتکەیشت بە وانە و مامۆستام.
ئەمجارە من لەبەر نەینووکی[32] ئاگرت و دیواری دووکەڵتا
زێی زریان ئەنووسم نەك شیعر
ئەمجارە من لەبەر ڕەهێڵەی ئەستێرەی کوژراو و
بارێزەی پشکۆتا

---

[31] ڕك: ڕەگ، بنج، دەماری شاخ.

[32] نەینوك: ئاوێنە.

مەرگی سوور بە خوێنی گابەرد و کاوانت ئەنووسم
نەك چیرۆك.
ئەم وەرزە من سەرم کارێزی مەراقی
چەند سەدەی گیراوە و ئەتەقێ.
گەردنم فوارەیە، فوارەی "با"ی ڕەنگاوڕەنگ
فوارەی خۆڵ، فوارەی نوێی زایەڵە
هی زوڵمی شەیتان و فریشتە و، فوارەیەك
بە بەرزی باڵای خوایش
لووزەوی[33] هاواری هەڵبچێ!.
هەر لێرەم. دەمێك بوو ئەو گوندە
تا پشت مل قوڕاویی و کوڵنجە شڕانە.
ئەو خەمە دەست و پل زبرانەی وڵاتم
بازۆڵەی ئازادیی و، بۆ هەزار، هەزاران
سروودی ڕاکردووی شەقامی شارانم لانکەبوون.
دەمێك بوو چۆڕچووڕەی ئارەقی لاملی
گەنم و جۆی ماندوویان
بۆ ڕێچکە ئەستێرەی سەر هەوراز، دەوران دەور،
بۆ ڕەوە برینی خۆ خۆریش، ئەوان هەر
نیگایان پلوسکی بەفراوی کاوان و
ئارامییان کاسە دۆی ئەوینی سەر ڕێ بوو.
دەوران دەور، دەمێك بوو، ئەوانە هەر هەڵمی

[33] بەلووزەو: بەهوروژم. بە گوڕو پڕولێشاو.

گولاْوی ڕەنج بوون و ژەم بە ژەم؛
لە گونکی هەژاریی خۆیانیان بۆ کردین بە نان و
لە شەوی کون کونی خۆیانیان پیادابن و
بەڕیزە درەختی بالاْیان سێبەریان بۆ کردین.
ئەو گوندە دەم و چاو خۆلاْویی و پێپەتی و ڕووتانە
باوەشیان کادان بوو
قسەیان باسووق و
منداڵیان ڕێواس و
گەورەیان پەل و پۆی دار شاتووی ناو دێ بوون.
دەوران دەور
ئەوانە هەر پرمەی ئێستری سەر پلەی
ژێر باری تفەنگی ئێمە بوون.
دەوران دەور
ئەوان هەر: هێلکە بوون، کەشکبوون.
پێوازبوون بۆ ژیان
ئەوان هەر: خڕخاڵ و بازن بوون بۆ شیعر و
چیرۆك بوون بۆ کوانووی نیشتمان!.

★

دەریاچەی ڕۆژگاری سەردەمێ
وەك سەرمان لیخن بوو.
سیاسەت: گایەکی بەلەسەی چاو سووری تووڕەبوو
هەمووومان —مێژوو-مان بە کەللە و قۆچیەوە بەستبوو.

زریکەی کەروێشکی شیعرمان لە بێشەی تفەنگدا
وەك خوێنمان لە چڕیی تاوان و تۆڵەدا ون ئەبوو.
ڕێگەکان هەر خۆیان
پردی سەر خۆیان و
قۆناغی بەردەمیان سەربڕی!
سەرچاوە:
ڕووباری
خۆی ڕاوکرد.
دارستان:
داری خۆی
بە پەنگ کردا!.
دیواری نەفرەت بووین لە کینەی خم خۆرکدا[34]
ڕۆ ئەچووین
گوڵ گوڵی ئەکوشت و
شاخ شاخی ئەکوشت و
هەموویشمان لەوێ بووین!.
ـ لە بیرتە؟ ئەو ساڵە نەزۆکە
بە بزنە ڕێیەکی بێ ئاوی نیوەڕۆی هاویندا ئەڕۆیشتی
تفەنگی سەرشانت سێبەری تینویەتی و
تابووتی مەرگێکی گەڕۆك بوو.
بۆ ئێوە، بۆ ئەوان، هەمووشت تارمایی

[34] خم خۆرك: زەوی قووتدەر.

ترسێکی هەمیشە ئامادەی درێژ و، بەرین بوو.
داروبەرد، ئاژەڵ و باڵدار  و، هەتاکوو
بریسکەی چاوانی پشیلەیش لە شەودا، بۆ هەموو،
نیشانەی بانگدانی مردن و نێو فاقەی کەمین بوو.
بەشاخی ماندوودا داگەڕای.

چوویتە ناو برینی گوندەوە:
ئەو، کە هات دار هەرمێی سەرتاپا ڕەشپۆش بوو.
ئەو، بۆنی مەرگێکی زۆر تازەی لێ ئەهات.
ژنێ بوو لە مێژووی زامداری شاخ ئەچوو.
ئەو، سەری مێردەکەی لە سنگیا نیشاندای
ئەو، شیری گریاوی ساواکەی بۆ هێنای
پێی وتی:
ـ بۆ هاتووی؟
چی ماوە تا بۆی بێن؟ بێژنگی لاشەمان؟!
یان نانی خوێناویی؟!
چی ماوە بۆ هاتووی؟!
تفەنگتان بۆ خۆتان!
شۆڕشتان بۆ خۆتان!
کوردستان بۆ خۆتان!!
چی ماوە بۆ هاتووی؟!
شەلاڵی شەرمێکی گەرم بووی. ئەو وەختەی وەرچەرخای

مردبووی!، بە هەمان بزنە ڕێی تینوودا
بە هەمان سەرشاخی ماندوودا سەرکەوتی
لە ملەی پێشتەوە
باگژەی[35]، ڕڤاوی، بە هەڵپەی تەپ و تۆز هەڵیکرد
تەندوورەی گەردەلوول گەیشتە بەردەمت و
تیا ون بووی!.

★

هەر لێرەیش بوولێڵی[36] دوێنێ بوو
من خۆم دیم "بە پەلە مێژوو هات، بە خۆی و
چەند ڕەوە ئەسپەوە —وەك بڵێی ساڵێکی
ون بووبێ و بە دوایدا بگەڕێ —من خۆم دیم
پەشۆکاو. داستان هات، بە خۆی و چەند ڕەوە برووسکە و
هەورەوە- وەك بڵێی هەواڵی کوژرانی "ئەنکیدۆ"
یان کاوەی بیستبێ. ئەو وەختەی خۆیان کرد بە دەرگای
زیوینی دەربەندا، هەر هەموو ئەسپەکان، سوارەکان،
سەرتاپا هەڵمێکی زەرکەفتیی لە لەشیان هەڵ ئەستا.
چیایان شڵەژان، درەخت و تاڤگە و ڕووباریان سەرسام کرد.
تاریکی نزاریان شڵەقان. سوارەکان: ڕم بوون و،
تا ناو قەد تلەتڵ[37] ئەسووتان، بەگوێی خۆم گوێم لێبوو،

---

[35] باگژە: نێوان ڕەشەباو کزەبا.

[36] بولێڵ: سەرەتای شەو. تاریکایی دوای ئێوارە.

[37] تلەتڵ: گڕو بڵێسەی ئاگر.

لوتكەكان بەیەك دەنگ بانگیان كرد "وا شێخ هات".[38]
ئەم چرا یاخیانە، سەروڕیش پرشنگی ئاڵۆزکاو، بازوویان ڕووبار و تەوێڵیان ئاوێنەی بناری بەرهەتاو.
خۆم بینیم بەم هەردوو چاوانە: لە دەفەی شانیاندا قوڵە قوڵ ئازادیی هەڵئەقوڵیی، خۆم بینیم: لە وەردو نواڵەی سنگیاندا گوڵاڵە ڕواوە، خۆم بینیم بەم هەردوو چاوانە: هەریەکە و ڕۆحی خۆی کردووە بە چەپك و، چەپکیشیان هەر لەسەر قەڵپۆزی زینەکان داناوە.
خۆم بینیم: هەر یەکە و دوا قومی مەتارەی سوێندێکی قرمزیی لەگەڵ خۆی هێناوە.
ئەسپەکان: ڕەنگاوڕەنگ سپی و ڕەش، بۆر سپی، قاوەیی، ئەسپێکیان باڵدار بوو ڕەنگی شین.
گۆمێ بوو ئەیحیلان. ئەم ئەسپە شینەیان،
کە باڵی لێك ئەدا بە جارێ ڕەوە ئەسپ کورژنیان ئەکرد و ڕەوەزیش ئەکەوتنە سمکۆڵان. ئەو وەختەی باڵیشی جووت ئەکرد، زریانیش وەك شەختە ئەمەیی.
پێشوازیی لەشکری باوبۆران، پێشوازیی ئەم خێڵی ئاگر و کڵپەیە، تا درەنگ خایاندی، نیوەشەو لە بەردەم ئەشکەوتی (جاسەنە)[39] دابەزین. جڵەوی شۆڕشمان لێگرتن. ماچ. گوڵ و پەپوولە و گەنم بوون ئەبارین.

---

[38] واشێخ هات: مەبەست شێخ مەحمودی نەمرە.

[39] جاسەنە: گوندی جاسەنەو ئەشکەوتی جاسەنە لە ناوچەی سورداشی سەر هەرێمی سلێمانی.

هەردوولا وەك دوو چەم تێكەڵ بووین. هەموومان
هەر هەمان دەم و چاو. هەموومان ناومان (لاس)
هەموومان هەر بە شوێن گوڵەکەی خەزاڵدا ئەگەڕاین.
زەمانمان گۆڕیەوە هەریەك بووین،
خەفەتمان گۆڕیەوەو هەریەك بووین.
هەر تەنها پۆشاکی برینمان یەك نەبوو.
لەو هەراو زۆنگەدا، خولیام بوو، من "حیلمی"[40] ببینم.
پرسم کرد. شیعرێ هات: ستونیی، ئاماژەی بۆ کردم
دوور بە دوور کەپرەکەی نیشاندام. چووم بۆ لای،
کە من چووم خەریکی نووسینی هاواری ئازارو خەمێکی
درێژبوو، بۆ یەکەم لاپەڕەی "بانگی هەق"،[41] دانیشتم.
خەمەکەی دامە دەست، لێم وەرگرت، سەیرم کرد
هەر هەمان هاوارە، هەر هەمان ئازارە، کە ئێمەیش
هەر ئەمڕۆ دابوومان بە ڕادیۆی ئەم شاخە –ئازاری
لای ئێمە کوردیەکەی پەتی تر نووسیبوو-. پاش تۆزێ
بردمی چاپخانەی ئاوات و برینی نیشاندام. کە بینیم
پێکەنیم –چاپەکە پیرێ بوو دەست شکاو پەککەوتە.

من پێم وت:
مامۆستا! ببورە لای ئێمەیش

[40] حیلمی: ڕەفیق حیلمی، ڕووناکبیرو مێژوونوسی سیاسی ناوداری کورد.
[41] بانگی هەق: ڕۆژنامەی (بانگی هەق)ی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر. ماوەیەك ئەم ڕۆژنامەیە لە ئەشکەوتی جاسەنە دەرئەکرا.

هەر هەمان ئاوات و برینە
ئەوەندە، چاپەکەی لای ئێمە تازەیە و
ڕەنگاوڕەنگ ئۆفسێتە!!

★

ئەمە چ کۆڕی سۆزێکی دەروێشانی گڵ و ئاوە
دەف سەرم لێ ئەدەن و
ئەمکەن بە تەکیەی ئەم عەشقە هەڵقرچاوە.
ئەمە چ باوبۆرانی ساڵێکی شێتگیرە وا
ڕۆژگاری خۆی تێك ئەشکێنێ و شمشێر ئەدا
لە گەردنی ئەم هەتاوە!

ـ من قووڵیت بە ڕەگم ئەپێوم
بۆیە وا هەموو جار
ئەگەمە ناو ناخت و
هەوێنی مێژووت و
ئەڵماسی ناسۆرت دەردێنم.
من بەرزیت بە کلێپەم ئەپێوم
بۆیە وا هەموو جار
ئەگەمە لوتکەت و
چاوی خۆم لەو باخی بەفرەدا ئەڕوێنم.
شیعر و من عاشقەو ماشقەی
لەیەکتر ئاڵاوی قەدی تۆین.

دوو گوڵە ئەستێرەین
هەردووکمان هەر لەسەر بەرماڵی یەك ئەوین
بەرماڵی یەك ئاسۆ
بەرماڵی یەك هەور
ئەم نوێژە بارانە پیرۆزەت بۆ ئەکەین.
تەورێ هات، تەورێ ڕۆی
بەڵام تۆ هەر سامی ئەم مێژووە چڕە بوویت.
مەرگێ هات، مەرگێ ڕۆی
بەڵام تۆ هەر هاژە و هەر لرفەی
ئەم ئاو و ئاگرە بووی.
ئەم سۆزەی تۆ ئاوە.
ئەم دەنگەی تۆ ڕەگە.
ئەم عەشقەی تۆ بەردە!.

ـ ئەو وەرزەی لەوێ بووی تێکەڵی بەرد بووبووی.
چووبوویتە بینایی خاکەوە
بە عیشقا ڕۆچووبووی.
ئەو وەختە پەنجەت و گۆپکەی دار یەك شت بوون.
تاڵە مووی کاکۆڵت و گژوگیا یەك شت بوون.
ئەو وەختەی تۆ لەناو هەناوی چیادا
بنج بوویت و ئەتنووسی،
سکڵ بووی ئەتنووسی،

ئەو دەمە كارێز و شیعری تۆ یەك شت بوون.
گڕكان و ناخی تۆ یەك شت بوون.
ئەو وەختەی كە وڵات، بە تەنها
سەرینی بەردێكی ژێر سەری عەشقت بوو،
شینایی ئارام و سەوزایی ئەم هەموو دنیایە
لەو قولكەی چیایە
لە دەنگتا ڕوابوون.
ئەو دەمە تۆ گیانت دەریاچەو
ئەوانیش دار شیعری سەرچۆپی و سەما بوون.

ـ ئەو وەرزە من تاجی گوڵ هێرۆی
هۆنراوەی سپی خۆم.
كردە سەر چەند خوێنی بە شەوقی
ئەم شاخ و داخانە
"مەبەستم خوێنێكە
سەرچاوەی ئەوینمان یەك بووبێ"
ئەو وەرزە.. من ساتێ هەڵمەتی ئەو خوێنەم بینیوەو هیچی تر.
ئەو وەرزە.. من ساتێ سووربوونی ئەم بەفری ناو دڵەم بینیوە و هیچی تر
ئەو وەرزە.. من ساتێ ئەوینی ئەو خەڵكە و ئەو خوێنەم بینیوە هیچی تر
وەك (شاملو) بۆ (روزبە)[42] خولیامە

[42] روزبە: تێكۆشەر و شەهیدی ناسراوی ئێرانی. (شاملوو) ئەحمەدی شاملوو، شاعیری بەناوبانگ. كە روزبە شەهیداكرا، شاملو شیعرێكی بۆ نووسی و بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا وەختێ زانرا روزبە بەدەستی خۆی یەكێك لە هاوڕێكانی خۆی كوشتووە، ئەوسا شاملو لە شیعرەكەی خۆی پاشگەز بۆوە.

که ڕۆژێ، ئیستاکه، سبەینێ، هەتاوی حەقیقەت
گومانی تەماویی توانەوە
لەسەر کێو بۆی نووسین
"که خوێنێ لەوانە پیاو کوژی خوێنێکی عاشقی تر بووە"
لەسەرم مەوەستن، دوودڵ نیم ئەوساکه
ئەو تاجەی داگرن و هەر لەگەڵ هەڵبەستما بینێژن!.

ـ له نێوان وشەی تۆ و کانیدا جودایی نەماوە.
لەنێوان قەڵەمت و لاسکدا جودایی نەماوە.
لەنێوان دەروونت و ئاگرا جودایی نەماوە.
لەنێوان نەفەست و هەوادا جودایی نەماوە.
تۆ ئیستە، کەنیسمەی، سەرتاشه بەردێکی مێژوویت و
به خوێندن بەژنی "با" سوور ئەکەیت. تۆ بەباڵ
ئەبینی و به چاوت کیشوەری ئەم سۆزه تەی ئەکەیت
که گەلاَ بکوژرێ ناتوانی دەنووکت کلیل بەی.
تۆ ملت ژێی خاکه و دەستی ئاو ئەتژەنێ.
که ئاوێك کوێر بکرێ ناتوانی پەنجەرەی شەتاوت
دابخەی. تۆ یاڵی ئەم ئەسپی کەژانەی. که جوانووی
شەماڵێك سەربڕن ناتوانی قەت حیلەی سنجرت[43]
خەفەکەی.

ده هەگبەی بارانی هۆنراوەت بکه شان!

---

[43] سنجرت: بڵێسەی ئاگر.

لە ڕێگەی گوڵەوە بچۆرە ناو خێڵی
ڕووناکی و دەستکەرە گەردنی دارستان.
دە هەگبەی گۆرانی و گوڵاڵەت هەڵگرەو
لە ڕێگەی ئاوەوە بچۆرە ناو دەنگی
خەڵکەوەو سەربدە لە وەرزی سووتان و هەڵقرچان.

هەموو جار بە خوڕڕەم دات ئەکرد
سەرتاپای کەژاوەی ئەو هەموو گوندانەت تەڕئەکرد!.

ـ هەنووکە شەوو ڕۆژ گوێ ئەگرم لە لاڵیی
لەلاڵیی ئەستێرە و گوڵەباخ.
لەلاڵیی دەربەند و دارستان.
لە کپی و بێدەنگیی کاولاش و خۆڵەمێش.
هەنووکە من لەگەڵ مێژووی کەڕ ئەدوێم و
زمانم غەریبی فەرهەنگی خۆیەتی و
دەنگیشم مەلێکی گرمۆڵەی بێ ئاسمان.

چۆڵ و هۆڵ پێ دەشت و بناری ئەم لەشە دروێنە کراوە
چۆڵ و هۆڵ پایتەختی ئەم شیعرە خنکاوە.
چۆڵ و هۆڵ وڵاتی ئەم خەونە سووتاوە.
چۆڵ و هۆڵ، چۆڵ و هۆڵ
لەم سەری زامەوە هەتاکوو ئەو سەری.
لەم پەڕی کۆستەوە هەتاکوو ئەوپەڕی.

تۆ فریا نەکەوتی ئاوەکە بەیتە دەس "مەولەوی".
تۆ فریا نەکەوتی کەوشەکان بۆ "نالیی"ی دابنێی.
تۆ فریا نەکەوتی کەوچکێ دەرمان بەیت بە "گۆران"
تۆ فریا نەکەوتی و نەکەوتی و نەکەوتی.
لە جێی خۆت خەزان بووی، بێ ئەوەی هەڵوەرێی.
لەجێی خۆت هەڵقرچای. بێ ئەوەی بشێوێی.
لە جێی خۆت بووی بە مۆم. بێ ئەوەی بسوتێی.

(بروسکەیەك.. پەلەنییە.. شیعریش نییە.)

بەناوی هەڵەبجە و پێنج هەزار (مانگ)ەوە
بەناوی مەولەوی و پێنج هەزار گوڵەوە.
بەناوی گۆران و پێنج هەزار کۆترەوە،
بۆ زانا بلیمەتەکانی: وڵاتی پوشکین، وڵاتی جاك لندن.
وڵاتی بایرۆن، وڵاتی جان دارك، وڵاتی بسمارك.
وڵاتی گاریباڵدی، وڵاتی ڤان کوخ.. وڵاتی.. وڵاتی.. وڵاتی
سوپاس بۆ ئەو دیارییەی کە بە کۆمەڵ سەر لەبەیانی ڕۆژی 1988/3/16 لە ڕێگەی بەغداوە بۆ گوڵ و کۆتر و منداڵ و شیعری کوردستانتان ناردبوو.

★

ـ ئەم شەوە سوورانە "تارا"ن یان
بالیفی خوێناویی ژێر سەری کەژوکۆ؟
ئەم هەموو دووکەڵە

دووکەڵی یەك "مانگ"ی سووتاوە
یان مێژووی سەرزەمین هەر هەمووی پێکەوە ئەسووتێ

ـ سەرەتای نیسان بوو، ژنێکی لادێی
گوندەکەی بە گڕوکڵپەوە خستبووە ناو دڵی و ڕای ئەکرد
وەکوو دار، وەکوو بەرد، وەکوو ئاو
شێت بووبوو:
"دووکەڵ، دووکەڵ، دووکەڵ..
ڕەنگە خوا سووتابێ و ئەم هەموو دووکەڵە
لەو هەڵسێ!"
ڕای ئەکرد وای ئەوت.
"ئەی دووکەڵی بەژنی دایکم
لە وەختی نزاکردندا!.
ئەی دووکەڵی بەژنی مێژووم
لەوەختی هەتاو چاندندا!
تۆ ڕۆحی سەوزی گژوگیا و دارستان و
کێڵگە فڕیوەکانی ئێمەی بە دەوری
ئەم شاخانەدا خول ئەخۆی.
تۆ باخ و مەزرا باڵگرتووەکانی ئێمەی
سەرت ناوە بە بنمیچی تاریکیی کەشکەڵانەوە.
تۆ گیانی سپی بێشکە و پنە و بەرماڵ و
حیکایەتی گوێ ئاگردانی ئێمە بووی

ئەوا ئیستا بە ئاسمانەوە پەرت ئەبی.
تۆ گیانی سەرخۆشی ڕەزەکانی ئێمەی
واقاچت لە دوت نایەن و سەرسم ئەدەی.
ئەی دووکەڵی خەوەکانم!
تۆ ڕەنگە ڕۆحی قۆشمەی گۆچانەکەی مام "بایز"و
تەشیەکەی نەنە "ڕێحان"بی
وا لەسەر خۆ هەڵ ئەسووڕێیت و با ئەخۆی.
ئەی دووکەڵی ڕەنجەکانم!
لەسەر ناوچەوانی گرژی
ئەم ئاسمانە بێ باکە چیم بۆ ئەنووسیت؟!
من ئەتوانم فریای خوێندنەوەی چەند هیواو
بەهاری سووتاو بکەوم؟!
من کێ بکەم بە شایەتی
ئەم هەڵقرچانەی ژیانم؟!
ـ تۆ زەردەشتێکی سووتاوی
ئەوەتەی هەی گڕ ئەتخوات و هەر گڕ ئەگری
ئەوەتەی هەی ئەم جیهانەیش
ئاسمانێکی کوێروکەڕەو
تۆیش بەردەوام هەر دووکەڵی!.

هەر هەمان ئەشکەوتی چارەنووس
یەك زاری قریشکەی وێرانە،
هەر هەمان کەروێشکی خەونێکی ڕاونراو

یەك لانەی خەڵتانی شەوەزەنگ.

هەر هەمان نەقشی سەر

ئەم بەردی مێژووە

یەك پەیژەی حیكایەت.

هەر هەمان هەڵمی ژان

یەك گوڵی گۆرانیی.

ـ لەسەر ئەم تاوێری ئاواتە، وەستاوی.

ئەزانی جاربەجار ئەلەقێ و وەستاوی.

"بوەستە! هیوایەك بشڵەقێ

لە قوولەی چەسپاوی تاریكیی چاكترە تیا بژیت"

ئەم پەندە

دووكەڵی شەرابیی

ئەو هەموو ڕەزانە بۆی نووسیت!.

هەموو جار من كێوێ هاوار و زریكە

تلاوتل ئەبەم و ئەیخەمە ناو زەریای

بێدەنگی دنیاوە.. ناشڵەقێ.

هەموو جار من سەری بڕراوی ساڵێكم، شارێكم

هەڵ ئەگرم ئەیبەمە بەردەمی

بۆ ئەوەی بپرسێ

ئەم سەرەت لە كوێوە هێناوە؟!

ناپرسێ

ـ "گاڵۆنێ لە دەنگم بشڵەقێ

ئەم زەریای ویژدانی جیهانەیش
لەگەڵیا ئەشڵەقێ"
ئەم پەندە
بەرمیلە نەوتێکی سیاسی بۆی نووسیم!

ـ "هەر لەبەر نەزانیی سوار نییە
ئەم شاخە هەمووجار ئەگلێ.
دارخورمای خواستراوی "سوریا"
لە "بەردەقارەمان" سوارتربوو؟!
ئەم کێوە بە تەنها و بەسکی برسی هەر
ئەوەندە غار ئەکا!.
بۆ کەللەی "حەسارۆست"
لە "ئۆراس" پووت ترە؟!
خۆ مێشە سەگانەیش بە تەنها
لە ئەسپی ئەم کوردە ناوروکێ؟!
ئەم پەندەیش
گوڵێکی ژێر هەرەس بۆی نووسیم.

ـ چەندین جار بەو کاجی دەستانەت
تاریکیت شێلاوەو
کردوتە بە نانی ڕووناکیی
چەندین جار تینویەتی چاوانت کردووە بە کانیی.

چەندین جار لە پشتی مەحاڵ و خەونەوە
تۆ مانگ و ئەستێرەت بە پێرو[44] بۆ خەزاڵ هێناوە.
چەندین وەرز لە قوڕی شەوەزەنگ
تۆ خشتی هەتاوت بڕیوە و سەر لەنوێ
لە زەوی لە تینوان کوێربوودا
بنیاتی پرشنگی دووچاوی خۆت ناوە.

لە عومری شاخەوە مشاری زەمانێ نەماوە
سەرنەکا بە خوێنی مێژووتا
لە عومری شاخەوە پەیکانی سوڵتانێ نەماوە
بە نووکی خۆیەوە ئەم سەرە یاخیەت بانەدا
سوڵتان مرد.. بەرد نەمرد!
شمشێر مرد.. با نەمرد!
"منیش نیازمە، ئەم گۆزەیەی سەروملم تێك بەمەوە.
جارێکی دی بیشێلمەوە، لەبەر ئەوەی ماوەیەکە،
ئاوی خەیاڵی لێ ئەچێ. شیعرەکانم فێنك ناکاو،
وشەیشی پێوە ناوەستێ. منیش نیازمە، گردۆڵکەیەکی
چەپەکی ناو دەروونم، بکەم بە گۆڕستانی هەموو
بەرهەمە مردووەکانم. نیازم نییە گۆڕەکانیان
بۆ هەڵبەستم. یاخود لەسەر کێلەکانیان هیچ
بنووسم. نیازم وایە ئیتر ئەستێرەی یادگار، لە کلۆری

[44] پێرو: چەند ئەستێرەیەك، هێشووە ئەستێرە.

هیچ دارێکی زڕی خەڵکا نەشارمەوە. نیازم وایە،
من لە ساکۆی ئەم مەرمەڕی ڕەشی شەوە، پەیژەی
هەتاو دابتاشم. نیازم وایە بۆ ئەم فڕینە تازانە،
ئاسمانی نوێ، شەقڕنی نوێ، بدۆزمەوە.
نیازم وایە، هەرچی هەڵمی دەربەدەر و ئاوارەیە.
لە شەوێکی ئێجگار ساردا، لە ئاسمانی کوردستاندا
کۆکەمەوە. دواتر کوورەی هەناوی شیعری
نالی یان بۆ دابخەم. هەتا ئەبن بە شەستە
باران و تۆف و تێکەڵ بە دایکمان ئەبنەوە.
نیازم وایە خانوویەك بۆ:
شیعری سبەینێ و دوارۆژم دروست بکەم. وێنەی نەبێ.
"بریتۆن"[45] بە خەو نەیدیبێ. خانوویەك بێ:
لەقەدپاڵی شەماڵێکی سەوزو سووردا.
بەسەر پێ دەشتی هەورێکی ئەرخەوانیدا بڕوانێ.
دیوارەکانی مەرمەڕی تەم و مژبن.
دەرگاکانی لە دار ئەبەنووسی شەوبن.
هەموو پەنجەرەکانی لە:
ئەلەمنیۆمی هەتاوبن.
بە کۆنکرێتی ساماڵیش بنمیچەکەی دارێژرابێ.
من ئەگەر بێ و لە خانوویەکی وادا بنووسم
بە زمانی خوایی پەتیی شیعر ئەنووسم

---

(45) بریتۆن: "ئەندریە بریتۆن" شاعیری سریالی بەناوبانگی فەرەنسا.

پیتەکانم کلووی بەفر و تەرزە ئەبن.
وشەکانم گڤەی زریان.
قەڵەمم باڵی فریشتە و دەفتەریشم شەپۆل ئەبن.
من نیازم نییە لە ژێر ئەم ڕەشماڵی
شیعرانەدا خەیاڵ پیرکەم.
یان هەر لەژێر یەك سایەدا
گوڵەکانم پرچی سپی بهۆننەوە.
ڕەنگە دوای یەك چرکەی تر من
بگوێزمەوە و بڕۆم بچمە وڵاتێکی دیکەی جوانیی.
ڕەنگە بچمە ئەپارتمانی "ڕۆمان"ەوە
یان ناو کەشتیی شانۆیەك و
یاخود ئەستێرەی تابلۆیەك
یان هەر ببم، بە "ئاخ" ێکی ناو گۆرانی و
لە جۆلانەی ئەودا بمرم!"

★

ڕشتەیەك پەند و بەرد نووس و قسەی نەستەقی ئەمڕۆ کە سەرچاوەیان لە شاخ و خوێن و دووکەڵ و هەرەسەوە هەڵقوڵیوە:

**یەکەم:**

کە ڕەشەبا ڕێی پێ گرتی
ببە بە شاخ.
کە شەماڵ هات بە پیرتەوە
ببە بە باخ!

"ئەم قسەیەم لە ڕۆژنامەی
دار بەڕوویەکدا خوێندەوە"

دووەم:

لە ئەشکەوتدا
بەیانیەك کزە بایەکیان زنجیرکرد
بۆ ئێوارە لە دەربەندا
کزە با بووبوو بە زریان!.
"ئەم قسەیە لە تەوێڵی
کێوێکی ڕەش هەڵکۆڵرابوو"

سێیەم:

ئەوە.. پەڕەسێلکەیە وا ئەفڕێ؟
یاخود قیژەی،
ڕەش و سپی دایکم؟!
"ئەمەیش قسەی منداڵێکی هەڵەبجەیە
بە نیو دەقیقە پێش ئەوەی
کەڕوکوێر بێ"

چوارەم:

ئاخ خوایە ئاخ!
کەی سەرێکیش لە کوردستان ئەدەی؟
"ئەمەیش قسەی هەموو ڕۆژێکی دایکمە"

**پێنجەم:**

که عاشق شێت ئەبێ
به شیعرەوە ئەیگرێ.
که شیعریش شێت ئەبێ
به خواوە ئەیگرێ،
من عاشقم و من شیعریشم!
"ئەمه قسەی ڕووبارێکی سەرهەڵگرتووی
هەندەران بوو"

**شەشەم:**

ـ چۆن ئەنوێ و
ئەو هەموو خەونانەی کوشتووە؟!
ـ ئەو ئەنوێ و قەت خەون نابینێ!.
"ئەمەیش گفتوگۆی نەهێنیی
نێوان دوو مەلی شارێکی کوردستان بوو"

**حەوتەم:**

کورد و خوا لێك ئەچن
هەردووکیان، بێ شەریك، بێ کەسن!
"ئەمەیش قسەی هەڵکۆڵراوی
سەر دیواری مزگەوتێ بوو"

**هەشتەم:**

کە میوانداریی بەفرت کرد
مەهێڵە گەرمای بێ
نەباداماڵەکەت ئاو بیبا!
"ئەم قسەیەم
لە ئاگرێکی پیرەمێرد بیست"

**نۆیەم:**

(3\1) ی ڕووبەری هۆنراوەکانم
لە دارستانی سێدارەو
پەت پێکهاتوون.
"ئەمەیش قسەی شاعیرێ بوو
زۆر کەم ژیا"

**دەیەم:**

من بۆ خۆم پاچێکم دا لە شاخ
تووڕەبوو، زریکەی گەیشتە عەرشی خوا
کەچی "ئەو" بۆ "سەنگەر"
بە بەرزیی باڵای چەك هەڵیکەند
گەش بۆوەو، پێکەنین لەگیانیا هەڵقولاٚ.
"ئەمەیش قسەی
شایەتێکی ڕاستگۆی وەختی
شەڕی نێوان مەزدەکان و ئەهریمەن بوو"

**یانزەهەم:**

ئەوەرێم یان ئەڕوێم؟
لە نێوان وەرین و ڕواندا
وەرزێکی دیکەی نوێم.
نە هەتاو نە سێبەر هیچیان نیم
خاکێکم تا ئیستە
بۆ شێوەو ڕەنگ و ڕووم ئەگەڕێم!
"ئەم قسەیە لەسەر دیواری ئەشکەوتی
"جاسەنە" بوو هەڵکەنرابوو"

**دوانزەهەم:**

من هەرگیز ناهێڵم "قەناعەت"
سەربکا بە هەوری شیعرمدا
بۆ ئەوەی گەر هەزار، کەڕەتیش ببارێم
وابزانم جارێکە باریوم!
"ئەم پەندە قەڵەمێ پێی وتم
تا مردن بارانی خەیاڵی لێ نەبڕا"

**سیانزەهەم:**

نەیاران!
نازانن من گۆمم؟
نازانن هەر بەردێ تێم ئەگرن
ئەوانیش لە بنما ئەبنەوە بە ژووری
پڕ گەرا بۆ شیعرم؟!

"ئەم قسەیەش" تەنها وەرامێکە کە من
بیدەمەوە و پێشکەشی ئەو.. بەردانەی کەم"

**چواردەهەم:**

ئەی نامۆکان!
ئێمە لە تەختەی سەر ئاوی "ئاموون" ئەچین
نوقم نابین و نایشخنکێین!
بەڵام مشاری شەپۆل و ئەم بڕبەندی کەنارانە
هێدی.. هێدی وردمان ئەکەن
ئەماندەنە دەس تاریکیی "ئۆقیانووس" و
تیا ون ئەبین.
"ئەم قسانەش لەسەر کێلی گۆڕ غەریبێ
هەڵکەندرابوون".

## III

له ئیسته به دواوه من ئیتر: هەڵەبجەم!.
له ئیسته به دواوه من دەنکه فرمێسکی هەناری
ئەو خەمه گەورەیەم.
له ئیسته به دواوه من باری ئەو سێوەم
که ئیتر بارناکرێ بۆ ئەوێ.
له ئیسته به دواوه من تاڵێ له ڕیشی
هۆرەکەی مەولەویم
له ئیسته به دواوه ئەو شەمی شەمانی
وڵاتمه و من وەلیم.

پێم بڵێن من چی بکەم بۆ ئەوەی گریانیی کافوریی
ئەم زەڵمەم لووزەوی کەم نەکات؟
پێم بڵێن من چی بکەم بۆ ئەوەی ئەم جوانووه
سەرکەشەی هەنیسکم ڕام نەبێت؟
دەبڵێن من چی بکەم، چی نەکەم؟ بۆ ئەوەی
خوا بێته خوارەوه و هیچ نەبێ بۆ تاوێ
له پرسەی ئەم "مانگ"ه جوانەدا
لەگەڵمان دانیشێ؟!
پێم بڵێن من چی بکەم؟
پێم بڵێن من

پێم بڵێن!..

پێم..

ـ لەم دەشتەدا، چۆن وا لە پڕ ئەم بنجکی زریکانە

گوڵیان کردوو بوون بە چوالە؟!

لەم دەشتەدا، چۆن وا لەپڕ ئەم گۆرانییە وەریوانە

ڕوانەوە و بوون بە لالە؟!

هەڵەبجە- هەنگێکم ئەچمەوە ناو خەونی منداڵیم

یادگار ئەمژم:

"زەردو سوور حەوت ساڵە خەیاڵم

هاوینە و لەسەربان، نەمامم پاڵ کەوتووم.

درەنگان خۆم ئەکەم بە شوانی ئەستێرە

فەرەنجیم تریفەو

تیزماڵکی[46] هەورێکیش گۆچانم.

مرواری ئەستێرە ئەژمێرم

حەز ئەکەم، خۆزگەمە، ئەو گەشەی سەرپەڕیان

بۆ ناو چیغ داگرم

وەك تۆپە شینەکەم بیخەمە باخەڵم!.

هەڵەبجە ئەمخاتە سەرشانی بەرزی خۆی

قاچێکم ئەلەرزێ، خەریکم بکەوم

بە دەستی چەپ خێرا

---

(46) تیزماڵك: بەشێکی باریك و درێژ لە هەر شتێ.

توند قژی "شنروێ" ئەگرم و
دەستی ڕاست هەڵئەبڕم،
ـ وەك بە ڕۆژ چۆن هەنار
هەناری "باخی میر"[47] ئەدزم ـ
ئەمشەویش ئاوەها ئەستێرەی سەرلقی
ئەم باخی سامالە دائەگرم.
وا ئیستە لە چیغدا ئەستێرەم گرتۆتە باوەشم
لە دەنگی جریوە و جووکەی ئەو، باوکیشم هەڵ ئەسێ
دەست ئەبا و ئەستێرە هەڵئەگرێ
لە نێوان منداڵیی و شیعردا دای ئەنێ
لەم لاوە من ماچی ڕوومەتی زیوینیی ئەکەم و
باوکیشم لەولاوە
شیعرێکی لەبەردا ئەنووسێ!"

"16"ی مارت –"بەر لە نیوەشەوی ئەم ڕۆژە قرچۆکە
شازادە هەوایەکی مۆدێرنیزمی شێت
هەوایەکی دوو ڕەگ، لە نەسلی چەپ و ڕاستی
سیاسەتی ئەم دنیا بەستۆکە[48].
هەوایەکی کەتەی بەئۆکی[49] لەخۆبایی
بۆنی دەم سیراویی.

---

[47] باخی میر: باخی میری ناوداری شاری هەڵەبجە.
[48] بەستوکە: ژنی داوێن پیس.
[49] بەئۆك: ناشرین. ناقۆڵا. سامدار.

کوت و پڕ هات و کودەتایەکی زەردی
ئەلکترۆنی بەرپاکرد.
دەستی بەسەر تەخت و بەختی ئاسماندا گرت.
بوو بە تاقە فەرمان ڕەوای
ئەم مەملەکەتە بەرینەی بەهار.
ڕێ و بانەکانی هەناسەی نێوان
ئاسمان و زەوی بەست،
تەواوی دەرگاکانی بەهەشتی کلۆم کرد
بە دەنگی تێکەڵی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا
بەیاننامەی ژمارەیەکی خۆی خوێندەوە.
هەر ئەوەندەی لەرینەوەی گەڵایەك و کەمتر.
هەر ئەوەندەی ترووکەی چاوی ئاوێك و کەمتر،
هەر ئەوەندەی نووزەی کارژۆلەیەك و کەمتر.
چی فریشتە و حۆری و پەری و باڵدار و بێ باڵ هەبوو
کردنی بەمۆم بێ ئەوەی هەڵیان وەرێنێ.
کردنی بە شووشە بێ ئەوەی بیانشکێنێ
لە کەنار ئاوی ڕەشی ئەم ڕۆژە کپەدا
پۆل پۆل کۆترەکان سپی ئەچوونەوە-
هەر ئەوەبوو نەیان ئەگماند.
لە مەزرا و پاوانە سەوزەکانی ئەم ڕۆژە گێژوویژەدا
ئەسپەکان ڕەوە ڕەوە پاڵ کەوتبوون
هەر ئەوەبوو نەیان ئەحیلاند.

لەبەردەم ئەم هەوا شێتەدا
کێ ئەتوانێ بە پێوە بوەستێ؟
کێ دەستەوەستان نابێ؟
هەر لە "گاتا"کانی زەردەشتەوە
تا "سەرمایە"ی مارکس
تا شمشێرەکانی "ذوالفقار"
ڕشانەوە و بڵقیان کرد و خپ بوون.
ئازایەتی، جوامێریی، بیروباوەڕی ئاگرین
لە سەنگەرەکانی خۆیاندا مەیین
بێ ئەوەی فریای پەلەپیتکەی
تەقاندنی خۆیان بکەون!.
بۆ ڕۆژی دوایی لەیەکە بە یەکەی کۆڵان و شەقامی
ئەم سنگە خنکاوەی مندا
لە نێو ماڵانی ئەم سییە دارزیوانەی مندا
فڕان فڕانی پەراسوکانم بوو.
فڕان فڕانی گۆرانییەکانم بوو.
منارەکان دار ئەلەکتریکی ملیان هەڵ ئەکێشام.
هەندێ دەستی خۆیشم پەنجەکانی خۆمیان ئەدزی.
سەیر بوو، ئەو ڕۆژەم قەت قەت لەبیرناچێ:
لە تاقە ڕاستە شەقامی ئەم لەشە ساردوسڕەدا
چاوی زەقم برِیبووە پاسدارێکی ڕیش نوورانیی
بەسەر منی هەڵەبجەوە ئەگریاو

کەچی خێرا خێرایش دەستی ئەکرد بە گیرفانیداو
لە دەنکە مێوژی گلێنەکانی سنەو سابلاخی ئەخوارد
ئەمە حیکایەتی شانزەی مارت بوو
ئەمە هاواری خنکاوی ئەم سنگەم بوو.

-وەرچەرخا تاریکیم
ئەم شەوە شەوێکی جیاترە.
وەرچەرخا ڕووناکیم
ئەم خۆرە خۆرێکی جیاترە.

ـ لەم دێڕە بەولاوە
ئاوەڕۆی وشەکان لە دەنگما ئەگۆڕم
لەم ڕەنگە بەولاوە
بافڵی[50] ڕەنگەکان لە چاوما ئەگۆڕم.
-فەرهەنگم تەنگە تەنگ، هەڵتەقی
لەبەری ئەشکەنجە و ژوار[51] دا
چوارچێوەی ئەم لەشە پابەندەم
بۆ ڕۆحی ڕافزییم دەست نادا!
ـ هەڵەبجەی "حەللاج"م چیت بینی؟!
ـ لەم بەری کەناری گیانمەوە:

---

[50] بافڵی: تاڤگە، قەڵبەزە.
[51] ژوار: ئازار، ژان، ئێش.

بەهاری ڕموون.

گوڵی دڕ.

خۆری کوێر.

بەفری ڕەش.

"با"ی خنکاو.

ڕووباری زۆر زبر.

بارانی وشك و ڕەق.

گڕی سارد.

خوێنی زەرد.

هاژەی کەڕ.

گرمەی لاڵ. چیم بینی؟!

کۆتری ڕق

غەدری هەق

تاوانی فریشتە

منارەی جەردە و دز.

ـ ئەی لەوبەر کەناری گیانتەوە؟

ـ بڵێسەی خۆڵەمێش.

شۆڕشی مردووەکان.

لافاوی وشکانیی.

هاواری بێ دەنگیی.

پڕشنگی تاریکیی.

هیوای نائومێدیی.

سەوزایی تینویەتی.
تێرێتی برسێتی و
فڕینی کێوانم من بینی!
-لەم دێڕە بەولاوە ئاوەڕۆی وشەکان
لە دەنگما ئەگۆڕم.
لەم ڕەنگە بەولاوە بافڵی ڕەنگەکان
لە چاوما ئەگۆڕم.

★

هەنووکە دارسێوی شیعرێکم کۆچەریی
بنج و بێخ وەك پڕی سەرلقم بەرەڵڵا
ئەڕۆم و زەویم وا لە پەڕەی دەفتەرما.
ئەڕۆم و ئاسمان و باڵندەم ئەوەتان
لەسەری بێ داڵدە و ناو جانتای سەفەرما.

هیچ پەناوپاسار و قوژبنی چاوێکم مەگەڕێن
بۆ گوڵە فرمێسکێ جێ مابێ لەو ناوە
هی خۆم و هی ئێوەیش هەموویم.. هەر هەمووی
بە باخ و پەرژین و جۆگەلەو.. بە دڕك و داڵەوە
لەگەڵ خۆم هێناوە.
من ڕەنگە لەوەختی ڕۆیشتندا ئەستێرەی شپرزەم
بزەیەك یان قاقای شەوێکی بیرچووبێ.
من ڕەنگە لەوەختی سەفەردا شڵەژاو

گیرفانی یادێکم کون بووبێ و لەوێوە
چەند وردە خۆشیەك کەوتبنە خوارەوە.
ئەشێ من هەناری مێ خۆشی نوکتەیەك
یان کۆنە چاویلکەی شیعرێکم بیر چووبێ
بەڵام من ئاخر چۆن خەمتانم بیر ئەچێ!
هەتاکوو "نالی" تان لەلام بێ.
بەڵام من ئاخر چۆن ئازار و ژانتانم بیر ئەچێ
هەتاکوو "سەیوان" تان لەلام بێ.
من دەستم خۆی جادەی ڤیرتاوی غەمێکی درێژە..
من سەرم خۆی ئێشە گلۆڵەی سۆزێکی ئاڵۆزە..
ئیتر چۆن خەمتانم بیر ئەچێ!

بێ کەسییم ڕووت نییە
تا ئەمرێ پۆشاکی ڕەشتانی بەش ئەکات.
تینوێتیم بێ کانی و ئاو نییە
تا ئەمرێ سیروانی چاوتانی بەش ئەکات.
تەنیاییم بێ دەنگ و کپ نییە
تا ئەمرێ هاواری ماڵتانی بەش ئەکات.
دۆزەخم بێ کزەی با نییە
تا ئەمرێ هەناسەی ساردتانی بەش ئەکات.
نیشتمان! من ناوت لێ ئەنێم گڵمتکێ
ئەوەندەی لە مشتی شیعرێکما تۆ جێگەت بێتەوە

واخۆیشم ناو ئەنێم قومێ ئاو
ئەوەندەی لە پێڵوی بەردێکتا
من جێگەم بێتەوە.
لە پێشدا ئەتهێنم ئەتخەمە ناو دەستی سۆزێکم
هەتاکوو وەك خەونم ورد ئەبی
دواتریش لە چاڵی چاوانما –هەمووت نا-
تۆزێکت ڕۆئەکەم.
لەسەرت ئەوەستم
هەتاکوو لە ڕەنی[52] گوێ خوێنما
شین ئەبی.
ئەوەستم تۆزێکیش بە سەرتا ئەبارێم یان ئەگریم
هەتاکوو هەڵئەچێ باڵای سەوز
درێژە.. درێژە.. ئەم وەرزی غوربەتە و غەریبیم
ئەوەستم، ئەوەستم، ئەوەستم
هەتاکو ئەبیتە سنەوبەر.
گیانەکەم سنەوبەر!
تۆ ئیستە هی خۆمی
من بۆیە ئەمەم کرد
گەر لێرە من مردم
بۆم ببی بە تابووت!
-تەماشات هەر ئەڵێی چۆلەکەی

(52) ڕەن: زەوی گوێ ئاو کە کشتوکاڵی تێدا بکرێ.

ترساو و سەرسامی ناو چنگی منداڵی لاسارە.
هەورێکیت کەڕوالاڵ دێی.. ئەچی
دڵۆپە بارانی زۆر قسەی ناوناخت
دیلن و گیرخواردوو ناتوانن دارڕژێن.. دابکەن
تۆ ئیستا کە ئەدوێی
بە تەنها پەیکەری شەقام و باخچەکان تێت ئەگەن.
هەمیشە تۆ بۆ خۆت دووکەسی، دووبەشی
یەکێکیان ئەوەیە کە لێرە
دوو قاچە و ڕائەکاو
شوێن سەری ونبووی خۆی کەوتووە.
ئەویتر لەو دوورە ژەرەژی[53] ڕۆحێکەو
باڵی خۆی بە پرچی دایکتەوە بەستووە.
هەموو ڕۆژ... هەموو ڕۆژ.. هەموو ڕۆژ
تەمومژ خەیاڵتەو
ئاسمانت هەر وەکوو کراسی ئاودامان ئەیپۆشێت.
هەنگاوت پڕگاڵی جەستەتە و بست بە بست
خەم بە خەم، زام بە زام
خەریتەی وێڵ بوونت ئەپێوێت.
سستەکە[54] زەمینی ژێر قاچی هۆنراوەت
قیژەیان ڕۆئەچێ.

---

[53] ژەرەژ: مەلێکی ڕەنگینەو لە کۆتر بچوکترە.
[54] سستەك: زەوی شل و ناپتەو.

دەستی تۆ کلیلی ون بووە
دەرگاکان سەرابن، هەر ئەڕۆیت
ماشێن و واگۆن و فڕۆکە
ژواری تەنیاییت سوار ئەکەن
بەستەکی ئەشکەنجەت بار ئەکەن، هەر ئەڕۆیت
ئەم خەون و هیوایە سێبەری درێژی پێش خۆتن.
سوار ئەبی
پەنجەرە ئەبێتە
ئاوێنەی هەڵماویی چارەنووس
بە پەنجە "کوردستان" لەسەر ئەو ئەنووسیت.
پسۆکە دەزووی چاو
لەوێوە تەماشای کۆلارەی
ژیانی پچڕاوی خۆت ئەکەیت
تۆ ئیستا چکچکەی[55] دەراڵی زەمانی و
لەشەوی غوربەتا دائەدەیت
بەرەو کوێ ئەڕۆیت و بەرەوکوێ ڕائەکەیت؟
هەموو شەو.. هەموو شەو.. هەموو شەو
ڕابوردوو: مۆمێکە پرتەپرت وەك نیگات
لەگەڵ خۆت ئەیگێڕی.
ڕابوردوو: بەرکاوی[56] خەونێکە زەردو سوور

---

[55]) چکچکە: دڵۆپەی تنۆکە ئاو
[56]) بەرکاو: بنارو دامێنی چیا.

بەپێڵوو ئەیکێڵێ و ئەیکێڵێت
ڕابوردوو: بای وەشتە و لە ڕۆحتا هەڵئەکات
بارانی منداڵی و ڕێژنەی دڵداری و
پژپژەی گۆرانی و
نم نمەی جریوەی چاوانی "گۆیژە"یە و
سەرتاپای خەمانت تەڕ ئەکات.
هەموو شەو شارەکەت سەرێکت لێ ئەدا
بەگوڵی ژاڵەوە شەلە شەل
خۆی ئەکا بە ژوورتا و ئەوەستێ
گوڵێکی سەر سنگیت ئەداتێ و
تۆیش تاڵێ وەنەوشەی ئەوینی نامۆیی ئەدەیتێ.
هەر شەوەی بەردێکی کۆڵانی دێتە لات.
هەر جارە و درەختی ماڵێکی باوەشت پیا ئەکات.
هەر شەوەی باخەڵت پڕ ئەبێ لە بۆنی گەڕەکێ.
ئەڕۆیت و بازنەی سێبەری خەیاڵت
نانێکی سەرساجی دایکتی لەسەرە
ئەڕۆیت و باوێژەی[57] هەناسەت
کەرویشکەی دەغڵێکی بناری وڵاتی لەگەڵە.

خۆڵی دوای بۆردومان سیماتە و ڕەنگ و ڕووت
بۆ کوێ چووی تیزماڵکی دووکەڵی گوندێکت لەگەڵە

---

[57] باوێژە: ئەو میوەیەیە کە با ئەیوەرێنێ.

گلێنەت "ئەزمر"ەو ئەڕوانیت.
دەربەندی سەگرمە و بازیان گوێچکەتن، گوێ ئەگری
تۆ تەنها بە بەژنی ئازاری سیروانت
قولایی ڕووبار و دەریاچەو
تا زەریای جیهانیش ئەپێوێت!

زستانە، باڵندەی بەفرینت لەشامە
شام لەبەر باراندا ئەبینی:
ئاسکێکی چاو شینە
ئەترسێ و ئەلەرزێ و بارژنی هاواری
بۆ ئاوی زیندانی و کەلەپچەی مەچەکی درەخت و شەقامە.
زستانە. هەموو ڕۆژ تەنیایت ئەتباتە چایخانەی شەقامێ
دات ئەنێ. ئەوەندە دانیشتوویت
غەریبیت بۆن قاوەی کوتراوی گرتووەو ڕۆژانە
وەڕس بوون، لەبنی دەروونتا وەك خڵتەی فنجانە
لێرەیش هەر: ئازادیی پیاوێکە
لەسەر مێز بە چرپە ئەدوێت و شەقامی وەردییان
هەنگاوی ئەژمێرێ و کلیلی ماڵەکەی ئەموستی سوڵتانە.
لێرەیش هەر: ڕووناکیی قاچاغەو
شیعری نێر بەرخێکی خوێناویی ژیانە.
لێرەیش هەر سێدارەی گوێزان و ملی گوڵ.
لێرەیش هەر کوێستانی زمانم لە مەنفا ئەمرێت و

مێژوویشم عەگاڵێ لەسەری پێچراوە.
زستانە. تۆ لەودیو شووشەوە بەتایبەت
تەماشای ئافرەت و بارانی شام ئەکەیت.
چەند جوانن، هەردووکیان بۆ شیعرت
وەك خەون و شمشاڵن.
لەویاندا تەماشای نامۆییت گوڵ ئەگرێ و
لەمیاندا یادگار ئەتژەنێ و کات و شوێنی جارانن:
"زستان بوو، شەوانی تەڕی ئەو، لە دەوری ئاگردان،
هاڵاوی حیکایەت لە بەژنی ژوورێکی ڕووتەڵە هەڵ ئەستا،
منداڵیم مێوژبوو. نیشتمان ماڵێکی بچووك بوو.
چرایەك دیوارکۆ. سێبەری وەك خەمی دایکم و
شەوقیشی ئاوێنەی ڕوومەتی ئێمە بوو.
لەوساوە من زستان، ناو حەوشەی هۆنراوەم،
پڕ ئەکات لە بەفر و دارچوالەی هەستیشم ئەخاتە
بەر باران. لەوساوە من زستان کێڵاومی و
کردوومی بە کێڵگەی گەنم و جۆی ئێش و ژان"

★

هەموو جارێ پاڵ ئەکەوی وا هەست ئەکەیت
بووی بە تەلەبەردێ لەوێ بۆ جێ ژوان.
دائەنیشی وا هەست ئەکەیت
سەرت تۆپەڵە قوڕێکە لەوێ
بۆ حەمامۆکێی مناڵان

كە هەڵ ئەسيت وا هەست ئەكەيت
بووی بە پەيژەی بانيژەيەك ئيستە لەوێ.
وەختێ خەوتی وا هەست ئەكەيت
بووی بە خەونی داربەڕوويەك ئيستە لەوێ.
ئەی گيانی گيان!
خۆ ئەم "مانگ"ە سەرگەردانەی خۆشەويستيم
لە خۆيەوە نەيداوەتە ئەم ساكۆی[58] سكڵی غوربەتە
خۆ ئەم چەمە سەركەشەی خەم
لەخۆيەوە جلەوی ڕۆخی ئارامی نەپچڕاندوەو
لەخۆيەوە كوڕژن ناكا بە هاواری
دايگرساوی شەوو ڕۆژی ئەم غوربەتە.
ئەی گيانی گيان!
لەسەر ماچی پەلكە گيايەك
لێوی جۆگەيەكيان بڕيم.
لەسەر فڕينی شيعرێكم
هەوريان بە داو بۆ نامەوە
لەسەر نەڕەی شەپۆلێكم
تاڤگەيەكيان خنكاندم.
لەسەر حيلەی لوتكەيەكم
بنارەكانيان لەمێخ دام.
ئەی گيانی گيان!

---

[58] ساكۆ: چيای ڕووتەن.

گۆمێ شێتبوو وەختێ لە مانگیان دابڕی.
مانگیش شێتبوو وەختێ لە هەوریان دابڕی.
هەوریش شێتبوو وەختێ لە شاخیان دابڕی.
شاخیش شێتبوو وەختێ لە بەفریان دابڕی.
بەفریش شێت بوو وەختێ لە عەردیان دابڕی.
عەردیش شێتبوو وەختێ لە خەڵکیان دابڕی.
گیانی گیانم
لەئیستەیشدا، لە بێشەی ئاسن و شووشە و کۆنکرێتدا
سوورە کەروێشکێکی کێویی ئەو بناری
پیرەمەگروونەیە دڵم. لەم نەهاتیی ئەوینەدا
من هەر پەریی گڵەزەردەت
دار ئەستێرەم ئاو ئەدات و گەڵاڕێزانی جریوەم
ئەیپشکوێنێ بنە کۆتەرەکەی سەرم.
گیانی گیانم.

هەر کە بارانێ ئەبارێ
ڕائەکەم و بۆ چەند ساتێ ئەچمە بەری
ئەڵێم بەشکوو ئەمجارەیان ئەم بارانە
بۆنی بارانی ئەزمڕو گۆیژەی لێبێ!
ئەگەر ڕۆژێ خۆرەتاوبێ
ڕائەکەم و بۆ چەند ساتێ ئەچمە بەری
ئەو لێم ئەداو من چاو نووقاو

ئەڵێم بەشکوو ئەمجارەیان ئەم هەتاوە
لە هەتاوی بەربەرۆچکەی
بن گوێسوانەی، خۆمان بچێ!

ئەگەر جار جار "با" هەڵبکات
ڕائەکەم و بۆ چەند ساتێ ئەچمە بەری
ئەڵێم بەشکوو ئەمجارەیان
ئا ئەم "با"یە
وەك ڕەشەبای سلەیمانی
بە پڕتاوبێ و هەڵمبگرێ و
تۆزێ خۆڵ بکاتە چاوم!.

لە دوورەوە هەر کە پۆلێ کچم بینی
بەرەو ڕوویان پێ هەڵئەگرم
سەرنج ئەدەم ئەڵێم بەشکوو
نازێ، شەرمێ، تیلەی چاوێ
سوور هەڵگەڕانی گۆنایەك
بمباتەوە بۆلای شەقامی شارەکەم
وەکوو دوێنێ.

هەر کە بازاڕێکی میللیم هاتە سەر ڕێ
ڕائەکەم و ئەچمە ناوی

تیا خول ئەخۆم
ئەڵێم بەشکوو هاواری میوە فرۆشێ
هاواری ماسی فرۆشێ
هاواری سەوزە فرۆشێ
لە هاوار و ژاوەژاوی ئێوارانی مەیدانەکەو
بەر حەوزەکەو
ژێر پردەکەی خۆمان بچێ!.

(کارتێکی ڕەش و سپی تایبەت بۆ هاوڕێکانم)

هاوڕێیان!
ئەم ئێوارەیە منیش دێم.
لە چایخانە بچکۆلەکە
کورسیەك بۆ شیعرم دانێن
نەیدەن بە کەس
گەر جامانە: قۆشمەکەی
"خاڵە ڕەجەب"[59] هات پێی بڵێن:
ئەبێ ببووری گیراوە.
گەر شەپقەکەی "ئەحەی میرزا"[60]
بە پەلەپەل ئەویش هات بڵێن: گیراوە.

---

(59) (60) خاڵە ڕەجەب و ئەحەی میرزا: خوا لێیان خۆشبێ، دوو پیاوی قۆشمەو قسە خۆشی خەڵکی سلێمانی بوون.

مەگەر لە هەولێرەوە میوانێك ئازیز
زۆر ماندووبێ و بگاتە جێ
مەگەر کتێبە یاخیەکەی "عبدالخالق"[70]
وشەی شان و مل خوێناویی
کە ناتوانێ
لەبەر ئێشی زامەکانی
زۆر بەپێوە ڕابوەستێ!
★
ئەی ڕۆژگارە لیخنەکان!
کەی ئەبنەوە بە ئاوێنەی
ئەو درەختە دڵدارانەی
لەبەستێن و کەنارتانا
سەرتاپایان لە گوڵی تاریکیی و قوڕو
خۆڵەمێشی سوور گرتووە؟!
چ با هۆزێ سیمای گرژی مێژووتان ڕوون ئەکاتەوە؟
چۆن زەوی ئاشت ئەکەنەوە؟
ئەی ڕۆژگارە لیخنەکان!
ئێوە هاژەتان قریشکەی
مەزار و کێڵگەی خنکاومانە.
چەپۆکانی مەوج دانەوەی ڕەشی ئێوە

---
(70) عەبدولخالق مەعروف: شەهید عەبدولخالق مەعروف نووسەر و ڕووناکبیر، کە دوای هەڕەشەو هاندانی مەلاکان، ڕژێمی بەعس تیرۆریکرد.

پەلە قاژێی ئەستێرەکانی ئێمەیە!
ئەوەتا دارو پەردووی گۆرانیەکانمان، جەژنەکانمان
بە ئەنجن ئەنجن کراویی ڕائەماڵن.

بە چواردەوری ئەڵقە ئەڵقەی بۆشاییدا
بە چواردەوری خانە خانەی تەنیاییدا
چیایەکم سەر هەلگرتوو
گوڵێکم شێت
هەر خول ئەخۆم و خول ئەخۆم.
وەڕس بوونم بۆ ساتێکیش
داڵدەی هیچ ئارامیٚ نادا.
من دڵتەنگیم قفڵێکە خوا
چەند لێی نەوی نەیکردەوە
وەکوو "مەنسوور" زامانم جیٚ بەخۆ ناگرن.
خانوو ویستی دابینم کات.. پەنجەرەییم لیٚ یاخیکرد.
شەقام ویستی دابینم کات.. شۆستەکانیم لیٚ یاخیکرد.
کورسی ویستی دابینم کات.. خۆمم هەڵکەن
شاران ویستیان دابینم کەن.. خەمانم باڵیان لیٚ ڕوا.
ئەی ڕۆحی وێڵ!
تەنگە بە بەری عەشقی تۆ ئەم نەخشانە.
نزمە بۆ سووتانی سەرت ئەم ئاسمانە.
تەمی ئێرەت دا بە خۆتا کورت و کوێر بوون.
گریان سارد و

ژانیان کپ و
پایزانیان بێ فرمێسکی درشتانه.
ئەی ڕۆحی وێڵ!.

ژوورێکم هەیە تەنیاییم بەشی ناکات
تەنیاییم جمەی دێ لە دەنگ
لە ڕەنگ و بۆن و تامی کۆست.
ئەو کردوێتی بە نەریتێ هەموو شەوێ
دووسێ هاودەمی دێرینەی
وەك: هەڵەبجە
گەلی بازێ
قەڵادزێ
پیرەمەگرون
لەگەڵ خۆیدا
دێنێتەوە بۆ ئەم ماڵە بچکۆلەیە
ئیتر هەتاکوو بەیانیی
تا کەڵەشێری ئاوایی زامێکی تر ئەقوقێنێ
یەکە یەکە لەگەڵ بەرد و لەگەڵ دارو
لەگەڵ گەڵای هەموویاندا
سەما ئەکاو
پێ ئەکەنێ و
ئەگری و

ئەدوێ.

ماڵێکم هەیە تەنیاییم بەشی ناکات
تەنیاییم قەرەباڵغەو پڕ لە ژاوەی وردە ژانە
ئەو، شەوانە بووە بە خووی
هەر لەسەر ئەم چرپا تەسکە
ئەبێ لەگەڵ ڕوبارێکدا ڕابکشێ و
دەست بکاتە ملی گۆمێ
چرپایش کورتە بۆ قاچەکانی ڕووبار و
تەنگیشە بۆ لەشی گەورە و پان و پۆڕی گۆمە شینێ

ژوورێکم هەیە تەنیاییم بەشی ناکات
بۆ شپرزەییم بچووکە
تەنیاییم دۆستی بێ دالدەی ئێجگار زۆرە
گەلێ جاریش شەوانە وا ڕێك ئەکەوێ
تەنیاییم جێی خۆی چۆڵ ئەکاو
ژوورەکەیشی بەجێ دێڵێ
تاکسپەیەکی غەریبی تازە هاتوو
لەسەر چرپای ئەو بخەوێ!.

ـ ئەوا ئیستەیش ئەمە یەکەم پایزی دوای
کۆچی ئەسپە ڕەشی تۆیە.
ئەمە یەکەم پایزی دوای هەڵهاتنی نامۆییت و

ئاوابوونی شاخەکانی ڕۆحی تۆیە.
ئەمە یەکەم پایزی دوای
وێڵبوونی گەمیەکەی تۆیە.

لەگوێ زەریایت.. چاوەکانت وەك کەلەپۆ.
بڕیوەتە نەهێنیی ئاو
سەرت لەناو نامۆییدا بەلەمێکی سەر گەردانەو
دەستەکانت سەوڵی شکاو.
وەکوو پایز ئێوارەی تەنیاییت تەڕە و
یادگاری لێ ئەچۆڕێ و
خەیاڵیشت زەردەی هەتاو.

لەگوێ زەریایت
شپرزەیی شەپۆلەکان و وەرینیان لە بەستێندا
پایزە مێژووی زۆر دوورن و کەفی "کات"ن و
دێن و لەگەڵ لی عومری ئەمڕۆ و سبەی
باوەش ئەکەن بەیەکتردا
شلْپ و هووڕ حیلەی زەریایەو
داناسەکنێ چەپۆکانی.
یاڵی سپی بەدەم "با"وە
هەڵ ئەپژێ و دائەڕژێ و زەردوو سوورن تیسکەکانی

لەگوێ زەریایت

یەکەم جارە ئەم مێژووە شلە ببینی
یەکەم جارە ئەم سامە شینە ببینی
یەکەم جارە بۆنی تریفە بکەیت و
زرەی ڕەنگەکان ببیسی.

لە گوێ زەریایت
بەڵام لە هەڵسانەسەرپێی خێرای ئاودا
دیسان شاخ ئەبینیتەوە
تۆ بێ "هەڵگورد" شیعرێکی کاکی بە کاکیت
نە گزنگت تێدا ئەڕوێ و نە سۆزیشت باڵا ئەکا.

لەگوێ زەریایت
وردە وردە تەماشات هەنگاو هەڵدێنێ
خەیاڵت خۆی هەڵ ئەکات و
باز ئەدەیتە سەر ئاڤزینێ
لە ترساندا هەردوو چاوت ئەنوقێنی و
مایینی ئاو ئەتفرێنێ
ئەو وەختەی چاو ئەکەیتەوە خۆت ئەبینی
لەگوێ ورمێ بووی بە گوڵە نازەنینێ.

لە گوێ زەریایت
گوێت لە ناڵە و گرمەگرمی سەدەکانە بەیەکدا دێن
چاوت لە زۆران گرتنی هەتاهەتای عەرد و ئاوە

چاوت لە غەزەبی خوایە کە هەڵئەچێ
چاوت لە پاشگەزبوونەوەی گوناهیشە کە دائەچێ!
چاوت لە کەفەژیلکەی غەریبیی خۆیشتە
کە کۆچ ئەکات و ون ئەبێ!.

ئەمە یەکەم پایزی دوای
وێڵبوونی گەمیەکەی تۆیە
ئەم پایزە لە پایزی دایکت ناچێ
ئەو پایزێکی بێوەژن، کوختەنشین، چڕ ئەوەرێ
ئەم پایزی ئاڵتوون بەسەر، تەلارنشین
لە شووشەبەندا ئەوەرێ.
ئەم پایزە لە پایزی دایکت ناچێ
لێرە هەر دار بەسەر داردا بە خوڕ ئەگریی
لێرە هەر بەرد بەسەر بەردا بەخوڕ ئەگریی
بەڵام لە پایزی دایکتا ئیستە لەوێ
داروبەردوو ئاوو خەڵکیش
هەر هەموویان بەیەکەوە
بەسەر خاکدا بەخوڕ ئەگرین
ئیستە لەوێ!.

ـ لەکوێوە هاتووی؟ ئەپرسن.
دیسانەوە هەمان پرسیار ئەبێتەوە بەتوتڕکێ و
خوێن لە دەنگم دێنێتەوە.

وا بۆ جاری هەزار هەمین
ناوی گوڵەکەم ئەهێنم.
هەیانە وەك ڕۆژێ "با"یەك
ئەمەی دابێ بە گوێیاندا
لەدوای ساتێك سەرێکی بۆ ئەلەقێنن.
بەڵام زۆریان لە بێدەنگیدا ئەخنکێن.
مت ئەبن و ملیان ئەبێ بە نیشانەی سەر سوڕماندن.
منیش ئیتر لە حەژمەتا نەخشەیەکی
وەك سیاسەت چرچ و لۆچ و
پیس و دڕاو وەکوو ڕەوشتی دەوڵەتان
لە گیرفانم دەرئەهێنم.
پەنجە ئەخەمە سەر خۆری لەتوپەتم
ـ ئالێرەوە
لەناو کەشتیەکەی "نوح"ەوە من هاتووم و
لە بەفری "جودی"[71]دا زاوم
ـ "ئێوە خەونی ڕەنگاوڕەنگی
نێو داستان و ئەفسانەی کۆنە ئەیبینن
هیواتان تراویلکەیە[72]"
منیش باوکم نیشتمانی لەناو چاویا هەڵگرتبوو
ئەو، دار خورمای بەندەرێکی

---

[71] جودی: ئەو شاخەی کەشتییەکەی نوحی لەسەر گیرسایەوە وەك لە قورئاندا هاتووە..
[72] تراویلکە: سەراب.

چاو خەواڵووی باکووری ئەفریقابوو
ڕۆژێ گەرداوی ئۆقیانووس ڕای فڕاندوو
لە "ئۆسلۆ"دا گیرسایەوە
لە "بار"ێکی وەك ئێرەدا
شەوێکی سارد وەکوو ئیستا
دایکمی ناسی.
من ناوم "مارگریتا"یە
باوکم تا مرد
خەونی وەکوو خەونەکانی تۆی ئەبینیی!."
ئەمە قسەی کیژۆڵەیەکی دووڕەگی "مەغریب"ی بوو.
شەوێکی سارد، لە "بار"ێکی سەر گەرم بووی،
ناو "ئۆسلۆ"دا وای پێ وتم. مێرگێ کوڕو کچی
شەنگ بوون. بەدەم کەروێشکەی گۆرانیی و مۆسیقاوە
ئەشنانەوە.
منیش هەرخۆم و شیعرێکی شەرمنۆکەم
خۆم و باڵندەی وڕێنەم
خۆم و دووکەڵی جگەرەم
لەسوچێکدا یەك یەکترمان ئەخواردەوە.
کچی دووڕەگ "مارگریتا" تازە بووە:
بە "مانگ"ی ناو بەفری نەرویج
تازە بووە بە هەناسەی هەڵماوی ئەم شەقامانە
بە حەرفێکی ئەم زمانەو

به پەڕی مۆسیقای ئەم "باڕ"انە.
"مەغریب" نیشتمانی باوکی
لای ئەو تەنها سێ تارماییین
سێ تارماییین و هیچی تر..
بیابانێ، دارخورمایەك و حوشترێ.
لەو شەوەوە "مارگریتا" ترسێکی کرد بە سێبەرم
چرکە بە چرکەی سەعاتێ ئەم غوربەتەم ئەژمێرێت و
بۆ کوێ بڕۆم تەم و مژی دێ لەگەڵم.
لەو باڕەوە مارگریتا گومانێکی تیا ڕۆکردم
وەکوو خۆرکە لەو ساکەوە
پەلکەکای خەونم ئەخواو
لەناو بێشەی تاریکیدا
نائومێدیی دائەتاشێ بۆ تابووتی
مانگەشەوم.
لەوشەوەوە وا هەست ئەکەم سیمای کچە بچکۆلەکەم
لەبەرچاوم بۆتە سیمای مارگریتا
نیگاکانی چوونەتە ناو نیگایەوە
جۆگەی دەنگی ڕژاوەتە ناو دەنگیەوە
باخی قژیان هەر یەك باخەو
ڕەنگەکانی هەست و نەستیان بوون بە یەك ڕەنگ.
لەو شەوەوە وا هەست ئەکەم
منیش کچە بچکۆلەکەم

نامۆیی گەورەی کردووە
وەکوو دڵۆپە شەونمێ
تێکەڵ بە "با"ی ئێرە بووە
لەسەماگەی نیوەشەودا
سەری لە لەشی ونبووەو
جاربەجارێ لە بارێکدا بۆی ئەگەڕێ.
وا هەست ئەکەم هەموو ڕۆژێ
تارماییەك دێت بۆلام و وێنەیەکیم بۆ ئەکێشێ:
کاڵبوونەوەی یادگاری.
ڕووتانەوەی پەڕوباڵی زمانەکەی.
هەڵوەرینی خێزانەکەی.
بیرچوونەوەی خەونی باوکی.
بۆن نەکردنی هەناسەی نیشتمانی.
توانەوەی بەفری گۆرانی و
حیکایەتی گیانی دایکی.
لەو شەوەوە وا هەست ئەکەم
منیش باوکی مارگریتام
بووم بە شیعری خەمێکی زەرد
ڕۆژێ لە بەفری مەنفادا ئاوا دەبم!.
ئەوسا لەوەرزێکی تردا
شەوێکی سارد وەکوو ئێستا لەبارێکدا
ئەویش وەکوو مارگریتا

باسم ئەکا:
"باوکم مەلێکی کێویی بوو
لە شاخەوە باڵی گرت و
گەیشتە بەفری ئەم قوتبەو
ڕۆژێ لێرە، بەدەم ئاواز خوێندنەوە
خەونەکانی لەگەڵ خۆیدا ڕەق بوونەوە!"

★

مێژووم و سەفەر ئەکەم و
لەگەڵ خۆمدا شۆڕشەکانم ئەگێڕم
لەخۆم زیاتر کەس تەماشای خوێنم ناکات.
دووکەڵم ئەسووڕێمەوەو
لەگەڵ خۆمدا دێهاتەکانم ئەگێڕم
لەخۆم زیاتر چاوی کەس ناکزێتەوە
بەم دووکەڵە.
لاواندنەوەم ئەخولێمەوە و لەگەڵ خۆمدا
سێدارەکانم ئەگێڕم
لەخۆم زیاتر کەس گوێ ناگرێ لەم کۆتەڵە
چیرۆکم درێژ ئەبمەوەو
لەگەڵ خۆمدا قرچەقرچی شەقامەکانم ئەگێڕم
لەخۆم زیاتر کەس بۆنی بۆکڕووز ناکات
لەخۆم زیاتر لە خۆم
لەخۆم زیاتر

لەخۆم..

کوا غوربەت سێبەری داربەڕووی دوورییە؟
گەر وایە! ئەم هەموو کڵاوی فرمێسکی بەڕوانە
چی ئەکەن لەلای من؟ بۆ لێرەن؟
بۆ ڕیزیان بۆ سەری قەڵەمم گرتووە؟

کوا غوربەت ئەستێرەی پەمەیی کۆچ کردووی
سیوەیلە و نەیبینم؟ کوا وایە؟
گەر وایە؟ ئەم هەموو وەنەوشەی خەونانەی
"زێ" و "نۆڕك"[73]
چین لە ناو دەفتەرما ڕواون؟
بۆ لێرەن؟
بۆ ژووری تەماشام پڕئەکەن
لەبۆنی دوو "بارێ"ی[74] پاش باران؟
کوا غوربەت شەوقە بۆ ئاژاوەی ئێوارەی
منداڵی گەڕەك و نەیبیستم؟ کوا وایە؟
گەر وایە؟ منداڵی ئەم هەموو گەڕەکە
لەکووچەی ناو دەنگما چی ئەکەن؟!
بۆ لێرەن؟

---

(73) (74) زێ و نۆڕك و هەردوو بارێ: چەند گوندێکی بناری سورکێوی ناوچەی (سیوەیل) بوون ڕژێمی عێراق وێرانی کردن.

بۆ ساحەی فتبۆڵیان سەرسنگمەو
گاڵتەیان: تریقەی کاغەزی سپیم و
شەڕیشیان: "مسوەدە"م؟
کوا غوربەت بای بۆنی شارێکە من نەیکەم؟
کوا وایە؟ گەر وایە؟
ئەم بۆنە تێکەڵەی: ڕاڕەوی قەیسەری و
مەیدانی ماستەکە و، گوزەری زین درووو..
چین کە دێن لە حێلی وشەم و
لە پوونگەی کاکۆڵم و
لە چەرمی جانتاکەم؟!
ئەی تەنیایی!
ئەی ئەسپی ڕەشی بێزاربوو
لەجڵەوی ئەم زەمانی بازرەبوونە![75]
ئەی زایەڵەی کەوە سوورەکەی ناو سنگم
تۆ کەی ئەوەندە چواردەوری
جێ ژوانی ڕازەکانت چۆڵ و هۆڵ بوون؟
لەناو لانکەی نیشتماندا
تۆ هاوڕێی ئەمەکداری لاواندنەوەت
گەلێ زۆر بوون.
تۆ کوا لەوێ هەرگیز هەستت
بە بزربوونی جریوەی بێداریت و

---

[75] بازرە بوون: ئاوارەبوون.

خاوبوونەوەی ژێی گینگڵی شەوان ئەکرد؟
تۆ کوا لەوێ هەرگیز هەستت
بە ونبوونی جێ پێی ئاخ و
ساردبوونەوەی ئاگردانی گریان ئەکرد؟
تۆ کوا لەوێ قەت هەناسەت
بێدەربەندی هاودەم بووە؟
تۆ لەوێ خەمە دراوسێت هێندە هەبوون
بە پەیژەی وەخت و ناوەختا
دڵسۆزیتان، سمۆرە بوون
بۆلای یەکتر دائەبەزین.. سەر ئەکەوتن.
بەسەر دیواری مابێندا فرمێسکەکان بازیان ئەداو
وەکوو لاولاوی سەر دەرگاو پەنجەرەتان
ماچ ئەڕۆیشت و ماچ ئەخشاو
لەسەربان و لە حەوشەدا، وەك تەنافی جلەکانتان
ڕازو نیازتان تێکەڵ ئەبوون
ئەی تەنیاییم!
تۆ لێرە ئیستە کەناریی
ناو ژانێکی شووشەبەندی ڕەنگاوڕەنگی
بەم دەنووك بەوباڵانە
چۆن ئەتوانی تۆ سنووری شووشە ببڕی؟
بۆ کوێ ئەفڕی
ئەی تەنیایی؟!

جیابوونەوەی ئەم باڵانە لەو ئاسمانە
لەنگەری گیانیان تێکداوم.
دوورکەوتنەوەی ئەم وشانە لەو گوڵانە
هەستی بۆنکردنی خاکیان تیا وەراندووم.
دوورکەوتنەوەی ئەم چاوانە لەو کێوانە
زنەی سەرنجیان کزکردووم.
جیابوونەوەی ئەم دەستانە لەو پرچانە
پەنجەی تەماسیان سڕکردووم.
دوورکەوتنەوەی ئەم زمانە لەو تامانە
ئۆخەی چێژیان لەناو دەمدا بزرکردووم.
جیابوونەوەی ئەم قاچانە لەو ڕێیانە
ناونیشانی زۆر هەواریان تیا ونکردووم.
جیابوونەوەی ئەم گوێیانە لەو بەستانە
چەند هاژەیان تیا کەڕکردووم.
ـ نامۆیی چییە؟ لێی پرسیم.
وەکوو فیشکەی شەمەندەفەری هەزارپێ
شەو درێژ و ئاخ درێژ و دووکەڵی یادم درێژبوو.
شەوقی گڵۆپی زەردباوی کابینەکە
ئەیدا لە تەمی دەروونم
لەو ساتەدا وام هەست ئەکرد:
من دەشتێکی چۆڵ و هۆڵی
وەکوو ئەو دیو پەنجەرەکەم!.

وەك جانتاكەم شەوگار هەر تەكەتەكی بوو
خەوی زڕاو بووبوو بە جامێكی مس و
لەگەڵ هەموو سەرسمێكی ئەو شەوەدا
لەسەرما ئەزرنگایەوە..
لەو ساتەدا وام هەست ئەكرد:
گڵۆپی زەردباو هەر خۆمم
تەم هەر خۆمم
هێڵی ئاسنیش هەر خۆمم
ڕێگا خۆم و كۆچ هەر خۆمم.

ـ نامۆیی چییە؟ لێی پرسیم.
مەی: ئەستێركێكی كڵپەبوو
سەرم تیا نوقم كردبوو.
خەیاڵی لەرزۆك لانكەم و
بێ هودەیی ڕای ئەژەنیم.
لەو ساتەدا وام هەست ئەكرد:
شووشەیەك مەیی ڕژاوم
شووشەیەك بادەی شكاوم و
هەر بە تەنها ملەكەمم پێوە ماوەو
ئەم جیهانەیش تووڕی داوم!

ـ نامۆیی چییە؟ لێی پرسیم. چی پێ بڵێم؟

بڵێم: دڵداریی نێوانی خەون و خاکە؟
یان هەناسەی گوڵێکە دوور لە باخی خۆی؟
یان وێڵبوونی تەماشایە بەدوای یادەکانی خۆیدا؟!
یان تەنیاییە ئەو کاتەی ڕەوئەکات و
نیشتمانی لەکۆڵدایە؟!
یان ئاوێنەیە و بۆ سیمای یادێ ئەگریی؟
چی پێ بڵێم؟! بڵێم: نانێکی سەرساجە و بیری ئەکەم؟
بڵێم: بۆنی مێخەك بەندەو بۆنی دایکم و
بۆنی کچانی گەڕەکەو ئیستە نایەن؟
بڵێم: شێتبوونی ڕێواسە
دوور لە کەلیخانی وڵات؟
بڵێم: مەراقی سووری هەناری ئاوارەیە
بۆ شارەبان؟!
یان سەودای زەردو سپییە بۆ نێرگز و
یان شەیدا بوونێکی سەوزە بۆ بەهاران؟!
بڵێم: دووریی نێوان من و کورسیەکە
لەچایخانە بچکۆلەکە؟!
نێوان من و مێزی یانە و ئێوارانی چیمەنەکە؟!
چی پێ بڵێم؟ بڵێم: نامۆیی، دیوارە؟
یان بڵێم عیشقە بۆ قوڕی کۆڵانان و
بینینەوەی شێتەکانی شارەکەم و
یان ماچێکی باڵکراوەو ناگاتەوە ئەو هەوارە؟!

من له دواییدا پێی ئەڵێم:
شپرزەیی هێندە باڵی نامۆییمی ڕاکێشاوە
تۆڕی گلێنەم ڕایەڵی تیشکەکانی
خاوبۆتەوەو
لەم دوورەوە وەختێ ئەڕوانمە نیشتمان:
هەموو یادێ، هەموو شوێنێ
هەموو خەونێ، لەبەرچاوی یادگارم
ئەبن بە دووان، ئەبن بە سیان
ئەبن بە دە.. ئەبن...
چی پێبڵێم؟!
چی پێبڵێم؟!
چی؟!
⋆

ئەمەیش ئەو باڵندەی سترانە سپییەیە
کە هەموو شەوێ لە گەرووی بە تەمومژی
شاعیرێکی سەوداسەرەوە بەرەو
کازیوەی چاوەکانی خاك باڵ ئەگرێ:
تا زریان نەبوو بە ئەسپم
چیا جڵەوی نەگرتم.
هەتا هەڵۆ باڵەکانی خۆی نەدامێ
شیعرم نەفڕی.

هەتا یار نەبوو بە هەنگم
شانەی هەنگوینم لا نەبوو.
هەتا شەهیدی وڵاتم
نەهاتنە ناو باخچەمەوە
هەڵاڵەم سوور هەڵنەگەڕا.
تا نامۆییش نەیدام بە دەم
خەزانەوە
بەهاری خۆشەویستیم نەدۆزیەوە!.

## IV

هەر ئەمشەو درەنگان لە کەنار
ئەو گۆمە غەمگینەی تەنیشتمان
ئەو کاتەی مانگ سەری وڕی خۆی
ئەخاتە سەر شانی گردۆڵکەو
"با"یش ئەڕوا بۆ سەمای هێواشی
هاوینەی لێرەوار.
هەر ئەمشەو ئەوکاتەی کە لـی
لەش گەرمی بەستێنیش وەکوو بەرد
شەکەتە و خەواڵوو.
ئەو ساتەی گژوگیا

بەرامبەر تریفەی حەپەساو
بەوەنەوز پێڵۆیان قورس ئەبێ و
کەنەفت و ملیان لار!
هەر ئەمشەو ئەوکاتەی فریشتەی داستان و
پەریەکان، لە پەردەی زیوینی کەژاوەی ئاوەوە
ڕووت و قووت دێنەدەر، ئەڵقاوئەڵق دەس ئەگرن
بەچرپە ئەدوێن و چراوگی ئەوینیان
ئەخەنە سەر زینی شەپۆل و
(تانجیك)ی نوور ئەدەن
لەقژی درێژیان.

هەر ئەمشەو ڕێیەکی شین باوی نەهێنیی
ئەمباتە کەناری ئەو گۆمەی تەنیشتمان
لەشوێنێك نەپندی
نەپندی[76] وەك جێگەژوانی بەفری خواو
بڵێسەی عەشقێکی ئەبەدیی
چەپەك وەك، ژێر کەپرە ساردەکەی
دەروونی غەریبان
کڕ وەکوو سێبەری تەنیایی
شەوانی غەریبان.
وەکوو عەشق

[76] نە پندی: نەهێنیی، نا ئاشکرا، شاراوە.

سۆز ئەمبا
ڕەنگە لای برینی بێ ناڵەی دارمێوێ
لابداو دامبنێ..
ڕەنگە لای سووتانی بێدەنگی دار بییەك..
ڕەنگە لای هەناوی کۆڵراوی گا بەردێ..

چەند ساڵە من لێرە بنچکی
سەر ژیلەی، چاوەڕێی ئەمشەوەم
چەند ساڵە من سەرم هەورێکی نەبارەو
چاوەڕێی هاتنی بارانی ئەم خەوەم.
من ئەمشەو:
مەچەکم و چاوەڕێی پەنجەمم.
قاچم و چاوەڕێی ڕێگەمم.
پڕوپۆم سەرکۆنەی "با"ی زۆرکرد
بۆ نەهات؟ تاڤگەی ئەو زەڵمە بۆ نەهات؟
نەگەیشت، ئەو هاژەی ئەوینە، نەگەیشت.
باڵندەی پرسیارم بە دەنووك
کراسە شینەکەی ساماڵیان کونکون کرد
بۆ نەهات؟ ئەو کۆتری هەتاوە.. بۆ نەهات؟
نەگەیشت؟ ئەو خەمە سەرکەشەم، نەگەیشت؟
بۆ نەهات؟ ئەو ڕەزی هۆنراوە سپیانە.. بۆ نەهات؟

ئەو کە هات دڵنیام

لەگەڵ خۆی نیشتمان ئەهێنێ
لە قوڵی مشتیدا کێوان و لەپێڵوی ماندوویدا
دەریاچە ئەهێنێ.
ئەو کە هات دڵنیام
ئەوینی شارەزوور تەڕتەڕی کردووە.
ئەو ئیستە سۆزێکە شەڵاڵی غوربەتەو
بە باڵی چریکەی لەسەر تەم ئەنووسێ و
تەرزەیەو
شەختەیەو
ئاگری گرتووە!
ئەو کە هات دڵنیام
هەر یەکسەر هەواڵی
دارچوالەی ئاوارەی "زەردیاوا"[77] ئەپرسێ!
پەرۆشە
پەرۆشە
بۆ ئەوەی گەڵایەك فرمێسکی
دارەکەی شێخ هەباس ببینێ
سووتاوە بۆ ئەوەی، ڕێحانە بسکێکی
کچێکی سنەیی بۆن بکاو
شێت بووە بۆ ئەوەی
لە دەشتی بەرینی دەنگێکدا

[77] زەردیاوا: ناوی دێرینەی قەرەداغ.

هۆرەیەك ببیسێ.

نازانم! ئەو وەختەی ئەو نوورە بە سامە وەك تیرێژ
خۆی ئەكات بە شەوی خەڵوەتما، ئەمخاتە تەندوورەی
پرسیاری خۆیەوە، ئەمخاتە گێژەنی ئەوینی خۆیەوە، گومانم
پەرت ئەكا. سەرتاپام لە سۆزیا غەرق ئەكا.. من چی بكەم؟
چۆن چۆنی چەخماخەو برووسكەی ئەو عەشقە بدوێنم؟
بڵێم چی؟ كلیلەی ئاسنیی ئەم دەمە بەستراوە چۆن بەربێ؟
من چی بكەم؟ بۆ ئەوەی حەسرەتم بە هەتاو بپژێ و وەرینم
گوڵ دەركاو بە باڵای ئاسۆدا هەڵژنێ؟
دڵنیام كە بینیم
پەلوپۆی تاریكیی بەرچاوم.. چراخان هەڵئەكەن
تینوێتیم كارێزی ئەتەقێ و
مەلوولیم سایەقە ئەكات و
ئاسمانی ڕۆحی ئەو باوەشی پیائەكەن!

نازانم پێشوازیی عاشقێ لە خۆری عاشقان چۆن ئەكرێ؟
نازانم پێشوازیی غەریبێ لە مانگی غەریبان چۆن ئەكرێ؟
نازانم ئەو وەختەی گەڵایەك
ئەگاتە بەردەمی زریانێ چی ئەڵێ؟
یان تاقە دڵۆپێ لە ئەوین
ئەو وەختەی ئەگاتە
زەریایەك لە ئەوین.. چی ئەڵێ؟!

بەڵێنە درەنگان هەر ئەمشەو لە کەنار
ئەو گۆمە غەمگینەی تەنیشتمان
دوو قۆڵیی یەکتری ببینین
"من ئەبێ هەڵکشێم
بۆ ئەوەی بەرزایی بمناسێ
من ئەبێ ڕۆبچم
بۆ ئەوەی قوڵایی بمناسێ"
من زووتر ئەگەمە لای کەنار
پێش وەخت، بەچرپە، بە ئاوو بەرد ئەڵێم: کێ ئەگات!.
من زووتر، لەسەر گۆم، شیعری خۆم ئەنووسم.
پێش وەخت من، سەرم، وەکوو تاق لێئەدەم
ئارامی شپرزەم لە ڕۆخدا ئەڕوێنم.

لە ژووری زەردباوی خەماندا
جڤینی غەریبان ئەم شەوە
لەبەردەم شای کۆچ و پیرەکەی موغانی شاخاندا!
جڤینی گوڵاڵە و خۆڵەمێش
جڤینی ئاووگڕ.
جڤینی تیشك و تەم.
جڤینی فرمێسك و نیشتمان ئەم شەوە.
پێدەشتی زیوینی ڕۆح شوێنەو
کات لە ژێر ڕکێفی عەشقایەو

چاوی خوا مەشخەڵی ئاسمانی ئەم شەوە.

من کە چووم بە نیازم لەگەڵ خۆم لەسنگما
ڕۆژنامەی: ڕەشەبای خوێناویی دوو سەدەی
کێوانی بۆ بەرم.
یادداشتی: دووکەڵی زامانی دوو سەدەی
پێدەشت و بناری بۆ بەرم.
بەنیازم ئەلبوومی: ڕەنگینی ئازاروژان و سوێی
قرچان و سووتان و زریکەی
ئاو، گڵ، دار، بەرد، شار، گوند
ئاژەڵ و باڵدار و بێ باڵی
دوو سەدەی بۆ بەرم!
بەنیازم وەختێ چووم لەگەڵ خۆم لە چاوما
بەتایبەت
ئاسمانی خنکاوی "هەڵەبجە"ی بۆ بەرم.
بەڵێنە هەر ئەمشەو دوو قۆڵیی درەنگان
لە کەنار ئەو گۆمە غەمگینەی تەنیشتمان
پێکبگەین.
یەکەم جار:
ئەستێرکی باوەشمان
پڕ ئەبێ لە خونچەی ماچی سوور
باڵایشمان ئەبێتە دوو ئاوان.

هەردووکمان وەك سەرمان

عەشق ئەنێین بە عەشقی یەکەوە
مێژوومان: داپیرەو
هۆنراوەیش ئەکەینە ئاگردان.

بەڵێنە هەر ئەمشەو درنگان دوو قۆڵیی
لە کەنار ئەو گۆمە غەمگینەی تەنیشتمان:
من و مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسیی مکایڵی پێکبگەین:
پێکبگەین وەکوو دوو پەپوولە
پایزەی گیرساوەی سەر دڕکێ!.
وەکوو دوو بریسکەی کشانی ئەستێرەی ناو خەونێ.
وەکوو دوو زەمانی ئاوێتەی یەك کۆچ و ڕەوەندێ.
وەکوو دوو قەسیدەی گریاوی یەك دیدە.
وەکوو دوو باڵندەی غەریبیی ئاسمانێ.
بەڵام من ئەزانم ئەو زێیەی
لەگیانی بێ ئۆقرەی شیعرمدا بۆی ئەبەم
هەناسەی سوورترە،
زریکەی بەخوڕتر،
فرمێسکی درێژترە،
لەشێوە سوورەکەی سنگی ئەو.
بەڵام من ئەزانم ئەو بێشەی ژوارەی

که ئەیدەم بە کۆڵی سەیوانما و بۆی ئەبەم
هەنسکی چڕتره
سێبەری وەیشوومەی کڕترو
قوڵپەکەی بەربینی درەختی پڕتره
لەسارای خاك و خۆڵ.
بەڵام بۆ شیعری جوان، زرنگەی پاوانە
قەسیدەی شۆخ و شەنگ
بۆ کانە پرشنگی هزری ورد، بارانی خەیاڵ و
بریقەی هەستی تەڕ
پێی ئەڵێم:
بێگومان.. سەروەرم!.. بێگومان
وشەی تۆ قوڵترە
حەرفی تۆ گەشترە
دەنگی تۆ پڕتره.. بێ دەعوام، پەتکیش نیم!.
پێی ئەڵێم:
گەورەی من!
پێم ناڵێی ئەو هەودای گزنگی چاوانەت
چۆن ئەکەیت بە دەرزیی حەرفەوە
بۆ ئەوەی خەم بدرووێت
بەباڵای حەبیبە و عیشقەوە؟!
پێی ئەڵێم:
بەگەڵا تەقەڵی پایزان

چۆن هەور دائەدرووی
بەشانی غوربەتدا و چۆن فرمێسك ئەڕوێنی و

هەواری بروسکەت چۆن خستە سەرتەوە؟!
پێم نالێی، سەروەرم!، ئەو سرڕەم پێ نالێی
ئەسپی "با"ی زمانت چۆن ڕام کرد؟
لەکوێوە چوویتە ناو دلۆپی باران و
چۆن توانیت بە تیشکا هەلگەڕێی؟!
چۆن توانیت؟
سەرچنار، بەکرەجۆ، خاك و خۆڵ،
خانەقا، هەر هەمووی لە زامی هیجرانت
بارکەیت و ئەو زامەیش
بخەیتە خوێ ئاوی تانجەرۆی دلتەوە؟
چۆن توانیت بە جومگە و بڕبڕەی شیعرێکی لانەواز
پردەکەی سەرشەقام دروست کەیت؟
چۆن توانیت دەروونت بەدەمی هیلالی لاوازت
هەلکەنی و دارەکەی پیرمەسوور لە ناویابنێژیت؟!

پێی ئەلێم: گەورەی من!
چۆن توانیت بە تاڵە زولفێکی حەبیبە
گردۆلکەی ژانی خۆت لە قەدی شەوانی تەنیایی
شەتەك دەیت؟

چۆن توانیت بێ سەوڵی دوودەستی نیشتمان
بەگەمیەی نێو مەوجی گەرداوی غەریبیی
ئەمرێگای نەهاتە وا تەی کەی؟!
پێی ئەڵێم: سەروەرم! من وەکوو بزانم
ئەو خاکەی کە ژانت تیا پشکووت
بەرکاوی تینویەتی عەشقێکی بە پیت بوو
من وەکوو بزانم
تۆ شەوت بۆ گریەی چاوانت قۆرغ کرد.
سوتایت و ئەوساکە کازیوەت
گوڵ شیعری خۆری گرت!

هەر ئەم شەو درەنگان دوو قۆڵیی
لە کەنار ئەو گۆمە غەمگینەی تەنیشتمان
یەکتریی ئەبینین
جڤینی غەریبان ئەم شەوە
سووتانی غەریبان ئەم شەوە
ئەو وەختەی ئەگاتە بەردەمم
ئەو ئاوە و من داربی و کڕنووشی بۆ ئەبەم.
ئەیبینم: چڵێکی دارەکەی "پیرمەسوور"
گۆچانی دەسێتی.
ئەیبینم: ڕێئەکا و دوو سێ پۆل چۆلەکەی "کانی با"
بەدەوری دەغڵەکەی ئەو سەروریشەدا خول ئەخۆن.

ئەیبینم دووراو دوور ئەیبینم!
پەڵەیەك گوڵجاری گوندەكەی "ماڵیاوا"
سەرپێچی سەرێتی.
ئەیبینم: ئەڕوات و تانجەرۆ ئەم قاچی و
شیوەسوور قاچەكەی ترێتی.
شانومل دەوەنی لای "تەكیە"ن؟!
یان مۆم و ژێرپیاڵەی حوجرەكەی
مزگەوتی "سەی حەسەن"؟
ئەو پەنجەی دەستانە پەلكە گیای
لەرزیوی گوێ "زەڵم"ن؟!
یان هەنگی نێو شانەی قەسیدەن؟!
ئەوەندەم پێ ئەكرێ هەر كە هات
تریفەی بۆ بكەم بە فەرش و
لەبەر پێی سیروانیا ڕای بخەم.
ئەوەندەم پێ ئەكرێ
لە دوودی هەناسەی درەختی عەلەم دار
وەك لاكێش
پارچەیەك لە دووكەڵ ببڕم و ئەستێرەی
ئەم دڵەی پێوەكەم بۆ ئەوەی بۆی بكەم
بە ئاڵای پێشوازیی ورشەدار.
پێش ئەوەی ئەو بگات من دێنم
لە هیلال كەژاوەو لە گریان ئەسپێكی حیلەدار

زین ئەکەم، سووتانم سوار ئەکەم
تا بە غار خۆی بکات
بە گەلیی ئەو کۆچی بەفرەداو
دووراو دوور بڕوانم، پێش ئەوەی ئەو بگات
بزانم چۆن ئەبم بە هەڵم و
چۆن ئەبم بە قەترەی ئارەقی
سەرگۆنەی شیعرێکی دوور وڵات.
هەر کە هات پێی ئەڵێم: سەروەرم! بۆ پرسیت؟
"زارم وەکوو هیلال و نەحیفم وەکوو خەیاڵ
ئایا بەزاردا دێمەوە و بە دڵدا دەکەم عوبوور؟!"
پێی ئەڵێم:
قوربان خۆت دارشاتووی وشەیت و
خۆت باڵی دەنووکی گۆرانیی و
یەکەمین جۆلانەی "هیلال"ی هەڵبەستی
هەر خۆیشت شمشاڵی لالێوی کەژان و
هەر خۆیشت ئاوێنەی "با"ی سەوزی پێ دەشتی.
پێی ئەڵێم:
گەورەم تۆ!
لەدوای خۆت بۆ ئێمە
میراتی خەمێکت بەجێهێشت
بەردەوام بە هاژە و کەف چڕین وەك زەڵم و
کەڵەگەت وەك هێرۆی قژ سووری

گوێ زامی تانجەرۆ!
بەڵێنە هەر ئەم شەو درەنگان لە کەنار
ئەو گۆمە غەمگینەی تەنیشتمان دوو قۆڵیی
یەکتری ببینین!
هەر ئەم شەو، من، نالی، حەزرەتی غەریبان ئەبینم.
ئەو، شەوە لە گزنگ موتوربە کراوە ئەبینم.
ئەو، کێوە کۆچەرە ئەبینم.
ئەو، بەفرە فەرەنجی لەبەرە ئەبینم.
هاوینە و لەماڵی پایزدا جڤینی غەریبانە ئەم شەوە.
لە کوێوە داربەڕووی لانەواز
ڕەگ ئەدا بە کۆڵیا و ئەگاتە ئەم ناوە؟
لەکوێیە پرشنگی دەربەدەر؟
لەکوێیە ڕووباری ئاوارە؟
ئەستەمبووڵ، لانکەیە بۆ هەتاو؟
ئیستگەیە بۆ خەونی غەریبان؟
یان تۆڕە بۆ مانگ و چەقۆیە بۆ ملی ئەستێران؟
ئەستەمبووڵ دەروازەی بارانە؟
یان شاری کوللەیە و شمشێری دەس سوڵتان؟
ئەستەمبووڵ سروەیە؟! ئارامە؟! هەتوانە؟!
یان خوێیە بۆ زامی گەڕیدەی عاشقان؟!
لەوێوە نالیی دێ و شارەزوور لەگەڵ خۆی ئەهێنێ
لەوێوە قەقنەسی ئەو خەمە باڵ ئەگرێ و هەڵ ئەفڕێ و ئەسووتێ!

ئای عەشقی داروبەرد، وای عەشقی خاك و خۆڵ!
ڕۆژنییە ئەو نەبێ بەمێرگی خەونێك و
وڵاتیش بە جوانووی غارکەری نواڵەی سەرسنگی!
ئای عەشقی ئاوو گڵ، وای عەشقی گژوگیا و لق و چڵ!
ڕۆژ نییە ئەو نەبێ بەکانیی یادێك و
وڵاتیش بە قاسپەی کازیوەی نێودەنگی.
ئای عەشقی مەڵکەندی، وای عەشقی کانێسکان
شەو نییە ئەو نەبێ بە چیغی سەربانێ و
شارەکەی بە "مانگ"ی وەریویی هاوینی خەیاڵی.

بەڵێنە هەر ئەم شەو درەنگان دوو قۆڵیی
لە کەنار ئەو گۆمە غەمگینەی تەنیشتمان یەکتری ببینین
تا ئەودێت، تا ئەگات
من ژاڵەی تەماشام لە سیلەی
هەر دێڕە شیعرێکی غەریبدا ئەنێژم.
هێڵ بە هێڵ
هەناوم بە قەڵەم ئەکێڵم
ئازارم چووز ئەکەم لە تیشك و
سەریشم پڕ ئەکەم لە باران.
تا ئەودێت، تا ئەگات
من چرای دیوارکۆی ملی خۆم
لە حوجرەی "تەکیە"دا هەڵ ئەکەم.

"زرێبار" ئەهێنمە ڕۆحمەوەو
بە ژێی ئاو کەناری تەنیاییم وەکوو تار لێئەدەم.
تا ئەو دێت، تا ئەگات
من ئەبم بە پەیکی شارەزا و بە —بادی خۆش مرور-
لەسووتووی هۆرەکەی هاواری شارەزوور
بە دیدەم مێژوویەك ئەشێلم، ئەیشێلم
تا ئەیکەم بە سەری بڕڕاوی "سالم"و
بۆی ئەبەم!.
بەڵێنە هەر ئەم شەو درەنگان
لە کەنار ئەو گۆمە غەمگینەی تەنیشتمان
دوو قۆڵیی پێك بگەین:
ئەزانم هەر کە هات وەك ئەسپی بوولەرە[78]
ئاپوورەی پرسیاری چون پڕمەو سمکۆڵ و چەپۆکان ئەخرۆشێ.
چون ژانی خەزان و هەڵوەدای زریانی بێ داڵدە و بێ پەنا
هەناسەی ئەو سینە شەقارە لە مەنفام ئەوروژێ
ئەزانم هەر کە هات
ئەو ئەبێ بە حیلەی سۆراخ و
بلێسەی ئەداتە چوار ناڵەو
تەپوتۆز لە دەشتی ئەم سیما خۆڵینەم هەڵئەسێ
ئەپرسێ و ئەپرسێ ئەپرسێ
ئەمجارە، ئەو، بەردی کۆڵانی یادێك و

---

[78] بوولەرە: بومەلەرزە.

ئەو داری نێو خەونی باخێکی وڵاتی گوڵ عومەر*
نامێنێ هەواڵی نەپرسێ
ئەمجارە ئەو باڵای قەسیدەی نیشانەی پرسیارەو
لەو پەڕی هەر بستە سۆزێکی هەواڵدا
چاو لە ڕێ دای ئەنێ!
ئەمجارە "سالم"ی ناو زوڵمەت
یەك گەمیەی چارۆگە سوتاوی شەونییە.
ئەمجارە "سالم"ی هاوڕێی جێنیشتەی دۆزەخ و
هۆنراوەی داپلۆخاو، زوخاڵە وشەی شار،
قەڵەمی باڵکراو، ڕێچکەن و کاروانی دووکەڵ و
سێبەری پەرت پەرتی وەیشوومەن.
ئەمجارە —نارەوەن- بە تەنیا
پەنجەرەی حوجرەکەی خانەقا بۆی ناگری
ئەمجارە هەر پردی سەرشەقام
بڕبڕەی پشتێکی شکاوی گۆرانیی شار نییە.
بە تەنیا "کانی با" ئاخێکی گرمۆڵەو
سەرچنار مراویی خنکاو و
بە تەنیا "حەبیبە"یش یار نییە.
کە گەیشت پێی ئەڵێم: سەروەرم!
سەرکردەی لەشکری خەم و داخ!
مەترسە لە دوای تۆیش سوپاکەی خەمانمان
بەهێزە و سەرکەوتوو،

لەدوای تۆیش نەشکاوین، بۆ بشکێین؟!
کەشادیی ئەوندە لاوازبێ و ترسنۆك
بۆ بشکێین؟!
کە خۆشیی هێندە زوو
لەبەردەم هێرشی کۆستماندا ببەزێ!.

★

من دەمێك بوو، وێنەکێشی خولیای سۆفیم، بەرامبەری ئەو ئاسۆیە
ڕاوەستابوو. من دەمێك بوو جووڵەی پەنجەم
بووبوون بە هێڵی باڵای ئەو. تروکەی چاو:
بە نوختەی سەر تەوێڵی ئەو، هەناسەکانم:
بۆشایی و ئازارەکانم ڕووناکیی و شەوقم سێبەر.
من ئیستاکە وشەم لەناو دەفری شیعرا ئەگرمەوە،
خەون و سروشت و ڕەنگ و دەنگ تێکەڵ ئەکەم.
وێنەی "نالیی" وا ئەکێشم:
سیمایەکی: بەزەرکەفتی ئەشکەنجەو داخ درەوشاوە
یان گردە تەمێکی تێکەڵ بە زەردەپەڕی ئێواران.
دوو چاوی ڕوون، لە بنیاندا چەوی خەیاڵ تروسکەی دێ.
دوو گۆی ورشەدارن لەناو دوو کالانەی قوڵ و ماتدا
بزاڤیان تیژ و بێ ئۆقرە..
بە سەریانەوە دوو برۆی تەنك، پەیوەست
بەردە نوێژی تەوێڵێکیان هەڵگرتووە
کە باران و گوڵ و شیعر

نوێژی لەسەر دائەبەستن.
دوو ڕوومەتی پڕ لە دێراو
بە "جووت"ی ساڵ ڕێ ڕێ بوون و
کەوتوونە بەرچڕیی سێبەر.
کەپوویەکی بەفۆرت تووڕە.
دەم و لێوێك وەك هەمیشە ئامادەبێ
ماچی خۆشەویستیی بکات.
ڕەنگی قژی تاریك و ڕوون.
دەست و پەنجەی بچووك بچووك منداڵانە.
دەنگی: هێور.. وەختێ ئەدوێ
دەستیش ئەبن بە جۆلانە و بەپاڵەکانی ئاخاوتن
دێن و ئەچن.
کە شیعر ئەخوێنێتەوە، لە گەڵیا ئەچەمێتەوە
وەکوو سوجدە بۆ زمانی کوردیی بەرێ وایە.
پاڵێك[79] و ڕیشی تێکەڵاو
سنووریان زەردیی دووکەڵە.
دەمارەکانی پشتی دەست
وەك جۆگەلەی باریك و شینی سەر نەخشەن.
لە زۆر کەس باڵای کورترە.
بەڵێنە هەر ئەم شەو دووقۆڵیی درەنگان
لە کەنار ئەو گۆمە غەمگینەی تەنیشتمان

[79] پاڵێك: موی سمێڵ کە تێکەڵ بە ڕیش ئەبێ.

یەکتری ببینین:

هەر لە دوای گەیشتن..

ئەو ساتەی کە دەستم ئەخەمە ناو دەستی غوربەتی

دە شمشاڵ پەنجەمن و نامۆیی هەردووکمان ئەژەنن.

ئەو ساتەی هەواری ڕیشەکەی ماچ ئەکەم

دوو لێوم کەناری کانین و گوڵ ئەگرن.

ئەو ساتەی کە چاوم ئەبڕمە نێو چاوی هیجرەتی

فرمێسکم پەپوولەی سپین و لە زەردەی ڕوخساریا هەڵئەفڕن.

ئەو ساتەی کە پرژەو تنۆکی دووانی لێم ئەدا

قاقڕ و ڕووتەنیی بیستنم

بە ئاوی دەنگەکەی شین ئەبن.

ئەو ساتەی پێی ئەڵێم: سەروەرم!

لە ئاوی پرشنگتا غەرقم کە

بۆ ئەوەی لە قوڵیی سۆزتەوە

بگەمە ناخی خواو

ئەم تەمی گومانە لەسەرچاو لابەرم.

پێی ئەڵێم: سەروەرم!

تۆ نووری تەوێڵی وڵات بووی گەیشتی

ئەوەتا من لێرە چوار وەرزە تەنیایی

بەبێڵی تاریکیی ئەمکێڵێ

تەماشا! زەمانی وەڕس بوون خەریکە

بە دەنووک هەناوم کون بکاو ئارامم هەڵکۆڵێ.

سەروەرم! من ئیستا بۆ گیانم تیرێژێ
پەنجەرەی "ئەزمر"م لێت ئەوێ.
مەهێڵە ئەم هەوای ناسۆرە
ڕەنگوبۆی هۆنراوەم بەرێت و
مەهێڵە لاوکم هەڵوەرێ!.
سەروەرم! من ئیستە لەم دوورە
کەوێکی کەسیرەم
بۆ چینەی گۆرانیم
بۆ باڵی دڵداریم.. سەروەرم!
من مشتێ لە خۆڵی سەیوان و
کاسەیەك بارانی سەر گۆیژەم لێت ئەوێ.

بەڵێنە هەر ئەم شەو درەنگان لە کەنار
ئەو گۆمە غەمگینەی تەنیشتمان
دوو قۆڵیی یەکتری ببینین
ئەزانم هەر کە هات.. پێم ئەڵێ:
-ئەستەموول دەشتی خوێ و
برینم ڕێبواری پێپەتی سەر ئەوە
من گەلا ئاخێکی وەریوم
ڕەشەبای مەوسیمی فیراقیش هەر ئەمبا و
ئاشییان بە تەنها قەڵەمی بێ خەوە!
ڕەفیقان! بەڵام ئەز هەتاکوو

ئەم ئاشی غوربەت و حەسرەتە بمهاڕێ
خەیاڵی حوزوری لای ئێوەم وردترە.
ئەم بادەی بەهەشتی سوراحی گەردنەم
تا هیجرەت کۆنی کات
بۆ نەسلی قەسیدەی داهاتووم
نۆشینی خۆشترە.
عەزیزان! لەکوێبم
تانجەرۆ ئاوێنەی پێش بووکی بەیازمەو
چاوانی "حەبیبە"یش کەوسەرمە!
لێی ئەچمەوە پێشەوەو ئەپرسم:
-سەروەرم!
کەی شیعر بەسەرتا ئەبارێ و
ئازارت تەڕ ئەکات؟
ـ ئەو فەسڵەی کە عیشق ئەبێتە ئاسمانم
ئەو دەمەی کە سەرم
چەخماخە ئەدات و
ژان ئەبێ بە هەورم.
-سەروەرم! ئەی بادی خۆش مرور هاتەوە؟
تەتەری ئەو خۆزگە عەوداڵە چی ئەڵێ؟
ئەو پەیکە لەکوێیە؟
دیدەنی خاك و خۆڵ کەی ئەکەیت؟
-ئەویش وەك کۆترەکەم

وەك خەونی ژوورەكەم
وەك دەنگی "سالم"ی هاوڕێم
لەوێیە و عاسییە
تەتەری ڕۆحەكەم!
بەڵام من ئەمجارە لەسەر ئەو ناوەستم ئەچمەوە.
بەهارێ ئەچمەوە، كە سیروان وەكوو من
ئارامی هەڵئەستێ. مەوسیمێ كە خونچە
وەك پەنجەم، قەسیدەی پشكووتن
بۆ لێوی حەبیبە و شارەزوور ئەنووسێ.
ئەو دەمەی هەڵەبجەی كەژاوە
بەسواری ئەسپەكەی "مەولەوی"
سەوزتر دێتەوە ناومان و ئەو دەمەی
كە "گوڵان" لە ماچی هەتاودا غەرق ئەبێ.
سێ كوچكەی سەفەری بارانین سێ قۆڵیین
مەولانە و حاجی و من
بڕیارە ئەمجارە پێكەوە بگەینە ساراكەی وڵات و
پێكەوەیش لەسەر خەم دابكەین!.
ـ ئەی باشە سەروەرم! كەی هاتی؟ چۆن هاتی؟
"سالم"ت نەبینی
پێش ئەوەی كۆچ بكەیت؟!
ـ لەبیرمە ئەو سوبحی پایزەی كۆچم كرد
منیش وەك نارەوەن ئەوەریم.

بەیانییم غوروبی وەسڵم بوو
ئاگربووم لەسەرمای فیراقدا ئەلەرزیم
بەڕێوە کوڵوکۆم بردە لای
"سالم"ی نەسیمی شارەکەم
گریانم ماچی کرد، خەزانم باوەشی پێداکرد
لەبیرمە پێی وتم: ڕەفیقی ڕۆحەکەم!
وێڵاشی تەنیاییم
بەم وەرزی ناوەختەی چاوڕێزان بەرەو کوێ؟
بەرەو کوێ چاوەکەم؟،
ڕووی ژیلەی خۆم تێکرد:
"ئازیزی ئازیزان!
چارەنووس ڕێبواری ڕێی هات و نەهاتەو
نازانم هودهودی ئەم ڕۆحەم
بەرەو کوێ ئەفڕێت و کام کونجی غەریبی
ئەبێتە هێلانەم.
نازانم مەوجێکم سەری خۆم لە خۆڵدا هەڵ ئەگرم.
شیعرێکم تلاوتل ئەڕۆم و درەختم باڵ ئەگرم.
"سالم"ی هەناسەم! ئەرجوی من هێندەیە:
کە جارجار ئەستێرەی کشاوی یادی من
لە خەونی قەسیدەی جوانتانا ببینن"
ئەوەندە و ڕۆیشتم و لەولای "وەیس" بەولاوە
بۆ دواجار ئاوڕم لە چاوی جێماوم دایەوە

ئاورێ لەوساوە: شەوگاری هیجرەتم
گۆچانی تاریکیی دایە دەست غوربەتم.
"لێرەدا پێی ئەڵێم: گەورەی من!. ڕێم ئەدەی تامنیش
ئەو شیعرنامەیەی کە دابووم بە هەمان —باد-ی تۆ، بەهەمان
پەیکی تۆ!، تابیبات بۆ چەندان "سالم"ی شارەکەم
شارەکەت، نیشانی تۆیشی بەم؟ ڕێم ئەدەی.. گوێت لێبێ؟
بەڵام من سەروەرم! ئەزانم کە گوێی تۆ، چاوی تۆ،
نا ئاشنان بە زەنگ و بەوێنەی زایەڵە و تان و پۆی
ئەم جۆرە شیعرانە! وتت چی.. سەروەرم؟، دڵنیام ئەو ئەڵێ:
"ناسکبێ و خەیاڵی تیا بفڕێ.. حەزئەکەم گوێم لێبێ".

"سالم"ەکانی وڵاتی خەندەی گریاو!
ئەی کەشتیەکانی نێو تۆفان!
هاوڕێیان!
لە بەندەری تەمومژی ئەم کۆچەوە
کە شەوتانی بەئەستێرە و شیعر و زام و
چیرۆکەوە کردۆتە کۆڵ..
لەم بەندەری غوربەتەوە ئەتانبینم:
لە نێرینەی زەریایەکی ترسا
لەگەڵ نێرە نەهەنگێکی شێتا
کە مێژووی لیخن کردووە و
ئێسکی خۆرەتاو ئەکرۆژێ و
جوانیی ئەخوا..

ئەتانبینم: هێشتا لەسەر تەوقی سەری
وەکوو چاوتان، وشەتان پریشك ئەهاوێ و
دەنگتان گڤەی هەڵکردنی هەر پێماوە.
ئەتانبینم: چرای ستوونی قەڵەمتان وەك گەردنتان
گەش ئەسووتێ و
چارۆگەی هیوای سپیتان نەژاکاوە.
ئەی کەشتیەکانی نێو تۆفان!
لەم بەندەرە لمینەوە
کە ڕوناکیی ئازارتانی تنۆك تنۆك هەڵمژیوە
ئەتانبینین: حووتی تۆفان بەدەم باداوەی زەردەوە
ئەتانبات و ئەتانهێنێ و
وەك لاشیپانی کەشتیتان
دەرگای لەشتان شەقەشەقی پێ ئەکەوێ و
بەڵام لوتکەی بەجریوەی گیانی شینتان
وەك باڵاتان ڕێك وەستاوە.
ئەتانبینین: لەناو ئابڵووقەی نێزەدا
سەرتان "دم دم"ی تازەیەو
خانی لەپ زێڕینی وشەیش
قوللەی خامەی ئەم زمانەی بەرنەداوە.
"سالم"ەکانی وڵاتی خەندەی گریاو!
ئەی کەشتیەکانی نێو تۆفان!
هاوڕێیان!

تا ئەم تۆفانی نەهەنگە

کڕنووشی نیشتنەوە ئەبا بۆ زەمین و

هەتا تاریکیی ئەوەڕێ.

هەتا کەشتیەکانتان ئەیکەن بە جەژنی ئاو

هەتا بەندەرمان ئەیکەن بە جەژنی کەشتیی

ئەبێ بانگی سەری ئێمە "نەء" و

سەوڵەکانی دەستی ئێوەیش "نەء" و "نەء"بێ

"سالم"ەکانی وڵاتی خەندەی گریاو!

هاوڕێیان!

ئالەم تاقە وشەیەدا

دوا ڕۆژ هەناسە ئەدات و

هەر لەم تاقە وشەیشدا

خەون هەڵدێ!.

بەڵێنە هەر ئەمشەو لەکەنار ئەو گۆمە

غەمگینەی تەنیشتمان دوو قۆڵیی

یەکتری ببینین:

وەك شادیی کات کەمە و وەك کسپەیش پرسیار زۆر.

من ئەبێ ئەو "پرس"ە گرنگەم بیرنەچێت!. هەر کەدیم

پێی بڵێم:

سەروەرم!

مەراقە.. لە دڵی زمانی کوردیدا.. مەراقە

لەبەرچی دارمێوی شیعری تۆ کۆچی کرد؟

بۆ ژانی بەیارت جێهێشتین؟!
بۆ بەسەر تینویەتی ڕووباری گیانمدا
هەتا سەر دات نەکرد؟

ـ کولله بوون تورکان و بەر خۆریان لێگرتم. هەتاوم نسێی کرد
مەڵێ بووم بێ تیشکی ئەو عەشقە ئەمردم. مەهێ بوو وڵاتی
بابانم. لەشەوی دەیجوری تورکاندا کەگیرا
کوشتیان و، ئەیانویست بەخوێنی ئەو مانگە ئەز بیشۆم
چاوانم. چی بڵێم؟ نەشم ویست لەنێوان، پاشاکان،
برالەی دوژمندا، بۆ عەجەم یان تورکان. من شێربم
یان قەڵغان!.

ـ سەروەرم! دۆزەخی ئەستەمووڵ
هیچ لالە شیعرێکی تیا نەڕوا؟!
دەریاچەی ئەو خەونە هیچ گەرا ئەستێرەی جێنەهێشت؟
قەتارەی ئەو هەوری وشانە نەخرۆشان؟
گزنگیان دانەڕشت؟
بۆ جارێك، هەر جارێك، لەو ئاسکی شیعرانە
یەکێکیان ئەگەیشتنە لای ئێمە؟!

ـ ئاخر چۆن بسووتێم.. ڕۆشن نیم؟
ئاخر چۆن هەڵوەریێم.. پایزی شیعرنیم؟
ئاخر چۆن شارەزوور.. هەورم بێت

سێڵاوی وشەنیم؟
ئاخر چۆن "حەبیبە" ئاسکم بێت
من دەشتی پاراوی خەیاڵ و بەستەنیم؟
کەم بووە شەوانە خەم نەزێ و
ئەستێرەی شیعرێکی لێ نەبێ!.
کەم بووە ڕۆژانە من نەبم بە هەڵم و
دانەکەم بۆ شەوێ!
زیاتر لێی ئەچمە پێشەوە. بۆ مژینی خەمی سپی
خۆشەویستیم ئەبێ بە هەنگ، ڕیشی بە باخ.
زیاتر لێی ئەچمە پێشەوە، هێواش هێواش،
هەردوو کۆترە ساردەکانی دەستی ئەگرم،
هەر بەدەم گمەی شیعرەوە ئەیانخەمە
ناو سنگمەوە. بە گریان دایان ئەپۆشم.
هەوڵیش ئەدەم زەینی خۆم بکەم بە ماسیی،
بۆ ئەو بەحرەی لەبەردەمما دانیشتووە.
هەوڵیش ئەدەم تەماشام بکەم بە بەران
بۆ ئەو کێوەی بەرامبەرم ڕاوەستاوە.
دواتر ئەدوێم. ئەبم بە چیمەنی قسە،
بە چوار دەورا ئەتەنمەوە. ئەوسا ئیتر
بەدرێژیی باسی شارو هەناسەکانی بۆ ئەکەم.
باسی سووڕانەوەی مێژووی خوێنی بە دەوری
کوردا بۆ ئەکەم. حیکایەتی بێ کۆتایی

"ڕیس و خوری"ی تفەنگەکانی بۆ ئەکەم.
باسی "تاقمی مومتاز"ی قوربانیەکانی بۆ ئەکەم.
شەڕی نێوان سەری خۆم و دەستی خۆمی
بۆ باس ئەکەم. ڕووناکیی بۆ ئەگێڕمەوە.
تاریکیی بۆ ئەگێڕمەوە.
ئینجا تۆزێ ئەچمە دواوە. ئەو ماچانە و
دیوانە تازەکەی خۆی و ئەو کوڵەباڵەی
بە دیاری "مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس"[80]
بۆی ناردبوو، ئەیان پێچم لە ڕێحانەی
"بیار"ەوە و لەسەر ڕانی بۆی دائەنێم.
ماچەکان ئەخاتە سەرچاو. پڕ بە گیانی
ئاوارەیی بۆنی ڕێحانەکان ئەکات. هەر لەوێدا
کوڵە باڵیش لەبەرئەکات. دیوانەکە ئەکاتەوە
دەستێك بە ڕیشیا ئەهێنێ. ڕووم تێئەکات و
پێم ئەڵێ "ئەم پیرەیشمان چیایەکە وەك
"شنروێ".. واصلیکە عەبیری سەلامم
بەو و پێشی بڵێ لە دڵمایە وەك تانجەرۆ"
لەپاش تۆزێ هەڵئەسین و ئەیبەم، ئەچین،
بەگوڵزارەکەی "مەسعود"[81]دا سوڕێك ئەخۆین.
چاوم لێیە لە هەندێ شوێن دائەنەوێ و

---

[80] مەلا عەبدولکەریم: "مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسی بیارەیی" زانای ئاینیی و نووسەری ناودار.
[81] مەسعود: "مەسعود محەمەد جەلی زادە" ڕووناکبیر و نووسەر و توێژەرەوەی ناسراو.

بۆنی گوڵەکانی ئەکات. ڕائەمێنێ، لە سەرتڵی[82]
قسەکانی، شاگوڵێکیان ئەکاتەوەو ئەیخاتە بەر
پشتێنەکەی، ئاوڕم لێئەداتەوە، پێئەکەنێت و
پێم ئەڵێ "ئەم باخەوانە تێم ئەگات!."
"شیعرێکی بڵاونەکراوەی نالیی کە پار زستانێ هەورێکی
شیعر دۆستی قایمکار لە ئەستەمووڵەوە بۆی هێنابووم":
"کرمی ئاوریشمە خەیاڵم، بۆ سەرووی ئەو قامەتەت
من کە قۆزاخەی خەمێکم، دەوری داوم چاوەکەت
ئیشتیاقم: بەحری تینوو، هیجرەتم: سەحرا بە کۆڵ
ڕۆحی نالیی هەنگی عیشقەو، شانەکەیشی ناوەکەت!."
بەڵێنە هەر ئەمشەو لەکەنار
ئەو گۆمە غەمگینەی تەنیشتمان
دوو قۆڵیی یەکتری ببینین:
من: نالیی، حەزرەتی غەریبان ئەبینم
ئەو شەوە لە گزنگ موتوربە کراوە ئەبینم
ئەو کێوە کۆچەرە ئەبینم.
ئەو کە هات وەك ئاوو، کە گەیشت وەك تیشك و
کە هەڵنیشت وەکوو باز
من وەکوو خەیاڵی شارەزوور لێی ئەچمە پێشەوە.
هەر خێرا، هەواڵی گرنگی چەند سەرووی دەربەدەر..
هەواڵی گۆرانیی وەکوو خۆی ترافیە.[84]

---

[82] سەرتڵ: هەڵبژێردراو لە هەرە باش.

هەواڵی بەفری شێت لە دووریی هەڵەکۆك.
هەواڵی چەند زاری هیلالی وەکوو خۆی ئەدەمێ و
پێی ئەڵێم:
ـ سەروەرم! بەرلەوەی تۆ بگەیت، لەوێ بووم،
لە "جونێف". ڕۆژێکیان لە جادەی ژمارە 1898.
لە کۆشکی نسرم و شێداری مێژودا، پلیکەی پێشینی
تەختەبەند. پلیکەی ڕۆژگاری پێچاوپێچ. بە کونی
هەتاودا، بردمیە ژێر خانێ، لەوێدا چاوم کەوت،
بەیەکەم ڕەوڕەوەی زمان و بەیەکەم قوتیلکەی
ناو ژووری شەوەزەنگ. لەوێ بوو، هەر خۆی بوو.
"جەلادەت بەدرخان" —بەر لەمن ئەتناسێ و باوەشێ
ماچیشی بۆ ناردووی..
من کە دیم شاخێ بوو ئارەقی سەردێڕ و ستوونی
ئەڕشت و منارەی وشەبوو، ئەسووتاو بەپێوە
وەستابوو، من کە دیم هەورێکی ڕیشدار بوو
بە تەنها ئەیگرمان.
من وتم:
ـ سلاو ئەی
ڕۆژنامەی باپیرە گەورەمان
لەگەڵ چی خەریکی؟!
ئەو وتی:

(84) ترافیە: ئاوارە، دەربەدەربوو.

ـ خەریکم بە وشە
دیواری تاریکیی کون ئەکەم
ئەگەڕێم بۆ هەتاو.
ـ بەکونی هەتاودا من هاتم. وام پێوت.
ئەو وتی:
ـ باش هاتووی!
تۆ شیعری کام شاری؟!
من وتم:
ـ هی نالیی!
ئەو وتی:
ـ ئاخ! نالیی
دوو زام و دوو کسپەو
دوو ئاخی چەند لەیەك نزیکین
هەر ئەڵێی جمکی ئەم غوربەتەین
ئەی هیچت لەگەڵ خۆت هێناوە
بۆ شەوی غەریبیم؟!
من پێم وت:
ـ مۆمێکی ئەشکەوتی باڵەکیان..
یەکەمین ڕۆژنامەی بارانی ئەیلولم هێناوە
من "دەنگی پێشمەرگە"م
لەگەڵ خۆم هێناوە..
ئەو وتی:

ـ ڕۆژنامە! پەنجەرەی دەنگمانە
ئەو وەختەی کە بەسەر دنیادا ئەڕوانیْ.
ئەوەتا من لێرە یەکەمین پەنجەرەم کردەوە.
تیلچافە[85] ڕێوبانی هەنگاومان.
سەیرکە! چواردەورم بەناسۆر گیراوە
هەر حەرفە و هاوارم لێئەکاو
نامۆییش دڕك و داڵ!.
خۆش هاتیی!
دیارییەکەت ئەوەمەو
خۆزگەم بوو بیبینم.
ئەزانم کە نالیی ئەو کاتە، کەژێکە لە بنار تا لووتکەی
هەر گوێیەو هەر چاوە. ئەزانم ئەیەویْ بزانیْ، ئەستێرەی
فرزەندی لانەواز لە کوێن و جریوەی غوربەتیان لەکام لا
ڕژاوە. بۆیە من هەر ئەدوێم:
ـ سەروەرم! هەروەها لەولایش بووم. لە پاریس،
پاریسی بە شیعر پاراو و بە هزر چراخان. شەوێکی
تەمومژ. بەدەوری مێژوودا باپووسکەی[86] پرسیار بووم
هەر خۆڵم ئەخوارد و وێڵبوونم ئەیپرسی:
-شەریف پاشا سەعید خەندان
شەقامی میسین ژمارە 20؟

---

[85] تیلچاف: شەوەزەنگ ئەمووستەچاو.

[86] باپووسکە: کرێوەی بەفر بە باوە.

"ئەمیشیان بەر لە من ئەتناسی و بەمندا دوا دەقی
یادداشتی هاواری زامی خۆی بۆ ناردووی"
سەرەتا ئەچوومە بەردەمی هەرکەسێ، سەرێکی بائەدا:
"ببوورە ناوی وانایەتە خەیاڵم.."
یان ئەیوت: "پێم وابێ شەقامی "میسین"یش بەرجادە کەوتبێ
نەمابێ.. نازانم.."
ئەمپرسی و ئەمپرسی و ئەرۆیشتم
باگژەی سۆراخ بووم.
خۆم لەگەڵ خۆم ئەدوام:
"من ئەبێ لووتکەکان وێڵ نەکەم
بۆ ئەوەی بچمەوە سەرچاوەی بەرزایی
من ئەبێ شوورەکان وێڵ نەکەم
بۆ ئەوەی بگەمە سەرەتاو کۆتایی"
تا دوایی شەقامێ بردمیە بەر کووشکی کتێب و ڕۆژنامە فرۆشێ.
کووشکەکە بێهودە ئەیڕوانیە دەوروبەر وەك "ڕامبۆ"!.
کووشکەکە لە ماڵی نەهێنیی گوێ چەمی "مانگ" ئەچوو.
خاوەنی کووشکەکە.. درێژ و ڕەقەڵە
هەر ئەتووت خاوەنی "شەبەنگە بەرۆژە"[(87)]
ئەدرەسم دایە دەست. چاویلکەی هێنایە سەر لووتی.
دوای کەمێ بە پەنجە ئاماژەی بەرەولای گردێکی ڕوتەڵە بۆ کردم.

---

[(87)] خاوەنی شەبەنگە بەڕۆژ: مەبەست لە نووسەری ناسراو و خوالێخۆشبوو (شاکیر فەتاح)ە کە بە دەستی ڕژێمی عێراق شەهیدکرا.

پێی وتم:

ـ ژەنەراڵ؟! ئەیناسم

هەموو ڕۆژ ڕۆژنامەم لا ئەکرێ

هەر لە دوای کۆنگرەی ئاشتی بوو

لە خانووی شەقامی "میسین"یش دەریانکرد!

لەوساوە کۆترێکی برسییە

لەوساوە، "پاریس"یش هێلانەی ولاتی لەبیرکرد!

داخەکەم! ژەنەراڵ خەونەکەی وەکوو خۆی

ئیستاکە لە ژوورێ خزاوە تەنگ و تار.

داخەکەم! ولاتی ژەنەراڵ

ئەسپێکی بێ کەسە

لەدنیای ئەمڕۆدا

کێ حیلەی ئەبیسێ؟!

هەر ڕۆیشتم. هەتاکوو سۆراخی مەراقم گەیاندە ژوورەکەی.

ژوورێ بوو بەقەم[88] بوو ڕەنگ و ڕووی. بۆبرش[89] بوو هەناسەی.

غەمگین بوو، لە دیدەی تۆ ئەچوو، سەروەرم!. من کە دیم،

قەڵەمی کۆماوەی ڕیش سپی. پڵنگی پەککەوتە. خەریك بوو

بۆ جاری سەدەمین، یادداشتی بۆ دنیای کەڕو کوێر ئەنووسی

ژوورەکەی سیخناخ بوو لە چاوی ئەبڵەق بووی یادداشت و

لەڕیزە تابووتی دۆسییەی بەڵێنی دەوڵەتان. پڕبووپڕ،

---

[88] بەقەم: ڕەنگێ زوو کاڵ بێتەوە.

[89] بۆبرش: بۆنی شت کە لە جێی تەڕ دانراوە و شێی هەڵهێناوە.

لە چڕە دووکەڵی دێهات و ڤریشکەی سێدارەی شەقامی نێو شاران
زەمانێ من لەلای دانیشتم. درەنگان شریتیی ڤیدیۆکەی
هەڵەبجەم دایە دەست. کەلێیدا. شاخی پیر،
زۆر گریا و ئەسرینی یادداشتی داباری.
کە هەڵسام پێی وتم:
ـ ئەم شەوی دۆزەخە
مەگەر هەر یەکێکی وەك نالیی
بیکاتە ڕەشماڵی شیعرێکی زۆر گەورە.
بەردەوام من زەمان ئەئاژوێم
ئەدوێم و
نالیش هەر گوێ ئەگرێ لە هۆرەم
هەتاکوو پێی ئەڵێم:
ـ وائیستەیش سەروەرم!
یەکەمین ڕۆژنامەی هەناسەی بەدرخان
یەکەمین یادداشتی فرمێسکی خەندان و
یەکەمین ڕۆژنامەی چریکەی ئەیلولم
پێچاوە لەسەری بڕراوی "مارت"ەوەو
لەگەڵ خۆم هێناومن
پێی ئەڵێم:
ـ دە فەرموو لێم بگرە سەروەرم!
بۆ ئەوەی لەیەکتر دانەبڕێین!.
بەڵێنە هەر ئەم شەو لەکەنار

ئەو گۆمە غەمگینەی تەنیشتمان
دوو قۆڵیی یەکتری ببینین
ئەم شەو خەوێکم دێتە دی و ئەبم بە شیعرێکی باڵدار.
لە خۆشیاندا باڵ وەرئەدەم لە ئاواز و
دەنووك ئەگرم لە تریفەو
شەپۆل ئەکەم بە هێلانەی تازە هەوار.
ئەمشەو خەوێکم دێتە دی و لە خۆشیاندا
نیگام ئەبن بە کارێز و قژم بە گیا و
پەنجەکانم بە گەڵای دار.
ئەمشەو خەوێکم دێتە دی و نیشتمانم
لەناو دیدە و لەناو دەنگ و لەناو ڕیشی
نالیی دا دێ و ئەگاتە لام.
سنگم ئەبێ بە "خاك و خۆڵ"
سەرم بەچوخمی "سەرشەقام"
ئەم شەو خەمێکم بەختیار.
مەراقێکم هێور، ئارام
ئەمشەو منداڵییم ئەبارێ
بەسەر یادی سەوزو سووردا و ئەبمە دەربەندی پەپوولەو
دایکم ئەبێ
بەمامزێ سپی سپی و حیکایەتی "گردی ڕەش"یش
بەگرمەگرمی گەواڵەی هەوری سەرشار.
ئەمشەو خەمێکم بەختیار.

**مەراقێکم پەل و پۆدار.**
**لەسووتاندا هەڵئەقوڵێم و**
**لەگریاندا سەوزم ئەکا "هەڵەبجە"ی یار.**
**ئەمشەو خەوێکم دێتە دی و ئەبم بە ئەسپێکی باڵدار**
**ئەمجارەیان من ناچمەوە لای نامۆیی و**
**شەو درەنگان هەر لە کەنار ئەو گۆمەوە**
**جڵەو بۆ "با" شل ئەکەم و**
**لەگەڵ نالیی ئەڕۆمەوە بۆلای "گۆیژە"و**
**پێکیشەوە ئەچینەوە لای "سالم"و**
**"حەبیبە"ی شار!**

ستۆکهۆڵم.
مایسی/ 1990– کانوونی دووەمی/ 1991.

# یادداشتی ماکەوێکی ڕەشپۆش

1993

بەم بوولێڵە تەنیا ئەڕوا و ڕووی کردۆتە دامێنی شار
ئێستە ئاسمان مشکیی ڕەنگە و ئەویش خەمێکی مێیینەی
قەترانیی وەك کراسەکەی

ئاڵۆز وەکوو کەزیەکانی
سیسیش وەکوو هەردوو گۆنای
ساردیش وەکوو دەستەکانی
تارماییەکی مێیینەی لەمەراقدا نوقم بووە
پەناو پاسێری گرتووە
شەپۆلێکی لەسەرخۆیە و هەنگاو ئەنێ
ئەستێرەیەکی نەخۆشە و
فرمێسکێکی شۆخ و شەنگە و
بەم بوولێڵە تەنیا ئەڕوا و ڕووی کردۆتە باشووری شار
ئەو زامێکی قژ درێژە،چاوەکانی بڕیوەتە ئەشکەنجەی خۆی
چاوەکانی بڕیوەتە، مانگی خوێنی ئاوانەبووی ناو خەیاڵی
(سەری،مێردە کوژراوەکەی، ئەوێنی خۆی )
لەچراخانی ئازادی..دابڕاوە
لە دارستانی تریقە و پێکەنینی
دەوروبەری دابڕاوە
بێ ئاگایە. . .لەهاواری ئاپوورەی خەڵك
بێ ئاگایە..لەزەماوەندی ڕووناکیی
لەشایی گوڵ
لە لەنجە و لاری گۆرانی
لەسەمای ئالآی سەوز و زەرد
تەنیا ئەڕواو لەگەڵ ڕابردوودا ئەدوێ، لەگەڵ خۆیدا
لەگەڵ بازێکی شەهیدا لەگەڵ (ئەو) دا..

بەم بوولێڵە تەنیا ئەڕوا و ڕووی کردۆتە دامێنی شار
" هەبوو..نەبوو، ڕۆژانێ بوو
بازەکەی من بەناو بڵێسەدا ئەفڕی
لەبەر گۆپاڵەباران و تەرزەی شووم و چەخماخەدا شەقژنی بوو
وەك فریشتە باڵدارەکان. . .
بەدارستانی نێزەدا تێ ئەپەڕی
ڕۆژگارێ بوو، بازەکەی من، لەو بەرزەوە
ئائەم شارەی لەژێر باڵەکانیا ئەدی
یەك بەیەکی ئەم هەردانە، ئەم لووتکانە
جێ ڕەوگەبوون، بۆ ئەسپە شێکەی هەڵمەتی
لەدۆزەخی کلاّوسوور و کلاّوڕەشدا
یەك بەیەکی ئەم کۆلاّن و شەقامانە:
( ئا ئەو سووچە،ئەو سیلەیە، ئەو بن دارە
ئەو ژێر چەترە، ئەو پەناپایەی بازاڕە )
جێ نزرگەی ترسناکی کوت و پڕ بوون
بۆ بازرەقەی خوێنی تووڕە و بۆ هێرشی
کێلاّن و کیفی ئامادە و کراوە بوون
بۆ دەرهێنانی دەمانچە و. . .ڕیزی گوللە و
تەقینەوەی نارنجۆکی خێرای دەسی
وەك کزەبایش، لەناکاودا، ئەهاتەوە بۆ ماڵەوە
بەبێ خشپە، تریفە بوو دەر ئەکەوت و
یان خەوێکی ئێجگار خۆش بوو، لە پڕێکدا، پەیدا ئەبوو

منیش وەك ئاسكی خەواڵوو ڕائەپەڕیم
هەموو لەشم ئەنیشتە سەر ئاوی ترس و
هەموو جەستەم ئەبوو بە چاو
بەهێواشی لەگەمەرەوە ئەیگرتم
( چەكیش هێشتا بەشانەوە )
باوەشێكی پڕاوپڕی گەرم و تینووی پیا ئەكردم
گەرمییانی ئارەزوومان
وەك بەردی بەر سوورەهەتاو تاوی ئەسەند
ئەوسا ئیتر چۆن لاو لاوی
سەر پەنجەرەی ژوورەكەمان
تەواو پێمەوە ئەنووسا...تەواو...تەواو
مەمكەكانم لەناو چنگیا،سپی،سپی
وەك دوو تیتروواسكی بچووك
شەوقی حەزیان،لەسەر گۆوە،دائەگیرسا
وەك چاوەڕوانی تووڵانیی ساڵەوەختیش
وەك خەمی قووڵی هەردووكمان، ماچێكی قووڵ
بینێكی قووڵ، لەدەمەوە، مژینەكە ئەكەوتەڕێ و
بەناو لەشا، تەزووی درێژەی ئەكێشا
لەكەپرۆكەی ناو ڕیشیشیا
بۆنی كەوێڵ، بۆنی ئەشكەوت، بۆنی باروت
بۆنی كووزەڵەی گوێ چەم و مۆردم ئەكرد
بۆنی گوڵە ئازادەكان

بۆنی مەقەڕێکی شێدار
بۆنی نایلۆن، بۆنی بەتانییە سەوزەکان
لەناو توکی سەر سنگیشیا
بۆنی تیژی ئازایەتی و
بۆنی ناو سەنگەرم ئەکرد
لەچاویشیا هەموو ڕێگا دوورەکانم ئەدی
تەمی نزمی گەوەکان و ڕاکردنی گوڵ ئەستێرە و تروسکایی
ئاگری شوانی سەر ڕەوەز و بریسکەی جۆگەی
بەرکاوی ئێواران و هەڵبەزینەوەی قەڵبەزە و
ماچی ئاڵەنێوان ئاسۆ و خۆرنشین و...هەر لەچاویا
ڕەنگی پەڕیوی ژنانی ناو ئۆردوگام ئەبینیەوە،
ڕیزە پیاو و ڕیزە زیل و ڕیزە چادر
سەروو سیمای دوا شەهیدمان
دار تەلی سەر ئیزگەکەمان
لەچاوانیا چارەنووسێکی پایزە وەکوو گەڵا لەرەی ئەهات
لە چاوانیا مەرگی شیعرێکی نازدارم ئەخوێندەوە
خەمی باڵگرتووم ئەبینی
خوێنی ئەستێرەم ئەبینی
لەچاوانیا خۆرنشینی خۆم ئەبینی...خەوم ئەدی:
لەناو گەمیەی هەورێکدام و هەر چواردەورم هەمووی گڕە
خۆم ئەبینی پەڕەسێلکەم تەنیا تەنیا ماومەتەوە...
هەموو جارێ لەچاوانیا

چارەنووسێکم ئەبینی و لێی ئەترسام
لەناوەڕاستی هۆدەدا بەچوارمشقی دائەنیشتین
هەر چوار ئەژنۆمان ئەنووسان بەیەکەوە
لە دوو گوڵدانی پڕ لەگوڵ،پڕ لەخەم و پڕ لەخەون و
پڕ لە ئازاری سوور ئەچووین
قسەی ئەکرد:
ـ تۆو کانی...تۆو درەخت...
تۆو بەردم،بەقەد یەك خۆش ئەویٚ!
ئەمپرسی:
ـ کاممان، تۆزقاڵێ لەکاممان زیاتر...گیانە؟!
ڕائەما،ئەیڕوانییە دارەڕای ژوورەکە
لەو ساتەدا دەم و چاوی
لەکوختێکی ناو تەم ئەچوو...
ـ زیز مەبە! بەرد زیاتر...ئاو زیاتر...دار زیاتر!
ئۆە!گیانە...کە بەردمان لەدەست چوو...ئێمە چین؟!
کەئاومان فەوتی کرد...ئێمە چین؟!
ئەوێنی بێ بەرد و بێ ئاوو بێ درەخت کوا هەیە!
یەك چرکە ئازادیی و دوای ئەوە بابمرم!
لێڵ مەبە!...ئەوێنی من و تۆیش
لەڕوونیی ئاودایە!
لە خوڕە و لەهاژەی سەربەستی ئاودایە
تەماشا!دیلێتی ناهێڵێ

تێر سەیری یەك بكەین!
ژێر دەستی ناهێڵێ...لەماڵی خۆیشماندا
بۆ تاوێك بسرەوین!
ئازادیی ئاسمانە...بارانە و هەتاوە
بێ ئاسمان...كام خۆر و كام تیشك و كام باران؟
ئازادی خاكیشە
ئازادی خەڵكیشە... مێژویشە
كە نەبوو چی هەیە؟! ئەمە نانە؟!
یان ژەهر؟
(بازەكەی من شاعیریش بوو...
هەموو جارێ دوا شیعری خۆی
لەگەڵ دوا دووكەڵی مەزرا و
لەگەڵ دوا زریكەی بەرد و
لەگەڵ دوا گریانی باخدا بۆ ئەهێنام)
بازەكەی من ئەو شیعرانەی كە ئەینووسێ
قووڵ بوون...وەكو دەریاچەكان
سادەیش بوون وەك گوڵە كێوی
بازەكەی من لە نوێخوازانی ژیان بوو
ئەو نەئەچوە بەر ئاوێنە كۆنەكانی زمان
لای ئەو وشە زیندەوەر بوو
لای ئەو ڕستە مەوجدانەوەی مەراق و
زەنگی مێشك و وەكوو گڕكان

ساتە وەختێکی خەتەر بوو
(نموونەیەکی بچووك لەشیعرەکانی بازەکەی من)
سەری من بەم ئاسمانە نەوییە بەم ئاسمانە زەلیلە
ڕازی نابێ
سەری من تۆپی ئاگر و گلۆڵەخەمێکی یاخییە
یان نارنجۆکێکی ناودەستەکانی ئازادیی
ئەبێ ئەم مێژووە تاریکانە...ئەم بەهەشتە ڕەشانە
لەخوێنەوە ڕووناکییان بۆ بەرین
بەڵام ئەشبێ بەمردنێکی درێژدا تێ پەڕین
ئینجا بگەیتە......
( بازەکەی من ئەم شیعرەی
بەناتەواوی بۆ بەجێ هێشتووم )
بازەکەی من،وەك کزەبا چۆن لەناکاو پەیدا ئەبوو
هەروایش لەپڕ:بەبێ خشپە،وەك کشانەوەی تریفە...
وەك گەڕانەوەی تارمایی و سێبەر و خەو، دیار نەئەما
لەپڕێکدا ئاوا ئەبوو. ئەچۆوە ناو ڕۆحی چیا
ئەبۆوە بە: گوڵی چوالە. بەدار هەنار. ئەبوو بە
زنەو بەڕەگ و بەسروودی دەم دار بەڕوو
ئەچۆوە ناو تەمتوومانی ئەودیو کەژە بێ دەنگەکان
ئەچۆوە ناو جریوەی دوور، ئەچۆوە ناو خەونی
گوند و لەخۆڵەمێشدا ون ئەبوو
ون ئەبۆوە...ئەهاتەوە. ون ئەبۆوە

بازەكەی من بوومەلەرزەی، لەبن دەستی
دێوی سپی و دێوی ڕەشی ئەم شارەدا
ئەچاند ئینجا ون ئەبۆوە
لەسەفەری گردی ڕەشدا هەموو جارێ
كەمەندی ئەو بێچووە درنجێكی ئەگرت
هەمو جارێ لەچەقی ئەم جادانەدا
بۆ دالێكی ئەم مەلبەندە...
بۆ ئەرژەنێ
بۆ عەزیایەك
دۆزەخێكی نوێی دائەخست
بازەكەی من لە دوا ئێوارەی فڕیندا
لەدوا ساتە وەختی نێوان گەشانەوە و هەڵوەریندا
وەختێ لەگەڵ ڕەوتی خێرای
جوانووە ژانێكی سپیدا لە شاخەوە
بەرەو بنار دا ئەگەڕا و
شۆڕ ئەبۆوە بەرەو ناو شار
ئەو چركانەی:
تراویلكەی لەرزیوی پێش هەردووچاوی
سیمای ئاونگاویی منی
دوور و نزیك نیشان ئەدا
مردن لە شێوەی داوێكدا
ئەگاتە بەر هەردوو قاچی و

دێتەوە یەك!
باز ئەگیرێ و
باڵەکانی شەتەك ئەدرێ و
ئەخرێتە ناو زیندانێکی گەڕۆکەوە و
دوور دوور ئەبرێ
(بازەکەی من. پەلەت چی بوو)
بەو ئێوارە درەنگ وەختە
بەو ئێوارە بەژن ڕەشە
بەو ئێوارە نەفرەتییە
بۆ کوێ ئەچوی؟
ئەتویست چریکە و شەقژنت بەریتە کوێ؟!
ئەتویست لەکام هەوار لادەی؟!
پەلەت چی بوو؟!
هەور لەسەرت ئەوەستا!
ڕووبار لەسەرت ئەوەستا!
زریان لە سەرت ئەوەستا
منیش لە سەرت ئەوەستام
پەلەت چی بوو؟!
وتیان: گێژەڵووکەیەکی سپی غەمگین
ئەو یەکەم جار
هەواڵی تۆی گەیاندبووە ماڵی چیا نشینەکان
هەواڵی تۆی بردبۆوە بۆ لای بەفر و

بۆ لای مێرگ و

بۆ لای گوڵەکێویلەکان

هەواڵی تۆی بردبۆوە

بۆ لای کۆترەکانی مەقەڕ

بۆ لای ژنە ماست فرۆش و

هۆبەی تازە هەڵدراوی ڕەوەندەکان

وتیان: تێکڕا بەیەکەوە

لەگەڵ چنار و شۆڕەبی و

پیاوانی بەردەرکی مزگەوت

ژنانی سەرکوڵ و کانی

هەموو پێکەوە گریابوون

هۆ بازەکەم پەلەت چی بوو؟

مەرگ هەر ئەهات

ئەم سەفەرەت هەر لەبەر بوو

بەڵام هێشتا ئەی بازی من

بۆ تۆ بەرەبەیانێکی زوو بوو

شیعرەکانت: هێشوی وشەزیوینەکان

خەتی وەك زەنگیانە وردت

شێوەی ئیمزات " کە لەسەری بولبول ئەچێ "

دار جگەرەیەك..چەرخەکەت..

چاکەتێکی کۆنی سەر قۆڵ پینەکراو..

چاویلکەیەکی هەتاوو

تەزبیحێکی ئەبڵەق،کلاّوێ، پاندانێ
قەفەزێکی کەو. لفکەیەك
شوشەیەك عەتری بەتاڵ و
هەگبەیەك و
ئاوێنەیەك
ئەی بازەکەم!
ئەمانە ئەو یادگارو شوێنەوار و میراتیانەن
بۆت جێ هێشتووم.
ئەم شتانە..گیانیان تیایە
ئەم شتانە..قسە ئەکەن ڕازەکانیان ئەدرکێنن
ئەم شتانە..ئەجوڵێن و دێنە لام و
لەباخەڵما ئەیاننوێنم.
هەموو ڕۆژێ دەستیان بەسەردا ئەهێنم
بۆنیان ئەکەم، بۆنی شووشە بەتاڵەکە
بۆنی هەگبەو بۆنی لفکە.
چاکەتەکەت لەبەر ئەکەم
کلاّوەکەت لەسەر ئەکەم
عەینەکەکەت لەچاو ئەکەم
ئەچمە بەردەم ئاوێنەکە
بەپاندانەکەیش لاسایی
خەت و ئیمزات ئەکەمەوە
بەتەزبیحیش دەنکە یادوو

دەنکە مەراقم ئەژمێرم
ئینجا ئەچم لە تەنیشت قەفەزەکەوە
هەڵ ئەتروشکێم..
لەبەر چاوم وردە وردە قەفەزەکەت گەورە ئەبێ
واهەست ئەکەم منیش پەڕوباڵ دەر ئەکەم
ئیتر ئەبم بەماکەویێکی رەشپۆشی خاڵ لەمل و
دەرکی قەفەز ئەکەمەوە و
ئەچمە ناوی و
بەزایەڵە و فوغانەوە
بۆت ئەخوێنم!

لە شەوانی بەفران باردا. خۆشەویستم سپی سپی ئەچێتەوە لەشەوانی بەفرانباردا. لە ناومالێکی سپیدا گوڵێکم ڕەش لەدارستانێکی سپیدا ئاسکێکم ڕەش. لەشەوانی بەفرانبارا وەکوو کولوو بەبێ خشپە دێیتەوە لام، دێیتە ژووری هێشتا قژو ڕیش و سمێڵو چەکەکەت، هەردوو شانت سەر بەبەفری نواو تازەن، دەستت تەزیو. پەڕەی گوێچکەت سوور هەڵگەڕاو، هالاو لەدەمت هەڵ ئەسێ و جەستەت کەمێ هەڵئەلەرزێ و کلووەکان ئەبن بەئاوو بەچزەوە ئەتکێنە سەر تاقە زۆپاو پێ ئەکەنێ و لەپاش تۆزێ دەم و چاوت بەتەواوی دەر ئەکەوێ. دائەنیشین، پاڵ ئەکەوین. هەگبەی تەڕت ئەکەیتەوە، هەورییەك و جووتێ پانی بەرزی ڕەنگاوڕەنگی لێ دەردێنی، لەو بەرەوە

هەڵی ئەدەیتە کۆشمەوەو ئەڵێی:
ئەمجارەیان دیاریەکەمان سەقزییە
لەشەوانی هاویناندا وەختێ کەمانگ هەتا سەرشانی گردەکەی
بەرامبەرم دائەبەزێ. ناو بەناوێ کزەبایێ دێت و بۆنی
گوڵە عەتری زەرد و مێخەك لەگەڵ هەناسەی فێنکی خۆیدا
دێنێ. ژنی گەڕەگ ئەچنە دەرێ. لەبەر دەرگای حەوشەی
ماڵدا دائەنیشن. بنێشت ئەجوون و شەماڵە ئەگرنەوە
کیژەکانیش پرچی یەکتر ئەهۆننەوە. من ئەزانم تۆ بە شەوی
ئاوا ڕووناك و لەبەرچاو نایەیتەوە. من هەر لێرەم
لەقەفەزدا و ماکەوێکم تاق و تەنیا و ناچمە دەرێ
هەموو جارێ بەیەکەوە مانگمان ئەدی
من بەبێ تۆ مانگ نابینم. بۆ ببینم؟!
چی پێ بڵێم؟!بۆچیم بوێ؟!
من ئەمشەو لە مانگ ئەترسم
دەم و چاو شووم،
ئەڵێی ژنە جادووگەرێکی نەخۆشی سیحر بازە...
من ئەمشەو ڕقم لەمانگە
ناچمە دەرێ!
بازی گیانم!
هەر لە دوای تۆ لەدوای کۆچی سوورو خێرات بە چەند مانگێ
لەگەڵ وەعدەی ئەوەڵێنی ماچ و موچی هەندێ گوڵی
زوو ڕسکاوی، تازە مەمك کردووی

ئەم خاکەدا،لەگەڵ وەعدەی یەکەم هەتاوی دەس گەرم و
تەشق شکاوی سەرمادا
هەر لە دوای تۆ بەچەند مانگێ
گەورە ترین بومەلەرزەی ئاودامانی ئەم مێژووە
ئەم نەخشەیە...هات و ڕوویدا
مەزنترین لافاوی خەڵك،سێلاوی سەر،
سێلاوی دەست و هاوار و گەردنی خەڵك
هات و ڕوویدا
بەسامترین ڕاپەڕینی خوێنی ئێمە
ڕاپەڕینی ئەسپی سووری بەژنی ئێمە
هات و ڕوویدا
ڕاپەڕینی چڕترین خەمی دیرۆکمان
ڕاپەڕینی بەرد بە بەرد و
دار بە داری ئەم کێوانە
ڕاپەڕینی بازووەکانی جادە و گەڕەك
ژن و منداڵ
ڕاپەڕینی خۆشەویستی
لافاوی قاچ،لێشاوی دەست،سێلاوی لەش
باهۆزی دەنگ
بومەلەرزەی کۆت و زنجیر
هات و ڕوویدا
وەك تەلیسمێ...وەك ئەفسانە

وەك خواوەندی ئازادی هات
بۆ یەکەم جار دەمی بەستراوی مێژوومان
کرایەوە و هەناسەی دا
ئاخ بازەکەم!
تۆ لە کوێ بووی؟!
لەدوا پەراوێزی یادداشتەکاندا ماکەوە ڕەشپۆشەکە
بەخەتێکی درشت نووسیبووی:
(دوای ئازادیش ڕۆژ هات و ڕۆی. پاك هات و
پیس هات و بەلاَم پیس هەر نەڕۆی. ڕوون هات و
لێڵ هات و بەلاَم لێڵ هەر ڕوون نەبۆوە. چەقۆ هات و
قوربانی هات و کەچی چەقۆ تیژتر بۆوە. بای سپی هات و
بای بۆر هات و بەلاَم بای بۆر هەر گڤە گڤی بوو. ئاوی
سەوز هات و ئاوی ڕەش هات و کەچی ئاوی ڕەش
هەر نەڕۆشت و هەر پەنگی خواردەوە. ئاسمان هات و قەفەز
هات و کەسێ نەهات بەلامەوە و من و برسێتی و
تەنیایی و ئەم قەفەزە هەرماینەوە)
ئێستە ڕوحم قاقڕێکەو خۆڵی سووری تیا ئەبارێ. خۆڵێکی ورد
کەتیرەیی، بینین کوژو بەهێواشی ئەنیشێتە سەر تەنیایی و
قەفەزەکەم، سەر برسێتی و سکی خاڵیم، ئەملکێنێ بە
غوربەتێکی تازەوە، غوربەتی من لەناو شایی ئازادیدا
غوربەتی خوێنی بازەکەم، نامۆیی خوێنی بازەکەم بەهاوڕێ و
مەقەڕی خۆی. غوربەتی مافێکی برسی و ماکەوێکی بێ

دان و ئاو. ماکەوێکی بێوەژنی تەنیاو ڕەشپۆش.
ماکەوی ژنە بازێکی لەبیر کراو!
" ئاگادارییەك لەماکەوە ڕەشپۆشەکانەوە"
(ئەگەر لە ترسی گەڕانەوەی ئەرژەنگی دێو نەبوایە
ئەگەر لە ترسی گەڕانەوەی دۆڵپای تاعوونی بەغدا نەبوایە
ئێمەی ماکەوە ڕەشپۆشە برسیەکانی ئەم قەڵەم ڕەوە
هاوسەرو خوشك و دایکی و بازە پەڕ و باڵ خوێناوییەکان
بەدەنووك و بەدەنووك و بەدەنووك
سەدان چاومان هەڵ ئەکۆڵی و ئەشمان خواردن!)
بازەکەی من!
ئیستە ڕۆحم قاقرێکەو خۆڵی سووری تیا ئەبارێ
تۆزێکی وورد. کەتیرەیی. ئەملکێنێ بە غوربەتێکی تازەوە
بەتوتڕکی هەزار پرسیاری تازەوە..
" ئەترسم..ئەترسم..ئەترسم
لەم خۆڵە سورە ئەترسم
لە پشت ئەم خۆڵە سورەوە چیتر هەیە؟!
کێ لەخوێن ئەکۆڵێتەوە؟!
کێ دادگایی من ئەکات؟!
کێ سەر لەم قەفەزانە ئەدات؟!
گوڵە ڕەشەکان چۆن ئەژین؟!
گوڵە ڕەشەکان چۆن ئەمرن؟!
ئەم دەرگای سەر برینانە

کێ لەم دەرگایانە ئەدات؟!
ئەم هێلانەی بازو دالآنە چۆن تێکەڵ
بەیەکتر بوون؟!
ئەترسم. ئەترسم، ئەترسم
لەم خۆڵە سورە ئەترسم
ئەم چەقۆیانە چۆن هاتنە
ناو بەرۆکی سپیمەوە؟!
ئەو گوڵکوژانە چۆن ئێستا
لەگەڵ گوڵدا هەڵ ئەپەڕن؟!
ئەم دزانە بە کوێدا هاتنە ژوورەوە؟
چۆن گەیشتنە سەر چرپاکەم؟
ئەو ئەسپانەیان چۆن خەساند؟
ئەو کێوە زلە چۆن دزرا؟
چۆن؟ چۆن؟ چۆن؟"
من بازەکەم گوڵکۆیەکی دیاری نییە
لەسینەم و ئەو گوڵجارانە بەولاوە
کە مێرگی سوور
کە دەشتی سوور ئەنووسنەوە
من بازەکەم گوڵکۆیەکی دیاری نییە
هەتا منیش وەك ژنە هەوری ئەم شارە
هەوری ڕەشپۆش
هەمووی ڕۆژانێکی هەینی

خەمەکانم کۆکەمەوە و
بچم بەسەریا ببارێم
من دار هەنارێکم هەیە تەنیا
تەنیا و تەریك
هەر خۆی و خۆی
واله باکوری ئەم شارە
هەموو ڕۆژانێکی شەممە
هەر خۆم و خۆم
ئەچم بۆلای، منیش وەك ئەو
هەر بەپێوە ڕائەوەستم، هەتا بوولێڵ
چاو ئەبڕمە قەدوبالأی، ماچی ئەکەم
دەستی ساردم ئەخەمە سەر شانەکانی و
هەڵ ئەلەرزێم وەکوو گەلأی
یەکەم جار بوو
ئەم دار هەنارە تەنیایە
ئەم هاوڕێ گۆشە گیرە
له شەمەیەکی زیوینی بەر باراندا
لەسەر قەدی، لەسەر سنگی
لەسەر دەستی
شیعری یەکەمین ژوانی
من و بازەکەمی نووسی!..
هەموو ڕۆژانێکی شەممە ئەچم بۆلای

منیش وەك ئەو هەر بەپێوە ڕائەوەستم
هەتا بوولێڵ
ئەوسا ئیتر وەکوو خەمێکی قژ درێژ
وەك ماکەوێکی ڕەشپۆشی
تەنیا و بێزار
دائەگەڕێم و ئەچمەوە
بۆ ناو قەفەزی ژوورێکی
دامێنی شار!

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| کاوەی ئاسنگەر | 5 |
| پێشەکی و لێکۆڵینەوە... د. ئیحسان فوئاد | 7 |
| تابلۆی یەکەم | 34 |
| تابلۆی دووهەم | 47 |
| تابلۆی سێهەم | 55 |
| تابلۆی چوارهەم | 61 |
| تابلۆی پێنجەم | 83 |
| تابلۆی شەشەم | 96 |
| تابلۆی حەوتەم | 123 |
| تابلۆی هەشتەم | 151 |
| تابلۆی نۆهەم | 181 |
| ئاسك | 219 |
| تابلۆی یەکەم | 222 |
| تابلۆی دووەم | 238 |
| تابلۆی سێیەم | 249 |
| تابلۆی چوارەم | 266 |
| تابلۆی پێنجەم | 291 |
| ڕووبار | 319 |
| ڕووبار | 321 |
| کوڕی زەریا | 322 |
| لەڕاکشانێکدا | 329 |

داستانی مامەیارە ........ 332
بەیتی ئاگر ........ 357
داستانی بەردە قارەمان ........ 383
داڵ ........ 441
دەربەندی پەپولە ........ 483
یادداشتی ماکەوێکی ڕەشپۆش ........ 613

# دیوانی

# شێرکۆ بێکەس

# دیوانی

# شێرکۆ بێکەس

**بەرگی چوارەم**

**1993 - 1998**

**کوردستان ـ** 2006

**ئافات**

**1993**

# غەزای گوڵجاڕی ئاوێستا*

**شوان ئەحمەد**

جیاواز لە دیوانە شیعریەکانی دیکەی کاك شێرکۆ "ئافات" یەکەمین بەرهەمێك بوو کە لـە دوای بـەهاری ئازادیـەوە، دوور لـە ڕەقیـب و دوور لـە چـاوی سانـسۆرو بـەبێ تـرس خوێندبێتمەوە.

خوێندنـەوەی چـەند جـارەی ئـەم دیوانـە جـارێکیتر گەیاندمیـە ئـەوەی، قەڵـەمی ئـەم داهێنەرە گەورەیەمان ئاشناترین قەڵەمێکە کە بە درێژایی ئەزموونی شیعری خۆی ترپەی دڵی مێژووی کورد بە شیعر نووسیبێتەوە.

بەڵام ئەمە بـەو مانایـە نایـەت کـە ئـەزموونی شـیعری شـێرکۆ بێکـەس هـەر بـە تـەنها گواستنەوەی ڕووداوەکانی ناو مێژووی نەتەوەی ئێمە بێت و تۆمارکردنی بێت بە شیعر.

ئاشنایانی شیعری شێرکۆ (بە ڕەخنەگرو خوێنەرەوە) بە ئاسانی پـەی بـەو ڕاسـتیە دەبەن کە شیعری ئەو چ تەماس و چ پەیوەندییەکی ڕاسـتەوخۆی بـە مێـژووەوە هەیـە، بەتایبەت بە مێژووی نەتەوەوە (دەرگای شیعری من لە کوردستانەوە دەست پێدەکات).

بـەڵام سـەوداو مامەڵـەی شـێرکۆ بێکـەس لەگـەڵ مێـژوودا جیـاوازەو تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە. هەر ئەمەشە وایکـردووە ئـەزموونێکی قـوڵ و دەوڵەمەنـدبێ و بـە درێـژایی سـی ساڵی ڕابـردوو دەنگێـك نـەبێت بتوانێـت تـەجاوزی دەنگـی ئـەو بکـات. ئەگـەر بەشـێکی گرنگـی ئەزموونی شیعریی شاعیری گەورەی عەرەب "ئەدۆنیس" سەوداکردن بووبێت لەگەڵ زمانـداو

* شێرکۆ بێکەس: ئاوابوون و بوومەلەرزە.

ئیشکردن بووبێت لەناو زماندا، ئەوا ئەزموونی شیعری کاک شێرکۆ مامەڵە کردن بووە لەگەڵ مێژوودا لە هەردوو حاڵەتەکەشدا سەلیقەی شیعری هەریەکەیان لە ئاستێکی وەهادا بووە، کە نە دەقێکی مردوو بەرهەم بهێنن و نە شیعریەتیش لە دەقەکانیان بزربێت.

مەبەستمە بڵێم "ئەدۆنیس" سەرەڕای سەرکێشی زۆری لەگەڵ زماندا، بەڵام نەکەوتە ناو تۆڕی یاریکردنێکی بێ مانایانەوە بە وشەو شکڵ سازییەوە.

هاوکات کاک شێرکۆش لە قۆناغە جیاجیاکانی ئەزموونی شیعری خۆیدا نەکەوتۆتە تەڵەزگەیەکی وەهاوە، کە مێژوو بەشێوەیەکی میکانیکی و وەکی خۆی بە ڕووداوەکانیەوە پەلکێشی ناو شیعرەکانی بکات. ئەڵبەتە ئەوەی ڕاستی ئەم بۆچوونەش بسەلمێنێ بەردەوامی و داهێنانی شیعری بەردەوامی کاک شێرکۆیە. چونکە گەر وا نەبوایە ئەوا ئەم دەنگە هەرزوو دەبووە تۆماری مێژوو و، لە کاروانەکە جێدەماو وەك چەندین قەڵەمی تر پەراوێز دەکەوت.

بەڵام کاری مەزنی ئەم پیاوە لە سەوداکردنیدا لەگەڵ مێژووی نەتەوە بە شیعر ئەوەیە کە ئەو (بە نهێنی و شاراوەیی، بەسیمبول و دەمامکەوە لە دەروازەی مێژوو نادات. بەڵکو کارەکەی بە پێچەوانەوەیەو دەیەوێت مێژوو بە کێش کاتە ناو پێچ و پەناکانی شیعرەوە و بە ئاشکرا مامەڵە لەگەڵ ناوەکانیدا بکات.. یان ڕوونتر بڵێین دواجار ئەو شاعیرێکە دێت و بەستەڵەکی مێژوو دەگۆڕێت بە شیعر)**

لێرەوە دیوانی "ئافات" بە هەرسێ چامەی شیعری (ئافات و، پەریزادو گوڵەکەی دوژمنی و، ئاوابوون و بوومەلەرزە) دێت و زیاتر ئەو قەناعەتەمان لەلا دروست دەکات، کە چۆن چۆنی سەلیقەی شاعیرێتی شاعیرێك دەتوانێت بەستەڵەکی مێژوو بگۆڕێت بە شیعرو، لەگەڵ بوونی قەزیەیەکدا شیعریەتی دەق بزر نەبێت. کاك شێرکۆ کاتێك لە دووتوێی ئەم دیوانەیدا دەست دەخاتە سەربرینە سەختەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێمە (هەڵەبجە، ئەنفال)، بەشێوەیەکی ستاتیکی تایبەت و بە فانتازیایەکی قوڵەوە جارێکی دی مەحکوممان دەکات بەوەی یادەوەری مێژووییمان بخەینە گەڕو، لەگەڵیدا سەرەتای سەرەتاکانی برین و خوێن ڕژانی ئەبەدیمان دەست نیشان کەین.

---

** خەلات عومەر: خاچی مێژوو، یاخود خاچی شیعر.

سەرەتایەك كە بەغەزای گوڵجاڕی ئاوێستاو
خۆرنشینی بانگی موغ و
داچۆڕینی دواتنۆکی زەردەخەنەی گاتاکان و
بردنی کلاّوەکەی (زەردەشت) دەستی پێکرد.
سەرەتایەکی بەد کە لە مێژوومان نابێتەوە:
من گەردنی ژێر شمشێری زەردی
هەموو کات و سەردەمێکم
من ئەو خوێنە نەفرەتیەم کە ڕشتنم نابڕێتەوە.

سەرەتای غەزای کۆن (غەزای گوڵجاڕی ئاوێستا) بە هەستانە سەرپێی زریانی زەردی لم و چۆك دادانی چیاکانمان دەستی پێکرد

لەگەڵیدا بێشەیەك شمشێر ئەجولاّ و دەهاتە پێش
کە (با)ی دڕکاوی سەحرای لە شمشێرزاو دەگاتە لامان،
مەملەکەتی خەونی میدیاو مەمکەکانی (ناهید) دەخوا.

لە غەزای نوێ و لـە ئـەنفالی تازەشمانـدا، کاتێـك سـەر لـەنوێ لێشاوی پێکـەنینی لم دەست پێدەکات، ئەوا:

سەد بێشە (خودە) ئەجولێ و دێتە پێشێ
سەد بێشە پۆستاڵ.. سەد بێشە تفەنگ
سەد بێشە بەلاّو سەد بێشە تاوان ئەجولێ و دێتە پێشێ.

ڕاسـتیەکی حاشـا هەڵنـەگرە کـە گـەورەترین غەزیـە ناتوانێـت شـیعرێکی جـوان بخولّقێنێو، مێژووش بە هەموو شـکۆداریەوە لـە باریـدا نییـە شـاعیرێك دروسـت بکات. بـەلاّم شـاعیری بەهرەمەنـد دەتوانێـت سـەودایەکی هونەریانـەی بـەرز لەگـەڵ بابەتـدا بکاتو، مێژووش بکاتـە سـستمێکی ڕەمـزی و دەلالی تایبـەتی وەهـا ــ کـە ئەمـەش کـاری شێرکۆیە ـ تاببێتە (تەوەرێکی سەرەکی و دالێکی سەرەکی شیعرەکانی).***

*** بەختیار عەلی: ململانێی مەرگ ــ ژیان لە قەسیدەی خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ.

ئـەم كورتـە نووسـينە جگـە لـە چـەند بـاری سـەرنجێك بـەولاوە لافـی هيـچی ديكـە لێنادات.. بەڵام ئەمە دەستم لەوە ناگرێت كە لە داهاتودا وردترو بەنەفەسـێكی درێـژتر قسە لەسەر ئەزموونی شيعری ئەم شاعيرە داهێنەرەمان بكەم.

كارێك كە دەبێت ڕەخنەی كوردی زۆربە جيدی ڕەچاوی بكات و، ئاوڕی پێويست لـە ئەزموونی كاك شێركۆ بداتەوە. پێشموايە شكاندنی ئـەو گـەمارۆی بێدەنگييـەی دەوری ئـەزموونی شـيعری شـێركۆيی داوە، ئـەركێكی كـە زيـاتر دەكەوێتـە ئەسـتۆی ئـەم نـەوە تازەيــە، ئــەركێك كــە دڵــسۆزانە هاوڕێيــانی گۆڤــاری (ئــازادی) هــەر لــە ســەرەتاوە ئەنجاميانـداوە، هاوڕێيـانی ديكـەش لـە ڕێگـای كتێبـی (تيرێـژەكان و شـيعری شـێركۆ بێكەس)دا درێژەيان پێدا.

2000/6/29

**سلێمانی ـ كوردستان**

ئاوێزانی ژینەژانم[1] بە، ئاوێزان
ئاوێزانی چراخانی خەمم!
تۆ بەخەمی یاقووتینی منەوە جوانی و

[1] ژینەژان: مەراقی گەورە.

منیش بە ڕشتەی مرواریی گوناهە سپیەکانی تۆوەیە
ئەدرەوشێمەوە.
ئاوێزانم بەو وەختی سوروسات[2] بەسەرچوو.
وەختی باوێشکدانی مێژوو،
وەختی نووسینی راستیی،
وەختی گەمەی پەیامبەران، گوزەشتن، گوزەشت!.
با فریای دوا وێردی گوڵە گەنم و
دوا پەیامی بەردوو، دوا نزای
فریشتە تاوانبارەکان بکەوین.
فریای ئاهوناڵەی شەیتانە بەسزمانەکان.
وەختی هێوریو چاو بڕینە چاوی
مانگە گەلحۆکان بەسەرچوو.
لەم بەندەرە سامدارەدا، ئەوینی زەڕنەقووتەی ئێمە
چۆن باڵ بگرێ؟! بڕوانە لە رۆژهەڵاتی سەرتەوە
چ ئافاتێکی چڕ بەرێوەیە.
ئافاتی ئەشکەوتی زاووزێکەر بەتاریکیی و ڕقەوە.
ئاوێزانم بە. مەرگ ئەڵێ: درەنگە
عەدەم ئەڵێ درەنگە، بەهەشت و دۆزەخ ئەڵێن درەنگە.
فەنابوون یەك ساتەو هەموو سات.
ئەی کچی مەرگەسات!
ئەی ژنی بەفری ڕەش، ئەی کچی وڵاتی

[2] سوروسات: میواندارییی.

تاعوون و كارەسات!
ئاوێزانم بە تێکەڵم بە
تۆ گەردەلوول و من پێدەشت تێکەڵم بە
تۆ دڵنیایی  و منیش ترس، تێکەڵم بە
لەکەڵە موستی پێمەوە تا تەوقی سەر تێکەڵم بە.
موو بە موو، دەمار بە دەمار، تێکەڵم بە.
با ئاوو ئاگر، خەم و خۆشی، تاوان و سزا
ڕەش و سپی،  وەرین و پشکووتن، حیلەو گمە
تێکەڵ بن و بەڕەنگی خۆیان ڕەنگمان کەن!..
با ئەم ئەوینە نەفرەت لێ کراوە.
ئەم دوو جەستە قەدەغەیە
یەك خاچی دەم بە زەردەخەنە
دوای خۆیان جێ بێڵن!.
ئەوەتا (با)یەکی مۆری ڕەقاویی گرنج گرنج، زبر،
وەکوو ئەو غەزەبەی لە کەناری مەملەکەتی
ئاتەشێنی "پارس"ەوە زوو، هەڵیکردوو،
لەگەڵ خۆیدا،
دەغڵی ماچ و ئاگردان و رووناکی برد.
لەگەڵ خۆیدا،
لانکەی گوڵ و بەردەنوێژی موغەکان و
کلاّوەکەی "زەردەشت"ی برد.
"ئەم بەیانییە" "با"یەکی ئا لەو چەشنە

"با"یەکی ریشنی دڕکاویی، "با"یەکی ئێسك گرانی
دەنگ گڕی دۆزەخیم بینی
ئەم"با"یە هاتووە، پاشەڕۆژ بفڕێنێ.
وا هاتووە درەختی ساسانی شیعرم ڕیشەکێشکات.
وا هاتووە، سەرمان، خەونمان، پەنجەکانمان
گوڵدانەکانمان، ژێی گیتارو گەرووی وشەو
سەمای گیان و ڕەشبەڵەك و پەرداخەکانی خەیام و
باڵندەکانی مەستوورەو سروودەکانی بێکەس و
هەرچی هەوری ژان گرتووە، هەرچی کرمی ئاوریشمینی ئایندەیە،
هەرچی گەرای چراکانە هەمووی بەرێ"
ئەمە مەرگی نوورانییەو بە شەپۆل دێ.
ئەمە مەرگی وەجاخزادەی ڕۆژهەڵاتە.
ئەمە مردنێکی قسە خۆشەو دەوری داوین.
لەبیرت دێ کە پێم وتی:
ئێمە لەبەر ئەم بارانە ڕەشەدا بۆ وەستاوین؟!
ئەی کچی بەنەعلەت کراو
لەبەردەمی ئەم مێژووە ترسنۆکەدا!
ئەم قەوزانە تازە لە لەشمان نابنەوە.
ئێمە لەبەر ئەم بارانە رەشەدا بۆ وەستاوین؟!
ئەم چەترە کۆنانە دادی ئێمە نادەن.
ئەترسم ئەمە دوا سەمای خۆشەویستی ئێمە بێت!
ئاوێزانم بە،

ئەی کچی درەختی سەربڕاو، ئاوێزانم بە.
ئەمرۆ ئایندە هات بۆ لام، بەچاوی تەڕەوە
هات بۆ لام پێی وتم:
ئەو مەرگە نورانیانە ئابلۆوقەی
قەلای دەنگیان داوم، ئابلۆوقەی خوێنم.
هەموو رۆژ فرسەخێ دێنە پێشەوە.
هەموو شەو چاڵێك لە سینەمدا هەڵ ئەکەنن.
ئەی کچی لە خاچ دراوی بەردەم مانگەشەو!
ئەی ژنی لەش قفڵ کراو!
لەم بەندەرەدا بۆ کلیل مەگەڕێ.
لەم زەریایەدا بۆ کەشتیی مەگەڕێ.
کەشتیی ترسەو مردن تەنها بەندەرێکە
کە بێ تەم و مژ بیبینم
سەرەتا.. ترس
کۆتایی.. ترس
حیکایەت و ماڵ و خەبات و کتێبم
هەموویان هەر، بە ترس و، لەرز، داپۆشراون.
ڕەگی ئەم مەرگە درێژە.
ڕێگای ئەم مەرگە لە فەوتی سەرچاوەدا کۆتایی دێ.
مردن لەناو مردندایە، شمشێر لەناو شمشێردایە.
لە رۆژهەلاتی سەرتەوە تۆفانی ڕەش بەرێوەیە.
ئەی کچە ساسانیە بەد ناوەکە!

ئەی ژنی موغە کوژراوەکان!
"لە ئێوارەیەکی شەڕەنگێزدا،
لە ئێوارەیەکی کوێردا،
لە ئێوارەیەکی ڤیریندا:
ئاسمانیان لەسەر داخستین،
خاکیشیان لەسەر پێوەداین.
(مانگ)یان بە نووکی ڕمەوە بۆ هێناین و
ئەوسا بوو بە
ئاهەنگی لە دایکبوونێکی ترمان.
ئیتر لە شەرابی بەهەشت و
ماچی حۆرییاندا خنکاین. من بەتەنها چل حۆرییم هەبوو چل.
بەلاّم تۆیان تیانەبووی،
ئەی کچە ساسانیە نەفرەت لێ کراوەکە!
تۆیان تیا نەبووی، تۆ ئەوکاتە لە گەشتی ژێر زەمین و
دنیای ژێرەوە بووی، تۆ لەوێ بەشوێنی مندا ئەگەڕای"
ئەوە یەکەم جاری مردنە ئێسك سووکەکەم بوو.
ئەوە یەکەم پەیوەندی نێوان ملم و شمشێری بەوەفاو
داری حەد بوو.
ئەوە ئەوەڵ سەحەری مەرگی من بوو.
ئاوێزانم بە،
ئەی کچی خۆڵەمێش و ئەی ژنی مەملەکەتی ئافات!.
وا لە رۆژهەلاّتی سەرتەوە

مۆم و بوغوردی مەرگم ئەسووتێنن.

وا لە ڕۆژهەلأتی لەشتەوە

گۆڕەوشاری شیعرو پرشنگ و گۆرانیم ئەدەن

من ناتوانم باهۆزی شێتێتی خۆم

لەم ئافاتە بشارمەوە

ئەمە چارەنووسی عەشقێکە مل لە شمشێر ئەسوێ.

ئەی کچە ساسانیە جوانەکە!

وەختی سوروسات بەسەرچوو

مەرگێکی نوێ منی ئەوێ!

# پەریزادو
# گوڵەکەی دوژمنی

ئەمە "بۆرەتار"[1] ێکی شوومەو سەرەتای شەوێکی ئاوس بە قات و قڕیی.
بۆرە تارێکی ژان گرتوو بە: بەچکەشەیتان و بەچکە سیاسی و بەچکە بازرگانەوە
ئەمە شەوێکی چەڵاکی[2] ڕەقەڵەی بەدبینەو بێ بەزەیی.
چاوەکانی گۆڕیچەی ئەستێرانن و پەناگەی جادووگەران.
ئەم شەوە: قەڵای مێردان نییە، قەڵای دزانە، قەڵای کاسە سەرم و
قەڵای جەستەی ڕووخاوم و قەڵای خۆڵەمێشی ئارەزۆکانمەو هەوێزی[3] تاوان!
لەم شەوەدا، پەریزادەکەم!، کاتی ئەوە هاتووە، نۆرەمە
منیش چیرۆکی بەنەعلەت کراوی خۆمت بۆ بگێڕمەوە:
حیکایەتی مردنم و گۆڕەوشاردانی هەزار جارەم
"تۆ بڕوانە هەڵمی ڕۆحم"
تۆ بڕوانە حیکایەتی ژیانە کەڕو (کوێرە)کەم

---

[1] بۆرەتار: تاریکایی سەرەتای ئێواران و بەیانیان.
[2] چەڵاک: داری باریک و درێژ.
[3] هەوێز: مۆڵگە.

تۆ بڕوانە پرشنگی زیندە بەچاڵ کراوم
حیکایەتی مێژووە گەوجە خۆشەویستەکەم
"تۆ بڕوانە شازادە شەڕواڵ کەسیفەکانم"
ئەم چیرۆکە سەرابەو سەرابیش نییە
ئەم حیکایەتە پەندە و نەخشی سەر بەردیش نییە
پەریزادەکەم ئەی پەریزادی بێ دایك و باوك
پەریزادی لە کونە دیوار بووی، بێ کۆشك و بێ کەنیزەك!
ئەی پەریزادی لە خێڵی پەرییان یاخیی و بەخێڵی رافزی ئاشنا.
نۆرەمە منیش بتخەمە ناو کەشتیی گومان ودوو دڵیی خۆمەوە
کەشتیی ڕاڕایی و بەدمەستیی و گوناهی خۆمەوە بە جۆگەی شەراب و
رووباری ژەهرو یەکاوی[4] تاواندا بتسوڕێنمەوە.
بە شاری چوارمێخە کێشراوی ویژدانی خۆمدا بتگەڕێنم
بە شاری چۆڵ و هۆڵی زراو تۆقیوی هاوارەکانی کۆن و نوێمدا
بتبەم و سەرە بڕڕاوەکانی خۆمت نیشانبدەم
"تۆ بڕوانە چەندە جوانم بەم خوێنەوە"
دەروازەی مۆزەخانەی
لەشە مۆمیاکراوەکانی خۆمت بۆ بخەمە سەر گازی پشت
"تۆ بڕوانە شوێنەواری خەونەکانم"
پەریزادەکەم! ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە
بتخەمە سەر ئەم باڵە کۆتەرانەی خۆم و
بەرەو سووتانی ئەبەدییت بەرم و تا لای"مانگ"ی

[4] یەکاو: شەت، چەمی گەورە کە لە چەند ئاو پێکهاتبن.

باتوومەتی سۆزانیی لە ئاسمان بەدەرکراو.. بەرزت بکەمەوە.
نۆرەمە، پەریزادەکەم!، نۆرەمە، منیش پێت بڵێم:
"هێندە لە تەنکاودا ژیام
بووم بە ماسیەکی گەمژەی ئاوی دنیا
ئەوەتا نە زەریاکان پێناسەم ئەدەنێ و
نە ئۆقیانووسەکان بڕوام پێ ئەکەن.
هێندە لە گوێ ئاگردانی وڕێنەکردنی باپیراندا دانیشتم و
ئەژنۆم دایە بەر چەناگەم و گوێم لە شڵپ و هووڕی درۆیان گرت
ئێستا وەك سێبەرێکی کڕی خەواڵووی مێش لێ نیشتووم لێهاتووە
ئۆە! من چ عیبرەتێکم بۆ مەرگی هەرزان
ئۆە! من چ عیبرەتێکم بۆ ئاخرزەمان!"
گوێم لێ بگرە! پەریزادەکەم!، گوێم لێ بگرە!
جارێکی دی ئەچمەوە ناو دەنگی
"ئاناباز"و ئەسپەکەی جڵەو ئەکەمەوە
سەر ئەکەمەوە بە مێژووە خۆڵاویەکەی داو توێژ بە توێژی
زەمان هەڵ ئەدەمەوە. دیسانەوە جارێکی دی ئەبمەوە بەکالانی ئەوسا:
"لە دەمادەمێکی[5] ژەنگاویدا، لە کازیوەیەکی حەپەساودا
"گەزنەفۆن"ی خواوەندی زرێ پۆشانی گریك،
سەرکردەی هزرو بازووی
جیهانی خوێن و دووکەڵ،
کوڕی پەرستگا رووناکەکانی"ئەثینا" و ئەسپی

[5] دەما دەم: بەرەبەیان.

ئاوی و شێری چنگ بە مەشخەڵانی باکۆدانی زەمین لە دوای زەمین
"گەزنەفۆن"ی وەچەی"ئاخیل" بەخۆی و دەهەزار سواری
تۆز لێ نیشتووی بیابانێکی دوورەوە
ڕەو ڕەو، دەستە، دەستە
لە دوای شەڕێکی دیکەی سوورهەڵگەڕاو
روویان کردە ئەم وڵاتی
دێوو درنجە
ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ یۆنان، بە کێوی هاواری ئێمەو
پێدەشتی جەستەی جنراوی ئێمەدا تێ ئەپەڕی.
گەیشتنە دەربەندی
"گۆمە سپیان"
پەیکانی هەزاران ڕم لەبەر بارانێکی نارنجیدا
ئەدرەوشانەوە
تۆ ئەو کاتە رووت و قووت
لەسەر ڕەوەزێکی
دڕەوە تەماشات ئەکردین.
ئێمەش لەبەر باهۆزێکی ڕەشدا بەرەو ژوور
هەڵ ئەهاتین
بانگی خواوەندە بەردینەکانمان ئەکرد.
پەنامان ئەبردە
بەر مانگەشەوی تۆقیو
پەنامان ئەبردە بەر برووسکەو چەخماخەی

نیشتمانی هەورە کۆیلەکان
داوێنی جادووگەرە ترساوە ڕیش درێژەکانی
خۆمانمان ئەگرت.
عەقڵی ئێمەو عەقڵی بەرانە کێویەکان
لە یەکتر جودا نەئەکرانەوە.
چاوی ئێمەو چاوی گاشە بەردەکان هەر یەك چاو بوون
دەروونی ئێمەو دەروونی ئەشکەوتە نسرمەکان
هەریەك شت بوو.
لە پڕێکدا "گەزنەفۆن" ڕێگەی وێڵ کرد
ئێمە ترسی خۆمان کرد بە بەردوو
بەسەر ئۆردوی ماندوودا.. خلمان کردنەوە.
لە بۆسەی "با" پێچپێکدا، دوو برایان دەستگیر کردم.
"گەزنەفۆن" برا بچکۆلەکەمانی لەبەردەم ناوەنجیەکەدا لە
هەڵەموتێکەوە هەڵداشتە خوارێ.
ئیتر ناوەنجیەکەمان کەوتە پێش ڕمەکان،
کەوتە پێش مەرگی زرێ پۆش،
کەوتە پێش تۆفان و بوولەرە.
ئیتر لەو رۆژەوە ئەو برایەم، برای نەوجوانی نەعلەتیم،
بوو بە دیرۆکی[6] چارەنووسی بەردەوامی تا ئەمرۆم"
ئەمە دەورکردنەوەی خامۆشییە لە دۆڵێکدا"با" نەیگرێتەوە
ئەمە چەقینە، چەقین، چەقینی ئەسپەکانمان
لە زستانێکدا کە کۆتایی ئەوان و ڕمەکانمان،

---

[6] دیرۆك: مێژوو.

ترس و بیممان.
نادیارن"نادیار"
ئۆە! چ زستانێکی نەزۆکەو چ ترسێکی دوورو درێژ
ئۆە! چ ئەوینێکی بەسامەو چ مردنێکی شەرمنۆك
ئۆە! پەریزادەکەم، پەریزادەی باداوە[7] و گەرداو
ئۆە! پەریزادەکەم، شاژنی کلۆڵی و گڕاوی[8] سووتاو!
پەریزادم!
لەم شەوەدا هەموو برینێکم
مۆمێکەو هەموو مۆمێکم برینێکە
"ئەو بکوژێتەوە ئەم هەڵئەبێ،
ئەو هەڵبێ ئەم ئەکوژێتەوە"
بەمجۆرە: لە ئازارە جوانەکان، لە ئازارە نازدارەکان،
لە دۆژەنە[9] شۆخو شەنگەکان، جودا نابینەوەو
دابڕیین لە نێوانی من و تۆو مەرگدا مەحاڵە!
لەم شەوەدا،
هەموو پەیڤێکم پزیزکێکی ترافیەی[10] نێو غوربەتەو
هەموو غوربەتێکم
پەیڤێکی سەرگەردانی سەر شەقامەکانی دنیایە
بەمجۆرە: لە هیوا نائومێدەکان، لە مژدە رەشپۆشەکان،

---

[7] باداوە: کرێوە، تۆف.
[8] گڕاوی: ماشقە (عاشقەو ماشقە)
[9] دۆژەن: خەفەتی گەورە.
[10] ترافیە: ئاوارەو دەربەدەر.

له بەهارە زەردو بنسانەکان[11] جودا نابینەوەو
دابڕیین لە نێوان من و تۆو وڵاتی گریاندا مەحاڵە!.
پەریزادم!
من گیانم زەنەکی[12] عەشقەو بەرپەساریکی[13] نسێی ساڵانتە
هەمیشەو هەمیشەو هەمیشە.. تەڕوپاراوە مەراقم.
هەمیشەو هەمیشەو هەمیشە.. وشك و برنگە ئارامم و
هەمیشەو هەمیشەو هەمیشە.. تینووە ئاوم
هەمیشەو هەمیشەو هەمیشەیش:
ئاگرم ساردو، سەرمایەتی و هەڵ ئەلەرزێ هەتاوم!.
پەریزادم! ئەز بۆ ئەوە زاوم قەبرم لە گوێ سەرم بلەرزێ!
"چ سەرێکی نەفرەتییە سەری من"
ئەز بۆ ئەوە زاوم هەر ڕاکەم و هەر ڕاکەم و، نەیشگەمێ
"تراویلکەی کام قاقڕو خۆڵستانە ئاواتم؟"
پەریزادم!

من لەسەر گێڕانەوەی رووبارە- چیرۆکە درێژەکەم و
جۆگە- چیرۆکە کورتەکەم
چیرۆکە- کانیە زۆر زۆر کورتەکەم بەردەوامم:
"لە دوای کۆچی ئەسپەکەی "ئاناباز"یشەوە
هەر جڵەوی ترە ئەیگرم و

---

[11] بنسان: کزبوون و ڕەنگ پەڕینی مرۆڤ.
[12] زەنەك: شوێنی هەمیشە تەڕ.
[13] بەرپەسار: لاپاڵ.

هەر سوارم و هەر غارێکی وەستاوم!
چەندین سەدە لە دوای"گەزنەفۆن"یشەوە
ئەو گاشە بەردەم بێ وچان لە تل بوونەوەدام.
جوانترین مێژووی وەرینم.
خێراترین تیشکی تەمەڵییم.
قۆزترین سواری چەقێنم!.
هەزاران ساڵم خستە سەر ڕانم،
یەکێکیان نەبوون بە دۆستم.
هەزاران ساڵم خستە سەر شانم و
هەموویشیانم بەردانەوە..
بەم جۆرە- پەریزادەکەم!. بەم جۆرە.
من پڕۆژەی عیبرەتێکی هەمیشە نوێم
عیبرەتێکی مامۆستا ئاسا
بۆ سروشت- بۆ دنیا، بۆ گەردوون
بەڵام هەر بۆ تۆ ناو هەر بۆ خۆم نا!"
پەریزادم! پەریزادی تاق و تەنیا
جارێکی دیش لە کۆچدا بوو
لەوێ لە"ڤینتسیا"
لە ڤینتسیای عاشقی مانگە شەو و ئاودا
لە شاری سیحردا
لە شەوێکی زیویندا
لەنێو "باڕ"ی بەلەمێکی پەمەییدا،

چرچاوی خۆم نا، شیعرەکانم کچێکیان کرد بە هاوڕێم.
ئەم کچە فریشتەی ئاویی بوو،
لە دوورگەی خەون و خەیاڵەوە هاتبوو،
نیوەی لەشی ماسیی و
نیوەکەی تری ئادەمیی بوو، ئەبریسکایەوە،
ئاوازێکی ئاڕووشەی[14] داگیرساو بوو.
نەوڕەسێکی مێینە بوو.
ناوی"ئەلیزابێـث" بوو.
کە لێم پرسی تۆ خەڵکی کوێی؟ پرشنگی دایەوەو
وتی:"من خەڵکی نیشتمانی هونەرم
باوکم ناوی شیعرەو
دایکم ناوی مۆسیقایەو
هەر ئەوەندە لە ڕەچەڵەکی خۆم ئەزانم!"
ئەو شەوە تا درەنگان
لەگەڵ ئاودا مەوجمان دایەوە.
ئەو شەوە تا درەنگان
لەگەڵ سنەوبەرەکاندا سەمامان کرد.
لەگەڵ بادەدا
ماچی مانگە شەو و ڕوومەتی هەورمان کرد.
لەگەڵ گیتارژەنەکانی ناو کۆڵانی ئاودا
خۆشەویستیمان خواردەوە.

---

[14] ئاڕووشە: بزۆزو جووڵە جووڵکەر.

لەتەك ماسیگرەکاندا
لە قولآیی زەریا ورد بووینەوە.
لەتەك گەڕیدەکاندا
گۆرانیمان وتو عەشق نامەمان خوێندەوە.
لەسەر پەلکە رەنگینە دیلانێمان کردوو
خۆمان لە ئەستێرکی خەرمانە هەڵکێشا
دوو کلاّوی پووشی دەستکردمان کڕیو
لە دواییشدا دامان بەدەم جۆگەیەکەوە.
لای ژنە فالگرەوەیەکی قەمووری دەموچاو کوتراو
دوو فالّمان گرتەوەو لە دواییدا قاقا پێکەنین.
لەبەر جامخانەی کتێبخانەیەکی خەوالّوودا
وەستاین و لەیەك کاتدا
تەماشای کتێبەکانی"ماو" و"قەززافی" و
"جان جاك رۆسۆ" مان ئەکرد.
"ئۆە! پەریزادەکەم
ئەو ساتانەیش بەختیاریم هەر شپرزەبوو
ئەو ساتانەیش
هەر گوێم لە ترپەی پێی مەرگ بوو
ئەو ساتانەیش
هەر لە بەلەمێکی سەرەو نخون ئەچووم.
لە ناکاوێکدا، "ئەلیزابیث" کێشیکردم و
بردمیە ناو کابینەیەکی نیوە ڕووناکەوە

لەهەر گۆشەیەکدا مۆمێك ئەسووتا
هەنۆیەکی مۆمیاکراو باڵەکانی کردبۆوە.
لەسەر مێزێکی ئەبەنووسی خڕ
گوڵدانێکی پڕ لە گەلاّ زەیتوون دانرابوو،
چەند کەسێکیش دەوریان دابوو،
کە بەرچاوم ڕۆشن بۆوە، ناسیمنەوە:
دانتی و کەپووە کەوانیەکەی، بتهۆڤن و
ڤژە بژەکەی، ڤان کوخ و گوێچکە بڕڕاوەکەی،
دستویڤسکی و روومەتە تێك قوپاوەکانی،
لۆرکاو پەڵە خوێنەکەی سەر سنگی،
وەك مەلێکی ترساو لەسەر کورسیەك هەڵکوڕمام
پەریزادەکەم! من هەر گوێگر بووم گوێگر،
گوڵدانەکە چەند دووا منیش هەر ئەوەندە!
لەو شەوەوە زانیم من هێشتا فێرە ئاخاوتن نەبووم.
شیعرم ئازار داوە، تەنکاوم خوێندۆتەوە، ڕوانینم هەر ئەوەندەی
چۆلەکەیەکی تەڕ فڕیوە. ئۆە! پەریزادەکەم!
ئەم کارەساتی عەقڵە چەند گەورەیە!
هەر ئەو شەوەیش زانیم
لەبەرچی"ئەلیزابێـث" ی کچی شیعرو مۆسیقا
پەلکێشی کردم بۆ ئەو کابینە نیوە ڕووناکە
پەریزادم! لە کەناری ئەم ئەشکەنجە بە خوڕانەی مندا
لە کەناری ئەم نیگا وێڵ و پەڕاگەندانەی مندا

وەك دەيان پۆلە پەڕەسێلکەی دوای تۆفانێکی تووش
چیرۆك لە دوای چیرۆکم ئەمرن و
شیعر لە دوای شیعرم رەق ئەبنەوە
من کوڕی کارەساتم و
کارەساتیش کوڕی ئەم هزرە زڕو نەزۆکەمە!
پەریزادم!.. من ئەمشەو هاتوومە لات و
مەستی نەزانینی خۆمم،
پەپووسلێمانکەیەکم سەر خۆش،
فڕینم لا سەنگ و نزم و
دەنگم قرتاو و خەونم قرچۆك.
من پەیامبەری ئازارە بڕۆنزیەکانی تۆم و
پۆستەی بروسکەی
هەرگیز نەگەیشتووت.
من پەیامبەری ئازای ژێر کەوتووی تۆم و
قەڵغانی مێژووی لە دەست پەڕیوو
شمشێری نوشتاوەت!
من بکوژی هەموو ئەو ڕوبارانەم
کە لە سەرچاوەی خوێنی تۆوە هەڵقوڵین.
بکوژی هەتاوی ڕوخسارت.
بکوژی گوڵە گەنمی پەنجەکانت.
بکوژی بارانە سەوزو سورەکانت.
بکوژی بەخت و بکوژی لەشت!.

پەریزادەکەم! دە ئیتر بۆ دوودڵی و بۆ راماوی؟
لەم شەوە شوومەدا، لەم شەوەبەدبینەدا، وەختێتی ڕا بەو
عاشقە بکوژەکەت، دڵدارە چەقۆکەت، بارانە ژەهراویەکەت،
گوڵە دوژمنەکەت، کە منم من..
بە سزای ئەبەدیی خۆشەویستیی بگەیەنەو
عاشقی نوێ و مێژووی نوێ و گوڵی نوێ بخولقێنە!

ئەیلولی 1992

# ئاوابوون و بوومەلەرزە

ئاوابوون بوو.
ئەی شەفەقی لە خاچدراوی جەستەم و مانگی کوژراو!
ئاوا بوون بوو.
وەك زەردەپەڕی"گاتاکان" لە پەرسگەی ڕووناکیدا.
وەك پووکە پووکی درەخت و،
وەك بینایی دارو بەردوو،
سۆمای کێوو، نیگای هەورو، چاوی ڕێ و بان..
وەك ئاگردان
وەکو دایکم
هەموو کەلەپۆکان گریان!
غەزای سەربڕینی شاخ بوو، غەزای ڕۆحم، غەزا.. غەزا
غەزای دەروونی داربەڕوو
غەزای.. بەفرو
غەزای.. وشەم
غەزای گوڵجاڕی ئاوێستا!
لێشاو بوو، لێشاو بوو، لێشاو
لێشاوی پێکەنینی لم،

قاقای ڕم و قاقای دەف و قاقای تەپڵ
لێشاوی خوڵی بیابان؛
لە هەرەتی تەپ و تۆزی سەرکەوتوودا!
لێشاوی دوورگەی نەفرین بوو
لە هەرەتی خوێن جمانی شیرو شمشێری لەشکردا..
چاوەکانی خۆشەویستیی
چاوی نەستمان
وەك قوتیلکە کزەکانی سەر تاشەبەردی ئاتەشگە
کوژانەوەو بوو بە ئاهەنگی خەلیفەو
جەژنی فەتحی کافرستان...
غەزابوو. غەزا بوو.. غەزا
ئاوابوون بوو لە بەیاندا
هەڵقرچان بوو لەناو بەفراو
بەفرانبار بوو لە دۆزەخداو
دۆزەخیش بوو لە بەهەشتی تازەماندا!.
فەرمان فەرمانی سەحرا بوو.
فەرمان فەرمانی ئاسن بوو
فەرمانی باوك، فەرمانی تیر، فەرمانی شیر
ئاوابوون بوو.
ئاوابوونی عەشق لە مەرگاو مەرگ لە عەشقا
"شین و شەپۆڕی باران بوو"
ئاوابوونی لەش لە تەمداو تەم لە لەشدا

"گەرمەشینی دارستان بوو"
هەستانە سەرپێی زریانی زەردی لم و
چۆك دادانی چیاكان بوو..
ئاوابوون بوو
خۆرنشینی بانگی موغ و
پژانی شیعرو گۆرانی و
توانەوەی ئێسکی هەتاو و
هەڵوەرینی سەروقژی دڵداران بوو..
ئاوابوون بوو
خەرەندەكان پڕ بوون لە تەرمی دارگوێزو
پڕبوون لە سكڵی كوژراوو
پڕبوون لە گوڵی جوانەمەرگ
بێشەیەك شمشێر ئەجووڵێ و دێتە پێشێ
ئاوابوون بوو
كانیی وەك منداڵ ئەترسێ
پیاو وەكوو چیا ئەترسێ
مێژوویش  وەك درەخت ئەسووتێ
بێشەیەك شمشێر ئەجووڵێ و دێتە پێشێ
غەزا بوو.. غەزا بوو.. غەزا..
ئاو لەسەر تاوێر خۆی ئەكوشت
دابڕان بوو. جوێ بوونەوە. دابڕان بوو
داچۆڕانی دوا تنۆكی زەردەخەنەی گاتاكان بوو.

ڕنینەوەی دەنگی شاخ و
بڕینەوەی ڕەنگەکان و
دابڕانی کات لە شوێن و شوێن لە کات بوو.
بێشەیەك شمشێر ئەجوولێ و دێتە پێشێ.
گوناهە بەسەزمانەکان، پۆلە باڵندەی وەریو بوون
پۆلە هەوری رەنگ پەڕیو بوون
خۆیان خزانە باوەشی شمشێرەوەو
بوون بە ترسێکی رواوی باخچەی بەهەشت
بوون بە کەنیزەکی شەو و
بوون بە غیلامانی یاوەران..
کوژانەوە دەستی پێکردا.
لە سەرانسەری ئەم کافرستانە جوانەدا،
لە سەرانسەری ئەم ئازارە شۆخ و شەنگەدا.
باڵندەیەك نەما کوێر نەبێ
هەورێك نەما نەزۆك نەبێ.
باخێك نەما ئیفلیج نەبێ
لە سەرانسەری ئەم بەهارە خوێناویەدا:
هەردێك نەما وەك غەنیمە سەوزیی لەبەر دانەکەنرێ
گومێك نەما وەك غەنیمە شینیی لەبەر دانەکەنرێ
ئاوابوون بوو
توانەوە بوو
دابڕان بوو

"ئەوەی بیستتان: ئەوە دەنگی جەستەی من بوو.
ئەوە زریکەی مەمکم بوو. قیژەی بەژن و گەردنم بوو
ئەوە هاواری مەرگم بوو. لە هەرەتی دارماندا..
ئەوەی بیستتان: دەنگدانەوەی یەکەم غەزای
یاوەران و پیاوچاکان بوو لەناو لەشما.
ئەوەی بیستتان: دەنگدانەوەی خوێنی عوزرو
دوا چەخماخەی کچێنیم بوو.
ئەوەی بیستتان: گرمەی کەوتنی سەرم بوو.
شڵپەی ناخم، هاژەی رۆحم، زەنگی ناخم.
ئەوەی بیستتان قرمەژنی نوشوستیم بوو.
من کچە چاو سەوزێکی میدیاییم
ناوم"ناهید"ە
شەرابی گاتاکان لە ناوەکەم ئەچۆڕێتەوە
من بە نێوی"ناهید"ی خواوەندی جوانی و میهرەوە ناونرام.
گەلاٚ زەیتوون چاومەو چاوم گەلاٚ زەیتوونە.
بالاٚم کلٚپەیەکی کەڵەگەتە، گەردنم کێلی ڕەوەزانە.
ئەو شەوەی لە دایك بووم
مانگ لە دەربەندی پیرەمەگروندا قەتیس مابوو
مانگ بە هانای مەزدەوە هاتبوو.
ئەو شەوەی لە دایك بووم
لە تێلی طاوسیانەوە پێچام و حەوت جار
بەدەوری ئاگرێکی خۆشدا گێڕایانم..

چل قومری باڵ شین بۆیان ئەخوێندم
چل گوڵە هێرۆشیان کردبوو بە چەتری سەرسەرم.
ئەو خاڵەی لەسەر تەختی تەوێڵمە
نیشانەیە، ئەوە شوێن ماچی پیرۆزی ئاهورامزدایە
من لە دەستەی فریشتە سپیەکانی میدیام.
باوکم ڕەزەوانی پەرسگە گەورەکەمانە.
باوکم بە ڕیشە سپیەکەیەوە
لە درەختی نووری ئاوێستا ئەچێ.
من تاقانەی ئەو بووم..
وەك تاقانەی زنەی قاقڕێك.
"مەردۆخ"ی پاڵەوانی سەر سنگ نەخشاو
بەسەرە "بەران"ی پیرۆز، عاشقم بوو
چەندین بەوری بۆ کوشتم
چەندین پڵنگی بۆ ڕاو کردم.
هەتا "با"ی دڕکاویی سەحرای لە شمشێر زاو
نەگەیشتبووە لامان
ئاسمان و زەویمان وەکوو
پەڵە هەوری سپی و گوڵەگەنم پاك بوون
کە "با"ی ڕەش گەیشت "با"ی وەشتمان مرد
بوو بە زەمانی کوللە بارین
بوو بە زەمانی ئەوین هاڕیین..
ئەم "با"ی چقڵە بەیەکەوە گوڵەگەنم و چاومان ئەخوا

بەیەکەوە پەنجەمان و لاسکی شیعرو تاڵە قژی پەریەکانی
مەملەکەتی خەونی میدو مەمکەکانی"ناهید" ئەخوا.
کچە میدیی گوڵ وەنەوشە، لە پەنجەرەی
ڕەوەزەوە وەك کازیوە هەموو ڕۆژێ سەر دێننە دەر،
مانگ بەسەروو، گوڵ بە سەروو، گزنگ بەسەر
ئەڕواننە دوور، چاوەڕوانی حیلەی ئەسپ و بانگەوازی
مەردۆخ ئەکەن. چاوەڕوانی بوومەلەرزەی مەلەك طاوس،
چاوەڕوانی ڕەزەوان و گەڕانەوەی گاتاکان و مەشخەڵانی
پرچەکانی ئاگر ئەکەن
"نایەنەوە، تیژتر بووە
دەمی ئەم شمشێرە زەردە
نایەنەوە، زیندوویش تەنها سبەینێیە"
خوداوەندی عەشق و جوانیی
خوداوەندی پەیام و جەستە خوێناویی
خوداوەندی شیعرو نامۆیی و تەنیایی
"ناهید" ئەڵێ:
زەریاکانی چەندین سەدە وان لە سەرما.
من هەڵمی دوێنێ و
بارانی ئەمێستاکەو
خەونی سەوزی سبەینێشم
لەیەك وەختا یەك ناوم هەیەو سەدان ناو.
مێینەم و نێرینەم و گیاندارم و بێ گیانیشم.

من خۆم زەمانی قوربانیی بێ بڕانەوەی ئەوینم.
سەدهەزار جار کوشتویانم.
سەد هەزار جار ژیامەوە.
من گەردنی ژێر شمشێری
زەردی هەموو کات و سەردەمێکم.
من ئەو خوێنە نەفرەتیەم کە ڕشتنم نابڕێتەوە.
سەدە هات و سەدە ڕۆیشت و منی یەکەمین دەریاچەی
گوناهی جوان، گوناهی شەنگ، بووم بە دایکی
هەموو مێرگە کوژراوەکان، بووم بە سەری پڕ لە ڤیژەی
مێژووی ئاوو مێژووی خۆڵ و هەقی چوار مێخە کێشراوی
ڕەجم کراو.
من تەبایی ناکۆکیەکانم:
کۆنی تازەم.
زامی ساغم.
سوێی تریقەی پێکەنینم.
ماڵی بێ جێم.
بەهەشتییەکی دۆزەخیم.
ڕەشەبایەکی لەسەرخۆم.
شەماڵێکی پڕ لە پشکۆم.
شەرابی بێدارکەرەوەم.
تۆبەی مەستم.
پەپوولەیەکی زۆر دڕم.

کڵپەیەکی ساردو سڕم.
خۆرەتاوێکی تاریکم.
تاریکایی چراخانم.
کوێستانێکی پڕوکاو و
بیابانێکی پاراوم..
تەم و مژو، لێڵی: روونم.
من ئەشکەنجەی کامەرانی و پێکەنینم.
ئاخ لە من ئاخ لە من ئاخ.
نامۆی ناو ماڵەکەی خۆم و
غەریبی ناو گیانی خۆمم.
سپی ڕەش و ڕەشی سپی و
دەنگدانەوەی ناو بێ دەنگی و
ڕەنگدانەوەی ناو بێ ڕەنگی و
سووڕانەوەی ناو وەستانی جەستەی خۆمم.
من بینایی نابیناییم،
من کەسدارێکی بێ کەس و
جوگرافیای بێ خەریتەو
ماتماتیکی بێ ژمارەو
کارەساتی بێ دیرۆك و
ڕێزمانی بێ زمانی دەنگی خۆمم!.
من لە تەمتوومانی سەدەی خۆمدا
لە ئاگری جەستەی خۆمداو

لەسەر کورسیی خاچەکەی خۆم
هەموو جارێ
بە دیداری ئەو ئازارە سووتاوانە شاد ئەبم
کە دوای من ڕسکان و نەمدین.
کە دوای من هاتن و
بە بەردە ئەستێی خەم
سەرزەمینیان ئاگردا.
بە بومەلەرزەی شپرزەو گومان
تۆبەی یەقینیان هەڵەوگێڕ کردەوە
هەموو جارێ
لە باڵکۆنی هەورە بەرزەکەی خۆمدا
بە دیداری ئەو بارانە کوژراوانەی دوای خۆم شاد ئەبم
بەرامبەر یەك دائەنیشین
چاو ئەبڕینە زامی یەکتر
ئەوان ئەبن بە من و من ئەبم بەوان..
دەست ئەخەینە ناو دەستی ژان و خولیای یەکترەوە.
مەگەر بە هەندێ نیشانەی ساڵدا لە یەکتر جوێ بکرێینەوە
ئەگینا هەر:
یەك سەرمان هەیەو
یەك چاومان هەیەو
یەك پەرستگایش.
شەوانە لە باڵکۆنی هەورە بەرزەکەی خۆمدا

پێکەوە ئەیکەین بە شایی گوناهی سپی و
شایی مەرگی راپەڕیو و شایی خاچی سەرچۆپی کێش.
زەماوەندی هەموو گومانە جوانەکان.
ئێمە لەم ولاٌتی هەتا هەتایەی عەشق و هەتا هەتایەی
ئاگردا. بریتین: لەو ژن و پیاوە بە نەعلەت کراوو
رەجم کراوانەی، کە یەك لە دوای یەك، کەڵبەی
مێژووە دڕەکانمان هەڵکێشا، هزریان تووشی
ژانی خۆشەویستی و بوومەلەرزە کرد. ئێمە لەم ولاٌتی
ژیلەمۆو ناتەباییەدا، هۆش و گۆشە مل کەچەکانمان
فرێدایە گەرداوە تووشەکانی گومانەوە. وەك پڵنگ
"نەء" مان بەردایە گیانی"بەڵێ" باوەکانی دیوەخانان.
ئێمە دەرزی ئاژنی جەستەی دڵنیاییمان کرد.
دۆزەخی ئەبەدیمان بۆ بەهەشتی قەناعەتە بەسەزمانەکان
داخست. نەمانهێشت تەختی پادشاهان و تاجەکانیان
لە ترس و لەرز بەدووربن
ئەگەر لە ترسی هەڕەشەی کوختێکی تەنیایش بووبێ.
نەمانهێشت قفڵەکانی لە گەروودڕاوی رووناکیی
هەموو شەو بەئاسانی چاویان بچێتە خەو
بێترس و لەرز بنوون
ئەگەر لە ترسی کلیلێکی ون بوویش بووبێ.
ئێمە بریتین لەو برینانەی راوی چەقۆمان کرد.
لەو خوێنانەی زریانی سپیمان لێ کەوتەوە.

لەو سێدارانەی گوڵاڵەمان لەسەر ڕووا.
لەو مەنفایانەی نیشتمانمان لێزا.
ئێمە بریتین لەو نائومێدیانەی بە هیواوە سەرمان نایەوە!
شەوانە لە باڵکۆنی هەورە بەرزەکەی خۆمدا
پێکەوە، زامی هەموو سەدە دوورو نزیکەکان کۆئەبینەوە
وەك پوورەی هەق ئەخرۆشێین.
کورسیەکەی من بە تەنیشت کورسیەکەی مەسیحەوە.
کورسیەکەی حەللاج بەرامبەر کورسیەکەی ژان دارك.
کورسیەکەی بابك بەتەنیشت کورسیەکەی قاسملووەوە.
کورسیەکەی جەمال عیرفان بەرامبەر کورسیەکەی "مەزد"ە.
کورسیەکەی عبدالخالق معروف بەرامبەر کورسیەکەی شەرەفکەندی.
کورسیەکەی موسا عەنتەر بەرامبەر کورسیەکەی سەعید پوور.
شەوانە لە باڵکۆنی هەورە بەرزەکەی خۆمدا،
پێشوازی لە تۆفان و مەوجدانەوەی هەقی خوێناویی ئەکەم
پێشوازی لەو سەرە بڕراوانەی تووڕدرانە بەردەم سەگەلی خەلیفەکان
"دواتر بوون بە مانگ"
پێشوازی لەو مەچەکە بڕراوانەی
خرانە تەندورەکانی خەلیفە ژنەوە
"دواتر بوون بە قەڵبەزە"
پێشوازی لەو پەنجە قرتاوانەی
کران بە دەنکە تەزبیحی ئیمام
"دواتر بوون بە پەلکە گیا"

پێشوازی لەو لۆلاقانەی خرانە ژێر تەختی شاهان و
"دواتر بوون بە دارستان"
دیسانەوە ئاوابوونە
ئەی"ناهید"ی ئەو دیو پەنجەرەی غوربەت و سامالّی رۆح!
ئاوابوونە.. دیسانەوە خۆرنشینی
سەری من و.. دابڕان و جویّ بوونەوەی
نێوان جەستەو گیانی منە.
پێك گەیشتنەوەی مەرگ و دووکەڵ زریکەو خۆڵەمێشی
ناو ئەنفالی یەکەمین و دەیەمین و سەدەمینە..
پێك گەیشتنەوەی خاچەکانە.
پێك گەیشتنەوەی ماچ و مووچی زامەکانە.
پێك گەیشتنەوەی دووڕییانی هەموو هەموو مەزدەکانە.
تێك ئالآنی پرچی ژان دارك و کاکۆڵی عیساکانە.
تێك ئالآنی ڕیشی حەللاج و مام وەیسی گەرمییانە.
ئاوا بوونە!.
"1988"ی میلادی
بەرامبەر"2693"ی ئەنفالیی!
1988 هەزار هاوار.. دوای لە دایك بوونی کوڕی خاچ و کوڕی ئازار
1988 هەزار برین.. دوای خوێنی ژان و وێلآشی مریەم.
1988 هەزار قولاپ.. دوای لە دایك بونی تۆڕی یەهودا.
1988 هەزار تۆفان و1988 هەزار بورکان و
1988 هەزار ئاخ لە چرکەیەکدا

ئاخ 1988؛

ئەی کێلە ساڵی، گۆڕی شیعرو ئەستێران

گۆڕی زەردەخەنەو

گۆڕی گژوگیاو

گۆڕی چاوانم.

ئەی بەرزترین دەنگی نائومێدیم و

ئەی جوانترین شیوەنی شاخانم!

ئاوابوون بوو.

سەد بێشە (خودە) ئەجووڵێ و دێتە پێشێ

سەد بێشە پۆستاڵ. سەد بێشە تفەنگ

سەد بێشە بەلاْو.

سەد بێشە تاوان ئەجووڵێ و دێتە پێشێ.

ئەمێستاکە بەغدا

دۆڵپای هەشتاو هەشتی ئاسنینە، پێیەکی

لەسەر زاخۆیەو

ئەویتریان لەسەر بەسرەو مێژووی کۆن و

مێژووی تازە قووت ئەدات و تاعوونێکی نێو دەوڵەتیی

خۆشەویستی سەر زەمینە.

پەتایەکی سپی جوانە.

ئایەتێکی ژەهراوییەو

شەرەفێکی پان و پۆڕی ناو کەنداوەو

درۆیەکی (عەرەب)انی پۆلاْیینە.

ئەمێستاکە بەغدا غەرقی
سیحری نەوتەو
کەمەندکێشی گشت جیهان و سەرزەمینە.
ئاوابوون بوو. دیسانەوە ڕۆح نشینی باخچەو بەفر و
ئاوابوونی زەردەخەنەی دەشت و شاخ و سەربڕینی
کێڵگەو هەرد بوو. دیسانەوە غەزای جەستەی
من و بەرد بوو. غەزای تازە. غەزای ڕاگوێزانی لەشم.
غەزای شیعرو غەزای جەستەم.
ڕاگوێزانی دەست و پەنجەم.
هەڵکێشانی لاسکی خەون و سەروملی حەرفەکانم و
دەرهێنانی چاوی گوڵ و کوێرکردنی مەلەکانم و
کوشتنی ئاوو منداڵ و هەڵواسینی یادگارم و
بڕینەوەی بەژنی هیواو قەدی خاك و کوژانەوەی
یەك بە یەکی چراکانی ناو دەربەندی ژیانم بوو.
سەد بێشە دووکەڵ ئەجووڵێ و دێتە پێشێ.
سەد بێشە ڕق، سەد بێشە عەفلەق،
سەد بێشە صدام، سەد بێشە ژەهروو
سەد بێشە ئاسن ئەجووڵێ و دێتە پێشێ،
لێشاو بوو، لێشاو بوو، لێشاو
دیسانەوە لێشاوی پێکەنینی لم..
قاقای تانك و قاقای تۆپ و قاقای مێك و
قاقای مووشەکی زەمین بە زەمین..

قاقای کریملنی مۆسکۆو
قاقای پەیکەری ئازادیی ئەمریکاو
قاقای ڕیشی فیدل کاسترۆو
قاقای مەمکی هاوسەرەکەی کیم ئیل سۆنگ و
قاقای کتێبە سوورەکەی چین و ماچین..
"ئەوەی بیستتان: ئەوە دەنگی برینەکەی سنگی من بوو.
ئەوە هاواری پەیامە یاخی بوەکەی سەری من بوو.
ئەوەی بیستتان: دەنگدانەوەی قەلأی وشەو
قەلأی ڕستەی جەستەی من بوو
ئەوەی بیستتان: ئەوە بوومەلەرزەی خوێن و
دەنگدانەوەی ئەشکەوتەکانی برینم و شریخەی
هەردوو نیگام و چەخماخەی ئاسۆی گەردن و
تەوێڵم بوو"
من کوڕە چاو مەیلەو سەوزێکی هەولێریم
ناوم "عبدالخالق"ە
کوڕی سەفینی کوڕی مەتینی کوڕی هەڵگوردم..
لە ڕەگەزی ئاگرم.
ئەو بەیانییەی لە دایك بووم
دایەنە یەزیدیەکەم
لە پەڕە گوڵاڵەیەکیەوە پێچام و
بردمی بۆ دەربەندی بازییان و
حەوت جار بە دەوری بەردە قارەماندا گێڕامی

حەوت جار لە ئاوباریکی هەڵکێشام.

ئەو بەیانییەی لە دایك بووم

جەمال عیرفان حەوت جار سەری ماچ کردم و

بە قەڵەمە پیرۆزەکەی خۆیشی

حەوت خەتی لەسەر تەختی تەوێڵم کێشا

"بێکەس"یش حەوت سروودی بەسەردا خوێندم.

حەوت پەپوولەی باڵ نارنجیش..

لە سنگی"حەللاج"ەوە هەڵفڕین و

لەسەر دەم و لێوم نیشتنەوە،

من لە ڕەوگەی ئەسپە سوورەکانی ئەیلول بووم

کورڕنی چیام گەیاندە گوێی دنیا.

من ناوە کۆنەکەی خۆم فڕێ دایە ئاگرەوە..

ئاگریش ناوی نام پشکۆ..

تۆڕی یەقینم چەواشەکرد..

لە هەموو گەشتێکی بەگەرداو و تووشدا

ئەستێرەکانی"مصحەفی ڕەش" پێشم ئەکەوتن..

مەلەك طاوس بە هانامەوە ئەهات.

گومانی جوان هاودەمی تەنیاییم بوو

کەشتیەکەم شپرزەیی بوو..

چارۆکەم دوو دڵیی بوو..

من سەری خۆم پێشکەش بە دوا کتێبی خۆم کرد..

بەو جۆرە بووم بە نووسەری تۆفانێکی نوێ

بووم بە کەڵەگەت ترین قەڵەمی ئازار
بووم بە زەنگ و
بووم بە گوێچکەی دارو بەردو
بووم بە هاواری سەردەم و
بوم بە شەقام و بە ڕووبار.
ئیتر لەو ساتە زیوینەوە
من "مەردۆخ"م
عاشقی چاوە سەوزەکانی "ناهید"ی کچە میدیم
شەیدای باڵای کڵپەی ئەوم..
هەموو ڕۆژ لە بالکۆنی هەورە بەرزەکانی خۆماندا
ئەچینە بەر بارانێکی سوور..
هەموو شەو ژان ئەگۆڕینەوە.
هەموو شەو مێژوو ئەگۆڕینەوە.
هەموو شەو خۆڵەمێشی جەستەمان ئەگۆڕینەوە.
ئاوێتەی دەنگی یەك ئەبین و
لە یەکتر جوێ ناکرێینەوە.
ئێمە دەرگای ئایندەی سامانڵ و بارانین.
عەشقی سەوزی لە ئەشکەنجەدا هەڵهاتووین.
ئێمە گەردنمان شاخەو
ڕۆحمان زەریایەو
پەیاممان"ڕەشەبای" بڵێسە.
ئێمە شمشێر لە خوێنماندا خنکا.

ئێمە ئەو تاقمە سوور پۆشەین
ئەو تاقمە کلێپەو تاقمە سروودو
تاقمە زەردەشتەین
بە مەرگ ژیانمان نووسیەوە.
لە تراویلکەدا ئاومان هەڵهێنجاو
لە"عەدەم"دا "بوون"مان خوێندەوەو
بە نوشوستیدا پشکووتین و
لە وەرزی هەڵوەریندا پشکووتین.
هەموو درەختێك.
نیشانەی خوێنی ئێمەی پێوەیەو
هەموو خاکێك
بە خاچی لەشی ئێمە نەخشاوەو
هەموو زەمانێك پێکەنینی سێدارەکانی ئێمەیان
تێدا دەنگ ئەداتەوەو هەموو پەلکە گیایەکی کوژراو
سینەمان نواڵەیەتی و هەموو چرایەکی کوژراویش
شەوقی باڵگرتووی ناو چاوی کتێبەکانمانن.
منیش.. ئەی مەلەك طاوسی پیرۆز!
سەر ئەکەمەوە بە ژێر باڵە ڕەنگینەکانی تۆدا
لەسەر بەردە نوێژی گاتای نوێ
نوێژی گوناهو یاخیبوونم دائەبەستم!
چ چارەنووسێکی جوان و نازدارەو
چ مردنێکی مەزنە..

چ مەرگێکی ئاڵ و واڵا..
کلاّوکوورڕەی شیعرێکی بچکۆلانە.. بتوانێ
ئەو هەمو شمشێری بیابانە تووڕە بکاو
خەلیفەکان هەراسانکاو..
دۆڵپای مێژووی عەبدەکانیان بترسێنێ.
ئەی مەلەك طاوسی پیرۆز!
تازە ئەوەڵی شیعرمە!

هەولێر
حوزەیرانی/1993

# مێرگی زام
# مێرگی هەتاو

شیعر

1996

# زێی شیعر

# هەژین

بە باڵەبانی چ ژانێك بتژەنم؟
بتنێم بە لالێوی  کام شوانی حەسرەتو گوناهمەوە؟
تا بیستنم بە بارانی ئەم دۆزەخە شیرینە
گوڵ گوڵی و تەڕ و پاراو بێ؟
بە کام ڕەگی تێر ئاو بە ئازار، پژوپۆت شێت بکەم؟
بۆئەوەی لە خاچی ئەم باڵا سوورەی ئاسۆمەوە بئاڵێن؟
لە پێدەشتی ئەم گومانە زەردو بەرینەدا
کام ئەسپی یەقین بئاژوێم؟
بۆ ئەوەی بگەمە هەواری خۆڵەمێشت؟

ناتوانم بتژەنمو بتکەم بە باڵی ئەفسانەی ڕوانینم
هەتا دڕ بە ئابلۆقەی ئەم وەرزە نێزە بە دەستانە نەدەم،
ئابلۆقەی: هەوەسە زێڕینەکان.
ئابلۆقەی: دەمامك.
ئابلۆقەی: کتێبە چەکمە لە پێکان.
ئەم بەیانییە دەستی خۆم

له کۆتی شانی خۆم ئازاد کرد و
پێم وت: بچۆ
"با" لەسەر "ئاو" بنووسەرەوە
گەردەلوول بخوێنەرەوە
ساکاریی بکە بە تەمو مژ.
شەوەزەنگ هەڵهێنجە
بۆ هەڵتەکاندنی بورجی سیای  فەرهەنگەکان
بوومەلەرزە بە.
سیحری شیعر بەو سرووشت تەوق کە.
ڕێی نەهاتێ بگرە کە وتیان پیا مەڕۆ
لە ڕواڵەتی بە بریقو باقی گەڵاکان گەڕێو
بەرەو بنج داگەڕێ.

پێم وت: بڕۆ و گوێ مەدەرە "سەر"م.
"سەر"م: ئەو سوڵتانەی تا ئەم چرکەیەش
هەرخۆی لە کفنی تاریکستانەوە پێچاوەو
بە دڵنیاییەکی گەوجانەوە هەتا ئێستەیش
لە نێو تابووتی پەندە بوێرشەکاندا ڕاکشاوە.
بڕیارم دا، ئەم بەیانییە، وا بتژەنم.
بڕیارم دا: دەست بکەمە گەردنی مەحاڵی ئەو دیو سنوورەکان
چوارچێوەکان فەرامۆش کەم
گەردوون بێنمە نێو چاوانمەوە

بە باڵی فڕینێکی بێکۆتایی ئەوینت بکەم بە ئاسمان.

پەنجەکانم بەرەڵا کرد:
بۆ ئەوەی شارو شارۆچکەی ئەم "زمانە" بهەژێنن
ئەو دیوارە نەفرەتییانە بڕووخێنن
کە قامووسی تاریکیی و وشەی نۆکەریی دەست لەسەر خەنجەر
سەقامگیری کردوون.
قەڵەم بە دەوری کاغەزدا کەوتە حیلە:
دواتر بوومە یاوەری و بەجووتە
ملی بن بیفە ترسناکەکانی ئەوینمان گرت.
باڵە خوێناوییەکانی قەڵەمم داگیرساند
ئەو باڵانەی وەك باسکی داستانەکان
سرەوتیان بۆ نەبوو.
لەو هاوارانە ئەچوون کە لە دووڕیانی
نەمری و بزربووندا
بە مەحاڵی بەخشندە،
بە ترسی ئێسك سووك،
بە مردنی  بە شۆڕش ڕازاوە،
ئەگەنو ماچیان ئەکەن.
مێژووش خێڵی تۆڵە بوو.
دەمی بڕندەی ئەو یاسا بەردینانە بوو
کە هەموو ڕۆژێ لەسەر سەکۆی خوایەکی دڵڕەق

وەکوو ئاسکێکی پەڕاگەندەو لانەواز، سەریان ئەبڕیم.
بەڵام من دوای هەموو سەربڕینێ
هەڵئەستامەوە سەرپێ
دیسانەوە ڕووم ئەکردەوە: ڕووگەیەکی تازەی تۆ.
گیانی نوێخوازم.. گیانی گەڕیدەی ڕەجم کراوم
وەکوو "سەمەندەر"
دیسانەوە بە خەون‌و گۆرانی‌و سەما
هەڵئەگیرسایەوە، دائەمرکایەوە، هەڵئەگیرسایەوە،
ڕێگەم
ڕێگەی ئەوینی ڕووت‌و ڕەجاڵم:
بۆ ئاوی تینوو،
بۆ گوڵە گەنمی برسی،
بۆ پرشنگی وێڵی بێ ئەنوا .. ئەکردەوە.
هیوام
رافزییەکی عاشقی بێ‌پشت و پەنایە
سۆزەکانی "حەللاج" ناوکیان بڕیوە.
من سەرەتای ئەو یاخی بوونەی مەرگی خۆم..
سەرەتای ئەو شێت بوونەی دەستم لە بیرە:
کاتێ پەنجەم لەسەر گردۆڵکەیەکی شەوەزەنگی زمان
کەوتە قاسپە قاسپ و خوێندنی ڕەنگاو ڕەنگی
بە گوێچکە نائاشناو بە چاو نامۆ.
لەوساوە ئیتر  یەکەمین هێڵی کازیوە

له منالّدانی "ڕستەیەکی نوێدا"
سەری لە قەڵەم جوقاو بە نەفرەت کرا.
ئەوسا منیش نەفرەتم
لە یەکەمین لە دایکبوونی شێوێنراوی خۆم کرد.
بەفری ڕوانینێکی نوا باریوم
پێشکەشی بوونم کرد:
کە لە گەرووی سێدارەکانمدا زابوون.
" ئەو سێدارانەی هەموو شەوێ
لە ژوورەکەمدا ڕیز ئەبن"
لە فرمێسکی ئەو گوڵە نامۆیانەدا
"کە لە سەرمێزەکەم.. هەڵئەقوولێن"
لەو نیشتمانە گرمۆڵەیەدا
"کە سەری لە گوێ قەبری چرپاکەم ئەلەرزێ"
جارێکی تریش گوڕم بەستەوە
گوڕبەستنەوەی شەیتانێکی دڵنەرمی بازۆڵە ئەستوور.
بێباك بووم، بێدەربەست.. لە چاوی
ئەو وشە- جاسووسانەی
شوێن پێی شەپۆلیان هەڵگرتبووم.
بێباك بووم، بێدەربەست لە داوی
ئەو "زاراوانەی" بۆ خەیاڵم نرابوونەوە.
ئیتر ئەوسا
"قەناعەت"م وەك بلیتی "یانسیب"ێکی دۆڕاو لەتو پەت کرد.

زەمانم وەك سەعاتە ژەنگ گرتووەکەم شکاند.
بە هەوێنی تیشکی ئەم بەیانییەیش
نانم بۆ خۆشەویستییەکی هەژارو بێ دالّدەو
نیشتمانێکی ئاوارە کردەوە.
ئەو دەستەیش کە بەڵێنی
هەژین و بوومەلەرزەی بە "زمان"داوە
بارانی خەون، لە هەڕەتی تێکشکانو هەرەسدا
لەسەر تەم تۆومان ئەنووسێتەوە.

تەمووزی 1991

# ڕەو ـ بەغدا

ئەمە باهۆزی مردنە؟
یاخود کۆستێکی باڵدارە
بەم بەیانییە خەواڵووە
لە دەربەندی بەهارێکی ترساوەوە
بە نێو تان‌وپۆی هاوارو زریکەمدا
ئەئاژوێت‌و
تیژتر لە چاوی شەیتان‌و
ڕەقتر لە تۆڵەی تەتەرو
مۆنتر لە قاقای هۆلاکۆ
بەرەو کاولاشی ڕووناکیم دائەگەڕێ !

★

ئەمە باهۆزی مردنە؟
یان تەپاوتلی مێژوومە؟
یان خل بوونەوەی دۆزەخەو

له تەوقەسەری  بەهەشتی
ولاتێکی بێخواوەندو کەساسەوە
بەرەو ڕۆحم دائەگەڕێ !

★

لەم مەرگە ساردەدا
بە لووزە و
بە لووزە و
شارانم ئەڕژێنە ناو چیاو دۆڵەوەو
وەك خوێنی باخانم کوتو پڕ ئەمەیێن !.
لەم وەرزە وێڵەدا
هەر بە پۆل
هەر بە پۆل
لە شەوی زەردە "با"و
باوەشی بەفرێکی ڕەشپۆشدا
وەك کۆتر
منداڵو
کارژۆلەو
پەلکە گیام
هەلاڵەو گۆرانییو شیعریشم
ڕەق هەڵدێن !.
لەم مێژووە تاریكو قووڵەدا
بە هێشوو

به هێشوو
گۆی مەمك‌و گێلاس‌و
تەماشاو هاوارم
ئەوەڕێن !

★

ئەبینن؟! وا دیسان ڕابوردوو
بە خۆی‌و گۆچانی تاریکیی دەستیەوە
دێتەوە ناومان‌و فوو ئەکا
لە چرای دیوارکۆی ڕۆحمان‌و
سەعاتی هەتاوی دوارۆژمان ئەدزێ !
ئەبینن؟!
بەغدا داوەو.. کەچی قاچم ئەچێ بۆ لای،
بەغدا پەتی سێدارەیەو کەچی ملم ئەچێ بۆ لای.
بەغدا پەرداخێ ژەهراوەو
کەچی دەستم وا خەریکە هەڵیبگرێ.
بەغدا درۆیەکی لووسەو
کەچی دەمم وا خەریکە قووتی بدا
بەغدا تاتەشۆری گوڵ‌و هەقەو کەچی
منیش ئەیکەم
بە ئاوێنەو بە ئینجانە!.
بەغدا قفڵێکی ژەنگ گرتووی
لە زاری عێراق دراوەو

من ئەمەویٚ بە ددانم بیکەمەوە.
بەغدا تۆڕی ماف گرتنەو
قولاپە بۆ زەردەخەنەی
کانیو زنەم
کەچی ماسییە سوورەی دڵم
وا خەریکە پێوەی ببیٚ !.
دە بڕوانن:
سووڕانەوەی هەمان بازنەی چەقۆیە
بە چواردەوری سەرو ملما.
گەڕانەوەی تارمایی هەمان داڵاشی خەلیفەیە.
هاتنەوەی هەمان دۆڵپایە
گرتنەوەی هەمان پەتایە.
دەبارە بوونەوەی هەمان
عیشقی کوێرو فاقەی ڕێیە.
بیست بارە بوونەوەی هەمان
بەڵێنی: شیرو شمشێرو
گەشتی "سمکۆ"و
دوا شێوی سەرای "شنۆ"یە.
چل بارە بوونەوەی هەمان
لە بێژنگدا ئاوهێنانە
شەست بارە بوونەوەی هەمان
ماچی نێوان ژەهرو نانە

سەد بارە بوونەوەی هەمان
دیمەنی ئەو کورسییەیە
کە پێکەنینی "قاسملو"ی
لەسەر دانیشت !
سەد بارە بوونەوەی هەمان دەمامکی جاری جارانە
هەمان .. هەمان
هەمان تەڤینەوەی ئێوارەکەی "حاجی هۆمەران"ە !!

1992/1991

# دووکەڵی گوڵگرتوو

مەگەر ڕۆح باڵندەی ئەفسانەو.. وڵاتی خەو نییە؟!
بۆ ئەوەی پێت بگەم، بچمە ناو تەلیسمی چاوتەوە
بۆ ئەوەی کاژی "شوێن" فڕێدەم
وەك سەعات
زەمانیش وردو خاش بکەمو لەوپەڕی گەردووندا
هەواری ڕەهایی هەڵبدەم ..
هەنووکە وام لە پشت گەواڵە هەورێکی نارنجیی شیعرەوە
وەستاوم، کاکۆڵم : گزنگەو تەوێڵم: ئاوێنەی داستانو
بەژنم: تەم.
من پەنجەی خواوەندی گومانو دوودڵی پەنجەمەو
سیحری تۆ دەفتەرمەو
بە نووری عەشقێکی دۆزەخییو
بە نووکی ئەستێرەی مەرگی خۆم ئەنووسم.
ئەوەتا بمبینە: تێکەڵم لە گوڵو خۆڵەمێش
لە بەردو لە دارو ، شنەباو، لە باهۆز
ئاوێتەم: ئاومو ئاگرمو خاكو خۆڵ

**شەختەمو ئەسووتێم.**

**دووکەڵمو گوڵ ئەگرم.**

**ڕقێکم نیانو خۆرێکم تاریکو**

**شەوێکم سپیو سۆڵ.**

**گوناهمو لە نوێژی ئەویندا ئەکوژرێم!.**

**مەگەر ڕۆح باڵندەی ئەفسانەو.. ولاتی خەونییە؟!**

**مەگەر من دەروونم ئاسمانی مەحاڵو کیشوەری ئازارو**

**چاوانم دووباڵی فڕینی**

**نەهێنیی شەو نییە ؟!**

**لێرەوە "زمان"ێ ئەڕوێنم**

**یەکو سەد نوێ بڕێ..**

**لەم کێڵگەی خەیاڵو فەرهەنگە شینەدا،**

**بەرد ڕاکاو باڵ بگرێ**

**لە چاوما مانگ بنوێ**

**لەسەرما بارانی ڕەنگاڵە داکاتو**

**لە ژوورما منداڵییم بە شانی**

**ئیستەمدا هەڵگەڕێ**

**مەگەر ڕۆح باڵندەی ئەفسانەو.. ولاتی خەونییە؟**

**مەگەر تۆ رۆحم نیت؟!**

تەمووزی 1992

هەولێر

# له ناو قه‌فه‌زێكه‌وه

خه‌مم مه‌سته و خوماره چاوی ته‌نیاییم
له گۆشه‌یه‌كی شین باوی ، قه‌فه‌زینی
تووڵ ئاوریشمی ئه‌م "باڕ"ه‌دا
نیشتمانێكی ئاواره‌م..
له‌سه‌ر كورسیی خۆرنشین‌و یاد دانیشتووم.
"باده"یه‌كی ڕه‌نگ كه‌له‌پۆ به‌ په‌رداخێ
هێور.. هێور، گرێكی سه‌وز، به‌رئه‌داته
پووشووی هه‌ستم.
باده‌یه‌كی ئه‌رخه‌وانیی:
"سه‌ر"ی كردووم به‌ ده‌ریاچه‌ی
به‌ربارانی ڕه‌نگاوڕه‌نگ‌و
بیره‌وه‌ریشم به‌ كه‌شتی.
له‌ هه‌ر كوێوه‌ تێم بڕوانی: به‌نده‌رێكی ته‌ماویم‌و
هه‌ر ته‌نیایی له‌سه‌ر ڕۆخی ته‌ڕی گیانم دائه‌به‌زێ‌و

هەر تەنیاییش لەگەڵ چارۆگەی خەیاڵما
هەتا ئەودیو سنووری ئاو بەڕێ ئەکەم.
لە گۆشەیەکی شین باوی، قەفەزینی تووڵ ئاوریشمی
ئەم بارەدا، هێشووی دارمێوێکی ژانم
بەسەر حەوزی پڕ لە ماسیی زەردو سووری
خەونەکانما، شۆڕ بوومەوە..
لەولایشەوە، دەستە زەردەکانی پاییز
پەنجەی ڕەقەڵە و درێژی، دەنك ..دەنك
لە تەمەنم ئەکەنەوە.
ئا لەم گۆشە شین باوەدا
من گریانێکی گرمۆڵەی تاراوگەمو
بادەی کلێپە ئەخۆمەوە!

★ ★ ★

ـ ئێوارەت باش
ـ ئێوارەت باش..
ئەی تاڤگە قژ زەردەکەی "ستۆکهۆڵم"!
ئەی کیژۆڵەی : لە نۆبەرەی یەکەم ڕێواس ناسکترو
لە پوونگەی ناو گوڵەزەردی
لێوار کانیش، بۆن خۆشترم !
"سەر مێزەکەی پاککردەوەو پەرداخێکی تری دانا"
وەك لە خەونێکی ڕابووردووی شیعرەکانما
ئائەم فریشتە سپییەم، دیبێت وایە.

وەكوو زووتر خۆم لە ئەستێركی پرشنگی
ئەفسووناویی ئەو چاوانە هەڵكێشابێ وایە، لە كوێ ؟!
لە كوێ ؟! لەكوێ ؟!..
لە "باڵەك" بووم، لەبەرچاوی دارستانو
باڵندەكان دابوومە كێو
گرفتاری عەشقی بەرد بووم.
هەگبەیەكی نانو شیعرم بە كۆڵەوە
هەورازێكی دڕم ئەبڕی
ڕەشماڵێكی دوور ئۆخژنی
تێزانە ناو چاوانمەوە.
لەسەر ترۆپك. كزەبایەك دای لەسەرو ملی داغم
خۆم بووم بە مێرگی كازیوەو
حەرفەكانی ناو هەگبەیشم بوون بە شەونم
من گەیشتمە بەر ڕەشماڵو
هەر ئەم پەرییە بوو دەركەوت
لەو وەختەدا درەختێكی تۆزاویی بووم
ئەویش ئاوێنەی گۆمێكی مەكسو ڕوونو
تیا حەپەسام !
ـ دیارە ماندوویت ؟!
"مێخێكی تری دەوار بووم .. بە عیشقەوە داكوترا بووم،
شیعرێ بووم لاڵ.. چی ئەبینم ؟!"
ویستم بۆ ئەو مانگەشەوە

ببم بە ڕووباری وشە .. نەم ئەتوانی!

ویستم دەنگم، گەرووم.. بکەم بە هێلانەی

ئەو کۆترە شینکانەی چاوی.. نەم ئەتوانی!.

زوبان وەکوو قەڵەمێ بێو لێم ون بووبێ.. بۆی ئەگەڕام !

من ڕەق بوو بووم

بووبووم بەدار قەزوانێکی تری دەوری  هۆبەو ڕەشماڵ.

ـ دیارە ماندوویت.. گەڵێ ماندوویت ؟

ـ وەکوو  ئەسپێکی زۆر شەکەت !

"ئەو پێکەنی"

ئەمە پێکەنینی بەفرە ؟! یان کوردستان

ـ تینووت نییە ؟!.. ئەی دۆت ئەوێ ؟!

ـ هێندەی چەمی وشکی دامێنی ئەم شاخە

من تینوومە !

"جارێکی تر پێکەنییەوە"

ئەمە تریقەی کانییە ؟!

یاخود قاقای دار سنەوبەر ؟!

-هۆ.. هۆکاڵێ.. کچێ کاڵێ !

ئەوە مردوویت ؟! وەرە بەلای

ئەو بەرغەلە شێتانەوە!

(دەنگی قرخی پیرەمێردێ

لەودیو هۆبەو ڕەشماڵەوە

مانگی قژ زەردی داچەڵەکان.

کاسە دۆکەی دایە دەستم‌و ڕۆی تیَ‌پەڕی‌و
وەکوو، هەورێکی سەرگەردان خۆم مامەوە !)
ئەمە هەر هەمان قەڵبەزە قژ زەردەکەی
لای باڵەکە ؟! جارێکی  دی ئەڕژێتەوە نێو خەونی من ؟!
ئەمە هەر هەمان شەمامەی دار هۆنراوەی
ئەو جارەیە.. لە ئازارما ئەڕوێتەوە جارێکی تر ؟!
ئەمە گمەی هەمان ئەوینی سپییە
هاتۆتەوە و کونەشاخی غەریبیمی،
کردۆتەوە بە هێلانە؟!
ئەمە هەر هەمان کزەبای
دەنگ‌و ڕەنگی ئەو جوانەیە
لە دەربەندی ئەفسانەوە
هاتۆتەوە و ئەداتەوە
لە کەڵە پشکۆی ئەم "سەر"ەو
ئەمکاتەوە بە بارانی گوڵاڵەی تر؟!
ئەمە هەر هەمان شمشاڵە
کە زامەکانم ئەیژەنی؟!
هەمان هێرۆی سەر لق سپی بەر ڕەشماڵە؟!
هەمان کوێستانی گۆرانیی؟!
وا لە گۆشەی شین باوەوە
لە نێوان تووڵی ئاوریشمی
ئەم قەفەزە زیوینەوە

کڵاو کوڕڕەیە قەڵەمەو .. سەیری ئەکەم.

ئەو پێستە بەفرە ژیلکەیەو

وەردی هۆنراوەی سپییەو

منیش هەر چینەی تیائەکەم، سەیری ئەکەم

وەکوو شەقامی بەرباران

من تەماشام ئێستە تەڕەو

زەردەخەنەی کراس زەردی

"کاڵێ"ی ئێرەی پێدا ئەڕوا.

من ڕەشماڵی خەیاڵێکی فێنکی ئەم گۆشە شینەم

هەموو جارێ لە بوولێڵدا "کاڵێ"ی باڵەك

ئەبینمەوە، بووە بە گوڵ ئەستێرەیەك

بازن لە دەست ، دێتو سەرێکم لێ ئەدا!.

من ئەو باڵندە غەریبەم

ئازادیم وا لەم قەفەزە شین باوەدا.

هەموو ئاسۆی هەڵفڕینم

لە دوو چاوی جوانێکدایەو

هەرچی ڕووبارو زەریایشمە

وان لە تاقە پەرداخێکدا !..

ستۆکهۆڵم 1991

## یەکانە

پرسەی زیندووانەو ، عومری ژنە دیرۆکێکی[1] نەزۆك !.
ئەوەتا لەم گۆڕستانە بە بژوێن و جوانەدا
تاك تاكو بە كۆمەڵ لەسەر گازی پشت پاڵكەوتووینو
چاومان بڕیوەتە چاوی ئەستێرە بەدبەختەكان.
ئەستێرە خۆڵەمێشییەكانی ئاسمان..
ڕەنگمان، دەنگمان، بوونمان: وەك پۆشاكمان
تۆزو گەردی هەزار ساڵەی
بەهەشتێكی ڕووخاو و تاڵانكراوی
ئەبەدیی لێ نیشتووە !.
لەم گۆڕستانە بە گوڵزارو جوانەدا
كەس خەون نابینێ!.
كەس لە پێستی بۆگەنكردووی هەڵناگەڕێتەوە.. كەس.
كەس مێشو مەگەزی سەر برینەكانی خۆی
دەرناكات.. كەس !.
تەنانەت كەسیش وڕێنەیەك چییە

[1] دیرۆك: مێژوو.

به ئایندەوە.. ناکات!.

ئایندە نییە. نییە، نیٚ!.

قاتو قڕیی خەونو، قاتو قڕیی خۆشەویستییە!.

حەسرەتمان.. ئاخ.. حەسرەتمان

لە کوێرێکی زەلیلی دەروەزەکەر ئەچیٚ

لە نابینایەکی بیٚ ماڵ،

ئێمە لەگەڵ باپووسکەی[2] "ڕێککەوت"دا

پەیمانێکی تا هەتاییمان بەستووە !.

چۆن هاتو لە کوێوە؟.. ئێمە لێرەین.. لە ڕۆژهەڵات

یان لە ڕۆژئاواوە.. ئێمە هەر لێرەین!

دێتو وەك پووشو پەڵاشی دەم گەردەلوولێکی شێت

وەك تووکەسەری ئاوبردوو

وەك لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی دڕاو

وەك تاکە گۆرەوییەکی کۆن

وەك دووکەڵی جگەرە

ئەمانفڕێنیٚو ئەمانباتو تێکەڵ بە بزربوونمان ئەکات.

ئای لەم گەمە شێتانەیە

ئێمە خۆمان بە لقی شکاوی مێژوویەکەوە هەڵواسیوە

ئەوەتا لەرەلەرمانە و هەر ساتە ناساتێکیش

لقەکە قرچەیەکی لێوە دیٚ!.

وای لەم سەمای ئێسقانە قرچۆکانە

---

[2] باپووسکە: کرێوەی بەفر بە باوە.

وای لەم ژیلەمۆ ساردو

وای لەم بەستەڵەکە گەرمانە !.

من سەرلەبەری ئازارەکانی خۆم پشکنی.

من سەرلەبەری شانازییەکانی خۆم هەڵدایەوە.

من تەواوی مردنەکانی خۆم ژمارد.

بەڵام لە هیچیاندا خۆمم نەدۆزییەوە

لە هیچیاندا سێبەرو هەتاوێکی ڕاستەقینەم نەبوو

قەت... قەت.. قەت

نە سەرەڕمی شەڕی خۆم بووم‌و

نە دەنووکی کۆتری خۆم.

نە ئەسپ بووم‌و

نە حیلە بووم‌و

نە قریوە قریوی سوار

من پاشبەندێکی بێ سەر بووم، پاشبەندێکی گرمۆڵەی

بەر نووکەشەقی قەشەکانی ڕۆژئاواو مەلاکانی ڕۆژهەڵات.

من ئەو دەوەنەم

ئەو دەوەنە گرگنە خۆهەڵکێشەی

کە نەبووم بە دارو

نەبووم بە دارو، نەبووم بە دار !.

بڕوانە ئەم پێستە کەولکراوەم، ئاڵای شەق‌و پەق بووی

شانازی‌و سەروەریم

چارۆگەی شیتاڵشیتاڵی بەلەمە سەرگەردانەکەم

ئەو گەمیەیەی کە وەکوو ئەستێرەیەکی خوێن لەبەر چۆڕاوی
مەرگ. گەیشتە سەدان بەندەری تەماویی بە ترس
داپۆشراوی، دوای شەڕوشۆڕی بێئامانی پادشاهانو
سوڵتانان و دوای بە هەپروون بوونی خۆم. ئەو بەلەمەی
گەیشتە چینو ماچینو گەیشتە دوا لێواری بە مردن
ڕازاوەی سەرزەمین.
ئەو گەمیەیەی بارکرا لە کەللەسەر و بارکرا
لە خۆڵەمێشی لەشی عاشقانو بارکرا لە ئێسكو پروسکی
سترانەکانو بارکرا لە زێڕو لە گۆی مەمکی کچانو
لە ئەڵماسو لە گەوهەرو بردمەوە بۆ ئاستانەکان،
بۆ تارانو بۆ بابی عالیو.. ئەو بەلەمەی
مێژووی چڕوپڕی شەپۆلە ڕووزەردە بە هەڵپەکانم
ئەگێڕێتەوە. ناو و ناوبانگی گەورەو بریقەداری سەرکەوتنم
بەسەر ژنو منداڵو پیرەمێرددا پێئەبەخشێ !.
ئاوڕ بدەنەوە ئاوڕ لە جوامێریم
من شمشێری هەڵکێشراوی ڕیزی پێشی پێشەوەی
بەهەشتییەکان بووم. لە ژێر ئاسمانی مسینی
هەزاران شارو شارۆچکەدا، وەك یەکانە دڕەکان
جەنگیم. من دەستێکم لەسەر شوورەی چینو
قاچێکم لەسەر پاردەکانی ئیسپانیا جێمان.
لەویانەوە: چەندین مشت، پڕ بە سکم، پڕ بە
گیرفانە گەورەو پانو پۆڕەکانی شەڕواڵەکەم:

دوڕ و یاقووتو گەوهەرم بردەوە بۆ خەلیفەی ئاخر زەمان.
لەمیشیانەوە: پڕ بە ئاوەڵکراسی ژنەکەم:
بۆنخۆشترین شووشە عەترو، مرواریو مەرجانو
زومردیش بۆ خەلیفەژن !.
من  هەمیشە کۆیلەی تاجە خوێناوییە
پرشنگدارەکانی دراوسێ ئازیزەکانم بووم.
لایەنگری چەقۆی سەرگەردنی شاخە ڕووتەڵەکانم..
من هەمیشە
درێژترین باوێشك بووم لە زاری ئەم سەر زەمینەدا !.
ئاخ! من تەنیایەکی بە نەعلەتکراوم لە ژێر
ئەم قوببە سامناکەداو لەبەر هەتاوی سووری
سزای ئەبەدییم، بەردەوامو بەردەوام بە زمانی
چون پەلاسم زامەکانی خۆم ئەلێسمەوە.
من کوتو مت لە قەلەباچکەیەکی ڕەشی شەل ئەچم.
قەلەباچکەیەکی بەسزمانو تەمەڵ. هێزی قیڕاندنم
تێدا نەماوە. هەموو جار ملم ئەکەم بە ژێر
باڵە ڕووتاوەکانمەوەو بۆ سەدەیەك و دووان و
سیان ئەنووم. من تەلیسمی بێهودەیی،
جادووی بێ هۆشو گۆشیی، ڕێ نومابیم ئەکەن !.
من ئاوەزم[3]
لەسەر مەشقکردنێکی سەختی

[3] ئاوەز: ئەقڵ: بیر.

بیرنەکردنەوەی درێژخایەن ڕاهێناوە.
بە سەبری تەوەزەللی.
بە چاوەڕوانیی بێکۆتایی.
بە پێشوازیی کوتوپڕی مردنی هەمەچەشن
هەمەڕەنگ.. ڕاهاتووم.
خوویەکی نەگۆڕم بە دروونی کفنو،
داتاشینی تاتەشۆرو، هەڵکەندنی
گۆڕی خۆمەوە گرتووە!.
خوویەکی نەگۆڕم بە لەسەر پشت پاڵکەوتنو
ئەبڵەق بوونو تێڕامانی هیچەوە گرتووە.
من ئەتوانم ئەو چاوەی دامخست
سەدەیەك هەڵینەبڕم !.
ئەو قوڕوقەپەی کردم تا دوو سەدەیش
دەم نەکەمەوە ..ئاخ
من تاکە کەسم گوێم لە پرخە پرخی تاسەنەی[4]
خۆمە و خەبەریشم نابێتەوە !
من ئەم هەموو دابو نەریتە پیرۆزانەیشم
لە باپیرە هەرە گەورەکانمەوە بۆ ماوەتەوە
لەو باو و باپیرە سمێڵ بابڕو کەللەشەکەکانەوە
کەللە بەرانانەوە،..
کە جگەرەی دەم باسقەنە[5] درێژەکانیان

[4] تاسەنە: خنکان.
[5] باسقەنە: سەبیل.

به ئاگری ماڵە سووتاوەکانیان دائەگیرساندو

هەرگیزاو هەرگیزیش

چاویان نەئەکزایەوە !

من بێباکێکی مەزنم !.

هەولێر

تەموزی/ 1993

# گرێ

هەر ئەسووتێم

هەتاکوو ئەم چرکە خوێناوییە بەدبەختەیش ،

هەر ئەسووتێم.

لە ڕۆژی زاوزێی گوناهو تۆبەوە، زاوزێی

تاوانو سزاوە، ئەسووتێمو هەڵئەقرچێم و ئەسووتێم.

لە ئەوەڵ وەرزی کەوڵکردنی هەقەنازدارو جوانەکانەوە

ئاه.. لەسەرەتای ئاهو و ناڵەی پەرییەکانو

گرمەژنی، بەرەژانی ، بارانەوە..ئاه

هەر ئەسووتێمو ئەسووتێم..

تا ئەم چرکەیە،

تا ئەم نووزەیە.

تا ئەم کرووزەیە.

لە ژێر ئەم ئاسمانە گرژەدا و لە ژێر ئەم گومەزی ترسەدا

من و جەللادەکەم، هەردووکمان بێ وێنەین.

لە وێنەمان نەبووەو نییەو نایشبێ

منو جەللادەکەم، جەللادە هۆگرەکەم

هۆگر بەسەرە ڕووتاوەکەم.
هۆگر بە ئێسقانە سپییەکانم.
هۆگر بە خوێنە ڕۆشنەکەم.
لەم جوگرافیا خڕەدا

لەم مێژووە درێژەدا
لەم سیاسەتە بێشکڵەدا،
من و جەللادەکەم
کەسمان هاوڕێی
وەك خۆمانمان بۆ نادۆزرێتەوە
کەسمان
نە ئەو بۆ شمشێرەکەی و نە من بۆ گەردنم.
نە ئەو بۆ قولاپە بریسکەدارەکانی و
نە من بۆ ماسییە ڕەشەکانم.
نە ئەو بۆ ئاگرە شکۆدارەکانی و
نە من بۆ بەهەشتە بێ ناونیشانەکەم
نە ئەو بۆ دێوجامە ڕەنگینەکانی و
نە من بۆ قەفەزە نەخشینەکانم
نە ئەو بۆ دیوارە ئەستوورەکانی و
نە من بۆ چاوە پەڕاگەندەکانم
لە وێنەمان نەبووە و نییە و نایشبێ
کەسمان لە وێنەی یەکتر بۆ نابینرێتەوە

کەس

کەس

کەس !

نە جەللادێکی مەزن و خوێن ساردی وەکوو ئەو هەیەو

نە قوربانییەکی جوانی دەم بە پێکەنینی لەتو پەت کراوی

وەکوو منیش.

منو جەللادەکەم

ئەم جیهانەمان وەکوو گایەکی لە خم خۆرکدا چەقیو

سەرسام کردووە

قیبلەنماکانی ڕامیاریمان چەواشە کردووە..

سەرمان: لە مێژوو، لە دیالێکتیکی مێژوو

لە قانوونی دژەکان، لە یاساکانی گۆڕان و..

سەرمان لە کلێسە و لە مزگەوت و لە کاتژمێری سەعات و

لە بۆچوونەکانی مارکس و لە نزاکانی پاپایش تێکداوە !

ئەوەتا جەللادەکەم، جەللادە هۆگرەکەم، لە ژێر زەمینە

کۆنکرێتییەکانی خۆیدا، " ئەدۆڵف هیتلەر" پەلکێش ئەکاو

هیتلەریش وەك پشیلەیەکی کێوی مۆمیاکراو لەبەردەم

ئازارەکانما ئەوق بووە ئەوق. جەللادە شەیداکەم،

کڵاوە قووچەکەی "جەنگیزخان"ی پڕ کردووە لە :

داهێنانی نوێ و شانازییە تازەکانی مردنو جۆری مردن،

لە دنیا نەبینراوەکانی دووکەڵ و خۆڵەمێش لە ئەشکەنجەی

تەڕو پاراو، لە فڕو فێڵی دەم بە گوڵ، لە کوشتاری

نەوازە، لە خاپوور کردنی بێ دەنگ ، لە پرسەی
سەوز و سوور، لە مەرگی موفاجاتی خێراتر لە ئەسپی
بۆراق، ئەوەتا منیش:
بە پارچەی پچڕ پچڕی ئاڵ و والآی جەستەم.
بەو ڕووبارە وەنەوشەییانەی کە ڕۆژانە لەبەرم ئەڕۆن.
بە واق و ویقی برینە بچکۆلەکانم
بە ڤیژە ڤیژی دارو پەردووی کارەساتەکانم
بە گاشە بەردی سەرشانمو بە هەورازی بێ کۆتاییم
بە لێکترازانی سەر و لەش و گۆشت و جومگەم
ئازادییم وەك شینەشاهۆیەکی خوێن گرتوو
حەپەساندووە !
من و جەللادەکەم
هەرچی پێشبینی، سیاسەتمەداران و ئابووریی ناسانو
CIA و KGB ی و چەپەکانو ڕاستەکانو
ڕۆژنامەنووسانو سەرخۆشی مەیخانەکانو هۆڵی
کۆنگرەکانە هەر هەموویانمان بە درۆ خستنەوە، بەدرۆ !
ئەو .. بەوەی تا ئەم چرکە خوێناوییە بەدبەختەیش
ئەبوو.. ئەبوو: خۆڵ، کرم، ماروو، جانەوەرە گوناهەکانو
شارە مێرووله ژەم بووردەکانی دوای هەشتی شوبات !.
مشكو جرجو گۆڕهەڵکەنە هەژارەکان.. هەموو .. هەموو
دەمیان تێبژەندایەو کەچی تا ئێستەیش
تا ئەم چرکە خوێناوییە بەدبەختەیش..

ئاخ

هەر .. ماوە، ئاخ!

منیش بەوەی

ئەبوو لەسەر شانی زیوینی (داد)ەوە

ئەستێرەم دابگرتایە و بەژنی ئەم مێژووەم

لە پشتکۆوە هەتا لەك

لە پەلکە گیاو لە گوڵەباخو لە گوڵە گەنمو

لە کازیوەی بەیانەوە بپێچایە

بەڵام تا ئەم چرکە خوێناوییە  بەدبەختەیش

هەر بەسەر: وەرینو

هەر بەسەر: سووتانو

هەر بەسەر: ژەهرو

هەر بەسەر دووکەڵدا دابەش ئەبم!

تۆ بڵێی جەللادەکەم "نوح" پێغەمبەر

تەمەنی درێژی خۆی پێ بەخشیبێ؟!

تۆ بڵێی منیش.. منی هەوێنی ئازاریش

تا هەتایە هەر میراتگری

خاچە جوانەکەی عیسا پێغەمبەر بم ؟!

ئێوەش !

ئەی جێ نیشتەکانی پایتەختی تاعوونو شاری فەلاکەت!

ئەی ئەوانەی بەردەوام

له کەرنەڤالی مردنی ڕەنگاو ڕەنگی خۆتان ورد ئەبنەوەو
لەسەر لێواری خەرەندێکی قووڵیش دیلانێ ئەکەن
تانەو تەشەر لە برینە سەرکەشەکانی من ئەدەن !
گازندەیش لە خوێنی خەواڵووی خۆتان ئەکەن
ئەی هاووڵاتیانی مەملەکەتی نانی گریاو و
"کۆماری ترس"!
من عومری درێژی جەللادەکەم
لە ئەفسانەی وەنەوزی ئێوەو
لە گۆڕستانی بێ دەنگیتاندا ئەبینم!
ئۆباڵی ئەو تەمەنە لە ئەستۆی زەردی ترسنۆکی و
لە ڕازی بوونی کۆتو زنجیری ڕۆژگارتاندایە.
لە خەونی زڕو نەزۆکتاندایە.
لە ڤایلبوونی برسێتیو
لە بەستەڵەکی ئارامتاندایە.
ئێوەش!
ئەی ئەفسەر و دەرەجەدارانی
شانو ملو سەرسنگ پڕ لە:
نیشانەو مەدالییا نەفرەتییەکانی کوردستان:
پڕ لە: ئەستێرە کوێر و بەدبەختەکانی!
ئێرانو کوێت!
ئەی کەڵەشێر ڕوکنەکان!
ئەی سوپای ـ باسل ـ!

بەرانبەر مریشکە جانەوەرەکانمان‌و
بەرانبەر منداڵە دڕندەکانمان‌و
بەرانبەر ژنە وەحشییەکانمان!
بێ وێنەیی جەللادەکەم‌و تەمەنی درێژی شمشێرەکەی
لەسەر چەپۆکان و حیلەی لە ناکاوی
غیرەتە ئەسپی ئێوە وەستابوو
بەڵام، ئۆە! "بەداخیشەوە نا"
ئەو غیرەتە گوێ تەپانە هەرزوو لە  کەلاوەکانی
کوردستانداو لەسەر نوێلکی قەراغ زۆنگاوەکان
سەگ خواردنی
سەگ خواردنی
سەگ!

هەولێر
تەمووزی / 1993

# هەتاو

**بۆ هاوڕێم کاک جەبار فەرمان**

* بۆ هەموو ئەو جوامێرانەی کە پێشمەرگەی گەورەترین داستانی ڕاپەڕین بوون لە ڕامالێنی مێردەزمەکانی تاریکیو عەقڵی چەق بەستوودا، ئەوانەی بوون بە هەتاوی ئازادیمان و شەهیدانیشمان بە شەفەقی سەرکەوتن.

لەو شەوەدا
ئێوە بەوری .. باوبۆران بوون؟
یان ئەسپی گڕ ؟
دارستانی زەنگ بەدەست بوون ؟
یان چریکەی گەرووی چیا؟
کە کەوتنە ڕێ ؟
لەو شەوەدا ..
هەر لەیەکەم پەڵە هەوری سۆراخەوە
هەر لە یەکەم بازرەقەوە:
حیلەی شاخو
هاژەی مێژوو

گڤەی زامو
گرمە گرمی گۆڕستانی شەهیدانو
بارانی شیعری ئێمەتان لەگەڵدا بوو!
لەو شەوەدا ..
کە کەوتنە ڕێو
ڕیز لە دوای ڕیز
سەروملتان بوو بە چرا
هەر لە یەکەم چەخماخەوە..
هەر لە یەکەم دارژانی هەڵاڵەکانی جەستەوە
تیریژی چاوەکانمان و تیشکی خوێنو
شەبەقی ڕۆحی ئێمەتان لەگەڵدا بوو!..
لەگەڵ باڵاتانا.. درەخت
لەگەڵ پەنجەتانا .. قەڵەم
لەگەڵ گوللەتانا .. وشە
لەگەڵ باهۆزی قاچتانا
سروودی دەغڵو گۆرانی
بەفرو ژنی
ئەم ولاتە سپییەتان لەگەڵدا بوو.

★

لەو شەوەدا
کە دار هەناری بەژنتان
بەسەر پشتی ترسو بیمو بەردا سەرکەوت

دوورو نزيك
وەك گوڵ ئەستێرەو ئاگری شوان
دڵۆپ
دڵۆپ
خوێنی "سوڵتان" ورشەو پرشەی
ئەدا لە چاوی چەكتانو
ڕەوەز ، ڕەوەز
پێشتان ئەكەوت.
لەو شەوەدا
دەستەكانی  "عبدالخالق"
وەك گوڵ ئەستێرەو ئاگری شوان
دڵۆپ
دڵۆپ
خوێنی "سوڵتان" ورشەو پرشەی
ئەدا لە چاوی چەكتانو
ڕەوەز، ڕەوەز
پێشتان ئەكەوت.
لەو شەوەدا
دەستەكانی "عبدالخالق"
باسكی هەورو بارێزە بوون
نزيكو دوور
وەكوو بريسكەی شەپۆلی بەر خۆرنشين

یان پڕیشکێکی ئاگرین
کۆترە سوورەی کتێبەکەی شەقژنی بوو
دەشت لە دوای دەشت
بەرد لە دوای بەرد
پێشتان ئەکەوت
لەو شەوەدا
سەری "قاسملو" بۆ ئێوە
مانگە شەوبوو
سنگی "ڕانییە" ئەستێرکی
گوڵەباخ و
گۆمی پێنج مانگی خنکاو بوو
بۆ سبەینێش
لەو "سەر"ەوەو
لەو سنگەوەو، لەو گۆمەوە
گوێمان لێبوو
وژەوژی مێژوویەکی تازە ئەهات
"دووهەم بەهاری ڕاپەڕین"
کازیوەی گوڵ و کانیی بوو
هات و هەڵهات !.

★

تاریکیی ڕیشی درێژی
ئەئالاندە: ملی شیعرم.

ملی گوڵم.

ملی ژنم،

سەدەی بەردیین بە تەورەوە گەڕبۆوە

"سوڵتان سەلیم" هەر بەهەمان عەمامەوە

"سوڵتان موراد" هەمان جبەی لەبەردا بوو

هەمان فەتوا بۆ کوشتنی سەربەستیم‌و

هەمان شمشێر بە دەستەوەو

خوێنی منیش ئاوی سووری دەسنوێژی بوو!.

تاریکیی ڕیشی درێژی

بەردابۆوە سەر پەنجەرەم

بە زامداریی

هەتاوو

ماچو

جریوە

ئەگەیشتنە  ناو ژوورەکەم.

ڕیشی درێژیی تاریکیی.. جەندرمە بوو

بەسەرسەری قەڵەممەوە ڕائەوەستا

بەسەر سەری.. خەیاڵمەوە

بەسەر سەری.. ڕەنگەکانی جل‌و بەرگ‌و پێڵاومەوە

بەسەر سەری.. ئاوێنەوە، پەرداخەوە، شاییمەوە

بەسەر سەری.. پێکەنین‌و جوانیمەوە

بەسەر سەری.. سەماکانی
جەژنی لە دایك بوونمەوە،
ڕیشی درێژی تاریکیی
جەندرمە بوو، پاسەوان بوو
بەر باخەڵی وشەکانی ئەپشکنیم
بۆ سووراوی لێوی شیعرو
کلی چاوو، سەر ڕوومەتو
بۆ گۆرەوی کورتو شانەو بۆ "ماسکارا" و
بۆ "شانتۆڵ"ی دەزگیرانەکەم ئەگەڕا..
ڕیشی درێژی تاریکیی..
بە زۆر لەچکی بە گوڵاڵەی مێژووم ئەکرد.
عەبای ئەدا بەسەر مانگدا.
پاوپووزی شاری ئەبڕی.
چاویلکەی (بێکەس)ی ئەشکاند.
شیعری خەیامی ئەڕشتو
بەستەو گۆرانیی ئەکوشتو
سەد جەڵدەی ئەدا لە عەشقو
هونەریش بۆ چینی دیوار!.

★

تەوری ڕیشدار
هاتنە ناوبێشەی ئێمەوە.
هاتن دار بەڕووی هەتاوی

دیرۆکی سەوز ببڕنەوە.
هاتن سەر لەنوێ قەڵەمی
"شەرەفکەندی"و
جارێکی تر کتێبەکەی "عبدالخالق" بکوژنەوە.
لە پڕ خوێنی شەهیدستانی هەژدە ساڵ
بوو بە کێوێکی قرمزیو
فوارە.. فوارە هەستایە پیان.
لەو شەوەدا کێوی مێژوو گڕی گرتو
دەوری بەردو
عەقڵی بەردو
شمشێری دەست نەیارانی
ژنو شیعری
کرد بە زوخاڵ!.

★

هاوڕێیان! لەبیرتانە..
زەمانێ بوو دەوارێك بووین تاقو تەنیا
لەناو زوقما وەك باڵامان خەم ئەیبەستو
ڕۆژ ژمێرێ بووین بێکەسو
قەڵەمێك بووین بێ کڵاو و
تفەنگێك بووین بێ هەناو و
تایپێك بووین دەست لەجێچوو!.
چادرێ بووین وەك کوردستان تاقو تەنیا

ئێمە گوڵێکی هەتاومان
لە بەرۆکی دوا ڕۆژ ئەدا!.
هاوڕێیان!
نەهێنیی سەوزێتیی ئێمە لەوەدایە:
نە ڕەگەکانی بەستەڵەك
دەستو پێی تیشکمان ئەبەستیٚو
نە گوڵجاڕی لوتکەکانی سەرکەوتنیش
ئەمانخاتە سەر دوو باڵی
سیمرخێکی لەخۆبایی !.

هەولێر
کانوونی دووەمی 1994

* سەرەتای ناسینو هاوڕێیەتیو تێکەڵیم لەگەڵ کاك جەبار فەرماندا بۆ ساڵانی 1984– 1986 ، سەردەمی ژیانی پێشمەرگایەتیو خەباتی نێو شاخو داخ ئەگەڕێتەوە. ئەو کاتە ئەو لە سەنگەری ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕژێمی دیکتاتۆریدا ئەجەنگیو ئێمەیش لە ڕاگەیاندنی شۆڕشی نوێدا کارمان ئەکرد. دیارە دوای ڕاپەڕینو دروستبوونی پەرلەمانو دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەو دۆستایەتیو پەیوەندییە درێژەی هەبووەو تا ئێستەیش، بەڵام ئەو ڕۆژانەی کە لە هەموو کاتێکی تر زیاتر هەستم بە بەهێزبوونو بە چڕبوونەوەو شەوقدانەوەی ئەو پەیوەندیو هاوڕێیەتییە کردبیٚ، ئەو ڕۆژانە بوو، کە ئەو و پێشمەرگە دلێرەکان لە چوارقوڕنەو ڕانیە و بێتواتەو قەڵادزێدا هێزی تاریکیو کۆنەپەرستییان ڕاو ئەنا، ئەو هێزەی کە پێشتریش فەتوای حەڵاڵکردنی خوێنی منیان دەرکردبوو، بۆیە شیعری هەتاویش لەو ساماڵی سەرکەوتنە گەورانەدا لەدایك بوو!.

# کۆتایی داستانێ

"بۆ شەهید غەریب هەڵەدنی"

دژوار ژیاو سانا کوژرا.
یەك لە دوای یەك
بەناو زنجیرە دۆزەخو گەلیی خوێنو
مێژوویەکی بەردەڵانو
کاروانسەرای ترسو بیمدا
بەناو مردنێکی چڕدا
ڕۆی تێپەڕی و لەو سەرەوە
وەك هەتاوێکی کاکۆڵ سوور
هاتە دەرێ.
یەك لە دوای یەك
چووە گەرووی مەحاڵەوە.
چووە قوڕگی ئەژدیهاوە.
چووە گێژەنی ژەهرەوەو
چووە ناو سکی بەردەوەو
لەو سەرەوە

وەك گژوگیای دەم بەخەندە

هاتە دەرێ.

سەخت ژیاو

ئاسان كوژرا.

یەك لە دوای یەك

خۆی كرد بەناو

كونەدارو كونە گورگو

كونە مەرگاو

توونی باباو ئاوی ئاموونی ئەنفالو

دوای ئەنفالی هەمووی بڕیو

دیسانەوە لەو سەرەوە

وەك گەرداوێكی تەوێڵ سەوز

هاتە دەرێ.

دژوار ژیاو

سانا كوژرا!

بەرد ئەزانێ.. پیرەمەگروون كۆڵی دابوو.

"با" ئەزانێ.. ئەژنۆی چەرماوەند ئەلەرزی.

خۆر ئەزانێ.. هەتاو لە ترسا  خزابووە ئەشكەوتەوە.

عەرد ئەزانێ..هەر لە ترسان

باران لێزمەی تەرك كرد.

هەور چەخماخەی تەرك كرد.

ڕەشەبا گڤەی تەرك كرد.

کێوان دەستیان بە کڵاوی لوتکەوە گرت
ـ هەتا بەعس  نەیفڕێنێ ـ
لەو دەمەداو لەبەر باهۆزی ئەنفالدا
کێ ڕای نەکرد ؟!
لەو دەمەدا منیش سەرم لە ئەوروپاو
کلکی شیعرم لە ئێراندا تۆزی ئەکرد !
لەو دەمەدا.. ئەو دەستانەی ساتە وەختێ
لە دەستەکانی کوردستان نەبوونەوە
لە عیشقی ئاوو منداڵو
لە عیشقی مەلو درەختو
لە عیشقی خاكو هەژاران
چرکەیەك جوێ نەبوونەوە
دەستەکانی "غەریبی هەڵەدنی" بوون!.
دژوار ژیا و
سانا کوژرا !.
تۆڕی صەدام.. هەرچەندی کرد
ئەم  ورەیەی بۆ نەگیرا.
ئاگری صەدام.. هەرچەندی کرد
ئەم ئەوینەی پێ نەسووتا.
ژەهری صەدام.. هەرچەندی کرد
ئەم ڕووبارەی پێ نەخنکا
گوللەی صەدام... هەرچەندی کرد

**ئەم پلنگەی بۆ نەپێکرا.**

**کەچی ڕۆژێ**

**ڕۆژێکی هێمن و سادە**

**ڕۆژێکی خۆش**

**بێتەم، بێ ژەهر، بێ صەدام**

**لە تەختایی  ئازادیدا**

**لە نەرمانیی ئازادیدا**

**چەقۆیەکی دەستی خۆمان**

**چەقۆیەکی ماڵی خۆمان**

**بە سانایی سەری بڕی**

**تف**

**لە خۆمان !!**

هەولێر

کۆتایی تەمووزی1993

# هەناسەساردەكانی گەرمییان!

-1-

ئەگەر بەیانییەك ڕێكەوت

ئا لەم دەشتەی گەرمییاندا

كەڵێكتان بینی، سەرسنگ سوور،

چوارپەل سپی،

چاو ئاگرین.

هیچ دەنگ مەكەن، دەسیش بگرن بە سنگەوە.

ئەوە: "حەمەڕەشە" كەی خۆمانەو

بەسەردانێ هاتۆتەوە بۆ لای "حەمرین"!.

ئەگەر نیوەڕۆیەك ڕێكەوت

ئا لەم دەشتەی گەرمییاندا بازێكتان بینی، گەردن سەوز،

باڵ خوێناوی،

پەڕ ئاڵۆزكاو..

بازێكی بێ ماڵو هەوار

هیچ دەنگ مەكەن.. ڕێگە بەردەن

ئەوە "مەلا ئەحمەد"ی خۆمانەو
بە سەردانێ هاتۆتەوە بۆ لای هەردوو
جووتە خوشکی کفریو کەلار!
ئەگەر ئێوارەیەك ڕێکەوت
ئەسپێکتان بینی تەوێڵی کڵپەدارو
یاڵ نارنجیو
کەللە بچووك.
هیچ دەنگ مەکەن، دڵتان خۆش بێ
ئەوە "مامە ڕیشە"کەی خۆمانەو
بەسەردانێ هاتۆتەوە بۆ لای کەرکووك!.

-2-

هەموو ساڵێ لە ناوەڕاستی شوباتدا
لە ناوەڕاستی سەرمادا
لە پانزەوە هەتا هەژدە
بانگی شێوان، وەکوو دەربەندی باسەڕەو دڵی کێوان
دەرگای حەوشەی ماڵەکانتان بکەنەوە.
لە ژوورەوە تەدارەکی جەژنێ ڕێکخەن:
چرا هەڵکەن، ئاگر خۆشکەن ، چایی دەمکەن
ئاڵای سەوزو سوور هەڵواسن،
سەرینی پەڕ ، جاجمی نوێ، پێخەفی تازە دەربێنن

مۆمو بوغورد  بسووتێنن.
تاقە کەڵەباب سەر بڕن.
بۆ میوانێ لەش خۆڵاویی و
برسی برسی ئەگاتە جێ
بۆ عاشقێ لە ئەشکەوتی "داری خلە"[1]ی
ئەنفالەوە کەوتۆتە ڕێ
بۆ ئازیزێ وەکوو کلووی بەفر و پرشنگ
وەکوو کزەی دەم سیروان و
بۆنی گڵی باوە شاسوار
لەم ناوەدا پەیدا ئەبێ
هەموو ساڵێ لە ناوەڕاستی سەرمادا
لە پانزەوە هەتا هەژدە
دەرگاکانتان بکەنەوەو چاوەڕوان بن
"مەلا ئەحمەد" ئەگاتە جێ!.

-3-

ئەی کیژانی ڕەنگ ڕێحانەیی
ئەم مەڵبەندە

[1] ئەشکەوتەکەی داری خلە: ئەکەوێتە ناوچەی کەلارەوە. لە ڕۆژگاری تاریکی ئەنفالدا، دەستەیەك پێشمەرگەی قارەمان بەڕێبەرێتی مەلا ئەحمەدی جوامێر بۆ کاری پارتیزانی لەم دەڤەرەدا مابوونەوە. لە شەوێکی زستانی 1990 دا ڕێیان ئەکەوێتە ئەم ئەشکەوتەو لەنیوە شەودا ئەشکەوتەکەیان بە سەردا ئەڕوخێ و هەر حەوتیان پێکەوە شەهید ئەبن.

ئەگەر چوون بۆ ڕێواسانو
پیشۆکانو سێوی بن عەرد
هەر بنەیەك لە شوێنێکدا
ژمارەیان گەیشتە حەوت
بۆ موفەڕکی سەبری ئەوین هەڵیان بگرن.
ئەی کیژانی ڕەنگ ڕێحانە!
ئەو "حەوت"انە:
حەوت لەشەکەی
حەوت براکەی
ئەشکەوتەکەی
"داری خلە"ی گەرمییانە!.

-4-

سەرم گردی شەهیدانەو
قژم ئاپورەی ژنانی عەبا بەسەر
سەرم گردی شەهیدانەو
هەر شوێنێکی هەڵبەنەوە
لەمپەڕەوە هەتا ئەوپەڕ:
پەنجەی مانگێ یان دەمو لێوی کانییەك
یان گەردنی قەسیدەیەك
یان کاکۆڵی گوڵە گەنمی منداڵێکی
گەرمییانی لێ دێتە دەر !.

-5-

ئەوە "مانگ"ە یاخود سەری "حەمە ڕەش"ە ؟
لە بانێژەی ئەو هەورەوە
ئەڕوانێتە خوێنی "حەمرین" ؟!
ئەوە ڕیشاڵ ڕیشاڵی ئازاری ناو کەرکووکە؟
یاخود ڕیشی مامە ڕیشە
وەکوو لاولاو ئاڵاوەتە،
دار فرمێسکێکی "خانەقین"؟!
ئەوە حەوت پەڕەی گوڵێکی ناو ئەنفالە؟
وەکوو حەوت دەنکە گێلاسی چاوی کەلار
لەسەر مێژوومان ڕووان؟!
یان حەوت پەنجەی حەوت ئەستێرەی
ئەشکەوتەکەی داری خلەی ژمارە چوار ؟!

بەهاری
1994

# ماڵ

ئەو پەنجەرەیە  دامەخەن!
نەبادا گەر لێرە نەبووم
لە پڕێکدا ڕۆژێ.. شەوێ
لە سەردانێکی ناوەختا
"باد"ی خۆش مروری نالی
بە کەنەفتی
لەبەردەمی ژوورەکەمدا پەیدا بێتو
دابمێنێو چاو بگێڕێو ڕێگەی نەبێت بێتە ژوورێ !.

با ئەو قەڵەمو کاغەزە
هەر لەسەر ئەم
مێزە بنو لایان مەبەن!
ئەمە دنیایە و نەبادا لێرە نەبووم
لە ناکاودا، خەیاڵێکی ئاونگاویی

"مەولەوی" بێتە ژوورەوەو
بییەوێ لەبەر چراوگی
گریاناویی مانگەشەوێ
بۆ چاوەکانی هەڵەبجە
شیعرێکی تازە بنووسێ!
با ئەو شووشەی بادەیە هەر
لە جێی خۆی بێو هەڵنەگیرێ
نەبادا گەر لێرە نەبووم
ئێوارەیەك، لە ناکاودا
(بێکەس) خۆی بکا بە ماڵدا.
با هەر لەسەر ئەم کورسییە
دابنیشێو بەدەم خوێندنەوەی شیعرەوە
قوم قوم خەمی سپیو خەستی
بێکەسییەکەی خۆی بنۆشێ!.

با ئەو گیتارەیش هەر لەسەر
چرپاکەم بێ
هیچ کەس دەستی تێوە نەدا
نەبادا گەر لێرە نەبووم
لە ناکاودا
"ئازاد هەورامی" بێ بۆ لام
با بیبینێو هەڵی بگرێو

تا دێمەوە هەر خۆی تەنیا
ئاوازە زۆر غەمبارەکەی
"مرابىبوس"ی پێ لێدا!

با ئەو کتێبەی "حەللاج"یش
دیار بێ‌و هەروا لەسەر ئەم تاقە بێ
نەبادا گەر لێرە نەبووم
لە ناکاودا
"عبدالخالق" بێتە ماڵێ
با بیبینێ‌و تا دێمەوە
تەماشایکا و چاوەکانی
لە دێڕی خوێندا نوقوم کا!

با وێنەی ئەو منداڵانەیش
کەروێشکە بێ لانەکانی شاری کەرکووك
لەم دیوارە نەکرێتەوە
نەبادا من لێرە نەبم‌و لە بەغداوە
لە پڕ "فەرەیدون عەلی ئەمین" بێتەوەو
نەیانبینێ‌و چیرۆکێکی
ئێسك سووکی منداڵانمان لە کیس بچێ!
با ئەم دوو سێ ڕۆژەیش دەرگای
حەوشەکەمان لەسەر پشت بێ

نەبادا گەر لێرە نەبووین
ـ لەم جەژنی ڕاپەڕینەدا-
لە شەهیدانی نەناسراو
لە شەهیدانی بێماڵو بێ ناونیشان
گەڕانەوەو ڕێیان کەوتە ئەم کۆڵانە
با بیبینن و گیر نەخۆنو
دەم بە خەندەو
خوێن بە خەندە
یەکە یەکە بێنە ژووری!

مارتی 1994

# یادداشتی کۆترە کێوییەك

له ناو ڕیشی  دەوەنێکدا خۆم شاردەوەو
گوێم گرت لە بەردی ڕەوەزێ
تاقە خەمی بەرد ئەوەبوو:
ئێستەو دوارۆژ
لەو شاخەدا هیچ ڕەوەزە بەردێ نەبێ
لە ئاست ئەودا سەر هەڵبڕێو
لەو بەرزتر!
لە بەرۆکی ئێوارەدا خۆم شاردەوەو
گوێم گرت لە جۆگەلە ئاوێ
تاقە خەمی ئاو ئەوەبوو:
ئەم کەی ئەبێ بە لافاوێو
لەم وەرزەدا
ڕۆژێ زووتر
جۆگەکانی تر قووت ئەدا!

لەناو قژی تەمو مژدا خۆم شاردەوەو
گوێم گرت لە ڕازی بولبولێ:
تاقە خەمی ئەم بولبولەیش هەر ئەوەبوو
لە وڵاتی ڕەنگاوڕەنگی گۆرانیدا
ئێستەو دواتر
هەرگیز دەنگێ پەیدا نەبێ
لەخۆی خۆشتر!
لە پشت ملی کەنتۆرێکدا خۆم شاردەوەو
گوێم گرت لە ئاوێنەی جوانێ
تاقە خەمی ئاوێنەکە هەر ئەوە بوو:
کوێر بێو بشکێو
وردو خاش بێو
بەڵام ئەو ڕۆژە نەبینێ
لەبەر ئەودا
لە پەریخانی شاژنی
ژنێکی تر هەبێ جوانتر!
لە دواییدا، ویستم بچمە پاڵ سنووقە فیشەکێکو
لە سێبەریا خۆم حەشاردەم..
گوێ لە خوێنی مێژووم بگرم
کە هەر مێژووی خۆم کوشتووێتی و بۆتان باسکەم!
گوێ لە گەردنی پەڕیوی خۆم ڕابگرم
کە هەر دەستی خۆم پەڕاندیو بۆتان باسکەم!

گویَ لە سێدارەی دەنگی خۆم ..
کە هەر خۆم بووم بە سێدارەی..
گویَ لە زیندانی خەونی خۆم
کە هەر خۆم بووم بە زیندانی و بۆتان باسکەم!
بەڵام  تفەنگ..تفەنگ.. تفەنگ..
پێی زانیمو فریا نەکەوتم هەڵفڕم
بە دوو باڵی شکاوەوە..
لە بەردەمی ئەودا کەوتم!.

1995

# بەڵێن

خاتوو چیللەر هەموو ساڵێ لە زستاندا
بەڵێن ئەدا بە بەفرو با
ئەمجارەیان دەستەکانی دیاربەکر
بکا بە کۆتەرە داروو
کەرت کەرتیکاو
بیهاوێتە کوورەی ئاگر!.

خاتوو چیللەر هەموو ساڵێ لە بەهاردا
بەڵێن ئەدا بە گژوگیا
ئەمجارەیان سەری دەرسیم بکا بە تاجە گوڵینەی
زرێپۆش‌و
فرێی باتە بەر پێی سوپا!
خاتوو چیللەر هەموو ساڵێ لە هاویندا
بەڵێن ئەدا بە دڕك و داڵ
ئەمجارەیان (وان) کوێر بکاو

خەجو سیامەند نەهێڵێو
لەبەر ماڵی ئەتاتورکا
بیکا بە کەرنەڤاڵی ساڵ !؟

خاتوو چیللەر هەموو ساڵێ لە پاییزدا
بەڵێن ئەدا بە خەزانو گەڵا ڕێزان!
سوێند بەسەرە ڕووتاوەکەی "وەتەن" ئەخوا..
سوێند بەسەرە بێ ملەکەی عەدالەتو حورییەتو
سوێند بەسەرە خوێناوییەکەی ئەستێرەو مانگ..
ئەمجارەیان دوا بارەگای دەنگمان بگرێو
دوا مێژوومان بووەرێنێو
دوا ڕووبارمان بخنکێنێو
دوا دۆزەخیش بۆ شاخ داخا!

خاتوو چیللەر .. تاقە ژنە
سێ مانگ جارێ
ساڵی چوار جار
لە درۆ پیاوی عەسکەرتار
کوڕ و کچی
کەڕو کوێر و لاڵی ببێ!!

1995

# زنەی شیعر

# وێنە

وێنەی مەلێکم ئەکێشا؛
وشەیەکم کرد بە سەری
نووکی قەڵەم بە دەنووکی
چنگە گڵمتکێ بە لەشی
ژێ بە ملی
دەنکە زەیتوونێ بە دڵی
گیا بەکلکی
بەڵام نەفڕی
تا پەڕەمووچی "ڤان کوخ"م
بۆ نەکرد
بە باڵ !

1991

# مزگێنی

تەنیاییم نارد بە شوێن شەودا
کە هاتەوە لەگەڵ خۆیدا
باوەشێ خەرمانەی: مانگو
سێ جریوەی زەردە خەنەو
هەندێ تریفەی ئەوینی
بۆ هێنا بووم.
هەورم نارد بە شوێن شیعردا
کە هاتەوە لەگەڵ خۆیدا
گوڵدانێکی پڕ لە وشەو
ڕستێ بازنی ناوازەو
چەند ئاخێکی ڕەنگاوڕەنگی
بۆ هێنا بووم.
شیعرم نارد بە شوێن ئاواتا

که هاتەوە لەگەڵ خۆیدا
سێ تاڵ لە قژی ئازادیی و
مزگێنییەکی چاو سەوزو
چەپکێ ماچی
کوردستانێکی بێ (بەعسی)ی
بۆ هێنا بووم!

سلێمانی
مارتی – 1992

# ڕاسپاردە

دوێنێ شەقامێ پێی وتم:
ئەبم بە تابووتی  هەتاو
ئەبم بە کەلەبچەی دەستی گوڵو
ئەبم بە ڕیزە گوێزانی ژێر پێی بەهار
ئەبم بە ڕووباری گڕو
بە خەڵووزی خەونی ئێوە
گەر ڕێ بدەن جارێکی تر
شمشێرەکەی کوڕی "عۆجە"
بێتەوە شار.
لەماڵەوەیش نان پێی وتم:
ئەبم بە  تەڵاش و بە بەرد
ئەبم بە خۆڵ
ئەبم بە پارووی مانگرتوو
ئەبم بە تیکەی گریاوو
بە قوڕقوشم
بە قوڕگتانا ناچمە خوارێ

تا چاوێکی  بەعسیانەم  لێوە دیار بێ.

ئەمڕۆیش دەفتەرێ پێی وتم:

ئەبم بە کفنی قەڵەمو

فاقەی حەرفو

بە گۆڕستانی گزنگ و

بە زیندانی ئینفیرادی بۆ ئەستێرە

گەر ڕێ بدەن جارێکی تر

کەڵبەکانی قادسییەو

قەعقاع بێنەوە بۆ ئێرە !

1992

# بەندەر

سەدو پێنج كورسیی ڕەنگاوڕەنگ
پەنجای سەوزو
پەنجای زەردو
پێنجی مۆرو
ڕووبە ڕوویشمان :
هەزارو یەك .. كێشەی ڕەش‌و
ترسی تەڵخ‌و
گێژی پرسیار!.
بەڵام هەموو
لە ناو ئەم كەشتیی هۆڵەدا
لەگەڵ سەوڵی زیوینی دەس
بیست‌و پێنج ملیۆن دار بەڕوو
ڕوومان كردۆتە بەندەری
ئایندەیەك

**وەکوو گەنم**

**پرچ زێڕینو**

**وەکوو ئاشتیش**

**بەژن سپی !**

هەولێر

ئابی **1992**

# کلیل و دەرگا

دەرگای گەنم
دەرگای شەکر
دەرگای شاخ و
دەرگای دەشتو
دەرگای زاممان
وەکوو سروودی "ئەی ڕەقیب"
هی ئەو خەڵکەن!.
بەڵام کلیل
هەموو هەموو کلیلەکان
وان لە گیرفانی شەرواڵی
دزە قارەمانەکانی کوردستاندا !!

هەولێر
ئابی 1992

# دز

هەر بەیانییەك  هەڵ ئەسم
لەمماڵەدا ، شتێ ، ئەندامێکی لەشم
دیار نەماوە:
پەردەی ژووری گوێچکەیەکم
سیمی دەمارێکی دڵم.
کلاّوزەڕی ئەژنۆیەکم.
ڕادیۆی قوڕگم.
پەنجەرەی ناو بالاّخانەی سییەکانم.
بەردی مەڕمەڕی ددانم.
تەلی ڕیخۆڵە باریکەم.
دارتەلێکی قاچەکانم.
تا دواجاریش  مرواریی چاوێکیان دزیم.
هەر بەیانییەك هەڵئەسم
لە م ماڵەدا ، شتێ ، ئەندامێکی لەشم
دیار نەماوە

کێ ئەیانباو بۆ کوێوە چوون؟!
ئەمڕۆ شەبەقیی دزم گرت
لەسەر چرپاکەم گرتمن
دزەکانیش، وای کارەسات، دزەکانیش
هەر دە پەنجەی دەسم   دەرچوون!.

1992

# شیعرێكی لاڵ

سەدو هەشتا و دوو هەزار.. خەم

سەدو هەشتا و دوو هەزار.. دەم

سەدو هەشتا و دوو هەزار.. خەو

خەم بە دەنووك گەرمیانی كوناودەر كرد

كوردستانم بوو بە شمشاڵ

مێژوویشم نای بە لێویەوەو

وەرزی پێنجەمی ئەنفالو

ئەڵلاوەیسی ڕاگوێزراوی لێ كەوتە خوار.

ئیتر منیش لەو ڕۆژەوە

شیعرێكم لاڵ

ئیتر منیش لەو كاتەوە

مەملەكەتی خۆڵەمێشو خەونەكانم

بووە بە شەوی گەنمو جۆی

شوێن بزری

هەزاران چاڵ !.

1992

# سێ کورسی

کورسیەکەی  بەرگەڵۆ
کورسیەکەی ئەوروپا
کورسیەکەی پەرلەمان
لەسەر یەکەم سەرم بوو بوو
بە چەتری گوڵە کێویلە و
ژووری ژووانی باڵندەو
جۆلانەی خەونی سەردابان.
لەسەر دووەم سەرم بوو بوو
بە سەماگەی نیوەشەوی
لەش‌و لاری شیعری ڕووت‌و
ئەپارتمانی شووشەبەندی ڕەنگاوڕەنگ و
حەوزی مەلەی پەریستان‌و
قەوانی جاز.
لەسەر سێهەم سەرم بووە:

**به بازگەی گومرگی دزیی‌و**

**سایلۆی خاڵیی لە گەنم‌و**

**تەنەکەی نەوتی بەتاڵ و**

**تایەی قاچاغ!**

هەولێر

ئابی 1992

# جیمس جۆیس

سەر ئەوەندەی
گوێزی هیندی.
عەینەكێكی بازنەیی
لەشێك هەر تۆزێ لە قامیش
بە خۆوەتر.
لەو گوێزەدا زەریا ئەژیا.
لە بن عەینەكدا دوو خۆرو
لە قامیشدا سیمفۆنیا!

1992

# بەلاّم !

من ئەزانم ئەگەر ئێستە
گوڵە گەنم بێتە قسە .. بێتە دووان
بە خەرمان داخ هەڵ ئەڕێژێ
لە دەست ئێمەی
گەورە کورسی و
گەورە چەك و
گەورە گیرفان..
من ئەزانم لەتاو هاربوونی نان و ئاو
لەتاو دزی دەستو پەنجە
لەتاو بەرازی سیاسیو
لەتاو قرژاڵی قاچاغچیو
لەتاو ڕووخساری "موزەوەر"
ئەگەر شەقام ببزوێت و دەستکاتەوە و
هەڵسێتە پێیان

ڕەنگە درەختمان تێبگرێ
ڕەنگە عەموودمان تێبگرێ
ڕەنگە پەیکەرو پێپلیکە و
چەتری پاس و
ڕەنگە شۆستەمان تێبگرێ
بەڵام من ئەوەیش ئەزانم
ئێستە.. ئێستە
کە بێ دەنگیی گوڵەگەنم و
کە بێ دەنگیی شەقامەکان
بە تەنها هەر
لەبەر چاوانی ئازادیی و
نەهاتنەوەی
ئەژدیهاکە و کوللەی بەغدا و
قاچی بەعسە!

1992

# داری ژاڵە

هەر ئەڵێی  داری ژاڵەیە
بە کراسێکی سوورەوە
لە سووچێکدا ڕاوەستاوە.
ئەمڕۆ ئێرە
سەراپای ئەم "ئەنقەرە"یە
بۆنی چەکمە
بۆنی قەمە
بۆنی ئەتاتورکی لێ دێ!
من سەر بەرەو ژوور بوومەوە
چارەکێك و گەڕامەوە
کراسی سوور
داری ژاڵە
چاوەڕوانیی
دیار نەمابوون

له جێگەی ئەو ، ڕۆژنامەکە
لەناو خوێنێکی تازەدا
(با) پەڕەی هەڵ ئەدایەوە و
له پەناوە
چاوی منو شەقامی چۆڵ
ئەیخوێندەوە !.

ئەنقەرە
1992/9/1

# لێره

ئەمشەو لێره:
شاخ شاعیره و
دار قەڵەم و
دەشت کاغەز و
ڕووبار دێڕ و
بەرد نوختەیە و
منیش: نیشانەی سەرسووڕمان !.

هەولێر
ئابی 1992

# له گۆڕستانێكدا

له ژوور سه‌ری گۆڕه‌كاندا
یه‌كه یه‌كه مۆمه‌كانیان كوژانده‌وه
ژنه‌كانیش وه‌كوو پۆله په‌ڕه‌سێلكه
به‌ره‌و دامێن‌و ڕووه‌وشار شۆڕ بوونه‌وه.
ئێسته گۆڕستان خامۆشه
به ته‌نها مۆمێك و دایكێك
له نێوان دوو  به‌رده كێلدا
به یه‌كه‌وه ئه‌سووتێن‌و
پێكیشه‌وه ماونه‌ته‌وه.
دایكێك به‌هه‌شتیش ناتوانێ
ڕۆحی شاد كات.
دایكێك نامۆی ناو دایكانه و
غه‌ریبی زامی خۆیه‌تی ..
دایكێك ئه‌زانێ كوڕه‌كه‌ی

له ناو تانکێکدا  کوژراوه

که ئەژدیها و.. جەهەننەمی

بەعسیانی لەگەڵ خۆیدا

بۆ ئەم مەڵبەندە هێناوە !!

1992

# گفت و گۆیەکی ساکار

له بازاڕدا

له مێرد منداڵێکم پرسی

ـ نوقڵت ئەوێ  یان شیعرێکی

ترش‌و شیرین!

-نوقڵ

"کرێکارێك سەری هێنابووه پێشەوه"

"دەم و چاوی هەر له پەنجەکێشی ئەچوو"

ـ ئەی تۆ  ناميلکەيەکی  سیاسی تازەو گەرم

یان  کولێرەيەك له دەمی مردوو ساردتر؟

ـ کولێرەيەك.

-ئەی تۆ دايکه ڕەشپۆشەکە؟

ئاگردان‌و نێڵە نێڵی تەندووری ناو

پەیڕەوی هەموو حیزبەکان !

یاخود تەنەکەیەك نەوت؟

ـ نەوت.. نەوت!

دوایی بە هەرسێکیانم وت:

نوقڵی تاڵ و

سەرمای تاڵ و

نانی تاڵو

ئاوی تاڵ و

یاخود عەزیا و چاوی بەعس و

پێکەنینی "ئەبو نەدا" ؟!

"وەختێ لێیان ورد بوومەوە"

وەکوو برسییەتی گرژ بوون

وەکوو بازاڕ سارد بوونەوە و

بەدەم ڕۆیشتنەوە وتیان

ـ بڵێ مەرگ و زەهری مار و

هەر ئەوان نا !

هەولێر

ئابی 1992

# چاڵ

ماوەیەکە
"گۆڕهەڵکەنە"
هاوڕێمە!.
شەو درەنگان
کە زەویی نووست، ئەگاتە لام
دەست بە کلکیەوە ئەگرم‌و
ئیتر ئەمبا
بەرەو قاقڕ،
وڵاتی خۆڵ..
کیشوەری لم،
گۆڕهەڵکەنەی تیژتر لە "با"
ئەمبا و ئەمبا
هەتا نزیك باسکی "سعود"
ئەژنۆی "سعود"

لەوێ یەك یەك ئەمباتە سەر:
گۆڕی بە کۆمەڵی: باخ و
گۆڕی خەون و
گۆڕی چاوم و
هەزار
هەزار
هەزار
چاڵی جەرگی "ئەڵلاوەیسی"و
چاڵی مەمکی "گراس زەردێ"و
چاڵی شیعری سەر بڕدراوم
نیشان ئەدا !.

سلێمانی
مارتی 1992

# خەون

من ئێستاکە
هەموو شەوێ گوڵە گەنم
دێتە خەوم
ئەمکا بە دەغڵ بۆ خۆیی و
بۆ بەیانیی کە هەڵ ئەسم
نە ئەو دیارە و
نە من دەغڵ و
برسیتر بووە تەمەنم !.

1992

# مەملەكەتی سیحر

له سەرانسەری خەیاڵما، گەر بگەڕێی
بۆ بستێ سێبەر و هەتاو
بۆ قولانجێ شپرزەیی
بۆ جێ پێیەك له مێرگی خەم
بۆ تۆزقاڵێ له ئارام و
بۆ زەڕڕەیەك له پێكەنین
تۆی تیا نەبی ؟!
بەدیی ناكەیت
ئیتر من چۆن
مەملەكەتی سیحری تۆ نیم!.

1992

# سیحر

هاتە ژوورێ ، لە پڕێکدا
گەمیەی چاوی هەر هەموومان
کەوتە ناو سیحری چاویەوەو
تیا نوقوم  بووین.
- شیعری جوانیش سیحری قەڵەم
وەکوو ئا ئەو شۆخە وایە !.
ئەو وەختەی دێت هەر کوت و پڕ:
ئەتکا بە ماسیی گۆمی خۆی ،
ئەتکا بە ئەڵقەی پەنجەی خۆی
ئەتکا بە باڵندەی بەژنی.
ئەتکا بە سێبەری وشەی
ئەتکا بە ژێی گۆرانیەکەی
ڕەنگە گۆمەکەیش لە (چین) بێ
ڕەنگە پەنجەکەیش لە (ئۆسلۆ) و
بەژنیش لە دوورگەی "کریت" و

وشەیش

خەڵکی ئەفریقاو گۆرانییەکەیش

باڵندەی باخی "لاتین" بێ!.

1992/8/9

# شاكیر فەتاح

پەیژەیەك بوو  باریك درێژ

هەشتا پلە.

سمۆرەی كورتە چیرۆكی ئەم زمانە

بەسەر پلەی ئەودا سەركەوت.

ئەم پەیژەیە

پلەی شكاویشی هەبوو

خۆیشی ئەنا بە دیواری كارتۆنەوە

بەڵام دوا سات، بەڵام دواجار

ئەم پەیژەیە

خۆی ڕاتەكان

لە قاچی بەغدا  یاخی بوو

كە وەختێكیش بەلادا هات

سەری پەیژە گەیشتبووە  "گەلاوێژ" و

شاكیر فەتاح لەسەربانی

هەموو ماڵێكی ئەوینی

ئەم كوردەوە دەنگی ئەهات!

1992

# ئاخێك

هەراسانم مەكە .. زریان !
با نەتدەمە دەست هەڵبەستێكی هەللاجی
شێتو توورەم
بێتە سەرت و
شیتكاتەوە و
بتكاتەوە:
بە لۆكەی شنەبایەكی
ترساوی پاڵ گردۆڵكەكان !
هەراسانم مەكە .. باران !
با نەتدەمە دەست دۆزەخێكی ئەوینی
غەریبیمو بێتە سەرت و
ئاگر پرژێنت بكات و
بتكاتەوە
بە پۆپەشمینی هەڵمێكی

شیتاڵ  شیتاڵی  گوێ سیروان !

تۆیش ئازاری نا ئومێدی و لێك دابڕان!

ئەمشەو  هەراسانم مەکە

با زریانو با بارانت

بۆ نەهێنمەوەو نەتدەمە

دەست هەڵبەستێکی سوورە هەتاوی ڕۆحمو

نەتکەمەوە:

بە ئاخێکی

زۆر بچکۆلەی

قژ زەردی تەمەن پێنج ساڵەی

بە جێماوی .. ئەنفالەکان !.

نیسانی 1992

# دوو جار

پەڵە هەورێ دائەبەزێو
پەڵە هەورێ سەر ئەكەوێو
"سەفین:: ئیستگەی پۆستی بارانی ڕەوەندە و
مۆزەخانەی گژوگیایە و
نامەخانەی مانگەشەوەو
ئارشیفی بەردەو، پەناگەی عاشقانی بەفرو بایە.
پەڵە هەورێ دائەبەزێو
پەڵە هەورێ سەر ئەكەوێو
منیش سەرم: باڵۆنی خەم، گۆمی هەتاو
زەنگی دەستی دارستانو
دەفتەری بوومەلەرزەیەو
چەمی هەستاو
لەلای منیش:
وشەیەكم هەڵئەفڕێتو
وشەیەكم هەڵئەكوڕمێو

لەم بەینەدا، من دڵنیام، ئەمشەو شیعرم

دووجار ئەزێ

جارێك لەگەڵ پەڵە هەوری سەر "سەفین"دا و

جارێکی دی

کە خۆم تەنیا ئەمێنمەوەو

"سەفین" ئەنوێ!

هەولێر

تەمووزی 1992

# ناسینەوە

بە ڕێکەوت  لەناو هەولێرا
"قەڵا"م  بینی  لاواز .. لاواز
ڕیشی هاتوو
دەستێکم خستە سەر شانە خۆڵاوییەکەی
- ئەمناسیتەوە ؟! لێم پرسی.
- ئەی تۆ نەبووی هەموو جارێ
حەزرەتی نالیی  ئەیناردی و
کە ئەگەیشتی .. بەرامبەرم
لە دوکانی
"عبدالخالق"ی گلێنەم
دائەنیشتی!

1992

# کیژ

- ئەو شمشاڵە ژان ئەیگرێ

- خۆزیا کیژێکی ببوایە

وەك تەنیاییم چاوی ڕەش و

ئەوەندەی دەنگی "فەیروز" یش

سپی بووایە!.

هەولێر

ئابی 1992

## هۆ

ئەم خوڕەی ئاوە ئازاری
سەرچاوەیە وەختێ ئەگریی
ئەم وژە وژی بێشانە
زریکەی لق، هاواری چڵو گەڵایە
وەختێ کە بەهار جێ دێڵن
ئەم پێکەنینی گۆمانە
وەختێکە هەتاو ختووکەی شەپۆل ئەدا
ئەم لەنجەو لاری باخانە
وەختێکە گوڵان شوو ئەکەن
ئەم سوورهەڵگەڕانی گردانەیش
وەختێکە گشت شەهیدانمان
برینەکانیان هەڵ ئەکەن !

1992

# چیرۆكی خۆشەویستییەك

دوو دڵدار و
دوو باڵقۆنی بەرامبەر یەك
هەموو شەوێ شیعر و شەپۆل
گوڵو ماچ ئەگرنە یەكتر
هەموو شەوێ
"با"ی نێوان ڕەنگو ڕەنگ ئەكەن
هەموو شەوێ
ئەچنە بەر بارانی عەشقو
هەتا سەر ئێسقان تەڕ ئەبن.
بەڵام ئەمشەو باڵقۆنێكیان هەر تاریك بوو
كچ لارەمل ،
ماچ بێ باڵو، گوڵە مێخەك چاوەڕێ بوو
لە پڕێكدا شەو شڵەقا و
گوڵە مێخەك كەوتە خوارێو

له باڵقۆندا  کچ ئاوا بوو
کوڕ هاتەوە
بە ڕاکشاوی هاتەوەو
ئەمجارەیان  لەسەر سنگی
خەنجەرێکی سوور  ڕوا بوو!.

هەولێر
ئابی 1992

# شیعر و ئارد

چاوەڕێی كرد
"مەمو زین" نەبوو بە گەنم
"دیوانی نالی" بە ئاردوو
شیعری تازەیش
بە یەك قووتوو شیری منالٚ
دەم بوو بە گورگ
سك بوو بە گورگ
پرسی نەكرد
نە بە خانی
نە بە نالی
نە بە گۆران
پرسی نەكرد بە سوجادیو
هەموو مێژووی ئەدەبی دا
بە یەك هێلٚەك ئاردوو ئێستە

چاوم لێیە:
لە نهۆمی یەکەمینی
ژوورێکی "ئەمنە سوورەکە"
دانیشتوونو شیعر بووە بە هەویرو
ئەیبرژێنن و
بەردەوامیش
چاویان هەر وا
لە دیمەنی هەڵواسراوی (شۆڕیجە)ی سەر
دیوارەکە !

1992

# له سێ گۆشەیەکدا

کچ
سروشت
شیعر
ئا لەم سێ گۆشە نەمرەدایە
بازنەی خەونم ئەسوورێتەوەو
لاکێشی دەنگم دائەگیرسێتو
چوارگۆشەی بیرم
پەنجەرەی عەشقی هەر پێنج قارەکەی
هەموو دنیایە!

1992

# نووسین!

ئاسمان هەردەم .. ڕێژنە باران  نانووسێ.
باران هەردەم .. ڕووبارو جۆگە نانووسێ.
ئاویش هەردەم .. باخ نانووسێ.
باخیش هەردەم .. گوڵ نانووسێ و
منیش  شیعر !

1993

# نەژاد

له گوێ ئۆقیانوسی "ئارام"
گوێچکه ماسییەکم هەڵگرت
نام بە گوێوە
گوێچکەماسی
سەربوردی خۆی گێڕایەوە:
دەرکەوت ئەویش
لە خێزانو بنەماڵە ئاوارەکەی
"ماسییە ڕەشە بچکۆلەکەی"
"بەهرەنگی"یە !

1993

# سییانە

زەریاو سێکەس

لەو شەپۆلانە پەستترو توورەترم

کە سەر ئەکێشن بە ڕۆخی بەردەلآندا

شەو و سێکەس

لەو کورسییانەیش تەنیا ترم

کە کەس ناچێ بە لایاندا.

مێزێك، سێکەس

لەمبەرەوە پەرداخێکم سەرەونخون

لەوبەرەوە بەجووت یەکتری نۆش ئەکەن

زەریا و سێ کەس

شەو و سێ کەس

ڕقم لە سییانەو سێگۆشەو

سێ ڕیانو

هەموو ژمارە سێیەکە !

"بێئەوەی مۆڵەت وەرگرم"

منی تاك و منی زیادەو

منی دووکەڵ

هەستام ڕۆیشتم !

1993

# دیدارێکی کورت

– ئەو پێکەنینی درەختە بۆ کوێ ئەبەی؟
– بۆ لای ئەو مەلە دڵ تەنگە.
– ئەو قەڵەمی برووسکەیە
ئەدەی بە کێ ؟
– بەو مێرگە تا: دیوانێکی گوڵەهێرۆی
تازەترمان بۆ بنووسێ.
– ئەی دەفتەری ئەو پەڵە هەورە سپییە؟
– ئەیدەم بە منالێکی ئاوارە
هەتا وێنەی دەمو چاوی
کوردستانی تیا بکێشێ.
– ئەی ئەو پەلکە ڕەنگینەیەت
بۆ لەسەرتەوە پێچاوە ؟

– ئەچم بۆ شایی ئەو گۆمەی
ئەستێرەیەکی هێناوە.
– ئەی ئەو موستیلەی گزنگە
نیازت وایە بۆ کێی بەری ؟
– ئەیکەمە پەنجەی ئەو سەروە شۆخو شەنگە.
– ئەی ئەو ملوانکەی تەرزەیە ؟
– ئەیکەمە گەردنی کفری.
– ئەی ئەو چەتری هەورە نزمە
ئەدەی بە کێ ؟
– ئەیدەمە دەس ئەو چنارە کەڵەگەتەی
زۆر دەمێکە لەبەر ئەو خۆرە وەستاوە .
– ئەی ئەو ئاوێنەی هەتاوە ؟
– ئەوە ئەیبەم بۆ ئەو ڕەزەی
لە دوای چاوی هەڵەبجەوە
قژی خۆی دانەهێناوە.
– ئەی ئەو هەموو گوڵە ژاڵەو
ڕەشە ڕێحانە و مۆردانە بۆ کوێ ئەبەی؟
– ئەیانخەمە سەر تابووتی ئەو شەهیدە.
– ئەی ئەو هەموو زەردەخەنەی
منداڵانە بۆ کوێ ئەبەی ؟
– بۆ بەر بارانی دوا ڕۆژێ
کە خۆشەویستیی زیاترو

گوڵەبەڕۆژەی زیاترو

شیعرێ جوانتری تیا بڕوێ.

– ببوورە ! ناوی بەڕێزت ، بۆ گوێگران:

– من ئازادییم

ئەی تۆ

– شەهیدێکی پەیامنێری

ڕێگەی خۆتان !!

1993

# نيوه

ئازادییم ئەوەندە برسییە
لەتاو نان
ئامبازی (مانگ)ی ناو شیعرم بوو
فڕانی و کەرتی کرد
لەوساوە شیعری من
شەوانە کە هەڵدێ
کەل بووە و نیوەیە !

1993

# دەسکەوت [1]

بەرلە پێنج ساڵ
"گمۆ" ڕیشی نەئەتاشی.
"سیروان" ڕادیۆی ناشناڵی یابانی هەڵنەئەگرت.
ئازادیی جگەرەکێش نەبوو،
هەتا جگەرەی بەغدا بکێشی.
شەقام جامانەی نەئەبەست.
"هەڵۆ" کوا کڵاوی لەسەر ئەکرد.
"توونی بابا" خوێندەواریی نەبوو
تا کتێب بخوێنێتەوە.
کاولاشەکان عەتریان لە خۆیان نەئەدا .
ڕەشەبا کەی جیهازی ڕاکاڵی هەبوو.
بەرد کوا مەتارەی هەڵئەگرت.

[1] وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردبوو، دوای دۆزینەوەی تەرمی شەهیدان مەلا ئەحمەدو هاوڕێکانی لەو ئەشکەوتەدا کە بەسەریاندا ڕووخا، هەر لەپاڵ خۆیاندا ئەو کەل‌و پەل‌و شت‌و مەکانەیش دۆزرانەوە، کە لەم شیعرەدا ناویان هاتووە.

ئەستێرە کتلی بۆ چی بوو!.
دەوەن کوا تاکێك گۆرەوی لەپێ ئەکرد.
ئاسك مقەستی بۆچی بوو!.
باران کەوچکی بۆچی بوو !.
هەوریش شیعری بە قەڵەمی پارکەری جاف
نەئەنووسی
بەڵام ئەمانە هەموویان یەکە یەکە
لە دەسکەوتەکانی ئەشکەوتی (داری خلە)
یەکی شتێکیان فڕاند و،
لەو ڕۆژەوە ئیتر گۆڕان !!.

1994

# كورتيله چيرۆكه شيعرێ

هات ڕاوەستا
تەريك لە ژێر
دار نارنجێكدا ڕاوەستا
سەبەتەی پووشی پڕ گوڵيش
لە باوەشدا
تەنها سەيری ڕۆژهەڵاتو
سەعاتەكەی دەستی ئەكرد..
هەتا شەمەندەفەر گەيشت.
هەموو پياوەكان دابەزين
هەموو ژنەكان دابەزين
هەموو منداڵان دابەزين
تا شۆفێرەكەيش دابەزی

ئەوەی دیار نەبوو هەر (ئەو) بوو !
غەمگین .. غەمگین
تەماشای گوڵەکانی کرد.
بۆ هاتنی نۆرەی دووەم شەمەندەفەر
یەکێکی تر هات ڕاوەستا

ئەویش بەتەنها  هەر سەیری ڕۆژهەڵاتو
سەعاتەکەی دەستی ئەکرد
ئەوسا ئەم چووە لایەوە
بەبێ دەنگیی سەبەتەکەی دایە دەستیو
ئینجا ڕۆیشت !

1993

# سەعاتی قامیش

ئێستە لەو زۆنگاوانەدا
لە خوارەوە
خەم لە قامیش
هەموو ڕۆژی
بە هەزاران سەعاتی خوێن دروست ئەکات
بۆ ئاپوورەی هەژارانێ:
نەدەستیان ماوە تا بیکەنە دەستیان‌و
نەچاویان ماوە تاکوو سەیریان بکەن‌و
نە ماڵیشیان ماوە تا هەڵیان بوواسن
ئەو سەعاتە قامیشییانە
لە زۆنگاودا
بە تەوقیتی جەللادەکە
هەر کاتی مەرگ نیشان ئەدەن!

1993

# گەردن

گەردنی شیعرێ
گەردنی دایکم
گەردنی وڵات
هەورم پێچایە یەکەمیان
بوو بە هەفتەی ئاواز بارین
عومرم پێچایەوە دووەمیان
بوو بە مانگی ئەوین بارین
مێژووم پێچایە سێهەمیان
بوو بە ساڵی
خەمبارینو
زامبارینو
شەهیدبارین !

1993

# کەرکووکنامەیەك

ئەگەر باڵدار بم .. یەك باڵم
ئەگەر بەڕووە .. ئەگەر قەڵەم
یان كڵاوكوڕەی شیعریش بم
بێكڵاوم
گەر ئەسپ بم.. خاوەنی تاقەیەك چاوم
ئەگەر "با" بم بێ گڤەمو
ئەگەر ئاو بم بێ خوڕەمو
ئەگەر هەنگوینی وشەیش بم
لەناو زاری ئازادیمدا
تفت تفتو هەر بێ تامم.
من كوتو مت بە بێ كەركووك
مرۆڤێكی كەم ئەندامم !

1993

# بازنەی ئاگر

بۆتان بێ عشقی "مەم‌و زین" ئەبێ چی بێ ؟!
مەم‌و زین بێ شیعری خانی ئەبێ چی بێ ؟!
خانی بێ شەوقی  زمانی کوردی چییە؟!
کورد کە کوردستانی نەبوو ئەبێ چی بێ ؟!
کوردستانیش
بێ ئاگرەکەی
شاری کەرکووك
ئەبێ چی بێو
ئەبێ چی بێو
ئەبێ چی؟!!

1993

# نەهێنیی

قەت بە پاییز نەڵێن لە کوێم
ئەگەر بە جێگەم بزانێ
گەردەلوولم ئەکاتە سەر
دێتو هەرچی خەمی جوانمە
دێتو هەرچی ئازاری چاو ڕەشمە
ئەیفڕێنێ..
لە دواییشدا.. منی عاشق
چۆن بەبێ ژان ببارێمو
تەڕتان بکەم تا سەر ئێسقان !
قەت بە زەریایش نەڵێن لە کوێم
ئەگەر بە جێگەم بزانێ
ئێرەیی ئەکاتە سەرمو

**دێتو بە زۆر، سیحری ڕەنگی**

**چاوانی ئەو کچە شۆخەم لێ ئەسێنێ**

**لە دواییشدا .. منی شاعیر**

**چۆن بێ سیحری ئەو چاوانە**

**چۆن بێ قووڵیی ئەو چاوانە**

**شیعر ببێتە ئاسمانم ؟!**

**شیعر ببێتە ئەو گڕەی**

**ئەو دۆزەخەی**

**درێژە بات**

**بە سووتان و هەڵقرچانم ؟!**

1993

# چوارده چرا

(1)

**چیرۆکی پیاوێ**

**فەرش چنێ**

**هەتاکوو مرد**

**فەرشی چنیو گوڵی چنی.**

**بەڵام ئاکام:**

**نە فەرشێکی هەبوو بۆ خۆی**

**نە کەسێکیش**

**گوڵێکی خستە سەر قەبری !**

(2)

**سواڵ**

**لەبەر قاپیی کتێبدا من**

**هەموو ڕۆژێ**

**سواڵکەرێکم**

بۆ  وشەیەك و دووان و سێ
سواڵکەرێکم بەردەرگانەی
ئەم پرشنگانە بەرنادەم
هەژارێکم
خێری ڕووناکی و بیری نوی
هەتا مردن
بە من ئەشێ !

( 3 )

## ئارامیی

لەوێ زەمین زۆر ئارامە.
لەوێ هەوا زۆر ئارامە.
لەوێ هەتاو زۆر ئارامە
لەوێ هەور زۆر ئارامە
بۆیە نە گڵ ژان ئەیگرێو
نە گەواڵە هەور ئەزێو
نە بەستەڵەك ئەتوێتەوەو
نە شیعریش ئەتەقێتەوە !

( 4 )

## ئەفسەرێکی ئاسایی !

کە یەکەم ئەستێرەی وەرگرت

ئەستێرەیەکی کوشتبوو.
کە بوون بە دووان،
هەردوو دەستی بوون بە پەتی سێدارەکان
کە بوون بە سیانو بە تاجو بەرەو ژوورتر
بە یانییەك
وەختێ مێژوو لە خەو هەستا
ولاٌت بووبوو بە ولاٌتی بێوەژنان!

(5)

**بەهرە**

ئەی خواوەندی بەهرەی گەورە!
تۆ "بیتهۆڤن"ێکی کەڕو
یەك "دستۆیفسکی" فێدارو
"ئەبولعەلا" یەکی کوێرم
پێببەخشەو
ئیتر هەموو بەهرە ساغە نیوە ناچڵو گچکەکان
بۆ دیوانی خۆت ببەوە !.

(6)

**ڕوانین**

لەو کەلەوە
جوانوویەکی سپی دەرکەوت

له شاخ زا یان

له بەفرو یان له کازیوه ؟

من نەمزانی.

لەوکەلەوه

هەڵۆیەکی سوور هەڵفڕی

له ئاگر زا یان له خوێنی خۆرنشین یان

له نیشتمانی هەلاڵە ؟

من نەمزانی

لەو کەلەوە

باڵای نیوەسپیو نیوه ئەرخەوانیی

دوکتۆر "قاسملوو" بەدەرکەوت

ئەوەی زانیم:

ئەو له بەفرو

ئەو له خوێنو

ئەو له شاخ زا

ئەوەی زانیم !.

( 7 )

## ئەوینت

له جیاتی چاوت دوو گوڵی

به جریوەی ڕەشم بینی.

له جیاتی باڵات – پرشنگێ.

له جیاتی دەمت –زنەیەك.
له جیاتی قژت – گزنگێ
له جیاتی دەنگت – چرپەی ئاو.
له جیاتی بۆنت – بۆنی خاك
له جیاتی ڕەنگت – خەونێکی
سەوزم بینی
بەڵام له جیاتی ئەوینت
من هیچ شتێکم نەبینی !.

(8)

مەرج

له هەڵبژاردنی یاردا
شیعر گوێ ناداتە تەمەن
عومری "ڕامبۆ"ی هەبێ یاخود
عومری "دانتی"
شووی پێئەکا!
بەڵام بۆ خۆی
شیعر ئەو جوانە ژنەیە
یەك مەرجی ئەزەلیی هەیەو
زەمان _ زەمان
هەر دووبارەی ئەکاتەوە:
کامە قەڵەم

پیری ناکاو

له بیر جوانیی ناباتەوە ؟!

( 9 )

## یادداشت

کاتی یادداشت نووسینەوەم

خەریکە نزیك بێتەوە

وەختی گێڕانەوەی خەون و پەندەکانم

کاتی خۆ بەدەستەوەدانی نەهێنیو

گشت گوناهە جوانەکانم.

کاتی یادداشت نووسینەوەم خەریکە نزیك بێتەوە

ئای خودایە ! چەند ستەمە

بۆ قەڵەمێ

بەرەو دوا بگەڕێتەوەو

له بەرایی بەردەمیشدا

ئەوەی مابێ

ڕێگایەکی تەماوی بێ

بەرەو مردن !

( 10 )

## فڕۆکە

فڕۆکەکە له ئاسماندا خولی ئەخوارد

له خەیاڵی منداڵێکدا

وەکوو یاریی لەگەڵ "با"دا بکا وابوو
وەکوو گاڵتە لەگەڵ هەورا بکا وابوو
بەڵام-
فڕۆکەکە یاریی نەکرد
کە دانەویی و هەستایەوە:
هەبوو _ نەبوو
شارێك بوو مرد !

(11)

## کراس

ئەو تەمە سوورە کراسی ئاو دامانەو
بۆ فرۆشتن
بە جامخانەی ئەو شاخەوە هەڵواسراوە
تۆزێکی تر
بالیسانێ ، سێوسێنانێ، وەسانانێ
یەکێکیان هەر پەیدا ئەبێ
دەستی لەرزۆك بە گیرفانی برینی قوڵدا بگێڕێو
بە دوو هەزار گەڵا ئاخو _
یان تۆ بڵێ:
بە سێ هەزار کسپەی تەڕ تەڕ
کراس بکڕێو
هەر لێرەداو بەدەم ڕێوە بیکاتە بەر!.

( 12 )

## ئەلیزابیت وای وت

پەردەیەك هەیە لە نێوان
من و تۆدا
نە لە بەرد دروست کراوەو
نە لە خشت دروست کراوەو
نە لە قوماش
نە لە ئاسن.
پەردەیەکە ئێجگار تەنك
بەڵام نە بە دەست ئەبڕدرێو
نە بە پاچو
نە بە گولله
پەردەی نێوان دوو ئاوەزە
کە سەدان ساڵ دوورن لەیەك !

( 13 )

## پێکەنین

گزنگ ئەیدا لە ڕووبارێ
بەستێن وتی: لەم پێکەنینە جوانتر
قەت نەدیوە.
زەردە ئەیدا لە باخچەیەك
مەلیش وتی: لەم پێکەنینە جوانترم

قەت نەدیوە.
تریفە دای لە بەفری سەر هەڵەمووتێ
شاخیش وتی: لەم پێکەنینە جوانترم
قەت نەدیوە
کە شیعریشم دای لە شەوی
ئەوچاوانە
ژیان وتی:
لە گشت پێکەنینێ جوانتر
پێکەنینی دڵدارانە !.

(14)

**نوور**

ئەوەندە تەماشای نوورم کرد
چاوانم نوور بردی
نووری تۆ چارشێو بوو، پەردەبوو
لەمپەر بوو
نەی ئەهێشت ڕۆچم‌و
قوڵایی نەهێنیت ببینم
من ئێستا بە ڕووکەش کوێرێکم
وا دەستم ئەگیرێ‌و
وەکی تر
بە چاوی "باطینم"

له جاران جوانترو چڕترو

قوڵترت ئەبینم !

هەولێر

کانوونی دووەمی 1994

# درەختی مرواری

بۆ "سەلیم بەرەکات"

(1)

دێیتە ڕۆحمەوە و تیشکیش نیت.

دێیتە لەشمەوە و خوێنیش نیت.

دێیتە چاومەوە و ڕەنگیش نیت.

دێیتە گوێمەوە و دەنگیش نیت.

تۆ نەهێنیی

خۆشەویستیت !.

(2)

مەستم بە گوناه.

مەستم بە تۆبە.

مەستم

کە نەمزانی

بۆچی گوناهو تۆبەم کرد !

(3)

هەر لەبەر چاوی ئاسمان خۆی

هەوریان دزی.

بە بەرچاوی هەوریشەوە

"با" یان دزی.

هەر بە بەرچاوی "با"یشەوە دڵۆپە بارانیان دزی

هەر لەبەر چاوی بارانیش

خاكیان دزیو

لە خاكیشدا

ئەو چاوانەیان شاردەوە

كە دزەكانیان بینیبوو !

(4)

ڕیزێك مۆمو ڕیزێك شیعر.

كە مردن هات فووی لێ كردم

- یەكەم ڕیزم دووكەڵێكە

پەرت پەرت ئەڕوا و بزر ئەبێو

ئەچێتەوە ناو دڵی خوا.

ڕیزێك مۆمو ڕیزێك شیعر

- دووەم ڕیزم

ئەو وشە و دەنگو ڕەنگانەن

وەك پرشنگو خوڕەی ئاوو سەوزیی چیا

نه هەرگیز ئەكوژێنەوەو
نە دەمیان لە گۆ ئەكەوێو
نە ئەچنەوە.
ئەمێنن وەك كوردستانو
ئەژین وەكوو ئاووهەوا !

(5)

زریان گەڕایەوە ئەشكەوت.
ئەو ئێستاكە
شەكەتەو ڕەنگە زوو بنوێ.
بەڵام دەربەند
دەوری چۆڵەو سەری سووكەو
خەریكی چیرۆك نووسینە:
لە گەردو گوڵی بەیاندا
سوارێك خۆی كرد بە گەروومدا
سوارێكی ڕەش..لە پاشكۆیدا
پەرییەكی هەڵگرتبوو
تیژ ئەهاتن
سوارە و پەری گەیشتنە ناو ڕووبارەكەم
لە پڕێكدا لە پشتەوە
تەنها شریخەیەك  بیسترا
پەری كەوتە ناو ئاوەوە و

بۆچەند ساتێك
وەكوو ڕووبار دڵنیاییم
سوور هەڵگەڕا !

(6)

هەڵتکردم
من تاریکیم پێ خۆشتر بوو!
کوژانتمەوە، من ڕووناکیم پێ خۆشتر بوو!
تێم ناگەی .. تۆ !
من لە بەینی هەڵکردنو
کوژانەوە و مەرگی خۆمدا
گومانێکم
سنوورەکان
نامگرنە خۆ !

(7)

مێژوویەك بوو.. ئەمووستەچاو
هەر "مودیری ئەمن"و مشك و
چەکمەجەیەك
فاییلی تۆیان ئەبینی !
ئێستە دەستە سپییەکانی هەتاو
باهۆزی سەوزی "ڕاپەڕین"

پەڕە.. پەڕە

وشە.. وشە

زەرد نامەیان

ڕەش نامەیان

مەرگ نامەیان

بردۆتە لای:

ئەو خێڵی گیاو گوڵ ومەل و

کازیوانەی

کە بەدەمی قەڵەمەکەت

سەرت بڕین !

(8)

زەنگی کڵێسا و لێدانی

سەری مەسیحە ئەو کاتەی

دائەبارێ ژانەکانی ،

خەمی کەرکووك و سووتانی

سەری کوردە لەو کاتەدا

بوون بە مەسیح

شەهیدانی !.

(9)

لە ناو هەموو ئەو وشانەدا کە ئەمشەو

سەریان لە منی نەخۆش داو

هاتبوونه  ژوور سەرینم
تەنها وشەیەکیان تیا بوو
دەستی خستبووە دەستمەوەو
تا بەیانی لەگەڵ لەرزما
لەرز ئەیگرت و
لەگەڵ "تا"م دا
"تا" ئەیگرتو
جێی نەهێشتم
ئەویش وشەی: "یادگار" بوو!

(10)

عاشق قەت ڕەوانبێژ نابێ
چونکە سۆزی گڕستانێ
لە هەناوی ئەو بەربووە
مەگەر تەنها
هەر بێدەنگی
باسی بکا و
هەر بێدەنگیش
دەنگەکانی ئەو دەربڕێ!

(11)

خۆڵەمێشەکە وای ئەوت:
مشتێکی من .. درەختێ بوو.

پیاڵەیەکم منداڵێ بوو.
فنجانێکم.. کۆترێ بوو.
خۆڵەمێشەکە
گردێکی هەڵدراوەی
مێژووی جەستەو
خەونی من بوو!

(12)

خۆرنشینێ
شیعرێکی مەستم هەڵفڕی.
نەهاتەوە.. دەنگی نەبوو
کە سۆراخم
گەیاندە لای
ساقیە چاوڕەشەکەی "حافظ"
ئەو پێی وتم
بەدەم خوێندنەوەی ڕەزنامە و
لەبەر بارانی بادەدا
کەوتە خوارێو
لەسەر مەزارەکەی "خەیام"
ڕۆحی دەرچوو!

(13)

تۆ ئەو ساتە
دار هەرمێیەکی سپی بوویت ئەڕۆیشتیتو

شالێکت دابوو بە شانتا
شاڵ پڕی بوو لە پۆلە وێنەی باڵندە.
وەختێ گەیشتیتە ماڵێو شاڵت داگرت
باڵندەکان
هەڵفڕینو
ئەمجارەیان تەماشام کرد لە ئاسماندا
بوون بە پۆلێ لە قەسیدەی
دەم بەخەندە!

(14)

لەبەر ڕووناکیی تاریکیم
خۆشەویستیت ئەخوێنمەوە.
لەبەر بارانی تینوێتیم
خۆشەویستیت ئەنووسمەوە.
لە سووتانی غەریبیشدا
خۆشەویستیت : نیشتمانی
گزنگ دانو
هەڵهاتنمە !..

(15)

لەو شەوەدا
لەو کەژەدا
هەرچی کرمی ئاوریشمینە

له قۆزاخه هاتنه دەرێ و
به چوار دەورا
بوون به چرا:
له ئاهەنگی ڕێزلێنانی ئەو بەردەدا
كه ئەستێره برینێكی سلێمانی
له گیانی خۆیدا
حەشاردا !

(16)

لەو خەوەدا دوو ماسی بووین
به شوێن گۆمێكدا ئەگەڕاین
"مانگ"ی تیا بێ.
پرسیارمان كرد له ڕووبارێ
ئەو پێی وتین:
لەبەر ئەوەی مانگ گیراوه
ئەبێ ئەمشەو چاوەڕێكەن
تا بەر ئەبێ.
بەڵام ئەفسووس
ئەو وەختەی مانگ بەرەڵلاً بوو
بەخەبەر بووین!

(17)

هەنووكه تۆ بەلەمی یان

مەراقێکی درێژکۆڵەو
منیش ڕووبار؟
ئەمێستا تۆ لاولاوی یان
ئازارێکی پێچاوپێچو
منیش دیوار ؟
تۆ خۆرنشینی وەرامی ؟
یان زریانو تۆفی پرسیار ؟

(18)

تۆ کتێبی و
هەروەها ئەویش کتێبە
جیاوازییەکتان  ئەوەیە
تۆ کتێبی یەك ژووریتو
ئەو کتێبی هەموو وڵات.
تۆ شەپۆلی و
ئەویش شەپۆل
جیاوازییەکتان ئەوەیە
تۆ شەپۆلی جۆگەیەکیو
ئەو شەپۆلی ئۆقیانووسێ.
تۆ مۆمیتو
ئەویش هەر مۆم
جیاوازییەکتان ئەوەیە

تۆ ڕووناکییەکەت چەقیوەو
ئەو ڕووناکییەکەی گەڕیدەی
هەموو جیهان !

(19)

دوای بۆردومانی ئەو کەژە
هەندێ دارگوێز هەر بە پێوە مابوونەوە
ئەیانبینی
سەرو ملیشیان بائەدا و
دەستیشیان ئەجووڵانەوە!
بەڵام نە گوێیان لە هاژەی چەمەکە بوو
نە لە قریشکەی ژنانو
نە لە زریکەی منداڵو
نە لە زرمەی تەقینەوەی
دینامێتی ناو گوندەکە !

(20)

پیرۆزن ئەو دەستانەی لەم بنارەدا
خانوو بۆ خەونی منداڵان دروست ئەکەن.
پیرۆزن ئەو دەستانەی لەم پێدەشتەدا
ژوور بۆ وشەو
شەقام بۆ قاچی ڕووناکیو

پلیكانە بۆ پاشەڕۆژ دروست ئەكەن
بەڵام پیرۆزترین باسك و
ئازاترین دەستو پەنجە
ئەو دەستانەن لە پێش دەستەكانی تردا
هەموو ساتێ
لەگەڵ مەرگا ڕووبە ڕووی یەكتر ئەبنەوە
ئەو دەستانەن یەكە یەكە
مینی چێنراو ئەچننەوە!

(21)

كەوان وتی:
كە پشتی خۆم ڕاست كردەوە
یەكەم شتێ كە من بیكەم:
لە سێدارەدانی تیرە.
مەگەر تەنها خۆم بزانم چی پێ كردووم!

(22)

ئا ئەم دیجلەو فوراتە چین
ئەگەر ئاون
ئاو بێ ڕەنگەو كەچی ئەوان هەر بەردەوام
ئەرخەوانین!
ئاو بێ تامەو كەچی ئەوان هەر بەردەوام
تامی مێژوویەكی سووتاو ئەدەن!

ئاو بێ بۆنە و کەچی ئەوان هەر بەردەوام
بۆنی قژی
کچ‌و کوڕە کوژراوەکانی ئێمەیان لێ دێ!

(23)

لەم کەژەدا دار دوودڵە
بڕوات؟ یاخود هەر وا ڕاوەستاو بێ؟..
لەم چەمەدا ئاو دوو دڵە
ببێ بە شەختە یان هەڵم‌و بوخار؟!
لەم ڕێیەدا قاچ دوو دڵە
بگەڕێتەوە یاخود هەر بەردەوام بێ؟!
لەم باخەدا مەل دوودڵە
هەڵکورمێ یاخود هەر بفڕێ؟!
لەم ساتەیشدا وشەکانی من دوو دڵن
ئەم قەسیدەیە تەواو کەن؟!
یاخود بۆ ئێوەی جێ بێڵن؟!
با جێی بێڵم؟..

(24)

وردبوونەوەی وشە لە وشە.
وردبوونەوەی خەیاڵ لە خەیاڵ.
وردبوونەوەی چاوم لە چاوت.

وردبوونەوەی لەشم لە لەشت.
کردیانم بە زەریاو
کردیانم بە ئاگر.
دوورکەوتنەوەی وشە لە وشە.
دوورکەوتنەوەی خەیاڵ لە خەیاڵ.
دوورکەوتنەوەی چاوم لە چاوت.
دوورکەوتنەوەی لەشم لە لەشت.
کردیانم بە شەختە و
کردیانم  بە قاقڕ!

(25)

هۆدەیەکی ڕووت و ڕەجاڵ
پیرێژنێ.
پشیلەیەك.
تۆزێکی تر پیرێژن چاوی لێك ئەنێ و
بە ڕێی "با"دا
ئەچێتەوە بۆلای خوای خۆی.
تۆزێکی تر پشیلەکەیش
تا مر ئەبێ
دەم ئەنێتە ڕزقی خوای خۆی!

1994-1992

# گوڵەجەرگێ

له ڕۆژهەڵاتی گەڵاڵە

له خەمهەڵاتی کوێستاندا

لەو شوێنەدا  کە خۆرەتاو  وەك مێژوومان

وەك بەژنی با

لەناو بەفرا هەڵئەلەرزی.

لەو شوێنەدا

کە شەڕی هەردوو دەسی خۆم

سەری خۆمو

سەری شیعرو

سەری مانگەشەویان ئەبڕی.

لەو شوێنەدا

کیژێکم دی سپی.. سپی

وەکوو گوڵی چواڵە و هەرمێ
مل بە هەوریی
که لێم پرسیی:
ئەی کیژۆڵەی ناو خەونی شاخ
لەم هەرێمی گوڵانەدا
لەم دەریاچەی ڕەنگانەدا
تۆ عاشقی کام چاویانی؟!
وتی: تەنها تاقە گوڵێ:
گوڵەجەرگی ناو بەیانی
زامەکەی حەسەن کوێستانی !.

1994

# گەڕانەوە

ئەم شەهیدانەی شەقلاوە
تەنها هەر لەهاویناندا
لەگەڵ هاتنەوەی شەمامەو
لەگەڵ دەرکەوتنی خێڵی گوڵەباخو
گەڕانەوەی چاوەکانی دار گێلاسدا
سەر لە ئێمە ئەدەنەوە.
تەنها هەر لەهاویناندا.
کە دێنەوە
وەکووو قۆخ و سێوەلاسوورە و گوڵ هەنار
هەموو پێکەوە دێنەوە..
هەر لەدوور ڕا..
وەکوو بزەی گوڵ خەندەران

ئێمە ئەیانناسینەوە:
بالاّیان داری ژاڵەیەو
دەمو چاویان هێشوە ترێی سەر قولکەیەو
دەس و قاچیان لقو چڵی بەلاّلووکە و
قژیان چیمەن!.
شەهیدانی ناو شەقلاّوە
کە دێنەوە بۆ لای ئێمە
وەکوو خەونی گوڵ ئەستێرە
لەسەر شانی سەفینەوە یەك یەك هەڵدێن.
ئەڵێی ڕیزێ مۆمی سوورن‌و
بەرەو مالاّنی بن بنار دائەگەڕێن.
قوربانییەکانی شەقلاّوە
وەك سنەوبەر بەرگیان کەسکە
چاویان کانی‌و سنگیان باخو
خەمەکانیان بەر سێبەرێکی فێنکە
کە گەرما هات..
شەهیدانی ناو شەقلاّوە
سەریان کەپری ئازیزانە
هەناسەیان کزەبایەو
زامیان هاوینەهەواری
گشت زامێکی کوردستانە!
1994/4/11

# ئەسپ و چرا و مانگ !

-بابە بۆچی ئەسپەکەی "شێخ"
لە بناردا کەوتو گلا و
نەبوو بە "با"و
بە بروسکەو
سەرنەکەوتە سەر ترۆپکی
پاشەڕۆژ و
شاخی هەتا و؟!
- کوڕم.. ئینگلیز.. داوی ئینگلیز
ئینگلیز.. خستی
ئینگلیز..گرتی
ئینگلیز.. کوشتی!

- ئەی بابە بۆ چرای ئاڵای
ناو بەفرانباری مەهاباد
لە تەمەنێکی زۆر کورتدا
کورتتر لە گوڵی دار چواڵە و
کورتتر لە خەونی پەپوولە
پرشنگەکانی هەڵوەری و
دڵی وەستا؟!

- کوڕم! فووی ڕووس
فووی "ستالین " و "سەڵتەنە" و
گۆڕینەوەی خوێنی کوردستان بە نەوت و
مەزاتە گەورەکەی دنیا!
- ئەی بابە ئەم "مانگ"ەی ئێستا
کە لە ئاسۆی خوێنمانەوە بوو بە خەونی
گۆیژە و مەتین وسەفین‌و
لە ناو سەری مێژوویەکی شەهیدەوە
خەرمانەی دا؟!
بابە..بابە ئەی ئەمەیان
ئەم مانگەیان
کێ ئەی کوژێ؟!

ـ کوڕم.. کورد خۆی.. هەر خۆی و خۆی

کەسی تر نا
ئەمجارەیان خۆی ئەیکوژێ
خۆی ئەیکوژێ
خۆی!!

کۆتایی 1994

# لەو شەوەدا

قەت لەو شەوەی
"ئەشکەوتەکەی داری خلە"
شیعرم تەنیا تر نەبووە.
قەت لەو شەوە
ڕۆحم تاریك تر نەبووە
قەت لەو شەوە
مەرگم بێکەس تر نەبووە.
لەو شەوەدا، کەس. کەس. کەس. کەس
کەسم نەبوو.
لەدە پەنجەی هەردوو دەستما
هەشتیان جاش بوون؛

برۆم بەسەر چاوانمەوە جاسوس
قاچێکم جەیشی شەعبی بوو.. قاچەکەی تری ئەگرتم
دەستێکم ڕەفیق "حیزبی " بوو،
دەستەکەی تری ئەکوشتم .
قەفی سمێڵم.. نەصیر بوو
شەدەم.. نەصیر موتەقەدیم
گیرفانیشم.. موستەشار بوو
لەو شەوەدا.. "با"یش بەعسی بوو
"بەرد" بەعسی بوو
باران بەعسی و
بەفر بەعسی و
دارو دەوەنیش بەعسی بوون
ئەوەی تەنها لەو شەوەداو لەو شوێنەدا
ڕەگ و ترووسکە و شاگوڵو پێشمەرگە بوون
حەوت خەونی سەوزی ژێر گڵی
گەرمێنی گیانی ئێمە بوون!

1994

# حەسەن کوێستانی

لەم شیعرەدا بەفر ئەبارێ و
سەرم شاخە
لەم شیعرەدا گوڵ ئەبارێ و
لەشم خاکە
لەم شیعرەدا کچێکی جوان
ئەجریوێنێ و
منیش شەوم.
لەم شیعرەدا خەم باڵ ئەگرێ و
منیش ڕێگای کۆچ و ڕەوم.
لەم شیعرەدا ..من درەختی
سپی پۆشی سەر ئەزمەڕی سلێمانیم..
لەم شیعرەدا.. ئێستە زستانێکی سوورە و
من نمە نمەی بارانی
سەر گۆڕی حەسەن کوێستانیم!

پاریس
1994

## پەیكەر

بۆشەهید جەباری حاجی ڕەشید

له سەرەوه تا خوارەوه
باڵای بەرزی پیره مەگروون دائەتاشم
ئەیکەم بە پەیكەری پیاوێ:
کە جێ ئەشکەنجەی سەر لەشی
شەوانی ئەمنە سوورەکەی
لەبەر بارانی "باوەڕ"دا
پەڵەیان داو . ئیتر ئەوسا
مێرگی برین و سروودی "مەشخەڵان" ی بەر
سێدارە..
زڕەی ئازار
خەونی ژووری ئینفیرادیی..
وشەی ژێر زەمینی ئەنفال..

خوێنی قەڵەم، کێڵگەی نامە، عەشقی پ.م
عەشقی شەمام، چاوی هەرسێ منداڵەکە
بوون بەکانی و بوون بە دەغڵی زەردەخەنە و
بوون بە مێژووی خۆرەتاوی ئەم وڵاتە.
پیرەمەگروون!
من پێت ئەڵێم:
وا هاتووم و پەیکەر تاشی ئازادییم و
ڕازیی بیت و ڕازیی نەبیت
دات ئەتاشم و من تۆ ئەکەم:
بە "جەباری حاجی ڕەشید"

سەرەتای مارتی 1994

# شەست قوربانی

لەم مانگەدا
لە باڵەییان لەبەر دەمی هەر ماڵێکدا
گوڵێك ئەڕوێ.. گوڵی واسەیر نەبینراوە !
شەست چاوی کەسکی پێوەیە و
شەست خاڵ وا بە ڕوخسارییەوە و
شەست ملوانکەی لەملدایە
لە ڕەنگی خۆر.
لەم مانگەدا
لە باڵەییان لەناو حەوشەی هەر ماڵێکدا
دارێك ئەڕوێ.. داری وا سەیر نەبینراوە:
شەست دەستی سووری پێوەیە و
شەست گەردن و

شەست پرچی مۆر.
لەم مانگەدا لە باڵەییان
لەو دۆڵەدا زەماوەندە:
شەست ئەستێرە هەڵئەپەڕن و
شەست دەغڵ نان ئەکەن و
شەست کانی ئاو ئەگێڕن و
شەست لوتکە تەقە ئەکەن و
شەست مەل گۆرانی ئەڵێن و
شەست باخ میوە ئەبەخشنەوە
لە کۆتایی ئەم مانگەیشدا
لە پێدەشتەکەی سۆراندا
باڵەییان و بالیسانم پێك ئەگەن و
هەر شەست بە شەست
بووکی خوێنیان ئەگۆڕنەوە!

1994

# دوور و نزیك !

هەر ئێستە لێرەوە بەرەو ژوور باڵ ئەگرم
ئەو هەورە ڕیش لۆکە، ماندووە، ڕائەگرم
پێی ئەڵێم: ببورە چاوەکەم! تۆ نامەی
بارانێ یان بەفرێ یان بۆنی ئێوارانی غەمناکی
شارەکەی (بێکەس)ت پێ نییە؟. بمدەیتێ و
لەباتی ئەو ئەرکەیش
سەد ماچی پەڕو باڵ سوتاوی
غەریبێ، وەرگری!
هەر ئێستە لێرەوە، من ئەبمە ، باپووسکە و
ئەگەمە ئەو مانگی سەر کەلە و
پێی ئەڵێم: ببوورە گیانەکەم ! تۆ شیعری چاوڕەش و
خەرمانەی تەنیایی کچێکت پێنیە؟

ڕاسپێر، لەگەڵ خۆت
بۆ منت هێنابێ و
لە باتی مژدانەیش
سەد گوڵی کوژراوی
دووچاوم وەرگری!
هەرئێستە خۆم ئەکەم، بە ماسی باڵدار و
ئەو ئاسکی شەپۆلەی پێشەوە ڕائەگرم
پێی ئەڵێم: گیانەکەم ببوورە! .. تۆ لەگەڵ هەناسەی پرژەتا
تۆ لەگەڵ زایەڵە و گریانی هاژەتا
لە چۆمی چریکەی (دیلان) و
ڕووباری شیوەنی دایکانی شارەکەم
دوا ناڵە و کڕووزەی
بەهاری خوێناویی ئەم کوردەت پێ نییە
بمدەیتێ و
لەبری ئەو ئەرکەیش
هەرئێستە: هەزار ئاخ
هەزار ئۆف
هەزار داخ
لە ڕۆحی بێزاری ، شاعیرێ
وەرگری!

پاریس
1995/3/31

# لەناو سەری هەڵەبجەدا

له هەناوی هەر بەردێکما گوڵێك هەیە.
له دووکەڵی هەر زامێکما خۆرێك هەیە.
له ئاسمانی هەر خوێنێکما مەلێك هەیە و
له ناو سەری هەڵەبجەیشما
گوڵ و خۆر و مەل و یاری
خۆشەویستی گەلێك هەیە.

1995

# نان و ئاسمان

**مەلی  ووشەم**
**نە بەبێ نان پێ ئەکەنێ**
**بۆ ئاسمان و**
**نەبێ ئاسمانیش گۆرانیی**
**ئەڵێ بۆ نان!**

1995

# لەشەوێکدا

"با" یەك دای لەسەرو قژم
سەرو قژم ، بوون بە لق و پۆپی دارێ.
دار هەنارێ گوڵێکی خۆی گرتە سنگم
سنگیشم بوو بە گوڵجارێ.
کچێك قومێ ماچی دامێ و
دوو لێوم بوون بە ڕووبارێ.
کە منداڵێکی (ڕواندا)یش، سەری خۆی و
مەمکی دایکی و
دەستی باوکی
لەڕێی (T.V)ەوە بۆ ناردم
دارم کوێر بوو
گوڵجارەکەم کۆچی کردوو
ڕووبارەکەم شینی کردو
من ئەو شەوە هەڵبەستێك بووم
تا بەیانی تەم دایگرتم!

1995

# شیعر

شیعر، گمەی
ئەوینێکی سپی و ، باڵی
پەپوولەی وشەیە و
چاوی باران.
شیعر تۆوی ئەستێرەیە و
لە دەشتی سامالْدا ئەڕوێ
شیعر پەنجەی منداڵانە و
لە دۆزەخی کوردستان و ڕواندەدا
چی لە دەست دێ ؟!

1995

# ئافيش

لەسەر ئەم كورسی پاییزە
خەریكە چاوم هەڵوەرێ
بەرامبەریش
هەر وەكوو خۆم
كۆنە ئافیشێكی دیوار
لاشان بەربوو
بەدەم (با) وە هەڵ ئەلەرزێ و
وا خەریكە
وردە..وردە
ئەخزێتە خوار !

1995

# تەنیایی

تەنیایی یەك
ساردتر ، لە كرێوە خوێنی ئێوارانی
ئێستەی وولات
دەوری داوم..
تەنیاییەك جارێك ئەمكا
بەو گەڵایەی، چڵەكەی خۆی :
فرێی بداتە بەر قاچی گەردەلوول و
جارێكی تر بەو باڵدارەی
لە شەوێكی بەفرانباردا
هێلانەكەی خۆی دەریكا!

1995

# ئاوی شیعر

من هەندێ جار
کە ئاو لە وشەم ئەبڕدرێ و
ئەبمە کاغەزێکی قاقڕ.
کارێزکەنێکی خەیاڵم
دائەهێڵمە ناو قووڵایی مێژوومەوە:
خەم هەڵکەنێ و
خەم هەڵکەنێ
تا ئەگاتە ئاوی شیعر !

1995

# سوورەتی ئەوین

لەسەر بەردە نوێژی لەشت
من نوێژی شیعر و
شەراب و
بارانە ماچ ، دائەبەستم
کەسوجدەم برد
بۆ قیبلە قوببەی مەمانت
دەمم گەیشتە کەوسەری بەر گەردنت
من ئەزانم هەڵناسمەوە و
بەدەم خوێندنی سوورەتی ئەوینەوە
ئیتر ئەمرم !

1995

# نیشتمانی ئاگر

دەروونم دارستانێ بوو
هێندەی شەوانی تەنیاییم پان و بەرین
وەك مەراقیشم چڕو پڕ
ئێوارەیەك.. لە پەناوە
تیلەی چاوی شۆڕە ژنێ
پریشکێکی تێهاویشت و
من لەوساوە
بەهەشتێکم ئەسوتێم و
بووم بە نیشتمانی ئاگر!

1995

# حیله و گرمەژن

ئەوە ئێوەن، ئەمێستاکە ، دیسانەوە
ڕەوە تیشك و ڕەوە زامی
ئەو پیّ دەشتەن !
ئەوە ئێوەن، ئەمێستاکە،دیسانەوە..
"بای"ی سروودی مەشخەڵانن و لە پێشەوەن
بەڵیّ ئێوەن، ئەمێستاکە، بەدەستەکانی گەرمیان
بە هاواری باوە شاسوار
بەسەری پردیّ و کوڵەجۆ
لە دەروازەی سینەی ڕەشی کەرکوك ئەدەن
زۆرتان لەوێن.. ئەتانبینم:
مامەڕیشە بە چل گەزی پشتێنەوە
حەمە ڕەش و کاسکێتەکەی

مەلائەحمەدو ڕادیۆکەی
مەلائاراسو هەگبەکەی..نازم و کۆڵە پشتەکەی
هەموو لەوێن.. ئەمێستاکە
تەنها حیلەی ئەسپەکانی شیعری من و
گرمەژنی هەوری دەنگی
فەرهاد سەنگاویتان کەمە!

1995

# دوو برین

برینێکی شەڕی ناوخۆم
بووبە گەڵای هەناسەم و
زوو هەڵوەری
برینێکی شەڕی بەغدام
بووبەگوڵ و
گوڵ بوو بە مانگێکی چواردە و
بەتریفەی سوورمەچنی
هەموو مێژوومی داپۆشی!

1995

# دیاریی

له هەکاریی
پێنج سەد مەترێ لەوبەرەوە
وەك چاوی گوڵەبەڕۆژە
ئازادیی چاوی خۆی پیشان ئەدا .
بۆ ئێوارە
دەستی ڕاست و قاچی چەپی
لەسەنگەرا
بەجێهێشت و
بۆ چاوانی خۆشەویستی کرد بەدیاریی.

1995

# جوانە دڕندەکە !

تانسۆچیللەر !

تابلۆیەکە لە قژی زەرد

دووچاوی مەست

لە گەردنێکی کافووریی‌و

سنگێکی بەرز.

تانسۆچیللەر !تابلۆیەکە

لە ئاسمانی لەشێك سپی

ورد بەرەوە !

لەو قژەدا تەلبەندی دڕکاویی شەوو

لەو چاوەدا  نووکە سوونگی‌و

لەو ملەدا ئەڵقەی پەت‌و

لەو سنگەدا نارنجۆك‌و

گولله تۆپو

سەری بڕاوم ئەبینی!.

باش گوێ بگرە

لە ئاسمانی ئەو لەشەیشدا

قیژەی ئاوەو

قیژەی دایکمو

زریکەی مێژووم ئەبیسی!.

1995

# مــاچ

دووباڵدار بوون

دوودڵدار بوون

له ئاسۆیەکی نارنجیی ئێوارەدا

بەدەم فڕینی عەشقەوە یەکیان ناسیی.

بۆ یەکەم ماچ

نزیکترین وێستگەی ئەوین

تاقە هەواری نیشتنەوە

دوو دارتەلی کارەبا بوو

بەرامبەر یەك..

گمە گمیان گۆرانی بوو بۆ یەکەم ماچ

گمە گمیان هەڵقرچان بوو بۆ یەکەم ماچ

بەرامبەر یەك..

**مل درێژ بوو**

**لە یەکتری چوونە پێشێ**

**پێشتر.. پێشتر..**

**هەتا دەمیان گەیشتە یەك**

**هەرئەوەندەو**

**تەزووی بازنی کارەبایش هاتەوە یەك**

**هەر ئەوەندە و عاشقانی بۆ ماچ تینوو**

**بەدەم ئاگری ماچەوە**

**کەوتنە خوارێو**

**بوون بە ڕەژوو!**

بوراگ
1995/3/23

# زەماوەندی  دوا ڕۆژ

بۆ قادر دیلان

مالێك.

مۆسیقارێك.

بوخچەیەك نۆتە !.

ڕۆژێك دێت.. پیرێتی

دەستی مەرگ ئەگرێت و

ئەیهێنی بۆژووری خەوتنی مالەكە.

ئەوساكە مۆسیقار ئەبێتە

پەپوولە پایزەی سەر ئاوو

وەك خەونی ناو تەمی چنارێ

لە چاوان ون ئەبێ!.

هەروەها ڕۆژێك دێت لێرە نا

لە دوور دوور ، ولاتی مۆسیقار

بە پەنجەی بەفر و با

كە بوخچەی كردەوە

نۆتەکان وەك پۆلە ئەستێرەی باڵ گرتوو
لەسەری کێوان و
لەگەرووی مێژوودا
وەك شایی وشەو گوڵ
دەست ئەکەن بە سەما!

1995

# ئەوینی سپی

من وامزانی تەوقەیەکە ڕاگوزاری و
ئیتر دەستم دەستەکانت بەجێ دێڵێ.
من وامزانی سەرنجێکە ڕێبوارانە و
ئیتر چاوت چاوەکانم بەجێ دیڵێ.
من نەمزانی و بەختەوەر بووم کە نەمزانی .
ئەوا ئێستەیش
دەستەکانت بوونە هێلانەی هۆنراوەم .
من نەمزانی و بەختەوەر بووم کە نەمزانی .
ئەوائێستەیش
چاوەکانت بوونە پرشنگی سەرچاوم
ئاه.. گیانەکەم!
لە ڕێ و بانی ئەم ئەوینە سپییەدا
ئێمە ئێستە بووین بە دەستێك
ئێمە ئێستە بووین بە چاوێك

ئێمە ئێستە بووین بە دڵێك

ئاه.. گیانەکەم!

دووکەس بووین و

لە جیهانی ئەم عەشقەدا

بووین بە کەسێك!

1995

# نامه

سبەینێ هەر لە ڕێی پۆستەوە
هەورێکی بچکۆلەت پێ ئەگات
کە وەختێ کردتەوە
ژوورەکەت پڕ ئەکات
لە بۆنی دایکت و
لە نمەی بارانی چنارۆک!.

1995

# تۆ

تۆ ئەگەر درەخت بوویتایە
دار هەرمێی گوڵ سپی ئەبووی.
تۆ ئەگەر کانی بوویتایە
لە بناری کەکۆن ئەبووی.
تۆ ئەگەر چرا بوویتایە
چرای سەر شاعیرێك ئەبووی
ئەگەر شارۆچکە بوویتایە، کۆیە ئەبووی.
ئەگەر کتێبێك بوویتایە، مەم و زینی خانی ئەبووی .
ئەگەر تاڤگە بوویتایە، بێخاڵ ئەبووی.
ئەگەر قەڵەمیش بوویتایە،
قەڵەمەکەی شێرکۆ بێکەس ئەبووی!.

1995

# مەهێڵە

نەء مەهێڵە ، ئەی گیانی من ، تۆ مەهێڵە
لە باوەشی پڕ پرشنگ و لە بەهاری ئەو سنگەتا
زریانی زەرد بمفرێنێ
نەء مەهێڵە و بەهەردوو دەست
وەکو کەوێکی کەسیرە
سەرم بگرە و
لە ژووری گەرمی مەمانتا
لە بێزاری و
لە وەڕسی و
لە پیرێتیم.. بشارەوە!

1995

# بەرد

لەسەر تەوقە سەری ئەزمرٍ
وەختێ زەردە.
لەو ئاستەدا کە شار وەکوو باخی نارنج
یان ئەستێرکی کەڵە پشکۆ ، دەرئەکەوێ!.
لەو ئاستەدا بەردێك هەیە
وەکوو مێژووم تاق و تەنیا .
وەك مەزاری (نەجم الدین)ی کەشتییەکەی نووح
تاقو تەنیا.
بەردێ جێ پەنجەی حەزرەتی نالی و سیمای ئەوی لەسەر نەخشە
بەردێ وەکو جەستەی شیعری (فایەق بێکەس)
هەمووی ڕێ ڕێ.
بەردێ تەنها چەند مانگێکە
دوا تەڵزمی کۆستێکی نوێ
لە دەستەکانی بۆتەوە و

ئێستە مەرگ و ئێستە شەوو ئێستە خوێنی
لەسەر ئەڕوێ.
بەردێ، بەردێ کە بینیتان لائەدەن و
دەوری ئەگرن
یەکە یەکە یان بە کۆمەڵ ئەچنە سەری و
بۆ یادگار لەگەڵ شاخ و لەگەڵ هەور و
لەگەڵ خەم و لەگەڵ یەکدا
وێنە ئەگرن!..
بەردێ..بەردێ
ئازیزینە! خۆم گۆڕیوە خۆ دەرناخەم
من لەسەر دەم پاڵ کەوتووم و
سەرم دێشێ و پشتم دێشێ و
دەنگیش ناکەم
ئەو بەردە
منم
من!

1995

# هەڵبژاردن

له نێو هەموو كتێبخانەی شەودا
من یەك كتێبم هەڵبژارد:
ئەویش یادداشتی تەنیایی
ئەستێرەیەكی غەریب بوو!.
له نێو هەموو گۆرانییەكانی چیادا
من یەك گۆرانیم هەڵبژارد
ئەویش گۆرانی! ئازادیی
دار بەڕوویەكی شەهید بوو.
له نێو هەموو خەونەكانی یادگاردا
من یەك خەونیانم هەڵبژارد
ئەویش خەونی زەردوو سووری
منداڵیی بوو.

بەڵام من خۆم
نە ئەوینی خاکو خۆڵی
کوردستانم هەڵبژاردو و
نە ئەوینی چاوی دایکم
کەچی هەردوو، لە گشت ئەوینێکی دیکەی
دنیای گیانم
ڕووناکتر و
گەرمتر و
گەورەتر بوون!

1995

# تەماشا

ماوەیەکە من خۆم فێری
زمانی زەریاکان ئەکەم
هەتا ڕۆژنامەی شەپۆل و
گۆڤاری تەم بخوێنمەوە و
لە گفت و گۆی : نێوان هاژە و
کەنار بگەم !.
ماوەیەکە من خۆم فێری
نۆتەکانی باران ئەکەم
تا گیتاری (با) بژەنم و
پیانۆی ڕێژنە لێدەم و
لە کۆنسێرتی جۆگەکان و
لە کۆڕاڵی ڕووبار بگەم!.
ماوەیەکە من خۆم فێری
مەلەی ناو بێدەنگی ئەکەم

هەتا گێژەنی پرسیارم قووڵ بێتەوە و

بچمە ژێر وشەکانەوە و

دەستبەم لە بنی نەهێنی و

لە گومان و

لە مردن و

لە خوا بگەم.

ماوەیەکە من خۆم فێری

هەڵگەڕان ئەکەم بەشەودا

هەتا چاوی ناو مەترسیم تیژ بێتەوە و

بچمە سەر دوندی تەنیایی و

لەوبەرزەوە

سەیری جیهانی خەم بکەم .

1995

# توانەوە

کە تۆ ڕۆیشتی .. کورسیەکەت و
تەڵێ گوڵ و
پەرداخەکەت
لام مانەوە
یەکەمیانم کرد بە تەختی شاشیعرێکم .
دووەمیانم
لە کەنار ڕۆحما ڕووانەوە
سێهەمیشیم
پڕکرد لە ماچی ئەو دەمەو
هەڵم بڕی بیخۆمەوە
کەچی من خۆم
تیا توامەوە!!.

# قژ

قژت خەمێکی درێژە و شەوی شیعرە
منیش چرای کورتە باڵاو
قەڵەمێکی بە وەنەوزم
نە ئەو خەمەم پێ ئەبڕدرێ و
نە ئەیگەمێ و
نە ئەشتوانم ئێشکی سیحری
زەریا بگرم!

# ڤینتسییا

ئۆها! دیدەنی
ڤینتسییا
لە ماچی عاشقان ئەچێ:
نە ژمارەی
ئەو ماچانە
تەواو ئەبێ و
نە گیان هەرگیز
تێر ئاو ئەبێو
نە دەم
تاقەتی لێی ئەچێ!

1995

# تاقەجار

ئەو سەرنجەی گرتتە چاوم
هێندەی نەبرد، وا هەستم کرد:
چاوانم بوون
بە دوو زنەی گوڵ و شیعر و
لە بناری نێو چاوانما هەڵ ئەقوڵێن .
ئەو دەستەی خستتە دەستمەوە
هێندەی نەبرد وا هەستم کرد
دەستەکانم
بوون بە شەقامی تریفە و
(مەم و زین)ی پێدا ئەڕۆن.
بۆ تاقە (ماچی خوداییش)[1]
من چی بڵێم؟!
هەتا ئێستەیش وا هەست ئەکەم

---

[1] ماچی خودایی: وەك (هێمن)ی شاعیر ئەڵێ.

هەر ئەوجارە

تاقە جار بوو

لە توانەوەی ئەو ماچەدا

من کێوی توورو

من مووسا و

خودام دیوە !

# دەنگدانەوە

له دەنگدانەوەی بێ دەنگیی .. خەمەکانتا
له دەنگدانەوەی بێ دەنگیی..زامەکانتا
لەدەنگدانەوەی بێ دەنگیی ..جوانیەکەتا
زرنگەی ڕەنگی زەریایەك ئەبیستم و
زریکەی بۆنی مێژوویەك ئەبیسم و
گوێم له هاواری سووتاوی تەماشات و
قیژەی چاوته!

1995

# مەحوی

ئەم بەردەوام گومانێ بوو
یەخەی گەردوونێکی ئەگرت.
پرسیارێ بوو
لەناو پرسیارێکی تردا
پرسیارێکی دیکەی ئەکرد!

1995

## مەولانە خالید

مەولانە نمەی وەجدی خوای
وەکوو فرمێسك
لە پێڵودا هەڵگرتبوو.
بۆیە وەختێ کە بەسەر شەودا ئەگریا و
لە دوو ئاوانی ئیشراقا ئەتوایەوە
دڵۆپەکان
لە خەڵوەتا
ئەبوون بە ڕیزە چرای نوور!

1995

# بۆ دوومیوان

لەسەر بەردێ
بەیان پرچی بارانێکی ئەهۆنیەو .
لە دەفتەری مێرگێکیشدا
بارانیش جۆگە شیعرێکی ئەنووسیەوە.
لە جۆلانەی شەپۆلیشدا
شیعریش بەدەم سەمای وشە و درەختەوە
بۆ دوودڵداری میوانی
دیوانی باران و کەژ و
خەونی بەرد و
ئاسمانێکی ئەخوێندەوە.

1995

# سێ زمان و چوار قامچی

لەناو ئاپوورەی مەراقی گشت دنیادا
هەر لە دوور ڕا
مەراقی خۆم ئەناسمەوە
مەراقی من :
قژی سەوزەو
ڕیشی خوێناوی و
چوار خاچی وا بەکۆڵەوە و
مەرگیش بە سێ زمانی جیاو
چوار قامچی بە دوایەوەو
تەوق لە گەردن
کەچی نەچۆك دائەدات و
نە بێ دەنگی ئەکات مردن!

1995

# باران

که ئەگریایت
لەو ساتەدا هەورێ بووم و لە چاوتا بووم
کە دارژای، گەرم.. گەرم
دڵۆپێ بووم لەخەمەکانی ئاسمانت
وەختێ گەیشتمە سەر لێوت
جارێکی تر هەڵم بووم و
هەناسەی ساردت لێی دام و
دیسانەوە من بوومەوە
بە بارانی نیگاکانت!

1995

# کوا تۆ تەنیای

کوا تۆتەنیای! تەماشاکە
هەر چوار دەورت ، سەر چرپاکەت، ژێر چرپاکەت
سەرلێواری پەنجەرەکەت ، ناو گیرفانی جلەکانت
ناو جانتاکەت
خانەخانەی کەنتۆرەکەت
ژاوەیان دێ و
جمەیان دێ و
هەموو پڕن
لە فرمێسکی جوانی دایەو
لەشیعری من !
کوا تۆ تەنیای؟!

1995

# تەنیایی

**تەنیاییت ژوورێکە بۆ شیعری غەریبیم**
**لە ناویا، ئەبارێم ، دائەکەم ، شەست ئەکەم**
**سەرتاپای کەژانی خەمانت تەڕ ئەکەم.**
**ئەی کچی نامۆیی و هەڵقرچان !**
**تەنیاییت هەروەکو تەنیایی کوردستان**
**بە هەردوو**
**کردوومیان بە چاوی زستان و**
**بە داری گریانی**
**دوای خەزان!**

1995

# هاتنت!

به بەیانیان پەپوولەیت و
لەگەڵ گزنگدا دێی بۆ لام.
بە نیوەڕوان پرژەی ئاوی و
لەگەڵ شەماڵدا دێی بۆ لام
بە ئێواران گوڵ هەناری و
لەگەڵ ڕەنگی خۆر نشیندا
ئەگەیتە لام
بە شەوانیش
هەتاوەکو گزنگ دێتەوە
ئەستێرەیت و
گۆرانیت و
دواشیعرمی و
لەناو خەوما ئەجریوێنی.

1995

## زەرفی تابوت

تۆ هەورت نارد
بارانامە بداتە دەست
ئەم کاروانسەرای غوربەتەم.
تۆگوڵت نارد
باخچەنامە بداتە دەست
ئەم بیابانی غوربەتەم.
تۆ تیشکت نارد
گزنگنامە بداتە دەست
ئەم تەم تومانی غوربەتەم
بەڵام لەناو سلۆپیدا
بەیانییەك لەسەر شەقامی ئەتاتورك
هەوریان کوشت و
گوڵیان کوشت و
تیشکیان کوشت و
لە دواییشدا

سێ زەرفەتابووتی خاڵی و

خوێناوییان دایە دەستم !

1995

# خەم و خەم

ـ بەيانيت باش بەفرى هاوڕێ !

بۆ تەنياييم چيت هێناوە؟!

ـ خەمێك سپى!

ـ نيوەڕۆت باش نمەى بارانى غەريبى!

بۆ تەنياييم چيت هێناوە؟!

ـ خەمێكى تەڕ.

ئێوارەت باش؛ (با)ى بێ داڵدە!

بۆ تەنياييم چيت هێناوە؟!

خەمێكى تيژ.

ـ شەو باش؛ باڵندەى تاريكى!

بۆ تەنياييم چيت هێناوە؟!

ـ خەونێ، نەبەفرى تيا ئەنوێ و

نە باران ونە(با)و

نە تەنيايى و

نە چاوەكانى شاعيرێ!

1995

# خەیاڵ

بێ ئەوەی لای هیچ ڕووبارێ خوێندبێتم
بە زمانی ئاو ئەنووسم.
نەچومەتە قوتابخانەی هیچ کەژێك و
درەختەکان ئەخوێنمەوە
نە هەور مامۆستام بووەو
نەچومەتە هیچ کۆرسێکی زستانەوە و
بەڵام هەموو قەسیدەکانی باران و
بەفر و باڕێزەم لەبەرە..
لە پەیمانگای باڵای زریان و گەردەلوول
هاژەو گڤە ، دەرنەچووم و
بەڵام لە باندی مۆسیقاو سیمفۆنیای
هەموو وەرزەکان تێ ئەگەم.
من خەیاڵی ناو گەردوونی
شیعرستانم!

1995

# لەبری من!

من ناتبینم بەڵام گۆیژە ئەت بینێت و
ئەویش چاوی منی تیایە .
من ناتبینم
بەڵام هەزار مێرد ئەتبیسێ و
ئەویش گوێچکەی منی تیایە.
من ناتگەمێ و لاتەوە نیم
بەڵام خەم ڕاکشاوی تەنیشتەو ئەویش :
بۆن و ئەویش پەنجە و
ئەویش هەموو ماچەکانی یادگار و
کزەی شیعری منی تیایە!

1995

# ژەنەڕاڵ

ئەی ژەنەڕاڵی پیرەڵۆك
ئەو ڕۆژەی تۆ لە بەرۆکو لە گیرفانی
ناو زاخۆدا بۆم ئەگەڕێی
من ئەوکاتە لەناو گەرووی دەرسیم دام و
بووم بە تیشك و
بووم بە باهۆز.
ئەی ژەنەڕاڵی پیرەڵۆك
ئەو شەوە تۆیش
لە ماڵەکانی دەرسیمدا بۆم ئەگەڕێی
من ئەوکاتە وەکو هەور
چوومەتەوە
چیای جوودی و
بوومەتەوە
بە باران و بە برووسکە و
بە هەڵۆکەی ئاگری نەورۆز
ئەی ژەنەڕاڵی پیرەڵۆك!.

1995

# ئێوارەیەك

هەزار ڕێکەوت، بوون بە هەزار
شەوی مقەست
باڵیان کردم .
هەزار ڕێکەوت، بوون بە هەزار
دەستی کۆست و
قفڵیان کردم
هەزار ڕێکەوت، بوون بە هەزار
دارە مەیت و
هەڵیان گرتم.
بەڵام تاقە ڕێکەوتەکەی تۆ بوو
ئێوارەیەك
بوو بە ئاسمان
بوو بە کلیل
بوو بە لانکە و
بووم بە شیعرێکی نوێ تر و
دەم بە گۆرانیی هاتمەوە!

1995

# گـا

من هەموو ڕۆژ
لەسەرە ڕێی هاتوو چۆمدا
گایەکی کەتە ئەبینم
بە شێوە . بە ڕەنگ، بە بۆڕە
هەر ئەو گایەیە باپیرم
بۆی باس کردم
هەمان کەللە و
هەمان قۆچ و
هەمان کلك و
هەمان تەوێڵ
ئای
دیمیرێڵ!!

1995

# بەردەوام خۆشەویستی

بە پەلکە گیایەك ئەنووسم و
دارستانێك
ئەخوێنمەوە.
دڵۆپێ باران ئەبینم
گوێم لە هاژەی
زەریایەکە.
دەنکە گەنمێ لەسەر دەستمە و
خەرمانێ وا
لە گیانمایە!.
تاڵێ قژی یارم پێیە و
خۆشەویستیم
لە پاڵدایە.
من ئێستاکە
یەك دێڕ شیعری (نالی)م لایە و
کوردستانم
لەگەڵدایە!.

# خاچ و مار و

# ڕۆژژمێری شاعیرێ

"ڕۆمانە شیعر"

1998

بە ڕێبەرێتی مەراقی شۆخو شەنگ بوو.

بە ڕێبەرێتی مەراقی کەڵەگەتتر لە زریانی چیاکانو

چاو گەورەتر لە دۆزەخو، سەرنج تیژتر لە تەنیایی

گەیشتیتە سەر ترۆپکی ئەم "زمان"ەو
ڕەشەبات کرد بە جۆلانەو
زایەڵەت کرد بە برووسکەو
باران بە پرچی گۆرانیی.

تۆ ئەوینی ناو ئاگر بووی.. تا نەسووتای باڵت نەگرت.
تۆ ئەوینی ناو بەفر بووی.. هەتا نەتبەست هاژەت نەکرد.
تۆ ئەوینی ناو برین بووی.. تا نەوەریت ڕەنگت نەگرت.
تۆ درەختی بەر باهۆزی کارەساتو مەرگەساتو
ڕێی نەهاتو
سەر کەناری ئاوی ڕەش بووی
هەتا ئازار ڕاینەژەنیت..
هەتا باڵندەی گومانو تەیری ترسو
تا کۆست لە سەری نەخوێندیت
چرۆت نەکرد
دەنگت نەگرت
بالآت نەکرد.
تۆ هۆدەیەکی بێوەژن.. نیشتمانی یەکەم ئاخو
مێرگی یەکەم گریانت بوو.
تۆ کراسە قەترانییەکەی بەری دایکت
یەکەم شەوی گەشانەوەی خەمانت بوو.

من ناوم خەونە.
خەڵکی وڵاتی ئەفسوونم.
باوکم شاخەو
دایکم تەمە.
من لە ساڵێکی مانگ کوژراوو، لە مانگێکی هەفتە کوژراوو
لە ڕۆژێکی سەعات کوژراودا
دوای شەوێکی ئاوس بە "با"
دوای شەوێکی پشت کۆماوەی هەوراز بە کۆڵ
بەرەبەیانێکی زامدار
لە شەفەقێکی کەسکەوە
وەك گزنگێکی خوێناویی کەوتمە خوارێو
داگیرسامو بووم بە مۆمێك
گڕ بە ملو
بووم بە پرسێك
دەم بە هاوار.
تۆ لە گەڕەکی گاوراندا بووی بە تۆو و لە دایك بووی.
ژنە دیانێکی هاوسێ، مریەمێکی گوڵەهێرۆی،
ڕواو لەناو تاریکیدا، گەنم ڕەنگێ وەکو گۆیژە،
ناوکی بڕیت. هێشتا لەناو کاسەدا بووی،
مریەم بە کلۆ خەڵووزێ، لەسەر تەختی نێوچەوانت،
وێنەی صەلیبێکی کێشاو تاجەدڕکی کردە سەرتو
لە باوەشی نامۆیی خۆیو عیسادا، وەك کارژۆڵەیەکی تازەزاو،

ماچی کردیو هەڵیگرتیت. ژنە دیانێکی هاوسێ
نەفرەتێکی نێو شارەکەت، چارۆگەی یەکەم قوماتەی
ئەم سەفەرەو یەکەم خاچی ئەم ژیانەی بە تۆ بەخشیی.
لەو ساتەوە، من گوناهی ڕووتو قووتی دەرکراوی
ئەو بەهەشتەم کە نەعلەتی کرد لە بوونم.
کە نەفرەتی کرد لە بێشکەم.
لەو ساتەوە من ئەو "پرس"ە ئاوارەیەم
ئەو سۆراخە شێتو وێتەم ئەگەڕێمو
ناگەمە خواو ناگەمە تۆو ناگەمە خۆم.
لەو ڕۆژەوە من تەوێڵم چوار ڕییانی
خەونی چوار پارچە کراومەو
لەو ساتەوە سەرم پاشای
مەملەکەتی شپرزەییو قەڵبەزەی دڵەڕاوکێیەو
گلۆڵەی سەر ئەسپی ئەجەل.
لەو ساتەوە ناوچەوانم چارەنووسم ئەسووتێنێو
لەگەڵ مەرگا بووم بە هاودەم.

باوکت دەوەنی شاخێکی بەر بارێزەو ڕەهێڵە بوو
لە ئەنگۆرەی زستانێکدا، کە ئەفسانەی پیرەمەگروون.
زاوو زێی کرد بە ڕەوە جوانووی ئازادیو بە کەوێڵو
بە ئەشکەوتی هاوارەوە. هەر ئەو کاتەیش چەخماخە
ئەوی نووسییەوەو ڕەشەبا کردی بە ئەسپو برسێتیی

کردی به دەغڵو شەو بە چرا. باوکت بەستەی
نائومێدیو پێکەنینی ئەشکەنجە بوو. دەنگی باوکت
دەنگی بەفرو دەنگی گڵو دەنگی گوڵ بوو
سەرزەنشتی کلیلێکی دەربەدەر بوو. باوکت گەرووی
بریندراری سەربەستیی بوو. لەو قوڕگەوە هۆن هۆن
وشەی یاڵ خوێناویو تنۆك تنۆك مەراقی کاکۆڵ
زێڕینو، نمە نمەیش سەرگوزشتەی مێژوویەکی مەستو
سەرخۆش، دائەباریو دائەچۆڕا. باوکت زیندان کردی
بە مانگ. ئاوارەیی بە نیشتمان. بوومەلەرزە بە
سروودو، کۆتو زنجیر بە مامۆستا. باوکت زەنگێکی
بێکەسیی ژێر چوخمەکانی بێ هۆشییو کەڕەواڵەی ئەم
شارە بوو، هاوارێکی گلاراو و قیژەیەکی سەربڕاوی
ئەو خەڵکە بوو، هەر لێی ئەداو، هەر لێی ئەداو،
نە ئەبیسترا. ئەو داخێ بوو بە داخی خۆیدا ئەچزا.
ئەو لە پەرداخی بادەدا، دیرۆکێکی سەرماوسۆڵی
بەفرانبار بوو، کلوو کلوو ئەتوایەوە. ئەو لە پەرداخی
بادەدا، سەری خۆیو سەری مێژووی کاسو وڕی
ئەم غوربەتەی نوقم ئەکرد. ئەو لەوێدا جێی بۆ برینی
بێ دالْدەی خۆی دائەخست. ئەو لەوێدا ئەم جیهانی
بێهوودەییو ئەو دووکەڵی پرسیارانەی بە "با" ئەداو
تیایدا ئەنووست. ئەو قەڵەمەکەی بەورێکی فەرەنگی بوو.
چنگی ئەدا لە شوورەکانی تاریکییو چڕنووکی ئەگرت لە پێستی

خورافاتو ئەچۆوە بە گژ شمشێری ناو مەرگدا.
ئەو ساتەی تۆ کەوتیتە ناو کاسەکەوەو خاچ بوو
بە یەکەم لانکەتو بە سێ بزماری دەستو پا،
هەر ئەو ساتەیش ئەو لە ناو کاسەی بادەدا، مەراقێکی
سپی تازەی ئەخواردەوەو جنێویشی بە سوڵتانو
بە حاجی تووتن فرۆشو بە وەفدی میللەت فرۆشو
بە دنیایەکی پیس ئەدا!

گەورە بوومو خاچیش لەگەڵما گەورە بوو
باڵام کردو دڕکیش کەوتە بەژنو باڵا.
ئەمە کۆچی ئەزەلیی نائارامییەو، کۆچی چاوەو
ڕەوی هەستم.
ئەمە گەشتی جەستەیەکی پەرشەو
هەڵۆەدای ڕۆحێکی بەندو
هەڵفڕینی پەنجەکانی هەردوو دەستم.
ئەمە چیرۆکی کانییە.. لە سەرەتای شلوێ بووندا
"ڕێبوارە با، بۆ ئێوەی ئەگێڕێتەوە"
ئەمە چیرۆکی ماسییە، لە سەرەتای بەر قولاپو پێوەبووندا
"وردە شەپۆل، بۆ ئێوەی ئەگێڕێتەوە".
ئەمە فامی گوڵاڵەیە، لە سەرەتای تێکەڵبوونی
گەشانەوەو هەڵوەریندا
"تەمو مژێ، بۆ ئێوەی ئەگێڕێتەوە"

ئەمە یادداشتی بەردێکە، لە سەرەتای خلبوونەوەی
خەونەکانیا..
"مانگەشەوێ، بۆ ئێوەی ئەگێڕێتەوە".
ئەمە چیرۆکی ونبوونی پەلکەگیایەکی وشەیە
لە ناو بێشەلانی پرسا..
ئەمە چیرۆکی ونبوونی.. کچە شیعرێکی ئازایە
لە کیشوەری پیاوو ترسا..
ئەمە دووکەڵە ئەو وەختەی
ئەبێ بە جۆگەلەی ئاسمان.
ئەمە زووخاوە ئەو وەختەی
ئەبێ بە ڕێژنەی باران.
ئەمە زیندانە ئەو وەختەی
ئەبێ بە هەموو نیشتمان.
ئەمە ژانە وەختێ ئەبێ بە گزنگو
ئەمە مەرگە وەختێ ئەبێ بە ژیانو
ئەمە پەنگخواردنەوەی گومانی ناوسەری هەورو
سەری منە
وەختێ ئەیکا بە باوبۆران!

تۆ نە خەونو نە سێبەری خەونی بناری "زەردیاوا" و
نە پەنجەرەکانی هەتاوی تەڕی "قۆپی" و نە مالانی
باوەش پڕ لە گوڵەزەردی "قەرەداغ"ت لە بیر نییە.

تۆ کۆنترین ئاگردانی ئەم "زمان"ە و بەردەنوێژی
ڕوو لە خۆری ئەم مێژووەت لە بیر نییە. تۆ جێ قوربانیی
کیژانی ئاهورامزدات لە ئاتەشگەی بەرپێیەکانی،
زەردەشتا بۆ: خواوەندی ڕووناکییو ڕەزو گوڵەگەنم
لە بیر نییە. تۆ ئەودەمە بەچکە شیعرێکی سێ ساڵ بووی
زەڕ نەقووتەی کونەشاخو ویزەویزی هەنگێکی تازە
باڵگرتووی، شانەکانی ناو کلۆری پیرەدار بووی.
تۆ خەون بووی لەناو خەونا.
تۆ ئەو دەمە لە تای خورجێکی پارسەنگی هەندێ
کتێبی باوکتا، سوار ئەکرایتو دائەبەستڕای.
قۆڵی چەپتیان بە سرکەییو سەربەستێکی مۆری
دایکت ئەجەڕانو گرێ ئەدا. ئیتر ئەم شاخ،
ئەیدایتە دەستی ئەو شاخو جۆگەیش پڕ بە
گوپەکانی، زیوی ئاوی، پرژەساردی پیائەکردی.
پەنجەی دەستە شۆڕەکانی درەخت، لە پێچی لاڕێو
پلەدا، لە دواوە قژیان ئەگرتی.
تۆ ئەو کاتە جانتایەکی بچکۆلانەی سەفەری
نێوان بێداریو بێ ئاگایی وێستگەکانی ناو سروشت بووی.
تۆ تۆپەڵێ قوڕەسوورەی لەشی گۆیژەو پیرمەسوور بووی:
گڵەزەردە لەناو دەستیا بە هێواشی
ئەیشێلایتو ئەیکردی بە گوڵی سپی دارهەرمێیەك.
یان ئەیکردی بە گولۆنکەی بەرگەردنی ئەستێرەیەك.

یان بە گوارەی گوێی چرپەیەك.
ئەزمرٍ لەناو دەستەكانیا بە هێواشی ئەیشێلایتو
ئەیكردی بە گۆزەڵەكەی، فێنكەئاوی،
ناو چیغەكەی هاوینە شەوی "پیرەمێرد"
یان ئەیكردی بە پەپوولەی
ئالاَو لە ڕیشو لە قژی "مەحمود جەودەت"،
یان ئەیكردی بە مرواری زیخو چەوی بن كانیەكەی
گیانی "گۆران"
مامەیارە لەناو دەستیا بە هێوری ئەیشێلایتو
ئەیكردی بە گەلاَیەكی دارمێوەكەی ماڵی قودسی.
یان ئەیكردی بە كلۆیەك لە سەهۆڵی
ناو بادەكەی ڕەفیق حیلمی.
بازیانیش لە ناو دەسیا ئەیشێلایتو
لە دواییدا ئەیكردی بە:
مشتووی خەنجەری بەرقەدی داریكەلی.

تۆ خەون بووی لەناو خەونا.
تۆ پیاوانی "قەرەداغ"ی وەك "نارامسین" كەللەكەڵو
وەكو هەرێز سنگ تووكنو وەكو دەربەندی باسەڕە
چاوقایمت لەبیر نییە. تۆ خەون بووی لەناو خەونا.
تۆ ژنانی "قەرەداغ"ی پەلكەڕەنگینە لە دەستو
گەواڵە هەور بە سەرو

چەمی دێوانە لە دڵت لە بیر نییە.
تۆ خاچێکی سێ ساڵان بووی
هەر لەوێ بوو، بەیانییەك، لە پڕێکدا تەمێ بەرماڵانی داگرت
لە تەمەوە شاخەخاچێکی سووربباوی بریقەدار، لە ئاسۆوە،
هەستایە پیان. لە خاچ زیاتر، چاوێ نەبوو چاو ببینێ،
چوارپەلی خاچ چەپۆکانی ئەهاوێشتو ئەیکرد بە ناڵەو برووسکە.
لە پڕێکدا تەم ڕەوییەوەو لە بەر دەرگای حەوشەتاندا،
جادووگەرێ، ژنە قەرەجێکی ڕەشی غەزێم لە لووت،
وەك سێبەری ئەفسانەیەکی (لۆلۆ)کان بەدەرکەوتو
دایکت بانگی کردە ژوورێ. دایکت پێی وت:
-تۆ بەختی خۆم بەرە دەست" با".
من خەوت بۆ ناگێڕمەوە.
دوێنێ هەر لەم ژوورەدا بوو..
زەردەپەڕێ چووم بۆ کانیی
لەسەر کەوڵی ئەم گامێشە
ئەم کوڕەم بەجێهێشتبوو.. هەر خۆی تەنیا
کە هاتمەوە.. بینیم مارێ
لە تۆ ڕەشتر، لە زووخاوی باوکی ڕەشتر
درێژ وەکوو باسکی شەیتان
درێژ وەکوو دارەڕایەك..
ئاڵاوەتە کوڕەکەمو سەری خستۆتە سەرشانی
سەری خستۆتە سەرشانیو ماچی ئەکات!

به یەکەوە گەمە ئەکەن.
به یەکەوە پێئەکەنن.
وەك به چرپەیش نەهێنییەکی پێ بڵێ..
هەر ئەوەندەو بەربوومەوەو بوورامەوە
کە وەختێ چاوم کردەوە
مار دیار نەبوو
مار ڕۆیشتبوو!

ژنه قەرەجی جادووگەر بەردەمۆری هەڵدایه سەر
کەوڵی گامێش، بەردەکان بوون به خاچێك‌و دوایی وتی:
-ئازار به دوای کسپەی خۆیدا
ئەم تەمەنه وەك ڕێچکەخوێن ڕائەکێشێ.
مار ژەهری خۆی به عاشقی خۆی بەخشیوە.
مار ئالاوەته ئەوینی هەڵبژاردەی.
مار نەهێنیی زمانێکی پێ بەخشیوە
کە گەورە بوو
وشه ئەکات به ئەفسوونێ
خەون خۆی دێ‌و لەسەر ڕانی
نەهێنیی دڵی یەزدان‌و پێغەمبەرانی یەزدان‌و
ئەم گەردوونەی بۆ ئەنووسێ.

من خاچی مار تێئالاوم.

من نەفرەتێکی یەزدانیم.
من سێ بزماری ڕواوم!

من لە ئەلف‌و بێی بەردەوە.
لە ئەلف‌و بێی کلووی بەفرو، لە ئەلف‌و بێی ئاونگەوە،
لە ئەلف‌و بێی ئاگرەوە، من لە هێلکەی ئەفسانەوە
سەرم جووڤا.. من سەرەتا لە کێوی چەرماوەندەوە.
کەوتمە سەرپێ. لە ڕستەی قژبژی دارو،
لە پیتی گڵمتک‌و حەرڤی گڤەو loورەی ئەشکەوتەوە،
هاتمە دەرێ‌و بووم بە گەردەلوولی سەما.
من سەرەتا چاوم بەخشی بە گەوەی شاخ
شاخیش کردی بە زنەی خۆی.
من سەرەتا چاوم بەخشی بە دارستان
ئەویش کردی بە خەونی خۆی.
من ڕوانینم لەسەر ماهی‌و لە قڵێشە بەردا چاندو
لە دواییدا بووم بە ڕێگەی تەلیسماوی‌و داستانی "با".
من عەشقی خۆم کرد بە تەم‌و مژی گومان.
لە دواییدا بووم بە پرسیار، بووم بە خولیای
دارکونکەرەی گەردوون‌و خوا.
من سەرەتا ئەم سەفەری ناو گومان‌و ڕاڕاییەم
لە کەوێڵی بەر ئەشکەوتی هۆمەرقەوم‌و جاسەنەوە
کرد بە تەونی

سۆراخێکی بێ کۆتایی‌و بە هاودەمی مەراقێکی تاق‌و تەنیا.
منداڵێك بووم ڕاماو لە قودرەتی شاخی ترس‌و سەرسوڕمان‌و
ڕاماو لە ماسولکە ڕەقەکانی مەرگ‌و لە بلێسەی دەم خۆرئاوا.
ڕاماو لە جادووی باڵگرتووی نێو دەربەندو
لە پۆلە قیژەی سەر لوتکەو
ڕاماو.. ڕاماو
لە دەنگدانەوەی بێدەنگی‌و
لە ڕەنگدانەوەی بێڕەنگی‌و
لە حیلەی ئاو.
منداڵێك بووم خەونەکانی دارستانم ئەخوێندەوە
بە چاو بۆنی تیشکی ئاڵۆزکاوم ئەکرد.
گوێم لە زرنگەی کاروانی ڕەنگەکانی سروشت ئەگرت.
من ڕۆیشتنی گردو شاخ‌و دار بەڕووەکانم ئەبینی.
زریکەی گۆم‌و ئەستێرك‌و خۆڵم ئەبیست
هەناوی ئەستێرەم ئەدی
من بە ڕووتی، ڕووت‌و قووتی، پەریەکانی خوام ئەبینی.
من بە ڕووتی، ڕووت‌و قووتی، نەهێنیەکانم ئەبینی.
یاریم لەگەڵ (مانگ)دا ئەکرد.
یاریم لەگەڵ پەنجەکانی شەودا ئەکرد.
من هەموو جار لەسەر ڕانی گاشەبەردێك ئەنووستم‌و
لە دواییدا لە دەنگی ئەستێرەشوانێ دائەچڵەکیم.
من هەزاران پرشنگی زامدارم بینی،

که چۆن سەری خۆیان ئەکرد بە ناو کۆشی پەڵەهەورا.
وەك خەیاڵم من قەڵبەزەم گرتەباوەش.
سواری جۆلانەی کازیوەو کۆڵی تەم بووم.
من زمانی بنچكو بەردو خۆڵەمێشو باخان فێربووم.
من لە دەفتەری بەفردا یەکەم هەڵبەستی خۆم نووسیی.

من خاچی مار تێئالاوم.
من نەفرەتێکی یەزدانییم.
من سێ بزماری ڕواوم.

لە بنباڵی چەرماوەندا، "سورداش" ئەتوت کەروێشکێکی
قوڕاوییە. ئەهاتیتەوە ماڵەوە، وەکو جوانوویەکی یاڵ تەڕ،
لەگەڵ خۆتدا، لەگەڵ کۆڵە گژوگیاو ڕێحانەو گوڵەحاجیلەو
مێخەکدا، کۆڵێکیش پرسیارت پێبوو، ئەم کۆڵەیان قورسترِ بوو،
ڕۆت ئەکردنە بەردەم باوکت. ژوور پڕ ئەبوو لە بۆنی
گیاو لە بۆنی ترسو پرسیارو لە بۆنی قەوزەی گومانو
لە بۆنی قژی سۆراخو لە بۆنی مەرگ.. ژوورێك هەر جێی
دوو سێ چوار خشتەکی شیعرو غەزەلێکی تیا ئەبۆوە،
باوکت شانی دائەدایە سەر بالیفێو تەماشای ڕێچکەی
مێروولەی وشەی ئەکرد، تۆیش لێی ئەچوویتە پێشەوە،
تۆ ئەتپرسی:
خوا گەورەترە یاخود تۆ؟!

خوا گەورەترە یاخود شاخ؟!
تۆ ئەتوانی بمبەیتە لای؟!
دەرگای ئاسمان لە کوێوەیە؟!
کەی ئەتوانین بە یەکەوە خوا ببینین؟!
وەرامەکان پرسیارەکانیان دەرئەکرد.
وەرامەکان سیسەڵە بوون.
وەرامەکان هیچیان کلیلیان پێنەبوو.
وەکو ختە لە پشیلەو وەکو کشە
لە مریشکی بەژوورکەوتوو
ئاوایش پرسیارەکانیان دەرئەکرد!
ئیتر ئەوسا خۆت گرمۆڵەی ناو خۆت ئەکرد!
تۆ سیحر بووی لەناو سیحرا. تۆ مات بوونت
لە تەمەنت گەورەتر بوو. تۆ لە هەور
کوللەو پەردەو کەژاوەت بۆ خەیاڵی خۆت ئەخستە ڕێ.
ئەچوویتە ناو ئەستێرەوەو یاریت لەگەڵ تیشکا ئەکرد.
سواری شانی مانگ ئەبوویتو سواڵەی خەرمانت
دائەگرت. لەسەر بەرزترین لوتکە، کورسی بەفرو
پاڵتۆی بەفرو شیری بەفرت بۆ خواکەی خۆت دروست
ئەکرد. خۆت گرمۆڵەی ناو خۆت ئەکرد. ئەبووی
بە ژیشکی پرسیار. تۆ پرسیار بووی لە پرسیاردا،
تا ئەوکاتە تۆ دۆڵپای ترست نەدیبوو، تا ئەوکاتە
نەتئەزانی ترس لە کوێیە. تۆ دەموچاویت نەدیبوو،

تا ئەوکاتە ئاگرەکانیت نەئەناسی. جەهەننمیت
نەئەناسی. تا ئەو ڕۆژەی نەنکت هاتو دایکت
هاتو بەرامبەرت:
شمشێری سوورەتی گڕو مەنجەنیقیان بۆ ڕاگرتی.
نێڵەنێڵی بڵێسەکەی جەهننمیان پێ نیشان دای.
ئەژدیهاو عەزیاو درنجیان هێنایە ژێر لێفەتەوەو،
لە سەد لاوە قفڵیان لێ دای!
لەو ڕۆژەوە ئیتر تۆ بووی بە لانەی پرسیاری ترساو.
لەو ڕۆژەوە ئیتر تۆ بووی بە سێبەری وەرامێکی سەر داخراو.
لەو دەمەوە.. بوی بە ئاوێ لە هاژەت بسڵەمێیتەوە
لەو ڕۆژەوە.. بووی بە دەنگێ لە گەرووت بسڵەمێیتەوە.
لەو ڕۆژەوە تۆ ئیتر بووی:
بە هیوایەکی دەستەمۆ
بە پرسیارێکی دەستەمۆ
بە ڕوانینێکی شەرمنو
بە ڕووبارێکی دەسخەڕۆ..

ئەمجارەیان ئەچوویتە سەرباڵی سیمرخ، ئەگەیشتیتە
کاروانکوژە. دەرگای بەردیان ئەکردەوە، کۆشکی
بلوورین دەرئەکەوت. فریشتەکان وەك هەڵقوڵێن
لەناو بیرێکی قووڵەوە یەکە یەکە ئەهاتنە دەر،
هەموو خاچی ئاگرینیان بەدەستەوە. هەموو مار

له قەدیان ئالاو. ئەهاتنو ئەیانبردی له
ئاوێکی سەوزو سووریان هەڵئەکێشای. وەکو
ماسی پشتت ئەبوو بە پوولەکە. ئەیانبردیو
هەر دووراودوور نێڵەنێڵەکەی دۆزەخی ناو قورئانیان
نیشان ئەدای، دێوو درنجو ئەژدیهاو دۆڵپای خوایان
نیشان ئەدای.. ئەترسایتو ئەتۆقیتو بۆ خۆرئاوا
دایکت لەبەر دەرگای حەوشە هەڵئەتروشکاو
لەسەر سەرت کەڵەپشکۆی ئەکوژانەوە..
هەتا ترسەکانت ڕاونیێ!..
بەڵام ترس دیوارێ بوو.. نەئەڕۆیشتو
چیایەکی قورقوشم بوو ڕاونەئەنرا
تازە ترس.. وەکو کۆڵەکەی بەر هەیوانو
منارەکەی سلەیمانی داچەقیبوو..
تازە ترس بووبوو بە خەڵوزانی ناو دەروون
وەکو هەوا هەڵئەمژرا..
بووبوو بە برۆو بە جومگەو بە چەناگەو
یەکە یەکەی پەراسوکان!
ترس.. ترس.. ترس
لهماڵەوە لەگەڵ ئاودا ئەخورایەوە
لەگەڵ هەویردا ئەشێلرا
لەناو لۆکەی لێفەدا بوو
له دەرەوەیش تازە ترس وەکوو حەسحەس وەك پاسەوان

ڕائەوەستاو پرسیارەکانی تەوق ئەکرد
ڕێگاکانی ئەپشکنیو دەست بە چەقۆ
وردودرشتی گومانی
لە خەیاڵیشدا سەرئەبڕی!

من خاچی مارتێئالاوم
من نەفرەتێکی یەزدانیم
لەسەر ئەم جەستە کۆچەرە
من سێ بزماری ڕواوم!
وەکو بالاّم خاچ هەڵکشا، من عاشقەو،
مار ماشقەی تێکئالاّوی سەر ئەم خاچەین.
هەموو ساڵێ کۆچی باوکت، کۆچی پەڕەسێلکەی شیعرەو،
کۆچی "با"یەکی تووڕەیەو، کۆچی ژانێکی سەرسەختو
سەفەری زام. هەموو ساڵێ ئەم برینە ئازارێ بوو
خوێ بە کوڵو پرسیارێ بوو بە بێ ئاکام.
ئەو زێ بوو. تینووی بوو.
خەون بوو، نەئەخەوت.
کلێپەیش بوو سەرمای بوو.
گەنم بوو.. برسیی بوو.
خۆرێ بوو ئەو وەختەی ئەگیرا هەڵئەهات.
هەموو شەو پەرداخێ بادە بوو مەست ئەبوو سەرخۆش بوو
هەتاکو خەمانی بەریبات!

ژوورێك‌و چرایەك.. دایكت‌و حیكایەت.
لە بەینا تۆ گمەی كۆترێ.
زستان‌و بەفرانبار.. ئاگرو حیكایەت
لە بەینا تۆ جوانووی گوێ گرێ.
وەنەوزو خۆڵەمێش.. مێوژو حیكایەت
لە بەینا تۆ كەوی سەفەرێ.
هەڵەبجە: هەناری هەڵوەریو لە كۆشی شنروێ‌و گوڵاندا.
هەڵەبجە: پرسیاری سیروانەو سۆراخی شارەزوور
لە كۆچی بێ وادەی باڵندەی گریاندا!
ڕووناكیی زەردباوی پەنجەرەی تاقانەو،
لە سەمای بەفردا پرووشەی تێكئالاو
لە یەكتر. زریكەی "با"ی دووری گیرخواردوو
لە داوی چیادا، بۆ "هەبوو یان نەبوو"، بۆ
ڕاوی گردی ڕەش، ترسێكی چەتەوڵ ڕاوەستاو
لە بەردەم دەربەندی ئەژدیهاو وەرزێكی نەهاتدا.
مرۆڤی بچكۆلە ئەوەندەی پەنجەیەك، مرۆڤی چوار
چاوو، مرۆڤی قۆچدارو، فریشتەی باڵداری
كەژاوەی لوتكەیەك، كوڕێكی كەچەڵەی ئازاتر
لە درنج، ئازاتر لە دەشتی ئاگرو لە بێشەی
سوژن‌و لە مەرگ!
سەرەتا چوارمشقی ئەبوویتە گوێ قوتی
بەردەمی دایكت‌و پاش تۆزێ سمۆرەی بزێوی

هەڵگەڕاو بە ڕانو بەر سنگو گەردنو
ڕوخساريا، دواتريش كە سەرت ئەكردە
سەر ڕانی ئەبوويتە وشەيەك لە بەستەی زيوينی
ناو دەميا.

كۆشی ئەو كۆشی گژوگياو كۆشی باخ بوو
وەختێ ئەچوويتە ناوێوە..
ئەبووی بە گوڵەمێخەكێ.
سنگی ئەو سنگی هەڵەبجەو باخی مێر بوو
وەختێ ئەچوويتە ناوێوە ئەبووی بە كانی عاشقانو
گوڵ هەنارێكی شنروێ.
دەستی ئەو دەستی زەڵم بوو
وەختێ ئەيهێنا بەسەرتا
لە كوێستانی سەروڕيشی مەولەويدا ئەڕوايتەوەو
هەڵئەتۆقيت، ئەبووی بە پەلكی قارچكێ.
ڕانی ئەو ڕانی شيعر بوو وەختێ سەرت ئەكردە سەر
لەسەر مەزاری وەلیو شەم
سەرت ئەبوو بە گومەزێ.
ئەوكاتەيش تۆ چاوی نەهێنيی شيعر بووی
لە زاری دايكتا، كە (لاس)ێك بە ڕێگەی
ئەويندا ئەڕۆيشتو لە شەوێك هەڵئەنووت.
ئەو كاتەيش تۆ گەرای هاواری عەشقێ بووی

له سنگی دایکتا. که (خاچێك) به ڕێگەی
یاخیدا ئەڕۆیشتو له خەمێك هەڵئەنووت.
که چرایەك بەسەر پەتێکی باریکی تاریکیدا
ئەپەڕییەوه ئەوبەر چەمێ
تۆ لێرەوه ئەبووی به کەناری ئاوو
به مزگێنی دەم شەپۆلێ.
که بولبولێ لەسەر دەمی تیژی شیرێ
ئەنیشتەوەو سەمای ئەکرد
تۆ لێرەوه ئەبووی به ڕەنگاڵەی
شپرزەیی‌و ئەکەوتیته باڵەفڕێ.

ئەتپرسی: چۆن بڕوێم له نێوان مەمانی
پەریداو گەورەبم وەك مەمێ؟! چۆن
هەڵکەم وەکوو "با" و گەوره بم وەك شاخ‌و
دەستخەمه ناودەستی کڕێوەو سەرکەمه
سەرشانی نارنجیی ئاگرێ؟!
کەی ئەبم به پەیژەی شیعرێکی درێژو ئەچمه سەر
سەربانی کۆشکی خواو؟! کەی ئەبم به ئەسپی
فڕیوی دووکەڵێ؟!
ئەتپرسی: چۆن ئەبم به کوڕی دەربەندی بازیان؟!
چۆن ئەبم به یاری مانگەشەو؟!
ئەتپرسی: من چی بکەم.. بۆئەوەی

وەك دایكم چۆن ئەدوێ
ئاوەهایش لە ڕۆژی نەورۆزدا
گوێم لێبێ.. ئەستێرەیش بدوێت و
گوێم لێبێ.. بارانیش بدوێت و
ئەو هەورەیش سترانێ ببێژێ!

بەیانییەكی سپی و سۆڵ. یەكەم ڕۆژ بوو، بای "عەبابەیلێ" بردیتی و وەكو پەپوولە پایزە بەرەو مەكتەب خل بوویتەوە. بۆ یەكەمجار یەكەم پیت و یەكەم وشەو یەكەم ژمارەی سەر تەختە. سەروملی نە ناسراوو ڕەق و تەقی خۆیان بۆ لەقاندی و دیمانە بەخێریان كردی. لەم ماڵەدا تۆ كەروێشكێكی غەریب بووی. لەم هەوارە تازەیەدا تۆ بنچكێكی غەریب بووی. لەم گۆماوە تازەیەدا تۆ ماسییەكی غەریب بووی. ئەو گەرایانە تازەبوون ئەو زەنگیانانە تازە بوون. ئەو چڵەدارو پەنجەرەو مراوی و عەینەك و دارلاستیك و پردو مەنجەڵ و گۆچانی: حەرف و وشەو ژمارانە، یەكەم جار بوو بیانبینی، یەكەم جار بوو بیانناسیی، لەم ژوورەدا ئەتوت چۆلەكەی عاسیی بووی، ئەمدیو شووشەی پەنجەرەكەی. تۆ چاوێكت هەر لای دارتووی حەوشەكە بوو. ئەم ژوورەیان، ئەم ماڵەیان سی سەری تازەتاشراوی گوێچكەڕەپی لەناو خۆیدا ڕیز كردبوو. ئەفەندییەكی داربەدەست،

حەیزەرانی بریقەدار، ئەفەندییەك باریكەلە وەك
مارماسی، هەر خەریكی هاتوچۆ بوو، زەردەزیڕەیەك
لە قژی چەوری ئەفەندی ئاڵابوو، لانەئەچوو، تۆ
تۆ چاوێكت هەر لە لای زەردەزیڕەكەو موستیلە گۆپكە
زلەكەی پەنجەی دەستی ئەفەندی بوو!

لە كەناری ئەم ژوورەوە
لە كەناری لمو چەوی ئەلفو بێوە
پێت خستە ناو تەنكاوێكی زمانەوەو
ئیتر چوویتە ئەو دەریاچەو زەریایەوە
كە تا ئەمڕۆیش تۆ ئەباتو خاچ ئەباتو
مار ئەباتو سەری ئەوسەری دیار نییە.
هیچ بەندەرێكی دیار نییە. تۆ لەوێوە
لە یەكەم وشەی "دار"ەوە، یەكەم زریزەی
ڕستەوە هاتیو هاتی
بووی بە كەوو بۆ چیات خوێند.
بووی بە چیاو بۆ بەفرت خوێند.
بووی بە بەفرو بۆ گوڵت خوێند.
بووی بە گوڵو بۆ ئاوت خوێند.
بووی بە ئاوو بۆ خاكت خوێند.
بووی بە خاكو بە سنەوبەر
شیعرت نووسی!

هەڵەبجە ڕیشی تەمگرتووی مەولەوی بوو.
پاوانەی پێی هەورامانو پاڵتۆی بۆرەقنەی
مێژووی شارەزوور بوو.
هەڵەبجە: زڕەی بازنی دەستی کچە جوولەکە بوو!
کیژانی جوولەکەی هەڵەبجە. ڕەنگاڵەی زمانی
شیرینی گەڕەك بوون. ڕەنگاڵە وەك گوڵی تێکەڵی
هەنارو دارهەرمێ. ڕەنگاڵە وەك هەورو بارانو
هەتاوی گورگەزێ. کیژانی جوولەکە، لە سیلەی
عەشقدا، پرسیاری جوانیی بوون، پرسیاری
سەرسامیو پرسیاری دوودڵی نیوەی ڕێ.
کیژانی جوولەکە لاولاوی خوێنگەرمی گەڕەك بوون.
سەوزەڵە: وەك کەپرە شینکەکەی بەردەرگای
ئێوارەی بەهەشتێ. ژنانی جوولەکەو پیاوانی جوولەکەو
منداڵی جوولەکە، لە بەردەم شمشێری مەلاداو،
لە بەردەم جەڵدەکەی خەلیفەو لە بەردەم بەردەکەی
کەعبەدا، یان پۆڕی ترساو بوون، یان
ڕیشی سووتاو بوون، یان ئاوی لەرزیوو
یان جانتاو دەفتەری دڕاوی سەرەڕێ!
هەر لەوێ خاچی تۆ
پەلوپۆی برینی هاوێشتو
سێبەری فامێکی چڕتری بۆ کردی.
هەر لەوێ خاچی تۆ

بزماری سەر جەستەی سەفەرو کۆچی تۆ
زمانی پشکووتو
بوو بە دەم، بوو بە گوێ.
هەر لەوێ ماری تۆ
قایمتر ئالآیە گەردنی گومانتو
وەك پرسیار لە ناوتا پەپکەی خوارد
بۆ کاژی نوێترو
گێنگڵی سۆراخی سەرلەنوێ.
هەر لەوێ زستانێ
یەکەم جار ڕووبەڕوو
من سەری قوپاوی برسێتیم بەدیکرد ئەوکاتەی
بە پەیژەی ماڵماندا هەڵگەڕا بۆ سەربان. من
جاری یەکەم بوو دوو چاوی کلۆری هەژاریی ببینم،
بە پەیژەی ماڵماندا بێتەخوار بۆ حەوشەو بۆ هەیوان.
من جاری یەکەم بوو لە گونیەی خەت سووردا
کلۆڵیی ببینم بە تەڕیو
من جاری یەکەم بوو
زیندوویەك ببینم ئەپروێ.
ئازارێ ببینم خووساوە.
ناسۆرێ ببینم لە قوڕدا نوقم بێ.
من جاری یەکەم بوو سەرنجی شیتاڵی بانگوشێ
بە قایم زللەیەك لە بن گوێی

هەستم با و
پێی بڵێ: ڕاچڵەکێ!
هەر لەوێ
خاچ ئەیوت:
باوکی تۆ هەر ئەڵێی ڕووباری ماندووە،
ئەوەندە شەپۆلی خنکاوی هێناوەو بردووە.
باوکی تۆ هەر ئەڵێی ڕووباری ماندووە،
ئەوەندە گۆرانیی کوژراوی هێناوەو بردووە.
باوکی تۆ هەر ئەڵێی شەوگاری ماندووە،
ئەوەندە واگۆنی تاریکیی هێناوەو بردووە.
پشتی ئەو هەر ئەڵێی شەقامی هیلاکە
ئەوەندە ئاپوورە مەراقی نامۆیی بەسەردا ڕۆیشتووە.
دەستی ئەو هەر ئەڵێی پەلکێکی شەکەتە
ئەوەندە لە هێشووی حەسرەتی گرتووە.
گەردنی هەر ئەڵێی گەردنی قەسیدەی "کوردی"یە
ئەوەندە ئەم بەردی کێوانەی لە ئەستۆ بەستووە.
ئەو ئەیوت:
من وشەم بۆچییە وەك مامز باز نەداو
وەکو ئاو ڕانەکاو لەناکاو خۆی نەکا
بە هۆبەو هەواری خەڵکدا!
من وشەم بۆچییە وەکوو دار لەسەر خۆی
دیلانێ هەڵنەخا بۆ سەمای گۆرانیو

چاوێکی هەر لە لای دوو کەوە سپییەکەی مەمان‌و
دڵێکی هەر لە لای کۆچەکەی یار نەبێ!
من وشەم بۆچییە شوو نەکا بە گڵ‌و
شوو نەکا بە بەردو
منداڵی پەلکەگیاو وەنەوشەی لێ نەبێ!
من وشەم بۆ چییە..
گرمۆڵەی نێو تاقی ژووری بێ‌و
کە قەقنەس گڕی گرت
کە نالی گڕی گرت
نەجووڵێ‌و هەڵنەسێ‌و پێی نەبێ!
ئەو ئەیوت:
من وشەم بۆچییە.. بە دەنووك ئاو نەکا
بە دەمی دڵۆپی تینووداو
من وشەم بۆچییە
کە خەمی قەڵەمی شەهیدو
کە خەمی کاغەزی کوژراوی
قەت نەبێ!

"چەند پەندێکی باوکم کە خاچی باڵام
لەسەر خۆی هەڵیکەندوون"
**یەکەم:**
ئاسمان دائەگرمە خوارێ

خوایش بانگ ئەکەم بۆ سەر زەوی
تا پێی بڵێم:
دۆزەخ ئەوەتا لێرەیەو
بەهەشتیش لێرە دێتە دی!
**دووەم:**
شیعر بەرزە، شاخ پیرۆزە،
سروشت جوانە
بەڵام لە شیعر بەرزتر
لە شاخو کێویش پیرۆزتر
لە سرووشتیش گەلێ جوانتر
قوربانییەکانی ئینسانە!
**سێهەم:**
ئەنووسم بۆئەوەی
شتێك لە وەڕسی زمان
شتێك لە بێزاربوونی خۆم کەم کەمەوەو
بەڵام شتێك لە خۆشەویستیی ئەو خەڵکەو
شیعر زیادکەم!
**چوارەم:**
من ئەم زمانەم کردووە
بە کێڵگەی گوڵەبەڕۆژە
تەماشاکە لە سەد لاوە
خۆر تەماشای باڵای ئەکا!

من ئەم زمانەم کردووە
بە غارگەی کوڕژنو ناڵە
تەماشاکە لە سەد لاوە
یاڵی شیعر با ئەیباتو
لە سەد لاوە سمکۆڵانی بەردوشاخە!

**پێنجەم:**

لە ئاسۆی بادەدا
ئەستێرەی سەرخۆشم
تێم بگە
من مەراقی ئاڵی دەمەو خۆرنشینەو
چوڕەی سپی کازیوەکەی
شەشی ئەیلوولە ئەینۆشم!

هەر لەوێ!
هەر لەناو دەربەندی سەهۆڵو ناو گردی
کرێوەو، پێدەشتی تەرزەوە.
ڕۆژێکیان بەیانیی زستانێ
سروشتی یاخیبوو.. لە کێوی شێتگیری قافەوە
لەودیوی وڵاتی ئەفسانەو دێوەوە
بە سواری ئەسپێکی چەمووشی قەترانیی تۆفانێ
بە خۆیو شمشێری زریانو

بە خۆیو مێژوویەك لوورەوە.
بە خۆیو سەرخێڵی مەرگەوە
هاتە سەر هەڵەبجە.
ئەو ڕۆژە دەنگ ئەیبەست.
ئەو ڕۆژە گڕ ئەیبەست.
ئەو ڕۆژە دەستو پێی پەنگریش ئەتەزی.
ئەو ڕۆژە.. ڕووباری سەعاتو
دەریاچەی دەقیقەو
ئەستێرکی سانییە
وەك خوێنی ڕژاوی گێلاسو
دارژاڵەو دارهەنار ئەمەیی.
ئەو ڕۆژە بەیانی سەعات حەوت
دوای ئەوەی خڕۆکە سپیەکان، خڕۆکە سوورەکان
لە ڕاستە شەقامی ناو دڵیا
مانیان گرت لە ڕۆیشتن
باوکت مرد!

کرێوە هات وتی:
من هاتووم
غەریب نیم بەم پیاوە
شەختەکەی عومری ئەو لە منە!
بارێزە هات وتی:

من هاتووم

غەریب نیم بەم پیاوە

ئەم پیاوە ڕێژنەی زووخاوی

لە منە!

گڤەی بایش هات وتی:

من هاتووم

غەریب نیم بەم پیاوە

دەربەندی دوو لوولەی نامۆییو برسێتیی

سینەی ئەو لە منە!

تەرزەیش هات پێی وتین:

من هاتووم

غەریب نیم بەم پیاوە

ئەم پیاوە زۆر وشەی

باریوی ناو سەرو ناو شیعری

لە منە!

تۆ خاچی مار تێئالاوی

تۆ گوناهێکی پیرۆزو

تۆ شەفەقێکی تاریکو

تۆ مژدەیەکی ڕەشپۆشو

تۆ فڕینێکی گیراوی!

هەر لەگەڵ تەرمی ئەو شاخەدا.

هەر لەگەڵ تەرمی ئەو باخەدا

هەر لە تەك تابووتی ئەو تیشکەو
هەر لە تەك تابووتی ئەو مانگەو
هەر لە پاڵ لاشەی ئەو هەورەدا
وەکو چوار فرمێسکی بێ هەنیەو وەکوو چوار
دووکەڵی پەرتپەرتی خێزانی ئاگرێکی کوژاوە.
وەکو چوار قوتیلکەی بێ ماڵو چوار شەوی
ئاوارە. بە ئاسۆی بووڵێڵدا تەم بووینو
چووینەوە بناری ئەزمڕو چووینەوە ئەو شارە:
کە هەر زوو، یەکەم سات، وەك ئێستام،
ئەو خاچی بە باڵای بێشکەمو بە بەژنی
دواڕۆژما داکوتی. وەك ئێستام
ئەو ڕمڵی کۆچێکی درێژی ناو قوڕگی
نەهەنگو سەفەری وڵاتی خەڵووزی بۆ لێدام.

من ئێستاکە
باوکم نییەو
شاخی گۆیژە لە جێی باوکمە!

بەم ڕۆژگارە گۆیژە چاوم بانگ ئەکاتو
وەك پوولەکە یەکە یەکە سەرنجەکانم بە خۆیدا دائەدووریٚ.
شاخی گۆیژە بەرگدرووی وەرزەکانی پێکەنینو گریانیشە.
گۆیژە مەراقی ڕەنگاوڕەنگ ئەچنێتو ئەیانکا بە: کۆڵوانەی تەم.

ئەيانكا بە: كراسی گولگوڵی هەورو بە ملپێچی
ڕیشاڵدرێژی سێبەرو، ئەیانكا بە كلێتەی سپی
سەر قوتكەو بە دەسەسڕی ئاوریشمی خۆرهەڵاتو
خۆرئاوابوون.
بەم ڕۆژگارە گۆیژە چاوم بانگ ئەكاتو
منیش چاوم، دوو گوڵدانی قژی ئەوە.
گۆیژە ڕۆژنامەی گڵینی بەیانیانو ئێوارانمە.
- ڕۆژی پشوودانی نییە- هەر بەیانییەك هەڵئەسم،
بە گەورەیی، بە مانشێتی بەفر بێ یان قوڕو لیتە،
بە مانشێتی سێڵاو یاخود گێژەڵووكە، بە مانشێتی
دووكەڵ یاخود پشكۆ یاخود خوێنو یاخود
گەرداوو باپووسكە، ئەو تازەترین هەواڵو
دەنگوباسی لە تەوێڵی درێژكۆلەی خۆی نووسیوە
بۆ نموونە:
★ئەم مێژووە زوقمەشەختەی زستانێكە هەرگیز گەرمی نابێتەوە.
★ئەمڕۆ پایزەو كەچی من بنارەكەم پڕە لە چاوی گوڵاڵە.
★لەم شارەدا هەندێ قەڵەم دەفتەرەكانی خۆیان ئەتك ئەكەن.
★لەم دەشتەدا سوار ئەگلێو ناشبێ بە سوار.
★لەم شارەدا مردن چەند پرس بە نێچیرەكەی خۆی ئەكات
لێرەیش هەر ئەوەندە بە ژن.
★لەم دەشتەدا جۆگە دوژمنی جۆگەیەو بەڵام ژەهریش
لە سەرچاوەی هاوبەشەوە ئەیانكوژێ

⋆ئەوا نالی سەرهەڵئەگرێو ئەڕوا
چونکە نە نیشتمان ناسیو نە منارەو
نە خەڵكو خوا!

بەم ڕۆژگارە گۆیژە چاوم بانگ ئەکاتو
منیش چاوم چاوی کۆڵانو گەڕەكو چاوی
دەرگاو پەنجەرەیە. گۆیژە دیوانی پەلکەگیاو،
قوڕەسوورو سملێو شانۆی کۆستو
دەمامكو سەمای گریانو بەستەیە.
شاخی گۆیژە ڕۆمانێکی بێ کۆتایی ئەم بنارو
پێدەشتەیە. گۆیژە چاپخانەی ژانو سوێی
ڕەنگاوڕەنگە. گۆیژە یەکەمین نووسەری یادداشی ئەم مەڵبەندەیە.

من خاچی مارتێئالاوم
من ڕێی وێڵو
گەشانەوەی هەڵوەرینو
ئاوابوونی هەڵهاتنو
شەوقانەوەی کوژانەوەو
نیوەشەوی نیوەڕوانو
شەوەزەنگی بەیانیانم،
لەسەر حەوشەیەکی گەورە، گەورە ئەوەندەی سامناکیی
هەژاریی خۆی. لەسەر حەوشەیەکی گەورە، گەورە هێندەی

سكی خاڵیی هەژاریی خۆی. لەسەر حەوشەیەكی گەورە، كە
برسیەتی لە چاوەڕوانی هاتنو گەیشتنی
"مانگ"ی ناندا، كردبووی بە
جێگەپیاسەی شەوانەی خۆی.
لە ژوورێكی چاوخێڵی لەش خواروخێچدا
لە ژوورێكی بچكۆلەدا..
بچكۆلەو تەنگ هەر بە وێنەی دڵی دایكت.
لە ژوورێكی پشت لە هەتاوی پاڵكەوتووی ناو نسێدا
نسێ وەكو دەموچاوی پشت لە خۆری خوشكەكانت،
لەگەڵ چوار پێنج
ماڵە مەراقی ڕووتەڵەو
ماڵە خەمی شەو بە كۆڵو
ماڵە پیازو و
ماڵە توورو
ماڵە كەوەرو
ماڵە زوخاوی دیكەدا.. بوونە هاوسێ!
هەر لەوێ بوو..
پیرێژنێكی سەر حەوشە.. خەیاڵ چڕو قسە فێنك
وەك سێبەری كەپری حەوشە.
پیرێژنێك چاو لێڵو پێڵ، وەكو چاوی زنەی شلوێ.
پیرێژنێك كە دەریایەك مێژووی دەنگو
مێژووی ڕەنگو مێژووی بۆنی

گوشیبووە ناو دەروونیەوەو

هەموو شەوێ

کارێزکەن بوو شۆڕ ئەبۆوە بەناو خۆیداو ئەچووە خوارێ.

هەموو شەوێ مشتێکی لێ هەڵئەهێنجاو دڵۆپ دڵۆپ

ئەیکردە ناو ناخمانەوە هەموو شەوێ.

هەموو شەوێ لە کەوێڵی ئەو دەنگەوە

لە ئەشکەوتی ئەو دەنگەوە

سەدان چرای ئەم زمانە

سەدان چرای ئەم شاخانە

بە ڕیز ئەهاتنە دەرەوەو ئەبوون بە ڕێچکە

گۆرانییو کەڵەپشکۆ. ئەبوون بە ڕێچکەی برینی

داگیرساوی ناو حیکایەت. ئەبوون بە بەیتی

ئەسپەڕەش، بە گردی ڕەش، ئەبوون

بە یاڵی داستانو بە شەتاوی کاوانی دەنگ.

بە پۆلەخۆزگەی خەومانو لە ناو ژووردا

باڵیان ئەگرت. لە ناو ڕۆحدا ئەتوانەوە

هەتا ئەبوون بە شەونمی سەر سەرینو

دیسانەوە بۆ سبەی شەو شین ئەبوونو

لە ناو ژووری پیرێژنو

لە کەناری ئاگردانیدا ئەڕوانەوە.

من یەکەمجار لە هەوری ئەو ڕوخسارەوە

برووسکەی "بازیان" لێی دام.

من یەکەمجار لەو چاوەوە
ئازادیی باری بەسەرماو تەڕی کردمو
وەك مەهاباد سوورهەلگەڕام.
من یەکەمجار لە پەرژینی ئەو دەنگەوە
ڕیشی شێخ سەعید ئالآیە خاچی لەشمو
من یەکەمجار لە بای تیژی ئەو دەنگەوە
ناوی دەرسیم گوێی سمیمو
دیاربەکر لە قژەوە هەڵیگرتمو
لە گۆمی وانی هەڵکێشام.
من یەکەمجار لەو زارەوە
حیلەی ئەسپەڕەشم بیستو
من یەکەمجار لەو دەنگەوە
چوارڕیانی خاچی نیشتمانم ناسیو
لەو دەمەوە، لە شەوانی ئەو ژوورەوە
بووم بە گەردەلوولی پرسیار.
من خاچمو بزمار پرسیار.
من لقو پۆپ، ژان بنجو بێخ.
من سەفەرو وشە ڕێگا
من هالآوو من بوخارو
مردن زرەیا!

-لە کەیەوە مەرگت ناسیو بووی بە نیشانەی

سەرسامیی بەردەمی ئەو؟! لە کەیەوە مردن
هاتە خەونی خەمتو لە کەیەوە تۆ سۆراخی
مەملەکەتی تەمو مژو شەوی ئەکەی؟! لە کەیەوە
ئەو شەپۆلی نەهێنیانە وەك پووشکەیەك
لوولیان دایتو دایانیتە دەست گێژەنی نێرینەی ئەو؟!
ـ لەو ڕۆژەوە کە لە ناکاو بە بێ ئەوەی لە دەرگا بات،
مردن خۆی کرد بە ماڵمانداو باوکمی برد. لەو ڕۆژەوە
بەژنی دایکمی، وەکو ڕۆحی لە ئاوی ڕەش،
لە خومی ڕەش لە مەراقی ڕەش هەڵکێشاو
ئیتر ئەویش بوو بە پەریی مەملەکەتێ. لەو
کاتەوە، ئەو شەوانەی کە ئەچوومە ژێر لێفەوەو
لە ژێرەوە هەردوو چاوم ئەنووقانو سەیری کوێربوونی
خۆم ئەکرد. سەیری ناو گۆڕی خۆم ئەکرد.
لەو کاتەوە من ئەمپرسیو هەر ئەمپرسیو هەتا ئیستە:
ڕەنگە مەرگ لەناو گڤەی باهۆزدا بێ!
ڕەنگە لەناو کلووی بەفرو
ڕەنگە لەناو ڕووباردا بێ.
ڕەنگە مردن بە بێ ژیان نەژی.
ڕەنگە مردن هەر خۆی ڕەگ بێو
ژیانیش لقو پۆپەکەی!
هەر ئەمپرسیو هەر ئەمپرسیو هەتا ئیستەو هەتا هەتا
ڕەنگە مرۆڤ خۆی سەراب بێو ئەویش ڕاستیی!

تۆ ماری گینگلْت، پرسیاری گینگلّی خاچت بوو
-ئەی تۆ کەی ئەستێرەت بەجێهێشت،
هاتیتە سەر زەوی؟!
ئەی تۆ کەی بووی بە گیای ناو سەری
ولاّتو ئەی تۆ کەی لە قوللەی قافەوە
هاتیتە بەردەمی سۆراخی ئەم خاکەو لە بەردەم
جەللادو سێدارەو مەرگێکی تازەدا دابەزیت؟!

مندالّ بووم وەك گولّی دارچوالەی یەکەم بەر،
بچووك بووم وەك بەچکە مراویی.
ڕۆژێکیان کتێبێ لە جانتای باوکمەوە سەری خۆی
دەرهێناو پێکەنی. پێی وتم: حەز ئەکەم بمبینی.
سەیرمکەیت. وای وتو دەستی خۆی دامە دەست.
هەلّمگرت. بۆنم کرد. ماچم کرد. کردمەوە:
وێنەیەك —چاوانی ڕەشی خۆی تێبڕیم. وێنەیەك:
خاچەکەی خستمە ناو کەلەپۆی خۆیەوە. مارەکەی
ترساندم. وێنەیەك وەك پرژە وەکو تیشك
وەك هەوا هاتە ناو چاومەوە
سەیرم کرد سەیرم کرد سەیرم کرد تا ژاکام
من پێشتر گولّباخی مالّێ بووم!
سەیرم کرد سەیرم کرد سەیرم کرد تا لێلّ بووم
من پێشتر بەفراوی شاخێ بووم.

سەیرم کرد سەیرم کرد سەیرم کرد تا پەرت بووم
من پێشتر شەماڵی ئارامی داری بووم.
سەیرم کرد سەیرم کرد سەیرم کرد تا سووتام
هەتاکو ڕیشم هات
تا تووکی سەر سنگم درێژ بوو.
من پێشتر منداڵ بووم.. منداڵ بووم. منداڵ بووم
لە کوێوە وام لێهات؟ لە کوێوە گەورە بووم؟!
لە کوێوە؟! لە کوێوە؟!
وێنەیەك ئاوا بوو
بەم جۆرە:
سێدارەو پیاوێکی خنکاوو دوو قاچی ناو ئاسمان!
وێنەیەك: پەتێكو ملێکی شکاوەو
دوو دەستی بەرەو خوار ڕاکشاو.
وێنەیەك: کەوایەك هەتاکو خوار ئەژنۆ
لە دووریش سێبەرو تارمایی چەند کۆشكو خانوویەك
من حونجەی پیاوەکەو ناوم کرد
بەم جۆرە
ق ا ز ی م ح م د.
ئەو ژاکانە بۆ هەوێنی گەورەبوونی
ژانەکانی دەوەنم بوو.
ئەو لێڵ بوونە بۆ هەوێنی قووڵبوونەوەی
نیگاکانی گێژەنم بوو.

ئەو پەرت بوونە بۆ هەوێنی چڕکردنەوەی
ئاخەکانی بەندەنم بوو.
ئەو سووتانە بۆ هەوێنی شین بوونەوەی
بە پیتتری دەغڵی وشەو
دەغڵی هزرو
دەغڵی سووری تەمەنم بوو.
ئەو ڕیشە ڕیشی شیعر بوو.
ئەو تووکە، تووکی ئازار بوو.
ئەو ملە ملی شاخێکمو
ئەو پەتە پەتی تاریکییو
ئەو کەوایە کەوای بەری مێژووییەکمو
ئەو دەستانە دەستی شەقامو ڕووبارمو
ئەو مردنە مردنێ بوو
بیرنەچوونەوەی ژیانو
لە دایك بوونەوەی تازەی
پێ نیشاندام

ئەوە خاچە بە کۆڵتەوە؟ یان چنارێکی کوژراوە؟!
ئەوە مارە تێی ئاڵاوە؟! یاخود پەتی سێدارەیە؟!
یان پارچەکانی جەستەی خۆت؟!
ئەوە بزمارە یان پەنجەی مەرگەوەڕە؟!
یان سێ نەفرەتی دۆزەخە؟!

چەقیونەتە بەری دەستو پشتی قاچی،
ئەو هاواری پێغەمبەره؟!
ئەوه پرچی فریشتەیە بەسەر هەورا شۆڕبۆتەوه؟
کزەبا ئەیهۆنێتەوەو فرمێسکی خوا تەڕی ئەکا؟
یاخود ئەوه پرچی دایکتەو بەسەر شانتا شۆڕبۆتەوەو
تەنیایی ئەیهۆنێتەوەو گریانی ژوورو چاوی تۆ
تەڕی ئەکا؟
ئاخ بۆ دایکم!
ئاخ بۆ مانگێ لە سەرەتای هەڵهاتندا کەوتە خوارێ!
ئاخ بۆ خەونێ لە سەرەتای هەڵفڕیندا کەوتە خوارێ!
ئاخ بۆ دەنگێ لە بەرزایی چریکەدا کەوتە خوارێ.
ئاخ بۆ دایکم!
ئاخ بۆ شیعرێ لە سەرەتای تریقەدا
وشەکانی هەڵوەرینو بوون بە لی گوێ ڕووبارێ!
ئاخ بۆ دایکم!
ئاخ بۆ چاوێ بۆ گەردنێ بۆ کاکۆڵێ
هێشتا بۆنی یەکەم ڕێحانەی ئەوینو
بۆنی یەکەم ماچی نمەو
هێشتا بۆنی یەکەم جێ ژوانو بۆنی گەڕەکی سەرگۆلو
بۆنی گڵەکەی مەڵکەندیو بۆنی (وەیس)یان
لێوه ئەهات. کە تەمتومانێ دایپۆشین.
ئاخ بۆ دایکم!

ئاخ بۆ بەژنیّ، بۆ سیمایەك، بۆ زرِەی رِستەبازنیّ
کە هیّشتا هەر زەنگیانەکانی باران‌و
هیّشتا پەرِی کۆترەکانی ناو هەڵەبجەو
هیّشتا زەردەی گوڵە زەردی قەرەداغ‌و
هیّشتا جیّ پەنجەی وەنەوشەی
سەر چەرماوەندیان پیّوە بوو
کە بوون بە تۆزو غوباریّ.
ئاخ بۆ دایکم!
بۆ ئەو طاوسە بەدبەختە
بۆ ئەو دارهەرمیّ غەمگینەو
بۆ ئەو چل چرای گریانەو
بۆ ئەو بەفرە کراس رِەشە.
ئاخ بۆ دایکم!

دایکت‌و تەواری خەمبار وەکو یەك بوون.
ئەو هەمیشە هەڵنیشتووی ناو کاولاشەکەی
بەختی خۆی بوو. رِەنگی دایکت‌و گوڵە لیمۆو
شاخەشینەکەی دوای رِەهیّڵە وەکو یەك بوون.
ئەو: پەنجەرە تەماوییەکەی زستانانی سەر حەوشە
بوو. وەك بلووری دووکەڵاویی چرای دیوار
کۆی ژوورەکە رِەش‌و زەردباوی تیّکەڵ بوو.
لە دار قەزوانیّکی تەنیای سەر گردیّکی تەریك

ئەچوو. لە مریشکەڕەشەی کز وەستاوی
ناو بەفری حەوشەکە ئەچوو. لە سەرەتای
تاریکبوونی دوای ئێوارەو لە مەقامی ئەڵڵاوەیسیو
هەر کوتو مت لە خەم خۆیو لە شەو ئەچوو.
تۆ گەلێ شەو دوای نووستنی چراکانو
خوشکەکانتو دوای نووستنی داروبەردو
دوای نووستنی حەوشی گەورە. لە ژێر لێفەی
هەرزاڵەوە، گوێت لە زایەڵەی خوێناویی
ڕۆحی ئەبوو. گوێت لە وردو خاش بوونو
شکانی شووشەبەندی سێ دەریەکەی سنگی ئەبوو.
لە ژێرەوە، لە پەنجەرەی ناو لۆکەوە، سەیری
هەڵمی لاواندنەوەو سەیری شۆڕەبی گریانیو
سەیری سووتانی هێواشی یادگاریو سەیری
زەردیی تراویلکەی دەنگیت ئەکرد:
ئەتبینی چۆن دوو ئاونی بێوەژنیو
نائومێدیی تێکەڵ بە یەکتری ئەبن.
ئەتبینی چۆن هەردوو سەری، شەوی درێژی
هەژارییو چاوی زستان لە خاڵێکی ساردو سڕدا
بە یەك ئەگەن. ئەتبینی چۆن بیرەوەرییو
لاواندنەوە، وەکو قەوزەو شەپۆلەکان
لە پاڵ کەنارێکی لینجدا بە یەك ئەگەن.
ئەتبینی چۆن ڕەنگ ئەڕژێتە دەنگەوە.

ئەتبینی چۆن کلۆی خەیاڵ لە زوخاودا ئەتوێتەوە.
ئەتبینی چۆن تەنیایی بێوەژنێك‌و تەنیایی خواو
تەنیایی مەرگ‌و کوردستان.. لە یەك ئەگەن!
ئەتبینی چۆن کە نامۆیی ئەبێ بە بێوەپیاوێکی
سەر ڕووتاوەو بێوەژنێکی پایزە مارە ئەکات.
ئەتبینی چۆن خۆڵەمێشیش ئەبێتەوە بە پەنگرو
ئەتبینی چۆن کە پەنگریش ئەبێ بە پارچەیەك شەختەو
شەختەیش ئەبێ بە ئاگردان.

تۆ ئەو گەردوونەت ئەبینی.
ئەو هەموو کسپەو سووتان‌و خەمە تازانەت ئەبینی‌و
ئیتر ئەوسا لە ژێرەوە لە ژێر لێفەی هەرزاڵەوە
وەك گەواڵە هەورێ بچووك سەرت پەنگی ئەخواردەوەو
قولێپت ئەداو لە پرێکدا بە هەردوو دەست توند توند
دەمی خۆت ئەگرت‌و ئیتر دات ئەکردە باران،
سەرین ئەبوو بە گیای تەڕو، پەنجەرەی لۆکە
دائەخراو، ئەچوویتە ناو خەونێکەوە:
"ئاسمانەکەی وەکو کراسەکەی دایکت ڕەش هەڵگەڕاو،
مرۆڤەکان سەریان بووبوو بە سەری ورچ، ڕایان ئەکرد،
قەپاڵیان ئەگرت لە یەك‌و ئەیانبۆڕان. کۆڵان ئەبوو
بە تابووتێکی درێژی سەرداخراو، پیرەمێردی خاوەن
حەوشەیش لەسەر تەختەی تابووتەوە هەڕەشەی ئەکرد

له دایکتو داوای کرێی لێئەکردو سەلکی بڕاوی
چۆلەکەی تێئەگرتو پڕ بە گەرەك ئەیزریکان"
ئەچوویتە ناو خەونێکەوە: "دارەکەی دەستی مامۆستای
وانەی "حساب" ئەبوو بە مار. ژمارەکان ئەبوون بە
دووپشکی باڵدار. کەپری حەوشە شەوگەردی پیا شۆڕئەبۆوەو
ژوورەکەتان ئاو ئەیبردو، جانتاکەی باوکت ئەبینی
لەناو قوڕێکدا چەقیوەو شیعرەکان کەوتوونە هاوار".
ئەچوویتە ناو خەونێکەوە: "لەو خەونەدا هەر خۆیشت بووی،
ئەبووی بە دووان یەکێکت ئەپووکایەوەو پێستی کۆنی
فڕێ ئەداو ئەوی ترت ئەبوو بە ئەسپێکی باڵدار، دایکت
ئەخستە پاشکۆوەو هەور ئەبوو بە ئاوزەنگی‌و هەر
ئەفڕیتو هەر ئەفڕیتو لە دواییدا ئەگەیشتیتە ئەستێرەی
خواو ئەبووی بە میوانی کچە حۆرییەکی نازدار" ئەچوویتە
ناو خەونێکەوە: "وا گەورە بووی سمێڵ ڕەشو
ڕانكو چۆغەی شینکی تازەت لەبەردایە، خەنجەرێکت
بە قەدەوە، بە شاخێکدا سەرئەکەوی‌و لە پڕێکدا
لە نێوانی دوو بەردەوە، وەك هەڵقوڵێ، پیاوێك
ئەهاتە دەرەوە. چوارشانەو بەرز، لە فیشەکدا
زەرد ئەچۆوە. پێئەکەنی‌و پێی ئەوتی: ئەوە منم،
خولەپیزە، تۆیش پێت ئەوت: خۆشم ئەوێی،
منیش هاتووم لەگەڵ تۆدا ببمە چەتە. پێئەکەنی‌و
دەستی ئەهێنا بە سەرتاو لە دواییدا فیشەکێکی لە

فیشەکلغ دەرئەهێناو ئەیخستە ناو گیرفانتەوەو
پێی ئەوتی: قەت نەترسیی! وای ئەوتو لە پڕێکدا
ئەچۆوە نێوان دوو بەردو، وەکو عەردەکە قووتی بات،
ئیتر لە چاوان ون ئەبوو. دیسانەوە ئەبوویتەوە
بە منداڵو هەر لە خەوەکەدا ئەتوت: من بەیانیی
بە دایکمو بە خەڵك ئەڵێم: لەو کێوانە، لە سوورکێوو
لەسەر "کەتوو" چوومەتە لای خولەپیزە" ئەچوویتە
ناو خەونێکەوە: "لەو خەونەدا باوکت ئەدی،
قژئاڵۆزکاو جووتێ کۆتری سپی سپیش لەناو دەستیا،
پێی ئەوتی: ئەم جووتە کۆترەم کڕیەوە لە پیاوێکی
گوایە شێخو گوایە مەلا کە خەریك بوو سەریان ببڕێ.
پێی ئەوتی: ها بیانبە بۆ سەر سەربان،
بەرەڵایان کەو با بفڕن بەرەو ئازادیی نێو ئاسمان"
ئەچوویتە ناو خەونێکەوە: "لەو خەوەدا لەسەر
گردی مامەیارە، لە ناو ئاپوورەی ژناندا، لەسەر دایك
تۆ ئەم شیعرەت ئەخوێندەوە:

من کێڵگەی گەنمو جۆی شیعر بووم
دایکیشم بارانی پەڵەدان.
من بەردی ناو لانکەی شاخێ بووم
دایکیشم نیشتمان.
من کرمی ئاوریشمی قۆزاخەی بەهرە بووم

دایکیشم درەختی برکو ژان.
من جەستەی مەلێکی سپی بووم
دایکیشم ئاسمانی وەك قەتران.
من خەو بوومو دایکم سەرم.
من کەروێشكو ئەو نزار بوو.
من جۆلانەو ئەو لقی دار.
من هەناسەو دایکم سنگ بوو.
ئەو قەفەزو من کەوەکەی
من چیرۆكو ئەو شەوەکەی.

"سێ هۆرەی خۆشەویستیی بۆ دایکم،
ئەو هۆرانەی لەسەر خاچی لەشم هەڵکەندراون"
**یەکەم:**
ئاو نووسیبووی:
کوڕێك هەبوو لە دایکی دوور.
هەموو جارێ ئەهاتە سەر ڕووبارەکەم.
ورد ئەبۆوە ورد ئەبۆوە لە دواییدا تێی ئەچریکان:
هۆ دایە گیان تۆ دوور نیتو تۆ لە لامی
من ئێستاکە تۆ ئەبینم
بوویتە شەپۆلێکی کەنار.
من ئێستاکە گوێم لە تۆیە
کە هاژەت دێو

ئەڕژێیتە ناو ڕۆحمەوەو
بووی بە ڕووبار!.

**دووەم:**
دوای سووتانی باخی سێوێ.
لەناو هەموو جۆگەکاندا
تەنها یەکێکیان سوێی بۆوەو لە داخا مرد
لەبەر گڕدا بوو بە هاڵاو.
وتیان: ئەو جۆگەیە دایکی
باخی سێوی جوانەمەرگە!

**سێهەم:**
لە یادداشتەکانی خۆیدا
قولاپی قەڵایەك ئەڵێ:
کەسم نەدی.. تەنها دایك بوو ئامادە بێ
گەرووی بداتە دەس چنگمو
ژیان بدات بە مردنو
هەر بەو مەرجەی
کە ڕۆڵەکەی ڕزگاری بێ!

تۆ خەون بووی لە ناو خەونا.
ئەچوویتە ناو دوا خەونێکی بەفرینەوە: "هەڵۆیەك

هەڵیئەگرتیو چنگەکانی لە کەمەرت گیر ئەکردو،
بەرز ئەبۆوە، بەرز ئەبۆوە، هەتاکو سەر پیرەمەگروون،
لە پڕێکدا بەری ئەدایتەوە خوارێو گوێت لێ ئەبوو،
هەڵۆ قاقا پێئەکەنی. تۆش وەك گەڵایەکی تەزیو،
ئەکەوتیتە ناو گێژەڵووکەی زریانی دۆڵێکی قووڵ،
خولت ئەخوارد، هەڵئەلەرزیت، هەڵئەلەرزیت،
لەپڕ ئەتوت ئەمە خەوەو ڕائەپەڕیت، وەختێ چاوت
ئەکردەوە، خوشکەکانت لێفەکەیان ڕاکێشاوەو تۆیش
لە سەرمادا ئەلەرزیت. وەختێ خەبەرت ئەبۆوە:
شەوقی نارنجیی ئاگرێك ئەیدا لە کراسی ڕەشی
دایکتو کە سەرێکیشت هەڵئەبڕی بۆ تاکە چاوی
پەنجەرە. سەیرت ئەکرد حەوشەکەتان پڕ لە بەفرە"

من خاچی مار تێئاڵاوم.
من شەوێکی دەربەدەری ئەم مێژووەم.
من نەفرەتێکی بەهەشتییو
من زەردەشتێکی دۆزەخیو
من تاریکایی هەتاوم.
من خاچی مار تێئاڵاوم.
من کۆچێکی بێ کۆتایی ئەشکەنجەمو
من عەشقی لە دار دراوم!.

تۆ ئیستە هەر خۆتو خاچەکەی تەوێڵت پێکەوەن

چون شاخ‌و دڕەی خۆی. چون چەم‌و هاژەی خۆی،
چون چمکی مەرگ‌و ژین. تۆ ئیستە هەر خۆت‌و
بزماری داکوتراو بە جومگەی مێژووتا بەرامبەر یەکتری
دانیشتوون. وەك مانگ‌و قوربانیی. وەك
شیعرو خوێنەکەی. وەك مەلی کوژراوو گۆرانیی.
تۆ ئیستە هەر خۆتی، تۆ ئیستە سێبەری ترساوی
بەیانی‌و گریانی تارماییت. خۆت‌و خۆت.
تۆ دایکت شوێن بەخت‌و ڕووباری تازەی کەوت.
ئەو بەختەی بە باڵی نەوڕەسی دیجلەدا هەڵواسیی.
ئەو نانی گریاوی ژوورێکی برسی بوو، گوڵدانی
خۆڵەمیش، بوخچەی تەم، قوڵینەی فرمێسك‌و
ئەو گۆزەی زامداری ئاوێکی ڕەش ڕەش بوو.
بەختی یار بازێکی خوێن گەرمی باڵ تیژ بوو،
پەیدا بوو لە ڕۆخی دیجلەوە هات بردی — مەخابن
ئەو بەختەیش دوای چەند ساڵ، وەکو بەختی باخی میر
مێرووڵەو گژەباو خۆڵ خواردی — تۆ ئیستە هەر خۆت‌و
خاچەکەی تەوێڵت پێکەوەن. هەر خۆت‌و جانتایەك
ئەو تۆیەو تۆیش ئەوی. ژوورەکەیش وەك بەفری
ناو حەوشە توایەوە. ئەو ژوورەیش بوو بە خەو،
حیکایەت ساردبۆوەو ئاگردان سەری خۆی داپۆشیی.
هەر خۆت‌و جانتایەك، تۆ خاچ بوویت ڕێگەت دا
بە شانتاو گردۆلکەی مەراقت هەڵگرت‌و تۆ

ئیسته خاچێکی غەریبی ناو خۆتیو له شاری باوکتا ڕەوەندی.
ڕۆژێکیان بەیانیی، گەردووگوڵ. سێ سەری گریانی
پرچ درێژ دەوریان دای. ڕوومەتتو لاملتیان
وەك سەوزەهەرێزی کازیوه تەڕ کردی. سەفەر بوو.
سەفەری دایکی خاچ. سەفەری خوشکی خاچ، سەفەری
چیرۆكو سەفەری "سەرکارێز"، سەفەری "کانی باو"
سەفەری گەڕەکی مەڵکەندی.

من ئیستاکه
دایکم هەیەو دایکم نییه
بەڵام سەیوان له جێی دایکمه.
من ئیستاکه
خوشکم هەیەو خوشکم نییه
بەڵام ئەستێرەو مانگەشەو له جێی خوشکمن.
من ئیستاکه
کەسوکارم هەیەو نییه
بەڵام شیعر، چاوی شیعر، بۆنی شیعر
له جێی هەموو کەسو کارمه!
ورده ورده خاچ هەڵکشا، تۆیش له گەڵیا
باڵات کردو، ماری گینگڵو مەراقیش،
ماری لاولاو، قەف ئەستوورتر، به فیشکەتر،
به پەرۆشتر خۆی تێئاڵاند، تۆ نەتزانی

چ ڕۆژێ بوو چ وەختێ بوو چ وەرزێ بوو
لە کوێوە بوو؟ شیعر هاتو تەلیسمی خۆی
کرد بە زێڕی خاوی تواوەو کرد بە زیوی خاوی
تواوەی ناو زمانو خۆی ڕژاندە مەراقتەوەو
لەگەڵ یەکدا وەکو زەردەی ئێوارانو کازیوەی
دەم بەیانیانی گڵەزەردە ئاوێتە بوون!
تۆ نەتزانی ئەم باڵندەی چارەنووسە باڵگرداره
لە کوێوە هات؟! تۆ نەتزانی شیعر لە ناو کلووی
بەفرا بوو هات؟! لەناو تانو پۆی پرشنگدا؟!
لە ناو جریوەو جووکەدا؟! لەگەڵ هەوری منداڵیدا؟!
لە گۆی مەمکی خەزاڵدا بوو؟! لە ماچی کاکە لاسدا بوو؟!
تۆ نەتزانی ئەم جادووە کێ لێی کردی؟! پەریەکانی
گوێ ڕووباری خەونی خۆت بوون؟! یان کراسی ڕەشی دایکت؟!
یان چاوانی داگیرساوی بەورەکانی شیعری باوکت؟!
تۆ نەتزانی کێ بوو تووشی ئەم ئەوینە
کوشندەیەی وشەی کردی؟! تۆ نازانی کام ئەسپ بوو
هەڵیگرتی؟ ئەسپەڕەشی بازیان بوو؟! یان ئەسپی
قەترانیی شەوو مەراقی خۆت؟! تۆ نەتزانی کێ بوو
تووشی ئەم ئەوینە کوشندەیەی عەشقی کردی؟ قژی
بژو سیمای سامداری چەرماوەند، وەختی زاوزێی
دارستان؟! یاخود نزای ناو پەلکەڕەنگینەی گۆیژە؟
یاخود زاری داپچڕاوی بەردو ئەشکەوت؟! یان سیحری

دەربەندی بوولێڵ؟ تۆ نەتزانی ئەی شێتی وشە
نەتزانی بۆ یەکەمجار کام فریشتە دەستی سووتانو
غوربەتی لێ وەشاندی؟! دەستی شیعری لێوەشاندی؟
تۆ نەتزانی ئەم جادووە کێ لێی کردی؟ ئەتوت ڕەنگە
ئەم ئەفسوونە ژنە شەوێکی قەرەجی ژێر دەواری
لای (هلۆوبە) لێی کردبم! ئەتوت ڕەنگە ئەمە
سیحری بانگی شێوانی ئەرخەوان، یاخود نزای
گوناهێکی ڕدێن سپی لای زێوێ بێ و گیرا بووبێ!
یان تەلیسمی حیکایەتو سەرگوزوشتەو قسەکانی
پیرێژنی سەر حەوشە بێ؟! وا دێنە دی. تۆ
نەتزانی کێ تووشی ئەم عیشقی ئاوەو کێ تووشی
عەشقی ئەم خاكو خۆڵەی کردی؟! تۆ نەتزانی
چۆن بووی بە دەروێشی شیعرو، تۆ نەتزانی
کێ تووشی حاڵ لێهاتنی ئەم تەریقەتی پرسیارو
یاخیبوونەی خەمی کردی؟! تۆ نەتزانی
خۆشەویستیی ئەم بەردانە بە کام توولەماری ڕێدا
گەیشتنە لات؟! لە دەربەندی باسەڕەوە؟! لە
ئاوایی ئاگرەوە؟ تۆ نەتزانی خۆشەویستیی
ئەم تەپو تۆزو دڕکانە، ئەم قاقڕی گەرمیانو
ئەم شەختەبەندی کوێستانە، ئەم گڵو خۆڵی
داستانو ئەم دارستانی بەیتانە، لە کام
ئاسۆگەوە هاتن؟! تۆ نەتزانی ئەم نەفرەتە

بەهەشتییە.. ئەم نەفرەتە دۆزەخییە.. ئەم
نەعلەتی چارەنووسی ناو گومانو ڕاڕاییە کێ لێی
کردی؟! تۆ نازانی.. تۆ نەتزانی؟!

ناو بە ناوێ لە ناو ڕیشی خانییەوە
پەڕەسێلکەیەك هەڵئەفڕیو پێی ئەوتی:
من تووشی ئەم تێکئالآنەی
بەفرو گڕەی شیعرم کردی.
جاربەجارێ لە ڕەواقە سووتاوەکەی
خانەی سەبری نالییەوە..
بادێکی غەمگین ئەهاتو پێی ئەوتی:
من تووشی ئەم عەشقە شێتەی
خاكو خۆڵو گیاو دەوەنەی
شیعرم کردی.

ناو بە ناوێ لە کونە شاخی هیجرەتی حاجییەوە
بازێکی باڵسوور ئەهاتو پێی ئەوتی:
من تووشی سیحری ئازادیو
من گیرۆدەی ناو غوربەتی
بێکۆتایی شیعرم کردی.

جاربەجارێ لەگەڵ هاتنی باپووسکەی مەولەویدا

دەنکە تەرزەی بەر پەنجەرە پێی ئەوتی:
من تووشی عەشقی درەختی ئەم زامانەو
لەش‌و لاری ڕووت‌و قووتی
مانگەشەوی ناو دەریاچەو
من گیرۆدەی تەمتومانی
بن بناری شیعرم کردی!

ناوبەناوێ لە جوانێکی بێ ناوی لای "گۆران"ەوە
تیلەی چاوێ، ئەگەیشتە لات، پێی ئەوتی:
من تووشی عەشقی ناو گۆمی ئەو چاوانەو
من گیرۆدەی ئەو گۆی مەمکەو
زەردەخەنەی ئەم کانییەو
من شێتی شیعری قژزەردی تازەم کردی!

تۆ نەتزانی ئەم جادووە کێ لێی کردی؟!
تۆ نەتزانی کێ بوو تووشی ئەم ئەوینە
کوشندەیەی شیعری کردی؟!
شیعر.. شیعر چاوێکی دیکەی ناو چاوەو
بیستنێکی تری ناو بیستنەو.. تۆ ئەو چاوانەت لە بیرە!
کە خۆرنشینێکی پاییز، ئەو دەمەی قژی پەمەیی
تیزماڵکی هەورێکی ڕەوەند دائەگەڕاو لە کەلێکی سوور
ئەئالآ. لە ژوور سەریش، پۆلەمەلێکی ڕەنگاڵە

وەكو ئەڵقەی یەكەیەكەی زنجیرێكی لێك بەستراو بن
بە یەكەوە هەڵئەفڕینو لە یەكتریش نە ئەترازان.
ئەتوت زریزەی ئاسمانن، وەك خەیاڵیش،
"با"یش خەیاڵێكی بزێو بوو. خۆتو خولیایەكی
تازە لە چاوەڕوانی شیعرێكی كەسكدا بوون.
چاوەڕوانیت لە ئاوی خوڕ. لە ئاسكێكی ڕاونراو
لە ژانی شەپۆڵو گێژەن. لە نائارامیی جانتاكەت،
لە سەفەری دایكت ئەچوو. تۆ خاچێ بووی لەسەر
بزماری ئاگر بووی. لە جێ ژوانی یەكەمی شیعری تۆداو
لە سەیوانو لە ناو پێڵووی ئەرخەواندا، هەر
لە تەنیشتی ژوورەكەی برایم پاشاو ئەملای ماڵی
ئەمین زەكیو بەرانبەر فێستەكەی سەری
مستەفا پاشا یامولكی- لەگەڵ كچەخەونی خۆتدا
بە یەك گەیشتن، ئەو چاوانە مەراقیان فێری فڕینی
ناو گڕستانی سەرت كرد. ئەو چاوانە كاژی
شەرمیان بە جەستەی مارت فڕێداو بۆ یەكەم جار
تۆوی عەشقێكی تازەیان ڕۆكردە سەر بەری دەستت.
ئیتر كچ بوو بە خولیای خاچ..
من ئەمپرسیو هەر ئەمپرسی:
چۆن بتوانم ڕستەكانی ئەم زمانە، بكەم بە پرچێكی
تازە بۆ كچ! چۆن بتوانم خوێنی گەرمی ئەم ئەوینە
بە جامی حەرف بكەمە ناو شیعرێكەوە هەتا ئەویش

وەك ئەو خوێنە وەك ئەو دەمە فوڵپ بداو
گەرم بێ وەك ژووری مەمك؟!
چۆن بتوانم چاوی ئەم شیعرە تازەیەم
کەمێ تیل کەم وەك چاوی ئەو؟!
چۆن بتوانم؟ ئەبێ چی بکەم من بۆ ئەوەی
شیعر بکەم بە پاوانە بە پڵپڵەو بە گەردانە؟!
ئەبێ چی بکەم من بۆ ئەوەی شیعر بکەم
بە ئاوریشمو بیئاڵێنمە گەردنی ئەو
هەر ئەمپرسی؟!
ئەی من چۆن ببم بە ئاوو دڵۆپی ئاوو
هەموو لەشی.. هەموو نەهێنیی ناو لەشی بپشکنم؟!
لەگەڵ گەورەبوونی خاچدا، پرسەکانیش گەورە ئەبوون
من بە بێ پرس سەرم نییە. من بە بێ پرس
نە خۆشەویستیت ئەناسمو نە گەردوونیش ئەهەژێنم!
لەگەڵ گەورەبوونی خاچدا، لەهەر عەردێکی بەیاردا
پرس ئەڕوێنم!
من ئەم نیوە قەدەغەیەم چۆن بێنمەوە
ناو لەشی خۆم؟!
من ئەم نیوە زیندانەی خۆم چۆن بشکێنم؟
من ئەم نیوە بێ دەنگەی خۆم
چۆن بێنمەوە ناو گەرووی خۆم؟!
من دابڕینی نیوەم لە نیوەم.

من دابڕینی جەستەم لە جەستەم.
بوونی نیوەم بە قامچیو نیوەکەی ترم بە قیژە.
بوونی نیوەم بە زیندانو نیوەکەی ترم بە شوورە.
من بوونی نیوەم بە کێردو نیوەکەی ترم بە مامر.
بوونی نیوەم بە ئاگرو نیوەکەی ترم بە پووشوو.
بەم جۆرە بوو:
بەیانییەك ئاسمان بوو بە بیابانو
بەفر بوو بە حوشترخۆرەو
شاخ بوو بە دەشتی حیجازو
جەستەم بە کافرستانو
شمشێر باریی.
شمشێر لەگەڵ سەرما باریی.

سەرم لەگەڵ بەردا باریی
بەرد لەگەڵ فەرماندا بارییو
فەرمان دوو کەرتی کردمو
لەو ڕۆژەوە من نیوەمو نیوەکەی کەم ون کردووە.
لەو ڕۆژەوە من ئەم خاچی نامۆییەم هەڵگرتووە.
ئەم خاچەی تەوێڵم "تار"یشە، من بە مار
بە ماری مەراقو ئەندێشەم، بە کلکی بە سەری
ئەم تارە لێ ئەدەم. ژن ژێیە. ژێی ئاسۆی
ڕوانینمو ژێی گزنگ، ژێی گیاوگوڵ.

ژێی شیعری کۆچەرو بێ ماڵم. من کە تار
لێ ئەدەم، چرپەی یار، فرمێسکی، پەنجەیی‌و
گۆی مەمکی، ڕیشاڵی کۆڵوانەی، لە بەستەو
مەقامی کونکونی دەنگمەوە دێنەدەر.
من کە تار لێئەدەم، وڵاتێك لێ ئەدەم.
من سەری مەولەوی‌و کوێستانی "عەنبەر" و
هەناوی وەلی‌و شەم لێ ئەدەم. هەورامان
لێ ئەدەم. ئەوەتەی چوومەتە ئەم سیحرە
کەسکەوە، هەر شەوەی من چڵ‌و من لقی
دارێکی بەرداری ئاوازم. هەر شەوەی باوەشێ
پرشنگ‌و هەر شەوەی هێشوویەك ماچ ئەگرم.
ئەوەتەی چوومەتە ناو خەونی عەشقەوە،
من سەرووی باڵدارو شەپۆلی فڕیوو شەقژنی
گوڵاڵە ئەبینم. ئەوەتەی ئەو تیشکە لێی داوم،
هەر ڕۆژەی من ئەبم بە پەڕەی دەفتەری،
تەلانێك. هەر ڕۆژەی من ئەبم بە خامەی
تیرێژی ئەشکەوتێ‌و خەرمانە ئەنووسم، شەقامی
ناو شارو کۆڵانی چاوەڕێ‌و دووکەڵ‌و ژیلەمۆو
تانجەرۆی چیرۆکێ ئەنووسم. من لە کوێ ئەبوومە
ئەم بێشە زیوینەو ئەم فوارەی ڕەنگانە، من
لە کوێ ئەبوومە کتێبی ئەفسوونی ئەم هەموو
وشانە، گەر چاوو گەر دەنگ‌و گەر ڕەنگی

کچێکی مەڵکەندی نەبوایە. من لە کوێ ئەبوومە
ئەم ماسییە زێڕینەی هۆنراوە گەر چاوی ئەو کچەو
گەر دەمی ئەو کچەو گەر سنگی نەبوایە.

تارم لێدا ڕەشەمێ بوو
کەچی پەنجەم نێرگزی گرت
نێرگزم برد بۆ مەڵکەندی.
تارم لێدا شەوەزەنگ بوو
کەچی دەنگم بەیانی گرت
بەیانم برد بۆ مەڵکەندی.
تارم لێدا گڕەی با بوو
کەچی وشەم بوو بە شەماڵ
شەماڵم برد بۆ مەڵکەندی.
تارم لێداو وشکانیی بوو
کەچی لێوم بوو بە جۆگەو
من جۆگەم برد بۆ مەڵکەندی.
تارم لێداو وەسێتم کرد
وەختێ مردم
تارەکەیشم
با هەر ببەن بۆ مەڵکەندی!

من خاچی مار تێئاڵاوم

من شیعرێکی پەپکەخواردووی
ناو مەراقو
من سووتانێکی سووتاوم.
من ڕووبارێکی وەستاوو
من مێژوویەکی جانتامو
من لافاوێکی خنکاوی
ناو لافاوم!

جانتاکەت وەك تەرمی شیعرێکی بێ قەبر ئەخستە
سەر شانتو ئەڕۆیشتی. تۆ گردی گریان بووی
ئەڕۆیشتی. جانتاکەت قورس بوو، پڕی بوو لە
لمی فرمێسكو لە چەوی هەنسكو لە قوڕی
خەمستان. تۆ تۆزو غوبار بووی  ئەڕۆیشتی.
جانتاکەت زۆر سوك بوو. هەر هەمووی
دوو دەرپێو فانیلەو کراسێ، پانتۆڵێ،
دوو وێنەی دایکتو خوشکانو دوو شیعری ناو
"ژین"ی ع. گۆران. تۆ خرچەی بەفری
ژێر سمی شەو، تۆ نووزەی بەردێکی
هەڵکەنراو، تۆ دەستی شکاوی دارێ بووی
لە لاڕێی کۆچێکدا بە تەنیا بەجێماو.
تۆ سەرمای نامۆ بووی بە زوقمو زستانی
شارەکەت. هەر وەکو خەمێکی لێکەوتووی

گیرفانی شەقامی "کاوە" بی، یان وەکو
هەناسەی بزربووی عەشقێکی "حاجی حان"
ڕەشەبای شارەکەت، ڕەشەبای هەژاریی،
وەك قوتووی بەتاڵو ڕۆژنامەی دڕاوو
وەك پەڕە مریشکی سەربڕاو، سەرەوخوار
بەرەوخوار بەرەوخوار تا شیوی جوولەکان ئەیبردی!

ئەگەر تەنیایی نەبوایە
لە داخاندا شیعر ئەمرد.
ئەگەر مانگەشەو نەبوایە
لە داخاندا بەفر ئەمرد.
ئەگەر باڵندە نەبوایە
لە داخاندا درەخت ئەمرد،
ئەگەر ئازادی نەبوایە
لە داخاندا ژیان ئەمرد.
تۆیش ئەگەر شیعر نەبوایە
لە داخاندا زوو ئەمردی!
حەوت ڕۆژ جارێك. ڕۆژنامەیەك وەکو گۆم بێ
سەرت تێدا نوقم ئەکرد. گوێچکەت ئەنا بە بنیەوە.
سۆنە بوویتو سەرسام ئەبوویت. گوێچکەت ئەنا
بە دڵیەوە، گوێت لە ورتە ورتی وشەو پرشەپرشی
ڕستە ئەگرت. هەڵنەئەسای وەکو گەڵای

دانەویوی شۆڕە بییەك لە كەناردا تەڕتەڕ ئەبوویت.
خۆزگەت لێ ئەچۆڕایەوە. هەڵئەئەسای. لەبەر
قەڵبەزەی هەڵبەستدا بە چوارمشقی دائەنیشتی،
ئەبووی بە گیاو گوڵی بنی. ئەبووی بە سەرەمێكوتە،
بە بەردی لووس، ئەبووی بە سێوە لاسوورەو
ئاوی چیرۆكو وتارو پەند ئەیبردی. حەوت ڕۆژ
جارێك، ڕۆژنامەیەك وەكو ئاوبێ، خۆتت
تێدا نوقم ئەكرد. تۆ بۆقەمەلەی شیعر بووی
كورتو كەمێ ڕێگەت ئەكرد. حەوت ڕۆژ جارێك،
ڕۆژنامەیەك وەك ئەستێرك بێ خۆتت تێدا
نوقم ئەكرد. یەكە یەكە گوێت لە خورپەی دڵی
هەموو تنۆكەكان ئەگرت. گوێت لە ڕاچڵەكینی
پیتو لە وێرگوڵە شەیتانۆكەو گوێت لە دەنگی
وەستانی پێی نوختە ئەگرت. لە بنەوە سەیری
قژی ڕەنگاوڕەنگی دارەبەنی شیعری نالییو
خەڵوەتەكەی "مەحوی"ت ئەكرد. لە بنەوە،
سەیری یاڵی شەپۆلەكانی سالمو سەیری سووتانی
گەردنی "كوردی"ت ئەكرد. لە بنەوە سەیری
مەمكی چوارخشتەكیو لە بنەوە سەیری خوار ناوكی
هەندێ قەسیدەی شێخ ڕەزاو شوكریت ئەكرد. پێ ئەكەنیت.
وەك گێلاس سوور ئەبوویتەوە. خەیاڵت پیا
هەڵئەواسین حەوت ڕۆژ جارێك سەرو كەللەی

**پیرەمێردێ وەك حەوزی ماسیی زمان بێ،**
**هەموو جارێ ماسییەکی ئەکرد بە شوڵکی پەندەوەو**
**لەبەر پەنجەرەی هەتاودا هەڵی ئەخست. سەروو**
**کەللەی پیرەمێردێ وەکو نووری تیرێژێ بێ تێی**
**ئەڕوانیت. بە پەنجەی چاو ئاماژەی بۆ ڕێگای**
**دوورو ئاسۆی ئەودیو هەورەکانی گڵەزەردەو**
**ئەزمڕ ئەکرد. تێت ئەڕوانی. وەکو لە سرڕێك**
**بڕوانی: ناوچەوانی لە ناوچەوانی کێو ئەچوو.**
**ڕیشێ بۆنی ئەستێرەی بەرز، بۆنی ئاگر، بۆنی**
**نەورۆز، بۆنی مامەیارەیان لێ ئەهات.**
**حەوت ڕۆژ جارێك. ڕۆژنامەیەك. وەك کەشتی نووح**
**جووت جووت هەموو نێرەو مێیەی مێژوویەکی لافاو بردووی**
**لە خۆیدا کۆئەکردەوە. من لەوێدا نەژادی ئەم خاچەی**
**خۆمو من لەوێدا یەکەم گڕی سەر زاگرۆزو یەکەم**
**بەفری ئاراراتو کەللەسەری باپیرانی هەزار مێردو**
**سەرەتای ئەم ڕێچکە خوێنەی خۆم بینییەوە.**
**ئیتر من لەو حەوت ڕۆژ جارەوە**
**ئەم چارەنووسەم تێئاڵاو لێم نەبۆوە.**
**ئیتر من لەو حەوت ڕۆژ جارەوە**
**ئەم بارانی پشکۆو تەرزەو گوڵو دڕکەی**
**لێ داکردمو خۆش نەبۆوە**
**ئیتر من لەو حەوت ڕۆژ جارەوە**

بووم بە هاودەمی ئەم خاچەو
لە ئێوە جوێ نەبوومەوە.
ئەم خاچە خەریکە گوڵ دەرکات.
ئەم مارە خەریکە باڵ بگرێ.
ئەم شیعرە خەریکە زاووزێ
بە بەردو بە باوە بکاتو
ئەم چاوە خەریکە
بە پەیژەی پرسیارو
بە باڵای دووکەڵدا هەڵگەڕێ!

سەروملێك لە ناو کۆنەپاڵتۆیەکدا. کتێبێك لە بنهەنگڵدا.
وەك باپووسکەو دەنکە تەرزە سەروخواری شار ئەگەڕای.
تۆ بارانت هێندەی قسەکانی دایکتو هێندەی
چاوەکانی شیعرو هێندەی قژی دەزگیرانەکەت خۆش ئەوێ.
باران زەنگیانەی پچڕاوەی فریشتەکانی ئاسمانە.
باران شیعری زستانانەی خوایەو لە ناو هەورێکی
تەنیادا ئەو ئەینووسێ. لەبەر ئەودا ئەبی
بە پەلکەگیای سەوزو خەمانت ئەبریسکێتەوە.
لەبەر ئەودا ئەبی بە زامی هەڵقوڵیو.
لەبەر ئەودا ئەبی بە جۆگەلەئاوی کەمدووی پەناوپەسێر.
ئەبی بە گەمیەی خەیاڵو بە چارۆگەی
کۆڵی منداڵانی پڕ لە گێلاخەو لە پیشۆك.

تۆ ئەڕۆیشتیو ئەو ئەباریی. سەروملێك
لە ناو كۆنە پاڵتۆیەكدا. چەپكێ شیعری باراناویو
چون باپووسكەو دەنكەتەرزە تەنیا. تەنیا
سەروخواری شار ئەگەڕای. لە پڕێكدا تۆ
لات ئەداو ئەچوویتە ناو كەشتییەكەی "نوح"
نوح هەر خۆیو پشیلەیەك وەكو كوردو شەو.
نوح هەر خۆیو تووڕەبوونێكی بەردەوام وەكو
ڕەشەباو ئەم شارە. ڕوخساری نوح
وەكو توێكڵە هەناری ئاڵ.. لووتێ  پڕ لە وردە
جۆگەو ڕوباری شین.. وەك ددانی ڕیزێ
كورسیی لە یەك نەچوو، تەختەیەكو پۆلێ
مەلی حەرفو وشەو ئاسمانێكی خۆڵەمێشیی.
جامێ بادەو پۆلێ شیعری سەرخۆش سەرخۆش،
باڵ لێكەوتوو. بۆنی عەرەق بۆنی تەنیاییو
بێكەسیی، بۆنی شێلمی كوڵاوو بۆنی مێژوویەكی
كۆنو بۆنی سیرو بۆنی شیعری پێنج خشتەكیو
بۆنی ئێوارەی درەنگی سابوونكەران. لە ناو جەستەی
كەشتیی وێڵو جەستەی نوحدا تێكەڵ ئەبوون.
ئەبوون بە یەك. نوح هەر خۆیو پشیلەیەك
وەك كوردو خەم. تۆیش هەر خۆتو خەیاڵێكی
ڕەنگ پەمەیی. وەك باپووسكەو دەنكە تەرزە
سەروخواری شار ئەگەڕای، باران ئەبارێو تۆیش

ئەڕۆی. ئەبوو بە شەو

خاچت بە شەودا هەڵواسە
بەڵکو هەتاکو بەیانی کە هەڵئەسیی
ببێ بە چوار باڵی ڕووبار
بۆ ئەم شارە!
خاچت بە شەودا هەڵواسە
بەڵکو هەتاکو بەیانیی
ببێ بە چوار چاوی باخچە
بۆ ئەم شارە.
خاچت بە شەودا هەڵواسە
بەڵکو هەتاکو بەیانیی کە هەڵئەسیی
ببێ بە بەژنی چوار سەرووی
مژدەو جەژن
بۆ ئەم شارە.
سەرت بە شەودا هەڵواسە
بەڵکو هەتاکو بەیانیی
ببێ بە سەرچاوەی پرشنگ
بۆ کوێرەکانی ئەم شارە.
هەرچی باڵی وشەکانتە
هەرچی چاوی شیعرەکانتە
هەرچی بەژنی خاچەکانتە

وەك سەری خۆت
هەڵیانواسە بەم شەوەدا
بەڵكو هەتاكو بەیانیی.. ببن بە نان..
بە نان بە نان
بۆ برسییەكانی ئەم شارە.

ئەبوو بە شەو. ئەچوویتەوە بۆ ماڵەوە
ماڵی "مەكتەب"
ماڵت بوو، ماڵیشت نەبوو.
ئەچوویتەوە بەشی ناوخۆی قەڵەمە لانەوازەكان.
ئەچوویتەوە بەشی ناوخۆی شێدار بە پەڵەی وەڕسیی.
شێدار بە دەنگی تەڕی حەرەس‌و
سامدار بە لوورەی سەگگەلی كەناری شار.
ئەچوویتەوە. لە ناو هۆڵێكی لاكێشدا. ژمارە "یەك"
لە دە هێلانەی دوو قاتدا
لەگەڵ نۆزدە سەری تردا
لەگەڵ نۆزدە ڕەنگی جیاجیاو
لەگەڵ نۆزدە دەفتەری غەریبی‌و
لەگەڵ نۆزدە.. خاوێن‌و چڵكنی تێكەڵ‌و
لەگەڵ نۆزدە.. فرمێسك‌و قاقای تێكەڵ‌و
نوێژو گوناهی تێكەڵ‌و زیرەك‌و دەبەنگی تێكەڵ- و
دڕو بەسزمانی تێكەڵاو بووی!

ئەچوویتەوە. شەو کەنەفت بوو. تۆیش کەنەفت بووی.
چراکان ئەکوژانەوە.. تاریکیی ئەزرنگایەوە
خۆتت ئەکرد بە ژێر پەتووی سەوزەڵەدا
لە ژێرەوە وەکو کرمی فەریکەنۆك لوولت ئەخوارد.
ئەوسا ئیتر لەگەڵ خۆتدا ئاگردانی
خەیاڵی خۆت ئەبردە ژێر پەتووەوە
خۆت بە وان گەرم ئەکردەوە
لەگەڵ خۆتدا کۆڵانەکەی ماڵی ئاسکەو دەرگا تەنەکەکەیانو
لقو پۆپی دار تووەکەیانو پێکەنینی ئاسکە خۆیت
ئەبردە ژێر پەتووەوە.
لەگەڵ خۆتدا ئاسمانێکی شیعری شینو سیمای دایکتو
شاخی گۆیژەو لایلایەکەو شیعری بیستو حەوت ساڵەکەی
باوکتو سەیرانەکانی "تابین" و پەڕەسێلکەی
ئێوارانت ئەبردە ژێر پەتووەکەوە.
لەگەڵ خۆتدا دوا فرمێسکی کچی فلیمە هیندییەکەو
قاتێکی نێو شووشەبەندی کۆگایەکی سەر شەقامەکەی مەولەوی
-پڕ بە بەرت- ئەبردە ژێر پەتۆکەوە..
لەگەڵ خۆتدا.. تەشتێ هێلکەی پیست ئەگرتەوەو
ئەتبردە ژێر پەتووەکەوەو یەکە یەکە دەموچاوی
خزمە پیسکەکانی باوکت تیا نوقم ئەکرد!
لەگەڵ خۆتدا سەری ئەسپەڕەشت ئەبردە ژێر پەتووەکەوەو
یاڵو گەردنیت ماچ ئەکرد.

لەگەڵ خۆتدا بە ڕقەوە سەرەڕووتاوەکەی "عومەر عەلی"ت
ئەبردە ژێر پەتووەکەوەو بە کەشك دات ئەگرتەوەو
هەر لێت ئەداو هەر لێت ئەدا
هەتاکو دەستت شل ئەبوو
تاکو خەیاڵت شل ئەبوو
تا ئەنووستی!
تۆ خاچی مار تێئالاوی
تۆ ئیستە مێملّی ئارامو تۆ ئیستە
ئاخێکی لەبەردا ڕسکاوی.
تۆ سەرت کەوانەو
تۆ ملت هەمیشە
تیرێکی لەسەرپێی سۆراخەو.
تۆ گوڵی گومانیو
لە وەردی پرسیاردا ڕوواوی.

تۆ ڕووی دەمت کردە گۆیژەو
گۆیژە گێڕایەوە وتی:
"قەڵاچوالان" ئەتوت ژنێکی بێزارە
لە ڕەنگو شێوەی قژی خۆی.
لە سێبەرو لە هەتاوی نگینی خۆی.
لە ئاوێنەو لە شانەی خۆی.
قەڵاچوالان بە دوای بەرایی بەختێکی

تازەتردا بۆ چاوانی. بە دوای ئایندەی زیوین‌و
بژوێنێکی نوێدا وێڵ بوو
بەیانییەك، ڕەوەسوارێ، کە باڵایان
لە ڕووباری وەنەوشەیی بورجی کاکێش هەڵکێشا بوو.
بە کەناری کازیوەدا پەڕینەوەو
هاتنە سەر باسکەکانی من.
دوور ڕوانییان:
ئاسکێك لە بەرەبەیان جوانتر
ئاسکێك لە فریشتەی ڕەزو
لە پەریەکانی خەو جوانتر.
ئاسکێك کردی بە باڕژن‌و ڕووەو دەشتایی داگەڕا
برایم پاشاو ئەسپ سواری قەڵاچوالان
جڵەویان دایە دەس "با"یەك
بایەکی پەست، بایەکی گرژ: تیژ بردنی.
ئاسك لە سەر بەردێ وەستا
پیاوی پاشای دەرزیی هەڵگر
تیروکەوانی ڕاکێشاو
تیرێ وەکو چاوی شەیتان
چاوی دۆزەخ، تیژ دەرپەڕی‌و فڕی‌و فڕی‌و
لەسەر دڵی ئاسك چەقی.
چاویان لێبوو کە ئاسك کەوت
چاویان لێبوو کە تاشەبەرد ئاڵ هەڵگەڕا

وەختێ سوارەکان گەیشتنە بەردەمی بەرد
فریشتەیەك وەکو کراسی گوڵاڵەی لەبەردا بێ
ئەستێرەی چاوی خواوەندی خۆشەویستیی دابێ لەسەر.
هەستایە پیان. هەردوو باسکی کردەوە
بۆ ئاسمانو وردە وردە بەرزبۆوەو لە پڕێکدا
لە چاو ون بوو. کە ڕەوەسوار چوونە سەر
بەرد. ئاسکیان نەدی. هەندێ دڵۆپە
خوێنیان دی: دڵۆپەکان نووسیبوویان: سلەیمانی!
ئیتر لەو یەکەم تیرەوە
نەفرەتی ڕەش لەم شارەدا خۆی ڕوواندو
بەرەبەرە دارستانی لێ کەوتەوە.
لەو دڵۆپەخوێنانەوە
ئەم شارە خوێنی هەڵمژیو
گەورە سەرچاوەی خوێناوی
مێژوویەکی سەربڕاوی لێکەوتەوە.
"هەندێ لەو دێراوی قسەو پەندانەی
لە بناری شاردا لێدراون"

**یەکەم:**

ڕۆژژمێری چاوەکانی ئەم گۆیژەیە
ڕۆژژمێری ئەشکی خاكو
ڕۆژژمێری هەڵقرچاوی مێژووی ئاوو
سەعاتێکی زەنگ لێدەری

بەردەوامی خوێنی شارە!

دووەم:

بەم بنارەدا چی نەڕۆی
بەم بنارەدا چی نەهات.
لوورە لووری ئاگری پارس و
گڤەگڤی شمشێری ئەسحابەکان و
قیژەقیژی شەوەزەنگی ڕۆمەکان و
نێلەنێلی ڕمی عەجەم
بەم بنارەدا چی نەڕۆی
بەم بنارەدا چی نەهات.

سێهەم:

وەرە ناو ئەم دیرۆکەوە
بۆئەوەی ئاسمان ببینی
چۆن کون ئەبێ و
لەو کونەوە چەند تیرێژی
سەروڕیشی پێغەمبەران
بە خوێنەوە ئەکەونە خوار.

چوارەم:

لەسەر زەویی تا ئەسووتێ
کەسی نییە ئەم وڵاتە

له ئاسمانیش که خوا باوەشی پیائەکات
ئەم دووکەڵە!

**پێنجەم:**

لێرە میرەکانی بابان
لەبەر دەسکەوتی هێلانە چۆلەکەیەك
خانوویەکیان ئەڕووخاند و
لەبەر کوشتنی کوللەیەك
خەرمانێکیان ئەسووتاند و
که یەکتریشیان سەرئەبڕی
"نرخی سەریان*
لەسەر سەربەستەکانیان بوو!"

**شەشەم:**

ئەم ئازارە مەخەرە ناو
لانکەی گوڵ و ئارامەوە
ئەمە شیعرە با نەتەرێ و خەمی لە بیر بچێتەوە
ئەمە شیعرە ئەمە ڕووەکێکی سەیرە
بە دڵنیایی کز ئەبێ و
بە مەراقیش ئەشنێتەوە.

تۆ پیاسەی شیعرێکی ڕیش هاتووی

---

* وێنە شیعرێکی ئەدۆنیسە.

ناو باخی مەراقی ئەم شارەی.
هەموو ڕۆژ لە داری تەنیایی
پەیکەرێ بۆ ئەوین ئەتاشیو
لە بەردەم ئاوێنەی کۆچەری تەممەنتا دایئەنێی.
تۆ ئیستە مەراقی "ئاسکە"و مەراقی نیشتمان
بە پیاڵەی فرمێسکێ تێکەڵی یەك ئەکەی.
پرچی ئەو ئەبەستی بە پرچی لاولاوی ئەمەوە
بەژنی ئەو بە بەژنی ڕەوەزی شاخی ئەم
ئەپێوی. تۆ چاوی ئاسکەو چاوی کەژ
تۆ پەنجەی ئاسکەو پەنجەی گوڵ،
تۆ لێوی ئاسکەو لێوی گڵ.
تۆ مەمکی ئاسکەو مەمکی هەرد
وەکو یەك ئەبینی.

تۆ پیاسەی شیعرێکی ڕیش هاتووی
ناو باخی مەراقی ئەم شارەی.
تۆ چوویتە کۆڵانی دووکەڵو
ناو چڕە تووترکی ئەشکەنجەی خەڵکەوەو ئەپرسی:
نیشتمان بەردە یان ڕووبارە؟!
نیشتمان دایکمە. یان باڵندەی نزارە؟!
نیشتمان خوێنە یان هاوارە؟!
نیشتمان شیعرە یان خەونێکی هەوارە؟!

ئەتپرسی: ئەم عەشقە لە کوێوە هاتە ناو لەشمەوەو
لە کەیدا هەڵقوڵی؟!

خاچێکی ڕیش هاتووم
خەریکە یەکەمین هۆنراوەم پێ ئەگرێ.
وا ئیستە دەوەنی وشەی من خەریکە
وەك باڵای ئەرخەوان هەڵبچێو
ئەرخەوان باڵ بگرێ!

سووچێکی چایخانە وەك سووچی مەراقی سێگۆشەی
خۆت وا بوو. حەوزێكو فوارەیەك. فوارەکە
تۆپێکی بچکۆلەی باغەیی هەڵئەداو نەئەکەوت.
تۆ فوارەی یان تۆپی سەر ئەوی؟ ئەتپرسیی
لە خۆتت ئەپرسیی: کامیانی؟ تۆ بۆ خۆت
هەر ئاوی؟! یان ئاوی بۆ خەڵکی؟! تۆ گریان
گریانی شیعرتە بە تەنیا؟ یان گریەی تەلانی
چیایشە؟! ئەو وەختەی کە ئەبێ بە سێڵاو؟
تۆ مەراق مەراقی شیعرتە بە تەنیا؟
یان کسپەی گەڵایشە.. ئەو وەختەی
پێش وەرین (با) ئەیبا؟! ئەتپرسیی:
ئەم چاوە هەر چاوی شاعیرە؟
یان چاوی نانیشە؟! ئەم دەستە هەر

دەستی شاعیرە؟! یان دەستی شەقامیش؟!
ئەم زەردە هەر زەردیی خۆرئاوای ناو شیعرە؟!
هەر زەردیی گوڵانە یان زەردیی هەژاریش؟!
سووچێکی چایخانە. وەکو سووچی خەیاڵی شەوانەی
خۆت وابوو. یەکەم جار لەوێدا. تۆ چرپەی
سیاسیی دووفۆڵیت پژایە گوێچکەوە. تۆ لەوێ
یەکەم جار: ڕۆژنامەی نەهێنیو بەیانی نەهێنیو
یەکەم جار هەر لەوێ تۆ وێنەی تاڤگەی زیندانییو
زنجیری دەستو پێی ئاسۆگەی دیلت دی.
هەرلەوێیش یەکەم جار: سمێڵی ستالین یەك دوو جار
بە چەپدا بایدایتو چرووتی چەرچڵیش دووکەڵی
ڕژاندە چاوتەوەو هەر لەوێیش: عەینەکی
ڕۆزفلْتو هەر لەوێیش، مالینکۆف، مۆلۆتۆف
کاسکێتی لینینو یەکەم جار هەر لەوێ تۆ
شیعری قوللەڕەش، ئازاری زنجیت دی!
خاچێك بووی زریانی بزمارو دڕکەزیی بردیتی.
خاچێك بووی بەرەو خۆر هەندێ جار لەسەر سك ئەخشای.
خاچێك بووی بەرەو مەرگ هەندێ جار ئەفڕیتو
هەندێ جار بە کاوخۆ ئەڕۆیشتی.

ڕۆژێکیان مێژوویەك هاتە ناو شارەوە
تۆ پێشتر لەم چیای مێژووەو

لەم زەریای مێژووەو

لەم ئاگری مێژووەت نەدیبوو.

ئێوارە بوو پیرەمەگروون ملی زیاتر هەڵبڕیبوو

بۆ ڕێی کەرکووك..

ئێوارە بوو هەر قەبرەکان مابوونەوەو

نەهاتبوون بۆ ڕێی کەرکووك.

ئێوارە بوو..

لەگەڵ هەوایەکی شیندا تەرمی گۆمێ گەیشتەوە

بەردەمی شار. مێژوو هەستا.

لەگەڵ گریانێکی مۆردا تەرمی هەورێ گەیشتەوە

بەردەمی شار. برین باریی.

لەگەڵ سووتانێکی سەوزا.. تەرمی ڕەزێ گەیشتەوە

بەردەمی شار. ترس سووتا

لەگەڵ هاوارێکی زەرد دا.. تەرمی خۆرێ گەیشتەوە

بەردەمی شار. تیشك بەستی

لەگەڵ هەواڵێکی ڕەشدا.. تەرمی ئەسپێ گەیشتەوە

بەردەمی شار. شاخ حیلاندی.

لەگەڵ ئاوێکی سپیدا.. تەرمی شیعرێ گەیشتەوە

بەردەمی شار. ڕووبار فڕی

لەگەڵ گڕەیەکی سووردا.. تەرمی داستان گەیشتەوە

بەردەمی شار.. خەڵك‌و خوێن‌و شەو ڕاپەڕی!

تۆ ئەو شەوە خاچت سەوڵی ڕووناکی بوو

کەشتیت مێژوویەکی یاخیو
شەپۆلیشت جادەکانی ئەم شارە بوو.
تۆ ئەو شەوە هەر چاو بە چاو ژانی خاكو
زەویت بینی: کە چۆن بوومەلەرزەی ئەبوو.
تۆ ئەو شەوە سەعات "دە" بوو
هەر ڕووبەڕوو کە شەفەقی بەربەیانی خوێنینت بینی.
تۆ ئەو شەوە یەکەم جار بوو گوێت لە زەنگی داهاتوو بێ.
تۆ ئەو شەوە یەکەم جار بوو لە بەردەمتا مەرگ ببینی
کە چۆن ئەمرێ!

لە یەك شەودا.. ڕیشی مەراقت سپی بوو
نە کاژاو بوویتو نە سوورکێو!
لە یەك شەودا.. هەندێ گردی پێکەنینت
لەڕ بوون، بوون بە داسكو دەرزی
نە گردی جۆگە بوویتو نە سەیوان.
لە یەك شەودا نامۆیی تۆو نەخشەی عێراق
بە پێوانەی فرسەخی خوێن
هەزاران شەو لە یەکتری دوورکەوتنەوە.
گشت وانەکانی مامۆستای (واجبات) و (جوغرافیا)
بوون بە کاڵەکی گەنیوو توێکڵەشووتی.
لە یەك شەودا زانیت هەموو ڕۆژەکانی ئەم وڵاتە
لە تۆڕی شەوی بەغدادا بەگیر هاتوون.

هەر ئەو شەوە ئاڵای عێراقت لەسەری خۆت داماڵیو
ڕێك كردت بە دوو كەرتەوە
پارچەیەكیت فڕێدایە ناو زێرابی ماڵی قودسیو
ئەوی ترت وەكو سدارەكەی پاشا
كرد بە سدارە بۆ سەری
گوێدرێژێكی مەڵكەندی!

ئەو شەوە شەو نەبوو سەرم بوو هەڵگیرساو پریشكی
هاوێشتو بێشەیەك لە ترسو تۆقینی
پێشینەی سووتاندم.
ئەو شەوە شەو نەبوو گەردنو شانم بوو
چەخماخەی دایەوەو ڕێژنەی هەلاڵەو
ڕەهێڵەی ئەستێرەی بەسەردا باراندم.
ئەو شەوە شەو نەبوو هاواری كێوم بوو
تل بۆوەو جیهانی بێدەنگیی شێلامو
سنووری خەیاڵو ڕوانینی بەزاندم!

## "یادداشتەكانی ئەو شەوە لە چەند دڵۆپە خوێنێكدا"

**یەكەم:**

تابووتێكەو لە دوو مەتر كەمتر
كەچی مێژوویەك لە ناویا ڕاكشاوە
لە ڕێی نێوان داریكەلیو سلەیمانیو
لە ئاوی سیروان درێژتر.

دووەم:

لەبەر دەروازەی سەرادا
بەهەشتو دۆزەخ تێکەڵن
جارێك خۆڵەمێشی خواینو
جارێکی دی زەردەخەنەی پێغەمبەرین.

سێهەم:

وەك ئەو شەوە
هەموو جارێ عەرەبانچیو بێ بەرگو نان
ئەم مێژووە ئەئاژوونو ئەبن بە بای
دەوری ئاگر
کەچی لەوسەر کە گالیسکەی
بەرگو نانو کە گالیسکەی
خۆشییانی سەربەرەوخوار
پەیدا ئەبێ.
نە ئەو نانێکی ئەگاتێو
نە بۆ ئەمیان شەرواڵێكو
نە بۆ عەرەبانچیش جێیەك
هەتا سواربێ!

چوارەم:

لە شەوی شیعرێکیان پرسیم:
ناونیشانت؟

ئەویش وتی:
ناونیشانی کوێت بدەمێ!
من ماڵەکەم وا بە کۆڵی ڕێو بانەوە
گەر ویستت بمدۆزیتەوە
ئەبێ پرسیار لە با بکەی من لە کوێم‌و
ئەبێ بە نامۆیی بڵێی
من چوومەتە ناو کلۆری کام ژانەوە!

**پێنجەم:**

ئەو شەوە مانگەشەو
پێشانگەی ئەوینی شارێکی لە خۆیدا کردووە
سەد تابلۆی شەقامی ڕەنگینی
بە خۆیدا هەڵواسی
ئەو شەوە بە خوێنی ژنێکی بەر سەراو
بە پەنجەی تریفە
مارەیی ئازادیی لە بەردەم
گۆیژەدا مۆرکرا!

تۆ گۆیژەیت‌و لەسەر ترۆپکی بەسەرهات
ڕاوەستاوی‌و ئەڕوانیتە ئەم زەمانە.
دەمێ هەڵمی‌و دەمێ تنۆك‌و دەمێکیش
گڕەو پشکۆ.

تۆ خاچیتو لەسەر گۆیژە ڕاوەستاویو
ئەڕوانیتە ئەم زامانە.
دەمێ گوڵیو دەمێ سووتوو دەمێکی دی
خوێنی ئاسۆ.

تۆ خاچی مار تێئاڵاوی
تۆ شیعرێکی پەپکەخواردووی
ناو تەنیاییو
تۆ قوتابی مەراقیتو
تۆ کلۆیەك تەباشیری سکاڵایتو
تۆ تەختە ئاخی خولخواردووی بەردەوامی
ناو گێژاوی!
شەقام بێشکەی درێژکۆلەی شەوانی هاوینانت بوو.
گەورەیش بوویتو ڕای ئەژەنیت.
هەتا درەنگ. لەسەر کورسیی چایخانەیەك. مەراقت وەك
قەلەڕەشکەی پەڕەوازە هەڵئەکورما.
تۆ دوا خەیاڵی درەختی شەوانە بووی
سەعات بەردی تێئەگرتیو هەڵنەئەسای
تۆ ئەودەمە کەوتبوویتە ئاوی شینی دوو چاوەوە.
تۆ گەڵای مێو بوویتو ئاوی شینیش هەر ئەیبردی.
ئەم سەرچاوەی ئاوی شینە
هەر لە لای کەشتیی نوحەوە هەڵئەقوڵاو

گشت ڕۆژێکیش تۆ لە گەڵیا بە کەناردا هەر دووراودوور
دوای ئەکەوتی.
تۆ ئەتزانی ئەم ئاوە قەت بوار ناداو
ئەم ئاوە قەت بۆ تۆ نابیٚو
ئەم ئاوە قەت لەسەر شیعرت ڕاناوەستیٚو
تۆ ئەتزانی لەناو ئەم سیحرە شینەدا
بەخت گەرداوە.
تۆ ئەتزانی نەك خاچی تۆ.. بەڵكو دەیان
ماسیگرەی عاشقی ئاو لەو دوو چاوەدا خنكاوە.
تۆ ئەم گێژاوە ڕایكێشای تا بە دەوری
نەهێنیدا بخولێیتەوە..
تۆ ئەم ئەوینە مەحاڵە بەهرەی
قولایی پیٚ بەخشیت..
تا گژوگیاو ڕەنگو دەنگو
گەرای عەشقی هەڵنەهاتووی
لە بندا بخوێنیتەوە..
تۆ ئەم شەپۆلە شینانە کە بردیانی بۆئەوە بوو
لە ناو ئەوینە تەنكاودا نەخنكێیتو
ببی بە شەهیدی زەریا!
شەقام بێشكەی درێژكۆلەی شەوانی هاوینانت بوو،
تۆ دوا خەیاڵی درەختی شەوانە بووی.
سەعات بەردی تێئەگرتیو هەڵنەئەسای.

كه هەڵئەساى وشەيەكى سەرشكاو بووى.
كه هەڵئەساى مەراقێكى ئاڵۆزكاو بووى.
له گلۆڵه دەزووى تەڕو شێواو ئەچووى،
خۆت سەرى خۆت لێ ون ئەبوو
له شوێنێكدا.. له دوو شوێندا.. له ده شوێندا خۆت ئەپچڕان.
ئەبووى بە چەند كەرتێكەوە، هەر كەرتێكت بايەك ئەيبرد
هەر كەرتێكت شەپۆلێكو هەر بەشێكت تەمێك ئەيبرد.
ئەويان دەستەكانى دايكت
ئەويان عەشقێكى مەحاڵو
ئەوى تريان گيرفانێكى پڕ له فرمێسك!
كه هەڵئەساى جاده ئەنووست. بەسەر جادەى نووستووەوە
تاكو تەرا، وەك چەند زارێكى هەڵدراو.. يەكو يەك،
دوو و يەك.. هيچو يەك.. هەر تۆو بايەكى عەجوولو
يەك دوو شێتى ئێسك سووكو دوا سەرخۆشى پاڵ
ديوارى قاچ مانگرتووى شار ئەبينرا:
چاوم لێيه:
ڕەشەبايەكى سەرخۆش هات
مەلا سمايل.. پيرى مەى. دەنگى بادە. دەنگى ڕۆستەم
دەنگى زۆراب. هەر وەكو قاپێ شەرابى
سوورى سەرمۆر له دواى يەك دوو جارێ لەقين
لەبەر دەروازەى سەرادا ڕێك ئەوەستێ
دەستى چەپ لەبەر پشتێنداو، دەستى ڕاستيش بۆ هەڕەشه

لە ئاسمانو حکومەتو بازرگانی شار هەڵئەبڕیٚ!
ڕووبارێکە لە شیعرو پەند.. سێڵاوێکە لە هەجووی تیژ
هەر سەرئەکاتو هەڵئەچیٚ!
لە پڕێکدا ئەبیٚ بە زووخاوێکی مەنگ
شەپۆلەکانی دائەچیٚ!.
ئەم هەورە لەگەڵ شەرابدا شێلراوەو لە ئاگری
نێو داستاندا سوور بۆتەوەو بووە بە نانێکی سووتاو.
ئەمە جیهانێکی تێکەڵە لە فیردەوسیو لە حافظ و
فایەق بێکەس، لە خەیامو مەلای گەورە
ئەم تێکەڵە
لە نێڵە نێڵی ئاگرو لە خوڕەی ئاو
ئەدویٚو ئەدویٚو مشتەکۆڵە ئەدا لە هەور
جبەی ئەشرافو مێزەری مەلاو شێخو
وشکەسۆفی بەرانبەر خوا هەڵئەبڕێتو
شیڕ.. شیڕ شیڕ شیڕ.. دایان ئەدڕیٚ!
شەق لە تاجی ئینگلتەرە هەڵئەداتو هەر گڤەی دیٚ.
جنێو ئەدا بە عەمباری شاراوەی ئاردو برنجو
ئەدویٚو ئەڕواو ئەڕواو ئەدویٚو هەر گڤەی دیٚ.
تاکو لە پێچی چوخمێکدا بزر ئەبیٚ
ئەو بەردەوام شیعری خەیام ئەڕێژێتە سەرشەقامو
ناو کۆڵانو شار بۆنی ڕەزی چوارینەی
باوەگەورەی بادە ئەگریٚ:

"ئەڵێن کە دۆزەخ مەخسوس بۆ مەستە
بەم واتە واتە قەت دڵ مەبەستە
گەر عاشقو مەست بچنە جەهەننەم
بەهەشت چۆڵو هۆڵ وەك بەری دەستە".

ئەو بەرەو ژوور. مەراقی سەر هەورازێ بوو
تارمایی سەرخۆشی ژێر چوخمێ،
کە ون ئەبوو.. ئەڕۆیشتەوە.
منیش خاچێکی بابردووی بەرەوخوار بووم
لەگەڵ مانگەشەوێکی نەخۆشو گژەبایەکی دەنگگڕو
خەیاڵێکی تۆزاویدا،
بەرەو نسێی ماڵی مەکتەب ئەبوومەوە.

**"بروسکەیەك کە لە تیسکەی تفەنگو هەورەتریشقەو لە مردن بە پەلەترە"**
**نە شیعرەو نە پەخشانەشیعرەو**
**لە قسەی منداڵیش ساکارترە:**

بۆ بەرێزان:

عومەر خەیام. ئەبو نەواس. فایەق بێکەس. گۆران. سەیاب. حەمدی. هەژار. هێمن. سەلام. حسێن مەردان. شێخ نووری شێخساڵح. سەلام. دڵدار. جەلادەت بەدرخان. ڕەفیق حیلمی. صادق هیدایەت. فروغ فروغزاد. محرم محمد امین. مالك حداد. صلاح عبدالصبور. عەلی مەردان. تایەر تۆفیق. حەسەن زیرەك. نازدارو ئەسمەر فەرهاد. هەروەها مەلا سمایلو هاوڕێکانی:

ئێمە کە لە خوارەوە ناومان نووسراوەو ئیمزامان کردووەو خۆمان بە دۆستی نزیكو دڵسۆزی ئێوە ئەزانین. تکاتان لێ ئەکەین. تکا. جارێ هەر لە شوێنی خۆتان بنو نەکەن بگەڕێنەوە. چونکە ئەگەر بێتو بگەڕێنەوە. ئەوا چەند ساڵێکە لەم وڵاتانەدا شمشێرێکی ڕیشدار پەیدابووەو لە هەتاو نایخاتە سێبەر. ملی یەکە بە یەکەتان ئەپەڕێنێ. ئەویش لەبەر ئەو شیعرو چیرۆكو باسانەی نووسیوتانە، لەسەر ئەو قسانەی کردووتانە. لەسەر ئەو خەیاڵانەی لەسەرتاندا بووە. لەسەر ئەو خواردنەوانەی خواردووتانەتەوە. لەسەر ئەو گۆرانیانەی وتووتانە. لەسەر ئەو سەمایانەی کردووتانە، بۆ ژنەکانیش لەسەر ئەو جلانەی لە بەریان کردووە. لەسەر ئەو ئارایشتانەی کە کردوویانە. تکاتان لێ ئەکەین هەر لە شوێنی خۆتان بنو نەگەڕێنەوە. هەروەها تکایە ئێوەیش لەلای خۆتانەوە هەموو ئەو ژنو پیاوە زاناو ئەدیبو مێژوونووسو سیاسیو هونەرمەندو سەرخۆشو سەماکەرو خاوەن مەیخانەو خەیاتی ژنانو فالگرەوەو دەستگرەوانەی کە لە کیشوەرەکەی ئێوەدان ئاگادار بکەنەوە بۆئەوەی نەگەڕێنەوە. تا ئاگادارتان ئەکەینەوە.

بەشێك لە ناوی ئیمزاکەران.

د. حسین مروە. د. مهدی عامل. د. عبدالرحمن قاسملو. د. شەرەف کەندی. سەعید سوڵتانپوور. سەعیدی سیرجانی. حەسەن قزڵجی. عەبدولخالق مەعروف. زهدی. عمر توفیق. مەلا مەجید. مەلا عەبدولڕەحان. مەحمود خاکی. لەگەڵ سەدان ژنو پیاوی ڕۆژنامەنوسو ئەدیبو هونەرمەندو زانای ئێرانیو جەزائیریو میسریو پاکستانی کە لەبەر درێژبوونەوەی برووسکەکە ناوەکانیانمان نەنووسی.

وێنەیەکی بۆ:

ـ عەرشی پەروەردگار.
-هەموو مزگەوتەکانو کڵێسەکانی دنیا.
ـ موفتیو پاپا.

تۆ خاچی مار تێئاڵاوی
تۆ نەفرەتێکی پیرۆزیو
تۆ گوناهێکی پاکژیو
تۆ بەهەشتێکی گڕدارو
تۆ وشکانیی ناو ساڵاوی!
بەیانیان تۆ خۆزگەی تەڕیتو ئەچیتە دەرەوە.
تۆ مێرگی گەڕیدەو گوڵزاری دەستگێڕی، باوەشت
پڕ ئەکەی لە گزنگ. خەیاڵت پڕ ئەکەی لە ئاونگ
چاوانت پڕئەکەی لە نامەی ڕەنگاوڕەنگ،
هەتاوی دوای باران ئەخەیتە سەرشانتو بە دەستیش
پریاسکەی هەورێکی پڕ باران هەڵئەگری. ئەمانە
هەر هەمووی، ئەیانبەی، بۆ کچیو کچ بێباك
بە لاتا ئەڕواتو نە خەمت بۆن ئەکاو نە خۆزگەی
تەڕی تۆ ئەبینیو نە گوێیشی لە ڕازی وەریوتە.
هەست ئەکەیت سەرابی. هەست ئەکەیت گۆرانیی
تەماویت، هەست ئەکەیت بێ ڕەنگو بێ بۆنو
بێ دەنگی. خۆزگەی تەڕ ئەبێتە زەردەپووش
ئەوساکە باوەشت پڕئەبێ لە وردە ئاوازی شکاوی

شمشاڵو له خۆڵی شیعرێکی ڕووخاوو له گەردی
خەماویی خۆڵەمێش.
لا ئەدەیت. تۆ پەنا ئەبەیتە بەر کتێب. بەر سایەی
دیوانو ئەچیتە ژێر باڵی گۆڤارو ڕۆژنامەو ئەبیتە
ڕێبواری وڵاتی ناو چیرۆك. "گەلاوێژ" تا ئیستەیش
تەلانی هەر سەوزەو سەرگۆنەی لاپەڕەی پڕ له خوێن.
"ڕۆژی نویٚ" قژی خۆی ئەکاتە کەپرێكو هۆنراوەی
ئەبێتە باوەشێن. تۆ ئەڕۆیت. تۆ سەرت
ئەدەیتە دەست خێڵی ڕووناکییو تۆ سەرت
ئەخەیتە سەر پشتی هەزاران ئەسپەشێی ناو دیرۆك.
هەڵئەسیی هەست ئەکەیت وەك لقی دارسێوی هاوینان
به بەری چڕو پڕ قورس بوویت. هەست ئەکەیت جۆگەی نویٚو
شاخی نویٚو مەلی نوێت بینیوەو له دوێنیٚ
بەرزتر هەڵئەفڕیت. دێیتەوە سووچەکەی
چایخانەت. ئەبینی کۆڕ گەرمە به قسەو
به بۆنی تێکەڵی دووکەڵی جگەرەو دووکەڵی سیاسەت.

له ڕۆژژمێری ئەیلوولدا. ئێوارەیەك که هێشتا خۆر
وەکو سینییەکی خڕی پرتەقاڵیی به کەناری خۆرنشیندا
هەڵواسرابوو. له ڕۆژژمێری ئەیلوولدا ئێوارەیەك
که هێشتا خۆر مابووی بازداتە خوارەوە
بۆ ناو شەوو لەسەر دواکەل به ترسەوە

ڕاوەستابوو. ژیلەمۆیەکی دەنگ و باس،
هێشتا گەرم، ڕۆکرایە سەر جادەکان. بای
سرکەسرکی ناو خەڵکیش خەریکبوو ئەیگەشاندەوە.

ئەڵێن: دەرگای هەردوو دەربەند
بوون بە دەروازەی ئاگرو
لەسەر بەغدا داخراون.
ئەڵێن: بەردەکانی دەربەند
یەکە یەکە بوون بە چاوو داگیرساون.
ئەڵێن: لە گەرووی دەربەندا
ئەمڕۆ مێژوویەك نێژراوەو
مێژوویەکی تازە زاوە.
ئەڵێن: لەو دەربەندانەوە
ڕۆژگاری نوێ هەڵئەقوڵێن
مرۆڤی نوێ
جۆگەلەی پشکۆ لە پشتو
کڵپە بەسەر دێنە دەرێ
ئەڵێن: لەم لا گرمەژنی
ئەسپەڕەشو چەپۆکانیو
ئەڵێن لەولایش چریکەی بازەکەی کفری
-ئیبراهیم بەگ- بە یەکەوە هاتوونەوە.
ئەڵێن: ئیستە لە هەردوو بەری دەربەندا

داستان سەنگەری لێداوەو
خوێن ئامادەی بازرەقەیەو
ئازادیی وا لە کێوانە!

لەو ئێوارەی ئەیلوولەوە دۆڵی کپ مرد.
لەو ئێوارەی ئەیلوولەوە شیعری کپ مرد.
لەو ئێوارەی ئەیلوولەوە ئادەمیزادی کپیش مرد.
لەو ئێوارەی ئەیلوولەوە پەردەو کوللەی مانگەشەوو
سەرینی نەرمی تریفەو دەنگی ئاوریشمینی شنەو
کزەو پیاسەی بە کاوخۆی خەیاڵو سەرکردنەسەر
ڕانی شینی گۆمو لەنجەولاری گۆزەی کانییو
وردەشەپۆلی شمشاڵو ڕەزی نووستووی بێ دەربەستو
کلاوکلاوێنەی شاخو بەردی هەڵمەقۆی شەوانو
زەردەخەنەی گوڵەکانی باخی گشتیو بۆنی دڵداریی
ناو چیغو فەنەری کۆلارەکانو سێوە لاسوورەی
نێودەستی مێبازانو دیلانێی ئەستێرەکانو
خاڵخاڵۆکەو ماڵی خاڵو هیلالی خەنەی ناو
دەستو تێشووی ڕاوو نازوونووزی دەنگی
خۆشو یارەکەی من:
هەموو چوونە ناو کونەبای مێژوویەکی بێ بنەوەو نەهاتنەوە.
هەموو چوون بۆ کۆچی بیرچوونەوەی ئەو دیو خەونو نەهاتنەوە
هەموو کەوتنە ناو وڵاتی خۆڵەمێشو دووکەڵەوە..

هەموو بوون بە ژێر دەستو پێی گابەردو کەندەڵانەوە..
هەموو لە ناو شەوی خوێندا ون بوون.
چوونە تابووتی لەوەو
لافاوی گوللە بردنیو
گڕ دایپۆشین.

ئەبێ لەناو ئەم تەندووری خوێنە شێتەو
لە بەردەمی ئەم گەرداوە چەمووشەدا، شیعر
چی بکات؟! ئەبێ وشە بچێ بۆ کوێو
ببێ بە چیو کام هەرێمی بوومەلەرزەو
کام مەڵبەندی مەرگی تازە داڵدەی بدات؟!
ئەبێ شیعر ببێ بە چی؟
ئەبێ وشە بچێ بۆ کوێ؟
ئەگەر ئەبێ بە پەپوولە
هەر بە هاڵاوێ ئەسووتێ!
ئەگەر ئەبێ بە باخچەیەك
هەر دووکەڵ چاوی کوێر ئەکا.
ئەگەر ئەبێ بە کانییەك هەر بە تەقەیەك کەڕئەبێ.
ئەگەر ئەبێ بە بولبولێ
هەر بە گرمەیەك لاڵ ئەبێ
ئەم پرشنگە
ئەگەر ئەچێتە ژورەوەو

دەرگا لەسەر خۆی دائەخات
شەوێك ڕەنگی هەڵئەبزڕكێو
دوور لە نیشتمانی ئاسۆ
لەسەر جێگایەكی شێدار
تەنیا ئەمرێ!
ئەم خەیاڵە
ئەگەر خۆی ئەكات بە خەڵوەت
بۆ ئاسمانو جریوەی دوور
ئەوسا تەنها خوا ئەیبیسێو
خەڵك نایبیسێ.
ئەم سترانە.
ئەگەر لێوی خۆی بدوورێ
لێوی قەڵبەزەو
شەپۆلو
دەمی دەریاچەیش ئەدوورێ!
ئەم ئازارە..
ئەگەر تێكەڵ بە گڵ نەبێ
گوڵەگەنم چۆن بزانێ ژانی ئەوە؟!
ئەم فڕینە
ئەگەر نەبێ بە تەتەری خۆشەویستیی
عەشق بە چیدا بزانێ
باڵی ئەوە؟!

ئەم ئاوە گەر
زەوی لە زمانی نەگاو
ڕەگ نەیەویٚو
دارستان گویٚی لیٚ ڕانەگریٚو
بەرد بە هاژەی هەڵنەپەڕیٚو
گژوگیا نەیخویٚنیٚتەوەو
زیخو چەو نەینووسیٚتەوەو
میٚرگەکانیش ماچی نەکەن
بۆچی ببیٚ؟!!
لە نیٚوانی شیعرو شیعرو.. شیعرو شاخدا
لە نیٚوانی شیعرو شیعرو.. شیعرو چاودا
من ئەو خاچەم
باڵیٚکم وا لەناو هەورا شەقژنیٚتیو
باڵەکەی دیم لەسەر زەمین کیٚوماڵ دەکا.
بە باڵیٚکما ئەستیٚرەیەك شۆڕبۆتەوەو
بەوی ترما جەستەی گوندیٚ.
لە یەك وەختا من خەونیشمو بە ئاگا بوون.
لە یەك کاتا شەپۆلەکانی ڕووی ئاومو
گیٚژاوی ناو قووڵاییشم.
من ڕوون بوونەوەی ناو زەریام.
ئاسانیٚکی دژوارمو
من نە شیعرم بۆ ژووریٚكو

نە باڵندەم بۆ باخێك‌و
نە زمانی هێرۆگلیفیم بۆ تاقمێ‌و
نە زمانی تەنکاویشم!
وا ئێستاکەیش مەرگ ئابڵووقەی ئاوی داوە
مەرگ ئابڵووقەی باخی داوە.
چەقۆ ئابڵووقەی گەرووم‌و
زیندان ئابڵووقەی فڕینم‌و
سەرباز گەمارۆی سەرنجم‌و
زنجیر ئابڵووقەی مێژووم‌و
قەنارە ئابڵووقەی ملم‌و
دەبابە ئابڵووقەی خەونی داوە‌و
فڕۆکەیش ئابڵووقەی مانگم!
وا ئێستاکەیش لەم تەمی خوێن‌و غوباری مردنەدا
لە سەرانسەری جەستەمدا..
لەم سەرەوە تا ئەوسەری. لە تەوێڵی خانییەوە
تا کەڵەموستی پێی نالیی، لە برژانگی حەبیبەوە
تا ئەگاتە کاکۆڵی زین، نە سەوزەگیایەکی
چاوم‌و نە پەنجەیەکی دایکم‌و، نە لەنجەیەکی
بەفرم‌و نە تروسکایی جۆگەیەك دیارنەماوە.
ڕێگا نەبوو..
من شیعرم کرد بە خڕکەبەردی سەنگەرێ
تا مردنێ بگێڕمەوەو مانگ نەکوژرێ.

ڕێگا نەبوو..
من شیعرم کرد بە خڕکەبەردی سەنگەرێ
کە لەوێوە ئازادییشم
تەقە لە مردن بکاتو
سەری تاریکیی هەڵگرێ!
ڕێگا نەبوو..
ئەبوو ئیتر شیعر بکەم بە مەتارەو
شیعر بکەم بە وردەنانی گیرفانو
شیعر بکەم بە قومبەلەی بەرکەمەرێ.
ڕێگا نەبوو.. لەوە زیاتر
هەر لە خامو جاوی شیعر دادڕمو
بیکەم بە کفنی گردۆڵکەو
هەر لە دارو تەختەی شیعر داتاشمو
بیکەم بە تابووت بۆ دەغڵو
بۆ جەنگاوەر بە پەیکەرێ!
ڕێگەم نەبوو.. لەوە زیاتر
بۆ هاودەنگیی لەگەڵ تەنیایی شەهیدا
شیعر بکەم بە یاوەرێ!
ڕێگە نەبوو.. ئەبوو ئیتر
وشە بکەم بە قۆپچەی بەردینی پاڵتۆی
کێوەکانو وشە بکەم بە دەنووکی قاسپەی بەفرو
وشە بکەم بە بالیفی گمەی کۆتری بریندارو

وشه بکەم بە ژێی خوێناویی گیتاریّ!
ڕێگا نەبوو.. ئەبوو ئیتر
شیعر بەرمە ناو ژانەوە.. هەتا ڕەنگی ناسۆر بگریّ.
شیعر بەرمە ناو گڕەوە.. هەتا ڕەنگی سووتان بگریّ.
شیعر بەرمە ناو کۆچەوە.. تا ڕەنگی ڕاگوێزان بگریّ.
شیعر بەرمە ناو خوێنەوە.. تا ڕەنگی شەهیدان بگریّ.
ڕێگەم نەبوو لەوە زیاتر..
من خاچەکەم لەم دۆزەخە تازەیەدا بڕوێنمەوە
هەتا ئەویش ڕەنگی ئێوەو ڕەنگی مێژووی
پەڕاگەندەو ڕەنگی خاکی نامۆ بگریّ!
تۆ هەنووکە چاوت بووە بە بەستێنی گۆمی کوژراو
هەموو ڕۆژیّ لەم کەنارە سامدارەوە
تۆ تارمایی ترسێکی پەلوپۆ داری، خۆت ئەبینی،
سام ئەبینی. دەستی پەڕیوی شەپۆڵو پەنجەی زنەو
کەفەژیلکەی دوا هەناسەی زیّ ئەبینی.
بلّقی خوێنی خۆت ئەبینی.
هەموو ڕۆژیّ لەم کەنارە سامدارەوە
وەکو تیتراوسکی غەمگین لە گویّ دەریاچەکەی "دوکان"
لەسەر کۆتەرەی یادگار هەڵئەنیشیو
جەستەی سەرئاوکەوتووی لادیّو
جەستەی جوانووی سوار نەدیوو
جەستەی کێڵگەکان ئەژمێری.

تۆ لێرەوە لەم بەستێنە ڕەشپۆشەوە
وەکو ماسیگرەی عاشق لە گویٚ گۆمی "دەربەندیخان"
هەموو ڕۆژێ بەرسنگی خۆت ئەدەی لە ئاوەسوورەکەی
ئەم دەڤەرەو یەکەیەکەیش سەری بڕاوی ماڵانی
ناو "سیار"ەو ڤامیشەڵانی بێنەوای گیانی نالیو
دەشتی شارەزوور ئەژمێری.
تۆ ئیستاکە لەبەر پرژەی "بافل"ەکەی چەمی ڕێزان
هەموو ڕۆژێ گوڵە هێرۆیەکی ئاڵیو بۆ ئاسمانێکی مسینی
پڕ فڕۆکەو پڕ ناپاڵم سەرهەڵئەبڕی.
تۆ ئیستاکە هەموو ڕۆژێ سەری تاجو نووکی نەجمەو
بزماری پۆستاڵەکانی ئەفسەرێکی شاری بەغدا
"زەعیم صدیق" وەکو تەلبەندی حامییەو گوێزانی کول
بە ناو هەناوی دایکتا ڕەت ئەبنو شیعرو یارو و
منداڵێتو گوڵ سەرئەبڕن
تۆ هەنووکە هەموو کاتێ، زریکەی شەو، زریکەی ڕۆژ،
وەکو داوە دەزووی بەربووی سەرهەڵدێرێ،
لە دهۆکەوە بۆ کەرکووك بە پەنجەی کۆڵ ڕائەکێشیو
لە دەنگتەوە ئەیئاڵێنیٚو لەگەڵ هەموو کسپەیەکدا
مێژوویەکی ئەتلێیتەوەو لەگەڵ هەموو گرمەیەکدا
گێژەڵووکەی بە چواردەوری نیشتماندا ئەخولێیتەوەو
لەگەڵ هەموو دڵۆپە خوێنێکدا تۆ خاچێکی جارێکی
تر لە ناو بێدەنگیی دنیادا ئەڕوێیتەوە!

دیسانەوە ئێوارەیەو

ئەمجارەیان شەقام بە دەنگی بەرز ئەگریی.

دیسانەوە ئێوارەیەو

خۆر بە کەوڵێکی سوورەوە هاتۆتە بەردەمی سەرا.

پێنج ڕێیانی بەردەم سەرا

پێنج ڤیژەن‌و بە یەکەوە هەڵئەفڕن‌و

پێکیشەوە ئەچنەوە ناو هێلانەکەی فرمێسکی خوا.

ئێوارەیەو لەبەر دەروازەی سەرادا

دوو لاشەیان فڕێداوە

دوو لاشەی باخ.

دوو لاشەی شاخ.

دوو پارچە خۆر.

دوو ڕەزی مۆر.

دوو دیوانی خانی‌و کۆیی

دوو سروودی ڕەنگ پەمەیی

دوو قەسیدەی فایەق بێکەس

دوو گلێنەی حسێن حوزنی

دوو ڕووباریان فڕێداوە.

دوو ئەسپی ڕۆژ

دوو بەردەنوێژی دەرسیم‌و

دوو باهۆزی چیای جوودی‌و

دوو بەهاریان فڕێداوە.

ئێوارەیەو لەبەر دەروازەی سەرادا
دوو پێغەمبەر پاڵکەوتوون‌و خوێنیان داوە بە خۆیانداو
سەریان کردۆتە سەر ڕانی کوردستان‌و
وەك دەریاچەی نێو خۆرنشین
هەردوو نوستوون.
لەسەری گۆیژەوە دوو شەربە لە شێوەی
دوو هەوری سوورباودا
باڵئەگرن ئەو وەختەی ئەگەنە سەر سەریان
سەرەوخوار ئەوەستن
تا قلّپ قلّپ
ئەڕژێن بە مێرگی گوڵاڵەی لەشیاندا.
"کانی با" دوو کزەی قژسووری ئاوارەی ئەنێرێ
ئەگەنە لایان‌و ئەوەستن
پەنجەیان ئەخەنە ناو ڕیشی تەڕیان‌و
بە تاڵیی خوێناویی کاکۆڵیش
دوو زامی سەرسینەی هەڵەبجە ئەبەستن.
چەرماوەند تەواری سەرماهیی ئەنێرێ بۆ لایان
کە تەوار ئەگاتە سەر سەریان
ئەوەستێ‌و بە دەنووك دوو دڵۆپ
لە کانیی جەستەیان هەڵئەگرێ‌و
ئەیانبا بۆ ئەوەی تینوویەتی
دوو بەردی بشکێنێ!

(بێکەس)یش دوو شیعری دەنگ سووری ئەنێرێ بۆ لایان
کە شیعر ئەگەنە بەردەمیان
ئەوەستن کڵاوی ناونیشان دائەگرن
لەسەرخۆ، لەسەرخۆ، دەست ئەبەن
دوو تاڵ موو لە برۆی هەردووکیان دەردێنن
تاڵەکان ئەخەنە ناو شووشەی حەرفەوە
تاڵەکان ئەخەنە ناو نمەی حەرفەوە
ئەیانبەن بۆئەوەی
لە تاقی کازیوەو
لە ژووری ئازادیی‌و
لە دڵی منداڵدا دایبنێن!

## "چەند نیگارێکی نوێی حوزەیرانی 1963 کە لەسەر جەستەی قوربانییەکانی زەعیم صدیق هەڵکەندراون"

**یەکەم:**

دەشتێك هەمووی ڕووتەنی بوو
تەنها لە یەك شوێندا نەبێ
کە تۆپەگوڵ تۆپەگوڵی گەورەگەورە
دایپۆشیبوو.
کەس نەیزانی نەهێنیی ئەم پارچە عەردەو

تۆپە گوڵی گەورە چییە.. هەتاکو چوون
عەردیان هەڵکەند
ئەوسا ئیتر ئاشکرا بوو
کە چەند عاشقێکی فتبۆڵ
لە ژێرەوە لە پاڵ ڕەگی تۆپەگوڵدا
ڕاکشابوون!

دووەم:
ئازادیی سکاڵای خۆی هەیە.
قوربانیی سکاڵای خۆی هەیە.
چیایش هەر سکاڵای خۆی هەیە.
گۆڕستانی مۆمەکانیش سکاڵای خۆیان هەر هەیە
هەموویشیان گەر بیانەوێ
سکاڵایان شۆخ‌و شەنگ بێ
سکاڵایان ڕازاوە بێ،
بە چرای وشەی سەوزو سوور
ڕووئەکەنە تاقە کەسێ
سکاڵایان بۆ بنووسێ:
عەرزوحاڵچییەکەی بەر سەرا
ئەو پەخشانەی
کە بە پێوە وەکو فوارە
شەهید کرا!

**سێهەم:**

حەوشەی ماڵەکانی ئێمە
جگە لە چیمەن بۆ قسەو نانخواردنو
دانیشتنو پاڵکەوتنو لە دایکبوونو
نووستنو شووکردنو ژنهێنانیش.. هتد
حەوشەی ماڵمان..
زەعیم صدیق.. جەنەراڵی هاوینی مەرگ
بۆ یەکەمجار.. یەکەم کەس بوو
بۆیشی کردین
بە قەبرستان!

**چوارەم:**

مامۆستایانو حوزەیران
وەکو ڕووبارو سەرچاوەن.
دەنگیان یەکەو لەشیان یەکە
مامۆستایان لەم یادەدا
پۆلێ باڵندەی وشەنو
حوزەیرانیش تەختەی ڕەشە!
حوزەیران بە گەرمای مەراقو بە قرچەی ئەو هەموو
کۆستانە، ئارامتی وەکو پۆڕی ناو گڕە پڕووکان.
تۆ ئیستە وەك تەلی دڕکاویی چواردەوری زیندانت

داخ بوویتو بە وێنەی خەرمانی سووتاوی مێژووتو
بە وێنەی بازنەی ئاگری ئەو پووشو پەڵاشەی شەوانە
لە کەژدا ئەڕۆنو ئەسووتێن کەوتوویتە هەڵقرچان.
حوزەیران جەستەتی هاویشتە ناو گەرووی کڵپەوە
سەرت بوو بە سەری شاپڵێتەو
دەستت بوو بە جۆگەی پەنگرو
ملیشت بە گڕدان!
حوزەیران بەهارتی خلّتانی دڕك كرد
"ئەو دڕکە نیشانەی ڕسکانی گوڵت بوو"
حوزەیران تۆی دایە بەر تیغی وەیشوومە
"ئەو تیغە هەتوانی زامت بوو"
حوزەیران چەند شەتڵو چەند تۆوی گریانی
لە سنگتا شاردەوە.
"ئەو شەتڵو تۆوانە کۆگەرای ژانت بوون"
حوزەیران پاڵێکی پێوەنای بۆ کەندو هەڵدێرێ
"ئەو کەندو هەڵدێرە لوتکە بوون بەرەو ژوور"

جەنەراڵ صدیقی هاوینی مردنیش
چەند پەتی بۆ ملی هۆنراوەت هەڵخستو
چەند چاڵی لە پشتی وشەتا هەڵکەندو
چەند کونی کردە ناو دیواری سەرتەوە
پەتەکان.. پلیکەی سروود بوون بەرەو ژوور.

چاڵەکان.. دێراوی ڕستە بوون بۆ چیرۆك بۆ دوارۆژ.
کونەکان.. پەنجەرەی سەهۆڵی کۆنگرەی ئەوینی
خەڵکیی بوون
حوزەیران.. بە قفڵی قەدەغەی هاتوچۆ
چۆنیەتی خولْقانی کلیلی فێرکردی.
حوزەیران.. بە دۆزەخ ئاماژەی بەهەشتی بۆ کردی.
حوزەیران.. بە سووتان سەوزایی لە گیاندا هەڵکردی.

تۆ خاچی مار تێئالاْوی
تۆ ئەو کاتژمێری خوێنەی
هەموو سەری سەعاتێکی سووتان لێ ئەدەیتو
زەمینێکیت بیستو چوار سەعاتیش جارێك
بە دەوری مردنی خۆتدا خول ئەخۆیتو
کە ڕووناك ئەبی تەندووریو
کە تاریك ئەبی خەڵووزیو
تۆ ئەو وەرزی پێنجەمینەی
لە ڕۆژژمێری ئەم دنیا بێ دڵەدا
ناوت نییەو ڕەنگت نییەو دەنگت نییە.
تۆ هەر بۆ خۆتو لە لای خۆت
هەر برینێکت زارێکەو
هەموو ئەندامێکی جەستەت گوێچکەو چاوە
ساڵ ئەڕواتو کۆست ئەڕواتو

وەك كوردستان قەرەوێڵەی كۆلێرابێ
دوور لە دنیاو لە سووچێكدا
پەڕ كراوە!

ئەتپرسیو لە خۆتت ئەپرسیی:
تۆ ئیتر ئەتوانی لە نێوان بێدەنگیی بەفرێكی نووستوواو
لە نێوان زایەڵەی ئەو هەموو خوێنەدا باوێشكی شیعرێ بیو
بەرامبەر ئاوێنەی دیوارێك دانیشی؟!
تۆ ئیتر ئەتوانی لە نێوان سێدارەو لە نێوان گەردنی
دایكتدا ئاخێكی گرمۆڵەی ناو گۆشەی گریان بیو
دانیشی؟! تۆ ئیتر ئەتوانی
لە نێوان دەوەنی بە قاسپەو
بارووتی ساچمەی كێواندا
شەمشەمەی ئەشكەوتی كوێران بیو دانیشی؟!
ئەتپرسیی لە خۆتت ئەپرسیی:
ئەتوانی قاچی خۆت كڵۆم كەیت؟!
ئەتوانی خۆت ئەگریت ببیتە سنووقی تەنەكەی
ژوورەكەو ئاسمانێك لەسەر خۆت دابخەیت؟!
ئەتوانی خۆت ئەگریت.. خۆت بكەیت بە بوخچەو
هەناسەو خۆزگەتو ڕوانینت
پێكەوە گرێدەیت؟!
ئەتوانی وەكو (لاس) باڵ بگری

بۆ گوڵی "عوممان"و؟!
وەك عەشقی سیامەند ڕابكەیت بۆ سەرشاخ؟!
ئەو شاخەی دراوسێی دێرینەی مەراقتەو
بەرانبەرماڵتانەو
وا ئیستە هەموو ڕۆژ لەوێوە ئازادیی
ئاوێنە ئەگرێتە ڕوخسارتو
بەو شەوقە
چاوانت پڕئەكا لە باران؟!
ئەتپرسیو لە خۆتت ئەپرسیی:
ئەتوانی؟! ئەتوانی؟! ئەتوانی؟!
دیسانەوە ئێوارەیەك..
ئێوارەیەك كە هەر ئەتوت طاوسێكی زۆر غەمگینەو
خەریكە مل ئەخاتە ژێر پەڕوباڵی گەواڵە هەوری خۆرنشین.
ئێوارەیەك كە لە پلوسكی زەردەوە دڵۆپ دڵۆپ
ماچاوی خۆر ئەتكایە ناو زاری بوولێڵی دەربەندو
قژی پڕی شەوێكی تر خەریك ئەبوو ئەهاتە سەر
دەموچاوی شاری نالیو گۆیژەی دایكو دایئەپۆشین.
ئێوارەیەك كە تاریكیی بە پڕتاو هات
پێنج ڕێیانی بەردەم سەرا
وەكو بووبێ بە دەسكەوان وەكو ترسیان تیا كوتابێ
پڕ بە كەپووی شەقامەكان
پڕ بە لووتی كۆڵانەكان

بۆنی ترس‌و بیمی تیژو بۆنی بۆکڕووزی چۆڵی‌و
بۆنی پەنای مردارەوەبووی تاریکیی شارەوانی‌و
بۆنی قەدەغەی هاتوچۆی وەك بارووتی
لێوە ئەهات.
ئەو ئێوارەیە تۆ وتت:
لە ئیستەوە من ناتوانم لە نێوانی
خوێنی ژاڵەی حوزەیران‌و تەوری ژەنەراڵی مەرگا
ڕۆنیشم‌و لە ئیستەوە من ناتوانم ببم بە شیعری
کەسیرەی ناو بێدەنگی‌و
لەسەر داری قەنارەی خۆم هەڵبنیشم!
ئەو ئێوارەیە تۆ وتت:
بە سرکەییەکەی دایکت وت
بە دووکەڵێکی گۆیژەت وت
بە ملوانکەکەی یارت وت
بە دیوانەکەی باوکت وت
بە ماری گینگڵی شیعرو بە خاچت وت
ئەوا ڕۆیشتم!
ئەوە شاخە؛ لەم دەراڵی بەردانەدا دۆڵێپای داستان
پێئەگرێت‌و ئەفسانە چاوی ئەپشکوێ‌و، مێژوو دەست بە
باهۆزەوە ئەگرێ‌و ئەڕوا. لەم دەراڵی بەفرانەدا
هەزاران ساڵ ڕەقهەڵاتوون. تەماشاکە: بوون بە زنجیرە
پەیکەری ناو پێشانگای بەردەمی خوا. ئەوە شاخەو

شەدەی سەری هەور نییەو بێشە نییەو نە وردە
بەرد چنیویەتیو نە پەلکەگیا. ئەوە شەدەی خوێنی
سەری میدییەکانە کە لە دڵی ئاسیاوە وەك جۆگەلەی
گریانی زیو داگەڕانو لەم هەرێمەدا لایاندا.
ئەوە شاخەو تەلیسمی چاوی ئەشکەوتو قاقای
پێکەنینی عەزیا. ئەوە شاخەو لانکەی کاردۆخ
بە لوتکەوە هەڵواسراوەو خواوەندی "با" ڕای ئەژەنێ
شاخو قۆچی کەڵەکێویش لە بڵندایی ڕەوەزدا بوون بە هێما.
ئەو شاخەو سیحری بەردەو سامی چاوقایمی چیا.
تۆ هاتوویتە ناو هەوێنی ئەوینەوە.. لەگەڵ ڕەگدا
ڕۆئەچیتو لەگەڵ چڵدا ئەشنێیتەوە
تۆ هاتوویتە ناو گلێنەی سەرچاوەوە..
لەگەڵ ئاودا کۆچ ئەکەیتو لەناو خاکدا ئەتوێیتەوە.
تۆ چوویتەتە ناو هیواوە
وەکو گزنگ تۆو ئەکرێیتو
وەکو سەمەلیش ئەڕوێیتەوە
تۆ ئیستە ئەوەندەی کە باران ئازادە.. ئازادی.
تۆ ئیستە ئەوەندەی کە کەوێڵ بێ ترسە.. ناترسی.
تۆ ئیستە ئەوەندەی کە گوڵی ناو ئەشکەوت دڵشادە.. دڵشادی.
تۆ لێرە ئەتوانی لە خەونی پێدەشتدا ئاسك بی،
ئەوکاتەی کە بەسەر جۆگەلەی گوڵاوو بەفراودا بازئەدەن.
تۆ لێرە ئەتوانی لە خەونی خەرەندا شاهۆ بی،

ئەو کاتەی لەسەر باڵ گۆرانیو حیکایەت هەڵئەگرن.
تۆ لێرە ئەتوانی لە خەونی ڕێگادا تەتەر بی
ئەوکاتەی کە نامەی نانو گوڵ ئەبەنو ئەهێنن.
تۆ لێرە ئەتوانی لە خەونی گەلیدا ئەسپ بی
ئەوکاتەی کە زەنگی کوڕژنی هەلگەڕان لێئەدەن
تۆ لێرە ئەتوانی لە خەونی زماندا شیعر بی
ئەوکاتەی کە بەرەو تەلبەندو سێدارەی شارەکان هەڵئەفڕن.
تۆ لێرە ئەتوانی لە خەونی وڵاتدا قامك بی بۆ سەنگەر
ئەوکاتەی سەربەستیو نیشتمان
بە ڕێزەی یاقووتی باریوی
ئاسكو زارۆكو هۆنراوە
تەتەرو شاهۆو ئەسپو دار
سوورهەڵدێن.

تۆ خاچێکی ڕیش هاتوویتو
قۆناغ.. قۆناغ
گەیشتوویتە "مامەڕووتە"
شەوەکی لەگەڵ ئەستێرەو پرمەی وڵاخی سەرپلەو
خوڕەی ئاوو دەنگی سیسرکو حەپەی سەگەلو
بریسکەی چاوی مێگەلو تروسکەی ئاگری جگەرەو
خشەخشی پێی درەختو بە ڕۆژ لەگەڵ
تاشە بەردو مێرگو پردی لەقی تەختەبەندو

دەواری شڕی ڕەوەندو هۆبەهۆی ناو
کێڵگەکان‌و لەگەڵ شیعرا گەیشتیتە مامەڕووتە.
تۆ خاچێکی ڕیش هاتوویت‌و
قۆناغ.. قۆناغ گەیشتوویتە مامەڕووتە.
شەکەت.. شەکەت.. کەنەفت.. کەنەفت..
ئەڵێی دەوەنی سەروقژ خۆڵاویت‌و قاچی ولاخێ
شێلاوتی. چڵکن‌و گێژ، تەواو وەکو، قازی کزو
قوڕاویی ناو کۆڵانانی زستانی دێ.
گەیشتوویتە مامەڕووتە.
مامەڕووتەو ئەم دنیایە ڕەنگە جیاوازی تەمەنیان
چەند مانگێ بێ. تۆیش تەمەنت بیست‌و چوار
بزماری ساڵەو بە لاشیپانی جەستەدا داکوتراون.
گەیشتوویتە مامەڕووتەو
ئیستە لەسەر ئەژنۆی بەردی ئەو وەستاوی‌و
هەورێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی شەدەی سەرتەو
ڕەز پشتێننتەو
ئازادیی خۆی، بە تازەیی، هەڵئەمژیی.
تۆ ئیستاکە لە ئەشکەوتی "سەردێمان"دا
لەسەر ئەم یاڵە قژڕووتاوەیەو لەسەر
ئەم گردە کەوش لەپێیە
مەراقی شیرینیی شاخ‌و
مەراقی مێخۆشیی خەوت‌و

مەراقی ترشی هەژاریی‌و
جەستەی شەقبووی سەرچڵی یادگارێکی
دوور ئەنووسی!

ئەم ئەشکەوتە دەمی داپچڕاوی بەردە لە وەختی هاوارکردندا.
ئەم ئەشکەوتە کونەخەیاڵی سروشتە
لە وەختی شەو ڕام کردندا.
لە وەختی بەفر نووسین‌و لە وەختی خەڵوەت گرتندا.
ئەم ئەشکەوتە شوێنی خۆشاردنەوەی تیشکە
ئەو کاتانەی سەربازەکانی شەوەزەنگ ڕاوی ئەنێن.
ئەم ئەشکەوتە جێی کۆبوونەوەی نەهێنیی باڵدارانە
ئەو کاتانەی ئەیانەوێ باسی داوو باسی تیرو
چۆنیەتی زاڵبوونی باڵیان بکەن بەسەر دێوجامەی
مردندا. ئەم ئەشکەوتە تەختی خواوەندی
تەنیایی‌و بێکەسیشە، ئەو کاتەی جگە لە فرمێسك
جگە لە تاجی نامۆیی کەس بە دەوریەوە نامێنێ.
ئەم ئەشکەوتە منداڵدانی شەوگاریشە
ئەو وەختانەی بەوری ڕەش‌و ورچی سپی- و
تووولەماری ڕێگەی ئەبێ!
ئەم ئەشکەوتە برینێکی سارێژنەبووی زەمانیشە
من گوێم لێیە کە بەردەوام ئازار گۆرانیی تیا ئەڵێ.
ئەم ئەشکەوتە هەتا ئیستەیش دەنگدانەوەی حیلەی

ئەسپو سوارەکانی "گەزنەفۆن"ی تیا ئەبیسترێ.
بە دیوارە تەڕەکانیا قومقومۆکەی گیانی پاشایەکی کوژراو
یان پەلکەگیای عەشقی کچێکی لێرە سەربڕدراو
هەڵئەگەڕێن. لە دیوارە تەڕەکانیا هەتا ئیستەیش
فرمێسکی ئاوارە ئەڕوێن.
ئەم ئەشکەوتە ئۆکۆردیۆنی بەر سینگی مامەڕووتەیشە
هەموو شەوێ دوای نووستنی ئێمەو درەخت، دوای نووستنی
ئێمەو قەڵەم. دوای نووستنی ئێمەو ڕادیوێ.
بە پەنجەکانی هەردوو دەستت. دەست بە دوگمەی
ڕەشو سپی سەری ئێمەو بەرددا ئەنێ.
هەر بە بەرسنگی خۆیەوە ئەم ئەشکەوتی ئۆکۆردیۆنە
دێنێو دەبا لەگەڵیا خۆی ڕائەژەنێ. چەناگەی
پێوە مت ئەکات. هەرچی ئاوازی ناو گەلیو
دارستانو چۆمەکانە ئەم لێی ئەدات.
هەرچی فرمێسکی حەیرانە ئەم لێی ئەدات.
هەرچی کازیوەی لاوکە ئەم ئەیژەنێ.
مامەڕووتە ئەم ئەشکەوتی ئۆکۆردیۆنە
لەگەڵ سنگو هەناسەیدا دێنێو دەبا
پەنجە بە دوگمەی دڵۆپو دوگمەی تەرزەو
دوگمەی کلووە بەفرا ئەنێو
باران بارانە لێ ئەداو
بەفر باریو

کۆچی سیامەند لێئەداو..
ئاخەکانی خەجو پەری‌و
خەزاڵ پێکەوە لێئەداو
چلوورەی کاوان ئەژەنێ!
پەنجە بە دوگمەو بە گۆپکەی
داری مێوو
دار قەزوان‌و
سەرو و سنەوبەردا ئەنێ‌و
سەوزەڵەخانم لێئەداو
گوڵ ئەژەنێ!
پەنجە بە دوگمەی وەریوی
گەڵاڕێزانیشدا ئەنێ‌و
منی ماڵوێران لێئەداو
پایزی قژزەرد لێئەداو
تەم ئەژەنێ!
پەنجە بە دوگمەی ئەسرین‌و
پەنجە بە دوگمەی کۆترەکەی
ئاخرشەوی ماڵئاواییی‌و
ئاخرماچی
ڕۆحدا دێنێ‌و
"مەرابیوس" لێئەداتو
زام ئەژەنێ!

تۆ لێرە مەراقت قەقنەسە ئالوودەی مەراقی
خەڵکییە، هەڵئەفڕی. کزیتو ئەچیتە
سەردەستی لاوازی برسێتیی. کڕیتو ئەچیتە
سەرشانی ڕەنگ زەردییو لاملت هەڵئەسووی
لە ملی ناسۆرو خەفەتیان. تۆ دەنووك لە
گۆنەی خۆڵاویی منداڵیان ئەگریتو تۆ چینە
لە پێستی سووتاوی لەشیاندا ئەکەیتو گوێ
ئەگری لە پینەی شەرواڵو گوێ ئەگری
لە نووزەو کڕووزەی پێخەڤ شڕۆڵەو پێڵاوی
دڕاویان. هەموو جار میوانە ئاخێکی ناکامو
بێهودەی. هەموو جار حەز ئەکەی، خۆزگەتە
تۆ ببی بە گەنمو بە نیسكو ماشەڕەش بۆ
ئەوان. خۆزگەتە تۆ ببی بە کەللەشەکرو
بە چاییو بە ڕۆنو بە نوقڵو بە دەرمان
بۆ ئەوان. حەزئەکەیت، خۆزگەتە، تۆ ببی
بە تۆپی قوماشو بە یاریی منداڵان بۆ ئەوان.
تۆ نابی. تۆ نابیو ئەوساکە هەنسکی
قەڵەمیو شیعرێکی ناسکیو دەست ئەکەیت بە گریان.
هەموو ڕۆژ تۆ ئەڕۆی هەر ئەڕۆی تا ئەگەی
بە پەریی باڵداری داستانێ. ئەچیتە پێشەوە. چرپەیەك
بە گوێیدا ئەکەیتو ماچێکی ڕوومەتی ئەکەیتو

دوو شیعریش ئەبەستی بە پەڕو باڵیەوە هەتاکو
بیانبا یەکەمیان بۆ دایکت‌و دووەمیان بۆ کچێ
کە ڕەنگی چاوانی خواستووە لە ئاسمان.
درەنگان دێیتەوە ژوورەکەی ئەشکەوتی سەردێمان
ئەچیتە ژێر پەتووی شەوێکی کرەوەو پاش تۆزێ
ئەنوویت‌و لە خەوتا تۆیش ئەبی بە کوڕی نێو داستان.

## "چەند تابلۆیەکی هەڵواسراو بە دیوارەکانی ئەشکەوتی سەردێماندا"

**یەکەم:**

ئێمە لێرە لە هەناوی ئەم شاخەدا
لەم کلۆرە بەردینەدا
بۆ ئەو پیاوانە ئەنووسین
کە پاشەڕۆژ ناچار ئەکەن بێت‌و
کە مردنیش ناچار ئەکەن هەڵبێت.
بۆ ئەو پیاوانە ئەنووسین ڕەنگی شەفەقیان گرتووەو
بۆنی ئازادییان لێدێ.
بۆ ئەو پیاوانە ئەنووسین
کە میوانداریی خۆر ئەکەن
لە زۆزك‌و لە هەندرین.

**دووەم:**

چوارگۆشەیەکی هاوڕێی ناو ئەشکەوت بووین

هەموو جارێ سەرمان ئەنا
بە بازنەی ئەشکەوتەوە
تا شەویش خەوی لێئەکەوت
لەبەر ئاگری ڕازی یەکدا دائەنیشتین.
بەیانییەك "عوسمان"یان برد
عوسمان وەکو مووروویەکی چاوشین
وەکو شیعرێکی سەربالٚ شین
لە ڕنۆ بەفری دیلمانو هۆمەرانو گەلاٚلەدا
ونیان کردو نەهاتەوە
نەهاتەوەو نەهاتەوەو نەهاتەوە!
سێگۆشەیەکی هاوڕێی ناو ئەشکەوت بووین
سەرمان ئەنا بە بازنەی ئەشکەوتەوە
تەم هاتو ڕۆی
خەم هاتو ڕۆی
خوێن هاتو ڕۆی
سالٚ هاتو ڕۆی
"دلٚشاد" بە دەستی برسێتیو شووشەی بادە
زامدار کراو لە دووکەلٚی جگەرەدا خنکا.
"عەبدولخالق" لە هەولێرا
بە شمشێری "سەعد" کوژرا!
چوارگۆشە هەلٚوەشایەوە
سێگۆشە هەلٚوەشایەوە

دەوری بازنەش بەردراو
وا ئیستاکەیش وەك ئەبینن من هەر خۆمم
هەر لایەکی چوارگۆشەکەم
هەر یەك هێڵی ئەم کۆستانەم
هەر یەك دەستی ئەم زامانەم
من نازانم چ ڕۆژێکیش
لە شەممەوە هەتا شەممە
چ سەعاتێك لە بیستو چوار سەعاتەکە
ونم ئەکەن وەکو مووروو
ئەمفرێنن وەك چۆلەکە
من نازانم مەی ئەمکوژێ؟ ئاوارەیی؟!
یاخود دووکەڵی جگەرە؟!
من نازانم کام شمشێریش
شمشێری عومەر.. ذو الفقار؟!
شمشێری سەعد.. یان قەعقاع؟!
کامیان دێتو سەرم ئەبڕێ!
هەرکامێکیان دێن دەبا بێن
خۆ من ئەم شیعرەم تەواوکرد
خۆ من ئەم شیعرەم خوێندەوە!!

**سێهەم:**

لە ئەشکەوتی سەردێمانداو

لەسەر داوای مامەڕووتە

من ئەم تابلۆیەم دروست کرد:

زەمینەکەی: پووشی زەردی کاولاشێکی قڵیش قڵیش.

لەولایشەوە درەختێکی پەلوپۆ ڕووت

مەلێك ئێسکی بە دەرەوە..

کەچی بەردەوام ئەخوێنێ

ئاخ هەژاریی!

ئاسمانێکی خۆڵەمێشیو دوو فڕۆکەی لەش تاریكو

لە ناوەندا پەڵەیەکی سوور وەك یاقووت

کە بەردەوام ئەجریوێنێ

ئاخ نیشتمان!

لە ڕاستەوە.. قەڵبەزەیەك

بەسەر بەردێکدا بازئەداو

مامزێك لێی ئەخواتەوە

منداڵێکیش تیشك ئەچێنێ

وای لە ئەوین!

لە چەپەوە دوو شاخ شەڕەقۆچ ئەکەنو

قۆچەکانیان لەناو سکی یەکتردایەو

خوێنیش بووە بە تاڤگەو

دیواری بەردیش خەریکە هەرەس دێنێ

ئاخ شەڕی خۆم لەگەڵ خۆمدا

ئاخ شەڕی شاخو شاخو شاخ

شاخ.

ئاخ!

**چوارەم:**

له ئەشکەوتی سەردێماندا

پیاوێك باوکی سیوپێنج کوڕ بوو

ئەم باوکه سەری له کۆترو

بەژنی له دار زەیتوون ئەچوو

ئەم پیاوه کوڕی خابوورو

برابچووکی شەماڵو

له هۆزی گوڵو ڕێحان بوو.

مامەڕووتەو

هەر سیوپێنج کوڕی ناو ئەشکەوت

به قەد ئاردو به قەد ئاوو

به قەد هەتاو خۆشیان ئەویست

ڕۆژێ بەغدا هەر له بەغدا

مینێکی باڵداری ناردو

دارزەیتوونی تەقاندەوه

دار زەیتوون بوو به چوار پارچەی ناو ئاسمانو

به چوار باڵی دەم ڕەشەبا

کەرتێ فڕی بۆ مەهاباد

که نیشتەوه بوو به لانکه بۆ منداڵێ.

کەرتێ فڕی بۆ عاموودا
کە نیشتەوە بوو بە پردێ بۆ چیرۆکێ.
کەرتێ فڕی بۆ ناو دەرسیم
کە نیشتەوە بوو بە کورسی بۆ هەڵبەستێ.
کەرتێ فڕی بۆ ناو کەرکووك
کە نیشتەوە بوو بە سەبەتەیەك بۆ نان
لە دواییشدا
کۆترێکی سوور هەڵفڕیو.. وا یوسفیی
گەڕایەوە بۆ ئەشکەوتەکەی "سەردێمان"!

تۆ خاچی مار تێئالاّوی
تۆ سەفەری وەنەوشەیی ئێوارانی.. وەختێ کە شاخ
وەکو دایکت بەجێدێڵی.
تۆ سەفەری ئەرخەوانیی بەیانیانی.. وەختێ گریانی ژوورەکەت
وەکو پەنجەرەی بارانو
خەونی تەڕت لە ئەشکەوتی سەردێماندا بەجێدێڵی.
تۆ سەفەری بەفرانبارو وەرزی دابڕانی عەشقی
وەختێ جێ ژووانی شیعرو هەزار هەزار گچکە ئاوێنەی یادگار
لەسەر بەفری نوا باریو
وەك جێ پێی وردی چۆلەکەو جێ پێی وشە
لە سنگی مامەڕووتەدا بەجێدێڵی.
گەڕایتەوە. دوای هەڵفڕینی کۆپتەری پڕ لە ماچو
پڕ لە تەوقەو پڕ لە بەڵێنی سەوزو سوور. گەڕایتەوە.

ئەمە وچانی بەردە یان فێڵی ئاگر؟!
ئەمە حەسانەوەی بەفری هەڵگوردە یان
خۆ کۆکردنەوەی بیابان؟!
ئەمە گێژبوونی شاخە دوای سووڕانەوەی
بە دەوری ئەم جیهانەدا یان
ڕاچڵەکینێکی تری خوێنە دژی مردن؟!
ئەمە گەڕانەوەی بایە بۆ ناو ئەشکەوت؟!
یان خۆمەڵاسدانی خۆرە جارێکی تر؟!
ئەمە ساویلکەیی ئاوە لە لادانیا بۆ گرتنی؟!
یان قەڵەمبازی هاژەیە بەرەو مەودای زێیەکی تر؟!

هەموو جارێ ئەم بازانە تەماشایان لم ئەیخوات‌و
لەناو لمدا باڵیان ئەشکێ‌و لەناو لمی نامۆییدا
ئەبێ بمرن! هەموو جارێك ئەم بازانە بۆ ئاسمانێك.
چەند ئاسمانێك لەسەر خۆیان دائەخەن‌و بۆ جۆگەیەك
دڵی دەریاچە ئەشکێنن! هەموو جارێ بە تۆڕی
لم شاخ ئەگیرێ‌و دیسانەوە ئەچینەوە ناو تۆڕی لم.

گەڕایەوە. وەکو مۆمێکی کوژاوە، بە دوای خۆتدا
دەزووی دووکەڵت ڕاکێشا. گەڕایەوە وەکو
خوێنێکی کوژاوە بە دوای خۆتدا دەزوولەی خوێنت ڕاکێشا.
بە ناو پردان‌و گەڵاڵەو پردی زەردو ناوگەلیدا
تێپەڕیت‌و بە دوای خۆتدا لاشەی خۆتت ڕائەکێشا.

بە دوای خۆتدا مووی ڕووتاوەی سەری کەژو ڕەزەکانت
ڕائەکێشا. وەختێ گەیشتیتە ماڵێ تۆ گلۆڵەیەکی
گەورە بووی لە دەزووی دووکەڵو خوێنو لە تاڵە
قژی کێوانو خاچێکی ژانگرتوو بووی وەکو عیسا.

تۆ ئیستە لای دیجلەی!
گەر دیجلە وەفای بۆ سەرچاوەی خۆی هەبێ
ئەبێ تۆی خۆش بوێ!
تۆ ئیستە لای دیجلەی لە ژووری برۆنزیی شەپۆلیا وەستاویو
لە درزی ئاوەوە تەماشای نەهێنیی قوڵاییو
جیهانی شاردراوەی خوا ئەکەی!
تەماشای دالآنی گژوگیاو
هەیوانی گوڵانو
تەماشای تابووتی درێژی قوڕ ئەکەی!
تۆ ئیستە نەورەسی
تۆ خولیای سپیتو ئێواران لە زەردەی مەراقدا
هەڵئەفڕیو دەنووکی وشەتو بەرسنگی ڕستەتو
گەردنی خەیاڵت لەم مێژووە شینەدا نوقم ئەکەی.
تۆ ئیستە لای دیجلەی:
گەر دیجلە وەفای بۆ سەرچاوەی خۆی هەبێ
ئەبێ تۆی خۆشبوێ.
ئەو ئیستە قامووسی ئاوێکی بەرینەو تۆیش ماسیی

شیعرێکی ناو ئەوی. ئەو ئیستە واگۆنی درێژی
بارانەو تۆیش نمەی نەفەرو ئاخێکی سەفەری
ناو ئەوی. ئەو لەناو چاوانی هۆزگەلی
بەفرەکەی تۆوەیە هەڵئەقوڵێو تۆیش نەوەی
ئەو بەفرەو چڵێکی ئاوبردووی هۆزگەلی.
ئەی دیجلە!
ئەی باسکی شلی خواو ئەی قیژەی تەڕی خاك!
ئەی حیلەی تەقیوی سەرچاوەی شاخەکان!
ئەی هاژەی ئەبەدیی لە گوێچکەی گەردووندا
مەگەر تۆ بیزانی. مەگەر تۆ بیژمێری، لەوێوە
چەند وەرزی خنکاوەو چەند هیوای چاوشینی
خنکاوم بە قۆناغ لەگەڵتا هاتوونە ئەم خوارە.
مەگەر تۆ بیزانی. مەگەر تۆ بیژمێری، چەند عەشقی
خنکاوەو شۆڕشی خنکاوەو دڵداری خنکاوم
لە بنتا نوستوونو گەیوونە ئەم شارە.
تۆ بڕۆو ئەم هەموو لاشانەم
هەر بە شان هەڵگرەو بیانخە ناو گیانی زەریاوە
تا زەریاش بۆنێکی زایەڵەی من بگرێ.
تۆ بڕۆو ئەم هەموو گوڵانەم لە چاودا هەڵگرەو
بیانخە ناو دڵی زەریاوە
تا زەریایش ڕەنگێکی ناکامیی من بگرێ
تۆ بڕۆو ئەم هەموو کۆستانەم

بۆ زەریا بژمێرە
تا زەریا تووڵانیی نامۆییم بناسیٚو
سبەینیٚ سکاڵای بە خوێنی ئەستێرە نووسراوم
هەر لە تۆ وەربگریٚ!
ئەی دیجلەی هەڵقوڵیو لە تەختی تەوێڵما!
تۆ کچی بەفرمیو تۆ خوڕەی ناو سەرمیو
کەچی تۆیش هەر وەکو باڵندەی زمانم
لە زۆر شوێن قەدەغەی لابدەیت!
سڵاویٚ بکەیتو قەدەغەی بگەیتە
دوورایی تینوێتیم!
قەدەغەی دەستێکی تەڕی خۆت درێژکەیت
بۆ دەمەقڵێشی ناو دەستمو
قەدەغەی ماچت کەن: دەشتی کوێر
گڵی کوێر، کێڵگەی کوێر
وەك ماچی قەدەغەی
نێوانی ئازادییو وڵاتم!
بەغدا! کەللەی سەری: هێشووە خورماو
بەژنی: منارەیەکی مسینی مێژووی کۆنەو
قاچەکانی کوورەی خشتو لەناو دیجلەدا داینا‌وە!
لە نێوانی سەرسامبوونی چاوی منو ئاپارتمانی کۆنکرێتیو
کۆگای سەوزو سووری زۆرو ئەسپی برۆنزیی پەیکەرو
گۆڕەپانی بە ئاپوورەی خەڵكو گوڵدا: هەزار خولیای

کۆنو تازە بەسەر پردی هەردوو بەری سەر دیجلەدا
دێنو دەچن. هەوری ڕەنگاڵەی سەرسامبوون
دامئەپۆشێ. من ئیستاکە لە کەوێکی ونبوو ئەچم
کەوێکی گێژ: بزر لەناو پانتۆڵی ڕەشی شەقامو
کەمەربەندی گۆڕەپانداو ناچمەوە سەر ناونیشانم.
بە دەوری تەپکەی پرسیاردا هەر خول ئەخۆم
من کەوێکم خۆم هاتوومە بەر شەوارەی
ئەم پایتەختە. بەڵام بە شوێن دانەوێڵەو
ئاودا هاتووم. ئەگەڕێمو هێشتا پەڵە
خوێنی شوبات بەرامبەرم ئەجریوێنێ!
شوێنەواری زریکەکانی (ساحەی کەشافە) ڕەش ئەچنەوە.
هێشتا لوورەی شەمەندەفەری مردنیش هەر دێتە گوێ.
چەندین جادە بە کراسی ئاودامانی سووریانەوە
بەرەو ڕووم دێن. بە سەریاندا ئەپەڕمەوە..
من خاچەکەم بۆنی ئەشکەوتی سووتاوی لێدێو
ئەوان بۆنی ڕۆژنامەی سووتاوو بۆنی نووسینگەی
سووتاوو بۆنی ژووری مەرگیان لێدێ.
ئەگەڕێمو جادەی "ڕەشید" جۆلانەمە
هەموو ڕۆژێ هەزار جارم دێنێو دەبا.
لە نێوانی موتەنەبیو ڕەصافیدا
من وشەیەکی برسیمو من شیعرێکی بێکارمو
من گیرفانی چۆڵی قوڵفەم. خەونی کلیلێکی ونبووم

کتێبی کەوتووی سەرشۆستەم. وا ئیستاکە
من "شێت"ەکەی "جوبران"م و لە خۆمەوە
پێئەکەنم و بە خەڵکیدا هەڵئەڕوانم.
لائەدەم و ئەچمە زاری شۆڕیجەوە:
گەرووی بازاڕ وەك پارووییەکی زۆر بچووك
بە ئاسانی قووتم ئەدا:
فەیلییەکان و شاخی پشتیان ئەبینم و پووزی
بەردیان. فەیلییەکان و زەنگوڵ زەنگوڵی
ئارەقەی شین و مۆری سەر تەوێڵی کێڵگەی ڕەنجیان.
ئەم فەیلیانە: جۆگەی ماسولکەی بازاڕن.
شەپۆلی مەچەك و دەستن.
کەمەریان کەمەری خۆرەو
ڕانیان ڕانی داربەڕووەو
قاچیان قاچی گەلیەکانی ئەردەڵانەو
سەریان سەری کەڵەکێوی و
ئازارن و بەختیارن!
ئەم فەیلیانە بە بنەچە لە بازۆکانی میدیان
لە ڕەگەکانی ئاگرن.
ئەم فەیلیانە کوڕی ئاوارەی ڕەشەبای ڕۆژهەڵاتن و
لووڕی برووسکەو باران و
لووڕی هەورن!
ئەم فەیلیانە نائومێدیی بە لەپی دەست ئەشکێننەوە

ماندوێتی ئەکەن بە گوریس
لە دژواریی شەتەك ئەدەن
زەلیلیی پێئەبەستنەوە!
ئەم فەیلیانە ئەو پەنجانەن
لە کۆنەوە جومگەکانی جەستەی بەغدایان بەستووە.
ئەم فەیلیانە ئەو شانانەن لە کۆنەوە
ئاسنو کۆست، خانوو و پردو، شەوی قورسیی
ئەم شارەیان هەڵگرتووە..
ئەم فەیلیانە چەمی هێزنو
ئەڕژێنە جەستەمەوە!

لائەدەیت. ئەمجارە ئەچیتە شەوەوە
لە دەمی پەرداخی بادەوە ئەچیتە شەوەوە.
شەو لێرە: ژنێکی سەرخۆشەو مەیخانە ماڵێتیو
هەتاکو بەیانی ئەستێرەی سەرخۆشە!
درێژە کەناری ئەم ئاوە خومارە
وەك ڕۆخی خەیاڵی نەواس خۆی.
ڕەنگینە ئەم جادەی بادەیە
وەك دەستی بە جامو قەسیدەی چاومەستی
"نەواس" خۆی!
ئەچیتە شەوەوە. ئەچیتە ماڵی مەی. ئەچیتە لای
"عەشتار" گۆشەیەك وەك گۆشەی چاوانی

وەك گۆشەی پرسیاری سەرسامیی. ئەگریتو ئەوساکە
بە خۆتو بە شەوو بە مەیدا ڕۆئەچی. ڕۆئەچیو
ڕۆئەچی. هەتاکو ئەگەیتە سەر بنجی تەنیاییو
سەر ڕەگی نامۆییو ئەچیتە سەر باڵی سیمرخی
سەرخۆشی. سەرەتا هیچ ناڵێی گوێ ئەگری:
گوێ ئەگری لە ڕووبار ئەوکاتەی کە ئاوی شمشێرو ڕم ئەدەن.
گوێ ئەگری لە گوڵان ئەوکاتەی کە ئەبن بە ژەهر.
گوێ ئەگری لەگەڵا ئەوکاتەی کە ئەبێ بە گوێچکەی مەرگەوەڕ.
گوێ ئەگری لە مانگو ئەستێرە ئەوکاتەی کە ئەبنە دەلیلی پیاکوژان.
گوێ ئەگری لە مێژوو ئەوکاتەی کە درۆ ئەژمێرێ.
گوێ ئەگری لە شەیتان ئەوکاتەی نوێژ ئەکا.
گوێ ئەگری لە شیعر ئەوکاتەی کە ئەبێ بە لێبووك.
گوێ ئەگری لە ناخت ئەوکاتەی ئەترسێو ڕائەکا.
تۆ ئیستە بێشەیەك لە خاچی پرسیاری.
تۆ ئیستە باڵندەی وڵاتی پرسیاری.
دوورترین ئەستێرە دائەگریو ئەیخەیتە سەر مێزی بەردەمت.
تۆ بۆ هەیت؟!
ئەچیتە زەریاوە پرسیاری لێئەکەی
تۆیش ئەمری؟!
وەك مەرگ تارمایی پیاوێ بێو لاتەوە وەستابێ
پێی ئەڵێی: بۆ بمرم؟!
وەك زەمان تارمایی ژنێ بێو بە تیژی بە لاتا تێپەڕێ

**ئەپرسی: لەبەرچی ناوەستی؟!**
**گیانی خۆت ئەخەیتە پەرداخی بادەوەو**
**پرسیاری لێئەکەی: لەبەرچی جەستەی خۆت جێدێڵی؟!**
**ئەپرسیو ئەپرسیو ئەپرسی..**
**تا ئەبی بە شارە مێرووولەی پرسیارو ئەوروژێی،**
**بە ڕێچکە ئەدەیتە سەری خۆت. ئەدەیتە ڕووبارو**
**ئەدەیتە ئاسمانو ئەدەیتە عەشتارو ئەدەیتە**
**بەغدادو ئەدەیتە گشت دنیاو.. ئەوکاتەی هەڵئەسی:**
**هەست ئەکەیت سەرت لای ئاسمانەو**
**دەستت لای ڕووبارەو**
**قاچت لای درەختەو**
**چاوت لای عەشتارەو**
**دەمت لای نامۆییو**
**ئەمجارە ئەنوویتو ناپرسی!**

**ئەی بەغدای ئاوو ئەستێرەو وشەی باڵدار!**
**ئەوە چەند وەرزی نامۆییو چەند سیاساڵ تێئەپەڕێ**
**بەسەر یادی یەکەم ماچی نێوان تەنیاییمو دیجلەی تۆدا؟!**
**ئەوە چەند خولی مانگی شیعرمە**
**کە بە دەوری شەوەکانی شەهرەیارو شەهرەزاددا ئەخولێتەوە؟!**
**من مۆزەخانەی سالآنتم**
**من بەردەیادی نووسراوو**

تازەترین گۆزەی خەمو مەراقتم
مۆزەخانەم بۆ چاوانێ گریانی بەردو دەستخەتی
شاخەکانم وەکو خۆی ئەخوێنێتەوە..
لە هێماکانی کۆڵینی سەردیواری ئەم غوربەتە
کۆنەم ئەگەن..
لە سێبەری شوێنەوارە پەرتەکاندا
تیرو نێچیر.. منو تەور
لە یەکتر جوێ ئەکەنەوە!
سیمای دوێنێی فریشتەکەی بەر ئاگری گاتاکانم
ئەناسنەوە. دەزگیرانە میدیەکەی من، کە لەو
سووچەدا وەستاوە. نایکەن بە هاوسەری کۆرشو
بە کەنیزەکی خەلیفەو پەچەیشی پێ ناگرنەوە.

ئەی بەغدای ئاوو ئەستێرەو وشەی باڵدار!
من مۆزەخانەی گەڕۆکی دەربەدەریم
من نە دەرگاو نە کلیلو نە قفڵو
نە گاردم هەیە!
من مۆزەخانەی گەڕۆکی ئاوارەییم
بێ دیوارم.. وەکو لەشم
بیستو چوار سەعات کراوەم.. وەکو دەشتم.
بیستو چوار سەعات ئامادەم.. وەکو ئەشکم.
ئەی دەنگی ئاوو ئەستێرەو وشەی باڵدار!

من له نێوان هەردوو بەری ئەم ڕووباره وەڕسەدا
هەموو ڕۆژێ ئاسۆیەکم تەم له کۆڵو دێمو دەچم.
من بۆئەوەی لەم ڕووبارەو بەغدا بگەم
هەموو ڕۆژێ شەپۆلێكو هاوارێکیان وەکو کراس لەبەر ئەکەم.
من بۆئەوەی ببمه هاودەمی نامۆییو
دۆستی نزیکی تەنیایی
هەموو ڕۆژێك سەرێك له شیعری سەیابو جیکۆر ئەدەم.
من ناتوانم لێره هەڵکەم
ئەگەر بۆ هاودەنگیی شەوم
دیجله ژوورەکەم پڕ نەکا له هاژەی خۆی!
من ناتوانم لێره هەڵکەم
ئەگەر هەموو بەیانییەك..
نەبمه باڕێزەو ڕێژنەو
بەسەر زامێکدا دانەکەم.
من ناتوانم لێره هەڵکەم
ئەگەر هەموو بەیانییەك
به "هەشت" لاپەڕەی ئاسۆیی
ڕۆژنامەی ڕێگای دووکەڵو
سێدارەکانم دەرنەکەم!
من ناتوانم لێره هەڵکەم
ئەگەر هەموو ئێوارەیەك
چارۆگەیەکی تازەتر بۆ ئەم کەشتیی

بەدبەختییەم پەیدا نەکەم.
من ناتوانم لێرە هەڵکەم.
ئەگەر هەموو ئێوارەیەك.. بە دووقۆڵیی
لێرە لە "باب الشرقی"دا
لەگەڵ بایەکی ئەزمڕی ئاوارەدا سەما نەکەم.
من ناتوانم لێرە بژیم
ئەگەر هەموو شەوێ جارێك
لە گۆشەی بێئارامیداو لە مەراقدا
لەناو مەیدا ئارام نەگرم.
من لێرە ناتوانم بژیم
ئەگەر هەموو ڕۆژێ جارێك بۆ عەشقێکی تازە نەمرم!

تۆ لە ڕووباری کتێبدای. هەموو ڕۆژێ شەپۆلی تازەی کتێبێ. گەرداوی شیعرو چیرۆکێ تۆ ئەباتو ئەتدا بە دەم جیهانەوە. تۆ ئیستاکە بەو زمانەی "حەللاج" تیایدا ئەتوایەوەو "موتەنەبی" تیایدا ئەفڕیو "سەیاب" لەناویا ئەگریا: کەوتوویتە سەوڵ لێدانو سەرت بووە بە فەنەری ڕێگەوبانی، حەللاج ئەتبا بۆ لای لۆثەر. موتەنەبی ئەتبا بۆ لای شکسپیرو سەیاب ئەتبا بۆ لای ئەلیوت ئا بەو جۆرە تۆ ئەتوانی، لە زەماوەندی خوێناویی گارسیا لۆرکادا دەست بگریو لە سالۆنی ژێر زەریادا لەگەڵ ڕامبۆ بخۆیتەوەو گوڵێکی ڕەشیش لە بۆدلێر وەربگریتو

بیدەی لە قژی یارەکەت.

ئەو کچە ئەبینی..
ئەیبینی‌و بۆی ئەبی بە گوڵدان
ئەیبینی‌و بۆی ئەبی بە مۆمدان.
تۆ بۆنی دارچوالەی ناو ئالان ئەکەیت‌و
وا ئیستە لەگەڵتەو هاتۆتە -کەڕادە-.
تۆ بۆنی پونگەی ناو مێرگێکی لای کاژاو ئەکەیت‌و
وا ئیستە هاتۆتە بەردەمت‌و هاتۆتە -کەڕادە-
ئەوینەو وەك هەرمێ گوڵاوی تەڕبووە.
ئەم بەژنە هی شیعرە لە وەختی سەمادا؟
یان هی ئاو ئەو وەختەی بە پێوە ئەوەستێ؟!
ئەم قژە هی ڕەزە لە وەختی ڕۆیشتنا؟
یان هی کەژ ئەو وەختەی کە ئەنوێ؟!
ئەم ڕەنگە هی وشەی ئەسمەرە
ئەوکاتەی کە ئەبێ بە خاکی گەرمیان؟!
یان ڕەنگی گەنمی خوێنگەرمە
ئەوکاتەی بەرامبەر خۆرەتاو هەڵئەچێ؟!

ئەم ئەوینە ئەچمە بەری‌و ئەمکا بە گۆماوی خەیاڵ.
ئەم ئەوینە ئەچمە بەری‌و ئەمکا بە ئاوێنەی نزار.
ئەم ئەوینە ئەچمە ناوی‌و
بە قژی خۆی دامئەپۆشێ

ئەم ئەوینە جارێك ئەمكا بە بلێسەو
جارێکی تر بە تاڤگەو
جارێکی تر بە باڵندەی
باڵ زیوینی
وڵاتی یار!

ئەوین چییە؟! ڕۆحی شەوە؟! ڕۆحی ڕۆژە؟! ڕۆحی خاکە؟!
هێزێکی تری سروشتە وەکو ئاوو
وەکو هەواو وەکو مردن؟!
یان هەر کلێپەی ئارەزووە
کە هەڵبوو.. دامرکێتەوە؟!
ئەوین چییە؟! دژەمەرگە؟!
دژە وەڕسبوونی لەشە؟!
نوێ بوونەوەی بەردەوامە؟! یان وەرزێکی تری جەستەو
یاخود دەستو پەنجەی خوایە؟!
یان سەرچاوەی خوێنی شیعرەو وشك نابێو دوایی نایە؟!
ئەوین چییە؟! ژیانەو تێکەڵی مەرگە
ئاگرەو تێکەڵی ئاوە؟!
زەنگی ڕەنگە؟!
بۆنی دەنگە؟!
وڵاتی بیرنەچوونەوەی خەونە؟!
هزرە کە وەختێ کوێر ئەبێ؟!

هۆشه كه بێهۆش ئەكەوێ؟!
ئەوین چییه؟! تەزوویەكە دێتو ئەڕواو ئاوا ئەبێ؟!
سڕبوونێكی تەماشایەو بە سحری هێزێكی نادیار؟!
چەخماخەیە لەناو دڵدا؟!
تۆفانێكە لەناو سەردا؟!
ئەوین چییه؟! من نازانم ئەوین چییه؟!
بەڵام كە دێت بە دووباڵی گڕوبارانەوە دێتو
لەملاوە ئەمكا بە سووتوو
لەولاوە نوێم ئەكاتەوە.

تۆ خاچی مار تێئاڵاوی
تۆ سۆراخی ئۆقرەی سەر ئاگری بوونیو
تۆ باڵی فڕینی ئاوی.
تۆ خاچی مار تێئاڵاوی
تۆ هەناسەی لە نیشتمانی تاساوداو
دڵۆپێكی لەو وشانەی
كە لە چاوی نامۆییدا
قەتیس ماوی!

ئەمێستا سەردەمی سامداری كۆشكێكە.. كۆشكێكی كۆتایی
ڕازاوە بە پشكۆی خواوەندی تەمووزو
ڕازاوە بە چرای خوێناویی سێكوچكەی پەیامو
ڕازاوە بە ڤیژەی هاوینو زریكەی شەوانی.

ئەمێستا ڕۆژگاری کۆشکێکە
لە چاویا نیشتمان مەییوە.
لە دەنگیا شێر ئەڕوێ و
لە بەرپێی نەهەنگیا، بەستوێتی ڕووباری
قرمزیی قوربانیی و
ئەستێرکی فرمێسکی هەڵبەستو گۆرانیی.
ئەم کۆشکە سەرەتاو کۆتایی دیارنییە.. کۆشکێکەو
وڵاتێ لە بەردو لە لەم و لە گۆشتو
لە ئێسکی قووتداوە.
دیواری لە جەستەی لەتلەتی ئاسۆیە.
پەنجەرەی لە ئێسکی شکاوی هەتاوە.
ئەم کۆشکە بنمیچی لە باسکی بڕڕاوی باخانەو
ئەم کۆشکە هەرێزی لە شەتڵی دەمارو پەنجەیەو
شوورەیەك لە ڕم و لە ترس و لە عەزیا
چوار دەوری گرتووە.
ئەم کۆشکە
دایەنی زۆڵێکی مێژووە!

چەند هەوری سك پڕیان گرتو، بردیاننە ناو ئەم کۆشکەوەو نەهاتنەوە!
چەند شنەبای گەنجیان گرتو بردیاننە ناو ئەم کۆشکەوەو نەهاتنەوە!
چەند پەڕەسێلکەی قەڵەم و چەند باراننامەیان گرتو
بردیاننە ناو ئەم کۆشکەوەو.. نەهاتنەوە.

چەند داربەڕووی کاسپیان گرت. چەند دارخورمای شاعیریان گرت
بردیاننە ناو ئەم کۆشکەوەو نەهاتنەوە..
چەند شۆڕەبی ژنیان بردوو.. چەند مامزی کچیان بردوو
چەند چەخماخەی ئەفسەرو سەربازیان گرتو
بردیاننە ناو ئەم کۆشکەوەو نەهاتنەوە!
چەند دارتەلی کرێکارو چەند منارەی ڕیش درێژو
چەند کلاوکوڕەی ڤازییان گرتو بردیاننە ناو ئەم کۆشکەوەو نەهاتنەوە!
چەند پەپووسلێمانکەی ئاخوونو چەند ئەستێرەی ئاشوربانیپاڵو
چەند هیلالی تورکمانو چەند تاوسی یەزیدییانو
چەند شینەشاهۆی سەرخۆشو
چەند تاقتاقەکەرەی زۆر بلێو
چەند پڵنگی شۆڕشگێڕو
چەند محەمەدو چەند مووساو عیساو
چەند عومەرو چەند عەلییان گرتو
بردیاننە ناو ئەم کۆشکەوەو نەهاتنەوە
چەند خزمی نزیکی خوایان گرتو بردیاننە ناو ئەم کۆشکەوەو
نەهاتنەوەو نەهاتنەوەو نەهاتنەوە!

من ئێستا وەك جاران ناوێرم ژوانێ دابنێم
بۆ دیجلەو پێی بڵێم: دووقۆڵیی خۆرنشین
هەر لەژێر پردەکەی "ئەحرار"دا یەکتری ببینین.
ئەترسم نەبادا، ماسییەك، شەبوطێ،

جاسوس بیٚو ڕاپۆرتم لێبداو بنووسیٚ
گوایە من بە دیجلەم وتووە: ئەوەندە بۆ ئەنوویت
دە هەڵسەو هەڵبچۆ!

من ئیستە وەك جاران ناوێرم ئەوەندە نزیکی پەیکەری
ڕەصافی ببمەوەو بیدوێنم، ئەترسم نەبادا، قۆپچەیەك
لە قۆپچەی چاکەتی ڕەصافی خەفیە بیٚو کە ڕۆیشتم
ڕاپۆرتم لێبداو بنووسێت: گوایە من بە چرپە
بەو گەورە شاعیرەم وتبیٚ: وا دیارە ئێستاکە غەمباریو
وەڕسیی.. هەر بۆیە دەمێکە بیٚ شیعریو نانووسیی!

من ئیستە ناوێرم وەك جاران ناوبەناو سەردانی
سەرقەبران بکەمو بچمە سەر مەزاری چیرۆکی کوژراوم.
ئەترسم نەبادا لە پەنا کێلێکدا ڕیشۆڵە جاسوسیٚ
گویٚ بگریٚو کە ڕۆیشتم ڕاپۆرتم لێبداو بنووسێت:
بە گوێی خۆم گوێم لێبوو، شایەتم، ئەم پیاوە
کە وتی: نەمردووی تۆ ماوی! چیرۆکی خوێناویی!

من ئیستە ناوێرم –نە بەخوا ناوێرم- ئەو وەختەی
بە تەنها خۆمو خۆم. پێکەوە دانیشتین کە (T.V)یٚم
کردەوە. تۆزێکم خواردەوە. دوو پیاوە زلەکە دەرکەوتن.
هەر ئێجگار ئەسپایی، ئەوەندە ئەسپایی، کە لووتم

نەیبیسێ. پێبکەنم‌و دوو بۆڵەم لێوەبێ، ئەترسم،
ئەترسم نەبادا، دانێکی کلۆرم گوێی لێمبێ‌و
بۆ سبەی ڕاپۆرتم لێبداو بنووسێت: گوایە من
وتوومە: هەمدیسان سیسارکە کەچەڵەو شەللاتی بەر
مەیدان هاتنەوە!!

ئێمە نەوەی سەردەمی کۆشکی کۆتایین
سەردەمی (نەء) سەربڕین‌و
سەردەمی (ئا) خەڵاتکردن.
ئێمە نەوەی سەردەمی کۆشکی کۆتایین
خوێن دەم‌و چاوی شتین‌و مێژووی کوێر دەستی گرتین‌و
بەڕێی گوێزاندا ڕۆیشتین‌و ترسمان پۆشی‌و
دووکەڵمان دا بە خۆماندا.
ئێمە نەوەی سەردەمی کۆشکی کۆتایین
لە قوتابخانەی چەقۆدا فێرە خوێندەواریی بووین‌و
لە پێخەفی خۆڵەمێش‌و چقڵا نووستین.
ئێمە نەوەی سەردەمی کۆشکی کۆتایین
کە گەورەیش بووین
دڵداریمان لەگەڵ چەك‌و فیشەك‌و خەما کرد
سێدارەکان کردیانین بە ئەندازیارو
برینەکان کردیانین بە پزیشك‌و
تەلی کارەبای ناو کونەلووت‌و کونی دیکە

کردیانین بە کارەبایی‌و
هەڵواسین‌و پانکەی بنمیچ
کردیانین بە وەرزشکاری ئەتروپاتیك.
ئەو بوتڵانەی تێیان بڕین
کردیانین بە عارەقخۆرو سەرخۆش‌و،
لە هۆش خۆچوون‌و ئاوی ساردو وڕێنە
کردیانین بە شاعیری سوریالی‌و هاوچەرخ!
لە دواییشدا ئەو پشیلە دڕو برسیکراوانەی
کە گەڵو گونی هەندێکمانیان خوارد
ئەوانیش کردیانین بە ئەندام
لە کۆمەڵەی بەزەیی هاتنەوە بە ئاژەڵاندا
ئێمە نەوەی سەردەمی کۆشکی کۆتایین.

"یەکێك لەو پۆستەرە شیعرانەی کە چەخماخەی
مێژووی حەللاج بە قوڵایی ژێرزەمینەکانی کۆشکی
کۆتایی‌و بە درێژایی دیجلە لە ئاسماندا هەڵیکەندووەو
نە ئەسڕدرێتەوەو نە پڕیش ئەکرێتەوە"
لەم کۆشکەدا
مێژووی حەللاج
مێژووی ئەتك
دوو مێژوو بوون
بەینیان خشتێ

دیوارێ بوو.
پیاو هەبوو ئەبوو بە مشك.
پیاو هەبوو ئەبوو بە حەللاج
یەکەمیان وەك عزیز الحاج
دووەمیش وەکو عەسکەریی!

تۆ خاچی مار تێئالاوی
تۆ لە نێوان مارتی ئاشتیو مارتی شەڕدا
وەك گێنگڵی "کەرکووك" وابووی.
تۆ لە نێوان گمەی کۆترو لوورەی گورگا
وەك "خانەقین" ئاسکێکی حەپەساو بووی.
تۆ خاچی مار تێئالاوی
تۆ لە نێوان مارتی بەغداو مارتی شاخدا
لە چوار خولی ئەم زەمینە سەرشێتەدا:
نەورۆزی تێکەڵ بە شەختەو
ئاردی تێکەڵ بە تی ئێن تیو
تەوقەی تێکەڵ بە خەنجەرو
ماچی تێکەڵ بە ژاڵكو
هەڵپەڕینی تێکەڵ بە کۆتەڵو کۆستو
ڕەشبەڵەکی گوڵو ژانبووی.
تۆ خاچی مار تێئالاوی
تۆ لە نێوان مارتی ئاشتیو مارتی شەڕدا

سەرت تاران ئەیفڕاندو ئەیکرد بە کورسیی شابانوو
باڵت بەغدا ئەیفڕاندو ئەیکرد بە جۆلانەی کۆشك‌و
لە ناوەندا تۆ گەمیەیەکی بابردووی ناو گەرداوو
لە ناوەندا تۆ جەستەیەکی پچڕاوو
هەناوێك بووی وەکو کالیارێکی گەنیو
زەردەزیڕەی دزی شاخ‌و شارەمێرووولە تێی دابووی.

دیسانەوە باوەشی بەرد والآیە بۆ عاشقانی چاوی چیاو
دڵخوازانی پرچی ڕەزو گەردنی هەرد.
جارێکی تر باوەشی کەسکی کێوان‌و
کۆشکی بلوورینی بەفرو ماڵی ئەشکەوت
لە پێشوازیی سەر ڕێگادا
گەلاو، کلوو، گوڵە کێویلەیان هەموو
ڕاوەستاون بۆ پێشوازیی
ئەوانەی بۆ خۆشەویستیی گڵەسوورەکەی حەمرین‌و
ڕووباری ڕەشی کەرکووك‌و
بەژنی زیوینی خانەقین
هاتوون ببن بە چاو بۆ شەو
هاتوون ببن بە باڵ بۆ ئاو
هاتوون ببن بە دەم بۆ دار
هاتوون ببن بە دەست بۆ دەشت.

لەم تۆفانە گەورەیەدا

ئەو کەشتیانەی ئەنوون ئەمرن.
لەم ڕاپەڕینی خاکەدا
ئەو ڕێیانەی ئەنوون ئەمرن.
لەم بارانی قوڕقوشمەدا
بێلایەن هەر مردووەکانی گۆڕستانن.

لەم شۆڕشی جەنگەڵو دەربەندانەدا
سنەوبەری شیعرو چیرۆك
سەکۆی تاشەبەردی شانۆنامەو ئەکتەر
چرای وێنە، هاژەی مۆزیك
لەگەڵ سوارەتووکەی وشەدا ڕێ ئەکەن.
لەگەڵ ئەسپی بازیانی ڕەنگو دەنگدا کوڕژن ئەکەن.
لەگەڵ تاڤگەی بێخاڵدا هاژە ئەکەن.
قۆڵ لە قۆڵی کازیوەداو
لەگەڵ سیروان ئەکەونە ڕێ!

ئەم کۆچە تەنها هەر کۆچی پەڕەسێلکەی خەمێك نییە.
ئەم ڕەوەندانە ڕەوەندی ناو یەك هۆبەو یەك ئاسۆ نین.
ئەم دڵدارانە دڵداری یەك کانیی نین.
ئەم دەستانە تەنها دەستی جۆگەیەك نین.
ئەمە کۆچی نیشتمانە.. وەختێ کێوان ئەبن بە باڵ بۆ ئازادیی.
ئەمە سەفەری کێوانە.. وەختێ خوا ئەبێ بە کەشتیو مێژوو بە ئاو.

ئەمە سەفەری مێژووە
کە مانگ ئەبێ بە فرۆکەو لووتکەیش بە چاو!

لە مارتا چرۆو زام پێکەوە ئەپشکوێن.
لە مارتا گەڵاو خەم پێکەوە ئەوەرێن.
لە مارتا دیاردەی دژ پێکەوە ئەژینو
پێکەوە ئەمرنو پێکەوەیش ئەرسکێن.
وادەی کۆچ زەنگوولەی بەردینە.
لە ملی ئەم مانگە کەسکەدا.
هەر ڕۆژەو زرنگەی زەنگی ئەو
بۆ کۆچی گوڵێکی لێئەدا.
زەنگدارە فرمێسکی ئەم مانگە
وەك زەنگی گەردنی کارژۆلەی ڕاکردوو
زەنگدارە هەناسەی ئەم مانگە
چون زەنگی گەردنی ڕێژنەی داکردوو.
ئەمڕۆ زەنگ
بۆ کۆچی سووری مە لێدرا!
خێڵێ بووین لە وشەی ڕووناکو
بۆ کۆچی بەرەوژوور کەوتینە هەڵفڕین.
پۆلێ بووین لە مەلی قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ
باڵێکمان چیرۆك بوو.. باڵێکمان شیعر بوو.
لە پێشدا لە دارتووی مەچەکی شەقامی کاوەوە هەڵفڕین.

هەتاکو یەکەمجار بگەینە
تەلاری چەناگەی مەولەوی‌و
بۆ یادی کۆچنامەی نووسەران
بۆ یادی ڕۆژێکی لێوانلێو لە ئەوین
بگەینە هێلانەی ئەو نوورەو
بە دەنووك لە گەڵاو لە پووشووی زیویینی
ناو ڕیشی هەڵگرین.
ئەو ڕۆژە "هەڵەبجە" لە پرسەی چۆڵ ئەچوو..
یان ئەتوت ئەسپێکی بەرەڵای بێ زین‌و بێ سوارەو
لە ڕەوی کۆستێکدا بە تەنیا جێماوە.
"بیارە" وەك مۆمی کافووریی خەڵوەتی مەولانە
ئەسووتێ‌و ژێرپیاڵەی بنیشی
پڕئەکا لە نمەی یاقووتی سۆفیانە!
تۆ ئیستە "تەوێڵە" مەنزڵی بارانتەو مەنزڵی شیعرتەو
تەوێڵە خاچەکەی سەرشانتە!

تەوێڵە: لە قۆچی کەڵێکی گیرخواردووی
نێوانی دوو گاشی شاخ ئەچێ
هەتاکو برِەتێ شاخ توندتر ئەیگرێ
تەوێڵە قوڵێنەی دەمتەنگی بەردینەو
ئاسمانی لەوێوە کە دەرکەوت
ئەوەندەی نانێکە!

تەوێڵە عەشقێکی هەڵاتووی زەردەشتە
عاسییەو ڕێی نییە نە ڕاکاو دەربچێو
نە خۆیشی بۆ دواوە وەرگێڕێ.
تەوێڵە ناوقەدی پچڕاوی مەزدەیەو
کەوتۆتە نشێوی قوڵەوەو
تا ئەمڕۆیش بەردەوام
ئەو خوێنی بەهاری کوژراوی
هەر لێدێ!
چل ڕۆژە زایەڵەبارانە، چل شەوە گلێنەبارانە
چل ڕۆژە جەستەی خاك وا لەبەر
گۆپاڵە ڕەهێڵەی سزادا
چل ڕۆژە لە تۆڵەی ئەستێرەی سووتاودا
خۆر چاوی‌و خۆر دەستی لە دواوە بەستراوە.
وەك ئەڵێن: غەزەبی خواوەندی سزایەو غەزەبی
خواوەندی زستانەو، غەزەبی نەفرەتی تاریکی‌و
لە ملی ئاڵاوە. چل شەوە مانگ ونەو
هەن ئەڵێن: لای خوایەو گیراوە.
هەن ئەڵێن: وا نییەو بە سەفەر ڕۆیشتووەو
دێتەوەو ئەو ئیستە میوانی عەشقێکی دەریاچەی
خوێناوە. هەن ئەڵێن: ڕاستییەکەی، نەهێنیی
خوای بەفروبارانی بە شەوی سەرخۆشیی مانگەشەو
جاڕداوەو هەر بۆیەش بزرەو، سەرنگون کراوە.

تۆ خاچی مار تێئالاوی
تۆ ژانێکی قەڵادزێی گەشاوەیتو
تۆ ئیستاکە گوڵی دووکەڵی نیسانیو
لەبەر پێوە تا تەوقی سەر
بە ئاسۆسدا هەڵزناوی.

ئەمە نیوەڕۆی نیسانە؟!
یان نیوەڕۆی مەرگە کاتێ دووکەڵ سێبەر
ئەکات بۆ کۆست؟!
ئەمە گوڵاڵەی نیسانە؟!
یان دەستو پەنجەو دوولێوی منداڵانی قەڵادزێ؟!
ئەمە زانستگەی نیسانەو سلەیمانی؟!
یان کۆلیجەکانی خوێنو دەستی پەڕیوی نیوتنو
سەری بێ لەشی گالیلۆ؟!
ئەمە مێزەری خانییە؟! یان کڵاوێکی قوتابی؟!
ئەمە شیعرێکی نالییە پەڕیوەتە ئەم گوزەرە؟!
یان سەروڕیشی مەولەوی؟!
ئەمە هەنارو لاولاوە؟!
یاخود مەمکی حەبیبەیەو پرچەکانی عەنبەرخاتوون؟!
یان دەفتەرێکی قوتابی؟!
ئەی ئەمەیان هیوای چاوشینی گۆرانە؟!
کەوتۆتە بن ئەم بەردەوە؟!

یاخود ئەستێرکێکی مردووە؟!
ئەی ئەم عەینەکە پەڕیوەی کەوتۆتە ئەم هەرێزەوەو
دوو دڵۆپ خوێن لەسەر شووشەی چاوەکانی ئەجریوێنن؟!
عەینەکەکەی ئەنیشتاینە؟!
یان عەینەکی کێوەڕەشە؟!
یان عەینەکەکەی شێخ نووری؟!
کێ ئەیزانێ؟! کەس نایزانێ
لە سێ کوچکەیەك بەولاوە کەس نایزانێ
جگە لە خواو لە بەغدادو لە کرملین.. کێ ئەیزانێ؟!
کەس نایزانێ!
لە سێ کوچکەیەك بەولاوە کێ ئەیزانێ؟!
جگە لە خواو لە صەدامو لە برجنیف.. کێ ئەیزانێ
جگە لە خواو لە صەدامو
جگە لە خواو
جگە لە
جگە؟
کەس نایزانێ؟! کێ ئەیزانێ؟!
سلاو! برجنیف! سلاو!
سلاوی دووکەڵی نیسان
سلاوی دووکەڵی سوورم
وەختێ لە جەستەم هەڵئەسێو
گەرماوگەرم

له ئاسماندا به گەورەیی
وێنەی سەری بڕڕاوەو
دەستو قاچی پەڕیوەو
بەژنی کەرت کەرتم ئەکێشیٚ!
سڵاوی منداڵانی "دیٚ"
ئەو کاتەی لەناو کێڵگەداو له پۆلەکانی خوێندندا
دوای ڕۆیشتنی میکەکانت.. گەرماوگەرم
خوێن قوردێلەی پرچو قژو
خوێن پشتێنیان بۆ ئەبەستیٚ!
سڵاو! برجنیف! سڵاو!

سڵاوی گوڵەکوێرەکان.. کوێری دیاریت.. به سوپاسی گەڵایشەوە.
سڵاوی دارەشەلەکان.. شەلی دیاریت.. به سوپاسی چڵیشەوە.
سڵاوی ئاوە لاڵەکان.. لاڵی دیاریت.. به سوپاسی هەوایشەوە.

له دواییشدا بریجنیف له دواییشدا..
سڵاوی گۆڕستانەکان، که له بازاڕی فرۆکەو تۆپەکانتا
گەورە بوونو گەشەیان کرد.
سڵاوی پرسەو ڕەنگی ڕەش.. که له بازاڕی فیشەكو چەکەکانتا
زیادیان کردو قازانجیان کرد..
سڵاوی تایبەتی مردن بریجنیف سڵاوی تایبەتی مردن!
سڵاوی گەرمتر له ناپاڵمو

گەرمتر لە کاتیۆشاو
گەرمتر لە ئاگری سۆخۆی
کە ئەم هەموو سەرو باڵو
سنگو ڕانو
ملەقۆرتانەی منت وا..
وا بە هەرزانو بە تاڵان پێ فرۆشت
وا بە هەرزانو بە تاڵان
وا بە هەرزان
وا بە
وا!

تۆ ئیستە خاچی ژێر دەواری
وەك بژوێن تۆ پڕیت لە شەونم
لە خۆزگەو تریقەو تۆ پڕیت لە ورشەی
یاقووتی هەڵاڵەو
لە پرژەی پلووسکی ڕووناکیو
تۆ ئیستە هەر ئەڵێی شەپۆلی کەروێشکەی
ئاڵتوونیی مێرگێکی ئێوارەی ئاوداری.
تۆ ئیستە ستوونی قەڵەمو ڕایەڵی ئارامو
ژێی وژەی شەوانەی نزاری.
تۆ ئیستە لە دەشتی کاغەزدا
دێراوی بۆ پەمووی نووسینی گوڵ سپیو

تۆ ئیستە گژوگیای ڕۆژانەی
تا ئەژنۆ سەرکەوتووی هۆنراوەو وتاری.
تۆ ئیستە —ئازادیی- هۆبەتەو
کانیاوی سەرەڕێی لە کۆچی گەرمێن‌و کوێستانی
دڵدارداو، باوەشی گوڵگوڵی هەواری.

تۆ وەکو بارانی، بەردەوام
سەوزەگیاو گوڵەباخ ئەنووسیی.
تۆ وەکو "زینویّ" بی، بەردەوام
پەپوولەو وەنەوشە ئەنووسیی.
تۆ وەکو "چۆمان" بی، بەردەوام
هەر خوڕەو هەر هاژە ئەنووسیی
تۆ سەکری سەکرانی‌و بە بەفر لەسەر یاڵ
لەسەر بەرد، لەسەر هەرد، قەسیدەی فێنك‌و
ژیننامەی ئەوینی هەڵەکۆك ئەنووسیی!

هەنووکە تۆ وشەت فیشەکەو
تۆ ڕستەت تفەنگ‌و
لە گەرووی زۆزکدا سروودی بەردیت‌و
ئەنووسیی. ئەنووسیی بۆ سەری بڵندی
پیاوانیّ ئەنووسیی لەو خوارە
کە هەور زۆر نزم‌و نەوییە

بۆ بەرزی چریکەی پەیامو باڵایان.
ئەنووسیی بۆ خوێنی پیاوانێ ئەنووسیی لەو خوارە
کە بەهەشت زۆر کەمە ببێتە کەژاوەی پێشوازیی
بۆ ڕۆحی ساماڵو بۆ ژانی سووریانو
بۆ خۆری ئاڵایان.

تۆ ئیستە ئەوینت ئەوەندە بە داری عاشقو
ئاسکی دڵخوازو هێلانەی گۆرانییو
ژمارەی فەرهادو خۆزگەی سەوز پڕ بووە
کانییەك نەماوە.. چاوێکتی تیا نەبێ.
ڕێگایەك نەماوە.. دەستێکتی تیا نەبێ.
ئەشکەوتێ نەماوە.. سەرێکتی تیا نەبێ.
لاشانێك نەماوە.. شانێکتی تیا نەبێ.
گوڵجارێك نەماوە.. ماچێکتی تیا نەبێ.

ئەوەتا دەشت تەسکە بە بەری ئەم خەڵکەو ئەم وەرزە
لێرەوار وەکو دۆڵ سیخناخەو هەناسەی توولەڕێ سواربووەو
کراسی تاشەبەرد خەریکە لە بەری چیادا هەڵتەقێ.
ئەنووسیو ئەنووسیی.. کە شەو دێت تۆ بنجی پرسیاریو
چون مێخی دەوارت بە گیانتا ڕۆئەچی
کە شەو دێت هەمدیسان لاولاوی پرسیاریو
بە بەژنی گومانو پەنجەرەی خەیاڵتا هەڵئەچی.

خۆت لە خۆت ئەپرسیی
ئەشپرسی و ئەشترسیی
دەستی کۆرش ڕێگایە بۆ گوڵی میدیا یان شیرە؟!
دەستی کۆرش ڕێگایە بۆ ئەوەی هاوارمی پیا بڕوا؟!
دەستی کۆرش دە پەنجەی قولاپە لە ئاوی جەستەمدا
یان چرا؟!
دەستی کۆرش.. ماسییەو پەلکەگیا؟!
یان قرشی زەریایەو
شوێن بۆنی خوێنی من کەوتووەو هەر دێو دێو
نزیکە بگاتە پەریمو پێکەوە بمانخوا؟!

لە کۆچی ساڵێکدا، چوار وەرزی مێژووت دا
بە کۆڵی پرسیاردا. پرسیارت کلیلی بزربووی
نێوانی گەڵاڵەو خانە بوو.
لە کۆچی ساڵێکدا سەری تۆ تۆپێکی شووشە بوو:
هەموو ڕۆژ شمشێرێ ئەیخستە سەر نووکیو
بۆ گەمەی شاژنێ بە دەوری کۆشکێکدا ئەیگێڕا،
شمشێری سیحرباز لە ناکاو تۆپەکەی هەڵئەدا،
تۆپ ئەچووە ئاسمانو ئەهاتە خوارەوەو ئەکەوتە
سەر نووکی شمشێرو نەئەشکا. سیحر بوو،
ئەمجارە تۆپ ئەبوو بە کەروێشك کەروێشکیش
ڕایئەکرد بۆ باوەش شاژنو شاژنیش

قریوەی لێئەدا!
بەم جۆرە سەری تۆ تۆپێکی شووشە بوو
تا ساڵێك لە نێوان هەڵدانو گرتنەوەی شمشێردا
هاتو چوو..
تا ڕۆژێك لە مارتاو لە بەردەم پاشادا
تۆپ کەوتە خوارەوەو تۆپ شکاو تۆپ ورد بوو، بوو بە خۆڵ
خۆڵێشیان هەر بە خۆت، بە لەشی بێ سەرت، گسك دا.
شمشێریش پێکەنیو چووەوە کیفەکەی!

تۆ ئیستە بێ سەریت. لە نێوان گەڵاڵەو خانەدا بەهاری بێ سەریت
داربەڕووی بێ سەریت. بازێکی بێ سەریت. فڕینت کوێر بووە.
ئەسپێکی بێ سەریت. کوڕژنت وێڵ بووەو سمکۆڵان لە
خوێنتا ئەکەیتو بە چاوی برینت ئەبینیو بەو چاوە
ئەگریتو بەو چاوەیش تەرمی خۆت ئەبینیت.
تۆ ئیستە هەڵگوردی بێ سەریت.
دیرۆکی بێ سەریت. تۆ سەرت دوێنێ شەو بە جێبی
ئاریان هەڵاتو مارەیی خوێنەکەی وەرگرتیو هەڵاتو
لە بەفری سنووردا جێیهێشتی. تۆ سەری ڕاکردووت
پێی وتی: من ئیتر سەرت نیم. من سەری بێدەنگییم
من سەری پایانم. من ئیتر سەرت نیم. هەڕە تۆ ئازادیت
لە فەزای خوێنیندا چۆن بفڕی. هەڕە تۆ، تۆ ئیستە
سەربەستیو دڵنیای چۆن بمری!

ئەو ڕۆژانە من خاچێکی بێ سەر بوومو
بە چواردەوری خوێنی خۆمدا خولم ئەخوارد.
کەڵەشێرێکی شیعر بووم، سەرو پۆپنەی شیعرەکانم
تووڕدرا بووە سەر مەرزەکەو سەگگەلی ساواك
ئەیخواردم. لەملایشەوە منی بێ سەر هەڵئەبەزیم
دائەبەزیم. ئەشمردمو نەیشئەمردم. هەر
لەسەر مەرز من خوێنی خۆم بە با ئەدا.
با ئەیبردو بەلای ڕاستدا دیوارێکی ناو سابلاخو
بە لای چەپدا دیوارێکی ناو هەولێری پێ سواغ ئەدا.
من خوێنی خۆم بە با ئەدا. با ئەیبردو بە لای
ڕاستدا چادرێكو بە لای چەپدا چادرێکی پێ هەڵئەدا.
چادرەکان کەوڵی خۆم بوون. کەوڵی خاك بوون.
کەوڵی بەهارو نەورۆز بوون. کەوڵی کەرکووكو سنە بوون.
ئەو ڕۆژانە هەرزانیی بوو. من چەکەکەم لەگەڵ
دەسما، هەرسێکیانم بە یەکەوە ئەدا بە
یەك نانو کەباب. کەس نەیئەکڕین.
ئەو ڕۆژانە هەرزانیی بوو، شاخ ئەفرۆشرا،
شاخی ڕەسەن بە بیست تمەن. زێ ئەفرۆشرا،
زێی کەحێلە بە دە دینار. ئەو ڕۆژانە
هەرزانیی بوو، دەیان کۆنە ڕەشەبای هێزو
بەتالیۆن، دەیان پیاوی دوو زەردێنەی
ئەملاو ئەولا، لە نەغەدەو سلێمانی،

لەسەر شۆستە دانرابوون. لەسەر شۆستە
ڕیز کرابوون، تۆڵەکە بوون بە خۆڕایی،
ئەو ڕۆژانە من وەکو خۆم هەرچیم ئەدی
هەر بێ سەر بوون. من ئەگەڕام بۆ یەکێكو
سەری هەبێ کەسم نەدی. هەندێ ویستیان
قوڕەسووری ئەو بەهارە بشێلنەوە،
سەر دروستکەن بۆ خۆیانو نوێ ببنەوە،
هاتنو چوون گەورەی بێ سەر ڕێی لێگرتن.
تۆ خاچێکی بێ سەر بوویتو شانشکاوو
مەچەك شکاو گەڕایتەوە بەردەم مشار.
تۆ بێشەیەك بوویت لە دەستو لە تفەنگو
ئەژنۆی شکاو. هەموو شەوێ وەکو هەرەم
لە بەردەمی دوو فیرعەونی جل سپیدا هەڵئەچنرای.
هەموو شەوێ لە TVدا مەرگێکی نوێی
خۆتت ئەدی. بەرانبەر سەلکی بڕدراوی
شاخەکانتو بەرانبەر سەلکی بڕدراوی
خەونەکانت دائەنیشتی. خۆتت ئەدی:
پەنجەیەکت چۆن دەستێکت ئەکا بە پەنگ.
خۆتت ئەدی: قاچێکت چۆن هەموو بەژنت
ئەکا بە پەنگ. خۆتت ئەدی ئەبووی
بە تارمایی عارو خۆتت ئەدی کە خۆت
ئەخۆی. خۆتت ئەدی لەمبەرەوە وەکو

مشکی ڕشانەوەیت. خۆتت ئەدی لەو
بەرەوە ڕاپۆرتێکی دارقەنارەییت. چیات
ئەدی پشتێنی خۆی لەملدایەو دیل کراوەو
هەردوو دەستی هەڵبڕیوە بۆ سەرەوە.
چیت نەئەدی! کێوت ئەدی بەو زلییە
ملپان ملپان هاتۆتەوەو لەناو مەیدانی
شارێکدا دانیشتووەو پێڵاوی دارخورمایەکی
خەڵکی عۆجە بۆیاخ ئەکا. داربەڕووی گەورەت
ئەبینی، ملپان ملپان. هاتۆتەوەو،
لە چیمەنی یانەیەکدا بە فیکەفیکی جرجێکی
خەڵکی "تکریت" سەما ئەکاو قنگ بائەدا،
چیت نەئەدی! تۆ خاچێکی بێ سەر بوویتو
بە دوو باڵی بێ پەڕەوە، لە گێژەڵووکەی
هەرەسدا ئەخولایتەوە. کۆستێك بوویتو
بینت ئەگرت. ئەبووی بە گریانی ئاوو
ئەبووی بە ژانی ئەم خاکە بێوەژنەو لەوسەر
لە مەرزی خانەوە هەتاکو "دووز" تەپاوتلی
مێژوویەکی سەربڕاو بوویت هەموو شەوێ
ئەتلایتەوەو ئەتلایتەوە!
تۆ ئیستە بەردەوام ئێوارەی سەرخۆشیو
لە بادەی نوشوستی ئەنۆشیی.
پێش کورسیو پێش پەرداخ تۆ لەسەر مێزەکەیت!

چی ئەکەیت؟! کە وەختێ شاخ لە جێی خۆیەوە
کەم ئەکاو کەم ئەکاو تا ئەبێ بە بزنێو ڕائەکا.
چی ئەکەیت؟! لوتکە خۆی بە پێی خۆی بچێتە
دۆڵەوەو سەری خۆی بە ڕەژوو داپۆشێ؟!
بەرەو دوا ئاو بڕواو
باهۆزیش سەری خۆی هەڵبگرێ؟!

ئەتەوێ تۆ چۆن بی؟!
بە پانیو درێژی هەزاران فرسەخی چوارگۆشەی بەردو دار
هەزاران فرسەخی ئێسقانی ڕۆژگارم
لاسکێ نەبینی بە بەرزی دوو ملیم
بڵێ من: ئەی عەشقی ڕاونراو، ئەوێرم
حەرفێکت حەشار بەم گەر هاتی؟!
ئەتەوێ تۆ چۆن بی؟!
کە فرمێسك قەدەغەی هاتوچۆی لەسەر بێو
بڕواتو بچێتە سەر ڕوومەت.. بکوژرێ!
کە ستران قەدەغەی هاتوچۆی لەسەر بێو
ڕێگاکەی درێژ بێو بە بوولێڵ بگاتە ناو قژی
یارەکەت.. بکوژرێ!
کە شیعرێ کۆتری نانەوای گەڕەك بێو کازیوە
هەڵبسێو لە دەرگای ماڵ دەرچوو.. بکوژرێ!
کە کۆترێ پۆستەچی هەتاوو سێبەر بێ.. ئێوارە

هەر تۆزێ درەنگ بوو، نەگەیشتەماڵەوە، لە ڕێگە بکوژرێ!

ئەتەوێ تۆ چۆن بی؟!
تۆ بادەی نوشوستی ئەنۆشیو
بەردەوام خەمێکی سەرخۆشیی!
سەرخۆشبە! بۆئەوەی سەری خۆت لە شوورەی
مسینو ژەندرمەی ئەم عەقڵەو لە سنوور قوتارکەی!
سەرخۆشبە! بۆئەوەی سەری خۆت بدەیتە دەست
خەونو لە خەونا ئەتوانی چارۆگەی خەیاڵی بێ سنوور هەڵبدەی!
سەرخۆشبە! وەکو مانگ سەرخۆشبە ئەوکاتەی
بۆ مەرگی ئاسۆیەك.. ئێواران خوێناوی ئاوابوون ئەنۆشێ.
سەرخۆشبە! چون زەریا سەرخۆشبە ئەو کاتەی
بۆ مەرگی "مانگ"ێکی ئێواران خوێناوی ئاوابوون ئەنۆشێ!
سەرخۆشبە! وەك دووکەڵ سەرخۆشبە ئەوکاتەی
خوارو خێچ ئەڕواتو بۆ مەرگی باخێکی ئێواران
خوێناوی ئاوابوون ئەنۆشێ.

سەرخۆشبە! وەکو هەق سەرخۆشبە ئەوکاتەی
بۆ مەرگی وەجدێکی ئێوارەی مەولانەی، ئێواران
خوێناوی ئاوابوون ئەنۆشێ.
سەرخۆشبە! وەکو ئەرز سەرخۆشبە
ئەوکاتەی بۆ مەرگی وەرزێکی خول ئەخوا

بە دەوری ئاگرداو خوێناوی ئاوابوون ئەنۆشێ.

کە ئەچیتە ناو قووڵاییو بن بادەوە.. سەیر ئەکەی
ئەم دنیایەو سیاسەتو ماسی بۆگەن وەکو یەکن.
کە ئەچیتە ناو قووڵاییو بن بادەوە.. سەیر ئەکەی
قاچاخخانەو قومارخانەو هۆڵی UN وەکو یەکن.
کە ئەچیتە ناو گەرداوەکەی مەیەوەو سەیری ئەکەی
کوردستانو کاولستانو دۆزەخستان وەکو یەکن
کە خۆت ئەدەی بە دەم لێشاوی بادەوەو سەیری ئەکەی
خۆتو گەمیەیەکی وێڵو مێژوویەکی سەر ئاوکەوتوو
وەکو یەکن.

تۆ چی ئەکەی؟
تۆ ئیستە نەفرەتی بەفرێکی ژێرکەوتووی
تۆ ئیستە لە کیفی شیرێکدا پاڵکەوتووی
کە سەری بڕڕاوتی لەلایە.
تۆ ئیستە لە ژووری پەتێکدا دانیشتووی
سێدارەی گۆرانیو شیعرتی لەلایە.
چی ئەکەی؟
شەوێکە سنەوبەر ڕائەکاو بە پێی خۆی
ئەچێتە تابووتی خۆیەوە!
شەوێکە ئەستێرە بە پێی خۆی ڕائەکاو

ئەچێتە ناو تۆڕی خۆیەوە!

شەوێکە باپووسکە بە پێی خۆی ڕائەکاو
ئەچێتە زیندانی خۆیەوە!
شەوێکە ترووسکە بە پێی خۆی ڕائەکاو
ئەچێتە ناو گۆڕی خۆیەوە!

ئەی خاچی دووباڵی گریانو
ئەی خاچی بێ سەرو بێ شاخو
ئەی خاچی نیشتمان خۆڵەمێش.
تۆیش ئەبێ بە پێی خۆت ڕاکەیتو
بچیتە مەنفاکەی خۆتەوە!

ئەمە کۆچی ڕەشی یارەو ئەمە کۆچی
پووشو پەڵاشی مێژووەو
ئەمە کۆچی کاروانسەرای یادگارەو
کۆچی کۆچەو
هاوینەو خێڵ بەرەوخوارە!
وا ئیستەیش لە شێوەی سەرابو دووکەڵی پەرتپەرتا
بەرەوخوار، مەراقی پێشەنگت لاوازو قژبژن. شپرزە،
تێکەڵە لە ڕەنگی پەڕیوی بەرزەردی مەولانەو
لە مۆردی وەریوی ڕیشەکەی ئەزمڕو

له پێڵووڕێزانی سەفەری ئەم وەرزە.
بە تەنیا تۆ ئەڕۆی هەر خۆتو جانتایەك بەرەوخوار.
کەچی تۆ چاوانت پڕن لە: دێهاتی فرمێسكو
لە نالیو لە حاجیو
جانتاکەت پڕە لە: دەربەندی زریکە.
بە تەنیا تۆ ئەڕۆی هەر خۆتو جانتایەك بەرەوخوار.
کەچی تۆ ناو گەرووت پڕە لە بارانی کوژراوو
لە بەردی گریاوو، جانتاکەت پڕپڕە
لە وردە دڵۆپی خنکاوی باڕێزە.
بە تەنیا تۆ ئەڕۆی هەر خۆتو جانتایەك بەرەوخوار
بەڵام تۆ گیرفانی سەردڵت کەرکووکی تێدایەو
باخەڵت پڕە لە دەریاچەو دارگوێزو دار چوالەو
جانتاکەت پڕە لە گردۆڵکەو لە وەردو
دوا شیعری ناو سەریش جمەی دێ:
لە قاسپەی کۆچکردووی دوانامەی نێوانی شارو شاخ.
جمەی دێ لە بارەی کارژۆڵەی ناو زیلی دابڕاو
لە دایکیو، جمەی دێ لە زرەی بازنی
شکاوی دەستی باخ!
جمەی دێ لە کاڵێو جمەی دێ لە بڵباس.
جمەی دێ لە ڕیشی مام وەیسی پڕ لە تف
جمەی دێ لە نووزەو کڕووزەی تەشیەکەی خاوەرو
جمەی دێ لە قیژەی گوڵەکەی کاکەلاس.

دوا شیعرەو جمەی دێ..

جمەی دێو جمەی دێو جمەی دێ:

لە وردە ئاوێنەی شکاوی سامالْمو

لە هارەی وردوخاش بوونی ڕەنگ

لە هارەی وردوخاش بوونی دەنگ:

جمەی دێ لە بۆڕەی گابەردی، کوژراو بە: تی ئێن تی.

جمەی دێ لە نالەی لاپاڵی لاق پەڕیو

جمەی دێ لە زیکەی لاسكو لە جووکەی بنچكو

جمەی دێو جمەی دێو جمەی دێ

لە مەرگی ڕەنگاوڕەنگ.

ئیستاکە تۆ بۆیە هێند وردی

ئەشکەنجە بێژنگی زامت بوو.

ئیستاکە تۆ بۆیە هێند تەڕی

گریان خۆی ماڵت بوو.

ئیستاکە تۆ بۆیە ئەوەندە خول ئەخۆی

گێژەن خۆی باڵت بوو.

ئیستاکە تۆ بۆیە ئەوەندە سەرخۆشی

بادە خۆی یارت بوو.

ئیستاکەیش تۆ بۆیە ئەوەندە عاشقی فوراتی

چونکە تۆیش سیروان بووی سەردەمێو

لە هەمان سەرچاوەی

عەشقەوە ئەهاتی!

ئەم غەمگینە! فوراتە یان چارەنووسی لێڵی دایکم
سەربەرەوخوار ئەبێتەوە؟! یاخود مێژوومەو ڕاوئەنرێ؟!
ئەم خەمبارە! فوراتە یان شاخە شیعری مەراقێکەو
تواوەتەوە؟! یان لاوکەو شل بۆتەوە؟!
یان باڵاگریانی خوایەو بە ناو گیانی مندا ئەڕوا؟!
ئەم ئاوە ئەرخەوانییە، هی جەستەی خۆڵەسوورەکەی لای مەرعەشە
ئەو وەختەی باران باوەشی پیائەکاتو توند ئەیگوشێ؟!
یان سترانی دارگێلاسە ئەو وەختەی ئەبێ
بە عەشقی ئاڵی وەرزو خاك ئەینۆشێ؟
ئەم ڕۆیشتنە بە پەلەیە هی فوراتە؟! هی شەپۆلە؟!
یان ئەمە غاردانی ڕەوەجوانووی ژانەو
لۆقەی قوڕو لیتەی کۆستەو بازدانی ناسۆری
لەو سنگ کوتانی هەڵپژانە؟
ئەم سامدارە پێچاوپێچە! ڕووبارەو ناوی فوراتە؟!
یان مارەکەی لە خاچ ئاڵاوی جەستەمەو ڕێی نەهاتە؟!
تۆ فوراتی! تۆ ئاوێزانی مەراقیو
لە نەوەی ڕێگەی نەهاتی!
ئەوەتەی هەی تۆ سۆراخی گەورەی ئاوی
تۆ بەردەوام ئەو پرسیارەی
ئەڕژێیتە گوێی بوونەوە

تۆ خۆت شوێنیو تۆ خۆت کاتی.
تۆ فوراتی.. تۆ منی وەختێ ئەهەژێی
لە لێڵبوونتا، تووڕەبوونم، پەستیم،
ڕقم ئەنووسیتو لە ئارامتا: خاوبوونەوەم
ڕوون بوونەوەم ناو لێئەنێی!
تۆ منی وەختێ کۆچ ئەکەی.
منیش تۆم وەختێ کۆچ ئەکەم.
کە پێکئەگەین لە یەکتردا ئەتوێینەوە
هەردووکمان هەر تینوێتینو
یەك یەکتری ئەخۆینەوە!
ئەی دەستی هەمیشە تەڕم.. بە هەوری کۆچ..
ئەی قژی هەمیشە تەڕم.. بە دڵۆپی ئاوارەیی.
ئەی وشەی هەمیشە تەڕم.. بە شەونمی بێهوودەیی.
من لە کەنار نزیکترم بە تۆ.. تۆیش لە شیعر نزیکتری بە من.
من لە بەهاری وەریندا هاتووم بۆ لات. من بە نیازم
شەپۆل شەپۆل بتنووسمەوە. من بە نیازم
چەندین عەشقی لەناو قوڕدا خنکاوی تۆ، چەندین
تەرمی پێکەنینو جوانەمەرگی ناو دەنگی تۆ. بدۆزمەوە!
من لە بەهاری وەریندا هاتووم بۆ لات.
من لە کەنار نزیکترم بە تۆ.. تۆیش لە شیعر نزیکتری بە من.
ئەی هاوڕێ! ئیستە ماندووم.. تازە هاتووم
ئەی هاوڕێ! تۆ فرمێسکێکی درێژو

شیعر هاژەو

منیش وشەو

لە نێوانی هەردووکتاندا وا بە نیازم تۆزێ بنووم!

ئەخەوی‌و ئەو خەوە ماندووەت بەستێنەو

وەك شەپۆل ناوبەناو لێی بدات. تەڕ ئەبی.

ئەخەوی‌و شمشاڵی ئاوی شەو "جیکۆر" و گۆرانیی

دوا باران پێکەوە ئەژەنێ.

ئەخەوی‌و لانکەی ئاو وەك تاسەی هەڵچوون‌و داچوونی

فورات خۆی.. ئەتبات‌و ئەتهێنێ.

ئەخەوی‌و لە خەوتا تۆ هێشتا هەر لەولای

هەر "زینوێ" چراتە

تۆ هێشتا هەر لەوێی. پلووسکی بەفراوی کاوانی‌و

هەتاوی کەنەفت دێ‌و دەم ئەنێ بە چۆڕەی ملتەوەو

ئازادیی باڵاتە.

لە خەوتا تۆ هێشتا هەر لەناو بریسکەی بەفردای

بە زیوی مانگەشەو ئەنووسی‌و

باوەشت پڕ ئەکەی لە وردە ئاوێنەی تریفەو

دواتریش لە بەردەم دۆڵێکی تاریکدا ڕۆی ئەکەی!

هەر لەوێی. ئەو ڕۆژە ئەبینی. ئەو ڕۆژە دێتەوە،

تیا مردیت. ئەو ڕۆژە دێتەوە. ئەو ڕۆژە ئەبینی

گالیسکەی دزانی: سەرومل، دزانی چاوو گوێی،

فرۆشگای ناو پێنجوین
گالیسکەی مەرگی خۆت:
لە داری تابووتو لە تەختەی پرسەتو
لە خاچی جەستەت بوو.
ئەو ڕۆژە ئەبینی ئەو ڕۆژە دێتەوە تیا مردیت.
ئەو کاتەی کە مەمکی ئازادی ئەفرۆشرا بە دوو توور
لە خەوتا تۆ هێشتا هەر ماوی‌و
هەر پڕی لە خۆزگە.
لە خەوتا تۆ هێشتا هەر هیوای
هەر پڕی لە جۆگە.
گەواڵەی ئەم خەوە کابینەی هەورێکە هەر ئەڕواو
لە ناویا تۆ نووستوویت
ئەو کاتەی هەڵئەسی ئەزانی: نەماویت
ئەزانی تۆ مردوویت!
کاتێکە کە عوجاج ئەبارێ‌و
کە لقی دارخورماو کە قوللەی مەخفەرێ‌و
پۆلیسی بیابان ئەپرسن
لە کوێوە تۆ هاتوویت؟!
فورات نەبێ من لم ئەمخوات.
فورات نەبێ نامۆیی چۆن داڵدەم ئەدات.
فورات نەبێ تەنیایی چۆن ئاوی شیعرو
خەمم ئەدات؟!

فورات نەبێ ئەم مەراقە شۆخو شەنگە
ئەم کچی پاشای فرمێسکە
لە کوێوە حەز لە من ئەکات؟!
فورات نەبوایە چۆن ماسیی، ئەهاتنە ناو
سەرچناری مەنفامەوە؟!
فورات نەبوایە دارخورما کوا ئەمناسیٚو
قەتێی سەحرا چۆن ئەهاتە مێرگەپانی
نیگامەوە؟!
فورات نەبوایە گۆیژە کوا مەلەوانەو
خاكو خۆڵم لە تەشتێ ئاودا ئەخنکا!
فورات نەبوایە هەموو ڕۆژ چۆن ئەمتوانی
نەورەسی عەشقی کۆچکردووی چاوی وانم ببینمو
ئەویش هەموو ئێوارەیەك لەناو سنگما
شەقژن بکا!

هاوڕێیان!
فورات نەبێ چاوی ئازارم کوێر ئەبێ
کە ئەو چاوەیش نابینا بوو
ئیتر شیعرم چۆن ئەتوانێ لەم دوورەوە
یەکە یەکە گوڵی ژانو ڕەنگی کۆستو
جووڵەی خەمتان بەدیی بکات! هاوڕێیان!

"بەغدادی" ئەشکەنجەی قوڕاویی فوراتە. مەرکانەی

بەختێکی لیخنەو بەغدادی وەرزی ساڵ لە ناویا
زەردوویی هەژاریی گرتووە. بەغدادی ئاوێکی مل
کورتەو دەمی ئەو ناگاتە ئەم عەردە ڕەنگ زەردە،
گەر (ناعوور) نەیخاتە سەرشانی. بەغدادی
کوختێکی سەرەڕێی نێوانی سەرەتاو کۆتایی کۆچێکە.
بێژنگی سەفەرەو دڵۆپی هاتوچۆی مانەوەی
قەت پێوە بەنگ نابێ. ئەو وەختەی تەماشا
ئەیگاتێ ئەو وەختەیش جێی دێڵێ. بەغدادی
شاعیری ماسییەو نووسەری دارخورماو بەلەمی
تەنیاییو نانێکی برسییە: بەغدادی.
من لێرە لە ڕستەی قرتاوو
لە مەلی یەك باڵو
لە ئەڵقەی عاسیبووی ناو پەنجەو
لە شەوی بەختێکی وێڵ ئەچم.

تۆ خاچی مار تێئاڵاوی
تۆ ئیستاکە لی کەناری قەسیدەیت.
ئاوی شلوێی ناو خەویتو
سەحرای یادو و
تەپوتۆزی شپرزەییو
هەڵچوونو داچوونی چۆمی
ناو گومانی

**تۆ ئیستاکە سەراب ئەکەیتە بەر خۆتو**
**نائومێدیی ئاودامانی!**

**ئا ئیستە زەمانی ترسێکی قۆچدارە، زەمانێ**
**شمشێرو سێدارەی تیا ئەڕوێ، زەمانی ترسێکی**
**خمخۆرکو مردنی چڕوپڕ. بەم بێشەی چیمەنتۆو**
**ئاسنەدا هیچ تیشکێ ناتوانێ، ئەستووریی**
**زەبروزەنگ ببڕێتو بێتە ژوور. زەمانی نەهەنگەو**
**قوتدانی شاخو داخ، قووتدانی شارو دێ، زەمانی**
**هاتنەوەی "دەیناصۆر". تۆ ئیستە ناوبەناو،**
**ئازارت وەك جانتا هەڵئەگریو ئەڕۆیتو سەر**
**ئەدەیت لە دیجلە. ئەچیتە پایتەختی**
**ترسەوە. هەنووکە، دیجلە وەك پشیلەی دەستەمۆ**
**ماڵییەو لاملی هەڵئەسوێ لە ملی دەیناصۆر،**
**بێ فزە، کڕە چون، شەقامی بەزیوو، بێدەنگە**
**بێدەنگە وەك تەرمی زۆر حیزب. ئەچیتە**
**پایتەختی ترسەوە: ئەبینی: ئەم شارە گەورەیە،**
**کۆیلەی خەساوەو، ئەسپێکی مل پەڕیو.**
**ناو بە ناو ئەچیتە مەیخانەی ناوسەری بەغداوە**
**هاودەمی مەرگی خۆت ئەبینی. هاودەمی ئەم کۆچەت**
**ئەبینی. هاوڕێی برینو قەسیدەت ئەبینیو**
**پێکەوە: سەرخۆشیی وەك شووشەی بەتاڵو**

ڕۆژنامەی دڕاوی سەر دیجلە ئەتانبا. ئەتانبا
بۆ دوورگەی بێهوودەی دابڕاو لە دنیا، دابڕاو لە
زەمان، دابڕاو لە جێگا، دابڕاو لە مانا، پێکەوە
ئەچنە ناو جیهانێ: کە نەوەی کەس نییەو
بێ نەژاد. بێ ڕەنگەو بێ ڕەگەو بێ سەرەو،
پاشاکەی (سیزیف)ەو بەردەکەی پەیامەو
بۆشایی ئاواتەو سەرەنجام هیچەو هیچ!
سەرخۆشیی ئەتانباو ئەتانبا. بۆ دوورگەی
بێهوودەی دابڕاو لە دنیا. تف ئەکەن لە بوونو
لە زەویو لە ئاسمان، تف ئەکەن لە مێژوو، لە
خۆتان، تف ئەکەن لە شیعری عاقڵو بە پێوە
ئەچنە سەر سنووری قافییەو میز ئەکەن بە شەوی
خەیاڵی ڕۆمانسیو بە شەپقەی ئاغری پەخشانو
بووز ئەکەن بە وشەی ئارامو مەنگەوەو
یاخیبوون ئەکەنە ناونیشان!

تۆ ئیستە لە وەرزی سێدارەی وڵاتدای.
هەموو ڕۆژ ملێکو دوو ملو سێ ملت، پرشنگن
ئەوەرێن. هەموو ڕۆژ سەرێکو دوو سەرو
سێ سەرت ئەستێرەن ئەکشێن. تۆ ئیستە
لە وەرزی سێدارەی وڵاتدای. ئەم وەرزە
بە پیتەی مەرگی تۆ، هەزاران گەردنی

گەشاوەی گرتووە. ئەم هێشووی سەرانە
وەك بۆڵی گەییوی دارمێوێ تووڕەکەی
ڕەش ڕەشیان لە سەریان بەستووە. پەل‌و
پۆی سێدارە بڵاوە. پەتی دەس سێدارە،
درێژەو ئەگاتە گشت ماڵێ. گشت کونجێ.
ئاهەنگی سێدارە لە موسڵ‌و لە بەغدا تایبەتە
بەوانەی کە زاوای ئازادیین، ئەو وەختە
ژن دێنن، ئەو وەختە شووئەکەن کە ئەبنە
قوربانیی. ئاهەنگی سێدارە، بەردەوام مل ئەکا
بە شمشاڵ. بەردەوام کەڕەنا بە سەری
بڕڕاوت ئەژەنێ‌و فووی کۆچی کۆتایی پیائەکا.
تۆ ئیستا لە وەرزی سێدارەی وڵاتدای، ئەم
وەرزە بە پیتە بەرهەمی گوڵ هێرۆی گەردنت
ئەژمێرێ‌و ئەیانکا بە پەتی یادەوە. تۆ ئیستە
لە خشتی گەردنت دیوارێ هەستاوە، ئەوەندەی
دیواری دەرەوەی کۆشکەکەی کۆتایی بڵندە. تۆ
ئیستە لە وەرزی سێدارەی وڵاتدای. تۆ
بەژنی ناو هەوای بە پێوە لەسەر "با"
وەستاوی. تۆ ئیستا نیشانەی سەروملی سوڕمانی
ئاسمانی. نیشانەی فرمێسکی نیشانەی پرسیاری لە چاوی
یەزدانداو تۆ ئیستا ڕۆژانە گۆرانی‌و سروودی
خنکاوی. تۆ ئیستە ئەشکەنجەت لە عیسا

قوولّتره. تۆ ئیستا خاچێکی کە ئەفڕی
بۆ ئاسمان بە باڵی سووتاوو بە لاقی قرتاوو
بە پەتی ملەوە ئەچیتە بەردەم خوا!

لێرەوە تۆ قاقای قەنارە ئەبیسی ئەو وەختەی
کە "سیانیان" یەکەمجار مردنیان بەرەو خوار
هەڵبڕی. لێرەوە تۆ قاقای قەنارە ئەبیسی
ئەودەمەی یەکەمجار لە بەردەم سێ کێوی
مرۆڤدا ترس‌و لەرز هەڵلەرزی. لێرەوە تۆ
قاقای قەنارە ئەبیسی ئەو دەمەی یەکەم
جار ئەڵقەی پەت: گاڵتەی کرد بە مەرگ‌و
بە جەللاد پێکەنیی. لێرەوە تۆ قاقای قەنارە
ئەبیسی ئەو کاتەیش تۆ بە تیشك
بە خامەی شەفەق‌و بە چوکڵەی ئەستێرەو
بە پەنجەی ڕێژنە بەربەیان ئەنووسیی.
لێرەوە تۆ شیعری زانەوەی بەردی نوێ‌و
زانەوەی قەندیل‌و شاخ‌و داخ ئەبیسی.
لێرەوە گوێت لێیە: سەرلەنوێ کە نالیی
هۆرەی دێ‌و لێرەوە گوێت لێیە: چی
ئەڵێ: مزگێنیی کاوانی مەولەوی.

ئەمە هەستانەوەی بەردی گۆڕە؟!

یان باڵگرتنەوەی خۆڵەمێش؟!
ئەمە لە دایکبوونەوەی نوێی سیروانە؟!
یان سەرلەنوێ شین بوونەوەی
مێرگەکانی دەستو پەنجە؟!
ئەمە گەڕانەوەی مەحاڵی دووکەڵە
ببێتەوە بە مەزراو باخ؟!
یان هەر وزەی خوا خۆیەتیو
ئەمجارەیان دابەزیوەو بووە بە شاخ؟!
ئەمە خەونی بزڕکاوی خاچەکەمە؟!
وڕێنەیەکی شیعرە ئەو وەختەی
کە لەرزوتای ترس ئەیگرێ؟!
یان زرنگدانەوەی گوێچکەی
ژوورەکەمە، ئەو کاتانەی نائومێدیی
زرنگەی دێو ئەبێ بە هەزار وردە ئاخ؟!
ئەمە هەڵسانەوەو یەکگرتنەوەی
پارچەپارچەی جەستەی ئەسپە کوژراوەکەی منە؟!
یان هاتنەوەی سەری خۆمە بۆ لای لەشمو
جارێکی تر ڕاستبوونەوەی
پشتی قەمووری مێژوومە؟!
خەو نییە. وا ئیستە ئەبینی: چۆن پۆلێ فەرهادی
کێوی نوێ. لە عەشقی شین باوی شیریندا ئەفڕنو
بە دەنووك لە بێستوون سەختتر کون ئەکەن.

خەو نییە. وا ئیستە ئەبینی: کە بەفر ئاگرو،
گۆرانیی برینو ئازادیی، قوربانیی لە باوەش گرتووە.
خەو نییە. وا ئیستە ئەبینی: دارخورما لەسەری
نەهەنگدا ڕوواوەو جۆگەیەك لە ئاوی سەرچاوەی
گیڕاوم بەربووە.

بەژنی خوێن بەرزترە یان بەژنی شیعر؟!
دەنگی خوێن گەرمترە یان دەنگی شیعر؟!
کێ گەورەیە؟! ئەوەی مەرگی خۆی ئەخاتە
جامانەوەو گرێی ئەداو ئەیداتە دەست
گوڵو بەفر؟! یاخود ئەوەی شیعر ئەنووسێو
وەکو دیاریی چەپك چەپك ئەیداتە دەست
گوڵو بەفر؟!
گەر ناوێری جەستەت بکەی بە ئاسکێو
سەریبڕی بۆ قوربانیی.. خۆ ئەتوانی
شیعرت بکەی بە قوربانیی!
گەر ناتوانی خوێنت بدەی بە عەشقێکی
تینووی ئەمڕۆ.. خۆ ئەتوانی
هۆنراوەت بکەی بە کانیی.
گەر ناوێری سەرکەویتە سەر سێدارەو
یەخەی مردن ڕاوەشێنی. خۆ ئەتوانی
شیعرت بکەی بە پێپلیکە بۆ بەیانیی.

گەر ئەترسیی تۆ برۆیتو بەفرو کرێوەی سەر قەندیل
ڕۆژێ ڕەقت بکاتەوە.. خۆ ئەتوانی
هەر لێرەوە شیعرت بکەی بە چیاو شاخی گۆرانیی.
لەم وەرزەدا تۆ چی ئەکەی؟!
کە شەڕ شەڕی دەستەویەخەی.. عەشقو تەورە.
کە شەڕ شەڕی دەستەویەخەی.. خاچەکەتو یەهودایە.
کە شەڕ شەڕی دەستەویەخەی.. شمشێرو بەردی چیایە.
من وەکو گوڵێکی کێویلە ئەچمە پاڵ ڕەوەزو
شیعری خۆم ئەنێرمە ئەو کەژەو
لایەنی بەرد ئەگرم!
من وەکو ڕێحانە ئەچمە لای ئەو وەردەو
شیعری خۆم ئەنێرمە ئەو دەشتەو
لایەنی ئاو ئەگرم!
من وەکو باڵندە ئەچمە لای ئەو کەلەو
شیعری خۆم ئەنێرمە ئاسمانو
لایەنی ئاسۆگەو
فڕینی بەرز ئەگرم.
تۆ خاچی مار تێئاڵاوی
تۆ ئیستاکە بە نەهێنی زەردەخەنەی
گوڵەکانی ناو ئەشکەوتیو
بە نەهێنی ماچ ئەنێری بۆ قەندیلو
بە نەهێنی نامەی دەربەند وەرئەگریتو

به نەهێنی چرپەی داری‌و
به نەهێنی ئەباریت‌و
به نەهێنی گڤەت دێت‌و
تۆ ئیستاکه له سەرەوە: دەفتەرە دەشتی خامۆشی‌و
قەڵەمێکی سەرکزیت‌و
له ژێرەوەیش کارێزیت‌و جۆگەی شیعری‌و
هاژەی نامەو نەهێنیی خوڕەی سێلاوی!

له شاری ترس‌و بیمەوە. لەناو خودەی ئاسنین‌و
بەناو گەمارۆی دڕکەزی‌و لەناو چاوی شمشێرەوە
به مابێنی دەمه تێغی ڕیزکراوو، به مابێنی پاردەکانی
سێدارەدا، له بێشەلانی نێزەوە، بەناو دارستانی
گڕدا. خۆشەویستیی وشەی شەیدا، خۆشەویستیی
شیعرو چیرۆك. ئەبن به بای وەشت‌و باڵدار
ئەبن به نامەی شەقام‌و له بوولێڵدا ئەبن به
قومقمۆکەی له خاك چوو، له وێڵەدەرو گۆیژەوە
ئەپەڕنەوەو ئەگەنه ناو خێڵی دڵدار.
لەم وەرزە سوورەدا
که شیعر تێکەڵی گڵ ئەبێ.. هێند نابا ڕووەکێ ئەڕسکێ
ئاڵ ئاڵه.. نه دەنکه هەنارەو، نه گوڵی ژاڵەیەو
نه گێلاس
ئەم بنجه تازەیه ئەو وەختەی بەر ئەگرێ

بەرەکەی تێکەڵە لە چێژی ئازارو
لە چێژی ئەوینو
بە شێوەیش هەر لە دڵ خۆی ئەچێ!

لەم وەرزە سوورەدا
کە چیرۆك تێکەڵی خاك ئەبێ.. هێند نابا ڕووەکێ ئەڕسکێ
شین شینە نە گوڵە وەنەوشەو
نە گوڵە مێلاقەی شین باوەو
ئەم بنجە تازەیە.. چێژەکەی تێکەڵە
لە چێژی مەراقو
لە چێژی فرمێسكو
بە شێوەیش هەر لە چاو خۆی ئەچێ!.
لەم وەرزە سوورەدا
کە سروود تێکەڵی بەرد ئەبێ هێند نابا ڕووەکێ ئەڕسکێ
مۆر مۆرە
نە گەڵای ڕێحانەو نە مۆردەو
نە گوڵە هێرۆیەو بەرەکەی تێکەڵە
لە چێژی زیندانو
لە چێژی هاوارو
بە شێوەیش هەر لە –دەم- خۆی ئەچێ!.

تۆ شیعرت نەکرد بە تەیری
ناو قەفەزی زمانێکی کلۆم کراو لەسەر ئاسمان

تۆ باڵی فڕینت نەبڕی
تۆ دەنووکت نەقرتان و
تۆ مردارت نەکردەوە.. وەکو کردیان.
تۆ شیعر ناکەی
بە هێلکەی پیسی زمان..
تۆ شیعر ناکەی بە لاکی مانای تۆپیو
بۆنی بۆگەنکردووی ڕستە بەرنادەیتە
ناو ڕۆژنامەو ناو گۆڤارو لووتی هۆڵ و
لووتی دیوان!

تۆ شیعرت بووە بە تەتەر وڵاتی ئەوین تەی ئەکا
بەیانیان زوو دیاریی کازیوە وەرئەگرێ و
ئێوارانیش پۆستی خۆرنشین لۆك ئەکات.
تۆ شیعرت بووە بە تەتەر وڵاتی ئەوین ئەگەڕێ
لە کوێستانێ هەور ئەخاتە ناو زەرفی ساماڵەوەو
بۆ دەشتێکی گەرمەسێری دووری ئەبات.
نامەی ئەم لوتکە ئەداتە دەس ئەو لوتکەو
هەموو ڕۆژێ بارانەماچ دابەش ئەکات.
تۆ شیعرت چۆتە ناو دڵی ئەم خاکەوە
بۆیە وەختێ گەنم ئەڕوێ و باڵائەکا
لە گوڵێکدا دەنکێ وشەی تۆی هەر تیایە.
تۆ شیعرت چۆتە ناو خوێنی ئەم خاکەوە
بۆیە ئەو وەختەی کارێزێ ئەتەقێت و

ئاو سەرئەکا..

لە جامێکدا قومێ شیعری تۆی هەر تیایە!

بۆ ئەم وەرزە. شیعرت کردووە بە هەگبەی کۆڵەپشتو

بە وردە نان. شیعرت کردووە بە ئاوی ناو مەتارەو،

بە دەنکە نوقڵی ناو گیرفان. بۆ ئەم وەرزە شیعرت

کردووە بە گونیەی پەردەی دەرگاو بە لەتە ئاوێنەی

ڕیشتاشینو بە قەڵەمبڕو بە پیلو بە لایتی

دەستی شەوان. بۆ ئەم وەرزە شیعرت کردووە بە

کڵاو، بە کلێتەی گولونکەدار. بە گۆرەوی پووزەوانەو

بە قەمسەڵەو بە بەفرماڵو بە کەپری هاوینانو

بە ڕادیۆیەکی بچووکی ئاریەل شکاو. بۆ ئەم وەرزە

شیعرت کردووە بە زۆپای سوورەوەبووی زستانانی

مزگەوتی دێو شیعرت کردووە بە هەڵمی جلی تەڕی

بەر نێڵەنێڵی ئاگرو شیعرت کردووە بە ئاگردان.

بۆ ئەم وەرزە تۆ شیعری خوێناویت هەیە. وەکو

گژوگیای خوێناویی ناو تابووتو وەکو بەتانیو

جامانەو وێنەی ژنو منداڵی خوێناویی بەرباخەڵو

وەکو کۆنکریتی خوێناویی ژووری زیندان.

بۆ ئەم وەرزە وشەت سادەیە وەکو گیا

وشەت ساکارە وەکو نان.

وشەت بێ فیزە وەکو خۆڵ.

وشەت خوێنگەرمە وەك ترێ ڕەشکەو

ئێسك سووكە وەك دار چوالەو
دەنكەهەنار.

وشەت هونەرمەندیشە بە وێنەی
ئەندازیاری خانۆكانی جالْجالْۆكەو
جێی سەرسوڕمانەو تێڕامان:
وەك پوولەكەی پشتی ماسیو
وەك هەڵگەڕانی لاولاوو
كاژی مارو و
بەردی یەك لە سەر یەكی ڕەوەزو
تابلۆكانی خۆرنشینو
قۆزاخەی كرمی ئاوریشمو بەفری نووستووی
بەر مانگەشەوی حەپەساو!
ئەی خاچی شپرزەی خاكنشین!
وەختێتی كە مانگی گێنگڵت ئەم كاژی شەقامی ترسانە
فرێدات. وەختێتی ئەم ماری مەراقە كاژێكی تازەتر.
تازەتر وەك چۆغەی خوێنی بەر تاشەبەرد بپۆشێو
لەبەركات. وەختێتیی تۆ ئیتر شوێن جێ پێی خەونی
خۆت، شوێن جێ پێی شیعری خۆت بكەویت. تۆ
شیعر سێبەری گەرووتەو دولبەرتەو هاوسەرتە. لە كوێ
بێ، تۆیش ئەبێ لەوێ بی. وەختێتیی بچیتە لای كەژێ
كە داری شیعری تۆی دەمێكە كردووە بە شمشاڵ،

وەختێتیی بچیتە قەدپاڵێ کە بەڕووی شیعری تۆی دەمێکە
کردووە بە سەنگەر. وەختێتیی بچیتە لای دەشتێ،
کە پەڕەی مێرگی خۆی بۆ دەنگت دەمێکە کردووە بە
دەفتەر. وەختێتییو وەختێتیی، کە ئیتر تۆ خۆیشت
زامێك بی لە نێوان زامانی کێواندا وەختێتییو وەختێتیی
تۆیش ئیتر ڕەنگێ بی لە نێوان ڕەنگاڵەی ستراندا.

ئەم هەموو شاخانە چی ئەکەن لەم ناوە؟!
هەزاران ساڵە تەماشای خوا ئەکەنو وەڕس نابن!
ئەم هەموو دارانە چی ئەکەن لەم ناوە؟!
هەزاران ساڵە تەماشای شاخ ئەکەنو
بە پێوەنو وەڕس نابن!
ئەم هەموو ڕووبارو چەمانە چی ئەکەن لەم ناوە؟!
هەزاران ساڵە تەماشای بەردەمی خۆیان ئەکەنو
ڕێ ئەکەنو کۆچەرنو وەڕس نابن!

یەکەم ڕۆژ بوو.. پەلکە گیایەك هاتە لاتو
سەربوردی خۆی گێڕایەوەو گێڕایەوەو
هەتا تۆی کرد بە شەونمێ لە چاوانیا.

یەکەم ڕۆژ بوو.. جۆگەیەکی ناو دارستان هاتە لاتو
سەربووردی خۆی گێڕایەوەو گێڕایەوەو هەتا تۆی کرد
بە گریانێ لە گەروویدا.

یەکەم ڕۆژ بوو.. باڵندەیەك —چاوێکی کوێر-
هاتە لاتو سەربوردی خۆی گێڕایەوەو گێڕایەوە
هەتا تۆی کرد بە هێلانە لە دەروونیا.

هەر یەکەم ڕۆژ کیژۆڵەیەکی یەك قاچی ئەو گوندانەیش
هاتە لاتو سەربوردی خۆی گێڕایەوەو گێڕایەوە
هەتا تۆی کرد بە پاوانە
لەو پێیەدا!

تۆ ئیستە لە بەردەم دەربەندی -بەرگەڵو-ی بە سامدای.
هەر ئەڵێی نیشانەی پرسیاریو بەرانبەر بێباکیی گەردوونێ
وەستاوی. ئەپرسیو چارەنووس لە دوور ڕا وەك
تەمی بناری ژیلوانو وەك چاوی خۆڵەمێش ئەبینی.
ئەپرسی بەرەو کوێ؟! ئەی خاچی بەژنی کورد! ئەی تەنیای
زەمانە! بەرەو کوێ؟ ئەی عیسای لەتو پەت، بەرەو کوێ؟!
ئەی خەونی زڕاوی ناو سەری ئەم عەردە کڵۆڵەو تاقانەی
ناکامی ئەم هەموو سەرچاوەی خوێنانە؟! تۆ ئیستە لە بەردەم
دەربەندی بەرگەڵوی پرسیاردا وەستاویو گەردنت
مۆمی خواو بەژنیشت داستانی دابانە!

هەر لێرە هەندێ جار ئێواران کە پەستیی
وەك گەرووی دەربەندی تەنگەبەر، ئەبێتە سێبەری

نشێوی تەنیاییی‌و لە نێوان دوو شاخدا خەیاڵت
ئەگوشێ. هەست ئەکەیت تۆ خڵتەی ژینێکی
بێ هودەی لە بنی دۆڵێکداو، وەك خوێنی ڕژاوی
ناو زستان دەم‌و دەست ئەمەیی. هەست ئەکەیت
تەنیاییت تەنیایی مێژووتە. تەنیایی باوکتەو تەنیایی
دایکتەو تەنیایی چیاتە. تەنیایی خاچەکەی سەر
پشتتەو لەگەڵتا پشتاوپشت هاتووە. ئەوەتا وا
ئیستەیش لێرەدا، تۆو باوکت ئەبنەوە بە یەك‌و پێکەوە
تێکەڵی سەرابێ ئەبنەوەو بە شوێن پێی هەر هەمان
دیرۆکدا ئەچنەوە. ئەپرسیی شیعری چی؟! بێزاری‌و ئەپرسیی
شیعری چی؟! تۆ شێتی؟! لە دنیای خومپارەو
تی ئێن تی‌و سۆخۆدا گوڵی چی شیعری چی‌و دڵی چی؟!
بێزاری لەم مێژووە خەڕەکە. لەم ئاوە وەستاوە.
لەم سەرەسواوە!
بێزاریت. لە ئاوی وەستاوی بەردەمتا. لە ئاوی
ئاوێنەی بەردەمتا. تەماشای خۆت ئەکەیت
هەمان سات ئەبینی: تۆ خۆتی‌و خۆیشت نیت!
تەماشای خۆت ئەکەیت. ئەچیتە ناو چاوی
خۆتەوە، سەیرئەکەی هەمان سات: ڕیشت دێ‌و
ڕیشت دێ‌و پیر ئەبی، ڕیش ئەبێ بە پەموو،
هەتاکو ئەبی بە شێخ سەعی. شێخ سەعی لائەچێ‌و
هەر خۆتی، ئەمجارە سیمای تۆ خڕترەو، ئەمجارە

تۆ ئەبی بە نەهری. ئەگۆڕدرێی هەر خۆتی
ناگۆڕدرێی هەر خۆتی.
ئەمجارە سمێڵت قەترانیو
ئەستوورتر. لە پەنا بەردێکداو لە خوێندا پاڵکەوتووی،
ئەمجارە ئەبی بە شێخ مەحمود، ساتێکەو شێخ مەحمودیش
لائەچێ، ئەمجارە تۆ ئەبی بە سمکۆ، ئەگۆڕدرێی
هەمان سات ئەمجارە لاوازیو ئاودامان جبەیەك
لەبەرداو تۆ ئەبی بە قازی.
بەم جۆرە سیمای تۆ هی خۆتەو هی هەموو،
بەم جۆرە لە ئاوی وەستاوی بەردەمتا، دەرسیمیو
وانیتیو پێنجوینیو سورداشیو سابلاخیو ورمێیتو
دواجاریش تەماشای خۆت ئەکەیت بەرگەلۆوی!

بۆ سبەی. نەء. شیعر دەستێکی دیکەیە بۆ سەنگەر
وا ئەڵێی. نەء وشەیش گوللەیە
نەء.. ڕستەیش کێلگەیە بۆ چاوو
نەء.. هونەر هاواری جوانییەو
ئەسپێکی دیکەیە بۆ غارگەو
خەونێکە هەر دوارۆژ ئەیبینێو
هەر دیدەی پێغەمبەر. وا ئەڵێی.
ئیتر تۆ کەشکۆڵی پڕ لە خەو، پڕ لە باخ
پڕ لە تەم، پڕ لە شەو، پڕ لە ڕۆژ هەڵئەگریو

تۆ چەرچی ناسۆرىو تۆ چەرچی وشەیتو
گوند بە گوند ئەگەڕێی.

سەرئەکەی بە ماڵی گەنمو جۆی برسیدا.
سەر ئەکەی بە ماڵی کارێزی تینوودا.
ئەبیتە میوانی کاولاشو
ئەبیتە میوانی خۆڵەمێش.

تۆ ئەمشەو بە تەمای بباریێ.
تۆ ئەمشەو ئەتەوێ بسووتێی.
تۆ ئەمشەو شیعر ئەکەی بە فانۆس،
تۆ ئەمشەو شیعر ئەکەی بە بازو
بە سوورەچنارو
بە شاراو
بە کچە کافرۆش!
گوێگرت تێکەڵە لە داری چەند جارێك قاچ شکاو
لە گردی چەند جارێك سەرشکاو
گوێگرت تێکەڵە لە ئێشو ئازاری قوڕاویی
لە پیرە دارگوێزی دان کەلو
لە ڕەنجی سەروقژ خۆڵاویی.
گوێگرت تێکەڵە.. لە کۆنە تفەنگو لە ئەسپی پەککەوتەو
گوێگرت تێکەڵە.. لە سووتووی زەمانەو
لە جوانووی تا ئیستە زین نەکراو!

## "بەشێك لە سوورەتی ئەوینی كتێبی شاخ"

تۆ بڵێ شاخ٭ شاخی تەنیا٭ شاخ ئەو دەمەی
كە بەردی خۆی ئەكرۆژێتو فرمێسكی خۆی ئەخواتەوەو،
زامانی خۆی ڕائەخاتو نامۆییش ئەدا بە خۆیدا٭
تۆ بڵێ شاخ٭ شاخی تەنیا٭ شاخ ئەودەمەی
لەتاو ئازار ئەجووڵێتو ژان ئەیگرێو ئەورووژێتو
بە خوێنی خۆی ئەنووسێتو عەشقیش گڕی تێبەرئەدات٭
تۆ بڵێ شاخ ٭ شاخی تەنیا ٭ شاخ ئەودەمەی:
ئەبێ بە دایك ئەبێ بە باوك ئەبێ بە یار ٭ ئەبێ بە
ئەشكەوتی هاوار ٭ تۆ بڵێ شاخ ٭ شاخی مێژوو،
ڤیژەی سوتوو، ئاوی تینوو، تۆ بڵێ شاخ،
ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بە شاخ!
من بە زمانی داربەڕووی ئێوە ئەدوێم ٭ زمانی ئاخ،
زمانی داخ ٭ یەكەم سوورەت لە باراننامەی ئێمەدا،
لە ژنەوە دەست پێئەكات ٭ ئەمە سوورەتی ئەوینە
لە مەملەكەتی شیعردا ژن پاشایەو پیاو گەدایە،
لە مەملەكەتی عاشقدا، ژن سەرچاوەی خەونەكانە،
ژن پەیامی بەردەكانەو ژن ڕێگایە ٭
لەناو جیهانی ئێمەدا ئەم سوورەتە: ڕەنگەو دەنگەو
سۆزەو زەنگە ٭ بۆ میراتی بەردی شاخیش٭ بۆ
میراتی چرای خەونیش، بۆ میراتی هەتاو و ئاو،

ژن نیوەیەو پیاو سێیەکە!

تۆ خاچی مار تێئالاوی
تۆ نەفرەتی ناو مەملەکەتی گوناهیو
تۆ باراننامەی عەشقێکی قەدەغەیتو
تۆ سوورەتێکی ئەوینی ڕافزیتو
لەم بەهەشتو لەو بەهەشتیش
دەرکراوی!

تۆ ئیستە لە زاری دەربەندا مەراقی ئاڵ ئاڵیو
هەڵئەقووڵێی. تۆ ئیستە لە زاری دەربەندا،
دوو چاوی ڕوواوی سۆراخیو ڕۆژانە تابووتی
گوڵاڵە، تابووتی شەهیدان ئەنێژی!
تابووتی گوڵاڵە ئەمەندە زۆر بووە نە دەربەند
ئەیگرێو نە پێدەشت. باڵندەی شەهیدان ئەمەندە
زۆر بووە، نە ئاسمان ئەیگرێو نە بەهەشت.
لە شانی دەربەندا، ژوورەکەت هێلانەی هەڵبەستە.
هەر ڕۆژە هەڵۆیەك بە پەڕی خۆڵاوی و بە باڵی
خوێناویو بە کۆڵەپشتەوە دێت بۆ لات.
ئەم بازی شاخانە هەڵبەستیان خۆش ئەوێ
ئەوەندەی کە نانو کە گوڵو کە نوقڵیان
خۆش ئەوێ. دێن بۆ لات. هەندێکیان کە

ئەڕۆن شیعرەکان لە باڵیان ئەپێچن بۆ ئەوەی
بیانبەن بۆ لووتکە. هەندێکیان ئەیانکەن
بە لەتە ئاوێنەو ئەیخەنە هەگبەوە. هەندێکیان
ئەیانکەن بە پیلی لایتو، هەیشانە ئەیانکەن
بە کاسکێت. دێن بۆ لات. لەم بازە سوورانەت
زۆر بینی. گەلێکیان هەر جارێك ئەتبینین،
ئەو جارەیش دواجار بوو. بازێکی گەرمەسێر ئەهاتو
لەگەڵ خۆی ماچێکی کەرکووکی ئەهێنا. ماچەکەت
وەرئەگرت. ماچەکەت ماچ ئەکرد. ماچەکەت
ئەکرد بە کارێزێ بۆ ماسی شیعرتو، ئەو
ئەڕۆی، هەڵئەفڕیو بۆ سبەی تۆ ئەتبیست
لە باوەش قەندیلا پێکراوە. بازێکی ڕۆژئاوا
ئەهاتو لەگەڵ خۆی شەمامەی پێنجوێنی
ئەهێناو شەمامەت وەرئەگرت. شەمامەت
ماچ ئەکرد. شەمامەت ئەکرد بە گومەزی
ئیلهامێ بۆ شیعرو ئەو ئەڕۆی هەڵئەفڕیو
بۆ سبەی تۆ ئەتبیست لە ئاسۆی "پردێ"دا نێژراوە.

هەرمێکەی دڵی تۆ ئەمانە فڕاندیان بە دەنووك
هەڵیانگرت بردیان بۆ گەرمیان.
گێلاسی چاوی تۆ ئەمانە فڕاندیان بە دەنووك
هەڵیانگرت بردیان بۆ ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات.

لاسکی پەنجەی تۆ ئەمانە فڕاندیان بە دەنووك
هەڵیانگرت بردیان بۆ:
باکوورو باشوورو
ناو شارو شارۆچکەو
دێ بە دێی ناو وڵات!
هەر بۆیەش تۆ ئیستە:
نە چاوت هی خۆتەو نە دەنگتو
نە دڵتو نە پەنجەت
تۆ تازە ڕووباری شیعرێکی
شەهیدان بوونەتە سەرچاوەت.

ژوورەکەت فڕۆکەی بەردینی خەیاڵتەو فڕگەی ئەو
پانتایی سەر لوتکەی کێوانتە.
ژوورەکەت بەلەمی بەردینیی خەیاڵتەو ئاوی ئەو
مەراقی لیخنی شەوانتە.
هەموو جار ژوورەکەت کە ئەفڕێ لەگەڵ خۆی
درەختی غەمگینی منداڵیو دایکتو
حەوزەکەی مزگەوتی حاجی حان هەڵئەگرێ.
هەموو جار ژوورەکەت کە سەوڵ لێئەداو
کەناری بەرگەڵو جێدێڵێ
خەرمانێك لە قژی دڵداریو خەرمانێك
لە وشەو گۆرانیی هەڵئەگرێ.

ڕابوردوو بۆ ماسیی تەنیایی ژوورەکەت
گۆمێکە ئەو ئاوەی لێبڕێ
زوو ئەمرێ!

تۆ دیسان ئەچیتە خەوەوەو ناو خەویش هەر بێشەی
پرسیارە. تۆ دیسان ئەچیتە خەوەوەو ناو خەویش
وڵاتی ئازارە.
تۆ بۆیە وەك دەربەند باسەڕە ماتیتو
وەك پێچی ناو گەلیی ئاڵۆزیی
چونکە تۆ دەروونت خوماوی کراسەڕەشەکەی
دایکتی هەڵمژیو
گیانیشت بوولێڵی تەنیاییو بێکەسیی!
تۆ بۆیە عەشقێکی وەکو داس کۆماوەی
تۆ بۆیە ڕەنگێکی وەك زەردە پەڕیوی
چونکە تۆ کڕنوشت بەردەوام بۆ خاکەو
چونکە تۆ ئێوارەی هەژاران ئەپۆشیی.

بەردەوام تۆ ژانی لوول خواردووی ئەو بەردەی
لە دەمی برینیا گوڵ شیعری سوور ئەڕوێ.
بەردەوام تۆ ژانی نەسرەوتی ئەو وەرزەی
کە دووانەی ئاگرو کڕێوەی ناوەختی لێ ئەبێ!

ئەگەڕێی یاڵەویاڵ ئەگەڕێی

تۆ مێژووی بزریو بۆ بزر ئەگەڕێی.
تانوپۆت لە داوی گومانەو
بۆ گومان ئەگەڕێی.
گوێ ئەنێی بە دڵی گڵەوە هاوارو پرسیاری
ڕەگی قووڵ ئەبیسیی
گوێ ئەنێی بە دڵی ئاوەوە هاوارو پرسیاری
سەرچاوەت ئەبیسیی
گوێ ئەنێی بە دڵی دارەوە هاوارو پرسیاری
لقو پۆپ ئەبیسیی!
ئەگەیتە هەر ڕێیەك
ڕێبوارە سۆراخێ دێ بە پیر ژانتەوە.
ئەگەیتە هەر گردێك
تینوێتی پرسیارێ ئەبێتە هاوڕێت.
ئەگەیتە هەر دەشتێك
گرێیەك لە گومان
زیاد ئەكات بۆ گرێت.
وەڕسیت، لەكەلی خەیاڵی تەنگەبەر، وەڕسیت.
تۆ ئیستە باڵندەی نامۆیی ناو خۆتی
بە چەشنی نامۆیی بنارێ بە لووتكەی.
تۆ ئیستە باڵندەی گومانی
بە وێنەی گومانی سەرەتا بەرانبەر كۆتایی.
تۆ ئیستە باڵندەی پرسیاری و، بێ سنوور

هەر وەکو پرسیاری ئەم ئەرزە لە گەردوون
ئەمجارە ئەتەوێ چوون نالیو عەشقەکەی
بە دووریت نزیکتر بیتەوە لە ئەوین!
ئەتەوێ ئەمجارە وەکو حاجیو فرمێسکی
لە دوور ڕا سووتانی غوربەتت
نیشانی خاك بدەیت!
ئەتەوێ نامۆیی چرا بێو
بۆ دوور دوور هەڵفڕێ.
ئەتەوێ نامۆییت تێکەڵی نامۆیی جیهان کەیت
بۆئەوەی بە بەژنی هەڵبەستی گێتیدا هەڵزنی.
ئەتەوێ شیعرێ بی
هەر هەموو ئەشکەنجەو ئەوینی ناو دنیا
وەك خاچی مەسیحو چون سەری گیڤاراو
وەك گوێچکەی بڕاوی ڤان کوخو
چون ڕامبۆی ئاوارە: بتناسێ!
تۆ خاچی مار تێئاڵاوی.. ئەو وەختەی مەسیح ئەبێ بە شیعرو
یەزدان دێ ئەیخوێنێتەوە!
تۆ گەواڵە هەوری کۆچی.. ئەو وەختەی سەفەر ئەبێ بە ژانو
باران دێ ئەیخوێنێتەوە.
تۆ فڕینی بەردو داری.. ئەو وەختەی کە کۆستت باڵ ئەگرێو
خاكو خۆڵ ئەکڕوزێتەوە.
تۆ چرایەکی فرمێسکی.. ئەو وەختەی سلێمانی جێدێڵیو

وون ئەبیتو هیچ بادێك ناتدۆزێتەوە!

بەم شەوە شام لەبەر باراندا هەر ئەڵێی:
پەیكەری فسفۆڕی عەشتارەو
لە چرای مەمكەوە، بریسكەی تەڕئەدا لە چاوم.
هەست ئەكەم كەوێكی ئەزمرڕمو
فڕینی وێڵ منی خستۆتە بەردەمی
شەوارەی ئەم شارە.

لە ڕێزەی دڵۆپی زیوینی بەر شەوقی گڵۆپدا
وەك پرژەی خەوێكی منداڵیی لێم بدا..
یان وێنەی ملوانكەی مرواری فریشتەی
ناو هەور، بە گرمە، هەڵوەرێو
بباری وا دیارە!
نامۆیی لە تەیری وون ئەچێ
ئەو وەختەی دووچاوی سەرسامیی
بە دەوری بۆشایی سۆراخدا ئەگێڕێ.

ئەمشەوم شەلاڵی "بەردا"و
گۆرانیی "مهیار"ە.
ئەمشەوم سەرەتای سەفەری درێژی
تەماویی پرسیارە.

ئەی شیعری سەرگەردان بەرەو کوێ؟!
یادگار لە دواوە هاوارت لێئەکاو
هەنووکەت ئەسپێکی سەرکێشەو
ئایندەیش وەك ئەودیو تەمتومان نادیارە!
وا ئەمشەو شام پەنجەی بارانەو
سەری من: تارەکەی.
وا ئەمشەو شام سەمای سووتانەو
عەشقی من: ئاگرەکەی!
ئەبارێ بارانو ئەبارێ غوربەتو ئەبارێ شیعری جوان
لەمەودوا من بۆ شام شمشاڵی بارانمو
گریانی ئەرخەوان!
تۆ ئیستە ئاخێکی سەروقژ بژیتو
شیعرێکی ڕیشهاتووی بێدەنگو
لە ژوورسەر مەزاری ڕووتەڵەی
مەولانە وەستاوی.
لە چاوتا مێژوویەك قەتیسە.. فرمێسکە؟!
یان نمەی ئیشراقەو
پێی ئەڵێن دیمانەی مەولانە؟!
لە قوڕگتا کانییەك قەتیسە.. هەنیسکە؟!
یان گمەی کسپەیەو یان سۆزی
وەجدێکی مەولانە؟!
لە ژوورسەر ئەستێرەی گۆڕ غەریب وەستاویو

ئەبینی: درەختی نوورەکەی خانەقاو
بای وەشتی شارەزوور لێرەیە!
لە ژوورسەر سیروانی گۆڕغەریب وەستاوی‌و
ئەبینی: مانگەکەی سەر "بەمۆ" لێرەیە.
وەستاویی گوێ ئەگری:
لە دەنگی بێدەنگی‌و
لە ڕەنگی بێڕەنگی‌و
گوێ ئەگری لە خۆڵی قەسیدەو
لە سووتووی نامۆیی!

وەستاوی‌و ئەبیسیی..
خۆڵەمێش چی ئەڵێ ئەو کاتەی
کە بیری بڵێسەی جارانی خۆی ئەکات!
داروبار چی ئەڵێن ئەو کاتەی
ڕووبارێ کۆچ ئەکات.
شاخەکان چی ئەڵێن ئەو کاتەی
تاڤگەو قەڵبەزە بارئەکەن!
وەستاوی‌و ئەشفرِی.
وەستاوی‌و تۆ خەونیش ئەبینی.
کە ئەفڕی چۆلەکەی سەر قوببەی گومەزی مەولانەی.
کە خەونیش ئەبینی مۆمێکی سووتاوی ناو قسنی مەولانەی.
لە نێوان فڕین‌و سووتاندا تۆ ئیستە

خەرمانەی تەنیاییو
عەشقێکی ناکامی زەمانەی!

بەر لە کۆچ غەریب بوو ئەو دەنگە
بە گەرووی شارەکەی.
بەر لە کۆچ غەریب بوو ئەو زامە
بە جەستەی شارەکەی.
بەر لە کۆچ غەریب بوو ئەو مەلە
بە ئاسۆی شارەکەی
بەر لە کۆچ غەریب بوو ئەو ڕەنگە
بە ڕەنگی شارەکەی.
مەولانە پەنجەرەی غەریب بوو بە ژووری ماڵەکەی.
مەولانە نیشتمان غەریب بوو
بەرلەوەی نیشتمان جێبێڵێ.
هەر لەناو شیعردا
مەولانە شیعرێکی غەریب بوو.
هەر لەناو گریانی وڵاتدا
مەولانە فرمێسکو چاوێکی غەریب بوو.

وەستاویو تەماشای توانەوەی خۆت ئەکەیت
تۆ ئیستە لە ژوورسەر مەولانەی پێشەنگی غوربەتدا
قەسیدەی ڕێژنەو لێزمەی کۆچێکی تازەیتو

به خوڕەم دائەکەیت!
شەوانیش "بەرەدا" ئەبینی تۆ وەختێ ئەیبینی
شەپۆلی سەرخۆشە. تۆ وەختێ ئەیبینی
ناولەشی هەر هەمووی گڵۆپەو ئەلەرزێ،
ڕووناکیی سەرخۆشە. خەیاڵت کورسییەك ئەباتە
کەناریو نزیکی کەمەری. هێند نابا تۆیش ئەبی
بە مەلی سەرخۆشی. تۆیش ئەبی بە لەنجەی
خوماری ئەم ئاوە سەرگەرمەو تا گڵۆپ لە
لەشیا بلەرزێو تا کورسی پێت نەڵێ کە هەڵسی
هەڵناسیو قوم بە قوم لە ئاوی سپێنەی
ڕەزەکەی دووچاوی ئەنۆشی.
هەر لە شام لە "بەرزە"
تۆ نەوەی میدییەکان ئەبینی
هەر لە شام تۆ نەوەی باپیرەی ئاسنپۆش
ئەیوبیی ئەبینی.
ملیۆنێك قفڵو دەم ئەبینی
ئەوکاتەی یەك کلیل هەر هەمووی پێکەوە قفڵ ئەدات.
ملیۆنێك باڵندەی سەر خابوور ئەبینی
ئەو کاتەی یەك چەقۆ وا لەسەر گەردنی هەموویان.
ملیۆنێك گوڵەجۆ ئەبینی.
ئەوکاتەی پێناسەی کێڵگەیان یاساغە.
ملیۆنێك گۆرانی ئەبینی

قەدەغەن لە قورگو وان لەناو پشتێنەی سەوزدا.
ملیۆنێك بە ڕەگەز داربەڕوو ئەبینی
ڕۆژانە چووز ئەكرێن لە ناوكی دارخورما!
ملیۆنێك فرمێسكو
ملیۆنێك هەناری گوشراوو
ملیۆنێك ئازاری ڕووتەڵەو
ملیۆنێك لەم مێژووە یاساغە ئەبینیو بە چرپە
پێت ئەڵێن كە باوكی ئەوانیش هەر شاخە!

لێرەیش هەر زیندانی گوێزانو مقەستی باڵكردن
بۆ شیعرێ خەوی زیاد ببینێو
دەنووكی زۆر بگرێو
لە شوورە بەرزتر هەڵفڕێ. ئامادەو والآیە.
لێرەیش هەر دەمامك شانۆیەو
بەرگی بەر -پادشای ڕووتو قووت-
جوانترین كالآیە!
من دوێنێ لە یەرمووك مهیار بووم
بەردەوام لە كۆڵداو قامیشلیم خستبووە، سەرشانمو
شیعری خۆم لە قوببەی سەر دڵی مەولانەو
منارەی گەردنی ئەیوبیو
سەربانی مالآنی (بەرزەوە)
بەرەو خۆر هەڵئەفڕان.

من دوێنێ لە یەرمووك یارانی کەنفانی
کۆرپێکیان بۆ وشەی دەرویشی نالیم‌و
بۆ دەنگی سێدارەی قودسیم‌و
بۆ چاوی یارەکەم بۆ گرتم.
وا ئەمرۆیش لە بەردەم پرسیاری گوێزاندام
هۆنراوەم لە چنگی ئەفسەری ئاسندا
جووکەی دێو
هەتاوی گیراوم!
تۆ قژی گۆرانیت هەڵپاچراو
تۆ شیعرت وەك جانتای تلیاك‌و هێرۆین
مۆرکراو..
تۆ ئەبێ خەڵوەتی مەولانە جێبێڵی‌و
بەرەدا لە کۆڵت داگری‌و
تا باڵت بڕئەکا.. بۆ ئەودیو زەریاکان
هەڵفڕی‌و هەڵفڕی‌و هەڵفڕی!
تۆ خاچی مار تێئالاوی
تۆ خاچەکەت وەختێ ئەفڕێ
لەم فڕگەوە بۆ ئەو فڕگە
غەریبیی ئەتگوێزێتەوەو
لەگەڵ خۆیدا شیعری ئاوارە سوارئەکاو
زامی کۆن‌و نوێ هەڵئەگرێ.
تۆ خاچی مار تێئالاوی، تۆ ناڵەناڵی بەسام‌و ترسناکی

فڕۆکەی بەجێهێشتنی، کە هەڵئەسێ.
تۆ زیکەزیکی درێژی پێچکەکانی گەیشتنی
کە وەختێکیش دائەبەزێ.
کە منداڵ بووی منارەکەی کاك ئەحمەدی سلێمانیو
سەردەمێکیش شاخەکانی پەڵەهەور
بەرزترین دووندو لووتکەی خەیاڵت بوون.
بەڵام ئەوا ئیستا بەسەر زەریای سپی ناوەڕاستدا
تۆ خاچێکی باڵگرتوویتو
لە ژوور شاخی هەورەوەیتو
قووڵایی ئاسمان ڕێگایە.
لەم بەرزەوەو لە پاڵ پەنجەرەی سەرپەڕدا
زەریا وەکو شیفۆنێکی شینی تۆخو
هەوریش وەکو لۆکەیەکی شیکراوە لە ژێرتایە!

لە هەرکوێ بی.. تۆ خاچی مار تێئاڵاوی.
لەسەر عەرد بی.. تراویلکەو فوارەی خۆڵی.
لە زەریادا.. گەمیەی ونو سەوڵی تەمی.
لە ئاسمانیش تۆ فڕینی نامۆییتو
تۆ ڕێگەوبانی دووکەڵی.

لە هەرکوێ بی.. لە ڕوانینتا تیلەی سەرنجێکی تیایە
ئەو تیلەیە غەریبییە. ئەو تیلەیە لە ئیستەدا

نه فرمێسکی چاوی خۆتەو نە تەمی سەر پێڵوەکانت.
ئەو تیلەیە ڕەنگە گیاندانی گوڵێك بێ لە بەهاری
نیشتماندا. ڕەنگە وەرینی مانگێك بێ لە ئاسمانی
نیشتماندا. ڕەنگە هەناسەی دایکت بێو فڕینێکی
خێرای کسپەی. ئەو تیلەیە ڕەنگە لەناو
جۆگەیەکی کوژراوەوە بێتە دەرێ. ڕەنگە تیلەی
ئێشی چاوی پەلکەگیا بێ. ئەو سەرنجە ڕەنگە
سەرنجی شیعرێ بێ کە پێش بیستساڵ حەزی
لە خەمێ کردبێ. ئەو سەرنجە ڕەنگە سەرنجی پەنجەرەی
ئەو ژوورە بێ کە بلدۆزەر دێتە سەری.
لە هەرکوێ بی. لە سیماتا سێبەرێکی کڕی تیایە
ئەو سێبەرە غەریبییە. ئەو سێبەرە لە ئیستەدا
نە سێبەری قژی خۆتەو نە سێبەری بەر پەنجەرەو
ژوورەکەی خۆت. ئەو سێبەرە ڕەنگە سێبەری
سێدارەو خەیاڵێکی ناو زیندانی نیشتمان بێ.
ڕەنگە سێبەری ئێوارەی دوای ڕاگوێزانی گوندێ بێ.
ڕەنگە سێبەری فرمێسکی یارەکەت بێ. ئەو
سێبەرە ڕەنگە سێبەری ترسێکی چڕوپڕی شەقامەکانی
شارت بێ. ئەو سێبەرە ڕەنگە سێبەری تابووتی
شەهیدێ بێ.

لە هەرکوێ بی. خورپەیەك وا لەناو دڵتا

ئەو خورپەیە غەریبییە.
ئەو خورپەیە لە ئیستەدا
خورپەی ترسێکی خۆت نییە.
خورپەی ناو ماندوێتی نییە
ئەوە ڕەنگە خورپەی دڵی درەختێکی نیشتمان بێ
خورپەی دڵی خاكو خۆڵ بێ.
ئەوە ڕەنگە خورپەی دڵی کانییەك بێ
کە هاتوون بۆ داپۆشینی.
ڕەنگە خورپەی دڵی چیرۆکێ بێ
کە هاتوون بۆ: کوشتنی چیرۆکنووسەکەی
لە هەرکوێ بی. لەناو دەنگتا جۆرە گیرانێکی تیایە
ئەو گیرانە غەریبییە. ئەو گیرانە
گیرانی گەرووی خۆت نییە.
ئەو گیرانە ڕەنگە تاسانی شمشاڵو
ئاوازێکی نیشتمان بێ لەو کاتەدا
کە لە دواوە باڵەکانیان توند ئەبەستن.
ڕەنگە گیرانی (با)یەك بێ
کە کوتوپڕ هەڵئەکوتنە سەر ماڵەکەی.
ڕەنگە هەنسکی گریانی گوڵەلیمۆیەکی جوان بێ
ڕەنگە گیرانی ئاوەڕۆی هەڵبەستێ بێ
ئەو وەختەی ئەیشکێننەوە!
ڕەنگە ئەوە مەلاس بوونی قەوزەی وەی بێ

به مەڵاشووی حەوزێکی هاوڕێتەوە!

تۆ کە ئیستە بە شێوەو ڕەنگ لە شەو ئەچی
ئەوە تاریکیی ژانێکی ناو دارستان وای لێکردی.
تۆ کە ئیستە بە باریکیی لە قامیشی دەشتێ ئەچی
ئەوە بۆشایی هەناوی خەمەکانی گەرمیان بوو وای لێ کردی.
تۆ کە ئیستە هەردوو چاوت بوونەتە دوو گوڵی ژاڵە
ئەوە گریانی کۆچڕەوی دارگێلاس بوو وای لێکردی.
تۆ کە ئیستە وا بێدەنگیو لە پەیکەرە بتێ ئەچی
ئەوە سامی کشو ماتیو چۆڵو هۆڵیی
ناو گوندێکی کاولکراو وای لێکردی.
تۆ کە ئیستەیش فنگی شیعرت توێتکە ناخواو

هەر ساتێكو لە شوێنێکی
ئەوە فرمێسکەکۆچەری لە بەفرەوە بۆ لای گڕەو
لە گڕەوە بۆ لای بەفری نێوان مەراقی مەولەویو
کۆستی نالی وای لێکردی!

تۆ خاچی مار تێئاڵاوی
تۆ پەلو پۆی سەفەرێکی زۆر دێرینەی
ئەم جیهانەی.
تۆ جانتایەکی سیخناخی

له هەناسەی ساردو گەرمەو
تۆ ڕاکردنی "شوێن"یتەو
تۆ هەڵفڕینی "کات"یتەو
تۆ کورسییەکی دوودڵیو
ژمارەیەکی سەرسامیو
ڕێگایەکی ئاڵۆزکاوی.

فلۆرەنسا:
لەسەر شەقامی شیعری سەوز ڕاوەستاوم
پڕ باوەشم لە گۆرانیی زەردو سوورەو
دوو کانیی شین بوون بە چاوم.
فلۆرەنسا:
یەکەم ماچی نێوان ئادەمو حەوایە
بووبێ بە شار.
یەکەم ئاوازی خودایشە
کە بۆ بەهەشتی دانابێ!

فلۆرەنسا:
لە بەردەمما وەك كۆمیدیای ئیلاهی
پەڕە پەڕە ئەكرێتەوە.
جارێك ئەمكا بە سەرەتا بۆ ئەوینو

جارێکی دی به گوناهی بێکۆتایی.

فلۆرەنسا:

پایز هێنامی بۆ لای تۆ
پایز پایز تەنها ژنێ
لەناو ساڵدا من بناسێو
تێمبگاتو بشمژەنێ!
زستان ژنێکی تەمەڵە
له کونی ژوورێ خزاوەو
هەر خەریکی پاڵکەوتنو باوێشکدانه.
بەهار ژنێکی گەمژەیه
وا ئەزانێ ئەم ژیانه
هەر به جوانیی ڕواڵەته!
هاوین ژنێکی بەرەڵڵاو خۆپەرسته
نه ماڵی هەیەو نه بەڵێن نه جێو ڕێگه.
ئەم سێ ژنه بەهەرسێکیان
ئەگەر نیو ئەوەندەی پاییز لەگەڵ کۆچما بگرینایه.
وەکو پاییز بۆ تەنیاییم یار بوونایه.
ئەوسا ساڵیش وەکو ئیسته
سپڵەو بێوەفا نەئەبوو بەرانبەرم
ئاورێکی لەم دڵداره ئەدایەوەو
ڕێزێکی خەمی ئەگرتم!

فلۆرەنسا:

هەموو ڕۆژێ چۆمی "ئارتۆ" لانکەی ئاوە

بۆ شیعرێکی تازەزاوم. شەپۆل شەپۆل ڕامئەژەنێ.

هەموو ڕۆژێ چۆمی ئارتۆ نەورەسێکی دڵدانەوە

بە تەڵێ گوڵی مۆرەوە: ئەنێرێتە لای هەناسەم

من ئێستاکە هەردوو دەستم

وەکو کەناری چۆمی ئارتۆ

هەوارن بۆ وشەی تەڕو

ماسیگرەی بەر سنگ سپیو

شەقامن بۆ خۆزگەی نامۆ.

"دانتی" لێرە دائەنیشێ

ماڵی گوڵو ماڵی گڕی ئەو لێرەیە.

دانتی هەر لێرەیش ئەنووسێ

وشەی پشکۆو وشەی خونچەی ئەو لێرەیە.

لێرە ئەبێ بە گوڵدانو

لێرەیش ئەبێ بە ئاگردان.

لێرە دۆزەخ ئەکاتە بەر هزرەکانیو

لێرە بەهەشت ئەکاتە بەر سۆزەکانیو

لێرەیش ئەبێ بە نزایەکی نارنجیی

نێوان هەردوو گوڵو ئاگر.

ئەم شارە شاری ئەفسانەی ناو مەملەکەتی هونەرە

جادەو کۆلان، دەرگاو دیوار، گۆڕەپانو باڵەخانەو،

باخچەو نزار هەموو بوون بە ژێر دەستو پێی پەیکەرەوە
پەنجەرە زاری پەیکەرە.
پایەکان قاچی پەیکەرن.
دەرگا هاواری پەیکەرە.
دیوار سنگی خواوەندێكو.
جادە: ڕووباری عەشقێکی هەڵکۆڵراوی ناو هونەرە.
قوببەکان مەمکی پەیکەرن
باڵەخانە بووە بە ئەسپ
درەختەکان بوون بە ژنو،
ڕمو نێزە بوون بە پیاوو.
بەردی بچووکیش بە منداڵ.
پەیکەر، پەیکەر، پەیکەر
وێنەو هونەر، وێنەو هونەر، وێنەو هونەر.
لێرە میکائیل ئەنجلۆ وەك گلێنەت لەگەڵتایە.
لێرە میکائیل ئەنجلۆ ئەبینی چۆن
لەژێر چەکوشی پەنجەیدا
ئاو هەڵئەقوڵێنێ لە بەردو
بەرد ئەکا بە گۆشتو ئێسكو
ڕۆحیش ئەکا بە بەریاندا!
لێرە میکائیل ئەنجلۆ ئەبینی چۆن
شەقام ئەهێنێتە قسە
باڵ ئەڕوێنێ لە دیوارو

سەری مەسیح
ئەکا بە زەنگی کڵێسە!
ئەمە شاری سەرسامییە
وەختێ کە دوو چاو بەش ناکا بۆ تەماشا!
ئەمە شاری تەلیسمە لەناو تەلیسما
وەختێ کە شیعر لاڵ ئەبێ‌و
دەنگ ئەوق ئەبێ‌و
قەڵەم وشە لە بیر ئەکا!

ئەگەیتە لای ڤینتسیای شاژنی ئاو
ئاوێزانی تاڤگەکەی بەژنی ئەبی‌و
ئەبی بە ئەستێرەی ناو ئاو.
ئەگەیتە لای کەرنەڤاڵی شەقامی ئاو، کۆلانی ئاو
ئەبی بە ماسیی باڵداری دڵداری ئاو.
ڤینتسیا لەناو ئاودا لە دایك بوو
ئاو لانکەی بوو.. ئاو ماڵی بوو
ئاو خوێندنگاو.. ئاو ئەوین‌و
ئاو یاری بوو.
ڤینتسیا هەزار ساڵە دەمی ناوە بە ئاوەوەو
تێر ئاو نابێ!
ئەم تینوێتییە تینوێتیی عەشقی شارە بۆ چاوی ئاو.
لێرە زەوی ئەوەندە تەنگەنەفەسە

گوێت لە خیزەخیزی سنگی باریکەڕێو سنگی بەردە.
لێرە وشکانی لەبەر ئاو جێگەی نییە
نە خۆی هەڵگاو نە ڕابکا!
لێرە عاشق تەڕە وەکو گیاوگوڵی ئاو
لێرە شیعر تەڕە وەکو نەورەسی ئاو.

ئەگەڕێی بەڵام تۆ دوو کەرتی دوو جەستەی
دوو سەریو چوارچاوی، سەرێکت ئەوەتا لێرەیەو
گلۆڵەی سەرابی کۆچێکەو ئەوی تر وا لەولا
کاکۆڵی دووکەڵەو لە لەشی دیرۆکت هەڵئەسێو
لە گەرووی دەربەندو شاخانتا گێژەنی مەراقەو
یان پێچکەی کۆستێکەو بەردەوام خول ئەخوا.
دوو سەری، سەرێکت جانتایەو دوور ئەڕواو
ئەویتر بەردێکی ئەولایەو لە سەری شاخەوە
بەرەوخوار تل ئەخوا. چوارچاوی. دوو چاوت
ئەوەتان لێرەنو وەك ڕۆخو بەستێنی ئەم
شارە ئاوییە تەڕتەڕنو قووڵایی دەریاچە
زوخاوێ ئەپێونو دوو ئاسۆن لە وەرزی
فرمێسکدا ئەوەرێن، دوو چاوی ئەولایشت
دوو گردی گەرمێنی ڕەشتاڵەن وەك
پێستی مەندەلی قرچەقرچ ئەسووتێن ئەگەڕێی
بەڵام تۆ سێبەری پەرتپەرتی، لە جەستەت

ون ئەبی لێرە بی یان لەولا هەر شەوی کەرت
کەرتی. تۆ مێژووی ونبوونو کوشتنی، ئاشکرا
بکوژرێی "موعینی"ت بە دزیش بکوژرێی
"زوبێحیت" تۆ مێژووی ونبوونو کوشتنو
خۆکوژیت. ئەگەڕێی بەڵام تۆ تارمایی
هۆشێکی پەرتپەرتی، ئەو کاتەی کە لێرە وای لە
ناو شیعرێکی ئەوروپای ڕووناکدا
هەمان کات لەولایشیو وای لەناو
گریانی شیعرێکی تاریکدا. ئەو دەمەی تۆ لێرە
لە ژووری شووشەداو لە نێوان گوڵاندا دانیشتووی
هەمان کات لەولایشیو کەوێکی ڕەشپۆشی
ناو پرسەی کاولاشی. هەمیشە تۆ جەستەو
تۆ بەژنی خاچێکی چوار پارچەیت. ئەو دەمەی
کە لێرە ئەبیتە بارانو ڕەهێڵەو ئەنووسیت.
هەمان کات تۆ لەولایت، یان شەختەی
سەقزیت یان ژاڵەی ماردینی یان تەمی
قامیشلیت. یان ئاگری کەرکووکیت.
تۆ مێژووی ونبوونو کوشتنو خۆکوژیت.
بە شیری ذوالفقار گەردنت هەڵفڕێ بۆ لای خوا
سابلاخیت. بە پرچی ژنێکی جوانکیلەی
مودێرن هەناسەت ببەستن دەرسیمیت،
بە لۆلۆی پشتێنی خەلیفەی ئەمەوی

نەورۆزت هەڵواسن، حەسەکەیت. بە ژەهری
چەپڕەوو ڕاستڕەوی جیهانیش ڕەق ببی
هەڵەبجەیت. کە خۆیشت خۆتت کوشت
ئەوساکە تابووتی درێژی هەر هەموو وڵاتیت!

ئیستاکە تۆ خاچی ژەهراویی ئەنفالی
ئیستاکە تۆ چاڵی قاقڕی ئەنفالی
تۆ زیلی ڕیزبەستووی بەردەمی جیهانی کوێریتو
تۆ بارەی دێهاتیو کرووزەی بەفرێکی ناو سەحراو
شیوەنی شۆڕەبیو
ڕازنامەی دڕاوی لای خوایتو
کۆچێکی ناو دنیای نەهاتی.
ئەنفالە
ئەنفالە
ئەنفال!
ئەنفالی سیروانی جەستەمە بەرەوخوار
بە خوێنو لیتەوە بە قژو گژوگیاو
بە ڕیشی مەولەویو بە باڵی قرتاوی
شیعرمو بە هۆرەی قوڕاویو
بە وەلی مەقامی کوژراوو
بە شەمی خنکاوی بەستەوە..
بەرەوخوار.. بەرەوخوار.. بەرەو خوار

ئەنفالی گریانی ڕووناکیو ئەنفالی بارانە
ئەنفالی خاکنامەو
ئەنفالی جریوەو
ئەنفالی ژیانە!

شاخ ئیستە پیاوێکە کەوتۆتە سەر چۆکو
سەری خۆی خستۆتە ناو لەپی دەستیەوەو
بەردەوام تەماشای مردنی خۆی ئەکات.
کەژ ئیستە ژنێکە درەختی قژی خۆی ئەڕنێو
بەردەوام زریکەی باهۆزەو، بە بەردی بن بنار
لە سنگی خۆی ئەدات. دەشت ئیستە ئەسپێکی
سەوزباوی گلاوە. بەردەوام نووزەی دێو
گژوگیای یاڵی خۆی ئەخواتو کوڕژنی برینەو
لە خۆری سووورباوی گەرمێندا هەڵئەکات.

درێژیی ئەم خاچی ئەنفالەو
درێژیی باشووری مەسیحم وەك یەکە
پانایی ئەم خاچی ئەنفالەو
پانایی باشووری مەسیحم چوون یەکە

گوناهی ئەزەلیی کام زەویو ئەستێرەی گومڕاهو
کام سزای ئەبەدیی تاوانم، بۆ ئەوەی هەمیشە هەڵقرچێم؟!!
کام خواوەند غەزەبی لێگرتووم بۆئەوەی هەر تاپۆی

نامۆیی‌و تەنیایی‌و شەوبم‌و بۆئەوەی نە بمرم نە بژیم؟!
کام خواوەند خاوەنمە؟! نازانم. کام شەیتان خاوەنمە
نازانم. نە ئاسمان گوێ ئەگرێ لە خوێنم‌و نە دنیاو
نە دادو نە یاساو نە زەنگی کڵێسەو نە قوببەی
مزگەوت‌و نازانم من بە کێ‌و من بە چی سوێند بخۆم!
کێ پەناو کێ داڵدەو کێ کەسمە؟! نازانم. من ئیستا
شاخێکی بێ سوێندم. سوێندی من دووکەڵەو قسەی
من خۆڵەمێش! هاوارم هەر خوێنی مەیومەو
هەر کۆچی سەرەولێژ. ئەوەتەی کۆچ هەیە کۆچ ئەکەم
ئەوەتەی گڕ هەیە ئەسووتێم.
ئەوەتەی ئاو هەیە ئەخنکێم.
ئەوەتەی تیغ هەیە قوربانیم.
ئەوەتەی خاك هەیە بێ خاکم.
ئەوەتەی شاخ هەیە من تلۆر ئەبمەوەو
ئەوەتەی دار هەیە لێی ئەدرێم!
من لە پێش مووساوە ئاوارەم.
پێش مەسیح من خاچم.
پێش قوڕەیش من زیندەبەچاڵ‌و
پێش حسەین من سەری بڕاوم!
ئەنفالە

ئەنفالە

ئەنفال!

تەماشای خۆڵ بکە.. بێژراوەی ئەشکەنجەی سالآنم.
تەماشای دەوەنکە.. ترسی من چۆن ئەڕوێ.
تەماشای گردۆڵکەی ڕووتەنکە
بەختی دێم چی ئەڵێ!
تەماشای پەیکوڵکە.. ئازاری ڕسکاوم.
تەماشای وێرانەی دەنگم کە.. قەسیدەی ڕووخاوم.
تەماشای ئەوینی چۆڵم کە.. کۆچڕەوی منو یار.
تەماشای مەراقم.. ئاوێنەی وردوخاش.
تەماشای خوێنم کە.. گوڵجاڕی کوژراوم.
ئەو بازنەی کەوتۆتە ناو ئەو وەردەوە
ئیستە باسی دەستو پەنجەی نازدار ئەکات
بۆ ئەو قومرییە بێوەژنە.
ئەو گوارەیەی کەوتۆتە ناو ئەو ئاوەوە
ئیستا باسی گوێو لاملی کاڵێ ئەکات
بۆ ئەو ماسییە بێوە پیاوە!
ئەو دەفتەرە قوڕاوییەی لە لاڕێدا
"با"یەك ئەیلاوێنێتەوە
ئیستە باسی چاوەکانی کیژێ دەکات
بۆئەو بەردە سك سووتاوە.
ئەو کوڵەباڵەی بە تەنها هەڵواسراوە بەو دارەوە
ئیستە باسی شانو قۆڵو گۆرانییەکانی شوان ئەکات
بۆ ئەو لقە چڵ کوژراوە.

ئەو بێشکەیەی لە ناوەڕاستدا لەت بووەو
کەوتۆتە قەراغ ئەو چەمە
ئیستە باسی گڕوگاڵو زەردەخەنەی بڵباس ئەکات
بۆئەو شەپۆلە زامدارەی
کە بە هێواشی لێی ئەدات!

ئەنفالەو فڕۆکەی ئاسمانی ئافاتو
ئەنفالەو بای ژەهرو
بەهاری مەرگەسات.
ئەنفالەو شارێکی بە پێوە خنکاوو
پێنج هەزار مۆمیای کارەسات.
ئەنفالەو هەڵەبجە
هەڵەبجەو هەڵەبجە
هەرچی فرمێسکێ تا ئیستە کە داروبەردم ڕشتویێتی
لە لایەکو.. ئەم فرمێسکەیان لە لایەك
ئەم فرمێسکە نیشتمانی تیا نوقم بوو.
هەرچی مردنێ تا ئیستە کە شاخو داخم دیویێتی
لە لایەکو.. ئەم مردنەیان لە لایەك
ئەم مردنە سی ملیۆن خەمی داچڵەکاند.
هەرچی کوشتنێ تا ئیستە ئەم جەستەیەی من دیویێتی
لەلایەکو. ئەم کوشتنەیان لە لایەك
ئەم کوشتنە مردووەکانیشی ڕاپەڕاند.

هەرچی غوربەتی شیعرمە لە لایەك و
ئەم غوربەتەیان لە لایەك.. ئەم غوربەتە لە ڕۆژێکدا
هەموو دنیای بە خاچی ئاوارەم ناساند!
هەرچی شارانمە لە لایەك.. ئەم تاقەشارەیش لە لایەك
تاقەشارێ کە لە ترووکەی چاوێکی شانزەی مارتا
لە یەك هەناسەی گیراوی ئەم سییەدا
بوو بە پایتەختی ئازاری وڵاتەکەم
باسی چی بکەم؟!
باسی چی بکەم؟!
چۆن سەوزەگیا ئەبێ بە تابووتی گوڵان؟!
چۆن بەهار ئەبێ بە کفنی سێ وەرزی تر؟!
چۆن چرکەیەکی ژەهراویی ئەبێ بە ساڵ؟!
شەقام چۆن ئەبێ بە گۆڕی سەردانەخراو؟!
چۆن منداڵ خۆی، ئەبێ بە بووکەشووشەکەی؟!
باسی چی بکەم
گمە چۆن ئەبێ بە بەردو
باڕە چۆن ئەبێ بە دارو
حیلە چۆن ئەبێ بە هەورو
هاژە چۆن ئەبێ بە چەوو
هاوار چۆن ئەبێ بە لەو
هەوا چۆن ئەبێ بە دوژمن
باسی چی بکەم

ئەو ساوایە بۆ تێر ناخواو دەم هەڵناگرێ لە مەمکی دایك؟!
ئەو باوکە بۆ ئەو پارووە قووت نادات‌و دەس داناگرێ؟!
ئەو خوێندکارە بۆ پەڕەیەکی تازەتر ناکاتەوە؟!
ئەو شۆفێرە بۆ سلفەکەی لێنادات‌و ئیتر بڕوات؟!
ئەو حەماڵە بۆ کۆڵەکەی هەڵناگرێت‌و ئەو چەقی ڕێیە بەرنادات؟!
ئەو کیژە بۆ (چا)کەی بەردەمی تێکناداو بیخواتەوە؟!
ئەو کۆترە بۆ باڵەکانی کردۆتەوەو هەڵیشنافڕێ؟!
ئەو کچە بۆ ئەو سەتڵە ئاوە هەڵناگرێت‌و لێی ئەڕژێ؟!
ئەو ماچە بۆ تەواو نەبوو؟!
ئەو تەشییە بۆ خولێکی تری نەخوارد؟!
تاکێ گۆرەوی بوو بە چی‌و لە پێ نەکرا؟!
ئەو ئیمزایە بۆ هەر نەکرا؟!
ئەو جانتایە هەر دانەخرا؟!
دەرگایەك بۆ پێوە نەدراو
میلی ڕادیۆیەکی ناو کۆش
هەر بانەدراو هەر بانەدراو هەر بانەدرا؟!

تۆ خاچی مار تێئالاوی
تۆ ئیستاکە ژەهرستانی وڵاتێکی تاق‌و تەنیای
لە هەواتا ژەهر ئەفڕێ‌و
لە زەویتا ژەهر ئەڕوێ‌و
لە نانتا ژەهرت ئەدەنێ‌و لە ئاوتا ژەهرت ئەدەنێ‌و

دنیایش وەکو ژەهراوییەك
دوای دەمو لووت هەڵبەستنی
دووراو دوور دێ بە پیرتەوەو
قەرەوێڵەی پەڕکراوی
ناو ژوورێکی گۆشەگیرت پێ ئەبەخشێو
تۆ خاچێکی ژەهراویتو
بۆیە شیعرت تووك بە سەریەوە نەماوەو
بۆیە وشەت وڕوگێژو
ناتوانی هەستیتە سەرپێو
ئیستا لەناو عەرەبانەی کەمئەندامو هاندیکاپی
دەوڵەتاندا دانراوی!!

نامۆ زۆرن. تەنیا زۆرن. برین زۆرن
خاچ زۆرنو مەسیح زۆرن.
بەڵام تۆ ئیستا شاهەنشای تەنیاییو نامۆییو برینی.
بەڵام تۆ ئیستا دیارترین مەسیحی سەر خاچو
دیارترین ئەشکەنجەی زەمینی.

هەڵەبجە کوژراوەو
تۆ پرسەت لە شیعرا داناوە.
هەڵەبجە کوژراوەو
خەیاڵت ڕەشپۆشەو

دووکەڵی و ئەڕۆیت و
ئەمجارە گریانت هەڵئەفڕێ و
ئێوارەی هۆنراوەیش
شەلاڵی خوێناوە!

هەمدیسان ئێوارەی بارانەو، ئێوارەی تەڕبوونی
ئەگریجەی خەمانەو، ئێوارەی کەژاوەی زایەڵەی
یارانەو، ئێوارەی ئازاری سوورمەچن.
هەمدیسان دەلێ لێی گریانەو نمنمی
دڵۆپی زەنگیانەی چاوانەو، تاوتاوی سەر
هۆبەی دواکۆچی عاشقانەو هەمدیسان
دەلۆلۆی بارانەو هەنسکی تەنیایی شیعری من.
هەمدیسان بارانەو ئێوارە. باران و غەریبیی پێکەوە
ئەبارێن. شیعرو کۆست پێکەوە دەس لە مل
ئەگەڕێن. بارانەو تەپ و نم ئاوێتەی هەڵەبجەی
گیانمەو بارانەو تاڵ تاڵی ڕێزانی تێکەڵی سیروانی
ژانمەو هاژەکەی: شیعری من.
هەمدیسان بارانەو ئەبارێ، پێنج هەزار ئەستێرەی
کوژراوو پێنج هەزار ڕەنگاڵەی کوژراوو پێنج هەزار
پەپوولەی فرمێسکم بەسەردا ئەبارێ!

من گردی گوڵانم و ئەرخەوان بەسەرما ئەبارێ.

من کۆچم‌و برژانگی ژیلوانم بەسەردا ئەبارێ
هەمدیسان بارانەو ئێوارە. هەمدیسان
دەلۆلۆی بارانەو هەمدیسان دەلێی لێی گریانەو
حەوشەکەی کۆتەڵێش.. شیعری من.
بارانەو.. ئێوارەو.. تەنیاییت ئەبارێ
چون هەوری، ناو ڕیشی، مەولەوی ئەبارێ.

خۆت ئەکەیت بە باڕی بچکۆلەی سەر سووچی
شەقاما، گۆشەیەك. کە تیشکی شین باوی
چرایەك -وەك خێل بێت- نیواونیو لێی
ئەدات. ئەیگریت. تۆ ئیستە بارانی سەرومل
شینیت‌و، بەرەوخوار، ئینجانەی تاریکیت.
ترووسکەی ئاگری نێو پەنجەت ناو بە ناو دوو لێوی
گوڵی شین ئاڵ ئەکات. بەرانبەر گۆشەکەت،
تابلۆیەك ئەتبینێ. ڤان کوخەو سڵاوت لێئەکات.
ئەچیتە گێژەنی تابلۆوە، بایەکی نارنجی تۆ ئەبات.
ئاسمانی پایزەی تابلۆکەو دەروونت چوون یەکن.
ڕەنگی زەرد ئەپۆشیت. ئەبیتە وەرزێکی غەمگینی
جۆدرەو. ئەمجارە وەك باکەی سەر زەڵم
هەڵئەکەیت. دواتریش ئەبیتە بەردێکی بەردەمی
تاڤگەو پرشەپرش گریانی ئاوەکەی لێت ئەدات.
وەك دووکەڵ دێیتەوە باڕەکە. وەك ماری

خاچەکەت پێچ ئەخۆیت. تۆ شیعری گەڕیدەی
خەیامیو ئەمجارەیش پەرداخێ مەراقی سووری تر
هەڵئەدەیت. لە تەیری پێوەبووی داو ئەچیت
تەماشای چواردەوری خۆت ئەکەیت. بۆ چاوی دەوروبەر:
تۆو کورسیو تۆو مێزو تەپڵەكو،
دووکەڵی جگەرە یەك شتن. هەست ئەکەیت کات
وێنەی مشارێ ئامادە وا لەسەر گەردنت چی ئەکەیت؟!
ڕابکەیت بە شوێنتا ڕائەکاو تۆ هەردەم ڕێبواری
نێچیرو نیشانەیت. کات هەردەم سێلاوەو
تۆ پووشوو. کات هەردەم ئاگرەو تۆیش سووتوو.
کات هەردەم زیندووەو تۆیش مردوو. ئەمجارەیش
پەرداخێ مەراقی سووری تر هەڵئەدەیت سەیر ئەکەیت
ژنێکی شەست ساڵەی گوڵفرۆش، کاڵاشین،
شیعرێکی چاوکاڵەو هاتۆتە بەردەمی مێزەکەت،
وەستاوە. شینپۆشی گوڵفرۆش، وا دیارە
هەر خۆیشی زەمانێ گوڵ عەشقی شین بووەو
وا ئیستەیش بای عومری کرێوە لێی داوە. ئەم
ژنە لە کۆترە باریکەی ترساوی
دوای گرمەی هەور ئەچێ. سیمایشی لە سیمای
مۆم ئەچێ ئەو وەختەی ئەسووتێ. ئەم ژنە
وەك ئیستەی شۆڕەبیی گوێ زەڵم غەمگینەو
بێدەنگەو لارەمل وەستاوە. تەڵ تەڵی

گولْ مێخەك ئەوانە لێی ئەكرِن دڵدارنو
ژوانیان بۆ ماچی شین باوی ئەمشەوی ئەم
بارِە داناوە. تەڵێكی لێئەكرِی. ئەو ئەرِواو
ون ئەبێ. گولْ مێخەك ئەخەیتە بەردەمت.
تۆ هەر خۆت ئەزانیت تەنیایتو نە ژنو
نە كچو نە یارو كەس نایە. تۆ هەر خۆت
ئەزانیت ئەم گوڵە سیس ئەبێت ئەمرێتو
كەس نایە. تۆ هەر خۆت ئەزانیت. دەستێكی
تر نییە ئەم گوڵە وەربگرێو كەس نایە.
تۆ پەنجە ئەخەیتە ناو قژیو گوڵەكە ناوئەنێی
هەڵەبجە. تۆ ئیستە هەڵەبجەی گولْ مێخەك بۆن
ئەكەیت. ئەو وەختەی شەپۆلی هێواشی تانگۆیش
هات هەڵئەسیت. وەك چڵی چنارێ بای
هێور لێی بدات دەست ئەكەیت بە سەما.
تۆیش یاری خۆت هەیە تۆیش جووتی خۆت
هەیە: گولْ مێخەك ناوقەدی باریكی ئەگریتو
ئەویش سووك سەری خۆی ئەخاتە سەرشانتو
وەكو دوو باڵداری لای كانی عاشقان وەكو
دوو لاولاوی ئاوێزان دەست ئەكەن بە سەما.
ئەچنە ناو جۆلانەی ڤاڵسەوەو خەونێكی
پەمەیی دوور دوور دوور ئەتانبا
وا ئیستە هەڵساویو گولْ مێخەك لەگەڵتا

تێکئاڵاو تۆ بۆنی لاملی ئەکەیتو ئەویش هەر
بارانی کەژاوەی بەسەرتا دائەکاو دوا شیعرت
تەڕئەکا. کات ئەڕواو گوڵ مێخەك لە تەکتا.
کات ئەفڕێو گوڵ مێخەك فرمێسکە لە چاوتا.
تا وەختێ کازیوە لە دەرگای باڕئەدا،
تا وەختێ شەقامی خەواڵوو ئەبیننو
ڕۆژباشتان لێئەکا. ئەڕۆنو ڕەت
ئەبن بەرەو ژوور ئەبنەوە. هەتاکو ئەگەنە
ئەو شوێنەی پەڵەیەك خوێنی وشك، خەرمانێ
لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ، کۆمەڵێك بنەمۆم،
هاوارتان لێ ئەکەن: پیادەڕەو، دوا شوێنێ
کە پاڵمێی لێ نووستو دوا هەوار کە ئاشتیو
ئەوینو بارانی لێ کوژرا. ئەوەستی. لەوێدا
ئەوەستیو هەڵەبجەی گوڵ مێخەك، ئەدەیتە
دەست خوێنی بێڕەنگو دەست مۆمو
دەست پاڵمێو بە تەنیایش خۆت لە تەك
گریانی دواشیعر، خاچێکی وێڵێتو هەمدیسان
کۆچ ئەکەیت.

تۆ خاچی مار تێئاڵاوی..
تۆ خاچی گوڵ تێئاڵاوی
ئەمجارەیان خاچەکەی تۆ وەك دەموچاوی

ئازادیی پێئەکەنێ.
ئەمجارەیان خاچەکەی تۆ وەکو پرشنگ
لە ڕووباردا.. سەما ئەکا..
ئەمجارەیان خاچەکەی تۆ
لوتکەی شاخ ئەکا بە زوڕناو
شەقام ئەکا بە شمشاڵو
فووی پیا ئەکا!
ئەمجارەیان خاچەکەی تۆ
دەشتو دەر ئەکا بە تەپڵو
ئاو ئەژەنێو بەرد لێئەدا!
ئەمجارەیان خاچەکەی تۆ..
بووە بە داربەڕووی شایی
قریوەی سەوز لێئەداو
دەستەسڕی سەرچۆپییەکەی ئەستێرەیەو
دەسی دۆی ئەوینی سپی وا لە دەستا!
مارت هەر مانگی بەهارێکی گەمژە نییە.
مارت هەر مانگی ئاوسبوونی دارستانو
خوێنجمانی باخان نییە!
مارت هەر مانگی ئارایشتی ڕواڵەتی زەردو سوورو
پێکەنینی تەفرەدەری کەسکی گەڵاو لەنجەولاری درۆزنەی
گوڵزار نییە.
مارت هەر مانگی زەماوەندی شووکردنی

کچەکانی نەورۆز نییە.
مارت هەر مانگی گەڕانەوەی گەڵا نییە بۆ لای درەخت.
مارت هەر مانگی شەتاو نییە بۆ هەڵپەی ماچ.
مارت هەر مانگی خشڵو تارای مێرگەکانو هەر ژنێکی
قژ درێژی بەر ئاوێنەی گۆمەکانو هەر لەشێکی گۆشتن نییە.
لە مارتا خوێنیش ئەپشکوێ
لە مارتا کسپەیش سەوز ئەبێو گۆپکە ئەکا.
لە مارتا داری ئەشکەنجەیش گەڵائەکا.
لە مارتا ڕنوی مەراقیش ئەتوێتەوەو
زام ئەتەقێو
مێژووی تۆڵەیش هاژە ئەکا!
مارت هەر مانگی بەهارێکی گەمژە نییە
مانگی زاوزێی شیعریشە.
مانگی هەڵپەڕکێی بەردیشە.
مانگی سەیرانی خەمیشە.
مارت هەر مانگی مەرگەوەڕو مەرگ نیە.
مانگی گەڕانەوەی هەموو شەهیدانە بۆماڵەوە.
مانگی هاتنەوەی مەولەوی بۆ هەڵەبجە.
مانگی هاتنەوەی نالی- شە بۆ خاکوخۆڵ.
مانگی بە یەکتر گەیشتنەوەی وەلیو شەمە.
مانگی بە یەکترگەیشتنەوەی دڵدارانی کچو کوڕی ناو ئەنفالە.
مانگی هەمدیسان هاتنەوەی ئەسپەڕەشو

حیلەی گەلی‌و کەوی سووری بادینانە.

مارت هەر مانگی بەهارێکی گەمژە نییە..
لەم مانگەدا خەوی قوربانیش دێنە دی.
لە سەرەتای ئەم مانگەدا بەر لەوەی کانی بتەقێ
مێژووم تەقی.
بەرلەوەی گوڵێ بپشکوێ خوێنم پشکووت.
بەرلەوەی دارێ گوڵ بکا سێدارەکانم گوڵیان گرت.
لە سەرەتای ئەم مانگەدا ملی زەمانم وەرگێڕا بە لای خۆمداو
وەرزی ساڵو ڕۆژژمێرو زەویم گۆڕی.
لە سەرەتای ئەم مانگەدا بە کلیلێکی ڕانییە
دەرگام لەسەر یەکەیەکەی مانگ‌و ئەستێرەی گیراوو
خەونی زیندانیم کردەوە!
لە سەرەتای ئەم مانگەدا بۆ یەکەم جار دوای هەزار ساڵ
توانیم دە ڕۆژ گۆیژە بەرمە ناو کەرکووک‌و
ڕەحیمئاوا بێنمە خانووە قوڕەکانی سلێمانی
شەتڵی ماچی پیرەمەگروون لەناو قەڵادا بڕوێنم.
لە سەرەتای ئەم مانگەدا
پیس لە ناو چەمی، هەستاوی، مندا نەما!
لە سەرەتای ئەم مانگەدا کۆتێك بوومو من بە تەمای
ڕاپەڕینی دوو پەنجەمو سێ پەنجەم بووم
لە دە پەنجەی هەردوو دەسما

کەچی دەستم لە دووانەوە بوون بە سەدو بە دووسەدو
هەزاران پەنجەم ڕاپەڕین.
لە سەرەتای ئەم مانگەدا
من تینوێتی مێژووی کاکی بە کاکی بووم
چاوەڕێ بووم سیروانێك‌و دوو سیروان‌و
چەم‌و دوو چۆمێك ڕاپەڕن
کەچی هەرچی شەقامێك‌و کۆلانێك‌و ڕێیەك هەبوو
لە جەستەمدا، ئەوانیش بوون بە سیروان‌و
هەموو پێکەوە ڕاپەڕین.
لە سەرەتای ئەم مانگەدا:
من دۆڵی کپی شەوێکی نەیار بووم‌و
چاوەڕێ بووم گرمەژنی چەند ئەسپێکم بمهەژێنێ..
کەچی هەرچی زۆرك‌و یاڵ‌و گردم هەیە
بوون بە ئەسپ‌و
پڕ بە هەموو وڵاتەکەم حیلاندیان‌و
هەموو پێکەوە ڕاپەڕین.
لە سەرەتای ئەم مانگەدا
من شۆڕشی دوودڵ بووم‌و
چاوەڕێ بووم هەر گاشەبەردی نێرینەو
داری ڕیشدار هەڵسنە سەرپێ‌و مەرگ هەڵبڕن.
کەچی لە زۆر جومگەی لەشما
پێش گاشە بەردی نێرینەو داری ڕیشدار

ژنە چناری وڵاتو ژنە گوڵو
ژنە سنەوبەر ڕاپەڕین.

لە سەرەتای ئەم مانگەدا
من دەستیشم لە زۆر ئەندامی بێ خێرو
ناپەسەندی ئەم جەستەیەی خۆم شتبوو
کەچی سەرلەنوێ ئەوانیش ژیانەوەو
لەبەر تاڤگەی عەشقدا خۆیان شتو
لەگەڵ ئەندامانی پاکی لەشما هەموو پێکەوە ڕاپەڕین.
لە سەرەتای ئەم مانگەدا
خوێنی یەکگرتووی گەلەکەم وای پێوتم:
گەر دڵداری بەرد بیەوێ شاخ هەلگرێ
هەڵی ئەگرێ.
گەر عاشقی ژین بیەوێ مەرگ بکوژێ
هەر ئەیکوژێ!
گەر دڵدارانی سبەینێ بیانەوێ
ئایندە بێننە ئێستاوە
هەر ئەیهێنن!
گەر عاشقی ئاو بیەوێ
"وان" بەرێتە لای "خانەقین"
ڕۆژێ ئەیبات!

گەر عاشقی چاوانی کەسکی ئازادیش

وەك سەرەتای ڕۆژانی مارت
بیەوێ خۆر داگرێتو
لە ستوونی بەژنی مێژوومی ببەستێو
لەسەر ئارارات هەڵێکات
ڕۆژێ ئەیکات.
ڕۆژێ ئەیکات.
ڕۆژێ ئەیکات!
بەڵام چۆن گوڵ لەسەر پەنگر دائەنیشێو
بەڵام چۆن خاچ دوور لە مارو دوور لە ئازار
ئەسرەوێتو
بەڵام چۆن "با" بێ ئەشکەوتی ژانو هاوار
هەڵئەکاتو
بەڵام چۆن من بێ کارەسات
تەنیا بمو
کە خۆم کۆچ بم
ئیتر چۆن کۆچ لەم ڕێگەیەم ئەبێتەوە.
کە من خۆیشم مەسیحێکی ئەم دەورە بم
ئیتر چۆن خاچ لە کۆڵ شانو
لە کۆڵ مانگو
لە کۆڵساڵم ئەبێتەوە.

تۆ خاچی مار تێئاڵاوی

تۆ پشکۆی سەرمابردەڵەو
تۆ هەتاوێکی تاریكو
تۆ تەنیایەکی ئاپوورەو
تۆ هەوایەکی خنکاوی!

لە پێشدا کارەسات تۆپەڵێ بەفری ڕەش بچکۆڵە
ئەوەندەی سەرم بوو
کارەسات بەساڵدا خل بۆوە.. خل بۆوە
تۆپەڵە بەفری ڕەش داگەڕاو داگەڕا..
بە شەوی ڤیریندا داگەڕا..
بە خوێندا داگەڕا
بە ژەهرا داگەڕاو تل بۆوە..
زیندانو سێدارەی لە خۆوە هەڵپێچاو تل بۆوە
هەڵەبجەی هەڵمژیو ئەنفالی هەڵمژیو تل بۆوە..
گەورە بوو.. گەورەتر
من ئیستە سەرێکم پێوەیە لە بەلا گەورەتر
من ئیستە دەستێکم پێوەیە لە ئازار درێژتر
من ئیستە چاوێکم پێوەیە لە زەریا بە ژانتر
من ئیستە نامۆییم لە شەختەی قوتبەکان ساردترەو
من ئیستا سووتانم لە دۆزەخ گەرمتر.

نالیی ڕۆی. بە دوایدا شارەزوور کۆچی کرد، وێڵ ئەبوو

حاجی ڕۆی. بە دوایدا شاری کۆ کۆچی کرد، وێڵ ئەبوو
مەولانەیش کۆچی کرد. بە دوایدا تانجەرۆ کۆچی کرد، وێڵ ئەبوو
چی ماوە؟!
وا ئیستەیش نیشتمان خۆی ئەڕواو کۆچ ئەکاو
شەهیدان بە دوایدا وێڵ ئەبن!

من ئیستە کۆچێکم ملیۆنێ سەرمو
دوو ملیۆن باڵمو هەر ئەڕۆم.
بەرەو ژوور من ڕێچکەی ترسێکی ڕەشپۆشی
هەڵاتووی ناو بەفرم، بەرەو ژوور هەر ئەڕۆم.
بەرەو شاخ من ڕیزی سیخناخی درێژی فرمێسکمو
سەرێکم لە چاوی ئەشکەوت داو
سەرێکم لە چاوی شەقامداو هەر ئەڕۆم.
من ئیستە کۆچێکم لانکەمو گۆڕەکەم لە کۆڵداو
بێ ئەوەی بزانم بەرەو کوێو بۆ ئەڕۆم؟. هەر ئەڕۆم
من ئیستە ئازادیی بێ سەرمو
من ڕێگای ون بوومو
من سەرمای مێژوومو
کۆچێکی بێ مەنزڵ.. هەر ئەڕۆم!

تۆ باران یارت بوو، تۆ باران ژێی تارو
تۆ باران جۆلانەی خەیاڵو تۆ هەور پریاسکەی

کۆچت بوو کە شیعرت تێ ئەکرد. بە تاڵی ڕێژنەی
قژی ئاو برینی خۆت ئەبەست. یەکەمجار باران بوو
نەهێنی توانەوەی عەشقتو تەنیایی بەیتە دەست.
یەکەمجار باران بوو، ئەوینی چاوشینی کچێکت بۆ
بێنیٚو ئەستێرە بە هێشوو بێنێتە ژوورەکەت.
تۆ باران یارت بوو. وا ئیستەیش نەیارەو سێلاوی
خنکانەو گریانی شەست کەری کۆچەکەت.
بێدەنگیی ناو شاخان کۆچیان کرد بۆ لای خوا،
ئەوکاتەی کە کۆچی بە گرمەی تۆ گەیشت.
هێوریی مانگەشەو لە گۆمدا، خەیاڵی
ڕۆمانسیی درەختی ناوکۆشی جۆگەکان
کۆچیان کرد بۆ لای خوا ئەوکاتەی
کە کۆچی بە ناڵەی تۆ گەیشت.

بەرد ژانی سەختی خۆی بیرچۆوە. کە ژانی ئێوەی دی.
زەمینیش کرووزەی پەلکەگیای بیرچۆوە..
ئەو وەختەی منداڵی ئێوەی دی.

خەیاڵی دووربینی دوورە دار
لە کەژی عاسیدا
ئەگەیشتە ئەو ڕۆژەی بیگەنیٚو
بیکەن بە: چرپایەك بە مێزێك

کورسییەك بۆ شیعرو بۆ چیرۆك.
بەڵام قەت
خەیاڵی دووربینی دووره دار
بۆئەوه نەئەچوو لێرەدا بیگەنیٚو
بیکەن بە: داره مەیت
بۆ دڵدار!

خەیاڵی سەوزەگیای بناریٚ دووره کێو
ئەگەیشته ڕۆژگاریٚ دابێتو بۆ ژیان
بیکێڵن بۆ عەشقی گەنمو جۆ..
بەڵام قەت خەیاڵی سەوزەگیای بناری دوورەکێو
نەئەچوو بۆئەوەی لێرەدا
ببێته گۆڕستان
بۆ چاوو بۆ پەنجەو
بۆ قژی منداڵان!

تۆ خاچی مار تێئاڵاوی
تۆ سەفەری کارەساتیو
قاچی کۆستیو کۆچی چاوی.

هەنووکه من لێره له شاری هەزاران دوورگەدا
بەلەمی شیعرێکی شەوانەی بیٚ چرام. ڕێم کوێرو بەندەرم بزره.

من لێره له شاری هەزاران دوورگەدا
ئیستاکه بەلەمی هەڵەبجەی خنکاوم‌و فەنەری کوژاوەی
بورجێکی ماندووه ئەم سەره!
من لێره له شاری هەزاران دوورگەدا
سێوێکی "ئالان"ی غەریبیی سەر ئاوم‌و
شەپۆلی نامۆیی خۆم ئەمبا.

هەنووکه من لێره. له "Mellanbyplan"
ژماره 23 له ڤاتی دووەمی خانویەك
گەڕەکی "Rinkeby"
گەڕەکی ئاوارەی تێکەڵ‌و فرمێسکی تێکەڵ‌و
زمانی تێکەڵی غەریبان..
هەر وەکو ئەستێرەی لێقەوماو له شەوی باراندا
بەرانبەر "TV"یەك دانیشتووم
هەمووتان ئەبینم.. ڕووباری لێڵن‌و پێچ ئەخۆن
بەرەو ژوور ئەبنەوه
هەمووتان ئەبینم.. وەك چرای قوڕاوی‌و
وەك ئەسپی قوڕاوی‌و
درەختی قوڕاوی‌و
کارژۆلەی قوڕاویی بەرەو ژوور ئەبنەوه.
من چاوم به سواری فرمێسکی باڵداری. فڕیوه بۆ لاتان.
من جەستەم به سواری فڕۆکەی خاچەکەی. فڕیوه بۆ لاتان.

تەماشام ئاودامان تەڕتەڕە
هەر وەکو پلووسکی باڵاتان.
من ئیستە وشە نیم. من ئیستە بەتانییە شینەکەی
ئەو ژنەم لە قوڕدا چەقیوەو ناگاتە سەر هەوراز
من ئیستە قەڵەم نیم. من ئیستە ئەو نانەم
هەڵئەدرێو هەزار دەست بۆی ئەفڕێو
هەر بە ڕێی حەواوە ئەخورێتو ناگاتە سەر زەمین.
من ئیستە شیعر نیم. من ئیستا چاوانی ئەو ژنەم
کە پڕن لە تەمو لە ڕەنگو لە دەنگی هەڵوەرین.
من ئیستە شێرکۆ نیم. من ئیستە گۆریچەی زارۆکم
لەو کێوەو، من ئیستا دوو لێوی ئەو کیژەم
وەك مێژووم کەوتۆتە هەڵلەرزین.
من ئیستە شێرکۆ نیم. من ئیستە:
پێڵاوی جێماوی ناو قوڕمو
نایلۆنی دڕاوی نێوانی دوو بەردمو
گریانی ون بوونمو
خەوێکم کوژراوو
دەستێکم ئیفلیجو
ڕووبەری بەهاری کۆستێکم زۆر بەرین.
هەروەکو ئەستێرەی لێقەوماو لە شەوی باراندا
هەروەکو پەنجەرەی لێقەوماو لە وەختی شکاندا
بەرانبەر TVیەك دانیشتووم

سیمام قەت ئەوەندە ئالوودەی دڵۆپی تەنیاییم نەبووە.
دەنگم قەت ئەوەندە هۆگری باڕژنی ئاسکەکەی هەنسکم نەبووە.
ڕەنگم قەت ئەوەندە عاشقی پووشپەڕە زەردەکەی خۆرئاوام نەبووە.
لێوم قەت ئەوەنە هاودەمی لەرزینی دوا گەڵای درەختم نەبووە.
هەر وەکو ئەستێرەی لێقەوماو لە شەوی باراندا
هەر وەکو پەنجەرەی لێقەوماو لە وەختی شکاندا
بەرانبەر تێڤییەك دانیشتووم.
لە پەردەی تێڤێوە ئەو کیژە دەساڵەی
کە ئەڵێی ڕەنگاڵەی بەر نمەی گریانی شاخانەو
لە ئاسمان ون بووەو لە دایکی ون بووەو وەك
لاسکە سەمەلی بەر تەرزەیش ئەلەرزێ.
لە پەردەی تێڤێوە دێتەدەر ئەگاتە بەردەمم‌و
ئەکەوێ. هەڵئەسم باوەشی پیائەکەم. ئەیخەمە
بەر کوورەی ژوورەکەم. چیم هەبێ لە شیرو لە نان‌و
لە نوقڵ‌و لە یاری منداڵان بۆی دێنم. هەر
هەمووی ئەخەمە بەردەمی‌و، پەتۆکەم ئەهێنم
پیائەدەم. ئەیدوێنم. تا ئەنوێ.

لە پەردەی تێڤێوە ئەو ژنە ڕەشپۆشەی
لە شەوی شیعر ئەچێ‌و لە مانگی ئەوق ئەچێ‌و لە دواوە
جێماوەو ڕەزێکە سڕبووەو نازانێ چی بکات‌و
چی بڵێ، لە پەردەی تێڤێوە، دێتەدەر

ئەگاتە بەردەممو ئەکەوێ. هەڵئەسم. دایکمەو
مێژوومە باوەشی پیائەکەم. لە پێشدا پاڵتۆکەی
بەر خۆمی پیائەدەم. چی مابێو چی هەبێ لە خۆراك
بۆی دێنم. دواتریش ئەیخەمە جێگەکەی دایکمەوەو
لێفەکەی ئەویشی پیائەدەم. ئەیدوێنم. تا ئەنوێ.

لە پەردەی تێڤیێوە دێنەدەر. ماڵەکەم چەند
بگریێ دێنە دەر. ماڵەکەم پڕ ئەبێ لە گریان،
لە باران، لە قوڕو لە هەڵمی کۆچتانو لە
بانگو لە هاوار، لە پارچە نایلۆنو لە چیلکەو
چەوێڵو لە وشکە زریکەو لە قیژەی زۆر تەڕو
لە دەستی فڕیوو، لە ئەژنۆی شکاوو، لە ساوای
بەر مەمکان. چیم مابێ ئەیهێنم. لەبەرما چی
مابێ. کلێتەو مشەماو کراسو پانتۆڵو
دەرپێمو گۆرەویم. هەر هەمووی دائەنێم،
ڕووتو قووت ئەبمەوە. بە ڕووتی ڕائەکەم،
ئەچمە دەر، من شێتم، من شێتی کۆچتانم، بە ڕووتی
ئەچمە دەر، ئەگەمە سەر شەقام. بە کوردیو
سویدی بانگ ئەکەم: ئەی دنیای چەپو ڕاست
دوای گازی ژەهراوی دوای نانی ژەهراویو
ئەنفالو کوشتنی هەڵەبجەو ئەم کۆچە: چی ماوە
بمدەنێو چی ماوە بمدەنێ!!

من ئیستە دەریاچەی مەراقم
ئەسپێکی شین باوی مەنگترە.
من ئیستە ئاسمانی دڵتەنگی کۆچەکەم
خاوەنی "مانگ"ێکی سووورباوی گەشترە!

من ئیستە باڵندەی گڕگرتووی ناوبەفری ئەم ڕەوەم
بە دەنووك لە شووشەی پەنجەرەی گشت گێتی ئەداتو
من ئیستە هاوارم وەك مۆمی کافووریی داگیرساو
شار بە شار ئەڕواتو
ئازادییم سەرئەکات بە دەرگای ماڵاندا
وەك هەتاو!

ئەم کۆچە گەورەیە کۆچێکی دووسەر بوو
لەم سەریان کە ڕۆیشتم ماڵەکەم، گەڕەکم،
شارەکەم بزر کرد.
لەو سەریان ئەو کاتەی هاتمەوە
ئەوینی ناو دنیاو
جیهانم دۆزییەوە!

ئەم کۆچە کلیل بوو کلیلی سیحراویی
بە فرمێسك دەروازەی ئاسنی کردەوە،
بە چۆڵ بوون پڕبوونی دروستکرد.

ئەو وەختەی کە دووریش کەوتمەوە
لە ماڵێ دابڕام
لە دنیای نزیکتر کردمەوە.

کامێرا.. کامێرا.. کامێرا
گەر چاوی هاودەمی کامێرا نەبووایە
کێ بەژنی بارانو غوربەتی ئەم کۆچەی ئەبینیم؟!
گەر چاوی ئێشکچی کامێرا نەبوایە
کێ ڕەنگی پەڕیوی ئێوارەی ئەم کۆستەی ئەبینیم؟!
گەر زارو گەر گەرووی کامێرا نەبوایە
کێ ناڵەی ئەشکەوتو
کێ دەنگی داربەڕوو
کێ نووزەی پەلکەگیای ئەبیستم؟!
گەر دەستی تەلیسمی کامێرا نەبوایە
ئازادیم بەو هەموو خوێنەوە چۆن ئەچووە ماڵانی دنیاوە؟!
گەر پەنجەی ڕووناکی کامێرا نەبوایە
ئەم کۆچە چۆن ئەبوو بەم مانگەو
ئەم خاچە چۆن ئەبوو
بەم پردە؟!
شۆڕشی کامێرا شۆڕشی بینین بوو
دژی چاو بەستنەوەی ئازادیم.
شۆڕشی کامێرا شۆڕشی بیستن بوو

دژی دەم بەستنەوەی باهۆزم.
شۆڕشی کامێرا شۆڕشی فڕین بوو
دژی باڵ بەستنەوەی هەڵبەستم.
شۆڕشی وێنە بوو.. بەرانبەر متبوونی بۆشایی.
شۆڕشی دەنگ‌و ڕەنگ.. بەرانبەر بێدەنگی‌و بێ ڕەنگی.
شۆڕشی ژیان‌و نیشاندان.. بەرانبەر مردن‌و شاردنەوە.
شۆڕشی ئەوین‌و گەیاندن.. بەرانبەر ڕزین‌و هێشتنەوە!
کامێرا.. کامێرا.. کامێرا
سوپاس بۆ کامێرا
بۆ چاوی کامێرا
بۆ دەنگی کامێرا
بۆ دەستی کامێرا
بۆ قاچی کامێراو
سوپاس بۆ ئەوینی ناو دنیا!
تۆ خاچی مار تێئاڵاوی
تۆ سەفەری بێ کۆتایی مەراقیت‌و
تۆ ڕۆژنامەی بەیانیان‌و ئێوارانی سەرابیت‌و
مێژووی وێڵی‌و
زیندانی زیندانکراوی!

زۆرت دی. وەك بەردی سەر چیاو چون داری دارستان،
وەك خۆڵی ڕێگەوبان: ڕەشەبای دەم تیژو ڕەقەڵەو

زبرت دی. زۆرت دی. چون لی گویّ زەریایش
شەپۆلی ئەشکەنجەی شینو مۆر، گەرداوی سەر گەردان،
کەفاوی مەراقو هەڵچوونی تووڕەییو داچوونی هێمنیی
زۆرت دی. تۆ کەشتیو تۆ سەوڵی خنکاوی زۆرت دی.
تۆ شاخی زۆرت دی: ئەوکاتەی کۆچ ئەکەن. ئەوکاتەی
کە ئەگرین. ئەوکاتەی کە ئاگری عەشقێکی ئەبەدیی
لە خۆیان بەرئەدەن. زۆرت دی: خەمت دی ئەو وەختەی
کە ئەبیّو کە ئەڕویّ. مێژووت دی ئەو وەختەی کە
نێچیر ئەخواتو ئەو وەختەیش کە ئەخوریّ. تۆ هەقی
زۆرت دی ئەو دەمەی کەوڵ ئەکرێن. گوناهی زۆرت دی
ئەوکاتەی کە باوەش بە خوادا ئەکەنو تاوانی زۆرت دی
ئەو وەختەی لە خاكو لە خوێندا ئەچێنرێن. زۆرت دی
تۆ گوڵی دڕندەو تۆ ئاوی ناپاكو تۆ بەردی ناسكو
تۆ غەدری ڕازاوەت زۆر بینی. گوڵدانی ژەهراویو ئینجانەی
خوێناویی زۆرت دی. تۆ شیعری فێڵبازو تۆ وشەی
خائینو شۆڕشی قاچاخچیو سەرکردەی پوتت دی. لە پێستی
هەتاوو فریشتەو پەریدا دزت دی. لە پێستی مەسیحو
حەللاجو بابکدا پیاوکوژی زۆرت دی. پیاوانی قاوغو
پووچت دی. زۆرت دی. ژنت دی ئەو وەختەی کە ئەبن
بە قولاپ. ژنت دی ئەو وەختەی کە ئەبن بە لاولاو.
هاوڕێی خۆتت دی کە لەودیو پەردەوە پەنجەیان بە چەقۆ
ئەفرۆشتی. زۆرت دی. خۆتت دی ئەودەمەی

ئەترسی خۆتت دی ئەودەمەی کە ئەبوو بپرسیو
نەتپرسی. خۆتت دی گیاکەڵەی هەڵە بووی. خۆتت دی
ملێکی شکاوی ناو قۆرتو پەلە بووی. زۆرت دی.
چیت نەدی؟! زۆرت دیو مەخابن تا ئیستەیش
لە ڕقو ئەوینو نامۆییو تەنیایی نەگەیشتی!

هەنووکە ئازادیی ئەسپێکی شەفەقەو هێناتەماڵەوەو
سەرتاپای جریوەی مژدەیەو بریسکەی خۆشییەو
یاڵ بە گوڵ. ئازادیی وەکو گوڵ وەکو مانگ هاتۆتە ماڵتەوەو
چون چرای ئەفسانە هاتۆتە بەردەستت، بۆئەوەی
بیبەیتە ناو گەوەی شاخەوەو بۆئەوەی ڕووناکیی
بکەیتە بەیداخو لە گیانتا هەڵیکەیت. ئازادیی وەك
گوڵەبەڕۆژە، چاوەڕێی پەنجەتە تۆوی کەیت،
ئازادیت ئیستاکە وەکو سکی گەرمیان، وەك سکی
ئەم خاکە قوپاوە برسییە. ئازادیت کاولاشە. چاوەڕێی
شارایە، چاوەڕێی هەویرە کە بیکەی بە پارووی ئەو
دەمە تەنیایە. ئازادیت برسییەو ئازادیت ڕەجاڵە
ئەوکاتەی ئازادیی برسیی بوو:
شاخ ئەژنۆی ڕۆیشتنی نامێنێ.
ئاو بەستەو گۆرانیی نامێنێ.
ماڵ دەمی نامێنێ تا ماچی تۆ بکاو
هەرێزی پێکەنین زەرد ئەبێو

سالْ ئەمریْ!

ئازادیی وەك دارتووی حەوشەكەت هاتۆتە ماڵتەوە
وا ئیستە خەونێكی زۆر گەورەت ڕۆژانە وەك كێڵگەو
وەك شەقام، وەك دەرگای ماڵەكەت لەگەڵتە.
وەك ئەسپێ لەبەردەم ڕابوونتا وەستاوە.
چون بەیار، ئازادیی چاوەڕێی كێلانتە
چاوەڕێی باران‌و یەكبوونی زامانتە.
ئەم ئەسپە زێڕینەی بەربەیان
ئەوەندە لەسەرت ئەوەستێ
نەیخەیتە تاریكی‌و درەنگان.
ئەم ئەسپە زێڕینەی ئازادیی
ئەوەندە لەسەرت ئەوەستێ
بێزاریی نەیگاتێ‌و برسێتیی چوارپەلی نەشكێنێ!
جڵەوی ئەم ئەسپە زێڕینە لە دەستی خۆتدایە
ئەم ئەسپە زێڕینە ئەوەندە چاوەڕێی تۆ ئەكات
كە چەتە نەیگاتێ‌و كوڕژنی نەفڕێنێ!

بەیاریش ئەوەندە چاوەڕێی بارانی تۆ ئەكات
باگژی وەڕسبوون، بە ڕەوە كوللەوە نەیگاتێ‌و
لە گیانیا هەڵنەكات!

ئازادییت وەك مەلی خوێناویی هێنایە ماڵەوە

وا ئیستە لە سنگتا ئەخوێنێ. لە سنگتا هەڵئەفڕێ.
سنگی تۆ ئاسمانە. ئەم مەلی نگینیەیش،
ئەوەندە لەسەرت ئەوەستێ. ئەوەندە هۆگرتە.
قەت سنگی بۆ نەکەی بە قەفەز. ئاسمانی ناو سەرتی
بۆ نەکەی بە زیندان. ئەم مەلەیش برسییەو چاوەڕێی
خەرمانی تۆ ئەکا!
ئازادییت.. برسییە.
ئازادییت.. مانگێکی نەخۆشە.
ئازادییت.. وێرانەی کاولاشە.
ڕەنگو بۆی ئازادیی لە باخچەی گیانتایە.
پێخۆرو خەرمانی ئازادیی
بە تەنها لە کێڵگەی ناو لەپی دەستایە!

یەکبوونی چراوگی زامەکان.
یەکبوونی تانوپۆی کسپەکان.
یەکبوونی لاوكو حەیرانو
لە یەکدا توانەوەی ئەم عەشقە
گۆڕینی ئەم سەرە بە ملو شانەوە
گۆڕینی ئەم دەنگە لای خۆتەو لای خۆتە!

ئازادییت برسییە:
هەزاران دروشمی سەر خامو سەر دیوار

برسێتیی کۆترێك تێر ناکات!
ئازادییت کاولاشه
خەرمانێك له قسەو سەروتار
ڕووبارێك له هاشەو له هووشەو
شەپۆلی چەپڵەدار
جامێ ئاو پڕناکاو
کراسێك ناکاته بەر زامو
چرایەك له ماڵی تاریکدا هەڵناکات!

لەسەر ڕێی ڕۆژاندا.. لەسەر ڕێی مانگاندا.. لەسەر ڕێی ساڵاندا
وەك ترێ چاوەڕێت قرپۆك بوو.
ئەو دەستە هەر نەهات کە مژدەی کردبێ بە گەنم.
ئەو دەستە هەر نەهات کە قسەی کردبێ بە دەرمان.
ئەو دەستە هەر نەهات کە کفنی کردبێ بە کاڵا.
هیچ نەهاتو.. هیچ نەهات!
تۆ خاچی مار تێئاڵاوی
تۆ هەتاوێکی تاریکو
تۆ تەنیایەکی ئاپوورەو
تۆ هەوایەکی خنکاوی

هەمدیسان تۆ سەرت خول ئەخوا بە دەوری
بازنەی گوماندا و بە دەوری مەرگێکی تازەداو

له تەیری گێژ ئەچیت. لە ڕێگەی ون ئەچیت.
تۆ ئیستە وای لەبەر وەیشوومەی شەڕێکی دەروونتا.
شەڕێکی ناو سەرتا، شەڕێکی ناو خۆتا، هەر ڕۆژەو
بایەکی نەفرەت دێو هەر ڕۆژەی گەرداوی
خوێنێکت هەڵئەکاو هەر ڕۆژەی تۆفانی
مردنێ تۆ ئەبات. تۆ ئیستە تەنیاییت گۆڕێکی
گەڕۆکەو لەگەڵتا ئەڕواتو تۆ ئیستە نامۆییت
بەژنێکی تاریکەو پەلوپۆی خاچەکەت هەر ڕۆژەو
قولانجێ زیاد ئەکات.
هەمدیسان نەفرەتی خۆکوژیم هاتەوە،
نێو خوێنو هاتەوە کاولاشی ماڵەکەم.
هەمدیسان ئەم دەستم ئەو دەستم ئەکوژێو
ئەو دەستم سەری خۆم ئەدزێو
ئەم دەستم دەمی خۆم ئەدورێو
هەمدیسان من هەر خۆم چەقۆمو
هەر خۆیشم تەرمەکەم.

هەمدیسان من هەر خۆم سێدارەو
هەر خۆیشم لاشەکەم.
من هەر خۆم تفەنگمو
هەر خۆیشم نیشانەم!
پێکەوە گۆڕمو گۆڕهەڵکەن.

پێکەوە پەتایشمو قوربانیی.
پێکەوە کۆتیشمو ملیشمو
پێکەوە زیندانمو زیندانیی.
هەمدیسان من هەر خۆم مشارمو
هەر خۆیشم کەریتەم.
من هەر خۆم کلیلمو هەر خۆیشم قفڵەکەم.
پێکەوە نێچیرو داویشم
پێکەوە خنکاوو ئاویشم.
پێکەوە ئاگرو.. سووتانم.

من بۆ خۆم دزراومو هەر خۆیشم دزەکەم.
من بۆ خۆم برسیمو هەر خۆیشم چەتەکەم.
چی ماوە؟! من بیڵێم..
من بۆ خۆم ئیستاکە بە پەنگ بووی دنیامو
هەر خۆیشم پەنگەکەم!

تۆ خاچی مار تێئاڵاوی
لەم ڕۆژگارە دوو کەرتەدا تۆ ئەو چاوەی کە بۆت نییە
نیوەی دایکی خۆت ببینی.
لەم شەوگارە دووکەرتەدا
تۆ "نالی"تو بۆت نییە دهۆك ببینی.
تۆ "خانی"تو بۆت نییە هەولێر ببینی.

تۆ خاچی مارتێئالآوی تۆ مەراقێکی دووکەرتی
تۆ نیشتمانی بڕڕاوەی لەناو قەداو
تۆ مێژوویەکی بڕڕاوەی لە کەمەرداو
لەملاوە تۆ هەڵبەستێکی بێ قاچیتو
لەولاوە تۆ شانۆیەکی بێ سەریتو
تۆ گۆرانیی لە ناوەندا پچڕاویتو
پەنجەی لە دەست بەجێماوی!
ڕۆژانە شیعرێکی ڕیشنو خوێناویت وەك بەرداش
وڕیتو وەك پووشو پۆلآشی دەم گێژەن
کاسیتو ئەچیتە دەرەوە. ڕیشنی وەك پرسەی
هەمیشەی گەرمێنو پرچنی وەك تەکیەی قادریو
وەك نەقشیش ئەستێرکی خەڵوەتی بێدەنگیت.
ئەچیتە دەرەوە، ئەو وەختەی ڕێ ئەکەیت،
لێڵی وەك خابوورو قەمووری وەك پشتی دابانو
ڕەنگ پەڕیو وەك کەرکووك. ڕۆژانە شیعرێکی
ڕیشنو خوێناویت. خوێناویت بە خوێنی وشەی
خۆت. ئەچیتە دەرەوە، خوێناویت
بە خوێنی کۆتەڵی شینی خۆت. ئەچیتە دەرەوە
وەك بەرداش وڕیتو وەك گردی دوا بە دوای
بۆردومان کاسیتو ئەچیتە دەرەوە.
کە ئەڕۆیت تۆ لەبەر خۆتەوە وەك ئیستەی
خانەقین وڕێنە ئەکەیتو شێتی وەك میری

سوور. ئەڕۆیتو تۆ لەبەر خۆتەوە هۆبە
هۆی هۆرەتەو هاواری ئێڵەکەی ئارانتەو
هاواری کۆچەکەی عەنبەرتە وەك دەشتی
شارەزوور. ئەچیتە دەرەوە. وەك ئیستەی
ڕێو بانی نیشتمان، وەك خەڵکی وڵاتی خۆکوژیی
تۆ ونیو بزریو نازانی بۆ ئەڕۆی، نازانی
چۆن ئەڕۆی؟! ئەچیتە دەرەوەو تەنیاییت
دووکەرتە. تۆ نیوەیت. ئەڕۆیتو لە سەرتا
نارنجۆك ئەتەقێو تی ئێن تی ئەتەقێو لە
سنگتا خومپارەبارانەو ئەڕۆیتو تۆ
نیوەیت. ئەڕۆیتو ئەمجارە دووکەرتیو
سێ کەرتیو چوارکەرتیو ئەڕۆیتو تۆ بنە
سلاوەیت، تۆ دەستی پەڕیوی یوسفیی
بامەڕنیت، تۆ سەری هەڵەبجەیت. ئەڕۆیتو
دلۆپی خۆڕایی خوێنی خۆت بە کاولاش ئەفرۆشی.
ئەڕۆیتو دلۆپی خۆڕایی خوێنی خۆت ئەژمێری.
کۆستەکان ئەژمێری. بێوەژن ئەژمێری.
سالانی بابردوو ئەژمێری، بێشومار،
تۆ خەونی هەڵکێشراو، ئاوارە ئەژمێری.
ئۆردوگای برسێتیی ئەژمێری. هەر ئەڕۆیت،
تەنیا نیت تۆ سەری بڕراوی مێژووی خۆت
لەگەڵ خۆت ئەگێڕی. تۆ تك تك ئابڕووی

خۆت ئەکەیتە ناو زەرفی نایلۆنی بانگەشەی
شوومەوەو بۆ دنیای ئەنێری. تۆ سەری بڕڕاوی
براکەت وەك تاجەگوڵینەی سەرکەوتن لەگەڵ
خۆت ئەگێڕی. تۆ پەنجەت تیرۆری خۆی ئەکات،
تۆ سەرو تۆ دەستو تۆ قاچی: کوێستانیو
ڕێناسو حەللاقو فرانسیس ئەخەیتە ناو
کیسەی خۆڵەوەو لە ڕێگەی پۆستێکی پیسەوە
بۆ دنیای ئەنێری!

ئەڕۆیتو هەست ئەکەیت. تۆ ورد ورد ئەگۆڕێی،
تۆ ئەوەی پێشوو نیت. دەست ئەدەیت لە
گوێچکەت درێژەو ئەمجارە درێژتر. دەست ئەدەیت
لە دانتو هەست ئەکەیت تیژترەو درێژتر. کەڵبەتە.
تەماشای پێت ئەکەیت نینۆکت وەکو درەوش
پێڵاوی دڕیوەو هاتۆتە دەرەوەو درێژە،
ئەمجارە لە دەستت ئەڕوانی ئەبینی تیسکنەو
تاڵەمووی ڕەش ڕەشەو درێژە. لائەدەیت،
ئەچیتە بەردەمی ئاوێنەی کۆگایەك. کە سەیری
خۆت ئەکەیت تۆ بوویتە "دراکۆل". تۆ
ئیستە تینووتەو هەر حەزت لە خوێنە. ئەگەڕێی
بۆ یەکێ خوێنەکەی لە خۆت بێ بۆئەوەی کە بینی
پێوەنێی. ئەڕۆیتو دەوروبەر: ئەپارتمان

شەقام و دوکان و ڕێستۆران، هەموویان
ئەگۆڕدرێن ئەبن بە بێشەڵان. ئەڕۆیت و
ئەمجارە مرخەت دێ و مرەت دێ و تۆ جیرەی
کەڵبەت دێ و ئیستاکە تۆ وا بووی بە ورچی
خوێناویی دارستان!

ڕۆژانە شیعرێکی ڕیشن و خوێناویت ئەچیتە
دەرەوە، وەك بەرداش وڕیت و وەك
پووش و پەلاشی دەم گێژەن کاسیت و ئەچیتە
دەرەوە. لە بەری "Gamlastan" کۆلانی
باریکی ڕەواندز پێت ئەگات. ئەوساکە
تۆ بۆنی بارووت و مندالی سووتاوو تەماشای
ئابلۆوقەی مردنی خۆت ئەکەیت. لەبەری گەملەستان،
ئەچیتە ژێر چوخمی کۆنەوە، چوخمەکەی
سەرشەقام پێت ئەگات، ئەتگرێ و ڕاتئەگرێ و
سەعاتێك هەر باسی شێداریی نامۆیی و
نسیەکەی تەنیاییت بۆ ئەکات. بەرەوخوار
تۆ ئەڕۆی هەست ئەکەیت، قاچێکت مان
ئەگرێ لە هاتن، لەگەڵتا نایەت و جێتدێڵێ و
سەرەو ژوور ئەو ئەڕوات. ئەمجارە خۆت
ئەکەیت بە گچکە باڕێکدا، ئەچیتە دووکەڵ و
ژاوەوە، وەکو لەقلەق ئەچیتە سەر

کورسیی لۆقدارو ئانیشکت ئەخەیتە سەر
بارڕو بادەکەت تێئەکەیت. خوێنەکەت
هەڵئەدەیت. دووکەڵو ژاوەیەو تۆ
خۆیشت ئیستاکە دیرۆکی خانێکی ئاژاوەیت.
تۆ خۆیشت ئیستاکە هاواری چەقۆیتو
زریکەی ماڵیتو شەقژنی ئاوارەیت.
لە دەستی ڕاستەوە. ژنێکی سەرتاپا سوورپۆشت
لاوەیە، گوڵجاڕێ گوڵاڵەو پەیکەری گوڵباخەو
لاتەوە وەستاوە. جریوەی ئاڵ ئەدا لە چاوت.
نیشانەی بازنەی مسینی سەر سنگی پێت ئەڵێ:
ئەو چەپە. ئەو چەپەو ئیستاکە لە دەستی ڕاستەوە
لاتەوە وەستاوە. ئەو چەپەو لە بەفری ئەمڕۆدا
هەلاڵەی بۆ ئێرە هێناوە. لە کلووی بەفرەوە
ئەچمە ناو قسەوە، لە سەرمای ئەمڕۆوە خۆم
ئەکەم بە ژووری دووانداا. ئەیدوێنم. ئەمدوێنێ.
ئەو وەختەی ئەگاتە ئەو پرسە ئاسانەی کە
من چیم؟! کە من کێم؟! پرسەکەم لێ ئەبێ بە
کێوێ. لە تاودا من دەستم ئەگلۆفم،
لاڵ ئەبم. ئەوەستم. من ئیستا شەرم ئەکەم،
شەرم ئەکەم، شەرم ئەکەم پێی بڵێم:
من کوردم!!

لەم مێژووە زڕەدا خۆمو خۆم تیغینو نێزەینو
ئەچینە ناو جەستەی یەکەوە. خۆمو خۆم
بڕبەندین لە قەدی یەکتردا. خۆمو خۆم
گابەردین تل ئەدەین دێینە خوار هەر
بەسەر یەکتردا. خۆمو خۆم گوێزانین ڕائەکەین
بە جەرگی یەکتردا.
خۆمو خۆم تاوانو شایەتین پێکەوە.
خۆمو خۆم سێدارەو جەللادین پێکەوە.

ئازادیی! کامەیە ئازادیی؟!
ئازادیی ئەسپێکی شەکەتەو ئەشەلێو
هەموو ڕۆژ بارئەکرێ لە فیشەك!
نیشتمان! کامەیە نیشتمان؟!
ئەو عەردەی هەموو ڕۆژ دوو سێ جار ئەیکوژین؟!
ئەو دەشتەی کە بۆتە تاتەشۆر!
ئەو شاخەی کە بۆتە دارەمەیت!
ئەو بەردو ئەو قوڕو ئەو چەوو ئەو لمەی
زیندانی لێ زاوە؟!

کامەیە نیشتمان؟! کامەیە ئازادیی؟! نازانم..
ئەو ئاوەی بە ڕۆژی نیوەڕۆ سەرچاوەی ئەدزین؟!
ئەو یارەی لە خەودا چاوانی ئەدزین؟!

ئەو هەورەی پێش باران بارانی ئەدزین؟!
ئەو مانگەی لە شەوی چواردەدا ئەیدزین؟!
نازانم کامەیە نیشتمان؟! کامەیە ئازادیی؟!
ئازادیی ئەسپێکی شەکەتەو ئەشەلێ‌و
هەموو ڕۆژ بارئەکرێ لە فیشەك
ئەوەتا نیشتمان گەراجە بۆ تایەی قاچاخ‌و
لۆرییە بۆ درۆی سەرمۆرو
گومرگە بۆ خوێن‌و بۆ خەم‌و جگەرەی ستۆك‌و
دروشمی ستۆك‌و.. بازاڕە بۆ سیمای سیاسیی مووزەوەر!
لەم مێژووە زڕەدا.. هەر دۆزەخ ئەزێت‌و
هەر شمشێر سك ئەکاو
مەرگەوەڕ ئەبێتە پێغەمبەر!

هەمدیسان وا مارتەو ئێوارەی بارانەو
غەریبیم تەپ‌و نم ئەبارێ. هەمدیسان وا مارتەو
تاوتاوی ڕێژنەی زامانەو سەفەری درێژی
باڕێزەی گریانەو غەریبیم شەست ئەکات.
هەمدیسان ئێوارەی بارانەو، من ئیستە لە گۆشەی
تەریك‌و شین باوی گازینۆی غەریبان دانیشتووم.
ئەوەندەی کوردستان تەنیام‌و ئەوەندەی شاخ‌و داخ
ماندووم‌و ئەوەندەی دووکەڵی جگەرەم پەرتم‌و
ئەوەندەی دواچۆڕی ڕووباری ئەم شیعرە لێڵم‌و

ڕۆحیشم کوولەکەی تەمێکەو خەریکە تەق ئەکات.

هەمدیسان بارانەو ئێوارەی بارانەو چون
قەوزە وەنەوزێ گرتوومی.. نازانم بۆ مەرگە؟!
یان خەونی کازیوەو چوونەوە بۆ هۆبەی چاوانی
یارانە.. بارانەو بارانەو بارانە..
نیشتمان! کوا ڕانت؟! کوا بەردت؟! کوا سینەی خاكو خۆڵ؟!
بالیفی خەوبینین.. هەورەکەی سەرینم.
با تاوێ مەراقی هیلاکم.. مەراقی شەکەتم
لە بنار "گۆیژە"تا ڕاکشێ..
تا خەونی قەسیدەی داهاتووی
تازەتر ببینم!

ستۆکهۆڵم
تێنستا
1996/4/8 –1995

# بۆننامە

قەسیدەی درێژ

1998

(با) بەشەلەشەل هەڵئەکات !

لەم قوتبەوە (با) ئەگەڕێتەوە دواوە..

ئەگاتەوە یەکەم کۆڵانی زوبانم

لەبەر دەرگایەکی نزمی چلەکاندا.. دائەنەوێ
بۆنی منداڵییم ئەکاتو گوڵەخەونم هەڵئەمژێ
بۆنی منداڵییم.. چون بۆنی کارژۆلەیەك، پەلکە گیایەك
چون بۆنی دەنکە چوالەیەك
هەر زوو تێکەڵ بەبۆنی گریانی دایکمو
بۆنی لاواندنەوەی تەڕو
بۆنی گڵگەچی ژوورێکی کەسیرە بوو.
بۆنی شەو بۆنی ترسێکی زستانە بوو
بۆنی بۆیرشی[1] تەنیاییو بۆنی ئێوارەی هەژارییو
هەر زوو تێکەڵ بەبۆنی تیژی  کەساسییو
بۆساردی لێفەی ڕێزاڵو
خەونی پەرتی ژیانم بوو.
بەفر ئەڵێ
حیکایەتی سپیی ئەڵێ:
گڕوگاڵت گڕوگاڵی شەمامە بوو
لانکەت گەڵا هەنجیرێكو
یەکەم وشەت بۆنی ڕازییانەی لێهات.

لە سێبەری بێستانێکی (مەڵکەندی)دا تۆ خەیاڵی
بچکۆلانەی بەڕوولە بوویت، بەخاکەوە قرسا بوویتو
لەگەڵ گڵدا پێ ئەکەنیت.  بەڵام ڕۆژێ بابلیسکێ[2]

---

[1] بۆیرش: بۆنی هەر شتێ کە لە شوێنێکی تەڕدا دانرابێو شێی هەڵهێنابێ.
[2] بابلیسك: گێژەڵووکەو گەردەلوول.

له بنجەوە هەڵیکەنیت. کەچی ڕۆژێ لەپڕێکدا،
له بەرزایی جریوەوە، له بەرزایی تریقەوە، خل بویتەوەو
کەوتیتە ناو خۆڵەمێشی دۆڵێکەوەو لەچاو ون بوویت.

بۆنی ڕەزو بۆنی دایکم هەر یەك بۆن بوون.
بۆنی چیاو بۆنی باوکم هەر یەك بۆن بوون.
هەموو شەوێ ڕەزی چاو ڕەش
حیکایەتی هێشوویەکی هەڵوەریوی بۆ ئەکردم
هەموو شەوێ ئەو بێستانە پەرچەمو پرچ بۆن خۆشکەیە
تا ئەنووستم
حیکایەتی پەلك و گەڵای سترانێکی
ئەم زمانە داڕنراوەی بۆ ئەکردم.
بەفر ئەڵێ
حیکایەتی سپیی ئەڵێ..

کۆنترین دووکەڵ، دووکەڵی مانگە شەوێکی تەواری بێوەژن بوو.
یەکەمین بۆن لەو تریفە سوتاوەوە، له بۆکرووزی ئەو دەنگو
ڕەنگەو، له بۆسۆی ئەو کراسەوە گەیشتە کەپووی منداڵییت.
لەو وەختەوە ئیتر کەپووت بوو بە کەپووی وڵاتەکەت،
لەوساکەوە دوورو نزیك بۆنی هەموو وەزەنێك و[3]
بۆنی هەموو ڕووداوێك و بۆنی هەموو نەهێنیەکانی ناو مێژووی
کۆن و تازەو دنیا ئەکەیت. بەبۆنکردن خەم و خۆشیی،
شایی و شین و، تاریکایی و روناکایی، له یەکتر جوێ ئەکەیتەوە.

---

[3] وەزەن: ئازار، خەم، پەژارە.

به بۆنکردن کارەسات ئەناسیتەوە. هەر بە بۆنیش تۆ چێژ ئەکەیت.
به بۆنکردن ڕەنگەکانو ئاوازەکان هەڵئەبژێریو گوڵدانەکان
ڕیز ئەکەیتو وەرزەکان ئەنووسیتەوە.

تۆ بۆنەکان لەناو (با)دا دەرئەهێنی.
تۆ بۆنەکان ئەکەی بەدەنکە مووروی ڕەنگاو ڕەنگ
یەك یەك جیایان ئەکەیتەوە لە یەکتریی
تۆ بۆننامە ئەگریتەوە بۆ سەفەری دەنگەکانو
بۆ داهاتووی تەماشاتو
هەر بەبۆنیش ڕەنگەکان ئەخوێنیتەوە .

بینینم تاقیکردەوە.. تراویلکەی سەهویریٚ[4] بوو.
بیستنم تاقیکردەوە.. گومڕای دەنگو لاوژێ بوو.
- گرتن- م تاقیکردەوە.. سڕبوونێکی بەردەوامی ناو دەسم بوو.
چێژیشم تاقیکردەوە.. پەلاسەجووی، ناو دەمم بوو
هەر قەڵەمی بۆن بوو مابیٚو
بۆ ئەمجارە شیعرێکی نوێی پیٚ بنووسم.

**( یەکەم گۆرانیی بۆنخۆشی ئەم بۆننامەیە بۆ تەوارێکی بێوەژن ئەڵێم ):**

❖ لەو گویٚ ئاوە من دەسم دا لەپەرچەمی
سوورە چنارێك بێوەژن
لە پاشتردا دەستەکانم

---

[4] سەهویر: تارمایی و ڕێشکەو پێشکەی چاو.

بۆنی سورایی خۆرئاواو
بەلاڵوکی وەریویان گرت.
من خۆم هەڵسوو لە پەڕو باڵی زیوینی
کۆترە شینکەیەك بێوەژن
لە پاشتردا.. سەرو ملو لەشم هەمووی
بۆنی تەنیایی هێلانەو
ئاسمانێکی ئاخداریان گرت.
من ماچێکی ئەو گۆرانیە بێوەژنەی
ناو واگۆنی غەریبیم کرد
لە پاشتردا دەمو لێوو تووکی سەرم
بوون بە باخی هەوربردوو
بۆنی ڕێگا دوورەکانو
بۆنی لەیەك دابڕانو
بۆنی کەمانچەی چاوتەڕی دنیایان گرت❁

ئازار بۆنی نیشتمانە وێرانەکەی منی لێدێ.
بۆنی خوێن.. بۆنی مێژووەمە.
بۆنی میدیەکانو بۆنی گاتاکانی زەردەشت
بۆنی شەرابو نوشوستی هەر یەك بۆنن.
چوارینەی بابە تاهیرو بەیتەکانی فەقێ تەیران
بۆنی کەشكو گوڵەگەنمو
مێخەك بەندی ملی کابانویان لێدێ.
بەفر ئەڵێ..

حیکایەتی سپیی ئەڵێ..

تۆ جوانوو boویت.. یاڵت تازە گڕی ئەگرت

تازە بەتازە وەك ماسیی حەوزی مزگەوتی (حاجی حان)

لە ئاوێکی بەرهەتاوی ڕوونو قوڵدا مەلەت ئەکرد.

هەر لاکێشێکی چەند مەتریی جیهانت بوو، کە (بۆ) جەستەی

چوار سێدارە، بۆنی چوار پەت، لە پایتەختەوە گەیشتە

حەوشەکەتان،ماڵەکەتان، دارتووەکەو، ملوانکەو ئاوێنەی

دایکتو کتێبەکانی باوکتو، جانتای پەڕۆت، هەموو بۆنی

ئەوانیان گرت. ئەوانە بۆنی ئەوینو ڕووناکیی بوون،

هەڵتمژین. ئەوانە بۆنی قوربانییو ئازادیی بوون،

هەڵتمژین. بۆنی بەیبوونو قوربانیی زۆر دوور ئەڕۆن،

بۆنی ڕووناکییو قوربانیی هەر یەك بۆنن، ئیقلیم گیرن،

بەرد ئەبڕنو دار ئەبڕنو دیوار ئەبڕن.

سروود بۆنی بەڕووی سەر ئاگرو

بۆنی شاخی گڵەزەردەو ئەشکەوتەکەی هەزار مێردو

بۆنی گومەزەکەی ئەمین زەکی بەگو

شیعری (بێکەس)و (قانیع)یش

بۆنی هاواری ڕاستەوخۆی شارەکەمو

گڵەسووری دوای بارانیان لێوە ئەهات،

هەڵتمژینو گەورە بوویت.

تووی مەلیك ئەیگێڕێتەوە:

چاوی سەوزی کچۆڵەیەك، دوو پەپوولەی ناو ئەفسانە،

دووچرای کەسك، ئێوارەیەك هاتنە ناو گەلیی گیانتەوەو شوێنیان کەوتی، ئەبووی بە هەتاو ئەڕۆیشتی، ئەبووی بە سێبەر ئەڕۆیشتی. ئەبووی بە درەخت ئەڕۆیشتی، شوێنیان کەوتی. بەسەر تیشکا بازت ئەداو لەمانگەشەو هەڵئەنووتی. خۆرنشین ڕەنگی ئەکردیو گۆرانیی تەڕی ئەکردیو لەناو بۆنی زەردو سووردا ئەتلایتەوەو لە هەورا پاڵ ئەکەوتیتو سروەیەکیش دایئەپۆشیت. چاوی سەوزی کچۆڵەیەك، بوون بەخەونی کەسك بۆ تۆو هەتا ئیستەیش بۆنیان ئەکەیت. هەتا ئیستەیش شوێنیان کەوتوویت.

بۆنی چاوی سەوزو بۆنی عەشقی سەوزو
بۆنی گەڵای چنارو مێو هەر یەك بۆنن.
بۆنی زەردەخەنەو بۆنی نێرگزو جێ ژوان هەر یەك بۆنن.
لەناو بۆنی چاوی کەسکا بووی بە مێرگو
لە خەمی جواندا توایتەوە .

( بۆنی خاڵێکی بچووکی سینەت ئەکەم
هەردوو چاوم ئەنووقێنمو ئەگەمە بنار هەردێكو
سەرم ئەکەم بەناو کۆشی پەڵەیەك ڕێحانەی رەشدا.
بۆنی چەند تاڵێ لەو قژە زەردەت ئەکەم .
هەردوو چاوم ئەنووقێنمو ئەگەمە ناو سفتیکێك[5] و

---

[5] سفتیك: دەشتایی نێوان دوو شاخ .

لەبەرایی گوڵەزەردا ڕائەکشێم.
بۆنی فرمێسکێکت ئەکەم، هەردووچاوم ئەنوقێنمو
ئەگەمە خوار کارێزێكو سەرم ئەکەم بە تەنکاوی ئەستێرکێکدا
بۆنی ئاخێکت ئەکەمو هەردووچاوم ئەنووقێن و
ڕائەوەستم هەتاکو بای بەفر دێتو
بەرەو زەنوێرێکم ئەبات
بۆنی عەتری ناوت ئەکەم
هەردوو چاوم ئەنووقێنمو ئەگەمە ناو دیوانێکمو
ئیتر من چاوەڕێم هەتا ئاوی شیعر زیاد ئەکاتو
لەناو خۆیدا غەرقم ئەکات)

تۆ هەر بۆخۆت
شووشە عەترێکی زرافو باریکەلەی
سەر نەکراوەی
ئۆھ گوڵاوم ! سەرت بێنە
با بە دوو پەنجەی ئەم عەشقە شپرزەیە
کڵاوی باخچە بادەمو بتکەمەوە
هەر بەجارێك لەچاومەوە بتقلْپێنمە
ناو ناخمەوە..
ئۆھ گوڵاوم! دوو دڵ مەبە
تۆ لەلای من شووشەیەکی خاڵیی نابی.
من گوڵاوچی ئەم زمانەم، لە ئیستەوە

هەموو جارێ بۆ پڕکردنەوەی تازەتر
ڕۆحی شیعرو خۆشەویستیت بەیەکەوە ئەگرمەوە.

لە ئیستەیشدا.. دوای ڕۆیشتنت، لەجێ ژوان، من بۆنت گرد ئەکەمەوە.
تەڵی بۆنت یەکە یەکە ئەخەمە ناو جانتای ڕەشی بن دەستمەوە.
بۆنت ئەبەمەوە ماڵێ. لە ژورەکەمدا دای ئەنێم. هەتا شەوێ.
شەو جانتای بۆن ئەکەمەوە. هێواش دەست ئەبەم بۆ بۆنت
تانەژاکێ. مشتێ لەبۆنت ئەڕوێنم، لەناو بۆنتا لەش‌و لارت
ئەبینمەوە. من دەست بە بۆنتا ئەهێنم. من بۆنت دائەگیرسێنم.
من بۆنت ئەدەم بە خۆمداو من وێنەی بۆنت ئەکێشم‌و
قوم قوم بۆنت ئەخۆمەوە.. بۆنت کاسێتی شەوانمەو گوێی لێ ئەگرم !
ئۆه ! گوڵاوم !
ئەو ڕۆژەی تۆ سەفەر ئەکەیت.. بۆنی شیعری نالی ئەگریی.
ئەو ڕۆژەی ئەگەڕێیتەوە.. من بۆنی نەورۆزم لێدێ.
ئەو ڕۆژەی کە تۆ پەست ئەبی.. من بۆنی گەرمییان ئەگرم.
ئەو ڕۆژەی ئەتریقێیتەوە.. بۆنی جریوەت لێوەدێ.
هەندێ جاریش کە ئەدوێیت‌و من تێت ناگەم
کە ئەتبینم بێ لەنجەیت‌و روحت سیسەو
هەر تاڵەمووی ئاڵۆزکاوی.
من ئەو رۆژە بۆنی شیعری بێ ناوك‌و
بێ ئاهەنگ‌و بۆنی وشەی مردوو ئەگرم.

له ئیستەیشدا. پێڵووم پەپوولەی ماندووە.. پێڵووم خەریکە
پیر ئەبێ
بەڵام چاوم.. نە ء وامەڵێ..
دوێنێ لەسەر ئەو شەقامە وردە خاڵێ
لە خاڵی خاڵخاڵۆکە بچوکتر.. لە دەنکە زەنگیانە وردتر
لە بەرۆکی جوانێکەوە کەوتە خوارێ دۆزیمەوەو هەڵمگرتو
کردم بەنوختەی دوای ماچی دێڕە شیعرێ.
قژم هێلانەی ماندووە.. قژم کەپرێکی روخاوە..
بەڵام سەرم.. نە ء وامەڵێ..
ئەم بەیانییە ئاوازێ.. لووستر لە ماسیی بوارێ..
تیژتر لە پەیتووکەی خەوێ، ویستی ئاسۆی خولیایەکم جێبهێڵێ
نەمهێشت دەرچێو گرتم.. کردم..
بە خرنگەی پاوانەیەك..
بۆ پێی شەمێ..
پێستم دەواری ماندووە.. پێستم زەمانی ڕێ ڕێیە..
بەڵام شیعرم.. نەء وامەڵێ..
من هەر بۆ خۆم وشەی (جوان)ی ناو زمانی کوردیی خۆیم
بەسەر ناچم.. من هەر بۆ خۆم..
سەمای شیعرم.. بەسەرناچم..
هێندە نابێ لەسەر هەڵگورد باڵۆنە هەوری شیعرێکم
پڕکرد لە بۆنی ژیانو دامە دەس (با)یەکی دوارۆژ
بەڵام پێم وت: باجارێ ئەو، هەربێو بچێ.. هەر بێو بچێ

که من نەمام ئەوساکە با بێتە خوارێو

شەست دارِژێ !.

سەر ئەکەمەوە بە کۆشی بۆنەکانی رابووردودا

ئەگەمە ناو دەغڵی حەرفو کەروێشکەی وشەی تیا ئەکەم

ئەبم بە گوێچکەی گڵمتكو

کەپووی رستەو

گەمیەی کتێب ئەئاژومو

من (مەمو زین) ئەخوێنمەوە.

بۆنی ریشی خانیو بۆنی نێرگزەجارِ هەر یەك بۆنن.

بۆنی شپرزەیی مەمو بۆنی لاولاو هەر یەك بۆنن.

زین بۆنی تانجیکی لێدێو

(مەم)یش بۆنی کەناری زێ.

(مەمو زین) ئەخوێنیتەوە.

پەنجەرەی مۆردو وەنەوشە

لەسەر شیعر ئەکەیتەوە.

خەیاڵێکی بۆندار ئەتبا؛

مەمو زین دێنە سەر تاقی پەنجەرەکەت

پەنجەرەکەت بۆنی جزیرەو بۆتانو دیجلە ئەگرێ.

بۆنی تاوانو مەرگەوەرِ هەر یەك بۆنن.

بۆنی بۆگنتك‌و[6] مەرگەوەڕ هەر یەك بۆنن.
لەگەڵ ئەستێرەی كشاودا ئەكەویتە ناو (وان)ەوە
لەگەڵ خولیای دڵدارانددا ئەخولێیتەوە..
لەجەژنی خاك‌و درەختا
لەگەڵ خانی ئاگری نەورۆز ئەكەیتەوە
عەشقێك ئەتكا بەبڵێسەو بەبڵێسە
دارستان ئەنووسیتەوە.
بڵێسە بۆنی غیرەتی مەمی لێدێ‌و
قژی (زین)یش بۆنی زمان.

( لەنێوان من‌و زماندا
ئەوەی هەبوو هەر مەرحەبای ڕۆژانە بوو.
تا ئەو كاتەی ئێوارەیەك هات بۆ لام‌و
لەگەڵ خۆیداو لە هەورێكدا
خولیای شیعری بۆ هێنابووم
لەو وەختەوە ئیتر تەواو تێكەڵ بووین‌و
لەو وەختەوە ئەو بۆتە ژان‌و برووسكەو
لەناوەوە پێچ ئەخوات‌و
لەسەرەوە لێم ئەدات‌و
منیش باپووسكەی[7] بارانم.

---

[6] بۆگنتك: بۆنی میوەی رزیو.
[7] باپووسكە: كڕێوەی بەفر بەباوە.

لەنێوان منو بۆنیشدا ئەوەی هەبوو

هەر مەرحەبای ناوبەناوی لای باخێكو

لای شاخێكو لای چەمێك بوو

تەنها ئەو وەختە تێكەڵ بووین

كە شەوێكیان لەگەڵ خۆیدا پڕ بەكۆشی وڵاتەكەم

بۆنی سووتانو قرچانی خەونی ژنو

منداڵانی بۆ هێنابووم..)

دەشتی وەیس ئەیگێڕێتەوە:

وادەی كۆچی نارەوەن بوو. لەگەڵ بادی خۆش مرووردا.. هەناسەكان سەر هەڵئەگرن بۆ بیابان. لەگەڵ بادی خۆش مرووردا..

پەڕەسێلكەی فرمێسكەكان پووشو پەڵاش ئەگوێزنەوە. ئەستێرەكان بارگەو بنەی جریوەكان ئەپێچنەوە، بۆ یادگار ئەسرینی حوجرەو خانەقا ئەهۆننەوەو ئەیكەنە گەردنی غوربەت. باران ئەڕواو وادەی كۆچی نمەی شیعرە. باخان ئەڕۆن، وادەی كۆچی سنەوبەرە. لە نیشتمانی (بابان)دا جێی پەپوولە نابێتەوە. لە هێلانە بەردینەكەی دڵی دایكا. جێی كزەباو ئەم شەماڵە نابێتەوە. غەریبیی شەوێكی رووتی بەر لاسامەو[8] ناو تۆفانە. لەگەڵ هەموو هەنگاوێكی نارەوەندا، ئاخێك لە سینەی خاكەوە سەر دەردێنیّو

[8] لاسامە: رێژنە باران.

هەڵئەتۆقێ. لەگەڵ هەموو شەقامێکی ئەم ئازارە کۆچەرەدا
داخێك لە سینەی بەردەوە دێتە دەرێو لەبەر گڕەی
سەبوونێکدا هەڵەپڕووزێ.

ئاوڕ لە چی ئەدەیتەوە؟

خواحافیزی لە کام وەفاو لە کام ڕەنگی کوژراو ئەکەیت؟

خوێنەکان ئاشت نەبوونەوە..

(میران) سەریان نەدا بە تۆو دایان بەدەم بای شێتەوە.

ئاوڕ لەچی ئەدەیتەوە؟

نارەوەن ئەڕواو لقی ئەو بەدەم وڕێنەی گەڵاوە

سەمایەکی دەروێشانە لەحزوری

بارانەکەی پەڵەی رۆحو عەشقا ئەکا!

بۆنی نارەوەنو بۆنی چارەنووسی نادیار هەر یەك بۆنن.

بۆنی خۆرنشینی وەیسو بۆنی ئەم کۆچە، یەك بۆنن.

بۆنی حوجرەو بۆنی بێزاریی یەك بۆنن.

بۆنی شێداریی تەنیاییو بۆنی سەفەری فرمێسكو

بۆنی سێوی سەرهەڵگرتوو

بۆنی ماڵئاوایی دوایی هەر یەك بۆنن.

( ئەو.. سەرەتا

ئەو بەتەنها پڕیشکێکی تاقانە بوو

کە لە باڵی هیجرەت بۆوە.

ئەو.. سەرەتا

ئەو بەتەنها دڵۆپێکی تاقانە بوو

که دیدەی حەسرەتێ ڕشتی.
پریشك کەوتە ناومانەوە
دلۆپ کەوتە ناومانەوە
تەماشاکەن! لەوساکەوە..
پریشك چۆن بوو بەم ئاگرەو
دلۆپ چۆن بوو بەم زەریایەو
تەماشاکەن! ئاوو ئاگر بەیەکەوە
هەتاکو کوێ تەنینەوە!.)

پەنجەرەی ژوورەکەت ئەڵێ:
کەپووت بووە بە کەپووی چوخمو شەقامو ئیستە
بۆنی شەوەزەنگو ئیستە بۆنی گەرمەسێرو ئیستە
بۆنی گوڵە لیمۆی ئەوینێکی تازە ئەکەیت!

وا بۆن بووە بە چاوو گوێ
بەبۆن ئەبیسیو ئەبینی
(ئەڵڵاوەیسی) بۆنی پێدەشتو گژوگیاو لۆشی[9] لێدێ.
(ئەڵڵاوەیسی) بۆنی مامز ئەهێنێتە ناو ژوورتەوە
ئیستە بۆنی دەنگی (عەلی مەردان) ئەکەیت
بۆنی عەشقێ لە گەرمادا ئارەقی کەرکوك دەرئەداو
زەنگوڵ زەنگوڵ بەلاملی زەنگەنەدا دێتە خوارێ.

---

[9] لۆش: ناوی گیایەکی بۆنخۆشە.

بۆنی عەشقێ: لەژێر سێبەری کەپرێکی باڵای (شوان)دا
ئەبێ بەمسکی ئاسکێو بەرامەکەی سیحرێکی نوێت
پێ ئەبەخشێ. بە رێو بانی بۆندا ئەڕۆی. ئەگەیتە
مەنزڵی (خاوکەر) لەوێ بۆنی سمڵی مێژوویەکی دوورو
بۆنی خاڵی کوتراوی سەر هەنیەو چەنەو بۆنی لبادو سەر
زینو جاجمێکی کۆنە ساڵو بۆنی نانی جۆی برژاوو
کاڵەکی نێو بێستان ئەکەیت.
گڕە ئەڵێ: بۆنی هەڵقرچانی کسپەو
بۆنی گەرمییانو بۆنی برین هەر یەك بۆنن.
کەپووت بووە بە کەپووی دەشت:

لە شەواندا بۆنی لەتانی[10] چوار دەورو، بۆنی تریفەی
فێنكو تروسکایی گوڵ ئەستێرەو بۆنی ناسۆر هەڵئەمژیی.
بە ڕۆژ بۆنی ئاخاوتنی زمانێکی قەندەهاریو بۆنی سادەیی
مرۆڤە دڵ گەورەکان هەڵئەمژیی.
سەر ئەکەیتە سەر ڕانی مێرگ
خەوێك دێتە باخەڵتەوە..
بۆنی ڕەشکەو خەنەی لێدێ.. ئەو ئەڕواتو خەوێکی
دی بە کاوخۆ دێو ئەمجارەیان ئەم خەونەیان
بۆنی پونگەو مەشکەی لێدێ.
( تەواو هەر بە وێنەی قەتێ

[10] لەتان: کرێو بێدەنگیی تەواو.

تا وشەم نەجوولێتەوە
لە خاکی جوێ ناکەیتەوە.
وەکو بەڕووی دووانەی بەیەکەوە نووساو
وەهان پەنجەمو پەنجەی بەرد
تەواو هەر بەوێنەی خۆشاو
هەتا دەنگم نەخۆیتەوە
تامی نووسینی من ناکەیت.
گوێم لێ بگرە! خرمە خرمی دەنکە تەرزەی
سەر ڕەشماڵو بارینی وشەی ناو سەرم
هەر یەك شتن.
تۆ ئەم خەیاڵانەم بۆنکە
یان بۆنی نانی سەرساجو یاخود بۆنی
دەنکە قەزوانی شینی ناو کاسە دۆیەکیان لێوەدێ.
من بەسەری سەدەی بیستو یەکەمەوە شیعر ئەنووسم
بەڵام هەرگیز نیازم نییە کوڵەباڵو
کەپەنكو فەرنجیو شاڵو فەقیانە
لە شیعرەکانم داماڵم!)

بەڵام کەپووم نەبوو بە کەپووی کوێستانو گەرمییانو
کەپووی ژیان. تا بۆنە ناخۆشەکانم هەڵنەمژیی.
هەتا بۆنە هەرە هەرە چەوساوەکان، هەرە هەرە بەدبەختەکان
هەرە هەرە خوێناویەکان، هەرە هەرە زۆردارەکان

هەرە هەرە دیلەکانم هەڵنەمژیو هەر هەموو کاسیان نەکردم!.
بۆنی کۆڵانە گولەکان.. لەساڵی رشانەوەدا..
بۆنی هەڵقرچانی پێستی دەردەداران. بۆنی تاریکایی
زیندان.

بۆنی ترس. بۆنی نەبوونی. بۆنی قامچی. بۆنی
جەستەی ئەسپێونی سیاسەتو بۆنی کاکۆڵی رشکنی
باپیرانو بۆنی باتلاخی سەدەی درۆو بۆنی قەنارەی
چوار دەورو بۆنی ئیدریسی بدلیسیو بۆنی دزان.
بۆنی خیانەتو بۆنی کەلاکی تۆپیو یەك بۆنن.
بۆنی چڵكو بۆنی سووخۆرەکانی سیاسەت هەر
یەك بۆنن .

بۆنی بۆگەنکەو[11] دیکتاتۆر
بۆنی لوتاوێژو[12] بۆنی چەتەکانی میلیشیاو
بۆنی شەڕی براکوژیو بۆنی دزو ئاپخانەکان هەر
یەك بۆنن

**( بۆگەنکەی دزو پیاو کوژان لە لوتاویژی ئەمڕۆدا.**
**کامێرای شاراوەی شیعرو چەندین کورتە دیمەنو**
**کورتیلە چیرۆکی ناو ئەم بۆننامەیە )**

---

[11] بۆگەنکە: ئاژەڵێکە لەڕێوی بچوکترە، لەبەر ئەو بۆنە ناخۆشەی لێیدێ هیچ ئاژەڵێکی تر ناتوانێ بچێ بەلایدا.
[12] لوتاوێژ: بۆگەنی ئەوتۆ کە مرۆۋ ناچار ئەبێ لوتی بگرێ.

**یەکەم:** وەختێ باڵات هەرمێی ئەگرت

ئەو گوندانە بۆ ئەوینت دڵیان هەموو بەرچنە بوو.

( تۆ بۆنی بارانی پەڵەو

بۆنی سەمەلت گرتبوو)

وەختێ دەستت جۆگەی ڕوونو

سەرت گوڵە بەڕۆژە بوو

ئەو دەشتانە بۆ ئەوینت لەشیان هەموو

ئاوێنە بوو

(بۆنی لیڤای[13] تازە زاوو

بۆنی سەوزەگیات گرتبوو)

گوندەکانیش، ئاخ گوندەکان !

ئەوەی مابوون

وەکو کاوڕ سەرت بڕین

هەتاوت وردو خاش کردو

ئاوت کوشتو

ئاوێنەکانت کوێر کردو

بەرچنەت پڕ کرد لە برین.

تۆ ئێستاکە ئەو باڵایەی کرم ئەگریو

ئەو مێژووەی ئەتکی رۆژگارت ئەکەیتو

ئەو دەستەیشی

کە شەو داهات

---

[13] لیڤا: بەرخی تازە زاو.

مەمکی دایکی خۆت ئەدزیی !

**( تۆ ئێستاکە بۆنی ئاودەستی مزگەوت و**
**بۆنی کاولاشی ناو گوندو**
**بۆنی مەیتخانەت لێوەدێ )**

**دووەم:** درەنگانێ لە ژوورێکی لەش قورِیندا
چرایەك ئەکوژێتەوەو
ژنێك هێواش درێژ ئەبێ و
لە تابوتی کورِەکەیدا شیعرێکی ڕەشپۆشەو ئەنوێ.
لە خەویا ئەیبینێتەوە.. دێتەوە ماڵ
باوەشی پڕە لە مۆمی داگیرساوو
قژی بووە بە گوڵ هەنار.
- بۆنی هاوینی لێوەدێ -
لەخەویا ئەیبینێتەوە.. تاقانەکەی کەڵێکە سوور
دێتەوە ماڵ
لەسەر تەختی نێوچەوانی بە گەورەیی
ناوێك. ناوی جەللادەکەی هەڵکەنراوە.
ژنە بەدەم شەپۆلێکی زریکەوە دائەچڵەکێ و
هەموو لەشی ئەنیشێتە سەر بۆنی ترس..
چەند دەقیقەیەك درەنگتر.. لە ژوورێکی مەرِمەرِیندا
چرایەك ئەکوژێتەوەو

پیاوێك هێواش پاڵ ئەكەوێ‌و
لەناو لۆكەی خەودا ئەنوێ
- بۆنی دەسەڵاتی لێدێ -
لەخەویا ژنێك ئەبینێ بووە بە هەورێكی شێت‌و
بووە بە شەوێكی شێت‌و
دێتە ماڵێ.
ژنەكە ئەناسێتەوە
وەختێ ئەگاتە بەردەمی
ژنە دەستی درێژ ئەكاو
چەرمی سكی ئەكاتەوەو
سەری كوڕەكەی دەردێنێ‌و
بەرامبەری ئەو ڕای ئەگرێ.
پیاوەیش بەدەم هاوارەوە دائەچڵەكێ‌و
لەشی بۆنی تیژی رق‌و
چاوی بۆنی تۆڵە ئەگرێ
(بۆ بەیانی
هەر لەبەر ماڵە تابووتدا
لانكرۆزەرێ، گای ئاسنەو بەهەجۆكەو[14] ڕائەوەستێ
لە پشتەوە چوار چەك باز ئەدەنە خوارێ‌و
ئەمجارەیشیان دەرگای تابووت ئەشكێننەوەو
بۆنی تاوانیان لێدێت‌و ئەچنە ژوورێ!).

[14] بەهەجۆك: تووڕەو عەصەبی‌و شێتگیریی.

**سێههم**: -   نابێ ئهبێ شتێك ههبێ

ئهو بێشهیهی شێت کردبێ

ئهگینا بۆ دێته سهر ڕێم.. یهخهم ئهگرێ !؟

- ئهی تهورهکهت لهبیرچۆوه؟!

- نابێ ئهبێ شتێك ههبێ ئهو چهمهی تووڕه کردبێ

ئهگینا بۆ وا چهمووشهو ئهمداته بهرچهپۆکانی ئاوو

واخهریکه ههر بهڕاستی بمخنکێنێ.

- خۆت گێل مهکه

ئهی تۆ جۆگهیهکیت نهکوشت؟!

- نابێ ئهبێ شتێك ههبێ ئهگینا بۆ باران ئهمساڵ

ههر سهرێکیشی لێ نهدام؟!

- ئهی شارای پار کێ سووتانی؟!

- نابێ ئهبێ شتێك ههبێ ئهگینا بۆ

ئهو شهقامهی بیست ساڵ بوو ههر دهستی خۆم بوو

کهچی ئێستا که ئهمبینێ ڕوخساری خۆی وهرئهگێڕێو

لهو بۆنه خۆشهی جارانیم پێ نابهخشێ؟!

- خۆت گێل مهکه

ئهی ئهو شهوهت له بیر چۆوه

چوویته سهری چاوت دزیو ئاودیوت کرد؟!

**چوارهم**: نههێنیم لای شهوێك دانا

بۆ بهیانیی که چوومهوه

نههێنیی بوو بوو به مهڵو باخی گشتیی

- بەڵام ماڵو باخی گشتییان لێ دزیم -
لە باخیشدا چەند خەونێکی خۆم شاردەوە
وەختێ دەرمهێنانەوە .. خەون بوو بوون
بە نوقڵو بە بووکە شووشە بۆ زارۆکان.
- بەڵام نوقڵو بووکە شووشەیشیان لێ دزیم -
لەناو کونە شاخێکیشدا
هەندێ خۆزگەی خوێناویی خۆم شاردبۆوە
کاتێ دەرمهێنانەوە..
ئەو خۆزگانەیش بوو بوون بە تاراو بە مۆمو
بوو بوون بە پۆلێ حەیرانی دوای راپەڕین
- ئەوانەیشیان هەر لێ دزیم -
لە ئیستەیشدا وابەنیازم هەرچی سرووددێکم هەیە
هەرچی باهۆزێکم هەیە لە قەڵای گیانی ئێوەدا بیشارمەوە
تا ئەو ڕۆژەی هەڵئەکەنو
ماڵو گوڵو باخی گشتیو تاراو مۆمم
لەسەر باڵی حەیرانەکان بۆ دێننەوە!
**پێنجەم**: من ئەمبینیت
وەرز وەرزی بەفرانبارو باپووسکە بوو
کەچی لەناو لەپی دەستتا
گوڵە خۆری تیا ئەڕسکاو
شانو ملت بۆ باڵندە کێویلەکان هێلانە بوون.
لە گیرفانتا هەر بەتەنها پووکە پووکی نانە وردەو

لالانەوەی وردە چەوو، وردە بزەی منداڵانو
دوو سێ شیعری ڕاونراوی ئێمەی تیا بوو..
بەرباخەڵت ڕۆژژمێرێکی قوڕاوییو
دوو تاڵ قژی چیرۆکێکو
هەندێ ڤیژەی تەڕی دەشتو
چەند ئاخێکی ساردو سڕی شاری تیا بوو.
لە سەردەمی ژانو گوڵدا.. تۆ ئەتتوانی:
بە وردە نان.. دەغڵی ئەوینی ئەو خەڵکە هەمووی بکڕی.
بە وردە چەوی گۆرانیی، شەدەی سەری هەرچی شەپۆلی ڕووبارە بیانبەستی.
بە تاڵە قژ.. دارستانەکان بێنیتە جێگە ژوان.
بە خوێندنەوەی دووکەڵێکی ناو ڕۆژژمێر..
ساماڵ ببەیتە ئەشکەوتو
بە ڤیژەی تەڕ هەوری نەزۆك ببارێنیو
بە بەردە ئەستێی هۆنراوەیش بەژنی شەوگار داگیرسێنی.
من ئەتبینم.. لە زەمانی
شەمشەمە کوێرەو.. قاچاخچیو
لە سەردەمی سیاسەتو زەلکاویشدا..
سەرت بووە بە جامخانەی ئاڵتونچیەکان
ئەیناسمەوە: ئەو هیلالە هەڵواسراوە
دەمو چاوێکی دزراوی مانگی بێوەژنی منە.
من ئەتبینم: گیرفانەکانت پڕن لە قاقای باڵەخانەو
پڕن لە باوێشکی خانووی زەوت کراو..

هەر هەموویان ئەناسمەوە.. ئەو پێکەنینی یاقوتو پیرۆزانە
خوێنی بەردو مەوجدانەوەی ئازارێکی شینی منە.
لە بەرباخەڵتا مێژووی دز کڕ کەوتووەو
رۆژگاری پیس هەڵ ئەهێنیٚو
من ئەیبینمو ئەیناسمەوە: ئەو ملوانکەی مرواریيەیش..
کە لەملی کۆشکێکتایە.. ئەوەیش هەر سیو دوو دانەکەی
هەڵوەریوی.. شەقامێکی جەستەی منە.
تۆ بۆنی شەمشەمە کوێرەو
بۆنی.. بۆدڕی حەرامو
بۆنی.. لاستیکی سوتاوو
بۆنی.. ڕشانەوەت لێدیٚ !.

بۆن ڕێگامەو
ئەمباتە ناو کون بە کونی ڕەنگو دەنگو تەماشاوە
تۆ هەتا بۆنی بەزەییت لەلا خۆش بوو،
راکشابووی.. قاچت نەبوو..
هەتا بۆساردی بێوەییت بۆن ئەکردو
هەر بۆنەکانی هێورییت هەڵ ئەمژیی
تۆ خەم ساردبووی.. دەستت نەبوو
کە بۆنی یاخیی بوونت کرد.. ئیتر ئەوسا هەستایتە پیان
کە بۆنی تووڕەبوونت کرد.. ئیتر ئەوسا تۆ لەناو بۆندا هەڵتکرد.
بۆنی سوور لەشتی داچڵەکان، باگەڕی[15] بۆن گێژی دایتو

---

[15] باگەڕ: گەردەلوول.

بارانی بۆن تەڕیانکردیو بووی بە ئاسمان.
بۆنی یاخیی بوونو بۆنی ئەسپە کەحێلەکان هەر یەك بۆنن.
بۆنی ڕاپەڕینو بۆنی هەڵۆ قرمزیەکان هەر یەك بۆنن.

من ئەبێ دانی پێدانێم
بۆنی گەلێ وشەو ڕستەم
بۆنی ڕۆحیان تێکەڵ نەبوو
بۆیە هەر زوو بابردنی.
من ئەبێ دانی پێدانێم
لە جێی ئەوەی شیعر بکەم بە مرواریی بنی زەریا
کەچی بۆ خۆم من کردمن
بە تەختەو پووشو پەلاشو
ئاوەڕۆی لیخن بردنی.
لە تاقەکانی ژوور سەرما
من گوڵدانی بۆنم زۆر بوون
بەلاَم بە یەك ڕۆژ دوای مەرگی (کانی عاشقان)
گشتیانم دەرهێنایەوەو لە بەردەمما ریزم کردن:

سەرلەنوێ بۆنم کردنەوە
گوڵدانی فرمێسکم.. شکان.
گوڵدانی بەزەییم.. شکان.
گوڵدانی هێوریم.. شکان.
گوڵدانی بێ دەنگیم.. شکان.
ئەوەی بەتەنها هێشتمەوە

هەر گوڵدانی بۆنی گیانی (راپەڕین) بوو.
چیا ئەڵێ:
بە دەم چریکەی بەردەوە.. تۆیش باڵت گرت.
بە دەم ئاوازی ئاوەوە.. ئەبووی بە پڕەی گۆرانییو
لە ڕووخساری خۆشەویستیی هەڵئەپرژای..

بەفر ئەڵێ.. حیکایەتی سپیی ئەڵێ:
نەهێنیو کولوو سپیی بوون.. خوا سپیی بوو
لە ئاسۆیەکی سپیدا بۆنی رەنگە سپیەکانی
ئەودیو خەیاڵی خۆت ئەکرد
نەتئەزانی لەبەرچی لەناو سپیاتی تەماشاتا
(مەحوی) دێتەوە پێش چاوت؟! ئەتبینیەوە:
هەردوو دەستی لقە زیو بوون، ڕوانینەکانی پەموو بوون.
چاوەکانی گوڵە هەرمێی بەیانیانو هەورێکی خاو کاکۆڵی بوون.
نەتئەزانی ئەم خەیاڵە سپییەی تۆ
بۆچی بەردەوام پرسیاری سپیی ئەگرێ؟
نەتئەزانی بۆچی (مەحوی) هاتۆتە لات؟! لێی ڕائەمای،
سەری نیشانەی پرسیار بوو.. پریشکی ئاگرێکی سپیی لەناو ڕیشیەوە
ئەباریی. برۆی پەپوولەی سپیی بوون. لێی ڕائەمای:
هەستت ئەکرد هەموو جارێ مۆمی سپیی ئەتوێتەوەو دیسان
دروست ئەبێتەوە!. لە (مەحوی)دا تۆ ئەتبینی:
زمان بووە بە نوری خوا، وشە بووە بە گەردیلەی تیرێژێکی

نەهێنیی خوا. هەستت ئەکرد، ئەوەی کە مەحوی ئەیبینێ
تۆ نایبینی. هەستت ئەکرد ئەوەی مەحوی بۆنی ئەکا،
بۆنی ناکەی، تۆ ئەتبینی خەون ئەچێتە سەر ڕانیو شیعر
ئەنووسێ. وەجدێك ئەبێ بە خەرمانەو دایئەپۆشێ.
لەناو یەك دەنکە گەنمدا ئەبێ بە تاڤگەی شیرو لەسەر باڵی
یەك پەروانەیش بەرەو ئیشراق ئەسووتێتو ئەتوێتەوەو هەڵئەکشێ.
بۆنی مەحویو بۆنی نەهێنیی مردنو
بۆنی باروونەو[16] گومانە جوانەکانیش هەر یەك بۆنن.
بۆنی ڕەنگە سپیەکانو بۆنی کازیوەو ئیشراقو
بۆنی وەجدی پڕ پەپوولەو یەزدان یەکن.
(مەحوی) ئەمخاتە ناو گەرووی پرسیارەوە
ئەمکا بە سۆراخێکی وێڵ،
لە نێوانی ڕەحمو قەبرا.
(مەحوی) ئەمخاتە ناو دەنگی گومانەوە.
(مەحوی) ئەمخاتە ناو بۆنی گومانەوە.
(مەحوی) ناهێڵێ داسەکنێم لە مەنگیدا
ئەمداتە دەست گەرداوی شێت
ئەمداتە دەست پرسیاری شێت
لە نێرینەی وروژانی قوڵاییدا !.
ئەمداتە دەست گێژەنەکان
نامداتە دەست گوڵو لمو

[16] باروونە: ناوی رووەکێکی بۆنخۆشە.

بە چەقەنەی دانە بەردو ناو تەڵزمی بووندا ئەمبا.
ئەو پڕوپووچیی ژیانو ئەو پڕوپووچیی مردنو
تراویلکەی ئەم سەفەرەی
نێوان بێشکەو گۆڕەکەی خۆم نیشان ئەدا.
(مەحوی) ناهێڵێ داسەکنێم وەکو (وەڵام)
(مەحوی) ناهێڵێ من هەرگیز سەقامگیربم وەکو (یەقین)
بۆیە ئەو منی کردووە
بە هەڵچوونو بە داچوونو
بە زمانێکی دڕدۆنگو بە شیعرێکی پڕ لە (بەڵام) !

⌘

بۆن ڕێگامەو قیبلەنماو
ئیتر ئەمبا.
بە تەوێڵی ئەو کێوەدا دڵۆپی نوور هاتە خوارێ
ڕاستیی بۆنی خودای لێهات.
لە هەناوی دۆزەخەوە ئەهرەمەنێ هاتە دەرێو
دۆزەخ بۆنی درۆی لێهات.
(قابیل) ڕقی تیژکردەوەو
شەڕ بۆنی مردنی لێهات .
بەیانییەك خۆشەویستیی لە کازیوەدا هەڵقوڵیو
هەتاو بۆنی عەشقی لێهات.
تا ژن نەبوو بەهەشت بۆنی لێوە نەهات.

گوڵ بۆنی منداڵیی گرتو دڵنیایی بۆنی ئاشتیی‌و
خیانەت بۆنی تاریکیی‌و خاك بۆنی قوربانیی گرتو
نیشتمان بۆنی دایکان‌و ئازادیی بۆنی ئاسمان‌و
لاوێتیی بۆنی بەهێزیی‌و پیرێتیی بۆنی لاوازیی‌و
زەریا بۆنی بۆنەپندیی‌و گومانیش بۆنی هەموویان.
لە نزیکی منیشەوە شیعر بۆنی خەونی گرتو
برسێتی بۆنی وەزەن‌و، وەزەن بۆنی چەوسانەوەی گرتو
کوردستانیش هی هەر سێکیان!
چیا ئەڵێ
حیکایەتی پشکۆ ئەڵێ:
عەشقێکی سەرکەش بردیتی. کەوتیتە ناو دۆزەخێکی مێژووەوە.
بەهەشت قرچە قرچ ئەسووتا. گوناهەکان لە ئاگردا پژوپۆی
نوێیان دەرئەکرد. گەورە ئەبوون. چیلکەو چەوێڵ‌و ساورمە[17]
لەشی تۆ بوو. کەوتیتە ناو جەهەننەمی ئەم دنیاوە..
لەناو شاخدا کەڵەکێوی قۆچەکانیان داگیرسابوون.
لەناو شاردا سەری دژیای[18] ژنەکانیش مەشخەڵان بوون،
بێشەیەك بوون لە پرسیارو لە مەرگی خۆیان ڕامابوون.
تۆ بەتەمای حۆرییەك بووی وەکو زنە بۆت هەڵقوڵێ
تۆ بەتەمای ئەسپی سپیی نێو داستانی خونچەو سووتووی
نیشتمان بووی. تۆ بەتەمای زیندووبوونەوەی قوربانیی‌و

[17] ساورمە: داری وشك.
[18] دژیا: بژو ئاڵۆز.

گەڕانەوەی (پەری خان) بووی، تۆ بەتەمای دەستی
ئاو بووی.. قوربانیەکان: رۆژهەڵاتی سروودت بوون.
قوربانیەکان: چرای شەوی بەربارانی ڕێی سوورت بوون.
کەوتیتە ناو دۆزەخێکی مێژووەوە . قوربانیی تلەتل[19] سووتا.
باران سووتا. سروود سووتا. ئەوەی بەتەنها نەسووتا هەر تاوان بوو.

سەربەستیی بوو بە کێلانی خەنجەرێك‌و
خوێنی هەتاوی لستەوە.
ئازادیی بوو بە لەزاگی[20] بارانەکان.
ئازادیی بوو بەگۆرانیی چەقۆکان‌و
بە پلیکانەی دزەکان.

**﴿ چیرۆکی ئەو تەوارە بێوەژنەی دوای هەڵۆکەی مێردی بوو بەهاوسەری برسێتی‌و بۆسۆی تەنیایی‌و نائومێدیی لە سنگی داچەقاوێوە گەیشتە کە پووی ئەم بۆننامەیەیش ﴾**

لە حەوشەی پایزدا
دوا ئاراو ئەڕێژێ
تەنیایی‌و بێ پیاوی‌و جلی رەش
پێکەوە ئەگوشێ‌و ئەچێتە سەربان‌و
بە پەتی تەنافدا، جلەکان، خەمی تەڕ
کلۆڵیی خوساوو برسێتیی شیتاڵ‌و
شەوانی نسرمی بێوەژن.. هەڵئەخا

[19] تلەتل: کلپەو نێڵە نێڵی ئاگر.
[20] لەزاگ: تابووت.

- ئەو بۆنی قوژبن‌و سیسرکی گرتووە -
ئەڕوانێ بۆ دوور دوور
لە پەڵە هەورێکی سپیدا
روخساری ئەسمەری مێردەکەی ئەبینێ.
ئەڕوانێ بۆ نزیك.. بۆ خوارێ‌و
لە ژاڵەی حەوشەدا
برینی گەشاوەی سەرسنگی ئەبینێ.
- ئەو بۆنی خوێنێکی مەییوی لێوە دێ -
بۆ لای راست ئەڕوانێ‌و ئەوەستێ
لەودیوی دیواری حەوشەوە.. بە ڕێگەی خۆڵێندا
کاروانێ ماشێنی چەکداری ڕەنگاو ڕەنگ ئەبینێ
بریقەی دۆشکایەك
ئاوێنەی مێژووی دز
ڕێك ئەیدا لەچاوی
لە پشتی یەکەمین جامەوە، روخساری بەهاری
هاوڕێی جارانی مێردەکەی ئەبینێ
دوو دەستی ئاڵتوونیی‌و سەعاتی ئاڵتوونیی‌و
دوو لێوی بە خەندەی ژنێکی ئاڵتوونیی تەنیشتی ئەبینێ.
کاروانێك تیژ ئەڕوا
تەپ‌و تۆز روخساری ئەسمەری پیاوەکەی
ناو هەور دائەگرێ‌و لە چاوی ون ئەبێ.
خۆڵ بەسەر ژاڵەدا ئەبارێ‌و

تەنافی جلی تەڕ، خەمی تەڕ، پیس ئەبێو
ئەمیش وەك گوڵ هێرۆی لەوتانی
غەمگینو خۆڵاویی
لە گڵی سەربانداو
لە شوێنی گریانی تەنافدا ئەچەقێ!

ئازادیی بوو بەگۆرانیی چەقۆكانو
ئازادیی بوو بەگیرفانی جەردەكانو
بە بەرماڵی تەورەكانو
ئازادیی بوو بە زەڕەنگەر لە گوزەری سیاسەتداو
بوو بە بازرگانی جوملەی درۆی ڕەنگین
لە نێوانی شارەكانداو
ئازادیی بوو بە پیكابی تایەی قاچاغ
كێ ناونیشانی تەواوی ئازادیم نیشان ئەدات؟!
ئەم وشەیە بەپەنگ بووە
ئەم چرایە تەفرەدەری ڕێگاكانەو هەموو دەستێ هەڵیئەگرێ.
دەستی مەزدەو دەستی باران
دەستی خەلیفەو شمشێریش.
دەستی دار زەیتونو شیعرو
دەستی عیساو دەستی تەوریش.
هەموو یەخەیێ، بەرۆكێ، سەرو قژێ، ئەم گوڵە جوانە
درۆزنە، رمووزنە، ئێسك سووكە، ئەم گوڵە بێوەیو دڕندەیە

بێ جیاوازیی ڕەنگو ڕەگەز بە یەکسانی ئەدەن لەخۆ:

یەخەی حەجاج.. یەخەی حەللاج
سنگو بەرۆکی ژان دارکو، ئەگریجەی تانسۆ چیللەریش
قژی بێستانی هاوینەو.. قژی ئاوێکی بۆگەنیش
دڵی غاندیو مارتن لوثەرکینگو
مەرگەوەرو ئەتاتورکیش.
هەموو قوڕگێ ئەم بانگە سپیو ڕەشەی
ئەم گمەی کۆترو ئەم قیڕەی قەلو داڵەی
لەسەر خۆی تاپۆ کردووە
ئەم وشەیە بەپەنگ بووە..
ئەم وشەیە پەشتەماڵێکی گوڵ گوڵە ئاخر کێ نایگرێتەوە؟!
پەشتەماڵی شۆڕشگێڕان، پەشتەماڵی دەوڵەتانو
پەشتەماڵی پارتیەکانو پەشتەماڵی گومرگەکان!
کێ ئەتوانێ ناونیشانی تەواوی ئازادییم باتێ؟!
هەموو بۆنەکان تێکەڵ بوون.. لەناو یەکدا ئاڵۆزکاون..
کەپووم لێیان هەڵ ئەنووتێ. بۆنکردنم چەواشەیە.
کێ ئەتوانێ بمباتە سەر جێ نزرگەی بۆنی ڕاستیی؟!
ئەوەتا ڕیشی کاسترۆ بۆنی تکریتی لێوەدێ
چەپ بۆنی ڕاستی لێوە دێو ڕاست بۆنی چەپی لێوەدێ.

لە ڤیستیڤاڵی پۆشینی دەمامکدا من شەوێکیان لە جەللاد
نزیك کەوتمەوە. جەللاد لەگەڵ قوربانیدا هەڵئەپەڕیو
ئازادییش یاساوڵیان بوو. لەو شەوەدا سەری (بێکەس)و

(مانگ)م دی لەسەر خوانی بازنەیی دالآشێکی پیرەلۆکە بەیەکەوە
دانرابوون، ئازادییش فەزای ژووریان بوو.
لەو شەوەدا
سەری گیڤارام ئەبینی بەلەشی ناپلیۆنەوە. لەشی بۆکاسام
ئەبینی بەسەری ژان ژاك ڕۆسۆوە. دەنگی غاندیم گوێ
لـێ ئەبوو بەلاّم دەمیش دەمو لێوی (مۆبۆتۆ) بوو. من
سەری لۆرکام ناسییەوە کەچی دەستی دەستەکانی فرانکۆ
بوو. لەو شەوەدا بۆنی جەللادو قوربانییو بۆنی فریشتەو
دڕندە چون بۆنی گوڵو شیاکە تێکەڵ بوو بوون.
کێ ئەتوانێ ناونیشانی تەواوی ئازادییم باتێ؟!

ئەو کورسییە کورسیی چراو پەروانە بوو
تەماشاکەن لە ئیستەدا کێ لەسەری دانیشتووە؟!
ئەو کلاّوە کلاّوی کلاّوکووڕەکەی باخی میری هەڵەبجە بوو
تەماشاکەن لە ئیستەدا وا لەسەری چ تەیرێکا!
ئەو گوارەیە گوارەی گوێچکەی دارسێوێکی شەقلاّوە بوو
تەماشاکەن لە ئیستەدا وا لەگوێچکەی چ دارێکدا.
ئەو قەڵەمەش قەڵەمی پەنجەی گزنگو کازیوە بوو
تەماشاکەن لە ئیستەدا چ پەنجەیەك پێی ئەنووسێ
ئەو بۆنەیش بۆنی گیراوەی گوڵجاڕەکەی لەشی من بوو
تەماشاکەن لە ئیستەدا چ زەلکاوێ ئەیدا لەخۆی!
ئێمە میوەی ناو باخەکانی دروشمی دیموکراتیی سەر دیوارین

خێڵێ ئەمانخواو خێڵێ ئەمانجویێو تلێپەمان تف ئەکاتەوە.
ئێمە شەهیدی نەمریین هەموو جارێ دەقیقەیەك لەبەر
ئاوێنەی خوێنماندا ڕائەوەستن، بە بێدەنگیی قژی خەمیان
دائەهێنن - سوپاس.. سوپاس - . ژنەکانیشمان چەند
ساڵێ لە بەردەرگای پۆلاّیینی بیروباوەڕدا ئەچەقن، برسێتییان
ئەیکا بە هەراو قرە قڕ. هەر بۆ ئەوەی رێیان بدەن بچنە ژورێو
خواوەندێکی نان ببینن. ئێمە تەلی زەردی کارەبای دزراوین.
بەڵام دوایی لە پایتەختە هێژاکانی دراوسێدا، دوای توانەوەو
تێکەڵکردن ئەکرێین بەزێڕ (تێبینی: گوایە ئیتر چیتان ئەوێ!)
ئێمە بە ڤیست ڕیش ئەهێنین لەولاو ئێمە بەکاش خیانەتی
چاورەش ئەکرێن لەم لاو، ئێمە بەگۆڕینەوەی گوێچکەو دۆلاریش
سۆپەرمارکێت، ڤیڤۆ، ئیڤا[21] ئەکەینەوە لە ئەوروپا !

⌘

هەموو رۆژێ لەو مەرزانە
سیاسەت شیشی گومرگەو
ئەچێ بە قەبرغەی نیشتمانی هێژاو خۆشەویستدا
ئێمە ئیستە وەتەنێکمان هەیە کون کون
بووە بە بێژنگی مەرگو.. شاری پێ ئەبێژینەوە..
سەری پێ ئەبێژینەوە.. خوێنی پێ ئەبێژینەوە.. کۆستی پێ ئەبێژینەوە..
کێلی پێ ئەبێژینەوە..

---

[21] ڤیڤۆ، ئیڤا: ناوی بازاڕی گەورەی هەمەچەشن بە سویدی، وەکو سۆپەرمارکێت.

نیشتمانه نازدارەکەم
چەند ساڵ بوو مۆزی نەدیبوو
رۆژێکیان دیی هەتا شەهیدی ئەم رایکرد
قاچاخچیەکان توێکڵەکەیان بۆ هێشتەوە
نیشتمانه نازدارەکەم.. چووە سەریو
هەڵخلیسکاو بەدەمدا کەوت !.

سەرمان کولانەی سەگەلی
پەیڤە درەکانی خانو سوڵتان بووە.
(مانگ) له ئاسمانەوە وتی:
بۆ ئەوان پەیڤی ماڵیی بوون
بۆخۆیشتان دیرۆکی هەوشار!

شاعیرێکیش لەسەر بانیژەی عەشقەوە هەردوو دەستی هەڵدایه ناو دۆزەخەوەو شیعری سپارد به ئاگرو ئەوسا وتی:
نیوەی هۆشی ژەنگ گرتوومو نیوەی جەستەی تەم گرتوومو نیوەی دەنگی تلیساوەو نیوەی سەرنجی قرچۆکم بۆنی بۆخنکی عەجەمو بۆگەمرخەی[22] رۆمی لێدێ.
نیوەی مێژووم مەیمونێکی دەم بەخەندەی لەش سووك بووە. نیوەی جەستەم لێبووك بووە. نیوەی پەیڤم قەلافەتی درۆی کەتەو زرگی دەروێشی قاجارو ناڵی

---

[22] بۆخنكو بۆگەمرخە: گیای بۆگرتوو که ئاژەڵ نایخوا.

سوارەی حەمیدیەو قلیانەکەی مەنسور بیللاو
نیوەی مێژووم لە شەوانی چوونە پەردەی بابی عالیو سەلْتەنەتا
بەربووك بووە!
ئەمە سەرە
یان پاژنەکێشی پێلآوی میرالآکان؟!
هەر دوێنێ بوو لە تەنەکەی زبلی بەردەم ماڵەکەی ئەنوەر
پاشادا لە ئەستەمولْ گندۆرەی سەری گەنیوی خۆم بینیەوە
توورڕدرابوو. توورِ درابووم. من توێکلێکی لول خواردوو بووم
لەو زبلەداو هەر خۆیشم خۆم ئەلستەوەو هەر خۆیشم مێشو
مەگەز بووم وروکابووم.

ئەمە سەرە
یاخود مەنهۆلی زێرابە؟!
پریشکێکی نیگام هەبوو
بردیان بۆ ئەوەی مۆمێکی لە حەرەمی خەلیفەدا
پێ هەلْبکەن. مۆمیان هەلْکردو چاوی من نەهاتەوە.
یاقووتێکی خەونم هەبوو. تووتییەکی خۆم فڕاندی
یاقووت ون بوو.. تا شەوێکیان
لە جەژنی سەری ساڵدا بوو
لە پەنجەی ژنە تورکێکی مۆدێرندا من دیمەوەو
ناسیمەوەو.. خوێنی خۆم بوو ئەیجریوان!
ئەمە مێژووە من هەمە

یان حەماڵی هەزارساڵەی خانو سوڵتان؟!
ئەمە وڵاتە من هەمە
یان عەرەبانەی دەسگێڕی برینو ژان؟!

ئەرێ (میرۆ) ئەوە کام (با) قەفی سمێڵی تۆی فڕان؟!
لە کام شەوداو کامە دزبوو لە پەناوە سەری دزیت؟!ئەوە کام
جرجی شەوگار بوو کرکراگەی رۆژگاری تۆی کرانەوە؟!
کامە پشیلەی کێویی بوو هەر بەکاڵیی هەموو غیرەتێکی خواردی؟!
ئەرێ (میرۆ) بۆ ناپرسی کێ حیلەی شاخی خەسانی؟!
بۆ ناپرسی ئەو بابۆڵەیەی ناو دەستت بۆچی ئەگری؟!
بۆ سۆراخی پێکەنینە کوژراوەکەی لێوت ناکەی؟!
بۆ ناپرسی دەنگتیان لەکام گۆڕستاندا شاردۆتەوە؟!
ئاخر (میرۆ) بۆ بەشوێن چاوو برۆتو ناوکی کەوتووتا ناگەڕێی؟!
بۆ ناپرسی نانی دەم بەزەردەخەنەت بۆچی نییە؟!
بۆ گوێت لە قوڵپی ئاوێکی بەختیارو ڕووخۆش نەبوو؟!
تۆ ناپرسی، قەت ناپرسی، بۆچی رۆژێ دڵت نەبوو بە باڵندەو
لە خۆشیاندا هەر هیچ نەبێ تۆزێ بفڕێ؟!
تۆ ناپرسی، قەت ناپرسی، بۆچی ڕۆژێ لە روخساری ژنەکەتا
تاقە گوڵێك چییە نەڕواو وشەیەکی پێ نەکەنی؟!
تۆ ناپرسی بۆچی لانکەی منداڵەکەت هەر لەرزوتا ڕای ئەژەنێ؟!
تۆ ناپرسی، قەت ناپرسی، گردە گڕویەکەی دراوسێی جارانی تۆ
ئەو دارستانی ئاڵتوونەی لەکوێ هانیو بەچی کڕیی ؟!

ئەرێ میرۆ.. ئاخر میرۆ
تۆ بەتەمای کەی بژیتو
تۆ بەتەمای چ وەخت نەمری؟!
تۆ بەتەمای چ وەخت بۆنی
زریانێکی توورە بگری؟!

⌘

وا هەنووکەیش دوورگەکانی مەنفا ئەڵێن:
زەریا بۆنی سەرسامبوونو ترسی لێ دێ
بۆنی هاژەی هەتا هەتا، بۆنی شڵپو هوڕی زەمان
بۆنی بێباکی و تەفرەدان.
بۆنی غەزەب، بۆنی گوناه.
چوویتە ناو مەنفای ئاوەوە.
تەلبەندی ئاو دەوری گرتوویت
بووی بەتۆڕی غوربەتەوەو
وەکو کیسەڵێکی ئاویی تەنها سەروملت دیارن
وشتراو[23] ئەتپێچێتەوە. . بۆ چەشێکی درە ماسیی .
تۆ هاوارێکی گیرخواردووی بنی زەریایت
تۆ شاخێکی بچکۆلانەی لەناو ئاودا عاسی بوویتو
دەنگت لە قوڕدا چەقیوە.
دەنگت بۆنی ونکردووە.

---

[23] وشتراو: شەپۆلی گەورەی نێرینەی ئاو.

تۆ برینێکی بیٚ بۆنی ئەم زەمانەی
تۆ بە پێی خۆت هاتویتە ناو
تووناو توونی بزر بوونو داوەکانی تۆفانەوە.
مەنفا بۆنی خەونی خنکاو.. بۆنی جەستەی کەشتیی خنکاو
بۆنی ماڵئاوایی یەکجارەکی و بۆنی مەرگی تەڕی لێدیٚ.
کەشتیی خنکاو مامۆستایە
زمان فێری زەریا ئەکات
وا ئیستە کە شەپۆلیٚ دیٚ بەیۆنانی قسە ئەکاو
شەپۆلێك دیٚو تورکیی ئەدویٚ.
ماوەیەکە زەریای ئیجە
زمانی سێهەم فێربووە
شەپۆلیٚ دیٚ.. بەیۆنانی قسە ئەکاو
شەپۆلیٚ دیٚ.. تورکی ئەدویٚو
لە دواییدا شەپۆلیٚ دیٚ شەڕواڵێکی
ئەو شاخانەی لەبەردایەو دەسماڵێکی ئەو کەژانەی
لەکۆڵدایەو.. کوردیی ئەدویٚ..

مەنفا ئەڵیٚ:
تۆ ئەوینێکی راکردووی
خۆت لێرەیتو بەڵام گیانت بۆ وەیشوومە جێهێشتووە.
پاساوی تۆو کەفەژیلکە لەیەك ئەچن
نە زەریا بڕوای پیٚ ئەکاو نە وشکانیی.

راتكردووه.. تۆ گوڵێكی ترسنۆكیو
هەڵاتویتو لانكەی باخو بناری خۆت جێهێشتووه.
راتكردووه.. شمشاڵێكی خۆپەرستی
هەر بەتەنها ئاوازی خۆت خۆش ویستووه.
هەڵاتویتو.. ئاخەكانی ئەڵڵاوەیسیت جێ هێشتووه.
راتكردووه.. تۆ هەر سەری دەفتەری خۆت دەركردووەو
تۆ هەر سەری قەڵەمی خۆت دەركردووەو
بەڵام جەستەی زمانەكەت
بەڵام سەری وڵاتەكەت
تۆپی پەڕۆو داهۆڵ بوونو
بۆ دۆزەخت جێهێشتوونو.. راتكردووه!
رەشەبا بێ.. كێوت ناوێ!
گەردەلوول بێ.. باخت ناوێ!
حیكایەتت بە برسێتیو
سەرنجەكانت بێ تەمو
شیعرەكانت بە نەخۆشیو
دایكی خۆیشت لەناو تاریكییا ناوێ!
پاساوی تۆو كەفەژیلكە لەیەك ئەچن
نە زەریا بڕوای پێ ئەكاو نە وشكانیی.
مەنفا ئەڵێ..
حیكایەتی ون بوون ئەڵێ..
كەوتینە ناو تونێلێكی درێژەوه..

خۆیشت مەراقی درێژی.

چویتەتە ناو تاریکایی کوناودەرو بن بیفەوە[24]

لە بن بیفا تۆ خولیایەکی شێداری

لەگەڵ شێدا ژەنگێکی نوێت هەڵهێناوە

- بۆنی هێڵی گریساویی

شەمەندەفەرت گرتووە -

لە واگۆندا

ئەبی بە رۆژنامەی خەوتووی سەر کورسیی چۆڵ

ئەبی بە تاکە دەسکێشی جێماو

بە ڕیکلامێکی تووڕدراو

- بۆنی بیرچوونەوەت لێدێ -

هەموو ڕۆژێ بە بن بیفداو لە واگۆنی ناو میترۆدا

دووکەڵێکی سەر ڕەشیتو هاتوچۆتە

تۆ لەجانتای دانەخراوو هەڵوەشاوی

بێ خاوەنو تەنیا ئەچی

لەگەڵ هەموو لەرەلەرو تەقەتەقێکی تریندا

یادێکت خل ئەبێتەوەو

نیازێکت ئەپچڕێتەوەو

- بۆنی ون بوونت لێوەدێ -

تۆ زمانی خۆرەتاوی دەربەدەری

هەموو ڕۆژێ بە ژێر عەردا ئەچی بۆلای حەرفو وشەی

---

[24] بن بیف: بن ئەرز.

زمانێکی دیکەی خوێن سارد.. فێری ببی.
لە ویستگەکەی (رۆدماس گاتان)[25]
وشەیەکی بێ تاقەتیو ڕستەیەکی لەش داهێزراو. دائەبەزی.
لە پرێکدا پەنجەی ساردی کزەبایەك
لەناو کونی تونێلەوە بەرەو رووت دێو
ملپێچت هەڵ ئەداتەوەو
دەستی تەزیو ئەدا لە پەڕەی گوێچکەتو دائەچڵەکی.
بەرامبەرت: لە ڕیکلامی گەورە گەورەی ڕەنگاو ڕەنگدا،
سەرنج ئەدەی.. سەرنجەکانت ئەشڵەژێن..
تەماشاکانت پەرت ئەبن
بەڕیز وێنەی دوا بانگەشە:
بۆ جوانترین کیسەی مەمكو بۆ مایۆکانی پەکینیو
بۆ خۆراکی قوتوی سەگو بۆ تازەترین قەنەفەو
بۆ تازەترین سوراوی لچو لێوو.. بانگەشە بۆ،
میوەجاتو کۆمپیوتەرو بۆیەی قژو.. بانگەشە بۆ
بادەو بیرەو، بۆ سەفەری دوورگەکانی خوارووی
ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو، بانگەشە بۆ پاڵێوراوانی
پەرلەمان ئەبینیتو لە بەردەمی یەك ڕیکلامیاندا
ئەوەستیت، تازەترین مۆدەی قژ تاشینی ئێرە،
- قۆچکەتاشیی - تۆ لێرەدا پێ ئەکەنیو سەری
خڕی قۆچکەتاشی منداڵانی گەرمیانت دێتەوەیاد

[25] رۆدماس گاتان: ناوی شەقامو وێستگەیەکی میترۆیە لە ستۆکهۆڵم.

لەو ئاستەدا ئیتر بۆنی خۆشی ژنو
بۆنی کراسی بەریانو بۆنی میوەو
بۆنی بیرەو.. بۆنی دوورگەو
بۆنی شارستانیی ئەگری.

بە قالدرمەی ڕاکردوودا بەرەو هەوراز سەرئەکەوی
بەلای ڕاستدا لائەدەیتو لەبەر دیواری مەڕمەڕدا ڕائەوەستی
- رۆژباش (سترن بێری)[26] رۆژ باش!
هەموو بەیانییەك سەعات هەشتو چارەك تۆ ئەیبینی،
سترن بێری لەهەمان شوێندا وەستاوە: شەپقەیەکی رەشی
قوچو لەژێر قەراغی شەپقەدا دوو سکلّی تەماشای
تیژو گەشو لە خوارتریش بە دوولادا سمێلّێکی بادراوی
نوك باریكو بە چواردەوریا ژنەکانیو نامەکانی
ئەویندارىو چەند لاپەڕەیەکی دەستنووسی شانۆکانی
هەمو ڕۆژێ تۆ سترن بێری ئەبینی لەو ئاستەدا،
بۆنی سەدەی نۆزدەهەمو بۆنی شانۆی (ژووری سوور)و
بۆنی قژی وشەکانیو بۆنی شووشەی مەرەکەبو پەڕەموچو
بۆنی هونەر، بۆنی قەیفەی پەردەی ئەستوور، بۆنی
خۆشەویستیی ئەکەیت. هەوای شانۆ هەلّئەمژیی. تۆ
ئەدوێیتو سترن بێری لێت تێ ناگا. لەوکاتەدا هەردوو چاوت
ئەنووقێنیو ئەچیتەوە بۆ لای (نالی):
نە کلاّوو نە دەمو چاو نە سمێلّو نە قەلّەمو

[26] سترن بێری: گەورەترین نووسەری سویدی.

نه وێنەیەکی حەبیبەو نە دوو دێڕی بەجێماوو
نە مێژووی ڕۆژی زایینو نە ڕۆژی کۆچو مردنو
نە کێلو گۆڕی گۆڕستان. بزر بزر چون ئاخەکانی
شارەزوور.. بزر بزر وەك نیشتمان!.
تۆ ئەو ساتە بۆنی تیژی نائومێدیو
بۆنی پرسەو بۆنی کەساسیت لێوەدێ.

مەنفا ئەڵێ..
لەناو پۆلدا..
بەدەوری گەورە مێزێکی هێلکەییدا بوون بە ئەڵقە
دە زمانی سەرگەردانی کاکۆڵ ڕەشن.
ژنە مامۆستای سەر زەردیش هەر وەکو گوڵەبەڕۆژە
دێتو ئەچێ. ئەیەوێ ئەم زمانە سەرکەشەی ئێرە
تۆزێ رامکەن. سوارتان ئەکا. دەستێکی وا پێتانەوە.
سەرەتایە، بەڵام هەر کە دەستی بەردا
لە خلیسکایی زماندا یەکە یەکە ئەکەونە خوار
بە یەکتری پێ ئەکەنن.
ئیستە بۆنی ڕێزمانێکی ڕەقەڵەو
بۆنی کردار، ئاوەڵ کردار
بۆنی تەباشیرت لێدێ.

مەنفا ئەڵێ..
بە دیواری ناو پۆلەوە

نەخشەیەکی ئەم جیهانە.. بە زەمینو بە بەحرەوە
هەڵواسراوە..
نەخشەیەکی ئەم جیهانەو سەدان ئاڵا
لە ڕەشبەڵەکی سەمادان.
بەدەوری گەورە مێزێکی هێلکەییدا دانیشتوونو
بوون بە ئەڵقەی حەرفو وشە
ئەمڕۆ ڕۆژی قسەکردنی ئاڵایە
ڕۆژی پەیڤینی سونبولە لە هەوادا.
ئەمڕۆ لەنێوان دە خاکدا
لە مابەینی دە ئاسماندا
ڕۆژی گفتوگۆی نێوانی شاخو زەریاو
بیابانو دوورگەو نیمچە دوورگەی ناو دنیایە.
لە خانەکانی جانتاوە
نۆ دەست نۆ سونبول دێننە دەرەوە
سونبولەکان ئەبن بە باڵندەی ناو ژوور
لە دواییشدا بەسەر سەری گوڵە بەڕۆژەو پۆلەوە
یەکە یەکە ئەنیشنەوە.
نۆ دەست هەژدە چاوی خۆیان لەسەر مێزەکە دائەنێن.
چاوەکان ئەبن بە چرای بچکۆلانەو هەڵئەسنو لەسەر تەختە
دیرۆکی گوڵو بارانو خۆڵو خوێنو لانکەی خۆیان ئەنوسنەوە.
تەنها دەستێ دەستی تۆیە
نە سونبولو نە باڵدارو نە گۆرانیو نە بارانی ئاڵای تیایە.

دوو دەستی چۆڵ.. چون پێدەشتی دەوری کەرکوك.
دە پەنجەی چاو گریاناوی لە گیرفاندا.
ئەڵێی منداڵی ئەنفالن.. لە گیرفاندا.
دە پەنجەی ناو گەردەلوولێ.. لەتاو ئازار
کڵاوی نینۆك تووڕ ئەدەن.. لە گیرفاندا.
دە پەنجەی لاڵی زمانم
وەك دە وشەم لەبەردەمی ئەنقەرەدا
دە پەنجەی ماتی ژێر چارشێو.. لە گیرفاندا
وەك دە کیژم لە سنەدا.
لەم پۆلەیشدا تاقە جانتا جانتای تۆیە
کە نیشتمانێکی سیس‌و کە ئاسمانێکی لەت لەتو
کە ئاوێنەی ساماڵێکی وردو خاشی لە بندایە.
لەم ساتەدا
بۆنی نوشوستیت گرتووە
بۆنی شەڕی بەردو بەردی شاخت
بۆنی مۆمێکی کوژاوە
لەم ساتەدا..
بۆنی چاڵدێران‌و لۆزان لە لەشت دێ.
لە شەڕی بەردو بەردەوە
بۆنێکی نوێ بڵاوبۆوە
بۆنی ئاو وەختێ ئەکوژرێ.
بۆنی کۆست وەختێ ئەکوترێ.

له ماچی دەنگو ڕەنگەوە
بۆنێکی نوێ بڵاوبۆوە
بۆنی باران ئەو وەختەی ئاڵ هەڵئەگەڕێو
بۆنی شەهیدیش ئەو وەختەی
که باڵ ئەگرێ.
له تێکەڵبوونی منداڵیی‌و وشەیشەوە
بۆنێکی نوێ بڵاوبۆوە.. بۆنی بێگەردیی ئەو وەختەی
له باوەشی خوادا ئەنوێو
بۆنی مانایش وەختێ ئەبێ به یاقووتو
له قوڵایی سەمایەکدا ئەجریوێنێ.
له ڕامووسانی نێوانی
جەستەی من‌و غەریبییشدا
بۆنێکی نوێ بڵاوبۆوە
بۆنی شیعر ئەو وەختەی هەڵم ئەیگرێو
بۆنی بێزارییش ئەو وەختەی
ئەبێ به نووکە توتڕکو
ئەبێ به دەمە گوێزانو
لەناو گیانی مندا ئەڕوێ.

**❖ لەشەڕی بەردو بەردەوە، کامێرای شاراوە نەما.**
**ئەم دیمەنەی خوارەوە، ساتەوەختێکی (میران)**
**ئەخاتە ڕوو، که شەڕی جەستەی خۆی، گەورەی**
**کردو پۆشتەی کردەوەو به پلیکانەی شەڕدا بەرەو**

ئەمڕۆ (میران) لە شەڕی بەردو بەردەوە هاتۆتەوە.
بزەیەکی خۆڵەمێشیی‌و تەپ‌و تۆزی قارەمانیی‌و
وردە گەردیلەی شانازیی لێ نیشتووە.
ئەمڕۆ (میران) لە شەڕگەی شاخ‌و شاخەوە هاتۆتەوە.
بەرەو ئاسمانی بارەگا پێکەنین‌و جامانەکەی
بەیەکەوە هەڵئەدات‌و چەند ساڵێکیش
تفەنگەکەی گەنج بۆتەوە.
ئەمڕۆ (میران) لە بەیانیی خوێناویدا..
جەنگێکی نوێی لە جەستەی خۆی بردۆتەوە..
کەپکی کەللەی خۆی گرتووە
بەرزایی سەر شان‌و ملی کۆستەکانی خۆی گرتووە.
ئەمڕۆ (میران) لە شەڕگەدا سەرکەوتووە
بە (گەچاوی) باییبوونێ برینەکان سواغ ئەدات‌و
بە قریوە شەقامەکان دائەپۆشێ‌و سەرکەوتووە.
وڵات دەهۆڵەو لێی ئەدات.
وڵات زوڕنایەو ئەیژەنێ. سەرکەوتووە
پەنجەکانی دەستی ڕاستی
بەسەر پەنجەکانی دەستی چەپیا سەرکەوتووە.
قاچی ڕاستی قاچی چەپی خۆی ڕاوناوە.
ئەمڕۆ (میران) لە نەبەردی خۆی‌و خۆیدا، دیلی هەیە

چاوی خۆیو برۆی خۆیو کەپووی خۆیو
گوێچکەکانی خۆی گرتووە.
ئیستە (میران) قسەکانی بۆچڕوکی لەشی هەردوو
مەزراو ڕێو بانیان لێوەدێ .
ئەمڕۆ میران هەمووومانەو
بۆنی سەدان ساڵ پێش ئەمڕۆو
بۆنی پەیڤو بۆنی ستوونی ڕۆژنامەو
ژووری کۆنترۆڵی تیً ڤیًو
بۆنی مایکرۆفۆنی ڕادیۆو
بۆنی گشتمانی لێوەدێ..
مەنفا ئەڵێ:
پەنا ئەبەیتە بەر باڕو
کەفی بیرە ئەکەی بە کڵاوی خەیاڵ
مەراقێك دائەگیرسێنیو ئەیکەی بە مۆمی سەرمێزو
لەنێوانی شەوقی تەڕو پەرت پەرت بوونی دووکەڵەوە
ئەڕوانیتە کۆتایی ساڵ..
بە لێژایی هەورەکانی خۆرئاوادا
گۆرانیت ئەچۆڕێتەوەو
ئەبی بە دوورە هاڵاوی زەریاو کەنار.
پەنا ئەبەیتە بەر بۆنی کچی سەر باڕ
قژی ئەکەی بە کەپرەکەی (هەڵەدن)و
چاوی ئەکەی بەکانیەکانی (مێرگەپان)

تاڵەمۆکان ئەکەی بەڕێی گەڕانەوەو
ئەچیتەوە کۆنە هەوار.
پەنا ئەبەیتە بەر گەردن، پەنا ئەبەیتە بەر مەمان
لە گەردندا ئەچیتەوە بەر قەڵبەزەی بەفراوانو
لە مەماندا ئەچیتەوە لای رنۆکانی هەورامان.
پەنا ئەبەیتە بەر دەنگی گڕو قرتاوی سەرخۆشێ لەولاتەوە
پەنا ئەبەیتە بەر ڕستەی هەڵوەشاوو حەرفی نیوە بەخەبەرو
چاوی تەپی نیوە نوقاو، بەلاپلاو چاڵو چۆڵیی،
کۆڵانی دەنگی سەرخۆشدا، بەڕێو بانی بۆنی مەیدا،
ئەچیتەوە سەرچنارو، قاچی شیعرت تێکەڵو پێکەڵ
ئەبێتو بەملاو بەولادا ئەکەویو هەتا باهۆزێکی کەتە
قۆڵت ئەگرێو ئەتباتەوە لای سەرخۆشانی شارەکەت.

ئەچیتەوە لای بەرسیلەی قسەکانیان
ئەچیتەوە ناو گیرفانی ستارخانیو
ئەبی بە دەنکە قەزوانی سوێرو
ئەبی بە شووشەی چارەکی نیوە خاڵیی
بەر باخەڵی مراخانیو
بەیەك جگەرەی پەناگوێو
ئەبی بە دەنکە کولەکەو.. ئەبی بە قاشە خەیارو
قاشە لیمۆو.. قاشە ترۆزیی ناوسووری سەر
دەسڕێکی ڕاخراو!.

من ئیستاکە بۆنی بادەی سەرچنارو
بۆنی شەقامی سەرخۆشی شەستەکانو
بۆنی ئێوارەی سەرخۆشی حەفتاکانو
بۆنی نوکتەی عەرەق پیارژاوی ئەوسای
(عیزەت یەکپارچە)م لێوەدێ!

بیرەیەكو دووانو سیانو چوارو...
دیسانەوە کەفەکانیان ئەکەی بەکڵاوی خەیاڵ.
ئیستە سەرت وەك هۆڵی شەوی زستانەی پڕ دووکەڵو
ژاوەژاوی یانەی کۆنی مامۆستایان قورس بووە.
چاوت گەڵای شۆڕەبییەو داتخستووە. ئەڕوانیتە وێنەکانی
نەخشاوی سەر قوماشی مێز. وێنەی سەرمێز. تابلۆیەکی
هەڕەمەکیی، پەرشو بڵاو. سەرت بە وردە قوڕقوشمی
شەڕی ناوخۆ قورس بووە. چاوت گەڵای شۆڕەبییەو
داتخستووە. پەڕۆی سەرمێز گەورە ئەبێو وێنەکان
ئەجوڵێنەوەو بار ون ئەبێو کچ ون ئەبێو وێنەکان
دێنە چاوتەوە، تۆیش ئەچیتە ناو وێنەوە:
لەسەرەوە ئاسمانێکی بێ دەربەستو گەواڵە هەورێکی
تووڕەو فڕۆکەیەك دوو پەروانە. لەولایشەوە پەڕەشووتێکی
نارنجیی. لەخوارەوە ڕووبارێکی بێ تاقەتو بەلەمێکی
زنجیرکراو. لەوبەر ڕووباریش باخچەیەك. وەکو باخچەی
پاشای (گۆران)، بەڵام ئەمیان نەهیچ خێڵێ لە دوژمنان

دەوریان داوەو نە ڕێگەکانی گیراوە.
سەرت قورسەو کەفی بیرە ئەکەی بە کڵاوی خەیاڵ
ئەچیتە ناو وێنەکانی قوماشەوە:
ئێستا موتاڵای کتێبی ئاو ئەکەیتو باخچەکە ئەنووسیتەوە.
ئێستا لە کەنار ئاوەکەی، کەس ناتبینێ. جلەکانت دائەکەنیو
ئەچیتە ناو ڕووبارەوە. رووبار کەمێ دائەچڵەکێ. تا ناوکی
شیعرت تەڕ ئەبێ. چەند هەنگاوێكو ئەگەیتە بەلەمەکە.
بەلەمەکە ئازاد ئەکەیت. بەلەمەکە پێ ئەکەنێ. بەرەو لای
خۆت ڕایئەکێشی. ئەسپی تەختە بەناو ئاودا ئەئاژوێتو
ئەگەیتە لای گوڵزارەکە. ئەچیتە ناو باخچەی پاشای بێ گاردەوە.
لەبەر گوڵ شیعر نابینی. لەبەر عەتر سەرت ناپەرژێ بنووسیت.
بووی بە نوقڵێکی کەڵەگەت. گوڵەکانیش بوون بەمنداڵی
زەردو سوور. لە سەد لاوە باوەش بە ئەژنۆتا ئەکەن. گوڵ
ئابڵووقەی بۆنی ناخۆشی خستۆتە سەر ئەم گەشتەت. چ ئابڵووقەیەکی
جوانە. دائەنەوی سێ چەپك بۆنی ڕەنگاو ڕەنگ ئەچنیتو
دێیتەوە ناو بەلەمەکە. دەستەیەك ماسیی هاتوونو
بەڕێت ئەکەن. ئەگەیتەوە کەنار ئاوو، ماسیەکان ئەگەڕێنەوەو
بەر لەوەی کە تۆیش دابەزیی، دوو سێ داری کورتە باڵای دەمی
بەستێن، چەپکەکانت لێ وەرئەگرن. چەپکەکان  وەرئەگریتەوە.
بە چەپکەوە لەگەڵ بۆندا باڵ لێك ئەدەی بەرەو ئاسمان.
دەستت ئەگاتە کەمەری پەڵە هەورو توند ئەیگری. خۆتی پێوە
هەڵئەواسی. تیژ تیژ ئەفڕی. فڕۆکەکە ئەگریتەوە.

ئەمجارەیان باریك باریك ئەبیتەوە، ئەبی بە تیشكێو لەشووشەی
پەنجەرەوە، ئەچیتە ناو فڕۆكەوە. لەجێی جگەرەكێشاندا دائەنیشی.
شیعرو قاوە بەیەكەوە ئەخۆیتەوە، فڕۆكەیش زەمان كون ئەكاو
پەردەی هەورەكان دائەدڕێو تیژ تیژ ئەفڕێ. چەپكەكانت وەكو
خۆزگە لە باوەشدان. تەماشایەكی سەعاتی دەستت ئەكەیت.
لە دوای ئەوەی بۆنێك ئەكەیت، لووتت بزەیەك ئەیگرێ. بۆن دێ،
بۆن دێ، بۆن دێ. بۆنی گۆیژەو وێڵەدەر دێت. بۆنی ژانو
بۆنی گردی شەهیدانو بۆنی قژی شیعرەكانی شارەكەت دێ. چەپكەكانت
لە باوەشدان . تۆ ئەبێ لێرە دابەزی. دیسانەوە باریك باریك
ئەبیتەوە. وەكو تیشكێ بە ناو شووشەی پەنجەرەدا بۆی دەرئەچی.
چەپكەكان هەر لەباوەشتان. بە هەورا خل ئەبیتەوە. ئەگەیتە
پەڕەشووتەكە. بە دەستێكت پەتی پەڕەشووت ئەگریتو
بە دەستەكەی تر بۆنەكان. گوڵەكان گۆرانیی ئەڵێن. دڵیان
خۆشەو لەسەر سینگت سەما ئەكەن. بە هەورا خل ئەبیتەوە
ئەگەیتە كیشوەری باران، لەدایك بوونی باران ئەبینیت .
ئەگەیتە هەرێمی تەرزەو مەملەكەتی تۆفو زریان.
لە نزیكەوە مردنی، بوخارو هەڵم ئەبینی. شاژنی پرشنگ
ئەبینی. یەكە یەكە بەناویاندا تێ ئەپەڕی. بەناویاندا
ئەخولێیتەوە. وردە وردە دائەكشێی بۆ بەرەوخوار.
زەوی بەرەو پیرت دێتو ئەگەیتە ئاسۆی سەرچنار.
هەزار مەترو پێنج سەد مەترو پەنجا مەترو لەپڕیش لەناو باوەشی
چناردا ئەنیشیتەوە. نیوەشەوێكی درەنگەو كەس دیار نییە.

گوڵەکان لەناو باوەشتا وەنەوز ئەدەن - ماندووی ڕێگان -
تۆ ئەبێ ئیستە بگەڕێی لەم شارەدا سێ ناونیشان ، سێ
ئەوین بدۆزیتەوە: ناونیشانی تازەترین بۆنی تووڕەی شیعرو
تازەترین بۆنی یاخی بوونی شانۆو تازەترین بۆنی ڕەشەبای
ناو گەرووی کورتە چیرۆك. ئەبێ بیاندۆزیتەوە. بیانگەیتێ.
تا هەرسێ چەپکی باوەشی ئەم سەفەرەی خۆتیان بەیتێ
لە پرێکدا تەقەیەك دێو پەرداخێکی سەر مێز ئەشکێ
سەر هەڵئەبڕم. خەو ون ئەبێ. بار دێتەوە جێگەی
خۆیو کچی سەر بار وەك بزانێ من لە کام
گۆمدا نوقم بووم، لەو دوورەوە سەیرم ئەکاو پێ ئەکەنێ
هەڵئەسمو بار جێدێڵمو
درەختێکی سەرخۆشمو ئەچمە دەرێ.
لە دەرەوە کڵاوی کەف بائەیباتو
من هەست ئەکەم لەسەر جادەی شەوێکی تەڕ
قەسیدەیەکم ئاوارەو.. بۆنی گۆڕ غەریبیم لێدێو
وشە وشە وا ئەوەرێم..
ئەوسا ئیتر گۆرانییەك.. بەدەم بای وەشتی ئێرەوە بۆ خۆم ئەڵێم:
(ئەم کۆشکانە هیچیان نەهاتنە خەومەوە
ئەم وەرزانە هیچیان نەهاتنە ساڵمەوە.
ئەم ژنانە هیچیان نەهاتنە چاومەوە.
ئەم بۆنانەیش هیچیان بۆنی وشەیەکیان خۆش نەکردم!.
ئەوەی کە دێتە خەومەوە

هەر كۆلانە قوڕاويەكەی كانێسكانەو
ئەوەی کە دێتە ساڵمەوە
گوڵو سووتووی نیشتمانەو
ئەوەی کە دێتە چاومەوە
چاوی کچێکی کۆیی یەو
ئەو ڕووبارەی ئەڕژێتە ناو ڕۆحمەوە
هەر سیروانی لێڵو پێڵەو
تەنها بۆنیش کە بۆنی وشەم خۆش بکات
سەرو قژی ساواکانی شارەکەمە!
هەموو زەریاکانی ئێرە ئەیانەوێ زنەیەکی بچووکی شاخو داخ
لەناو رۆحما قوت بدەنو بۆیان ناکرێ. هەموو شارە
جوانەکانی ئێرە ئەیانەوێ کاولاشکەی قەڵادزێ لەناو
مندا بسڕنەوەو بۆیان ناکرێ. هەموو لەشو لارە رووتەکانی
ئێرە ئەیانەوێ تیلەی چاوی کچە هەولێرییەك لەیاد بکەم
بۆیان ناکرێ. هەموو دوکانو بازاڕە بە بریقو باقەکانی ئێرە
ئەیانەوێ بەردەمی حەوزە وشکەکەو ژێر پردەکە لەیاد بکەم
بۆیان ناکرێ.. هەموو شووشە عەترەکانی ناو ئەوروپایش
ئەیانەوێ بۆنی مێخەکبەندەکەی ملی تۆم بیر بەرنەوە
بۆیان ناکرێ.
من لەو زنە بچوکەوە فوارەی وشەم
هەڵئەدەمە ناو زەریاکانی دنیاوە .
من ئەو وێرانەو کاولاشە ئەبەمە ناو

هەناوو جەستەی دنیاوە .
ئەو تیلەی چاوە ئەبەمە ناو چاوەکانی دنیاوە
ئەو ملوانکەی مێخەکبەندەیش
ئەکەمە گەردنی جیهان!

من ئەو شیعرەم..
ئەگەر کەپووی بەردی هەلگورد
بۆنم نەکاو خۆشی نەوێم..
ئیتر دوای ئەو، بۆنم ناکاو خۆشی ناوێم
کەپووی بەفری.. لوتکەی ئەڤرست
من ئەو شیعرەم
شاری وشەی مل بەچرای ئەم دنیایەش
هەر ئەو وەختە باوەشیانکرد بە گەردنماو
خۆشیانویستم، بۆنیانکردم، کە لێرەوە..
لای ئێوەوە سەرو تۆزێ: لە مەراقو خۆڵو گەڵاو
کلۆ خەڵووزو هەناسەو، بۆنی هەڵەبجەو هەڵاڵەو
بۆنی جەستەی ئەم زمانەی خۆم بۆ بردن!
من هەر لێرەم. لەناو بەفرێکی شینداو
دوورە چرای نیگاتانمو کز ئەسووتێم
من هەر لێرەم. لەناو بەفرێکی شینداو
ناو بەناوێ.. لەم قوتبەدا
پریشکێکی بەردە ئەستێم .

دیسانەوە ڕۆژێکی تر بەناو تەمێکدا دێتەوە
من هەر لێرەم:
ڕۆژێکی تازەیەو کۆنیش
دیسانەوە ڕیشێکی دیکەی تەنیایی ئەتاشمەوە.
بەڵام ئاوێنە هەر هەمان ئاوێنەیەو
تەمی شووشەی سەرچاوانیش هەر هەمان تەم.
- بۆنی ئەم قوتبەم گرتووە -
رۆژێکی تازەیەو کۆنیش
دیسانەوە بەروپشتی ئەم بەیانییەش بە پەلە
ئوتوو ئەکەم.
بەڵام بێزاریی ناو رۆحم
هەروەکو خۆی چرچو لۆچە.
ـ بۆنی پەڕۆی سووتاوی ژێر ئوتووم لێدێ -
ڕۆژێکی تازەیەو کۆنیش
دیسانەوە (مەسعەدەکە) ئەمکاتە کۆڵ
لە قاتی خوارێ دامئەگرێ
ئەچمە دەرێ..
دیسانەوە لە بەردەرگا پیرێژنەکەی دراوسێم
کە هەر لە تووتیی مۆن ئەچێ
تووشم ئەبێ.
ـ لەبەر قژم خۆشی ناوێم -
کلك هەڵئەکاو تێ ئەپەڕێ.

ـ بۆنی نەفرەتم لێوە دێ -

وەختێ چەترەکەم هەڵئەدەم:

ـ بەیانیت باش!

ـ بەیانیت باش!

دیالۆگی بەردەوامی بەیانیانی

نێوان خۆمو چەترەکەمە ..

دیسانەوە ڕۆژێکی تازەیەو کۆنیش

من ئەمڕۆیش هەر بۆنی دوێنێو بۆنی پێرێو

بۆنی ژەنگو بۆنی چەترێکی شکاوی ئێرەم لێدێ .

**﴿ ئەزموونەکان پەلو پۆی زۆریان لێ بۆوە. بۆننامەکەم لە شاخەوە بۆ زەریا بوو بەهاوڕێی چەندین دەنگو ڕەنگی لەیەك نەچووی ئەم دنیایە. لەبەر ئەوە ئەم بۆننامەیە بۆننامەی ئەزموونە. بەڵام هێشتا نەمتوانیوە خۆم لە بۆنی ترس قوتار بکەم. من بە بۆن کەوتووی ترسم. ئەگەر ناوچەیەکی شاراوەی بۆن لەم بۆننامەیەدا نەبێت، ئەوە هەر لەوێوە لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتووە﴾**

(لەبەر ئەوەی من سەردەمێ

لەگەڵ شاخدا هاوڕێ بووم

بۆیە ئیستاکە ئەتوانم تۆوی روانین

بەدەم ڕێوە لەناو بەردیشدا بڕوێنم .

لەبەر ئەوەی من سەردەمێ
لەگەڵ زەریا هاوڕێ بووم
بۆیە ئیستاکە ئەتوانم
بە بنی قوڵی زماندا بچمە خوارێو
مەرجانی مانا دەربێنم.
لەبەر ئەوەی من سەردەمێ
کرێچیی ماڵی ئەستێرە دوورەکان بووم
بۆیە ئیستاکە ئەتوانم جریوە بکەم بە بۆنو
ئەودیو وەرزەکان ببینم
لەبەر ئەوەی من سەردەمێ
لەگەڵ زریاندا ژیاوم
بۆیە ئیستاکە ئەتوانم ببمە پرسیارو گومانو
هەڵبکەمو یەخەی یەقین ڕاوەشێنم

لەبەر ئەوەی سەردەمێکیش دوورو درێژ
لەگەڵ ترسو لەگەڵ تەمو مژدا ژیام
ببوورن لێم بۆیە ئیستاکە ناتوانم
من ڕاستەوخۆ هەرچیم هەیە..
وەکو هەتاوێکی گەمژە
لەلای ئێوە بیدرکێنم )

من هەر لێرەم..
لەم وڵاتە خوێن ساردەدا

تەنها لە ڕۆژی کتێبداو
لەبەردەمی کوورەی شیعرا گەرم دادێم
تەنها لە ڕۆژی کتێبدا..
پەپوولەی وێڵی پێکەنین پەیا ئەبنو تێم ئەئاڵێن.
تەنها لەرۆژی کتێبدا
من ژمارەی لاپەڕەی سەروو پەنجامو
لە گۆڤاری غەریبیدا زەردەخەنە ئەمگرێتو ئەکرێمەوە.
لە ڕۆژی وشەو کتێبدا.. ئەبم بە دەشتی پەخشانو
فوارەی شانۆو.. ئەبم بە چیرۆکی گەڕۆك.
ئەمڕۆ وەکو سەری زیوینی پاندانێ
لە دووررا ئەبریقێمەوە.
لە (سێنترومی تێنستا)[27]
(هێڕ ئەندرشۆن)[28]م پێ ئەگات.

هێڕ ئەندرشۆن درێژە وەك نەخشەی سوید.
دەمو چاویشی بەردەوام لە دوورگەی پێکەنین ئەچێ.
هێڕ ئەندرشۆن ئەندامێکی پەرلەمانو حزبی سەوزە
بەڵام خۆی واتەنی ئەگەر
بەلەمەکەی سڤاریا کونی تێ بێ
ئەم حزبەکەی تۆپەڵ ئەکاو کونی بەلەمی پێ ئەگرێ!.
هێڕ ئەندرشۆن.. سەری پڕە لە کتێبو

---

[27] سێنترومی تێنستا: سەنتەری گەڕەکی تێنستا – لە ستۆکهۆڵم.
[28] هێڕ ئەندرشۆن: مستەر ئەندرشۆن.

دڵی پڕە لە باڵندەو چاوی پڕە لە دارستان.
(با)ی زەریایەو بەدەم غەریبیی چیاوە پێ ئەکەنێ.
هێڕ ئەندرشۆن شیعرو مۆسیقاو بێگانەی بەیەکەوە
لەسەر ڕەفەی چاوو برۆی ڕیز کردووە.
قسەکانی بۆنی (تولّ پان)[29] یان لێوەدێ.
کە ئەیبینم واهەست ئەکەم من پەنجەرەی داخراوم و
هێڕ ئەندرشۆن.. ئەمکاتەوە
ئەمجارەیشیان هێڕ ئەندرشۆن
بە هەمان تۆڕی پرسیاری بەر لە چەند ساڵ
ئەمکاتەوە بە وێرگوڵێکی بەردەمی و
ئەمکاتەوە بە ڕۆژنامەی لوولکراوی نێوان دەستی
- هەی.. هەی.. شێرکۆ!
شاخ و شاخ هەر بەردەوامن
لە سەربڕینی یەکتردا؟!
ئەوە چییە؟! خۆ هەر خۆتان دیناصۆرتان
هێنایەوە بۆ ناو خۆتان!
هێڕ ئەندرشۆن.. لە ئیستەدا وەکو جاران
شاخەکانم ناباتە ناو ڕۆژنامەوە.
بە ژانەکانم نانووسێ و فرمێسکیشم لە پەرداخی
پەرلەماندا ناخواتەوە..
هێڕ ئەندرشۆن.. وەکو جاران

---
[29] تولّ پان: ناوی گوڵێکە بە سویدی.

پیاسە لەگەڵ خەمما ناکات..
بەشوێن برینما ناگەڕێو زوو زوویش دەرگا
لە سۆراخی گڕ تێبەربووم ناکاتەوە..
هێڕ ئەندرشۆنو ژنەکەی
بەر لە دە ساڵ هەر لێرەدا
لەسەردەمی مۆمەکانی هەڵەبجەداو
لەبەر تۆفانی کۆچ ڕەودا..
دڵی خۆیان دەرهێنابوو کردبوویان بە دەغیلەو
بە بازاڕدا ئەیانگێڕا بۆ کوردستان.
هێڕ ئەندرشۆن.. تۆزێك لەگەڵما ئەوەستێو بەجێمدێڵێو
سەر بەرەو خوار، لەگەڵ دار ئەبەنووسێکی،
(رواندی)دا بۆ خۆی ئەڕوا.
پرسیارەکەی هێڕ ئەندرشۆن
ئەمکا بە پەڕەی دڕاوی کتێبێكو
بە شیعرێ قاوەی بەسەردا ڕژابێتو
ئەمکا بە تاری ژێ پچڕاو.
من ئیستاکە بۆنی گورگو
بۆنی گەوجێتی و شێتێتیو
بۆنی ڕۆژنامەی شەڕخوازو..
بۆنی جامانەی خائینو
بۆنی کەڕووی مێژوویەکی کۆنم لێدێ.
**شیعر نامەیەك کە لەشێوەی گێژەڵووکەی تەلگرافێکی درێژدا..**

**هەڵێکردو پرسیارەکەی ( هێڕ ئەندرشۆن ) زەمینەی بوو.**
**شیعرنامەیەکی تووڕە، بۆ هەموو ئەو وشانەی ناوەوەو دەرەوە، بۆ هەموو ئەوانەی کە لە هاوینە ڕۆژێکی شوومداو لە گەڕانەوەی دیناصۆردا خۆیان لە ژووری بێ دەنگیی خزان و بێ دەنگییان دا بەخۆیانداو..**
**لەدواییشدا شیعرو چیرۆک و شانۆو وتارەکانیان بۆنی دیناصۆرو دەبابەیان گرت: تێبینی: ئەم بروسکەیە، دوێنێ نوسراوە، بەلاّم بۆ سبەینێ و دوو سبەی و داهاتوویشەو هەتا دیناصۆر بژی!. )**

شیعرەکانتان یەك بە یەك بەتاڵبوونەوە.. باگژەی ئاب فووی لێکردن، پێچانیەوەو تێکەڵ بە پووشی هاوینەی دەشتی پرسەی (قوشتەپە) بوون. لەژێر زیلدا لوولیان خواردو.. کۆمەڵ کۆمەڵ، لەناو چاڵی دەبابەدا گیرسانەوە. شیعرەکانتان یەك بە یەك بەتاڵبوونەوە: چون بەتاڵبوونەوەی عاشق لەئەوین و چون بەتاڵبوونەوەی جەستە لە ئیرادەو چون بەتاڵبوونەوەی پەیڤین لە دەربڕین .
کۆتەرەکان سەریان باداو شتێکیان وت. ڤیر ڤولێی داو بڵقی کردو شتێکی وت. بەلاّم ئێوە هیچتان نە ووت. بەلاّم ئێوە هیچتان نەکرد. بێدەنگیتان: هەڵبڕینی داری بازگەو سەیتەرە بوو، بۆ هاتنەوەی دیناصۆرو گەڕانەوەی کۆلێراکەی دوایی هاوین . بێدەنگیتان کرد بە پەردەی دووکەڵێك و

بەدەوری خوێندا گێڕاتان، تاشمشێری دیناصۆرو چنگی
ئاسنی خوێناویو بەچکەکانی ئەو نەبینین.
بێدەنگیتان بوو
بەپاسەوانی ئەنفال. بێدەنگیتان بوو بە شووشەی مەرەکەبی
خاڵیو بەتاڵ. بێدەنگیتان بوو بە قەڵەمی کەڕولاڵ.
بێدەنگیتان
کرد بە تەپەدۆری سەری خیانەتو بێدەنگیتان کرد بە خم خۆرك
بۆ قوتدانەوەی کوڕژنی قوربانیی ساڵ. بێدەنگیی ئێوە
هەسان بوو خێڵ خۆی لەسەر تیژکردەوە، بێدەنگیی ئێوە
گومەزی تاریکیی بوو جەهل خۆی تیا کۆکردەوە.

کۆتەرەکان جولانەوەو شتێکیان وت. جۆگەلەکان
هەندێ ئاوڕیان دایەوەو شتێکیان وت. بەلام ئێوە
هیچتان نە ووت، بەلام ئێوە هیچتان نەکرد. چیرۆكو
شانۆو وتارتان، وشەی شووشەو فەخفوری بوون،
لەسەر ڕەفەی بێدەنگیتان ڕیز کرابوون، لەگەڵ لەرزەی
زرێپۆشدا لەرزینەوەو کەوتنە خوارێو هاڕەیان کرد.
دەستنوێژەکانی ئەدەبتان، دەستنوێژەکانی قەڵەمتان
یەك بەیەك بەتاڵبوونەوە. چون بەتاڵبوونەوەی ئەسپ
لە حیلاندن. چون بەتاڵبوونەوەی باهۆز لە گڤاندن.
چون بەتاڵبوونەوەی ئاگر لە بڵێسەو لە تاوسەندن.

چیرۆکەکانتان یەك بەیەك بوون بەکەروێشکی دارینەو..

وتارەکانتان یەك بەیەك بوون بە نێچیری ڕاوکردن.
قسەکانتان: هێلمو قوڕی صناعیو مۆمی پیو بوون،
بە هاڵاوی دەمی هاوەن هەر هەموویان بەسەر یەکدا
توانەوەو .. هەیکەلێکیان لێ دروست بوو بۆ بەردەمی دایناصۆرو
هۆزی مردن. لەو دەشتەدا، پەڕەی گۆڤارێکی دڕاو
بای تۆپ بردیو شتێکی وت. لەو دەشتەدا ملی قرتاوی
باڵداری لە بەردەمی قەمەیەکدا هەڵبەزێوەو شتێکی وت.
بەڵام ئێوە هیچتان نەووت.. بەڵام ئێوە هیچتان نەکرد، بەڵام
ئێوە لەو بەیانییە خۆڵ پۆشەدا.. لەو بەیانییە خوێن پۆشەدا..
لەو دیرۆکە عار پۆشەدا، ئەوەی کردتان: سەری منو سەری
قەڵاو سەری حاجی قادری کۆییتان.. تێکەڵ بەسەری بەدلیسیو
سەری فەیلەقی کیمیاو سەری ئەسپی دیکتاتۆر کرد. لەو بەیانییە
زەردباوەدا ئەوەی کردتان هەر یەك شت بوو. بەیەکسانی
روانیتانە شیعری منو بێرێی سەری (عاشور حەمدان)
بە یەکسانی روانیتانە مێزەرەکەی مەلای خەتێو مێزەرەکەی
مەلای گەورەو بە یەکسانی دابەشتان کرد: پەنجەکانی
قەڵادزێو پەنجەکانی دەستی سوڵتان.

ئەوە من نیم.. بەرۆکی شیعرتان ئەگرێ
ئەوە  من نیم .. یەخەی شانۆتان ئەگرێتو
ئەوە من نیم.. ڕێگە بەچیرۆکتان ئەگرێ.
ئەو دەستانە دەستی من نین.. پەنجەی من نین

ئەوانە دەستی هەڵەبجەن لەناو هەوای خنکاوەوە
لەناو گوڵی خنکاوەوە، درێژ ئەبن‌و قورتومی وشەتان ئەگرن.
ئەو دەستانە دەستی من نین.. پەنجەی من نین
ئەو دەستانەن لەژێر لمی عەرعەرەوە، لە گۆڕستانی
چراوە دێنە دەرێو بەربینی قەڵەمتان ئەگرن.
شیعرەکانتان یەك بەیەك بەتاڵبوونەوە..
چیرۆکەکانتان کیسەڵ بوون.. سەریان بردەوە ناو قاوغ.
قسەکانتان.. هەندێ سێبەری ترساو بوون.. کشانەوە.
شانۆ پەردەی خۆی دڕان‌و ئەکتەرەکان رووت بوونەوە.

لوتاوێژ بوو.. لوتاوێژ بوو.. لوتاوێژ.
شاخ لووتی گرت..
ئەربائیلۆکان لووتیان گرت.. منارەی چۆلی لووتی گرت
دەرگاو پەنجەرە، لووتیان گرت.. گیوموکریانی لووتی گرت
( ئیبنولموستەوفی ) لووتی گرت..
(عبدالخالق)ی هاوڕێم.. (نوری نانەکەلی)ی.. هاوڕێم..
جادەی شێست مەتریی هاوڕێم..
چایخانەی مەچکۆی هاوڕێم.. لووتیان گرت‌و
لەو ڕۆژەدا ئێوەش بۆنی دیناصۆرو بۆگەمرخەی
مێژوویەکی تۆپیوتان گرت ! )

تۆ بۆنی شیعری گەڕۆکی

باخ لەگەڵ خۆتدا ئەگێڕیو
دڵۆپ دڵۆپ لەبەر هەتاوی جوانیدا ئەتوێیتەوە..
تۆ قاسپەی کەوی زمانیو
پەروانەی ڕیشی (نالی)یتو بە چواردەوری
ئەوروپادا ئەخولێیتەوە.
خەو ئەڕژێتە سەرتەوە..
حەزو خۆزگەتو تەماشات تەڕ تەڕ ئەبن
شیعرت لێ ئەچۆڕێتەوە.
ئیمستیردام.. بەلەمێکی شووشەبەندی دەم بە ورشەی
جادەی ئاوو.. کوچەی ئاوو.. چوخمی ئاوە
تۆیش گڵۆپێکی سەرخۆشیو بەشەودا ئەسوڕێیتەوە.
لە ئاودا.. ئەلەرێیتەوە
لە ئاودا.. ئەبریقێیتەوە..
بەنگ کێشەکان.. لەم شارەدا.. لە ئەستێرەی
نێرەو مێیەی جل دڕاوی پەرەوازەو
لە گوڵی چڵکنی باخچەو
لە شووشەی بادەی بێ سەرو بێ مل ئەچن.
نیشتمانی بەنگ کێشەکان.. خەیاڵێکی رووتو قووتە.
ئەوان بەتەنها هەر بۆنی ساتە وەختێکیان لێوەدێ.
ساتەوەختێ.. بێهودەیی ئەم تەمەنەی تیا بکێشن.
ساتەوەختێ.. کە رابوردووی سەرابێکەو
ئایندەیشی تیا ئەمەیێ

ئیمستێردام بەناو خۆیدا ئەمگەڕێنێ .
ئیمستێردام کتێبێکە.. ئاو جزوبەندی کردووە.
بەقەوارە کتێبێکی بچکۆلەیەو جیهانیش ئەیخوێنێتەوەو تەواو نابێ.
لەم لەشەدا.. سەری قەشەو لنگی بڤکێو[30]
دەستو پلی هونەرمەندو.. قاچەکانی بازرگانیی
پێکەوە کۆبوونەتەوە.
ئیمستێردام.. بەناو خۆیدا ئەمگەڕێنێ.
ئیمستێردام.. لەشی رووتی شۆخە ژنێکە هۆڵەندیو
لەناو گوڵدا راکشاوە.
ئەم کتێبە شەپۆلی ئاو پەرەیەتیو تەواو نابێ.
ئەم کتێبە کەس تێی ناگا.. لەیەك ساتدا
سەد زمان ئەینووسێتەوەو
سەد زمان ئەیخوێنێتەوەو
وەك زنجیری پایسکیل سواری سەر تەختانییشدا
بەگوڕ ئەڕواو لەناو چاوما ئەخولێتەوە.
بەیەکەوە: ئێرە بۆنی خۆشترین گوڵی ناو دنیاو
بۆنی تلیاك، بۆنی سێکسو رووت بوونەوەو
بۆنی لەژم[31] و بۆنی دادگاکەی لاهاییو
بۆنی مۆسیقای لێوەدێ.
کەپووم تەنها لەم شارەدا

---

[30] بڤکێ: ژنی خراپ.
[31] لەژم: زەلکاو.

بەشەوارەی بۆن ئەکەوێ.

دوو ساڵە باوەشی پڕ ماچو پەپوولەی
(سەمیرە)ی یەمەنی، کوکوختیی ئاوارەی هۆڵەندا
بۆ خولیای باڵگرتووم فەزایە.
دوو ساڵە، بارانی هاوینەی یەمەنیی، لێم ئەداو
پایتەختی ئەم لەشە بۆن خۆشەم (صەنعایە).
ئەم ماسیە باڵداره.. ئەم پشکۆ ئەسمەرە..
ئەم گۆشتە گڕدارەی بەحری سوور، ئەم کانییە ڕەشتاڵەو
ئەم (واحە) رووناکە
هەر جارێ باوەشێ بەملی کوێستانما بکاتو راماووسێ
ئەوساکە من قەترەی توانەوەم.. تنۆکی بەفراوم
لە بادیی[32] بەردەمو لە بنی فنجاندا.
غەریبیی لەم لەشە گەرمەدا برژاوە..
لەم خەتی ئیستیوای ناو قەدو گەرمێنی مەمکەدا
پەنجەی من سووتاوە.
سەمیرەی یەمەنی.. کتێبی شەپۆلی گەنم ڕەنگ
قەڵبەزەی شەهوەتو فەنەری ئارەزووی داگیرساو
لە ژووری بەلەمی دارینەی گوێ ئاودا..
ئەیبینم: لە پێشدا حەوزێکم بەتاڵو
لەناکاو پڕ ئەبم لەخەندە.

---

[32] بادیی: قاپ، دەفر.

له پێشدا سێبەری دارێکی تەریکم‌و
له پریش من ئەبم به ئاسۆی هەزاران باڵندە.
ئەچینه سەر کورسیی مەرمەڕی باخچەیەك
لای راستمان ئاهەنگی دوو بووکی بەرخۆری ژاڵەیەو
لای چەپمان.. دووچاوی زیتەڵەی مێبازی دار قۆخێ.
بەر لەوەی دانیشین
کورسیەکه بزەیەك ئەیگرێ بۆ کچه یەمەنی
بۆ خورمای خەستەویی.
لەسەررا (با)یەك دێ‌و ئەچێته قژیەوەو
لەوێوه سەر ئەدا لەدەمی‌و ئیتر (با)
دوای تۆزێ تینوێتی.
هەڵئەسین.. له گەڵای قسەمان هەندێکی وەریوەو
بۆ شەوی تەنیایی کورسیەکه جێی دێڵین.
درێژیی جادەکان، ملوانکەی زۆر کورتن
له ملی پەیڤینی دڵداردا..
هەر تەنها سەعاتی دڵداره
سەعاتی خەونێ بێ نەزانێ
دەقیقەو چرکەکان بژمێرێ.
ئەو تەنها تیشکێکه کات کونکاو
هەمان سات (عەتارد) بۆنبکاو
شەقامێ له مانگدا ببڕێت‌و
(مەریخ)یش له چاودا هەڵگرێ‌و

لێرەبێ و لەوێش بێ

ئەچینە ناو ماڵی ئاوەوە
کەشتیشەو ماڵیشە
دوو هۆدەو ڕاڕەوێ لە ئاودا، کرێچی ماسییەو
خاوەن ماڵ زەریایە. حەوشەی ئاو، هاوسێی ئاو،
کۆڵان ئاو، بناغە شەپۆلەو.. ئەم ماڵە ژنێکە
کەسك پۆش تانیوەی لە ئاوداو هەمیشەیش دانس ئەکا.
کە ئەدوێم پەیڤینم گوڵونکەی رستەی خۆی
لە ڕووبار وەرئەدا. پرژە پرژ، وشەکان دڵۆپی
ساردن و ئەکەونە سەر پێستی لەشێکی نیوە ڕووت،
نیوەداخ، وشەکان چزەیان لێوەدێ. پێش خۆمان
دوو پەرداخ یەکتری ماچ ئەکەن
زرنگەی شەوێکی شووشەیی سوورباویان لێوەدێ.
ئەم ماڵە کەشتییە، ئەم ژووری ماسییە، ئیستاکە بۆگوێچکەی
بڕراوی (ڤان کوخی) لێوەدێ. چۆن شەپۆل هەڵئەسێ
بۆ ئەوەی گڵۆپی بەندەری دەریاکان ببینێ، هەڵئەسم.
لەبەردەم دوو سێ ڕیز کتێبدا ئەوەستم. دوو سێ ڕیز لە سەدە.
دوو سێ ڕیز لە ڕۆحی فریشتەو ئەستێرەی گەڕیدە.
دوو سێ ڕیز لە جۆگەی خەیاڵی شپرزە. دەست ئەبەم
هەورێکیان دائەگرم، (لۆرکایە)، چەخماخەی هەورەکە
ڕێك ئەیدا لە چاوم، وەك باڵای (غرناطة) سوور ئەبم.
هەمدیسان دەست ئەبەم بۆ ڕەفە. قەڵایەك دائەگرم

قەڵایەك دیواری لە خشتی بێزاری‌و شوورەیەك لە بەردی
تەمێکی ئەستورو قوللەیشی لە شەوی تەنیایی. (کافکایە)و
ون بوونەو پرسیارەو مەراقی ئەبەدیی.
ئەچمەوە سەر کورسیی هۆنراوەم
بەرامبەر مەوالی ڕەش ئەسمەر
بەرامبەر وەنەوشەی یەمەنی
ـ بێ دەنگی؟! وادیارە لای من نیت؟!
راست ئەکات لای ئەو نیم. لەنێوان ئەو لەشەو گردێکی
سوتاوی وڵاتدا من بۆسۆی دەواری کۆچەریم. ڕاست
ئەکات لای ئەو نیم. لەنێوان درەختی هەڵووژەی ئەو لەشەو
سەعاتی وەریوی وڵاتدا من پەنجەی دوودڵییم. ئەپرسم
لە کوێوە هەتا کوێ، من دەزووی کلافەی ئەم خوێنەی
سەری خۆم هێناوە؟! لە کوێوە هەتا کوێ من ڕێچکەی شکستی‌و
من نمەی دەقیقەو سانییەی ڕژاوی قوربانییم. لە کوێوە
هەتا کوێ من بۆنی تاراوگەم لێوەدێ‌و هەناسەی تاریکییم.
ئەو شەوە لە خانووی سەرخۆشداو
بەرامبەر قۆخێکی گەییوی یەمەنیی
مەراقی ئاڵ بوومو چەند قاپی سەرمۆری خەیاڵم هەڵپچڕی.
ئەو شەوە من بۆنی قەسیدەی ئەسمەرو
من بۆنی هاژە هاژ.. من بۆنی زەریام گرت
هەتاکو بەیانیی.
پەراگەندەیە سەری من

جارێك جانتای بەجێماوە لە فڕگەداو
جارێکی دی هەڵمی سەر شووشەی واگۆنە لە ترێنداو
جارێکی تر بە دوای کەشتیی ناو زەریاوە
بووە بە بڵقێکی کەفاو.
پەرەوازەیە بۆنی من
من بۆنجاری سەدان مەرگی ڕەنگاو ڕەنگم
هەتا لەلای نیشتمانم:
جامانەکانی نیشتمان.. پشتێنەکانی نیشتمان،
بۆنی سترانی کوژراوی منیان لێدێ. دیوارەکانی نیشتمان
بۆنی برسێتیو تاریکیی منیان لێدێ. کە ڕایشمکرد،
دەمێك خابوور بۆنی لاشەی من ئەگرێتو دەمێك
بەفر بۆنی ڕەق بوونەوەی منی لێدێو
دەمێك هەناسەی ژەندرمە بۆنی خوێنی من ئەگرێتو
دەمێك کەشتیی بۆنی مەرگی تەڕو بڕمو
دەمێك ڕێو بانی قاچاخچی بۆنی تەرمی دەست بڕراوەو
دەمێکی تر.. بەندەرەکان بۆنی خەونی سەر ئاو کەوتووی منیان لێدێ.
لەم وەرزەیشدا.. بۆنی سنووقە فیشەکی ئەملاو ئەولاو
بۆنی کارگەی دۆشکام لێدێ.
من هەر بۆنی تۆڵەو بارووتو ئەشکەوتو
خێڵی چەقۆو تەورم لێدێ.
بۆنی جبەی عوسمان پاشاو
بۆنی کەوشی ئەحمەد پاشاو

بۆنی ئەمارەتمان لێدێ .

بۆنی درۆمان گرتووە. ئێمە بۆنی پیسی هەموو

ئەم چوار دەورەمان گرتووە

هەر تەنها بۆنی خۆشی خۆمانە لێمان نایە.

ئەوەی کە من بۆنی نەگرم.. ڕووناکییە.

ئەوەی کە من بۆنی نەگرم.. بەیانییە.

لەم قوتبەیشدا بۆ تەریکیی

بەراوردم مەکە لەگەڵ گەواڵە هەوری تەنیادا

زووبێ‌و درەنگ پەڵە هەور بە دەزۆکانی باراندا

لە ئاسۆوە دائەبەزێ بۆ سەر زەویی.

بەڵام من خۆم.. هەر خۆم بۆ خۆم.. ئاسمانێکم لە تەنیایی.

بۆ نامۆیی بەراوردم مەکە لەگەڵ

واکی[33] تەنیای سەر زەریادا

واك ئەفڕێت‌و زووبێ‌و درەنگ

یان واکی تری هاودەمی ئەگەنە لای بەمیوانی

یان ئەم ئەگاتە ئاوایی.

بەڵام من خۆم.. هەر خۆم بۆ خۆم.. لەن‌و[34] دوورگەم

زەریا دەستی چەند درێژکرد

تۆڕی شەپۆلی فڕێداو ئەوسایش نەگەیشتە نامۆییم.

بۆ مردنیش

---

[33] واك: ماسیگرە، نەورەس.

[34] لەن: دوورگەی زۆر بچووك لەناو ئاودا.

بەراوردم مەکە لەگەڵ شاخو داخی نیشتماندا
بەرد قەت نامرێ. خۆڵ قەت نامرێ. ئاو ناکوژرێو
ئەوەی کە ئەمرێ هەر منم..
ئەو شەقامانە ئەمێنن. بەیانی گەنجتر ئەبنەوەو
جوانترین قات لەبەر ئەکەن.
ئەو ڕووبارانە ئەمێنن.. سبەی کەڵەگەتتر ئەبن
خۆشترین بۆن ئەدەن لە قژ.
شاخو داخیش هەر ئەمێنن.. بەیانیی جوانتر ئەبنەوەو
شەدەی ڕەنگینتر ئەبەستن..
بەڵام ئەفسووس.. ئەم پەپوولەی چاوانەی من پیا ڕاناگەن:
بەو شەقامانەدا پیاسە لەگەڵ ئەستێرەدا بکەن.
لەو ڕووبارانەدا مەلە لەگەڵ چراو شیعرا بکەن.
بە نێو ئەو شاخو داخەیشدا، لەگەڵ هەتاو، بەیەکەوە
بەختیاریو گوڵە گەنم ببەخشنەوە..
بەداخەوە من ئەو کاتە لەوێ نابم بۆنیان بکەم!

مەنفا ئەڵێ
تاراوگە زوو زوو پێم ئەڵێ
لە شەوانی ئەم قوتبەدا
تۆ ئەوەندە ئەم دارسێوە بێ ئۆقرەیەی
جەستەی خۆتت ڕاژەنیوە..
کۆست ئەمەندەی تەکاندووە

لقو پەلت ڕووت بوونەوە
سێوێکت پێوە نەماوە گەر چوویتەوە
لەگەڵ خۆتدا بیبەیتەوە
بۆ منداڵێکی (حاجی حان)
لە وێستگەکانی.. وەزەندا.. لە شەختەدا
تۆ ئەوەندە.. گریانی خۆتت.. داگیرسان..
مورویەکی تروسکاییت پێ نەماوە
گەر چوویتەوە لەگەڵ خۆتدا
بیبەیتەوە بۆ چاوانی کارمامزێکی کانێسکان.
تۆ کە هاتی ئاوێنەبەندی وشە بووی
قەشقۆڵی وەختی نەورۆز بووی
لە ڕەنگدا ئەبریسکایتەوە
بەڵام لێرە هەموو ڕۆژێ پارچەیەکت
لە باڵای خۆت ئەکردەوەو
ئەتدایە دەست کۆچێکی نوێو
تۆ ئێستاکە باڵایەکی لە بەفری ڕەش
لەتێ ئاوێنەت نەماوە
گەر چوویتەوە لەگەڵ خۆتدا
بیبەیتەوە بۆ کیژێکی لای گەرمییان.
تۆ کە هاتی کۆگایەکی گەڕیدە بووی
سەر ڕەفەی شانو سەرسنگت
پڕبوون لە شووشەی بۆنی خۆش

بەڵام لێرە هەموو ڕۆژێ
(با)یەك ئەهاتو ئەیبردو
دەنگێك ئەهاتو ئەیبردو
تۆ ئێستاکە کۆگایەکی چۆڵو هۆڵیو
تاقە یەك شووشەی بچکۆلەت پێ نەماوە
گەر چوویتەوە لەگەڵ خۆتدا بیبەیتەوەو
بیدەی لە قژی پەری خان!

ئەی لیمۆکەی ئاوارەیی!
ئەوەندە خۆت مەترنجێنە
نێوانی قوتبو خەمەوە
نەبادا هەر توێکڵەکەتو
هەندێ ناوکی گریاناویت
بۆ نیشتمان.. ببەنەوە!
ئەی باڵندەکەی ئاسمانی ئەم زمانە
ئەوەندە لە ناو کرێوەو باکوزیرکدا[35] مەمێنەوە
نەبادا هەر دوو سێ پارچە
لە سەهۆڵی گۆرانیتو
یان هەر پڕ بە مشتێ تەرزە
لە وچوچ[36]و باڵەفڕێت

[35] باکوزیرك: باوبۆران.
[36] وچوچ: جریوەو جووکەی مەل.

بۆ نیشتمان ببەنەوە.
ئەی گڵی وشەو گڵمتکی شاخی شیعر
ئەوەندە خۆت مەدە بەدەم
بای غەوارەو نەناسراوی ناو مەنفاوە
نەبادا ژان
لەم دەسکەوانی قوتبەدا
ورد وردت کاو..
لە دواییدا بەتەنها هەر توورەکەیەك
وردە خۆڵت
بۆ نیشتمان ببەنەوە!

زەمانێکە.. من لاتان نیم
زەمانێکە.. چریکەی دەنگم سیس بووە.
ئاخر چیبکەم، زۆر دەمێکە تەماشاتان ئاوم نادات.
زەمانێکە گوڵی بیستنم بێ بۆنە
ئاخر چیبکەم.. پەنگ خواردنەوەی ڕەنگی ڕەشتان
هەموو ڕەنگێکی هەڵمژیم..
تەنانەت بۆنی ناسۆرتان
دەستاو دەستی هەزار بای لاوباڵیو هەزار
هەوری بێ دەربەستی دنیا ئەکاو
ئینجا ئەگاتە ماڵەکەم.. ئیتر چیبکەم؟!
من زۆر دوورم.. کامەرانیی.. چەند دوورە دوور

له ئێوەوە هێندە دوورم.
من زۆر دوورم.. ئاشتیی.. چەند دوورە دوور
له ئێوەوە.. هێندە دوورم.
بۆیە وەختێ من دائەکەم
ئێوە خۆشتان کردۆتەوە
که منیش خۆش ئەکەمەوە
هەمووتان دائەکەنەوە..
زەمانێکه من ناو کوولەکەی ڕۆحی خۆم جێهێشتووە.
ئاخر بۆیە بۆنی خۆشی پەلکی قسەو
بلازیزی[37] ڕازەکانتان لەمن نایە.
زەمانێك بوو.. بەژنو بالآی دەنگەکانو ڕەنگەکانو
بۆنەکانم نەبینیبوو.. شێوەیانم بیرچووبۆوە.
زەمانێکە.. کە من ڕۆیشتم
گەڕەکەکەمان زامێکی زۆر بچووك بوو
کەچی دوێنێ کە دیمەوە گەورە بوو بوو گەورە بوو بوو
بوو بوو بە شار
من وەختابوو نەیناسمەوە.

ئۆه ! گولآوم !
من ڕۆیشتمو چاوانی خۆم بۆ جێهێشتی
من پێم وتی: ئەم شەوانە شەوی عەقڵی تارو مارن

---

[37] بلازیز: ناوی گوڵێکی زۆر بۆنخۆشە.

با دوو چرای زیادت لابن.
من ڕۆیشتمو هەردوو گوێچکەی بیستنی خۆم لاجێهێشتی
ئەم شەوانە شەوی دزی مانگو خوێنن
با دوو گاردی زیادت لابن .
من ڕۆیشتمو زاری خۆمم لاجێهێشتی
ئەم شەوانە، وەك پێم وتی: شەوی زەهر دەرخوارد دانن
با زارێکی زیادت لابێ.
من ڕۆیشتمو لە دواییدا (بۆبێژان)[38] و ڕۆحی عەتری
هەرچی شیعری قوربانیمە بۆم جێهێشتی..
وەك پێم وتی: ئەم شەوانە شەوی گەڕانەوەی بۆنی
لاکەکانی خیانەتەو با لەخۆتم بپرژێنی !.
من بە بێ بۆی بەژنی ئێوە..
دار چامەیەکی ڕنراوم..
من بە بێ بۆی دەنگی ئێوە
باڵەبانێکی شکاوم!
یادی بۆنی شینم کردن
لەناو خەوما گوڵەمێلاقەیەك ڕووا.
یادی بۆنی  سوورم کردن.
ڕاپەڕینی زام بەرپا بوو لەناو خەوما
بیری بۆنی کەسکم کردن
دار سنەوبەر کەوتە فڕین لەناو سەرما

---

[38] بۆبێژان: ناوی گیایەکی بۆنخۆشە.

یادی بۆنی زەردم کردن
نیشتمانە ڕەنگ زەردەکەم هاتە ئێرە لەناو خەوما!

ئاخ نیشتمان! ئەی ئەو بەرانە کێوییەی هەزار ساڵە
لە دەراڵی مێژوویەکی عاسیدا تۆ ئەباڕێنیو جگە لە
ئابلۆوقەی ڕمی دنیا بەردی خۆت تەقەت لێ ئەکاو
درەختی خۆت ڕاوت ئەنێو قۆچەکانی خۆت ڕاوچیتن.
ئاخ نیشتمان! ئەی بێوەژنە بەدبەختە چاو سەوزەکەی
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. شووت بە هەموو وەرزەکان کرد.
شووت بە هەموو رەنگەکان کرد.
شووت بە هەموو دەنگەکان کرد.
شووت بە هەموو بۆنەکان کرد
بەڵام هەموو دەستیان بڕییت، بەڵام هەموو دەریانکردیت.
ئاخ نیشتمان ! ئەوەی ئیستە بۆی تۆی لێ بێو لە لای من بێ،
هەر خەونێکی کراس ڕەشەو هەر شیعرێکی هەنیە تەڕەو..
هەموو جارێ بە پایزێکی پۆستەچیی ڕەقەڵەدا بۆم ئەنێریت.
ئای نیشتمان! ئای نیشتمانی بەجێماو لەسەر خابوور..
ئای نیشتمانی قوڕاوییو سەر خوێناویی، ئێمەی سەرو مل
لێکەوتووی سەر جادەکانی ئەورووپا، ئێمەی لە پوولی بەرید
چووی بەکارهاتوو، ئیدی لە قوتوی قوپاو چووی کۆکا
کۆلای فڕێدراو لە هەندەران، هەر هەمووومان ئەو ڕۆژەمان
باش لەبیرە، چۆن بە پەلە لە ماڵەوە، تۆی ئازیزمان

تۆی سوراحیی کریستاڵی ڕۆحو چاومان، لە پەڕۆی پێڵاو سڕینو
جلی ژێرەوەمان ئاڵان، هەتا نەشکێی، تا بەساغیی
لەسەر خابوور بتدەینە دەست قاچاخچیەکان. ئای نیشتمان !

ئای نیشتمانی خەڵەتاو بە فرمێسکی هەندێ شیعرو بە سوێندە
هەڵمی مانشێتی ڕۆژنامەکان. ئەی نیشتمانی سیسەڵە.
تۆیش لەبیرتە، وەختێ لەوێ، لەجانتادا دەرمانهێنایت،
لە دوای ئەوەی خۆتت تەکان، لەگەڵ هەورا باوەشت کرد،
بەملماندا تۆزێ بەسەرماندا گریای ! بەڵام ئاخر ئەی نیشتمانی
خۆش باوەڕ! لەو ساتەداو لە گیرفانی بەرباخەڵدا ئێمە چەندین
وڵاتی خرپن خرپنو جوانکیلەمان هەڵگرتبوو، بۆیە سەیریشمان
نەکردیو دیسانەوە هەر بە پەلە لەگەڵ ڤیزە ئاڵوگۆڕێکمان
پێکردیو ئەوسا ئیتر ئەی نیشتمانی سیسەڵە وەك نوکتەیەکی
نەوتاویو چون مەیمونێکی قوڕاوی بۆ پێکەنینی ئەتاتورك لەسەر
خابوور جێمانهێشتی.

**﴿ دوا گۆرانیو سروودی ناو ئەم بۆننامەیە، بریتییە
لە کورتە ژیننامەی وشەیەکی خەڵکی مەملەکەتەکەی مەمو زین.
لە پێشدا لەژێر سایەی بۆنکردنی ئەتاتورکداو لە دواییدا.. لەلوتکەوە
باڵگرتنو لەچریکەدانو هەڵفڕین ﴾**

ئەتاتورك گوێی هەڵخستووە
گوێی ئەتاتورك سەدان سەدان کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.

ئەو بۆن ئەکات. بۆنی ماڵو بۆنی جلو بۆنی پەیڤو
بۆنی خەونو بۆنی هەوا. کەپووی هێندەی چیای تۆرۆس
زلو پانە. وشەی چیا هەرزەکارێکی بێکارە . هەموو
ڕۆژێ دەمامکێ هەڵئەبەستێو جلەکانی خۆی ئەگۆڕێو
لە ماڵەوە دێتە دەرێ. لەسەر کورسیی چایخانەیەك دائەنیشێ.
وشەی وەڕس، هیچ ناڵێتو بە تەنها ورد ئەبێتەوە.
لە قەفەز ورد ئەبێتەوە، لە ئاسمان ورد ئەبێتەوە. وشەی
دەس بەسەرو بێ دەنگ، هەر بە کڕیی چای بەردەمی تێك
ئەداتو ئەیخواتەوە. لە ڕۆژێکدا دوو پاکەت خەمی بێ فلتەر
ئەکێشێتو نادوێو هەر پەنگ ئەخواتەوە. ئەتاتورك گوێی
ڕاگرتووە، کەپووی ناوە بە دڵیەوە . هەموو ڕۆژێکیش
باوکی تورك، بەدەستی خۆی، حەرفێکی بزوێن ئەگرێتو داخی
ئەکاو هەموو ڕۆژێ لە پرچەوە گۆرانییەك هەڵئەواسێ. وشەی
چیا نادوێو هەر پەنگ ئەخواتەوە. ئێوارەیەك وشە ئەچێتەوە
ماڵێ. لەبەر ئاوێنەیەکدا ئەوەستێ: سەرنج ئەداو دائەچڵەکێ.
سەری بووە، بە قەفەزێ. لە دە پەنجە پێنجی ماوەو دائەچڵەکێ
چاوێکی بووە بە شووشە . یەك قاچیشی بە تەنەکە. ڕائەچڵەکێ..
دەمامك فڕێ ئەداتو جلی لاوکێك ئەپۆشێ. لە ئاگرەکەی
جەستەی (زەکیە) پشتێنێکی پان دائەدڕێو توند ئەیبەستێ. چەند
مشتێکیش لە گەنمو جۆی قسەکانی، (بەشکچی) ئەکا بە تێشوو
ئەچێتەوە بەر ئاوێنە. ئەمجارەیان خۆی ئەبینێ، ساغ بۆتەوە.
لە خۆشیاندا پێ ئەکەنێ. لە ماڵەوە دێتە دەرێ. ئەمجارەیان روو ناکاتە

چایخانەکەو ڕێ ئەگۆڕێ. دەشتی دووکەڵ.. گردی پەنگر..
کێوی مردن، هەمووی ئەبڕێو تا ئەگاتە کانیو ئاوێ. لەوێ
خەونی خۆی ئەبینێ بووە بە ئەسپێکی سوورو سواری ئەبێ، وشەی
باڵدار تەنها لەوێ بۆنی سبەینێ ئەکاتو گەر بشمرێ لەسەر
کورسیی ئەستێرەیەك گیان ئەداتو لە جۆلانەی ئاگرێکدا چاو لێك ئەنێ
ئای نیشتمان.. ئای نیشتمانی بەجێماو لەسەر خابوور.

ئێمە بۆی دەرچووین.. بۆی دەرچووین
ئێمە  هەڵاتین.. هەڵاتین..

نیشتمان ئەسپێ تێی دابوو.. نیشتمان توێکڵە مۆزێکی سلۆپی
بوو. بۆیە وەختێ کەوتینە ڕێ، هەر لەولای تەرمیناڵەوە
لە پەنجەرەی  پاسەکەوە فڕێمان دا. ئەو دایکێکی تەنەکە بوو،
دامانە بەر نووکە شەقو تا ئەنقەرە تێمان هەڵدا.
وەتەن ریخۆڵە کوێرە بوو لە ئەستەمبووڵ بڕیمانو
بۆ دڕە ماسیی ناو (ئیجە) تووڕمان هەڵدا. نیشتمان
میوەی گلار بوو. نیشتمان بۆنی کردبوو. نیشتمان چێشتی
ترشاو بوو لووتمان گرتو لە قەراغی کەشتییەوە
ڕشتمانە ناو بسفۆڕەوەو ئەویش ڕایدا.

ئێمە تیسکەی تەیارە بووین..
ئێمە بۆی دەرچووین.. بۆی دەرچووین !.
ئێمە تیسکەی.. ڤیزەو ترس بووین..

ئێمه هەڵاتین.. هەڵاتین!

ئەی نیشتمانی سیسەڵە ! جێمان هێشتی !

- هەلاو.. هەلاو.. هەلاو..

- تۆ نیشتمانی سیسەڵەی؟! توخوا خۆتی؟!

ئەرێ ماوی؟!!

ئێمه بۆی دەرچووین.. بۆی دەرچووین

ئێمه هەڵاتین.. هەڵاتین..

هەڵاتین!

ستۆکهۆڵم

تێنستا

1998/5/19 – 1997/10/17

# چراكانی سەر هەڵەمووت

پەخشان

1999

# وتەیەك

لەسـەرەتای دەسـتدانە قەڵـەم و لەیەکـەم چاوپـشکوتنی بـەهرەوە، لـە شـیعرەکانی "تریفـەی هەڵبەسـت "ەوە تـا ئـەمڕۆ، نـاوی "قوربانیـەکانی" ئـازادیی و خـوێنی دەم بەهاواریان و ئینجا سیحری "شوێن" و جوانیی "سروشت "و چریکەی سروودە میللی و نەتەوەییەکانمان و سومبولەکانی خاك و مێژوو، داستانەکانی خۆبەخت کردن، مـەرگی یـاران و ئـازیزان و زنجـیرە دیرۆکـی تراژیـدیای خوێنـاویی گـەلی کـوردو هـەروەها مرۆڤایـەتیو دنیـاش: لەشـیعرو پەخـشانی منـدا لەنیـشانە هـەرە دیارەکـانی ئـەوین و پـەیامی ئـەدەبیی پەیوەنـداریی نەپـساوەی گیـانی مـن بـوون بەچارەنووسـی ملیۆنـان مرۆڤـی ئـەم وڵاتـەو بـە هـەموو بـەها جوانـەکانی جیهانیـشەوە. هـەر لـە سـەرەتای گیرۆدەبوونی عەشقی ئەم زمانەوە، تا هەنووکە، شیعر لای من شێوازو ئامانجیش بووە. ئەوەنـدەی مـن لـەو خەمـە گەورانـەی دەرەوەی خـۆم ئـاڵاوم، قـەت ئەوەنـدە، لـە خەمـە تایبەتەکانی خودی خۆم نەئاڵاوم. پـێ ئەچـێ خۆشەویـستی خـاك و مرۆڤایـەتی منیـان کردبێ بەشاعیر. چونکە بڕوام وایە، ئـەدەب و هونـەری بـێ خـەڵك و بـێ خۆشەویـستی خەڵك تەنانەت ئەگەر جوانیش بن، لەگوڵدانی خاڵیی و خانووی چۆڵ ئەچن!.خولیـای هەمیشەی من ئەوە بوو ئەدەبێ بنووسم لە دڵەوە بـۆ دڵ بێـت و بتـوانم گوزارشـت لـەو خولیاو مەراق و خەیاڵانە بکەم کە لەدڵی خەڵکیدان و ئەوان ناتوانن دەریببڕن و من لە خوڵقاندنەوەیـەکی دیکـەدا، بیانخەمـە پـێش چـاو. نوێخـوازیش بـەلای منـەوە نـەزمان قفڵکردنەو نەوالاکردنی تەواوی هەموو دەرگاکانیشە.ئەزموونی دوورودرێژی خۆم ئەوەی فێرکردووم، ئەگەر لە رۆحی زمانەکەی خۆمدا نەژیم هەرگیز لە رۆحی هـیچ زمـانێکی دیکەی دنیادا ناژیم. جیهانبینی لێرەوە دەست پێئـەکات. نـە فانتازیـای رووت ئەدەبـەو نــە نــاوەڕۆکی بــێ فانتازییــایش ئەفراندنــە. ناوەنــدێك هەیــە، کــە بــەردەوام ئــەو

"نەهێنییـە" خـۆی تێـدا حەشـارداوەو "سـادەییش" هـەوێنێتی، دیـارە ئـەو سـادەییەم مەبەستە کە لە خودی "حەقیقەت" خۆیو لە خودی جوانیی خۆیدا هەیـە. ئەمـە جگـە لــەوەی بەشــێکی لەبەرچــاوی ئەفرانــدنیش، بریتییــە: لەچــنینی ســنعەتکارانە، هــەر لەبەرئەوەیشە قەڵەمی زاڵ و بەهرەی توانادار ئەتوانێ بڕیـار بـداو بنووسـێ و بخـوڵقێنێ. بەتایبـەتی ئەوکاتـەی ئەدیب،چـاوگی عەشـقێك، هـەر عەشـقێك کوانـووی گیـان و هـزرو هەست و نەستی بێ. ڕەنگە ئەدەبی "بۆنە" کانیش بچنە ئەم خانەیەوە. مـن بـۆ خۆیـشم پێم وانییە. وەك هەندێ ڕەخنەگر ئەڵێن هەر دەقێـك "بۆنـە" دروسـتی بکـات،ئیتر ئـەوە ئەبێ لە دەقە مردوەکان بێـت. هەڵبـەتە مـن مەبەسـتم بۆنەیەکـە کـەپاکی و بـەهاداری و هەڵوێستی ئینسانیانە خاسیەتە جوانـەکانیان بـن. لـە ئـەدەبی ئێمـەدا، بـۆ نموونـە، شـیعرە هـەرە جوانـەکانی "مەولـەوی" "بۆنـە" تایبـەتی و پیرۆزەکـان دروسـتیان کـردوون. ئـەوەی بـەلای منیـشەوە لەپلـەی یەکەمـدا دێـت، چۆنیەتی دەربـڕین و مـەزنیی ئـەو زمانەیـە کـە ئەبێتە باڵا ئاوێنەی بابەتەکە. ئەدەب بەوردەکارییەوە ئەدەبە. وەك چۆن وشـەی ناشیعری نییە، بابەتی ناشیعریش نییە. نووسین بەرپرسییەو گەمەی سەرە ڕۆیانە نییـە، ئەفرانـدن ئاوێتە بوونێکە لـەنێوان جـوانیی و راسـتیی و هەڵوێـستدا، فڕینـی زمانـە لـە بەرزاییـەکانی مانادا.ئەم کتێبەی لەبەر دەستاندایە، هەڵبژاردەیبەشێکە لە پەخشانەکانم بەتایبەتی لە دە ساڵی دواییدا، کە هەندێ جاریش، ناوی "وتەی ئەدەبیی " یان "پەیڤی شیعریش"م لێنـاون و لە سەردەمی جیاجیادا نوسیومن و بەشێکیان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانـدا بڵاوبوونەتـەوە و بەشـێکی تریـشیان بـۆ یەکـەم جـارە ئەکەونـە پـێش چـاو و دوای کۆکردنــەوەیان چـەند پارچـەیەکیان نـەبێت کـە لـەم لاو لـەولا"کـەمێ دەسـتکاریم کردونەتـەوە "وەکـی تـر وەك خۆیان چۆن بوون هەر بەو شێوەیە ماونەتەوە. ئەوەی لە کۆتـایی ئـەم وتەیەشـدا، شـایەنی ئاماژە بۆکردن بێت، ئەوەیە: گەلێجار تخووبەکانی نێوان "شیعر" و "پەخشان"هـەر تـەواو کـاڵ ئەبنـەوە بـەگران لـە یـەکتر جـوێ ئەکرێنـەوە. ڕەنگـە "پەخـشان" بەبـەراورد لەگـەڵ "شیعر" دا، بەدەنگێکی بەرزترو هەنـدێجاریش راسـتەوخۆتر بـدوێ. زمـانی"مـەجاز"یـشی تەنکترە و مەنتیقی عەقڵیی زاڵترە و دەرگاکـانی خـۆی زیـاتر ئەکاتـەوە. بیرمـە جارێـك لـە دیدارێکدا وتم: شیعر شاخ و داخی زمانەو بەڵام پەخشان پێدەشتێتی!.

" چراكانی سەر هەڵەمووت "..كۆمەڵە ئەزموون و ئەوینێكی تری ژیانی ئەدەبیی منە. ئەو پەخشانانەن كە لە هەناسەكانی شیعر خۆی موتوربە كراون. هەڵوێستی بەرجەستەن و گوڵدانی وەفان بۆ ئەو هاوڕێو مامۆستاو پێشمەرگەو خۆشەویستانەی بەجێیانهێشتین و بەلاّم دوای خۆیان مانایەكیان دا بەژیان و خەبات و داهێنان و منیشیان لە ئەوینی خۆیاندا نوقمكرد.

"چراكانی سەر هەڵەمووت "، سومبولە داگیرساوەكانن.ئەشێ ئەم چرایانە هەموو چونیەك شەوقیان خۆش نەبێ. ئەشێ چونیەك لەیەك ئاستی رەوانبێژی زمان و ئاستی هونەریدا نەبن و بەلاّم هەر هەموویان هەڵقوڵیوی دەروون و بیری خۆمن، هەڵوێستن لە وشەداو بەسەركردنەوەی بەها جوانەكانی ژیانن. زمانی ئەوینی ئەدەبیی منن لەو ساتەوەختانەدا كە "نیشتمان " داوای نوسینیانی لێكردووم!. من هاوڕێی رۆژگارەكانی ئەم خاكە بووم. هاوڕێی ئازارو ئاواتیان كە ئازارو ئاواتی خودی خۆیشم بوون. "چراكانی سەرهەڵەمووت "..بەردەوام بریسكەیان دێ و لە بیرەوەریمدا بەزیندوویی ئەمێننەوە.

ش.ب

سلێمانی:1999/5/11

## عەبدوڵلا جەوهەر

# قەڵەمێکی ڕەنگین و گۆمێکی مەنگ

1982

کەهاتین بۆلات دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ بوو، تۆش لەئێوارەی ژیانـدا بـووی. دوا زەردەپەڕی خۆرنشینێکی کاڵی خەماوی لەشووشەی پەنجەرەکەوە بەکزی خۆی ئەکرد بەم دیـودا و بەهێواشـی ئەچووە سـەرکلووی قـژە سـپیەکەت. بـەفری بەرمانگـە شـەوی هاوینـانی بـێ سـرپەو چـرپەی ملـە بـەرزەکانی ئـەم ولاتـەیان هێنایـەوە پـێش چـاوی خەیاڵم. تەمی سەروخوار گرتووی ئاسۆی پـێش ئـەنگۆرە، پـێش ئـاوا بـوونی یـەکجاری، چۆن لە دامێنی تەڕی چەمەکانەوە دەواری خۆڵەمێشی خۆی هەڵئەداو بەرەو لاپاڵـەکان هەڵئەکـشێت، تـەمێکی ئـاوا، لەچـەناگە پـچووکەکەت و دەم و چـاوە ووردو ئێـسك سووکەکەت نیشتبوو.کەئێمەت دی زەردەخەنەیەکی هەڵوەریو.. وەك زەردەخەنـەی تـاڵ و بەناسـۆری درەختێکـی ڕووتـی پـایزەی نێـو خـەزان، وەك بـزەی گۆپکەیـەکی داڕنـراو، کەوتـە سـەر بـەیبوونی وشـکی لێوەکانـت. بۆسـاتەوەختێ هەرئەوەنـدەی چـاو تروکـانێ کەمتر لە وەختی بەیەکدا دانی باڵی نەرمی پەپوولەیەك، کەمتریش لە پلی لێدانی دڵـی چـۆلەکەیەك گەشـایتەوەو ئـیتر لـە پڕێکـدا چـۆن فویـەك لـەگڕی کـز کـراوی چـرایە ئەکرێت، ئاوەهاش زەردەخەنەکەت کوژایەوە!.

لەسەر پشت ڕاکشابوویت ژوورەکەت بۆنی مردنی لێ ئەهات، ئەو چاوە پچووکانەی کـە تـا دوێنـێ بـوو لـە ژێـر دوو بـرۆی تەنکـەوە وەك دوو ئـاگردان پریـشکی زرنگـی و هۆشیاریان لێ ئەبۆوە وا ئێستا پشکۆی گلێنەیان دامردۆتەوە. دوو ئاوێنەی تەم گرتـووی شەوق لێ بڕاون و دوو گوڵە حاجیلەی سیس.

لەسەر پشت ڕاکشابوویت لەلقەدارێکی زامداری دوای بڕینەوە ئەچوویت. نیگای لێڵ و پێڵت لەشوێنێکی نادیارەو چەقیان لەوێدا بەستووە.لەمەرگ ورد ئەبوویتەوە. خۆت دابوو بەدەم دوا شەپۆلی سەرەو نگووم بونێکەوە کەدۆزینەوەی لەدوا نەبێ ئەتزانی لەئان و ساتدایە گێژەنی مەرگ بەرەو بن ڕاپێچت بکات. ئەتزانی وردە وردە لێت نزیك ئەبێتەوە و لەدوایشدا ئەتگرێتە باوەشی ئەبەدی خۆی!.

لەسەر پشت ڕاکشابوویت، هاوارێکی بێ دەنگ بوویت، ئەوەتا دەمی گوێزانی ئازارێکی تیژ ناوسکت ئەنجن ئەنجن ئەکات. برینەکان شەقارن و وردە شووشە یان تێکراوە. بەلاّم بێدەنگ ئەمردی. لەمردن نەئەپاڕایتەوە، زۆرت لە زامەکانت ئەکرد و دەمیانت ئەبەست. بۆئەوەی نەزریکێنن و ورە بەرنەدەن. لەو سەرە مەرگەشدا هەر بێ دەنگی و هێمنی و ئارامیت خۆش ئەویست. ئازاری بە سوێی جەرگبڕت لە ژێر لێو کرۆشتنێکی قایمدا دابین ئەکرد، مردنی شێنەییت هەڵ ئەبژارد، تۆ بە درێژایی تەمەن هەر شەماڵێکی شێنەیی بوویت، هەر گۆمێکی قووڵ و مەنگ و ڕەگێکی جیڕ بوویت. تۆ گوڵە هێرۆیەکی سەرلق سپی بوویت و بەرز ئەتروانی، لە درەختێکی تەنیایی سەرپەڕگرتووی تەریك ئەچوویت، سێبەرێکی کڕت هەبوو، بەلاّم هەموو کەس نەئەگەیشتە لات. لە نەهێنی چڕوپڕت نەئەگەیشتن لە دەورو بەری پڕ لە ڕیاو ڕیاکاری مانێکی تایبەتیت گرتبوو.دڵت ئاسکێکی سرك بوو نەئەگیرا، سروشتی تایبەتیت ئەسپێکی کێوی بوو ڕاو نەئەکرا. تۆ نوێژێکی تایبەتیت بۆ خۆشەویستی کوردستان ئەکردو لە نوێژی جگەرسۆزانی تر نەئەچوو. ئاوێنەی خۆت هەبوو لەئاوێنەی هیچ کەسێکدا تەماشای خۆت نەئەکرد.گیانت پەپولەیەکی باڵ نەخشین بوو، هەموو ڕۆژێ بە سێبەرو هەتاوی ئەم شارەدا بە هێوری ئەفڕی و بە هێوریش ئەنیشتەوە. تەمەنی تۆ هەمووی " ئەسپایی" بوو وەك هەموو ئەسپاییە جوانەکانی ناو سروشت. دەم و دووت، هاتو چۆت، گوێگرتنت، خوێندنەوەت، نووسینت،تەنانەت هاواری بێزاریشت هەر ئەسپایی بوو. تۆ لەم سەردەمە ئاڵۆزەدا گیانی فریشتەییت لەئامێز گرتبوو.

لەسەر پشت ڕاکشابوویت نە هاوسەرێك هەبوو سەر بنێ بەبەفری قژتەوە نە جگەرگۆشەیەك سەری باوکێتی بنێ بە دڵیەوە. تۆو تەنیایی هاوڕێی گیانی بەگیانی

بوون، هەمیشە قۆڵتان لەقۆڵی یەکدا بوو، ئەوت بەهاوسەر هەڵبژاردبوو لەماڵێکی چۆڵ و کپو خامۆشدا کە لە جریوەو جووکەی چۆلەکەو وژەی لەرینەوەی لق و پۆپی درەختەکان بەولاوە دەنگێکی تری لێوە نەئەهات لەوێدا تۆ و تەنیایی، تۆو خەمی جگەرگۆشەکەت، پێکەوە ئەژیان تاكو تەرابوون، دەمت تێ ئەکردن.

لەسەرپشت ڕاکشابوویت بەدەم گێنگڵەوە ئەلبوومی یادگارت هەڵئەدایەوە. دەستی ڕاستت خستبوە سەر پۆپەشمینەکە، پەنجە باریك و لاوازەکانت لە پەلکەگیای وەرزی باران بڕان ئەچوون، ئەوەتا ئێستە زەردبوون و لە بریق و باق کەوتوون. پەنجەکانت ئەو پەنجانەی ڕۆژانێ بوو قەڵەمێکی ڕەنگینیان ئەگرت و ملوانکەی بەهرەیان ئەکردە مل. ڕۆژانێ بوو ئەو پەنجانە پەلکە ڕەنگینەی "پەخشان" یان لە پێشوازی "گەلاوێژ"دا ئەکرد بە تاقی سەلیقەو، بەچڵ چرای بیر ئەیانڕازانەوە، لەئاسمانی ئەودا ئەدرەوشانەوە. جریوەیان ئەهات و خەوی ڕەنگاوڕەنگی خۆشیان ئەبینی و گولاو پرژێنی پرچەکانی ئەویان ئەکرد، ڕۆژانێ بوو ئەو پەنجانە ئاوێزانی ئەم زمانە کوردییە شیرینە بوون. کانیاوی بەهرە ئەبوو بەجۆگەی ڕوون وڕەوانی بەرهەتاوی زنوێران و ئەڕژایە روباری ئەدەبیاتی سەردەمی تازەمانەوە.

قەڵەمەکەت لە قەڵەمە پێشڕەوەکانە، ئەو قەڵەمانەی لە ڕۆژگارە تاریکەکاندا چراوگ بوون، دڕیان بە دیواری شەوی ئەمووستەچاو ئەدا. گوڵ بارانی ئەدەبی نوێ بوو، گوڵەکانی تۆش لە گوڵە دەگمەنەکان بوون. راکشاویت و نیگای خەیاڵ پێڵوی تەڕیان ئەکەن بەباڵ. لەسەردەمی لاوێتیشدا تۆ هەر کەنارت گرتبوو - کۆترە باریکەکەی دەنگ خۆشی تەریو بوویت -. لەجۆشی تەمەندا، لەهەڕەتی قوڵپدانی خوێنی بەهرەو نووسیندا بەپێچەوانەی ئاوەڵەکانتەوە حەزت نەئەکرد بەهرەکەت بکەیتە ئالاو لەبەرچاوان بشەکێتەوە، لەو قۆناغەشدا رقت لە لاپرەسەنگی و خۆدەرخستن ئەبۆوە.

نازناوی "ع. چالاك" ت بۆ خۆت کرد بەنیشانە، گەلاوێژت کرد بەجێ نزرگە. لەم ساڵانەی دوایشدا کە کوڕ و کاڵانی ئەدیب و ئەدەب دۆست ئەهاتنە لاتەوەو لەبەرهەمی ئەو سەردەمەت ئەدوان. تۆ خۆت نەئەکرد بە خاوەنیان، بەهێورییەکەی خۆت

دەستێکت رائەوەشان و ئەتوت " هی مـن نـین، کـوا مـن ئـەدیبم؟".تۆزقـاڵێ گیـانی خۆویستی و چاوچنۆکی و خۆبـەزل زانـین لـەتۆدا نـەبوو. لەکاتێکدا ئەگەر بتویستایە قەڵەمەکەت بەئاشکرا تاو بدەیت چەپکە گوڵەکانت بێنیتە ناو کۆڕەوەو ریزیان بکەیت. دڵنیام ئەوسا قەڵەمەکەت پێش زۆر قەڵەم ئەکەوت،گوڵەکانیش بازاڕی ڕەونەقی زۆریان ئەشکان چ گیـانێکی سـادەو بـەفرینی پاکـت هـەبوو. زۆربـەی هاوڕێکـانی ئـەم سـاڵانەی دواییت رەش و رووت و بێکارو خەڵکە سادەو ساکارەکانی شارەکەم بوون. ئەوانت زۆرتر ئەدوان، ئەوانت لە خوێندەوارە درۆزنەکان خۆشتر ئەویست.

لەسەر پشت راکشابوویت، منـداڵیی خـۆت ئەلاوانـدەوە: ئـەی دارسـتان و قـۆپی و کـاوان و لێـرەواڕو کانیاوەکـانی "قـەرەداغ" بـەهرەی چـاوی تۆیـان نەڕشـت؟ ئـەی ئـەو بـیرەوەری و سەرگورشتەو بەیت و گۆرانیە میللییانەی — قەرەداغ-ت نەکردووە بەکۆمـەڵێ تـابلۆی رەنگـین و هەڵت نەگرتوون؟ ئەی لاوانەوە بەسۆزەکەی ـ دایەگیان ـ هەر بۆن و بەرامەی " باخـان" ی قەرەداغ و سنگ و بەرۆکی دایکانی ئەوێی لێ نایەت؟!

هێـشتا قوتابیـەکی لـەڕو لاوازی مـل بـاریکی گۆشـەگیری مـەنگ بوویـت کـە بـەهرەی قەڵەمەکەت چاوی تیژی " پیرەمێرد " ی گەورەی قۆستەوە، هـات بـە پیرتـەوە. بەهرەکـەتی گرتە باوەش، لێی وردبۆوە، گەش بووی. تۆ ئەوساش هەر شەرمنێکی سـەرکزو بـەڵام دڵ وریـا بووی."پیرەمێرد" ی باوك دەستی بەسەرە پچووکەکەتا هێنا، بەرهەمەکەتی خستە سەر دڵ، تۆ بڕوات نەئەکرد، نۆبەرەکەت ناونا بوو" ئاوات"، پیرەمێردی کەڵە شاعیر بەدەستی ڕەنگینی خۆی هەر لە چاپخانە دێرینەکەدا لەچاپیدا.

لەوەدابوو ـ ئاوات ـ ئاواتی نۆبەرە بەهەنگاوی گەورەوە بچێتە ناو کـۆڕو کۆمـەڵانی خوێندەواری ئەو سەردەمەوە.. بـەڵام لـە پڕێکـدا ڕێگـەیان پـێ گـرت. ڕاپـۆرت نووسـانی دەسـەنەخۆری ئینگلیـز، مڵـەو دووپـشکەکانی نـاو بـاخی ئـەدەبیاتمان، جرِوجانـەوەرە رموزنـەکان، بەخەنجـەری رووتـەوە گەیـشتنە سـەر نۆبـەرەی ئـاواتی جەوهـەرو لـە بەردەمی پیرەمێرددا سەریان بڕی.

لەسەر پـشت راکـشاویت، زەرد.. زەرد.. زەرد.. زەرد، هـەر ئـەڵێی مـانگی کوژراویـت، لەناوەوە ئازار ئەڕواو ئەتکێڵێ، تۆ کێڵگەی زات و ورەی لەناو چنگی ئەختەبووتی هەزار

پـەلی"سـەرەتان " دا لـوول ئـەخۆیت و هـاوار ناکـەی.. چ ورەیـەکی بەسـامی و چـەندە ئارامێکی گەورەی. لەسەر پشت راکشاویت، دەنگت لەناو هەناسەی سواردا خنکاوە.

ئەی "جەوهەر " ی رەوشت،ئەی گوڵە هێرۆی لاسك شـکاوەی مـل بـەلارەوە گرتـوو، بـۆ یەکـەمجار لـە چـایخانەیەکی پـەڕپووت و بـچووکی شـارەکەمدا یـەکترمان ناسـی، بـۆ دواجاریش، بەرلەوەی ئەم دەردە گرانە لە پەل و پۆت بخات هـەر لـە چـایخانەیەکی وادا لەیەکتر جیابووینەوە.

لەسەر پشت راکشاویت رووە ژاکاوەکەت لە منە، پار ئەم وەختـە بـوو، دیـسانەوە سـەرم کردەوە سەرت، مەنگیتم شڵەقاند، بەلاّم لـێڵم نـەکردی، ئـەمزانی تـۆ ماسـیەکی ئـەم گۆمی شینی ئەدەبەیت و بیّ ئەو ناژیت، ئەمزانی کەشەو دادێ و دنیا ئەنوێ، تـۆی شـەیدا لەگـەڵ وشەدا رۆژ ئەکەیتەوە و بێدەنگ ئەسـووتێیت، بێـدەنگ ئـەگریت و خـەڵوەت جـیّ نـاهێڵی! بیست ساڵ بوو ئەمناسیت، بەدەم پێت نەوتووم بەلاّم چاوت بەئاشکرا ئەیدرکان کەخۆشـت ئەوێم، چاوت ئاوێنەیەکی بیّ گەردی راست گۆیی بوو. دەسـتت نـەنا بـە ڕووی داواکەمـەوە. چـەند بەرهـەمێکی لـە کـونی هەتیتـەدا هـەڵگیراوت بـۆ هێنـام، سـێ دەفتـەر چـەند رۆژێ لەگەڵیاندا ژیام، چەند رۆژێ بەبادەی زمانی شیرینی ئەوان مەسـت بـووم. نووسینەکانیـشت وەك خـۆت ناسـك بـوون، وەك خـۆت کـەم دووی پوخـت و پـاك بـوون. قەڵـەمی ناوبـەناوی رەخنەشت، وەك رەوشتی خۆت بەرزبوون، زمانی تەڕو پاراو و نەوازەی بێگرێ و گۆڵ سفت و رەوان و درەوشاوە بەقسەی نەستەقی باوو باپیران خۆش کـراو.. رسـتەی کوردانـەی پتـەو داڕێژراو، دڵی منیان لە زوەوە کەمەند بەند کردبوو. کوت و مت وەك خۆشەویستی داربەڕو و ئاوی ئەم کوردستانە.

لەسـەر پـشت راکـشاویت وا چـاوت لێـك نـاو ئـاوا بوویـت. دە ماڵئـاوا، ئـەی قەڵەمـە ڕەنگینەکە تۆ لە گوڵدانی دڵمای، ئەمجارە لەوێدا راکشێ!.

# ئەوزامەی بوو بە مانگ!

1992 ـ 1999

بەورێكی تری نێوداستانی گڕەو دارستانی پشكۆمان كۆچیكردوو
مێژوومان بۆ ساتەوەختێ پڕ بە گەرووی
دەربەندو ئەشكەوتو كەوێڵو
بەرگێلنەكانمان زریكاندی.. زریكەی مێژوو
سەرچاوە لە خوێنجمانی
ئازادییەوە ئەگرێ، ئەو دەمەی خاك ژانی بە بوومەلەرزەی
ڕاپەڕینو زاوزێی شەهیدو تەقینەوەی شیعرو لرفەكردنی بەلووزەوی
خەمی دایكانەوە ئەگرت!.
مانگێكی دیكەی گەرمەسێر كۆچی كردوو..ئەستێران دابارین و
پێدەشتیان ئاڵو واڵا كردو هەزاران پارچە ئاوێنەی شكاوی هەتاو
بە درێژایی كەنارەكانی سیروان خەونیان پڕاوگۆڕانییان ڕژاو كردیان
بە شایی خوێنو ژان.
منداڵانی پێپەتی و دەم و چاو خۆڵاویی ئێمەش بۆ یەكەم جار
لە بەردەم دەروازەی مزگێنیدا گوڵە زەردی
زەردەخەنەیان چنیەوەو باوەشیان

بە لاملی بەهارێکی راپەڕیودا کرد. ئەو دەمە لە هەناوی قرچەقرچ
پێکەوتووی بەرکاوو گردۆڵکەکانەوە گوڵەگەنمی ریشاڵ ریشاڵی
سووری بەیانیەکی تازە، کازیوەیەکی دەمو
لێو زیوین، گەردن کافوریی،
بەژن زراڤی چاوپڕ لە تریفەی دەست و پل زێڕین لە دایك بوو.
لەو رۆژەدا. لەپەڵە خوێنێکی سەرسنگە هەڵقرچاوەکەی دوزەوە،
لەزاری لێو بەخەندەی برینێکی رەشتاڵەوە سەمەلی ئازادیمان سەری
دەرهێناو بوو بە شایی قوربانیەکانمان، بوو بە ڕەشبەڵەکی سێدارەو
سەرچۆپی هەرهەموو برینەکانمان.
دووز، دووز مەچەکی تووکنی حەمرین
بازووەبەندەکەی عاشقانی بەفروگڕە
ناو دەمی کوڕێکی دیکەی گەردەلوولی
خۆی ماچکردوو سەری خستە سەر رانی
سۆزو خۆشەویستیی گەرمێن و
دواتر پەنجەی نەرمی شەماڵێك لە دەربەند باسەڕەوە هات و
گەیشتە ناو دیدەمان و ئەوسا پێڵوی ماندوومان ئاڵ هەڵگەڕاو
بو بە گوڵجاڕو رووی ئەم زامەیشمان بوو بە
مانگ و گیانیشمان بەخەرمانەی
ئەو دەمە، دوور لەو مانگە، من لە ژووری تەنیایی و
نامۆییەکی شێداری دڵ گوشراودا خەریکی ئەوەبووم
لەو گوڵجاڕی گەرمێنە کراسێ بۆ شیعرێکی نوێم بدرووم.
لەپڕ بازێکی پەڕوباڵ سپیی هاتو لەسەر سەرم لەنگەری گرتو

به دەم چریکەی سۆزێکی مەولانە ئاساوە
شیعرەکەی پێ بڕیم وتی: لە نێوان پەڵە خوێنەکەی دووز و
سەرەتای هەڵکردنی ئەو زریانەدا
مێژوویەکی دووکەلاویی..
ئازایەتیەکی چاوسەوز..
سەفەرێکی تەلیسماویی.
خەونێکی ئاگراوی.. لە هات و چۆدان!
بازەکە سورێکی بە چواردەوری تەنیاییمدا خواردو دیسانەوە وتی:
حەمە رەش.. واتە کێوێکی رەش..
ئەسپی شەوێکی قەترانیی..
زەویەکی بە خەڵووزکراو..
نانێکی رەش داگەڕاوی بن رەشماڵی سوتەمەڕۆی ئازار و
یان قەدی دارگوێزێکی رەشەبا بەزێن.
یان گەواڵە هەورێکی رەشی ئاوس بە کوڕو کچی باران.
یاخود لە شەوەزەنگدا بریسکە بریسکی
دوو چاوی بەورێکی بڕۆنزیی!.
سەرەتا هاتنە ناوئەم دۆزەخی داستانو ئەوینەی پێشمەرگایەتی
سەرەتا یەکەمین سەفەری ئەم برینە جێ بە خۆنەگرە.
بەرەو گەردوگوڵی بەیانی کوردایەتی و خۆبەخاچدا داکوتان
لە سالآنی زووترەوە
بازرەقەی بەستبوو، ئەمەیش سەربوردو بەیتێکی برایمۆك ئاسای
عەشق و سووتانی خۆی هەیە:

ئەوەتا لاوێکی وەك تاژان باریکەلەو
وەك هەناری گوڵکردوو و خوێن گەرم و
وەك کەڵی سەر رەوەز، زیت و چاو بگێڕ،
وەك هاژە هاژی سیروان بێ ئارام،
عەشقی خاك، دار، بەرد، تفەنگو چارەنووسی خوێنی خۆی
داوەتە دەست کوردستان و بەستەیەك توێشووی نانی رەشی
بەستۆتە پشت و هەوراز و نشێو ئەکاو
دەروێش ئاسا دەرگای یەك بەیەکی
بارەگاو مەقەڕو مەڵبەندەکانی ئەقڵیشێنێتەوە و
داوا ئەکات و هاوار ئەکات و ئەیەوێ بێ بە "پ.م" و
ئەیەوێ شالاۆ بۆ مەرگ بەرێو چنگ بنێتە
چنگی دەڵە دێوی بەعسییانو
کلك و گوێی بڕڕاوی ئەوان بۆ کەلارو
باوەشاسوار و دووزو خانەقین بەرێتەوە،
بەلاّم هەموو جار،
دەستی نەء بە رووی ئەم سۆراخە شەیدایەیەوە ئەنراو
ئەگەڕایەوە دواوە:
سەرەتا بوو، ئەم فیشەکە بێ تفەنگ بوو
ئەم پشکۆیە بێ کوانوو بوو
ئەم پرسیارە بێ وەلاّم بوو
ئەم جوانووە بێ رەوگە بوو
بەلاّم ئاخر چۆن

**سیامەند لە عەشقی خەج بێزار ئەبێ**

**قوڵنگ لە کونکردنی بێستون و**

**فەرخ لە باڵای پەری خان و**

**یان گەرمییان لە سوورەهەتاو وەڕس ئەبێ؟**

**سۆراخی ئەم بەردەوام بوو هەروەکوو لاس سووڕی ئەخوارد**

**وەك چکە چکی دڵۆپە ئاوی ئەشکەوت و دەراڵەکان**

**پرسی ئەم وشکی نەئەکرد،**

**بەرد کونکەربوو.**

**هەتاکوو سەنگەر وەریگرت**

**هەتاکوو چەك شانی ماچکردوو**

**تا رەوە ئەسپ تێکەڵ بە حیلەی خۆیان کرد.**

**وائێستە "حەمەڕەش" و رەوە ئەسپ بوو بە ڕیزە مەشخەڵانێ و**

**ئەچنە چاوی دێوو درنجی بەعسییانەوە.**

**وائێستە حەمەرەش بووە**

**بە تەندوورەی گەردەلوولێکی گەرمییان**

**لەهەر کوێیەك سەربازی مردنی لێبێ**

**ئەم لەوێیە.**

**لەهەر کوێیەك گوڵ بکوژرێ ئاو بکوژرێ هەتاو شەماڵ سەرببڕێن**

**ئەم دەستی تۆڵەی لەوێیە.**

**کوێستان بەقەد کلووی بەفر ئەم حەمە رەشەی خۆش ئەوێ.**

**گەرمەسێریش بەقەد شنەی شەوانی هاوینان و**

**سۆزەکانی ئەڵڵاوەیسی خۆشی ئەوێ.**

ئەزموونی تاڵ فێرگەی ئەون.
بست بە بستی ئازارەکان ئەناسێت و ئاشنایانە
وەکوو خوشك و براو ئامۆزاو بن ئامۆزای خۆی
هەر لە دوورڕا یەکە یەکەی درەختەکان
ناو نووس ئەکاو
دەرگای ماڵ و پەنجەرەی خولیای مەزراکان ئەناسێتەوە.
نەخشەی گەرمییان بەری دەستێتی.
وەك تاڵە مووەکانی ریشی قامیشەلآن
مێرگەکان و لاڕێو بن دەوەن و باخەکان ئەناسێت و
لەگەڵیاندا ئەدوێ و ئەبنە پەناگەی
شەوانی ئەشکەنجە قاڵی کردووە
ئەم دەرچووی قوتابخانەکانی ستەم دیدەیی خەڵکە
هەندێ جار ئەم سەر لەرێگە و مانگە شەو تێك ئەدات
هەندێ جار ئەم توونی بابا لە نێو هەناوی خۆیدا ون ئەکات.
بۆ یەکەمجار لە سەر دەستی ئەم بەورە ڕەشەماندا بوو
تەلیسم و ترسی رەبایەی بەعس شکاو
خۆیکرد بە ناو تەڵە بەندەکانی مەرگداو
گەیشتە سەر سەری نەهەنگ..
کارەسات گەورەو گەورەتر بوو هەڵەبجە بوو
بە هەموو کوردستان و
هەناسەیشی بە هەناسەی هەموومان
ژیان تاریك و تاریکتر بوو

دۆڵپای ئەنفال هات
ئاخ گەرمە سێرەکەم!
ئەی ئەو ئاسکەسوورەی لە هەموو جارێکی کۆست کەوتندا
بەر لە هەمووومان لەشت نێزەڕێژ ئەکرێ و
بەردەوام هەموو جارێکیش لە هەر پشوودانێکدا
دوای هەمووومان خوێنت ئەگیرسێتەوە.
ئاخ گەرمە سێرەکەم. ئاخ
تۆ یەکەمین چاوی بە فرمێسکمانی و
دوا زەردەخەنەی دەم ولێومان.
دۆڵپای ئەمەویەکان هات
دۆڵپای ئەنفال هات..
ئیتر لەگەلأیەکەوە بۆ ساوایەك
لە بنچکێکەوە بۆ چۆلەکەیەك
لە خەڕکە بەردێکەوە بۆ جۆگەلەیەك
لە کارژۆڵەیەکەوە بۆ کانییەك
کەوتنە بەر تاعوونی بەعسییان
دۆڵپای ئەنفال هات
بوو بە تارو مار
دژوار بوو دژوار بوو دژوار!
کینەی شمشێری تەتەرەکان،
خۆشەویستییان ئەنجن ئەنجن ئەکردو
وا هاتبوون نیشتمان لەبندا بڕنەوە،

وا هاتبوون مێژوومان
ریشەکێش بکەن و
سیمامان بسڕنەوە.
وا هاتبوون دوا ئەستێرەمان کوێر بکەن و
دوا ئەسپیشمان بخەسێنن.
تارو مار بوو تارومار
دووکەڵ بوو دووکەڵ بوو دووکەڵ.
چاوی خواوەندیش پڕبوو لەئاو
ئاسن قریشکانی و نەرم بۆوە
ئازایەتیی چوڕچوڕەیەکی کەمی لێمایەوە.
وەك رێچکەکانی بەردەم شارە مێروولەیەك
وەك ئەو رێچکانە زیل زیل ریزبوون و بەرەو قاقڕی مردن
بەرەو گەردەلوولی مردن بردیانین..
چاڵ.. چاڵ.. چاڵ
لەیەك گۆڕداو هەزار دایك و باوکم، هەزار عەشقم
لەیەك گۆڕداو
هەزاران کوڕو کچم..
هەزاران چرام لەیەك گۆڕداو
گوندێکم بە ئاسانی جێگەیان ئەبۆوە
تارومار بوو. تارومار
لەو ساتەدا بۆ سەدو هەشتا هەزار ئاوات و
خەونی زەردو سووری زیندەبەچاڵ کراو،

بۆ سەدو هەشتا هەزار باڵای هەڵوەریو

بۆ سەدو هەشتا هەزار باخی خنکاو

یەهودا گریا

مەرگەوەڕ گریا

هیتلەریش گریاو

لەو ساتەدا هەر صدام بوو پێئەکەنی!

ئا لەو دەمە دۆزەخینەدا. حەمە رەش،

حەمەرەشی کوڕی زیزانەی کوڕی سەر قەڵای

کوڕی دووزی کوڕی حەمرین

لانەی ئازارەکانی چۆڵ نەکرد.

نەڕۆیشت و خەیاڵی گەرمییانی نەبردە ئێران و توووران.

دەستی لە کەمەری کفری بەرنەدا.

وەك سیروان مایەوە، وەك کەرکوك ئەسووتا

وەك قەڵای شیروانە لەوێ بوو

لەو دەمەدا، ئەو بۆ شیعری دەست و پل گۆنەکردوی ئێمە

گڕەی نیوەڕوانی "هەکز" بوو

بۆ ورەیش

حەمە رەش

ئەم دەستی زمناکۆو

ئەو دەستی بەمۆ بوو

★ ★ ★

هەتا ئێستەیش لە دوو ئاوەندا کە دوو ماسی رەش

ئەگەنەیەك و رۆژگاری ئەنفال باس ئەكەن
دوو ئاخی پڕ بە سینەی شەپۆل
بۆ حەمە رەش هەڵئەكێشن.
دوو گردی دڵداریش كە سەر ئەنێن بە سەری یەكەوە
باسی هەنگاوەكانی حەمە رەش بۆیەك ئەكەن.
دوو درەختیش كە پێكەوە هەڵئەپەڕن
یادێكی دەستەكانی ئەو هەر ئەكەنەوە.
ئێوە گوێتان لێ نەبووە
من شیعرم گوێچكەی زۆر سووكە
هەموو جارێ كە زمناكۆ
سوێند بۆ گەرمەسێرم ئەخوا
ئەڵێ: بە سەری حەمە رەش!

⋆ ⋆ ⋆

ئەی بەوری رەش! ئەی هەڵمەتی بەردەوامی گەرمییانم،
لە ترسناكترین ساتەوەختی وجودماندا
تۆ قاچت رەگی خاك و
سەرت پژوپۆی بێشەكانمان و
هەردوو چاویشت دوو گۆمەكەی
دەربەندی دوكانمانن.

⋆ ⋆ ⋆

لێرە بەدواوە حەمە رەش وتی شیعرم ئەوێ:
من داوای دوو گوڵم

له داری ژاڵه کرد
بۆ سنگی حەمە رەش
کەچی دار لە رەگ و ریشەوە
خۆی لە عەرد هەڵکێشاو
بە پێی خۆی لە گەڵما هات بۆ لای چاوانی حەمە رەش.
بە " با " م وت مەهێڵە
ئەو مانگە بچێتە هەورەوە
من ئەم شەو لە دووزدا
بۆ بالأی حەمە رەش
تریفەم لێت ئەوێو خەرمانە
بیکەمە بەرزامی حەمە رەش
"با " وتی:
تۆیش نەیلێی
مانگ خۆی دێ و
ئەو زامە رەشتاڵە ئەگرێتە باوەشی.
کۆترێکم ناردە لای کوڵەجۆ
خوازبێنی وەنەوشەی کیژێکم بۆ بکاو
بیهێنین بۆ کوڕی زیزانەی..حەمە رەش
کە لەوسەر هاتەوە پێی وتم:
تەماشا تا چاوی بڕینی ئەو بەورە بڕ ئەکا
بە گوڵجاڕ وەنەوشەی هەر هەموو پێڵۆمان
بە گوڵجاڕ هەلاڵە

به گوڵجاڕ نازەنین
بەڕێوەن بۆ ئەوەی ماچیکەن
بۆ ئەوەی بە ئەوین دایپۆشن
گەرمێنی ئەو لەشەی حەمە رەش.

* * *

هەر گابەردی نێو دەربەندێ
وتی: لێرەم
خۆ بەردە قارەمان نییە.
هەرچی گوڵێ کە سوور چۆوە
خۆ گوڵەکەی پەریخان و عوممان نییە.
هەر کەسێ قوڵنگ بەدەس بوو فەرهاد نییە.
خۆ هەرکەسێ باریکەلەو چەك لە شان و یان ریشدار بوو
مامە ریشەی داستان نییە.
هەر کەسێکیش ناوی حەمە و حەمە ڕەش و گەرمیانی بوو
حەمە رەشی پێش ئەنفال و ناو ئەنفال و دوای ئەنفال و
ئەسپەرەشی سەر حەمرین و
گێژەڵووکەی خوێن هەڵکردووی جەرگەی دووزو
حیکایەتی کێوی رەش و
باوبۆرانی زەمان نییە

* * *

ئەو چریکانە زۆر کەمن
دار بە داری دارستانێ داچڵەکێنن و

سەر سامیکەن.. وەك حەمە رەش.
ئەو عاشقانەی زۆر کەمن
چۆك بە بێستون دابدەن و
هەر بەئەوین دیواری مردن کون بکەن
وەك حەمە رەش.
گەرمەسێر.. گەرمەسێر
دەفتەری خۆڵێنی شیعرمەو
ئەی بالآی زیوینی راپەڕین تۆیش قەڵەم.
دڵنیام ئەمجارە من شیعرێ ئەنووسم
بە قەدەر حەمە رەش ئازابێ و
بە قەدەر سیروانیش کەڵەگەت

* * *

هەمووساڵێ
بۆ یانزەی سێ
یانزە کەڕەت هەناسەی خۆم
بە رێگەوبانی سکڵدا ئەخەمە رێ
ئەم هەناسەیە پڕێتی لە تنۆکە شیعری کەسك و
لێوان لێوە لە "با " ی مۆرو لە "با " ی شین و
لێوان لێوە لە عەشقی ئاڵ و
لە چاوی گەشی منداڵ..
ئەم هەناسەیە.. سترانە.. سترانی دەشت
سترانی شاخ.. ئەم هەناسەیە هەڵئەفڕێو

له هیچ شوێنێ لانادات و

تا لەسەر دووز رائەوەستێ و

یانزە جارێ ئەگرمێنێو، ، ئینجا ئیتر

بەسەر گوڵجارە رەشەکەی.. جەستەی ماندووی

حەمە رەشدا دائەرژێ.

* * *

هەموو ساڵێ بۆ یانزەی سێ

گۆمی دەربەند یانزە کەرەت خۆی هەڵئەبڕێ

بۆ لاشانێ ماچی بکات

چونکە بۆنی گوڵی پەنجەی

حەمەی لێدێ.

هەمو ساڵێ بۆ یانزەی سێ

شاخی بەمۆ یانزە کەرەت دائەنەوێ

بۆ بنارێ..بۆ بەرکاوێ..ماچی بکات

چونکە بۆنی کاسکێتەکەی دوای ئەنفالی

حەمەی لێدێ.

هەموو ساڵێ بۆ یانزەی سێ

یانزە کەژمان..لەسەرەوە بۆ خوارەوە

سەفەر ئەکەن

یانزە باخمان..

له هەڵگوردو سەفینەوە دێنە خوارێ

هەر بۆئەوەی سەرێك بدەن

لەدوا برینی حەمە رەش.
هەموو ساڵێ بۆ یانزەی سێ..دوای ئێوارە
یانزە منداڵ، لە شۆڕیجەو رەحیم ئاوای کەرکوکەوە
یانزە چرای بچکۆلانە ئەکەن بەملی خۆیاندا
رائەکەن و دائەگیرسێن...
ئەم پەپولەی چرایانە یانزە کەڕەت
بە چوار دەوری سەری دووزدا سووڕئەخۆن و
ئەوسا هەر یانزە چراکە
لە پەڵە خوێنێکی
هێشتا ورشەدارو هێشتا تەڕدا
دائەنێن و ئینجا ئەڕۆن.
هەموو ساڵێ بۆ یانزەی سێ یانزە کۆتری بێوەژن
یانزە چۆلەکەی بێ باوك.. یانزە هەنیسك.. یانزە فرمێسك
یانزە گوڵەجۆی مەندەلی، یانزە خاڵی کوتراوی سەر گۆنای گەرمێن.
هەر هەموویان ریز ئەبەستن بۆ زیارەت
زیارەتی قسنی بەژنی عاشقێکی
وەکوو زمناکۆ کەڵەگەت.
هەموو ساڵێ لە یانزەی سێدا من ئەبم
بەشمشاڵێ، جەبەل حەمرین ئەمنێ بەلێوی خۆیەوەو
لێم ئەدات و لە کونەبای جەستەمەوە
یانزە مەقام..یانزە بولبولی برین و
یانزە قاسپە دێنە دەرێ..

هەموو ساڵێ لە یانزەی سێدا من ئەبم
بە دەفتەری رەسمی کچە کەلارییەك
یانزە پەڕەم
کچەکە دێو بە خەڵووزی شەوی ئەنفال.
یانزە کەڕەت
وێنەی سەری یانزە پیاو و
وێنەی هەوری یانزە زامم تیا ئەکێشێ
هەورەکان هەموو یەك هەورن
پیاوەکان هەموو یەك پیاون و
هەر هەموویان حەمە رەشن!.
هەموو ساڵێ لەیانزەی سێدا شاعیر نیم بەڵکو شیعرم، شیعر خۆیم
گەرمییان دێو ئەو شاعیرەو
بەپەنجەی دووز
بە برووسکەی حەمە رەش و..
بەڕێژنەی یادەکانی
بە خۆشەویستیی حەمە رەش..
یانزە کەڕەت
لەگڕەدا.. من ئەنووسێ و
یانزە کەڕەت.. لەسەر بەفر.. تۆ ئەنووسێ و
یانزە کەڕەت.. لە رووباردا.. ئەو ئەنووسێ و
لەدواییدا.. منی شیعر.. ئاوی عەشقم
زیاد ئەکات و سەرئەکات و

**ئەم وڵاتە بەهاژە هاژی نەمریی و**

**خۆشەویستی حەمە رەشم..دائەپۆشێ!.**

## لە ڤیەنناوە بۆ کوردستان و

## درەوشانەوەی ئەستێرەیەکی سوور!

1993

ئەودەمە، ئالوزو ژانی دوورە ولاٚتیی و تاسانەی غەریبی خەوی
لە چاوانی لەبوولێڵچووی من بڕیبوو!.. تەنها هاودەمو هاوڕازو
هاوگینگڵم، شیعربوو بۆ دڵ نەوایی و
هێورکردنەوەی شەپۆلە بەپێلەکانی
ئەم زەریای خەمە، شیعر ئەبووە: هەتاوی ئارام و
هەتوانی زامی ئەستێرەی وشەم و لەگەڵ خۆمدا،
لەگەڵ هەردوو گلێنەمدا
شاربەشارو ولاٚت بەولاٚتی هەندەران ئەمگێڕا.. یان بۆ
نەڵێم: ئەو منی ئەگێڕاو،ئەو منی کردبووە خەرمانەی
دەوری خۆی..
دە سلاٚو ئەی مانگی شیعرو..
ئەی خەرمانەی بە بەرەکەتی زمانی کوردیی!
ئێوەیش رۆژتان باش و شەوتان باش
ئەی کوردە ئاوارەکانی ئەم سەر زەمینە!.
لەپەنجەرەی وا گۆنی شەمەندەفەرەکەوە
نیگام تینووی ئاو لە سەرنجی

ئەو کەژو دۆڵ و چیاو لێرەوارو رەوەزو هەڵەمووتانە بوو
کە بەسەوزیی خۆیان، بەسەوزیی‌ئاوی چاوبەری ولاَتی نەمسا،
ولاَتی گوڵ و هونەر، بارانە شیعریان بەسەردا ئەباراندم.
لەگۆمی زیوینی خەیاڵیان هەڵئەکێشامو هێدی هێدی ئەیانبردمەوە
بۆ نێو لانکەکەی کوردستان..لەپڕ"ڤیەننا "جریواندی،
شانو ملی مەرمەڕینی ئەم پایتەختە ناسكو ڤشتیلانەیە دەرکەوت.
شەمەندەفەرەکەیش، هێواش هێواش دەمارە گرژەکانی پێشووی خاوبۆوەو
لە وێستگەی گەورەی ڤیەننادا لەچاو تروکانێکدا
وەك دای چەقێنن، رێك وەستا! وا منو شیعر پێکەوە دائەبەزین،
ئەوکاتەی سەرم هەڵبڕی. خۆم لەبەردەم
پوورە هەنگێکی خۆشەویستاندا،
لەبەردەم چەند چەپکێ لەیاران و هاوڕێیاندا بینیەوە!
یەکێك لەو گوڵە هێرۆیانەی هەر زوو بەرامبەرم پێکەنی و
باوەشی پڕ لە گولاَوی خۆی پێدا کردم..
کاکە فازیلی مەلا مەحمود بوو
لەنێو هەموویشیاندا بە تەنها هەر ئەو بەرگی کوردیی پۆشیبوو،
بەرلەوەی بدوێین، بەچاو پێی وتم
"دوای ئەم دابڕانە نەفرەتیە دوورودرێژە، ئەم پێك گەیشتنەوەیە،
ئەم بەدیدارشادبوونەوەیە،گوڵ و زەماوەندو خۆگۆڕینی ئەویَ".
ئەوساتە ڤوڵە ڤوڵی پێکەنینی بوو.
کە لێی وردبوومەوە..هەستم کرد تەشوێی زەمان ئەوەندە کاری
لەم رەوەزە جوانە نەکردوە

قژ هەروەکو خۆی رەش رەش، پێستی بێ گرێو رێڕێ نەبوو،
هەمان گۆشە نیگاو سەرنجی بەر لە حەڤدە ساڵ
زیاتر،لەش مامزی، سووك و گورج و بێ فیزو
ساکاریش وەك گوڵەکێویی وتم: کاکە فازل! هەر وەکوو خۆتی
پێکەنیو لەگەڵ راوەشاندنی هەردوو دەستیا وتی.. زمانیشی تۆزێ گرتی..
ـ تۆیش هەروەها! هێشتا هەرشاعیری لاوی
بەدەم قاقاوە،،بەدەم هەڵقوڵینی خۆشیەکی رەوانەوە،
دەستمان کردە ملی یەك و وتیەوە!
ــ لەبیرت نەچێ من هەموو کات
عاشقی شیعرەکانتم!
با بەرەو دوا بگەڕێمەوە..سەر بە هەوارەکانی ئەوین و
ماڵی ئاشناو رۆشناو ئازیزاندا بکەمەوە..
لە رەگەوە بەرەو ژوور ببمەوە بۆ لای ئەم گوڵە هێرۆیە.
رەنگە هەر لە تووەکەی ئەلیاسە فۆچەوە
لەسێ دەرییەکەی ماڵی حاجی ئەمینی کاکە حەمەوە،
ئێمەو هەتاوو رەزوو کانیەکانی دێلێژە
وەك دوو باخی پەرژینی بەزیو لق و پۆپ و گەڵاو گوڵ و
هەرێزمان تێکەڵی یەك بووبێ. تا ئەو شوێنە پیرۆزەی
کە دایکم لەهەمان کاتی شیری دایکێکی بەهەشتیی ئەم
بنەماڵەیەی خواردەوەو
ئیتر سەرچاوەکان لەیەك رووباری خۆشەویستیدا یەکیانگرتەوە
لەوێوە ئەم تیرێژە کشاوە.

لەوێوە ئەم مێرگە

بە ئەوین تێرئاوە!

دوای فەراژوو بوون و چاوکردنەوەیش.

هەر لەیەك هێلکەی کۆلآنی گەڕەکێکی ئەم شارەیشدا بوو

لەگەڵ هاوتەمەنەکانی ئەم بنەماڵەیەدا

سەرمان بەیەکەوە جوقاو پێکیشەوە

پەڕووباڵمان دەرکردوو

لەسەر درەختی قوتابخانەیەکیش پێکەوە نیشتینەوە!..

لەهەڕەتی جۆش و خرۆشی سیاسیدا..

لەزەمانی شەڕی ساردی ئەم نەوەیەی ئێمەدا..

من و کاك فازل هێلانەمان جیابوو

ئاسۆمان جیابوو

ئەو لەکەلی ئەنتەرناسیونالەوە ئەیخوێندو

منیش لە کەلی ناسیونالیستی بەرامبەرەوە

بۆم ئەسەندەوە.

دوو کەوی نەگونجاو بووین

بەلآم نەگونجاو بۆ ئەوەنا بەدەنووك یەکتر کوێر بکەین.

نەگونجان بۆ ئەوەنا لە خوێنی یەکتردا شەلآڵ بین.

نەء.. نەء..ئێمە گونجاوی نەگونجاو بووین

لەبەردەم نەهەنگەکەی دوژمنیشدا

نەهێنیمان یەك نەهێنی و

خۆشەویستیمان یەك خۆشەویستی و

ماڵیشمان یەك ماڵ بوو.
بیرمە هەر لە سەرەتای حەفتاکاندا بوو. لە سەرودەمێکدا کە شەهید
لە شانە ئاگرینەکانی " قیادەی مەرکەزیدا "
کاری ئەکردو بەشاراوەیی و نەهێنی لە هات و چۆدابوو،
ماڵی ئێمە، دەروازەی دڵنیایی‌و متمانەی لەسەر پشت بوو بۆئەو.
ئەهات و پێکەوە لە ژوورە بچکۆلەکەمدا بەجووتە دائەنیشتین.
وایش رێککەوتبووین بۆ ئەوەی نەبادا خوانەخواستە
ئاگری نەگونجانی بیروباوەڕی سیاسی هەردووکمان لەرێککەوتێکدا
لەخەرمانی هاوڕیەتیمان بەربێ، وارێك کەوتبووین، هەر بە کەناری
جوانی شیعروئەدەبدا بڕۆین‌و بەو زمانە خۆمان مەست بکەین‌و
کۆڕیشمان بەو چل چرایانە بڕازێنینەوە!
شەهید فازل ئاگردانێکی بەکڵپەبوو.
کانێکی زیرەکی و چاوگێکی بزۆزو
روناکبیرێکی سادەو
شیعر دۆستێکی وردبین بوو.
ناو بەناو لە هەندێ روانین و لاکردنەوەدا
چاوەکانی تیل ئەبوون و
لەئاخاوتنیشدا زمانی ئەیگرتو
بەمەیش رۆح شیرینترو
ئێسك سوکتر ئەینواند!
ئەو هەر لە سەردەمێکی زووترەوە چووبووە
ناو بزوتنەوەی قوتابیان‌و

یەکێك بوو لەقەڵەمە هۆشیاروو وشە راپەڕیوەکانی نێو مەیدانی
خەبات و تێکۆشان..
ئەو لەو تەمەنەدا هەڵکەوتوویەکی
ئەم شاری هەڵمەت و قوربانیە بوو.

* * *

ساڵ هات و رۆیشت و کوردستان تا ئەهات تاریکتر و..
کارەسات لەدوای کارەسات و خوێن لە دوای خوێن و
سێدارە لە دوای سێدارەو زیندان لە دوای زیندان و
ونبوون لەدوای ونبوون و مەرگی ئازیز لە دوای مەرگی ئازیزو
سەنگەر لە دوای سەنگەر، یاران و عاشقانی ئازادیی
وەك تۆوی گوڵی دەم بایان لێهات و
گۆڕان و وەرچەرخانی فیکری سیاسی
لەم بەندەرەوە بۆ ئەو بەندەرو
شەهیدیش کەوتە ناو ئەم گەرداوانەوەو
تا لەرۆژگارێکی تردا لە دوورگەی
بزووتنەوەیەکی ئیسلامییەوە
چارۆگەو بایەوانەکەی بەدەرکەوتەوە
من بۆ خۆم ئەم وەرچەرخانەم
لەدڵا بوو بوو بە مەراقێکی گەورەی سیاسی و
کۆمەڵایەتی و بە ئاواتەوە بووم رۆژێ
لە رۆژان کاکە فازل ببینمەوەو پێکەوە وەك جاری جاران دابنیشین و
پرسیاری لێ بکەم و بەم سۆراخ کردنەیش

لەوەرچەرخانی تازەی بگەم..
ئێرە ڤیەننایە!
وا پێکەوە شان بەشانی یەك ئەڕۆین و
لەوێستگەی شەمەندەفەرەکە
چووینە دەرەوەو لەئوتومبیلی هاوڕێیەکدا
بەتەنیشت یەکەوە دانیشتین و بەشەقامە ڕەنگاڵەو
بێگەردو بەبریق و باقەکانی ئەم شارە جوانکیلەیەدا
یەك لە دوای یەك تێ ئەپەڕین و ئەوەتا ئێستەیش لە ماڵی
هاوڕێی خانەخوێ پێکەوە دابەزین و چووینە هۆڵە ڕەنگینەکەوە..
لەدەرفەتێکدا هەر دوو بەدوو ماینەوەو پرسیارەکەم لێکرد..
شەهید فازل لەسەرخۆ وتی:
با لە هەموو رواڵەتەکان گەڕێین.
گەلێ ڕێگامان تاقیکردەوە..ئەمەیش ڕێگایەکە.
بەلاّم من هەر ڕێگەیەك بگرم بۆ کورد ئەیگرم.
کوردایەتی ئامانجەو چارەنووسیش
هەر لە سەربەخۆیی کوردستاندا ئەبینم.
من ئامادەم لەپێناوی بەرژەوەندی کورددا،هەموو کارێك بکەم،
هەرچیەك بەمەرجێ تروسکایی هیوای بۆ ئەم گەلە هەژارە تێدابێ،
بیرمە هەر لە نێوان قسەکردندا وتی:
" ئەوروپا بێزاری کردووم. ئەمەوێ رزگارم بێ،
تینووم بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە کوردستان.
لەوێ لە گوندەکانی کوردستانداو لەناو ئەو خەڵکە هەژارەدا

بژیم و بمرم و ئەمە هیوامەو دوا خەوبینینمە "
ئێرە ڤیەننایەو
خەو نەهاتە دیو
سەعاتی خوێن چرکە بەچرکەی هەناسەی کورد ئەژمێریو
قاسملوو مانگی سورەو بەدەوریشیا
چەند ئەستێرەیەك خەرمانەی گولاڵەن و
ئەدرەوشێنەوە.
یەکێك لەو ئەستێرانەیش فازلەو
فازیلیش کوڕی شاری "مامە یارە"و
" بەردە قارەمان"ەو قوربانییەکی گەورەی
ئاشتی و ئازادیی و سومبولێکی دیکەی لەخۆبوردن و
شەهیدێکی تری رووناکییە!
دوژمنانی رووناکیی..
نەیارانی گوڵ و کانی و نانی هەژاران
چەقۆکانی تاریکیی و توندڕەوە تیرۆریستەکان
چەند دەمانچەیەکی مێژووی شەلاڵی خوێن و
مەرگی دەمامکدار
لەناو سینەی ڤیەننادا
دەستیان گەیشتە گەردنە بەرزەکانی
قاسملوو فازل و هاوڕێکانیان و
لەژوورێکدا ئەو چرایانەیان کوژاندەوە..
ئەو هەتاوانەیان هەڵوەران.

**بەلاَم ئەی چی لە چراخانی دیرۆکێك ئەکەن؟!**
**چی لەگەردنی شاهۆو پیرەمەگرون و ملیۆنان ئەکەن؟!**
**ئەم چارەنووسی ئازادی و رامالَینی ئەژدەهاکانە**
**لەتەویلَی شاخ و باسکی کەژ و**
**سەرسنگی ئەم نەخشە گولَ گولَییە نووسراوەو**
**تێکەلَ بەزێی سروودو راپەڕینمان بووە..**
**تۆیش ئەی هاوڕێم!**
**ئەی هاوڕێی دوا وتەو دوا کۆڕو**
**دوا هەناسەی "مانگ" ێکی کوژراوی کوردان.**
**ئەی ئەستێرە سوورەکەو**
**ئەی داربەلاَلَووکە ئالَەکەی ناو دلَی "دێلێژە" و**
**ئەی گولَە هێرۆکەی شیعرو یادگارم!..**
**چی لەوە گەورەترە ئاوێتەی خۆشەویستی**
**ئەم کوردستانە بی و**
**چی لەوەیش پیرۆزترە بە مردنێ بمری‌و**
**سەرت لە لووتکەیەکدا بپژێ**
**کە لوتکەی مەشخەلاَن و**
**لوتکەی باران و دوندی هەلَۆکان و**
**جیهانی نەمریی بێ**
**هاوڕێکەم!**

هەولێر
1993/ 7 / 11

## " سەردار"ی بەور
1993

بەژنی ئازادیی هەر لە ئاوێنەی خوێنی شەهیداندا
دەرئەکەوێ و شەوق ئەداتەوە..
مێژووی ئێمە بێ ئەو قوربانییانە
لە درەختێکی بێ گەڵاو لق و پۆپ ئەچێ!.
ئەگەر ئەو هەورانە نەبوونایە
بارانی مزگێنیمان نەئەبینی و
خۆشەویستی و سەربەستی
باوەشیان بە مل کێوەکانماندا نەئەکرد!..
شەهیدان:چارەنووسی خاك دیاریی ئەکەن و
زوڵاڵترین دەنگی حەقن و
لەگوێی رووباروو
لەگوێی دارو بەردوو
لەگوێی پاشەڕۆژیشدا ئەزرنگێنەوە.
هەر شەهید لە "قەڵا" گەورەتروو
لەمنارەی چۆلی بەرزتروو
لە سەفین خۆشەویسترە..

رۆژانێ بوو.. مەرگ شارو شار مەرگ بوو..
رۆژانێ بوو. ئەم هەوارە هەواری مارو مێروو بوو..
هەواری ترس و سێدارە
هەواری جانەوەران و
هەواری خۆڵەمێش و وڵاتی پەپوو بوو.
لەو رۆژانەدا لەنێو بەورە دەگمەنەکانیشدا
بەورێ هەبوو قژ رەش و چاو رەش
مل کەل و گیانی لە پشکۆ گەرمتر
ئەم بەورە ناوی "سەردار " بوو
لە ئاگردانی هەولێردا لەدایك بوو بوو.
لە تاریکستاندا چاوی پشکوتوو بوو.
لەناو زریاندا پێی گرتبوو
لە ئازاردا باڵای کردبوو.
ئەو دەمەی شاخ زەنگی مەترسیی لێدا..
ئەو وەرزەی دارستان ڤیژاندی و
ئەو وەختەی شەقام بوو بە تابووتی هەتاوو
ئەو رۆژەی گوڵاڵە زەرد هەڵگەڕاو
تاڤگە تینووی بوو..
"سەردار" ی بەور لەسەر هەڵەمووتێکی ئەم وڵاتە راوەستابوو
سەرنجی لە مەرگی خۆی و
سەرنجی لە ژیانی ساواکانمان ئەدا.
لەو خەمە بەرزەوە

ئەیرۆانییە پێدەشتەکانی هیوامان و
لە مێژووی بریندارمان وردئەبۆوە.
شۆڕشی نوێ
شۆڕشی قوربانیە نوێیەکان بوو
شۆڕشی دەغڵی سووتاوو دووکەڵی جەستەمان بوو
راچڵەکینی مێژوویەکی تر بوو
هۆرەی زام و
لاوك و حەیرانی قەنارەکانمان و شایی مەرگمان بوو.
سەرداری بەور هەر زوو
خۆی گەیاندە شای ورە و
بوو بە هاودەمی تفەنگ و
هاوڕێی فیشەك و
هاوڕازی تەلان و بەرد بە بەردی
کێوان و بەرایی پێدەشت و
بوو بە خۆشەویستی هەژاران و
دڵداری شەهیدان.
ئەوەی لە هەموومان چاکتر ئەم بەورە ئەناسێ
سەفین و پیرمام و سەری رەش و
شەقام بە شەقام و
کۆڵان بە کۆڵانی گیانی هەولێرە..
ئەوانەی لە هەموومان باشتر ئەم بەورەیان ئەناسی
ترس ولەرزی شەوانی دوژمنان و

چەکمە لەپێیەکانی بەعس و
گورگە کلاۆڕەشەکانی ئەوان بوون.
"سەردار "بەفرێکی کڵپە کردوو بوو.
"سەردار " رووبارێکی ژیان و عاشقێکی
سەوداسەری ئازادیی بوو.
ئەو لە تاریکستانێکدا بوو بەبڵێسە
کە تاریکی خۆی لە خۆی ئەسڵەمیەوە.
ئەو لە بێ هیواییەکدا بوو بە هیوا
کە نائومێدیش خۆی لە خۆی وەڕس بوو.
"سەردار "بەڵێنی تیژڕەوی "با"و
سوێندی بۆ دواوە نەگەڕاوەی چەم و
هاواری گوڵ گرتووی منداڵانی شەهیدانمان بوو.
تیشك بوو خۆی ئەکرد بە شاردا
لە کاتێکدا شار چاو چاو تیا نەبین بوو.
لە کاتێکدا شار تۆڕێکی گەورەی مردن بوو.
زریان بوو خۆی ئەکرد بە شاردا
لە کاتێکدا "قەلاّ " لە ناو چنگی نەهەنگەکاندا
وەك کەوێکی کەسیرە وابوو.
ئەو دڕی بەمردنداو
دڕی بە نائومێدیی داو
دڕی بە ژێردەستی داو
بوو بە مژدەی باران و

مژدەی هەتاوو
لە کازیوەی سنگیەوە
شەبەقی داو رووناکی کردینەوە
"سەردار " ی بەور
ئەیویست لە هەموو هەڵمەتێکدا
لە چنگ نانەچنگی یەکەمدا بێ..
هیچ بەورێکی تر پێش ئەو نەکەوێ و هیچ پڵنگێکی تر
بەر لەو ئامبازی بەعسییان نەبێ..
کام گەرداو تووش بوو ئەو خۆی لێئەدا.
کام رکە دژوار بوو ئەو پیا هەڵئەزنا
کام شەوگار تاریکتر بوو ئەو ئەیکرد بە قەلاّ
لە چەقی ڕێگەو
لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکانداو
لە سیلەی گەڕەکەکاندا
لە ناکاوێکدا وەك برووسکە دەرئەپەڕی و
جەستەی دوژمنانی ئەکرد بە زوخاڵ!.
هەر بۆیەش ئەمڕۆ
"سەردار " ی بەور..بۆتە نەخشی ناودڵ و
کزەی دەروونی هەمووومان.
بۆتە وێنەی هەمیشە لە پێش چاوی
سەر دیواری ژوورەکانمان و
باڵندەیەکی سووری سەر لق و پۆپی

درەختی حەوشەیماڵەکانمان و
ئەسپێکی ئەرخەوانی ناو خەونی منداڵەکانمان.
"سەرداری سەعید سۆفی "
قەڵایە و
"پیرمام "ەو
سەفینەو
لەپێش چاو ون نابێ!

# لانەكان یەك ئەگرنەوە
1993

یەك سەرچاوەو رووبارێك و چەندین جۆگە.
كێوێك و دەربەندێك و چەندین رەوەز.
ئاسمانێك و ئاسۆیەك و چەندین باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ.
زەمینێك و باخچەیەك و چەندین پەرژین..
جۆگەكان ئەڕژێنەوە رووبارەكە
رەوەزەكان دەست ئەدەنەوە دەست دەربەندو
مەلەكان هەریەك ئاسۆ ئەكەنەوە بەهێلانەو
پەرژینەكان خۆیان لائەدەن و ئەچنە ناو باخچەكە..
هەموو گوڵەكان خۆیان
ئەكەنەوە بەیەك چەپك و
ئەچنەوە ناو گوڵدانە گەورەكە..
هەموو زەنگەكان ئەبنەوە بە یەك زەنگ
بۆ یەك سروودی خۆشەویستی
بۆ یەك كاروانی ئازادیی..
هەموو تاوڵە دابڕاوەكان

ئەچنەوە ناو یەك هۆبەی دیموكراتیی
گەروەكانمان ئەبنەوە بە یەك گەروو
بەشمشاڵێك و بەباڵەبانێك و
بۆ ئازادیمان ئەخوێنن..
ئەمە جەژنی.. زامە هەرە قوڵ و هەرە ماندوو
و هەرە سوورەكانی كوردستانە..
ئەمە جەژنی. یەكبوونی ئەو داربەڕوانەیە كە
رەگەكانیان بە پشتی مێژوویەكی بەردەڵاندا چۆتەخوارەوەو..
لەدۆزەخدا سەریان هەڵدا..
ئیمڕۆ جەژنی ئەو ماڵە سەوزەیە؟
ـ كە بەر لە حەڤدە ساڵ و لەتاریكستانی دوای نوشوستی دا
ئەو وەختەی مۆمێك نەبوو
ئەمان ملی خۆیان كرد، بەیەكەم مۆم
ئەو وەختەی تاقە ئەسپێك نەبوو
تاقە سوارێك نەبوو
تاقە دەنگێك نەبوو..
ئەمان ورەیان كرد بە یەكەم ئەسپ و
باوەڕیان كرد بەیەكەم سواری ئاوزەنگی ئەڤین و
دەنگیشیان كرد بەیەكەم زریان.
ئەمە ئاهەنگی ئەو ماڵە خوێناوییەیە.
كە دوابەدوای ئاوی رەشی نوشوستی و
هەڵدێرانی مێژوویەك

یەکەمین چرای خوێنیان هەڵکرد..
یەکەمین سێدارەیان خستە گریان و
لە "قەندیل"ی بەستەڵەك و دیرۆکی سەهۆڵبەنداندا
رسکان و بوون بەیەکەم
ئەستێرەی ناو بەفرو
یەکەم تروسکەی شۆڕشی نوێ.
بوون بەیەکەم چەخماخەی دەستڕێژی
ئەو هەڵۆ سورانەی لە پایتەختی ئەژدیهادا
بۆ یەکەم جار مێردەزمەی ترسی بەعسیانیان
کوشت و بۆ یەکەم جار
گوڵی خوێنی خۆیان دا لە بەرۆکی شارەکانی
سلێمانی و کەرکوك و هەولێرو
زنەی هیوایان لە گیانی وشك بووی
ئەم خەڵکەدا هەڵقولاَنەوەو
بوون بە قیبلەنما.
لە بیرتان بێ، بالاَی بەرزی ئیمڕۆ
بەبالاَی بەرزی دوێنێوە بالاَیەو
ئالاَیەو پاشەڕۆژ.
لە بیرتان بێ زەماوەندی ئەمڕۆ
لەکام دۆزەخی ئازاری دوێنێمانەوە تاوی سەندووە
ئەمە ئاهەنگی ئەو ماڵە سەوزەیە
کە نیوەی کوڕەکانیان ئێستاکە لە گردی شەهیدان و

له سەیوانەکانی سەر تاسەری ئەم خاکەوە..
وەك گوڵەبەڕۆژە روواون، لێرەن و
تەماشامان ئەکەن!
ئەمە ئاهەنگی شەهاب و مامەڕیشەیە
ئاهەنگی علی هەژارو کاردۆ گەلاڵێیە
ئەمە جەژنی یەکگرتنەوەی قەنارەکانمان و
مەتەرێزەکانمان و قەڵەمەکانمان و
یەکگرتنەوەی عارەقی رەنجی بەزەنگوڵ زەنگۆڵی
سالأنی دووکەڵ و سالأنی ئەنفال و
سالأنی گوڵ و خۆڵەمێشمانە
ئەمە زەماوەندی ئەو پێشمەرگانەیە..
کە بۆ یەکەم جار سەردەق شکێن و مەرگ بەزێنی ناو
مەملەکەتی رەشی بەعس بوون.
بۆ یەکەم جار بەدرێژایی چەندین سەدە..
خۆیان کرد بەدڵی کەرکوکداو
بەر لە هەمووان تەوێڵی خانەقین و دووز و
باوەشاسواریان ماچ کردووە، بۆیە ئەمجاریش
شاخی "حەمرین " یان.
بەخوێنی چەندین هەڵۆی وەك حەمە رەش
لە ئازادیی مارەکرد
لەدوای هەموانیشەوە باسی خۆیانکرد!
ئەمە ئاهەنگی ئازاد هەورامی و ئارامە

ئەمە جەژنی ئیبراهیم عەزۆیە..
ئەمە کەرنەڤاڵی هەموو دووا ئاواتەکانی خوێنی شارو
خوێنی شاخیانە..
لەو خوێنەی لە پێشبڕکێی ئازادیدا
لە پێشبڕکێی بەزاندنی سێدارەدا
لە پێشبڕکێی بەزاندنی زیندانەکاندا
لە پێشبڕکێی قەڵەمی نەترس و وشەی راپەڕیودا
سەردەستەی خوێنەکانی تر بوون و
لە ریزی یەکەمی هەڵوەریندا بوون بۆ گەشانەوەی
ئەم رۆژە..
ئەمە ئەو شاییە رەنگینەیە
ئەو مزگێنییە سپییەیە.
ئەو زەماوەندە گەورەیەیە
کە زۆرترین ژمارەی شەهیدانمان دەستیان تیا گرتوەو
لەگەڵماندا هەڵ ئەپەڕن و
لەگەڵماندا گۆرانیی بۆ ئازادی و
دیموکراتی و یەکێتی و تەباییمان ئەڵێن
ئەگەر ئەو زامانە گەشاوەترین زام نەبوون بۆنیان مەکەن!
ئەگەر ئاوێنەکانی دوێنێی قەندیل و دوێنێی کەرکوك و
دوێنێی دابان‌ودوێنێی کەتوو،سەفین و شەقلاوەو سەری رەش
بێگەردترین ئاوێنە نەبوون بیانشکێنن..
لەسەر ئەم شانۆی دیموکراتی یە.

باڵامان باڵای پیرەمەگرونە.
ئێمە پڕ بە دەنگی حەقیقەتی خوێن و حەقیقەتی فیکر و
حەقیقەتی مێژوومان قسە ئەکەین..
ئازادیی مەزنە.
بەڵام بە یەکبوونەوە مەزنترە
کوردستان خۆشەویستە
بەڵام بە یەکێتییەوە خۆشەویسترە..
ئەم رووبارە بە خوڕەو بە هاژەو بە بڕشتەیش
بە تێکەڵاوبوونی ئەو جۆگە روون و پاکانەوە
بە خوڕترو بە هاژە ترو بەبڕشت ترە.
لانەکان یەك ئەگرنەوە..
دیوارەکانی لێك دابڕان هەرەس دێنن.
تفەنگەکان ئەچنەوە یەك مەشجەب و
قەڵەمەکان ئەچنەوە یەك چاپخانە و
چراکان لە یەك رێگەدا کۆئەبنەوەو
پەڵە هەورەکان.. هەورە سپیەکان..
ئەچنەوە ناو یەك ئاسمان و
ئیتر ئەبینە بارانێك.. کە سەرتاپای ئەم وڵاتە
ئەکەین بە گوڵجاڕی خۆشەویستی و تەبایی و
بە نیشتمانی ئاشتی و دیموکراتیی.

* * *

# حەسەن کوێستانی:

# داربەڕووە سوورەکەی باڵەك

1994

ئەمە کۆچی سووری دار بەڕوویەکی بەرکاوی "هەلگورد"بوو؟ یان
دوا سەفەری بروسکەیەکی بە ژەنگو ژاری
دەم بە زەردەخەنەی برینەکانمان؟!
ئەمە ئاوابوونی "مانگ"ێکی ئەرخەوانی،
خەرمانە سەوزی، ئاسمانی خۆڵەمێشیی " باڵەك " بوو؟
یان ئاوابوونی سروودێکی رەنگ زیوینی دەم بە جریوە؟
ئەمە گەردەلوولی کۆستێکی ناوەختی
دەشت و دەری تلە تلێ سووتاوی خوێنی گەرمیان بوو؟
یان زایەڵەی کلووی بەفرو کڕووزەی پەلکە گیاو
یان سۆزی شینێکی گەرمی لە کۆتەڵدا شکۆفە کردووی
گوڵە کوێستان؟!
ئەوە ئەستێرە بوو کوژرا؟!
یان باهۆزی ئەسپێکی یاڵ نارنجیی شۆڕشی نوێمان؟!

ئەوە " مەم "بوو لە پشتەوە پێکرا؟
یان فەرهادو یان سیامەندی عاشقی بەندەن و
دارو دەوەن و ماهی کێوان؟!
ئەوە خوێنی دار ژاڵەبوو ڕژا؟!
یان خوێنی کەڵێکی سیس و کەوەی شاخان؟!
یاخود دڵداری هەژاران؟!
ئەوە دوا هەناسەی کانییەکی کوێستان بوو؟
دوا هەناسەی دار هەنارێکی " گەلاڵە "؟!
یان ئاویلکەی گوڵە شەست پەڕێکی حاجی هۆمەران؟!
شاخێك شەهید کرا؟!
یان ئالأیەك؟!
چ کسپەیەك لە هەناوی بەردەوە هەستا!
چ چڕە دووکەڵێ لە دەروونی زۆزانو پژوپۆی باخانەوە بەرزبۆوەو
چ تەمتومانێ مەملەکەتی خەمی،بەفر بە سەری،ئێمەی داگرت؟!
لە نێوان مەرگی مێژوویەكو لەدایکبوونەوەی مێژوویەکی تردا
" حەسەن کوێستانی " باران بوو
لە نێوان شەوێکی ئەموستەچاوو کازیوەی بەربەیانێکی نوێدا
" حەسەن کوێستانی " هەتاو بوو
بەدرێژایی ئازاری ڕەوەندی نۆزدە ساڵەی دوای تاریکستانی هەرەس،
حەسەن کوێستانی، چرای تاوڵ و گوڵ خەندەرانی
شۆڕش و چریکەی هۆبەهۆی ڕاپەڕین و
مەشخەڵێکی لرفە کردووی ناو لێرەواری تێکۆشان بوو

بە قولایی نائومێدیی سەردەمێکی ئەژنۆ شکاویش،
حەسەن کوێستانی:
ستوونی پرشنگ و رەوەزی ورەو حیلەی هەستانەوەو
بانگی سەر هەڵەمووتی خۆرستان بوو
بە درێژایی نۆزدە ساڵی سەنگەرو نۆزدە ساڵی قەڵەم و
نۆزدە ساڵی رێ پێوانی ناو وڵاتی کوردایەتی،
ناو وڵاتی هەق پەرستی و ناونیشتمانی ئازادیی،
حەسەن کوێستانی لە کوێ نەبوو؟!
لە کزەبای کوێستاندا ـ بۆن و بەرامەی گوڵجاڕی هەڵاڵەو
لە گۆڕەی گەرمییانو بەرایی پێدەشت دا ـ چاوی تیژی هەڵۆو
مامزی سووری داستان بوو!
"حەسەن کوێستانی "مزگێنی هەموو شوێنێ بوو
لە بنەبانی کوردستاندا.
لە کوێرە دێیەکی تەریك و لە کوختێکی پەنا زاخۆدا ـ ئەو:
کەڵە پشکۆی ئاگردان و "لاس "ی دڵداری
ناو مەلحەمەی شۆڕش و لاوکی دەمادەمی بەربەیان بوو،
لە پێدەشتەکانی گەرمەسێریشداو
تا لای "حەمرین" ئەو شەقژنی بازی ئاواتو سەمەلی گوڵە گەنمو
لە بیابانو قاقڕیشدا ئەو مێرگی بە بریقو باقی هیوامان بوو!
حەسەن کوێستانی وەك خۆرەتاو لەکوێ نەبوو؟!
حەسەن کوێستانی وەك هەوا لە کوێ نەبوو؟!
لە کام وڵاتی پەنگرو خۆڵەمێشدا لە کام چیای هەڵمەت و

لەکام نێرینەی ترس و بیمداو لەکام هەزار بەهەزاری مەترسیدا،
ئەو، لەوێ نەبوو؟!
حەسەن کوێستانی لە کام نیگای گزنگ و
چاوی پاشەڕۆژدا نەبوو؟!
لە کام هاژەو لە کام وژەو
لە کام سرووودی ژیاندا نەبوو؟!
لە بیلبیلەی هەژاراندا تروسکەبوو
لە ماڵیاندا گوڵی ناوتاق و
لە کێڵگەیاندا زەردەخەنەی دەغڵ و
لە مەزرایاندا و شۆراب و دارچنار و
لە دەفتەری منداڵاندا گوڵەبەڕۆژەی حەرف و
لە دەستی زبری ڕەنجدەران و جوتیاراندا داسی دروێنەو
بە قژی ژنانیشەوە گوڵە بەیبوون بوو
لەهەر شوێنێ، لەهەر مەڵبەندێ، لەهەر دۆزەخێکدا،
کوردستانی دایك مووی تەنگانەی بۆ هەڵکڕوزاندبێ،
حەسەن کوێستانی:
کوڕی ئاگری کوڕی شاخی کوڕی ئازادییش لەوێ بووە!
لە مارتی شوومی 1975 دا
ئەو دەمەی بەهار گریاو گوڵیان کوێر کرد
ئەو دەمەی چەکیان سەربەرەو خوار هەڵواسی و
مەچەکیان لە سێدارەی بەغدا دا
ئەو دەمەی فوویان لە هەموو مۆمەکان کردوو

لەگۆڕستانی شەوەزەنگدا ناشتیانن!
ئەو دەمەی دارستان دەستگیرکراو دەوروتەسلیمی
شاخ بە شاخ کرا!
ئالەو مەرگەساتانەدا،
لەو مێژووە چاو چاو تیانەبینەدا،
حەسەن کوێستانی: وەك زریانێ سواری تاشەبەردی
کێوان بووەوەو ئازاری زین کردەوەو ئاوزەنگی تەقین
بە ملەو هەڵەت و چەقەنە بەردی ئەم وڵاتەدا کەوتەوە
غارو پەنجەکانی خۆی لەناو تاریکستاندا هەڵکردەوەو
شوێن ئازادیی کەوتەوە،بوو بە مانگ و
دڕی بە ڕەشترین گەواڵە هەوری نوشوستی داو
لەو بەرزەوە بۆ کورد درەوشایەوە،
لەو ئاستەیشدا،کە بەر لە چل ڕۆژ پیاوکوژانی مانگی
سەوز، پیاوکوژانی حەسەن کوێستانی،دڕکە زیەکانی بێگانە،
تەوری تاوانکاران و بای زەردی وەیشوومەی لەودیو حاجی
هۆمەرانەوە هەڵیکردو وـ هاتن و چاوی ئەم
گزنگەیان هەڵکۆڵی و بەژنی ئەم دارسێوەیان بڕیەوەو
گوڵەباخی ئەم ئەستێرە سوورەیان هەڵوەران!
هەر لەو ئاستەداو لەو ملەیەداو لەو پێچەدا بەر لەنۆزدە ساڵ،
حەسەن کوێستانی،بەوری دوای هەرەس،
تۆوی شۆڕشی نوێی وەشاندەوەو
چرای ڕاپەڕینی داگیرساندەوەو

مزگێنی: دیسانەوە بەرەنگار بوونەوەو دیسانەوە هەستانەوەو
دیسانەوە تا مردن بە پێوە وەستانی دایەوە بە هەلگوردو
لەسەر سەکری سەکران و مامەڕووتەوە بانگی هەق و
خۆشەویستی خاك و ئەم گەلە خوێن لەبەر چۆڕاوەی بەگوێی
دیرۆکی شەهیداندا دایەوە
خوێن هات و خوێن رۆیشت و
مەتەرێز لە دوای مەتەرێز
باهۆز لە دوای باهۆز هەڵیانکردوو
دووکەڵ بەدوای دووکەڵدا
سوار گلاو سوار هەستایەوەو
سوار رایکردوو. ورە تۆقی و
گەورە شاخ کەوتە سەر چۆك و
گەورە تفەنگ خانەکانی خۆی بەتاڵ کردەوەو
شەهیدانیان پەلکێشی هەندەران کردوو
ئازایەتیی ناونیشانی خۆی سڕیەوە و
چووە کونجی ترسەوە و بەدەم هەناسەی ساردەوە
خەرمانی یادگاری بە با ئەکرد؟!
ئا لەو قات و قڕیی ژیانەدا بوو
لەو وەرزە زڕەدا بوو
کە لەش و گیانی حەسەن کوێستانی بووبوون بە بژوێنی
بە گیاو گۆڵی سەوز و سووری بیری لە شەونم پاراوتری
عەشقی پیرۆزی، کوردستانیی

بووبوون بە گوڵاوی مژدە
بووبوون بە گۆرانیی و بە کانیی
هەر لەو وڵاتی مردن و مەرگەدا بوو، کە باسکی حەسەن
کوێستانی بووبوو بە مەشخەڵ و سەری بە تانجیکە گوڵ و
قاچەکانی بە دوو جۆگەو چاوانی بە قیبلەنماو
قەڵەمیشی بە گوڵەگەنمی گەرمییانی،
ئیتر بەژنی ئەو و بەژنی داربەڕوو بەژنێ بوون
ئیتر رەنگی ئەو و رەنگی دارگێلاس رەنگێ بوون
ئیتر دەنگی ئەو و دەنگی راستیی دەنگێ بوون
ئیتر حەسەن کوێستانی و کوردستانیش
وەك بای وەشت و خاکی تینوو تێکەڵ بوون
ژیانی ئەم دار بەڕووە سوورە
ژیانی ئەم مانگە سەوزە
ژیانی ئەم عاشقی ئاو و گڵە
ژیانی پوورە هەنگ بوو
ژیانی درەختی تینوو
ژیانی هەتاوی زامدار.
تەمەنی خاچ و عومری باڕێزەی هەبوو.
سەربووردەی لەرزەی بوومەلەرزە بوو.
حیکایەتی ئەو حیکایەتی کوڕی بەفرو کوڕی رەشەبا و
رێی نەهات بوو
حەسەن کوێستانی ـ خۆی بۆ خۆی داستان بوو

بە هەق: خۆشەویستی سەرتاسەری ئەم نەخشەیە و
خۆشەویستی هەژاران و هیوای گەشی ناو دڵان بوو
سەرەتا: منداڵێکی رەنگ پەڕیوی بنسان و باریکەلە
وەك كۆترە شینکەی کێوان
لە جۆلانەی نائارامیدا هەژاری رای ژەنی
بەسەر سەریەوە هەلگورد و بەچوار دەوریشدا پەلکەڕەنگینەو
شیعری رەنگاو رەنگ جریوەیان بوو
لە کەروێشك بزێو تر
لانەی ئەو وشەبوو.
هەر زۆر زوو ئەوینی دارو ئەوینی بەردو ئەوینی هەژاران
گیانیان کرد بە نواڵەی خۆشەویستیی
بۆ شۆڕش سەریشیان کرد بە ئاسمان.
سەرەتا:ئەستێرکێکی مەکس بوو لە خەمی کوردا و
لە ژووری خوێندن و پۆلی دەرسەوە عاشقی ئازادی بوو
ئینجا بوو بە کەو و بەرامبەر گوڵی خوێن خوێندی
بوو بە سمۆرەو بەداری ئازادی خۆیدا هەڵزنا
بوو بە هەنگ و چووە ناو شانەی کارەوە
وردەوردە خەم بالأی کرد.
وردە وردە ناسۆر گەشایەوەو
هەتاکو بوو بە سروودی دەم کوێستان
یەکەمین ماڵی سپی ئەو ماڵەکەی کۆمەڵەبوو.
یەکەمین جێژوان و قۆزاخەی ئاوریشمی باوەڕی

ناو پەل وپۆی درەختەکەی کۆمەڵە بوو.
لەدواییدا_ هەڵۆی سوور پەڕوباڵی دەرکردوو جێ نزرگە شەقژنی ئەو
ئەمجارەیان ئاسمانەکەی " ی.ن.ك"بوو
حەسەن کوێستانی لەیەك کاتدا
دڵی کۆترو چاوی هەڵۆو شنەباو زریانی
تێدا کۆبووبووەوە، لەیەك کاتدا
بەفرو ئاگرو
گوڵ و گوللە بوو.
تیشکی قەڵەم و دەشتی گوڵاڵە و
_ زەردەی لوتکەبوو.
ئەم دڵدارە قژ رەشەمان
" پ.م" ێکی سەرکردەبوو.
ساکار ساکار وەکوو بەفراوی کوێستان و
سادە سادە وەکوو خۆڵی سەر گۆڕستانی شەهیدان!
وەکو ئاوی بەر هەتاویش دەم بە خەندە
ئەی هاوڕێ! ئەی کوێستانی!
تۆ وەك سروودی مەشخەڵان
وەگو کەرکووك
وەك سێبەری باڵای بەرزی شەهیدان و
شاخی گۆیژەی سلێمانی _ لە گەڵمانی _
لە کۆڕماندا چراو تابلۆی
لە ڕێبازی "ی.ن.ك" داو لە چاوماندا

گوڵ و ئاسۆی

ئەی هاوڕێ!

لە پەڵە خوێنی ڕژاوتا ئەستێرەی سوور

سەر دەردێنێ

مێژوو هەڵدێو

پرشنگ ئەڕوێ!

ئەی هاوڕێ!

# قوڕە سووری زمان و
# گۆزەی شیعر!
1998

بەهەنگاوی چۆلەکەیەك، لەسەر بەفری نوابارِیوی 1997/1/9،
چەند دێڕێ جریوەو جووکەی شین باوو
چەند بەیتێ فرمێسکی قافیەدارو، چەند نۆتەیەکی پرووشەو،
چەند هەناسە
پەخشانێکی "سەرچنار "م نووسیی!
بە قەڵەمبازی مامزێ
پێدەشتی شیعرم تەیکردوو
لەسەر کانی و ئاوی زمانێکی لەچاوی قرژانگ رونتر،
دەمم نا بە پلووسکی رەوانبێژییەوەو
سینەم بوو بەمێرگی ئۆخژن.
لە پەڕەپەڕەی چاوی گوڵە بەرِۆژەیەکی "قەرەداخ"
هەزار وردە ئاوێنەی بەردەمی بەردو، هەزار بالیفە گەڵای،
ژێر سەری شەونمم دروستکرد!

لەتاڵەقژی پەریەکانی"فەرهەنگی خەم"یش جۆلانەم بۆ دیلانێی
پەپولە هەڵخست و
رەشماڵێك بۆ كزەباو
پۆپەشمینێ بۆ ئاوی راكشاو
چەپکە تەمێکیشم دایە دەست درەختی چاوەڕوان!
ئەو شەوە، من لێرە خەونی چیایەکی وێڵ بووم
چرنووکی کۆچ ئەیرِنیمەوەو
بارێزەیەکی سەرگەردانیش ئەیدام بەدەم
کەفەژیلکەی بەندەرە نادیارەکانەوە.
ئەو شەوە، من دەستی، لەرزۆکی نامۆیی بووم
پەرداخێکی وردوخاشی "سەعات"و
قاپی شەرابی کوژراو و
کورسیەکی شەل و
کەمانچەیەکی لاڵ بووم.
من ئەو شەوە،هەنگە زەردەیەکی، پوورەی خاپوور بووم
لە شیلەی زمانەکەی خۆمدا ئەخنکام!

★ ★ ★

بە شەقاوی مانگەشەوێك
لەسەر بەفری نوباریوی 1997/1/9
خەرمانەیەك زایەڵەم نووسی و
بەرلەوەی کازیوە چاوی بگڵۆفێ
خەرمانەکەم هەڵگرتو کردمە ملی "فەرهەنگی خەم "

به هەڵبەزەو دابەزەی دەنکە تەرزە
شیعرێکی ناتەواوی ئەو فەرهەنگەم تەواو کرد
بەهەڵچوون و داچوونی شەپۆلێکی ئەو دیوانە
گەمیەی عەشقم خستە سەما
من سەمای "وەجد" و
من سەمای دووکەڵ و
من سەمای گریان و
من سەمای "حەلاج"ەکەی "شێخ" بووم
لەو شەوەدا

★ ★ ★

هەواری خۆڵەمێش و سوتماك لە مەملەکەتی شیعردا
مەستە بەبۆنی بادەی "فەرهەنگی خەمی" تۆ،
ئەی پیری ئەویندارانو
چراوگی دەس سەرخۆشانی کۆڕی سەمەندەرو قەقنەسی یاران!
بەلای ئێمەدا بادەوە، خاڵییە
گۆشەی پڕ لە نووری خەڵوەتگەی مەولانەو، خاڵییە
ژووری قوڵ قوڵەی پێکەنینەکەت..
چما لەو سەفەرە ئەفسوناوییە نەگەڕایتەوە؟!
ئەی بارانی رەوەندو ئەی دار هەرمێ گوڵ سپیەکەی قەرەداخ؟!
چما لەو تەمەنەدا
وەك پرشنگێکی گیر خواردوو مایتەوە؟!نەگەڕایتەوە؟!چما؟!
ئەوە تۆ نەبووی ئاگرمان سارد بکەیتەوە ئەوە تۆ نەبووی

چاوەڕوانیمان بکەی بە پووش و پەڵاشی وێرانەیەك و بە
چاوەڕوانی مەلێکی جووت کوژراو!.. چ زوو..؟ لە کوێوە بووی
بەهۆن هۆنی ئەسرینەکانی چەمی دێوانەو؟ یان بە پەنجەرەیەکی
"خۆرنشینی"قۆپی و چ زوو!مەیلی گڵو مەیلی تراویلکەو مەیلی
"کەژاڵ" هەڵێگرتی بۆ سارای ئەبەدیو لەکوێوە
چوویتەوە ناو دڵۆپە باران؟!
بە یاڵی کەم "بادی خۆش مروور "خۆت هەڵواسی و
گەیشتیە تاراوگەکەی "ناڵی"؟!کام "شەمعی شەوی " مەحوی
لەبەردەمتەوە ئەڕۆیشت و تۆیش پەروانەکەی جاویدان؟!

⋆ ⋆ ⋆

زمانی کوردی: لە گەرووتا،شمشاڵەکەی "وەلی"بوو
زمانی کوردی:لەبەردەستتا، ئەو قوڕە سوورە موبارەکە بوو،
کە گۆزەی بە لەنجەو لاری شیعرت لێ دروست ئەکرد
زمانی کوردی "دەربەند باسەڕە"و تۆیش باڵی بەرینی
قەڵەمێکی لە شینەشاهۆ چووی دەڤەری خەوبینین بووی.
تۆ!بە تاقە گیاکەڵەیەکی ناو مێرگی شیعر ئارامت
لەبەرئەبڕاو هەزار جار ئەم دیوو ئەو دیوو بە مەلۆتکەیەکی
تازە زاوی ناو باوەشی خەیاڵت ئەکرد
ئەوەندەت بەسە
گوڵدانێکی شیعرت لەسەر بانیژەی هەتاو دانابێ
ئەوەندەت بەسە
دڵی زمانی کوردییت خۆش کردبێ

ئەوەندەت بەسە
"نالی"یەك ماچی نێوچەوانی كردبێ
ئەوەندەت بەسە
شاخی زەردیش لەم كۆچەدا
یەك دڵۆپ فرمێسكی بۆ رشتبێ!

★ ★ ★

لە خانەخانەی یادگار لێنیشتووی ساڵاندا، ،
هەموجارێ ئەو ئەلبوومی هەور رێژانە دەرئەهێنم
كە دڵۆپ دڵۆپ شیعریان لێ ئەتكێ و
كە خەیاڵیان تیا ئەپشكوێ و
كە رەنگیان تیا ئەڕوێ و
كە پەپوولەیان تیا ئەنوێ
بەشیعر چاوی خەیاڵ ئەڕێژم و
لە رەنگەكانی بیرەوەریشدا
پەپووله بە "با"ئەدەم و
بیرت ئەكەم!
براكەم!لای هەندێ كەونەبێ، ،
كە ئەزانن..چۆن بۆچپای عەشق ئەخوێنن؟
كە ئەزانن..بە قاسپە بەفر بنووسنەوە
لای هەندێ كرمی ئاوریشم نەبێ
كە ئەزانن..چۆن قۆزاخە بچنن و
كە ئەزانن.. چۆن درەخت بلاوێننەوە

لای هەندێ ماسی نەبێ
کە ئەزانن گەرا لە کام قوڵاییدا ئەخەن و
ئاوزەنگی ئاو چۆن دروست ئەکەن و
چۆن لە گێژەن ئەپەڕنەوە..
وەلێ ئیتر..لە پاشاگەردانی وڵاتی شیعردا
ئێستە "زمانی کوردی "لە بەڕووی بێ کڵاو
لە گوندی راگوێزراوو
لە هەتیووی کزی بەر بەرۆچکە و
لە چۆلەکەی کەسیرەو
لەو نیشانە بەسەزمانە ئەچێ
رۆژی هەزار تیری نەزانی تێ ئەگیرێ!

* * *

سلێمانی لەبیرێتی:
لەسەردەمێکدا وشەمان ئەکرد بە مۆم و
شەوانە لە دەفری کریستاڵی بەفردا دامان ئەگیرسان!
لەو دەمەدا: هەموو کورسیەکانی عاشقانی شیعر
لەم شارەدا، چل کورسی بوون و لەباخچە لاکێشەکەی
" یەکێتی نووسەران "دا ریزمان ئەکردن و هەندێ جار
نیوەیان لە ددانی کەڵ ئەچوون چۆڵ و بە میوانی
نوکتەکانی خۆمان پڕمان ئەکردنەوە!
تۆ لەو دەمەدا لە خوڕەی ئاوێکی تیژ ئەچووی
قاقاکانت ئەوەندە گەرم و لەرزێنەر بوون

له بنجەوە چیرۆکە باریکەکانی
"شاکر فەتاح "ت دائەچڵەکان!
کالانەی فرمێسك تێزاویشت لە قوولّی مشتتا بوو
چاوت لە پەلکە گیای ئاونگاویی ئەچوو
دیمەنی کڕوزانەوەی گوڵە گەنمی، گریانی بەردێ
روخساری پەڕیوی دەروەزەکەرێ، چۆلەکەیەکی عاسی و
باڵەفڕێی سکاڵایەك بەس بوون بۆئەوەی
کسپە لە جەرگی شیعرت هەستێنن.
ئۆباڵ بە گەردنی شیعرم
"رق" نە باریکی و نە ئەستووری
لەناو دارەڕاکانی بنمیچی ژوورەکەی دڵی تۆدا نەبوو.
ئۆباڵ بە گەردنی شیعرم
لە سەرینی ژێر سەری شەوانەتا
نە" تۆڵە" ی لە بندا بوو نە "ئێرەیی "و نە پەڕی"بوغز "
ئەوەی لێت نەئەزانی دوو شت بوون
بازرگانی و سیاسەت
ئەوەی کە لێشت ئەزانی هەردوو شت بوون!
شیعر و ئەوین!
تۆ لە شەستەکانی تەمەندا boوویت و
بەلاّم دڵی منداڵێکی دوانزە ساڵانە لە سنگتا بوو
وەك ئەوەی دارتووییەکی شەست دەست و پەل
گوڵە مێخەکێك دڵی بێت!

وەك ئەوەی "بەرانێك "كۆترێك دڵی بێت و
وەك ئەوەی "مامەیارە "بچوكترین قوربانی
ئەم وڵاتە..دڵی بێت!
لەبیرمە!
یەكەمین هەرەسی شاخە بەفری لەشی تۆ
لە گرمەو ناڵەی كۆچەكەی "كەژاڵ" و لە برووسكەی
ئەرخەوانی خوێنی ئەوەوە...دەستی كرد بە داڕمان!
بەرلەوەی ئەو "مانگ"ە ئاوابێ!
بەرلەوەی ئەو گۆرانییە خڵتانی بێدەنگی بێت
بەرلەوەی ئەو ملوانكەی تریفەیە پچڕێتەوە
بەرلەوەی ئەو شووشەی خۆرەتاوە وردو خاش بێ
تۆ هاژەی نێو گەلیی جەستەیەك بوویت
گاڵتەت بە تۆڕی مەرگ و وشك بوون ئەكرد.
گاڵتەت بەقلێپبوونەوەی كەشتی عومرو
گاڵتەت بەكوژانەوەی چراوگی بەر رەشەبا ئەكرد
تۆ ئەو دەمە حیلەی تاشەبەرد بووی
پێكەنینت بەخلۆر بوونەوەی ساڵ ئەهات
پێكەنینت بەو دزەی مردنە ئەهات
كە بەچوار مشقی یان بە راكشانەوە
زەفەرت پێ بەرێ!

* * *

حەزت بەسەرو فەساڵی چەقۆكەش "رەخنەی كوردی "نەئەكرد

ئەتوت: ئەوانە قاچاخچی وشەن!
دارچنارێك بوویت و کەچی لە ژماردندا ئەیانپەڕاندی
کلاّو رۆژنەی شیعرە جوانەکانتیان
بە پارچە مقەبا دائەپۆشی.
پێم ئەوتی هێشتا ئەو رەخنەیە
لە دیرۆکی تۆڵەی دوورودرێژی "قامیشی و دڕەیی"ئەچێ
ئەم رەخنەیە پیاوێکی کەتەیەو
جامانەکەی هی خۆمانەو
چاویلکەکەی هی خۆمانەو
زوبانەکەشی هەر هی خۆمانە
بەلاّم ئەم پیاوە ئەوەی هی خۆی نییە
سەرێتی و
چاوێتی و
گەروویەتی!
تۆ بەچکە کەروێشکی ناو لانەی سینەت
هەندێ جار بە قونەقون پێشت ئەکەون و
ئەیبردی و ئەیکردی بەداوەوە!!
ئەوەی راستی بێ تۆ هەرگوڵە کێویلەکەی "سێوسینان "بووی
بۆیە لە باخچەی ریای شاردا
گوڵە دەمامك و
گوڵە ژەهراویەکانت
بە وردی لە یەکتر جوێ نەئەکردەوە

تۆ خۆت نێچیری
پاکێتی خۆت بویت!

★ ★ ★

پرسیبووت: چۆنم؟!
من کفنی جەستەی شەوی خۆمم
دوو ئاوانەکەی "نالّی و حاجی"یش رژاوەتە ناو منەوە
لەتاو داهۆڵە پیاو
هالأو..لە غەریبیشم هەڵئەستێ..هالأو
داهۆڵە پیاو
نیشتمانیان کرد بە کاغەزی قومار
نیشتمانیان کرد بە پەشتەماڵ
نیشتمانیان کرد بە ئەسپی رایز
نیشتمانیان بە خۆڕایی و بە جلی خۆیەوە
جارێك پێشکەشی "حەجاج"کردو
بە بێوەژنیش جارێکی دی دایانەوە
مستەفا کەمال!
نیشتمانیان فۆتۆکۆپی کردۆتەوە
بۆ ئەوەی لە بازگەکانی گومرگدا
لە باتی جارێك چەند جارێك پارەیان بۆ بکات
هالأو..لەغەریبیم هەڵئەستێ..هالأو!

★ ★ ★

قەرەداخ ژوانی لەگەڵ هەزاران گوڵ ئەستێرەدابووە.

بەلاّم هەر چەند. گولّ ئەستێرەیەکی لەیاد ماوە
سەرچنار ماچی نێو هەزاران چناری کردووە
بەلاّم چەند ماچێکی لەیاد ماوە
کوانوەکان هەزاران هەزار حیکایەتیان گوێ لێ بووە
بەلاّم هەر چەند حیکایەتێکیان لەیاد ماوە
ڕێزە بە ڕێزە شەستە بارانەکەی کۆچ و کۆچ ڕەوی
بەهاری 1991 یش
گوێی لە چەندین هۆ بەهۆ
زایەڵەی شیعر بوو
بەلاّم هەرچەند شیعرێکی لەیاد ماوەو
یەکێکیان هەناسە سوتاوەکەی تۆ بوو!

★ ★ ★

من ئەمشەو زەنگێکی پڵپڵەداری شین
ئەکەمە ملی ئاسکە بەفرینەکەی شیعرو
بە شەقامەکانی تەنیاییدا..ئەیگێڕم
من ئەمشەو بەهەنگاوی مۆمێکی کەڵەگەت
لەسەر بەژنی زرافی زەریا چامەیەکی سەرخۆش ئەنووسم
بە هەناوی فرمێسك لەسەر هەنیەی گەلاّ
ترووسکەیەك ئەنووسم
من ئەمشەو بە هەناوی جوانویەك. مێرگێك ئەنووسم
بە هەناوی برینێك..ڤیژەی یاقووتێك و
بە قامکی شەماڵ..فەرهەنگی خەم ئەنووسم

لێم گەڕێن!ئێوە ناچن..من خۆم ئەچم
لە سەرەڕێی هاوارو زایەڵەکاندا ئەوەستم
بۆئەوەی بزانم چما ئەو لاوکەی ئێمە نەهاتەوە؟!
لێم گەڕێن!ئێوە ناچن من خۆم ئەچم
یەخەی گەواڵە هەورەکان ئەگرم
لە ئەستێرە کاروانچیەکان..سۆراخ ئەکەم
ئاخۆ لەبەرچی ئەو چرا بەفرەی ئێمە نەهاتەوە؟!
ئەو سترانە بۆ کەوتە درەنگان؟!
لێیان ئەپرسم: ئەم خەمە پەرەوازەیە
لە "کەلیخان"گیری خواردووەو بەفر رێی نادا بێتەوە؟!
یان هەر خۆی خەمێکی خوێن ساردەو
ئەیەوێ بە کاووخۆ بەپێی پەپولان بێتەوە؟!
لێیان ئەپرسم: ئەو سۆزەی "مەحوی "
لە رەوەزەکانی "بەمۆدا"عاسیی بووە؟!
بروسکەی "حەلاج"فڕاندوێتی؟!
پەریی ئاو..بردوێتی
لە "ئیشراقدا "تواوەتەوە؟!
یان لەوبەر سیروانەوە بۆشەوێك
لایحەزرەتی "مەولەوی " ماوەتەوە؟!
ئێوە ناچن من خۆم ئەچم و
لە "زەڵم" ئەپرسم: لەوانەیە لە خوڕەی لووزەو دابێ
لە "شەم" ئەپرسم: لەوانەیە لە خۆرنشینی قژیا بێ

له "وەلی" ئەپرسم: لەوانەیە چوبێتە ناو شمشاڵەکەیەوە.

له "کوڕە کاژاو" ئەپرسم:کێ ناڵێ نەبووە بە کلاۆکوڕەیەکی ئەو؟!

من ئەمشەو بە هەنگاوی چۆلەکەیەك

لەسەر بەفری نوابارێوی 1988

بە هەنگاوی نەورەسێك لەسەر دەفتەری سەهۆڵ و

بەهەنگاوی قەڵەمێکی سەرگەردان.

لەسەر جەستەی ترافیەو تاراوگە ئەنووسم:

ماڵئاوا.. حەسیب قەرەداخی!

## "مارف ئاغایی"

## شیعری کشاو و بارانێکی جوانەمەرگ!

1998

ئەو ناسین و بەیەك گەیشتنە..تراویلکەی خەونێ بوو
لە هاوینێکی شوومدا؟!یان چارەنووسێکی تاروماری
لە تەوێڵ نوسراوی شیعری پەڕاگەندەم؟!
کامیان بوو..کۆستی بارانێکی جوانەمەرگ؟!
یان کۆچی بێ وادەی گۆرانییەکی گوڵ بەدەم؟!
یەکەم بینین و دوا بینین و ئیتر سارای سەر بە تەمتوومانی
مەرگ و..بێدەنگییەکی ئەبەدیی!
ئەو رێکەوتە چەمووشانە چین بە پڕتاو دێن و
هیواکانی نێو باوەشمان ئەفڕێنن و لە ناکاوێکدا
لەهەزار بە هەزارێکی تاریکییەوە تلۆریان ئەکەنەوە؟!
ئەی چ کسپەیەك لەو کسپانە ئاگراویی ترە
کەلە ساتەوەختێکی هەرگیز چاوەڕوان نەکراودا
چزەی تا سەر ئێسقان سووتێنەر لە ژیانت هەڵئەسێنن؟!
من مەبەستم لە چزەیەکە بیر نەچێتەوە.

مەبەستم لە زامێکە سارێژ نەبێتەوە.
مەبەستم لە گڵێکە مەیل بڕ نەبێت.
مەبەستم لە گینگڵی رۆحە و لە چوڕچوڕەی
خوێنی چاوەکانی خۆشەویستی!
خۆزیا ئەو پەڵە هەورەم هەر نەبینایە.
تەوقەم لەگەڵ ئەو هەتاوەدا نەکردایەو
خۆزیا لە نزیکەوە ئەو شەماڵە دەم بە زەردەخەنەیەم
نەناسیایەو..پیاسەم لەگەڵ ئەو ئەستێرەیەدا نەکردایەو
ئەو قەسیدەیەم ماچ نەکردایە!
پێشتر دووراودوور جریوەی وشەیم ئەبینی.
پێشتر دووراودوورگوێم لە هەناسەکانی ئەبوو.
پێشتر دووراودوور بۆنی رەنگەکانیم ئەکرد.
بەڵام ئاخر ئەوە لەکوێ وئەوەی لە کوێ ئەستێرە خۆی
دەست بخاتەسەر شانتو ئاواز خۆی شیعرت بۆ بخوێنێتەوەو
گوڵیش خۆی گاڵتەو گەپت لەگەڵدا بکات و هەتاو خۆی
بتدوێنێ و لەیەك ژووریشدا لەگەڵ تریفە خۆیدا دابنیشی و
لەسەر یەك مێزیش رووبەڕوو لەگەڵ گوڵە بەرۆژەیەکدا
گفتوگۆ بکەیت!
ئەوە لە کوێ..درەختێ نامەت بۆ بنووسێ و
ئەوەی لە کوێ..درەختەکە خۆی بێت بەپیرتەوەو
باوەش بە ملتا بکات و ماچت بکات و
لە بۆن و بەرامەی ئەوینی خۆیت پێ ببەخشێ؟!

ئەوە لەکوێ باسی تیتروواسکی عاشقی گوێ زرێبارت بۆ بکەن و
ئەوە لە کوێ تیتروواسکەکە خۆی ببینی و
سەرت بخەیتە نێو پەڕو باڵیەوە و لە باڵەفرێدا
بە پرژەی تنۆکە زیوینەکانی ئەو تەڕببی.
ئەوە لە کوێ "سروە " لە ورمێ بێ و
ئەوەیش لە کوێ سروەت بۆ بێننە "تاران " و
لە قرچەی پایتەختا پەپوولەبارانت بکاو
وشەی فێنکت بەسەردا ببارێنێ!
چەند رۆژێ بوو کەچی ئەتوت:
چەند ساڵێکە چاومان یەکتری ئەناسێ و کەچی ئەتوت
زۆر دەمێکە لق و چڵمان ئاوێزانی یەکتری بوون و
چەند رۆژێ بوو کەچی وامان ئەزانی لەدەڤەری خۆشەویستیدا
لە ئاوێتەبوونی ئاوی گیاندا بووین بە دوو ئاوانێ!
تۆ لە "ورمێ" وە هاتبووی
لە دەریاچەوە بۆنی گوڵ ئەستێرەی ئاوی و
لە باکوورەوە بۆنی رێحانە ڕەشەی کاکۆڵی ژنە شوکاکی و
بۆنی بەستێنی سۆزێکی تەڕوبڕت
لەگەڵ خۆتدا هێنابوو.
منیش لە "پیرەمەگرون" ەوە لەگەڵ خۆمدا
مانگەشەوی شیعری "گۆران "و
کوڕژنی سروودەکانی "بێکەس" و
لە خۆرئاواوە رەنگی گریان و زایەڵەی

ژنانی گەرمیانم بۆ هێنابووی.
من تاڵە قژێکی ریشی " نالی" م دایە دەستت و
تۆیش ئاخێکی هەڵقرچاوی سینەی "وەفایی" بۆ شیرین.
تۆ چریکەی "سەید علی ئەسغەر"ت
کردبوو بە شەدەی سەرت و
منیش ئەڵڵاوەیسیەکەی "عەلی مەردان "م
کردبوو بە چاوگی گڕەو لە دەنگما بۆم هێنابووی!
خۆزیا لە نزیکەوە ئەو کۆترەم نەناسیایە.
خۆزیا لە نزیکەوە ئەودارچوالەیەم نەبینیایە.
لەبەفر ئەچوو..لەوەختی پێکەنیندا.
لە پەپوولە ئەچوو..لەوەختی پەیڤیندا.
لە سروە ئەچوو..لەوەختی رێکردندا.
لە "کانی عاشقان " ئەچوو لەوەختی دڵتەنگیدا.
لە کڵپەیەکی نارنجیش ئەچوو لەوەختی سووتاندا.
خۆزیا لە نزیکەوەئەو وشە ئێسك سووکەم نەئەبینی.
خۆزیا لە نزیکەوە ئەوخەونە سپیەم نەئەناسی.
لەو چەند رۆژە کەسکەدا
بیابان و قاقڕی دابڕانی سەدانساڵمان
کرد بە بژوێن و لێرەوار و خۆمان لە گۆمەکانیان هەڵکێشا
لەو چەند رۆژە شینەدا
هەموو وشە دەربەدەرەکانمان یەکە یەکە بەسەرکردەوە.
لەبنی قوڵی یادگارەوە مرواری خەونمان دەرهێناو

کردمان بە رشتەی گەردنی هۆنراوە.
بڕیار بوو..لە کەناری وەرزێکی تردا بەیەکتر بگەینەوە.
بڕیار بوو..لەهەمان ئاوێنەی خۆشەویستیدا یەکتر ببینینەوە.
بڕیار بوو..ئەمجارە دوورتر بفڕین.
بەلاّم مەرگ ئەو وەرزەی داڕنی
ئاوێنەکەی کرد بە دوو کەرتەوە لەتێکیانی دا بە گلّ و
ئەویتری بە ژووری نامۆیی مندا هەلّواسی!
بەلاّم مەرگ..ئاسمانی کرد بە گۆڕستان و
مانگەشەویش هەلّوەری!
خۆزیا ئەو دەریاچە مەنگەم هەر نەبینیایە.
خۆزیا ئەو پەڕە سێلکەی موکریانەم هەر نەناسیایە.
بەلاّم خۆزیای ئێمە هەمووجار لە بەرەبەیاندا ئەمرێت!
بەلاّم خەونی ئێمە هەموو جار لە گەشانەوەدا ئەسووتێت!
ئەی ئەستێرە کشاوەکە!
تۆ کەوتیتە دلّمەوە. ئێستە دلّم چراخانی گریانە.
ئەی بارانە جوانەمەرگەکە!
تۆ بارانی پەلّەی ژانێکی نوێم بوویت و
ئێستە وەرزم وەرزی کسپە و دابڕانە.
خۆزیا..خۆزیا..خۆزیا..
ئەو شەپۆلە چاو ڕەشەم هەر نەبینیایەو
ئەو گولّی دار هەرمێیەم هەر نەناسیایەو
ئەو سەفەرە شوومەم هەر نەکردایە!

# حەفتاو دوو

# قەڵبەزەی کوژراو!

1998

ئەمشەو دوای نوستنی ئێوارە لە دەراڵی تاریکیدا.
دوای نوستنی پێدەشت لەپێخەفی پووشوی پایزێکی ماندوودا.
دوای نوستنی "ئاسۆس"و کێوە رەش لە قوولاێی
دیرۆکێکی سەر بەتارای لە گوڵی هەنار چووی،ئەم دەڤەرەدا.
بەتەنیا ئەچمە دەرێ بۆ ئەوەی حەفتاودوو،
چرای شیعر داگیرسێنم و هەر چرایەك ئەکەم
بە لقی برینێکەوەو لەژێر هەر لقێکیشدا
سوورەتێك لە ئەوینی خاك و
سروودێك لە باران و پشکۆی تێکەڵ و
پەخشانێك لە جریوەو دووکەڵی تێکەڵ و
عەشق و قوربانی بۆ داروبەرد ئەخوێنمەوە!.
ئەمشەو دوای نوستنی هەمووتان
بەتەنیا ئەچمە دەرێ و حەفتاو دوو کۆتری سەربالْ سووری،
چاو لە کووژەکە چووی، لەناو رۆحما هەڵ کورماو

بەرەڵڵا ئەکەم، دوای ئەوەی چەند تووڵێ
لە قەفەزەی ئەم سنگەیان بۆ ئەترازێنم
تا بەرز بەرز بسووتێن و بەدەم گمەگمی
زایەڵەیەکی شەقژن گڕتێبەربووی یارانەوە.
خۆیان بکەن، بە حەفتاو دوو کونەخەونی ئەو کێوانەدا
خۆیان بکەن، بە حەفتاو دوو ماڵی ئازادیدا.
خۆیان بکەن، بە هێلانەی لانکەی حەفتاو دوو
زارۆڵەی تازە زاوی ئەم مەڵبەندەداو بۆئەوەی
لەسەر شانی حەفتاو دوو گۆرانیمان بنیشنەوە.
حەفتاو دووجاریش بە دەوری مەشخەڵانەکەی جەستەی
ئەم وڵاتە ڕاپەڕیوەدا..بسووڕێنەوە.
بەدەوری شیعرا خول بخۆن.
بەدەوری خەما خول بخۆن.
بیکەن بە زەماوەندی هەڵاڵە..
با سنگ بدەن لە زیوی رژاوی مانگە شەوی رانییە
دەنووك بدەن لە شووشەی رەشی دڵی بێوەژنان و
لامليش هەڵسوون لە چڵی وەریوی لاملی دایکان و
لەو سەریش کە هاتنەوە لەگەڵ خۆیاندا
حەفتاو دوو قەسیدەی زەیتوونیم بۆ بهێننەوە!.
ئەمشەو بە تەنیا چون کەوێکی سەرهەڵگرتوو
ئەچمە دەرێ بۆ ئەوەی لەبەرایی رۆناکیەکی
حەفتاو دوو چوکڵەییدا

لەسەر شانۆی هەورێکی نزمی ئەرخەوانیی
لەبەردەم گوڵە باخی مایکرۆفۆنێکی سوور سووردا
کە حەفتاو دوو پەپوولەی قرمزیی تێی ئاڵابن
لەبەرچاوی حەفتاو دوو قوربانیی خۆرنشین
لەبەردەم حەفتاو دوو کەڵەکێویی بڵێسە پۆشدا
حەفتاو دوو شیعری گڕگرتوو ئەخوێنمەوە
حەفتاو دوو گوڵدانی پڕ لە پڕشنگیان لەسەردا قلْپ ئەکەمەوە
حەفتاو دوو جاریش لەگەڵ حەفتاو دوو سنەوبەردا
بۆیان ئەنووشتێینەوە
بە حەفتاو دوو زاری ئەم لوتکانەیش
ماچیان ئەکەین!.

★ ★ ★

ریزیان بەستووە..چراوگەکان رێ ئەکەن و ریزیان بەستووە
جۆگەلە نارنجیەکان، ئەستێرە کەسکەکان ریزیان بەستوەو
وا هەموویان بەناو گیانی ئێمەدا رەت ئەبن.
ئەم قافڵەی عەشقە،ئەم رێچکەی کازیوانەو
ئەم کاروانی برووسکانە
هەریەکەو گوڵە هەتاوێکیان داوە لە بەرۆکی خۆیان
هەریەکەو وێنەی ماڵێکی رانییەو کۆلانێکی قەلادزێ و
مێرگێکی بێتواتەیان کردۆتە ملیان.
وا هەموویان بەناو رۆحی ئێمەدا رەت ئەبن.
زریان ناوەکانیان لەسەر تاشەبەرد هەڵئەکەنێ و

باران باوەشیان پیا ئەکاو
کەژەکان بۆیان ئەبن بە کەژاوەو
دەریاچەکان ئاویان بە پیرەوە ئەبەن و
منداڵانیش بەسەروملی ئەم حەفتاو دوو تیشکەدا
هەڵئەزنێن و یاری لەگەڵ دەست و پەنجەی ئەفسووناویی
ئەواندا ئەکەن و هەموویشیان بەناو رۆحی ئێمەدا رەت ئەبن!

* * *

خۆ هەر ئێمە یادی ئەم شەپۆلە کوژراوانە ناکەینەوە.
لەگەڵ ئێمەدا کەنارەکانی زێ و تاڤگەکانیش یادیان ئەکەنەوە.
خۆ هەر ئێمە یادی ئەم حیلەو کوڕژنە جوانەمەرگانە ناکەینەوە
لەگەڵ ئێمەدا ئەسپی بەردو جوانووی
کزەباکانیش یادیان ئەکەنەوە.
خۆ هەر ئێمە یادگاریان ناگرینە چوارچێوەی رۆژەکانمان
لەگەڵ ئێمەدا تیشکیش ئەیانگرێتە دوارۆژو
لەگەڵ ئێمەدا عاشقانیش ئەیانکەن بە جریوەی خەونەکانیان
ژنان ئەیانکەن بە رستەبازنی دەست و
منداڵان ئەیانکەن بەتۆوی هەورو
جوتیاران ئەیانکەن بە تۆوی گەنم و
خوێندکاران ئەیانکەن بە قەڵەمی رەنگاورەنگ و
هونەرمەندان ئەیانکەن بە قەڵبەزەی رەنگ و
شاعیرانیش بە رێژنەی وشە!

* * *

ئەمشەو بەتەنیا ئەچمە دەرێ و وەختێ هەموو شتێ بنوێ
هەر خۆم و حەفتاو دوو هەناسەی کوێستانی هەڵقرچاوم.
هەر خۆم و حەفتاو دوو گڕەی گەرمیانی ئۆقرە لێبڕاوم.
من هەر ئەمشەو لە ئاسۆی ئەم زامانەدا
بەگڕە رستەم ئەکەم بە هەڵم و ئەبمە هاڵاو
بەهەناسە ساردەکانیش ئەبمە کلووی بەفرێکی کڕو مات و
ئەوسا بەسەر حەفتاودوو کڵپەی گوڵەبەڕۆژەی چیرۆکێکداو
بەسەر حەفتاو دوو شانۆی گوڵە جۆداو
بەسەر حەفتاو دوو تابلۆی پێشانگایەکی کۆچەردا
ئەبارێم و لەناو مێژوویەکی سپیدا
منی شاعیر
وەك پەپوولەو وەك نێرگز و گوڵە پەموو
وەکوو چاوی ساواکانی ئەم دەڤەرە
بۆ خۆم ئەنووم!.

* * *

ئێوە بڕۆنەوە بۆ نێو ژوورەکانی خۆتان!
چاو ببڕنەوە یادگارو ئێوارە تەماویەکان
حەفتاو دوو گەواڵە هەوریش بکەن بە سەرین تا ئەنوون.
من ئەمشەو بەتەنیا لەم ناوچە سیحراویەدا
ئەبمە باڕێزەو تەلان تەلان ئەسووڕێمەوە.
ئەبمە پەپوولە پایزەو فرمێسك فرمێسك ئەسووڕێمەوە.
ئەبمە چریکەو گەروو گەروو ئەسووڕێمەوە

من ئەمەوێ ئەمشەو بەتەنیا

سەر لە لانەی حەفتاودوو مامزی بەفرینی ئەم پێدەشتە بدەم.

سەر لە هەواری حەفتاو دوو بازی یاقوتینی ئەم چیایانە

بدەم و ئێوە بڕۆنەوە بۆ نێو ژوورەکانی خۆتان!.

من ئەمەوێ ئەمشەو لەبەر چراکانی خوێنی

ئەم حەفتاو دوو هەڵۆیەدا، شیعرێك بنووسم

لە حەفتاو دوو لاوە شەوقبداتەوە

حەفتاو دوو دێڕبێ‌و حەفتاو دوو لق‌و پۆپی سترانی لێ بووبێتەوە.

حەفتاو دوو جووتە چاوی کەسکی پێوەبێ

شیعرێك چون بەژنی ئەوان و حەیرانی ئەوان بیرنەچێتەوە

لە ئاسۆسدا ببێ بە تاوێرە بەردوو

لە کێوەڕەشدا ببێ بە بەرگێلەو

لە دەربەندا ببێ بە نەخشی سوورو

لەناو خەڵکا ببێ بە نان و، بە ئاوێنەی ئەوین و

دوور نزیك ببریسکێتەوە.

من ئەمشەو لەم گۆڕستانە روناکەدا

گوێ لە حەفتاو دوو شمشاڵی شەهید ئەگرم.

لە دواییشدا بۆ سبەی شەو

ئەگەڕێمەوە ناوتان و بەدرێژیی وەکو سیروان

بەدرێژیی وەکو ئەنفال

هاژە بە هاژەی زامیان و

تنۆك تنۆکی چاویان و

لەرە لەرەی هەناسەیان..ئەگێڕمەوە.
ئێوە بڕۆنەوە ماڵێ و لەگەڵ پایز
سەرکەن بەدڵی یەکتردا
منیش ئەچم بۆلای یارانی راپەڕین و
بۆلای عاشقانی بەردو
نیشتمانی شیعرەکانم!.

# ئەو پیاوەی بووبە تاڤگەیەکی تری "زەڵم"!

1998

لە وەیشوومە چەمووش و چڕو پڕەکانی ساڵانی بێ و ڵەت و
ئافاتی بە ژاروژەنگ و تارو ماری سەر دیجلەو فوراتدا،
لە مێژووی بە چەپۆکانی خوێندا،
لەژێر ئاسمانێکی بە تەڵزمی ئاسنیندا،
وەختێ "با" ئەبوو بە چەقۆ
بە دەمە تەورو، گەواڵە هەور، بە دڕندەو تەم و مژ
بە تابووت و دڵۆپە باران بە کەڵەپشکۆ،
بە درێژایی لاواندنەوەی سەر بەرەو خواری ئاوو
سنگ کوتانی کەنارە قوڕاوییەکانی کۆست
هەر لە مانگی کوژراوی بەدەمدا کەوتووی ناو بەفری کێوانەوە
تا ریزە گۆڕیچەی مەشحوفەکانی ناو ئەهواری خڵتانی ترس‌وبیم..
تا شەپۆلە قژ ڕنراوەکانی دوو ئاوانی حەپەساوی قوڕنە...
بە درێژایی هەنیسکی چەقەنەبردوو..

پڕمە پڕمی گابەردی سەر هەورازو،
زریکە درەخت و
پێدەشتی زراوچووی هەڵتۆقیو بە هەوری گردۆڵکە...
بە درێژایی کڕووزانەوەی نان
بە درێژایی هەناسە بڕکێی کلۆڵی و
بە درێژایی تاوان
لە گرمۆڵەبوونی شەوی کەسیرەی ئێرەوە
تا ئازارە گرنج گرنجەکانی دارخورمای بەسرە
تا ئەو کەنداوی غوربەتەی کە شیعری "سەیاب"
تیا ئەبوو بە بەلەمی چارۆکەداری حەسرەتێکی سپیی و
تیا ئەبوو بە ئاوازی رۆحی رەوان...
لە تووناو توونی ئەو سامی دۆزەخ و
لە نێرینەی ئەو گەرداوە نەفرەتیانەدا
دەگمەن بوون ئەو گەردنانەی لە بێشەی قەمەداو
دەگمەن بوون ئەو دەست و پەنجانەی لەشارە نێزەی بەعسداو
لەبەر دەم دۆڵپای پایتەختدا..
نەبنە خاکەسەرێکی پەشموردەو وەکو لقی شکاو کەچ نەبن و
نەچنە سەر خوانی سوڵتان...
دەگمەن بوو قەڵەمی دەم بە هەورە تریشقەو
دەگمەن کتێبی کەڵ مل و شەوی رەفزو
کەم بوون و نەوازەبوون:خەمی گڕدار!
لەنێو ئەو هۆبەهۆی حیلانەدا، لە چنگاونی

کینەو ئەویندا، حیلەیەك هەبوو،

گڤەو وژەی وەك نەیزەکێکی سوور

پاردەکانی بێدەنگیی ئەسمی و ترسی کوناودەر ئەکردو

ئەبوو بە ئەسپێکی باڵدار.

لە نێو ئەو شەوە یاخیانەدا

شەوێك هەبوو، شەوی ماناو، شەوی قەڵاو

شەوی زاوزێی شاخ و رووبار

"هادی العلوی"هاژەی دەنگی لە دیجلەوە هێناو

سووربوونی باوەڕی لە کەللەو سنگی تاشە بەردەکانەوەو

خۆشەویستی وشەیشی لە نانی چاو بە فرمێسکی هەژارانەوە

خواست و ئازایەتیشی لە پێکەنینی سێدارەکانەوە،

پاکێتی لە دڵی نەورەسەوەو

بەژنی ورەیشی لە دارخورما چاو قایمەکانەوە هێنا...

کە ئەینووسیی دەفتەرەکانی فوراتی لەبەردەمدا ئەکرایەوە

دڵی منداڵی بۆ ئەبوو بە قەڵەمدان و ئازادیش ئەبوو

بە گوڵدانی سەر مێزی:

ئەو بە نووکی حەقیقەت و

بە تیرێژی روناکیە خوێناویەکان ئەینووسی.

قوڵە قوڵ ئەوینی بەغدای تیا هەڵئەقوڵیو...

تڵە تڵ لە ئاگرە هەرە دوورەکانی کولتووری دنیادا

پژوپۆی ئەهاویشت هەتا بن شوورەکانی چین توێژ بە توێژی

زمان و دیرۆك و پەندی هەڵئەکۆڵی.

ئەی ناسۆر لەوەختی فڕینداو!
ئەی ئاوارەیی لە وەرزی بەخشیندا
تۆ بەرهەیوانی عەقڵێکی پڕ لە هەتاو بوویت، پۆل پۆل
هەمووباڵندەکانی کەلەپوور لەدوور دوورەوە
لە زەمانی پێغەمبەرانەوە ئەهاتن و روویان تێ ئەکردیت و..
تۆ ئەستێرەیەکی گەڕیدەی مرۆڤایەتی بوویت و
کۆڵە پشتت پڕی بوو لە ئاوێنەکانی ئازاری ئێمەو
پڕی بوو لە مرواریەکانی ئەسرینی ئێمەو
پڕی بوو لە هەناسەی رەنگاڵەمان.
تۆ بەردەوام گردی نەهێنی نەخشەیەکی بەرینت هەڵئەکەندو
هەموو جارێ گەوهەرێکی شەو چراغت ئەدۆزیەوە،
هەموو جارێ لەتونێلی ژێر چیای بیرێکەوە سەرت دەرئەهێناو
چراوگێکی تازەت ئەگرت بەدەستەوە.
تۆ قامکی ئەو هەقە بوویت ئەچوویت بەچاوی بکوژانی روناکیدا.
زوڵم لەهەر مەملەکەتێکدا بوایە تۆ لەوێ ئەبوویت
تا بچیتەوە بە گژیاو یەخەی تیژی شمشێرەکان بگریت،
برسێتی لەکوێ بووایە
لەهەر هەرێمێکی سیس بوون و هەڵوەریندا بوایە
تۆ لەوێ ئەبوویت
تا چەوسانەوە ڤاو بدەیت و گوڵە گەنم ماچ بکەیت و
بە بەژنی سبەینێدا هەڵزنی
لەیەك وەختا تۆ لە ژانەکانی کوردستاندا

تۆوی کازیوه بووی ئەڕسکایت و
هەر هەمان کاتیش لە دەمە برینێکی خواروی ئەفریقادا
چرۆت ئەکردو گوڵت ئەگرت و باڵات ئەکرد.
تۆ لەسەری قولەڕەشێکدا ئەبووی بە برووسکەو
هەمان کاتیش لەبیابانی پێست زەردەکاندا لێزمە بوویتو داتئەکرد!
تۆ بەشەو پەنجەکانت هەڵئەفڕین
بۆ ئەوەی لەدەوری سەری گیڤارایەك
زەماوەند بکەن و ببن بە ریزە مۆمی داگیرساو و
بە رۆژیش بەدوای توحفەیەکی زماندا
گمەیان ئەهات و تا هیندستان باڵیان ئەگرت!
بۆ یەکەم جارو دواجاریش
لە بینینی بەورشەو پرشەی بەیەك گەیشتنێکی
پڕ لە سەوسەن و وەنەوشەی قسەتا...
پڕ لە چەخماخەی سووربای قسەتا...
لە سەرەتای سووتانی غوربەتی منداو بەر لە 11ساڵ
لە گۆشەیەکی تەریکدا و لەسەر مێزێکی دووکەسی،
تایبەت بەدوو مەراقی هاوڕێو دوو هەڵقرچانی هاودەم،
لە گازینۆی هاڤانای شامدا،ئاوێنەبەند بە شیعرو
بە باڵای شپرزەی شاعیران:یەکمان ناسیی
کە دانیشتین ئەودیومان باران و ئەمدیومان ساماڵی تابلۆ بوو
من هێشتا سەرو قژم بۆنی پوونگەی گوێ
جۆگەلەکانی بەرگەلۆی لێ ئەهاتو

هێشتا له چاوم دا دووره ئاگری سەر
لوتکەی پێشمەرگەی تیا ئەبریسکایەوەو
هێشتا گوێم زرِنگەی پاوانەکانی پێی ژنه رەوەندو
زرنگەی زەنگی ملی بەرخۆله سپیو سۆڵه عەجولەکانی ناوبژوێنی
بەگیاو گوڵی تیا ئەزرنگایەوەو
هێشتا شیعرم هەر دوکەلاۆیی بوو،
هێشتا قسەم هەر خوێنی منداڵانی
دۆڵی جافایەتی گرتبووی کە یەکمان ناسیی!
تۆ لەو وەرزەدا
له تۆمارێکی ئەسمەری باریکەلەی سەر تاقی ئارشیف و
بەچاکەته خەت خەتیەکەی بەرتەوە،
له پڵنگێکی لاوازی بزۆز ئەچوویت.
له کونه بچووکەکانی هەردوو چاوتەوە.
به دەیان باڵه تیشکی تیژ ئەهاتنه دەرێ و
لەبەردەمما یادگارو خەونیان ئەچنی.
له دەمتەوە،هەوری مانا دائەباری و
له جولانەوەی هەردوو دەستتا،نائومێدیی گەڵاکان ئەوەریی.
منیش لەو وەرزی دابرِانەداو
لەو دەمەدا،له تازه نەونەمامێکی هەڵکەنراو ئەچووم،
لەشیعرێکی هێلانه لێ شێواو و لەماسی نێو تۆرِێك و
لەخەندەیەکی تەپ و تۆزاوی و له دڵۆپه فرمێسکێکی وێڵ و
له پەرِی گوڵەبەرِۆژەیەکی بابردوو ئەچووم،

بەلاَم تۆ دەمێك بوو لە گەلْ گێژەنەكانی ئاوارەییدا ئەخولایتەوە،
دەمێك بوو بوو بووی بە قاوەی كوتراوی بنی تەنیایی و
دەمێك بوو گژەبای مەنفا پەڕەپەڕە هەڵیئەدایتەوەو
زەمانێ بوو دیجلە خەوی پێوە ئەبینیت و
زەمانێ بوو كۆترەكانی فایەق حەسەن و
نەصبی ئازادیی جەواد سەلیم بیریان ئەكردی!
وتت:ئەم ئێوارەیە بە دوو قۆلێی
ئەچینە لای ئەو پیاوەی مامی شیعرتە
ئەچینە لای جەواهیری.
دەمەو عەسرێكی بڕۆنزیی
لەلێواری شەقامێكی بۆنخۆشدا یەكمان گرتەوەو بووین بەسیان
تۆو باران و من...
ئیتر هەرسێكمان ورد ورد ڕێمان ئەكردو
بەدەم ڕێوە شام بریسك و هوڕی ئاوێنە
ڕەنگینەكانی لەشی خۆی ئەدا لە چاومان،
ژنی جوانی شام، فریشتە سپیەكانیش،
بۆ منی هێشتا لە جوانووی كێوی چوو،
لە سیحرە تازەكانی خەون بوون و لە زنەی شیعروژیان.
بەدەم ڕێوە تۆ پەرۆشی دوا هەواڵی بازەكانی ناو بەفرو
پەرۆشی دەنگو باسی دوا دلۆپە خوێنی سەر گەلاَ وەریوەكانو
پەرۆشی دەنگ و باسیی ڕووبارە كوژراوەكانی ناو دەربەندو
پەرۆشی هەواڵی ئاوێنە شكاوەكانی هەتاو بووی.

منیش لە یەك كاتدا گوێم لە هەردووكتان ئەگرت
لە شیعرە هێواشەكانی باران و لە لرفەو كڵپەكڵپی
ئاگری جەستەی تۆ...
لە دەرگای پیرە شینە شاهۆی شاعیرمان داو
چووینە ماڵی دوا كوڕی موتەنەبی و
چووینە ناو دوا ئیقاعی دەنگی موتەنەبییەوەو
دوا رستەی ستوونیی ئەومان كرد
بەقووللەی خۆمان.
ئیتر لەگەڵ سەرێكدا كە كوردستانی لەسەر نوسرابوو.
تا ئێوارێ بووین بە گوڵ و بە رێحانەی دەوری
ئەو و حیكایەتی ئاگردانی تاقە ژوورێ.
ئێمە تەنیا بووین،
هەر خۆمان و كۆستەكانمان و خوایەكی بێ باك.
ئێمە بێكەس بووین
هەرخۆمان و قوربانیەكانمان و رۆژهەڵاتێكی بێباك
ئێمە دەشتێكی شین هەڵگەڕاوی پرسەداری چۆڵو هۆڵ بووین
هەر خۆمان و هەڵەبجەیەكی خنكاو و جیهانێكی بێباك.
كاتێ تۆ لە دووررا چون گەرداوێكی زەریای سپی ناوەڕاست
هەستایتە سەرپێیان و هەردوو دەستی زمانی عەرەبی خۆت
پڕكرد لە هەورە تریشقەی بەرائەتێكی دۆزەخین و
گرتتە دەموچاوی نەفرەتینی مێژووی خۆت،
گرتتە تاوانی ڕەگەزەكەت و

گرتته تەخت و بەختی دەسەلأتی ژەهراوی و
گرتته جەنگەڵی تاوان!
هەڵەبجەو هادی
هەڵەبجەو بەرائەتێکی بوومەلەرزە ئاسا
ئەو دوو ناوەن بە جووت...
وەك جووتە سروودێ
جووتە پلوسکێ
جووتە کارێزێ
ئەڕژێنە ئەستێرکە بچوکەکانی
گیانی مندالأنی ئێمەوە.
ئەی "بەرائەتەکەی "
پڕ لە رەهێڵەی پاکژی و
پڕ لە بەرقی بوێری و
سەرڕێژ لە نوری ئازادی و
لێوان لێو لە حاشاکردنی حەقیقەت لە دەمامك و
یاخی بوو لە شوورەی باوك سالاریی
یاخی بوو لەزمانی لمینی پادشاهانەی نیمچە دوورگەی عەرەبو
یاخیی بوو لە هەموو شمشێرو رم بەدەستانێ
ئەی ئەو پیاوەی گەردەلوولێکت لە چەند دێرێکدا هەڵکردوو
باهۆزێکت لە چەند وشەیەکدا بەرپا کردوو
تۆفانێکت لەپەڕە کاغەزێکدا هەستان و
لەسەر منداڵەکانی من،

لەسەر پەپوولەکانی من،
بەر لەعنەتی دنیای نەوت و هەمووی کەوتی!
هەڵەبجە تۆی خۆش ئەویٚ
چونکە لە ئاویلکەی دار هەنارەکانیا بەر لە دنیا
تۆ چوویتە ژوورسەری و
سوورەتی بەرائەتەکەت کردە گەردنی گوڵەکانی و
هێشوویەك پەیڤی دڵدانەوەی عاشقانەت
بۆ کرد بە چل چرای کۆتەڵی کۆستەکانی
وا ئێمەیش من لێرەوە، لە تەنیشت باخە خۆڵەمێشییەکانی
هەڵەبجەوە،لە تەنیشت گۆڕستانی ئەو ستران و ئەستێرانەوە
کە بەجلی خۆیانەوە، بەجلی ئاوازەوە، بە جلی جریوەوە نێژران،
لە سێبەری نسرمی چلەیەکدا کە چل رۆژە هەتاوی لیٚ نادات و
چل رۆژە وەك کتێبێکی نەکراوەو چون پەپوولەی
وشکەوەبووی ئەلبومی یادگاری تێم ئەڕوانن.
من ئەمڕۆ لەم
چلەیەدا ئەتکەم بە حەرفێکی بزوێنی تازەی زمانەکەم و
ئەتخەمە گیانی ئەو وشانەوە کەماناو فۆرمی نویٚ بتەقێننەوە.
ئەتخەمە ناو ئەو شیعرانەوە کە رووبەڕووبوونەوەیان
لەگەڵ جەلادەکانی جوانیو راستیدا وەك رووبەڕووبوونەوەی
چراوگ و تاریکی و چریکەو بیٚ دەنگیی وەهان.
من ئەمڕۆ لەم پەخشانە شیعرەدا تۆ ئەکەم بە مێرگی هەتاو و
خۆشەویستی زارۆڵەکانی وڵاتەکەشم بە کانیاو

لەم زەمینانەدا تۆ ئەکەم بە گڵۆپ و دەنگم بە نامە
لەم شەقامی وێرانەدا تۆ ئەکەم بە سوورە چنارو
خەم بە شمشاڵ و عەتف بە ئاگرو سووتانم بە سەما
ئەی ئەو پیاوەی بووی بە تاڤگەیەکی تری سەرچاوەی زەڵمم!
تۆ لەو تاقانە دارخورمایانەیت
کە ئەتوانێ بەبێ پرس بێیتەماڵەوەو لەدەرگای
ژوورم نەدەیتو گیانم بپشکنیو
جلی شیعرەکانیشم لەبەربکەیتو
دەم بنێی بە ئاوی رۆحیشمەوە!
لە دەرەوەی ماڵەکەیمنیش!
وا هەنووکە داربەڕووەکان لەسەر کلاوەکانی خۆیان
ناوی "هادیالعلوی" ئەنەخشێنن و
لە قرچە قرچی غوربەتیشدا لوتکە دەست ئەباو
پڕ بەهەردوو مشتی بەردینی وردە بەفری رنوکانت تێ ئەگرێو
شاعیران بە ئاوی تریفە شیعرت بۆ ئەنووسن و
کەوەکانمان قاسپەقاسپی بەهاری خۆیانت پێشکەش ئەکەن و
مەولەوی لە پەپوولەکانی ناو ریشی خۆیت بۆ ئەکا بە دیاریی و
گۆرانیش بە خۆی و پەلکە رەنگینەیەکی گردی گولاَنەوە
دێت بەپیرتەوە.
بڕوانە ئەم وەفا کەسکەی ولاَتی عاشقان
بڕوانە! لەسەر یاڵە پشت کووڕەکانەوە
وا سنەوبەرەکان بانگت ئەکەن!

منداڵەکانمان لەپۆلی خوێندندا هەڵۆێستەکانت رەسم ئەکەن..
غەریبیت رەنگ ئەکەن! ژنەکانمان
شامۆروی ملوانکەکانیان ناو ئەنێن
"هادی العلوی"
هەژارانی کوردستان بە رەنگی زەردیان
لەسەر رەنی گوێ رووبارەکان ئەنووسن
"هادی العلوی"
کانی عاشقان بە ئاوەڕۆی حەسرەتی خۆی ئەنووسێ
هادی العلوی... هەر کاتێکیش باڵندەکانمان بگەنە شام
دوای خول خواردنیان بەدەوری گومەزەکەی رۆحی مەولانەدا
چینەی ئەوینیان ئەبەنە سەر خۆڵی مەزارەکەت و
جریوەو جووکەیان بە کێلەکانتا هەڵئەواسن..هادی العلوی
منیش بۆ خۆم کە ئێستە رۆیشتمەوە
هێدی هێدی بە گڕی شیعرێ روناکبیری و ئازایەتیت
بەسەر یەکدا ئەتوێنمەوە و پەیکەری پچکۆلانەی
لێ دروست ئەکەم...بچکۆلانە هەر ئەوەندەی
لە گوێچکەلەیەکی دڵما جێی بێتەوە
لەوێدا دای ئەنێم، مامۆستام هادی العلوی!

# ئەستێرەیەکی هەشت نهۆم!

1999

من وشەی لە پەروانە چووی بەردەوام خول خواردووی
بەدەوری تاڵە تیشکی ڕسکاو لە مێرگی لاپەڕەدا،
منی پەلکە گیای دەم بە شنەی
خوێندنەوەی تەڕو پاراو لە دەشتی لاپەڕەدا،
ئەمە یەکەم جارم نییە گوڵەبەڕۆژەی سەرم
لە کێڵگە زیوینەکانی پڕ لە بریق و باقی دەنگ و ڕەنگ و
پڕ لە گۆمی مانای "کوردستانی نوێ "هەڵبکێشم و
لە دوایشدا دڵۆپ دڵۆپ خۆشەویستی و
تکە تکە بیرەوەریم لێ بچۆڕێتەوە،
ئەمە یەکەم جارم نییە، ماچم بکەم بەپەپوولەی باخی لاپەڕەکانی و
چاوانم بکەم بە دوو چراوگی دیاریی دەست و
یەکێکیان لەسەر ڕەفەی هەواڵەکانی لاپەڕەی یەك دابنێم و
ئەوی تریشیان بە باڵای زراف و قژی ڕەشی
دوالاپەڕەدا هەڵواسم.
ئەم جۆگە کەسکە هێشتا لە سکی شاخدا بوو

من گوێم لە پووکە پووکی ژانی بوو.
ئەم جوانووی خۆزگەیە هێشتا نەزابوو
کە "ڕێبازی نوێ" لە دۆڵی جافەتیداو
لە گەرووی بەرگەڵوودا ئەیحیلاند و
ئێمەیش لەسەر ڕەوەزەکانەوە
گوڵی ژاڵەی نووسەری کوردستان مان تێ ئەگرت و
لە قەرە چوغەوە بۆ بەرایی دەشتی شارەزوور
زنجیرەچرای کتێب و ئاونگاوی شیعرو
چریکەی چیرۆکمان بە ئاسۆدا هەڵئەواسی.
ئەم هەورە هێشتا ئەیگرمان
کە ئێمە لە ئاوەژێو سیروانەوە
گۆپاڵە باران و لێزمەمان ئەبینی و
ئەچووینە بەر تاڤگەی خەونەکانی.
لەو دەمەدا...ئێمە لە نێوانی هەموو دوو تاشەبەردێکدا
وشەیەکمان ئەڕواند.
ئێمە لە سەهۆڵبەندانی دەربەندەکەی بەرگەڵوودا
بەگەرمایی خوێنی چاپخانە، زمانی کوردیمان گەرم ئەکردەوە.
ئێمە لە سیاساڵی نەهاتیی و هەژارییەکی وەك داسك و دەرزیدا
کە پارووی ناو دەممان ئەکرۆزایەوەو
چون سەرو ملی کەوێکی برسیی بەحاڵ نووزەی لێوە ئەهات..
لەو دەمەیشدا..دەستی ڕاستمان تفەنگێك و
دەستی چەپیشمان ڕۆژنامەی گرتبوو.

ئێمە بەگەورەیی فێری خوێندنەوەی رۆژنامەکانی ژیان نەبووین.
ئێمە بەگەورەیی و هەر لە وەرزی تێرو تەسەلیداو
لەسەر قەنەفەوە فێری دڵداری کردن نەبووین
لەگەڵ مەرەکەب و چاپخانەو گۆڤارو
لەگەڵ قەڵەم و کاغەزو وشەدا..لەبن دەوارەکانی نەبوونیدا..
ئێمە نانێکمان لەگەڵ وشەدا ئەکرد بە دوو کەرتەوە
خوێنەری ئێمە لە پێشدا هەر بەفری قەندیل بوو
خوێنەری ئێمە لە پێشدا هەر خوێنی شەهیدو
خوێنەری ئێمە لە پێشدا هەر چاوی دووکەڵاویی
گوڵەکانی بەر قوتیلکە بوو.
ئێمە لە ئەنفالدا جارێك پیرەمەگروون و جارێ سەفین
ئەبوون بە رۆژنامەمان و
جارێکی تر دەشتی گەرمیان گۆڤارمان بوو.
دەراڵی شاخ منداڵدانی رۆژنامەی ئێمەو
برسێتی لانکەی حەرفی ئێمەو
کۆڵە پشتی رەزاڵ رەزاڵی ئەوسای "پ.م"ەکانیش
جۆلانەی شیعری ئێمە بوون.
ئێمە لەو شەوانەوە هاتووین و
گەیشتووینەتە چل چراکەی کوردستانی نوێ.
من یەکەم جارم نییە لەم گوڵجاڕی یادەدا
بۆن و بەرامەی ئەوین بێ بەسەرماو
ئاوێزانی ئەم ئەستێرە هەشت نهۆمە ببم.

له یەکەم لقی ئەم دارهەنارەوە
من قۆزاخەکەی کرمی ئاوریشمی پەلکی ئەو بووم.
له یەکەم باڵه فڕێتەوە. ئەی باڵندەکەی له شاردا سەرجووقاو
شیعری من هێلانەو له یەکەم پەنجەرەتەوە تۆ قوببەو
من هیلاله نەحیفەکەی نالی بووم.
له یەکەم تەوقەوە پەنجەکانم فڕین و
لەسەر پەرچەمت نیشتنەوە.
هێشتا یەك ساڵان بووی، تازه پێ ڕەوکه بووبووی
کەچی هۆنراوەیەکی تەمەنی سیو پێنج ساڵەم هات بەپیرتەوە.
تۆ بۆیه خۆشەویستی
چونکه یەك ڕۆژ له ژیانتا نەبووی بەئاوێنەی
بەردەمی دیکتاتۆرو دوژمنان!
بەڵام ئەی ڕۆژنامەی له ئازار زاوی حەوت ساڵەمان!
ئەی ئەو پۆستی نیگایانەی هەموو ڕۆژێ لەگەڵ نانی بەیانیاندا
ئەگەیته لامان و لەگەڵ هەتاوو لەگەڵ باران و لەگەڵ بەفرو
لەگەڵ "با" دا ڕۆژباشمان لێ ئەکەی.
ڕووی کلێپەکانی شیعرم له تۆیه!
تا گەورەبی لێپرسینەوەی من زۆرتر و ڕەخنەم توندتره.
ئەو نازەی له منداڵیتا ئەمکێشا و به هەموو خەوشێکتەوە
له باوەشم ئەگرت..له گەورەبوونتا نایگرم!.
له ئێستەدا..چاو له بچووکترین دێڕی دوکەلاویی و
چاو له بچوکترین هەڵەتی ڕێگات و

چاو لە هیچ پەنجەرەیەکی تاریکت و
چاو لە هیچ ریایی و مەراییەکی وشەت ناپۆشم.
گەورە بوویت و رووبەڕووبوونەوەیش لەگەڵتا گەورە بوو.
لە هیچ ڕستەیەکی لووت بەرزی دوور لەم خەڵکەت..نابورم
هەر گوێی خۆکەڕکردنێکت لە هاواری برینەکانم..
شەقاوێك لێم دوور ئەکەویتەوە.
تۆ بە ئازایی حەرفەکانتەوە خۆشەویستی.
تۆ بە جودایی سەکۆی بیروباوەڕی ئازادەوە..
بە لەیەك نەچوونی سروودەکانەوە..
بە جیاوازی ڕەنگەکانەوە..گەورەو ڕووناکی و
تا ژمارەی بەندەری دەریاچەکانت هەمەرەنگ تربێ
لای ئێمەیش ئەوینت بەرفراوان و
جوامێریت بەرینتر ئەبێ.
تۆ بە شەپۆلە ڕەنگینەکانی دیالۆگ و
پارکەکانی دیموکراتییەوە جوانی.
تا دەرزی ئاژنی خەونەکانی خۆت بکەیت و
تا تۆڕی ڕەخنەی خۆت لە خۆت قایمتر لە جەستەتەوە بئالێیت
ئاسۆگەی ئازادیت رونتر و لاپەڕەت ئەبێتە بەهاری ناو بڕواو
بژوێنی ملیۆنان گوڵ ئەبێت.
نزیك بەرەوە نزیکتر لە دووکەڵی کاروانسەرای ئەو هەژارانەی
کە لە زامەکانی ئەنفال و کۆچ و شەڕی ناوخۆوە
پڕزە لێ بڕاو..گەڕانەوە ناومان و جێیان نەهێشتین

نزيك بەرەوەو نزيكتر لەرەشە خەڵكو رەشە خەمو
بەرگى رەشى برينەكان.
من خۆشەويستيت تێكەڵ بە تاڵترين دەرمانى رەخنە ئەكەم.
رەخنەو رەخنەو رەخنە
با بيكەين بە باران و با بيكەين بە مۆم و
با بيكەين بە پشكۆ!
ڕەخنەو ڕەخنەو ڕەخنە
با بيكەين بە پەيژەو با بيكەين بە شاڕێو
با بيكەين بە پرسيارى نوێى هەموو رۆژێكمان و
با بيكەين بە ئاسۆ!
نزيكتر بەرەوە..نزيكتر و نزيكتر..
لە تەمى خەمى سەر مالأنى هەژاران و
لە نووزەى گوڵە گەنمى نەخۆش و لە سترانى بێوەژن و
لە خانووە قووڕەكان و
لە دەفتەرى وێنەكێشانى مندالأن و
لە ژوورى نيوە رووناك و
لە سكى نيوە تێرو نيوەبرسى هونەرمەندە نەدارەكان.
نزيكتر بەرەوە
نزيكتر و نزيكتر لە زريكەى خوێنى مافى ژنانى سەر بڕدراوى
چەند جار لە خاچ دراوى چەند جار خاكەسار كراوى ولأتەكەم..
نزيك بەرەوە بچۆرە ناو قيژەيانەوە.
چەقۆكانى سەرگەردنيان بخەرە قەفەزى تاوانى نێو لاپەڕەكانتەوە..

شیعری من بخەرە پەراوێزەوەو
ئەو زریکانەی ئەوان بکە بەمانشێت.
وێنەی من بخەرە دامێنەوەو
وێنەی هەڵقرچاوی ئەو دایکانە لەسەر سەرت راگرەو
بیانکە بە سەردێڕی گەورەو درشت
کە هەڵۆ خوێناویەکانیان لە داوێن کەوتە خوارەوە.
نزیکتر بەرەوە..نزیکتر و نزیکتر لە گۆرانییە قوربانیەکان..
لە کاولاشی گوندەکان.
من خۆشەویستیت تێکەڵ بە تاڵترین دەرمانی رەخنە ئەکەم
ڕەخنەی نوێ بەو رەخنەی نوێیەو
ڕەخنەی نوێ ئەی رۆژنامەی سەردەمی نوێ..
ئەی وشەی شارستانیی.
ئەی درێژترین هێڵی شەمەندەفەری زمانی کوردیی.
ئەی هەشت ساڵ پڕ لە دارستانی شەهیدو
پڕ لە جریوەی لە دایك بوونی نوێو
ئەی هەشت ساڵ پڕ لەگمەی ئاشتی و
ئەی هەشت ساڵ پڕ لەشەونخونی و
پڕ لە هەورازی دێڕو
پڕ لە نشێوی کارەسات و
پڕ لە سروودەکانی راپەڕین.
ئەمە یەکەم جارم نییە، پەڵەت تیا بدەم و، تیاتا بڕوێم و
ناوچەوانت بکەم بە ئاوێنەی بەیانیانیی ژوورەکەم و

گۆشەکانت بە سەرین.

ئەمە یەکەم جارم نییە و لە گڕوگاڵی یەکەم ڕۆژتەوە

لەگەڵتام و ئەمە هەشت جارە من دێم و

هەموو جارێ لەشیعرێکی شووشەبەندا مانگەشەوت بۆ ئەهێنم و

لەسایەقەی خەوی شیندا سەمای بەفرین.

ئەمە هەشت جارە من دێم و هەموو جارێ

نیوەم ئەبێ بە کاکۆڵی کاکە مەم و

نیوەی ترم بە پرچی زین!

## ژن
1999

هەشتی مارت...خوشکی یەکەم کوڕە قوربانیی ڕاپەڕینە
هەشتیمارت...یەکەم دایکە هەموو ساڵێ یەکەم گوڵ ئەدا لەڤژی.
هەشتیمارت...یەکەم خوێندکاری کچە بەهەزاران زمان ئەدوێ.
هەشتی مارت...ژنە هاوسەری حوزەیرانەکەی ئێمەیە.
هەشتی مارت...دەزگیرانی تازەترین شیعری منە!
ئەمڕۆ..چرکەو دەقیقەو سەعات مێیینەن
ئەمڕۆ وڵاتەکەم مێیینەیە، جیهان هەمووی مێیینەیە.
ئەمڕۆ ژیان مێیینەیە.
ئەمڕۆ ڕۆژی زیوییني...سەروقژ بە پرشنگ و
شانو مل بە پەڕەی هەلاڵەی تۆیە، ئەی چاوگی بوونمان. ژن!
ئەمڕۆ ڕۆژی تەوێڵ بە بژوێنی
بەیانیانی خۆشەویستی تۆیە. ئەی بالای ژیان..ژن!
هەنووکە وەختی گۆرانیتە..
ئەو دەمەی چریکەت ئەفڕێ و
ئەوکاتەی خەمی وەنەوشەییت لە کەنار ئەمڕۆی سپیدا

بەهێشوو ئەستێرە ئەگرێ و
ئەو دەمەی باسکەکانت ئەبن بە تاژانی تیشك و
پەنجەکانت بە گوڵە پەمووی بەر زەردەی ئێواران و
سنگت بە گوڵجاڕی مژدە
ئەی کێڵگەی زاوزێی ژیان..ژن!
ئەمێستا رۆژی تافە تافی ئەوینتە
ئەوکاتەی زنەی هەتاوت تیا هەڵئەقوڵی و
ئەبیتە رووباری دایك و شەپۆل ئەداتەوە
دەریاچەکەی مێژووی تۆ!
ئەبێتە تاڤگەی خوشك و هەڵئەپرژێتەوە
بەسەرماندا پرژە پرژی دەنگی تۆ..
ئەبیتە دارسێوی یارو هەڵئەپشکوێ
لە رۆحماندا باخچەی تۆ!
ئەمرۆ کۆ ئەبینەوەچون کۆبوونەوەی هەور بۆ دارژان و
چون کۆبوونەوەی باڵندەکان بۆ خوێندنی نوێ.
ئەمرۆ کوردستان ئەکەین بە تۆ!.. ژن!
ئەمێستا ئەڵقە ئەبەستین و دائەگیرسێین و
بە چواردەوری هەوارەکەی سەری تۆدا:
ئەیکەین بە زەماوەندی ئاگرو
ئەیکەین بە شایی شیعرو
ئەیکەین بە هەڵپەرکێی دارستان و
سنەوبەریش لەم رۆژەدا سەرچۆپیت بۆ ئەگرێ.. ژن!

ئەمرۆ خۆر مێیینەیەو
بەرد مێیینەیەو قەڵەمم مێیینەو
شیعرم مێ.
هەنووکە بە بارێزەی هەناسەکانی تۆدا
بە گڕەی پێدەشتی هەناسەکانی تۆدا.
کە هەناسەی خاکەو، هەناسەی درەختەو، هەناسەی ئاوەو
هەناسەی شەوو،هەناسەی ڕێ
بەو هەناسانەدا تەلان بەتەلان و بنچك بە بنچك و دێ بەدێ
سلاْو ئەنێرین بۆ کچە قوربانیەکانت
گوڵە هێرۆ کوژراوەکان
ئاوێنە کوژراوەکان
پەنجەرە کوژراوەکان ــ کچە قوربانیەکانت
ئەو کچانەی بوون بەپەپوولەی کەوێڵو کاوانەکانو. نەهاتنەوە.
ئەو کچانەی بوون بە گوڵە کێویلەو هەنگە زەردەی
ئەو کەژانەو..نەهاتنەوە.
کچە قوربانیەکانت،ئەو مەلانەی، ئەو قومریانەی
بەتەنها لەسەر خوێندنی عاشقانە سەریانبڕین.
ئەو مامزانەی بەتەنها لەبەر بارژنی دڵخوازانە..سەریانبڕین.
ئەو دەم و لێوانەی تەنها لەسەر
شەماڵێکی زەردەخەنەو
ئەو پرچانەی تەنها لە سەر
سەماکردن لەگەڵ "با"ی ئازاردا

بڕییانن و خستیاننه ناو دۆزەخەوە..

سەری بڕڕاوی ژنانی وڵاتەکەم..تەنها هەر گلۆپی کەفن

لەیەك ساتدا ئەتوێنەوەو بیرئەچنەوەو بزر ئەبن

سەری بڕراوی ژنانی وڵاتەکەم..فایلەکانی تەندەرن

بەسەر خێڵ و بەسەر هۆز و بەسەر خزما دابەش ئەکرێن.

سەری بڕڕاوی ژنەکانی وڵاتەکەم..دەغیلەن و

لە سووچی دیوەخانانڈا دائەنرێن و

تاریکی و تۆڵەو کینەیان تێ ئەکرێت و

لەگەڵ سندووقە فیشەك و

لەگەڵ مەرگا هەڵئەگیرێن..

بەربەریەکان، هەموویان ئەتریقێنەوەو

لەولایشەوە..داد ئەوەرێ!

خودا..ئازادییەو

خودا..ئەوینەو

خودا..جوانیییەو

خودا..هەق!

کەچی لە ماڵی خوداوە،لە پشت مایکرۆفۆنی خانەی خوداوە

کۆلکە عەقڵ و کۆلکە مەلاو کۆلکە قسە:

قژی ئازادی ژنەکەم، بەمقەستەکانی رەجم ئەکەن!

خوێنی ئەوینی خوشکەکەم، بۆ خواردنەوەی

تفەنگەکان حەڵاڵ ئەکەن!

جوانیی ژن، سەمای هونەر،پەنجەی پیانۆ،

پێکەنینی پەپوولەکانی دڵدارێتی
نامەی عەشق و گۆرانیەکان، وەکوو تلیاك حەرام ئەکەن
جەهەننەمیان بۆ دائەخەن!
ژن..ژن..ژن
بۆ شووشەی بەندی عەشقیت و باڵەخانەی کریستاڵ و
شمشێرەکانی خەلیفە فەتوای خێڵ و فەتوای والیی
هەموو جارێ دێنە سەرت و وردو خاشت ئەکەن...ژن
تۆ بەژنی رووناکیت و بازرگانەکانی ئاین
هەموو رۆژێ خلّتانی تاریکیت ئەکەن..ژن
ژن ژن ژن
لە بەرزاییەکانی عەقڵەوە
زریانی زانستیان بکەن بە گژدا..ژن.
لە شەقامەکانی شاری عەقڵەوە..
ئاپوورەی قەڵەم و چراوگی رووناکبیرییان بکەن بە گژدا. ژن!
تۆ کچە قژ سوورەکەی شیعری بێکەسی
شەوت پڕە لە برووسکەو لە ڕاپەڕین..ژن
تۆ باڵێکی سروودەکەی "ئەی رەقیب"ی دڵداریت و
پڕیت لە یاقوتی درەوشاوەی ماناو روانین..ژن
تۆ هاوارەکەی "شێخ نوری شێخ ساڵح"یت
پڕیت لە سامالّ و لە کارێزی تەقینەوەو
پڕیت لە گوڵجاڕی ئەوین.
تۆ جیهانیت،لەبەردەمی:دەروازەکەی سەدەی بیست و یەکدا

فڕینی مانگی دەستکردی و تۆقوولبوونەوەی چاوەکانی ئەنتەرنێتی
بۆ ئایندەی ئەم پەیامە..ژن!
لێرەیش
لە سەرانسەری ولاتی سێدارەو خۆلەمێش و ئەنفالیشدا
تۆ خوشکەکەی "سنەوبەر "ی قەلادزێیت
کاتێ کە تۆ ئەچوویتە ناو گەرووی نەهەنگ و دۆلپاوە
لەودەمەدا،یەکێك نەبوو لە ژن خۆرەکانی ئەمڕۆ
یەکێك نەبوو لە خەتیبە جەهەننەمیەکانی ئەمڕۆ
ترس زمانی پێ قوت نەدابێت و
دەنگی لەژێر سەرینەکەیدا نەشاردبێتەوەو
ئازایەتیی لە پەنایەکدا گرمۆلەی نەکردبێ..
ئەمڕۆ ڕۆژی زیوینی سەروقژ بە پرشنگی تۆیە..ژن!
مەکە!سەروقژت کفن مەکە..ژن!
گولزار چۆن کفن ئەکرێ
گولەگەنم چۆن کوێر ئەکرێ
گژوگیا چۆن بەند ئەکرێ
ئازادیی چۆن زیندەبەچال ئەکرێ..ژن!
سەروقژت.. مەدەرە دەست پارچە پەڕۆیەك..ژن
سەروقژت.. مەسپێرە بە شوی لەچك و
سەروقژت.. مەخەرە تابووتی چارشێویێکەوەو
سەروقژت.. لە تاریکی هەلمەکێشە..ژن!
سەرت.. مەشخەلەو

قژت..لاسکی گوڵە جۆ
سەرت..هەوری سکپڕی عەقڵەو
ڕێژنەی پرشنگ مەکوژە..ژن!
سەرت مەخەرە گۆڕی قوماشەوە ئاسمان گرێ نادرێ.
سامالٚ زیندانی ناکرێ.
هەر تالێ لە قژت شیعرێکەو
هەر تالێ لە قژت تەیرێکەو
لە جووڵەو خوێندنیان مەخە..ژن!
سەروقژت بدەرە دەست گولٚی هەتاوو
سەروقژت بسپێرە بە ئەنگوتی باران و
سەرو قژت بدەرە دەست ئەو باهۆزەی
لەدیرۆکی دەربەندەکەی کوردایەتی مامە ریشەو "حەمك" ەوە
هەڵیانکردو بە گەرمیاندا سووڕانەوە
تێکەڵ بە بۆی سملٚی ژنە گەرمییانی و
سۆزی دایکی "حەمە رەش " بوون..ژن!
تێکەڵ بە هۆرەی دۆلٚی جافەتی و
مانگەشەوی "وەسانان"بوون..ژن
سەرت بدەرە دەست گزنك
با پرچەکانت لەگەڵ هەوای ژیاندا دەست بگرن و
با پرچەکانت وەك باڵی باڵندەکان بکرێنەوەو
شەپۆل بن و هاژەیان بێ.. ژن!
هەشتی مارت.. ژنە ئاوێنە فرۆشێکی دڵدارەو

ڕووناکی بەسەر ولاّتدا ئەبەخشێتەوە.
هەشتی مارت..کچێکی شەنگەو
بەتریفە لەسەر رووی ئاو شیعر ئەنووسێتەوە.
هەشتی مارت.. کیژێکی جوانی کەرکوکەو
هەموو ساڵێ لەم رۆژەدا
ئەبێ بە کۆترە باریکەو هەڵئەفڕێت و
لە دواییدا لەسەر لێواری پەنجەرەی
زیندانەکەی لەیلا زانا.. بە کاوخۆ ئەنیشێتەوە.
ئەمڕۆ رۆژی زیوینی ژیانتە..ژن
ئەمڕۆ بە شارای قژی تۆدا
جریوە هەڵئەواسین و
ئەچینە ناو ژووری فرمێسکەکانتەوەو
ئەچینە ناو دڵۆپە خوێنتەوەو
جەلادەکانت ئەبینین..ژن!
ئەچینە ناو توناوتوونی زریکەکانی ئەنفالی تۆوە..
بیابانی عەرعەر لە قریشکەی تۆداو
لە دۆزەخی ئەم جیهانەدا ئەبینین..ژن!
ئابلۆقەدانی جەهالەت و گەمارۆدانی خەنجەرو
دۆزەخەوانی دیوانی "بێکەس" و کتێبەکەی"عبدالخالق " و
گوێزانی سەر شادەماری ملی "رشتەی مرواری "سوجادی و
جارێکی دی بکوژانی گالیلۆکەی زانست خوازیی
لە کوشتنی جەستەی "عومەر تۆفیق "دا ئەبینین.. ژن!

له سارای گەرمیانەوە تا کاوانەکانی کوێستان
یەك یەك لە ناو گیانماندا ریزتان ئەکەین، ژنانی ئەنفال!
یەك یەك بە گوڵی ژاڵە ئەتانهۆنینەوەو
ئەتانکەینە ملی کێوبەکێو و
ملی داربەدارو
ملی شەقام بە شەقام
ئەمڕۆ ڕۆژی زیوینی تۆیە
ئەمڕۆ چرکەو دەقیقەو سەعات مێیینەن
ئەمڕۆ ژیان مێیینەیە..
لەسەر قیژەی راونراوت..ئاگر ئەنێین بەبێ دەنگییەوە.
لەسەر زیندەبەچاڵ کردنی خەون و عەشقت،
ئەبین بە یاسایەکی دەم تیژ
لەسەر هەڵکێشانی دەنگت..ئەبین بە هاواری مێژوو..ژن.
لەسەر تەنیاییت و لەسەر خوێنت..
ئەبم بە قەسیدەی قوربانی و
بە ئاوازێکی خوێناویی و بە قەڵەمێکی شەهید..ژن.
ئەمڕۆ ڕۆژی زیوینی تۆیە و
ئەمڕۆ ئەبریسکێمەوە چون پێکەنینی زەریاو
منیش شنەشنمە وەك پەرچەمی سەرچاوەی چیا..ژن.
ژن و ژن و ژن و!

# پرشنگی رۆح
# دەستگیر ناکرێ!

1999

ئێرە سلەیمانییەو.ئەوە چەند رۆژە لە چاوانی سلەیمانیدا
تەم و مژی خەمێکی گەورە، خەمێکی سووربـاوی بە کێنگڵ
باڵای گۆیژەو گڵە زەردەو، بەرپەنجەرەی ژیانمان و
ئاسمانی سەر ماڵانمان و، گەلیەکانی هەناومانی داگرتووە!
ئێرە سلەیمانییەو..ئەوە چەند رۆژە
لە دەربەند باسەڕەکەی گیانی ئەم شارەدا
کەڵە پشکۆکانی ئازارو تۆڵە بەیەکەوە ئەگەشێنەوە.
لەم شارەدا هەموو کەسێ و لە سروشتدا هەموو شتێ
مەراقێکی چاوەڕوانی رەنگ پەڕیوە!
چاومان لێیە " پیرەمەگرون" شاخی دیرۆك، شاخی نەمر
ئەویش چەمۆڵەی بەردینی پڕ نەفرەتی
لە دنیای سۆزانیی ئەنێ و هەردوو دەستی بە گەرداوی
روەو سیمای درۆزنی شارستانیی و پەیکەرەکەی ئەمەریکاوە؟

دەمامکی سەر روخساری گشت ئەوروپا.. هەڵبڕیوە!.
هەمو دڵێك لەم شارەدا:
وەك سێوی سەر لقی بەر تەرزەو باڕێزە ئەلەرزێ و
هەموو دڵێك لەم شارەدا.. دڵۆپ دڵۆپ، خوێناوێکی بەناسۆری
ئەم تەنیایی و بێکەسییەی..میللەتێکی لێ ئەتکێ!.
ئێرە سلەیمانییەو.. درەختەکان لە ماڵەکان زویرترن.
شەقامەکان لە دایکانی شەهیدان و
لە بێوەژنی مێردکوژراو..دڵتەنگترن.
گوڵەکانیش لە منداڵان غەمگینترن.
ئەم خەمە:خەمی غەدرێکە، هەموو دنیای پیلان لەکوردیان کرد!
ئەم خەمە:خەمێکی سەراپاگیری نەتەوەییە،
کسپەی برینی کوردستانییەو،
هەورە سوورەو هەموو نیشتمانی داپۆشیوە!.
ئەمە خەم نییە، بۆ نائومێدیو دۆش دامان
بەڵکو حەسرەتێکی هەڵگیرساوی بە لرفەیە.
کە گیانی ملیۆنان کوانوویەتی و
دەروونی وردوو درشتمان جێگەیەتی و
خۆشەویستی کوڕی شاخ و کوڕی مێژووی راپەڕینی
وەك "ئۆجەلان" چاوگێتی!.
ئێرە سلەیمانییەو..شاری شێخەو شاری قودسییەو
شاری بێکەسەو شاری شەهابە و
شاری وشەو، شاری وەرزەکانی ئەوین.

لەم ساتەدا،سلەیمانی و چاوەکانی سلەیمانی

وان لە چاوانی گەریلاو ئایندەیش وا لەناو دەستی ئەواندایە.

لەم ساتەدا،رۆحی شاریش،سروودێکەو

لە زیندانی دوورگەیەکی، دەریاکەی مەڕمەڕە دایە.

لە نێوان ڕووبەڕووبوونەوەی "ئۆجەلان" ی سەرکردەو ئازارو ئەشکەنجەو مەرگیشدا..

ئەڵێم:سروشتی سومبولێکی مەزنی نەتەوە

ئەبێ لە سروشتی ئەستێرەدا بێ،

لە بەرزییدا بژی و لە بەرزییدا بمرێ.

وەرەی سومبولی ئازادیی،ئەبێ لە وەرەی کێودابێ.

رۆحی سومبولی راپەڕین،ئەبێ لە رۆحی خەڵکابێ.

لێرە،لە تاریکستانی سەردەمێکدا

لە دۆزەخەکەی ئەشکەنجەدانی جەستەداو

لە ژێرزەمینی بەعسدا

جەللادەکان گێڕابوویانەوە:

ئاسنوتبووی"بەڵێ"و بەلاّم گۆشتی"شەهاب"وتبووی "نەء".

بەرد وتبووی"بەڵێ"و بەلاّم ئێسکی "ئەنوەر" وتبووی "نەء".

دار وتبووی "بەڵێ" و بەلاّم خوێنی "جەعفەر"وتبووی"نەء".

ئیتر"نەء"بوو

بە مێژووی چەندین نەوەمان.

لە زیندانەکەی ئەم سومبولە گەورەیەشدا

ئێمە هەمووەمان دڵنیاین،لەبەردەمی بەربەرەکانی تورکدا

بەحری مەڕمەڕە ئەڵێ "بەڵێ" و
بەلاّم ئۆجەلان ئەڵێ "نەء "
ئەو..بەند کرا
بەلاّم وەختێ رووبارێك بەند ئەکرێ
رووبارەکانی تر لە جووڵەو رۆیشتن ناکەون و
سەرچاوە هەر هاژەیەتی.
کە لوتکەی شاخێك ئەگیرێت
سەد لوتکەی تر سەرهەڵئەبڕن.
درەختێکمان پێوەند ئەکەن،لە گشت لاوە،
دارستان و بێشەلاّنمان رائەپەڕن.
کە هەڵۆیەك زنجیر ئەکەن،سەدان هەڵۆمان باڵ ئەگرن.
ئەوان "ئۆجەلان" یان فڕاند
بەلاّم هەرگیز بەربەریەکان بۆیان ناکرێ
لە ناو گیانی ملیۆناندا،خۆشەویستی ئۆجەلان و
عەشقی خاك و کوردایەتی و تیشکی ئازادیی بفڕێنن؟!
چۆن ئەتوانن شاخ بفڕێنن؟!
مانگی شەهیدان بفڕێنن؟!
شار بفڕێنن؟!خۆر بفڕێنن؟! سروودەکانمان بفڕێنن؟!
چۆن ئەتوانن سلەیمانی و دیاربەکر بەنج بکەن و
چۆن ئەتوانن ئاگری نەورۆز پێوەند کەن و
بەچی چاوی رەشەبامان ئەبەستنەوە؟!
چۆن زریان و شەپۆلەکان کۆت ئەکەن و

چۆن ئەتوانن زەریاچەی وان بگوێزنەوە؟!
بەچی کەلەپچەی باوەڕو هەقمان ئەکەن؟!
بە تۆڕی چنراوی جیهان..هەموو جیهان
"ئۆجەلان" مان..دەسگیر کرا.
بەڵام ئاخر ئەو شۆڕشەی وا لەناخدا دەسگیر ناکرێ.
سبەینێمان دەسگیر ناکرێ.
ئەم زمانە دەسگیر ناکرێ.
پرشنگی رۆح دەسگیر ناکرێ.
باڵی لاوك و حەیرانمان دەسگیر ناکرێ.
زاووزێی کورد دەسگیر ناکرێ.
ئەم مێژووە بێهۆش ناکرێ و
کەلەپچەیش ناکرێتە دەستی بڕواو هەتاو
ئێرە سلەیمانییەو..سلەیمانی یەك هاوارە
لە ناو گەرووی ئازادیدا،بۆ ئازادیی "ئۆجەلان" و
سلەیمانی هەمان خوێنی دڵی "جگەر خوێن"ی لێ ئەتکێ و
وەك "بێشكچی" هەمان عەشق ئەدا بە خۆیداو
لەگەڵ هەمان خەونا ئەژی.
ئێرە سلەیمانییەو..منیش شاعیرێکی ئێوەم
شاعیری گوڵ و قوربانیی.
لەگەڵتانم
لەم شەوەداو لەناوتاندا ئەنگوستی شیعرم هەڵئەکەم
ئەگەر هیچیشم پێ نەکرێ، خۆ من خەونی پەپوولەیەك

لەبەر شەوقی پەنجەکانما ئەهێنمە دی.
من ئێستاکە "چاوەکانی دیار بەکر" وان لەچاوما
من خۆم ناگریم
ئەوە،ئەوە،لەناو رۆحما بەکوڵ ئەگری!.
لەگەڵتانم
من ئێستاکە وا هەست ئەکەم
لە شەوگاری بێکۆتایی "ئۆجەلان" دا
لەسەر چرپای ئەشکەنجەکەی
بووم بەو گوڵە لۆکەیەی
تەنها بۆ ساتێ سپیم و
لە پڕێکدا ئازاری سوور رەنگم ئەکاو
دامئە پۆشێ گوڵی ژاڵەی تاق و تەنیای برینەکەی!

# بەیانیتان باش..

# راپەڕینتان باش!

1999

بەیانییەکی تری ئەوینەو... ئەوین ئەژی.
بەیانییەکی تری زریوەی ئازادییەو...زریوەی ئازادیی ئەژی.
رۆژێکی تری قافڵەی چراو بەفرە و
چراو بەفری جەستەم ئەژین.
یادێکی تری تەوار و هەڵۆکانی راپەڕینەو
راپەڕینیش وەکوو شەقام و ماڵان و رەنگەکانی
ناو بەهارو وەکوو دەنگی منداڵ ئەژی.
پەڕەکانی ڕۆژژمێرم، بەکەناری ئاونگاویی یاددا،
بەلێواری خەونەکاندا
ئەگەڕێنەوە سەرچاوەی سەعاتەکان، ئەو سەعاتانەی
کە لەیەکەم بەیانی راچڵەکینی جەستەمدا، گەردونێکیان لە
پرشنگ دانەوە خولڵقاندو مەحاڵیان هێنایە زمان،
پەڕەکانی ڕۆژ ژمێرم
سەفەرێکی ئەفسووناویی بە رابوردوی خۆیاندا ئەکەن.

بەپلیکانەی ژمارەکانی خۆیاندا دائەبەزن، ئەچنەوە ئامێزی بەردو
ئەگەڕێنەوە نێو دەرونی شەقام و ئەچنەوە
نێو ژووری زیندانە روخاوەکان.
پەڕەکانی ڕۆژژمێرم یەك لەگەڵ یەکدا دەس ئەگرن و
ئەیکەن بە هەڵپەڕکێی چراخانی مۆم و برین.
بەخێربێیتەوە کازیوەی دەم بەگوڵ و
دەم بە مژدەی.. رۆژی زیوین
ئەی بەیانی پێکەنینی گوڵە گەنم و
ئەی بەیانیی فوارەی تیشك و
ئەی ساتەکانی دیداری
پڕ لە ئەوین.
رۆژژمێرەکەم بەلایتێکی دەستیی بچووکەوە ئەگەڕێتەوە
ئەگەڕێتەوە ئەوسای تاریکستان:
قوربانیەکان پەنگیان خواردبۆوە. ئەمولاَتە دارەبازەیەکی درێژبوو،
ئەمولاَتە خەمێکی پانو بەرین بوو.قوربانیەکان
پەنگیان خواردبۆوەو.
هەموو شتێ خۆی لەترسەوە پێچابوو. گوندەکان نوقومی عەدەمو
شارەکانیش لێوان لێوبوون لەمردنو لەسێدارەو
لەنەفرەتێکی دۆزەخین.
لەسەرانسەری نیشتمانی تاریکستاندا،
لە چەند پزیزکێ زیاتر کەلێرەو لەوێو
لە پرێکدا ئاماژەیەکیان بۆ نەهێنیەکان ئەکرد،

لەوەزیاتر هەموو ڕێکان ڕێی توانەوەو، فەنابوون.
قوربانیەکان پەنگیان خواردبۆوە،
هەموو ماڵێك سەری قوربانیەکی بەدەرگای
حەوشەی خۆیەوە کردبوو.
تۆڵە بەنداوێکی یەخسیربوو.لە(تکریت)ەوە ژەهربالّی ئەگرتو
لە (تکریت)ەوە چارەنووسی ئاوو درەختو ئاسمانی
ئێمە مۆرئەکرا.
مافییای ڕژێمی شەڕ، مافییایەك لەو بەربەرییە تازانەی، کەسەری
هەموو گوڵێکیان ئەپەڕاندو هەموو جوانی و
بەهایەکی پیرۆزیان ئەدزی.
لەسیلەی هەموو ڕۆژێکدا، قەنارەیەکیان بۆ
هەتاوێکمان هەڵ ئەخست،
لە سیلەی هەموو دێیەك و لە سیلەی هەموو
شارێکدا گۆڕهەڵکەنی زەردەخەنەو
هەموو درەختێکی ئێمە بوون، بەربەریەکانی بەغدای نوێ،
هاتبوونە قولاّیی هەستو نەستمانەوە، هاتبوونەناو پارومانەوە،
هاتبوونە ناو پەرداخی ئاوو هاتبوونە ناوکالانەی چاومانەوە،
بەربەریەکانی پەیامی نەمری بەغدا،
چییان نەکرد؟! چی ئەژمێری؟!
سێدارە ئەژمێری؟!
گۆڕ ئەژمێری؟!
گوللەکانی سەرسنگ و دڵمان ئەژمێری؟!

ڕێچکەی تابووتەکانمان ئەژمێری؟!
گۆڕی بەکۆمەڵ ئەژمێری؟!
کاروانی ئەنفال ئەژمێری؟!
ئەستێرەی کوژراو ئەژمێری؟!
قوربانیەکان پەنگیان خواردبۆوە.
مێژوویەك بووبوو بەزێ و بەدەریاچەو
زێو دەریاچەیش پەنگیان خواردبۆوە،
غەزای خەلیفەی ئەمەوی و غەزای جەستەم بەردەوام بوو.
غەزای قڕکردن و بڕانەوەم لەناوچەوانم نوسرابوو.
غەزای خەلیفەی ئەمەویسەردەم بەردەوام بوو.
غەزای بەعس بوو غەزای بەعس.
قوربانیەکان پەنگیان خواردبۆوە.
هەموو شتێ وێرانەبوو، وێرانەی ژیان بوو.
پەڕەکانی ڕۆژژمێرم..چوونەوە بۆلای چراکان.
بەلاَم هەر لەو تاریکستان و مەرگستان و خەمستانەدا
لەدەراڵی پیرەمەگرون لەئەشکەوتی خلەی گەرمیانو
لەتونەکانی توونی باباو لە پێدەشتی قەرەچوغ و
لە ماهیەکانی باڵەکدا. هەر لەو دەمەداو لەقوڕگی
نەهەنگەکەی بەعسدا.
ئەو پیاوانە هەبوون کەچۆکیان بەترس و
بە دۆش دامان و بەمەرگ دا ئەدا..
دەستەیەك.. دوو دەستە، سێ دەستە

گوڵ ئەستێرەی ئاوات هەبوون
ریزێك چراوگ و ریزێك مەشخەڵ بوون
وێرانەیان چۆڵ نەکردبوو
ئومێدیان چۆڵ نەکردبوو
دڵی سروشت و دڵی دایکان و
دڵی شارانیان چۆڵ نەکردبوو
قوربانیەکانیان جێ نەهێشتبوو، نالی و مەولەوییان جێنەهێشتبوو.
مابوونەوەو لە کونە چاوی مەترسیدا ئەژیان
مابوونەوەو لە سیەکانی نەهەنگ خۆیدا ئەژیان
بەنێو کەڵبەکانی دێوو درنج دا هات و چۆیان بوو.
لەو دەمەدا:
لەشاری سێدارەکانیشدا، لەشاری بەردەم قەلاکانی سوڵتانیشدا
لێرەو لە قەلاتە دێرینەکەی هەولێرو لەدەڤەرەکەی
میری رەواندزداو لەقولاییەکانی خەرەندا..
دەستەیەك دوو دەستە سێ دەستە
کوڕی زریانەکانی گۆیژەو سەفین هەبوون
لەژێر زەمینەکاندا،لەژێر شەقامەکاندا لەژێر ماڵەکاندا
ئەوانە خەریکی خۆر دروستکردن بوون بۆ راپەڕین
خەریك بوون، بەیانییەکی تازەیان،لە کەلەکەی تاریکییەوە
دەرئەهێناو خەریك بوون بەهاریان دروست ئەکرد.
لە ژێر زەمینەوە..سەرزەمینیان هۆشیار ئەکردەوە.
لەژێر زەمینەوە..رەگ و ریشەی بڕوایان قایمتر ئەکرد.

لەناو مەرگەوە.. ژیانیان ئەهێناو
لەناو مەرگەوە..لەدایك بوونەوەی تازەیان
دروست ئەكرد.
تیشكە نهێنییەكانی شار..ماڵی نەهێنی ئازادییان هەبوو.
پەیامە نەهێنیەكانی شار چاپخانەی بیری نوێیان هەبوو
بەنەهێنیی روناكییان چاپ ئەكرد.
شەقامە نەهێنییەكانی شار..شارێكی نەهێنی تریان
لەژێر شاردا هەبوو.
لەتاریكیەوە رووناكیان ئەناردە سەرەوە.
لێرەوە "راپەڕین"هات و بێدەنگیی روخان
لێرەوە راپەڕین شەوگاری داگیرسان
لەو رۆژانەوە "راپەڕین " دەستی سوورە هەتاوی لێڕواو.
لەو رۆژانەوە "راپەڕین " روانینی ئایندەی لە چاودا هانی
بەیانییەكی تری ئەوینەو..ئەوین ئەژی.
رۆژێكی تری ژیانەو..ژیان نامرێ.
بەیانییەكی تری عەشقەكەی راپەڕینی داروبەردەو
دارو بەردیش ئەژی و ئەژی.
ئیتر خەونیش بوو بەراستی..
راپەڕین بوو. راپەڕینی جەستە لەكۆت و راپەڕینی رۆح و راپەڕینی كوردایەتی و راپەڕینی شەوی كەركوك.راپەڕین بوو سەرەتا پریشكێكی بچووك، بچوكتر لەپەنجەی مۆمی منداڵێكمان سەرەتا بوو. رانییە دەستی مەشخەڵی خۆی درێژكرد. رانییە

بوو بەچاوگ.ئاسۆس رابوو.کێوەڕەشیش بوو بەکێوی ئاگرستان.
شەقامەکان رابوون.یەکەم بازرەقەی هەتاوو یەکەم هەڵسانەوەی خاكو یەکەم زیندووبونەوەی شەهیدو یەکەم گڕبەردان لەترس لەبەر دەرگا سوورەکەی رانییەوە لرفەی کردوو بوو بەگێژەڵووکەی ئاگر. لەجیاتی ئاوو لافاوی سەر، لافاوی لەش،دەستی پێکرد.

ئیتر هیوا تەنیەوە
پرشنگ تەنیەوە..سرودەکانمان تەنینەوە
پەنگ خواردنەوەی قوربانیەکان بەربوون و تەنینەوە
ئاواز تەنیەوە..شیعر تەنیەوە
ئیتر مەشخەلاّن باڵیان گرت
ئیتر سەرکەوتن پێکەنی و
ئیتر شەقامەکان باوەشیان کرد بەیەکتر‌داو
ئیتر حەوشەی ماڵەکانمان بوون بەیەك حەوشەو
دارستانەکانمان رژانە ناو یەکترەوەو
دلاّن هەموو بوون بەیەك دڵ.
بەیانییەکی تری ئەوینەو.. ئەوین ئەژی.
رۆژێکی تری روباری ئازادییەو.. روباریش وەك دەستم ئەژی.
بەیانیەکی تری دڵدارەو.. تا گوڵێکیش لەم ژیانەدا بمێنێ
عەشق ئەژی.
بەیانیت باش.. یەکەم قوربانیی راپەڕین.. بەیانیت باش.
بەیانیت باش.. راستە شەقامی رانیە.. بەیانیت باش.
بەیانیتان باش. ئەی دار هەنارە کوژراوەکانی..ناو راپەڕین..

کوڕانی شار کچانی شار..
ئەی ئەو دەنکە هەڵوەریوانەی پەڕینە نێو ناخمانەوە و
ئیتر ناخمان بوو بەگوڵجاڕی گوڵ هەنار..
بەیانیتان باش.. ئەی ئەو دەستانەی لەرۆژە نارنجیەکانی
راپەڕیندا.. بەرچنەی خاڵیی دڵی ئێمەتان پڕکرد لەنارنجی مژدەو
لەگوڵە لیمۆی چاوی شار..
بەیانیتان باش.. ژنانی ئازادی وڵاتەکەم..ئەی ئەو پرچە
سەرفرازو سەربەستانەی.. ئەو کاکۆڵە یاخییانەی..لەرۆژە
کەسکەکانی راپەڕیندا.. بووبوون بەئاڵای سەربەچراوگی
ئێمەو چاوی هەمووماننتان پڕکرد لە تیشکی سەوز.. ژنانی وڵاتەکەم
ئەی ئەو گۆرانیانەی بێ ئێوە نە گەروو هەیەو نە ژیان هەیەو
نە جوانیی و نەراستیی.. لەگەردوگوڵی بەیانیی راپەڕیندا،
بەیانیتان باش.. راپەڕینتان باش.. راپەڕین ئازادیی گیانەو..
سەری دیل و قژی دیل و
تاریکییەو قەفەزەو باڵکردنی باڵی فڕین.
ئەی ژنانی وڵاتەکەم،،قژتان وەکوو با ئازاد کەن و
با ببنە باڵی سەرتان بۆ فڕین..
بەیانیت باش.. ئەی گەلەکەم!
گەلی تەنیاو، گەلی قوربانیی و.. گەلی گێژاو و کارەسات
ئەی ئەو جەستەیەی هەموو جارێ کلۆکۆت دائەمرکێننەوەو
بەلام لەهەموو راپەڕینێکدا لە خۆڵەمێشی خۆتەوە
دیسانەوە ئەژێیتەوە.

ئەی گەلەکەم..ئەی ئەو دارسنەوبەرەی هەمووجارێ ئەتبڕنەوەو

بەلاّم لە هەموو راپەڕینێکدا.. سەوزتر ئەڕوێیتەوە.

ئەی گەلەکەم.. ئەی ئەوکۆترەی هەموو جیهان هێلانەکەیت ناداتێو

هەموو جیهان دانەی داوت بۆ دائەنێن..هەموودنیا دەرت ئەکەنو

کەچی نەئاسمان ئەتوانێ باست نەکاو

نە لەفڕینیش ئەکەوی و نە لە گمە.

بەیانیتان باش.. نەوەی نوێ.. بیری نوێ..

بەیانیتان باش ئایندەکان.

ئەی ڕاپەڕینەکانی عەقڵو زانستو.. ئەی خۆرەکانی مێژوومان.

بەیانیت باش..راپەڕینت باش. کوردستانم!

# سەمای ئاگرو

# سروودی گوڵەکان

1999

ئێوارە، جوانەکان زۆرن. ئێوارە سەوزەکان زۆرن.
ئێوارە پیرۆزەکانیش زۆرن.
بەڵام جوانترینیانو سەوزترینیانو پیرۆزترینیان،
تاقانە ئێوارەکەی نەورۆزە.
ئەو ئێوارەیەی لەکڵپەی زێڕین، تاجێکی شکۆدار ئەکاتە سەریو
لە پڕیشکەکانی بڵێسەیش ملوانکەیەکی نارنجی
بە ورشەدار ئەکاتە گەردنی و
لەلوتکەی مێژوویشمانەوە پیرۆزترین گوڵی ڕوناکیمان
لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەهێنێ.
بۆئەوەی نەورۆز بژی
چەندین بەهارمان بۆکرد بەقوربانیی.
لەلرفەلرفی ئاگرەکەی نەورۆزدا، زیندووبوونەوەی شەهیدانمان
بە چاوی خۆمان بینیەوەو..لەکەسکیی ئەویشدا..

ژیانەوەی جەستەی ئەم خاکەو
بەردەوام بوونی ژیان و زاوزێی سروشت و کردگار.
ئەم جەژنەمان،جەژنی چرابووە،
لەدیرۆکە چاوچاو نەبینەکانی ئەم وڵاتەدا.
ئەم جەژنە جەژنی ئاو بووە لە تینوێتی هیوادا و
جەژنی ئەوینیش بووە راپەڕین لەبەردەم تیغەکانی سەر گەردنی
ئەم کوردەدا.
نەورۆز درەختی پرشنگ و درەختی ئاگری ئێمە بووە.
رەگی ئەم بەقوڵایی خوێنماندا رۆچووە.
گەڵاو لق و پۆپی ئەم لەبەژنی گۆرانیەکانمان ئاڵاوەو
لەنەورۆزدا یەکەم پێناسەی نەتەوەیی خۆمان دۆزیەوە.
داستانی نەورۆز بۆ منداڵەکانتان بگێڕنەوە!
بۆ ئەوەی لەباخچەکانی ئەم ئاگرەدا لەگوڵی کوردایەتی بچنن‌و
یەك لە دوای یەك بیدەن لەبەرۆکی خۆیان
بۆئەوەی بۆنی ئازایەتی بکەن و بۆئەوەی چاویان
لەهاواری ئەرخەوانیی "کاوە"دا بپشکوێو
گوێشیان بەکۆنترین سروودی ئەم دارو بەردە بکرێتەوەو
بۆئەوەی ببنە عاشقی ئەم هەموو ئازارە زەردو سوورانەو
ببنە دڵداری ئەم هەموو رەوەزی زریکانەو
ببنە پەپوولەی وتەی جوان.
لەنەورۆزدا گوڵ و خۆشەویستی و ئاگر
سێگۆشەی بیرەوەریمانە

گوڵ بۆ زارۆکەکان و
خۆشەویستی بۆ کوردستان و
ئاگریش بۆ دڕدان بەترس و بیم و
بۆمزگێنی سەر ترۆپکی بەلرفەی ئازادیمان.
لەنەورۆزدا.. سروودێك ئەبێ بەهەڵۆی لەبەفر سپیی ترو
باڵ ئەگرێ و ئەچێتە ناو گیانی ملیۆنانەوە.
سروودێك ئەبێ بەتەواری لەیاقووت سوورتروو
ئەچێتە ناو هزری ملیۆنانەوە.
ئەم سرووده بالگرتووه تخووبەکان ئەسڕێتەوەو
ئەبێ بەگەرووی هەمووومان.
ئەو سروودەی لەیەك کاتدا گۆیژە ئەباتە لای دیاربەکرو
هەولێر ئەباتە ناو وانەوەو زرێباریش ئەباتە لای
چاوەکانی خانەقین.
لەم رۆژەدا.. لەبنجەوە ژیان نوێ ئەکەینەوە
ئەیکەین بەقەسیدەیەکی ئاڵ و واڵای بزۆزو
ئەیبەینە بەردەمی بالاْ ئاوێنەکەی رۆحی نیشتمان.
لەم یادەدا.. سلاْوئەکەین بەچەپك، سلاْوئەکەین
بە تیرێژو، سلاْوئەکەین
بەقەڵبەزەو تاڤگەو بە گوڵەهێرۆو
ئەیانێرین بۆ ئەو پێشەنگانەی کە لە سەرەتای رێگای وشەداو
لە سەرەتای هەڵکردنی ئازاری داگیرساومانداا
خۆیان کرد بە سەکۆی ئەم جەژنە.

خۆیان کرد بەئەسپی یاڵ گڕداری ئەم پەیامە و
خۆیان کرد بەڕێچکەی یەك لە دوای یەکی وشەی هەڵگیرساو.
سلاّوی نەمریی..سلاّوی "با"و سلاّوی ئاو
سلاّوی گیا..لە پیری قەلەندەرو
لە گیانی سامالْ ئاسای "پیرەمێرد"
سلاّوی سەیوان و کارێزەکەی وەستا شەریف
لەو پیاوەی بۆ یەکەم جار پەلی نەورۆزی گرت و
لە مالْ هێنایە دەرەوەو بردیە سەر گردەکەی یارە.
لەو پیاوەی جوانترین سروودی بە بالاّی ئەم جەژنەمان بڕی و
لە شەبەقی زامەکانمانەوە پرشنگی یادکردنەوەی خواست و
بیرەوەریمانی بەم رۆژە پاراوکرد.سلاّوی نەمریی لەو دەستە
پیرۆزانەی ئاگری ئەم جەژنەی بۆ کردین بە دەرگاو پەنجەرەی
بیرو هۆشمان و رووناکیی کردینەوە.
ئێمە ئەم ئاگرەمان لە رۆحدا کردۆتەوە.. بۆیە ناکوژێتەوە.
ئێمە ئەم جەژنەمان تێکەڵی خوێنمان کردووە.. بۆیە بیرناچێتەوە.
ئێمە نەورۆزمان لەگلێنەی چاودا هەلگرتووە..بۆیە دواڕۆژ ئەبینین.
ئەی گەورەترین ئاگر بەخێرهاتیتەوە.
ئەی مەزنترین ئەوین بەخێرهاتیتەوە.
لە تۆدا مێژوویەك ئەبریسکێتەوەو
لە تۆدا قوڵە قوڵ ژیان هەڵئەقوڵێ و مردن ئەمرێ‌و
لە تۆدا کۆتەرەی لەشمان سەرلەنوێ ئەڕوێتەوە.
مەزنیی تۆ لە یەکگرتنی هەموو پەنجەکانتایە.

وەختی هاتنی تۆ
وەختی پێکەنینی هەموو سیماکانە.
وەختی تریقانەوەی هەموو رەنگەکانە.
وەختی هەڵپەرکێی هەموو گوڵەکانە.
هەر لە هاتنی تۆیشدا بوو بۆ یەکەم جار کەرکوك و گڕی تۆ
کەرکوك و خۆشەویستیی تۆ..کەرکوك و بەژنی کەسکی تۆ
تا چەند رۆژێ بوون بە لاولاو و پەنجەرەو
ئاوێزانی ئازادیت بوون.
لە هەر دڵێکدا نێرگزێ بڕوێ تۆ لەوێی.
لەهەر چاوێکدا تیشکێ هەڵفڕێ تۆ لەوێی.تۆ نەورۆزی
بەقژی سەربەستی ژنانەوە پەڕەی هەلاڵە و ئەوینی
لەسەر لێوی ساواکانمان..باڵەکانی پەپوولەی.
لەگەرووی خوێندکارو..لە قەڵەمی گوڵ بەدەمی نووسەرانیشدا
"شەبەقی ئەمڕۆژی ساڵی تازەیەی"
لەسەر مەزاری شەهیدان..وەنەوشەی چاوتەڕی و
لەلای شاعیر وشەیەکی پیرنابیت و لای هونەرمەند
شانۆیەکی:گولاڵەیی.
تاسەمای کلپە بمێنێو سروودی رۆحمان بمێنێو شەقام بژی
تۆیش ئەمێنی.
ئەی نەورۆزی تێکەڵ لە باران و هەتاو
تا ساڵێکی تر دێیتەوە،، سنەوبەرین لەسەر رێتاو
دەس بەچرا رائەوەستین

ئەی سەوزە ژن! تا دێیتەوە گوڵدانی بەژنی هەموومان
چاو لەرێگەی چەپکی گرِتە..لە ئیستەوە
ئەی نەورۆزی تێکەڵ لە باران و هەتاو
چاوەرِێتین!.

# گەرمییان و دارڕژانی رۆح

1999

ئەم پێدەشتە بە گڕەیەو ئەم ژیلەمۆی خۆڵە،
پێستی کام قەسیدەی سووتاوو کام مێژووی هەڵقرچاوە؟!
ئەم بەرایی گەرمێنە چ کڵپەیەکی تیا زاوەو؟
چ گێژەڵووکەیەك بە دەمی وەیشوومەو تەندوورەکانی خۆی،
خوێنی رەشتاڵەی قوربانیەکانی تیا نووسیوەتەوە؟!
من و گەرمێن و ئێوە
سیانەی هەموو ئەو شیعرانەین
کە بەردەوام لە داوێنی بەزریکەی ئەنفالەوە
لەگەڵ وردە برووسکەدا ئەکەونە خوارەوە!
ئێرە نیشتمانی ئەو مەرگە بووە کە بۆ خۆی کاروانە
خەون و یادگاریی هەزاران هەزاری جێهێشت و بۆ
جیهانێکی بێ دڵیش چەمۆڵەیەکی بەردینیی نەفرەتین!.
لێرەوە دۆزەخ کەوتەڕێ و
لێرەدا ژیان لە خاچ دراو
لێرەوە خوێن لە وشە چۆڕایەوەو

لێرەوە پەپوولە قرمزیەکان لە ریشی پڕلە هەتاوی
مەولەوی تاوەگۆزیو لە هەنیەی کوژراوی خۆرنشین
ئاسای "عەنبەر خاتوون"ئالأن!
شیعری من و گەرمێن
لە ڤیژەو ئەشکەوت و
لە دووکەڵ و گوندی کاولکراو ئەچن.
من شاعیری دەڤەری قوربانیەکانم و
بە هەناسەی ئەوان شیعر ئەنووسمەوەو
بە دوا سەرنجی پەرتی ئەوانیش گژوگیای
ئەم پێدەشتە ئەخوێنمەوە!.
من شیعرم..لەم دۆزەخە دانەبڕیوە.
وشەشم..لەجەستەی زارۆڵەکانی جوێ نەکردۆتەوە.
قەڵەمیشم بەردەوام دەروێشە مۆمێکی پرچ هەڵگیرساو بووەو
لە شانۆی ئەم پەنگرەدا سەمای کردووە.
بۆیە روانینەکانم دەمێك ئەبن بە ئاسکی بەرکاوی
ئێوارانی و بە تەم و مژی شیتاڵ شیتاڵی رەنگ و بۆی
گوێ ئاوی و . . .بەسەدای قەتاری هەڵپڕوزاوی
گەرمییان!
ئەی ئەو زامەی کە هەرگیز سارێژنابێتەوە!
ئەی ئەو تاوسە رەشپۆشەی کە تێلەکانی خۆت
لە بەرینترین گوڵدانی بە سوتماك کراوی چاوماندا دائەنێی.
ئەو وەختەی تۆ بومەلەرزە بووی.

دەڤەرەکانی دیکەم خەونیان بە بوومەلەرزەوە ئەبینی
ئەو دەمەی تۆ سروودی ئاگردان و
پریشکی خوێن و دڵداری سەنگەرە خۆڵینەکان بووی
نەکوێستان فێری شمشاڵ لێدانی تاڤگەو
نەبەردیش فێری زمانی زریان بووبوو.
تۆ لەڕاوەدوونانی مردندا...سەردەق شکێنی ترس بووی.
لە زەماوەندی قوربانیەکاندا...تۆ یەکەمین شاییت کردوو
لە لێدانی دەرگای هەتاویشدا تۆ یەکەمین دەست و
لە تەختایی کارەساتیشدا
تۆ درێژترین شەمەندەفەری کۆست هەڵگری ئێمە بووی.
هیچ پەردەو شوورەو شاخێ...برینەکانت ناشارێتەوە
تۆ وەك حەقیقەت رووت و قوتی و
هەموو ئەندامێکی جەستەی پەیف و هاوارو رازێکت
چون سروشت و چون خوداو چون ئەنفالەکان
وان بەدەرەوە!
ناڵەی ئاسۆت و پوکەپووکی پەلکەگیات
لاواندنەوەی خاك و خۆڵت...لە شیعری تەنگەبەری مندا
جێگەیان نابێتەوە.
باڵای ئاگرەکانت و بەژنی گریانەکانت و
تووڵانیی شەونامەی چیرۆکە جوانەمەرگەکانت
سەدقات بەسەر شیعرە کورتە باڵاکانی مندا ئەشکێنەوە!
من هەموو جارێ لە کلاوڕۆژنەی برینێکی "حەمەڕەش " ەوە

کلاًفەیەك شیعرو

لە تراویلکەی چاوە تینوەکانی "مەلا ئەحمەد"ەوە

کانییەك ورەو

لەبۆنی گڵی "باوەشاسوار "یشەوە

مشتێ لە بۆن و بەرامەی ئازادیی وەرئەگرم و

تێکەڵی یەکیان ئەکەم و دواتر تانجیکە ئەنفالێکیان.

لێ دروست ئەکەم و ئەیکەمە سەرت

ئەی خودایە!زمانی گیراوم بەردەو ئەو زمانە

نوێیەم پێ ببەخشە کە بە لووزەو چون بانگی خۆت،

چون لرفەی نوور،چون داڕژانی پرشنگ،

بڕژێتە دیوانمەوە، هەربۆئەوەی

قەرزێکی بچووکی ئەنفال بدەمەوە!.

ئەی خودایە!منیش رۆژانە جێنیشتەی ئەشکەوتەکەی

"داری خلە"م و شاعیرم و سوورەتی شیعرێکی وەك

گەرمییانی نەمرم بۆ بنێرە خوارەوە!

من چی لە زمانێ بکەم...نەگاتە ئەژنۆی منداڵێکی ئەنفال.

من چی لەشیعرێ بکەم...دەستی نەگاتە پرچیکیژێکی ئەنفال.

من چی لە قەڵەمێ بکەم...هەناسە سوارو...هەرگیز نەگاتە

سێبەری سەرو ملی سیامەندێکی دوای ئەنفال.

ئەوەتا بەپەنجەی زارۆکێکی ئەنفال.

ئەستوورترین شیعرم ئەنوشتێتەوە.

بە سەرنجی ژنێکی دووگیانەی ئەنفال.

کێوی پەخشانێکم ئەتوێتەوە.
بە هەناسەی کچێکی ناو چنگی ئەنفال
پووشووم و ئەچم بە ئاسماندا و ئەگەمەلات خودایە!
گەرمیان! ئەوساتەی دێمەناو گرژەباتەوەو
سەرئەنێم بە جەخارتەوە...بە گێژەڵووکەی زریکەتەوە..
من ئیتر ئەبمە دەفی دەست هەورێکی نزمی سەر
"کفری "ت و ئەڵلاّوەیسیم لێ ئەچۆڕێتەوە. ئەو دەمەی
بەلای پەڵە خەمێکتا تێ ئەپەڕم و گردۆڵکەیەکی ئەسمەرت
بەسەر سلاّوێکم لێ ئەکا، من ئیتر لە جێی خۆی،
ئەبمە بێشکەیەکی جێماوی ئەنفال، ئەو وەختەی،
بەرایی خۆرنشینت لە ئێوارە بێدەنگەکاندا بە ڕەنگێکی
ئەرخەوانی کاڵ سەرتاپام ئەکا بە گوڵ هەنار...من ئیتر
ئەبم بە پەپوولەیەکی ئاڵی متی باڵ جووت کردووی سەر
پێڵووی عاشقێکی ئەنفال!.
دەورئەکاتەوە ئەسپە رەشی شیعرم و
چەپۆکانێتی شەپۆلی ئاڤزینی سیروان!
مەرگ تۆزی لێهەڵئەسێ و بەرەو خوارە کاروانسەرای
چرا گریاوەکانی ئەنفال!.
لە وێستگە تەماوییەکانی دوورە ولاّتیشدا
کە بلووری گیانم بە یادەکانت هەڵماوی ئەبوو
تۆم لە سەر ئەنووسیی...گەرمییان!
لەبەردەم پەیکەری برۆنزی "پۆشکین" و لەپاڵ

باڵا خوێناویەکەی "لۆرکا " داو لە پەناگوێی نیرۆداوە
سەرگوزشتەو هەناسەکانی تۆم ئەگێڕایەوە، گەرمییان!
لە "ستۆکهۆڵم"رەشە رێحانەی شیعرم بوویت و
داومی لە قژی دوورگەکان.
لە پاریسدا هەناسەکانی تۆم پێشکەشی " ئیلوار"کردو
لەبەرلیندا ئاخەکانی تۆم بە "گۆتە" هەڵکێشاو
لە مۆسکۆ چیرۆکی سووتانی تۆم بۆ "چیخۆف" گێڕایەوە و
لە کەناری ئۆقیانوسی ئارام کردمیت بە شەپۆلی نارنجیی و
لە لەندەنیش دامیتە دەست مانگە شەوێکی "بایرۆن"و
لەسەر پەڕەی گوڵە رەشەکانی "بۆدلێر"نوسیمیتەوە
لەسەر تریفەو لەسەر دانووب و
لەسەر گۆرانیی و کۆچ و لەسەر باڵی فڕۆکەکان
ناوەکەتم هەڵکەندو
لە دواییشدا بۆ دۆزەخەکەی رامبۆ
دۆزەخەکەی تۆم گێڕایەوەو دۆزەخ گریاو
رامبۆ گریاو شیعریش گریا!.گەرمییان!
لەتەمتوومانی کۆچەوە بۆ تەمتوومانی کۆچێکی ترو
لەم هەورەوە بۆ ئەو هەور...وا جارێکی دیش
بەسەر خۆڵەمێشتا دارژامەوە...گەرمییان!.
بەڵام تۆ هەر زایەڵەی بە نووکەنووکی گڵ نەبووی.
تۆ هەر لاواندنەوەی گوڵە هێرۆ و کڕوزانەوەی بنچك و
گریانی گژوگیاو هۆن هۆن فرمێسکی رەشماڵ و مامزێکی

عەمبارو هەڵبەستێکی نائومێدو پایزێکی ئەژنۆشکاو نەبووی.
تۆ هەر تابووتی درێژی خۆرەتاو و،باڵندەیەکی دۆش داماوی
بێدەنگ نەبووی...تۆ هەر دەشتی پرسەو
مانگەشەوی وردوخاش و
شۆڕەبیەکی بێوەژنی تەنیا نەبووی
تۆ هەستانەوەی هەرەس و هەڵسانەوەی بەردی ئەلحەدو
راوندنەوەی وەرین و گەشانەوەی هەڵقرچاو بووی.
تۆ هاتنەوەی "شەم" و گەڕانەوەی
"سالم" و خولڨاندنەوەی "پەریخان" بووی
دەشتی خوێنە ئازاکان و گوڵە رەوەندەکان و
مامزی باڵگرتووی ئەفسانەو داستان بووی.
دەور ئەکاتەوە..ئەسپە رەشی شیعرم و
سمکۆڵاَن ئەکا بەردی یاخیم و
شەوی خوێنم لەم مەڵبەندەدا بۆتە چراخان!.
من هەموو قومە شیعرێکت بە لێوی سەرابی ئەنفال
پیرۆز ئەکەم و هەموو دەنکە گەنمێکی سەمەلی گەردنت
بە بارانی رووناکیی جەستەم پیرۆز ئەکەم و ئەتکەمەوە
بە خەونی دار سنەوبەرێکی تەمەن چواردەساڵ!.
من چی ئەزانم جگە لە ئەوینی تۆو
من چی ئەزانم جگە لە باهۆزی تۆو
من چی ئەزانم جگە لەوەی شیعر بکەم
بەجوانووی مەراقی بەر دەواری تۆ!

دەڤەرێك لە ڤیژەو
رووبارێك لە شیوەن و
پێدەشتێ لە فرمێسك و
وێرانەیەك لە كازیوەی كوژراو!.
دێمەوە لات!
ئەم هەوا خنكاوەت هەڵئەمژمەوە.تا لە زارمەوە
تاڵە ڤژو ئاوێنەو شانەو موتومورو رۆكەمەوە سەر
پەڕە كاغەزی لە چاوەڕوانیدا سپیی هەڵگەڕاو!.
باوەشت بگرەرەوە
بۆ گوڵە خەونی هەڵپچوڕكاو و بەرامەی سووتاو.
باوەشت بگرەرەوە...بۆ رستە پەپوولەی حەرفەكانم و
باوەشت بگرەرەوە...بۆ گێژەنی سەرم و
بۆ هەلوەدای شپرزەیی پەرت پەرتی چاوم و
باوەشت بكەرەوە!.
بۆ تێك ئالآنی دوو جەستەی گوناه و نوێژی
لەیەكدی دابڕاو!.
دێمەوە لات!... بێزاریم بڕیوەو تەنیاییم
تەی كردوەو نامۆییم داوە بەكۆڵماو
دێمەوە لات. مشتێك لە قوڕت و مشتێك
لە هەناسەت و مشتێك لە قسەت، چەردەیەك
لە كۆست و چنگێ لە شەوت و چەپكێك لە دەنگت و
شارایەك لە كسپەت

جەستەمن.. بۆ ئێستاو
پلیکەن بۆلای خواو
لە شیعری فڕیوما... سەرنجی ئاوێتەن!
وشەی تازە لەم عەردەدا ئەدۆزمەوە.
وشەی تازە پەڕیونەتە ژێر ئازارو
ژێر ئەنفال و ناو چاڵەکانی مەرگەوە
زەینی تازە، روانینی نوێ، چاوی سبەی، لەم عەردەدا ئەدۆزمەوە.
ئەو تەمانە لەبەرئەکەم.
ئەو ئاسۆیە ئەپشکنم.
ئەو رەژووە هەڵئەگرم و
ئەو مەراقە رەشتاڵانە
رووناك ئەکەمەوە.
من شیعری نوێ لەم دەشتەدا ئەدۆزمەوە:
لە گیرفانی درەختێکدا. لە بەرۆکی ئاگرێکدا.
لە شوێنەواری ئاخێکدا. لە کلاّوی بەجێماوی منداڵێکدا.
لە لانکۆڵەی زەردەخەنەی گڵمتکێکدا
لە دەسماڵی سەر پەیکوڵ و توترکێکدا.
من شیعری نوێ لەم مەرگەدا ئەدۆزمەوە،
لەم وەیشوومە چڕانەدا. ئەتدۆزمەوە ئەی عەشقی نوێ!
تۆ پڕشنگت لێ ئەڕژێ و
ئێستە تەڕم بە خوڕی تۆ.
تۆ هالاّوی دابڕانت لێ هەڵئەسێ و

من كەناری خۆرنشینم و توێژاڵ توێژاڵ
زەردەی ماڵئاوایی دوایی و
هەڵەبجەیەك بە هەناسەی نالییەوە
لێم ئەنیشێ.
ئەم پێدەشتی هەناسانە رووتەن نین و
ژانەكانی ئەم سەحرایە قەت چۆڵ نابن!
هەموو دارستانەكانی عەشقی ئێمەو
هەموو بێشەكانی گریەی ئێمەو
چڕستانی باڵای شەو و باڵای ژن و
قریشكەكان لەم شوێنەدا چڕبوونەوە.
هەر لێرەیشدا خاچەكانمان سك و زای خۆیان ئەكەن و
لەم ئاستەدا خوێنەكان
چراكانی خۆیان هەڵئەكەن و
لەم ئاستەدا مردووەكانمان ریز ئەبەستن و
كۆستەكانمان گەمە ئەكەن و ژاوەیان دێ.
ئەم پێدەشتی هەناسانە رووتەن نین و
ژانەكانی ئەم سەحرایە قەت چۆڵ نابن.
شەقامی گوڵ ئەستێرەی شیعرەكان بێرەدا رەت ئەبن.
كۆشكە بلوورینەكانی مۆسیقا لێرەوە بەرزئەبنەوە.
مۆزەخانەكانی سەربازی ون ژنی ون.منداڵیی ون.
عاشقی ون و پێغەمبەری ون لەم دەشتەدایە.
شاری گەورە ئەم زامەیە.

گەورەترین پارکی گوڵە کۆچەریەکان هەر لێرەیە.
دەنگە دەنگی سینەو مەمك و نووزە نووزی پەنجەکان و
قیژە قیژی پرچەکانو هەراو زەنای رۆژی حەشر لەم دەشتەبوو.
لەم دەشتەدا خواوەند گریاو
لەم دەشتەدا مێژوو سەروملی لێ بەجێماو
لەم دەشتەدا بۆ یەکەم جار لە حەژمەتا زەمان وەستاو
هەر لێرەدا ئاسمان بەرەو خوار دابەزی و
پووشووی هاوار هەمووی سووتا.
ئەم پێدەشتی هەناسانە رووتەن نین و
ژانەکانی ئەم سەحرایە قەت چۆڵ نابن.
گوێیەك بنێ بەم خۆڵەوە...چی نابیسی؟
چاوێ بنێ بەم شەوەوە..چی نابینی؟
ئەم پێدەشتە بە گرەیەو ئەم ژیلەمۆی خۆڵستانە
ئەم بەرایی خەمستانە...چ کلێپەیەکی تیا زاوە؟!
دارژانی مەرگەو... دارژانی شیعرو... دارژانی رۆح!

# مەرگی "بۆتان"

1999

مەرج نییە یەك بەیەك هەموو دار سنەوبەرێ بناسی و
مەرج نییە یەك بەیەك هەمووكانییەك بناسی و
مەرجیش نییە یەك بەیەك هەمووگوڵە گەنمێ ماچ بكەیت
تا ئەوسا خۆشەویستیان
لە سپێنەی چاوتا بنووسیتەوە.
دار سنەوبەر لەهەرباخێكی دوریشدا روابێ و
لەهەر شوێنێكیشدا باوەشی بە سامالْدا كردبێ
بۆ هەمووانەو...بۆ ژیانەو...بۆ منیشە با نەمدیبێ!.
با كانییەك من دەمم پێوە نەنابێ
بەلاّم خۆ هەر دەمی من تاقە دەم نییەو
ئەم تینوێتی هەركەسێكی شكاندبێ، شیعر بۆم ئەگێڕێتەوە
ئەوسا منیش خۆشم ئەوێ، ئەگەر من نەشمناسیبێ،
ئەوسا منیش بڕوا ئەكەم
بەو درەختانەی لە نزیكەوە ئەویان دیوە
بڕوا ئەكەم بەو باڵندانەی لە نزیكەوە دار سنەوبەریان ناسیوە
ئەوسا منیش خۆشم ئەوێ.

نەء مەرج نییە هەرگیز و قەت بەم چاوانە
یەك بە یەك هەرچی عاشقی دەرسیم و گۆمی وانە بیانبینم
بەلاّم خۆ ئەزانم دەرسیم چییەو گۆمی وانیش مانای چییەو
ئیتر دلّدارانیشیم خۆش ئەویّ.
من پەپوولەکانی دەڤەری دیاربەکرم قەت نەدیوە
بەلاّم زۆریشم خۆش ئەویّن،
چونکە گولّەکانی دیار بەکر خۆشیان ئەویّن
من هیچ کەنیسەیەکی دەڤەری قامیشلیم نەدیوە
هیچ کامێکیان ناناسم و تەوقەیشم لەگەلّ هیچ شەمالێکی
دەڤەری کوێستانەکانی هەکاردا نەکردووەو
لەگەلّ هیچ کام لە مامز و گولّ ئەستێرەکانی
ناوچەی مەهاباتیشدا دانەنیشتووم
بەلاّم هەموویانم خۆش ئەویّ،چونکە:
قامیشلی خۆشی ئەویّن.قامیشلی دلّی منە.
چونکە هەکار خۆشی ئەویّن. هەکار دەنگی منە.
چونکە مەهابات خۆشی ئەویّن.مەهابات ئاوێنەی منە.
من "بۆتان "ئەم مانگەشەوە جوانەمەرگەم نەناسیوە
نەلەگەلّ تریفەیدا دانیشتوومو نەگوێم لە پەیڤی خەرمانەکانی
دەنگی بووەو..نەتەوقەم لەگەلّ هەورەکانی نێو سەریدا کردوەو
نەبەسەر ڕێگاکانی یاسایشدا قۆلّمان کردووە بەقۆلّی یەکتر داو
نە بە یەکیشەوە گوێمان لە بڕیارەکانی دادگای هەق گرتووە..
بەلاّم خۆشیشم ئەویّ..بەلاّم بۆیشی گریام

بەلاّم گوڵە وەنەوشەیەکیشم لەسەر مەزارەکەی دانا
چونکە شاخی گۆیژە خۆشی ئەویست، ئاخر گۆیژە باوکی منە.
چونکە راستیی خۆشی ئەویست، باخچە خۆشی ئەویست،
چونکە شارەکەم خۆشی ئەویست، داد خۆشی ئەویست
ئەی راستیی و باخچەو شارو داد پەنجەرە نین بۆ شیعری من؟!
من بۆ ئەم کتێبە جوانە مەرگە گریام
چونکە شیعری قوباد و غەمباری هاوڕێم
لە نزیکەوە ئەیانناسی و خۆشیان ئەویست و بۆی گریان.
چونکە ئێوە...ئێوە هەمووتان
خۆتان لە ئەوینی ئەو هەڵکێشاو ئینجا هاتوون
بۆ ئەم گۆڕە نیگا تەڕە.
چونکە چاوی ئێوە چاوی منەو
منیش بڕوا بەفرمێسکتان ئەکەم.
لە دواییشدا چونکە من شاعیرم و
بۆ هەموو ئەستێرەیەکی جوانەمەرگ و
بۆ هەموو تاڤگەیەکی جوانەمەرگ و
بۆ هەموو پەپوولەیەکی جوانەمەرگ و..بۆ "بۆتان "
ناکرێ نەگریم!
ناکرێ شاعیر لەناو دڵی خەمەجوانەکاندا نەبێ.
ناکرێ شاعیر لەهەر شوێنێ
فرمێسکێکی سنەوبەرو ژاڵەی لێ بێ
لەوێ نەبێ

# تلە تلّی جەستە و

# هەڕەشەیەك لە تاریكیی!

1999

سووتانو بەسووتماك كردنو جەستەی ئێمەو
خاكی ئێمە لەیەك دانەبڕاون.
ئەم چارەنووسە هەلگیرساوە، ئەم مێژووە سووتەمەڕۆیە،
بەردەوام بەشێك بووە لە لرفەلرفی كلّپە كردن و
لە ئەنجامیشدا دیرۆكی خۆڵەمێشێ كە بێ پسانەوە
كارەساتو كۆستی هەڵقرچاوی گێڕاوەتەوە.بوونی كوردو ئاگر،
لە دووانەیەكی ئەبەدیی ئازارو رووناكیی ئەچن.
جارێك ئێمە كردوومانە بە سونبوڵی مانەوەو
زۆرجاری تریش ئەو كردوینی بە قەرەبرووت!
ئەم قەدەری پێكەوە ژیانی ئێمە و ئاگرە...دێرینە دێرین
لەكوورەی بەناڵەناڵی موغەكانی زەردەشتەوەو
لە نزای سەر بە نووری گاتاكانەوە
لە قوربانییەكانی میدیاوە...لەو مەنجەنیقانەوە

که بۆ یاخیبوونمان داخراوە..تا ئەم ساتە وەختە
لەو سەردەمانەوە..لای ئێمەی بلێسە پەرست..
نیشانەیەك بۆ مزگێنی سەرکەوتن،مەشخەڵان بووەو
لە بێهودەیی ونائومێدیشدا. . .ئاگر لە جەستەبەردان.
ئێمەو ئاگر تێك ئاڵاوین
چیرۆکی ئاگرو چیرۆکی سووتان، تێکەڵاوبوونی
ژیان و فەنابوون، بوون
تێکەڵاوبوونی رووان و هەڵوەرین. ئاوێتەبوونی لانکە و گۆڕو
هەرەس و هەستانەوەو
بەیەکداچوونی گومان و یەقین..چیرۆکی ئەودۆزەخانە بوون
کە هەندێ جار بەهەشتمان تیا رسکاندون و
لەباخی پشکۆدا گوڵمان چنیوەتەوە.
لەدواساڵی سەدەی بیستەمیشدا،ئەوەتا هەرئاگر ئەبێتەوە بەو
رەمزەی گیانمانی پێ ئەبەخشین بۆ ئەوەی لەشمان بکاتەوە
کڵۆ خەڵوز و
بەو کڵۆیەش ئازادیی لەسەر هاوارەکانمان بنووسینەوە
ئەچینە بلێسەکانەوە
بۆئەوەی لە مردندا مانایەکی نوێ بەژیان ببەخشین
ئەچینە ناو رووناکی داخراوی مەرگەوە
بۆئەوەی لێی نەیەینە دەرەوە
سیروان وای کرد
"سیروان" خۆی داگیرسان

بۆ ئەوەی بێزارییەك بكوژێنێتەوە
یان بۆ چەند چركەیەك هەڕەشە لە تاریكیی بكات
یان بۆئەوەی پەیڤێكی نەمر لە شەوێكی چڕی بێ دەسەڵاتیدا
بكا بە شیعرێكی گڕدار
دیسان بۆ چەند چركەیەك و بەس
تووڕەبوونی زامێك لە دنیایەكی كەڕەواڵە
ئەوە... تەقینەوەی شاخێكی گۆشەگیر و وەڕس بوو
تەقینەوەی ترس و تەقینەوەی بێدەنگیی
هەڵپڕژانەوەی شەپۆلێكی سەربڕاو..
ئەوە.. ناڕەزایی رستەیەكی بێ دەمامك بوو لەدنیای دەمامكدار
ئەوە.. ساتەوەختی لێكدانی زەوی و ئاسمانی حەقیقەتێ بوو
دارمانی ئارام و
هەرەسی دڵنیایی و
رووتبوونەوەی رەشەبایەك بوو لەبەردەمی
زەریا بێ باكەكاندا.
لە هەموو خۆشەویستییەكی گەورەدا
لوتكەیەك هەیە...لوتكەی توانەوەیە لەگەڵ حەقیقەتدا...
لوتكەی بڕیارو نەگەڕانەوەی
ئەسپی بە كوڕژن بە چەپۆكانی بەردی ئۆقرە لێبڕاو.
لەوێدا..ژیان داوای مەرگێكی نوێ ئەكات.
لەوێدا..رواڵەت و جەوهەر لە یەكتر جوێ ئەبنەوە.
لەوێدا..خەونێكی هەتاهەتایی ئەبینرێ و

زەمان ئەبێ بەیەك زەمان.

مەزنترین ئەوینداریش هەر ئەوانەن كە بە رۆشنایی جەستەی

سوتاوی خۆیان درِ بە مەترسی و دۆشدامان ئەدەن.

سیروان وای كرد.

ئەو لە جەستەی هەژارو نامۆی خۆی زیاتری شك نەئەبردو

ئەویشیدا بە زرِەی زەنگێك..

بەزایەڵەی ئاوازێك و

بەتاقە هاوارێكی سوتاو

تەنها لە گێژەنە گەورەكان و گەرداوی كارەسات و مەترسیشدا

مرۆڤ و خۆشەویستی مرۆڤ

رووبەرِووی راستییەكان ئەبنەوە

جیاوازییە هەرە گەورەكانیش..

هەر لە ئاستی ئەو جومگانەدا دەرئەكەون

كە مەرگ ئابڵۆقەی داون

لەبەرامبەر مەرگدا.. بەهای ژیان تاقی ئەكرێتەوە

ئەو ئێوارەیەی سیروان خۆی كرد بە نەورۆز

نە نەورۆز هەبوو نە ئەو ئاگرەیش كرابۆوە.

ئەو ئێوارەیە.. بوولێڵ گەرِایەوە بۆ تەندوری خۆرنشین

ئێوارەی مانابوو.. ئێوارەی لەدایكبوونێكی تری مەراق

ئێوارەی بەیانیی و

ئێوارەی تەنیایی هەموومان.

لەو ئێوارەیەداو لە بەردەم تەلەفزیۆنێكی خوێن لەچاو تێزاودا

لەبەردەم دیمەنێکی زیندووی نوشوستی هیوادا
کە سومبولێکی لە ئاگرازاوی بووبوو بە داوی گشت جیهانەوە
لەو ئێوارەیەدا..
یەکێك.. فرمێسکێکی ئاگرداو
ئەوی تر ئاخێکی رووااند
من شیعرێکم هەڵپچوڕکاو
بەلاّم"سیروان"جەستەی خۆی فڕێدایە
نێو تلّە تلّی نێرینەی ئاگرێکەوەو
بەو تلّە تلّ و نێلّە نێلّی جەستەیە..دەم و چاوی
گومان و ڕاڕایی هەمووومانی رۆشن کردەوەو
پێی وتین:من مەزنترین شیعرم
بە ئازاری لەشم نوسیی.
سیروان لە سەرمای هەژارییەوە بوو بە ئاشنای ئاگرو
تەنیایی بردیە ناو هونەرەوەو
شەوانی سەر شۆستەی شەقامەکان..هەنگاوی لانەوازی،
کولێرەو ئاو، لە زستاندا ئاگری ناو تەنەکەی سیلەی
کۆلاّن و لە هاویندا خواردنی شووتی و تاریکیی بەیەکەوە،
بە رۆژیش خولیا گەڕۆکەکانی بێکاری و تێڕامان لە
گلێنەی حەرف کردیان بە هونەرمەند
هەر هونەرمەندە هەژارە بێدەرەتانەکانیشن
راستگۆییان لە سادەییەوە هەڵهێنجن و
هەر ئەوانیشن لە زمانی بێگەردی پەلکە گیا بگەن و

بزانن پیرۆزیی نانێکی گەرم و
قله هەنجیرێکی گەییوو له چیدایە!
هەر ئەوانن.. بتوانن ئەوەنده له مردن نزیك بكەونەوە
تا ئەچنه چاوی نەهێنیەکانی ئەودیو گەردوونەوە.
کامێراکانیان ئەوەنده له مەترسیی بەرنه پێشەوە
که ئیتر خۆشەویستیان دەرفەتێکی تری بۆ نەمێنێتەوە
جگه له هەڵگیرسان و هەڵقرچان.
سیروان وایکرد..
ئەو دواوێنەی لەسەر ئاڤزینی مەرگەوە گرت
ئەو دوا وێنەی ئێوارەیەکی کلێپەداری
له بەردەم فرۆکەیەکی
بارهەڵگری نامۆییدا گرت
ئەو دوا سەمای لەناو گەرووی ئاگردا کردو
تاجی پشکۆی لەسەر کردو
ئەوسا مرد!
هەموو عاشقێ.. ئەبێ دوا گۆرانی خۆی بڵێ:
له هەر جێ ژوانێکدا بێ.. دوا دیدار لەگەڵ مردندا ساز بکات
له ژوورێکدا، لەسەر شاخێ، له شەقامێکدا.. له دەشتێکدا
لەبەر باڕێزەی زماندا،یان باراندا، یان لەبەر ئاوێنەی هەتاودا
سیروان جێ ژوانی خۆی له بێشەلانێکی ئاگردا دیاریی کرد..
که دامرکایەوە بوو بە درەختێکی سووتاوو
بەکۆتەرەی لەوحەیەکی رەش و سپی

ئەم مردنە لەنێو هونەرمەندانداو لە هەموو جیهاندا
وەك تابلۆ گەورەكان
وەك عەشقە گەورەكان
وەك دۆزەخە گەورەكان
دەگمەنە..
دەگمەنە وەك خاچی عیساو
شەوی یەڵداو
تەنیایی كوردستان.
سیروان.. بە ناسۆرترین تابلۆی دوا ساڵی
سەدەی بیستەمی ئێمەبوو..
ئاماژەیەكی گڕتێبەربوو..رووەو زوڵم.
فڕینێكی گڕتێبەربوو..لە تاریكستاندا.
نیشانەی پرسیارێكی گڕتێبەربوو.. لەبەردەم دنیادا.
ئەوە سیروان بوو.
لێرەوە چاوم لێیە بلێسە باڵیەتی و ئەفڕێ.
لێرەوە ئەیبینم: ئەو قەقنەسەو وێنەی
عەشقێكی ئەبەدی لەئاسۆی خۆڵەمێشینی
ئەم ولاتەدا ئەكێشێ.
لێرەوە چاوم لێیە: "سیروان" لەوێ
لە بەرزاییە بڕۆنزیەكانی رۆحدا..
یەكێك لە كچە سووتاوەكانی نیشتمان.. لەو كیژانەی
لە ماڵە زیندانیەكانی ئێمەدا.. دەمەو ئێوارەیەك..

خۆی و تەنیاییەکەی سووتاون..

سیروان.. لەوێ ئەیناسێت و بە گڕەوە ئەیخوازێت و

ئیتر ئەیکا بە دەسگیران.

من لێرەوە چاوم لێیە..سیروان بووە..

بە سوورە ئەستێرەی باڵدار..

هەموو شەوێ، لەناو بەحری مەڕمەڕەوە

دێتە دەرێ و هەڵئەکشێ و بەرامبەر تاقە پەنجەرەی زیندان

بۆ چەند ساتێ رائەوەستێ و شەپقەکەی سەری دائەگرێ و

لەودیو پەنجەرەی کلێپەوە

سلاّو ئەکا لە "ئۆجەلان"!

# عەشق

1999

لە ناو سەرما،لە باكووردا،عەشقێك هەیە پڕ لە باران
پڕ لە هەورە بروسكەیە.باران راپەڕینی سەوزمە و
برووسكە باڵی بڕوامەو سەرم فەزا.
لە ناو گیانما.لە باكووردا،عەشقێك هەیە پڕ لە باهۆز
باهۆز نیشتمانی چریكەمە و
دەمێك ئەبێ بە پەیامی كێوەكان و
دەمێكی تر بە هەناسەی شارەكان و
باهۆز ئەبێ بە شەقامی خۆرەتاوو
ئەبێ بە مانگی سەر چیاو
باهۆز ئەبێ بە گەریلا.
لە ناو سەرما،لە باكووردا،عەشقێك هەیە پڕلە سروود
سروودی ئاو.سروودی بەرد،سروودی بەفرو رەشەبا
سروود ئەبێ بە رووبارو ئەڕژێتە شیعرمەوەو ئیتر ئەڕوا
ئەڕژێتە جیهانەوەو سروود ئیتر هاژە ئەكاو
سروود ئەبێ بە دەنگی خوا

سروود ئەبێ بە ئەستێرەی ئەرخەوانی و
سەرم بە چرای گەریلا.
لەناو سەرما،لەباکووردا،عەشقێك هەیە
پڕە لە جریوەی منداڵ،پڕە لەئاوێنەی گوڵ و
پڕە لە ئەوینی ژن و
پڕە لە گۆمی رووناکیی و
پڕە لە هەنیسکی گەڵاً.
لەم عەشقەدا
ئاوێنە ئەبێ بە رێگا
ئەوین ئەبێ بە گۆرانیی و
گۆمیش ئەبێ بە چاوان و
هەنیسك ئەبێ بە هەڵەبجە و
لەدواییشدا هەر هەموویان
ئەبن بەخەونی گەریلا!.
لەناو سەرما،لەباکووردا،لەئێستەدا
عەشقێك هەیە پڕە لە ملیۆنان دەستی خۆر و
پڕە لە ملیۆنان جۆگەی دەنگ و
پڕە لە هەزاران شەقام و
دەستی خۆر ئەبێ بە دوارِۆژ
جۆگە ئەبێ بە رۆژنامەو
کێڵگە ئەبێ بەزاری نان
لە دواییشدا شەقام ئەبێ بە "ئۆجەلان"

لەناو سەرما، لەباکووردا، لە ئێستەدا
عەشقێك هەیە پڕ لە هەور
پڕ لە کانی ژێر زەمینی و
پڕیش لە هاواری ناکاو
هەور ئەبێ بە دەربەندی هاژەو سێلاو
کانیش ئەبێ بە بوومەلەرزەی جەستەم و
هاواریشم بە ولاتێکی هەلْقرچاو
لەناو سەرما،لەباکووردا،لەئێستەدا
عەشقێك هەیە،عەشقی "وان"ێکی تینووە
عەشقی گڕێکە زیندانی و عەشقی زمانێکی زامدار
وان هەلْئەسێ و لە ئازادیی ئەخواتەوە
گڕ هەلْئەسێ و نەورۆز ئەباتە سەرلوتکەو
ئەم زمانە زامدارەیشم رائەچلەکێ و
دەرگا لەسەر حەرفەکانی ئەکاتەوە.
لەناو سەرما. لەباکووردا. لەئێستەدا
عەشقێك هەیە، عەشق بووە بە پەنجەرەی هەموو مالْێ
عەشق بووە بە سترانی هەموو مالْێ
عەشق بووە بە بالْندەو بە درەختی هەموو مالْێ
لەناو سەرما.لەباکووردا.لە ئێستەدا
عەشقێك هەیە... هەموو رۆژێ گەورە ئەبێ و گەورە ئەبێ
لە ئێستەدا ولات جێی تیا نابێتەوە
دارستانی بلێسەیەو پەل ئەهاوێ، پەل ئەهاوێ. بەرەو ژوورتر

ئەگاتە شەوی ئەنقەرەو ناڵە ئەکات.. پەل ئەهاوێ

ئەگاتە ناو ئەستەموڵو شەقام شەقام لرفە ئەکات.. پەل ئەهاوێ

ئەگاتە ناو پێکەنینی ئەتاتورك و پێکەنینی ئەکا بە خۆڵ

ئەمە کلێپەی عەشقی منە... عەشقێکەو ناوی گەریلاو

عەشقێکە ناوی:کوردستان..

ئەمە کلێپەی عەشقی منە.. ئازادیی ئەنووسێتەوە...

لەسەر جەستەی شەهیدان و... لە ئێستەدا

بووە بە نەورۆزی جیهان!

# رسكان له خۆڵەمێشدا..!

1999

لەو بەیانییەدا خۆرنشین زاو شەوێکی رەشی بوو.
لە هەتاوی ئەو رۆژەدا چڕبوونەوەی کۆست پەلی هاویشت و
لە ئاپوورەدا.. تەنیایی لەدایك بوو.
لە بیست و چواری نیساندا..پایزێکی قەمبوور هات و
لە گەشانەوەی باخە هەرزەکارەکانیشدا
زەمانێکی پیروپووکانەوە بوو بەوەرزمان!.
من نیشتمانێکم هەیە
هەر لە منداڵییەوە سێدارە رایژەنیوەو
کۆچ پێناسەی بووە و.. زوڵم پارووی بووەو
درەختەکانی برین شمشاڵی بوون و
گوندی بێوەژن و شاری بێوەژن و شەقامی بێوەژن
هەرێمەکانی بوون و
پەپوولەی کوژراو بارانی و
ئاوێنەی شکاو دەم و چاوی و
لاواندنەوەیش لاولاوی!

من نیشتمانێكم هەیە.. لە دووكەڵ پێكهاتووە
دووكەڵی چوارگۆشە و
دووكەڵی لاكێشە و
دووكەڵی سێ گۆشە و
دووكەڵی بازنەیی
لە پەنجەرەی رەژووی هەر كامێكیانەوە
سەیر بكەیت:
دارستانی قیژەو
شاخی وەیشوومەو
هاوینەهەواری فرمێسك و
گەرەكی زایەڵەت لێوە دیارە!.
من نیشتمانێكم هەیە
لە هیچ نیشتمانێكی تر ناچێ.
لە هیچ گریانێكی تر ناچێ.
لە هیچ سووتانێكی دی ناچێ.. هەموو جارێ
ئەیهاڕن و پووش و پەلاش و پاشەڕۆی ئازارەكانی
ئەدەن بەدەم
بای شمشێرو بای زرێپۆش و فڕۆكەوەو كەچی لەوسەر
ئەم نیشتمانە ئەفسانەیە دێتەوەو.. كەچی لەوسەر
ئەم كۆتەرەیە ئەبێتەوە بە سنەوبەرو ئەڕوێتەوەو
كەچی دیسان ئێسك و پروسكی ناو سوتماك
یەك ئەگرێتەوەو كوتەكوتەی ئەم جەستەیەیش

هەڵئەستێتەوە سەرپێیان و ڕووئەکاتەوە دنیاو
ئەڵێ منم کوردستان!
من نیشتمانێکم هەیە.. تەلیسمی گەردوونە
لە قەلأدزێدا ئەیکوژن و بەلأم لە ئامەددا زیندوو ئەبێتەوە.
لە هەڵەبجەدا سەری ئەبڕن و بەلأم لە کەرکووکدا ئەژێتەوە.
لەهەولێردا لە قەنارەی ئەدەن و
لە ورمێدا بەرزەوپێ ڕاست ئەبێتەوە.
من نیشتمانێکم هەیە حەوت پەراسووی
لە هەموو نیشتمانەکانی دیکەی ئەم دنیایە زیاترە
نە قەوارەو نە حاڵ و نە ماڵ و نە چەترو نەشوورەو
نە ئەندامە لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانداو
نە پولێکی هەیە لە سندوقی دراوی دەوڵەتانداو
نە ئالأ و نە زرێ پۆش و نە فڕۆکەو
کەچی ماوەو کەچی ئەژی و کەچی هەیشە!
من نیشتمانێکم هەیە
بالأی ئەو بالأی ئەشکەنجەیە و
چاوی ئەو چاوی ئەنفالەو
گەردنی ئەو گەردنی گریانەو
ئەم قاچی ـ "4/24 "ەو
ئەو قاچی ـ"3/16"یەو
لەبیرمە بەیانییەك دەستی ڕاستی لەژێر هەرەسێکدا قرتاو
لەبیرمە دەستی چەپی زرێ پۆشێ

لەگەڵ زینجیرەکانی خۆیدا بردیو
لەبیرمە بەیانییەکی تر دنیا زەهرخواردی کردوو
کۆڕەوێکیش مێژوویەکی ئاسنینی دا بەکۆڵیاو
کەچی لەپڕ ئەو باڵایە ئەستێرە ئەگرێ و
ئەو چاوە ئەبێ بە چاوی دواڕۆژو
ئەو گەردنە ئەبێ بە گەردنی ئاگرو
4/24 ئەبێ بە 3/21
3/16 ئەبێ بە 3/5
هەرەس راست ئەبێتەوەو دەستی راستم ئەبێ بە قەندیل و
دەستی چەپم ئەگەڕێتەوەو ئەبێ بە دەستی راپەڕینم و
هەمان دنیا دێتەوەو ماچم ئەکات و
ئەمجارەیان مێژوویش ئەبێ بە ئەسپی غارکردنم!
لەبیستو چواری نیسانی ئەو ساڵەدا کەخۆشەویستی شیرین
هەزاران هەزاری کردبوو بە فەرهادی بێستونەکانی ئەم خاکە.
زانکۆی سلەیمانی بە سواری کەژاوەی چرا گەیشتبووە
قەڵادزێ و بەهاری ئەیلولی دابوو بەخۆیدا. ریزە چراوگی
سەری خوێندکارو مامۆستا. ریزە وشە. ریزە قەڵەم
بووبوون بە چراخانی زانست و هونەر. سەر لەبەیانیی
ئەو رۆژە. لەناکاوێکدا، ساماڵ بوو بە نەینۆکی
شکاو هارەی کردو بەیانیی بو بە بوولێڵ و قەڵادزێ
کەوتە سەر چۆکی شکاوو فوارەی جەستەمان بەرەو
ژوور بوو بە ئاوی یاقووتین و هەڵکشا.

ئیتر دڵۆپە وشەو خوێنی گوڵان یەك یەكتریان خواردەوە.
چاوی كتێب و چاوی درەخت سۆمایان پڕاو
كوێرایی چرا داهات و
پێكەنینی هەڵوەری.
كۆلیجێك بوو بە تابووتی ژمارە كوژراوەكانی ماتماتیك و
كۆلیجێك بوو بە تابووتی شیعرەكوژراوەكانی ئەدەب و
كۆلیجێك بوو بەتابووتی گوڵەگەنمە كوژراوەكانی كشتوكاڵو
زانكۆیش بوو بە تاقیگەی مەرگ!
من نیشتمانێكم هەیە
لە سێسەدوو شەست و پێنج پەنجەرەیساڵێكیا
رەنگە هەر پێنج پەنجەرەیان پێ بكەنن
ئیتر سێ سەدو شەست پەنجەرەكەی تری
یان هەڵمی كۆست دایگرتوون و
یان دەستیان ناوەتە ژێر چەنەی خەمی ژوورو
یان سەرسام ئەڕواننە پایزی دوورو
یان لەگەڵ رێژنە باراندا ئەگرین!
من نیشتمانێكم هەیە..
بۆ خۆیشی ئەوەندە بچوكە
جێی بزەی گوڵ خەندەرانێكی تێدا نابێتەوە.
من نیشتمانێكم هەیە بۆ پەژارەیش ئەوەندە گەورەیە
جێی هەموو زایەڵەی دنیای تێدا ئەبێتەوە،
من شیعرم كردووە بە ئاو

ئەیکەمە دەفری هەموو ڕۆژەکانیساڵەوە.
من شیعرم کردووە بە مێو
لەنێو پەنجەکانی خولیاو خەیاڵما
هەموو جۆرە پەیکەرێکی ئەفراندنیان لێ دروست ئەکەم.
جوانیی خودام تێکەڵ بە جوانیی زمانەکەم کردووە
بێگەردی منداڵم تێکەڵ بە ڕوانینم کردووە
دەنگی هەژارانم تێکەڵ بە دەنگی خوێنم کردووە
بۆیە ئەتوانم ببمە هاژە لە گوێتانداو
بۆیە ئەتوانم خۆشەویستیتان سەرسامکەم و
بە سیحری زمان کەمەندکێشتانکەم
من ئەمرۆ لەنێو شتە بچووکەکانەوە ئەچمەوە نێو قەڵاْدزێ
شتە لەبیرکراوەکان ئەوانەی بوون بە هەڵم و کۆست و
بارانی لەبار بردن،من سەرلەنوێ
ئەیانکەمەوە بە هەورو بە چەخماخەو بە باران
من پەلکە گیای سورباوی قژی سەروەرو
فەقیانەی سپی لە کۆترچووی حەمە ساڵحم لەبیرە
سروودەکانی هێرش هەر لە سنگمان
بۆیە ئەتوانم بەر لەهەمووتان
قەڵاْدزێ ڕاکێشمە ئەم هۆڵەوە.
من نیشتمانێکم هەیە..خەم سابات و خەم کەپرێتی
خەم بووە بە باڵندەی خەم بووە بە گژوگیاو خەم بەماڵی.
لەگەڵ ژاندا دیلانێ ئەکاو

لەگەڵ ئازاردا بووە بە هاوڕێو
لەگەڵ مەراقدا بووە بە دراوسێ و
بەڵام من نیشتمانێکیشم هەیە..
لە دوای هەموو قەڵادزێ و هەڵەبجەیەك
ئەڵێ وئەڵێ: لەوانەیە مردن بمرێ
بەڵام من نا!

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| ئافات | 5 |
| غەزای گوڵجاڕی ئاوێستا | 7 |
| پەریزاد و گوڵەکەی دوژمنی | 18 |
| ئاوابوون و بوومەلەرزە | 31 |
| مێرگی زام مێرگی هەتاو | 51 |
| زێی شیعر | 53 |
| هەژین | 55 |
| ڕەو — بەغدا | 61 |
| دووکەڵی گولگرتوو | 66 |
| لەناو قەفەزێکەوە | 68 |
| یەکانە | 74 |
| گرێ | 81 |
| هەتاو | 88 |
| کۆتایی داستانێ | 96 |
| هەناسە ساردەکانی گەرمییان! | 100 |
| ماڵ | 105 |
| یادداشتی کۆترە کێوییەك | 109 |
| بەڵێن | 112 |
| زنەی شیعر | 115 |
| وێنە | 117 |
| مزگێنی | 118 |
| ڕاسپاردە | 120 |
| بەندەر | 122 |
| کلیل و دەرگا | 124 |

| | |
|---|---|
| دز | 125 |
| شیعرێکی لاڵ | 127 |
| سێ کورسی | 128 |
| جیمس جۆیس | 130 |
| بەڵام! | 131 |
| داری ژاڵە | 133 |
| لێرە | 135 |
| لەگۆڕستانێکدا | 136 |
| گفتوگۆیەکی ساکار | 138 |
| چاڵ | 140 |
| خەون | 142 |
| مەملەکەتی سیحر | 143 |
| سیحر | 144 |
| شاکیر فەتاح | 146 |
| ئاخێك | 147 |
| دوو جار | 149 |
| ناسینەوە | 151 |
| کیژ | 152 |
| هۆ | 153 |
| چیرۆکی خۆشەویستییەك | 154 |
| شیعر و ئارد | 156 |
| لەسێگۆشەیەکدا | 158 |
| نووسین! | 159 |
| نەژاد | 160 |
| سییانە | 161 |
| دیدارێکی کورت | 163 |
| نیوە | 166 |
| دەسکەوت | 167 |
| کورتیلە چیرۆکە شیعرێ | 169 |
| سەعاتی قامیش | 171 |
| گەردن | 172 |
| کەرکووکنامەیەك | 173 |
| بازنەی ئاگر | 174 |

نەهێنی ........ 175
چوارده چرا ........ 177
درەختی مرواری ........ 187
گوڵە جەرگێ ........ 201
گەڕانەوە ........ 203
ئەسپ و چرا و مانگ ........ 205
لەو شەوەدا ........ 208
حەسەن کوێستانی ........ 210
پەیکەر ........ 211
شەست قوربانی ........ 213
دوورو نزیك ! ........ 215
لەناو سەری هەڵەبجەدا ........ 217
نان و ئاسمان ........ 218
لەشەوێکدا ........ 219
شیعر ........ 220
ئافیش ........ 221
تەنیایی ........ 222
ئاوی شیعر ........ 223
سوورەتی ئەوین ........ 224
نیشتمانی ئاگر ........ 225
حیلەو گرمەژن ........ 226
دوو برین ........ 228
دیاریی ........ 229
جوانە دڕندەکە ! ........ 230
ماچ ........ 232
زەماوەندی دوا ڕۆژ ........ 234
ئەوینی سپی ........ 236
نامە ........ 238
تۆ ........ 239
مەهێڵە ........ 240
بەرد ........ 241
هەڵبژاردن ........ 243
تەماشا ........ 245

| | |
|---|---|
| توانەوە | 247 |
| قژ | 248 |
| ڤینتسییا | 249 |
| تاقە جار | 250 |
| دەنگدانەوە | 252 |
| مەحوی | 253 |
| مەولانە خالید | 254 |
| بۆ دوو میوان | 255 |
| سێ زمان و چوار قامچی | 256 |
| باران | 257 |
| کوا تۆ تەنیای | 258 |
| تەنیایی | 259 |
| هاتنت ! | 260 |
| زەرفی تابوت | 261 |
| خەم و خەم | 263 |
| خەیاڵ | 264 |
| لەبری من ! | 265 |
| ژەنەراڵ | 266 |
| ئێوارەیەک | 267 |
| گا | 268 |
| بەردەوام خۆشەویستی | 269 |
| خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ | 271 |
| بۆننامە | 533 |
| چراکانی سەر هەڵەمووت | 623 |

# دیوانی

# شێرکۆ بێکەس

# دیوانی

# شێرکۆ بێکەس

**بەرگی پێنجەم**

**2003 ـ 1999**

کوردستان ـ 2006

# نسیٚ

شیعر

1999

## وتەیەك

غەریبیی (نسیٚ)یەو خۆرەتاوی نیشتمان لیٚی ناداو تین و تاوو گەرمای ڕۆحی وڵات نایگریٚتەوە. جگە لە یەکدوو شیعریٚ ئیتر هەر هەموو ئەو شیعرانەی لەم دیوانەدا کۆبوونەتەوە لەو نسیٚ نسرم و کۆسارە ساردانەی ئاوارەییدا لەنیٚوان ساڵانی 1997/1996 و سەرەتای 1998 دا لەدایکبوون و بەدەم هەڵ لەرزینی جەستەی خەونە پەرت پەرت و زڕاوەکانیانەوە پیٚڵوی وشەیان هەڵهیٚناوە. هەر لەبەر ئەوەیش (نسیٚ) بوو بە ناونیشانیان. وائیستەیش لەو نسیٚیەوە گەڕاونەتەوە بەردەم بەربەرۆچکەی چاوی ئیٚوەو لە ساڵی تازەی 1999 دا ئەبنە ئاویٚنە ڕووناکەکانی بەردەمتان!.

شیٚرکۆ بیٚکەس
سلیٚمانی – کۆتایی ساڵی 1998

# باڵا ئاوێنەکان

# سرروودەکانی (مەلەك تاووس)

لە کەناری شەوێکی سپییەوە کەوتمە ڕێ و
هەنگاوم زەمینی داچڵەکان
هەوا ڕەنگین و خەیاڵم کەژێکی
دەم بە خەندەی ئاسۆگەی بینین بوو.
لەڕۆخی شەوێکی زیوییینەوە
پەڕیمەوە ئەو بەری:
وڵاتی تەلیسم و
ئەفسوونی فڕین و خەوبینین.
چوارگۆشەیەك
پەنجەرەی بوونم بوو.
چوارگۆشەیەك بنەماو
چوارگۆشەیەك مەوداکانی ڕوانینم بوو:
هەواو دەنگی هەواو
گڵ و نیگای گڵ و
ئاوو زیندەگی ئاو بوو.

هەموو چوکڵەی ئەستێرەیەك بۆ من جۆلانەیەك و
هەموو کوێستانەکانی شەختە بەند ئاوێنەم بوون.
من کوانوو بووم
بۆ ئاگرێکی تازە زاو.
هێلانە بووم
بۆ باڵندە بەردینەکان و لەنگەرێك بووم
لەناو تەمی گومانێکدا هەڵپڕوزاو
لەشم لەشی بەرانە کێوییەکی تەڕی
بەر ڕێژنەی پرسیارو گژەبای دوو دڵی و
چاوەکانم دوو بازی باڵ داگیرساو بوون.
من ئەو دەمە
گۆرانیی گێژەنێکی خوێن گەرم و
شەتاوێکی لاساری کاوانەکان بووم:
لە تەوقە سەری ئەوینێکی کەف چرێنی چاو نەترسەوە
ئەرژامە گۆلاوەکانی کازیوەوە.
سامێك بووم
لە شێوەی گەرداوێکی شێت و وێتدا
تین و تاوێك بووم
لە شێوەی شمشێری سوورە هەتاودا.
لە ئەشکەنجەدا هاژەم ئەکردو
لە مەحاڵدا باڵم ئەگرت.
من ئەو دەمە

باهۆزێ بووم
کلاَوی هەورە تریشقەم لەسەر ئەکرد.
من هەر لەبەردی هەتاوو
لە کێوی خۆڵەمێشی خۆم
یەزدانی خۆم دروستکردو
لە دارستانی زمانە چەند جار سووتاوەکەی خۆمدا هەڵمکرد.
من بەفرێکی ڕەش هەڵگەڕاوی
یاخی بووم و لە سوورەتەکانی
خوای بیابان جیابوومەوە.
داربەڕووە هەرە پیرەکانی شەوگار
منیان نووسییەوەو هاوڕێ و هاودەمی بە ئەمەکی
پۆلە کەوی پەرەوازەو سەرگەردانی جەستەی خۆم بووم.
سەرم نەدایە دەست گوڵەکانی بەهەشتی ئارام و دڵنیایی.
لە وەیشوومەکانی مەرگدا
مزگێنییەکی دەم و لێو خوێناویی بووم.
من ئەو دەمە
ئەسپی ڕۆژگارە چەمووشەکانم ڕام ئەکردو
لەچەرمی بڵێسە
(زین)م بۆ دروست ئەکردن و سواریان ئەبووم.
من کارەساتم ئەئاژوو
(بەلاَ)م جڵەو ئەکردو
دەستم بەیاڵی دوارۆژدا ئەهێناو

پەیامی ڕەهێڵە کەسکەکان و
مژدەی گوناهە زیندانیەکان و
ناو هەناوی تاریکیی بووم.
برین بە برین
شاخ بە شاخ و
مەرگ بە مەرگ
(سنجاق)ە پەیکەری (مەلەك تاوس)م
لەگەڵ هاوارە ڕوناکەکانی خۆمدا ئەگێڕاو
ئازارێکی ڕەوان بێژ بووم.
من (قەوال)ی گەڕۆکی
خۆڵ و پرشنگ و ئاو بووم.
بە دەم لێدانی تەپڵی بەردوو
ژەنینی بلوێری ڕەوەزەکانەوە
دەرگای ماڵ بە ماڵی:
فرمێسکە قەتیس ماوەکانی شاخم ئەقلێشاندەوە.
بەدەم لرفەوە
کلێپەم ئەگێڕایەوەو
گەرداوم ئەخوێندەوەو
بوومەلەرزەم ئەنووسیەوە.
من (قەوال)ی ئاینێکی دەرکراوی
بەهەشتە گەورەکان بووم.
لەسەر  (ئاگر)و خۆشەویستیی  (ئاگر)

به نەفرەت كرام.
(قەوال)ی (مەلەك تاوس) بووم.
ڕۆژژمێری دەست و پەنجەی
هەڵوەریوی میدیەكان و
(كەلام خوێنی) (میترا) بووم.
ئای میترای دۆزەخەكەم!
چەند خوا پەلاماریان دایت و
چەند ئەهریمەن دابەشیان كردی!..
من (كەلام خوێنی) سنەوبەرو
كەلام خوێنی پشكۆكانی ئاگردانی ناو گیانت بووم.
هەرچی بەیت و حیكایەت و سەر گوزشتەی حەوت
خواوەندەكانی خۆمە لەبەرم بوون.
ئەو حەوت خواوەندەی
وەك حەوت لاولاوی تەلیسماویی
لە ئاخافتنم ئاڵابوون.
(خواوەندی هەتاو، خواوەندی مانگ،
خواوەندی فەلەك، خواوەندی ئەستێرەی بەیان،
خواوەندی بەهەشت، خواوەندی دۆزەخ.
خواوەندی گیانلەبەرو ئادەمیزاد.)
حەوت خواوەندەكەم
هەموو گەردوو گوڵی بەیانییەك
حەوت زەریایان بۆ ئەهێنام

حەوت چەپکە گوڵی ئاگرو
حەوت پرشنگیان بۆ ئەهێنام.
منیش لە حەوت گۆشەی دەروونمدا دامنابوون.
بە حەوت توێژاڵە ئەوین دامئەپۆشین.
بە حەوت چاو تەماشام ئەکردن و
حەوتەوانەی گەردوونم بوون.
حەوتەوانەی درەوشاوەی ناو سەرم بوون.
من ئەڕۆیشتم و ئەوان باڵیان لێ ئەڕواندم.
من ئەفڕیم و خوێنی خۆم
لە دوو توێی هەوایەکی سورمەچنی قەدکراودا
هەڵئەگرت.
سەفەرەکانم
سەفەری سەری بڕڕاوم بوون.
دوورگەی بەفرێ بووم
چوار دەورم بە لوورەی بتەکان تەنرابوو.
مەنجەنیقی سورەتی بیابانەکان بە شوێنمەوە بوون.
لم بەشوێنمەوە بوو.
سەفەرەکانم
سەفەری ڕووباری سەرهەڵگرتووی
ناو ئۆقیانووسێکی نادیار بوو.
سەفەری شەپۆلی خودایی و
ژانی خودایی و

سەفەری

گەوهەرێکی سپیی بێ کۆتایی بوو.

(من ئەهلی خودام و باڵندەی زۆزان)

بە فڕینی مەلەك تاوسەکەی من

ئاسمان قووڵ بۆوە.

هەر بە باڵەکانی ئەویش بوو

هەتاو یەکەمین نامەی خۆی بۆ باران نوسیی.

لە (یەك شەممەیەکی) سپیدا

لەیەکەم ڕۆژی زایینی دنیادا

یەکەمین خواوەند ئەوبوو

کە لە دامێنی بروسکەیەکی هەلا هەلاوە

کەوتە خوارەوە

خودام باڵدار بوو.

(جوبرائیل) باڵداربوو.

ئەی باڵداری پیرۆز لە ئاگرستانی عەشقدا!

ئەی دەنگی پەیوەستی نێوان بەردو هەور،

نمەو کێڵگەو

چەخماخەو کێوان!

ئەی هەوانامەو خاکنامەو

ئەوینی ئاوێتە بووی خوداو مرۆڤ لەیەك کاتدا!

ئەی باڵداری پیرۆز!

ئەی هاودەمی یەزدان لە بەرزاییەکانی تەنیاییداو

**ئەی هاودەمی (فەقیران) لە نزماییەکانی کلۆڵێدا!**

**ئەی (مەلەك تاوس)ی جوانیی و**

**شای پەرییانی چیانشین!.**

**رۆحم بخەرە سەر فەنەری باڵە ڕووناکەکانت!.**

**رۆحم داگیرسێنە!**

**تاپاکژبێتەوە بلووری گەردگرتووی جەستەم و**

**گزنگ بگرێ باسکەکانم.**

**ئەی گەوهەرە سپیەکەی یەکەم ڕۆژی خەڵقی دونیا!**

**ئەی سەفەری باڵندە شەنگارەکەی**

**یەکەم ڕۆژی خەڵقی دونیا!**

**تیشکم تیا بچێنە!.**

**بۆ ئەوەی ببمە مێرگی نووری دەنگ و ڕەنگت.**

**تریفەم تیا هەڵقولێنە!.**

**بۆ ئەوەی لەگەڵ خودای (مانگ)دا**

**خەرمانەی دەوری سەرمان بکەین بە هەواری هەژاران!.**

**لەکەناری شەوێکی سپییەوە کەوتمە ڕێ.**

**لە خۆڵەمێشی خۆمەوە.**

**گەورە فریشتەی خۆم**

**(مەلەك تاوس)م زانەوە.**

**(مەسحەفا ڕەش)یشم هەر بە نووکە کلێپەی سووتانی خۆم**

**نوسیەوە، گەلا ئەڵێ:**

**(مەسحەفا ڕەش) مەسحەفا خەونی بێشەلانمانە**

ئاو ئەڵێ: مەسحەفا ڕەش ویردی پەلکەگیاو
نزای وردە شەپۆلی کانیەکانمانە.
بەرد ئەڵێ: مەسحەفا ڕەش، بەفرە کتێبی منە،
هەتاونامەیە لە بەیانیانی نوێژکردندا
بۆ تاوسە میهرەبانەکەم.
ماچنامەی نێوان یەزدان و سروشتە
پشکۆنامەی کوورەکانی نێوان کوژانەوەو هەڵگیرسانە.
هەناسەمە لە توانەوەدا.
پەنجەمە لە وەختی گەلاکردندا.
دەم و لێومە لە وەختی پشکوتنی پەیڤدا.
ئاسمان نامەی فڕینە:
فڕینی گوڵ و ئەستێرەو منداڵ.
گەڕانی ئازارە بە تووناو توونەکانی دەنگی یەزداندا!.
گەشتی چاوە لە قولایی نابینایی گوناهەکاندا.
سەما کردنی کلووی خۆشەویستییە
بە دەوری مەرگی پەپوولە جوانەکاندا.
لە ڕۆخی شەوێکی زیوییینەوە هەڵفڕیم:
باڵندەی گەوهەری شەوچراخ بووم.
درەوشانەوەی تێل و پەڕوو باڵم،
بریسك و هووڕی ناسۆرە ئاوێنەکانی بەر سینگ و گەردنم،
شەوقدانەوەی هەزارو یەك ڕەنگەی چریکەو سەداکانم،
یەکەمین پەیڤینی بێ دەنگ و هێمای نێوان من و

(خوداوەندی فەلەك)بوو
هێمای سەرمدیی.
پەیقی خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوون.
وتووێژی ئاوو کەنارەکان.
سەرەتا ئەوەی هەبوو هەر ئاوی سامداری
خوداو بوونم بوو.
زەریا.. زەریا.
سەرەتا لە گوڵدانی ئاڤزینەوە
لە زاری ڕۆشنی ئاوەوە
نەمامە گوڵێکی شەرمنۆك سەری دەرهێناو
چاوی شەپۆلی پشکووت.
من (میری گوڵان) بووم
من لە شێوەی هەڵۆیەکی سپیدا ئەخولامەوە
هەورەکانم ڕەنگ ئەکرد.
بارانم فێری بارین ئەکرد.
لە شێوەی خۆم و ڕەنگی خۆم بەفرم خوڵقاند.
لە تووڕەبوونما باهۆزێکی قژ لوولی
چاو ڕەش لە دایك بوو!.
لە هێوریمدا شەماڵێکی پێست تەنك و
لە پێکەنینمدا هەتاوو
لە دڵ تەنگیمدا شەوی نامۆ لە دایك بوو!
سەرەتا ئەوەی هەبوو هەر زەریایەکی مەزن بوو.

زەریا.. زەریا.
هەر سرودەکانی شەپۆل و شەقژنی باڵی
گۆرانیە فڕیوەکانی من بوون.
لە کەناری شەوێکی سپیەوە کەوتمە ڕێ
لەو شەوەدا، تەواوی ئەستێرەکان
هاتبوونە سەر کەپکی کەژەکان
ئەمبینین: چۆن گەمە بە تۆپی جریوەی یەکتر ئەکەن و
لەسەر بەفرەوە چراکانی خۆیان
تا تەختایی بنار خل ئەکەنەوە.
سەرەتابوو
یەکەم هەواری خواوەندەکەم بەرزترین لوتکە بوو.
خواوەندەکەم لەو بەرزەوە
هاواری لێ ئەکردم. تالەسەر ئەم زەوییە
ئادەمیزادی تازە زاو بدۆزمەوە کڕنووشی بۆ بەرم
هاوارم کردەوە وتم (من جگە لە نووری خودا،
لە چاوی خودا، لە دەنگی خودا،
کڕنووش بۆ کەسی دی نابەم)
من (مەلەك تاوس)م.
من یەکەم باڵداری گەردوون و یەکەم فریشتەی (بوون)م.
ئەو دەمە خودا مات بوو.
لە دواییدا لە یاخیبوونم ڕازی بوو.
لەو ساتەوە فەرمانی دا و

کردمی بە گەورەی گشت فریشتەکان.
لە کەناری شەوێکی زیوییینەوە کەوتمە ڕێ.
خواوەندی (ئەستێرەی بەربەیانم) لەگەڵدا بوو.
پێکەوە ئەڕۆیشتین و تاریکیمان گسك ئەدا.
پێکەوە تۆوی گوڵەبەڕۆژەی ڕوناکیمان تۆو ئەکرد.
پێکەوە بەرپێی ئاومان ڕۆشن ئەکردەوە.
پێکەوە پڕ بە باوەشمان پەپوولەی خۆشەویستیمان،
بەو دەشت و هەردانەدا بلاّو ئەکردەوە.
(تاوسی زۆزان)مان ئەگێڕاو
لە دەڤەری قامیشەلاّندا کەوتینە شمشاڵ لێدان
بۆ یەکەم جار چیاکانمان خستە سەما.
بەهەر تەلان و دێبەرو مەزرایەکدا تێ ئەپەڕین
گوڵە گەنمێکمان لە بەرۆکی عەردێکی بەیار ئەدا.
لە دوای خۆمانەوە لەتە ئاوێنەی هەتاومان
بۆ دۆڵە قووڵەکان بەجێ ئەهێشت!.
گوڵە هێرۆی سەری زارۆکەکانمان پیرۆز ئەکرد.
سەرو کەللەی ئەسپەکانمان
بەچراوگە بچکۆلەکانی (جیلوە) ئەڕازاندەوە.
بەگولاّوی (جیلوە) گولاّوپرژێنی
کاکۆڵی درەختە ڕەوەندەکانمان ئەکرد.
جۆگەلە کوژراوەکانمان ئەلاواندەوە.
حیکایەتی یەکەمین فڕینی (میری گولاّن)مان

بۆ باخچە بچکۆلەکان ئەکرد، تاخەویان لێ ئەکەوت.
لە تاڵە قژی کابانە جوانەمەرگەکانمان ئەبڕیو
ئەمانکرد بەکێلەکانی یادگارەوە.
بۆ جوامێرانیش هەر لە ئێسکی دیرۆك خۆی
پەیکەری بەرانە کێویمان دائەتاشی و
ئەمانکرد بەسەر دەرگای ئەشکەوتەکانمانەوە.
پێکەوە ئەبووین بەمیوانی گەرداوو
پێکەوە ئەچووینە بەهەشتی سووتاوەوە.
لە ڕۆخی شەوێکی زیوییینەوە کەوتمە ڕێ
هەر لەو شەوەدا یەکەمین کەڵەشێری قوربانیمان
لەبەر قاچی خواوەندی گەورەمان
(مەلەك تاوس)دا سەربڕیو خوێنەکەیمان
لە یەکەم بەردی بناغەی هەواری (لالش) هەڵسوو
لەو شەوەوە ئیتر (لالش)یش بوو بە:
ماڵی سپی و پیرۆزی خوداو
بە ئاگردانی عەشقی ئێمەو بوو بە:
ئینجانەی پەڕو باڵی (مەلەك تاوس)و بوو بە:
گەرووی سروودی (قەوال)و بە ڕووگەی (فەقیران).
بۆ رۆژی دواییش
یەکەم جەژنی خۆرەتاومان
لەدڵی کازیوەیەکی زیوییندا کردوو
یەکەم قوڵینەی پڕ لە (نان و پیازو ساوەر)یشمان.

بەسەر هەژارانی دەڤەری  (مەلەك تاوس)دا بەخشیەوە!
لە کەناری شەوێکی سپیەوە کەوتمە ڕێ
چەندین مێژووی بەستەڵەك و
چەندین مێژووی ئاودامانی خوێناویم دی.
ڕەشەبای ڕم هەڵیکردوو
تۆفانی لم سەریکردوو
شمشێرباری و بیابان ئابلۆوقەی دام و
لافاوی جەهەنەم هەستاو
بەڵام (هەتاو)م.. پاشگەز نەبۆوەو
ئاگرم کڕنووشی نەبردوو
شەپۆلم نەگەڕایەوەو
 (مەلەك تاوس)م هەر فڕیی!.
نیوەشەوێکی  (لالش)بوو
هەوا  (شین)بوو.
(مەلیك ئەحمەد شای) مەرگ سواری قۆچدار
بەڕیزە بەیداخی  (شین)ەوە
بەمەنجەنیقی شینەوە.
بەلەشکری تەوری غەزای شینی سوڵتانەوە
هاتە سەر هەتاوی رۆحی  (مەلەك تاوس).
هەتاو بەرەو ئەشکەوتەکان کشایەوە.
هەتاو خۆی لەدەروونی گاشەبەردوو لەنێو  پرچی
عاشقانداو، لەچاوی زارۆکەکانداو.

له هەناوی دار زەیتونەکاندا.. شاردەوە.
نیوەشەوێکی (لالش)بوو
هەموو ئاوازە پیرۆزەکان چوونەوە گەرووی خودا.
هەموو ڕەنگە پیرۆزەکان لە ڕووخساری هەتاودا
کۆبوونەوە.
تەنها رەنگی (شین) نەبێ چۆکی شکاو
خۆی خستە نێو باوەشی (شین)ی
(مەلیك ئەحمەدشا) وە!
لەو دەمەوە ڕەنگی (شین)مان بەنەفرەت کرد.
لەو دەمەوە ڕەنگی (شین)مان
لە مەملەکەتی هەتاوو
ئاگری خۆمان دەرکرد.
لەو شەوەدا (مەلیك ئەحمەدشا)
ئەستەمبوولێکی (شین)بوو
ئاگری (شین)ی بۆ هێنایین.
دووکەڵی شینی تێ بەردایین.
تاچەند ڕۆژێ بەردی شین کرد، داری شین کرد.
خوێنی شین کرد.
جەستەی ژن و منالأنیشمان
هەر بوون بەخۆڵەمێشی (شین).
لە کەناری شەوێکی زیوییینەوە کەوتمە ڕێ
هەوا ڕەنگین و سەربالەکانم گزنگیان لێ ئەچۆڕایەوە.

گەردنم شوشەی مانگەشەوو

بەرسنگم وردە یاقوتی تیا ئەبریسکایەوە.

من وەختی سەماکردنمە بەچواردەوری (چەقەڵتوو)دا

من گەرداوێکی سەرخۆشم،

هەتا شەبەق لەشەرابی خۆرنشینم خواردۆتەوە.

هێندەی ڕەزی خەیاڵاویو

نیگاکانی (تاوس) مەستم.

هێندەی مەرگ بێ دەربەستم.

من وەرزی سەماکردنمە

ئەم جەستەیە ئەکەم بە پووشووی سووتاوی ناوگیانی خوا

ئەم جەستەیە ئەوەرێنم

ئەیدەم بەدەم (با)ی گوماناویی وەشتەوە.

جەستەم ئەخەمە سەرباڵی

تەوارێکی بێوەژنی تاق وتەنیا

سەماو سەماو سەما

جەستەم ئەخەمە سەر ئەسپی باڵداری (لالش)و

ئەبم بە هاوارێکی فڕیوی

ناو گەرووی خوا!

من وەختی سەماکردنمە بەچواردەوری

تاجە گڕی (چەقەڵتوو)دا.

لەگەڵ گڕدا بەیەکەوە پەل ئەهاوین

ئاگرنامە ئەدەینە دەست دارستان و

دەست ڕەشەبا، بەیەکەوە
(تاوس ئێزی) و (تاوس سنجار)
(تاوس مەسقوف) ئەگێڕین و
ئەچینە ناو ئایندەوەو
خوانامەی نوێ دێنینەوەو
نەهێنی ئەبەخشینەوەو
دیسانەوە هەر سوڕ ئەخۆین بەچواردەوری (چەقەڵتوو)دا.
من (فەقیر)ی مەزارێکی سەربەنوورم
من منداڵەکان فێرئەکەم
دەفی هەور چۆن لێدەن و
چۆن باڵەبانی دارچنار بژەنن و
چۆن فووبکەن بە کەڕەنای لووتکەکانداو
من زارۆکەکان فێرئەکەم
چۆن (با) بە ڕەنگی نارنجیی ڕەنگ بکەن و
خەون بە ڕەنگی زەیتوونی و
شەویش زەردکەن!
فێریان ئەکەم چۆن لە شەپۆل
یاڵ بۆ ئەسپ بخوازن و
کڵپە بۆ ڕیشی (پیران)و فێریان ئەکەم
چۆن لە تێلی ئەم تاوسە
ماڵی داهاتووی خۆرەتاو دروست بکەن!
من وەرزی سەماکردنمە

وەختی فڕینی پەنجەمەو
وەختی فڕینی ڕۆحم و
وەختی سەمای تۆپەگڕی ئائەم سەره!
له کەناری شەوێکی زیوییینەوه کەوتمە ڕێ
یاڵەو یاڵی زریان هاتم.
دەشتاو دەشتی گومان هاتم.
هەرداو هەردی تەمتوومان و
ماڵەو ماڵی عەشق هاتم.
لەرۆخی شەوێکی سپییەوه کەوتمە ڕێ.
(کوچەك)ێکی باریکەلەی
حاڵێهاتووی بەر تیشکی خوام.
ئازارم، هاوارم و سپیی ئەچمەوه
(کوچەکێکم) یان مەلێکم
لەو مەلانەی ئەفڕن هەتا ناو دڵی خوا.
من دەزوولەی بارانێکم و ڕۆحەکانی ئەودیو دنیاو
ئەم دنیایه بەیەکەوه ئەبەستمەوه.
جارێکی دی ڕەنگەکانی خەونی پێشوو
دەنگەکانی زەمانی زوو
هەر هەموویان ئەهێنمەوەو
لەناو ڕیشی ئاسۆیەکما ڕۆیان ئەکەم،
تاسەر لەنوێ بڕوێنەوه.
کوچەکێکم لەناو داڵانی پرشنگدا درێژ ئەبم

چون عەباکەم ڕەشیی شەو ئەدەم بەخۆمداو
لە خاك و خۆڵی (لالش)دا ئەتلێمەوە
من بەردەوام ئەتلێمەوە!
هەتا ئەبمە تراویلکەی جەستەیەك و
لە بەرایی پێدەشتێکدا ئەتوێمەوە:
ئەبم بە گژوگیاو ئەدوێم.
ئەبم بە بەردی سەرەڕێ و
بە بنچك و بە تاڤگەو ئەدوێم.
پەلی ئایندە ئەگرم و رایئەکێشمەناو منداڵدانی سبەینێ و
(جیلوە)ی هەوری نەباریوو
شەپۆل نامەی سەری بەحرو
کتێبی تەم ئەخوێنمەوە.
کوچەکێکم من مووروی (با) ئەهۆنمەوە
بۆ گەردنی دڵدارانی ئەم تاوسەو
بۆ قەوالی (ئێزیدیان)
کوچەکێکم ئەوەرێم و ئەڕوێمەوە.
پێشبینی خۆم لە کۆڕی (مەلەك تاوس)دا
بۆ (لالش)و بەفری چیاو منداڵەکان ئەگێڕمەوە.
لەکەناری شەوێکی زیوییینەوە کەوتیتە ڕێ و
لە ئاسمانێکی مسینی ناو هەوای شیندا هەڵفڕیت.
تۆ یەکەم نووری یاخیی بووی نێوچەوانی ئەم زەمانەو
پەیقی هەلاڵەیی من بووی.

تۆ دوورگەیەکی سپیی گیرخواردووی
بەردەم تۆفانی نەفرەتی سێ خواوەندی
ئاسنینی سەر زەمین بوویت.
بە درێژایی مێژووی ڕم
بە درێژایی مێژووی تیر
بە درێژایی مێژووی ڕق
تۆ پانایی بێ بواری خوێنی بەردوو
خوێنی دارو خوێنی ئاسۆو خوێنی خۆر بووی.
تۆ هەمیشە تۆ بەردەوام
قیژەی گڵی بن بنارو
هاواری سپیی بەفراوی هەڵقوڵیو بووی.
بەلاّم ئەی مەلەکی لە شاخ زاوو لەناو ئاگردا بالگرتوو!
تۆ ئەو پرشنگی برین و کۆستانە بووی
هەزاران جار لەناو دۆڵی تەم و مژدا
وردیانکردی و هاڕییانی و کەچی دواییش
ئەبوویتەوە بە تاوس و دیسانەوە ئەهاتیتەوە
سەر شانم و دیسانەوە بە ئاسمانی خواوەندەکەی
میترای مییدو گیانما ئەفڕیت!.
ئەی فریشتەی ڕۆحی سپیی!
ئەی (مەلەك تاوس)ی ڕەنگین
بە ڕەنگەکانی ولاّت و بە ڕەنگەکانی قوربانییم
بالّ لێکدەو سەرکەوە سەر کەلی

ژاڵەیی جەستەی من.
بەدەنووك لەتۆوی رووناکیی شیعرم و
ریشاڵی ئەنگۆرەی (هەڵەبجە)م هەڵگرەو
بیبەوە بۆ (لالش)
بارانی ئەم ڕەنگەیش موتوربەی ئاسمانی
(مەسحەفا)و ناو خۆڵی (جیلوە)کە
با گوڵی هەتاوێ لەم شەوی لەشەدا بڕسکێ
نەبینراو، با قوڕی (بەراتە)ی پیرۆزت و
گژوگیای (ئەنفال)و ئەموستی وەریوی (گەرمێن)و
چەند پەڕێ لە تێلی تاوست و چەند تاڵێ لەقژی
یارەکەم. هەر هەموو، پێکەوە بشێلین،
بۆ ئەوەی لەم جەستە نوێیەدا، لەجەستەی
(قەوال و فەقیر)دا لەکەنار شەوێکی زیوییندا،
ڕۆحێکی تازەتر لەبەردا بڕوێنین، بۆ ئەوەی
بەردەوام پێکەوە لەگیانی شەوێکی سپیدا هەڵفڕین!

ستۆکهۆڵم
1997/10/21

# چێوار

(1)

پەڕەسێلکەی هەواڵێکی ڕەش و سپیی..
تێکەڵ لە بەفرو نامۆیی
تەڕ وەکوو چاوی (گۆیژە)
بەرەو ڕووم دێو نزم ئەفڕێو
ناوبەناوێ بەر سنگ ئەدا لە مەراقم و
جاربەجارێ باڵێك ئەدا لە ئەستێرکی حەپەساوم و
چون قەسیدەی پرسەدارم..
ئەویش ئەگریو ئەگریو ئەگری.
پەڕەسێلکەی هەواڵێکی ڕەش و سپیی..
پەڕەسێلکەی شانۆیەکی سلەیمانی
تێکەڵ لە ڕەنگی کراسی گەرمییان و
تێکەڵ لە زیوی تریفەو گەلاَی قۆپیی
بەرەو ڕووم دێو نزم ئەفڕێو
ناوبەناوێ دەنووك ئەدا
لە پەنجەرەی شەختەی ژوورم و

جاربەجارێ سەر ئەکێشێ بە وشەمداو
لە دواییشدا ئەویش وەکوو قەڵەمەکەم سەر دائەخاو
بەکوڵ ئەگریو ئەگریو ئەگری!
پەڕەسێلکەی هەواڵێکی ڕەش و سپیی..
بەرەو رووت دێو نزم ئەفڕێو
هەر خول ئەخوا بەچوار دەوری تەنیاییتداو
باڵ جووت ئەکاو ئەیکاتەوەو..
تۆیش لەولاوە درەختی دوورگەی فرمێسکی و
بالآی شانۆی گوڵ عومەری و
هەڵ ئەوەرێ!

(2)

ئەی پەڕەسێلکەی هاوڕێ!
ئەی باڵەکانی فرمێسکی ڕەش و سپیم!
ئەی خەمی نوێی هەڵفڕیوی نێو شارەکەم!
بۆ کوێ ئەڕۆی؟! بۆ کوێ ئەفڕی؟!
ئەوە سەرم و ئەوە پووشوی زەردی قژم و هێلانەکەت!
ئەوە کونەزامی سنگم و کونە ئاخ و کونە داخ و
گەرمەسێری جریوەکەت!
بۆ لائەدەی؟ بۆ کوێ ئەفڕی؟!
تۆ هەنسکی ڕەش و سپیی شانۆی منی
بۆ لائەدەی؟! ناسینەوەم

لەناسینەوەی گومەزی سەر سەیوان و
دۆزینەوەم، لە دۆزینەوەی هاواری مامەیارەو
(ژیانی ڕۆژانە)ی خۆت و
پێلاوەکەی (ئەحەی کڕنوو) ئاسانترە!
بۆ لائەدەیت؟! ناونیشانم
لە ناونیشانی هۆڵەکەی- هونەرمەندان —
لە مەزارەکەی (ماجید)و
لە ماڵە ڕووتەڵەی (چێوار) ئاسانترە!
بۆ لائەدەی؟! بۆ کوێ ئەفڕی؟!
من لەم ناوە، لەم بەفری قوتبە شینەدا
نوێنەری گشت گریانێکی پەردەی شانۆو
نوێنەری کۆچی دەنگتانم.
من لەم ناوە، سنووقی پۆستی زایەڵەو
هەر بۆ خۆیشم، من پۆستەچی نامەی کۆست و
بۆ خەزانی ئاوێنەکانی سەر شانۆیش
ئەدرەستانم!
ئەی پەڕەسێلکەی هاوڕێ!
بۆ خول ئەخۆی بەدەوری ئەم:
بەفرە شینەی سەری مندا؟!
وەرەو گریان دەروازەکەی کراوەیەو
قوڵپی تازەو کوڵی تازەو
شانۆنامەی ئەم کۆتەڵە نوێیەم بەرێ!

(3)

ئێواره، مەراقی زەردەبوو، دائەهات.

خۆرنشین بە بۆنی بادەوە ئەگەیشتە بەردەمی چایخانە

چەند شیعرو چیرۆك و شانۆیەك، لەوێدا ئەبووینە درەختی،

تۆزاوی و چاوەڕێی سەر جادە. چایخانە ئەکەوتە،

باوێشکدان، سەماوەر ئەنووست و کورسیەکان ئەنووستن و

(عەبدوڵلا جەوهەر)یش هەڵ ئەسا. ماخۆلان ئەسپ بوو،

ئەسپەکەی (بێکەس)بوو لە گیانی ئێمەدا بۆ عارەق.

بۆ ڕەشی بۆ سپیی، ئەیکردە کوڕژن و سمکۆلآن.

وەختی نوێژ بۆ عەشقی شیعرێك و شانۆیەك هاتووە.

وەختی نوێژ لەبەردەم خواوەندی بادەدا هاتووە.

ئەهاتیت. خەونێکی شانۆبوویت ئەهاتیت. نەورەسی

(چیخۆف)ی خەمگین بوویت. بە کاوخۆ ئەهاتیت.

کراست هەورێکی چرچ و لۆچ، پانتۆڵت تیزماڵکی

دووکەڵ بوو، ئەگەیشتیت. سەروقژ هێلانەی باڵندەی

بێزاریی. ڕوخسارت چون مێژووی شارەکەت،

چون نانی گریاوی هەژاریی. تەمتومان لە چاوتا

وەك خانوە قوڕەکان، مەیدانی کافرۆش، گەڕەکی

مەڵکەندی، پڕی بوو: لە کۆچی بێ وادەی جریوەو،

لە هەوری سەرگەردان، ڕوخسارت: حەوزێکی پڕشنگ بوو،

بۆ ماسی ڕەنگاڵەی هونەرو، شەوێك بوو، بۆ عەشقی

نێوانی شانۆت و ئازادیی. ئەهاتیت.

خاڵە گیان! بابڕۆین!. تۆ ئەتوت.

خاڵە گیان! بۆ نەڕۆین!. من ئەموت.

ئەڕۆیشتین سەرەو ژوور، زریزەی خەمێك بووین.

هەر هەمان- کۆمەڵی نەگبەتی بێکەس بووین.

سەرەو ژوور ئەڕۆیشتین.

بازنەی چەند چرای سەرخۆش بووین

بەدەوری مێزێکی شان گێڕدا!

فەقیانەو جامانەی مامۆستا (عومەر) و فۆلکلۆر،

منارەی سەر مێزی ئێمەبوو، دووکەڵی جگەرەو شیعرێکی

تازەی من. دەورێکی تازەی تۆ. بە چرپەیش هەواڵی

سووربا‌وی ڕەوەزوو کەوێڵی هەڵۆکان. لاقرتێی

ناو قاقای (شێرزاد) و ڕاوەکەو. میاو میاوی پشیلەی

ژێر مێزوو، پێکێکی ڕژاوو، تارمایی مولازم موحسین و،

دوا ناوی شەهیدو، درەنگان چریکەی فڕیوی ماملێی

(بێگەرد)و.. ئەمانە هەرهەموو بە یەکدا ئەهاتن و

سەریشمان گومەز بوو لە تەمی مێژووداو

بالآمان نوقمی ناو دەغڵی دواڕۆژوو

بینینمان.. بینینی ڕووباربوو

ئەوکاتەی مل ئەنێ بۆ دنیای نادیارو بۆ زەریا.

(4)

بەتەماتم خاڵە چێوار! هۆ مامە شێخ، بەتەماتم

ئەمشەو لەم قوتبە شینەدا

لە بەفری ئەم غوربەتەدا..
ببیتە شانۆی باڵداروو بێی بۆ لام و سەردانمکەی!
بەتەماتم.. بەڵام پاڵتۆ دڕاوەکەت (کە شەوێکیان
داتە بەر شەق) لە بیرنەچێ! کلێتەکەت (کە
شەوێکیان کردتە سەری (خاڵە شەمۆ) لە بیر نەچێ!.
بەتەماتم هەر خۆیشم نیم، هەر (چوار پیاوی ئوتێلەکە)
بێجگە لە خۆت، ئەحەی کڕنوو بێ پێڵاوو،
(دڵشاد)یشمان بێ چاویلکە لە گەڵدایە!.
باو بۆرانەو وژەوژی خەمستانەو
ئەمشەو لەم قوتبە شینەدا بەتەماتم ئەبێ هەر بێیت.
بادەی پەرداخەکەی (بێکەس) کە لە بنیا
کسپەیەکی مۆر ئەلەرزێ... چاوەڕێتە!
مۆمێك بە بەرزی باڵای هونەرت و باڵای
شانۆی (پێشڕەو)
ئەسوتێت و چاوەڕێتە!.
(هاملێت)ی ئاوارەییم..
لە باڵقۆندا دوور ئەڕوانێ و چاوەڕێتە!.
لە باخچەکەی بەر ماڵەوەیش، خاڵە شانۆ!
هەموو هەموو شیعرەکانم چاوەڕێتن..
بەتایبەتی (ئاسك)ەکەم هەر بارژنێتی و
هەر دێو دەچێ و..
چاوەڕێـتە

(5)

ئەی پەڕەسێلکەی هاوڕێ!
سەرم هێلانەی تۆ نییە؟!
بۆچی خۆتم لێ ئەگۆڕی! تۆ چێوارنیت؟!
تۆ کوڕی شانۆی هەژاری شارەکەم و
ئەکتەرە هەوری هونەرو
مامزێکی ڕووت و برسیی
شارەزور نیت؟!

بۆچی خۆتم لێ ئەگۆڕی!
ئەی تۆ تەختەی شانۆت نەکرد
بە عەرشی بەرزی مەرگی خۆت؟!
تۆ خۆت نەکرد بە پلووسکی بەردەم خەڵك و تینویشت بوو؟!
تۆ خۆت نەکرد بە نانێکی بەردەم خەڵك و... برسیشت بوو؟!
ئەی تۆ نەبووی
لەبەرپێ کانی شانۆدا
لەسەرە ڕێی شەوانێکی بێ چرادا
بۆ ئەوەی (ئەو) هەڵنەنووتێ و نەکەوێت و
بڕوا و بڕوا.. باڵەکانت دانەگیرسان؟!
بێدەنگی و ترست نەسووتان؟!
دەپێم بڵێ!.. دەپێم بڵێ!.. دەپێم بڵێ!.
تۆ چێوار نیت؟!

(پەڕەسێلکە هاتە پێشێ و لە ژێر بنمیچی شیعرێکما
کز کز هەڵنیشت.
منیش.. سووک.. سووک..
قەفەزی سنگم کردەوەو
چووە ناوی‌و
لە ڕۆحما نووست!.)

# ژیلا

سۆزی لاواندنەوەیەك بۆ (ژیلا حوسێنی)

تەنها هەر سەعاتێك ئەبێ
مامزێكی سپیی شیعرم لێ ون بووە!.
ئەرێ نازانن لە كوێیە؟!
نەتاندیووە؟!
دەشتێك كەروێشكەی فرمێسكی
لەبەر ئەستێركێكدا ئەكرد
هات و وتی:
ڕەنگە لەپاڵ كانییەكدا..
ئێستە خەوی لێ كەوتبێ!.
وەك سنەوبەریش خەونێكی
سەوز ببینێ!
ئەوە بۆ دوو سێ ڕۆژ ئەچێ
(ئاواز)ێكی پیرۆزەییم لێ ون بووە!.
ئەرێ نازانن لە كوێیە؟!
ئەرێ كەستان نەتاندیووە؟!

(باڵەبانێ) بەدەم پڕانی ئاخەوە
هات و وتی:
ڕەنگە ئێستە لەناو هاژەی مەیلەو شینی
ڕووبارێکدا، بووبێ بە قەڵبەزەی زیوین.
ڕەنگە ئێستە لە کەناری (زرێبار)دا
بووبێ بە تەڵێ وەنەوشەو
بووبێ بە گوڵەمێلاقەو
خەونێکی شینیش ببینێ!.

★

ئەوە بۆ هەفتەیەك ئەچێ
گەواڵە هەورێکی (مۆر)م لێ ون بووە!.
ئەرێ نازانن لە کوێیە!
ئەرێ کەستان نەتاندیوە؟!
(با)یەك بەچاوی تەڕەوە
لەلوتکەوە هاتە خوارێو
گەیشتە لام و پێی وتم:
ڕەنگە ئێستە بووبێ بە کلوو بەفرێکی
(ئاویەر)و لەسەر گەڵایەك نوستبێ!.
ئەشێ بووبێ بە ئاونگی پێڵوی بەردو
ئەشێ بووبێ بە شەونمی قژی هەردو
ئەشێ لەدەراڵی کێودا
بووبێ بە زنەی ئەشکەوت و

لە نسێدا بۆ خۆی خەوی لێ کەوتبێ!.
لەوانەیشە بووبێتەوە بەهەڵمێك و
تراویلکەی بنارێك و
شوێن پێی خەونی:
عەشقی (مەم)و
(کاکە لاس)ی هەڵگرتبێ!.

★

ئەوە بۆ چەند مانگێك ئەچێ
گوڵ ئەستێرەی بنارێکم لێ ون بووە!.
ئەرێ نازانن لەکوێیە؟!
ئەرێ کەستان نەتاندیوە؟!
کەوێکی باڵ داگیرساوی خەمم هات و
بەدەم قاسپەی هەنیسکەوە
گەیشتە بەر پەنجەرەم و
دەنوکێکی دا لە دڵم و
ئەوسا وتی:
ڕەنگە ئێستە بووبێ بە شەوقی چرایەك
لەناو ژووری شاعیرێکدا.
ئەشێ بوبێ بەمۆمی ژوور سەری کانیی.
بە چراوگی دەس گوڵ هەنار.
بە گڵۆپی شەقامێك و
ئەشێ بووبێ بەجریوەی پەخشانێك و

ئەشێ بووبێ بە قوتیلکەی بەر هەیوانی چیرۆکێك و
بە تریفەی دیوانێك و
ڕەنگە بووبێ بە تروسکەی ئاگری شوانی
دووره چیا.
لەوانەیە بووبێ بەپەپولەی نووری
لەناو ڕیشی (مەولەوی)داو
لەوانەیشه، بووبێ بە قەقنەسێکی گڕگرتوو
لەناو غوربەتی (نالیی)دا.

★

ئەوە من بۆ ساڵێك ئەچێ
چاوێکی خۆم لەڕێی (تاران)لێ ونبووه!.
دەنگێکی خۆم
لە پێچەکانی ڤیرتاوی تاریکیدا لێ ونبووه!.
لە تەمتومانی سەفەردا..
(مانگ)ێکی خوێناویی سەرم لێ ون بووه!.
هاوار.. هاوار
ئەرێ نازانن لەکوێیه؟!
ئەرێ توخوا نەتاندیوه؟!
لەملەکانی (شاهۆ)وە..
پەرییەکی قژ نارنجیی.
نیوەی: شەو و نیوەی: هەتاو..
پەرییەکی شیعری (حافظ)

نیوەی: گوڵ و نیوەی: تەرزە..
کچی تەم و کچی باران..
هات.. داگەڕاو
گەیشتە لام و پێی وتم:
- من خۆم دیومە (ژیلا)بووە بە شەتاوێ
لەو کاوانەو (ژیلا)بووە بە چنورێ لەو کەژانەو
(ژیلا)بووە بەماسیەکی باڵداری ناو (زرێبار).
من خۆم دیومە. ئێستە ئەو لەناو هەورایەو
لەسەر کورسیەکی بەرزی ئەرخەوانیی دانیشتووەو،
بە گزنگ شیعر ئەنووسێ و کراسێکی ئاودامانی
مانگەشەوی لەبەردایە.
من خۆم دیومە: بووە بەکۆترە شینکەیەك
لەو ماهیانەو گمە گمی ئەوینێتی و
هەر شەڤژنی برینێتی و هەر چاوە چاوی بینینی
بالآی شیعرێکی تۆیەتی و
ملوانکە مووررووی ئەستێرەی لەملدایە.
من لەلای بووم. من خۆم دیومە:
بە بەیانیان.. سروەیەکی سەربالٚ شینە.
بە نیوەڕوان.. هەتاوێکی ڕەنگ پەمەیی و
بە ئێواران.. تیزماڵکە خوێنی لێواری خۆرنشینە.
ئەو ئەگۆڕێ
هەفتەی جارێ.. ئەبێ بە گوڵەبەڕۆژە.

مانگی جارێ.. ئەبێ بە گوڵی دار هەرمێ و
(خەج)ە و (شەم)ە و ئارام ناگرێو
هەر کۆچ ئەکا..
دەمێ لەسەر (ئاویەر)ەو
دەمێکی تر لەسەر (گۆیژە).
من خۆم دیومەو ئەم بەیانییە لەلای بووم.
من هاتووم و ڕاسپاردەی خەزانێکی
ئەو بەهارە لەش جنراوەی
ئێوەم لایە:
بە گریانی کاڵا ڕەشی کەس و کارم،
بە هەڵاڵەکانی وشەم: هاوڕێیان،
بە وڵاتی زەردو سوری خەونەکانم،
بە شارەکەم، گەڕەکەکەم، کۆڵانەکەم،
بە پەڕەسێلکەی تەنیایی و
بە هێلانەی چۆڵ و هۆڵی شیعرەکانم،
بە ژووره بێوەپیاوەکەم،
بە قوتبی شینی نامۆیی و
بەفری ڕەشی تاراوگەکەی
(شێرکۆ بێکەس) بڵێن، تازە
من چوومەتە ناو قۆزاخەی
سرڕەکانی گەردوونەوەو
بووم بە شیعری ئاوریشمینی

**بارانی خواو.. زوبانی خواو**

**نایەمەوە!**

ستۆکهۆڵم

1997/2/19

# پیاسەیەك بەناو خوێنی خۆمدا

جلی شیعرم لەبەردایەو
باڵندەی عەشق لە (سەر)مایەو
وائیستاکە هەر بەجادەی (شەقلاوە)دا
لەگەڵ  سێبەرێکی زیزو
لەگەڵ هەتاوێکی وڕدا
ڕووەو باخان سەرئەکەوم!.
ئەمڕۆ ئەچم بۆ دیدەنی دارمێوێکی
خۆشەویستی دێرینەم و، لەوێشەوە
بەڕاستە کۆڵانی هەورا ئەچمە گەڕەکی باران و
سەرێك ئەدەم لە ماڵی (مەم).
ئەچم بۆ ئەوەی قاوەیەك
لەگەڵ چیرۆکێکی تازەی ئەودا بخۆمەوەو
جگەرەیەك لەگەڵ (سەفین)دا بکێشم و
بەرامبەری مانگەشەوی دەردەداری سەر (پیرمام)یش
بە یادی چاوی خانزادی کۆنەیارم
پێکێك هەڵدەم!.

سەرئەکەوم، پێش گەیشتن
لە شەممەیەکی قۆقزی ڕێگەی شووم و
دوارۆژی (ئاب) هەڵئەنوتێم
بە (گۆیژە) خۆم ئەگرمەوە!
ئەچمە سەرێ، لە ناوەڕاستی بازاڕدا
ئەیانبینم، یوزباشی و زابت تێکەڵن
(نەجم و هیلال) و ئەنفال و سوارەکانی قادسییەو
جامانەی کوردیی تێکەڵن.
ئەیانبینم: عەسکەرەکان و ژەندرمە بەیەکەوە
دارکەنی ناو دارستانی خەون و لەشمن
بەیەکەوە، دوو دوو سێ سێ
سیلەی کۆڵان و بەردەمی گۆڕەپان و
بارەگاکانیان گرتووە.
هێشتا ڕۆژەو کەچی ئەوان
مەرگی شەومیان کردۆتە شان!
ئەیانبینم: (بنەسڵاوە)م ئەلەرزم!
لەوانەیە بموەستێنن و یەکە یەکەو کون بەکونی
شیعرەکانم بپشکنن!
لەوانەیە باخی گشتیی سلەیمانی و چنارۆك و
کۆترەکانی دیاربەکر لە گیرفانما بدۆزنەوەو دەریانبێنن و
هەر لەوێدا بیاندەنە بەر نووکە شمشێرو قەمە.
لەوانەیە لەناو قەدا بەژنی یارو

بەژنی خەیاڵ و ڕوانینم ببڕنەوە
بیانخەنە دوو تابووتی سەرابەوەو
تابووتێکیان بەرەو بەغداو ئەویتریان
ڕەوانەکەن بۆ ئەنقەرە!.
حلی شیعرم لەبەر دایەو
باڵندەی عەشق لە (سەر)مایەوە
ڕوومکردۆتە کافتیریاکەی تازەترین میوانخانە
ئەیانبینم: لەبەردەمی حەوزەکەدا فرۆکەوانە تورکەکان
ماسیی مردوو، گوڵی مردوو چیرۆکی مردوو ئەژمێرن.
فرۆکەوانە تورکەکان، دەوری نەخشەیەکیان داوە
بۆڵە ترێ و چاوەکانی (عبدالخالق)ی هاوڕێم
بەیەکەوە لەسەر مێزەکەی بەردەمیان دانراوە
فرۆکەوانە تورکەکان، لە نەخشەکەی بەردەمیاندا
بۆ هەڵفڕینی ئەمجارە پەنجە ئەخەنە سەر لوتکەی
شاخی (نالیی) و ورد ئەبنەوە
لە ڕۆژهەڵاتی شیعردا
(حاجی قادر) لە بن دەوەنی هاموونددا ئەدۆزنەوە
پێ ئەکەنن، فرۆکەوانە تورکەکان، دەنك دەنك
بۆڵە ترێو وشەی زمانەکەم ئەخۆن.
ورد ئەبمەوە: لە ژێر چەکمەکانی قاچداو
لەبن مێزدا.
توێکڵە هەنجیری شەقڵاوەو

توێکڵە مێژووی ڕزیوی خۆم ئەبینمەوە.
فڕۆکەوانە تورکەکان، وەختێ ئەفڕن بە ئاسمانداو
لار ئەبنەوە، چاوم لێیە:
چەندین ئەستێرەی مردووی خۆم
لەو بەرزەوە بەر ئەبنەوە.
لە ژوورەوە، لە بنەوەی کافتیریاو
لە گۆشەیەکی نسرما
دوو شاعیری بێلایەنی مۆدێرنیزم
(سەفین) نەبین و جیهان بین
بەرامبەر یەك دانیشتوون و
دووکەڵی جەستەی (نازەنین)
ئەچێتە ناو قوڕگیانەوەو ئەکۆکن و سەرهەڵنابڕن!
وردە جۆگەی خوێنی بەردو خوێنی درەخت
ئەگاتە بن مێزەکەیان. سەر ئەکات و
نوقم ئەبن چاو هەڵنابڕن.
بەردەوامن بەرامبەریەك و بۆ یەکتر
وشەو زاراوە هەڵئەدەن
چۆلەکەی مردوو هەڵئەدەن
لەبەر دەرگای کتێبێکی بەردەمیاندا
ڕیقنە شیعری ئەوروپیەکان ئەچننەوەو
لەژێر باڵی تەیارەدا یەزدانی شیعر ئەسوتێ و
چاو هەڵنابڕن.

بێلایەنن، لەنێوانی فڕۆکەکان و زەویدا بێلایەنن.
لە نێوانی بۆمباکان و باخچەکاندا بێلایەنن.
لە نێوانی گوللە تۆپ و سەری مندا بێلایەنن.
لە نێوانی مەرگی قەلاّو زرێ پۆش و جەنگیزخان و
عەرەبانەکەی مەغدیدو
ئەبوطەبرەو مەولەویدا بێلایەنن.
لەژوورەوە هەر لەتەنیشت ئەوانەوە
پیرەمێردێکی (هیران)ی
سەری ژنە کوژراوەکەی کردۆتە جامێکی فافۆن
بۆ دەروەزە لەگەڵ خۆیدا ئەیگێڕێت و
مێز بە مێزیش ئەخولێتەوەو لەبەر خۆوە
بەیتە شیعرێکی (شێخ ڕەزا) ئەڵێتەوە.
جلی شیعرم لەبەردایەو
باڵندەی عەشق لە (سەر)مایەو
هەر ئەگەڕێم..
بەلای ڕاستدا لائەدەم و
ئەچمە سەر شەقامی (سەرۆك)
لەبەردەمی کتێب فرۆشی (شۆڕش)دا ڕائەوەستم.
لەبالاّ شووشەی جامخانەی وشەی مۆمیا ڕائەمێنم.
لەشووشەدا دەم و چاوی درز بردووی خۆم ئەبینم
ورد ئەبمەوە، لەبەینی درزەکانەوە
پەپوولەی سوور دێنە دەرێ و ئەبن بەباڵی ڕوانینم.

ورد ئەبمەوە لەشووشەدا سەری (شەهریار) ئەبینم
کردوویانە بەئینجانەو گوڵە زەردی (سەری ڕەش)یان
تیا چاندووە. لەشووشەدا سەری هۆلاکۆ ئەبینم
کردوویانە بە ڕۆژنامەو بەخوێنی لاتینیی جەستەم
مەرگی منیان بەڕەنگاو ڕەنگ چاپکردووە.
جلی شیعرم لەبەردایەو
باڵندەی عەشق لە (سەر)مایەو
قوربانیم و گەشتیٚ بەناو چەقۆکانماو
پیاسە بەناو خوێنما ئەکەم.
ئەیانبینم: وا لەسەررا بەرەو خوار دێن
سیٚ قۆڵی دێن: لە فولکەی ئەتاتورکەوە
هەر بەشەقامی صەدامدا دا ئەگەڕێن
گەرمایانەو ڕوویانکردۆتە مەسیف و
کراسی نیو قۆڵی ئابیان لەبەردایە.
سەرەتا نایانناسمەوە، دێنە پێشیٚ
ورد ئەبمەوە، وەختیٚ ئەگەنە بەردەمم
بە تیلەی چاو پێکەنینێکی دڕکاویم بۆ ئەنێرن
سیٚ قۆڵی دێن- مەرگەوەڕی بۆتانییەو
ئەبو روغالی عەرەب و
لەگەڵ-کیسلنگی نەرویجی-
ئەیانبینم: قیت قیت ئەڕۆن
ئەیانبینم: لەیەك عومران، لەیەك بەرگان
لەیەك کاتدا لەزۆر شوێن و لەیەك کاتدا

له دوێنێشداو له ئه‌مڕۆیشدان.
ڕه‌ت ئه‌بن و ڕه‌ت نابن و
ته‌م و مژێ دامئه‌پۆشێ
وه‌یشوومه‌یه‌ك ولاَتی خه‌ونم دائه‌گرێ
سه‌رنج ئه‌ده‌م: بولبولی كوژراو ئه‌بارێ
سه‌رنج ئه‌ده‌م: به‌ردی تاریكیی ئه‌بارێ
سه‌رنج ئه‌ده‌م: عار،عار، عار، عار
عار ئه‌بارێ!

كۆتایی/1996

# هەڵقرچان

ئێوە (با) یەك بدۆزنەوە، ئەم شیعرەم بخوێنێتەوە،
لە خۆم بچێ!.
(با) یەك چاویلكەی سەهۆڵی
دوو دەریاچەی حەپەساوی
لەچاوا بێ،
قژی: دەوەنی تاریكیی و
تەوێڵی: ئاوێنەی خوداو
پەنجەكانی: پەلكە گیا بێ...
(با)یەكی لەش ئەنجنكراو، (با)یەكی بێكەس و بێ ماڵ
(با) یەك شەلاڵی كیمیاو
(با) یەكی هاوسەری ئاگر..
(با) یەك نووسەری زریكەی دەشتی (ئەنفال)
ئێوە (با) یەك بدۆزنەوە
ئەم شیعرەم بخوێنێتەوە
لە خۆم بچێ!.

(با) یەك کە هاتەسەر شانۆ
چون زەماوەندی دار بەڕوو، لە جەژنی کلاّوچنیندا
ئا بەو جۆرە، قریوەی بێ و لەگەڵ خۆیدا:
حیلەی بەردوو
وژەوژی ناو بێشەلاّنی پرسیارو
لەگەڵ خۆیدا.. کرێوەی ماناو
پڕووشەی تەلیسماویی و گەردوونێك و
لەگەڵ خۆیدا... لەرزەکانی بوومەلەرزەی
وشەی پێ بێ!
ئێوە (با) یەك بدۆزنەوە، ئەم شیعرەم بخوێنێتەوە
لە خۆم بچێ
(با) یەك گڤە تۆو بکات و
دەواری تەم هەڵبدات و
شەپۆل شێتکا لە کەناروو
ڕەوەز لە شاخ یاخیی بکاو
لە باخچەکانی بەفریشا شەتڵی بڵێسە بروێنێ!.
(با) یەك ئەڵێم: بن هەنگڵی
پڕبێ لە وردە چەخماخەو
لە وردە کوژەکەی نمەو
لە دەفتەری گڵە سوورو
لە پەڕی (مەلەك تاوس)و
لە بۆنی ڕەنگی (پەریخان)!.

(با) یەك ئەڵێم: وەختێ گەیشتە سەر شانۆ

وەختێ کە دەستی ڕاوەشان

بە چوار دەوری مایکرۆفۆندا

بیکا بە باڵندە باران.

ئێوە (با) یەك بدۆزنەوە

ئەم شیعرەم بخوێنێتەوە

لە خۆم بچێ!.

(با) یەك ئەڵێم: چون جگەرەم

خەم هەر بە خەم داگیرسێنێ و

برین بە برین هەڵبکاو

گومانی مەنگی سەریشتان

بەخرکە بەرد بشڵەقێنێ.

(با) یەك ئەڵێم: کۆنسێرتی نامۆیی من بێ.

(با) یەك شەقامی (مەولەوی)

بکا بە شمشاڵی لالێو.

(قەلاَی هەولێر) بە ئۆکۆردیۆن.

پەپوولە بکا بە نۆتەو

شەهید بە ژێو

تەمبوری سەری (هەڵەبجە) لێبدات و

گەردنی (ئەستێ) بژەنێ!.

ئێوە (با) یەك بدۆزنەوە، ئەم شیعرەم بخوێنێتەوە

لەخۆم بچێ!.

لەناو قوڵایی ئەویندا
لەو جێیەدا شیعر ئەزێ
ورد بگەڕێن ئەیدۆزنەوە!.
لەوانەیە لەم ساتەداو لەم هۆڵەدا
بە بەستێنی هەڵبەستێکی تەماوییدا
پیاسە بکات.
یاخود بووبێ بە هەناسەی
شێداری ژوورێکی برسیی
یاخود بە (مانگ)ێکی گریاو.
یاخود بوو بێ بە یاقووتێ و لە کەوێڵێکدا نووستبێ.
یان لەناو قژی کچێکی (مەڵکەندی)دا
جریوەی بێ!.
یاخود بووبێ بە فرمێسکی بەردەکێلێکی سەر قەبران.
لەوانەیە:
لەژوور سەری گوڵدانێکی ئاوارەدا
بووبێ بە کزەبای نەخۆش.
ئەشێ بووبێ بە ئاویلکەی
چرای پایز
لەگوێ چەمێ!.
لەوانەیە:
لە زیندانی تفەنگێکدا بەند کرابێ.
لەوانەیشە:

لەبازگەیەکی گومرگاو

وەکو چاوانی یارەکەم

فرێدرابێ!

ئێوە (با)یەك بدۆزنەوە ئەم شیعرەم بخوێنێتەوە

لەخۆم بچێ!.

لەئاوی شپرزەییدا، لەئاوی خۆشەویستیدا

ببنە ماسی  و ورد بگەڕێن ئەیدۆزنەوە!.

گەر دەنگی (دیلان) بگەڕێن

لەبەرزایی چریکەدا

ئەیدۆزنەوە!.

گەر گیرفانی نوکتەکانی (کەمال سابیر)

بپشکنن، لەلۆچێکدا

ئەشێ (با)یەکی سەرخۆش بێ و

گرمۆڵە بێ و

ئەیدۆزنەوە

ئێوە دارێك... بدۆزنەوە

ئەم شیعرەم بخوێنێتەوە، لە خۆم بچێ!.

دارێك تەنها لەسەر یەك قاچ سەما بکاو

بەسەد دەستیش باڵندەکانی ڕاژەنێ.

دارێك کە هاتەسەر شانۆ

هەر لەبەردەمی ئێوەدا

کسپەکانی وەك گوڵ هەنار

بپشكوێن و
هەر لەبەردەمی ئێوەیشدا
ئەستێرەكانی
هە
ڵ
وە
ریێ!.
دارێك ئەڵێم: وەختێ ئازاری خۆی تەكان
كورسیتان و
باڵاتان و
خەونەكانتان
ئاڵ هەڵگەڕێن
دارێك ئەڵێم: هەر لە هۆزی
سێدارەكانی ئێمە بێ!.
دارێك كە شیعری خوێندەوە
لە زاریەوە:
پۆلە پاساری ڕەنگاو ڕەنگ بێنە دەرێو
لە ڕوانینی گەڵایشەوە
قەڵەمی باڵدار... هەڵفڕێ!.
لەناو بەرایی ئەویندا، تەماشاكەن،
ئەیدۆزنەوە:
لەسەر گردێكی كوژراوم.

له کەنار جۆگەی خنکاودا.
لەناو ماڵی قوربانیدا و له باڵای بێوەژنێکدا.
له دەفتەری
وێنەکێشانی کیژێکی کەرکوکیدا،
ئەیدۆزنەوە.
لەم ساتەدا..
شوێن کەنسمە  سوورەکانی باکوور کەون،
شوێن فڕینی برینداریان، ئەیدۆزنەوە.
شوێن پێی شەپۆلی (خابوور)و
جێ پێی خوێناویی مامزی ناو (هەکار)و
شوێن سێبەری دووکەڵی ڕاکردووکەون،
ئەیدۆزنەوە.
ئێوە دارێك بدۆزنەوە، ئەم شیعرەم بخوێنێتەوە
لەخۆم بچێ!.
دارێك ئەڵێم: وەختێ خوێندنەوەی تەواو کرد،
له شانۆوە هاتە خوارێ
لەو دەمەوە
له ڕۆحتاندا
گێژەنەکانی پرسیارو
هەورە تریشقەی سەرسامیی و
چاوەڕوانیی نێو دۆزەخ و
ئەوق بوونی بەردەم: خوێنی

ئەم دیرۆکە بە جێبێڵێ.

لەو ساتەوە:

تەواو ئەبێ

دەست پێ بکاو،

وەختێ بلاّوەی لێ ئەکەن

ئەم بێتەوەو

لە گەڵتاندا بێتە ماڵێ و لە خەونیشدا

ئامادە بێ و بتاندوێنێ.

ئێوە (با) یەك بدۆزنەوە

ئەم شیعرەم بخوێنێتەوە

لە خۆم بچێ!.

(با) یەك.. بەردەوام بێدەنگیی هەڵکۆڵێت و

درەختێکیش:

بە تەوقی سەر

هەموو بنمیچەکان کونکاو هەڵچێ،

هەڵچێ و هەڵچێ...

ستۆکهۆڵم
1997/9/27

# لاورا

لاورا

پڵنگە شیعری خۆش ناوێ!

لاورا ئەڵێ: هۆنراوەی تۆو

پڵنگە توورەو برسیەکان لەیەك ئەچن.

لاورا ئەڵێ: کە شەو دادێ

لە زریکەیان ئەترسم.

هەر پێم ئەڵێت و پێم ئەڵێ:

وەك ئەنووسیی بە باڵی کۆترێ بنووسە!.

بە دەنووکی چۆلەکەیەك.

یاخود بە ڕوومەتی گوڵێ.

بۆچی بە چڕنووکی پڵنگ؟!

چیبکەم..لاورا.. پڵنگ نەبووم

نە بە دەنگ و

نە بە چنگ و

نە بە سیما

بەڵام لاورا (داوە)کانی هەرچوار دەورم
تۆ ئەو (داو)انەت بیر نەچێ؟!
لاورا
بە هاوارو بانگە بانگی چیاکانم
بە هەڵسانە سەر پێی بەردوو
بە دەنگی بەرزی درەختم
زۆر پەست ئەبێ!
لاورا ئەڵێ: نزم بدوێ
مەبە بە گڤەی شێت و وێت
مەبە بە چەمی زستانەو
دەنگ هەڵمەبڕە
نزم.. نزم.. نزم بدوێ!.
چیبکەم لاورا! منیش هەمیشە هەر سروەم
لە ڕەشەباو
مانگە شەوم لە گەرداو لا جوانتر بووە
بەڵام ئاخر سێدارەکان لاورا!
سێدارەکانی چوار مەرگم
سێدارەکانت بیر نەچێ!
لاورا
لە وڕێنەی شەوانەم و
لە جووڵە جووڵی خەیاڵم و
لە تەقەو ڕەقەی هات و چۆی مەکۆی ژانم

دەهریی بووەو

وا خەریکە ماڵ جێبێڵێ!

لاورا ئەڵێ: دە بە ئارامیی پاڵکەوە

بە ئارامیی خەو ببینەو

وەکوو ئەم خەڵکە ڕاکشێ!

چیبکەم لاورا!

منیش هەر حەز بەوە ئەکەم

بوخچەی هەورێکی شل و مل سەرینم بێ.

وا حەز ئەکەم،  وەك چارۆگەی

بەلەمێکی سەر ڕووی زەریا

لەبەر سایەقەی شەوێکی دڵنیادا

لەرەم نەیە!.

بەڵام لاورا..ئاخر لاورا.. ئەنفالەکان

ئەنفالەکانت بیر نەچێ!

لاورا ڕقی

لە ڕەنگی گریان و، بۆنی

شین و شەپۆڕ ئەبێتەوە.

لاورا ئەڵێ:

ئەم تەم و مژە لابەرە لەسەر چاوت.

ئەو پەردەیە هەڵبەرەوە لەسەر خەمت و

ڕوون بەرەوە!

وەك سپێنەی چاوەکانم ڕوون بەرەوە

وەکوو قژم بریسکەت بێ و
وەکوو خوێنم قوڵپ بدەو
وەك سپێدەی گەردنیشم
شەوق بەرەوە!
چیبکەم لاورا! چیبکەم منیش
زۆر حەز ئەکەم شەپۆلی پێکەنین بمبا
زۆر حەز ئەکەم..پرشنگەکانی گۆرانیی دامپۆشن و
زۆر حەز ئەکەم.. ببم بە گەلاَ شیعرێکی
هەڵفڕیوی نیوە شەوی باندی سەما
بەلاَم لاورا! ئاخر لاورا! تۆ هەڵەبجە،
تۆ هەڵەبجەمت بیر نەچێ!
لاورا نایەوێ قەت چارەی
شیعری سیاسیم ببینێ.
ئەو گەلێ جار.. لە ژوورەکەم دەریان ئەکات.
ئەو گەلێ جار.. چەکیان ئەکاو
پێناسەیان ئەسووتێنێ و
دروشمەکانیان ئەدڕێنێ!.
لاورا ئەڵێ: ئەم گژەبای سیاسەتە
وەختێ کە دێت
ڕۆحی شیعر ئەژاکێنێ.
شەونمیان وشك ئەکاتەوە!
لاورا ئەڵێ: ئەو شیعرانەت

ماڵیان پڕ کردووم له دووکەڵ
له بۆکڕوزی غەریبیی
له بۆنی گۆگردی خوێن و
له ناڵه ناڵی سێدارەو له تەمتوومانی تەنیایی.
ئەو شیعرانەت.. سووتوو لەسەر کورسیەکەم و
جلکەکانم و چەرچەفی پاکم جێدێڵن
لەسەر مافووری هۆڵەکەم..
جێ پێی خوێناویی جێدێڵن..
لەگەڵ خۆیان قوڕولیتەی کۆچ و کۆچ ڕەو
دەهێننه ناو دالأنمەوه..
چیبکەم لاورا، سیاسەت لای ئێمه لاورا!!
له دەسرازەی ناو بێشکەوه تاکوو کفن
له لەشمانەوه ئالأوه، لاورا!
هەموو ڕۆژێ نان و مەراق.
لەگەڵ سیاسەتا ئەخۆین.. لاورا!
له هاوسەرەکانمان زیاتر لەگەڵ سیاسەتا ئەنووین.. لاورا!
له منداڵەکانمان زیاتر لەگەڵ ئەودا دائەنیشین.. لاورا!
بەلأم لاورا.. ئاخر لاورا.. کوردستانم، کوردستانم
تۆ کوردستانت بیر نەچێ!

ستۆکهۆڵم
1997/11/8

# ڕابووردو

# له خەونە ڕۆمانسیەکاندا

**یەکەم: دەم وچاو**

**لەدەم و چاوی دایکمدا: نزمە هەورێکی هەژاریی،**
**زەردەخەنەیەکی ژاکاو، کزەبایەکی بێوەژن،**
**دێن و دەچن.**
**له دەم و چاوی پایزدا: جوتێ باڵندەی فرمێسك و،**
**پۆلێ هەناسەی زەرد باوو، کۆمەڵێ گۆنەی وەریوو،**
**مەراقی زەردە.. هەڵئەفڕن.**
**لەبەرۆکی پایزەوە: بۆنی تەپ و نم و خۆڵی**
**نیوە وشك و نیوە تەڕو**
**بۆنی ڕەنگێکی شێدارو**
**بۆکڕوزی عەشقێکی تازە سووتاو دێ.**
**لەبەرۆکی دایکمەوە:**
**بۆنی ڕەشە ڕێحانەکەی خەم و**
**بۆنی مێرگی کراسێکی ڕەشی ئاودامان و**

بۆنی تەنیایی ژوورێك و
بۆنی تیژی گوڵە شەوی مێخەك بەند دێ!.

**دووەم: گژەبا**

لەناکاو کە دارتووی قاچ قەوی و سەر زلی حەوشەکە
خشەخش مافووری ئەستووری خەزانی ڕائەخست.
گژەبایش لەسەررِا بە چاوی خۆڵاویی و بە بۆڵەو خوتەوە،
هەندێ جار بە دەنگی زیقن و هەندێ جار (گرِە)وە،
ئەهات و تەنەکەی بەتاڵی کۆڵانی تەقە تەق
لە سەرشان ئەبردوو ئەگەیشتە کەلاوەی گەرِەك و
لە خۆڵداو لەبەردەم کولانەی قورِینی سەگاندا،
دوو گێژی ئەخواردو، لەپێشدا، ناوقەدی ئەستوورو
دواتریش مل باریك بەرەو ژوور هەڵئەچوو، لەگەڵ خۆی،
دەفتەری دراوو لاپەرەی ڕۆژنامەو مقەبای لوول ئەداو،
سەرئەکەوت بۆ سەریان، لەوێش ڕا، لەپووشی زەردەڵەو
لەگەلای سوورکەلەو پەپوولەی خرِیلەی پاییزەی ئەهێناو
بەکۆمەڵ لە گۆشەی دالآن و لەسووچی هەیواندا،
ڕۆی ئەکرد. ئەوساکە، حەوشەمان بۆ پیرە پایزی
ڕووتەڵەی شان کوورِی بەر سەرما چۆڵ ئەکرد!

**سێهەم: مقەڵی**

مقەڵی مسینی دەسك زەرد، چوار گۆپکەی قوللەیی،

مقاشی سەر شانی و سینییەك لە ژێریا. چەند پشکۆی
لاڵ وپاڵ لێکەوتووی زۆر ئاڵ و هەندێکیش نیوەیان
هێشتا ڕەش. بۆشایی نێوانی دوو پشکۆی گەشاوەو
بریسکەی یاقوتیی: خەیاڵی منداڵیی هەڵئەفڕان بۆ
دنیای پڕ سیحرو ئەفسانەی شەوانەی حیکایەت.
پشیلەی دەستەمۆی ناو ماڵیش، ڕەنگی تووك تێکەڵێ
لەسپی و قاوەیی، لەئێمە نزیکتر ئەبۆوە لەپشکۆو
مقەڵی، بەکڕی تەنیشتی تووکنی تێ ئەکرد هەندێ جار
تاڵێکی درێژی سمێڵی ئەپرووزاو میاوێکی بۆ ئەکرد.
لەپشکۆ ئەچووینە پێشەوە، تینێکی هاڵاوی گەرمای تیژ
ڕوومەتی ئاڵ ئەکرد، ڕوومەتی داخ ئەکرد، بەڵام هەر،
دەزوولەی سەرمایەك، لە پشتتا جێ ئەماو، هات و چۆی
خۆی ئەکرد. لەپڕدا هێلکەیەك لەنێوان پشکۆدا
ئەتەقی و ئەڕژاو کەفێکی ئەکردوو لەنیوەی زیاتری،
ئەچووە ناو خۆڵەمێش!
وا دایکم ئەمساڵیش چی جلی پارمانە هێنانیە
دەرەوە، بۆ پینەی دوو ڕەنگ و وا قاچی درێژ کرد.
وا منیش چاوەڕێم، ئەزانم ئێستاکە، پێم ئەڵێ:
(ها کوڕم دەرزیەکە! تۆ چاوت تیژترەو، دەزۆکەی پێوەکە).

ستۆکهۆڵم
1997

# جەژن

لەبەرایی دەشتێکی تەلیسماویدا، لە نێوانی (زاخۆ)و مەرگ و
هەموو خەونە دوورەکانی خاکدا، هەورێکی نزمی خوێناویی
ئاوێنەمە. من ڕوخسارم گۆمێکی شوشەی شکاوەو
ووردو خاشە پەیڤی ئاو و پەیڤی دەنگم و.. وائێستەکە،
لەو ئاوێنەو لەو گۆمەدا، باڵندەکانی دووکەڵی ناو (هەکار)و
ڕیشی سووتاوی چیای (جوودی)و (ئەربائیلۆ)و شەوانی
دیلەکانی قەلاّی زەلیل ئەبینمەوە.
میهرەجانی خوێنم گەرمە.
میهرەجانی گوڵی خائین گەشاوەیەو
چرا... سەرمە!.
کە ڕێ ئەکەن، لە بەرایی ئەو دەشتەدا، تا چاوی خوێن هەتەر ئەکا.
تا چاوی (مانگی یەك شەوە)و (ئەستێرەکەی) نێو باوەشی
هەتەر ئەکەن. ڕقی زەرد ئەبریسکێتەوەو لە ئاقاری هەموو
عەشقێکی سپیدا، لە دەڤەری هەموو دەنگێکی سپیدا، دروێنەیەك،
لەناو کێڵگەی گوڵە گەنمی گۆرانیم و چاوەکانتا بەرپا ئەکەن.

له بەرایی دەشتێكی تەلیسماویدا..
جەژنی لەدایك بوونەوەی تەورە
جەژنی لەدایك بوونەوەی ژەهرە
جەژنی گەڕانەوەی (مەرگەوەڕە) بۆ (جزیرە)و
جەژنی هەڵدانەوەی پەردەی زەردە لەسەر
پەیكەرەكەی (ئەتاتورك)و
قۆچی قوربانیی ئەم دەشتە تەلیسماویو
ئەم زەماوەندی دەڤەرەیش
شەپۆلەكانی (خابوور)ە!

كۆتایی نیسانی
1997

# مەرگی مانگێك

دوێ شەو مانگ کەوتە دەریاچەی (دوکان)ەوەو
کەس نەیزانی.
ئەوینێکی کەسك خنکاو..
ئاوازێکی سپیی مردوو.. کەس نەیزانی.
دوێ شەو مانگ کەوتە خوارەوە
مانگ کەوت بەسەر نیشتماندا و
نیشتیمانیش دانەچڵەکی و
مێژوویش خەبەری نەبۆوەو.. کەس نەیزانی.
دوێ شەو مانگ کەوتە دەریاچەی دووکانەوەو
لە کەناری پایزێکدا، وشەو وشەو گەڵا گەڵا
درەختی شیعر هەڵوەری.
دوێنێ شەوێ.. دیرۆکێکی سمێڵ بابڕ.. ڕیش خەناویی
لە دەراڵی چەرماوەندا
لەناو بێدەنگیی شێداری جەنگەڵێکدا
کە دانەویی

تاریکیی کرد بە دەسکێش و
کڵاوێکی فەتواچنی لەسەر کردوو
مانگەشەوێکی سەربڕیی.
دوێنێ شەوێ خەرمانەیەك لە خەمی من
لە ناو خوێندا گێژی خواردو قریشکانی و
شوشەبەندی سایەقەیەك هاڕەی کردو
ستارەی کوژراو دابارىو
بەڵام کەسیش پێی نەزانی.
دوێ شەو مانگ کەوتە خوارەوەو.. پرشنگ پژاو،
تریفە کەوتە ناو زێوەو.. زێ بوو بە تابووتی زیوین.
خەونی هەپرون کەوتە سەر ئاو. هەناسە بوو بە تەمێکی
سەر قەشقۆڵی و فرمێسك بوو بە وورده ماسی و تاوان بوو بە
قەوزەی ڕووبار. ئاو زریکەی هەڵپژاو بوو،
ئاو ژنێکی گوندی چەقۆو ئاو کچێکی هۆزی ڕق و
عەشیرەتی
زەرده مار بوو، سەر بەرەو خوار ڕایئەکردو
کەزیەکانی شەپۆلی خۆی ئەرنیەوەو
سەری ئەکێشا بەبەرداو
جەستەی عەشقی هەلاهەلاو ووردوخاشی
ئەگەیاندە مەیتخانەکەی دێرینی شار،
بەڵام ئەوسایش... لە وەتەنی نێرینەدا...
لە نیشتمانی سمێڵ و لە قانوونی ناو جامانەو ئەفسانەدا

نێرێك خەبەری نەبۆوە
یاسا خەبەری نەبۆوەو
دادگا خەبەری نەبۆوەو..
کەس نەیزانی!.
هەموو جارێ.. خێڵێ چرای مەمکی خەزاڵێ ئەشکێنێت و
هەموو جارێ خێڵێ تابوتێ لە داری حەد دائەتاشێ بۆ (خەج)ێك و
هەموو شەوێ ڕیشێ بە خوێنی شیعرێکی مێینەی من
پاراو ئەبێ بۆ غیلمانی ناو بەهەشت و
هەموو جارێ و هەموو جارێ
شمشێرێکی نوورانیی دێو
(شیرین)ێکم لەبەرماڵەوە ئەپێچێ و ئەیفڕێنێ!
دوێ شەو مانگ کەوتە دەریاچەی دوکانەوەو
ئاو سوێی بۆوەو.. ئەوینێکی کەسك خنکاو
ئاوازێکی سپیی مردوو
هەڵبەستێکی نارنجیی من دڵی وەستاو
کەس نەیزانی!.

1998/11/24

# دەیان پۆلە باڵندەی وشە

# چواردە پۆرتەرێتی شیعریی

### 1ـ خانیی

رابن! شاخێکی شیعر هات.
شاخێ کە خوا ئاسۆیەتی و
کورد بناری.
رابن! سەرچاوەی دیجلە هات
عەشقنامەی ئەم ولاٌتەو
پێغەمبەری (مەم و زین) هات!

### 2ـ وەفایی

پەپوو سلێمانکەیەکی ڕۆژهەلاٌتی گۆرانیم و
تاق تاقکەرەی سەر درەختی مالٌی (شیرین)
هەموو جارێ (شیرین) لەسەر بانیژەوە
تەشی ئەڕست
کەچی (وەفایی) لەخوارێ
شی ئەبۆوەو، ئەبووە خوری!.

### 3ـ مەولەوی

دڵۆپە نووری تەوێڵی (هەورامان)و
دارژانی مرواری ناو زمانەکەم،
وەختێك بروسکەی خەیاڵ و
هەوری وێنە لەیەك ئەدەن.
لە خەڵوەتێکی نەقشییدا
ئاوێتە بوون لەگەڵ خوادا و
لەم لایشەوە لە دایك بوونەوەی سروشتی تر.
ڕیشێ قۆزاخە بۆ کرمی ئاوریشمین و
سەرێ گوڵدان بۆ چنوورو
فرمێسکە زیوینی چاویش
بۆ کۆچەکەی (عەنبەر خاتوون)

### 4ـ حاجی قادری کۆیی

هەڵۆیەکی (هەیبەت سوڵتان)
چرایەکی بەگەردنیا هەڵواسیوەو
بەشەوەزەنگدا ئەگەڕێ.
پڵنگێك زەنگێکی پێیەو
لە تاریکیدا لێی ئەدات.
بەفرێ سەری خۆی هەڵدەگرێو
لەناو بیاباندا ئەمرێ!.

## 5ـ پیرەمێرد

ئەم (گۆیژە)یە؟! یاخود (گۆیژە) پیرەمێردە؟!
ئەم شاتووە پەند ئەگرێت و
ئەم بەڕووە قسەی نەستەق.
ئەم بەڕووە بۆ یەکەم جار
کلاٚوی خۆی کردە سەری (مامەیارە)و
بۆ یەکەم جار پەل و پۆی خۆی
فڕێدایە ناو ئاگرەکەی جەژنی  نەورۆز.
ئەم بەڕووە، هەر لە لق و پەلی جەستەی
تەختەی حەرفی دائەتاشی و
ئەیدایە دەست کانیەکانی
(ژیانەوە) و (ژین)ی دوا ڕۆژ!
ئەم شینە شاهۆیە عومرە
هەتا ئێستەیش
لە ئاسمانی زمانێکی شیندا ئەفڕێو
لە نەورۆزیشدا ئاگرە!

## 6ـ قانیع

ئەو مێوژەی
کە گوندێکی شیعر نەما
لێی نەخوات و
کەچی خۆیشی

بەدەمی تاڵ
ماڵ ئاوایی لە مێوژو
لەئێمە کرد!

## 7. عەلائەددین سوجادی

لە قوتیلکەی مزگەوتەوە
سەری جوقاو هاتە دەرێ.
کە گەورە بوو، بوو بە (شاهۆ)و
بوو بەچرای مانگە شەوێ.
یەکەم کەسێ بەتریفە.
مێژووی دەریاچەی نووسیەوەو
بەلاّم دوایی لەبەستێندا بوو بەتەمێ!.

## 8. عەبدولواحید نوری

کەڵەشێرێك.
ڕۆژگارێکی خەو لێکەوتوو.
دەفتەری سنگێکی زامدار.
کەڵەشێر بانگی نوێی ئەدا
مێژوویەك لە خەو هەستێنێ
بەلاّم مێژوو هەڵ نەئەساو
هەتا دوا جار
ئەم دەفتەرە باریکەلەو

ئەم فەنەری سدارەیە
لەناو خوێنی خۆیدا خنکا!

## 9ـ دڵدار

ئەو شەماڵەی لەناو "خەندەی بایی" یەوە
لەبرینی گوڵێکەوە
هێواش هێواش هەڵیکردوو
هەتاکوو بوو بەباهۆزی سرودێك و
باڵای باهۆز گڕی گرت و
بەگڤەگڤ چووە سینەی
شاخ بەشاخ و
چووە گیانی باخ بەباخ و
چووە هەموو ماڵێکەوە!.

## 10ـ هێمن

ئەگەر بێت و قاپێ بادەو
لەگەڵ بیست سی قول جگەرەو
لەگەڵ دیوانەکەی (حافظ)
لەسەر گۆڕیو لەژوور سەریەوە دابنێن!.
ئەگەر بێت و (خەج) یان (ستێ)
کچە بێری و پەریخانێ

دوو سێ جارێ بانگی بکەن..
لەوانەیە هەستێتەوەو
جارێکی دی بچێتەوە جێ ژوانێ!.

### 11ـ دیلان

(مانگ)ێکی شین
هەڵبەستێکی وەنەوشەیی.
چریکەیەك بەرەو ئەستێرەکان ئەفڕیی و
تەنانەت خوایش لە وەختی بێ تاقەتیدا
گوێی لێ ئەگرت!.

### 12ـ محرم محمد أمین

خۆی قامیش و
بۆ چیرۆکیش کەریتە بوو.
ڕەنگە جارێك
لە (سەیرانەکەی ئەزمڕ)دا
پێکەنیبێ
کورتە چیرۆك لە وەرزێکی ڕەشپۆشدا بوو
بردیانە بەردەم قولاپ و
بەڵام لەوێ
وەك ڕۆمان مرد!

## 13ـ محەمەد مەولود"مەم"

وشەیەکی لەش بەبارو
گیانێك وەك هاوینانی شەقلاوەو
بەفری سەفین
پاك و ڕووناك.
دەوارێکی هۆبەی چیرۆك
لەبەردەمی ڕەشەبادا.
فوارە ئاوێکی سەر قەلاو
قسەی فێنك.
"ڕێگای گەنم"  وەختێ ئاونگ تەڕی ئەکا
لە بەردەمی مانگەشەودا.
ڕۆژێکیان هەر ئەوەندەی"پەنجا فلسی"یەك
برك و ژانێ
لە ناو هەناویا هەڵ تۆقی و
ئیتر ئەوسا بە گڤە گڤ مەرگ هات و
فڕانی  وەك گوڵ ئەستێرەی بن بنارو
گەڵای دەم"با"!.

## 14ـ سوارەی ئێلخانی زادە

کەوێکی نوێ
قاسپەی کۆن فڕێ ئەدات و
لەڕەگەزی

**باوك سالاریی موكریان یاخیی ئەبێ و**

**چۆنی ویست ئاوا ئەخوێنێ!.**

ستۆكهۆلم
1997

# دۆنا دۆن

ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردی و ڕەشەبا بوو
ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشی بەورێکەوە.
ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردیو بە باران بوو
ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناولەشی گۆمێکەوە.
ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردیو خۆرەتاو بوو
ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشی تیشکێکەوە.
ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردیو بەفرانبار بوو
ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشی کەوێکەوە.
ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردیو تەمتوومان بوو
ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشی دۆڵێکەوە.
بەلاّم ئێستە وەك ئەبینن: من زیندووم و
شیعرتان بۆ ئەخوێنمەوەو
کەچی رۆحم زۆر دەمێکە
چۆتە جەستەو
ناو لەشی کوردستانەوە!.

# وریاکردنەوە

بەپێی پەتیی بەناو ئەم شیعرەدا نەڕۆی!
هەمووی هەر وردە شوشەیە!
بەر لە تۆزێ ئاوێنەیەکی مەراقم
بە دەست خەیاڵمەوە شکاو
کەوتە خوارێو، چون نامۆییم وردوخاش بوو!
بە دەستی ڕووت پەلکی ئەم شیعرانە نەگریت!
هەمووی دڕکە، هێندە نابێ،
من بنچکێکی مەراقم.. لەم پێدەشتی پەیڤانەدا...
چقلی حەرف و ژانی دەرکرد!.
کە ئەم شیعرەیشت جێهێشتم..
بێ چەتر نەچیتە دەرێ، تەماشاکە:
لە باشووری خەفەتەوە
پەڵە دەنگێکی ڕەشتاڵە بەرێوەیە
وەختێ بگاتە سەر ئێرە.. من ئەزانم
زۆر بە خوڕڕەم لاواندنەوەی دائەکات و دا ئەبارێ!

# چاو

من لێرەوە چاوم لێیە: لەو چیایە..
بەتوولە ڕێی ملەیەکدا.. هێواش.. هێواش
کیژێك ئەچێت بۆ ڕێواسان.
من لێرەوە چاوم لێیە: لەو چیایە..
دڕندەیەك هەر لە ڕێگەی ڕێواساندا
لەناو چاڵی بۆسەدایە!.
من لێرەوە چاوم لێیە: وا مامزێ لەو پێدەشتە
تینوو.. تینوو.. ڕووی کردۆتە کانیاوێ
من لێرەوە چاوم لێیە: لەو پێدەشتە
فاقەو داوێ
لەسەرە ڕێی ئاسکدایە.
من لێرەوە چاوم لێیە: لەبەر دەمی ئەو گوندەدا
ئەسپێکی سپیی بەستراوە
سمکۆڵاّن و حیلەیەتی
من لێرەوە چاوم لێیە: هەر لە ژێر سکی ئەسپدا..

مارێکی ڕەش بۆ پێوەدان.. فیشکەیەتی
وا هەڵئەستم:
تفەنگەکەی پشت سەری خۆم دائەگرم و
بە ڕاکردن ئەگەمە بەردەمی گوندو
مار ئەکوژم و ئەسپە سپیش ئەکەمەوەو
خۆم هەڵئەدەمە سەر پشتی.
ئەدەمە غار..
ئەگەمە پێدەشت و بنار
فاقەکە ئەتەقێنمەوەو
مامزەکە ڕزگار ئەکەم
هەر لە غار دام.. ئەگەمە شاخ و سەر ملە
ئەگەمە ڕێگەی ڕێواسان..
تەقە ئەکەم لە دڕندەو ڕاوی ئەنێم..
کیژۆڵەکەیش قوتار ئەکەم.
کە لەو سەریش گەڕامەوە بۆلای ئێوە
لە پاشکۆدا: کیژو ڕێواس و مامزوو
ئەسپی سپیی خۆشەویستیی ئەهێنمەوە!

# لە ناو بەفرێكی تاریكەوە

ڕووبارم سەرخۆشەو گەمیەكەم زەردەبا ئەیبات و
چارۆگەم چون مێژووم شیتاڵەو
شەپۆلیش قەسیدەی یاڵ بڕی زامدارو سەركێشە!.
من شەوم.
من جەستەی دەریاچەی كوژراوم
خوێنی شین جیهانی سەر ڕێژمە.
من ئێستە لە نێوان ئەم مەرگە شلە داو
لە نێوان ئەم ئاوە ڕەقەدا
باڕژنی قەڵەمی زیندانییم.
من باڵی فرمێسك و دەنووكی وەڕسیی و
ئاپوورەی تەنیاییم.
من شەوم.
من وەرزی خاكێكی ئاوارەم.
بەیانیان هەڵئەسم: ئەوەرێم.
نیوەڕوان، ئێواران، من باڵای دووكەڵم و
من بەژنی خوێنێكی پاییزەم بە لووزەو ئەپژێم.

بەتەنها لە خەونا من کەسکم کە ئێوە ئەبینم.
ئۆە! کچی وڵاتی سەنگەسار!
زەمانێك بارانی چاو ڕەش بوویت
باریت و منت کرد بە گۆمی قەسیدە.
زەمانێك هەتاوی چاو ڕەش بوویت
هەڵهاتی و منت کرد بە خەمی ڕووناکی قەسیدە.
تێپەڕی سەعاتی شەرابیی.
تێپەڕی سەعاتی هەلاڵەو گۆرانیی.
من ئێستە لە بەفری تاریك و لە قوتبی تاریکدا
چراوگی کوێرم و
باڵندەی کەسیرەی سەر شەختە!.

# ئازارێکی قۆشمە!

بۆ (کەمال سابیر)

ئەمێستاکە بە وێنەی تیزماڵکە هەوری
دەم خۆرنشین
ڕوانینم باریك و زیزەو، تەنیاییشم
لەناو فرمێسکێکی ڕووندا، بنارێکی خەمستانە
بۆ هەڵقوڵین.
کەمال سابیر!
ئەی بەدبەختیی لەیەك دەوری بەردەوامدا هەتا مردن!
ئەی پێکەنینی دووکەڵ و گاڵتەو گەپی خەمی قۆشمە،
هێشووی نوکتەی هەڵوەریوو، کۆمیدیای تراژیدیو
کۆڵەوژی دەم بەخەندەی تەندوورەکەی نیشتمان و،
ئەی قاقای ژان!
تۆیش بووی بەترووسکەی ونی یادگاری ئەو دیو تەم و
تۆیش بووی بەخەونێکی شانۆی هەڵفڕیوی چاوانی شار.
تۆیش کشایت و بەسەرماندا کەوانەیی تیژ تێپەڕیت.

ئەی یارانی مەیی ڕۆح و ئەڵقەی ئەوین!
کورسیەکی تریش چۆڵ بوو.
پەرداخێکی تر لابراو
مۆمێکی ترمان لاربۆوەو
گوڵدانێکی ترمان شکاو، وەك گوڵی پەڕە دەرکێشراو
چۆن کەل ئەبێ.. کەم بووینەوە.
ئەی یارانی مێزگردەکەی (نووری بادە)!
من لێرەوە بەدەستی ڕاست
پەرداخەکەم هەڵئەبڕم و
بەچەپیشم پەرداخەکەی (کەمال سابیر)
لێکیان ئەدەم
تەنیام و ئەزرنگێمەوە.
من ئەمشەو یادێکی سپیی پڕ لەسەهۆڵ
لەپەرداخی ئازارێکی قۆشمەدا
هەتا دواچۆڕ ئەخۆمەوە!.

ستۆکهۆڵم
1997

# دۆنا دۆن

بۆ (زەکیە ئالکان)

**دارێك سووتا.. دووکەڵەکەی**
**هەڵبەستێکی گریاناویی بۆ باخ نووسیی.**
**کە باخ سووتا.. دووکەڵەکەی**
**چیرۆکێکی زۆر غەمگینی بۆ شاخ نووسیی.**
**کە شاخ سووتا.. دووکەڵەکەی**
**پەخشانێکی فرمێسکاویی بۆ گوند نووسیی.**
**کە گوند سووتا.. دووکەڵەکەی**
**شانۆیەکی تراژیدیی بۆ شار نووسیی.**
**لەشاریشدا ژنێك هەبوو**
**کە جوانیی درەخت و شاخ و**
**گوندو شاری**
**لەناو دڵ و لە ناو چاوو لەبالأدا هەلگرتبوو**
**وەختێ ئەو ژنەیش خۆی سووتان بۆ ئازادیی**
**دووکەڵەکەی**
**داستانێکی بێ کۆتایی**
**بۆ سەرانسەری ولأتم هەمووی نووسیی!**

بەرلین
1997

# بزربوون

شەو نووستوە.. هەموو جارێ هەڵیئەگرىو
ئەیکەیتە کۆڵ، ئەیبەیت بۆ سەر کەلی شاخێ
باران لێی ئەداو نووستووە.
بەفر بەسەریا ئەبارێو هەر نووستووە.
زریانیش ڕایئەوەشێنێ و هەر نووستووە.
کەچی وەختێ بۆ بەیانیی
بەهێواشی
تاڵە تیشکێ پەنجەیەکی تێوە ئەدات
نازانی چۆن  نامێنێت و
لەشوێنی خۆی بزر بووە!

# کەمین

(زریان هەر لە کەمیندا بوو)
گەلاَیەك هەموو نەهێنیی درەختەکەی پێ ئەزانی:
پەیوەندی ئەوو گۆمەکەو چرپەی شەوان.
پەیوەندی ئەوو باڵندەو نامەی کێڵگەو
هات و چۆی تیشك و جڤینی نێوان وشەو
ئێوارانی ناو دارستان.
پەیوەندی ئەوو مانگەشەو
پەیوەندی سێبەری ئەوو کوڕەشوان و
شمشاڵەکەی.
(زستان هەر لە کەمیندا بوو)
دەنکە چەوێکیش نەهێنیی
جۆگەلەکەی لەسنگدابوو.
نەهێنیی ئەوو ڕەگەکان.
نەهێنیی ئەوو پەلکە گیاو
نەهێنیی ئەوو ڕوخساری کچە شوان و

**نەهێنیی ئەوو سەرچاوە.**

**(لافاو هەر لەکەمیندا بوو)**

**کە زریان هات**

**کە لافاو هات**

**گەلاٚ لەسەر کورسیی لق و**

**چەویش لەناو ژووری ئاودا**

**هەردوو کوژران**

**بەلاٚم هیچیان**

**نەهێنیی عەشقیان نەدرکان!**

ستۆکهۆڵم
1997

# كاغەزێکی سپی

لە کەیەوە دانیشتووم و هێشتا کاغەزم سپییە..
سپیی.. سپیی.. نە حەرفێکی تێدا ئەڕوێو
وشك و برنگ، نە ئاوێکی تیا هەڵئەقوڵێ!
لەکەیەوە دانیشتووم و هێشتا کاغەزم سپییە.
درەختی بەر پەنجەرەکەیش لەناو هەوایەکی کپدا
بێزار، بێزار، تێم ئەڕوانێ.
هێشتا کاغەزم سپییە.
قومرییێك دێت بێزاریی درەخت دەرئەکات.
چرپە چرپێك لەگەڵ چڵ و لقدا ئەکات.
لەپاش تۆزێ قومرییش ئەفڕێ.
هێشتا کاغەزم سپییە.
لەناکاوێ درەخت بەدەم (با)ی شینەوە
دەستی ڕاستی درێژ ئەکاو لەسەر شووشەی پەنجەرەکەم،
لەپێش مندا، ئەو شیعرەکەی خۆی ئەنووسێ.
لەکەیەوە دانیشتووم و هێشتا کاغەزم سپییە.

ستۆکهۆڵم
1997

# شەوانە دیدار

لەدوای هەموو دیدارێکی من و بادە
لەکەناری خەوێکی پیرۆزەییدا ڕائەوەستم
کەشتیە سەرخۆشەکەی (ڕامبۆ) ئەگاتە لام
بەناو ڕووبارێکی مەستا ئەمبا:
سەرم ئەبێ بەپەڵە هەور.
شیعرم پڕ ئەبێ لەباران.
پەنجەکانم بەباڵندەو
لەشم ئەبێ بەدارستان!
لەدوای هەموو دیدارێکی من و بادە، بەڕێی (با)دا
بەدوو قۆڵیی لەگەڵ تەنیاییدا ئەڕۆین.. ئەڕۆین
تائەگەینە پاردەکانی ئەو دیو ژیان
سەرێك ئەدەین لە (مردن)و
چەند پرسیارێ ئەکەین لەخواو
دوو نەهێنیی ئەدزین و
چەند خەمێك جێ ئەهێڵین و

**دیسانەوە ئەچینەوە سەر ڕێگەی (با).**
**لەدوای هەموودیدارێکی من و بادە**
**بۆ سبەینێ، لەناو ژوورێکی نەخۆشدا**
**بوتڵێکی کۆکەکۆك کەرو**
**پەرداخێکی بێ تاقەت و**
**هەندێ لە توێکڵە خەیاڵ و**
**قەسیدەیەکی ناتەواو بەجێدێڵم!**

ستۆکهۆڵم
1997

# هەمیشە پرسیار

دیسانەوە لێم ئەپرسیی:
هەموو ڕۆژێ تۆ بەم قاپووتە ڕەشەوە
ئەڵێی شەوێکی کەرکوکی و ڕاونراوی ئەچی بۆ کوێ؟!
ئەچم بۆ لای عەشقێ سپیی
کە لە تینوێتیی ئەوێدا ئێستە ئەڕوێ.
دیسانەوە لێم ئەپرسیی:
ئەی بەم مل پێچە زەردەوە کە هەر ئەڵێی
گوڵە بەڕۆژەی سەقزی، ئەچی بۆ کوێ؟!
ئەچم بۆ لای عەشقێکی سەوز
کە ئێستاکە لەوێ لەگەڵ ڕۆحما ئەدوێ.
دیسانەوە هەر ئەپرسیی:
ئەی بەم کراسە شینەوە
کە هەر ئەڵێی و گۆمی وانی، ئەچی بۆ کوێ؟!
ئەچم بۆ لای عەشقێکی سوور
کە ئێستاکە لەوێ خوێنمەو
جۆگە جۆگە وا گڕ ئەگرێ!

## وەريين

وەختێ ڕۆيشتی
تۆ شەوێکت پێچابۆوەو داتە دەستم
کە چوومەوە بۆ ژوورەکەم
شەوی پێچراوەم کردەوە
وەختێ بينيم:
هەر ئەستێرەی لەت و پەتەو
هەر ئاوێنەی  وردوخاشی يادگارەو
ئەوەرێنە سەر جێگەکەم.

# له قاوەخانەیەکدا

ئێوارەیەکی تەماوی‌و قاوەخانەیەکی تەریك.
لەسەر مێزم، بنەمۆمێك ئەسوتێت و
کلاَفەیەك شەوقی زەردباو ئەدا لە قژی شیعرێکی
تازەزاوی سەر کاغەزم.
سێبەری بەژنی قەڵەمم
درێژ بووە وەك مەچەکم.
ئانیشکم لەسەر قەراغەو سەرم تۆپێکی ماندوەو
خستوومەتە ناو جۆلانەی دەستی چەپم.
کوپی قاوەی دەم بە هالاَو هەڵئەگرم و
کەمێك خۆم بە پشتا ئەخەم،
چاو هەڵئەبڕم:
لەو دیو جامخانەی پاکەوە:
ئاوی (دانوب) لەسەرمادا هەڵئەلەرزێ‌و
تەمێك نیوەی پردی گەورەی داپۆشیوەو
وا خەریکە بنیشێتە سەر بوولێڵی نیوە تاریك.

لەوبەرەوە: ماسیگری شەپقە لەسەر
بەسەرپردا دانەویوەو دەستێکی لەناو هەوادا
ڕاکێشاوە بۆ پێشەوەو قولاپەکەی هەڵداوەتە
ناو ڕووبارو، بێ جووڵەیەو چۆن وەستاوە، بۆتە پەیکەر!.
لەم بەرەوە: ژنێکی شۆخ نوقم لەناو
فەرووی پاڵتۆی ئاودامانی پڵنگیدا
هەنگاوی خێرا هەڵدێنێ و بە دوایشیەوە
تووتەڵە سەگی سپی و خرپنی تووك لەسەرچاو
ڕێ ئەکات و، لە پڕێکدا، سەگ ئەوەستێ و
لاقی ڕاستی هەڵئەبڕێت و بە دارێکدا هەڵئەمیزێ
لە ئاسۆی ڕۆژهەلاتەوە: فڕۆکەیەك
لووتی کردۆتە ئاسمان و ناو بە ناوێ
چاوێکی سوور ئەتروکێنێ و پاردەی هەورەکان
کون ئەکاو، واخەریکە تازە بفڕێ.
کوپەکە دائەنێمەوە.
ئەچمەوە ناو گەمیەی شیعری ڕەنگاوڕەنگم
دوو وشەی تازە ئەکەم بە سەوڵی ناو (دانوب)و ئەوسا
لەقاوەخانەی تەریکدا
وەك توانەوەی بنەمۆمێ و
یادگارێکی تەماویی
ئەم جێگایە بە جێدێڵم!.

## نووسین

ئەو وەختەی بە لاسکی دارمێوێ بنووسم
هەتاکوو هەڵئەسم
سەبەتەی کاغەزم پڕبووە لە هێشوو!.
جارێکیان بەسەری بولبولێ من نووسیم
کە هەستام پەرداخی بەردەمم پڕبوو بوو لە جووکە.
ڕۆژێکیان بە باڵی پەپوولە من نووسیم
کە هەستام سەر مێزو ناو تاقی پەنجەرەم
پڕبوو بوون، لە گوڵە... وەنەوشە
ئەو کاتەی، بە پەلکی، گیای دەشتی
ئەنفال و هەڵەبجەیش بنووسم
کە هەستام ئەبینم
ژوورەکەم، ماڵەکەم، شارەکەم، ووڵاتم
هەر هەمووی پڕبووە
لە مەمکی ژنان و لە چاوی منداڵ و
لە قیژەو زریکە!

# جڤین

له جڤینی ئێوارەیەکی باخاندا
درەختێکیان کە قسەی کرد،
شانازیی زۆر کرد بەوەوە.
کە (کەمانچە) کوڕی ئەوە.
لە جڤینی بەیانیانی چەند گۆمێکدا
کە گۆمێکیان کەوتە قسە
شانازی زۆر کرد بەوەوە
کە بەرزترین تاڤگە کچی ئەوە!.
لە جڤینی لێرەواری دۆڵێکیشدا
نیوەڕۆیەك، وەختێ قامیش کەوتە قسە
شانازیی زۆر کرد بەوەوە
کە شمشاڵیش نەوەی ئەوە.
لە جڤینی زۆر نەهێنی چەند گردێکدا
کە وەختێ گڵ کەوتە قسە
شانازی زۆر کرد بەوەوە

**کەجوانترین گۆزە ئاویش کچی ئەوە**

**لە جڤینی زۆر بە پەلەی**

**شاخە بەردینەشدا، شاخێ**

**کە نۆرەی پەیڤینی ئەو هات**

**شانازی زۆر کرد بەوەوە**

**کە مەڕمەڕیش کچی ئەوە.**

**لە جڤینی نائاسایی شەوێکیشدا**

**کە گوندەکانی کوردستان کۆبونەوە**

**وەختێ (خاك و خۆڵ) قسەی کرد..**

**شانازی زۆر کرد بەوەوە**

**کەوا (نالیی)ش کوڕی ئەوە!.**

# چاوەکانت

بەڕێبواریی
بەلای شەوێکدا تێپەڕیم..
بانگی کردم و لە خۆیدا گلی دامەوەو
لە دواییدا بووم بە ئێشێکی فرەزەنی.
بەڕێبواریی
بەلای زێیەکدا تێپەڕیم
بانگی کردم و چوومە ناوی و
لە دواییدا
بووم بە تەمێکی دامەنی.
بە ڕێبواریی
بەلای کەژێکدا تێپەڕیم
بانگی کردم، پەلی گرتم و چوومە سەریو
لە دواییدا
بووم بە سێبەری دەوەنی
بە ڕێبوارییش
بەلای چاوی شینی تۆدا بوو تێپەڕیم
بەلاّم ئیتر.. ئەوقی سیحری
خۆی کردم و، لەوساکەوە
لەناویام و بووم بە تەندوورەو گێژەنی!.

# سەردانەوە

شەوێك چاوێكی خۆم جێهێشت
لە تاریكیدا، بۆ مەلێك، نابینابوو.
ڕۆژێك دەستێكی خۆم جێهێشت، لە دوای شەڕێ
بۆ درەختێك كە دەستەكانی قرتابوو.
جارێك قاچێكی خۆم جێهێشت بۆ ڕێگایەك
دوای بۆردوومان، كە قاچەكانی نەمابوو.
سەردەمێ چوو. سەردەمێ هات..
مەل هاتەوە بۆ سەردانم و
باڵ و ئاسمانێكی شینی دامێ.
دار هاتەوە بۆ سەردانم و
ڕەگ و خۆشەویستی سەوزی دامێ.
ڕێ هاتەوە بۆ سەردانم و
كلیلی دەرگای دواڕۆژی سپیی دامێ!.

# ژوان

خەو دەر ئەکەمە دەرەوە بۆ بەر سەرما!
لاشیپانی دەرگاکەت بۆ ئەترازێنم
تا وەك سروە بەبێ خشپە
بێیتە ژووریٚ!.
چەند سەعاتە.. فەنەرێکم و
لەسەر باڵی سیمفۆنیەك ئەفڕم.
بەتەماتم ئەزانم دێیت.
سەعات چۆن ئەڕوا با بڕوا..
وەختیٚ تەماشای یەك ئەکەین
کاممان سەیری سەعات ئەکەین؟!
کە پێك ئەگەین..
کاممان گویٚ ئەگرین لە قسەی
ڕووناکیی یاخود  تاریکیی؟!
چەند سەعاتە.. شەپۆلێکم و
لەسەر باڵی سیمفۆنیەك ئەفڕم
بەتەماتم ئەزانم دێیت!

# دەنگ

چەند کەڕەتێ گوێم لە شریتەکەت ڕاگرت
لێم دایەوەو گێڕامەوەو لێم دایەوە.
ئێستە بیستنم پڕێتی: لە زڕەی ڕەنگ.
گوێچکەکانم بوون بە ماسیی ئاوازو دەنگ.
وەختێ کتێب ئەکەمەوە
حەرف ئەبێ بە زەنگۆڵەو
وشە ئەبێ بە جۆلانەو
ڕستەیش ئەبێ بە پوورە هەنگ
چەند کەڕەتێ گوێم لە شریتەکەت ڕاگرت
لێم دایەوەو گێڕامەوەو لێمدایەوە
ئێستە کەنتۆر ئەکەمەوە:
خانەکانی پڕبوون لە گۆرانیی سپیی.
چەکمەجەکان ئەکەمەوە پڕبون لە جریوەی ئاڵ و
لە قاسپە قاسپی نارنجیی.
شریتەکەت ئەوەندەم لێداوەتەوەو

ئەوەندەم لێداوەتەوە:

ئێستە دەنگت لە ژوورەکەمدا ڕواوە.

ئێستە دەنگت بووە بە بۆنی گوڵدان و

ئێستە دەنگت بووە بە بارانی تابلۆی دیوارەکەو

ئێستە دەنگت تێکەڵی ڕەنگی کراسمەو

ئێستە دەنگت لەگەڵ گەڵای بۆینباخدا ئەبەستم و

لەگەڵ قاوە تێکی ئەدەم ئەیخۆمەوەو

لەگەڵ ڕۆژنامەو گۆڤاردا ئەیخوێنمەوەو..

ئێستە دەنگت لە بازنەی دووکەڵی جگەرەمدایەو

ئێستە دەنگت بووە بە شەقامی پیاسەی ئێوارانم و

لەگەڵ دەستما ئەیخەمە ناو گیرفانمەوەو..

ئێستە دەنگت: تەماشامە!

# داگیرسان و کوژانەوە

ئەو دوو ڕووبارە دڵدارە..
هەتا نەگەیشتبوون بەیەك
هەموو ڕۆژێ هەزار شیعریان
بەهەورا ئەنارد بۆ یەكتر.
ئەم دوو باڵدارە دڵدارە
هەتا نەگەیشتبوون بەیەك
هەموو ڕۆژێ هەزار شیعریان
بە (با)دا ئەنارد بۆ یەكتر
كەچی وەختێ بەیەك گەیشتن
تۆ بڕوانە: دوو ئاوان هەر ناڵەیەتی و
هێلانە هەر زیقەیەتی و
ژووری شیعریشیان ساردو سڕ.
(گەر مەم و زین بە یەكتری بگەیشتنایە
لەو ساتەوە ئەكوژانەوە!.)

# ڕۆژانە

لە (میترۆ)دا منیش خەونێکی
درێژی، کوناودەرم
هەموو ڕۆژێ چەندین کەڕەت
نیشتمانم بە تونێلدا ڕائەکێشم و
چەندین کەڕەت.. سلێمانی سەر ئەخەم و
شاخی (گۆیژە) دائەگرم و
چەندین کەڕەت.. یادگارم پێوە ئەدەم،
ئەیکەمەوەو، چەندین کەڕەت
هێڵی وڕێنەم ئەگۆڕم!.
لە (میترۆ)دا منیش خەونێکی
درێژی، کوناودەرم
ڕابووردوم تەقە تەقێتی و
لە ئێستەیشدا، شپرزەییم
واگۆنێکەو ڕامئەژەنێ و
بۆ سبەینێش
دیسانەوە
تونێلێك و ڕێیەکم: ون!

# هاتوچۆ

له كلۆری دارێكەوه
سەرنجم نارده ژوورەوه.
وەختێ سەرنجم هاتەوه
ئەویش وەك دار پیر پیر بووبوو.
له شەبەقی زامێكەوه
سەرنجم نارده ژوورەوه.
وەختێ سەرنجم هاتەوه
دەنكه گێلاسی گرتبوو.
له كەلێنی هەورێكەوه
سەرنجم نارده ژوورەوه
وەختێ  تەماشام هاتەوه
ڕەهێڵەو ڕێژنەی پێ بوو.
له درزی سامالێكەوه
سەرنجم نارده ژوورەوه
وەختێ چاوانم هاتنەوه

هەزار پەپوولەی باڵ شینی
عەشقیان پێ بوو.
لە گونەبای خەونێکەوە
سەرنجم ناردە ژوورەوە
وەختێ سەرنجم هاتەوە
سروەی مۆرو
تەمی سەوزو
نامەیەکی تەڕی پێ بوو!

# ئەو ڕۆژەی نەچوومە دەرەوە

ئەمڕۆ نەچوومە دەرەوە
وتم: جەستەی خۆم بەند ئەکەم
ئەبمە قەفەز.
وتم: با ڕۆژێ ئەم سەرە بێ دووکەڵ بێ.
ئەمڕۆ نەچوومە دەرەوە
تا سیمای ئازار  نەبینم.
یەك ڕۆژ کەڕبوونم هەڵبژارد
تا گوێم لە دەنگی شووم نەبێ
ئەمڕۆ نەچوومە دەرەوە.
پەنجەرەکانم پێوەداو پەردەکانم دادایەوە.
تیڤی و ڕادیۆم کوژانەوە.
تەلەفۆنم بێدەنگ کردوو
جگەرەیەکم داگیرسان.
لە زەنگ درا. کە چووم دەرگاکەم کردەوە
نامەیەکیان دایە دەستم

نامە پڕی بوو لە ڤیژەی ژنە تۆراوەکەی خۆم و
نامە پڕی بوو لە ژان و
لە دەنگی شووم و لە دووکەڵ.
ئەمڕۆ نەچوومە دەرەوە!

# ئیرۆتیکا/ خلیسکان

بە ڕووتی لەبەر ئاوێنەی
ژوورەکەدا ڕاوەستاوی.
پرچەکانت تەنها سایەن بۆ شان و مل.

پرچەکانت دوو پلووسکی ئاوی ڕەشن.
دوورگەیەکی بلورینەو شەپۆل ئەداتەوە لە شت.
چ بەهارێکی سپییەو
بریقە ئەدا لە چاوم.
چ ئاوێکی برۆنزییەو
لێم ئەپرژێ!.
(تاق)ی مەمك و (تاق)ی سمت و
پێچ خواردنەوەی کەوانەیی
لە کەمەرەوە بۆ ڕانی لووس و سفت.
خێرا.. خێرا پێچ بە چاوم ئەکەنەوەو
لە پڕێکدا..

لەسەر شوشەی پێستی بەر سك

ئەخلیسکێم و بۆ بژوێنیٚ شۆڕ ئەبمەوە.

لەناوەندا، گیای سیحراویی، دەوری زنە

هەردوو نیگام شێت ئەکەن و

پەنجەکانم یاخی ئەبن و

لە مەچەکم جویٚ ئەبنەوە

......

.......

ئێستا ڕووبە ڕوو ئاوێنەین

بۆ یەکتری!.

# ئیرۆتیکا/ گۆم

تۆ بەم کراسە شیفۆنە شینکارەوە
ڕاکشاوی و ئێستە چرپا بووە بە گۆم.
لە لێوارتا دانیشتووم و نیوەڕووتم
وەك یەکەم جار بێ بتبینم. سەیرت ئەکەم:
سەرین تەڕەو قژت وشك نەبۆتەوە.
نەرمە تیشکێ
بەپێ دزکێ
دێتە ژوورێ.
گۆم نیوەی زیاتری ئەبێ بە زیو.
گوارەکان ئەدرەوشێنەوە.
قاچێکت کردۆتە هەرەم.
جووتە کەوی سپیش هەردوو
لە سێبەردان.
پەڵە مێرگی ئاونگ گرتووی: خوار ناوکیش
پڕ هەتاوە

له لێوارتا دانیشتووم و، نیوەڕووتم
له منیشدا، بڵێسەی لەش داگیرساوە!.
ئێسته تەواو تەواو ڕووتم
وا خەریکم وەرگەڕێم و...
بچمه ئەم سیحره شینەوه
نایەمە دەر، هەتا چزەی کوژانەوە
له شیشی داخی ناو لەشم هەڵئەسێنێ
ئەم گۆماوە!.

# ئیرۆتیکا/ حەمام

لەو دیو دیواری شووشەوە
لەبەر پرژەی بە خوڕڕەمی دووشەکەدای.
سێبەرەکەت گەورەترە لە لەشی خۆت.
سێبەرەکەت ئاوی لێ ئەچۆڕێتەوە.
سێبەرکەت کەف گرتوێتی.
بە دەنگی بەرز بانگم ئەکەی
دەنگت تەڕە.
هەڵمێ لە سێبەر هەڵئەسێ.
لەودیو شووشەی گرنجەوە
لەشت ڕێ ڕێ
لەشت لێڵە.
من لێرەوە وا هەست ئەکەم ئاوێنەم و تەم ئەمگرێ
لەبەر پرژەی بەخوڕڕەمی دوشەکەدای
سێبەرەکەت دائەنەوێ
ئاو بێدەنگ بوو.

ئێستە سێبەر ڕائەکات و
تۆیش بەڕۆبێکی سوورەوە دێیتە دەرێ
تۆ هێشتا لەناو کەفدا بووی
من چووبومە ناو لۆکەوەو
لەجێگادا چاوەڕێت بووم!.

1997/7/7

# شەختەی قوتبی

با شەوت بەتەمای جریوەی کوژراوی
سەری من قەت نەبیّ!
با زەریات بەتەمای ئەم ماسیە خنکاوەی
لەشی من قەت نەبیّ!.
با دەنگت بەتەمای شەقژنی سووتاوی
گەرووی من قەت نەبیّ!
با باڵات بەتەمای لاولاوی گرمۆڵەی
سەر عەردی من نەبێت!
با قژت بەتەمای ئەم گەڵا مردووەی
پەنجەی من قەت نەبێت!
من.. ئێستە
من.. لێرە بوومەتە چیرۆکی
ڕۆژانەی نامۆیی و هەڵ وەرین!
من لێرە بوومەتە
پارچەیەك لە شەختەی قوتبی شین!

1997/7/7

# شیعری کاولستان

**وشەمان چاند بۆ ئەوەی لەم:**

**دەشتانەدا دوارِۆژ بڕوێ:**

**وشەمان ئاوێتەی (با) کرد**

**بۆ ئەوەی لەم ئاسمانەدا**

**ڕاستیی بفڕێ!.**

**شیعرمان کرد بە زەنگی بەرد**

**بۆئەوەی لەم شاخانەدا**

**مێژوویەکی نوێ ڕاپەڕێ!.**

**بەڵام مەخابن**

**مەخابن!**

**دەشتەکانمان وەك پەڕە کاغەز سووتان و**

**ئاسمانمان کرد بە قەفەزو**

**شاخەکانمان تیرۆر کردوو**

**وا ئێستاکە شیعریش بووە بە خەڵووزی کاولستان!**

نیسانی
1996

# نیوەڕۆی شەوان

(با) نیت و هەڵئەکەیت..
پێکەوە خەیاڵ و کاغەزی سەر مێزم ئەفڕێنی.
باران نی و ئەباریو پێکەوە
باڵندەی ئەم سەرە غەوارەو
چاوانی قەڵەمم تەڕ ئەکەی.
لە کوێ بی لە لامی.
غەیبیت و ئامادەیت.
شوێنیت و ئەجوڵێیت:
سەر ئەکەی، خوار ئەکەی، ڕائەکەی.
شارێکی ئەفڕیت و شەقامی هەڵئەستی و
گەڕەکی و کۆڵانی و درەختی و لە شەقەی باڵ ئەدەیت.
زەمانیت ئەوەستی و لە پڕیش
دێیتەوەو لائەدەیت.
مێژوویەك هەر شەو بوو:
قوبە بوو بۆ خەون و جەنگەڵی بینین و

ئاونگی کازیوەی سەرینم.
ئەمێستا بە ڕۆژیش شەوێکم: داگیرساو.
نیوەڕۆی تاریکم و خەونێکم
بەپێوە وەستاوم و ئەتبینم!

# زریکەی ژن

بەفر لە خۆرِاو هەر بۆ خۆ سپیی نییە!.
ئەوە فرمێسکی تەنیایی یەزدانێکە
لەتاو نامۆیی ئەیبەستێ.
ڕووبار لە خۆرِاو هەر بۆخۆ هاژە ناکا!
ئەوە گریانی عەشقێکە سەفەر ئەکاو
دوور دوور ئەڕواو سەرچاوەی یار بەجێدێڵێ.
(با)یش لە خۆرِاو هەر بەبێ هۆ نازریکێنێ
ئەوە ژنێکی ترساوی قژ ژاکاوی ڕۆژهەڵاتە
پیاوێ لە شێوەی چەقۆدا
دوای کەوتووەو
ڕاوی ئەنێ!.

# یاقوت و پیرۆزە

گیانی (یاقوت) وەختێ سوور بوو
کە پرژە خوێنی کچێکی سەربڕڕاوی دڵداری دیی.
گیانی (پیرۆزە)یش ئەو وەختە شین هەڵگەڕا
کە شیوەنی مانگێکی بۆ: گۆمێ بیست و
کە شیعرێکی کاکۆڵ شینی خنکاوی دیی.

# خەڵوەتێك

چاوم لە چاوی خوا ئەبڕم
هەتا ئەبم بە دڵۆپێ لە بارانی و
ئەکەومە سەر پەڕەی سپیی.
پەڕەی سپیش لە شیعرێکدا
تۆوم ئەکاو، ئەمکا بە مێرگی گریانی!

# دیالۆگ

ئەمڕۆ تووڕەیت.. ئێجگار تووڕە!
ڕەشەبایەك هاتۆتە ناو دەروونمەوە.
ئەم بەیانییە هێوری... زۆر هێوری!
مانگە شەوێ هاتۆتە ناو چاوانمەوە.
ئەم بەیانییەیش غەمگینی.. زۆر غەمگینی
ئەوە ئەمشەو كوردستانم لە خەودا دیو
تەنیاییم ئەلاواندەوە!

## زەریـــــــا

زەریا لەبەر گەورەیی دڵی خۆیەتی
تفی پیسی کەفە ژیلکەو.. پەڵەی نەوت و
ڕشانەوەی چەند بەندەری ناو زەلکاوو
بۆڵە بۆڵی نیوە شەوی
کەشتیوانە بەدکارەکان، قبوڵ ئەکا!.

# سەردەمی من

لەسەردەمی زاوو زێی بەردو شەهیدا
بووم بە شاعیر، بۆیە دیوانم پڕێتی:
لەنەوەی ئەشکەوت و گەوەو، لە گوڵە هێرۆی
یاقوت و لە شەپۆلی سووری ئاگر!.

# خەونێك

ئەو خەونە کورت بوو، ئێجگار کورت
هەر لە خەونی پەلکە گیایەکی بەهار و
هەر لە خەیاڵی دڵۆپێ شەونمی بەر خۆرەتاوی
گەرمە سێرو، لە پێکەنینی پەپوولەو
لە ماچی نێوان شیعرێك و خۆزگەم ئەچوو
ئۆە! گیانی من!
بەڵام ئێمە لەو خەونی پەلکە گیایەدا
دارستان بووین.
لەو دڵۆپە شەونمەیشدا
دەریاچەکەی زرێبار بووین.

# خۆشەویست

خۆشەویستیت، سەعاتێکی
لەشەوو رۆژ زیاد کردووە
سەعاتی بیست و پێنجەمین.
خۆشەویستیت، ڕۆژێکی دیکەی لەهەفتە زیاد کردووە
ڕۆژی هەشتەم.
خۆشەویستیت، مانگێکی دیکەی لەساڵدا زیاد کردووە
مانگی سیانزە.
خۆشەویستیت،  وەرزێکی دیکەی لەوەرزان زیاد کردووە
وەرزی پێنجەم.
بەم جۆرە خۆشەویستی تۆ
ژیانێکی پێ بەخشیووم
کە سەعاتێك و ڕۆژێك و
مانگێك و وەرزێکی
لەگشت دڵداران زیاترە!

لەندەن
1997

# کەزیــی

بەیانییەك بوو
بەهوێ منەوە
گوڵ شیعری ناسیی.
ئەگەر من نەبام، ئەو هەر نووستبوو
من هەڵمسان و من بووم کە بردم بۆ شاری خەون و
من بووم کەماڵی شیعرم نیشاندا.
ئەگینا کوا گوڵ ڕێی مانگەشەوو
شەقامی هەورو کوچەی بارانی.. قەت پێ ئەزانی!
من لەبەینا بووم کە تەوقەیان کرد
من لەبەینا بووم
کە گوڵ شوشەیەك هەناسەی دایەو
شیعریش پڕ بەمشت وردە گۆرانیی.
کەچی ڕۆژێکیان لەخۆرنشیندا بۆ ساتەوەختێ
ئەو کچە سەری لەناو پەنجەرەی
نهۆمی شیعرو وشەم دەرهانی
گوڵ ئیتر شێت بوو کە ئەوی بینی
گوڵ ئیتر پشتی لەمن هەڵکردوو
خۆی بەکەزیەکەی ئەودا هەڵواسی!

کۆپنهاگن
1997

# درێــژ

تەنها پێنج دەقیقەی ترەو بەڕێم ئەکەی

بەیەکەوە ڕاوەستاوین، بێدەنگیمان

درێژ ئەدوێ.

هەموو شتێ درێژ.. درێژ

تۆ خۆت درێژتری لەمن

سێبەری هەردووکمان درێژ

پرچت.. درێژ.

کراسی مۆری ئاودامان.. ئەویش درێژ.

شۆڕابەی گوارەکان.. درێژ.

نینۆکی زەرکەفتیی درێژ.

واگۆنی ڕیز بەستوو.. درێژ.

شۆستەی قەراغ.. درێژ.. درێژ.

دڵۆپە فرمێسکیش.. درێژ.

شەو درێژو

هێڵ درێژو

ئاوارەیی من درێژو،
ئیستە دوو دەقیقەی ئەوێ
بۆ سەعات هەشتی دابڕان
وەرە با ئاوێزانت بم
بۆ ماچێکی دوورو درێژ!

ئیمستردام
1997

# شەماڵێکی شەل

لەدوای یەکەم دەستی ئاسمان
هەر دەستێکی تر گەیشتە لەشی بەفر
بەفر ئەشێوێو نابێتەوە بەبەفرەکەی یەکەمین جار.
لەدوای یەکەم هەڵقوڵینی دەمی کانیی
کە ئاو بە ڕێگەی تردا تێ پەڕی و
بوو بە ڕووبار
ئاو ئەشێوێ و نابێتەوە بە ئاوەکەی یەکەمین جار.
دوای یەکەم بۆن و هەڵمژین
ڕۆحی گوڵیش ئەداتە کزیو بنسکی و
نابێتەوە بە گوڵەکەی یەکەمین جار.
بەم جۆرە من ویستم ماچێ
لە ڕێگەی ئەم هەڵبەستەوە
بنێرم بۆ، دوورەزمانێ... بەرەو خوار
کە شیعرەکەیان وەرگێڕاو
وەکوو کراس بە ئاوەژوو لەبەر کرا
ماچەکەی منیش شێوێنرا..
ئێستە ماچم بەرەو ئەوێ بەڕێوەیە
بەلاّم ماچێ بەداخەوە چاوم لێیە
لە شەماڵێکی شەل ئەچێ!

# تەیــر

لەئاسمانی بلووزە شینەکەی بەرتا
ئەوە سی رۆژە ئەیبینم:
تەیرێکی ئاڵتونیی ئەفڕێ
ئەفڕێو کەچی ناگاتە سەر گردە بەفری جووتە مەمێ
ئەڵێی لە (با)دا چەقیوە
ڕۆژێ من ئەم تەیرە ئەگرم
لە بلووزی ئەکەمەوەو لەجیاتی ئەو
تەیری پەنجەم ئەخەمە ڕێ.
تۆ بزانە چۆن لەترووکەی چاوێکدا
تەیرەکەی من ئەگاتە جێ!

ستۆکهۆڵم
1997

# ڕۆحێکی نسرم

گەر (ڕوخسارت) لێرە بوایە
ڕەنگ بوو نامۆیی ئەوەندە
ئافرەتێکی گرژومۆن و قژ ژاکاوو
ڕەنگ خۆڵەمێشیی نەبوایەو
لەوانەبوو بەیانییەك
دەم و چاوی ساماڵێکی تێکەوتایە.
ئەگەر (دەنگت) لێرە بوایە
ڕەنگ بوو تەنیایی ئەوەندە
عاشقێکی لاتەریك و ڕۆژنامەیەکی بێدەنگی
سوچی ئەم قاوەخانەیەو
جگەرەکانی لالێوی ڕۆمانێك و
هەوایەکی کپ نەبوایەو
لەوانەبوو.. نیوەڕۆیەك
لەرەو سەمای سترانێکی تێکەوتایە.
ئەگەر (لەشت) لێرە بوایە

ڕەنگ بوو جەستەم وەکوو ئێستە
بەفری ئەم قوتبە نەبوایە
یاخود نسێی چرپای ناو ئەم ژورەو
بەندەرێکی ساردوسڕی چۆڵ نەبوایەو
لەوانەبوو ئەگەر تۆ لێرە بویتایە
لە شەوێکدا بەر پڕیشکی
بەردە ئەستێی مەمکەکانت بکەوتایەو
کڵپەیەکی بکردایە
ئەگەر تۆ لێرە بویتایە!.

# کەمانچەو شەو

عەشق خۆی کرد بە کەمانچە
تەنیایی هات هەڵیگرت و
شەو درەنگان نای بەژێرچەنەی خۆیەوە.
ئەوسا ئیتر هێندەی لێداو هێندەی لێدا
هەتاکوو شەو ژانی گرت و
کازیوەی بوو.
هێندەی لێداو هێندەی لێدا
هەتاکوو ژێ دڵۆپ دڵۆپ
ئاوی شیعری ڕەنگاو ڕەنگ و
ئاوی خەونی ڕوونی دەردا!.

# لەم مەیدانە زیوینەدا

ئەمڕۆ لەم جەژنی ئاوو پرشنگ و کچانەدا
لەم  زەماوەندی کتێب و  هەڵپەڕینی وشانەدا
ئەمڕۆ لێرە، لەم مەیدانە زیوینەدا، خەیاڵێکم
لەڕێی دووچاوی ڕەشەوە، چاوی ژنە تونسییەك
گەڕایەوە بۆ لای شارە چا و ڕەشەکەم.
ئەمڕۆ لێرە، لەم مەیدانە زیوینەدا، لەڕێی گمەی
کۆترەکانی سەر شانۆوە، پۆلێ یادم، گەڕانەوە
بۆ کونە شاخی (بەرگەڵو) لەڕێی دەنگی خەتیبێکی
چوارشانەوە، هاوارێکم گەڕایەوە بۆ ناو گەرووی
(کامەران موکری) عاشق. هەر ئەمڕۆیش لەڕێی
رادیۆکەی ناو دەستمەوە-غەزای تورکە- زانیم
من خۆم، ناگەڕێمەوە وڵاتێ: کە شاروشیعرو کۆترو
(کامەران)ی هەموو ڕۆژێ تیا ئەکوژرێ!.

ستۆکهۆڵم
1997

# دووكەڵ و بوخار

بەسەرێك ئاگرم و
بەسەرێك باوباران
ئەو وەختەی ئەمسەرم هەڵبكاو.. بباریٚ
ئەو سەرم ئەبێتە ڕەوەزی دووكەڵ و
وەختێكیش ئەمسەرم هەلگیرسا
ئەو سەرم ئەبێتە
بوخاری دوورگەی ژان!.

سلێمانی
1998/12/31

# ژن و باران

2000

# دوو هەزار وشە
# بۆ ساڵی دوو هەزار

ئەمە قسەی ئاوە، پێکەنینی ئاوە، گریانی ئاوە
لەڕێ ڕەوی: دوو هەزار رووبارە سیمای زەماندا.
قسەی بەردەو هاواری بەردە
لە یەکەمین ساتەوەختی هەناسەکانی زەمیندا.
سوڕانەوەی ژانە بەدەوری ژیانداو
قسەی (با)یەو سترانی (با)یەو ڕەنگی لێ ئەپژێو
دەنگی خاکەو ڤیژەی سروشتە وەختێ مرۆڤ
لە دایك ئەبێت و وەختێ ئەمرێ!
ئەمە گێڕانەوەی دیرۆکەکانی سەرنجە.. سەرنج کاتێ
ئەبێ بە دۆزەخ و بەهەشت، ئەبێ بە پەپوولەو باران
بە مەوداکانی پرسیارو بە تۆفان و.. وەختێ بینین
ئەبێ بە پۆلە باڵندەی وشەو ئیتر ئەدا لەشەقەی باڵ.
گێڕانەوەی دوو هەزار ڕووناکیی. دووهەزار تاریکیی.
دوو هەزار کازیوەو دووهەزار ئێوارەو گێڕانەوەی

خەونەکانی هەورەو سامالٚ!.
ئەمە ڕۆژژمێری چاوە لە دوو هەزار گۆشەی نیگاوە
لە دووهەزار پەڕەی دووکەڵ و شووشەی چراوە:
ساڵێ فرمێسك ئەیشواتەوەو ساڵێ عەشق ئەیخواتەوەو
ساڵێکی دی لەناو تاریکیدا ئەڕوێ و ساڵێکی تر خۆڵەمێشەو
بیرچوونەوە دایئەپۆشێ.
ئەمە زاری تەلیسماویی منە
زریکەمە وەختێ وەك سەهۆڵ ئەیبەستێ و
ئەمە دەورانی سەهۆڵبەندانەو.. دەورانی تەم
لە داوێنی بەفریینی ئاسیای پچوکەوە نوورێکی سوور
کەوتە ناو لانکەی بەردیین و باوەشی چیاوە.
زمان تەقیەوەو، زەردەشت بە ئاگر"گاتا"ی نووسییەوەو
"مەزدە" پرشنگی ڕۆحی بەخشییەوەو
"ئەهریمەن" گڤەی برین و ئازار.
"میدییەکان" باڵی بەرینی هێزبوون، لە هەڵکشاندا
ڕووەو لوتکەکان. سیما: داستان بوو، ڕوانین بڵێسەو
برِوا ئاگردان. چاوی میدییەکان چاوی پشکۆبوون
باوەشیان ئەکرد بە ڕۆژهەڵاتداو لە سیلەی هەموو ساڵێکی نوێدا
باڵای شەوێکیان گڕ تێبەرئەداو، ئەبوون بە ئەسپی تیژی باوبۆران.
وەرزیان ئەئاژوو.
یەزدان ئاسمان و جریوەی دوور بوو.
باران ترس بوو.. ترسێکی تەڕبوو.

بەفر ترس بوو.. ترسێکی سپیی.
ڕوانین گەڵابوو وەختێ شین ئەبوو.
ڕوانین درەخت بوو وەختێ ئەوەری.
هەموو ساڵێ ڕوخساری من ئەبوو بە پرسێکی تازە
ڕووم ڕووی کەڵەکێوییەکان و
چاوم ئاوێنەی گۆماوو
زارم ئەشکەوتی ساڵان بوو.
لە دوندەوە ئاگرەکان تلۆربوونەوەو ئاتشگەکان ساردبوونەوە
"موغ" هەڵات و دەم و چاوم کوژایەوە. ئاسمان بەسەر مندا ڕوخاو
بووم بەژێر تەمی ساڵەوەو خواوەندەکانی خۆم ونکردا!.
زەوی هەر ئەسووڕێتەوەو
شەوم درێژ ئەبێتەوەو
دەنگم ناگاتە هیچ خوایەك.. تەماشام چقڵ دەرئەکات.
سەرنجم بووە بە ڕێگای شمشێری نوێی لەلەوە هێرش بردوو:
بۆ سەر جەستەی وشەکانم، بۆ سەر پاشماوەی دواخۆزگەی ئاتەشگەدەم
بیابان ئاخم قووت ئەداو
بیابان خۆڵی هێناوە، لەگەڵ پەیامێکی نوێدا
لەناو بەهەشتێکی نوێدا، لە ناو دۆزخێکی نوێدا
بۆ ڕێگاکانی هەناسەم.
ساڵ شمشێر بوو بۆ سەر پەڕاندنی دەنگم
ساڵ ئاگربو بۆ سووتان و هەڵقرچانی بەفری جەستەم
ساڵ هەر سیمای خەلیفە بوو لەناو زریانی غەزەبدا

سالٚ سێ سەدوو شەست و هێند دەمە چەقۆبوو
لەناو دڵە بچکۆلەکەی مندا.
ژان منەو، بووە بە ڕۆژگارو شەوگار
کارەسات منەو، بووە بە سەعات.. مەرگیش منەو
بووە بە مەرگی رۆژهەلأت.
ڕوخساری من خەریتەیە لە بەردەمی شیرەکاندا
لە بەردەمی رمەکاندا. لە بەردەمی مەنجەنیق و لە ژێر سمی بەلأکاندا.
سالٚ ئۆردوەو دێتە سەرم
سالٚ دووکەلٚکێشی مێژوومە
سالٚ حەریقەو تێم بەرئەبێ.
سالٚ شەختە بەندانی ڕەنگەو تەمەنیشم تابلۆی ئەوە.
سالٚ سەرچاوەی نامۆییەو
ئەم لەشەیشم ڕووبارێکی درێژی ئەو.
بەمجۆرە ڕووەکی سالٚ، زاووزێی بە ترسی منەوە ئەکرد!.
بەمجۆرە ڕووەکی سالٚ، دارستانەکانی سالٚ، شاخەکانی سالٚ
ڕێ و بانەکانی سالٚ، بۆنی تیژی نوشوستی منیان گرت.
من هەبووم و نەبووم. بە درێژایی دووکەلٚ و بەقولأیی نائومێدیەو
بە پانایی قریشکەو هاوار، سەدەکانم لەکۆلٚ کردوو برینەکانم کرد
بە کالأو ملی ڕێی نەهاتم گرت. بەمجۆرە مردنی خۆم ئەژمارد.
من هەبووم و نەبووم و روخساریشم نە هەورێ بوو ببارێت و
نە هەورێ بوو لابچێت و لە نێوانی کوژانەوەو داگیرساندا
من خوێنێکی لەبەر ڕۆیشتوی تەنی خۆم بووم. لەبەر دەرگای سەدەکاندا

ئەبووم بە قوربانیی پرسیار. لەبەر دەرکی سەدەکاندا، من شەوێکی
پیرەمێردی کۆماوە بووم، نە خۆر دەرگای لێکردمەوەو نە بارانێ
سەوزی کردم و نە بووم بە مەوسمێکی دیار.
دەم و چاوی سەدەکانم، ئەشکەنجە، وێنەکێشیان بوو
بۆیە وەختێ وردبیتەوە گوڵ ئەبینی
بە ڕەنگ و بۆی کوژراوەوە سەما ئەکاو
وشەیش ئەبینی بە جلی خوێنینەوە شایی ئەکاو
ساڵ ئەبینی وەرزەکانی وەك چوار گۆرانیی بریندار
بە دوای خۆیدا بە کێش ئەکا!.
من ڕوخسارم لەمسەرەوە هەتا ئەوسەر
کاروانێکە لە ئەستێرەی چوکڵە شکاو.
کاروانێکە لە ئاوێنەی درز بردوو.
ڕێچکەی زامانی وروژاو:
سیمای ناو گێژاوی منن لەمپەڕەوە هەتا ئەوپەڕ.
"سوڵتان" و"خان" سەری منیان بۆخۆیان برد
کردیان بە کورسی و هەورەبان.
ساڵ تونێلی لەشی کوناودەری خۆمە
ئەم سەری ساڵ لاشەی وەرزم ئەداتە دەست ئەوسەری ساڵ.
خان و سوڵتان... چاویان دزیم. دەنگیان دزیم. ڕەنگیان دزیم
بۆنیان دزیم.. یادگار و خەویان دزیم.. خان و سوڵتان.
سێدارەیە زەمانی من. مێخ کێشانەو خاکەسارەو کۆتەڵێکی
زیندووانە هەبوونی من!.

ڕۆژ هاژەی کرد لەناو خەمماو.. ڕووناکیی برد.
شەو هاژەی کرد لەناو چاوماو.. دڵنیایی و ئارامی برد.
من روخسارێکی شپرزەی سیا ساڵی ئەم ژیانەم
من گریان و من پێکەنینی قوربانی بەر ئاوێنەم.
لەهەر کوێ سیمام لابدات.. درەختێکی ئازار ئەڕوێ.
لەهەر کوێ دەنگم لابدات.. کڵپەی جەهەنەمێ ئەدوێ.
لەهەر کوێ ڕەنگم بپژێ.. باڵندەی مەرگ پەیدائەبێ.
سەدەیەك و دووسەدەو سیان، شەوم لە خوێنما داگیرسان.
سەدەیەك و دوو سەدەو چوار.. من عەشقێکی لەت و پەتو
من دوو کەڵێکی پەرت پەرت و من تەونێکی هەزار ساڵەی
گینگڵ و ژان
وەختێ سەرت ئەکەیتەوە.. پڕە لە مەرگی نێو داستان.
وەختێ دڵت ئەکەیتەوە.. پڕە لە گوڵزاری مردووی لەشی ماڵان.
وەختێ ڕۆحت ئەخەیتە سەر لەپی دەستت و بەرەو بەرزایی
هەڵئەفڕی، ئەبی بە ئاوێنەی ئاسۆو شانۆی ئاسمان. ڕائەپەڕی
جارێك و دووان و سیان و چوار. ڕائەپەڕی ساڵێك و دەو
بیست و سەدو ڕائەپەڕی و لە مردندا باوەش ئەکەیت بە ژیانداو
لە دۆزەخدا گوڵی بەفر ئەچنیت و ئەبی بەجریوەی بەیان.
داناسەکنێی وەکوو گیانی بوومەلەرزە و دڵی گەرداو
داناسەکنێی تۆی قوربانیی ئەبی بە گڕی چراوگێ
وەختێ ئیتر کە بۆ دواجار لەناو چنگی ڕەشەبادا
چرا ئەمرێ!

تۆ هەزار وێنەی مردنی لە ڕۆژژمێری ساڵاندا
هەر وێنەیەك: ڕەنگێ بووە بەتابووتی و
ڕەنگێ بووە بە گۆڕیچەی.
تۆ هەزار هەزار وێنەی قوربانیت
تۆ هەزار هەزار تەماشای چاوی شەوو چاوی رۆژی
وێنەی تارمایی ئەوینی مێژووی ئاوو مێژووی گڵی
وێنەی ئاخی لە وەختی باڵە فڕێدا.. وێنەی هەناسەی ئاوارەی.
وێنەی دەنگی، وێنەی بۆنی، وێنەی زرنگەی ئازاریو
وێنەی شەوقی نائومێدی و وێنەی خولیای بێ پەنایت و
وێنەی هەموو شتێکی بێ وێنەی!.
لە تاقە یەك تەماشاتا.. چەندین ئاسمان ئەکرێنەوە.
لە تاقە یەك نیگای تۆدا.. چەندین عەشق ئەتوێنەوە.
لە تاقە یەك گۆشەی چاوتا.. چەندین پرشنگی سێ گۆشەو
چەندین پەنجەرەی چوار گۆشەو چەندین حەزی بازنەیی
تێکەڵ ئەبن و لوول ئەخۆن و بەسەر یەکدا ئەشکێنەوە.
تۆ بڕوانە من دەم و چاوی ڕیز بەستووی
دووهەزار ساڵی وێرانەم:
تۆ بڕوانە من دەم و چاوی ڕیز بەستووی
دووهەزار ساڵی کاولاشم
پڕم لە زایەڵەی کۆچ و پڕم لە ئاوازی ڕەش و
پڕم لە هاواری سوورو پڕم لەهەوری نەزۆك و
پڕم لە خەونی خۆڵەمێش.

وردبەرەوە! من دەم و چاوی ڕیز بەستووی
دوو هەزارساڵی ولاٌتی بێوەژنم
پڕم لە پاییزی وشەو پڕم لە گیانەلاٌی باران و
پڕم لە ڕەنگی کوژراوو پڕم لە خەمی پیرەلۆك
من قوربانیی بەردەم هەموو سەدەکانم
هەتاوی دیل، ئاوی خنکاوو، قەلاٌی ڕوخاوی ئاوێنەو
شەقامەکانی قەنارەو، کتێبەکانی زیندان و
سترانی لەت و پەت کراو.. من بووم من من.
من قوربانیی پەنجەکانی دەستی خۆیشمم
ڕووبار بووم و.. سەرچاوەی ڕووبار.. خۆم کوشتم
تۆ بڕوانە وردوخاش بوونی ئاوێنەو.. خۆکوژیم و.. هەردەستی خۆم.
من مەرگم نیشانەی گەوجێتی ژیانم بوو. نیشانەی بزربوونی سەری.
خۆم و دەنگی خۆم بوو. دووهەزارجار هەمان گێژەن قووتی دام و
دووهەزارجار هەمان ئاگر سوتاندمی و دووهەزار جار هەرهەمان کۆچ
سالأنی تیا وەراندم و بەلاٌم سەرم نەدۆزییەوە بەلاٌم دەنگم
نەدۆزییەوەو کەچی چوومەوە ناو هەمان ئاگرو چوومەوە سەر هەمان ڕێو بان.
من ون بوونم لەخۆمدایە.
ساڵ ئەسپێکە غار ئەکات و من وەستاوم
ساڵ ئەچێتە دوا ڕۆژەوەو من ڕابوردوی چاو بەستراوم.
من بەتەنها ئاوابوونم. من ون بوونم لە خۆمدایە.
"مەلەك تاوس" یەکەم باڵندەی پیرۆزی ناو ڕۆحم بوو
کە بە دەنووك تیشك تۆو کاو لە باران و تەم و مژدا بە شوێن هەتاودا بگەڕێ و

ڕووبکاتە نێو ئاپوورەی"فەقیران" و ئەوان بکا بە هەوارو پشت و پەنا.
یەکەم پەنجەرەی ناو سەرم هۆنراوەبوو. پەنجەرە چوارگۆشەکانی بابا تاهیر
بوون بە یەکەم تاقی ماڵی نیشتەجێ بووی وشەکانم. لە"چاڵدێران"دا
هەناسەم وەکوو جەستەم وەکوو دەنگم دابەشکرا. لەو دەمەوە تێکەڵ
بە شەوی ون بوونی ڕەنگی خۆم بووم، من ڕەژوو بووم خرامە ناو
کوورەکانی وەزەنەوە.. لەو دەمەوە هەتا ئێستا گەر لەسەر ڕا
بۆمبڕوانی: من دەم و چاوی سووتاوی دەشت و دەرم، لەخوارەوە
بۆمبڕوانی: لەسەرەوە من توونلوتوونی دووکەڵم. لە ڕاستەوە بۆمبڕوانی:
من لایەکی دەم و چاوی هەڵقرچاوی وەرزەکانم و لەچەپەوە من لاکەی تری
ڕوخساری سەدەی خوێن  و سەدەی شەڕم.
شەڕ.. شەڕ.. شەڕ.. من هەر ئەسپی ناو شەڕگەبووم
نە کەللەم و نە حیلەم و نە چوارپەلم هی خۆم نەبوو
من هەر ئەسپی ناوشەڕگەبووم.. شەڕ شەڕ شەڕ
شەڕی ناو دەروونی خۆم و شەڕی دەست و سەری خۆم و
شەڕی بێ کۆتایی نێوان لوتکەکانی چیای جەستەم.
زریکەی ژن و ساڵانم ئاوێتە بوون.
کڕووزانەوەی منداڵ و گژوگیای خاك ئاوێتەبوون.
ژن فرمێسکی مێژووی منە. منداڵ گریانی گەنم و جۆو کانیی منە.
ژن ئاسکێکی زامدارەو لە بەرکاوی حیکایەتی ساڵەکانما ئەباڕێنێ و
ژن  ڕووخساری دوو هەزار ساڵی سەرسامیی و بێدەنگیمە و
منداڵ سترانی ناو تەم و پەپوولەی قوڕگی ئاگرو
زەردەخەنەی بێشکەیەکی سەر هەڵدێری کێوەکانی ژانی منە!.

له ساڵێکدا گەر یەك گوڵم لەناو چاوما پێ بکەنێ و
له ساڵێکدا گەر یەك وشەم له کتێبما پێ بکەنێ و
له ساڵێکدا گەریەك ڕۆژم له نەورۆزدا سەما بکاو هەڵبپەڕێ.
من درێژەی یەك هاوارم له ئەشکەوتەوه بۆ شەقام.
من ڕەنگدانەوەی یەك ترسم له هەڵهاتنی خۆرەوە تا خۆرئاوا.
لەناو ساڵانی ئاگردا دارستان بووم. لەناو ساڵانی زریاندا
دووڕییانی باوبۆران بووم. له ساڵانی برسێتیدا من پاییزی دەردەدارو
له ساڵانی بەستەڵەکا من ڕەقبوونەوەی هەتاوو هیواکان بووم.
له چوخمی تاریکی هۆشما ناو بەناوێ مۆمێك ئەهات دائەگیرساو
لەپڕیشدا (با)یەك ئەهات ئەبوو به شاڵاوی ڕق و شەوقی ئەناشت
شەڕی نێوان (با) و ڕووناکیی،
داگیرسان و کوژانەوە،
لەناو سەرما کوێره سەرچاوەی خامۆشیان هەڵتەکان و تەقانەوە.
لەناو سەرما پرسیار کەوتە وروژان و
له جەستەمدا حیلەی سڕبووی ساڵانی من ژیانەوە.
شەڕی نێوان بوون و نەبوون منیان له ژێر ژیلەمۆوە کرد بەکڵپەو
منیان لەناو دۆڵەکانی خۆڵەمێش و سەرابەوه هەستانەوه
ڕیزه چراخانی وشه له جزیره و بۆتانەوه بەسەر بەفرا بازیان ئەداو
به وێنەی عەشقی مەم و زین ئەبوون به خەیاڵی (خانی) و ئەبوون
به خۆشەویستیی زمان و به ئەوینی دارو بەردو به ڕەنگەکانی سروشت و
به لاوك  و به داستان و به شەونمی کەنار دیجلەو به سروودی ئازادیم و
لەناو ناخما ئەتوانەوه

ساڵ ئەڕژێتەساڵەوەو بیر ئەڕژێتە بیرەوەو، لە دوورەوە، لەناو
گەرووی فەرەنساوە، لە شۆڕشی نانی برسی و ئاوی تینووی هاوینەوە،
پرشنگەکانی ئازادیی لە پەیامی سێ گۆشەدا بەرەو دنیا ئەپەڕنەوەو
منیش ڕووناکتر ئەبمەوە
ئەمە قسەی خاك و خۆڵە وەختێ ئیتر ڕائەپەڕێ و
پێی بەچەکمەی شەوەزەنگ و غەوارەکان قوبوڵ ناکا.
ئەمە قسەی داربەڕووە، قسەی دەشتە، قسەی خوێنەو قسەی
عەشقەو قسەی کۆترە باریکەیەو قسەی تاوێرەکانی کێوانەو قسەی جادەکانی
شارە، قسەی باڵای یاخیی بوونی سالآنێکە بەسەر ئاسمان
کون ئەکەن و لەناو بریندا هەڵئەکەن. قسەی هەقەو خوایش لەگەڵیا
هاوار ئەکات. ئەمە قسەی قوربانییە وەختێ وشەی ئەبنە یاقووت.
مەمکی ژنە لەو دەمەدا ئەقریشکێنن. ئەمە پەیڤی ئازادییە  وەختێ ئەبێ
بە درەختی ڕۆژەکانم و سێوی دڵو ڕۆحم ئەگرێ. پەیڤی ڕووناکییە وەختێ
شەهید ئەبێ.
هەورێ دێت و هەورێ ئەڕوا.
وەرزێ ئەمرێ و وەرزێ ئەزێ و
من ئێستاکە بووم بە ڕیزە مەشخەلآنی دەریاچەی"وان"
سەرانسەری چەوسانەوەم داگیرساوە.
سەرانسەری نەخشە و بالآم بووە بە قەڵبەزەی سوورو
سەرانسەری نائومێدیم پڕهەتاوە.
زەمان کاژ فڕێ ئەدات و زەمان باڵی تازەی لێ ئەڕوێت و
زەمان چڕتر ئەبێتەوەو زەمان زەنگم بۆ لێ ئەدات!.

چاوی"ئامەد" بوو بە چرای گەڕۆك و قەلاَی هەولیَربووە بە قەلاَی
تەمەنی حەیرانی من. لە ڕۆژهەلاَتدا"ئەردەلاَن" هەلَۆیەکە چاوی تیژی
بڕیوەتە ئایندەی دوور. بۆ یەکەم جار"شەرەفخان" میَژووی هاوارو
بن و بنەچەی ئازارم تۆمار ئەکاو کلَۆلَیم ئەگیَڕیَتەوە.
بەردەوامە خۆکوژیی وەرزەکانی من.
بەردەوامە خۆکوژیی ڕۆژەکانی من.
هەموو جاریَ ئەبم بە بلَیَسەی یاخی و هەر جۆگەی خۆم ئەمخنکیَنیَ
بەردەوامە مەرگی من و بەردەوامە هەستانەوەم.
خۆم یەکیَکم و هەموو ڕۆژ سیَجار ئەکوژریَم.
بەردەوامە سەربڕینم و بەردەوامە ژیانەوەم.
سۆران بووە بە پشکۆی ناو خەوی سولَتان.
سلەیمانی لە شیعرا ئەدرەوشیَتەوەو"نالیی" بووە
بە منارەی ئەم زمانەو، "مەولانە" نامۆی مالَی باوو باپیری خۆیەتی و
سنەوبەر خۆی هەلَئەکەنیَ و سەرهەلَئەگریَ بۆ هەندەران.
ڕۆژان ئەمرن.. ڕۆژان ئەزیَن... لە کۆیەداو
لەناو ژووریَکی بچوکدا"حاجی" ئەبیَ بە ئاسمانیَ و
شیعرەکانی بە مانگەشەو... حاجی ئەبیَ بە ولاَت و
شیعرەکانی بە پۆلە کەو
وائیَستاکەیش بەدرخانیەکان لە "سەرما"
بوون بە شەقامی کازیوەو وشەی گولَدان.
بۆ یەکەم جار یەکەم پلیکەی ڕۆژنامە دائەنیَن و
بۆ یەکەم جار زریکەکانم چاپ ئەکەن.

بۆ یەکەم جار باڵەخانەیەك لە وشە. تەلارێك لە شیعرو مێژوو
فوارەیەك لە بۆن و ڕەنگم بەرزئەکەنەوە بۆ ئاسمان.
لە دوامەوە سەدەکان ئەچنە تەمەوە، . لە پێشمەوە جیهان ئەبێ
بە پێچکەکانی ئەتۆم و سەدەی بیستەم دێتە دەرێ. تەرمی ئیمپراتۆری
بەردو شمشێر هەڵئەدەنە ناو زەریاوە. ئیمپراتۆریای زەریای چلێس
نێوەی ڕۆژهەلاْت و من و نەوت و خوێن و شاخ و سەحرا هەڵئەلووشێ.
دەم و چاوم ئەبێ بە شاپلێتەی گڕدار
بالاْی تفەنگ ئەبێ بە ئەسپی رەش و یالْ بڕو
لەجەستەی"بەردەقارەمان" بەیانیەك دائەتاشم.
سالْ ئەچێتە ناو ساڵەوەو خوێن ئەچێتە ناو خوێنەوەو
"دەرسیم" سەری ئەداتە دەست بەفری بەر باهۆزی پیران
ئیتر سەر ئەبێ بە مانگ و لەسەر چیای جودی هەڵدێ.
دیسانەوە جارێکی تر بە مردندا هەڵئەزنێم دیسانەوە ئاگریداغ
ئەبێ بەپڵنگی بەرد و سواری ئەبم..
لە باکووردا ئەتاتورکێ وشەم ئەداتە بەر قەمەو خەونەکانم کوێر ئەکات و
لە ڕۆژهەلاْتیشدا خانێ شەپۆلی ورمێم ئەکوژێ و
کەللە سەری سروودێکم بەسەرپردێکی شنۆدا هەڵئەواسێ.
حەسانەوە  لە برینماو وچان لە هاوارما نییە..
ئەمە سەدەی چڕبوونەوەی مەرگەساتە و کارەساتەو
سەدەی قەنارە بەکۆڵەو قڕ ژهراویی.
ئەمە سەدەی لە خاچدانی عەشقی بێ داڵدەو بچووکە
سەدەی لێوی ماچ خوێناویی

سەرم ئەستێرە تەیرێکی بەرزە فڕەو لە ژێر قوببەی ڕامکردن و
ناو قەفەزی سەرزەمینی کۆیلەدا دابین ناکرێ. من ئەوینێکی
بچوکم. من ئەوینێکی بێکەسم. من تەنیاییم هێزی تەنیای
خوای تێدایە بۆیە نامرم!. بۆیە لەناو ژیلەمۆوە هەمووساڵێ
سووتووم دیسان ئەبێتەوە بە باڵندەی ئەفسانەیی و جارێکیتر
لەناو مەرگا ژیانی نوێ ئەژێننەوەو باڵیش ئەگرم
حەسانەوە لە برینماو وچان لە هاوارما نییە.
دیسانەوە ئێوارەیەك، لە ڕۆژهەڵاتی جەستەماو لە چوارچراو لەناو
بەفرا سەروملم بوون بە هێشووی عەشقی سوورو خوێنم هەڵهات
دیسانەوە لە بوولێڵێکی ئەیلولدا هەڵگیرسام و بۆ چواردە ساڵ
عەشقم پڕاو بەلاّم (پەری) من هەرنەهات. سەری ئەسپی خۆم
جێیهێشتم. دیسانەوە لە گۆڕەوە هەستامەوەو خۆڵەمێشم
کلّپەی کردوو ئەمجارەیان"قەندیل" بوو بە پشتی ئەسپ و
پاشەڕۆژیی بوو بە دەستم
ئەمە سەدەی چڕبوونەوەی مەرگەساتەو کارەساتەو
ئەمە سەدەی لە خاچدانی عەشقی بێ دالّدەو بچووکەو
سەدەی لێوی ماچ خوێناویی
من پانۆرامای ڕەنگاڵەی
هەموو چەشنە مردنێکی سالّم
بەیانییەك شارێك لەناو سنگی مندا خنکا. بەیانییەك بووم بە مەرگی
مۆمیابووی هەموو دنیا. بەیانییەك سەعات لەناو کاتژمێرما
دڵی وەستا. دارستانەکان پاڵکەوتن. ڕووبار لەجێی خۆیدا

نووست و زەوی ترسا. بەیانییەك لەناو چاوما شارێكم ناشت
بەیانییەك من بە پۆستی هەوایەكی ژەهراویدا ناونیشانی مەرگی تازەم
بۆجیهان نارد!
ئەوە منم نە ئەژیم و نە ئەمرم و
ئەسووتێم و ناسووتێم و ئەخنكێم و ناخنكێم و
ئەوە منم .. لە وەریندا
ژیان ئەگرم.
ئەمە ساڵی مەرگی بە پۆل پۆلی منە
پۆل پۆلی چاو.. پۆل پۆلی خەو
پۆل پۆلی ڕەنگ و پۆل پۆلی عەشقەكانم
ساڵی سەرژمێری كۆستە. سەرژمێری فرمێسكەكانی درەخت و
سەرژمێری هەناسەكانی گەرمییان. ساڵی سەرژمێری
وشەی فڕێنراوی دەنگی من و ساڵی چەكەرەكردنی سەری
منە لە بیابانی عەرعەرداو ساڵی پەڵەدانی مەرگم
لە دنیادا، ئەنفالەو ئەنفالەو ئەنفال. ساڵی تەنیایی
ڕاستییەو، ساڵی غەمگینیی خودایەو ساڵی نوشتانەوەی
بەردە لەبەردەمی كیمیاداو ساڵی چۆڵبوونی  ولاّتی
عەشقستانەو ڕاكردنی بێشەلاّنەو هەلاّتنی گۆڕستان و
خۆشاردنەوەی ئاگری نەورۆز. ئەنفالەو ئەنفالەو ئەنفال
من دۆزەخێكی ئەبەدیی ڕۆژهەلاّتم، ئەو نەفرەتەم ئەمسەرم وا
لە ئەنفالی ئەم دنیاداو ئەوسەریشم گوناهێكی تاق و تەنیای
بە كوڵ و كۆی جەهەننەم و قیامەتە. ئەنفالەو ئەنفالەو ئەنفال

"هەتا ئەمرم دێنە خەوم. هەموو شەوێ لە تەمتوومانی
مەراقماو لەودیو شووشەی سەرابەوە کۆمەڵ کۆمەڵ ئەیانبینم
شیعرم دەشتی ڕۆژی حەشر و قیژەی ئەوانی تیا ئەڕوێو
لەشم زوخاڵ" ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال!
لە مەرگەوە هاتوومەوەو
ئەچم بۆلای یەکەم گوڵی مانگی مارت و
ئەچم بۆ لای"کێوەڕەش"و
بەردەم دەروازەی"ڕاپەڕین"
لەسەر ئەم پێستە سوتاوەو لەم سوتماکی جەستەیەدا
خونچەی وشەو گوڵە شیعرو گوڵە تابلۆو گوڵی گۆرانی و
مۆسیقا سەر دەردێنن. من نوێ بوونەوەی سەعات و
من سوێ بوونەوەی ڕۆژگاروناڵەی شەووژانی مانگ و
قرچە قرچی دەقیقەم و بەڵام ئەمڕۆ پێ ئەکەنم
لە ئەنفالدا بوومە هەڵمی سەر تابووتی وڵاتێك و
بەڵام ئەمڕۆ لە چاوانی ڕانیییەدا
من بەژن و باڵای زیوییینی
درەوشاوەی بەر بارانم
وەرزی کۆچەو کۆچی سوورەو وەرزی ڕاکردنی شارە بۆ ئەشکەوت و
وەرزی ڕەوکردنی شەقام بۆ لای دەراڵی ناو چیا
وەرزی کۆچەو کۆچی تەڕەو جێهێشتنی گلێنەیەو جێهێشتنی
پەنجەکانی ڕووناکییەو جێهێشتنی ئاگری ماڵەو جێهێشتنی
خاڵخاڵۆکەی بیرەوەریی.  وەرزی کۆچی ئازادییە، وەختێ ئازادیی

نایەوێ لە ژێر سایەی دەم و چاوی نێزەکاندا ئیتر بژی
وەرزی کۆچی جۆگەکانە، وەختێ ئیتر نایانەوێ ئاوکوژ لێیان بخواتەوە.
وەرزی کۆچی مەلەکانە وەختێ ئیتر نایانەوێ
لە هێلانەی ئاسمان کوژا هەڵبگورمێن. وەرزی کۆچی منداڵانە
وەختێ ئیتر نایانەوێ گوڵ کوژەکان گەورەیان بن. وەرزی
کۆچی هۆنراوەیە  وەختێ ئیتر نایانەوێ ژێر بنمیچی سەری
ڕەقیب ئاسمانیان بێ!
کۆچمکردوو کۆچ بردمیە چاوبەچاوی ناو دنیاوە
لەو وەرزەوە، تارماییەکەی ئازاری من
لە گشت ماڵێکی جیهاندا
یان لە ژووری میوانیاندا دانیشتووە
یان بە پێوە لە باڵقۆن و بەرهەیوانی ڕوانینیانا ڕاوەستاوە
هەورێ ئەمرێ و هەورێ ئەزێ و
زەمان کاژ فڕێ ئەدات و زەمان بەرەژان گرتویێتی و
واخەریکە سەدەیەکی تازەی ببێ و
لە پرێکدا خۆر ئەگیرێ
ژووری شیعرم تاریك ئەبێ، وێنەکانم یەکەیەکە ڕەنگ و روویان خۆڵەمێشیی
هەڵئەگەڕێ، لە ترساندا هەموو خەویان لێ ئەکەوێ و لە پرێکدا خۆر بەر ئەبێ و
وێنەکانم لە خۆشیاندا باوەش ئەکەن بە یەکتر‌داو پەنجەکانم لە ئەزموونی
خۆرگیراندا ڕەنگێکی نوێ ئەدۆزنەوەو خەیاڵیشم دائەگیرسێ
ساڵێ ئەمرێ و ساڵێ ئەزێ و بۆ سبەینێ
لە هەزارەی سێهەمیندا

ئەچمە سەر یەکەم پلیکەی وشەی تازەو لە دەنگەکان ڕائەمێنم
ئەچمە بەر یەکەم ئاوێنەی وێنەی تازەو لە ڕەنگەکان ڕائەمێنم
لە ناو دەفری بەیانیدا خەیاڵ و ڕەنگ تێکەڵ ئەکەم
هەوڵ ئەدەم دەنگێ بێنمە شیعرمەوە نەبیستراو بێ
هەوڵ ئەدەم ڕەنگێ بێنمە تابلۆمەوە نەبینراو بێ
پرسیار. پرسیار. پرسیار بکەم!

ستۆکهۆڵم
1999/11/21

# ژن و باران

بەیانییەو  (ستۆکهۆڵم) دەستەکانی لە گیرفانداو،
پەنجەکانی پێی تەزیوەو، لەبەر (با)ی بەفرا کووڕ بووەو
ئەویش وەك من هەڵئەلەرزێ!.
جانتام لە شانی ڕاستمایەو ئەچمە سەرێ و، لە ژوورەوە
عەینەکەکەم هەڵم ئەیگرێ و، هەتا وەکوو چەند چرکەیەك،
شلوێ ئەبێ تەماشام و ژمارەی جێم لێ ون ئەبێ!.
(شەمەندەفەری دووهەزار) بە ئەسپایی لەترێك ئەداو،
بەرەو باشوور بەناو تەمێکی تەنکدا، "تەنکتر لە پەردەی ژووری سپی
هێلکە"، وردە وردە وا ئەجووڵێ.
لە دەرەوە، لەسەر سپۆر، لە ناو پاڵتۆی زستانەوە
سەروملی و تاناو قەدو دەست و پەنجەی بەرێکەران
لەخێرابوونی ترێندا، ئەڵێی (با) ئەیانڕفێنێ و
یەك لە دوای یەك ون ئەبن و ڕیزە واگۆن جێیاندێڵێ.
وا هەنووکە، شەمەندەفەر، زیکەی بەرزە و بین گرتوێتی و
ناوبەناویش وەك باهۆزێکی زەبەللاح

لەبەردەمی تونێلێکدا
ڕێی پێ بگرێ و شانی لێدا
ئەم خۆی جیڕتر ئەکاتەوە
نەڕەیەکی تووڕەبوونی لێ هەڵئەسێ!.
کورسیم لە پاڵ پەنجەرەداو
ڕومکردۆتە دنیای دەرێ و
ئەوەتا وا لەناوچاوما، نزیك و دوور، باڵەخانەو،
ڤێللاکان و، دەشت و دەروو، پردو کێڵگەو ستوونەکانی
دارتەل و دارو درەخت و ڕێگەوبان.. هەمووی ئەفڕێ.
بەڵام خەیاڵم تا ئێستا
شووشەیەکی تەماوییەو هیچ شوێنێکی تازەی شیعرو
هیچ ئاسمان و هیچ ڕەنگێکی سەوزو سووری حەزو زەوی ناخی
خۆمی لێ دیار نییەو.. وشەم نادوێ!.
ئەڵێی جانتای داخراوی سەر ڕەفەم و
هەر لەرەم دێ.
ئەڵێی ئاسن گرێی داوە لە دەروونم و
ئەڵێی سەری قوتووی عاسیم ناکرێمەوەو، شپرزەییم دڵۆپە
جیوە خولیامەو، بە قەڵەمم
ناگیرێت و لەبەر پەنجەما ڕائەکاو هەر دێ و دەچێ!.
ڕۆژنامەیەکی زۆربلێی زمان لوسیش
لەسەر ڕانمەو، بۆ چەند ساتێ
تەنیاییم و چاوەکانم لە پەناوە ئەخلافێنێ.

ڕۆژنامەیەك هەر لە یەكەم سەرنجەوە
پەڕەی سپیی نێونیگام و
ڕۆحی پاكی منداڵانەم ئەژاكێنێ:
(بە گەورەیی وێنەی چڕوچاوی شوومی (میلۆسۆڤیچ)
ئەبینم و، تەماشام دڵی تێكەڵ دێ و لە پڕێكدا
بۆنی ڕق و بۆنی خوێن و بۆنی كۆسۆڤۆو دووكەڵ و
بۆكڕووزی قژی جوانیی و بۆچڕووكی جیهانی سێ،
بەسەرما دێ و، لەسەر شووشەی پەنجەرەكە تارماییەك
لە مەرگی شین ڕائەوەستێ و تارماییەك لە مەرگی بۆر
تێ ئەپەڕێ و قوربانییەكان بەیەكدا دێن تێكەڵ ئەبن و
(هەڵەبجە) ئەبێ بە شارێك لە كۆسۆڤۆو كەركوك ئەبێ
بە (گرۆزنی)و سەری بڕڕاوم ئەبینم لە قوڵی پاڵتۆی
دنیاوە دێتە دەرێ دائەچڵەكێم..
زۆر بە پەلە ڕۆژنامەكە
ئەدەمە دەست كیسەی خۆڵ و
ئیتر ئەوسا مۆتەكەیەك لەبەر چاوم و
لە سەر سنگی من لائەچێ!.
شەمەندەفەری دووهەزار
زەمان كوناودەر ئەكات و
دەقیقەی جاران نیوەیەو.. سەعاتی جاران نیوەیەو
جێگا ئەفڕێ!.
بەڵام هێشتا قەڵەمەكەم

کلاوەکەی لەسەردایەو،
کاغەزم هەر خەوی سپیی ئەبینێت و
شیعرێکیش کە من بمەوێ دارژانی
سێلاویکی دنیاگیربێ
هێشتا ژانێکی بچووکەو
لە هەورێکی زۆر دووردایە!.
خاوبوونەوەی وردە وردەی جەستەی گەرمی شەمەندەفەر
لە خاوبوونەوەی ماسولکەی دوای توڕەبوون،
لە کزبوونی وردە وردەی لرفەی گڕی بەر باران و
لە وچانێکی داچوونی شەپۆلی گوێ زەریا ئەچێ!.
شەمەندەفەری دووهەزار
لە بەردەمی وێستگەیەکی ڕەنگ پەمەیی
شارۆچکەیەکدا ئەوەستێ.
دۆڵێکی قووڵ هەڵمێ لە دەمی هەڵئەسێ
نیوەی بەژنی ئەم وێستگەیەو بەرپەنجەرەم دائەپۆشێ.
گڵۆپی بە ڕۆژ هەڵکراو،
رووناکی لێڵ، لەناو هەڵما
لە سەری من و کورد ئەچێ!
وا ئێستاکە چاوم ناردۆتە سەرسپۆر، ئەگەڕێت و، پیاسە ئەکاو
یەك دەقیقەو لەو سەرەوە لەگەڵ شۆخێکی جل رەشی
جانتا مۆردا، بەیەکەوە، دێنە سەرێ.
وەختێ کە ئەو دەم بە هەناو دێتە ژووری

کابینە ئەگەشێتەوەو پەنجەرەکەم پێ ئەکەنێ شپرزەییم
ئەکەوێتە بەرپرشە پرشی جوانییەك دائەچڵەکێ و قەڵەمەکەم
خەیاڵ پەڵەی تیائەدات و، کاغەزی سپیی بەردەمم
ئەبێ بە پێدەشتی شیعرو، بێزارییشم، لەسەر کورسیەکەی
تەنیشتم، ناچار خەوی لێ ئەکەوێ.
سنەوبەری کریسمسەو شەوقی تەڕی چراکانی لەبەردایەو
جریوەیەو دائەنیشێ!
من ئێستاکە بووم بە فوارەی وشەو وێنەو
کابینە بووە بە حەوزو، زەوقم پڕەو،
شەمەندەفەر لە هەر وێستگەیەك بوەستێ
لە پەنجەرەو لە دەرگاوە ئاوی ئەوین و گۆرانیم سەرئەکات و پێکەنینم لێی ئەڕژێ
من ئێستاکە چون باڵندەی لەنگەرگرتووی هەوای هێدی و
ڕۆژی ساماڵ، دنیایەك لە ژێربالْمایە، ئاوێنە ڕێژ
بریسکەی دێ و کانی خەونی تیاهەڵئەقوڵێ و،
بوومەتەوە بە چوار پێنج ساڵ. جوانیی ژنێ، لە واگۆنی
غەریبیدا، بۆچەند ساتێ، سەری پڕکردم لە گوڵ و
لە پەپوولەو بردمیەوە بۆ لای یەکەم جێژوانی پەریخانێ.
جوانیی ژنێ لە بێدەنگیی بینینێکدا، هەزار نەغمەی
نەبیستراوی باندی شیعرو، پڕ بە کۆشی بەیانیانیش،
گمەی سپیی و قاسپەی شین و چرپەچرپی گۆمی مەنگ و
سروەی دامێ!.
چاوێکم لەسەر پەنجەرە بێ ئاگایەو هەڵئەخلیسکێ و

چاوەکەی ترم لەولاوە وا خەریکە خۆی بە خاچی
سەر مەماندا هەڵبواسێ!.
لە جانتاوە مانگ کتێبێ دەرئەهێنێ
(پەیتووکەی چاو ئەگاتە ناو ئاسمانی بەرگ)
مانگ ڕۆمان ئەخوێنێتەوە.
ڕۆمانی (تەپڵی باران)ی (کاداریێ)یەو
وا ئەم قەسیدە قژ زەردەیش
پەڕە پەڕە لەو عەشقەدا نوقم ئەبێ.
تەپڵی بارانی ئەم شۆخە لەگەڵ خۆیدا هەوری هێناو
بە لەپی دەست بەقەد جێگەی دەم و چاوم
هەڵمی سەرشووشە ئەسڕم و
تەویڵ ئەنێم بە پەنجەرەی تەنیشتەوەو. لە ناکاوێ
دەمی تیژی بروسکەیەك
ڕێگای شەوقێکی خوارو خێچ
لەناوچەوانی ئاسماندا ئەکێشێت و
تاریکایی درز ئەبات و
باران ئەزێ!.
تەپڵی بارانی ئەم شۆخە لەگەڵ خۆیدا هەوری هێناو
ئەوەتا وا، لە بەرایی ئەو دەشتەدا، تەپڵی باران
دەنگی دێت و، قامکی دڵۆپ، سیمفۆنییای،
ڕەنگاوڕەنگی ئاو ئەژەنێ!.
(خودایە! لەولایش ئەم تەپڵە دەنگی بێت و

**خودایە! لەولایش بباریّ)**

**ژن و باران**

**ڕێزە بەرێزە، ڕێژنەیان، بەسەرمندا ئەبارێن و**

**بە هەردووکیان، سەوزم ئەکەن، ژن وباران.**

**جارێك گیتارە جەستەم و**

**ئەویان هاژەم تیا لێ ئەداو**

**جارێکی تر، ئەویتریان، ئەمکا بە دەفتەری بەفرو**

**مانگەشەوم تیائەنووسێ.. ژن و باران**

**(ڕەنگی) ئەویان، کە لە خۆیم هەڵبکێشێ**

**ئەمکا بە شەوی سایەقەو**

**دەنگی ئەویان، کە بێتە گوێم**

**ئیتر بۆخۆم ئەبم بە گوێی خۆشەویستی و**

**بەگوێی هەموو ئاوازەکان... ژن و باران.**

**وەختێ پێکەوەیش بێنەلای شپرزەییم**

**لە یەك وەختا من کڵپەیەکی فێنك و**

**لە یەك وەختا من کرێوەی سەر بەگرم... ژن و باران**

**با ببارێن هێند ببارێن..**

**بیکەن بە تۆف لەناو سەرما**

**عەشقی ژن و عەشقی باران**

**با ببارێن.؟. هێند ببارێن**

**تا تەنیاییم لە خۆیاندا غەرق ئەکەن و**

**ئاوارەییم سەر ئاو ئەخەن. ژن و باران، ژن و باران.**

شەمەندەفەری دووهەزار
وەك خەیاڵی درێژی من باراناویی.. هەرئەكشێ و
چون خولیایشم هەر وژەی دێ و.. تۆزێكی تر
شەمەندەفەری دووهەزار
لە دوا وێستگەی سەفەرێكداو
لە بەردەمی گوڵەكانی پێشوازیدا
هەناسەیەك هەڵئەكێشێ و
لە جێگەی خۆی مت ئەبێت و ڕائەوەستێ!.
بارانە ژنی جل رەشیش
دەست ئەداتە جانتای مۆرو دائەبەزێ و
لە ناو ئاپوورەی شەقامدا.. خۆی و تەپڵی بارانەكەی
بزر ئەبێ!
وەختێكیش من ئەچمە خوارێ
كۆچێكی نوێی ئاوارەبوون، لە ژێر تەنیایی دارێكدا
چاوەڕێمەو لە پەنجەرەی بارانەوە،
دەستەكانی درێژئەكاو
لە ئێوارەی سەدەیەكدا
دوا قەسیدەم لێ وەرئەگرێ!

ستۆكهۆڵم
1999/12/4

# لەو قژەدا
# مانگەشەوێ بریندارە!

ڕێگەم بدە!، تاڵ تاڵ قژت، بنووسمەوە.
تاڵ تاڵ ئەو خەمە درێژە دوژمندارە،
چون تیلماسکێ لە خۆرنشینی قوربانیی و چون تاژانێ
لە ئاویلکەی بڕینەوەو شکاندنەوەی لاسکەکانی بەربەیانێ
بە باپووسکەو باڕێزانی ڕۆحم تەڕکەم!
ڕێگەم بدە، ئەو ئازارە هەڵگورماوە
لە فڕینی ترس و بیمدا بخوێنمەوەو
ببم بە (با)
وەختێ مەرگ لەناو قژتا
ڕۆژەکانت شانە ئەکات!
لەو قژەدا هەموو ڕۆژێ گومانێ ئەبریسکێتەوەو
شپرزەیی ئەشنێتەوەو ئارام هەڵدێ.
ترسیش بە وێنەی گەردەلوول هەڵئەکات و
مردن هەر لەولای سەرتەوە

به دووریی چەند سانتیمەترێ
دەست بۆ شمشێری غەزایەك درێژ ئەكات!
لەو قژەدا مانگە شەوێ بریندارەو
خەرمانەیەك هەڵئەوەرێ.
پەنجەكانم (با)ی لاسارن
لە زەردو ماهی جەستەتا، لەناو گەوەی، ئەو كاكۆڵ و پەرچەمەتا
ڕەوە تیشكن ڕێ ئەكەن و
شەوی ئەفسانەو نەهات و یەكەیەكە حیكایەتی تیرۆری گەلاُو سەر لق و
گەشانەوەی خوێنەكانت تۆمار ئەكەن.
لەو بسكەدا تاڤگەیەك بریندارەو
دەنگ ئەپژێ
لەو قژەدا شەپۆلانێ ڕاكشاون
شیعریان داوە بە خۆیانداو
بەر نەفرەتی خواوەندێكی تازە كەوتوون!
ڕێگەم بدە! لەناو قژی قەدەغەدا
لە دەریاچەی قەدەغەدا
لەناو سەری پڕ لە هەورە بروسكەدا
مانای بۆن و مانای ڕەنگ و مانای ئاواز بدۆزمەوە.
لەناو قژی قەدەغەدا ئەوینی ئێمە پرسیارەو
بەم ڕۆژگارە لە زەمانی بەردو شمشێر هەڵئەنووتێ!.
لەناو قژی قەدەغەدا بەژنی ئاسمان زنجیر ئەكرێ.
جەنگی قژەو جەنگی بڕینەوەی تیشكەو

جەنگی داپۆشینی پەلکەگیاکانی خودایەو
جەنگی جەستەم!.
تاڵ تاڵ قژت ئەنووسمەوە:
تاڵێك ئەمبا بۆلای خەون و
تاڵێك نیگام هەڵئەواسێ بە بالآتاو
تاڵێك ئەمکا بە کزەباو
تاڵێکی دی ڕێزەی بارانەو هەودایەك
لە هەناسەی دەنگ و قسەم.
قژت ڕۆژنامەی قەدەغەی نیشتمانمەو
پژوپۆی دارسێوی حەرام!.
بۆ ئەوەی گەڵا نەبینم لە وەختی سەماکردندا
من ڕۆژانە چاوەکانم لەسەر جادە ئەکوژرێن و
بۆ ئەوەی باڵندەی سەرێ بەدی نەکەم،
لە وەختی باڵەفڕێدا، هەوایەکی راونراوم و
لە ئاسمانێکی حەرامدا تیرۆر ئەکرێم!
تازە قژت بووە بە پێناسەی شیعرم!
قژت بووە بە قەدەرم.
قژت بووە بە خولیایەك ئاوریشمین و
من ئەوانە وشەی لوولم و ئەیهۆنمەوەو
جارێك خەیاڵێکی خاوم و
جارێك بۆنێکی کۆچەرو
جارێکی دی لە جۆلانەی کەزیەکتا

هێواش.. ئەمرم!

من ناتوانم شاخ بێ ڕەوەز ببینم و

من ناتوانم هەور بەبێ پرچی باران وێناکەم و

من ناتوانم چڵەپۆپە لە ڕەگی ژان دابڕم و

من ناتوانم قەت ناتوانم

بێ ئەو باڵانەی فڕی تۆ

هەرگیز بفڕم!.

1999/7/10

# ڕەجم

لە تەمێك ئەچێت ئەو ژنە
لە تەمێكی كراس سپیی، كەڵەگەت چون مەراقی شاخ.
شپرزە وەكوو سێبەری گڕی چرای لەرزۆكی
سەر دیواری ژوور
باریكەلە چون قامچیی دەستی مێردو
ڕەشتاڵە چون دەم و چاوی (خانەقین) و
غەمگین  وەكوو بارانەكەی  وەرزی كۆچڕەو.
لە  تەمێك ئەچێت ئەو ژنەو كە ئەیبینی:
كۆلاَنێكی هەڵەبجەیەو پێناكەنێ.
كە گوێشی بۆ ڕائەدێری
شمشاڵێكی گەرمییانەو
بەتەنها هەر..  (با)ی دەربەدەری عەرعەرو
هەناسەی ئەنفال ئەیژەنێ.
لە تەمێك ئەچێت ئەو ژنەو
لە هەناوی شووشەیەوە.. گەرای شیعری ناو وەیشوومەو

دەنكە تۆوی كسپە دیارە.
لە هەناوی شووشەیەوە.. هەندێ گژوگیای گریان و
دوا سەمای بەفری ناو مەرگ و
گۆرانیی وردو خاش دیارە.
لە تەمێك ئەچێت ئەو ژنەو
منیش شەقامی ئێوارە.
كە دێت پۆلێ لە حەسرەتی ڕەش و سپیی
پۆلێ لە هەنیسكی باڵدار
بەدەم ڕێوە دەنووك ئەدەن
لەنمەنمی زوخاوی و
پێكیشەوە ئەئالێنە سەروقژی.
وەختێ كە دێت بەردی ڕەجمیش بەدوایەوەن
چێ پێی پرشنگی هەڵئەگرن
شوێن سەری رووت، شوێن قۆڵی رووت،
شوێن كراسی كورتی كەوتوون.
بەردی رەجم، دەنگی رەجم، شەوی رەجم
كۆشیان پڕە، ناو گیرفانەكانیان پڕە، دەمیان پڕە
لە باوبۆرانی حەرام و لە چوارلاوە
بەتۆپەڵ كفری تێ ئەگرن!.
وەختێ كە دێت، خۆرنشینێكی ترساوە
زەردەی لێ ئەچۆڕێتەوە.
سەردەمانێ خۆی قەسیدەی گوڵ سپیی بوو

بەلاْم ئێستا لە كێڵگەكانی ئازاردا.. ژاڵە ئەگرێ.
لەسەر جادەی گومان و پرسی حەرامیش
شووشەی جامخانەی شكاوی ئازادییەو
كتێبخانەی خەونی جوانەو تالاْن ئەكرێ.
كەدێت
باخچەكەم نوستووەو
پەنجەرەكانم نوستوون و
پەنجەكانم لەسەر قەراغی خەیاڵم هەڵنیشتوون و
كە دێت لەگەڵ بووڵێڵدا دێت
درەنگ ئەگات
وەختێ ئەگات
باران سەفەری كردووەو
كزەبا دوور دوور ڕۆیشتووەو
ئاسمان بەتەنها یەك گەلاْی
لە تریفەی هەڵوەریوی
بۆ تەنیاییم جێهێشتووە.
لە تەمێك ئەچێت ئەو ژنەو
لە درزی ترس و لەرزەوە دێتە ژوورێو
لە ڕێی لۆكەی ناو خەوەوە
ئەگاتە لام.
هەر چەند ئەگات، گوڵ هەناری پەڵە خوێنێ
بە سنگییەوە ئەجریوێنێ و

جریوەی پەرت توێژاڵ توێژاڵ لێم ئەدات و
لە پاش تۆزێ
لەسەر لەشم و لەناو قژما دووسێ قاوغە فیشەك و
مشتێ دووكەڵ و بارووت و بۆنی ترس و دووسێ
پارچە لە بلووری
شەرەفی شكاوی خێڵ و چەند تەڵزمێ لە
سوێندی تیژی
ناو تۆڵەی پیاوەتیی پیاوی ئەم كوردە قارەمانە بەجێدێڵێ!.
هەر چەند ئەگات
سەری خوێناویی مامزێ
لە نێوانی هەردوو مەمكیا ئەزریكێنێ.
هەورە تریشقەی زریكە شمشێر شمشێر لێم ئەدات و
لە پاش تۆزێ لەناو ژوورما
لەسەر مێزو لەسەر كورسی و لەسەر چرپام
چەندین كڵپە لە ئاگرەكەی جەهەننەم و
چەندین سوورەت لە تۆفانی قیامەت و
چەندین كەڵبە لە هەڕەشەو
دەیان قامچیی بۆ جەڵدەو
چەندین لەچك لە قوماشی شەوەزەنگ و
چەندین تەلاقی سێگۆشەی هەڵوەشاوو
بڵندگۆیەك.. لەناو سەرما بەجێدێڵێ!
لە تەمێك ئەچێت ئەو ژنەو درەنگ ئەگات.

هەرچەند ئەگات گوڵ هەناری پەڵەخوێنی لەسەر
لەشی ئەجریوێنێ
حیکایەت خوان برینێکی پرچ درێژەو
بەردەوامیش لەبەردەمی مێژوویەکی ترسنۆکدا ڕائەوەستێ و
هەموو دەمێ لەسەر کورسی دان پیانانی تۆبەو
مەرگی هەزار جارەی
دائەنیشێ. هەموو وەرزێ بەسەر گوزشتەی کوشتنی
گوڵاڵەی جەستەی گوناه و حەرامی
باخچەی من و
ماڵی من و
خەونەکانم دائەپۆشێ.
بەو زمانی قوربانیانەی کە نیشتمان تێی ناگات و
باوکی خۆیشم بە تەورەوە راوی ئەنێ
بەو زمانە نەعلەتییە
من ئەدوێنێ.
حیکایەت خوانی قوربانییم.. دایکی خۆمەو خۆڵەمێشە.
حیکایەت خوانی قوربانییم.. دەسگیرانمەو
ملوانکەکەی بەردی رەجمە.
حیکایەت خوانی قوربانییم.. یەك بەیەکی
یەکەکانی جەستەی خۆمە.
لە تەمێك ئەچێت ئەو ژنەو درەنگ ئەگات
تاکەو (کۆ)یە.. خۆی یەك ژنەو هەموو ژنە

ڕۆژێ ناوی مەستوورەیەو
ڕۆژێ ناوی حەبیبەیەو
ڕۆژێکی تر جوانی بێ ناو
مەستوورە دێ و سەری نییەو.. سەرچۆتەوە
بۆلای خودا.
حەبیبە دێ و دەستی نییەو.. دەست چۆتەوە
بۆلای حەووا
جوانی بێ ناو ئەبێ بە نیشتمانی بێ ناوو
ئەبێ بە جوانی حەرام و
ئەبێ بە هزری حەرام و
ئەبێ بە عەشقێکی حەرام!.
لەناو پرسیاری حەرامدا. لە جوگرافیای
حەرامدا.. لەبیرکردنەوەی حەرامدا
ئاوێنەکان نێرینەن و
کلیلەکان نێرینەن و
ئاینەکان نێرینەن و
شەقامەکان نێرینەن و
یاساکان و جەنگەکان و یانەکان و
ئەوەی تەنها مێینەیە.. هەردوو شتی بەسزمانە:
یەکەمیان خۆشەویستییەو
دووەمیان ئێش و ئازارە!.
ئەی تەمە ژن!

من واهاتووم.. ئیتر چراوگی سەری خۆم
بدەمە دەست شەقامێکی شەوگاری تۆ
من وا هاتووم کە گمەگمی تەنیاییت لە
چوارچێوەی هێلانەیەك بێنمە دەرێ و ئیتر
بیسپێرم بە ئاسمان،
ئیتر بیسپێرم بە چڕیی دارستان و بەگۆرانییە میللیەکانی،
ناو گەڕەکی هەژارەکان. من وا هاتووم
چارەنووست ئیتر،
بسپێرم بە مەرگم، وەختێ مەرگم پەنجەرەیەك لە سامالْدا
بکاتەوەو لەسەر باخچەی گوڵی ڕەشت، من
ئەمەوێ لەم
شەڕی عەشقە نوێیەمدا..
وەکوو بارانی سەر ئاگر دابکەم و
ئینجا بمرم.
من وا هاتووم.. ڕۆحم بە پرچتا هەڵواسم
بەهەردووکمان جۆلانەیەك لە شەفەق و
جۆلانەیەك لە خەونەکانی ئایندە دروست بکەین،
بۆ ئەو چراو گوڵ مێخەك و
پیاڵەی شەراب و کتێب و کەمانچانەی
سبەی ڕۆژ ئەبنە منداڵمان.
من واهاتووم.. ئیتر شەماڵت نەخەمە سینەمەوە.
ئیتر پەپوولەی دووانت.. نەهێنمە ناو بیستنمەوە.

من واهاتووم.. له گەوەکانی دەروونتا
باهۆزت بێدارکەمەوە.
له تۆفاندا تەوارەکەت بێنمە قسە.
ئەی تەمە ژن!
ئەی ئازادییت له ولاَتی قفلّەکان و له ولاَتی جبەکاندا
له گۆشتی بەراز حەرامتر!
ئەی تەمە ژن!.. عەشق له جەنگدایە عەشق.
عەشق کەوتۆتە بۆسەوە عەشق.
عەشق لێوان لێوە له خوێن عەشق
ئەی تەمە ژن!
بستێك لەیەك دوور بین زۆرە
له بۆشایی بستێکەوە
دەشتێ شەوەزەنگ ئەتوانێ بێتە ژووری.
پەنجەیەکیش مابێنمان بێ هێشتا زۆرە
له بۆشایی یەك پەنجەوە
شاخێ دووکەڵ دێتە ژووری!.
له تەمێك ئەچێت ئەو ژنەو درەنگ ئەگات!.
وەختێ ئەگات گوڵ هەناری پەڵە خوێنێ لەسەر
سنگی ئەجریوێنێ
وا ئێستە هات!.. ئەمجارەیان له ڕوانینما ئەیهێڵمەوە
وەك مانەوەی سۆما لەناو چاوەکانما
چون مانەوەی دەنگی دایکم له گەروومدا.

ئەمجارەیان ئەیهێڵمەوە.. تا باران ئەگەڕێتەوەو
بەیەکەوە لەم چۆڵەوانیی شارەدا سەوزمان ئەکات.
تاکوو (با) ئەگەڕێتەوە لەم بێدەنگیی قاقڕەدا
بەیەکەوە لەناو سەری سترانێکی بچکۆلەدا
لەناو سەری تازەترین کچی ساوای ئەم شارەدا
تۆومان ئەکات!.

مارتی/1999
سلێمانی

## وەفا

هەر كەس ڕۆژێ
منداڵێكم بداتە دەست باخچەی خۆشیی
من بۆ شەوێ دڵم ئەكەم
بە مۆمدانی دەست و پەنجەی.
ئەوەی جارێك هەڵكوتێتە
سەر تارمایی ترسەكانم
من هەزارجار سەرم ئەكەم
بە پێپلیكەی
ئەوەی قومێك ئاوبكاتە
دەمی مێژووی بریندارم
هەتا مردن
من خۆم ئەكەم
بە مەتارەو بە زەمزەمەی!

# لەدایکبوون

کچێکمان بوو. گوڵە لیمۆ
بەم ڕێیەدا.. هاتی بۆ لام
کوڕێکتان بوو.. زەنگی ئاسۆ
بەم ڕێیەدا.. هاتم بۆلات.
لە سەرەڕێی هەردووکماندا
کانییەکی ساوا هەبوو
بەردێك دەستی نابووە بینی
کەچی کەسمان
نەچووین بەدەنگ
گریانی ئاوی ساواوەو
کەچی کەسمان
دەستی ئەو بەردەمان نەگرت
کە منداڵی هەردووکمان و
پاشەڕۆژێکی ئەخنکان!

# تەنیایی

کەسێك بێدەنگی نەدوێنێ
نایشتوانێ عەشقم بدوێنێ.
ئەوەی بەچاو"با" نەبینێ
نایشتوانێ کۆچم ببینێ.
ئەوەی دەنگی بەرد نەبیسێ
نایشتوانێ دەنگم ببیسێ.
کەسێك کە نەیشبووبێ بە شەو
چۆن لە تەنیایی من ئەگات؟!

# درەوشانەوە

بۆ یەکەمجار وشەم بەخشی
بەخۆشەویستی خودی خۆم
یەك پەنجەرەی ژوورەکەی خۆم
لەسەر دڵم کرایەوە
جارێکی دی وشەم بەخشی
بە خۆشەویستی وڵاتێك
ئەمجارەیان دە پەنجەرە
لەناو سەرما کرانەوە
لە دواییدا وشەم بەخشیی
بە خۆشەویستی گشت دنیاو
ئەوسا ئیتر
هەموو ئاسمان
لەسەر شیعرم کرایەوە!

# مەولەوی

دڵۆپە نووری تەوێڵی هەورامان و
دارژانی مرواری ناو زمانەکەم
وەختێ برووسکەی خەیاڵ و
هەوری وێنە لەیەك ئەدەن.
لە خەڵوەتێکی نەقشیدا
ئاوێتەبوون لەگەڵ خواداو
لەم لایشەوە لەدایك بوونەوەی سروشتی تر.
ڕیشی قۆزاخە بۆ کرمی ئاوریشمین و
سەری گوڵدان بۆ چنوورو
فرمێسکی زیوینی چاویش
بۆ کۆچەکەی (عەنبەر خاتوون)!

★ ★ ★

ئەی حەزرەتی وشەی نوورانیی و خامەی بەفریین
ئەی زمانت زمانی پەیڤە سپیەکانی خوداو
ئەی بێدەنگیت لە خەڵوەتا گۆمی ماناو

ئەی پەنگ خواردنەوەی وەجدی شەوانەی
عەشقی ڕەها!
لە دوای کۆچی مەولانەی سەمەندەرەوە
کڵپەیەکت بۆ بەجێما، سەرت فەنەری سەفەرەکانی ئەوبوو.
کڵپەت کرد بە باڵ، لە مەوداکانی سووتاندا
دەمێك ئەبووی بە هەڵمی ڕۆخ و کەناری
دوورە زەریای نزیك ژانە گیانی هیندستان و
دەمێکی تر ئەبووی بە لێزمە بارانی نیگاکانی
بەرپەنجەرەی تەنیای خوداو
دیسانەوە ئەبوویتەوە بە کاوانێکی هەورامان
ئەباریت و دائەگیرسایت
ئەتوایتەوەو لە توانەوەی خۆت ڕائەمایت
لەسەر لوتکەکانی ئیشراق
چاوت ئەکەوت بەیەکەم زایینی هەتاو
دەستت ئەدا لە تیشکەوەو
فەرەنجی سووری درێژت گوڵناری بەری غەزەلی مەراقت بوو.
تۆ ڕەنگت ئەکرد بە دەنگ و
دەنگت ئەکرد بە بینین و
خۆت لە بۆنی (ئەهلی مەعنا) و نزاکانی (تصوف) و
عەشقی گەورەی (سراج الدین) هەڵئەکێشا.
تۆ وردبوونەوەی ئازاربوویت لە ساتە وەختی پشکوتن
شەونخونی دڵۆپەکانی شەونم بووی بەدیار وەنەوزی گەڵاوە

ڕەنگدانەوەی ژێیەکانی ئاواز بوویت و
لەناو یەکێتی وجوددا سەرسام بوونت
لەسەر باڵی پەپولەیەك..
لەناو زاری خونچەیەکداو
لە خاڵی خاڵخاڵۆکەداو
لە نیگای عەنبەر خاتووندداو
لە بارژنی ئاسکێکداو
لە کلاّوی بەڕوویەکدا.. ئەبوون بە شەوی تەماشاو
لێکیان ئەدا.
تۆ ئەوەندە دیقەت تدا لە ڕووناکیی
نامەکانی  (ضیاء الدین)
تا ڕووناکیت شەیدای گلێنەی خۆت کردو
ئەویش ئیتر هەردو بیلبیلەی چاوانتی
لە هەوری ڕۆحدا هەڵگرت و
بردنی بۆ مەولانەکەی شارەزووریی،.
لەدوای کۆچی ئەو دوو چاوەیش
تۆ بیناییت گواستبۆوە بۆ دەروون و بۆ هەناوت
لەدە پەنجەدا دە چاوو
لە جێی دوو چرای ناو سەرت
ئیتر شیعر.. شیعر یەك لە دوا یەك ئەهاتن و
ئەبون بە چاوو هەتاوت
ئەی حەزرەتی هەژارانی تاوەگۆزیٚ!

له هەورامانی شیعرتا

بەفراوی زمان قەڵبەزەی ناو غەزەل و

خەمت کەف چڕێنی ئەوو

له بناری بەیتەکانتا

کارێزی مانا هەڵئەقووڵێ

له هەورامانی ڕوانینتا

سەرنجەکان مانگەشەوو

مەجاز هەورو

وشەت ماڵی پلەپلەی سەر کێوان و

وێنەت هەتاوو سێبەری ناو تەلان و

نوختەت فرمێسکی درەختی هەر دێرێك و

له پایزی کۆستەکانتا هەڵئەوەرێ

ئەتخوێنمەوەو

ئیتر خەیاڵم پڕ ئەبێ له وەنەوشە

تەماشام ئەبێ بەلاولاو

ئەتخوێنمەوەو هەر دوو چاوم

ئەبن به دوو پەپولەی قەترانی و

ئەمبەنەوە بۆناو ڕۆحی میوانی تۆ لای پیرەمێرد

ئەمبەنەوە بۆ (سەرشاتە)

ئەتخوێنمەوە و دەنگم پڕ ئەبێ له چنوور.. شیعری فێنك

لێم ئەدات و

قژم گوڵ ئەستێرە ئەگرێ و ئەبم به گەڵای جۆلانە.

وەختێکیش دێمە ناو هۆدەی ئازارتەوە
لەو سەر کێلە، سەرێك ئەدەم، لە دووکەڵی کتێبخانە سوتاوەکەت
ئەوسا ئیتر دڵم تەنگ تەنگ تەنگ تەنگ ئەبێتەوەو
ئەبمە ئاسمانی تەوێڵە
لە سەرشاتەیش بەردێك هەیە هەتا ئێستەیش ساڵی جارێ
لە جێی خۆیەوە هەڵئەسێ و پێئەکەنێ و ئەیکا بە قریوە لێدان
ئەوە ئەو بەردەیە کە مەولەوی کردی بە مێزی بەردەمی و
لە ئێوارەی پایزێکدا شیعرێکی خۆی لەسەر نووسی.
لەو دەڤەرەیش دارێك هەیە هەتا ئێستەیش هەموو ساڵێ
بەدەستی خۆی
لقێکی خۆی ئەسوتێنێ و ڕەجمی ئەکاو
ئەیکا بە پەنگی نێوداران
ئەویش ئەو لقە شومەیە کە مەولەوی
خستە خوارێ.
لەم ساتەیشدا بەخۆم ئەڵێم
نەکەی لقی بەژنی شیعری ئەم هەورامانی ئیشراقە
لەوە زیاتر ڕاوەشێنی
نەبادا خەونی گەلاّیەك
لە ناوەختا بزرێنێ و مەولەویمان لێ زویر بێ.
نەکەی هێندە خۆت  نوقمکەیت
لەم دەریاچەی خەڵوەتەدا
نەبادا تەندوورەی شیعرێ

له پڕێكدا ڕاپێچیكاو
به مەولەویش نەیەیتەدەر!
ئەی مەولەوی!  وەلی شیعرستانی كوردو
ئەی تریفەی نامەی ڕۆح و
ئەی بەندەنی بەفرگرتووی شەوی وشە زیوینەكان
دە ڕەنگم كە بە مانگەشەوی خەیاڵت و
هەندێ جریوەتم بەرێ و
هەندێ گزنگ ڕۆكەرە ناو تاریكیم و
چەند پەپولەیەكی ناو ڕیشت بنێرە بۆ
باخچەكانی تەنیاییم و
بمكە بە زێوانی شیعرت.
تا هیچ نەبێ دەسم بگاتە دامێنی
نوورێك لە نوورەكانی بالأت و
بۆ دواجاریش
لە پلوسكی پڕشنگێكت بخۆمەوەو
سەر بنێمە سەر خەمێكی پەمەییت و
ئینجا بمرم!

# گەڕانەوەی ڕۆژ ژمێرە شوومەکان

بەم کازیوە خۆڵاوییە
بەم بەیانییە ژاکاوە
بەم شەفەقە کەلەلایە
بەم گەردوگوڵی گومانە
"ئیدریسی بەدلیسیی" چێکات؟ کام نەهێنی ئەدوێنێت و؟
بە ئاقاری چ ڕەنگێکی پەژموردەدا تێئەپەڕێو
ئەچێ بۆ کوێ؟!
بەیانییەکی زەردباوەو
بەیانییەکی نەخۆشە
تاقە منارە چاوی خۆی لەناو تەمدا هەڵئەگلۆفێ و
دەرگای مزگەوت باوێشك ئەداو وەختی نوێژە..
وەختی گوناه تەکاندنەو وەختی سەردانی خودایە.
لە ڕۆژهەڵاتی بەردەوە
پڕمەی وڵاخە ماندووەکان،
خیزەی سنگی دارستانە یاخیبوەکان..

ئەگەنە کوێ، "یەزدان شێر" یش
ئەسپە بەردیینەی پێشەنگی قافڵەیەو
بەم بەیانییە خۆڵاوییە ئەگاتە تەنگەی دەربەندو
هەڤی تووڕەی وڵاتێکەو ئەحیلێنێ و
بەناو خولیای وردوخاشدا ڕێ ئەکات و
باوبۆرانێکی هیلاکەو
ئارەقەی مۆر دەرئەدات و
لە تەوێڵیا گڕێك ئەڕوێ!
لە مزگەوتا، وەك کەواکەی، چمکێکی دڵی هەڵئەکات
دەستێك بە ڕیشیا ئەهێنێ و گوناهەکان
لەگەڵ گەڵاًی پایزەدا ئەوەرێنە سەر بەردە نوێژ
گوناهەکان"با" ئەیانبا بۆ دۆزەخ و
لە میحرابێکی سامداردا، لە کڕنووشدا بەیەکەوە:
ترسی خوداو، سەوابەکانی بەهەشت و،
کەللەسەری"یەزدان شێر" و منارەیەکی تازە ئەبینێ.
بەم شەفەقە کەلەلایە
بەم کازیوە خۆڵاوییە
بەم گەردووگوڵی گومانە
"ئیدریسی بەدلیسیی" چێکات؟!
کامە نەهێنی ئەدوێنێ و
ئەو سوارانەیش ئەچن بۆ کوێ؟!
"دیجلە" بەناو"جزیرە"دا بە ڕووت و قوتیی ڕەت ئەبێ

بە ڕاکشانەوە ئەڕواو بە ڕاکشانەوە ئەدوێ و
هەر لەسەر "زین"ی ئاوەوە چاو هەڵئەبڕێ
دیجلە هەموویان ئەبینێ، لەم دیو دیواری ئاوەوە
گوێ لە ڕازەکانی ڕۆخ و گوێ لە نەهێنیی بەدلیسیی و
گوێ لە بانگی هەڵگیرساوی دۆزەخ ئەگرێ.
دیجلە گوێ لە قەدەری ڕووناکیی، گوێ لە چرپەی
مۆمەکانی شەوی عەشق و، گوێ لە ڕەنگ و،
گوێ لە بۆن و، گوێ لە نووزەی دەنکە چەوی
بنیش ئەگرێ. دیجلە نیازی پاك و پیسی
ئاوەڕۆی خۆی لێ ون نابێ لە هاژەیدا بارگەو بنەی
زەمانەکان هەڵئەگرێت و مێژوو ئەکات بەتنۆکی
پرژەکانی و تەنها هەر ئەویش ئەزانێ:
بەم کازیوە خۆلاویيە، (ئیدریسی بەدلیسی)ی چێکاو
سوارەکانی (یەزدان شێر)یش ئەچن بۆ کوێ؟!
دیجلە ئەڵێ: لاشیپانی"بابی عالی" وا لەسنگی بەدلیسیدا
چاوی سوڵتان وا لە چاوی بەدلیسیدا. هەموو شەوێ بە
تاریکی پەنجەکانی ئەم هەڵئەفڕن بۆ ئەستەموولّ.
بەتاریکیی، هەموو شەوێ سەڵەواتی و دۆعاکانی ئەبن
بە پۆلێ شەمشەمەو بەسەر مندا وژەیان دێو تێئەپەڕن
دیجلە ئەڵێ: "مانگ"ی خائین وەختێ ئەچێ بۆ ئەستەموولّ،
خەرمانەی خۆی ئەکا بە تۆڕێکی خڕو
تۆڕ هەڵئەداتە گیانەوەو ئەوین ئەگرێ!

هەموو جارێ "مانگ"ی خائین
تریفەی خۆی ئەکا بە گوارەو گەردانەو بەلاگیرەو
بە ژنەکانی حەرەمی کۆشکی"یەڵدز"ی ئەفرۆشێ.
هەموو جارێ ئەم فەتوایە، ئەبێ بە مشتووی شیرێك و
لە کیفەکەی کەمەر بەندی سوڵتانەوە سەر دەردێنێ
دیجلە ئەڵێ: ماوەیەکە قسەی (ئیدریسی بەدلیسی)
لە بازاڕداو لە مزگەوتا بۆنی لاکی شەوەزەنگ و
بۆنی ناو دەمی قەنارەو
بۆنی چڵکی زەمانێکی پیسیان لێدێ
دیجلە ئەڵێ:
سوارەکانی ڕۆژهەڵاتی بەردو زامیش
ئەیانەوێ شاخ بئاژوون
وا بە تەمان، لەسەر قەڵپۆزی زەمانە
هەرچی چراوگی ئەوینی چاوی بەفرە یەکە یەکە دایگیرسێنن
وا بە تەمان لە پاشکۆدا؟"وان" هەڵگرن
بیبەن بۆ دەشتی باشوورو
لەوێشەوە هەر لەسەردەست
"سیروان" بەرەو ژوور بهێنن.
ئەیانەوێ، خۆری لەت  و پەتی خۆیان
لەناو مندا کۆکەنەوە وا بە تەمان
مەرگی خۆیان بکەن بە زەنگ
زەنگیش بە ملما هەڵواسن و

لەژێر تەمێکی ئەستووردا
لەژێر شەوێکی ئەستووردا
کیشوەرێ خەبەرکەنەوە
بەم کازیوە خۆڵاوییە
بەم گەردوگوڵی گومانە
(ئیدریسی بەدلیسی) چێکات!؟
کامە نەهێنیی ئەدوێنێ و ئەچێ بۆ کوێ؟!
دارسێوێکی بێوەژنیش
لەپێچە ژانی گردێکی ناو"هەکار"دا
ئەویش وتی:
بەم کازیوە خۆڵاوییە
وا بەدلیسیی سەری مێردە باڵندەکەی من و
هەرچی ئاوازی کوژراومە.. خستونیە ناو
فێستەکانی سوڵتانەوەو لەگەڵ خۆیدا
ماڵ بە ماڵ و گەڕەك گەڕەك ئەیانگێڕێ
بەم شەبەقە کەلەلایە چاوم لێیە:
وا"بەدلیسی" بووە بە"با"یەکی زەردو
پێش غەزەبی شمشێری سوورپۆشی والی و
پێش جەهەننەمی پاداری ئەو کەوتووە،
سەری مێردە باڵندەکەی من و
سەری کچە باڵندەکەی من و
سەری گۆرانیی کوژراوی ئەم باخانەی

بەیەکەوە لە باوەشی ئەم بەیانییە خۆلآوییەو
ئەم کازیوە ژاکاوەدا هەڵگرتووە.
قەلأی (ئەربائیلۆش) ئەڵێ:
ئێستە (ئیدریسی بەدلیسی) نیوەی لەشی لە ئەنقەرە جێ نیشتەیەو
نیوەکەی تری لە (بەغدا) میوانی کۆشکی"مەنصور"ە
دەستەکانی لە"سلۆپی" لە مەشجەبی ئۆردویەکدا هەڵواسراوەو
"سەر"یش چەکمەجەی مێزێکی بازگەی گومرگی خابوورە
ئێستا، (ئیدریسی بەدلیسی) بە ئێواران لە باڵقۆنی قادسییە
کە بەسەر دەشتی ئەنفال و شانزەی مارتدا ئەڕوانێت و
ڕوو لە"**T.V**"ی مەرگی کۆچ ڕەو ڕوو لە ڤیژەی کەژەکان و
ڕوو لە هەڵمی ڕیزە کۆست و ڕوو لە تابووتی پەرلەمان،
ڕوو لە دارەمەیتی ئاشتی، بەیەکەوە لەگەڵ قەعقاع
قاوەی ڕەسەنی عەرەبی ئەخۆنەوەو بەسەر ئەسپی تکریتەوە
سەری کۆیەو سەری حاجی بە نیشانە ئەنێنەوە.
ئێستە (ئیدریسی بەدلیسی) تۆپچیشە لای"زەعیم صدیق"
ئەو ئەتوانێ، لە سەرشانی مەخمورەوە، لەو دوورەوە
ملی باریکی مستەوفی بپێکێت و هەورەبانی ماڵ بەماڵی
شیعرو چیرۆك داگرێتەوە.
ئێستە (ئیدریسی بەدلیسی) سواری زرێ پۆشیش ئەبێ،
ئەو دەبابەی (**T.72**) لە کەرکوکەوە بۆ هەولێر ئەئاژوێت و
لە ئاسمانیشدا ئەو ئێستە فڕۆکەوانی کۆپتەرو فڕۆکەوانی ڤانتۆمی
سەر باکوورو سەر باشوورە ئێستە. (ئیدریسی بەدلیسی) هەموو ڕۆژێ،

به شقارتەی "نەجم و هیلالی" ئەنقەرە ڕیشی (شێخ سەعی) و (سەی رەزا)
ئەسووتێنێ و جارێکی دی هەر بە نێزە کەی (ئەتاتورك)
گەواڵە هەور ئەکوژێت و بارانی پەڵە سەر ئەبڕێ و بەژنی هەتاو ئەبڕێتەوە
جارێکی دی پەتی سەرۆکی فەرماندەو"ئەبو غرێب"
ئەکاتەوە ملی"شەهاب". ئێستە (ئیدریسی بەدلیسی)
بووە بە مەرگی باڵدارو
بووە بە داڵ بەرزو نزم بەسەر وڵاتی قوربانی و
جەستەی لەت و پەتی مندا ئەخولێتەوە
بەم کازیوە خۆڵاوییە
بەم شەبەقە کەلەلایە
بەم بەیانییە ژاکاوە..
ئەگەر دیجلەش قسە نەکا
دەمی قەڵایش نەیەتە گۆ
گەر دارسێوی بێوەژنیش پێمان نەڵێ..
نە بەردێ ماوە نەیزانێ و
نە چۆلەکەو نە ڕەوەزێ و نە شەقامێ و نە ڕووبارێ
نە پەنجەرەی هیچ ماڵێك و.. نەمنداڵێ
کە ئێستاکە... (ئیدریسی بەدلیسی) چێکاو
بەم بەیانییە خوێناوییە ئەچێ بۆ کوێ؟!

1997/11/6

# سێ لەیەکچوون

تەنیاییم و ڕەگێکی قووڵ.

تەنیاییم و چاوی هەورێ.

تەنیاییم و بنی زەریا، لەیەك ئەچن.

ڕەگ ڕۆئەچێ

تاکوو ئاو ئەدۆزێتەوە.

هەور لەگەڵ خوادا ئەدوێ.

زەریا گەرای بوون دائەنێ و

تەنیایی من: زمانی نوێی مەملەکەتێ!.

# کۆیە و حاجی

لەو شارەدا پیاوێك هەبوو
سەری بەقەد چرایەکی دیوارکۆ بوو
کەچی شاخی "هەیبەت سوڵتان"
لەو سەرەدا جێی بوو بۆوە
لەو شارەدا پیاوێك هەبوو
چاوی بەقەد بادەمێك بوو
کەچی دەریاچەی "زرێبار"
لەو چاوەدا جێی بوو بۆوە
لەو شارەدا پیاوێك هەبوو
دڵی هێندەی قۆخێك ئەبوو
کەچی نەخشەی گشت کوردستان
لەو دڵەدا جێی بوو بۆوە
بەڵام ئەوەی هەرگیز هەرگیز
نە لەسەری ئەم پیاوەداو
نە لە چاویاو نە لە دڵیا
قەت جێگەیان نەئەبۆوە:
زرڕەی ترس و گەردی ڕیباو
پەنجە مۆری تاریکیی بوو!.

# نووسین

دڵۆپێ ڕووناكیی

تكایه سەر شەوی مانایەك

مەراقم داگیرساو.. لەبەریا

ئەوینی

تۆم نووسیی

# مۆزارت

له گۆشەی ئەوسەری كافتریای سپیدا بەتەنیا دانیشتووی
دوو چرای كلاّولار، لەسەر ڕا، لابەلا، ئەتبینن
یەكەمیان: لەملەی سەرشانت و
خۆرئاوای ناو قژتا
غەریبی و گوڵەزەرد.. پێكەوە ئەڕوێنێ و
دووەمیش: سەرمێزی بەردەمت پڕئەكا
له شیعری نارنجیی!.
"مۆزارت"یش پرووشەی مۆسیقای له كلووی نۆتەدا
به كاوخۆ هەڵئەفڕێ و.. وا پیانۆ خەریكە بیكاتە كرێوەو
كەمانچەیش خەریكە بارێزەی هەناسەی له ڕۆحتا هەڵبكات.
مەلێكی بێ جووتیش، له تابلۆی شین باوی دیواردا،
لەسەرلا، "با"ی لاسار ئەیبات و ناتوانێ ڕاست بفڕێ و
پەڕووباڵ گیف گیڤن وەك پەڕی خەیاڵت  و له خوارێش
هەر لەناو تابلۆدا، له كەنار زیوینی زەریادا، حۆریی ئاو،
"كە نیوەی ماسییەو نیوەی ژن" هاتۆتە سەر بەردێ و

تەماشای ئاویلکەی ئێوارەی  زەمین و تەماشای دواکۆچی
سەدەیەك لە هەڵمی ئازارو سەرابی تۆ ئەکات
لە گۆشەی ئەو سەری کافتریای سپیدا
بە تەنیا دانیشتووی
تۆ بۆخۆت دەوەنی پەپوولەی ڕەشیت و
لە باخچەی ئاوازی بەفریندا دانیشتووی.
گوێ ئەگری لە مۆزارت
لێدانی ژێی دڵی"سەدساڵی" : وڵاتی بێوەژن
زریکەی رووبارو، کرووزەی گەنم و جۆو، کرووزەی
بەفرو خوێن،ناڵەی گڵ، نووزەی بەرد، قریشکەی
درەخت و تەنیایی.. ئەبیسی.
کە گوێت گرت لە مۆزارت
گوێ ئەگری لە زەریاو لەمەحاڵ
گوێ ئەگری لەو عەشقەی لە کلێپەی"وەجدێکدا"
باوەشی توانەوە بەخوادا ئەکات و
لە کێوی"ئیشراقا"
نووری دەنگ.. ماچ ئەکات!
لە گۆشەی ئەوسەری کافتریای سپیدا بەتەنیا دانیشتووی
هەرهەموو حاسەکان بوون بە گوێ
گوێ ئەگری لە مۆزارت
زەمانی دابڕان.. ئەبینی.
زەمانی دابڕان: لەنمەی بێ هێزو خزاوی

سەر شووشەی پەنجەرەو،
باوێشکی ڕۆژنامەی سەرکورسی و،
بازنەی پچڕاوی دووکەڵی جگەرەو،
لە سووتووی تەپڵەك و،
لە خڵتەی فنجان و،
زەمانی دابڕان.. لە خۆت و پەنجەت و سەرنجت و بینین و،
زەمانی دابڕان.. لە درزی ئاوێنەی شکاوو بالآتا ئەبینی.
زەمانی دابڕان.. ئەدوێنی..
لە ڕێگەی شمشاڵی دووکەرت و
لە ڕێگەی ئەوینی دووکەرت و
لە خەونی دووکەرتدا سەدەی نوێ ئەدوێنی.
لە گۆشەی ئەوسەری کافتریای سپیدا بەتەنیا دانیشتووی
تا مەلی ناو پیانۆ هەڵفڕێ و باڵ لێکداو کۆچ بکا.. تۆ ناڕۆی.
تۆ ناڕۆی تا کلووی کەمانچەو پەپوولەی سیمفۆنی بباری.
تۆ وەختێ هەڵئەسی کە مۆزارت لە عەشقا سەرخەوێ بشکێنێ
ئەوساکەیش لە گۆشەی ئەوسەری کافتریای سپیداو لە دوای خۆت
خەزانی ئەم شیعرەو، وەسێتی بارانی شاعیرێ.
بۆ مۆزارت جێدێڵێ!.

ستۆکهۆڵم
1999/11/25

## عوسمان عوزێری

کەس نەیزانی ئەو چۆن کوژرا؟!
شایەتی ئێمە بە تەنها:
کۆترە شینکەیەکی شاخ و
پەڵەهەورێکی کۆچەری و
گەڵای شیعرێ بوو"با" بردی!
کەس نەیبینی لە کوێش نێژرا؟!
ئەو چاوانەی لەو شەوەدا،
لەگەڵ چاوی دوارۆژدا بوون و بینیان،
لە کوێ نێژرا!
چاوی درەختێکی تەنیاو
چاوی بەردێکی سەرەڕێ و
چاوی لێڵی کانییەك بوون.
لەو دۆڵەدا
ئیتر مێژویان قفڵداو..
لەو چاڵەیشدا ئەویان تیاکوشت،

هەر لەوێشدا پرسیاریان کوشت،

نەهێنیشیان هەر بە جلی خۆیەوە ناشت.

بەڵام ئێستا

یەك کۆترە شینکە.. هەزارە.

فرمێسکی یەك پەڵە هەور.. چەند رووبارە.

گەڵاّ شیعرێ.. چەندین پەنجەرەی ناوشارە

مێژوویش بوومەلەرزە لێی داوە

قفڵ شکاو، نەهێنیی هەر بەو جلانەوە

گەڕایەوەو، ئەوەتا وا

پرسیار زیندوو ئەبێتەوەو

پرسیار زاووزێ ئەکات و

هەموو ساڵێ، سەردانەوەی برینەکانی"عوزێر"یش

لەسەر هەڵگورد

زەردەخەنەی دەم گوڵجارە!

2000/3/29

# وەڵام

کڵاوکوورە
بەشێك لەو خەمەی هەیەتی
لەبەر کڵاوە جوانەکەی، سەرسەرێتی
بەم ڕۆژگارە هەزار باڵندەی بێ کڵاو
لە داخاندا
باڵ لە بوغز وەرئەدەن و
چاویان هەڵنایە بیبینن.
بەشێك لە مەراقی مامز
لەبەر بۆنی خۆشی ئەو مسکەیە لێی دێ
بەم ڕۆژگارە هەزار ئاژەڵی بۆن ناخۆش
لەسەرە ڕێگای ئەویندا.. لێرەو لەوێ.. لە داخاندا
داوە مەرگی بۆ ئەچێنن.
بەشێك لە ئازاری کرمی ئاوریشمینیش
لەبەر قۆزاخەی ئاوریشمە
بەم ڕۆژگارە هەزار کرمی بێ قۆزاخەو هیچ پێ نەبوو

له داخاندا، ئەچنە ماڵی ئاوریشمەوەو
پەردەی ژووری خەونەکانی ئەژاکێنن
بەشێك لە ژانی تاڤگەیش
لەبەر بەرزیی باڵایەتی
بەم ڕۆژگارە هەزار ئاوی کورتە باڵاو تەنکەبوار
لە خوارەوە، لە داخاندا
ئەچنە سەرشانی کەڵەکی داڕووخاوو
بەردی ئێرەیی تێ ئەگرن!

2000/3/28

## ماك

لەناو ئەم بێشە چڕەدا
من وتم: تەنها درەختێ هەبێ و جوان بێ و
ئەستێرە بۆ دوارۆژ بگرێ... ئەوە منم!
(لەو ڕۆژەوە
شەڕی دارستان هەلگیرسا!)
لەناو ئەم شاخ و داخەدا
من وتم: تاقە چیایەك هەبێ و سەرکەش،
تاقە کەلێ خۆری هەقی لێوە هەڵبێ،
ئەوە منم!.
(لەو کاتەوە
شەڕی شاخەکان هەلگیرسا!)
لەناو ئەم ڕەوە ئەسپەدا
من وتم: تاقە ئەسپێکیش هەبێ و رەسەن
حیلەیەکیش هەرگیز نەمرێ.. ئەوە منم!
(لەو دەمەدا

شەڕی ئەسپەکان هەڵگیرسا!)
ئەم خوێنانە پێناچێ بکوژێنەوە
تا ئەو ڕۆژەی لەناو سەرما
ڕاستیەك دانەگیرسێنم:
کە من هەرگیز هەموو جوانی و ڕەنگەکان نیم!
کە من هەرگیز هەموو خۆرو شەوقەکان نیم!
کە من هەرگیز هەموو ئەسپ و حیلەکان نیم!

2000/1/4

# ئـــەو

كە تەوقەمان لەگەڵ یەکتریدا ئەکرد
ئەو قەت لە ئێمە نەئەچوو
ئەو ژمارەی پەنجەکانی دەستی ڕاستی
تەنها دووان بوون!
ئەو وەختی خۆی لەسەر باڵای جوانی کەژێ
سیانی بەخشین بە دەستەکانی ئازادیی!.
کە پێکەوە سەیری تابلۆکانمان ئەکرد
ئەو قەت لە ئێمە نەئەچوو
ئەو تاقە یەك چاوی هەبوو
ئەو وەختی خۆی لە شەوگاری ئەوینێکدا
ئەو چاوەیدا بە جێژوانی ڕووناکیی!.
کە پێکەوە ئەڕۆیشتین
ئەو قەت لە ئێمە نەئەچوو
قاچێکی ئەو دارینە بوو
ئەو وەختی خۆی لە ژیانێکی مین ڕێژدا

ئەو ڤاچەیدا بەرێ و بانی گوڵ و ئاشتیی!.
ئەو قەت لە ئێمە نەئەچوو
ئەو سێ پەنجەو ئەو چاوێك و
ئەو ڤاچێکی لە هەر یەکێکمان کەمتر بوو
کەچی وەختێ بەیەکەوە
لەبەر ئاوێنە گەورەکەی وڵاتێکدا ڕائەوەستاین
ئەو لە گشتمان تەواوتر بوو!

2000/2/1

#ماڵەکەمان

ماڵەکەمان، چ ماڵێکی مڕومۆچ و
پەستمان هەیە. ماڵەکەمان!.
حەسارەکان.. ڕووناکییان دەرکردووە.
دەرگای حەوشە.. ڕووخۆشیی کلۆم کردووە.
نە ڕۆژێ هەتاو ئەبێتە میوانمان و
نە شەوێك مانگ سەرێك ئەدا لە پەنجەرەی
سەر ژوورمان و
نە جارێك"با" لە هەیواندا
گۆرانییەکمان بۆ ئەڵێ و
نە باڵدارێك لەلای هەواو
بارانەوە دێ بۆ لامان.
ماڵەکەمان چ ماڵێکی گرژو مۆن و
پەستمان هەیە. ماڵەکەمان!
باوکم. باوکم. ڕیشی باوکم
بووە بە پەردەی پەنجەرەو

بووە بە عەبای درەخت و

بووە بە پەچەی گوڵەکان.

ریشی باوکم بەر دەرکی خەونی گرتووین و

هەورەبان و سەر سەربان و چیمەنمانی داپۆشیوە.. ڕیشی باوکم.

باوکم. باوکم. دەنگی باوکم

لەناو ژووری خوشکەکەمدا،

مقەستێکە ڕائەکشێ و هەڵئەسێت و

لە کەنتۆردا

کراسێکی ئاودامانی تا بەرپێیە

هەموو ڕۆژێ پەناو پەسیری ناوسەرمان ئەپشکنێ و

بۆ مۆسیقای کراسی کورت و بۆ لێوی سووری گۆڤارو

بۆ دەنووکی ئاوازێك و بۆ خەیاڵێکی تەنك و

بۆ نوکتەی قاچاغ ئەگەڕێ!

ماڵەکەمان! چ ماڵێکی مرومۆچ و پەستمان هەیە. ماڵەکەمان

دارەمەیتی ماڵەکەمان!.

# هەتاو و گۆرانیی و بۆن..

لە"ئۆسلۆ" دیم.
لە ئاسۆی ڕۆژهەلاٌتەوە گەڕابۆوەو
لەگەڵ خۆیدا
پڕ باوەشێ خۆرەتاوی هێنابۆوە،
تۆزێکم لێ سەند بۆ چاوم،
تا هەفتەیەك هەردوو چاوم
ڕووناکییان تیا هەڵئەقوڵی.
لە"لەندەن" دیم
لە گەرووی ڕۆژهەلاٌتەوە گەڕابۆوەو
چەند گۆرانیی زەردو سووری لەگەڵ خۆیدا
هێنابۆوەو
دووانم لێ وەرگرت بۆ ڕێگام
تا مانگێکیش ئاوارەییم
لە وێستگەکانی سەفەردا سەرچۆپی کێش،
هەڵئەپەڕی.

له"بەرلین" دیم
له باخچەی ڕۆژهەلاتەوه گەڕابۆوەو
لەگەڵ خۆیدا، مشتێ بۆنی هێنابۆوەو
تۆزێکم لێ سەند بۆ شیعرم
تا ئەو  وەختەی خۆشم گەڕامەوه لاتان
تەنیایی من هەر لەو بۆنەی هەڵئەمژی!.
"خۆرەتاو.. کۆیی بوو
گۆرانیی.. سابلاّخی و
بۆنەکەیش.. دهۆکیی!"

مارتی/2000

# سۆراخێك

"ئاوێکی ئێجگار غەمگینە"
باڵندەیەك وتی: چونکە
هەموو جارێ هەور ئەگاتە سەر سەری و
کەچی پەشیمان ئەبێتەوە بباری!.
شەپۆلێکی لاواز وتی:
نەء پرسەداری ماسییە!..
درەختێکی کەنار وتی: لەو دۆڵەدا
جۆگەیەکی لێ ونبووە
پردێك وتی:
نەء. بەنداوێکی کوژراوە
هەتاو وتی:
سێبەر دڵی تەنگ کردووە.
سێبەر وتی:
سوورە هەتاو نیوەی لەشی کرد بە هەڵم
کیژۆڵەیەکیش وتی نەء..

ئێوە کەستان نەتانزانی

بەر لە چەند ساڵ

ئەنفال بەلایدا تێپەڕی!

# دایکم

دایکم لە شۆڕەبی پایز ڕووتەڵە تر..

لە تاق تاقکەرە تەنیاتر..

لە پەڕەسێلکە هەژارتر.. دایکی منە.

دایکم تاریکە شەو کراسێکی دایەو

گەڵاڕێزان لە بەریکرد.

دار هەنارێکی بێوەژن

جووتێ (پانی بەرزی)دایەو

بارێزەیەکیش لە پێی کرد.

کۆڵوانەکەی تەم داوێتێ و

گێژەڵووکەیش ڕستێ بازن.

ئەو وەختەی دایکی من ئەدوێ

لەمەراقدا

ئاوی وشە شلوێ ئەبێ.

ئەو وەختەی دایکم ئەڕوانێ

لە چاویەوە..

وردە پەپوولەی قەترانیی باڵ ئەگرن و دێنەدەرێ.

ئەوەی هیچی، بە دایکی من، نەبەخشیوە

هەر بەتەنها ڕووناکییە

دایکم ئەڵێ:

من نازانم ئەو لە کوێیەو

من نەمدیوە!

# لەمیترۆدا

هەروا ڕێکەوت لە"میترۆ"دا
یەکتری ئەبینینەوە..
یەکتری ئەناسینەوە
دوو پایزین
بەرامبەر یەکتر دانیشتووین
ڕابووردوو هەڵئە کۆڵین و.. ئیتر دوور دوور
بەناو گوڵجارێکی خەونا
بەیەکەوە ئەچینەوە
بەر بارانێکی بەهاری ڕێی"کانی با"
هەر ئەوەندەو ئیتر قسە
لە دڵۆپی سەر ڕوومەتی هەردووکماندا
ئەخنکێت و
دیسانەوە وەك دووگەڵای نێو خەزانێ
لە یەکتر جوێ ئەبینەوە
هەروا ڕێکەوت لە"میترۆ"دا!

# بــۆن

مەلێ دەنکە تۆوێکی برد

دای بە بەردێ

بەردیش داوای بارانی کرد

باران هات و ماچێکی کرد

لە شوێن ماچدا، گوڵێ پشکووت

لەو بەرەوە دڵدارێ هات، بەڕێوە بوو بۆ جێ ژوان

گوڵەی لە لاسك کردەوەو

دایە دەست یار

یار دای لە قژ

هێندەی نەبرد

مۆردی قژیش شەماڵێکی بزێو بردی و

شار بۆنی خۆشەویستی گرت!

# تــاڤگه

لەسەر شاخێك ئاوێ دیل بوو
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاوی گیراو
خەمی شینی گەورە ئەبوو
هەتا جارێ خەم تەقیەوەو
ئاوی كۆیلە
دەرگای بەردیینی شكان و
بە گوڕ هات و
لەو بەرزەوە
بازێكی داو
بوو بە تاڤگە!

# ئــەوین

له شەوێکی ڕەشەبادا
دایان بەسەر ژوورەکەتاو
هەرچی دیاری و یادگاری ئەوینمانە
گشتیان دزی:
موستیلە، خەون، ملوانکە..
بازن، چرپە، زەردەخەنە.
له عەسرێکی تەماویدا
لەسەر شەقامێکی گشتیی
دەوریان گرتی و
بەدوا شیعری منیشەوە
جانتای دەستیەکەیان بردی
کە گیرایشی لە زیندانا
نامەو
ماچ و
شووشە عەترو

خۆزگەو وێنەو

دەنگ و سەنگی

هەردووکمانیان هەموو دزیی

بەڵام نە لەماڵەوە نە

لەسەر شەقام

نە لەناو بەندیخانەدا

نە بە بردن

نە بە گرتن

بۆیان نەکراو نەیانتوانی

ئەوینی ئێمە بدزن!

# ڕەنگ

لەو کێوە
خۆرنشین بە دەستی دارلیمۆی قەدپاڵێ
کاکۆڵی ئێوارەی زەرد زەرد کرد
ئێوارەیش بە پەنجەی پرووشە
بەردێکی ڕەشتاڵەی سپی کرد.
لاوێکیش لەسەر پشت کەوتبوو
بە فوارەی سەرسنگی
ئێوارەو
بەردەکەو
بەفرەکەی
سوور ئەکرد!

# بیـــروڕا

لەسەر"قەڵا"

چۆلەکەیەك

بە پەلکەگیایەکی ئەوت:

ئۆتۆنۆمیی

پەنجە تووتەی درەختێکی

"ڕەحیم ئاوا" ناهێنێت و

کەچی ئێمە باڵای هەزار

دارستانمان

لەسەر سووتان!.

## بۆ ئیسماعیل بێشکچی

داریێ وتی:

ئێمە ئێستاکە ناتوانین شەقامێکی"دیاربەکر"

بەناوی تۆوە ناو بنێین.

گوڵێ وتی:

ئێمە ئێستاکە ناتوانین باخچەیەکی نێو"قامیشلی"

بەناوی تۆوە ناو بنێین.

شیعرێ وتی:

ئێمە ئێستاکە ناتوانین کتێبخانەیەکی"سابلاخ"

بەناوی تۆوە ناو بنێین.

بەردێ وتی

ئێمە ئێستاکە ناتوانین پەیکەرێکت

لە سنگی بابەگوڕگوڕدا بۆ داتاشین

دوایی"کوردستان"یش وتی:

ئەوەی ئێستاکە ئێمە ئەتوانین بیکەین

هەر ئەوەیە

وەك گوڵ و شیعرو ئازادیی

لە گیانماندا هەڵتگرین!

# نەهێنیی

ڕەنگە ئیتر بۆ لەمەودوا
قەڵەمەکەم بەمە دەست"با"
ئەو لە جێی من شیعر دانێ
ڕەنگە ئیتر بۆ لەمەودوا
هەر تەنها"با"
ناونیشانی:
بەفرو
باران و
بڵێسەی
عیشقی تازەم پێ بزانێ!

# خەونە تاڵەکان

هەموو خەونێ
دەیان هەڵبەستی شەهیدم
شوێن پێی قەڵەمم هەڵ ئەگرن
لەسەری کۆڵانی دێڕو
لەبەر دەرگای وشەکانما یەخەم ئەگرن.
له سەربانی"ناونیشان" و"ژمار"ەوە
خڕکە بەردی نوقتەو فاریزەم تێ ئەگرن
ئەڵێن: ئێمەت لەبەرچاوی بابەگوڕگوڕ
دایە دەست عیشقی ئاگریین
کەچی ئەوەتا ئەبینین:
لە تازەترین دیوانی چاپکراوتا
ئێمەی تیانین!!

# كە مردووەكانمان گەڕابوونەوە

لەوێ نەبووم كە شەقامی شارەكانم
بووبوون بە ڕووباری هەنگوین بۆ ئازادیی
لاتان نەبووم كە پەنجەرەی
گریاوی هەزار ساڵەی من پێكەنیبوو.
لەوێ نەبووم كە بەرد سوراوی كردبوو.
درەخت بووبوو بە شمشاڵ ژەن.
خانوەكانمان سێ ڕیز سێ ڕیز.. هەڵپەڕیبوون.
لەوێ نەبووم كە سەربەستیی یەكەیەكە
تەوێڵتانی ماچ كردبوو.
لاتان نەبووم ئەو بەیانییەی كە هەموو مردووەكانمان
گەڕابوونەوە ماڵەوە.
دووكەڵ بووبۆوە بە لاولاو
سوتوو بووبۆوە بە لانكە.
هاتبوونەوە ئەستێرەی ڕۆحی كشاو.
لەوێ نەبووم ئەو شەوانەی لە بەزمی بادەنۆشیندا.

**چیاکانمان بەرامبەریەك**

**پێکی مەیی ناو پەرداخی هەوری نزمیان هەڵبڕیبوو**

**لەسەرکەوتنیان نۆشی بوو.**

**لەوێ نەبووم**

**لەوێ بوومایە ئەزانم**

**هەر یەکەم سات**

**خۆیشی بە گەشکەی"قاقا"یەك**

**لە جێگەی خۆمدا ئەیکوشتم!.**

ستۆکهۆڵم
1991 –1989

# ئاماژەی جۆراوجۆر

## 1. کەوتن!

هەموو باڵندەکان ئەمرن
بەڵام هەموو گۆرانیەکان نامرن.
بەڵام دواجار، ئاسمان شەقژنی فڕینێ و
درەخت دەنوکی خوێندنێ لەیادناکەن:
تفیان لە ئاوێنەی سەری خۆیان..
تفیان لە مێژووی فڕینی خۆیان..
تفیان لە هێلانەی وشەو
ڕەگی زام و
ئەلبوومەکانی ڕابوردووی (باران) و (با) و
عومری خۆیان نەکردبێ!
قسەت ئەکردوو... مردبوویت.
ڕاوەستابوویت و... کەوتبوویت.
چەند چرکەیەك.. ساڵانێکی رۆژ ژمێرتی
بەپەنگ ئەکرد!.
چەند ڕستەیەك.. کتێبخانەی کۆن و نوێتی

بەپەنگ ئەکردا.

لەو ساتەدا تۆ ئەو نووکی قەڵەمەبووی

دەفتەری خۆت ئەتك ئەکردا.

## 2. سەردان

دێیتە ژووریٚ

سەر ئەکەی بەناو مەراقما

لەناو ژوورەکەمدا ئەڕوێی.

وشەیەك ئەبیٚ بە تەیرو

لەسەرت ئەنیشێتەوە.

تۆ خەریکی بالاٚ بکەی وەك خەیاڵم و

وشەییش خەریکە بخوێنیٚ و..

لە پڕ دەرگا ئەکەنەوەو

وشە ئەفڕیٚ و

منیش بە ئاگا دێمەوەو

تۆیش ون ئەبی!.

## 3. تەوقە

تەوقەیەك و ئیتر ڕۆیشتی

چەند سەعاتە وا هەست ئەکەم

هەر پێنج پەنجەی دەستی ڕاستم
لە مەچەکم جوێ بوونەوەو،
بە پێنج ڕییانی ناو شاردا
بوونە پێنج مەلی پرسیارو
بۆ هێلانەی لەپی دەستی تۆ ئەگەڕێن!.
تێبینیەك:
من نازانم ئەگەر ئەوان نەتدۆزنەوە
چۆن بنووسم؟!

## 4. بەخشندە

من ئەزانم ئەگەر دارسێوێکی ئەوین
بێت بۆ لات و سێوێکی خۆیت بداتێ
تۆ خۆت نایخۆی
لە بەرۆکتا هەڵیئەگریت هەتا ئەیدەیت
بەمنداڵێکی هەژاری گەڕەکەکەت.
من ئەزانم گەر ڕووبارێکی گەڕیدە
تووشت ببێ و پەرداخێ ئاوت بداتێ
تۆ خۆت هەرگیز نایخۆیتەوەو
ئەیبەیت هەتا ئەیدەیتە دەست
درەختێکی بێوەژنی
تاق و تەنیای گەرمێنەکەت!

من ئەزانم گەر کتێبخانەی خۆرەتاو
کتێبێکی سەر بە چرای تازەی خۆیت پێ ببەخشێ
دوای خوێندنەوەی، لە ناو چاوتا هەڵیئەگری
هەتا ئەیدەیت بە کۆڵانێکی تاریکی نێو شارەکەت.
من ئەزانم گەر (با)یەکی یادەوەریی
بەسەردان بێتەماڵتان و بۆنی شیعرێکمت بۆ بێنێ
تۆ ئەو بۆنە نادەی لە خۆت
لەناو سنگتا هەڵیئەگری
ئەگەڕێی بۆ ئەو شاعیرەی
لە دوا خەونی شیعری خۆیدا
دارسێوێك و منداڵێك و درەختێکی بێوەژنی
تاق و تەنیا ئەبینێت و
لە بەینیاندا ئەبێ بە سێوو بە ئاوو بە کتێب و
بۆ ئایندەی خۆشەویستی دائەگیرسێ.
من ئەزانم تۆ ئەوکاتە بۆنی شیعرم دەرئەهێنی و
لەو شاعیرەی ئەپرژێنیٚ!.

تەمووزی/1999

# له مەملەکەتی کۆترەکاندا

کورتە شانۆنامەیێکی شیعرییە

گەمەی هەورە برووسکەیە. باران سەر بە کڵاوە
ئەباری. پیرەمێردێك کە تەمەنی نزیکی حەفتا
ساڵان ئەبێت، کوێرەو گۆچانێکی بە دەستەوەو
عەینەکێکی ڕەشی لە چاودایە. بە ژوورەکەدا، ئەکەوێتە
هاتوچۆ. دیارە کە زۆر شپرزەیە
پیرەمێرد: ئەمڕۆ پانزەهەمینی ڕۆژی
چلەیەکی سەخت و شوومە..
سەخت بە وێنەی ڕەوەزەکانی تەمەنم و
شوومیش وەکو کوندەپەپوی چاوەکانم!
ئەمڕۆ پانزەهەمین ڕۆژی
چلەیەکی سەخت و شوومە
لە دەرەوە.. ڕەهێڵەیە.
گوێم لە غەزەبی ئاسمانە،
کە بەرۆکی کێو دائەدڕێ.

گوێم لە تووڕەبوونی بایە
وەختێ قۆچ گیر ئەکا لە بەرد.
لەدەرەوە چەخماخەیەو
لەناو دەروونی منیشدا گێژەڵووکە.
لەدەرەوە گرمەی هەورە
لەناو دەروونی منیشدا گڤەی خەنجەر!
(وچان)
بەر لە چل ساڵ، وەکو ئەمڕۆ، لە زستانێکی وادا بوو
خەنجەرەکەم هەتا مشتوو لە سنگی خوشکێکی خۆمدا
داچەقاندو، کردم بە کێلی هەناسەی.
خەنجەرەکەم ڕاداو وەرداو کەڵە پشکۆی
تۆڵەیەکم لەو خوێنەدا کوژانەوە.
وەك بەفریش ساردم کردەوە.
بەر لە چل ساڵ تاقە مامزی ماڵی خۆم
بێ دەربەستانە سەربڕی و هەڵمدایە
ناو توونەکەی هەناومەوە
(وچان)
هەر لە ڕۆژێکی وادا بوو
چەخماخە ئەبریقایەوەو
ئەی وت: وەختێتی بیکوژە!
گرمە ژن و باسریشك و تۆفان ئەیانوت: بیکوژە!
لە گۆڕەوە.. کامە سەری باپیرانم

هاواریان ئەکرد: بیکوژە!

(وچان)

لەوانەیە ئەگەر هەوا

شین باوێکی ئاران بوایە.. نەمکوشتایە!

لەوانەبوو ئەگەر هەتاو لە کلاّوەی بنمیچەوە

بە هێووری تیریژەکەی بناردایە ناو ژوورەکەم

نەمکوشتایە!

(وچان)

ئەم کوشتنە، بۆ شتنەوەی پەڵەی عاری

سەر تەوێڵی پیاوەتیم بوو..

لەبەر سمێڵی باپیران..

لەبەر پەندە بەردینەکانی ڕەوشت بوو

لەبەر نەشکانی ئاوێنە دێرینەکان.

هەر لەبەر پەیڤی هەر لەبەر پەیڤی سەر زاران

تەنها لەبەرقسەوقسە

ئەم نەفرەتەم کرد بە کفنی سووری (شەم)و

سەری خۆیشم دایە دەستی پیرە شەیتان..

سەری خۆم کرد بە سێبەری مەرگێکی دڕ.

هەر لەبەر قسەی سەر زاران

کە ئەیانوت: (شەم)ی خوشکت..

هەڵفڕیوەو بووە بە کۆترێکی ماڵیی

نێو دەستەکانی (کاکە لاو).

به جووتەیش هەردوو بینراون لە جێ ژوان..
هەر ئەیانوت و ئەیانوت..
دەنگ و تارمایی شەم: لەگەڵ باراندا من کوژراوم.
من لە بەفری تازە باریو
پاکتر بووم و لە نمەی شەونمیش ڕوونتر
پیرەمێرد: هەر لەبەر قسەی سەر زاران
من (شەم)م کرد بە خۆراکی خەنجەرێك و
من خۆیشم کوشت.
هەر لەبەر قسەی سەرزاران
ئەو قسانەی دوای چلساڵیش
جێی پەنجەیەکیان دیار نییە.
ئەو قسانەی نە ڕەنگیان بوو نە ناونیشان.
شەم: من لەگەڵ ئەویندا کوژرام.
هەر لە ڕۆژێکی وادا بوو
لە ناو چەخماخەی خەنجەرداو
لەناو گرمەی خوێندا کوژرام.
کاکە لاو: من خۆم ڕنۆ بەفری گەلیی و
عەشقیش بوو بوو بە ئاگردان لەناو لەشما
خودا بۆ خۆی، بە دەستی خۆی
نووری (شەم)ی ڕژاندبووە ناو دڵمەوە.
من ئەشکەوت بوم ئەو چرا
بەڵام (شەم) خۆی هەر دووراو دوور، ئەیسوتاندم

من هەر بە زاری ڕوانینم
لەو گەردن و لەو بەرسنگەم ئەخواردەوە
من هەر بەچاو ئەو ئەوینەم هەڵئەکەندو
هەتا کوشتیان
تا وشکیان کرد
دەمی خۆزگەم نەگەیشتە ئاو!
شەم: (کاکە لاو) بۆ من ئەستێرەی پێش نووستن بوو
لە ناو هەوری ژێر لێفەدا ئەیکردمە خەو.
بەس لە خەودا من مامزو
من جریوەی باوەشی بووم
بەس لە خەودا
من لەبەر خەون کوژراوم!
پیرەمێرد: هەر لە ڕۆژێکی وا شوومدا
ئەستێرەیەکم سەربڕی و
هەتاوی ماڵەکەی خۆم کوشت!.
خۆیشم سەری خۆم دایە دەس
(با)یەکی شوومی وەك ئەمڕۆو
ئیتر ڕامکرد
من هەلاتم!
ژنی (1): من کوژراوی (شەم)م دی
لە ژوورەوە وەك نووستبێ
لە گوڵجاڕی خوێنی خۆیدا ڕاکشابوو.

ژنی (2): من (کاکی)م دی
وەختێ ڕایکرد..
لە گژەبایەکی بۆری تووڕەو
لە کەلێکی قۆچ خوێناوی ماندوو ئەچوو!
شەم، من نازانم بۆچی کوژرام!
من کانیی بووم.
من سەمەلی گوڵەگەنم و
من تریفەی مانگەشەو بووم.
بۆچی کوژرام؟
من نازانم!
پیرەمێرد: من ڕامکردو
من هەڵاتم
لەگەڵ سێبەری مەرگدا من هەڵاتم
لەتەك دووکەڵێکدا ڕۆیشتم
کە لە کەللەی خۆم هەڵئەسا.
هەر ڕامکردوو
تا گەیشتمە گوندی (بووبان)
(وچان)
ئەبوو ڕاکەم، ئەبوو تارمایی خوێناویم جێبێڵم
ئەبوو ڕووبکەمە تاریکی بێ ناونیشان
ئەبوو بچمە ناو دووتوێی شەوەزەنگەوە
گوناهەکەی خۆم حەشاردەم

خەنجەرەکەم لەناو تەمدا بشارمەوە

ئەبوو لە ڕابوردووم هەڵبێم

لەناوی خۆم، لە دەنگی خۆم، لە ڕەنگی خۆم..

ئەبوو هەڵبێم

هەر لە ڕۆژێکی وادا بوو

کە هەڵاتم

ژنی (1): وەرزێکی تر

وەختێ ئاسمان ڕەهێڵەو تۆفی گرتەوە

وەختێ هاتینە بەر دەرگاو هەڵتڕووشکاین

کە (مانگ) لە گەرمێن هاتەوەو

سەیرمان کرد

(شەم) منداڵی تریفە بوو لە باوەشیا.

ژنی (2): کەس نەیزانی گژەبای بۆر

سەری بەرەو کوێ هەلگرت و

کەس نەیزانی ئەو نەفرەتە خوێناوییە

لەکام شوێندا خۆی شاردەوە.

شەم: بۆچی کوژرام؟ من نازانم!

هەر لە ڕۆژێکی وادا بوو

منی هەتاو کەوتمە بەر ڕێژنەی خەنجەر.

لەو ڕۆژەوە خوێنم بووە بە تارمایی

ترس و بیمی براکەم و لێی ناگەڕێ.

لەو رۆژەوە خوێنم چنگی توتڕکێکەو

وا لەسەر ملی براکەم

لەو ساتەوە ڕۆحم بووە

بەسێبەری شپرزەیی براکەم و

لێی ناگەڕێ!

پیرەمێرد: زۆر دەمێکە

من دار ژەقنەبووتی کوێرم و پەل ئەکوتم..

من تەنها یەك وەرز ئەبینم.

من تەنها یەك ڕەنگ ئەبینم.

ڕەنگ و وەرزی تاریکستان!

من چۆن کوێر بووم؟!

من نە کوێری نەخۆشیم و

من نە کوێری زگماکم و

نە کوێر بووی دەستی هیچ کەسێ!

لە بیرەوەری مێژوویشدا

چیرۆکێکی کوێربوون نییە

لەم چیرۆکەی چاوم بچێ!

شەم: بیگێڕەوە تۆ چۆن کوێر بووی؟!

بیگێڕەوە چی ئەو چرای چاوانەی تۆی

کوژانەوە؟!..

خوێنی ڕووناکیی بۆ رژا؟!

پیرەمێرد: لە (بووبان)ی ناو کێواندا

چوون داڵێکی پەڕەوازەی شەکەت

به دوو باڵی شکاوەوە.. گیرسامەوە!

لە (بووبان)ی ناو کێوانداو

لە نێوانی تاشە بەردو گەوەکاندا

نەهێنی زەردو خەنجەرو

خوێنی (شەم)یشم شاردەوە!

لە (بووبان)ی ناو کێواندا

بووم بە سەپانی کوێخای (دێ)

من ڕۆژانە عارەقێکی شین و مۆر بووم.

من خوێنی شەم گرتبوومی

بۆیە هەمیشەو بەردەوام

ئەستێرکێکی شلوێ و مات بووم.

بێدەنگ.. بێدەنگ.. وەك دارو بەرد.

بێدەنگ.. بێدەنگ.. وەکوو تاوانی پشت پەردە

چوون قولاًیی بنی ئەشکەوت!

ئێوارەیەك کوێخا بانگی کردمە لای خۆی

هەر خۆم و خۆی..

(وچان.. گەڕانەوە بۆ چل ساڵ لەمەوبەر)

کوێخا: ئەوە مانگێکە تۆ لێرەی

نانی بووبان و من ئەخۆی!

بەلاًم کە تەماشات ئەکەم

سرێك لە چاوتا ئەبینم

ئێجگار قوڵەو ئێجگار مەنگە

وەکو بنی نەبێ  وایە

سرێك لەو چاوانەدایە.. ئەڵێی:

بریسکەی چاوانی دڕندەیەکی کێوییەو

لە شەودا ئەدرەوشێتەوە!

تۆ کێیت و ڕاستی خۆت بڵێ

ئەگینا لەم بووبانەدا

جێی سەری تۆ نابێتەوە!

(وچان)

پیرەمێرد: سەرەتا ویستم هیچ نەڵێم...

ویستم لە پەنا درۆدا خۆم حەشاربەم

کوێخا وێڵکەم..

بەڵام بێ سوود بوو تەقەللای قسەکانم

من ناچار بووم پەردە لەسەر

خوێنی (شەم)و رابوردووی خۆم هەڵبەمەوە

من ناچار بووم.. پەلی نەهێنی بگرم و

لە قوڵایی دەروونمەوە ڕایکێشمە بەر

دەمی کوێخا!

ئەوسا چیرۆکی خوێناویم

لە نووکەوە گێڕایەوە

لە دواییدا کوێخا وتی:

کوێخا: ئاوا! ئاوا!

دوودڵ مەبە!... تۆ پیاوی پیاو!

تۆ شەرەفت پاراستووە.. تۆ قەڵغانی.

دەستت سەوزە.. ناموست کرپیوەتەوە..

دوودڵ مەبە! ئەی خەنجەر بۆ دروست بووە؟!

پیرەمێرد: لەو رۆژەوە وەك خەنجەری

بەر پشتێنەکەی کوێخا خۆی

وەکو تەزبیحەکەی دەستی

نزیکتر لە قلیانەکەی

لە کوێخا نزیك کەوتمەوە

بووم بە سێبەرو یاوەری!

شەم: بەڵام منت بیر نەچۆوە

خوێنەکەی من شەوانە هەر لە گەڵتابوو

لەناو گیانتا بە وێنەی باهۆزی ئەمڕۆ ئەیزریکان!

خوێنەکەی من دوای هەزاران جار شتنی

لەدەست و پلت نەبۆوە

بە دەروونتەوە لکابوو

بەبێ دەنگی و ماتیتەوە هەر لکابوو

بەفری ساڵ هات

بەفری ساڵ رۆیشت

خوێنەکەی من بەفری سوور بوو

هەر نەچۆوە.

پیرمێرد: نەء... نەچۆوە!

لەوەیش زیاتر هەموو ڕۆژێ

له دەروونما تۆختڕو تۆختر ئەبۆوە

نەء... نەچۆوە!

شەم: بەردەوام بە

چیرۆکەکەت بگێڕەوە بۆ ئەو خەڵکە؟!

تۆ چۆن کوێر بوویت؟

پیرەمێرد: بە ئەندازەی سەرینەکەی

لێی نزیك بووم!

بوو بووم بە نهێنیی.. کرِی

ناو سنوقە بۆراقەکەی ژووری کوێخا.

ڕۆژێکی تر کوێخا بانگی کردمە لای خۆی

هەر خۆم و خۆی

کەسی تر نا

کوێخا وتی:

کوێخا: لە ماهیەکانی (بووبان) داو

لە دەراڵی کێوەکاندا

شاخی کۆنە کۆتر هەیە

لەم شاخەداو لە هەناویا

هەزاران کۆتری سپی و شین و

مۆرو سەوزو زەردی تیایە.

گمە پەنگی خواردۆتەوە.

زۆر دەمێکە داخ لە دڵی ئەم کۆترانەم

ئەم کۆترانە بەوە نابێ بە ڕواڵەت

وا ناسك و ئێسك سووكن..
ئەم كۆترانە لە دەنووكدا ژەهری مەرگی
پەتایەكی كوشندەیان هەڵگرتووە
پەتای كوشندەی گەنم و جۆ
پەتا بۆ ڕەزو بۆ باخ و كێڵگەكانم
هەموو ساڵێ لەم وەرزەدا
ئەم كۆترانە
پۆل پۆل دێن و
چاوی شینایی و بژوێنم دەرئەهێنن.
دێن و گلێنەی بووبان و منداڵەكانی
من ئەخۆن
ئەم كۆترانە باڵی شوومی ئەم ئاسمانەن.
هەموو ساڵێ لەم كونەوە دێنە دەرێ و
خەرمانەكانم قڕئەكەن!
(وچان)
منداڵی (1): ئەو كۆترانە
كۆتری ناو سەری ئێمەن و
ئەو شاخانەیش جێگە خەونی
زەردو سورمان.
منداڵی (2): ئەو كۆترانە بە دەنووك چڵە ئاوازو
بە دەنووك گەڵای ڕووناكی و
بە دەنووك تاڵە ئەوینی

قژی (شەم)مان بۆ ئەهێنن.

(وچان)

پیرەمێرد: ئەی من چی بکەم؟!

ئەبێ هەر لە ناو هەناوی شاخەکاندا

هەر لەناو کونە ژەهردا

یەکەیەکە... بیاندەینە دەست چەقۆی خۆ

ڕێگانییە.. ئەمە تەنها چارەیەکە

ئەم وڵاتە لەو ژەهرانە پاککاتەوە

ڕێگانیە.. ئەمە نەبێ..

گوێم لێبگرە!

بەرەبەیانی سبەینێ

پێش کازیوە..

پێش ئەوەی شاخ لە خەو هەستێ.

هەر خۆم و خۆت

بەرەو شاخی کونە کۆتر..

ڕێ بگرین و ئێمەیش بفڕین!

شەم: ئەو کۆترانەش لە من ئەچوون

ڕۆحی من و ڕۆحی کۆتر

هەر یەك ڕۆحەو

بەردەوامیش بەیەکەوە ئەگمێنن.

بیگێڕەوە.. چیرۆکەکەت بگێڕەوە!

تۆ چۆن كوێر بووی؟!

(وچان)

كاكه لاو: من كۆترێ وا له سنگما

گمەی ئەو و خورپەی دڵم

بەیەكەوە دەنگیان دێت و تێكەڵ بوون و

من نازانم چۆنیان لەیەك جیاكەمەوە؟!

(وچان)

پیرەمێرد: بۆ سبەینێ هەر شەوەكی

وەختێ كه بەرپێت نەبینی و

هەر له تاریكی هەڵنووتی

من و كوێخا كەوتینه ڕێ

بەسەر دانه بەردی شاخداو به ڕەوەزدا

وەك دوو بەران

هەر هەلگەڕاین و هەلگەڕاین..

شەم: بەڵام سەره بڕراوەكەم له گەڵتا بوو

ئەویش له كۆڵه پشتتا بوو

دەنگی خوێنم.. له هەناسەو گەرووتا بوو

تەواویكه چیرۆكەكەت

تۆ چۆن كوێر بووی؟!

پیرەمێرد: كۆڵەپشتم هەر به تەنها

ڕەشماڵێك و گوریسێك و

تێلاْیەكی زۆر درێژبوو..

شەوەکی بوو..
هەر هەڵگەڕاین و هەڵگەڕاین
لە دوو بزنە کێوی ڕەشی سەرسەخت ئەچووین.
لە ڕۆژێکی  وادا نەبوو
ئاسمان وەك ئەمڕۆ شێت نەبوو
(با) شەرمنۆك.. زۆر هێورو لەسەرخۆ بوو
شاخ  و داخیش هەر نووستبوون.
هەر هەڵزناین و هەڵزناین!
شەم: بەڵام خوێنم ئەستێرە بوو
چاوی لە چاوت بڕیبوو
سوور سوور بەوێنەی یاقووتێ
لەو بەرزەوە ئەیجریوان!.
پیرەمێرد: منیش ئەمدیی
ئەو ئەستێرە خوێناویەم ئەدیی
لەو کاتەدا
کەروێشکێك بووم و ئەترسام!
ژنی (1):  وەك مێخەك بەند
خۆشەویستی (شەم)م
کردۆتە مل!
هەموو ڕۆژێ بۆنی ئەکەم!
ژنی (2): کە مانگ هەڵدێ..
لەبەر دەرگا هەڵئەتروکێم.

له کەژاوەی خەرمانەدا شەم ئەبینم
به کەناری ڕووبارێکی مەیلەو ئاڵدا تێئەپەڕێ!
(وچان)
شەم: تەواویکە چیرۆکەکەت
بیگێڕەوە تۆ چۆن کوێر بوویت؟!
پیرەمێرد: بەر لەوەی کازیوە بێت و
پووشی زیوین و تاریکی لە یەکتری جیاکاتەوە.
گەیشتینە کونە کۆتر
گەیشتینە سەر ترۆپکی
شاخی شینی کونەکۆتر
گەیشتینە بەردەمی کون
کونێکی خڕ ئەوەندەی دەمی تەندووری
گەیشتین و کوێخا وتی:

کوێخا: ئەمە کونی بەلاکان. کونی مەرگ و کونە کۆتر، ئا لێرەوە دێنە دەرێ و هەر بە دەنووك پەتا ئەبەن بۆ ئاوایی ئا لێرەدا دێنە دەرێ و هەر لەسەر باڵ ژەهر ئەبەن بۆ ناو (بووبان). ئێستەیش وەکو هەموو رۆژێکی تر، وەختێ کە هەتاو ئەکەوێو، تیشك بە پلیکەی بەرددا، ئەڕوا ئەڕواو ئەیدا لە هەناوی شاخ و ئەیدا لە چاوانی کۆتر. ئەوسا ئیتر بەرەو سەروو، بەرەو ئەم پەنجەرەی شاخە، کە هەر تاقە پەنجەرەیە، پۆل پۆل، پۆل، پۆل بال ئەگرن و دێنە دەرێ. وا وەختێتی، لە سەردەمی کونەکۆتر، ئەم رەشماڵە هەڵبدەین و بیکەین بە ژووری مردن و، بیکەین بە زیندان بۆ ئەوان، من لێرەداو، لەبەردەمی

کونەکۆترا ڕائەوەستم وەك ملەی شاخ. تا هەر وەختێ یەکە یەکە هاتنە دەرێ. بیانگرم و لە تۆڵەی گوندی بووباندا ئەو بەڵایانە سەربڕم. تۆیش بە گوریسی دوو لانەی لە ڕکی بەرد قایمکراو، لەناو قەدتا شەتەك دراو، ئەچیتە خوار. لە هەناوی پیرەشاخدا بەم تێلاّیە، بەرەو پەنجەرەی کەللەی شاخ دوا کۆتریان هەڵ ئەفڕێنی. تێگەیشتی؟!

شەم: من ئەوکاتە ڕۆحم لەناو

کونە شاخدا هەر گمەی بوو

منیش ئەوکاتە کۆتر بووم.

منداڵی (1): لە خەوما منیش ئەبم بە کۆتر

هەموو جارێ بە دەنووك گوڵێ هەڵئەگرم

ئەچم و ئەیبەم، ئەچم ئەیدەم

لە قژی (شەم)!

منداڵی (2): جووتێ کۆتری هاقووم هەیە..

هێلانەیان هەردوو دەستمە!.

(وچان)

پیرەمێرد: لە کازیوەدا ئامادەو، گوریسم توند کرد لە بازووی گاشە بەردو تێلاّکەم گرت بە دەستمەوەو لە کلۆری بەردینەوە، بۆ ڕاوکردن، چوومە خوارێ و، شۆڕبوومەوە: هەناوی شاخێکی گەورە، بۆشاییەك لە مەرگی قووڵ بۆنی تیژی گۆگردێکی تەڕو شێدار. هەر داچووم و شۆڕبوومەوە.

شەم: بەڵام ڕۆحی منیش لەوێ

وەك باڵەفڕێی کۆترەکان

شەقژنی بوو. بەلاّم خوێنی منیش لەوێ
لە هەناوی ئەو شاخەدا، سێبەرت بوو.
تۆ چاوێکت هەر لێوەی بوو. بیگێڕەوە
تۆ چۆن کوێر بووی؟!
پیرەمێرد: سەرەتا هەزاران کۆتری سپی و شین و مۆری
هەڵنیشتووم دی. کە سەریان خستبووە ژێر باڵ،
هێشتا خەویان.. بە سامالّەوە ئەبینی.
بێ دەنگیەکی سامدار بوو.
بێ دەنگیەك قوڵ بە وێنەی هەناوی شاخ
شەم: قسەی کوێخا، خەنجەرەکەی سەر دڵی من
هەر یەك قسەن. هەسانیشیان یەك هەسانە.
کۆتر کۆترەو، ئەوینیش تەنها ئەوینە،
ڕقیش.. ڕقە!.
پیرەمێرد: کە هەتاو هاتە ژوورەوە هەزار تیرێژی
ڕەنگاوڕەنگ لە هەناوی ئەم شاخەدا بوون بە بارانی مرواری و
بەسەر ولاّتی کۆترو بەرددا بارین، کە هەتاو هاتە ژوورەوە
کۆترەکان چاویان کردەوە، وەك پێی بڵێین: بەخێرهاتی!. من لە
ئاسمانی بەردیندا لە هەوادا ڕاوەستابووم. چاوەڕوانی ئەم ساتە
بووم پۆلە کۆتر بەرەو کونی کەللەی چیا، بەرەو پەنجەرەی
خۆرەتاو باڵیان گرت و منیش کەوتمە دار ڕاوەشان بە چوار دەورا
تێلاّم وەشان، دەنگدانەوەی گڤەی دارو دەنگدانەوەی شەقەی باڵ و
دەنگدانەوەی گمەگمی ناو مەملەکەتی کۆترەکان، گرمەگرمی

هەوری بەدو لە سەرەوەیش بانگی کوێخاو قیژەی کوێخا هەموو ئەچوون بە ناویەکدا. منیش لەناو ئاسمانی بەریندا، هەر دارەکەم ڕائەوەشان!

شەم: لەو کاتەدا من بە چاوی ڕۆح ئەمبینی
خوێنی چەندین کۆترت ڕژان.
من بە چاوی ڕۆح ئەمبینی
چۆن دارەکەت سوور هەڵگەڕا..
من بەچاوی دڵ ئەمبینی.. جارێکی تر
خوێنی من و کۆترت
تێکەڵ کردەوە بەیەکتر!.
لەوکاتەدا من بەچاوی ڕۆح ئەمبینی
باڵی کۆتر باسکی من و
چاوەکانیان چاوی من بوون!.

کاکە لاو: هەموو جارێ من بەچاوی ڕۆح ئەیبینم
(شەم)یش بۆتە تیتزواسکی و
خۆی هەڵئەکێشێ لە چەمی عاشقان و
ئەوسا بەرەو لای من ئەفڕێ!.
(وچان)

پیرەمێرد: من بەردەوام
هەر دارەکەم ڕائەوەشان
پۆلە کۆتر تەواو نەبوون. چەندیان مردن. چەندیان کەوتن. تەواو نەبوون. ئەم کونە شاخە پایتەختی مەملەکەتی کۆترەکانە. ناو ئەم

هەناوی بەردانە شارە گمەو شارە خوێندنی ئەوانە هەزاران پۆل بەدوای یەكدا ئەهاتن و، شەقژن، بووبوو بە ڕەشەبا جەستەی منیش بەنێوانی سەرو خواردا هەڵواسرابوو. هەر ئەهاتن و ئەكەوتن و هەڵ ئەفڕین و ئەهاتنەوەو ئەكەوتنەوەو من لێم ئەدان... ئەهاتنەوە.. ئەكەوتنەوە.. لەیەك ساتدا سەدان دەنووك وەكوو بارانی دەرزیی بێ یان ڕەهێڵەی نووكە نەشتەر بەسەر جەستەمدا ئەباری و لەدەم و چاوما ئەباری و.. بێژەنگێكی ئاگر بووم و هەڵواسرابووم

شەم: لەو ساتەدا رۆحی منیش

بوو بوو بە كۆترێكی سپی

كونە كۆترو كەوتبووە سەر شنەی خەندە

ڕۆحی منیش لە خۆشیاندا

بوو بە گەڵای دەم (با)یەكی

ئەو كێوانەو كەوتە سەما!

ژنی (1): بە یادی ئەو!

دارسنەوبەری حەوشەمان..

ناو ناوە (شەم)..

ژنی (2): بە یادی ئەو

هەموو ساڵێ جارێ..

مانگی چواردە دێتە سەر (كەل)ەكەی ئەوبەر.

تۆزێك ئەگری و لە پڕێكدا ئاوا ئەبێ!.

(وچان)

پیرەمێرد: بارانی دەرزی و

ڕەهێڵەی نووکە نەشتەر

بەسەر مندا هەر ئەبارێ و هەتا ئەهات

زیادی ئەکرد، شەستی ئەکرد..

دەمامکی دەم و چاوی هەڵبەستراوم

پەڕۆیەکی ونجڕ ونجڕ.. جلەکانم..

هەموو ئەندامێکی جەستەم کەوتنە بەر نووکی دەنووکی

وەکوو پەنگر. لە ڕوخسارما، لە چاوانما

ئازار بروسکەی دایەوەو بارانی خوێنم داباری و

هەردوو بیلبیلەی چاوانم هەڵکۆڵران و

هەڵوەرینە قوڵایی ناو مەملەکەتی کونە کۆتر

ئاوا کوێربووم.

ڕەنگدان

2001

"بێ پێشەکی و یەکسەر لە دارڕژانی ڕەنگەکانەوە"

ئەم ئێوارەیە وا هاتووم..

لێرە ببم بە شمشاڵ و ڕەنگ بژەنم..

ڕەنگ.. ڕەنگ.. ڕەنگ.. ڕەنگ..
کێ ئەتوانێ ڕەنگ بژەنێ؟!.. من ئەیژەنم!
وەختێ فوو ئەکەم بە ((زەرد))دا گێژەڵووکەی زەردە پەڕێ
لەناو ڕۆحما هەڵئەکات و
گەواڵەیەکی زەردەڵەو ماڵئاوایی رەوتینێکی* ئەم پایزە
ئەمکا بە کاژەی* پێدەشت
بە ڕێڕەوێ لەباخی گشتیی خەمتاندا و
وردە وردە دامئەپۆشێ.
کێ ئەتوانێ ڕەنگ بژەنێ؟! من ئەیژەنم
ئەو دەمەی سپی ئەژەنم..هەر پەپوولەی سپیی خەونەو،
هەر نەورەسی سپیی شیعرەو..هەر حەیرانی بەفرانبارەو
هەر منداڵیی‌و کلووی یەکەم دڵدارییەو
بەسەرمندا دێنەخوارێ..!
ئەم ئێوارەیە وا هاتووم..
لێرە ببمە باڵەبان‌و ڕەنگ بژەنم
کێ ئەتوانێ ڕەنگ بژەنێ؟! من ئەیژەنم
وەختێ فوو ئەکەم بەڕەشدا، ڕووباری ڕەشی زوخاوێ
ئەهەژێت‌و شەپۆلی کوێر خۆی ئەکێشێ بەکەناری شەوی منداو
تەم‌و مژی کێوە ڕەشێ، لە هەردوو قاچی کۆچمەوە
تا سەروملی زایەڵەم دائەگرێت و لە دەراڵی تەنگەبەری

* رەوتین: خەزان‌و گەڵاڕێزان
* کاژە: بنەی بەجێماوی کاروان لە پێدەشتدا

هەناسەیشما، ڕەشەبایەك، ((با))یەكی رەش،
بەگڤەگڤی پرسیارو سۆراخەوە  دێت و ئەچێ.
ئەو وەختەی كە ڕەش ئەژەنم
سەرپۆشی ڕەشی ژنانی شیعرستانم و گوڵی ڕەشی
كچەكانی و بسكی درێژی شیوەنی زستانێكم تێ ئەئاڵێ!.
ڕەنگ.. ڕەنگ.. ڕەنگ.. ڕەنگ..
وەختێ پەمەیی بژەنم.. لەپاش تۆزێ ئەبم بەسوور
هەر وەختێكیش سوورم ژەنی
من ئیتر بووم بەزارگەلیی ئەو مێژووەی
دەنكە دەنكەی تەرزەی سوورو، نمە نمەی ژانی سوورو،
وشە وشەی دەنگی سورو، من هەلاڵەم تیا ئەبارێ.
ڕەنگ.. ڕەنگ.. ڕەنگ.. ڕەنگ..
من بەیەك ڕەنگ، یەك درەختم كرد بە دۆستم
((ڕەهەندێكیش بوو بە مەودا بۆ ڕوانینم))
من بە دوو ڕەنگ، دوو باڵندەم هێنایە ناو هەڵبەستمەوە
((دوو ئاسۆگەیش بوون بە مەراق بۆ فڕینم))
من بەسێ ڕەنگ سێ پەنجەرەم لەسەر خەیاڵم كردەوە
((ئەوسایش هەر سێ پێشانگا بوون،
بەسێ گۆشەی ورشە ورشكەر بۆ ئەوینم))
من بەچوار ڕەنگ.. من بە پێنج ڕەنگ
چوار كتێب و چوار قەوانم
كرد بە ئاشنای هەردوو چاوو هەردوو گوێچكەو

هەردوو دەستم
((هتدو.. هتدو.. هتد))
بەڵام من بە گشت ڕەنگەكان
باخچەیەكم كرد بەدۆست و بەهاودەم و
هەزار باڵندەم هێنایە هەڵبەستمەوەو
هەزار ئاوازم پژانە ناو گوێمەوە
ئیتر ئەوسا..هەموو زەمین..بوو بە كەژاوەی تەماشاو
بوو بەڕەنگدانی بەر دەسم و خەیاڵیشم بوو بە فەزاو..
ئیتر ئەوسا.. من لێرەوە.. قاڕەی پێست ڕەش و
پێست زەردوو.. قاڕەی سپی و سەوزو سوورم
یەك یەك دووان.
چیرۆكی ڕەنگ بووە بە چیرۆكی دیدەم
"یەك یەكتری ئەخوێننەوە"
منداڵیی ڕەنگ... بووە بە منداڵیی ووشەم
((یەك لە ناو یەكدا ئەبارن و
یەك یەكتری ئەنووسنەوە))
ئازایی ڕەنگ، هاواری ڕەنگ، شۆڕشی ڕەنگ
بوون بە باوكم..
((ئەگیرێن و كۆت ئەكرێن و ڕائەپەڕن و
ناچەمێنەوە لە بەردەم ڕەشەبادا))
فرمێسكی ڕەنگ، برسێتی ڕەنگ، كراسی ڕەنگ
بوون بە دایكم:

ئەبنە گوڵی بێوەژنو
((لە گوڵدانێکی شکاودا ڕەش ئەپۆشن.))
ئەبنە قومری سەرباڵ شینی کوێرەوەری
((لەنێوان دوولقی وشکا هەڵئەنیشن.))
ئەبنە گۆرانی گریاوو.. لەناو تەنیایی ژوورێکدا
سەوز ئەنێژن.
ئەبنە ئاخو ئەبنە داخو ئەبنە پەپوولە پاییزەو
((با)) ئەیانبا))

من لەبیرمە، ڕەنگەکانیش دەنگیان هەبوو
بۆ وێنە: دەنگی پەمەیی
ئەو دەنگەبوو کە دڵدارێ لەتانو پۆی باڕێزەدا
لەدوای خۆی بۆ بیرەوەریی
((دارژاڵەیەك جێیهێشتبوو))
ڕەنگەکانیش پەیڤیان هەبوو
بۆ وێنە: پەیڤی نارنجیی
ئەو پەیڤە بوو
لاوك بێژێ لەناو گەوەی دەربەندێکدا
(( بۆ مانگەشەوو بێریڤان جێیهێشتبوو.))
من لەیادمە
جووکە جووکی چۆلەکەکان
بەورشەو پرشەو بریقەو ڕەنگیان هەبوو

نه كەسك بوون، نه سووربوونو نه زەردبوونو
هەمووشیان بوون.
برسێتی ڕەنگێكی هەبوو، دڕو چەموش،
لەناو هۆدەكەی ئێمەدا، هەر بەڕەنگی زەردێكی كاڵ
لەسەر لێوو لەسەر گەردنی دایكمو لەسەر سەبەتەی نانەكەو
لەسەر گۆنەی خوشكەكانمو لەدەفتەری ڕەسمی منداو
لەسەر جانتای پەڕۆی مەكتەب، ئیشی ئەكرد!
ترسو بیمیش ڕەنگی هەبوو،
ڕەنگێكی دڕدۆنگو ڕێ ڕێ، تێكەڵ له ڕەنگی قەدەغەو
ڕەنگی هەڕەشەو گوڕەشەو ڕەنگی زللەو
ڕەنگی پرسیاری تۆقیوو.. هەموو جارێ
هەڵیئەكێشام لەخۆیو
له پشت ملەوه ئەیگرتمو هەڵیئەدامه سووچێكی
مت بوونەوەو چوكلێتێكی له گیرفانی بێ دەنگیدا
دەرئەهێناو ئەیخسته ناو قوڵی مشتم.
ڕەنگەكانیش چاویان هەبوو
وەختێ ئێمەیان ئەبینی
به تەلیسمی ڕەنگاڵەیی
له شاخ بوایه، ئەیانكردین، به ((شین))ێكی
شێتو شەیدای مێلاقەیی.
له دەشت بوایه ئەیانكردین، به زەردێكی حەپەساوو
له دارستانیشدا بوایه

ئەیانکردین بە سەوزێکی بەرهەتاوی خۆشەویستیی.

هەرهەموویشمان لە ئاوێنەی شەبەنگێکدا

تیشکاو تیشك بەناو یەکدا ئەشکاینەوە

ڕەنگەکانیش کتێبخانەو ئارشیفی پەلکەزێڕینەو

ژووریان هەبوو

وشەیان تیابوو ڕووناك بوو

((وەك سەری خەج لەناو کۆشی سیامەندا))

قسەیان تیابوو، تاریك بوو..

((وەك کراسی شەو لەبەری درەختێکی نائومێددا))

ڕستەیان هەبوو شین باوبوو..

((چون سادەیی کوژەکەیەك لەسەرتەوێڵی منداڵێ))

ئاوازیان تیابوو ..زیوین بوو..

(( چون سەمای تەرزە لەبەردەم کازیوەدا))

ڕەنگیان تیابوو پڕ بەسینەی چەم ئەگریاو

ڕەنگیان تیابوو لە باڵای ئاوێنە ڕێژی شاخو کێودا پێئەکەنی.

ڕەنگ زمانی هەمووەمان بوو.

من خۆم ئەمدی.. ڕەنگەکان. شیعریان ئەنووسی لەسەرتەمو

حیکایەتی ڕەنگاوڕەنگیان ئەدا بەدەم بای وەشتەوەو

من خۆم ئەمدی: لە کۆنسێرتی وەرزەکاندا،

دەستیان ئەکردە مل یەكو

لە میهرەجانی ئاویشدا

دارودرەختیان ئەژەنی))

من حیکایەت خوانی ڕەنگم. چیرۆکی ڕەنگ بۆ دەنگ و بۆن
ئەگێڕمەوە. لەیەکەم ساتی زایینو پشکوتنی چاویانەوە،
تێڕامانێکی ئەبەدییم. من ڕەنگ لەناو هەستو نەستا ئەگرمەوە.
لە گریانی هێلەکانو زەردەخەنەی ئاسۆکانو لە تێکئالآنی
تانو پۆی نێرەو مێیەی ڕەنگی تۆخو ڕەنگی کاڵو
لەجۆشدانو خرۆشانی گەرمیانەوە، لە موچڕکەی لەشیانەوە.
تا داوە تەزووی جووت بونیان، تا ساردبوونەوەی هەناسەی
ئاوابوونو خۆرنشینیان، سەرنجێکی ئەزەلیمو ورد ئەبمەوە.
زەقەکانیان وەك سورەتاوی پێدەشتێ سەروملم داخ ئەکەنو
نەرمەکانیان  بە بێدەنگیی وردە وردە لە خۆیاندا ئەمتوێننەوە.
ڕەنگی ساوا ڕائەژەنم..
تا لەلانکەی تاریکیدا بنوێ
لەگەڵ خۆمدا ڕەنگ ئەبەمە ناو جێگاوە
قژی درێژیان لەخولیام ئەئالێنم.. تا دائەکاتە بارانو
ئیتر ئەوسا بۆ بەیانی تەڵێ دوو تەڵ..
سێ تەڵ چوار تەڵ، لەسەر سەرینەکەم ئەڕوێن
لەگەڵ خۆمدا ڕەنگ ئەبەمە  ناو جێگاوە،،
خەویان لەناودا ئەبینم، جەستەم ئەکەن بە پێشانگاو،
ئیتر هەرچی پەپوولەیەو هەرچی تەیرەو..
هەرچی زارۆكو عاشقە دێن بۆ سەیرم.
لەگەڵ خۆمدا ڕەنگ ئەبەمە ناو جێگاوە..
لە گومانما بەیەکدا دێن، ئەمکەن بە ڕەشنووسی دوودڵ،

بەتابلۆیەکی نیوەچڵ، ڕێ ڕێم ئەکەن..
لە یەقینما وەکوو خودا ڕوون ئەبنەوەو
لە یەقینما زڕەکانیان ئەڕوێنەوەو.. نەزۆکەکانیان
هەمدیسان ئەزێنەوەو گوڵی خۆرم نیشان ئەدەن، ڕەنگ نیگایەو
نیگایش ڕەنگە. ڕەنگ بیرکردنەوەی جیاوازی ناو دنیایەو، ڕەنگ
لێك نەچوونی بینینەو، ڕەنگ گۆڕانە لەماناداو، ڕەنگ
گەڕانە بەکیشوەری هێماکانداو، نە ڕەنگ لەزایین ئەکەوێو
نەوشەی من.
من حیکایەت خوانی ڕەنگم، من بەناو قوڵایی ڕەنگدا
ئەگەڕێمو ئەچمە خواریێومانای ڕەنگین ئەدۆزمەوەو
هەوێنەکانیان دەردێنم. ڕەنگێ نـییە من سەردانم نەکردبێو
نەمناسیبێو، ڕەنگێ نـییە، لەتێ لە ئاوێنەی خەمیو
یاخود تاڵی لە کاکۆڵیو یان دوو وتەی خۆی نەدابێ
بەشیعرێکمو بۆ یادگار وێنەیەکی لەگەڵ دووکەڵی جگەرەو
پەنجەکانما نەگرتبێو لەدواییشدا من سرێکی هەڵنەهێنم!.
من کە بەحر گوێ لە تووڕەبوونی ڕەنگم ئەگرێ هەڵئەچێت و
من کە بەحر گوێ لە ڕەنگی هێدیم ئەگرێ دا ئەچێتو
من ئەمجارە لە سیحرەکانی ڕەنگەوە
دێمە ناو نیگاتانەوەو
من بە زمانی زەردوو سوور ئەتاندوێنم.
ڕەنگ ژنە، وەختێ ئەمانکا بە ستڕانێکی ئاڵ ئاڵ و
بەئەوین داما ئەپۆشێ.

ڕەنگ شیعرە.. وەختێ ئەمانکا بە پرسیارێکی گوڵ گوڵیو
لەگومانمان هەڵئەکێشێ.
ڕەنگ مەرگە وەختێ ئەمانکا بە نادیارێکی بێ ڕەنگ و
بە کۆتاییمان ئەبەخشێ.
بە ڕەنگ دۆزەخ و دیرۆکم لەیەکتر جوێ ئەکەمەوە.
بە ڕەنگ نامۆیی و نیشتمان بەیەکەوە ئەبەستمەوە.
بە ڕەنگ زریان ئەئاژووم‌و
هەر بە ڕەنگیش من ئاگرو خۆڵەمێش و
چارەنووسم ئەنووسمەوە.
من بۆئەوەی ژانی ڕەنگێ لە دەفتەرما بڕسکێنم
هەردوو چاوم کرد بە زنەی زیوییني ئاو.
من بۆئەوەی مەلی ڕەنگێ لە ڕوانینما هەڵفڕێنم
خۆشەویستیم کرد بە هەواو سەریشم پڕکرد لە هەتاو.
ڕەنگەکانم خودی خۆمن،کە سپی بم
بەفرو پاکژی و منداڵییم تێکەڵ ئەبن.
ڕەنگەکانم خودی خۆمن، وەختێ سوور بم
مێژووی سەرم و دەنگی خوێنم و
هاوارەکانی ئازادییم تێکەڵ ئەبن.
ڕەنگەکانم خودی خۆمن، کە سەوز بم
لاوێتیم وخۆشەویستیم و پاشەڕۆژ تێکەڵ ئەبن
ڕەنگەکانم خودی خۆمن، کە ڕەشیش بم
شەوەزەنگ و بێکەسیم و بەختی تینووم تێکەڵ ئەبن.

من حیکایەت خوانی ڕەنگم.. چیرۆکی ڕەنگ ئەگێڕمەوە:
هەتاکو دایکم نەناسی تۆ ڕەنگی ڕەش ناناسیت و
لەهێماکانی ڕەش ناگەیت. شەوت بۆ ناخوێندرێتەوە.
هەتاکو خاکم نەناسیت، تۆ ڕەنگی سوور ناناسیت و
لە نەهێنی سوور ناگەیت و، خوێنت بۆ ناخوێندرێتەوە.
تا بێ ڕەنگی و تا تەنیایی و هەتا غەریبیی نەناسیت
ڕەنگی بێکەسی ناناسی و
کورد ناناسی و
خودات بۆ ناخوێندرێتەوە.
من حیکایەت خوانی ڕەنگم.
من لە دەفری ئەم دیوانە تازەیەدا
ڕەنگی تازەی قەت نەبینراو ئەگرمەوە:
بەیانییەکی قرمزیی
تۆ کەوتیتە نێوباوەشی گوڵە لیمۆی ژنێکەوە
تۆ خاڵخاڵۆکەی بچووکی سەرگەردن و بەرۆکی بووی
دایکت پڕ بوو لەکازیوەو لە قەڵبەزەی پێکەنین و
لەو ڕەنگانەی تازەبووك بوون.
یەکەم جار بوو ڕەنگ بناسیت
چاوت تەمەنی دوو ساڵ بوو، کە ورشەی ئاڵی پشکۆیەك
لە ڕوخساری زستانێکدا خەیاڵی بردی بۆ ژووری کە
پێخەف و سەرینێکی سووری لێ بوو. لەبەرچاوت ڕەنگی
دایکت ئەبوو بەڕەنگی پشکۆی ناو مقەڵیەکە.

پشکۆ هەر ڕێزەی پریشکی لێ ئەبۆوەو پزیزەکان
ئەبوون بە وردە پەپوولەو لەناو قژیا ئەنیشتنەوەو
لەدواییشدا بریق و باقی جاجمێك دایئەپۆشیت.
یەکەم جاربوو ڕەنگ بناسیت
لەگەڵ ڕەنگەکاندا ئەدوایت.
چاوت ئەبرِیە نێو چاویان و
گوێت لە سروەو گوێت لەهاژەو
گوێت لە گڤە گڤیان ئەگرت.
لەپڕێکدا لووزەوی* ڕەنگ ئەهاتنە ناو سەرنجتەوە
ئیتر تۆ ئەبووی بەگەمیەو ئەوان ڕووبار.
ئەوان ئەبوون بە نەهێنی و تۆیش بە پرسیار.
بۆیەکەمجار لەبەربارانی ڕەنگاڵەی کچێکدا بوو،
بووی بە پێدەشتی ئاوازو نێرگزەجاڕ.
لە جادەکانی ڕەنگەوە گەیشتیتە گۆڕەپانی گۆرانیی شار.
لە نۆتەکانی ڕەنگەوە فێری ژەنینیی ئازاربووی.
لە زامەکانی ڕەنگەوە چوویتە ناو ڕۆحی شیعرەوەو بووی بەهاوار.
((لەڕێی ڕەنگێکی زەردەڵەی باریکەوە
من گەیشتمە ناو ئەشکەنجەی گیانی ژنی ئەم وڵاتە.
لە ڕێی ڕەنگێکی شین باوی لارەملی ئاوێکەوە
من گەیشتمە ناو کرِوزەو ناو فرمێسکی منداڵانی ئەم وڵاتە.
من ڕەنگێکی خۆڵەمێشی دەستی گرتم و

*لووزەو: بەتەوژم و بەخوڕ

بردمیە ناو ڕەنگی تۆخ و ڕەنگی ژان و
دیرۆکی مەرگەساتەوە.
چیرۆکی ڕەنگ ئەگێڕمەوە:
کە شەوی مانایەك درێژ ئەبێتەوە
شەوی ڕەنگێکیشی لەگەڵدا درێژ ئەبێتەوە
کە چرای دیوارێك ئەمرێ
چرای وێنەیەکیشی لەگەڵدا ئەمرێ.
کە((با))یەك نائومێد ئەبێ و
بەخەنجەری لوتکەیەك خۆی ئەکوژێ
لە بناردا ڕەنگێك خەڵتانی خوێن ئەبێ.
چیرۆکی ڕەنگ ئەگێڕمەوە:
سەرگوزشتەی ئەو ڕەنگانەی لەناو بێ ڕەنگیدا خنکان.
ئەو سورانەی کۆچیانکردوو
لەناو بەفرا ڕەق بوونەوە ئیتر واگل* نەبوونەوە.
ئەو شینانەی لە قەراخ شار لاشەکانیان دۆزرایەوە.
ئەو سپیانەی هەر بە ئاسمانەوە کوژران.
چیرۆکی ڕەنگ ئەگێڕمەوە:
حیکایەتی ئەو ڕەنگانەیش لەدوای سڕینەوەو مەرگیش
جارێکی دی بۆ ناو گوڵزار گەڕانەوە.
((چەندین تابلۆی هەمەڕەنگی ئەو پێشانگایەی
کە بەنیازم لە یادی ساڵڕۆژی لەدایك بوونی

* واگل: گەڕانەوە

وێنەکێش((خالید سەعید[*]))دا بیکەمەوە

**تابلۆی یەکەم:**

ئەو وەختانەی تەنیاییم و
جەستەی خەیاڵ لەگەڵ یەکتردا جووت ئەبن
هێندە نابا لەناو ژووری حەپەساوما
ڕەنگێك ئەزێ
نە ئەوەتا بڵێی ڕەنگی تەمتوومانە
لەبوولێڵی غەریبیداو
نە ئەوەتا بڵێی شێوەی لە سەرابەو
یان کت و مت لە دووکەڵ و سوتماك ئەچێ.
من نازانم ڕەنگێکە نزیك لەو ڕەنگەی
وەختێ کە ئاوی کانیەکەی عاشقان و
قریشکەکانی ژنان و
خۆڵی ئەنفال
تێکەڵ ئەکرێ!

**دووەم تابلۆ:**

خۆرنشینێ کە ((ئەرخەوانییم)) پێگەیشت
وەك گۆزەبم لەملەوە هەڵیگرتم و
پڕیکردم لە ئەوینی ئاڵی خۆیو

[*] خالید سەعید: یەکێك بوو لە هونەرمەندە پێشەنگەکانی هونەری شێوەکاری لە کوردستانی عێراقدا.

قلّپ..قلّپ.. شیرین شیرین
ڕژانمیه ناو جوانیی ژنێکی شەنگەوە
لەو جوانیەدا مامەوە.. هێند مامەوە
گەڕامەوەو بووم بە شەراب
لەو ساتەوە عەشقێك لەمن ئەخواتەوە
نەئەو دەمم لێ هەڵئەگرێ و
نەمن كۆتاییم بۆ هەیەو
نەهیچ ڕەنگێكی دیكەی تر وەك شەرابیی
لەناو خۆیدا غەرقم ئەكات!.

**سێیەم تابلۆ:**

لە ئاخ و داخی ((زەرد))ەوە
رۆژێ نامەیەكەم بۆهات
زەرفی نامە لە توێكڵەژانی نێرگزێ تەنكتربوو
لەمدیوەوە، دیوی ئەودیوی تەنیایی ئاوارەبوون
هەمووی دیار بوو
وەختێ نامەیشم كردەوە
ئاگاییم بوو بە خەو بینین
وەختێ زانیم سەدان پەپوولەی پەمەیی
لەناو چاوما هەڵئەفڕین و هەڵئەوەرین.

**تابلۆی چوارەم:**

من حەزێ بووم خۆڵەمێشیی

نەم ئەزانی ڕەنگی ماچی کچ چ ڕەنگە
لەسۆراخی ئەو ڕەنگەدا لێوی خۆمکرد بە باڵندە
لەدوای لێوت ماچم بینی
ڕەنگاڵەیی لەناوناخما ئەتکێتەوە
بۆ خۆیشم بووم بەتەیرێکی ڕەنگاڵەیی

**تابلۆی پێنجەم:**
ڕەنگت ئەوەندە ناسکە
گوڵ بریندارت ئەکاتو
ئەوەندەیش ڕەنگت خوێن گەرمە
لەژێر بەفرا قوڵپ ئەداتو
هەر لەنێوان ناسکییت و خوێن گەرمیتا
من ڕەنگێکی پایزەیی ژەنگارمو
وا خەریکە باڕێزەکەی عومر ئەمبا!

**تابلۆی شەشەم:**
زەریای بەسامو کەشتییەك،
ڕەنگی نەهات.
هاژەی شەو و، ڕەوە قرش و، مانگە شەوێکی ترساو و
((با))یەکی شێت.
زەریای بەسامو کەشتییەك،
ڕەنگی نەهات.

له خەون دوورتر کەنارە و
له ڕەنگی وولاتیش دوورتر چراکانە و
ئەوەی نزیك بێ هەر بزەی سمێڵەکەی قاچاخچییەو
ئاوێکە شێت.
بەحری ئیجەو کەشتییەکی پیرەمێردوو
فەرهادێك و شیرینێك و ڕەنگێکی شێت.
زەریای سامدار
کەشتییەکی سەرەونخون
ڕەنگێکی مۆن
هاژەی مەرگو
گەلەقرشێ
خەون بە زیندویی ئەخۆن!

**تابلۆی حەوتەم:**

دوێ شەو جڤینێکمان هەبوو
زوربەی ڕەنگە ناودارەکان لەلام بوونو
تا درەنگانێ مانەوە.
((زەرد)) له پووشووی ئەم پاییزە،
شەپقەیەکی بۆ کردبووم. لێم وەرگرتو کردمەسەری
زەردەپەڕی خەمێکی خۆم، وەختی هەستان
منیش هەورێکی بزۆزی شپرزەیی سەرم دایە
کەپڕی بوو لەباگژەی بێ دالدەیی و

**له نمەنمی تەنیایی و له مەوسیمی شیعرپژان!**

**لای ((سوور))ەوه زامێك هاتبوو کرمانجیی**

**باریکەله چون خەیاڵی بەلاڵوك و بەبریسکه**

**چون مەراقی ڕەنگی ژاڵه و**

**بۆینباخی گوڵ ئەستێرەی ((یەڵماز گۆنای)) له ملدابوو.**

**وەختێ ئەدوا.. پریشك له قسەی ئەبۆوەو**

**وەختێ ئەڕۆی گوڵ هەنار شوێنی ئەکەوت و**

**کەوەختێکیش لەبەردەمی پاشه ڕۆژدا ڕائەوەستا..**

**شاخ ئەچووه سەر شانی شاخو..**

**لەچوارلاوه بۆیشی ئەبوون به کامێرا..**

**لای((کەسك))ەوه سنەوبەرێ میوانم بوو**

**مژدەیەکی لەش پاراوو هەرزەکاربوو**

**گیرفانی پڕ لەبەهارو**

**کۆڵەپشتی وەرزەکانی پڕ ئاوێنەو پڕ گۆڤارو**

**درەختێکی خوێندەوار بوو.**

**ئەستێرەیەکی بچکۆله بەقەد تۆپێ**

**لەلای ((شین))ەوه هاتبوو**

**وەختێ کەوته نێو باوەشم**

**هەربەسەرنج هێدی هێدی شینی کردم و**

**لەوساتەوه ساماڵ چاوەمو**

**زەریایش لەشم!**

**تابلۆی هەشتەم:**

لەتابلۆما ڕەش و سپیی

بەرایییەك لەدەشتی زەین دروست ئەکەن

نیوەی هەتاو، نیوەی سێبەر.

کە هەتاو بچێ بۆ سەفەر

سێبەر ئەخاتە پاشکۆی و دوور دوور ئەڕوا..

ئەوسا ئیتر لە تابلۆما بەفر ئەبارێ و

قەلەڕەشکە پەیدا ئەبێ و سەوزیش ئەنوێ

دیسانەوە جارێکی تر ڕەش و سپی

بەدوای یەکتردا دێنەوە..

ئەمجارەیان ئەویان قژی ژنەکەمە کە ((با)) ئەیباو

ئەویتریان شەوقدانەوەی شیعرێکی خۆم.

لەتابلۆما ڕەش وسپیی

ئەچنە ناو ڕۆحی یەکەوە..

چارشێوەکانی ڕواڵەت فڕێ ئەدەن

ڕەنگە، هاواری سترانێ ڕەش پۆش بێت و

ڕەنگە برینێك سپی پۆش

ئەشێ ئازارێك سپی بێ و

گوڵزارێ ڕەش !.

لەتابلۆما ڕەش و سپی

من هەندێ جار.. ڕەشەکانم پێ ئەکەنن و

سپیم ئەگری.

**تابلۆی نۆیەم:**

ئەشێ لای تۆ ڕەنگی زەرد ببێ بە ڕەنگی تێكشكان و
ڕەنگی باوێشكدانی پایز، ببێ بەڕەنگی ئاویكلەی
هیوایەكی كزو نەخۆش، ببێ بە ڕەنگی دابڕان
لەنێوانی دوو گۆرانیی و دووباڵندەو دوو دڵداردا..
كەچی لای من هەر ئەو ڕەنگە
ئەبێ بەڕەنگی پێكەنین
ئەبێ بە ڕەنگی دیداری ئێوارانی خۆشەویستیو
بەمانگە شەوی خەوبینین.
هەردوو، كێڵگەی گوڵە بەڕۆژە و زاری خۆر
وام پێ ئەڵێن.
ئەشێ لای تۆ ((شین)) هەر ڕەنگی هەڵفڕینو
شەقژن بێت و ڕەنگی بەرزیی و ڕەنگی یاڵی ئەسپی زەریاو
ڕەنگی نەینووكی ساماڵ و ڕەنگی نیگاكانی ئەوین.
كەچی لای من هەر ئەو ڕەنگە
ئەبێ بەڕەنگی ترساوی منداڵیم و ڕەنگی پرسیاری
ناو سەرم و گیر ئەخوات و وەك ئەستێرە
لەژورێكدا حەپس ئەكرێ.
ئەشێ لای تۆ ڕەنگی ڕەش ببێ بەڕەنگی
مەرگی باخچەو ڕەنگی گریان و تابووتی سەرنجدان و
پرسەی ئاوو، لاوانەوەی گوڵە باخو،
تارمایی ژین..

کەچی لای من هەر ئەو ڕەنگە
ئەبێ بەجوانترین ڕەنگی پرشنگداری دەم بەخەندەو
ئەبێ بە شەوی مۆسیقاو بەرگی بەفرو
بە خوێنی گەرمی خەمێکی شێوە شیرین
وەختێ یارم، گوڵی سپیم
تاریکیەك لەبەر ئەکاو ڕەش ئەپۆشێ.

**تابلۆی دەیەم:**
ڕەنگ هەیە دوور لە پێکدادان
بەهێمنی، بێ وەی بۆ خۆی، لەناو جێگەکەیدا ئەمرێ.
وەکو ڕەنگی ((پەناگیری))
_گەردوون پڕە لەم ڕەنگانە_
ڕەنگ هەیە عەشق ئەیباتە ناو زریانەوەو
لەناو تۆف و ڕەهێڵەدا ئەبزوێت و گەرا ئەخاو
سەردەردێنێ و لەگێژاودا زۆران ئەگرێ و
لەنێو گەرداویشدا ئەمرێ
وەك ڕەنگەکانی باوەڕو
چون ڕەنگەکانی سەربەستی!

**تابلۆی یانزەهەم:**
من لە وەرزی دابڕاندا..
پەڕەمووچم کرد بەناو قوڵایی زەردا

زەرد گرتمی و
زەرد ڕایکێشام بۆ بنەوە
لەو ساتەوە من بووم بە زەردە ماسییەك
جۆگە جۆگەو ڕووبار ڕووبار ئەگەڕێمو
لەسۆراخی خەونەکانی یاقوتێکدام،
لێلاو لەگەڵ خۆیدا بردیو لێلاو لەمنی شاردەوەو
هەرچەند ئەکەم نایدۆزمەوە.
ڕەنگت فێربووە گشت شەوێ
وەنەوشەیی ئەهێنێتە نێو ژوورمەوە
وشەم ئێستا وەنەوشەیی و من خەیاڵم وەنەوشەیی و
خۆشەویستی وەنەوشەییش
بووە بەبادەی ڕوانینم و
لە پەیمانەی شیلانەیی چاوەکانتا ئەیخۆمەوە.
هەتا ئێستاش،
مەگەر ئاوێنە ڕەنگی عومری خۆم بیرخاتەوە
ئەگینا من لەو ڕەنگانەم وەکوو سەروو
بەتەنها هەرئاوی سەوزی یەکەم عەشق و
یەکەم ماچم لەناو ڕۆحدا ماوەتەوە.
من تەمەنم
پلوسکێکە.. لەگشت بەدەر
لەخوارەوە چەندە ساڵی لەبەر برژێ و لەبەر بڕوا..
لەسەرەوە، لە ڕنوەکانی عەشقەوە، دووئەوەندە

ساڵی سەوزو ئاوی عومری
وەنەوشەیی ئەچێتەسەر

**تابلۆی دوانزەهەم:**
کە شەو داهات
لەناو دۆڵێکی وڵاتدا
لەهەر کوێیەك خۆت بتەوێ
ئەتوانی سێ ڕەنگ تێکەڵکەی
بەیەکەوە و لەناو یەکداو لەناو دۆڵدا
تێکیان هەڵدەی:
((شەوی مەرگ و
لمی سەحراو
زریکەی کۆچ..))
بەیەکەوە تا بەیانی بیانشێلی
ئەنجام ڕەنگێك دروست ئەبێ، ڕەنگێکی نوێ
پێی ئەڵێن: ڕەنگی ((ئەنفالیی))!
ڕەنگە ئەنفالیەکان، بەردەوام ئێواران، لەخۆرنشین و
زەردەپەڕ وردئەبنەوەو چیرۆکی خۆیان ئەگێڕنەوە.
یەکەم چیرۆکی نێو ڕەنگدانەکەی من بەمجۆرە کەوتە دووان:

ئێواران، هەمووجار، ئێواران
مەراقم زەردەیەك لێی ئەداو هەڵئەبێ

**لەگەڵ خۆم مەراقی داگیرساو هەڵئەگرم**

**ئەیبەمە دەرەوە بەر دەرگای کوختەکەم**

**لەو دەشتە هەردووکمان پێکەوە ئەچینە سەر چیچکان**

**هەردووکمان پێکەوە دەستێکمان ئەخەینە ژێر چەنەو**

**بەرەو خوار بەرەو خوار ئەڕوانین**

**هەتاکوو تخووبی خەو بینین، ئەوپەڕی پێدەشتی نامۆیی**

**ئەوپەڕی سنوری بێدەنگی، ئەڕوانین**

**پێکەوە تەماشای وەرینی ڕووناکیی و وەرینی گۆرانیی و**

**تەماشای ڕێی کۆچ و مردنی ڕەنگ ئەکەین**

**مەراقم هەزارەو خۆم یەکێك**

**سەد بەژنی خەیاڵ و خۆم بەژنێك.**

**ئێواران هەمووجار ئێواران**

**لە ژێڵاڵ پۆلەمەل: ڕەش، سپی، خاڵ خاڵ و زەردباوو**

**پەمەیی و نارنجیی**

**دێنەوە بۆ ئێرە**

**ئەو کاتە مەراقم لابەلا سەیرێکی سووتانم ئەکات و پێم ئەڵێ:**

**تۆ بڵێی ئەوانیش ڕۆژێ بێ، زەردو سوور**

**بەکۆمەڵ لە ژێڵاڵ هەمدیسان بێنەوە بۆ ئێرە؟!**

**من ناوم ((کوێستان))ە**

**ژنێکی کەلاریم**

**بەڕێکەوت، هەربەناو، ((کوێستان))م**

**ئەگینا من پڕم لەگڕەو**

**ئەگینا من باوکم لەخێڵی پەنگرەو**

**من دایکم لە هۆزی ژیلەمۆو سوتانە.**

**تەنیام و بێوەژن.. خۆم و خوا**

**تەنیام و بێوەژن.. وەك تاقە ڕەشماڵێ**

**لەبەردەم گردێکی رووتەنا.**

**شۆڕەبی هەڵقرچاو لەبەردەم چۆمێکی وشکدا**

**لەو ئەچم.**

**ڕەنگیشم لەڕەنگی ڕەشتاڵەی**

**خەمێکی تەڵخ ئەچێ و**

**ژیانم سێبەری کون کونەو**

**ئەستێرەی بەختیشم ئاوێنەی شکاوەو**

**خەندەیشم گەر هەبێ، ئەوە هەر جریوەی زامانە.**

**لەبەردەم هەتاوە سوورەکەی**

**نێرینەی ڕۆژگاردا، ڕەنگێکی مێیینەی چوواوەم.**

**توخمی من، لەم ناوە، هەر ئەڵێی تریفەی ژێر هەوری**

**مانگێکی ترساوە.توخمی من،**

**لاسکە گیای ژێر پێیەو هەمیشە و هەمیشە**

**ئاوێکی گریاوە. ئەوەتەی لەبیرمە خەنجەری سمێڵدار مۆڕەی**

**دێ و و نەڕەی دێ و هەر بەژوور سەرمەوە وەستاوە.چەمۆڵەی**

**جەستەمم. چەمۆڵەی دەشت ودەر، چەمۆڵەی شاخ و داخ. ڕووخسارم**

**نانێکی سووتاوەو بەژنیشم بانیژەی حەزێکی روخاوە. ئەوەتەی**

**ڕەگەزم بیرێتی: من جەستەم ماسییە لەتۆڕی پیاواندا گیراوە.**

ئەوەتەی لەبیرمە سێبەرم و تارمایی گوناهم و ئەوەتەی لەبیرمە،
من گسکی ناو ماڵم و لە هێلکەی پیس ئەچم و
بەختیشم لەپووش‌و پەلاشی سەرئاوە.
دەمێکە لەشیشم وەك ڕۆحم گلمتکی
تینوەو هەربە شوێن ئۆخژنی ڕەنگیکی پاراودا گەڕاوە. ئەوەتەی
لەبیرمە((خەیاڵم)) ئەویشم هەرهی خۆم نەبووەو هی پیاوە:
منداڵ بووم براکەم نەیئەهێشت
ئەستێرەی بەورشەی ئاسمانیش بۆمن بێ
گەشێکی دائەنا بۆ خۆی و
ئەبوایە کزێکیان هی من بێ
ژاڵەبووم گەورەبووم.. چون ئازار غەدریشیان
لەگەڵما گەورەکرد.. ڕەنگ بووم و ڕەنگ نەبووم
مێینەی ڕەنگێ بووم هەربەزۆر تێکەڵی ڕەنگێکی
نێرینە کرام و.. وا شووم کرد.. ژنێکی کەلاریم،
من ڕەنگی سوتماکیی و ڕەنگدانی ئەنفالییم
حەوت ڕەنگ بووین لە خەونی باخێکدا
سێ ڕەنگی مێینەو چوار ڕەنگی نێرینە
حەوت ڕەنگ بووین لەباوەش گوڵدانی گردێکدا
ڕۆژێکیان ڕۆژی حەشر، ئێوارە
ڕۆژێکیان قیامەت نەفخی سوور، ئێوارە لەپڕدا. ئێوارە
هاتن و خۆیانکرد بەزام و زریکەو ناو ژان و
ناو ماڵو ناو باخدا. خۆیان کرد بەخەون و خەیاڵدا ئێوارە

((بارق)) هات.
مردن هات بەجلی عەسکەری و
بەتاج و نەجمەوە.
((بارق)) هات.
غەزەب هات بەخودەی ئاسن و، ئاگر هات
بەجووتێ چەکمەوە..
بەلا هات خۆلاویی و سەحرا هات
بەگڤەو لورەوە.
دۆلپا هات پۆستالی پۆلارێژ لەپێداو
تاعوون هات عەگالی لەسەرداو،
زمانی شینکیی خۆم پێش تیغی سەرملم ئەکەوت و،
قەمسەلەی خاڵ خاڵی دووکەڵ و عاگولی لەبەردا.
قاچی خۆم، قاچی خۆم، ئەچووە ناو بۆسەوە بۆسەرم و
دەستی خۆم، دەستی خۆم، تابوتی چێ ئەکرد بۆ لەشم و
پەنجەی خۆم، پەنجەی خۆم، ئاگری لەشارای گیانی خۆم بەرئەداو
ڕەنگی خۆم سوتاوو ڕەنگی خۆم سوتێنەر
ڕەنگی خۆم جامانەی بۆ حەربە ئەبەست و
دەنگی خۆم پێش هاوەن ئەکەوت و
چاوی خۆم، چاوی خۆم، چاوی خۆم
هەناوم و کانیم و چرامی نیشانی عوجاج و لم ئەدا.
ئێوارە لەپڕدا ئێوارە، بارق و کاسکێت و یاشێخ و جامانەو
پشتێنی گوڵ گوڵی و خەنجەری دەبان و

دووربینی گەردن و دەمانچەی کەلەکەو
شەڕواڵ و دزداشەو شەجەرەی سەییدو تێکەڵەی خەفیفەو
غەوارە بەجلی دەبابەو کڵاوی ڕاجیمەو چاویلکەی قەمەوە
پێکەوە هاتن و خۆیان کرد بە ماڵە سەوزەکەی ڕەحماندا
بەژوورە سپییەکەی قورئانداو
لەسیمای نوورانیی میحرابدا
لەوێدا، گۆشاوگۆش
سورەتی ((بەقەرەو نیساء))و
((مریەم و یوسفیان))،
وەك مانگا زەردەکەی خانزادوو
یوسفی هەڵەبجەو
ئاسکەکەی مەولەوی‌و
مریەمی بادینان سەربڕی!
لەوێدا کوت کوتی گۆشتیشیان لەزەرفی
کاغەزی کوژراوی کتێبی خودادا بەشکردوو
لەوێوە، من خێری گۆشتێکی حەڵاڵ و شیرین بووم
قوربانیی ئاسیای بچووك بووم، لەوێوە
بۆ دوورگەی عەرەب و ماڵانی ئەمەوی و تا تکریت
یەك بەیەك ئەندامی جەستەمیان
بەئێسك‌و خوێنەوە بەخشیەوە!
ڕۆژێکیان، ڕۆژی حەشر ئێوارە
ڕۆژێکیان، قیامەت، نەفخی سوور، ئێوارە

هاتن و حەوت ڕەنگ بووین بردیانین
ئێواران هەموو جار ئێواران، لەو دەشتە
مەراقم، زەردەیەك لێی ئەداو هەڵئەبێ.
لەگەڵ خۆم قوتیلکەی مەراقی داگیرساو هەڵئەگرم
ئەیبەمە دەرەوە بەر دەرگای کوختەکەم، لەوێدا،
بەرامبەر ڕەنگی خواو چاوی خوا ڕایئەگرم
بۆئەوەی تێکەڵی پەنهانیی ئەوبم و
لەڕەنگی نادیاردا خومگەری تەنیایی و نەهێنی شەوبم و
لەچاویا ئەستێرەی سەرسامبوون بژمێرم!.
ئێواران هەموو جار ئێواران، ((با)) دێنمە ناو ڕەنگی،
ئەنفالیی خۆمەوە، ((با)) ئیتر بەڕەنگی ئەنفالیی ڕەنگ ئەبێ،
((با)) وەکوو دەشت ئەگری و با وە کو خۆڵ ئەگری و
کڕووزەی ڕەنگێکی زامدارو بێ داڵدەی لێوەدێ.((با)) ئەدوێو
هەر ئەدوێ و فوو ئەکا بەباڵای کون کونی ژیانماو
شەش تەرمی ئاوازو شەش ڕەنگی قوربانیم..
پێکەوە لەکفنی شەش هەوری کۆچەردا هەڵئەگرێ. ئەو باسی
سەفەری درێژی ناو لم و جیهانی ((عەرعەر))م بۆ ئەکاو کۆستیشم
پێدەشتی پاراوی جەستەمەو  مەراقم کەروێشکەی تیا ئەکاو ئازارم
سەرانسەر هەر گوێیەو گوێ ئەگرێ!
ئێواران هەموو جار ئێواران
هەڵئەسم شەش کراس، شەش ڕەنگی کوژراوو
شەش وەرزی خڵتانی ئەشکەنجەم ئەهێنمە دەرەوە،

بەردەرگای ماڵەکەم
شەش کراس، ڕائەکەن، باوەشم پیائەکەن
شەش پارچە کراسی ڕەنگاو ڕەنگ
کراسی هەر شەشیان سیانیان مێ و سیانیان نێر
ئەیانکەم بە پەتی تەنافی بەردەمماو
لەسیلەی ئەسرینی چاومەوە سەرنجیان لێ ئەدەم.
دوای تۆزێ ڕەنگەکان ئەوانیش بەکاوخۆ ئەدوێن و ئەجوڵێن
ئەوەیان: کراسە شینەکەی باوکیانە
ئەو وەختەی ئەمبینێ
گیرفانی پڕ ئەبێ لەخەندەو
بەرۆکیش گوڵێکی شین ئەگرێ. ئەو وەختەی ئەمدوێنێ
هەر دوو قۆڵ دەس ئەکەن بەسەماو
ملیوان ئەبێتە کۆترێ و هەڵئەفڕێ.
ئەوەیشیان کراسە کەسکەکەی گەورەکیژ
تائێستەیش ئاودامان هەر بۆنی گۆرانیی زیرەك و
مامڵێی لێوە دێ. ئەمبینێ و ئەبێتە پەڵەیەك
لەپوونگەی گوێ کانیی ئەوسای ((دێ)).
ئەویتر کراسە مۆرەکەی ڕیحانەی بچکۆلە
ئەمبینێ و لە جێی خۆی شەماڵی ڕەنگینەو هەڵئەکاو
کزیەك لە گڕەم ئەدات و
دەرونم و ئامێزم و ناو قژم
پڕ ئەکا لە وردە پەپوولە.

ئەو دووانەیش کراسی هەردوو کوڕ زەردو سوور
قریوە ڕۆئەکەن لەدەشتی بەردەمماو
دوو جوانون ئەو وەختەی لەخەوما غار ئەکەن
لەژووری تەنەکەو لەهۆدەی خەفەتما
تۆزو خۆڵ لە کۆستم هەڵئەسێ.
ئەمەیشیان کراسی خامەکەی ڕەزێیەو
تائێستەیش بریسکەی ئاڵ ئاڵی لەشینکی تورنجیی و
لیمۆیی لێوە دێ.
ئێواران هەموو جار ئێواران
شەش کراس کە دەورەم لێ ئەدەن
من ئەکەن بەکەلی گورگە زێو
ڕەنگاو ڕەنگ باوەشم پیائەکەن.
شەش کراس، شەش ڕەنگی، بێ سەرو بێ شوێن و
شەش ڕەنگی ڕەوەندی ناو لم و شەش ((با)) ی وێڵ،
شەش سەراب، شەش هاوار، ئێواران هەموو جار
ئێواران، من ئەکەن بە داری چاوەڕێو بنچکی چاوەڕێو
نە دێن و نە دیارن و نە مۆمێك لە ژانما هەڵئەکەن.
من ناوم ((کوێستان))ە
ژنێکم کەلاری و
ڕەگەزم لەڕەنگی دووکەڵەو
ولاتم لە ڕەنگی سێلاوەو
پێناسەم لە ڕەنگی ڤیژەیەو

چاویشم لە ڕەنگی پێدەشتی شەوانە.
ئێستاکە تەمەنم چل ئاخی تەواوە و
سەریشم بۆ ڕەنگی کۆچکردووی شەش ئەوین
ئێواران هەموو جار ئێواران مۆمدانە.
ئێواران هەموو جار ئێواران
خۆ بەخۆم
بەڕەنگی بۆشایی و تەنیای خۆم ئەڵێم:

ڕەنگە ((زمناکۆ)) ئەو ڕەنگەی بیر نەمابێ
کەجارێکیان لەناکاوێ
لەڕەشاوێکی هەڵکێشاو
تووشی پرسەو گریانێکی بەکوڵی کرد.
ڕەنگە ((سیروان)) ئەو ڕەنگەی بیر چوبێتەوە
کە زستانێك لەگەڵ لافاوێکدا
هات و لێڵاوی چاوی داهێناو
بۆ ماوەیەك هەر کوێری کرد.
لەوانەیەو ڕەنگە هەموو تەیرەکانی
ناو ئاسمانی باوەشاسوار، ئەو ڕەنگەیان بیر نەمابێ
کە جارێکیان، لە خوارێ ڕا، وەك ڕەنگێکی بۆرەقنەی
گەردەلوولێ لەپڕ هات و
ڕەنگی عەشقێکی بەهارەی لە کۆشدا کوشت.
لەوانەیە، باخەکانی پرتەقاڵ و

دار هەناری شارەبان و
گوڵە بەرِۆژەی دەشتی دوز هەندێ ڕەنگیان بیر نەمابێ
تەور بەدەس چۆن هاتن و
لەناوقەدا، ڕەنگی ئەوینیان بڕیەوەو
دوو دوو سێ سێ لەپاڵ پەرژینێکی نزما:
پێکەنینی جۆگە ئاوو
حیکایەتی منداڵان و گۆرانیەکانی گەنم و جۆو
ڕەنگی خۆزگەو بارانیان کوشت.. ڕەنگە هیچیان بیر نەمابێ!.
بەڵام.. بەڵام..
بەڵام تەنها تاقە ڕەنگێ..
کەڕەنگی ئاوی گۆڕیوەو
ئاو ناتوانێ وەك ئۆکسجین لەپێك هاتەی دەرهاوێژێو
وەك سەرچاوە، لەبیری خۆی بباتەوە..
تاقە ڕەنگێ کە چۆتە ناو دەروونی قوڵی بەردەوەو بەرد ناتوانێ
وەکو زەڕڕە لە جەستەی خۆی بکاتەوە. تاقە ڕەنگێ کە بۆتە
ڕەنگی فڕین و مەل ناتوانێ وەکوو هەوا لە باڵی خۆی بکاتەوە...
تاقە ڕەنگێ کە بۆتە ڕەنگی زەمان و ڕەنگی جێگەو سەعات
ناتوانێ لە چرکەی بکاتەوە.. گوڵە بەڕۆژە لە چاوی. باخی پرتەقاڵ
لە دەنکی، گوڵی دار هەنار لە ڕەنگی، شار لە شەقام ، زمان
لە فەرهەنگ و وشەی، شاخ لە لوتکەی، ئەم وڵاتە لە سك و
زای، ڕۆژەکانی و ڕۆژمێریش لە داهاتووی بکاتەوە:
ئەنفالەو ڕەنگی ئەنفالەو ڕەنگی ئێمە ڕەنگی مێژوو

ئەنفالەو ڕەنگی ئەنفالەو ڕەنگی ئێمەو ڕەنگی
ئەنفالەو ڕەنگی ئەنفالەو ڕەنگی ئێمەو
ئەنفالەو ڕەنگی ئەنفالەو ڕەنگی
ئەنفالەو ڕەنگی ئەنفالە
ئەنفالە و ڕەنگی
ئەنفالە !
((لاوانەوەی شیعریَ بۆڕەنگێکی بچکۆلەی ناو ئەنفال،
لاواندنەوەیەك دوابەدوای درێژەی
کۆچ و ونبوونی هەزاران ڕەنگی زەردو سوورو
نەگەڕانەوەی هەزاران گولَ و ئاوێنەو ملوانکەو بازن و مێخەکی نێو مالَ!))
مەگری ڕەنگە بچکۆلەکە
تۆ لە مانای ئەم سەفەرە شینە ناگەی
لە زەمانی کۆچ تیَ ناگەی!
ڕەشەباکان و زیلەکان پەلەیان بوو لە مردن پەلەتریان بوو
ڕەشەباکان لە پێچێکدا تۆیان لە دەست کەوتە خواریَ و
نەوەستان و درەنگیان بوو.
مەگری ڕەنگە بچکۆلەکە
ڕەنگی ئالَی ناو بەیانیی
مەگری تۆ لەم ڕۆژگارە تێناگەی
تۆ لە مانای خۆرئاوابوونی بەیانیان
لە دووکەلَی سەفەر ناگەی!
بچکۆلەیت و تۆ چووزانی چەند درێژە کۆچی سورو

هەناسەکانی ڕێی عەرعەر
مەگری ڕەنگە بچکۆلەکە!. ڕەنگی زنە. ڕەنگی شەمامەی
خاڵ خاڵ و ڕەنگی هەنگ و ڕەنگی تێکەڵی زەنگیانەو
ڕەنگی کزەو ڕەنگی شنە. مەگری ڕەنگە بچکۆلەکە!.
مەگری با بنە دەوەنێ لەم دەشتەدا. نەتبینێت و ئەویش بگری
کە ئەو گریا پەپوولەیەك پێ بزانێ و ئەویش بگری لە فرمێسکی
پەپوولەوە باخ بیزانێ و ئەویش بگری و کە دار گریا
بەردیش بگری و
لە فرمێسکی بەردیشەوە
گریانی بتەنێتەوە بنار  بگری و لوتکە بگری و
گوڵە کێویلەکان بگرین،
مەگری با باڵندەیەك نەتبینێ و
ئەویش بگری کە ئەو گریا
ئەمجارە ((با)) بەکوڵ بگری و
کە((با)) گریا ئاسمان بگری و
لە گریانی ئاویشەوە،
مەراقێ بتەنێتەوە هەموو جەستەی
ئەم نەخشەیە و ئەم ڕەنگدانە بگرێتەوە
مەگری ڕەنگە بچکۆلەکە مەگری
لە کوڵی گریانی تۆدا وا خەریکە
وڵاتێ سوێی ئەبێتەوە!.
**((گەڕانەوەیەك بۆ لای گیتارە خۆشەویستەکەی ((ئازاد)) و**

**هەموو ئەو ڕەنگانەی کە لەڕەنگدانی دۆڵێکدا و لەژووره نسرمەکاندا خەویان بەئایندەی سپی و خۆرەتاوی ئازادییەوە ئەبینی))**

له هەڵەمووتی مەرگەوە و لە هەڵدێری ڕەنگەکاندا.
لە زەمانی قووچو خزی تەمەنێکی بەگینگڵ و دژوارەوە،
چەند ئومێدی زێڕین ئاسای خەونی ئێمە بە تروسکەو پریشکەوە
چون گلۆڵەیەك لە پرشنگ پەرت پەرت بوون و لەو
دوندەوە بەربوونەوەو یان وەکوو شوشەی مانگە شەو
کەوتنەخوارێ و وردوخاش بوون. وەك نەبووبن چوونەوە
ناو ڕەنگەکانی بەر لە ((بوون)) و هەپرون هەپرون تێکەڵ
بە سرووشت بوونەوەو لێمان ونبوون!
لەو دۆڵەدا
کە ڕەنگمان تیا ئەکرد بە دەنگ
دەنگیش بە قووڵپەقوڵپی ئاو
ڕەشمان تیا ئەکرد بە سەوزو
سووریش بە ڕێگاکانی چاو
لەو دۆڵەدا..
گیتارەکەت دەم و لێوی ڕووبارێکی دیکەی ڕەنگ بوو
هەموو جارێ لەناو دەربەندی ڕۆحماندا پلە پلەو ملە ملە هەڵیئەکرد
وەکوو کلوو ئەیبردینو ئەیدانە دەست وژەوژی ئەفسونی ((با))
گیتارەکەت لەو دۆڵەدا سەمای ڕەنگەکانی شارو پەنجەکانی
شارستانی و پرچی ژنو زەردەخەنەی پاشەڕۆژی منداڵان بوو.
یەکەم جاربوو گوڵەکێوی‌و گاشەبەردو هەوای ئەوێ

لەو ڕەنگی دەنگە ببیسن‌و
لە ئەشکەوت‌و کەوێڵەوە بجولێن‌و بێنە دەرێ.
وەختێ گیتارت لێ ئەدا.
لەبن زوقم‌و سەهۆڵەوە گوڵە هەتاوێ ئەبزووت‌و
لە سکی گردی تینوویشدا
زنە ساوایەك ئەجوولا. وەختێ گیتارت لێ ئەدا
ڕەنگ هەر ڕەنگی لێ ئەبۆوەو،
ئەبوون بە هەزار، ڕەنگی جیا.
خۆت‌و گیتار ڕەنگتان لە ڕەنگی چنارە زیزەکان‌و
لە چرای کزی شەوانەی ژووری قوڕو
لە ڕووخساری ((ژیلوان)) ئەچوو.
گیتارەکەت ڕەنگی قوربانیی ئەژەنی. لە هەوادا ڕەنگەکان
ئەخەنینەوە. ڕەنگەکان ئەبوون بە ڕشتەی بیرەوەری داگیرساوو
بە زەنگیانەی هەڵفڕیوو
لەناو ژاندا چەخماخەیان ئەدایەوەو
لە دوایشدا ئەبوون بە ئاگری سەرچیا.
گیتارەکەت ڕەنگی قوربانیی ئەژەنی،
ئەیکرد بە تۆف‌و با پووسکە.
قوربانیەکان بە جلی گوڵەهێرۆوە- یەکە یەکە ئەهاتنەوەو
لە گەڵماندا دائەنیشتن‌و پەروانەبوون دەوریان ئەدا لە
چراکە. گیتارەکەت بەهاری ناو باوەشت بوو، پەنجەکانی دەستی
ڕاستت لە فەزای شینی ئاوازدا ئەبوون بە مەل‌و باڵندە،

ئەیانخوێندو  شەقزنیان بوو.
گیتارەکەت ڕەنگی ژنو
باڵای ژنو کەزیی ئەوانی ئەژەنی
ژێی یادگارو ژێی ڕەنگی
کۆچی بێ وادەی ئەژەنی.
ئاوازەکان وەك باڵندە، ئەڕژانە ناو ژوورەوە.
ئێمەیش ئەبووین بەدرەختو کونە شاخو بە هێلانە
ئاوازەکان پەیقی ڕەنگینی گیتار بوون لەسەر باڵی سەمەندەری
ئەفسانەیی ئەیانبردینەوە بۆ شار. ئەچووینەوە سەرشەقامو
ناو ژوورەکانی کتێبو سەرشانۆکانی دراماو بەر ئاوێنەی
لاپەڕەکانی ڕۆژنامە. ئینجا ئەبووین بە حەزێکی پیرۆزەیی ،
بە نقێمێ لە موستیلەی پەنجەی یارداو لە دواییشدا هەموو
ئەبووین بە چەند دڵۆپێکی زیوین لە نێو چاوانی گیتاردا.
لەو دۆڵەدا
لە شەوێکدا هاتم بۆ لات، ڕەنگ بەستبووی
کرێوەی ڕەنگی مێژوو بوو،
چون دەستی بەردو دەستی دار
دەستی وشەیشم  تەزیبوو.
گیتارەکەت لەسەرمادا تانگۆیەکی گرمۆڵەبوو.
لەسەر ڕەفەو لەناو باوەشی کتێبدا هەڵئەلەرزی.
بەڵام تۆ خۆت ڕەنگی گەرمی سروودێ بووی
لەناو هەناوی شەختەدا

پشكۆت تیا ئەگەشایەوەو

روو لە ((با))یەكی درێش بووی.

شیعرەكانم بە چوارمشقی لە ژووری سەماو ئاوازدا دائەنیشتن.

گیتارەكەت دائەگرتو بە ڕۆح گەرمت ئەكردەوە.

ئەوسا ئیتر لەنێوانی پەنجەكانتا ڕەنگ هەڵئەقوڵی.

لە چاویشتا تروسكایی ئاگری دوورو ، شەبەقێكی ئێجگار كاڵی،

ئەودیو تەمی چارەنووسمان دەرئەكەوتن.

ئاوازەكان هەڵئەگیرسان

ئەتكرد بە چراخانی ڕەنگ

ئەبووین بە باخی خەیاڵ و لەناو ڕەنگی دەنگەكاندا

كە یەكەم گزنگ لێی ئەداین سەرو ملمان پرتەقاڵیی‌و

تەنیاییشمان زەردێكی كاڵ هەڵئەگەڕا.

كە ((با))ی ئاخیش هەڵیئەكرد.. تاریك ئەبووین

ئەبووینەوە بە تارمایی‌و بە بنچكو دەوەنی شاخ

لەو دۆڵەدا

لەیەك ڕەنگیی سیاسەتو

لەیەك ڕەنگیی كتێبەكان یاخیی ئەبووین.

بۆئەوەی جۆگەی خەونەكان ڕەنگین بكەین:

ژنو كتێبو مۆسیقاو دڵداریمان ئەكردە ناو.

بۆ ئەوەی سەرمان بكەینە مێرگو بژوێن

تیشكی جیاجیاو دەنگی جیاجیاو

بەیەكەوە ڕەنگی دژمان تێدا ئەڕوان.

لەو دۆڵەدا، گیتارەکەت، باران، بارانی ئەباران
لە وەختێکدا باران هەر لەولاترەوە یەخسیری نێو سیاساڵ بوو.
گیتارەکەت دنیایەکی ئەهێنایە ئەو دۆڵەوە
بەڕەنگی تر تەماشامانی ئەگۆڕیو
بەڕەنگی تر ئەیکردینەوە بە منداڵ.
لەو دۆڵەدا ڕەنگەکانمان برسیی بوونو
وەختێ ژەم بوردە ئەچوونە ناو ڕەنگەکانی بێهۆشیو نووستنەوە
خەویان بە ڕەنگی شیرینیو،
ڕەنگی چەوریو
ڕەنگی گۆشتەوە ئەبینی:
لە خەویاندا داروبەردو بەفرو گڵێش
ئەبوون بە خۆراکی جیاجیاو
ڕیز ئەبوونو ئەچوونە سەر
سفرەو خوانی بەتامو بۆی
هەمەڕەنگی خواردەمەنی
هاوڕێیەکم، پارتیزان، ڕەنگ برژاوێکی کەرکوکیی
جارێك گێڕایەوەو وتی: من شەوێکیان هەر لە خەوما، کەرتی
دابڕاوی کەندێك، چین چین زەردو چین چین سپیو لەسەرەوەیش
ڕەنگ قاوەیی لەبەرچاوم بوو بە کێکێك، لەو خەوەدا،
تیپەکەمان، ڕەنگ ماندووەکانی بیستو یەك، هەموو نیشتبووینە
سەریو کەچی سوچێکی گەورەکێك کەل نەئەبوو. هەر لەخەوما
دوورە ڕنوی بەفری کێوێك، لەبەرچاوم،

ئەبوو بە دووگی هەڵواسراو،
لەبەرچاوم لەمپەڕەوە هەتا ئەوپەڕ، کێڵەبەردو بنەداری ڕەش
هەڵگەڕاو ئەبوون بە بزنو ڕانەمەڕ، دەنکە چەو ئەبوو بە چوکلێت
هەور ئەبوو بە پەشمەكو
گڵەسوور ئەبوو بە حەڵواو،
لەوسەریش ڕا،
لەبەرچاوم گردی زیخی ڕێ و ڕێ و ڤات ڤات،
ئەبوو بەیەك سەفەرتاسی ئێجگار گەورەو
هاڵاوی چێشتێکی تازەی لێ هەڵئەسا.
لەو دۆڵەدا ڕەنگەکانمان بێ کاڵا بوون،
ڕەنگەکانمان خەویان بە کراسی سپیو
بە ڤاتێکی ڕەنگ زەیتوونیو
بە گوڵی سەر بۆینباخو
قۆپچەی سەرقۆڵەوە ئەدی.
من هەندێجار لەناو خەوی ڕەنگ پۆشتەدا خۆم ئەگۆڕی:
لەپەڕەی پانی گوڵ هێرۆ کراسی سپیم ئەدووریو لە گەڵاکانی
دار گوێزیش ڤاتێکی جوانی زەیتوونیو لەتەڵاشی گەورە گەورەی
دارستانیش پاڵتۆیەكو لە گوڵەکانی دەمەشێر بۆینباخو لەدەمی
خونچە سەد قۆپچەو.. وەختێ خەبەرم ئەبۆوە، تاقە ڤاتی،
خاکیی بەرم بای سارد کرژی کردۆتەوەو، بن میچ دڵۆپە ئەکاتو
ژوورەکەیشم وەکوو لەشم لەسەرماندا هەڵئەلەرزی.
لەودۆڵەدا ڕەنگەکانمان بێ ژن بوونو ڕەنگی بێ ژن

له ژیانی خۆمان ئەچوو: لە پەنجەرەی بێ شووشەمان،
لە ڕەنگی نایلۆنی بەربا وەختێ سوچێکی بەرئەبوو.
لە ڕەنگی پەتووی سەر دەرگا کە بارانی هەڵئەمژی‌و
لانەئەدراو قورس قورس ئەبوو،
ڕەنگی بێ ژن، ڕەنگی لایتی دەستمان بوو،
وەختێ لە ڕۆیشتنی شەودا، لە نیوەی ڕێ،
یان پیلەکانی ئەمردوو یان چاوی تەواو کز ئەبوو.
ڕەنگی بێ ژن، لەو دۆڵەدا، لە ڕەنگی پێخەفی چڵکن،
لە کراسە بێ قۆپچەکان، لە سوراحی دەسك شکاو، لە ڕەنگی
زەردی پڵێتەی زۆپایش ئەچوو، کاتێ ئیتر شین نەئەبوو.
ڕەنگی بێ ژن، لە ڕەنگی کەمانچەی کزی بێ مۆسیقار،
لە ڕەسمێکی بێ چوارچێوەی کەمێك دڕاو،
لە ڕەنگی پشکۆی کوژاوە..
لەڕەنگی ئەو خۆڵەمێشەی دەرمان ئەداو
ڕەنگی بێ ژن ، لە ڕەنگی ئەو دارەیش ئەچوو، لە چاوەڕێی
بارانێکدا لەسەر گردێ تاق‌و تەنیا ڕاوەستابێ‌و بە چواردەوریا
هەربڕوانێ‌و بەڵام ئیتر نەباران بێ و نە کۆتایی بێ چاوەڕێ.
ڕۆژەکانی ڕەنگی بێ ژن..
لە پەڕەپەڕەی دەفتەری هەڵوەشاوو
شەوەکانی ڕەنگی بێ ژن.. لە پرتەپرتی فانۆزێ
لەبەردەمی گژەباداو..
لە تەنیایی قەڵەم پاندانێکیش ئەچوو..

مەرەكەبی تیا نەمابێ و هیچ نەنوسێ،
لەو دۆڵەدا، ئەو وەختەی ڕەنگی بێ ژنم،
ئەچووە ناو ڕەنگی مێینەی خەوێكەوە،
ئیتر خەو بۆنی ئەگریجەو بۆنی ڕەنگێكی ناسكو
بۆنی شەمامەی خاڵ خاڵو
بۆنی خۆشی ژنی ئەگرت.
لە ژێر هەرزاڵی خەوێكدا،
لەبەرچاوم، دارهەناری بەر ژوورەكەم،
ئەبوو بەژنێ سوور پۆشو
ئەچووە گوێ كەناری چۆمو
چاوم لێبوو، پارچە پارچە گەڵای بەریو
گوڵی جلی دائەكەندوو
رووت ئەبوەوەو، لەسەر سینەی بەرەڵڵاوە،
هەردوو مەمان بەرەو لای من هەڵئەفڕینو
هێواش هێواش لەسەر دەسم ئەنیشتنەوە.
هەر لەخەودا ئەبوومەوە
بەڕەنگێكی گەرم گەرمی هەرزەكارو لەسەفەری
هەنگوینیدا ، ئەچوومەوە ژووری ئاڵی یەكەم شەوو
لەسەر چرپای تیشك و پەموو،
بەهارێك بووم پاڵ ئەكەوتم،
بووكەكەی خۆم، سپی سپی لەگەڵ ماچی ڕەنگ پەمەییو
بەدەم باڕێزەی حەزەوە،

ئارەزووی سوور ئەهاتەوە نێو باوەشم.
ئەو وەختەی ئەمویست نزیکی ڕەنگی تێکەڵبوون ببمەوە..
لەپڕ خەبەرم ئەبۆوە ،
سەرینی پەڕ لە باوەشداو، تووڕە تووڕە
سەرینەکەم تووڕ هەڵئەداو،
چاویشم ئەنووقاندەوە، تا خەوی نوقسان تەواوبێ و
جارێکی تر بووکەکەی
خۆم ببینمەوە!.

لەو دۆڵەدا کە منداڵانمان ئەبینی:
تەیروتواڵی ڕەنگ کزی گوندنشین و جوجکی نەخۆشی کولانەو،
نەو نەمامی لارە مل و ڕەنگی رووتوقووتی هیواو،
تەراخومای چاوی کانی و گوڵمان ئەدی.
لەو دۆڵەدا کەمنداڵانمان ئەبینی، بەیەکەوە
سەهۆڵ و پشکۆی لەرزوتاو، ڕەنگی ورێنەی پەلکە گیاو،
ڕەنگی وێرانەی مەکتەب و ڕەنگی مەرگی نەخۆشخانەو،
شوشەی کوژراوی دەرمان و ڕەنگی کلۆڵیمان ئەدی.
لەو دۆڵەدا ورەی تەیارە ڕەنگێکی دێزی هەبوو
وەختێ ئەهات،
سیمای ئاسمانێکی شیرین،
لەپڕێکدا وەکو سیمای گرژی پیرە ژەنەڕاڵێکی لێ ئەهات،
ناشرین و تاڵ تاڵ ئەبوو.

هەندێ جاریش لەو دۆڵەدا
مردن هێند نزیك ئەبۆوە:
نینۆکەکانی پەنجەیی و چەناگەیی و بزەی چاویمان ئەبینی.
لەو دۆڵەدا، ڕەنگی شەهید
ڕەنگی هەق بوو، وەختێ کە سوور هەڵئەگەڕا.
ڕەنگی تەنیایی ئێمەیش بوو، وەختێ دنیا
لە ڕیزدا دەری ئەکردوو ئەیدایە دەس تاعوونی ((با)).
ڕەنگی سەرکەوتن لە ڕەنگی یاقووتی بەر باران ئەچوو
لەڕەنگی خەندەی هەتاوێك، دزەبکاو بێتە ژوورێ
لەبێشەلآنی تاریکدا.
ڕەنگی پاشەکشەو ڕەنگی هەڵاتنی تفەنگ
لە ڕەنگی ونبوونی ڕێگا لەڕێبوارو،
لە ڕەنگی  باڵی شکاوی هەلۆیەك و
لە بێدەنگبوونی ڕەشەباو لە زریانێکی شەل ئەچوو
لەو دۆڵەدا ڕەنگی ئێمە بۆیە مابوو
ڕەنگی ئێمە بۆیە ئەژیا
چونکە هێشتا ئاواتێکی ڕەنگ زیوینی لە ناودابوو
چونکە هێشتا ڕەنگی ئاوازێکی سپیی .. لە گیتارەکەی ئازادو
لە ژێی دڵیەوە ئەهاتو
هەموو ڕۆژێ ((ڕۆژباش))ێکی سەوزوتەڕی
لە ئایندەمان ئەکردو ئەوسا ئیتر بەرچەکانی ناو خەونو
بە توولە ڕێی ناو برسێتی و ئێستەماندا هەڵئەگەڕا!

ئازاد! ئەی هاوڕێی ڕەنگی شاخ‌و
ڕەنگی سروودو
ڕەنگی خەو..
ئەی هاوڕێی هەموو ڕەنگە ئازادەکان!
دوای چەندین ساڵی خۆکوژی ڕەنگەکان و
پەرت پەرت بوونی ئاوازەکان،
لەدوای ئاوابوونی لەشت و مانگی سەوزی گیتارەکەت:
لە ((ئۆسلۆدا)) زەردەپەڕێك،
لەسەر بەفری درەوشاوە، وەك تورنجی رۆکردبێ‌و
شەقام بووبێ بە خامەکی ئاڵی لەشی،
ئەو هەتاوە بە جێماوە،
ئێوارەیەك کە غەمگینتر بوو لە شیعری ئاوارەم‌و
بێ تاقەتتر لە زمانی بێ هاوڕێی کوردیم لەوێ.
لە ڕێکەوتێکی زەردباودا ، لەسەر بەفری بەر زەردەپەڕ
لەسەر جادەیەك بێ ڕێبوار،
چۆڵ‌و درێژ
چون جادەکانی ئازاری دوای ئەنفالم،
تووشی هاتم،
گۆرانییە بێوەژنەکەت ، مامزە بێوەژنەکەت،
درەختە بێوەژنەکەت.
تووشی هاتم. کە دیم ئەتوت گیتارەکەت ئەبینمەوە.
لەوکاتەدا تورنجەکانی زەردەپەڕ

کاڵبوونەوەو ، گەواڵەیەك لە هەوری دوور
هەر لەشێوەی گیتارێکدا
نزیك بۆوەو نزم بۆوەو، هێندەی نەبرد
گیتار بەسەر هەردووکماندا باریو
لە دواییشدا بێدەنگ بێدەنگ بێ ڕەنگ بێ ڕەنگ
تۆ بەرەو ژوور من بەرەو خوار، لەیەکتری جویێ بووینەوە!.

**(( ڕەنگی ئاوارەم لە کافتیریایەکی ئۆسلۆدا، لە**
**نهۆمی دەیەمدا شیعرێکی نووسیی!))**

تەنیایی لە شوێنی بڵندا بۆ ڕەنگی ئاوارەم ئەبێتە جۆلانە
هەمدیسان لە هەمان کافتیریای ڕەنگاڵەی فڕیوی نهۆمی دەیەمم
من ئێستا پێش خەڵکی خوارەوە، نوێترین پەپوولەی ئەم بەفرەو
نوێترین سەمای ئەو لەباوەش ڕەنگێکی شیریدا ئەبینم.
لە هەمان چایخانەی ڕەنگاڵەی پەنجەرە بازنەییی نهۆمی دەیەمم
چەند جوانە کەناوی ئەم جێیەش ((باڵندەی باران))ە
ئەڵێی من لەشەوی ڕەهێڵەی وشەدا
ئەم ناوەم لێ ناوەو
وا ئەویش گەرمو گوڕ لە سەرمای ژێر سفری قوتبێکدا
بۆم بۆتە باوەشی پڕ پووشووی زەردەڵەی ، هێلانە،
لە هەمان چایخانەی ڕەنگاڵەی
پەنجەرە بازنەیی نهۆمی دەیەمم
هەرلەسەر قەنەفەی گوڵ گوڵیی ڕۆژانەی لە هەفتە زیاترم دانیشتووم.

کات ڕۆژەو نیوەڕۆی لەش سپیی ، کەچی من
بوولێڵێ هاتۆتە سەر مێزم و
وا تازە خەریکی نووسینی شەوێکی درێژی ڕەشپۆشم
ئەنووسم تاریکی ئەئاژووم دوور ئەڕۆم، دوای تۆزێ
لەسیلەی دێڕێکدا وشەیەك بەگیرم ئەهێنێ و ئەوەستم
ڕەشنووسم ئەشلەژێو ناچارم
ئەو کورسیە شکاوەی ژێر وشەم لابدەم.
بەدەنگێ شقارتە بەرەولای جگەرەی نێوانی دوولێوم
گڕێکی بچکۆلە هەڵئەکەم
شەوقێکی مەیلەو ئاڵ خۆی ئەدا لە شووشەی چاویلکەم
ئەنووسم.. لە هەمان چایخانەی ڕەنگاڵەی
پەنجەرە بازنەیی نهۆمی دەیەمم
من ئێستا لە گەشتی ناو ڕەنگدا
میوانی ناوبەفری نەرویجم
لە ڕێی کام ڕەنگەوە هاتم؟!
کۆچی ڕەنگێکی سەرابیی پێشم کەوت و
منی گەیاندە نزیکی بارەگای خواو
لای بەتریقی قوتبی ژوورو.
ڕەنگەکانی  ناونیشتمان بە دەستی یەکتر ئەکوژران
بە شوێن  سپیدا ئەگەڕام
ڕەنگێك.. هێورمکاتەوەو سەری ماندووم لە هەورێکدا ڕابژەنێ.
خۆمدایە دەست کۆچی ڕەنگێکی سەرابییو خەو بردمی

بەیانییەکی تەماوی لە بۆشایی یەکەم باوێشکی زەریادا
گیرسامەوە. هەڵبەستێکی کەڕولاڵ بووم
من نەعلەتی سەرهەلگرتووی شاخو داخ بووم
ئەمویست سەری لە نیشتماندا لێ کەوتووم لە هەندەران بدۆزمەوە
کەچی نە ئەوم دۆزیەوەو نە ئەو نەعلەتەم لێبۆوە.
لە چاوەڕێی نامەیەکدا
دە ساڵ پۆستێکی بەتاڵ بووم
من هەڵم بووم
کۆچی ڕەنگێکی سەرابیی دوور بردمی
بۆ ناو خەونێ و
کەچی نە کۆچ بڕایەوەو
نە ئەو خەونەیشم هاتەدی

لە دەفری خاڵیی غوربەتا
لە ڕەنگی وشەو ڕەنگی خەم
من زیاترم نییە  ئێستا لەگەڵ یەکدا تێکەڵیانکەم
بۆ ئەوەی ڕەنگێ دروست کەم
بۆ تەنیاییم  تازەبێتو
لە دوای خۆیشم
چاوی ئێوەو فرمێسکتان بکا بە شایەت!.
من نانووسم
من تەنها وەختێ ئەنووسم

**که نووسینم بیرچێتەوەو**

**که رووناکیم تیا نەمێنیٚو**

**تاریکیی بکەم بە شایەت!**

**وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە**

**درڕدۆنگن ڕەنگەکانی من**

**وەك درڕدۆنگیی دەمو چاوو دەروونی خۆم**

**لەیەك ساتدا من چاوێکم دووکەڵ کێشەو**

**ئەویتریان تاقە بۆ مۆم.**

**درڕدۆنگن ڕەنگەکانی من**

**چون درڕدۆنگیی دەستەکانم**

**لەیەك ساتدا من دەستێکم وا لەناودەستی ژیانداو**

**کەچی دەستەکەی تریشم هەرهەمان سات**

**ڕامئەکێشێ بەرەو ڕەنگی دۆزەخێکی پڕ مەرگەسات.**

**دوودڵن ڕەنگەکانی من**

**چون دوودڵیی پەیڤەکانم**

**لەیەك ساتدا ڕەنگێکم ئەیکا بە تۆفو**

**ڕەنگێکی ترم لەولاوە ڕۆژژمێری سیاساڵە.**

**من خاوەن ڕەنگێکی ڕاڕام**

**پڕم لە قەوزەی گومانو**

**پڕم لە رەڵمی* نائارام**

**ئەو دەمەی تۆ وائەزانی بای دڵنیا من ئەباتو**

---

* رەڵم : وردە زیخو لمی بن کانی و رووبار

کەشتیم دوورە لە گەرداوو
گەییومەتە ڕۆخی ئارام
هەر ئەو ساتە من چارۆگەی  دڕدۆنگیمو
مەراقێکم بنم کونەو ئاو تێم ئەچێو
بووم بە بەڵام!

وەرە ناو ڕەنگەکانمەوە
لەبەرهەتاو لە تەنیاییم وردبیتەوە ڕەنگێکی زۆرکاڵ ئەبینی
ڕەنگێکی مت، ڕەنگێکی مات،
ئەوە ڕۆحی منداڵیمە لە شووشە بەندی عومرما
ماوەتەوەو نیازی نییە قەت بێدەنگیی جێبێڵێتو
سەفەر بکات
لەبەر چرای کزی ژووری: لە خەیاڵم  وردبیتەوە،
ڕەنگێکی زۆر تۆخ ئەبینیت، ڕەنگێکی چڕ، ڕەنگێکی بێ بزەو
خەندە، ئەوەیش کراسەکەی دایکمە
وا لەبەری ڕابوردومداو نیازی نییە
قەت فرێی باو ڕەنگێکی تر لەبەربکات، لەبەر ئاوێنەی دەروونما،
لە ڕاڕایم وردبیتەوە، ڕەنگێکی دڕدۆنگ ئەبینی، دەمێ زەردەو
دەمێ شینەو دەمێکی تر هیچیان نییەو بەردەوامیش بەدەوری
خۆیدا خول ئەخوات. ئەوەیش ڕەنگی ئەو ترسەیە
وەکوو خڵتە لەناو ناخما ماوەتەوەو نیازی نییە قوڵایی خۆی
قەت دەربدات. لەبەر بڵێسەی گڕێکیش لە پیاوەتیم وردبیتەوە

ڕەنگێکی سوور، ڕەنگێکی زۆر زەق ئەبینی ، ئەوەیش ڕەنگە
مەغرورەکەی نێرینەیە
لوتی کردۆتە ئاسمانو
نیازی نییە بێتە خوارێو
جێ بۆ یەکسانی چۆڵ بکات.
لەبەر تیشکی مانگەشەوێ،
لە ئەوینم ورد بیتەوە، ڕەنگێکی
سادەی مۆری کاڵ بەدی ئەکەیت،
ڕەنگێکی هێدیو لەسەرخۆ،
ڕەنگێکی پڕ لە تریقە،
ئەوە ڕەنگی یەکەم کچە کە خۆشمویست،
ڕەنگێ کە ڕەنگی چاویشمەو، ڕەنگی دەنگمەو،
ڕەنگی بۆنمەو، نیازی نییە هەرگیز ڕۆژێ
یادگاری خۆی جێبێڵێو
یان پێم بڵێ: کۆتاییم هات!

**(( گۆرانییەکی نەخشین بۆ ئەو کچە سەوزەڵەیەی**
**ڕەنگەکانی منی پۆشیو منیش دوراو دوور**
**ئەم پەلکەزێڕینەم بۆ نووسیو لە دواییدا کردمە ملی))**

هەر دوور بەدوور بوو بینیمی
تۆ لەولاوە سپی پۆش بوویت

لەم لاوە من هەستم ئەكرد
بەفر پرووشەم تیا ئەكات.
هەر دوور بەدوور بوو بینیمی
تۆ لەولاوە كەسك پۆش بوویت
لەم لاوە من هەستم ئەكرد
شیعر شكۆفەم تیا ئەكات.
هەر دووربە دوور بوو بینیمی.
زەردپۆش بوویتو
من لەم لاوە هەستم ئەكرد
بای خەزان تیامدا هەڵئەكات.
هەر دوور بە دوور بوو بینیمی
شین پۆش بوویتو
من لەم لاوە هەستم ئەكرد
دەریاچەیەك بانگم ئەكات.
ئەڵێم ئەگەر نزیك بیتو باوەشێكت پێدا بكەم
ببین بە هەورە برووسكەو لەیەك بدەین
ئەبێ ئەوسا لەم شارەدا
بارانی چەند ڕەنگ دابكات؟!
وەرە ناو ڕەنگەكانمەوە
بە ڕەنگدا من پێ ئەزانم ئەو ڕۆژە بۆنی چیت لێدی.
بە ڕەنگدا من پێ ئەزانم ئەو ڕۆژە دەنگت غەمگینە،
یان بەختیار؟!

له ناو ڕەنگدا تفت و تاڵیت یان شیرینیت تام ئەکەمو
له ناو ڕەنگدا ئەتخوێنمەوە گەشیت یان سیس؟!
بە ڕەنگیشدا پێ ئەزانم لەوکاتەدا
تۆ بیر لەچی ئەکەیتەوە.. هەربە ڕەنگیشدا ئەزانم
تۆ ئەوساتە خۆشت ئەوێم
یاخود بێزاری لە ڕەنگم!.
وەرە ناو ڕەنگەکانمەوە
کە خولیای خۆمو جوانیی تۆم ئاوێتەکرد

ڕەنگێك دروست بوو نە زەردبوو
نەسپیی بوو.. نە شینی کاڵ
ڕەنگێك زیاتر هەر لەڕەنگی
گۆرانییەکی ئاوارەو
بارانێکی غەمگین ئەچوو.
کە وشەی خۆمو بزەی تۆم لە ناویەکدا ئاوێتە کرد
ڕەنگێك دروست بوو نە کەسك بوو
نە زەیتوونی و نە مۆری کاڵ
ڕەنگێك زیاتر هەر لە ڕەنگی
شپرزەیی گەڵایەکی دەم باپووسکەو
شڵەژانی کوت و پڕی تاریکیەك لەبەردەمی رووناکیداو
ڕەنگێك زیاتر هەر لە ڕەنگی شکانەوەی
جۆگەیەکی دوودڵ ئەچوو!.

که ئێوارەی کۆچکردنت و بێدەنگیتم
لە ناویەکدا ئاوێتەکرد
ڕەنگێك دروستبوو، نەئاڵ بوو نە یاقووتیی‌و
نە سووری کاڵ..
ڕەنگێك زیاتر هەر لەڕەنگی ئاوابوونی مانگی سەری شاعیرێك‌و
سەرگەردانیی هۆنراوەیەك لەناو زمانەکەی خۆیداو
ڕەنگێك زیاتر هەر لەڕەنگی ((مەولەوی)) دوای شانزەی مارت‌و
هەر لەڕەنگی گژوگیای دوای ئەنفال ئەچوو!
وەرە ناو ڕەنگەکانمەوە
ڕەنگی هەژارو بێدالْدە، ڕەنگی ئاوارەو پەشمووردە
ڕەنگی نانمە لە گریانی پارویەکداو ڕەنگی ئاومە لە هەنسکی
دێراوێکداو ڕەنگی بەرەڵلاّی ئاژەڵی بێ چەپەرو بێ خاوەنی
گوم ناوومە.. لەو دەشتەدا..
ڕەنگی ڕاونراوە ڕەنگم، لەم خەریتەی دووکەڵەدا، هێڵێ نییە
بۆ سنووری هەڵقرچانم‌و نە بۆشایی باوەشێکم پیا ئەکات‌و
نە ڕەنگی کۆست بۆ ساتێکیش دەست لە کۆتەڵم بەرئەدات.
کە دانیشتم ئاوێنەم‌و لە پشتەوە ئەمکرێنن‌و تۆخ بم کاڵم
ئەکەنەوەو بجریوێنم ئەمسڕنەوەو گەر هەڵیشسم ڕەنگێکی دیم
بەسەردا قلْپ ئەکەنەوە.
ڕەنگی بێ شەوق‌و تریقەی ماڵی خۆمم..
وەکوو ئاوێنەی وردوخاش لە ژێر پاژنەی ئەفسەرێکدا
ڕەنگی بێ شەوق‌و تریقەی دەرکراوم.

چون کۆترێکی کەرکوکیی
لەهێلانەی ئەغیارێکداو
چون ڕەنگی کچە فەیلیەك لە پشتی شەوی زیلێکدا.
هەموو قولانجێ لە هاوار، هەموو بستێکیش لە ئازار،
لەبالآی ئەم نەخشەیەدا، ڕەنگی منە
توونی باباو ئاوی ئاموون ، ڕەنگی منە
من لەناو بێ ڕەنگیی خوادا،
ڕەنگی تەنیاییم گرتەوە.
لەبێ شوێنی خودایشەوە،
بێ شوێنم‌و بێ نیشتمان..
ڕەچەڵەکم لە بێکەسیی خوداوەیەو
شەجەرەی من ئەچێتەوە، سەر نامۆیی پیاوێ بێناو.
شەجەرەی من ئەچێتەوە، سەر تەنیایی دارێ سووتاو.
شەجەرەی من بریتییە لە پژوپۆی ئەو دووکەڵەی
گەڕۆکە ئاگرەکەی لەشی‌و، ئاگردانیشی بێجێیە
لەهەر شوێنێ پووشووی زەردو پزیزکێکی ژانی لێبێ،
ئەو لەوێیە!

(( فاکسنامەیەك لە خەوێکی سەرهەڵگرتووی هەندەرانەوە
بۆ ناوەوەی وڵات‌و بۆ هەرکەسێ قسەی ئەوو دەردی ئەوی
مەبەست بێ یان مەبەست نەبێ!))
ناوم خەونەو

جگە لە ڕەنگی مۆتەکەو  وێنەکانی

خەوێکی خۆشم نەدیوە.

من لە خەوما یان ئەبم بە:  بەرانێکی سپیی کێویو

لە ڕەوەزێکدا ئەسووتێم..

یاخوود ئەبم بە قەڵەمێکی فیرارو، بە شەقامی

شاری خۆمدا ڕاوئەنرێم!

خەوێکی تەمەن سی ساڵم

بەیانییەك، ئەو وەختەی جادەکانی شار، بۆ یەکەم جار

جلی ترسیان لەبەری خۆیان داکەندوو،

سرودو مەشخەڵو خەندە

هەموو ڕژانە گۆڕەپان.

من ئەو کاتە پەنجەیەکی دەستی چەپی ڕاپەڕین بووم.

سێ برابووین، برایەکم لەسەیرانێکی ((گزار))دا، ئەو زەمانە

کردیان بە بوتڵێکی خاڵیی کۆلاو

لەسەر شانی حەوتی نیسان نایانەوە بەنیشانە..

براکەی دیم.. هەربۆ خۆشییو هەربۆ قاقای فەرماندەیەك

هەڵیانگرتو خستیانە ناو لوولەی تۆپێ و هەر ئەوەندەو

ئیتر برا.. لەپێش ئەسپەکەی میعراجدا..

گەیشتە ناو بارەگای خوا!.

باوکم فیشەك لغی کۆنو باڵای عەقڵی خانەبڕبوو..

دایکم تامرد.. هەر گوڵاڵە فرمێسکی تازەی ئەدایەو..

دایکم تامرد.. هەر قەلەڕەش جلەکانی خۆی ئەدایەو

من خەوێکی سی ساڵانەم.. من نیوەڕۆی سی ساڵانەم..
پڕم لە گڕەی ئارەزوو
تا لاتان بووم، ڕەنگی نانو ڕەنگی ژنو ڕەنگی ماڵێکی
بچکۆلەو، ڕەنگی پرسیاری نەترسم لە ئێوە ویست.
نانی خوێناویم پێ نەخوراو .. دەسم هەڵگرت
من ڕۆژێکیان لە شەقامی ناو شیعرێکدا ژنم ماچکرد..
بە بەردەکانی رەجمەوە خێو شوێنم کەوت تا شیعری گرت.
ژوورم پڕبوو لەوڕێنەی قاوغە فیشەك، ماڵم پڕبوو،
لەچاوی دز، لەدەستی دز، لە ڕەنگی دز..
من ڕەنگێکی ترسنۆك نیم.. بەڵام هەڵدێم
هەڵدێم لە ڕەنگی بکوژی ڕەنگدانی خۆم
هەڵدێم لە چاوەکانی باوکمو هەڵدێم..
هەڵدێم لە چوارچێوەی تابلۆکانیو هەڵدێم لە نیشتمانەکەی!
نیشتمانی من و باوکم دوو ڕەنگی بەیەك غەریبن
لە ناو نیشتمانی باوکما
تەنها هەریەك ڕەنگ سوڵتانەو
ڕەنگەکانی تر کۆیلەن.
ڕەنگم عەبدەو
هەڵدێم لە نیشتمانەکەی، زەوی حەرام.
پەیقی حەرام لەناو دەمماو
لەناو سەرماو
جووڵەی حەرام

لەناو لەشماو
ڕەنگی حەرامیش لەبەرما!
هەڵدێم لەیەك ڕەنگیی ژیان
لەپاسەوانی تەماشای
لە یاساوڵی ڕاوەستاو بەدیار ڕەنگی جیاوازمەوە
بەدیار دەنگمەوە چۆن ئەڕواو؟!
بەدیار دەسمەوە چی ئەکاو؟!
بەدیار لەشمەوە کامە ڕەنگ لەبەرئەکا؟!
هەڵدێم لەیەك ڕەنگیی ژیان.
لەپاسەوانی تەماشای
ڕەنگم حەپسەو هەڵدێم لە حەپسخانەکەی ناوسەری خۆم
لەوەردیانی تەماشای
لە ڕەنگە چەقۆکێشەکەی
کە ژن لە گیانما ڕاوئەنێو
پرسیار لەسەرما ڕاوئەنێو
ڕەنگی جیاوازم ئەکوژێ!

**((ڕەنگی بێزاریی تێبینیەك لەبارەی بەشی هەرەزۆری پیاوانی وڵاتەکەمەوە)).**
لەم وڵاتە عەقڵ قفڵو،
بێ کلیلەی مندا گەر پیاو،
لەم نیشتمانە ڕیشنەی مندا گەر پیاو،
ڕەنگ کوێریش بێو بگاتە نوختەی مزمەعیل

لەناو پێخەفی مەرگا بێ‌و
گیانیش بدا.
ئەوسایش گۆچانێکی پێیە
لەژن بدا!

**((ڕەنگێکی نارنجی هەمیشەیی و جێگیری وڵات .**
**نا ڕاستەوخۆ وەڵامێکی کورتی فاکسنامەکەی هەندەران ئەداتەوە))**
لەوانەیە بەیانییەك قەلەباچکەیێ قاچاخچی
تاقە درەختی حەوشەکەم فریوبداو هەزار گەڵای لێ بسێنێ‌و
لەدواییدا ئەویش هەڵبێ بۆ هەندەران.
((بەڵام ئەفسووس.. لەوێ هەرگیز درەختەکەم
جارێکی دی سەوز لەبەرناکاتەوەو ڕەقەڵەو وشك
لە پانتۆڵ‌و کراسێکی زەردا ئەمرێ!))
لەوانەیە بەیانییەك بەر لەوەی من لەخەو هەستم
پەنجەرەیەکی ماڵەکەم لەناو شووشەی خەیاڵێکدا
کۆشکێکی شۆخی ئەورووپای بینیبێت‌و
شەیدای بەژنی بەرزی بووبێ‌و
خۆی لەدیوار دەرکێشابێ‌و بە کڵۆوکۆی ئەو عەشقەوە
ڕایکردبێ بۆ هەندەران.
((بەڵام ئەفسووس..
من ئەزانم لەوێ نایکەن
بەپەنجەرەی کۆشکی شۆخ‌و

لەگەراجی سەردابێکدا تاقو تەنیا ڕائەوەستیّو
کەپیریش بوو
لەناو ژەنگێکدا قاوەیی بێدەنگ ئەمریّ!))
لەوانەیە نیوەشەوێك ئەستێرەیەکی ناو شیعرم
هەر بەڕێگای کاکێشاندا، ئەویش هەڵبیّو سەرهەلگریّو
شوێن مانگێکی دوورگەکانی ئەویّ کەویّو
بچێتە ژووری ئاوەوەو
نەگەڕێتەوە بۆ دیوان!.
((بەڵام ئەفسووس
من دڵنیام لەویّ هەرچەند بجریوێنیّو
بەهەردوو مشت زیو بڕێژیّ بۆ کەناری گۆمەکانو
لەویّ چەندە زێڕ ڕۆکاتە بەردەم شەوگار.. هەرچی بکا
هەرپێی ئەڵێن:
تۆ ئەستێرەی ئێمەنیتو بڕۆرەوە بۆ کوردستان!))
من ئاوازێکی نارنجیی ڕاپەڕینم
لەژێی گەرووی شاخو شەقام جویّ نابمەوە
تا دوا کلووی نۆتەکانم و تا دوا شەقەی باڵی ڕەنگم
لای گیتارەکەی ((ئازاد))و
لای ئێوارانی ((کوێستان))و
لای ئەڵڵاوەیسی ڕەشتاڵەی ((عەلی مەردان)) ئەمێنمەوە!.
وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە

من ڕەوازی* هاتو چۆی ڕەنگی تەنیاییم..
من ڕەوازی پیاسەی خولیاو چاوەڕوانیم..
من تەنیایی هێندە هاتوچۆی تیاکردووم
پەلکەگیایەك لەناو مندا شین نابێتو
تاقە گوڵێ لەناو مندا پێناکەنێ!.
من تەنیایی هێندە بەسەرما هاتووەو..
هێندە بەسەرما ڕۆیشتووەو.. هێندە منی پەستۆتەوەو
هێندە لیکی ڕۆژگاری خۆی پێداکردووم..
گەر بەڕێکەوت ڕیبۆارێکی نابەڵەدی دنیای خەنین
بێتە سەرم، لەسەر لووسیم هەڵئەخلیسکێو ئەکەوێتو
جارێکی دی بەلای مندا نایەتەوە.
من ڕەنگێکی هامووتام* و پەڕاگەندە
مەگەر هەر بێ ڕەنگیەکەی خوا.. من ببینێو من بناسێو
مەگەر هەرتەنها ڕەنگی ئەو لەمن بچێ!.
وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە!
من شاعیری ئەو ڕەنگانەم پڕن لە پەپوولەو خەیاڵ
من شاعیری ڕەنگی سادەم بۆ خۆم کاڵمو بۆ خۆم پڕم
لە پاکژیی ڕەنگی کێویو لە ئەستێرکی ڕوونو ساکار.
نە ڕەنگە تۆخو تێرەکان، نە شاڕەنگو نە میر ڕەنگو
نە شاژنە زێڕینەکان.. هیچیان هیچیان من ناناسن،

* ڕەواز: هەر شوێنێ کە زۆر هاتوچۆی تێدابکرێ
* هامووتا: پەڕاگەندە

ئەوەی بمناسێ هەر ڕەنگی هەژارانەو ڕەنگی عەشقەو
ڕەنگی خاکەو چاوی منداڵ!
من لە سووری تۆخ ئەترسم
بەڵام چیبکەم لەوەی کە دیم..
بەڵام چیبکەم لە نیشتمانی ناو خوێناو
ئەو هەموو شیعرەی پێ نووسیم!
من ئەبوایە هەر ڕەنگی سپی باڵم بێ
هەر بە ڕەنگی کەزیی ژنو بەدەنووکی
تیتراوسكو بە پوولەکەی وردە ماسیو
بە تریفە بمنوسیایە!
بەڵام چیبکەم لە ئاسمانێ، کەبەردەوام هەورێ دێنێ
پڕە لە شەستی زامانو پڕە لەشەستی گریانو
دووکەڵ ئەکا بەقەدەرم و چاوی مێژووم
هەر بە تەنها بەرایی ڕەنگی هامووتاو
کۆست ئەبینێ!
بۆ کوێ ئەڕۆی؟! ئەی ڕەنگی هەڵبزڕکاوی دەمادەمی تراویلکەو
ئەی ڕەنگی وەختی ئاویلکەو ئەی ڕەنگی پەژمووردەی پەرتو
ئەی ڕەنگی لانەوازی من؟! ئەڕۆی بۆ کوێ؟!
تۆ کوێت هەیە ڕووی تێ بکەی
جگە لە سەحرای ترافیە* و وێستگەکانی ڕەنگی هەڵمو
توانەوەتو بزربوونی

* ترافیە: ئاوارەییو غەریبی

ئەبەدیی خۆت؟! یەنا ئەبەیتە بەر کام ڕەنگ؟!
ئەچی بۆ کوێ؟!
لەسەرانسەری برینو لە جوگرافیای زوڵمدا،
لێرەو لەوێ، هەرچەند ڕەنگێ:
دەمو چاوی تێك شکاوو نەزیفی خوێنی دەنگیانو
زریکەیان لە تۆ ئەچێ!..
ڕەنگی کتێبی سوتاوو ڕەنگی ئاوێکی ڕاوەستاو
ڕەنگی تۆیە،
ڕەنگت کوژراو بە ڕەنگی خۆت ، تەماشاکە:
سەعات ژمێرێ خۆی خوێنی سەعاتی خۆی
بەزمان بلێسێتەوەو، شەقامێ پیادەڕەوی خۆی
بکا بە تابووت بۆ مەرگی ڕێبواری خۆی،
تەماشاکە: شاخێ بە ملپێچی
لوتکەی درەختی خۆی بخنکێنێو
لقو پۆپی تف لە ڕەگی خۆی بکاتو
تەماشاکە: پرچێ بۆ خۆی
ببێ بەپەتی سێدارە بۆ سەری خۆی، تەماشاکە:
پەنجەرەیەك چاوداگرێو
دەست درێژکاو پاچ بێنێتە سەر ژووری خۆی..
ئەبێ ئەو ڕەنگانە چی بن؟!
من بێ دەنگم و دە تۆ خۆت ناویان لێ بنێ؟!
ئەچی بۆ کوێ؟!

گەر بەتەمای لە ناو ڕەنگێکی  دیکەدا سەرمات گەرمی بێتەوە؟!
گەر بەتەمایت لەناو باوەشێکی تردا
جێگەی ڕەنگت ببێتەوە؟! ڕەنگێکی گەوج!

ئەڕۆی بۆ کوێ؟! ئەی ڕەنگی ژنی ڕۆژهەلأت
((ڕەنگی ژنان: وەختێ تێکەڵ بە ڕەنگەکانی قامچیو
ڕەنگی تەباخی موبەقو
ڕەنگی پێڵاوی پیاوانو
ڕەنگی مایینی ڕەسەنو
ڕەنگی عەقلێکی نوقسانو
ڕەنگی هەقی یەك لەسەر سێو
وەختێ تێکەڵ بە ڕەنگی دەوری بەرد ئەکرێ!))
ئەڕۆی بۆ کوێ ؟! ڕەنگی منداڵی ڕۆژهەلأت
((ڕەنگی منداڵ، وەختێ تێکەڵ: بە ڕەنگی دار حەیزەرانو
ڕەنگی شەقو ڕەنگی ترسو ڕەنگی پرسیاری قەدەغەو
ڕەنگی حەیوانی بچکۆلەو ڕەنگی کەڕیو ڕەنگی لاڵییو
تێکەڵ بە ڕەنگی زراوچووی ناو خەوێکی زڕاو ئەکرێ))
ئەڕۆی بۆکوێ؟!
ئەی ڕەنگی بۆری خەرافات؟!
ڕەنگی درنج.. ڕەنگی پەڕۆ.. ڕەنگی زرگو ڕەنگی فاڵو
ئەی ڕەنگی تۆخی پێستێکی هەزار ساڵە
ڕەنگی خەنجەری ئەزەلیی سەر گەردنمو

ڕەنگی خوێناویی شەوانەو ڕەنگی ڕۆژانەی کارەسات!

وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە!

با دەموچاوی ئەمشەوتان لە شەوانی ترتان نەچێ

با هیچ نەبێ بۆ چەند ساتێ بتانبەمە نێو بەرایی ڕەنگێکەوە

کە زەردێکی ئێجگار کاڵەو پەنجەرەی گوڵە لیمۆیەو

بەژنی کچێکی کەرکوکەو لە قەڵاوە ئێوارانێ

زەردە.. زەردە..

بەسەر عەشقماندا ئەڕوانێ!

وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە

با ڕەنگەکانی ئەمشەوتان لەشەوانی ترتان نەچێ

با هیچ نەبێ بۆ چەند ساتێ بتانبەمە ناو قوڵایی ڕەنگێکەوە

قاوەییەو بەڵام کاڵەو..

شێوەی لە خۆڵو گڵمتکەو

پێستی لە پێستی ئاسکەو.. لەگەڵ ((ئامەد))

لەیەکیان جوێ ناکەیتەوەو

لە چۆڵەوانی ڕەنگماندا ئەبارێنێ!.

وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە

با بیرەوەری ئەمشەوتان لەشەوانی ترتان نەچێ

با هیچ نەبێ بۆ چەند ساتێ بێنە ناو ئەو ڕەنگانەوە:

کە سووری زەق، کە سەوزی زەق

کە زەردی زەق ، هونەری زەق

هەموو دێنەوەو ئەبنەوە بە یادی ((حەسەن فەللاح*))و
لە ژووری ساردی حەمامدا لەسەر دیوار وەكو جاران
بۆ یەكەم جار چاوی شار زەق ئەكەنەوەو
ڕەسم ئەكەن بە ئاسۆكانی سەرنجدان.
وەرنە ناو ڕەنگەكانمەوە!.
با خولیاكانی ئەمشەوتان لە شەوانی ترتان نەچێ
با هیچ نەبێ بۆ چەند ساتێ بتانبەمە نێو بەرایی ڕەنگێكەوە
كە ئەویش مرد
مرد وەك ڕەنگی تاراو خەنەو ڕەنگی شایی‌و
ڕەنگی مارمارۆكەی سەرتەندوورو یان ڕەنگی تێكەڵی بەفرو
دۆشاو!. مرد وەك ڕەنگی پشكۆكانی ناو مقەڵی‌و
مرد چون ڕەنگی ئێسك سووكی باڕەكەوی بەرهەیوان‌و
ڕەنگی گۆزەی هاوینانی سەر سەربان‌و
ڕەنگی چیغو مانگەشەوو
مرد وەك ڕەنگی كارێزەكەی وەستا شەریف:
ئەویش ڕەنگی سادە سادەی خۆشەویستیی شارەكەم بوو
سادە سادە .. ساكار، ساكار
كە لە ڕەنگی قسەكانی خاڵە رەجەب، لە چوڕەی شیرێكی
تازەو، لە كارژۆڵەی تازە زاوو، لە ڕەنگی شیعرێكی
ئازای ئەحمەد* بەگو، لە سێ بازی ناو سەوزە گیاو،

* حەسەن فەللاح: لە پێشڕەوەكانی هونەری شێوەكاری لە كوردستانی عێراقدا.

* ئەحمەد بەگ: مەبەست لە (حەمدی) شاعیرە.

لە ڕەنگی حەمامیی ژنو، لە کەڵەشێری سەر بارەدارو،
لە ڕەنگەکانی چاوبازی و سەرەتاتکێی نێو دەروازەو،
لە تاقو شووشەی پەنجەرەی ڕەنگاو ڕەنگو
لە چریکەی ((دیلان)) ئەچوو!

**((تکایە سەنج بدەن من بەو شێوەیەی کەلە خوارەوەو**
**لەچەند نمونەیەکدا ڕیزبەندم کردوون،**
**بەو جۆرە، ڕەنگی شتەکان تێکەڵ ئەکەم بۆ ئەوەی پێکهاتەی**
**ڕەنگی تازەیان لیێ دروست بکەم))**
لە پێکێکدا ڕەنگی شیعرو ڕەنگی شەرابو ڕەنگی ژنو
ڕەنگی مۆسیقام کرد بە سەریەکدا، لە دواییدا ڕەنگێ
لەدایکبوو تازە ناوم نا ((ڕەنگی ئەوینیی))
کە قومێکم لێ خواردەوە
ڕەنگی ئەوینیی کردمی بەشەماڵو
بەمانگەشەوی هاوینیی.
لە ژوورێکدا ڕەنگی ڕۆمانو ڕەنگی فەلسەفەو
ڕەنگی زەینو ڕەنگی نووری پێغەمبەریم لەناو یەکتردا
تێکەڵ کرد، لە دواییدا ڕەنگێ لەدایك بوو تازە
ناوم لێ ناو پێم وت ((ڕەنگی بلیمەتیی))
کە خۆم هەڵکێشا لە ڕەنگی بلیمەتیی
لە پاش تۆزێ ئیتر من بووم
بە خەیاڵی ناو ژوورەکەی ((دستۆفیسکی))

له واگۆنی غەریبیدا ڕەنگی شەوو ڕەنگی وەڕسبوونو
ڕەنگی نیشتمان و ڕەنگی هەموو هاوڕێکانم و ڕەنگی تەمو
ڕەنگی دووکەڵی   جگەرەم تێکەڵ یەك کرد
ڕەنگێ لە دایك بوو تازە
ناوم نا ((ڕەنگی  تەنیایی))
کە چوویشمە ناو ئەم ڕەنگەوە
لە پاش تۆزێ، ئیتر من بووم بە بای وێڵو
بەشەقامی چۆڵو هۆڵو بەئازاری پیاسەکەری کەس نەناسو،
بەچەترێکی بەجێماوی ناو ترێنو، ئیتر من بووم بە
پۆستێکی لەڕێ ونبوو.. ئیتر ڕەنگم، بوو بە ڕەنگی
جانتاکەمو، ڕەنگی جانتام بوو بە ڕەنگی ژوورەکەمو
ژوورەکەیشم بوو بە ژووری نالیی و حاجی!
وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە
ئای کە ڕەنگی ترسنۆکم زۆرە
من بۆ خۆم ماڵەکەم  پڕە لەو ڕەنگانە
لە ڕەنگی کوێر
لە ڕەنگی لاڵ
لە ڕەنگی کەڕ
ئای کە ڕەنگی ترسنۆکم زۆرە
بۆ نمونە یەکێ لەو ڕەنگانەم رۆژێ
ڕۆژنامەیەکی گرتبوو بە دەستەوە
ڕەشو سپیی ئەخوێندەوە

رۆژنامە ناوی ((راستیی)) بوو
دوو هەنگاو لەولای ڕەنگمەوە
جامانەیەك ڕەش‌و سپیی لەملی گوڵێ ئاڵابوو
ڕەنگم دەستی لە ڕۆژنامەکە بەرنەدا
ئەو هەر ڕاستیی ئەخوێندەوەو
گوڵیش خنکا.
وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە..
ڕەنگی تەنیام ، ئاو پێی ئەڵێ لە شەپۆلم نەرمترى
گوڵ پێی ئەڵێ لە هەناسەم ناسکترى
وریای ڕەنگە تەنیاکەم بن..
ئەی بای دووری‌و لێك دابڕان!
وریای ڕەنگە تەنیاکەم بە
لەو سەرەوە کە هەڵتکرد لەم خوارەوە
خۆڵ نەکەیتە چاوانمەوەو ئاوم لێڵ کەیت
چونکە ئێستا لەخوار تۆوە شیعرێك لەمن ئەخواتەوە
بە روونی نەبێ مەراقی منی ناوێ‌و
بە تازەییش نەبێ هەرگیز
هەڵوەرینی گەڵاکانی خەونی ناوێ
وریای ڕەنگە تەنیاکەم بە!
بە ئەسپایی پێت لەسەر زەردەی دابنێ‌و
بە هێواشی بەلای پایزیا گوزەرکە!
نەبادا خەمی خەو سووکم، نەبادا ژووری خەو سووکم،

کسپەی بێدار ببێتەوەو، یان لەوحەیەکم داچڵەکێ.
بە هێواشی بەلای ئێوارەمدا ڕەتبە
نەبادا ئەم کۆچی ڕەنگە، پەڕەسێلکەی ڕەش‌و سپیی،
پەڕەسێلکەی لاواندنەوەی نزم فڕی ئەم حەسرەتەی لێ بتەرێ!
ئەی کۆچی ڕەنگ! کۆچی بینین
بەلای هەر دەوەنێکدا ڕەت ئەبی، پەپوولەیەك لە تەماشای
تەڕی من‌و یەکدوو دڵۆپ لەم بارانە ئاوارەیەم بەجێدێڵی
بەلای هەر یادێکدا ئەڕۆی، وەنەوشەیەك لە پەخشان‌و
لاپەڕەیەك لە چیرۆکی ڕەنگەکانم بەجێدێڵی، ئەی کۆچی ڕەنگ!
ئەی ڕەنگەکانی منداڵیی، ئەی ماسیە بچکۆلەکانی نێو ڕووباری
پیرۆزەیی، ئەی ڕەنگەکانی دڵداریی! ئەی ئارەزووی پڕ لە قوڵپی
ڕەنگاوڕەنگ‌و ئەی قریوەی وەك زەماوەند ڕەنگاو ڕەنگ و
هەست‌و نەستی ئەرخەوانیی!
((ئەو وەختەی دار کلۆر ئەبێ،
ئینجا ئیتر ئەچێتەوە بۆ لای پژوپۆی دێرینی‌و
بیر لە پەنجەرەی سەوزی ڕابوردووی ئەکاتەوەو ڕائەمێنێ.
تا مردن نزیك بێتەوە، پۆستەچیەکانی یادگار،
ژمارەیان زۆرتر ئەبێ‌و
ڕابوردوویش زیاتر ئەمدوێنێ.
وەختێ چاوی ڕەنگ کز ئەبێ‌و
ئاوی ڕەش دێ، ئینجا ئیتر، چاوی ناخم، ڕوونتر لە چاوی
ئێستاکەم، ڕەنگی  دوورو، ڕۆژی بەسەرچوو ئەبینێ))

ئەی ڕەنگەکانی منداڵیی! ئەی ڕەنگەکانی دڵداریی!
جارێکی دی لەگەڵ خۆتان بمبەنەوە بۆ ئەو ڕۆژەی:
ئەچوومە ناو بڵقی کەفی سابوونەوە
نە خوێندنەوەی کاتژمێری دەستی وەختو
نە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانی خەفەتو نە ڕەنگەکانی ئیرەییو
گەورەبوونم نەئەزانی!
لاسکە گیابووم‌و لە ڕەنگم نەئەگەیشتم
هێشتا فێری درۆی ڕەنگو
درۆی دەنگو درۆی تەماشا نەکرابووم.
ئەچیتەوە بەر ئاوێنە بچکۆلەکان
سەیری ڕووخساری خۆڵاویی و برینێکی ژێر چەناگەی
عەجولیی خۆت ئەکەیتەوە.
بەشانەی تەختە قژی پڕ دائەهێنی.
کلۆیەك شەکر ئەخەیتە ناو دەمتەوە.
لە ناکاودا چۆلەکەیەك لە پەنجەرەی کراوەوە دێتە ژووری
پەنجەرەکە دائەخەیتو لەناو ژووردا ڕاوی ئەنێی،
خۆت ئەکێشی بە دۆڵابدا،
شەکردانێكو قوتویەك بەرئەبنەوە.
کاشیەکی خۆشەویستی دایکت ئەشکێو
لەترساندا ئیتر ڕائەکەیتە دەرێ.
ئەچیتەوە بەر پرژەپرژی دڵداریی
یادگارت تنۆکی سارد لێی ئەداتو دائەچڵەکی.

((کووچەی گەڕەك لە هاوینانی جاراندا
دەمەو عەسر دێتەوە ناو تەماشاتو
ئاوڕشێنیٚ لەبەر دەرگای ماڵی یاردا
ڕەنگێکی مەیلەو قاوەییو بۆنێکی خۆش لە خەیاڵتا بە جێدێڵیٚ
ئەچیتەوە بەر پرژەپرژی دڵداریی
بۆ یەکەمجار شەش حەوت دێڕێکی شڵەژاو
ڕەنگی کورتو ڕەنگی درێژ، وشەی بەرزو وشەی نزم،
خەتی ترساو، لە کاغەزێکی شین باودا، هاتنە لامو
بۆ سەرنجم: شەش حەوت ڕیزە داری باخو شەش حەوت
پیٚپلیکەی خۆزگە بوون. شەش حەوت دێڕیٚ، لە کاغەزێکی
شین باودا، شەش دار گوێزبوون لەکەنار گۆلێکی مەنگدا
لە ڕۆژێکدا من هەزار جار خۆم لەو شینە هەڵئەکێشاو چاوەکانم
چون سمۆرە ئەچوونە سەر ئەو دارانەو  بە پلیکانەی ڕستەیشدا
ئەهاتنە خوار. نامە ئەبوو بە جۆلانەو تیا ئەخەوتم.
زستان ئەهات نامەم ئەکرد بە چەترێكو
لەبەر بارانی عەشقێکدا هەڵم ئەدا.
کاغەز ئەبوو بە بەلەمو سەوڵەکانیش هەردوو دەستم. نامە
ئەبوو بەئاسمانو ئیمزای ئەبوو بە فڕۆکەو مەراقیشم
بەپەروانەو ئەخولایەوەو سەرئەکەوتم. شەش حەوت دێڕیٚ
لە کاغەزێکی شین باودا.
حەرفەکان ئەبوون بە هەنگو
کونی شانەو حەزیان شیلاویی ئەکردم.

وشەکان ئەبوون بە گردوو هەڵئەگەڕام بەسەریانداو لەدامێنی
نامەیشەوە ناوەکەی بانگی ئەکردم.
شەش حەوت دێڕێ لەنامەیەکی شین باودا.
لەسەری دێڕدا ڕووباربووم رامئەکردوو
لە کۆتایی دێڕەکاندا تۆڕی پرسیارێ ئەیگرتم.
لەژێر بەردی نوختەکاندا ئەتاسامو
لە پێچەکانی وێرگولدا گێژ ئەبوومو
لەنیشانەی سەرسوڕماندا وەك کەروێشکی بەرشەوارە
ئەوق ئەبووم و بەهەورازی وشەی ترسا سەرئەکەوتمو
لەسەرەوە لەناو وشەی ((گیانەکەم))دا
کزەبایەك لێی ئەدامو لەدواییشدا لەسەر کورسی
وشەی ((بەڵێن)) پشووم ئەداو دائەنیشتم
یەکەمجار بوو لە کاغەزێکی شین باودا ببم بە مەلی شاعیرو
لەڕەنگی خۆشەویستیدا تا لای ڕەنگی پیرۆزەیی
کچێ بفرم!
ئەچیتەوە نێو ڕەنگە سادەکانی شار
ئەبیتەوە بە شەش حەوت ساڵ
ئەبیتەوە بە پەشمەكو بەماجوومیو
عەزیزییەکی خەت خەتی شین لەبەرداو
تۆپێکی پەڕۆ لەکۆنە کراسێکی سووری دایکت
لەبەر قاچی پێخاوسداو پێکەنینت تۆزاوییەو
لەناو هەناسەسواریدا، ناوبەناوێ، قسەکانت ئەخنکێنو

لەناكاودا خۆت ئەكێشی بە پیاوێكداو
ئەویش قژی بژت ئەگرێو تۆش سست ئەبیو
لەو لاشەوە باریكە ئارەقی لاجانگ
خەتی قوڕاویی  سەر دەمو چاوتەو ئەخزێتە خوار.
ئەچیتەوە نێو ڕەنگە سادەكانی شار
لەقەراغ شار وەكوو پیشۆك لەبن عەردا دەربهێنی.
بیرەوەریت هەڵئەكۆڵی.
وەك دەست بكەیت بە شارە زەردەواڵەدا
ڕابردووی خۆت ئەوروژێنی:
ڕەنگەكان دێنە دەرەوە
بە چواردەوری سەروملتا گیزەیان دێ
ئەترسیتو ناترسیتو بەدەستێ دەریان ئەكەیتو
دەستەكەی تر لە كونی گوێسەبانەدا بۆ زەڕنەقووتە ئەگەڕێ!
لە پڕێكدا قاوەییەكی چزوودار پێوەت ئەدا
زیرەیەكی تیژو خێرات لێ هەڵئەسێ.
لەسەر پشتی هاوڕێكەت دائەبەزی.
لەپاش تۆزێ. گوپەكانت بەرزونزم، چاوێك بچوكتر لەویتر،
ڕوومەتێكیان زۆر سوورتر لەویتریانو تا بناگوێت هەڵئەئاوسێ.
ئەچیتەوە ناو ڕەنگەكانی منداڵیی
لە كۆڵاندا.. ڕەنگت ئەكڕی
فڕفڕۆكەی سەوزو سوورو.. هەوا كپەو
تۆ ئێستاكە لە چاوەڕوانی ((با))یەكدای بێتو لێی باو

دووسێ جارێ بخولێتەوە.
ڕەنگەکان ئەقروسکانەوە لە کولانەی کەلاوەدا..
ڕەنگی تووتك، سپیو خرپن. کلك کلاًفە.. ڕەنگی تازە.
لەولایشەوە. دوو ڕەنگی قاوەییو سپی
پێوە ئەبوون، پێچەوانە، یەکترییان رائەکێشا
ڕەنگەکان لەناو یەکتردا شەڕیان ئەکرد
ڕەنگەکان گیف ئەبوونەوە
تا خوێن لە پۆپنە ئەتکاو هەتا یەکێکیان ئەبەزی.
ئەمجارەیان ڕەنگەکان ئەبریسکانەوە:
لە ناو حەوزی بن بەرد درێژی، بەر هەتاوی مزگەوتێکدا
ڕەنگەکان ئەبریسکانەوە:
پشتی ماسیی و پوولەکە بوون:
زەردێکی کاڵ لەناو کەسکێکی زۆر تۆخداو
نوختەیەك سوور لەبن گوێداو
بەرسکێکی سپی سپی درەوشاوە:
کە شلێپەی گەورە ماسییەك لە پڕێکدا لەسەرلاوە
نیشانی چاوی تۆی ئەدا.
وەختێ کەئاو ڕائەچڵەکی
خەیاڵێکی ڕوونو بێگەرد لەناو سەرتەوە هەڵئەقولاًو
لەو ساتەدا حەزت ئەکرد بۆ خۆیشت ببی بەماسیی!.
وا ڕەنگەکان ئەمجارەیان، حیلەئەکەن، لۆقەیانە
یان لەغاردان، ڕەشو سپیی، یان قاوەیی، یان سپی بۆر

**وا ڕەنگەکان پڕمەیانە.. زستان بوایە**
**لە کونە لوتی فشەوە، هاڵاوێکی مەیلەو شیریی**
**دەرئەپەڕی. جووتە ئەسپی هەنیسك سواری عەرەبانە.**
**ڕەنگیش تامی تامی ئەدا.**
**ڕەنگیش دەمی پڕ ئەکرد لە ئاوو**
**ڕەنگیش نەوسی ڕەنگاوڕەنگی ئەجووڵانو**
**هاوین بوایە لەڕەنگە مەیلەو سەوزەکەی بەرسیلەداو،**
**یان لە ڕەنگی مەیلەو سووری ڕێژراو بەسەر قاشەکانی ترۆزیداو**
**وەختی تریش، لە شرووبی ڕیزکراوی سەر سینیداو،**
**تامەکانیان بەڕەنگینیی، لەناو ملّچەی هاتوچۆیەکی نەوسنا،**
**ئەچوونە ژێر زمانەوەو خۆیان نیشانی من ئەدا.**

**ڕەنگیش هەڕەشەو گوڕەشەو ترسی هەبوو:**
**چون ڕەش لەشەوی ژێر چوخمەکانداو،**
**لەناوی خولەپیزەداو، یان ڕەنگی گڤەو لوورەلوور**
**لەشەوانی بەفرانباری قەراخ شاردا.**
**ڕەنگەکان ئەشبوون بە مردن:**
**بۆ وێنە وەك: ڕەقبوونەوە لە سپیداو**
**خنکان لە قوڵایی شینداو**
**سووتان لەشاڵاوی سووردا.**

**((بۆ ئێستەیش، کورتە چیرۆکێکی ڕەنگاڵەیی شیعری،**

**دەم بەخەندە، پێشکەش بە منداڵانی دۆڵی جافەتی ئەکەم.**
**کە نزیکەی دووساڵێ شیعری ((پ.م))م لەسەردەمی دووکەڵو ناپاڵمدا**
**لەنزیك برسێتیو نەخۆشیو ڕەنگی هەڵبزڕکاویانەوە ژیا)):**

لەو ڕۆژەدا، ڕووداوی سەیر، ڕوویاندا
گا بەردێکیان، ڕەنگ قەوزەیی، وەك باوکیان بێ
بە بەردەکانی دیکەی وت:
ئادەی کۆمەڵێکتان ڕاکەن بۆ ئەو هەردە
دوو دوو سێ سێ لە خوارەوە تا سەرەوە
خۆتان بکەن بە پێپلیکە
بۆ ئەو پیاوانەی کە هاتوون، لە شارەوە
شەقامی نانو ئاشتی و گوڵ
ڕابکێشن بۆ ئەم گوندە.

لەو ڕۆژەدا ڕووداوی سەیر ڕوویاندا..
لە بێشەدا، پیرە درەختێ، ڕەنگ خۆڵین
وەك باپیرە گەورەیان بێ..
ڕووی دەمی کردە هەرهەموو درەختەکان:
ئەبێ ئێستە کۆببینەوە.. بڕیار بدەین
خۆم لە پێشتانەوە ئەڕۆم، کێ ئەیەوێ بەدوامدا بێ،
لقو چڵی کۆکاتەوە.. بەڵام پاشگەز نەبینەوە..
خێرا ڕاکەن.. بچین خۆمان بکەین بە پرد لەسەر ئاوێ
بۆ ئەو کارژۆڵەو بەرخانەی عاسیی بوون..

لەبەر لافاو ڕێیان نییە بپەڕنەوە!
لەو ڕۆژەدا ڕووداوی سەیر ڕوویاندا..
دەمەو عەسرێ ڕەزو باخی ((مام سلێمان)) ئاگری گرت
ڤیژە لە هێشووە کچەکان، هاوار لە کالیاری کوڕو،
لە مندالآنی شەمامەو، لە شۆڕەبی ژنان هەستا!.
چۆلەکە ڕەنگ گۆگردیەکان، کۆترە ڕەنگ شینکەکانو،
قولنگە ڕەنگ زیوینەکان، لەسەر کەژێ کۆبوونەوەو،
هەموو وتیان:
ئەوەی لەدەستی ئێمە بێ، هەرئەوەیە، لەم کۆستەدا
دانەنیشین وەك بەردودار، ئەبێ هەستین، هەر ئائێستا
هەلفڕینو هەموو بچین، لە گۆمەکەی ئەودیوەوە پەیتا
پەیتا لە دەنووکدا ئاو بێنینو بیکەین بەسەر ئەم ئاگرەدا!
وەرنەوە ناو ڕەنگەکانم
دەنگ فێری یەك جۆری بیستنو ئاخاوتنو
بۆن فێری یەك بۆنکردنو
هەست فێری یەك هەستکردنو
ڕەنگ فێری یەك جۆر ڕوانین و یەك تەماشای،
دنیای کردم.
بەلآم ئاخر من تا ئێستا
ئاوەزێکم نییە فێری هەلکۆلینو جیاکردنەوەو،
لێك نەچوونو، فرە هزرو
فرە فڕینو خوێندنو

ناو جودایی فره ڕەنگەکانم بکات!
من یەك ڕەنگو من یەك چاوم، من دەنگدانەوەی دەنگی دیم.
من سواری مێژووی گلانو سواربوونەوەو دیسانەوە هەر گلانم.
نەئەزموونم ڕەنگێ لە دوای خۆی جێدێڵێو
نەهەواری ڕەنگەکانی سبەینێشم پێ ئەزانم!.
من بۆ خۆم خاڵی شپرزەی نێوانێکم ناوی نییەو
ڕەنگی نییەو نە مردنمو نە ژیانم!

وەرنە ناو ڕەنگی جوداوە
لە گفتوگۆی ڕەنگەکاندا،
فەزای مانا بەرینترو، باڵندەی ڕەنگ جوانتر ئەفڕێ.
لە گفتوگۆی ڕەنگەکاندا،
قۆزاخەکان ئەکرێنەوە ڕەنگی گەورەو
ڕەنگی بچوك لەسەریەك مێز کۆئەبنەوە
چاویان بە ڕەنگدانی یەكو
ڕەنگی گەشو ڕەنگی سیسو خەوشی یەكو
پەڵەی یەكو ئەودیو ڕەنگەکان ئەکەوێ.
لە گفتوگۆی ڕەنگەکاندا ئازادیی دێ گوێ ئەگرێتو
ڕەنگی دەنگیش، بێ دەمامك دەرئەکەوێ،

((بەشێك لە مێزگردێك لە نێوان چەند ڕەنگێکی جیاوازدا،
هەر ڕەنگەو قسەیەك،

**هەر ڕەنگەو لە جوانیی و پیرۆزی خۆی ئەدوێت‌و**
**هەر ڕەنگەی چیرۆکی خۆی ئەگێڕێتەوە))**
**یەکەم ڕەنگ: دوابەدوای دووەم وێرانەو دووەم مردنی جیهانیی**

لەسەردەمی ڕەنگی نوێدا.
من کەهاتم هەر تەنها ڕەنگی شەوەزەنگ لەم ناوەبوو
ڕەنگی ئێوە لێرە نەبوو. بەشیری بەرقی مەرگی خۆم،
من جەستەی ڕەشم شەقکردوو دەیجوورم گۆڕی بە ڕەنگی
ئەرخەوانیی‌و لەڕوانینما گەراکانی تیشکم هانی و پاشەڕۆژیش
لەبەر هەتاو لێی وەرگرتم. من ئەو ڕەنگەم. لە ناو بێدەنگی
شەوێکی گرژو مۆندا، لرفەم کردوو شاخ هات بەپیر کلێپەمەوەو
لە ڕۆحی ئاودا داگیرسام. من ئەو ڕەنگەم لەگەڵ کۆچما، کۆچم
بە ڕەنگی ترس کردوو، لەگەڵ خۆمدا زەردەخەنەی
چراکانی چوارچرام برد.
لە ترۆپکی هەڵگوردەوە ڕەنگی ئەیلولم ڕژانە ناو خەمی
هەمووتانەوە. ئەوکاتەی ڕەنگی ناوی من لەسەردا ئەزرنگایەوە،
ڕەنگی ناوی تر هەرنەبوو.
گەڕامەوەو چۆکم بە بەردی تاریکیی داداو،
لەناو کرێوەدا زامو
لەدامێنی شەفەقێکی مێژووەوە کەوتمە خواری‌و
لە کێوانی ڕچو ڕژدی*

* ڕچو ڕژد: سەختو عاسی

زەمانێکی بێ دڵو بێگوێو بێ چاودا حیلەم
کردوو من ڕەنگێ بووم خۆم خۆم ڕسکان.
کەمن هاتم ڕەنگ نەمابوو..
دەنگ نەمابوو. من لە ڕووشداو* لە ڕمژوەی* کارەساتداو
لە هێلکەی خڕکە بەردەوە سەرم جووقاو
هاتمەدەرێو بووم بە ڕەنگێکی شیرینو
بووم بە پەیژەکانی هەتاو
لە سەردەمی ڕەنگی نوێداو
لە چاخی ڕەنگی یاخیدا،
من یەکەم ڕەنگ بووم کە لە دوای هەرەسی هەموو ڕەنگەکان،
لە دوای گلانی ئەستێرەو لە دوای هەڵاتنی دارو
دوای ڕاکردنی دارستان
هەستامەوەو سەرکەوتمە سەر ملەی ڕەدەو*
سەری خۆمکرد بە مانگەشەو
بۆ هەمووتان.
ئاخر من بە ڕەنگی مەرگم
مۆمی سەرو ملی چیای کوژاوەم داگیرساندەوەو
دیسانەوە ڕەنگی خەوتووم لە شەقامو گۆڕەپاندا هەستانەوە!

دووەم ڕەنگ:

* ڕووش : بەڵاو موسیبەت
* ڕمژوە: تاڵاوی ژیانو نەهامەتیو کارەسات
* ڕەدە: دوند، لوتکە

دێرینترین ڕەنگی هەژار، لەسەر دیواری زیندانو
لە ڕەنگی زنجیردا منم، ئازایەتی ڕەنگ لە مندا
بۆ یەکەمجار لەناو گەرووی بەورێکەوە
زریکاندیو عێراقی سێدارەی تۆقان!
زۆرانبازیی نێو ڕەنگەکان
ململانێی نێو ڕەنگەکان
لەسەری مندا پژانو
لە زەنگی مندا گوێچکەیان کرایەوەو
سەرمایەی ڕەنگم دۆزیەوە یەکەم جاریش
هەرمن وتم: بەهەشتو دۆزەخ لێرەنو لەسەر زەمین
لە زۆرانبازیی ناو ڕەنگا..
لە چەوسانەوەی ناو ڕەنگا..
شووشەی مەرەکەبی من بوو
وەختێ سەری خۆی کردەوەو
ڕەنگی بەسەر ژاندا ڕژان..
وشەی هەژار چووە ناویو
برسێتی خۆی تێهەڵکێشاو
بێدەنگیی ڕەنگی هەڵگیرسان
بوومەلەرزەی کتێب بوومو، هاوارنامەی
یەکەم مانفێست، شەو لە مندا رووناکیی بوو
شەقام لە مندا یاخی بوو
پاریس لەناو ڕەنگی مندا سووری پۆشیو هەستایە پیان!

یەکەم چەکوش سەروملی قورسی من بوو
کە برسێتیی دەستی دایەو مانگی خەونی بۆ داگرتمو
بەسەر دەرگاما دایکوتیو
لە دواییشدا مانگ بوو بە نان!
ڕۆژێکی سارد، ئۆکتۆبەر، مشتێ لە ڕەنگی هەژارانی
لە مەیدانی سووردا تۆو کرد
هێندەی نەبرد ڕەنگ بازیداو ڕەنگ لە زەریاکان پەڕیەوەو
هێندەی نەبرد لافاوی سوور دنیای هەڵگرت
هەر منیش بووم بۆ یەکەم جار
ڕەنگی نوستووی ژنانم خەبەر کردەوە
مەمکم کردن بە گلۆپی ڕێگەوبان و نێو کارگەکان.
پرچم کردن بە ڕێزە ڕێزەی باران و بە گەنمو جۆی نێو کێڵگەکان.
دەنگم کردن بە شەقەی باڵی چون یەکیی بۆ فڕینو
بۆنم کردن بە بۆننامەی نیوەی خۆمو ((ڤالێنتینا تریشکۆڤا))م
دا بەکوڕی ئەستێرەکان بۆ یەکەم جار.

سێهەم ڕەنگ:
گەورەیی ڕەنگ لە گەورەیی ڕەنگدانەوەی پەیامدایە
من ئەو ڕەنگەم.. کە ڕەنگی ڕاستیی و ڕەنگی خواو
ڕەنگی دواپەیامی ئەوم لە چاودایە!.
من سوورەتی کەڵەپشکۆی جەهەنەمم بۆ گوناه و
من سوورەتی شنەشنی ناو بەهەشتو قوڵپە قوڵپی

کەوڤـەرێکی ڕەنگ زیوینم.. بۆ بەهەشتیی.. لەناودایە.
وەختێ بدوێم
حەقیقەت ڕەنگەو ئەبارێ.
حەقیقەت ڕەنگەو هەڵئەکات.
ئیتر ئەوسا ڕەنگ نامێنێ لەبەر ڕەنگما مت نەبێتو
دەنگ نامێنێ لەبەر دەنگما نەمەیێتو شاخ نامێنێ
لەبەردەمما کڕنووش نەبات..
ئەشێ هەرچی ڕەنگە بمرێ
بەڵام ڕەنگی من لە ڕەنگی ئاسماندایەو
بەڵام ڕەنگی من لە ڕەنگی ئایەتەکانی موتڵەقو
لە نەهێنیی ڕەنگەکانی گەردووندایە
من ئەو ڕەنگەم گومان بەلای مندا ناڕوا،
من لەسەروو پرسیارەوەم.. من وا هاتووم،
رابوردوو بگەڕێنمەوە بۆ ناو ئێستاو داهاتوو ڕەنگ کەم،
بە ڕەنگی تەقویمەکانی هیجرەتو خەوی شمشێری
دەستی سەوز بهێنمەدیو هەموو دنیا بە ڕەنگی
پیرۆزی دەنگم ڕەنگ بکەم و ڕەنگی گومڕایش
بەمە دەست نێڵەنێڵەکەی دۆزەخی خوا!

**((دەنگی خۆتێهەڵقورتانی ڕەنگێکی دانیشتووی هۆڵەکە))**
تا ڕەنگ هەست بەنوقسانی ڕەنگی خۆی نەکات
لە ڕەنگی کامڵبوون ناگات

هەتا پرسیار وەكو هەوا ئازاد نەكەین
نە ژیان و نە داهاتوو وەڵامێكمان ناداتەوە
من ئەو پەندەم لە زێیەك بیست، وەختێ وتی:
من لە لیخنی خۆمەوە ڕوون بوونەوەی خۆم بینیوەو
لە ئازاری ڕەنگەكانما  خۆم دەرداوە!.
**((سەرئەنجام ئەو مێژگردە شەلاڵی ڕەنگی سووربوو.**
**ڕەنگی كوشتن، ڕەنگی سڕینەوەی یەكتر ڕەنگی زاڵبوو.**
**دەنگی ڕەنگێكی نادیاریش كەلەودیو پەردەی مێژگردەكەوە،**
**هۆڵی داچڵەكان بەمجۆرە دووا))**
وەك حیكایەتی ڕەنگ پەڕیوو
ڕەنگ هات.. ڕەنگ چوو
هەر ڕەنگێ هاتو گەیشتە سەركورسیەكەی ڕەنگدانی خۆی
دەم بەخەندە ئیستێك ئەكاو،
ئینجا دەست ئەداتە فڵچەی سەروملیو
لەناو خۆیمان هەڵئەكێشێو بە ڕەنگی خۆی ڕەنگمان ئەكات.
لە كەیەوە؟! تۆ خۆت ڕەنگەكان بژمێرە..
هەر ڕەنگێ هات، هەر ڕەنگێ بێ
لە ڕێوبانی ئاسمانەوە.. لەسەر پشتی ((با))دابەزێو
یاخود لە ڕەحمی ئەرزەوە بێتەدەرێ:
ئەبێ بە تاقانە ڕەنگی ڕۆژژمێرو.. بە تاقانەی ڕەنگەكانی
ئاووهەواو، بە تاقانەی دەنگو بۆنو، بە تاقانەی یاساوڵو
لەسەر سەری پرسەكانمان ڕائەوەستێو گیرفانەكانی تەماشاو

لۆچەكانی ناو هەناسەی ڕەنگی جیاواز ئەپشكنیو لە خوێنماندا
بازگەیەك بۆ خۆی دائەنێ.. هەر ڕەنگێ هات، وەیشومەیەك،
لەناو ڕەنگی خۆیدا دێنیو ڕەنگی ناكۆك یەك لەدوای یەك
((با))ی ئاگرو ((با))ی ئاسنو
بای شمشێرو گەردەلوولی سڕینەوەو
كۆچ ئەیانبات..
هەر ڕەنگێ هات
ئەبێ بە ئاوێنە بۆ خوا،
كێ ئەتوانێ سەیری ئاوێنەی خوا بكاو
پرسیار بكات؟!
كێ ئەتوانێ خۆی بات لە بواری ترسی ڕەنگو
مەرگیش نەیبات؟!
لە بەردەمی وەڵامێكی ئەزەلیدا
كێ ئەتوانێ فززە بكات؟! لە بەردەمی زل هێزە
ڕەنگی دنیادا ڕەنگی بچووك، بچێ بۆ كوێو ئەبێ چیبكات؟
من لەبیرمە
سوور ئەیویست باران سوور بكات
زەرد ئەیویست ئاسمان زەردكاتو
سەوزیش ئەیویست خوێن سەوز بێو
شینیش بە شین پەلكەگیاكان هەمووی ڕەنگكات
ڕەنگ ئەخەسێنن نەبادا ڕەنگی جیاواز
لەدایك بێو نەلەم بچێو نەلەو بچێ.

ڕەنگ قفڵەکەن..
نەبادا ڕەنگێکی جیاواز
لەپڕێکدا بێتە ژووریّ!.
ڕەنگ ئەفڕێنن.. نەبادا سڕی ڕەنگێکی
تازەی لابیّو بیدرکێنیّ.

ڕەنگ کەڕ ئەکەن.. نەبادا گوێی
لە زەنگی ڕەنگێکی تربیّو رابپەڕیّ!
ڕەنگ لاڵ ئەکەن.. بۆ ئەوەی ڕەنگ هەرهیچ نەڵیّ
بەردەوامیش هەر لەشەودا ڕەنگ ئەکوژن
بۆ ئەوەی کەس ڕەنگی بکوژ و تاوانبار قەت نەبینیّ!

**((ڕشتەیەک لەشیعری ڕەنگین، لە پەندو قسەی نەستەق‌و**
**نەخشی سەربەردو کاکڵەی ئەزموون‌و**
**هەموو ئەو ڕەنگدانەوەو هەڵچوون‌و داچوون‌و**
**شێوازانەی کە دوور یان نزیك پەیوەندییان بە گەورەو بچووکی ڕەنگ‌و**
**بیّهودەیی هەندیّ ڕەنگ‌و لەخۆبایی بوون و ترسنۆکی**
**هەندیّ ڕەنگ‌و ڕواڵەتی درۆزنەی هەندیّ ڕەنگ‌و**
**ڕەنگی زیندانی کراوو ڕەنگی ژنی شاربەدەر کراوو**
**زوڵمی ڕەنگ‌و هەروەها خۆشەویستی‌و**
**قوربانیی هەندیّ ڕەنگی ترەوە هەیە.**
**با ئەوەیش بڵێم من لەم شیعرەدا بەتەنها داوای لێبوردن‌و**
**بەخشین هەر لە نابینایان ئەکەم،**

کەڕەنگەکانم نابینن وەك ئەوەی ئێمەی چاوساغ ئەیانبینین،
بەڵام خۆ ئەگەر دڵیش بنێن بە دێرەکانەوە
هەموو دێرێك بۆ خۆی چرکەیەك ئەکاتو
پێیان ئەڵێن چ ڕەنگێکن!))

یەکەم:

لەم دیوارە درێژەدا
ڕەنگی گەورە ئەو ڕەنگەیە
ئەهێڵێ چەند ڕەنگی بچووك
لەناو ئەودا گوڵ دەرکەنو گەورەبنو
لەخۆی نەچنو
وەکوو ئەویش قسە نەکەن

دووەم:

ئەو ((مانگ))ە چەند گێژو وێژە
هەموو شەوێ ڕەنگێ دوو ڕەنگی ئەدزنو
هەموو شەوێ لە پۆپەشمینی زیوینی دائەدڕنو
هەموو شەوێ تاڵێ لە برژانگی چاوی ئەکەنەوەو
هەر بێهۆشە!
ئەترسم شەوێ بیبینین
لە بێ ڕەنگیدا بمرێتو
بە هەورێکی رەش دایپۆشن!.

سێیەم:

**لەو وەرزەدا چیا لەخۆی بایی بووبوو**
**بە فیزێکی دەستکردەوە..**
**کڵاوی قوچی زێڕینی هێنابووە سەرناوچەوانیو**
**بەو دنیایەو بە ڕەنگی تر پیئەکەنی.**
**ڕەنگی زێڕین بایی بوو بوو**
**لەو وەرزەدا ((با)) نەخۆش بوو**
**لە پێخەفێکی زەردباودا درێژ بوو بوو.**
**چیا ڕقی ((با))ی هەڵئەسان**
**لە دەربەندا ڕەنگی لاوازی ڕاو ئەناو**
**لەسەر کڵاوی قووچەوە هەڕەشەی سووری ئەناردو**
**دوراودوور ئەوی ئەترسان!**
**رۆژێ ((با)) هاتەوە سەرخۆی**
**هەموو هێزی ڕەنگەکانی لە گڤەیدا کۆکردەوەو**
**زللەیەکی دا لە شاخو**
**کڵاوەکەی فڕێدایە دۆڵێکەوەو**
**بایی بوونی کاڵ کردەوەو لووتی شکان!**

**چوارەم:**

**نەڵێن ئەو ڕەنگە بچووکە!**
**من بۆ خۆم خولیایەکم بوو.. وەنەوشەیی**
**لە پێشدا بەقەد خاڵێك بوو.. گچکە گچکە**
**ئەچوو بە کونی دەرزیدا**

هەر ئەو خاڵە

هەر ئەو ڕەنگە، مەراقم هێندەی هەڵکۆڵی

هێند گەورە بوو

لە دواییدا بوو بە دەربەندی پەپوولە!.

پێنجەم:

من وا ڕاهاتووم بەیانیان

گەر هەتاو بوو، ڕەنگێکی نوێی چاو شەفەقیی

بکەم بە پەنجەی ئەو ڕۆژەو

هەندێ بزەی بۆ منداڵان پێ بنووسم.

من وا ڕاهاتووم نیوەڕوان

گەر هەور بوو گەواڵەیەکی ڕەش ئەسمەر

بێنمە خوارێو

بیدەم بە شانماو بیبەم بۆ

دوورە عەشقێکی زۆر تینووا!.

من وا ڕاهاتووم ئێواران

ئەگەر تەمێکی برۆنزیی کەوتە دامێن

پارچەیەکی لێ دادڕمو

لەگەڵ خۆمدا بیبەم گوڵێکی بێ داڵدەی

ڕاونراوی پێ داپۆشم!.

من وا ڕاهاتووم شەوانیش

ئەگەر شەوی بەفرانباربوو

ئەو شەوانە، شەوی سپیی، نەدەم بە کەس

بچمە بەر پەنجەرەی ژووری
تەنیاییم و
بە تەنها هەر، لە سپێتیی وردبمەوەو
بەفر شیعرم بۆ بنووسێ و
خۆم نەنووسم!

شەشەم:
لەناو شەوێکی چڕدایەو
لە مێژوویەکی ڕەشدایەو
بۆ بەرەو پیری ئەوینێ
لەماڵەوە دێتە دەرێ
لایتێکی هەڵکراوی بەدەستەوەو
ڕویکردۆتە ئەوپەڕی ((دێ)).
لە پڕێکدا شریخەیەك ڕەنگ پشکۆیی
لە بێدەنگیی شەو هەڵئەسێ و
ئەم ئەکەوێ و
بەڵام لایت هەر ئەسووتێ و
ڕێگای باریکی ڕووناکیی ڕائەکێشێ
بۆ ئەوینی ئەوپەڕی ((دێ))!.

حەوتەم:
من هەمووجار کە ڕەنگی خەونم ئەزڕێ و

ئاوی شیعرم کەم ئەکاتو
پەڕەی سپیم تینوی ئەبێ
ئەچمەوە لای ڕەنگی خەونی جوانی کچێ
دیسانەوە لە ڕەنگدانی بەژنی خۆیم هەڵئەکێشێو
ئەمکاتەوە بە شاعیرێ
پڕ ئەبمەوە لە بارانو ئیتر تەماشام سەوزو سوور
ئەچێتەوە، پەڕەی سپیم گوڵی سەرتڵێ* وا ئەگرێ
نە شنەباو نە هەتاوو نە سێبەرو نە بولبولو
نە شاعیرو کەس نەیدیبێ!.

هەشتەم:
خوێنی مێینەیەك نووسیی
بە گەورەیی ئاوای نووسیی:
ڕۆژەکانم هەر یەك ڕەنگەو
شەقامەکان هەر یەك ڕەنگەو
سمێڵەکان هەریەك ڕەنگەو
قانونەکان هەر یەك ڕەنگەو
ئەوەی لەوڵاتی مندا ڕەنگاو ڕەنگە
ئامێرەکانی کوشتنمەو ڕەنگی مەرگمە!.

نۆیەم:
من ئەمجارە یان ڕەنگی شیعر ئەگۆڕم

---

* سەرتڵ: گوڵی سەرلق، هەڵبژاردەی هەرەجوان.

بە ڕەنگێ زمان نەیدیبێ‌و
وشە هەرگیز تیا نەفڕیبێ‌و
کاغەز خەوی پێوە نەبینیبێ
یان نانووسم‌و، ئەو ڕەنگە کۆن‌و زەقانە
هەر بۆ شاعیری خومخانە بەجێدێڵم!.
دەیەم:
وەرزی دەسەڵاتی سوور بوو
دنیا بوو بوو بە سوورستان.
شینێك ویستی بە شەقامی سووردا بڕواو
پەیڤێکی شین هەڵفڕێنێ
هەر بۆ شەوێ لە پێچێکدا شینیان گرت‌و
لەناو ئاگرێکی سووردا ئەویان سووتان!
یانزەهەم:
سنەوبەر بۆیە هەر کەسکە
چونکە ئەو لەناو ڕۆحی عەشقێکدا ئەژی
هەر ئاوی سەوزی ئەداتێ‌و
ئاوی سەوزیش
دژی مەرگە!.
دوانزەهەم:
هەرچەند ڕەنگێ
لای پەڕوباڵی کۆترە
هەر چەند ڕەنگێ.

بەڵام ئیتر هەرچی ڕەنگە
لای تێلەکانی تاوسە
هەرچی ڕەنگە.
تاوس ڕەنگ ئەکات بە چەتری ڕەنگاڵەیی
گێف بوونەوەو خۆهەڵکێشان
بایی بوون ڕەنگاو ڕەنگ ئەکاو
لەناو فیزێکی نەخشیندا چینە ئەکات.
تێلی تاوس هەر ژوورێکی دەوڵەمەندو
ناو گوڵدانێ جێگەیەتی!
بەڵام کۆتر هەر بە ڕەنگێك یان دوو ڕەنگی
سادە سادەی خۆشەویستی
باوەش ئەکا بە ڕۆحمانداو
بە دوارۆژێکی سپیداو
گشت ئاسمانیش گوڵدانێتی!

سیانزەهەم:
قامیش بۆ خۆی ڕەنگی باڵای هەریەك ڕەنگە، زەردێکی کاڵ.
کەچی وەختێ عەشق ئەژەنێ
لە کونەکانی برینو لە زاریەوەو لە چاویەوە
بە سەدان بەژنی ڕەنگاو ڕەنگ
ئەبن بە کۆلکە ڕەنگینەو
دێنە دەرێ!

چواردەهەم:

ڕەنگی ئاوێك

كە بە بەردەمتا ڕەت ئەبێو

سەربەرەو خوار ئەبێتەوە..

تێئەپەڕێو ئەیشزانی ناگەڕێتەوە

ئەو ڕەنگە تەواو لە ڕەنگی

خۆشەویستێکی خۆت ئەچێ

كە بۆ دواجار  بەجێت دێڵێو

تا هەتایشە چاوت پێی ناکەوێتەوە!

پانزەهەم:

وەك هەرشتێ..

ڕەنگی شاعیریش تێکەڵی گڵو کۆتا ئەبێتەوە

ئەشێ کە تەنها جیاوازیی ڕەنگی ئەوو

ڕەنگێکی دیکەی نەناسراو

بۆ چاوی ڕێبوار

ئەوەبێ

ئەویان سەرگۆڕی بێ ڕەنگو

بەڵام ئەمیان چەند شیعرێکی لەسەر بڕوێ!.

شانزەهەم:

ڕەنگێك هەیە.. هێزی ئەفسانەی خواوەندی لە ناودایە.

سیحرەکانی عەسای موسای لەناو دەستاو

دەنگی سپیی پڕ پەپوولەی
مەسیحیشی لە دەنگدایە.
سیاساڵ بیٚ ئەو بارانی لە چاودایە.
لە وەریندا گوڵی پێیەو
لەناو وەرزی نابینایشدا
ئەو هەناوی چرای تیایە.
بیٚ ئەو دوارِۆژ تاقەتی رِۆیشتنی نییە
بیٚ ئەو هیوا داناگیرسیٚ
بیٚ ئەو شیعریش رِەنگی نییە
ئەو رِەنگەیش.. رِەنگی نەمری
هەمیشەی خۆشەویستییە!.

حەڤدەهەم:
لە مۆزەخانەی رِەنگێکی  پاشەرِۆژدا
چەندین رِەنگی تێکەڵاوی ئەمرِۆی ئێمە
لە شووشەبەندی مێژوودا..
بۆ چاوەکانی ئاینده
یەکەیەکە رِیز ئەکرێن‌و یەکەیەکە نیشان ئەدرێن:
بەڵام لەنێو رِەنگەکاندا
ئاپوورەی چاوی ئاینده
لە رِەنگێکیان زۆر ئەئاڵیٚو
بە رِەنگێکیان سەرسام ئەبن‌و

گاڵتەیش بە ڕەنگێکیان ئەکەن:
ئەویش ڕەنگی گرژو مۆنی
تفەنگێکی درێژ ئەبێ.. کە سەردەمێ و هەموو ڕۆژێ
منداڵەکانی سبەینێو
گۆرانیەکانی سبەینێو
ئەستێرەی خۆمان پێ ئەکوشت
لێرەو لەوێ!.

هەژدەهەم:
تۆ بە تەنها ڕەنگی قژێکی خورماییو
تۆ بە تەنها ڕەنگی دووچاوی قاوەییو
تۆ بەتەنها ڕەنگی برۆنزیی لەشێکی داگیرساونیت
گەر سەرت کتێب نەبوایەو
فوارەکانی ڕووناکیی تیا هەڵئەقولایە
ڕەنگی قژت لە خەیاڵما زوو ئەچۆوە.
گەر ڕوانینت ڕەنگی بەرزەفڕ نەبوایەو
نەهێنی باو دڵی بارانو برووسکەی نەبینیایە
ڕەنگی چاوت لەبینینما زوو ئەچۆوە
گەر ڕۆحیشت ئاوێزانی سیحری مۆسیقا نەبوایە
هەموو ڕۆژێ گوێی لە هاژە شینەکانو
هەموو شەوێ گوێی لە سروە سپیەکانو
هەموو جارێ گوێی لە نۆتە باڵدارەکان نەگرتایە

ڕەنگی لەشت زۆر دەمێك بوو لەناو دەست و لەناو هەستما بیرچووبۆوە.
تۆ ئەو ژنەی خۆشەویستیت وام پێ ئەڵێت:
قەڵەمێکی ڕەنگ ناسکەو شەماڵێکی نەرم و نۆڵە،
بەڵام باهۆزیش ئەنووسێت.
قومریەکە لە ئاوریشم و کەچی ڕووەو ئاگرەکانی پرسیار ئەفڕێت.
مانگەشەوی برینداری مێینەکانی وڵاتی لەباوەشیا هەڵگرتووەو
کەچی ئەڕواو بەسەر شمشێردا باز ئەداو،
لەبەردەکانی تاریکیی هەڵ ئەنوتێت
مامزێکە تاق و تەنیاو کەچی بەرەو پێدەشتەکەی
ڕاوشکاری والی و خەلیفەو مل ئەنێت.
خۆشەویستیت وام پێ ئەڵێت:
ئەو لەڕەنگی یاخیبوونەو
لەڕەنگی بێدەنگ نەبوونەو
بەڵام لەناو ڕەنگەکانی بەردی ڕەجم و لەڕەنگەکانی جەڵدەدا
بۆ ڕەنگەکانی ئازادیی و
بۆ ڕەنگەکانی ئایندەو ژن ئەگەڕێت!

نۆزدەهەم:
ڕەنگێکی ئاڵ
سەعاتێکی ڕەنگ زیوینی خۆشەویستیی لەماڵدا بوو
بە دیواری ژووری عەشقا هەڵواسرابوو..
ڕەنگێکی بۆر.. ڕەنگێکی دێز

مالی بەسەر ئالدا روخان
ئالبوو بەژێر دیوارەوە..
ئال گیانیداو ئال بۆ خۆی مرد
بەلام لەژێر خۆلو داروپەردووی مالدا
هێشتا هەر سەعاتی زیوین
هێشتا هەر سەعاتی ئەوین..
ئەڕۆیشتو ئیشی ئەکردوو لێی ئەدا!

بیستەم:
لەبەردەم خۆلەمێشیدا قەت هەناسە
بۆ ڕابوردوو هەلنەکێشی.
نەبادا گەردو غوباری وەختێ کە چوونە چاوتەوە
ئایندەیش وەك ئەو ببینی!

بیستو یەکەم:
سەرت بکە بە ڕۆشنایی ناو سپیدا
چاوت لە بنیا بکەوە
من دلنیام ئەو وەختەی سەرت دەرهێنا
لەکام ئاسۆدا زۆر ڕەشە
خالێکی سپیی ئەبینی!.

بیستو دووەم:
لەسەر چرپایەك دوو کەسیی

خۆمو ڕەنگێکی بێدەنگی ترسنۆکم ڕاکشا بووین
کە ڕیشی باوکم بەپەلە هاتە ژووریٚ..
بۆ ماڵینی هەرچی ڕەنگە کەلەو نەچیٚ
ڕەنگی ژوورم لە جێگەمدا مردار بۆوەو
خۆیشم لەناو ڕەنگێکی تۆخی مت بووندا
بەدرۆ خۆمکرد بە خەوتوو
لەو دەمەوە
هەر ڕابوردوو بەخەبەرەو
منیش نوستوو!

بیستو سێیەم:
زێیەك وتی بە ڕەنگ نییە
ئەو وەختەی تۆ بە شینیی من سەرسامیتو
لە سەرەوە ڕوون ئەمبینی.
هەر ئەو وەختە لە بنەوە ڕەنگە هەناوم تاریك بیٚو
لە ناخەوە لیتاو بمخواو تۆ نامبینی.
بەرگی کتێبێکیش وتی: بە ڕەنگ نییە
تۆ کە ڕەنگی من ئەبینی: سوور مەچنەو
ورشەو پرشەم دەم بەخەندەو
دەمو چاوم نوورانییەو
بەڵام لە قوڵایی مندا شیرو شمشێر ئەجوڵێتو
دۆزەخی ئەنفال نووسیومی!
پەرژینی باخێکیش وتی: بە ڕەنگ نییە

من ناوم باخی سپییه
بەڵام ئەوەی لەناو مندا ئەبێو ئەڕوێ
گوڵی بەدو گوڵی دڕو ژەهراوییەو
قوربانیی گەورەیش بەتەنها
هەر سپییە!

بیستو چوارەم:
لەناو ڕەنگدانی ئێمەدا
ڕەنگەکان حەپس کراون
ماناکانی ڕەنگ : یەك چاون!
تەنها هەر درەختی گەنجو شیعری گەنجو مۆسیقای گەنج
وەختێ ئەچن بۆ هەڵپەڕکێ
بەرگی زەرقیىو سەوزو سورو زەرد ئەپۆشن.
ئیتر هەرچی پیرەدارو پیرەشاخو پیرە ڕەزە
تەڵخ ئەپۆشن.
کەچی من لەناو پاریسداو لەسەر شەقامی شانزلێزی:
لە بەری پیرەدارێکدا جلی سوورو
لە سەری پیرەڕۆژێکدا شەپقەی سەوزو
لە دەستی پیرەشەوێکدا
دەستکێشێکی زەردم بینی!

بیستو پێنجەم:
لەمڕۆی جیهانی بێ مەرزی ڕەنگەکاندا

**چەند نزیکین لە یەکەوە:**

**قوتبی ژوروو لەسەر مێزی بەرامبەرم دانیشتوەو**

**هالاوی دەمیم پیا ئەکاو عەینەکەکەم تەم ئەیگرێ**

**چەند نزیکین لە یەکەوە..**

**چۆلەکەیەك لە کەندا ئەجریوێنێو درەختێکی من گوێی لێیە!**

**بە دیواری شوورەی چیندا مێرولەیەك هەڵئەگەڕێو**

**من لێرەوە چاوم لێیە!.**

**((دانووب)) ڕۆژنامە دەرئەکاو هەمان چرکە**

**((دیجلە))ی من ئەیخوێنێتەوە!.**

**چەند نزیکین لە یەکەوە..**

**نیوەشەوێ ((جان جین)) یەك لە سەرماداو**

**لەسەر شەقامێکی پاریس هەڵبلەرزێ**

**من لێرەوە قاپوتەکەم دائەچڵەکێ!؟**

**لەو دوورەوە پڵنگێکی ڕەنگ تامیلیی**

**لە بێشەدا ئەزریکێنێو**

**من لێرەوە ئەسپەڕەشم لە دەربەندا ئەحیلێنێ..**

**چەند نزیکین لە یەکەوە**

**لە کەنار نیل خەنجەر لە پشتی ڕۆمانی**

**((مندالانی گەڕەك)) ئەدرێو**

**من لێرەوە حەمە بچکۆلی بۆیاخچیم ڕائەپەڕێ.**

**چەند نزیکین لە یەکەوە**

**لەهەر شوێنێ لە ڕەنگی برسی دنیادا لەهەر شوێنێ**

وەختێ زارۆڵەیەك بگری

من لێرەوە خونچەیەکم دەم ئەگێڕێو ڕوومەتەکانی تەڕ ئەبن

لەهەر شوێنێ لەڕەنگی زوڵمی دنیادا لەهەرشوێنێ

ئەو وەختەی کەسکێك بکوژرێ

من لێرەوە باخی سپیم هەناسەیەك هەڵئەکێشێو

سەرتاپای بەژنی سوور ئەبێ

چەند نزیکین لەیەکەوە!.

**((سەرنجێك: من ڕەنگ کۆئەکەمەوەو ئەیانخەمە**

**ناو ئەلبوومی ڕوانینەوە. جارێك دوای شیعر خوێندنەوە**

**تکام لە گوێگران کرد بەرلەوەی بچنە دەرەوە،**

**هەریەکەو ڕەنگێ لە دوای خۆی بەجێبێڵێ،**

**ویستم ڕیفراندۆمێ بکەم و بزانم ڕێژەی**

**کامە ڕەنگ لەهەموو ڕەنگەکان زیاترە:**

**وەختێ ڕەنگم کۆکردەوەو ڕەنگم ژمارد**

**دەرکەوت کەلەم وڵاتەدا.. ڕەنگی ((رەشباوی بێزاریی))**

**لەهەموو ڕەنگێ زۆرتر بوو!))**

مەمکە بەڕەنگێ بۆت بگریم

گریان لەناو ڕەنگی مندا هەرتەواو وشکی کردووە

لەو وەختەوە کە ڕەنگی ئەنفالم بینی.

مەمکە بە ڕەنگێ بسرەوم

من سرەوتن لەوکاتەوە بەجێیهێشتووم

کە ڕەنگی کۆچ ڕەوم بینی.

مەمكە بە ڕەنگی بێدەنگیی
من بێدەنگیی لەو كاتەوە بەجێیهێشتووم
كە ڕەنگی خوێناوی ((كاڵێ))و
كە ((كەژاڵ))م بێ لووت بینی!

**((دواجاریش، لەدیوانی كازیوە)ەوە،**
**شیعرێكی تەمەن بیستو پێنج ساڵم**
**بەسەردیوارەكانی دیواندا هەڵگەڕاو بازیداو**
**بە ڕاكردن گەیشتەلامو پێی وتم:**
**دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵانەیش**
**من هێشتا هەر تازەمو بۆئەو ڕەنگدانەی ئیستەیشت ئەبم.**
**تكایە جارێكی تریش پێشكەشی گوێگرانو خوێنەرانم بكەرەوە،**
**دەستێكم بەقژە كورتەكەیدا هێناو پێم وت:**
**فەرموو وەرە ناو ڕەنگدانیشەوە:**
گوڵاڵەیەك
بۆ توترکێ نوشتایەوە
دەستی ماچكرد
كە لێبۆوەو هەستایەوە
ڕەنگی سووری
ڕژابووە بەر پێی توتڕكو
هەتا مردن
بەداخی ڕەنگی زەردەوە تلایەوە.

وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە..
ڕەنگم هێشتا هەر گڤەی دێو ئێوەش دارستانی ئەون.
ڕەنگم هێشتا هەر هاژەی دێو هەر شەپۆلان ئەداتەوەو
ئێوەش هەموو چراکانی کەنار ئەون.
ڕەنگم هێشتا هەر شەقامی سەوزو سووری دڵدارانەو
ئێوەش جووت جووت عاشقانی دەس لەملی شۆسەی ئەون
ڕەنگم هێشتا بەسەرتاندا بەرزو نزم ئەفڕێو ئەفڕێ
ڕەنگم هێشتا.. هەر دائەکاو هەر دائەکا..
ئێوەش هەموو خەمی تەڕی بەر ڕێژنەی ڕەنگی ئەون.
ڕەنگم هێشتا لە ئێوارەی ئەم شیعرەداو لەم هۆڵەدا..
ئینجانەیەو، لاولاوێکە، پرچی درێژی عەشقێکەو،
لەناوتاندا، ئاگر لەڕەنگی بەربووەو سەمائەکا.
وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە..
گوێ لە چیرۆکی ڕەنگ بگرن:

**((گەڕانەوەیەك بۆ ناو ئامێزی پەلکەڕەنگینەکانی** ((ئەلیزابیث))**)و**
**خۆنوقمکردنەوەیەکی تر لەشاری ئاوو خۆشەویستی ڤینیسیادا))**

نەهێنی شین ئەگێڕمەوە..
ڕەنگی کچێکی بیانی ڕوونتر لەخەوی دەریاچەی
بەر ڕووناکیی شەوێکی کپ.
ئارامتریش لەهاتو چۆی لەش‌و لاری
نەرم‌و شلی نێو باوەشی دانسێکی ((ڤاڵس)).

ڕەنگی کچێکی بیانی،
ئاڵێکی تەڕو ورشەدار.
وەك بریسکەی دەنکەهەنار.
ڕەنگی ئاوازی مێیینەی خۆرئاوایی،
کە ئازادیی ئاسمانێتیو هزریش باڵی،
ڕەنگی کچێکی بیانی،
لە سەفەرێکی شین باودا بەر لە دە ساڵ،
نامۆیی منی شین کردوو
سەرتاپامی کرد بە فوارەی خۆرو سامالْ.
لەو سەفەرە شین باوەوە،
ڕەنگی کچێکی بیانی،
هاتۆتە ناو ڕەنگی ژووری شەرمنۆکی
خۆرهەڵاتی نێو چاومەوە،
خەیاڵێکە پیرۆزەیی و بەرتەماشام بەرنادات‌و
هەموو جارێ ئەمباتەوە:
کافێتریاکەی ژێر زەمینی ((ڤینتسیا))و
ناو فنجانێ لە قاوەی تاڵ!.
نەهێنیی شین ئەگێڕمەوە..
ئێوارەیەك شیعرم باری و گوڵە مێلاقەی ئیتاڵی چووە بەری‌و
بریق‌و باق مێلاقەبوو بە شانۆی شینی دڵداری‌و پێ ئەکەنی.
خۆی شیعربوو((با))ی مۆسیقایش ڕایئەژەنی. ئەمجارەیان خۆی
باران بوو دایئەکردوو هەر خۆیشی ئەبوو بەپەنجەی سەر کەمانی

بەژنی شینیو خۆی ئەژەنی.
خۆشەویستی تەڕتەڕ بووبوو
ماچو ڕەنگو شیعری لێ ئەچۆڕایەوە.
بۆنی بزەی مۆنالیزا گەڕابۆوەو
منیش بووبم بە ((دافنشی)) لەیەك وەختا ئەسووتامو
هەر هەمان سات ئەڕوامەوە.
ئاگر بووم و بەهەشت بوومو
خۆڵەمێش و گوڵی ((دانتی)).
کۆترە شینکە لەسەر غەریبیم نیشتەوە..
بە دەنووك کەوتە لێدانی شووشەی ڕەنگم
بە پەڕوباڵ تەمو خەمی سەر دوودەریی هەستو نەستی
سڕیمەوە. وەك سپێنەی کازیوەیەك روون بوومەوە
عومری سیسم، لاسکی شۆڕی، لەگەڵ وشەمدا قنج بۆوە
تا ئەو دەمە من عەشقێکی باڵدار نەبووم
من هەر ژانێکی  خشۆك بووم
هەر لەسەر سك ئەڕۆیشتمو هەر لەسەر سك
شەوی ڕەنگو کەنارەکانی بێزاریو تخووبەکانی ئازارم
یەك یەك ئەبڕی!
لەو ڕۆژەوە من بووم بە ڕەنگی باڵدارو بە پەروانە
کە نەهێنیی شینم ناسیی!.
نەهێنیی شین ئەگێڕمەوە.
ئەلیزابیث پەری ئاوی ڤینتسیاو سایەقەی لەشێك شەوانە

**وا هەنووکە جریوەی سنگ ڕۆئەکاتە سەر چرپام‌و ژوورم پڕ ئەکا**
**لە نۆتەو سەرم ئەکا بە گیتارو پەنجەکانم بە باڵندەو هۆنراوەیشم بە خەرمانە**
**نەهێنیی شین ئەگێڕمەوە**
**کاتێ شین ئەبێ بە پەخشان.. لە دەشتێکداو ئەینووسمەوە**
**وەختێ شین ئەبێ بە ڕۆمان لە زەریاداو ئەیخوێنمەوە.**
**نەهێنیی شین ئەگێڕمەوە:**
**خۆشەویستیی، کارەنگی* بوو، وردە وردە لەناو زەریاوە**
**ئەهات‌و بە کازەکازەی* ئێوارە**
**هەردووکمانی ئەدا بەدەم دوارۆژێکی نادیارەوە.**
**ڕەزاوەکان*، ئەیانناسین، لە کەفچڕێنی خۆیاندا**
**بەلەمەکەیان ئەکردین بە جۆلانەو یان بەباوەش لە ڕەڤانی***
**شەپۆلاندا لەسەر شان هەڵیان ئەگرتین.**
**خۆشەویستیی، کنووشکی* بوو، لە تیشکی خارخاری* ئاسمان**
**خەناوکی* ئەهۆنیەوە بۆ گەردنی پەری ئاوو منیشی ئەکرد**
**بە تابلۆی ئەو ڕەنگانەی لە غەریبیدا مردن‌و نەگەڕانەوە نیشتمان.**
**عەشقی ئاویی، ئەلیزابێـث، هێندە ڕوون بوو**
**چون ماسی شین ئەبریسکامەوە لە بنیاو**

---

* کارەنگی : زەردێکی کاڵ.
* کازەکازە: هەوای گۆرانیی‌و ئاواز.
* ڕەزاو: سەرەتای بەیەك گەیشتنی دووچەم.
* ڕەڤان: هەڵاتن.
* کنووشکی: پەمەیی.
* خارخار: لەت لەت‌و شەقار شەقار.
* خەناوك : ملوانکە.

من پوولەکەی وشەکانم لەناو لەرەی لەشی ئەودا
ئەبوون بە گوێو بۆ سەرنجدانی بێ سنوور لە جوانیدا
ئەبوون بە چاو.
سەفەرێ بوو، ڕەنگی تازەی تێدا ئەزاو، سەفەرێ بوو
پڕ بوو لە ڕەنگی گۆرانیی و بارێزەی شینی دڵداریو مورووی
هەتاو. سەفەرێ بوو، لە سەفەری شیعری شینم،
لە سەفەری هەنگەکانم. لە سەفەری ئەو پەنجانەی کە بوون
بە ماسی باڵدارو گەرای پرشنگیان تیاخستم بۆ قەسیدەی
ڕوناکترو نەرمترو جوانتر لە ئاو.
نەهێنیی شین ئەگێڕمەوە..
من ئەو  وەختە بووم بە شاعیری دەریاچەو
خولیایەکی ڕەنگاوڕەنگی ناو نامۆییو
ژانە مۆمێکی داگیرساو..
کە جوانیەکەی ئەلیزابێـث
سیحری ئەفسانەی لێکردم
لە ساپیتەی* عەشقێکەوە
فڕێی دامە ناو نێرینەی ئاوێکەوەو
لەو ڕۆژەوە هاژەم کردوو
بووم بە شەتاو..
وەرە ناو ڕەنگەکانمەوە
بەڵام هەر ڕەنگی ئاوێنەی درزبردوو کە دەمو چاوی خەمێکم

* ساپیتە: بەرزترین نوختەی لوتکەو بەرزایی.

ئەكا بە دووان بە سیان بە چوار.. ڕەنگی زاڵە!
ڕەنگی تێکشکاوی ماڵم..
کە ڕەنگی دز بێباکانە
بەسەر هەموو ڕەنگەکانیا ئەڕوا..
ڕەنگی شەقامێکی چۆڵو ئێوارەیەکی بێ هەناو
کە بەتەنها پشیلەیەك پیا ڕەت ئەبێ!.
ڕەنگی گردو عەبای ڕەشو،.
ڕەنگی دڵنیایی قرچۆك.. کە بە پرسیارێك ئەپچڕێ..
ڕەنگی زاڵی ناو تابلۆمن.
وەرە ناو ڕەنگەکانمەوە
با لە ئێستەدا نەمبینی، هەر کە ڕەنگێکی تۆزاویت،
لەو دیو پەنجەرەوە بینی، لە پەلو پۆی درەختێکی لارە ملدا،
کزەو ماندوو، رەوتین* گرتوێتیە باوەشی:
ئەوە ڕەنگی بەجێماوی ئێوارەمە
بووە بە ڕەنگی ئەو وەرزەو بۆ من ئەگری!.
نەیشمبینی، وەختێ ڕەفێ* باڵندەت دی
لە ڕەنگی خۆڵەمێشیدا ڕووەو باشوور کۆچ ئەکەنو
لە دوای دواوە، یەکێکیان هەر
ئاوڕ لە چڕە دووکەڵو خۆشەویستیی وێرانکراو
ئەداتەوە، ئەوە منم بووم بەو ژانە هەڵفڕیوەو

* رەوتین: هەڵوەرین.
* رەف: پۆلە باڵندە لە کاتی فڕیندا

بووم بەو حەسرەتە کۆچەرەو
لە شێوەی مەلدا ئەمبینی!.
نەیشمبینی، تۆ کە ڕەنگی ئەرخەوانیی پژاوی سەر
ئەم دیرۆکەو ڤیژەی مۆری جەستەی ژنو
ڕەنگدانەوەی تەنیایی ئەم قەسیدەیەو
ڕەنگی کەسیرەی منداڵ و ڕەنگی هەڵوەدای بێ پەنای تەماشامو
ڕەنگی نووزە نووزی خونچەو کانیت بینی.. من ئەبینی!

وەرە ناو ڕەنگەکانمەوە..
لەم سەفەرە لیخنەدا
ئای کە غەمگینە ڕەنگی من
ئاوەو ئەڕواو
بەڵام کەنار بە هەردوو چنگ
خۆڵی نامۆیی پیا ئەکات!
لەم سەفەرە نابینایەو لەم سەفەر ڕەشباوەدا
ئای کە دڵتەنگە ڕەنگی من
پەنجەرەیەو لە ماڵی خۆی هەڵاتووەو
کەچی جادەی یەکەم شاریش
بە سایدی هەردوو دەستی
چاوی ئەگرێو، پێوەی ئەدات!
لەم سەفەری گڕەیەدا..
ئای کە تینووە ڕەنگی من

باڵندەی ناوەختی کۆچەو.. پشکۆیەکە بە حەواوەو
بەڵام زنەی ئاوێك نییە
پێش نیشتنەوە دەری نەکات!
لەم سەفەرە درێژەدا، ئای کە تەنیایە ڕەنگی من
لە وێستگەکانی دنیادا، هەر خۆی پێشوازی لە خۆی‌و
هەر دەستی خۆی ماڵئاوایی لە دەستەکانی خۆی ئەکات!
وای کە شپرزەو غەمگینە.. ئەم ڕەنگەی من..
وایش هەست ئەکەم.. ژانم بووە بە مێینەو
لەناو مندا، دایکێکە زاووزێ ئەکات!.
ئای کە غەمگینەو غەمگینە ڕەنگی ناخم
من ئێستاکە، لەوە ئەچێ بووبم بە ڕەنگی جاجمی
سەر دارەمەیتی ژنێکی کوژراوم‌و
ڕێزەی بارانێکی مۆریش
ورد ورد بەسەرما دابکات!

وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە..
من ئێستاکە لە هەڕەتی ڕەنگی پرسیارو ڕاماندام.
من لە تافی دڵەڕاوکێ‌و ناو ڕەنگەکانی گوماندام.
وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە..
وەرنە ناو ئێوارەمەوە، لە نسرمی ڕەنگی ئاڵدا
ببنە میوانی ناو شین‌و خۆڵەمێشیم لە گۆشەکانی ناو ژووورداو
سەر لە وەنەوشەیی بدەن..

لە پژانی لاوانەوەو لە خاوکەری خۆرنشینما..
هەر لەناو ژووری پەپوولەو لە پاڵ شیعرو شەماڵدا بوو
ڕۆژێ من ڕەنگێ کوشتمی
بە هێواشی بە پەڕەی گوڵە بەیبوونێ، بە ئەسپایی،
بە تیلماسکێ لە گزنگی خۆشەویستیی.. سەریبڕیم
ڕۆژێ من ڕەنگێ کوشتمی
لە ڕەنگی پەری ئاسمانو لە ڕەنگی مریەمی عەزراو..
لە ڕەنگی کزەبایەکی ناو مانگەشەو ئاسکتربوو،
ئەو ڕۆژە من..
ڕەشیشەی* نەرمە دلۆپێ.. سەری کردم بە بێژنگو
شنەی پەیڤی دارچوالەیەك.. لەناوقەدا کەرتی کردمو
ئەو ڕۆژە من کلووی بەفر داخیکردم..
هەر لەناو ژووری پەپوولەو، لەپاڵ شیعرو شەماڵدا بوو
ڕۆژێ من ڕەنگێ کوشتمی..
من ئاوێکی دەم بەخەندە چەقۆی لێدام
ئاو شیعری پڕ کردم لە خوێن..
ئاو سووتانمی و
ڕێحانەیەك پێوەی دامو
چڵێ زەیتون خۆی لە ملمەوە ئالاندوو
خنکاندمی..
شەونم..شەونم.. شەونم.. شەونم تێزابی پیا کردم.

* ڕەشیش: نەرمەباران.

عەتر.. عەتر.. عەتر خۆی بوو.. مەرگی لەناو بۆندا هێناو
عەتر.. عەتر.. عەتر خۆی بوو.. ژەهری لەناو ڕەنگدا هێناو
من مۆمێکی ئێسك سووكو
من چرایەکی خاپینۆك* کوێریکردم
تار.. تار.. تاربوو.. ژێی تار خۆی بوو..
ئاوازێکی کرد بە پەتو لەناو ڕەنگی سەیوانیدا بۆی هەڵخستم.
ئەو ڕۆژە من
سامالٚ کرێوەی لێکردم.
چرا منی کوژاندەوەو
هەوا هەناسەی گرتمو
من ئەو ڕۆژە لەناو ڕەنگی فریشتەییو لەناو ڕەنگی خودایدا
ڕەنگیان کوشتم!
وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە
لە سپیدا پێ هەڵگرن
با نەکەونە درەنگانێو ئیتر ڕەشتان بەسەردا بێ.
لە ناو ڕەشما نەکەن ئاگر بکەنەوە، یان جگەرە داگیرسێنن
نەك لە دوور ڕا، چاوی سووری چەكو گوللە
کەشفتان کاو بتانبینێ!.
وەرنە ناو ڕەنگەکانمەوە
((من ئێستاکە ڕەنگی وشەم
پروشەیەك ئەکات زەردە

* خاپینۆك: دەستبڕو فێڵباز.

هاكا كردی به كرێوەی خۆرنشینو
به ڕەوتینی  گوڵە زەردو
سەرلەبەری ڕەنگەكانتانی داپۆشی.
من ئێستاكە ڕەنگی وشەم
تەپو نمێ ئەكات ئاڵە
هاكا كردی به ڕەهێڵەی ڕەنگی سوورو ڕەنگی شینو
به شەستێكی ناو ئەنفالو
له قەترە قەترەی درشتو له گۆپاڵەی ڕێژنەیدا..
گۆنەو كوڵمی منداڵانو قژی خەناویی ژنانو
بازنی دەستی كچانو خەزێمی لووتو سركەیی ناوچەوانو
خاڵی كوتراوی چەناگەو.. متو مووروی تێدا باری!.
من ئێستاكە ڕەنگی وشەم  وردە وردە. وا خەریكە
له نێو شەوی ئەم دەشتەدا.. ڕەش هەڵگەڕێ.
لەسەر پشتی چەماوەی خۆم
من هۆبەیەك لەو تاوڵانەم هەڵداوە
كه خاڵین و له ژێریاندا تەنها هەر ((با))،
هەر ((با))و هەر ((با)) دێتو ئەچێو
دەمێك زریكەی هەر زەردەو
دەمێك كرووزەی هەر شینەو..
دەمێكی تر نووزەی مۆری به ئاستەمێ ئەگاتە گوێ.
وەرنە ناو ڕەنگەكانمەوە.. تا ببینن
ئەو ڕەنگانە له شەوانی تلانەوەی ڕەنگاڵەما

وەختێ دێنە باوەشمەوە، وەختێ لەگەڵ مندا ئەنوون
ئەو شەوانە تا بەیانی
من کام خەووم؟.. من کام شیعرو؟ کێ ئەبینم؟!
شەوێك ((زەرد)) لە باخەڵما نووست..
ئیتر هەتاکوو بەیانی
من هەر خەوم بە هیجرەتی ڕەنگی نالییەوە بینی.
شەوێك شین لە باخەڵما نووست، شین بردمیو دوور بردمیو
ئیتر من تاکوو بەیانی، خەوم بە شەپۆلی ڤۆلگاو
شیعری ((پوشکین))ەوە بینی
شەوێك مۆر لە باخەڵما نووست
تا بەیانی من هەر خەوم بە پەڵەپەڵەی مۆری سەرلەشی
ژنەکانی ڕۆژهەڵاتو بەماڵی کوردەوە بینی.
شەوێك خاکیی لەگەڵما نووست.. ئیتر خاکیی پێشم کەوتو
تا بەیانی من هەر خەوم بە ئەرزی غەمگینی دنیاو
بە خاكو خۆڵی کوژراوی هەموو جیهانەوە بینی.
شەوێك ((رەش)) لە باخەڵما نووست، ڕەش بردمیو
دوور بردمیو، تا بەیانی من هەر خەوم..
بە زیندانەکەی ((ماندێلا))و شیعری پێست ڕەشی ((هیوز))و
بە مۆسیقای زنجیەکانو وتارەکانی ((مارتن))و
پاییزی ڕەشی ((رواندا))و قیژەی ((ئەنجێلا))وە بینی
شەوێك سەوز لەگەڵما نووست، سەوز بردمیو
دوور بردمی، ئیتر من تاکوو بەیانی هەر لەناو ((مەدرید))ا بوومو

مانگی کەسکی((گارسیالۆرکا))و
سنەوبەری شانۆکانیو کالیپتۆسی شیعریم بینی.
شەوێك ئاڵ ئاوێزانم بوو.
ئاڵ بردمی، هەر ئێجگار نزیك بردمیو
کۆڵان کۆڵان، گەڕەك گەڕەك.. شەقام شەقام
گەڕاندمیو ئیتر من تاکوو بەیانی..
بۆنی بێبەشیی گەنجێتیی کوڕوکچی شارەکەم کرد.
لە دواییشدا، شەوێك سوورێکی پشکۆیی لەگەڵما نووست
تا بەیانی سانسۆرەکان خەوی منو
دەستی منو شیعرەکانی منیان داخکرد!

**((ڕەنگی مەرگ.. دوا ڕەنگی ئەم ڕەنگدانەو**
**ڕەنگەکانی تەماشای من. هەوڵدانێك بۆ خوێندنەوەی**
**نەهێنییەکانی ئەم ڕەنگەو ئاوێتەکردنی لەگەڵ ڕەنگی**
**ماڵئاوایی ئەم ئێوارەیەو ئەم قەسیدەیەو ڕەنگەکانی خۆشەویستی ئێوەدا))**
لەو دیو تخوبی تەماشاو بینینەوە.. لە نادیاردا
ڕەنگێك چاوەڕێی من ئەکا..
ڕەنگێ تێکەڵ لە ڕەنگی گڵو سەرابو بیرچوونەوەو
نەهێنیی خوا!. ڕەنگێك چاوەڕێی من ئەکا
پڕە لە پرسی بێ وەڵام.. لە تەندوورەی سەرسامبوونو
لە متبوونی بێ کۆتاییو ئەوقبوونی ڕەنگەکانی سیمای
زەریاو، ڕوخساری ((با))

ڕەنگێك چاوەڕێی من ئەكا
ڕەنگەكانم لێ وەرگرێو دوور دوور بمبا.
بردن بۆ كۆتایی شیعر، بۆ ئەو شوێنەی لە جێی زمان
بێدەنگیی قسەی تیا ئەكاو لە جێگەی با پەنهانییەك
تیا هەڵ ئەكا. ئەی ڕەنگی مەرگ!
تۆ لەوێ بەو خۆم دێم بۆلات
تۆ دوا ڕەنگی و لە هەموو ڕەنگێ تۆختری‌و
لە هەموو ڕەنگێ ڕاستتری‌و تەنها ڕەنگی شلوێ نابی‌و
چەند كۆنیش بیت هەر تازەیت‌و تەنها ڕەنگی
گومانێ گەرات تیا نەخات!
تاقە ڕەنگی كە هەموومان بە یەكسانی دائەپۆشی‌و
تاقە ڕەنگی كە چونیەك‌و بێ جیاوازی
تۆ لە خۆتمان هەڵئەكێشی‌و بەیەك ڕەنگ
ڕەنگمان ئەكەیت‌و زەمان زەمان لە ڕێی
كورت‌و درێژەوە، شین‌و مۆر بین، زەردو سوور بین،
ئەگەینە لات.
ئەی ڕەنگی مەرگ!
لە وێستەگەیەكی خامۆشدا چاوەڕێم بە
خۆت‌و پەپوولە ڕەشەكان
خۆت و كزەو ورتەورتی بێهودەیی پایزێك‌و
خشەخشی گەڵاڕێزان. چاوەڕێم بە
خۆت‌و چرایەكی كزو هەوایەكی بێ تاقەت‌و

**بیرەوەری درەختێکی تاقو تەنیاو دنیایەکی بێ ناونیشان.**
**ئەگەمە لات.. من چی دێنم لەگەڵ خۆمدا**
**جگە لە قژە سەرێكو دوو شیعری جوان!**
**من چیم پێیە لەگەڵ خۆمدا بۆت بهێنم**
**جگە لە سووتووی نیشتمان.**
**لەودیو حەساری تەمەوە چاوەڕێم بە**
**لەناو مندا ژیان گەیشتۆتە قەترە قەترەی دواییو**
**لەناو مندا وا ڕەنگی بێ ڕەنگی تەمەن**
**لە بازنەی بۆشاییدا هەر خول ئەخوات.**
**لەودیو پاردەی* ڕەنگەكانو دەنگەكانو لەودیو پاردەی**
**بینینەوە چاوەڕێمبە..**
**كە بردمت ((با))یەك بێنە هەڵمبگرێ**
**پڕ بێ لە خەونی بارانو پڕ بێ لە خەونی دارستان.**
**شەوێك بێنە ڕازاوە بێت بەو جریوەی برینانەی**
**كە كوژرانو بەڵام دەنگیان لێوە نەهات.**
**كە بردمت بەناو دەربەندێكدا بمبە**
**كاپانە* ڕێی بچیتەوە سەر وڵاتی جادووی شیعرو**
**ناو ئەفسانەی سپیی زستان**
**ئەی ڕەنگی مەرگ!**
**ئەی ڕەنگی ماڵئاوایی ڕەنگمو ئەی ڕەنگی دوا ڕەشنووسمو**

---

* پاردە: شوورە.
* كاپان: باریكە ڕێی نێو شاخو داخ.

ڕەنگی دواجگەرەی منو ڕەنگی دوا شێوەی دووکەڵم!
لەنێو هەموو ڕەنگەکانی تردا نەهێنیەكو دووانو سیان
بەدەستمەوە هاتنە دەرێو ڕەوینەوەو لە وەڵامدانی
دەنگیشما سەری زۆریانم داگیرسان..
ئەی ڕەنگی مەرگ.. هەر بەتەنها ڕەنگی تۆبوو!
چووە ناو ڕەنگی خوداوەو بوو بە ڕەنگی تەلیسمێکی
ئەودیو ڕەنگو ئەودیو دەنگو ئەودیو بینینو تەماشاو
بۆم هەڵنەهات! بوو بەڕەنگی بزربوونو
بوو بەڕەنگی بێ کۆتایی گەردوونێكو
بۆم هەڵنەهاتو هەڵنەهات.
ئەی ڕەنگی مەرگ چاوەڕێم بە!
من لە شێوەی قەسیدەیەکی قەموورردا
یان وەرزێکی پشت کۆماوەو
یان لە شێوەی سێبەرێکی لەتو پەتو
یان لە ڕەنگی سۆراخێکی بێ ئاکامدا ئەگەمە لات،
وەك بێ ئاکامی هاواری شەوی خوێنم لە جادەکانی مێژووومدا
وەك بێ ناکامی پرسیارمو پووکانەوەی دەنگەکانم،
لە گەروومدا.
ئەی ڕەنگی مەرگ! ڕەنگی نەمر!
ڕەنگی سەرمەدیی ئەودیوی ئەم گەردوونەو
ڕەنگی خەوێکی ئەبەدیی.
تۆ پرسیاری هەتا هەتایت

هەموو ڕەنگەکانی ئێمە ئەگەڕێنەوەو ئەچنەوە
ناو ڕەنگدانت!
تۆ هەر خۆت ڕەنگی عەدەمو ڕەنگی بیرچوونەوەی ڕەنگو
ڕەنگی چرکەکانی کاتیت!.
بێدەنگیتو.. لەهەموو دەنگێ زوڵاڵتر!.
بێشوێنیتو.. لەگشت شوێنێکدا ئامادەیت!.
بێ ڕەنگیتو.. لە هەموو ڕەنگێ بە ڕەنگتر!.
تۆ ژەنگ بە ڕەنگەکانی سوڵتانو بە ڕەنگی شاو..
ڕەنگی کۆشکی بلورینو..تۆ ژەنگ بە زێڕ هەڵئەهێنی.
بەڵام ئەی مەرگ، من ڕەنگێکم لایە: وشە
بیرچوونەوەت چەندە چاڵی، بۆ هەڵکەنێ
ئەو ڕەنگێکە بە نەهێنیدا ڕۆئەچێو
لە ((گلگامش)) شپرزەتر بە شوێنتەوەو
سۆراخێکەو هیلاك نابێو
تۆ لەکوێ بی ئەویش لەوێ سەر دەردێنێ
من ڕەنگێکم لایە: وشە
بە نەبوونو بە عەدەمو بۆشاییدا ئەگەڕێتو
لە موتڵەقا بینینەکانی ئەڕوێنێ!.
ئەی ڕەنگی مەرگ!
وەختێ هاتی، وەختێ ئیتر، بۆدوا سەفەر لەگەڵ خۆتا
جانتای هەڵتەقیوی لەشمو .. پڕپاسکەی گرێدراوی سەرمت برد!.
وەختێ لەناو کۆشتا وەریم

ڕەنگەکانم ئەوروژێن‌و
ڕەنگەکانم وات پێ‌ئەڵێن:
ئەو سەردەمێ.. ڕەنگی ڕۆح بوو
لەناو هۆنراوەی سپیدا!.
ئەو سەردەمێ.. ڕەنگی خاك بوو لەناو دەنگی ئازادیدا.
ئەو سەردەمێ.. ڕەنگی خوێن بوو لەناو جەستەی قوربانیدا.
ئەو سەردەمێ.. بۆنی ژن بوو لە ڕەنگی خۆشەویستیداو
ئەو سەردەمێ چەندی توانی
بوو بە خەیاڵی ئاوێنە لەبەرهەتاوی جوانیداو
چەندی توانی.. شیعری تازەو، مەلی تازەو،
خەونی تازەی بۆ ئەم زمانە غەمگینەی کوردیی هانی!.
((ئەی ڕەنگی مەرگ!
هێشتا تۆ نەچووبووی بۆلای..
شەوێك ((پوشکین)) لەناو کەژاوەی بەفرێکی ڕووسیادا
خەوی بەدوای ڕەنگی کۆچ‌و..
ڕەنگی جیهانی دوای مردنیەوە بینی، خەوی بینی،
خۆی ئەبەیت‌و بەڵام شیعریت بۆ نابرێ‌و خەوی بینی
چون سەوزایی، ڕەنگی وشەی ئەو هەر ئەژی.
منیش ئێستا، بەرلەوەی بێیت، هەرهەمان خەو،
لەکەژاوەی پایزێکی پڕ پەپوولەی ڕەنگی خۆم‌و، هەرهەمان خەو
لەناو هەورێکی سپیی سەر کوردستاندا ئەبینمەوە:
هەتا زەمانێکی درێژ، لەسەر شەقامی داهاتووی، زمانەکەم

ئەبمە هەیکەلی ڕاوەستاو، زەردەخەنەم ڕوو لەشاخ و
جانتاکەم هەرلەبن باڵداو
کە سامالّ بوو.. خۆرەتاوو
گشت شەوێکیش.. ڕیزەگڵۆپی داگیرساو
یان تریفەیەك ناوبەناو..
بەیەکەوە تیشکی ڕەنگاو ڕەنگی خۆیان.. نەرمو زۆرکەم
ئەدەن لەقەدو باڵام و لە جانتام و
لە چاویلکەم!
تا زەمانێکی زۆر درێژ.. من بێچەتر،
لەبەربارانددا ئەوەستم و لەبەر بەفرو کڕێوەدا
سپی ئەبم و ئەتەزم و هەڵئالەرزم و دەست ناخەمە گیرفانمەوەو
مەگەر ((با))یەکی شیعر بێ و بمتەکێنێ و
یان پاسەوانی شەوانی ئەو شەقامە
لەبەرقاچما، بۆ خۆی ئاگرێ بکاتەوەو
بۆ چەند ساتێ هەردووکمان گەرمکاتەوە
((من ئەوساکەیش لەو وەرزەدا
بەتەنها لە یەك شت ئەترسم
شیعری ناو جانتاکەم تەڕبێ و، بچێتەوەو
شیعرەکەیشم لەبەر نەبێ!))
ئەی ڕەنگی مەرگ !
تا زەمانێکی زۆر درێژ، ئەو پەیکەرەم، هەردووقاچم
لەخوارەوە، بۆ منداڵانی شارەکەم

ئەبن بە جێی گەمەو یاریی‌و خۆیانم پیا هەڵئەواسن‌و
بە ڕەنگی جوانی پێکەنین.. ڕەنگم ئەکەن.
دڵدارانیش، لەسەرکراسی سپیم‌و لەسەر سنگم‌و،
لەسەر یەخەی چاکەتەکەم
بۆ یادگار گوڵی ئیمزا بەجێدێڵن‌و، لەسەر سەکۆیش
چەند مۆمێکم بۆ هەڵئەکەن.
لەسەرەوەیش، جووتە مەلێ، لەناو قژما هێلانەیەك
بۆ ئاوازو خۆشەویستیی ئەم دنیایە
دروست ئەکەن
ئەی ڕەنگی مەرگ!
چاوەڕێم بە!
ڕەنگە لەناو پەڵەهەورێکی سپیدا کە پەپوولەو
کە نەورەس‌و شیعری ناسك دەوریاندابێ
بگەمە لات!.
ڕەنگە لەسەر پشتی ئەسپێ کە دووکەڵ‌و
کەسەرابو، هەڵمی تەنیایی‌و نامۆیی لێ هەڵبسێ.
بگەمە لات!
ڕەنگە وەختێ بگەمە لات..
ئێوارە بێ‌و بەفر ڕێگەی لەهات‌و چۆی چراکان و
لەهات‌و چۆی شیعرەکان‌و هەرچی شەپۆلەو مامزەو
ئەویندارە بەستبێت‌و منیش ئەوسا چون قاسپەیەکی
کەسیرەو گمەگمێکی تەزیوو یان بارڕژنێکی بریندار

بگەمە لات!. وەختێ بگەم، شەكەت شەكەت..
دەستم لە دەستی ((شین)) دابێو
دەستم لە ملی ((سوور))دابێو
سەری ((زەرد)) لەسەرشانم بێو، بگەمە لات.
دڵۆپ دڵۆپ، سەوزم لێ بتكێتەوەو،
ئاخی ((پەمەیی)) هەڵكێشمو
دواییش لەگەڵ، ((با))یەكی ئەرخەوانیدا، بگەمە لات.
ئەی ڕەنگی مەرگ!
ڕەنگی ژیان منی زۆرتر ترساندووە
نەك ڕەنگی تۆ، لێت ناترسم
چەند هێمنە، چەند بێوەیە، چەند بەسزمانە ڕەنگی تۆ
تۆ كەهاتی، هەر یەك جار دێیت.
تۆ كەهاتی، ئیتر من ناگەڕێمەوە نێو مردنە كاتیەكانو
تۆ كەهاتی، بەڕێزەوە، بەڕاكشاوی ئەمبەیتو
كەچی ژیان هەر بەپێوە كەرتم ئەكاو ناشمكوژێو
لە ڕۆژێكدا ئەو مردنی ڕەنگاو ڕەنگی
هەزار جاردێ!.
ئەی ڕەنگی مەرگ!
لە نوختەیەكی سەرسامدا چاوەڕێمبە!.
كوتومت وەك سەرسامبوونی وڵاتەكەم،
لەبەردەم مێژووی چەقۆدا!.
لە نوختەیەكی سەرسامدا چاوەڕێم بە

خۆتو گۆچانه کۆنەکەت.
خۆتو نەهێنی ژێر پاڵتۆو بزەبزی چاوەکانتو

ورتەورتی پایزێكو خشەخشی گەڵاڕێزان.
خۆتو دەریایەکی تەڵخو چرایەکی ئێجگار کزو
کەشتییەکی بێ ئارامو بەندەرێکی بێناونیشان!
ئەی ڕەنگی مەرگ!
ئەی ڕەنگی کپیو هێوری وخوێنی ساردو بێدەربەستیو
سوڕانەوەی ئەو پرسیارەی کەبەردەوام لەتەندورەو
له گێژاوی ئەم شیعرەدا ئەمدا بەدەم نادیارەوەو
گێژم.. گێژم.. گێژم ئەکات.
چاوەڕێم بە!
ئەی ڕەنگی مەرگ
چاوەڕێم بە!
تۆ کە ڕەنگی سەرسامبوونی!
من کەهاتم
لەگەڵ خۆمدا ڕەنگدانی بەختی شاعیرو وڵاتێکت
بۆ ئەهێنم کە نەتدیبێو من ڕەنگێکت نیشان ئەدەم
ئەو ڕەنگەی تۆیش سەرسام بکات!.

سوید/ ستۆکهۆلم/ تێنستا
2001/3/7

# لە چلەی چلچرایەكدا

دەقێكی ئاوێتە (پەخشان، شیعر، وتە)

2001

لەناکاوێ..

ئەو وەختەی زریانێکی شووم و چەمووش لەناکاوێ،

لەسەر ڕا دێت و، بەچەپۆکانی گڤەو لوورەوە،

**له لووزەوی بێ ئامانی مەرگیا، له ڕەگەوە،**
**سووره شاتوویەکی، پڕوپۆداری، سەرچڵ بەخەندەی،**
**سێبەر کڕی، توێکڵ بەئەزموون، بەرەو گۆڕیچەکانی**
**قولأیی کەندێ، تلاوتل ڕاپێچ ئەکاو، دەراڵ دەراڵ**
**جەستەی بەهارێکی خوێناویی لەگەڵ خۆیدا ڕائەماڵێ..**
**ئیتر ئەوسا دار شاتووەکانی هاوڕێ**
**سوور و سپیی، هۆن هۆن له دیدەی گەڵاوە**
**فرمێسکی سەوز ئەرێژن و له جۆلانەی بێ ئارامی لق و چڵدا،**
**خەمی تازه ڕائەژەنن و، بەخوڕەمیش، هەرپێکەوه**
**بەسەر لاشەی هیوایەکی لەت و پەتدا هەموو ئەگرین..**
**بەڵام هەر بۆ مەرگی ئەو شا شاتووه، درەختیش هەیه**
**خەمساردەو، درەختیش هەیه هەرناگری و**
**درەختیش هەیه ئاخێکیش بۆ شا شاتو هەڵناکێشێ و**
**یەك حەسرەتی مەیلەو شینیش بەبا نادا..**
**لەناکاوێ**
**ئەو وەختەی شابازێکی بەرسنگ زیوینی،**
**پەڕوباڵ بەرینی، چریکەداری بەهەڵمەت،**
**له بەرزایی شەقڵنەوه، له هەڕەتی هەڵفڕینداو،**
**له ساماڵی تەماشادا.. له ناکاوێ بروسکەیەکی تیژی**
**مەرگەسات، لێی ئەدات و ئەیکا به کلۆیەك ڕەژووی**
**ئاسمان و شۆڕئەبێتەوه بۆخوارێ..**
**ئیتر ئەوسا باز و شابازو هەڵۆکان**

لەسەر دوندو هەڵەمووت و ڕەوەزەكان..
بەدەوری تەواری بێوەژندا
باڵی ئاخ ئەدەن بەیەكداو
بەدەنووك پەڕ ئەڕنەوەو
لەهێلانەی كونەشاخدا پرسە بۆ شاباز دائەنێن،
هەتا سێ ڕۆژ باڵی خۆیان ئەبەستنەوەو
ناچنە دەرێ و هەڵناكشێن بەرەو ئاسمان..
بەلاّم هەر بۆ مەرگی ئەو شابازەیش
باڵندە هەیە خەمساردەو لەگەشتی فڕین ناكەوێ و
باڵی ئاخ نادا بەیەكداو سامالّی چاوی ناژاكێ و
شتێك بۆ ئەو كۆستە نالێ..
كەچی ڕۆژێ
لەناكاوێ..
بەیانییەكی بێ وڵەت، بەیانیییەكی گزنگ كوژ،
لە"كەڵەوانان" بەولاوە
بستێ هەناسە بەولاوە
وەختێ كەڵە(شازاد)ە كەی شارم
لە ناكاوێ، ڕێكەوتی كوێر
كوێرتر لەشەوەزەنگێك و خێراتریش
لە وژەی بوومەلەرزەیەك..
لەكەڵەوانان بەولاوە، قولانجێ هەتاو بەولاوە
ڕێكەوتی كوێر.. هەر لە شێوەی چەخماخەیەكی ئەجەلدا

له ئەسپی سپیی ئەوێداو
شازادەکەم لەو دەشتەدا، لەهەڵنوتانی قەدەردا
بەختی نەیار، لەنسکۆیەکی نەهاتدا..
سەرسمی داو گلاو گلا.. مانگی سەری شازادەکەم
شکاو پژاو کەڵەوانان ئاڵ هەڵگەڕا..
ئیتر ئەوسا نەك هەر ئاشناو ڕۆشنای سەری شازاد
نەك هەر شەقام، نەك هەر ئەسپە سپییەکان و،
نەك هەر چاوی ڕۆژنامەکان..
نەك هەر شۆڕەبی هاوسەرو جوانووی خەمی،
منداڵەکان. ئیتر هەموو ئەو درەخت و،
ئەو باخانەیش کە بۆ مەرگی شا شاتووی سوور،
نەگریابوون، هەموو ئەو پۆلە مەلانەی،
کەبۆ مەرگی شابازەکەیش نەگریابوون،
هەموو وێکڕا، لەسیمفۆنیای هەنیسك و لە کۆنسێرتی
لاواندنەوەی وەرزەکاندا.. هەڵقرچان، و
هەر هەمان سات ولاَتێکیان خستە گریان..
"شازادێ، دەکەڵێ دەڵێ لێ
بۆت مردین جانانە..
شازادێ، دەڕۆحێ، دەڵێ لێ
باگژەی کۆچێ بوو بێ وادەو
سەفەری هەڵوادەی مەرگێ بوو بەو وەختی بەیانە
بۆت مردین جانانە".

ڕێم بدە شازادەم.. ڕێم بدە..
من لەبەر ئاوێنەی ئەم خوێنە نوێیەدا
شایی مەرگ، سەرچۆپی برین و، بەژنی زام ببینم
ڕێم بدە سەربکەم بەکۆشی گولاڵەی سەر سنگتاو
سەر بکەم بەجانتای خوێناوی قانوون و بەماڵی
خەماوی ئەنقەرەو بەژوورە، چۆڵەکەی ئێرەتا
ڕێم بدە شازادەم.. ڕێم بدە..
ڕابوردوو بێنمەوە بۆ ئێستاو
لەوێوە بەکەنار مێژوودا وردورد بێم
هەتاکو ئەگەمە ئەم تەمەو دواتریش
لە ڕێگەی خۆرەوە ئەتخەمە سەر باڵی ئاینده:
تۆ چرا باوکت بوو. بۆ خۆیشت پەروانە
چرای باوك، شەوانە، لە(خەویا)
ڕووناکیی ئەبەخشی بەمێژووی تاریك و
ڕۆمانی ئەکردە
پێپلیکەی دواڕۆژو سەرنجی زەمانە!.
چرای باوك بلووری خەیاڵی لەخەمی ولاّتا
درزێکی بردبوو هیلالیی
هەموو شەو کەهیلال هەڵئەهات
ئەم لەبەر شەوقێکی زامدارو غەمگیندا
بە باڵی پەپوولەو، بە نمەی باران و،
بە پەلکی گیایەکی نواڵە.. شەقامێ لە مۆم و

تەلانێ لە گوڵ و
دێراوێ لە وشەی ئەنووسی و
ئەیدایە دەست هەوری ئایندەو
ئەیکردن بەڕەنگی خەرمانە)
بۆ دووەم جار کەجیهانی گرتێبەربوو دامرکایەوە،
ساڵەوەختێ دواتر، تۆ لەناو پەڕەی گوڵێکی سپیدا،
لەدایکبوویت. تۆ ئەو ساڵە لەئەستێرە بێشکەیەکی
گڕوگاڵدا ئەتجریوان و هێشتا هەنگە زەردەیەکی بزۆزی
نێو شانەی سێ دەریی ماڵێك بووی بە دەوری کتێبدا
گیزەت ئەهات. کتێب، کتێب لەودەمەداو لەماڵانی
ئەم شارەدا کتێب و هێلانەی کتێب و باڵندەی وشە
ئەوەندە کەم و دەگمەن بوون.
لە ترسی زرگ و شمشێرەکانی تاریکیی
ناوبەناو ئەیانخوێند و دەرئەکەوتن. تۆ لەودەمەدا،
گوڵە بەیبوونێکی بەر پەنجەرەی ژوورەکەی باوکت بوویت و
خۆشترین بۆنی دوارۆژت لێئەهات.
منداڵ بوویت و بچووك بوویت و زەینت گەورە
بۆ یەکەمجاریش لە خوێنی دوو پڵنگی کوژراوی
بنەماڵەکەتانەوە
لە دوو قوربانیی ڕووناکییەوە
لە دوو ئەستێرەی سەربڕاوەوە
لە دوو وێنەی هەڵواسراوی هەردووکیانەوە کەشەوو ڕۆژ

چاویان لە چاوتان نەئەترووکان
یەکەم پرسیاری(بۆ)ت لادروستبوو!
دوو ئاوێنەی خوێناوی، دوو شووشە مەرەکەبی تیرۆرکراو:
(عارف صائب) مۆمێکی کافووریی داگیرساوی
ژێر چوخمەکانی دێوودرنجی ئەم شارە بوو.
ڕەشەباکانی تاریکیی لەسەردەمێکدا کوژاندیانەوە
کە وشەی نەترس تاك و تەرابوون و
چوونەوە بەگژ مێژووی دەروێشەکانی خەرافاتدا
ئازایەتی کێوێکی ئەویست!
تۆ لەچاوی ئەوەوە پریشکت هێنایە نێو چاوتەوەو
تۆ لەگیانی ئەوەوە بەهارت خواست و
هێناتە ناو گیانتەوە!
(جەمال عیرفان)یش ڕەگێکی  تری بنجەکەی تۆیە
جەمال عیرفان.. یەکەمین دار ئەلەکتریکی قوربانیی
لەیەکەمین شەقامی مونەوەریی ئەم دەڤەرەدا،
یەکەمین وشەی خوێناویی لەدەفتەری مەدەنیەتی ئێمەدا
تۆ لەباڵەخانەی عەقڵی ئەوەوە
ئەو پەنجەرەی جیهان بینییەت هێنایە ناو سەرتەوە
کە قاژووەکانی نوشتەو جادوو ئەیانویست
بەقوڕی تاریکی سواغی بدەن و
خۆرەتاوی لێ قەدەغە بکەن و
سۆمای زانستی لێ زەوت بکەن و

داهاتووی لێ بسێننەوە
تۆ ئەو پەنجەرەیەت، هەڵگرت و، لەڕۆژگارێکی تردا
پەنجەرەی ترت لێ زیادکردوو، لەگەڵ ئاوەڵەکانتا،
چەندین شەقامی ترتان بۆ نەوەی نوێی
دار ئەلکتریکەکان کردەوە.
لە(پیرەمێرد)ی  وشە گەنجیشەوە
لەم پیری شاعیران و لەم ڕۆحی ڕەوانی زمانەیشەوە
لەچاوگی نەورۆزو ئاگرەکەی ئەویشەوە
لرفەی کڵپەیەکت وەرگرت کەکوردایەتی ئاگردانی و
ئەوینی کوردستانیی ڕێو بانی بوو.
تۆ لەو سەرچاوە ڕۆشنانەوە قوڵپت داو
تۆ لەو مێژووە ئازایانەوە هاتوویت و
تۆ لەو خوێنانەوە شۆڕش و گۆڕانت
کرد بەقیبلەنما!.
لەبەر چاومانی..
وەك دەست و پەنجەمان لێمان ون نابی
لەبەر چاومانی.. بەرامبەر خەیاڵ و
بەرامبەر نەینووکی ڕۆحمانی:
سەروقژت: لەهیوایەکی چڕی هەمیشە
ڕوو لە ڕۆژهەلاَت ئەچوو.
دەم و چاوت بەردەوام ئەو گوڵ خەندەرانە گەشەبوو
کەنەرمە پێکەنینێکی فێنك ئەیلەراندەوەو

لەنێوان لێوەکانیشدا، وەختێ بای خەندەیەك
هەڵیئەکردو زاری ئەقلێشاندەوە.. ددانەکانت
دوو ڕیزی مرواری بوون و چوون پەڕە سپیەکانی
گوڵە هەرمێیەك ئەبریسکانەوە..
لەبەرچاومانی گڵەزەردەی ئێوارانیو نارەوێیتەوە
ساکار بووی: چوون(زەمزەمەی بولبوولی بەهاران)و
سادەبووی وەك (وردە بارانی ژێر دەواران)و
تۆ ئەم خۆشەویستییەت لەیەك ڕەنگی ژیانەوە نەهێنابوو
چاوی تاووتوێکەری تۆ بەرلەوەی
خەوشی کەسانیتر بژمێرێ
لەپێشدا هەڵەو خەوشەکانی خۆمانی لەبەردەمدا
ڕیزئەکردین.
تۆ ڕەخنەیەك بوویت ڕووناك و ئازا
لەپێشدا بەرۆکی کراسەکەی بەری خۆت ئەگرت،و
چاوت لەهەنگاوە خواروخێچەکان نەئەنووقان و
بازیشت بەسەر چاڵی ڕەشی هیچ ئاکارێکدا نەئەدا
لەسەر هەقیش پەنجەیەك بوویت لەپێشدا لەو
دەم و چاوە موزەوەرانە ڕائەپەڕیت کە ڕووبەڕوو
هەرچەند سانتیمەترێ لەدەم و چاوی خۆتەوە دووربوون!
تۆ کورسی نەیکردبووی بەدیبلۆمات و لێپرسراو
تا ئەو لەسەرت دابنیشێو بێدەنگت بکات.
تۆ ئەو ڕەخنە تیژانەیش بوویت

که هەر بەتیغی پێکەنین لەگوناهی بەرامبەرەکەت ئەداو
هەر بەپرسیار هەندێ چاوت بەرەوژێر ئەکردو
چاوی خۆیشت لەبەرزیدا پرشنگدار
تۆ کاراکتەرو کەسایەتیت
لەپاشماوەی بنەمۆمی هیچ کەسێکی تر دروست نەکرابوو!
تۆ لەناوماندا لە گوڵە دەمەشێرێکی قنج و قیت ئەچوویت
یان لەپرسیارێکی هەمیشە زیت و لەسەرپێ
یان لەتێڕامانی ئاگرێك لەڕووبارێك و
یان لەو باڵندەیەی بێ قرە و ئارام بەدەنووك
پووش لە دوای پووش هەڵگرێ بۆ دروستکردنی هێلانەکەی!.
باڵای ڕاستەڤینەی مرۆڤ
بەتیرێژی هەڵوێست و
بەقامکی ئازارەکانی ڕۆژانی تەنگانە ئەپێورێ!.
من ئەگەر بەژنی قوربانییەکانی دوێنێم و
بەژنی خوێنیان و بەژنی قەڵەمیان نەبووایە
بەژنی ئازادیی ئەمڕۆی خۆم نەئەدی و
یەك گوڵیشم لەیەخەی دیموکراتیی نەئەدا.
هەڵوێستی کەڵەگەت بەپەیڤی خۆشییان ناپێورێ
من ناتوانم بڕوا بەهیچ وشەیەکی شۆڕشگێڕانە بکەم
ئەگەر بەگەرووی ئەشکەنجەدا تێنەپەڕیبێ!.
تۆ لەژمارەی سێدارەکانی دوێنێمەوە
لەگەڵ ملی ئەو پیاوانە ئەگەیت

کەمردنیان لەزیندانەکاندا دەستەمۆکرد
من قەڵەمێکم یادەوەریی مەرەکەبمە
سەعات ناگێڕمەوە دواوە، بەڵام بەو یادەوەریانە
سبەینێی ڕوونتر ئەنووسمەوە
من شاعیرێکم بەردەوام وەك ئاوێنە
بە بیرەوەریتاندا ئەچمەوە..
شارە بیرەوەریتان ئەوروژێنمەوە
بۆئەوەی دۆزەخەکانمان بیرنەچێتەوە
بۆئەوەی گوڵە شەهیدەکانم لەیادنەکەن
ئەو گولاڵەی جارێکی دی بەڕەنگێکی دیو
لەباخێکی دیو لەوەرزێکی ترداو
ئەمجارەیان لەپارکی ئازادیدا ئەڕوێنەوە!
تۆیش شازادم! تۆ لەوەیشومەکانی دیرۆکی ئێمەدا
ئەو وەختەی هاوار ئەیبەست و زوقم و بەستەڵەك
ئاوێنەی برین و بەرایی بەرچاومان چەند هەتەری بکردایە
هەر درێژبوونەوەی تیلماسکی تراویلکە بوو.
ئەو دەمەی ڕەنگ هەمووی لەزەردداو
دەنگ هەمووی لەکڕوزەدا و تام هەمووی
لە تاڵیشکدا کۆبووبۆوە..
ئەو دەمەی کەبەتەنها بەردی قەندیل هاودەم و
بەفری قەندیل پشت و پەناو.. شەوی قەندیل براو..
تریفەی مانگەشەوێکی هەڵلەرزیو خوشك و

هەندێ بنچکی بچکۆلە جگەرگۆشەکانمان بوون
بێکەسی و تەنیایی و دەستەوارەیەك نانەڕەقە
جیهان و ژیانی ئێمە بوو..
باڵندە کەسیرەکانمان خەویان بەئاگرێکەوە ئەبینی و
فڕینیان بەستبووی..
هەر دەستەیەك لە عاشقان و جاویدان و
خوا لەوێ بوون!
تۆ لەودەمەدا لەشارێکی گرمۆڵەبووی نێو دڕکەزیو تەلبەندا
ڕوانین و جووڵەو هەنگاوی قەڵەمێ بووی
کەشەقامی ترس و سێدارەت ئەبڕی و
لەجانتا ڕەشەکەی پارێزەریی بن هەنگڵتا
نهێنی یاقوتێکی سووری هیوات شاردبۆوە
لەسەریشتا هێماکانی شفرەیەك بریسکە بریسکی بوو
کەهەر خۆت و ناودەوارێکی شڕی قەندیل پێی ئەزانی!.
وەختێکیش لە ڕێگەی دووکەڵی سوورو.. ئاوی سوورو
دڕکی سوورو.. لە زەمانی پیاوکوژانەوە چوویتە ناو
زەمانی دڵدارانەوە.. گەیشتیتە(زنوێی سوور)
لەپێشوازیتا گوڵێکی سوور، لەقڵێشە بەردێکی،
تەمەن هەزاران ساڵەوە سەری بە ورشەی هێنایە دەرەوەو
بەگوێی تاشە بەردێکی پاڵکەوتوودا چرپاندی:
(وا)(شازاد)یش هات! ئەمە کوڕی چرایەو
خۆشی پەروانەی چاوەکانی ئازادیی. من پێم باشە

تۆ ببی بەدیواری ژوورەکەی!)
لە زنوێی سوور.. ئیتر هەر لەپاش چەند ڕۆژێ
بەفر بوو بەهاوڕێت و خەونت سپیی بوو.
لە وەرزێکی تردا، دارمێوێك بوو بەسایەی هزرت و
خەیاڵت سەوز سەوز بوو.
کانیاوێك بوو بە ئاوێنەت و لەهەردوو دیدەتا
نمەنمە بارانی زیوین باری!.
لە زنوێی سوور لەگەڵ دەستەیەك ئازاری ڕەنگاوڕەنگی تردا..
لەگەڵ کۆمەڵێ قەڵەمی بەجریوەی تردا..
ئەوانەی بەنووکی ئاواتێکی تیژ گولاڵەیان لەتاریکیدا ئەنووسی و
ئەوانەی لەدوای هەرەسی کوتوپڕی مێژوویەکەوە
لەدوای ڕۆچوونی کێو خۆیەوە
لەدوای شین و شەپۆڕی هەموو چەکەکان و
لەدوای هەلاتنی هەموو سەنگەرەکان و
هەموو ئایدیۆلۆجیەکان و هەموو ڕەنگەکان و
لەدوای ڕاکردنی هەموو فیشەك لغەکان و
لەدوای ئەوەی دەرزیش خۆی لەکایاندا شاردەوەو
قەڵەمبڕو چەقۆی ماڵیش دەمی خۆیان کولکردوو
جلی ژەنگیان لەبەرکردوو.. نوشتانەوە
ئەوان هاتن و..
مێژوویەکی تریان خولقاندەوە..
بۆ جەژنی لە دایکبوونەوەی یەکەم چەك قەندیلیان کرد بەباوك و

باهۆز هات و یەکەم مۆمی ئەو تەمەنەی لەلوتکەدا کوژاندەوە!
لەویّ لە زنویّی سوور، لەناو زۆنگ، لەدەشتی بەرانەتی و
قەرەچووغ.. سوورە گوڵ زاو نەوەی نوێیان لیّ کەوتەوە.
لەویّ لە زنویّی سوور.. لەولایەش لە شاری حەجاج و،
لە ناو چنگی مردن خۆیدا.. مۆم، مۆم، مۆم هەڵئەکرا
مۆم هەڵکردن لە ئەشکەنجەو لە سروود داو لەناو قوڕگی
لەناو قوڕگی نەهەنگ خۆیدا..
مۆم، مۆم، مۆم هەڵکردن لە کێڵگەکانی بریندا..
لە چاوەکانی منداڵ و لە کۆڵانی تەنگەبەری خەم قوڕاویی
بێوەژندا.. مۆم، مۆم، مۆم هەڵکردن.. لەهەر شوێنیّ
کە ڕووناکیی تیا کوژرابوو.. کە گۆرانیی تیا کوژرابوو..
مۆم هەڵئەکرا..
لە زنویّی سوور.. تۆیش ئەو مۆمە سوورەت هەڵکرد..
کە لەدوور ڕاو.. لەسەربانیماڵەکانی ڕەحیم ئاواو
شۆڕیجەوە، وەك: باڵای(ئەنوەر) ئەبینرا.
ئەی(شازاد)ی گوڵەگەنم و ئاوەدانیی
ئەی پێکەنینەکەی ئاشتی و
قسەی خۆشی ئێوارەیەکی بەهارو
ئەی شەوانە گڵۆپێکی ژوورسەرمان و
ئەی ڕۆژانە نەخشەیەکی ئارەق کردووی
نوێکردنەوەی باخچەی نالی و..
ئەی نوقڵەکەی ناو دەسە بچکۆلەکانی

منداڵێکی سلەیمانی..
ئەی هاوڕێم!
کۆگای گوڵی ئیمستردام!.
یان بەلەمی دەم بەخەندەی جۆگەکانی.
ئەی کۆترەکەی نامەبەری دیبلۆماتمان بۆ دنیای دوور
ئۆکۆردیۆنەکەت داگرەو ئەمجارەیان لەباوەشتا
حەسرەتی شینم لێبدەو
هەرلێم بدەو بمکەرەوەو دامخەرەوەو.. بمکە بەتەمی ئەنقەرەو
بەزمانی لاڵم لەویٰ و وەکو نیشانەی سەرسوڕمان
لەدوای ڕستەی فرمێسکی ژنە کوردێك و
لەدوای دێڕی برینداری
شەقامێکی ئامەدەوە.. دامنیٰ لەویٰ!
ئەی هاوڕیٰ!
ئەشیٰ ئێمە، من و شیعرێکی تر لەیەکتری زویر بووبین.
ئەشیٰ باخ و مەلێکی تر لەیەکتری دابڕابن.
ئەشیٰ ئەم ڕەنگ لەگەڵ ڕەنگێکی دیکەدا
ئەشیٰ ئەم دەنگ لەگەڵ دەنگێکی دیکەدا نەگونجابن
بەلاٌم تۆ ئەو خۆشەویستییە گەورەیە بوویت
هەر هەمووومان، بە ناکۆك و بە زویرو، بە دەنگی جیاو
بە گونجاوو بە ناتەباو
بە هەموو ڕەنگەکانەوە، ئەمانویستی و
سەرمان ئەکرد بەدەروونتاو لەگەڵتابووین!.

ئەی درەختی خۆشەویستیی و
ئاوی ڕوونی برایەتیی
تۆ ئاسمانی یەك لەش بوویت و بەلآم پۆلێ جوانی و
ڕەندیی و میهرەبانیت تێدا ئەفڕی:
پەڕەسێلکەی سادەیی.
هەلۆی قسەی ڕووبەڕوو.
کەوی دەنووك بەخەندە
بوولبوولی ڕوناکبیریی.
پەپوسلێمانەکەی نەفس بەرزیی.
سوێسکەی زرنگیی و
لەدواییشدا شاهۆیەکی باڵکراوەی جوامێریت تێدا ئەفڕی.
تۆ یەك مێرگ بوویت و
بەلآم چەندین ڕەنگی ژیانت تێدا ئەبریسکایەوە.
لەڕۆژگاری ڕەشدا.. پزیزکی سوورت لێ ئەبۆوە
لەوەرزی زەردی دابڕاندا..
پێکەنینت گوڵ ئەرخەوانی ئەگرت.
لەمەوسیمی هیوا بڕاندا.. مزگێنی سپیی و
لەڕۆژانی ئازادیو بژوێنەکانی ئاوەدانکردنەوەشدا..
تۆ گوڵەهێرۆیەکی سەرلق سپی و
گوڵەگەنمێکی پڕ لەشیرو
ئاوی شیرینی بیرێکی ئیرتیوازی و
دینەمۆی کارەبای دوورە گوندێك بووی.

چلەتە؟! یان چلەی هەتاوێك؟!
چلەتە؟! یان چلەی تاڤگەو شەتاوێك؟!
چلەتە؟! چی بڵێ قەڵەمی چل ڕۆژەی چاو تەڕم و خەم تەڕم و
چی بڵێ پەخشانی سەروقژ ژاکاوم و
سەدای کام زایەڵەی سەفەری لێوەدێ
شمشاڵی ئەم کۆستەو وێرانەی هەناوێك؟!
چوویتە سەر گردەکەی یارەو
بووی بەگوڵە عەترێ لەوێ
وەختێ شیعرم ئەبێ بەکزەبایەك و
بەلای تۆدا تێئەپەڕێ
ئیتر وشەو ئیتر ڕستەو ئیتر خەوم و بێداریم و
تەماشایشم وەکو دەنگم بۆنی خۆشی ڕەنگت ئەگرێ!
کە ڕۆژ ئەیشگاتە ئێوارە
ڕووئەکەینە شاخی گۆیژەو ئەڕوانین و
لەناو گەواڵە هەورێکدا، دەم و لێوت و، دڵۆپ دڵۆپ
پێکەنینت ئەبینین و
یاخود لەپەلکەڕەنگینەی
کەوانەیی سەر ئەزمڕدا..
کە شانی ڕاست دائەداتە سەر هەڕووتەو
دەستی چەپی لەبەرۆکی ناو ڕەزێکدا نوقم ئەکا
دەست و پەنجەو سەرو قژت و هەردوو چاوە گەورەکانت و
باڵات لێمانەوە دیارە

چلەتەو لەسەر ڕا چل وشەم بوون بەمەل
پۆلێکن لەفرمێسك بەکاوخۆ ئەفڕن و ئەگەنە سەر کەلی خۆرنشین
لەوێڕا تێکەڵی هەناسەی بوولێڵ و
سەرابی ئەبەدیی و ڕۆحی خواو گەردوونی نەهێنیی و با ئەبن.
لەوێڕا هەر لەناو قۆزاخەی پرشنگ و
تریفەی زیوڕێژدا تۆ دێیت و
(پیرەمێرد) بەخۆی و گۆچان و شیعرەوە لەوێیەو
تۆ دێیت و..(عیرفان) و فێستەکەی، عیرفان و
زامانی بەورشەی لەوێیە.
لە هۆبەی باراندا، لەهۆدەی گوڵباخ و ئەویندا
بەپەری خەوەکەی باوکیشت ئەگەیت و
بە(ئارام) ئەگەیت و ماچێکی تەوێڵی ئەکەیت و.. لەوێدا
پێکەوە بەکۆمەڵ گۆرانیی:
(کەدەڵێن ئەمرۆ دەشت و کێوشینە) ئەڵێن و
"ئازاد"یش، بەرامبەر هەمووتان، لە شورفەی نارنجیی
هەورێکدا وەستاوەو، بەگیتار
یادێکی زنوێی سوور، ئازادیی و هەڵەبجەو
کازیوەی ڕاپەڕین لێئەدا.
چلەتەو هەنوکە من شەوم و چل پەنجەی
پەخشانم داگیرساو. لەدەشتی سوسێداو لەکەڵەوانان و
لەئاوی دوکاندا، چران و وێڵ بوون و درەختن
وێڵ بوون و، کوکوختی کەرکوکن  وێڵ بوون و بەشوێنتا ئەگەڕێن

"شازادێ، دەکەڵێ، دەڵێ لێ، دەلۆ لۆ
هەر من نا، خەم گەڵێ، زنوێی، قەندیلێ، شەمامێ،
تورنجێ،  تابلۆیە، شەقامێ، گۆڤارێ
بۆت مردین جانانە!
شازادێ، دەڵێ لێ، دەڕۆحێ، دەلۆ لۆ)
من ئەمڕۆ ئاگرێك لە زمان بەرئەدەم
بڵێسەی بگاتە بەرزایی خەیاڵم
تا هەرچی هەورێکی نەباری گریانەو من ماومە
بباریێ و شەست بکاو دڵۆپێ لەچاوما نەمێنێ
بۆئەوەی قەرزیکات شیعرێکی داهاتووی
دیوانی پایزەی ئەمساڵم!.
من ئەمڕۆ ئاگرێك لە پووشووی
ئەم دەشتی هاوینەی پەخشانم بەرئەدەم
بسووتێ و بپڕوکێ و هەڵپێژێو هەڵقرچێو
لەدوای خۆی فەرهەنگی زوخاڵێ بۆ ماڵێ جێبێڵێ
(دەلۆ لۆ، دەڵێ لێ، مەقامێ، قەتارێ
لاوکێ، خوێن بێنێ لەبینین، خوێن بێنێ لەدەنگێ
بۆت مردم شازادم
بۆت مردم جانانە!)...

سلێمانی
2001/6/23

# پیاوێ لە دارسێو

2002

بەو سەرەوە، گەواڵە هەورەکان وتیان:
ئێستە خاك لە ئێمە شپرزەترەو
ڕەنگەکانی ناو پەلکە ڕەنگینەیش وتیان:

ئێستە زمانی کوردیی لە ئێمە پەشۆکاوترەو
پەلکەگیاکانی بەر پرژەپرژی تاڤگەیەکیش ئەیانوت:
چاوی ڕۆژنامە لە چاوی ئێمە تەڕترەو
ئاڵایەکی ئاوێزانی سەر تابوتێکیش پێی وتین:
لەم ساتەدا تەنها هەر دڵی ئازادیی
لە ژوورەکانی گریان و خۆرەکەی من دڵتەنگترە.
خاك بەسەر مەرگی ڕووبارێکی خۆیدا کەوت
"تۆ بڕوانە ئەو بەردانە
چۆن جێگۆڕکێ بە ژانەکانی یەك ئەکەن"
زمانی کوردیی چرایەکی دیوارکۆی،
ژووری میوانی خۆی لێ کوژایەوە.
"تۆ تەماشا نیشانەکانی سەرسوڕمان
چۆن دەسی ئەو حەرفانە ئەگرن تا نەکەون"
ڕۆژنامە گوڵدانی سەر وتارێکی
خۆی لە دەست بەربۆوەو شکا
"تۆ بڕوانە:
سەردێڕەکان چۆن خۆیان دانەواندوەو
وردە شووشەی ڕستەی شکاو
لە دامێندا ئەچننەوە"
ئازادییش زەنگێکی گەرووی
سروودەکانی لە زرنگانەوە کەوت
"تۆ تەماشا

چۆن بێدەنگییش
بووە بە کۆترێکی ڕەش و
لەسەر شانی هەشتی نیسان هەڵگورماوە"
ئێوەیش هەموو برادەرە هەورەکانم!
ئەی پەلکە ڕەنگینەی خوشك و
منداڵینە، پەلکە گیاکان
تۆیش ئەی ئاڵای
غەریبی ناو ئاڵاکان و
ئەی دوا نمەی شیعری تەڕی ناوچاوانم،
ئێمە ئیستا لەم چاڵی خۆرنشینەدا، بە زەردەپەڕ
باڵای قەڵەمێك دائەپۆشین
کە لە نووکی ئەوەوە
"ژێ کافێ" برووسکەی داو
لە سەری ئەودا ئەیلولێ کردی بە ڕەهێڵەو
لە دەفتەری بەردیشیا شەفەقێ ڕسکا.
ئێمە ئیستا ماڵئاوایی لە ژیانی چیرۆکێکی درێژی
هەشتاو شەش لق و پۆپ ئەکەین
کە لە"گەلاوێژ"ی کازیوە جوانترو
لە هەنگاوی"بەرەو ڕووناکیی" منداڵێکمان گەشترو
لە ژانی گەلی ناو تووناو توونی ئەنفالەکانمان بە گینگڵتر و
لە زەردەخەنەی"شیرین بەهارە"ی
نەورۆزی تازەمان ئازیزتر.

ئێمه هەنوکه پەنجەرەیەك بە گڵ ئەسپێرین
که پەنجەرەی خۆرەتاوی سەر گۆیژه خۆی بوو.
بەژنی باڵەبانێ ڕائەهێڵێنه گۆڕەوه
که باڵەبانی سەر دوو لێوی شیعر خۆی بوو
بەیانییەو کەچی ئاسمان
ئاسمانی ئێوارەیەکی خۆڵەمێشییەو
ئەوەتا: ڕۆژنامەکانمان
نزم ئەفڕن و له پۆلێ پەرەسێلکەی زیز ئەچن.
دوا ژمارەی گۆڤارەکانمان بۆینباخی ڕەشیان بەستووەو
له پرسەی گۆمێکدا لەبەر تریفه غەمبارەکان هەڵئەسن.
کورته چیرۆکەکانمان
یەکی گوڵێکی سپییان به دەستەوەیەو
فرمێسکی ناونیشانی خۆیانی پێ ئەسڕن.
ئەمڕۆ له دادگاکانماندا،
"قانون" پیاوێکی جانتا به دەستی
شڵەژاوەو عەینەکەکەی تەم گرتوێتی.
له کافتریاکەی زانکۆیشدا
"خازێ"بووه
به کچه خوێندکارێکی ئەسمەری کەرکوکیی و
به دەم خواردنەوەی قاوەی تاڵەوه
سەرنج له کۆچی پەڵه هەورێکی
گۆچان به دەستی دوور ئەدا.

ئەمڕۆ لەناو هەموو ژوورەکانداو
لەم شارەدا
هیچ ژوورێ ئەوەندەی ژووری پارێزەران
پەپوولەی بیرەوەریی تیا کۆنەبۆتەوە.
هیچ شەقامێکیش ئەوەندەی
شەقامی سابونکەران
خێرا خێرا سەرهەڵنابڕێ
بۆ نووسینگەیەکی ڤاتی دووی
ئەوڤاتییەکی زیتەڵەو ڤۆزی جاران.
ئەمڕۆ هیچ دار هەنارێکیش هێندەی
دار هەناری"ئاوە کورتێ"
نمە نمە یادگاریان ناپژێت و
دامەنی"تەیەت" ئاڵناکەن.
هیچ نامیلکەیەکی سەر ڕەفەی کتێبخانەیش
هێندەی"یادگاری لاوان"
لاپەڕەکانی پڕ نەبوون لە"با"ی نامۆو
لە تەمتوومانی لەندەن و
لە گمەی ژان.
تەمەنێك لە پلیکانەی هەتاو
تەمەنێك لە دەغڵی وشە.
تەمەنێك لە چریکەی قەڵەم و
تەمەنێك پڕ لە مانگە شەوی شیعرو

تەمەنێك پڕ لە ئاوێنەی ڕەنگاڵە

★

لەگەڵ "با"دا بگەڕێوەو
سەر بەرەوە لە وێستگەکانی ڕۆژ ژمێر
سەر بەرەوە لە چەخماخەو برووسکەی ساڵ:
هەر ئەوەندەی بگەیتە لای
جادەیەکی شەشی ئەیلول،
تۆ هیچ مەڵێ و،
ئیتر ئەو خۆی، یان درەختی، یان دووکانی،
یاخود پایەی تەلارێکی،
دێنە قسەو بۆت باس ئەکەن،

کێ بوون ئەو وشە شاریانەی بۆ یەکەم جار
لە دەربەندو ئەشکەوتەوە:
دەنگی مێژوویان گواستەوە،
خەونی وڵاتیان گواستەوەو
ڕاپەڕینیان دابە کۆڵی ئازادیداو
هێنایانە بەر دەرکی شار.
لەو ڕۆژەوە شەقامیان کرد
بە مەچەکی پاشەڕۆژو
لەو ڕۆژەوە، کتێبیان کرد
بە چاویلکەی بیری تازەو

کردیانە چاوی ڕۆژگار.
هەر ئەوەندەی بگەیتە لای
کۆنە دیوارێکی زیندان.
لای هەوای کپی قاوشێ،
لای مەرکانەی گرتووخانەی
سەحرایەکی دووره دییار: تۆ بێدەنگ بەو،
ئیتر ئەوان ئەجوولێن و دێنە قسەو،
لە برینی دیوارەوە، لەناو زاری زنجیرەوە،
لە ئاوی ژەکی مەرکانەو،
لە بنمیچی قاوشەوە، پەیڤەکانی برایمۆك،
کلوو کلوو دێنە دەرێو
بە ئازاردا شۆڕ ئەبنەوەو
دیسانەوە لە بەردەمی پەریخان و دڵداراندا
ئەبنەوە بە: ئاوێنەکانی یادگار.
تۆ بگەرە چاوی"شیرین"..
ئەیشگەیتە لای گۆمی ورمێ.
تۆ بگەره"دیاری لاوان"..
ئەیشگەیتە لای مێرگی بەهرەو کەپری زمان.
تۆ بگەرە خەمەکانی"سۆفی هەسەن".
ئەیشگەیتە لای فرمێسکەکانی ولاتێ.
بگەرە "دوا تیری کەوان"،
من ئەزانم ئەیشگەیتە لای

ئەو ورەیەی
جارێك ئەبێ بە بای سووری ناو تۆفان و
جارێکی دی بە دەنگی بەردەقارەمان.
"تۆ ئەگەر نەژیت بۆ مردن
تۆ ئەگەر بمریت بۆ ژیان"
نە هەڵئەورێ پرشنگ و
نە ئەشمرێ خەونی ئینسان!.
محامی گوڵە گەنم بوو.
جانتای دەستی پڕبوو لە کڕووزەی زەوی
ئەوقاتیی جۆگەی هەژار بوو.
چەکمەجەی مێزیشی پڕبوو،
لە گریانی وردە چەوو
لە ئاوی غەدر لێکراو.
محامی ڕەنجی قوڕاویو
محامی ئاسکی بێوەژن
محامی شیعری گیراو بوو..
ماڵەکەی پڕبوو لە بۆنی دادپەروەریو
دۆسییەی سەر ڕەفەیش سیخناخ:
لە بێ ئۆقرەیی گومان و
لە قریشکەی تەڕی ژن و
لە تارمایی چەقۆکانی دەستی تاوان.
دەعوایەك لە هەق.

تەمێك لە گومان.

عەشقێك لە دادو

هزرێك لە ڕامان.

لە ئیستەیشدا هەر ئەوەندەی بگەیتە شاری تەمتوومان

ئەودیو هاژەکانی زەریا

لە لەندەندا

وەکوو خەمت

تاکسیەکی ڕەش بگریت و

بەرەو باشوور بئاژویت و

بڕۆیت.. بڕۆیت

تا ئەگەیتە ناونیشانی

"وەلینتن، مارچ مۆنت ڕۆد،

ژمارەی خانوو "30"

کە دابەزیت

دەرگایەکی بستەبالآی تاسەر ئەژنۆت ئەکەیتەوە

بە دوو هەنگاو

وەك هەنگاوە کورتەکانی بەیتی شیعر

بە نێوانی هەندێ فاریزەی گیاو گوڵی

بێ تاقەتدا تێ ئەپەڕی

لە ناوەوە، ئەگەیتە بەر

هەورازێکی پلیکانەی تەختە بەندی

تەنگەبەر وەکوو غەریبیی

تۆ دەروونت پڕ لە لاولاوی پرسیارەو
هەڵئەگەڕێی
سەرئەکەوی. لە سەرەوە ئەگەیتە ژووریٚ ڕۆح سپیی
وەکو جاران، لەگەڵ پیاویٚ دائەنیشی
ڕووخۆش وەکوو درەختێکی بەفر بەسەر
ئەو وەختانەی لەبەر هەتاو پیٚ ئەکەنیٚ و
ڕویکردۆتە ئاوێنە گۆمێکی زنوێر
سادە سادەو ڕۆح سووك وەکوو
هەڵفڕین و گمەو چینەی،
کۆتری"ترەڤڵ گارد سکوێر"
کە دانیشتی و چاوت گێڕا
نە یەك قەنەفەی لووت بەرزو
نە یەك کورسیی لە خۆبایی و
نە وێنەیەکی بە دەعیەو
نە مافورێکی بە فیزو
تۆ هەر وەکوو گوڵەکێوی ساکاریی ژیان ئەبینی.
کە دانیشتی ئیتر کتێبی گەنج و پیر
چاوڕەش خەڵکی عەرەبستان
چاوشین خەڵکی ئینگلستان
دەورت ئەدەن
نزیك و دوور
نامەی خەم لێنیشتووی زۆرو

پارچە کاغەزی چاوەڕوان لە مابەینی لاپەڕەداو
هەندێ قەڵەمی بێ کلاو
هەندێ ڕۆژنامەی پاڵکەوتوو لەسەر کورسی و
هەندێ جریوەی یادگار لەملاتەوەو
هەندێ چریکەی ڕۆژگار لەولاتەوە
سەیرت ئەکەن.
وەختێ ئەزانی لە چاوتا
گەلاوێژێك ئەجریوێنێ و
وەختێ ئەزانی لەبەری هەردوو دەستتا
شەوبۆی پەخشان سەردەردێنێ و
بارەکەوێ لەناو سنگتا قاسپەیەتی و
ژانی کردوە بە شیعرو بۆت ئەخوێنێ.
کە دانیشتی تۆ هیچ مەڵێ و ئیتر ئەوان
دێنە قسەو بۆت باس ئەکەن
باسی نامۆیی ئەو وەختەی
وەك گڵۆپی ناو تەم و مژ
چۆن شەوانە لە بەندەری
خولیاکانی ئەم پیاوەدا دائەگیرسێ
باسی جەستەی لە ژوورێکداو
بەڵام ڕۆحی دوور دوور لەوێ:
دەمێك لە دەریاچەی واندا
ئەبێ بە ماسیی کرمانجی و

دەمێکی تر لە خەرەندی ڕەواندوزدا
پەپوولەیەکە سۆرانی و
جارێکی تر لە کەرکوکدا
ئەبیتەوە بە ئاگرێ.
لە نەخۆشخانەی"سانتهێلێر"
لە ڕاڕەوێکی سپیدا
لە ڕاڕەوێکی درێژی بەنج کراوی بێ سرکەدا
لەو ئاستەدا کە ژین و مەرگ
بەینیان لە پەردەی چرکەیەك
تەنکترەو،
هەموو ساتێ لە یەك دیارن.
لە ڕاڕەوێکی سپیدا
لەو شوێنەدا، بۆنی فۆرمالین و بۆنی
چاوەڕوانی و
بۆنی هەواڵی کوت و پڕ تێکەڵ ئەبن.
لە ڕاڕەوێکی سپیدا،
سپییەکی لە هۆش خۆچوو،
وەکوو بەفرێ

لەبەر شەوقی کەم و کزی گڵۆپێکدا
عەرەبانەی ماڵئاوایی، مەرگی مەنگەو
سووك سووك ئەڕوا

پیاوێکی نیوە داپۆشراو
لە ئیستەدا
لە جۆگەی بەر زەردەپەڕی ئێواران و
لە خەیاڵی نووستووی گوڵ و
لە ژانێکی بن گۆم ئەکا.
چون کزە با ڕاکشاوە
"بۆ یەکەمجار یەکێکی تر چاوەکانی داخستبوو
بۆ یەکەمجار یەکێکی تر لەسەر پشت ڕایکشاندبوو"
عەرەبانەی خاوی مردن
بە ڕاڕەوێکی سپیدا تێ ئەپەڕێ
لە پەنجەرەی بێ تاقەتی دیوارێکی سەرسامەوە
هەتاوێکی نەخۆش، باریك، دێتە ژوورێ و
بە دەم ڕێوە لە قژی سپیی ئەنیشێ
هەموو شتێ سپیی.. سپیی
غوربەت سپیی
دوکتۆر سپیی و
فرمێسك سپیی و
مەرگیش سپیی!.
دوا وشەی تۆ لە"سانتهێلێر" چاوی لێکنا.
گەڕایتەوەو بووی بە خەوی باران و با.
گەڕایتەوە:
لەملا لقی ژاڵە بوویت و لە تابووتا ڕاکشابوویت.

هەر هەمان سات، لەولاشەوە، ئەمانبینیت
لە بەفری پیرەمەگروندا
چنارێك بوویت لە گزنگ و
ڕاوەستا بوویت.
لەملا گڵ بۆ خۆی ئەیبردی و
مانگی نیسان بە هێواشی
بە شەماڵێ دایئەپۆشیت
هەر هەمان سات لەولایشەوە
ئەمانبینیت لە سەفینی و
لە نێوانی دوو کەلەوە
باڵندە چرای کۆچەری و
بریسك و هووڕ دەرئەکەویت.
لەملا زنەی چاوەکانت
لەژێر بەیداخی غەمباردا
دوو هەڵبەستی نوستوو بوون و
هەر هەمان سات لەولایشەوە
ئەمانبینیت بە خەبەری و
گوێژەت کردووە بە کورسی و
"گردی سەلیم بەگ" بە مێزو
چەخماخەیەك بە قەڵەم و
سەوزە گیامان بە کاغەزو
ڕۆمانی باران ئەنووسیت.

تابووتێ لە شەو.
ئالآیەك لە خۆر.
گۆڕێك لە پایز.
شارێك لە وەفا.

**سێ پۆستكارتی خۆشەویستیی**

**لە سێ سەرچاوەی خۆشەویستییەوە بۆ سیاپۆش**

**یەكەم پۆستكارت:**

من ئاوی زمانی كوردییم
ئەمڕۆ شلوێیە چاوانم و لەڕێو باندا
وەك تارمایی حەرفەكانی خۆم ئەبینم.
من زێیەكی كەڵەگەتم لێ ونبووە
ئاخر بۆیە من گۆڤارم لیخن بووەو
وەختێ بەناو گەلیی وتارو پەخشاندا تێئەپەڕم
لە كەناردا سەرم ئەدەم بە گابەردی ڕستەكانداو
لەناو قەڵبەزەی شیعریشدا خوڕخوڕ ئەگریم.
من ئاوی زمانی كوردییم
مەگەر هەر خۆشم بزانم
ئەم عاشقە چەند ڕووباری پاككردمەوە
لەو قەوزانەی ڕێی ڕۆشتنیان لێ ئەگرتم.
وەختێ ئەم كارتەیش ئەنووسم
حەرفی بزوێنم سست بوون و

بووم بە تانجەرۆی چاوکزو
ئەوبەر کەنارم نابینم

**دووەم پۆستکارت:**

من ئاسۆکانی ڕۆژنامەم
ڕۆژنامەیەکم مردووە
بە قەد هەتاوی سەربەفر پاك و جوان بوو
بۆیە ئیستە من ئەبینن
لە دووکەڵی مانشێتێکدا بە حاڵ دیارم و
فرمێسکی ڕەش ژووری ستوونم تەڕئەکاو
گۆشەم ئەکا بە ئەستێرکی حەپەساوو
وەختێ ئەم کارتەیش ئەنووسم
هەواڵەکان، هەموو بە جلی ڕەشەوە
دەوریانداوم!.

**سێیەم پۆستکارت:**

من مەملەکەتی سیحراویی ناو ئەدەبم
هەڵفڕینی بێ کۆتایی ناو خەیاڵم.
من خەیاڵێکم مردووە. تەلیسمێکم لێ ون بووە
درەختی مرواری شیعری تیاڕواندم و
جوانترین پارکی چیرۆکی تیا کردمەوەو
شارێکی گەورەی ڕۆمانی تیا بنیاتنام!.

من پردێکم لێ مردووە
هەردووبەری: خۆشەویستیی هەژاران و
ئازادیمی بە یەکەوە ئەبەستەوە.
من ئەو پیاوەم لێ ونبووە
بۆیە ئیستە من ئەبینن دەم و چاوم
لە باڵەخانەی ڕوخاوی شارێك ئەچێ و
وەختێ ئەم کارتەیش ئەنووسم
هات و چۆی هەرچی وشەیە
لە شەقامما ڕاوەستاوە!
گلەیی نامەیەك لە زمانی پەپوولەو و گوڵەباخ ناسکتر،
لەم باخچەوە بۆ ئەو باخچە"
تاق  تافکەرەی عەشقێك ئەمرێ
دورونزیك باخانی تر
بە پیر تەرمی ئاوازەوە
تا سنووری سەدا ئەچن.
گولاٚو نامەی باخێك ئەمرێ
دورو نزیك شەپۆلەکان
بۆ چەند ڕۆژێ ڕەشپۆش ئەبن.
یەك ڕۆژنامەی شەپۆل بمرێ
دورونزیك هەرچی ئاوێنەی وشەیە
لە کەناردا کۆئەبنەوەو
درەختەکانیش کۆڕ ئەگرن.

خۆ ئەم پیاوە
لە یەك وەختا تاق تاقکەرەو باخچەو
شەپۆل و ئاوێنەو درەختیش بوو.
لەودیو تخووبەکانی زمان و لەودیو
زەریای ڕۆمانەوە
پۆلە نەورەسی پەخشان و شیعر هاتن
شینە شاهۆی هەواڵنێرو
قازو قولنگی سیاسی و
کلاوکووڕەی ڕۆژنامەنووس زۆریان هاتن
کەچی تۆ لەناو زمانی خۆمدا بوویت و
لە باخچەکەی ئەوبەرمەوەو
سەیری ناشتنی خەرمانەی، مانگێکی منت ئەکردو
هەر نەیشهاتیت!
"دوا سکێچی ئەم بەشە بریتییە لە چەند پەندێکی
نێو ڕۆژ ژمێرەکەی"هـ. ل. ب" و چەند
وێنەیەکی گەورەکراوی ناو ماڵەکانمان"
لە باگژەی وڵاتێکدا گوڵێك نییە بێتە دەرێ و
سەروقژی تۆز نەیگرێ و
لە بەردەکانی تاریکیی هەڵنەنووتێ
گوڵێك نییە.
بەفرێك نییە بەناو دووکەڵا تێپەڕێو
وەك یەکەم بارین سپیی بێ. بەفرێك نییە

دارێك نییه له بازنەی ئاگردا بێ و
جارێك نەبێ بە داوەكانی پزیزك و پرپیشكەوە.
دارێك نییه.
تۆیش وەها بوویت و.. نەمردی
بەڵام مەرگی گوڵ وەختێكە
خۆی باگژە بێنێتە سەر باخچەی خۆی و
مەرگی بەفریش ئەو وەختەیە
ئەو خۆی دووكەڵ بێنێتەوە بۆ ئاسمانی و
مەرگی داریش ئەو كاتەیە
ئەو خۆی ئاگر بێنێتەوە سەر تەلان و دارستانی!.
ئەوەیش ئاو نەبوو تێپەڕی.
چیرۆكی كوێرەوەری بوو.
ئەوە"با" نەبوو هەڵیكرد.
گڤەی سروودێكی ئەم بوو.
ئەوە هەور نەبوو دایكرد
ڕێژنەی زمانەكەی ئەم بوو.
ئەوەیش مەشخەڵ نەبوو هەڵبوو.
سەری وتارێكی ئەم بوو.
ئەوەیش ئەستێرەی ئاسمان و سروشت نەبوو هەڵهات
گەلاوێژی گیانی ئەم بوو جریواندی.
خەیاڵێك لە باران
دەفتەرێ لە مێرگ و

شەقامێك لە تیشك و
كورسییەك لە خونچەو
خولیایەك لە ورشەو
مرۆڤێ لە زریان!
ببوورە شاخ! لەناو تەمی لەندەنەوە هاتۆتەوە
بۆیە گەردیلەی غەریبیی لە سەروقژی نیشتووەو
چون چاوەكانی كۆترێ لە بوولێڵدا
كەمێك لێڵ بووە چاوانی.
ببوورن سارای هەڵەبجەو گردی گولان
كە لانادات پەلەیەتی،
ئەم كزەیە، ئەم تاژانە
پەلەیەتی بگاتەوە سلەیمانی.
سیمای پیرۆزی مەولەوی!
تۆیش ببوورە كە ئەم پەپوولەی وشەیە
وەختی نییە، لابداتە، باخی ڕیشت و
تۆزێ لە نوورت بمژێ و
ئەوەتا وا لە كەلی گڵەزەردەوە
بانگی ئەكا، سلەیمانی!.
بەر لەوەی خۆی بگاتەوە
هەر بە بادی خۆش مروردا
پەنجەی سپارد بە ئەزمڕو
قۆخی دڵیشی دا بە"وان"

وەسێتی کرد ملی بکەن بە مۆمێك و
دایگیرسێنن لە گوێ سیروان!
گەیشتەوە!
قەسیدەیەکی ڕاکشاو لەناو"با"دا.
گەیشتەوە.
پەخشانێکی خەولێکەوتوو لەناو تەمدا.
گەیشتەوە.
ڕۆژنامەیەکی لوول کراو لەناو شەودا.
گەیشتەوە.
گەلاوێژێك بە نوستویی گەیشتەجێ و
کەچی دنیایشی ڕاچڵەکاند
سومبولێ لە ئاو تیشکێ لە"ژێ کاف"
عەشقێ لە بەفرو
کۆشکێ لە هەتاو.

گەیشتەوە
وشە لەناو"دڕك و گوڵ"و
وشە لە دەربەندی"ژانی گەل"و
لە"یادگارو هیوا"وە
هاتنەدەرێ و
وەك یەکەم جار
دیسانەوە هەڵفڕین و

له فەزای زیویندا بوونەوە بە خەیاڵ،
خەیاڵیش بوو بە مەلێکی ئەفسانەیی
بەر پەنجەرەی
ژووری تەنیایی نووسەرێ.
پۆل پۆل وێنە هاتنە دەرێ
دیسانەوە وەك یەکەم جار
وێنە بوونەوە بە ڕەنگی
بەفرو ئێوارەو مەراق و
چوونەوە لای
شەوقدانەوەی ناو سروشت و
بیرەوەری بەرئاگرێ.
چیرۆك نووسیش چاوەکانی
له سەریەوە هاتنە دەرێو
وەك یەکەم جار
باڵیان لێکداو گەڕانەوە
بۆ لای یەکەم
چیرۆك نووسی گەردوون
بۆ لای پەنجەکانی خوداو
بۆ ئاسمانی نەهێنییەك
کە نابینرێ!.
کاسکێتێ لە هەور
گۆچانێك لە شەو

جانتایەك لە یاد

عەینەکێ لە گۆم

هۆدەیەك لە خەون

مێزێك لە شەوبۆ

پیاڵەیەك چای سارد

زەینێك لە پشکۆ.

لێرە لەناو سەدەیەکدا

هەرچەند شاخێ لە ئاوێنەی بەهرەوەریی

چەند شەماڵێکی ڕەنگاوڕەنگ

چەند فڕینێکی ئاسمانی و

چەند باڵقۆنێکی ئەستێرە دروست ئەبن..

لێرە لەناو سەدەیەکدا

هەر هەندێ خەو

ئەبن بە مامزی سپی و دەرئەکەون.

هەندێ شابازی پێشەنگ و

هەندێ پەپوسلێمانکەی شیعرو

هەندێ لە چەخماخەی بیری

قەدەغەشکێن.. دەرئەکەون

کە سەری تۆ یەکێکیان بوو.

"بە یادی تۆو بە نەهێنیی

گەڕامەوە بۆ لای دیجلەو

خۆمکرد بە قولایی ئاودا

له بنەوە وتەکانتم بینیەوە
هەندێکیان بووبوون بە ماسیی و
ئەوانی تر بە گژوگیا"
بە سواری ئەسپی باهۆزێ
گەڕامەوە بۆ سەر شاخ و
له لووتکەدا
خەیاڵەکانتم بینییەوە
"هەندێکیان بووبوون بە هەورو
ئەوانی تر بە گڤەی با"
لەگەڵ شەودا، دەمامکدار،
خۆمکردەوە بە کەرکوکداو
له شەقام و له گەڕەکدا
خۆشەویستیتم بینیەوە
"هەندێکی بووبوو
بە گوڵی پرتەقاڵی
چاو نارنجیی و
ئەوانی دی بە کوکوختی
ناو ماڵەکانی سەر قەلا".
له دواییشدا بە یادی تۆ.
لەگەڵ"با"یەکی زەریادا
دیسانەوە گەڕامەوە بۆ لەندەن و
نامەکانی ئاوارەیی و چاوەڕوانیتم بینییەوە:

"هەندێکیان بووبوون بە گەڵای هەڵوەریوی
"مارچ مۆنت ڕۆد"و
ئەوانی دی بە دەنگدانەوەی سەعاتی
لە یاد نەچوون لە بیگبندا".
دەنگێ لە برۆنز
ڕەنگێ لە سروود.
بۆنێ لە ڕستەو.
ڕوانینێ لە دوند.

لە یادداشتنامەی بەفردا
جێ پێی چیرۆکێ لە جێ پێی
هەرچی قەیسەرە دیارترە.
لە بیرەوەری نزاردا
سەری پەنجەی پەلکە شیعرێ
لە هەرچی خشڵی شاژنە
پیرۆزترە.
لە ڕۆژژمێری پەپولەو
لە یادداشتنامەی ئاونگدا
یەك دێڕی جوان
لە فەرمانی شاهەنشاهی گەورەترە.
لە یادنامەی دارستان و
لە بیرەوەری گوڵیشدا

دەنگی بولبولێکی پچووك
لە کەڕەنای کۆشکی سوڵتان
نەمرترە.
لە بیرەوەری ئەوینی ئەم خاکەیشدا
تەمەنی تاڵێك لە ڕیشی شیعری خانیی
عومری یەك قۆپچەی کراسی
چیرۆکێکی کوێرەوەری
تەمەنی یەك زەردەخەنەی مانگە شەوێ
لە کانییەکی"گۆران"دا
لە تەمەنی هەرچی شازادەی زێڕینی
ناو سۆران و بادینانە.. درێژترە!.
برژانگێ لە کولوو.
گەڵایەك لە گزنگ.
دڵۆپێ لە هیواو
ژانێ لە سووتوو

ئەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ..
تۆ پەیژەی میراتت نەبوو
کە چوویتە ناو هەورەبانی مێژووەوە.
کوڕی گەنم و جۆی ساکارو
کوڕی باوکێکی هەتاوی کاسبکار بووی.
تۆ کوڕی کتێبخانە بووی

سەرت هەنگ و
خانەخانەی کتێبخانەیش شانەی وشە.
تۆ کوڕی نۆتەی سرودوو مۆسیقا بووی
گوێچکەت سمۆرەی بیستن و
ئاوازەکان پلەی پەیژە.
ئەو وەختەی تۆ
لەناو دەربەندی زستانا
لەبەر ڕووناکیی خەیاڵی بەفرانبارا
لەو کێوانە شەوان درەنگ
میوانداریی
جریوەی عەقڵی هیگڵ و
خولیاکانی دستوفسکی و
پاڵتۆ بۆرینەی گۆگۆل و
فاوستەکەی"گوتە"ت ئەکرد
شەوێك لەگەڵ"ژان ژاك ڕۆسۆ"
دائەنیشتی و
شەوێك لەگەڵ دەنگی"ڤولتەر"
پیاسەت ئەکرد
دیسانەوە شەوێکی تر
لە دادگاکەی گالیلۆدا
ئەبوویتەوە بە پارێزەر
لەو  وەرزەدا، ئێمە زۆرمان،

له دەرگای داخراو ئەچووین
ئێمە زۆرمان،
له نسیەكانی مێژوودا
بووبووین به شەختەی سالآن و
ئێمە زۆرمان، توتیەكانی خورافات و كوێخاكانی
ژن به ژنی نێوانی خەنجەرو تۆڵە
دەوریان دابووین.
تۆ كوڕی كتێبخانه بووی
باوكت نه وەسێتنامەی زێڕینی دیوەخان و
نه یەك بەڕەی سیاسەت و
نه پۆستاڵێكی عەسكەری و
نەیەك گوللەی دەسەلآت و
نه یەك چۆلەكەی جاسوس و
هیچی نەبوو.. له گردی مامەیارە ڕووتتر بوو
ئەو به تەنها هەر مۆمدانی
زەینی ڕوونی بۆ جێهێشتی.
هۆزەكەی تۆ
به تەنها هۆزی كتێب و
عەشیرەتی مەرەكەب و
خێڵی چراو پەروانه بوو
شێخی تەریقەتی ئێوە لەسەر مێزیش
جارێ "بولبول"ی گۆران و

جارێکی تر"داری ئازادی" بێکەس و
پەرداخێکی دەس خەیامی شەوانە بوو.
لەو دەوری مێژەوە هاتی..
لەناو ڕیشی"داروێن" و
لە گلۆپی"ئەدیسۆن" و
لە قۆڵی پاڵتۆی گۆگۆل و
بەر لەوانیش لەناو ڕۆحی"حاجی"یەوە هاتی.
تۆ"چیخۆف" میراتی پەیڤی بلوورین و
"لامارتین" گۆمی خەیاڵ و
"بایرۆن" هەندێ لە جریوەی
دەشت و دەری بۆ جێهێشتی.
کە سەرکەوتی بە فوارەیەکدا سەرکەوتی
هەر لەشی خۆت هەڵیقولاّن.
کە سەرکەوتی لە ئاگرێکدا سەرکەوتی
هەر سەری خۆت هەڵیگیرسان.
تۆ سەرت گوڵە بەڕۆژەی ئازادیی بوو
ڕوناکیی و عەشق لە کوێ بوایە
رووت لەوێ بوو.
هەر وەکوو خۆت وەکوو بەژنت
گۆچانیشت لە دارێ بوو هەتا مردن
بە پێوە بوو..
لە هەستانەوەی درەختا.. دوای بڕینەوەی

ڕەگێ بووی.
لە دەنگدانەوەی سووردا.. دوای بێدەنگ بونی
دەنگێ بووی.
شەپۆل هاژەی خۆی ئەدایتێ و
تۆیش هاژەت ئەکرد بە ڕۆمان
شەقام باسکی خۆی ئەدایتێ و
تۆیش باسکت ئەکرد بە چامە
وڵات دەشتی خۆی ئەدایتێ و
تۆیش دەشتت ئەکرد بە پەخشان.
خەڵکیش گەرووی خۆیان دایتێ و
تۆیش گەرووت کرد بە ڕۆژنامە.
تۆ بەیانیان پەنجەی خەمێکی دەرسیمیی
"چا"کەی بەردەمتی تێك ئەداو
تۆ نیوەڕوان ئەڵوەندێکی خانەقینیی
پەرداخەکەی پڕ ئەکردی لە فرمێسك و
تۆ ئێواران دار گێلاسێکی سەقزیی
کتێبێکی ئەدایتە دەس بۆ خوێندنەوەو
شەویش درەنگ.. درەنگ.. درەنگ
لەناو قژی بێوەژنێکی ئەنفالدا پاڵ ئەکەوتی و
لە دواییشدا
لە ناوچاوی منداڵێکی هەڵەبجەدا بوو.. ئەنووستی.
میراتێ لە نێرگز

میراتێ لە ڕۆمان
میراتێ لە کانیی و
میراتێ لە ئەوین بۆ هەموو نیشتمان
گەڕایتەوە ناو ژانی عەرد
ئەمجارەیان گڵ ئەداتە دەست پەلکە گیا.
ئیتر ئەبی بە قەڵەمی
پەنجەکانی سروشت خۆی و
بە چیرۆك نووسی بەفرو با
گەڕایتەوە هەناوی ئاو
لە منداڵدانی ئاوەوە دێیتە دەرێو
ئەمجارەیان ئیتر ئەبیت
بە قەڵبەزەی قەدپاڵێك و
بە سووڵی ماهیی سەرچیا.
گەڕایتەوە ناو ژانی عەرد
بۆ لەمەودوا، لەناو ڕۆحی هەر وەرزێکدا
سەیرت ئەکەین.
ڕەنگە جارێك کلووی بەفری دەم با بیت و
جارێکی دی
دەنکە تەرزەی سەر تاشەبەرد
ئەشێ وەرزێ
گوڵە لیمۆی چڵێك بیت و
کچێکی عاشق بە شەوی مانگە شەوێ،

بۆنت بکاو ماچت بکاو
بتگرێته ناو ئامێزێ
ڕەنگە بشبی بە پەپوولە پایزەیەك
لەو پێدەشتەو
منداڵێکی پێخاوسی گەرمییانی
بە خلەخل شوێنت کەوێ تا بتگرێ
گەڕایتەوە بۆ ناو سروشت
بۆ لە مەودوا،
ئیتر ئەبیت بە خەونەکانی ئەفسانە.
ئەشێ ببێ بە سوێسکەی ڕۆژنامە نووس،
بە تیتراوسکی ئەو ڤاتیی.
بە هەڵۆیەکی سیاسی لەو کێوانەو
یاخود ببی بە پرشنگی
سەر پەنجەرەی چاپخانەیەك لەم شارانەو
لەوانەیشە، تۆ هەر ببی بە کڵۆیەك تەباشیرو
یان تەختەی ڕەش لە پۆلێکداو
یاخود ببی بە ڕۆژنامەی ئەستێرکێك و
یاخود ببی بە گۆڤاری گوڵ ئەستێرەی،
مەملەکەتی ڕاستی و جوانیی.

★

ئەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ کە ئەمبینیت
لە بەفری سەر بانیژەیەکی لادێمان سادەتر بووی.

له گوڵی دار چوالەی بەر نمەی باران و
له دەواری ڕەوەندێکی
بەر مانگەشەو ساکارتر بووی.
وەك تاوسه سیاسیەکان،
وەك تاوسه شاعیرەکان
نەئەڕۆیشتی و نەئەدوایت و
لەسەر سەکۆی ڕۆژنامەکان
جارێك خۆت گیف نەکردەوە
پەڕو باڵت نەکرد بە چەتری غورورو
نەتوت منم دوا باڵندەی بەرزە فڕی
مەملەکەتی شیعرو پەخشان.
لەبەر هەتاوی ئارامدا
تۆ هەر گۆماوی بێدەنگ بووی
بەلاّم وەختێ بەرد هاوێژان
بەردەکانیان تێئەگرتی
هەر بە شڵپەی بەرد لە ئاودا
هەر بە دەنگی نوقم بوونی بەرد لە ئاودا
ئەیانزانی و تێ ئەگەیشتن
تۆ چەند قووڵی و
تۆ چەند قووڵی!.
ئەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ.
ئێوارەیەکی غەریبیی، ئێوارەیەکی"برۆکسل"

هەردووكمانی لەسەر مێزی قاوەخانەیەك دانابوو
خۆرئاوابوون دڵۆپ دڵۆپ دائەچۆڕێ و
قاوەخانەو خەمی ئێمە،
قاوەخانە لە گوڵدانی كریستاڵ و
خەمی ئێمەیش
لە دوو نێرگزی زیز ئەچوون.
لەو بەرەوە، زەردە ئەیدا،
لە جامخانەو،
لەویشەوە،
بۆ قژی تۆو
سەری منیش لەمبەرەوە
لە سەبەتەی سێبەرێكدا بەجێمابوو.
هەردوو دەستت خستبووە سەر كەمەی گۆچان
چاوەكانت بە پڕیشك و، هێشتا پشكۆی
نیوەڕۆی عومریان تیا مابوو.
لەگەڵ دەنگتا،
دەستەكانیشت هەر ئەدوان
مەراقی شاخ،
لەناو لۆچی پێستی ملت و دەم و چاوتا
ڕەشماڵێكی كۆچەر نەبوو
بووبوو بە كۆشكی تەمەن و بە ئێجگاری هەڵێدابوو.
كورسیی من كورسیی پرسیاری بە بزۆز بوو.

کورسیی تۆ کورسیی وەڵامی بە ئارام بوو.
برۆکسل بوو، ئەویش نەبوو.
پەیقی سیحراویی دەم و دووت
لەناو هەورێکی سپیدا،
ئەیبردەمەوە بۆ داڵان و
بۆ قەیسەری و
بۆ ژێر چوخمی سیەکان و چلەکان و،
ئەیبردمەوە
بۆ ناو چەخماخەو برووسکەی
شەشی ئەیلولی بەرسەرا
لەودیو تەم و تراویلکەی عەدەمەوە،
سیماکان دەرئەکەوتنەوە:
بێکەس و نوکتەی سەرخۆشی
بێکەس و زڕەی زنجیری.
مەحمود جەودەت و
سێدارەی دەم بە خەندەی
بەناو قۆڵی کوڵەباڵدا
ئەچوومەوە بۆ هەورامان
بە سواری"کەرە لۆتی مەنووچەر"
ئەچوومەوە بۆ خاك و خۆڵ بۆ لای نالیی. لە گەڵتاندا
بە عەرەبانەی دوو ئەسپی سوار ئەبووم و
ئەچووینەوە بۆ گردەکەی مامەیارە

تۆ لە تەنیشت بێکەسەوەو
"ئەدمۆنز" لەوێ و
هەورێ بارانی ئەهێناو
شیعرێکیش بیست و حەوت ساڵە
گەڕانەوەی سووری قودسی بۆ شارەکەی.
سوجادی و جبەی درێژی و
فێستی سووری نیوە سپیی،
پڕ لە جووکەی وشەی کوردیی.
گۆران و بولبولی تازەی
گۆران و جوانی بێناوی و
هەڵۆبەگی بەر سەراکەی.
گەلاویژو ورشەو پرشەی
ژێ کاف و یەکەم پڕیشکی دەم کوورەکەی.
چیرۆك و یەکەم پلیکەی..
هەر ئەدوایت و لە دووانتا هەموو دیاربوون.
بە تەنها هەر خۆت دیارنەبووی
تاوس نەبووی
تۆ ئەو کۆترە شینکەیە بووی
لە هەوای فیزدا نەئەفڕیت
تاوس نەبووی
ئێوارانیش لە بەردەمی کونە شاخدا،
ئەوەستایت و

تا دوا کۆتر نەچووبایە ناو کونەوە
تۆ نەئەچوویت.
تۆ تاوسی بایی نەبووی، ئەوەی نەتوت
باسکردنی هێلانەکەی سەری خۆت بوو.
باست نەکرد.
وەختێ هەستاین.
شەقامی شۆخی برۆکسل،
لەبەر بارانی ڕەنگاڵەی
هەزار تیشکا خۆی ئەگۆڕیو
لەو ساتەدا کراسی بێ قۆڵی شەوی
سنگ بەرەڵلای لەبەر ئەکرد.
وەختێ هەستاین.
بە پوولەکەی بیرەوەریو
فسفۆڕی یاد
من قژم ئەبریسکایەوەو
ئەتوت پلوسکی زەمانم و
مێژووم لێ ئەچۆڕایەوە.
تۆیش بە گۆچان
هەر بۆ ئەوەی دەست نەگرن
شوێن پیرێتی کەوتبوویت و
لاوازیت بەرگۆچان ئەداو
لەسەر ڕێتا دەرت ئەکرد.

پیرێ لە بەهار.
کۆترێ لە گوڵ
قژێ لە زەردەو
پەیڤێ لە شیلەو
دووچاو لە پرشنگ.

دوای فڕینی ئەم مەراقەو
باڵگرتنی پەنجەکانم لەم ئاسمانە مسینەدا
وەختێتی هێواش ببمەوە.
وەك هێواش بوونەوەی ڕووبار
لە بەرایی پێدەشتێکدا
چون هێواش بوونەوەی باڵی
پەپوولەیەك
بەر لەوەی لەسەر نیگای گوڵ
باڵ جووت بکات.
وەختێتی هێواش ببمەوە
وەك هێواش بوونەوەی فرمێسك
لە چاوانی ئەم خاکەدا
کە ئەنفال هیچی تیا نەهێشت.
پێویستە هێواش ببمەوە
لە بەردەمی بێ بواری
دەریاچەکەی ئەم تەرمەدا.

له بەردەمی بە هەیبەتی
ئەم شاخە ڕاکشاوەدا
پێویستە هێواش ببمەوە
بەر لە گێڕسانەوەی دواجار
لەسەر شەوگاری تابووتێ
کە ڕۆحم وا لە باوەشیا
وەنەوز ئەدا
وەختێتی ئیتر بێدەنگییم
ببێ بە جوانترین شیعرم.
وەختێتی ئیتر سپیاتی
پەڕە کاغەزی بەردەمم
ببن بە جوانترین نووسین.
وەختێتی تەپڵی بارانم
جێگە چۆڵکا بۆ کپ بوون و
بۆ خەوتنی هاژەکانم.
بەبێ خشپەی پێی قەڵەم و
جووڵەی دەستی بای خەیاڵم
هەڵئەسم و خەرمانەیەك
له وێنە زۆر هێمنەکان
بۆ نموونە وەك:
"تریفە بە خەوتوویی.
بەفری گوندێکی پرسەدار.

تەنیایی ژووری عاشقێ
لە دوای کۆچڕەو
گیتارێکی بێ مۆسیقار.
ئێوارەی ڕۆژی شانزەی سێ"
هەموویان کۆئەکەمەوەو
ئەم پیاوەیان پێ ئەسپێرم
پیاوێ لە هەڵۆێست
"وەختێ هەڵۆێست ئەبێ بە شاخ"

پیاوێ لە شەپۆل
"وەختێ شەپۆل ئەبێ بە پەڕەی ڕۆژنامە"
پیاوێ لە وشە
"وەختێ وشە ئەبێ بە گوڵی گەنم و جۆ"
پیاوێ لە ڕەنگی سادەیی
"وەختێ سادەیی ئەبێ بە ئاوی کانیی"
لە دواییشدا پیاوێ لە دارسێو
وەختێ کە سێو،
ئەبێ بە ئەوینە لاسوورەی گشت وڵات و
هەموو ساڵێ بەشی هەموومان ئەگرێت و
خۆشمان ئەوێ!.

سلێمانی
2000/5/6

# خۆم..

# ئەو وەختەی باڵندەم

شیعر و پەخشان

2002

## پێشەکەشە بە:

شەفیقە سەعیدی وەستا حەسەنی وەستا محەمـەدی فاتمـە غـەزایی.. دایکـم ئـەو ژنـە پـیرۆزەی کـە بـۆ یەکـەمین جـار لـە شـەوە تاریـك و نووتەکەکانی ژیانی منداڵیـدا، جریوەکـانی خۆشەویـستی ژن و ئـازادی و پرشنگەکانی زمانی کوردیی و تۆوی ورەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هـەموو زوڵم و دژوارییەك لە ڕۆحما چاند..

شێرکۆ بێکەس

## وتەیەك

ئەم كۆمەڵە شیعرو پەخشانەی لە بەردەستانداییە، بەشی هەرە زۆریان دوابەدوای قەسیدەی "ڕەنگدان" نووسراون و هەندێكیشیان لە كاتی خۆیدا بڵاوكراونەتەوە. ناونیشانی دیوانەكە "خۆم.. ئەو وەختەی باڵندەم!" ناونیشانی كورتە شیعرێكە كە ئەبێتە تازەترین شیعری ئەم بەرهەمەیش. ئەوەی ڕاستیش بێ لەم كارە نوێیەمدا خوێنەر بە ئاسانی هەست بەوە ئەكات كە لە ئاوێنەكانی ئەمجارەدا هەست و نەست و مەراقە تایبەتیەكانی خۆم، بە كورتی دنیای ناوەوەو هەموو خەیاڵ و ڕوانینەكانم ڕوونترو ئاشكراتر دەرئەكەون. ئەشێ لەم ڕووەوە ئەمە دیارترین جیاوازی ئەم دیوانەو هەندێ لە دیوانەكانی ترم بێت.

لە ڕیزبەندی ناوەڕۆكی ئەم كتێبەشدا، وام بە چاك زانی دەقەكان بكەم بە سێ بەشەوە یان بیانخەمە سێ تەلانی جیاجیاوەو بەڵام بە هەموویان هەریەك باخ و هەواریان هەبێت:

یەكەم: كەژی شیعر: تایبەت بە شیعرە درێژەكان.

دووەم: باڵندە بچكۆلەكان: تایبەت بە كورتە شیعرەكان.

سێیەم: پێدەشتی پەخشان: تایبەت بە پەخشان و پەخشانە شیعرو پەیڤە شیعریەكان، كە من بۆ خۆم بۆ هەریەكێك لەم ژانرانە لێكدانەوەی تایبەتم هەیەو بەشێوەیەكی گشتیش ئەوەی شیعر لە پەخشانە شیعر جیائەكاتەوە. ئەو مۆسیقاو ئاهەنگەیە كە لە زمانی ئەویاندا هەیەو لەمیاندا كەمتر یان نییە. دڵنیایشم كە خوێنەر ئەگەر بە سەلیقەی خۆیشی بێت لەوەختی خوێندنەوەدا هەست بەم جیاوازیانە ئەكات. ئەمە لەكاتێكدا، مانای ئەوە نییە لە نرخی ئەفراندنی پەخشانە شیعر كەم بكەینەوە. چونكە هەرگیز ئیبداع و داهێنان تاقەماڵێكیان نەبووە.

**شێركۆ بێكەس**
**سلێمانی** 2002/2/27

# کەژی شیعر

# له ڕاڕەوە نسرمەکانی لەشدا

له ناكاوێ"با"یەك بە غار
هات و بەلامدا تێپەڕی و.. له ناكاوێ
هەر دوو زنەی خوار تەوێڵمی
پڕكرد له گەردی تەپ و تۆز..
لێلاّییەك له بنەوە..
شلوێ بوونێك له ڕۆشنایی سەرچاوەوە
هەورێ له خۆڵ
دەشتێ غوبار
لێلاّییەك بەرە بەرە هات و كشاو
هات و خزاو، خۆی لێدام و
پەرت پەرتی كرد تەماشام و
سێبەری خستە سەرچاوم!
لاسكی سەرنجدانی بڕیم
تەماشامی كورت كردەوە
وەك ڕوانینی كورتەبالاّی
ئێوارانی پشت له زەردەی

بەر کەوێڵێك!

لێلاَییەك

وەك سەرەتای ئەنگۆرەیەك

بەر لە باوێشکدانی شەو و.

یان تەم و مژی کەناری

زیندە خەوێك.تارماییەك

وەك دەرکەوتنی کڵۆیەك

لە خەڵووزی تاریکایی

یان تیلماسکێ لە ڕەشایی شیوەنی چەم

یان خاوبوونەوەی توێژاڵێ لە مەراقی قەلەڕەشکە و،

پەڵەیەك خەم

کەوتە بەرایی ئاسۆم و

ناو سپێنەی دیدەکانم!.

شلوێ بوونێ

هەڵمێکی تەنك لە زاری بوولێڵەوە

وەك تەیرێکی ئەفسانەیی هاتەدەرێ و

باڵندەی شووم لەپڕ باڵی

خۆڵەمێشاویی جولاَن و حەوز لیخن بوو

خۆی دیار نەماو تراویلکە

لە هەتەرێکی دوورەوە

هەنگاو هەنگاو نزیك بۆوە

بە ئەسپایی هەر لەناو تەپ و تۆزەوە

بە ئەژنۆکانما هەڵگەڕاو
تا نێوچاوم هاتە سەرێ!.

★

تۆیش هەر ئەوکاتە پەیدا بوویت
تۆیش ئەو ساتە لەگەڵ گەردوو
لەگەڵ هەڵم و لەگەڵ تەمدا
هاتیتە نێو چاوانمەوە! بۆ پەیدابوویت؟!
وەختێ هاتیت
کە من چاوم لە وردەکاری جوانیت و
لە تاڵەمووی ناو خەیاڵت و
لە پیتە زۆر وردەکانی
عەشقت نەبێ..
وەختێ هاتیت
کە من چاوم لە تان و پۆی ڕەنگەکانی
پێکەنین و لە دەزوولەی زۆر باریکی
ئاماژەکانی نیگات و کە من چاوم
لە هات و چۆی وردە شەپۆلی ناولەشت و
لە تاڵەمووی بەجێماوی قژت نەبێ!.

★

ئەمێستا دێیت؟!
ئەمێستا تۆ ئەگەیت گوڵێ؟!
درەنگانە

درەنگانی تەنیاییمە
درەنگانی چاوم.. گوڵێ!
درەنگانی ڕووناکیمە
لەم ڕاڕەوە نسرمانەی لەشدا.. گوڵێ!
پرتەپرتی چرایەکە
لە شەوێکی بێوەژندا و
لەبەر هەیوانێکی چۆڵدا و
لەبەر هەوایەکی ساردا.. گوڵێ!
من ئاوی چاومت ئەدەمێ!
بەڵام گوڵێ! ئەم سەفەرە خۆڵاوییەی
ناو گەردەلوول، ئەم تەماشا خۆڵاوییە و
ئەم لیخن بوونی سەرنجەو ئەم پرتەپرتی
چرایە لەبەر باگژەی عومردا، قەدەرێکەو
سەفەرێکە و سەرابێکە و ئەبێ هەربێ.. ئاخر
گوڵێ ئەبێ هەر بێ!
من ئاوی چاومت ئەدەمێ!
بەڵام گوڵێ!. ئەم چوونە ناو تراویلکە و غوبارەوە،
ئەم  کۆچە خۆڵەمێشییەی قاقری لەش، خۆ هەڵکێشان
لە تەمتوومان، وەرینی پەڕ، وەرینی ڕۆژ،  وەرینی
چاو، کزەکزی باپووسکەکەی ناو ڕاڕەوی بیرەوەریی،
کاڵبوونەوەی ڕەنگی خوێن و زەرد هەڵگەڕانی
ئاوێنە و فەسڵی خەزانی دەم و چاو،

چاڵ و چۆڵی هەناسەکان، ماندووبوونی
خولیاکان و مۆسیقایەکی هێواش و هەناسەبڕکێی گەلاکان،
ئەبێ هەر بێت، ئاخر گوڵێ ئەبێ هەر بێت!
ئاخر گوڵێ ئەم سەفەرە ئەبێ بکرێت!
ئەبێ خاوبێتەوە تیشك و ساردبێتەوە ئاگردان و
ورە وری خۆڵەمێشیش دەست پێبکاو لەرزە لەرزی
دەست و پەنجەیش ژوورکاو خوارکاو تەم و مژیش سەر
داگرێ، کورسی ببێتە هاوسەرو، چەند تابلۆیەك
بە منداڵ و بە فەرزەندو، باران بڕان.. ئاخرین جار
باران بڕان لە ئاسمانێکی تەڵخدا هەر ئەبێ بێت!
دیسانەوە لە دوا وەرزەکانی لەشدا، لە کەلێکی
وەڕسەوە، لە دەلاقەی تەمەنێکی قرچۆکەوە، دوا
پایزیش ئەبێ سەر بێنێتە دەرێ و دوا ڕۆژباش و
دوا شەوباشمان لێبکات و بەلاَم بەجێشمان نەهێڵێ،
تا لەگەڵ خۆیدا ئەمانبات بۆ ئەودیوی شاری خەون و
بۆناو ئەفسانەو نەهێنی مەملەکەتێ. ئاخر گوڵێ ئەو
نادیارە هەر ئەبێ بێ. لە دوا زستانی لەشیشدا،
خامۆش بوون و کزبوون بەدیار سووتانێکی هێواشەوە،
بە دەم توانەوەی جەستەوە وردە وردە تا ئەگاتە سەر
بنە مۆم. هەر ئەبێ بێت. چاوبڕینە نوختەی نادیار،
خۆهەڵواسینی خەیاڵە سیسەکانمان بە تەنافی ڕابوردوودا،
هێدی هێدی، ڕۆچوون ڕۆچوون و نوقمبوون

بەناو شەوگاری لیخندا هەر ئەبێ بێت.
ئەم سەفەرە ئەبێ بکرێت!
تا هەڵسانی میوانەکان، چۆڵبوونی ماڵ،
زرنگانەوەی بێدەنگیی، مانەوەی تاق و تەنیای خۆم
هەر ئەبێ بێت!. هەر دانیشتن و دانیشتن بە یەکەوە خۆم و
ئەندێشە چڕەکان. بیرچوونەوەی زۆر لق و پۆپ. هەر
دانیشتن و دانیشتن لە پەنایەکی نسرماو ناو بەناوێ
میاواندنی پشیلەیەك لەژێر مێزداو یان هەڵچوونی
کتلیەك و یاخود خشەی ڕۆژنامەیەك،
کە گلەیی نەخوێندنەوەم لێبکات و،
گڤەگڤی ڕەشەبایەکی ترسناك لە دەرەوە،
وەك پێم بڵێ: تۆ دانیشەو سەفەر خۆی دێ!. لەودیو
شووشەی چڵکنەوە سەرلەقاندنی درەختێ، هەرئەبێ
بێ هەر خۆم و خۆم. خۆم و خەیاڵە ساردەکان.
خۆم و بازنەی دووکەڵ و خۆم و مەراقی لاکێشی
ژوورەکەم و پەنجەرەیەکی چوارگۆشەی سەر حەوشەی
چۆڵ و.. لە دوور قیڕەی قەلەڕەشێ
هەر ئەبێ بێ..
ئاخر گوڵێ
خۆت سیس مەکە
ئاخر چاوم..

**گومان لەم قەدەرە ناکرێو**

**هەر ئەبێ بێ!**

سلێمانی

2002/2/25

## دایکم.. لەوێ

## لە پشت ئۆقیانووسەکانەوە!

لەم مێژووە ساردەدا.. دایە!
لەم زەمانە بەفرینەدا
کۆچی دوور بۆ؟!
سەفەری ون و نادیارتر لە چارەنووسی پووشێکی
دەم گژە باو.. سەفەری وێڵتر لە تۆوی
پەراگەندەو لە کشانی ئەستێرەکان.. بۆ؟!
لەم زەمانە خەم ساردەدا.. لەم
زەمهەریری کۆچەدا.. جێهێشتنی خۆرەتاوە
هەژارەکەی گردی یارە و ئاسکەکانی کانێسکان و
بزربوونی دەنگی گۆیژە و.. تەماوی بوونی نەینۆکی
چاوەکانت و ئینجا گریانی خەیاڵت لەودیو ئۆقیانووسەوە بۆ؟!
ئا لەم مێژووە خەم ساردەدا..
کە تەنیایی و سەری لەرزۆك و وڕێنەت
لە سوچێکی یادگاردا کزکز بەدیار

مۆمێکی سپیی بێکەس و
شەوق لەرزیوەوە بگری..
بۆ؟ دایە بۆ؟!
بەفرەو کلوو لە گینگڵی سەمادایەو
کات تەزیوەو ژوورم لە تەختەی سەر ئاو و
چاوم لە بلّقی کەفێکی لێڵ و پێڵ و
هەستم لە شەختەی شکاوی زەریاکان و،
عومرم لە نزیکبوونەوەی پەپولەیەك
لە بلّێسەو لەشم لە پەیکەری لم و
خەونەکانیش لە دەزوولەی پچڕاو ئەچن..
ئەم کۆچە بۆ؟
خەوێکی کورت کورتمان هەیەو بەندەری دنیایش
درێژو هاژەهاژی ملیۆن ساڵەی هێشتا
گەنج و هێشتا قیت و گوڕی داوێن دێت و ئەچێ..
جەستەی ئێمەیش ئاگردانێکی کوژاوە و چاومان
ئاسۆی هەڵماوییە خەیاڵ بەلەمی شکاو و
ڕەنگ گەڵا گەڵا ئەوەرێ.. ڕووکردنە ئەودیو
ئۆقیانوس، ئەودیو نادیار، ئەودیو
ونبوون.. بۆ دایە! بۆ؟!
لەبەر پەنجەرەیەکی دڵتەنگ و ڕوو لە
هەندێ داری پەست و وەڕس،
لە موبەقێکی باریکدا وەك تیتڕواسکێ

باڵ زامدار دێیت و ئەچی و ئەوەستیت و
شووشە بەندی سەر باڵقۆنی
بە حاڵ  زەردەخەنە گرتوو.. ئەکەیتەوەو..
ئەڕوانیتە هەندێ سمۆرەی بزێوی خوارەوەی
ناو کلۆری پیرە درەخت و گوێ لە زیقەی
هەندێ تەیری تیژ تێپەڕی ئاسمانێکی مسین
ئەگری و سەری سەتڵی ترشیاتەکەت
ئەکەیتەوە و بە حاڵ تامێکی ئەکەیت و
سەرمای دەم تیژ ڕاوت ئەنێ و ئەبیت بە مەراقێك کوڕو
دێیتەوە ناو موبەقەکە... فەقیانەکانت هەڵئەکەی
ئەمجارەیان ئەچیتە بەر بۆری ئاوێکی زۆرهارو
حاجەت ئەشۆی، خەیاڵ ئەشۆی، خەم ئەشۆیت و
ساڵ ئەشۆیت و نابڕێتەوە. دێیتەوە بەر سەلاجەکە،
ئەیکەیتەوە و دایئەخەیت و مەراقی بەستوو وەك گۆشتی
ناو فرێزەر دەرئەهێنی و ئەیکەیتەوە و دیسانەوە
خەمی تازە زەرف زەرف ئەخەیتەوە ناو فرێزەر!
کۆچی دوور بۆ؟!
بازنەیەکەو هەموو ڕۆژ تیا خول ئەخۆی.
بازنەیەکە لە سەهۆڵ، بازنەیەکە لە دووکەڵ،
بازنەیەکە لە ژانی پلاستیکی و تیا خول ئەخۆی!
کۆچی دوور بۆ؟! سەفەری ناو زەریای درۆ
سواربوونی مەوجی لاسارو تووناو توونی تەمتومانی

ناو قاڵبی کۆنکرێت و هەناسەدان لەناو هەوایەکی
ڕەشداو، ڕۆژ ژمێری چۆڵ و هۆڵی، ئەو
عومرە بۆ؟! کۆچی دوور بۆ؟! ئاخاوتن هەر
لەگەڵ خۆتدا، لەگەڵ لکی فەقیانەداو،
لەگەڵ ترشیاتی باڵقۆنداو لەگەڵ چزە چزی تاوەو،
لەگەڵ قرچە قرچی ناو هەناودا بۆ؟! بۆ؟!
لەم جیهانە خەم ساردەدا
لەم زەمانە پەرت پەرتەدا
ئەم کۆچە بۆ؟
لە پشت ئۆقیانووسەوە تۆ
لە داربییەکی بزری ناو تەم و مژ ئەچیت.. دایە!
لە مەلێکی کز هەڵنیشتووی پایزانەی وەختی مەغریب!
لە گوڵدانێکی بێ تاقەت.. لە چیرۆکێکی بێگوێگر..
ئەم کۆچە خۆڵەمێشیەو
ئەم سەفەری فرمێسکانەو
خەوزڕانی ئەستێرە بۆ؟
تۆ لەودیو ئۆقیانووسەوە
لە شەپۆلێکی زۆر ماندووی بەستێن ئەچی
وەختی داچوون!
هاوڕێی تۆ! ئێستا لەوێ
هەندێ درەختی بێزارو
هەندێ سمۆرەی کلك زەردی فرجینیاو

هەندێ تەیری لانەوازو..

هەندێ ڕێبواری سەرجادەی چۆڵ و هۆڵ و

هەندێ پەنجەرە ماڵان

ئەم سەفەرە لەگەڵ کرێوەی تەمەندا..

ئەم کۆچی سەر بەستەڵەکەو

لە ناو ئەم خەوە کورتەدا

ئەم سەفەرە درێژە بۆ؟!

دێیتەوە بەر پەنجەرەکە.. ئەچیتەوە سەر باڵقۆنە

پچوکەکەو تەماشات ئاوی شلوێیەو چاوت لێیە

ڕەشەبایەك هەورێکی دوور چنگ لەسەرشان

ڕاوئەنێت و وژەوژێك لە دەروونی دارەکان و

لە دەروونی خۆیشتەوە دێت. تاوێك باران

لەدەرەوە لەگەڵ تاوێ فرمێسك لە ناوەوە لەناو

سەرتا بەیەکەوە دائەکەن و ئەو پووشی

زەرد تەڕ ئەکات و ئەمیش گوڵی

لارە ملی سەر کراسە کوردیەکەت و.. لە سەرەوە

بۆ خوارەوە شەپقەو پێڵاوی

دوو ڕێبوار ئەبینیت و گوێت لێیانەو تێ ناگەیت و

دیسانەوە لە کلۆری پیرەداردا سمۆرەکان

بەدی ئەکەیت، چەند گوێزێکیان بۆ هەڵئەدەیت

گوێزەکان خلۆر ئەبنەوەو هەرهەمان سات

تۆیش بەلکی فەقیانەکەت چەند دڵۆپێکی خلۆری

سەر ڕوومەتە قوپاوەکەت ئەسڕیت و دێیتەوە بەر
سەلاجەکەو ئەیکەتەوەو دایئەخەیت و،
وەك پیرە دارەکەی خوارێ لەبەردەمی گژەبادا
ماندوو ئەبی و، ئەوسا لەسەر کورسیەکەی خۆت
دائەنیشی و زەڕەبینێکی چاو گەورەی کلك درێژ
بەدەستەوە و... دیسانەوە لە نووکەوە.. یەکە
یەکە سەیری هەموو وێنەکانی ناو پیرە ئەلبوومت
ئەکەیتەوە، سەیری کوڕو کچی دوورو، سەیری شاری
گەڵێ دوورو، سەیری کچەزاو کوڕەزاو، بووکەکان و،
سەیری بەختی لەئاوێنەی شکاو چووت و.. دڵۆپ
دڵۆپ سەیری ڕەوتینی باڵات و ڕووتانەوەی پەڕو باڵت و
هەڵوەرینی سەعاتەکانی ڕۆژانت و وردو خاش بوونی
خەرمانەی بەر پێت ئەکەیت.. ئەلبوومەکە فڕێ ئەدەی.
ئەمجارەیان نەخۆشیەکانت بە پەنجە ئەژمێریت و بەیەکەوە
ئازار و حەب و یادگار ئەبەیتە ناو پێخەفەوە..
لە پڕێکدا ئیتر پێڵووت
وەك باڵی شلی پەپوولە ئەنیشێت و
ئازار بۆ ماوەیەك ئەنوێ‌و
ئینجا خۆیشت وەنەوزێك و خەوێك دێت و
زەردەخەنەیەك ئەچێتە ناو سپێنەی ئەو خەوەو
لەگەڵ هەورێکی هێمنی سەر زەریادا
ئەگەڕێیتەوە بۆ لامان!

**لەم زەمانە خەم ساردەدا**

**لەم زەمانە بەفرینەدا دایە!**

**کۆچی دوور بۆ؟! سەفەری ئاوی ئاموون و**

**سواربوونی مەوجی دڕندەو دەمکردنەوەی قرشەکان و**

**باهۆزێکی شێت و وێت و، بەلەمێکی بێ چارۆگەی**

**ئەم سەفەرەو قسەکردنی خۆت و خۆت،**

**خۆت و موبەق، خۆ تو سمۆرەو پەنجەرەو**

**خەوبینین لەناو ئەلبوومداو خەوبینین لەناو**

**سەهۆڵداو چاوەڕوانیی لەناو جانتایەکی قوڵداو،**

**هەناسەدان لەناو لوولەی کۆنکرێتدا..**

**تاکوو کەی بۆ؟!**

**لەم مێژووە ساردەدا دایە!**

**لەم زەمانە بەفرینەدا دایە!**

**کۆچی دوور بۆ؟!**

سلێمانی
2002/2/15

# چاو لە ڕێی ڕۆژهەڵات

لە زمان ژوورەکەی تەنیایی و
قەسیدەی وەسواسی شەوەوە
باڵندەی خەو ئەڵێ..
لە زمان زەمانی سەراب و
سەعاتی نادیاری کۆچەوە
پۆستەچی شپرزەی"با" ئەڵێ..
لە زمان شەبەنگی ڕەنگەوە.. ئەنگۆرەی بێوازی خۆرنشین،
هات و چۆی گومان و.. هێڵ هێڵی وەرزەکەی لەیەکتر دابڕان،
سێبەرو بۆشایی و خاڵ خاڵی زەرد ئەڵێن..
لە  زمان تارمایی شوێنەوە..
درەختی شەکەتی چاو لەڕێی و تەماشا تەماویی و،
گردۆڵکەی چوار مشقی دانیشتوو لە دەشتدا و
بەرد ئەڵێن:
ئەڵێن دێت
بە خۆی و باوەشێ پەپوولەو خەمەوە ئەڵێن دێت..

چون داری بەلاڵوك خۆی ئاڵ ئاڵ
پەپوولە فەترانیی و
خەم سپیی و
ئەو جەستەی یەك فەسڵە و
هەمان كات چەند فەسڵێ ئەنوێنێ!..
لە پڕێك هەلاڵە بارانە لە مێرگی  ناو قژیا و
لەپڕێك كانییەك پەپوولە پاییزە
لە سنگیا هەڵئەقوڵێ و
لە پڕیش پەیكەرە زوقمێكی كەژانە و
تەنیایە و بێكەسە و ئەیبەستێ!
ئەڵێن دێت
وەك كلووی ئەو بەفرەی
كزەبا بۆ سەمای توانەوەی
بەر شەوقی پەنجەرەی دڵدارێ ئەیهێنێ.
ئەیبینم: چەند لێی دێ بە شەوی مانگە شەو
گوڵاڵ و خەزان و بەفرانبار پێكەوە ئەپۆشێ.
ئەڵێن دێت..
وەك ئەوین لەپڕدا ئەگات و
پێش ئێرەیش، بگاتە هەر شوێنێ
ئەو وەختەی كە هەستا
لە دوای خۆی زنەیەك لە ئاوی پەمەیی
ڕووناك و دوو تەڵیش لە گوڵی ڕەشپۆشی

بەهارە بۆ عەشقی غەریبان جێدێڵێ.
ئەڵێن دێت..
بە دزیی سەعات و وەختەوە
خۆی ئەکات  بەشوێندا و بەماڵدا و
بەدزیی ڕۆژەوە
خۆی ئەکات بە شەودا و
بەدزیی ڕەقیب و مەرزەوە
هەڵئەفڕێو ناهێڵێ چاوی پیس
لەسیلەی جوانیدا بەدییکاو ناهێڵێ
ئاوی ڕەش بیبینێ!
ئەڵێن دێت..
گەر ڕێگەی ڕۆژهەڵات ئاقاری
سەفەری پاییزەی عەشقی بێ و
بەتەنیشت کڵووکۆی وەفایی و
کڵپەکەی حەزرەتی"حەریق"دا تێپەڕێ..
ئەزانم بۆ ساتێ لائەداو ئەوەستێ و
لە پەلکی گوڵ هێرۆی باڵاکەی شیرینی تەشی ڕێس
تاجیکێ لەپەڕەی حەسرەتی گەشاوەو،
لە لرفەی سووتانی حەریقیش،
ڕووناکیی قەسیدەی زامدارم بۆ دێنێ!.
گەر ڕێگەی ڕۆژهەڵات
ئاقاری سەفەری شینی بێ
دڵنیام لە بنار"زاوا- بووك" لائەداو لەوێدا،

ئەو چەتری وەنەوشەی بووکێکی ناکام و یان چۆغەی
خوێناویی زاوایەك هەڵئەداو، بۆ تاوێك سەر خەوێك
لەشیعری فێنکی کەپرەکەی"هێمن"دا ئەشکێنێ و
له خەوی شینیشدا"سواره"یەك، ئێلخانی،
بەجلی عەشقەوە، سوورمەچن، ڕاکشاو، لەکەنار
ئاوێکی سەوزەڵەی غەمگیندا ئەبینێ!.
گەر ئاقار شارەکەی
مەستووره و ژیللابێ و
لەوێوە سەری خۆ هەڵگرن شەمان و
مامزو.. لەوێوە زریکەی مەعشوقان
له شوورەی شمشێری میرانی ئەردەلان هەڵبێن و
چرای مەم هەڵکەن و
ئەو ناوە بکەنە چراخان..
دڵنیام لەپێشدا ئەچێتە سەرسەری"ئاویەر"
ئەوساکە له تەختی ترۆپکدا
دەس لەمل هەورێکی نزمدا..
ڕامووسان له سەمای ئەبەدیی
ئەوین و سروشتدا.. ڕامووسان
لەنێوان بەیانی و ئێواره و.. گوناه و پاکژی و
دۆزەخ و بەهەشتدا.. ڕووئەدا
بەڕووتیی ئاوێنەی لەشی خۆی
بەرامبەر خۆرئاوام ڕائەگرێ و
ئەمبینێ و ئەیبینم..
تا ئەبێ بە کلووی ناو شیعر و

یان تەرزەی پەخشان و
یان گوڵی بەر باران!
ئەڵێن دێت.. من ئێستا بەردەمی پەنجەرەم گرتووە
نەباران قسەیەك ئەكات و نەكلو وشەیەك
ئەنووسێ و نەهەوا چرپەیەك بەگوێم دا ئەكات و
نە ڕێگەی ڕۆژهەڵات لەبەر تەم ئەبینم!
تەنیاییم وەك شووشەی چاویلکەم هەڵماوی و
ژوورەکەم وا ئەنوێ و.. خودایە! ئەو کەی دێت؟!

سلێمانی
2002/2/4

# دووڕییانەکان

(1)

لە سەرڕا گڤەیەك هات و بە زۆر گوڵە باخێكی
ڕووت و قووت كردەوە. لە ژێڵڵاوە تەم مژێك گەیشت و
بە زۆر چارشێوێكی بە جۆگەیەك پۆشی. لەلای
ڕاستەوە مقەستێك هات و بە زۆر سەری
قەسیدەیەكی گرت و پرچەكانی بڕیی. لەلای چەپیشەوە
دووكەڵێك گەیشت  و بە زۆر نامەیەكی پەشیمانیی بە
سامالێ نووسیی!، بەڵام ئەوەی نە بە زۆری گڤە و
نە بە زۆری تەم و مژو نە بە زۆری مقەست و دووكەڵیش
دروست نەكرا، خۆشەویستیی بوو!.

(2)

تۆ لەو سەرەوە بە تەنیا ئەڕوانیت و لە مانگە شەوێكی
زیوین ئەچیت و منیش لەم خوارەوە بە تەنیاو لە
گۆمێكی خۆڵەمێشیی غەمگین.  تۆ لەو سەرەوە
لە هەورێكی نزمی پێش بارین ئەچیت و منیش لەم

خوارەوە لە دار لیمۆیەکی بێ ئارامی چاوەڕێی بارین.
مانگ لە سەفەردایە و هەور  کۆچ ئەکاو لێرە نامێنێ و
دار لیمۆ لە خاکداو.. دار لیمۆ منم و ناگەمە مانگ و
ناگەمە هەوری چاوشین!.

(3)

هەر بە نامەکەی دوێنێتا، چرایەکت بۆ ناردبووم بچکۆلانە.
منی تاریك کە هەڵمکرد، لە ئاوێنەی بەرامبەرما،
خۆم بینیەوە مێژوویەکم لە تارمایی ئەو پیاوانەی
چرایان کوشت لەناو ژندا. هەر بۆ ئەوەی: نە پەپوولەو
نە پەروانەیەك نەمێنێ بە دەوری عەشقا خول بخوا و،
لە دواییشدا ڕیشەکان و چەقۆکان و پەڵە خوێنی سەر دەستی
پیاو لە ئاوێنەی بەرامبەردا بزربکا!.

(4)

تاقە شەوێك بوو، کەچی بوو بە کۆی هەموو شەوەکانم
(ئەو زەمان و من عاشقێ). تاقە خەمێك بوو کەچی
بوو بە کۆی هەموو خەمەکانم. (ئەو ئیشراق و من
خەڵوەتێ)، یەك  وشە بوو لە پڕدا بوو بە فەرهەنگێ.
(ئەو دەریاچەو من بەلەمێ). یەك پزیزك بوو،
لە پرێکدا بوو بە گڕێ. (ئەو چاوگ و من پەنگرێ).
یەك بنچك بو، لە پرێکدا بوو بە کەژێ.
(ئەو شیعرستان و من مەلێ)

(5)

تاقە بولبولێك ئەتوانێ، دارستانێ چەند گەورەیش بێ،
وایلێبکا گوێی بۆ بگرێ. تاقە قەڵەمێك ئەتوانێ
لە کاغەزی  سەر مێزێکدا، چیرۆکێ بکا بە زەریاو،
ئیتر زەریایش لەگەڵ خۆیدا، چاوی جیهان و خوێنەرو
باڵندەکان هەمووی بەرێ. برووسکەیەکیش ئەتوانێ،
بەیەك چرکە، پەردە لەسەر تاریکایی، هەزاران ساڵە
لابەرێ. تەنها ژنێکیش ئەتوانێ، وەك ئەو ژنەی
خۆشم ئەوێ، واملێبکا وەکو ئێستا، وشەم بکا
بە بولبول و، ناخم زەریا و خولیاکانم بە برووسکە و،
تا هەتایە ئەوینیشم تێدا نەمرێ!

(6)

تۆ لەگەڵ شەودا هاتبوویت. بە کلیلێك، دەرگاکەمت،
کردبۆوە. بە چرایەك، ژوورت ڕووناك کردبۆوە.
بە گوڵاوێك، جێگەمت بۆنخۆش کردبوو. بەڵام
ئاخر، ئەو کلیلە، دەرگای هەستی نەکردمەوە.
ئەو چرایە، خەمی ڕووناك نەکردمەوە. ئەو گوڵاوە،
بێزاریی بۆنخۆش نەکردم. هێشتا هەر لە ڕۆحما
شەوەو، هێشتا هەر ڕۆژ نەبۆتەوە!.

(7)

بەیانیت باش! بارانەکەم! ئەمڕۆ وشك و لارەمل و
دارسێوێکی بێ تاقەتم، ئەرێ نایەیت تۆزێ بەسەرما
بباری و ئەم وەڕسبوونەم ئاوبدەی؟! بەیانیت باش
هەتاوەکەم!. ئەمڕۆ ڕۆحم سەرمایەتی و داربییەکی
کزۆڵەم و هەڵئەلەرزم، ئەرێ نایەیت، لەو بەرەوە
هەر بۆ ساتێ چاوەکانتم نیشانبدەی؟!. بەیانیت باش
فەرهەنگەکەم!. ئەمڕۆ زمانم بەستراوە و خەیاڵ دەرگای
پێوەداوە و شیعریشم لە بیرچۆتەوە!. ئەرێ نایەیت،
توخوا نایەیت، بۆ تەنیاییم تۆزێ بدوێی، دەنگ و
ڕەنگم بوروژێنی و، بەشکو منیش لای خۆمەوە،
وەك جوانیت و دەم و لێوو پێکەنینت، جارێکی دی،
بە قوڵەقوڵ هەڵقوڵێم و بۆ ساڵی نوێ و بۆ شیعری نوێ
وەك ساماڵی دەم و چاوت بکرێمەوە!.

سلێمانی
کۆتایی ساڵی 2001

# بۆ یانزه تابلۆی
# هونەرمەند نامیق عەلی قادر

(1)
شەپۆلانی ئەفسانەیە؟
یا ڕێگەیەك
لە جەستەی زریان و کافوور!
مەرگە ئەڕوا؟
یان ژیانە دائەگیرسێ و
بووە بە خەونێکی دەیجوور؟!

(2)
باڵندەیەك لە شەوگارو
مرۆڤ لە بەردی سەرسامیی و
تەماشام پرسیارو
وەڵامیش بزره!

(3)

شیعرم لە خەویا تۆ وا ئەبینێ:
بێداربوونەوەم بێ ڕەنگم ئەکاو
من ئەوەرێنێ!

(4)

لە تەنیاییدا
سەرنج نادیارێ ئەخوێنێتەوە
پڕە لە جادوو
بورجی عەشق مانگەو
ستارە  وشەو
نامۆییش ئێمە ئەنووسێتەوە!

(5)

کە پوورە وشە بوروژێ
شەوی مانا بێ کەنارەو
وێنە ئەفڕێو
لێکدانەوەیش بێ سنوورە!

(6)

چەند سەدە لە پەڕۆ.
چەند سەدە لە کوێریی
چەند سەدە لە سەری بێ باران

ئایا تۆیش هەر منی؟!
ئەمبینی؟!

(7)
ئەگەر بدوێم
ئەم دەم و چاوە کۆچ ئەکا و
ئەمجارەیان ئەبمە بەفر و
سپیی ئەدوێم!

(8)
لەبەر پەنجەرەی خەمێکدا لە خوارەوە
هەر نەورەسە و شیعر ئەنووسێ و تۆ نایبینی.
لەبەر ڕێژنەی بارانی ڕووناکیدا لە سەرەوە
هەر ئازارە و باڵ ئەگرێت و تۆ نایبینی.

(9)
خۆر لە جۆلانەی مانگدایە و
"با"یەکی ڕەش ڕایئەژەنێ.
چرپەی ئەوین لە دەنووکی دوو مەلدایە و
گوێ مەمکێکیش لەسەر دارێ پێ ئەکەنێ.
نیوەم تەیری داستانێکە و
نیوەم عەشتار
من هەندێ جار

ئەبم بە گوڵی باڵدارو
جاری تریش بە زێ و ڕووبار!

(10)

کە عەشق شمشاڵ مەست ئەکا
ئیتر پەپوولە بارانێ دەست پێ ئەکا و
کەس نازانێ چ وەختێ خۆش ئەکاتەوە؟!.

(11)

مانگی مارت ئەکوژرێ و
درەختێ نامێنێ شایەتیم بۆ بدات!
پەل و پۆی ئەم خوێن و تاوانە
هێند درێژ.. هێند چڕە
سەرێکی ئەوەتا لە قوببەی خواوەنداو
ئەویتر لە شاری بزردا
دەریاچەی ئاگرە!

2002/1/15

# مەحاڵ

"بۆ هەموو ئەو کەڵە پیاوانەی کە لە شەڕی
دژی شەوەزەنگ و تیرۆریستاندا بوونە چرای قوربانیی! "

پێیان بڵێن:
ڕووناکییەك لێرە ئەژی
ژوورەکانی لە"چاو" دایە و
پەنجەرەکانی لە"سەر"دا و
باخچەکانی لە ڕۆحماندا و
شەقامەکانی لە دەستی هەمووماندا!
پێیان بڵێن:
ئازادییەك لێرە ئەژی
شەلاڵی گوڵ و منداڵە و
ڕەنگاڵەی ژن و ڕووبارە و
پڕە لە نمەی زیوین و
گمەی سپی!
پێیان بڵێن:
بۆ سبەینێش کەژاوەیەك بەڕێوەیە:
پڕە لە شیعری نارنجیی و

پڕە لە نۆتەو لە تەرزە و

بەژنی لە بەژنی کەژانەو

قژی لە ئاوی پەمەیی!

پێیان بڵێن:

تا گەیشتووینە ئەم مێرگە و

لای پرچی کاڵی"حەبیبە"و

بەردەم نارەوەنی"نالیی"

بە ڕێگەوە

هەزار هەزار کانیمان لێکوژرا و

بە ڕێگەوە

هەزار هەزار گۆرانیمان ڕەقبوونەوەو

هەزار هەزار ئەستێرەمان وردوخاش بوون!

پێیان بڵێن:

تا گەیشتووینە ئەم شارە و

بەردەم شەقامەکەی"قودسی"و

لای چراکەی"ئەمین زەکی"

مەنزڵ.. مەنزڵ

ساڵانمان کردۆتە کۆڵ و

مەنزڵ.. مەنزڵ

مانگەشەومان لە بریندا هەڵکردوە و

مەنزڵ.. مەنزڵ.. ئەشکەنجەمان ڕاژەندوە و

لەمسەرەوە

قۆناغ.. قۆناغ، بووین بە هەڵم و
لەوسەرەوە
پەڕە.. پەڕە، گولاڵەمان باراندوە!.
پێیان بڵێن:
بە شەمشەمەی"زوڵومات" و
بە کوندە پەپووی ڕیشن و
بە داڵەکانی"بن لادن".. پێیان بڵێن:
وەك مەحاڵی گەڕانەوەی
دەم و چاوی ڕۆژژمێری
ئەمساڵ بۆ پار..
چون مەحاڵی گەڕانەوەی
زرنگەی زەنگ بۆ ناو"زەنگ" و
گەڵای وەریو بۆ لقی دار
یان مەحاڵی گەڕانەوەی
گڵۆپی سەری ئەدیسۆن،
بۆ ناو ئەقڵێکی تارو مار
ئەم ڕووباری بەر هەتاوەی دەنگی ئێمە و
ڕەنگی ئێمەیش
حیلەی ئاوی ئەم چرکەیەیش
جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ گەرووی
زەمانێکی لەوەوبەری ڕۆخ و کەنار
دەنگ هەڵئەبڕم:

هەمووتان وەرنە دەرەوە و
ماڵ جێبێڵن و ڕوویشبکەنە
گوڵ پەمووی ڕیشی مەولەوی و
سیاچەمانەی غەمگینی هەورامان و
بەفری ڕەشپۆشی ژنان و
پێیان بڵێن:
بە جوندەکانی مردن و
پاسەوانانی حەشیشە و
بکوژانی باڵندەکانی مۆسیقا و
گوڵەکانی کاکۆڵی ژن،
پێیان بڵێن:
هەرچی شمشێری تاریکیی کەمەرتانە، هەڵیکێشن
پاشەکشە بە تیشکێکی گزنگ ناکەن!.
پێیان بڵێن:
ئەم دنیایە
ئێستە تابووتێ چێ ئەکا بۆ تیرۆرو بۆ شەوەزەنگ
ئەفغانستان چەند درێژە ئەویش هێندە و
بەقەد"عێراق"یش پان و پۆڕ!
پێیان بڵێن:
خۆری ئێمە
چون چاوی خوا و
ئاوی ڕوون و

پیرۆزیی ژن

دڵنیایە و

پێیان بڵێن:

جێگەی ئێوەیش لە سوچێکی

ئەو تابووتەی جیهاندایە!

سلێمانی
2001/11/26

# پییا

لەش با هەردەی بەهاریش بێ ئارایشتی
ئاسمانێکی ئەوێ فەڕ با بە گشتی!.

**گۆران**

(1)

**ئەو شەوە، لە دەرێ، شەوێکی سپیی بوو.**
**شاقولێیش: بۆ سەرێ، هالاوێ**
**لە سنگی خشت ڕێژی شەقام و**
**لە زاری پەیکەری شاعیرێ.. هەڵئەسا**
**هالاوێ، هەڵچوونی خەماوی و**
**هەناوی تەنك و**
**ڕەنگەکەی: شیریی بوو.**
**ئەو شەوە، لەدەرێ، ڕووناکیی سەرمای بوو.**
**شاعیری سەر سەکۆیش، تەنیای ناو، گۆڕەپان**
**دەستێکی وا لەبەر پشتێندا و**
**سەر شەپقە و، ناوشان و، تۆزێکی بەر سمێڵ**

بەفراوی و.. چاوەڕوان:
وەك ئەوەی چاو لە ڕێی هاتنی
دولبەری خەونی بێ و یان پەری ناو شیعری
شپرزە، بەرە و خوار، تا بەری ئەوبەری
پردەکە ئەیڕوانی..
بەلاّم کوا؟! ئەوەتا دوا دانەی گلۆپی
ژوور سەری داگیرساو..
وا ئێستەیش، بە پەلە، بەر لە خۆی، سێبەری
گەیشتە پردەکە و..
بەلاّم کوا؟! بە پردا نە پەری و نە دولبەر
نە خەون و کەس نایە!.
ئەو شەوە، لە دەرێ، تەنیایی سەرمای بوو!.
بەرامبەر پردەکەیش: دارێکی پیرەمێرد
یەك قاچ و شانی کووڕ
بێ  وەی و بە تەنها لە قەراغ جادەکە  وەستابوو
کراسی لق و پۆپ دڕاوو، کلاّوی کون کون و
چاویشی لە ئێمەو لە ژووری ئاپوورە بڕیبوو!.
ئەمبینی، لە دەرێ، ئەمبینی..
"با"یەکی بێ ئیشی شەڕانی
دەم و چاو خۆلاّویی
ناو بەناو لە ناکاو ئەهات و بە ئەنقەست
شانێکی ڕقاویی لێ ئەداو

پیرەمێرد لە قژی ڕووتاوەی ئەوەری و
لەسەرلا ڕەتێکی ئەبردو.. نەیشئەکەوت
پیرەمێرد، قاچەکەی، بە قوڵیی
بە جەستەی زستان و بەشەوی سپیدا ڕۆچوو بوو.

(2)

ئەو شەوە، لە ژووریٚ
شەوێکی شەرابیی ئاڵ ئاڵ بوو
ئەو شەوە، لە ژووریٚ
ئارەزوویش وەك فۆدگا گەرمای بوو.
لە چوارلاو، بۆ سەر ڕاو، ئەڵقاو ئەڵق
پرتە پرت، فەتارەی، گڵۆپی داگیرساو
بریسکەی ڕەنگاوڕەنگ
جار بەجار وەك بنوون زۆر کزو خامۆش و
لە پڕیش هاتنەوەی شەوقی تیژ
تەماشای ئەشڵەژان!
ئەو شەوە لە ژووریٚ
شەوێکی پشکۆیی ئاڵ ئاڵ بوو
جەستەمان پەنگرو
هۆڵەکە مقەڵی و..
بە سروەی موزیکی ڕۆمانسیش، باوەشێن،
سەرەتای لەسەرخۆی هەڵبوونی شەماڵ بوو

ئەو شەوە لە ژوورێ..
شەوێکی شەرابیی ئاڵ ئاڵ بوو
لە پڕدا
مقەڵی تاوی سەند
مۆسیقای بە کڵپەی ڕەشتاڵەی زنجیەکان
جۆشیخوارد..
مۆسیقار: پایەیەك لە خەڵووز..
لە وەختی ژەنیندا..
دوو چاوی کراوە سێ بەشی سپێنە
دوو گوپی هەڵاوساو تابن گوێ پڕ لە فوو
"سەکسیفۆن" "ترامپێت":
هەندێ جار بە زیکەی درێژی وەکوو موو باریك و
چون ئەڵماس تیژەوە..
تیسکەبوون، دەرئەچوون..
هەندێ جار
دەنگەکان تەمەڵ و پان و پۆڕ
یان قەبە و، قەڵەو و، گڕ ئەبوون
ئەمبینی: لە وەختی ژەنیندا
زەنگیانەی ورد وردی ئارەقیان
بە تەختی تەوێڵ و، سەرکەپوو،
لاجانگی مۆسیقار دەرئەدا و
باند دوور و، لەو سەرە و

سی ئەوان بۆ نیوگوپ هەوای زیاد
ئەگەڕا و، کەچی من
لە جێگەی خۆمەوە هەناسەم سوار ئەبوو!
لە ژووری ئەوینیش وەك موزیك گەرمای بوو!
یەك مێز و
چوار دەست و
دوو شووشە شەراب و
دوو کاسی مل درێژ لە شێوەی زەڕافە
"مێزەکە پەمەیی و خاڵ خاڵی سپیی تیشك
کەرویشکەی تیا ئەکرد!"
دوو دەستی توکن و
دوو دەستی ناسکۆڵەو
دوای دوو"نۆش"
پێنج پەنجەم، پێنج پەنجەی..
ئەچوونە مابێنی یەکەوە..
هەمان سات
دە پەنجەیش، تا لای چاو
دوو پەرداخ هەڵئەبڕن پێکەوە!
(3)
ئەو ناوی"پیپا" یە
باڵندە ژنێکی پەڕ زەردی سویدە و
هێلانەی سپیشی ڕۆژنامەی ڕۆژانە و

بەرایی فڕینی ئاسمانی سەر هەموو دنیایە..
ژنێکە، یان بڵێم، ئاوێکە بێ شڵپەو بێ خوڕە و
سووك ئەدوێ وەك شنەو
کەم ئەدوێ چون نمە و
کە ئەیشدوێ لە بنی ئەم ئاوە ڕوونەدا:
لە مانای داگیرسا و پەڕەکەی ماسییەك
ئەبینی سەرسامکەر خوێن شیرین لە دڵا.
یان گەرای وردیلەی بن بەردی
قوڵایی ئەبینی، ئەو دەمەی کە شانەی
پاشەڕۆژ دائەنێن لە عەقڵا
یان گزنگ ئەبینی ئەو ساتەی ئەنووسێ.
یان خەندە ئەو کاتەی وەك گوڵێك
لە ئاودا ئەبزوێو لەرەی دێ!.
خوێندنەوە، سەفەری هەمیشەی"پییا"یە
خوێندنەوە، نوقمبوون، لە ئاوی کتێبدا
"پییا"یە..
بە پێ بێ و
بە وشەی ئوتومبیل
بە ڕستەی قیتار بێ و
بە گەمیەی کەوانە و
بە سواری فڕۆکەی ناونیشان..
ئەو ئەڕواو ناوەستێ..

"خوێندنەوەی زامی ڕەش
لە قارەی ئازاردا.
شەوێکیان ئەو لەگەڵ
شیعرێکی پێست ڕەشا
دەستیانکرد بەسەما
زەرد و ڕەش تێکەڵ بوون
لە ڕەنگی موتوربەی ئەو دوانە
ڕەنگێك زا
وەکو خۆر بێ سنوور
گشت جیهان ئەگەڕا!"
خوێندنەوەی برسێتی
لە گوڵی گەنم و جۆی کوژراودا
"ئەو ڕۆژە"پییا"م دی
دوو مەمکی ژنێکی سوماڵی
لەگەڵ خۆی ئەگێڕا
مەمکێکیان دەغیلە و
ئەوی تر کۆترێکی مردوو بوو
بە یەکەم یەك بە یەك
لە دەرگای بەفرینی پایتەختی خۆی ئەداو
بە دووەم.. باڵندەی
جیهانی ئەوروژان".

(4)

ئەو شەوەی، پییا بوو، بە مۆمم

من هێشتا قەسیدەی تاریك و نووتەکی

باخچەکەی دایکم و دوو چاوی کوژاوەی

"مەولەوی"م لەگەڵ بوو!

ئەو شەوەی، پییا بوو، بە ئاوم

من هێشتا تینویەتی دوا ساتی هەناسەی

کرووزەی سەمەلی گەنم و جۆم لەگەڵ بوو.

ئەو شەوەی پییابوو بە بۆنی ئالودەی غەریبیم

من هێشتا هەر بۆنی، دووکەڵی، کەزیەکەی"مەنیج"و

من هێشتا هەر بۆنی مسکەکەی ئاسکێکی کوژراوی شێروانە و

من هێشتا هەر بۆنی خەنەکەی دەست و پێی

بووکێکی یەك شەوەی"گولاّن"م پێوە بوو..

ئەو ڕۆژە پییا هات

لە مشکیی کەزیەکەی مەنیج و

لە مسکی مامزو

لە خەنەو دووکەڵ و خۆڵەمێش

مۆمێکی دروستکرد کەڵەگەت

هەڵیگرت بردیە ناو کاولاشی یادمەوە و

لەوێدا هەڵیکرد!.

(5)

ئەو ئەیوت:

لە هەر جێ  و هەر ئاسۆ و هەر گەڵێ

تا هەوای ژەهراویی بۆسەی خۆی

بۆ ڕەنگ و بۆ تیشك و بۆ فڕین دابنێ

قەڵەمم مەلێكە و

نەفەسی تەنگ ئەبێ و

ڕۆژنامەم باخێكە و

هەناسەی ئەگیرێ!

"بڕوانە ئەو هەموو

خەزانی مرۆڤ و خەزانی باڵدار و

وەرینی ئەو هەموو چاوانە

بڕوانە پێدەشتی ئەو هەموو

ئەستێرە مردووانە!"

ئەو ئەیوت:

ئاوێنەو نیشتمان لە كۆڵمان

شێوەی عەشق لە كوێ بێ ئاوێنەم لەوێیە!

ڕووبەری یەك وڵات..

بۆ سەمای، گەردونیم، زۆر تەنگە

من جیهان جەستەمە و

پێناسەم تەیرێكە هەڵ ئەفڕێ و

هەر ڕۆژەی ئەچێتە سەر لقی وڵاتێ و

ڕەگەزم شەبەنگی سەد ڕەنگە.
هەفتەیەك من بەفری سویدم و
هەفتەیەك درەختی کوبیم و
هەفتەیەك من خەڵکی ڕواندام
هەفتەیەك گۆرانیی هیندیم و
هەفتەیەك کەوێکی کوردستان!

(6)

پییا بوو
ژنێك و دوو باڵ
"باڵێیەك بۆ گەرمیی ئەو لەشەی
لە زوقم و شەختەدا ئارەزووی جووتبوونی
گڕ ئەدا و
باڵێیەك بۆ جوانیی ئەو هزرەی
بەرەو ژوور، بە پەیژەی ئەستێرەو پرشنگا،
هەڵئەکشا!"
ژنێك و دوو دڵیش
دڵێکیان هەر بۆ خۆم لێی ئەداو
دڵێکیان بۆ زەریا.
ژنێك و سەد سەما:
سەمایەك بە ڕووتی بۆ عەشقم و سەمای تر:
بۆ خەمی باڵندە و بۆ ژانی درەخت و بۆ کۆستی
ئاوێك و بۆ نووزەی نانێك و بۆ جەژنی پەپوولە و

چۆلەکە و بۆ جەژنی منداڵ و کەروێشك و بۆ شانۆی
پێست ڕەش و بۆ یادی دوو ئاسکی دڵدار و بۆ
دەغڵی بەر باران!.. سەمای تر.. بۆ کۆتری بێوەژن
بۆ کانیی و بۆ کچ و بۆ گوڵی بۆن خۆش و هوزاران
بەردەوام سەمای تر بەردەوام..
"پییا" بوو، مۆمە ژن!
ئەو بە ڕۆژ ستوونی ڕۆژنامە بەژنی بوو
شەوانیش ئەگەڕاو
لە هەر شوێن تاریکیی بدیایە
ئەو لەوێ ئەسووتاو
ئەسووتاو
ئەسووتا!

سلێمانی
ئەیلولی 2001

# له شه‌ممه‌یه‌كدا

ته‌مه‌ن ڕوو بۆ خه‌زان ئه‌ڕوا كه‌چی گه‌ردوون ئه‌وا تازه
له‌ وێرانه‌ی دڵا تۆوی گوڵی دڵداریی ئه‌ڕوێنێ!.
**ئه‌خۆڵ**

**شه‌ممه‌ بوو. دره‌ختی شه‌ممه‌ بوو. سێبه‌ری شه‌ممه‌.**
**چڵێكم یادی جه‌ژنی له‌ دایكبوونی**
**گوڵێكی خۆی ئه‌كرده‌وه‌:**
**"مۆمێك.. دیلانێی ئه‌كرد و**
**په‌پووله‌یه‌ك.. ماچی ئه‌هێنا و ئه‌برد و**
**گه‌لآیه‌ك.. نوقڵی ئه‌گێڕاو**
**ئاوازێ.. پرچی په‌لكێكی ئه‌هۆنیه‌وه‌ و**
**سه‌رلقێ.. وێنه‌ی ئه‌گرت و**
**سه‌رتڵێ.. كارتی ئه‌نووسی و**
**سروه‌یه‌ك.. نمه‌ی گولآوی ئه‌پرژان و**
**پژوپۆیه‌ك.. به‌ ده‌نگی به‌رز پێئه‌كه‌نی و**
**له‌ سه‌ره‌وه‌یش:**

پەنجەرەیەکی پەمەیی
لە هەورێکدا ئەکرایەوە!"
شەممە بوو. ئاوێنەی شەممە بوو. هەتاوی شەممە
مەلێکم یادی فڕینی یەکەم جارو
یەکەم باڵگرتنی حەزو
یەکەم ژوانی نێو هەواو
یادی یەکەم ساتەوەختی
نامۆبوونی بە ئاسمان و
دوورکەوتنەوەی لەسەر زەمین، ئەکردەوە!.
کە هات شەممە بوو. هاوینی شەممە بوو. لە پڕێکدا
سەرم پڕبوو لە چرپەکانی کزەباو
نیگام شەوقێکی زیوینی تێزاو
بارانێکیش لەسەر شانم بەڕێوە بوو
قسەیەکی پاراو بکاو
دەفتەرێکیش لەبەر دەمما چاوەڕێ بوو
"با"ی وشە بێ  و لە شەقام و کوچەی دێڕدا
بە وژە وژی"مانا"وە
"وێنە" هەڵکات!"
"ئەو" لەودیوی تەمومژی ئەفسانەوە
لە هەناوە نسێیەکی قاجارەوە
لە حەرەمی ژنەکانی بابەگەورەی"ئەردەڵان"و
لە قەفەزی کەناریەکانی"مەستوورە"و

لە پاشکۆی ئەسپێکی شینی"زرێبار"دا بوو، هاتبوو.
"ئەو" ژنێکی ئاوێتەیە
لە دار بەفرو لە وەنەوشە.
"ئەو" ژنێکی موتوربەیە
لە سامالّ و لە پرووشە.
لە قەراغ شار
رەشەبایەك مانتۆكەی لەبەر داكەند و
لە قەراغ شار
"بێكەس" بینی و
سەرپۆشی لەسەر كردەوە و
سنەوبەرێ پارچە پارچە جلەكانی بەری گۆڕیو
لە دواییشدا لەبەر باخچەكەی"چێوار"داو لەبەر سەرا
دەنگی"دیلان"..
باوەشیكرد بە فرمێسكیا و بە خۆزگەیدا و
تەڵی شیعری سەوزی من و
قومێ لە ئاوی حەیاتی شاری دایە!.
شەممە بوو كە هات
"چركە بووبوو بە شەماڵ و
دەقیقە بووبوو بە كلووی چاوەڕوانی و
سەعات بە پێدەشتی شیعر"
كە لە ئەسپی شین دابەزی و گەیشتە لام
هێشتا هەر"هەینی" لێ ئەچۆڕایەوە.

هێشتا هەر"هەینی" هەناسەبڕکێی بوو لەودا و
بەڵام شەوقی شەممەیەکی پیرۆز
چون سەرەتاتکێی مۆمێ
لەگەڵ ئێوارەیەکی درەنگدا
لەمندا ئەبریسکایەوە!.
کە هات شەممە بوو. ڕووناکییەکی تەڕ، یاقوتێکی تەڕ
خۆی کرد بە ژووردا..
ئاودامان خەیاڵی من و
سترانی"ئەسغەر"و
ئاودامان مۆسیقای ڕەنگاڵە و
شەپۆلی دەریاچەی لەبەردا!.
"بێحەد" جوانە تەنیاییت و جوانە خەمت!.
"بێحەد" "ئەوجی" شۆخێتیتە
لە بەرزایی غەریبیدا!.
بێحەد.. بێحەد.. ژنایەتی
لە قوڵپە قوڵپی جەستەدا
فوارەیەکە و
تۆپی بچکۆلانەی چاوم بە سەریەوە و
بەرزو نزم سەر ئەکات و خوار ئەکات و
لە پڕێکدا
سیحری ئاو و دەستی فوارە
تا خۆرنەوەزی ناو قژت هەڵئەدا!.

**من ئێستاکە لە بێدەنگی ژیلەمۆدام**

**کە ئەمبینی، بە ڕواڵەت وا ئەزانی**

**من هەوارێکی خامۆشم و من مەوسیمێکی ئارامم و**

**ساردوسڕە وەرزی ڕەنگ و**

**خۆڵەمێشی سەروسیمام!.**

**تۆ چووزانی لە ژێرەوەو لە بن شەممەی ئەم ڕۆژەدا**

**چ دۆزەخی مانگ و ساڵێ تیامدا ئەزێ و**

**تۆ چووزانی کام ڕەشەبا لە ناخەوە**

**لەسەر شەختەی ڕۆح هەڵئەکات!**

**من ئێستاکە لە بێدەنگیی دارستانێکی کپدام و**

**کە ئەمبینی، وا ئەزانی،**

**گڤە لە مندا مردوە و**

**تۆ نازانی ئەم شەممەیە لە ڕەگەوە**

**کام بوولەرە لە هەناویا دێت و ئەچێ و**

**تۆ چووزانی ئەم شەممەیە کە تەقیەوە**

**چ سالاوێ و چ سێلاوێ**

**لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێت و**

**ڕۆژەکانی تری هەفتە چۆن ڕائەدا و**

**ڕۆژ ژمێرم و زەمانی من**

**هەمووی هەر ئەبێ بە شەممە!.**

★

**بێدەنگیی ئەدوێ بێدەنگیی**

پەیڤی متم وەکو ئەستێرك
لە بنەوە هێدی هێدی زیاد ئەکات و
پەنگ ئەخواتەوە نەهێنیی!.
نایدرکێنم!
هاژە سرپڕی شەپۆلەکان سرپڕی بەحر
بەتاڵ ئەکاتەوە وەختێ بزریکێنێ و
وەختێ بە دەنگی بەرز بدوێ.
چەخماخە سرپی باران و
باهۆز سرپی گەوەکان و
من ئەوینم بۆ خەڵوەتی تێڕامانێ
ڕائەکێشم...
جگە لە تەنیایی خۆم و
خۆ خواردنەوەی وشەکانم و
خودای شەممەیەکی پیرۆز
ئیتر هیچ کەس لەوێ نەبێ!
چ هاوارێ لەناو بێدەنگیی مندایە
چ سووتانێ لە بەهەشتما و
چ زریانێ لە سامالّما و
من ئێستاکە، چەند سەدەیەك چاوەڕوانیی
لە سەعاتی شەممەمایە!

★

بێدەنگیی ئەدوێ بێدەنگیی

گوێ قولاْغە تەنیاییم و

زایەڵەیەك لەم خامۆشیەم هەڵئەستێ

پڕە لە لرفەی ئاگرو

لە مەوجدانەوەی گەرداو و

لە شڵپەکانی کەنارو

لە سامی شەو

وەختێ تۆفان لە باوەش و ئامێز ئەگرێ!.

بێدەنگیی ئەدوێ بێدەنگیی

لە ناوەوە من کوورەم و

لە سەرەوە.. بەفر بەسەرما ئەبارێ

لە ناوەوە.. من تەمموزم و

لە سەرەوە.. من بەهارم بۆ عەشتارێ.

لە ناوەوە.. نێڵەنێڵ و

لە سەرەوە.. لەرزە لەرز و

لە بێدەنگیدا دەنگ ئەڕوێ و

بە پلیکانەی شەممەدا

نووری خودا و

نووری دیدە و

نووری عەشق دێتە خوارێ!.

"ئەو وەختەی شیعرێکی حەزرەتی"مەحوی"

لەو شەممە پیرۆزەدا بە هانای

عەشقی بێدەنگمەوە هات"

بە شەمعی شەممەیەك، یەڵدای، شەوی عومرم چراخانە.
بە قەترەی خەندەیەك، وەجدم، پڕاوپڕ گۆمی عیرفانە.
لە بێ نوتقییا من نوتقم، ئەپشکوێت و، دییاریشم
لە نادیارییا ئەنوێنێ و، لە سووتندا خەمم جوانە.
بەژنی شەممە
بە کەلێنی خۆرئاوادا ئەچێتە خوار
ئێستا هەر تۆزێ لە قژی و
هەر تۆزقاڵێ خەندەی دیارە
شەممەی شەوە!
لەسەر ئەم مێزە دڵشادە
کە تریفە پەرداخێتی و شیعریش بادە.
لەسەر ئەم مێزە دڵشادە
کە گڵۆپی، مل چەماوەی، گۆشەی باخچە
لە ژێرەوە، بەلا چاوێ، شەرمنانە ئەڕوانێت و
لە پڕێکدا(با)یەك دێت و هێشووی تیشکێ
ئەدزێت و بە لەرەلەر لەناو دەستێکی لەرزۆکا
ئەیهێنێت و وەختێ هێشوو بەر چڵ و لقی
درەخت و لەشی ئێمە و مێز ئەکەوێ لە جێی خۆیدا
پەرت پەرت ئەبێ و ترێی تیشك هەڵئەوەرێ و
دەنکە دەنکەی بۆ ژێر مێزو کۆش ئەپەڕێ و
دیارو نادیار، تاریك  و ڕوون، نیوەی کورسی و
نیوەی لەشمان، ڕەش و سپیی هەڵئەگەڕێ

خۆمان لە یەکتری دوور و
بەڵام هەر تۆزێ بەولاوە
بە گەورەیی، لەناو چیمەندا، سێبەرمان
بێ دەربەست و، سەریان بە یەکەوە ناوە!
بێحەد جوانە پرچی تازە هەڵفڕیوی سەری ئازاد
بێحەد جوانە تەنیاییت و گەردنی نیوە ڕووناکت و
گڕی نارنجیی فەندەکی
نێوان لێو و جگەرەت و
خەنینەوەی سەفەرێ شاد.
لەسەر ئەو مێزە دڵشادە
من ئەو شەوە، بووبووم، بە قەڵبەزەی قسە
گەڵاوگوڵێ، لاسکە گیایە، بن دەوەنێ و،
جێ ژوانێ و بەردێ نەما
بە چواردەوری جوانیی و ژندا
بە پرژەی ڕۆح تەڕی نەکەم!
لەسەر ئەو مێزە ئازادە
من ئەو شەوە بووبووم بە ژێی کەمانچەیەك
یادگار و خەوم لێدا و
گۆرانیم کردە بەر بەرد و
دارم ژەنی و
لەناو گوندی پەپوولەوە
گوڵ ئەستێرەی نۆتەم هانی!

من ئەو شەوە لەسەر ئەو مێزە ئازادە
ئەدوام، ئەدوام، هەورم هێنایە سەر کورسی و
وشەم ئەکرد بە مێخەك و
ڕستەم ئەکرد بە شەقام و
دەستەواژە بە کۆلاّن و
وێنەیش بە نەخشی دەروازە!
ئەدوام، ئەدوام، گێڕانەوەم لە ڕۆشتنندا لە بەردەباز
هەڵ ئەنووتاو، لەبەر شەوارەی بینینی هەزار ڕەنگدا
چاو ئەشڵەژا و، گێڕانەوەم دائەنیشت و گێڕانەوەم
بازی ئەدا و، من هەر ئەدوام:
باسی دیرۆکی دووکەڵ و خۆڵەمێشی جەستەی شیعرو
قەفنەسەکەی خۆمم بۆ کرد. باسی جۆگەم کە لە
تینووێتیدا ئەمرێ و. ئینجا باسی تەڵەکانی سیاسەتی
نێو دەوڵەتی ئەو وەختەی شاخ و کێو ئەگرێ و"وچانێك و
باس ئەگۆڕم"باسی بزەی مۆنالیزاو گوێی ڤان کوخ و
شۆرتە کورتەکەی بیکاسۆ و شێت بوونەکەی"خالید سەعی"و
"بازێکی تر" ئەچوومە بەحری ئیجەوە و ئەتاسام و من
هەر ئەدوام، باسی.. باسی.. هەلاّتنی
درەختەکانی کوردستان
بۆ هەندەران، باسی شیعری بێ باوك و"ئەگەڕامەوە
بۆ دواوە" باسی ئەو غەدرەی کە نالیی لە مەستوورەی
ژن شیعری کرد!. باسی ئێستا و پلەی گەرما و

جبەی بەری"ئەحمەد ئاوا"و!
دوا هەواڵی كۆبوونەوەی حەفتامینی لیژنەی ئاشتی و
باسی دیواری پیرەری نموونەیی و!
باسی كچی لووت بڕراو و! باسی باسی باسی..
بەلاّم ئەوەی كە نەهاتە سەر ئەم مێزە
وشەیەك بوو" بە هەڵكورماوی مایەوە لەناو ناخما"
پەپوولەیەك"باڵی جووت و نەكرایەوە"
پەڵە هەورێ"كە ئێستاو ئەوسایش نەباری"
من ئەمشەو لەسەر ئەم مێزە ڕووبارێ وشەم ڕشتووە
بەلاّم كانیەكی عاسیی لەناو قوڵایی مندایە و
هەر هەڵنەقوڵی!.
پۆلێ باڵندەم هێنایە سەر ئەم مێزە
تاقە باڵندەیەك نەبێ كە هەر نەهات و
هەر نەهات!.
"ئەوە تەیری ئەو خەونە بوو
كە هەڵنەفڕی و هەر هەڵنەفڕی"
نایدركێنم
خۆشەویستیی گەورە وایە
زەریایەكە و نەهێنیی ئەو لە بێدەنگیی و
لە تەنیایی و لەناو قوڵایی ناخدایە!

سلێمانی
ئابی/2001

## محێدین زەنگەنە

ژوورەکەم پڕە لە دیاریی،
لە گۆمێکی"زوریخ"ەوە
چاکەتێکی شینی کاڵم بۆ هاتووەو..!
لەتەمێکی لەندەنەوە
کراسێکی خۆڵەمێشیی و
لە شەقامێکی زەیتوونیی پاریسەوە
پانتۆڵێك و
لە باخچەیەکی ئۆسلۆوە
بۆینباخێکی گوڵ گوڵیی..
ژوورەکەم پڕە لە دیاریی..
خۆرنشینێکی هاوڕێم، ڤیەننایی.
قاپێ شەرابی بۆ ناردووم.
لە مۆسکۆوە کڕێوە بەفرێکی دۆستم،
جووتێ گۆرەوی ئەستوورو و..
زریانێکی قوتبی ژوورو و
جووتێ دەستکێش و کلێتە و..

**شەپۆلێکی دەریای سپیش**

**پەرداخێکی کریستاڵیی.**

**ژوورەکەم پڕبوو لە دیاریی**

**بەڵام ئەمڕۆ زۆریم بەخشین**

**وەختێ لەناو باخی لیمۆ و پرتەقاڵی باقووبەوە**

**"با"یەکی نارنجیی هات و**

**دەست بە خەنە، لەگەڵ خۆیدا**

**پڕ بە هۆڵەکانی شانۆ**

**بۆن و بەرامەی"پرسیار"ی بۆ هێنام و**

**عەتری قژی چیرۆکێکی کورتەبالاَ و**

**عەتری گەردنی ڕۆمان و**

**عەتری قەڵەمی زەنگەنە!**

سلێمانی

2000/4/19

# کەماڵ مەزهەر

هەموو هەموو بەیانیانێ
کە هێشتا هەتاو نووستووە و
هێشتا دیجلە خەواڵووە و، دار خورماکان
لەناو تەمدا باوێشك ئەدەن
ئەو هەڵئەسێ.. لەگەڵ نەورەسدا هەڵئەسێ و
لە ژووری وشەی بێداردا
بەرامبەر ئاوێنەی عەشقێ ڕائەوەستێ
پەنجەرەیەك لەناو سەریا ئەکاتەوە و
بە ئەسپایی دەست ئەبات و
پرشنگی مێژوویەك ئەگرێ و
پێی ئەنووسێ!.
هەموو هەموو بەیانیانێ
ئەو خەمێکی ڕووناکمانە و
لە باخی فرمێسك و شیعر و لەناو دەنگماندا ئەڕسکێ.
کزەبایە و هاژە هاژە و نمەی بارانە و ئەپرسێ.
گومانێکە و لە سۆراخی یاقووتەکانی ڕاستیدا

له سیلەی هەموو دێڕێکدا دائەگیرسێ.
هەموو هەموو بەیانیانێ
ئەبێ بە باڵندەی مێژووی نێو زەمانێ
ئەبێ بە کارێزکەنی کتێب و بە درەختی جێ ژوانێ.
لەهەر کوێ بێ
وەك مێزەری"شەرەفخان"و
هەوری سەر پیرەمەگرون و سدارەکەی"ئەمین زەکی"
ئەیبینین و وەکوو"لاوك" ئەیبیسین و
ئەویش ئێستا لە تەنیایی ژوورەکەیدا
کوردستانی بە دەرزیەك داوە لەسەر دڵی خۆی و
کە چاو ئەنێ بە برینی کێوانەوە
هەڵەبجەین و کۆچڕەوین و
لەهەر کوێ بین ئەمانبینێ!.
هەموو هەموو بەیانیانێ
ئەم قەڵەمی کازیوەیە
بەڵگەنامەی ئازارێکمان ماچ ئەکات و
گوڵە مێخەکی ژێر بەردە قارەمانێ
لە دیرۆکمان ئەکاتەوە و
بە ڕۆحیەوە ئەینووسێنێ.
هەموو هەموو بەیانیانێ!.

1999/6/26

# له ناو سه‌به‌ته‌كه‌یدا..

وه‌ك كه‌روێشكێ له‌ناو سه‌به‌ته‌یه‌كی پچووكدا..
له‌وێ ئه‌چمه‌ سه‌ر باڵكۆنێكی ته‌نگه‌به‌ر
دائه‌نیشم و له‌ناو كورسیه‌كی قوڵدا نوقم ئه‌بم
به‌ ده‌م بیرێكی په‌رته‌وه‌
په‌رت په‌رت وه‌كوو
ئه‌ڵقه‌ی دووكه‌ڵی جگه‌ره‌م
ئه‌ڕوانمه‌ دوور:
قوببه‌ی گه‌وره‌ی كڵێسه‌یه‌ك
بووه‌ به‌ شه‌پقه‌ی دارستان
پۆله‌ ته‌یرێ ئه‌چنه‌ سه‌ر قه‌راغی شه‌پقه‌ ئه‌نیشنه‌وه‌
له‌ پڕێكدا له‌گه‌ڵ  وژه‌ی دارستاندا
هه‌ڵئه‌فڕنه‌وه‌.. جیائه‌بنه‌وه‌ و
له‌ دوای خولێك.. له‌ قولأیی سامالێكدا
جووت جووت یه‌كتر ئه‌گرنه‌وه‌!
له‌ناو كورسیه‌كی قوڵدام
له‌ناو ولأتێكی قوڵدام

**لەناو خەیاڵێکی قوڵدام**

**هەموو ڕۆژێ**

**بەو سەرەوە**

**وەڕس  وەڕس لەناو سەبەتەیەکی پچوکدام**

**وەك کەروێشکێ تەنها سەرم بە دەرەوە**

**لەم ساتەدا من بە تەنها هەر سێبەری**

**ئاوێنەکانی ڕابوردووم**

**ملم نیشتۆتە سەر سنگم و .. نیوەناچڵ**

**شیعرێکم بەجێهێشتوە و.. خەولێکەوتووم!**

سلێمانی
2002/3/3

# خۆم.. ئەو وەختەی باڵندەم

ئەو شمشاڵەی بە لێوی"با"وە ئەیبینن

ئەوە ئەندێشەی لوول خواردووی عەشقی منە

ژانێك كون كونی كردووە و

لە جیاتی من

"چونكە بۆ خۆم نازانم شمشاڵ لێبدەم"

"با" ئەیزانێ و ئەو ئەیژەنێ!.

ئەو باڵندە نارنجیەیش كە ئێواران دەرئەكەوێ و

لە خۆرنشیندا ئەیبینن، تاق و تەنیا دێت و ئەچێ و

بە باڵەكانی ئەنووسێ

ئەوە باڵندەی تر نییە

"چونكە باڵندە ئەخوێنێ و هیچ نانووسێ"

ئەوە منم.. ئەوە خۆمم، لە وەختێكدا

یان"چیرۆك" ئەكەم بە باران

یان"پەخشان" ئەكەم بە زەردە

یاخود"شیعر" بە ئەستێرە و

كە شەو داهات

لە سەرتاندا دابگیرسێ!.

سلێمانی
2002/2/2

# تاشەبەردێ

تاشە بەردێ
لە گوندێکی بێوەژندا
یەکەمجار بوو لە ژیانیا
وەك ئەو ڕۆژە بە کوڵ بگری
وەختێ ئەغیار بە زۆری زۆر
هەڵیانکەندو هەڵیانگرت و
بردیان سەری
کانییەکیان
پێ داپۆشی!

2002/2/22

# داوا

ژوورێك داوای چرایەك و..

چراكە داوای مێزێك و..

مێزەكە داوای دەفتەرێ و..

دەفتەر داوای قەڵەمێك و..

قەڵەم داوای دەست و پەنجەو

پەنجەیش داوای

ئازادیی كرد!

2002/2/22

# بـــاوەش

ئەو باخچەیە
هەموو ڕەنگێکیان بۆ هێنا
هەموو بۆنێکیان بۆ هێنا
هەموو تیشکێکیان بۆ هێناو
هەر دڵتەنگ بوو!
کەناریی و بولبولیان دایە و
کەروێشك و مامزیان دایە و
خۆرەتاویان لەبەرکردوو
مانگەشەویان پێشکەش کردوو
هەر دڵتەنگ بوو!..
ئەو باخچەیە
وەختێ دڵی کرایەوە و
تەنها ئەوکاتە پێکەنی
بەیانییەك
دوو منداڵی کوڕو کچی
ئێسك سووکی
لە باوەشی خۆیدا بینی!

2002/2/22

# هەڵکەندن

لێرەولەوێ خاکمان هەڵکەند
بۆ ئاو گەڕاین..
لەو دەشتانەو لە بناری شاخەکاندا
بۆ نەختینەو ئاسەواری
کۆنمان گەڕاین..
لە قەراغ شار خاکمان هەڵکەند
بۆ بناغەی ماڵێکی نوێ..
لەناو شاردا ئەرزمان هەڵکەند
بۆ کێبڵ و بۆ خەتەکانی تەلەفۆن..
بەر لە ئاو و
بەر لە ئاسەواری کۆن و
بەر لە ماڵ و پێش تەلەفۆن..
لە ژێر خاکدا
کاسە سەرو
ئێسك و پروسکی تێکەڵ و
جلی بێ ڕەنگ و ڕزیوی
ئازیزەکانمان دۆزیەوە!

2002/2/22

# گێلاس

وەختێ کوشتیان
دەنکە گێلاسێکی پێ بوو..
کەوت و دەنکە گێلاسەکەیش پەڕیی..
ڕاکشابوو.. ڕوو لە ئەستێران خەوتبوو!
"چیرۆك نووسەکەیان وا کوشت"
وەرز تێپەڕی و زەمان ڕۆیشت و
دەنکە گێلاس لەو شوێنەدا
چەقی و ڕواو بوو بە درەخت
ئەمجارەیان
لە جێی گەڵاو لە جێی گۆپکە و
لە جێی گێلاس
حەرفی گرت و
وشەی گرت و
ڕستەی گرت و
بوو بە دار گێلاسی چیرۆك!

2002/2/22

# ئاهەنگێك

ڕۆژی مەرگ و بێدەنگیی بوو
ئەو درەختە
لە کلۆری قوڵی خۆیدا
کەڵەشێرێکی شاردەوە!.
کە بێدەنگیی درزی بردوو
کەڵەشێر هاتە دەرەوە.
کرمی ئاوریشمی ئەو کەژە
بە کراسێکی ئاوریشمین
درەختەکەیان خەڵات کرد!
ئەو ڕۆژەی خۆر ئامادە بوو.
لە بەردەم  چەپڵەڕێزانی گەڵاو چڵداو
لەناو فیکەفیکی"با"داو
لەگەڵ تەعلیقی مریشك و گارەگاریو،
لەگەڵ سەمای ڕووت و قووتی بەفراواندا..
وەختی زەردە

باڵندەکان هەر بە دەنووك
کراسەکەیان هەڵگرت و
لە سەرەوە
کردیانە بەر درەختەکە!

2002/2/20

# بازنەی عەشق

چاوەڕوانیم بوو بە گۆم و
ڕۆژێ چوومە سەر کەناری و
یەك مەراقی خڕکە بەردیم
تێهاویشت و
ڕۆحم لەرزی و
لەشم لەرزی و
وردە وردە بازنەی عەشق
گەورە بوون و هاتنە پێشێ و
دەورەیاندام
بازنی دەستی و ملوانکە و چاوەکانی و
لێوەکانی و
ئەمێستاکە من بۆ خۆیشم
بوومە خەرمانەی گرێکی ئەڵقەبەندیی و
دەورانکەری کۆچەری سەر
شارەکەی یار!

2002/2/20

# دوا دیــدار

بۆردوومان بوو
له سێبەری گابەردێكدا
وەنەوشەیەك چاوەڕێ بوو
پەپوولەكەی بگاتە لای!
سەرێكی بردە دەرەوە
تا تەماشای گوڵە سەعاتێ بكات و
دڵنیابێ سەعات چەندە!
پەپوولەی یار
له وەختی خۆیدا گەیشت و
بەڵام سەد داخ
وەنەوشە بۆ خۆی كوژرا بوو!

2002/2/17

# تـــــــاوان

دەنگی بولبولێکیان کپ کرد.
بەڵام باخێك زریکانی!.
لەو باخەدا درەختێکیان گڕ تێبەردا
بەڵام شارێ خۆڵەمێشیی
تێدا باریی!.
لەو شارەیشدا کچێکیان کوشت
ئاخ، ئاخ، ئاخ، ئاخ
ئەوسا ئیتر نیشتمانێ
لەمپەڕ هەتاکوو ئەوپەڕی
بە بولبول و بە باخچەوە
بە درەخت و خۆڵە مێش و
پرسەو شارو.. ئاسمانەوە
تا عەرشی خوا
سوور
سوور
سوور هەڵگەڕا!

2002/2/15

# تاقە ڕەنگ

ڕەنگی شەوم لە قژم دا
ڕۆژ سڕیەوە!
ڕەنگی بەهارم لە خۆم دا
وەختێ پایز هات سڕیەوە!
خۆشیی ڕەنگی خۆی پیاکردم و
نائومێدیی هات سڕیەوە.
دڵنیایی لە ڕەنگی خۆی هەڵکێشام و
کەچی ترس هات سڕیەوە!
تەنها ڕەنگێ
کاڵ نەبۆوەو
قەت نەچۆوە
هەر ڕەنگی خۆشەویستیت بوو!

2002/2/15

# دنیـــا

پایتەختێ گوێیەکی کەڕ بوو
ئەگەر مەبەستی نەبوایە هیچ ببیسێ
ئەو گوێیەی ئەکردە دنیا!.
مێژوویەك چاوێکی کوێر بوو
ئەگەر مەبەستی نەبوایە هیچ ببینێ
دنیای بەو چاوە سەیر ئەکرد!
ڕۆژێ دنیا
زۆری بۆ هات
لەناو گوێچکە ساغەکەیدا
چاڵە نەوتی تەقاندەوە و
لەناو چاوە ساغەکەشیا
ئاگرەکانی کوژاندەوە!

2002/2/15

# قــژ

له ڕۆژێکی هاویندا بوو
تاڵەکانی قژی کچێ
بەستیانمەوە بەو دارەوە
کە هەردووکمان لە سێبەریا دانیشتبووین!
بەستیانمەوە و گرێیاندام بە چڵەوەو
بە لقەوە..
ویستم هەستم... گرتبوومیان
ویستم تاڵەموو بپسێنم
ئەو پسانمی و دایناممەوە!
وەختێ سێبەر بە جێیهێشتین
وەختێ هەتاو هاتە سەرمان
کە ئەو هەستاو وردە وردە دوورکەوتەوە
من ئەوکاتە کرامەوە
بەڵام هەر زوو
زانیم دیلیم لەو قژەدا

ئازادییەو

"کرانەوە" چۆڵم ئەکاو دام ئەخات و پێوەم ئەدات

زانیم وەختێ قژ ئەمگرێ و بەرم نادات

من ئەو  وەختە ئیتر فڕین و هەڵکشان

بەرەو بەرزاییەکانی ناو عەشق و

شیعر ئەمبات!

2002/2/14

# چیرۆکی گورگێ

گورگە کە سواری کەشتی بوو
کەشتی کەوتە بەر زریانی تووڕەی ئاوو
خۆیدا لە شاخی سەهۆڵ و
قلپ بۆوە.
دوو سێ بەچکەو
دوو پاسەوانی خنکان و
بەلاّم بۆ خۆی لەو سەرەوە هاتە دەرێ.
گورگەکە سواری ماشێن بوو
لە پێچپێکی هەڵەمووتدا..
گابەردێ قۆچێکی لێدا و
خلۆر بۆوە و.. دوو یاوەری و
شۆفێرەکەی مەرگ بردنی و
بەلاّم بۆ خۆی تەنها پەنجەیەکی شکاو
لە بنەوە هاتە دەرێ!
گورگەکە سواری قیتار بوو

شەوێك ڤیتار لە تەمێكدا لە ڕێ لایداو
خۆی بە تونێلێكدا كێشاو
نیوەی سەرنشین كوژران و بەڵام بۆ خۆی
تەنها هەر قاچێكی شكاو
لە بنەوە هاتەدەرێ!.
ئەمجارەیان
گورگەكەمان سواری فڕۆكەیەك بووەو
لەسەرو هەورەوە ئەفڕێ..
ئەی فڕۆكە وەختێ بكەوێتە خوارێ؟!!

2002/2/14

# ئاوێنەو پاییز

ئاوێنەیەکی دوور دوورە لە من، باڵات،
شۆڕە ژنم!.
وەڵێ شەوقدانەوەی جوانیت، منی پاییز،
لەهەر کوێ بم
بە دەم ڕێوە ئەگەر پەرتیش بووە شەوقی و
ئەگەر خۆیداوە لە شاخ و
وردیش بووە تیشکی و
زامدار بووە ڕەنگی!
لە ئاکامدا
ئەبێ هەر ئەو
بە ئێواران
لەگەڵ تیلماسکێ خوناودا
بگاتە پەنجەرەی سەرم و
بە هێواشیش لەگەڵ تەمدا
بچێتە سەر وشەی زەردم
شۆڕە ژنم!

سلێمانی
2002/2/13

# له یەك نەچوون!

گوڵجارێ گوڵ به سەدان بوون
بەڵام هەموو له یەك ڕەنگ بوون
یەك چرکە چاویان ڕاگرتم!.
پۆله مەلێ سەدان بوون و
هەر لەیەك ئاوازیان ئەخوێند
یەك چرکە سات گوێم لێگرتن!.
پۆلێ کچ بوون..
من یەك چەشن جوانیم بینی
یەك دەقیقە سەیرم کردن و
بەجێمهێشتن!.
ڕەفەیەکی کتێبخانە:
دە کتێب بوون
دە خەو بینین
دە جیهان و
دە ڕوانین و

ده لێك نەچوون
چەند مانگێکە لە گەشتێکی ڕەنگاو ڕەنگدا
بردوویانم و فێریان کردووم
ئێمە ئەو وەختە جوانترین
لەڕوانین و لە فڕین و لە ڕەنگ و بۆی
وشەکاندا، لە یەك نەچین!

2002/2/11

# وێنەکێش

ئێوارەیەکی درەنگ وەخت.
خۆرنشین خۆی وێنەکێش بوو..
باریکەلەو قژی تەنك!.
لەسەر کورسیی هەورێك سپیی
پشت کۆماوە... دانیشتبوو
کەمە.. کەمە
ڕەنگی سورو ڕەنگی زەردی
لەناو دەفرێکی ئاسۆدا
تێکەڵ کردوو
تابلۆیەکی پرتەقاڵیی سریالیانەی
لێ دروستکرد:
"فریشتەیەك لەناو گڕێکدا ئەسووتێ و
مارێك لە مەمکی ئاڵاوە و
دۆزەخەوان ڕاوەستاوە و
کۆڵەوژی لۆلاقێکی بە دەستەوە و

پێ ئەكەنێ!"
خۆرنشینی وێنەكێشی شپرزەی ناو
ڕەنگی جیاجیا
تابلۆی هەڵگرت دای بە شانیا
تا وەك دیاریی
بیبا بۆ كچە ئەستێرەی گەردوونی دوور!
هێشتا ئەو هەر بەڕێوە بوو
لە دەشتی هەور ئەپەڕیەوە
لەپڕ تاریكیی ڕێژنەی بارانێكی دارژان و
تابلۆ خوسایەوە ڕەنگی و
وێنەكێشیش لە مەراقدا..
لەودیو شاخەكان ئاوابوو!

2002/2/10

# نەورەس

گوارەکانی
لە شێوەی دوو نەورەسدا بوون!
چرپەیەکم بە گوێدا کرد!
نوکتەیەك بوو
ڕووت و قووت و
پڕ لە هاژەو
پڕ لە شەپۆلی پێکەنین،.
لەگەڵ قەڵبەزەی قاقایدا
نەورەسەکان کەوتنە جووڵە و
باڵیانگرت و کەنار گەردنیان جێهێشت و
بەسەرماندا
کەوتنە فڕین!

2002/2/10

# لەو دەشتەدا

من کچێکی کراس سپیم
لەبەر مانگە شەودا بینی
بینیم خەریکە بە دەستێك
گوڵە مێلاقە ئەچنێ و
بە دەستێکیش.. لەو دەشتەدا
چەتری ئەستێران هەڵئەدا!.
ئاوم بینی
لە دۆڵێکدا تاق و تەنیا ڕاوەستاوە و
لەبەردەمی تریفەدا حەپەساوە!.
دارم بینی سەرکەوتۆتە سەر گردێك و
لەوێوە ڕا
لە دوورە ئاگرێ ڕاماوە!.
ئاسکم بینی
سڵ لە سێبەری هەورەکان ئەکاتەوە و
بەفرم بینی
لەتاو عەشقەکەی هەڵەکۆك

تنۆك تنۆك تواوەتەوە.

مانگ جوان و دەشت جوان و گوڵەمێلاقە و ئەستێران،

ئاو و ئاسك، درەخت جوان و

بەڵام لە هەموویان جوانتر

کچەکە بوو!

2002/2/10

# بیرنەچوونەوە

زەمانێ، وشە کوشتن بوو
بەڵام هەموو وشەیەك نا!
زەمانێ، عەشق کوشتن بوو
بەڵام هەمووعەشقێکیش نا!
سەربازەکان
سەگێکی پۆلیسی ڕەشیان لەگەڵدابوو
لە سیلەی یەکەم شەقامدا
کە ئەویان دی
بانگیان کردوو
سەگەکەیان بەرەڵلا کرد!
ئەویش لە جێی خۆیدا چەقیی!
سەربازەکان
وەك بازنێ دەورەیاندا
سەگەکەیش پیایدا هەڵگەڕا و
قولانج.. قولانج
کەوتە بۆنکردنی لەشی.

سەربازەکان
زۆر دەمێك بوو
سەگەکەیان لەسەر بۆنکردنی شیعری یاخیی و
لەسەر بۆنکردنی عەشقی خاك و
نەهێنیەکانی ئازادیی و
بۆنکردنی ڕەنگی هەڵوێست.. مەشق دا بوو!
چەند دەقیقە
سەگەکە هەر بۆنی کردو و
لە پڕێکدا قورسکەیەکی بۆ کردو و
وازیهێناو گەڕایەوە
بۆ بەردەمی سەربازەکان.
شاعیرەکەیش، دیسانەوە
بە هەردوو دەست کلاوەکەی
توند گرتەوە و
بە ڕێگەی بێوەیی خۆیدا
ڕۆی تێپەڕی!.
شاعیرەکە هیچی لەوانە پێ نەبوو
کە لە ڕۆژگاری کوشتنی پەپولەکان و ماناکاندا
بۆ سەربازو سەگی پۆلیسی بەلاّبن!
کە لە ڕۆژگاری کوشتنی عەشقەکان و خاك و خۆڵدا
بۆ دیرۆکی شەوەزەنگ و ژووری ئازار چل چرابن!.

ئەوەی کە ئەو لە گیرفان و با خەڵیا بوو
قەسیدەیەکی سەرکزو پەناگییر و
ژاوەژاوی زمانێکی ناو کوولەکە و
فۆرمی عەشقێکی بەتاڵ بوو!

سلێمانی
2002/2/10

# هەشتەم ڕۆژ

له هەشتەم ڕۆژی مانگێكدا..
هەشتێكی سارد، ڕۆژێكی سارد. ئەو مانگەمرد!
له هەشتەم ڕۆژی مانگێكدا..
له ڕۆژێكی ساردو سووردا
ڕۆژیش وەكوو كوڕەكان و كچەكان و
نەورەسەكان ئەویش كوژرا!
له هەشتەم ڕۆژی مانگێكدا
قاژوویەكی باڵ بەرینی ڕەش و گەورە
كەوته ئاسمانی ئەو شارە. قیڕەی سارد و،
سێبەری سارد. نسێی مێژوو، چۆكیان دادا و
شار پێچرایه ناو ترسێكی تەنگەبەر و
شار خزایه دووكەڵەوە و
هەناسەكان كلۆم كران!
له هەشتەم ڕۆژی مانگێكدا
هەشتێكی سارد. هەشتێكی شووم
ڕۆژەكان وەك كفنی زەردو

شەقامەکان بوون بە تابووت!.

لە هەشتەم ڕۆژی مانگێکدا..

هەشتی شوبات!، هەشتێکی دڕ، جارێکی شووم..

دیرۆکێ بووە قوربانیی و

زستانێکیش بە بێوەژن!

هەشتی شوباتی 2002

# بەهانە!

گەر بیانوویەك نەدۆزمەوە
من ناتوانم بچمە لایان!
ئاخر من چۆن لە خۆمەوە و هەروا بێ پرس
ئەتوانم دەستکەم بە سینەی ئەو"مانگ"ەدا
گەر پێی نەڵێم: لێم ببوورە
من دوێنێ شەو ئا لێرەدا
شیعرێکم لێ بەجێماوە و بۆی ئەگەڕێم!.
من ناتوانم هەروا بێ پرس لە خۆمەوە
بە پلیکانەی ناو(با)دا سەربکەوم و
بچمە ناو ماڵی"زوهرە"وە
ئەگەر نەڵێم: لێم ببوورە
هەفتەی ڕۆیشتوو
لەم ماڵەدا، من گلۆڵەیەك خەیاڵ و
هەندێ تیشکم لێ جێماوە و بۆی ئەگەڕێم!
ئاخر من چۆن لە خۆمەوە
بچمە ناو ژووری نوستنی"خەزاڵ"ەوە

ئەگەر نەڵێم: لێم ببوورە
لەم ژوورەدا و
لێرەدا من خەوێکی چاوشینی جوانم
لێکەوتووە و بۆی ئەگەڕێم!
من نایشتوانم لە خۆمەوەو هەروا بێ پرس
ماچم بە لەشتا هەڵزنێ و
بێمە ناو قژی پڕتەوە
ئەگەر نەڵێم.. لێم ببوورە
بەر لە تۆزێك هەر کە دیمیت
سوێسکەی دڵم
لە سنگمەوە فرتەی کردوو
چووە دەرێ و چاوم لێبوو
خۆی کرد بە باخەکەی تۆدا
لێم ببوورە من ناچارم بۆی بگەڕێم
من ئەزانم لە هیچ شوێنێکی تر نییە و
لەلای تۆیە و
لە قژتەوە تا قولەپێ
بۆی ئەگەڕێم

2002/1/16

# هەمیشە عەشق!

تۆ مەلێکی لە پەڕەی گوڵ
جوانیی ئاسۆت و
فڕینت پڕە لە عەترو
گمەت پڕە لە شەونم و
من درەختێکم لە خەیاڵ
پەل و پۆم لە تریفەیە و
گەڵاکانم لە سەرنج و
ئامێزم پڕە لە شیعر!
ئەی گوڵ کۆتر!
وەرە لەسەر چاوەڕوانیم بنیشەوە
با جوانیی و خەیاڵ لێك بدەین
وشە چەخماخە باتەوە و
بۆن بباریێ و ڕەنگ بباریێ و
هەموو دنیایش بمانبینن
لەم شارەدا
چۆن تێکەڵی یەکتر ئەبن
دوو ئاوانی بەخوڕڕەمی
عەشق و شیعر

سلێمانی
2002/1/5

# نامەی ڕووبارێ

لەگەڵ خۆشەویستیما بۆ سەعدی یوسف

**ئاوی دیجلە**
**با تارییکیش بە هەردوو مشت**
**بیخواتەوە و**
**با ئابلۆقەیش سەتڵ سەتڵ**
**هەڵیهێنجێ و با دەشتی خوێش**
**هەڵیمژێ..**
**ئاوی دیجلە**
**با کەمیشکا وەك دڵۆپی پێکەنینی**
**سەر ڕوومەتی لیمۆی بەسرە و**
**غەمگینیش بێ چۆن دەم و چاوی**
**"جواد" و**
**نانی برسیی و**
**مەقامەکانی"گوبانچی" و**
**چیرۆکەکانی"تکرلی"..**
**ئاوی دیجلە**

**با کەفی خۆی سیخوڕی بێ و**

**خەبەر بدا لە نەوڕەس و**

**قولاپ هەڵدا**

**بۆ گرتنی سوورەماسیی دڵی بەغدا و**

**شیعری"سەعدی"..**

**ئاوی دیجلە**

**با شپرزە و با ماندویش بێ**

**چون نامەکانی"سەیاب" و**

**"شناشیل"ی چاوەڕوان و**

**گیرفانەکانی"مەردان" و**

**کلاوەکەی جەواهیری..**

**بەلام ئەوسایش.. ئاوی دیجلە**

**هێشتا بەشی**

**ئەو تفانەی پێ ئەمێنێ**

**لەناو دەمیا کۆیکاتەوە و**

**لە کەمەری بریندداری"کەرخ"ەوە بێ**

**یان"رەسافە"**

**سەری قوڕاوی دەربێنێ و**

**چاو هەڵبڕێ و**

**هەموو ڕۆژێ**

**بۆ شاعیرێکی پۆلیس و**

**بۆ پۆلیسێکی شاعیری بهاوێژێ!.**

**ئاوی دیجلە هەر ئەوەندەی پێ ئەمێنێ**

**ئاوی دیجلە!.**

سلێمانی
2001/11/11

# دوو ڕازی ڕۆمانسیانه

(1)

ئەم ڕۆژانه..

من ڕۆمانێك ئەخوێنمەوە

ڕسته.. ڕسته

ورده ئەستێره له"سەرما" تۆو ئەكات و

له خەیاڵما.. ئاسۆ.. ئاسۆ

"با" ڕەنگ ئەكاو

تەلیسمێكه

منی كردووه به حەوزی حەپەساوی

بەردەم مانگ و

به درەختی سەرسوڕماوی

ڕۆخی زێیەكی زستانه!

ئەم ڕۆمانه..

تەنها ڕۆمانه حەزناكەم

بیدەم به كەس!.

تەنها ڕۆمانه حەزئەكەم

كه خوێندنەوەی دوایی نەیە!

ئەم ڕۆمانه

تیراژەکەی دوو دانەیە و
کەچی هەزاران ئەیبینێ و
کەچی شارێ پێی سەرسامە!
نووسەری ڕۆمان خودایە و
ناوەکەیشی:
"سیحری دووچاوی لەیلایە!"

(2)

من دوورگەم و ئەویش زەریا
مەرجی ئەو عەشقە وەهابوو
هەموو شەوێ
لە کەناردا
هۆنراوەی بۆ بخوێنمەوە
هەتا ئەنوێ!
مەرجی ئەو عەشقە وەهابوو
ئەگینا غەرقم ئەکات و
بە شەپۆلان دامئەپۆشێ!
دوێ شەو من ئەو مەرجەم شکان
چونکە زانیم خەم بۆ عەشقێ
لە نوقمبوونی تەواودا
جوانترین شیعر ئەنووسێ!

سلێمانی
2001/8/19

# هاوسەر!

ئێستە زۆرجار.. نیوەشەوێ
شیعر ڕقی تەنیاییم و ژوورەکەم و
قەڵەمەکەم.. هەڵئەسێنێ و
خەیاڵم تووڕە ئەکات و
لە من ئەبێ بە ڕەشەبا و
بەر لە گەیین.. ئەموەرێنێ!
ئەم هاوسەرە حول حولییە..
لە پڕێکدا شەوێك"جێ" جیائەکاتەوە و
بەجێمدێڵێ و لە ژوورێکی تردا ئەنوێ!
"وەختێ کە من دەربەندێکی پڕ لە گڕم!"
هەر ئەم هاوسەرە ڕاڕایە..
شەوێکی دی، ئەو لرفەیەو، خۆی باوەشم پیائەکات و
دێتەوە لام
"ئەو  وەختەی من پەڕەی سپی و
شمشاڵێکی ساردو سڕم!"
ئەم هاوسەرە حول حولییە لە من ناگات!

گەر وا بڕوا من ناچارم

ئەم زستانە

ژنە چیرۆکێکی جوانی.. کەڵەگەتی

لە وێنەی"ئاناکارنینا"ی

بەسەر بێنم!!.

2001/8/22

# عەشقی تۆ هەتاوە!

چاوانت هەمیشە دوو کانین
لە خەوما.
هەر بۆیە بەیانیان
ئەو وەختەی کە شیعرم هەڵئەسێ
سەیر ئەکەم:
جێگەکەم پڕبووە
لە گوڵی
ئەوینت و
لە نمەی گژوگیا!
عەشقی تۆ هەتاوە
ئەو  وەختەی لە ڕۆحما هەڵدێت و
ئەتبینم.
وەختێکیش کە ئەڕۆی ناتبینم
ئەبیتە سێبەری جەستەم و
هەورێکی خەیاڵم و
پێ بە پێ
ڕێ ئەکەی لەگەڵما!

سلێمانی
2000/6/15

# ڕامووســــــان

شەوی مانگەشەوە لەشت
تەنیایی منیش ڕێبواری.
چ ئەوینێکی زیوینە
لەم سەفەری گوڵ و وشە و بارانەدا
هەڵکردنی بارێزەکەی ئارەزووت و
دارژانی ماچەکانت!.

★ ★

خەمت گەرمە و
تەنیاییم سارد
لە ڕامووسانی ئەبەدیی ئەم عەشقەدا
کە لێك ئەدەین
هەوار.. هەوار
دائەگیرسێ ئازارمان و
هەردوو ئەبین
بە یەك شیعری بڵێسەدار!.

سلێمانی
2000/6/10

# پێدەشتی پەخشان

# ڕەشەبایەکی چەمووش و بەیانییەکی تازە

بەیانییەکی تازە بوو
بۆ یەکەمجار بەو جۆرە بیرم نەکردەوە
وەك ڕەشەبا ئەیویست:
"خۆڵکردنە چاوی ئاو: تا کوێرکردنی.
ئەستۆ وردکردنی داروبار، هێلانە ڕوخان،
وردوخاشکردنی ئاوێنەکان و فەرامۆشکردنی
بێشکە و گزنگ و بە ئاشکرایش کوشتنی
هەورو کێڵگەکان!"
بەوجۆرە بیرم نەکردەوە
وەك ڕەشەبا ئەیویست.
لە نێوان من و ئەودا:
بێدەنگییەك دروست بوو
بێدەنگییەك لە بەرد.
بێدەنگییەك لە تەختەی تابووت.
ئەوە عومرێکی درێژە، ئەوەتەی شاخ لە بیرێتی،

ڕەشەبایەکی کوڕەو چەمووش و ڕیشن. لەم شارەدا
پادشایە. پادشایەك پڕە لە زەمهەریرو پڕە
لە مارو لە شەهوەت و پڕیشە لە ویقارو وەعزو
تەگبیر. پادشایەك ڕۆژی چەند جار لە بلێسەی
دۆزەخمان هەڵئەکێشێ و یەك حیکایەتمان بۆ ئەکاو
یەك سەوڵەجانمان نیشان ئەداو یەك ڕووگەی پەرستن و
یەك تەختی شانشین!
عومرێکی درێژە ڕەنگە جوداکان مردوون.
عومرێکی درێژە ئاو هەریەك دەفری هەیە و
عومرێکە باڵندەکان هەریەك جۆر فڕین و
یەك جۆر ئاسمان و
یەك جۆر خوێندن.
عومرێکە.. عومرێکی درێژ درێژ
شمشێری وشەی غەزا لەسەر گەردن
سەما ئەکاو هەڵئەپەڕێ پەنجەی قرتاو
لەناوماندا نیشتەجێیە و
لەگەڵماندا ئەنوێ مردن!
ئەم بەیانیە بەو جۆرە نەمرۆانیە خۆم
وەك ڕەشەبا ئەیویست.
ئەو خۆمی لەناو خۆمدا خانەوێران و سەرگەردان کرد.
بەلاّم من بۆ خۆیشم تەیرێ بووم گول.
من خۆم ئەسپ بووم و بەلاّم حیلەم خەسیو.

**من خۆم درەخت بووم و بەڵام ڕیشەم ڕزیو.**
**عومرێکە ڕەنگە جوداکان مردوون.**
**عومرێکە من بەردی بن گۆم و**
**عومرێکە من خەو نابینم و**
**برینێکم زەبوون!**
**من ئەم بەیانییە جیابوونەوەی دەنگی خۆم**
**لە گڤەگڤی ئەو، ڕەنگی خۆم لە شێوەی ئەو**
**سەری خۆم لەسەری ئەو جیاکردەوە.**
**ئەزانم من ئیتر لەم بەیانییەوە**
**ڕێبواری ناو مەملەکەتی قەدەر ئەبم**
**ئەزانم من ئیتر بە شوێنمەوە ئەبێ ئاگر**
**دوام ئەکەوێ سەعیرو زەمهەریرو**
**ڕێم پێئەگرێ باهۆزی لم و**
**لەسەر لەوحەی وجودم ئەنوسرێ**
**"بئس المصير"**
**ئەزانم و ئەزانم لە شوێنە بەرزەکانی شارەوە**
**ڕۆژی چەند جار بە پشکۆکان ڕەجم ئەکرێم و**
**ڕۆژی چەند جار سەگە ڕەشەکانی"حجاج"م**
**تێبەر ئەدەن و ڕەنگە بمخەنە گونیەیەکی**
**سەر داخراوەو ڕەوانەی نەجدم بکەن و**
**ئاوارەی تەکفیر. چونکە وتم:**
**چەند ڕەنگێ بۆ ئەم دنیایە**

چونکە وتم چەند خۆری بۆ ئەم زەریایە
چونکە جارم لە سپییەك دا کە هەر
ڕواڵەت بوو. چونکە  وتم ئەوە
عومرێکی درێژە من دیلی ناو ڕەنگی خۆمم!
من لە گۆشەی ئەو تابووتەی تیا بووم
هاتمە دەرێ و زریکانم.
ئەم بەیانییە ڕۆژباشم لە ترس نەکرد.
وەکوو جاران من ئەم بەیانییە ڕۆژباشم
لە ڕەشەباو مردن نەکرد.
وێرام لەگەڵ خۆمدا بدوێم
وێرام ئیتر پرسیار بکەم
وێرام ئیتر گومان بکەم
وێرام ڕووناکیی قاچاغ و تیرێژی قاچاغ بدوێنم.
لەگەڵ شەماڵ و پەپوولەدا پیاسە بکەم
لەگەڵ هەموو جوانیەکاندا شیعر بخوێنمەوە..
وێرام ئەستێرە بژمێرم و
گومان لە خواکانیان بکەم
سەری خۆم بە ڕوونیی
لە زۆر ئاوێنەدا ببینم!.
بەڵام ئەم وەرچەرخانەم جەستەم
ئەداتە دەست نادیار. ڕەنگە لوولم بدەن و
لە شەوێکمەوە بپێچن و بمفرێنن. ڕەنگە

هەموو خەونەکانم لە بەردەمی خۆمدا بشکێنن و
ورده شووشەی ئەو خەوانەیش بکەنە کالانەی
چاومەوە. ڕەنگە هەردوو گلێنەیشم بخەنە قولی مشتی ڕەشەباوە.
ئەم بەیانییە شتێك ڕوویدا
لە ڕوودانی بەریەك کەوتنی دوو ئەستێرە ئەچوو
لە ڕوودانی جیابوونەوەی گۆی سەر زەمین لە
پشتێنەی هەسارەکەی. من ئێستا لە فەزایەکدا
ئەخولێمەوە خۆڵەمێشی و پڕە لە دەست و پەنجەی
با بردوو لە ڕەنگی بابردووی ئەوانەی
بڕوایان بە یەك ڕەنگ نەبوو. لە فەزایەکدام
پڕە لە زریکە و سیخناخە لە قریشکە و لە سووتانی
بەردەوام. پڕە لە حەقیقەتە ئاوارەکان.
من لێرە و لەم هەسارەیەدا هەموو ئەو ڕوخسارانەم
بینیەوە کە لە هەزاران ساڵی ڕۆژ ژمێری جەنگەڵەوە،
ڕۆژ ژمێری بت و بتەوانەوە، دەربەدەر کرابوون.
بارانی دەربەدەر، هەتاوی سەرگەردان، عەشقی
ناکام. هەندێکیانم ناسیەوە و ئەوانی تر نەء
چ خەوێکی سەیر بوو
خەوێك بوو. خەریك بوو، وەك بەفری
بەر ڕەشەبا شێت بم.
خەریك بوو وەك لی کەنار زەریا
مل بدەم و بێدەنگ بم.

بەلاّم خەو بوو.
"كێ مردنی خۆی ڕەتبكاتەوە و
یەخەی قەدەری خۆی بگرێ و
لەبەردەمی یەك ڕەنگیدا دانەمێنێ
ژیان ئەباتەوە"
ئەمە پەندی خواوەندێكی گریكییە
كە ڕازی نەبوو پەرستن بكا بەپیشەو
ڕازی نەبوو بە تەنها ڕاستییەك بخوێنێتەوە!
هەر دوێنێ بو هاوڕێیەكم ڕەشەبا كردی
بە پاسەوانی گۆڕستانەكانی خۆی. ڕەشەبا كردی
بە زێوانی ئەو گومەزانەی كە باوو باپیرو پشتی
پێشینەی ڕەشەبایان تێدا نێژراو.
هاوڕێكەم ئێستە بووە بە قەلە ڕەشكەیەك،
بەڤاژوویەك و لەسەر دارێكی زڕی ئەو
گۆڕستانانە ڤیڕەی دێ و ئەخوێنێ.
ڤاژووی ڕەشەبایە
ڤاژووی مردۆكانە و
چاوهەڵكۆڵی زیندۆكان.
ئەم بەیانییە عومری خۆم كورت كردەوە، ئەوەندەم
كورت كردەوە هەر تاڵەموویەك نێوانی ئەو و مەرگە.
چونكە ئەم بەیانییە درێژەم بە عومری"ئا" نەدا.
چونكە لەو ڕیزانە جیابوومەوە كە تابووت چێكەری

ڕەشەبان. ئەوانەی ڕووباریان بە تۆمەتی زینا
کوشت. دەستەکانی درەختیان بە تۆمەتی دزیی
بڕیەوە و، لەسەر ماچێکی سەوز، جەڵدەیان
لە کچە دارسێوەکان داو، کوڕەکانیشیان لەسەر
قومێ بادە خاکەسار کرد.
ئەم بەیانییە کە هاتمە دەرەوە
بۆ یەکەمجار باران دواندمی و پێی وتم،
ئەوە ئیتر هەر چاوی خۆت نییە
بۆتە چاوی کانییەکانیش.
بۆتە چاوی ڕێگاکانیش.
ئەوە ئیتر هەر دەستی خۆت نییە پێتەوە
بوونەتە دەست و پەنجەی دارەکانیش.
ئیتر ئەوە هەر سەری خۆت نییە بە خۆتەوە
بۆتە سەری منداڵان و کچەکانیش.
بۆتە سەری کێوەکانیش.
چەند هەنگاوێ لەولای بارانەوە
دەرۆزەکەرێك پێی وتم:
ڕەنگە ئیتر بۆ لەمەودوا
بە یەکەوە جیهان تەیکەین!
تۆ بۆ ڕووناکیی و
من بۆ نان!
لەو بەیانییە تازەیەدا..

که یەکەم شەقام بینیمی ئەویش پێی  وتم:
پێ ئەچێ لەسەر سنگم خاچێکت بۆ داکوتن و
هەر لەسەر سنگیشم خۆڵەمێشەکەت بە با بدەن و
پێ ئەچێ تەمەنت لە تەمەنی گوڵ کورتترو
بۆ دواجاریش گەواڵەهەورێکی بەهارە
لە ڕێژنەیەکی خێرادا لاواندنەوەت بگرێتە ئەستۆ
"تەمەنی گوڵ چەند کەمیش بێ
بۆنێکی خۆشی بە خۆشەویستی بەخشیوە"
لەبەرئەوە نە دڵتەنگم و نە دڕدۆنگم
ئەزانم من ئەو سێبەرەی دوێنێ نیم
لەو بەیانییە تازەیەدا ئەوەی سەرسامی کردم
ژنێکی سەرتاپا سووری گەڕەکەکەمان بوو، نازانم
چۆن گوێی لەم چرپە چرپەی ناو من بوو.
چۆن گوێی لە دەنگی خەونەکانم بوو. نازانم لە
پڕ هاتە بەردەمم و هەموو لەشی بە گوڵی ژاڵە
داپۆشرابوو. ئەبریقایەوە. ژنێکی سەلار،
ژنێکی گولاڵەیی، چاوی تیژ. لەناو قوتویەکی
داخراودا. کلاڤەیەك قژی پێشکەش کردم و
وتی: ئەوە ڕەشەباکەت هەڵیکەند. ئەوە
دەستی ئەو دەسکەنەی کرد. ئەمە دوا یادگاری
"جوان"ە با لای تۆ بێ بۆ ئەوەی بە تیری
عەشقی گرفتاربی. با لات بێ بۆ ئەوەی هەر تاڵێکی

کوشتارگەیەکت بیر بخاتەوە. با شەوانە هەر تاڵەو
حیکایەتێکی نامۆیی خۆیت بۆ بگێڕێتەوە ئینجا بنوویت.
من کەمێك گریام.
بەڵام ئەو زۆرم پێ پێکەنی!
ژنەکە وتیەوە:
بەڵام هەرکەس ئەو قژەی لابێ
حەرامی لایە.. حەرام.. حەرام
من ئیتر ئەو تاڵەمووانەم، ئەو قژەم،
لەسەری خۆمدا ڕوانەوە!
ئێستە خەو لە بێداریدا ئەبینم
چاوەکانم کراوەن و خەویش ئەبینم
هەروەك گۆمێك چاوی زەق و خەویش ببینێ
هەروەك ئاگرێك بسووتێت و خەویش ببینێ.
من بەیانییەکی تازەم لە چاودایە
هاوڕێکەم بووە بە قەلەڕەشکە
بیری ئەکەم و خەفەتیشی بۆ ئەخۆم
من بڕوا ناکەم جارێکی دی ئەو هەرگیز بگەڕێتەوە ناومان.
بگەڕێتەوە ناو خەونەکانمان و
ناو خۆشەویستیمان و
ناو ئاوێنەکانمان و ناو باخچەکانمان!
ئەم بەیانییە
بوومەلەرزەیەك ڕوویدا

له پێشدا منی ژێرەوزەبەر کرد
منی هەڵتەکاندو منی تەخت کرد
بوومەلەرزەیەك لە پێوانەکانی ڕیختەر سەروتر.
لەناو مندا ئەو شارە خاپوور بوو کە تیایدا لە دایك بووم.
ئەو شەقام و گۆڕەپان و دروشم و هۆڵ و شانۆیانە
نەمان کە منیان لە چوارچێوەی خۆیان گرتبوو. نەء
ئەو شارە نەما کە منی تێدا لە دایك بووم.
من لەژێر بوومەلەرزەوە گەڕاومەتەوە.
من لە هەناوی بوومەلەرزەوە هاتوومەتەوە.
لە دروستبوونەوەی ئەستێرەیەکی تازەدا
لەدایك بوومەوە.
دەرەوەی خۆم
هێشتا وڕوکاس و سەرسامن و تێم ناگەن.
ئەوان هێشتا هەر گوێ لە دەنگدانەوەی
دەنگی بیابان و سەدای غەزاکان و خەلیفەی
لم و چۆڵەوانی ئەگرن. ئەوان هێشتا هەر
عەبدی پەیڤە بە بریق و باقەکانی ئەو زمانەن
لە ڕواڵەت زیاتری نەخوێندۆتەوە. ئەو
پەیڤانەی ترسیان لە نووکی ڕم و پەیکانی
ڕمەکاندا هێناو لە بێشکەو گزنگەوە چاوترسێنی
پرسیارەکانیان کردو گومانیان هەر لەناو سەردا کوشت.
من ئەم بەیانییە

لەم بەیانییە تازەیەوە
لەم هەسارە تازەیەوە
باڵندەکان منیان کردۆتەوە بە هێلانە
پرسیارەکان منیان کردۆتەوە بە مرۆڤ.
ڕووبارەکان منیان کردۆتەوە بە ئاوەڕۆ.
قەلەڕەشکەکەی هاوڕێم
جارێکی دی نایەتەوە  ناومان.
من ئێستا ئاو هاوڕێمە.
پەرەسێلکەیەك هاودەم و
باخچەیەك هاوسەرمە
کە هەموو ڕەنگێکی لێ ئەزێ.
حەیف بۆ هاوڕێکەم. حەیف بۆ ڕەشبوونەوەی!
ئێستا خۆشەویستی من و ئەم شارە
لە لێبوردن و گونجاندنەوە
سەرچاوە ئەگرێ. لەم شارەدا
ئێستا هەر ڕیشێك بەرێکی نەبێ و بەرێك نەدات
ئەخرێنە تەنەکەی خۆڵەوە.
خۆشەویستی ناگوێزرێتەوە و هاوردە ناکرێ.
هەزار ڕەنگی هەق خوازیی هەن
هەزار بۆنی نوێخوازی هەن و
نە ڕەنگێك سەرداری هەتاهەتایی و
نە دەنگێك پەیڤی هەتاهەتایی!.

ڕەشەباکانیش لێرەبن یان لەهەر شوێنێ
ناچارن. ناچار. دوای ئەو بوومەلەرزەیە
یان ئەبێ سەرکزکەن. یان خاو بنەوە و
لە بەردەمی ناسکترین گوڵدا
بنووشتێنەوە!
لەم ساتەوەختەدا و لە دەفتەرەکەمدا
(با)یەکی شینی هێواش هەڵیکردووە.
سەرانسەری بوونم. سەرانسەری خەیاڵم
لە دەشتێکی کەسکی ڕاکشاو ئەچن. ڕاکشاو
لەبەردەمی ڕیزە چیایەکی بلووریندا،.
سەری ئەم(با) شینە، پەپوولە
دەوری گرتووە. من ئێستا چاوم لێیە وشەکان
یەك لە دوای یەك ئەتروکێن و ئەبن بە زنە یان
وەنەوشە لە دەفتەرما، ئەمە کەرنەڤاڵی
هەموو ڕاستیەکانە. کەرنەڤاڵی هەموو خەونەکان و
شارەکانە. ئەم کەرنەڤاڵەی ئەمڕۆ، لە یادی
تیرۆرکردنی قەسیدەیەکدا ڕێکخراوە کە لە بەیانییەکی
دووری  وەك ئەمڕۆدا.
ڕەشەبا ڕیشەکێشی کرد.
قەسیدەیەك کە لە بەیانییەکی دووری وەك ئەمڕۆدا
خەریکی ئەوەبوو بەسەر قەلاّی هەولێردا هەڵگەڕێ و
پەیامی بوومەلەرزەیەك ڕابگەیەنێ، لەو بەیانییەدا،

لە پشتەوە پێکراو قەسیدە خلّتانی مانای خۆی بوو
خلّتانی خەیاڵی و خلّتانی خوێنی وشە بوو.
ئەم کەرنەڤالّە لە یادی هاوارێکدایە
کە هێشتا سەرەتای شەقژنی بوو، ئەو هاوارەی،
کە لە یەکەم کۆڵانی تاریکی ئەو قەلاّیەدا کوژرا!
ئەم کەرنەڤالّە بە یادی هەموو ئەو ڕەنگانەیە کە لەبەر
جودایی ڕەنگ تەفروتونا کران. ئەم بەیانییە
لەم کەرنەڤالّەدا قژی هەموو قوربانییەکانمان
کردووە بە پەنجەرەی ژوورەکانمانەوە.
قژەکان داگیرساون.
قژەکان لە پالّ لاولاودا ئەڕوێنەوە!
هەر بۆ ئەوەی بەردەوام سەری ئەوان
لە ناخدا بجریوێنن و بیرنەچنەوە.
ئەم کەرنەڤالّی خۆگۆڕینە
بەو دەمامکانەوە یاد ئەکرێنەوە
کە نیشانەی پەیمان تازە کردنەوەن
لە نێوان ئەم بەیانیە و هەموو مرۆڤەکان و
هەموو ئاژەلّەکان و هەموو بالّندەکاندا.
دەمامکەکەی لە سەرم هەلّکێشاوە
سەری ئاسکێکە
کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەو پێدەشتە جوانانەدا
ئاوێنە بوون بۆ عەشق و

هەر لە بەر عەشقیش سەربڕڕان!
کەرنەڤاڵی دەمامکە
ئەم دەمامکەیشیان.. سەرو ڕوخساری ئەو کچەیە
ئەو حەرامەیە.. بەسەر حەرامێکدا بازیدا و
لە دواییدا حەڵاڵێکی ڕیش درێژ گرتی و لە پەنا
دیواری مزگەوتێکدا بێ بنی کرد! ئەمە بۆ یادی
ئەو حەرام و حەڵاڵەیە.. کەرنەڤاڵ ئەخایێنێ و شەو دادێت!
لەشەودا بە بەیانییەکانی خۆمدا ئەچمەوە! من شەوم
ئەوەندە خۆش ئەوێ تا ئەمداتە دەست ئەستێرە
مێیەکان و لەگەڵیاندا ئازادانە جووت ئەبم! لە شەودا
بە خەوشەکانی ڕووناکیدا ئەچمەوە. هەندێکیان لە
دەفتەرەکەمدا ئەسڕمەوە هەندێکیان بۆ پەندو
عیبرەت ئەهێڵمەوە، بۆ ئەوەی شایەتی سەعاتەکانی
ڕابوردووم بن. لە شەودا پەردەیەك لە نێوان من و
گەردوون و خوداو هەموو عەشقەکاندا نامێنێ. سەربەستانە
خۆم ئەکەم بە ماڵی هەموو حەرام و حەڵاڵێکدا، نەترسانە
لە بەردەم هەموو ئەو پرسیارانەدا ئەوەستم کە ڕەنگە هەر
لە زاری بەیانییە خەساوەکانی خۆمەوە، بەیانییەکانی جارانم،
شەرمەزارم بکەن، بەڵام ئەوەستم بۆ ئەوەی جوانتر لە
هەموو ڕاستییە جیاجیاکان وردبمەوە. بۆ بترسم! لە کاتێکدا

من هێشتا توانای ئەوەم هەبێ شتێك بگۆڕم.. شتێك

ئەگەر ئەوەندەی مێروولەیەکیش بچکۆلە بێت. خۆ من نەبووم
بە قەلەباچکە و زێوانی هیچ ڕەشەبایەك و هیچ تارمایی و
هیچ خواوەندێکی دەسەلاٌت.. بۆ بترسم! لە وەختێکدا
کە من بزانم پاشەڕۆژ لەگەڵ ئەم یاخیبوونەی مندایە کە
بزانم نە هەڵقوڵێنم وشك ئەکاو نە بوومەتە بتەوان و
نە هیچ کام لەو ڕەشەباو بتانە ئەپەرستم!
بینایيم لە ئازارەکانی خۆمدا ڕوون بووەوە.
بینایيم دوو باڵندەی ئەزموونی لەشمن.
کەرنەڤاڵی دەمامکە.
دەمامکەکەی دەم و چاوم
سەری تەوارێکە..
کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ئاسماندا
مێیەکی بە شکۆ بوو. ژنە باڵندەیەك بوو
بەلاٌم بە گەردنی منارەیەکەوە فاقەیان بۆ داناو
گرتیان و لە جەژنی قوربانداا سەریان بڕی.
ئێمە بە یادی ئەو عەشقانەوە
میوانداریمان لەم کەرنەڤاڵە کردووە و
ئێمە بە یادی ئەو تەوارەوە
وا خەریکین فڕینێکی تازە ئەفڕین..

2002/2/24

# ڕۆژی ژن..
# ڕۆژی گوڵەبەڕۆژەکان!

من ئەمڕۆ لە تەوقەسەری ئەم یادەدا
لە تەوقەسەری بە گیاو گوڵ و
بە پەپوولە تەنراوی ئەم جەژنەدا
مۆمی خۆشەویستیەکی نازدار
نازدارتر لە کچە پچکۆلانەکەم و
نازدارتر لە یادگاری
مێخەك بەندەکەی دایە خانم..
دائەگیرسێنم!
مۆمێك بە قەد بەژنی دایکم!
ئەوەندەی ڕۆحی ئەویش سپی و بێگەرد.
ئەوەندەی شەوقی پەیڤ و قسە خۆشەکانیشی گەش!
مۆمێك لە شیعرا دائەگیرسێنم..
مۆمێك لە زمانی کوردیدا..
مۆمێك لە عەشقاو.
مۆمێك لە خەمەکانتاندا..

من ئەم ڕۆژەم
بە قەد کیژۆڵەیەکی جوانکیلەی خوێن گەرم و
بەڵام چاو غەمگینی گەڕەکی ڕەحیم ئاوای
کەرکوك و ئەوەندەی ژنە نان کەرێکی دەست و پل
بلۆق کردووی گەڕەکی خانووە قوڕەکانی
ئێرەیش خۆش ئەوێ!
ئێوە نازانن من ئەم ڕۆژەم چەندە  خۆش ئەوێ؟!
نازانن لە چاوەڕوانی ئەودا..
چۆن  وەك گوڵ خەندەران ئەتریقێمەوەو
کە هات وەکوو لاولاو تێی ئەئاڵێم و
چون گوڵەنازەنینێکی
بەردەم شنەبای کۆسارێ سەما ئەکەم و
چون دڵۆپەکانی شەونمیش
لە سینەو بەرۆکیا ئەتوێمەوە!
من ئەم یادەم کردووە بە گوڵەبەڕۆژەیەکی گەورە و
گوڵەبەڕۆژەیش لەگەڵ چاوەکانی ئەودا ئەسوڕێتەوە!
من ئەم یادە ئەگرمەوە.. ئەیکەم بە خەنەو
لە دەست و پل و قاچ و قولی هەشتی مارتی ئەدەم و
ئەیکەم بە تریفە و لە ئاوی تریفەی ئەخۆمەوە!
ئەمڕۆ من ناوم
"شێرکۆ شەفیقە" یە!!
تکایە با لەم یادەدا گوڵ و وشەو

بازن و موستیله و گەردانەکانی ژنان
هەر بەو ناوەوە بانگم بکەن  و لە دەفتەری
خۆشەویستی خۆشیاندا هەر بەو ناوەوە
بمخوێننەوە و بمنووسنەوە.
ئەم ڕۆژە دایکمە..
بە کۆڵوانەیەکی مۆرو
سرکەییەکی گوڵ گوڵی و
لاگیرەیەکی کەمێ شۆڕەوە!.
ئەم ڕۆژە دایکمە..
بە قسەی دانار داناری و
دایکمە بە ئارەقەی شین و مۆری ڕەنجە وە و
دایکمە بە گوڵە هێرۆیەکی ناو ئەگریجەوە و
دایکمە  وەختێ هەشت جار هەشت چرا
لەم شەودا دائەگیرسێنێ و
هەشت یاقوت ئەدا
لە قژی هەشت گۆرانیی و
هەشت کەڕەتیش
لەسەر لاپەڕە کەسکەکانی پێدەشتێ
بە قەڵەمی تریفە و یان بە چوکڵەی گزنگ
ناوی پیرۆزی"ژن" ئەنووسێ!.
با ئەم ڕۆژە پرچ درێژو مل کەڵە
بکەین بە ڕۆژی شارە پریشکی پرسیار و

ئەشکەنجەی ژن و هاواری ژن و هەقی ژن و
دەنگی ژنی تیا بوروژێنین!
با شارە پڕیشکی پرسیار بەهەر چوار لادا
پزیزکەکانی کەڵە وشە بهاوێ
لێنەگەڕێ.. زوڵم هەروا سانا دانیشێ
لێنەگەڕێ.. قریشکەی جەستە خاوبێتەوە
لێنگەڕێ.. پیاوی هۆزی تۆڵە و فەتوا..
بەو خوێنەی لەبەر
دار گێلاسەکانی لەشی ژن ئەڕوا
دەس نوێژ هەڵگرێ و
پرسیار و پرسیار و پرسیار
لە تەرازووە لاسەنگەکەی دادگا
لاسەنگ بە یەك لەسەر سێ و
لاسەنگ بە یەك سمێڵ و چوار ژن و
پرسیار.. لە بڕبەندەکانی یاسا
لە تەزبیحی دەنك گەورەی
بریقەداری ئالأو لە خەنجەری بەر قەد..
پرسیار پرسیار.. لەو دەقانەی
کە شیشی پەنجەرەکانی زیندانی
گیان و جەستەی ژنیان لێ دروستکراوە
پرسیار لەو قانونییە ئاسەنگەرانەی
بڕگەیان کردووە بە کۆت و

مۆڵەتیان داوە بە مردن

مۆڵەتیان داوە بە کوشتن

هەموو ئاسمانیان داوە بە پیاو و

هەموو زەمینیان داوە بە پیاو و

تەنها کولانەیەك بە ژن!

من ئەمڕۆ سەرلە نوێ

چرکەو دەقیقەو سەعاتی ئەم ڕۆژە

لە دەربەندەکەی ڕانییەدا هەڵئەشێلمەوە.

لەم هەویرە نوێیە.. لەم هەویری ئازادییە

گەورەترین نانی خۆشەویستیی.. بۆ ژن لێدروست ئەکەم.

لە ئاگری ئەو ئازارانەیشدا ئەیبرژێنم..

کە ساڵەهایە جەستەو ڕۆحی ژنی تیا ئەسووتێ..

ساڵەهاو ساڵەهایە..

قرچە قرچ و قرچە قرچ..

ڕەنگ و دەنگ و هەست و نەست و

چرپە و عەشق و پێکەنین و

پەپوولەکانی ئەوین و

کۆترەکانی سینەی ئەوانی تیا هەڵ ئەقرچێ..

لەم هەویری ڕووناکییە..

لەم هەڵ شێلانەوەی مێژووە

لەم ڕووباری مانگەشەوە

گوڵەژن دروست ئەکەم..

لەسەر بۆنی دزراوی ڕاپەڕێ
درەختە ژن ئەخولقێنم..
لەسەر مەلی کوژراوی ڕاپەڕێ
قەڵەمەژن دروست ئەکەم..
لەسەر وشەی دیلکراوی ڕاپەڕێ
زریانە ژنیش ئەخولقێنم..
لەسەر هەتاوی دزراوی و
لەسەر بارانی دزراوی و
لەسەر وجودی دزراوی
ڕاپەڕێ
ئەمڕۆ بۆنی هەق لەم ڕۆژە دێت.
ئەمڕۆ بۆنی دڵداران و بۆنی شیعری وەنەوشەیی و
بۆنی مامز لەم ڕۆژە دێت.
بۆنی گڵەسووری دوای وردە باران.. لەم ڕۆژە دێت.
بۆنی سمڵ و بۆنی ڕەشەڕێحانەو
بۆنی ئازادیی لەم ڕۆژە دێت!
من ئەم ڕۆژەم لە ئاوێنەی بیرەوەریدا
کردووە بە ورشەو پرشەی گوڵ ئەستێرەیەك و
لە بەرچاوم بزر نابێ.
هەروەکوو چۆن هەر دوو سنەوبەرم
لە پێش چاو ون نابێ..
سنەوبەری باخچە و شەقام و کەژەکانمان و

ئینجا ئەو ژنە سنەوبەرەیش
کە لە زەمانێکی بێ ڕەنگدا
قەلاٌدزێی ئالٌ هەلگەڕان!
ئەز لەم ڕۆژەدا هەر شیعرە مێینەکان ئەخوێنمەوە.
هەر ڕەنگە مێینەکانیش ئەپۆشم.
بەقەڵەمێکی ناسکی مێینەیش ئەنووسم.
من ئەمڕۆ هەولٌ ئەدەم بچمە ناو قولاٌیی
ئازارە مێینەکانەوە لەگەلٌ زەردەی خۆرنشینی
خەمەکانیاندا بدوێم. هەولٌ ئەدەم بچمە ناو
ساتە ژانی مندالٌبوونی ژنەکەمەوە.
هەولٌ ئەدەم شانۆنامەیەکم
بکەم بە بێوەژنێکی ئەنفال.
بە ژنە هەڵەبجەییەکی ڕۆژی 3/16
بەقیژەی دایکێکی خێڵی حەمە.
هەولٌ ئەدەم بگەمە
ئەوپەڕی دنیای ژنان و
لە ئەمەریکای لاتینەوە بۆ ئەفریقا،
فرمێسکەکانی ئەوان کۆبکەمەوە و
دەریاچەیەك
پەخشانیان لێ دروست بکەم!
هەولٌ ئەدەم زریکەکانیان بکەمە
پەیکەرێکی بەرجەستە و

لەناو ژوورەکەمدا دایبنێم..
هەوڵ ئەدەم مەملەکەتێ بخوڵقێنم
لە ژنە شاوە تا گەدا لە خۆیان بێ!.
من ئەمڕۆ بەیانیی کە لە خەو هەستام
یەکەمجار
چوومە ناو باخچە مێیەکەمەوە..
یەکەمجار ڕۆژباشم لە بولبولێکی مێ کرد
لە دواییشدا من بۆم خوێندوو
ئەو گوێی گرت!
من لەم ڕۆژەدا هەموو کێژۆڵە بچکۆلەکان کۆئەکەمەوە
بۆ ئەوەی وانەیەکیان پێ بڵێمەوە
وانەی خوێن لێ چۆڕاوی
ئەو زوڵمانەی لە ڕەگەزەکەیان کراوە..
وانەی ئەو سێوە لاسورانەی
لە دەمێکەوە نیوەیان خوراوە.
وانەی ئەو تەیرانەی ئاسمانیان لێ قەدەغەکراوە.
وانەی زوڵم..
زوڵمی پیاوە بەردینەکان.
یاسا ئاسنینەکان،
زوڵمی مێژووی چەقۆ..
مێژووی جەڵدە
باسی دەم بەستن و ڕەنگ کوشتن و

به درێژیش باسی بەندیخانەی جەستە و
عەقڵەکانی خەڵووزان و شەوەزەنگی پەچە و
لە دواییشدا باسی عەقڵی
چراخانی قاسم ئەمین و بێکەس و ئیبراهیم ئەحمەد و
بە درێژیش باسی
لەیلا زانایان بۆ ئەکەم!.
ئەو کیژۆڵانە فێرئەکەم
هەتاو بخوێننەوە هەتاو
وەختێ هەتاو ئەبێ
بە ڕەنگی ئازادیی.. هەتاو
وەختێ ئەبێ بە ئەنجێلاو بە مارییا و
وەختێ ئەبی بە بەیانیی بۆ هەڵفڕین
فێریان ئەکەم چیتر بە جێ پێی
تارمایی و ئەرژەنگەکانی نەریت و
خەنجەرەکانی تۆڵەدا هەرگیز نەڕۆن.
فێریان ئەکەم لە تەوار بچن.
لە سرووده جوانەکان و
لە شیعری یاخیی بچن.
من ئەمرۆ 3/8 پێشانگەیەك لە گەلەری
دڵما ئەکەمەوە. پێشانگایەك تایبەت بەو
وێنە فۆتۆگرافیە ڕەش و سپیانەی مێن.
بە پۆرتەریتی کۆمەڵێ لەو ژنە ڕێچکە شکێنانەی

که زەمانی پیاویان لەرزاند و
دیواری بیّ دەنگییان رِوخاند و
سەروپرچیان داگیرسان و
بوونە مەشخەلّی رِیّگەوبان.
پیّشانگەیەك لە گەلەری دلّما
پیّشانگایەکی گەرِۆك
پیّشانگەیەکی بیّ رِیش و سمیّلّ.
گەلەریەك لە دلّما
چوومە هەر شویّنی بەرامبەر خۆر ئەوەستم
هەر چوار دەرگای گەلەریەکە ئەکەمەوە
ئەیانخەمە سەرگازی پشت..
تا زۆرترین ژمارەی بینەرانیان لیّوە بیّنە ژووریّ.
پیّشانگایەك بۆ خولیا سەردەق شکیّنەکان
بۆ ژنان لە دۆزەخدا.. دۆزەخی پیاو
بۆ ژنان لە یاسادا.. یاسای پیاو و یاسای
قامچی. بۆ ژنان لە قەفەزدا . قەفەزی مالّ و
قەفەزی ولاّت و قەفەزی لەش!.
پیّشانگایەك لە سالّۆنەکانی دلّما
دە فەرموون بۆ دانیشتوون
ئیّوەیش هەستن  و لەهەر چوار دەرگای
ئەم گەلەریە تازەیەوە وەرنە ژووریّ!.
تا ویّنەی ئەو ژنانە ببینن

که له پەچەوە تا پەنجەی پێ..
بوون بە درەختی ئاگرو
بوون بە شەتاوی ئاگرو
هەستانە پێ!.
ئەز ئەمڕۆ سێ بۆینباخم ئامادە کردووە
هەر یەکەو ڕەنگێ.. ڕەش و زەرد و سپی
هەر یەکەیان بۆ ماوەی یەك سەعات ئەبەستم
ڕەشەکەیان لەبەر هەموو
ژنە دار ئەبەنووسەکانی دنیا
زەردەکەیان لەبەر هەموو
ژنە دار لیمۆکانی دنیا
سپیەکەشیان لەبەر هەموو ژنە
پێست بەفرینەکانی دنیا
هەر بۆینباخەو بۆ یەك سەعات
ئەشێ ڕەشەکەیشیان بەیادی هەموو
ئەو ژنە باڵندانەیش ببەستم
کە بە ئاسمانەوە کوژران و
لە دواییدا بوونە ڕەژوو.
زەردەکەیان بە یادی ژنە کۆیلەکان و نامۆکان.
سپیەکەشیان بۆ ئاشتی و ژنە دڵدار و
ژنە ڕووناکیی و گوڵی سپیی بەرباران،
من ئەمڕۆ کورتیلە چیرۆکێکتان

دەربارەی دوو ژن بۆ ئەگێڕمەوە:
ژنێك هەبوو هەر خاوەنی چرای جوانیی لەش بوو.
ژنێکی دی هەبوو، جوان نەبوو، هەر خاوەنی
چرای عەقڵێکی گەش گەش بوو.
کە یەکەم کەوتە گەلاڕێزان و ناو تەمتومان،
تەمەن تاریکیی کرد.. چراکەیشی کوژایەوە.
دووەمیان ئەویش گەیشتە گەلاڕێزان،
بەلاّم چرای نەکوژایەوە..
دووەمیان دەستی یەکەمی لە تاریکیدا ئەگرت و
هەر لەبەر ئەو چرایەیشدا..
بەیەکەوە
بەهاری ڕابوردووی خۆیان.. ئەخوێندەوە!
ئەمڕۆ هەر کە ئێوارە هات و
بە جلەڕەشەکانیەوە گەیشتە کۆلأنەکان و
سەرشەقام و بەردەم مالأن.
ئیتر بە خۆم و پەردەیەکی سپیی سینەما و
ئامێر و سەدان سلایدەوە
ئەچمە ناو گەڕەکە ماندووەکانی شارەوە.
ئەو گەڕەکانەی کە پیاوەکانیان
بۆنی هەژارییەکی شێدارو
بۆنی  تەڕە پیازو
بۆنی دووکەڵی جگەرەی قامیشیان لێدێت و

ژنەکانیان بۆنی دڵپاکییەکی ساکارو
بۆنی سێوی بن عەرد و
پونگەیان لێدێت و
منداڵەکانیشیان بۆنی شەمامەی خۆڵاویی..
ئەچم و لەسەر ئەو پەردەیە
ئەو سلایدە ڕەنگا و ڕەنگانەیان نیشان ئەدەم
کە مێژووی کوتەك و دارو
جەڵدەی تەرخان بۆ لەشی ژنان ئەگێڕنەوە..
مێژووی ئەو قامچیانەی
کە پیاو لە چەرمی جەستەی ئەوان دروستی کردن.
مێژووی باوکانی چەقۆ،
مێژووی برایانی ناو جەنگەڵی تۆڵە.
یەکەیەکە ئەو سلایدانەیان نیشان ئەدەم:
سلایدی تایبەت
بە لووتە بڕراوەکانی ژن.
سلایدی تایبەت بە زیندانیی کردنی ژن
لە کونە حەمامی ماڵدا.
سلایدی تایبەت
بەو ژنانەی کە بوون بە خەڵووز ئینجا کوژانەوە.
سلایدی تایبەت بە دەم درونیان.
بە کوێرکردنیان بە کەڕکردنیان و
سلایدو سلایدو سلاید

خوێن و ژن و ژن و خوێن و
ڕووباری زریکەی دوورو درێژ!
من ئەمشەو ئەو ئازارە ئەکەم بە چراوگ و
ئەیدەمە دەست ژن بۆ ڕاپەڕین.
من ئەمشەو ئەو هەقە نیوە خوراوە،
ئەو هەقە زنجیرکراوە،
ڕائەچڵەکێنم با بە خوێنەوە
بەر دەرگای ڕیش و سمێڵ و
خەنجەری بەر پشتێن و
هۆزی نێو ئەم جەنگەڵە بگرێ.
هەشتی مارت: جەژنێك
کە هێشتا دووکەڵ لە پژوپۆی هەڵئەسێ!
جەژنێك کە هێشتا
پرشنگەکانی ئەکوژرێ و
جەژنێك هۆن هۆن گوڵە
فرمێسك هەڵئەڕێژێ!..
هەشتی مارت..
ئاوڕدانەوەی بڵێسەیەکە لە خۆڵەمێشی ژن.
ئاوڕدانەوەی زەنگێکە
لەو بێدەنگییەی کە ئەبێ
بە پڕاوپڕی ڕاستی بزرنگێتەوە.
با لە ماڵەکانمانەوە پەنجەرە

بۆ ئەو هەقە بکەینەوە، با لە سەرمانەوە،
لە یەکەم هەنگاوی
حەرفە بچکۆلەکانی قوتابخانەوە.
لە ئەلف و بیٚ وە،
مۆمەکانی
هەشتی مارت داگیرسێنین و
بەر لە هەمووانیش
سەری ژن خۆی،
دەنگی ژن خۆی،
زامی ژن خۆی،
قەتارە ببەستن و ترس ڕاونێن و
بێدەنگیی وەك پەچە بسوتێنن و
سەربەرزانە
وەك ئاوێنەی بەرهەتاو بریسکێنەوە!
من ئەمشەو درەنگانیٚ..
کە سەعات ئەکەوێتە وەنەوزدان و
ئەو وەختەی هەمووتان ئەنوون..
گڕی چرای سەرم خۆشتر ئەکەم و
بیرئەکەمەوە لەوەی چۆن ساڵێکی دی
جگە لە هەشتی مارت
ڕۆژێکی تر بە نێوی(ڕۆژی ژنی کورد)ەوە
بکەوێتە نێو ڕۆژ ژمێرەکەیساڵمەوە و..

لەمشەوەوە درەنگانێ بۆ ئەو ڕۆژە
پەخشانێ بکەم بە دەشت و
چاوی ژنی ئەم وڵاتەیش
بە چراکانی دواڕۆژو
بە بەرایی زەردەخەنەی
هەزاران گوڵەبەڕۆژە!

2002/2/18

# مردن به جلکی سەربازییەوە!

مردن خۆی گۆڕیبوو، مردن
بەجلکی سەربازییەوە، پۆشتەو پەرداخ
بە هەموو نەجمەو  نیشانەو نۆطە کانیەوە
بە کۆلأنێکی نەخۆشی پایتەختا ڕەت ئەبوو.
منداڵێك پیایدا هەڵڕوانی و هەر هەڵیڕوانی و
لەپڕ هاواری کرد:
"ئەوە مردنە! ئەوە ئەو پیاوە بوو
کە باوکمی کوشت!"
کەس گوێی لێ نەگرت کەس
مەرگ ڕەتبوو!.
هێندەی نەبرد لە کۆلأنەکەی پشتەوە
قیژە لە ماڵێکی قوڕین هەستا
قیژە لە تاقە درەختی حەوشەکەیان و
زریکە لە تاقە پەنجەرەیان و
هاوار لە دەرگا کورتە باڵأکەیان هەستا!
لەو ماڵەدا لاوێکی باریك

باریك چون دەزوولەکانی خەم و
باریك چون خەیاڵی گیاو
ڕەنگیشی کت ومت وەك زەردەپەڕ.
پێچایانەوە و لە ماشێنێکی زیرەییان
ئاخنی و بردیان.
وتیان کۆمەڵە پیاوێ بوون
بە جلکی سەربازییەوە
وتیان: نیوەی لەشیان لە چەقەڵ بووە و
نیوەکەی تریان لە ئادەمیی!.
وتیان: یەکێکیان لە پێشەوە ئەڕۆیشت
لە هەموویان ڕەشتر، لە هەموویان گرژتر..
وتیان: ئەوە ئەو پیاوە بوو
کە لە کۆڵانەکەی ئەودیو
منداڵەکە ناسیبوویەوە و
هاواری کردبوو:
"ئەوە مردنە! ئەوە ئەو پیاوە بوو
کە باوکمی کوشت!"

2002/2/15

# مەرگی گۆرانییەکی سپیی

بۆ فادیمە شاهیندال

لەو ئێوارە سپییەدا، سپییەکی غەمگین،
سپییەکی سارد سارد.. ساردتر لە تەنیایی تاراوگە و،
ساردتر لە جێ نسێی ساڵانی تەمەنی بە شەختەبووی
دوورە وڵاتی و.. ساردتریش لە مەوسیمی
جودایی ئاشقان و کۆچی ناوەخت و زەمانی لێکدابڕین!.
لەو ئێوارە سپییەدا، سپییەکی غەمگین..
لەساتەوەختی زەردەپەڕێکی بەحاڵ نووزە تیاماوی
ئێوارەی ئەو شارەدا، لە ئێوارەیەکی لێو لەرزۆکی
تەزیودا، تەزیوتر لە پەڕوباڵی زوقم گرتووی
نەورەسە باریکەکانی کەنار ئاوی شەپۆل لەگۆ کەوتووی
بەر سایەو سێبەری ئاویلکەی خۆرنشین..
لەو بوولێڵە بەفرینەدا
لەو ئێوارە خەمبارەدا
کە توێژاڵێ لە تەم و مژی کورتە باڵای
درێژ درێژ ئەکردەوە تا ئەوپەڕی ئاوێنە دەشتی
ئۆپسالاو تا ئەو شوێنەی هەتەر ئەکا بینین.

لەو ئێوارە سەرسوڕماوو لەو ئێوارە واق وڕەدا،
کە کت و مت لە ژنێکی باریکەلەی ڕەنگ پەڕیوی
مل بە کوێنی کۆستێ ئەچوو.. چون دارسێوێ،
دەمی چووبێتە کلیلەی دوای داڕنین و هەڵوەرین..
لەو ئێوارە ترساوەدا
لەو شارەدا
کە هەر لە کۆترێکی سپیی
زارە تریك بووی بەردەم چەقۆیەك
ئەچوو وەختی سەربڕین!
لەو ئێوارە سپییەدا
سپییەکی غەمگین غەمگین
غەمگینتر لە ئێوارە کوژراوەکەی
سفێ ڤێگنی پێش بیست و شەش ساڵ و
غەمگینتر لە شیعری ناو قەفەزی مەنفا و
غەمگینتر لە مەلێکی جووت کوژراوی،
بێ نەوازو لانەوازی فەسڵی ئەوین!
لەو ئێوارە سپییەدا
لەگەڵ لێدان و زرنگانەوەی زەنگی
کڵێسە سووربواو و عومر درێژەکانی"ئۆپسالا"دا
لە ناکاو
پەڵە خوێنێکی دەم بە هالاۆی تازە ڕژاو
لە بەردەم ماڵە پەپوی باوکێکی شوومدا

خۆی گرد کردەوە  و خۆی لوولدا و خۆی هەڵپێچاو
ئینجا باڵەکانی کردەوە و بەرە و قوببەی ئاسمانی
خۆڵەمێشی ئەو شارە بەرە و بەرزاییەکانی
ڕۆحی سپیی و فریشتەی سپیی و خەونی سپیی،
کەوتە شەقژن و فڕین.
"ئەرێ ئەوە دار هەنارێکی ئامەد بوو
وا باڵی گرت؟!
یان ئەستێرکێکی یاقوتیین؟!
ئەرێ ئەوە گوڵجارێکی گوڵاڵە بوو
لە پێدەشتی زامەکانی هەکارەوە
بەرزبۆوە و بەسەرماندا تیژ تێپەڕی؟!
یان کانیەکەی عاشقانی هەڵەبجەبوو
زریکانی و ئاڵ هەڵگەڕاو کشاوکشاو
دوور دوور فڕی؟!"
بینییان.. لەو ئێوارە سپییەدا.. بینییان..
بەڵام پێش هەمووان.. کیژۆڵەیەکی کراس سپیی بینی:
وا فەنەرێکی سووری داگیرساو
لەشێوەی سەری بڕڕاوی مامزێکدا
بە بریسکە بریسك و.. چریسکە چریسکەوە
لەرزانە لەرزانە.. هێدی هێدی.. پزیزك هاوێژ،
بە دەوری سەری وڕی ئۆپسالادا کەوتە خولخواردن ئەیانبینی: سەری بڕراوی مامز،

هەڵئەکشاو بەرز بەرز ئەبۆوە تا ئەچووە هەناوی
سپیی گەواڵە هەورەکانەوە و لەوێ ئەبوو
بە مانگێکی سووری چواردەی عەشق و ئەوین!
ئەیانبینی: جارێکی دی نزم نزم ئەبۆوە
تا ئەو ئاستەی خاچی تەوقە سەری
کڵێسەی کەمێ خوێناویی ئەکردو
نزم نزم ئەبووە تا ئەو ئاستەی
گوێی لێ ئەبوو: چۆن پژوپۆی شڵەژاوی
دارستان و، شووشەی پەنجەرەی ماڵان و،
شەقامەکان.. بێدەنگ بێدەنگ هەموو
وەکوو بەفر ئەگرین!.

سەری بڕراوی مامز.. سەری بڕراوی شیعر بوو،
سەری بڕراوی عەشق بوو.. بەکاوخۆ بەدەوری
سەری ئۆپسالاو ماڵاندا ئەسووڕایەوە..
ژمارەی کەڕەتەکانی خولخواردن، بەقەد ژمارەی
ساڵانی تەمەنی مامزی قوربانیی بوون.. تەمەنی:
بیست و شەش دار ئەرخەوان
بیست و شەش مۆمی پەمەیی
بیست و شەش گوڵەباخی سپیی
سەری بڕراوی مامز
لە ئاسمانی "ئۆپسالا"دا دەورانی بوو

گوێیان لێبوو..
بیست و شەش جار باڕژنی کردو قیژەی باڕژن..
لە دڵی شارداو لە دڵی دنیاداو
تا لە دڵی خوایشدا دەنگی دایەوە.. چاویان لێبوو
بیست و شەش جار.. بەناو ڕەنگەکانی ترسدا.. بەناو مەرگاو
بازڕەقەی بەست و.. بەسەر تخووبی ئاگردا بازی ئەدا
چاویان لێبوو.. بیست و شەش جار، لە کالانەی چاوەوە،
بیست و شەش یاقووتی بۆ عاشقان هەڵدایە خوارەوە.
سەری بڕراوی ئاسك.. بەردەوام ئەسوڕایەوە
لە خوارەوە نەورەسەکان سەریان هەڵبڕی و
بە بەفریان وت: تەماشاکە!
ئەوە سەری مانگەشەوی فادیمەیە
بەگەردنی ئاسمانەوە!

لەخوارەوە.. لەسەر جادەو، لەبەر پەنجەرەی ماڵانداو،
لە یاریگەو باخچەکاندا.. کیژۆڵە بچکۆلەکان بە
چۆلەکەکان و کەروێشکە سپییەکان و بووکە شووشەکانی
ناو باوەشیان وت: تەماشاکەن
سەرهەڵبڕن.. ئەو ئاسکە بە ورشەو پرشەیە
ئەوە فادیمەیە خۆی گۆڕیوەو لە گوڵە هێرۆ
کراسی بۆ خۆی کردوە و ئێستا چۆتە ئاسمانەوە!
کیژۆڵەکان ئەیان وت.. ها.. ها.. ها

ئا ئەوەیان کەژاوەی پەپوولەکانێتی.. لە پێشەوە ئەڕوا..
ئەوانەی لای ڕاست.. گوارەکانێتی و
ئەوانەی لای چەپ.. ملوانکەکانی و
ها.. ها.. ها.. ئەو شتانەی دامێنیش
کتێبەکانی و کراسەکانی و سێدێکانی و
ڕەفتەکانین.. بە ئاسمانەوە!

لەخوارەوە. سنەوبەری هەموو دارستانەکانیش
پێکەوە چاوە سەوزەکانیان هەڵبڕی و بەباڵندەکانیان وت
ئەوە بەهارێکی کوژراوی ئێمەیە چۆتە هەورەوە.
ئەوە مێرگێکی سووری ئێمەیەو
وا لەبەر باران ئەبریسکێتەوە.
ئەوە گۆرانییەکی نارنجیی ئێمەیەو ئاوارەیە.
ئەوە کچی گۆمێکی ئێمە بوو چوە ئاسمان!
لەشاریشدا
بورجە چاو تەڕەکەی مەسیح.. قوللە غەمگینەکەی
کاتدرایەکەی ئۆپسالاش لەگەڵ سەرهەڵبڕینێکی
هێواشدا، بە هەردوو دەست خاچێکی زیوینی
برینداری بەرزکردەوە و بە
مریەم و بە سڤاریا و بەدنیای وت:
ئەوە پەرییەکی نازداری خودایە
بووە بە گوڵەباخی هەتاوو چۆتە ناو ئاسمانەوە.

ئەوە تاڤگەی غەدرێکە لەسەر زەمینەوە

ڕووەو ئاسمان هەڵچووەو هەڵچووە

ئەوە.. مۆمی سەری ساڵە.

بەفرە ئەو وەختەی ئەکوژرێ.

عەشقە ئەو وەختەی ئەسووتێ و

زوڵمە وەختێ دائەگیرسێ

ئەوە سەری فادیمەیە

پرچی ئەوە بە خوێنەوە سەمائەکاو

پێی ئەنووسێ.

غەدر.. غەدر.. غەدر..

لێرەیش شیعرێکی شەلاڵی ئارەقەی شەرمی

شین و مۆری منیش

سەری هەڵبڕی و بە من و بە گشت باوکانی چەقۆی وت:

ئەوە پەڵە عاری ئێمەیە گەیشتۆتە ئاسمان.

ئەوە خەنجەرەکانی تاریکیی و وەسیەتنامەکانی

خێڵی خوێن و جاڕنامەی نەنگیی ئێمەیە گەیشتۆتە

ئاسمان، گەیشتۆتە قوتبی ژوورو، گەیشتۆتە

هەموو جیهان.. ئەوانە قەمەکانی ناو چنگی

ئێمەن ئەبریقێنەوە.. ئەوە هەر سەری مانگە

شەوی فادیمە نییە ئەسووڕێتەوە.. لەم ئاسمانە

مسینەی ئێرەیشدا.. ئەوە کەپووی بڕراوی کەژاڵەو،

مەمکەکانی نیشتمانە و پەنجەکانی مەهابادەو هەردوو

باسکی پەری خانن بە ئاسمانەوە.
ئەوە نەریتی قەتار بەستووی مێژووی ئێمەن
دێن و دەچن.. فیشکەکانی ناو عەقڵی بەردستانی
ئێمەن ئەبریسکێنەوە..

ئەی مانگەشەوە سوورە جوانەکەی سەرو گەردنی
فاتیمە بەردەوام خول بخۆ..
تۆ کوردستانێکی پچکۆلەی سەربڕراوی منی
بەئاسمانەوە.. خول بخۆ..
خول بخۆ بە دەوری غیرەتی ئێمەدا بۆ ئەوەی
هەمیشە لە بیرمان بێ.. لە کوشتاری
هەتاوو گوڵ و ژندا..
ئێمە چەند قارەمان و چەندە کوردو
چەند مرۆڤ بووین!

ئاوا مەبە.. کەژاوەی خوێناویی فادیمە.. ئاوا مەبە
با هەروا بەداگیرساوی خول بخۆی
بەداگیرساوی شەرمەزارمانکەی؟
با لەبەر باڵا ئاوێنەی خۆرنشینتا
لەبەر شەختەی سووری لەشتا
بە وردی سەیری ڕیش و سمێڵ و کەڵبەکانمانو
مێزەرەکانمان و ئینجا سەیری دەم و چاوی نوورانیی و

بێ گوناهمان کەین!!
ئاوا مەبە.. چرای خوێناویی.. ئاوا مەبە
ئەی سەری بڕراوی حەیران..
ئەی سەری بڕراوی کەمان.. ئاوا مەبە
بەشکوو ئەمشەو لەبەر تریفەی کوژراوتا
لەبەر چل چرای نارنجیی
عەشقی پاکتا
قەسیدەیەك بۆ شەرمەزاریم بنووسم
چکەچکە نەفرەتی لێبچۆڕێتەوە..
چکە چکە عاری لێبچۆڕێتەوە..
هەتاکوو پەنگ ئەخواتەوەو وەکوو خم خۆرك
ڕامئەکێشێ و قووتم ئەدا..
ئاوا مەبە و بە داگیرساوی بگەڕێ و سەیرمانکەو
پیاوەتیمان بەشەوارەی سووری خوێن و چاوت بخە!
ئەی مەرگی گۆرانیی سپیی.. ئاخ فادیمە!
ئای کە ئەمشەو شەرمەزاریم سەرو
چاوم پێ دائەخاو پەیتا پەیتا بەڕەنگی عار
ڕەنگم ئەکا!!
منیش باوکم
چونکە لە هەمان نەژادو هەمان کیفی ئەو شمشێرەم..
چونکە لە هەمان ڕەگەز و هەمان مشتووی ئەو

**خەنجەرەم: کە بەهارو ستران و**

**پەپوولەو خۆشەویستیی و ئازادییان**

**لەتۆدا کوشت!**

سلێمانی
2002/2/7

# ڕازێك لەگەڵ "با"ی تشریندا

ئای "با"ی تشرین!
"با"ی سەرگەردان ومالْوێران!
ئەی دەستگرتوو بە کلاّوی کون کونی هەورو بەپرچە
درێژەکانی بارانەوە! بیگێڕەوە:
لەکام دەراڵی پایزی خۆشەویستی و
لەکام کاولاشی دابڕانەوە هاتوویت؟!
بەکام پلەو ملەی ڕژدو خزی تەماویدا هەلگەڕایت و
هەڵزنایت و، چۆن گەیشتیتە بناری خەمی من؟!
چۆن گەیشتیتە لای سەرە ئاوارەکەم؟!
لای تەنیاییم؟
لای ئەم وشە چاوتەڕانەم؟!
لای ئەم مۆمە شپرزانەم؟!
ئای "با"ی تشرین!
بای پۆستەچی نێوان من و خەزانەکان!
بیگێڕەوە، با گوێڕایەڵی کزەکانت و سەرسامی بەردەم
شەونامەکانی غەریبیت بین. با ئاگامان لە تەم و مژی
کڕکەوتووی ئەو وێستگانە بێت کە لەم دنیادا

بەردەوام مەراق و ئەشکەنجە هەڵ ئەهێنن!. با
بزانین هەواڵەکانی ئاوی دەربەدەر چییەو با بزانین
کاولاشەکان دوا پەپوویان ناویان چییەو خۆڵ چی
ئەنووسێتەوەو بەردی خوێناویی کێ بە هانایەوە چووەو
تەیرە گومڕاکان ئێستا بەرەو کوێ لە سەفەردان؟!
ئەی (با)ی تشرین.. ئەبێ لادەیت!
لادەیتە لام.. لای ماڵە قوڕینەکانی دەڤەرەکەی منیش!
لای ئەو قاسپە کزانەی لە پێخەفی مەرگدا کەوتوون.
لای ڕۆژژمێری ئەو پەپوولانەی کە تەمەنیان هەرچەند چاو
تروکانێکە، هەرچەند هەناسەیەك و هەرچەند باڵ لێکدانێکە.
من وەك پیاوێکی ڕەنگ پەڕیو.. وەك پیاوێکی سەرمابردەڵەی
ناو کوختی تەنیایی.. بۆم هەیە ڕاتگرم و ئەو پرسیارانەت
لێبکەم، کە نەموێراوە لە خەڵکی تری بکەم. ئەو
پرسیارانەی ڕەجمیان لە دوایەو ئەو پرسیارانەی گومانی ڕەنگاو
ڕەنگ ئەچێنن و زریان ئەوروژێنن! من بۆم هەیە
وەك ژنێکی دەرکراو، شاربەدەرکراو، ئەو پرسیارانەت
لێبکەم کە سەرتاپای جەستەیان بە گوناهە زەردو سوورەکان
ڕازاوەتەوە. من بۆم هەیە. چونکە هەمووساڵێ لەم
وەختەدا، پرسیارەکانم سەرئەبڕن، وەکو ژن سەریان ئەبڕن.
هەموو ساتێ لەم ڕۆژەدا (با)یەك ئەکەن بە گژمدا کە
لە ئاگرەکەی جەهەننەمەوە هێناویانەو شمشێرێکی بریسکەداری
بە یاقووت نەخشاوی بە دەستەوەیە. ئاخر من بۆم هەیە

لەگەڵ تۆدا بدوێم و دابنیشم. لەبەرئەوەی ڕەگی هەردووکمان
بە قووڵایی یەك ئازاردا ڕۆچووە. تۆ (با)ی هەمیشە غەدر
لێکراو و منیش ژن و پیاوی هەمیشە زوڵم لێکراو.
ئاخر من ڕۆژانە لە قەراغ شاری جەستەما
سەری بڕاوی کچێکم ئەدۆزمەوە.
ئاخر من شەوانە لە دەشتە چۆڵەکانی لەشما
مانگێك، دووان، سیان،
کە خلٚتانی تریفەی خۆیان بوون.. ئەبینمەوە!.
تۆ بزانە ئەو سەرانە چەند پرسیار ئەکەن بە کلێپە!
تۆ بزانە ئەو مانگانە چەند پرسیار ئەکەن بە چراو
لە دواییشدا چۆن یەکەیەکە
لە بەردەم تاریکیدا ئەیانشکێنن!
من تۆم بۆ ئەوە ناوێ
گێڕانەوەت لەمە زیاتر بمژاکێنێ!
لەمە زیاتر بمگریێنێ!.
من تۆم ئەوێ بۆ ئەوەی سەر لەبەر ساڵ بگۆڕین!
ئەم وەرزانە نوێکەینەوە و ڕەنگ بگۆڕین
ئەم باڵندانە لە وەڕسبوون قوتاربکەین.
فێرە فڕینێکی تریان بکەین..
تۆ (با)یەکی بێ دەسکەوتی تایبەتی و
لە بەفر سپیی ترو تەپوتۆز فێری درۆی نەکردووی.
بیگێڕەوە: دواجار کام خەونت بینی؟!

**کام ئاوێنەت دایە دەست ڕووبارو**

**کام ئاوازت بۆ درەختە بێوەژنەکان خوێند؟!**

**ئای چەندم پێ خۆشە ئەگەیتە لام!**

**من ئێستا تەنیایی و شکستیی ژیانیان پڕکردووم لە وڕێنەو**

**پرسیار. هێندەی چاوی ژن سەرسامم. هێندەی لەشی**

**ئەوان پڕ لە کفرو تاوانبارم. من ناتوانم**

**بەم ڕێگەیەدا بگەمە لای (مەولەوی) و بەم ڕێگەیەدا**

**بچمە لای دوورە بەفرێکی هەورامان. من جەستەم مین**

**ڕێژکراوە. هەموو ڕۆژێ دەستی وشەیەك یان قاچی ڕستەیەکم**

**ئەپەڕێ. تۆ پێم بڵێ! سەلامەتی؟!**

**ئای (با)ی تشرین!**

**بەرلەوەی گوزەرکەی! بوەستەو بتبینم.**

**با دەستێ وەربدەم لە ئاوی فرمێسکت و**

**دوا پرسیار وەك ئاگر لە عەشقتا هەڵبکەم!.**

سلێمانی
2002/1/2

## هەڵەبجەو

## گەڕانەوەی دار هەنارەکان!

بەیانیت باش؟.. هەڵەبجە!.. بەیانیت باش

ڕۆژباش! زەردەخەنەی یەکەم شەقام و

ڕۆژباش! پێکەنینی یەکەم پەنجەرەی کراوەی ماڵان و

ڕۆژباش.. پەپوولەکانی کانی عاشقان و باڵندەکانی گوڵان و هەورەکانی سەر شنرویێ

ئەم کاتەتان باش! ژنانی تازە بە تازە لە هەورەوە دەم و چاو

دەرکەوتوو.. ئەم ڕەنگ و ڕووەتان باش!.. کچانی تازە بە تازە لەودیو

حەساری تاریکییەوە بۆ ئەمدیوی مێرگی ڕووناکیی هاتوو

ڕۆژتان باش..

گەنجەکانی تازە بە تازە لە دووکەڵی سەدەکانی ناوەڕاست

ڕەخساو و تازە بە تازە سمێڵ بزەگرتوو..

ڕۆژباش دارو.. ڕۆژباش بەردو

ڕۆژباش گوڵ هەنارو منداڵەکان و

ئەم کاتەت باش.. هەتاو!

بەخێرهاتیتەوە شیعر.. ئەوە باخ و ئەوە دیوان!

بەخێرهاتنەوە گۆرانیی و مۆسیقاو نامەی گولگرتووی دڵداران!..

بەخێر هاتیتەوە ئەی ئازادیی بۆ ماڵی خۆت!

نەمردم و منیش هاتمەوە

نەمردم و تۆم بینیەوە جارێکی دی و سەوزتریش لە جاران!

ئەو ڕۆژەی لە ئاسمانەوە هەوای ژەهراوییان بۆ ناردی،

ئەو ڕۆژەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، باکوورو باشوورو، چەپ و ڕاست،

بە کۆمەڵ دەستیان نایە بینت.. من ئەو ڕۆژە لە ژێر دوورە

ئاسمانێکی قوتبی ژووروودا باڵندەیەکی کەسیرە بووم، لەو ڕۆژەوە

ئیتر تۆ بووی بە سێبەرو بە خەیاڵی پەرت پەرتی شیعرم.

تۆ بووی بە یەکێك لە گوێچکیلەکانی دڵم. وەکو هەناسەم و

تەماشام لەگەڵ خۆمدا ئەمگێڕای. ئەمخستیتە ناو فەزای

ڕەنگاوڕەنگی هەموو زمانەکانی دنیاوە. پەڕەسێلکە بووی

نزم نزم ئەفڕیت و منیش خۆشخوانێکی هەنسکاویی و

بەدواتەوە و ئەڕۆیشتین. پێکەوە سواری فڕۆکە و ترین و

سواری کەشتی ئەبووین و ئەچووینە ناو تونێلە دوورو درێژەکانەوە،

لە لەندەن و لە گۆڕەپانی کۆترەکاندا پێکەوە لەگەڵ ئەواندا

کەوتینە گمەگم و هەر لەگەڵ ئەوانیشدا پۆلە هۆنراوەی منیش

هەڵئەفڕین و ئەنیشتنەوەو دیسانەوە هەڵئەفڕین.

لە کافتیریاکانی ستۆکهۆڵمدا و لە هۆڵی کتێبخانەکانداو

لەناو باخەکانی زمانی سویدیدا هەر زوو کردمی بە تابلۆو

بە گوڵدان و بە پەپوولەو بە ڕەنگی عەشق ڕەنگم کردی.

تۆ ناوی من و من ناوی تۆ بووم یەك پێناسەو یەك پەساپۆرت و

یەك دەم و چاو و یەك هاواری پڕ بە دنیامان هەبوو.

لە ئۆسلۆ و لەبەر تریفەی مانگی سەر بەفرو بە ڕێگای
پرتەقاڵیدا پێکەوە پیاسەمان دەکردو پێکەوە دووکەڵ بووین و
پێکەوە کوانووی بەهارێکی سووتاو.. هەموو جارێکیش
هەر تۆ بەر لەوەی شیعرێ بنووسم جگەرە لە دوای جگەرەت بۆ
دائەگیرسانم.. لە سویدەوە بۆ ئەمریکا و هەر لەسەر یەك کورسی
فڕۆکەکە پێکەوە دانیشتبووین بە ئاسمانەوە وێنە لە دوای
وێنەتم ئەکێشا تا لە دەربەندی پەپوولەدا تۆ بووی
بە دەربەندێکی تری شاخ و داخی نێو شیعرم و لەو
دەربەندەوە ئیتر تۆ چرایەکت گرت بە دەستەوەو
دەراڵ دەراڵی گیانم گەڕای.. هەر پێکەوە بووین،
چون برژانگ و پێڵوم. هیچ کام لە هاوڕێی غەریبی و
تاراوگە ئەوەندەی من نەبوون بەسەرای کۆچت و ئەوەندەی
من قوڵە قوڵ لەچاوانت هەڵنەقوڵین. لە مۆسکۆ و لە ڕۆژانی
هەرەسێکی گەورەی مێژوودا، بەیانییەك پێکەوە گەیشتینە
ئەوێو لە زەردەی ئێوارەدا بە جووتە خۆمان کرد
بە هۆڵەکەی لۆمۆمبادا و ئەمجارەیان پۆشاکی زمانی ڕووسیم
لەبەرکردی و لەنزیك ڕۆحی پۆشکین و چیخۆڤەوە کەوتینەوە
شەقژن و هەوای هۆڵت پڕکرد لە نمەنمەی بارانێکی پاییزەو
گوێگرانت بە ڕێژنەی خۆت تەڕکردا. هەگبەکەم پڕبوو
لەوردە گەڵای جەستەی تۆ. پڕبوو لەنامەت و وێنەت و
پڕبوو لە یادگاری بەجێماوی تۆ!. لە شارەکەی دانتیش زمانی
ئیتاڵیت خستە گریان. لە ڤینسیا تۆی قومری سەرباڵ شینی

بنارەکەی شنرویّ تێکەڵ بە پۆلە نەورەسی ئەویّ بوویت و
منیش لە خوارەوە بەگیتاری وشە دوا گۆرانیی ڕۆژی 3/16 تم
ئەژەنی. هەر پێکەوەبووین. ئەوە ئەلبوومی وێنەکان:
ئەوەتا لەم وێنەیەدا هەردووکمان دەسمان لە ملی یەکدایەو
لەڕۆخی ڕووباری سیندا (با)یەك لە فرمێسك و قژمان
ئەدات و لەولایشمانەوە درەختێکی شەپقە بەسەری بەشێوە
لە بۆدلێر چوو لەگەڵ گوڵەڕەش و بەدەکاندا خەریکی ڕازو گلەیین،
ئەوەتا لەم وێنەیەی تریشدا من دەربەندی پەپوولەم بە
دەستەوەیە و تۆش کراسێکی سووری ئاودامانت پۆشیوەو
وەستاویت و گوڵە هەرمێیەکی کانیی عاشقانت لەقژت داوە!
ئەوەتا لەم وێنەیەشدا من دانیشتووم و تەمێك بەسەر سەرمەوەو
تۆیش لە پشتەوە باوەشت بە ملما کردووەو چەناگەت
خستۆتە سەر سەری تەماویم و پەپوولەیەکی ڕەش بە گۆناتەوە
نیشتۆتەوە. لەبیرتە؟! ئەو وێنەیە کچە شاعیرێ گرتی کە
ناوی تۆی بە ڕەنگێکی پیرۆزەیی لەسەر قۆڵی کوتابوو:
"هەڵەبجە لە بیرت ناکەین" هەر پێکەوەبووین، تۆ چاو و من
بینین و تۆ سینەو من هەناسەت بووم! من جەستەو تۆ سێبەر و من
سێبەرو تۆ جەستەی سەمایەکی ئەزەلیی بووین!.. بە درێژایی ئەو
هەموو ڕێوبانی سەفەرە، بە درێژایی خەم، بە پانی و
بە قوڵیی و بە بارستایی کۆشت، تۆ هەر لەگەڵما بوویت،
وەفایەك بووم لە ساماڵ، وەفایەك بووم لە باران، وەفایەك بووم
لەگوڵی مارت و لە قژی جوانی منداڵان! لە کۆپنهاگن کردمی بە

دوورگەیەك لە برین و خۆیشم بووم بە بەلەم و بە چارۆگەی
بێ ئارامی دەریاوان! لە زیوریخ بە ڕەنگێکی نارنجی غەمگین ڕەنگم
کردیت و شارێك بوویت و کەچی بووبوویت بە هەموو نیشتمان!
لەئەڵەمانیا و لای گۆتەیش گریانی ئەو کوردە ئاوارانەم بۆ کردیت
بە وردە ئەستێرەی گەردنت کە لە دوورەوە هەر هەموویان
باڵاگەردانی خاچەکەت ئەبوون.
هەر لە گەڵتا بووم.. لە خۆڵەمێشتا گوڵ بووم و ڕوامەوە.
واهاتمەوە لات و
نزیك نزیکی چاوەکانت.
تۆ شاری شیعری.. شاری جوانیت، شاری خونچە.
نەك شاری شمشێرو قەمە.
تۆ شاری گۆڕان و ڕووناکیت،
ڕیشی پڕ لە پەپوولەی مەولەویت
هاتمەوە لات
نزیك نزیکی هەناسەکانت.
هاتمەوە لات و ئەتبینم پڕیت لە کانی تازە تەقیو
پەلکی هەڵاڵەیت و ڕەنگت سوور ئەچێتەوە.
ئەبینم! عەنبەر خاتوونت زیندووبۆتەوە
لە جاری جاران گەنجتر و شەنگترو مەولەویش گەڕاوەتەوەو
کاکۆڵی سپی ڕەش ڕەش بۆتەوە!
هاتینەوە لات
چراوگەکانمان لە سیلەی کۆڵانە تەنگ و تاریکەکانتا هەڵکردووە

نەغمەی بەندو جریوەو جووکەی گیراوی ناو
قەفەزەکانمان بردەوە ئاسمان!
گۆرانیی و مۆسیقای زیندانیمان ڕزگارکرد.
دەرگای بزمارڕێژی داخراومان لەسەر پێکەنین کردەوە.
وەردیانی پاسەوان بەسەر عەشق و بەسەر
ڕەنگی جلوبەرگەوە، پاسەوان بەسەر دەم و لێومانەوە،
بەسەر ڕەنگی قژمانەوە، بەسەرنامەکانمانەوە
بەسەر دەموچاومانەوە، بەسەر بوك و بەسەر زاواو
بەسەر دەرگای حەوشەمان و بەسەر جووڵەی دەست و پەنجەمانەوە..
پاسەوانی تاریکیمان لەناو ڕووناکیدا توانەوە!
لەسیا ساڵەکانی تۆدا، ئەوانە چیان بۆ کردی؟!.. عەردی ژانەکانتیان
سەرلەنوێ هەڵکەندەوە. نە پەنجەرەیەکیان لەسەر گوڵە سیسەکانی
دەروونت کردەوە
نە درەختێکی بێوەژنیان دڵخۆش کرد و
نە چاوی کارێزێکیان ڕوونکردەوەو
نە کۆڵانێکی نوتەکی جەستەی تۆیان ڕۆشن کردەوەو
نە ئاورێکیان لە شەقامی شەقار شەقارت دایەوەو
نە گڵۆپێکی تازەیان لە ژوورسەری کتێبخانەیەکدا هەڵکرد و
نە پۆلێکیان بۆ حەرفە بچکۆلەکانمان کردەوەو
ئەوان گوللەیان ئەچاند و.. تێزابیان ئەگرتەوە..
هاتینەوە لات
بەڵام من داوای.. تووڕەبوونت لێ ئەکەم

لە ئێستە بەدواوە مەهێڵەو مەهێڵە دابنیشین و سرەوت بدەین
ئەگەر بە تەنها هەر حیکایەتی ڕابوردومان بۆ کردی و
سبەینێمان خستە پەراوێزەوە.. ئەگەر لە باتی نان هەر دروشمان
دەرخواردایت و هەر بە تەنها ڕۆژنامەمان بۆ خوێندیتەوە..
تووڕەبە، مەهێڵە، دەرمانکە، مەمانگرەخۆ، ئەگەر بینیت ئێمەیش
هەروەکو عاشقە درۆزنەکانت، زمانی لووست بۆ ئەخەینە کار..
دەرمانکە، مەمانگرەخۆ، ئەگەر ئێمەیش هەر لە ڕووبارە
لیخنەکان و لە قەلەباچکە فێڵبازەکان و لەسیاسییە لەنگەکان و
لەشاعیرە موزەوەرەکان بووین!
دەرمانکە، تووڕەبەو هەڵبکەو تووڕمان دە
ئەگەر ئێمەیش وەجاخێکی کوێر و دارێکی زڕو شەڕێکی دیکە
بووین بۆ تلانەوەت!
هاتمەوە لات..
بەڵام بەرلەوەی سەربکەم بە هەناوتا.. هەر لەبەر دەرگاتەوە
زایەڵەیەك لایدام و لەگەڵ خۆیدا بردمی بە  دەشتی
گریانێکدا بردمی..
بۆ ئاوایی خێڵی حەمە
لەوێ ئیتر:
فوویەکم کرد لە خۆڵەکەی خێڵی حەمەو
تۆزێکی سوور لە دیوانی نالی هەستا
پریشکێکم بەر ئازاری ئەوێ کەوت و
ژان تەنییەوەو پێدەشت گرتی و شاخ هەڵگیرسا

**من هەر مشتێك خۆڵەمێشیی ئەوێم هەڵگرت**

**كردم بەسەر شنروێدا و دوند داگیرسا**

**من قەمسەڵەی شەهیدێکم لەبەرکردو**

**ئیتر هەرچی دارو بەردە ئاڵ هەڵگەڕا**

**ئەوان ملی سی و پێنج مۆمیان بڕیمەوەو**

**بەڵام ئێمە هێشتا شەوبوو خۆرمان هێنا**

**لەوێوە، لە ئاوایی خێڵی حەمەی خلّتانی غەدرەوە،**

**لە دەروونە خاڵیەکەی نالییەوە کە وەك نەی ئەناڵی و**

**وەك ناخی وەلیش قرچە قرچ ئەسووتا، لەوێوە لە**

**سەرچاوەی تەقیوی بە لووزەی لەشمانەوە خوێنیش**

**بازرەقەی بەست، خوێنێك بە خوڕڕەم هات و بوو بە سێڵاوو**

**باڵای وەرزێکی کەڵەگەتمانی داپۆشی.**

**قیژەیەك لە وشە هەستا**

**قریشکەیەك لە خاکەوە بەرزبۆوە، هەوری ڕەوەندو شڵەژاوی**

**گریان و بارانێکی ڕەش ڕەش ڕەشتر لە غەدری کەربەلاو**

**ڕەشتر لە دووکەڵێکی ئەنفال و ڕەشتر لە تاوان باری..**

**غەدر.. لە شێوەی تەورێکی ڕیشندا**

**غەدر.. لەشێوەی نیفاقێکی دەمامکداردا**

**تاریکیی بەرەو ئاوایی ڕووناکیی.. دزەی کرد**

**تاریکیی شمشێرێکی ئەفغانی هەڵکێشابوو**

**غەدرو شەوەزەنگ پێکەوەهاتن.**

**تاریکیی بەرەو ئاوایی ڕووناکیی دزەی کرد**

دەرختەکان نەیان ئەناسین، گردۆڵکەکان نەیان ئەناسین،
گژوگیا و تاشەبەردو بنچکەکان ڕوویان لێ وەرئەگێڕان!
نامۆبوون بە خاك و خۆڵ..
غەریب بوون بە گوڵ و منداڵ و باڵندەو
غەریب بوون بە خۆشەویستی و.. ڕەوە ڕقێ بوون
بێڕەگ و بێ ئاسمان و بێ نیشتمان!
بەناوی خوداوە هاتبوون.. بەناوی کتێبی خوداوە
بەڵام هەر لەبەرچاوی خوداو.. لە بەردەمی خوداو لە
میحرابی خودادا
کتێبی ئەوین و وشەی فریشتەیی و
سورەتی بێگوناهی منداڵانیان سەربڕی!
لەغەفڵەتا پۆلێك لە چراو
پۆلێك لە پەروانە و پۆلێك لەسروودیان کوشت
لەغەفڵەتا چوونە سەر ڕووناکیی..
وەختێکیش ڕووناکیی شەڵاڵی غەدر بوو
لەگەڵیا خاك و لەگەڵیا دەشت و لەگەڵیا هەق ڕاپەڕی!
لەئاوایی خێڵی ڕووناکیی
ئەو شەوەی تاریکیی دزەی کرد
ژنێك، ژنێکی لەگوڵەگەنم جوانترو، لە ئاوی پلووسکێکی
هەورامان بێگەردترو، لە تەوار بەچنگترو لە سروودی مەشخەڵانیش
گەرمتر
هاواریکردو پرسیی:

ئەی خێڵی تاریکیی:
ئەو دەمەی باهۆزەکەی ئەنفال هەڵیکردبوو.. ئەو
دەمەی ژنە درەخت و گوڵی منداڵ و پەڕەی قورئان و
هاوارەکانی ماڵی خودای ڕائەماڵی..
دەست و شمشێری ئێوە.. لە کوێ بوو.. ناوونیشانتان لەکوێ بوو؟!
جیهادتان کام بەتانی ئۆردوگای ئەدا بەخۆیداو
لەبەر کام ئاوێنەدا ڕائەوەستان و
سەری کام کفرتان ئەبڕی؟!
کە هەورامان سیاچەمانەی ئەکوژراو مەلەکانی بێ باڵ و
نان ئەگریاو ئاو ئەکڕوزایەوەو بەڕوو بێ کڵاوو
مەرگ ئەباری
دەست و شمشێرتان لەکوێ بوو..
ئەیپرسیی.. ئەو ژنە ئەیپرسی
نە دارمان نە بەردمان نە درەخت و نە ئاژەڵ و نە پیرەکانمان نە
منداڵمان.. ئێوە ناناسن
ئەی خێڵی تاریکیی ئێوە لە کوێوە هاتوون؟..
ئەو شەوە توایەوە هەڵبەستم و
توایەوە خەیاڵم
دووکەڵ بووم ئەڕۆیشتم و زەڵمیشم لەگەڵدا
ئەو شەوە زریکەی عەنەب بووم، ئەگەیشتمە
لای خوداو مانگێکی کوژراوم لەگەڵدا..
ئەو ژنە هاواری گەڵابوو ئەوەری

ئەو ژنە ئەیپرسی و ئەیپرسی:

ئێوە کێن؟!

کوڕی کام تاریکین؟

وا دەستتان بەخوێنی خۆرەتاو سووربووە؟!

ئێوە کێن؟ کوڕی کام دۆزەخن..

کوڕی کام جەنگەڵ و ئەهریمەن؟!

ئەو شەوە تاریکیم خواردەوە..

بۆ مەرگی مۆمەکان ئازارێ جۆلانەی گیانم بوو

بێ وچان ڕایژەنیم..

ئەو شەوە فریادم نەگەیشتە هەتاوم و

مردم و نەمردم..

تا دواجار لەزامما ڕۆژبۆوەو

لە ژانما خۆرهەڵهات..

ئەو ژنە چووە سەر منارەی قوربانیی..

منارەی سی گەردن.. لەوێوە قیژانی:

کۆبنەوە کوڕانی ڕووناکیی

کوڕانی سروودی مەشخەڵان

کۆبنەوە بۆ ئەوەی کە خەوی سبەینێ

منداڵان

نەسوتێ و بۆ ئەوەی کوێر نەبێ چراخان!

ئەیقیژان:

وەرنەوە.. بێنە ناو برینی شارەزوور

وەرنەوە.. ئاو تینوی ئێوەیە وەك نالیی و
وەك بادی خۆش مرور
بازێکیش وتی:
دزێوترین ڕەنگی ژیان ڕەنگی شەڕە
ئێمە خۆمان لەو بە دوور دوور دوور ئەگرین.
ناخۆشترین دەنگی ژیان دەنگی چەکە
ئێمە پەنجەمان لەو بەدوور دوور دوور ئەگرین.
تەنگترین شوێنی ژیانیش ناو سەنگەرە
ئێمە خۆمان لە چوونە ناو ئەویش دیسان بە دوور دوور
دوور ئەگرین!
بەڵام ئەوکاتەی غەدر غەدر لەپشتەوە ئامبازمان بێ
پاڵ پاڵ پاڵمان پێوەبنێ.. ئەوسا ئیتر ئەو ڕەنگە ئەکەین بە تۆفان
ئەو دەنگە ئەکەین بە لەرزەی بوومەلەرزەو
ئەو سەنگەرەیش ئەکەین بە شوێنی خۆرەتاو.
ئەی جوندەکانی تاریکیی!
هەر لە پاییزی غەدرێکی بۆرەقنەی ڕیشندا بوو.. دزەتان کرد
هاتنە ژووری و ڕیزێ زنەو ڕێزێ جۆگەو
ڕیزێ دێراوتان سەربڕین.. بۆیە خاك و خۆڵ ڕاپەڕی.
پۆلێ گوڵ ئەستێرە و پۆلێ بەستەو
پۆلێ گۆرانیتان کوشتین.. بۆیە هەموو چراکانمان
بۆیە هەموو پەنجەکانمان کۆبوونەوەو.. دەست ڕاپەڕی.
ئێوە پۆلێ لە تەواری بێوەژنتان بۆ جێهێشتین

بۆیە ئیتر هەرچی هەڵۆی سووری تۆڵەمانە
گردبوونەوەو هەڵفڕین و کێو ڕاپەڕی..
ئەی ئاواییەکەی ڕووناکیی خێڵی حەمە.. دایکی نالی
لەو تەمەوە کە سەرپۆشتەو هەر لە ڕەنگی ئەم کۆستەتە..،
بۆ پێکەنینی شنروێ و بۆ گەڕانەوەی شەهیدان بۆ
هەڵەبجە سەرهەڵبڕەو
ئیتر مەگری!

2001/10/30

# پاییزه میوان

2003

# لەچاوەڕوانی بوومەلەرزەیەکدا!

ئیستاکە.. ئەوەڵی خوێندنی
سترانی لەرزۆکی پاییزەو
ئەوەڵین داگەڕان بە"زەرد"دا بۆخواریۆ
یەکەمین خەزانی قژی گوڵ لە باخداو
سەرەتای دابڕان لەنێوان ئاسمان و سامالّدا!
ئیستاکە لەودیوی تەمەوە
لەودیوی هاژەوە
لەودیوی زەریاوە..
لەکەنار تافاوی[1] ئەتڵەسی و لەئاسۆی
مەعدەنیی ئەوێدا..
لەشێوەی تەپڵێکی گەورەدا
هەورێکی برۆنزیی هێناوە.
نزیکە زۆر نزیك..
نزیکە باهۆزێ لەشێوەی حوچێکدا
هەستێتە سەرپێیانو ئەو تەپڵەلێبدا!

---

[1] تافاو: ئاوی بەهێزو گوڕ. شەتاو.

نزیکه دیرۆکه بارانێ
له شێوەی تۆفانی بارووتو قوڕقوشما
بگاته سەر بەغدای حەللاجو
بلەرزێ و بتەقێ وبنالێو
بەخوڕڕەم داڕژێ و دابکا!.
ئەوتەپڵی زریان و تۆفانه، خەریکه لێبدرێ
دم. دم. دم. نزیکه لێبدرێ!.

هەنووکه.. خەفتیانه[2] و کۆتایی لەپشکۆ ترازان.
یەکەمین سڵاویش لەپشکۆ..
وائێمەیش لەژووری پاییزو لەژووری
پرسیارو ڕاماندا، لێرەوه، چاوێکمان له هەوری
مەعدەنیی سەرکەلی ئاسنین بڕیوەو چاوێکمان
وا لەسەر ترۆپکی ئەبەدیی شاخانه!. ئەپرسین:
کام مەرگ و کام ژیان لەسەر ئاو، لەسەر بەرد،
لەسەر دار، ئەنوسرێو؟ له لۆچی کام شەودا
چارەنووس ئەجوڵێ و باز ئەداو دێته دەر؟! کام
ئەسپی ئەفسانه وگەردەلوول بەرەو لای سبەینێ
ئەئاژوێ و چ ڕەنگێ ئەزێت و چ ڕەنگێ ئەمرێتو
کام پەڕەی ڕۆژ ژمێر، بەڵێنی ڕۆژەکەی تۆفانه؟!
تەپڵەکه ئامادەو خەریکه لێبدرێ

---

[2] خەفتیان: سارده پایز.

دم. دم. دم. نزیکه لێبدرێ!.

ئیستاکە ئەوەڵی باگژەی
پاییزەو ئەوەڵی.
تەمێکی لوول خواردو لەچاوی جیهاندا..
لەوێوە لەڕۆخی نەهێنی و بەندەری
ئەتۆمیی نیویۆرك و لەجێگەی کاولاشی
دوو بورجا و لەقەراغ کلاوی ساروخو
زەرڕەوە. لەوێوە لەشێوەی کەڕەناو
بۆقێکی گەورەدا. هەورێکی سورباوی هێناوە.
نزیکە و نزیکە
بوولەرەی مێژوویەك ڕووبداو
ولاتی گلگامش بقلێشێو
ئەنکیدۆ بێتەوە سەر ئەرزو
مردنیش هەڵبێت و ڕابکا!
کەڕەنا ئامادەو چاوەڕێی فوویەکەو
نزیکە ڕەشەبای ئەتڵەسی بەسواری
بلێسەی فڕیوو ئاسنی بالگرتوو بەرەو خوار
مل بنێ و دیرۆکێ ڕامالێ و دیرۆکێ هەڵسێنێو
نزیکە گرمەیەك لەشێوەی لەتبوونی دۆزەخا
جیهانێ کەڕبکا!.
هەنووکە، ئەوەڵی لاچوونی کاژێکی پاییزەو

ئەوەڵی هاتنەوەی باڵندەی کۆساران. ئەوەڵی
ترسی سارد. سەرەتای جودایی پەنگرو کزەبا،
ئەوەڵی ورتە ورت لەنێوان پرسیار و خەوندا،
لەنێوان ئایندەو ئیستەدا. سەرەتای هاتنەوەی
قوربانیی و سەرەتای کزبوون و وەرینی دار ژەهری
جەللادو، هەنووکە، ئەوەڵی هاتنەوەی گۆرانیی
جوانەمەرگ.. ئەوەڵی روانەوەی سەر لەنوێی درەختی
گوڵ سپی هەڵەبجەو ئەنفالە!
تەپڵەکە ئامادە و خەریکە لێبدرێ
دم. دم. دم. نزیکەی لێبدرێ!
هەنووکە، ئەوەڵی هەڕەشەی کەشێکی ئاڵۆزەو
چووینەتە ناو ژووری "تیٚ ڤیٚ"وەو، سەرەتای
هاتنی بۆکزی هەواڵی چوارقوڕنەی دنیایەو لەزۆر
شوێن ڕەشەبای دەنگ و باس گڤەی دێ، ڕابوردووی
زۆر دوورو ڕابوردووی زۆر نزیك، لەوێنەی
گڕگرتووی شریت و ئارشیفدا، لەوێنەی دوو جەنگی
"حەجاج"دا، لەلی کەنداو و قاقڕی نەزۆك و
لەشڵپەی شەپۆلی خوێناودا. لرفەلرف کڵپەی دێ!.
ئەبینم: پەل و پۆی درەختم وەك جەستەم ئەسوتێ،
جەنگ.. جەنگ، چووینەتە ناو چاوی
تیٚ ڤیٚ وەو، ژنەکەم کۆترێکە شپرزەو لە نیگای
کامێرای ناو دۆزەخ ئەترسێ!

لەودیوی زەریاوە لەودیوی هاژەوە
لەشێوەی دوو بورجی ڕوخاودا، دووکەڵ و بڵێسەو
غوبارو تەپ و تۆز، پێکەوە، هەورێکی مسینیی
قورس قورسیان هێناوە!
تەپڵێکە لەچەرمی زەمانی تیرۆرو
تەپڵێکە لەپێستی گای ئەتۆم
دم. دم. دم. خەریکە لێبدرێ
لەودیوی زەریاوە
لەودیوی هاژەوە
کاریزمای سۆپەرمان
پیاوێکی گلێنە لێزەریی..
بە پاڵتۆی درێژی ئاسن و بە شەپقەی پۆڵاوە
سەرومل کۆنکرێت لە هەوراو
وەك یانزەی سێپتەمبەر هێشتاکە
گەرداوی هەرەسی مێژوویەك
لە سەریاو، گەردەلوول لە چاویاو
چەخماخە لە دەنگیاو
بەرامبەر ڕۆژهەلات.. وەستاوە!
هەورێکی هێناوە
لە شێوەی تەپڵێکی گەورەدا
دم. دم. دم. خەریکە بکوترێو

نزیکه لێبدرێو تۆپەکەی سەر زەمین
ئەستێرەی سەرسامەو هەورێکی هێناوە
زۆر نزمەو شان ئەسوێ لەبەرقو
ئێستاکە بۆنێك دێ لەدنیا..
بۆن تیژەو.. بۆن بۆنی تۆفان و لافاوە!
چووینەتە کاسێتی ڤیدیۆوە
چوینەتە ناو چاوی تێ ڤێ وە:
سەر ڕێژین لەکۆست و لەبۆنی 3/16
سەر ڕێژین لەفرمێسك لەنسێ
لێوان لێو لەتەعزێ
لێوان لێو لەژەهرو لەمردن
سیخناخین لەنووزەی پەلکە گیا
سیخناخین لەقیژەو زریکەی دەربەندو پێدەشتو
سیخناخین لەڕەنگی بێوەژن!

چووینەتە ناو چاوی تێ ڤێ وە:
هەنووکە ئەوەڵی غوربەت و وەرینەو، هەڵەبجە
لەشێوەی ژنێکی سەوزەڵەی ڕاکشاو لە(با)دا ئەبینم
پەپوولەو مێلاقەو هۆنراوەو مۆسیقا، بەکۆمەڵ لە بەژنی
ئاژاری[3] ئالاوەو پەنجەرەی برینی بێ خوێنی لەسەرپشت
پڕ هەتاو!

---

[3] ئاژار: بەهرەو دەرامەتی زەوی.

هەنووكە هەڵەبجە لەشێوەی هەورێكی خڕكەلەی
دووگیاندا ئەبینم لە(با)دا ڕاوەستاو.
ئەبینم: باوەشی پڕ گوڵی هەنارەو. پڕ تەرزەو
ئەگاتە ناو ژووری پاییزەی دەروونم و
لەبەردەم ئاوێنەی شكاوی خولیامدا ئەوەستێو
پڕووشەی خۆرنشین لەبەردەم شەوقێكی نارنجیی
مەراقما ئەوەستێ و ئەوساكە ورد ورد ورد
وەك كلووی دەم كزە دەست ئەكا بەسەما؛
پێم بڵێ:
چۆن تاسای.. هەواكەم؟!
چۆن كپ بووی.. قەسیدەم؟!
چۆن مردی.. شەماڵم؟!
چۆن خنكای.. ئاوی ڕوون؟!
كێ تۆی كوشت
كێ تۆی كوشت
كێ تۆی كوشت "هەنارم؟!
بەدەستی ئاوی دڕ؟! شەپۆلی ئۆقیانووس؟!
بەدەستی تاوێری شاخ و داخ؟!
چ تەپڵێك لێدراو؟! كامیان بوون
هاتنە سەربەیانیت
ئەوەندەو لەناكاو بەیانیت درنجێ لەشێوەی
كەنداوو دوورگەدا قووتیدا؟!

کامیان بوون؟! زۆر لەژوور منارە و قوبەکەی
ماڵەکەی خوداوە. هەورێکیان بەردایە خوارەوەو
ئەوەندەوگرمەیەك. بۆنێك و. ڕەقبوونێ لەجێدا!
کامیان بوون؟! کام تەپڵ لێدرا؟
بەدەستی کام هەور دەرمانخوارد کرایت و
ئەوەندە و بەفری لەش لە بنار خەونێکی کەسکدا
شین شین شین هەڵگەڕا؟!
کامیان بوون؟ کولۆمبس؟! ئەدیسۆن؟!
غوباری هیندوسی و یەزدانی بوزی بوو
کامیان بوون؟! ئەوان بوون
یان هەوای مردنی خەلیفەی ئەمەوی؟!
چووینەتە ناوچاوی تێ ڤێ وە:
ئەچمەوە بەردەمی نەفخی سوور
ئەچمەوە ڕۆژەکەی قیامەت
ئەچمەوە ناو حەشری سەحراکەی هەشتاو هەشت
"ئای خودای بێباکم!
هەشتاو هەشت.. هەشتاو هەشت
ئەو ساڵەی لەدوورگەی کوللەوە.. لەدوورگەی دووپشك و
لەوە لەوێوە لەخوارێ، "الاعراب" هاتن و
شەریکیان بۆ پەیدا کردیتو شەریکیان بۆ هێنایت
بۆئێرە، بۆ فەوتی بێچارەی بەندەی خۆت "الاکراد"!.
شەریکیان بۆ هێنایت بۆ حوکمی مردنی بەجوملەی

ناو زیلی ئەکرادی لە نەوەی درنج و قالۆنچەو جنۆکەو
بۆ ئیمزای هاتنی بە پەلەی ڕۆژەکەی قیامەت!
ئای خودای بێباکم!
گوناه بوون مەعشەری بەندەی خۆت "الاکراد"!.
وای لە من. وای لە خەم. وای لە تەم، وای لە لم. وای لە زیل.. زیل و
زیل، وای لەبای شایەتی تاقانەو.. وای لەپاچ
وای لە چاڵ، چاڵ و چاڵ.. ڕێچکە چاڵ، تا تخووب، دوای تخوب، تا سعود!
ئای خودای بێباکم! هەشتاو هەشت.. هەشتاو هەشت
مەگەر هەر، زاتی تۆو کوردەکەی عەبدی خۆت
بزانن چۆن بوە هەشتاو هەشت!!؟
ئەچمەوە ناو حەشری سەحراکەی هەشتاو هەشت
هەنووکە لە شێوەی قەتارەی هەورێکی لۆچ لۆچ و
ژاکاوی درێژدا زۆر درێژ، ئەوسەری لە ژانی
بەفردا و ئەمسەری لە کۆشی ژیلەمۆی ناو لمدا..
زۆر درێژ: کاروانێ لە غوبار، کاروانێ لە قیژە،
کاروانێ لەخەونی لەت و پەت، هەنووکە لە چاوی
تێ ڤێ دا ئەبینم: هەر حەرفی خۆڵاوی شیعرمەو،
هەر پارچە ئاوێنەی شکاوی دیدەمەو هەر جەستەی
پێدەشت و هەر پەنجەو هەردەست و هەر کەللەی
چیامە و بایەکی گڕاوی ئەیانبا بۆ ڕۆژی قیامەت!
"چۆن ڕۆیشتن پاییزە ئازیزان؟! بەچی چوون؟!
چۆن چوونە لای خوداو گەیشتنە بارەگای بێ خەمی و،

**چۆن چوونە بەردەمی قیامەت..**

**بەر لەوەی قیامەت ڕووبدات؟!**

**پاییزە ئازیزان؟! بەچی چوون؟!**

**بەسواری کام ئەسپی بۆراق و کام فیلی حەبەشەو**

**کام سوخۆی ڕوسیاو کام حوشتر؟!**

**گەیشتنە بەردەمی نەفخی سوور**

**بەر لەوەی نەفخی سوور لێبدرێ.. پاییزە ئازیزان؟!**

**بەسواری شمشێرو لەخودەی ئاسندا**

**تالای خوا یەك بەیەك، سەفەرتان سەلامەت**

**پاییزە ئازیزان؟!**

**بەسواری بلێسە دەشتاو دەشت گەشتاو گەشت**

**یەك بەیەك بەخێرچن بۆ بەهەشت.. ئازیزان؟!**

**کاروانچی و پێشەنگی..**

**ئەم کۆچی نێوانی زەمین و ئاسمانە!**

**سەرقافڵەی ئەم ڕەوی نێوانی گوناه وتۆبانە..**

**ڕێبەری نێوانی عەرعەرو ئەو ئاخرزەمانە**

**کامیان بوون؟!**

**کارڵ و مایکڵ و یەسوع بوون؟!**

**یان سەعد و قەعقاع وموعتەسەم؟!**

**لەودیوی زەریاوە**

**لەودیوی هاژەوە.. وەك قیژەم بەپڕتاو**

**لەشێوەی تەپڵێکدا هەورێکی مەعدەنیی هێناوە**

تەپڵەکە بەرەو خوار مل ئەنێ و
دم. دم. دم. نزیکە لێبدرێو
شەست. شەست. شەست. خەریکە دابکاو داڕژێ!
نزیکە زۆر نزیك لەخوار ڕا
سەرەتای قافڵەی پاییزە ئازیزان..
قافڵەی ئاسك و مۆمەکان.. تێکەڵاو دەرکەون.
لماوی و تەماویی و خۆڵاویی.. بریسکەو چریسکەی مامزو
چاوی مۆم تێکەڵاو دەرکەون و بێنەوە بۆ ئێرەو بۆلامان!.
نزیکە زۆر نزیك لەسەر ڕا..
کەژەکان، شاخ و کۆ، دانەون و هەڵەبجە
بەباوەش هەلگرن و بیخەنە سەر شانو بیبەن و
یەك قۆناغ بەڕێگەی دەربەندا هەر بە پێش بڕۆن و
نەوەستن لانەدەن
تا شارو تا مێژوو
تا دنیای بێ حەجاج!

# کۆنسێرتێ بۆ پاییز..
# پاییزێ بۆ دایکم!

وەك ئاگری بەردە ئەستێیەك و شەوقێكی خێرا..
كە چۆن لە ناكاو تاریكە شەوێ دائەچڵەكێنێ..
لانەی كەروێشكێ، قۆزاخەی كرمێك، چاوی ئاژەڵێ،
كونە مێروویەك، پێستی تەنكی جۆگەلە ئاوێ، دەستی
تووكنی سوورە چنارێ، بە شەوارەی تیژی ناوەخت ئەخات
خەیاڵی شیعرم بەو جۆرە هات و
باڵای پاییزیش بەوجۆرە دەركەوت،

وەرزێ لەدوا سەمای گەڵاو، پاییزێ لەدوا هەناسەی
ماڵئاوایی و، ڕووناكییەكی تەڕی نوستوو، لەنێو كلۆرە
دارێكی بەئارامداو، سمۆرەیەكی دزی زیت بەگوێزێكی
ناو چنگییەوەو، لەرزینی سەری درەختێ ئەو وەختەی
كەئیتر تەمەن بیرەوەری ئەڕنێ و پیرێتی هێشووی
هەتاوی لەدەست ئەخاتە خوارەوەو سێبەر خەوی لێ ئەخات و

ڕەشەبا ئەیترسێنێ. ئەو وەختەی کە ئیتر خەزان،
چون پیرێژنێکی ڕەقەڵەی تەنیای ژێر هەرزاڵێ لەبەر خۆوە
هەر بۆڵە بۆڵێتی و کە ئەیشرپوا قاچ لەگەلآی مردوو ئەخشێنێ!
وەرزێ لەبێهودەیی..
پاییزێ لەنووکە نووك
لەولای ترەوە، بە بەرزی حەسرەتی شاخێ
قەڵبەزەیەکی سپی کە(با) یاریی بەدڵۆپ و
پرژەکانی ئەکات و ئەیەوێ تامانگ لەسەفەری
نێو بێشەی هەورەکان و لەگەشتی زیوینی خۆی ئەگەرێتەوە،
تا پڵپڵەکانی تریفە بەسەریا شۆڕئەبنەوە، گەمە بەو
پرژانە بکات و وەخت بەسەر بەرێ. پاییزێ لەژانی
هەڵبزرکاوی پەلکە گیای بەردەمی ئەشکەوتێ کەشێت بووە
بۆ چنگێ هەتاوی پشت نسێ و نەفەسی گەرمەسێرێ.
پەلکە گیا وەختێ ئیتر ئەبێ لەناو دەستە زبرەکانی
چارەنووسێکی شوومداو
لەناو درکەزیدا ڕاکشێ و دەرزی ئاژن لەوێدا بێ
هەتا ئەمرێ!.

پاییزێ لەقژی بژی سروشت. لەدەوەنی سەرمابردەڵە!.
لەئەگریجەی تاك و لۆ کەوتووی
سەر لاجانگی دار بییەکی ڕووتەڵە
دار بییەك چاوی کزکز و بەهەزار حاڵ، ئەتوانێ
دابنەوێو دەم و چاو بنێ بەڕوومەتی ئاوەوە

بۆ ئەوەی دێڕێکی لێڵی شەپۆل، نامەیەکی قوڕاویی
ئەوبەری کەناری دابڕاو ببینێ..
دار چنارێك لەزەردە.
پاییزێ لەخەنینەوەی هێواشی ئازار.
پەڕەسێلکەیەك لەغوربەتی ڕەش و سپیی
گژە بایەك لەهەناسە سوارەکانی ڕەوەزو
هەورازێکی پشت شکاوی بەدبەخت..

پاییزێ لە شەرم
پاییزێ لە کۆچ
دار چنار شەرم ئەکات بەڕووتی لەبەرچاوی پەڕەسێلکە خۆی لەگۆمەکەدا بشوات و پەڕەسێلکەیش ئەوەی لەخەیاڵیا نەبێت لەشی ڕووتە. ئەو هەموو مەراقی داغان و ڕێ ڕێ بووی لای زەمانی کۆچە. دارچنار یادگار جۆلانەی خولیایەتی و ئەو بەتەنها ڕابوردووی کردووە بەشمشاڵ و ئەیژەنێ. پەڕەسێلکە لەعەزرەتی کۆچ و گەیشتن بە دڵدارێ. خەریکە ببێتە شاعیر و شیعر لەسەر پەڵە هەورو لەسەر چۆم و لەسەر بەرسنگی بنووسێ. گژە بایش پۆستەچی دەربەندێکە، تەتەری ماندووی ماهی و پلەی لووس و خەرەندێکە کە هەموو جارێ تا ئەگاتە ناونیشانی چەند تویێخێ لە دەست و قاچی، چەند تویێخێ لە وژەی، لێ ئەبێتەوەو لەڕۆژێکدا سەدجار ئەمرێ و ئەژێتەوەو ئەمرێ..

پاییزێ لەکلاوی کون کونی مەزرا
کە مەراق دەنك دەنك لێوەی دێنە ژوورێ.
پاییزێ لەکراسێکی زەردی ئاودامانی شیتاڵ شیتاڵ
کە بارێزەی ژنە خەیاتی کوورِی بەر سەرما
وای ئەدووریێ!
پاییزێ لەبۆنی تەنیاییەکی شێدار.
پاییزێ لە کزەکزی دووریەکەی دایکم و وەرینێ لە
فرمێسکی سەرچاوە ڕوون.. چون ئەو دلۆپانەی
بەسەر گەلاوە ئەوقی مانگەشەو ئەبن و تا بەربەیان نانوون!
پاییزێ لەدایکم، ئەو دەمەی گوڵ خەندەران ئەکا بە
حیکایەتی بێدارو، بە تاق تافکەرەی دڵدارو، بەزیکەزیکی
سیسرکێ و بە دەشتێ و ئەیگێرِێتەوە. گۆرانیی ئەکا
بەئاوی تانجەرۆو بەدەشتی وەیس و بەدارەکەی
پیرمەسوورو، بەکانی باو
بەدەم پینەکردنی تاقە پانتۆڵی قوتابخانەمەوە
بۆم ئەڵێتەوە..

پاییزێ لەگەڵای دایکم
وەختێ گەلا چاوی پرِە لە تەمێکی سپی سپی و
لەودیو تەمەوە بەهارێك بەحاڵ دیارە.
پاییزێ لەگەڵا رِێزانی وێنەکانی ساڵ لە دوای ساڵی
ئەو دەمەی زەمان وەك پیاوێکی بەردینەی بوغزن

سێوی وێنەو لیمۆی وێنەو هەناری وێنە
لەقولی مشتیا ئەگوشیٚو
ئەڕوات و دوای خۆی لەبنی گۆزەیەکی مل شکاودا
تلٚپەیەك لە وەزەن[1] تلٚپەیەك لە هیوا
تلٚپەیەك لە خەوبینین بە جێدێلٚێ.
ژووریٚ لە پاییز.
دەرگایەك لە قوڕ.
حەسیرێك لە خۆلٚ
سەقفیٚ لە بولێلٚ.
گاگۆلٚکێی وشەم لە پوولی دووداو
خشەخشی گەلاٚیەکی ترساوی هەیوان و
چرایەکی منگە منگکەرو بێزار لەدیوار.
میاومیاوی پشیلەیەکی یەك چاوو.
یەك جووت گۆرەوی دووڕەنگ و
نووزە نووزی پنەیەك و
هێلٚنجی قاپیٚ شێوی ترشاو و
سەرەویرێکی کۆنی ڤیرسچمەو
ئەسپی بۆراقێکی بیٚ ئیش و تەمەلٚ و
ئەشکەنجەی باخن![2]
پاییزیٚ لە دایکم

---

[1] وەزەن: ئازار

[2] باخن: شوێنێك کە بای لێوەدیٚ.

یان دایکم لە پاییز
لە هەتەری بینینێکی سەرابیدا، توولەڕێیەکی خۆڵاویی
لەئاسماندا و. مانگێکی دەردەداری کەوتوو لە پێخەفی
چڵکنی هەورداو، پۆلێ لە قاز و قولنگی بەزیو لە دوا
شەڕی هاویندا‌و. تیلماسکێ لە خوێنی (با)ی بریندار!.

پاییزێ لە دایکم..
باڵەبانێ لە شایی گریان
گریانێك لە ئاو
ئاوێك لەدیدەو
دیدەیەك لەناو بێباکی خوادا.

دایکم لە پاییز..وەکوو دەوەنی کەوێڵی شاخێ
ئەو دەمەی کزە لەجەرگی ئەدا..
دایکم لە پاییز.. واتە لە ڕەنگی بێ ڕەنگی تەیرێ
کە هەرچی وەرزە ئاوارەی ئەکا!
پاییز لە دایکم،
وەکوو کۆڵوانەی پڕ لەسێبەری، خەیاڵەکانی
سرکەیی سەریو ئەو مێخەك بەندەی
کە بۆنی مردوو لە گۆشەی عومری گرمۆڵە بوودا
وەك بالیفەکەی یەك قسە ناکات!

پاییزێ لە خۆم!
باپووسکەیەکی بەفراوای بزێو لەناو قژداو لەناو شیعراو.

خلبونەوەی یەکەم پەپوولە پاییزە بەناو ڕاڕەوەکەی
عومراو. کۆکردنەوەی پووش و پەڵاشی یادگار بۆ کردنەوەی
یەکەم ئاگری تەنیاییەك هەر خۆم و خۆم لەشەوانی
ساردی ڕووتانەوەی پەڕووباڵدا.

پاییزێ لە خۆم
شکستێ لە خۆم..
ئەو وەختەی کچێ لە گوڵە هەنار قەسیدەم نەبێ
لەشم بۆن ناکاو ئەوەم پێ ناڵێ کە ئاگری خەفەی
جەستەم ئەیەوێ!. ئەو وەختەی کچێ لە داری چواڵە
هەر ڕۆحی ئەوێ و ڕۆحیش وا لە ناو هەناوی
باداو پەنجەم نایگاتێ. ڕۆح ڕاناکشێ و ڕۆح
بێ جێگەیەو جەستەیش پێم ئەڵێ: جووتبوونم ئەوێ!. کچی
دار چواڵە هەروا دوور بە دوور ئەمکا بە دارتووی
مامێکی خۆی و هەروا دوور بە دوور ئەمکا بە
مامی دەم و لێوی خۆی. پەنجەم لە دەست و
لێوم لە دەم و جەستەم لەگڕەی بژۆگ[3]
دەرئەکا!

پاییزێ لە خۆم
خۆم لە ژنێك و
ژنێك لە بای سارد

[3] بژۆگ: ئارەزوو. ڕەغبەت

بای سارد لە شاخ و
شاخیش لەساڵی سەهۆڵبەندان و
سەهۆڵ لە جەستەی بێوە ژنان و
پاییز لە دایکم و
دایکم لە کوردو
کورد لە تەنیایی و
تەنیاییش لە خوا!

# داگیرسان و کوژانەوە

جار بە جارێ
بە سواری گەڵا هەنجیرێ
منداڵێك دێتە ڕۆحمەوە
لەو کەلەوە هێواش هێواش هەوری پاییز
ئەیهێنێت و لە حەوشەدا دائەبەزێ
وەکوو پەمووی نەرم نەرم هەنگاو ئەنێ
دەست ئەبات و درزێ ئەکاتە خەیاڵم و
لەگەڵ تاڵە تیرێژێکی کەسکا
دێتە ژووری!.
جار بە جارێ..
بە سواری گوڵە ژاڵەیەك
منداڵێك دێتە ڕۆحمەوە
وەختێ ئەگات چون پەلکە گیای بەر پلووسکێ
قژی تەڕتەڕ.. لەشی تەڕ تەڕ
کە باوەشی پێدا ئەکەم..
ئەوسا ئیتر تەنیایی منیش تەڕئەبێ و

له گۆشەیەکی دیواندا بۆ هەردووکمان
ئاگرێ لەناو ئاگردانی هەڵبەستێکما ئەکەمەوە
ئەچینە بەر تینی وشەو گڕی ڕستەو
پرشنگێکی پرتەقاڵی
ناو شیعرەکە لێمان ئەداو
هەڵمی خەیاڵێکی زیوین
له سەرتاپامان هەڵئەسێ
ڕەنگی پێست و ڕەنگی چاوو
ڕەنگی کاڵامان ئەگۆڕێ..
هەر بە پێوەین.. بە حەواوە پەیڤ و
پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ ئەگرینەوە
هەر بە پێوەین.. هەتاکوو وشك ئەبینەوە!
ناو بەناوێ
منداڵێك دێتە ڕۆحمەوە
بەداری گرنج گرنجی دڵە ڕاوکێ و
بە تانۆکی[1] بەر پەخشانما هەڵئەگەڕێ
منداڵێکە لە پرژەی ئاوی قەڵبەزە لاسارترە
لە هەڵمات و لە کارژۆڵەو لە دەنکە تەرزەی سەر تاوێر
بزێو ترە!
هەموو جارێ لەگەڵ خۆیدا..
مشتێ جریوەی چۆلەکەو، چنگێ بارژنی مامزو

[1] تانۆك: دیواری نزمی لەشووڵ و دار دروستکراو.

هەندێ لە گزنگی باخ و
پڕ گیرفانی کراسەکەی: پێکەنینی دارسێوێك و
هەندێ لە وردە هەتاوی دارستان و
لەگەڵ خۆیدا هەندێ تریفەی ڕژاوی
سەر سەربانم بۆ ئەهێنێ!

ناو بەناوێ، درەنگانێ، شەوانە دێت
وەختێ کە من بێزاریم بۆتە توتڕکێ و
پەڕیوەتە ناو ڕۆحمەوەو
لەسەرەوە بۆ خوارەوە
خێرا خێرا بەنینۆکی تیژی گڤە
وەك پاییزبم.. دامئەڕنێ!
جار بەجارێ، درەنگانێ، پاییزە شەو
لە پڕێکدا پەیدا ئەبێ
وەختێ کە من وەڕس وەڕس
بووم بە گردی پرسەداری پاڵ دەغڵ و دانی کوژراوو
تەم دامئەگرێ!

ناو بەناوێ شەوانە دێت پاییزە شەو
وەختێ کە من
بێ تاقەتیم، ڕاکشانی سەعاتەکانی تەمەڵیم
وەکوو خڵتەی بەجێماوی بنی کوپێ

یاخود قەوزەی ڕیشاڵ لینجی
قەراغ حەوزێ،
ئەویان کرکرِ لەبنی ڕۆحما ئەنیشێو
ئەمیتریان مەلاس مەلاس بە خەیاڵمەوە ئەنووسێ!.
وەختێ کە دێت
بە ئەسپایی هەنگاو بەسەر ڕۆحما ئەنێ
دەست ئەبات و لە تاقی بچکۆلەی دڵیا
مۆمێکی سپیی دەردێنێ. سووك سووك ئەڕواو
ئەیباتە ناو کونجی تارو گۆشەی شێداری
ناخمەوەو مۆمەکە دائەگیرسێنێ.. دیسانەوە
دەست ئەبات و ئەمجارەیان توتڕکەکە
دەرئەهێنێ و لەجێگەی ئەو گوڵێکی سپیی
دائەنێ، دیسانەوە دەست ئەبات و بە
دەسرِێك لە سامالْ و بە پارچەیەك لەخۆرەتاو
ڕۆحی تەماویشم ئەسرِێ!
هەموو جارێ ئەم منداڵە کە بەشێوە
لە زەردەخەنەی شەپۆل و لە لەرزە لەرزی ئاوازو
لەگمەگمی شیعر ئەچێ..
هەموو جارێ گرژی و مۆنیی گەورەبوونم
لەبەردەمی خنەخن و بێ گوناهیی و پاکی خۆیدا
تەریق تەریق ئەکاتەوە..
ئەمکاتەوە..

به یەکەم ئاسۆی بینین و باڵەفڕێی یەکەم جارو
جێم ناهێڵی تا بەدەنووك لەڕووناکیی و
خەوبینینم نەخواتەوە.
★
تۆ ئەی منداڵی "با"ی سپیی و
ئەی جۆگەی پەنجە بزێوی کەنار تەنیاییەکەی شەوم!
ئەوە سەرم: مێرگێك لە یاد بۆ گەمەت و
بۆ ڕاکردن بەدوای تیشکاو بەدوای ڕەنگداو
بۆ گرتنەوەی تۆپێك لەوبەر خەیاڵمەوەو
بۆ هەڵدانی گوڵە چەترێ لەسەر پاییزەکەی عومرم!.
تۆ ئەی منداڵی "با"ی سپیی!
(با)ی من ئیستە خۆڵەمێشیی و،
تۆ ئەی ئاوی ڕوونی ڕوانین!
ئاوم ئیستا نیگای لیخن!

هەموو جارێ ئەوە من جۆگەو تۆ قرژاڵ
وەرە ناوم.. ڕوون ئەبمەوە!
هەموو جارێ ئەوە من مێرگێکی پیرو تۆ کارژۆلەو
وەرە ناوم و سەوز ئەبمەوە..
هەموو جارێ ئەوە من شیعرێکی خاڵیی و من کاولاش و
وەرە ناوم و پڕ ئەبمەوە و بە بڕشت و بمکەرەوە بە ئادان.[2]
وەرەو مەهێڵە بسرەوم! وەرەو سەعاتی جەڕەسدار

---

[2] ئادان: زەوی بە پیت و بەرەکەت.

لەناو تەمەڵیما دانێ و بۆ نووسینی پەلکە گیایەک
یان نووسینی گوڵە گەنمێ یان نووسینی کەروێشکێك و پەپوولەیەك..
سەد جار خەبەرم کەرەوە..

★

ماوەیەکە من کاغەزم خەونابینێ.. کاغەزم زڕ.
ماوەیەکە بە بندینی[3] ڕووبارەکەی عەشقی مندا
نە ماسییەك.. نە وشەیەك
نە حەرفێك هات و چۆ ناکات.. ڕوبارم زڕ.
مودەتێکە ڕۆحم وەك خەیاڵم بەتاڵ.. بەتاڵ.. بەتاڵ
نە نووزەی دەنکە چەوێك و
نە باڵە فڕێی هزرێك و
نە خشەخشی خەمێك و
نە ورتەورتی پاییزێ..
لە من نایە
چونکە ئەو منداڵەی ڕۆحم بزربووەو
ئیستە نایە!

---

[3] بندین: بن و تەختی چۆم و ڕووبار.

# میوان

میوانێك هاتووه، پاییزە میوانە.
وەك كزە باریكەو
وەك تەیری ئاسمانی دوای ئەنفال
بێ ناوونیشانە!
میوانێك هاتووە، خەزانە میوانە
بێ مۆڵەت
چون پووش و پەڵاش و،
پەپوولەی "با" بردوو،
گەڵای وێڵ..
هاتۆتەماڵەوە!.
لەخۆوە بێ پرس
هەروەكوو مامری ماڵ ونكەر
وەك دزەی زەردەیەك بەدرزی دەرگادا
هاتۆتە ژوورەوەو
بێ ڕەنگە دەوەنی خۆڵاویو
بێ دەنگە ئەستێركی ئەنگۆرەی ئەبڵەق و

له گۆشەی خوارووەدا
سێبەرەو گرمۆڵەو
ترووشکەی کردووە!.
وا ئێستایش
ئەشکەنجەی قژ بژەو
دانیشتووی داڵانە!.
ژنێکە..
لە گوندو ئاوایی ژانەوە هاتووە
داربییەو هاتووە

له دەشتی سەرسام و کەناری چۆمێکی
ئەوگاری[1] خەمەوە هاتووە..
هەر ئەڵێی ئاوێنەی شکاوو
قوتیلکەی ماندووە!.
هاتووە
لەوێوە چەند فرسەخ بە سواری تەنیایی و
لەوێوە چەند فرسەخ بەسواری ئاگرۆکەی[2]
"شارەزوور" هاتووە!
ژنێکە
چون پەیژەی بانیژە

[1] ئەوگار: سیس و زەرد هەڵگەڕاو.
[2] ئاگرۆکە: بای گەرم کە گیاو سەوزە وشك دەکا.

پلژیان[3].. پلژیان!.
ژنێکە
پڕ لە تەم.
پڕ سەراب.
پڕ سوتوو.
ژنێکە
لە کاسەو کەوچکی دارییینەو
لە ڕەشکەو لەکونجی و
لە چڵە ڕێحانەی لارە مل سادەتر!
میوانم.. ژنێکە
بەشێوە لە هێشووی قرپۆکی
ڕەزێکی بێوەژن.
لە شیعری ڕنراوو
شمشاڵی سووتاوو
لە کانیی لیخن و لێڵ ئەچێ!.
میوانم.. ژنێکە
هاتووە بۆ شتێ.. بۆ دو شت. بۆ سێ شت
نازانم.. "بەخۆم وت:
ڕەنگە نان مانگی ناو
ئەندێشەی سوتاوی سەری بێ!
یاخود ڕەنگ بۆ بەری درەختی ڕووتاوەی!

---

[3] پلژیان: کزو بێ تاقەت و هیلاک.

یان ئاگرێ بۆ خەمی تەزیوی!
یان خەندەی چرایەك
بۆ ژووری گریانی تاریکی!"
-نا.. نا.. نا
بۆ هیچیان!.

ژنێکم میوانە
هاتووە بۆ دوو دێڕ هەناسەم
بۆ دوو قوم لە وشەم.
بۆ چنگێ لەخەون و خەیاڵم.
هاتووە بۆ مشتێ لە هەوری ناو شیعرم
هەتاکوو بیخاتە ناولکی فەقیانەی شرۆڵ و
بیخاتە سپێنەی چاویەوەو
دوور بیبات..
ژنێکم میوانە
هاتووە بۆ شیعری سەر کێلێ
بۆ ئەوەی بەدەمی بڕندەی حەسرەتێ
ڕۆحم و ڕۆحی خۆی
لەسەر بەرد پێکەوە هەڵکەنێ!.

★

خودایە!
خودایە!

چەند باڵای ناوبانگ و شیعری من

لە باڵای ئازاری ئەم ژنە کورتترە!

خودایە!.. خودایە!

تکایە

کەنەفتی سەر جێگەی

کاغەزی بێ شیعرم نەکەیت و

گەر کردت.. پێش ئەوە

خودایە!

بە گوڵە خەنجەری ئەڤینی ئەو خەڵکەو

بەلاسکی وەنەوشەی خەمانی

ژنانی ئەم خاکە

بمکوژە!!.

# لــەژم

من ناوم پاییزە میوانە
دەستێکم تریفەو
دەستێکم قەسیدەو
سەریشم ئاسمانە!
بەو دەستیان شەوانە خەرمانە لە ڕۆحی تاریکدا ئەچێنم و
بەم دەستیان ڕۆژانە تان و پۆم لە ڕێزەی ڕێژنە ئەچنم و
سەریشم قوببەیەك لە گەڵای خەزانە!
من ناوم پاییزە میوانە
دەستێکم لە دەستی تەم دایە و
دەستێکم لە قژی (با)دایە و
سەریشم گەواڵەی گومانە!.
ڕامانێ لە چاوما کەوتۆتە بریسکە دووراو دوور بەهێشوو
نەهێنیی شاراوە کێش ئەکاو لەو دیوی هەسارەی بوونەوە
گەردوونێ ئەدوێنێ لە خولگەی ئەستێرەی نەناسراو.. ڕامانێ لە
نادیار، لەتۆڕی شەبەنگی وجودو هەزاران پرسیاری بەجێماو،
ڕامانێ لە چاوما کەوتۆتە بریقە، پلووسکی تەماشای پڕ لە نوور،

ئەو نوورەی لە عەشقی ژنەوە بژنگی[1] ئەپرژێ و ئاوازی
ئەلەرزێ و شەتاوی ئەسووتێ و ڕامانێ سەرانسەر بێدەنگیی
پێدەشتی ڕوانین و ڕامانێ فڕینی توانەوەی لە خەمی مرۆڤدا
بێ سنوور!
من ناوم پاییزە پرسیارە
دەستێکم کۆچ ئەکاو هەڵدێت و
دەستێکم تەیرێکی سەرسامەو ئەترسێ و
سەریشم دەریاچەی هەڵچوون و هەژانە..
ڕووناکیی ئەشکەنجە: تریفەم. زمانی باوبۆران: ڕۆمان و قەسیدەم
لەتوونی ئەم سەرە گەرمەیشدا، نێڵەنێڵ، گلۆڵەی ئاگرۆکەی
گومانم لرفەی دێ و پرسیارم پڕێتی لە هەڤی هەپڕون و لە
خەونی لەت و پەت، لە ئەوقێ گیرخواردوی بەردەمی دۆش دامان.
ڕووناکییم ماندووە ئەوەندە هات و چۆی بەنێوان گەواڵەی
نەبارو بەڕۆحی تاریکدا کردووە. تریفەم دەفتەری دڵدارەو
پەپوولە حەرفێتی و دێڕیشی شاباڵی باڵندەی خەیاڵی پاییزەو
شکستی دیرۆکێ لە سەرپشت لەناویا نوستووە!.
ئیستاکە من ناوم پاییزی یاخییە
دەستێکم گوناه و دەستێکم تۆبەیەو
سەریشم لەنێوان گوناه و تۆبەدا
پلیکەی زەمانی تاوانە..
من ئیستە نیشتەجێی سەفەر و پاییزو تەنیاییم. جێنیشتەی بێ وڵات

---

[1] بژنگ: پریشك

هەر خۆم و خولیایەك لە عەشقی دەرکراو. لە عەشقی
ڕاونراو. لە عەشقی بەر ڕەجمی کفرو بەرد.
بەر ڕەجمی ئەو دارو جەڵدانەی لە شاری
حەرام و لەمێژووی نەفرەت و لە بەردەم خەلیفەی دنیادا بەسەرما
بارین و لێمدران!. لە جەستەم دەرکرام. پرسیاریان وەك دەمی
بەراز و شووشەی مەی قفڵدام. پرسیاریان حەواڵەی بەردەمی
شمشێرو شیر کردم. پرسیاریان لەئاگری دۆزەخی کتێب و لە لەژمی
گوناه و لە لەژمی تاوان و موشریکین هەڵکێشام.
ئیستاکە من ناوم پاییزی یاخییە.. یاخیبوون لە ڕەگی درەختی نەزۆکم،
یاخیبوون لە تەرمم ئەو وەختەی کە لەشم ئەبێتە ئاوێنە بۆ مەرگم،
یاخیبوون لە وەسێت ئەو دەمەی کە وەسێت ئەبێتە تابوتێ بۆ لەشم.
من ناوم پاییزی یاخییە.. ئەمجارە من سەری قەسیدەم نادەمە دەست
(با)یەك کە ئەسڵەن لە باوەش وەهمێکی ناو لم و جادوودا هەڵیکرد.
ئەوەتا دەستێکم کراوە بە جەڵدە بۆ خۆم و
دەستێکم کراوە بە تابووت بۆ خۆم و بۆ ژنم و
بەڵام من ئەم سەرەم
هەر سەری خۆم نییە و
سەرێکە من لەلای خواوەندی ڕووناکیی و
خۆرەکەی عەقڵەوە هێناومە!

# ئەو وشانەی کوشتمیان!

شیعرێکی چیرۆك ئامێز

درەنگە گریانی، پاییزەو
یەك شەممەی ئەوروپا چۆڵ و هۆڵ
لە منداو، وەك جادەیش لە دەرێ.
درەنگە سەفەری، پاییزەو
یەك شەممەی ئەم شارە تەڵخە تەڵخ
لە منداو، چون ڕەنگی غەریبان لە دەرێ.
ڕوخسارم بنچکی گەڕۆك و گەواڵەی بێ ماڵی دەم (با) یەو
لە خۆوە خول ئەخواو لە خۆوە سەر ئەکا بە قوللەی ناوتەمداو
بە کوچەی ڕەشەبا و بە شەوی بەفردا و تووناو توون خەیاڵی
ترافیەی[1] ئەڕوات و سەرگەردان ون و وێڵ پووشوەو باویلکە و ئەگەڕێ.
ڕوخسارم ڕۆژنامەی پرسیاری قەدەغەی بێ خوێنەر.
هەناوم چون ناخی بەتاڵی گیتارێ کپ کپ و تاساوو
وائیستەیش دوو هەنگاو لەولاوە ئەبینێ:
لەشێوەی پارچەیەك کۆنسێرتی مۆسیقای بەخوڕدا

---

[1] ترافیە: غوربەت

بارانێك ئەبارێ. ئەبارێ و ئێوارەی بەردەمم هاژەی دێ.
بارانێك شێت بووەو لە بەریا هەڵدێت و ڕائەکا شەقامی
شپرزەی بێ چەترو، ئەشڵەژێ درەخت و، گزەبای پێش
تۆزێ لەناکاو دڕ ئەبێ. ئەبارێ و ئەبارێ. غەریبیم
کووڕبووەو تەنیاییم لە ئاودا شڵپەی دێ. لەپڕێ:
چەرداخی ژنێکی گوڵفرۆش، چەرداخی دوکانی سێ گۆشەی
هانایەو بەفریاو ڕامئەگرێ. ژنەکە خۆی سیس و لە دەشتی
پەژمووردەو تەیمانی شکاوو گیایەکی زەرد ئەچێ. بەڵام گوڵ
ڕیزە گوڵ، لە زاری دووکانی بچووکدا، وەك چەند ڕیزپێکەنین،
بریقەی گەش گەشی دڵۆپی ڕووناکیان لێوە دێ. لەوێدا
ئەوەستم. نامۆییم لە تەیری تەڕ ئەچێ. لە تەیرێ بیەوێ
هەڵفڕێ و بەڵام باڵ نەیەت و نیوەی لەش گوێ نەگرێ.
لەوێدا ئەوەستم:
ئەوەستم و بارانیش ناوەستێ. ئەبارێ و ئەبارێ
هەڵبەزو دابەزی پەڕەکەی دڵۆپی درشتی سەرزەوی
کاشی ڕێژ، جادوویەك لە چاوم ئەکات و تەماشام
ئەبات و خەیاڵم لە داوی باران و لە ئەڵقەی
دڵۆپی سیحراویی گیر ئەبێ!
""من لەکوێم؟!".. بووم بە پەڕ، بە پووشوو،
"با" کە دێ و بەرەو خوار ئەمبات و هەر ئەمباو،
ئەمخاتە تونێلی گڤەوەو خێرایەو، ڕۆژهەڵات،
خەونی دوور، ڕووگەیەو، کزەیەو، هەناسەو،

فرمێسکەو خۆزگەیەو ناوەستێ!.
"بۆ هاتم؟!" گەوجێتی لە شێوەی تابووتی وڵاتدا
ئەبینم و، خۆم مردووی قوڵایی تابووتێ. یادگار،
بۆنێکی بۆ ساردی ناو خەون و تەمەنەو چارەنووس
باڵندەی قەترانیی ئاسمانی ئەجەلێ!.
خودایە بۆ هاتم؟!
دوای ئێرە هەر تۆی لێی
بچمە کوێ!
"تاکوو کەی؟!" نادیارێ لەشێوەی سەرابدا،
ئیستامە؟! دوا ڕۆژمە؟! نازانم.. ئەو بەشوێن
بڕیارما ڕائەکاو نایگرێ!.
چەخماخەی نزیکی ژوور سەرم هەڵئەبێو
گرمەیەك لەشێوەی وەڵامێك تووڕەدا
خەیاڵم ورد ئەکاو.. خەونیشم
وەك شووشە ئەهاڕێ!
دێمەوە ژێر چەرداخ
ئەبارێ و ناوەستێ و ئەبارێ. تەماشام شڵپەی
دێو بیستنم شڵپەی دێ و ئەبارێ. بەنێوان
ڕایەڵی ئەستووری باراندا لە سەرێ تا خوارێ،
پرسی تەڕ. خولیای تەڕ. تەنیایی کەسیرەم،
وێڵە فڕ، ئەگەڕێ!. هەر لە ژێر گۆپاڵەی بەزەبری
بارانداو لە پڕێ، ڕێکەوتی سەرنجم، لە پڕێ،

شتێکی تازەتر لە باران، لە ئەرزا ئەبینێ:
"لاپەڕەی خوساوی ڕۆژنامە، سەردێڕی
مانشێتێ، هەر ماوەو، چاوانی حەرفی ئەو،
لەجۆگەی ئاویشدا هێشتاکە زەقەی دێ.
مانشێتێ هەنگاوی بینینم ڕائەگرێ. ئەلکێت
بەخەمماو ڕامئەگرێ: تەنیاییم تەنیاتر، غەریبیم
غەریبتر، بێدەنگییم بێدەنگتر، نا پیاویم ناپیاوتر،
ئەکات و.. مانشێتێ لەوێدا بە وشە ئەمکوژێ!!
مانشێتی تفی ئەو لە منەو لە ڕوومەو بەزاری
سویدی عارێکم ئەنووسی و هێڵکاری نەفرەتێ لە
تەختی تەوێڵما ئەکێشێ:
باوکێکی کورد لێرە
کچەکەی بە چەقۆ سەرئەبڕێ!
چەخماخە هەڵئەبێ و شەرمەندەی
بەردەمی بارانم و شەرمەندەی بەردەمی
گوڵفرۆش.. شەرمەندەی بەردەمی
غەریبیم.. تەریقی بەردەمی شیعری خۆم!
یەك گرمە. دوو گرمە. سێ گرمە
لەشێوەی وەڵامدا لێم ئەدەن.
خەیاڵم لەت و پەت ئاو ئەیباو،
دێمەوە ژێر چەرداخ!.
من ئیستە تارماییم، بەڕێکەوت چاوێکم هەڵئەفڕێ

بۆ ئەوبەر شەقام و لەبەینی پژوپۆی باراندا،
ژنێك و سەگەکەی ئەبینم، ئەوانیش
بە پڕتاو هەڵدێن و تارماییین هەر یەکەو لە ڕەنگێ،
ژنەکە زۆر سپی و چەترەکەی گوڵ گوڵی و
سەگەکە قەترانی و ئەگەنە
لای من و لەناکاو سەگەکە ئەگەڤێ، ئەوەڕێ
بۆ دێڵێ هەر لەولای منەوە.. بۆن ئەکاو لمۆزی
هەڵئەبڕێ. دوو سێ جار ئەوەڕێ. کەچی من
هەست ئەکەم، ئەو سەگە، بە من و بە چەقۆی
ناو دەستم و بەکورد و بەڕەنگی خێڵەکیم ئەوەڕێ!
وژەی با هاتۆتە ناومەوەو لوورەی دێ.
خوڕەی ئاو هاتۆتە ناخمەوەو لافاوێ لە شەرما
سەر ئەکاو هەڵئەسێ!.
غەریبیم تێکەڵی قوڕاوەو..
تەنیاییم خەریکە بخنکێ..
بارانەو ئەبارێ و بارانەو ناوەستێ!

# من لەویٚ ئاویٚکی خنکاوم!

من لۆش لۆش. من لەویٚ. ئیٚواران
بەویٚنەی هەوریٚکی نەخۆشی زەردەڵەی بیٚ تاقەت
چۆن خاوخاو ڕیٚ ئەکاو لارەلار دەس ئەگریٚ
بەقەراغ چەپەری خۆرئاوای ئاسۆوە بۆ ئەوەی نەترازیٚ و
بۆ ئەوەی نەکەویٚ. ئیٚواران من لەویٚ.
لەسوید وا ئەڕۆم!

من لەویٚ پیاویٚکی دارییەنەو قوڕینم
بەکەسکیش بۆیاخیٚ کراوم بۆ جوانیی
بەڵام ئاخ!
من سەرم سنووقی خەونیٚکەو کلیلی ون بووەو
هەر لەڕیٚ تیشك ئەمریٚ و ناگاتە ناو ڕۆحەو
من لەویٚ ئاویٚکی خنکاوم!
من لەویٚ بەویٚنەی پیاویٚکی ڕۆبۆتی لەش قورسەو
سەعاتم تەمەڵەو وەك پڕبم
لە پارچە ساچمەو
لە وردە ئاسنی ژەنگاوی و

له قوتوی تەنەکەی قوپاوو
له شووشەی شکاوی خواردنەوە.. ئاوەها ڕێ ئەکەم.
من لەوێ، من لۆش لۆش
بەرمیلی خۆڵم و ئەڕۆم و
ڕیکلامی دڕاوی دیوارم و
لایەکم بەربووەو
با یارییم پێ ئەکاو ئەمهێنێو ئەمبات و
نایشکەوم..
من لەوێ. من لۆش لۆش. هەنگاوی نابینام
وەك خەمی گۆترەبم ئەمگێڕێ و لەگیانم ون بووم و
له لەشم ون بووم و من بەردێ نابینم بمناسێ و
گەڵایەك مەرحەبام لێبکاو..
هەوایەك گوێیەکم لێ بگرێ و
شەقامێك ڕاستەوخۆ بمدوێنێ و بێ ناوم!
من بەناو پاییزێك لەوەرزی وێڵ بوون و
خەیاڵی شکست و
تەمەنی پەشیلما[1] ڕێ ئەکەم
بۆ ئەوەی ئێواران هەر وەکوو لەق لەقێ
دابڕاو له پۆلی کۆچەران.. بە تەنیا بچمەوە
نێو نسێی کارتۆنی شوقەکەم.
من لەوێ پاییزان

[1] پەشیل: وێران

وەك ئەوەی كە خەزان بە سوغرە بمگرێ
بۆ ئەوەی چی گەڵای وەریوی سەر ئەرزە
یەك بە یەك بەمنی بژمێرێ!
هەست ئەكەم وا ئەژیم من لەوێ!.

★

من لەوێ. درەختی شیعرێكی وەڕسم. ئێواران
ناوبەناو ئەچمە نێو دارستان. دارستان یەك
پەلكی خەفەتم ناناسێ. هەست ئەكەم پێی وایە
دارێكم گول بووم و هەڵاتووم بۆ ئەوێ!
هەست ئەكەم كورسیەكان
حەزناكەن دانیشم لە سەریان!.
بەفرەكەی ئەمبینێ و تەماشای ڕەش ڕەشە!.
ڕۆژنامەی دڕاوی ناو میترۆ..
ڕوخساری لە ڕووی من گەشترە.. ناو بەناو
من لەوێ كە ئەچمە سەر زەریا
ئەو زەریا گەورەیە ناتوانێ..
پووشێكی بێزاریم ڕابداو.. ئەو زەریا گەورەیە ناتوانێ.
تەنیایی یەك ڕۆژم بخاتە سەرپشتی و
ناتوانێ یەك دڵۆپ فرمێسكم
لە خۆیدا بزركا!
هەندێ جار، من لەوێ تەنیاییم هێند چڕە..
هەموو جار، خۆرەكەی، مۆسیقای، سەماگەی تا نیوەی

ڕێگا دێن ئەشکێن و ناگەنە ناو ڕۆحم..
من لەوێ تەنیاییم ئەوەندە تەنیایە..
گەر جارێ بە سەردان.. بیابان
قاقڕیش بێ بۆلای..
هەست ئەکا ئەوجارە. کۆتایی دنیایە!

★

هەر لەوێ جادەکان ڕووناك و ماڵەکان ڕووناك و
بن ئەرزیش ڕووناك و وەلێ من هەورێکی زۆر تاریك.
هەر لەوێ بەرەو دوا کافتیریاو بارەکان ئاپوورەو
بە ژاوەو جماون لە خەڵکا.. وەلێ من شیعرێکی زۆر چۆڵ و
زۆر تەنیا. هەر لەوێ گوڵفرۆش زۆر زۆرن و ژنە
گوڵ زۆر زۆرن و وەلێ من پەلکێکی ناو پاییز.
بەهار دێ و هاوین دێ و وەلێ من یەك فەسڵ و هەر
پاییز. وەلێ من ڕوانینم لیخن و وەلێ من دەقیقەو
سەعاتم ژاکاوو پێکەنین چرچ و لۆچ هەر لەوێ.
جاروبار، هەر لەوێ فڕۆکە ئەمباتە ژوور هەورو
خەریکە دەست بدەم لە چوکلەی ئەستێرە..
وەلێ من لەوێ نیم.. لەخوارێم
لای ئێوەم.. پاییزە ئازیزان
هەر لێرە!!

## سی و سێ

# پاییزە میوانی بچکۆلە!

"دەیان لەتە ئاوێنەی شکاوی هەتاوی پاییز. سەدان
وێنەی بابردووی ئەم وەرزە. خەزان لە ژندا و ژن لە
خەزاندا. هەڵوەرین وەک پەند. شیعر لە جەستەی چیرۆکدا،
هەناسە هەرە کورتەکانی سروشت. خوێندنەوەی خەمە وردیلەکان
نووسینەوەی چرکە ساتەکانی ماڵئاوایی. کورتە فیلمەکان.
هەوێنی شیعر. ڕەنگدانەوەی تەنیایی لە عەشقە کوژراوەکاندا.
دارژانی ڕۆمانسیانەو مانگە شەوی نەمرو، توانەوەی هێواش.
درەخت و گەڵا وەختێ ئەبنە مرۆڤ"

-1-

هەموو ساڵێ لە تشریندا
"با" یەك فێربووە بە پاییز
بایەکی دز دوای نیوەشەو دێتە سەرێو
هەرچیەك ئەم هەڵێڕشتووە لە ماڵ و
لەناو ژوورو لەبەردەرگاو لە پێدەشتدا
بە چەند جارێك هەمووی ئەبا.

ئەڵێن ئەم (با)یە یەکێکە
لە چەتەکانی سەرچیا..
چەتەیەکە لە چەتەکانی زستان و
بەر لەوەی زستان خۆی بگا
بۆ دوا چاو ترسێنی پاییز
ئەم دزە بایە ڕەوانەی
خوارێ ئەکا!.

-2-

ئەم پاییزە ڕۆمان نوسێکە عەبەسی
هەموو جارێ فەسڵێ دوو فەسڵ سێ فەسڵ
لە ڕۆمانەکەی ئەنووسێ و لە پڕێکدا نیوە شەوێ
دێ بەسەریا و ڕۆمانەکەی فڕێ ئەداو لە دواییدا
پەڕە پەڕە ئەیدڕێنێو بە "با"ی ئەدا..
تۆ تەماشای ئەو دەشتەکە!
هەر لە خەیاڵی ڕژاوو
گەڵای وشەی هەڵلەرزیوو..
پەڕەی دڕاوی هەناسەو
پەرەگرافی سێبەرو
دەستەواژەی ناو زوقمەوە
چی وەریوەو چی کەوتووە!
تۆ تەماشای ئەو دەشتەکە!

-3-

**مەولەوی پاییز بوو**

**هەرجارێ گورگە زێی باران و خۆرەتاو**

**لەسەریا تێکەڵی یەك ئەبوون**

**ئەوساکە**

**ناوڕیشی پڕ ئەبوو لە وردە پەپوولەو**

**کانییەك لە ڕۆحیا هەڵئەقوڵاو**

**ناو دەستیش پڕ ئەبوو لە نوورو لە شیعرو**

**بەکزەی هەناسە خەیاڵێك**

**گوڵێکی پاییزە لە دڵیا ئەپشکووت**

**مەولەوی پێکەوە ئەباری و ئەوەری**

**پێکەوە ئەوەری و ئەسووتا**

**ئەوساکە لەسەر ڕا**

**کاوانی مێزەری، بازنەی تەمێکی**

**تەنکی ئەگرت و**

**لەخوار ڕایش**

**ناو تاق و پەنجەرەو ژوورەکەی**

**پڕ ئەبوون لە گەڵا!.**

-4-

**بەرمدە! شەماڵێك کە چەمکی کراسی ئاوریشمی**

**توتڕکێ گرتبووی. وای پێ وت**

**بەرمدە! من ئەچم بۆنێکی ئەو باخە**

بۆ عەشقی ئەو کچە ئەهێنم!

بەرمدە! مانگەشەو کە هەورێ
ئەگریجەی گرتبوو. وای پێ وت
بەرمدە من ئەچم ئاوێنەم بەرامبەر
منداڵی هەڵەبجە ڕائەگرم!
بەرمدە قومرییەك کە داوی پژوپۆی
درەختێ گرتبووی، وای پێوت
بەرمدە! من ئەچم نامەیەك
لە بەفری لوتکەوە بۆ گڕەی گەرمەسێر ئەهێنم!

بەرمدە! من وتم!. کە تەمێك بەردەمی
پەنجەرەی گرتبووم. وام پێوت
بەرمدە! من ئەچمە لای پاییز
جوانترین خەیاڵی مانگەشەو
بۆ ساتی تەنیایی و ژوورەکەم ئەهێنم!

-5-

لەو شەوە زەنگە ڕەشەدا
گوڵ ئەستێرەیەك سەد گەڵای پەرەوازەی
پاییزێکی لەخنکان و لە نوقم بوون.
لە گۆماوێکدا ڕزگارکرد..
وەختێ ئەوان لەبەر چەپەری تاریکیی
نە کەنارو

نەبواری پەڕینەوەو
نەمردنیان نەئەبینی
بەڵام گوڵ ئەستێرەی خۆبەخش
بەرامبەریان لەو پەڕەوە
چووە سەر تاشە بەردێك و
خۆی داگیرسان!

-6-

دایکم ئاوەو
کە گەورە بووم بووم بە شیعر
من ڕۆژێکیان لە بەردەمی شەختە ئاوێنەی پاییزدا
ڕاوەستابووم سەیری ساڵم و سەیری دەم و چاوی خۆم و
دەست و پەنجەی خولیاکانم و جەستەم ئەکردا.
لە پڕێکدا لە پشتەوە ئاگرێك هات
شەختە ئاوێنە توایەوەو.. ئاگر هات و
پەلیکێشاو ئیتر ساڵم و خولیاکانم و دەست و پەنجەو
دەم و چاوم
یەك لە دوای یەك
بوون بە نمەی زەنگیانەیی
سەر شان و ملی پاییز و
بوون بە دڵۆپی زیوینی..
سەر گەڵاکانی خەیاڵی و

منیش وەك شەختە توامەوە
دیسانەوە
گەڕامەوە بۆ سەرچاوەو
تێکەڵ بە دایکم بوومەوە.

-7-

پاییز بە خەتێك ئەنووسێ
کەم کەس ئەتوانێ تێیبگاو
کەم کەس بۆی ئەخوێنرێتەوە!
هەر وتەی سەرو قژبڕەو، دێڕی شڵەژاوی (با)یەو
هەر ناوی ڕاڕاو دوودڵەو، ئاوەڵناوی شپرزەیەو،
پەلکە حەرفی ئاڵۆزکاوی ناو دەوەنەو
ئاوەڵکرداری ناو تەمەو...
بەردی نوختەو
کرمی فاریزەی ناوەندەو
هەموو چوون بەناویەکتردا..
پاییز بە خەتێك ئەنووسێ
تەم و مژیی، شکستەیی، گەردەلوولیی
کەم کەس بۆی ئەخوێنرێتەوە..
لەو چاوانەی لەسەر خوێندنەوەی باگژەو
نامەکانی گێژەڵووکەو. قەسیدەکانی چڕستان
لەگەڵیداو، لەسەر خوێندنەوەی پەخشانی

ڕاکشاو لەناو پێدەشتدا.. ڕاناوەستێ
ئەو عەشقانەن
چاویان لە چاوی تشرینی ناکامدایەو
ئەو ئێوارەی نیگایانەن
کە سەرتاپا وەکو ئاوی نێو دارستان
وەکوو کورسیی نێو باخچەکان
وەکو دڵی بێوەژنان
ناکام پۆشو
خەزان پۆشن!

-8-

لە پاییزدا
من ڕووناکیم لە ڕووباردا بینیوە
لەناو سەرما
خۆی بە گەڵای هەڵوەریو داپۆشیوە.
لە پاییزدا
من درەختی شێت و شەیدای وامدیوە
بۆ بینینی
مانگە شەوێ
تا بەیانیی
لە ئاودا هەڵلەرزیوە.

-9-

لەسەرێ بۆ خوارێ

خەزانێ پەلكێكی زەردكی هەڵدایە خوارەوە

چیلكەیەك لە ئاودا گرتییەوەو

كەوتە نێو باوەشی!

پەلكەكە شەرمی كرد!

چیلكەكە سەیری كرد.. ناسییەوە

ئەم پێی وت: ئەمناسی؟!

تۆ كچە دراوسێی لقێكی گەڕەكی خۆمان بووی

ئای خوایە! ئەوساكە چەند جوان بووی، ئێواران

بە كاڵای سەوزەوە لە هەیوان ئەوەستای

كوڕ گەڵای ئەو ناوەت شێت ئەكرد!

لە بیرتە پەپوولەم چەندجار نارد بۆ ماچێ

هەر نەتنارد! لە بیرتە؟!

وا ئیستەیش كەوتویتە باوەشم.. بەڵام ئاخ

لەدوای چی؟ من چیلكە پیاوێكی پیرەمێرد

تۆیش گەڵاژنێكی پیرێژن

"شەپۆلێك شانێكی لێدان و

خەریك بوو نوقم بن!"

چیلكەكە هەناسەی سوار بووبوو.

ئاخێكی هەڵكێشاو..

ئەمجارە وتیەوە:
زەمانە!.. چی بڵێین!
دە توخوا حەسرەتە لە دڵما و با نەیبەم بۆ ژێر ئاو
بۆ دواجار ئەو ماچەم بدەرێ
بەرلەوەی پێکەوە هەردووکمان بخنکێین!.

-10-

پاییز شەوی درێژی خۆی
کرد بە تۆمار بۆ حیکایەت
لە دواییدا کە شەوانە لەسەر چیچکان
لەناو تەمێکدا دائەنیشت. تۆمارەکەی ئەکردەوە
بۆ هەر شەوەی چیرۆکێکی لە چیرۆکی کۆچ و غەدر
هەڵئەبژاردوو.. بۆ منداڵانی ئەنفالی
ئەو پێدەشتەی ئەخوێندەوە!

-11-

لە دەرەوە
پاییزە کورد، هێندە زۆربوون
لەخەزاندا، گەر تەماشای جادەکان و
کەنار زەریاو، بەرپێی پەیکەرەکان بکەیت
فرمێسک ئەبینی گەڵایەو
وڵات تەنها خەیاڵێکی زەردە گیایەو

که گوێشت گرت

گوێت لە هەناسەی ڕژاوەو

گوێت لە خشەخشی یادەو

گوێت لەو نەورەسانەیش ئەبێت

نزیك ئەوان

ئاخ بەکوردی هەڵئەکێشن!

-12-

لە هاوینەوە بۆ پاییز

جرجەکان و گۆڕهەڵکەنە..

لەژێر شەوی هەورامانداا..

هەرچی کاربێ بۆ هەڵکەندن نەیانماوە

بێ ئیش.. بێ ئیش، لەو بنەوە

بە چوارمشقی دانیشتوون و، گوێیان گرتووە لەسەرێ

تابزانن کەی جوندەکانی ئیسلامی گۆڕهەڵکەنە

هەتاو ئەیانکاتە دەرێ!.

-13-

گەردەلوولێکی پاییزە لە دەشتێکدا و تەپ و تۆزێ.

هەر ئەو ساتە گەردو پووشێك ئەچێتە چاوی بازەوە

لەو وەختەدا کە ئەیەوێ دابنەوێ

بۆ سەر زەوی و چنگی بەرێو

پۆڕێك بگرێ!.

ئەو گەردوو پووشە بچووکە

هەڵمەتی باز پەك ئەخات و
پۆڕیش لە مەرگ قوتار ئەبێ!

-14-

قەپێکی ئامادە بۆ سەری مامرێ
دوو هەنگاو پێش ئەوە.. چقڵێکی پاییزەی سەرەڕێ
لەبن پێی ڕێویەکە ئەچەقێو
ڕێویەکە لە جووڵە ئەکەوێ و دەمیشی داپچڕاو
مامریش ئەڕوات و نازانێ چی ڕوویدا؟!

-15-

لێلاوێك و
باپووسکەیەك
لێلاوەکە ماسییەکی بچکۆلانەی
لە چاوی باڵندەی گۆشت خۆرو دەنووکی بزر کرد!.
باپووسکەکەیش بە بەفرەوە، ڕاوچیەکی
لە ڕێ وێڵ کرد..
وەختێ کە ئیتر نەیتوانی..
نیشانەکەی بگرێتەوەو
ئاسکەکەیش بدۆزێتەوە!

-16-

وەختی خۆی ڕەشەبا هەر نەبوو
ئەم ناوە هەر نەبوو..

له جێی ئەو شتێك بوو، سپی با، شنەیەك
لاواز بوو وەك پاییز
لەسەرخۆ چون گۆم و
هێمنیش وەك بەفر!
وەختی خۆی ڕەشەبا هەر نەبوو
لەجێی ئەو شتێك بوو، سپی با، سروەیەك
ئەم دەنگە لە هۆزی بارانی هێواش و
باڵندەی دڵدارو خەیاڵی ناسكی پاییز بوو..
لە گەوەی چیادا وەكوو ئاو دڵنیا ئەژیا..
ڕۆژێكیان بیابان بۆ غەزا
كە چووە سەر چیاو هۆزەكەی بارانی قڕكردو
بەشمشێر هەتاوی سەربڕی و
بە شمشێر خەیاڵی ناسكی لەت لەت كرد
ئاگری بەردایە باڵندەی دڵداران..
لەتاودا ئەو عەشقە لاوازە ئەو شنە ئارامە
شێت بوو شێت.. ناڵاندی و گڤەی كرد
یاخیی بوو لە دنیا
لەو چركەساتەوە ڕەشەبا پەیدا بوو
ڕەشەبا واخوڵقا!

-17-

بەرێزەوە..

"با"یەك ئەنووشتێتەوە بۆ پاییز

بەڕێزەوە..

پاییز ئەنووشتێتەوە بۆ عاشق

عاشق بۆ عەشق

عەشق بۆ خەیاڵ

خەیاڵ بۆ من و

منیش بۆ شیعر!

-18-

پۆلە باڵندەی ڕەوەندی

ئاسمانێکی خۆڵەمێشیی لە ژوور سەرم و

دار لیمۆ تاقانەکەی حەوشەی ماڵم و

لە شەویشدا بریسکەی ئاگرێکی دووری گڵەزەردە

هەموو ئەڵێن:

ئەریٚ دایکت بێزار نەبوو

لەبای گەرداویٚ کە پاییز بە وژەوژی تەڕەوە

لە زەریاوە ئەیهێنێت و هەموو جاریٚ وەکوو تەیرێکی

نابینا خۆی ئەکێشیٚ بە پەنجەرەی ژوورەکەیداو

ناهێڵیٚ تۆزیٚ بخەویٚ..

بێزار نەبوو لە ورتەورتی گەڵاکان بەر لە نووستن

لە چرکە چرکی سەعاتی ناو تەنیایی فرجینیا

لە زیکەزیکی لق و پۆپ تا بەیانیی

له بۆڵەبۆڵی هەورەکان پێش دارژان
ئەرێ دایکت بێزار نەبوو.
وەکوو جۆگەیەك بیبەستێ
دایکم ناتوانێ زۆر بدوێ
دایکم ئەڵێ:
پێیان بڵێن:
چۆن بێزاربم
که من هەر بۆ خۆم خەزان و
که من هەر خۆیشم پاییزم!

-19-

لەمبەرەوە من چەند دەنکێ
له برووسکی سەرنجدانم
گرته بەژنی ژنه هەورێ
بەری کەوتو
له پاش تۆزێ لەناو هۆڵدا بوو به باران!
لەوبەرەوە ئەو چەند تیلماسکێ له تەم و
چەند گەڵایه له هەناسەی زەردباوی خۆی تێگرتم و
بەرم کەوت و ئەمجارەیان هەر ئان و سات
لەناو هۆڵدا بوو به خەزان!

-20-

خەریك بوو، شیعرێکم، خەوێکم، گۆمێکم
ئەنووسی بۆ پاییز..

لەناكاو، لەوەوە، پۆستێكم پێگەیشت
پۆستەكە زەرفێكی لاكێشی خۆڵین بوو
بە باڵا هەر بەقەد لاسكە گیای گەردنی
كورتترین چیرۆك و
بە قووڵییش هەر هێندەی قووڵایی
گیرفانی منداڵیی خۆم ئەبوو!
بە سەروو زەرفەوە، دوو گەڵا، دوو پوولی خوێناویی:
برینی، ژنێكی ماردیینی پێوەبوو!
ئەو وەختەی بە نووكی مەراقێ، بێ تاقەت
زەرفەكەم هەڵپچڕی
چیم بینی؟.
هەورێكی بچكۆلە ئەوەندەی سەری خۆم
گرماندی و داباری و هەر یەكسەر
ژوورەكەی پڕكردم لە بۆنی مەولەوی!.
یەك گوڵدان پڕ لە تەم..
كت و مت بە شێوە كەركوكیی!.
دوو پەیڤی حەرام و بریندار.. دوو ڕەنگی
قەدەغەو دوو ئاگری پیرۆزی
مەسحەفی ئێزیدی!
دوو پیاڵە سەر ڕێژبوون..
لە زەردەی خوێندنی دوو سوێسكی
بن سوخمەی كچێكی سنەیی!

پەرداخێك لێوان لێو لە بادەی مەراق و
نامۆیی شەوانەی بێکەس و
هەروەها.. دوو تاڵیش لە قژە زەردەکەی،
بووکەکەی پاییزی گۆران و
دوو هەودای چریکەیش لە دەنگی دیلان و
دوا شتیش لە شووشە عەترێکی خاڵیدا
دوو ماچی قەتیسی دایکم بوون...
بە خۆم وت
کە پاییز ئەم هەموو ژانانەو
ئەم هەموو جوانیانەو ئەم هەموو
شیعرانەی ناردبێ..
تازە من شیعری چی و خەمی چی و
گۆمی چی بنووسم بۆ پاییز
ببوورن من هاتم بۆ ئێرەو
شیعریشم نەنووسی!

-21-

هەریەك جار ڕەنگێکی بەهارە کە هاتە چاومەوە
من ئیتر ناسیومەو دووبارە لە هەرکوێ ببیبینم
بۆ چاوم هەر هەمان ڕەنگەکەی جارانە
جارێکیان دوای دە ساڵ.. لێرە نا.. لە دەرێ
پەلکێکی نیسانم بینیەوە.. من پێم وت
ئەوە نیت من ڕۆژێ لە شایی قەشقۆڵی

تۆم بینی لە ئاودا و بە سواری کەڵەکێ.. وتی با..
جارێکیان دوای بیست ساڵ لێرە نا.. لە دەرێ
گوڵێکی بەهارەی چاورەشم بینیەوە من پێم وت
ئەوە نیت من ڕۆژێ بینیمی ئەچوویتە
سەیرانی بێخاڵ کوڕێکی موو زەردت
لەگەڵ بوو، شێت بووبوو بۆ چاوت و گۆرانیی
"مامڵێ".. وتی با..
کەسك کەسکەو هیچیتر
سوور سوورەو هیچیتر
یەك ڕەهەند لە وەرزو
یەك ڕەهەند لە بینین!
نەهێنیی ڕەنگی تۆ پاییزم ئەوەیە..
لە ئاسۆی یەك ڕەنگتا.. خەرمانێ لە ڕەنگی
جیاوازو لەیەك دێڕ ماناتا.. چەند ڕووبار
لە مانا ئەبینم
"ئەو وەختەی کۆچ ئەکەیت
نازانم کۆچ بۆ کوێ؟!
ئەو وەختەی ئەپژێیت
نازانم پژانی گریانە یان خەندە؟!
لەبیرتە تشرین بوو، بەیانیی بینیمی، زەردباو بوویت
ئێوارە هاتیت و بەڕەنگی برۆنزیی گۆڕابوویت؟!
نەمناسیت!

له بیرمه له کەنار گۆمەکەی دوکان بوو..
جارێکیان باگژە تۆی هێناو خۆڵاویی و پەشۆکاو
لەپڕێ ئەوەندەی تروکەی چاوانی شەپۆلێ،
بینیمیت بە سواری گەواڵەی شەرابیی بارانێ..
له پێشدا نەمناسیت تۆ ئەوی.. تا نەمدی
له کۆڵتا کۆڵوانەی پەپوولەو خەزانێ..
سەوز سەوزەو زەردیشە و مۆریشە لە تۆدا..
قژی کورت له ڕۆژتا.. چیرۆکی کورتمەو..
هۆنراوەی کورتمەو..
ئەو قژە درێژەی شەویشت..
قەسیدەی درێژم و.. پاییزم!..
من بۆیە ئاوێنەی ڕۆحتم خۆش ئەوێ
له ناویا من کۆچی ئازیزو.. سەفەری
ئەبەدیی ئەوان و.. من سیمای دایکم و
دیرۆکێ له ئازار.. دیرۆکی
ئازاری باڵندەی کوژراوم ئەبینم!

-22-

من هەڵووژەی مەراقێکم
له دار فرمێسکی پاییزێ موتوربەکرد!
داری تازە کە باڵای کرد
نە هەڵووژەی مەراقم بوو
نە دار فرمێسك

لەنێوانی هەردووکیاندا دارێك دەرچوو
هەندێ شێوەی گوڵ هەڵەبجەو
هەندێ شێوەی دار ئەنفال و
تۆزێ لە ڕەنگی کەرکوك و
کەمێك لە هەوری دایکیشمی لەچاودا بوو!
بە قژی زۆر درێژیشیا
هەر کت و مت لە شۆڕەبی شیعرم ئەچوو!
دارێك دەرچوو
لە داری تر هەر نە ئەچوو
درەختێ بوو لە تاو ئازار
-وەکوو پیاوەکەی هەڵەبجە- قاپووت بەشان!
شێت بوو بوو شێت. درەختێ بوو لە شۆستە هاتبووە
خوارێ و بەسەر شەقامدا ڕای ئەکرد! درەختێ بوو
بە لق لەسەری خۆی ئەداو وەکوو پیاوەکەی هەڵەبجە
هەر ئەڕۆیشت و لەبەر خۆوە قسەی ئەکرد!

-23-

من بەرچنەیەك پەپوولەم..
هەڵڕشتە ناو دۆڵێکەوە، لەو سەرەوە
گوڵە منداڵ بەخلەخل هاتنە دەرێو
بووبوون بە باخی پێکەنین.
باخێك منداڵم پژانە ناو زمانی کوردییەوە
وەختێ زانیم بە ڕیز فوارەی وشەو ڕستە

لەناو کتێبدا هەڵقوڵێن.
سەبەتەیەك لە گۆرانیی شاییەکانی شەهیدانم
ڕژانە ناو خەمەکانی پاییزەوە..
وەختێ زانیم لە کەناری گۆمەکانی سبەینێما
بە سەدان درەخت هەڵپەڕین!.
کە وەختێکیش دەسم بردوو..
من گۆزەیەك شیعری ڕوونم
ڕژانە ناو عەشقی ژن و ئازادیم و هونەرەوە
هەر ئەوەندەو کاتێ زانیم هەوری هێناو
بەسەرماندا بەتەپ و نم بەیەکەوە،
پەپوولەو گوڵ و منداڵ و..
وشەی چاوشین و بەفری سەوز
کەوتنە بارین!

-24-

هەر بێوەژنێ لەو خوارە
دەشتێکی چۆڵ وا لە ڕۆحیا..
نە "با"ی پیاوێ تیا هەڵئەکاو
نە چڵە گیای زارۆکێکیش تیا شین ئەبێ!

هەر بێوەژنێ لەو خوارە خەزانێکەو
ئاسمانێکی چۆڵ لەسەریا..
نە هەتاوێ لەودا ئەزێ و

نه تەیرێکیش پیا ڕەت ئەبێ!.
بێوەژنانی ئەو خوارە، لە ئیستەدا
ئەوەی ماویانە هەر دەمە
دەمیش نە بۆ حیکایەتەو نە بۆ ماچەو
نە بۆ ڕازەو نە بۆ گێڕانەوەی خەمە
دەمەو تەنها بۆیەك شتەو بۆ یەك وشە
ئەویش نانە
"من وام وت و لە ناکاوێ قەلە باچکەیەك
ئارداویی قاغ.. قاغ.. قاغ قسەکانی
پێ بڕیم و هات لەسەر شانم نیشتەوەو هەڵیدایە
-ئینجا باشە ئەیاندەنێ؟!
منیش وتم
-قاغ.. قاغ.. قاغ!

## -25-

ئەمجارەیان ڕۆمانسیانە
وەکوو زەردە لەسەر کەلێ
باوەش ناکەم بە پاییزداو
ناو قەدی باریکی ناکەم بە خەرمانەو
نیگام بە هەوری چاوتەڕو تێی بئالێم!
ئەمجارەیان ڕۆمانسیانە..
لەسەر شۆستەی شەقامێك مانگە شەوو
لە سیلەی کوچەی خەزانی نێو باخێکدا

ڕاناوەستم چاوەڕوانیم

گەڵا گەڵا هەڵبوەریێو

ڕاناوەستم من تەنیاییم

ببێ بەداری ڕووتاوەو

وەك تاڤگە لە بەردەمی بارێزەدا هەڵبلەرزێ..

هەتاکوو دێ!.

من ئەمجارە هەتاکوو ئەو

پەپوولەکانی نەنێرێ و گەڵاکانی خۆی نەنێرێ و

تکا نەکا من شیعرێکی بۆ بنێرم

لە ژوورەکەم ناچمە دەرێ!

-26-

درەختێك و

گوڵێك و خاڵخاڵۆکەیەك!

درەختەکە لەو هەموو کچەی کە هەیبوو

هەر ئەو کچە هەر ئەو گوڵەی بۆ مابۆوە.

گوڵەکە لە بەربێ خوشکی و.. لەبەر وەڕسی و تەنیایی

بێواز بێواز بێ تاقەت بوو..

خاڵخاڵۆکە کە سەرمای بوو

ئەیویست بفڕێ و بگاتە دارەکەی ئەوبەر

بەسەردانێ بۆلای خاڵی!..

بەڵام هەرچەندی کرد لە خۆی

لەبەر زوقم باڵەکانی نەکرانەوە

باڵ تەزیی بوون... وای خودایە!.
گوڵە بە لاسکێ ڕایکێشاو
خستیە هەناوی خۆیەوە..
هەرچی گەرمایەك تیامابوو هەمووی دایە.
کە خاڵخاڵۆکە هەڵفڕی و گەیشتە دارەکەی ئەوبەر
گەیشتە بەر ماڵی خاڵی..
گوڵە لێرەوە، ساردبۆوەو، دڵی وەستاو، قاچی خزاو
کەوتە خوارێ و چاوی لێکنا..
درەخت بە تەنها مایەوەو لەو ساتەدا
هەورێك نزم بەو ناوەدا تێئەپەڕی
کە ئەمەی دی لە جێی خۆیدا قەیرێك وەستاو
تۆزێکی تر نزم بۆوەو..
ئەوسا لە گریانی درشت.. چی پێ مابوو
وەکوو پاییز.. هەمووی بەسەر
داری تەنیاو.. داری پرسەداردا داڕشت!

-27-

ئەی کچانی ڕەنگ ئاوریشمین
ئاگاتان لەم پاییزەم بێ!
ئەگەر شەوێکی شەختە بەند لەگەڵ تریفەی
تەزیودا، لەگەڵ خەیاڵی تەزیودا..
شیعرێکی دەم گۆنە کردووم
هاتە لاتان..

وەك بای سەر شاخ دەری مەكەن
چون تارمایی نەناسراوی سیلەی كۆڵان
یان تەمێكی دەمامكدار لێی مەترسن!
با لەبەر دەرگا نەوەستێ و
بێتە ژووری
ئەی كچەكانی ئاوریشمین
لەوەرزی پاییزی مندا
تەنها باڵا باڵای كچ و گەڵای كچ و
ڕەنگی كچە.. هەڵناوەرێ!

-28-

لە پاییزدا
ڕۆژێ سەرم كرد بە بێژنگ
ڕۆژێ هەقم لە بێژنگدا
بەقەدەر یەك
ڕەنگەكانی ژنم هێناو
ڕەنگەكانی پیاوم هێناو
تێكەڵم كرد..
بەیەكەوە بێژامنەوەو
سەرم سووڕاو سەرم سووڕا
لەدواییدا
ئەوەی ڕژایە خوارەوە
هەر پیاو بردی و هەر پیاو خواردیو

ئەوەی لە سەریش مایەوەو لە بێژنگدا
بە ژن بڕا!

-29-

من یەك كەسم و دوو سێبەرم لەگەڵدایە
یەك لەشم هەیەو دوو سێبەر!
گەر هەور بێ و باران داكاو.. هەتاو ڕاكاو
شەوق بنوێ و چرا بنوێ و مانگ بزر بێ
سێبەرێكیان وەكوو خۆیشم زۆر بە پەلە
ڕائەكات و بەجێمدێڵێ!.
بەڵام دووهەم لە تاریكی ماڵەكەشما.
لە تاریكی ژوورەكەشما، لەبەر بەفر و لەبەر باران و
بەر هەیوان و بەر ئاوێنەو لە هەر شوێنێ
سێبەرێكە قەت ناڕوات و بەجێمبێڵێ!
سێبەرێكە نووساو بە پێستی لەشمەوە بە قژمەوە
نووساو بە دەنگ و ڕەنگمەوە
سێبەرێكە بەسەر سێبەری یەكەمم و
جەستەیشمەوە ڕاوەستاوە..
من پاییزی هەمیشەیی ئەم وڵاتەم
من یەك ژنم و دوو سێبەرم لەگەڵدایە
یەك لەشم هەیەو دوو سێبەر
سێبەرێكیان جار ناجارو ناو بەناو
بزر ئەبێ و واز ئەهێنێ..

بەڵام دووهەم قەت نارِوات و
دەست لە دەنگم و
دەست لە ڕەنگم و دەست لەسەرم و
دەست لە بوونم هەڵناگرێ
سێبەری پیاو!

-30-

زۆر نابێ لەو دەشتە مەلێکیان بینیوە
نە بە ڕەنگ.. نە شێوە.. نە خوێندن
لە مەلی تر ناچێ..
پەڕووباڵ لە پەڕی گوڵەباخ.. بەرسنگی
لە گەڵای چناری "سەرچنار"
خوێندنی لە دەنگی شنەباو ئاو ئەچێ
هەموو ڕۆژ ئێواران خۆرنشین یەكدووجار
ئەچێتە سەر كێلی ژوور سەری گۆڕی شەم
ئەلەرزێ و بین ئەگرێ و ئەخوێنێ..
ئەم مەلە كە ئەفڕێ گڕئەگرێ و ئەسووتێ
دوراودوور ناوبەناو بازنەی پڕیشكێ نارنجیی
بەدەوری ئاسۆدا ئەكێشێ و بە كلكی
نەسرەوتی لەسەر هەور لەسەر با لەسەر ئاو
دوو وشە ئەنووسێ
هەموو جار دوو وشەو هیچیتر
-یاسای پیاو!-

که وتیان من زانیم ئەو مەلە، هەر هەمان
ئەو کچە دڵدارەی دراوسێی ئێمەیەو پار هاوین
بەرامبەر خۆرنشین. داخەکەم! لە سەربان خۆی سووتان!

-31-

ئەمە چیرۆکێکی کورتە
ئەو کڵاوەی کڵاوکوورە
لەسەریایە! هی خۆی نییە!
ئەوەی ڕوویدا زۆر دەمێکە..
لە ڕۆژێکی سەرماوسۆڵەی پاییزدا بوو..
ئەم هەر ئەفڕی و سەر تەزیوو
(با)یەکی تیژی سۆراخکەر بە دوایەوە..
دار بەڕوویەك بە فریای کەوت
بۆ چەند ڕۆژێ کڵاوێکی بە قەرز دایە..
بەڵام ئیتر کڵاوکوورە..
ئەو کڵاوەی کردیە سەری
داینەگرت و
ئیستاو ئەوسایش ئەو قەرزەی خۆی
بە داربەڕوو نەدایەوە!

-32-

گەڵایەك هەڵوەری.. پەنجەیەك بە دوایدا.
پەنجەیەك هەڵوەری.. شیعرێکیش بە دوایدا.

که شیعریش هەڵوەری.. ئەوینێك بە دوایدا.

ئەو وەختەی ئەوینێك وشکی کرد

وەرزێکیش لەگەڵیا.

ئەو ساڵەی وەرزێکم وشکی کرد

شارێکیش لەگەڵیا.

لە پرسەی شاریشدا..

گریانی وڵاتێك لەگەڵیا..

بۆ کۆستی وڵاتێك

زایەڵەی جیهانیش بە دوایدا.

ئەو وەختەی زایەڵەی جیهانیش

باڵیگرت بۆ سەرێ

بەدوایدا

ڕەهێڵەی گەردونێ داباری و

ئەمجارە خوایش گریا!

-33-

چنارێك بەیەك شەو کۆم بۆوەو لە قاچ کەوت

ئەو ڕۆژەی کە بینی باڵندەی عەشقەکەی کۆچیکرد!.

بولبولێ بە یەك شەو وەك گەڵای خەزانێ

دەنگی کەوت..

ئەو وەختەی گوێی لێ بوو گوڵزاری عەشقەکەی

لە گێژی سێڵاودا خنکاوە..

ڕووبارێ بە یەك شەو توایەوەو لەبندا بزربوو
ئەو وەختەی پێیانووت مەزراکەی عاشقی سووتاوە.
شەماڵێ بەیەك شەو مووی سەری و کاکۆڵی سپیی بوو..
ئەو وەختەی کە زانی کاوانی عەشقەکەی کوژراوە..
دوای یەك شەو لەهەمان وڵاتدا
شاعیرێ پیرەمێرد، باریکتر لە خەمی پاییزو
لە گەڵای خەزانیش چاو کزتر.. کۆماوەیش چون هیلال
لەپڕدا ڕاست بۆوە چون فوارەو
داری پیر.. مووی سپیی ڕەش بۆوەو
هەوری پیر.. بەیەك شەو گەنج بۆوە
ئەو دەمەی جوانترین چوار شیعری تەمەنی
بۆ عەشقی چنارو بولبول و شەماڵ و ئاونووسی!

# ناوەرۆك


نسێ ........ 5
وتەیەك ........ 6
باڵا ئاوێنەكان ........ 7
سروودەكانی (مەلەك تاووس) ........ 9
چێوار ........ 30
ژیلا ........ 38
پیاسەیەك بەناو خوێنی خۆمدا ........ 45
هەڵقرچان ........ 52
لاورا ........ 60
ڕابووردو لە خەونە ڕۆمانسیەكاندا ........ 65
جەژن ........ 68
مەرگی مانگێك ........ 70
دەیان پۆلە باڵندەی وشە ........ 73
چواردە پۆرتەرێتی شیعریی ........ 75
دۆنا دۆن ........ 83
وریاكردنەوە ........ 84
چاو ........ 85
لەناو بەفرێكی تاریكەوە ........ 87
ئازارێكی قۆشمە ! ........ 89
دۆنا دۆن ........ 91
بزربوون ........ 92
كەمین ........ 93
كاغەزێكی سپی ........ 95
شەوانە دیدار ........ 96
هەمیشە پرسیار ........ 98
وەریین ........ 99

له قاوەخانەیەکدا ........ 100
نووسین ........ 102
جڤین ........ 103
چاوەکانت ........ 105
سەردانەوە ........ 106
ژوان ........ 107
دەنگ ........ 108
داگیرسان و کوژانەوە ........ 110
ڕۆژانە ........ 111
هاتوچۆ ........ 112
ئەو ڕۆژەی نەچوومە دەرەوە ........ 114
ئیرۆتیکا / خلیسکان ........ 116
ئیرۆتیکا / گۆم ........ 118
ئیرۆتیکا / حەمام ........ 120
شەختەی قوتبی ........ 122
شیعری کاولستان ........ 123
نیوەڕۆی شەوان ........ 124
زریکەی ژن ........ 126
یاقوت و پیرۆزە ........ 127
خەڵوەتێك ........ 128
دیالۆگ ........ 129
زەریا ........ 130
سەردەمی من ........ 131
خەونێك ........ 132
خۆشەویست ........ 133
کەزیی ........ 134
درێژ ........ 135
شەماڵێکی شەل ........ 137
تەیر ........ 138
ڕۆحێکی نسرم ........ 139
کەمانچە و شەو ........ 141
لەم مەیدانە زیوینەدا ........ 142
دووکەڵ و بوخار ........ 143

ژن و باران .......... 145
دوو هەزار وشە بۆ ساڵی دوو هەزار .......... 147
ژن و باران .......... 165
لەو قژەدا مانگەشەوێ بریندارە ! .......... 173
ڕەجم .......... 177
وەفا .......... 186
لەدایکبوون .......... 187
تەنیایی .......... 188
درەوشانەوە .......... 189
مەولەوی .......... 190
گەڕانەوەی ڕۆژژمێرە شوومەکان .......... 196
سێ لەیەکچوون .......... 203
کۆیە و حاجی .......... 204
نووسین .......... 205
مۆزارت .......... 206
عوسمان عوزێری .......... 209
وەڵام .......... 211
ماك .......... 213
ئەو .......... 215
ماڵەکەمان .......... 217
هەتاو و گۆرانیی و بۆن .......... 219
سۆراخێك .......... 221
دایکم .......... 223
لەمیترۆدا .......... 225
بۆن .......... 226
تاڤگە .......... 227
ئەوین .......... 228
ڕەنگ .......... 230
بیروڕا .......... 231
بۆ ئیسماعیل بێشکچی .......... 232
نەهێنی .......... 233
خەونە تاڵەکان .......... 234
کە مردووەکانمان گەڕابوونەوە .......... 235

ئامازەی جۆراوجۆر ........ 237
لەمەملەکەتی کۆترەکاندا ........ 241
ڕەنگدان ........ 263
لەچلەی چلچرایەکدا ........ 393
پیاوێ لە دارسێو ........ 415
خۆم.. ئەو وەختەی باڵندەم ........ 457
وتەیەك ........ 460
کەژی شیعر ........ 461
لە ڕاڕەوە نسرمەکانی لەشدا ........ 463
دایکم.. لەوێ لەپشت ئۆقیانووسەکانەوە ! ........ 470
چاو لەڕێی ڕۆژهەڵات ........ 477
دووڕییانەکان ........ 482
بۆ یانزە تابلۆی هونەرمەند نامیق عەلی قادر ........ 486
مەحاڵ ........ 490
پییا ........ 495
لەشەممەیەکدا ........ 506
محێدین زەنگەنە ........ 517
کەمال مەزهەر ........ 519
لەناو سەبەتەکەیدا ........ 521
خۆم .. ئەو وەختەی باڵندەم ........ 523
تاشەبەردێ ........ 524
داوا ........ 525
باوەش ........ 526
هەڵکەندن ........ 527
گێلاس ........ 528
ئاهەنگێك ........ 529
بازنەی عەشق ........ 531
دوا دیدار ........ 532
تاوان ........ 533
تاقە ڕەنگ ........ 534
دنیا ........ 535
قژ ........ 536
چیرۆکی گورگێ ........ 538

ئاوێنەو پاییز ........................................................................ 540
لەیەك نەچوون ! ........................................................................ 541
وێنە کێش ........................................................................ 543
نەورەس ........................................................................ 545
لەو دەشتەدا ........................................................................ 546
بیرنەچوونەوە ........................................................................ 548
هەشتەم ڕۆژ ........................................................................ 551
بەهانە ! ........................................................................ 553
هەمیشە عەشق ! ........................................................................ 555
نامەی ڕووبارێ ........................................................................ 556
دوو ڕازی ڕۆمانسیانە ........................................................................ 559
هاوسەر ! ........................................................................ 561
عەشقی تۆ هەتاوە ! ........................................................................ 563
ڕامووسان ........................................................................ 564
پێدەشتی پەخشان ........................................................................ 565
ڕەشەبایەکی چەمووش و بەیانییەکی تازە ........................................................................ 567
ڕۆژی ژن.. ڕۆژی گوڵەبەڕۆژەکان ! ........................................................................ 582
مردن بە جلکی سەربازییەوە ! ........................................................................ 598
مەرگی گۆرانییەکی سپیی ........................................................................ 600
ڕازێك لەگەڵ "با"ی تشریندا ........................................................................ 610
هەڵەبجەو گەڕانەوەی دار هەنارەکان ! ........................................................................ 614
پاییزە میوان ........................................................................ 627
لە چاوەڕوانی بوومەلەرزەیەکدا ! ........................................................................ 629
کۆنسێرتێ بۆ پاییز.. پاییزێ بۆ دایکم ! ........................................................................ 640
داگیرسان و کوژانەوە ........................................................................ 648
میوان ........................................................................ 654
لەژم ........................................................................ 659
ئەو وشانەی کوشتمیان ! ........................................................................ 662
من لەوێ ئاوێکی خنکاوم ! ........................................................................ 667
سی و سێ پاییزە میوانی بچکۆلە ! ........................................................................ 671

# دیوانی

# شێرکۆ بێکەس

# دیوانی

# شێرکۆ بێکەس

**بەرگی شەشەم**

**2004 ـ 2006**

**کوردستان ـ** 2006

# گۆڕستانی چراکان

رۆمانە شیعر

2004

به بەرگی تازەی شیعرەوە

بەرگێ.. لە وردە پوولەکەی ئەسرین

با بریسکەیبێ مەراق و

بدرەوشێنەوە ئاخ و داخ!.
بەرگێ.. لە شەماڵی وەنەوشەیی شەفاف
لەمدیوەوە با هەناوی کزەکانی هەموو دیاربێ.
بەرگێ.. لە پەلکە گیای غەمگین
وەختێ کە فەسڵی دابڕان
بە ئەسپایی ئەیکاتە بەر ئێوارانی عاشقان و
باڵای سەفەری غەریبان!
بەجلی تازەی شیعرەوە
ئەو جلانەی کە خەیاتە باریکەلەکەی خەیاڵی خۆم
لە ژوورە نسرمەکانی تەنیایی و تەریکیدا
هێور هێور لەبەر فانۆزێکی هیلاك
بۆی بڕیم و بە تەقەڵی وردە هەنیسکی شەوانە
بۆیشی درووم!

هەر بە کاڵاو
هەر بە پێتاوی شیعرەوە
بەو کڵاوەوە
کە پەپووسلێمانکەیەکی عاشق
بەدەم خوێندنی سورەتی ئەوینەوە
لەسەری کردم و
بەو بۆینباخەوە کە دارهەنارێکی بێوەژن
بە دوو دەستی لەرزۆکەوە

بۆی بەستم و

هەر بەو کڵاشە دۆمیانەیشەوە
کە داربەڕوویەکی هەورامان
دوای خوێندنەوەی پێدەشتێکی پەخشانم
لە بەردەمی هۆرەیەکی کاکۆڵ درێژ و
"کنالەیلێکی" چاوڕەشدا..
لە شارەزوور پێشکەشیکردم!
هەر بە کراسی شیعرەوە
وەك پۆشاکی
چیای تەم لە دامێندا گرمۆڵە بوو
وەك بەرگی گڕەژۆی[1]
دارستانێکی کۆست کەوتوو..
هەر بە جل و بەرگی شیعرەوە.. ئەڕۆم
بێ مۆڵەت وەرگرتن.. لە یەکەم ڕەشنووسی تووڕەم.
بێ مۆڵەت وەرگرتن.. لە ڕەشەبا چەنەبازەکەی ڕەخنەگر
بێ مۆڵەت وەرگرتن.. لە بازگەی هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێ
لە هیچ کەوشەنێ و لە هیچ پیرەرێو
لە هیچ داوێکی سەرەڕێ.
ئەڕۆم
هەر بە کاڵای مۆسیقاو چریکەوە ئەڕۆم

[1] گڕەژۆ: گەڵاڕێزان

واتە بەو جریوەو جووکەو نەغمانەوە
بەو گڕاگڕو[2] گژەگژەی[3] ژانانەوە ئەڕۆم
کە لە بێشەی لەشمەوە دێنە دەرێ
بە چکچکەی[4] ئەو دڵۆپە زیوینانەوە
ئەو دڵۆپی حەسرەتانەوە ئەڕۆم
کە لە نامۆییم ئەتکێنەوەو
ئەچۆڕێنەوەو
ئەبریسکێنەوە.
ئەڕۆم پێبەپێی ڕۆیشتنی شپرزەیی
شانبەشانی ڕۆیشتنی سەراب
قۆڵ لە قۆڵی پاییزدا
ئەڕۆم..
چۆن هەوری ڕاونراو لە گاپێڵی[5] کێواندا.
بە شێوەی (با) یەکی ترساو لە چەخماخە.
بە وێنەی کیژۆڵەیەکی قوتاربووی ئەوسا
لە هەوای هەڵەبجە
ئەڕۆم..
هەر بەو شمشاڵی ئاخ و داخانەوە

---

(2)گڕاگڕ: کڵپەو بڵێسە
(3)گژگژە: پووش و پەڵاشی بابردە.
(4)چکچکە: دەنگی دڵۆپە.
(5)گاپێڵ: پێچی شاخ

كه برينەكانم بۆ تەنياييمی ئەژەنن.
بە پەڵە خوێنی نەوتاوی كەركوكی سینەمەوە
كە بەردەوام سەری بڕڕاوی تیا هەڵدێ.
ئەڕۆم
بە خۆم و دەسكەنەیەك
لە قژی ئەو ژنەوە ئەڕۆم
كە شمشێری فەتوایەك
لەسەر تاوێرە بەردێكی تەوێڵە
بە نێوی خوداوە، گەردنی ڕفان و
لە دواییدا وەك دیاریی دای بە منارەیەك!.
ئەڕۆم و
سەفەرێكی تازەم لەبەرە
سەفەرێ بە پێی پەتی خەمان.
سەفەرێ بە سواری تراویلكەو
سەفەرێ بە سواری هەواڵی ناوەخت و
سەفەرێ بە سواری دووكەڵێ
كە پاشكۆو خورجینی
پڕكردووە لە چاوی كوژراوی باران!.
سەفەرێكی تازە
بۆ مەملەكەتێ لە شارەكانی خۆڵەمێش
بۆ مەملەكەتێ لە كوچەو شەقامی بێدەنگیی
بەڵام پڕ لە خەڵكی

پڕ له گۆرانیی نوستوو..
پڕ له شووشه شەرابی شکاو
پڕ له کوێره کانیی
پڕ له ئێسك و پروسکی هەتاو
سەفەرێکی تازه
بەرەو سەعیری بنەوه
بەرەو بن بیفی تەم و مژ
له بندینی گریان و فوغانی ئاوەوه ئەڕۆم.
سەفەرێ کت و مت وەك سەفەری
باڵندەیەکی بەچکه لێونبووی وێڵ و شڵەژاو.
چون تیلماسکی هەورێکی برینداری
له ئاسماندا لێقەوماو..
چون سەفەری جۆگەیەکی سەرچاوەکوژراو
که هەر ئەڕواو به دەم شەپۆڕی نێرینەی شەپۆلەوە
وڕێنەیەتی و نه ئەتوانێ بگەڕێتەوه
سەر خوێنی سەرچاوەو
نه ئەیشزانێ لەبەر دەمەوه
به کام تووناوتوون ئەگات و
به کام جەیحوونی نادیارو بەکام گراداڤ و(*)
له کوێدایه چارەنووسی ئاو!.
هەر به جلوبەرگی شیعرەوە

(*) گراداڤ: ئاوی بەخوڕ که خول ئەخوا.

هەر بەو پۆشاکانەوە
کە بادی خۆش مروری نالیی پۆشیبووی
ئەڕۆم و کەڕەتێ ئەبم بە سەمەندەرو
بە چریسکەوە[6] باڵ لێك ئەدەم و
کەڕەتێکی دی ئەبمە پەپووی وێرانە خاك و
لەناو گارۆی[7]
درەختی گریاندا هەڵئەنیشم و
جارێکی دیش ئەبمە سێبەری ئەنجن ئەنجنی شاخ و
لە دواییشدا بە شەوقی تینووی سوورە هەتاو!.
هەر بە جل و بەرگی مۆسیقاوە..
بە کاڵای تەمبورو باڵەبانەوە
بە سڵسڵەی وەزنەوە
وەختێ ئەمکا بە لەنجەی کڵپەداری وشەو
کاتێ ئەمکا بە سەمای پەل‌وپۆداری ئەشکەنجەو
لە ناکاویش بە تەپ و تۆزی کاروانی جەستەی
کۆستێکی درێژی لەو خوارە بەجێماو!
ئەڕۆم و
سەفەرێکی تازەم لەبەرە، سەفەرێکی شین و مۆر.
بە خۆم و جانتا ڕەشەکەی بن دەستمەوە ئەڕۆم
کە لە دە گیرفانی خۆشەویستیی زیاتری هەیە و

---

[6] چریسکە: بریسکە.

[7] گارۆ: هێلانەی مەل لە کونی داردا.

لە هەر گیرفانێکیشدا، تیشکێ، یان پەندێ
یان باڵندەیەك، یان قەسیدەیەك، یان
تەمێکی لەناودایە!.
ئەوەتا لە یەکەم گیرفاندا
شپرزەییم گمەگمێتی و
لەسەر هێلکەی شیعرێ کڕکەوتووەو
خەریکە مانگەشەوێ هەڵبێنێ!.
ئەوەتا لە دووەمدا
لاواندنەوەی دایکم
بووە بە تووتاکێکی[8] ڕەش و سپی و
لە نێوان خەزانە خەمێکی درێژو
ڕنۆ بەفرێکی کلۆڵ و قەتیسدا دێت و ئەچێ!
لە سێهەمدا نامەی کچێ
کە پڕێتی لە پەلکەگیاو لە شەونمی حەرف و
لە زەنگینانەی پرشنگ و
بووە بە بالیفی خەیاڵێکم و
شەوانە پژاڵی[*] تەنیایی لەسەر ئەڕوێ!.
لە چوارەمدا (با)یەکی ئاوس خەریکە
ژان بە دووانەی باران و برووسکەوە بگرێ!.
لە پێنجەمدا.. پەڕی شەبەنگێ ئەوەرێ.

---

[8] توتاك: قومری، جۆرە کۆترێکە وەك تاق تاقکەرە.

[*] پژاڵ: لکی هەرەباریکی دار.

لە شەشەمدا.. هەر لە خۆوە وشەیەکی جەحێڵ ئەمرێ.
لە حەوتەمدا.. ڕەنگێکی تازە هەڵئەفڕێ.
لە هەشتەمدا.. لە پڕێکدا وەیشوومەیەك دائەبارێو
لە نۆیەمدا.. بەفرم ڕەش ڕەش هەڵئەگەڕێ و
لە دەیەمدا.. کێلانێکم ئارام ناگرێ و
لە تیغی خۆی ڕائەپەڕێ!.
هەر بەو جانتایەوە ئەڕۆم..
ئەمجارەیان زۆر دوور ناڕۆم
هەتا سنووری باشووری ئەم زمانەو
جوگرافیام، ئەدەم بە کۆڵی مێژوودا و
مێژووم ئەسپێرم بە ئەسپێ و ئەسپیش سەری
خۆی بە سەحرای پەراگەندەکان ئەسپێرێ.
من بەسەر پشتی ئەسپەوەم
هەتا بەر دیواری بابل ئەیئاژووم و
لەوێوەڕا سەریش لە خاکی سۆمەرو
مەملەکەتی تەمووز ئەدەم
من بە شوێن ئێسك و پرووسك و کاسەسەرم و
من بە شوێن خۆمدا ئەگەڕێم.
ئەمجارەیان زۆر دوور ناڕۆم
بەڵام قووڵ قووڵ
بەرەو جیهانی بنەوە دائەگەڕێم
من ڕۆئەچم و سەرنج شۆڕ شۆڕ ئەکەمەوە

تا ئەو شوێنەی
کە ڕووبەڕوو مەرگ ئەبینم!
ئەمجارەیان من سەرزەمین بەجێدێڵم
هیچ کارێکم بە ئەستێرە و بە داروباری سەرەوەو
بە شەقام و بە تەلارو بە خۆر نییە
هەر بەرەو بن دائەچۆڕێم
لەناو نیشتمانی گڵدا
لە وڵاتی خۆڵ و قوڕدا
بۆ ئاوی کوژراو ئەگەڕێم!.
بۆ ئەو پەری و فریشتانەی یەزدانی شووم
یەکە یەکە فڕاندنی.
لە بنەوە پەل ئەکوتم بۆ نەهێنیی
تا بە ڕووتو قووتی بیگرم!.
لە بنەوە خوا ئەدوێنم و
هەرچی بێدەنگیی زەمانی تاریکایی و
تەنیاییە ئەیهەژێنم.
لە خوارەوە
لە بنی بنەوەی نەخشەیەکدا
کە بورکانێك تیا نوستووە
من ئەمەوێ تووڕەی کەم و هەڵیسێنم!
زۆر دوور ناڕۆم
هەر لە نەخشەی مەرگی ڕەنگاوڕەنگی خۆمدا

له چوارچێوەی دیرۆكێكدا
كه هەر ناسنامەی دۆزەخ و
خۆڵ و تۆزی بزر بوونی
بە من بەخشیی
سەفەر ئەكەم.
زۆر دوور ناڕۆم!.
من هەروەكوو باگژەیەك
كه سەحرا شێتی كردبێ و
سەراب جێ پێی هەڵگرتبێ و
چون تەندوورەی گێژەڵووكە
بە چواردەوری لەشی خۆمدا ئەخولێمەوە!.
یەك مەنزڵی دیارم نییە
یاخود ئەدرەسێ بۆ دواجار
ڕووی تێكەم و بڵێم لەوێ
ئیتر سەرم له باوەشی
دوا سۆراخدا وەك سروەیەك
دا ئەسەكنێ و
بڵێم لەوێ
وەڵامێكی چون یەقینی
خوام دەسكەوێ!.
من بە نادیاردا ئەگەڕێم
دەلیلم شپرزەییەو

سەرابێ پێشم ئەکەوێ!.
هەموو چۆڵەوانی و دەشتێ
هەموو قاقڕو کاولاشێ
بانگم ئەکەن
قەلەڕەشکە و داڵ لە مندان.
پەپوو ناوچەوانی منە.
لە هەر کوێیەك کە بێدەنگیی
پارچە عەردێکی یخ دابێ
لە هەر شوێنێ کە نەهێنی و
مەرگ و ونبوون لەوێدا بێ.
لە هەر شوێنێ بۆنی گومان و ترس و لەرز
بۆنی زریکەو ناوی خوا
لەگەڵ خۆڵدا تێکەڵ بووبێ
ڕووی تێ ئەکەم!
بە ڕێگەکانی دووکەڵدا
سەفەرێکی خۆڵەمێشیی
بە دەشت و دەری هاواردا
سەفەرێکی وەیشوومەیی.
بەناو ژمارەی بزردا
سەفەرێکی بێ ئاکام و
بەناو لاڵبوونی زمان و
بەناو کەڕبوونی دنیادا

سەفەرێکی بێ کۆتایی

من ئیستا وەك مەراق ئامادە و

چون هاوار لەسەر پێم!

ئەپرسم: لە پێشدا پێ بخەمە

کام خاکی واوەیلاو کام عەردی زریکەو

کام وەرزی کوژراوی لەشمەوە؟!

سەرەتا بچمە ناو

کام گەرووی زایەڵەو

کام ماڵی گەڕۆکی مەرگمەوە؟!

یەکەمجار سەر بکەم

بە چیدا؟

بە تەمدا؟!

بە خوێندا؟!

بە گڵدا؟!

بە کوێدا؟!

لە بەردەم کام دەشتی شیوەن و

کام هەوای خنکاو و کام گۆڕی ئەستێرەو

دەربەندی ڤیژەدا بوەستم؟!

پێم بڵێن: چۆن بڕۆم؟!

ڕاستە و ڕاست؟!

چون پرسی برینی دڵنیا؟!

بەرەوخوار

بۆ دنیای ژێرەوەی تارومار؟!
بەرەو ژوور، بۆ لای خوا؟!
چۆن بڕۆم؟
بەرامبەر سەرابی خۆرئاوا مل بنێم؟!
یان هەڵمی سورباوی ڕۆژهەڵات؟!
پێچاوپێچ؟!
بە وێنەی گینگڵی، ئاشقەو ماشقەی
شەپۆلی نێو زەریا؟!
پێم بڵێن: چۆن بڕۆم؟! لەگەڵ کێ؟!
بە قسەی کام خۆڵ و، کام لم و،
کام سەحرای عەدەم و
بە قسەی کام ڕەنگی پەلکەگیا و
کام پووش و پەلاشی ڕومادی و کەربەلا و
بە قسەی کام لاڕێی ڕەشەباو
کام داڵی نوگرەکەی سەلمان و
کام جرجی خوار بەغدا بکەم و
کام گومان بکەمە
ڕێبەری سۆراخی سەفەرم؟!
پێم بڵێن: چۆن بڕۆم؟! لەگەڵ کێ؟!

ـ لەگەڵ من!
من ئەگەر پێشت نەکەوم

نه ئەسپی ئەفسانەو نه مەراڵی[9] خەون و
نه تەیری شیعر و نه بای جادووگەر
بەو مەرگانە نازانن
نه یەکەو نه دووەو نه سێیەو نه هەزار
شوێنم کەوە
دەسبگرە بە پرچمەوە
من ژنێکی خەڵکی "زینانە" م
ناوم "کاڵێ"یە
سەرگوزوشتەی دۆزەخ و دۆزەخەوان و
بەیتی حەشرو قیامەت و حیکایەتی دابڕان و
هەڵقرچان و، هاتنەوە لە وەو دنیاوە
لە لای منە!
ئەوەی کە ئاو پێی ئەزانێ و
ئەوەی کە داری سەرەڕێ و باڵندەکان
پێی ئەزانن، کورتەی خەمە و ئێجگار کەمە.
من بۆ خۆم قیژەی ناوچاڵ و
من ڕەنگی شەوی دڕندەو

من بۆنی جەستەی پاسفندەی[10]
بەردەم سەگەڕەشی ئەوێ و

---

[9] مەراڵ: ئاسك.

[10] پاسفندە: گەندەڵ، ڕزیو.

ئافاتەکەی سیاساڵ بووم!
من بۆ خۆم چوومە پێخەفی مردنەوە
من خۆڵەمێشیی ئەویٚ بووم
من لەویەوە هاتوومەوە
لە هەزاران هەزار گوڵ و
لە هەزاران هەزار کانی و
لە هەزاران هەزار قومری و
شەنگەبێری و، ئەسپی پیرو، جوانووی شاخ و،
لە سمۆرەو، لە کەروێشك و، لە پەپوولە
هەر سیٚ چواریٚ گەڕانەوە!
تۆ دەسبگرە بە پرچمەوە
شوێنم کەوە، من لەویەوە هاتوومەوە
ـ نە پەلك و نە باویلکەو
نە پەمووی بابردوو بوون!
نە پاشەڕۆی دڕك و داڵ و نە عوجاج و
ئێوەم لە تۆزدا بینیەوە.
گۆرانیەکانتان وەکوو کراسی بەرتان
ڕزیوو، هیواکانتان،
لە بەردەم ئێسك و پروسکا وردوخاش و
هەتاویشتان لە مەملەکەتی ناو شەوی خۆڵدا
ئەیزریکان!
نە ڕۆژنامەی دڕاو بوون و، نە پەڕە مریشك و

نه قوتوی فڕێدراو و نه شووشەی شکاو و
کەچی بوون بە هەموویان!
قەڵەم و جزدان و هەندێ دراوی ئاسن و
بازن و مت و موروتان
ملوانکەو ئەڵقەی پەنجەتان
هەر هەموویان،
جگە لە خۆتان بێ وەی بوون!
ئاپوورەی (مانگ)ی نوستوو بوون
خەرمانەتان تۆزو خۆڵ.
لەپەو ڕوو یان لەسەر پشت پاڵکەوتوو
چاڵی چاو و، کاسەسەرو، کونی لووت و
ناو دەمیش.. ماڵی تازە
بۆ دوپشکی بیابان!
ـ دەس بگرە بە پرچمەوە
یان بە لکی درێژی خەممەوە
یان بە دووکەڵی دەنگمەوە
شوێنم کەوە!.
ئەمە نە وڕێنەی شیعرەو
نە ڕێشکەو پێشکەی بەرچاوی خەوەو
نە ڕایەڵەکانی فانتازیای خەیاڵ:

ـ "تۆپزاوا" یەکەم هاوینە هەواری خێڵی مردن!

یەکەم ئێزگەی دەنگی تیژی پەپوویەکی شەوەزەنگی
باڵ لە ئاسن!.
تۆپزاوا.. دەشتێك لە ترسی ترساو و
بەراییەك لە ڕامانی خوداوەندی بێ قودرەتی
بەردەم دۆڵپاکانی بەغداو
چوڕستانێ لە پرسیاری سەرگەردان و
پرسگەیەك بەر لە دەروازەی جەهەننەم!.
تۆپزاوا.. خەریتەیەك لە نەهێنیی
پێچاوپێچی سەراب و تەم.
بەنگەڵەیەك، دوو بەنگەڵەو، بیست بەنگەڵەو
درێژ درێژ، لەمسەری هەوای خنکاو و تاساوەوە
هەتا ئەوسەری بێدەنگیی ئاسۆیەکی پشت کۆماوەم..
دنیا زەلیل
جادە زەلیل، شاخ زەلیل و ئاو زەلیل و
سروشت زەلیل
زیلێك، دوو زیل و، هەزار زیل
لێرەوەیە کۆچێکی سوور، کۆچێکی دوور
ڕێچکە ڕێچکەو، کاروان، کاروان
هەناسەی بەفر هەڵئەگرێو
شەوقی مانگەشەو هەڵئەگرێ و
خەندەی ناو بێشکە هەڵئەگرێ و
لاوك و حەیران هەڵئەگرێ و

له دواییدا (با) ی گڕاگڕ
یەکە یەکە لەناو وەیلا
دایان ئەگرێ!.

- لێرە زەبوونە ڕووناکیی
زەبوون.. زەبوون
خراوەتە ناو تەندووری دەبابەوەو
هەردوو چاویشی بەستراوە!
لێرە مەلوولە گۆرانیی
مەلوول.. مەلوول
خراوەتە ناو گەرووی لوولە تۆپەوەو
دەم و لێویشی دووراوە..
لێرە ئەسیرە ئازادیی
ئەسیر.. ئەسیر
خراوەتە ناو سنووقە فیشەکەوەو
سنووق لەسەر
لێواری مەرگ دانراوەو
فتیلێکی لێ بەستراوە!.
لێرە.. لێرە.. لێرە
لێرە قەدەغەیە کزە
گەورە ببێ و لە دواییدا
ببێ بە گڤەی ڕەشەبا!.

لێرە قەدەغەیە گزنگ
پێ بگرێت و باڵا بکاو
ببێ بە سوورە هەتاو و
بچێتە سەر لووتکەی چیا!.
ـ کۆمەڵێ پیاو، دەوالی[11] (مانگ)ی عاشقان
بە نەهێنیی دوای نیوەشەو!.
دەوالی چرای هەژاران
وەختێ چرا تازە چاوی چووبێتە خەو!.
کۆمەڵێ پیاو، دژی زەردەخەنەی ئاو و
دژی خونچەو دژی ڕەنگی سپی و هەتاو
کۆمەڵێ پیاو لە ترومی[12] هێلکەی پیس و
لە نەژادی بەربەریەکان!
کۆمەڵێ پیاو، هەموو لە قوڕی ئەمەوی.
کۆمەڵێ سەر، هەموو لە دوورگەی تاریکیی
کۆمەڵێ دەس، هەموو لە شمشێری حەجاج
کۆمەڵێ ڕەنگ، هەموو لە ڕەنگی ئافات و
کۆمەڵێ دەنگ، هەموو لە دەنگی نەهات و
کۆمەڵێ بۆن، هەموو لە بۆنی شانزەی سێ و
پەیامێکی مەنجەنیقی و
پەیامێکی بێ پرسیارو

---

[11] دەوال: دزی شەوانە.

[12] تروم: نەژاد، ڕەگەز.

مێژوویەکیش لە منارەی کەللەسەرو
سەروەرییەك: لە جۆگە خوێنی ئەبەدیی!.
ـ تۆپزاوا !، لە پاییزا نیوە شەوێ
بەدەر لە تەقویمی دنیا
هی زەمانێ، کە کاتژمێر
سەعاتی خۆی تیا سەرئەبڕیو
چاڵی بۆ خولەکی جەستەی هەڵئەکەنی و
بە خۆڵی چرکەکانیشی دایئەپۆشی!
بەدەر لە هەموو ژیانێ
لە پاییزا نیوە شەوێ
لەناو سەرسەری بەنگەڵەی سێیەمدا بوو:
ئەڵقەیەك ژن، ژنە خەزان، بازنەیەك
لە عەبدی مێی سەروقژ بژ. پەرەسێلکەی
ڕەش و سپیی دەم بە نزا. کۆمەڵێ ژنی هەڵوەریو،
وەك لق و پۆپی ڕووتاوەی درەختێکی بەر ڕەشەبا.
جارێك سەریان بە یەکەوە ئەنووسان و
لە ناکاویش دەستیان لە یەکتر بەرئەدا.
ئەڵقەیەك ژن. لە ڕەگەزی گەڵاڕێزان، لە توخمی
شەوی تەمتوومان. بووبوون بە پەرژین بۆ ژنێ
لە ناوەندا ئەیزریکان. ژنەی ناوەند پاڵکەوتووەو
لەسەر پشتە و نیوەی لەشی لە باوەشی چەند ژنێکداو
نیوەکەی تری بەرەڵڵا، وەختێ ئازار گرژ ئەبۆوە،

به پڕاوپڕی بەنگەڵەو بە پڕاوپڕی زەمان و ئەم دنیایە
ئەیقریشکان. تەوژمی ژان و جۆگە خوێن، لەناو
گەڵدا، لەگەڵ تیشکی گڵۆپێکی زەردا و لەگەڵ
نزاو لەگەڵ ویردا تێکەڵ بە یەکتری ئەبوون لەبەر چاوی
پیسی قەمەو بەر تەماشای چەند نیزەدا.
جۆگەلەی خوێن لە ژێرەوە دزەی کردوو
چووە دەرێ و ئەڵقەی بەزان، ئەوسا ئیتر نزاو ویردو
قیژەی ژنەو، هەوای ژوورو، کۆنکرێت و،
سەروملی مشایەخ و، ئەسحابەکان، بە پرژە پرژی
ئەو خوێنە هەر هەموویان سوور هەڵگەڕان!..
لە پاییزا نیوە شەوێ
بەدەر لە ویژدانی دنیا
لە بەنگەڵەی فەنابووندا، کچێکی بوو
بە قەد پەپوولەیەك نەژیا!
ـ چیتان بۆ بگێڕمەوە؟ چی؟ چیرۆکی سەمای ئەو
ئاوەڵ کراسانەی کە "قەحطان" و "عەدنان" و "دەحام "
بە پێش دەمی قافڵەی زیلەکانەوە هەڵیان ئەواسین؟!
ئاوەڵ کراسی خۆم و دایکم و خانزادو مەستوورەو عادلە خانم و
حەپسەخانی نەقیب و عەنبەر خاتوون؟ کە یەك بەدوای یەکدا
لە زاخۆوە هەتا قەڵاکانی سەلمان ئەشەکانەوە؟ چیتان بۆ بگێڕمەوە؟!
چی؟ حیکایەتی منداڵەکەم کە لە ئاودەستێکدا بووم و تەمەنی
چارەکە سەعاتێك و لە دواییدا لەناو قاقای عەسکەرێکدا مرد؟!

ئاخر چی بگێڕمەوە، زەلیلی کە بووبووە کراسی شیتاڵ شیتاڵی بەرمان؟
حەیا کە قەترە قەترە ئەتکاو "نەزهەت تۆغان" ئەیخواردەوە؟!
چیرۆکی ئەو بەفراوانەی ئەبوون بە گڕەو
ئەو هەلالانەی ئەبوون بە عوجاج؟!
حیکایەتی ئەو جەستانەی وردە وردە کرمەڕێز ئەبوون و
ئێمەیش کرمەکانمان لە برساندا ئەخوارد؟!
چیتان بۆ بگێڕمەوە؟!
ئاخر زریکە چۆن ئەگێڕدرێتەوە؟!
قیژە چۆن ئەنوسرێتەوە؟!
عەرعەر چۆن ئەخوێنرێتەوە؟!
ئەبێ خۆڵ قسە بکات خۆڵ!
ئەبێ چاڵ قسە بکات چاڵ،
مارو مێروو بیگێڕنەوە
ئەو چاوانەو ئەو گۆی مەمك و ئەو کاکۆڵ و زەردەخەنەو مەقامانە چییان لێهات؟!

ئەبێ خودا خۆی ڕۆژێ سەرمان لێبداو
پێمان بڵێ ئەو ڕۆژی حەشرە چۆن ڕوویدا؟!
"لە تاریکە شەوێکی هاوینی 1988 دا. هەر لە ڕۆژئاوای "تۆپزاوا"وە بە چەند کیلۆمەترێ دوور. دەحام لەسەر گردۆڵکەیەك ڕاوەستابوو. لەویەوە چاودێری هەڵکەندنی ئەو ڕیزە چاڵانەی ئەکرد کە چەند شۆفڵێ بەردەوام لمۆزیان تێژەنیبوو. "قەحتان و عەدنان" یش لە دامێندا هات و چۆیان بوو. دەحام لە هەرەتی هێزو گوڕو سەرکەوتندا بوو. دەحام لەبەر خۆیەوە ئەیوت:

ـ ئێمە واهاتووین کە نەڕۆین!
هەروەکوو چۆن شمشێر هاتە ناو خوێنەوەو
ئیتر نەڕۆی!.
ئەسپ هاتە ناو شالاَوی قادسییەو یەرموکەوەو
ئیتر نەڕۆی.
باهۆز هاتە ناو دەنگی سوارچاکانەوەو
ئیتر نەڕۆی.
دیجلە هاتە ناو جەستەی ئەم،
عێراقەوەو ئیتر نەڕۆی!
باز هاتە ناو ئەم ئاسمانی عەرەبەوەو
ئیتر نەڕۆی!
ئێمە وا هاتووین کە نەڕۆین
مانەوە لەناو تەماشای یەك بەیەکی ئەم خەڵکەدا..
مانەوە لەناو بێدەنگی و، لە نادیارداو،
لە چرپەچرپی زمان و جوڵانەوەی دەست و پەنجەو
لە شەوگاری هەناسەدا!
هەموو شتێ بە ڕەنگی خۆمان ڕەنگ ئەکەین
ڕەنگی دوورگە، ڕەنگی سەرۆك، ڕەنگی قائید
ئاوو هەواو، شاخ و دەشت و، داروبەرد و
لەدایك بوون و مردن و هەموو شتێ
بە ڕەنگی خۆمان ڕەنگ ئەکەین.
هێز. هێز. هێز. هێز

حەقیقەتێ.. لە یەزداندا و لە ئاسندا و
لەناو چەکدا و لە مستەکۆڵەی ئێمەدا.
حەقیقەتێ.. لە ئاگردا
لەم ڕاجیمە و زرێپۆش و خومپارانەو
لە لوولەی ئەم تۆپانەدا!
وەك ڕابوردوو
ملمان کەچکرد بە زریانی ئۆقیانوس تا
پاردەی چین و ئەندەلوسمان وەك موستیلە
کردە پەنجەی مێژوومان و
دنیامان وەك ئەسپ زینکرد!
ئەبێ ڕابوردوو بێتەوە بەردەممان و
خۆمان هەڵدەینە سەر پشتی و بیئاژوین بەرەو ئایندە!
من ڕاوەستاوم لە مەجدا
سەرم لەناو ئەستێرەداو
قاچم لەسەر تەپڵی سەری
شاخ داناوە!
هەموو کێوەکانمان یخ داو.
گەیشتینە دوا نوختەی بەردو نەهێنی
ئاومان گۆڕی بەو شێوەیەی گوللە ویستی.
بامان گۆڕی بەو شێوەیەی بۆمبا ویستی.
وەرزمان گۆڕی بەو شێوەیەی قائید ویستی.
مێژووی یاخیمان هەڵتەکاند

بەو شێوەیەی کە باررووت و تەقینەوەی
باوەڕ ویستی
تەماشاکە وا ئیستاکە نەك هەر خۆیان
کام چیایان زۆر بڵندە، دانەویوەو
لەسەر چۆکە!
وەختێ هاتم هەر لە ڕێوە
من بەزەییم فرێدایە چاڵێکەوەو
هەتا نەمرد بەجێمنەهێشت.
هەر لە ڕێوە من فرمێسکم
لەم چاوانەم قەدەغە کرد
هەتا نەمکوشت
بەجێمنەهێشت!
لەم ساتەدا شەوەزەنگ ئەزرنگێتەوە.
مانگ دیار نییەو هەر چاوی شۆڤڵ ئەبینێ و
هەر دەنگی شۆڤڵ ئەبیسرێ و، وا ئێستاکە
من لەسەر گردێ وەستاوم
گرد نووزەی دێ و لە دامێندا
شەوقی تیژی شۆڤڵەکان
ڕیزە چاڵێ نیشانئەدا..
ڕیزە چاڵێ هەڵکەنراون
چاوەڕوانی پڕبوونەوەن:
بە حەرف و وشەی زمانێ کە غەریبن بە زمانم.

به دیرۆکێ که یاخییه له دیرۆکم.

بەو سەرو دەست و قاچانەی

له نەژادی مەجوسن و

لەم بەهەشتی ولاتەدا جێگه ئەگرن!.

لەسەر گردێ ڕاوەستاوم.

گرد نووزەی دێ و

لەناو دەنگی گرمژنی(*)

حەففارەدا، پاڕانەوەو

زریکه و قیژه و هاوارو

تا هاژەهاژی زەریایشی

تیا ون ئەبێ!

"له هاوینی 1989 دا و له ژێر زەمینی ماڵێکی شاری سلێمانیدا شاعیرێکی گەنج. سەربازی فیرار، خەریکی نووسینی کۆمەڵێ لەو قیژه و زریکه پەرت پەرت و خۆڵاویانه بوو که له سەحرای عەرەبستانەوە هاتبوون و دوای ساڵێك گەیشتبوونه ژێر زەمینەکەی ئەم. به داخەوە ئێمه لەو هەموو هەناسەو قیژەو زریکه و وێنەو ئاوێنه وردوخاشانه، ئەم چەند نمونەیەمان دەسکەوت"

**یەکەم:**

لەو بیابانەی خوارەوە

له هەر جێیەك هێڵەکێ خۆڵ

ببێژنەوە

---

(*)گرمژن: دەنگی ڕووخانی گەورە.

لەسەر کۆزەری هێڵەکدا
ئەبێ هەر وردە نینۆکی پەنجەیەك و
یان وردە ئێسکی لۆلاقی
کوردێکی تیا بدۆزنەوە!

**دووەم:**

گوێچکەی شیعرم
زۆر پووکەپووك و کڕووزە و
ناڵەناڵی عومری خۆمی بیرچۆتەوە
بەڵام ئەوەی کە بەردەوام
لەناو گوێچکەی شیعری مندا
دێت و ئەچێ و ئازارەو ئەزرنگێتەوە
زریکەی ژنە ئەنفال و کچەکانمە و
هەتا ئەمرم
ئەم کاروانی زریکەیە
هەر دێت و دێ و دوایی نایەو
نابڕێتەوە!

**سێیەم:**

ئەو ڕۆژەی خۆڵ بێتە قسەو
بڵێن بدوێ و یان بنووسە و لە جیهاندا
پێشبڕکێیە لە ئازاردا

من دڵنیام ئەرزێك نییە لە دنیادا
خۆڵێك نییە لە دنیادا
ئەوەندەی کۆستی لای ئێمە جوان بنووسێ و
پڕ بێ لە شەوی ڕۆمان و
لە ئاخی کورتە چیرۆك و
لە ئەشکەنجەی شانۆنامەو
لە داهێنانی ناو مردن
من دڵنیام ئەگەر غەدرمان لێنەکرێ
نۆبڵی خوا
لە خەڵاتی مەرگەسات و بێ کەسیدا
هەر ئەم کوردە وەریئەگرێ!

**چوارەم:**

تەنها وەختێ
کە خواوەندی تیا نوستبوو
حەقیقەتی تیا نوستبوو
ساڵی ئەنفالی ئێمە بوو!

**پێنجەم:**

لەوەو دنیا
کە قوربانیەکانی ئێمە هەڵئەسنەوەو
ئەچنە بەر بارەگای خوداو
بە یەکەوە هەموو خۆیان ئەتەکێنن!

ئەو تۆزەی لەوان هەڵئەسێ

سەراپای عەرشی خواوەندو

پەروەردگار دائەپۆشێ!

**شەشەم:**

مێژوویەکە

هاوارمان هێندە تەنیایە

برینمان هێندە بێکەسە

تەنیایی لێمان بێزارەو

بێکەسییش لێمان وەڕسە!

**حەوتەم:**

شەوێك ئەسیاری[13] هەناسەی

ڕۆژژمێری هەشتاوهەشت بووم

ئەمویست گۆڕیچەی بژمێرم

ئەمویست هەنسکی بژمێرم

ئەمویست فرمێسکی بژمێرم

هەتا خودی ژمارە خۆی

هاتە جواب و

وتی: چێکەی؟!

منی ڕۆژژمێر ناوێرم

مەرگەساتی تۆ بژمێرم!

---

[13] ئەسیار: ئێشکگری کاروان.

**هەشتەم:**

ئەڵێن ژنێکی گەرمەسێر
داویەتیە دەشت
بووە بە گڕەی بێ داڵدەو
بە تەوارێکی شێت و وێت
ئەڵێن بووە بە زیگاری(*)
سەرقەبرانی باڵندەکان..
بووە بە زێوانی گردی
دار چوالە جوانەمەرگەکان..
خەڵکی ئەڵێن هەر کەس بە لایدا تێپەڕێت
گوێی لێ ئەبێت
ژنە ئەڵێت:
زۆرجار شتم لێ ونبووە
جارێك مریشکێکی کونج و
جارێکی دی دوو جووجەڵەو
لە بیرم بێ دوو موستیلەو
دوو جاریش دوو پەنجا فلسی و
جارێکیشیان کارژۆڵەیەك
بە دوایاندا من ناوماڵ و ماڵە هاوسێ و
ئەم ڕێ و بان و دەشتانەیان بۆ گەڕاوم

(*)زیگار: شەونشینی.

بەڵام ئیستا من سۆمای چاوم ونبووە
من ڕوانین و من بیستنم لێ ونبووە
دەستەکانیان لێ دزیوم..
کوولەکەی ڕۆحیان بردووم و
من ژیانم لێدزراوە..
من نازانم
ئاخر کوێیان بۆ بگەڕێم؟!

**نۆیەم:**

چونکە ئەوان لەو دوورەن
چاوێك نییە لە منەوە نزیك بێ!.
چونکە ئەوان زۆر تینوون
ئاوێك نییە لە منەوە دوور نەبێ.
چونکە ئەوان پەشموردەن
شتێك نییە لەناو مندا شین ببێ
چونکە ئەوان نادیارن
منیش دیارم نەماوە.

**دەیەم:**

من هەر دانیشتووم
بەرامبەر شاتووی داوێن پەمەیی و
چۆلەکەیەك دێ و ئەنیشێتەوەو
لە جریوەیدا هەواڵی پێیە:

ـ هێشتا هەر ماون
سڵاویان هەیە!
من ڕاوەستاوم بەرامبەر هەوری
هەناو قەترانیی و
دێتە سەر سەرم و گرمە گرم ئەکاو
هەواڵی پێیە
ـ وان لە شوێنکێدا
منیش ناوێرم بە سەریا ڕەتبم!
من درێژبووم و (با)یەکی گێژی
کراس خۆڵاویی
ئەگاتە لام و هەواڵی پێیە:
ـ لە تۆپزاوان
هاوار هاوار و زریکەو قیژە
منی کەڕکردوو
شەوانە ژانی ئەو هەموو ژنە
منی کوێر کردوو
وام بەم حاڵەوە
گەیشتوومە لات!

**یانزەهەم:**

هەموو جارێ
بە دۆڵەکەی ئەسحابانا
کە ڕەت ئەبم

درەختی سەر شەخسە قەبرێ
ڕامئەگرێت و دێتە پێشێ
بە چلێکی، تیز بە پاشمەوە ئەکات و
پێئەکەنێ و دوایی ئەڵێ:
گەوجە! ئەوەی لەبن مندا ڕاکشاوەو
جارێك لووتی و
جارێکی تر تۆ قاپەکانی ماچ ئەکەی
گڵی ئەخۆی
خۆڵی ئەخۆی
یەکەم ئەستێرەت ئەم کوشتی و
یەکەم کانیت ئەم خنکاندی و
یەکەم خوێننامەی ئەنفالیش
بەدەم باگژەی لەوە
ئەمبوو بەسەر مەزراو ڕەزو
دەغڵ و ژن و
شاخەکانی تۆدا خوێندی!

**دوانزەهەم:**

لەو ساڵەدا
لە جێی کولانەی داڕووخاو
سەگەکانی ئەو گوندانە
لانکەو بێشکەی بەجێماوی
منداڵانی ئێمەیان کرد

به كولانه!

**سیانزەهەم:**

لەخوار كفری
ژنێك هەیە لە چاوانیاو لە بینینیا
سێ ڕەهەندی تیا نەماوە
نە ڕۆژهەڵات نە خۆرئاواو
نە لای باكوور
لەوساكەوە چاوەڕوانە
هەموو ڕۆژێ دێتە دەرێ و
لەبەر دەرگا دائەنیشێ و
چاو ئەبڕێتە
ئاسۆی دووری
تەنها ڕەهەند:
دەشتی باشوور!

**چواردەهەم:**

درەختەكانی گوێ سیروان
زۆر بە دەگمەن خەو ئەبینین
بەڵام ئەگەر خەویان بینی
تەنها یەك دیمەن ئەبینن
هەڵكێشان و بڕینەوەو

گواستنەوەیان بۆ بیابان!

**پانزەهەم:**

دنیا بە باڵای ئەم كۆستەی
خۆم ئەپێوم
لەهەر كوێوە، یان هەر كەسێ
فرمێسكێكی بۆ ناردبم
ئەیخەمە چاوی ڕۆحمەوەو
تا هەتایە هەڵیئەگرم
ئەوەی یەك قسەی كردبێ
بۆ ئەم هۆلۆكۆستی غەدرە
من سەد پەیڤی خۆشەویستی
بۆ ئەنێرم
بەڵام ئەگەر خوداوەندو پێغەمبەرو
یەزدانیش بێ
خۆی لادابێ لە بینینم
نە ئەیبینم و
نە من گوێشی بۆ ڕائەگرم!

**شانزەهەم:**

ئەنفال.. ئەنفال
ئەگەر ئەم ئاوە كوژراوە

یەك بەیەكمان نەیخۆینەوە
لە خۆشەویستیی سەرچاوەو
لە خۆشەویستی ئاو ناگەین.
ئەنفال.. ئەنفال
ئەگەر ئەم ڕەنگە كوژراوە نەپۆشین و
ئەگەر ئەم هەوا خنكاوە هەڵنەمژین
كەسمان ناژین!.

**حەڤدەهەم:**

لەو ساڵەدا
سەگی بیابانی خواروو
گورگی بیابانی خواروو
بە تازەیی
ئەوەندە كوردیان خواردبوو
خۆیان لە كۆنە بەرماوەی
قەل و داڵو
لە لاكی تۆپیو لا ئەدا
لەو ساڵەدا!.

**هەژدەهەم:**

من ناهێڵم
ئەم گریانە هەرگیز ڕەنگی بچێتەوە
من ناهێڵم

ئەم مردنە ژیان بیری بچێتەوە
من ئەم زوڵمە
لەناو شووشەبەندی شیعرا
دائەنێم بۆ:
ئەو زارۆکەی
دوای چەند قەرنێ دێت و ئەزێ و
لە ڕەحمی ئەم وڵاتەوە سەر دەردێنێو
ئەلف و بێی چرا فێر ئەبێ و
ئەم غەدرە ئەخوێنێتەوە!

**نۆزدەهەم:**

تا ئەتوانم ئەم دووکەڵە
درێژ درێژ ئەکەمەوە
بۆ ئەوەی چاوی ئایندە
پڕکەم لە ئاو.
تا ئەتوانم ئەم قیژەیە
درێژ درێژ ئەکەمەوە
بۆ ئەوەی گوێچکەی داهاتوو
پڕکەم لە گڤەی زایەڵەو
لە وردە ناسۆری شکاو.

**بیستەم:**

کە جۆگەلەیان تیرۆرکرد

له عەزرەتا هەرچی گوڵ بوون له هۆش خۆ چوون
وەختێ گوڵێشیان تیرۆرکرد
له عەزرەتا هەرچی مەله نابینابوون.
کاتێ مەلیشیان تیرۆرکرد
له عەزرەتا درەخت هەموو بوورانەوەو
هەندێ مردن
که درەختیشیان تیرۆرکرد
ئەوسا ئیتر هەرچی شیعرە
له فڕین و له باڵ کەوتن!

**بیستویەك:**

بەربەریەکان!
لەم گۆڕانە سامناکتریان
له ناخماندا هەڵکەندووە
کەس بەشوێنیاندا ناگەڕێ!
ترسناکتر لەسەر زەوی.
دەیان ساڵە
له گۆڕەکانی دەروونمدا
گوڵی سپیی خۆشەویستیی و
کۆترەکانی لێبوردن و
هەنگی ماچ و
بەهای ڕەوشتیان ناشتووە
کەس بە شوێنیاندا ناگەڕێ!

**بیستو دوو:**

لەو وەرزەوە

چاوی زەردی پێڵو سپیی

کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەکان

ڕوو ناکەنە نیگای خۆرو

لەگەڵیا ناسوورِێنەوە

وەکوو جاران!.

ئەوان ئیستا مل کەڵەگەت

هەر تەماشای ڕێی قافڵەی

بەرەوخواری یاران ئەکەن

بەڵکوو لەناکاو بێنەوەو

ئەوسا ئیتر بەر لە خەڵکی و

بەر لە درەختی لەش قورسی

گوێ جۆگەکان

ئەمان یەکە یەکە ڕاکەن

مژدەبەرن بۆ ماڵەکان!

**بیستو سێ:**

لە بەسرەدا

نزیك پەیکەرەکەی "سەیاب"

لە ئاهەنگی تاج و نەجمەو

سەمای بێری و

سەرخۆشبوونی دەمانچەدا.

لەو شەوەدا

مێرگێ لە کچە سەبایای شاخەکانیان
هەڵڕشتە ناو هۆڵێکەوە
هۆڵ ڕووناك و
کچ تاریك و
بۆ بژاری مێرگی غەمگین
چەند نەجمەیەك هاتنە پێشێ
لەسەر مێزێکی خەواڵوو
چەقۆیەك و سەبەتەیەکی پڕ هەرمێ
دانرابوون
چەند نەجمەیەك هاتنە پێشێ
دەمانچەیەك پەلی یەکەم هێرۆی گرت و
ویستی لەگەڵ خۆیدا بیبات
بۆ ژوورێکی چۆڵی سەرێ
لە پرێکدا
گوڵە هێرۆ
کە چەقۆی دی هەڵیگرت و
چەقاندیە سەر هەرمێی دڵی و
خوێنی سپیی بوو بە فوارەو
بە لووزەوێ هاتە دەرێ.
لەسەر سەکۆکەی دەرەوەیش
بینییان وا باڵای سەیاب
گوڵەهێرۆ تێی ئاڵاوەو

لقی دەستیش وا خەریکە
هەرمێ بگرێ!

**بیستو چوار:**

من ئەم داستانە تازەیەم
بە ڕەنگی قاوەیی کاڵی
ئەو مەرەکەبە نوسیوە
کە خۆڵەکەیم لە گۆڕی بەکۆمەڵ و
ئاوەکەیم لە فرمێسکی تازەو گەرمی
چاوی ژن دەرهێناوە.
خەم و تەمی گیراوەیە!.
ئاخر ئەم مەرەکەبەی من
ئەم قوڕاوە
نە لە شێوەی مەرەکەب و
نە لە جاف و نە لە سۆفت و
نە تەباشیری ئێوەیە
وشککات و ببڕێتەوەو
یاخود لە پڕ نووکی بشکێ
لەم مەرەکەبە تازەیە هێندەم هەیە
کە گۆمەکانی ناژمێردرێن
بەم مەرەکەبە تازەیە
ئەگەر هەموو داری وڵات

ببنە نووسەر و شاعیر و پێی بنووسن
هەڵگورد ببێ بە ڕۆمان نووس
پێی بنووسێ
وشکناکا و دوایی نایە و
خەفەتێکە نووکی ناشکێ و
لە نووسیندا قەت ناوەستێ!

**بیستو پێنج:**

ئەگەر لە سەحرای خوارەوە
لە شەوێکدا چاوتان کەوت بە:
ڕیزە بریسکەو ترووسکەی گوڵ ئەستێرە
ڕوو لە چیا.
دڵنیا بن
ئەوە هەموو زارۆکەکانی ئێمەن و
ئەگەڕێنەوە بۆ ئێرە.
ئەگەر ڕۆژێ لەسەر فورات
یاخود دیجلە
پۆلە نەورەستان چاوپێکەوت
بە پێچەوانەی ئاوەوە
سپیی سپیی بەرەو گۆیژە باڵ لێکئەدەن
دڵنیا بن ئەوە کیژەکانی ئێمەن
بە دەم بەستەی "هەی بەلارو بەلارە"وە
ئەگەڕێنەوە بۆ ئێرە

ئەگەر جارێ ڕێتان کەوتە ئەو کەنداوەو
لە بازاڕی نەختینەدا
دانەی گەوهەرو مرواری و دوڕتان بینی
ئەوە چاو و ئەوە لێو و
ئەوە گۆی مەمك و سەرپەنجەی
فرۆشراوی کچی ئێمەن شەرم ئەکەن و
سەیر ئەکەن و ناجولێن و
جارێکی دی
ناگەڕێنەوە بۆ ئێرە!

**بیستو شەش:**

یەکەم شەو بوو
لەناو لمی عەرعەرەوە
دەستێك هاتبوە دەرەوە
هێشتا بازن لە مەچەکدا زرەی ئەهات.
هێشتا خەنە لەناو دەستا پێئەکەنیو
موستیلەیەك لە قامکدا ئەیجریوان.
یەکەم شەو بوو
لە لمەوە دەستێك هاتبوە دەرەوە
لەو شەوەدا
ناو لەپی دەست
بووبوو بە دەم

ئەویش بۆ تەنها هاوارێ

کە هەر لە ڕێگە ئەمردو

نەئەگەیشتە گوێچکەی سەرێ

خودایە بۆ؟!!

**بیستو حەوت:**

لەوێ بای سەحرا هەڵیکرد

لە گۆڕیچەی منداڵەوە

ـ وەکوو تۆوی گوڵی دەم باـ

با برژانگو

با خەنینەوەو گریان

با پەڕەی گوێو

با تاڵە مووی قژی هێناو

لە سینەمدا گیرسانەوەو

ورد ورد لەناو دەنگما ڕووان

ئەی نایبینن

وەختێ شیعر ئەخوێنمەوە

جار بە جارێ

کە ئەکۆکم یاخود هەناسەم سوار ئەبێ

وەك قەڵەمەکەم پێم ئەڵێ

لەبەر عومرو یان جگەرەو

سەهۆڵاو و سەرما نییە کە واملێدێ

ئەوە پەنجەی خرپنۆكو
ئەوە بیلبیلەی بزێو و
ئەوە كوڵمو ئەوە سەری بوكەشوشەو
ئەوە نوقڵو ئەوە مەساسەی ئەوانە
لەبەر بینم ئەگیرێنو
ئەیانەوێ بێنە دەرێ!
"من لە دواوە دەستمگرتووە بە پرچی (كاڵێ)وەو، هەردوكمان بەناو خەیاڵێكی شیندا ئەفرینو، ئەو لەسەر گێڕانەوەی یادداشتەكانی ڕۆژی حەشر بەردەوامە!"
ـ قافڵەبوو. پەنجەرەی ماشێنمان كوێرو
دنیا ون و، هەر خۆمان، خۆمان ئەبینی
كات بزر بوو، شوێن بزر بوو. شەو بزرو
ڕۆژ بزرو، پەیڤین لەگەڵ یەكدا بزر!
لەش ئەتوت توێكڵە هەناری كۆن و وشكەو،
دەم پەلاس و، هەناو كوولەكەی بەتاڵ و،
ئەندێشەمان شریتێكی پچڕپچڕ. جولانەوە
بە ئاستەم و گەر پێی ڕاستت لە پێی چەپت بكەوتایە
دائەچڵەكیت. ترسمان وەك مریشكەكڕە،
لەسەر دەقیقەو سەعاتی ئەم سەفەرە كڕ كەوتبوو.
سەفەر نادیار، دیواری تەم لە مابێنی ئەو مەنزڵەو
ئێمەدا بوو. كامە مەنزڵ؟! كەس نایزانێ و
پرسیار ئەبێ، لە ناو خانەی بێدەنگیدا ڕاكشێت و
بۆ خۆی بمرێ!. دەوڵەت لەناو ماشێنێكی

داپۆشراودا، بە تەنها هەر دەم و چاوی
بێدەربەستی عەسکەرێکی خەوالْووبوو "ئەرێ
ئەمیش دایکی هەیە؟! کچی هەیە؟! کوڕی
هەیە؟! خەو ئەبینێ یان نایبینێ؟ بیری پێخەفەکەی
ئەکات؟! بیری حەوشەی ماڵەکەیان؟! بیری ژنێ؟!
بیری تەیرێ؟! بیری گوێلکێ یان مەڕێ؟!
ئەرێ ئەمیش خەمی گەڕانەوە ئەخوات بۆ لای
یەکێ؟! بە خۆشەویستی ئاشنایە؟! زیندوەرێکی خۆش
ئەوێ؟! ئەم سەفەرەی بیر ئەمێنێ؟!"
ماشێن زەمان ئەجنێت و کات قووتئەداو ڕێگای
درێژ هەڵئەلوشێ. ئەڕواو ئەڕوا، هەر بەرەو خوار،
جادە گێژو ئەم وڕەی دێو هەر وڕەی دێ.
ڤڕەڤڕی تەنی ئاسن ڕوو لە باشوور، ئارەق بە
خەیاڵ دەرئەداو ترس و لەرزیش دائەگیرسێ، یادگاریش
وەکوو چاوانی پشیلەی ناو تاریکیی ناو بە ناوێ بریسکەی
دێ. لە زیکەزیك و، وڕەدا، وام هەست ئەکرد،
من گوێم لە دەنگی تر ئەبێ:
گەڤینی سەگەلی ناو دێ.
گارە گاری مریشکەکان.
سوڕانەوەی بەرداشی ئاش.
یاخود هۆرەیەك پەرت پەرت و
یاخود قیڕەی قەلەڕەشێکی ئێواران

یان دەنگی تەڕی پیاوەکەم لەبەر باران
یاخود شەوان لووره لووری ڕەوە گورگ و
یاخود گچگچەی[14] پژاڵی ناو دارستان
یان خولانەوەی باگردێن لەسەر سەربان
یان دەنگی سمی وڵاخی سەر ڕێی زاخان[16]
ئۆه پیاوەکەم! "ئەم شوفێره سەروکەللەی
له پشتەوە هەر لەوئەچێ" ئۆه پیاوەکەم!
ئەهاتیتەوە لەناو ڕان، یان له مەزراو له
کێڵگەوە، تا ناوقەد تەڕ، بۆنی پونگە و
بۆنی خوری و بۆنی ڕێحانەت لێ ئەهات
وەختێ بێڵەکەت دائەنا، له پێش خۆتدا
بۆن و بەرامەی گڵ و گیای بەر یەکەم
بارانی دنیا، ئەهاتە ناو ماڵەکەوە،
منت ئەدی و ئیتر هیلاکیت ڕاو ئەنا.
دائەنیشتی و هەر لەسەر لا سەرت ئەبردە ناو
بێشکەی نۆبەرەوە. خەنینەوەی منداڵەکەو
ماچەکانت، منیان ئەکرد بە گوڵخەندەرانێ
لەوێ. قاپێ دۆکولێوی گەرم لەبەر دەمتاو،
سەر بەهاڵاو، میلی ڕادیۆکەت بائەداو،
مێرگیلانی حەسەن زیرەك، به شەونم و به کەنێرو

---

[14] گچگچ: لەرزینی دار.

[16] زاخان: ڕێی بەردەڵان.

به قوڕی ژێر بنچکەوە، ئەهاتنە سەر بەرەو
لباد. تێرت ئەخوارد. ئەوسا ئیتر زەوقێکی
شین لەناو چاوتا ئەیجریوان. کە پڕ ئەبووی لە
لە هەوەس و لە پیاوەتی و سەرت ئەکرد
بێ ئۆقرەییت بۆ هەڵوەدای ناو ئامێزم
تیا ئەپژا..
من ئەمزانی و ئەچووم دەرگا تەنەکەکەم
پێوە ئەدا..
ئیتر ئەوسا هەڵئەسایت و
بە هێواشی مەچەکی ڕاستت ئەگرتم و
کەمێ پێش خۆتت ئەخستم و
ئەتبردمە سەر دۆشەکەکەی یەکەم شەوم و
ئیتر.. ئیتر
گەلێ جاریش لەو ساتەدا..
هەر بە (با)یەکی ئەسپاییش
جەستەی تەنەکەی دەرگاکە
زیکەزیکی لێوە ئەهات!
ئۆها! پیاوەکەم
تۆ تاباز بووی[17]
لە باوەشتا ئەتوت ئاسکی شل و ملم
لە ئەوەڵدا هەناسەمان سوارو گەرم و

---

[17] تاباز: فەحل، زەبەللاح.. زۆر گەورە.

له دواییشدا ئەبوو بە پرووکەی[18] بەفر.
ئۆها! پیاوەکەم..
ئەبێ ئێستا لە ئامێزی کام ئاگرو
زیگاری کام مەینەتی بی
ئەبێ ئیستە تۆ لە کوێ بی؟!
منداڵ لە کوێ و بێشکە لە کوێ و
مریشکەکان و جوجەڵەو گۆرانیەکانی
زیرەك و، پێکەنینی دارو بارو،
دۆشەکەکەو دەرگای تەنەکە لە کوێ بن؟!!

ئۆه.. کۆرپەکەم! لەو ڕۆژەدا،
لەو کۆستەدا، دایکم بووبوو
بە باهۆزێ زەرد و شێت و لە تاوانا
بە بێشکەوە "لاس"ی ڕفان.
"بۆ کوێ دایە؟!. بۆ کوێی ئەبەی؟"
ـ بۆ ئەشکەوتێ! بۆ بن بەردێ. بۆ لای خودا!
ـ بەڵام دایە! ئەوان لە هەموو شوێنێکدان!
کات و جێگە، شەو، ڕووناکیی،
دەرو دەشت و دارستان و شاخ و کێڵگە و،
کوێرە ڕێگە!. ئەوان لە هەموو شوێنێکدان
لەناو ئاودان، لە هەوادان.

---

[18] پرووکە: دەنگی وردی بەفر.

ئەوان زەمانیان گرتووە
چاوی ڕۆژگار و دەستی دەقیقە و سەعات و
قاچی چرکەیان بەستووە!
ئەوان زەمانیان گرتووە
" بۆ کوێ دایە؟!. بۆ کوێی ئەبەی؟!"
ئەوان زەمینیان لەگەڵە.
ئەوان ئاسمانیان لەگەڵە.
ئەوان لە پەنجەی خۆمان و
ئەوان لە چاوی خۆمان و
لەم زمانەو لەم جامانەو لەم جلانەو
لەم دەشتانەو
لەم شاخانەیان لەگەڵە!
ئۆە.. کۆرپەکەم! گەر تۆ بەرن!.
لە پاکژی و لە ساوایی تۆ تێئەگەن؟
خەنینەوەتیان خۆش ئەوێ؟
لەناو چاوتا کە لە زنەی ئاو ڕوونترە و
لە نمەی شەونمیش پاکتر، لەو چاوەدا
بێگوناهیی ئەخوێننەوە؟!
بە گچکەیی خواو خۆشەویستیی ئەبینن؟!
وەك هەموو جارێ ئەمبینین!
ئەوان لە یاریی ئەزانن؟
یاریی لەگەڵ هەردوو دەستی خرپنۆکت و

کردنەوەی مشتی نووقاوت و
لەراندنەوەی غەبغەبەت و
هەڵدانت بۆ بەرەوژوور و گرتنەوەت و
ئەوان لە یاریی ئەزانن؟!
ئەوان پێکەنینیان هەیە؟!
ئەی ئەوان فرمێسکیان هەیە؟!
قەت چاوەکانیان تەڕ بووەو؟!
ڕوومەتی خۆیان سڕیوە؟!
خەو ئەبینن؟!
خەویان بینیوە تیا ببن بە چۆلەکە و
بەناو هەوای ڕەنگاوڕەنگا بفڕن؟!
خەویان بینیوە تیا ببن
بەو وردە ماسیە جوانانەی
هێواش.. هێواش، لە بندیندا
دێن و دەچن و ئێسك سووکن و لە تۆ ئەچن؟!
ئۆە.. کۆرپەکەم!
ئەوان گوڵەگەنم و گەنمەشامی ئەکوژن و
نانیش ئەخۆن؟!
ئەوان جۆگەی ناو باوەشی شاخ ئەکوژن و
بەڵام ئاویش ئەخۆنەوە!
ڕەنگ ئەپۆشن و ئەشیکوژن!
ئەوان ناویان محەمەد و

ئەبوبەکر و عومەر و عەلی و عوسمانەو
ناویان حەسەن و حوسەینەو
بەڵام لە پێش گشت ناوێکدا
ناوەکان و نوورەکانی خوا ئەکوژن!
"بۆ کوێ دایە؟!. بۆ کوێی ئەبەی؟!"
ئەوان ئەتوانن بچنە ناو
کون بەکونی کاتژمێر و هەناسەوەو
"با" دەسگیر کەن!
"بۆ کوێ دایە؟! بۆ کوێی ئەبەی؟!"
ئۆە.. کۆرپەکەم!
تۆ ئیستاکە لەناو باوەشی گریان و
لەناو هەنیسکی نەنەدای؟!
یان لە بەردەمی سیسارك و
داڵەکاندا؟!
ئۆە.. کۆرپەکەم! لەبەر چاومە گەورە ئەبووی.
وەك باوکت دەنگ خۆش دەرئەچووی.
وەك باوکت عاشق دەرئەچووی.
ئەچویتە سەر ملەی "شاهۆ"
تێت ئەچریکان، عەلی ئەسغەر ئەهاتەوەو
ئەحەپەسا!.
ئەچوویتە سەر "پیرەمەگرون" تێت ئەچریکان،
کچە کافرۆش ئەهات و شەیدات ئەبوو.

لەگەڵ خۆیدا ئەیبردی بۆ سەکری سەکران.
بە جووت لەناو لۆکەی هەورا ڕائەکشان.
ئەبوو بە وەرزی ڕامووسان.
لەناو ماچدا هەنگ شانەی دروست ئەکرد و
پەپوولە باڵی ئەگرت و
خۆشەویستیی دائەگیرسا!
گەورە ئەبووی
گڵۆپی شار ئەیبردی بۆ ژووری خوێندن
قەڵەم دەستی ئەگرتیت و لەسەر کورسیی
خۆر دایئەنایت!
کتێبخانە پێشت ئەکەوت
دنیای پێ لەبەر ئەکردی.
بەحری پێ لەبەر ئەکردی.
گەورە ئەبووی
سواری تەیارە ئەبوویت و
زمانی ئەستێرەی دوورو
زمانی چین و ماچین و
زمانی مەل و باڵندەو
زمانی سیحریش فێر ئەبووی.
لەوانە بوو
فریا کەویت
بە چاوی خۆت

پلیکانەی تیشك ببینی
چۆن ئەچێتە سەر کێوان و
لەوانە بوو، ئاو ببینی، بریق و باق
بە هەورازدا سەر بکەوێ و
لەوانە بوو بە چاوی خۆت خەو ببینی
هاتۆتە دێ و
هەردوو بەری شەقامی ڤیر چراخان و
چرایش هەتا ناو ئەشکەوت و
تا ڕەوەزی هەڵۆکان و
ڕکەی بزنە کێوی ئەڕوات!
لەوانە بوو، فریا کەویت، بەچاوی خۆت
لە زەمانێکی سپیدا، خاڵە "سالار" ت ببینی
بە بەرگی گوڵە ژاڵەوە
جارێکی دی هاتۆتەوەو
دەستی ڕاستی لەسەر شانی "حەمە ڕەش" و
بە دەستی چەپ سڵاو لە گەرمییان ئەکات!
لەوانە بوو!
ئۆە.. کۆرپەکەم.
ئای عەشقەکەم. من ئاوێنەو
تۆیش لەناوما دێیت و ئەچی. هەر لە بیرمە:
بۆ یەکەمجار لە دروێنەی
گەنم و جۆی بەر مانگەشەودا. یەکمان بینی.

ئەو شەوە مانگ لە تەوقەسەری بەمۆدا
لەسەر چیچکان دانیشتبوو.
هەرچی چرایەکی هەبوو بەخۆیدا هەڵیواسیبوو.
خڕو گەورە، ئەتوت سینیەکی تازەی زیوەو درەوشەدار.
هێند نزیك بوو، ئەگەر دروێنە نەبووایە، پشتم
ڕاست ڕاست ئەکردەوەو ئەچوومە سەر نووکی پەنجە و
دامئەگرت و ئەمدا بە تۆ!
یەکەمجار بوو، عەشق بێت و
پڕمان بکا لە شەونم و لە تریفەو
لە تریقەی پێکەنینی گوڵە هێرۆ!.
دروێنەبوو، مەڵۆی ئێمە و شارای ئێمە، لە هەموویان
گەورەتر بوو، چونکە ئەوان هەر دەستەکانی
خۆیانیان لەگەڵدا بوو، بەڵام عەشق،
دوو دەستی تازەی ئێمە بوو
ئەوان هەموو هیلاك، هیلاك
بەڵام عەشق لە ئێمەدا سروەیەکی بەردەوامی
حەسانەوەو کلووی بەفری
ئارەق سڕ بوو!
ئەوان هەموو، پەلەیان بوو. بە پەلەتر
لە گەڕانەوەی باڵندەی پێش تاریکیی
بۆ هێلانە
بەپەلەتر، لەو هەورانەی ڕائەکەن و کۆڵەپشتیان

پڕ لە بارانی پەڵەیە و عەرد خەمیانە.
ئەوان هەموو خواخوایان بوو چی زووترە،
وەخت وەکوو کەفەژیلکە بتوێتەوەو
داسەکانیان فڕێدەن و بڕۆنەوە.
بەڵام تۆ و من خواخوامان بوو
زەمان وەکوو گای ناو خمخۆرك
بچەقێت و داس لە دەسمان نەبێتەوەو
دەغڵی دروێنەکراویش
لەدوای خۆمان
جارێکی تر بڕوێتەوە!
پێشکەوتبووین، گەیشتینە ناو پەڵەیەك
دەغڵی هەڵچووی هەتا بەرسنگ قامك بزێو.
تۆ ئاورێکت دایەوە و نەتهێشت ئەو دەرفەتە بمرێ.
بە ئەسپایی ڕاتکێشام و
شەرمی دەغڵمان شکاندوو،
دوو مامزی نێر و مێ بووین
لەسەر ئاوریشمی مانگەشەو ڕاکشاین و
چاومان نوقان
ماچێك لە سیروان درێژتر
ماچێك لە گۆمەکەی دەربەندیخان قوڵتر
هەر بردینی و هەر بردینی و
تا لە خەرمانەی ناو مانگدا گیرساینەوە!

"له پرێكدا چەند جارێ لەسەر یەك پژمینی پوره نازێ كه لـه تەنیـشتمەوه دانیشتبوو دایچڵەكاندم و هێنامیەوه ناو ماشێنەكه. لەم ساتەدا سەرنجمدا، عەسكەرەكه چەكەكەی هەڵبڕیووەو له نزیكەوه له لوولەكەی ورد ئەبێتـەوه، لەم چەكی كلاشینكۆفەیش لای ئێمه زۆر بوو، بەڵام ئێستا... ئێستا؟!"

لەناو چرپەدا ئەیانوت:

هەندێ دەس و هەندێ چەكی
كوڕی بەردی "پیرەمەگرون" ماونەتەوه.
بڕێ له برینی نەسرەوت.
بڕێ له سروودی بەفر.
هەندێ لەوانەی كه ڕۆحیان،
وەك پارچه نان و ئاوێنه و نوقڵی شیعر و،
ڕەسمی هاوسەرو منداڵیان،
خستۆته ناو هەگبەی پشت و
لەگەڵ سووتو و خۆڵەمێشی
بەجێماوی خەم و ئەوینی ئێمەدا
ماونەتەوه!
ئازاریان چۆڵ نەكردووه.
گریانیان چۆڵ نەكردووه.
خەزانیان جێنەهێشتووه.
دوكەڵیان جێنەهێشتووه.
ماونەتەوه
لەگەڵ هەتاوی بریندار..

لەگەڵ تەنیایی سێبەردا..
لەگەڵ نەمامی بێ باوك..
لەگەڵ بنچکی بێ دایك..
لەتەك گۆمی حەپەساو و
لەتەك داری سەرسوڕماودا
ماونەتەوە!.
لەناو چرپەدا ئەیانوت:
لە هەندێ کەژ گوڵ لە مەرگا ڕواونەتەوە.
هەواڵی فیراریش ئەیوت:
هەندێ درەخت گریان لە خۆیان بەرداوەو
یەکەم مەفرەزەی مەشخەڵن و
لە سنورەوە بە دزیی دەیجوورەوە
بۆ زەڵم گەڕاونەتەوە!.
لەناو چرپەدا ئەیانوت:
چرپە ئەترسا لە چرپە و
گومان داوی ئەنایەوە بۆ گومان و
بەڵام تروسکایی مۆمێك
لەناو قسەدا ئەسووتا!
لە کوولەکەدا ئەیانوت.
لەناوچرپەدا ئەیانوت:
نە یەك نە دووان و نە سەدان..
لەو دەوروبەری "لەیلان" ە بانگی شێوان

"مامەڕیشە" یان بینیوە هاتۆتەوە
ئەستێرەیەکی بچووك لە سنگیا شەلاڵ
بە جریوەی سورو
لەسەر دەفەی هەردوو شانی گوڵە کێویلە ڕواوەو
ناو کاکۆڵی پڕ پەپوولەو
لە ناو ڕیشیا گوڵ ئەستێرە تروکاوە!
بینیویانە هاتۆتەوە..
"ئاخر خۆ دەربەند باسەڕەو داری قۆپی و
کەوەکانی ناوچەی شوان و
دەشتی حەمك درۆ ناکەن!"
بینیویانە هاتۆتەوە و هەر لە ڕێوە
لایداوەتە "تەنگی سەر" و
ژێر کەپرە کەسکەکەی "ئارام".
لەوێشەوە چەند بولبولێ دەلیلی بوون
وەرچەرخاوەو سەریداوە لە باخچەکەی
"عەلی مەردان"
"بڕوابکەم؟! بڕوانەکەم؟!"
نا نا نا نا! هەر ئەبێ هاتبێتەوە!"
کە باران بگەڕێتەوەو گوڵی دارهەنار بێتەوە!
ئیتر ئەم بۆ نەیەتەوە؟!
کە دوو چاوی کوێرە کانیی تروسکایی بۆ بێتەوە،
ئیتر ئەم بۆ نەیەتەوە؟!

که شمشاڵ گەڕابێتەوە
بۆ بەرقەدی خەمەکانمان!
ئەی ئەم بۆ نەگەڕێتەوە؟!
که (با)ی وەشت گەڕابێتەوەو
چووبێتەوە ناو باخەڵی دارستانێکی بێتاقەت!
ئەی ئەم بۆ نەگەڕێتەوە؟!
که مەرەکەب چووبێتەوە
بۆ ناو پاندانەکەی (بێکەس)
ئیتر ئەم بۆ نەیەتەوە؟!
که سدارەکەی "پیرەمێرد"
گەڕابێتەوە لای سەری شیعر و چیرۆك
ئیتر ئەم بۆ نەیەتەوە؟!
هاتۆتەوە!
ڕەنگە ئێستا لە کاولاشەکەی ئێمەدا
هەتاوێ بێ و لەسەر بەردێ دانیشتبێ!.
ڕەنگە بووبێ بە کەلێکی گوێ کانییەك.
بە گڵۆپی سەر شەقامێ لە کەرکووکدا.
ڕەنگە لەپڕ ببێ بە دەنکە چوکلێتێ
لەناو مشتی منداڵێکدا
هاتۆتەوە! هاتۆتەوە و لەوانەیە
ساتێکی تر یان هەر ئێستا
وەك چەخماخەو موعجیزەی خوا

لەم شوێنەدا
پەیدا ببێ و
پێش بە ماشێنی دۆزەخ و
ئەم قافڵەی ڕێی نەهاتەی
ئێمە بگرێ
فریادڕەسبێ و نەجاتمان با!

ـ قافڵە بوو. من خۆم ڕەزێکی وێران و
سەر، هێشوویەکی قرپۆکی ناو کۆشم بوو.
کوللەیەك هاتبووە ژووری و بە
داوێنمەوە نووسابوو! لە کوێوە هات؟!
کوللەیەك بوو، زەردێکی کاڵی پووشویی
قاچی درێژ، ڕیشاڵی ورد، سەری درێژ،
چاوی خۆڵین. لە کوێوە هات؟!
چۆن تێپەڕی و هاتە ژووری؟! شێوەی
ئەکەم. ناسیمەوە: هێشتا کچ بووم
نیوەڕۆیەك ڕەوە کوللە بەری دڵ و
ئاسمانی گرت. ڕووناکیی کەوتە گیانەڵاو
کوللە چاوی گوڵەگەنمی هەتاوی خوارد
هەورێکی زەرد. سێبەری زەرد. کەوتە
دەشت و کەوتە شاخ و هەموو دەرگامان
پێوەدا! وتیان کوللەی بیابانەو

ئافاتێکە لەناو لەوە هاتووەو، لە
دۆزەخەوە باڵیگرتووەو، تاعوونێکەو
هاتۆتە سەر ناوچەکەمان!
کوللەیەك هاتبووە ژووریَ!
لەکوێوە هات. زەردێکی کاڵ،
"بۆ خوا چییە منیش بکا بە کوللەیەك
لەگەڵ ئەمدا بچمە دەریَ!"
بەڵام کوللە نەچووە دەریَ
لەپڕێکدا لەسەر داوێنی منەوە
بەرزبۆوەو بەناو هەمووماندا ڕۆیشت و
لەسەر پشتی دەستی ڕاستی
عەسکەرەکە ڕێك نیشتەوە.
ئەو داچڵەکی و
بە دوو پەنجەی دەستی چەپی
کوللەی گرت و
لە پێشدا باڵی دەرکێشاو
لە دواییدا، ئەویتری
فڕێدایە ژێر پێیەوە!.
"نەحس بوو ئەم ڕێکەوتەیش و
کوللە کوژراو
لە دەرکێشانی باڵەوە
تا کوشتنی

چارەنووسی

هەرهەمووماتم بینیەوە!"

قافڵە بوو. خەیاڵ و ئاو. خەیاڵ ئەڕواو ماشێن

ئەڕواو. ئاو هەر نەبوو. ئاو هەر نەهات

نە قومێ هات. نە تنۆکێ!

کوێربوون لەناو تینوێتیدا

هەر وڵاتی خۆی ئەبینێ!

"وا ئەبینم، عەسکەرەکە، زەمزەمیەکەی لە لاقەدی ئەکاتـەوە. زاری گـەورەی، بۆ بەرە و ژوور دائـــــەپچڕێ. چەند قومێکیش بەسەر سینەیدا ئـەڕژێ، ئـەو ئەڕژێ و من کوێر ئەبم. خەیاڵ و ئاو، لەپاش قەیرێ خـەیاڵ مـردوو ئـاو هـەر نەهات. نە قومێک و نە تنۆکێ. دنیا ون و کات بزرو، بـەڵام ئیـستا بـۆنی لم و بۆنی کوللەو بۆنی سەحرا و چۆڵەوانی و بۆنی هەوای ڕقاوی دێ"

"شۆفێرە سەربازەکە، بـەردەوام چـاوی بڕیبـووە ڕێگـای درێـژی بـەردەمی و دەمێکیش بوو بێوچان لێی ئەخوڕی، لە ماوەی یەک ساڵی جەنگـدا دوو بـرای و دوو ئامۆزای لە شەڕەکانی دزفول و شووشدا کوژرابوون. زۆر لە دوور و لـــــە ئاسۆیەکی تەڵخدا، سەرەتای هەڵـــــکردنی گێژەڵووکەیەکی بیابـانی بـەدیکرد. بیری ئەکردەوە، خۆی لەگەڵ خۆیدا ئەدوا ــ لە دڵی خۆیدا ئەیوت:

ئەترسم ڕۆژێ دڵی خۆم، دڵی کەس نا

هەر دڵی خۆم..

وەختی نووستن، یان لێخوڕین

کاتێ ئەڵێم کە من هیچ ئاگام لەو نەبێ

فرسەت بێنێ و لەناو قەفەزەی سنگمەوە
بە پێدزکێ و بەبێ خشپە
خۆی قوتارکاو هەڵبێ و بچێ
لە دەرگای دڵی عەریف "ثائر" با و
ئەویش بڵێ فەرموو ژووری و
لەسەر کورسیی حەوتی نیسان دابنیشێ و
ئەوسا خەبەرم لێبدا
کە ناوبەناو لە کونی کونی ژوورەوەی
ناو دەروونما من چی ئەڵێم!

من ئەترسم خەیاڵی خۆم
تۆقین زۆری بۆ بهێنێ و ڕۆژێ بڕواو
دەرگای ژووری شیر و شمشێر بکاتەوە و
قاچ لەسەر قاچ بەرامبەری
وێنەی قەعقاع دابنیشێ و
چی ئەزانێ دەربارەی ناو و
چرپە چرپ و وڕێنەکانی شەوگارم
هەمووی بڵێ!
من ئەترسم لێ و لێوم..
یان مەڵاشووم یاخود زمانە بچکۆلەم
یان ددانم..
ڕۆژێ حاشام لێبکەن و

خەبەر لە زمانە گەورەو لە گەرووم و
لە ژێکانی ناو دەنگم بەن!

من ئەترسم
هەندێ (با) هەن سست و تەمەڵ
نەفس نزم و لەم دەشتانەدا کەوتوون و
قەت هەڵناکەن
من ئەترسم
(با) یەکی وایان کڕیبێ و
کردبێتیان بە جاسوس و
(با)ی جاسوسیش نیوە شەوێ
هەر بەناو درزی دەرگادا
بە ئاسانی بێتە ژووری و
گوێ لە هەناسەو یان پرخەو
یاخود نەبزی خوێنم بگرێ و
دوایی بڵێ:
لەوە ئەچێ ئەم سەربازە
بۆ "بەوابەی شەرقی" نەمرێ و
بە مردنی خوایی بمرێ و
بۆ بەیانیی قیڕ بمگرن!

من ڕۆژێ چووم، دیارە هەر بە تاقی تەنیا

بەسەر قامیشەلانی زەردەڵەی مل باریك و بەسەر
ئاوی بێوەژنی ناو ئەهوارو
سەریفە لەش سووتاوەکەی کۆنە ماڵدا
تۆزێ گریام
لەو ڕۆژەوە
ئۆقرەم هەر لەسەر ئاگرەو
دەسم لەسەر دڵی ترسەو
ئەڵێم نەوەك
قامیشێکیان سیخوڕ بووبێ و
چووبێ بۆلای ماسییە نقەی ئاسایش و
ڕاپۆرتێکی لە من دابێ! چۆن گریاوم؟

هەر لەبیرمە
من جارێکیان خەونم بینی
خەونێکی سەیر!
لەو خەوەدا ڕائید "حەمدان"
بووبوو بە بەرازێك ڕەش و
لە ساحەکەی موعەسکەردا
یاری فتبۆڵی ئەکردوو
خێرا خێرا بە پاشەڵی
لە فتبۆڵەکەی هەڵئەدا
تا ئەکەوتە سەر لۆزی!
وەختێ کە خەبەرم بۆوە

کێشام بە کەللەی نەگریسما و
لە ترساندا، یەکەندەردوو، گەرماو گەرم
بینەقاقای خەوم گرت و
هەر لە جێدا خەوم کوشت و
چوومە دەرێ و لاشەکەیم دوور فڕێدا!.
وتم نەبادا ئەم خەوە
بۆ شەوێ فریابکەوێ و
بڕواو بچێتە ناو خەوی حەمدانەوەو
بڵێ کە من ئەوم لەناو
خەوێکی خۆمدا بینیوە
بۆتە بەراز!
من ناوێرم سەیری ئەم کوردانە بکەم
ئەڵێم نەوەك چاوی "خەڵەف"ی پاسەوان
لە پڕێکدا قەترەیەکی بەزەیی خوا
یان یەك بریسکەی بچووکی
لێبوردنی پێغەمبەرێ
لەناو چاوانما ببینێ و بەگرتمبا!
ئەیانبینم و، نایانبینم!
زۆر نزیکن و زۆریش دوورن
لە ماشێندان و تیایشیا نین
بە ئێمەیان وا وتووە
ئەبێ ئێوە وابزانن

ئەم قافلانە درۆن و
ئەم ماشێنانە سێبەرن و
کورسیی چۆڵن و
ئەبێ ئێوە وابزانن
کە بەردەوام خەو ئەبینن.
خەوێ کە ناگێڕدرێتەوە هەتا هەتا!.
خەوێ نابێ دەقی بشکێ
هەتا ئەیبەنە لای خودا!!

"خەڵەف کۆکی و ئەم داچڵەکی و
گەردەلوولی کلک کلاّفەی
دووری سەحرا، هەتا ئەهات
لە قافڵەی ڕوو لە عەدەم
نزیک نزیک ئەکەوتەوەو
لە پڕێکدا لەناو بەرایی
تەماشای خۆڵاویدا..
قەلاّیەک و چەند قوللەیەک
هەڵتۆقین و
لەناو ئێوارەی ژەنگاوی و
لەناو وەڕەی سەگی ڕەش و
لە بەردەمی زەمانێکی مڕومۆچدا
ماشێن وەستا!.
خەڵەف بە دەنگی بەرز وتی:

نوگره سەلمان!"

ـ نوگره سەلمان!

ئافاتێکی قەڵا قەڵا، دوپشکێکی گەوره گەورەی کۆنکرێتیی.

ئەشکەنجەیەکی درێژو

کلێپەیەکی بازنەیی!.

نوگره سەلمان!

ژەنگی مێژوویەکی کۆن و

قوللەی زوڵمێکی زۆر دوورو

مەنزڵێکی بیرچوونەوەو

یادگارێ بێ پەنجەرەو

تاعونێکی خۆمەڵاسدەر لەناو لمدا و

کینه و ڕقێکی سرمدیی!.

نوگره سەلمان!

قەڵا قەڵای ئازارێکی ڕەش داگەڕاو.

تینویەتیەکی ئەزەلیی و

پێناسەیەك بۆ ونبوون و بۆ تاریکیی و

شوێنێ بۆ زەمانی غەدر و

جێگایەك بۆ پیاسەی زوڵم و

گاڵتەی تاوان.

نوگره سەلمان!

له زستاندا.. وشکه سەرمای دەم به گوێزان.

له هاویندا.. گەرمایەکی پڕووکاوی گرنج گرنج.
جێگایەك بۆ پشوودانی نێزەی ماندوو.
شوێنێ بۆ نوستنی هەواو تا ئێوارە هەڵنەسانی!.
نوگرە سەلمان!
چەند نەخشەیەکی فیراری نەخشەسازی
چەند بینایەکی هەڵاتوو لە ئەندازەو
چەند پەتایەکی ڕاکردوو لەدەس فورات!.
چەند پاسەوانێ لە نەسلی گورگی ڕەسەن
نوگرە سەلمان!.
(با)یەکی نائومێد وتی:
بیابان بۆ خۆی شەرمئەکا
بلێ مێژووم بنیاتی نا.
تەیرێکی خۆڵاویش وتی:
من شایەتم
جارێك بیابان پێی وتم:
من شەرمئەکەم وەختێ نامە و
هەر پۆستێکم لە ڕێی ئەمەوە پێ بگا!.
بەردی دیوار هەموو جارێ
کە پاسەوان تێپەڕ ئەبوو
ئینجا ئەیوت:
ئای کە بەختێکی ڕەشم بوو
وەختێ نەکرام بە دیواری کتێبخانەو

یان مەکتەبێ و
یان خانووی شیعرو چیرۆکێ و
یان بە بەردڕێژی شەقامی
نێو باخێك و
ئەم چارەنووسەم پێبڕا!.
ژەکە ئاوی ناو بەرمیلیش
وەختێ کە پاسەوان ئەڕۆیشت
ئەویش ئەیوت:
ئای کە بەختێکی ڕەشم بوو
نە گەنم و جۆیەك خواردمیەوەو
نە چوومە ناو دووپەرداخی عاشقەوەو
نە بەفرێ سەردانی کردم و
من شەرمەزاری ئەم عەبدە فەقیرانەم
دوای سووتانم ئەمخۆنەوە!.
قەڵا قەڵا
شەوانەیش چرای بنمیچی سەر عەبدەکان
وەختێ ئەیزانی بە تەنها ئەوان لەوێن
ئەویش ئەیوت:
ئای کە بەختێکی ڕەشم بوو
لە ژوورسەری خۆشیەکدا دانەگیرسام
لە ژوورسەری سەمایەکدا.
لە ژوورسەری هیوایەکدا.

من نەمئەویست ئەم قافڵەی کۆیلانە
لەسەر جێگەی دەردەداریم
زەردو ژاکاو بمبیننەوە..
من شەرمئەکەم ئەیانبینم
لەژێر مندا یەکە یەکە گیان ئەدەن و
کەچی من دەستە وەستانم و
بۆ ڕێزگرتن لەم مردنە
چەند ساتێ ناکوژێمەوە!
قەلا قەلا، مردن لێرە بەرجەستەیە. پێئەکەنێ و
قسە ئەکاو سەیرت ئەکاو سەیری ئەکەی. دەس لە دەستیەوە
ئەدەیت و بۆنی ئەکەی. هەڵئەسێت و دائەنیشێ و ڕائەکشێ و
بەناو ڕۆحدا پیاسەئەکات. مردن لێرە وەختێ کە دێت
سەگەلی ڕەش لە پێشیەوەن. چەند کەڕەتێ دێن و
ئەڕۆن، تا شەو دادێ و، ئەوسا مردن بەریان ئەداتە
ناومان و بە یەکەوە خەم وگۆشت و ئێسکەکانی ئەم
غوربەتەو ژیان ئەخۆن!.
ـ دوای پانزە ساڵ. هەتا ئیستەیش تینوێتی
کۆچم نەشکاوە. هەتا ئیستەیش زەمزەمیەکەو
ئەو چەند دڵۆپە ڕژاوە و زاری گەورەی
عەسکەرەکەم لەیادماوە. دوای پانزە ساڵ
هەتا ئێستەیش، هەموو جارێ بە درێژایی خەیاڵم
تەپ و تۆزێك لە ورێنەکانم هەڵئەسێ

له بیاباندایه چاوانم و له قاقڕدایه تینوێتیم.
هەمووجارێ بە پانایی ئەم چاوەڕوانیە
شێدارەم، هەڵمێك لە ڕۆحم هەڵئەسێ،
لەناو لمدایە خەمانم و له سەحرادایە تەمەنم.
چاوەڕوانی ڕواندومی و ئاویش نایه، دەنگم
قەوزەیەك گرتوێتی و دووکەڵێکم،
نه با ئەمڕەوێنێتەوەو سێبەرێکی تا هەتایم.
پارچە عەردێکی هەتیوم.
هەموو کاولاشی ڕووناکیی له مندایە:
هەموو ڕەنگێکی کوژراوی
ئەم دنیایە له چاومایە:
نووکە نووکی پەلکی داران.
خشەخشی گەڵاڕێزان.
قرچەقرچی یادگارو
ورتەورتی ئاوی شلوێ و
پووکەپووکی گوڵی ژێر پێ و
هەرچی باڵندەی یەك چاوەو
کوێره کانی و هەموو مەسافەی دابڕان
له مندایه!
من ئەسیاری نەختینەکانی تەنیاییم
تەنیاییەکی سارد سارد
تەنیاییەك کە ڕۆژانە

(با)یەکی بێوەژنی پەرەوازە و بەدبەخت

لە دەشتێکی کلۆڵدا بیلاوێنێتەوە!

من زیگاری

ناو ڕەنگێکم

ژانی تیا ئەزرنگێتەوە

بە دیار چییەوە کرووشکەم کردووە؟!

دەوەنی سوتاوم و لە خۆم ئەپرسم و

بێدەنگیی وەڵامێکی خنکاوم ئەداتەوە!

لەوسەری تەنیاییەوە

ژنێك دیارە!

ژنە یاخود کۆلکە دارە؟

ژنێك دیارە

لەوسەرەوە، لەوسەری تەنیاییەوە

تاقە درەختێکی تەنیا دیارە، ڕووت ڕووت

ئەوە ژنە؟!

یان درەختی لێو بەبارە؟!

نا.. درەختە

درەختێ لە تینوێتی

درەختێ لە نەزۆکی

نەء ژنە

ژنێك لە هۆزی تەم و مژ

ژنێك لە مۆمی کوژاوە

ژنێك له ئێسكی تاریكیی
به دیار چییه‌وه تررووشكه‌م كردووه؟!
كێ دێت؟! چی دێت؟!
له خۆم ئه‌پرسم و بێده‌نگیی وه‌ڵامێكی
سوتاوم ئه‌داته‌وه!
ئه‌ی هه‌ڵوه‌دای
ئومێدێكی نائومێد!
تۆ له‌و چۆله‌كه قه‌تیسه ئه‌چی،
كه به‌رده‌وام خۆی به شووشه‌ی
په‌نجه‌ره‌ی ژوورێكدا ئه‌كێشێ و
به‌ڵام دواجار
له‌ناو له‌پی ده‌ستی مه‌رگا
مت ئه‌بێت و
(با)ی ساردی ته‌نیایی دێت و
په‌ڕی مردوو ڕائه‌ژه‌نێ
نه كه‌س دێ و نه كه‌س ئه‌ڕوا؟!
ئه‌ی ڕێگه‌ی بێ ڕێبوارو
ئه‌ی هه‌ڵوه‌دای ئومێدێكی نائومێد!
ئه‌وه هه‌ر خۆتی، هه‌ر خۆتی، هه‌ردووكیان
كۆچه‌ری و ماڵ ئاوایيكه‌ر، هه‌ر خۆتی هه‌ردووكیان
خانه‌خوێ و میوان
هه‌ر خۆتی هه‌ردووكیان،

نیشتمانیش و غەریبیی..
هیچ باڵندەیەك دیار نییە..
چونکە هیچ ئاسمانێك دیار نییە
هیچ درەختێك دیار نییە
چونکە هیچ ئاوێك دیار نییە..
بگەڕێرەوە بۆلای خەو
بەشکوو لەوێدا بباری!
ـ ئەی ژنەکەی پڕ لە سەراب و خۆڵەمێش!
ئەی چیرۆکی قژ درێژ و فرمێسك درێژ!
من بەقەد خۆشیی لێت دوورم.
من بەقەد بەهەشت لێت دوورم.
بەڵام هێندەی
ئەو دلۆپە درشتانەی
لە کالانەی چاوەکانتاو
لە ڕوخساری خۆڵاویتا
قەتیس ماون.. لێت نزیکم!
من دووکەڵکێشی شیعرێکی دوور وڵاتم.
ناوم "مەم"ە و
خەڵکی "دووز" م
خەڵکی دەشتە تەنیاکان و
کوڕی دەغڵە سووتاوەکان.
خەڵکی دەڤەرێ نەونەمام

تیا قەموورەو
گوڵ و پەپوولە تیا پیرەو
لەو ناوەدا، گەر بە ڕێکەوت
پێکەنینێ لە دایکبێ
بە زگماکی قاقای لاڵەو
بە زگماکی سۆمای خلّتانی دەیجووره.
لەم ساتەدا من لێرەم و لە ژێر ئەرزاو
لە میترۆیەکی دڵتەنگدا
بەڵام چاوم لە پەلکەکانی باڵاتە
کە (با)ی عەدەم لە سەحرادا چۆن ئەیانبا
گوێم لە ڕەنگتە کە نووزەی دێ
لە ئێوارەی ئاوابووندا.
سیانزە ساڵە
غوربەت بووە بە شوقەیەك
لە نهۆمی بێزاریدا و
شێی بە پێستم هەڵهێناوە
غوربەت بووە بە زمانێ
لە بەستێنی دابڕانداو
شێی بە شیعر و
شێی بە دەنگم هەڵهێناوە.
غوربەت بووە بە تەپ و تۆزی لێنیشتوو
لە تەماشاو لە جانتاکەم

له چاوەڕوانی و خەیاڵم و
له یادگار و چاویلکەم!
سیانزه ساڵه
غوربەت بووه به هاوسەرم و
من لەم ژنه پاییزەیه هەتا ئیستا
دەیان منداڵه خەزانی
قژزەرد قژزەردەم لیّ بووه!
ئێره پڕپڕه له گڵۆپ
کەچی من هێشتا تارماییم
"ئاخر چیبکەم
من شەوانی "دووز"م تیایه!"
ئێره هەموو هەر شەقامی گوڵ گوڵییەو
ئەپارتمانی شووشەییەو کافتریای
زەرد و سوورەو
کەچی من هێشتا له ناخدا
هەر قوڕاویم
"ئاخر چیبکەم!
من هەر کۆڵانی مەندەلی و
بەدرەم تیایه!"
ئێره پڕپڕه له سەماو له باڵێت و
له هەڵفڕینی گۆرانیی و
له نیشتنەوەی کۆتری ماچ و

کەچی من هێشتا هەر لاڵم!
"ئاخر چیبکەم!
من قافڵەی بەرەو خوارو
"کاڵێ" م تیایە!"
ئەچمە دەرێ، ئەبمە پەپوولە پاییزەو
"با"ی گەرمێن دێ و ئەمبا و ئەمباو
ئەمکا بە ناو بازاڕێکی شووشەبەندا.
جێگا ئەوەندە خاوێنە کۆگایش هێندە
ئێسکی سووکە، لە لەشی تازە خۆشتووی
ژنێك ئەچێ سپیی سپیی و بە چریسکە.
سۆپەر مارکێت، نهۆم نهۆم، بەژن و باڵای
ئاوێنەیەو سترێجێکی تەسك لە بەرداو
گوڵمی لاڕان دەرپەڕیوەو، ناوك دیارەو،
لە سەرەوە بۆ خوارەوە، تەماشای شین،
بە پلیکەی کارەبادا دێتە خوارێ و سەرئەکەوێو
لە بەردەمی فوارەیەکی پەمەییدا سەما ئەکا.
ئاخر چیکەم؟!
من دوو چاوی ئەم غوربەتەم
بەدبەختیشن
لە بەردەمی زمڕوتام و لە بەردەمی
گەوهەردام و لە بەردەمی یاقووتام و
کەچی لێم ئەبن بە مورووی

بەردە شینەکەی ملی کیژێ لە خانەقین!.
ئاخر چیبکەم؟!
من سوراحیەك کریستاڵ
هەڵئەگرم و ورد ورد تەماشای ئەکەم و
کەچی کریستاڵ لە دەسماو لە پاش فەیرێ
ئەگۆڕدرێت و
ئەبێ بە گۆزەی گڵەسوور!
ئاخر چیبکەم؟!
ڕەنگە من شیعرێکی گەوجبم!
دەست ئەدەمە، تازەترین، گرانترین
ڕەفتەی ئاوریشمینی دنیاو هەڵیئەگرم
کەچی لەپڕ ئەو ڕەفتەیە لەبەر دیدەم
ئەبێتەوە بە سرکەییە
زۆر کۆنەکەی ئەوسای دایکم!
ئاخر چیبکەم؟!
من جوان کوێرم! یاخود شێتم!
ئەچمە بەردەمی کلاوێ
لە تووکی قوو دروستکراو
شل و شل و نەرم نەرم
هەڵیئەگرم.. ئەیکەمە سەر
وەختێ ئەچمە بەر ئاوێنە
کلاوی قوو، ئەبێتەوە

بە کلێتە نەگبەتەکەی
ئەوسای باوکم!
ئاخر چیبکەم؟!
من کە چاوم هی خۆم نەبێ و
هی کاڵێ بێ..
من کە گوێچکەم هی خۆم نەبێ و
هی دەوەن و هی دارێ بێ و
من کە ڕۆحم هی خۆم نەبێ و
هی وڵات و هی خاکێ بێ
هەروام لێدێ! ئاخر چیبکەم؟!!

"دوانزە ساڵ بوو، شاعیرەکە، لە ژێرزەمینەکە هاتبووە دەرێ. دوانزە ساڵ بوو لەبەر هەتاودا شیعری ئەنووسی. بەڵام هێشتا هەوای ژەهراویی لە بەغدا حوکمدار بوو. تا ئەو ڕۆژەی مێژووی بەربەریەکان بوومەلەرزەیەکی گەورە لێیداو قەحطان و عەدنان و دەحام تەفروتوونا بوون. یەک لە دوای یەک گۆڕستانی چراکان ئەدۆزرانەوە. لەگەڵ هەڵدانەوەی چوارەم گۆڕستاندا، شاعیرەکە چوار شیعری لەسەر باڵای پیرەمەگرون نووسیی"

**یەکەم شیعر:**

گومان. گومان. گومان ئەکەم
ناتوانن بیاندۆزنەوە
هەرهەموویان نادۆزنەوە.
ئەو هەموو مانگی ژێر خۆڵەو

ئەو هەموو خۆری ژێر گڵەو
ئەو هەموو ئێسك و پروسكی گۆرانیانەو
ئەو هەموو ڕەشە ڕێحانەی گەرمییانەو
ئەو هەموو قاسپەی بەفرانەو
یەك بە یەكی ئەو گوڵ ئەستێرەی دەشتانەو
یەك بە یەكی ئەو هەموو ئاسكە ونبوانە
گومان. گومان. گومان ئەكەم
ناتوانن بیاندۆزنەوە
هەر هەموویان نادۆزنەوە
ئەم حەففارانە بچوكن
ئەم حەففارانە ئەترسن،
ئێوە بڕۆن لە عەمباری
حەففارەی ئەوەو دنیاوە
كە بۆ هەڵكەندنی دۆزەخ دانراون
ئا لەویەوە
ئێوە حەففارەی خوا بێنن
حەففارەیەك بە یەك كەڕەت
لە زاخۆوە هەتاكوو فاو
سەری عێراق هەڵباتەوە!

**دووەم شیعر:**

پەیكەرێ ئێسك، سپیی. سپیی
ملوانكەیەكی پەمەیی و

تاکێ بازنی شووشەیی.
شپرزەو مات، پیاوێك هات و
دانەویەوەو فوویەکی کرد
لە دەم و چاوی خۆڵاویی پەیکەرەکە
هەیکەلەکە کەوتە قسە:
ـ ئۆها! پیاوەکە
چەند دەمێکە ئەم سروەیە لێی نەداوم!
ملوانکەکە
لەناو دەستی پیاوەکەدا
کەوتە جووڵەو
ئەویش وتی:
ـ چەند دەمێکە
ئەم خاتوونەی من نوستووە
چەندیش شل بووم بە گەردنی
ئەم هەڵنەساو تۆیش نەهاتی!
بازنەکە، ئەویش وتی:
چەند دەمێکە
ئەم خاتوونەی من خەوتووە
هەر هەڵنەساو چەندیش گەورەبووم
بە دەسی.
لە دوای فوویەك کە پیاوەکە
سەیری بازنی شووشەی کرد

وردتر بۆوه..

لەناو هەناوی شووشەدا

سەروچاوی عەسکەرێکی تیا مابۆوه..

له ناوچەوانی نووسرابوو:

قیامەت و

حەشری ئەنفالی عوروبە!!

**سێیەم شیعر:**

له چاڵێکی هەشتاو هەشتا

من سەرین و بووکه شووشەی

منداڵێکم هەڵگرتەوه

لەناو شیعرا و لەگەڵ خۆمدا

هێنامنەوه بۆ ماڵەوە!.

که شەو داهات، وەختی نووستن

سەرینەکەی خۆم فڕێداو

سەرمکردە سەر سەرینی منداڵەکەو

ئیتر من تاکوو بەیانیی

هەر خەونەکانی پەپوولەو

کانیم بینی!

بۆ سبەینێش

ساتێ که چاوم کردەوه

تەماشام کرد

بووم به کچ و

بچووك بچووك بوومەتەوە
پرچ درێژو
شەش ساڵانم.
شیعر هات، نەیناسیمەوە.
ئاواز هات، نەیناسیمەوە.
چیرۆك هات، نەیناسیمەوە.
ئەوەی كە منی ناسیەوە
سەرینی دایكی كچەكەو
گوارەیەكی بەجێماوی كچەكە بوو!.

**چوارەم شیعر:**

بەو سەرەوە
تەیرێك لەناو دووكەڵەوە
كە منی دی
هاتە خوارێ و
ڕێك بەرامبەرم نیشتەوە!.
"یەكەمجار بوو
تەیرێ ببینم عەمامەی لەسەردابێ!"
وتی: تۆ ئەمناسیتەوە
وتم: تەنها شێوەت ئەكەم!.
وتی: من ناوم نەجەفەو
لە شیعری جەواهیریدا یەكمان دیوە!
كە تۆزێ لێی وردبوومەوە

وتم: وایە!
وتی: تۆ هەرچاڵی باڵندەکانی خۆت باسکرد
تۆ هەر مۆمت لەسەر گۆڕی
قوربانیەکانی خۆت هەڵکرد
بەڵام ئاخر..
"نەمهێشت قسەکەی تەواوکا"
وتم: هێشتا من فڕینم بەردەوامەو!
نەگەیشتوومەتە ناو دڵت!
وتی: تەنها من یەك قسەم پێیەو ئەڕۆم!
ئەمجارەیان ئێمە و ئێوە
لەگۆڕستانی چرادا
لە ڕێی ئێسك و پرووسکەوە
لەناو مردنا بۆ ژیان
بە تەواوی بووین بە برا!

"سەرنشینی قافڵەکان کـەمێکیان نـەبێ ئـەوانی تـر نەگەڕانـەوە. حـەیران بێژێکی ئاگر لەڕۆح بەربووی عاشق، حەیرانی ئەنفالی خوڵقاند. نـەزمێکی نـوێی موتوربەکراو بە ژان و حەسرەتی لاوك. هەندێ ناویان لـەم بــەیتە تازەیـە نـا "حەیاوك". چریکەکانی لە نێـوان بـەیت و داســتان و عەشـق و دابـڕان و غەریبیدا هەر جارەو لە سیلەی خەمێکەوە باڵی ئەگرت. لە شـەوێکی مانگەشـەوی ئێجگار خامۆشدا، کە تەنیایی لە مانگ ڕەنگ پەڕیوتر بوو، حەیران بێـژ، لەسـەر قەڵای هەولێرەوە بەرامبەر خەرمانەی خۆڵەمێشی مانگ و ڕوو لـە باشـوور، وردە وردە سەدای ئەکەوتە شـەقژن. باڵنـدەی چـریکە بــەرەو خـوار ئـەفڕی و لـە

گێڕانەوەی چیرۆکەکەیدا، نمە نمە خوێن لـە ژێکـانی دەنگـی ئـەتکاو دانـە دانـە وشەکانی دائەگیرساو وێنەکان ئـەبوون بـە شـارا بـۆ پەپوولـەو یادگـاریش بـە خۆڵەمێش..

"حەیاوك" ئەی وت:

لەو خوارە، نزیك بە تەنگەی ئەستووری "سعود"

نزیك هەتاوێكی نەخۆشی ناوچەوان كلێپەدار

كە بەردەوام وڕێنەیەك لەناو لمدا

بە "با" ئەدا.

لەوخوارە، نزیك قیامەت و نزیكی عەدەم

هەر بە تەنیشت، مێژوویەكی كەڕوكوێرەوە

لەوخوارە، لەوێندەرێ

كە دەشت و دەر نەزۆكن و

سەراب پادشای وڵاتێكە لە تینوێتی ئەبەدیی.

تاك و تەرا باڵندەی وەجاغ كوێر قیڕەقیڕیانەو

لێرەو لەوێ، لە هێلانەی خۆڵەمێشدا،

هەڵكورماون و

بە تەنها هەر

ئاسمانی ڕابوردوو

خەونی مردوو

یادگاریانە.

لەوێندەرێ. لە قاقڕێ

ئەمجارەیان، خۆڵ ئەمنووسێتەوە

چاڵ ئەمخوێنێتەوە. ئەمجارەیان، لەوێندەرێ.
لەو سەحرایانەوە کە هەر زێدی سەعیر بوون
نیشتمانی مەنجەنیق و مەملەکەتی سوننەو کوللەو
زێدی عاگول، زێدی خوێن و
کیفی کینەی یەقدانەوەی
هۆزی غەدری شمشێرو شیر بوون!.
لەو سەحرایانەوە، (با)یەك هەڵئەکات
بە وژە وژی ئافاتەوە، زەرد، زەرد.
لە لمۆزی
دوورگەیەکی ئاوساوەوە
لەوخوارەوە، لوورەیەك دێت
لوورەیەکی گرێ، گرێ..
گڤەگڤی پڕە لە لم.
پڕە لە زام و وەیشوومەو
پڕە لە گڕ.
لەو سەحرایانەوە، هاوارێ دێ، قەترانییەو
سووکەڵەیەو ڕاناوەستێ و لە غاردایەو
درێژ درێژ ئەبێتەوە
هەتا ناو کۆستی ئەم بەفرەو
هەتا لای من!
هاوارێ لە ئێسك و پرووسکەوە، تیژ تیژ
هاوارێ لە ڕیزە چاڵەوە، قوڵ قوڵ

ئەمجارەیان خۆڵ ئەمنووسێتەوە:
چ دەفتەرێکی بەرینی هەیە
ئەم خواوەندی لمە!
دەفتەرێ ئەستوورتر
لەناو قەدی دۆزەخ و
تۆمارێ پان و پۆڕتر
لە زەریای عەرەب و
حیکایەتێ لە کەنیزەکی
ناو "غەنائم" بە ئاپوورەترو
لەشکرێ لە شارە مێروولەی حیجاز
زۆرتر!
خۆڵ ئەمنووسێتەوە
بەو زمانەی کە خودا
حەشرو نەشری بەنی ئادەمی پێ ئەکات.
بەو زمانەی تۆڵە تیا ئەزێ و
بەو زمانەی ئاگر لە پەلکە گیا
موتوربە ئەکاو
بەو وشانەی لە قافڵەیەکی درێژی
حوشتری دووسەنەمی بارکراون و
ڕۆژگار کاوێژ ئەکەنەوەو
ڕوویانکردۆتە بەردە ڕەشەکەی کەعبەو
عەگالی "قەعقاع" جڵەو گیریانە!

لەو خوارە، بەردەوام خۆڵ ئەمنووسێتەوە
هەر وەکو چۆن تەور دار بنووسێتەوەو
هەروەکو چۆن، کوللە گوڵە گەنم و
تۆڕ ماسیی بنووسێتەوە.
لەو خوارە، خۆڵ ئەمنووسێتەوە
مەرگ ڕۆژ کوێرە!
ئەو هەر لە شەوەزەنگدا ئەمخوێنێتەوە.
نە چرای ئەوێو
نە مانگەشەو
چرای ئەو ملمەو
مانگەشەوی ئەو، مەحاقی سەرم!
ئەو بەردەوام بەو دەیجوورە ئەمنووسێتەوە
نە قاچی حەرفە کوفیەکانی
تێکەڵ و پێکەڵ ئەبن و
نە هەڵەیەکی نەحوی ئەکات و
نە پەنجەی ئەشڵەژێ و
نە چاڵە دێڕێ ئەپەڕێنێ و
نە خاکەنازێ غەدر بەخەسار ئەداو
نە سڵ لە خودا و
نە سڵ لە نەوەدونۆ ناوەکەی تریشی ئەکاتەوە!
لەو خوارە، خۆڵ و چاڵ و باگژەیەك لە عەدەم
ئەمنووسێتەوەو ئەمخوێنێتەوە

ئەو خوارە، مووبەمووی جەستەی منی لەبەرە
فەنا بوونی منی لە خۆیدا دەرخکردووە.
بڕینەوەی منی لە چنگیا خەتمکردووە.
لە چەقی هەموو بزەیەکی، منداڵە بەدبەختەکەمدا
دەرزییەکی داناوەو، لەسەرەڕێی هەموو وشەیەکما
قەمەیەك و، لەناو نزارەکان و
زاووزێی کەژیشماندا گێژەڵووکەیەك ژەهر!
لەو خوارە، تەپ و تۆزێ لە تەندورەی خۆڵدا
نە هێشتویەتی ئاو چاوی ببینێ و
نە تاقە پەپوولەیەکیش ببێ بە عاشق!
تەندوورەی خۆڵ ئەمخوێنێتەوە.
دەنگم تەیرێکە مردوو
لە هاوارما، هاوار ئەخنکێ و
لە بێکەسیما، چۆڵەوانی، سەرسامە و
لە ڤیژەمدا، خودا لەگەڵ
تیلماسکە نوورێکی سپیدا دێتە دەرێ و
ئاوێتەی فرمێسکی دایکم و چیام ئەبێ
لە ڤیژەمدا خوداوەندی (با) ئەشڵەژێ
لە تەنیاییما تەنیایی زۆرجار ئەنوێ
بەڵام "ئەعراب!"
وەختێ ئەدوێم
ئەوان و بیابان، نازانن خودا "ئەڵڵا"یەو

نازانن "ئاو" چییەو؟ "دایە" چییەو
بە تەنها فەنابوونی منیان لەخۆیاندا خەتمکردووە!
چەند زەلیلە
ئەم جەستەیە
چەند تەنیایە
زریکەم و
چەند بێ خەمە
بیابان و
چەندیش کلۆڵە
غەریبییم!

ـ خەو نەبوون، کیژۆڵە خەو نەبوون
ئەوە ڕەزبوون و ئەمردن
ئەوە ئاو بوون و ئەمردن
ئەوە بەرد بوون و شل ئەبوون
ئەوە گۆم بوون و ڕەق ئەبوون
خەو نەبوون. کیژۆڵە. خەو نەبوون.
ئەوە دەستی سەرگوزشتەو
خەیاڵ نەبوو. کیژۆڵەکەم..
ئەوە دەستی نیوەی دنیاو نیوەی دەوڵەت و
قانوون بوو کە ئەهات و
تۆی ئەخستە زیلێکەوەو

دوور ئەیبردی..
ئەوە نیوەی بلیمەتی و نیوەی عەقڵ و
نیوەی زانای جیهانێ بوو
بەیەکەوە.. لەگەڵ "مونتەسیر بیللادا"
(با)ی بۆگەنیان بۆ هەڵکردی.
خەو نەبوون. کیژۆڵە. خەو نەبوون
کڵۆ خەڵووزە ساردەکە
ئەوە مەمکێکی دایکت بوو
تۆپەڵە سورو گەرمەکە
ئەوە دەماغی باوکت بوو
خەو نەبوون. کیژۆڵە. خەو نەبوون
ئەوەی کارژۆڵەکەی تۆی خوارد
ئەوەی مراویەکەی دزیت
ئەوەی مامرەکەی بردی
ئەوەی چیرۆکەکەی کوشتی
گورگ نەبوون. کیژۆڵە. گورگ نەبوون
ئەوە حیکایەت نەبوون بۆتبکەم
شیعر نەبوون بۆت ڕێکبخەم
ئەوە دەوالی مێژوو بوون..
ئەوە وەقاص و سەعد بوون
لای خەلیفەوە هاتبوون!
خەو نەبوون. کیژۆڵە. خەو نەبوون

وەکوو پرچ و زەردەخەنەو گوارەکانت
حەقیقەت بوون!
خەو نەبوون. هەرگیز خەو نەبوون..
ئەی بە چاوی خۆت نەتبینی؛
گوڵەکان چۆن لە ترساندا ڕایان ئەکرد..
بنچکەکان هەڵ ئەهاتن..
ئەی بە چاوی خۆت نەتبینی..
کەروێشك خۆی ئەکرد بە پەیکەر!.
هەتاو خۆی ئەکرد بە سێبەر!.
ئەی بە گوێی خۆت گوێت لێ نەبوو
لەو ئێوارە بەسامەدا
سەگەکەمان کەوتە قسەو
بەلآم مەرد بوو
وتی چی ئەکەن با بیکەن
بەلآم من نابم بە بەعسی!
خەون نەبوو. کیژۆڵەکەم. خەون نەبوو
ئەی هەر لەبەر دەمتا نەبوو
لە دوای ناشتنی هەڵەبجە
ئەستێرەیەك بە میوانی
ئەستێرەیەکی مرۆڤ دۆست
هاتە هەیوان
قەیرێ لەگەڵماندا گریاو

ئینجا ڕۆیشتەوە بۆ ئاسمان
خەون نەبوو. کیژۆڵەکەم. خەون نەبوون!
ـ ئەگەڕێمەوە بیابان.
قافڵەکەیش بە بەتاڵیی گەڕایەوە
بۆ کوردستان..
"تۆپزاوا" باری هەیەو دیسانەوە چاوەڕوانە!
تۆپزاوا باری هەیەو، باری قورسە
باری ژان و، باری ڤیژەو، باری نووزە
ئەو وەختەی ئەبن بە ڕەژوو!
باری گریان و تەنیایی وەختێ ئەبن بە کۆتەرەو
بە سوتماك و وردە شووشەو ئەو دەشت و دەرە
پڕئەکەن، باری زوخاو وەختێ ئەبێ بە قوڕقوشم و
باری زووڕە زووڕی منداڵ، وەختێ سوێیان ئەبێتەوەو،
ئەوەرێن و ئیتر ئەبن بە خەزان و بە گەڵای دار. باریساڵەکانی
عومری پیرێژن و، باری کچە عازەبەکان، باری ئەو
هەموو جوانییە، وەختێ ئەبن بە مرواری و، بار ئەکرێن بۆ
شێخەکانی ناو خەلیج و بۆ بازاڕی عەرەبستان
باری حەریری جەستەی کیژ.. بۆ دیوەخان.
باری پەمووی بێوەژنان.. بۆ ڕەشە خەڵك
باری کەوڵی پیرەمێردان
بۆ کارگەکانی دەباغی.
لەمسەر خاڵییە قافڵەو

لەوسەر پڕە لە ئەستێرەو
لە گۆرانیی و لە چراکان

ـ ئەی ئادەمیە بەفرینەکان!
لەکوێوە گەیشتنە ئەم لێواری سەعیرانە؟!
چ کاروان سەرایەکی درێژە ئەم دووکەڵی سەفەرانە؟!
ئەرێ هیچتان لەبیرنەچووە؟!
دڵۆپە فرمێسکێ؟
ئاخێکی نێو لۆچی تەمێ؟!
خۆزگەیەکی سیس؟!
بارژنی ئاسکێ؟!
قاسپەی کەوێ؟!
هیچتان لەبیر نەچووە؟!
پەلەتان بوو. ئەو دەمەی
خەوتان بەجێهێشت! پەلەتان بوو، پێتان نەکرا
نە سڵاوێ لە درەختێ
نە ئاوڕدانەوە لە نووزەی ڕەزێ،
پەلەبوون و بێ پریاسکەی ماڵ ئاوایی،
بە بێ ورتە. بێ چرپەیەك
پەلەبوون و هیچتان نەبرد
لەگەڵ خۆتان:
نە کۆڵەپشتێ.

نە بوخچەیەك.
نە جانتایەك.
نە مشتێ مێوژو، نە باسوقێ و
نە چەند بەڕوویەك و، نە چەند کەشکێ و
نە تۆزێ گەزۆو، نە هەندێ ڕەشکەو
هیچتان نەبرد. نە نانی ساجێ و
نە مەمکە مژەی ئەو ساوایەو
نە بووکەشووشەکەی باوەشی و
نە حەت حەتۆکەو
نە تارای بووکێو، نە ئاوێنەیەك و
نە گۆچانەکەی باپیرێ و
نە دەرمانی سك یەشەکەی
"پوورە ئەجێ؟"
ئەی باشە چیتان هێناوە بۆ سەفەرێ؟!
بە تەنها پێستی لەش و پرچ و قژ و
جلکە شڕێ؟!
ئاخر ناکرێ هەر وا بە دەستی بەتاڵ
بچنە حزوری یەزدانێ لەوێ.
ئەی چەپکەگوڵێ بۆ بارەگای پەروەردگار؟!
ئەی بارانی هەورێ بۆ پێغەمبەری بیابان؟!
ئەی لە زنویرەوە تاشە بەفرێ بۆ خەلیفەو
بۆ حەزرەتی والییش هەندێ ڕێواسی کەلیخان؟!

پەلەتان بوو. نە (با) لەسەرتان ڕاوەستاو
نە ڕێچکەی زیل و نە جاڕنامەی مافی مرۆڤ و
نە کۆنگرەی موسڵمانان؟!
ئەی ئادەمیە بەفرینەکان!
لە کوێوە گەیشتنە ڕۆژی حەشرو
بەردەمی قاپی قیامەتێ؟! لە کوێوە
گەیشتنە ئەم دەشتی عەدەمەو
بە کام پلنگی باڵدارو بە سواری باڵی کام
فریشتە و پەری، گەیشتنە حەوت تەبەقەی
ئاسمان و، بەردەم عەرشەکەی خوداو
چوونە سەرێ؟ عەشاماتێ.. عەشاماتێ.
لە عەبدی یەزدان و، لە ئۆمەتی جنۆکەو،
خێڵی گومڕاهوو، خەڵکی کافرستانێ.
عەشاماتێ.. عەشاماتێ، قافڵەیەك
لە جارییەو لە سەبایای پاکیزەکانی چیاو بەفرێ.
ئاپوورەیەك لە گوناهەکانی هەژاری و
عەشاماتێ، عەشاماتێ، عەشاماتێ
لە ئەهلی دۆزەخ و لە ڕەگەزی گەڕوگولی
ناو مەجوسێ!

چەند زەلیلە
ئەم هەقەی من.

چەند گوناهە
بێ گوناهیم.
چەند ڕسوایە
زمانی شاخ.
چەندە تەباین
من و مەرگ و
کە شەو داهات
سەگەلی ڕەش
یەك لەدوای یەك
چۆن ئەمانخوات!
ئای کە تەنیام. چەندە تەنیام
چەندە،، چەندە. چەندە. لەم وەختەدا
لەتۆ تەنهاتر خودایە
لەتۆ بێکەستر خودایە
تەنها کوردە!!
ـ پاکیزەکان
مانگەشەوە خۆڵاویەکان
هەر شەوەکی لە نێوانی
زرێپۆش و بەنگەڵەدا،
لەبەر شەوقی گڵۆپی تیژی زیلەکان
ڕیزکران و لە نێرینەکان دابڕان..
لەیەکتر جوێکرانەوە

گوڵەکانیش بۆ چەند جارێ
تلْژین[*] کران!
گوڵەکان ئاویان نەخواردبۆوە
لارەمل
وەك هێرۆی ملشکاوی بەردەم ڕەشەبا
لەناو چڕە تەمێکی خۆڵەمێشیی
"تۆپزاوا" دا ئەگریان و هەڵئەقرچان
ئەپاڕانەوە لە خودا.. ئەلاڵانەوە و خوازیاربوون
قودرەتەکەی "کون فەیەکون" پیادەبکاو
ئەرز کونکاو قووتیان بدا..
پاکیزەکان بینی ئاو نەبوون ئەلەرزین.
بەفر نەبوون، ئەتوانەوە..
ئاگرنەبوون، ئەسووتان و
پاییز نەبوون، ئەوەرین و
شووشە نەبوون هەر ئەشکان و
پاکیزەکان چاوێکیان هەر لە ڕێی خوداو
گەیشتنی قودرەتی بوو..
چاوەکەی تریان هەر لەسەر
لەش و لاری بێ پەرژین و
جەستەی بێکەسی خۆیان بوو.
پاکیزەکان لەو ساتەدا

---

[*]تلْژین: هەڵبژاردەی هەرە باش.

له دارهه‌ناری مه‌لول و
له ڕیشۆڵه‌ی ناوتۆڕ ئه‌چوون
له‌و ساته‌دا هیچ شتێکی سپی و بێگه‌رد
له‌وێ نه‌بوو:
نه یه‌ك دلۆپ له نووری خواو
نه تیلماسکێ له ڕۆحی که‌سکی باران و
نه یه‌ك شنه‌شنی هه‌ق و
نه یه‌ك پرژه پرژی شیعرو
نه یه‌ك له‌رەله‌ری هه‌ست و
نه که‌وچکێك له به‌زه‌یی و
نه یه‌ك قولانج لێبوردن و
نه یه‌ك پیاڵه قسه‌ی شیرین!
له‌و ساته‌دا..
ئه‌وه‌ی له‌وێ بوو هه‌ر ترس و
ته‌م و ده‌شتی خۆڵه‌مێش و
حه‌ربه‌ی زمانی عه‌ره‌بی و
ڕیزه به‌رمیلی پڕکراو
له جۆره‌کانی مردن و
ئه‌وه‌ی له‌وێ بوو هه‌ر غه‌دری نه‌وتاوی بوو.
ئه‌وه‌ی له‌وێ بوو، به ته‌نها ته‌خته سڕی
سڕینه‌وه‌ی ده‌م و چاوم و
سڕینه‌وه‌ی شاخ و داخ و

سرپینەوەی دەنگ و ڕەنگم و
ئەوەی لەوێ بوو، درێژەی گێڕانەوەی
هەمان، هەمان، هەمان..
ڤیژەو زریکەی خوێناویی
سەبایەکانی ناو دەنگی "تەبەری" بوو!
مریەمەکان بە تەنها شەرمیان
لە جەستەی بێکەسی خۆیان ئەکرد
لە دڵەوە بانگی مردنیان ئەکرد:
فریایان کەوێ
بەڵام مردن خۆی نە ئەهات!.
ڕاوچیەکان لە سەرو ملەوە تا ناوقەد
بەرازی شفرەدار بوون و، نیوەکەی تریشیان
ئادەمی بوون.
"ئەمن دەمگۆت
خەوێکم دیتیە سۆر سۆر
لەو خەوەیدا
شەنگەبێری، کارمامزی، بەژن عەرعەری
لە دوورەوە ڕا، لە سەحرای غەریبیەوە ڕا
هاتبوونەوە مارێ!
یەکەك ببووە ڕەشە ڕێحانێ و
ئەوی دی ببووە گوڕی دارقەزوانێ و
یەکەکی تریان ببووە زنە ئاوی بن شاخان

وەیلێ

وەیلێ

وەیلێ

ئەمن دەمگۆت لەو خەوەیدا

ئەرێ کیژان!. لۆ سەفەرتان

هێند تولانیداو

لە کێندەرێ بوون، بابان وێران!

چبوو؟! چتاندی؟! چتانکرد؟!

ئەرێ کیژان

لەوێندەرێ، لە قیامەتێ

عاشقان چ دەکەن؟!

ئەوانیش دەچنە بەهەشتێ؟!

خۆ لەوێندەریش نارەنار ناکەن

لە دەس غەدرو غەدارێ

ئەمن دەمگۆت. لەو خەوەیدا

خودایە!

ئەوی خەوی ڕاستبێ و

کیژان هاتبنەوە مارێ!"

وەیلێ

وەیلێ

وەیلێ!

وای لەکیژانێ، وای لە حەیرانێ

وای لە ئافاتی دەورو زەمانێ

وای لە غوربەتی نێو بیابانێ

وای لە شەوانێ کە مانگ تیا ئەمرێ و

بەفری کێوانیش چ پێنازانێ!.

وای لەمریەمێ

وای لە پاکیزێ

وای لە سووتانی

ڕۆحی ئازیزێ

وەیلێ
وەیلێ
وەیلێ
وەیل!

سلێمانی
2003/12/16

# ئێوه

# به خۆشه‌ویستیم ئه‌سپێرن

شیعرو په‌خشان

2004

# وتەیەکی کورت

خوێنەری هێژا! ئەم کۆمەڵە دەقەی لەم کتێبەدا کۆبوونەتەوە، بەشێکیان بەر لە نووسینی ڕۆمانە شیعری (گۆڕستانی چراکان) و بەشێکی تریان دوای ئەو نووسراون. هەر لە قەسیدەی درێژەوە بۆ کورتە شیعر یان ئەو دەقانەی کە ڕەنگە بچنە خانەی پەخشانە شیعر و یان هەر پەخشانەوە. ئەگەرچی لەم ڕۆژگارەدا شیعر بەشێکی زۆر لەم سنوورانەی ڕابوردووی خۆی شکاندووەو پێئەچێ کە ئیتر "دەقی کراوە" ببێتە شکڵی زاڵ و لەبەرچاوی ئەم دنیا ئەفسووناوییە. بە کورتی ئەم دیوانە ڕەنگاڵەیەکە لەو شێوە جیاجیایانەی کە هەر هەموو باڵندەکانی، بە باڵ کورت و باڵ درێژیشەوە، تەنها ئاسمانێکیان هەیە، کە ئەویش گەردوونی شیعرە! بۆ خۆشتان ئەوە ئەزانن ئەزموونی شیعری من تەمەنێکی درێژی هەیە. لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، کەم تا زۆر ڕەنگ و ڕووی تایبەتی خۆم هەیە. لەو دنیا بەرینەدا، نیشتمانێکی بچکۆلانەم بۆ خۆم خوڵقاندووە. جا ئیتر تۆ تا چەند ئەو ئەزموون و نیشتمانەت بە دڵە یان نا؟! ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە. بەڵام ئەمەوێ لەم وتە کورتەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، بەشێکی لەبەرچاو لە شاعیرانی نەوەی من و دوای منیش، زۆرجار تووشی دابڕان و ونبوون و پەرت پەرتبوون هاتوون، کە بەلای منەوە یەکێك لە هۆیەکانی ئەوە بووە، نەیانتوانیوە، یان درێژەیان بە

ئەزموونێك نەداوە و لەپڕ پچڕاندویانەو لە گەشەکردنیان خستووە. من بۆ خۆم وا نەبووم. لە بناری ئەزموونێکی خۆمەوە دەستمکردووە بە ڕۆیشتن و سەرکەوتن، نە نوچدان و نە شکستخواردنیش نەیوەستاندووم و هەوڵمداوە بەردەوام ئەو ئەزموونە بە زمانی شیعر دەوڵەمەند بکەم و لە فۆرمی جیاجیادا پەنجەرەی تازەی لەسەر بکەمەوە. بە واتایەکی تر ئەگەر من "لەناو یادەوەری کورددا کارمکردبێ" هەوڵمداوە لە چەندین ڕەهەندی جیاجیادا ئەم ئەزموونی یادەوەرییە پەرەپێبدەم و نەهێڵم لە ئاستێکی هونەریدا ڕابوەستێ و ویستومە لەم زەمینەدا هەڵکەندنم قووڵایی تازە بدۆزێتەوە. بەهەرحاڵ ڕەنگە ئەم تێڕوانینە لەسەروەستانی زۆری بوێ، کە ئەمەیش بەر لە قسەکردنی خۆم لێکۆڵینەوە و قسەی ڕەخنەگرانی لە دواڕۆژدا بوێ. نوختەیەکی تریش هەبوو بە پێویستم زانی کەمێك قسەی لەسەر بکەم، کە ئەویش "شیعر و ژانرەکانێتی" یان ئەو تەوەرەی شیعرەکەی بە دەوردا ئەسوڕێتەوە. من پێم وایە شتێك نییە بکەوێتە دەرەوەی شیعر، یان نەکرێ بە شیعر، یان قەدەغە بێ بێتە ناو ئەم دنیایەوە. وەك چۆن وشەی قەدەغە نییە، بابەتیش هەروا. جا ئیتر: سیاسەتە، سروشتە، جیهانی خود و ڕوحە، تەسەوفە، دڵدارییە و هەرچیەکە. ئەوەی جەوهەرییە بە شیعرکردنی ئەو بابەتەیە. چۆنیەتی دۆزینەوەی زمانێکە بۆ دەربڕین. ئێمە سەرئەنجام شیعرمان ئەوێ جا ئەو شیعرە لە هەرچیەك بدوێ. وەك لە دنیای سیاسەت و دەنگی بەرزدا بە سەدان شیعری خراپمان هەیە هەر لە هەمان دنیادا گەلێ شیعری جوان و بەهادارمان هەیە. ئەوەندەی شیعری غەزەل و تەسەوفی پەڕپووتمان هەیە، نیو ئەوەندە هیی جوانمان نییە. شیعر بە کۆنی و تازەییش نییە. هەموو

تازەیەك بەهادار نییە. هەموو کۆنێکیش بەسەرچوو نییە. شیعر هەر شیعرە، ئەحمەدی خانی نووسیبێتی یان نالی یان گۆران یان هەر شاعیرێکی داهێنەری ئەم ڕۆژگارە. شاعیر هەیە بە فۆرمی تازە و بەڵام بە عەقڵی بەر لە هەزار ساڵ ئەنووسێ. کە بیری تازە نەبوو فۆرمی تازە نابێ. بەشێکی لەبەرچاوی ئەزموونی شیعری تازەمان لە منداڵی "تەبەننی" کراو ئەچن. لە نەسڵی ئەزموونی ئەو شاعیرە نین. خوازراون. هەر لەبەرئەوەیشە کاتێ ئەو شیعرانە ئەخوێنمەوە، وا هەست ئەکەم تەرجەمەن. یان بەزۆر لەقاڵبدراون، هەر لەبەرئەوەیشە ناتوانن هەست و نەست ببزوێنن.

ئەگەڕێمەوە بۆ سەرەتای ئەم وتە کورتە و ئەم دیوانە تازەیەم "ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن" ئەو خۆشەویستییەی کە بۆ من هەمیشە چاوگێکی گەورەی بەردەوامبوونی ئەو گڕو کڵپەیە بووە و نەیهێشتووە دامرکێمەوە.

شێرکۆ بێکەس

سلەیمانی

2004/6/15

# ڕێگا درێژەکان

# هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا!*

"پەخشانە شیعر"

ئەمڕۆ وادەی بەیەك گەیشتنەوەی نێوان:
زستانە چاوی ئێمە و بەهارە خەزانێکی گەورەیە!
ئەمڕۆ وادەی گەڕانەوەی مەوسمی تێکەڵی
خۆڵەمێش و خونچەیە..
ئەمڕۆ وادەی بینینەوەی دیمانەی کەژاوەکەی گریان و
باڵای سەرتاپا هەڵاڵەگرتووی هەڵەبجەیە!
ئەمە نووزەی شۆڕەبی پرسەیە؟ یان ناڵەناڵی بەردە؟
یاخود وژەوژی لێڕەواری زایەڵەیە؟
وادەی سەردانەوەیە لە ساراکەی مەولەوی
وەختێ ڕیشی مەولەوی شیعر ئەگرێ و نێرگز ئەگرێ و
دیدەی پڕ لە نووری تەڕی

---

* ئەم دەقە مانگێ بەرلەوەی پەیکەرەکەی دیکتاتۆر لە مەیدانی فیردەوسدا داڕمێو ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکەی لە ناوبچێ، نووسراوە. پێشبینیەکی شیعرییە. هەڵەبجەیش بۆیە ئەچێ بۆ بەغدا تا بە چاوی خۆی مەرگی جەللادەکەی ببینێو لە کەرنەڤاڵی ئازادیداو لەگەڵ سومبولەکانی شیعرو هونەرو خۆشەویستیدا ئاهەنگ بگێڕێ.

ئەبێ بە چرای خودا و
چرایش ئەگریی!
ئەمڕۆ وادەی نێوان چرکەکانی سەعاتی ژەهر و
ڕەقبوونی شەپۆلەکانی جەستەیە..
وادەیە و وادەیە و وادە!
ئەمڕۆ هەر هەموومان، ورد و درشت، بە خەڵفی تازە و بە گەڵا و گوڵ و چۆلەکە و منداڵ و بە لق و پۆپمانەوە، بە پەلکە گیا و بە نەونەمام و کیژۆڵە و بە پیرەدار و بە دێبەر و ڕەز و بە سنەوبەر و ژن و بە بنچکی گرمۆڵەی خەم و، قژی ئاڵۆزکاوی دەوەنمانەوە ئەبین بە دارستان و بە ڕووبار و بە زێ و بە ڕەوەز و ئەکەوینە ڕێ، لەهەر چوارلاوە ئەکەوینە ڕێ و ئەگەڕێینەوە بۆ لای کانی عاشقانی هەڵەبجە و کڕنووش بۆ ئاپوورەی زەرد و سووری قوربانیان ئەبەین لەوێ.. ئەمڕۆ هەمووومان ئەبین بە شەقامی شار و بە کوچە و بە پەنجەرەی مارت و بە کتێب و ڕۆژنامە و تابلۆ و شانۆ و.. جەستەمان ئەکەین بە پیانۆ و ئەچینە بەردەم باڵا ئاوێنەی شنروێ، بۆئەوەی جارێ لە شارەزووری خۆشەویستیمان وەنەوشە بۆ قژی بچنێ و جارێکی دی لەگەڵ بای وەشتی شیندا ئازارمان بژەنێ!
ئەمڕۆ هەست و نەستمان.. شەبەنگێکە
مل بە کوێنی شەونماوی و دلۆپ دلۆپ
حەسرەتی مەیلەو ئاڵی لێ ئەتکێ!..
ئەمڕۆ ئەچینەوە نێو تەمە خەمێ، داڵانی هەورێ، کە لە تەوقی

سەرەوە تا کەڵەموستی پێی ئەم وڵاتە دائەگرێ و دائەپۆشێ و
ئەچینەوە نێو تەونی غەدرێ کە هەموو دنیا بۆی چنین و
بەریاندا و تەون فڕی و لە ئاسمانی بێکەسی ئێمەدا سووڕایەوە و
بوو بە فڕۆکەی ژەهرێ.. ئەچینەوە نێو سەرسام بوون و
تەنیایی و غەریبی لە ماڵی خۆماندا و ئەڕۆینەوە بۆ لای بێوەژنی
دەڤەرێ کە ڕووتوقووت و بێ جووڵە لە بەردەمی
ئاستانەکەی خوادا و لەبەردەمی داددا و لە بەردەمی جاڕنامەکەی
مافدا بوو بە خەڵووزە پەیکەرێ!
فرمێسکێ لە شێوەی سیڕواندا..
ئاخێك لە شێوەی گەردەلوولدا..
متبوونێ لە شێوەی بەردا و
تاوانێ لە شێوەی زەماندا..
ئەچینەوە ناو برینێ
کە بە درێژیی: نەخشەی هەموو کوردستانە و
بە پانیی: هەموو مێژووی ئەنجن ئەنجنی جەستەمانە و
بە قووڵییش: قووڵایی هەر هەموو کۆستەکانمانە!
شانزەی سێ بوو، شانزەی سێ
شانزەی لە ناوەڕاستا قرتاوی بەهارێ!
شانزەی.. هەزاران تابووتی گوڵجاڕێ.
شانزەی زایەڵە، شانزەی کۆتەڵێ، شانزەی ڕەشی یادگارێ
هەڵوەرینی خەون و دەم و لێو و خەزانی چاوانێ..
یادگارێ لە ئاوێنە شکاوەکانی سەفەر

به مۆمیابوونی خوێندنی تەیرێ
شانزەی سێ بوو، شانزەی سێ، وەختێ ڕۆژێ
ئەبێ بە خەنجەری ساڵ و لەسەر دڵی شار ئەچەقێ!..
شانزەی سێ
ئاڵ بوونی ئاو و
کەڕبوونی شاخ و
کوێربوونی هەتاو و
وڕێنەی بەرد و
شێت بوونی دار و درەخت و
ئەوقبوونی یەزدان و لەولایشەوە
قاقای پێکەنینی دیکتاتۆرێ!.
ئاوڕدانەوە لە ڕۆژژمێری تارۆماری سەردەمێ
کە هەموو دنیا لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا.. بۆ ئێمە بریتی بوو
لە پیاڵەگێڕی ژەهر و لە تۆڕچنی غەدرێ..
هەموو دنیا لە ئاست ڕۆژی حەشری ئەنفال و قیامەتێ
نە چاویان هەبوو نە دەم و نە گوێ!
ئەچینەوە ناو هەوای ئاسمانی شانزەی سێ
کاتێ شارێ بەلادادێ و زەردەخەنەی نێرگزەجاڕ
وەك زەردەخەنەی دارچواله و منداڵان و
کارێزەکان.. کۆتایی دێ!
بەڵام لێرەوە، لە تخووبی ئەم مەرگەوە
لە کوشتنی ئاو و، لە تیرۆرکردنی گوڵ و لە

جەستەی زەردەڵەی هەڵەبجەوە، ژیانێ ڕسکاو
گوڵەگەنمێ هاتەدەرێ.. ئەو جەستەیە بوو بە مۆم..
لە ناوەوە تاریك و بەڵام ڕووناکیی دا بە دەرێ..
وەختێ شارێ بە خنکانی خۆی.. دەنگ بە دنیا
هەڵئەبڕێ، وەختێ عەشقێ بە سووتانی باڵای خۆی،
دڵدارانی ئەم دنیایە تا شارەزوور ئەهێنێ.
شارێك لە مردنی خۆیدا.. جیهانمان پێ بناسێنێ.
تۆوی خۆرەتاو و، زرنگەی زەنگ بڕوێنێ
شارێك لە مردنی خۆیدا و
بە مەرگی کانییەکانی.. گۆمی گەورە و
زەریای دوور و
ئۆقیانووس بهەژێنێ!

★

ئەی بەهاری بێوەژن و ئەی ڕووباری نووستووی
ناو کۆچێکی بێدەنگ!
ئەی بەرزترین زایەڵەی سەدەی بیستمان!
ئەی باڵندەی ڕۆحمان ئەودەمەی
باڵ ئەگرێ و ئەودەمەی ئەسووتێ
تۆ هەر تاژانە یادێ نیت، بە تەنها ساڵانە، لە گۆمەشینی
خۆتمان هەڵکێشی و یان بمانکەیت بە گریانی تاق تافکەرەیەك
وەختێ بۆ درەختی کۆچکردووی خۆی بگەڕێ! تۆ بە تەنها هەر
قەسیدەیەکی چاو سەوز نیت،ساڵی جارێ، ژنە هەورێ، لەو

ماهی و دەربەندانەدا، بە پرچی کڕووزەیەکی درێژ لەسەر تەمتوومانی
بە ژار و ژەنگێ بۆ شارەزووری "نالی"ت بنووسێ!
تۆ هەموو ڕۆژێ لەناوماندای، وەك دایك و باوك و هاوسەر و
جگەرگۆشە و وەك نان و ئاو و چون تین و تاوی ئاگرێ، لە
ناوماندای، وەك چریکەی ئەسغەر و دەنگی ماملێ.. لە ژوورەکانمدای
وەك پەنجەرە و ڕۆژژمێر و سەعات و بە هاوینان وەك مانگەشەوێ.
تۆ هەموو ساتێ لەگەڵماندای. چوون پەنجەکانمان. تۆ بووی بە
گوڵی ڕەشی ناو گیانمان و نێو باخچەکانمان..
بووی بە شەقامی ئازادیی
لێرە و لەوێ.. لەناو تیرێژی هەتاودای وەختێ بە ستوونی یان
شاقووڵیی دێیتە ژوورێ..
تۆ لیمۆیت و بۆنت ئەکەین.
تۆ خەمیت و ڕەنگت ئەکەین.
تۆ عەشقیت و سەیرت ئەکەین.
تۆ دەنگیت و لە بێدەنگیماندا جریوەت ئەکشێ.
نمەیت و پرژەیت و پرووشەیت و ڕێژنەیت و
کەناری دیاری بیرەوەریت و سەرچاوەیەکی گەرم و
هەمیشە هەڵمی غەدرێکی گەورەت لێ هەڵئەسێ!
ئەی هیلالی کوژراوی
تا ئێستەیش بە ئاسمانەوە هەڵواسراو!
وەختی هەڵهاتنەوەت، وەختی زیندووبوونەوە و
دابەزینت. وەختی خەرمانە بەخشینت

لە نزیکبوونەوەی هەورێکی نزم لە دارڕژان.. نزیکترە!
لە نزیکبوونەوەی سروەیەك لە کۆساران.. نزیکترە!
لە نزیکبوونەوەی کازیوە لە هەتاو و
زەردەخەنەیەك لە لێوی ساوای ناوبێشکە.. نزیکترە..
ئەوەتا جەللادەکەت قاچێکی کەوتۆتە نێو تابووتەکەیەوە و
مردن خەریکە ڕایئەکێشێ!
ئەی کانی عاشقانی هەڵەبجە!
بە هەموو عاشقانی ئەو بەندەن و بنارانە بڵێ..
بە کارمامز و بە ژنە ڕەوەند و بە شمشاڵی قامیشەڵان و بە
پلووسکی بەفراوان و بە قاپی تەنەکەیماڵان و بە جووتە مەلی
عاشقی گوێ ئاوان و بە هەموویان، تەلان تەلان،
بەستێن بەستێن.. پێیان بڵێ:
بەو زووانە پەپووسلێمانەکەی پیری شالیار لە کاوانەوە بە گەنجیی
ئەگەڕێتەوە. بە دەم چریکەی سیاچەمانەوە بێسارانی بە سواری
کەڵەکێوییەکی قاوەیی تیسکن دێتەوە. کەوە سپیەکانی نەڤشیی
لە شەقەی باڵ ئەدەنەوە. مەولەوی بە خۆی و پەپوولە و شیعر و
ڕێحانە ڕەشەی بەر پشتێنەوە ئەگەڕێتەوە. ئەمجارەیان خاتوو
عەنبەر ئەگەڕێتەوە و بۆتەوە بە کچ و قژی وەك سەری ئازادە و
بووە بە مامۆستا و وانەکانی: ژن و باران، ژن و ئازادیی،
ژن و هەتاو بە کەنیشك و کیژۆڵانی لە چنوور چووی ئەو مەڵبەندە ئەڵێتەوە
پێیان بڵێ.. بەو نزیکانە
هەر لە ڕێگەی ئاسکەکانی دەشتی شێروانەوە، هەڵەبجە ئەچێ

بۆ بەغدا و لە قوڵینەی گەواڵە هەورێکی سپیدا و لەگەڵ خۆیدا
پێنج هەزار پەپوولەیش ئەبا. هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا. وەختێ
ئەگا، دیجلە لەبەری هەڵئەسێ و باوەش بەناو قەدیا
ئەکا و دەست ئەبات و کڵاوەکەی جەواهیریی لەسەر ئەکا. بە گمەگم
دوو جووت کۆترە شینەکەی نەجەف دێن و لەسەر شانی ئەنیشنەوە و
هەر لەوێدا دار زەیتوون و دار چنار و دارخورما ئەیکەن بە سەما.
لە دیواری کۆنکرێتی جەوادەوە، ئەسپەشێ دێتە دەرەوە و
پڕ بە پایتەخت ئەحیلێنێ و خۆر بەر ئەبێ و بارانی پرشنگ دائەکا.
هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا، گوڵی هەنار کاڵایەتی و قەڵبەزەیەکی
ئەحماوا باڵایەتی و، وەختێ ئەگا، ئەبونەواس لەسەر سەکۆ
دێتە خوارێ و لە گوڵ و هەنار و قەڵبەزە بادەی تازە دروست
ئەکا، یەکەم پەرداخ حسەین مەردان لێی وەرئەگرێ و هەر بە
یەك بین هەڵیئەدا. دوای ئەو ڕوشدی قژی بژە و بۆینباخ
خوار، دێتە پێشێ و تا ئەتوانێ "باخی عەلی" و خۆی مەست ئەکا.
هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا. کاتێ ئەگا. حوصەیری وەك جاری جاران
بوتڵی مەیە و چاکەتی بەر داکەوتووە و سووربۆتەوە و لە بەردەمی
پەیکەرەکەی ڕەصافیدا هەر لەترەدا و نیوەلاڵە و بە عەمودیی
جنێو بە کوڕەکەی صەبجە و بە مەدرەسەکەی عەفلەق و بە دوو ژمارەی
حەڤدە و سی و جنێو بە عەرش و فورش ئەدا! هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغداو
سەرنج ئەدا، حەیدەرخانە گەنج بۆتەوە: نێرگەلەکان،
سەماوەر و قۆری و پیاڵەی کەمەر زەڕلی، چایخانەکەی حەسەن
عەجمی، لەسەر وەجاغ و ڕەفەوە، دائەبەزن و دێنە

سەرجادەی ڕەشید و ئەزرنگێنەوە یەك یەك و هەڵئەپەڕن
لە خۆشیاندا، سەرنج ئەدا، هەردوو سدارەی گوبانجی و عەلیلوەردی
ئەویان بە باڵی مەقام و ئەمیان بە باڵی بیری نوێ، دوو کوکوختی
هەڵفڕیون و بەسەر قوببەی پیرۆزەیی و شەناشیلدا ئەخولێنەوە و
پێئەکەنن لە ئاسماندا.
هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا. بە شۆڕیجەدا ڕەت ئەبێ، لەشی بۆنی
حێل و دارچینی و میسك ئەگرێ. ماچی فەیلی، دەورەی
ئەدا، لە پاش تۆزێ ماچەکان ئەبن بە هەنگ و باڵای
هەڵەبجە بە شانە و، ئازادیی دێ و، هەنگوین بەسەر
هەمووواندا دابەش ئەکا. هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا و بەر
لە بەغدا لە شارەبان ئەوەستێت و، لەناو باخی پرتەقاڵدا،
دوا پارچەی جلی گریانی فڕێ ئەدا. ئەوسا ئیتر پرتەقاڵی
ڤژنارنجیی، لەناو پەرژینی مۆردەوە، کراسێکی ئاودامانی
لە گوڵی خۆی بۆ ئەهێنێ و.. هەڵەبجە جلی هەتاو و، هەڵەبجە
جلی کەرنەڤاڵ لەبەر ئەکا و ئینجا ئەڕوا..
هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا!

سلێمانی
2003/3/14

# عومەری خاوەر دنیا ئەگەڕێ و،
# پەپوولە شیعر ئەنووسێ و،
# گازی ژەهراویش دەسگیرئەکرێ!!

ئەمە هیچ کەسێ نایبینێ
لەخۆم زیاتر!

بەرەبەیان، زوو بەرلەوەی
لەگوێ چۆمێ دار هەنار چاوی بگلۆفێ و
کارمامزێ لەخەو هەستێ و
هەتاو لە ماڵی بەفرەوە بێتە دەرێ!

زوو بەر لەوەی
هیچ دەربەندێ لەناو تەمێکی تەنکدا
باوێشکبدا
تاڤگەیەك، هەر بە ئەنقسەت و، بۆ گاڵتە
بە مشت ئاو بکا بەسەری بنچکێکداو

له شیرین خەو دایچڵەکێنێ!.
بەرەبەیان، زوو بەرلەوەی
مناره مێزەر ببەستێ بۆ بانگدان و
زوو بەر لەوەی نزای دایکم
ببێ بە کۆتره باریکەو
بەرەو لای خودا هەڵفڕێ.

بەر لەوەی لوتکە دەستبەرێ
بۆ ئەوەی پۆپنەی گزنگێ
لەنێوان دووکەڵدا بگرێ.

زوو پێش ئەوەی
پیره حاجی لەقلەقێکی کەشی بەسەر
لەگوێ زەڵم هەڵبلەرزێ و
باڵەکانی بکاتەوە و گوناه لەخۆی بتەکێنێ و
بەرەو گەرمەسێر هەڵفڕێ

ئەمە هیچ چاوێ نایبینێ
چاوم نەبێ!

پێش ئەوەی "با" لەمسەرەوە
شەونم بەرێ بۆ ڕوومەتی تازە گوڵێ و
لەو سەرەوە پریاسکەی هەڵمێ هەلگرێ و

بۆ نیوەڕۆ بێتە سەرێ!.
زوو بەر لەوەی ئاگری ماڵێ
دابگیرسێ و ڕەنگی نارنجیی تێگەڕێ!
بەرەبەیان، پەڵە هەورێکی خەواڵووی
کاکۆڵ ڕەشی، سمێڵ سپیی
باران بەشانی "شنرۆێ"
لە سێدەریەکەی خۆیەوە دێتە دەرێ و
لەبەردەمی کەوێڵێکی داوێن تەڕی
سنگ و بەرۆك داچەقاودا
ساتەوەختێ ڕائەوەستێ و
لە باڵای گریانی کوردو
لە باڵای خوا ڕائەمێنێ و ئەوسا ئیتر دائەنەوێ و
دەست ئەبات و سیگاری تەم و مژێکی باریکەلە
لەناو قوڵایی دۆڵەوە هەڵئەگرێت و
بە بەردە ئەستێی دووگەلیی ئەمبەرئەوبەر
سیگاری دائەگیرسێنێ و
مژ لە دوای مژ
ڕەوەز ڕەوەز و دەشت بە دەشت
خەمی درێژی ئەکێشێ...
لەپاش قەیرێ نزم نزم
بە هەورازی هۆرەیەکدا سەربەرەو خوار دائەگەڕێ.
پەڵە هەورێ

خالۆ هەورێ!

بۆ فەقیانەی ئەم سەفەرە

دوو تیلماسکێ لە خامەکی یەکەم شەفەق

دائەدرێت و لە مەچەکییەوە ئەپێچێ و

بەسەر خەفەتێکی خزا

دێتە خوارێ..

ئەمە هیچ چاوێ نایبینێ

چاوم نەبێ...

هەور کۆمبۆتەوە و ئەڕواو جار بەجارێکیش ئەکۆکێ

هەور قورسە

هەور ئەمانەتی پێیە

ئەمانەتی بەهارێکی بێوەژن و

ئەمانەتی هۆنراوەیەکی شین پۆش و

ئەمانەتی ناوخەزانی مەملەکەتێ.

ئەمانەتێ لە تەنیایی عاشقان و

ئەمانەتێ لە نامۆیی نیشتمان و

ئەمانەتێ لە خەونەکانی شانزەی سێ.

هەور ئەمانەتی پێیەو دائەگەڕێ

نزم.. نزم.. ئەڵێی سەرپۆشی دایکمەو دائەبەزێ.

نزم.. نزم.. ئەڵێی پەردەو کوللەی پەری و

ئەڵێی کەژاوەی گریانی خوداوەندە و دائەبەزێ.

نزم نزم هەردێت و دێت

لەڕێ شان ئەدا لە شانی خەمەکانی
دار گێلاس و گوڵی ژاڵەو
ئەرخەوان و
چۆغەی سپیی
ئیتر سوور سوور هەڵئەگەڕێ!.
هەور ئەمانەتی پێیەو بە کاوخۆ دێ
نزم نزم هەتا دێتە سەر هەڵەبجەو
لە ناوەڕاستی شەقامدا
باڵەکانی ئەکاتەوەو
هەڵئەبەزێ و هەڵئەپرژێ و هەڵئەڕژێ و
لە ناکاوێ
هەر لەوێدا
بە ئەسپایی
عومەری خاوەر دائەگرێ!
ئەمە هیچ چاوێ نایبینێ
چاوم نەبێ!
لە بازاڕدا
عومەری خاوەر بۆ ساتێ ئەبێ بە پەیکەری شارو
جووڵە ناکاو لە ژانێکی مەیلەو شیندا و
لەسەر سەکۆی کازیوەیەك ڕائەوەستێ!
چاو بەناو کۆستا ئەگێڕێ
لە پڕێکدا هەنگاو ئەنێ و

به یاددا پێچ ئەکاتەوەو
بە کۆڤانێکی باریکدا وەرئەچەرخێ و
پیر محەمەد، کانی قوڵکەو
یەکەم ئاوڕ لە دەرگای کۆنە ماڵەکەی
ئەداتەوەو
ئەم کەڕەتەیان خێراتر
لەگەڵ (با) یەکی کلۆڵدا پێ هەڵئەگرێ!
هەر دوورا و دوور، پاسەوانێك و ئاگرێ
بەدییئەکاو هەناسەیەك
بۆ ئیشەکەی جارانی خۆی هەڵئەکێشێ.
ئەمجارەیان بەلای ڕاستی
نووری شیعر و
فرمێسکێکی ڕاوەستاوی بەژن بەرزی
ڕەنگ زیوینی
"مەولەوی" دا تێئەپەڕێ.
ئەڕواو ئەڕواو ڕاناوەستێ..
لە "مۆردانە" بەتەنیشتی قەسیدەیەکی "گۆران"دا
کە لەسەر چرپای مانگەشەو ڕاکشاوەو
تووشی نەخۆشیی شێرپەنجەی گەدە بووە و ئەناڵێنێ
گوزەر ئەکاو تێئەپەڕێ و
کەس نایبینێ!
لەنزیك "کانی عاشقان"

لەماڵێکی قوڕینەوە، تارماییەکی هەژاریی
منداڵێکی پێنج شەش ساڵان
پێخاوس وەکوو کارژۆلەو
جلدڕاو وەکوو دار چوالەی بەر ڕەشەباو
غەمگین وەکوو کەروێشکێکی لانە ڕووخاو.
بۆ نان کڕین دێتە دەرێ
لە پڕێکدا ئەو ئەبینێ و
ئەبێ بە مانگی ناو حەوز و ئەحەپەسێ و
خەریکە هاوار بکات و بڵێ ئەوە
عومەری خاوەر خۆیەتی و هاتۆتەوە
ئیتر ئەم لەچاو ون ئەبێ!.

⋆

عومەری خاوەر بەخۆیی و کۆرپەلەکەی باوەشیەوە
سەفەر ئەکا بۆ کیشوەری زەردو ڕەش و
سپی و سوور و بۆ لای عەشقی سەوزوشین و
بۆ لای خەمی ئێجگار دوورو
ئەمجارەیان سواری فڕۆکەی بۆینگ و
تیژڕەو ئەبێ
وەختێ خۆی ئەکا بە ژووری درێژکۆلەی
زۆر ڕووناکی فڕۆکەدا هەر لە خۆیەوە ئەشڵەژێ
نازدارەکان، ژنە کەیبانووی تەیارە
ئەیبینن و ئەیناسنەوەو

بۆ چرکەیەك و دوو چرکە لێڵ ئەبن و
زەردەخەنەیان ئەژاکێ
عومەری خاوەر بە خۆی و کۆرپەلەکەی باوەشیەوە
سواری پاپۆڕی زۆر گەورەی ئۆقیانووس و زەریا ئەبێ
سەر لە هەموو بەندەرێکی شیعر و ئاشتی و
خۆشەویستیی دنیا ئەدا!
لەناو بوخارو هەڵمدا دائەبەزێ و
هەر سەروملی دیار ئەبێ.
بە بەر باراندا ڕێ ئەکاو
لە شوێن پێیدا گوڵ هەڵئەقوڵێ
بەناو خەوندا ڕێ ئەکاو
بەدوای خۆیدا پەتی دووکەڵ ڕائەکێشێ
لەسەر کورسی بەر تریفەی
ڕوو لە زەریا دائەنیشێ و
هەرچی منداڵێك کە بینی
چڵێ نێرگزی هەڵەبجەی لێ وەرئەگرێ!.
عومەری خاوەر بەخۆی و کۆرپەلەکەی باوەشیەوە
لە کەناری ئۆقیانوسدا پیاسە ئەکا
دۆلفینەکان ئەیبینن و ئەیناسنەوەو
بۆ پێشوازی، لە بنەوە بەرەو سەرێ
کەوانەیی خۆ هەڵئەدەن
دۆلفینێکی هەرزەکاریان زیاد هەڵئەچێ

دەمی ئەگاتە ڕوومەتی كۆرپەلەكەو ماچی ئەكاو
ئەكەوێتەوە ناو ئاوو شڵپەیەكی ئێجگار گەورەو
كۆرپەلەكە دائەچڵەكێ
عومەری خاوەر ئەگەڕێ و هەر ئەگەڕێ
جارێك ئەبێ بەگڵۆپی ناو تەم و مژ.
جارێكی تر بە نەورەسێكی زۆر ماندوو لە كەناردا.
یاخود ئەبێ بە چارۆگەی
كەشتیەكی لە دوور دیاری بەر ڕەشەبا!
عومەری خاوەر بە خۆی و كۆرپەلەكەی باوەشیەوە
گەیشتۆتە كونج بەكونجی ئەم جیهانە
لەیەك وەختا، لەسەر دیواریماڵێكی كۆپنهاگن
پایزێكی ڕۆژژمێرەو
لەیەك وەختا، لەسەر ڕەفەو
لە ماڵێكی ناو ژاپۆندا
پەیكەرێكی بچكۆلانەی
ناو عالەمی زوڵم و غەدرەو
لەناو هۆڵێكی لەندەندا
ناونیشانی مانفێستێكی ئازادییەو
لە باخچەیەكی گشتیدا و لە بەرلیندا
خۆی هەڵواسیوە بەقەدی دارو بارداو
لە شەقامێكی سەرەكیی ڤیەننادا
خۆی نووساندووە بە جامی ماشێنەوەو

یاخود لەناو ئاپوورەیەك
خۆ نیشاندانی كۆترو دار زەیتوونی هێلسەنكیدا
هەڵەبجەیەو جادە جادە
لە پێشی پێشەوە ئەڕوا!

★

عومەری خاوەر ئەگەڕێ و هەر ئەگەڕێ و
بێ پەساپۆرت و بێ ڤیزەو
بێ ناسنامە
قاڕە بە قاڕە تەی ئەكات!
لە ئەمریكای لاتیندا ئەیبیننەوە
كرێكاری كێڵگەی مۆزەو
شەپقەی پووشووی پان و پۆڕی
هاوینێكی پڕ لە خێری لەسەردایە!.
لە ئوسترالیا ئەیبینن
بۆتە كەنغەرو باز ئەداو
بێچوەكەیشی لە باوەشی و بەرسكدایە.
لە كیشوەرە ڕەشەكەیشدا
گۆرانییەكی سپییەو
كراسی پڕ گوڵەباخی زەردەخەنەی
نون. ماندێللای لەبەردایە!

★

هەندێ شەویش

کە مانگ نیوەی ئەکەوێتە ناو زەریاوەو
نیوەکەی تری، بۆی ئەگری، لە کەناردا و
دەستەوئەژنۆ، خەمی زیوین، دائەمێنیٚ!
ئەو شەوانە
وەختیٚ کۆرپەلەش وەك خونچە و وەك چۆلەکەو
هەڵبەستێکی بچکۆلانە، ئەویش ئەنویٚ!.
ئەوسا باوکی هەڵیئەگریٚ و ئەیبا لەناو
جۆلانەیەکی لاولاودا بە ئەسپایی پاڵی ئەخاو
بە جامانەکەی سەری خۆی دایئەپۆشیٚ
ئەم خۆی ئەڕواو، ئیتر بای وەشت
لەجیاتی ئەو ڕایئەژەنیٚ.
ئەوسا عومەر هەر بە تەنیا
بەرامبەری تەلەفزیۆن دائەنیشیٚ
نیوەی لەشی لەبەر نسیەکەی غوربەتاو
نیوەی تری لەبەر کزەبای هەڵەبجە بەجێدێڵیٚ
جگە لە پەنجەکانی خۆی
چەند پەنجەیەك لە ئەشکەنجەو لە دارسێوو
لە نامۆیی و لە پەلکە گیاکان وەرئەگریٚ
کەناڵەو کەناڵ ئەگەڕیٚ و لە پڕێکدا ڕائەوەستیٚ
لەسەر جزیرە دایئەنیٚ و
بەسەر باسی خۆیدا ئەچیٚ
خۆی و پێنج هەزار درەختە شین پۆشەکەی.

خۆی و شاری خۆڵەمێش و مرۆڤ ڕێزان.
خۆی و مەوسیمی فیراق و هەوای زەرد و
عەشقی وێران!
عومەری خاوەر گوێ ئەگرێ و
خەمی سپیی شلوێ ئەبێ.
عومەری خاوەر پەست ئەبێ و
چون داربیەکی پرسەدار
تەمی وەڕسبوون دائەگرێ!
لەو ساتەدا
لە بیابانی ویژدان و لە بیابانی زمانی جزیرەدا
هەرچی خواوەندە ون ئەبێ و
باران ئەمرێ و
تەپ و تۆز جوانیی ئەخوات و
خۆر ئەگیرێ و
لم حەقیقەت دائەپۆشێ.
لە ئاوێنەی جزیرەدا و لەو وەختەدا
سەری "گۆبلز"
وا بە لەشی وەزیرێکی ڕۆشنبیری عەرەبەوەو
ڕۆژنامەکەی "عبدالباری" لە مێزگردا
دانیشتووەو
بەڵام سجلی فتوحات و
شمشێرەکەی والی ئەدوێ!

له ژوورەکانی ناو فەتواو
ژێر زەمینی دەوڵەتانی جزیرەدا
ئیسلام شیرێکه ڕیشن و چەقۆیەکه دەم بە ویردو
تەقویمێکه ڕۆژەکانی خۆی ئەکوژێ!.
عومەری خاوەر سەیر ئەکاو
عومەری خاوەر گوێ ئەگرێ و
درۆی جزیره ئەژمێرێ و
لەدواییدا وەکوو تەیرێ ماندوو ماندوو
سەر ئەکاته سەر سەرینی خەزانێك و
بۆخۆی ئەنوێ!

★

عومەری خاوەر بە خۆی و کۆرپەلەکەی باوەشیەوە
هەر ئەگەڕێ و هەر ئەگەڕێ. خولیای شینەو
پرسەی مۆرەو، هەتاکوو سەر، له وڵاتی
کۆتەڵێکدا داناسەکنێ. ئەم کەڕەتە، هەوری
بەفرەو، له پۆڵەندا، ئەیکا بە پرووشەی
عەشق و له سپۆری ترێنێکدا سەر دەردێنێ.
سپیی سپیی هەنگاو ئەنێ و له واگۆنێکی
زەرد باودا کە بۆنی سیر له دەمی دێ،
لەسەر کورسی، ژمارە شانزەی ڕیزی سێ
دائەنیشێ!.
شەمەندەفەر له زاری ئاسنینەوە،

لەگەڵ فیشکەیەکی کورتدا، چەند ستوونێ
لە بوخاری ناوقەد پچڕاو فڕێ ئەداو،
ڕووناکیی کزی سەر سپۆر ئەشڵەژێنێ.
نەورەسێکی قژ زەرد پرسیی:
ـ بۆ کوێ غەریبی غەریبان؟!
کلووی نامۆ!، ئەی مانگەشەوی سەرگەردان،
ئەچی بۆ کوێ؟!
ـ بۆ لای مێژوویەکی خنکاو،
کە بە شێوە لە خۆم ئەچێ!.
بۆ لای موسا سووتاوەکان.
بۆ لای ئەو دووکەڵکێشانەی
لە هۆلۆکۆستی جەستەوە
ژێر ئاسمانیان قیرتاو کردوو
بۆ لای ئەو ڕیزە کوورانەی
فریشتەکانیان تیا برژان!.

عومەری خاوەر بە خۆی و کۆرپەلەکەی باوەشیەوە
بە هەم ئاهەنگی دوو دڵۆپ لە باڕێزەو
هەندێ لە حەسرەتی پاراو
لە "بیرکناو" هاتە خوارێ
لە دەروازەی ساڵەکانی "S.S" ەوە، چووە ژوورێ
هەر لە ڕێوە بۆنی فەنابوون و عەدەم هاتە لووتی. چووە پێشێ و

سەیری ڕیزە فڕنی کرد، سڵەمیەوەو، وا هەستیکرد
سەرنجەکانی قرچە قرچ لەسەر پلێتن و ئەسووتێن.
پێی خستە ناو ژووری ژەهرو ساوناکانی مردنەوە،
گەڕایەوەو وا هەستیکرد گوڵان و زەڵمی ئەخنکێن!.
عومەری خاوەر ئەگەڕێ و هەر ئەگەڕێ و
لە "بیرکناو" بەچاوی خۆی غەدری بەرجەستە ئەبینێ:
سەدان سەدان جووتە پێڵاوی چاوەڕوان
بەڵام هەرگیز قاچەکانیان نەهاتنەوە.
سەدان سەدان شەپقەو کڵاوی چاوەڕوان
بەڵام هەرگیز سەرەکانیان نەهاتنەوە.
سەدان سەدان ستیانی کچ، ستیانی ژن
بەڵام هەرگیز مەمکەکانیان نەهاتنەوە
سەدان، سەدان، سەدان، سەعات و بازن و کەمەربەند و
گۆچان و ڕستە کلیل و ئەموستیلەو بووکە شووشە و
بەڵام هەرگیز، هەرگیز، هەرگیز جارێکی دی
خاوەنیان نەگەڕانەوە!
عومەری خاوەر بەخۆی و کۆرپەلەکەی باوەشیەوە
لە دەروازەی "s.s"ەوە دێتە دەرێ و
هەر بە لکی جامانەکەی کلووی فرمێسك و
زەنگیانەی نمە ئەسرێ..
هەر لەوێدا، هەمان نەورەسی قژ زەردی
جاری پێشوو، لەسەرشانی هەڵئەگورمێ و

لێی ئەپرسێ:

ـ چیتدی؟! غەریبی غەریبان؟!

ئەمێستاکە باڵندەی ڕۆحت چی ئەڵێ؟!

ـ تۆپەڵ.. تۆپەڵ

خۆشەویستیی سووتاوم دی!.

وردە ڕەژووی جێماو لە جەستەی زەمانی دابڕان و

سەرابی پۆلە نەورەس و خەونو خۆزگەی خۆڵەمێش و

ئاویلکەکانی گۆرانی و

گۆڕستانی هەتاوم دی!

ـ بەڵام ئەی نەورەسی قژ زەرد!

لە هۆلۆکۆستەکەی مندا

نە جووتە پێڵاوێ جێما هەتا دوو قسەی دوو قاچ و،

نە بازنێ هەتا دوو قسەی دوو پەنجە و موستیلەکەیم

بۆ بکا! هیچ جێنەما..

لە ڕۆژی حەشرەکەی مندا

نە کڵاوی عەشقێ جێما تا باسی سەریم بۆ بکاو

نە گۆچانی پیرەدارێ تا باسی عومریم بۆ بکاو

نە ستیانی جوانە کچێ هەتا باسی مانگە شەوی

سینەو بەرۆکیم بۆ بکا

هیچ جێنەما..

قاچ بە پێڵاوەوە ڕۆیشت و

سەر بە کڵاوەوە ڕۆیشت و

گوارە بە گوێچکەوە ڕۆیشت و
چاو بە چاویلکەوە ڕۆیشت و
هیچ جێنەما..
ئەی نەورەسە قژ زەردەکە
لە ڕۆژی حەشرەکەی مندا
ئەوەی کە لەوان بەجێما..
سەحرایەك بوو لە عەدەمداو
عەرعەرێ بوو وەك سڕی خوا!

عومەری خاوەر لە شاری هێرۆشیماو
لە سەنتەری خۆڵەمێشیی ئەو شارەدا
ماڵی تایبەتی خۆی هەیە
خشتی دیوار هەر لە گوڵی جامانەیەو
باڵکۆنەکەی کەمامەیەك لەسەریایەو
بە ژاپۆنیش لەسەر دەرگای
دەری دەرەوە نووسراوە:
ئەم دەرگایە ئاوەڵایە بۆ گشت کەسێ
لە دنیادا و با بەخێربێ
بەڵام تەنها هەر بەعسییە
کە بۆی نییە بێتە ژوورێ!

⋆

پێنج هەزار ژێی دەنگم پچڕان

وتم ئیتر ئەبێ بچمە سەر قەبرانی مێژووی دەنگم!.
پێنج هەزار باڵم لێبۆوە
وتم ئیتر ئەبێ بچمە سەرقەبرانی هەڵفڕینم
قەت وا نەبوو
لە پچڕانەوە بەستنەوە دروستبۆوە و
لەسەر قەبرانی فڕین و لە گۆڕستانی باڵەوە
جارێکی دی ئاسمانی نوێ
بۆ فڕینی تازەترم دروستبۆوە"

★

عومەری خاوەر بە خۆی و کۆرپەلەکەی باوەشیەوە
هەر بە ڕێگەی کاکێشان و ڕێگای بادا
ئەگەڕێتەوە بۆ وڵات
ئەمجارەیان عومەری خاوەر ئەگاتە
سێ کوچکەکەی سەر سەرێ و
بای ڕەش گەمارۆی ئەدات و
کرێوەیەك ڕێی پێ ئەگرێ
لە شوکاکەوە عەشقێ دێ و
فەرەنجیەکی هەتاوی بۆ ئەهێنێ!.
لە دەرسیمەوە عەشقێ دێ و
جووتێ گۆرەوی لە خوری
ناو کڵپەوە بۆ ئەهێنێو
لە دواییشدا

له ڕۆحی بادینانەوە
عەشقێك دێت و
کلێتەکەو
ملپێچەکەو
دەسکێشەکەی
"ئەنوەر مائی"
بۆ ئەهێنێ!.

★

"عومەری خاوەر" گینگڵی بەردەوامی
بەهارێکی سەر ئاگرە و مانگی مارتەو
کەچی لەناو حوزەیراندا لەرز ئەیگرێ..
هەندێ جاریش بەستەڵەکی ناوکاوانەو
بەڵام لەناو تەموزێکدا هەڵئەقرچێ
"عومەری خاوەر" ئەگەڕێ و هەر ئەگەڕێ و
ئەمجارەیان لەسەر بەردێ
ئەبێ بە کەڵێکی سوور و بەرامبەری
پرژە پرژی جەستەی سپیی تاڤگەیەك
له ڕەواندز ڕائەوەستێ و
حسەین حوزنی بە پەستەکی دیرۆکەوە
پەیدا ئەبێ و، لەوبەرەوە
دار چنارێکی سورفلی خاڵ خاڵاوی
کامێرای سەوز لە باخەڵی

دارستاندا دەرئەهێنێ و بە دوو قۆڵی
بۆ یادگار، چەندین وێنەیان بۆ ئەگرێ.
"عومەری خاوەر" هاژەیەو قەت ناسرەوێ
ئەمجارەیان ڕووئەکاتە "بازیان" و
بەردە قارەمان ئەیبینێ و ئەحیلێنێ و
بانگی ئەکاو ئەمیش ئەچێ و
لە سای سێبەری عەشقێکی بریندارردا
پاڵ ئەکەوێ و بە جووت خۆی و کۆرپەلەکەی
قووڵ قووڵ خەویان لێ ئەکەوێ.
عومەری خاوەر ڕووبارە و هەر ئەڕوات و
ماندوو نابێ و بە ڕۆژ هەتاوی باریکەو
هەنگاو ئەنێ و، بە شەو ئەستێرەی گەڕۆکی
هەجیجیە و لە هەر شوێنێ غەدری بینی
لەوێ هەڵدێ.
ئاو بەقەد چاوی خۆی خۆشی ئەوێ
باخ ئەیبینێ و ئەڵێ فەرموو
بۆ ماڵەوەو بۆ ساواکەیش
بێشکەم هەیەو خەمت نەبێ!
دەشت ئەیبینێ و شوان ئەیبینێ و مێرگ ئەیبینێ و
هەموو ئەڵێن فەرموو بۆ ژێر ئەو هەرزاڵەو
بۆ ساواکەیش گوانی پڕی شیری تازەی
مەڕمان هەیەو خەمت نەبێ!.

ئەو هەر ئەڕواو گەڵای خەزان لەگەڵیایەو
"با" یەکی شین ئاوەڵێتی و
پەپوولەیەکی ئاوارەیش لەسەرشانی و
نزیك نزیك لە دەم و چاوی کۆرپەلەی
ڕائەمێنێ و ئەو هەر ئەڕواو
بەندەنێ هات، کەوێ پرسیی:
ـ ئەوە بۆ کوێ ئەی نوێنەری
پێنج هەزار ئاوێنەی شکاو ئەچی بۆ کوێ؟!
ـ بۆ لای قاسپەیەك لە کەرکوك
تا قەتارێکم بۆ بڵێ.
دۆڵێك هات و تەمێك پرسیی
ـ ئەوە بۆ کوێ ئەی دەم ڕاستی
پێنج هەزار نێرگزی لاڵ و پێنج هەزار جۆگەی کەڕوکوێر،
ئەچی بۆ کوێ؟!
ـ بۆ لای لەیلایەك لە ئامەد
تا بە پرچی دوو دێڕ فرمێسکی زۆرتازەم
لەسەر گەردنی هەڵەبجە بۆ بنووسێ!
بنار هات و گۆمێك پرسیی
ـ ئەوە بۆ کوێ ئەی زریکەی پەڕاگەندەو
ئەی برینی بێ ماڵ و جێ، ئەچی بۆ کوێ؟!
ـ بۆ لای دەریاچەکەی ورمێ
تا ئەم مانگە بچکۆلەیەی

ناو باوەشی خۆمی بەمێ!
عومەری خاوەر ئەچێتە سەر دوا دوندی پیرۆزەیی
بەرزی کۆست و بەرەو لای خوا بە هەردوو دەست
ساوای باوەشی هەڵئەبڕێ و چەند گاتایەك لە سرودی
ئاوێستاکان لە دەنگیا دائەگیرسێنێ و دەنگ گڕ ئەگرێ و
لە هەوایشدا پەیڤی نووری زەردەشتێکی هاوچەرخ ئەڕوێ:
من نەخشی سەر تاوێرە ژانی ئەبەدیی ئەم کێوانەم.
نەخشێ لە غەدری بڕۆنزی و نەخشێ لە پەندی ژەهراوی.
خواوەندی وەرزی بێکەسان بە کڵپەی کۆڤان نووسیومی و
برووسکەیەکی پەیکەرتاش لە شەوێکی مانگ لەبارچوودا،
هەڵیکەندووم. خۆڵەمێشێکی وێنەکێش بە ڕەنگی خۆی و
ڕەنگی کورد ڕەنگی کردووم. لەناو هەوای خنکاوەوە
بەڕێ کەوتووم. ئەرزی حەرام لە نێڵەنێڵی گوناهدا
گۆشیکردووم. من و ئازار دووانەیەك بووین کە
گەورەبووین، سەرمان لێتێکچوو ئەو من بوو،
یان من ئەوبووم؟. تەنهایی ئەم ڕۆحەی منەو
خزاوەتە گەردوونەوە. جودایی ئەم لەشەی منەو
پەڕیوەتە ونبوونەوە. من نامۆیی و من تاراوگەو
من کۆچڕەوم داهێناوە. مەرگ دووسێ شێوەی هەبوو،
بەڵام من کردم بە هەزار. خاك جێگیر بوو بەڵام
من کردم بە کۆچەر. ڤیژە لە پێشدا نووزە بوو بەڵام
من کردم بە هاوار. لەسەر کەمەری سەرزەمین من

نیشانەی سەرسوورمانم و لە تەوقەسەری ئەویشدا
من بووم بە نیشانەی پرسیار!... (با) ئارام بوو، بە زریکە
من شێتم کرد. ئاو هێور بوو من بە مەراق ئەم
گێژەنەم بۆ دروستکرد. کە من نەبووم. سێ وەرز هەبوو،
کە من هاتم، خەزان هات و ئومێد ڕژاو، هەتاو وەری و،
سامالْ شکاو، بەفراو سووتاو، سێبەری خۆم، خۆمی کوشت و
لە پرسەیشما هەر ئەویش بوو بە پرسەدار!.
هەتا ئێستەیش ترسێ کە بەسەرما باری، نەچۆتەوە!.
من مێژوویەکی شەل و من کولتوورێکی کوێرە مووشەو،
خەریتەیەکی بێ دەرگاو، کلیلێکی لە هۆش خۆ چووم!
"قاچێکی تازەم بدەنێ!. ئەی کێوەکانی یەکگرتن!.
دوو چاوی تازەم بدەرێ! خۆشەویستیی، لە هەر کوێ هەی!.
ئاو تۆیش دەروویەکم بەرێ!
ئەی ڕەهێڵەی ڕووناکیی تۆیش، بمخە سەرپێ و
بیکە بە تۆفی ناو عەقڵی ئەمڕۆو سبەی!"
من چیبکەم لەم ئاسەوارە ڕزیوانە؟!
لەم هەموو تەیرە مردووانە؟!
لەم هەموو پەیڤە نووستوانە؟!
لەم هەموو کەفە ژیلکانەو
من چیبکەم لەم
هەموو میراتی خوێنانە؟!
دارکەنەکان، لە نزارەوە دێنەوەو، هێشتا پاشماوەی زریکەی

دارەکان و گوڵەکانیان لەسەر تەورو دەست و پەنجە

تەڕتەڕ دیارە.

کاروانچییەکان، لە سەفەرەوە دێنەوەو

هێشتا پاشماوەی غەدرێکی ڕەنگ تۆزاوی لەسەر یاڵ و

سەر خورجین و پاشکۆکانیان پەڵەپەڵە هەمووی دیارە

براکانیش، لەسەر شاخەوە دێنەوەو

باڵایان وەکو دەنگیان و دەنگیان وەکو

چەکەکانیان لە دوورەوە سوورسوور دیارە.

ئەی من چیبکەم ئا لەم هەموو

کارمامزە هەتیوانە؟!

ئەی من چیبکەم ئا لەم هەموو

مراویە بێوەژنانە؟!

لەم هەموو باخە لاڵانەو

لەم هەموو گوڵە کوێرانەو

بیانبەمە لای کام یەزدان؟!

عومەری خاوەر بە خۆی و کۆرپەلەکەی باوەشیەوە

بە سواری حەیران ئەگاتە سەر هەولێر و

لەوێشەوە "موکریانی" پەڕەپەڕەی

فەرهەنگەکەی بۆ ئەکاتە باڵۆنێك و

سواری ئەبێ و ئەگاتەوە سەر هەڵەبجە

لەناو فەزای پیرۆزەیی

سەر مۆردانەو سەر گوڵان دا

بچووك بچووك ئەبێتەوەو
وەكوو قەڵبەزە پەرت ئەبێ و
ئەبێ بە شەونم لەسەر گیا.
عومەری خاوەر ئەچێتە ناو ئاسۆوە
بچووك بچووك ئەبێتەوەو
ئەبێ بە كەنیسمەی چیا
دیسانەوە دێتە خوارێو
بچووك بچووك ئەبێتەوەو
ئەچێتە ناو ڕەنگەكانی زەنگیانەوەو
ئەچێتە ناو ڕەنگەكانی مووروەوەو
لە دواییشدا ئەبێ بە ڕشتەی مرواریو
بە ملوانكەی خۆشەویستیو
بە نقێمی سەر موستیلەی
پەنجەی ژنێ!
دیسانەوە نقێمەكەیش هەڵئەفڕێتو
ئەمجارەیان ئەچێتە پۆلی خوێندنی
چۆلەكەی یەكەم ساڵەوەو
لەسەر كورسی شكۆفەیەك دائەنیشێ
ئەبێ بەحەرف
بەپیتی "هێ"
ناو فێر ئەبێ
ئیتر ئەنووسێ هەڵوژەو

ئیتر ئەنووسێ هەڵەبجەو

لە دەفتەری منداڵێکدا چاو هەڵدێنێ!

ئەمە هیچ چاوێ نایبینێ

چاوم نەبێ

ئەمجارەیان لە پۆلەوە دێتە دەرێو

گەورە گەورە

ئەبێ بە ئەسپێکی سپیو

لە غاردایەو ئەحیلێنێو بۆ بەرەو خوار

یاڵ گر ئەگرێو

تا بەردەمی مۆنۆمێنتی یادگارێ

ڕاناوەستێ.

کە ڕاوەستا، ئەبێتەوە

بە عومەری جاری جاران، کەس نایبینێو

پشتێنەکەی ئەبەستێتو جامانەکەی ئەبەستێتو

بەهار ئەدا لە یەخەیو

ڕێك مل ئەنێ بۆ ناو ژووری

لە ژوورەوە ئەیناسنەوە

ژێر قوببە هەموو ئەوروژێ

پێنج هەزار ناو لەسەر دیواری بەرزەوە

هەموو ئەبن بە پەپوولەو یەك لەدوای یەك

دێنە خوارێ

هەندێ لەناوە گچکەکان قاچیان ناگاتە سەر ئەرزو

بەر ئەبنەوە
بەڵام پەپوولە گەورەکان
خێرا هەڵیان ئەگرنەوە.
ئەیناسنەوە یەکەیەکە پەپوولەکان ماچی ئەکەن
هەواڵی "خاوەر" ئەپرسن
هەواڵی کۆرپەی باوەشیو
پرسیاری فڕگەو تەیارەو
سەردێڕەکانی ڕۆژنامەو قسەی تازە
بۆ هەڵەبجەو، پرسیاری خانووە نوێیەکەی هێرۆشیماو
پرسیاری فلیم بەرداریو شریتەکەی ڕۆژی شانزەو
پرسیاری پاپۆڕی گەورەو بەندەرەکانی جیهانو
پرسیاری نیلسۆن ماندێلاو
پەپوولەی باخچەی کراسیو
پێست ڕەشەکانی لێ ئەکەن
لەدواییدا عومەر ئەڵێ:
ئیتر بمبەن بۆ هۆڵەکەم
پەپوولەکان هەر بەگەڵای گەڵاڕێزان
کەژاوەیەك دروست ئەکەن
عومەر ئەخەنە ناویەوەو هەر لەسەر شان
ئەیبەن هەتا ناو هۆڵەکەی.
پەپوولەکان لەسەر کورسیی دائەنیشن
یەکەم کەڕەت پەپوولەیەکی شاعیر هەڵئەسێو

لەهەوادا شیعرێکی خاڵدار ئەنووسێو

لەدوای ئەوە عومەر خاوەر

پێشکەش ئەکاو

ئەویش ئەچێتە سەر شانۆو

لەبەردەمی گوڵە هێرۆی مایکرۆفۆندا

هێمن.. هێمن.. ڕائەوەستێ

پەپوولەکان بەپەڕەی گوڵی هەڵوەریو

دەست ئەکەن بەچەپڵە لێدان

کانی عاشقان لەخوارەوە هەڵئەستێتو

جامێ ئاوی بۆ ئەهێنێو بۆی دائەنێ

عومەر دوو قوم ئەخواتەوەو

بۆ چەند چرکەیەك مات ئەبێ

دوایی ئەڵێ:

ئەی پەپوولە بەڕێزەکان!

سوپاس.. سوپاس.. بۆ هەمووتان

تکایە چەپڵە لێمەدەن

تا ئەم پەیڤە سەوزو سوورەم تەواو ئەکەم

من ڕاسپاردەی بارانو هەوای سپیىو

ئاوی سەوزو شیعرم پێیە

ڕاسپاردەی گژوگیاکانی ناو عەشقو

ڕاسپاردەی یەکەم شەفەقی بەیانیو

ڕاسپاردەی یەکەم خوێندنی تەیرێکی

تازە خوڵقاوی گوێ دیجلەو

ڕاسپاردەی ڕۆحی بەفرو

ڕاسپاردەی یەکەم ڕەنگی تروکاوی

ناو قۆزاخەی تیشکم پێیە

هەمووی چەند چرکەیەك ئەبێو ئێوە ئاگاتان لێ نییە!

من بەسواری هەورێ هاتم

ئەو پێی وتم.

هەوریش  لە زاری ڕووبارێو

ڕووبار لە زاری چیرۆکێو

چیرۆك لە زاری دارێکی یەك قۆڵەوەو

داری یەك قۆڵیش لە زاری

حەمە سدیقی پێنجوینیو

حەمە سدیقی پێنجوینیش

ئەویش دیسان هەر لە زاری

نەورەسێکی یەك باڵەوە

بیستویانەو

منیش وا بە ئێوەی ئەڵێم:

ئەی پەپوولە بەڕێزەکان!

لەژێر زەمینی وەحشەکەی ناو بەغدادا

لەبنی بنی بنەوەی تاریکیدا

هەوای ژەهراوی گیراوەو

ئێستە لەناو بەرمیلە نەوتێکدا بەندەو

بڕیار وایه سەری بەرمیل نەکەنەوە

تا هەڵەبجە..

ئەی خانمانی پەپوولە!

ئەی برایانی پەپوولە!

ئیتر لەسەر دیوار چیبکەین؟!

چیبکەین لێرە؟!

فەرموون با بچینە دەرێ.

بۆ بەر هەتاوی تازە زاو.

بۆ بەر (با)یەك وەك هەناسەی خودا پاكو

بۆ لای ئاوێ چون فرمێسکی نالیی ڕوونو

بۆ لای شارێ زۆر لەگریان ناسکترو

بۆ لای عەشقێ لە هەمووومان باڵابەرزتر!

فەرموون با بچینە دەرێ!

سلێمانی
2004/1/19

# یەکی شووبات بوو؟!
# یان، یەکی خەزان؟!

یەکی شووبات
ئەبوو یەکی بەفر و، یەکی بارێزە و
یەکی سەر بە کڵاوەی باران و
یەکی ناو سەهۆڵبەندان و
یەکی تۆف و کرێوە بێ!
کەچی نە پرووشە و کلوویەك بینایی
پەنجەرەمی سپی کرد و..
نە تنۆکێ دای لە قژی قەسیدەم و
نە باپووسکەیەك ملی پێبردمە ناو پاڵتۆکەمەوە و
نە سەرما و سۆڵە و سەقەمێ
دەست و پەنجەی ڕستەیەك و
چیرۆکێك و خۆمی تەزان!
یەکی شووبات بوو؟
یان یەکی خەزان؟

یەکی زستان بوو؟
یان یەکی گریان؟!

★

ئەوەی کە هات و دابەزی و
کەوتە سەر ئەرز و سەر جەستە و
سەر ڕۆحی من..
ئەوەی وەری و
ئەوەی باری و
ئەوەی هەڵێکرد و پژا و ڕژا..
ڕەهێڵەی تەیری کوژراو و
سوورە ئەستێرەی خنکاو و
گرمژنی هەورەبانی خۆرەتاو و
هەڵکردنی ساراکانی خۆڵەمێش و
هاڕەی سایەقە و ساماڵ و
بەربوونەوەی مانگەشەو بوو!
"یەکی شووبات بوو؟!
یان یەکی خەزان؟!
یەکی زستان بوو؟!
یان یەکی گریان؟!"
بەیانییەك لە خۆرنشین.
جەژنێك لە شین.
نەوبەهارێ لە هەڵوەرین.

پێکەنینێ لە دارنین.

★

دوو پۆل گوڵ و

دوو پۆل کانی و

دوو پۆل چرا!.

دوو خەرمانە لە ئەوین و

دوو جۆگەلە لە پەیڤین و

دوو چریکە لەناو گەرووی

دیرۆکێکدا و

لە پرێکدا

کەمتر لە trووکەی نیگا

کەمتر لە لەرەی بزەیەك

کەمتر لە جووڵەی گەڵایەك

لە فلاشی کامێرایەك

کەمتر لە خەونی پەپوولە و

لە پرێکدا

سەدان پەڕی هەڵپچوڕکاو

سەدان پرژەی سوورهەڵگەڕاو

سەدان تیشکی ڕەشهەڵگەڕاو

نیوە پەنجە و، نیوە دەست و، نیوە گەردن

تۆزێ لە قژ، چەند ڕیشاڵێ لە ئاوات و

چەند ئێسکێك و چەند جومگەیەك

له گۆرانیی و چەند نووزەیەك

بەر لە کەوتن!

"حەیرانێ لە خوێن.

خوێنێ لە زوڵم و

زوڵمێ لە یەزدان"

★

دوو مێرگی جوان

دوو دەریاچە و

دوو بایەوان.

لە ناکاوێ

سەدان پەلکی ڕەزی سوتاو

سەدان هەتاوی ورد و خاش

سەدان شمشاڵی شکاو و

سەدان مەوجی پارە پارە و

کەشتییەکی سەرەونخون.

★

منارەی دووکەڵ

دووکەڵکێشەکەی

سەرو ملی من.

"قەڵایەك لە تەم.

تەمێ لە سینەم.

سینەم لە هەولێر

هەولێرێ لە خەم"

★

دوو عەقڵی بەردین

دوو دەستی نەفرین

دوو دۆستی مەرگ و

دوو جانەوەر و

دوو ڕۆحی تاریك.

ویژدانێ لە دڕك

دڕكێ لە قین و

قینێ لە تابووت!

★

یەكی شووبات بوو؟! یان یەكی زستانی خوێنم و
سەرمای مەرگم و یان باهۆزی كۆستم و یان
شەختەبەندی لاشەكان!. ئەمە زستان بوو؟!
یان كۆتەڵستان؟! یان گڤەگڤی وەی؟!
ئەوە شەقام بوو؟! یان دارەمەیتێكی درێژ و
یان قەبرستانی سرووده چاو سەوزەكان؟! ئەمە
وەرزی عەشقی بەفر و برایمۆك و پەری خان بوو؟!
یان خۆڕنینەوەی گوڵەبەڕۆژە، قژزەردەكان؟!
ئەمە قەڵایە؟! یان كۆتەرەی ژنی ڕەشپۆش؟!
ئەمە تەیراواكەی منە؟! یان مەرگئاوا؟! یان
مەملەكەتی خۆڵەمێش؟! ئەوە چییە كۆمبۆتەوە و

به خشەخش بەهار بە دوای خۆیدا ڕائەکێشێ؟!
خۆشناوە؟! یاخود پیرمامە؟ یان گەواڵەی
ئازار و ئێش؟! ئەی ئەمانە گوڵەباخی ناو شوباتن؟!
لەم هۆڵەدا هەموو کەوتوون؟! یان جەرگ و دڵی
ئازیزان؟! یاخود شیعرن ئێستە نووستوون؟!
ئەی ئەو کەسە کەڵەگەتەی لەناو پرسەی شاخەکاندا
ڕاوەستاوە؟! ئەوە هەولێرە؟! کەرکوکە؟!
یان هەموویان و کوردستان؟!
دەپێم بڵێن:
یەکی شووبات بوو؟!
یان یەکی خەزان؟!
یەکی زستان بوو؟!
یان یەکی گریان؟!

شوباتی 2004

## چەخماخە!

بۆ هەموو هاورێ ئازیزەکانم و شیعر دۆستانم و
گیانی قوربانییەکانمان لەوێ، بۆ کوردستانە
ڕاپەڕیوەکەی "جگەر خوێن" پێشکەشە ! .

هەر خۆتان نین. ئێوە کە هەورە تریشقەی پێش ڕێژنە و
ئاوێنەکانی ڕووبارو، بەژن و باڵای دارچنار و،
سوورە گوڵ و، پۆلە مەلی، بەیانیانتان لەگەڵدا بێ
هەر خۆتان نین
هەموومانین!.
ئێوە لەسەر ئەو جادانە
کە دەڕابەی هەرچی دوکان و بازاڕی داخراوە
لەگەڵتان بێ. چی خشتی تووڕەی دیوارەو
هەرچی پایەی کۆنکرێتی ڕاوەستاوی شارەکانەو
هەرچی شووشەی پەنجەرەیەو چاوی ماڵە
لەگەڵتان بێ
هەر خۆتان نین.
هەموومانین بە پەلکەگیاو بە پەنجەوە
بە هەناسەو بە شنەوە

به قژی سەرو دەوەن و
بە بنچك و بە بێشكەوە.
هەر خۆتان نین
ئەوەی گەڵای دارستانی لەگەڵدابێ. چۆن تەنیایە؟!
ئەوەی خەونی منداڵان و چاوی ئاوو
ئەو هەموو پەیژەی گزنگ و
ئەو هەموو باڵەفڕێی زامانەی
لەگەڵدابێ. چۆن تەنیایە؟!
ئەوەی "مەم و زین"ی خانی و
چاویلكەكەی بەدرخان و
سدارەكەی پیرەمێردی لەگەڵدابێ
چۆن تەنیایە؟!
هەر خۆتان نین
وەختێ جادە بانگیكردن:
ئەو هەموو كورسیە چۆڵانەی قوتابخانەو
خاڵیبوونەوەی مزگەوت لە ویرد و نوێژو
خاڵیبوونەوەی گەڕەك لە شەوقی یاری و
ساردبوونەوەی چای چایخانەو
ڕستەی پچڕاوی سەر تەختە و
ڕیشی نیوە نەتاشراوو
پاروویەكی نیوە خوراو
پێتان ئەڵێن:

هەر خۆتان نین. هەموومانین.
ئەو کاتەی ئێوە سروودی داروبەردن،
گەرووتانین.
کە مەوجدانەوەی ئازاری سەرشەقام بن
هاژەتانین.
هەر خۆتان نین
پەنجەکانی دەستتان ئێمەین
با مەچەکیش هی خۆتان بێ.
ڕەنگتان ئێمەین
با وێنەکەیش هی خۆتان بێ!
سەروملتان هی خۆتانەو بەڵام سینەو
خورپەی دڵ و، بەتایبەتی
برینەکانتان هی ئێمەن!
"چوار گوێچکیلەین و
یەك دڵین.
چوار پەنجەرەین و
یەك ماڵین.
چوار کارێزین و
یەك باخچەو
چوار هەنگاوین و
یەك ڕێگا!."

★

هەر خۆتان نین. تەماشاکەن:
درەختێکتان لێئەکوژن
من لێرەوە، بەژنی سپی
درەختەکەم خوێنی لێدێ.
کڵپەیەکتان لێئەگیرێ.
من لێرەوە
هەناسەی ژوورم تەنگ ئەبێ.
لەلای ئێوە کانییەکی بچووك بگری
من لێرەوە منداڵێکم
تینووی ئەبێ.
تەماشاکەن:
باڵی تەیرێك ئەکەن لەوێ
من لێرەوە
وشەم نافڕێ!
دە گوێش بگرن:
ئەو وژە وژەی لای منە
هی خەمەکانی ئێوەیە
ئەم گڤەگڤی پەخشانەیش
هی دەنگی خوێنی ئێوەیە.
تەماشاکەن:
ئەم کوڕبوونەوەی شانانەم
هی هەڵگرتنی تابووتی

جۆگەلەكانی ئێوەیە!.
هەر خۆتان نین
لە "خابوور" تاندا.. سیروانین.
لە "عفرین"دا.. خانەقین و
لە "دیرەك" دا.. شەنگارین و
لەناو هەڵەبجەی ئێمەیشدا
ئێوە "قامیشلی" و "سەركانی"ن!.

٭

ئەوەی تەنیایە و گوڵێكی لەگەڵ نییە
یەك پەپوولە دۆستی نییە
هەر ئەوانن. هیچیان نییە
نە عەشق، نە پەروانەو، نە مانگەشەو
ئەوان هەرگیز
نە خوا ئەبینن و نە خەو!.

٭

من ڕۆژێكیان، لە عامودا، چاوم لێبوو
كەلەپچەیان كردە دەستی چیرۆكێكی "عوسمان سەبری"
هەر هەمان سات لە كەركووكدا
سەدان شیعری پێخاوس و جلدڕاوی
ڕەحیماواكەم ڕاپەڕی!.

٭

"جگەر خوێن"ی قژ گوڵ هەرمێ!
لەلای ئێوە

پەڵە خوێنێ کەوتە سەر تەختی کراسی
خوێندکارێك و بەڵام لێرە هەمان چرکە
مەندیلەکەی سەری "حاجی" سوور هەڵگەڕاو
بزەی "بێکەس"م هەڵوەری!

★

هەر خۆتان نین
ئەی ئەو هەموو باڵندانە و ئەو گۆرانییە
باڵ سەوزانەو ئەو ڕووبارە قژڕەشانە
لەگەڵ کێدان؟!
ئەی ئەو هەموو چراوگانەی
لە پشت ئەو تەم و مژەوە
کەوتوونەڕێ، ئەوان هی کێن؟!.
ئەوان بە تەنها خاوەنی دووکەڵێکی
ڕابووردوون و بەڵام ئایندەی چاوشین و
ئەو ڕۆژگارانەی کە هێشتا هەر نەزاون
وەکوو هەتاو جگەرگۆشەی جوانی ئێمەن!

★

پرچی کچەکەی تۆ... حسکۆ!
پرچی خولیایەکی منە.
ئەم دابێنم
ئەویش دایەت.
ئەم ئاڵۆزبێ ئەو ئاڵۆزەو

گەر مەراقیش چڕبێتەوەو
لە خەیاڵمەوە بئاڵێ، ناوبەناوێ
بەداخەوە
شانەم لەناو قژیا ئەشکێت!.

★

دارزەیتوونی ماڵەکەتان.. مەلکۆ!
ئەگەر ڕۆژێ دەست لە ئەژنۆ
دابنیشێ و دەنکە فرمێسکی ڕەشی خۆی
لەلای خەمێکی دراوسێ هەڵبڕێژێ
هەر ئەو ڕۆژە منیش لێرە
بەر پەنجەرەم، لاواندنەوەی
لاولاوێکی خوشك کوژراو
ئەیگرێت و..
گەر ڕێشکەوێ
ئەو گریانە سامالْ بکاو
لەدوای بارانێ پێکەنێ
من لێرەوە سەرم بۆی ئەبێ بە ئاسۆ!

★

لەوێ گوڵەبەڕۆژەی ناو کێڵگەت.. مەمۆ!
چاوەڕوانیی، زەردوسپیی، عەشقی منە.
کە باڵا کات باڵا ئەکەم
لاربێتەوە، ملم لارەو

گەر لە سەر ئەرزیش بکەوێ
منیش ئەوساکە لێرەوە
ئەستێرەیەکی نەخۆشی
کەوتووی ناو جێم!

★

گوارەکانی گوێچکەت.. خەجۆ!
گوارەی حەیرانەکەی منن
کە بێوازو بێتاقەت و بێ لەنجەبوون
من لێرەوە تەم ئەمگرێ و
ئیتر منیش سیامەندی
بێ لاوك و بێ شمشاڵم و
هەوارێکی بێتاقەتم!

★

عەرەبانە دەسگێڕەکەت.. ئاپۆ چەتۆ!
جەستەی منەو هێواش هێواش تۆ ئەیگێڕی.
ئەگەر ڕۆژێ ئەو برسیبێ و تا ئێوارە
پوونگەو نەعناو تەڕەپیازی
دۆشداماوی، کەس نەیکڕی
ئەوسا ئیتر من لێرەوە
دەمم وشکەو
دەسم خاڵیی و
وەکو پێچکەی عەرەبانە قاچم دێشێ و

بەختم ئەگری!

★

تۆ هەر خۆت نیت، کاکە مستۆ!
لەسەر جادەو لەم ئاپوورە گەورەیەدا
وەختێ ئاوڕ لە پیاوێکی تەنیشتی خۆت ئەدەیتەوە
نە ئەزانی ناوی چییەو نە قەت دیوتەو
نە ئەیناسی: بەڵام ئاخر کاکە مستۆ!
باپێت بڵێم.. ئەوە مچەی توور فرۆشی
ژێر پردەکەی لای ئێمەیەو
لە تەکتاندا کەوتۆتە ڕێ.
هەر خۆتان نین، ئەرخەوانەو، دارگێلاسەو،
مانگی سوورەو، چەخماخەیەو، هەموومانین!

2004/3/24

# بنەماڵەیەك

# لە گوڵی شەستپەڕ

"پەخشانە شیعر"

زەمانی بەستەڵەك و شەختەبەندی ناو هۆش و گۆشمان بوو. دەورانی زاووزێی خورافات و ئاخۆران و بخۆرانی خانەی بە جەنگ و ئافاتی سیاسالۆ پەرت پەرتبوونی جومگەکانی جەستە و بلووری ڕۆحمان بوو. لەودەمەدا، کوردو تاریکی دووانەی نێو ئەشکەوتێکی قووڵی بە زوقم و نسێداری ناوشیاری بوون. عەقڵمان لە تەونەکانی ماڵە جاڵجاڵۆکەیەکی گەورەدا، کە سەرێکی لە ئەستەمووڵ و ئەویتری لەوپەڕی دنیا بوو، لە لیکاوێکی لینجدا گیریخواردبوو. چاخی تاریکستان بوو. لە چڕبوونەوەی ئەو شەوەزەنگەدا، لە ماڵێکی سپیی سەردەرگا و پەنجەرە بە لاولاو هەلڕزناوەوە، لە دەروازەی مژدەیەکی کەسك و لاشیپان و والآ و لەسەرپشتەوە، گەش گەش چرای پەیامبەرێکی شارێی ئێمە هاتە دەرەوە و تاریکیی شڵەژاو سڵەمییەوە و بەرەودوا گەڕایەوە، چرا هات و ژان هات و ژان ڕۆیشت و دیرۆکێکی درەوشاوەی تازەمان لەدایکبوو، کوڕێك کەوتە سەر کاسەی ڕووناکی و ژیان ناویان نا: بەدرخان..!

بنەماڵەیەك لە گوڵی شەستپەڕ
ئەو وەختەی گوڵ ئەبێ بە پەیف و
پەیف ئەبێ بە باران و
بارانیش ئەبێ بە ڕووبار و
ڕووباریش ڕووئەكاتە پاشەڕۆژ..!
ماڵباتێ لە وشە و پرشە و جریوە جریوەی ئەستێرە
ئەودەمەی ئەستێرە ئەبێ بە یەكەمین ڕۆژنامە و
ڕۆژنامە ئەبێ بە پەیژەی خۆرەتاوی ئێمەو
خۆرەتاویش بە چریكە چریك زەینی داگیرساو..!
بنەماڵەیەك لە مەرەكەب
مەرەكەب لە ئاوی ژان و
ژان لە شەونخوونی و
شەونخوونی لە عەشق و
عەشقیش لە گزنگی بەیان..!
میقدادێ لە گوڵەگەنم وەختی كەروێشكەكردن.
سمێڵێ لە وردە پەپوولەی قەترانیی.
دووچاو لە هەڵووژە ڕەشەی ئامەد و
شان و ملێ لە تاڤگە و
دە پەنجە لە ژیەكانی سروەی سەربەفری هەكار و
دەم و لێوێ لە گوڵی دارهەنار و
فێستێكی كڕكەوتوویش لەسەر ئەو هێلكەی سەرەی
مانگەشەو هەڵدێنێ..!

بنەماڵەیەك لە چل چرا.
جەلادەتێ.. لە یەکەم هەوری پەڵە وەختی دابارین.
سوورەیایەك.. لە ترووسکە ترووسکی گوڵ ئەستێرە
وەختی خلبوونەوە.
کامەرانێ.. لە سەفەری غەریبی کاتی دابڕان
ڕەوشەنێ.. لە گوڵ خەندەرانی ژنان و یاخی بوو
لە ژووری حەرەم و باخی سوڵتان..!
مالْباتێ لە پەلکە ڕەنگینەی بەرهەتاوی گورگەزێ
وەختێ کەوانەیی شان و مل بە تنۆکی زیوینی
بریقەدار، بەسەر چیای کاکۆڵ درێژدا
ئەنوشتێتەوە و ئێوارەیەکی چاو سەوز لە ئامێز ئەگرێ..!
بنەماڵەیەك لە سوورەتی
کوردایەتی و شارستانی
وەختێ سوورەت ئەبێ بە گەلا و پژوپۆی
خۆشەویستیی و هەمووومان دائەپۆشێ..!
خێزانێ لە دوورە ئاگری دیاری سەرلووتکە
ئەو وەختەی بەفر و هەڵەکۆك لەوێن و
مانگ بۆ پیاسەی سەر بەفر هاتۆتە خوارەوە و
خەرمانەیش لەناو خۆیدا ئەیانخەوێنێ..!
مالْباتێ لە قوللەی پیرۆزەیی ڕەنگی شەرەفنامە
ئەو وەختەی شەرەفخان
لەناو دەربەندی نووری کێوانەوە

کتێب لە بن هەنگڵدا و گوڵاڵە بە دەستەوە
دێتە دەرێ..!
ئەی پەیامبەرەکانی باران و ڕۆشنایی..!
کە ئێوە هاتن. شاخ خەبەری بۆوە و هەردوو
چاوی گڵۆفت و چووە بەر ڕێژنەی تازە..!
کە ئێوە هاتن زەنگ هات و خۆی بە ملی
دەیجووردا هەڵواسی و لەناو بێدەنگیدا زرنگایەوە و
ئیتر زمانەکەمان شەبەقێکی ئاڵی تازەی تێکەوت و
چوون شەقژنی کۆترە باریکەی
ناو شیعرەکانی "خانی"ش
بەرزەفڕ لە ئاسماندا کەوتە سەما..!
کە ئێوە هاتن، ئاینده لە چاوتاندا بوو.
کۆتر لە باخەڵتاندا و بە هەردوو مشت ڕووناکیتان
ڕشتە ناو ماڵەکانمانەوە و پەنجەرەی بیری
نوێتان بۆ دیوارە نابیناکانمان دانا..!
پرژە پرژە فوارەیەکی تازە لە حەوشەی مێژوومانا
شکۆدار کەوتە هەڵچوون.
ئیتر لەو کولتوورە جیابوونەوە کە خەنجەری تۆڵە و
تیرەگەرییان لەسەر جەستەمان لە هەسان ئەدا.
لەو نەریتە ڕاپەڕین کە کانییەکانی ژنی تێدا
ئەکوژراو چرای تیا خاکەسار ئەکرا..!
ئەی قەڵەمە بانگدەرەکانی

سەر منارەی شارستانی:
پەنجەکانی ئێوە بوون، بۆ یەکەمجار، لە کێڵگەی وشەدا
گوڵەبەڕۆژەی ئەم زمانەیان چاند و
گوڵەبەڕۆژەش بوو بە ڕۆژنامە و ڕوو لە خۆری درەخشان
باڵایکرد و ئاوێزانی بوو: کوردستان..!
پەنجەکانی ئێوە بوون. دەستەکانی ئێوە بوون. بۆ یەکەمجار
لە دڵۆپی ئازار حەرفیان چێکرد و وشەیان چنی و
هەر چاوەکانی ئێوەش بوو.. بۆ یەکەمجار لە شەوی
نامۆیی و لە ژووری تازە زاوای چاپخانەدا بوون بە
نەورۆزی نیشتمان..!
باپیرانێ لە سنەوبەر
باپیرانێ لە گڵۆپ و
باپیرانێ لە پاندان و
باپیرانێ لە جاویدان..!
ئەی چراکان..!
ئێمە هەمووومان لەژێر فێستەکانی ئێوەوە هاتووین..!
ئێمە هەمووومان لە ڕەچەڵەکی قەڵەم و قەڵەمدان و
پەڕەکاغەزی ڕۆژنامەکەی ئێوەوە هاتووین
ئێمە هەمووومان، بە نەژادی شارستانی، ئەچینەوە
سەر شەقامە جوانەکانی ئێوە
ئێوە باپیرە پەنجەرە و
باپیرە گوڵدان و باپیرە چاپخانە و

باپیره غەزەتەی ئێمە بوون..!
ماڵباتێ لە شەوی ئاوارەبوون
وەختێ کە سایەقە غوربەتی تیا ئەپرژێ و
مانگەشەو ڕووتە و لەناو بەفرا هەڵئەلەرزێ و
میقدادێکیش بە تریفە
یەکەم سەروتار ئەنووسێ..!
ئەی باوکانی تەریقەتی کوردستانیی..!
کە ئێوە هاتن لاوکی سەر بە هەلاڵەیش بە قەتار هاتن..
قۆڵ لە قۆڵدا تریفە و بەفر و مەم و زین پێکەوە هاتن
کە ئێوە هاتن لە پێشوازیتاندا..
کارمامز و شیعری جزیری و ڕۆحی نالیی پێکەوە هاتن
کە ئێوە هاتن
بە دەم ڕۆیشتنەوە دیجلە پێکەنی و
جودی بە دەم ئاگرەوە سەری هەڵبڕی و
دەریاچەکەی "وان"یش لە خۆرنشیندا
بزەیەکی ئەرخەوانیی گرتی و بە شەپۆل لە کەناردا و
لەسەر لم بۆی نووسین.. بەخێرهاتن..!
خەرمانێ لە شارای عەقڵ.. خەرمان بەرەکەت..
دەشتێ لە حەرف و
مێرگێ لە وشەو
باخێ لە ڕستە و
بەدرخان بەرەکەت..!

ئەی پەیامبەرانی باران و ڕۆشنایی..!
هەموو خۆرهەڵهاتنێ.. بە چەند گزنگێ دەست پێئەکا
لەو دەمەدا، ئەو چەند گزنگە ئێوە بوون..
هەموو سروودێ، بە چەند چریکەیەك دەست پێئەکا
لەو دەمەدا ئەو چەند چریکەیە ئێوە بوون
هەموو فڕینێك بە چەند باڵلێکدانێ دەست پێئەکا
لەو دەمەدا.. ئەو باڵانە باڵی ئێوە بوون.
هەموو لە دایکبوونێکی تازەیش بە چەند بەرەژانێ دەست پێئەکا
لەو دەمەدا، ئەو بەرەژانە تازانەیش هەر ئێوە بوون.
ئای خودایە..!
ئەم هەموو قەرزە زۆرەی کە بە قەد گەڵای داری
حەوشەکەی ماڵی میقداد بەدرخانە..
هێندەی ژمارەی هەناسەی وشە ساردەکانی جەلادەتە
ئای خودایە ئەم قەرزە کەڵەکەبووەی، بووە بە قەڵای هەولێر و
هەروەها لە ژمارەی خەمەکانی دیاربەکر تێپەڕیوە و
لە فرمێسکەکانی ئێستای قامیشلو زۆرترە
ئای خودایە.. ئەم هەموو قەرزەی وەفایە چۆن بە من ئەدرێنەوە..!
چی بکەم مەگەر دەستەکانم هانا بۆ:
پەستەکەکەی حسێن حوزنی و
بۆ سدارەکەی پیرەمێرد و
بۆ چاویلکەکەی شێخ نوری و
بۆ گۆچانەکەی برایم ئەحمەد و

بۆ بۆینباخەکەی شاکیر فەتاح بەرن
تا فریام کەون..
مەگەر ئەو هەموو وشەگەلەی ناو قامووسەکانی هەژار و
زەبیحی بێن بە دەنگمەوە، مەگەر هەر دە پەنجەم
بکەم بە مۆم و لە ژوورسەری کێلەکانیاندا
دایانگیرسێنم.. ئای خودایە..!
مەگەر وشە بە وشەی ئەم بنەماڵەی هەتاوە
لە ژونێفەوە بۆ قاهیرە و لەوێوە بۆ پاریس و
لەوێشەوە بۆ شام و تا کوردستان بە کۆڵ
بیانگێڕم.. مەگەر دەستۆکی چاپخانە کۆنەکەی
قاهیرە تا مردن بادەم.. مەگەر دەنك بە
دەنکی خۆڵی سەر گۆڕەکانیان ماچ بکەم
مەگەر خۆم بکەم بە "ڕۆڵە"ی مەکینەی چاپ و
هەر هەموو "کوردستان" و "هاوار"م لەسەر
چاپبکەنەوە ئینجا بەشێکی گچکەی ئەم قەرزە بدەمەوە..!
ئای خودایە..! چەند قەرزاری ئەم کۆگای پرشنگانەین..
چەند قەرزاری ئەو بارانانەین..! چەند قەرزاری ئەم ڕووبارانە و
ئەم مەکتەبانە و ئەم شەقامانەین..!
ئاخر کام بەوەفابوون لە باڵای خۆشەویستی ئەوان
کورتتر ناهێنێ..؟ کام پلیکانەی بەسەرکردنەوە ئەگاتە
هەورەبانی سەری ئەمان..!
بنەماڵەیەك لە شانەی هەنگوین

ماڵباتێ لە بنجی ئەڤین
خانەوادەیەك لە نەسلی شەفەق و
خێزانێ لە مۆرد و گوڵەعەتر و
تاڵەقژی نازەنین..!
ئەمڕۆ دەم و چاوی بۆتان بوو بە دەموچاوی میقداد بەدرخان
گەردنی گۆیژە بوو بە گەردنی گۆران، باڵای بازیان بووە بە
باڵای ڕەفیق حیلمی و دەستەكانی زاخۆ بوون
بە دەستەكانی یوسفی و دەشتەكەی قامیشلو بووە
بە هەناوی جگەرخوێن و قەدری جان و عوسمان سەبری.
جبەكەی عەلائەدین سوجادی وا لەبەری دارگوێزێكی
هەوراماندا و پشتێنەكەی گیوموكریانی قەڵای هەولێر
بەستوویەتی و جانتاكەی دارا تۆفیق وا بە دەستی شەقامی
كاوەوە و ئەو پەتەیش كە كرایە ملی مارف بەرزنجی ئێستە
بووە بە پەتی ئاڵاكەمان لە كەركوكدا.
دەستەیەك لە خەمی پێشڕەو
دەستەیەك لە قەڵبەزەی مارشی ئازادی
هەڵبژاردەیەك لە یاڵی داگیرساوی ڕەوە ئەسپێ لە غاردا..
چەپكێك لە كڵپە كڵپی چەپكە قەڵەم
ڕیزێ ئینجانە لە باڵكۆنەكانی زمانی كوردی و عەرەبی و دنیادا
ڕیزێ یاقووت لە ملی پەیكەری ڕۆژنامەدا
ئەمڕۆ "با"م دی وتی:
ناكرێ بۆ ئەم پیاوانە نەچەمێمەوە..!

بەردم دی وتی: ناکرێ من لەبەر ئەوان هەڵنەسمە
سەرپێ. درەختم دی وتی: هەتا ئەڕۆن دەست بە سنگەوە
ئەگرم بۆ ئەوان..! ڕێ و بان وتیان: کە ئەوان بە سەرماندا
ئەڕۆن ئەحەسێینەوە.
دەستەواژەکانی ئەم زمانەیش لە زاری ڕۆژنامەکانی
ئێستاوە وتیان: ئەگەر ئەوان نەبوونایە ڕەنگ بوو ئێمە لاڵ بووینایە
لە دواییشدا مێژووم وتی: تا ڕۆژنامەی
"کوردستان" دەرنەچووبوو من وەجاخ کوێر بووم..!!
بەدرخانیەکان:
پێشەنگێ لە هەورە تریشقەی نارنجیی لەناو ئاسۆیەکی
تاریکدا..! چەند کلاّوڕۆژنەیەك لە زەمانێکی کوێرە
مووشەدا. چەند هاوارێك لەناو مەملەکەتێکی لە هۆش
خۆچوودا. چەند ڕاپەڕینێك لەناو جەستەیەکی نووستودا.
چەند خەونێ لەناو سالاّنی بێ خەوندا و چەند
ڕێژنەبارانێ لە سەردەمی کوللە و قات و قڕیی ڕووناکیدا.
کۆمەڵێ قەڵەم.. لە داری خۆرەتاو
کۆمەڵێ ڕۆژنامە.. لە کاغەزی سپیی بەربەیان
کۆمەڵێ ئەموست.. لە تیشکی باریك و
دیسانەوە کۆمەڵێ مۆم
ئەسووتێن و ئەسووتێن و
منیش ئەمشەو سەر و ملم و قولەمشتم و
هەردوو دەفەی شانەکانم و چاڵی چاوم و

ناو تاقی ڕۆحم ئەکەم بە مۆمدان

بۆ هەموویان.. خەرمانی وشە بەرەکەت..!

چرای بەدرخانیان بەرەکەت

ڕۆژنامە بەرەکەت و

خۆشەویستیی کوردستان بەرەکەت..!

سلێمانی

2004/4/17

# مەرگی کانییەکی سەوز!

"پەخشانە شیعر"

لەپاش دوا کۆچی ڕەنگێکی سپی پاراو بە نمەی پاکژی و
ئاژاری هونەرێکی خوداوەندیی. ئیتر گەواڵە هەورە
سپیەکانیش، عەشقە سپیەکانیش، شیعرە سپیەکانیش،
وەك جەستەی بە بریقەی دار بەلاڵووکە کوژراوەکەی
سەر شەقامی سەهۆڵەکەی ئێمە، ئەوانیش، وەك کەلەپۆ
ئاڵ ئاڵ هەڵگەڕان و، بژنگ بژنگی، قرمزییان،
پەرش و پەرت پەرت، پژانە سەر کەنارەکانی بێهودەیی
ئەم "بوون"ە پووچەڵەو، ئەم دەورانی زەمانە
ناچیزەیەو، ئەم باڵی شوومی ڕێکەوتە چەمووشانەو،
پەڕوباڵی ئەم تیتراوسکە عاشقەی سلەیمانییان بە
خووناوی نیگای خۆیان لە بارینێکی گرافیکیدا پنۆك
پنۆك کرد!
هەموو شتێ سپیی
فڕینی سپیی. سەرنجی سپیی
ئاکار سپیی. پەیڤین سپیی

سەرو ڕیش سپی و خۆشەویستیی سپی و
هەر مەرگ ڕەش!
ئەی تیتراوسکە سپیەکە!. ئەم شەقژنە خێرایەی دواییت
بۆ؟! تۆ هەمیشە هێدی هێدی ئازارەکانی ڕەنگ و
تاژانەکانی ڕۆح و گەڵاکانی خەزامی نامۆیی خۆت و
ئەم وڵاتەت ڕائەژەنی!. ئەم پەلەی ڕووکردنە
ئاگرە چون پەپوولەیەکی وێڵی ڕوو لە بڵێسە بۆ؟!
تۆ کەی بە گڤەگڤ و بە وژە وژو بە ناڵە ناڵ و
فڵچە بە هاوارو، هێڵ بەزاق و زیق و، تان و پۆ
بە ژاوەژاو بووی؟! تۆ ئەگەر بگریایتایە کالانەی چاو
گوێی لێت نەئەبوو! لە زەمانی هاڕیندا، وردوخاش
ئەبوویت و بەڵام سروەیش گوێی لێت نەئەبوو!. برسێتیی
ئەیخواردیت و بێدەرەتانیی تووڕی ئەدایت و بەڵام نە
نان و نە خانە و ژووریش گوێی لێت نەئەبوو!. ئەم پەلەپەلی
سەفەرە چی بوو؟! کوا ڕەنگەکانی تۆ پەلەپەل کەرو بە هەڵپەو
بە هاش و هووش بوون؟!
هێوریی پەڕەمووچەکەی کلووی بەفر و، پەنجەی یەزدانێ
لەوەختی خولْقاندنی قۆزاخەی کرمێکی ئاوریشما و بێدەنگییەك
لە قوڵبوونەوەی بەر زەردەپەڕی ئێوارەی گۆمێکدا لەناو
تۆدا بوو! کوا دەستەکانی تۆ لە دەستی ڕەشەباو،
کوا چاوەکانی تۆ لە چاوی لافاوی بەگرمژن و بەهاژە هاژ
بوون؟! تۆ ناسکییش ئەیڕوشاندی!. تۆ شنەبایش

ئیرەیی پێ ئەبردی‌و، لە ئاو نەرمتر بووی!
تۆ قامکی کامیان بووی
مانگەشەو یان پەنجەی باران؟!
تۆ گلێنەی کامیان بووی
کانیی یاخود گەلاڕێزان؟!
کاتێ عەشقت لەناو غوربەتا ئەنەخشان
بەرد بۆ بەختی خۆی ئەگریاو
ڕووبار بۆ سەرچاوەی خۆی و
مەل بۆ هێلانەی خاپووری.
تۆ سەوزیی پڕوپۆی مێرگە چاوتەڕەکانی
ناو گەلەریەکان بووی!
سەوزێکی کاڵی سادەی بێفیزی زۆر گوێگری
کەمدووی گەڵێ جار لە گۆشەی بێ بریق و باقی
پایزێکدا، چون شۆڕەبیەکی ڕاماو لە بندێن و
قوڵیی گۆمێ بەتەنیا ڕائەوەستای، بەرامبەر
پرسیارو نەهێنیەکانی ناو ڕەنگ و دەرەوەی ڕەنگ و
ناوخۆت و دەرەوەی خۆت ئەبویتە شیعرێکی کاکۆڵ
سپیی حەپەساو!. ئەرێ! تۆ هەمیشە درەختێ
بووی لە سێبەر و هەتاو!. درەختێ بە کراس و
پانتۆڵێکی غەمبارو ژاکاوەوە! بەڵام بەردەوام
لێوی سەرچڵ بەزەردەخەنە. بەردەوام لە ناو
پەیوەندیە زبرەکانیشدا ناسك. ئاو بووی بۆ

هەمووکەس. درەختێ بە یەخەیەکی کراوەی بێدەربەست و
پانتۆڵێ لە هەوری چرچ و بەڵام خەیاڵێ بێگەرد و گیرۆدەی
عەشقی گرافیك!. قژو ڕیشێ کە بەفرە خواوەندە
وێنەکێشەکەی سەر پیرەمەگرون بۆ ئەبەد دابویتێ.
سەوزێ لە گیانی کچە سەوزەڵەیەکی بەرپەنجەرەی دەمەو ئێواران.
سەوزێ لە مەنفای ناونیشتمان.
سەوزێ لە پەنگ خواردنەوەی ڕەنگە ئەزەلیەکانی
ناو وڵاتی حەرام!.
چەند هێڵێ لە تەمومژ و زوخاوی بێدەنگ
چەند بۆشاییەك لە حەسرەت!.
پیاوێ لەو ڕووناکیانەی نە خانەی خۆی و
نە جادەکان و نە حاکمەکان و نە هەرێمەکان و
نە سیاسیەکان و نە عەسکەریەکان نەیانئەناسی و
نەیان ئەزانی ئەم گڵۆپە کێیە؟!
پیاوێ نیوەی لە نەورەس و نیوەی لە فریشتە.
چاوی خودا لە پەنجەیدا و زاووزێی ڕەنگ لە فڵچەیدا و
نەفس بەرزیی وەکو دوندێ لە سەریداو
گیرفان بەتاڵ وەکوو کۆترو
لە ڕەنگیشدا، لە هونەری نەمریشدا
زەنگین زەنگین و بەخشندە
چون ئاو. چون ژن. چون ئازادی و
چون دارستان!

ئەی سەوزاییە سەر بە بەفرەکەی ناو شیعرم!
پەروانە تۆ نەبی کێیە؟
ئەی سروە تۆ نەبی کێیە؟!
گەلەریەك لە خەزان و
پێشانگایەك لە باران و
چوارچێوەیەك لە خەرمانە و
لەوحەیەکیش لەم سوتانەو
فلچەیەکیش لە زوقمەکەی ناو دەروونم و
ئەمانە تۆ نەبن ئەی کێن؟!
ئەستێرکێکی بەر مانگە شەو وەختێ کە ڕەنگ تیا بخەوێ!
ئەویش تۆ نیت؟
ئەی گرافیکی شەبەنگێ وەختێ خودا بیچنێت و
بیداتە دەست عاشقێك و عاشق بیداتە
دەست جوانیی و، جوانیی بیداتە دەست ڕاستیی و
ڕاستیش بیداتە دەست دوا ڕۆژ،
ئەی ئەمانە تۆیان تیا نیت؟!
ئەی شیری ناو گوڵە گەنم؟!
پەڕێك بەدەم کزەباوە؟!
کلووی ناو خەو؟!
برایمۆکی ناو بەفرانبار؟!
پڕیشکی ئاوی قەڵبەزەو، دەنگی ژن و،
ماچی مانگە شەوو شەختەو، خەنینەوەی ساوایەکی

ناو هەڵەبجەو، ڕامووسانی نێوان گوڵە هێرۆیەکی
سپیی و (با)یەکی کەسك. کراسی سەوزی
کچێکی سپیکەلە کە بۆ پیاسەی ئێوارەیەك،
بۆ ژوانێکی ڕاگوزار، ئەچێتە سەرجادەی سەهۆڵەکە.
ئەی ئەمانەیش تۆیان تیا نیت؟!
من لە زۆر شوێندا و لەناو دەیان و
سەدان باڵەفڕێی ڕەنگ و هات و چۆی
جوانیدا ئەتبینمەوە: لە نەخشە هەرە
وردەکاندا:
جێ پێی چۆلەکە لەسەر بەفری تازە باریو.
ئەو زەردە پاکەی لە پێڵوی زەڕنەقووتەدا هەیە.
لە تیسکی زۆر سپیی کارژۆڵەی تازە زاودا.
لە لەرزینی دڵۆپە شەونمێکی سەر گەڵای پاییزدا.
یان لە وردە ماسییەکی پوولەکە ڕەنگینی بن
حەوزێکی ڕووندا وەختێ هێواش هێواش بجووڵێ.
لە نوشتانەوەو هەستانەوەی لاسکە گیایەك
لە بەردەمی پرژەی تاڤگەیەکدا.
لە خل بوونەوەی پەپوولە پایزەیەکی وێڵی سەر
زەوی گەلەریەکدا، لە بڵقی ئاڵی کولێرەیەکی
گەرمدا. دوای بوولێڵیش لە مۆمێکی
داگیرساوی کێلی ژوور سەری کچێکی عاشقی کوژراودا.

★

پۆپنەی کەڵەشێر لەبەر هەتاودا ئاڵێکی ڕوون و بێگەردە
من ڕەنگی تۆم لەبەر خۆرنشیندا بەو جۆرە ئەبینی.
وەختێ پەپوولە ئەفڕێ و ئەنیشێتەوەو دەنگیش ونە،
تۆ بەو بێدەنگییە ئەفراندنت کرد بە ڕەنگ.
چاوی پشیلە لە تاریکیدا وەك مۆم ناچەقیت
ئەو بریسکە بریسك هات و چۆ ئەکات!
تۆ خەمی بریسکەدارت جۆگەی ئەو ڕەنگانە بوون
کە هەمیشە لە ڕۆیشتندا بوون
تۆ لە ناو خۆتا، ڕقت ئەوەندە تەنك تەنك کردبۆوە تا ئەو شوێنەی
کە لەمدیوەوە منداڵ و مەسیحمان بە ڕوونی تیا ئەبینیت.
تۆ ئەوەندە هونەرت بە ڕۆحتەوە نوساندبوو تا ئەو شوێنەی
گەلێ جار خۆت و نان و ماڵ و منداڵت لە بیرئەکرد. تۆ لەناو خۆتا
قرچە قرچ ئەسووتایت و بەڵام بۆ دەرەوە سەرتلێ بووی
ئەشنایتەوەو پێئەکەنیت.
تۆ ئەو شیعرە سەروڕیش سپییە بووی
کە لێوان لێو بووی لە حەیرانی سەوز.
تۆ ئەو سەوزەیش بووی کە پڕپڕبووی
لە خەزان. ئەو خەزانەیش بووی
کە سەر ڕێژ بووی لە گەشانەوەو
ئەو گەشانەوەیش بووی کە سیخناخ بووی
لە هەڵقرچان!
تۆ زەردەخەنەی وەرین بووی.

بارانی تینوو تۆ بووی.
لە سەرەوە مەنگ و لە بنەوە بەهاژەو
لە سەرەوە دووکەڵ و لە بنەوە کڵپە ئاڵ و
لە ڕووخسارتا بەفرانبارو
لە هەناویشتا ئاگر باران بوو.
فڵچەیەکت بۆی گێڕامەوەو وتی:
قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان نەمدی ئەو
من هەڵکێشێ لە ڕەنگی خۆی و ژیان
بۆ ئەوەی دوور لە خۆشەویستیی بمانفرۆشێ و
بماندا بە نان!

★

ئەوە: زەمانە، ساڵ لە دوای ساڵ بە ڕەنگی بیرچوونەوە
ڕەنگەکانی دی کاڵ ئەکاتەوە یان ئەسڕێتەوە. دایان
ئەپۆشێ، ونیان ئەکات. بەڵام هاوڕێم تۆ ئەگەر
بە دوو تابلۆیش بێ و منیش بە دوو شیعر. ئەچینە ناو
جەستەو ڕۆحی ئەو شوێنانەوە کە سرمدین. کە بێکۆتایین
وەك سەری پیرەمەگرون و گۆمی وان و چاوی سەفین!

★

هەنووکە چاوم لێیە: شەماڵێکی غەمباری قژ خاوی
نەرم و نیان خۆی لە ڕۆحت هەڵئەکێشێ بۆ ئەوەی
لەم چلەیەدا سەوز بێ و لەگەڵماندا دوا تابلۆت
ڕاژەنێ. هەنووکە چاوم لێیە مانگ خۆی سەوز

ئەكات بۆ ئەوەی ئەمشەو لە كەژاوەی ڕەنگەكانتا جاویدانە
بخەوێ. هەنووكە چاوم لێیە: كۆترێكی دڵداری گڵەزەردە
گمەی سەوز ئەكاو فڕینی سەوز ئەكا بۆ ئەوەی لەم بەهارەدا
لاواندنەوەیەكی سەوزمان بۆ بڵێ!.

★

كە دەستت ئەبرد بۆ ڕەنگ.. ڕەنگ ئەبوو بە دەنگ.
كە لە ڕەنگ ڕائەمای.. ڕەنگ ئەبوو بە مانا.
كە وێنەی ژنێكی ئەنفالت ئەكێشا.. لە ڕەنگدا زریكە ئەڕسكا!.
كە زەردو كە سپیت جیابەجیا دائەنا
ژوورەكەت پڕ ئەبوو لە نێرگز.
ئەو وەختەی ئازارت تێكەڵی سوور ئەكرد
لە ژوور سەر چرپاكەت
شەهیدێ بە پێوە ئەوەستا!

★

من ئەم ئێوارەیە لە تاودا زمانی كوردی
ئەشڵەقێنم. زمانی كوردی شلوێ ئەكەم و
سەراسیمەی ئەكەم و شێتی ئەكەم!. وشەكان
پەڕاگەندەی ناو كێڵگەی مین ئەكەم. فەزای ڕستە
ئارام بەخشەكان پڕ ئەكەم لەو چرە دووكەڵانەی لە توونی
ڕەنگی ڕەشەوە دێنە دەرێ. بە تەواوی دەست
لە وشە گەلی چەشنی وەك خۆشی و
ئاسودەیی بەرئەدەم. ژنە شیعری زەرقیمە تەلاق
ئەدەم و لە هەواری خۆڵەمێشدا هەڵئەدەم.

من ئەمرۆ وەك خۆم چۆنم ئەویٚ زوبانیش
بەو جۆرە: بحەپەسیٚ، بشلەژیٚ، بژاکیٚ. بوەریٚ!.
حەپەسانی زمان، ئەوق بوونی ماناکانە لەبەردەمی
فاریزەکاندا و دانیشتنی بیٚ دەسەلاَتانەی ئەوانە
لەسەر بەردی نوختەکان. شلەژانی زمان، شپرزەیی
ڕیٚزمانە وەختیٚ ناوو ئاوەلٚناوو کردار و چاوگ و
هەر هەموویان جیٚگۆڕکیٚ ئەکەن و لە یەکترەوە ئەئالۆزکیٚن.
زمانی ژاکاو ئەو ڕستە نیوە ناچلاَنەن کە لە چلٚی
قرتاوو گەلاَی لاچاو قرنجاو ئەچن و نوختەی سەرو
ژیٚریان تیٚکەلٚ بە یەکتر ئەبن. وەرینی زمان، ئەو
لاپەڕانەن کە لە دوای چەندین ڕەشنووسیش ناگەنە.
ناکامیٚك و ونجڕونجڕ ئەکریٚن!
من ئەمرۆ ئابلۆوقەی زمان ئەدەم. هەموو ڕیٚگەکانی
چواردەوری ئەبەستم بۆ ئەوەی دالٚدەی دلٚنیایی و
ڕەنگی ئارام نەدەن. من ئەمەویٚ ئەمرۆ
ڕەنگەکان سەرگەردان بکەم و لە نیشتمانی خۆیاندا
ئاوارەیان بکەم!

★

ئەمرۆ من چل گولٚەباخ ئەدەم لە قژ و ڕیشە سپیەکەت. چل پەپوولەی وەنەوشەیش بەسەر جەستە ماندۆکەتدا بلاَوئەکەمەوە. لە چواردەورت چل وشەی ڕەنگاوڕەنگ دائەگیرسیٚنم. چل پەلکە گیا لە دەستەکانتەوە ئەئالیٚنم. چل ماچم بە چل دلۆپەبارانداا ڕەوانە ئەکەم و چل

هەنیسکم بە چل خاڵخاڵۆکەدا ئەنێرم و چل هەناسەیشم ئەخەمە
ناو شیعرێکەوە و بە بای وەشتدا بۆت ئەنێرم.
چلەتە و بەڵام ئێمە هەر لە یەکەم ڕۆژی فرمێسکداین. لە یەکەم
ساتی ڕامان و بڕوانەکردندا. ئەڵێن چلەتەو بەڵام ئێمە هەموو ڕۆژێ
هەر چاوت بۆ ئەگێڕین و ئەڵێین هەر دێت و ڕەنگە ڕووباری
لەوحەیەك دوای خستبێ. ڕەنگە خەریکی ڕامکردنی ڕەنگێ بێ.
ڕەنگە لە ناو پەڵەیەك گوڵە هێرۆی سپیدا خەوی لێکەوتبێ. ڕەنگە
لەگەڵ کەوێکی سپیدا سەفەری کردبێ. بەڵام هەردێت. ئەو ڕۆژە
لەبەردەمی مۆزەخانەدا. دووراو دوور پیاوێکی سەروڕیش سپیمان بینی و
شتێکی لەبن هەنگڵدا بوو. وتمان ئەوە خۆیەتی و، ڕامانکرد،
کە چووینە پێشەوە پیاوەکە دیار نەماو بەڵام لەو شوێنەدا
لەوحەیەکی تۆ دانرابوو!

★

هەر یەکسەر، دوای خەوتنی بێسرپەو تەنیا تەنیای هەتا هەتاییت!.
دوو پەپوولەی ڕەش، کە هەر پێڵوەکانی خۆت بوون، کەپرە
سپیەکەی سەرتیان بەجێهێشت و هەڵفرین و هاتن و هەواڵی
ژێ بە هەنیسکیان، گەیاندە ناو کۆتەڵی ڕەنگەکان و وتیان:
ڕەنگە مێینە نازدارەکان!
ڕەنگە نێرینە ئازیزەکان!
فرمێسکی تازەتان باش!
ئیتر سەوزە قژوڕیش سپیەکەی "چاپخانەی شەعب"ی ئێمە
جارێکی دی نایەتەوە ئەم هەوارە بە ژەنگ و ژارو خۆڵەمێشییەی ئێوە.

وەك چۆن ڕستەبازنی سەوزی دەست و مەچەکی بلوورینی ژنە
سپیەکانی ئەنفال نەهاتنەوە!. وەك چۆن دووچاوی
سەوزی منداڵێکی وەسانان ئیتر نەهاتنەوە. وەك چۆن
خۆزگە سەوزەکان نەهاتنەوە. زریکە سەوزەکان نەهاتنەوە.
نایەتەوە. ئەو بە هێواشی چۆتەوە ناو کەژاوە پەمووی
خەونێکی پاییز. چۆتەوە ناو تراویلکە هەرە دوورەکان. لەوێ
ئەبێ بە کەنارییەکی سەرباڵ سەوزی باخەکانی خوا.
ئەبێ بە تیلماسکە هێڵێکی ئاسۆیی لە کراسی سپیی فریشتەیەکدا
کە یەزدان کردوویەتی بە وێنەکێشی پۆرتەرێتی بێوەژنەکان.
لەوێ ئەبێ بە نەورەسێکی نامەبەر لەنێوان سنەوبەرە
عاشقەکاندا. ئەبێ بە زنەیەك کە کیژۆڵە سەوزەڵە
ڕفێنراوەکانمان لێی ئەخۆنەوە و بەس. لەوێ ژوورە ڕەش و
سپیەکەی بە تەنیشت ژووری جووتێ پەڕەسێلکەی دڵدارەوە
ئەبێت. لەوێ سەرینەکەی شیعرێکی سپیی ئەبێت. بەرگی
بەری سترانێکی سپی و بەڵام کڵاوی گریانێکی ڕەش لەسەر
ئەکاو لە دەشتایی نوورێکدا بەردەوام وێنەی گوناهە
سپیەکان و خۆشەویستیە کوژراوەکان ئەکێشێ. لەوێ لە ئاکادیمیای
هونەرە جوانەکانی بەهەشتی خوادا ئەبێتە مامۆستای وانەی
غەمگینی گرافیك. بەڵام ئەو هەرگیز چل حۆری ناوێت، نا، چل
حۆری ناوێت، ئەو بەتەنها هەر ژنە تەنیا و خۆشەویستەکەی
ئێرەی خۆی ئەوێت!

★

کاتێ کۆچ ببوایە بە جووڵەی ڕەنگ تۆ لەناویا
کۆلاجێکی عاشقانە بووی. ئەگەر هێمنی ببوایە
بەڕووی دەریاچە تۆ لەسەر ئەو گەڵایەکی پاییزە
بووی. ئەگەر شەونخوونی ببوایە بە ژانێکی
دوورودرێژ تۆ لەناویا گەمیەیەکی شپرزەبووی.
خۆ کە وەختێکیش کارەسات ببوایە بە
خۆڵەمێشی ئەم وڵاتە، تۆ لەناویا هەڵەبجە بووی!.

★

لەم جوگرافیای حەسرەتەدا!
چەندین کورتە چیرۆکی خوێن گەرم و چەندین قەسیدەی
ڕۆح شیرینم ناسیوە. بەڵام بۆ ئەوەی وشەکانیان
لە برساندا نەمرن، ناچاربوون ببنە بارهەڵگری تەم و
مژو یان حەسحەسی گریان. لەم نیشتمانی ئاخ و
داخەدا، چەندین تابلۆی ڕەندومەردم ناسیوە،
بەڵام بۆ ئەوەی ڕەنگەکانیان لەسەرمادا ڕەق نەبنەوە،
ناچاربوون ئەستوورترین پەتووی ئازارو تاریکیی بدەن بە
خۆیاندا!. ئەی باشە تۆ نەورەسێکی ئێسك سووکی
ئەم ئاسمانە نەبوویت، بەڵام بۆ ئەوەی زەڕنەقوتەکانت
بێ پەڵۆوڵە نەبن، نەئەچوویت و مینت هەڵنەئەگرتەوە؟
مردنی میقاتکراوت هەڵنەئەگرتەوە؟ ئەجەلت هەڵنەئەگرتەوە؟
قەزا و قەدەرت هەڵنەئەگرتەوە؟ دۆزەخە بچووکە خۆمەڵاسدەرەکانی
ئەم ژیانەت هەڵنەئەگرتەوە؟!

باشە تۆ خۆت جۆگەلەیەکی سپی و زیوین
نەبوویت و بەڵام لەبەر نان نەبووبووی
بە کۆڵکێشی دووکەڵ؟!
باشە تۆ خۆت ناونیشانی بزەیەکی سەوزی
ناسکی هەمیشە بەهار نەبوویت و
بەڵام لەبەر نامەی ناکامی عاشقان و
کڕووزەی گوڵان و منداڵان
نەبووبووی بە پۆستەچی پاییز و خەزان؟!

★

تۆ کە بەلادا هاتی و کەوتیتە سەرجادە، هەر لەوێدا
خەمێکی سوور دوا لەوحەتی پێشکەشکردین:
تیلماسکە خوێنێکی باریك لەسەر ئاوێنەی
سەهۆڵی شکڵی تەیرێکی کێشابوو: کە لە ڕێگەی
جێژواندا بە ئاسمانەوە پێکرابوو!.

★

سەوز لە کوێیە؟! بەفرێکی ڕەشپۆش پرسیی.
سەرویەکی باخی گشتیی وتی: لە هەناوی مندا.
سەوز لە کوێیە؟! گریانێ پرسیی.
ژنێکی چاو سەوزی ئەم شارە وتی: لە گلێنەکانی مندا.
سەوز لە کوێیە؟! پەنجەرەی پۆلی پەیمانگەیەك پرسیی.
قەڵەمی سەوزی خوێندکارێ وتی: لە مۆتیڤەکانی مندا.
سەوز لەکوێیە؟! گەلەری زاموا پرسیی.

وێنەكێشێكی منداڵی كەركوكی كراس سەوز وتی:
لە تابلۆكانی پاشەڕۆژی مندا!.

★

سەوزێ لە نزاری شڵەژاوی
بەردەم چۆمێكی خنكاو.
سەوزێ لە پەلكە ڕێحانەیەك
ئەو وەختەی دڕكەزیەك لێی ئەداو
ئیتر نە (با) ئەتوانێ سەرو ملی
پێ بەرز بكاتەوەو نە دوولێویشی
ئەكرێتەوە بۆ قومە ئاوێ.
سەوزێ لە فانۆزێكی سەوز
ئەو كاتەی فانۆز بەناو ڕەشدا
ڕێ ئەكاو لە پڕێكدا پەڵە شەوقی
سپیی ئەچێتە سەر جەستەی
كەسیرەی تەیری نێوداوێ!.
ئەو چركەساتە
ئاو ئەگریاو.. با فرمێسكەكانی ئەسڕی.
با ئەگریا و.. دارستان فرمێسكەكانی ئەسڕی.
دارستان ئەگریاو.. سێبەر فرمێسكەكانی ئەسڕی.
سێبەر ئەگریاو.. هەتاو فرمێسكەكانی ئەسڕی.
هەتاو گریاو.. خوا فرمێسكەكانی سڕی
بەڵام كە خودا خۆی گریا

ئیتر کەس نەیتوانی چاوەکانی ئەو بسڕێ!

★

تەیرێکی تەنیا لە "شین" دا
هەناسەیەك لەناو "زەرد" دا
شەوی خولیا لەناو "مۆر"دا
ئازاری سپیی لە "سوور" دا
هەر هەموویشیان لە دواییدا
لەناو شیوەنێکی سەوزا
ئەمانە تۆ نەبن ئەی کێن؟!
سەوزێ لە سەوزی بیر نەچوونەوە چون نەمردنی پەلکەگیا
سەوزێ لە سەوزی بیرنەچوونەوە چون نەمردنی..
سەوزێ لە سەوزی بیرنەچوونەوە
سەوزێ لە سەوزی
سەوزێ
سەوز!

سلەیمانی
2004/4/18

# خەوێکی خۆش!

دوێ شەو

کە هاتیتە خەوم.. دایە!

پڕتکردم لە ئاونگ و لە پەپوولە و

لە شەبەنگێکی بە ورشەی ڕەنگاوڕەنگ و

بەڵام.. دایە!

لەو خەوەدا وەك زەردەپەڕ بەنگ نەبوویت و

زۆر زوو ڕۆیشتی!

بە درێژایی ئەمڕۆ من دایە!

لە شاری خۆشەویستیدا

پێکەنینی قەسیدە بووم لەسەر مێزم و

لەسەر جادە دڵخۆشتر بووم

لەو بارانەی هەتاو باوەشی پیائەکرد.

دڵشادتر بووم لەو منداڵەی

بۆ یەکەمجار لەگەڵ بووکەشووشەکەی باوەشی

قسەی ئەکرد!

بە کەیفتر

لەو پاساریە بزێوانەی

هاتبوونەوە نێو باخچە و
لەگەڵ گەڵا تەڕەکاندا
گەمەی دوای بارانیان ئەکرد!
دڵخۆشتریش
لەو دوو دڵدارەی بە دزی
شەقامەوە، کۆڵانێك دالدەی دابوون و
هەندێ قسە و هەندێ پسکەپسك و چرپە و..
نامەیەکیان تیا وەرئەگرت!"
دوێ شەو کە هاتیتە خەوم
دایە!
پڕتکردم لە منداڵی و
لە بۆنی پیشۆك و نەعناو
لە بۆنی بەڕووی تەقیوی ناو ئاگردان!
لێوانلێو بووم
لە گۆرانیی سەر دیلانێ و
لە تامی بەفر و دۆشاو و
هەموو ژوورەکەت پڕکردم
لە دانوولە و لە گێلاخ و
لە مانگەشەوی ناو چیغ و
لە ئاوی گۆزەی سەرسەربان!
ئەمشەو من زوو ئەنووم دایە!
خەوم چاوەڕێی هاتنتە

دە وەرەوە
بەڵام توخوا وەختێ هاتی
بۆ خەوێکی کورت و کەمی
وەك تەمەنی "بێکەس" مەبە!
بۆ خەوێکی درێژی وەك
غەریبیت و کۆچت وەرە و بیرت نەچێ
ئەم شتانەم لەگەڵ خۆتا بۆ بهێنە
ـ هەتا ئەم شیعرە تەواوکەم ـ
ئەو قامیشەی سواری ئەبووم. سدارەکەی کەشافەم و،
نان و هێلکەی سەیرانێکی "هوڵوبە"م و،
جووتێ لەو قۆندەرانەی لە جەژنا پێی ئەگرتم و، مزراحێك و،
عانەیەکی ڕۆژانەم و یەك کۆلارە و دوو ماجومی و
یەك مارمارۆکەی پێچ خواردووی سەر تەندوور و،
کەفی سەر جامی حەمام و ئەو پشتێنەی هەموو جارێ
لێم ئەکەوت و، پەپوولەیەکی پاییزی ناو هەیوان و،
تۆپەوانەی سەر گۆزەیەك کە هەموو جارێ ئەمکرد بە تۆپ و،
لەگەڵ یەك بوخچەی نەکراوەی قسەی خۆشی پوورە حەلاو،
ئاخر شتیش، یەك شلکێنە و یەك کەلانە
کە ساڵی جارێ ئەمانخوارد!
هەموویانم بۆ بهێنە
ـ هەتا ئەم شیعرە تەواوکەم ـ
ئەمشەو من زوو ئەنووم دایە!

کانوونی دووەمی 2004

# فلاشەکان

ئەم کۆمەڵە کورتە شیعرە، بە هەمان ڕیتم و ئاهەنگ و جووڵەی شیعرەکانی "کازیوە" و "ئاوێنە بچکۆلەکان" و "باڵندە بچکۆلەکان" نووسراون‌و ئەمجارەیان ناونیشانی "فلاشەکان" م بۆ داناون. بەڵام دیارە بە بیرۆکەی تازە و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە کە لەڕاستیدا هەر ئەویش، واتە شیعری بیرۆکەی چڕو پڕو وێنەی ناوازە، هەوێنی ئەم شیعرانە پێکئەهێنن. بە ڕەنگ و ڕوو هەموو لە یەکتر ئەچن، بەڵام بە جەوهەر هەریەکەو بۆ خۆی دنیایەکی سەربەخۆیە.

ش. ب

# دوو ماسیی

لەناو زستاندا ئەمنووسی
چاوم بڕیە
چاوی باران
دێڕی دەفتەر
بوونە جۆگە
چاوم بڕیە.. چاوی جۆگە
پەیڤەکانم بوونە ڕووبار
چاوم بڕیە.. چاوی ڕووبار
خولیاکانم
بوون بە زەریا
چاوم بڕیە چاوی زەریا و
لە پڕێکدا
گەرداوێکی خەیاڵ هات و
فڕاندمی و لەو ڕۆژەوە
خۆم و پێنووس
بووین بە دوو ماسی عاشقی
ناو ئۆقیانووس!

# ڕاسپاردە

(با) گەڵای پاییز ئەداتە
دەست شاعیرێ
شیعرێکی لەسەر بنووسێ
(با) ئەوەستێ و لەبەر باران چاوەڕوانە
هەتا شیعر
شیعرەکەی لەسەر ئەنووسێ!
وەریئەگرێتەوە و ئەیبا
ئەیداتە دەستی عاشقێ
تا وێنەیەکی بکێشێ
(با) ئەوەستێ و لەناو ڕەنگدا چاوەڕوانە
تا عاشق وێنەی ئەکێشێ.
لەویشی وەرئەگرێتەوە ئەیبا
ئەیداتە دەستی هەژارێ
تا بە زەردەی برسێتیی خۆی
خەمەکانی دابپۆشێ
(با) ئەوەستێ و لەژێر هەورێکی نەباردا

چاوەڕوانە

هەتاکوو زەردەی برسێتیی دایئەپۆشێ

لەویشی وەرئەگرێتەوە و بۆ دوا قۆناغ

ئەیبا و ئەیبا و ئەیداتە دەست

بێوەژنێکی ئەو خوارە

تا لەناو ڕۆحی گەڵادا

دوو فرمێسکی چاوەکانی

خۆی بنێژێ!

# چارەنووس

شەوقێك و
مێشێك و
مێژوویەك.
شەوقەكە كەوتۆتە پێش حەرفی منداڵێ و
منداڵیش (مەولەوی) و (هەورامان) ئەنووسێ.
مێشەكە ئەیەوێ
ڕێ بگرێ لە حەرف و
لە پەنجەی منداڵ و
بە عەبا بەژنی شەوق داپۆشێ.
جارێك و دوو جار و سێ جاروو..
ئەمجارە مێژووەكە هەڵئەسێ و
دەس ئەبا لە تاقی ژوورسەری چرادا
مێش كوژێ دائەگرێ و
مێشەكە ئەكوژێ!

# لەودیوەوە

وەختێ چاوم نا بە کونی مێژووەوە
لەودیوەوە برینێکی قووڵم بینی
ڕایکێشام و
کەوتمە ناوی و درەنگانێ هەستامەوە.
کە چاویشم نا بە کونی برینەوە
لەودیوەوە ئازارێکی قووڵم بینی
ڕایکێشام و
کەوتمە ناوی و درەنگانێ هەستامەوە.
لە دواییشدا کە چاوم نا
بە کونی ئازار خۆیەوە
لەو دیوەوە من دەروون و
ناخی ژنی ئەم وڵاتەم
هەمووی بینی و
ڕایکێشام و
کەوتمە ناوی و ئەمجارە هەڵنەسامەوە!

# کانییەکی تازە

لە خوار کەرکووك
هەڵبەستێکی کورتەباڵام دەستگیر کرا
لە پشتەوە بە قافییەی
شاعیرێکی کۆشکی سوڵتان
دەستیان بەست و
لە پێشەوە بە پشتێنی چیرۆکێکی
قادسییە چاویان بەست و
لە مابەینی
دوو گردی جەوەل حەمرینا ڕایانگرت و
دەسرێژێك و هەر لەوێدا
تێکەڵ بە خاك و خۆڵ کرا.
دوێنێ لەوێوە هاتنەوە
وتیان خۆمان بینیومانە لەو ئاستەدا
لە مابێنی دوو گردی جەوەل حەمرینا
ئاوێکی ڕوون بە قوڵەقوڵ
هەڵئەقوڵێت و
خەریکە ئەشبێ بە فوارە و هەڵئەچێت و
عاشقانیش ناویان ناوە
کانیی شیعر!

# چاڵێك

چاڵێکم کردە بێدەنگی

لە هاوار.. مشتێ دوو مشت و

لە جەسووری.. خاکەنازێ و

لە زانیاری.. چەند گرامێکی تی ئێن تی و

کردمە ناوی و

دامپۆشێوە و

دوورکەوتمەوە و

پەنجەیەکم نا بە ژاندا و

تەقاندمەوە

گرمەیەك بوو بە تەپ و تۆز و غوبار و

وەختێ کە غوبار نیشتەوە

بێدەنگیم دی

لەت و پەتە و ورد و خاشە و

لەو جێیەدا پیاوێك لە شێوەی بێشکچی

ڕاوەستاوە و

پەیڤی ڕووناك دەوریان داوە و

قسە ئەکا بۆ ئازادیی!

# پەیامی بارڕەشێك

لەو بنارەدا بارڕەشێك
وتی: تەنها یەك ڕەنگ هەیە
وتی: تەنها هەر ڕەش هەیە
هەموو شتێ و بەفریش ئەبێ
هەر لەو ڕەنگەی من بپۆشێ
یان ئەوەتا ئەبێ سەری خۆی هەلگرێ
یاخود بمرێ!
وتی: تەنها یەك ڕەنگ هەیە.
وەختێ بارڕەش لەناو دۆڵێكدا هەڵێكرد
لەو ساتەدا بەفر خەوی لێكەوتبوو
چووە سەر باخ.. گوڵان هەموو ڕەش هەلگەڕان.
چووە سەر گرد..
هەرچی دار و هەرچی بەردە ڕەش هەلگەڕان.
چووە سەر دەشت.. پەلكە گیاكان ڕەش هەلگەڕان.
وەختێ بارڕەش ئەمەی بینی
لە خۆشییاندا ئەوەندەی تر باڵیگرت و

پڕ بە زاری
ئەو شاخ و کێوە پێکەنی و
وتی: بەفر ئاوەها مرد!
شەو درەنگان بێ خەم بێ خەم
بۆ خۆی لێی نووست
بۆ بەیانی کاتێ کە چاوی کردەوە
بەفری بینی
سێ ڕیز.. سێ ڕیز
ئەمجارەیان ڕەنگاوڕەنگیش
بەسەر دنیادا ئەباری!

# ئەو تۆپەی نەهاتەوە!

لەو پارکەدا چرایەکی داگیرساوی ئازادیی بووم
پیاسەم ئەکرد..
سنەوبەرێك باریکەلە
بەرەو ڕووم هات
ئەڕۆیشت و تۆپێکیش لەبەر قاچیا بوو
بە نووکی پێ هێواش هێواش تێی هەڵئەدا بۆ سەرەوە
هێندەی بگاتە بەر سنگی و دیسانەوە
ئەهاتەوە سەرپشتی پێ و
جارێ دە جار و سەد کەڕەت
تۆپ نەئەکەوت!
دارسنەوبەر هەر ئەهات و چاوێکیانی لەسەر من و
چاوەکەی تری هەر لەسەر تۆپەکە بوو!
گەیشتە لام
وتی: ڕۆژباش
ـ ژیانت باش
زیاتر لێم هاتە پێشەوە و دەستێکی خستە سەر شانم و

تۆپەکەی نا بە دڵیەوە!

ـ ببوورە.. نامناسیتەوە؟!

ـ سنەوبەر نیت؟!

ـ سنەوبەر یاریزان بووە؟!

لەم ساتەدا شووتێکی لێدا ئاسمانی و

تۆپ بە حەواوە ڕاوەستا و نەهاتەوە و

لەسەر پارکی ئازادیمان بوو بە مانگێکی نیگا شین.

ئەمجارەیان دارسنەوبەر تێپەڕیبوو

کە ئاوڕی لێدامەوە و، لەو دوورەوە هاواریکرد:

ـ من (یاسین)م

شێرکۆ

یاسین

سلێمانی

شوباتی 2003

# پێکەوە

ئەو وەختەی شووشە
شەرابێ شکا
دڵی هێشوویەك
بە دار مێوەوە
لە تاودا.. وەستا!
من چاوم لێبوو
کەمانچەیەك مرد
وەختێ لە گەرووی
باڵندەیەکدا
نەغمەیەك گوژرا!

# پەرتبوون

خەیاڵم ڕایکرد
بەرەو بناریٚ
لە ڕێگە خۆیدا
لە دار هەناریٚ
خەیاڵم پەرتبوو.. خەیاڵم وەریی.
هەناریش پەرتبوو.. هەناریش وەریی.
هەر دوو پێکەوە بوون بەو دەنکانەی
هەڵبەزینەوە و دابەزینەوە و
پەڕینە کەل و
بوونە دوا ڕەنگی
دەمە و ئێواریٚ!

## باخەڵ

چوومە باخەڵی کۆنسێرتێکەوە
لە خەوما بووم بە: پەڕێکی دەم با.
چوومە باخەڵی چیرۆکێکەوە
لە خەوما بووم بە: شەپۆلی زەریا.
چوومە باخەڵی تابلۆیەکەوە
لە خەوما بووم بە: زەردەی سەر چیا.
چوومە باخەڵی خۆشەویستەوە و
لە خەوما بووم بە
شای عاشقانی
هەر هەموو دنیا!

# له دەشتێكدا

عاشقێ بەناو دەشتێكدا ئەڕۆی
دەشت ڕووت و قووت و لەش خۆڵاویی بوو
عاشق ئەڕۆیشت و عاشق بەردەوام
هەر لەبەر خۆوە ورتە ورتی بوو
لەو ورتە ورتە و لە ناخافڵدا
دوو وشەی لێكەوت
یەكێكیان زەرد و ئەویتر سپیی
عاشق تێپەڕی
عاشق ناكام بوو
عاشق ئاوابوو
هەر لەو جێیەدا و
ساڵ وەرنەگەڕا
چڵە نێرگزێ بە تاقی تەنیا
لە قاقڕەوە
سەری دەرهێنا!

# مۆتەكە

ڕائەكشێم
پەتوویەك ئەدەم بە شەوما
لە پەتوودا وێنەی پڵنگێكی تیایە
شەو درێژ و.. پڵنگ درێژ
تل ئەدەم و ئەویش لەگەڵما تل ئەدا.
لە ژێرەوە سەرنج ئەدەم
كەڵبەكانی لەسەر ملمن.
ترسی خەت خەت لێم ئەنیشێ
هەر دوو چاوم ئەنوقێنم
هەتا خەوم لێئەكەوێ..
"لە دەشتێكدام
خۆم ئەبینم بووم بە مامز
پڵنگەكە بە دیم ئەكا و
دوام ئەكەوێ
ڕائەكەم و ڕائەكەم و پڵنگ هەردێ
دێت و دێت و هەناسەمان تێكەڵ ئەبێ

دێت و دێت و له‌ پشته‌وه‌..

بستێكی ماوه‌ بمگرێ..

له‌ پڕێكدا

دائه‌چڵه‌كم

ئاره‌قێكی سارد ده‌رئه‌ده‌م..

په‌توو له‌سه‌ر خۆم لائه‌ده‌م

ماڵه‌وه‌یه‌؟!

ورد ئه‌بمه‌وه‌.

پڵنگ له‌به‌ر قاچه‌كانما

تێكشكاوه‌ و گرمۆڵه‌یه‌!

# چیرۆکی پەڕەکاغەزێ

من نەمزانی
کاغەز بەوە نیگەران و
کاغەز بەوە وەڕس ئەبێ و
یاخیی ئەبێ..
تۆ لەسەری بنووسیت و
بەڵام ئاکام خەیاڵی تۆ
شتێکی تازەی پێ نەبێ
کە پێی بڵێ!
من نەمزانی
هەتا ئەمڕۆ
وەختێ لەگەڵ بادا ڕێکەوت
ئەو ساتەی من لە ماڵ نابم
هەڵیبگرێ و
بیفڕێنێ و
لە بری منی بێ خەیاڵ
بیداتە دەست یەکەم هەتاو

تا بە قەڵەمی گورگەزێ

هەر بە تەڕی

دوو خونچەی لەسەر بنووسێ!

# كاريكاتۆر و ديكتاتۆر

سبەينێ، پێكەوە
كورسييەك
شمشێرێ
قاتێ جل
شەش دەستی قوربانيی ئەيانبا و
ئەخرێنە سێ سووچی ژوورێكی بێداری
مۆزەوە.
كورسيەكە
تا ئێستە
لە شمشێر بەولاوە
زياتری نەديوە، هيچی تر، كەسی تر
تاوەكوو خواوەنديش زاتبكا و بوێرێ
لە سەری دانيشێ!
شمشێريش بەردەوام بەردەوام
سێ دەيەی خەزانە
مشتاومشت لە ئاوی ناو ڕۆحمان

دەردێنێ و ئەینۆشێ.

بەردەوام، بەردەوام، بەردەوام

سێ دەیەی دووکەڵ و خەزانە

لە بەرگی هەڵبەست و هەناری

کوژراوی گوێ دیجلە و فوراتە

ئەیبات و ئەیپۆشێ!

سبەینێ

قاتەکە ئەبینین لە کوچە و شەقامدا

پڕ بەبەر (بەزین)ە

شمشێریش ئەبینین لە تاودا وا هەڵدێ

پێش کلکی عوجاج و پێش کەپووی

ڕەشەبا ئەکەوێ!

سبەینێ.. سبەینێ

هەموومان کورسیەکەیش ئەبینین

وایلێدێ

سەگێکی هەڵەبجە ئەتوانێ لە سەری بگەوزێ و

سەگێکی (نەجەف)یش بە نەخش و نیگار و

بە ئارم و دروشمیا.. هەڵمیزێ!!

# کیف

کیفێ هەیە
کیفی شێرێ
پڕە لە پەیقی کوژاوە.
پڕە لە ژمارەی تەلەفۆنی کوژراو.
پڕە لە سوتووی ناونیشان
لە زریکەی ئاو و گڵ و
پڕە لە پەنجەی منداڵان.
کیفێ هەیە
کیفی شێرێ
هەر ئەوەندەی باسکی خاوەنی درێژە و
بەڵام چەند ڕووباری خنکاو..
چەند شەقامی لاق قرتاو و
چەند پەنجەرەی کوێرکراوی لەناودایە..
مەگەر ڕۆژێ شێر بگیرێ..
شێر بکوژرێ.
یاخود هەڵبێ
ئەوسا ئیتر نەهێنیەکان

له دەمی کیفی مەرگەوە

هەڵڕژێن و

بە لووزەوێ

بێنە دەرێ!

# گەڕانەوەی باوکم

ئێوارەی شەشی ئەیلولی هەموو ساڵێ
باوکم لەگەڵ سێبەری پەڵە خوێنێکدا
بە سەیواندا دائەگەڕێ و
ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ.
هەر وەکوو خۆی چۆن بووە وا
قاتێکی چرچ و چوواوەی لەبەردایە
وەك بە قەرز
لە گەردەلوولی دەشتێکی وەرگرتبێ.
بۆینباخێکی هەرگیز نەکراوەی لە ملدایە
هەر وەکوو خودی بێزاریی بۆی بەستبێ!
هەر وەکوو خۆی چۆن بووە وا
چارەکێك و سەلکێ تووری لە گیرفاندا و
ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ!
بە یەکەوە خۆی و سێبەری پەڵە خوێن
لەسەر کورسیەك لە حەوشە دائەنیشن

من هەڵئەسم
تەپڵەکێك و پەرداخێك و چەقۆیەکی بۆ ئەهێنم.
بە پەنجەی شەو سەری چارەك هەڵئەپچڕێ.
ئەمجارەیان من ئەمەوێ هەستم بۆ ئاو
سێبەری پەڵە خوێنەکە دەستم ئەگرێ
ئەو لە جێی من چۆڕێ شیعری بۆ تێئەکا و
ئەوسا ئیتر باوکم قوم قوم
لەگەڵ هەناسەکانی خەیامدا و
لە دەنگی عەلی مەردانندا
خەمی سپیی ئەخواتەوە.
من بێدەنگم
پەڵە خوێنەکە پێی ئەڵێ:
چیتە بێکەس تۆ هاتویتەوە بۆ ماڵێ
کەچی بە قەد خەمی سەر تانجەرۆ پەستی!
باوکم دەستێك ڕووەو لای من
ڕائەکێشێ و ئەوسا ئەڵێ:
لەم بپرسە!
من چاوەڕێم ئەکرد زیاتر
لەناو پرسیاردا داگیرسێ و زیاتر زیاتر
لەناو ترسا گڤەی بێت و
زۆرتر.. زۆرتر
بچێ بە گژ مێژووی دز و مێژووی باو دا و

توندتر.. توندتر یەخەی یەقینەکان بگرێ و

ببێ بە ڕەخنەی ڕەشەبا و

خەمێ نەبێ تیا هەڵنەکا

لەم بپرسە!!

سەرەتای مارتی
2003

# دوو پەیکەر

یەکەم پەیکەر
پیاوێ لە شیش و کۆنکرێت.
دووەم پەیکەر
ژنێ لە گوڵ و قەڵبەزە.
(پیاوە سێ جار
سکی ژنەی سووتاندبوو!)
وەختێ کە بوومەلەرزە هات
یەکەم پەیکەر درزی بردوو
جەستەی تەقی و
پارچەپارچە بەلاداهات
بەڵام نە گوڵ
کەوتە خوارێ و
نە قەڵبەزەش هیچی لێهات!

# كورسی تەنیایی

تەنیایی منی کردووە، بە کورسیی خۆی
کورسیەك لە: تەختەو پووشووی
چاوەڕوانیی!
کورسیەك لە: ئەوقبوونی کاتژمێری
بەردەم عومری سەرەولێژ و
یەك لە دوای یەك
خلبوونەوەی
چرکەکانی!
تەنیایی منی کردووە، بە کورسیی خۆی.
بەیانیان دەستم ئەداتێ و هەڵمئەگرێ و
بەدوای خۆیدا
بەخشەخش
لەگەڵ مەراقیا ئەمگێڕێ
لە گۆشەیەکی شێداری یادگارداو
لەناو ڕەنگێکی نسرما بەرامبەری
خەیاڵێکی پەرت دامئەنێ!

له دووکەڵما
وەك بیرەوەری سووتاوی
سنەوبەرێ دائەنیشێ
چاو ئەبڕێتە خاڵێکی دوور
یەکدوو قاوە
لە فنجانی بێزاریدا ئەخواتەوە
ئیتر بۆ خۆی لە بێهودەیی ناو ژوورما
درێژ ئەبێ و
هێندە نابا
چون سێبەرێکی قەتیس بووی
ناو دەراڵێ
قووڵ قووڵ خەوی لێ ئەکەوێ!
تەنیایی منی کردووە
بە کورسیی خۆی.
وەختێ لە سەرم هەڵئەسێ
چووینەتە ناو یەکترەوە:
تەنیایی بووە بە من و، ئەو بە کورسیی و
ئەمجارەیان..
ئیتر من دەستی ئەدەمێ و
بەرامبەر خاڵی کۆتایی دایئەنێم و
بە لەرزە لەرز پیریم ئەچێو
وەك دوا زەردە

**لەسەر تەختەی لەقیوی ئەو**

**دائەنیشێ!**

سلێمانی

تەمووزی 2003

# ئەو هێلکەیەی وڵاتێکی لەناودایە!

له هێلانه کۆترێکدا
یەك هێلکه ماوه جێ مابێ و نه دزرابێ!
ئەو هێلکەیه وڵاتێکی لەناودایە!
ئەو هێلکەیه لەناو توێکڵەکەی خۆیەوە
شپرزەیەکه زەردباو و سەرنج ئەدا و
چاوەڕوانه:
له ئاسمانێکی تازەوە
خۆشەویستی هەڵفرێت و
خۆشەویستیی بگمێنێ و
خۆشەویستیی بێت و لەسەری کڕکەوێ و
له ژێر دووباڵی ئارامدا
ئایندەی سپیی
هەڵبێنێ!

2003/9/20

# دنیای منداڵیی

ئەچمەوە ناو
قۆزاخەی سپیی منداڵیی
بە دەستێ خەون ئەچنم و
دەستەکەی تریش جێدێڵم
لەناو بەرۆکی دایکمدا
بۆ نسێیەکی خەماویی
ئەچمەوە ناو
بینینەکانی منداڵیی
بە چاوێ ڕەنگ ئەخوێنمەوە و
چاوەکەی تریش جێدێڵم
لەناو چاوانی دایکمدا
بۆ گریانێکی ئەسپایی.
ئەچمەوە ناو
گوێ بیستەکانی منداڵیی
بە گوێچکەیەك دەنگی قوربانیی ئەبیسم و
گوێکەی تریشم جێدێڵم
لەناو غوربەتی وڵاتدا

بۆ گوێگرتن لە تەنهایی!
ئەچمەوە ناو
پرسیارەکانی منداڵیی
بە پرسیارێك دابونەریت شێت ئەکەم و
پرسیاری دیکەیش جێدێڵم
لەناو ژوورەکەی باوکمدا
بۆ چەند شۆڕشێکی دوایی!

کۆتایی 2003

# بەراورد

سەرنج لە شۆڕەبی ئەدەم
ئەڵێی دایکمە و لە حەوشەدا
بەسەر خەمێکی پایزدا
دانەویوە!
کە سەیری شاخێکیش ئەکەم
ئەڵێی باوکمە و
چۆتە سەرشانی ئازادیی و
لە زوڵم و زۆر ڕاپەڕیوە!

کۆتایی 2003

# له وێنەیەکدا

له شەوێکی کرێوەدا
له ژوورێکی بچکۆلەدا
مندالێ وێنەی ئەکێشا:
خانەقینی کرد بە تەیرێ
شابالْ ڕەش و بەرسنگ سپیی
وایکردبوو
لەنێو بالْدا نەوت هەلْقولْی و
له سنگیشدا کانیەکانی خۆشەویستیی
"مندالْەکە بەسەر وێنەکەوە
خەوی لێکەوت"
خوشکەکەی هات
خۆی دانەواند
خۆی کرد بەناو وێنەکەدا
له قەراغی کانیەکدا گولْی چنی و
له نەوتەکەیش سەتلْۆکەیەکی هەلْهێنجاو
بردی بۆ ژووری شاعیرێ

لەوبەرەوە، لەو ساتەدا شاعیرەکە
وشەکانی لە جەهەننەمی ئەنفالدا ئەسووتان و
کەچی بۆ خۆی لە سەرمادا هەڵئەلەرزی!

# گۆڕانەکان!

دوای نۆی چوار بوو
دارسێوێکی شاعیر بووم و
شێت و شەیدا بەناو کەرکووکدا ئەگەڕام
لە پڕێکدا لەسەرماڵێکی قەڵاوە
کچێکی جوان
یەك شەربەی پڕ پێکەنینی کرد بە سەرماو!
تا سەر ئێسقان
بە ئاوی عەشق
تەڕی کردم!
وەختێ کە چوومە ئەولاوە
تەماشام کرد لەسەرشانم
زەردەگوڵی قۆریاتی تورکمانی و
لەسەر سنگم یاسەمینێکی ئاشووری و
لەسەر دەسم شەوبۆی غەزالیی ئەڕسکان
کە گەیشتمە بەر ئاوێنەکەی ماڵەوەیش
وەختێ تەماشای خۆمم کرد

دارسێو نیم و شاعیر نیم و گۆڕابووم و

ئەمجارەیان

من بووبووم بە:

عەلی مەردان!

# جەبار جەباری

لە سەردەمی کاسکێتەکەی گیڤارادا
وەختێ لەگەڵ دارهەناری شیعرەکانی
نیرۆدادا
ئەگەیشتینە دڵی کەرکووك
هەر لە ڕێوە بە خۆمان و زەمیلەیەك پەپوولەوە
سەرمان ئەدا لە ماڵی جەبار جەباری
ئەو.. ئەوساکە
هەر ستوونێکی ڕۆژنامە.. ژوورەکەی بوو
هەر درەختێ لەناو ماڵدا هاودەمی بوو
یەك کتێبخانەی بچکۆلە دەزگیرانی و
گۆزەیەك ئاو.. خەمی تەڕی و
پاندانێکیش.. چراکەی بوو.
ئەمڕۆ کە هاتم بۆ ئێرە
بەر لە ئێوە و پێش هەموو کەس
چوومەوە بۆ لای جەباری
کە (با) دەرگای لێکردمەوە..
تەماشام کرد:

ستوون بووبوو بە تەلارێ لە کریستاڵ

ڕۆژنامە بووبوو بە ئاسمان

هاودەم بووبوو بە دارستان

کتێبخانە بچکۆلەکە بووبوو بە باخچەی منداڵان

گۆزە ئاو بووبوو بە سیروان

پاندانەکەیش..

بووبوو بە بورجی تریفە و

کوردستانیش بە دەزگیران!

## نەریتە خۆشەویستەکان!

هەر هەورێ بێ، بە ئاسمانی هەڵەبجەدا
کە تێپەڕی
بۆتە نەریت، ئەبێ بۆ ساتێ ڕاوەستێ و
بێتە خوارێ و تۆزێ بگری و ئینجا بڕوا..
کە مانگ لەسەر ئەویش هەڵهات، قەدەرێکە
لەو شەوەدا هیلالێکی بێوەژنە.
هەر (با)یەکیش بەسەر ئەودا و بەلای ئەودا
گوزەر بکا..
بۆتە نەریت، لائەدات و دائەنەوێ و
پرچەکانی ماچ ئەکات و ئینجا ئەڕوات..
هەر باڵدارێك وەختێ بەسەر ئەودا فڕی
نەریتێکە، لە ئاسۆدا بە باڵ ئەنووسێ
شانزەی سێ و ئینجا ئەڕوات..
هەرکاتێکیش هۆنراوەی ئەز
پێی خستە ناو خەمەکانی هەڵەبجەوە و
چووە ئەوێ

ئیتر هەرگیز جارێکی دی نایەتەوە بۆ لای من و
لەوێ لە باوەش کێلێکدا ڕائەکشێ و
بۆ خۆی ئەنوێ!

## هۆشم كلیله و لێم ئەكەوێ!

هەموو جارێ شان بە شان و هەر لەگەڵ هاتنی تۆدا..
هەورێك خۆی ئەكا بە ڕۆحما و پڕە لە تریفەی تەڕ و
پڕە لە لاسكەگیای بەردەم پرژەی ئاوێكی چاوشین و
پڕە لەو وردە ماسییانەی كە خەیاڵم لەگەڵ خۆیدا
شەپۆل شەپۆل بەرەو دەریاچەی قەسیدە و خەو ئەیانبا!
هەموو جارێ هەر لەگەڵ هاتنی تۆدا..
سەفەرێكی نارنجیی دێت.. كە من هێشتا نەمكردووە
باخچەیەك دێت.. كە من هێشتا نەمنووسیوە
خەوێكی سەوز.. كە من هێشتا هەر نەمدیوە!
هەموو جارێ كە دێم بۆلات
لە ماڵەوە ئەم عومرەی خۆم
وەك بلوزێكی كۆنەساڵ
لە كەنتۆردا بەجێدێڵم و
لە پەلكی دارسێوی عومری تۆ، ئەپۆشم و
ئەوسا ئیتر دێمە دەرێ!..
هەموو جارێ كە دێم بۆ لات

وەك كليل بێ لە ڕێ هۆشم لێ ئەكەوێ!

هەموو جارێ کە دێم بۆ لات

من نازانم ئەوە ئەندێشەی پەرت پەرتی

خولیاکانمە؟ یان پەڕە پەڕەی کاغەزی دوا مسوەدەی

شیعرەکانمە بەرەو لای تۆ با ئەیانبا..

من نازانم هەموو جارێ کە دێم بۆ لات

نیگای خۆمە پێی ئەبینم؟!

یان هەر چاوەکانی تۆیە.. هاتوونەتە ناو سەرمەوە و

وان لەگەڵما؟!

# دوو زمان

جیاوازی من و زۆر شاعیر هەر ئەوەیە:
ئەوان زۆریان سەخت و گران
بە زمانێکی بوغرنجی ناو باوبۆران
بۆ عەشقی خۆیان ئەنووسن
بۆیە عەشقیش لەوانەوە چەند نزیکبێ
تێیاننناگا!
جیاوازی من و زۆر شاعیر هەر ئەوەیە:
بە زمانێ سادە وەکو ئاوی ڕەوان
بۆ عەشقەکەی خۆم ئەنووسم
بۆیە عەشقیش ئەگەر لەوپەڕی دنیایش بێ
لە من ئەگا!

کانوونی دووەمی 2004
سلێمانی

# راكشان

له لامی وەختێ مانگەشەو بە ئەسپایی
ڕائەکشێ لەسەر "گۆیژە"
ساتێ کە منیش ڕاکشام بۆ خەوبینین
بە هەردووکتان
هێدی هێدی دامئەپۆشن
تۆ بەو سەرپۆشەی پەپوولە
چنیوێتی و
مانگیش بە قژی تریفە!

مارتی/ 2004

# بولبولێكی نەقاش

ڕەز بولبولێكی نەقاشی تەواو مەستكرد.
كە هەڵفڕی، لارە لارە، خوار هەڵفڕی.
لە خوارەوە
دار هەنجیرێكی بەدیكرد
بۆ وچانێ چووە سەری!.
لەو ساتەدا هەستیكرد ئێجگار تەنیایە
ئەوسا ویستی لەسەر گەڵای پانی بەردەم
هەر بەخەیاڵ
وێنەی یارەكەی بكێشێ!.
بەڵام قەڵەمی پێنەبوو.
لەو بەرەوە
گوڵی لقی دار هەنارێ
قەڵەمێكی سووری دایە.
وردە وردە
وێنەی كێشاو
وێنە جوڵاو.. وێنە كەوتە جووكە جووك و

وێنە چووە تەنیشتیەوەو

کە ئەم فڕی.. وێنەیش فڕی و

بەیەکەوە ساتەوەختی خۆرئاوابوون

لە ئاسمانی شەرابیدا

جووتێ بولبولی

سەرخۆش بوون!.

# سلاو

"با" سلاویکرد له داریَ
دار هەر بەسەر، سلاوی پێگەیاندەوە.
مەل سلاویکرد له ئاویَ، لەو بەرەوە
ئاو یەك بزەی بۆ ناردەوە
ئاو سلاویکرد له گولێ
گولٚ یەك لەنجەی بۆ ئەو کردوو
وەلامی خۆی وا دایەوە.
بەلام وەختێ کچێکی جوان
سلاویکرد له هەموویان.
دار بەرەو پیری ڕایکردوو
مەل لەسەرشانی نیشتەوەو
ئاو باوەشی پێداکردوو
گولەکەیش خۆیدا له قژی!

# تیرۆریست

لەسەر بانگهێشتی "یانەی مەل"
بە شەقام و بە کۆڵانی لێژی ئاودا
مراوییەکی جل سپی کەمانچە ژەن
زوو شەبەقیی، سەفەریکرد
بۆ دوورگەی عەشق
تا لە شایی
دوو نەورەسدا
ئامادەبێ و
دوو سێ بەشی
سیمفۆنیاکەی
"گۆمی مراوی"ش بژەنێ!.
ئەم گەیشت و
لە پاش قەیرێ
لە ئاسۆیەکی تەڵخەوە، داڵێکی ڕەش
بەدیارکەوت و هاتە پێشێ و
یەکدوو جارێ بەسەر کۆڕی زەماوەندا

خولیخواردوو

له پڕێکدا

لەژێر پەڕی چڕی سنگدا

دەمانچەیەکی دەرهێناو

لەبەرەو خوار، کەوتە تەقەو

ئاهەنگەکەی

له نەورەسی دڵداران و

دوورگه تێکدا!.

# چوارچێوە

چوارچێوەیەکی بێ وێنە بەرامبەرمە و
چەندین وێنەیش
لەسەر مێزم چاوەڕوانن!
یەك چوارچێوەو ڕیزێ وێنەو
هەر هەموویشیان خۆشەویستن!.
وێنەی گزنگی منداڵیم.
وێنەی خۆرنشینی دایکم.
وێنەی هاوارێکی باوکم.
وێنەی شیعری هەرزەکاریم.
وێنەی یەکەم ماچی مانگی
هەنگوینی خۆم و ژنەکەم.
وێنەی مەستیم
لەبەردەم بورجی ئیڤڵدا.
وێنەی.. وێنەی.. وێنەی
یەك هێلانەو پۆلێ وێنە
دڕدۆنگیەك لەناو دڵداو

تیامام کامیان هەڵبژێرم!

چاویلکەکەم خستە لاوە..

ئەمجارەیان چوارچێوە خۆی

لەسەر دیوار هاتە خوارێ و

بێدوودڵی دەستیدایە وێنەیەکیان

هەڵیگرت و

خستیە ناو ڕۆحی خۆیەوە:

وێنەی خۆرنشینی دایکم!.

## تاکێ گۆرەوی

تاکێ گۆرەوی مایەوەو
تاکەکەی تر گژەبای پاییز ڕایفڕان.
تەنافەکە بە دەنگێکی باریك وتی:
"ئەمە کۆتایی ئێوە بوو..
لە ئێستەوە، نە ئەو هیچ کەسێ ئەیەوێ و
نە تۆیش کە هێشتاکە ماوی!
ئێوە بە جووت نەبێ ناژین."
بەڵام ئەمە قەت وانەبوو
لە قەراغ شار
مێرد منداڵێ تاکە گۆرەوی دۆزیەوەو
لەسەر تاشەبەردێ دارشەقەکەی داناو
گۆرەویەکەی لە پێکردوو
تاقە قاچیش
لە دڵەوە سوپاسیکرد!

# ونبوون

من لە باکووری غەریبیم.
بزربووم و وێڵ و بێواز
لەسەر کورسییەکی بەدبەخت
بەرامبەری ئاوێ گرینۆك دانیشتووم.
جۆگەیەکی گرینۆك، گرۆز، گرینۆك
ساتێ چییە بێدەنگ نابێ و داناسەکنێ!
پێئەچێ ڕووباری دایکی
لە شەوێکی باوبۆراندا
ئەمی تەنیا جێهێشتبێ و
خۆیشی ڕەدووی
کەڵەزەریایەك کەوتبێ!.
جۆگەیەکی گرینۆك، گرۆز، گرینۆك
من بزرو، ئەو گرینۆك!
ئەز نازانم ئەم بە کێ ژیر ئەبێتەوە
لە دوای دایکی و؟!
منیش لە دوای کوردستانم
ئەبێ کێ بمدۆزێتەوە؟!

# گوێچکە

هێشتا دنیا لە خەو دابوو
ئەو لە ژوورێ و
ئەم لەسەر لقی درەختێ
"تەیرێ گوێیگرت لە بیتهۆڤن"
کە هەڵفڕی
نۆتەکانی هەموو خستە بن باڵەوەو
دوور بردنی!
لەسەر ئاوێکی ڕاوەستاو
پێنج شەش نۆتەی هەڵدایە خوار.
ئاو بزووت و
هاژەی تازەو
نەبیستراوی دا بە ڕووبار!.
لەسەر دارستانێ غەمبار
مشتێ نەغمەی ڕژانە خوار.
دارستان سەری هەڵبڕی و

کەوتنە سەما
پژوپۆی دار!.
لەسەر ماڵی چیرۆکنووسێ
سەبەتەیەك گمەی پیانۆو
ڕێژنەیەك لە بارانی ئۆپەرێتی
هەڵڕشتە خوار
هەتا زووتر
چی پەخشانە و چی چیرۆکە
باڵلێکدەن و
ببنە شیعر!
لەسەر چیای دوای بۆردومان
چیایەك کەڕ
دووسێ شەپۆلی نەسرەوتی
سیمفۆنیای ژمارە نۆی
ڕژانە خوار
ئیتر چیا ڕەوەزێکی
بوو بە چەلۆو
لاشانێکی
بوو بە کەمان!
گوێچکەی درەختە کەڕەکان
کرانەوە!
گوێی دەربەند و گوێی تاشە بەرد

گوێی سێبەر و شەختەبەندو
سەر شەقام و بەر پەنجەرەو
نهۆمەکان... کرانەوە!
تەنها گوێیەك
کە ژانی ڕۆحی خۆی نەبیست
تەنها زێیەك
کە گوێی لە هاژەی خۆی نەبوو
گوێچکەکانی
بیتهۆڤن.. بوون!

# کچە کڵاوچن

لەو گەڕەکە پێخاوس و جلدڕاوەی
ڕۆژهەڵاتی ئەم شارەدا!.
لەوساڵەدا
کە "با" سوور و بەفر سوور و
خاك کوژراوو
وەرزەکانمان بێوەژن بوون.
کچە کڵاوچنی ماڵێ
لەبەر دەرگاو، لە هەیوان و، لە ژوورەوە
کڵاو هاودەمی چاوانی و
کڵاو هاودەردی پەنجەی بوو.
پارووی دەمی
لەناو دەزووی چنیندا بوو.
خەمی لەناو گلۆڵەداو
خەیاڵیشی پەڕاگەندەی
کۆچی دوور بوو!.

کچە کڵاوچنی گەڕەك
ئیستە بۆ "سەرێ" خەریکە
کە جوانترین سەرە لای ئەو.
سەری کوڕێ.. سەری عەشقێ
کە شەو نییە لەناو خەوێکی شینباودا
سەری و سەری، بە جووت هەردوو
سەرنەکەنە سەر یەك سەرین!.
بەڵام کوڕەی گیراوی ناو
شەوەزەنگی کۆنکرێتی "ئەبو غرێب"
کەی بەر ئەبێ؟!
کچە کڵاوچنی گەڕەك
یەکەمجارە ئەو حەز بکات
هەر بچنێ و هەر بچنێ و
گلۆڵەکان تەواو بن و
بەڵام کڵاو تەواو نەبێ!
سەری مانگ بوو. کچە کڵاوچنی دڵدار
لەگەڵ دوو ماچی زۆر سەوزا
کڵاوەکەی نارد بۆ زیندان
بەڵام وەختێ ماچ گەیشت و
کڵاو گەیشت
سەر بە پەتی سێدارەوە
ئەیجریوان!

# زویربوون

له دەشتایی پەخشانێکدا
تەمم شوبهاند بە خەمی خۆم
خەم تەرەبوو، وتی: هەرگیز لەمن ناچێ!
تۆ غەدرئەکەی
ئەز هەمیشە لەگەڵتام و
ئەو ناوبەناو پەیدا ئەبێ!.
لەگوێ ڕووباری ڕۆمانێ
تەنیاییم شوبهاند بە پاییز
تەنیاییشم لێ زویر بوو
وتی پاییز ساڵی جارێ تۆ ئەبینێ و
هەرچی منم
بیست و چوار سەعات لەلاتم!
لەناو ژووری شانۆیەکدا
چرپاکەی خۆم
شوبهاند بە ڕەنگی بێزاریی
بێزارییشم لێ زویر بوو

وتی ئاخر غەدر مەکە!
ڕێکئەکەوێ تۆ هەندێ جار
لەسەفەری و لەسەر چرپا پاڵناکەوی و
هەرچی منم لەسەفەربی و لە هەر شوێنێ و
بە پێوەبی و یان پاڵکەوی
هەر لە گەڵتم!.
لە مەزرایەکی شیعریشدا
سەمەلێکی گوڵەگەنمم
شوبهاند بە قەڵەمەکەی خۆم!
ئەمجارەیان قەڵەمەکەم لێ تەرەبوو
وتی ئاخر تۆزێ وەفا!
لە ساڵێکدا سەمەل یەکجار پەنجەی تۆیەو
بەڵام ئاخر لەکەیەوە من پەنجەتم!
ئەمەی وت و بە تووڕەیی
لەڕەشنووسم چووە دەرێ و
بەجێیهێشتم!
کە قەڵەم ڕۆیشت
من نە تەم و
نە پاییز و
نە چرپاکەو
نە سەمەل و
نە یەك وشەم

لەگەڵ ئەما!
ئەی نابینن
چەند دەمێکە
هیچ نانووسم!

# کۆتایی کورتە چیرۆکێکی سپیی

چرایەك بۆی گێڕامەوە:
بەر لە چەند ساڵ
کورتە چیرۆکێکی سپی
لە سەردابێکی نسرمی چاپخانەدا
بەر لەوەی دابەشبکرێت و
جادە بیگرێ بە دەستەوەو
پەنجەرە بیخوێنێتەوە.
بەیانییەك
وردە وردە لە پەناوە
هەر لەسەر سك خۆی خشاندوو
لە دۆسییەی هاتە دەرێ.
تۆزێ بە پێوە ڕاوەستاو
هەناسەیەکی هەڵکێشاو
چاوی بە چوار دەورا گێڕاو
لە پڕێکدا دەستی بردوو
قلّپ.. قلّپ

سەتلۆکەیەك مەرەکەبی کرد بە خۆیدا!
نوقم.. نوقم
هەتاکوو دوا وشەی خنکا.
چونکە ئەیزانی دوای ڕۆژێ
بەخوایشت بێ یاخود بە زۆر
ئەبێ بچێ و
لە ئاهەنگی
لەدایکبوونی شمشێری
دیکتاتۆرێکدا هەڵپەڕێ!

# دیاریی

له یادی جه‌ژنی زایینی
دار هه‌نارێکی "هیران"دا
هه‌ورێ، به‌پێ، له "نازه‌نین"ه‌وه هات و
له به‌رده‌می داره‌ه‌ناردا
کۆڵه‌پشتی دیاریی دانا
"بوخچه‌یه‌ك بارانی تازه"
له "شه‌قڵاوه" وه به‌سواری بایه‌کی شین
هه‌ڵاڵه‌ی قژ سوور گه‌یشت و له به‌رده‌می داره‌ه‌ناردا
ئه‌ویش دیارییه‌که‌ی خۆی دانا
"شووشه‌یه‌ك بۆنی ژنانه".
له "سه‌فین"ه‌وه ته‌یرێکی عاشق هات و
له به‌رده‌می دار هه‌ناردا
ئه‌میش دیارییه‌که‌ی خۆی دانا
"چه‌پکێ قاسپه‌!"
له کۆیه‌وه، کارمامزێکی قاوه‌یی، ته‌وێڵ سپی
گه‌یشته لای دار هه‌نارو

ئەویش دیارییەکەی خۆی دانا
"پڕ پیاڵەیەك میسکی تازە"
لە "ئاسۆس"ەوەو لە پاشکۆی سروەیەکدا
پەپوولەیەکی ڕەش هات و لە بەردەمی دار هەناردا
ئەویش دیارییەکەی خۆی دانا
"زەرفێکی پڕ لە دوا بزەو زەردەخەنەی
کاڵی، مامۆستا "سنەوبەر".
دوای هەموویان، کە شەو داهات
هەر لەناو هێران خۆیەوە
لە ماڵێکی سپیەوە
چرا بە دەست
زۆر بە کاوخۆ
"تەحسین کاوانی" خۆی هات و
لە بەردەمی دارهەناردا
ئەمیش دیارییەکەی خۆی دانا
"مەتارەکەی لاقەدی خۆی
کە پرپڕبوو لە مانگەشەو و خەرمانەی
شیعری صافی"

# چیرۆکی مۆمدانێ

مۆمدانێ بوو.. پیرۆزەیی
لە ژووری سپیی کچێکی چاوڕەشدا بوو.
لە چاوەڕوانی مۆمێکدا
قژ بە شەوبۆ، لەسەر ڕەفەی تەنیشتی کچ
ڕوو لە دەرگا ڕاوەستابوو.
مۆمدان وەکوو کچە تەنیاو
مۆمدان وەکوو کچە عاشق
شەو هات و ڕۆی
مۆم نەهات و مۆم دیارنەبوو.
ئێوارەیەك بە شەلەشەل و کەساسی
هەواڵێ هات!
"مۆم لە کەمینی شەوێکدا
بە دەستی بەردێ کوژرا بوو!"
هەمان وەرزیش
ماڵەیش کچیان نەدا بە عەشق!.
شەوێك زستان

له دەرەوە، بای بەفر کەوتە هات و چۆو
له ژوورەوەیش
کچ ئاگری له خۆی بەرداو
مۆمدانیش لەسەر ڕەفەوە
خۆی فڕێدایه باوەشی و
بەیەکەوە
هەردوو سووتان!

# هەرمێیەك

له ساڵەكەی قیامەتی هەشتا و هەشتا
له بەغدادا
له نێو میوەدانی جوانی ئەو ماڵەدا
له نێو هەموو میوەكاندا
هەرمێیەكیان
له هەموویان دڵتەنگترو
چاو تەڕ ترو
بێزار تر بوو
چونكە بە زۆر چوونە سەری و
بە پرچەوە ڕنیبوویان
چونكە بەزۆر له باخچەكەی
"نالی"یەوە هێنابوویان!

## له ئێوارەیەکدا

بەر لەم عەشقە
هەر یەکەمان جۆگەی ژیانێ بووین جیاواز
کەنارمان جیاو شەپۆلمان جیاو
هاژەمان جیابوو.
لە پرێکدا ئێوارەیەك خۆشەویستیی
لە دەشتێکدا
لە ڕاستەوە دەستی من و
لە چەپەوە دەستی تۆی گرت
ڕایکێشاین و هەردووکمانی دا بە یەکداو
لووزەوێك و
ڕژاینە ناویەکترەوە
لەو دەمەوە
نە من کەناری خۆم هەیەو نە تۆ.
نە من شەپۆلی خۆم هەیە و نە تۆ.
نە من هاژەی خۆمم هەیەو نە تۆ.
نە من ناوی خۆم و نە تۆ

ئەوەی ئێستاکە هەمانە

تێکەڵبوونەو توانەوەیەو کەف چڕێنی

بەردەوامی دوو ئاوانە!.

# سەعات

ئەو سەعاتەی لە دەستیا بوو
سەعاتی قوربانیەکەی بوو!
سەعات، شپرزەبوو، سەعات.
سەعات، داخ لەدڵ بوو، سەعات.
ڕۆژێکی تر
لەناو ژوورێکی تووڕەدا
ئەم گوێی لێبوو
کە بەویان وت:
"سبەی کاتژمێری یانزە. یانزەی تەواو.
ئەچیتە سەر هێلانەی سپی تەوارێ
لە قەراغ شار!"
سەعات، شپرزەبوو، سەعات.
سەعات، داخ لەدڵ بوو. سەعات.
بۆ سبەینێ بەر لەوەی "ئەو" لە خەو هەستێ
سەعاتی غەمگین خۆی باداو خۆی دواخست و
بەپشتاو پشت دە خولەکێ بەرەو دواوە گەڕایەوە.

که ئەو ڕۆیشت و لە دەروازە

چووە دەرێ

سەرنجیدا لە مەچەکی دەستی چەپی

لای ئەو هێشتا وەختی مابوو

بەڵام لە سەعاتی دەستی شارەکەداو

لە کاتژمێری زەماندا

نیو سەعاتێ

لە یانزەی مردن لایدابوو

کە گەیشتیشە بەردەمی هێلانەکە،

بەرەو چیا

تەوار دەمێ بوو فڕیبوو!

# پێچەوانە

خۆشەویستیت
بارانێکە
سەروەختێ کە من تینوومەو
ڕائەکەم و ئەچمە بەری
ئەو لە پڕ خۆش ئەکاتەوە.
خۆشەویستیت
بارانێکە
کاتێکیش من تینووم نییەو
لە ژوورەوەم
ئەو لەپڕ دائەکاتەوە!

# بێباڵ

بەدبەختی بوو!.
حیکایەتێکی ناکامم
بەر لەوەی شیعر بیخوازێ
بەلادا هات!.
وەختێ گیرفانیم پشکنی
ئەوەی پێی بوو:
هەندێ گیای وشکی ناو عەقڵ و
دووسێ خەیاڵی بێ شەوق و
چەند ئاوازێکی بێباڵی
ناو هێلانەی
ڕێزمان بوون!

# بزن

له هندستان
شوێن پەنجەی شاهان دیارنەمان.
جێ پێی فیلەکان دیار نەمان.
نەڕەی شێرو، حیلەی ئەسپی
میرەکان و، گرمەگرمی
تەپڵی جەنگی شازادەکان
هیچ دیارنەمان!.
له هندستان
ئەو وێنەیەی
هەر زیندییە
ئەو جێ پێیەی
کە هەر ماوەو
ئەو بارەیەی
کە هەر ئەژی
هی بزنە لەڕی "گاندی"یە!

# ڕەنگدانەوە

که دوابەدوای بۆردومانێ
کەوتمە نووسین
تەماشامکرد:
خەیاڵەکانم چاڵ چاڵ و
وێنەکانم پڕ دووکەڵن!
که دوا بەدوای ڕەشەبایەك
کەوتمە نووسین
تەماشامکرد:
دەم و چاوی وشەکانم گرژومۆن و
سەرو قژیان پڕ له خۆڵن
که دوا بەدوای
ماچەکەی تۆیش
کەوتمە نووسین
تەماشامکرد:
هەر زنەیەو
هەر کانییەو

لەسەری دێڕو ژێر دێڕ و
لە پەنجەمدا و لەناو دەستما
یەك لە دوای یەك
هەر هەڵئەقوڵن!

# جووزەلە

کیژۆڵەکە
لە ژێر چیلکە و بارە زەلدا
وەکوو نەنکی لێهاتبوو
کۆم کۆم لە بنار شاخەوە
ئەچۆوە بەرەو ئاوایی
زەلێك لە پشتی سەریەوە
بە ئەسپایی، کیژەی دووان
"ئەی چاومامز!
چۆن ئەهێڵم بێتاقەتبی!"
ئەمەی وت و
ئیتر هەتا ناو گوندەکەو
هەتا ماڵێ و
تا کیژۆڵە باری دانا
بە جووزەلە
ئەم گۆرانیی
"حەسەن زیرەك" ی بۆ لێدا!

# جۆلانە

ئەو جۆلانەیەی، شەوەکە، لەگەڵمان بوو.
لەوساکەوە، هەموو جارێ، کە ئەمبینێ
ڕامئەگرێت و تووڕەم ئەکاو لێم ئەپرسێ:
ئەرێ "پەری" پێست هەتاوی
ناوقەد هیلال
جارێکی دی، کەی دێتەوە؟!
تا من بیگرمە باوەش و
لەگەڵ خۆمدا ڕایژەنم و
لە پووزەوە تا پشتی مل
سانتیم، سانتیم، ماچیکەم و
تۆیش لەسەر کورسی بەرامبەر
دابنیشی و
شەوپڕژێنمانکەی بە شیعر؟!
ئەرێ بەڕاست کەی دێتەوە؟

سلێمانی
مایسی 2004/5/24

# سرووده بەردینەکان

چیرۆکە شیعر یان تێکستێکی والاّ
2005

من شمشاڵێکی سەرەڕۆو هەرزە نەبووم، تا ڕێگە بەم
هەموو لێوێ فووم پیا بکاو، نە کلوە بەفرێکی ساوایش هەتا
بە یەکەم هاڵاوی دەمی سکڵێ بتوێمەوەو نە خونچەیەکی

**نەدیدەیش بەگڤەیەك زراومچێ. نا من وشەیەکی زیت بووم.
گەرچی وەك ژێ باریك بووم و وەکو تاریش ناوسك بەتاڵ،
بەڵام کاتێ کە پەنجەکانی شیعرو عەشق، بەیەکەوە، لێیانئەدام،
من پڕ ئەبووم لە پەپوولەو لە حەیران و ڕێژنەی ساڵ!.
باڵندەیەکی داودۆز[1] بووم، وەختێ دایکم. بێوەژنە مروزەکەم[2]،
کۆترە ڕەشەکەی "ئیسکان"م، لە بوولێڵێکی نەیاری ئەم شارەدا،
لە پاییزی پاییزاندا، تەنها جێهێشت، تەنها و تەنها. هەر
خۆی و دەستەوارەیەك نانی گریاو، خۆی و هەندێ لە فرمێسکی
ڕاونراوو، خۆی و چەند ورتە ورتێکی ئاگردانێکی ترساوو،
خۆی و ئاوێنەی دیواری حەپەساوو، تەنیاییەکی بەسام و،
خواوەندێکی کەڕەواڵەو، مشتێ نزای ئێوارانی سەر بەرماڵ و،
پڕ بە کۆشیش قەرزی دوکانداڕێکی زیادنووس و، بە زستانیش
نووزە نووزی لێفەیەکی هەرزاڵ هەرزاڵ!
دە ماڵئاوا، ئەی کۆتری ڕەش لەناو هێلانەی ڕۆحێکی
زۆر سپیدا. دە ماڵئاوا گمەگمی بێوەژنێ لە بێ پیاوی و
لە دوخان[3] و لە خۆڵەمێشی دابڕان!. تۆیش ئەی ڕەفەی
ژووری شیعرم بە یادگارت ئەسپێرم، بەو خەونانەیش کە هێشتاکە
نەهاتوون و نەماندیوون. سڵاو ئەی کچە دراوسێی کراس
شەرمن و سنگ جەسوور. کچە خەیاتی سەر ڕێگەی تاڵە دەزووی**

---

[1] داودۆز: بەو مەلانە ئەوترێ کە پێشتر هەست بە بوونی ڕاو ئەکەن.

[2] مروز: بەدبەخت.

[3] دوخان: دەردو داخ

چاوەڕوانی و دەرزی ژان و تەقەڵی زام. من چاوبازی و خۆشەویستیم هیچ بەڵێنێکی تیا نەبوو، ملوانکەکە، تاقە خۆزگە و یادگارم لای تۆ، کە تووتیەکی ڕەنگاڵە لەسەر گوڵەکەی نەخشاوە، هەڵیگرە، بەشکوو ڕۆژێ ئەو تووتییە لە سنگتەوە هەڵفڕێتو بگاتە لام. ئەی کچی جوانتر لە جوانیی و ناسکتریش لە جەستەی ئاو، ئاوڕشێنی دەمەو عەسری هاوینانیشت بەسەر چوو. بە دورمانی شەوی درێژت ئەسپێرم! لە دوای ساتێ ئەبینە دوو تراویلکەو لە یەکتری بزر ئەبین. لەوانەیە هەرچەند ڕۆژێ نیگەرانییەك لە شێوەی گەواڵەیەکی تەنکدا لە دەم و چاوت بنیشێ، بۆ چەند ڕۆژێ کەمێك لە ڕوومەتی حەزوو تۆزێك لە بزەت بڕوشێ، ئەوسا ئیتر وەك زۆر خەون و داوە دەزووی ناو دورمان و تامی نوقڵ و بازنێکی شکاوی دەست، منت لەبیر بچێتەوە. سڵاو ئەی کچە دراوسێی کراس شەرمن و سنگ جەسوور! ڕاسپاردەی هەناسەکانی شیعرم، ئەگەر جارجار، سەرێك لەو کۆترە ڕەشە بەیت، سەرێك لە گمەی ڕژاوی بەر دەرگاکەی، تۆ ئەوساکە، پەنجەرەیەك لە سامانڵ وگوڵەباخێ لە پێکەنین، لەناو خەمو لە لێڵایی تەنیاییمدا ئەکەیتەوە!.

★

لە بوولێڵەوە بەرەو ژوور بەسەر ترسا هەڵزنام و ئیتر چوومە ناو دالانی شەفەقەوە. ئەم دەربەندو دەرالانە جێی زەمانی پەیکەرتاشن و، ڕەوەزەکان، مەچەك و بازووی بەردستان. زاخان[4] زاخان، دەریاچەیەك لە مێژووی بەرد. هەموو بەردێ

[4] زاخان: بەردەلان.

حیكایەتێكی خۆی هەیە. من بەسەر چیرۆكدا ئەڕۆم. بەسەر جوگرافیای ژاندا. هەفتەیەكە لەناو ئەم ڕۆمانی سێوو گێلاسەدا، با بە تەورەوە هەڵئەكاو بەرد ڕائەكا، لە خوارەوە، لە دامێنی ئاگرگرتووی بەردەڵاندا، ژنێكم دی لە دووكەڵی ماڵەكەیدا، وەك قۆریەكی تەنەكە ڕەش ئەچۆوە، ئەكوڵاو ئەكوڵا، دەستێ نەبوو ئەو داگرێ. ئەتووت دەوەنی سوتاوە، دەوەن زمانی چیای خۆی بیر چوو بۆوە. ئەكوڵاو ئەكوڵا، هەر بە تەنها كەفی ئەكرد. ژنێك لە پوختەی بێكەسیی، لە پرسیاری بێ وەڵام و لە تەماشای پەڕاگەندە و بێهوودەیی. دۆڵێكی پڕ، لە كەلاكی ئاژەڵەكان، ئەسپێك دوو ئەسپ و دە بارگیر، سەد سەر مەڕی هەلا هەلا. كەلاك.. كەلاك.. كەلاك، دە داڵ

بیست داڵ، بازنەی مەرگ خولیان ئەخوارد. ئەڵقەئەڵقە خولیان ئەخوارد. هەفتەیەك بوو غەزەبی سوڵتانی بەغدا، لە ئاسمانی مسینەوە داباریبوو. پیرە مێردێ لەسەر چیچكان بە دیار لاكی گوێ درێژەكەی خۆیەوە دانیشتبوو. هەر ئەیوت و ئەیوتەوە "هیچ. هیچ. هیچ نەما هیچ!" لاك.. لاك.. لاك.. لاك. كێوەكان لووتیان گرتبوو ڕەنگەكان بوورابوونەوە. چەند درەختێ لە تاواندا ڕایانكردبووە سەر گردێ و بۆ ڕەگەكانیان ئەگەڕان. بە لای ئاوێكی سەرسام و گێژو وڕدا، سوڕامەوەو، سەلامم كرد. بەڵام ئەو هیچ، حەپەسابوو نە وەڵامی سڵاوەكەمی دایەوەو نە سەریشی بۆ لەقاندم. پەپووسلێمانكەیەكم بینی سەری ڕووت و كڵاوەكەی لێكەوتبوو. لە ترساندا لەسەر بەردێ

دانەویبوو نوێژی ئەکرد. ئەشکەوتەکان زاری داپچڕاوی شاخ بوون "باپیرانمان لەم ئەشکەوتانەدا هەموو، بە چوارمشقی دائەنیشتن و قەفی سمێڵیان با ئەداو قلیانەکانیان ئەکێشاو سەری خۆیان ئەکرد بە توونی ناو قسەی دوکەڵاوی و پڕ بوون لە کرمی تەمەڵیی. باپیرانمان شەقیان لە دوارۆژ هەڵئەداو کەوشەکانیان ئەکرد بە دەمی یەکتڕداو سەریان بێ زەنگ و بێ مۆم و دڵیان مێش و گوێدرێژەکانیان لە کچ و ژنەکانیان خۆشتر ئەویست" پاڵکەوتبووم داڵێك لەسەر کەلاکی ئێستریّ نیشتبۆوەو ئەویش دیسان نوێژی ئەکرد. ئەم داڵەیان، بە دەنووك و ناوچەوانیا، بە ڕەنگ و ڕوو، هەر لە حاجییە سووخۆرەکەی دوکانداره زیاد نووسەکەی دایکم ئەچوو. لەولامەوە مەلای دێکە بانگی ئەدا. لەبەر بۆگەنی کەلاك و مرەمرِی چەقەڵەکان، مرقەمرقی بەرازەکان، دەنگی سیسرکی دەوروبەر. نەمانئەزانی چی ئەڵێ. مێردمنداڵێ هاتە لامان ئەتوت گوێرەکەی قوڕاویی ناو خم خۆرکە. لەو دوکەڵانەی سەرەوە داپیرەی لێ بزربووبوو. وەختێ چووبوو، بۆ سەر گۆڕی ئەسحابەیەك. تا لە قسنەکەی بخوات و تاقە مریشکی کولانەی بۆ نەزرکات. پێمانوت بچێ ناو سەڵاو بانگی مەلاو بچێ ژێر بەرد و ژێر قسن و ناو گیرفانی ئەسحابان و ژووری خودای بۆ بگەڕێ!. شەو لەگەڵ خۆیدا ئەیبردم. مانگەشەوێکی بێباك و تریفەیەکی دڵڕەق و ڕوخساریشی ئەوەی کە پێوەی دیار نەبوو پەڵەی تەم بوو. ئەڕۆیشتین و پڕیشکی ژێر سمی وڵاخ، ئەبوونە وردە ئەستێرە و پەرت پەرت ئەبوون و پەلکەگیا دائەچڵەکی و

قەڵبەزەیش سەری سوڕئەما. لە ناکاودا ڕێوییەکی کون لێتێکچوو چاو داگیرساو بە بەردەمدا فرتەی ئەکرد. خوڕە خوڕی زۆر ئەسپایی هەندێ جۆگە لە لاواندنەوەی ژێر لێوی دایکم ئەچوون "ئیستە چاوی بڕیوەتە چاوشینی عەلادینە بەد بەختەکەی بەرامبەری. لە گڕی شیندا ئەمبینێ. ورد ئەبێتەوە بزانێ چەند لاواز بووم. لە نەینۆکی گڕی شیندا کە پێکەنیم پێئەکەنێ. سەر هەڵئەبڕێ و بە خوا ئەڵێ ئاگای لێمبێ. بە تەزبیحێکی درێژی کلێتە سەوز، قەرزەکانی مانگ ئەژمێرێ. هێشتا هێلکەکان نەکولاون، سەلکە پیازێ ئەجنێت و چاوەکانی ئاو ئەکەن و گریانی ڕاستیی و ئاوی پیاز تێکەڵ ئەبن و بە سەرەویرە شڕەکە ڕوومەتە کۆنەکەی ئەسڕێ" گوڵ ئەستێرەیەك خەریکە لەو سەرەوە، بۆناو ڕێڵێ[5] دائەگەڕێ. هەنگاوێك و دائەگیرسێ، هەنگاوێکی دیو خامۆشیی. دوو شەقاوو، ورشەیەك و تروسکەیەك لەسەر بەردێ هەڵئەپەڕێ. من پێموایە لە کچێکی گوڵ ئەستێرەی دراوسێی خۆی چاو دائەگرێ و لەوانەیشە شاعیر بێت و شیعر لەسەر بەرد بنووسێ "کچە دراوسێ باریك بوو. لە ئاسکی سەر فەرشەکەی خزمێکی مافوور فرۆشی ئێمە ئەچوو. ڕۆژی سێجار تەماشامان بەریەك ئەکەوت. سەرنجەکان شریخەیەکی بێ دەنگیان لێوە ئەهات. پڕاوپڕی ئارەزوو بوون. تەماشاکان سوور سوور سوور سوور ئەبوونەوە. بانگکردن بوون بۆ ناو جێگا، مەمکی شاراوە ئەجولاو بەڵام هەرگیز خۆی نیشانی پەنجەکانی من نەئەدا. پەنجەکانی من شێت بووبوون.

---

[5] ڕێڵ: جەنگەڵ. بێشە. دارستان.

شاردنەوە شێتی ئەکردن. پرسیاری لەشی داپۆشراو، چون تەنینەوەی ئاگرێ لە پووشووی ناو لەشی مندا سات لە دوای سات گەورەو گەورەو گەورەتر و خوار ناوکیان ئەکرد بە بڵیسەی ڕەق و تا ژێر لێفەو کاری نەهێنیی بۆ دواجار بەفراوێکی پێدا ئەکرد!. کچە دراوسێ هاوینان لە سەربانەوە شەمامەو حەزی خاڵ خاڵ و جارجارەیش وردە زیخی تێئەگرتم!. لە کەلێنی دوو قامیشی بڵاوەوە، لە چیغەوە، دەستی ئەهێنایە دەرێ و بە درۆ بانگی ئەکردم. زرەی بازن و خورپەی دڵ، ئاگری جەستەمیان خۆش ئەکرد. ئاڵۆش بووم‌و هەڵئەگیرسام. سپیی بووم و ئەبووم بە سوور. درەنگانیش، لە ئاسماندا ئەستێرەیەکی خەیاتم ئەدۆزییەوەو بانگم ئەکرد، ورد ورد ئەهاتە خوارەوە ناو چیغەکەو ئەستێرە ڕووت ڕووت ئەبۆوەو منی ئەدروو بە خۆیەوەو جووت ئەبووین و، وەختێ هەڵئەوەشاینەوە، پێکەوە خەومان لێئەکەوت!"

لە ڕێ دارێکم لەگەڵ بوو. سەری ئەگەیشتە پشتێنم. ئەسمەرێکی خاڵ خاڵاوی و دەم و چاوی گرێ گرێ و بەردەوامیش قاچ قوڕاویی. ئەچوو بۆ لای دار قەزوانێکی ئامۆزای لەوبەر تەیەت. تا نیوەی ڕێ هاوڕێم بوو، دەستی هەر لەناو دەستما بوو. لە ئاستی خز و ماهیدا و لە بەردەمی سەگەکانی ئاواییدا، فریای دەست و فریای قاچ و فریای شیعرە گچکەکانم ئەکەوت. چاو ساغم بوو، هەندێ جاریش چەند قولانجێ پێشم ئەکەوت. ئەمدووان و ئەیدووانم. ئەو لە خێڵی نزارێکی جەنگاوەرو جەربەزە بوو.

وەکوو ئێمە هەڵپاچین و داپاچین و هەڵکەندن و سووتاندن و دەرکردن و شەونخوونی زۆری دیبوو. بەڵام وەك خۆی پێی ئەوتم: هۆزەکەی ئەو، چەندین ساڵە، ڕۆژێ لە ڕۆژان زۆڵێکیان تیا هەڵئەکەوت، ڕاکاو بڕواو بچێ و ببێ بە سێدارە!.

هێشتا ئەوەڵی کۆچم بوو. من خۆم بەخشیبوو بە بەفرو بەردستان و ڕەشەباکان. کەچی گوندیەکان وایان ئەزانی هەر ڕێبوارم و من بۆ تۆو شەتڵ و باسوفکرین وام لە لایان، چونکە هەر دارێکم پێبوو، چونکە بەرگی بەرم ڕەش و، خاکیی نەبوو. لەسەر پردە نەگبەتەکەی چەمی تەیەت کە دوو کاریتەی پەراسووی لێمابۆوە. پەڵە هەور لە سەرەوەو. من لە بەیناو، ئاوی شێتیش لە خوارەوە، هاژەی ئەهات. لە خوارەوە مردن هەر ئێجگار ئاشکرا، بی دەمامك چاوی قوڵی و لووتی زلی و ددانی خۆی نیشان ئەدام. لەبەر ڕۆحی هەندێ شیعر من هەگبەکەم فڕێ نەدا. دو پیاو لەوبەر پردەکەوە وەك کەژەکان پێکەنینیان بە ڕۆیشتن و پەڕینەوەو لەرزە لەرزی قاچم ئەهات. وەختێ گەیشتمە مەرزەکە. دوو شیعری پەردە نەپۆشم، ترسیان لێنیشت. زیاتر خزانە بنەوە. لەبەر بۆنی پیسی سنوور، دوو سێیەکیان هەر لەوێدا بەسەر خاولی و شەڕواڵێکما ڕشانەوە. داوای پشوویان لێکردم. کە دانیشتم هەر لە زاری گەلیەکەدا. ژنێکم دی بە سواری مایینێکەوە. ژن: یەکێك بوو لە پەریەکانی چواردەوری

عەرشی خوداو، مایین سپی و کەللە بچووك. منداڵێکیش لە پێشەوە جڵەوەکەی ڕائەکێشا. ئای خودایە ئەم هەمموو جوانییە چی بوو؟، لە پڕێکدا، لەناو قێزو ناشرینی ئەم مەرزەدا، وا پەیدا بوو!

لەم کەناری ڕووبارەدا، درەختەکان، بەهۆی (با)یەکی لاسارو چەتوونەوە، کە ڕەنگە ڕاسپێردراوی ئەو دەربەندەی ئەوبەر بووبێت، ئەبینم پاییزیان لە دەست بەربۆتەوە. ئەوەتا پاییز ڕژاوە. کریستاڵی زەرد شکاوەو لەبەر قاچی هەموویاندا ورد ورد بووە. لەم کەناری ڕووبارەدا. تەنیایی بەهۆی عەشقێکی زۆر دوورەوە، کە ڕەنگە ڕاسپێردراوی، کچە دڵڕەقێکی شار بێت. دڵنیایی ونکردووەو وا بێهودە، نێو ئەو هەموو گەلایانەی بۆ ئەگەڕێ. لەم کەناری ڕووبارەدا، باڵندەیەك بە هۆی بەردی ڕاوچییەوە. کە ڕەنگە ڕاسپێردراوی، ئەم قوللەیەی سەر مەرزبێت. فڕینیان ڕاوکردوەو خوێندنیان ڕاوکردووەو، ئەمیش بێهوودە ناو شنەو ناو شەماڵ و ناو لۆچەکانی شەپۆل و قەیی خەونی لوولکراوی بۆ ئەگەڕێ!.

شەوە زەنگە و گرێکی دوور دەلیلمانە. لە بێزاریم هەڵئەنووتم. هەندێ جاریش ئەکەوم بەسەر خەیاڵداو دائەچڵەکم. مەملەکەتێ لە کوێرایی، مەگەر هەر خوا لێرەدا چاوی ببینێ. هەر دەنگ هەیەو ڕەنگ دیار نییە. کاروانێ هات، ملی هەمان ڕێی گرتبوو. چوومە ناو ڕیزی کاروانی قاچاغەوە. باریان ئەخست. سیپە

چا بوون. لەناو ڕەشدا هەڵتووتابووم. سەرما بە سوژنەوە هات. سەر قافڵەچی ئاگرێکی لەبەر دەممداندا کردەوە. ئەتوت لەناو حیکایەتی شەهرەزاد دام. لەبەر شەوقی پرتەقاڵی ئاگرەکەدا لەسەر چیچکان دانیشتبووم. لە غەریبیی ناو وڵاتی خۆم ئەترسام. لقی ئاگر ئەشکایەوە. لە کەرت کەرتبوونم ڕائەمام. لە خۆڵەمێشدا دایکم و لە پشکۆدا کچە خەیاتی دراوسێم ئەبینییەوە. بە دەم وەنەوزی قرتاوو سەرسمی زۆری خەیاڵ و نووچدانەکانی بەختەوە. کازیوەم دی لەناو دەربەندی خەواڵووی کەزیی تەڕدا، لە خەو هەستا. ئەوەتا وا، قۆزاخەیەك لە ڕۆشنایی ڕەنگ نارنجیی هەڵ ئەبێت و خوا یەکەم شیعری گزنگی خۆی لەسەر لوتکە ئەنووسێ. چاوم لێبوو لەسەر دوندی سەری سەرێ ڕائەوەستاو شیعرەکەی خۆی بۆ ئاپوورەی دارستان و لێرەوارێ ئەخوێندەوە. چاوم لێبوو خۆر لەسەر قەڵان دۆشکانی ڕکی ملە لە بریسکەی ئاوی خەرەند ورد ئەبۆوە. لە کونێکی ژێر دەوەندا کەروێشکێ زا. لە نێوانی دوو بنچکدا مارێ جرجێکی قووت ئەدا. لە ماکافێ[6] جۆگەیەکیان جیا کردەوەو هەر لەولاوە جۆگە سوێی بۆوەو تەنیا مردا!. ڕۆحم گەڵای هەڵفڕیوی دەم باخن[7] بوو، (با)یەك لە شارەوە هات و هەڵیگرت و بە دەم پڕووشەی زەردەوە گەڕایەوە بۆ لای کزەی گیانی ئەولا. هەستم تەنك، تەنك تەنك،

[6] ماکاف: جۆگەی گەورە کە جۆگەی بچووکی لێ ئەبێتەوە.

[7] باخن: ئەو شوێنەی بای لێوە دێ.

هاڤیبوونی[8] تێدا دیاربوو.

سەر قافڵەچی پرسیی: ڕاتکردووە؟! بە قسەما. بە ڕۆیشتنما، بە ڕوانینما زەق زەق دیاربوو شلەشاریم.. ڕاتکردووە؟!

"ئاگام لێنەبوو من مۆمم و لە ژێر چاودێری فوویەکی ئامادەدام. بێئاگابووم من ماسیم و لەژێر چاودێری قولاپ و چەشەیەکی ئامادەدام. بێئاگابووم لەو تارمایی و لەو سێبەرەی لە دوامەوە، شوێن پێی قەڵەم و وشەم و خولیاکانی هەڵگرتبووم!. بەیانیی بوو ختوورەیەك هەر لە خۆوە، یاخود برووسکەی ڕێکەوتێ هات بە دڵما و زەنگێکی لێدا لە سەرماو چوومە دەرێ. وەکوو دەنگێ بە گوێی نەستما بچرپێنێ "هەستە سەر پێ و بچۆ دەرێ" چوومە دەرێ سەر شەقام و هەر ئەوەندەو پیکابێکی چەکدار هات و یەکانەکان دابەزین و بە ڕاکردن چوونە ژووری!" من سترانێکی سەرەڕۆو هەرزە نەبووم. یان خونچەیەکی نەدیدە، وەختێ تەنیا، تاق و تەنیا، کۆترە ڕەشەکەی "ئیسکان" م لە بوولێڵی هێلانەیەکی پاییزدا. بۆ ڕێکەوتە چەمووشەکان، بۆ نا ڕێکەوت. بۆ بەفرو باو، بۆ تفەنگ و چاوی نێزەو حیڕەی چەکمەو بۆ پشیلەی سەر حەسارو، بۆ خوایەکی کپ و خوێن سارد بەجێهێشت و چوومە دەرێ!.

★

"با" لێرە شەنگترە، ئەو وەختەی ئەجووڵێ و هەڵئەسێ و دەست

---

[8] هاڤی بوون: غەریبیی.

ئەكا بە سەما. گوێت لێیە ئەو لێرە ئازادە و گۆرانیی خۆی ئەڵێ و ئەو وەختەی بیەوێ هەڵئەکاو نەیەوێ هەڵناکا. (با) لەولا هەمیشە غەمگینەو لە سیلەی کۆڵاندا تروشکەی کردوەو کرووزەی ژنێکی بێکەسی لێوە دێ. بەرد لێرە سەربەستەو ئەزانێ بۆ بەردەو ئەپەیڤێ و ئەنۆڕێ و پێناسەی خۆی هەیەو گەر کوژرایش ئەزانێ لەسەر چی ئەکوژرێ!. من چوومە ناوناخی بەردەوە. ئەو وەختەی لە "گەلی بەدران"دا ژوورێکی گا بەردی قایمی خۆی دامێ. قەڵەمم لە بەردو کاغەزم لە بەردو پێخەفم هەر بەرد بوو. لە بەرددا قەسیدەم هەڵئەقوڵی و لەسەر ئەو خەیاڵم تا ئەودیو تخووبی خەوبینین هەڵئەفڕی.

"شەوێکیان لە نێوان کەروێشکەی خەوەوە، توتییەك هاتە ژوور سەرینم. ڕەنگاڵە. سەیرمکرد بە شێوەو بە پەڕو بە باڵ و بە شاژێی دەنگەوە لە خەمی من ئەچێ و هەر هەمان توتییەکەی ملوانکەی دیاریمە بۆ کچەخەیاتی دراوسێ. هەر ئەتوت جمکێکی ئازارمەو دەمێکە ڕۆیشتووەو ئێستاکە دێتەوە. دووانم لە پێشدا بەیتێکی لە گاتای ئاوێستا بۆ خوێندم و لە پڕێ کەوتمە ناو خەونێکی زەردەوە وەك ئەوەی خۆرنشین خۆی بێت و بە زەردەی دامپۆشێ. لە پڕیش، بەرانێك بە قۆچی قەف قەفی گەورەوە لە بەردەم ئەشکەوتما ڕاوەستا دۆدێکی[9] زەنگداریش لە ملدا. بێ ئەوەی ڕاڕا بم سواری بووم.

---

[9] دۆد: ئەو ملوانکەیەی لە ملی ئاژەڵ دەکرێت.

بەرانمان باڵدار بوو. باڵەکان زەرکەفتی و قۆچەکان
قاوەیی و دۆدەکە شینێکی ئاسمانی و تیسکی موویش کاڵێکی
پەمەیی. تووتییەکە پێی وتم: ئەزانم زۆر تەنیای،
من هاتووم سەفەرێ پێکەوە بۆ دنیای ئەفسانەو جیهانی
ناو خەون و شیعر بکەین. سەفەرێ: کات و شوێن، سەردەم و
چاخەکان هەر هەمووی پێکەوە لوول ئەکاو ڕابوردوو ئێستاکە و
دوا ڕۆژیش بەیەك جار تەی ئەکا.

تووتییەکە لەنێوان دوو قۆچدا هەڵگورماو، بەرانیش دوو باڵی
لەسەر یەك پێکداداو. شاقوڵی بۆ سەری هەڵفڕین. یەکەمجار
بە کووچەی (با) یەکی باریکدا تێپەڕین. دەنگی تیژ، ڕەنگەکەی
شیری بوو. بەرەو ژوور لە ئاستی کەوانەی نەیزەکێ، شانماندا
لە شانی زیوینی بارانێ، شەلاڵ بووین بە ڕێزەی دلۆپی
زەیتوونیی. کەوتینە مەیدانی گڤەوە. بە جارێك باخچەیەك
لە پرشنگ هەڵوەری. گەڵای پیر دەوریانداین، داری ڕووت
ڕیز بووبوون. هەندێکیان بۆ گوڵی ڕابوردووی ناو دڵیان
ئەگریان. بەشێکیان ئەژنۆیان خوێناوی و هەر دەستیان
هەڵئەبڕی بۆ ئاسمان، لێرەدا، دووسێ پۆل مەلمان دی.
چراوگی پچووکیان، ئەوەندەی هێلکەیەك، کردبووە ملیان و
زەردو سوور، شینی کاڵ، سپی و سوور، بریسکەی ئاوێنەی
بەرسنگیان ئەسووتا. لەسەرڕا، دەنگێ هات، وەك دەنگی
بەسامی خواوەندبێ پێی وتین: بەم لادا، بە ڕاستدا،
من قۆچی بەرانم وا باداو وەرچەرخاین. لە هەوای شینباودا

تەلارێ لە بەفر دەرکەوت و دەروازەی زێڕینی کراوەو
خاتوونێ نیوە ڕووت باڵابەرز لەوێدا وەستابوو. خاتوونێ،
قژ درێژ تا بەرپێ. پرچەکان گوڵدار بوون. گوڵەکان
پێڵوویان ئەتروکان. لەسەر شان پەپوولەی پنپنۆك،[10]
ئاپوورەی بەستبوو. لە چاویا چەند زنەی جریوە هەڵئەقوڵان.
لە بەران دابەزین. پێشمان کەوت، هەر لەسەر مورەغەی پشتی
ئەو بە پیتی گریکی سێ چوار دێڕ نووسرابوون. بە شێوە لە
شیعری ئەسینای کۆن ئەچوون. هەرسێکمان خۆمانکرد
بەکۆشکی مۆزیك و هەڵبەستا. درەختێ ئێمەی دی و
پێکەنی. شمشاڵێ ئێمەی دی و هەڵپەڕی. داڵانێ لە بلوور
لەگەڵ خۆی بردینی و بردینی. بە ڕێگەی شووشەدا سەرکەوتین.
لاماندا، لە کەنار گۆمێکی ڕەشباودا. ئۆدیبی کوێرمان دی،
قوڵپە قوڵپ ئەگریا. ئازاری گرمۆڵەو، ئەماندی ئاگرێ
لە سنگیا لرفەلرف ئەسووتا، ئەماندی تا ئەبووە خۆڵەمێش
خۆڵەمێش هەمدیسان ئەبۆوە ئاگرو لە شێوەی مارێکی درێژدا
دووکەڵی بە چەند قەف لەسەری هەڵئەسا. ئەگریا و ئەگریا،
سەری هەر لە کۆشیا و لە گوناە ڕائەما. نەوەستاین. خاتوونی
یاوەرمان دەلیل و تا چووینە بەردەمی سەکۆیەك لە داستان.
سەکۆکە لە بیچمی قەڵغان و شمشێر و نیوەیشی لە شێوەی زینێکی
گەورەدا نەخشابوو. بە دەستە ڕاستیشدا ئەسپەکەی ترواده
کەللە بەرز لەسەر سم بۆ حیلە وەستابوو. هۆمیرۆس لەوێ بوو.

---

[10] پنپنۆك: پەپوولەی خاڵدار.

شکۆیەك لە شیعرو هەیبەتێ لە سیمای خواوەندو جادوویەك
لە سیحری ناو زمان لەوێ بوو. سەد زەمان وەك گوڵی
دەمەشێر لە جەستەی ئەوەوە ئاڵابوون. لە نێوان دوو
شێردا لەسەر بەرد، بەردێکی مەڕمەڕین، دانیشتوو.
کە بەران شێری دی قۆچی خۆی لە ترسا لە پشتی منەوە
شاردەوەو خەریکبوو بتۆقێ و لەوێدا چۆك دادا. توتیەکەیش
بێ ورتەو دەنووکی لاڵ بووبوو. هەر بەسەر یەزدانی شیعرەوە
پۆلێ مەل بە نزمی ڕاست و چەپ بە یەکدا ئەهاتن و هەڵئەفڕین.
ناوبەناو بەرسنگیان هەڵئەسوو لە قژی شاعیر و گمەیان
ئم نمە ئەڕشتە کۆشیەوەو باڵیشیان لە مەوجی ژاوەڕۆی[11]
ئەلیازەو ئۆدیسیای بەردەمی وەرئەدا. پۆلە مەل هەر هەموو
سپی بوون. یەکێکیان نەبێ ڕەش، قەترانیی. ڕوومکردە
تووتییەکە: ئەو ڕەشە دایکمە لەگەڵیان!. من خەون لە
خەونا ئەبینم چوومەوە ماڵەکەی ناو "ئیسکان":
"درەنگە پاییزەو. لە سووچی بەردەرگای دەرەوە.
گەڵاتووی زەردەڵەی هەڵوەریو. هەڵلەرزیو. خزاونە
یەکەوەو لەسەر یەك بێ شەرم پاڵکەوتوون. ئەوانە هەر
هەموو مەراقی ڕۆژانەی دایکمن و لەبەر بای تەزیودا ئەلەرزن.
بەرمیلێ ڕەش ڕەش‌و ناو سکی قوپاوەو بێ نەوت و شێرەکەی
شکاوەو کوتومت هەر ئەوەو بێدەنگەو هیچ نالێ. تەنافێ
دوو پارچەی پێوەیە، کوڵوانەو دەسماڵێ، هەردووکیان

[11] ژاوەڕۆ: چۆمی زۆر ڕوون.

قەرزارو هەردووكیان هەر ژن و تەڕتەڕو ئەو وەختەی
زوقمیان گرت تا هەتاو ناخەون. دوو سۆلی زۆر ماندوو،
دوو سۆلی بێتاقەت وەك قاچی خاوەنیان. جووتێ سۆل
لە خزمی ڕەزیلی دەوڵەمەند شەریفتر. چاو ئەنێم بە شووشەی
پەنجەرەی ژوورەوە: ئەبینم خۆی و خەم خۆی و خواو
تەنیایی پێكەوە چوار مشقی بێ جووڵە لەسەر ئەرز پشت لە من دانیشتوون.
بەڕەكە هەر هەمان بەڕەیە وەختێ خۆی كە خودا بە دیاریی بۆیناردین.
ژوور پڕە لە ئاخی بە هاڵاو، چون كتلیە ڕەشەكە قوڵپ
ئەدا گریانی ناوەوەو كەف ئەكا زوخاوو بینیان خنكاوە
چرای چاو. كۆتری ڕەش بە پەنجە نانی ناو قوڵینە ئەژمێرێ.
چەند ماوە؟!، عومری من ئەژمێرێ. هەناسە ساردەكان،
گەرمەكان، تاریكیی و كلۆڵی و، پینەی جل، هێلكەی پیس،
هێلكەی پاك ئەژمێرێ. كۆتری ڕەش ئەستێرەی كشاوی
ناو جەستەو، ژنانی مێردداری گەڕەك و بێوەژن لە
ڕیزی پاییزدا ئەژمێرێ. من چاوم هەر لەسەر شووشەیە
كۆتری ڕەش بۆ خوداو بۆ قاپێ مزرۆكەو بۆ وێنەی پیاوێكی
سەر دیوار، بۆ تەیری سەر بەڕەی ژوورەكەی خۆی ئەدوێ،
هەر ئەمە كە ئەدوێ. من دەنگی بە چرپە و یان بەرزی
خودایەك نابیسم بۆی بدوێ. هەر ئەمە كە ئەدوێ. ئەیبینم:
فەقیانە، گڵۆنكە پاڵوانەی[12] هەڵنەنیشتووی غەمبارن. سركەیی
ناوچەوان وەك هەوری نەبارە، لەسەرچاو نوستووەو ژاكاوەو

---

[12] پاڵوانە: جۆرێ لە پەڕەسێلكەی باڵ درێژی قاچ كورت.

له تەختی کراسدا هەر شەوی دەیجووره کە دیاربێ. ئەیبینم:
خولیاکان بە کۆمەڵ ئەچنە پاڵ سەرین و ئەیکەنە ورتە ورت.
ئەبینم: خەمەکان بە دەنووك خۆشیەك ڕاوئەنێن بۆ
حەوشە، تا ئەنوێ. ئەیبینم: لە کونی ژوورەوەیش پاییزە،
ئەوەتا گڕی شین لە چاو زۆپادا ئەوەرێ. گەچکاری
سەر دیوار لە خۆوە زەرد ئەبێ و ژاڵەکەی سەر بەڕەیش
بە تەڕی ئەوەرێ. لێفەی شڕ ئەکۆکێ و ئەکۆکێ و دۆشەکی
بێ هەناو هەناسەی خەونێکە ئەتاسێ و سەبەتەی نانەکەیش
لەولاوە. کزۆڵە کزۆڵە، چاو بۆ ئارد. چنگێ ئارد ئەگێڕێ و
نایبینێ. من گوێشم هەر لەسەر شووشەیە. ئەبیسم،
من دەنگی زیقەڵەی کراسی شیتاڵ و ڕزیوی ئەبیسم ئەو
وەختەی داملەی[13] هەژاریی لێیداوە. دەنگی چاو بە
تەڕی. دەنگی بۆن ئەو وەختەی لە ڕشتەی مێخەکدا
بۆ بەختی خۆی ئەگری. دەنگی ڕەنگ ئەو وەختەی
باگژەی ساڵ ئەیباو ئەبێتە بێوەژن. من پەیقی سوراحی
لێو شکاو ئەبیسم ئەو کاتەی کە ئاوی ناو جەستەی ئەشێوێ و
زمانی ئەشڵەژێ و لاڵ ئەبێ. من دەنگی لەرزۆکی بەتاڵی قاپەکان
ئەبیسم ئەو دەمەی لە ڕەفەو هەڵگرتن بێزار بوون. من دەنگی
جاجمە کۆنەکە ئەبیسم ئەو ساتەی بە تەنیا گۆرانیی بۆ یادی
بووکێنی خۆی ئەڵێ. من دەنگی ناخۆشی دۆلابە کەتەکەیش
ئەبیسم ئەو دەمەی بەگریی بانگ ئەکاو قاچێکی نەماوەو

---

[13] داملە: شەپلە لێدراو. ئیفلیج.

خەریکە داکەوێ. من زیکەی تەقەڵ و من نووزەی دەرزیەکەو هاواری سەتڵەکە ئەبیسم گوێم لێیە: تەقەتەق تەنەکەی نەوتەکە چی ئەڵێ. تەقە تەق ڕەحەتی دەم پەل و زار وشکیش لەگەڵ ئەو چۆن ئەدوێ. لەرزە لەرز پەنجەکان چی ئەڵێن. یان چمکی کەواکەی خشەخش چی ئەڵێ. چاو لەسەر پەنجەرەو گوێ لەسەر شووشەکە هەڵناگرم. لەگەڵ خوا جێیدێڵم. کە سەرم هەڵنەبڕم تووتییەکە پێم ئەڵێ: ڕۆیشتبووی لە کوێ بووی؟!. بەرانیش سەیرێکم ئەکات و بزەیەك ئەیگرێ!"

هۆمیرۆس لە هەوری شیعردا بارانەو ڕاماوە. قژ لۆکەو ناوچەوان بەرانیی بۆ دوور دوور ئەیڕوانی. توتیەکە پێی وتم: باشیعرت پیرۆزکەم. دوو دێڕی بە دەنووك هەلگرت و هەڵفڕی و گەیشتە سەر ڕانی هۆمیرۆس دێڕەکان کەوتنە نێو باوەشی. کە دەستی لێوەدان، ئەوانیش بوونە مەل لەگەڵ پۆل هەڵفڕین. تووتییەکە هاتەوە و چرپاندی بە گوێمدا تەماشای لای (چەپ) کە. بەچاوی شیعری خۆم ئاوڕم دایەوە ڤینۆسەو بە بەرگیی سامانی مۆسیقاو شیعرەوە وەستاوە. جوانییەکەی سەرخۆشە. خەریکە لە خۆشییان وەك لێوی خەندەران شەق ئەبا. جوانییەکەی ئاڵ ئاڵەو لەزنەی گونەدا خەریکە سەرئەکا. جوانییەکەی پڕپڕە لە زەوقی بزۆزو شەهوەتی مکۆڕو،[14]

---

[14] مکۆڕ: یاخیی.

بازرەقەی مامزی نەسرەوتی ئارەزوو پڕپڕە لە گچکە
خواوەندی هەوەس و لەماچی شەرابیی یاقوتی و لە زڕەی
فنجانی عاشقان. ڤینۆسەو هاتۆتە بەردەرکی ڕۆشنی
قەسیدە و، خەیاڵی هاوینان بەشنە و بە شەماڵ ئاوڕشێن
ئەکات و نیگایشی تەیرێکە باڵ شین و لە سەرخۆ هەڵئەفڕێ بۆلامان:
"چوومەوە ناوچیغی سەربانی جاران و بەرماڵی کچەکەی
دراوسێ و بوومەوە بەیەکەم هەڵبەستم و ڕۆیشتمەوە کۆڵانی
خوێن گەرمی ناو "ئیسکان":

درەنگە پاییزەو، شەوێکی بێ مانگەو. خۆم ئەکەم بە حەوشەی پچووکی خەوتوودا
گوڵەکان نوستوون و حەساریان نووستووەو دەرگای کوڵ
نووستووەو پەردەکان نووستوون و هەر ژوورێك زیگارەو[15]
بەخەبەر. چاو ئەنێم بە شووشەی ساردەوە. ڕوومەتم
بەکزەی داچڵەکین ئەترسێ. هاڵاوی ناو دەمم پەڵەیەك
ئەخاتە سەر شووشە. بە پەلە ئەیسڕم. پێش ئەوەی بیبینم،
خڕەخڕ. کورت. درێژ. دەنگێکە دێ و ئەڕواو لە پڕیش
ئەوەستێ. ڤینۆسی دراوسێی خەیاتە. مەکینەی سنجەری
خەیاتیی ڕەنگ ئەدورێ بەڕەنگیی ترەوەو حەز ئەدوورێ بە
حەزی ترەوەو، شەوکارەو، تا بەیان بارانی دورمانە.
سەفەری درێژی شەوانەی بەکرەو دەزووە. هەنگاوی
هێواش و یان خێرای تەقەڵە. ورد. درشت. شاقوڵی و

[15] زیگار: شەونشین.

ئاسۆیی. خرەخرِ. لە ناکاو بەتەنها فۆڵێکی پەمەیی و قاچێکی نارنجیی ئەبینم. لە ئەرزی بەرپێدا تەمەنە جیاجیاکان ئەبینم، ڕەنگاوڕەنگ، کەوتوون و بۆ ناسین، پێش جەژن، شەویانە. ڤینۆسەو خەیاتی ژنانە. دەرزی هار دەنووکی لە چینەی چیمەنی قوماشدا هەڵناگرێو لە ڕیزی دورمانی درێژدا هەر هەموو تەقەڵێ ئەبێتە وشەیەك بۆ من و دوو تەقەڵ دوو باڵی پەپوولەو سێ تەقەڵ ئەبێتە ڕستەیەك، ڕستەکان ئەبنە جادەی ڤێر ڤینۆسیان پیا ئەڕواو ڕێ ئەکات بەرەو من. بەرەو لای قەسیدەی پەروانە. ئەیبینم: پرچی کاڵ بۆ سەر شان بۆ سەر سنگ شەبەنگی تلۆژینی[16] پەخشانە. لە فەرشی دیواردا ئاسکێك ئەبینم. بارەی دێ. هەر ئەڵێی بارۆنی ئارەزووی مەمانە. درەختێ ئەبینم لە تابلۆی دیواردا، بەردەوام تەماشای وا لەسەر کەتان و حەریری سەرڕانە. گەواڵەی هەورێکیش لە سەرێ دووگیانی هەتاوو بارانە. ئەیبینم، گوێم لێیە. گۆرانیی "بارانەو بارانە" بە نزمیی هەوەسی تەڕ ئەکاو سەر پەنجەی تەڕ ئەکاو جلەکان تەڕئەکاو، ڕەنگەکان تەڕ ئەکاو، ژوورەکەی ئەبێتە پاناوکەی[17] مۆسیقای بەردەمی سێ ڕیزی بارانە. کراسی کیژۆڵە بزێوەو لە ئاستی مەماندا قوماشی بێ ئارام خرِ ئەبێ و، کراسی سەرە ژن، قوماشیی بە ئارام. بە ویقار

---

[16] تلۆژین: هەڵبژاردەی هەرەباش.

[17] پاناوکە: گۆماو لە دەشتدا.

دان ئەگرێ بە خۆیدا و تێکناچێ. ڕەنگی تەڵخ. کراسی بێوەژن
قوماشی دڵتەنگەو وەڕسەو ڕایەڵ و تان و پۆی چەپاوو
سەرکوت و تەقەڵیان فرمێسکی دەزوەو. دامەنیان،
بناری گریانە. هەڵئەسێ بەرسنگی کراسێ بە سنگی
ئەپێوێ. دەستی من لێرەوە لە تاودا بۆ سنگی ئەلەرزێ.
لەویەوە دەرزیەك کە ئەشکێ لێرەوە من نووکی قەڵەمم
قرچەی دێ. پێی ئەڵێم بێ ئەوەی گوێی لێمبێ:
ئەو شەوەی بمدوریت بە باڵای تەنیایی و خەمتەوە
ناو شیعرم پڕ ئەبێ لە دەرزی و هەتاکوو بەیانیی مەراقم
وەك دەزووی ئاڵۆزکاو گیر ئەخواو لە پەلکی فرمێسك و
چاومەوە ئەئاڵێ. ئێستاکە تەماشام وەك دەزووی
قرچۆکە هەر ئاخێ هەڵکێشم ئەو لە پڕ لەویەوە
ئەپچڕێ. لە دووریت ئەوەندە پچڕاوە تەماشام،
هەست ئەکەم تەنیاییم خەریکە کوێر ئەبێ!.
من چاوم هەر لەسەر شووشەیە. ئەوەتا کراسێ هەڵئەگرێ
لە تەختی کراسدا توتییەك ئەبینم. خەیاڵم دەزوەو
ئەپچڕێ و ئەچمەوە لای تووتی و بەران و ڤینۆسی خواوەند و
بەردەمی هۆمیرۆس. تووتییەکە بە سەرە دەنووکێ خەونەکەی
داچڵەکان. پێی وتم: ئەمجارەیش ڕۆیشتبووی بۆ لای کێ؟!.
بەرانیش بۆ گاڵتە قۆچێکی لێدام و تووتییەکە وتیەوە:
هۆمیرۆس شیعرەکەی پیرۆز کرد. با بڕۆین وەختمان
درەنگ کرد!. هەردووکمان چووینەوە سەر کۆڵ و

سەر قۆچی بەران و بە کاوخۆ هاتینە دەرەوە. خاتوونی
یاوەریش هەتاکوو بەردەمی کۆشکەکە بە خۆی و
یەك چەپك شیعرەوە، ئامێزی پڕکردین لە نۆتەو پەپوولەو
شیلانەو زەنگیانەو لە خەونی ئەفسانەو، لەویەوە: هەڵفڕین!

★

"گەلی بەدران" ئەسپێك لە بەردی داستان و ئەسپێك لە بەردی
ئەفسانە. لە وردە زیخی کلکەوە هەتا تاشەبەردی کەللە،
پلە پلەو ملە ملە، سەرسام بوون بەرز ئەبێتەوە هەتا ئەگاتە
سەر یاڵ و لە یاڵەوە بۆ نێوانی هەردوو گوێچکەو ئیتر لەوێ
چاو ئەترسێ و با ئەخلیسکێ و سەرنجەکان ئەڕژێن و ئەلەرزن و
ئەگەڕێنەوە بۆ دواوە. ئەو شەوەیان ئەستێرەیەکی عەجول و
گلاراوی ئەو ئاسمانە کەوتە بازبازێن بە سەریاو لە پڕێکدا قاچی
لە تیسکی یاڵ گیراو کەوتە خوارێ و لەبەر کەوێلەکەی مندا،
جریوەی لەشی هەمووی پژاو کە وەختێ من چوومە سەری
تەنها یەك شیعری زیندوو بوو. هەر بە باوەش هەڵمگرت و
بردمە ژوورێ و لە دیوانە تازەکەمدا نووسیمەوەو بۆ ڤینۆسە
خەیاتەکەم کرد بە دیاریی. گەلیی بەدران: جێی خۆحەشاردانی
سروود. جێی خۆشاردنەوەی ڕاستییەکان. وەختێ درۆ
حوکمڕانەو گەر ئەوانی بەردەست کەوێ یەکە یەکە بە قەمەکانی
تاریکیی سەریان ئەبڕێ. گەلی بەدران تەنیایی و بەردو
زاووزێی ئەو مەراقانەی کە هەمیشە وەکو ژنی شفتەژێن و
دوو دوو بێشکەی کوڕو کچی ئەم دەربەندی خولیایانەم

ڕائەژەنن. تەنیاییم سەیری بەرد ئەکا. خوێندنەوەی بەرد
خوێندنەوەی ژانە ئەو وەختەی کە ئەمەیێ. خوێندنەوەی منە
بۆ دنیا لە ساتەوەختی یەکەمی لە دایکبوونی غوربەتا.
ئەچمە بەردەمی هەموویان. درشت و ورد. پان و درێژ و قۆقزی و
بەرز و نزم و یەکە یەکە نەبزی دڵ و دەستیان ئەگرم
هەموو پڕن لە پرسیارو لە ڕامان و لە سەرسوڕمان. بەرد
هەر ئێمەین لە ڕۆژگارە دوورەکاندا، ئەو بەڵگانەی، ئەو
هەناسەو ئەو دڵانەی لە جێی خۆیاندا ڕەق بوون و بەڵام
ماون. بەرد هەر جەستەی یادگارە کۆنەکانی ناو
زەمانن، پێمان ئەڵێن نەهێنییەکانیان هەڵبێنین. زمانیان
بدۆزینەوە. ئەو بەردە تەخت و پانەیان، هەبێ و نەبێ،
جێی هەڵفڕینی سیمرخی خوداوەندو یەکەم شانۆی چنگ نانە چنگی
ڕووناکیی و زوڵمەت بووە. هەر لەسەر ئەم. هەبێ و نەبێ،
کیژۆڵە جوان و ڕەندەکان قوربانیی بوون بۆ خواوەندێ تا فەڕ
بدات بە باران و بە کێڵگەکان. تەنیاییم سەیری بەرد ئەکا،
بەم لاپاڵ و ڕکانەوە، هەزار نەهێنیی سروشت و خواوەندەکان
بەدی ئەکا، تەنیاییم سەیری بەرد ئەکا، خودا یەکەم وێنەکێشی
گرافیکە. خودا یەکەم نەقاشیشە لە ڕۆحی ڕەش و سپیدا
کار بکات و ناوبەناویش پەراوێزەکان ڕەنگبکا. خودا یەکەم
هونەرمەندە لە نەهێنیی بەرد گەییبێ و چاوی تێکەڵ بەرد
کردبێ و بەردی هێنابێتە قسەو گوێچکەی دابێ بەم
کێوانە. ورد بەرەوە: لەم ڕیشاڵ و دەزوولانەی،

لەو تەژانەی[18]. بەرد بە بەردیان. ئەچنەوە سەر
ڕەچەڵەکی ئەو شاخانەی هەر یەك دیوار تابلۆیانە:
"لەم ئاستەدا، ئەوە ئەژدیهای دۆزەخەو
پەلاماری شێرێك ئەداو شێریش چۆتە سەر کلکان و
لە هەڵمەتی چەپۆکانە. ئەوە خۆرە تازە تازە هەڵهاتووەو
پیاوێك کڕنووشی بۆ ئەباو چلێ زەیتوون بەم دەستیەوەو
کۆترێکیش لەسەر شانی نیشتۆتەوەو ڕەنگی شەفەق وا لە بەریا و
مەزدەیەکی جاویدانە. لەو ئاستەیشدا، ئەوە دوو پیاون
ڕم بەدەست بەوری نێچیریان گرتووەو ئەیبەن بۆ شاهی
شاهانی ئەو زەمانە. ئەویتریان پەپوولەیە و لەناو قژی
ژنێکدایەو ئەویتریان قۆچی گامێشێکی ڕەشەو ئەوەی
ئەولا بەرازێکەو ڕاوکراوە. ئەوی سەرپەڕ، ئەهریمەنەو
تاجی مرواری و یاقووتی لەسەر ناوە" من تەنیام و هەموو
ڕۆژێ لەم زاخان و لەم چەقەنە بەردانەدا. مێژوویەکی
دوور لە لامە. دوێنێ ئاناباز هات بۆ لام. بە زرێپۆش و
کڵاوی ئاسنین و ڕمی دەست و چەپکێ تیری بەرپشتێن و
کەوانەوە. ماندوو ماندوو. وەختێ دانیشت.
ئەشکەوتم پڕبوو لە ڤیژەو لە هۆبەهۆی مەیدانی شەڕ.
لە تەپ و تۆز. لە گرمژنی بەردی زل. لە دەنگی بەریەککەوتنی
قەڵغان و شیر، لە ڕمبەی کەوتنی ئەسپ و لە حیلەحیلی
خوێناوی و لە ناڵە ناڵی سەربازی بریندارو لە نێڵەنێڵی

---

[18] تەژە: کۆڵەکە. ستوون.

ئاگری سەر قوتکەکان. دوێنێ ئاناباز هات بۆ لام.
پەست و ژاکاو، ئەتوت ئاوێنەی خۆڵاوی و تاشەبەردێکی
شکاوە. تێی گەیاندم. "بۆکریسکان" سەر لەشکری
سوارەکانی لەم دەربەندەدا کوژراوە. تێی گەیاندم. لە مەملەکەتی
ئەفلاتوون من دەرئەکرێم. وەختێ هەستا. چەند پشکۆیەکی
هەڕەشەی تێگرتم و بە تووڕەیی وەك ڕەشەبای لەخۆبایی چووە
دەرێ. ئەیانبینم هەموویان یەك یەك ئەبینم: ئەسکەندەری
گەورە و پچووك، خالیدی کوڕی وەلید و. هۆلاکۆو سەعدو
تەیموورو، هەموو ئەو کەڵەشمشێرو ڕم خوێناوی و
دووکەڵانەی ڕەو ڕەو لەگەڵ بای دەۆزەخدا هاتنە سەرمان!
ئەیانبیسم هەموو دەنگەکان ئەبیسم. هەموو دەنگە جوانەکانی
ئەرزو ئاسمان، ئەو شەوەیان کە مانگ گیرا. دەنگی زەردەشت
بەم ناوەدا هات و چۆی بوو. تاڤگە بوو یاخود هاژەی
خۆرەتاو بوو. هات وچۆی بوو. نوور بوو لە شێوەی چناردا.
سەرئەکەوتە سەر ڕەوەزو هەڵەمووت و دائەبەزی و
بازی بەسەر تەم و مژو نائومێدی و ڕقدا ئەدا. قەسیدە بوو
بەڵام لە شێوەی دایکمداو ئەهاتە بەر ئەشکەوتەکەم،
دوراو دوور ماچی ئەکردم و هەر ناوی مەزدەی ئەهێنا!.
چاوم لێبوو لە گەوەی سەری سەرەوە، تاریکیەك ڕێگەی
پێگرت، تاریکیی دڕ بوو شاڵاوی دۆزەخین و، وازی
لە نوور نەئەهێنا. زۆرانێکی چنگاوش بوو. چاوم لێبوو،
چەخماخەیەك لە هەورەوە هاتە خوارێو لەناو قەدی

تاریکیی داو، چون تاشه بەردێ پەرت پەرتبوو. هەر لەناو
دڵی بەردەوە، ڕووناکیی سەری دەرهێناو، پێغەمبەریش
بانگێکیدا "سرمدییە ئەم زۆرانەی نێوان من و
تاریکایی. نێوان گوڵەگەنم و کوللە. نێوان ڕق و خۆشەویستی.
ئەزەلییە ئەم جەنگانەی نێوان خێرو نێوان شەڕو. تا هەتایە
بەردەوامە ئەم بردن و ئەم هێنان و زۆرانانە. من وا
هاتووم ئەوە چنگێ وشەی تازەتازە بۆ ناو دڵتان.
ئەوە گرێکی ئێجگار نوێ بۆ ناو ڕۆح و بۆ سەر ڕێتان.
من وا هاتووم دار بە دار و بەرد بە بەردی ئەم دەربەندە
پیرۆز کەم و مانگی گیراو بەر بدەم و کێڵگەی ساڵێکی بەخشندە،
ساڵی ساڵاو، ساڵی سەمەلی کەڵەگەت، ساڵی هەتاو،
لەگەڵ خۆمدا بەرم بۆ ماڵی هەژاران!"

★

ئەو شەوە لە کەنار خەوێکی سپیدا سەوز بووم،
چرۆمکرد. گەورە بووم. بووم بە دار سنەوبەر.
تەیرێك هات سیحراوی و گەردن شین. زۆر
بێدەنگ. ئەسپایی. لە سەرم نیشتەوە. دوو نامەی
لەگەڵ خۆی هێنابوو. نامەکان لە ڕەنگی تەنیایی و
غەریبی و، لە ڕەنگی گەڕەکی ئیسکان و لە جادەی
مەولەوی و لە دەنگی دیلان و سەرخۆشیی بێکەس و
تینویەتی تانجەرۆ و برسێتی قانیع و لە ڕەنگی
عەشقەکەی من ئەچوون. یەکێکیان لەم باڵ و

ئەویتر لەو باڵی پێچرابوو. بایەکی شیعر دۆست ڕاستاڵ[19] و جێی بڕوا. خوێندەوار. هەر لەبەر چاوی خۆم. بە پەنجەی وژەیەك. هەردووکی کردنەوە. نامەکان یەکێکیان هی کۆترە ڕەشەکەو ئەویدی هی کچە ڤینۆسی خەیات بوو. من نەمهێشت ئەو شەوە "با" ی هاودەم، فەقیرە چاو لێکنێ و، بەردەوام، تا یەکەم تەتەری هەتاو هات. ئەو نامەی خوێندەوەو خوێندەوە!.

★

لە بەردستاندا چاوی ئەز. بەردە نێرو بەردە مێکان لە یەکتر جوێ کاتەوە. بەردی شاعیر و بەردی تر. بەردی وەرزشکارو بەردی ئەندازیارو بەردی پزیشك، زارۆکە بەردو کوڕیژگە بەردو بەردی پیر لە یەکتر جوێ ئەکاتەوە. ئەمێستاکە لەم ناوەدا نە بەردی نەجمە بەشان و نە بەردی سیخوڕی چاوزەق، نە بەردی عەرەبی قەومی و نە بەردە پۆلیس. لەناو ئەم بەردانەدا نین. ئەم بەردانە لێرە هەموو بە یەك زمان ئەپەیڤن و هەموو هاوخوێنی یەکترین. لە بەردستاندا چاوی ئەز هەموویان یەك یەك ئەناسێ. ژنە بەردەکان هەمیشە قژیان سەوزەو گوڵ بە سەرو سنگیان بەرزو لەشیان سپی و پێست لوسترن. کچەکانیش ئەو بەردانەن ئاوەسوون[20] و لە ژێر ئاودا نیگا ڕوون و پێئەکەنن. جوانەکانیان ئەو بەردانەن

---

[19] ڕاستاڵ: کەسێك جێی بڕوا بێت. جێی بڕواو متمانە.

[20] ئاوەسوو: ئەو بەردەی لەبەر زۆر ئاو بەسەردا هاتن لووس ئەبێ.

لەبەر ئاوێنەی ڕووباردا بە شانەی چڵ و پەلکە گیا پرچ و کاکۆڵ دائەهێنن. بەردی وەرزشکار بەردێکە لە ڕەوەزدا ئەیانبینی هەموو چوونەتە سەر شانی یەکتریش و قەت نایشکەون. بەردی شاعیر ئەو بەردەیە تۆزێ تەریك، تۆزێ دوورتر لەوانی تر، ئەچێتە بەر مانگە شەوو شیعر ئەنووسێ. بەردە گەنجە سەرچڵەکان، ئەو بەردانەن لە کەڵەکی سەر کانییەکانی ژناندا ڕاوەستاون و هەر خەریکی چاو باشقاڵێن. پیرێژنە بەردەکانیش ئەو بەردانەن، ساردو سڕو لەبەر دەرگای تاشەبەردە زلەکاندا دانیشتوون و بزانن کێ دێت و ئەچێ و هەر خەریکی هەڵەوەڕین. بەردی کاسب ئەو بەردەیە لە سەرەڕێدا وەستاوەو جڵەوی ئەسپەکان ئەگرێ و لە ملیەوە ئەیپێچێت و قەت ناهێڵێ ئەوان بەربن. زارۆکە بەرد. ئەو خڕکە بەردە زۆرانەن، لە دامێندا کۆمەڵ بوون و وەختێ بە لایاندا ئەڕۆی تەقەتەق و زیقە زیق و خڕەیان دێ. بەردە بوکیش بۆ خۆی دیارە. ئەوەیانە یان گوڵاڵە یان هەڵاڵە یان تیلماسکێ لە شەفەقی بەسەر سەری خۆیدا داوەو تۆزێ شەرمنەو تەماشای بەرەو خوارە. بەردی هەژار ئەو بەردانەن لەناو بەردەکانی تردا ونبوون. جێگەیان لێژ یان هەورازە. بەردی دەسەڵات ئەوانەن، لەسەر قوتکە ڕۆنیشتوون و جار بە جارێ تفێ هەڵئەدەنە خوارێ و لووتیان بەرز و فیزیان زل و دانابەزن و تێکەڵی بەردی تر نابن. بەردی عاشق هەمیشە وا لە نسێداو کزەو ماتەو چاوەڕوانە!.

بەردی ئازاو قارەمانیش ئەو بەردانەن لە دیواری سەنگەر
دان و بەر لە جەنگاوەران سنگ بە گوللەوە ئەنێن و
شەهید ئەبن. بەردی غەریب ئەو بەردانەن تاك و تەرا و
پەرش و بڵاو کەوتوونەتە چۆڵەوانی و یان پێدەشتێ و دەورو
بەریان هەمووی گڵەو هەمووی خۆڵەو لە خۆیان زیاتر نابینن.
لە بەردستانی ئێرەدا، دوو بەردی دیکەی جیاواز هەن. لە هیچ بەردێکی تر ناچن.
یەکێکیان بەردێکە ڕەش ڕەش ڕێك بەرامبەر تەماشامە،
ئەوە دایکمەو، ئەویتریان بەردێکە سوور بریقەی دێ و
ڕێك بەرامبەر چاوی دڵ و چاوی ڕۆحمە: کچە ڤینۆسی خەیاتی
گەڕەکە سپیەکەی خۆمان!.

★

نە زەڕنەقووتەو نە خونچەو نە (با)ی زارۆڵ بووم
کە هاتم. وەختێ گەیشتمە بەردستان. من باڵندەی
ناو قەسیدەو چڵە هەتاوێکی سوورو (با)ی یاخیی بووی
ناو سروودی تازەی شار بووم وەختێ هاتم. بەڵام هێشتا
تەماشام و گۆرانییەکانی سەر زارم زریانی کێو لێی نەدابوون
دەست و پلی قەڵەمەکەم هەر ناسك و بەم بەردانە نەڕوشا
بوون. وەختێ هاتم من باڵندەی ناو کتێب و جوانووی
شیعری سەر شەقام و ڕۆژنامە بووم وەختێ هاتم.
بەر لە گیتارەکەی منیش، چەند بلێسەی ناو کەرکووك و،
چەند کەوی خەمی دهۆك و چەند تاق تافکەرەی هەولێریش
گەیشتبوونە بەردستان. هێشتا سەرەتای ناسینی من و بەرد

بوو. له ئەوەڵی خوێن جمانی گوڵەباخ و سروودا بووین
تازە ئەلف و بێی بەردەڵان فێر ئەبووین و بە باڵەکانی
ئازاردا هەڵئەزناین. له بەردستان. ڕۆژێ لەوێ. له پاڵ
گابەردێکی زلدا. من ئەڕۆیشتم بۆ لای پەڕەسێلکەیەکی شیعر،
هەندێ باڵی ڕەش و سپی بۆ فڕینم لێ وەربگرم. ئەویش بەرەو
ڕووی من ئەهات. ئا لەوێدا یەکمان ناسی. کڵپەیەکی
ناو کەرکووك بوو. ناوی فەرهاد. ڕەنگی له بەڕووی
ڤاوەیی و دەستەکانی له تاژان و چاوەکانی وەکوو چاوی
بازی برسی و بە جەستەیش مامزێ باریك. له شۆڕیجەوە
هاتبوو. چی دووکەڵی ئەو شارەیە له دەروونیاو، هەرچی
هەوری سەر خاسەیە له چاویا بوو. وەختێ ئەدوا،
هەر پەپوولەی پەیڤی ڕەش بوو له زاریەوە ئەتروکان و
کە دەستیشی ڕائەوەشان یادگاری چون باویلکە
هەڵئەوەری و کە باسی دایکیشی ئەکرد هەموو جەستەی
لەناو دەنگیا ئەبوو بە چەند تۆپەڵێ ژان. چاوەکانی
یەکسەر گوڵی ئاڵیان ئەگرت!. ژێیەکی گەرووی
کپ ئەبوو. ڕەنگی سیمای وەکوو توێکڵە پرتەقاڵی
لەبەر گڕدا هەڵئەکڕوزا. فەرهاد له خۆشەویستیدا،
وەکوو بەردە مۆرەی ناو گیرفانی گەلی بەدران وابوو.
ئەو ڕۆژەی تەم دەم و چاوی نەگرتایە. ئەو ڕۆژەی
خەم پشوویەکی لەو دەرو دەشتە بدایە، هەر بۆ چەند
ساتێ لێی دوور بوایە. قسەی خۆشی وەکو بوغورد، مۆمی

بۆنخۆش دائەگیرسا و بەرامەکەی تا ئەوپەڕی دەربەند
ئەڕۆی. بەیانییەك هێشتا بەرد زۆریان نوستبوون
چەند درەختێکی کوڵ نەبێ لەگەڵ بایەکی زۆر بڵێی
ناو گەلیدا کردبوویان بە ژاوە ژاو. جۆگەلەکە،
بە دوو لق داری شکاوە، چاوەکانی هەڵئەگلۆفی و
شۆڕەبیەك دانەویبوو بەسەر ئاودا و سەری ئەشت.
لە پەڵەیەك تەمی جیڕدا دار قەزوانێکی زۆر تەمەڵ.
بە نەخورێنی یەکەم جگەرەی قامیشی ئەو بەیانییەی
ئەکێشا. پیرە بەردی قەوزە گرتوو. قەلە ڕەشێکی
خستبووە سەر پشتی خۆی. دیار بوو بەکرێی گرتبوو. زۆر بە
وردی، قژە سەری ئاڵۆزکاوی بۆ ئەدۆزی و جاربەجاریش
پشتی ئەخوران. بەردە ڕەشەکەی دایکیشم هەر وەکوو خۆی
ڕاڕاو شپرزەو دوودڵ بوو. بێتاقەت بوو نەیئەزانی،
بە کوێ گەییون نامەکان. لەو ساتەدا فەرهادم دی.
وەکوو شەبەقی دەم گەلیی پێئەکەنی. فەرهاد یان مۆم،
ئەمڕۆ مۆڵەتی لە چرای وەرگرتووەو، سبەی شەویش، هەر
لێرەوە لە بەردی بەردستانەوە. بە ڕێگەی هات و نەهات و
بە بەردەمی دێوی سپی و دێوی ڕەش و بە کەناری ئاوی زەردو
ئاوی سوورو ئاوی ڕەشدا، قۆناغ قۆناغ، ڕێی سەفەری
درێژ ئەبڕێ و هەتا دواتر ئەگاتەوە لای منداڵانی شۆڕیجەو
لای زامەکانی پیرێژن!.
من ڕوومتێکرد: فەرهاد ئەزانی ئەو بەردە ڕەشە

دایکمه؟!. ئەویش وتی: منیش لای خۆم هەر
نزیکی ئەشکەوتەکەم. شۆڕەبیەك بۆتە دایکم.
هەموو ڕۆژێ ئەچم بۆ لای دەستەکانی ماچ ئەکەم و
ئەویش بەردەوام سەری خۆی داخستوەو لەناو کۆشی
ئاودا ئەگری. دوێنێ پێموت: دایە بەنیازم
سەرێکبەم لە "گەلاڵە" ئیشێ، کارێ، سابوونێ
شانەیەك، جامێ، کیسێ خەنە؟ هەندێ نوقڵ
بۆ ئەم جەژنە؟. بەلام سەد ئاخ، چاوی لەسەر
ئاو هەڵنەبڕی و هەر ئەگریاو هیچی نەوت!

★

ڕۆژێکی نوێ بە دوو دەستی سپیەوە لەناو مەملەکەتی
بەرددا. یەکەم پەنجەرەی کردەوە. تیرێژێکی باریکەلەی
زیو لە ملی دەم بە خەندە پرسی بە کەسمان نەکردوو
هاتە ژوورێ. دەربەندەکە باوێشکێکی درێژی داو
بە بەری دەست تەمی سەر تەوێڵی سڕی و زوقمی لە
پێڵوی کردەوەو، کەمێ جوولا. دوور دوور ئەسپێك
ئەیحیلان و نزیك نزیك تووتەڵەیەك ئەیقروسکان. قەلەباچکەیەکی
کلۆڵ. چاوێکی کوێر، کۆڵوانە ڕەش، لە گوندێکی یەك قاچەوە،
بەو بەیانییە هاتبوو بۆ لای پیرە دارمێویکی مێوژ فرۆش،
بۆ جەژنانە. لەبەر دەرگای مێوەکەدا لەسەر بەردێك
هەڵنیشتبوو. چاوەڕێ بوو پیرە دارمێو لەخەو هەستێ.
من هەستابووم. بەسەر پێوەو بەرەو ئەوبەر "ڕۆژباش"ێکم

لە بەردە ڕەشی دایکم کرد. ئەویش دەستی بۆ هەڵبڕیم.
شەونم بووبوو بە پوولەکەی بریقەدار هەموو لەشی داپۆشیبوو.
لەو ساتەدا، لەناو ناخما، وەکوو هەستکەم تۆڕێك هەیەو،
تۆڕ ئەیەوێ ماسیەکی ڕۆحم بگرێ، وا بوو. دەستمدایە
ئاوێنەکەم تەماشامکرد: من خۆم بووم و من خۆم نەبووم.
جارێك سەرم ئەبوو بە بەرد. جارێکی تر بە کەللە سەری
بەران و دیسانەوە جارێکی دی بە دەنووك و سەری
تووتی. لە پڕێکدا ئەبوومەوە بە خودی خۆم. ئەو چرکەیە
لەگەڵ نەستم و خواکەی خۆم و خەیاڵێکی شووشەییدا
قسەم ئەکرد. بیری نیشتمانی شیعرو کچە خەیاتەکەی
ئەولاو ڕیشی سپیی هۆمیرۆس و ڤینۆسەکەی ناو ئەلیازەو
بیری بای شین و بای مۆرو دنیای ئەوبەر هزرم ئەکرد.
لەناو دڵی خۆمدا ئەموت. چییان لێهات؟! تووتی و
بەران نەهاتنەوە. ڕەنگە خواوەندێکی تووڕە. لە شێوەی
پیرێژنێکی سەر ئاسنینی دان کەلا. سیحرێکی وای لێکردبن،
لە شاخێکدا بووبن بە بەرد. دوور دوور ئەسپێك
ئەیحیلان و نزیك نزیك تووتەڵەیەك ئەیقروسکان.
لە پڕێکدا، وەك هاتنی لەپڕی مەرگ کە تۆ هەرگیز
چاوەڕێی نیت. وڕە وڕو گرمەگرم و ناڵەناڵێ. شڵەژانێ
لەناو دەنگداو، پەشۆکانێ لەناو ڕەنگداو، ژاکانێکیش
لەناو بۆنی گەلیەکەدا. تێکشکانێ لەناو ڕۆحی شنەبادا،
زراو چوونێ لەناو چاوی وردە بەردو پەلکە گیادا. قرچەقرچێ

له جومگەکانی هەتاودا، هەڵوەشاندنەوەی خەونی ئاو، دابڕانێ
له نێوان سی و هەناسەدا. شلوێ بوونێ له سەوزایی دارستاندا و
وێرانبوونێ لەناو ترساو هەڵپچوڕکانی تەنیایی و ناڵەناڵێ و لێکترازانی
ماچەکان. خاوبوونەوەو ساردبوونەوەی جووتبوونەکان بوورانەوەی
سەرسام بوون و لەت و پەت بوونی بێدەنگی و، خۆت دە بە دەم گەرداوێکی
قەدەرەوە بۆ کوێت ئەبا: گرمەگرم و ناڵەناڵێ،
وەکوو ئاسمان بە قوببەکانی ئەستێرەو شووشە بەندی سامالەوەو
بە دەرگا و پەنجەرەی هەورو بە خانوەکانی فریشتەو بە عەرشەکانی
خوداوە بەسەر مەملەکەتی بەردو بەسەر ئێمەدا بڕوخێ، وابوو.
ناڵەناڵێ، بوولەرەیەك. خەیاڵی شووشەییم شکاو هەر لەوێدا
دوو سێ شیعرم وەکوو کاشی و فەخفوری بن، له ڕەفەکانی
سەرمەوە بەربوونەوەو کەوتنە خوارێ و وردو خاش بوون.

دوو "تۆبۆلیف"، دوو مردنی کەتەی باڵدار، دوو جەهەننەمی
هەوایی، دوو "تۆبۆلیف"، چواربالْ له باڵەکانی ئەفسانەی
شەوی داهێنانی مۆدێرن و چوارچاو له فسفۆری چاوی ئەستێرەی
سووری کرملین!. بیژۆکی[21] سەدەی بیستەمین.
تەڵزمێ بوو، نینۆکێکی پەنجەی قاچی ناپاڵم بوو. بە خێرایی
سەری بردبووە ژوورەوە، ژوورە سپی و ڕووناکەکەی دڵی
فەرهاد. تەڵزمێ بوو بچوك بچوك، بە درێژیی هەر
ئەوەندەی پەنجە تووتەی دەستی سەعدو، بەژنی بەقەد

[21] بیژۆك: بەرهەمی نائاسایی. ددان و ئەنگوستی زیاد. حەیوانێ بەر له کاتی خۆی بزێ.

تەنها دێڕێكی نووسینی "كۆسیجین"و، بە ئەستووریش،
هەر ئەوەندەی لایەك لە قەفی سمێڵی "ستالین" و بڕۆكانی "بریجنێف".

تاشەبەردە ڕیش سپیەكە. بە قوڕگێكی گیراوەوە. گێڕایەوە
ـ لەو لایەوە كچۆڵەیەكی دار هەنار پەرچەم سوورو سەرپەنجە
سەوز هەر ئەگریاـ تاشەبەردە ڕیش سپیەكە كەوتە
قسە: لەو وەختەدا، من خەریكی داڵدەدانی كەروێشكێ
بووم، لەو دۆڵەوە سەربەرەو ژوور چەقەڵەكان ڕاویان
نابوو. هەر ئەو ساتە، دەستم بە سەردا ئەهێناو،
بۆ دڵ نەوایی جاربەجار گوێچكەكانیشیم ماچ ئەكرد. هەر لەسەر
بەری دەستیشم هەندێ تووی وشكم ئەدایە. هەر ئەو ساتە
فەرهاد لەگەڵ شەماڵێكی كەسكا، قۆڵیان كردبوو بە قۆڵی
یەكتریدا. دڵخۆش دڵخۆش، ئەو مۆڵەتی وەرگرتبوو بۆ لای
دایكی و، ئەمیش هەر ئەویست سەرێك با لە گەرمییان،
لەو ساتەدا، گرمەیەك و بەرەو ئامێزی من ڕایكرد. بەڵام
سەد داخ و مەخابن، فریا نەكەوت و لێرەدا بەدەمدا كەوت!،
ئەم كچۆڵە دارهەنارەیش یەكەم كەس بوو چووە سەری،
بۆیە ئاوا بەكوڵ ئەگری!.
تاشەبەردە ڕیش سپیەكە، بە دەم هەنیسكی زەردەوە،
قسەی ئەكردو بەردەكان چەند بەردێكی دڵ ڕەق نەبێ
لە جێگەی خۆیان نەجووڵان ئیتر هەموو گەورەو بچووك،
هەر ئەگریان. ژنە درەخت قژی خۆیان ئەڕنیەوەو

"با"ی حەیرانێکیش ئەهات و تاڵە مووی قژی ئەوانی
بە هێواشی هەڵئەگرت و ئەیبردن بۆ ملەی کاوان. ئاو
شڵپە شڵپ لە خۆی ئەداو تنۆکەکان ئەبوون بە پەپوولەی
ڕەش و لە فەرهادەوە ئەئالآن. برینەکان فوویان ئەکرد
بە ڕیزی قامیشەلآندا و مەقامێکی گەرمەسێریان زۆر بە نزمیی
بۆ لێئەدان. کۆترەکانیش بە گمەگم قەسیدەیان بۆ
ئەنووسی و ئەیانخوێندەوە لەوێدا سمۆرەکان لەگەڵ خۆیان
گوێزی خەمیان بردەوە ناو کلۆرە دار. باڵندەیەکی ڕەنگاڵە
ڕەنگەکانی خۆی لە قوڕگرت ئینجا چووە لای بەردەکان.
دارسنەوبەرێ ئەوەندە دانەویبوو فەرهاد ماچکات،
لەناو قەدا شکایەوە بە دەمدا هات. دار کونکەرەیەك
لە داخدا، هێندە دەنووکی لە عەرد دا، هەتا دەنووکەکەی
شکا. هەر کلآوی کلآوکوڕەبوو لەو ناوە کەوتبوون و
بەردەکان چاویان پێ ئەسڕین. لەگەڵ فەرهادی عاشقدا،
دوو شینکە بەردی دڵدارو، سێ قامیشی مۆسیقارو،
یەك چۆلەکەی وێنەکێش و، یەك قەلەباچکەی نانەواو،
قومریەکی بێوەژن و یەك بولبولی شاعیر کوژران!.
بریندارێشمان زۆرترن: گا بەردێ شانی بە خەستی زامداربووە.
شینە شاهۆیەك بە سووکی باڵی چەپی و دار گوێزێکیش قاچی ڕاستی
تەڵزمێکی بەرکەوتووەو بەلآم ئەوەی جێگەی داخە هەڵۆیەکمان
هەردوو چاوی لە دەستداوەو، بەرانێکیش قەفی قۆچێکی شکاوەو،
دوا هەواڵی سەری گەلیش، شۆڕەبیەکەی فەرهاد کردبووی

بە دایکی، وەختێ کارەسات ئەبیسێ، ئەو سەرەی ئەیکا
بە ئاودا هەڵێنابڕێ بە داخەوە تا ئەخنکێ. لە دواییدا
منیش وتم: بەڵام ئەوەی شیوەنەکەی لە هەمووان گەرمتر
بوو، بەردە ڕەشەکەی دایکم بوو!.

★

لەو ڕەوەزانەی سەرەوە. بۆ بەرەو خوار
بە بێ ئەوەی دەنگی پێی بێ
چون هاتنی گوڵی پەموو، وایش بە نەرمیی
ئێوارە هات!.
تەماشایکەن!. پەپوولەی زەرد بە قژیەوەو
جریوەی سوور بە سنگیەوەو، گوڵی ژاڵە
بە دەستیەوەو، پەرچەمێکی زۆر تەنکیش
لەسەر چاوی و، ئێوارە هات!
ئێوارە هات. وەك بێدەنگیی ئەم تابووتەو
وەکو فەرهادی ڕاکشاو. هەموو شت کپ.
هەموو شت مات. لە بەرناشتنی ئەم بەردە باوکە
هەموو بەردە منداڵەکان کڕ بوون
لەبەر ناشتنی ئەم هەورە گەنم ڕەنگەو
بۆ ڕێزگرتن لەم ئازارە. ئاو خوڕەی خۆی
بێدەنگ ئەکاو، ئەیگێڕێتەوە سەرچاوەو،
"با"یش وژە وژی کپ ئەکا نەك گڤەی بێ و
خەم بشڵەژێ.

لەبەر ڕێزی ئەم پرسەیەیش
کەللەی نسێی، سەری کەپوو سوور هەڵگەڕاو
لەم کاتەدا خواخوایەتی هیچ نەپژمێ
تا تابووتی ئەم چرایە تێ ئەپەڕێ.
تەوارێکی بەسەرماکەوتووی دوێ شەویش
هەر خەمیەتی تەرمی ئەم جۆگە کوژراوە
بەڕێبکرێ و لەو ساتەدا ئەم نەکۆکێ!.

★

ئێوارە هات، نیوەی گەلیی تاریکبووەو
نیوەکەی تر، هێشتا ڕووناك
سنەوبەری بەر سێبەری ساردی کاوان
سەرمایانەو ئەلەرزن و فوو ئەکەنە دەستیانەوەو
پشتیان کووڕەو، وەکوو بگرین بۆ ئاگرێ. ئاو بە چاوان!.
بەڵام داری بەر هەتاوی زاری گەلیی
هەتا ئێستەیش بە کراسی بێ چۆغەوە
هەر هەموویان بێباکانە ڕاوەستاون!.

★

ئێوارەیەو دە دوانزەیەك لە عاشقانی بەردستان
شڕۆڵ شڕۆڵ ئەڵێی دارسێوی ڕووتەڵەن.
دە دوانزەیەك لە دەروێشانی دارستان
برسیی برسیی ئەڵێی ڕیشۆڵەی بێدانن.
دە دوانزەیەك لە یارانی بەفرو باران

تەزیو تەزیو ئەڵێی مامزی کەسیرەن.
یەك لەدوای یەك، لە ڕیزێکی هەڵوەریودا،
بەڕێی هەناسەی باریکی دەربەندێکدا شۆڕ ئەبنەوە.
بۆ دارە مەیت خستنە سەر شان
چوار چوار ئەیکەن بە دوو نۆرە
تا بگەنە گۆڕستانە بچکۆلەکەی "بۆکریسکان"

★

دائەگەڕێن و تەماشای واق وڕماوی هەرچی شتە
ئەمبەر ئەوبەر. دار بن بەرد بن، تەیرو تواڵ و ئاژەڵ بن
قازوو قولنگ بن لەسەرێ و مارو مێرو بن لە خوارێ
لەسەر تەرم و شانی ئەوان لەنگەر ئەگرن!.

★

وەختێ تابووت ئەگاتە بەردەمی ڕەزێ
لە سەرەوە بۆ خوارەوە لە ڕەش و سوور
ڕەزی گریاو. بۆڵ بۆڵ فرمێسك هەڵئەڕێژن
هەتا ناو ڕێ و هەتا بەرپێ.

★

وەختێ ئەگاتە نزیکی دارگێلاس و دار بەڵاڵووك
درەختەکان بە یەکدووجارێ سنگ کوتان
بەژنی تابووت ئاڵ ئەکەن و قژی زەردی
هەندێ ڕووەك ڕەنگ ئەکەن و ئەیکەن بە سوور!.

★

لەو مێرگەوە بەرەو دەربەند پۆلێ ڕیشۆڵە بە نزمیی
هەڵئەفڕن و خەریکن سنگ بدەن لە عەرد.
لە ناکاوێ بەرز ئەبنەوەو بە یەکدا دێن، جارێکی تر
کۆ ئەبنەوەو چڕ ئەبنەوەو هەتا ئەبن بە چەترێکی
ڕەشی گەورە لەسەر تابووت. دیسانەوە جارێکی دی
نزم ئەبنەوە هەتا لای گوێ و بە هێواشی پێمان ئەڵێن:
ئای کە تەنیان!

★

چون ڕوومەت و لێوی فەرهاد زەردەپەڕێکی زۆر کاڵەو
دارەمەیتێ، بە خەفەتێکی زۆر لێژدا دائەگەڕێ و
لە پێچێکی کەوانەیی ناو دەربەندا، تەم و مژێ
وەك بێوارە[22] هەر لە خۆوە پەیدا ئەبێ و لەبەر
دەمدا، لە پڕێکدا، هەڵئەتۆقێ و
قوتمان ئەداو، سەرنج کورت کورت ئەکاتەوە
هەتا بەر پێ. لەو ساتەدا وا هەست ئەکەم
دوو کەسیتر شانبەشانی گریانەکەم. هەنگاو ئەنێن و
غەمبارن. لەولامەوە کۆترە ڕەشەکەی "ئیسکان"و
لەم لامەوە کچە خەیاتی دراوسێ. ئەویان دەستێکمی
خستۆتە، سەر دڵی خۆی. ئەمیان سەری لەسەر
شانمە، زۆر بە ئەسپاییش ئەو ئەڵێ "ئای
کوڕەکەم! چەند بێکەسن!" ئەمیش ئەڵێ "ئای

---

[22] بێوارە: غەوارە، بێگانە.

ڕۆحەکەم، چەند ڕووتەڵەو چەند بێبەرگن!"

★

بۆ سەفەری بەرەو لای دەربەندی گریان. کزەبایەکی
سەوزەڵە لە نیشتمانی بەفرەوە. ڕێ ئەکەوێ
کزە بایەکی قژخاوی پێست تەنکی لەش بلوورینی
قەد باریك. لە دوای قەیرێ بە قژوپرچی تەڕەوە،
ئەگاتە سەرسەری ئێمەو، لە کەژاوەی غەمگینەوە،
زۆر لەسەرخۆ دائەبەزێ و دەستی تەزیو درێژ ئەکاو
پەتوو لەسەرسەری فەرهاد لائەدات و، فەرهادیش
وەکوو نووستبێ. دەم و چاوی منداڵانەی دەرئەکەوێ
کزەبا تەختی تەوێڵ و چاوی نوقاو ماچ ئەکات و
بە پشتاوپشت ئەگەڕێتەوە بۆ دواوەو. بەر لەوەی
جێمان بهێڵێ، پێمان ئەڵێ: "ئای عاشقان!
لەناو وڵاتی خۆتاندا چەند غەریبن!"

★

لە گڵی ڕەشدا چاڵێکی هەڵکەنراوو، لە بنی چاڵدا تۆپەڵێ
کرمی سپی و، بە چواردەوری گۆڕیچەیشدا، دە دوانزە
دەروێشی بەردو، لە بەرەو ژوور، گوندێك لەناو
نەخۆشیدا ئەناڵێنێ و گوندێك لەناو بێدەنگیدا پاڵیداوە
بە گردێکی کەساسەوەو، دوو هەنگاو لەولای منەوە،
مەلایەکی بێتاقەت و چاکەت دڕاو، لەسەر چیچکان
دانیشتووەو تەلقینێکی دەست خەت بژو وشە شاشی

فرمێسکاوی بە دەستەوەو، لەولایشەوە دارە مەیتێکی دانراو.
تۆزێ دوورتر، پیرەمێردێ، لە پاڵتۆیەکی عەسکەری قۆپچە
زلدا، خۆیداوە بەسەر گۆچانداو جاربەجارێ دەستێك
بە ڕیشیا ئەهێنێ و دوور ئەڕوانێ. لەسەر بەردێ گەماڵێکی
لووز ڕەشی، هەردوو چاوی نیوە نوقاو، هەڵئەمیزێ و،
منداڵێکی پێخاوسی داسك و دەرزیش جارجار مشەیەك
ئەکات و بەسەر قۆڵی کراسەکەی کەپوی ئەسڕێ. لە ئاسمانێکی
ڕووگرژی ڕەنگ فافۆنی و بێزاریشدا، پەڵە هەورێکی زۆر قورس،
بەڵام نزم، "با"یەکی حووج بە هەموو هێزی خۆیەوە،
لە پشتەوە بە نیخەنیخ، توند توند پاڵیپێوە ئەنێ و،
بەرەو خوارێ ئەیڕەتێنێ، بەرەو سەر ئێمەو گۆڕستان.
ئیستە ناو دارەمەیت چۆڵە، جگە لە پەتووی گرمۆڵە،
چاوم لێیە ئەویش بۆ فەرهاد هەر ئەگری. لەسەری
مامە ڕووتەوە، گرمەیەك و هەورێك تەقی و هەور
پڕاو هەور ڕژاو، بارانێکی شڵەژاوی لە بەرۆکەوە
چەخماخە سەر بەرەڵڵا بە پڕتاو هات. تەپ و نمی
بە قەد دەنکی کۆستمان گەورەو، دارژانی کۆتەڵەکەی،
هێندەی لووزەوی قایمی ئەم دووماتە[23] لە ڕۆحماندا بە گینگڵ و
تافە تافە. بارانێ هات. نەك بە تەنها هەردوو چاومان
هەموو چاوەکانی دیکەیش، چاوی پەنجەکانی دەست و،
چاوی قەڵەمی گیرفان و چاوی قۆپچەی کراسمان و

[23] دوومات: بەڵاو کارەساتی گەورە.

چاوی هەردوو گۆی سەرسنگ و، کەپوومان و،
کڵاومان و ڕیشاڵی جامانەمان و هەموو لەگەڵ
ئەودا گریان!. بارانێ هات، سێ ڕیز سێ ڕیز
جلی ئاوی و جلی پرسەی ئاودامانی بۆ درووین و
کردیە بەرمان. بارانێ هات، ئەمجارەیان بە
دەنگی شەست و ڕەهێڵەی گرمەژنی شیوەنەوە
پێی ئەوتین: ئەی عاشقانی بەردستان! ئەی دەروێشانی
بەردستان! لە دنیادا چەندە تەنیان. چەند بێکەسن
چەند بی داڵدەن. چەند بێ ماڵ و چەند غەریبن
ئەی عاشقانی بەردستان!.

★

شەو دەستی گرتم و بردمیەوە ئەشکەوتم،
شیعرەکان سەرتاپا تەڕ بووبوون. وشەکان وەك
گەڵای داروبار، گژوگیا، بەردەکان، تەڕ بووبوون.
سەرلەنوێ بە چیلکەو چەوێڵی ڕابوردوو ئاگرێکم بۆ
سبەی لە ڕۆحما کردەوە. تۆزێ دوور بەرامبەر
ئاگرەکە ڕامگرتن، شەوقێکی لیمۆیی لێیداین و
دایپۆشین. وشەکان کەوتنەوە جوڵان و لەسەر ڕێی
خەیاڵی تازەدا بزووتن. دوای ئەوەی شیعرێکیان
بە لەشما هەڵژناو گەیشتە لای گوێچکەم پێی وتم:
ئەبینم هەگبەکەت داناوەو ئامادە. بە نیازی
سەفەری؟! ئەمجارە لەگەڵ خۆت بۆ کوێمان ئەبەیت و

کام دنیای تازەمان ئەگێڕی؟!. من پێموت:
ڕاست بۆی چوویت. سەفەرەو بەرو خوار. هەتاکوو

سەر گۆیژەو نزیکی قەراغ شار. گەر بشلوێ،
بە ڕێگەی نەهێنیی (با)یەکی دڵسۆزدا جێی بڕوا،
چون بادە پاکەکەی لای نالیی، سەرێکی
شار ئەدەین. ئاخ ئێوە نازانن، چەند بیری
کۆترەکەو کچەکەی دراوسێی "ئیسکان"و چەند
بیری دوا بۆنی ماچەکەی ئەو ئەکەم!

★

فانۆزی هیلاکی ئەشکەوتم، خامۆش بوو. کزکزکز،
هەر بەحاڵ تیلماسکێ لە تیشکی تاڵەمووی زەردباوی
تیا مابوو. تا سەر جێم ئەهات و نەئەهات.
خەوتووم و نەخەوتووم. بێئاگاو بە ئاگام.
وەك ئەوەی لە نێوان دوو دەستدا دامابم.
یەکێکیان ڕامکێشێ بۆ سەرێ و ئەویتر بۆ خوارێ.
ئەمبینی لەت ئەبووم. ئەمبینی لەتێکم جێمدێڵێ و
ئەویتر هەر لەسەر پێخەفە. بە کەرتی ڕاکردووی
خۆم ئەوت: تۆ لەتی ڕاستیمیی یان ئەمەی
سەر جێگە؟!. یەکێکم و دووانیشم. کامیانم؟!.
لێرەم و لێرەیش نیم. خەوتووم و نەخەوتووم.
ئەمبینی خۆم نیم و تارماییم. ئەبینم و نابینم. ئەوەتا

نایلۆنی سەردەمی دەلاقەی دیوارم، هەڵتەقی و تووتیەکە
هاتەوە ناو ژوورم. هاتە سەر هەمان تەنەکەی پشت سەرم و
نیشتەوە. بە قەد من ماندوو بوو. پێکەنی و پێکەنیم.
هەڵسام و لە دۆلکەی چاکەمدا ئاوێکی غەمگینم بۆ هێنا.
دەنووکی تێخست و یەك بینە هەر هەمووی خواردەوە ئینجاکە
دوو باڵی ڕاوەشان. لێم پرسیی: دیار نەمای لە کوێ بووی؟!
هەر هەمان مەملەکەت، هەر لە لای ڤینۆس و هۆمیرۆس؟!
ئەی بەران؟! پێی وتم: نا نا نا، ئەمجارە "خانی" مان هەڵگرت و بردمانە
لای زین و لای مەم و ناو خەونی هەرێمی بەفرستان. جێت
دیار بوو. بەرانیش لە دەرێ وەستاوەو چاوەڕێی ئێمەیە.
لێم پرسیی: بەرەو کوێ؟! پێی وتم: پێش تۆزێ
کزەبای ناو شیعرت پێی وتین بە نیازی سەفەری بەرەو خوار!.
بۆ ئەوێ و ئەمجارە هەر خۆیشت دەلیلی!
من پێموت: تا گۆیژەو قەراغ شار. زیاتر نا. ناچینە
شارەوە. ئەترسم دووچاری بەڵا بین. خۆ مەگەر
(با)یەکی زۆر ڕاستاڵ ڕێگەمان نیشاندا. هاوڕێ!.
تەنیام و تەنیاییش خەریکە بمکاتە بەردێکی ئەم ناوەو
بێزاریش بە دەنووك ناو ڕۆحم بکۆڵێ، جیا لەوەیش،
زۆر بیری ئەو کۆترە ڕەشپۆشەی ئیسکان و ڤینۆسی
خەیاتی دراوسێ و زۆر بیری ڕەفەکە و ژوورەکەی خۆم ئەکەم!
دوابەدوای قاقایەك تووتیەکە وتیەوە: تۆ چیتە؟!
شیعرێکی زۆر وڕی. چ کارمان بە (با) یە دڵسۆز بێ یان

نەبێ. نازانی. بەرانی باڵدارمان لەگەڵە؟! ناتەوێ
لە حەوشەیماڵەکەی ئەو کۆترە ڕەشەدا دابەزی؟!
وای وت و هەگبەکەم هەلگرت و کردمە شان. شیعرەکان
داچڵەکین. شیعرێکی منداڵیان، ویزەویز، خەریکبوو
لە هەگبە بێتە دەر. زنجیرم ڕاکێشاو کەوتەوە ناو هەگبەو
بێدەنگ بوو. فانۆزم بە ڕەنگی زەردەوە دەستێکی
باریکی هەڵبڕی. ماڵئاوا. کە چووینە دەرەوە،
لە بەردەم بەرگێلەی نسرما. بەرانی باڵدارمان شپرزە
وەستابوو. لاملی تێهەڵسووم. بە گاڵتەیش قۆچێکی
لێدام و پێکەنی. ڕوومکردە توتیەکە: ببوورە بەر
لەوەی بەردستان، دەربەندی عاشقان، جێبێڵین
من ئەبێ سەرێکبەم لە بەردە ڕەشەکەی دایکم و باوەشی
تریفەی دوا شیعری پیاکەم و وەك باران ماچیکەم.
بە پەلە، چون، ڕێو ڕۆی، ئەستێرە لەوەختی کشاندا،
یان پەڵەی هەورێکی تەتەری نێو شاخان، کە نامەی
چەخماخە، بەرێ بۆ، خواوەندی باو باران. گەیشتمە
بەردە ڕەش، باوەشم پیا کردو، گریام و چەند
تاڵێ لە قژی شیعرێکم لاجێهێشت. هاتمەوە،
توتیەکە لە پێشدا لە نێوان دوو قۆچی بەراندا هەڵنیشت و
ئینجا من بە هەگبە و قەسیدەو مەراق و بە دوو چڵ
هەتاوی یادەوە سوار بووم و بە ڕێگەی هەوایی
ئاسماندا، بە ڕێگەی خەونێکی زۆر بەرزی سپیدا،

خاوو تیژ، خەم باریك خەم بەرین، بەرەو شار،
بەرەو لای كۆترێكی بێوە ژن، بەرەو لای ڤینۆسی
خەیاتی دراوسێ هەڵفڕین!.

سلێمانی
2004/11/27

# كورسى

**لەيەك تێكستى والآدا:**

**شيعر، چيرۆك، پەخشان، شانۆنامە !**

2005

## وتەیەكی پێویست

خوێنەری هێژا،

بەرلـەوەی ئـەم تێكـستە والآیـە بخوێنیتـەوە، بـە پێویـستم زانـی لـەوە ئاگـادارت بكەمـەوە، كـە لـەم بەرهەمـە تازەیەمـدا. ویـستومە لـە یـەك كاتـدا شـیعر و چـیرۆك و پەخـشان و شـانۆنامە، هەریەكـەو، بـە خاسـیەتە دیارەكـانی خۆیانـەوە، لەگـەڵ یـەكتردا كۆبكەمەوەو یەك تەوەریش یـان یـەك بیرۆكـەیش، لـە سـەرەتاوە تاكۆتـایی، هـەموویان، وەك پەت و دەنكەكانی ملوانكەیەك پێكەوە ببەستێتەوە. واتە ئەم بەرهەمە، یەك ژانر یان یەك هونەر لە خۆ ناگرێ. لە هەندێ شوێندا شیعر ئەبینی و لـە هەنـدێ جومگـەی تردا پەخشان و لەبەشێكی تردا چیرۆك و لەهەنـدێ ئاسـتی تـردا شـانۆنامە و تەنانـەت ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی و دیالۆگی ئاسایی و قسەی ڕووتیشی تێئەكەوێ، بەڵام دیارە بـە گـشتی فـەزای زاڵ و وێنـەی زاڵ زمـانی مـەجازی شـیعر و سـەبك و خـەیاڵی شـیعرییە. سەرئەنجامیش بەیەكگرتنەوەو یان بە كۆبوونەوەی هەموویان جۆرێ لە ڕۆمان دروست ئەبێ!. گێڕانەوەو سەردی شیعری شێوازی دیاری ئەم دەقەیە. ئەوەندەی من بزانم، بەم فراوانییەو، بەم شێوە درامییەو بە كۆبوونەوەی تایبەتمەندیەكانی هـەر هونـەرێك لـەو هونەرانەو بزوتنەوەیان لەسەر تەوەرێك و لە یەك تێكستی ئەدەبیدا، پێشتر لە ئەدەبی ئێمـەدا نـەبووەو نەنووسـراوە، بـۆ ئـەدەبی دەوروبـەرو جیهـانیش دڵنیـا نـیم و نـازانم، ئەوەیان بۆ ڕخنەگران بەجێئەهێڵم. هەروەها بیرۆكەی سەرەكی تێكستەكەیش تازەیـەو ئەوەندەی بۆ خۆم ئاگاداربم لەمەوبەر لە دەرگای نەدراوە! بەڵام لـە هـەمان كاتـدا، ئـەم كارەیشم درێژەدانە یان هەوڵێكی پترە بۆ گەشەپێكردن و بەرەو ژوور هەڵكشانی هەمان ئەو ئەزموونـەی كـە لـە دەمێكـەوە لـە گەڵیـدا هـاتووم، واتـە كـاركردن و هەڵكەنـدن لـە یـادەوەری و زاكـیرەی كـوردو مێژووەكەیـدا. جـا لـە ڕێگـەی خوێندنـەوەی جوگرافیـای

هەموو نەخشەکەوە بێت یان لەڕێی زاکیرەی شارێکەوە، وەکو لەم دەقـەدا دەرئەکـەوێ و شان بەشانش تێکەڵ بە بیرەوەری و زاکیرەی تایبـەتی خـودی خۆیـشم ئـەبێ. لەلایـەکی تریشەوە (21) وشەی تازەیش کەوتوونەتە ناو لاپەڕەکانی ئەم بەرهەمەوە، کـە پێـشتر تـەنها لـە دووتـوێیی قامووسـەکانماندا بـوون، لـە فەرهەنگـەکانی مامۆسـتایان "هـەژار و زەبیحـی و شـێخی خـاڵ و گیـو موکریـانی"دا بینـراون و بـەس. نەچـوونەتە نـاو دەقـە ئەدەبیەکانــەوە، بـۆ خۆیـشتان ئـەزانن لـە "دەربەنـدی پەپوولـە"وەوە لـە سـەرجەمی بەرهەمە درێژەکاندا و تا ئیستە لەم وشە بژێریانەدا کارمکردووە.

بەرێزینە!

زاکیرەی ناو ئەم بەرهەمە، سەردی شیعری و هونەری ناو ئـەم تێکستە، تەوەرەکـەی شاری سلێمانییە، بە واتایەکی تر، چەند جومگەیەکی پێکهاتەی مێژوویی ئـەم شـارەیە، یــان یــادەوەری و ئاوێنــەکانی ژیــانی خــۆمن. ئاشــکرایە شــوێن و نــاو لــە تــەواوی بەرهەمەکانی مندا ڕووبەرێکی فراوانیان داگیرکردووە. ئەوەی ڕاستیبێ، مـن بـەبێ سـێ کوچـکەی سورشـت و نـاوو شـوێن نـاتوانم بنووسـم. بۆیـە ئەشـێ هەنـدێك لـەو ناوانـە، تەنانــەت لای نــەوەی نــوێی شــارەکەم و دەرەوەی ســنووری کۆمەڵایــەتی و سیاســی و فەرهـەنگی ئـەم مەڵبەنـدە، نەناسـراو بـن، یـان لای ئەوانـەی تەمـەنیان زۆر لـە خـوار منەوەیـەو لـە یـادەوەری ئەوانـدا نـەبن. بۆیـە بـە پێویـستم زانـی جگـە لـە نـاوە زۆر ناسراوەکان، ئەوانیدی، پەراوێزی ڕوونکردنەوەیان بۆ دابنێین!.

شێرکۆ بێکەس
سلێمانی: 2005/6/25

منی نووسەری ئەم دەقە، دێرزەمانە،
لەم شارەدا، چون "با"یەکی شێت و وێتی
پێخاوسی شەرواڵ دڕاوی سەرگەردان،
دێم و دەچم و، جارێك ئەبم بە شیعرێکی

مەست و سەرخۆشی مەیخانەو، جارێکی دی،
بە چیرۆکێکی کۆماوەی ناو خەڵوەتێکی سۆفیانەو،
یان بە گوناهی بێداڵدەو، یان بە پەخشانی
بێ ماڵی ئەو دەشتانەو، یان بە شانۆی
گەڵاڕێزان. تەنیاییشم قەلەباچکەیەکە لاواز،
مل ڕووتاوە، هەموو ڕۆژێ، لە چایخانەیەکی
بچووکی هلمدودا[1]، لەسەر کورسییەکی ماندوو،
لەسەر کورسییەکی تاکی، گۆشەگیری، بە ساڵاچوو،
هەڵئەنیشێ و دائەنیشێ و دەستی
مەراق ئەخاتە ژێر چەنەی یادو یەك لەدوای
یەك، وەکوو سیگار، تەم ئەکێشێ و،
کورسی ئەکەوێتە قسەو، دووکەڵیشم بەزمانی
خۆڵەمێشی، لەسەر دەرگا بێ یان دیوار،
لەسەر عەردبێ، یاخود لەسەر جەستەی ڕێبوار.
هەرچی ئەو بیڵێ ئەینووسێ!.

★

کورسییەکی کورتەباڵای بەتەمەنە و
ئێسك سووك و تەوێڵ پان و
دەست باریك و ناوشان تەنگەو
بەڵام هێشتا وریاو قنجەو
قاچێکی کەمێ ئەشەلێ و

[1] هلمدو: شێ و تەڕایی زۆر

بەڕەنگ و ڕووی زەردەڵەیەو
قژ ڕووتاوەو، وەلێ تەندروستی تەختەو
جومگەکانی گەلێ باشە!
کورسییەکی شپرزەیەو خەیاڵاوی.
هێندەی تەپڵەکی جگەرەی پڕ لە سووتوو
بێتاقەتەو
کاتێ سەرنجی لێئەدەیت
ئەڵێی هەورێکی بچکۆلەی
دلگوشراوی سەر سەیوانەو
تەمێك کەوتۆتە سەردیدەی.
کە گوێشت نا بەسنگیەوە
وا هەستئەکەی
دەنگی ڕۆحی وەکوو جەستەی
هەڵئەقرچێ و بەردەوامیش
وەکوو بڵێی لە جۆلانەی ئاگردایە.
ئا ئەم کورسییە شپرزەیە
ساڵەهایە نیشتمانی
ئەم چایخانە بچووکەیەو
خەیاڵیشی وەکوو دووکەڵ و خۆڵەمێش
لەناو گیزەی بێ ئارامی سەماوەرو
لەهەڵمێکی ڕەنج بە باچوو،
یان لە ڕەشایی تەمەنی

وەجاخدایە!

ئەم کورسییە

بە ڕەچەڵەك

کوڕی کوڕی

دارگوێزێکی نەقشبەندیی بەناوبانگی هەورامانە.

باپیرە گەورەی وەختی خۆی

پەیکەرتاشی سەر تەختە بوو

هێندەی باران دەست ڕەنگین و

هێندەی کەوێڵی ڕوو لە (با)یش

بە ئامۆش[2] بوو

ئەگێڕنەوە:

ئەم باپیرە پەیکەرتاشە

بۆ زەماوەندی سەرداری ئەردەڵان و

خاتوو ماه شەرەفی ژنی

لە پارچەکانی جەستەی خۆی

هەر بە دیاری

تەختەی یاریی، شەترەنجێکی لەش قاوەیی و

دار سیگارێکی درێژی بۆ سەردارو

لەگەڵیشیا

چەند شانەیەکی نایاب و

کلوێچکێك و

---

[2] ئامۆش: ئارام. هێور.

باوەشێنێکی نازدارو
جووتێ قاپقاپی جوانیشی
بۆ ماه شەرەف، بۆ "مانگ"ە کەی
میر ناردبوو.
ئەگێڕنەوە
وەختێ ئەم دارگوێزە ئەمرێ و
یەکەم دنیای خۆی جێدێڵێ
دار نامێنێ و گوڵ نامێنێ و تا قامیشی مۆسیقارو
یان دارکونکەرەی "نەحات" و
پەلکەڕەنگینەی شێوەکار، هیچ نامێنێ
لە کۆتەڵیا، هەموو هەموو، وەك هەورامان
بەکوڵ نەگرین!.
ئەگێڕنەوە
کە ئەچێتە ئەوەو دنیایش
لەسەر چۆمێ و لە نێوانی دوو ئاوایی و
بۆ ئەو خەڵکە
ئەبێ بە مورەغەی پشتی
گەورە پردێ!.
بەڵام ئیتر
گەمەی زەمان ئاوەهایە
وا ئەمێستا نەوەکەیشی
لەم چایخانە بچووکەدا

کەس نایناسێو
بزمارە ژان لەناو سەریا پل ئەدات و
چون وەڕەسبوونی تەمەنیش
پێڵوەکانی لە باپێچی وەنەوزدایە.
کورسییەکی بێ ئارامە
هەندێ جار جێگە ئەگۆڕێ
لەم سووچەوە بۆ ئەو سووچ و
لەمبەرەوە بۆ ئەوبەرو
بەڵام هەرگیز
نە ئەچێتە سەر شەقام و
نە ئەڕواتە ناو بازاڕو
تەنها لەشوێنی خۆیەوە
ئەڕوانێتە دەوروبەرو، لەبەر ژیان و مانەوەیش
باوەشیشی بۆ هەموو کەسێ والآیە!
لەسێبەردا پێستی تەڵخ و کزۆڵەیەو
چاوی کزتر. لە هەتاودا پێستی گەش و هەر بە وێنەی
پیاڵەیەکی پشتێن زەڕلی پێئەکەنێ و هەروەختێکیش
شیعری لەسەر دابنیشێ ئاسوودەیە. لە کرێوەو
بەفرانباردا، دەستەکانی بێدەسکێش و، قاچەکانی
بێ گۆرەوێو، هەر بە تەنها دۆشەکڵەیەك لە
نووکە دەرزی ناو سەرما ئەیپارێزێ و نە سکاڵاو

نه داخوازیو نه توورەبوون و بۆڵەبۆڵ هیچی نییە!
تەنها شتێك کە ئەم لە دڵیا گرێیە
لەم شوێنەدا، ژن ناناسێ و
ڕۆژێ نایەنە باوەشیو
هاوڕێی لەناو ڕەگەزە نەرم و نۆڵەکەی
تردا نییە!.
بەشەو هەر خۆی و چەند تاکێ لەو کورسیانەی دەوروبەرو،
قەنەفەیەکی عوسمانی فێست لەسەرو، ئەسکەملێکی ڕاکردووی،
خۆ گۆڕیوی خەڵکی سنە ئەمێننەوە. لەناو یەکدا
حیکایەتی ژیانیان و ڕابوردوویان، لە ڕەگەوە، لە بنج و بێخی
دایکەوە یان باوکەوە، لەگەڵاکانی دڵداری و لە هەزنەکانی[3]
خەزان و، لە بڕینەوەی جەستەیان، بۆ یەکتری ئەگێڕنەوە.
هەموو شەوێ یەك لە دوای یەك ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی
کە لەسەریان بەجێماون ئەیخوێننەوە.
ئەم کورسیە نەجیب زادەیە
لەو وەختەوە لە شاردایە
هەزاران کەسی ناسیوە.
چەند گۆڵمەزو چەند ئاشووب و چەند دوکان و
چەند ماڵان و چەند گەردەلوولی زەمان و
گێرمەوکێشەی ڕەنگ و دەنگ و
هەڵگرتن و داگرتن و چەند ئاشێوو[4]

---

[3] هەزن: ئازار

دەرکردن و فرێدانی دنیای دیوە!
لە شەوێکی سپی و کپی زستاندا بوو
کورسی غەمگین گێڕایەوە:
من ڕۆژگاری بنەتۆوی و زۆر ساوایی خۆم بیرنییە!.
بۆ نەژادی هەرە دووریش ڕەنگە باهۆزێ سەر
خێڵ و یان شەپۆلی گەورەی چەمێ نەنکە هەرە
دوورەکەم و یان لە ئەسڵا هەر گڵمتکی پەنابەردێ
یەکەم کەسی مێژووەکەم بێ!.
بەڵام کاتی نەونەمامیم
دوو یادگار وەك دوو هۆرم(5)
لە هەناوی ئاوێنەکانی خەیاڵما ماونەتەوەو
لەیاد ناچن.
زۆر باریك بووم، لاواز لاواز
لە هەفتەیەکدا دووسێ جار
"با"یەکی خوێڕی ناوکەندێ قژپوشاوی
دەنگ زیقەڵە، (با)یەکی حیز
کە لەبەر دووکەڵی جگەرەی دارکەنێکا هەڵئەهات
نەی ئەوێرا نزیکی ئەو سەر دەربێنێ
کەچی بە من وا فێر بووبوو
هەموو جارێ، لە ملەوە ئەیگرتم و

---

(4) ئاشێو: دەردو بەڵاو بەسەرهاتی ناخۆش.

(5) هۆرم: خەون لەناو خەوندا.

به جۆرێ ئەیچەماندمەوە
تا سەرم بەر عەرد نەکەوێ
دەست هەڵنەگرێ!
من دڵڕەقی ئەو (با) خوێڕیو ترسنۆکەم
قەت بیرناچێ.
بەڵام پەپوولەیەك هەبوو
ڕەنگی ڕەشێکی قەترانیی
باڵی کوتراو بە وردە خاڵی زۆر سپی
ناسك.. ناسك
هەموو جارێ بەیانیان زوو
هەر دوای گەیشتنی شەونم ئەویش ئەهات
بەبێ چرکە، گۆپکەم هەستی پێنەئەکرد
لەسەر شانم ئەنیشتەوە
ـ بەیانیت باش!
ـ بەیانیت باش!
ـ هەواڵی ڕەز؟ هەواڵی باخ؟!
ـ هەواڵی ئاو؟! هەواڵی دارو دارستان؟!
لێم ئەپرسیی.
ئەویش هەموو جارێ ئەیوت:
ـ مادام ڕەشەبا نووستوەو تەور ونە
دنیا باشە!
جارێك نەبێ

وەختێ کە هات
شڵەژابوو، لە تاواندا، باڵی گیربوو لە ڕیشاڵم
یەکەمجار بوو گوێم لە نووزەی پەپوولەبێ!.
یەکەمجار بوو من پەپوولەیەك ببینم هێور نەبێ!.
وتم: چییە؟!
وتی: لە ئاواق[6] و لە ناو لم و خۆڵ و لە وڵاتی عوجاجەوە
لەو خوارەوە، حوشتر خۆرە، عاگول بەسەر
بە هەزاران ڕەشەباوە، گەیشتوون و،
هەرچییەك باڵایکردبێ
لە شێوەی ملوانکەیەکدا
یەك "بسم الله" ی ئەکەنە مل
ئینجا ئیتر ئەیبڕنەوە!
بەداخەوە ئەوە دواجار بوو پەپوولە
ببینمەوەو نەشمزانی چی بەسەرهات؟!
لە منداڵیما من خۆشیم
نە لە ئاوو، نە لە هەواو
نە لە هەتاویش نەبینی، ئەتوت پەلکێکی هامووتام[7]
بۆ خۆیشم لەوە تێناگەم چۆن گەورەبووم!
کە وەختێکیش هەرزەکاریم بریق وباق
سەوزیکردوو

---

[6] ئاواق: چۆڵی و بیابان.

[7] هامووتا: بێ سەروشوێن.

لەبەر پەنجەرەی گەڵاوە قژ بە ئاونگ
کەوتمە چاوبڕکێ لەگەڵ کچ
کچە دارسێوی دراوسێی مەمك قوتی
لەش سپی و سۆڵ.
کچە گێلاسی سوخمە ئاڵ،
گوێ بە گوارەی کەسك شۆڕی
هەتا سەر ڕنووی شان و مل.
یان کچە قۆخی عەیاری، تۆزێك بەحاڵ
موو لەژێر چەناگە هاتوو
یان کچە قەیسی، شان سووتاو
لەبەر هەتاو..
ئەوسا ئیتر بووم بە گەڕەکی مانگەشەو
بۆ دڵداران
بووم بە کۆڵانی دەرنەچووی ماچی وێڵ و
بووم بە سێبەری سەرخۆشی لارە لارەی
دوای ڕامووسان و ڕاکشان!
لەو دەمەدا ناوقەدم ناوقەدی هێزو
گوڕەی ئارەزووم لە لقما گڤەی تەڕ تەڕ
وەکوو بارڕن بکەن گەڵام بە هەزار دەم.
یان ئاوێنەبم بۆ قاقای ڕووبارو چەم
دارە مێینەم ئەبردە ناو تەلان و
لە تێئاڵانی شەوگاردا

پەنجەی دەست و پەنجەی قاچ و
چاوەکانمان، دائەگیرسان
ئەبوون بە شەم!.
چەندە قومری. چەند کوکوختی. گمەگمیان بۆ یادگار
بە دڵمەوە هەڵئەواسی.
چەند هەسارە. بەپیتەکانی جریوە
شیعریان لەسەر چڵ و گەڵای من ئەنووسی.
لە سەیراندا، باسکەکانم، بۆ دیلانێی کچانی شار
ئارام ئارام ڕائەگرت و هەتا گوژمیان
گەرمتر و زیاتر بوایە.
هەتا جوانیی
بۆ بەرەو ژوور هەڵبفڕیایە
من خێراتر ڕامئەژەنین.
بیرم نەبوو! باوکم گێڕایەوە وتی:
تۆ هێشتاکە لە قوماتەی گەڵادا بووی
کە دایکت سێڵاوێ بردی
دایەنێکی دار هەنجیرمان بۆ هێنایت و
شیری دایتێ هەتا نەمری!.
باوکم ئەیوت:
لەو دار هەنجیرە دوو برای شیریت هەیە
بەداخەوە لە (جاسەنە) یەکێکیان فڕۆکە کوشتی و
ئەویتریان ڕوویکردە "هانە گەرمەڵە"

لەدواییدا کچە دارگوێزێکی هانی
من ئەگەر لەسەر زەین بم
"ئەحمەد موختار"
ئەبێتە کوڕی نۆبەرەی ئەو خانمە!
باوکم گێڕایەوە وتی:
دوای مەرگی خاتوون عەنبەر بوو
لە هەرەتی چڵ و لق و گەڵادا بووم
هاوینێ بوو، جارێك مەولەوی ڕێی کەوتە
بن سێبەرم
غەمگین.. غەمگین
هەر کە لەسەر بەردی بەر دەرگاکەم دانیشت
وەختێ دەستیکرد بە نووسین
دوو دڵۆپ کەوتنە سەر کاغەز
بە دوای ئەودا
ئیتر هەرچی چاوی پەلك و گوێزم هەیە
دارژان و کەوتنە گرین!
باوکم لە زمانی باپیرمەوە ئەیوت:
ڕەنگە درەختی وا هەبێت، لای خوای دارتاش
بۆ نموونە بەشی بیست شتی تیا ببێت، بەڵام تەنها
یەکەم بەشیان، کرا بەچی، هەر ئەوەیان ڕۆحی
مانەوەی تیا ئەبێ‌و، ئەوانیدی، پاشماوەکان،
بکرێن بە هەر شتێکی تر، هەر جەمادن!.

هەموو جارێ باوکم ئەیوت:
ئێمەی درەخت و دارستان
یەکەم خواوەندمان سروشتەو
دووەم خواوەندیشمان دارتاش!
یەکەم خواوەند گەورەمان ئەکا بۆ دووەم
دووەمیشیان لە دارەوە ڕۆحێکی تر
ئەکا بە بەر تەختەمانداو
تەختەیش ئەبێ بە هەزار شت!
وەختێ باوکم ئەم قسانەی بۆ ئەکردم
بۆ خۆی بوو بوو بە کۆڵەکەی ناو مزگەوتێ!.
ئەوەیش دووەم ژنی باوکمە باوەژنمە
بووە بە کۆتەی قەساب و
ئەوەیش پوورمە بووە بە تەختەی نووسین و
لە ژووری پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵەدا
هەڵواسراوە. ئەوەیش مامە بووە بە ڕەفەی دوکانێ و
هەر گوێزەکانی لەشی خۆی لەسەر پشتی دانراوە.
ئەوەیش خاڵمە لە ماڵێکدا بووە بە پەنجەرەی ژوورێ
ڕوو لە هەتاو. ئەوەیش خوشکە بچکۆلەکەم، ئاوڵە
کوشتی و ئێستا بووە بە تیرۆکێکی نازدارو ئەوەیش
پیاوەکەی دراوسێی دەستەڕاستمان چوارەم ژنی وەختێ
هانی عومری خۆی ئەدا لە هەشتاو ئێستە بووە بە دارەڕای
سەر ئاودەست و ئەوەیش دراوسێی دەستە چەپ

ڕەزەوان بوو ئێستە بووە بە تەختەی پەرژینی
باخ و هاوڕێکانی باوکیشم: یەکێکیان بووە بە
سنووق بۆ جل و بەرگ و ملوانکەو متوموررووی شۆڕە
ژنێ. ئەویتریان هەتا بڵێی هەڵەوەڕو چەنەباز بوو ئێستە
بووە بە ستوونی بەردەمی ئاش. کۆنە ناسیاوێکمان هەبوو ئێجگار درێژ،
زۆر خێرخواز بوو،
ئەو ڕۆژە دیم لە نێوانی
دوو کۆڵانی هەڵەبجەدا کردبوویان بە دار چرا.
هەر لە نەوەی دارگوێزەکان
دوو ئامۆزای مەست و سەرخۆشیشمان هەبوو
وا ئێستە بوون بە دوو لاشیپانی دەرگای
مەیخانەیەك لەناو شاردا.
هەر لەڕەچەڵەکی ئێمە عاشقێکی شێتمان هەبوو
هەمیشە هەر پیاسەی ئەکرد، بێ ئۆقرەبوو. وەك کلك
هەڵسەنگێنە وابوو. ئەو ڕۆژە دیم بووبوو، بە تەختە جۆلانەی،
دوو دڵداری شێت و شەیدا لە باخێکدا!
ئەبی بەچی؟! چارەنووسە. ئەتکەن بەچی؟ چارەنووسە.
لەبیرمدێ نەورەسێکی
پانتۆڵ لەبەری قژ زەردی ڕۆژنامەنووسی هەڤاڤی[(8)]
جارێك ڕێیکەوتە لای ئێمە
ئەیویست ڕێپۆرتاجێکی جوان

[(8)] هەڤاڤ: کەسێ کە ماڵی لەسەر کەناری دەریا یان چۆم و ڕووباربێ.

لەبارەی هەردوو ژیانی درەختەوە
بنێرێ بۆ ڕۆژنامەکەی
کە ناوی "چاوی زەریا" بوو.
هەر درەختێکی ئەبینی لێی ئەپرسی:
لەدوای ئەم ژیانەی ئێرەت لە لای دارتاشی خوداوەند
تۆ حەزئەکەی ببی بەچی؟!
یەکێ ئەیوت: من حەز ئەکەم
ببم بە پێشانگای کتێب!
یەکێکیتر: بە بۆفیەی ژووری کچێ.
یەکێکیتر: بە دۆڵابی قاپ و قاچاغ.
یەکێکیتر: بە چوارچێوەی تابلۆکانی وێنەکێشێ.
یەکێکیتر: بە مێزی ناو سەماگەیەك.
یەکێکیتر: بە سیستەمی ژن و مێردێ.
یەکێکیتر وتی حەز ئەکەم من ببم بە بەلەمێ
لە تەنیشتیەوە دار گوێزێ کە تا ئەو کاتە خەریکی
تیمارکردنی برینی دوو پەنجەی دەستی ڕاستی بوو،
لە پڕێکدا هەڵیدایە:
لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەمدا زۆر هاوڕێین
من حەز ئەکەم ببمە سەوڵ لەناو بەلەمەکەی ئەودا.
درەختێکی هەشتینەك[9] لق
وتی حەز ئەکەم من ببم بە پەیژەیەکی هەشت پلە

[9] هەشتینەك: هەر شتێ لە هەشت بەشی وەك یەك پێکهاتبێ.

دارێکی لووس وتی من بە داری هەللاج
هەشت نۆ داری خوشك و برا وتیان ئێمە خۆزگەمانە
هەر هەمووومان ببینن بە تەختەی سەر شانۆ
دارێکی خڕپلە وتی
هیوامە بمکەن بە پنە.
دەرختێکی جیقن وتی
حەز ئەکەم ببمە باڵشمە[10]
سەیر ئەوەبوو، لە دواییدا، پاش چەند ساڵێ
ئەوەی ئاواتی خواستبوو ببێ بە پێشانگای کتێب
بوو بە دۆلابی حاجەت و ئەوەی ئەیویست ببێ بە
سیسەمی ژن و مێردێ، بەختی نەبوو، بوو بە تەختەی
تاتە شۆرو، ئەوەی خەونی بە بەلەمیشەوە
ئەبینی. بوو بە دارە مەیتی مزگەوت. ئەوەی ئاواتی
ئەوەیش بوو ببێ بە سەوڵ کردیان بە داری سێدارە!
لەو ڕیزەدا من دواکەس بووم
کە نەورەسی ڕۆژنامەنووسی بیانی گەیشتە لام
وەختێ بینی من ڕوومخۆشەو
بەدەمیەوە پێئەکەنم و
هەندێ فەریکە گوێزی خۆم بۆ هێناوەو
گەڵێ شیعری ڕۆمانسیانەیشم لەبەرە
ئیتر سەرکەوتە سەرەوەو

---

[10] باڵشمە: چوارچێوەی دەرگاو پەنجەرە.

لەنێوان دوو لقما هەڵنیشت.

دەیان پرسیاری لێکردم

هەتا ئێستەیش پرسیارەکانم بیرماوە

یەکەم پرسیار: ئەی تۆ ئاواتە خوازی چیت، ببی بەچی؟!

و: بە مێزی ژووری شاعیرێ!.

پ: ئایا خۆشەویستت هەیە؟!

و: تەماشاکە ئا ئەو کچە دار هەنارەی ئەوبەرەوە.

بەڵام تەیمانی توتڕکی باوك و دایك و براکەیان

ڕێی لێگرتووین، شەوێك فرسەتێ دروستبوو

خەریکبوو دەستم بیگاتێ و لەپڕێکدا پەیکوڵی

باوکی پەیدابوو. چەقیە بن پێم!.

پ: باشە ئەی ئەو؟! ئەو حەز ئەکا ببێ بەچی؟!

و: وا حەزئەکا، ئەگەر من ببم بە مێزێ بۆ شاعیرێ،

ئەویش ببێ بە کورسیەکەم!

پ: لە کام شوێندا؟! لە کام گونددا؟! لە کام شاردا؟!

و: ڕاستت ئەوێ؟! سلەیمانی!

پ: ئەی ئەگەر نەکرای بە مێزی هیچ شاعیرێ؟!

و: بەدبەختیمە! بەڵام دەسەڵاتمان نییە!

پ: ئەی باشە، ڕاتان، بەرامبەر کورسی نایلۆن؟!

و: بەڕاستی بێ ئەسڵ و فەسڵن. کەس نازانێ ئەمانە

لەکوێوە هاتوون! هەر جەستەن و ڕۆحیان نییە!

پ: لەئێستەدا گوێ لەکام مۆسیقا ئەگری؟!

یاخود دەنگی کێت بەدڵە؟!
و: شەپۆلەکان و قاسپەی کەو
ناو بەناویش گوێ لە بولبولەکان ئەگرم.
پ: ئەی شیعری کێت زۆر بەدڵە؟!
و: مانگەشەو وەختێ لەسەر بەفر شیعر ئەنووسێ!.
پ: باشە تۆ هەرچی دارگوێزە خۆشت ئەوێن؟!.
و: نەخێر هەرگیز. تیاماندایە ئێجگار چاوچنۆك و
زۆردار. ئەیانەوێ هەرچی ئاوە، یان هەتاوە،
یاخود باڵندەی ئاسمانە بۆ خۆیانبێ!. وەك ئەبینی
دەستیان بەسەر ئەرزێکی زۆردا گرتووە. جۆگە لەدوای
جۆگەو زنە هەڵئەلووشن و تێریش ناخۆن. بە سامانی
زۆری گوێزەوە ئەنازن و تیایاندایە سێ ژن زیاتری
هێناوە. لە هەموویشی ترسناکتر، هەر ئەوانە. لەگەڵ
دار کەنەکاندا، ڕێککەوتوون، ئەیان نێرنە سەر درەختە
هەژارەکان ئەیانکوژن. سەرچاوەی پواز ئەوانن.
دڵیان ڕەقەو مانای لێبوردن نازانن. گوێ لە هیچ
دارێ، ڕووەکێ، لە کەس ناگرن!
پ: باشە تۆ وەکوو بزانیت. بیستبێتت. ئەو دار گوێزە
زۆردارانە. لە دوا ڕۆژدا. ئەوان ئەیانەوێ ببن بەچی؟!
و: وەك بیستوومە!. بەشی زۆریان ئەیانەوێ ببن
بە دەرگاو پەنجەرەو بە ئەسکەمل و کەنتۆری ژووری
پاشا و کۆشکی پاشا. یان بە دیکۆری ناوەوەی تەلارەکان.

بە تەختی ژێر پێی سوڵتان و پادشاکان، بە سیسەمیان،
بە کەشتییان، بە تاقمی ژووری شاژن. بە سەوڵەجان.

پ: باشە لەشکری ڕەشەبا یاخود زریان ساڵی چەند جار دێنە سەرتان؟!

و: لە ساڵێکدا چەند جارێ تووشی شەڕ ئەبین. پار زستانێ
نیوەشەوێ، لە چوارلاوە هۆڕەباکان[11] هاتنە سەرمان ئێمە بەرگری باشمانکرد،
بەڵام زیانیشمان زۆر بوو.

پ: زیانی چۆن؟!

و: دە دوانزەیەکمان لێکوژران پێنج شەشێکیان مێرد
منداڵ بوون. سیانیان کچ بوون. برینداریش ئێجگار زۆربوون!.

پ: باشە جگە لە ئافاتی زریان. دوژمنێکی ترتان هەیە؟!

و: بەڵێ بەڵێ یەکەم ئاگرو ئینجا دارکەنەکان و
هەروەها ئەو مرۆڤە پیسکەرانەی
پاشەڕۆیان، جێئەهێڵن، پار بەهاربوو، هەر لێرەدا
حزبێك سەیرانێکی گەورەی کردوو، سەرکردەیەکیان دەستی
کرد بە خوتبەدان. ئەیوت ئەم خاکە بەهەشتی سەرزەمینەو
ئێرە بێشکەی شارستانی و دنیابووەو، ئەیوت وەتەن
نووری چاوە، سەیر ئەوەبوو وەختێ هەستان، لە دوای
خۆیان پیساییان بۆ ئەم بەهەشتە جێهێشت و
وەتەنیان کرد بە زبڵدان!.

پ: دوا پرسیارمان! باشە ئەی تۆ کام ژیانیانت خۆش ئەوێ ئەمەی سروشت؟!
یاخود ئەوەی ئەوەو دنیای لای

---

[11] هۆڕەبا: بای ساردو توند بە مژەوە.

خواوەندە دارتاشەکان و لەبەرچی؟!
و: ئەمەی ئێستا! لەڕاستیدا لێرە سەوزین لەوێ
ڕەنگمان نییەو ڕەنگ ئەکرێین و جگە لەوەی لێرە تەڕو
لەوێ وشکین. بەڵام لێرەش هەر چەقیوین و
یەك قاچین.. لەولا ئەگەر بەخت یاربێ قاچمان زۆرەو
ئەجووڵێین و جیهانیش زۆرتر ئەبینین!
یادەوەریم
لەسەردەمی درەختیما، وا تێنەگەن
هەمووی هەر لەناو باخەڵی سەوزی کچ و
یان لەناو سەمای زیوینی مانگ و بەفراو
یان لەناو ماچی نارنجی و شەوی سووری
هەناران و ئۆخژنی ڕەنگاوڕەنگابوو!
من بێ خەونەکانی مرۆڤ، دڵنیابن
ئەبووم بە گوێزێکی پووت و
بێ خۆشەویستیی منداڵ و پەنجەکانیان
بێ خۆشەویستی ژنان و، دەم و لێوو
شنەشنی پرچەکانیان
نەمئەتوانی هەرگیز بژیم!.
ئەو پەنجانە بۆ من پەلك و گەڵای تر بوون.
ئەو پرچانە بۆ من چڵ و لاسکی تر بوون.
لە سەردەمی درەختیما و لە وەختی شۆڕشی شاخدا
ئەگەر ڕۆژێ بمبیستایە

منداڵێکی ناو ئاوایی بەرکەوتووە
من چڵێکم ئەشکایەوەو
ڕیزێ گەڵام هەڵئەوەری.
بمزانیایە ژنێك بووە بە سوتماك و بە قوربانیی
من لێرەوە ئەژنۆم ئەشکاو دائەکەوتم و
هیوام کلۆری تێئەبوو!
ئەو سەردەمەی گەشتوگوزار و هەڵپەڕکێ و
سەیرانیان کوشت، ڕەشبەڵەك و
شمشاڵیان کوشت...
ئەو سەردەمەی کە دەسەسڕی سەرچۆپی و
قریوەی کەسێ دیار نەبوو
ئیتر ڕۆحی ئێمەیش چۆڵ و
نائومێدی پەناگەم بوو
من ئەوکاتە بۆ یەکەمجار
لە تەنیایی و لە بێتاری[12] و لە غەریبیی خۆم گەیشتم
لە سەردەمی درەختیما
ڕۆژ هەبوو، پڕ بوو لە کوللە
چاوی گوێزیان دەرئەهێنا!.
ڕۆژ هەبوو، پڕبوو لە دووکەڵ
لەو دارستانە زلەدا، هەناسەمان بۆ نەئەدرا
ڕۆژ هەبوو تەم وا ئەنیشتە سەرجەستەمان

---

[12] بێتار: بەڵاو دەرد. بێهۆشی.

ئەمانوت ئیتر مەحاڵە جارێکیتر هەڵسێ و بڕوا.
شەو هەبوو هەتا بەیانیی گەلا مردووەکانمان ئەژمارد.
لە ترساندا ئەخزاینە ناو باوەشی یەکترەوە. لەبەرچاومان
ئاویان ئەکوشت. لەبەرچاومان سێدارەیان بۆ هەتاو و
"با" هەڵئەخست. لەبەرچاومان داری پیرێژن و
داری پیرەمێردیان لە شاخەوە گلۆر ئەکردەوە هەتا
کۆردەرەی[13] بن بنار. لەبەرچاومان دارچنارە کچەکانیان
ئەتك ئەکرد. ڕەزە ژنیان تینوو ئەکرد هەتا ئەمرد.
چییان نەکرد؟!
سەردەمی درەختیم تێپەڕیو
ڕۆژێ هات قڵێشام
کەرت کەرتیان کردم و
خشەخش بە سواری ئێسترێ
ڕاکێشرام بۆ شاری هەڵەبجەو
چوومە لای خواوەندی دارتاش و
کردیانم بەکورسی!

قەنەفەکە: هەر یەکەم مشار ناخۆشە، دوایی ئیتر ئاساییەو ڕاهاتنە.
ئەی دوای ئەوەی بووی بە کورسی؟!
ئەسکەملە سنەییێکە: بەدبەختیەکەی من زۆرترە.
بەڵام بەدڵ گوێم لێگرتووی.

[13] کۆردەرە: دۆڵی قوڵی بن بەست.

چونکە بەژڤین[14] و چاوگی ئازارەکان هەر یەك شتە!
قەنەفەکە: ئەمشەو بۆ ئەو. شەوی ترمان زۆر لەبەرە!
ئەسکەملە سنەیێکە: من حەز ئەکەم، سبەی شەوم بۆ تەرخانکەن. مەگەر داستانی فیردەوسی، ئەو تولانییەی ئاسیوو[15] یان هەناسەی منی هەبێت.
"ئێمەی کورسی، لە زمانی تەختەوە درەخت ئەگێڕینەوەو
لە زمانی درەختەوە ئاو ئەگێڕینەوەو زەمان ئەبەینەوە
ناو ئەو ڕۆژژمێرانەی کەوتنە دۆزەخەوە.
لە زمانی تەختەوە شار ئەگێڕینەوە.
مرۆڤ ئەگێڕینەوە. لە خۆڵەمێشی سالانەوە
چەکەرەکان سەوز ئەبنەوەو شکۆفەکان سەردەردێننەوە.
(با)یەکان ئەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای هەڵکردنی خۆیان. ئەو
پرسیارانەی بە نەهێنی یان ئاشکرا کوژران زیندوو ئەبنەوە.
ڕابوردوو بە کاوەخۆ ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوە نا کۆن بە با بکاتەوە.
یان بە دیار تەرمەکانەوە دانیشێ و بلاوێنیتەوە
بەڵکو بۆ ئەوەی ئێستاو داهاتوو لە خەونەکانی خۆی
ئاگادار بکات و ئەوانیش جوانتر و تازەتر بدۆزنەوە.
ئێمەی قەومی کورسی تەمەنمان،
لە تەمەنی خواوەندە دارتاشەکانمان درێژترە.
ئێمەی کورسی نامانەوێ،
ئەو هەموو بینین و ئەزموون و یادەوەریانەی هەمانن

[14] بەژڤین: وردبوون لەژێر شتی قورسدا.

[15] ئاسیو: زیان. ئەزیەت. ژان.

بیانبەینە ناو ئاگرەوە. بۆیە بڕیارماندا هەر شەوەو
یەکێکمان حیکایەتی دەورانی درەختی و
کورسیی خۆی بۆ ئێوە بگێڕێتەوە"
کورسییەکی تر: دە قسەکانی پێ مەبڕن!
کورسیەکە: من دووجار هاتووم بۆ ئێرە
جاری یەکەم چەند لێرەبووم و چی ڕوویداو
چۆن گرتمیان؟ ئەوە هەڵئەگرم بۆ دوایی.
بەر لەوەی جاری دووەمیش بمدۆزنەوە.
لای دەڵاڵێکی ناوبازار کرێچی بووم.
ئەوسایش تازەو ئێجگار تۆکمە و
ئارەزووم سورو گەشاوەو گەرم و گوڕ بووم.
بۆ چەند جارێ کورسی بووك بووم.
ئەو ڕۆژانەی فریشتەکان لە باوەشما دائەنیشتن.
ئەبوون بە ئەستێرەو مانگ و پاڵیان ئەدا بەمنەوە،
هەستمئەکرد، وا تەختەکانم
خەریکن کەسکئەبنەوە
چاوەکانم ئەنووقان و خۆشترین خەوم ئەبینی.
ئەبوومەوە بە پژوپۆی دارگوێزەکەی جاری جاران.
تۆ نازانی کە بووك لەسەرت دانیشێ
دەستی لەسەر دەستت دانێ
ڕانی لەسەر ڕانت دانێ و
یان قاچ بدا لە قاچتەوە، تۆ چیت لێدێ؟!

تۆ نازانی، ئەوە نییە هەر بەجارێ نەتوێیتەوەو
لە خۆشیاندا بەبووکەوە نەفڕی بەرەو پەڵەهەورو
قوببەی ئاسمان. ئای خودایە! لەو خۆشییەو
لەو موچڕکەو لەو تەزوانەی جومگە جومگە و
سەرتاپامی هەڵئەگیرسان!. هەرگیز هەرگیز بووکێکیانم
لە بیر ناچێ. وەختێ دانیشت، لە ژێرەوە پووزی
سپی و خڕوخۆڵی بە قاچی ڕاستی من ئەخوران
ئەو کاتەی ویستیشی هەڵسێ، من لە دواوە،
بە پەنجەی باریکی درزم، کراسەکەیم توند توند
گرت ناچار ئیتر دانیشتەوەو لە دواییدا هەتاکوو
تێرم لێ نەخوارد بەرمنەدا!
باش لەبیرمە دوو نەورۆزیش
هەڵیانگرتم و بردیانم بۆ گردی یارە
"پیرەمێرد" خۆی بەدەستی خۆی
منی لەناو ڕیزدا دانا
ئەو خاڵانەی سەرمەچەکم.. خۆ ئەیبینن؟!
جێگە پەنجەی دەستی ئەون!
بەڵام نەورۆزێکی تریان
وەختێ سەرکەوتمە سەرەوە سەرم سوڕما
کورسیم ئەبینی غەریب بوون بە بینینم
دەوڵەمەندو لوتیان بەرزو
تاك و تەرایش شەپقە لەسەر.

ئەو نەورۆزەیان زۆر ترسام

ئەژنۆکانم کەوتنە لەرزین، نەفەسم تەنگ

دەمم وشك و جومگەکانم قرچەقرچیان پێکەوتبوو

دانیشتووی سەر من "بێکەس" بوو

زۆر قورسیش بوو، لەشم نیشتبووە سەر ئارەق

بەوەی باش بوو، لەگۆیژەوە سۆسەیەك[16] هات

گەیشتە لام. باوەشێنێکی کردم و،

وەکوو جارانی دارستان

بۆ تاوێ فێنك بوومەوە

هەر ئەوەندەی سۆسە ڕۆیشت و لە پڕێکدا

"بێکەس" هەستا، جومگەکانم وتیان ئۆخەی.

بێکەس بەرەو ڕیزی یەکەم هەنگاوی نا.

دوو شەقاو لەولای منەوە، بوو بە باڵای

کلێپەیەك و پەنجەکانیشی بە پشکۆ.

ڕێك بەرامبەر مستەر ئەدمۆنس

"بیست و حەوت ساڵە"ی خوێندەوە

دەنگی هەڵچووی بوو بە تۆفان

وشەکانیش بە مەشخەڵان

چاوم لێبوو مستەر ئەدمۆنس

بوو بە کیسەڵ

ملی بردەوە قاوغ و

---

[16] سۆسە: کزەبا، شەماڵ.

ڕەنگی نەماو دەنگی نەما.
ترسام ترسام ئێجگار ترسام
وتم ئێستا لەبەر ئەوەی کورسی ئەوم
تەورو پۆلیس دێنە سەرم
لەبنەوە دەستەکانم هەڵئەکێشن و
قاچەکانم ئەبڕنەوەو
ئەمخەنە ناو ئاگرەکەوە!
بەڵام باش بوو هیچ ڕووینەدا
وەکوو پشیلەیەك تووڕە، مستەر ئەدمۆنس
یەکدو مڕەمڕی کردوو
لە گردەکە چووە خوارێ
هیچ ڕووینەدا، هێندە نەبێ، وەختێ هەستان
کورسی ئەدمۆنس لەداخاندا
شەقێکی توندی تێهەڵدام
لەپەوڕو کەوتم بە دەمداو
دوو دانی پێشەوەم شکا!
سەرگرد چۆڵ بوو
تەنها کورسییەکان مانەوەو
بەڵام ئاگریش هەر ئەسووتا
لەوساتەدا لە کەلی وێڵەدەرەوە
"با"یەکی قژ سوور گەیشتە گردی یارە
هەڵۆیەك لەسەر شانی بوو ئەتوت بەفرە

باڵی بەرین، چاو ئەستێرە
بە دەوری سەری یارەدا، سووڕانەوە
ئاگرەکەیان خۆشتر کردوو
لەسەرخۆ هاتنە خوارەوە
"با" قژی خۆی تێئاڵاندم و
لەسەر عەرد هەڵیگرتمەوە.
هەڵۆ لەسەرم نیشتەوەو ماچیکردم
پێشی وتم: خەمت نەبێ
بە دوای مندا باهۆزێ دێ
کورسی ئەدمۆنس هەڵئەگرێت و
ئەیرفێنێ و ئەیرفێنێ و
هەتا "جەبەل حەمرین" ئەیبا.
خەمت نەبێ
لەو کورسیانەی ئەدمۆنس ناژین
شیعری ئازاو کورسی بێکەس
هەرئەمێنێ!
ـ بە بێکەس مەڵێن بەهارە
ئەو نایەوێ جوانیی بە دیلی ببینێ.
بە بێکەس مەڵێن وا گوڵ هات
پێشی مەڵێن نێرگزەجاڕ پێئەکەنێ
ئەو نایەوێ گوڵ لە ناو ژووری کوێرێتی و
نێرگزەجاڕیش بێ ئاسمان

قەت ببینێ

ئەو ئەیەوێ سەمای گوڵ و

سەمای ئازادی و دڵی خۆی

لەیەك ئاسۆدا ببینێ!.

بێکەس ئەڵێ: ئەگەر بەوجۆرە نەهاتن

با هەر نەیەن!

ـ "بێکەس" تۆ کرێوەی جەستەیەکی بە ژەنگ و ژاری ئازاری، بەڵام بەهارێك لە ڕۆحتایە لە بەهەشتەکەی خودا جوانتر. ئێمە ئەو بەهارە بە چاوی هەتاو ئەبینین و بە لووتی منداڵان بۆنی ئەکەین و بە گوێی پێغەمبەرانیش ئەیبیسین. ئەوەتا پەپوولەو منداڵەکانمان قۆڵیان لە قۆڵی ئەویندایەو بە پیر سبەینێوە ئەچن و سەرتاپایان کازیوە و پرشنگیان لێئەچۆڕێتەوە. بێکەس! تۆ ئاوێنەی ئەو خۆشەویستییەی کە خەڵکی بە دیواری ماڵەکانیاندا هەڵیانواسیویت و لە بەرتا ڕۆژانە سەیری ئایندەیان ئەکەن و هەمیشەیش وەك دەشت و دەری دوای باران تازە ئەبنەوە. خەڵکی، خەڵکی ئەوانەی پەلکە گیای مێرگەکانی پەخشانی ئێمەن و جۆگە ئاوی شیعرەکانمانن و ئاوازیشن بۆ باڵی فڕینی گۆرانیەکانمان.

بێ ئەوان، تارومارە شیعرو، کاکی بەکاکییە کتێب و،

کوێرە هونەرو کەڕەواڵەیە جیهان!.

ـ هەتاوێك لە بەرۆکی زوقمەوە سەردەردێنێو

خۆشەویستیەك ئەبێتە گڕی كورتە باڵای مۆمێك و
شەو درەنگان بە شەقامەكاندا هات و چۆ ئەكات و
خەڵكی ئەڵێن:
ئەو هەتاوەو ئەو مۆمە "بێكەس"ە و
ساڵانەیش بەسەردان دێتەوە بۆ لامان!
ئا بەمجۆرە
ڕۆژگار هات و ڕۆژگار ڕۆیشت و
كورسی هات و كورسی ڕۆیشت و
ئەمجارەیان، بۆ زەمانێكی زۆر درێژ، لە باڵكۆنی
شووشە بەندی ماڵێكدا بووم
بالكۆن شین و
من سپی بووم
سەرگەورەی ماڵ، پیاوێكی كەواو سەڵتە لەبەری
كورتە بنەی، زۆر ڕووخۆش و بەخشندەبوو
بەڵام كۆیلەی قوماربوو!.
ئەم خێزانە
كوڕێكی تار ژەنیان هەبوو
لەسەر من تاری لێئەدا
لەسەر من ئەبوو بە هەڵم و
لەسەر من ئەبوو بە تیشك و
لەسەر من ئەبوو بە كۆترو
لەسەر من ئەبوو بە باران.

کوڕ عاشقی خانمێ بوو
خانم ئەتوت گوڵی دار چوالەیە
ناسك.. ناسك، نەتئەزانی
ئاو ناسکترە لە خانم؟!
یان خانم لەو؟!
نەتئەزانی کامیان زیاتر شپرزەیە
کوڕە یاخود ژێکانی تار؟!
کامیان زۆر ئێسك سوکترە؟!
کچە یاخود زەردەخەنەی گوڵە هەنار؟!
نەتئەزانی هەموو شەوێ
کامیان، کامیان ئەکەنە خەو
درەختەکەی بەر پەنجەرە؟
یان ئەو کوڕە؟!
شەوێ نەبوو لە باڵکۆندا یان لەسەر من
گەڵاڕێزانێ لە شیعر و یان خەزانێ لە پەپوولەو
بارێزەیەك لە ئاوازی
چاو تەڕ چاو تەڕ
جێنەهێڵێ!.
شەوێ نەبوو جریوەیەك، تریفەیەك،
ڕەنگێکی وێڵ دانەبەزنە ناو باڵکۆن و
بە شان و ملی عاشقدا هەڵنەگەڕێن!.
هەموو جارێ کە دەستی ئەدایە تارو

ئاواز بۆ بەرەو ژوور ئەفڕی
ئیتر عەشق ئەبوو بە تەیر و
تەیریش بە نوور!.
هەموو جارێ کە تار حاڵی لێئەهات و
ژێ شێت ئەبوو
ئیتر ئەمیش باڵی "ئیشراقی" لێ ئەڕواو
لەسەر هاڵەکان[17] هەڵئەبوو.
هەموو جارێ کە "دابڕان"ی ئەژەنی
غەریبیی ئەبوو بە هەوری سەرگەردان و
بەسەرماندا دائەباری.
هەموو جارێ کە "ویساڵ"یشی ئەژەنی
چاوم لێبوو لە بەرایی پیرۆزەیی ناو ئاسماندا
شەکرە سێو ورد ورد ئەباری.
هەموو جارێ
کە ئەو ئەهاتە سەر من و
پەنجەکانی ئەبرد بۆ ژێ
نەك هەر تەختەم
هەرچی بزماری لەشیشمە
ئەبوون بەگوێ!
ڕۆژێك عاشق میوانی هات. میوان هاتە ناو باڵکۆن و
ئۆکۆردویۆنێ بە سنگەوە. میوانێکی زۆر بۆنخۆش بوو،

---

[17] هاڵ: بەرزایی کێو.

بۆنی گەردنی مریەم و بۆنی خاچەکەی مەسیح و بۆنی
مۆردی ماڵی کەریمی ئەلەکەو بۆنی "ئەبونا"ی لێئەهات.
گەنجێکی کەمێ گردەڵە. مەدالیای سەلیبێکی کردبووە
مل. تا ئەوکاتە من نەمدیبوو هیچ میوانێ هێندەی
ئەم میوانە مۆسیقارە لە لای عاشق خۆشەویست بێ
من ئەڵێم دە ئێوە بڵێن سەد ماچی زیاتر کردووە. گوێمگرت
بزانم ئەم کورە ناوی چییە؟!. بوو بوو بە مەراق
لە دڵما. چایان هێنا، هەروا بۆ چەند دەقیقەیەك
ئۆکۆردویۆنی لە باوەشی مندا دانا، دەرفەت ڕەخساو،
چرپاندم بە گوێی ئۆکۆردیۆندا: لێمببورە! ناوی
خاوەنەکەت چییە؟! من واموت و ئیتر ئۆکۆردیۆن
تووڕەبوو، ڕقی هەستاو، یەك زیقەی درێژی کردوو
ئینجا وتی: تۆ کورسییەکی زۆر گەوجی! زۆر بێئاگای
ئاخر هەیە لەم شارەدا نەزانێ کێیە ولیەم یوحەنا!
عاشق ئەڵێ:
من بمەوێ خوا ببینم، زوو ئەیبینم
بەڵام ئەو دەمەی سووتانم
ئەمکا بە هەڵمی سەر "تار" و
تەنها کاتێ کە ڕامانم
لەناو ڕۆحما نوقوم ئەبێ و
تەنها کاتێ شەوی ئازار
لە شپرزەیی پەنجەما

پەرت پەرت ئەبیٚو
لە وردوخاش بوونی خۆمدا
کامڵبوون و نوێبوونەوەی
عەشق ئەبینم!
عاشق ئەڵێ:
من بمەوێ شەپۆلی زەریا یان هاژە
یان باو بۆران
بهێنمە ناو دەروونمەوە، ئەیانهێنم
بەلاَم ئەو وەختەی تەنیاییم
بچووك بچووك ببێتەوەو
بە تەنها جێی ئاخەکانی تیابێتەوەو
بێدەنگیشم زۆر گەورەبیٚ!.
عاشق ئەڵێ:
لە خۆڵی ڕەشی دەیجووردا
من ڕووناکییەك ئەچێنم کەس نایبینێ
جگە لەخۆم.. جگە لەخوا!
هەندێ جاریش کە خوا تەنیا جێمئەهێڵێ
ئەوسا ئەبێ بێکەسیەکەی
ئەوو خۆیشم بەم هەناسە بێ ئۆقرانە
ڕابژەنم!
عاشق ئەڵێ:
ئەگەر ئێمە نەبووینایە

نە ئازار ئەبوو بە وەتەن
نە غەریبیی ئەبوو بە ناونیشانی ژیان و
نە بێ ئارامی ئەبوو بە شاعیر!
عاشق ئەڵێ:
شەوێك تەنیایی لێی پرسیم:
عەشق چییە؟!
وتم، تۆی وەختێ کە ئەبیت
بە پەروانەی دەوری گڕێ.
وتم پەروانەیە وەختێ
ئەکەوێتە ناوباوەشی ئاگرەوە.
وتم ئاگرە وەختێ کە ئەبێت
بەسوتوو
وتم سوتوویشە ئەو وەختەی
(با)یەك ئەیبا بۆ نادیارو
نادیاریشە وەختێ لەسەری خودادا
ئەبێ بە خەو!
منی عاشق، ئەبێ هەر بە ئەنگوستی هەناسەم ئەم
لۆکەی زمانە شیبکەمەوە، تا وشە هەڵفڕێ و دەستە
واژەکان ببنە پەڕی دەم ئەو "با" سەرگەردان و
ئاوارانەی کە نەماڵیان هەیەو نە فەرهەنگ. من هەللاجی
ناو ئازارە سپیەکانم. لە دەنگما جەستەی تاراوگەم
هەڵگرتووەو لە چاوما پرشنگە خوێناویەکان و لە تاڵە

مووەکانی قژیشما پەلکە گیای نامۆیی!.
ئا بەمجۆرە هەتا ڕۆژێ،
برسێتیی هاتەماڵەوەو قەرزاری هاتە
باڵکۆن و نان دەستیکرد بە گریان و، ئاو بێزارو،
چرا کەوتە باوێشکدان و، تار لەسەر من خەویلێکەوت
سەر گەورەی ماڵ هیوایەکی بێچارەبوو، کورسی و مێزو
چرپاو هەموومانی هەڕاجکردوو، خۆیشی سەری خۆی
هەڵگرت و خانەوادە پەرەوازەو کوڕەی عاشق بەتەنها
خۆی و تارەکەی، غەمگین غەمگین، چوونە دەرێ.
لەو ڕۆژەوە کورسییەکی لانەوازم
کورسییەکی خەیاڵ پەرت و
وەکوو سەراب داڵغەچی.
دوو سێ هەفتە بێکار بووم و قژ خۆڵاوی و
لە سووچی ناو مەخزەنێکدا هەر ئەنووستم.
هەتا ڕۆژێ تیپی "پێشڕەو" دەستیاندامێو
کڕییانم و بە ئەندامیش وەریانگرتم. لە دوو
سێ شانۆنامەدا ڕۆڵی کۆمبارسیشم بینی.
لە ڕاستیدا هەرگیز هەرگیز ئەو دەورانەم
لە بیرناچێ کە لەگەڵ "عوسمان چێوار"دا
بەیەکەوە ئەمانبینی:
"سەر شانۆ. شەو درەنگە. ژوورێك. کورسیەکەو
مێزێکی تەختە. ڕوو لە بینەران"

کورسیەکە: شەو درەنگی کردووەو، بەڵام من هەر
چاوەڕوانم. تۆزێکی تر چێوار ئەگەڕێتەوە. بادەو
مەراق تەواو مەستیانکردووە. دەست ئەداتە باڵم و
کەمێك لە مێزەکە دوورم ئەخاتەوە. لە ڕاستیدا
من لەگەڵ ئەم مێزەدا ناگونجێم ئەڵێی کۆیلەی
ئەوم. بۆ هەر شوێنێ چوو، ئەبێ بە دوایەوە بم.
بە هەرحاڵ، کە چێوار لەسەرم دانیشت ئەوسا
دوا دیمەنی شانۆنامەکەی ئەنووسێ.
"چێوار مەستەو دێتە ژوورەوە. لەبەر خۆوە، گۆرانیەکی
غەمگین ئەڵێ. دەست ئەداتە کورسیەکەو کەمێك لە
مێزەکە دووری ئەخاتەوە. چەند چرکەیەك
بێدەنگە و ڕاماوە. دوایی ئەڵێ:
چێوار: چاکتر وایە دوا دیمەنی شانۆنامەکە بەم
جۆرە کۆتایی پێبێنم: "ڕووناك" گەیشتۆتە
بن بەست، چارێك نەماوە و هەر ئەبێ ئەم دۆزەخی
ماڵەو ئەم مێردە دڵڕەقە بەجێبێڵێ
"لەناو چەپکێ ڕووناکیدا.
ڕووناك و نەوزادی مێردی دەرئەکەون"
ڕووناك: "بە پێوە وەستاوە بە تووڕەییەوە ڕووی لە نەوزادە"
تەواو. من ئیتر عەیبەی خەڵکی ئەخەمە
ئەوتەنەکەی خۆڵەوە. ئەوەی پێی ئەوترێ ئارامگرتن
وەك پەتی پچڕاو هەرگیز گرێشی نادەمەوە. من لە

ئیستەوە ئازادم. لە ئیستەوە من ئیتر لە قامچیەکانت و
زەبروزەنگت بێدەنگ نابم. تەواو. ماڵت بۆ بەجێئەهێڵم
بەڵام من تۆ تەڵاق ئەدەم. تێگەیشتی. من تۆ تەڵاق
ئەدەم. تەواو. تەواو. تەواو.
نەوزاد: "ئەویش بە تووڕەییەوە. بەڵام دانیشتووە"
تەماشا تەماشا، چەند بێشەرمە.
هەروا؟! بۆ کوێ خانم؟! بۆ کوێ؟!
ڕووناك: تۆ خۆت ماکی بێشەرمیت. بەڵێ هەرواو لەوە
زیاتریش، بەڵێ ئەڕۆم. بەرەو ماڵی نەرمینی
خوشکم لە شاخ و لە گوندی هەڵەدن
نەوزاد: ئەوان خۆیان نان نییە بیخۆن..
ڕووناك: "قسەکەی پێئەبڕێ" چش! با لەبرسا بمرم و
بەڵام ئازادبم.. ئازاد!
نەوزاد: ژن و شاخ و ژێر تۆپ و تەیارە؟!
ڕووناك: بەڵێ ژن و شاخ و نەك هەر ئەوەندەیش
ژن و شۆڕشیش.. قسەم تەواو.
"ڕووناك جانتا بچکۆلە ئامادەکراوەکەی هەڵئەگرێت و
بێ خواحافیزی. وەك "نورا"ی ناو شانۆنامەکەی
"ئەپسن" "ماڵی بووکەشووشە" ئەچێتە دەرەوەو
لە دوای خۆیەوە، لە نووورایش توندتر زۆرتوندتر،
دەرگای دەرەوە بە یەکدا ئەدا"
"دیمەنی دووەم لە شانۆنامەکەی تردا"

"سەر شانۆ چۆڵەو چێوار لەوێ نییەو بە تەنها هەر
کورسیەکە خۆیەتی. کات ڕۆژە"
کورسیەکە: ئەبوو ئێستا چێوار لێرەبوایە. لەسەرم
دانیشتایەو ڕۆڵی "گاییف"ی لە شانۆنامەکەی
چیخۆف، "باخی گێلاس"دا ببینیایە!. نازانم
ئەو قەت دوانەکەوتووە.
ـ تارمایی چیخۆف دەرئەکەوێو
وردە وردە دێتە پێشەوە ـ
تارمایی چیخۆف: چاوەڕوان مەبە!
کورسیەکە: بۆچی؟!
تارمایی چیخۆف: ئەو جارێکیتر هەرگیز
لەسەر تۆ دانانیشێتەوە!
کورسیەکە: ئاخر بۆچی؟! چیمکردووە؟!
تارمایی چیخۆف: نا تۆ هیچت نەکردووە. بەڵام چێوار
ئیتر هەرگیز نایەتەوە. چونکە بەر لە چەند چرکەیەك
ڕۆحە سپیەکەی گەیشتە لای من و ناو باخی گێلاسەکەم!
"تاریکیی. پەردە دائەدرێتەوە"
کورسییەکە: "لەسەر گێڕانەوە بەردەوامە"
ئا بەمجۆرە
شانۆ هات و شانۆ ڕۆیشت و
کورسی هات و کورسی ڕۆیشت و
منیش هەروا پەرەوازە!

کورسیە سنەیێکە: پیرە قەنەفەی عوسمانی
خەوی لێکەوتووە، ئەیبینن؟!
کورسیەکی تر: ئەو ئێستەیش خەو بەوەوە ئەبینێ
جارێکی تر بڕواتەوە بۆ ئەستەموڵ!
کورسی 2: ئەوەی ڕاستیبێ ساردەو، ئەمڕۆ ئەو
شاگردە نەگریسەیش سەتڵێ ئاوی پیاکردم و
هەستئەکەم خەریکە تووشی هەڵامەت ئەبم.
بە هەرحاڵ، تکایە بێدەنگبن
با چیرۆکەکەی تەواو بکات!
کورسیەکە: سوپاس.. سوپاس
بەڵێ هەروا پەرەوازەو بێدەرەتان
بە شاگردی لەم ئیشەوە بۆ ئەو ئیش و
لەم دەستەوە بۆ ئەو دەست و سەر بە بێتار
ساڵێك لای سەوزە فرۆشێ هەر لەسەرشان
سەبەتەی کوولەکەو بامێ و باینجان و تەماتەیان
پێهەلگرتم!. کابرا ئەوەندە ڕەزیل بوو،
گلارێکی بە خۆڕایی نەئەدامێ!.
ئەو سەردەمە من دەستی زۆر کەسم بینی درێژ
ئەبوون بۆ سەر سنگم، دەستی تووکن، دەستی
چرچ و، دەستی نازدارو ناسك و دەستی سپی و
دەستی ڕەش و، دەستی خێرو هەروەها دەستی
تەماع و، هەندێ دەستیان پەنجەکانیان پڕ

موستیلەو، هەندێ مەچەك پڕ بازن و، یەکێك
لەو دەستە جوانانەی قەت لەبەرچاوم ون نابێ و
بە دەیان جار بەر پەنجەم و قۆڵم کەوتوون
دەستی ڕاستی نەرم و نۆڵی
"ست فاتیمە"ی ناو قەسیدەکەی "هەردی" بوو.

پەرەوازە
دیسانەوە پەرەوازە
ئەمجارەیان لە قاوەخانەی (سەرچیمەن)
لەدوکانە دێرینەکەی "عەلی فەوتاو"
کرام بە کورسی بۆ میوان
ئێمە تەنها دوو کورسی بووین. کورسیەکەی کاك عەلی خۆی و منیش. "عەلی فەوتاو"یش گوڵ بوو گوڵ وەکوو ئێمە، داروبەردیش خۆشیان ئەویست. هەمووی دوو ڕۆژبوو گەییبوم، بەرگی کۆنی فرێدام و دەستێ جلی سەوزی تازەی کردەبەرم. بە دەستی خۆیشی ئەیسرپیم. هەر لەوێ بوو، چەندین کوڕی باشم ناسی. زۆر ئێوارە. پیاوێك ئەهات، وەختێ لەسەرم دائەنیشت، ئیتر حەزمئەکرد نەڕوا. جارێ نەبوو ئەم پیاوە بێ و باسی شیعری نالی و مەحوی و یان مەولەوی و حەمدی نەکات. جارێ نەبوو ئاخ بۆ دەنگی خۆشی سەی عەلی ئەسغەری کوردستانی هەڵنەکێشێ. ئەو پیاوە ناوی "دیلان" بوو!

ـ دیلان

سایەڤەی دەنگێکی بێگەرد

دوو باڵی چریکەی بەرزەفڕ

تا لای خوا.

مەڤامێ: لەشێوەی هەورازو نشێوی

شاخاندا. مەڤامێ:

وەك زەردەی ئێواران

ئەوساتەی کە پۆلە باڵندەی کۆچەری

سێبەریان، خاڵ خاڵی

سەر بەفرە و شەڤژنیان غەمگین و بێهەدان[18]

مەڤامێ: هەر وەکوو خەیاڵی

ڕووباری بن بنار

غەریبەو تەنیایەو دوور ئەڕوا.

دەنگێکی زۆر سپی

ئەتخاتە سەر باڵی و چون خەونێ

لە شەوی درێژدا هەر ئەتباو هەر ئەتبا!.

"دیلان"ە

ئەو سیحرەی لە دەنگدا باڵ ئەگرێو

ئەو خەمەی بەدەوری شیعردا ئەبێتە پەروانە

"دیلان"ە

---

[18] بێهەدان: بێ ئۆقرە.

ئەم شارە لە دەنگیا بێدەنگەو
ئەو وەختەی ئەو ئەیڵێ
ئاو هاژەو
"با" وژە، ئەخەنە ئەولاوەو
"خواوەندی دەنگ خۆش" یش
خۆی بۆ خۆی گوێ ئەگرێ و
بەو دەنگە سەرسامە!.
"بەیانییەکی ئێسك سووکی پایز بوو. دنیا تازە خەریکبوو
گڕەی گەرمای هاوینی لە لەش دەرچێ. ناوبەناویش شنەی
شەماڵێ کە دیاربوو لە بەفری سەر "پیرەمەگرون"ەوە
بەڕێ کەوتبوو، ئەگەیشت و لە ساتەوەختێکی خێرادا بە کزە
خۆشەکەی فێنکی ئەکردیتەوە. "دیلان" لە ماڵ هاتەدەرێ،
قاتێکی تازەی زەیتوونی لە بەرداو، بۆینباخێکی سوور لە ملداو
تا سەر ناوك شۆڕ و قژی ڕەشی داهێنراو بە بریسکە و خوێنی
لاوێتیش لە لەشدا قوڵپی ئەدا.
بۆنی خۆڵی بەرماڵی تازە ئاوڕشێنکراو
بە سەریا هات و ئەویش پڕ بە سیەکانی هەڵیمژی. هەر لەو
ساتەدا لە کەلاوەکەی تەنیشتیانەوە گێژەڵووکەیەکی باریك
لە شێوەی منارەیەکدا چوو بە ئاسماندا و لەگەڵ خۆیدا
هەرچی پووش و پەلاش و پەڕەکاغەزو ڕۆژنامەی دڕاو هەیە لوولیدان و وەك
بیانخاتە بن باخەڵیەوە
بردنی بۆ سەربانی باڵەخانەکەی بەرامبەریان.

دیلان دەسەسرە سپیەکەی لە گیرفانی پشتەوەی پانتۆڵەکەی
دەرهێناو هەر بە قەدکراوی لاملی و نێوچەوانی پێسڕی. بە کاوەخۆ
سەربەرەو خوار بۆوە.
لە سیلەی کۆڵانەکەدا، وەك هەواڵێکی
چاوەڕوان نەکراو، یان چون دیمەنی ناوخەوێکی قەت بەخەیاڵدا
نەهاتوو، یەکەم کەس کە لووتی بە لووتیا تەقیەوە،
ئەو ژنە شۆخ و نازدارە بوو، کە بەر لە ساڵێك هەموو شار
ناوی ئەمیان بەسەر زارەوە بوو. ئەم بینینە کوتوپڕە
ئیستێکی پێکرد، وەك ئەوەی بەسەر ڕووداوێکی دڵتەزێندا
کەوتبێ، دڵی بە شێوەی پرتەقاڵێکی گوشراو سست و پەست بوو.
ئارەقێکی ساردی دەرداو هەستیکرد گێژەڵووکەیەکی پچووکیش وەك
گێژەڵووکەی کەلاوەکە
لە ناخی ئەمیشدا هەڵیکرد. دیسانەوە دەسەسرەکەی دەرهێنایەوە لامل و
دەم و چاوی پێسڕیەوە.
لە دڵی خۆیدا وتی "نازەنین، نازەنینی حەمە لاوەی قەرەداخی،
ئەم ڕێکەوتە ناخۆشە چی بوو؟!" گەیشتە بەردەم دوکانەکەی
کاك عەلی فەوتاو، بێئەوەی بوەستێ یان لابدات سلاوێکی
کردو تێپەڕی. ئیتر ناوی "نازەنین" بوو بە گێژاوێك و ئەمی
قووتدا. بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت،
لە جیاتی ئەوەی ڕووبکاتە ناوشار.
شەقامەڕێی ئەوبەری گرت و ڕوویکردە سەیوان.
گێژاوەکە تا ئەهات قوڵ و ئەندێشەکانی ناوسەری پوورە

هەنگ بوون و لەگەڵ هەموو ناو بردنێکی "نازەنین" دا
ئەوروژان و لە یادەوەریەکانیەوە ئەئالاَن و هازەهازیان[19] بوو.
"سەیوان" تاك و تەرا خەڵکی پێوەبوو. لە گردەکەی
ئەوبەرەوە، دەنگی لاواندنەوەی ژنێك کە سۆزێکی هەڵقرچاوی
قەفنەسی باڵی پێگرتبوو. ئەوەندەی تر دڵی ئەمی گوشی
هەوا کپ و ئەرخەوانەکان بێ جووڵەو،
بە هەر چواردەوریشدا،
کێلی گۆڕەکان، خامۆشییان چڕتر ئەکردەوە. بێ ئەوەی
بزانێ بۆ، سەرێکی بۆ ئاسمان هەڵبڕی. دوو گەواڵە هەوری
سپی، کە لە شێوەی دوو باڵندەدا نەخشابوون و
لە ئاسۆیەکی بەریندا درێژ بووبوونەوە،
تەماشای دیلانیان بردە ژێر پەڕو باڵی
خۆیانەوە. خۆی لەگەڵ خۆیدا ئەدوا "
ساڵێك لەمەوبەر کارەساتەکە ڕوویدا و
چون بوومەلەرزەیەك شاری لەرزاندەوە،
نازەنین نەك هەر نەگۆڕاوە بەڵکو جوانتریش بووە!" شیعری
سەرچەند کێلێکی خوێندەوەو بۆ ساتەوەختێ بیری لە پڕوپووچیی
ژیان کردەوەو لە دڵی خۆیدا وتی "هەر تەواو بێ مانایە!"
قاچەکانی وەك هیچ پەیوەندیەکیان بە جەستەیەوە نەبێت، ئەوان
ئەمیان ئەبرد. هەنگاوە وێڵەکان بەرەو ژوور ئەبوونەوە. هەندێ
جار هەست و نەستی مرۆڤ خۆیان ئەبن،

---

[19] هازەهاز: گیزە گیز.

بە چاوو بەرەو ئەو شوێنە ئەتبەن
کە تۆ پێشتر پلانێکت نەبووە بۆ ئەوەی بەسەریبکەیتەوە.
ناوێك، یادگارێك، ئەبنە نەهێنی ئەو جوڵاندنە. ئەمجۆرە
بارودۆخە دەروونیانە لە ساتەوەختی نووسینی شاعیرێ یان
نووسەرێ ئەچن کە بێ ویستی خۆیان دێڕەکان بەرەو ئاقارێ
ئەیانبەن کە پێشتر بە هیچ شێوەیەك بیریان لێنەکردۆتەوە.
لە پڕێکدا گەیشتە ئەو ئاستەی کە دوو دار ئەرخەوانی
سەر یەکانگیری لێبوو. لە سایەشیاندا،
گۆڕێکی هەڵبەستراوی بەسپی ڕەنگکراو
ئارامی گرتبوو. لەوێدا دیلان ڕاوەستاو، بۆچەند چرکەیەك
لە گۆڕەکە ڕاماو لە دواییدا لەسەر قەراغەکەی دانیشت. سەری
داخست و هەناسەیەکی هەڵکێشا. دەنگی لاواندنەوەی ژنەکە
بەردەوام بوو. "هەردووکیان منداڵی یەك گەڕەك بوون.
بە تەمەنیش هەر وەکوو یەك بوون.
بە یەك ڕۆژیش دەستی هەردووکیان
گیراو بران و خرانە قوتابخانەوە.
لەیەك پۆلیشدا بوون" سەروەری نێرگز"
هەر لە منداڵییەوە هێورو بێدەنگ و شەرمن بوو.
کوڕێکی سپیکەلەی قژڕەشی چاو گەورە گەورە،
گەنجێکی پڕ لە هیواو ڕووخۆش،
هەمیشە یان گوڵێکی بەدەستەوە بوو یان خونچەیەکی
ئەدا لە یەخەی چاکەتەکەی. لەناو هەموو هاوڕێکانیدا،

سەروەر لەگشتیان دڵ ناسکتربوو، جاری وا هەبوو،
لەسەر قسەیەکی ئێجگار بێبایەخ زویر ئەبوو. چەندین جار
لەگاڵتەکانی "دیلان" ئەتۆراو خۆی ون ئەکرد. دیلان ناچار
ئەبوو بچێت بۆ لای و ئەملاو ئەولای ماچبکات و ئاشتی بکاتەوەو
دڵی بێنێتەوە جێی خۆی. نە نووسەر بوو نە شاعیرو نە هونەرمەند،
بەڵام هەموو ئەو ڕۆحانەی تێدا بوو. گەلێ جار لە شەوانی
مانگە شەودا داوای لە دیلان ئەکرد بچنە قەراغ شارو
لەو بێدەنگیەدا لە ڕوخساری مانگ و تریفەی زیوینی ورد
بنەوە. پێی ئەوت "چ ساتەوەختێکی خۆشە لەو کپی و
بێدەنگیەدا تەماشای مانگ بکەیت، ئینجا دوای ئەوەی
لەم سەیرکردنە تێر ئەبیت. گوێشت لە دەنگی دیلان بێت"
سەروەری نێرگزو دیلان لە گەلێ حەزو ئارەزوویشدا پێچەوانەی
یەکتربوون. سەروەر لە سیاسەت بەدوورو حەزی بەکاری
حزبی نەئەکرد، زۆرجار ئەیوت "ئەم سیاسەتە دنیایەکی
وشك و برنگە. بەشی زۆری فڕوفێڵەو تەڵەکەبازی. جگەلەوەی
من بڕوام بە گەلێ لەو سیاسیانە نییە و لێیان بەگومانم"
دیلان تێکەڵاوی کاری سیاسیی بووبوو. گیراو ڕەوانەی
خوارووی عێراق کرا. لە دوای هەفتەیەك،
سەروەری نێرگز هەستیکرد تەنیایەو
گرتنی دیلان بۆشاییەکی لەبەرچاوی خستۆتە ژیانیەوە.
قیڕەی تیژو لە ناکاوی قاژوویەك دیلانی بەئاگا هێنایەوە.
دەنگی لاواندنەوەی ژنەی گردەکەی ئەوبەریش، ئەوەندەی تر

پاییزی خەماویترو دڵتەنگتر ئەکرد. ئینجا هەستایە سەرپیان‌و بە دەستێ پشتەوەی خۆی تەکاندو وردە وردە بەرەوخوار لەگەڵ هەمان خولیادا داگەڕا. لەدڵی خۆیدا وتی "دوای ئەوەی بەردرام، وەختێ سەروەرم بینیەوە. هەر تەواو زەردو لاواز بووبوو. مرۆڤی عاشق لە پووشوو ئەچێت بەخۆرە تاوێکی بەتین ئاگری تێبەر ئەبێ. سەروەری نێرگز عاشقی نازەنین بووبوو. بەو دواییە هەر تەواو بێ هۆش و گۆش بووبوو. بێوازو ئەتوت ئاو لایداوە. تاقەتی هیچی نەمابوو. من ئاگام لێبوو، چەندین شەو تا بەیانی، ئەبوو بە تاق تاقکەرەی بەردەمی ماڵەکەیان. "نازەنین"یش هەروا بوو بەڵێنی پێدابوو کە هەر بۆ ئەو بێ!. بەڵام نا ئەمە قسەی سەرزارەکی بوو. چوونە داخوازی نازەنین. باوك و براکانی بە تێڵاوە چوونە سەر ماڵی سەروەر. یەك مانگی نەخایاند کوڕی تازە دەوڵەمەندێ داوایکردو ئەویش شوویکرد. لەو ساتەوەختەوە ئیتر سەروەر وەك بەفری بەر هەتاو هەر ڕۆژەو شتێکی لێ ئەتوایەوە. زۆر کەمیش ئەهاتە دەرەوە. جارێکیان چووم بۆ لای، هەندێ قسەم بۆ کردو ویستم ورەیەکی بخەمەوەبەر، بەڵام ئەو وتی "تکایە با لەو باسە گەڕێین.
ئەوە مەسەلەیەکی تایبەتە بەخۆم!"
پار ئەم وەرزەبوو. لەئێوارەیەکدا کە خۆرنشین باڵای جووتە گەواڵە هەورێکی لە ئاسۆی ڕۆژئاوادا ئاڵ

ئاڵ ئەکردو، جووتە هەوریش، دانەویبوون و،
بەسەر شاردا ئەتوانەوە. هەر ئەوساتە، لە ژوورێکی
بچکۆلەوە دەنگی تەقینی فیشەکێك هات و، دەنگەکە
ماڵ بە ماڵ و کۆڵان بە کۆڵان و شەقام بە شەقام ڕۆیشت و
خوێنیش لە جەستەی عاشقێکەوە ئەڕژایە سەر کورسیەك و
لەسەر کورسیەکەیشەوە بۆ ناو ژوورو نەئەگیرسایەوە!.
دیلان گەڕایەوەو گەیشتەوە بەردەم دوکانەکەی
"فەوتاو" ئەمجارە چووە ژوورەوە و لەسەر کورسیەکە
دانیشت و بە دەنگێکی نزم و لەسەرخۆ حیکایەتی ئەم بەیانییەو
بینینی لەناکاوی "نازەنین" و چوونە سەیوانی و ختوورەکانی
ناو دڵی خۆی بۆ "فەوتاو"ی هاوڕێی گێڕایەوە. جگە لە
فەوتاو، ئەوەی بە وردی گوێی لە وشە بە وشەی "دیلان"
گرتبوو کورسیەکەی ژێری بوو!
کورسیەکە: بەڵێ وابوو. زۆر بەوردی گوێم گرتبوو.
لە دواییشدا کە خۆم بە تەنیا مامەوە بەکوڵ گریام!
کورسیەکی سەرپەڕ: پێم سەیرە بەردیش گوێی لێبێ و بەڵام نەگری!
کورسیە سنەییێکە: لەوە گەڕێن!. من پرسیارێکم هەیە و دەمێکە
لە دڵمایە و ئەمەوێ ئێستا لێت بکەم؟!
کورسیەکە: فەرموو برا!
کورسیە سنەییێکە: ئەی باشە تۆ ئەو هەموو ساڵە ژیاوی، لێرەو
لەوێ، پیاو خراپێکت لەسەر دانەنیشت؟!
کورسیەکە: بێگومان.. بێگومان

به درێژایی تەمەنی تەختەکانم

به درێژایی تەمەنی چاوەڕوانیم

من له هەر شوێنێ ژیابم.. دڵتەنگترین کاتەکانم

وەختێ بووە، ڕق له سەرم دانیشتبێ و

ویستبێتی خۆشەویستیەك بکوژێ

جا بچووك بووبێ بەقەدەر پەلکە گیایەك،

پەپوولەیەك، مێروولەیەك

یاخود گەورە هێندەی ئاواتی مرۆڤێ

بەر لەچەند ساڵ ئێوارەیەك

من گوێم له دڵی پیاوێك بوو

که لەسەرم دانیشتبوو.

بیری ئەکردەوە لەوەی

چیبکات بۆ ئەوەی سبەینێ

له نێوانی دوو باخچەدا

شەڕی نێوان جۆگەکان و

جەنگی نێوان گوڵەکان و درەختەکان هەڵگیرسێنێ!.

جارێکیتر من گوێم له عەقڵی پیاوێ بوو

بیری ئەکردەوە له وەی چۆن تەنها خۆی

هەر خۆی و بەس

دەرگا بێت و کلیل بێت و

ماڵەکەیش بێت!.

یەکێکی تر نیوەڕۆیەك

هەر لەسەر من
بڕیاریدا و دەستی بردوو
تۆڵەیەکی "پەڕەبێلی" خستە سەر پێو
پشت بە غەزەبێکی خودا چووە دەرێ
تا لەبەرچاوی قورئان و
بە شایەتی منارەیەك
هەر لە حەوزەکەی مزگەوتدا
شەرەفی خۆی بشواتەوەو
لە دواییشدا تێر بخەوێ!.
کورسیەکی سەرپەڕ: تکایە پرسیارەکانتان هەڵگرن بۆ دوایی
با حیکایەتەکەی تەواوبکات. ئێ باشە تا کەی
تۆ لە دوکانەکەی "فەوتاو" مایتەوە؟!
کورسیەکە: وەختێ کەوتینەوە هاوین "دوکان"
خۆی هەلگێڕایەوەو هەموو جلەکانی گۆڕی. دوکان
خۆی پۆشتەکردەوە بەرگی تازەی کردەبەری. دیوار
خۆی سپی کردەوە. تەبەقەکان خۆیان شت و کونە
مشکیان هەموو گرت و "فەوتاو" کۆنەی هەموو
بەخشی و منیشیدا بە پیاوێکی ناسیاوی خۆی
عەرزو حاڵچی. ڕۆژی دوایی کابرایەکی باریکەلەی خوێن
شیرین‌و دەم بەخەندە. هاتە دوکان، تۆزێ لەسەرم
دانیشت و لەدواییدا دەستی دامێ و بەسواری قەڵان
دۆشکانی هەڵیگرتم تا ناوسەرا. لەبەردەم مێزێکی

نزمی زۆر سەرقاڵدا منی دانا، بەگاڵتەوە دووسێ جارێ
دای بەپشتما و ئەوسا لەسەرم دانیشت و هەناسەیەکی هەڵکێشا.
کۆنە چاپێکی قۆڵ شکاو، ڕیزە پوولی چوارچوار بەیەکەوە
نووساو، کاغەزی خورشیدی زۆرو، ئیستەمپا بۆ پەنجە
مۆرو، قەڵەم و دەرزی سەرخڕو، عەینەکێك و،
کاغەزی قۆپییەی ژێرو، لوولەیەك جگەرەی زەل و، تەپڵەکێك و،
هەمووی لەبەر دەستا دانا. بەم ڕۆژگارە پەنجەکانی وەکوو
دەنووکی کەڵەشێر هەر خەریکی قرتەقرت بوون، ئاگام لێبوو
لەچوار وشەیش دووانیان سەرو ملیان ئەشکا. ئەو
سەردەمەیشم پڕپڕبوو لە هەناسەی ساردوگەرم. لە ئەزموونی
شیرین و تاڵ. لە فرمێسك و زەردەخەنە. خەڵکی داماو
ئازارە جل دڕاوەکان، کوێرەوەریە لادێیەکان، پەڕاگەندە
بێماڵەکان. گەلاڕێزانی بێوەژن. هەڵقرچانی بێکارەکان.
ئەهاتن و لەسەر چیچکان دائەنیشتن، سکاڵایان و
زوخاویان پڕ بە هۆدەو بە دالان و ناو تاقەکان هەڵئەڕشت و
ئەمیش بە دەنووك قرتەقرت ئەیکردن بەوشەو ڕستەو
دەستەواژەو بە بەزەیی و مەرحەمەت و لەگەڵ چەردەیەك
لەخەم و دەردە دڵی خودی خۆیدا وەك بەناباشی زمان
بێ دایئەڕشتن. ئیتر کاتێ عەرزوحاڵچیەکەم هەڵئەسا.
سەرایش دەرگای پێوە ئەدا. ئەوسا منی هەر بە باوەش
هەڵئەگرت و هەر لە سەردەم ئەیخستمە سەرپشتی
مێزو پاڵ چاپەکەو مشمایەکی پیا ئەداین تا بۆ سبەی

ئەهاتەوە. بەشەو وەختم لەگەڵ حەرفەکانی چاپدا
ئەبردە سەر. لە پێشەوە هێندە ڕوویان نەئەدامێ. بەڵام
دواتر ئەو حەرفانەم یەکەیەکە هەمووناسی. ئەو حەرفانە
قسەی خۆشیان بۆ ئەکردم لە ئەلف و بێکەی ناو خۆیان
هەموو شەوێ وشەیەکیان فێر ئەکردم. چاك لەبیرمە،
حەرفی ئەلف جگە لە خۆی حەرفێکی دیکەی سەرخڕی پێناساندم
لە دواییدا "ئاو" م نووسی. شەوێکی تر دووانی تری
پێناساندم یەکێکیان ئەتوت مراوی ناو جۆگەیەو ئەویتریشیان
هەر ئەتوت دارلاستیکەو ڕوو لەو لایە. ئیتر من "ئازادی"م
نووسی. شەوێ وتیان ئەمە "ج"ەو ئەمە "ز"ەو
ئەمە "ژ"ەو، ئابەوجۆرە، تا چەند مانگێ و هەستمکرد
من کورسیەکەی جاری جاران نیم. پڕم لە چاو، پڕم لە گوێ،
پڕم لە بیر، لە هۆش و گۆش. ئا بەو جۆرە ئیتر کەوتمە
کاغەز نووسین بۆ درەخت و بۆ باران و بۆ کەژان و بۆ باڵندەو
بۆ هەر شتێ خۆم بمەوێ. شەو لە دوای شەو وەکوو لاولاو
بە پەنجەرەی وشەی نوێدا هەڵئەگەڕام. گەشەم ئەکرد.
تا واملێهات، بە تەواوی شیعری قانیع بخوێنمەوەو
لەبەریانکەم ـ قسە قسە ڕائەکێشێ ـ من بۆ خۆیشم لەوەو بەر
زوو ئەوم دیبوو. هەر لێرەدا، ڕێکەوتووە، هەشت نۆ
جارێ ئەوم لەسەر دانیشتووە. قانیع لە نانی برژاوو لە
کونجی و کەشك و دۆینە و لە ڕێحانەی گوێ ئاو ئەچوو.
هەر لە شار بترازایتایە لە هەر شوێنێ لاتبدایە ئەوت ئەدی.

لەجۆگەلەی ئاشەکاندا مراوی بوو. لە مێرگەکاندا کەنیسمەو، لە مزگەوتدا زۆپای دارو، لە ماڵاندا هەنجیری وشك و باسووق و، لە کێڵگەدا تیتراوسك بوو. چاك لەبیرمە هەر لێرە بوو. نیوەڕۆیەکی بەهار بوو، کە وەختێ خۆیکرد بە ژووردا یەك لەواشەی گەرمی پێبوو، هات و لەسەر من دانیشت و داوای ماستاوێکی کردوو، دوای ئەوەی دەستی بەتاڵ بوو.. دەفتەرێکی کاغەزبۆری لەبەرباخەڵی دەرهێناو کەوتە نووسین. لەبەرخۆوە دێڕەکانی ئەوتەوە. هەتا شیعرەکەی لەسەر من تەواو نەکرد نەچووە دەرێ. باش لەبیرمە ئەو شیعرەیشی بۆ فەسڵی پاییز نووسیبوو!.

منیش لە باسەکەم لامدا. بابچمەوە بۆ ناو سەرا.

بیرم نەبوو خاوەنەکەم "نوری عەریزە نووس" یان پێئەوت. ناوی باوکیم بیرچۆتەوە. پیاوێ بە ژەهرەوە ئەخورا. ڕێزی من و ڕێزی درەخت و سروشت و ڕێزی قەڵەم و کاغەز و هەژارانی زۆر لەلا بوو.

جگە لەوەیش شاخ پەرست بوو.

نوێژی بۆ ئاوو بۆ بەردو بۆ درەخت و خاك دائەبەست.

هەموو جارێ بە هاوڕێ نزیکەکانی خۆی ئەوت "باشە ئەگەر ئەم شاخانە، دەستیان نەدایەتە دەستمان، وەك پێدەشت بێدەست بونایە. ئەبوو بچوینایە بۆ کوێ؟!"

- ڕۆژباش! کاکە نوری عەریزە نووس!

- ڕۆژباش!

من خەمی سپیی دار سێوێکی مێینەی نەفرەتیم لە باوەشی
وەرزێکی دڵڕەقدا بۆ هێناوی. تۆ ئەتوانی بەو
دارشتنەی خۆت، کاریگەرتر، لەوەی زمانی هەڵقرچاوی
جەستەم پێیەتی، زیاد لەوەی هەلاهەلابوونم پێیەتی،
چی تازەتر بنووسی؟! بۆ ئەوەی دڵی خواوەندی نێر و مێژووی
نێرو پێغەمبەری نێر نەرم بکەیت؟! کاکە نوری عەریزەنووس!
ڕۆژباش! من ئازارێکی مێینەی ڕاونراوی ئەم وڵاتی
یەکانانەم، تۆ ئەتوانی چیم بۆ بکەیت، دادم بەری بۆ
لای کێ؟! زریکەم حەواڵەی کام ئاسمان بکەیت کە نێری
لێنەبێ؟! بۆ ئەوەی چەند چرکەیەك گۆرانیی ژنێتی وێرانکراوی
خۆم بڵێم و هیچ نەبێ یەك پیاسەیش بە تازەترین شەقامی
خوێنی خۆمدا بکەم!. کاکە نوری عەریزەنووس! ڕۆژباش!
چیم بۆ ئەنووسیت؟! ئەشکەنجەیەکی نوێم بۆ هێناویت،
سەر بکات بە هەر شوێنێکدا بۆنی بۆکرووزی ژنێتیم
ئەگرن!. بەڵام هەموو کەپوویەك ئەم بۆنەی ناگاتێ
ئەو کەپووانە نەبن کە ئاگایان لە دەردی گوڵەگەنم و
لە گینگڵی شەوانەی باخەکانمانە، ئەوانە نەبن، بارانیان
تیا ئەبارێ و ڕۆحیان چۆتە ناو ڕۆحی شیعرەوەو هەتاو
چاویانە!. چیم بۆ ئەنووسیت؟! لە قیژەم ڕەوانترو ڕوونتر
بێت؟! لەو غەدرانەی لە جەستەم کراون دیارتر بن؟!
من ژنێکم لە پەلکی وەریو، ئەو دەمەی باگژەی پیاو، بۆ
شوێنی نادیارو گۆڕیچەی بیرچوونەوەی ئەبات. ژنێکم لە

هاواری کەرەواڵە. لە تەماشای نابینا. لە زایینی نەزۆك.
لە بژوێنی مردوو. لە ئاسۆی هەناسە سوار. لە ڕێگای بێ ڕێگاو
لە بارانی وشك و برنگ. من ژنێکم، یان هەرمێ گوڵاویەکی جوان،
لەناو لەپی دەستی پیاودا بۆ هەڵفلیقانەوە!. دە بنووسە!
ڕەوان بێژی ئازار بەتەنها لای برینەکان خۆیانن دە بنووسە
بۆ پیاوەکان عەریزەیەك بنووسە بۆ ئاسمان، بۆ زەریاکان،
بۆ چیاکان و بۆ هەموو جیهان، بنووسە گەورەترین درۆ
لە ئادەمەوە تا ئەمڕۆ لەو پەیامانەدا بوو کە ناویان لێنرا
دادو ناویان لێنرا پیاوەتی!"
دوکان ڕۆیشت و دوکان هات و
کورسی هات و کورسی ڕۆیشت و
لە دواییدا هاوینێك هات هەرگیز نەڕۆیشت
بەیانییەکی چاو پڕوپووشاوی هاوین بوو. گوێمان لێبوو جارێك درا.
دوای ئەو جارە. ژوور هەناسەی لەخۆی بڕیو شەقام خنکاو
کۆڵان تاساو. خودەی ئاسن ڕژانە سەرجادەکان و قەمەکان
چوونە ماڵان و، چون باوڵێ سەری شاریان دادایەوەو
قفلێیان لێدا. "نوری"یش نەهات مشەمامان لەسەرلاداو
وەکو ڕۆژانی ڕابوردوو بێ لەسەرم دابنیشێ و دەستکاتەوە
بە قرتەقرت. کەسێ نەهات بەلاماندا. دوای چەند ڕۆژێ
لەڕێی (با)یەکی وێڵەوە کەڕێی کەوتبووە "حامییە"و خۆیکردبوو
بە (با)یەکی عەرەب زوبان. دوای دەربازبوون هاتە لامان
ئیتر ئەوسا تێگەیشتین چی ڕوویداوە. (با) کە وتی: من ئەزانم

جارێکیتر عەریزە نووسەکەی ئێوە نایەتەوە! وتمان
بۆچی؟! وتی: جوندییەکی مردن، خەڵکی "ڕاوە"، ڕایگرتوەو
پێی وتوە: وەرە تفێ لەم جامانە سوورەبکەو لەو شاخانەو
ئەوسا ئیتر بچۆرەوە بۆ ماڵەوە! عەرزوحاڵچی ڕوویکردۆتە
سەربازی مەرگ پێی وتوە: تەنها یەك تفم پێماوە،
ئەویش بۆ ڕوخساری تۆیەو بۆ ڕوخساری تاعونەکەی بەعسەو
من ناچمەوە بۆ ماڵەوە!
لەوە بەدوا
ئیتر شەوان لەئاسمانی ئەو هاوینە بێوەژنە
تەم پۆشەدا
پۆلێ جریوە دەرکەوتن
تا ئەوکاتە نەبینرابوون
جریوەکان نزمبوون و هەتا نزیکی سەربان و
ناو چیغی ماڵان ئەهاتن.
هێندە نزم، منداڵان خۆیان هەڵئەبڕی
چەمکی کراسی سوریان و
قژی ژاکاویان بگرن و
دوایی خۆیان بەشان و ملی برین و
تیشکی زەردیاندا هەڵواسن!
پۆلێ هەور
سیانیان لە شێوەی سێ تۆپداو
سیانیان لە شێوەی قەڵەمداو

هەندێکی تریان لەشێوەی ئەسپ و کەڵ دا.
تۆپەکان ئەچنە خوارەوە
ناو یاریگاو
قەڵەمەکان ئەچنە خوارێ
بۆ ناو پۆلی قوتابخانەو
"ئەسپ و کەڵ" یش
ڕووئەکەنەوە گەڕەك و
حەوشەی ماڵان.
هەورێکیشیان
لە شێوەی پەڕەکاغەزدا
بەرەو سەری سەرێ ئەڕواو
عەریزەیەك بۆ خوا ئەبا!

ئا بەمجۆرە
ڕۆژ هات و چوو
بەڵام حوزەیران قەت نەچوو
ئەو ڕۆژانە بۆنی خوێن هێشتا لە شاردا هەر ئەگەڕا
تاعوونەکان، دوو دوو سێ سێ، لە دووڕیان و
سەر سووچ و گۆڕەپانە گەورەکاندا ڕاوەستابوون.
بەیانییەك سەعات یانزە. قۆمیسەرێك و پۆلیسێ
بە تووڕەیی پەیدابوون و وەك خوارەبا[20] مشەمایان لەسەر
لادراین. دایانگرتین. قۆمیسەرەکە چاپەکەی

[20] خوارەبا: نەڕەشەباو نە شەماڵ.

خستە باوەشی خۆیەوەو، پۆلیسەکەیش، منی
دایە دەست حەماڵێ و وتی بیبە بۆ ناو بازاڕ
بۆ ئەو شوێنەی کە پێموتی!. ساتەوەختێکی ناخۆش
بوو، کە دابڕام لە مامۆستام، لە چاپەکەم. بۆ دواجاریش
چاوم لێبوو لە دوورەوە قۆڵی شکاوی هەڵبڕی و
منیش سەرێکم بۆ لەقان. خۆم بەخۆم وت: تازە
هەرگیز جارێکی تر من ئەو کەسە نابینمەوە کە لە شەوانی
درێژی ئەم شوێنەدا فێری ڕووناکیی کردم و ڕێگای
هەتاوی نیشاندام!.
من لەسەر شانی حەماڵ و بەشەقامی "مەولەوی"دا
شۆڕبووینەوە. لە بەردەمی چایخانەکەی "مام ساڵح"دا
گەنج بوومەوەو چاوەکانم ڕوونبونەوە. وەختێ سێ
کورسی هاوڕێی دێرینی خۆم بەدییکردو ناسیمنەوە
سێ لاوی زۆر قۆز لەسەریان دانیشتبوون: قادر دیلان و
فەرەیدون عەلی ئەمین و ئەنوەر ئەدهەم!
گەیشتینە مەزاتخانەی ناوبازاڕو حەماڵەکە لەبەردەمی
دوکانێکی پیرەمێردی پەککەوتەدا، سەرجەنجاڵ بە
شڕکەوپڕکەی کۆنی دنیا، منی دانا. کەوتمە لای
عەلادینێکی کوێرە مووشەی سك قوپاوی زۆر بلێوە.
لەدوای ئەوەی یەکمان ناسیی ئەو پێی وتم:
ئەگەر تەندروستی تەختەکانت باش بێ لێرە زۆر
نامێنیتەوە!. کورسی قەت پەکی ناکەوێ چونکە

گشت وەرزێ ئەیەوێ، بەدبەخت ئێمەین بەم
هاوینە کێ ڕووئەکاتە لای ئێمە! خۆ ئەمساڵ زستان
هەر نەبوو! پێرێ دووکورسییان هێنا. یەك ڕۆژ
لێرە نەمانەوەو بە پیکابێ لەگەڵ هەندێ شت و مەکی تردا
بردیانن بۆ بازیان.
ـ بازیان بۆ؟!
ـ چایخانەیەکی تازەیان کردۆتەوە.
ـ من حەز لەدەرەوەی شار ناکەم!
ـ بەڵام کێ گوێ ئەداتە حەزی ئێمە. هەر بۆ ئاگاداری
خۆیشت. بەر لەمانگێ کورسیەکی وەکوو تۆیان هێنا،
بەباڵاو ڕەنگ ڕوویش کوت و مت هەر لە تۆ ئەچوو.
ئەزانی چی؟! بردیان بۆ مەیتخانەکە! ئەی چۆن!
جا دەرەوەی شار خراپە یان ناو هۆڵی مەیتخانە؟
ـ چییە؟! ئەتەوێ بمانترسێنی؟!
ـ ناتترسێنم!. بەڵام ئەمەوێ پێتبڵێم خراپ
هەیەو خراپتریش. ئەی وانییە؟!
ـ نازانم چی بڵێم! هەر بەم ئاخری عومرەوە نەبین
بەمەسخەرەی مردوو شۆرو مەیتەوان و مەیتەرەکان باشە!
ئا بەمجۆرە
مەزات هات و مەزات ڕۆیشت و پیریی هات و گەنجی ڕۆیشت و
منیش لەناو ئاپوورەی شرکەوپرکەدا و لە بازاڕێکی
بێگوێدا خۆم بینیەوەو چاوەڕێی چارەنووسم بووم

بەڵام ئەمەویٚ لێرەدا بوەستم و
بگەڕێمەوە بۆ دواوە،
بۆ شەڕی بەردەرکی سەرا.
کورسیەکی سەرپەڕ: ببووره قسەکەیشت پێئەبڕم. باشە
لەشەڕی بەردەرکی سەرادا تۆ لەکویٚ بووی؟
کورسیەکە: هەر لێرەبووم! بۆچی؟!
کورسیەکەی سەرپەڕ: چونکە ئەبوایە لەویەوە دەست پێبکەیت!
کورسیەکە: مەرج نییە! لەم ساتەوەختەوە ئەگەڕێمەوە
بۆ ئەوسا. وەك پێشتریش خۆم پێموتن من دووجار
لێرە بووم. جاری یەکەم ئەوسا گەنج بووم. دوای شەشی
ڕەشی ئەیلولیش، هەر لێرەدا. دایان بە سەرمانداو منیش
لەگەڵ چایچیەکەمدا گیرام، بەخۆڕایی دایانم بە
وەردیانیٚ، وەردیانیش فرۆشتمی بە دەڵاڵیٚ لەناو بازاڕ
ئیتر بەو جۆرە وەك گوێتان لە حیکایەتی ژیانم بوو
خاوەنەکەم وایزانیبوو من نەماوم. ئاخر ئەمیش هەر وەکوو
خۆم هەورامییە. زۆر گەڕابوو بەڵام منی نەدۆزیبۆوە
دابڕانەکە درێژبوو زۆر درێژ بوو. تا گەیشتمە مەزاتخانەو
تەنیشت عەلادینە هەڵەوەڕەکە. لەویٚ ڕۆژیٚ هەر بە ڕێکەوت
چایچیەکەی جارانی جارانم منی بینی و ناسیمیەوەو
کڕیمیەوەو منی هێنایەوە ئێرە!
کورسیەکەی سەرپەڕ: سەرەتات کرد بە کۆتایی؟!
کورسیەکی تر: با چیرۆکەکەی تەواوکات!

کورسیەکە ـ دەست ئەکاتەوە بە گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی ـ
وەکوو وتم من ئەو دەمە
کورسیەکی هەرزەکاری خوێن گەرم بووم
نە لە مشار نە لە بزمار نە لە ئاگر نەئەترسام
زۆریش نەبوو هاتبوومە نێو شارەوە
هەر لێرەبووم
هەمووی پێنج ڕۆژ بوو کە ئەیلول
دەستی گرتبوو بە قەدی ئەو ساڵەوە.
دەستی ئەیلول
بۆنی گوڵ مێخەکی "وەیس"و
بۆنی گوڵە عەتری "نالی"و
دارمێوەکەی ماڵی "سائب"ی لێئەهات.
گەڕەکەکان ڕستێ بازنی شووشە بوون
لە دەستی سلەیمانیدا و دنیا بچووك.
هەمووی پێنج ڕۆژ بوو کە ئەیلول
لەبناری ئەو ساڵەوە
خل بووبۆوە بۆ مێرگەکانی جوولەکان
هەموو شتێ لە "با" یەکەی کانی باوە
تا ئاسکەکانی کانێسکان
تەڕتەڕ بووبوون بەگۆرانیی و دەنگی ڕەشۆل
بەبارانی ئەو قەتارەی..
لەناو دڵۆپی سەوزدا

چرا بوون و لە شەوانی ئەم شارەدا دائەگیرسان.
ڕۆژی شەشەم بەیانیی بوو
جادەو بازاڕو قەیسەری
چرپە چرپێکی سورباویان تیا تەنییەوە
باڵی چرپە سات لەدوای سات گەورە ئەبوو
"با" ئەیبردو گڤەی هەواڵ هەتا ئەهات
بەرینتر و تیژتر ئەبوو.
یەکەمجار بوو لە ئەشکەوتەوە هاوارو
لە شاخەوە، لە خێڵی ئەسپەکانەوە
ئازادی بێتە خوارەوە
بۆ سەرجادەو
دەنگ هەڵبڕێ کتێبی شار!
ڕۆژی شەشەم لە پڕێکدا
ئیتر ساماڵی ئەم شارە
وەك ئاوێنە هاڕەی کردوو کەوتە خوارێ و
وردو خاش بوو
لەو شەقامەی ئەوبەرەوە
هەتاو سەرتاپای خوێناوی و
سەرا گوڵخەنی دۆزەخ بوو ئاگری گرت و
قشڵە بوو بە قشڵەی مەرگ و
دووکەڵ چووە چاوی خواوەو، قرمە ژن بوو.
پرسیار وەکوو منداڵ کوژراو

خەون وەکوو شیعر کوژراو
ئاو لێڵایی دیدەی هات و
ئەم پەنجەرانە کوێر بوون و
ئەو دەرگایانە کەڕبوون و
چەندین درەختیش لەبەری ئەوبەرەو
بۆ ئەمبەر و یان سەر بەرەوخوار هەڵاتن!
ئەو پاییزە، لەبەر سەرا
زریکەکەی بوو بە گەردەلوولی شین و
فرمێسکەکانی بە گەڵاو
گەڵا کەوتنە سەر برین و بوون بەچرا.
قرمەژن بوو.
من لێرەوە چاوم لێبوو
هەندێ پەپوولە پاییزەی
هەڵاتوو لەدەس باگژەی حکومەت و
هەندێ لە شیعری "بێکەس"و
دوو سێ مەقامی "ڕەشۆل" و
چەند دارێکی "سەعید دارتاش"
خۆیان کرد بەم داڵانەدا
من خۆم بینیم
پەپوولەکان بوون بە وشەو
مەقامەکان بوون بە جۆگەو
شیعرەکان بوون بە باڵندەو

دارەکانیش بوون بە داری
خۆرو ئالآ!
ئەو ڕۆژە من پڕبووم لە تەم
خەم لەسەرم دانیشتبوو
ئەو ڕۆژە من ئازاربووم و
تیغ لەسەرم دانیشتبوو
ئەو ڕۆژە من هەڵئەقرچام
گڕ لەسەرم دانیشتبوو
هەر ئەو ڕۆژە
وەختێ کە ئێوارە داهات
لە جێی زەردە، ئاوی سوور هات و بە چایچی و
بە وەجاخ و بە سەماوەرو بە پیاڵەو ژێرپیاڵەوە
هەر هەموومانی داپۆشی.
ـ ئەو ڕۆژە ئەم شارە کەوتە ناو بێژنگی ڤیژەوەو ڕووناکیی
لە دەستی بەیانیی بەربۆوەو پرشنگیش وەك گەڵای هەڵۆەریو با بردی.
ـ بەڵام تۆ نەتبینی هەر لە ژێر ئەو جەستەی خەزانەو
هەر لە بن خەمانی سروشتا. هەمان سات. ساوایەك
لە شێوەی هەڵاڵەو بەیبووندا ئەڕسکاو، زرنگەی
دوا ڕۆژێ لەودیوی بیستنی ئێمەوە ئەهات و ئەگەیی.
ئەمجارە لەزاری کێوەوە من نەبووم بە هاوار. ئەمجارە
من زارم پەنجەرەی کتێب و هاوارم شەقامی
درێژی ناو شار بوو!.

ـ چیم نەدیوە؟!
چەندین نەوەی جیاجیای کورسیم بەرێکردو
خۆم مامەوە. چەندین دەرگای خائینم دی.
چەندین مێزی بەرتیل خۆرو گەڵێ تەپڵەکی بێبارو
چەندین شمشاڵی دڵدارو چەند تەختەبەندی بێئاگا
لە ئازارو چەندین کەمانچەی عاشق و چەند قەڵەمی
لانەوازیش. گۆچانێك هەبوو دوراو دوور
من ئەمناسی ئەو گۆچانە خاوەنەکەی برد هەتاکوو
سەر هەڵدێرێ و کەمەی خۆی لەدەست دەرهێناو
ئەویش بۆ خۆی کەوتەخوارێ. پەنجەرەم دیوە
لەگەڵ دز شەریکبوون و ڕەفەم دیوە کتێبی خۆی
داوە بەگرت. جارێك چوارچێوەی تابلۆیەك دەستی
چووە ڕەنگەکانی و گشتیانی کوشت. درەخت هەیە
بەدەستی خۆی ئاگردێنێ و گڕ بەرئەداتە بێشەکەی.
بەڵام درەختیش هەبووە
لەسەر بنچکێکی نزار، لەسەر حەقی هەڵافەیەك[21]
کەوتۆتە شەڕی تەورەوە
هەتا بە پێوە مردووە.
شەنم دیوە، لەسەر مافی، چەند سەمەڵێ گوڵەگەنم
چووە بەگژ کێڵگەیەکدا و پەنجەکانی لەسەر سنگی چەقاندووە.

---

[21] هەڵافە: چەکەرەی گیا.

خۆم نەمدیوە بەڵام ئەڵێن پردێ بووە:
ئەو وەختەی پشتی شکاوە
دووسێ ڕێبوار لەسەری بوون
پردە بەدەم ئازارەوە ناڵاندویەتی و خۆیگرتووە
تا ڕێبوار پەڕیونەتەوەو
ئینجا ئیتر خۆی کەوتووە.
بیرتان نەچێ!. درۆزنترین کورسی ناو دنیا کورسی دەسەڵاتە. ئازاترین کورسیش، کە دەگمەنن و ژمارەیشیان ئێجگار کەمە. ئەو کورسیانەن ئەوێرن پرسیار بکەن و بەگومانن و هەموو جۆرە چارەنووسێ قوبوڵ ناکەن، تەنانەت تیاشیاندا بووە، ڕاستەوخۆ، چۆتەوە بەگژ خوای دارتاشدا!.
خۆم نەمدیوە، بەڵام ئەگێڕنەوە ئەڵێن:
لەبەر ئەوەی کۆڵەکەیەك بەزۆر ئەیکەن
بەستوونی هەرە گەورەی سەربازگەیەك
نیوە شەوێ بەهاوکاری کاریتەیەك
شان لەژێر بینا دەردێنێو
خۆی ئەکوژرێو
سەربازگەکەیش ئەڕوخێنێ
کورسیەك هەبوو هاوڕێم، ئەسمەرێ بوو، خەڵکی کەرکوك، کوڕی دار لیمۆیەکی شۆڕیجە. نیشانەی کانی خورمایەك بەڕوومەتی ڕاستیەوە بوو. هەر بازوویەکی لە ملی هەر

یەکێکمان ئەستوورتر بوو. قاچەکانی پتەو پتەو،
دوو فەردە خوێیان ئەدا بە شانیاو کەچی نقەی
بۆ نەئەکرد. ڕۆژێ نایب زابتێکی ڕەش ڕەش
هات و لە دوورەوە دینارێکی بۆ چایچیەکەمان فڕێداو
هەڵیگرت و، ئیتر کورسیمان لێ ونبوو، هەتا چەند ساڵێ
نەمدیەوە، وەختێ دیمەوە زەرد بووبوو، باریك باریك هەناسەی سوار،
هەر ئەیتوانی منداڵێك بگرێتە باوەش.
ماچمکردو وتم ئەرێ بەڕاست تۆ چیت لێهات؟!
هەر دیار نەمای، نایب زابت تۆی برد بۆ کوێ؟!
وتی لێگەڕێ نازانی چیم بەسەرهات!، ئیتر ئەوسا
گێڕایەوە، چۆن چەند ساڵێ لە ناو ژوورێکی تاریك و
زۆر نسرما، دایانناوەو، کردوویانە بە کورسی ئەشکەنجەدانی
ژێر بەندەکان. شتی وای ئەگێڕایەوە پیاو بەنج ئەبوو.
ئەیوت: ڕۆژی وای تێئەکەوت لە ناوخوێندا شلێپەم ئەهات
ڕۆژی وایش هەبوو، من جەستەم، دەست و قاچم،
هەمووی هەر سلك و وایەری کارەبا تێیان ئالآبوو.
جاری وا هەبوو ئوتویان گەرم گەرم لەسەر پشتم بەجێئەهێشت.
ئەیوت: زیندانیم ئەبینی وەختێ لەسەرم دائەنیشت
زۆر ڕیوەڵەو بچکۆلەبوو، کە چی نە شیشی داخ و نە
کارەبا و نە بوتڵ و نە پشیلەی برسی ناو گەڵ و
گون و نە چەکوش، نەیان ئەتوانی، یەك ناوی
ناو دەروونی لێدەربێنن. کەتەو زلی وایشم ئەدی،

به شکڵ و ناوقەد، لە مامە دارەبەن و خاڵە
دارتووەکانم ئەچوون. کەچی بەرلەوەی لەسەرم
دابنیشن، هەر کە ئوتۆکەیان ئەدی چۆکیان ئەشکاو
چییان لابوو هەڵیان ئەڕشت. دواییش بە چرپە پێی وتم:
ـ تکایە با هەر لە بەینی خۆماندا بێ ـ  لەسەر من بوو
هاوەڵێکی "حەیدەری" یان
جنی و جنی و بەڵام تاکوو بوو بە قیمەیش ئاگام لێبوو پێئەکەنی!
کورسیەکەی سەر پەڕ: بەڵام تۆ هەر باسی کوردەکورسیت
کردوو نەچوویت بەلای گەلانی کورسی دنیادا؟!
کورسیەکە: بەداخەوە من نەچوومەتە هەندەران.
کورسی غەیرەکورد ناناسم، لەگەڵیاندا نەژیاوم.
بەڵام جارێك هەر لێرەبوو، کورسیەك هات،
بە بیچم و ئێسك و ڕەنگ و ڕوو لە کوردە کورسی
خۆمان نەئەچوو، ئاخر ئێمە، وەك ئەزانن زۆربەی
زۆرمان کورتە باڵاین ئەو درێژو موو زەردیش
بوو. لەگەڵ بیست سەماوەری وارشاودا، هەر بە
پاپۆڕ، لە ڕێی زەریای قەزوینەوە، گەیشتبوونە
ئێران و، لە ئێرانەوە بۆ ئێرەو، بەو پلانەی بگاتە
ماڵی شابەندەر، بەڵام لەڕێگا ونبووبوو، وەکوو
وتم، تا ئەو ڕۆژەی پاسەوانانی شابەندەر، ئەگەڕێن و
لەم چایخانە بچووکەدا ئەیدۆزنەوەو، یەخەی
چایچیەکەم ئەگرن و لەدواییدا ئەیبەنەوە.

کورسیەکەی سەرپەڕ: باشە چۆن لە یەکتری ئەگەیشتن؟!
کورسیەکە: هەردووکمان کەمێ فارسیمان ئەزانی.
بەڵام ئەو زۆر خوێندەواربوو. چوارپێنج زمانی
ئەزانی و جگە لەوەیش "بەشی زانستە دارستانی و
کورسییەکانی" لە زانکۆی وارشۆ، تەواوکردبوو.
من لە زمانی ئەوەوە بۆ یەکەمجار ناوی گەلێ
کورسی بەناوبانگی ئەم دنیایەم بیست و زانی.
وەکوو کورسیە لەخۆباییەکەی ناپلیۆن، یان کورسیە
جوانەکەی چیخۆف کە بەداخەوە سیل کوشتی.
یان ئەو کورسیە ڕۆماننووس و قومارچییەی
کە سزاوتاوانی نووسی. یان قەنەفە کوژراوەکەی
پوشکین، یان ئەو کورسیە پیرەمێردەی
کە بۆ دواجار لە وێستگەی شەمەندەفەردا تەنیا و بێکەس و بێداڵدە
ڕۆحی دەرچوو. یان ئەو کورسیە شاعیرە مەزنەی لە حەبەشە
بە ئاوارەیی قاچیان بڕیەوە. یان کورسیە شێتەکەی مۆپاسان.
یان کورسیەکەی مادام بۆڤاری کە دووسێ جار ڕاپێچیانکرد
بۆ مەحکەمە. زۆر و زۆرو زۆری تریش!
کورسیەکەی سەرپەڕ: باشە تۆ پێتوایە کورسیەکانی
دنیا ئاگایان لە کورسی کورد زمان بێت؟!
کورسیەکە: هەموویان نا. بەڵام کورسیە
باشە ئینسانیەکان بۆ نا؟! ئەی هەر کورسیەکی

مەنگۆلی نەبوو، ویستی مەسەلەی هەموو درەخت و دارو
تەختەکانی ئێمە بەرێتە ناو کورسیەکانی
کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە!.
کورسیەکەی سەرپەڕ: بەڵام ئاخر لەدوا ساتدا
پەشیمان بوەوە!
کورسیەکە: ڕاستە!. ئەوە کورسی دەسەڵات
پەشیمانی کردەوە. ئەی کورسیە سدارە سپیەکەی
نەهرۆ؟! ئەی کورسیە تورکەکەی ئیسماعیل بێشکچی!
ئەی کورسیە عەبا بەشانەکەی لیبیا؟! ئەی کورسیە
مێیەکەی فەڕەنسا؟! لەم لاو لەولا کورسی تریش.
کورسیەکەی سەرپەڕ: زۆر سوپاس، بەڕاستی ماندوومان کردی.

چەندین نەوەی جیاجیای کورسیم بەڕێکردوو
خۆم مامەوە. چیم نەدیوەو کێم نەدیوە.
چەند جار "ڕەفیق حیلمی"م دیوە.
حەزی لەچایخانە نەبوو، دانەئەنیشت
بەڵام ئەگەر بیویستایە هاوڕێیەك
یان ناسیاوێکی ببینێ
هەر لەبەر دەرگای ئێمەدا ئەیبینین و
هەر لێرەدا پێکئەگەیشتن،
وەختی خۆیشی هەر دوراودوور، لەوبەرەوە
"حەمدی"م دیوە.

پیاوی بۆشناخی وا کەم بوو
بڕواتان بێ ئەو شێخ مەحمودی حەفیدە
لەشیعرەکانی ئەترسا!
لەبیرمدێ، بەیانییەك، سەلام لەسەرم دانیشت و
دوو سێ چوارینەی خەیامی کرد بە کوردی.
لەبەردەمما "خاڵەڕەجەب" نوکتەیەکی گێڕایەوە
دەرگای چایخانەیش پێکەنی.
جارێك بلە هەر لەسەر من
نامەی بۆ سوجادی نووسی.
لەبیرمدێ، "گیو" لە هەولێرەوە هات و ماندووماندوو
گەییە ئێرەو کامێرایەك بەشانەوەو
هەر هەواڵی شاعیرانی لەچایچیەکەی من ئەپرسی.
"بەختیار زێوەر"یش جارێك
سدارەکەی لەسەر شانی من بەجێهێشت.
"مەحمود جەودەت" نیوەڕۆیەك
هەر لەسەر من خەوی لێکەوت.
جگەرەکەی بەداگیرساوی کەوتە ناوباوەشیەوەو
ناوکی سوتان و داچڵەکی.
هەر لێرەبوو، ئەوسا منیان لەسەری سەرێ دائەنا.
جارێکیان گەنجێکی بزێۆ، کە هەر ئەتوت کەڵەشێرێکی چاوشینی
پۆپنەڕەشە، هات و
لەسەر من دانیشت و کەوتە قسەی دانار دانار

سیحرێ له وشەو دەنگیا بوو وەك موگناتیس ڕایئەکێشای
من لەوەو پێشتر نەمدیبوو. کە ئەو ئەدوا ئەوانیتر
هەر هەموویان دەم داچەقاو کپ ئەبوون و گوێیان ئەگرت
له کورسیەکەی لای دەستەڕاستمەوە پرسی: ئەمە کێیە؟!
وتی: سەیرە چۆن نایناسی: ئا ئەمەیە ڕەفیق چالاك!.
دیسان وتی: چاك لەبیرمە جارێکیان منیان هەلگرت و
بردیانمە مەکتەبی "غازی". ئەم چاوشینە لەسەر
شانۆ، بوو بوو بە گوڵی خوێناوی!
ڕۆژێکی تر، نیوەڕۆیەك، هەروا بۆ چەند دەقیقەیەك
تەختەکانم ئارامیان لەبەر هەلگیرا، هەر ئەوەنەبوو
له بزمار یاخی نەبن و هەر یەکەیان بەلایەکدا هەڵنەیەن و
هەڕانەکەن. هەروا بۆ چەند دەقیقەیەك. بەکراسێکی
جاوەوە، ساله شێتم لەسەر دانیشت. بەردێك لەناو
قولی مشتیا. بەڵام دوایی بەوەی باش بوو لەپڕێکدا
هەستاو ڕۆیشت و چایەکەیشی تەواو نەکرد!
ئابەمجۆرە
کورسی ڕۆشت و کورسی هات و
شێت ئەڕۆیشت و شێت ئەهات و
جارێکیتر بیرمنایە لێرە بوو یان لەناو بازاڕ.
ئێوارەبوو، پیاوێکی ئێجگار شپرزە، دەست و پل و
لەش بۆیاوی. هات و لەسەر من دانیشت و فلچەیەکیش
بەدەستەوە. دووسێ جارێ فلچەی بەسەر پشتما هانی و

لەدوولاوە ڕەنگی گۆڕیم، ئینجا لەسەرم دانیشت و
کەوتەقسە. لەحەمامی سورەتەوە، ئەو هاتبوو. ئیتر زانیم
وێنەکێشە و ناویشی "حەسەن فەلاح"ە!
ڕۆژێکی تر، دڵم پڕبوو، هەرچەند ویستم خۆم ڕاگرم
بەڵام بەڕاستی نەمتوانی و ئەوسا دامە پڕمەی گریان. من
کورسییەکی عاتیفیم، زۆرجار کە تەنها خۆم ئەبم و
کەس دیار نابێ ئیتر بۆ بەختی خۆم ئەگریم. ئەو گریانە
وەك هەناوم بشواتەوە وایە. بابێمەوە سەر قسەکەم
ئەو ڕۆژە بۆیە زۆرگریام. "گۆران" لەدوای مەرگی
هیوا هات و لەسەرم دانیشت و، لەو بەریشەوە "بێکەس" ،
ئەویش شیعری "هیوا"ی ئەخوێندەوە. نەك هەر منیش،
چاوم لێبوو، هەموو کورسیەکانی ترو، چاوی زەردی
سەماوەر و چاوی قۆریی ئەسفەهانی و تەنانەت دووچاوی
وشکی وەجاخەکەیش پڕبوون لەئاو!.
کورسی هەیە نەفس نزم، هەر کەس لەسەری دانیشێ،
جا خوای ئەکرد جەللادیش بێ، شەرمناکاو، بەدەمیەوە
پێئەکەنێ. ڕۆژی وا هەیە سەدان کەس دێنە سەرم و
بەڵام من دڵم بەکەسیان ناکرێتەوە. جاری وایش هەیە
یەکێك دێ و من حەز ئەکەم هەرگیز لەسەرم هەڵنەسێ.
ڕێکەوتووە بۆ چەند ڕۆژێ، چاو لەڕێ بووم، ئەو کەسەبێ
خۆشمئەوێ. هەژارەکانم خۆش ئەوێ، چونکە ئەو
وەختەی لەسەرم دائەنیشن، زۆر سادەن و فیزلێنادەن

لەژێرەوە شەق لە لۆلاقم هەڵنادەن. بەڵام ئەوانەی ئێجگار زۆر ماندووم ئەکەن، دۆمینەچین، هەر هەڵناسن. جگەرەکێشی وایش هەیە، تەواو ناخۆشیانکردووە، قەیناکا وتمان شاعیرە، بەڵام ئەو شێرکۆ بێکەسە هەتا ئێستا لەسێ چوارلاوە قۆڵی سووتاندووم! لە هەمو شتێ ناخۆشتر، دیمەنێکە گەلێ جار بۆ خۆم بینیومەو زۆر خەفەتم پێخواردووە. ئەو داماوانەی هاتوون و دانیشتوون و پارەی چایشیان پێنەبووە!

ئابەمجۆرە
دنیا ڕۆیشت و دنیا هات و
بازنەی شەو، بازنەی ڕۆژ
سوڕانەوەو، کورسیەکیش لە ناویانداو
لەگەڵیاندا خولایەوە و خولایەوە
هەتا گەیشتە ئەم ساتە.

"قەنەفەکە کە تا ئەوکاتە نوستبوو لەدەنگی کۆکەی کورسیەك خەبەری ئەبێتەوە"

کورسیەکەی سەرپەڕ: "ڕووئەکاتە قەنەفەکە"
ئەستەمووڵ خۆشبوو؟!
قەنەفەکە: ماندووم. ماندووم! تۆ نازانی ڕۆژی
پێشوو کابرایەکی کەتە جگە لەخۆی
فەردە شەکرێکیشی لەسەر دانابووم.

کورسیەکە: وا کازیوە خەریکە لە ڕەشایی شەودا تاڵە
زیوینەکانی پرچی خۆی وردە وردە بەر ئەداتەوەو لەپاش
تۆزێکی تریش بەدڵنیاییەوە پەنجەرەی هەتاوی ڕۆژێکی
تازە ئەکاتەوە. من یادەوەریەکانی خۆم بۆ گێڕانەوە. شەوی
داهاتوویش گوێ لە برای ئازیزمان کورسییە سنەییێکە
ئەگرین. من دوا قسەم ئەوەیە وەسێت ئەکەم هەر
وەختێ مردم و ئێوە لێرە بوون بمسوتێنن بۆ ئەم کارەیش ئاگری
وەجاخەکە یارمەتیتان ئەداو پێموتووە.

ئەوسا خۆڵەمێشەکەم بکەن بەسەر هەر عەرزێکدا
کە لە هەناوی خۆیدا تۆوی ژیانی بۆ ڕسکانی درەختی تازە هەڵگرتووە.
لە دواییدا سوپاس بۆ گوێگرتنتان

★

منی نووسەری ئەم دەقە لە زەمانی کۆلێراکەی
بەعسیاندا، وەکوو زۆر شیعرو چیرۆك و شانۆنامەو
پەخشانی تر، وەکوو زۆر خۆشەویستی بێداڵدە،
گەڵێ گۆرانیی ڕاونراو. گەڵێ پەپوولەی پاییزە،
ڕوومکردە شاخ و دەربەندی ئەستێرەکان. لەوێشەوە
وەکوو باڵندەی کۆچەری یان هەورێکی سەر هەڵگرتوو
گەیشتمە ئاسۆی هەندەران. بۆ چەندین ساڵ غەریبی
بوو بەهاوسەرم، نامۆیی بوو بە ناونیشان. هەموو جارێ
لەو دوورەوە کورسی چایخانەکەم بیربوو لەخەویشما

ئەچوومەلای یان لەسەری دائەنیشتم. خەوێك چەند ساڵێکی خایاند. منی نووسەری ئەم دەقە وەختێ گەڕامەوە لای شار، ئەمنە سوورەکە کەوتبووە دەست دارهەنار. بە داڵانی ناو سەرادا "ئەی ڕەقیب" پیاسەی ئەکردو، لە حامیەیەیش خوێنەکان بووبوون بەچرا. گەیشتمەوە لای دارهەنار. خەون هاتبووە سەرجادە. لەسەر شەقامی مەولەوی باوەشمکرد بەبارانە سەوزەکاندا. لەسەر "کاوە" موحەڕەم محەمەد ئەمین"م بینی و تێر ماچمکرد. لە بەردەم باخی گشتیدا "شاکیر فەتاح" بەرەو ڕووم هات، گوڵەکەی یەخەی خۆی دامێ و پێشی وتم: "عبدالخالق" لەهەولێرەوە هاتووەو بۆت ئەگەڕێ و زۆریش سڵاوت لێئەکا!.

لەبەردەم ئینزیباتخانەکەی جاراندا، چوار پێنج هەزار چۆلەکەو پەڕەسێلکەو، کەروێشك و سمۆرەو کارمامزو جوانوو، کۆبووبوونەوە. لەناوەڕاستی هەموویشیاندا، "کەمال سابیر" سواری ئەسپێکی سپی سەرخۆش بووبوو. ئەسپەکە مەست و چاوی ڕاستی بۆ هەڵئەئەبڕدرا، "کەمال"یش بە دەستێك جڵەوی ئەسپەکەو بە دەستەکەی تریشی، ملی چارەکێکی "فەل"ی گرتبوو. ناوبەناو قومێکی لە فەلەکە ئەداو، ئینجا نوکتە لە دوای نوکتەی بۆ ئەو ئاپوورەیە ئەگێڕایەوە. ئەوانیش بە باڵ و بە دەنووك و بە گوێچکە چەپڵەیان بۆ لێئەدا، هەرا بوو هەرا، بووبوو بە کەرنەڤاڵی پێکەنین. لە "تووی مەلیك"، پەیکەرەکەی کاوەی ئاسنگەر بەخۆی و

چەکوش و بەرکۆشەکەیەوە لەسەر سەکۆکەی هاتبووە
خوارەوەو لەناو خەڵکەکەدا هەڵئەپەڕی. بەڵام لە
هەڵپەڕکێی ئێستای کوردی نە ئەزانی و، مامەڕیشە
چووبوە دەستیەوەو فێری ئەکرد چۆن هەڵپەڕێ.
لەسەر منارەی مزگەوتی گەورە، حاجی "لەق لەق"ێکم بینی
ویردو تەزبیح و بەرماڵی خستە لاوەو کەوتە سەماو
باڵێکی کرد بە گیتارو ئیتر کەوتە موزیك لێدان. لەسەر
جادەی سابونکەران، سی چل ژنە قەلەڕەشکە،
ئاگرێکی گەورەیان کردبۆوەو یەك لە دوای یەك، عەبا و
حیجاب و پارتیۆو مانتۆکانیان لە بەری خۆیان داکەند و هەرهەموویان
فڕێدایە ناو ئاگرەوە هەتا تەواو تەواو سووتان.

هەر لە تەنیشت ئەوانەوە، سێ پیاوی ناسراوی هەمان جادە و گەڕەك، دەم بە خەندە، ڕاوەستابوون. هانیان ئەدان و چەپڵەیان بۆ لێئەدان. یەکەمیان بە دەنگێکی گڕ، قەسیدەیەکی شێخ نوری شێخ ساڵحی ئەخوێندەوە، کە لە بەیتێکیا وائەڵێ "دایگرن، توخوا فڕێیدەن بیخەنە تەندوورەوە/ حەیفە ڕۆژی ڕوون ئەنێنە ناو شەوی دەیجوورەوە!" دووەمیشیان هەمان شیعری بەخەتێکی جوان و گەورە لەسەر لافیتەیەکی درێژ
ئەنووسی. سێهەمیشیان دوا نوکتەی لەسەر مەلا دالأشێ ئەگێڕایەوە و نمرەیشی بۆ ئازاترین ژنە قەلەڕەشکەی ئەو کەرنەڤاڵە دائەنا. ئەو سێ پیاوەیش: نەجمەددین مەلای کەشتی نووح و خالید زامداری خۆشنووس و مامۆستای ماتماتیك عومەری عارف قاپ ڕەش بوون!.
لە کانێسکان، هەر لە سەرکانیە جوانەکەی، لەناو ڕەوە

کەڵ و ئاسکەکاندا کێم بینیەوە؟! ئای خودایە! خۆ ئەوە
"نوری حەمە عەلی"یە، ڕانکوچۆغەی گوڵی ژاڵەو،
پشتێنەکەی لە گێلاس و سەروقژی گوڵەباخ و جووتێ کڵاشی
هەورامیش، کردبوونی بەسەر پێوەو، ئەویش هەر سوور!.
کەباوەشمان بەیەکدا کرد هەزار پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ تێمان
ئاڵان. ئای نووری گیان! سەرتاپات سوور ئەچێتەوەو
بووی بە یاقووت. لەکوێوە بۆ کوێ نوری گیان؟! نوری
وتی: لە نادیارەوە بۆ نادیار، بەڵام تۆ لەوەیان گەڕێ،
باشبوو دیمیت، پرسیارێك هەیەو شەوو ڕۆژ هەر لەگەڵما
ئەگەڕێت و ئەویش بۆتە مەراقێکی سورو خەوی سورو
لە سەرما ئەسورێتەوە. پرسیارەکەم هەر ئەوەیە: بۆ منیان
کوشت؟! بۆ؟ بۆ؟ بۆ؟ من خەریکبوو شتێك بڵێم. لە پڕێکدا هەرچی
کەڵ و ئاسکەکانە هاواریانکرد: غەدر، غەدر، غەدر

ئیتر هەموویان لەگەڵ "نوری"دا وەرچەرخان و
ڕوویانکردە ناوگردان و لەچاو ونبوون!
لەسەر جادەی سەهۆڵەکە، چاوم لێبوو، سەروەت
سەوز و دوو تاوس و توتیەك و دوو سێ ئاسکی ڕەنگاڵە،
"ۆرك شۆپ"ێکیان دانابوو بۆ قوتابیانی قوتابخانەکەی
"لەیلا قاسم" و فێری وێنەکێشانیان ئەکردن. دووراودووریش، چاوم لێبوو،
"سەلامی مەلا سابیر"یش لە قوتوویەکی نەخشیندا نوقڵ و شیرینی ئەگێڕا.
لە خوارەوە نزیك مزگەوتی خانەقا، سابرێنێکی چەك بەشانیان

نیشاندامو، وتیان ئەمە لە خوتبەکەی ڕۆژی جومعەی ڕابوردویدا، وتویەتی هەرچی ماکەوو هەرچی مریشك و کۆتری مێیە، ئەوانەی دەنووك سوور ئەکەن، قاچ و قولیان ڕووتئەکەن و کراسی درێژی پەڕلەپێیان نە پۆشیوەو وەك عەلەشیش مانتۆکانیان لە بەرناکەن، هەموو کافری موتڵەقن، مەلا سابرێن لەبەردەمی مایکرۆفۆندا، فەتوایەکی دەرکردووە، خوێنی هەموو ئەو قومریو کوکوختی و بولبولانەیشی حەڵاڵ کردووە کە ساڵۆنی قژبڕینیان کردۆتەوەو یاخود هێلانەیان نزیك زەنگی کڵێساکەی گەڕەکی گاوران و لەسەر بورجەکەی داناوە.

هەر ئەو ڕۆژە چوومە بەردەم چایخانەکە. چاومگێڕا، کورسی تازەی زۆرم بینی بەڵام کورسیەکەم دیارنەبوو. سۆراخمکرد. شڵەژابووم دەرگای چایخانەکە وتی: تۆ بەشوێن کێدا ئەگەڕێی؟! وتم بەشوێن کورسییەکی ئا لەو جۆرەو، قەنەفەیەکی عوسمانی و، کورسییەکی خەڵکی سنەو نایانبینم. وتی کاکە تۆ ئەڵێی چی؟! لە گوێی کام گادا نوستبووی. زۆر دەمێکە، هەشتاکان بوو، وەستا ئەو کورسیە و کورسیەکی ترو قەنەفەیەکی عوسمانی، بەخشی بە ئاوەڵزاواکەی خەڵکی دەوروبەری کفری. بەداخەوە جارێکیتر ئەو کورسیانەو قەنەفەکە بەدووچاو نابینیتەوە! بەداخەوە ئەوانیش لەگەڵ مام وەیس و میمکە

خەجێ و، ئاوەڵ زاواو، گۆرانیەکی عەلی مەردان و جامانەکەی خوداداد
عەلی و چاکەتێکی "ئەثیری"دا. دوور دوور، دوور دوور،
سەر بەرەوخوار هەموو بران، ئەنفالکران!
چاوم لە خاڵێکی ڕەشدا، چەند چرکەیەك
بوو بە پەڕەسێلکەی قەتیس.
ئەو وەختەی سەرم هەڵبڕی
پەڕەسێلکەم بڵند فڕیو
لە تەختایی ساماڵێکدا هەورێکم دی
کە لە شێوەی "کورسیەکەدا"
هەمان کورسی
نزیك بە بارەگای خودا، دانرابوو
چاوەڕوان بوو، بە ئێجگاری
ئازادیی خۆی بێو لەسەری دابنیشێ.

سلەیمانی
2005/5/26

# له گوڵەوە هەتا سووتوو

"شیعر، پەخشان، وتەی ئەدەبی، دیمانە"

2006

# لەگوڵەوە هەتا سووتوو

# لە ماڵەکەی بێزاریدا..!

هەمدیسان، بێتاقەت، چون ژووری
وەڕس و قژ بژم، لە جێدام.
بەیانیی لە لەشما
هەتاوی نەخۆشەو، خەیاڵم
تەیرێکە فڕینی نوستووەو
نەغمەیشی گرمۆڵەی سوچێکی بێدەنگیی و،
چەقیوی خاڵێکی نادیاریش تەماشام.
باوێشکی درێژی دیوارو تەنیاییم
بەرامبەر پەنجەرەی چاو کزی
هێشتاکە بە پێوە خەواڵوو،
پەردەیەك.. مل چرچ و یەك بزەی
دەرەوەی پێ نییەو،
کورسییەك.. هەمیشە چاوەڕێی یەکێکەو
ئەو یەکەیش قەت نایەت.
هەموویان ناهێڵن لێفەکەم
لەسەرخەو، حەزی خەو،
جەستەی خەو لابەرم.
ئیستاکە من نیوەم هەستاوەو

خاوخاوم و لۆکەم و شل شلم و
ئەمجارەیش لە دواوە دەستێك دێت
لە هەور نەرمتر
بۆ مشتێ خەویتر
بە پشتا ئەمخات و
بۆڵەیەك لە چرپاو
تلێك و، لەسەر لا بەتیلەی فرچۆك و
ڕێ ڕێ بووی نیگاوە،
عەلاگەی هیلاك و بێزاری
بێ بەرگی ژنانە، بێ ڕەنگی ژنانە
بێ بۆنی ژنانە ئەبینم و ئەوساکە
هەستئەکەم گەمیەم و
لە ژێلا کون بووم و
خەریکم بەرەو بن دائەچم.
کراس و چاکەت و پانتۆڵم
خوارو خێچ وەستاون و بەیەخەی
سیسەڵەو، ئانیشکی قوپاوو،
پانتۆڵیش لۆلاقی یەکێکیان
درێژتر لەویتر.
هەموویان وەکوو من تۆپەڵێ تلپەبم
ناو ناخم ئەگوشن و..
ئەمێستا بەیانیم

وەك قژم ئاڵۆزكاو،
چرچ و لۆچ بینیم و
ئەو وەختەی لەجێدا هەڵئەسم
لەشووشەی شەرابی بەتاڵی دوێ شەوو
پەشۆكاو لە خەتی ڕەشنووسی
شیعرێكی شێتۆكەو وێڵ ئەچم!
☼
ماڵێكی ڕیش هاتووی سمێڵ شاش
بیجامەی موقەلەم لەبەرداو
ملپێچێ لە تەم و گەواڵە لە ملداو
پەڵەیەك لەسەر سنگ دەمێكە بواردوێتی و
ناڕوات و، دوو قۆپچەی سەرەوەیش
مانگ زیادە ڕۆیشتوون و هەڵاتوون.
ماڵێكی جومگەی لەش داهێزراو.
بەیانیان لە ناشتا جگەرەو تەنیایی
پێكەوە ئەكێشی و
لە دەریش
تلاوتل، تەقەتەق
تەنەكەی خۆڵەكەی
وەك "سەر"ی بەتاڵی ئەمڕۆی بێ
"با"یەكی دڕ ئەیبا بەرەوخوار!
☼
ماڵێكی نێرینەی لەش تووكن.

دەنگی گڕ.
هەمیشە وەکوو خۆی
سەرمێزی تووڕەیە.
وەکوو خۆی مووبەقی دەرلنگ قوڕاویی.
چەرچەفی لوول خواردووی سەرجێگەی
بە وێنەی مەراقی و
وەکوو خۆی کوتومت دۆلابی لاوبالی و
ئاگری تەمەڵی و
وەکوو خۆی هەمیشە ئازارو
پشت پێشەی کورسیەکەی،
سەرپێشەی قەڵەمی و
دەم وشکیی کاغەزی و
دووکەڵی جگەرەی قەسیدەی.
ماڵێکی نێرینە
پێلاوی بەردەرگای هەمیشە نێرینە.
حاجەت و مەنجەڵی نێرینە.
شووشەی بۆن نێرینە
ڕەنگ زبرو پێست گرژو
نە مووروی ملوانکەو
نە گوارەو بازن و
نە بسك و
نە مەم و ستیانێ ئەبینێ و

خەریکە دیق ئەکا ئاوێنە!.
ماڵێکی نێرینە
نە (با)ی مێ سەرێکی لێئەداو
نە شەوێك پرچێکی تریفە ئەچێتە سەرشانی و
نە ڕۆژێ گوڵێکی موستیلە لە دەرگای ئەدات و
نە جارێ ڕەفتەیەك
سەرچۆپی دێڕێکی بۆ ئەگرێ و، هاوارە،
سێبەری دەستێکی مێیینەیش
دەست نادا لە دەستی!.
دۆشەکی دووکەسی و
سیسەمی دووکەسی و
بەتانیی دووکەسی و
"بەردەوام یەك "سەر"یش
هەر لەسەر دوو سەرین"
☼
قاوەیەك ئەخەیتە بەردەمی تەنیاییت
قاوەکەیش هەر مۆنەو بە ڕەگەز هەر نێرەو
کووپەکەیش هەر وێنەی
پیاوێکی ڕاوکەری لەسەرە.
بێزارییت بە پشتی دوو پەنجە کووپەکە
بەرەو دوا لائەبات.
تەنیاییت لەسەر لا دەست ئەبات

بەرێکەوت گۆڤارێك هەڵئەگرێ
ئەویش هەر سمێڵی سەربەرگی بابڕەو
سەر دێڕو مانشێتی، قایشی
پیاوانەی ئەستوورەو
وشەکان هەر هەموو وەك دەنکە
تەزبیحی ئەبڵەقی نێو دەستیان
بێ خێرو
دووپەڕەو سێ پەڕەو
هەر پیاوەو مقەستەو
هەر ژنەو شریتەو
هەر نێرەو قۆچدارەو
هەر مێیەو نێچیری بێ قۆچەو
چوار پەڕەو پێنج پەڕەو
هەر بەژنی درەختی ئافرەتەو
کلێپەدار بۆ سەمای مردن و
هەر پیاوی خەنجەرەو بێدەربەست
لەکەنار ئەستێرکی خوێناوی
مانگێکی کوژراودا وەستاوەو
ئەوەندەو..
تەنیاییت دەست ئەگرێ
بەشانی ڕەقەڵەی پاییزی عومرەوەو
هەڵئەسێ و دوو هەنگاو لەولاوە

ئەچێتە بەردەمی گوڵدانێ بەتاڵ و
بەلاچاو سەیرێکی سێبەری
هەڵاتووی ئەکات و
ئەبینێ: چۆن شیعر لەماڵی زمانی
خۆیدا خۆی، غەریبەو، ئەبینێ
پەنجەرە بە ژووری نامۆیەو
چوارچێوە بە وێنەی،
پەنجەی دەست بە دەستی و
شان و مل بە سەری و
لق و پۆپ بە قەدو، نامۆیە
ژێی گەرووی بە دەنگی.
ئەو وەختەی کە سەریش هەڵئەبڕێ و
سەعاتی سەر دیوار ئەبینێ،
ئەبینێ: چۆن پرچی دەقیقە
لە چرکە گیر بووەو
لای سەعات هەر شەوەو
ئایندەیش لەتەنیشت دوێنیەوە
نوستووە!
☼
یەك پیاوی و کەچی شەو لەم ماڵی بێزاریی و ترسەدا
تۆ ئەکا بە دوو پیاو. بە دوولەش. بە دوو ڕۆح
ئەوەتا یەکەمیان: ڕاکشاو لە جێدا خەوتووەو

له خەویا وا لە دوای تابووتی خۆیەوە ئەڕوات و
دووەمیان: هەمان کات، هەستاوەو پەشۆکاو
سەرمێزو بن مێزو، هۆڵ و ژوور، بۆ ڕۆحی
بزری ئەگەڕێ و بێهودە هەر سەیری
بۆشایی و ماڵێکی چۆڵ ئەکات. ئەوەتا
یەکەمیان لە حەوشەی پاییزدا وەستاوەو
ئەوەرێ و هەمان کات دووەمیان
بە تەنیشت ئەوەوە وەستاوەو لە باوەش
بەهاری شیعرێکدا خەریکە گوڵ بکات.
یەك کەسی و کەچی شەو لەم ماڵی بێزاریی و
ترسەدا، تۆئەکا بە دووکەس. بە دوو
ڕەنگ. بە دوو دەنگ. ئەوەتا
یەکەمت لە ژوورێ شیعرێکی کۆماوەو
پیرپیرەو، هەمان کات، دووەمت،
لە دەرێ جوان جوانەو پێکەوە وشەو
عەشق، لە خوێنیا قوڵپ ئەدات!.
ئەوەتا، یەکەمت، گێژەنەو بە دەوری
نادیاردا خول ئەخوات. هەمان کات
دووەمت ئاوێکی ڕەوانەو لەسەرخۆ
ڕێ ئەکات!. ئەویان تەم ئەپۆشێ و
ئەمیشیان سایەقە. لای ئەویان هەمیشە
بێدەنگی و کڕبوون و هەمان کات لای ئەمیان

هاوارو زریكەو هەرهاژەی فوغانە!.

☼

شەوانە هەتاكوو قەسیدەت دانیشێ
تۆیش بەدیار شەمیەوە دانیشتوویت
ئەوكاتەی ئەوو شەم ئەخەون، ئەمجارە
بێزاریی بە تەپلەی ڕەشەوە، بە خۆی و باوەشێ
مەراقی گەشەوە لەودیوی سنووری خەمانی
شینەوە دێتەوە. تۆیش بێ بۆی، ئەو گوڵی
مەراقە هەڵناكەی. چۆن بڕۆی؟! هەر ئەبێ
لەلای بیت. دانیشتوویت. ئەوساتەی بێزاریی
بۆی گوڵی كۆن ئەبێ و لە داخدا ئەیەوێ
بڕوات و سەرخەوێ بشكێنێ ئەوساتە
ئەتەوێ تۆیش هەڵسیت، لەناكاو لەقوتبی
غەریبیی‌و بەفرێكی قەترانیی دوورەوە
چەترێكی چەندساڵەی خەیاڵی
جێماوت، بە خۆی‌و بارانی كوژراوو هەگبەیەك
جریوەی خنكاوی ئەویەوە دێتەوەو سەرلەنوێ
لەبەر خوای غەریبان هەر ئەبێ لەگەڵیا دانیشێ و هەڵنەسێت!.

☼

خامۆشییم پڕپڕە لە لۆكەی ڕەشی شەو.
چۆڵێتییم ئاوەدان بە باخچەی سەراب و
تەنیاییم ئاپوورە بە شاری گەورەی خەو!

☼

ئەڕۆیتە ناو باخچەی ڕەشەوە
گۆرانیی هەڵوەریو چواردەورت ئەگرن و
بەکۆمەڵ هەر ڕەنگی کوژراوەو
لێتدێنە پێشەوە!.
ئەڕۆیتە ناو شاری خەونەوە
بەجادەی درێژی سەرابدا ئەڕۆیت و
لەوسەری وڵاتی تارمایی و
تخووبی مەرگەوە دێیتەوە!

☼

ئەچیتە بەردەمی ئینجانەی کڵۆڵ و بێوازی
سەر قەراغ پەنجەرە. سەیر ئەکەی ئینجانەی
بێوە پیاو، چەند ڕۆژە بۆ ژنە ڕێحانەی
کۆچکردووی، غەمگینەو پرسەدار.
ئینجانەی ژن مردوو ئەبینی لە تاوا
بە پەلکێ لە قژی جێماوی ڕێحانە،
لەسەر خۆی، لەشی خۆی، پەخشانی
تەنیایی و غەریبیی ئەنووسێ!
لەوێدا هەست ئەکەیت، مەگەر ئەو،
ئەوەندەی ئینجانەی ناو ڕۆحت و
پەلکە گیای بە ژانی شیعری تۆ هەڵقرچێ!.

☼

لە بنی دەرگاوە، پەپوولە پاییزەی ئاوارە،

خڕیله، هاتۆته ژوورەوەو لای گوڵی سەرفەرشم.
پەپوولەی بێئۆقرە، لەگەڵ خۆی، یەك دڵۆپ
ئەوینی لەچاوی دارێکی تەنیاوە بۆ شیعرم
هێناوە. ئەیخەمە سەردەستم، ئەیدوێنم،
هەناسەی پەیڤێکم ئەیخاتە سەر پەنجە تووتەم و
ئەلەرزێ و پێم ئەڵێ: بەتەنیا خۆم نەبووم،
لە ڕێگە، لەوگردە، دەزگیران، دەنکەکەم،
بارەشێ ڕفانی و نازانم ئەمێستا ئەو ئەبێ
لەکوێ بێ؟! لەوەختی مژێکما ئاگری جگەرەی
نێوپەنجەم پێکەنی و سوور بوەوەو بەچرپە
پێی وتم: ئای خوایە خۆ ئەمیش هەر نێرە!!
☼
پەرداخێ گوڵ گوڵیی لێو ناسك، تاقە مێی،
ئەم ماڵە. هەموو ڕۆژ سێ چوار جار لە ئاوی
ڕۆحی خۆی، لێوی خۆی، ئەدامێ. کە دەستم
ئەگەیشتە کەمەری شووشەیی، پەنجەی دەست
ئەبوونە چۆلەکەی سەرخۆش و دەمیشم بە کانیی.
بەڵام ئاخ هەزار حەیف، ئەمڕۆکە نیوەڕۆ
ئەو وەختەی کە ئەیویست خۆی لەبەر بەلوعەی
مووبەقدا بشوات و دوای ئەوە بێ بۆلام. بە ئەنقەست،
کێردێکی نێرینەی شەڕفرۆش، خۆی لێداو شکانی!
☼
پیاسەیەك لە ڕەنگی خۆڵەمێش.

ڕۆیشتنێ لە شێوەی شەلینی
ئاخرین ڕۆژگاری پاییزێ بە دارشەق
ئەمباتە بن گردی عومرێکی
خزاوی سەرەولێژ.
سەفەرێ لە ڕەنگی دار لیمۆی خۆرنشین
ئەو دەمەی کە زەردەی ئاویلکە بۆ دواجار
وەسێتێ لەسەر (با)ی عەدەمێ ئەنووسێ!
ڕۆیشتنێ لەشێوەی ڕۆیشتنی باپیرە شیعرێکدا
ئەو وەختەی کە شیعر بەگۆچان ئەڕوات و
زاکیرەی کون بوەو
شەماڵێك خۆی لێدا ئەکەوێ!.
پیاسەیەك لەڕەنگی خۆڵەمێش
ئەمباتە بن گردی عومرێکی خزاوی
سەرەو لێژ:
لەوێدا لەنێوان ڕایەڵی تەماشای پچڕاوو
بینینی لیخن و لێڵەوە، من سەیری داچوونی
بەژنی ناو خمخۆرکی خۆم ئەکەم. ڕۆچوونی
درەختی خەونەکان. داچوونی شەپۆلی گیانەڵای
وشەم و داچوونی لەسەر خۆی قەڵەم و ڕۆچوونی

دەقیقەو سەعاتی ڕۆژەکان. زۆر نزیك هەر
هەر لەویّ، هەر لەبن گابەردی دامێندا،
لەنێوان تارمایی ژیانو بوولێڵدا، مردنم ئەبینم
وا لەسەر چیچکانەو بەوردی تەماشای هاتنی
من ئەکا. وەك غوبار ئەشڵەژێم. ئەمەویّ
بەر لەوەی دوا خزان بمبات و بیگەمیّ. بەر لەوەی
بمگریّ و باوەشم پێداکا، هەر لەسەر لێژایی
ئەم عومرەو هەر لەسەر باسکێکی شکاوی ئاوابوون
بە ئاوی خۆڵەمێش
دوا زەردەی
قەسیدەم بنووسم!

سلەیمانی
سەرەتای ساڵی 2006

# سەفەری

# سێ جوانووی* زاخۆیی

ـ 1ـ

مانگەشەو لە سەرێ. شاعیرێ لە خوارێ. ئەو چرای کۆچەری لە بەردەم بانیژەی ڕوخاوی هەورێکدا داناوەو، ئەم جۆگەی دوا دێڕی پەرت پەرت و شینباوی خەمێکی جوانکیلەی لەبەردا ئەنووسێ. مانگەشەو نەخۆشەو لە شیعرا ئەلەرزێ و بلووری خەرمانەی بە گڤەی بای تووڕە درزێکی تێبوەو، ناوبەناو باوێشکێ لە قۆپی دەربەندا ئەدات و، لە ناکاو، وەك بڵێ ماڵئاوا گەلایەك دووگەلای دە گەلای تریفەی لە بەژنی پاییزەی ئەوەرێ. شاعیرێ لە خوارێ: باڵندەی زمانەو هەڵئەفڕێو هێلانەی گومانەو بە پەڕو بە باڵو بە نەغمەو بە چڵو چێوەو لرفەلرف شەبەنگی عاشقەو ئەسووتێ. مانگ ئەنوێ و بەڵام ئەم لە خوارێ وا بەدیار سووتان و وەرینی خۆیەوەو، خەیاڵی سەرگەردان، بەردەوام بۆ پەیڤی خوایەکی نەبیستراو ئەگەڕێ!.

☼

چەند شەوە، ئەو شارە، دەروازەو پەنجەرەی باڵای
خۆی، شەقامی گرمۆڵەی، سەرتاپای درەختی بێوەژن،
سەرتاپای لاوکی بەڕەنگی شیوەنێ شەلاڵە. کۆتەڵێ
تێکەڵە: لە وردە ئاوێنەی گریانی منداڵ و لە باڕەی

دەوەن و قریشکەی ڕووبارو، لە هاڕەی شکاوی ژنان و
لە نووزەی پردەکەی "دەلال"و کڕووزەی کۆترەکەی
ناو گەرووی جەزراوی. چەند شەوە خابوورم وەك دایکم
هەر ئەگری. لەمسەری کۆستەوە هەتاکوو ئەوسەری بێدەنگیی
تەنیایی قەرەجم ماڵەومالٚ ئەکات و شاعیریش هەر بەدوای
فرمێسکی نۆژەندا عەودالٚە!.
پێکەوە کۆچ ئەکەین!. پێکەوە سەرابین. پێکەوە ئالوودەی
غەریبین، پێکەوە ئەبینە قەقنەسو سەمەندەر دەلالم!
پێکەوە ئەبینە خۆڵەمێش بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لەویەوە
هەر بەجووت بەرەو لای خودانی بێکەسان هەڵفڕین، دەلالم!
پردەکەت هەرمنم.. قەسیدەی کۆماوە.
لاولاوی سەرشووشەی پەنجەرەت هەر منم،
هاواری هەڵزناو بە بەژنی مالآنتا.
هەر منم دیجلەکەت ئەو دەمەی لێڵ و پێڵ
وەك شیعری خۆلاّویم ڕێ ئەکاو ماسیەکەی نابینای
ڕۆحیشم هەر ماسی ناو تۆیەو، کەنارم
هەر هەمان تابووتی درێژی، تەماوی، کەنارتە
دەلالم!.

☼

سەفەرە سەفەری ئاسایی سێ جوانووی زاخۆیی
بەرەو خوار، سێ جوانوو، پشت ڕووت و یالٚ کورت و
هێشتاکە ئاوەزەنگی نەیداوە لە ئێسکی قەبرغەو لە گوڵمی

گۆشتنی تەنیشتیان. سێ جوانوو لە شەپۆل. سێ شەپۆل
لە پرشنگ. سێ پرشنگ لە پەیقی ڕووناکیی. سێ جوانووی
قاوەیی، موو ڕەش و پرپرن لە قوڵپی کوڕژن و
چەخماخەی سمکۆڵان. سێ قاچی زاخۆیی. سێ کانین
تا ئیستە مانگەشەو سێ جاریش نەیدووانوون. لە کۆترە باریکەو
کەروێشك و مامز و سمۆرە بەولاوە کەسیدی دوو لێوی
قەت پێوە نەناون. پاك پاکن بە وێنەی سپێنەی چاوانی
ساوایان. بێ گوناھ بێ گوناھ وەك خونچە. سادەتر
لە کلوو. بێوەی تر بە وێنەی پەپوولە پاییزە. سێ ئاواز
هەر هێندەی سێ جووکەی چۆلەکە دنیایان بینیوەو ژیاون.
سەفەرە بێ جانتا و بێ دیاری و بێ نامەو ڕۆژنامەو مەکینەی
تەراش و چۆڵ هۆڵ باخەڵ و کراسیان نە زەردە و
شەرواڵیان نە کەسکەو، نە ناوی تەواوی سێ جادەی
پایتەختیان لەبەرەو. نە کوچەو کۆڵان و گەڕەکی زمانی
قورەیشیش شارەزان. ئەوەندە ئەزانن: سێ
جوانووی زاخۆن و سێ خاچی پێپەتی و سێ هەنگی
ناو داری زمانی خانین و سێ نانی فەقێرن و سێ
شەربەی تینوون و ڕێبوارن. ئەوەندە ئەزانن کە بەفر
دایکیانەو شاخ و داخ باوکیانەو هیچی تر!.

☼

سەفەرەو گڵمتکی بێڕەنگی ئەو دەشتەیش چون شیری
دەس "وەقاص" تینوێتی بۆ فوارەی کەوثەری ئاوی سوور

لەو دەشتە کەڕەدا، لەو دەشتە کوێرەدا. سێ خەونی
کلۆرو سێ کفری ڕاکشاو لەوێدا. سێ شیعری سەربڕڕاو،
لەخەونا غەدر ئەڕوێ غەدر ئەبێ بە قاقای دڕکەزی و
عاگولی بەرهەتاو" سێ کفر، سێ درۆی لماوی ئەوانە،
سێ درۆی گەورەتر لەپانی و درێژیی و کەتەیی بیابان!"
سەفەرەو لە شیعری بێ سەردا، خوداوەند قرمزی و، تەنیایی
قرمزیو غەریبی ئەبێتە سەرابی ناونیشان!. هەرسێکیان
بە فیچقەی قەڵبەزەی نێوانی هەردووشان، پرژەیان گەیاندە
ڕووخساری یەزدان و سووریانکرد ئەستێرەی کاکێشان
ئێستاکە هەرسێکیان، سێ سڕان، پاڵکەوتوون،
هۆ لەولایش، سەرەکان، بە چاوی زەقەوە ئەڕوانن
باکورو هەورێکی ژانگرتووی سەر زاخۆو ئەڕوانن سێ
مەلی کۆچەری شڵەژاو. بۆ زۆزان. درۆکان، دەمامك:
لە پەڕووی کراسی عوسمان و شمشێریان هەر هەمان شمشێری
سەر ملی حسەین و دەستیشیان هەر هەمان ئەو دەستەی
کە کانی و کەمانچەو باخچەیان پێ خنکان. مێژوویەك هەمیشە
موفەخەخ. قافڵە لە خوێن و زەنگی مەرگ لە مل و سەبایا لە من و
شاباشیش لە تاوان!.

☼

وەی. وەی. وەی. چەند ساردە "با"ی گریان
وەی. وەی. وەی لەو هەموو شیوەنە جوانانەی کە
ژنان کردیانن بە سوخمەی خەزان و کۆڵوانەی تەمتوومان.

وەی. وەی. وەی لەم هەموو دار کچە قوڕاوی و قژ بژەی
ئەم شارەو، لەم هەموو حەیرانە ڕەنگ زەردەی بە پێوە
هەڵقرچان. وەی. وەی. وەی: چەند گەرمە "با"ی
گریان. لەم هەموو گڕەیەی کە دەشت و بنارو، ڕەوە
ئەسپ. ڕەوە بەرد. ڕەوە حەرف. ڕەوە دار، کردیانن
بە گوڵی پەنگرو گیای کلێپەو بە بێشەی بلێسەو، بە خەتی
ئیستیوای قەسیدەو، بە تەمی واوەیلاو، یەك بەیەك، سەرتاپا
پۆشییان!. وەی. وەی. وەی. چەند قووڵە دەریاچەی
زامانی ناو گریان لەم هەموو مەوجانەی کە هاژەی کۆست
کەوتووی کەنارو، پۆلە مەل، پۆلە ئاخ، پۆلە مۆم.
کردیانن بە لانکەو جۆلانەی زایەڵەو کردیانن بە حیلەی
هەڵچوون و بە نووزەی داچوون و بە کۆمەڵ بە کەشتی و چارۆکەو
بە سەوڵ و بە بووك و بە زاواو بە تاراو قامیش و ئاوێنەو
گۆرانی و، زەنگیانەو خەنەوە تیا خنکان!.
"وەی گەلۆ! هاوارو باران و، زریکەی کیژان و
ئەستێرەو ڕێحانەو گوارەی گوێ پێکەوە ئەبارێن!. وەی گەلۆ!
بای دەشت و هەناسەی سێبەرو کرێوەی تەنیایی و
گەرداوی ناکامی و باپووسکەی غەریبی پێکەوە
هەڵئەکەن. وەی گەلۆ..
ئاوی لاڵ چی ئەڵێ؟!
مێژووی کەڕ، لە پەیقی ئەم ڕەنگە کوژراوەم
چۆن ئەگاو

دەشتی کوێر،
چۆن چۆنی ئەم جەستە
بێسەرەم ئەبینیێ
وەی گەلۆ!

☼

ئەی سیانەی ناو بەفری لاوکم و ئەی سیانەی باڵندەی
ئەسرینم و چاوەڕێی تەماشای بێهودەم. سێ کوچکەی
بێکەسی و هاوارو نامۆیم. چی ئەکەن لەو خوارە؟!
دوا جوانووی خۆرنشین لەسەر کەل، بە کلکی کلاٚفەی
زەردەوە هاتەوەو هەر ئێوە دیار نەبوون؟!
چی ئەکەن لەو خوارە؟! دێنەوە؟! گلێنەی
هەر هەموو هاتوونە سەر سیلەی کۆلاٚن و حەسرەتمان بونەتە
هۆنراوەو لەسەر چۆك دانیشتوون. پەنجەرەی ماڵەکان، هەر هەموو
هاتوونە سەر ڕێگەی بەرەو خوار، کۆماوەو بە پەردەی ڕەشەوە
لارەمل وەستاون. هەورەبان هاتۆتە خوارەوەو جۆگەکان ڕائەکەن
مل ئەنێن بۆ شەوی گۆڕەپان. چراکان، لە ژووری ئەسریندا
فوو ئەکەن لە گڕی لەرزۆکی سەریان و کلۆمی دەرگاکان خۆ بە خۆ
هەر خۆیان ڕووناکیی چاوانیان لەسەرخۆ دائەخەن!
ئەی سیانەی ناو بەفری سرمدی و ئەنگۆرەی
سوتاوم! من ئەمشەو زاخۆیەك هاتۆتە چاومەوەو

**لەمەرگی سێ جوانووی پێدەشتی کۆتەڵم ڕاماوم!**

☼

**مانگەشەو لە سەرێ، شاعیرێ لە خوارێ. هەنووکە**
**مانگ لەسەر ترۆپکی شاخەوە هەڵنووتا لە کۆست و هەڵدێرراو**
**بەربۆوە بۆ دۆڵ و، بەجارێ، تریفە هەڵڕژاو،**
**خەرمانە هەڵپژاو، زایەڵە هەڵکشاو، قیامەت گەیشتە**
**نێو شارێ. هەنووکە مانگەشەو لە خوارێو شاعیریش**
**لە خوارێو تارمایی سێ جوانویش هەرسێکیان**
**بە جەستەی بێ سەرو بە یاڵی بابردووی سوورەوە، لە بەردەم**
**خواوەندی بێباك و "مانگ"ێکی هەپروون و شیعرێکی**
**خوێن گرتووی ئەوقدا، لەمسەری کۆستەوە هەتاکوو**
**ئەوسەری تەنیایی، چوار ناڵە غار ئەکەن!**

* بۆ یەکەمجار ئەم قەسیدەیە لە ژمارە (12)ی ڕۆژنامەی "ستایل"دا بڵاوکرایەوەو دواتر لە چاوپیاگێڕانەوەدا ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەسەرداهات.

## دار ئەرخەوانێ

# بە سواری ئەسپێکی سپییەوە!

"دیسانەوە بۆ ئیسماعیل بێشکچی"

**ئەسپە سپییەکەت بئاژوو**
**وەك ئەوەی هەورێ بئاژووی**
**ئاوس بە بەرق و باران و کلووی پەنگر!**
**تۆ سوارێکی ئەرخەوانیت و ئەسپەکەت**
**زادەی بەفر!**
**ڕووبکەیتە هەر ئاقارێ**
**لەچۆمی ئەنەدۆڵەوە تا جادەکانی ئەستەمووڵ**
**هەموو چاوێکت لەسەرە**
**لە چاوی شینی شاخەوە**
**تا چاوی زەردی ژەندرمە**
**چاوی زیوینی جۆگەکان وەختێ بە لاقەدی بەرددا**
**دێنەخوارێ و بۆچاوی خۆت و ئەسپەکەت ئەبنە**
**پرژەی زەردەخەنە. چاوی ئاسنینی ئۆردوو**
**وەختێ لە دوور تەڵزمی تاریکی و مەرگت تێئەگرن و**
**بۆ چاوی خۆت و ئەسپەکەت ئەبنە نووکی نێزەو**

قەمە. هەموو چاوێ وەکوو سێبەر بە دواتەوەن،
لە پێشتەوەن، دەوریانداوی.
تەماشای لە ناو پاکەتی بۆیاخچیەکانی سەر شۆستەی
ناو ئەنقەرە، کە هێندەی بابۆڵەی دەستیان
خۆشیان ئەوێی. سەرنجی وەکوو درەوشی
پاسەوان و پۆلیسەکان کە هێندەی سێڕەی سەرلوولەی
چەکەکانیان، ڕقیان لێتە!. نیگای لە کارێز ڕونتری
منداڵێکی پاکەت فرۆش، کە هێندەی تەبەقی بەرکۆش،
هێندەی هەموو پارەی وردە و دەغیلەکەی، زیاتر لە
شەڕواڵی تازەی خۆشیئەوێی. کۆترە باریکەی
تەماشای ئەو خانمەی لای باخێکی غەمگینەوە
هەر وەکوو خۆی فرمێسکی سەر پەڕەی گوڵ و گەڵا
ئەسڕێ و بەڵام چاوێکی هەر لێتە، کۆترە باریکەی
تەماشای، دێت و دێت و بە هێواشی لەسەر یاڵی
ئەسپی سپیت هەڵئەگورمێ و لە ڕۆحیەوە ئاوێزانتە!
ئەسپە سپیەکەت بئاژو
وەکوو چۆن قەڵەم ئەئاژووی.
وەکوو چۆن ئازار ئەئاژووی.
زەمانێکی زۆر درێژە، تۆ بە (من)ەوە گیرۆدەی
وەك گیرۆدەبوونی مۆمێ بەدیار شەوێکی نەخۆش و
هۆدەیەکی وەڕسەوە. وەکوو عەشقی ئاوێنەیەکی
زۆر تەنیا، بەدیار ماڵێکی چۆڵ چۆڵ و بێکەسەوە.

زەمانێکی زۆر درێژە، نە بێزاربووی لە بێکەسیم.
نە بێزاربووی لە غەریبیم و تەنیاییم. نە لە بۆنی
بۆ کڕووزی جەرگم. نە لە قیژەی زامەکانم و نە لە
هاواری بێدەنگیم!
زەمانێکە، زەمانێکە، من تۆم کردووە بە جەستەی
قەفەس بۆ خۆم! بە خۆڵەمێشی ئەودیوی شیشی
پۆڵاو بە سروودی پەیامێکی ناوهەڵم و تەم. زەمانێکی
زۆر درێژە، تۆ بە "من"ەوە گیرۆدەی. گیرۆدەی
ئاوی خنکاوم. گیرۆدەی پەیڤی بێباڵم. گیرۆدەی
جوانیی "ئامەد"م. زەمانێکە، زەمانێکە تۆمکردووە
بە "سمایل"ی قوربانیی لەبری خۆم. ئەوەتانێ
لەبری من، لەبری دەست و سەری من. دەستی تۆیەو
سەری تۆیە، لە نێڵە نێڵی ئەوینما جاویدانە سەما ئەکەن.
ئاخ! چەندم گیرۆدە کردووی
ئەوە ئەبوایە هەر من بم، لەودیو ڕایەڵی
شاقوڵی و ستوونیی ژوورەکانەوە، ژووری سیس بوونی
گەنجێتی، بۆ حەڤدە ساڵ، تەونی جاڵجاڵۆکە ئاسا
لە سوچێکدا، دروستبکەم
کەچی تۆ بوویت و من نەبووم!
ئاخ چەندم گیرۆدە کردووی
گیرۆدەی چرایەك بێ ماڵ!
گیرۆدەی گەنم و جۆی برسیی.

گیرۆدەی چاوی "دەرسیم"و
باڵای "هەکار"
تورکێ بەڵێ تورکێ!
لە ڕەحمی چڕە دووکەڵ و مێژووی چەکمەو
زمانێکی لەخۆبایی ژەنەڕاڵێکی مۆنەوە،
لە کونە گورگی بۆرەوە دێتە دەرێ و بەڵام
لەسەر ئەو بنجە قەت ناڕوێ!. دێتە دەرێ
وەك گزنگێك لە کەلەوە. یان شنەشنی
وشەیەك لە هاوینی قەڵەمێکدا. یاخود وەکوو
کۆترە شینکەیەکی "تۆرۆس" لەنێوانی دوو
ملەوە، دێتە دەرێ.
تورکێ بەڵام
لە هەلگورد و پیرەمەگرون کورد تر!
لە ئاوی سەرچنار کورد تر!
ئاخ چەندم گیرۆدە کردووی!
لەسەر ڕستەم، لەباتی دوولێوی شیعرم،
دوو لێوی ئەو ئەبەن بۆلای ئاگر، لەسەر
دەنگم، هاواری ئەو ئەدەن لە دار، لەسەر
هەتاوی زامدارم، هەتاوی ئەو کۆت ئەکەن و
ئەیخەنە ناو زیندانەوە!
ئاخ! من چۆن بتوانم چاکەی
ئەو ڕووبارە بدەمەوە

که لەسەر تینوێتی من و پەژموردەییم
بۆ حەڤدە ساڵ بەستێکی ئاسنین گرتی!
ئاخ من چۆن بتوانم چاکەی
ئەو گڵۆپە بدەمەوە
کە لەسەر شەوی زمانم
بۆ حەڤدە ساڵ بنی بیرێکی زۆر قوڵتر
لە تاریکیی گرتی و بردی!
باڵندەیەکی دەنگ سپی
لە پۆلی تورکە جوانەکان
لەسەر مەلە کوردەکانی باکوور، لەسەر هێلانەی
خاپوورو، لەبەر گمەگمی ئازار، لەسەر ئاسمانی
ئازادو، فڕینی ئازادی ئەوان، چەقۆو مقەست و
دڕکەزی ناو ئەنقەرەی لە شەوێکی کەڕولاڵدا
هێنایە سەر هێلانەی خۆی، لەسەر ئەوان،
فڕینیان دا بە مقەست و باڵیان دایە دەست
دڕکەزی و دەنووکیاندا بە گوێزان و خوێندنیشیان
بردە زیندان!
"ئای خودایە! من چۆن بتوانم ئەو قەرزی
فڕینانە، قەرزی ئەو هەموو ژانانە. ئەو هەموو
گمەی وەفایە. ئەو هەموو شەقەی باڵانە.
بدەمەوە بە گەرووی سپی ئەو مەلەو بەو ئاسمانە؟!
چۆن بتوانم لە هەوادا پەڕی سپی هەڵوەریوی

ئەو بژمێرم؟! هەڵلەرزینی زستانەکانی بژمێرم؟!
هەر چیبکەم بە مەرگی خۆیشمەوە خوایە! هەر
ناگەمە ملەی بەرزی دەنگی سپی و ئەو دوندی
جوانی وەفایە!"
کتێبێکی قژ ڕووتاوەی ناو زمان و هەتاوی تورك
لەسەر نەمامی ئەلف و بێ لە باخچەکانی ماردیندا
چەندین لاپەڕەیان داخکرد!
لەسەر چۆلەکەی وشەی کورد.
لەسەر جووکەجووکی حەرفی
لەسەر باڕەی کارژۆلەکان
چەندین چیرۆکیان بڕیەوەو
چەندین ناونیشانیان کوێرکرد!
لەسەر ئەو غەدرەی لە شەوبۆی شیعری کرمانجی
من ئەکرێ. لەسەر ئەو زوڵمەی لە ئاوی
حیکایەتی ناو دیرۆکم و لەسەر ئەو غەدرەی
بەردەوام لە ملوانکەی مەم و زین و کامێراکەی
یەڵماس گۆناو سیدیەکانی ئەحمەد قایەو شڤان
ئەکرێ، لەسەر ئەوانە هەموویان:
ئەو کتێبە قژ ڕووتاوە: عەینەکەکەیان شکاندو،
کەلەپچەیان کردە دەستی و دێڕەکانیان تینوو کردو،
نامەکانیان لە چوونە بەر هەتاوی دەر قەدەغەکرد!
ئەرخەوانەو ئەسپێکی سپی ئەئاژوێ

که غار ئەکا گوڵی ئەرخەوان و یاڵی
بەفرین تێکئەئاڵێن. کە ئەیشوەستێ
خۆشەویستیی بە شەونمی، هەموو درەختەکوردەکان
هەموو ڕووبارە تورکەکان، هەموو چرا ئەرمەنیەکان،
نزیك و دوور ئەبنە یەك کۆترە باریکەو
کۆتر دێت و لەسەر قەڵپوزی زینەکەی هەڵئەنیشێ!
لە ئاواییش، ڕووئەکاتە بەرماڵانی،
لەش قوڕاوی و لە دوورەوە
بۆ منداڵانی مراوی گوێ جۆگەی ڕوون
پێئەکەنێ و هەردوو دەستیان بۆ هەڵئەبڕێ!
ئەوسا لە شیعری منیشدا دیسانەوە
بیرەوەری و گەڕانەوە بۆ ساڵەکانی ئەرخەوان
لە زینداندا دائەگیرسێ!
ئاخ چەندم گیرۆدە کردی!
گیرۆدەی ڕازە تەنیاکەم.
ئەرێ بەڕاست! تۆ لەسەر من
چەند جار وەکوو گوڵی پەموو هەڵوەریت و
وەکوو پووشووی دەشتم گڕگرتیتی؟!
چەندە برووسکە لێی دایت و
چەند جار مردی؟!
چەند وەرزو خولی زەوی و تەقویمی ساڵی هیجری و
قەمەری و سەری ساڵی کریسمس و ساڵی کوردی

زیندان ماڵ و ماڵ زیندانی ئەستێرەی گیراوی تۆ بوو؟!
زەمانێکی زۆر درێژتر، لە زەمانی شەقامێکی خۆڵەمێشیی
تەمەن حەڤدە ساڵەی "باتمان"! زۆر درێژتر لە هەناسەی
مەقامێکی پڕ لە گڕەی گەرمییان و توولانیتر لە چیرۆکی
سەفەرەکەی "برایمۆك" بۆ گەیشتن بە ماچەکەی
گوڵی "عوممان"! ئەرێ چەند جار بەفر باری و
تۆ هەر لەودیوی قفڵەوە. لەپشت پەنجەرەی نابیناو،
لەودیو تەیمانی تەمەوە، لە کولووی مەراقی سپی
خۆت ئەڕوانی؟! هەزاران جار باران باری و
تۆ هەر لەودیوی شیشەوە، دەستت ئەبرد کەزی
خاوی باران بگری و بەڵام هەرگیز نەتئەتوانی؟!
کە لەناو خەمدا ئەنووستی. خەونەکانت هەمیشە
ڕەش و سپی بوون. ڕەش وەك چاوی کیژۆڵەکانی
"جزیرە"و سپیش وەکوو لۆکەی قژی "موسا عەنتەر".
کە ئەنووستی لە بەرایی تەمتوومانی،
دەشتی فراوانی خەودا، دورونزیك، نەخشەی
تورکیات ئەبینی، کە لە شێوەی پیاوێکی کەتەی شمشێر
بەدەستداو، لەنێوان "هیلال و نەجم"ێکی سووردا،
ڕاوەستاوەو، یەك لەدوای یەك، سەرهەڵئەدا،
بۆ نیوە ئەڵقەی هیلال و نەجمیش لەسەر نووکی پەنجە
سەما ئەکا. سەر، سەر، سەر، سەر!، سەری
ئاسکە چاوشینەکانی ئەرمەن و، سەری گوڵەباخی

کوردو، سەری "فریشتە تاوس" و سەری "جیلوە"ی درەوشاوەی ئێزیدیەکان. زیکەزیکی دەرگای ئاسن لەناوەختاو، دائەچڵەکای. ئەهاتیتەوە پشت قفڵ و ئەمدیو بۆلای پاسەوانە خەواڵووەکان. لە پڕێکدا، ئەکەوتیتەوە سەر پشت و خەوێکی تر ئەیبردیتەوە بەرایی، پێدەشتێکی تەلیسماوی بن کێوەکان.

لەم خەوەیشدا، ڕیزێ سێدارەی درێژت بەدیئەکرد. وەختێ ئەچوویتە پێشەوە بۆ بەردەمی واق وڕماوی سێدارەکان. لەنێو ڕەوە قوربانیی هێشتا زیندوودا، بە چوارمشقی هەر لەسەر ئەرز، قۆڵی بەستراو، ڕیشی سپی پەپوولەی زەرد تێئاڵاوی شێخی پیرانت ئەبینی سلاوێکی وەنەوشەییت لێئەکردو ئەویش بەسەر سلاوێکی ئەرخەوانیی لێئەکردی و سەیرت ئەکرد، چلێ نێرگز بەدەمیەوەو بۆیڕاگرتوویت. وەرتئەگرت. هەروەك بۆنی ئازادیی پاشە ڕۆژ بکەیت. بۆنت ئەکرد. ئەم کەڕەتە دائەنەویت، وەك مێژوویەکی ڕیش سپی و نوورێکی گەش، لەبەر دەمتا دانیشتبێ. ماچت ئەکرد، لەو خەوەدا، وەکوو پەتی سێدارەیەك لە دارەکەی خۆی هەڵبێت و بەرەو تۆبێ. دائەچڵەکای. ئەهاتیتەوە ئەمدیوی قەلای ڕقی نەجم و هیلال!

هەر لەسەر من حەڤدە زستان کرێوەی خەو!.
هەر لەسەر من حەڤدە پاییز خەزانی خەو!
بەڵام عەشقی تۆ "جودی" بوو
نە کرێوەو نە پاییز و نە تەورداسی هیلال و
نە چوکڵەی نەجمی خوێناویو
نە دەروازەی داخراوی وەرزەکان و
نە قفڵەکان.. پێی نەوێران!
بۆیە کە هاتیتە دەرێ
بینیمانی و ماچمانکردی
هەر بەهاربوویت و
هەر گوڵی دار ئەرخەوان!

سەرەتای/ 2006

# سێ کورتە شیعر

## 1- پەڵە

لە گەواڵە هەوری "سەر"دا
برك و ژانی خۆم و خەڵکی
هێندە چڕو
هێندە ڕەش و
هێندە نزمن
زۆر مەحاڵە
ساڵێ بڕواو
شەستەی کۆڤانێ دانەکات!.
لەو مەحاڵتر
ساڵێ بچێو
لەم زەمینی غوربەتەدا
من شیعرم پەڵەی تیا نەدات
زۆر مەحاڵە!.

## 2- چیرۆكی زین دروویەك

لەم شارەدا
وەستا "خەمە"
هەتا پیر بوو
تا چاوی ما
هەتاكوو پەنجەی گۆی ئەكرد
زینی ئەسپی دروست ئەكرد!،
كەچی ڕۆژێ
لە یادی دوانزە سوارەداو
لە بەردەمی ماڵەوەدا
هەر ئەسپێكی تەویلەی خۆی
لەقەیەكی لە سنگیداو
لە جێدا مرد!

## 3- بە هەموویان من ئەنووسن!

من ئەمەوێ هەر کاغەزێکی
سپیبم
ناوبەناوێ بەبێ فڕین
داسەکنێم و
لەساڵێکدا وەکوو چەمێکی
هاوینە
پشووبەم و
چون درەختێکی پاییزە هیچ
نەنووسم!.
بەڵام چیبکەم؟
خواو خەم و عەشقم شایەتن
بەبێ ئەوەی ڕێگەم دابن
وشە خۆی دێ
وەك دڵۆپ و
خەیاڵ خۆی دێ
وەك باڵندەو
قەڵەم خۆی دێ

**وەك تیرێژو**

**بەهەموویان**

**من ئەنووسن!**

**ئاخر چیبکەم؟!**

سلێمانی
تشرینی دووەمی ـ 2004

گۆڤاری هەرێم ژمارە (324) کانونی یەکەم 2004.

# ڕۆژێکی مردوو!

من ئەمڕۆ هیچم لانییە بینووسم.. هیچ
هیچم پێنییە بیڵێم و هیچیش نییە بیکەم.. هیچ.
ئەمڕۆ من و بۆریە ئاوێکی شکاو لەیەك ئەچین
ئەو دوای ئەوەی چی تیابوو لەبەری ڕۆیشت و
منیش دوای ئەوەی هەرچیم هەبوو وتم!
وەك درەختێکی گێژو وێژی تەمەڵ
بەرامبەر خامۆشیی گۆڕستانێ ڕاوەستاوم!
یان وەك هەورێکی بێکار
کە بە چوارمشقی لە ئاسماندا دانیشتبێ و
تاقەتی نەبێ بباریێ!
چون سەعاتێکی نوستوو بەکۆڵی دیوارێکەوە
کە هەر خەریکی باوێشکدان بێ
یان چون بەلەمێکی شکاو لە بەندەرێکی پشت گوێخراودا
ئەمڕۆ من چۆڵ و هۆڵم.. چۆڵ و هۆڵ

وەکو کەلاوەی یادەوەریەکی کۆن

لە زەینی پیرەمێردێکدا

بە وێنەی گیتارێکی بێ ژێ.

بە وێنەی شیعرێکی بێ خوێنەر

یان وەکو هێلانەیەکی بێ گمە.

من ئەمڕۆ حەز بەبینینی کەس ناکەم

نە بینینی خۆم لە ئاوێنەدا و نە بینینی هاوڕێکانم و نە کتێب

من ئەمڕۆ ئارەزووی هیچ ناکەم

نە پیاسەیەك بە جادەکانی هەتاوداو

نە بۆنکردنی قژی مۆردی باخچەیەك و

نە ماچکردنی ژنەکەم و

نە تەواوکردنی ئەم شیعرەو

نە هیچ!

کۆتایی 2005

# هاوڕێکانم و
# ئاوێنەی بەجێماویان!

ئاوازێکی ڕەنگ پەمەیی.. نۆتە کوژراو
وەختێ گەیشتە نێو باخێ
چڵە پۆپە دانەویەوەو ماچیکردوو
هەتاو بەناو پژوپۆدا هات و
دەستی بەسەر سەریا هانی!
بارڕژنێکی ڕەنگ نارنجیی.. بەستە کوژراو
وەختێ گەیشتە سەر یاڵێ
بارێزەیەك دانەویەوەو ماچیکردوو
هەور هات و نزمبۆوەو
دەستی بەسەر سەریا هانی!
جوانووی ئەسپێکی دڵداری جووت کوژراویش
کە گەیشتە بەردەم دەشتی ڕەوە ئەسپێ
هەر هەموویان نوشتانەوەو ماچیانکردوو
باران بەتەپ و نم هات و

دەستی بەسەر یاڵیا هانی!
کە وەختێکیش کیژی شەهیدێکی ئێمە
گەیشتە مێرگی بنارێ
درەخت کردیە ئامێزیەوەو
ئاوازەکە گوڵی دایەو
بارڕنەکە مسکی دایەو
هەتاوەکە خۆشەویستی و
بارانەکەیش شیعری جوان و
بارێزەکەیش خستیە سەر پشتی جوانوەکەو
لوتکەکانیش بەو سەرەوە دانەوین و
ماچیانکردوو، یەکە یەکە
دەستیان بەسەر سەریا هانی!

☼

یادگارە جوانەکان ئازیزن
بۆ نموونە: کە ڕێژنە
دوای خۆی گۆمێ لە دەشتێکدا بەجێدێڵێ.
کە مانگەشەو بۆ یادگار هەندێ تریفەی ڕژاوی لە دۆڵێکدا
بەجێدێڵێ.. یادگارە جوانەکان ئازیزن
کە بولبولێ بۆ یادگار هەندێ نەغمەی ڕەنگاوڕەنگ و
هەندێ ماچی سەوزو سوری لە دوای مردن بۆ بولبولی بێوەژنی
بەجێدێڵێ. یادگارە جوانەکان شیرینن
بۆ نموونە کە کشانی ئەستێرەیەك

بۆ یادگار لامان خەونی بەجێدێڵێ.
یادگارە جوانەکان نازدارن
ئەسپێك ئەمرێ و بۆ یادگار چەند حیلەیەك بەجێدێڵێ
گوڵێك ئەمرێ و بۆ یادگار بۆنێکی خۆش بەجێدێڵێ
زەنگێك ئەمرێ و بۆ یادگار زرینگەیەك لە گوێچکەدا
بەجێدێڵێ. کرمی ئاوریشم ئاوریشم و، دەغڵ
تۆوو، چەخماخە پەنجەرەی تیشك و، یادگارە
جوانەکان ئازیزن
بەڵام لەگشتیان ئازیزتر
لە هەموویان خۆشەویستتر
منداڵانی یادگاری شەهیدانە!

☼

ئەم ئێوارەیە من هاتووم سەردانی ئەو یادگارە
ئازیزانە ئەکەم. لەچاوی ئەواندا شیعرە بەردینەکانی شاخ
ئەبینمەوە. ژوورە سەرمابردەڵەکەی بەرگەڵوم ئەبینمەوە. خەزانەکانی
مێژووم و لاواندنەوەی پەخشانم و لەسەری ئەواندا
سەری بەورشەو پرشەی هاوڕێکانم ئەبینمەوە. لەباڵای ئەواندا باڵای
سرووده برینداره‌کانی ئازادیی ئەبینمەوە.
باوکیان ئەبینمەوە لەگەوەی شاخەکاندا
وەختی جەولە. وەختی خەفارات لەگەڵ
ئەستێرە. وەختی خۆدۆزین و خۆشتنی سەرچەم و
جلی تەڕو بەپێوە ڕاوەستانی بەهاڵاوی بەردەمی

زۆپا. باوكیان ئەبینمەوە.. وەختی هەناسە بڕكێی
سەر هەورازو، قۆڕەی سك و، ملیوانەی كراسیی
چڵكن و، خۆ كووڕكردنی پشت لە باو، شڵپە شڵپی دەرەلنگ و
سەری پەنجەی تەزیوی ناو پێڵاوی لاستیك و وەختی كڕەكڕی
خۆخوراندنی نیوەشەوو، وڕێنەو تەپاوتلی نوستن و، پرتەپرتی پێڵویان و
وەنەوزی چرای دیوارکۆو، باوێشكی دەرگای تەنەكەو،
لەو دیویشەوە وژە وژی تێكەڵی خەم و ڕەشەبا.
من ئەم ئێوارەیە لە دەست و پەنجەی ئەماندا
دەست و پەنجەی ناو كڕێوەی گۆنەكردووی باوكیان ئەبینمەوە..
لە برژانگەكانی ئەماندا، برژانگی بەفرگرتووی ئەوان لە
توولەڕێیەكانی زستاندا. لە قژی ئەماندا، قژی
ئاڵۆزكاوو ڕەنگی ڕیشە نەتاشراوەكانی ئەوان ئەبینمەوە.
لە لووتی ئەماندا سەری لووتی سوور هەڵگەڕاوی بەر باپووسكەی
ئەوان. لە دەم و لێوی ئەماندا، هاواری دەم و لێوە
قڵێشاوو وشكەكانی ئەوان ئەبینمەوە
لە ئاوڕدانەوەی ئەماندا
هەمان ئاوڕدانەوەی ئەوان وەختی بەڕێكەوتن
بەرەو جەبهە
ئەم ئێوارەیە من هاتووم
بۆ ئەوەی بۆنبكەم بە ئێوەوە
چونكە ئێوە بۆنی ئەو گۆرانیانەتان لێدێت
كە باوكتان و براتان. بۆ ئەم ساتەی ئێوەیان ئەوت.

من هاتووم بۆن ئەکەم بەئێوەوە
چونکە ئێوە بۆنی گوڵمێخەکی
برینەکانی ئەوانتان لێدێت. کاتی گەڕانەوە لەشەڕ.
چونکە ئێوە بۆنی ئارەقەی زەنگول زەنگولی
نێو چەوانی ئەوانتان لێدێ کاتی خۆرنشین
بۆنی ورەیان لە چڕبوونەوەی ترسدا، بۆنی خۆزگەیان و
بۆنی هەگبەکانیان و کۆڵەپشتیان. بۆنی برسێتییان
بۆنی دەنگیان و هۆرەیان. بۆنی ئاخەقوڵەکانیان
بۆ ئێوە، ئەو وەختەی کە ئێوە جووجەڵە بوون.
ئەم ئێوارەیە من لە ئاوێنەی پاکی بەژنی ئێوەدا
باوکتان، براتان، خاڵتان، مامتان ئەبینمەوە
ئەوان ئەبینمەوە لە وەرزی دابڕانی عاشقاندا
لە ئەشکەوتەکاندا، بە خۆیان و خەپلەو سەلکە توورەوە
بە چوار مشقی لەسەر فەرشە خۆڕاییەکانی سەوزەگیاو
شووشە خۆڕاییەکانی شەختە. لەسەر کورسی تەنەکە
نەوتی بەتاڵ. لەسەر پشتی گابەردو کەوێڵی چیا
لە ئێوەدا ئەوان ئەبینمەوە یەکەیەکە دێنەوە
بۆلام، دێنەوە ناو دیدەم، دێنەوە ناو
هەناسەکانی شیعرم: ژووره قوڕینە نزمەکان. چکەچکی
دڵۆپە. بەتانی سەوزی ئەستووری سەر دەرگای
خڵتان بەباراناو، مقەبای تەقەتەقکەری سەر
پەنجەرەی شکاو و، پڵێتەی سووتاوی سەد جار هەڵکێشراوی زۆپا.

ئێوە یادگاری ئەو پیاوانەن
مێژوویەکیان ئەدا بەکۆڵدا قورس قورس
پڕ لە بەردە ئازارو، و پڕ لە ساچمەو
ڤیژەی ژنان و هەوای ژەهراویو
شەوی نابینا.
ئێوە یادگاری ئەو پیاوانەن
لەسەر سێدارەوە مردنیان بەرەو مردن ڕاونا!.
من لەگەردنی ئێوەدا گەردنی ئەوان ئەبینمەوە
وەختێ ئەبوون بە تاڤگەی سووری
بەلووزەوی عەشقی چیاو
وەختێ ئەبوون بە سوورە چناری
عاشقی بەردەمی خودا!
☼

ئەم ئێوارەیە شیعرێکی کەم ئەندامی منیش بە سواری کورسیەك
هاتووە بۆلای هاوڕێ خۆشەویستەکانی خۆی تا دەستکاتە ملیان و
ماچ بارانیان بکات و بە شەلە شەل
پێیان بڵێ: ئێوە ئەزانن؟!
درەخت هەیە یەکدوو لقی هەڵپاچراوەو کەچی لە زۆر درەختی
ساغ بەردارترە. من ڕووبارێکم ئەناسی
لاقێکی وشکی کردبوو بەڵام بە تاقە لاقێکەوە
فریای چەندین دارستانی تینوو ئەکەوت.

من لە شاخ سروودێکم ئەناسی یەك چاو
بەڵام سروودی یەك چاو لە بەشێکی زۆری سرووده
چاو ساغەکان ئازاتربووا.
من عاشقێکم ئەناسی قاچێکی لە تەختەبوو
بەڵام لەسەر تەختە جوانترین عەشقی هەڵئەکەنی!
گۆرانییەکی نابینا هاورێم بوو
کەچی لەمن جوانتر ناوەوەی ڕۆحی ئەبینی!
من ژنێکم ئەناسی لاڵ
بەڵام وەختێ کە ئەینووسی
لەشمشاڵ و تار و کەمانچە جوانتری ئەنووسی!
هاوڕێیەکەم هەبوو نابیست بوو
بەڵام وەختێ پەنجەکانی ئەکەوتنە کار
خۆشەویستیی هەموو دنیا تێی ئەگەیی.

کە ڕۆیشتمەوە ئەمشەو من خەوێ ئەبینم:
بەو سەرو ملانەوە کە هەنووکە لێرەنین و
بەڵام بەبروسکەی جەستەی خۆیان ئەم
هەموو چراو ئەوین و ئەم هەموو زەردە خەنەی
ڕووناکبیانەی ئەمشەویان بۆ هەڵکردین
کە ڕۆیشتمەوە ئەمشەو من خەوێ ئەبینم:
بەو باڵایانەوە کە هەنووکە لە ناوماندا نین و

بەڵام ئەم كیژوكوڕووو شیعرو مۆسیقاو،
ماچ و پەپوولەو، دارهەناره جوانانەیان بۆ جێهێشتین.

كه ڕۆیشتمەوه ئەمشەو من خەوێ ئەبینم:
لەو خەوەدا هاندیكاپم و دەست و قاچێكم
نەماوەو بەڵام بەو دەستەی كه ماوه لەو
خەوەدا، لەم شیعرەیش جوانتر ئەنووسم!

سلێمانی
2005/12/8

# خەزنەوی

پیاوێك هەبوو سەری هەورو
چاوی کانی و
ڕیشی تەیرو

بەژنی درەخت
یەکەمجار پەنجەرەی ماڵێك ئەوی ناسی
دووەمجار بارانی گوندو
سێیەم جاریش هەر هەتاوی دووسێ شارێك.
ئەمە چل و هەشت ساڵی ویست.
کەچی دوێنێ هەر ئەم پیاوە
لە یەك ڕۆژدا
تەنها یەك ڕۆژ
وەختێ سەری چەخماخەی داو
گوڵی هەڵڕشت
ڕیشی فڕی
هەموو پەنجەرەی ماڵەکان
هەموو بارانی گوندەکان

هەموو گڵۆپی شەقام و
ژن و منداڵ و پەپوولەو
باڵندەکان
چەندە کوردستان ئەناسن
ئەویان ناسی!.

# پڵنگێك له بەرەبەیاندا..

"بۆ هاشم شەفیق"

نە ژەنەراڵ بوو نە لیواو نە عەقیدو
هەر دوو قۆپچەیش لەسەرشانی.
کەچی ڕۆژێ بەرەبەیان
یەك فڕینی کورتی مابوو
دەستی بگاتە ئاسمان و
تاجی "مانگ"ێ داگرێت و
بیداتە دەست عاشقان و
سەدان نەجمەیش بخاتە سەرشانی عێراق!

☼

نە لە ئەندازەی ئەزانی و
نە مەساح بوو نە جیۆلۆجی و
بەڵام ڕۆژێ بەرە بەیان
دووسێ مەترێ کاری هەڵکەندنی مابوو
تا ئاوەڕۆی دیجلەو فورات بگۆڕێت و
پێشیانکەوێ و
بیانهێنێ

بۆلای هەژارانی عێراق!.

☼

نە وێنەکێش بوو نە نەحات
نە ئەیزانی هونەر لە کوێوە هاتووەو
دوو ڕەنگیش چۆن تێکەڵ بکات!
کەچی ڕۆژێ بەرەبەیان
تەنها دوو سێ گڤەی مابوو
(با)ی خۆڵەمێشیی ناو بەغدا
بە ڕەنگی سەروەکان ڕەنگکاو
چوار پێنج چەکوشێکی مابوو
بیدا لە سیمای مێژوویەك
تازە تازەو
پەیکەرێ بۆ هەق دروستکاو
خۆریش بانگکا
پەردە لەسەر باڵای لادا!

☼

نەموعجیزەو نە ئەفسانەو
نە فریشتەو
نە ئەسپی باڵداری هەبوو
کەچی هەر بستێکی مابوو
بگاتە بەردەمی خودا!

☼

نە ژەنەراڵ بوو نە لیواو نە عەقید و

عەسکەرییش بوو
یەك فیشەکیشی پێنەبوو!
بەڵام ڕۆژێ بەرەبەیان
خەریکبوو هەر بە بێریەکەی
دێوەکەی ناو بەغدا بگرێ و
لە کێشانی یەك جگەرەی کەمتر مابوو
مردن لەوێدا قۆڵبەستکاو
ژیان لە زیندان قوتارکا!

☼

نە شاعیر بوو، نە نووسەر و
ڕۆمان نووس و ڕۆژنامەوان
کەچی ڕۆژێ بەرەبەیان
تەنها چەند دێڕێکی مابوو
قەسیدەیەك تەواو بکات
لە هەردوو ڕووبار درێژتر.
لە چاوی "جیکۆر"یش جوانتر.
تەنها مانشێتێکی مابوو
ڕۆژنامەیەکیش دەربکات
پان و پۆڕتر لە بیابان.
هەر سێ چوار پەڕەیشی مابوو
ڕۆمانێکیش تەواو بکات
ئەستوور بە ئەندازەی شاخ و

خۆشەویستر لە ڕۆمانەکانی "غائب
طوعمە فەرمان"

☼

نە ژەنەراڵ بوو نە لیواو نە عەقیدو
نە زابت و نایب زابت
دوو قۆپچە لەسەر شانی بوو.
ئەو پڵنگێکی دوو خەت بوو.
بۆ پێشوازیی خۆشەویستیی

خێراتر بوو لە ڕەشەبا.
بۆ ماچکردنی ئازادیی
خێراتر بوو لە یەکەم گزنگی بەیان.
بۆ ئەو مردنەی کە مردیش ئازاتر و
خێراتر بوو لەو گوللانەی پێوەی نرا
"حەسەن سەریع!"

☼

سەیف و تاج و نەجمەکانی
ژەنەراڵ و موشیرەکان
یەك لە دوای یەك
ژەنگ خواردنی و
لە بیرنەمان.

کەچی دوو قۆپچەی سەرشان و
دوو خەتی قۆڵی عەریفێ
یەکەمیان: دوو مانگی زیادەی
دا بە ئاسمان.
دووەمیشیان: دوو ڕووباری تازەتری
ڕژانە ناو گیانی گشتمان!

سەرەتای/ 2006

## بێ ناونیشان

**وەك تۆوی شیعری دەم "با"**

بەفر نوستووەو هەمیشە

خەون ئەبینێ

بەڵام ئەو هەرگیز ناتوانێ

خەونەکانی نە بۆ شیعرو هەڵەکۆك و

نە بۆ کەس بگێڕێتەوە

چونکە هەتاو خەبەری ئەکاتەوە

چی بینیوە ئەتوێتەوەو

ئاو ئەیانبا!

❖

له پەلەپەلیدا و له جێژوان
ماچێك له لێوی عاشقێ
کەوته خوارەوه سەر زەوی
دواتر دەوەنێ هەڵیگرتەوەو
کردیه پەپوله پاییزە!

❖

ئەو وشانەی به منداڵیی
"تا" یان لێدێت و بەردەوام
شەوانه وڕێنه ئەکەن
که گەورەبوون ئەبنه شیعر!

❖

شێتێکی پاریسی وتی:
دادایەکان له ئێمەوه
فێری نووسینی ئەو جۆره شیعرانه بوون
کەچی ئاماژه بەناوی کەسمان ناکەن!

❖

ماڵی شیعری جوان
وەك هێلانەی سەر دارتەلی
حاجی لەق لەقی جاران
کەمبوونەتەوە!

❖

هیچ کەشتییەك نییه

له ئاو وه‌ڕس نه‌بووبێ و
نه‌یه‌وێ هه‌ڵبێ بۆ سه‌ر وشكانی
چونكه له پشوودانی به‌نده‌ره‌كانیشدا
تا ئه‌ژنۆیان هه‌ر له ئاودایه و
بۆیان نییه بێنه ده‌رێ!.

❖

كه باڵنده هه‌ڵئه‌فڕێ
خه‌یاڵێك له ئه‌رزه‌وه ئه‌با بۆ ئاسمان
كه وه‌ختێكیش دێته‌وه‌و ئه‌نیشێته‌وه
شیعرێك له‌گه‌ڵ خۆیدا ئه‌هێنێته‌وه!

❖

له هه‌موو پاڵه‌وانانی دنیا به‌هێزتر و
ئه‌ركیشیان قورستر
ئه‌و مێرووولانه‌ن
كه پاڵ به ده‌نكه پشقله‌وه ئه‌نێن
ئه‌یانبه‌ن و ئه‌یانبه‌ن
تا ئه‌یانخه‌نه
شاره‌كانیانه‌وه!.

❖

له ئاو ناسكتر كچی جوانه
له كچیش ناسكتر شیعر!

❖

نه‌ورەسێك له چه‌ند ئاوازێكی

کۆنی خۆی پەشیمان بوو بۆوە
بەڵام دوای ئەوەی
بەحر نووسیبوونیەوەو
ڕەشەبایش بڵاویکردبوونەوە!
❖
ئەو کاتەی گوڵەکان ئەبنە بێوەژن
(با)یەکان چاویان زیاتر لەسەریانە
کە دەرفەتیشیان بۆ هەڵکەوت
ئەیانڕفێنن!
❖
وتویانە
تابلۆ بۆ چاو
شیعریش بۆ گوێ
بەڵام لای من
جوانترینیان هەر ئەوانەن
کە هی دڵن.
❖
من هەندێ شیعری مردووی خۆم
لە گردێکی دوێنێدا ناشتوون
بەڵام ناوبەناو ئەچمە سەرگۆڕەکانیشیان
چونکە ئەزانم
ئەگەر ئەو مردووانە نەبوونایە
ئەم زیندوانەیشم نەئەبوون!
❖

ئێمە قەت تاقەتمان
لەگوڵە نێرگز ناچێت و زۆر کۆنیشە.
ئێمە هەرگیز لە پەلکە گیا بێزار نابین و
زۆر کۆنیشە
ئێمە هەموو ساڵێ بۆ هاتنەوەو
خۆ دووبارەکردنەوەی بەفروباران
چاو لە ئاسمانین
هەر بەو جۆرەیش هەندێ شیعر!
❖
ڕۆژێ چڵێ پەنجەی گرتم
کە بەریدا، خونچەیەکی لەسەر ڕوا.
ڕۆژێ هەتاو باوەشێکی پێداکردم
کە بەریدام سنگم بووبوو بە ئاوێنە
بەڵام ئەو ڕۆژەی ئەو کچە ماچیکردم
لەو ساتەوە
من بووم، بە دارمێوی شیعرو
گەڵاگەڵاو دەنك دەنك
هەر ماچ ئەگرم!.
❖
هەتا ئێستەیش
لە هەولێر بچمە هەر شوێنێ
کۆڕ، ئاهەنگ، پرسە، ماڵان

سەر دوكان و، چایخانەكان
هەر كورسییەكی خاڵیم لاوەبێ
جانتاكەمی ئەخەمە سەرو بۆی ئەگرم
"عبدالخالق لە دواوەیەو
تۆزێكی تر پەیدا ئەبێ!"

❖

من گەلێ جار
فڕۆكەوانە سەرچڵێم لە زمانداو
شیعرەكانیشم فڕۆكەن.
تەماشاكەن! لەو بەرزەوە
سەرەونخون بە تەقلەوە
وشەكانم بەرەو زەوی
چۆن دێنە خوار!
مەترسیدارە ئەم كارە
چونكە تائێستە چەندین جار
فڕۆكەوان و فڕۆكەم
لەسەرچڵی گەشتەكانما
سووتاون و كەوتوونەخوار!

❖

خەم مەخۆ.. پەپوولە
تەمەنت هێند كورتە.. خەم مەخۆ!
لەو ماوەی ترووكەی چاوەدا

ئەوەندەی تۆ عومری درێژت
بەخشیوە بەشیعر
عومری نوح نەیداوە..
خەم مەخۆ.. پەپوولە!
❖
بە تەواوی من نازانم
شیعر چییەو یان ماڵەکەی لە کوێدایە؟!
ئەو ئەشێ بزەی ساوابێو
ماڵەکەشیی لە جۆلانەو لانکەدا بێ!
ئەو ئەشێ دەنکە زیخێ بێ و
ماڵەکەیشی لە ناو بنی زەریادا بێ
ئەشێ و ئەشێ و ئەشێ..
بەڵام ئەوەی لێی دڵنیام:
هەتا ماوم، من پرسیارێکی گەڕۆکم و
ئەبێ هەر بۆیان بگەڕێم!
❖
"هەرد"ێ هەتا تەمەنێکی درێژ
هەر دە دوانزە کانیی نووسیی!
"بەڵام کانیی، کانیی"
هەر دە دوانزە جار جریوەی
دا لە قژی
"بەڵام جریوە، جریوە!"
هەر دە دوانزەجار گۆرانیی

کرد بە تەیری خۆشەویستیی
"بەڵام گۆرانیی، گۆرانیی!"
هەردێ
ئێجگار کەمی وت و
زۆرەکەیدا بە بێدەنگیی
وەکوو "هەردێ!"
❖
ئەو شەوەی خەو
بە "نالی"یەوە ببینم
بۆ بەیانیی کە هەڵئەسم
قەسیدەیەکی دڵتەنگم
دیار نەماوەو
سلەیمانی جێهێشتوەو
کۆچ بردوێتی بۆ غەریبیی!.
❖
کە دار کونکەرە عاشق بوو
ئیتر نەهێنی نامێنێ
چونکە هەرچییەکی لابێ
لە دوای دوو ڕۆژ
هەمووی لەسەر قەدو لقی
نزارەکان هەڵئەکەنێ و
ئەوسا دنیا پێی ئەزانێ!
❖

ئەو تابلۆیانەی
کە پەڕەسێلکە ئەیانکێشێ
هەر هەموویان
جووکە جووکی ڕەش و سپین!
ئەو تابلۆیانەی
کە تاوس ئەیانکێشێ
هەر هەموویان نەغمە نەغمەی ڕەنگاڵەیین.
نەورەس هەمیشە هەر ڕەنگی
ئاویی بەکاردێنێ
تووتی لاسایی
وێنەکێشە سریالیەکان ئەکاتەوە.
کۆتر زۆر "واقیعیانە" ئیش ئەکات.
پەپووسلێمانکە تەکعیبییەو
کلاوکوورەکانی کاکەییش
تەجریدی!

❖

ئێوارەیەك لە دوورەوە
بیرۆکەیەکم بەدیکرد تازە تازە
ویستم بەهێواشی بیگرم
بەڵام ڕایکرد!
شوێنی کەوتم
لە پشتەوە هاوارمکرد:

"ئاخر بۆ لە من ڕائەکەی؟"
بێ ئەوەی ئاوڕباتەوە
ئەویش وتی:
"ئەترسم ئێجگار ئەترسم
وەختێ بمخەیتە شیعرەوە
سەقەتمکەی!"

❖

خولیای یاخیبووم کەمترن
لە داسەکناو!
داسەکناوەکان هەمیشە نەرم و بێوەی
دێن و دەچن و لەگەڵ شنەو
کلۆ بەفر و تریفەدا زۆر هاوڕێن!
جوانن وەلێ هیچ ناگۆڕن!
بەڵام هەرچی یاخییەکانە
جاری وا هەیە زمان و ڕێزمان و
ناو خەیاڵ و ناو بینینم ئەشڵەژێنن و
هەمووی ئەدەن بە سەریەکدا
هەر بۆ ئەوەی دەستەواژەی
چەخماخەیەکی نەبینراو
بدۆزنەوە لەناو ناخما!

❖

ئەو دارە لەبەر گەڵا

نایپەرژێتە سەر باڵندە.
باڵندە لەبەر هەڵفڕین
نایپەرژێتە سەر هێلانە
هێلانە لەبەر جووجەڵە
نایپەرژێتە سەر پڕپۆڵە
منیش لەبەر هەر هەموویان
نەپەرژام ئەم کورتە شیعرە
تەواو بکەم...

❖

کە ڕەوە ئەسپ حیلاندیان
شاخەکان وتیان:
ئێوە هەر بۆ وتنی مارشی نیشتمانیی باشن!
کە مامزێك بارڕژنی کرد
مێرگێك پێی وت:
بەڕاستی تۆ هەر بۆ وتنی
گۆرانیی عاتیفی باشی!
کە بولبولێك خوێندی
گوڵێك پێی وت:
لە بەستە بەولاوە هیچی تر مەڵێ!
کە چۆلەکەکان کەوتنە جریوە جریو
درەختەکان وتیان:
ئێوە هەر بۆ ئەوە باشن

ببنە کۆرسی تاق تافکەرەکان.
کە کەوەکانیش خوێندیان
کەژەکان وتیان:
ئێوە هەر بۆ حەیران وتن دروستبوون!
ئەو وەختەی کە منیش گۆرانیم وت:
ژوورەکەم پێی وتم:
بەڕاستی تۆ هەر بۆ ئەوە باشی
کەڕەواڵەکان گوێت لێبگرن!

❖

ئەو فلووت و
کەمانچەو نۆتە گەنجانەی
کە ساڵانە لێرە بەسەرەطان ئەمرن
کەم نین!
ئەو پێکەنینی ڕووبارو
ئەو شەماڵی زەردەخەنەو
ئەو سەرچۆپی قەڵەمانەی
کە ساڵانە، لێرە، بە نەخۆشی دڵ وەستان و
هەوکردنی سیەکان و گەدە ئەمرن
کەم نین!
ئەو هەموو هیوا سەوزو سوورانەو
ئەو هەموو دار سێوی ژنەو
ئەو هەموو دار مازووی پیاوەی

که ساڵانە لێرە بەکارەساتی هات و چۆ
ئەمرن کەم نین.
لێرە عومری زەماوەندو
تەمەنی خۆشیەکان کورتن.
بەڵام ئەوانەی کە لێرە
نە تووشی شێرپەنجە ئەبن و
نە دڵیان هەرگیز ئەوەستێ و
نە ئەبن بە ژێر هیچەوەو
تەمەنیشیان بەقەد عومری
نوح درێژە
لەوانەیشە کە هەر نەمرن
پێنج شەشێکن:
هەژاری و بێکاری و گرانی و
گەندەڵی و ژن کوژی و سانسۆرن!

❖

پاییز وتی:
لەم باخەداو
لەناو ئەم هەموو ڕووەك و
دارانەدا
کە من هاتم لە دواییدا
هەر چەند دارێك
ڕەنگی کەسکیان پێئەمێنێ!

ژیان وتی:
لەسەر ئەم ئەرزە و لەنێوان
ملیارەهای ئەم خەڵکەدا
کە من ئەڕۆم و مردن دێ
لە دواییدا
هەر بەشێکیان لە ئاوێنەو
شەوقی گەشی
مانەوەیان پێئەمێنێ
دوا ڕۆژێکی ئێجگار دووریش
بە منی وت:
لەناو ئەم هەموو قەسیدە و شیعرانەدا
کە باخچەکەی تۆیش گرتوونی
کە من هاتم
بەشی زۆریان با بردوونی و
گەڵاڕێزان دایپۆشیون و
تەنها کەمەکێك ئەمێنن
من حەز بکەم بیانبینم!

❖

(با) بردمی بۆ ئاسمان و
ئاسمان دامیە دەست هەسارەو
هەسارە دامیە دەست "سڕ" و
سڕیش دامیە دەست نوورێك و

نووریش گەیاندمیە لای خودا!

❖

"نالی" لەناو قەسیدەدا
بۆ جوانی و ڕاستی ئەگەڕا
"مەحوی" لەناو سڕی خواداو.
بەڵام "حاجی" لەسەر ئەرزو
لەناو دڵی ئەم خەڵکەدا
بۆی ئەگەڕا!

❖

دوو وشەی سیس
"گۆران" دەستی بۆ بردن و گەشانەوە.
دوو باڵی سست
"ئەسغەر" لە دەنگی خۆی بەستنی و
ئیتر چوونە ناو قوڵایی ئاسمانەوە!.

❖

لە دەشتێکدا
لاپەڕەیەکی دڕاوی ڕۆژنامەیەك
(با) هەڵیگرتەوەو بردی
بۆ ماڵی ڕۆژنامەوانێ
لە بیرکراو!

❖

وەختێ تابلۆیەکی زۆر جوان

چاوو دڵم ئەبا بۆ خۆی
کە جێیدێڵم و
لە پێشانگە دێمە دەرێ
ئەگەر هەورێکی تیا بووبێت
لەڕێ بە سەرما ئەبارێ و
ئەگەر کەمانچەی تیا بووبێ
بە حەزی من لەو ئاوازەم بۆ ئەژەنێ و
گەر منداڵێکی تیا بووبێ
ئەوا دێتە باوەشمەوەو بە دەممەوە پێئەکەنێ و
گەر کچێکیشی تیا بووبێ
ئەوا قۆڵی لە قۆڵمایە هەتا ماڵێ!

❖

لە گڤەگڤی هەموو ڕەشەبایەکدا
پیاوێك هەیەو لە شنە شنی
هەموو سروەیەکدا ژنێك
ئەویان دێت بۆ شکاندنی گوڵدانەکان و
ئەمیشیان دێت بۆ ئەوەی
خاویکاتەوەو بە ئەسپایی دەستی بگرێ و
نەهێڵێ بیانشکێنێ!

❖

"دڵدار"م دی، خەندەیەکی لە خۆبایی
خستبوە ناو خەمێکی ئاوریشمینەوە

ئەیبرد بۆ ئەوەی لە تێلی
تاوسێکی مووتوربەکا!.
❖
لەم زمانە شەرمنەدا
یەکەم قەڵەم
کە پەردەی کچێتی "شەرم"ی دڕی و
دەرپێی شیعری هەڵدایە ناو
ئاگرەوەو
ڕووت و قووت چووە سەر کاغەز
ڕووت و قووت چووە چاپخانەو
بێباکانە ڕووت و قووتیش
هاتە دەرێ و بۆ ناو خەڵکی!
"شێخ ڕەزا" بوو!
❖
"هێمن"م دی
قاپێ شەراب لە پێشیەوە
قاپێ عەرەق لە دوایەوە
ئەڕۆیشتن و
ئەچوون بۆ لای شیعری خەیام
تا پێکەوە
چوارینەیەك دروستکەن و
نوێژ بۆ عەشق دابەستن!
❖

هەموو شەوێ

"پیرەمێرد" لەژێر سدارە ڕەشەکەیدا

چەند هێلکەی وشەی دائەنا.

خۆی ئەڕۆیشت و

مەراق لەسەریان کڕ ئەکەوت.

بۆ بەیانیی کە سدارەکەی لائەبرد

ڕستێ جووجەڵەی دەنووك زەرد

بەسەر دێڕی ناو دەفتەرو بەدوای یەکدا

بە جووکە جووك

ڕایان ئەکرد!

## ڕۆمانتیك

**"درەختی بەساڵاچوو گەنج ئەبێتەوە!"**

## -1 -

کافتریا، شینباوەو
دوو هێشووی زۆر گەورەی چلچرا، دەس لەمل،
هێند شۆڕن، خەریکن لەسەر مێز دابەزن.
دووچاوم، دوو چاوت، بە ساردی بەینمان و
بە گەرمای ژوورەوە، بێدەنگن و شووشەن و
خەریکن تەم ئەگرن!
هالاوی دووقاوە، بە نەرمی، ئەڵقاوئەڵق
بەرەو ژوور ئەڕۆن و لە قژم و لە قژتا
تێکەڵی یەك ئەبن.
دوو تابلۆی سەر دیوار:
یەکەمیان: پەنجەرەی ژوورێكو، دوولاولاو
تێکئالاو!
دووەمیان: کەناری دەریاچەو
دوو دڵدار نیوە ڕووت، ئەوانیش تێکئالاو.
لەو دیوی دوو دەریی شووشەوە
دوو مەلیش وەك باڵیان لە باڵی یەکدابێ
بۆ شوێنێ، پەناگەی دوور لەچاو، هەڵئەفڕن.

هەموو شت لە دەرێ و لە ژوورێ، بە چرپەو،
بە هێماو، ڕاستەوخۆو، دەنگی بەرز
وەك بڵێن: ئەی ئێوەیش جووتێ نین؟
ئەی بۆچی هەڵناسن و بچنەوە بۆ ژووری
گوڵ گوڵی خۆتان و
پێکەوە ڕاکشێن؟!

**– 2–**

هەموو پەیڤەکان ئاسایین
پەیڤێ نەبێ.
هەموو ناوەکان بێتامن
ناوێك نەبێ.
هەموو ڕۆژەکان دووبارەن
ڕۆژێك نەبێ
هەموو شوێنەکان لێکئەچن
شوێنێك نەبێ
خۆشەویستیت و ناوی تۆو
ئەو ڕۆژەی یەکتر ئەبینین
لە جێژوان!.

ـ 3ـ

پرسمکرد بە کانیی
بەرلەوەی جۆگەلە بناسم.
پرسمکرد بە جۆگە
بەرلەوەی کە ڕووبار بناسم.
پرسمکرد بە ڕووبار
بەر لەوەی کە زەریا بناسم.
پرسمکرد بە زەریا
بەرلەوەی کەشتیەکەم دروستکەم
پرسمکرد بە کەشتیش
بەرلەوەی دڵم بێ
سەرتخەم!.

## - 4 -

ئەم گۆرانیەم خۆش ئەوێ

لای من نامرێ هەتا نەمرم

نە لەبەر ئەوەی ئەم دەنگە خۆشترینەو

وشەکانی جوانترینەو

نە لەبەرئەوەی موزیکی بەرزبەرز ئەفڕێ!.

لەبەرئەوەی بۆ یەکەمجار

لە سەیرانەکەی قۆپیدا

کە خۆمان لەوان دزیەوەو

چووینە ناو تەلانێکەوەو

لە گەرمەی ڕامووساندا بوو

گوێمان لێبوو!.

ـ 5ـ

سێ شیعر بووین، بەیەکەوە و لەیەك کاتدا
حەزمان لە گوڵێك کردبوو
ـ خەریکبوو ئەبوو بە شەڕی ناوخۆی شیعر!ـ
گوڵە وتی: لەسەرخۆبن
داوا ئەکەم جیاجیا نامەم بۆ بنووسن!
وشەی کامتان بوو بە نمەی سەر ڕووخسارم
ڕستەی کامتان بوو بە شنەو بە پەپوولەو
بە ئاوێنەو بە پەلکە گیای یادگارم
ئەوسا ئیتر
لەمانگە شەو خۆم ئەڵقەیەك دروست ئەکەم
بۆ پەنجەی شیعری زیوینی ئەو کەسەتان!
یەکەم نووسیی:
بە غەمزەی پڕ لە ئەفسوونی غەزەل خوانی دووچاوت
مەلەك ئاسا کەمەندکێشی دڵیکردم هەتاوت
عەزابی من مەگەر وەختێ لە ئاگردا تەواوبێ،
کە دەورمبات خەت و خاڵ و قژی خاوو جواناوت
دووەم نووسیی:
ژنێك لەوێ
گالیسکەیەك لە ئاسمان.

گوڵێك لێره
تەپ و تۆزێ لەسەرشاخ!.
مەرگ. عەشق
عەشق. مەرگ
مەحەبەت و
جاویدان و
غەریبیی
هاتەخوارێ باڕێزەکەی ناو زمان
ئەلف و بێ و جیم و دال و
گرم. گرم. ئەمە هەورە یان سەرم؟!
قەت لێم نەترسی گوڵم!
ئەلف و بێ و جیم و دال و دوور بە دوور
بۆ تێمناگەی گوڵی سوور؟!
منیش نووسیم:
تۆ ناسکتری یاخود ئاو؟!
ئەو ڕۆژە نامە ڕوشاندی سەرگۆنەت و
سروە زبربوو، بۆ پەڕی، شان و ملو
بەفر شەرمیکرد بچێتە سەر سپێتی
قەد و باڵات!
من ئەو شیعرەم
خۆت نوسیوتم
لەسەر ئاوو لەسەر سروەو

لەسەر بەفرو گەڵای خەیاڵ

شەوی دوایی

گوڵەی دڵدار

لەمانگەشەو ئەڵقەیەکی دروستکرد و

بە شەماڵدا بۆی ناردمە ماڵ!

ـ 6ـ

گوارەت شپرزەیی منەو
ملوانکەکەت ئارەزووم و
تەیری سەر بلووز هۆنراوەم.
بە گوێچکەتا هەڵواسراوم و
بە گەردنتەوە لەرەم دێ و
لەسەر سینەت هەڵفڕیوم!.

## - 7 -

ئاخر چنارو بەژنی ئەو؟!
ئاخر مانگ و ڕوخساری ئەو؟!
ئاخر بەردو مەمکی قوتی؟!
ئاخر مەڕمەڕو پووزی ئەو
شاعیرەکان هەڵەیان کرد!
چنار بینیو بڕیاریدا:
ببێ بە دارەڕای ژووری.
مانگ بە چرای سەر حەوشەکەی.
بەرد بیداتە بەر دەرگاکەی.
مەڕمەڕ بۆ پێشی خانوەکەی.
شاعیرەکان هەڵەیان کرد!

## ـ 8ـ

زەردەو گزنگ

بەیەکەوە لەسەر ئەم مێزە دانیشتوون.

بەیانیی دەستی وا لەناو

دەستەکانی ئێوارەدا.

لەیەك کاتدا کازیوەیەو خۆرنشینە

بۆیە نە ڕۆژ کۆتایی دێو

نە شەو دادێ

"زەمان" چۆتە ناو "شوێن"ەوە.

بۆچی هەستین؟!

خۆشەویستیی بۆتە سەعات

بۆیە هەر ساتێ. سەیریکەم

هەر ئەو ساتەیە کە هاتین!.

ـ 9ـ

ئاو بێ هەوا

هەوا بێ گڵ

گڵ بێ ئاگر

من بە بێ تۆو

تۆیش بە بێ من

نیوە ڕستەو

نیوە ماناو

نیوە شیعری ناتەواوین!

## ـ 10ـ

تۆ ڕۆیشتیو
له نێوان، ددانی، شانەکەی سەرمێزدا
چەند تاڵێ له قژت جێمابوو.
دوو تاڵم ڕاکێشاو، دامنه دەس
دوو وشەی بزۆزم
هەر خێراو لەوێدا
کردیانن به دوو دێڕ گزنگی نووسینم.
سێهەمم ڕاکێشاو
خستمه سەر سەرینم
ئەو دەمەی ڕاکشا مەراقم و
که نووستم
له خەودا تاڵ بوو بوو به ڕێگەی
باریك و درێژی سەفەرت و
بەو هێڵەی، دابڕان، ئەیکێشێ
بۆ شەوی تووڵانیی عاشقان!.

## ـ 11ـ

دوێنێ شەو
بە سۆفتە ڕەشەکەی خۆم نووسیم
پەخشانێ وشك وشكو
هەرچیمکرد یەك وتەی تەڕنەبوو!.
هەرچیمکرد یەك ڕستەی بەراوی
بۆ دەشتی خەیاڵم تیانەبوو.
هەرچیمکرد ناونیشان هەر مۆن و
وێنەکان هەر تەڵخ و
زمانی ئەیگرت و
مۆسیقای هەر شەل بوو!.
وا ئەمشەو
سۆفتەکەی خۆم گۆڕی
بەو شینەی ناردبووت
ئەوەندەو ئەمجارە هەمان دەق
لووزەوی خەیاڵی تێڕژاو
کۆتەرەی مانای وشك سەرئاو کەوت
ئەوەندە و زمانم تیاپژاو

ناونیشان پێکەنی و

لە وێنەی تەڵخەوە شەبەقێ بەدەرکەوت.

مۆسیقایش قاچەکەی ڕاست بۆوەو

کەوتەوە سەمای خۆی!.

تێبینی:

کچی جوان تکایە

لەو سۆفتەت چەند لایە

هەر هەمووی بنێرە

من ئیتر بەوەی خۆم نانووسم!

## ـ 12ـ

دەمێکە ئێجگار دەمێکە
ژن تامێکی تیا نەماوە
لە غەزەلی ئەم ڕۆژەدا.
چاوگەکانیان ساردوسڕ
بێ تام.. بێ تام
بۆیە بەنیازم ئەمجارە
خۆشەویستیی ئەو ژنەی خۆم
بکەم بە کونجی بۆ شیعر!.

## ـ 13ـ

یەکترمان بینیەوە

بەڵام کەی؟!

ئەو وەختەی بەفرانبار لە قژتاو

زەردەپەڕ لە ڕووماو

پاییزێ لە لەشتاو

ئەنگۆرە لەچاوما

هاتبوون

یەکتریمان بینیەوە

بەڵام ئاخ

هەر گوێمان بمایەو

یەکترمان نەدیبا!

## ـ 14ـ

به شاڵە سپیەکەی سەرشانت و
بلووزی زەردەوە
هاتبووی بۆ کۆڕی شیعرەکەم
بەرامبەر ڕووناکیی
سەر شانۆ بە پێوە وەستابووی.
سەیرمکرد
لێمتێکچوو نەمزانی
تۆ گوڵە بەڕۆژەی ناو شیعری
یان کچە نێرگزی
گەڕەکی خۆمانی؟!

## ـ 15ـ

له باخچەی نالی دا
ئەو ڕۆژە هەر خۆم بووم
شیعرێکی وەڕس و تەنیابووم
دارسێوێ بینیمی و ناسیمیو
دەستیبرد لە گوڵی باڵای خۆی کردەوەو
بۆیکردم بە کورسی و
لە تەنیشت جۆگەکەی بەردەمی بۆیدانام!
ئەو ڕۆژە شیعرێکی بێزار بووم
کە (ئەو) هات تێپەڕێ
چاوانی سیحراویی دەوریاندام
گرتمیان
وەکوو خەو بردمیان. بردمیان
هەتاکوو ئەو سەری شەقامی سالم و
لەوێدا ڕەقیبێ پەیدابوو
ترسامو
ترسانو
بەریاندام

که بەربووم لەو ساتە بەولاوە

هەستمکرد ئەو کاتە ئازادم

لەچاوی شۆخێکی وەك ئەودا

گیرابم!

ـ 16ـ

دوو پەرداخ لە تەمەن

یەکەمیان: خەزانی لەرزۆکم هەڵیگرت

لە نیوەی ڕێگادا لە دەستی بەربۆوەو هەڵوەری!

دووەمیان: بەهاری بۆشناخت هەڵیگرت

ئەو وەختەی کە لێوت پێوەنا

بە شووشەو ئاوەوە

پێکەنی!.

## ـ 17ـ

دار وتی:

خۆ هەر تۆ نانووسی

سەیرکە ئەو هەموو پەخشانەی

پڕوپۆم نووسیونی!

ئاو وتی:

خۆ هەر تۆ مۆسیقا لێنادەی

گوێگرە لەو هەموو ئاوازەی

ڕووبارم دایناون!

کەژ وتی:

خۆ هەر تۆ نەقاش نیت

تەماشای ئەو هەموو وێنانەی

لاپاڵ و دەربەندو نزارم کێشاونی.

ئەو کچەیش پێی وتم:

قژی من پەخشانی جوانترە یان هی دار؟!

لەشی من مۆسیقای خۆشترە یان ڕووبار؟!

ئەو هەموو وێنانەی کە خەندەو

سەرنج و ماچی من

لەسەر ڕووت کێشاونی

جوانترن یان هی کەژ؟!

خۆ هەر تۆ نانووسی!

## ـ 18ـ

دوا وێنەت
لەبەردەم شوباتا وەستاوی
تۆ ئاڵ و
تۆ گەرم و
سروشت سارد
لەسەر ڕا
بە نزیکیش بە سێ ڕیز
لەرزانە.. لەرزانە
بەسەرتا دێتەخوار.
کڵۆکان لە قژت و سەرشان و باڵاتا
پەپوولەی زستانن.
چەند جوانی و چەند جوانن.
ببوورە وێنەکەت ئێستاکە لام نییە
هەر ئەمشەو شیعرێکی نەقاشی لاسارم
لێی سەندم
بۆ یەك شەو بردوێتی
بەڵێنە تا سبەی
ئەو بیکا بە تابلۆی سەر بەرگی
سەرجەمی دیوانم!.

## ـ 19ـ

دووراو دوور

ئێستاکە: جل سپی و بەپیەوەیت:

هەر وەکوو دار هەرمێ ببینم

بڕوات و بێ و بچێ.

ئێستاکە: نوشتاوەی:

پلوسکێ لە بەفراو ئەبینم

بۆ شەوقێ دانەوێ

ئێستاکە: دانیشتووی:

دەوەنێ ئەبینم پەپوولە

سەرتاپای داپۆشێ

بەڵام من نازانم

ئەو وەختەی بە تەنیا و بە ڕووتی

پاڵکەوی

ئەبێ کام دیمەنی سیحراوی

تەبیعەت لێتبچێ؟!.

## ـ 20ـ

ڕۆژنامەکەو پیاسەی وردی ئەوچاوانە
ڕۆژنامەکەو وردە ماچی ئەو پەنجانە
ڕۆژنامەکەو ئارامگرتن لەناو کۆشتا
ڕۆژنامەکە کە هاتەلام و سەیرمکرد:
مانشێت لەسەر شەڕی ناوخۆ
بووبوو بە ڕیزێ پەپوولە.
سەر وتار لەسەر "زەرقاوی"
بووبوو بە گۆمێکی شینی بەر تریفە.
تەقینەوەی ئوتومبیلێ
بووبوو بە فوارەی گۆڕەپان.
لاشەی منداڵێکی کوژراو
بووبوو بە گوڵاڵەی هەردێ
چڕە دووکەڵی فەلووجە
بووبووە سامالی سەرگۆیژە..
ڕۆژنامەکە!.

## ـ 21ـ

له سەیرانەکەی "قەشقۆڵی"و
لەسەر بەردێکی شیعر دۆست
تۆ چاویلکە هەتاویەکەت لەبیرچووبوو.
بەردی دۆستم بە"با"یەکی دەست بەتاڵدا
هەر خێرا جوابی بۆ ناردم!.
منیش چووم و بە یادی چاوانی سەوزت
هەڵمگرت و کردمە چاوم
وەختێ زانیم: سەرنجەکانت هاتنەناو
سەرنجمەوە
سۆمات کەوتەوە ناو سۆمام
هەستمکرد چاوم سەوز ئەبێ
شووشە هەندێ لە تەماشای ڕابوردووتی
لەناو خۆیدا گل دابۆوە.
گەڕانەوە، بە پشتاوپشت، دوێنی و پێرێو
دیمەنەکان گەڕانەوە.
چاوی عەینەك بوونە دوو گۆم
نەهێنیەکان سەرئاو کەوتن:

وردبوومەوە، ئەرێ کچێ!
زۆربەی وێنەکان هەر منم:
لە مەیاندا، ئەوەتام وام لەسەر شەقامی "سالم"و
شیعر ئەچێنم!.
لەوەیاندا، لەبەردەمی پەیکەرەکەی "گۆران"دام و
گوڵاڵەی کچی ئەدوێنم!.
لەمەیاندا، لەسەر گردی "مامەیارە"م
سدارەکەی "پیرەمێرد"م لەسەردایەو
دێم و دەچم و پارووە یاپراخ ئەبەخشمەوەو
لەمەشیاندا، لە جۆلانەی مەقامێکی "مەردان"دام و
دووانەی جوانیت و عەشقی خۆم ڕائەژەنم.
ئەرێ کچێ! ئەی بۆ وتت:
پیاوێك نییە هاتبێتە ناو تاراکەی خەیاڵمەوەو
شیعرێك نییە بووبێ بە هەوری ناو سەرمو
سێوێك نییە لەگەڵ ئەم سێوی دڵەدا بیگۆڕمەوە!
بەڵام عەینەکی هەتاویی
ئاشکرایکرد لە ژێرەوە
چەند تینوویت و
چۆن ئەڕوانی!

## ـ 22ـ

بەشوێن پێی وشەدا ڕۆیشتم و

گەیشتمە ترۆپکی سەر خەیاڵ.

بەشوێن پێی خەیاڵدا ڕۆیشتم و

گەیشتمە ئاسمانی ناو شیعرو

بەشوێن پێی شیعردا ڕۆیشتم و

گەیشتمە تەلیسمی ناو جوانی و

بەشوێن پێی جوانیدا ڕۆیشتم و

گەیشتمە جوانیت و

لەوێدا ڕاوەستام!

سلێمانی
تشرینی دووەمی / 2004

## ـ 23ـ

ئەی ئاوێنە باریکەکە!

ئەی کچەکە

هەموو جارێ کە لە تۆدا

تەماشای عومری خۆم ئەکەم

ئەبمە کانی و گەنج ئەبمەوە

بۆیە ئەمەوێ لەمڕۆوە

بتبەمەوە بۆماڵەوەو

لەژووره تەنیاکەی خۆمدا

بەرامبەری شیعرەکانم

بە ڕۆحما هەڵتبواسم!

## ـ 24 ـ

مانگی دەسکرد

مانگی ئەسڵی

مانگەکەی خۆم

یەکەم بەدەوری دووەمدا

خول ئەخوات و

دووەم بەدەوری زەویداو

سێهەم بەدەوری شیعرداو

هەر سێکیشیان لەیەك شەودا

لەناو سەری مندا هەڵدێن!

ـ 25 ـ

## ترس

لەسەر كاغەزی بەردەمم
بەر لەوەی خەیاڵ هەڵبكاو
بەرلەوەی وشە بباریٚ و
بەر لەوەی وێنە دەركەویٚ
لەو چۆڵەوانی و
سپیاتی و
بێدەنگییە
ئەترسم و ئەبم بە ڕەنگی شپرزە
تەواو وەك چاوەڕوانی و دوودڵی و
ترسی عاشق
لە "نەهاتن" و "دیارنەبوون"
وەختی ژوان!

2005/6/8

## ـ 26 ـ

له کافتریا شین باوەکە
لەگەڵ سێبەری تەنیاییم
چوومەوە سەرهەمان مێزو هەمان کورسی
گۆشەکەمان.
له جێگەکەی خۆم دانیشتم
له جێگەی تۆیش بەرامبەرم
شیعرێکی خۆم دانیشتبوو
هەرچەند ویستی وەك تۆ بدوێ و
وەك تۆ جوان بێ و
هەر وەکوو تۆیش پێبکەنێ
بەڵام ئەفسووس!
نه تەماشای ڕاکێشام و
نه تۆزقاڵێ زەردەخەنەی پێگرتم و
نه توانیشی تەنیایی من ڕابژەنێ
بۆیه ئیتر دەستم دایەو
هەڵمسان و
لەسەر کورسیەکەت
دڕانم!

## ـ 27 ـ

کراست زێیەکی شین و
لە کەناریا وێنەی بەلەمێکی تیایەو
ئاوو هەوای ئەو ڕۆژەیش کپ!
هەناسەیەك هەڵئەکێشم
(با) یەك لەسەر زێ هەڵئەکاو
شەپۆلی زێ دێت و ئەچێ و
ئاوو هەوای کپ ئەجوڵێو
دوو پەنجەم ئەکەم بە سەوڵ و
وەك لە ڕووباری (نیل)دا بم
بەلەم ئەئاژووم بۆ سەرێ
من ئێستاکە ڕوومکردۆتە ئاوی مەنگی
نێوان دوو گردۆڵکەی سپی
لەسێبەرێکی فێنکدا!
بەلەمەکە ڕائەگرم و
دێمە خوارێ
خۆم بەتەنیا بەسەر ئەو گردە جوانەدا
هەڵئەگەڕێم

ماندوو ئەبم. هەناسە سوار. تینووم ئەبیٚ
بەڵام ئەو ساتەی ئەگەمە گۆپکەی سەریٚ
لەبەردەمما زنەیەکی ئاڵ ئەبینم
ئیتر یەکسەر
هەر لەسەر دەم درێژ ئەبم و
دەم ئەنێمە زنەی ئاڵ و
چاو هەڵنابڕم.. سەر هەڵنابڕم
هەتا لەو شوێنە خۆشەدا
بۆ خۆم خەوم لێئەکەویٚ!

## ـ 28 ـ

که جێمهێشتی

بۆنی خۆشی، دەست و پەنجەو تەوقەتم گرت.

هەر لە دوای تۆیش

ڕێگەم کەوتە باخێکەوە.

گوڵی سەر لقێ پێی وتم:

ئەمە بۆنی چ گوڵێکەو ناوی چییە؟!

وتم: ئەم بۆنە بۆنی گوڵ نییە

هی دەست و پەنجەی کچێکە!.

لێمببوورە

ناتوانم ناویت پێبڵێم!

بەڵام یەکەم حەرفی "ڤ"ە

بۆ ئەپرسیی؟!

وتی: پێناچێ ئەم بۆنە

کە لە بۆنی من خۆشترە

تا یەك دوو ڕۆژی تر بڕوا!

وتم: جارێ چاوەڕێبە، تۆ لە کوێتە!

با ئەمجارەیان بێمەوە

**بۆنی قژ و بۆنی لامل و مەمانیت بۆ ئەهێنم**

**بۆنی ئیتر لەم باخەدا و لەم شارەدا**

**جێنیشتەبێ و هەرگیز نەڕوا!**

1999

## ـ 29 ـ

لەدەرگای پشتەوەی جێژوان
لەویەوە
بەدزی چاوانی ترەوە
ماچێکی عاشقم
گەیشتە ژوورەوە لای "لێوان"
ئەو وەختەی لەبادەی هەناریی
لێوانی خواردەوە
هێند مەست و سەرخۆش بوو
ئەمجارە چشیکرد
لەچاوی نەیاری ئەو خەڵکەو
ئاشکراو بێدەربەست
لە دەرگی پێشەوە
ئەو چووە دەرەوە!

## ـ 30 ـ

تا باران خۆشیکردەوە
من لەژێر چەترەکەی "تۆ"دا
بارانی ژانێکی تر بووم
کە تۆ ڕۆیشتی و جیابوویتەوە
لە دوورەوە خۆشەویستیت هەوری هێناو
ئەمجارەیان عەشقێکی زۆرتازە باری و
شیعریش خۆشی نەکردەوە!

## ـ 31 ـ

ئەو کچە
لەسەر کورسیەکەی
پێکەنینێکی ئاڵ ئاڵی لێبەجێما.
پێکەنینم هەلگرتەوەو
بردمەوە ماڵ!
دام بەڕەنگێکی زۆر تەڵخی
ناو ژوورەکەم
لێی وەرگرتم و لەبەرچاوم
پێکەنینی کردە بەری!
کە ئەمجارە تەماشامکرد
ڕەنگی تەڵخم
کرابۆوەو
گەشابۆوەو
بوو بوو بە ڕەنگێکی ئاڵ ئاڵ!

## ـ 32 ـ

که له یەکتر جیابووینەوەو
دەسەسڕی سەرچۆپێکەت
پێشکەشکردم!
لەو ڕۆژەوە
که زیاد له شیعرێ بنووسم
سەرمێزم ئەبێ به دەشت و
به وشەی ئاڵ و واڵاوە
هەموو دێن و
کامە شیعریان کەڵەگەتەو
چاوی سەوزە
دەسە سڕەکەت ئەبات و
بۆ سەرچۆپی، سەر دێڕ ئەگرێ و
خۆیشم ئەبم به قەڵەم و
لەگەڵیاندا هەڵئەپەڕم!

## ـ 33 ـ

ئەگەر گوڵ بدەی لە سنگت
وشەکانم بۆنی ئەگرن
ئەگەر تەیرێکی لێبدەیت
پەنجەکانی دەسم ئەفڕن
ئەگەر شمشاڵێ لێبدەیت
خەمانیشم هەڵئەپەڕن
ئەگەر بەلەمت لێدابێ
منیش سەوڵم.
ئەگەر مامزی پێوە بێ
خۆم پێدەشتم
گەر هێشوە ترێی پێوەبێ
قاپە شەرابێکی مەستم
ئەگەر ئایەتت لێدابێ
خۆم منارەم و بانگدەرم
ئەگەر خاچیشت لێدابێ
ئەوا من عیسای دووەمم
ئەگەر ئەستێرەی پێوەبێ

من هەر شەوم
ئەگەر خۆریشت لێدابێ
شەوم نییەو بە خەبەرم
ئەگەر ئاڵای کوردستانیش
لە سنگ بدەی
ئەوا منیش پاسەوانتم و
لە دامێنی ئەو گردەدام
کە ئاڵاکەی تیا هەڵئەکەی!

## ـ 34 ـ

هەنگ مژینی کوڵمی هەموو
گوڵێکی لە بیرنەماوە
ئاو تینویەتی شکاندنی هەموو
دارێکی لەبیر نەماوە..
هەور داکردنی بارانی خۆی بەسەر
هەموو کێڵگەو مەزرایەکدا بیرنەماوە
من ئەو ماچانەی کردوومن
هەموویانم لەبیر نییە
بەڵام ئەوەی کە لە بیری هەموومانەو
بیر چوونەوە لێوەی دوورە
کوڵمەکانی یەکەم گوڵەو
قژی یەکەمین درەختەو
باڵای یەکەمین کێڵگەیەو
مژینی لێوی یەکەم کچ!

## ـ 35 ـ

ئەو ڕۆژە كەسكت پۆشیبوو
هەستمكرد منیش وا ئیتر وردە وردە
ئەبم بە مێرگ و سەوزەگیا.
ئەو ڕۆژە سوورت پۆشیبوو
هەستمكرد منیش وا ئەبم
بە دار هەناری سەر ڕێگا.
ئەو جارە سپیت پۆشیبوو
هەستمكرد منیش وا ئەبم
بە نەورەسی شیعر و زەریا
دوێنێش كە زەردت پۆشیبوو
گوڵە بەڕۆژە بوو بەسەرم و
بۆ هەر كوێیەك بچویتایە
لە دەوری باڵات ئەگەڕا!

## ـ 36 ـ

خۆت لێرە نیت و بزریت.
بەڵام هێشتا زەردەخەنەت هەر لێرەیەو
لەسەر کورسی بەرامبەرم دانیشتووە.
خۆت لێرە نیت
بەڵام دوای خۆت ڕەنگی قژت و
تۆنی دەنگت و
بۆنی لەشت
بۆ تەنیاییم و ژوورەکەم جێهێشتووە.
خۆت لێرە نیت و بزریت.
بەڵام ئەوەی کە بەردەوام
لەم ماڵەداو، لەسەر چرپاو لەجێگەداو
لەخەویشدا لەگەڵمایەو
جێمناهێڵێ
دیمانەی خۆشەویستیتە!

- بیست و دوو پارچەی ئەم کورتە شیعرانە بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری (شین)ی ژمارە (7) دا بڵاوکرانەوە.

# باخچە ڕەشەکان

**شیعر و پەخشان و وتەی ئەدەبی**

# مەرگی شەوبۆیەك

هۆ. هۆ. هۆ:
لەو دوورەوە ڕا
بە شنەشن و
خەندەی وشەوە
شیعرێكی چاوڕەش، بە ڕێگاوە بوو، بێتەوە لامان
دەستێكی گزنگ، دەستێكی تاژان
پرچی سەمەل و، باڵا قەڵبەزە و
پەنجە گەزیزە و ، ئەستێركی سەریش
پڕپڕ لە خەون و
پڕپڕ لە بۆنی
ئێوارەی "بۆكان".

☼

گیان. گیان. گیان.
لەو دوورەوە ڕا
كۆترە شینكەیەك
بە گمەی تەڕی بەیانیانەوە
بە ڕێگاوە بوو، بێتەوە لامان.

ئەو باڵی پەڕەی گوڵ هێرۆی سپی و
ئەم باڵی زەردەی ئاوارەبوون و
حەزی: نارنجی و
خۆزگەی: خاڵ خاڵ و
شەقژنی: سەوز و
بە ئاسمانەوە
دەنووکی ئەدا
لە شووشەی هەوری ڕەنگ وەنەوشەیی
سەر دەریاچەی "وان"
☼

وەی. وەی. وەی.
لەو دوورەوە ڕا، لەناو بەفرەوە
"مانگ"ێکی ئێمە
بە خەمی ئاڵ و خەرمانەی مۆر و
بیست و دوو چرۆی بزەی خۆیەوە
بە ڕێگاوە بوو
بگاتەوەجێ.
وادەیشمان وابوو
مانگ لەگەڵ خۆیدا
هەر لە باوەشیا
گەواڵە هەوری پرسیاری تازەی
سەر بەرێژنە و

لە دەنگی یاخی ژنانی ئەویش
هەندێ چەخماخەی
نویٚمان بۆ بێنێ!
☼

ئاخ. ئاخ. ئاخ!
لەو دوورەوە ڕا
بە خۆی و جانتای پڕ لە جریوە و
پڕ لە دواڕۆژ و
پڕ لە ئەوینی "جەمیلە"ی دایك و
"ئەسرین"ی خوشك و
پڕ لە پەپوولەی "ئێلخانی زادە" و
پڕ لە سۆراخی ناو تەمتوومانی
سنە و سابلاخ و
پڕیش لە شەوبۆی وەریوی ئەوێ:
کچێکی ئێمە.. کچە شمشاڵێ
بە ڕێگاوە بوو.. بگاتەوەجێ.
کچێ لە نەسلی ئەو هەڵاڵانەی
لەسەر بەرد ئەڕوێن.
کچێ لە توخمی ئاوی شەهید و
کیژێ لە تۆوی گوڵە هەتاوو
کچێ لە شیعری باخچەکەی سوارە و
کیژێ یەکەمجار چاوی لە بێشکەی

بەفرا پشكووت و
هەر یەكەم ڕۆژیش
ئازار بە سواری زستانێ هات و
لەو كێوانەدا
دایە دەست زریان!
☼

ئۆف. ئۆف. ئۆف!.
زۆر درەنگ كەوت و
هۆنراوەی چاوڕەش
هەر نەگەیشت و
كۆترە شینكەكە هەر دەرنەكەوت و
"مانگ"ەكەی ئێمە
نەهاتە گوند و
ئۆف. ئۆف. ئۆف!.
خەو نەگەیشت و
خەو نەهاتە دی
ئەم ئێوارەیە
من زەردەپەڕم و شیعرم پێی خۆشە
وەك "زڕگوێزیلە" و درەختەكانی
خۆی ڕابژەنێ و خۆی بوەرێنێ و

**سەربخاتە ناو کۆشی تەمەوە و**

**زۆر بە کوڵ بگری!**

2004/6/11

# لەپڕێكدا و
# هەرلەخۆوە ڕووبارێكمان مرد!

پاییزێ لە من، لە شیعری گریاوی من و پەپوولە ڕێزانێ لە
تەماشام و خەونی هەڵپچوڕكاویش لە باخە پەشموردەكانی شەوانی من!
پاییزێ لەیادگارو ئاوێنەی شكاوی ماڵ و خەزانێ
لە ڕانیەو هەڵوەرینێ لەگوڵەكانی بڵباس و ئاوێزانێ
لە لاواندنەوەی تووی مەلیك و تەنیاییەك لە
دڵدارێ و ئەوقبوونێ لە تەڤگەڕێ و كسپەیەك لە
رۆحی تەم داگرتووی هەمووتاندا..
لە گەشەگەشەی جریوەداو لە زریوەزریوی بریسكەدا
لەناكاو ئەستێرەیەكمان كەوتە خوارێ.
لە وەختی بارانە بەهارێكی گوڵ بەدەمی ستران و
لە سەمای سپی كلۆ هیوادا، كانیەكەمان كەوتە ئاویلكەو
وشكی كرد..
لە پەنجەرەی خۆزگەیەكدا و لە ساماڵدا هەر لەخۆوە

هەتاو کۆچیکرد.. بەیانی بوو کەچی لە ئێمە بوو بە
خۆرنشینێ، ئاوابوو.. ئاوابوو، لە پێکەنیندا ئاوا
بوو مانگێك.. وەی لەو مانگەی لە ماڵەکانی هەمووماندا
خەرمانەی بە باوەش ئەهێناو تریفەی بەسەر یەك
بە یەکماندا دابەش ئەکرد!.
تریفەی قسەی خۆش.
مانگەشەوی زەردەخەنە.
گوڵەکێویلەی بۆنخۆش.
هەرمێ گوڵاوی بلْباس.
خۆشەویستی کێوە ڕەش و ئاسۆس.
خەمی هەژارانی ڕانیەو
چەپکێك لە شیعری پاراوو
مێخەك بەندێ لە ئەوینی دڵدارو
ئومێدێکی گەورە بە عەقڵی تەڤگەڕ.
پاییزێ لە من
وەختێ لەپڕ قەسیدەیەکم لێ ونبوو.
لە ناکاوێ بووم بە خۆڵەمێش و
لە ناکاوێ بووم بە سەمەندەر.
ئاخر ڕووبار لە گوڕەی شەپۆلاندا چۆن ئەمرێ؟!.
ئاخر درەخت لە وەرزی گوڵکردندا چۆن بەلادا دێت؟!.
ئاخر باران لە وەختی داکردندا چۆن تینووی ئەبێ؟!
ئاخر لە نەورۆزدا نێرگز چۆن نییە؟!

ئاخر و ئاخر و ئاخر!

پاییزێ لە هەناسەی عاشقان

ئەو وەختەی زمان لاڵ ئەبێ و سیس ئەبێو

ئەوەرێ و ئەو وەختەی دڵنیایی ئەحەپەسێو

بەختیاری نائومێد ئەبێ و پێکەنین ئەگریو

هەتاو تاریك ئەبێو لە بەرەبەیاندا شەو دادێ!.

هاوڕێکان وەك پەنجەکان لەیەك ناچن.

هاوڕێکان وەك وشەکان لەیەك ناچن.

هاوڕێکان وەك گوڵەکان لەیەك ناچن.

هاوڕێم هەیە هەر بۆ سڵاو.

هاوڕێم هەیە کار کردوێتی بە هاوڕێم.

هاوڕێم هەیە بۆ یەك سەعات.

هاوڕێم هەیە بۆ سەفەرێك.

بەڵام تۆ هاوڕێی من بووی وەکوو ژیان.

تۆ هاودەمی من بووی وەکوو قەڵەم.

تۆ لەگەڵما بووی وەك دەستم.

تۆ نزیکبووی لە منەوە هێندەی دڵم لە سنگمەوە.

ئاخر من بۆیە لاسەنگم کوا ئەو دەستەم؟!.

ئاخر من بۆیە بێ دەنگم کوا قەڵەمم؟!

ئاخر من بۆیە چاوکزم کوا هەتاوی دیدەکانم؟!

ئاخر من بۆیە بێ ڕەنگم

کوا ئاوی پێکەنینی تۆ!.

لەو ڕۆژەوە، لەهەر کۆڕێکی یاراندا بم
کورسیەکی چۆڵ تەماشایەکم ئەکاو تێ ئەگەم و
پێکەوە یەکی هەنیسکێ هەڵئەدەین و لەسەر ئەویش فرمێسکێکم
دائەنیشێ.
لەو رۆژەوە، هەموو جارێ، نەخشەکەی کوردستانی پشت سەرم
هەواڵت ئەپرسێ. هەموو دروشمەکانی ڕیفراندۆم چاوت بۆئەگێڕن
هەموبڕگەیەك لە یاسای مافی مرۆڤ و هەموو جادەو
کۆڵان و پڕۆژەیەکی نیوەناچڵی ڕانیە ئەڵێن کوا؟!
کوا ئەو عاشقەی
ئێمەی لەخۆی خۆشترئەویست!
نەخشەکە وتی: سوێندی گەورەی من بووم.
دروشمەکان وتیان: ئێمە ڕێگەی بووین.
بڕگەکانی یاسا وتیان: ئێمەیش چرای بووین.
پڕۆژە نیوەناچڵەکانی ڕانیەیش هەموو وتیان
خەمی گەورەی ئەوە بوو ئێمە تەواو بین!
پاییزێ لەمن و لەحەیرانێ
وەختی ئێواران و دابڕان لەوەسڵی باران
پاییزێ لەگۆڕی دوای تۆ
وەختێ تەمێك لەودیو یادگارەوە دێتو
ئەنیشێتە سەرچاوان.
تەمێك لەو کەسەرەی ناڕەوێتەوە.
وێنەیەك لەو پێکەنینەی ئاوسە بەگریان.

خەیاڵێك لەو ئاوێنەیەی بەربۆوەو وردوخاش بوو.
تۆ لەکۆترە شینکەیەکی ئاسۆیی ئەچوویت هەمیشە لە
شەقژندا بوویت. یەك هێلانەت نەبوو. یەك ماڵت
نەبوو. دڵت بەکارێك دانەئەسەکنا. ئەتویست وەکوو
ئاو لەیەك کاتدا چەندین درەختی تینوو ئاوبدەیت.
وەکوو هەتاو لەچەندین پەنجەرەدا بیت. تۆ لەیەك
وەختدا هەم تۆوبوویت و هەم هەتاوو هەم
سەرچاوە. لە تووی مەلیك میوانداری شیعر و مۆسیقات
ئەکردو لە ڕانیە میوانداری دارستانو جوتیاران و لە ماف پەروەران
ئەبوویتەوە بەپارێزەرو لەڕیفراندۆمیش ئەبووی بە
سندوقی دەنگدان و لە ناو بازاڕدا ئەبووی بەخەمی هەژاران و
لەبەردەم بەرپرساندا ئەبووی بەپەنجەی ڕەخنەو، لەبەردەم
منداڵاندا ئەبووی بەبووکە شووشەو، لەگەڵ گەنجاندا ئەبووی
بە دوا گۆرانی و بەستەو، لەگەڵ پیرەمێردو پیرێژنەکاندا،
ئەبووی بەچاویلکەو بەگۆچان، تۆ خۆشەویستیت بۆ
هەمووان بوو. پەنجاو هەشت ساڵ بوویت و کەچی لە ئاست هەندێ
قسەدا وەك بەڵاڵوك سوورسوور ئەبوویتەوەو شەرمێك دایئەگرتی
کە شەرمی ڕەوشتێکی بێگەردو بەرزبوو. ئەو شەرمەی لە
شەرمی یەکەم بەفری تازە باریو ئەچوو وەختێ کزەبایەك
بیدوێنێ. تۆ ناسکتر بووی یان پەڕەی گوڵ؟! تۆ نەرمتر
بووی یاخود ئاو؟! تۆ کراوەتر بووی یاخود ئاسۆ؟!
تۆ بێ فیزتربووی یان گوڵەکێویلەی ئەوشاخانە؟!

لەبەر قسەی نەیاران و ئەوانەی لەبەرپێی خۆیان دوورتر
نابینن و بۆ ئەوەی نەهێڵی گەردێك چەند بچووکە لە
حەمید بڵباس بنیشێ: مافی ڕەوای خزمەکانی خۆت،
ئەرکیان و ماندووبوونیان و ئارەقەی جەستەیانت نەئەخستە
سەر بودجەیەکی حکومەت و لە دڵی خۆیشتا ئەتزانی غەدرەو
بەڵام ئەتوت با ئەم غەدرە لەخۆم بکەم و گوێم لە تانەو
تەشەرێ و لە گیزەگیزی ناحەزێ نەبێ!.
پاییزێ لەڕەنگی سپیی
وەختێ جوانترین پەپوولەو کلووی خۆشەویستی و
چوڕەی شیری وەفاداری لێ ون ئەبێ!
پاییزێ لەستران و لەکلتووری کوردەواری
کاتێ نۆتەیەك و نەغمەیەك و پەندێکی شیرینی خۆی
لێ ون ئەبێ.
خەزانێ لەچاوی ڕانیە
ئەو دەمەی ڕووناکترین سەرنجی خۆی لێ ون ئەبێ.
هەڵوەرینێ لەناو مافی مرۆڤدا
ئەوکاتەی مرۆڤێکی دادپەروەری لێ ون ئەبێ.
کوژانەوەیەك لە ئیمزاکانی ڕیفراندۆمدا
ئەو دەمەی ئازاترین ئیمزای خۆی لێ ون ئەبێ!
کەم نەبوون ئەوئازیزانەی بوون بە تراویلکەو
لەچاوان ون بوون و نەهاتنەوە
بەڵام هەرکەسەو ئازیزی خۆی

فرمێسکم هاوڕێی فرمێسکتە
بەڵام هەرگیز فرمێسکەکانی من
لەو فرمێسکانە ناچن کەتۆ بۆخۆشەویستێکی
نزیکی خۆتی ئەڕێژی.
ئەویان پڕیشکەو
بەڵام ئەمیان نێڵەنێڵی سووتانەکە خۆی.
کەم نەبوون ئەو قوربانیانەی پێشکەشی
ئەم خاك و خۆڵەکران
بەڵام هەرکەسەو قوربانیی خۆی
کسپەی گەورەو ڕاستەقینە بۆ قوربانیەك لەشیعری مندا نییە
لەدڵی دایکی قوربانیەکەدایە
لەچاوی ژنەکەیدایەتی
لەسەرسامبوونی منداڵەکەیدا
ئەویان دەست بەدەستدانێکی
جگەر سۆزانەیەو
بەڵام ئەمیان قرچەقرچی
تاسەر ئێسقانی کۆستەکە خۆی.
بەڵام هەموویشمان بەبێ ئەو فرمێسکانەی ترو
بەبێ ئەو ناخانەی ترو باڵی ئەو لاواندنەوانەی تر
لەمانای خەمەکانی خۆمان ناگەین!
فرمێسکەکانی من بۆ بڵباس
لە فرمێسکەکانی دڵدار خانم ناچێ

ئەميان ئاوەو ئەويان خوێن
شیعری من لەبێدەنگییەکەی تەڤگەڕ قوڵتر نییە
ئەميان بوارەو
ئەويان گێژەن.
بەڵام ئاخر ئەگەر ئەوئاوەو ئەو شیعرەی منیش نەبن
ڕەوینەوەیەك لەم تەمتوومانەدا چۆن پەیدا ئەبێ؟!
لە یادەوەری زەماندا
کەس ئەومردووانەی لەبیرنەماوە
کە هەر بۆخۆیان ژیان، وەك هەرنەبووبن.
لە یادەوەری دارستانێکدا
هیچ درەختێ ئەو باڵندانەی لەبیرنەما
کە تەنها هەر لەهێلانەکانی خۆیاندا خوێندیان. وەك هەرنەبووبن.
لەیادەوەری شارێکدا
هیچ شەقامێ ئەو ڕێبوارانەی لەبیرنەما
کەتەنها هەر بەسەریاندا ڕۆیشتن.
وەك هەر نەبووبن..
لەبیرەوەری ئەم کوردستانەشدا
هیچ مێژوویەك ئەو مرۆڤانەی لەبیرنەماوە
کەڕۆژێ لەڕۆژان بەردێکیان بۆ نەخستە سەربەردێ
بەڵام بڵباس تۆ هەر بۆخۆت نەژیایت
بۆیە هەر هەیت.
تۆ هەر لەهێلانەکەی خۆتدا نەتخوێندو

بۆ هەموو دارستان بوویت. بۆیە هەر هەیت.

تۆ هەر بەسەر شەقامەکاندا نەڕۆیشتیت و

چرایان بوویت بۆیە ماوی.

بۆ کوردستانیش تۆ نەك هەر بەردت خستە سەربەرد،

دیوارت هەڵچنیو

پەنجەرەت دانا

بۆیە هەر ئەژیت!.

سلێمانی
2005/1/25

# مەحمودی مەلا عیززەت*

# پیاوێ لە درەختی هەتاو!

تۆ بە جەستە، تۆ بە باڵا
هەر ئەوەندەی دارسێوێکی بچکۆلە بووی
بەڵام بە ڕۆحو بە بڕوا
سنەوبەری کەڵەگەتی ئەم مێژووەو
کەژی ورەو
چون بڵێسەکەی "کەرکوك"یش
قەڵەمێکی چاونەترسی
ئەم گەلە بووی!

☼

تۆ نۆ ساڵانو منیش هەشت ساڵان بووم
کە بۆ یەکەمجار ئاوە پاكو چاو قرژاڵیەکەی کارێزی سەرکارێزی
بەردەم ماڵە گەورەکەی ئەزمی بەگی بەهەشتیی، لە سورە هەتاوی
نیوەڕۆیەکی هاویندا، لە گەمەی پڕ لە قاقاو ئاو بەیەکتراکردنو
هەڵپژانەوەی پرژەی فێنكو هەڵپژانەوەی تنۆکە جوانەکانی منداڵیماندا

به یەکتری ناساندین، سەروقژی بژمانو عەزیزیە درێژە
موقەلەمەکانی بەرمان، بە وێنەی پێکەنینمان، تەڕتەڕو،
تەمەنیشمان دوو ئاسکی سرکو بزێوی سەر ئەو ئاوە پیرۆزەو
یان دوو لەتە ئاوێنەی بەرهەتاوی ئەو گەڕەکە دێرینە بوون.
ڕۆژانەیش لە بەردەم دوکانەکەی "مام عەلی"دا
کە لە "وەلی" ناو حیکایەتە میللیەکانمان ئەچوو، لەوێدا، لەگەڵ
منداڵانی گەڕەکدا وەك پوورە هەنگی دەوری شانە بەردەوام
هەر ویزەویزو گیزەگیزمان بوو، مام عەلی نابینایش لە ناوەڕاستی
تەبەقەکانیدا، لە سەر کورسییەکی نزم، قنج و قیت و چەناگە لەسەر
کەمەی گۆچان
وەك ئەوەی بڕوانێتە خاڵێکی دیاریکراوی بەرامبەری بێ جووڵەو
هێمن هێمن دانیشتبوو. ئێمە گلاراوو ئەویش نورانیەکی
دەم بە ویردی بەردەم پەروەردگارو ڕۆژە نادیارەکانو نەهێنیەکانی
خودا بوو. ژیان خەوەو منداڵیش پەپوولەی سپیی ناو
ئەو خەوە. لەگەڵ گەورەبووندا وردە وردە ئەو خەوە کاڵ
ئەبێتەوەو ئیتر گێرمەوکێشەی ژیانو ئەرکەکانو پرسیارەکان ئەو
خەوە سپیە جوانە، شلوێو تارومار ئەکەنو تەمەنیش گەرد ئەیگرێو
ئاوێنەی خۆشی درز ئەباو شکۆفە بەسەر ئەچێ. ئەمە دەورانەو بۆ
ئێمەیش هەروا بوو.
ماڵی ئێوە جێگیرو بە سنگی سەرکارێزەوە نوسابوو. ماڵی ئێمەیش
کۆچەرییەکی شاریو لەم گەڕەکەوە بۆ ئەو گەڕەکو ئاپوورەی
منداڵانیش وەك پۆلە چۆلەکەیەك چۆن گژەبا پەرشو بڵاویان

ئەکاتەوە، وامان لێهاتو لە یەکتر دابڕاین.
تۆ لەو ئاوە زیوینو لەو سەرچاوە پیرۆزەوە هاتیت، لەژێر
بنمیچی خێزانێکدا ڕسکایتو باڵاتکرد کە دەستو دڵیان وەك باران
بەخشندەو چون بەفری تازە باریویش پاك. باوکتو دایکت
کڵاو ڕۆژنەی خێرو هەتاوی میهرەبانیو کاکی گەورەیشت هاوارێکی
ئازادیخوازو کاسبکارێکی خۆشەویستی ئەم شارەو عاشقێکی کوردوستانی بوو.
تۆ لێرەوە، لەو چاوگی بیری کوردستانیەوە، لەو کاتەوە
ئیتر بووی بە پەروانەیەکی شەیداو لە دەوری شەوقەکەی گەڕای.
لە سەردەمێکی دواتریشدا، لەو تەمەنەدا، کە خوێنی هەرزەکاری
لە دەمارەکانی جەستەدا قوڵپی ئەداو، لەش کورەیەك بوو
بۆ جۆشو خورۆشو باڵندەی سەریشمان لە ئاسمانی خولیاو
خەیاڵێکی شیندا بەرز بەرز ئەفڕی. جارێکی تر، لە ماڵە یادگارێکی
دێرینی ئەم شارەدا، لە خانوەکەی "جەمیل صائب"ی سەر
دەستەی مونەوەرانی زەمانێکی وریابوونەوەدا، یەکمان گرتەوە.
ئەو ڕۆژگارە ئێمەی قوتابیانو لاوانی کوردستان، ئەو
خانووەمان کردبوو بە بارەگای عەشقی کوردستانی، منو تۆو
هاوتەمەنەکانمان، ئێواران لەژێر دارمێوە پیرۆزەکەی صائبدا
کۆئەبووینەوەو گوێمان لە وتەی بە کاکڵ و شیرینی کەسانی لەخۆمان
گەورەترو خاوەن ئەزموونی ناو بزووتنەوەی
کوردایەتی ئەگرت. گوێمان لە حیلەو گوێمان
لە چریکەی شیعری کڵپەداری "کامەران موکری" ئەگرت.
خۆمان بەرایەڵەکانی ژێی دەنگی زوڵاڵ و

لقی بەرزی سروودەکانی "حەمە ساڵح دیلان"دا هەڵئەواسی. ئێمە تازە لە سەرەتای پێڕەوکەبووندا بووین و، بۆ ئەوەی نەکەوین، خۆمان بە شان و مل و قۆڵ و دەست و پەنجەی شیعرو دەنگ و وانەکانی ئەوان ئەگرتەوە.

☼

گەیشتینە ناوقەدی شەستەکانو لە دووڕیانێکدا لە یەکتری جیابووینەوە. ئەو دووڕیانەی نەك هەر بە جەستەو شوێن بە ڕۆحیش لەتی کردینو لە دواییشدا هەموومانی بە ڕاستو چەپەوە دایە دەست ڕەشەبایەکی شوومو ئیتر لەو ڕۆژەو لەو دووڕیانە مەترسیدارەوە بووین بە وشەی ناو درِكو بە دەواری شڕی بەر باهۆزو بە خۆشەویستیەکی دووکەرتو بە مێژوویەکی شەلو ئاگامان لە یەکتر نەما!
سەرەتای حەفتاکان بە دەهۆڵو زوڕناوە هاتو ئاشتبوونەوەیەکی قرچۆك هاتو جارێکی تر لە باخەکانی پێنجوێنو لە سایەی دارهەنارو دارهەرمێکاندا بە یەکتری گەیشتینەوە. تۆ لە هەر شوێنێ بووبیت بەرلەوەی سەرت هی کەس بووبێت هەمیشە هی خۆت بووە. حزبایەتی بەلای تۆوە، کورسی کورسی نەبوو بۆ دەسەڵات. حزبایەتی بەلای تۆوە، ئەبوو لە شوێنێکدا بیت لە خواری خوارەوەی لای خەڵکە داماوەکەو پێش خزمەتی هەمووانو ئامرازێك بۆ ژیان. ئێمە نەوەی هەرەسەکانی مێژوو بووین. هەرەسی بێ ئامانی حەفتاوچوار هات. لە لوتکەوە بەربووینەوە ناو دۆڵێکی ترسناك. خەوەکانمان بەر تەڵزمە

تیژەکان کەوتن‌و وەك وردە شووشەیان لێهات. لە خاوەنی
تۆپ‌و تۆپخانەی گەورەوە، دەرزیەکیش نەما بۆئەوەی
تەنها درکێکی ژێر پێی خۆمانی پێدەرهێنین. تاریکستان بوو
تاریکستان.. لە دەورانی ئەم بێژنگەی زەماندا، جارێکی تر
لە مەنفای ناو عێراقدا، لە شاری لەو عاگولدا، لە ڕوومادی
یەکترمان بینیەوە، تۆ ئەو کاتەیش، هەردەم بە زەردەخەنەو، ئاسۆیەك
بوویت ڕووناکیت لێ ئەپژاو، ئەتوت "شێرکۆ ئەم شەوە زەنگەیش
بەسەرئەچێ!"

تۆ لە چرا بچکۆلەکان ئەچوویت.
لە قەڵەم پاندانە کورتەکان.
لە کورتە شیعرە جوانەکان.
ئەوەندەی کانییەك بوویت‌و
کەچی دارستانێکت ئاو ئەدا.
تۆ هەمیشە بە بیروباوەڕ لە سپینداری هەڵچووی بەردەم دەریاچەیەکی
هێور ئەچوویت یان لە گڵۆپی سەر پەیژەیەکی کەڵەگەت.
لەو وەرزانەیشدا کە مامۆستا بوویت. تۆ لە گوڵەبەڕۆژەی ڕوو لە
خۆری زانیاری‌و زانست ئەچوویت. تەباشیرێکی هیلاکی نەناسی،
سەر ڕێگای سپی خۆشەویستی بوویت‌و لە ئەستێرکە جوانەکەی مامۆستاییەوە
وەك کۆترێ چۆن بەدەنووك تنۆك تنۆك ئاو بێنێ بۆ زەڕنەقووتە
تینوەکانی ناو هێلانەکەی، تۆیش ئاوا وشە بە وشەت لە چاوگەکانی
هزرو بژوێنی ڕووناکبیریەوە ئەهێناو ئەتکردن بە مۆم‌و لە سەری
نەوەی تازەدا داتئەگیرساندن! تۆ مامۆستایەتیت هەر لەبەر

مامۆستایەتی نەئەویست، بەڵکو ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، لە ڕۆژگارە
هەرە تاریکەکانیشدا سروودەکانی ئازادیو کوردایەتیت ئەدا بە
گوێی خوێندکارەکانتاو لە مێژووی ڕاستەقینەی کوردەوە هۆشو گۆشی
ڕاپەڕینو وریابوونەوەت ئەکرد بە تۆو تیاتا ئەچاندن!
ئەو کاتەی لەژێر هەرەسەوە گوڵە مێلاقەکان تاکو تەرا سەریان
دەرهێنایەوەو ئەسپەکان کەوتنەوە کوڕژنو هەورەکان کەوتنەوە
بارینو چەخماخەدان. لە ڕومادی جارێکیتر یەکترمان بینیەوە و
پێت وتم "سەری ئاسمان بە پووش نەگیراوەو دڵنیام ئەمجارە قەسیدەیەك
ئەنووسیت هەرگیز تینوێتیمان لێی نەشکێ" پێشتریش کە لە تاراوگەکەی
بەغدادییەوە هاتم بۆ لاتان، بۆ ئەو ماڵەی کە تۆو دەستەیەك لەو
چرا نەفیکراوانەی تیا ئەژیان، قەسیدەی "کۆچ"م بۆ خوێندنەوەو
چاوی تۆیش پڕبوو لە ئاو. ساڵانی دواتریش، گەلێ جار لە
کتێبخانە ئاوەدانو لە گوڵدان چووەکەی کاکە "عومەر عەبدولڕەحمان"ی برادا
بۆ ماوەیەك هەر بەسەر پێوە لە ناو یەکتردا ئەدواینو
ئەگەر یەکێکیش بهاتایەتە ژوورەوەو گومانمان لێکردایە ئاڕاستەی
قسەمان ئەگۆڕیو کاك عومەریش بە قسەیەکی خۆش ئەو
بێدەنگییەی لەناو پێکەنینێکی بە کۆمەڵدا ئەشڵەقاندەوە. من بە وردی
ئاگام لەوە نەبوو لەو سەردەمی ئاخۆران و بخۆرانەی عوروبەدا تۆ بە نەهێنی
چیت ئەکرد؟ بەڵام هەستو نەستی خۆم پێی ئەوتم: وەك چۆن
ناشێ شەپۆلەکانی ڕووبار بوەستنو (با) بخەوێو باڵندەکان
لە شەقژن بکەون، تۆیش هەروا!
لە پڕێکدا شەوەزەنگی بەعسی گرتیتیو بردیتیو لێمان ون بوویت.

گرتن‌و زیندانەکانی ئەو شەوەزەنگە گێڕانەوەیان هەر بە دەم خۆشە.
خۆت لە "کاروانی بێکۆتایی"دا سەرقافڵەیەکی ئازاری بوویت.
کەوتیتە ناو ئاپوورەی نێزەوە، ناو ژووری مەرگەوە، ناو
نێرینەی ئەشکەنجەوە. بەڵام جەستە پچووکەکەت لە بەردەمی ئەواندا
بوو بە گۆیژەو لەو سەرەوە بە هەمان زەردەخەنەی گوڵەهێرۆیەکی
سەر لق ئاڵەوە هاتیتە دەرەوەو وەك کەڵێك چۆن سەرئەکەوێتە
سەر بەرزترین ڕەوەزو لەویەوە ئەڕوانێتە دنیا تۆیش وەها بوویت.
خوێندنەوەیەکی تازە بۆ مێژوو، بوو بە خولیای هەرە گەورەت. بەرلەوەی
بە چڕوپڕی
بنووسی، هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە خۆت بۆ ئەم هەڵکەندنە سەختە
ئامادە کردبوو.
هەڵکەندن لە زەوییەکی بەیاردا. ئەو سەردەمەی لە سایەی چیاکانی پێنجوێندا
ئەژیایت تێکەڵاو بوون‌و دۆستایەتیت لەگەڵ بەهەشتیی حەمە ڕەشید خان‌و
ئەو بنەماڵە دێرین‌و مێژووییەدا پەیداکردبوو. ئەوانیش بەخشندانە
دەرگای گەنجینەی
بەڵگەنامە نەختینەکانی سەردەمی جەمهوریەتی کوردستانیان بۆ
خستیتە سەرپشت‌و
ئیتر بە وێنەی کارێزکەنێ لە هەڵکەندن‌و ڕۆچوونی بەرەو قوڵایی دیرۆکدا،
شێلگیرانە کەوتیتە کارکردن، ڕستەکانت وەك لاولاو لە "مەهاباد"وە
ئالان، کەوتیتە
شوێن پێیەکانی پێشەوا. لەناو بەفری ڕێبەنداندا بووی بە هەڵەکۆك‌و

له خەزانیشدا لەگەڵ ئازیزانی ڕۆژهەڵاتدا بووی بە باویلکەو لە پێشدا
نووسینەکانت

لە شێوەی گۆمیلکەی بچووك بچووکدا بوونو لە دواییدا بوون بە زێی
شین باوی بەر خۆرەتاو. وەك ئاکامیش شارایەکی ترت لە زادەی
تاووتوێکردنو لێکۆڵینەوەو وردبوونەوەو دیالۆگی تازە خستەسەر
خەرمانە گەورەکەی مێژووی نەتەوەکەتو خەڵکیش وتیان: مەحمود بەرەکەت!
لە دەورانی بە ژەنگو ژاری غەریبیو کۆچکردنی بە کۆمەڵیشدا، ئەو
دەمەی هەناسەوەرگرتنیش لەژێر کۆنترۆڵی بەعسدا بوو. تەندروستیشت،
باشاری ئاستەنگیو دژوارەکانی ناو شاخو داخ نەئەهات. بە خاوو
خێزانەوە ڕووتانکردە هەندەرانو لە تاراوگەی سویددا گیرسانەوە. دوای
ئێوەیش بە چەند ساڵێ چارەنووس منیشی بردە هەمان وڵاتو لەوێ
وەك دوو باڵندەی کۆچەری کوردستان یەکمان گرتەوە. غوربەتو
عەشقی مێژوویەکی تازەو شیعری تازەو موقاوەمەتی شۆڕشێکی تازە
پەیوەندی نێوانمانی وەك پەیوەندی نێوان دوو ڕەگو بنجو بێخی دێرینەی
ڕۆچوو لە قوڵاییدا سەریەکانگیر لێکرد. ئەمجارەیان بە خاوو خێزانیشەوە
تێکەڵی یەك بووینو هەرکاتێ ڕێمان بکەوتایەتە شاری "ئۆپسالا"ی
زانستو جوانیی، چ خۆتو چ خاتوو گەلاوێژی هاوسەرو هاوڕێی
ژیانتو چ منداڵە ئازیزەکان، دەرگای خۆشەویستیو دەستو دڵ
ڕەنگینی میوانداریتان بۆ ئەخستینە سەرپشتو بە بینینی یەکتر هەموو جار
وەك سەوزاییو بارانی بەردەوامی ئەو وڵاتە پاراو ئەبووینەوە! تۆ
بە ڕووخۆشیو ڕەوشتی سپیو
پەیوەندی بێ گرێو گۆڵت، توانیت نەك هەر لە دڵی ئاوارە

کوردەکاندا بەڵکو لەناو سویدیەکانیشدا، وەك چەپکەگوڵ
خۆشەویست بیت. بۆ دواجاریش کەماڵئاواییت لە سوید کردو بە ڕاکشاوی
گەڕایتەوە شارەکەت. سویدیەکان بە ژنو پیاوەوە گەیشتنە سەر
تابووتەکەتو بە سەدان چەپکەگوڵی ڕەنگاوڕەنگ ماچ بارانی
خۆشەویستی تۆیانکرد!

ئەو ڕۆژە، لە گوێ سیروان بووم
لە دوورەوەو لە نێرینەی ئاوەکەدا
ناوبەناوێ، شەپۆلێکم بەدی ئەکرد خۆی بچووك‌و
بەڵام بە هەنگاوی گەورەوە کەوتبووە پێش. وتم
ئەو شەپۆلە گورجەو ئەو سروودی مێژووی ئاوە
مەحمودی مەلا عیززەتە!
لە خەوما بوو. پێشەوام دی، لە کەژاوەی هەلالەدا
بەرگێکی سپیی لە بەرداو هەردوو دەستی پڕ سەمەلی گوڵە
گەنم‌و لەولایشەوە دەست بە چرا کاك مەحمودی مەلا
عیززەت ڕاوەستابوو!
کۆمەڵێ قەڵەمی شین‌و
کۆمەڵێ گوڵەهێرۆی سپی‌و
کۆمەڵێ کتێب‌و لە پێشیانەوە کاروانی بێکۆتایی.
پۆلێ کۆترو، پۆلێ شیعرو
قوڵێنەیەکی پڕ لە پەپوولەو
باوەشێ گوڵە توڵپانی سویدی‌و

هەر هەموويان، لە بەرزاييەكەی "كەڵەوانان"
لە پێشوازی ئەو پياوە جوانەدا بوون
كە لە سەهۆڵبەندانی قوتبی ژوورووەوە
بە ڕاكشاوی، چون قەسيدەيەكی نوستوو
ئەهاتەوە بۆ لامان
هەر ئێمەی كورد يادت ناكەينو هەر ئێمەيش تۆمان خۆش
ناوێو هەر ئێمەيش بە تەنيا لە دوا سەفەرتا بەر پەنجەرەی چاو
بە فرمێسكمان نەگرت. ئەوەتا ڕووبارە قژزەردەكەی
ئۆپسالا و، دەشتی گەنمەشامی ئەوێو زەنگی كڵێسە
غەمگينەكەیو ڕەفەی ئارشيفو بەفری بەر دەرگای ماڵەكەتانو
درەختی كاليبتۆسی هەڵڵەرزيو لە سەرمای
ئێوارانی ئەو شارەداو، نەورەسە سپيەكانی سەرسنگی ئاوو،
سپۆری هەڵم بە سەری وێستگەی شەمەندەفەرو، ماڵی كلتوور، فەرهەنگی
كوردی سويدیو شريتەكانی دەنگی ديلان لەوێ، هەر هەموويان.
بيرت ئەكەنو لای هەر يەكێكيشيان خۆشەويستيەكت
بەجێهێشتووە كە شەوانە وەك ئەستێرەيەكی سوری سەر بەرزترين
بورجی سڤاريا ئەدرەوشێتەوە.
قەڵەمێك لە وەنەوشە، پەڕە كاغەزێ لە هەوری بارِشتو زامێك لە چرا و
ڕۆح سوكييەك لە ئاوی كارێزەكەی سەركارێزو
بێگەردييەك لە شێوەی كلووە بەفرێكدا
بەر لەوەی بكەوێتە سەر ئەرز.
وەفايەك بۆ مەهابادی سۆمای هەمووومان.

له بینایی پێشەواداو،
پیاوێك له ئەستێره له کاروانی بێکۆتاییداو
سروودێکی تەنیایی‌و غەریبیشمان له سویدا.

ئازیزان!
بەڵام ئەمه چ قەدەرێکی چەمووش‌و کوێره شێرکۆی هێشتۆتەوه
بۆئەوەی هەموو جارێ ببمه قەقنەسی لاواندنەوەی ئازیزێکم!
چ قەدەرێکی به گینگڵ‌و به ژان‌و سوێیه بۆ قەڵەمه چاوتەڕو
به هەنیسکەکەم بۆ ئەوەی هەموو جارێ به دیار مەرگی ئازیزانەوه
هەڵگیرسێ‌و هەڵقرچێ‌و هەڵوەرێ‌و بەڵام بشمێنێ‌و له خۆڵەمێشی
خۆیەوه سەردەربێنی و دیسانەوه له سووتانی خۆیدا باڵ بگرێتەوەو
له کڵووکۆوه ببێتەوه به باڵندەیەکی ناو ئەفسانەی ئەم ژیانه.
من ئێستا لەو گوڵه شەست پەڕه غەمگین‌و مل به لارەوه گرتووه
ئەچم، خۆم له ناوەنداو، به چوار دەوریشما پەڕەکان، هاوڕێکانم،
بەڵام پەنجەی مەرگ هەرجارەو پەڕێکیان هەڵئەکێشێ‌و ئەیدا به دەم
بای عەدەمەوه، کەل بووم کەل، بۆشاییەکی لەبەرچاو کەوتۆته
نێوان پەڕەکانمەوه، پەڕی هەڵکێشراوی ئەمجارەیش کاکه مەحمودی
مەلا عیززەت بوو! پیاوێ له درەختی هەتاوو، پیاوێ
له دارپرتەقاڵی مانگەشەوو، مرۆڤێ له تاڤگەی شاخەکان!
☼
ئەوه سەرمه، یان خۆرنشین؟ لەسەر تەمێ
به زەردەی خەمێ ئەنووسێ:

ئەم ئێوارەیە شیعرێکت کۆچ ئەکاتو جێماندێڵێ
کە ئاڵترە لە فرمێسکی ئەرخەوانو هێواشترە لە شەماڵو
سپیترە لە گوڵی جوانی دارهەرمێ.
بە ڕۆحیش هەر: لە ئاوەکەی سەرکارێزو
لە خەندەکەی "گۆیژە" ئەچێ!

سلێمانی
2005/5/28

## پەراوێز:

* ئەمە دەقی ئەو وتارە ئەدەبییەیە کە شاعیر لەڕۆژی 2005/6/15داو لەچلەی نووسەرو مێژوونووس مەحمودی مەلا عیززەت دا لەهۆڵی (سلێمانی)ی سەنتەری گەنجان خوێندییەوە.

# دوا سەفەری فەرەج ئەحمەد و پەنجەرەیەك بۆ بیرەوەری

لە خوێنێكی گەرمدا هەرزەكاری قوڵپی ئەداو هەموو دنیامان لە چاوی ئەو ساتەوەختەوە ئەبینی كە تیایدا ئەژیاین. گەنجی و هەزار جوانیی. ماندوویی نەناسی پێناسەی ئەو تەمەنە بوو. بە دەستە ڕاستدا سوچی سەرەوەی چایخانە پانوپۆڕەكەی بە هەشتیی حەمەڕەق و لەو گۆشەیەدا چەند قەنەفەیەكی تەختەی درێژكۆلەو هەندێ كورسی تاكی بێپاڵپشت و لەولامانەوە حەوز و فوارەیەك و بەسەر دەمی فوارەوە تۆپێكی باغە خولی ئەخوارد و تەقەتەقی دۆمینە و تاوڵەو جووڵەی بەردەوامی ڕەووفی چایچیو پەشتەماڵێكی مۆری بەركۆش و دەست و پەنجەی ڕەنگی چاگرتوویی و شەش حەوت پیاڵەی پڕ لە چا لەسەر یەك بەری دەست و لەگەڵ دانانی هەر چایەكیشدا زرنگانەوەیەكی تیژی پیاڵەو ژێرپیاڵەو.. ئێمەیش كۆمەڵێ قوتابی تازە سەر لە هێلكە جوقاوی ناو كۆمەڵ و هەمووومان قژ بژ و جل شڕۆڵ و یەخەی كراس چڵكن و پێڵاو بۆیاخ نەكراوو ڕۆژنامەی (ژین)ی لوولكراو لە گیرفاندا و لاتوپووت لەو سووچەدا یەكمان ئەگرتەوە. زەمان ناوەڕاستی پەنجاكانی سەدەی ڕابووردوو.

سلەیمانییەکی بچووك و ئێسك سووك. دوو سێ جادە و ناوبەناوێ تێپەڕینی هەندێ قەمەرە و پاسی تەختەو یان جیکەجیکی پێچکەی عەرەبانەی دوو ئەسپی و لەپڕێکدا پڕمەی ولاخە ماندووەکان و جنێوە عەنتیکەو سەیرەکانی سالە شێت و خۆشاردنەوە لە ترسی خڕکە بەردەکانی و ڕادیۆی چاوەزار پێوەکراوی سەر ڕەفەو.. سینیەکەی بەردەمی کاکە حەمە و.. جگەرەکەی لالێوی حسەینە فەندی و سووتووی درێژی و بەو بەریشەوە بەهەشتیی حەمەی حاجی فەرەجە فەندی و لەسەر کورسیەکی قەراغی جادەو، چەند پۆلیسێکی هاتوچۆو دوو سێ قۆمیسەر و لە دووریش سەدای گۆرانییەکی ڕەشۆل.

زمانێك لە هێمنی و پڕ لە بۆنی وەفا.

زەمانێك لە خۆشەویستی سادەو بێ فڕوفێڵ.

من بۆ یەکەمجار لەو سووچەدا کاك "فەرەج ئەحمەد"م بینی و ناسی ئەو پێنج شەش ساڵێ لەمن گەورەتر بوو. قژ ڕەشێکی زیت و قسە بە تەنزو نیوەی ئاخاوتنی گاڵتە ئامێز و نیوەکەی تری جیدی و منیش لە نێوان ئەو دوو شێوەیەدا سەرم لێتێکئەچوو نەمئەزانی کامەیان ڕاستەوکامەیان گاڵتە! هەر لە یەکەم چاو پێکەوتندا بوو پێی وتم: باشە تۆیش هاتی بەخێربێی! بەڵام هەر ئەمجارە پارەی چایەکت بۆ ئەدەین! ئەوڕەحمان! پارەی چایەکەی بۆ بدەو دیارە جگەرەش ئەکێشێ و جگەرەیەکی "غازی"یشی تەقدیمکە!.. مەبەستی لە خوالێ خۆشبوو کاکەوئەوڕەحمانی حەکیم بوو!.. وتیەوە: وابزانم شێرکۆ دەست خەتیشی خۆشە با پەیڕەو و پڕگرامەکەی قوتابیانت لەگەڵدا بنووسێتەوە!. ئەمیش هەر لە خۆمانە!.. ئەوڕەحمان بێدەنگ بوو. کاك فەرەج ئەم بێدەنگبوونەی ئەوی بە دڵ نەبوو.. ئەمجارەیان بە دەنگێکی بەرزتر وتیەوە:

چیه مردووت مرێ قسه ناکەیت ئێ ئاخر حەکیمی باوکت وەزعی باشەو ئەمە کوڕی فایەق بێکەسەو چایەك و جگەرەیەکی غازی چییە.. ئەوڕەحمان هاتە قسەو وتی: باشە کاك فەرەج باشە خۆ من هیچم نەوتووە نەك چایەك دە چا.. ئەمجارەیان کاك فەرەج پێچی قسەکەی گۆڕی و ڕوویکردە کاك حسەین عارف و پێی وت: داخڵی تەمسیلەکەی کاوەی ئاسنگەری بکەن بابێ بە کوڕی کاوە و ئینجا ڕووی تێکردمەوە لێی پرسیم: تۆ چەقلاوەت دیوە؟!

وتم: نەخێر وتیەوە: دە گوێبگرە! دوای هەفتەیەکی تر یادی جەژی نەورۆزە. حکومەت ڕێگە ناداو ناهێڵێ خەڵك بە ئاشکرا یادی ئەم جەژنە بکەنەوە.. ئێمەیش بۆ خۆمان بڕیارمانداوە بە دزییەوە لە خوار باخی فەرەج کۆببینەوەو ئەچین بۆ چەقلاوە ئەوبەری تانجەرۆ بەلاّم نان و هێلکەی خۆت لەگەڵ خۆتا بێنەو ئەگەر دایکت تۆزێ خورما و ڕۆنیشت بۆ بکات ئەوە باشتر!..

هەموو بەسەر یەکەوە پڕۆگرامی قوتابیان و جەژنی نەورۆز و چەقلاوەو کاوەی ئاسنگەر و منیش هەر لێی وردئەبوومەوەو شەرمنۆکانە دانیشتبووم.

من بۆ یەکەمجار هەر لەو گۆشەیەدا وشەگەلێکم بەرگوێ کەوت لە نموونەی: ئیمپریالیەت و ئیشتراکیەت و نەقد و نەقدی زاتی و دیموکراسی و ئینتیهازی و تەحقیقات جنائی و سەرم سووڕی ئەخوارد! بەلاّم وریایان کردمەوە بۆ ئەوەی بەشوێن ماناکانیاندا بگەڕێم و لە دڵی خۆمدا ئەموت ئەبێ زیاتر فێربم بۆ ئەوەی بتوانم بدوێم.. بۆ ئەوەی بێدەنگ نەبم

زەمانێك لە جوانیی گیان و هەستی سپیی

زەمانێك لە هەژاری و دڵسۆزیی تێکەڵ بە

خەونێکی خۆش

باشم لەبیرە، هەر لەو سەردەمەدا بوو، دەنگێ بڵاوبۆوەو شار خامۆش بوو، هەواڵێ گەیشت و شەقام و ماڵ و درەختەکان پێکەوە گریان: ئەم ئێوارەیە تەرمی شێخ مەحمودی حەفید، مەلیکی کوردستان ئەگاتەوە سلەیمانی. من ئەو دەمە قوتابی ناوەندی پیشەسازی بووم. هەمان ئەو بینایەی ئێستای بەڵام ئەوە ئیتر دوا خانووی ڕۆژئاوای شاربوو. نوختەی پشکنین و بازگەی سلەیمانی ـ کەرکوك ڕێك بەرامبەر ئێمە بوو. شار لەو ئاقارەوە تا ئەوێ چووبوو. لە دەمەو عەسرەوە خەڵکێکی زۆر لەوێدا کۆبوونەوە. بیرمە کاك فەرەج ئەحمەد بەناو خەڵکەکەدا ئەگەڕاو هانی ئەدان ڕاپەڕن و بێدەنگ نەبن. دیارە من دواتر زانیم کە ئەو جموجووڵە حزبی شیوعی لە پشتەوە بووە. درەنگانێ تەرمی شێخ گەیشتەوە، ئاپوورەیەك لە خرۆشان و هاوارو ڕاپەڕین لە مەوجدانەوەی هەزاران هاووڵاتیدا لەو ئاستەوە دەستیپێکرد. ئەو کەسانەی لەو ئێوارە غەمگینەدا و هەر لە قەراغ شارەوە بەرەو بەردەرکی سەراو دواتر بەرەو بەندیخانەی سەرەوە بۆلای شێخ لەتیفی بەندکراو هەڵکشان و بووبوونە مەکۆی ناو جەماوەرە داخ لە دڵەکەو دیواری بێدەنگییان ڕووخاندو هاواریان ئەکرد، ئەوەی لە یادەوەری مندا مابێت، دەستەیەك لە قوتابیانی پیشەسازی و خوالێخۆشبوو و کاك جەلالی میرزا کەریمی شاعیر و کاك ئەوڕەحمان حەکیم و کاك ئەنوەر و عوسمان و من و ئەوەی هەرگیز لە بیریشم ناچێتەوە دیمەنی ئەو لاوە کەڵەگەتە چوارشانەو بە خۆیە بوو کە لە پێشی پێشەوە چووبووە ژێر تابووتەکەی شێخەوەو هاواری ئەکرد و بەرەو ناو سەراو دواتر بەرەو بەندیخانەی سەرەوە بێپسانەوە هەنگاوی ئەنا کە ئەویش خوالێخۆشبوو کاك ڕەووفی عەلی فایزی عەرەبانچی بوو!

سەرەتا ئەوان ئاگریان لەو شەوە بەرداو
ناکرێ گومناو بن و ئازایەتی و هەڵمەتیان لەیاد کرێ!.

جوگرافیای شارێك هەر شارێك بەبێ مێژووی مرۆڤەکانی و ئەو کەسانەی جولاَنەوەی ژیانی پێ ئەبەخشن. هیچ ناگەێنێ! بە تایبەتی ئەو مرۆڤانەی ئەبنە جەستەو ڕۆحی شەقام و بازاڕی. ئەبنە دەمارەکانی ناو دیرۆك‌و کولتووری، ئەبنە خوێنبەری بەردەوامبوونی زیندەگی و پاشەڕۆژی. ئالێرەوە بەهای شوێن لە بەهای خەڵکەکەی جوێنابنەوە و یەك یەکتری تەواو ئەکەن. ئاخر ئەبێ سلەیمانی بۆ خۆی بەبێ پیاوە جوامێرو ژنە سەلارەکانی چ مانایەکی هەبێت! سلەیمانی ئەوەندەی مێژووە سیاسیەکەی لەبەرچاو ئەگیرێ هێندە بایەخ بە مێژووی کۆمەلاَیەتی و کولتووری ڕابوردووی نادرێ. باسکردنی سلەیمانی بەبێ ئەحەی کوڕنوو ئەحەی ناسرو مەلاکەریم و کەسایەتییە کۆمەلاَیەتییەکانی، باسێکی کورت و کوێر ئەبێ!. ئێمە بە هەمووومان نەخشەو سیمای ڕاستەقینەی ئەم شارە ئەکێشین. هەر سەردەمەو مرۆڤی خۆی لە پەنجاکانی سەدەی ڕابووردودا وێنەیەکی ناتەواوی ئەم شارە نیشانئەدەین. وێنەیەکی لێڵ و شێواو و نیوە ناچڵی بۆ نموونە شەقامی مەولەوی ئەگەر ئاماژە بە کەسایەتیە کۆمەلاَیەتییەکانی بە دووکاندارو جێنشینەکانی، بە خۆشەویستیەکانی ئەو ڕۆژگارەی نەکەین، من ناتوانم ئەو شەقامە بێنمەوە بەرچاوی خۆم بەبێ ڕەووف مارف و وەستا مەجیدی دەلاك و حسێن و کەریم ئاغاو حسە ڕەشی خەیات و حاجی ساڵحی چایچی و بەهجەتی سەعاتچی و حسەینە فەنی کۆگا و برایمی سنجەرو عەبدوڵڵا زوهدی و کەسپەڕ و هتد...
من ناتوانم یانەی فەرمانبەرانی ئەو سەردەمە بۆ نموونە لە ڕەشۆل و جەمیلی

سەعی بەگ و ئەنوەر ئەدهەم و ئەحمەدی حاجی ساڵحی قاسم و حەسەنی سەید ئەحمەد و زۆر ناوی تر دابڕم!

کاك فەرەج ئەحمەد کوڕی چوارباخ و ئەو شەقامانەو کوڕی گوێژەو کوڕی گەڕەکە هەژارەکان بوو. خۆی شاعیر و نووسەر نەبوو بەڵام بۆ شیعرو نووسین جێی مەرەکەبی ئەگرتەوە! خۆی هەژارو نەداربوو بەڵام خاوەن سامانێکی مەعنەوی گەورە بوو.

خۆی تەنیا ژیا و هەر لە تەنیاییشدا مرد! بەڵام بۆ ئێمە و بۆ شارەکەی بۆ خەڵکی، کەس لە ناوەوە لەو بە ئاپوورەترو کەسیش لە نەفس بەرزیدا لەو دەوڵەمەندتر نەبوو!

کاك فەرەج ئەحمەد ئازارێکی بە گینگڵ بوو، بەڵام ئەم ئازارە هەمیشە دەم بە زەردەخەنەبوو. برینێك بوو گوڵی تیا ئەڕواو هەموو بەها جوانەکانی ئەم شارەیش کەسی ئەوبوو. گیرفانی بەتاڵ و بەڵام دڵی پڕ لە شەفەق بوو. ئەو بە تەنزو گاڵتە خەفەتی ڕاوئەناو بەقسەی خۆش چواردەوری گوڵاوپرژێن ئەکرد و قەتیش نائومێدی و کەساسی چاوی پێدا نەئەخست.

وەك بەفری نوا باریو سپی سپی و هەروایش مرد!. پەپوو لە دڵیا و هۆما لەسەریاو کلۆ تەباشیرێکی سەربەرز بوو. کێ ڕۆژێ لە ڕۆژان فەرەج ئەحمەدی بینی بکرووزێتەوە کێ ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەوی بینی فرمێسکێ بڕێژێ ئەمە لە کاتێکدا لە ناخدا هەڵئەقرچاو لەودیو کالانەی چاویشەوە هەر خۆی دلۆپە فرمێسك بوو!

بێکەسیش وتەنی: ئەگەر لە هەردووکی سەرو ڕوبعی هەبوایە، نە شاو نە سوڵتانی بە سەپانی خۆی نەئەزانی! کاك فەرەج ئەحمەدی ڕووناکبیر و

تێکۆشەرو مامۆستا زێوانێکی کتێبخانەیش بوو لە خوێندنەوەو سۆراخکردنی ئەدەب و هونەریشدا مۆمێکی هەمیشە داگیرساوبوو.

لە کۆتر بێوەیتر و بەڵام لەسەر هەق لە ئاگر گەرمتر بوو. کاك فەرەج ئەحمەد بۆ ئێمە لە سێبەری دارتوویەکی باخی گشتی و لە پێکەنینی ئێوارەیەکی خۆشی شەقامی سالم و لە گوڵدانی سەر مێزێکی مەستی یانەی فەرمانبەران و لە سروەیەکی ئەزمڕو لە ڕۆژنامەیەکی ڕاستگۆو لە سێدەری ماڵێکی کۆنی سلەیمانی ئەچوو!

## کاك فەرەج!

خۆشەویستێ بە ئەندازەی خۆشەویستی
چرایەکی گەشی شار، بە شەو، لەسەر گۆێژەوە دیار!
خۆشەویستێ ئەوەندەی خۆشەویستیی
چڵە نێرگزێ بەگردی یارەوە
ئەوەندەی دارسنەوبەرێکی
بیرەوەری سەوزی باخی بەختیار.
بێگەردێك ئەوەندەی بێگەردیی
سپێنەی چاوی منداڵێ..
ڕوونیش ئەوەندەی دڵۆپە شەونمێ
لەسەر گەڵای دار.
لە بیرمانی.. وەختێ قسەی خۆش و دڵپاکیی

دێنەماڵەکانمانەوەو وەختێ بەفر ئەبێتە
میوانی درەختی سەرجادەو
لە یادمانی ئەو وەختەی ڕێبکەوێ وەك تۆ تەنیا
لە ماڵێکی چۆڵ و هۆڵدا خەیاڵ ڕامانژەنێ و
گوێبگرین لە شنەبای خەون و یادگار!
نە ژن و نە ماڵ و نە منداڵ و نە پارەوپوول و
نە ئۆتومبیل و نە قاتێکی تازە و بەڵام سامانێ
لەو خۆشەویستییەی کە خەڵکی سادەو ساکار
ئەیبەخشن بەکەسێ وەك تۆ
پڕبێ لە باران و لە ڕەنگی هەتاوو
پڕ بێ لە باق و بریقی نێرگزەجاڕ
لێوان لێوبێ لە ڕەوشتی سپیی و
قسەی دەم بەگوڵی ورشەو پرشەدار
کاك فەرەج ئەحمەد!
پیاوێ لە هەرە دەوڵەمەندەکانی
خاوەن تەلاری سەروەری نەفس و
باڵەخانەی سەربەرزی و
خاوەن هەموو باخچەو شەقامە گشتییەکان و
جوانییەکانی شار!

2004/7/11

وتەی ئەدەبی

# لێگەڕێن.. ئازیزان.. لێگەڕێن
# با ئەو گۆرانیە مەست و
# غەمگینە هەر بنوێ!

ساوایەك، هەر لەسەر کاسەوە، وێڵاشەکەی کوێرەوەری بوو.
شاعیرێ، هەر لە منداڵییەوە، تەمومژی چارەنووسێ
لە شێوەی تراویلکەیەکی هەمیشە تینوودا داپۆشی و، تراویلکە
درێژبۆوەو درێژبۆوە تا ئەو ساتە وەختەی، لە نیوەڕۆی
بەهارێکی دڵ گوشراودا "سەیوان" دەستە ئەرخەوانیەکانی
درێژ کردوو لێی وەرگرتین و بە ئەسپایی خستیە ناو هەناوی
خۆڵەمێشینی خۆیەوە!
قەسیدەیەك هەر لەناونیشانەوە تا دوا وشەی
لەشێوەی سولێکدا خۆرنشینی لێئەچۆڕایەوە، خەرەندیش،
قوڵایی و تارمایی و نسرمی خەمەکانی شاعیر و بە تەنها
پاییز هەر چوار وەرزەکەی بەختی ئەوبوو!

کلاورۆژنەیەك بەڵام بێ خۆر!
درەختێك بەڵام چاو بە ئەسرین
ئاوێکی تەنگە نەفەس و
گۆرانییەکی دوکەڵاوی و
هۆدە و هەیوانێکی هەمیشە بریندارو
چەند شیعرێك لە نەوەی خەزان و
چرایەکی قەرزار و
پەرداخێکی تینوو بەدیار
گلۆڵە ژانێکەوە!
لە دەشتی تەمتوومانی، ئەم پیاوەدا، ئەو وەختەی
هەڵاڵە شیعرێ ڕسکایە گژە بایەك ئامبازی ئەبوو.
ئەو وەختەی خۆزگەیەك بیویستایە پێ بگرێ
شەپڵەی قەدەرێ لێیئەداو گرمۆڵەی ئەکرد.
لە ڕۆژگارە ئاساییەکانی خەڵکیدا. ڕۆژگاری ئەم
نا ئاسایی بوو. گەواڵەی بێزاریی ئەمی ئەپێچایەوەو،
بەڵام سامالێش دراوسێی. خۆی ژوورێکی برسی و
پەخشانێکی لانەوازو بەڵام تەلارێ لە چاو چنۆکی و
هەڵپەی تەماعی ئەم شارە دراوسێی.
شەیدا تەنیا بوو وەك هێشووی سەرپەڕی
ڕەزێکی سەرخۆش. وەك تاقەدارێکی غەمگینی
سەر گردێ. تەنیا بوو تەنیا وەك هەژاری و
بەوێنەی باڵندەیەکی جووت کوژراوو چون مۆمێکی

بێ مۆمدان و یان پەڕێکی دەم "با".
نەرم و هێواش وەك گوڵە پەمووی ڕاکشاو
لە باوەش شنەبای ئێوارەیەکدا. بێوەی
وەك کۆترێکی مل بەلارەوە گرتووی ژێر پەڕوباڵ
لە هێلانەیەکی نیوە داڕوخاودا!
خۆشەویستیی شیعر بووبوو بە ڕەنگی قژە ڕەشەکەی
لەگەڵ هەڵکشانی تەمتوومانی تەمەندا. بە جووتە
خەم و بێدەرەتانیش لەگەڵیا هەڵئەکشان
نازانم ئەم پەیژە بوو بۆ ئەوان
یان ئەوان پەیژەبوون بۆ ئەم.
شەیدا بادەو شیعری لەجەستەی خۆی خۆشتر ئەویست.
لەچوارینەکانی خەیامەوە دەستی شەرابی گرت و
کردی بە هاوڕێی خۆی.
لە گەشتەکانی "گۆران"ەوە مەستی سروشتی
وڵاتێکی بەدبەخت بوو، وەك خۆی
لە شیعرەکانی "بێکەس"ەوە فێری ئەوەبوو
مەی لە تریفەی "ئەی مانگ"دا
بخواتەوەو لە دووایی‌شدا هەردووکیان دەربەدەر.
بولبولێکی نەدارا هەر ئەوەندەی پێئەکرا
نەهێڵێ گۆرانیەکانی عەشق وەك ڕازی تەنیایی
هەردی لە بیر چڵ و پۆپەکان بچنەوە.
پەپوولەیەکی ڕەشی باڵ کەنەفت

هەر ئەوەندەی پێئەکرا ناوبەناو دوو سێ خونچەی
شیعر لەسەر گەڵاکانی خەزان بنووسێ.
هەر ئەوەندەی پێئەکرا لەبری هەژاری خۆی،
لە سینەی زامدارەوە دوو سێ ئاخی وشە هەڵکێشێ.
شەیدا ئاوێنەیەکی درز بردووی
سەر دیوارێکی قوڕین بوو
هەموو ڕۆژێ دەم و چاوی خەمێکی ئەبوون
بە دوو بە سێ بەرە!
دەرگایەك بەگرێ ژەنەی نامورادەوە.
پەنجەرەیەك بە شووشەی شکاوی چاوەوە
بەڕەیەك لە تەنکیی نەبوونی
دووکەڵێ لە جگەرەی مەینەتی و
کۆمەڵێ شیعر لە جیاتی کۆمەڵێ خۆشی و
خۆڵەمێش لەبری گوڵ و
ڕاهاتن لەگەڵ دڵۆپەداو
ڕاهاتن لەگەڵ گیرفانێکی بەتاڵداو
ڕاهاتن لەگەڵ جەخاردا
هەتا مردن!.
ئەو لەم باخچانەی شیعردا گوڵەمێخەکێکی شەرمنۆك بوو
بەڵام بزر نەبووبوو. هەورێ بوو کەم بار بەڵام
لەبەر چاو نەکەوتبوو. زنەیەك بوو کەمدوو
بەڵام لەبیر نەچووبۆوە

خەتا خەتای بەهرە نەبوو
خەتا خەتای خەیاڵ نەبوو
خەتای مێردەزمەیەك بوو هەرجارەو بەدەمامكێكەوە
پەیدا ئەبوو جارێك پێیان ئەوت برسێتی و جارێكی دی
كرێچێتی و جارێكی تر نەخۆشی و دەردەداری!
هەموو جارێ كە ئەمبینی لەچاوەكانیدا نامۆییەكم
بەدیئەكرد كەم وێنە، وەك ئەوەی درەختێ بەرەگی
خۆی نامۆبێ، شار بە شەقامی خۆی و ژوور بە پەنجەرەی
خۆی و ئاو بەسەرچاوەی خۆی نامۆبێ.
هەموو جارێ كە ئەمبینی و تەوقەم لەگەڵ ئەكرد
هەستمئەكرد دەستم لەناو دەستی كرێوەی خەمێكدایە
چاوم بڕیوەتە چاوی سەرابێك
پێكەنینی گریانێك ئەبینم و
بۆنی بۆ ساردی مەینەتیەك ئەكەم
هەموو جارێ كە قسەی ئەكرد
وامئەزانی شیعرێكی بێدەرەتان قسەم لەگەڵ ئەكات
یان نانێكی چاو بەفرمێسك.
یان كانیەكی لێڵكراوی وەڕس.
یاخود بنەمۆمێكی داگیرساو لەدوا ساتەكانی ڕووناكیدا.
لێگەڕێن.. ئازیزان لێگەڕێن.. با ئەو گۆرانیە غەمگین و
مەستە بۆ خۆی هەر بنوێ. لێگەڕێن با ئەو دارلیمۆ
نەخۆشە هەر ڕاكشێ و ڕاكشێ و ڕاكشێ!

وازبێنن با خەبەری نەبێتەوە

نەبادا خەو بەخۆشییەوە ببینێ.

لێگەڕێن.. هاوڕێیان.. لێگەڕێن

با ئیتر هەرگیزاو هەرگیز

چاوی بە شووشەی شکاوی پەنجەرەکەو، بەخەزانی ڕوخساری ژنەکەی و بە دڵۆپەکانی بنمیچەکەو بائیتر چاوی بەچاوی مەرگی ناو ژیانەکەی نەکەوێتەوە.. لێگەڕێن.. هاوڕێیان لێگەڕێن!

# پیاوێك لە درەختی پێكەنین!

بۆ چلەی (سمكۆ عەزیز)

یەكێك لەو مرۆڤە خوێن شیرین و ڕۆح سووكانەی كە ساڵانێكی
دوورودرێژ پەروانەی لە دەوری سەر گەڕاوی ئەم شارەو
ئاوێزانی دەم پێكەنینی شانۆی تراژیدكۆمێدی ئێمە بوو،
یان بووبووە زێوانی هونەرو لە ڕۆژگارە هەرە غەمگینەكاندا
زەردەخەنەی ئەخستە سەر لێوی زامەكانمان و لە پێكەنینێكی ئومێد
بەخشا، بە شێوەی پەلكە زێڕینە باوەشی بەم شارەو
بە ئاسمانی هەموو كوردستاندا كردبوو. ئەو شمشاڵە
باریكە "سمكۆ عەزیز" بوو! ئەو پیاوەی كە لە
ناخدا و لەبنەوە ئەسووتاو بەڵام بەڕوخسارو سیمای دەرەوە
تۆوی بزە و گاڵتەی لە دەروونی ئەوانی تردا ئەچاند.
ئەو پیاوەی تا دوا سەفەری ئێجگارەكی، وەك بەفر
ژیاو، ڕۆژێ لە ڕۆژان داوەكانی مێردەزمەی دوژمن
زەفەریان بە فریشتەیی ئەو نەبرد!

☼

بەڵێ پیاوێ لە درەختی پێكەنین

وەختێ کە پێکەنین بەری ئەگرت و
لەماڵ بەماڵدا ڕۆحی خەڵکی لێی ئەخواردو
تامی ئەکرد!
هونەرمەندێ لە سادەیی
وەختێ کە سادەیی ئەبوو بە گوڵە کێویلەو
خەڵکیش لەیەخەی خۆیان ئەدا.
ئەکتەرێ لە شانۆی کۆمێدی کورد
وەختێ کە کۆمێدیا ئەبوو بە ڕەخنەو
ئەچۆوە بەگژ ڕمووزنەکانی کۆمەڵدا!.
پیاوێ بەنازناو ڤامیش و خۆی ڤامیش و
بەڵام ڤامیش ئەبوو بە شمشاڵ و
خۆشەویستیی و پەیڤی شیرینی لێئەدا.

☼

جەستەیەك لە چڵەدار
وەختێ چڵەدار گوڵی ئاگری ئەگرت و
گوڵ ئەکەوتە سەمای جاویدانەو
باوەشی ئەکرد بە دنیادا!

☼

"سمکۆ" یەك لە ئاوی ڕەوانی ڕۆح و
لەو بەفرەی کە بەردەوام
پیرەمەگرون نیشانی ئێمەی ئەدا!

☼

ڕۆژانە کە سەرنجی گۆیژە ئەدەم لە

دەراڵێکدا سیمای ئەحەی کوڕنوو ئەبینمەوە.
کە بەلای بنچکەکانی ئەزمرِدا ئەڕۆم، قسەیەکی
خۆشی "خاڵە ڕەجەب"م تووش ئەبێ. لە
چیمەنەکەی یانەی فەرمانبەرانیشدا نوکتەیەکی
"کەمال سابیر" بانگم ئەکاو هەر ئۆپلێکی
کۆنیش ئەبینم پڕە لە پێکەنینی "سمکۆ عەزیز".

☼

تەمەنێ لە تەختەی شانۆ
وەختێ کە شانۆ تازە پێڕەوکە بوو لەم شارەدا
وەختێ کە ئەکتەر
ئەستێرەی سیوەیل بوو لەم وڵاتەدا!
وەختێ کە تەلەفزیۆن
لە کەوی سپی دەگمەن تر بوون لەم دەڤەرەدا!.

☼

سڵاو لەو ڕۆحانەی ئازاری خۆیان
بۆ ئەکردین بە گوڵ خەندەران، تا ئێمەیش
وەك گوڵ خەندەران پێبکەنین
سوپاس بۆ ئەو زستانی تەمەنانەی
کە لە پەیف و جووڵەی سەرشانۆدا بەهاریان
بۆ ئەکردین بە دیاریی. تۆیش "سمکۆ عەزیز"
ئەی ئەو مۆمە سپییەی کە تا مردی
نە مۆمدانی شانۆت بەجێهێشت و نە پەروانەی
بینەرانی خۆشەویستی!

# دوو دیمانه

# شێرکۆ بێکەس و
# هەڤپەیڤینێ لەگەڵ (ستایل)دا

دیداری (ستایل)

***حەز دەکەین هەندێك نهێنی دەربارەی ئەمڕۆی شیعری تازەی کوردی بدرکێنیو ئایا ئاستی شیعر دابەزیوە یا بەرەو بەرزی چووە؟**

- لەم ڕۆژگارەی ئێستەماندا، شیعری تازەی کوردی. لە درەوشانەوەیەکی جواندایە، بە تایبەتی لە نموونە دیارو لەبەرچاوەکانیان، لەو شیعرانەدا، کە باوەشیان بە ئاسۆیەکی بەرینی داهێناندا کردووەو لەیەك ڕەهەندییو یەك دەنگیو ساویلکەیی بیریان تێپەڕاندووە، ئێستە زمانی کوردی بەو شیعرە جوانانە "هەڕاوە"، بەو خەیاڵە تازانە، هەسارەی تری دۆزیوەتەوە کە تا ڕابوردوویەکی نزیك نەیبووە. وێناکانی شیعر لە نموونە دەگمەنەکانیاو لای ئەو شاعیرانەی کە لە تخووبێکی ئیبداعدا نەوەستانو بەردەوام هەوڵی دۆزینەوەی نهێنییە تازەکانی ئەدەبو زیاد لە فڕینێکیان هەیەو کاژێك ناپۆشن، هەست ئەکەیت لای ئەو خەیاڵە بەپیتانە بەردەوام نەغمەکانی باڵی تر پەیدا ئەکەن بۆ بەرزبوونەوەی زیاتر. هەست ئەکەیت وەك بەفری نوابارێو، یەکەمجارە، ئەیانبینیو پێی تری نەچۆتە سەر. ڕەنگە جوانترین خاسیەتی دیاری ئەو ئیبداعانە لەوەدا بێت، لە بژوێن نەچێتو هەموو ڕەنگەکانی لەخۆ گرتووە. کۆپیکردنی یەکتر لەنێوان یەکتردا هەر تەواو کەمبۆتەوە. لەو بەرهەمە دەگمەنانەدا، هەست ئەکەیت شیعری تازە لە چوارچێوەی قاڵبەکان جیابۆتەوە. ئەشێ زیاد لە تەفسیرو لێکدانەوەیەك بۆ تەنها وێنەیەکی شیعری بکرێ.

به لای منەوە تا ئەوکاتەی پێوانەو مەرجو نیزامێ هەبێ بۆ شیعر. زمان کەسیرەو گرمۆڵە ئەبێ. وەختێکیش ئەم فڕینو شەقڵنە تازانە بینران کە ڕوانینی تازە بۆ ژیان هاتە گۆڕێو بە دوایدا فۆرمە کراوەکان هاتنە کایەوە. -کەمو زۆری- ئەم سنوور بەزاندنو تەقینەوانەی ناو زمانەکە تازەگەری بە مانا فراوانەکەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. شاعیر واتە زمانو خەیاڵ. نهێنییەکان بە ئاسانی ناگیرێن، بەڵام ئەبێ ئاگامان لەوە بێ کاتێ ئەڵێین: شیعری تازەی کوردی، ئەگەر بە ڕواڵەتی بڵاوکردنەوە بێ، هەموو ڕۆژێ خەرواری شیعر ئەبینین، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئێمە مەبەستمان لە "چەند"ی ئەو شیعرانەیە یان لە "چۆنیەتی" ئەو تازەگەریەیە؟! کەواتە هەر ئەبێ لە نموونە جوانەکان بگەڕێین. نموونە جوانەکانیش لە هەموو دەورو زەمانێکدا دەگمەنەکان بوون ئەو دەگمەنانەیش بە تەنها بەهرەی "خۆڕسك" نایانڕسکێنێ. لێرەدایە کە ڕووناکبیری شاعیرو سەرباری ئەزموون، ئەبنە زەمینەو فەزای ئەو بەهرە جوانانە. شیعری تازەی بێ فیکری تازە نین. وێنەیەکی شیعری سەرسامکەر کە خەیاڵێکی ڕەها ئەیخولقێنێ، لەهەمانکاتدا عەقڵێکی شاعیرانەی داهێنەرانەی لە پشتەوەیە. ڕوونتر بڵێم: ڕەنگە هەبێ بە فۆرمی تازەیش بنووسێ بەڵام بە عەقڵێکی زۆر کۆنەوە هاتبێتە ناو ئەو خانووە تازەیەوە. ئەشێ باشترین نموونەیش ئەو شاعیرە ئیسلامیانە بن کە ئێستا لە ڕۆژنامەکانی لوبنانو میسرو مەغریبدا شیعرەکانیان بڵاو ئەکەنەوە. بە ڕەنگوڕوو بە جلوبەرگ تازەن، بەڵام بۆنی هەزار ساڵ پێش ئێستەیان لێدێ! تازەیی لە بینینی تازەو گۆڕاندایە. هەر لەم ئاستەیشەوەو بەم ئاقارەدا خودی زمانیش گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نموونە، زۆرجار باس لەوە کراوە. بۆیە (گۆران) ڕێبەرێکی شیعری تازەی ئێمەیە، چونکە دەستبەرداری وەزنەکانی عەروزی عەرەبی بووە، چونکە گەڕایەوە سەر ئەو وەزنە فۆلکلۆریانەی کە پێشتر شاعیرانی هەورامان پێیان ئەنووسی، چونکە کوردیەکەی پوخت بوو.. تاد.. بەڵام لە ڕاستیدا باسکردنی ئەم خاسیەتانە، مانای گەوهەری، ئەو شیعریەتە تازەیە لای ئەو ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی "گۆران لەو سەردەمەی خۆیدا دیدو بیرو بۆچوونو عەقڵێکی تازەی پێبوو بۆ ژیانو سروشتو زمان، هەر لەبەر ئەوەش بوو پێکهاتەیەکی نوێی زمانو شیعری داهێنا..

من بڕوام وایە: ناکرێ شاعیرێ بیری تازەی بۆ ژیان نەبێ بە مانای وشە شیعری تازەیشی هەبێ!. لە ئیستەداماڵی شیعری تازەی کوردی، بە دەیان پەنجەرەی تازەی تێکەوتووە. پەنجەرەکان ڕەنگاوڕەنگن‌و بەرایی زمانی کوردیشیان ڕۆشنتر کردۆتەوە. گومان لەوەدا نییە شیعری تازەی کوردی، لە دەقە جوانەکاندا، بەرەو بەرزی چووە. دیارترین خاسیەتی ئەم ئەفراندنە تازەیەش لەوەدایە کە بیر فراوانتر بووەو ڕووناکبیری کراوەترو خەیاڵ ئازادترو ڕەنگینترە لە جاران چونکە شاعیری داهێنەری ئەمڕۆ پاشخانی ڕۆشنبیریەکەی لە چراخانێکی گەورە ئەچێ کە لە چەندین ڕوانگەوە وزەو تیشکی تازەتر وەرئەگرێ. کە ئەمە تا ڕابوردوویەکی نزیکیش وانەبوو.

ئەوسا ترسێك هەبوو لە زمان‌و داڕشتن‌و ترسێك هەبوو لە بەزاندنی لەمپەرەکان، سانسۆرێك هەبوو لە ناوەوەی پێناسەکردنی شیعردا. ئەو ترسانە تا ڕادەیەکی زۆر شکێنراون. ئەوە ڕاستیە کە ئەمانەوێ دەقێکی شیعری بخوێنینەوە کە هەست‌و نەست‌و خولیا بوروژێنێ. بەڵام لە هەمان کاتدا لەناو دەقەکانی ئەمڕۆدا پرسیاری تازە ڕێچکەیان بەستووەو تەنانەت بە "مەعریفەیش" پاراو ئەکرێن، ڕەنگە ئەمە خەیاڵێکی هەرە دیار بێ کە شیعرە جوانەکانی ئەمڕۆ لە شیعری بیست ساڵی لەمەوبەر جیابکاتەوە. ئێستە یەك جۆر "جوان"مان نییە. یەك چەشن "بینین"مان نییە. یەك بیرکردنەوەو فۆرممان نییە. هەر لەبەرئەوەیشە دنیای شیعری تازەی ئەمڕۆمان لە دوێنێ ڕەنگاڵەترو بەشەوقترو بەرینترە!.

***ئایا پرۆژەی حەداسەوی لە شیعری کوردی سەرکەوتنی وەدەست هێناوە؟ یاخود کامڵ بووە، یا بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا ڕێچکەی خۆی گرتووە؟.**

ـ هەموو پرۆژەیەکی ئیبداعی ڕێگای درێژو وەختی ئەوێ بۆ ئەوەی تەواو کۆك بێت. هەڵبەت من بە گشتی‌و لە ڕوانگەی ئەفراندنەوە بۆ تاکی (موبدیع) قسە ئەکەم. نەك پرۆژە بە بڕیاری دەستە جەمعی، چونکە هەموو مەسەلەیەکی تیۆری‌و ڕەخنەیی لە لایەك‌و بەڵام کاتێ ئەنووسین هەر خۆمانین‌و تەنیا ئەمێنینەوە دواجاریش بەرهەمی ئەو تەنیاییە پرۆژەکەیە. نازانم مەبەست لە سەرکەوتن چییە؟! لای کێ‌و چۆن؟! لای من ئەوەندە ئەزانم ئەم نەخشەی شیعری کوردییە، ئەم تازەگەرییە، هەرێمێك‌و شێوازێك‌و

یەك ڕەنگی نییە. جوانی ئەم تازەگەرییە لەوەدایە کە بە دەنگ و ڕەنگی جیاوازەوە، بە بیری جیاوازەوە، بە فۆڕمی جیاوازەوە، بە وێناکردنی جیاوازەوە، بە ئەزموونی جیاوازەوە هاتووەو پەلکە ڕەنگینەیەکی لەم فەزایەدا نەخشاندووە. من گومانم نییە، لەم تازەگەریەدا، ئەو نموونە جوانانە هیچیان لە شیعرە هەرە جوانەکانی دنیا کەمتر نییە، بەڵام نابێ ئەوەیشمان لەبیر بچێ، نموونە خراپەکانی ناو ئەم تازەگەرییە زۆرترن. هەر لە ناشیرینکردنی زمانەوە -بە مەبەستی ئاوڕدانەوەی خەڵکی لەو کەسەو هیچی تر- ئینجا وشە فڕێدان و بێ سەروبەری ماناو شێواندنی ڕۆحی شیعر. گەمەیەکی منداڵانەیە. تۆ بڕوانە ئەو جۆرە شیعرانە نە مان و نە سەرسامکردن، نە جووڵەو وزەی زمان و ڕیتم و ئاهەنگ و نە جۆرێك لە تێڕامان و نە تەزوویەك بۆ داچڵەکین و نە سیحری وێنەیەك و نە فۆڕمێکی تۆکمەو نە هیچ. کوتومت وەك ئەوەی تورەکەیەك پڕ بکەیت لە وشەو ئینجا دەستی پێدا بکەیت و چنگێ دەر بهێنیت و ڕۆی بکەیتە سەر پەڕە کاغەزێ! یان ڕیزە قفڵێ لە زماندا، کە کلیلەکانی لای خاوەنەکەیشی نین.

من نازانم یەکێك لە خاسیەتەکانی ئەدەب بە گشتی "چێژ وەرگرتن"ە لەو دەقەی ئەیخوێنینەوە. ئەشێ ئەم چێژە یان پێ سەرسامبوونە لە جوانی وێنەیەکەوە بێت، یان مۆسیقای ڕستەیەك، یان لە مانایەکی قوڵەوە یان لە پەیبردن بە نهێنییەك کە تا ئەو کاتە لە ئێمە شاراوەبووە، یاخود لە کەمەندکێشی ئەو ئەفسوونەی لە زمانەکەیدایە. بەڵام وەختێ ئەمانە نەبینی. ئیتر نائومێد ئەبیت و ئەو شیعرە ئەخەیتە لاوە. بۆیە ئەگەر تێبینی بکەیت، لەمڕۆدا ئەو شیعرانە بەهۆی ئەو زمانە (دابڕاوەوە)، کە لە زۆربەی ئەو شیعرانەدا هەن، بێزارکەرو ناخۆشەویستن و ئاکامیش "ناخوێنرێنەوە"، کە شیعریش نەخوێنرایەوە با هەیشبن ئەوسا لە قوڕپچەی سەر قۆڵی چاکەت ئەچن و چ دەورێکی وایان نییە، ڕاستە شیعر خۆی تەلیسمی تێدایە بەڵام نەك خۆی ببێتە یەك پارچە تەلیسم و لە کرانەوە نەیەت. شیعر تەمومژی تێدایە، بەڵام نەك خۆی ببێتە دیوارێك لە تەمومژو بەرابییەك بۆ "خوێندنەوە" نەهێڵێتەوە!.

بەلای منەوە "حەداثەوی" پرسیارە نەك لاڵی و بۆشایی. ئەمە بە مانای ساکاری نالێم بەڵکو بە مانای ئەو سادەییەی کە لە جوانی و حەقیقەت خۆیشیاندا هەیەو بەڵام

پەیپێبردنیان تابلێی گرانە. لەناو کۆمەڵدا یەك چەشن هەڵبژاردە نییە، بەڵکو چەندین هەڵبژاردەو بەڵکو چەندین ئاستی تێگەیشتنی هەمەجۆر. حەداسەویەت ئەوکاتەی لای هەر شاعیرو نووسەرێ گەیشتە ئەوەی وەك "موقەدەس" تەماشا بکرێ لەوساتەوەختەوە کۆتایی خۆی ڕائەگەیەنێ. کامڵبوونی ئەزموونێ لە تینوێتی بەردەوامی شاعیرەوە دێت. واتە ئەوکاتەی ڕازی نابێ بەوەی بچێتە ژێر ڕکێفی قەناعەتەوەو بڕوای وابێ شیعری هەرە جوانی ئەو دەقێکە کە هێشتا نەینووسیوە!.

***لە میانی شیعرو ململانێ لەگەڵ دژواریەکانی شیعر پەیوەندی نووسین چۆن دەبینی لەسەر ئاستەکانی:**

**- کپبوونی نووسینی شیعر.**

**- هەراو زەنای ڕۆژنامەکان.**

**- سەرهەڵدانی ژانری دیکەی ئەدەب؟**

- هەڵچوون و کپبوون و سەداو بێدەنگی و زۆر دیاردەی تری شیعریش وەك لە ژیاندا ئەیانبینن لە ئەدەبیشدا هەن. بەڵام دیارە لە پشت هەر دیاردەیەك لەوانەوە، چەندین هۆو هۆکاری زاتی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەن. ئەگەر مەسەلەی کپبوونی نووسینی شیعر بێ. واتە لەم سەردەمەی ئێمەدا- کە دیارە بەلای منەوە وا نییە- هەڵبەت مەبەستم لە شیعری باشە. ئەوە من پێموایە ئەو گریمانەیە بۆ ژمارەی کەمو باش، لە هەموو ڕابوردوویشدا هەروا بووە، ئەشێ بۆ دواڕۆژیش هەروا بێت، چونکە بینینەوەی گەوهەرەکان لەبنی دەریادا، هەمیشە هەر دەگمەن بوون و بە هەموو مەلەوانێك دەرنەهاتوون. ئێمە نازانین لەو زەمانەدا، بۆ نموونە، کە عومەری خەیامی تێدا ژیاوە ئەبێ چەندی تریش شیعریان نووسیبێ؟! یان هەموو مەلاو فەقێیەکانی سەردەمی نالی "شاعیر بوون" بەڵام چۆن شاعیرێ؟! ئەمەیە ئەو پرسیارەی کە زۆرجار پاشەڕۆژ وەڵامی ئەداتەوە، ئەوەی ڕاستیبێ، ئێمە ئەبێ وێڵی دوای "شیعریەت" بین نەك "چەند" لە شیعر نووسیندا.

ڕاستیەکی تریش هەیە زۆر سادەیە، بەڵام گرنگە ئەویش ئەوەیە وەك چۆن حەقیقەت لای تاقە ڕێبازێك یان فیکرێ نییە بە تەنیا، شیعریش، ئەو جوانییەی

لای شاعیرێكو دوو شاعیر نییه، لای قوتابخانەو ڕێچكەیەكی شیعری نییه. شیعر ئاوێنەیەكی نییه. یەك شانۆیشی نییه ماڵی ئەفراندنو حەداسەویەتیش هەر لە شوێنێك نییه، ئەم مەسەلەیە. ڕێژەییە تەنانەت لە سەرتڵو هەڵبژاردەكانیشدا.

بۆ بەشێكی دیكەی پرسیارەكەتان، بێ نموودی یان چۆڵیو بێدەنگی ڕەخنەی شیعرییە. لە خانیو نالییەوە بیگرە تا ئەمڕۆ، ـ جگە لە چەند وتارێـ ئیتر هەمیشە باڵای دەقە ئیبداعیەكان لە دەقە نەقدیەكان هەڵكشاوتر بووە. هەراو زەنای ناو ڕۆژنامەكانیش، لە بارەی شیعرو شاعیریەتەوە، دەنگدانەوەی هەراو زەنای ناو فیكری شڵەژاوی ئێمەن. بەشی زۆری ئەو قسانە تەقلیدین نەك حەداسەوی. زادەی بیری ڕابوردوون نەك ئایندەیی. ئەوەی ڕاستیبێ، لەسەرهەڵدانی ژانرەكانی دیكەی ئەدەبدا، ئەمڕۆمان بەخشندەترە وەك لە دوێنێ. دیارترین جیاوازی: ئەو شەپۆلی ڕۆمان نووسینەیە كە لە ئێستەدا بەدی ئەكەینو تا دە پانزە ساڵی لەمەوبەر بەم شیعریەی ئەمڕۆ نەبوون. سەرهەڵدانی هەندێ پڕۆژەی جیدی ڕەخنەیی.. هاتنەكایەی هەندێ گۆڤارو ڕۆژنامەی ئەدەبیو هونەری سەنگین. لێكۆڵینەوەی زیاتر لە بواری مەعریفیو فەلسەفیدا. ئەمە لەكاتێكدا ئەتوانین هەندێ پاشەكشەیش باسبكەین بەتایبەتی لە بواری شانۆی كوردیدا. كورتە چیرۆكیشمان وەك چاوەڕوان ئەكرا بەو جۆرە هەڵنەكشاوە. هەڵبەت چەند چیرۆكنووسێكی بە توانای لێدەرچێ ئیتر بەشی زۆر ئەو چیرۆكانەی ئەینووسن نە ڕۆحی چیرۆكیان تیایەو نە هونەرێكی بەرزو زیاتر لە بیری ڕاگوزاریو خاتیرەوە نزیكترن. بێگومان ئەبێ ئاماژەیش بەوە بكەم كە لە ڕەنگاڵەییكردنی ئەم تازەكردنەوەیەدا چەند دەزگایەكی چاپو بڵاوكردنەوە دەوری دیاریان هەبووە. بە كورتی پڕۆژەی تازەگەری لە ئەدەبدا بۆئەوەی بە تەواوی كامڵبێ پەیوەندییەكی دینامیكی بە سەرتاپای پڕۆژەی تازەگەریەوە هەیە لە بواری ڕۆشنبیری كوردیدا بەگشتی، واتە ئەو تازەگەریە كۆمەڵە ئەڵقەیەكەو بە هەموویان پڕۆژەكە تەواو ئەكەن!.

*ئێستا خوێندنەوەكانی تۆ لە وێستگای شیعرە یا ڕۆمان.. یا بابەتەكانی دیكە، ئایا بێ بەردەوامی خوێندنەوەی شیعر دەكرێ بەردەوامی بەنووسینی شیعر بدرێ؟

ـ "خوێندنەوە"، ئاوی "نووسین" ئەدا. نەخوێندنەوە "خاڵیبوونەوە"و خوێندنەوە "پڕبوونەوە"یە. بەم پێیە درێژەدان بە خوێندنەوە درێژەدانە بە نووسین. ئەتوانم بڵێم بەشی هەرە زۆری ئەو زانیاریو ئەزموونە هونەریانەی لای شاعیرو نووسەر هەن، لە گەنجینەی دەوڵەمەندی دەرەوەی خۆیانەوە هاتوونو کۆبوونەتەوە. من بۆ خۆم وەکو زۆرجاری تریش باسمکردووە. ڕۆمان لە شیعر زیاتر ئەخوێنمەوە. هەروەها دیراساتی ئەدەبیو نەقدی. ژیننامەو یادداشتی ئەدەبی. داستانە کۆنەکانو کورتە چیرۆك، بەڵام خوێندنەوەی بابەتی فەلسەفی کەمتر. کە من پێموایە ئەمە یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی ژیانی ڕووناکبیریم. خاڵی لەمە لاوازتریش ئەوەیە، کە تەمەڵیو گوێنەدانو پەرشو بڵاویم بوونە هۆی ئەوەی زمانێکی زیندووی ئەم دنیایە فێر نەبم –ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەڕەنسی، ئیسپانی- تازە بەم تەمەنەشەوە ئەم فێربوونانە مەحاڵن. بەهەر حاڵ ئەگەر خوێندنەوە درێژەی نەبێ نووسینیش درێژەو تەمەنی نابێت. جا خوێندنەوەی شیعر بێ یان هەر دەقێکی ئەدەبیو هونەری. ناکرێ هەر لە بەری بڕواو ئاوی نەیەتەسەر. بە ڕاستی خوێندنەوە ئەو ئاوەیە کە ناهێڵێ بەتاڵ بینەوە!.

***شێرکۆ بێکەس دوای نیو سەدە شیعری کوردیو خەریك بوون بەم هونەرە بەرزە، پرۆژەی تازەی بەدەستەوەیە کە جیابێ لە پرۆژەکانی دیکەی شیعر؟**

ـ شیعر بوو بە چارەنووسم، تەنانەت ئەگەر نەیشینووسم. ئەو تازە بووە بە بەشێك لەمن. ئەو خۆشەویستەی لێشت دووربکەوێتەوە هەر لە خەیاڵو گیانتایە. وەك چۆن کەژو کێوی بێ بەفرو باران، یان باخچەی بێ باڵندە تەصەور ناکەم، هەروەهایش دنیایەك کە شیعری تیا نەبێ. تا ئەم دەقیقەیە. پرۆژەی بەدەر لە شیعرم نییە ئەگەرچی شیعر بۆخۆی چەندین وێستگاو باخچەی هەمەڕەنگی هەیە. یان پرۆژەیەکە چەندین پرۆژەی تری لەناوایە. ئەوەی ڕاستیبێ یەکدوجارێ خەیاڵی ڕۆمان نووسین هاتووە بەسەرمدا. دەستم داوەتێو چەند لاپەڕەیەکیشم لێ نووسیوە. بەڵام دواتر دڕاندومن، لەبەر ئەوەی هەر ئەبوونەوە بە شیعر. زمانی مەجاز ئەبۆوە بە زمانی زاڵ. لەو دووسێ ساڵەی دواییداو هەتا ئێستەیش ئەو

خەیاڵە گەرمەم هەر لەسەردایە، بۆ ئەوەی دەستبکەم بە نووسینی یادداشتێ یان ئەزموونی شیعری خۆم، چونکە پێئەچێ وەختی هاتبێ بەتایبەتی کە تەمەن ڕوو لە لێژیو سەربەرەو خوارییە!. کاتی خۆی لە شاخ 1985ـ 1986 کورتەیەکی ژیانم نووسیو هەر لەوێش چاپکرا. بەڵام وەك ئەنجام بەدڵم نەبوو. بە هەر حاڵ ئەمە یەکێکە لەو پڕۆژانەی حەز ئەکەمو بە پێویستی ئەزانم کاری تیا بکەمو تەواوی بکەم، جا نازانم ڕۆژێ لە ڕۆژان بە ڕاستی دەست پێئەکەم؟! یان هەروەك قسەی هەندێ سەرخۆشی شەوی لێدێو لە دواییدا (با)ی بیرچوونەوە ئەیبات!

هەڵبەت ئەم گومانو ڕاڕاییو دوودڵییەیش لەوەوە هاتووە کارەکە بەئاسان نازانم، چونکە ئەو یادداشتەی لە خەیاڵی مندایە، بەتایبەتی شێوازی نووسینەکەی ناکرێ هەروا ساکارو سادەبێ، ئەمە جگە لەوەی پێویستە زۆر ڕوونو بێ پەردەو پێچو پەنا بنووسمو ئەمەیش لەبەر زۆر هۆی سیاسیو کۆمەڵایەتیو پەیوەندی تاکەکەسی (جورئەتی) خۆی ئەوێو لە هەموویشی گرانتر ئەوەیە تا چەند ئەوێری لەخودی خۆتو هەڵەو خەوشەکانت بدوێی!.

# دیداریٚ لەگەڵ (گۆڤاری کاروان)دا

***پێشبینی، مۆسیقاو ڕیتم، چێژ**

*** روئیا مەعریفەو بەهرە، ئەزموون لە شیعردا**

***ئەزموونی ڕوانگە، گروپ نووسین، سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی، پەیوەندی نێوان شیعرو ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەبو شێوەکاریی**

***ئیلتزامو ئازادی لە شیعردا**

***تەوژمە جیاجیاکانی نێو دنیای شیعر**

***شوێنو زەمان... تێکشکاندنی زمان لە شیعردا**

***بێکەس لە ژیانی شێرکۆ بێکەسدا**

***شیعری نوێو بەکارهێنانی وشەی بێگانە لە شیعری لاواندا**

***کەی شێرکۆ لە شیعر دەست هەڵدەگرێ؟**

**مێژووی هەر نەتەوەیەکی سەر ئەم گۆی زەمینە لێوانلێوە لە ئەفسوونو سەرسامیی، بریتییە لە هێزی فیکری چەند کەسایەتییەکی داهێنەرو بلیمەت. مێژووی ئەدەبی نەتەوەی کوردیش هێزی فیکری چەند کەسایەتییەکی داهێنەرە، شێرکۆ بێکەس ئەو کەسەیە کە لەو بوارەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیەو وەك داهێنەرێك لە دنیای شیعری کوردیدا چالاكو کارایە.**

**گۆڤاری کاروان بە پێویستی زانی ئەزموونی دەوڵەمەندی ئەم شاعیرە کاریگەرەی نێو شیعری کوردی بە خوێنەرانی بگەیەنێت.**

***ئایا لە شیعردا بڕوات بە پێشبینی هەیە، زۆرێك لە شیعرەكانت پێشبینی تێدا بووەو دواتر پێشبینییەكان بوونەتە واقیعو بینران، دەكرێ شاعیر وەك ساحیرێكی هونەرمەند تەماشا بكرێت، یان ڕۆڵی پێشبینی لە دەقی ئەدەبیدا چییە؟**

ـ شیعر خوێندنەوەی نادیارە. بە واتایەكی تر بینینی ئەو داهاتووانەیە كە چاوی ئاسایی نایانبینن، یان پرسیارە لە تیۆری پێشبینی كردندا بەو مانایەی وێناكان ئەبن بە واقیعی ناو زمان خۆیو لەهەمان كاتیشدا خەونەكان ئەبن بە واقیع، واتە دێنە دی. لە شیعردا دیدی هەستو نەست تیژن، ئازادو بێ پەروان، هەروەكو ئەم چاوە لای منداڵو زمانی منداڵ ئەگەنە ئاستی جۆرێك لە دنیای ئەفسانەو تێكەڵاوبوون لەگەڵ نادیاردا. كورد قسەیەكی سەیری هەیە ئەڵێت: "قسە لە منداڵ، یان لە شێت" ئەم ئیدیۆمە لە ئەنجامی ئەزموونی دوورو درێژی ناو ژیان خۆیەوە هاتووە. ئیتر منداڵ قسەیەك ئەكاتو كەچی قسەكە ڕاست دێتە دی.

ئەم قسانە قسەی ئەودیوی عەقڵن ئەگەر نا ئەبوایە بوترایە "قسە لە زانا، یان لە حەكیم". نێوانی منداڵو شێتو شاعیر بە گران لە یەكتر جوێناكرێنەوە. من پێموایە ناكرێ جۆرێ لە شێتی لە شاعیردا نەبێت، چونكە هەردووكیان جۆرێك لە بێهۆشیو بێئاگاییدا ئەژین، زمانی شاعیر بە عەقڵ جڵەو ناكرێ، هەروەكوو چۆن زمانی منداڵو قسەی منداڵو هەڵسوكەوتی منداڵ پابەندی دنیای گەورەكان نییە. شەرمی عەقڵ هەمیشە لە دركاندنی ڕاستیەكاندا كۆسپێك بوو، لەبەردەم دەربڕیندا ئەم شەرمی عەقڵە لای منداڵو شێت نین. شاعیریش لە شیعری بێ دەربەستدا زمان ڕووتو قووت ئەكاتەوە. یەكێك لە گەورەترین دڕدان بە دنیای باوی زمانو بەزاندنی هەموو ئەو سنوورانەی كە ڕێیان لە خەونو خەیاڵ ئەگرت لە سەردەمی سورياليیەكانەوە دەستپێكرد. ئەو وەختەی زمانی باویان كرد بە ناباوو زمانی شیعریان وەك جۆرێك لە پێشبینیكردن كارپێكرد، پێشبینیكردن جۆرێكە لە خەونی ناو شیعر، ڕووكردنە داهاتووە بۆ دۆزینەوە یان كەشفكردنی ئەو نادیارانەی كە هێشتا نەهاتوونو نەزانراون. شیعر لە سیحر نەك هەر خاڵی نییە، بەڵكو هەر خۆی جۆرێكە لە زمانی سیحراوی، واتە لەو پێكهاتە باوەڕ پێنەكراوەی كە فەرهەنگی زمان خۆی سەرسام ئەكات. ئەم

پێشبینیکردنە لە شیعردا بە پلان نییە، ئەوەی نیەتی پلانە، بەڵکو ئەو عەفەویەتە لەگەڵ هەڵقوڵینی خۆیدا ئەیهێنێ کە "نەزانین"ی هۆو هۆکارەکانی بەشێکن لە ڕەنگدانەوەکانی. یان لە هاتنەدی خەونەکانی وەك ئەوەی ڕێکئەکەوێ لە ساتەوەختێکدا ئەتەوێ لە زەنگی دەرگایەك بدەی لە دڵی خۆتدا ئەڵێیت لەوانەیە ئەم زەنگە کارەبای لەسەربێ و بمگرێ، کەچی هەروایش دەرئەچێ. یان یەکێکت لە خەیاڵدایەو کەچی لەپڕ ئەو کەسە دەرئەکەوێ. ڕۆڵی پێشبینی لە شیعردا زمانی سیحراوی جادووگەرانەیە بۆ خوێندنەوەی نادیارەکان یان ئەو شتانەی کە مەراقی هەرە گەورەی ئێمەن و ئەمانەوێ بزانین چیمان بەسەردێ. چی ئەبینین و چیمان لە ڕێگەدایە، هەمیشە ئەم پێشبینیکردنانەیش وەختێ ڕاست دەرئەچن تووشی جۆرێك لە شۆکی شیعریمان ئەکەن.

***هەموو بەیانێك کۆمەڵێك بنەمای کارکردنی هەیەو ئاڕاستەکان بەرێوە دەبات: بنەما هونەرییەکانی ئەو بەیانەی ڕوانگەییەکان ڕایانگەیاند چی بوو؟**

- هۆیەکی هەرە گەورەی سەرهەڵدانی ڕوانگە لەکاتی خۆیدا دەرککردن بوو بەوەی "زمانی ئەدەبی" تووشی جۆرێك لە چەقبەستن بووە. یان تووشی جۆرێك لە خۆ دووبارەکردنەوەو جووینەوەی بەردەوام هاتبوو. زمانێك کە هەر لە گەرووی ڕابردوودا بوو، بە هەمان وێناو تۆن و ئاوازییەوە، ئەم زمانە پێویستی بە جۆرێك لە ڕاچڵەکین و یاخیبوون هەبوو بەرامبەر بە وشەکانی خۆی و تەواوی فەرهەنگە کولتوورییەکەی. ئەبوو گۆڕانێك دروستبێ وەك ئەوەی ئەم دەنگە یەك هاوارو یەك ڕیتمی نەبێت و کاتی ئەوە هاتبوو لەگەڵ زمانەکە خۆیدا بکەوێتە شەڕەوە. بکەوێتە چنگ نانەچنگ لەگەڵ ئەو زەین و خەیاڵ و وێنەو ڕستانەدا کە ساڵەهای ساڵ بوو بە هەمان عەقڵ و پۆشاکی بەرەوە لەبەردەمت قوت ئەبوونەوە. ئەبوو لە لووتیان بدەی. ئەم لەلووتدانەی زمان خۆی ئەبوو هەر لەناو زمان خۆیدا ڕووبدات و دەستەو یەخەیش بێت. واتە بیتەقێنیتەوە. ئەبوو بڵێی "ئاوی تینووم" و ئاویش لە زماندا داچڵەکێنی. ئەبوو بڵێی "ئەو گرە ساردو سرە" ئەبوو لە وێنە پێچەوانەکانەوە دەست پێبکەیت. بنکەکان تێکبدەیتەوە. ئینجا خەریتەی

خۆت دروست بکەیت. "گۆران" تا شوێنێك هات، بەڵام سەرسامبوونی شیعرییەتی درێژە پێنەدا. سروشتی خوێندەوە، بەڵام تا ئەو شوێنەی ئیتر بوەستیٚو لێی یاخی نەبیٚ یان جوانییە ڕۆمانسییەکانی لە ڕواڵەتێکدا هێشتەوە کە تووشی گێروگازی ڕەخنەو پرسیار نەبن. بۆ نموونە: تۆ وەختیٚ گەشتی قەرەداغو هەورامان ئەخوێنیتەوە. بە تەنیا بەهەشتێك ئەبینی کە لەناو جوانیدا هەڵئەقوڵیٚ، بەڵام ئیتر لە هەورامانو قەرەداخدا هیچ ناشیرینییەك نابینی. دیوی ناوەوەی سروشت نابینی. ئەو دۆزەخە گەورەو بچووکانە نابینی کە بە تەنیشت ئەو بەهەشتەوەن. گوڵی نەخۆشو دەردەدار نابینی. جۆگەی بریندار نابینی. بە کورتی تۆ یەك دیوی دیاردەکان ئەبینی. بەڵام لای ئێمە تۆ چیرۆکی "یاسای خۆڵو دۆ"ی (حوسێن عارف) ئەخوێنیتەوە یان دواتر لای من "داستانی بەردە قارەمان" ئەخوێنیتەوە کە سروشتو خاكو مرۆڤ لەنێو کۆمەڵیٚ ڕەهەندی جیاجیادان. بەتەنیا هەر ڕەشو سپی نین. ڕەنگە نوختەیەکی تری گرنگ لە سەرهەڵدانی ڕوانگەدا پەیوەندی بە لۆجیکی "ئازادی"یەوە هەبێت. ئەو وەختەی هەست ئەکەیت هەموو ڕێگاکان لەبەر دەمتا بەستراون، ناچار ئەبیت ڕێگایەك ئەگەر لەناو خەیاڵیشدا بووە بکەیتەوە بۆ ئەوەی نەخنکێیت. ئەدەبو کاری نووسین، خۆی لە خۆیدا "تەنفیسێکی" گەلیٚ گرنگە پەیوەندییەکی دینامیکی بە باری سایکۆلۆژیو دەروونییەوە هەیە، ئێمە کۆمەڵیٚ شاعیرو نووسەر بووین، یان کۆمەڵیٚ بەهرە بووین، لە سیاسەتکردندا تووشی نوشوستی هاتبووین، هەریەکەو لە ئەزموونێکی جیادا، جیاوازیەکەی ئێمەو کەسانی تر کە ڕەنگە لە هەمان کاتدا تووشی ئەو نوشوستیە هاتبیٚ. ئەوەبوو: ئێمە بەهرەیەکی ئەدەبیمان هەبوو. پەنامان بردە بەر ئەو ئەڵتەرناتیڤە، بەڵام بەو یاخیبوونەوە کە بۆ هەموو تازەکردنەوەیەك جێی "دڕدان"و "سەرچڵی"یەك ئەگرێتەوە کە بیٚ ئەو، کوورەیەکی گەرمی جووڵەو کارکردنت نابێت.

ئەوەی ڕاستیبیٚ بەیانی ڕوانگەی ئەدەبی، قووڵو هەمەلایەنە نەبوو، بە ڕوونی ئەو بنجو بناوانو هۆو هۆکارانەی ڕوونکردبێتەوە، نا، بەیانەکە هاواریٚ بوو، بۆ ئەوەی

خەڵك لە وشەی "تازەکردنەوەی بەردەوام" ئاگادار بکەینەوە. زەنگێك بوو لێماندا بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بێتو پێی بڵێین: شیعر هەر ئەو قاڵبانە نییە کە تا ئێستا پێیان نووسراوە یان هەر ئەو ڕوانینانە نین کە لە پەنجەرەی چیرۆکەکانەوە هاتوونەتە دەرێ. ڕوانگە لەو ڕۆژگارەدا: حیلەی ئەسپێ بوو دژی ڕامکردنو غاری باوو ڕەوتی ئاسایی.

***ئەزموونی گرووپ، تاکییەت بەرەو کزی دەبا، شێوازیش لێك نزیك دەکاتەوەو وەك یەك شێوازی دەیخاتەڕوو. ئەو زیانو سوودانەی بەهۆی دروستبوونی گرووپی ڕوانگە لە ئەزموونتدا بینیوتن چین؟**

ـ ئەوە ڕاستە، هیچ گروپو تاقمێکی ئەدەبی بە کۆمەڵو دەستەجەمعی ناتوانن ئەفراندن دروستبکەن، چونکە وەك سەرئەنجام تاکی داهێنەر خۆی، لە تەنیایی خۆیدا، لەناو مەراقی خۆیدا، شێوازی هونەری خۆی ئەدۆزێتەوەو دواتر ئەچێتە ناو کۆمەڵەوە. ئەدەب دڵدارێکەو هەر هی خۆتەو بە کۆمەڵ ناتوانین ئەو دڵدارە بکەین بە هی هەموومان. ئەم عەشقە تۆ هەر خۆت ئەیکەیت. ئەوە تەنیایی خۆتەو خەیاڵی خۆتەو دەستو پەنجەی خۆتە بەرهەمێك بە وجود دێنیت کە لە کەسی تر ناچێو بە تەنهایش هەر ئەبێ بۆنی خۆتی لێبێ. ڕاستە ئەشێ ڕۆمانێك یان شیعرێك دووان یان سیان بەیەکەوە بینووسن، بەڵام دیسانەوە لەوێشدا هەریەکەو هەناسەی خۆیو فەزای خۆی هەیە لە یەکتری جوێ ئەبنەوە. ئێمە هەردووکمان بە ڕێگەیەکدا ئەڕۆینو ڕەنگە پوویش بکەینە یەك ئامانج، بەڵام لەهەمانکاتدا ڕێگەکە دوو ڕێگەیە ئەوەی هەر خۆمی پێدا ئەڕۆمو ئەوەیش کە هەر خۆتی پێدا ئەڕۆی. چۆنیەتی ڕۆیشتنو هەنگاو هەڵهێنانەوەی هەر یەکێکیشمان دیسانەوە هەر جیاوازە. جێ پێیەکانی من جێ پێی تۆ نییە. کە قسەیش ئەکەین بە دوو گەرووی جیاوازو دوو دەنگی جیاوازەوە ئەیکەین. ئەوە جگە لەوەی لە کاری هاوبەشی ئەدەبیدا هەرگیز من ئەو قەڵەمە ئازادە نیم ئەگەر هەر خۆم بم. لە گرووپی ئەدەبیدا خودی هەر ئەدیبێ تووشی جۆرە "بەستنەوەیەك" ئەبێت وەك ئەوەی ناچاربێ لە یەك ژووردا لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بژی. سەربەخۆیی لەدەست ئەدرێ، بەڵام ئەم دیاردەیە لایەنی ڕووناکیشی هەیە، ئەویش لایەنی ئەو جموجووڵەیە، کە

ئەکەوێتە دەرەوەی خودی ئەدیب خۆیەوە. واتە لایەنی ڕاگەیاندنی گرووپەکە، یان ئەو دیالۆگو گفتوگۆیانەی کە هەموو ئەدیبێ پێویستێتی. ڕوانگە ئەزموونێکی لەو جۆرەی نەبوو کە پێکەوە بۆ نموونە ڕۆمانێك بنووسین، یان قەسیدەیەك، یان چیرۆکێ. هەریەکەمان پەنجە مۆری خۆی هەبوو. لایەنێکی خراپی دیکەی ئەو ئەزموونە ئەوەبو، ئەبوو بەردەوامیش گوێ لە دەرەوەی خۆت بگری واتە کاتێکی زۆری خۆت بدەی بەوانی تر کە لە بنەڕەتدا کاتی خۆتن و هی کەسی دی نین. واتە لە وەختی نووسینی خۆت ببڕیت بۆ ئەوەی گوێبگری یان لە مەسەلە گشتییەکان بدوێیت. بکەویتە هێرشبردن یان بەرگریکردن ئەمە جگە لەوەی کارکردن بەکۆمەڵ بتەویٚ و نەتەویٚ تووشی موجامەلەی نائەدەبیت ئەکات، واتە وزەی بەرامبەر هاوڕێکەی خۆت تێدا کەم ئەکاتەوە، یان تووشی بێدەنگیت ئەکات. لایەنێکی تری جوانی ڕوانگە ئەوەبوو، ئاگامان لە خوێندنەوەی یەکتر بوو. خوێندنەوەی هەر کتێبێکی تازە، مێزگردێکی دروست ئەکرد.

***پێوەندی شاعیر بە شوێنەوە چییە، یادەوەری دابەشکراوت لەنێوان (سلێمانی، بەغدا، شاخ، سوێد). چۆن لە شیعردا دەجووڵێنیت؟**

- پەیوەندی شاعیر بە شوێنەوە لە پەیوەندی باڵندە ئەچێ بە ئاسمانەوە. لە پەیوەندی هەوا ئەچێ بە هەناسەوە. تۆ ئەگەر شوێن لە شیعرەکانی من بکەیتەوە. لە بۆشاییەك زیاتر هیچی تر نابینی. شوێن ڕێگاوبان و مەنزڵە جیاجیاکانی شیعرە، کە شوێنە خۆشەویستەکانت ون ئەکەیت، زەمانەکانیش کاڵ ئەبنەوە. شوێن هۆگربوونەوەو لەهەمان کاتیشدا سەرچاوەیەکی غوربەتیشە، ئەو گەڕەکەی منداڵیم تێدا بەسەر بردووە هەمیشە لەوێم. تەنانەت ئەگەر ئەو گەڕەکە لە وجودیشدا نەمابێت، لای من هەر ماوە، چونکە چۆتە دنیای یادەوەرییەوە. ئا لێرەوە ئیتر شیعرو ئەدەب کارێك لە شوێندا ئەکات کە کارەکەی مێژوونووس نییە. مێژوونووس لە ڕووکاردا کار ئەکات، بەڵام شاعیر لەو وردەکارییانەی کە چاوی مێژوونووس نایانبینێت. کەسێك نییە چەندین وێستگە یان شوێنی جیاجیای لە ژیاندا نەبووبێ، بەڵام هێزی ئەفسووناوی شوێنیش بە تەنیا لە

خۆیدا نییه وەك ژوورو دارو دیوارو شەقامو كۆڵانو باخچەو خانووەكانی، بەڵكو لەو مرۆڤانەیشدایە كە شوێنەكان بە زیندوویی ڕائەگرن. لەو پەیوەندیانەدایە كە بەهای شوێن گەورەتر ئەكەن. بەغدا بۆ من واتە قۆناغێك لە تەمەنو ڕووناكبیریو تێكەڵاوبوونو ناسیاویو پەیوەندیگرتن. شاخ بۆ من ئەزموونێكی زۆر جیاتر. هەروەها سوید. شوێنە جیاوازەكان شیعری جیاوازیش بەدوای خۆیاندا ئەهێنن، بەلای منەوە یەكێك لەو هۆیانەی لە پشت تازەكردنەوەی شیعرەوەیە، ئەزموونی ژیانە لە شوێنە جیاوازەكاندا. ئەو گۆڕانە پەیوەندی بە گۆڕانی شوێنەوە هەیە. تۆ ئەگەر هەموو ژیانت بە تەنیا لە شارێكدا بەسەر بەریت، مەودای ڕوانینو ئەزموونیشت سنووردار ئەبێت. ئەو ئەزموونەی لە یادەوەریدا شوێنی زۆرتری هەیە لەهەمان كاتدا زەمانی زۆرتریشی هەیە، باڵی زۆرتریشی هەیە بۆ فڕین. شیعری بێ شوێن نییە، وەك چۆن شاعیری بێ ناو نییە. ئێمە لە ژیانی خۆماندا ئەوەندەی چاومان لە شوێنەو پێوەی نووساوین ئەوەندە بیرو هەستمان لای زەمان نییە. بەغداو سلەیمانیو شاخو سوید، ئەو شوێنانەن هەر یەكەو یادگاری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام هەر هەموویشیان لەگەڵ یەكداو پێكەوە وەك پلیكانەی پەیژەیەك وان یەك یەكتری تەواو ئەكەن لە پلەی هونەرێكی نزمەوە بۆ پلەیەكی بەرزترو بەو جۆرە تا سەرئەكەوێ.

***چۆن مۆسیقاو ڕیتم لە شیعرو پەخشانە شیعردا دەستنیشان دەكەیت، ئەو مۆسیقاو ڕیتمانەی لە ئەزموونی نووسینت پێگەیشتووی چین. ئایا دەكرێ مۆسیقاو ڕیتمێكی تەواو جیاواز لەناو شیعری كوردی بە ئەزموونی پڕفەڕو بەرەكەتی خۆت دەستنیشان بكەیت؟**

ـ لە پێش ئەوەی ئەحمەد فەراهیدی بووبێت، شیعر ئەو ئاهەنگانەی خۆی هەبوو كە ئەم لە دواییدا وەزنە عەروزییەكانی لەسەر بنیاتناون. ئەمریكا هەر هەبوو پێش دۆزینەوەیشی، بەڵام كۆڵۆمبس بینییەوە. زمانی مەجاز واتە شیعر، زمان ناتوانێ باڵی نەبێت، باڵ واتە شەقڵی ئیقاع، چونكە ئەمە یەكەم دیاردەی جیاكردنەوەیەتی لەگەڵ قسەدا. خۆ قسەیش هەیە قووڵەو بەمانایەو هونەریشە، بەڵام بۆیە نابێ بە شیعر، چونكە نەبۆتە مۆسیقاو چونكە ڕۆحی هەڵكورماوە، لە

ڕاستیدا شیعرو گۆرانی بەیەکەوە لەدایك بوون، بەڵام شیعرو قسەی ئاسایی بەیەکەوە لەدایك نەبوون. بەلای منەوە شیعر لە باڵندەیەکی فڕیو و پەخشان لە باڵندەیەکی هەڵنیشتوو ئەچێ. ئەمە جیاوازی نێوان شیعرو پەخشانە. خۆ تەیریش بە هەڵنیشتوویی ناشیرین نییە، یان خەوش نییە، یان مردوو نییە، بەڵام ئەوەت لەبیر نەچێ، من مەبەستم لە یەك ڕیتمو مۆسیقا نییە، بۆ نموونە من مەبەستم لەوە نییە، ئاهەنگی شیعرێ لە ژمارەیەکی دیاریکراوی بڕگەدا کۆتایی بێت. من لە ئەزموونی خۆمدا بڕگەی (4+4) یان (3+3) یێم درێژکردۆتەوە بۆ ژمارەیەکی بێ کۆتایی، بۆ ئەو دێڕانەی کە لە ڕاستیدا دێڕە شیعری تەقلیدی نین، حەز ئەکەم تەماشای (دەربەندی پەپوولە)، یان (ڕەنگدان) یان (خاچو مار) بکەیت، بەڵام دەستبەرداری مۆسیقاو ڕیتم نەبووم، چونکە شیعر بێ فڕینو بێباڵ بەیەکدادان لە فەزایەکی بێسنووردا نابێتو ئەبێ بێتەوە سەر ئەرزو ناو هێلانەکەی. تەنانەت لای من لە هەموو بەرهەمەکانمدا جۆرێك لە قافیەیش ئەبینی، بەڵام خۆیان هاتوون، خۆیان دروستبوونو من لەبەر هیچ زەرورەتێکی شیعری دروستم نەکردوون. تەواو وەك ئەوەی کۆمەڵە زنەیەك لە تەنیشت یەکەوە هەڵبقوڵێن، نەك من بێم هەڵقوڵینی دەستکردیان بۆ دروست بکەم. پەخشان لە دەشت ئەچێتو شیعریش لە بەرزیو نزمی نێو شاخو داخ. ئەوە ئەو بەرزیو نزمیو هەڵچوونو داچوونانەیە ئەگەر خەوشێکیش هەبێ ئەیشارنەوە، بەڵام لە دەشتی پەخشاندا بچووکترین خەوش بەدەر ئەکەوێ، بەڵام خۆ ئەوە عەیب نییە تۆ ناوی شیعر لە دەقەکەت نەنێیتو بڵێی پەخشانە یان دەقێکی کراوەیە یان هەر شتێك.

بە لای منەوە هەر ژانرێکی ئەدەبی سروشتی خۆی هەیە. وەك چۆن هەر درەختێ ڕەنگو ڕووو گوڵو باڵاو بەرهەمی خۆی هەیە. دار هەرمێ، دار هەنار نییە. گوڵەباخ، گوڵە ئەرخەوان نییە. گۆم، ڕووبار نییە، بەڵام لە دەستەی یەکەمدا بە هەموویان ئەڵێین درەختو لە دووەمیشدا پێیان ئەڵێین ئاو. لەناو ئەدەبیشدا ئەم تایبەتمەندیو لەهەمان کاتدا گشتگیریە هەیە. لە هەردوو حاڵەتیشدا ئێمە

مەبەستمان لە ئەدەبی بەرزە، جا پەخشان بێ، یان شیعر. نازانم بۆ ئەبێ ئێمە ئەوەمان بەلاوە کەمبێ بنووسین ئەمە پەخشانە یان پەیڤێکی ئەدەبییە، یان پەخشانە شیعرە. ئاخر پێکهاتەی ژن پێکهاتەی پیاو نییە. واتە لە ڕووی جەستەو ڕەهەندەکانی فیسیۆلۆجیەوە جیاوازن، بەڵام هەردوو ڕەگەزەکە مرۆڤن. بەلای منەوە شیعر ژنەو پەخشان پیاوە! هەمیشە جۆرە ناسکیەك و شەفافیەتێك لە شیعردا هەیە کە لە پەخشاندا نین. لە شیعردا مۆسیقای ڕستەکان بە ئاهەنگن، بڕگەکان ئەبنە هەنگاوی ئەو هەڵپەڕینو ئاهەنگانە، ڕیزی وشەکان وەك کەسانی ناو هەڵپەڕکێیەك یەك یەکتری تەواو ئەکەن. ئاخر ئەو وەختەی باس لە وەزنێ یان ئاهەنگێ ئەکەین، پێویستە بنەما هەبن. یان ئوسوڵێك بۆ جیاکردنەوەی هەڵپەڕکێ لە هەڵپەڕکێی ڕەمەکی. من بۆ خۆم ناتوانم بەبێ جۆرێك لەو ئاهەنگانە شیعر بنووسم. کە لەوە دەرچوو ناوی ئەنێم پەخشان. یان پەخشانە شیعر، یان پەیڤێکی شیعری. ئەمە لە بەهای ئەدەبی ئەو بابەتانەی تر کەم ناکاتەوە. بۆ نموونە ئەنووسم: ***هەور ئەزێو لە شەفەقا یاڵی ئەسپێ دەرئەکەوێو ئەستێرەیەك سواری ئەبێو ئەگەنە لام.*** ئەمە شیعرە، چونکە جگە لە زمانەکەی جۆرە ئیقاعێکی تێدایە، بەڵام وەختێ ئەنووسم ***"کە هەورەکە زا لە شەفەقدا یاڵی ئەسپێ دەرکەوتو ئەستێرەیەك سواری بوو گەیشتە لام"*** ئەمە پەخشانەو لە هەردوو نموونەکەیشدا هەڵگری یەك مانان بەشی هەرەزۆری ئەو بەرهەمانەی ئەمڕۆ بڵاوئەبنەوە ئەچنە خانەی پەخشانو پەخشانەشیعرەوە ئەشێ بەشێکیشیان ئەدەبی جوانو داهێنەرانە بن. من هیچ بەرهەمێکی شیعری بێ ئاوازم نەنووسیوە لە کورتەوە بۆ درێژ، بەڵام لەهەمان کاتدا بەرهەمێکی زۆری ترم، وەك پەخشان نووسیووە بەلای خۆمەوە هەندێ لەو پەخشانانە لە هەندێکی ئەو شیعرانە جوانترن. ئەمە جیایە لەگەڵ فەزایەك، کە شیعر دروستی ئەکات. ئێمە زۆرجار لاپەڕەی هەندێ ڕۆمان ئەخوێنینەوە وا ئەزانین لەناو جیهانی شیعرداین. من ئەمە ناو ئەنێم "موتوربە کردن" بە شیعر. یان وەکوو ئەڵێن بە زمانێکی شیعری نووسراوە. شیعری کلاسیکی بەهۆی ئاوازی سوارەوە درێژەی بە تەمەنی خۆیداوەو لەبەرکراوەو دەماودەم وتراوەتەوە، ئەمە ڕاستیەکە پێویستی

به لەسەر وەستان هەیە. چونکە جگە لە هێزی دەربڕینو مانا، ئاوازەکە بۆتە هۆی لەبیرچوونەوەیان. شیعری جوانی تازەی بێ ڕیتمو ئاهەنگ دوای خوێندنەوەی، بیر نامێنێ، ناوتریّتەوە، بەڵێ "گۆرانی"و "شیعر" جمکنو پێکەوە هاتوون. خۆ ئێمە لە هەر ڕوانگەیەکەوە تەماشای شیعر بکەینو بە هەر تیۆرییەك باسی بکەین وەك دەرئەنجام هەر شیعرمان ئەوێ. ڕەنگە ئەم دەرئەنجامەیش لە چەندین شێوازو ستایلدا دەربکەون.

***تەقینەوەو گەشانەوەی شیعر دەکەوێتە سەرەتا، یان ناوەڕاست، یان کۆتایی. زمان لەم تەقینەوەو گەشانەوەیەدا کاریگەریو ڕۆڵی چییە؟**

ـ دەستنیشانکردنی ئەم حاڵەتانە بۆ شیعر گرانە، چونکە هەر قەسیدەیەك پێکهاتەی تایبەتی خۆی هەیە. جگە لەوەی هەر شاعیرەو جۆرە شێوازێکی خۆی هەیە بۆ سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی. ئەوە جگە لەوەی بۆ هەردوو وشەی "تەقینەوە"و "گەشانەوە" پێویستیمان بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە. بە لای منەوە هێزی شیعر لە هەموو جەستەی شیعرەکەدایە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی، چونکە خۆتان ئەزانن یەکێك لە خاسیەتەکانی شیعری تازە ئەوەیە جۆرێك لە یەکێتی بابەتو بینینی سەرتاپایی تێدایە. ئەمە تەواو بە پێچەوانەی شیعری کلاسیکیەوە یان تەقلیدیەوە، کە لەسەر بنەمای (یەکێتی بەیت) بوو. شیعر ئەگەر ڕووبارێك بێ، هەموو شوێنێکی ئەم ڕووبارە بەیەك تەرزو نەزم ناڕوات. نێرینەی ئاو، ڕەنگە شا شەپۆلی ئەوی تێدابێت. لە شیعری کلاسیکیدا، وەك ئەزانن "بیت القصید" هەبوو، یان بەجۆرێکی تر "شابەیتی" شیعر، کە لە شیعری تازەیشدا نەك لە وێنەیەکدا یان لە کۆپلەیەکدا ئەشێ "لە چەندین وێنەی هەڵبژاردەدا" ئەو شەپۆلە بەهێزانە بدۆزینەوە، بەڵام ئەو گریمانەیە هەر ئەمێنێ لە چەند شوێندا ئەو "گەشانەوەیە زیاترو لەبەرچاوترە" بەشی زۆری سەرەتاکان کلیلنو دەرگا ئەکەنەوە، بە لای منەوە "خەملێن" ناکەوێتە سەرەتاوە. سەرەتا بەرەژانە. شیعری تازە شیعری درامایی واتە وردە وردە بەرەو "تەقینەوەو گەشانەوەکە" ئەڕوات تا ئەو شوێنەی دراماکە تووشی بەیەکدادانە گەورەکە ئەبێو دوایی بەرەو خوار ئەبێتەوە. شیعر زمانە، داینەمۆکە ئەوە. لە هەموو هەڵچوونو داچوونێکدا وزەی زمان، ئەبێتە پێوانەی شاعیری بەهێز، یان شاعیری لاواز.

***ئایا هەوڵت داوە لە ماوەیەکی کورتدا لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکی دیکە زمانی نووسینت بگۆڕیت. ئایا ئەم هەوڵە ئارەزوویەکی کاتیو تەنك بووە، یان ئەزموون پێشنیاری کردووەو پێیگەیشتووە؟**

- "گۆڕینی زمانی نووسین" لە ئەزموونەوە دێت، واتە ئەمە کارێك نییە لەسەر بنەمای هەوەسو ئارەزووی کاتی ئەنجام بدرێت. شێوازی نووسین وەختێ ئەگۆڕدرێت بینینەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتبێت لە دوای ئەزموونی دووروودرێژ، شێوازەکەت، ئەبێتە بەشێك لە ڕەنگی چاوتو تۆنی دەنگتو خووە تایبەتییەکانی خۆت. جاری وا هەیە شاعیر تا مردن لەیەك ئەزموونداکار ئەکات، بەڵام هەر جارەو، بە وێناو ڕوانگەی تازەوە. ئەوە گۆڕانە، ئەگەر بشبێت لە ماوەی کورتدا ناکرێ، چونکە ئەو "خۆ هەڵشێلانەوە"یە زەمانی ئەوێت، "هەڵوەشاندنەوەو پێکهێنانەوە"ی ئەوێت. من لە کارە درێژەکانی خۆمدا، ئەم گۆڕینی زمانەم ئەنجام داوە، زمانی "دەربەندی پەپوولە" بەو مانایە هەمان زمانی "ئافات" نییە یان زمانی "داستانی بەردەقارەمان" زمانی "ڕەنگدان" نییە، چونکە جیهانەکانیان گۆڕاون. ئاخر ناکرێ فیلمێکی دە دەقیقەییو فیلمێکی دو سەعاتی یەك زمانیان هەبێ! گۆڕانە لەبەرچاوەکان هەمیشە لە ڕووبەرە گەورەکاندا باشتر دەرئەکەون.

***لە بواری چامەی درێژو دەقی کورتدا چالاکیو داهێنانی شیعریت پێشکەش کردووە. ئایا ئاستەکانی زمانی چامەی درێژ لەگەڵ دەقی کورتدا چین؟!**

- با لە پێشەوە ئەوە بڵێم. شیعر بە کورتیو درێژی نییە. بە دارشتنو شێوازی هونەرێتی، بە زمانو داهێنانە، بە ئەفراندنە. ئەشێ کانیەك وزەی بەخشینی بۆ من لە ڕووبارێ زیاتر بێ، ئەشێ جوانی ژنێکی ڕێبوار لای من زۆرتر بمێنێتەوەو کاریگەریەکەی لە جوانێکی تر بەهێزتر بێو بە سەعاتیش بەرامبەرم دانیشێ. ئەوەی ڕاستیبێ، لە ئەزموونی خۆمدا، وێستگەکانی شیعرم هەمە جۆرن. من لە یەك وێستگەی شیعردا دانەسەکنیوم. هەمیشە لە جووڵەو بزووتندا بووم، کەم یان زۆر، بەڵام بەردەوام خەتەری بەسەرهات لە ڕێگە درێژەکاندایە، چونکە ئەگەرەکان زۆرترن. چامەی درێژیش بۆ شاعیر هەمان شتە، بە مانایەکی تر، ئەمە جۆرێك لە دەسەڵاتی زمانو پشووی درێژو

ئارامو ئەزموونی ئەوێ بۆ ئەوەی چامەیەکی وا بنووسین بخوێنرێتەوەو گوێی لێبگیرێو فڕێنەدرێ. ئەم ئەگەرەیان لە کورتە شیعردا کەمترە، واتە خوێندنەوەو گوێلێگرتنی تەنیا ساتەوەختێکی ئەوێ. زمان لە چامەی درێژدا پێویستی بە ئیشو زەخیرەیەکی زۆر هەیە، بە خەیاڵی چەند لایەنەو ڕەنگین، بە گۆڕینی ڕیتمەکان، بە گۆڕینی وێناو تابلۆکان، چونکە چامەی درێژ واتە چامەی فرەڕەنگیش، واتە فرە ڕەنگیی چامەی درێژ، گێڕانەوەو درامای شیعرییە. لە شیعری سەد دەر سەد پووخت ئەم ڕێگایە نابزوێ. بۆیە پێویستت بە جۆرێك لە هاوکاری چیرۆکە، یان شانۆیە، یان پەخشانە. پێویستت بە زانیارییە جیاجیاکانە. لەبەر ئەوەی تۆ یەك وێستگەو باخچەت نییە، تەنیا بەیەك شەقامدا ناڕۆیت، تەنیا لە یەك پەنجەرەوە تەماشای دەرەوە ناکەیت. ئەمە جگە لەوەی لە چامەی درێژدا ئەشێ لە چەند زەمەنێکدا کار بکەیت، لە ڕێی شەپۆلەکانی هۆشەوە بگەڕێیتەوە، یان لە ڕێی خەونەکانەوە ڕوو لە ئایندە بکەیت. کورتی چامەی درێژ، وەك کورتەشیعر یەك حاڵەتی کورتو بروسکەئاسا ناگرێتەخۆ، فلاشێك نین، یەك سەرسام بوون نییە بە وێنەیەكو تەواو بێت. چامەی درێژ "ماراسۆن"ی شیعرە ئاخر خۆ هەموو یاریزانێکی ڕاکردن قودرەتی ڕاکردنی ماراسۆنیان نییە. شاعیرەکانیش هەروەها. من بە ئەزموونی خۆم لەوە گەیشتووم "چامەی درێژ" بەبێ "زمانی دەوڵەمەند" نانووسرێ، بێ ئاگاداربوون لە دنیای ڕۆمانو چیرۆكو شانۆ نانووسرێ، بێ خولیاو خەمی گەورە نانووسرێ. تۆ ئەگەر نەتوانی لە چامەیەکی درێژدا، زوو زوو پەنجەرەکان بگۆڕی، هەردووسێ لاپەڕە و، ئاڕاستەکان بگۆڕی. ناتوانی نە بەردەوام بیو نە کەسیش بەردەوام بێ لە خوێندنەوەو گوێلێگرتندا.

چامەی درێژ لە ئەزموونی مندا، چامەیەکی سینەماییە واتە بەرجەستەکردنی خەیاڵەکانە بە وێنەو بزواندنی زەینە لە جووڵەیەکەوە بۆ جووڵەیەکی دی. تێکەڵکردنی واقیعو خەونە، بەردەوامبوونی پرسیارە، وروژاندنی هەستو نەستو عەقڵە. زمان لە قەسیدەی درێژدا شێوەی پەلکە ڕەنگینە وەرئەگرێ، نەك هەورە تریشقە. زنە نییە، دەریاچەیە. بەلەمێکی بچووك نییە، کەشتییە. سەفەرێکی کورت نییە، دوورو درێژە. یەك گەمەی شکڵ نییە، چەندین گەمەی جۆراوجۆرە. دیارە ئەوە هەر قودرەتی

خەیاڵیشە لە چامەی درێژدا ئەتوانێ بەردەوام فەزاکان بۆ زمان نوێ بکاتەوە، لە ئاسۆیەکەوە بیگوێزیتەوە بۆ ئاسۆیەکی تر، بەڵام لە شیعری کورتدا، ئێمە لەبەردەم پۆستەرێکداین بۆ یەك ساتەوەخت چاومان ئەقۆزێتەوەو ئیتر هەر ئەوانەیە ڕامان ئەگرێو سەرسامیمان ئەکات، یان تێئەپەڕینو هەر هەمان ساتیش لەبیرمان ئەچێتەوە، فلاشێکەو لێمان ئەدات، یەك حاڵەتە ئەیبینین، کۆمەڵێ وتەیەو بە خێرایی ڕەت ئەبنو بە خێراییش ئەگەنە ئاقارێك، لێدانی زەنگێکە، یان کشانی ئەستێرەیەکە، یاخود دەرکەوتنی کەسێکی چاوەڕوان نەکراوە، یان سەرسامبوونێکە لە بەردەم سیحری زماندا. لە ئەزموونی منیشدا، کەمترین وشەیە بۆ دەربڕینی زۆرترین مانا.

***مانا لە ئاسۆ بنەڕەتییەکانی شیعرەکانی ئێوە، هەمیشە چالاكو ئامادەیە، وای کردووە هونەرەکانی شاعیریەتیت تا ڕادەیەك بە ئاسانی هەست پێبکرێت. ئایا دەتانەوێ ئەوە بەشێك بێت لە پێناسەو ناسنامەی شیعریت؟**

- بۆ وا نەبێ! لە کاتێکدا "مانا" هێشتا لای ئێمە نەك هەر تێر نەکراوە بە ڕوانینی جیاجیا، بەڵکو تازەبەتازە لە سەرەتای درکپێکردنی ڕەهەندە جیاوازەکانیداین. گیروگرفت لەمەدا نییە ئەگەر "مانا" شیعریەتی خۆی بدۆزێتەوە. بەبێ ئەو شیعریەتە مانا لە شیعردا ئەبێ بە بەیاننامە. یان مانشێت، یان لۆجیکێکی وشك، بەلای منەوە ئەو وەختەی مانا ون ئەبێ فۆرمیش ون ئەبێ، بە واتایەکی تر مەبەستمان لە مانا ئەوەیە تۆ پێویستە شتێك بڵێیت، پەسەند یان ناپەسەند، وەرئەگیرێ یان وەرناگیرێ، ئەم مانایە لە شیعردا زۆرجار لە ڕێگەی وێناکردنەوە- مەبەستم ئەزموونی خۆمە- دەرئەکەوێ.

یەکێك لە خەونەکانی ئەدەبی تازەمان بەگشتی، ئەوەیە گەلێ جار خاوەنەکانیان نازانن چی بڵێن یان چۆنی بڵێن. من هۆی ئەم بێ ماناییە بۆ بینینی شڵەژاوو ناڕونی دیدی نووسەر یان شاعیر ئەگێڕمەوە، واتە کە ئەنووسێ هەر لەبەر نووسین ئەنووسێ، نەك بۆچی یان چی ئەنووسێ! بەڵێ من ئەزانم لە "مالارمیە" وە تا بەشێکی زۆری شاعیرانی دنیاش، مانا بەو جۆرەی ئێمە ئەیزانین لای ئەوان نییە، ئەشێ جووڵەو مۆسیقاو سێبەری مانایەك یان هەر شکڵێکی زمان دەرکەوێ، بەڵام من بۆ خۆم بەوە سەرسام نیمو ئەو جۆرە قوتابخانە شکڵیانەشم لا گرنگ نییە. ئەزموونەکان جیاوازن.

شیعر مانایەو هونەریشە، زمان‌و مۆسیقایە. زۆرجار شیعرە ئاسانەکان، گرانەکانن. من بۆ خۆتان ئەزانن لە دنیای "زاکیرە"و بەتایبەتی لەناو ڕەهەندەکانی مێژوودا کار ئەکەم‌و یادەوەری‌و زەمینەیەکی لەو جۆرە جێگای هەڵکەندن‌و کارکردنی منن. بێگومان ئەم ئەزموونە پێویستی بە مانایە، بە جۆرێك لە دەربڕینی هەست‌و نەستە، چونکە فەزاکان بۆ خۆیان مانادارن.

"هونەری شاعیرێتی" لەگەڵ مانادا ناکۆك نییە، بۆ نموونە ئێمە ئەو وەختەی قەسیدەی بەردی هەتاوی "ئۆکتافیۆپاز" ئەخوێنینەوە هونەرەو مانایشە لە بەرزترین شێوەدا، تەنانەت گێڕانەوەی ئەزموون‌و جۆرە گەشتێکی خودی شاعیریشە، بەڵام بەو زمانەی شیعر پێی ئەدوێ. من لە شیعردا بە زمانێکی گران قسە ناکەم. ناوەندێکم دۆزیوەتەوە، کەوتۆتە نێوان ساکاری‌و ئاڵۆزییەوە، نێوان والاکردنی هەموو دەرگاکان‌و داخستنی هەموو دەرگاکان. ڕونتر بڵێم: من نامەوێ پردی نێوان خۆم‌و گوێگرم یان خوێنەرم ببەستم، بەڵام نایشمەوێ ئەوەندە بە ئاسانی بمخوێننەوە ببم بە جۆرێك لە فۆلکلۆر.. نا.. تۆ بڕوانە بەشێکی شیعرەکانی بۆ نموونە (گارسیا لۆرکا) کە تا ئێستەیش بەهاو جوانی‌و کاریگەری خۆیان لەدەست نەداوە، وەك چۆن مۆنالیزا جوانی‌و زەردەخەنە سیحراوییەکەی هەر ئەدرەوشێتەوەو زیندووەو ماوە. لە شیعری ئەویاندا هونەری مانا سادەیەو بەڵام ڕوون‌و قووڵەو لە هونەری دافنشی دا بەهەمان شێوە لە ڕووخساری جوانێکدا مانا ئاشکرایە، بەڵام لەهەمان کاتدا موجیزەیەك خوڵقاوە.

ئەوەی ڕاستیبێ من تا ئێستە چێژو تام‌و تێڕامان‌و خۆشەویستیم بۆ هونەرێکە، جا شیعر بێ یان پەخشان یان شێوەکاری، لە چاومەوە بۆ هەست‌و نەست‌و بیرم، داگیرم بکا، بەجۆرێك تیامدا بمێنێتەوە ڕاگوزەر نەبێ. وەك بروسکەیەك لێمبداو ناخم ڕاتەکێنێ. من ئێستە لەم جۆرە ئەدەبەو لەناو خۆماندا، کەم ئەبینم. بەشی زۆری بەرهەمەکان، لە پۆلە باڵندەیەك ئەچن لەش‌و باڵ‌و دەندوك‌و خوێندنیان، ڕەنگیان وەکو یەکەو لە یەکتر جوێ ناکرێنەوە. ئێمە پێویستمان بە جیاکردنەوەیە، بە هەمەڕەنگییە. هەڵبەتە لە ڕۆژگاری جیاجیادا مانای زەق‌و زوپیش کەوتۆتە ناو کۆمەڵێ لە

شیعرەکانمەوە، بەشێك لەو شیعرانە بوون بە قوربانیی ناو "سەنگەرەکانی ئازادیی"و لە سەردەمێکدا بە هەر شتێك بوایە. دار، بەرد، چەك، وشە. ئەبوایە بەرگریت لە خۆت بکردایە بۆ ئەوەی بژیت، لەم جۆرە دووڕیانە سەختو چارەنووسسازانەدا "زمان"یش واز لە جوانکارییەکانی خۆی ئەهێنێ، چونکە کاتی ئەوەی نابێ لە بەردەمی مەرگدا خەریکی ماکیاجو خۆ ڕازاندنەوەو تیف تیفدانی خۆی بێ. دەنگە هێورو نزمەکان، خەمو مەراقی تاکەکەسی، بە ناچاری کپ ئەبنو ئیتر هاوارو خەمی گەورەتر لە خۆت، بە دەنگی بەرزو مانای زەقەوە دێنە پێشێ. ئێمە سەرەتای سەرهەڵدانی بەهرەمان ڕێکەوتی ناو ئەو زریانانەی کرد. بە خۆشی خۆمان شیعرمان نەبوو، بەڵام ئەوەیش ئەزانم نەوەی ئەم ڕۆژگارە بەئاسانی لەمە ناگات لەبەر هۆیەکی بچووك ئەویش خۆی تیا نەژیاوە، شیعری تیا نەژیاوە، دەستی بەو ئاگرانەدا نەچزاوە، تووشی ڕاکردنو ڕووکردنە نێو شاخو داخ نەبووە، نازانێ سەرکەوتن لە نەبەردێکدا بۆ ئێمە چی ئەگەیاند؟ پاراستنی لوتکەشاخێ مانای چی بوو؟ دەستکەوتنی کتێبێ بۆ خوێندنەوە لە پەنا بەردێکدا چەند گرنگ بوو! چارەنووسی نادیاری کەسە نزیکەکانت، دایکت، ژنت، خوشکت، برات، هەر هەمووی، لەناو قوڕگی نەهەنگێکدا مانای چی بوو؟! لێرەوە ئیتر ماناکان زەقو لە شێوەی چەکێکی سەرشان، یان سروودێکی گەرم، یان بەردە هەسانێکدا بۆ تیژکردنەوەی بەرگرییتو مانەوەت لە پێشی پێشەوەی هەلومەرجەکاندا بوون. شیعری ئەو ڕۆژگارانە ئەبوو مەشخەڵو سروودو هەڵمەت بێتو بە قوڕگی داستان هاوار بکات.

***پێوەندییەکانی نێوان شیعرو ڕەگەزەکانی تری ئەدەبی وەك ڕۆمان، شانۆنامە، پەخشان، چیرۆك... چیە، ئایا لە ئەزموونی خۆت سوودت لێ بینیونو بنیادی شیعریت پێ فرە دەنگ کردوون؟**

- وەك پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزانێکەو خێزانەکەیش ناوی "ئەدەب"ە. ئەم پەیوەندییە ڕوحیە هەموویان بە دایکی زمانو باوکی داهێنانەوە ئەبەستێتەوە. بەستنەوەی ناچاری نا، بەڵکو تێکەڵاوبوونو دەوڵەمەندکردنی هەر ئەزموونێ لەو ئەزموونانە بەجیاو بەسەر یەکیشەوە، بەرفراوانکردنی دنیای ئەفراندن. سنووری جوگرافیای زمانی هەر ڕەگەزێکیش لەو ڕەگەزانە وەختێ

کاڵبوونەوەو شەرتو قەیدەکانیان دەستیان بە ڕەوین دەکرد، کە ئیتر بینینی مرۆڤ بۆ ژیانو هەموو شتەکان لە گۆشەگیریو دەمارگیرییەوە کەوتە نێو فەزایەکی بێ سنوورەوە. بازگەی قەدەغەکان کەم بوونەوە، یان هەڵگیران. زمانی پاوانکاری لە ئەدەبدا بەهایەکی نەما. ئەم پەیوەندییە تازانە لە ئەنجامی پەیوەندییە تازەکانی ژیان خۆیەوە سەریانهەڵدا. هەر ڕەگەزێکیش لەو ڕەگەزانە گۆڕانی بەسەردا هاتو بە شێوە کۆنەکەی جارانیان نەیان ئەتوانی بەردەوام بن.

ڕۆمان هەستی کرد بەو زمانە وشكو مەنتیقیەی خۆی خوێنەر ڕازی ناکات بۆیە لە شیعرەوە وزەیەکی وەرگرت. پێویستی بە بارانەکەی ئەو بوو بۆ پاراوکردنەوەی خۆی. شیعر هەستیکرد نوقمبوون لە خەودا بە تەواوی لە واقیعی دەوروبەرو مرۆڤی دائەبڕێ، بۆیە پێویستی بەوە بوو شتێك لە مەنتیقی چیرۆكو ڕۆمان وەرگرێو بکەوێتە نێوەندێکی واوە کە خەونو واقیع ئاوێتەی یەکتری بکات.

ئەو شێوازی واقعییە سیحرییەی کە ئەمڕۆ باسی ئەکرێ، ئەوە زمانی شیعرە لەناو ڕۆماندا، ئەفسانەی زمانی ئەمە لەناو ئەودا، شیعری دراما قەرزاری فرە دەنگی ناو چیرۆكو جووڵەی بەردەوامی شانۆنامەیە. ئەگەر خەونی شیعرو زمانی چڕوپڕی ئەو نەبوایە، شانۆنامەکانی "چیخۆف" نەئەبوون بە گەورەترین وەرچەرخان لە شانۆی دنیادا. "دەقی کراوە یان والا" کە لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا خەریکە ڕووبەرێکی گەورە لە جیهانی ئەدەبدا بۆ خۆی بگرێت، مانای جەوهەری لەمەدایە کە ئەو تێکەڵاوبوونە لەنێو ئەو ڕەگەزانەدا گەیشتۆتە ئاستێکی نکوڵی لێنەکراو.

من پێموایە شیعری پاشەڕۆژ هەر ئەبێ ڕوولە دەقی والا بکات، چونکە لە دەقێکی والادا هەموو ڕەگەزەکان جیا بەجیا هەن و، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هیچیان نین، ئەشێ بەشێك لە دەقی کراوە، پەخشان بێ، بەشێکی تر شیعر بێو پەرەگرافێك کورتە چیرۆكو دوابەدوای ئەویش دیمەنێکی شانۆنامە، یان هەر هەموو لەناویەکدا بنو جیاکردنەوەیان بۆ نەبێت. هەروەها لە دەقێکی والادا ڕەنگە بکەوێتە ناو دەقی پەخشانەوەو بیبات تا ئەتداتە دەست بناری چیرۆکێكو ئەوسا ئەگاتە ناو شاخو داخەکانی شیعرەوەو بەو جۆرە زمان لە شوێنێکدا ئەبێ بە زمانێکی وەزندارو قافیەدار.

درێژەی ناداتێ و لەولای ترەوە ئەبێتە پەخشانە شیعرێ کە پابەندی هیچ جۆرە وەزن و قافیەیەك نییە.

بە کورتی دەقی کراوە ئەو کەژاوەیەیە، کە هەموو شتەکانی تێدایە. بێگومان هەروەکو پێشتریش ئاماژەم بۆ کردبوو، سوودم لێ بینیون بە تایبەتی لە ڕۆمان و چیرۆکە ڕۆمان بەردەوامبوون و هونەری دیالۆگ و خوێندنەوەی ناخی مرۆڤی فێرکردووم. گۆڕینی خێراخێرای وێستگەکانی تازەبوونی لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر فێرکردووم. لە کورتە چیرۆکدا کۆتایی سەرسامکەر –مەبەستم لەو چیرۆکانەیە کە بە ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو کۆتاییان دێت- کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەو کورتە شیعرانە، کە لە خاڵی داچڵەکینێکدا زەنگێك لێئەدەن و ئەبنە هەوێنی شیعرەکە.

هەروەها لە هونەری شێوەکارییەوە، یان سینەماوە گونجاندنی ڕەنگەکانی ناو زمان لەگەڵ یەکتر داو لەویشیانەوە مۆنتاژکردن فێربووم. سەردەمی تازەو تەکنەلۆجیای تازەیش ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە لێك نزیککردنەوەی ئەو ڕەگەزانەوە لە یەکتر. ئێستا بونیادی شیعر بە تەنیا پشت بە بونیادە تایبەتیەکانی خۆی نابەستێ، بەڵکوو بۆتە بونیادێك هونەرەکانی تریش لە مشت وماڵکردن و زاخاودانەوەو داڕشتنەوەو جوانکارییەکاندا دەوری لەبەرچاو ئەبینن. شیعر قوللەی گۆشەگیرو تەکیەکەی جارانی خۆی بەجێهێشت زمان پێویستی بە ڕەنگ و دەنگ و جووڵەی ناو شانۆو هەموو ئەو ژانرانەیە کە فەزای ڕەنگینترو زەمینەو کێڵگەی بەپیتتر دەکەن.

***تەوژم و جووڵانەوەو ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی وەك: دادائی، سوریالی، وجوودی، ئایندەخوازی، ڕۆمانسی، هەستی، واقیعی جادوویی... وەك تاڵە دەزوویەکی باریك دێنە ناو شیعرەکانت و دەمێننەوەو بزر نابن. کەچی هیچیشیانت بە تەواوی وەرنەگرتووە. ناوەندێکی گونجاندنی سەرسوڕهێنەر لە هەیکەلی شاعیریەتیت پاتتاییەکن بۆ بەدواداچوون و بیرکردنەوە. لە تەوژم و جووڵانەوەو ڕێبازە شیعرییەکان دەچیتەوە سەر کامیان؟**

ـ شاعیر بریتییە لە بەهرەو خوێندنەوەو ئەزمون. هیچ شاعیرێ نییەو نەبووە لە دنیادا بە تەنیا خۆی خۆی خوڵقاندبێ. ئەگەر خوێندنەوە نەبێ، نووسینی لە شوێنێکدا ئەوەستێت، ئاوی ژیانی نایەتە سەرو وشك ئەبێتەوە. ئەزموونیش

قاڵبوونو ڕاهاتنو پەند وەرگرتنو فێربوون لەوانی ترەوە، لەسەدا حەفتا زیاتری وزەی نووسینی هەموو نووسەرو شاعیرێ لەو گەنجینانەوە دێت کە هی عەقڵو ئەزموونو بەرهەمی هونەرمەندانی ترن. ئەگەر دنیای ڕۆمانسییەکان نەبوایە دنیای سورپالییەکان نەئەبوو. ئەگەر (عەزراپاوەند) نەبوایە (ئیلیەت) نەئەبوو. ئەوە (مەولەوی)و (پیرەمێرد)ن لە پشت (گۆران)ەوە ئەیانبینین. ئەوە (حاجی قادری کۆیی)یە لە پشت (بێکەس)ەوە ئەیبینین. بەڵێ ئەشێ لە نێو بەرهەمەکانی منیشدا لێرەو لەوێ چاوت بە وێنە سورپالییەکان بکەوێ، یان ڕووبەڕووی سرووشتی ڕۆمانسییەکان ببیتەوە، ئەمە ئاساییە، چونکە شاعیری بێ پاشخان نییە. بەڵێ ئەو تیلماسکانە هەن، بەڵام هیچ کامێکیان دایان نەپۆشیومو نەیانکردووم بە سێبەری خۆیان. من ڕوخساری شیعری سەرەتام بە تایبەتی لە دیوانەکانی (تریفەی هەڵبەست)، (کەژاوەی گریان)دا لە "گۆران"ەوە نزیکبوون. زمانی شیعرم زمانی ناو فەرهەنگی ئەو بوو. لە کۆمەڵێ قەسیدەی "من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ"و لەو فەرهەنگو زمانو وشانە جیابوومەوەو لە قەسیدەی (کۆچ)ەوە ئیتر بە تەواوی بووم بە خۆم لە دیوانی "کازیوە"وە ڕێگام دۆزیەوە. لە چیرۆکە شیعرەکانی "ڕووبار"ەوە مەودای ڕوانینی تازەترم بۆ ئەزموونەکەم زیاد کرد. لە "دەربەندی پەپوولە"و بەدواوەو تا ئێستا خاوەنی چەندین ڕووبارە شیعرم. تۆ ئەوەیشت لەبیر نەچێ هەموو تەوژمو جووڵانەوەو ڕێبازە جۆراوجۆرەکان، شاعیرانو ئەفراندن دروستیانکردوونو دواتر پەرەیان سەندووە.

بەڕاستی شاعیری تەواو لە هەموو دنیادا ئەو شاعیرانەن کە تەوژمو شەپۆلەکان بەریان ئەکەون لێیان ئەدەن، بەڵام نایانبەن، چونکە خۆیان بوونەتە تەوژمو شەپۆلو هەر خۆشیان بوونەتە کەناریان. بەڵێ ئەو تێکەڵییە لە هەمووماندا هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە نەبین بە هیچ کامیان. بەمجۆرە من ناچمەوە سەر هیچ ڕێبازێکی دیاریان، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕۆحی هەمووشیانم تێدایە.

***هەندێك شیعریان بۆ شیعری (چێژ)و شیعری (ڕوئیا)و شیعری (مەعریفی) دابەشکردووە. ئایا (بەهرە) لەم دابەشکردنە، ڕۆڵی چییە؟**

ـ ئەتوانی زنجیرەیەك لەم دابەشكردنانە بنووسیت: شیعری دەروونی، شیعری شكلانی، شیعری سیاسی، شیعری وجودی، شیعری ڕۆژانە، ...هتد، بەلاّم ناتوانیت بلّێیت "شیعری بێ شیعر"، چونكە سیفەتەكان هەرچییەك بن با بن، بەلاّم وەك دەرئەنجام مەسەلە جەوهەرییەكە ئەوەیە "شیعرن، یان شیعر نین" كێشەكە لەوەدا نییە شیعرەكە بۆچی نووسراوە، بەڵكو لەوەدایە چۆن نووسراوە. ئەشێ هەر لەیەك قەسیدەدا "چێژ"یش‌و "ڕوئیا"یش‌و "مەعریفە"یش كۆبووبێتەوە. بۆ نموونە من لە "وێرانە خاك"ی ئیلیەتدا هەموو ئەو خاسیەتانە ئەبینم. بەهرەی بناغەكەیە، یان سەلیقە سروشتییەكەیە. یان نەهێنییەكی ناو پێكهاتەی مرۆڤە. بەهرە وەكو دەنگخۆشیەكە لە مندا هەیەو لە تۆدا نییە، بەلاّم پرسیارەكە لێرەدا كۆتایی نایەت، چونكە دەنگخۆش لەدوای ئەم بەهرەیەوە پێویستی بە پەروەردەكردنی دەنگەكەو فێربوونی مۆسیقاو ئەدای چاك هەیە، ئەگەرنا، ئەو دەنگە ئەكەوێ، با خۆشیش بێ. بەهرە تا بەشێكی ڕێگەكە لەگەڵیایە ئەویتری بۆ چەندین هۆو هۆكاری دیكە بەجێئەمێنێ كە تۆ خۆت خوڵقێنەری بۆ ئەوەی ئەنجامی ئەدەیت یان نایدەیت.

ڕوتتر بڵێم بەهرە سروشت یان خودایەك بە تۆی بەخشیوەو نەیداوە بە هەموو كەس، ئەمە تۆ خۆت هەڵت نەبژاردووە، بەلاّم لە دوای ئەم بەخشینەوە چی لە بەهرەكەت ئەكەیت، چۆن ئەیپارێزی، چۆن گەشەی پێئەدەیت، چۆن گەورەی ئەكەیت؟! ئەمە لای خۆتە نە لە لای سروشتەو نە لە لای خودایەك. بەهرە زەمینەیە، بەلاّم ئەوەی لە زەمینەكەدا ئەیكەیت چین‌و چۆنن؟ بەهرە دەوری لەم دابەشكردنانەدا نییە، ئەوە بە شێوەیەكی گشتی، "بەهرەیە بۆ شیعر" نەك بۆ خانەیەكی شیعر، یان یەك نموونەی دیاریكراوی دیاریكردنەكان، ڕەنگرێژیەكان، ئەو خانووو باخچەو هەوارانەی كە تۆ لەسەر زەوی بەهرە دروستیان ئەكەیت پەیوەندییان بە ڕووناكبیری‌و ئەزموونی خۆتەوە هەیە.

***نزیككردنەوەیەكی شیعر لە پەخشان دەبیندرێت، ئەو بنەما ئەدەبییانەی كە شیعر لە پەخشان جیا دەكاتەوە، كامانەن. ئایا ئەو شیعرەی لە پەخشان نزیككراوەتەوە دەتوانێت لەسەر ستوونی شیعری پەتی بووەستێت؟**

ـ پێموایە لە پرسیارێکی پێشووتردا هەندێ ئاماژەم بەم دیاردەیە کردبوو. ئێستا "شیعری پەخشان" خەریکە ئەبێتە شێوازی زاڵی ئەم سەردەمە. واتە ئەو پەخشانە شیعرانەی خۆیان بە هیچ مەرجو تاریفێکی "عەروزیو تەفعیل"ەوە نەبەستۆتەوەو لە فەزایەکی ڕەهاداندو "زمان"یش لە ئەسپی بێ جڵەو ئەچێ! من بۆ خۆم پێموایە ئەوەی شیعر لە پەخشان جیا ئەکاتەوە ئەمانەن:

**یەکەم:** مۆسیقاو ڕیتمی بڕگەو ڕیتمەکان.

**دووەم:** مەنتیقی عەقڵی لە پەخشاندا بە ئەندازەیەك زۆرترە وەك لە شیعر.

**سێیەم:** شەفافیەت لە شیعردا لە خەونو لە پەخشاندا لە بێ ئاگابوونەوە ئەچێت.

**چوارەم:** لەبەر ڕۆشنایی یەکەمدا شیعر ئەبێتە گۆرانیو لەبەر ئەکرێو ئەوترێتەوە، بەڵام پەخشان نا.

**پێنجەم:** پەخشان لە گشتگیرییەوە نزیکترە، بەڵام شیعر لە تایبەتمەندییەوە.

ڕەنگە ئەم خاڵانە جێی مشتومڕ بنو هەموومان لەسەری ڕێکنەکەوین، یان سنووری تر هەبن. یان لای هەندێك جیاوازییەك نەبێت، بەڵام بەلای منەوە دوو هەڵقوڵینن یەکێکیان لە شێوەی قەڵبەزەو فوارەداو ئەویتریان لە شێوەی بڵاوبوونەوەیەکی بێ تخووبدا. دیارە لە هەردوو نموونەکەدا جوانیی ئەبینینو هەست بزوێنییان تێدایە.

***ئیلتیزام لە ئەدەبدا چ ئاستو ئاراستەیەك وەردەگرێت، لە ئەزموونی شیعریتدا ئیلتیزامێکی پتەوت بە بیروباوەڕی سەربەخۆییو ئازادی مرۆڤی کوردو کوردایەتی بێگەردەوە هەبووە، هۆیەك بووی بۆ جۆشدان. ئایا شۆڕشی کورد چەند بەو ئیلتیزامەی زانیوەو کاری پێکردووە، لە کاتێکدا ئیلتیزامکردن بە شتێکەوە پێویستە بەرامبەر بەو ئیلتیزامە بزانێتو سوودی لێ ببینێت؟**

ـ ئەوانەی هەموو ئیلتیزامێکیش ڕەت ئەکەنەوە، دواجار هەر ئیلتزامیان بەو زمانەوە هەیە کە پێی ئەنووسن، ئیلتیزامیان بە ناوی خۆیانەوە هەیە کە لە سەروو بەرهەمەکانیانەوە ئەینووسن. ئیلتیزامیان بە کۆمەڵێ بەهاوە هەیە یان

تەنانەت ئیلتیزامیان بەبێ ئیلتزامیەوە هەیە. ژیان لە ئیلتیزام بەتاڵ ناکرێتەوە، چونکە هەموو پەیوەندیەك لە ژوورەکانی خۆمانەوە بۆ دەرەوەی خۆمان بۆ پەیوەندی ڕۆژانەمان لەگەڵ ئەوانیتردا هەر پەیوەنداری ئەگەیەنێ. مادام لە ژیانداین هەریەکەمان مولتەزیمە بە کۆمەڵێ نەریتەوە، پێشکەوتوو یان دواکەوتوو، ئایینی یان نا ئایینی، ئایدیۆلۆژی یان نا ئایدیۆلۆژی. ئەوانەی هەر هیچ ئیلتیزامیان نییە مردووەکانی سەر قەبرانن، بەڵام ئەم ئیلتیزامە لە ئەدەبدا چۆن! هەر کاتێ ئەم ئیلتیزامە شێوەی ئیلزامی وەرگرت ئەدەبەکە ئەبێتە ئەدەبی زۆرو سوخرەکێشی. ئەم جۆرە ئیلتیزامە ئەگەر لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیەتێکدا، یان حزبێکدا بێ، کە بە فەرمانکردن بەڕێوە بچێ و لەسەر بنەمای "داواکردن"و دوایی "جێبەجێکردن" بێتە کایەوە، ئەوە بەلای منەوە ئەدەبی وەزیفەیە. بە سروشتی لەدایك نابێ و بە عەمەلیەتێکی "قەیسەری ئاسا" بە وجود دێت، بەڵام ئەگەر خودی شاعیرو سەری خۆی و دڵی خۆی سەرچاوەکان بن. من بۆ خۆم ئەو ئەدەبە بە ئەدەبێکی سروشتی ئەزانم ئینجا دوای ئەوە ئەشێ باس لەوە بکەین شیعرە، یان نا. ئەدەبە، یان نا.

لە لایەکی تریشەوە ئیلتزامکردن هەیە بە مەسەلەوە. مەبەستم لە مەسەلە ئەوەیە چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژی نییە، وەك ئەوەی ئیلتیزاممان بە ئازادییەوە هەبێت یان بە خاك و وڵاتێکەوە کە لە هەردوو حاڵدا ئەمانە لە سەروو سەقفێکی دیاریکراوی حزبی و ئایدیۆلۆژیەوەن. بۆ نموونە لە شەڕی دووەمی جیهانیدا زۆربەی زۆری شاعیران و نووسەرانی فەڕەنسا لە سوریالییەکانەوە بۆ مارکسییەکان شاعیرو نووسەری موقاوەمەت بوون دژی نازیە داگیرکەرەکان. چ بریتۆن و چ ئاراگۆن و چ سارتەرو چ کامۆ، ئەمانە هەموویان، ئیلتیزامیان بە "ئازادی"و بە "فەڕەنسا"وە هەبوو. ئیلتیزام بە مرۆڤایەتییەوە. بە جوانییەوە بۆ ئەوەی نەکوژرێ. ئیلتیزام بە دارستانەوە بۆ ئەوەی نەسووتێنرێ. ئەتوانی ئەم نموونەیە بچووك بکەیتەوە بۆ شیعری من بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی (1980ـ 1990) کە زۆربەی زۆری شیعرەکانی "کەشکۆڵی پێشمەرگە"م تیا نووسیوە.

بەڵێ ئەو شیعرانە بۆ جۆشدانن تا مرۆڤ لە ئاست سەربڕینی میللەتێکدا دەستەوەستان نەبن. ئەو دەمە تاریکستانێ بوو چاو چاوی تیا نەئەبینی ئێمەومانان هەندێ مۆمی شیعرمان تیا هەڵکرد. نەئەکرا دەست بە کڵاوی خۆمانەوە بگرین لە کاتێکدا شیعریان لە چاوی منداڵو خۆشەویستیدا ئەکوشت، بەڵێ ئەو شیعرانە لە ڕۆژگاری شۆڕشدا چ لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولو چ تازەیشدا "بریتی بوون لە کۆمەڵێ وشە بۆ ئەوەی گوڕو تینێك بدەن بە گیانی ئەوانەی دەستەو یەخە لەگەڵ مردندا ئەجەنگان". من ئەو شیعرانەم بۆ ئەوە نەئەنووسی تا شۆڕشی کورد بەوە بزانێت، یان نەزانێت. من سروودم ئەخوێندو لە پێش هەموو کەسێکیشدا بۆ خۆمو ئینجا بۆ ئەوانی تریش. هەبووە پێی زانیوەو هەشبووە پێی نەزانیووە. زەمانەکە سەختو دژوار بوو. من هەر قەڵەمم هەبوو. پیاوی ناو سەنگەر نەبوومو تا ئێستەیش نازانم تفەنگ چۆن ئەتەقێنرێ، بەڵام بە بەرچاوی خۆمەوە ئاگریان لە گوندو مەزراو منداڵو ژنو دنیا بەرئەدا. ئاخر منیش ئەبوو شتێك بکەم. ئەوەی بەمن ئەکرا وتنی ئەو شیعرانە بوون، کە کوورەی موقاوەمەتەکەیان دائەگیرساند. من دەسرۆکەیەکی ئەو کوورەیەم لابوو بۆ جۆشدانو هیچی تر. ڕەنگە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو، کە ئەو ڕۆژگارانەی نەدیوە. یان شاعیرێکی لاو کە چاوی بەو کارەساتانە نەکەوتووە، لە ئێستەدا پێکەنینیان بەو شیعرانە بێت، ئەشێت، بەڵام ئەو شیعرانە لە کۆڵە پشتی هەزاران پێشمەرگەدا بوون. ویردی سەر زمانیان بوون بە قەد مەتارەکانی لاقەدیان خۆشیان ئەویستن، چونکە بەشێك بوون لە هەستو نەستو گریانو پێکەنینی ئەو ڕۆژگارانەیان. من ئەزانم ئەوانە شیعری حەماسئامێز بوون، دەمامکێکی هونەریان نەبوو، بەڵام لەو کاتانەدا ئەوە عەشق بوونو ئەسووتان. برین بوونو خوێنیان لەبەر ئەڕۆیشت.

شیعر سوودێکی ڕاستەوخۆی دیاریکراوی نییە. ئەو لە دەرووندا گەرای خۆی دائەنێت. بۆ ئەو شیعرانەیش ورەیەکی تری ڕۆژی تەنگانەیە ناهێڵێ ئاگرەکە سارد بێتەوە. ئەوەی لەو کاتانەدا لای من بە پلەی یەکەم ئەهات، چۆن بگەنە

دەستی جەنگاوەرانی ئازادیو بیخوێننەوەو دەستاو دەستو دەماودەم بکەن، من لەو سەردەمانەدا، ئیلتیزامم بەو خوێنو دووکەڵو فرمێسکانەوە هەبوو کە لە جەستەی کوردێکی هەژارەوە فیچقەی ئەکردو یان لە چاوی دایکی قوربانییەکەوە هۆن هۆن ئەڕژا.

***لە شیعری نوێدا کورتبڕی لە وشەو چڕبوونەوەی وێنەو جۆرێك پێوەندی لە نێوان شیعرو شێوەکاریدا هەیە. شیعر لە وەسفو شتی زیادەڕۆیی خۆی بە دوورگرتووە. بە هەمان شێوە، شێوەکاریش گەیشتووە بە چڕکردنەوە لە ڕۆشنایی، لەم بارەیەوە ڕوانینت چۆنە؟**

ـ ئەمە لە سەرێکەوە ڕاستەو لە سەرێکی دیکەوە نە ء چونکە نابێ، شیعری نوێ بە تەنیا ئەو دیوەی هەبێت. یان هونەر بە گشتی بۆ کورتبوونەوەو چڕبوونەوە، یان هەناسە درێژی بگەڕێنینەوە. هەردوو حاڵەتەکە هەیە، هەردوو ڕێگەکان هەر هەن کورتو درێژیش، چڕبوونەوەو پەلهاویشتنیش. سەبارەت بە هونەری شێوەکاریو شیعر، ئەمەوێ بەر لەوەی پەیوەندییەکانیان باس بکەم ئەوە بڵێم هونەری شێوەکاری هونەری بینینە، واتە ئەو وەختەی چاو ئامادەیی نییە هونەری شێوەکاری ونە، بەڵام شیعر با چاو ئامادەبوونیشی نەبێت شیعر لە ڕێی گوێیەوە حازرە، بەم پێیە ئەویان هونەری بینینو ئەمەیان هونەری بیستنە، بەڵام هەمیشە لە نێوان چاوو گوێدا پەیوەندیەکی دینامیکی هەبووە ئەم پەیوەندییە خۆی لە ڕێی دەنگو ڕەنگەوە دەرخستووە. زمان ئەتوانێ لە ڕێی وێناکردنەوە تابلۆیەك لەناو خۆیدا بنەخشێنێ بەو جۆرەی وێنەکێشێ ئەیکێشێ لە ڕێی گوێشەوە یان خوێندنەوە ئەم تابلۆیە بگوێزرێتەوە بۆ ناو زەینی گوێگرو خوێنەر، هونەری شێوەکاریش ئەتوانێ وێنەیەکی ناو زمان، یان جووڵانەوەیەکی، یان خەونێکی لە ڕێی ڕەنگەوە بگوێزێتەوە بۆ ناو تابلۆیەك. کەواتە ئەتوانین بڵێین ڕەنگ، هێڵ، بۆشایی، ڕووناکیی زمانێکی بینراون لە دنیای تابلۆدا، یان بە پێچەوانەوە، زمان، پیتەکانو وشەکانو ڕستەکان تابلۆیەکی بیستراون لەناو شیعردا. تابلۆی شیعری لەلای وێنەکێشێ ڕەهەندێکی نییە واتە ئەو خەونو زمانی مەجاز بە ڕەنگ ئەکێشێ. سنورەکانی نابینرێنو بەدەیان مەودا ئەگرنە

خۆ. تابلۆی هونەری شێوەکاری لە تازەگەریدا سوودی زۆری لە شیعرو دنیای شیعر بینیوە واتە لەگەڵ سەرهەڵدانی شیعری تازەدا ڕەهەندو ماناو ڕەنگەکانی هونەری شێوەکاریش گۆڕانیان بەسەردا هات. یان بە پێچەوانەوە شیعریش هونەری شێوەکاری لە ئاستە بەرزەکانیدا کرد بە سەرچاوەیەکی زیندوو بۆ خۆی. چڕبوونەوە بە تەنیا لە کورتکردنەوەدا نین ئەشێ شیعرێ کورتیش بێ و، بەڵام چڕوپڕ نەبێ. هەروەها درێژبوونەوەیش بە مانای پێچەوانەی چڕبوونەوە نایەت. بۆ نموونە دەیان قەسیدەی درێژ هەیە، بەڵام چڕوپڕیشە. هەڵبەت ئەم حاڵەتەی دواییان دەگمەنە یان کەم دەسەڵات هەیە ئەو سیحرە بەردەوامەی تێدابێ، لەبەر ئەوەی شیعری پوختەو درێژیش لەهەمان کاتدا، ئەگەری داڕووخانی زیاتر لەبەر دەمەوەیە، وەڕسبوون، خۆ نەگۆڕین، دووبارە بوونەوە، بەڵام لە شیعری کورتدا ئەگەر چڕوپڕ بن، ئەم ئەگەرانە کەمترن. کەواتە ئێمە لەبەردەم وشەو ڕەنگداین، پەیوەندیەکە پەیوەندی نێوان وشەو ڕەنگە. فەرهەنگی ڕەنگەکان کەم نین، بەڵام فەرهەنگی وشەکان زۆرترن. ئەو وەختەی زمان ئەڵێ سپی یان ئەنووسێ سپی سپێتییەکە بەچاو نابینین، بەڵام لە شێوەی شتە سپییەکاندا دێنە بەرچاومان، بەڵام لە سروشتەو لە هونەری شێوەکاریدا ڕاستەوخۆ سپێتیەکە ئەبینین.

بێگومان هەموو ئاقارە هونەرییەکان خۆیان لە زمانە زیادو ڕەنگە زیادو دەنگە زیادەکان دوور ئەخەنەوە. دەستە دوورو درێژەکان لە شیعردا وەك زمان ماندوو ئەکەن‌و ئەکەونە ناو لاڕێ‌و توون‌و توونێکەوە، کە هیچ شتێ بە دوای خۆیاندا ناهێنن، لەهەمان کاتدا ئەبنە هۆی بێزارکردنی خوێنەرو گوێگر. هەروەها لە هونەری شێوەکاریشدا هەمان خۆپوختکردنەوەو چڕبوونەوە هەیە، ئەشێ تەنیا ڕەنگێك ببێتە چەندین ڕەهەند لە تابلۆیەکدا. بە کورتی ڕۆژی سیخناخبوونی ڕەنگ‌و زمان‌و درێژدادڕی‌و وەسفی ناپێویست بەسەرچووە.

*ژیانی یێکەس لە ئەزموونت ئامادەبوونێکی دیارو تایبەتی هەیە، زۆر دووبارە دەبێتەوە. لە هەندێك دەقدا وەك ژیاننامە دەمێنێتەوەو نابێت بە وێنەی شیعریی. ئایا وەك گەورەیی باوك دەیهێڵێتەوە، یان حاڵەتەکە وات لێدەکات بەجێیبێڵیت‌و نەیگەیەنیتە ئاستی وێنەی پڕ بزاوت؟

ـ وایە، چ (بێکەس)و چ (شەفیقەی) دایکم لە شیعرەکانی دە ساڵی ڕابوردوودا زوو زوو دێنەوە لام، بەڵام هاتنەوەکان چوونیەك نین. هەر جارەو بە شێوەیەك، هەر شێوەیەکیش بۆ خۆی زمانێکی جیای هەیە. بۆ نموونە لە شیعری (27) جاردا (بێکەس) لە شێوەی هەڵۆیەکی سپیو ئەدمۆنس لە شێوەی جرجێکی ڕەشدا دەرئەکەونەوە، بەڵام لە خاچو ماردا بێکەس وەك خۆی چۆن بووە بەو جۆرە دێتەوە. هەر قەسیدەیەك کەشو ئاوو هەوای خۆی هەیە، خاچو مار ژیاننامەیەکی شیعری بە گێڕانەوەیە، چیرۆکە شیعرە، ئەم فۆڕمە ئەو وێنەیەی ئەوێ، بەڵام تۆ ئەگەر بە وردی تەماشای ئەو ژیاننامەیە بکەیت (بێکەس) تێکەڵ بە سروشت ئەبێتەوە. یان جێی کۆمەڵێ سومبۆڵ ئەگرێتەوە. لێرەدا نەچوومەتە ناو زمانێکی تەجریدییەوە، واقیع خۆی هاتۆتەوە بەو شێوەیەی بێکەسی تێدابووە، چونکە من شیعری پوختم نەنووسیوە. لە ئەفسانەیەك نەدواوم، ژیانو بەسەرهاتی مرۆڤێك باس ئەکەم، بەڵام مەبەستم بووە نەبێتە پەخشانێکی ڕووت. وەك بێتەوە بیرم لە کورتە شیعرێکی کورتدا (بێکەس) لە ئێوارەی شەشی ئەیلولی هەموو ساڵێکدا دێتەوەماڵەوە، بەڵام لەگەڵ پەڵە خوێنێکدا دێتەوە. بەڕاستی ئەگەر خوێنەرێ ئاگای لەوە نەبێ کە بێکەس سەرکردەی ڕاپەڕینی شەشی ئەیلول بوو، لە سلێمانیو لەو ڕاپەڕینەدا بریندار بووەو گیراوە. هیچ جۆرە چێژێکی شیعرەکە ناکات. ئاخر ژیاننامەیەك مێژوونووسێ یان ئەدیبێ بە نووسینی ئاسایی بینووسێ جیایە لەو ژیاننامەیەی شیعری بێو لەم حاڵەتەیشدا مەحاڵە بێ وێنەی شیعری بێت. من ئێستا دەقەکەم لە دەستدا نییە ئەگینا بێکەس بووە بە دەیان وێنەی شیعری. تۆ بۆ خۆشت ئەزانی شیعری من بە کورتو درێژەوە ئەگەر وێنەکانیان لێدەربێنی هیچی وایان تێدا نامێنێتەوە. وێنەی پڕ بزاوت ڕەنگە لای تۆ بە جۆرێكو لای من بە جۆرێکی تر تەفسیر بکەین.

***شاعیرانی هەفتایەکانو هەشتایەکان خۆیان بە دوور گرتووە لە بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەی بێگانە. ئەمە یەك لە کارە جوانەکانی نووسینە، کەچی لاوانی ئەم دواییە زۆر پەنا دەبەنە بەر وشەی بێگانە، لەوانەشە ئەم وشانە هیچ کارلێککردنێکی گیانی لەگەڵیدا نەکردبێت تەنیا وەك لاساییکردنەوەیەکی بێ بنەما بەکاری بهێنێت. دەکرێت لەسەر ئەم دیاردە ناشیرینە قسەت هەبێت؟**

ـ زمانی نووسین زمانی قسەکردنی ئاسایی نییە. ئینجا هەموومان ڕۆژانە لە کاتی ئاخاوتندا دەیان وشەی عەرەبی بەکار ئەهێنین، بەڵام ئەو کاتانەی ئەنووسین بە زمانی ئەدەبی ئەنووسین. مێژووی زمان ئەمەی دواییان ئەبێتە بەڵگەی بوونو مانەوەی. هەر ئەمەیشە جیاوازی نێوان نووسەرو شاعیرێ لەگەڵ کەسێکی ئاساییدا. ئەو زمانەی ئێستا ئێمە پێی ئەنووسین، شێوەی کرمانجی خواروو، لە سەردەمی نالیو سالمو مستەفا بەگی کوردییەوە چۆتە سەر کاغەزو بووە بە شێوە زمانێ کە ئەتوانم بڵێم خاوەنی گەورەترین کتێبخانەو پاشخانی ڕووناکبیرییە بە بەراورد لەگەڵ شێوەکانی تردا، بەڵام ئەم زمانە هەر لە خۆوە نەگەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئەمڕۆی. سەرەڕای ئەوەی ئەم زمانە دەوڵەتێ نەیپاراستووە. خزمەتی نەکردووە، بەڵام بەهۆی ڕووناکبیرە پێشەنگەکانیەوە، لە ئەنجامی ئەو هەموو ڕەنجو ماندووبوونانەی نەوەکانی پێش ئێمەوە، هەنگاو بە هەنگاو چۆتە پێشێ، بەڵام گرانو زەحمەت وەك ئەوەی لە شاخێکی ئاسندا ڕێگەیان کردبێتەوە. ئەو پێشەنگانە گەورەبوونو ئێمە هەموومان قەرزاری ئەوانین.

با مەسەلەکە باشتر ڕوونبکەمەوە. لەسەردەمی حوکمداری (شێخ مەحمودی حەفید)دا. لە ڕۆژنامەکانی ئەو وەختەدا "ڕۆژی کورد"، "بانگی هەق"، "ئومێدی ئیستقلال" تەماشای زمانی کوردی بکە. تێکەڵەیەکی سەیر ئەبینی لە زمانێك کە بەشی زۆری وشەکانی عەرەبیو تورکیو فارسین. خۆتان ئەتوانن تەماشای ئەو لاپەڕانە بکەن. کەچی هەر لە دوای نزیکەی بیست ساڵ، کە بۆ پاکژکردنەوەی زمانو پوختکردنی زۆر نییە، وەرەو تەماشای گۆڤاری گەلاوێژ بکە. وەك موجیزەیەك ڕوویدابێ وایە. زمانێکی ئەدەبی نووسین هاتۆتە کایەوە کە بە ڕاستی پێویستە مرۆڤ لە بەردەمیدا کڕنوش بەرێ. ئاخر لە ماوەی بیست ساڵدا ئەم گەشەکردنو پێشکەوتنە چۆن ڕوویدا. فەرموو ئەوە گۆرانو ئیبراهیم ئەحمەدو هەردیو ع. ح. بو دیلانو کامەران موکریو محەمەد مەولوود مەمو موحەڕەم محەمەد ئەمینو زۆری تریش لە پەنجاکانداو تەماشای بەرهەمەکانیان بکە. مەبەستم لە زمانیانە. هەوڵیانداوە کەمترین گیاکەڵەی وشەی بیانی تێبکەوێو

ئینجا هەڵکشێ بۆ حەفتاکانو هەشتاکان هەمان بەردەوامبوون لە پاکژکردنەوەدا هەبووە. ئەمە بە مانای هەستکردن بە لێپرسینەوەیەکی مێژوویی و ئەخلاقی دێت. هەستکردن بەوەی زمان ڕۆحی بوونی تۆیە: بەڵام ئەوەی هەست بەم بەرپرسە ناکات، بە تایبەتی لەم قۆناغەی ئێستاداو لەناو لاوەکاندا مانای وایە ئەوانە ڕابوردووی جوانی خۆیان، کۆششی دەیان ساڵی پێشەنگەکانی ئەم تازەکردنەوەیە لە زمانی کوردیدا، بەر شەق ئەدەن. ئەو شاعیرەی بە تەنگ زمانی پوختو جوانی کوردیەوە نەبێت، چۆن بە تەنگ داهێنانو ئەفراندنەوە ئەبێت!. ئەو شاعیرەی لە جێی وشەیەکی کوردی کە هەبن وشەیەکی فارسی یان عەرەبی دابنێ لەوە ئەچێ مینێك لە زمانی کوردیدا بچێنێ. من لێرەدا بێئاگانیم لەوەی کاریگەری زمانی نەتەوە باڵادەستەکان لە کوردستاندا لەسەر زمانی کوردی چەندە! من ئەزانم هەندێ وشە هەن جێگرەکەی لە زمانی ئێمەدا تا ئێستە نینو بەکارهێنانیان خەوشی تێدا نییە. ئەزانم زمانێك نییە لەم دنیایەدا سەد دەر سەد پاکبێ، بەڵام ناکرێ تۆ پاچێ بگری بەدەستەوەو بونیادەکانی زمانی کوردی بڕووخێنی لە شیعرێکدا بنووسی: حەقیقەتو مەحەبەتو مەجهولو مەغریبو لەحنو ئینشاو لقاء و زۆر وشەی تریش. ئەمە چییە. ئەمە گەڕانەوەیەکی زەقە بۆ دوای دواوە. ئەمە کۆنخوازییە نەك نوێخوازی. ئەمە گەمە کردنێکی پیسو پۆخڵە! من کە ئەو جۆرە شیعرانە ئەخوێنمەوە دڵم تێکەڵدێ، بەڵام با بپرسین ئەم دیاردە ناشیرینە لە کوێوە هاتووە. ئەمە دیاردەی نەوەیەکە نە عەرەبی ئەزانن و نە فارسیو نە کوردیش بە تەواوی، بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە شیعریش ئەنووسن. ئێستا ئێمە شاعیرمان هەیە دیوانێكو یان دووانی دەرکردووەو بەڵام بە هۆی بارودۆخی سیاسیو هەموو ئەو ڕووداوانەوە کە ئەیزانینو دیارن. نەیتوانیوە زمانی عەرەبی فێر ببێ. کەچی سەیر ئەوەیە وشەی عەرەبی بەکاردێنێ. من گومانم هەیە ئەوانە نازانن ئەو وشانە چین، لە کوێوە هاتوون. بە دڵنیاییەوە ئەڵێم لە زمانی فارسییەوە هاتوون، چونکە لە ماوەی پانزدە بیست ساڵی دواییدا، دوای دابڕان لەگەڵ عێراقدا، چاپکراوی فارسی ئەگەیشتنە دەست ئەم نەوەیە، ئەم

زمانه، فارسی، ئاشنایەتیەکی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیەو وشەگەلێ لە کوردیو فارسیدا هەر یەکن. لەهەمان کاتدا وشەگەلێکی عەرەبی کەوتوونەتە ناو زمانی فارسییەوە ئەگەرچی بە مانای جیاواز بەکارهاتوون. ئەمانە هاتوونو ئەیخەنەوە ناو شیعرەکانی خۆیان، بەبێ ئەوەی بزانن بۆچی بەکاریان دێنن.

بۆ نموونە: شیعرەکانی سوهرابی سپهری یان فروغی فەروخزاد ئەخوێنینەوە، هەڵبەت لەم شیعرانەدا کۆمەڵێ وشەی عەرەبی هەن، بەڵام وەك ڕیتم بە مانای جیاواز لە فارسیدا بەکارهاتوون. ئەمانە دێنو ئەو وشانە بەکاردێننەوە. خۆ لەوانەیشە نەزانن ئەم وشانە عەرەبین. ئەمە کارەساتەو لە وێنەی نەبووە. ئاخر خۆ وێرانبوونی ئێمە هەر وێرانبوونی وڵاتو گوندو ڕاگوێزانو خەڵكو ئاوارەبوون نەبووە. بەشێك لەو وێرانبوونانە وێرانبوونی کولتوورو زمانەکەیشمان بووە، هەروەکوو چۆن ئەم دیاردەیە "تەنانەت بەبێ تێگەیشتنی" لە بڵاوبوونەوەی گۆرانی تورکیو عەرەبیدا ئەبینین، گۆرانیەکە تووتی ئاسا ئەڵێتەوە، بەڵام ناشزانی چی ئەڵێ.

بەڵێ ئێمە هەموومان ناوبەناو، بەڵام لە شوێنی خۆیا وشەی بیانیمان بەکارهێناوە، بەڵام نەك بەم لێشاوە ناپەسەندە، بۆ نموونە ئەو کاتەی ئەکەوێتە نێو شیعرێکەوە سرووتەکانی "تەصوف" ئەبنە ئاسۆی ڕوانینو توانەوە تۆ ئەگەر لەوێدا وشەو دەستەواژەی ناو ئەم دنیایە وەك خۆیان بەکاربێنیتەوە خەوشی تێدا نییە، بۆ نموونە وەکو "وەجد"و "ئیشراق"و "عەشقی ئیلاهی" وهتد.. بەڵام تۆ بێیتو دەیان جار وشەی "مەحەبەت" یان "مەعزەرەت" یان "وەعد"و "موخالیف" بەکاربێنیو دوای پاکژکردنەوە ئەم گیاکەڵانە لە زمانی کوردیدا بڕوێنیتەوە. لە تێکدانو گەمەی ئەنقەست بەولاوە چیتر ئەگەیەنێ؟!

ئەو دەستەواژە بیانیانەی کە جێگیرەکانیان لەم زمانەدا هەن، بەڵام تۆ بەکاریان ناهێنیتو نایاننووسیت وەك ئەوە وایە کۆمەڵێ دوومەڵ بە دەستی خۆت بە جەستەی کولتوورەکەتدا دروستبکەیت. ئەمە جگە لەوەی بەم کارانە ئێمە بێ وەفاییەکی گەورە دەرهەق بەو نووسەرو شاعیرو ڕووناکبیرانەی ڕابوردوومان ئەکەین، کە شێلگیرانەو بێ هیچ پشتیوانێ ساڵەهای ساڵ خەریکبوون بۆ ئەوەی

ئەم زمانە مشتومالّو بژار بکەن. کەچی مەخابن هەندێ لە "شاعیرانی" نەوەی خۆیان لە سەردەمێکی پێشکەوتووتردا بێنەوە بۆ ئەوەی ڕیسەکانیان بکەنەوە بە خوریو ڕەنجیان بە با بدەن، ڕەنگە لێرەدا شوێنی خۆی بێ ئەگەر ڕووی دەم بکەمە هەموو ئەو خوشكو برایانەی لە بواری ڕۆژنامەگەریو ئەدەبدا کارئەکەن بەتایبەتی سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسینی تەواوی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان، بەرپرسی لاپەڕە ئەدەبیو کولتوورییەکان بۆ ئەوەی لای خۆیانەوە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، نووسین یان شیعر یان چیرۆك یان پەخشانیان بۆ هاتو زانییان نووسەرەکەی زمانی کوردی بەو دەردە ئەبات وەکو لە سەرەوە باسمانکرد چاکتر وایە ڕێبگرن لەو نەخۆشییەو نەهێڵن بلاو بێتەوە.

***لە شیعری دەمامکدا، ئایا بە دوای چارەنووسی کەسایەتییەك گەڕاویت. کەسایەتی دەمامکدار لە شیعردا چۆن دروست دەکەیت، وەك ئەو ئەزموونەی بۆ شاعیرو شەهید (جەمیل ڕەنجبەر) ئەنجامتدا؟**

ـ شیعری (دەمامك) لە بنەڕەتدا لە شانۆوە گوێزراوەتەوە بۆ ناو شیعر، یان شیعر کە هەر خۆی دایکی شانۆیە لە سەرچاوەوە ئەم دەمامکانەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. ئەشێ یەك ئەکتەر چەندین دەمامك بۆ چەندین هەڵوێستی جیاجیاو بۆ نیشاندانی چەندین کارەکتەری تر بەکار بێنێ، ئەمە دەوڵەمەندکردنی درامایە بە ناکۆکی جیاجیا، بە دەنگی جیاواز، بە زۆرانبازی جیاواز. ئەم دەمامکانە پێبەپێی هەڵچوونو داچوونی دراماکە لە شانۆدا بێ یاخود لە قەسیدەکەدا دێنو ئەچن. شیعرەکان شوێن دراماکان ئەکەون. ئێستە ئەبێتەوە، بە ڕابوردو و لەهەمان کاتیشدا ڕوو لە پاشەڕۆژیش بەردەوامە. بەڵێ لە شیعری "میوان"دا کە پێشکەشی شاعیرو شەهید "جەمیل ڕەنجبەر" م کردووە زەمانەکان تێکەڵ ئەبنەوە، ئێستەیەو ئەو بە جەستە نەماوە، بەلام ئەگەڕێتەوەو سەردانم ئەکات نەك هەر ئەوەندە وەلامی هەموو ئەو پرسیارانەم ئەداتەوە کە من لە ئێستەدا لێی ئەکەم. ئامادەبوونی ئەو زۆرترە لە من، تەنانەت وەختێ خواحافیزی ئەکاتو لامان ئەچێتە دەرەوە، باران ئەبارێ، بەلام من چەترەکەی خۆمی ئەدەمێ لەگەڵ

خۆیدا بیبات. واته شتێك نییه پێی بوترێ مردوو یان مردن، بەڵكو ئەوەی هەیە بەردەوامبوونی ژیانه. ئەم حاڵەتانه، له قەسیده درێژەكەی "دەربەندی پەپوولە"دا له چەندین دیمەندا بەرچاومان ئەكەوێت. له گەڕانەوەی نالیو دیالۆگی نالیو سالمو هەروەها كەسایەتی شەریف پاشادا له پاریس. من ناچم بۆ لای نالی، ئەو دێت بۆ سویدو لەوێ به یەكتری ئەگەین. دەمامك پۆشینی ڕەنگه بۆ ساتەوەختێ بووبێ، بەلاّم ئەو ساتەوەختە درێژ ئەبێتەوە له لایەكەوە بۆ ڕابوردو ئێستەو داهاتوویش.

ئەو دیمەنانه هەر تەواو درامای شانۆن. جووڵەی جەستە، دیالۆگ، بەربوونی پەنگخواردنەوەكانی ناوەوە به زمانی شیعرو چاوەڕێكردن تا ساتەوەختی دەركەوتنی كەسێك یان بزربوونی. دەمامك ئەشێ له ڕێی زمانیشەوە بێت واته ئەو كاتەی نالی له (دەربەندی پەپوولە)دا شیعر ئەنووسێ، ئەوە منم دەمامكی شیعری ئەوم پۆشیوە، بەلاّم بۆ ئەوەی بڕوا به دەمامك بكەین پێویستە دەمامكەكە له ساتەوەختی خۆیدا ڕۆڵی ڕاستەقینە ببینێ، هەست نەكەین درۆیە یان فێڵە، واتە ئەو كاتەی تۆ شیعرەكەی نالی له (دەربەندی پەپوولە)دا ئەخوێنیتەوە، مەحاڵە بزانیت ئەمە هی نالی نییه. وەك سەبكو مۆسیقاو دەستەواژەی نالی خۆیو شێوەی نووسینیو وشەسازی تایبەت به نالی، ئەمە دەمامكێكی زمانی نالییەو، بەلاّم شاعیرێكی تر دوای سەد ساڵ زیاتر هاتووەو دروستی كردووە.

دەمامك گۆڕینە بۆ نیشاندانی زەمەنە جیاجیاكان. یان پێناسەیەكە بۆ ئەو كەسایەتییانەی سەرلەنوێ ئەیانژێنینەوە. دەمامكی ڕەنگ هەیە. تۆ ئەتوانی له ڕێی دەمامكی دەمو چاوێكەوە كە هەندێ هێڵكاری ڕەنگاوڕەنگی تێدا بێت بیخەیتە بەر دەموچاوی خۆتو ببی به سیحربازێكی ئەفریقیو ئەو كەسایەتیەم لا بەرجەستە بكەیت. به كورتی شیعری دەمامك، نیشاندانی ژیانە جیاوازەكانە، یان ڕەگەزە جیاوازەكانە. ژنێك ئەتوانێ ببێ به پیاو له ڕێی دەمامكێكی پیاوەوە. دەمامكدار واته خۆی نییه یەكێكی ترە، نادیارییەكە، بەلاّم ئامادەبوونی خۆی هەیە. ئەتوانین ئەم دەمامكە به هێماو ڕەمزیش بچوێنین، چونكە له ڕاستیدا دەمامك ئەیەوێ شتێكیتری

دەرەوەی ئەو کەسەمان نیشان بدا کە دەمامکەکەی پۆشیوە. یەکێك لەو هونەرمەندە گەورانەی کە بۆ هونەری شێوەکاریو ستایلی خۆی سوودێکی زۆری لە دەمامکەکانی سرووتو بۆنەو سەماو جادووگەری ئەفریقاییەکان بینیوە "بیکاسۆ"یە.

***ماوەیەکی زۆرە دەنووسیت. ئایا هەست دەکەیت هێشتان شتێك ماوە بینووسیتو مایەی سەرسامیت بێت. نووسینی داهێنراو لە ئەنجامی سەرسامی چرکەیی دروست دەبێت، یان لە ئەنجامی تێرامانو لێوردبوونەوەی قووڵو درێژخایەن؟**

ـ تا لە ژیاندابم، کەمتازۆر، برووسکەشیعری بێ، یان دڵۆپەوشەیەك، یان زنەیەك، لە ئەفراندن هەر ئەمێنێ بۆئەوەی بیاننوسم. ڕەنگە نەتوانم جوانتر لە (کۆچ)و (دەربەندی پەپوولە)و (ڕەنگدان) بنووسم، بەڵام تازە نووسین بووە بە چارەنووسم. لەوانەیە من واز بێنمو ئەو واز نەهێنێ. بەوەی باشە نووسەرو شاعیر وزەی بەخشینو نووسینی لەناو ماسولکەو جەستەیدا نەبوو، ئەگینا ئەبوو من لە دەمێکەوە خۆم کەنارگیر بکەمو لەدواییدا هیچم بۆ نەئەمایەوە، لەوە زیاتر کە ببوومایە بە ناوبژیوانو حەکەمی کێبڕکێیەکانی شیعر، بەڵام حەز ئەکەم لێرەدا ئەوە بدرکێنم. من زۆرم وتووە، لەبەر ئەوە بۆریشی تێکەوتووە، نزیکەی بیستو پێنج کۆمەڵە شیعر. گەلێ زۆرە تۆ بڵێی پێنج کۆمەڵەیم بۆ بمێنێتەوە. ئەگەر بزانم وائەبێ ئاهەنگێك بۆ هاوڕێو کەسە نزیکەکانم ئەگێڕم. من بە توندی ڕەخنە لە خۆم ئەگرم، چونکە سەردەمێکی تەمەنم واتە لە گەرمەی زەینی تیژیو چالاکیدا هەر وا بە هەدەر داو دوو زمانی زیندووی ئەم دنیایە فێرنەبووم. ئەمە بووە بە گرێکوێرە لە دەروونما.

شیعر کارکردنە لەناو زماندا، ئێستاکە ئاوڕ ئەدەمەوە، ئەزانم زۆرجار غەدرم لە خۆمو زمانەکەم کردووە، چونکە پەلەم کردووەو ئەو شیعرانەیشم بە کاڵو کرچی لە درەختەکانی بەهرەو خۆشەویستیم کردۆتەوە. من تەنیا یەك شتم کردووە تۆزێ دڵم پێی خۆشبێ. ئەزموونەکەی خۆم پەرەپێداوەو دەستبەرداری نەبوومو ئەوەی پێشمبووە هەر ئەوەندە بووە. هەموو شاعیرێ هەرچی نووسیوە هەمووی

بۆ نامێنێتەوە، بەلای منەوە "گۆران" واتە سی شیعرێ زۆرەو بە زیندوویی ئەمێنێتەوە. بەڵێ هەست ئەکەم هێشتا زۆر شت ماوە بیڵێم، ئەگەر بتوانم بیڵێم، چونکە تەماشا ئەکەمو دڵم هەر لێ ئەداو ژیان بەردەوام هەر سەرسامم ئەکاو جوانیی سروشتو ژنو چۆلەکەیەكو پەڵە هەورێ ڕوانینی تازەم پێ ئەبەخشن، پێم ئەڵێن: بماننووسە گرنگ ئەوەیە ئەو نووسینانە نائومێدیان نەکاتو بەو مانایەی شیعر نەبن، ئەمەیان ناخۆشە، بەڵام من هەر چاوێکم لەلای زمانە، ئەگەر ڕۆژێ زانیم خەریکم ناشیرینی ئەکەم. ئەوەستمو چاوی ماچ ئەکەمو پێی ئەڵێم داوای لێبوردن ئەکەم من گۆرانیت بۆ نەڵێم باشترە، چونکە حەیفە بە دەنگی ناخۆش بێزارت بکەم.

"سەرسامی چرکەیی" یان "تێرامانو لێوردبوونەوە"، شیعر لە ئەنجامی هەردوو حاڵەتەکەوە دروست ئەبێ. هەر حاڵەتێکیش شیعری خۆی ئەخوڵقێنێ. بۆ نموونە چرکەساتێکی سەرسامبوون بە شتێ، دیاردەیەك، دیمەنێك، بیرۆکەیەك، ژنێك، مەلێك. گوڵە گەنمێ. سەگێك. وێنەیەك لە خەیاڵدا ئەنەخشێننو مەرجیش نییە ئەو ساتەوەختە ببنە شیعر. من جاری وابوو دوای ساڵێك گەڕاومەتەوە بۆ سەرسامبوونێکی ڕابوردوو بەدیمەنێكو ئینجا بۆتە شیعر. ئەشێ تۆ سەرسامبوون هەر لە خەیاڵی خۆتدا دروستبێتو چ پەیوەندی بە دنیای دەرەوە نەبێت. پێموایە ئەو سەرسامبوونە خێرایانە بە زۆری کورتە شیعریان لێ ئەکەوێتەوە، بەڵام تێرامانو قووڵبوونەوەو وردبوونەوە بە مانای ئەوەی تۆ چوویتە ناو نێرینەی ڕووبارێکەوە یان لە گەردوونێ ڕائەمێنی کە زۆر نەهێنیو پرسیاری تێدایە. سەفەرێکی درێژ ئەکەیت لەو ڕامانو وردبوونەوەیەدا ئەوسا خەیاڵەکان ئەزێن واتە خەیاڵێك خەیاڵێکی دیکە ڕائەکێشێو ئەتبەنە قووڵایی ترەوە لەو قووڵاییەی تریشدا قووڵایی تر هەیەو بەو جۆرە.

لە هەڵوێستی بروسکەییدا یەك تێڕامان یان یەك زرنگانەوە یان یەك وردبوونەوە هەیە. یان یەك دیمەنەو بەڵام هەندێ لقو چڵی دیاریکراوی کورتو سنووورداری لێبۆتەوە. نابێ ئەوەیشمان لە بیر بچێت هەر شاعیرەو بە جۆرێك

لەناو ئەو دوو دنیایەدا کارئەکات. تێرامان و لێوردبوونەوەی قووڵ و درێژخایەن واتە شیعری درامی. فرە دەنگ. فرە ڕەنگ. فرە بینین و هەناسە درێژی نەك هەر لەسەر یەك ڕێگا، بەڵکو لە چەندین ڕێگادا. لە چەندین ئامانج و لە چەندین ڕیتم و ئاهەنگدا.

***لە ساتی نووسینی شیعردا بە نموونە: قەلێك بەسەر پەنجەرەکەتەوە نیشتووە، یان پەرداخێك دەمەونخوون کەوتووە، یان گەردەلوولێکی توند لقی درەختەکانی باخچەی ماڵەکەتی شکاندووە، شوێن لە ساتی وروژاندا چۆن دێتە ناو نووسین؟**

ـ من لەسەر ئەزموونی خۆم قسە ئەکەم. نازانم ئەو وێنانە لای شاعیرێکی ترو لە وەختی نووسیندا چۆن ئەکەونەوە. من بەرلەوەی بنووسم واتە پێش ئەوەی قەڵەم و کاغەز لە ئارادابێ. ئەبێ شتێکم لە خەیاڵما نووسیبێ. تەنانەت ئەگەر چەند وشەیەکیش بێ. بە مانایەکی تر، من لەوەختی نووسیندا ئەو بیرۆکانەی پێشتر، یان ئەو خەیاڵانەی زووتر بەرەژانی خۆیان هەبووە، ئەبنە کلیلەکانی یەکەم دەستپێك، بۆ نموونە: لەبیرمە لە کاتی خۆیدا شیعری (کۆچ) لە خەیاڵمدا بریتی بوو لەم ڕستەیەو هیچی تر "چاوی خۆمەو ئەبێ بڵێم چاوم نییە" ئیتر ئەم وێنەیە هەموو وێنەو جووڵەو ڕەنگەکانی تری بەدوای خۆیدا هێنا. ئەگەر ڕوونتریش لەمە بدوێم ئەبێ بڵێم: من لە کاتی نووسیندا لە هەموو شتێکی دەرەوەی خۆم دائەبڕێم. لەو قەلەی تۆ باسی ئەکەیت و لە پەرداخە دەمەونخوونەکەو لە گەردەلوولەکەیش. ئەوەی لای من بوونی هەیە ئەو نووسینەیە، کە دەستم کردووە بە خوڵقاندنی و ئەمەوێ تەواوی بکەم. من ئەوکاتە دانەنیشتووم و بەتاڵبم بۆئەوەی وێنەیەك لەو وێنانە بێن و پڕمبکاتەوە. من کە دانیشتووم و لە نووسیندام، ئەبێ شتێکی تری پێش قەل و پەرداخ و گەردەلوولەکە سەرقاڵی کردبم، یان ورووژاندبێتمی، بۆیە هەموو شوێنەکانی تر بەو ژوورو کۆڕنیشەوە کە لەسەری دانیشتووم، ئامادە نین و بوونیان نییەو نایانبینم. ئەوەی بە تەنیا ئەیبینم زمان و بیرۆکەو جووڵەو ئەو خەیاڵەیە کە ئەو ساتەوەختە خەریکم لەگەڵیاندا، بۆ ئەوەی ببن بە شیعر. بۆ وێنە: دانیشتووم ئەنووسم گوارەی کچێکی

جوان کە پێشتر سەرنجی ڕاکێشاوم خەیاڵم لەوەوە ئاڵاوە، گوارەیەکو هیچی تر، ئەمەوێ ببێ بە شیعر. ئەوەی لەو ساتەوەختەدا، یان لە هەموو دانیشتنەکەدا چەند ئەخایەنێ، یان ئەوەیان شتێکی ترە. ئەوەی دێتە پێش چاوی خەیاڵم، شۆخێکی جوانو جووتێ گوارەی شۆڕی لە گوێ گرتووە، دەمووچاوی، گەردنی، لەرەی گوارەکان. ئەمە ئیتر ئەبێتە شوێنی خەیاڵو سەنتەری بیرکردنەوەم لە دەرەوەی ئەم گوارەیە. ئیتر من لەو ساتانەدا هیچی تر نابینم. نە بە خەیاڵو نە بەڕاستی.

من وەك کارێزکەن کار ئەکەم، بەڵام زمان هەڵئەکەنم. ئەشێ ئەو دیمەنانەی تۆ باستکردوون لە وەختی بەئاگاییدا کارم تێبکەنو بچنە ئەودیوی هەستو نەستەوەو دواتر خۆیان لە شوێنێکدا سەرهەڵبدەنەوە. وەك چۆن من ناتوانم شیعر بەبێ مانا بنووسم ناشتوانم بە بڕیار بۆی دانیشم. لای من حاڵەتی شیعر نووسین لە باران بارین ئەچێ جاری وا هەیە، یان ساتەوەختی وا هەیە بەڕاستی شوێنی نووسینی شیعرە. بێدەنگیی، ئاسۆیەکی دوور، تەنیایی، پاکەتێ جگەرەی پڕ، ڕەنگە دووراو دووریش شۆخێکی جوان سەرتاپاشیو گوڵەباخێکی دابێ لە پەرچەمی، بەڵام من ناتوانم یەك دێڕ بنووسم، یان یەك دڵۆپ باران ناباری. پێچەوانەکەیشی کە زۆرجار ڕوویداوە بە تایبەتی لە نووسینی شیعرە درێژەکانداو دوای ئەوەی سەرەتای ڕووبارەکە بردوومی: لە چایخانەیەکی بەژاوە ژاودا، قاوەیەکی ساردەوەبوو لەبەردەمما. ئاگام لێ نییەو سێ جگەرەی داگیرساو لەسەر تەپڵەکەکەنو ئاگام لێ نییەو لەولامەوە کامێرایەك وێنەم ئەگرێو ئاگام لێ نییەو دوو کەس لەیەکتری تووڕە ئەبن، بەڵام من ئەنووسمو بارانیش بەخوڕەو خۆشکردنەوەی بۆ نییە. مەگەر شتێکم بەرکەوێ. ئەوسا خەبەرم ئەبێتەوە. بەڵێ هەر تەواو خەوبینینە. لەو بەهۆش هاتنەوەیەدا جگەرە داگیرساوەکان ئەبینم. کامێراکە ئەبینمو ئەو دوو کەسەیش ئەبینم کە دەمەقاڵێیانەو ساتەوەختێ پێش ئەوە دابڕاوم. هەر تەواو دابڕاوم. دیارە ئەمە لە ئەزموونی شاعیرێکی تردا ڕەنگە پێچەوانە بێت. من هەرگیز بە مەستی شیعرم نەنووسیووە، بەڵام چەند جار دوای ئەوەی نووستووەو داچڵەکیومو هەستاومو ئەو دێڕەی بەشوێنیا گەڕاوم لەو کاتەدا هاتووەو

بە چاوی خەواڵووەوە نووسیومە. ئەمە باران بارینو نەبارین نییە وەختی بۆ نییە. شەو، یان ڕۆژ، بەیانیان، یان ئێواران.

هەر شاعیرەو ستایلی خۆی، من شیعرە درێژەکانم فیلمن وێنە لە دوای وێنە. ڕووداو لەناو ڕووداودا، ڕەنگاوڕەنگ، بەسەرهاتو بەسەرهاتی کوتوپڕ، تراژیدیا ڕووبەرێکی گەورەی لەو بەرهەمانەدا هەیە، قوربانییەکان، جەللادەکان، سروشت، یادەوەری، فلاشی بچووك بچووكو گرێدانەوەی بە فیلمەکەوە. ژنو باران، بەڵام لە شیعری مندا یەك ژنو یەك عەشقی دیاریکراو نییە، پۆلێ ژنو پۆلێ عەشقو پۆلێ شیعر. ئەو وەختەی ورووژاندن بووە، شوێنەکان خۆیان هاتوون. ناوو شوێنو مێژووو یادەوەریو سروشت لە شیعری مندا لێوانلێون. ئەو کاتانەی شیعر نەنووسینم درێژە بکێشێ شپرزەییم لە ڕادەبەدەر ئەبێو خەریکم سەربدەم بە دیواردا. جاری وابووە وتوومە: تەواو چیم پێ نەماوە، بەڵام هەر ئەو هەورە شپرزانەش بوون وەختێ دایانکردووە فریای ئەوە نەکەوتووم پەنجەکانی دەستی ڕاستم ڕاگرمو خۆمو ماڵم لەو بوومەلەرزە پیرۆزانەی شیعر بە دوور بگرمو هەموومان پێکەوە نوقم نەبین.

هەڤپەیڤینی
کاروان عەبدوڵڵا – سەباح ڕەنجدەر
سلێمانی 2005/3/3

# ناوەرۆك


گۆڕستانی چراكان ........ 5
ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن ........ 113
وتەیەكی كورت ........ 115
ڕێگا درێژەكان ........ 119
هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا! ........ 121
عومەری خاوەر دنیا ئەگەڕێ ........ 130
یەكی شوبات بوو؟! یان یەكی خەزان؟! ........ 160
چەخماخە! ........ 166
بنەماڵەیەك لە گوڵی شەستپەڕ ........ 175
مەرگی كانییەكی سەوز! ........ 186
خەوێكی خۆش! ........ 202
فلاشەكان ........ 205
دوو ماسیی ........ 207
ڕاسپاردە ........ 208
چارەنووس ........ 210
لەودیوەوە ........ 211
كانییەكی تازە ........ 212
چاڵێك ........ 213
پەیامی باڕەشێك ........ 214
ئەو تۆپەی نەهاتەوە! ........ 216
پێكەوە ........ 218
پەرتبوون ........ 219
باخەڵ ........ 220
لە دەشتێكدا ........ 221
مۆتەكە ........ 222

| | |
|---|---|
| چیرۆکی پەپەکاغەزێ | 224 |
| کاریکاتۆر و دیکتاتۆر | 226 |
| کیف | 228 |
| گەڕانەوەی باوکم | 230 |
| دوو پەیکەر | 233 |
| کورسی تەنیایی | 234 |
| ئەو هێلکەیەی وڵاتێکی لەناودایە ! | 237 |
| دنیای منداڵیی | 238 |
| بەراورد | 240 |
| لەوێنەیەکدا | 241 |
| گۆڕانەکان ! | 243 |
| جەبار جەباری | 245 |
| نەریتە خۆشەویستەکان ! | 247 |
| هۆشم کلیلە و لێم ئەکەوێ ! | 249 |
| دوو زمان | 251 |
| ڕاکشان | 252 |
| بولبولێکی نەقاش | 253 |
| سڵاو | 255 |
| تیرۆریست | 256 |
| چوارچێوە | 258 |
| تاکێ گۆرەوی | 260 |
| ونبوون | 261 |
| گوێچکە | 262 |
| کچە کڵاوچن | 265 |
| زویربوون | 267 |
| کۆتایی کورتە چیرۆکێکی سپیی | 270 |
| دیاریی | 272 |
| چیرۆکی مۆمدانێ | 274 |
| هەرمێیەك | 276 |
| لەئێوارەیەکدا | 277 |
| سەعات | 279 |
| پێچەوانە | 281 |
| بێباڵ | 282 |

| | |
|---|---|
| بزن | 283 |
| ڕەنگدانەوە | 284 |
| جووزەلە | 286 |
| جۆلانە | 287 |
| سروودە بەردینەکان | 289 |
| کورسی | 339 |
| وتەیەکی پێویست | 341 |
| لە گوڵەوە هەتا سووتوو | 425 |
| لەگوڵەوە هەتا سووتوو | 427 |
| لەماڵەکەی بێزاریدا.. ! | 429 |
| سەفەری سێ جوانووی زاخۆیی | 442 |
| دار ئەرخەوانێ بەسواری ئەسپێکی سپییەوە ! | 449 |
| سێ کورتە شیعر | 459 |
| ڕۆژێکی مردوو! | 463 |
| هاوڕێکانم و ئاوێنەی بەجێماویان ! | 465 |
| خەزنەوی | 473 |
| پڵنگێك لە بەرەبەیاندا.. | 475 |
| بێ ناونیشان وەك تۆوی شیعری دەم "با" | 481 |
| ڕۆمانتیك "درەختی بەساڵاچوو گەنج ئەبێتەوە ! " | 501 |
| باخچە ڕەشەکان | 549 |
| مەرگی شەوبۆیەك | 551 |
| لەپڕێکدا و هەر لەخۆوە ڕووبارێکمان مرد ! | 556 |
| مەحمودی مەلا عیززەت پیاوێ لە درەختی هەتاو! | 565 |
| دوا سەفەری فەرەج ئەحمەد و پەنجەرەیەك بۆ بیرەوەری | 577 |
| لێگەڕێن.. ئازیزان.. لێگەڕێن با ئەو گۆرانیە مەست و غەمگینە هەر بنوێ ! | 585 |
| پیاوێك لە درەختی پێکەنین ! | 591 |
| دوو دیمانە | 595 |
| شێرکۆ بێکەس و هەڤپەیڤینێ لەگەڵ (ستایل)دا | 597 |
| دیدارێ لەگەڵ (گۆڤاری کاروان)دا | 605 |